TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA
تاراوگە

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

28 Mei . 2019 No. [51]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا، نوسینی: ئازاد خالید.. ل 1

بۆچی بێوار...؟ بەشی نۆیەم و دەیەم، نوسینی هیوا سەرهەنگ ل 2 و ل 3

دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک،

نوسینی دکتۆر جەبار قادر– بەشی دووەم، ل 4 و ل 5

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 6.

دووان نوسینە مرواریيەکانی بەکر شوانی، یەکەم: جگەری پەردە لە ئامەد...

تام و لەزەتێکی بێ وێنە..! دووەم: لە خۆشناوەتییەوە بۆ کیپ تاون گەشتی یەکسەرەی

ژانای ئاینیی کورد ئەبوبەکر ئەفەندی ل 7.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد:
لاله عەبده ل 8

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

28 Mei 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 51
28 مایسی 2019

پارتەکانی دیموکراتی مەسیحی و سۆسیال دیموکرات، وەک دووگروپی گەورەی ناوپەرلەمانی ئەوروپا مانەوە، بەڵام ڕێژەی کورسیەکانیان بە بەراورد بە هەڵبژاردنی جاری پێشوو (2014) بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە..

ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا نازاد خالید- ڕۆتەردام

دوای ئەوەی کە ڕۆژی 23 ئەم مانگە دەست بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا کرا، ڕۆژی 26–05 پرۆسەکە کۆتایی هات و هەر 28 وڵاتی سەر بە یەکێتی ئەوروپا بە (بەریتانیا)شەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد. هەرچەندە پارتەکانی (دیموکراتی مەسیحی و سۆسیال دیموکراتەکان)، وەک دوو گروپی گەورەی ناو پەرلەمان مانەوە، بەڵام زیانی زۆریان کرد و ڕێژەی کورسیەکانیان بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی (2014) بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزین... گروپی دیموکرات مەسیحیەکان، لە 218 کورسییەوە، 41 کورسی کەمیان کرد و بوون بە 177 کورسی، سۆسال دیموکراتەکانیش لە 186 کورسییەوە 39 کورسیان دابەزاند و بوون بە 147 کورسی...

هەروەها لیبرالەکانی و پارێزگارەکانیش زۆر دابەزیوون، لیبرالەکان لە 101 کورسییەوە بوون بە 68 کورسی، (33 کورسی کەمیان کردووە)، پارێزگارەکانیش لە 76 دابەزیوون بۆ 60 کورسی. پارتە ڕاستڕەوە تونەدکان و سەوزەکان هەڵکشانی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیووە. بەڕێژەیەکی بەرچاو ژمارەی کورسیەکانیان زیادی کردووە...سەوزەکان لە 52 کورسییەوە بوون بە 70 کورسی و ڕاستڕەوەکان لە 37 کورسییەوە بوون بە 57 کورسی. لەهەردوو وڵاتی ئیتاڵیا و فەرەنسا ڕاستڕەوەکان بوون بە براوەی یەکەم، بەڵام لە هۆڵەندا شکەستیان هێناوە، هەر 3 کورسیەکەی، کە لە ساڵی 2014 بەدەستیان هێنابوو لە دەستیاندا.



لە سەرتاسەری ئەورووپادا، هەم پارتە سەوز و ژینگە پارێزەکان لە هەڵکشاندان، (بەتایبەتی لەناو گەنجان و خوێندکاراندا)، هەم پارتە پۆپۆلیست و ڕاستڕەوەکان، (بەهۆی شالاێ کۆچبەرانی ئەم ساڵانەی دوایی و کاردانەوەیان بەرامبەر بە تونڕەوی و کارە تیرۆرستیەکانی ئیسلامیەکان لە بڕەویان سەندووە.

لەسەر ئاستی هۆڵەندا پارتی کاری هۆڵەندی PvdA ، کە فرانس تیمەرمانس) سەرۆکایەتییان دەکات و ئێستا تاکە کاندیدی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپایە، بۆ سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا، سەر بەو پارتەیە و بە هۆی کەسایەتیە دیار و خۆشەویستیەکەی، پارتەکەی توانی براوەی یەکەم بێت و لە 3 کورسییەوە ببێتە خاوەنی 6 کورسی...

خۆشبەختانە هەرێەک لە خاتوو"ئویزلەم دەمیرەل" لەئەڵمانیا لەسەر لیستی پارتی چەپ Die linke و خاتوو" ئەڤین ئینجیر" لەسوید ، لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکرات، کە هەردوکیان دوو خاتوونی کوردی باکورن توانیان کورسی لەناو پەرلەمانی ئەورووپا بەدەست بێنن

لە هۆڵەنداش لە پارتی پارتی کاری هۆڵەندی PvdA کیژە خوێندکارێکی کوردی دیکەش (شەم ئەحمەد) پاڵێوراو بوو، هیوادارین ببێتە خاوەن کورسی...(تاوەکو ئێستا کورسیەکان دیاری نەکراون).

بەداخەوە کاندیدە کوردەکەی دیکەی هۆڵەندا، خاتوو میلتەم ئوکشو Meltem Okçu، کە سەر بە SP پارتی سۆسیالست بوو، بەداخەوە پارتەکەیان تاکە کورسییەکیان هەبوو ئەویشیان لەدەستدا.

(بێوار و گۆشەی ژن و ژیان، چەندین نووسەری خامەڕەنگین و شاعیر لەم گۆشەیەدا جێدەست و بەرهەمیان دیار بووە و وایان کردووە، لاپەڕەکانی بێوار دەوڵەمەندتر و ڕازاوەتر بکەن...

بۆچی بێوار ... ؟!
نووسینی: هیوا سەرهەنگ
بەشی دۆیەم

هیوا سەرهەنگ

مەحمود رەزا

تاهیر کاکۆ

حەمەتاهیر گوڵانی

جوان ناسح بابان

ئەنجام بەرزنجی

ڕزگار کۆیی

بێوار و گۆشەی ژن و ژیان

ئەم گۆشەیە لەلایەن خاتوو (پەیمان سەرهەنگ)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، وێڕای ئەوەی خاتوو پەیمان چەندین بابەتی تایبەت بە ژنان و چالاکی و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان بەژنانەوە لە کوردستان و هۆڵەندە و جیهاندا سازدەکرد و بڵاوی دەکردنەوە و بە زنجیرە وتارێکیش لە ژێر ناوی (گرفتەکانی خێزانیی پەنابەری کورد لە هەندەران) دا تەواوی تیشکی خستۆتە سەر گرفت و کێشە خێزانییەکانی کوردان لە هەندەران، هەروەها چەندین نووسەری خاوەن خامە و شاعیر لەم گۆشەیەدا جێدەست و بەرهەمیان دیار بووە و وایان کردووە لاپەڕەکانی بێوار دەوڵەمەندتر و ڕازاوەتر بکەن.

لە (گۆشەی ژن و ژیان) یشدا ئەم نووسەرانە بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە:

1– خاتوو بێریڤان جەمال حەمە سەعید، سیروان بەرزنجی ئوسترالیا، سارا فەقێ خدر، شەیدا مەعروف، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، کەژاڵ علی . یەک لە هەڵبژاردەکانی گۆشەی ژن و ژیان، کە لەلایەن ئامادەکاری گۆشەکە خاتوو (پەیمان سەرهەنگ)ەوە بڵاوکراوەتەوە و تەواو تایبەتە بەو فشارانەی سەر ژنان لە جیهاندا، نموونەیەکی زانیاری لەسەر ژنانی ئەفغانستان خستۆتە ڕوو دەڵێت: لە ژێر ناوی (ژنانی ئەفغانی پیر نابن) لەم گۆشەنیگایەوە ئاماژە بەوە دەکات, کە تەمەنی ژنانی ئەفغانی بە گشتی 44 ساڵە و ئەگەر ژنێک لەم وڵاتەدا تەمەنی لەم ژمارەیە زۆرتر بوو, ئەوا چانسێکی زۆری هێناوە بۆ ژیان، بە پێی یەکێک لە کاربەدەستانی ئەفغان دەڵێت:

بارودۆخی وڵات بە شێوازێکە کە ژنانیان هیچ کات پیر نابن، هەڵبەت ئەم بەگەنجی مانەوەش شتێکی دڵخۆشکەر نیە چونکە زۆربەی ئەو ژنە چارە ڕەشانە پێش ئەوەی بچنە تەمەنی پیریەوە گیان لەدەست دەدن، هۆکارەکانیش زۆرن نەبوونی پێداویستی پزیشکی باش و لەبار، هەژاری و کێشە سیاسی، سەربازی و ئایینییەکان.

بابەتێکی تری نێو (گۆشەی ژن و ژیان):

لە ژێر ناوی (ئاگاداربە ژنان زۆر شتیان لە بیردەمێنێت)، گروپێکی لێکۆڵینەوەی دەروونناسی لە زانکۆی نیویۆرک بە تاقیکردنەوەی تیمێکی پیاوان و ژنان بۆیان دەرکەوت کە تواناکانی یادەوەری هەستەوەری لە ژناندا 10 تاکو 15٪ لە پیاوان زۆرترە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاشکرا بووە ئەگەر ژنان تەنها جارێک وێنە و تابلۆی سەرنج راکێش ببینن لە دوای تێپەربوونی سێ هەفتە زۆرترین وردەکارییەکانی ئەو وێنەیە دەهێننەوە یاد لە کاتێکدا پیاوان کەمتر لە ڕێژەی سەدی ئەو وردەکارییانە بە یاد دەهێننەوە.

ڤینۆس فایەق..

لە بابەتێکیدا لە سەر دۆزی ژن خاتوو ڤینۆس فایەق ئاوا باسدەکات: باوەڕم وانیە تەنانەت ئەو پیاوانەشی داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن بە ناخی ئەو بوونەوەرەدا شۆڕ بووبنەوە بە هێندەی ئەوەندەی بە قوولایی و بەرژەوەندی وتارەکانیان و جوانکردنی وتارەکانیان مەبەستیانە، چونکە هەمیشە جۆرێک لە دوو ڕوویی هەست پێ دەکرێت لە نووسینەکانی لەو جۆرە، پیاوی خۆرهەڵات هەتا بەردەرگای ماڵ دیموکراتین باوەڕیان بە ماف و سەربەستییەکانی ژن هەیە، کە چوونە ژورەوە هەموو دروشمەکان لە حەوشەئ ژورەوە دادەنێن.

هەروەها لە کۆپلەیەکی شیعریدا دەڵێت:

لەو فەزایەی وا لەبەردەم بینیندا
ئەوەش وا لەو دیوی ئاوەژووی بینیندا
تەنها و تەنها پردێک دەبینم
لەم بەری، بیستن قەدەغەیە و لەو بەریش، ووتن
هەر ئەو پردەشە بۆ پەڕینەوە،
بۆ سووتان
مەگەر فڕین بێت بە هانامانەوە.

سارا فەقێ خدر لە کۆپلەیەکی شیعری (سپیرەش) دەڵێت:

بەرسیلەی تەمەنم بەخشی بە خەم و
بۆڵووە تریکانیش بەتۆ
ئەگەر مرۆ بە پرچی سپی لە دایک بوایە
لە پیریدا تاڵەکانی ڕەش دەبوون!
ئەو کات بۆ خۆ لاو کردنەوە
دەبوو قژمان سپی کەینەوە
نێوانی ڕەش و سپیم نیشاندە
تا دەگاتە:
لەو دیوی ڕەش ڕەنگەکانی قەوزوقەزەح
لەو دیوی سپی بۆشاییەک بێهوودەیی.

بۆ بەشی دەیەم بڕوانە ل 3

بێوار بە پۆست دەگەیشتە زۆربەی ماڵی کوردەکانی هۆڵەندا و هەموو وڵاتانی ئەورووپا، ئەمەریکا، ئوستراليا و ناوەوەی کوردستان و تەنانەت دەگەشتە وڵاتی پاکستان و سووریا و ئێرانیش...!

بۆچـــــی بێـــــوار ...؟!
هیوا سەرهەنگ..بەشی دەیەم

بێوار جگە لە گۆشەی ژن و ژیان، بەهرەمەند و نووسەرێکی زۆر لە ژنانی خاوەن خامە بەشداریيان لە رازاندنەوە و پڕ پێزترى لاپەرەکانیدا کردووە، لەم خاتونە بەڕێزانە هەیانە تا کۆتایی تەمەنی (بێوار) بە بەردەوامی بەشداریان لە لاپەرەکانیدا کردووە و هەشیانە بە چەند بەرهەمێک و یان تەنیا بە بەرهەمێک، کە جێی دەستخۆشی و شانازی بێوارە بۆ بەشداری ئەو ژمارە بەرچاوە لە خانمانی خاوەن خامە بۆ لاپەرەکانیان نووسیووە، هەروەک: بێریڤان حەمەسەعید، ڤیان بێتوشی، دڵسۆز حەمە، ئاڤان علی مەحمود، سەباحەت تاهیر، نەسرین عەباس، ناهیدە ڕەشیدیان، ڤینۆس فایەق، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، سارا فەقێ خدر، کەژاڵ عەلی، کانیاو هەولێری، دایکی بڕوا، کەڤان شێرزاد هەینی، شەمام شەوقی، سایە، جوان ناسیح بابان، جوان عومەر، ڕۆزا حەمە سالح، نارین کامەران، گەشبین بەرزنجی، نیگار، ناز ئازاد مەریوان، پەیمان سەرهەنگ، باخچە محەمەد، کاڵێ، ڕەزێ تاقانە، شەهێن، کەژاڵ ئەحمەد، بانوو بەرزان، ژیلا، سەمیرە محەمەد عەلی، نیشتمان کەرکوکی.

پەیام و سوپاس و پێزانین



بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی خۆشەویستی شاری لودڤیگس هافن، بۆ کوردستانیان، بۆ هەموو ئەو بەڕێزو خۆشەویستانەی لە کوردستان و ئەڵمانیا و وڵاتانی تاراوگەی پشتیوان و هاوکارم بوون، سوپاس و دەست خۆشی بۆ سەرجەم دەنگدەرانی شاری لودڤیگس هافن. ڕیزبەندی حەڤدەهەمم بە کۆی 8848 دەنگ، دەنگی پێویستم نەهێنا، پارتیی گرووپە 10 کورسی بەدەستهێناوە. ئەوە بۆ من ئەزموونێکی باش بوو، سوپاس بۆ هەموان چاوتان ماچ دەکەم..

گۆشەی (پشووی بێوار):

ئەم گۆشەیە، گۆشەیەکی پەخشان ئامێز بووە و لەلایەن خاتوو (نەسرین عەباس)ی شاعیر و نووسەرەوە دەنوسرا، لە یەکێک لە پەخشانەکانیدا سەرەتا ئاوای نووسیووە، (لە شەوێکدا ساردتر لە ئاواتەکانی ئەو و خامۆشتر لە بێدەنگی ئەم، دایکم خوازبێنی عەشقی لە باوکم کرد، ئەویش بۆی گەڕا !!. دوا تر لە کۆتاییدا دەنوسێت: (دوایەمین قۆناغ) بوون، ئازار دادی نەدا، هەر دەبوایە ببوایە .. پاڵی بە دەرگاکانی مەحاڵەوە ناو ناوی خۆی نا (من).. بە بێ ئاگا خۆی هاوێشتە باوەشی حەواوە و ئادەمیش یەک بەیەک لە ژوور سەری هەناسەکانی دەژمارد، بەڵام کاتێ چاوەکانی هەڵبڕی، تەنها لقە گوڵێکیشی لە ژوور سەری خۆی نەبینی، ئەمەیان (دایکم) بوو.

دارایی بێوار:

بێوار لە سەرەتادا کاتێک دەردەچوو تەنیا چوار لاپەرە ی A4 بوو، بڵاوبوونەوەشی سنووردار بوو بە زۆریش خۆی دەکرد بە کەمپەکانی نیشتەجێ بوونداو، کە مەبەستمان بوو بێوار ببێتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان کوردانی نوێی کەمپەکان و کوردانی نیشتەجێبووی شارەکاندا و ئاگاداری ڕەوشە گشتییەکان بن و لە هەمان کاتدا کە چەندین ڕێکخراوی کوردی هەن کا ئامادەن خۆبەخشانە هاوکار و ڕێنماییکەریان بن، هەربۆیە بێوار سەرەتا قورساییەکی دارایی زۆر نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی لاپەڕەکانی گەیشتنە 16 و هەندێ جار زیاتر. بێوار بە پۆست دەگەیشتە ماڵەکان و هەموو وڵاتانی ئەورووپا، ئەمەریکا و ئوستراليا و ناوەوەی کوردستان و تەنانەت دەگەشتە وڵاتی پاکستان و سوریا و ئێرانیش. ئەو دەمانەی کوردێکی زۆر لە پاکستان مابوونەوە بە نیازی دەرچوون بۆ وڵاتانی تر، لە هەندێک لەم تێچوونانە هەر لەسەرەتاوە میدیای کوردی ڕۆتردام هاوکارمان بوو لە هاوکاری دارایی کە مایەی پێزانین و سوپاسە و پاشان ئابوونەی بەشدارانی بێوار لەناوەو و دەرەوەی هۆڵەندا مانگانە یان ساڵانەی بەشداربوونیان دەنارد، کاری ئاسانتر کردین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆری کار و هەڵسوڕاندنی بڵاوکراوەی بێوار خۆبەخشانە بوو، ئەو دەمیش تەکنەلۆژیا بەم جۆرەی ئێستا بەر بڵاو نەبوو، لە هەموو ماڵێکدا کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و ئامێری چاپ نەبوو، تا بتوانرێت بە کلیکێک بابەتەکان ئامادەکەین بۆ چاپ، بەڵکو زۆربەی بابەتەکان بە دەستنووس دەهاتن و پاشان لە مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی بێوار چاپەکران و پاکژ دەکران تا ئامادەدەبوون بۆ بڵاوکردنەوە. چاوەڕوانی بەشی یازدەهەم بن ..

لە (یوسف مەنتک)ەوە

دەبێت هەوڵ بدرێت لە گەڵ کەسانی ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی تورکمان و عەرەبی کەرکوکدا قسە بکرێت، لەوانەی باوەڕیان بە پێکەوە ژیان لە نێوان پێکهاتەکاندا هەیە. نەم خەڵکە هەر دەبێت پێکەوە بژین...!

دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک؟ (٢)

دکتۆر جەبار قادر

تێبینی و ڕوونکردنەوە لە سەر دید و بۆچوونی هاوڕێیان: بۆ ئەوەی تێبینی و لێکدانەوەی هاوڕێیان لەسەر بەشی یەکەمی ئەم وتارە هەر وا بەبێ بەدواداچوون و ئاوڕدانەوە تێنەپەڕن، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

1- ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ئەوەیە، کە زۆربەی ئەوانەی کۆمێنتیان لەسەر بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارە هەبوو، لە یەک بۆچوونداً هاوبیر و هاودەنگ بوون ئەویش ئەوە بوو، کە کوردانی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێویستییان بە ڕێبازێکی نوێی کارکردنە لە دەرەوەی سیاسەتی حیزبە کوردییەکان. بەدەربڕینێکی تر دەبێت خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، چاوەڕوانی ئەوە نەبن هێزی تر لە دەرەوەی کەرکوکەوە بێن بڕیاریان بۆ بدەن. ئەو ڕێبازە چۆن دەبێت؟، ڕەهەند و ئامانجە سەرەکییەکانی چی دەبن؟، کێن ئەوانەی بەڕێی دەخەن و ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنن؟، ئەی کوردانی دیاسپۆرا چۆن دەتوانن پشتیوانیان بن؟، ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە دەبێت گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت.

2- هەندێ لە هاوڕێیان ئاماژەیان بەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بار و دۆخەی کەرکوک کردووە، کە لە تەک هەڵوێستی شۆڤینی و دژ بە کوردی کاربەدەستانی کۆن و نوێی عێراقدا، سیاسەتی بێ ناوەڕۆک و دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەیی یەکێتی و پارتی هۆکاری سەرەکی بوون. هەموو ئەو کارانەی ئەم دوو حیزبە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کەرکوک کردوویانە لەسەر زەمینەیەکی قانوونی بنیات نەنراون، بۆیە کەسێکی ڕەگەزپەرستی، وەک ئەم پارێزگارە ناقانوونییە وا بەئاسانی هەموو هەڵدەوەشێنێتەوە. مرۆڤ خەمبار دەبێت، کاتێ گوێی لێ دەبێ کە هەندێ لە کوردانی ئەم ناوچانە دەڵێن: ئێستا زیاتر هەست بە قانوون دەکەن، لە هاتوچۆوە بگرە تا چەک هەڵگرتن و شتەکانی تر!!!.

ئەمە بۆ خۆی مایەی شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتدارانی کورد، کە کۆمەڵی نەخوێندەوار و بێ ئاگایان لە بارودۆخی کەرکوک کردبووە بەرپرس لە شارەکە و هەندێکیان وەک داگیرکر هەڵس و کەوتیان لە گەڵ خەڵکی ئاساییدا دەکرد.

3- هەندێ هاوڕێ وەک هەمیشە لە هەوڵی ڕاکێشانی خوێنەردان بۆ قەوانی سواوی ململانێی حیزبایەتی. هیچ دەرفەتێک لە دەست نادەن و باسەکە هەرچی بێت، دەیبەنەوە سەر ئەو پەتا نەفرەتییە. هیوادارم تێبینی و کۆمێنتەکان لەو چوارچێوەیە دەرچن، ئەگەر بیرۆکەیەکمان هەیە بۆ دەرچوون لەم بارودۆخە پێشکەشی بکەین، ئەگەرنا من و هاوڕێیانم کاتی ئەوەمان نییە خۆمان بەو باسەوە خەریک بکەین. زیاتر لە پەنجا ساڵە کورد خەریکی ئەو بگرە و بەردەیەیە و هیچی بە هیچ نەکردووە و لەمەودواش هەر وا دەبێت. کاتی ئەوە هاتووە خەڵک خۆی لەوە زیاتر بەم باسەوە خەریک نەکات، هیچ شتێک نەماوە لەم بوارەدا بوترێت. لە جێگەی ئەو دروشمە ڕەگەزپەرستەی تورک، کە دەڵێت "چەند بەختەوەرم کە تورکم" دەبێت ئەوانەی لەم پەتایە ڕزگاریان دەبێت بڵێن "چەند بەختەوەرم کە لەم پەتایە زگارم بووە ."

4- ئەم بیرۆکانەی لێرەدا دەخرێنە ڕوو بۆ دروستکردنی حیزب نییە، چونکە کورد قەیرانی حیزبی نییە، بەڵکو قەیرانی کولتوری سیاسی نوێی هەیە، کە جیاواز بێت لەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان باوە. حیزبی سەدان بارەگا، دەزگا، ڕێکخراوی بە ناو ناحکومی، دەیان تەلەفزیۆن، سەدان کۆمپانیا و دەیان هەزار موچەخۆر خەڵکیان پەریشان و سەرگەردان کردووە. لێرە باس لە گردبوونەوەیەک، یا جموجوڵێک دەکەین، کە ڕەهەندی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئینسانی هەبێت، هەوڵ بدات لە جێگەی ئەو کەش و هەوا ژەهراوییە کە لەو ناوچانەدا دروست کراوە، کەش و هەوایەکی تەندروست لە نێوان پێکهاتەکاندا دروست بکات بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن بەبێ دوژمنایەتی و ڕق و کینە پێکەوە بژین.

5- هەندێ لە هاوڕێیان لە بێئومێدی و وەرسی زیاتر شتێک نابینن. هەڵبەتە خەڵکێکی زۆر تووشی بێئومێدی بوون و باوەڕیان بە دروشمی بریق و باق نەماوە، چونکە زیاتر لە نیو سەدەیە بەو دروشمانە لە کارەساتێکەوە دەبرێن بۆ کارەساتێکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ ناچارە هەمیشە بەدوای ڕێگە و دەرچەدا بگەڕێت، تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت. کوردی کەرکوک، هیچ نەبێت لە ماوەی نیوسەدەی ڕابردوودا، کارەسات و ماڵوێرانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام هەمیشە هەڵساوەتەوە. ڕاستە لە ڕابردوودا داگیرکەران و نەیاران کارەساتیان بەسەردا دەهێنا، بەڵام سەبەبکارانی ئەم جارەیان هاوزمان و هاوچارەنووسەکانی خۆیان بوون، بۆیە زەبرەکە زۆر قورستر و هەڵسانەوەکەش لە جارانی پێشوو زۆر گرانترە. ئەوەی بیەوێ لە کەرکوک و ئەو ناوچانە بۆ کارێکی لەم جۆرە هاوبیر و هاوکار ببینێتەوە، زەحمەتی زۆر دەکێشێت.

بڕوانە ل 5

لە لایەکەوە بێ متمانەیی باڵی بەسەر خەڵکێکی زۆردا کێشاوە، لە لایەکی تریشەوە نەم حیزبانە کۆمەڵێ زۆر خەڵکیان بەخۆیانەوە گرێداوە، کە ژیانی خۆیان و مااڵ و منداڵیان بەو گرێدانەوە بەندە..

پاشماوەی دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک؟ (٢)

دکتۆر جەبار قادر

لە لایەکەوە بێ متمانەیی باڵی بەسەر خەڵکێکی زۆردا کێشاوە، لە لایەکی تریشەوە ئەم حیزبانە کۆمەڵێ زۆر خەڵکیان بەخۆیانەوە گرێداوە، کە ژیانی خۆیان و مااڵ و منداڵیان بەو گرێدانەوە بەندە، بۆیە چاوەڕێی ئەوەیان لێ ناکرێت بە ئاسانی هەڵوێستی جیاواز لەوەی حیزبەکانیان داوای دەکات بنوێن.

6 – هەندێ هاوڕێ وا تێگەیشتوون وەک ئەوەی من بمەوێ تورکمان و عەرەبی کەرکوک پشت گوێ بخرێن. بەپێچەوانەوە من پێم وایە ئەم کارە سەرناگرێت ئەگەر هەوڵ نەدرێت لە گەڵ کەسانی ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی تورکمان و عەرەبدا قسە بکرێت، لەوانەی باوەڕیان بە پێکەوە ژیان لە نێوان پێکهاتەکاندا هەیە. ئەم خەڵکە هەر دەبێ پێکەوە بژین، لەو ژینگە ژەهراوییەی حیزب و گروپە توندڕەوەکان لە هەموو پێکهاتەکان دروستیان کردووە خەڵکێکی لە هەموو پێکهاتەکان وەرس و بێزارن. پێموا نیە مرۆڤ هەبێ حەز بکات لە کەش و هەوایەکدا بژێت کە پڕ بێت لە ڕق و کینە. ئەو پێکهاتانەی مەترسی بچووک بوونەوە و پەراوێزخستنیان هەیە، دەبێ دڵنیا بکرێنەوە کە مافەکانیان بەند نین بە ژمارە و دێرینی مێژوویانەوە لە کەرکوک، پێویستە هەموو کەسێک لە سەر بنەمای هاوواڵتێتی مافی سیاسی، کولتوری و کارگێڕی دابینکراو بێت. لە هەمان کاتدا هەموو ئەوانەی باوەڕیان بەپێکەوە ژیان هەیە دەبێت لە خەباتی بەردەوامدا بن لە دژی ڕەگەزپەرستی، جیاکاری و هزری شۆڤێنی لە هەرلایەکەوە بێت.

7– ئەم کارە بە دەستەجەمعی و خۆبەخشی دەکرێت، واتا وەک کۆمەڵەیەک، ڕێکخراو یا وەقفێک بە واتای Foundation ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر باون و کاری زۆر دەتوانن بکەن. بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری نێودەوڵەتی بەدەست بێنن پرسەکانی پێکەوە ژیان، پاراستنی مافی مرۆڤ و کەمینەکان دەکەن بە بنەمای کارەکانیان. واتا ئەوەی دەیەوێت ببێت بەسەرکردە و ڕابەر لێردا خۆی نابینێتەوە، ئەوانەشی دەیانەوێت بە چەند دروشم و قسەی زبر و پەلاماری ئەم و ئەو ببن بەئەندام پارڵەمان و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی لێرە هیچیان دەست ناکەوێت. کورد حەز دەکات بچێتە حیزب و ڕێکخراوی تازەوە و دوای ماوەیەکی کەم تاقەتی لێی دەچێت، بۆیە زۆر گرنگە ئەوانەی ئەم کارە دەکەن بۆ خەڵکی پێگەیشتوو و هاوسەنگ بگەڕێن، نەک کۆمەڵی بۆر و زۆر لە خۆیان کۆ بکەنەوە و دواتر وەک بەفری هاوین زوو بتوێنەوە. ئەوانەی ئەم کارە دەکەن دەبێت باوەڕیان بەوە هەبێت کە ئەوان بۆ ئێستا و داهاتووی نەتەوە و نەوەکانیان کار دەکەن .

8– بۆ ئەوانەی دەڵێن ئێمە چیمان پێ دەکرێت و بێ پشت و پەنای پارتەکان هیچمان پێ ناکرێت، با سەیرێک بکەن بزانن هاوشارییە تورکمانەکانیان چۆن کار دەکەن. نە هێزی چەکدارییان هەبوو، نە خاوەن دەسەاڵت بوون، بەرگەی هەموو زەحمەتییەکانیان گرت، چونکە لەسەر پرسە سەرەکییەکان یەک هەڵوێستن. من باسی ئەوە ناکەم، چەند پارتی سیاسی و بۆچوونی جیاوازیان هەیە. باسی ئەوەش ناکەم ئایە سیاسەتی حیزبەکانیان دروستن یا نا، بەڵکو باسی ئەوە دەکەم کە هەموو دەزانن بەرژەوەندییە باڵاکانی پێکهاتەکەیان لە کوێیە. شیعە و سوننەی عەرەب دوای یەکیان بڕییەوە، ئەمان ڕێگەیان نەدا ئەو جیاوازییە مەزهەبییە بگاتە ئاستی کێشەی گەورە و پێکدادان. هۆکاری هەموو ئەمانە لەوەدایە کە تورکمانەکان بەگشتی هەستی نەتەوەییان بەهێزە و لە پرسە سەرەکییەکاندا جۆرێک لە یەکدەنگییان هەیە. ئەمە فاکتەرێکی هەرە گرنگە بۆ هەموو گەل و نەتەوەییەک بیەوێت خۆی ئیسپات بکات و خەڵک گوێی لێ بگرێت و حیسابی بۆ بکرێت. پێم سەیرە زیاتر لە نیو ملیۆن کورد لە کەرکوک بڵێن هیچمان پێ ناکرێت. خەباتی کورد لە کەرکوک ئەمڕۆ بە بەراورد لە گەڵ سەردەمەکانی پێشوودا زۆر لەبارترە و مەترسییەکانیش لە چاو سەردەمی سەدام و بەعس زۆر کەمترن. خۆ هەر ئەم کوردە بوو گوێی بە هەموو جەبەڕووتی بەعس نەدەدا و لە دژی خەباتی دەکرد و قوربانی زۆری دەدا.

ئەی بۆ ئەمڕۆ خەبات بۆ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە شارێکی وەک کەرکوک، وا بە زەحمەتی دەبینرێت. هەڵبەتە سیاسەتی ملهوڕانەی حیزبە کوردییەکان هۆکارێکی سەرەکی ئەم بارە دەروونییەیە و دەرباز بوون لێی کارێکی ئاسان نیە، بەاڵم مەحاڵیش نیە.

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

زۆرینە لەگەڵ قەدەغەکردنی سەرپۆشی منداڵاندان

لەدوای ئەوەی لە وڵاتی نەمسا، سەرپۆش و باڵاپۆشی منداڵان لە خوێندگە سەرەتاییەکان قەدەغەکرا، ئێستا لە ئەڵمانیاش هەوڵێکی زۆر هەیە لەسەر ئەم پرسە و بەنیازن ئەو کارە ئەنجام بدەن، چونکە بەپێی ڕاپرسیەکان لە ٦٠٪ زیاتری ئەڵمانەکان، پێیان وایە پێویست ناکات منداڵانی سەرەتایی سەرپۆش بپۆشن و ئەم ڕەفتارە لەگەڵ سیمای مۆدێرنی وڵاتەکەیان ناگونجێت.

نەخۆشخانەیەک ڕەحمی بۆ ژنێک چاند

نەخۆشخانەی "تۆبینگن" بۆژنان لەنەشتەرگەیەکی دوو ساڵ لەمەوبەریدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کە بۆ ژنێک ئەنجامی دابوو، لەمڕۆژانە هەرلەو نەخۆشخانەیە، ئەو ژنە دوو منداڵی جمکی بەیەکەوە بوو. دکتۆرەکان ئەمەیان بەدەستکەوتێکی مەزن زانی بۆخۆیان و پیشەکەیان و پێشکەوتنی وڵاتەکەیان، شایانی باسە تا ئێستا لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا ٤٠ حاڵەت لەمجۆرە نەشتەرگەریە کراوە و تەنها ١٠ یان سەرکەوتووبوون.

هەوادارانی سوپاسی مەهدی دەستگیرکران

پۆلیسی ئەڵمانیا لە ١١ شاری ئەڵمانیادا، هەڵمەتێکی بەرفراوانی کردۆتە سەر گروپی" ئاشتی ٣١٣"، کە ژمارەیەکی زۆرن لە گەنجی عێراقی و سوری و کاری تێکدەرانە، ئابڕووبەرانە، تیرۆر، ئاژاوەگێڕی، فرۆشتنی مادەی هۆشبەر، دزی و جەردەیی دەکەن، لەپڕۆسەیەکەدا، کە ٥٠٠ پۆلیس بەشداریان تێدکرد، ٤٩ ماڵ و ئەپارتمانتیان پشکنی و ژمارەیەک تۆمەتباریان لە کۆی ئەو ٣٤ کەسە دەستگیر کرد، کە پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕا، ئەو گروپە ناویان لە خۆیان نابوو " ئاستی ٣١٣" هەموویان ماتۆڕیان هەیە و بەچاویلکەی ڕەش و پۆشتەوە لە شارەکان دەسوڕێنەوە و ئەوەی بیانەوێت دەیکەن، پۆلیس بۆی دەرکەوتووە، ئەوانە سەر بە سوپای مەهدی"موقتەدا سەدر"ن و لە تایەفەی شیعەن، هەوڵدەدەن بەسەر گروپە شەقاوەکانی تری ناو کۆچبەرانی کورد وتورکدا زاڵ بن و تەمبییان بکەن، بۆئەم مەبەستەش تا ئێستا هەموو هۆکارێکی تۆندوتیژییان بەکارهێناوە.

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا پێشوازی لە نادیە مورادکرد

پێڕێ لە بەرلین" هایکۆ ماس" وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا پێشوازی لە " نادیەمۆراد" باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ئاشتی کردولە کۆبونەوەیەکدا باسیان لە بریاری٢٤٦٧ کرد سەبارەت بە نەهێشتنی تاوانی سێکسی و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە یەزیدی نشینەکان کرد، ڕۆژێک پیش ئەوەش سەردانی " هۆرست زیهۆفەر" وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیای کردوە.

جان کلود: مێرکل کارێکی باشی کرد

جان کلود" سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا لە پرسی هاتنی بەلێشاوی پرسی پەنابەران بۆ ئەورووپا و ئەڵمانیا ستایشی ڕۆڵی مێرکلی کرد، لە پاراستنی ئەورووپا و گوتی: مێرکل کارێکی زۆر باشی کرد، کە سنوری وڵاتەکەی لەبەردەم کۆچبەران کردەوە، ئەگەر وای نەکردبایە هەنگاریا و نەمسا پردەبوون لە کۆچبەران و ئەو دوو وڵاتە دادەڕوخان، دواتر ئەو توانی بۆشاییەکی گەورە لەدەستی کار پر بکاتەوە، جونکە وڵاتەکەی لە چەند دەیەیەکی تر توانستی هێزی کاری نەدەما.

ملیۆنان کەس ناڵوودەی سێکس و سەیریکردنی فلم بوون

توێژینەوەیکی زانستی پزیشکی دەریخستووە، لەئەڵمانیا ٥٠٠ هەزار کەس لەنێوانیاندا منداڵ و هەرزەکارێکی زۆر ئاڵوودەی کاری سێکسی و سەیرکردنی فلیمی ڕووت و بەکارهێنانی کەرەستەکانی تێرکردنی سێکسی بوون و بەردەوام هەر خەریکی ئەوەن، بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش ئەو ڕەفتارە نەخۆشییەکی کاریگەرە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

Flixtrain

هێڵی نێوان (بەرلین- کۆڵن)ی کردەوە

دوێنێ کۆمپانیای فلیکسترێن بۆ هاتوچۆ هێڵێکی تری سەرەکی لەنێوان هەردوو شاری بەرلین و کۆڵن کردەوە و نرخێکی زۆر هەرزانی بۆدانا، کە ئەگەر پێشتر بلیت ببڕێت، بۆ یەک کەس تەنها ١٠ یۆرۆیە و بەپێنج کاتژمێرونیو ماوەی نێوان ئەودوو شارە دەبڕدرێت، ئەمەش دەبێتە سێیەمین هێڵی ئەم کۆمپانیایە لەدوای هێڵی (بەرلین– شتوتگارد) و (هامبۆرگ– کۆڵن) و پلانی ئەوەیان هەیە لەداهاتوودا ببێتە ڕکابەری DB.

هەناردەی ئەڵمانیا لە ئامێرەکان زیاد دەکات

یەکێتیی ئەڵمانی بۆ پیشەسازی میکانیکی ڕایگەیاند، کە لەسەر ئاستی هەموو جیهان، لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا هەناردەی ئەڵمانیا لە ئامیرە میکانیکیەکان زیادی کردووە و بەهاکەی گەیشتۆتە ٤٣ ملیار یۆرۆ، بەهۆی بەرزی کوالێتەکانیەوە ئاستێکی باشی هەیە و ئەمریکا یەکەمین وڵاتە بۆ هاوردەکردنی کالای ئەڵمانی و دوای ئەویش چین وڵاتانی ئەوروپاش بەپلەی سێیەم دێن لە هاوردەکردنی کالاو ئامێرکانی ئەڵمانیا.

نوسینە مرواریەکانی بەکر شوانی

جگەری پەردە لە ئامەد... تام و لەزەتێکی بێ وێنە!

بازاڕی جگەرفرۆشان لە شاری ئامەد–دیاربەکری پایتەختی باکوری کوردستان، یەکێک لە سیما ناسراوەکانی شارە. خەڵکی ئەوێ دەڵێن هەرکەسێک بچێتە ئامەد و سەرێک لە بازاڕی جگەرفرۆشان نەدات و جگەری برژاو نەخوات، واتە نەچووەتە ئامەد. هەر لە ساتەکانی زووی بەیانییەوە لەناو بەشە شاری سووردا، ئاگردانەکان دەدرەوشێندرێنەوە و لەبەرەوە دەست بە برژاندنی جگەر دەکرێت، ئیدی دەوروبەر تا درەنگانی شەو پڕ دەبێت لە بۆنی جگەری برژاو، چونکە لە ئامەد سێ ژەمە جگەری برژاو لەگەڵ پیاز و تەماتە و سەوزە و ماستاودا پێشکەش دەکرێت. جگەرخۆرەکانیش خەڵکی شار و میوان و توریستی کوردستان و تورکیا و جیهانن. بێگومان لە نزیکەی هەموو شارەکانی کوردستانی گەورە، جگەر و جگەرخۆر هەن، وەلێ ئەوەی جگەری ئامەد لە هی شارانی تر جیا دەکاتەوە، تام و لەزەتێکی بێ وێنەی هەیە، جگەری پەردەیە کە لەسەر دەستی وەستای زۆر تایبەت و بەئەزموون ئامادە دەکرێت و دەبرژێندرێت. لەم حاڵەتەدا جگەر 5 خوولەک دەبرژێندرێت، پاشان دەخرێتە ناو پەردەی چەوریی هەناوی ئاژەڵ و بۆ 10 خوولەکی تر دەخرێتەوە سەر ئاگر. دوای ئەوە بە بیبەری سوور یان ڕەش و ڕەشکە و پیاز و ماستاوەوە دەخرێتە بەردەم میوان. جا لەبەرئەوەی ئامادەکردنی جگەری پەردە هەروا ئاسان نییە، پێویستە کەسانی جگەرخۆر پێش وەخت ڕاسپاردە بدەن. دڵنیام دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە و بینینی وێنەکان، حەزی زۆربەتان، بەتایبەتی دانیشتووانی باشوور، دەچێتە سەر جگەری پەردە. هەموو جگەرخۆرێکیش پێی ناکرێت و بۆی نالوێت تەنیا بۆ خواردنی جگەری پەردە سەردانی ئامەد بکات، بۆیە دوو ڕێگە دێتە پێش؛

یەکەم: گاسترۆنۆمەکان (خاوەن ڕێستۆرانتەکان)ی باشوور، شاگرد بنێرنە لای وەستاکانی جگەر لە ئامەد بۆ ئەوەی پێشەکەیان لێوە فێر بن، یان..

دووەم: گاسترۆنۆمەکانی باشوور وەستای جگەر لە ئامەدەوە بهێنن و خوولی فێربوونی جگەری پەردە بۆ وەستا و شاگردەکانیان بکەنەوە.

تێبینی: تکایە بڕوانە والی کاک بەکر شوانی:
https://www.facebook.com/Bekir.Shwani/posts/10217186998780930

لە خۆشناوەتییەوە بۆ کیپ تاون
گەشتی یەکسەرەی زانای ئاینیی کورد ئەبوبەکر ئەفەندی

زانای ئاینیی کورد ئەبوبەکر ئەفەندی ساڵی ١٨١٤ لە دەڤەری خۆشناوەتی لە باشووری کوردستان لە دایک بووە. لە گوندی خۆیان خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، پاشان بۆ خوێندن ڕووی لە ئیستانبوڵ کردووە و پێنج ساڵ لەوێ ماوەتەوە. ماوەیەکیش لە بەغدا خوێندوویەتی و دواتر لەوێوە بە خێزانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەرزەڕووم .باشووری ئەفریکا کە لە ساڵی ١٨٠٥وە کەوتبووە ژێر دەستی ئینگلیزەکان، کەمینەیەکی مسوڵمانی بەڕەچەڵەک هندستانی و مالیزیایی تێدا دەژیا. ئەو مسوڵمانانە بە هۆی جیاوازیی بیر و بۆچوونیان سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیڕەویکردن لە ئاین، بەردەوام کێشەی ناوخۆییان هەبوو. لەبەرئەوە ڕۆژی ١٦ی نیسانی ١٨٦٢ داواخوازینامەکیان بۆ فەرمانڕەوای ئینگلیزی باشووری ئەفریکا بەرز کردەوە و تیایدا داوایان کرد لە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە زانایەکی ئاینییان بۆ بنێردرێت. فەرمانڕەوای ئینگلیز لەندەنی لە بابەتەکە ئاگادار کردەوە، شاژن ڤیکتۆریا بێ دواکەوتن نامەیەکی بۆ سوڵتان عەبدولعەزیز نارد و داوای زانایەکی ئاینی لێ کرد . نەزارەتی خارجیە "وەزارەتی دەوەرەی دەوڵەتی عوسمانی" ئەحمەد جەودەت پاشای ڕاسپارد بۆ دەستنیشانکردنی زانایەکی ئاینیی شیاو و لێهاتوو. دیوانی ئەحکامی عەدلیە ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٨٦٢ بە بڕیارێک ئەبوبەکر ئەفەندی بۆ ئەو ئەرکە هەڵبژارد و سوڵتانیش واژۆی لەسەر بڕیارەکە کرد. بەپێی ئەو بڕیارە، مووچەیەکی ٢٥ لیرەیی بۆ ئەبوبەکر ئەفەندی جێگیر کرا، ٧٥٠٠ قروش بۆ گەشت و یارمەتێک و کۆمەڵێک کتێبی پێویستیشی بۆ دابین کرا. ئەبوبەکر ئەفەندی ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ١٨٦٢ لە ئیستانبوڵەوە بەرەو پاریس و لەوێشەوە بۆ لەندەن بەڕێ کەوت. پاش دوو مانگ مانەوە لەوێ، لە لیڤەرپوولەوە دەستی بە گەشتەکەی کرد و ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٨٦٣ گەیشتە کیپ تاون. ئەبوبەکر ئەفەندی بەدرێژایی مانەوەی و تا ساڵی مردنی، سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتیی مسوڵمانەکانی باشووری ئەفریکا بوو. لەو پێناوەدا هەردوو زمانی هۆڵەندی و ئینگلیزی فێر بوو و کۆمەڵێک کتێبی بەو دوو زمانە نووسی. چەند جارێکیش ئینگلیزەکان ناردیان بۆ مۆزەمبیق بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتیی مسوڵمانانی ئەو وڵاتە. ساڵی ١٨٧٠ لەپای کتێبی "بیان الدین" خەڵاتی "مەجیدیە"ی عوسمانی پێ بەخشرا. ئەبوبەکر ئەفەندی لە کیپ تاون ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کچێکی هۆڵەندی پێکەوە نا و پاش ماوەیەکیش کچی جێریمیا کوکی خزمی دەریاوانی بەناوبانگی ئینگلیز جەیمس کوکی خواست. لە هاوسەری دووەمی، سێ کوڕی بوو بە ناوەکانی ئەحمەد عەتاڵا، هیشام نیعمەتوڵا و عومەر جەلالەدین. ساڵانی دواتر ئەحمەد عەتاڵا کرا بە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە سەنگاپورا. ئەبوبەکر پاش مردنی، شەش منداڵی لە پاش بەجێ ما کە پێ دەچێت سیانەکەی تریان کچ بووبن، بۆیە ئاماژە بە ناوەکانیان نەکراوە. نەوە و نەوەزاکانی وی لەم سەردەمەدا لە باشووری ئەفریکا، ئەمریکا، ئوسترالیا و چەند وڵاتێکی ئەوروپایی دەژین. حکوومەتی باشووری ئەفریکا ساڵی ١٩٧٨ بە بۆنەی یادی ١١٥ ساڵەی گەیشتنییەوە بۆ کیپ تاون "مۆزەخانەی ئەبوبەکر ئەفەندی" کردەوە بۆ پاراستنی کەلوپەل و بەڵگەنامە و هەموو شتێکی تایبەت بە ئەبوبەکر ئەفەندی و منداڵ و نەوەکانی.

تێبینی: هەر بەڕێزێک بخوازێت بابەتێکی تێروتەسەل دەربارەی ئەبوبەکر ئەفەندی بنووسێت، یان زانیاریی زیاتر لەبارەیەوە بزانێت، دەتوانێت سوود لە سەرچاوە تورکییەکان وەربگرێت. من بۆ ئەم زانیارییانە و پەیداکردنی وێنەکان سوودم لەم چەند سەرچاوەیە وەرگرتووە:

https://www.timeturk.com/tr/2012/12/26/ebu-bekir-efendinin-afrika-ya-gonderilisinin-150-yili.html?fbclid=IwAR3t-9R9Z7sFsBhu3xjfErewD0t3wE67YFxtnEB870pYDiiGpmIdIYTX8x0.

http://www.aljazeera.com.tr/al-jazeera-ozel/ebubekir-efendinin izinde?fbclid=IwAR2cL59xN7i1d6aL96bEKoD-A-dT3Jomadk7aNGLEzgPvKHCaDgaTQJgeX0

https://www.dunyabulteni.net/tarih-dosyasi/guney-afrika-da-bir-osmanli-alimi-ebubekir-efendi-h302188.html?fbclid=IwAR0GA-DyY57F8nwS33JtjV-eo-XxLc4PeRyGRLLrSkE8qOYwxgIz5GhtADA

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

لاله عەبده

هونەرمەند مامۆستا لە ساڵی 1947 لە شاری سلێمانی لە باشوری کوردستان، لە دایک بووە. ساڵی 1970 ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدادی تەواو کردووە، ساڵی 1978 بە پلەی نایاب لە کۆلێجی هونەرەجوانەکانی فلۆرەنسا لە (ئیتالیا) تەواو کردووە. پێشەنگا تایبەتییەکانی لە ساڵی 1970 لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغداد و لە ساڵی 1973 لە سلێمانی، ساڵی 1976 لە سلێمانی، ساڵی 1979 لە "گەلەری کونفیمبوریانا"، (لا بیرلا) – فلۆرەنسا لە ساڵی 1980 کۆشکی شارەوانی کارمینانو (ئیتالیا)، ساڵی 1981 خانەی ڕۆشنبیری فیسۆل لە فلۆرەنسا، ساڵی 1988 لەگەلەری دوپیت پونت لە ستراسبورگ، ساڵی 1988 لەگەلەریA.G.F . لە ستراسبورگ، ساڵی 1989 کونسلگەری ئەنجومەنی ئەوروپا لە ستراسبورگ ساڵی 1990 لەگەلەری بۆلتیل لە ستراسبورگ، ساڵی 1996 لە گروپی سیلیستات فەرەنسا، ساڵی 1997 لە گەلەری کۆبیە دي کادر لە ستراسبۆرگ، لە پێشەنگا هاوبەشەکانی ساڵی 1970 لە پێشەنگای کۆمەڵەی هونەرمەندانی عێراقی لە بەغداد، ساڵی 1972 کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لە سلێمانی، ساڵی 1973 میهرەجانی بەرلینی ڕۆژهەڵات لە ئەڵمانیا، ساڵی 1978 خانەی culrure لە فلۆرەنسا، ساڵی 1978 "هونەری وێنەیی ئەمڕۆ" لە لەندەن، ساڵی 1979 لە گەلەری غونگی، لە میهرەجانی نەورۆز لە فلۆرنسا، ساڵی 1982 بە هاوکاری ئینستویتی کورد لەپاریس، لە دۆرتمۆندی (ئەڵمانیا)، ساڵی 1987 لە گەلەری زانکۆ "هونەری کوردی" لە لەندەن 1988، ئینستیوتی کورد لە پاریس، ساڵ 1974 خەڵاتی میهرەجانی هونەری نیشتمانیی بەغداد، خەڵاتی ساڵی CAMPIONE DI ITALIA 1988 – مەدالیای ئەکادیمیای ئیتالیا لە چالاکی پێداجیک، لە ساڵی 1988ەوە وانەی تایبەتی لە شێوازەکانی وێنە جیاوازەکاندا گوتۆتەوە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

01 Juni . 2019 No. [52]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

لەگەڵ هاتنی یەکەم دەستە پەنابەرانی کورد بۆ هۆڵەندا، لە ساڵی ١٩٧٥ بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردیش لەم وڵاتە سەریهەڵدا ل 1 ڕاپۆرتێک لەمبارەیەوە لە ل 2 دا بخوێنەوە.

دەتوانین هەر لەسەرەتای ساڵانی هەشتاوە، باسی ئەوە بکەین کۆچکردوو دکتۆر جەمیل شەرەف، توانیوێتی بە زمانی کوردی و عەرەبی و هۆڵەندی چەندین بڵاوکراوە دەربکات. ل 2

بۆچی بێوار...؟ بەشی یانزەهەم، نوسینی هیوا سەرهەنگ، 3 ماچ چییە..؟، نوسینی محەمەد مەردان ل3، دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک... بەشی سێهەم.دکتۆر جەبار قادر ل4 و ل 5.

هونەرمەند دکتۆر بەیان مانی لە هونەرمەند دکتۆر ڕێبوار سەعیدی هاوڕێی دەدوێ.. ل 5

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 6. دوو بابەتی دیکە لە ل 7 دا..

هونەرمەندی شێوەکاری کورد:
تارا محەمەد ئەمین ل 8

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

01 Juni 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 52
01 ی حوزەیرانی 2019

لەگەڵ هاتنی یەکەم دەستە پەنابەرانی کورد بۆ هۆڵەندا، لە ساڵی ١٩٧٥ بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردیش لەم وڵاتە سەریهەڵدا

de VONK*
UIT KOERDISTAN
NIEUWSBULLETIN
Van de Patriotische Unie van Koerdistan (Irak) Nederlands komitee
Periodieke Uitgave van PUK, Postbus 114, 6920 AC MEERSSEN
ONZE STRYD GAAT DOOR
HET IRAAKSE REGIEM:
EEN WAAR SCHRIKBEWIND



دەتوانین هەر لەسەرەتای ساڵانی هەشتاوە، باسی ئەوە بکەین گۆڤکردوو دکتۆر جەمیل شەرەف، لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، توانیویتی بە زمانی کوردی و عەرەبی و هۆڵەندی چەندین بڵاوکراوە دەربکات...



ڕۆژنامەنووس کاک لوقمان محەمەد ڕەشید بە بۆنەی ساڵیادی (تاراوگە)ەوە هەندێ پرسیاری بۆ نارد بوو، ئێمەش بەسوپاسەوە بەم شێوەیە وەڵاممان دایەوە..

پ- تاراوگە بیرۆکەی کێ بووە؟

وەڵام: لە ڕاستیدا بیرۆکەی دەرکردنێکی بڵاوکراوەیەکی وەک(تاراوگە) لە هۆڵەندا نوێ نەبوو. پێشتر هەرلەسەرەتای هاتنی کوردەوە بۆ هۆڵەندا، کە دەتوانین لە دوای گەیشتنی یەکەم دەستەی پەنابەرانی کوردەوە بۆ هۆڵەندا، لەدوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ و کۆتایی شۆڕشی ئەیلول، گەلێک بڵاوکراوەی کوردیی پچڕپچڕ و ناوبەناو لەم وڵاتە هەوڵی دەرکردنی دراوە و چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچووون. دەتوانین هەر لەسەرەتای ساڵانی هەشتاوە، باسی ئەوە بکەین، کەسایەتییەکی وەک کۆچکردوو دکتۆر جەمیل شەرەف، لە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، توانی بە زمانی کوردی و عەرەبی و هۆڵەندی و ئینگلیزی چەند ژمارەیەک لە چەند بڵاوکراوەیەکی جیاوازی وەک De VONK دفۆنک و Nieuws over Koerdstan, grenzeloos دەربکات. هەروەها مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە ئەمستردام بڵاوکراوەی (مەڵبەند) و یانەی کوردی میدیا لە ئەمستردام گۆڤاری "میدیـا" و بڵاوکراوەی دەنگی "میدیـا"، یەکێتیی ژنانی کورد لە هۆڵەندا (خانمی کورد) دەربکەن، عومەر فارس عەزیز و مامۆستا مستەفا شەڵماشی و عەبدولڕەحمان نەقشی بڵاوکراوەیەکی ناوبەناویان دەردەکرد ١٢ ژمارەیان بە ناوی گۆڤاری (ئاوارە)ەوە بڵاوکردووە، پاشان ناوەکەیان گۆڕی بە بینایی و ئەویش ١١ ژمارەیەکی لێ دەرجوو ئەمانە و لەملاو ئەولاش پچڕپچڕ هەندێ بڵاوکراوەی دیکە دەرچوون، وەک گۆڤاری دەوار، ٦ ژمارەی لە شاری خرۆنیگن دەردەچوو، کە هیوا محەمەد سەرپەرشتی دەکرد. هەروەها لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکانەوە، ڕێک لە ١٥-٨-١٩٩٨ەوە بڵاوکراوەی بێوار بەڕێکوپێکی و بەردەوام تا ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٧ بە تیراژێکی زۆرتر مانگانە دەردەچوو، تێکڕا پێکەوە ١٢٧ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکە کاک هیوا سەرهەنگ بوو، بەندەش نوسەرێکی بەردەوامی بێوار بووم، جگە لەوەش لە گۆڤاری میدیا و دەنگی میدیاشدا ڕۆڵم هەبووە و یەکێک بووم لە کارمەندە سەرکییەکانی لەدەرکردنیاندا. سەبارەت بە بیرۆکەی دەرکردنی بلاوکراوەی تاراوگەش، هە هەمان ئەو خۆلیایانەی پێشووم بووە، سەرەتا، تەنیا بال دەستم دایە و وردەوردە، برادەرانی دیکە پەیدا بوون بۆ هاوکاری کردنم.

پ- یەکەم ژمارەتان کەی و لە کوێ دەرکرد؟

یەکەم ژمارەی تاراوگە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٨ لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەنداوە بڵاوکرایەوە، تا کۆتایی ساڵ ٢٧ ژمارەی لێدەرچوو و پاشانیش هەر ٢٧ ژمارەکەی لە بەرگێکدا چاپ و بڵاوکرایەوە

پ-ئامانجتان لەم (تاراوگە)یە چییە؟

لە ڕاستیدا ئامانجی بڵاوکردنەوەی تاراوگە لە سەرەتادا، واماندەزانی کە دەتوانین بڵاوکراوەیەکی تایبەت و هەمەلایەنە سەبارەت بە کوردانی تاراوگە بەگشتی و کوردانی هۆڵەندا بە تایبەتی بڵاوبکەینەوە، هەرچەندە دەمانزانی لە ڕابردوودا چەندین هەوڵی تاکلایەنە و بە کۆمەڵیش هەبوون، چ بە زمانی کوردی و هەندێ جار بە زمانەکانی دیکەی، کە کۆچبەرانی کورد لە وڵاتەکانیاندا ژیاون. ئێمە واماندەزانی دەتوانین، ئەو کەسایەتییانە لەدەوری خۆمان کۆبکەینەوە، کە ئاگاداری ڕوداوەکانی ڕۆژگار و ئەو گۆڕانکارییە تیژتێپەڕانەی ئێستای دنیای دەرەوەن، یان هیچ نەبێت ئەو کەسە شارەزایانەی زانیارییان لەسەر کۆچبەرانی کورد لە تاراوگە هەیە، هاوکارمان بن، ئەو کاریگەری و پێشکەوتن و هەڵسوکەوتانە لێک بدەنەوە و بۆچوونەکانیان لە تاراوگەدا بڵاوبکەنەوە، بەداخەوە تا ئێستا نەمانتوانیووە ئەو خەونەمان بهێنینە دەی، بەڵام هێشتا کۆڵمان نەداوە.

پ- سەرەکیترین بابەتەکانی بڵاوکراوەکەتان چیین؟

وەڵام:تاڕادەیەک هەوڵماندواوە هەرچی زانیارییەکی گرنگ هەیە لەدەوروبەری خۆمان، بە تایبەتی هەواڵ و ئاگاداری زانیاریەکانی ناوخۆی هۆڵەندا و ئەڵمانیا بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە ڕەوشی کۆچبەران و بێگانەکان و بێت بڵاوبکەینەوە. هەورەها هەواڵ و چالاکی هونەری و کەلتوری و ئەدەبی کوردان و بەرهەمی نوسەرانی تاراوگە نشین.

پ- پەیوەندیتان بە نووسەرانی ناو بەشەکانی کوردستانەوە لە چ ئاستێکدایە؟

وەڵام: لە تاراوگەدا بەرهەمی زۆربەی نوسەرانی کوردی باشوری تێدا بڵاودەکرێتەوە، هەندێ جاریش ویستومانە ئاوڕ لە نووسەرانی کوردی بەشەکانی دیکە بدەینەوە.

پ- کوردانی تاراوگە تا چەند هاوکاریتان دەکەن؟

زۆرن ئەو نووسەرە بەڕێزانەی هاوکارمانن و نوسینەکانیان بڵاودەکەینەوە، لە ئایندەدا بیبلۆگرافیایەک بە ناوی نووسەرانی تاواگە و نوسینەکانیان ئامادە دەکەین.

پ: هەروەها هەر زانیارییەکی تریش کە خۆتان بە گرنگی بزانن.

وەڵام: لەڕاستیدا ئەو تاراوگەیەی ئێمە دەمانویست، ئەو تاراوگەیە نییە کە ئێستە بڵاودەبێتەوە، ئێمە دەمانویست بڵاوکراوەی (تاراوگە) تایبەتمەندی خۆی هەبێت و تایبەت بێت بە کورد لە تاواگە لە هەموو ڕوکارەکانی ژیانیانەوە، هەر بە زمانی کوردیش نەبێت، بابەتەکانیش هەر ئەو بابەتە تەقلیدیانە نەبێت، کە لە بڵاوکراوەکانی دیکەدا بڵاودەبنەوە، وەک باسم کرد هێشتا ئەو خەونەمان نەهاتۆتە دی، بەڵام کۆڵی لێ نادەین.

تـــاراوگـــــە

بێوار لەگەڵ دامەزراندن و چاپ و بۆ هەموو کارەکانی، پەیوەندی و کۆکردنەوە و جیاکردنەوە و مۆنتاژ و بڵاوکردنەوەی تەنیا هیوا سەرهەنگ و پەیمان سەرهەنگ بوون، ڕۆڵ و توانا و ماندووبونیان بەرزدەنرخێندرێت

بۆچی بێوار ...؟!
نوسینی هیوا سەرهەنگ
بەشی یازدەمین

وداد خالس — پەیمان سەرهەنگ

عیسی موحیدین هەشەرینی — کاروان عەلی بچکۆل — عەباس تۆفیق کورجی

دلشۆز حمە — شاکر کەمال

خانەوادەی بێوار ..

سەرەتا بێوار لەگەڵ دامەزراندن و چاپ و بۆ هەموو کارەکانی پەیوەندی و کۆکردنەوە و جیاکردنەوە و مۆنتاژ و چاپ و بڵاوکردنەوەی تەنیا بەندە و پەیمان سەرهەنگ بوو، کە دەبێت ڕۆڵ و توانا و ماندووبونی (پەیمان سەرهەنگ)یش ئاماژە پێبدرێت و بەرز بنرخێنین، کە لەگەڵ کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەی یانەی کوردی "میدیا" لە ڕۆژترامدا هەر لە چالاکی وەرگێڕان و سەردانی نەخۆش و هاوڕێبوون بۆلای پزیشک و خەستەخانەکان و پەیوەندیکردن بە شوێنە پەیوەندیدارەکانەوە لە کاروباری پەنابەراندا و نوسینی ڕاپۆرت و نوسینی زۆر لەو نامەنەی وەڵامدابوون لەلایەن پەنابەرانەوە. هەروەها کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردیی دایک و فێرکردن و دانەبڕانی منداڵان، کە گەورەسالانی ئایندە دەبن لە زمانی دایک و ڕێنووسی کوردی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەرکێکی زۆری بڵاوکراوەکەشی لە ئەستۆ گرتبوو، هەربۆیە بەناوی ئەو دەمەی خێزانی بێوارەوە، گەر ڕێگەم بدەن بەناوی هاوڕێ و نووسەرانی بێواریشەوە سوپاس و ڕێزلێنانی پێببەخشین و بەهیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باش بین بۆی. هەروەها هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان بەم بڵاوکراوەیە چ وەک لۆگۆ و مونتاژ و کاروباری هونەری بافڵ سەرهەنگ وەک گەنجێکی خۆبەخش هاوکاری بەردەوامی دەکردین و هەمیشە گرفتە تەکنیکیەکانمان بەرەوڕوو کردۆتەوە و پاڵپشتێکی بەردەوامی بێوار بوو لەو ڕووانەوە، هەمووانیش دەزانن یەکێک لەکارە سەرکەوتووەکانی دنیای ڕۆژنامەنووسی، چاپ، ڕێکخستنی کارە هونەرییەکانیەتی، تا بەردەوام لە کاتی خۆیدا بەچاپ بگات و بڵاوببێتەوە، ئێمە وەک خێزانی بێوار ئیستا و ئەو دەمیش سوپاسگوزاری هاوکاری و بەرهەمەکانی دەبین و بەو هیوایەی وەک گەنجێکی خاوەن بەهرە سەرکەوتوو بێت لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا.

چاوەڕوانی بەشی دوازدەمین بن ...

ماچ چییە؟! مەبەست مەردان

بۆ لەکاتی ماچکردندا دەبێت چاو بنوقێنرێت..؟؟

دکتۆرێکی سویدی لە ڤڕژنامەی (لاترسیدا) نووسیوێتی: ماچ بۆ دڵ و بۆلەش بەکەڵکە، چونکە دژە لەشی وا پەیدا دەکات،کە لەماوەیەکی درێژدا دەبنە هۆی دروستبوونی بەرگری لەش. هەروەها ماچ دڵ بەگوڕ دەکات و لەئەنجامدا زیاتر هەوا دەچێتە ناو شانەکانی، ئەمەش دەبێتە هۆی (نوێ بوونەوە)ی لاویی ئەو کەسانەی، کە لە سنعەتی ماچێنیدا کاردەکات.

+– مێژووی یەکەم ماچ لە جیهاندا چۆن تۆمار بووە؟

لە فەرەنسا کابرایەک تەواوی ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخانکرد، کە مێژووی یەکەمین ماچ لەدنیادا بدۆزێتەوە. نزیکەی (40)ساڵ لەوبارەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو. لەدوایدا بەروبوومی ئەو چڵ ساڵ لێکۆڵینەوەکەی ئاوا ڕاگەیاند: (سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا لەشاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیای ئێستا ئاسنگەرێکی لاوچاک بەشان و باهوو پێکەوتوو دەژیا. ئەو ئاسنگەرە هاوسەرێکی زۆر جوانی هەبوو... هەردووکیان یەکترییان زۆر خۆش دەویست، بەڵام ژنەکە ئاکارێکی خراپی هەبوو، سەرڕەق و دەمەڕاش و بیانووگر بوو. جارجار بەناز و فیزەوە بەگژ مێردەکەیدا دەهات و پۆزی لەسەرلێدەدا و ئاسنگەری بێچارەی بێزار دەکرد. ڕۆژێک ئاسنگەر بە ماندووبی و شەکەتی لەکاری ڕۆژانەی گەڕایەوە، ژنە دیسان دەستی بەناز و فیز کرد و بەقسەی بێجێ و بەندو بالۆرەی بێتام بەگژ مێردەکەیدا هات. ئاسنگەر زۆر تووڕەبوو، لەداخاندا بەتووڕەیی دووسێ جار پێی لە زەویدا و بۆئەوەی بێدەنگی بکات، مەودای قسەکانی بپسێنێت، دەمی بەدەمیەوەنا و هەردوولێوی هەڵمژی. کارەساتێکی سەیر ڕووبدا، لەپڕ قڕەو هەرا دامرکا ..وەک ئاوێک بەئاگرداب کرێت، ئەو ژنە زۆر بڵێ و بەفیز و سەرڕەقە بەچاو تروکانێک نەخۆشیەکەی پەڕاند. هەردووکیان تامێکی یەکجار زۆرو سەیریان لەو ماچە کرد و پێی مەستبوون. ژنە ڕەوشتی خراپی جارانی نەما. ئاسنگەر و هاوسەری ئەو کارەیان زۆرجاری دیکەش دووپات کردەوە، تا هاتە سەرئەوەی کە ئەو ڕامووسانە، بووە یەک لەشیرین ترین و بەتامترین کاری ژیانیان. بەمجۆرە ئەودوو هاوسەرە یەکەمین ژن و مێردی دنیا بوون، کە ناودەمی یەکتریان ماچ کرد. وای لێهات ئەو ماچانە هاوسەری ئاسنگەریان لە کارکرد، بەدرێژایی ڕۆژ بیری لەماچکردنی مێردەکەی دەکردەوە، ت ائەو جێگایەیی ئیتر نەیدەتوانی لەسەر هاتنەوەی مێردەکەی ڕاوەستێ و دوای دەکەوت لەهەر جێگایەک تووشی ببوایە ماچی دەکرد.

پرسیارە نەزانراوەکە لێرەدایە ...بۆچی لەکاتی ماچکردندا دەبێ چاوبنوقێندرێت؟؟

هەموو ئەم پرۆژە و ڕاپۆرتە بێ ئەنجامانە، لە یەک سەرچاوەوە ناویان دەخواردەوە خاڵێکی سەرەکیش کە هەموویان لەسەری کۆک بوون ئەوە بوو کە لە دژی داخوازییەکانی کوردبوون بەناشکرا لایەنگیریان لەوانی تر کردووە

دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک؟ بەشی سێیەم(٣)

دکتۆر جەبار قادر

خۆتان نەبن کەس ناتوانێ کێشەکانتان بۆ چارەسەر بکات:

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕاپۆرت و پرۆژە لە بارەی کەرکوکەوە پێشنیار کراون. ڕاپۆرتی گروپەکەی بەیکەر – هاملتن لە دیسەمبەری ٢٠٠٦، هەرچەندە تایبەت بوو بە بارودۆخی گشتیی عێراق و گەڕان بەدوای دەرچەیەکدا، بۆ شکستی سەربازی و سیاسی ئەمریکا لەو وڵاتە، بەڵام ئاماژەی بە کێشەی کەرکوکیش، وەک فاکتەرێکی گرنگ کردبوو لەو چوارچێوەیەدا. ئەم ڕاپۆرتە دەقا و دەق بۆچوونەکانی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکانی دووبارە کردبۆوە، کە لە ١٨ تەممووزی ٢٠٠٦ دا سەبارەت بە کەرکوک بڵاوکرابۆوە. یونامیش دوای سێ ساڵ لە نیسانی ٢٠٠٩ هەمان بۆچوونی دووبارە کردەوە، واتا هەموو ئەم پرۆژە و ڕاپۆرتە بێ ئەنجامانە لە یەک سەرچاوەوە ئاویان دەخواردەوە. خاڵێکی سەرەکیش کە هەموویان لەسەری کۆک بوون، ئەوە بوو کە لە دژی داخوازییەکانی کوردن و بەئاشکرا لایەنگیریان لەوانی تر کردووە. لە نێوان ئەم پرۆژانەدا باسی مۆدێلی بزۆکسلیش بۆ کەرکوک کرا، کە لە هیچ شتێکدا لە یەک ناچن و تەنها خوایان یەکە. ئەم پرۆژانە وەک چاوەڕوان دەکرا هیچ ئەنجامێکیان نەبوو، بەڵام وەک بەڵگە و هەوڵ لەبەردەستن و هەر کاتێک پرۆسەیەکی جددی دەرەکی هەبێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، گومان لەوەدا نیە کە پەنایان بۆ دەبرێتەوە. بە دوور و درێژی باسی هەمو ئەم پرۆژە و مۆدێلانەم لەو کتێبەدا کردووە، کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد. لە گەڵ ئەوەشدا با بزانین بۆچی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بەو شێوەیە کار دەکات. ڕاپۆرتەکەی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لە ١٨ی تەممووزی ٢٠٠٦دا لە ژێر ناونیشانی "عێراق و کورد ئاماژە سەرەتاییەکانی شەڕێک، کە خەریکە لەسەر کەرکوک هەڵدەگیرسێت" بڵاوکرایەوە . ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە ئەوەیە بیروڕای گشتی لە ڕۆژئاوا و دونیا بۆ ئەوە ئامادە بکەن، کە چارەنووسی کەرکوک لە دژی خواستەکانی کورد بڕیاری لەسەر بدرێت. بڕیارێکی لەو جۆرە لە کاتێکدا کورد پێگەیەکی پەیدا کردبوو، ڕۆڵێکی ئەرێنی لە عێراق و لە دژی گروپە توندڕەوەکان دەبینی، کارێکی ئاسان نەبوو و ئامادەکاری زۆری پێویست بوو. بۆیە دەبینین هاوەدەنگییەکی سەرنجڕاکێش لەنێوان ناوەندە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە، ڕۆژنامە و گۆڤارە دیارەکانی ڕۆژئاوادا سەبارەت بە دۆزی کەرکوک هەیە، کە بەگشتی دژ بە خواستەکانی کوردن. دەوڵەتان نایانەوێت ڕاستەوخۆ ئەو دیدانە دەربڕن، بۆیە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی "میدیای ئازاد" و ڕێکخراوی "سەربەخۆی ناحکومی"یەوە، ئەو بیر و بۆچوونانە دەرخواردی خەڵک بدەن. دەتوانم بڵێم چالاکترین ڕێکخراوی لەم جۆرە لە بواری دۆزی کەرکوکدا گروپی قەیرانە نیودەوڵەتییەکانە، کە تا ئێستایش هەر خەریکە و ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ی بە "دەرفەتێکی باش دەزانێت بۆ دەسپێکردنەوەی گفتوگۆ لەبارەی ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە". ئەو دەزانێت کورد ئێستا لاوازە و لایەنەکان دەتوانن ئەو چارەسەرییەی بەسەردا بسەپێنن، کە ئەو بانگەشەی بۆ کردووە، لەبەرژەوەندی ئەوانی ترداید و زیان بە کورد دەگەیەنێت. گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان خۆی وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ناحکومی قازانج نەویست دەناسێنێت و هەوڵی ئەوە دەدات ڕێگە لە شەڕ و پێکدادان بگرێت و پشتیوانی لەو سیاسەتانە دەکات، کە دەبنە هۆی ئاشتی لە جیهاندا. لە ڕێگەی بڵاوکراوەی مانگانەوە پێشوەخت خەڵک لە کێشەکان ئاگادار دەکاتەوە. گروپەکە کارەکانی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و پێشکەشکردنی ڕاوێژ و ڕاسپاردەوە جێبەجێ دەکات. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە و بەیەکێ لە سەرچاوە هەرە گرنگەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە جیهانییەکان، پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتیی ئەورووپا و بانکی نێودەوڵەتی، دادەنرێت.

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ڕێکخراوە خێرخوازەکان، دەوڵەمەندانی ڕۆژئاوا و دامەزراوەی تایبەت یارمەتی دارایی پێشکەش بەم گروپە دەکەن. گەورەترین سپۆنسەرکانی ڕێکخراوەکە دوو ملیاردێری ناسراوی جیهانن، ئەوانیش (ناتل سیمۆڤیچی کرواتی و جۆرج سۆرۆسی) جووە. لە ساڵی ٢٠١٨ دا سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوەکە ٤٥٪ ی لە دەوڵەتانەوە بووە و ٢٣٪ ی لە دامەزراوەکان و ٢٧٪ ی لە کەرتی تایبەت و ئەوانی تریش لە ڕێکخراوی خێرخواز و وەبەرهێنانەوە هاتبوو. بەرپرسانی باڵای ڕێکخراوەکە بڕیتین لە کۆنە کاربەدەستانی گەورەی وڵاتانی ڕۆژئاوا.

پاشخانی ڕێکخراوەکە و ئەوانەی یارمەتی دارایی پێشکەش دەکەن، دەتوانن شێواز و میتۆدی کارکردنیمان بۆ ڕوون بکەنەوە. ئەو بەرپرسانەی ساڵانێکی تەمەنیان لە ئۆفیسەکانی حکومەتە ڕۆژئاواییەکان بەسەر بردووە و پۆست و پێگەی گرنگیان هەبووە، باش دەزانن بەرژەوەندی دەوڵەتان و ئەو ناوەندانەی پارەیان پێ دەبەخشن لە چیدایە. ئەم بۆچوونە نابێت وا لێکبدرێتەوە، کە ئەو ڕێکخراوانە دژن و کارەکانیان ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەت و ناوەندانە دەکەن، بەڵام کەسیش باوەڕ ناکات و ڕێی تێناچێت ئەمانە بژن و لە دژی بەرژەوەندی ئەوانەی یارمەتی داراییان پێشکەش دەکەن کار بکەن.

ئەوان باش دەزانن کام ڕاوێژ و ڕاسپاردە مایەی ڕەزامەندییە و کامیان ڕەت دەکرێتەوە. ئەوەیش دەزانن کام لایەن بەهێزە و دەتوانێت خواستەکانی خۆی بسەپێنێت و کێشەی گەورە دروست بکات و کارەکەیان لێ تێک بدات، کام لایەنیش لاواز و بێ پشت و پەنایە و دەکرێت هەموو داخوازییەکانی یان بەشێکی پشتگوێ بخرێن. لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیە دەتوانین لەوە تێبگەین بۆ ئەم ڕاپۆرتانە لایەنگری لە هەموو لایەنەکان دەکەن، کورد نەبێ. ئەوان زۆر باش لەوە تێگەیشتوون، کە لەسەر ئاستی هەرێمی دەوڵەتانی ناوچەکە هەموو لە دژی خواستەکانی کوردن. لە نێوخۆی عێراقیش لایەنە سیاسییەکان لەدژی ئەوەن کورد پێگەی گرنگی هەبێت و لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم باڵادەست بن.

بروانە ل 5

پاشماوەی دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک بەشی 3

خۆخۆڕی و ململانێ و یارییە بچووکەکانی بەرپرسانی کوردیش زۆر لە ئێمە باشتر دەزانن، چونکە ئەوەی لە لای ئەوان باسی دەکەن، بۆ خۆمان باسی لیوە ناکەن. لەسەر ئەو بنەمایانە ئامادەکارانی ئەو ڕاپۆرتانە پرسەکانیان بەشێوەیەک خستووەتەڕوو، کە مایەی پەسەندکردنی دەوڵەتە هەرێمییەکان و لایەنە عێراقییەکان بن و گوێیان بە داخوازییەکانی کورد نەداوە. لە هەمان کاتدا داوا لە بەرپرسانی کورد کراوە، نەرمی بنوێنن و لە پێناوی ئاشتی و سەقامگیریدا, قوربانی گران بدەن و دەست لە بەشێک لە داخوازییەکانیان هەڵبگرن. ئەوان دەزانن ناوەندە نێودەوڵەتییەکان ئەوەندە کارتیان بە دەستەوەیە, بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر کورد و ناچاریان بکەن، بەو پرۆژانە قایل بن. ئەگەر کورد بەتەنیا دژی ئەو پرۆژانەیش ڕاوەستێت، ئەوا شتێکی ئەوتۆی پێ ناکرێت، دەکرێت بەئاسانی زیانی گەورەی پێ بگەیەنن. گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لە ڕاپۆرتەکەیاندا ئاماژەیان بە بارودۆخی ئالۆز و ترسناکی کەرکوک کردووە، لایەنەکانی ململانێکە و خواستەکانیانی خستووەتەڕوو، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە، خۆی لە بەرپرسیارێتی نەدزێتەوە. ئەوە ئەمان بوون داوای دواخستنی ڕاپرسیان لەسەر دواڕۆژی کەرکوک کرد و بە هۆکاری تەقینەوەی بارودۆخەکەی لە قەڵەمدا. لەمەدا ڕاپۆرتەکەی بەیەکەر – هاملتن ڕێک بۆچوونەکانی ئەمانی وەرگرتووە. ڕاپۆرتی قەیرانە نیودەوڵەتییەکان داوا دەکات، کەرکوک بکرێت بە هەرێمێکی فیدیرالی سەربەخۆ و پێیوایە، کە نابێت بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. پێشنیاری ئەوەیش دەکات هەر چوار پێکهاتەکەی کەرکوک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە کەرکوک ڕێکبکەون. چەند ساڵێکە ئەو گروپە ئەو جۆرە چارەسەرییە پێشنیار دەکات، کۆر و کۆنفرانسی بۆ دەبەستێت و بیروڕای ڕۆژئاوای بۆ ئامادە دەکات. گروپی قەیرانە نیودەوڵەتییەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بانگەشە بۆ ئەم چارەسەرییە دەکات، تورکیایش زۆر جار پێداگری لەسەر هەمان شت دەکات. لە کۆتاییدا کۆمەڵێ ڕاسپاردەی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتانی هەرێمی، عێراق و کوردستان پێشکەش کردووە. یەکێ لە دیاردە عەنتیکەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەستنی چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەی بێ ئەنجام بوو، لە وڵاتانی دەوروبەر، ئەوروپا و ئەمریکا بۆ "نوێنەرانی پێکهاتەکان؟!"، کە ڕۆژانە لە ئەنجومەنی پارێزگا پێکەوە خەریکی کەین و بەین و پارە پەیدا کردنن. ئەو جۆرە کۆنفرانسانە، پڕن لە دووڕوویی و گوایە پێکهاتەکان هیچ کێشەیان نیە و هەموو وەک برا پێکەوە دەژین!!. هەڵبەتە ڕێکخەرانی ئەو جۆر کۆنفرانسانە، گاڵتەیان بەو قسانەدا دێ چونکە ئەوان لەو سەری مەسەلەکانەوە دێنەوە، بەڵام قەت هیچ دەرناخەن و هەر سەریان بۆ دەلەقێنن. ئەوان بۆ خۆیان لەم ڕێگەوە کار و سپۆنسەریان پەیدا کردووە، کە پارەی باشیان دەدەنێ بۆ ئەم جۆرە کارانە. لە دووڕەوە خەڵکی داماو زۆر دڵخۆش دەبن، بەمجۆرە کۆبوونەوانە و لێکدانەوەی جۆرا و جۆریان بۆدەکەن و بە نیشانەی ئەوەی دادەنێن، کە دونیا خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکەیانە. ئەوان نازانن هەموو ڕۆژێ دەیان و بگرە سەدان کۆنفرانسی لەم جۆرە لە هۆڵە داخراوەکانی ئەو وڵاتانە دەبەسترێن و هیچ ئەنجامێکیش نادەن بەدەستەوە. لە یەک حاڵەتدا ئەو کارانە بەرهەمێکیان دەبێت، ئەگەر نوێنەرانی ڕاستەقینەی لایەن و پێکهاتەکان بۆ خۆیان باوەڕیان بە ڕێککەوتن و پێکەوە ژیان هەبێت و خاوەن بڕیاریش بن، نەک پیاوی ئەم بەرپرسە و ئەو دەڵەتە بن و کۆیلەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و حیزبەکانیان نەبن. لەم حاڵەتەشدا هیچ پێویست ناکات، بچن بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، بەڵکو دەتوانن لە قەرەهەنجیر و تازەخورماتووش کۆببنەوە و ڕێکبکەون. بۆیە نابێت خەڵکی کەرکوک بە تایبەتی کوردەکەی باوەڕیان بەوە هەبێت، کە خەڵکێکی تر لە دەرەوەی عێراق یا تەنانەت لە دەرەوەی کەرکوکەوە دێن و کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکەن. دەبێت بۆ خۆیان لە گەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینەی پێکهاتەکاندا هەوڵ بدەن یەکدەنگییەک دروست بکەن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن. هەڵبەتە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە بیندرێژی و کارکردنی زۆر هەیە و بۆ ئەمە دەبێت لە کەرکوک کۆڕ و کۆبوونەوە بکرێت، نەک لە بەرلین و عەممان و ژنێف...هتد.

ماوێتی

هونەرمەند بەیان مانی لە هاوڕێی هونەرمەندی ڕێبوار سەعید دەدوێ

هەمیشە ئەنفال و کیمیایی و نەهامەتی و حوزن و ڕەشپۆشی لە قەدو باڵای نەرم نەرمی هۆرە ئاساییە پڕ هارمۆنیەکەی میرزادە دەبارێ، مرۆڤەکان هێدە ناسک خوار بوونەتەوە لە نەهامەتی و باری قورسی سەرشانی ناخیان، هێندەی نەماوە بچنەوە ناوڕۆحی پڕشەرمنۆکی خۆیانەوە، پاشانیش توزقاڵیان نەمێنێ و وەک مۆمێکی جەستە باراڤین هێندە شەرمۆکن.. ناسکن دەڵێی چیخۆف دەستی بەسەریاندا هێناوە.. هاکا لە ناسکیدا مردن. مرۆڤە تەنیاکانی ڕیبوار سەعید بوار نادەن، بەتەنیا بیانبینی، هەریەکە و جەستەی خۆی کردووە بە چەند بەشێکەوە، پاشان هەموویان چەماونەتەوە، بۆ نێوناخی یەکتر و هاوەدەمیەکی لێوان لێون، بۆ یەکتر.. ئەوان دەیانەوێt ئەوەمان پێبڵێن، کە تەنیایی بیابانێکی لماوی و پڕ گەردەلول و زەردەسیرو پەیکوڵە.. ! مرۆڤی تەنیاش باڵندەیەکی باڵ شکاوی پەککەوتەی ئەو دەڤەرەیە، بەڵام کوا توانیوێتی مرۆڤی نێو دەریای هیوا بکوژێ ! هەربۆیە مرۆڤەکان لاشەی خۆیان لەتلەت کردووە و پاشان بەچەسپی پڕهیوای نەمری کردوونی، بەهاوەدەمی یەکتر بۆ ماندنی سارای تەنیایی.. ئەم مرۆڤانەی (ڕێبوار) بەمەبەست وا بەوجۆرە لاشەی خۆیان لەت لەت کردووە، ئەویش لەبەر ئەوەیە چاوی بینەرانی خۆیان تووشی بەرکەوتێکی ڕەق نەبێت، وای لێبکات بەبینینی هەناسەی سواربێت. تەنێکی سادە و بێ جولّە و قورس دیارە، ئەم مرۆڤانە زۆر بەجوانی چوونەتە نێوناخی دەروونی واقورماوی بینەری خۆیانەوە ! بۆ ئەوەی تووشی تەنگەژەی دەروونی نەبن، مرۆڤەکان بەجولّەی جەستەیان جۆرە یەکسانی و هەماهەنگیەکیان خولّقاندووە، لەنێوان تەنی لەتکراو و ئەو بۆشاییەی لە نێوانیاندایە. ئەم بۆشاییانە کەسێ جۆرن هەندێکیان لەنێوان جوداکردنەوەی بەشەکانی لاشەی مرۆڤەکانەوە هاتۆتەکایەوە، هەندێکیان لە نێوان مرۆڤێک و هاوەدەمەکێدایە، هەندێ بۆشایی لە نێوان مرۆڤەکان و دەوروبەری خۆیاندایە، ئەمانەش وایان لە بینەری خۆیانکردووە، هەست بەجۆرە ئاسودەییەک بکات، لە بینینی ئەم مرۆڤانە و جۆرە ئاوێتەبوونێک دروست بکات، لەهەمان کاتدا جۆرە ڕوحسوکی و نەرمیەکی هێناوەتە کایەوە، لەنێوان مرۆڤەکان خۆیاندا، ئەم مرۆڤە تەنیا تەنیایانە، هەتا بڵێ ی زیندوون ! کەچی کە تەماشایان دەکەین، زۆربەیان تەرمی خۆیان لەسەر شانە و زۆر بێباکانە وەستاون و لە زیندووش زیندوو ترن، لە ڕۆحی ناسکی (هەستیار)* دەچن، کە چەندین ساڵە ڕۆحی خۆی لەسەر شاندایە و بێ باکانە دەسوڕێتەوە بەهەموو جیهاندا...! لەم مرۆڤە پەیکەرانەدا هەست دەکەین بە خامەی ئاوازی شمشاڵ دروست کراون، هێندە نەرم و ناسک و هارمۆنین، ئەوان نەڕاستەیان دیووە، نەئاسن نەبەردی ڕەق نە ڕقیش، ئەوان هەتا هەتایە دەژین.. ! ئەوان بەفوی کینەیەک دەمرن.. ! نامرن ...!

* هەستیار مەبەست لە (بەرزان هەستیار) شاعیرە، کە هۆنراوەیەکی وای هەیە..

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

مێرکل مەترسی لەئایندەی ئەورووپا هەیە

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین

یەکێتیی ئەورووپا لەسەردەستی "هێلموت کۆل" گەورە ڕاوێژکاری پێشووتری ئەڵمانیا دروستکراوە، ئەو ویستی بە دروستکردنی ئەورووپایەکی پتەو هەبوو، ئاسەواری شەڕی جیهانی دووەم بسڕێتەوە و هەنگاو بەرەو بنیاتنانەوەو پێکەوەژیان وئاشتی وتەبایی بنێنن، مێرکلیش وەک خوێندکارێکی کۆل، لەوکاتەی کە سیاسەت دەکات و لە چوارەمین خولی پۆستی ڕاوێژکاریشدا هەمیشە پتەوکردن و یەکڕیزی یەکێتیی ئەورووپا دووپات دەکاتەوە.

مەترسیەکەی چیە؟

لەم ساڵانەی دواییدا لە کاردانەوەی ئیسلامی سیاسی و تیرۆر و دروستبوونی داعش و بڵاوبونەوەی کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەرتاسەری جیهان و ئەروپا بەتایبەتی، ژمارەیەک پارتی ڕاستڕەو و گەلپەرست، لە وڵاتان دروستبوون و داوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی ئەورووپا دەکەن، ئێستا ئەو پارتانە لە ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپی لە ترۆپکی دەسەڵاتدان و هێدی هێدیش لەبرەودان، بەپێی پێشبینی هەموو چاودێرانی سیاسیش واچاوەڕوان دەکرا ئەوپارتانە و کاندیدەکانیان لە هەڵبژاردنی کۆتایی مانگی پێشووی پەرلەمانی ئەورووپدا دەنگەکانیان زیاد بکات و فراکسیۆنێکی پتەو پێکبێنن، هەرجەندە دەنگەکانیان زیادی کرد، بەڵام خۆشبەختانە ئەوە ڕووی نەدا و نەیانتوانی شکست بە پارتە لیبرال و سۆسیال دیموکرات وپاریزگارەکان بهێنن، ئەگەر وابووایە ئەوا کاری لەسەر بەرنامەکانیان دەکرد و دەبوونە مەترسی بۆسەر یەکێتیی ئەورووپا، بەڵام بۆ ساڵانی ئایندە ئەم مەترسیانە هەرماون.

لەسەرئەم دۆسیەیەو پرسی تری تایبەت بەئەورووپا ڕۆژنامەی" زود دۆیچە زایتۆنگ " لەژمارەی ڕۆژی ١٥ی مانگی مەی ئەمساڵ دیدارێکی لەگەڵ مێرکل کردووە و بەئاشکرا ئاماژەی بە مەترسی لەدەستدانی ئەو یەکێتیە کردووە.

دەیەوێت هاوسەنگەیک دروست بکات..!

مێرکل و هاوبۆچونەکانی وەک لە دیدارەکەدا دەڵێت، دەیانەوێت ئەورووپا هەڵسێتەوە و بەرگەی ئەو پێشهات و شەڕ و ئاژاوانەی جیهان بگرێت و ئەو قەوارە مۆدێرنە ببێتە هاوسەنگیەک لەنێوان جەمسەری ڕوسیا لە لایەک و جەمسەری ئەمریکا لەلایەکی تر، جگەلەوەش دەخوازن بنەماکانی یەکێتیی ئەورووپا، کە ئازادی و دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤە بەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بڵاوبکەنەوە، میللەتان بە ئاشتی و ئارامی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دادپەروەریدا ژیان ببەنەسەر.

کێشەکانی لەگەڵ ماکرۆن...

ئەڵمانیاو فەرەنسا دوانەی هەرەگەورەی ناو یەکێتیی ئەوروپان، ئەنجێلا مێرکل و ئیمانوئێل ماکرۆن"یش دوو سەرەۆکی دیار و کارای ئەو دوو وڵاتەن، کێشەی نێوان ئەو دوو سەرۆکە ساڵێک لەدوای هەڵبژاردنی ماکرۆن بە سەرۆکی فەرەنسا بەدیارکەوت، کاتێک لەسەر مەسەلە ئەوروپیەکان کێشە و جیاوازی هەڵوێستی لێکەوتەوە، لەسەر تەوەرەکانی کێشەی نێوان ئەو دوانە ڕۆژنامەکە لەزاری ئەوەوە ئاماژەی بەکێشە هەرەسەرەکیەکانی نێوانیان کردووە، لە پێشەوەیاندا فرۆشتنی چەک و جبەخانەیە بە سعودیە، کێشەکەش ئەوەیە کە ئەڵمانیا لەدوای کوژرانی "جمال خاشەقجی" لەسەر داوای ئۆپۆزیسیۆن زۆربەی گرێبەست و هەناردەکردنی چەکی خۆی بۆ ئەو وڵاتە ڕاگرتووە و داوای لەو وڵاتانی ناو یەکێتیی ئەوروپاش کردووە، کە هەمان هەنگاو بهاوێژن، ماکرۆنیش بەمە ڕازی نییە، دەیەوێت دریژە بەو گرێبەستانەبدات، مێرکل بە ئاشکرا باسی ئەو کێشەیە دەکات، بەڵام ئاماژەشی بەوە کردوە کە لەگەڵ ماکرۆندا هەنگاوی باش چوونەتەپێش، لەسەر مەسەلەی بەرگری و چەکفرۆشتن، نمونەی ئەوەش دەهێنیتەوە کە لە مانگی شوباتی ئەمساڵ ڕێککەوتنێکی هاوکاری و هەماهەنگیان مۆرکردوە.

پەیوەندی لەگەڵ تورکیا..

ماوەی ڕابردوو " مانفرێدوبیەر" کاندیدی پارتی گەلی ئەورووپی بۆ پەرلەمانی ئەورووپا، کە پارتێکی پۆپۆلیستە و ڕکابەرایەتی مێرکل دەکات، ئەو کەسایەتیە سیاسیە داوای لە میرکل و سیاسەتمەدارانی ئەورووپا کردبوو، کە دۆسیەی ئەندامبوونی تورکیا لەناو یەکێتیی ئەورووپا دابخەن، ڕۆژنامەکە باسی ئەو پرسە دەکات و میرکلیش دەڵێت: کە تورکیا بۆ ئەورووپا بایەخدراوە و بەرژەوەندی بااڵیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام لەسەر چەند مەسەلەیەکی تایبەتی، وەک ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بیرووڕایان جیاوازە.

سەرچاوە: سود دۆیچەزایتۆنگ

دوو کچی کورد سەروکورسی پەرلەمانی ئەوروپایان بەدەستهێنا

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا، کە لە ٢٣ تا ٢٦ ئەم مانگە لە ٢٨ وڵاتی ئەورووپی بەڕێوەچوو، لە نێوان پێنج کاندیدی کوردی پارچەکانی کوردستان، لەهەریەک لە ئەڵمانیا و سوید دوو کچی کورد، سەرو کورسی پەرلەمانەکەیان بەدەستهێنا و بونە براوەی ناو لیستەکانیان، ئەوانیش هەردوو خاتوو ئویزلەم دەمیرێل و خاتوو ئەڤین ئینجیرە.

کۆمەڵگەی خێزەکی!
شەهلا یارحسەینی

ئەوەیە کە زۆرترین مرۆڤی نائەقڵانی لە خۆی کۆدەکاتەوە. کاتێک خێڵ یان هۆز یان گرووپێک، کە هەموو هەوڵ و هەڵپە هەڵپەکەی بۆ ئەوە بێت تەنیا فکرو ئەندێشەکانی کۆمەڵگە لە قەوارەیەکی داخراودا بخولێنێتەوە و مرۆڤەکان بە شێوەی کۆیلەو ئەقڵ لەباربردو ڕابێنێت، هیچ کات ئەو کۆمەڵگە ناچێتە خانەی کۆمەڵگەیەکی بیردۆز، بەڵکو بەردەوام لەبیری ئەوەدایە، مرۆڤەکان ببنە هەڵگری پەیامێکی تاکپەرستی و دوور لە بەهای مرۆڤایەتی. بۆیە کۆمەڵگەی کوردەواری لە ئێستاو لە ڕابردویشدا هەمان پەیام و هەمان چیرۆکی ئەفسانەیی، دوور لە ڕاستی و دروستییان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە. کاتێک کۆمەڵگەیەک تەقات و حەوسڵەی بیردۆزی و بە شوێن ڕوداوە ڕاست و دروستەکاندا نەگەڕێین، گومان لەوەدا نیە ئەم ڕەوتی کۆیلە بوون و نائەقڵانیە پەرە نەسێنێنت. ئەگەر ئێمە هەر لە منداڵیەوە فێریان بکردایەین و پەرتووک و نەریتە ڕەسەنەکانی خۆمانمان بە جوانی هەڵگرتایە، هەرگیز نەدەبووین بەهەڵگری نەریتێک کە هەندێکیشمان نازانین واتای چیە...؟ کاتێک لە منداڵیکی نۆرۆیژی دەپرسیتفلانە چیرۆکی منداڵانەت دەزانی..؟ بێ سێ و دوو هەموو چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕێتەوە و تەنانەت ناوی گیانلەبەرەکانیشی بە وردی لەبەرکردووە، کە لەو چیرۆکەدا چی ڕۆڵێکیان هەبووە. نامەوێت بەراوردی کۆمەڵگەی نۆرۆیژ لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا بکەم..! بە چەندهۆکار، یەکەم ئەوان سەدسااڵ لە مەوپێش هەمان کێشەی ئێمەیان هەبووە چ لەڕووی جوگرافیا و چ لە ڕووی ئایین و باوەڕەکانەوە، لە هەمانکاتیشدا کێشەی نەتەوەیشیان هەبووە، بەاڵم ئەوان بەزووی هەموو گرفتانەیان تێپەڕاند و بەخۆیان و بەسیاسەت و دابونەریتیاندا چوونەوە و ئاڵگۆڕێکی بنەڕەتی سەری هەڵدا و بوون بهخاوەنی ئەم بەهەشتە، کە ئێمەی پەنابەر خۆمان دەدەین بە ملی ئاو ئاگردا بۆ ئەوەی پێی بگەین. بەاڵم ئێمەی کوردیش نەتەنیا لە خەیاڵی بەهێزکردنی تاک و هۆز و خێڵین، لەم کات و ساتەدا، کە سەدەی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی ئەقڵ و مەعریفەی مرۆڤایەتیە، تا ئێستایش نەمانتوانیووە، ببین بە پردی پێوەندی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی و یەکلاکردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەسەنایەتی کوردبوونمان بۆ نەوە دوای نەوە، بەڵکو بووین بە بەربەست و لەیەکترازانی بیروباوەڕە ڕەهاییەکانیش و دیموکراسییش لە قاڵبی وشە نەهاتۆتە دەرەوە. وێدەچێت ئێمەی کورد بەشمان هەر دڵەڕاوکێ و لە یەکترازانی کۆمەڵگە بێت. ئەوەی دوژمنە سەرسەختەکانی خۆمان پێمان دەکەن، ڕۆژانە هیچ هەواڵێکی خۆش و پێکەنین ئامێز نابیستین، جگە لە هەواڵی هەڵاواردن و دەست دریژی و هتد..... نەبێت. جا لە دوژمن خراپتر خۆمانین، کە خێڵ و هۆز و تاقم و گروپ دەپەرەستین، کە ڕەنگە لای هەندێک ناو هێنانیشی بڤەبێت.

تێبینی: ئەم بابەتەم دوو ساڵ لەمەوپێش نوسیووە، بەاڵم دوای ئەوەی ئەم ماوەیە سەردانی کوردستانم کرد، بیرم کردەوە جارێکتر داینێمەوە. وێنەکەیش ناوتەنگی دەربەند بێلولەیە و خۆشترین و جوانترین سروشتی هەیە، بەاڵم هیچ خزمەتگوزاریەکی تێدا نیە و بگرە زۆریش پشتگوێ خراوە بەداخەوە خەڵکی دڵسۆزی نییە.

کتێبخانەی گەڕۆکی گەردانە

خالید ڕەسوڵ

جارانیش لەڕێی بزوتنەوە ڕۆشنگەریەکەوە، پرشنگی ڕوناکبیری لە سلێمانیەوە دەگەیشتە شوێنەکانی دیکەی کوردستان، ئەمڕۆش لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە پڕ لە کتێبە بەنرخەکانی ئەنوەر عازەبانیەوە دەگات، بە هەموو شار و گوند و کوچە و شوێنە دوورەدەستەکان، کە بە ناوی کچە ژیکەڵەکەیەوە کتێبخانەی گەڕۆکەکەی ناوناوە گەردانـــە، ئەوە بۆ ماوەی دووساڵە، ئەنوەر عازەبانی لە داهێنان و بیرکردنەوەیەکی ناوازەدا، توانیویەتی کتێب بگەیەنێتە هەموو شار و شارۆچکە و تەنانەت هەندێ لە گوندەکانی کوردستان لەگەڵ ماندوو بوون و ئەرک و ناڕەحەتیەکی زۆریش، ئەو زۆر دڵخۆشە بە کارەکەی چونکە ئەو عەشقی زۆری بۆ کارەکەی خۆی هەیە، هەرچەندە زۆربەی ڕاگەیاندنەکان زوو زوو بەسەری دەکەنەوە، ئەو کەسایەتیی و ئیشە جوانە بەخەڵک دەناسێنن، کاک ئەنوەر هاوڕێی گەنجێتی و قوتابخانەی بەندەیە لە سانەوی ڕۆشنبیر کەسێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر و ماندوونەناسی خەبات و پێشمەرگایەتییە. لەگەنجیدا شاعیرێکی باش بوو، بەداخەوە هەر زوو وازی هێنا، چونکە خۆی ڕای وایە شیعر زۆر لەوە قورستر و گەورەترە، کە بە ئاسانی بتواندرێت داهێنانی تێدابکرێت، منیش و زۆرێکیش لە هاوڕێکانی هەمیشە ئەم دێڕە شیعرەیمان لەبەر بوو:

تابڵۆیەکی هێندە جوان بوو شەو و ڕۆژی دەموچاوت
مەگەر تەختەسڕی تەمەن لە بیرم دەربکا ناوت

هیوای سەرکەوتنی زیاتر و بەردەوامی و تەمەن درێژی بۆ هاوڕێی بەوەفا و دڵسۆزم کاک ئەنوەر عازەبانی دەخوازم.

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

تـــارا محەمەد ئەمین

سالّی 1967 لە شاری سلێمانی باشوری کوردستان لە دایک بووە، لە سالّی 1987، پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، سالّی 1989لەگەڵ هونەرمەند ڕوناک عوسمانی هاوڕێیدا، پێکەوە پێشەنگایەکی هاوبەشیان لەگەلەری دەبۆکە لە شەقامی مەولەوی کردۆتەوە.

لە نێوان سالّانی 1999 بۆ 2001 کۆلێجی Telemark لە نەرویج خوێندویەتی.

لەم پێشەنگا هاوبەشانەدا پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی، هونەرمەند ئەنوەر سابیردا بەشداری کردووە.

سالّی 1998 لە شاری کونجسبێرگ لە نەرویج.

سالّی 1999 لە شاری راولاند لە نەرویج.

سالّی 1998 تا 2006 لەگەڵ هاوسەرەکەی هونەرمەند ئەنوەر سابیر، لە گەلەری هونەری Kongsberg پێکەوە کاریان کردووە.

سالّی 2007 لە گەلەری هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

سالّی 2016 لە گەلەری هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

سالّی 2017 پەیوەندی بە کۆمەڵەی هونەری فردریکشتاد Fredrikstad کردووە و بەشداری دوو پێشەنگای هاوبەشی لەگەڵدا کردوون.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/tara.amin.7543653/photos?lst=100001818168085%3A100026355635651%3A1558823430

تـــاراوگـــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

05 Juni . 2019 No. [53]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

مارخا مینکۆ، ژنەچیرۆکنووس و ڕۆمانnوسی هۆڵەندی، لە تەمەنی 98 ساڵیدا، وەک براوەی خەڵاتی (پەی سەی هۆفت پرایس) دیاری کرا، لەسەر کۆی کارە ئەدەبیەکانی بۆ ساڵی 2019 ل 1
بۆچی بێوار...؟ بەشی دوانزەهەم، نوسینی هیوا سەرهەنگ لە ل 2 دا بخوێنەوە.

مەعروفی ڕەسافی (1875–1945) ئامادەکردنی: مامۆستا م. ئارام– ئەڵمانیا ل 3..ئایا نهێنی دیاری کردنی هەر دەمکاتێکی نێو ئەم کاتژمێرەی خوارەوە چۆن دیاری دەکرێت؟ فەوزی ڕەمزی ل 4

بەمیلیاردێربووەکەی ناو شازادەی حەمام، لێدوانی: بەختیاری شەمەیی، ل 4
لێرە لە OECD پەنابەران باشترین هەلیان بۆ خۆپێگەیاندن بۆ دەڕەخسێت، ل 5

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 6.

دوو چالاکی کورد لە تاراوگە، ل7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد: نـــامیق عەلـــی ل 8

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

05 Juni 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 52
05 حوزەیرانی 2019

مارخا مینکۆ، ژنەچیرۆکنووس و ڕۆمانnووسی هۆڵەندی، لە تەمەنی 98 ساڵیدا، وەک براوەی خەڵاتی (پەی سەی هۆفت پرایس) دیاری کرا، لەسەر کۆی کارە ئەدەبییەکانی بۆ ساڵی 2019

مارخا مینکۆ، ژنەچیرۆکنووس و ڕۆمانnووسی هۆڵەندی، لە تەمەنی 98 ساڵیدا، وەک براوەی خەڵاتی (پەی سەی هۆفت پرایس) دیاری کرا، لەسەر کۆی کارە ئەدەبییەکانی بۆ ساڵی 2019. ئەم خەڵاتە یەکێکە لە خەڵاتە هەرە گرنگ و پڕ بایەخەکان لە ئەدەبی هۆڵەندیدا. یەکێک لە دیارترین کارەکانی مارخا مینکۆ چیرۆکی (ناونیشانەکەیە– Het adres)، کە بەیەکێک لە بەرهەمە کلاسیکەکانی ئەدەبی ئەوروپی دەربارەی جەنگی جیهانی دووەم ئەژمار دەکرێت. مارخا لەم نۆڤلێتە پێنج لاپەڕەییەدا چیرۆکی خۆی و خێزانەکەی وەک خێزانێکی جوولەکەی قوربانیی دەستی نازیەکان دەگێڕێتەوە. خێزانی مارخا لە شاری بریداوە ڕاگوێزکراون بۆ ئەمستەردام و دواتر دایک و باوک و برا و خوشکی دەستگیرکراون و ڕەوانەی کەمپی نازیەکان کراون. مارخا دەرباز بووە و بە درێژایی ماوەی جەنگ بە قاچاخی ماوەتەوە. دایک و باوک و خوشک و براکەی هەرگیز نەگەڕاونەتەوە و بەم شێوەیە بۆتە تاکە دەربازبووی خێزانەکەیان. خێزانی مارخاش وەک زۆربەی خێزانە جوولەکەکانی تر کەل و پەلە بە بەهاکانیان، کە نەیانتوانیوە بیگوێزنەوە، بە ئامانەت سپاردوویانە بەو خێزانە هۆڵەندیانەی، کە جێی متمانەیان بوون، بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵەکانی خۆیان و کەلوپەلەکانیان وەربگرنەوە. دایکی مارخا پێش گیرانی ناونیشانێک دەدات بە مارخا، کە بەئامانەت کەلوپەلی لا داناون. دوای تەواو بوونی جەنگ مارخا دەچێت سەردانی ئەو ماڵە دەکات و کەلوپەلەکانی خۆیانی تێدا دەبینێتەوە، هەڵبەت وەک زۆربەی حاڵەتەکانی تری لەم شێوەیە ماڵەکە، نکولی دەکەن و شتەکان نادەنەوە خاوەنیان.

هەندێ لە کتێبەکانی مارخا مینکۆ

مارخا لە نۆڤلێتەکەیدا زۆر جوان باسی ژیانی قورسی جوولەکە دەربازبووەکان دەکات، کە کۆمەڵگای ئەمستەردامی ئەو کاتە بە گەڕانەوەیان شاد نەبوون. وەسفی بینینەوەی کەلوپەلەکانی دەکات، کە چۆن بوونیان لەو فەزا نامۆیەدا هەستی نامۆیی لای ئەم قوڵتر کردووە. لە نۆڤلێتەکەیدا دەڵێت: ئەم کەلوپەلانەش دەچنە پاڵ ئەو یادگاریانەی تری جەنگ، کە دەبێت بیرم بچنەوە، کە ڕەنگە بیرچونەوەی ئەمانە لە هەمووی ئاسانتر بێت. چیرۆکەکەی لەنێوان (بیۆگرافی و فیکشن)دایە، بۆیە ناوی ڕاستەقینەی ئەو خێزانەی دانەناوە، کە دەستیان بەسەر کەلوپەلەکانیدا گرتووە.

لە مفارەقاتە سەیرەکان، کە ئەمڕۆ ڕاگەیاندنەکان پێوەی سەرقاڵ بوون ئەوەیە کە ئاشکرا بوو (خلس دۆرلاین)، سەرۆکی بۆردی (پەی سەی هۆفت پرایس) نەوەی ئەو خێزانەیە، کە مارخا لە چیرۆکەکەیدا باسی دەکات. مارخا هەرچەندە دەزانێت، کە ئەم دەستی لەو ڕووداوەدا نییە، بەڵام بۆ هەردوولا پێی باشتر بوو، ئەو خەڵاتەکەی پێشکەش نەکات، بەڵکو کەسێکی دیکەی ئەو دەزگایە بەو کارە هەڵبسێت. ئەمە دیسان گفتوگۆ ئاڵۆزەکەی نێوان قوربانی و تاوانباری هێنایەوە بەر باس. تێپەڕبوونی کات ئەم پەیوەندییە تەنیا دژوار تر دەکات، کە دەبینین نەوەی قوربانی خۆی بە میراتگری قوربانی و نەوەی تاوانبار خۆی بە بێبەری لەو تاوانە دەبینێت. بەهەر حاڵ لەم کەیسەی مارخادا، دۆرلاین بە ناوی خۆی و خانەوادەکەیەوە بە فەرمی داوای لێبوردنی کرد و شەرمەزاری ڕاگەیاند لەو ڕووداوەی کە پێش سێ چارەکە سەدە و بە گوتەی خۆی، پێش لەدایک بوونی ئەم ڕوویداوە، بەڵام ناخی هەژاندووە و بەڵێنیدا، کە هەوڵی تەواو بدات، ئەگەر شتێک لەو کەلوپەلانە مابن، خۆی و خێزانەکەی ڕادەستی مارخای بکەنەوە. هەرچەندە دەرک بەوە دەکەن، کە ئەمە هیچ لەو مێژووە ناگۆڕێت و هەرگیز لە ئازاری ئەو کەم ناکاتەوە. لە ئەکاونتی (باخچە محەمەد)ەوە وەرگیراوە

لاپەڕەکانی بێوار کراوە بوو، لەبەر دەم هەموو باس و ڕەخنە و توانجی تەنز ئامێز و ئەمەش یەکێک بوو لەسەرکەوتنەکانی تەمەنی ڕۆژنامەگەریی بێوار.

بۆچی بێوار ..؟! بەشی دوانزەمین
نوسینی: هیوا سەرهەنگ

لەم یادەوورییەی کە تایبەتە بە بێوار، نهێنییەکی خێزانی بێوار و سەربازێکی ونتان بۆ ئاشکرا دەکەین، کە نەدەبوو لەوە زیاتر ئەو ئەرک و ماندووبوونەی کەسێکی بە توانا و نووسەر، لە پشتی پەردە، وەک سەربازێکی ون بمێنێتەوە،کە ئێمە پێمان وایە توانای خامەی ئەم مرۆڤە هێندە بەرزە، کە ناکرێ ئاماژەی پێنەدرێت و ڕێزی لێنەگیرێت. هەر چەند دەبوو سەرەتا پرسمان بەخۆی بکردایە بەڵام دەمانزانی ئارەزوومەندی خۆدەرخستن نییە و ڕەنگە ڕێمان نەدا.



نووسەر و ڕووناکبیر محەمەد جەزا بەرزنجی لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی (بێوار)

وەک ئاماژەشم پێدا سەرەتا(بێوار) بەم دوو کادیرەیەوە هەنگاوی دەنا، تا لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1996دا لە یەکێک لە سەردانەکانمان بۆ کەمپەکانی پەنابەرانمان، کە چەندین دانەش لە بڵاوکراوەی بێوارمان خۆمان بردبوو، سەردانی کەمپی(ئۆسی) سخرافندێڵی پەنابەرانمان کرد، نزیک شاری دۆردرێخت، لەوێ وێرای قسەکردن لەسەر کاروباری پەناران باسی (بێوار) مان کرد و داوای هاوکاریمان لێکرد بە بەرهەمی نووسین هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاورێ و برامان سەربازی ون یەکترمان ناسی و تا ئیستاش ئەوە بۆ 22 ساڵ دەچێت ئەم دۆستایەتی و هاورێیەتییە بەردەوامە، بۆیەش دەڵێم سەربازی ون وەک پاشانیش لە مێژووی ژیانی ئاگادار بووین بە تایبەت لە هاورێ دێرینەکانیەوە، هەمیشە کەسێک بووە لە پێناوی خەڵکی تردا ژیاوە و قوربانی داوە، ژیانی سیاسی پڕ سەروەری و هەڵوێست بووە مرۆڤێکی پڕ هاوکاری و بەخشندە بووە، دوور لە هەموو بەرژەوەندییەکی کەسی، هەر بەو جۆرەش پاش ناسینمان بە درێژایی تەمەنی بێوار نەک هەر هاوکار، بەڵکو پشت و پەنایەکی بەهێزی بێوار بووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بەردەوامبوونی بێوار و زۆر بوونی لاپەڕەکانی بێواردا، ڕەنگاڵەیی گۆشەکانی بێوار جێدەست و هزر و داهێنانەکانی ئەم نووسەرەی پێوە دیار بووە، دەتوانم بڵێم گەر ئەم پاڵپشتە بەهێزەی ئەم هاورێیەمان نەبوایە، ڕەنگە بێوار لە ماوەی نزیکەی دوازدە ساڵی تەمەنیدا نەیتوانیبایە 127 ژمارەی لێدەربچێت یان بەو جۆرەی گەشەی کرد نەیتوانیایە گەشە بکات، هەر بۆیە لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ ئەم نووسەرە بەڕێزە و دەکرێت لە حزوری خۆیدا و بە یارمەتی خۆی کە پرسمان پێنەکردووە لە ناوهێنانیدا، لە کۆڕێکی وەهاداو ڕەنگە جێی سەرسوڕمانی خودی خۆی بێت، کاتێک دەڵێین ئەو هاوکار و پاڵپشتەمان ئەو سەربازە ونە هاورێ و برامان کاک (محەمەد جەزا بەرزنجی)یە، کە بە تەواوی بێوار قەرزاربارییەتی، جێی خۆشیەتی ئاماژە بەوە بدەین بە هاتنی بەڕێزیان بۆ نێو خێزانی بێوار لە سەرەپێشنیاریان بێوارمان سەربەخۆ کرد و لە ژمارە حەوتی بێوارەوە ناوی یانەی "میدیـــا"ی لەسەر نەماو بێوارمان تەرخان کرد بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی و هاوکاری هەمووان و هەموو سەروتاری ژمارەکانیشی بێ لایەنانە دروست تایبەت بوو بە دژی شەڕی ناوخۆ و ئاسەوارە نەرێنییەکانی لەسەر ئەو دەمەی میللەتی کورد و ئایندەی ڕۆڵەکانی.. هەربۆیە لاپەڕەکانی بێوار کراوە بوو، لەبەر دەم هەموو باس و ڕەخنە و توانجی تەنز ئامێز و ئەمەش یەکێک بوو لەسەرکەوتنەکانی تەمەنی ڕۆژنامەگەریی بێوار.

چاوەڕوانی بەشی سێزدەمین بن ...

مەعروفی ڕەسافی (معروف الرصافی 1875-1945)
نامادەکردنی: مامۆستا م. ئارام- ئەڵمانیا

پەیکەری ئەم شاعیر و مامۆستایەی بواری پەروەردە لە شاری بەغدا، یەکێکە لە پەیکەرە ناسراوە کۆنەکانی ئەو شارە و لە گۆڕەپانەکەی بەرانبەر پردی "ئەحرار"ی نزیک "سوق السرای" دانراوە.

شاعیری بەناوبانگی عێراقی (مەعروفی ڕەسافی) لە نامەیەکی دەستنووسی خۆیدا، باسی باوانی خۆی ئەکا. لە شاری بەغدا لە دایکوباوکێکی زۆر ئاینپەروەر کەوتووەتەوە. عەبدولغەنی عەبدولقادر مەحمودی باوکی، کوردی جەباری بووە و لە لەشکری عوسمانییەکاندا باشچاوەش بووە، زۆربەی کاتەکانی دەستبەتاڵیی خۆی لە مزگەوت بردووەتە سەر، فاطمەی دایکی، کچی جاسمی شێخ عەلی بووە، لە خێڵی قەرەگۆلی (قەرەغولی)یەکان. (محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری)ی شاعیری بەناوبانگی عێراق، لە بواری شیعروتندا (مەعروفی ڕەسافی)ی بە بلیمەت ناو بردووە. ڕەوتی ژیانی ڕەسافی بەم شێوەیە بووە: بە منداڵیی لە حوجرەی مەلاکاندا دەستی بە خوێندن کردووە، بەڵام وازی لێ هێناوە و چووەتە لای ئەدیب و مێژوونووسی عەرەب (مەحمود شوکری ئەلئالوسی) و لەسەر دەستی ئەودا زمان و ئەدەبی عەرەبیی خوێندووە و سیازدە ساڵ پێوەی خەریک بووە. ئیتر دەستی داوەتە وانە گوتنەوە و فێرکاری لە قوتابخانەکانی سەرەتاییدا تا ساڵی ١٩٠٨. پاشان چووە بۆ شاری ئاستانە بۆ وانەدانەوەی زمانی عەرەبی لە (قوتابخانەی مەلەکیی شاهانە)دا و سەرباریش خەریکی دەرکردنی گۆڤاری (ئەلئیرشاد) بووە. هەڵبژێردراوە بە نوێنەر لە ئەنجومەنی (نوێنەرانی عوسمانی)دا. لە قوتابخانەی وتارخوێنەکاندا، مامۆستای (هونەری وتاردان) بووە. ساڵی ١٩١٨ چووە بۆ شاری دیمەشق و لەوێوە بۆ شاری قودس، بۆ وتنەوەی (ئادابی زمانی عەرەبی). ساڵی ١٩٢١ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کراوە بە جێگری سەرۆکی لیژنەی پاچڤەکردن و عەرەبانەن. پاشان کراوە بە سەرپەرشتی مەعاریف. دوایی کراوە بە وانەبێژی زمانی عەرەبی لە (دار المعلمین). ئەوجا سەرۆکی لیژنەی زاراوەکانی زانستی. لە ساڵی ١٩٢٨دا هەڵبژێردراوە بە ئەندامی (ئەنجومەنی نوێنەران)؛ لە ماوەی هەشت ساڵدا، پێنج جار هەڵبژێردراوەتەوە. ڕەسافی، نەک هەر شاعیر و نووسەر، ڕاستیپەروەر و لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی و پەروەردکاریش بووە. شەیدای سەربەستی و ئازادی بووە و سروودی بۆ وتووە، ناسناوی شاعیری کۆڵەکانی پێ سپێردراوە، جەختی لەسەر هیوای گەلان کردووەتەوە، لایەنی دادپەروەریی گرتووە، هەموودەم هەوڵی بڵاوکردنەوەی زانستی داوە و دژایەتیی ڕێژگاویی کردووە، پشتیوانیی مافەکانی ئافرەتی کردووە، لەگەڵ شاعیر (جەمیل سیدقی ئەلزەهاوی)دا هاوسەردەم بووە، ناکۆکیی بەردەوامیان هەبووە، بەڵام هەردووکیان داوای سەربەستیی ئافرەت و فرێدانی عەبایان کردووە.

ڕەسافی ساڵی ١٩٤٥ لە شاری بەغدا لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئیمام ئەعزەم بە خاک سپێردراوە.

ئەم پیاوە مەزنە پێشکەوتنخوازە، کتێبی زۆر و دیوانی سروودی نیشتمانیی و دیوانی شیعرەکانیشی بەچاپ گەیاندووە و بڵاو کردووەتەوە. بەڵام کتێبێکی چاپکراوی تریشی هەیە، ساڵی ١٩٣٣ لە فەلوجە نووسیویەتی و بۆ چاپکردن بە دڵی خۆی پێیداچووەتەوە، کە ناوی ناهێنرێ و جاروبار ئەخرێتە پشت گوێ. کتێبێکی دوورودرێژی ٧٦٧ لاپەڕەیی وردکردنەوە و ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە لە سەرەتاکانی ئاینی ئیسلام، ئەو کتێبە ناوی (ألشخصية ألمحمدية) یا (حل ألغز المقدس)ە، بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە مشتومڕی زۆری لێ کەوتووەتەوە و لە لایەن هەندێک پیاوانی ئاینییەوە، ڕەسافی بە گومڕا (مولحید) ناوبراوە. کتێبی (ألشخصية ألمحمدية)، لە کۆتای ساڵانی نەوەدەکان و لەودواشەوە، لە کوردستانی باشور بە دزییەوە ئەفەرکێندرا* و بۆ خوێندنەوە ئەفرۆشرا؛ بەڵام لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بە ئاسانی لە گووگڵدا ئەدۆزرێتەوە.

لێرەدا دوو بەیتی ئەوتان بۆ ئەکەم بە کوردی، کە چۆن داخی دڵی خۆی بە سیاسییە تازەکووڕە و گەندەڵ و مەندەڵەکانی سەردەمی خۆی ئەڕژێت.

*فەرکاندن: کۆپیکردن. لەبەرگرتنەوە.

٣٠ی مایسی ٢٠١٨

"نیشتمانێکم بوو بۆ نەهامەتییەکەی ئەگریام
کەچی ئەمڕۆ نە نیشتمانم هەیە نە لانەوبانە
کەسیش نابینم لەو وڵاتەدا کە من تێیدا ئەژیام
لە هەرچی و پەرچی زیاتر، هەمووی ڕشێنراوەی زەمانە

ئایا نهێنی دیاری کردنی هەر دەمکاتێکی نێو ئەم کاتژمێرەی خوارەوە چۆن دیاری دەکرێت؟

مامۆستا فەوزی ڕەمزی مەلا مارف

با واز لە دونیای پڕ لە جەنگەڵ و ئاڵۆز و سەرێشەی سیاسەت بێنین و کەمێک ڕوو لە زانست بکەین کە ئیمڕۆ گشت بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە.

ئایا نهێنی دیاری کردنی هەر دەمکاتێکی نێو ئەم کاتژمێرەی خوارەوە چۆن دیاری دەکرێت؟



ئەم جۆرە کاتژمێرانە، لە هەندێک ژوور و ڕاڕەو و تاقیگەی خوێندنگا و زانکۆکانی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەڵواسراوە و مەبەستیش لەمەدا تەنیا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکارانە و هەر یەکەیان بە پێی ئاستی پلەی خۆی تا لەتەک زانستی ماتماتیک یا فیزیکدا بەردەوام ئاشنا بن و بزانن کە چۆن ئەم زانستە ڕۆچووە بە نێو گشت بوارەکانی ژیاندا...ئەمە وا لە خوێندکار دەکات کە هەوڵی شیکاری هەر هاوکێشەیەک بدات و کێبڕکێ لە تەک هاوڕێکانیدا بکات تا بگەنە وەڵامی ڕاست و دروست، کە ئەویش ئەو دەمکاتە دەنوێنێت کە لەسەر هاوکێشەکە دانراوە و نوسراوە ...

سوالّکەرە بەمیلیاردێربووەکەی ناو شازادەی حەمام. لێدوانی: بەختیاری شەمەیی



کە ئەم چەند لاپەڕەیە دەخوێنیەوە، باشتر تێدەگەین کە ئەمڕۆ بۆچی دیاردەی سوالّکەری هەموو شار و شارۆچکەکانی باشوری کوردستانی گرتۆتەوە و بووە بە پیشە و سەرچاوەی ژیان و دەوڵەمەندبوونی هەزاران سوالّکەر!؟ هەرکەسێک بەتەنگ ئابڕوو و شکۆمەندی و ڕێزداریی خۆیەوە نەبێت، سوالّکردنیشی بەلاوە ئاسایی دەبێت. ئەم کتێبەکە بیرەوەرییەکانی مامۆستایەکی زانکۆیە لە ئێران، بەناوی محەمەد حسێن پاپولی یەزدی یەوە، کە لە ٤ بەرگ پێکهاتووە و ئەمە بەرگی یەکەم و دووەمیەتی پێکەوە لە فارسییەوە تەها سێکانیانی وەریگێڕاوە و سالّح بێچار پێیداچۆتەوە و دایڕشتۆتەوە، بریتییە لە ٤٧٢ لاپەڕە. نووسەر بیرەوەرییەکانی خۆی بە زمانێکی سادە و بە شێوازێکی خۆش و سەرنجڕاکێش نووسیونەتەوە. گەلێک بەسەرهات و چیرۆکی جۆروجۆری لەخۆگرتووە، بە خوێندنەوەیان تێگەیشتنێکی گشتیت لەسەر جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بارودۆخی ژیانی خەڵکانی ئەو سەردەمانەی ئێران لەلا دروست دەکات. لێرەدا بەپێویستمزانی کە ئەم بەسەرهاتەی ناو ئەم کتێبەتان بۆ بڵاوبکەمەوە، پێموایە هەرکەسێک ئەم چیرۆک و بەسەرهاتە ڕاستەقینەیەی ئەو سوالّکەرە بخوێنێتەوە، ئیتر هەرگیز پارە بە هیچ سوالّکەرێک نادات. (پارەنەدان بە سوالّکەر، بەڵکو کۆمەککردنی هەژاران).

هیوادارم کتێبە ئەم بخوێنەوە، تا لە بیرکردنەوە و ژیانی زۆرینەی هەرە زۆری سوالّکەران تێبگەن.

لێرە لە OECD پەنابەران باشترین هەلیان بۆ خۆپێگەیاندن بۆ دەرەخسێنێت

موزەفەر عەزیز
ئەڵمانیا

کام وڵات سەرنجڕاکێشە بۆ کۆچبەرە خاوەن بەهرە بااڵکان؟ لێکۆڵینەوەیەکی نوێ بەدواداچوونی کردووە و ئەڵمانیا لە وڵاتانی ڕیزی پێشەوە نییە- بەاڵم بەشێوەیەکە کە لە خاڵێکی باشدایە.

لە"ئارمین هیملرات و فرانکا کویکە"وە

(وێنەی یەکەم- هێزی پسپۆڕی کار لە بەریتانیا نیشاندەدات، کە یەکێکە لەو وڵاتانەی بەگوێرەی توێژینەوەکەی OECD ناکەونە گروپە یەکەمەکان).

سویسرا بۆ پێگەیاندنی کۆچبەران چاکترین خزمەتگوزاری و باشترین دەرفەت لەبواری پیشەیی و پەرەسەندنی تایبەتدا پێشکەش دەکات، هەروەها سوید، نیوزلەندا، کەنەدا و نۆرویژیش لەو وڵاتانەن، کە بۆ کۆچبەران جێی سەرنجی تایبەتن.

توێژینەوەیەکی تازەی"OECD ڕێکخراوێک بۆ ئابووری و پێکەوە کارکردن و گەشەپێدان" ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووە ئەم لێکۆڵینەوەیەی باڵوکردۆتەوە. ئەو بەدواداچوونی بۆ ئەوە کردووە، کە کۆچبەران لە کام وڵات بەشێوازێکی جیاواز پێسوازی دەکرێن و لەکامەشیاندا دەتوانن بە بەهرەکانیان باشتر و زووتر جێپێی خۆیان بکەنەوە.

ئەو نووسەرانەی لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجامداوە، تەنها مەرجەکانی ئەو 36 وڵاتانەی OECD یان دیاری نەکردووە، بەڵکو لەڕووی سەرنجڕاکێشیش کە لەلایەن چەندین گرووپی کۆچبەر کراوە، کۆڵیوانەتەوە: بۆ ئەوانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیە و پسپۆڕن و خاوەنی ماستەر، یاخود ئەو فێرخوازانەی دەیانەوێت دامەزراوەیەک بنیاد بنێن.

وێنەی دووەم وێنەی یەکەم

گرنگترین ئاکامەکانیش ئەمانەن-:

*هێزی کاری خاوەن بەهرەی بەرز، چاکترین هەلیکار و خۆشترین باری گوزەرانی ژیان لە ئوستڕالیا دەدۆزنەوە، بەدوای ئەو سوید، سویسرا، نیوزلەندا و کەنەدان. لە بەرامبەریشیاندا ئیسرائیل، ژاپۆن و تورکیان، کە سەرنجڕاکێشەرنین.

*بۆ فێرخوازان، توێژینەوەکە سویسرایان بە بەرچاوترین وڵاتی میواندار داناوە، لەدوایدا نۆرویژ، ئەڵمانیا، فینلەندا و هەروەها یوو. ئێس. ئەی.

لەڕاستیشدا هی دیکەش، کە لە وڵاتە باشەکانن، بەهۆی تێچووی خوێندن و خەرخی ژۆرەوە کەوتونەتە دواوە. لەوانەش:-

کەنەدا، ئوستڕالیا، نیوزلەندا و بەریتانیان.

*ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە دایدەنێین و پۆلینی سەرنجڕاکێشیی دەکەین بەچاوی دامەزرێنەران و وەبەرهێنەران: ئەوان باشترین هەلومەرج لە کەنەدا بەدی دەکەن، پاشان نیوزلەندا، سویسرا، سوید و نۆرویژن.

ئەوانەشی کە بەشێوەیەکی تایبەت ناسەرنجڕاکێشن بەچاوی دامەزرێنەران، یۆنان، مەکسیکۆ و تورکیان.

ئەم بەراوردەی خراوەتەڕوو یەکەمجارە ئاماژە بەگەشەکردن دەکات، بەهۆیشیەوە بەهێزیی و لاوازیی هەندێک وڵات لە ڕوانگەی کۆچبەرانەوە هەڵدەسەنگێنێت، OECD وای ڕوونکردەوە.

ڕێکخراوەکە وای بۆ دەچێت، لە ساڵانی ئایندەدا لە سەرانسەری جیهاندا پێشبڕکێ بۆ هزرە تایبەت و سەرە زیرەکەکان بەهێزتر دەبێت.

"هێماکان بۆ ڕاکێشانی بەهرەکان نیشانی دەدەن، کە وڵاتانی OECD چی جۆرە گوڕەپان و زەمینەیەک ساز و ئامادە دەکەن، تا وا بکەن ببنە باشترین و چاکترین وڵات بۆ کۆچبەرە بەهرەدارەکان"، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە. لەهەمان کاتیشدا زانایان داوادەکەن لە سەرتاپای گێتی چاودێرییەکی وردی ئەو کۆچبەرانە بکرێت، کە بەهرەی بااڵیان هەیە: گەر کەسە باشەکان بڕۆن، ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆی کارێکی خراپ بۆسەر ئەو وڵاتەی لێی ڕۆیشتوون، بەتایبەت تریش ئەوکاتە زێتر دەبێت، گەر گەشە نەکات، لەکاتی پێویستدا دەبێت وڵاتانی OECD ئامێرێک دابهێنن، "تاکو تێچوو و بەکاربردن و گواستنەوەی نێودەوڵەتی بەهرەدارەکان باشتر دابەشبکرێت."

سەرچاوە شپیگل ئۆنلاین

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پیرەژنێک بووە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی

"لیزل هایسە" ی تەمەن ١٠٠ ساڵ، کە خەڵکی شاری Kirchheimbolanden ی باشوری ئەڵمانیایە لەهەڵبژاردنی یەکشەممەی ڕابردووی ئەنجومەنی شارەوانیدا کورسیەکی بردەوە، ئەو پیرەژنە پیشەی مامۆستایە و وەک خۆی دەڵێت: لەپیناو بەشداریکردنی لاوان و پشتیوانیان چۆتە ناو ئەنجومەنەکە و تاکە ئامانجی نزیکبوونەوەیە لەو مەڵەوانگەیە بکرێتەوە، کە ٦ ساڵە داخراوە.

میرکل برادەرێکی بۆپۆستێکی باڵا تەزکیەدەکات

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا تەواوبوو، ستافی پەرلەمان و کۆمسیۆن بەپێی بەرکەوتەکانی هەڵبژاردنەکە و ئەنجامەکانی دابەش دەکرێن، ئەنجیلا میرکل دۆستێکی خۆی کە ناوی "مانفرێد فیبەر"ە و سەرکردەی پارتی کۆمەڵایەتی کریستیانی هاوپەیمانی پارتەکەیەتی تەزکیەی کردووە بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، کە ئیستا "جان کلود" بەڕێوەی دەبات، بەڵام زۆرینەی هاوپەیمانیەتەکەی بەو کەسە ڕازی نیین.

نرخی سوتەمەنی بەرزبۆتەوە

بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرزبونەوەی نرخی نەوتی جیهانی لە ئەڵمانیا لە سەرەتای ئەمساڵەوە گازو بەنزین بەڕێژەیەکی زۆر نرخەکەی بەرزبۆتەوە، کە نزیکەی دەکاتە ١٠٪ و ئەگەر بۆ ماوەیەکی تر وابروات نرخی شمەک و کەلوپەل و هەموو پیداویستیەکان لەگەڵ خۆی بەرزتر دەکاتەوە.

نیزیدییەکان سکاڵایان لەسەر دوو بەرپرس تۆمارکرد..

کۆچبەرانی ئێزدیی لە ئەڵمانیا لەم ڕۆژانە لە دادگای باڵا سکالایان لەسەر هەریەک لە وەزیری ناوخۆ و دادی ئەڵمانیا تۆمارکرد، بەتۆمەتی ئەوەی بونەتە لەمپەر لەبەردەم هێنانەوە و دادگاییکردنی ئەو داعشانەی، کەوا لە ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن یەپەگە و پەیەدەوە دەستگیرکراون، شایانی باسە لە ڕۆژئاوا ٧٤ داعشی ئەڵمانی هەن، کە کورد داوایکردووە بیانێرنەوە بۆ ئەڵمانیا و دادگاییان بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەو دوو وەزیرە ڕێگریان کردووە.

لەئەڵمانیا ڕەگەزپەرستی پەرەی سەندووە

لەماوەی ڕابردودا ژمارەیەک ڕوداوی نەخوازراو وایکرد، کە نێوەندی سیاسی هەڵوەستەیەک بکات، لەسەر ڕەگەزپەرستی دژ بە بیگانەکان و بەتایبەتیش لەدژی جولەکەکان، بۆیە ئێستا کۆچبەرانی جولەکە، لە شەڕی جیهانی دووەمەوە لەو وڵاتە ماونەتەوە و بوون بە بەشێک لەکۆمەڵگا ئێستا ناوێرن کڵاوی مۆرکی جولەکایەتیان لەسەر نێن، لەترسی نازیيە نوێکان و مەترسی لەسەر ژیانیان پەیدابووە، بۆیە دەسەڵات داوایان لیدەکات کە وریای خۆیان بن و لە زۆر نێوەندیش داواکراوە، بۆ پشتیوانی لە جولەکەکان، خەڵکی دیکەش ئەو کڵاوانە بکەنەسەریان.

ملیارەها یۆرۆ لەکەرەستەی پاککەرەوە خەرج دەکرێت

خەڵکی ئەڵمان گرنگیەکی تایبەتی بە پێداویستی پاککردنەوەدەدەن و ئەم بواڕە کەرتێکی تایبەتی بۆتەرخانکراوە، توێژینەوەیەک دەری خستووە کە لەو وڵاتە ساڵی ڕابردوو بایی ٣،٢ ملیار یۆرۆ لەو مەوادانە سەرف بووە و خەڵکی بۆ پاککردنەوە بەکاریان هێناون، کۆمپانیای "نیسن" ئاشکرای کردووە، کە ساڵانە هەر تاکێکی ئەڵمان بایی ٦٥ یۆ ڕۆ مادەی پاککردنەوە دەکڕێت.

ڕۆبۆت چاوساغی بۆ مرۆڤ دەکات

لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت هەرچەندە هەزارەها کارمەندی خزمەتگوزاری هەیە، ڕۆبۆتیش لە چاوساغی و ڕێنیشاندانی خەڵکی ڕۆڵیکی دیار دەبینن، لە ڕێڕەوێکدا ڕۆبۆتێک هەیە هەر بگەیتە بەرامبەری پێت دەڵێت "فەرموو بەڕێزم، من ناوم فلانییە، چیت دەوێت تا یارمەتیت بدەم" لەوکاتەدا دەتوانیت بە هەریەک لە زمانەکانی"ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتاڵی، چینی، ئیسپانی، ڕوسی و پۆڵەندی" پرسیاری لێ بکەیت، گەشتیار دەتوانێت پرسیاری شوێنی چونەدەرەوە، یان گەشتەکان یان توالێت یان هەرشتێکی تری لێبکات و وەڵامی ڕاستی دەستبکەوێت.

چالاکی کورد لە تاراوگە

پێشانگەی فۆتۆگرافی قەڵای هەولێر لە ڤیستیڤاڵی وەرزیی کولتووری هاوینە لە شاری لودڤیگس هافن لە ئەڵمانیـــا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 15.06.2019 کاتژمێر 12 ی نیوەڕۆ، پێشانگەی فۆتۆگرافی قەڵای هەولێر لە ڤیستیڤاڵی وەرزیی کولتووری هاوینە– لە شاری لودڤیگس هافن لە ئەڵمانیا دەکرێتەوە، تا ڕێکەوتی 29.06.2019 بەردەوام دەبێت، هاوکات سیمینارێک هەمان ڕۆژی کردنەوەی پێشانگاکە لەسەر دیرۆکی قەڵای هەولێر لە لایەن بەڕێز کاک یوسف مەنتک پێشکەش دەکرێت. قەڵای هەولێر وەک میراتی کولووری جیهانی لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆ لە ساڵی 2014 دەست نیشانکراوە، ئامادەبوونی کۆچبەرانی کورد لە ئەڵمانیا نیشانەی دڵسۆزی و خەمخۆرییانە بە ئامادەبوونیان خۆشحاڵ دەبین لەم ئەدریسەی خوارەوە:

AdRem Jugendtheater Ludwigstr.51 67059 Ludwigshafen

دوو فێرگای هونەریی هونەرمەندی شێوەکاری کورد (ئاراز حەمە حسێن) لە شاری ئوتریخت، کە وانەی هونەری وێنەکێشانی ئەکادیمی تێدا دەڵێتەوە..

(KunstenHuis Werkschuit)، یەکێکە لەو دوو فێرگا هونەرییەی کە هونەرمەندی شێوەکاری کورد (ئاراز حەمە حسێن) وانەی هونەری وێنەکێشانی ئەکادیمی تێدا دەڵێتەوە. ئەم فێرگایە بۆ هەموو تەمەنەکانە وە هەر فێرخوازێک ئەو بەشە یان ئەو ستایلە هەڵدەبژێرێت کە دەتوانێت پەرەی پێبدات. ئەو گروپەی لەم وێنانە و لەو دووپارچە ڤیدیۆیانەدا دەردەکەوێت، یەکێکن لەو گروپانە یان بەشی وێنەکێشانی پۆرترێت و مۆدێلی ئەکادیمی، کە تەنها ماوەی چەند وەرزێکە وانەی فێربونی پۆرترێت و مۆدێلی ئەکادیمی بە شێوەی زانستی لە لای هونەرمەند ئاراز حەمەحسێن دەیخوێنن. ئەمەی لێرەدا دەیبینن، دوا کاری ئەم وەرزەیانە. ماوەیەکی زۆرە داوای لێدەکەن، هونەرمەند ئاراز خۆی ببێت بە مۆدێلیان. بۆ یەکەمجار ئاراز وەستا و بوو بە مۆدێلیان ئەم کارانەیان بەرهەمهێنا، کە لێرەدا دەردەکەوێت، نزیکی سێ 3 کاتژمێرە، پێوەی خەریک بوون.

فەرموون بڕوانن بۆ ئەم لینکانە:

https://www.facebook.com/100002462408165/videos/pcb.2259376040821121/2259375984154460/?type=3&theater

https://www.facebook.com/100002462408165/videos/pcb.2259376040821121/2259369994155059/?type=3&theater

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

نـــامیق عەلی

ساڵی 1954 لە شاری هەولێر باشوری کوردستان لە دایک بووە،دەرچووی بەشی یاسایە و بنەماکانی هونەری بەشێوەی کەسی و تایبەتی خوێندووە لە ساڵی 1974، یەکەم پێشەنگای هونەری شێوەکاری لە هۆڵی ئەیوبییە لە شاری هەولێر کردۆتەوە.

تا ئێستا زیاتر لە 17 پێشەنگای تایبەتی خۆی لە هەولێر و شارەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و لە شاری بەغداد پاریس و مۆسکۆ و کیڤ کردۆتەوە.

دوا پێشەنگای لە شاری هەولێر مانگی ئەپرێلی ئەمساڵ کردەوە، بە ناونیشانی سەردەمی تراژیدیا بوو.

دامەزرێنەری گەلەری "رۆژ"ـە لە شاری هەولێر.

زیاتر لە 50 پێشەنگای هاوبەش بەشداری کردووە، لەوانە لە پێشەنگای (هونەری ئەنفال)دا. هەروەها لەگەڵ ١١ هونەرمەندی بیانی لە پاریس بەناوی (هونەر لەسەر کاغەز).

– پێشەنگای (حوار الجسد)، لە هۆڵی (المتحف الوطني) لە بەغداد، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی عێراقی.

– پێشەنگای یەکەمی لە تاران، ساڵی ٢٠٠٠ لە گەلەری (مۆزەخانەی هونەری معاصر) کردۆتەوە.

– لە ساڵی ١٩٩٦ دەوە، بۆتە ڕاوێژکار هونەری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا (متفرغ) بۆ کاری هونەری، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

http://www.gulan-media.com/art/t_detail.php?id=20098&section=3



تـــاراوگـــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

10 Juni . 2019 No. [54]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

لە یادی 90 ساڵەی لەدایک بوونی (ئانا فرانک) ئەو کیژۆڵە جولەکەیەی لەدەست نازییەکانی ئەڵمانیا لە فرانکفۆرتەوە بۆ ئەمستردام هەڵهاتبوون.. ل 1

بۆچی بێوار...؟ بەشی سیازدەمین، ل 2 نامەیەکی شەفیقی حاجی خدر..

دوو نووسینی دکتۆر جەبار قادر، یەکەم: کورد و نازم حیکمەت، دووهەم: ئایە نازم حیکمەت برای شیری کامەران بەدرخانە...؟ ل 3

بازاڕ و شیعر، نوسینی حەمەفەریق حەسەن، ل 4 و ل 5،

کاتێ ژمارەکانی 10 و 12 ی ڕۆژنامەی کوردستان ، لەلایەن د.جەلیلی جەلیل ،لە نەمسا دەدۆزرێتەوە ل 5،

دزینی ئێستێتیکا دەنێو کوردا و لە هەندەران HBO Nordik،گۆران مەریوانی ل 6

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە. ل7 چەندین نووسینی دیکە..

هونەرمەندی شێوەکاری کۆچکردووی کورد: مامۆستا عەلی لەتیف ل 10

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوانییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

10 Juni 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 64
10 حوزەیرانی 2019

لە یادی 90 ساڵەی لەدایک بوونی (ئانا فرانک) ئەو کیژۆڵە جولەکەیەی لەدەست نازییەکانی ئەڵمانیا لە فرانکفۆرتەوە بۆ ئەمستردام هەڵهاتبوون..

Anne Frank pictured in 1940 (Rex)

یادەوەرییەکانی ئانا فرانک Anne Frank ئەو کیژۆڵە جولەکەیەی لە 12 حوزەیرانی ساڵی 1929 لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە دایک بووە، لە هۆڵەندا لە سەردەمی داگیرکردنی هۆڵەندا لە لایەن نازییە ئەڵمانییەکان، لە نێوان ساڵانی 1942 بۆ 1944 لەگەڵ خانەوادەکەیدا خۆیشاردۆتەوە، ڕۆژانە لە ڕۆژژمیری ڕۆژانەی خۆیدا یادەوەرییەکانی خۆشاردنەوە و ڕۆژانی جەنگ و داگیرکاری نوسیووەتەوە. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان قوربانییەکانی ئەنفال بەدەستی ڕژێمی بەعسی فاشست و هۆڵۆکۆستی جولەکەکان بەدەستی نازییەکانی ئەڵمانیا، ڕەنگە زۆر لەیەک بچن، بەڵام ئەوان دۆکۆمینتی خۆیان پاراستووە و تا ئێستاش دڵسۆزانە بەدوای ئەنجامدەرانی پرۆسەکەوەن، هەزارەها مۆزەخانە و شوێنی پاراستنی کەرەسە و وێنە و پاشماوەکانی قوربانیانی خۆیانیان لەسەرجەم وڵاتانی دنیا پاراستووە و مۆزەخانەیان بۆ کردوونەتەوە. تا ئەمڕۆ کورد نەیتوانیووە بە دوای (ئانافرانک)دکانی خۆیدا بگەڕێت و مێژووی زۆربەیان ونە، هەندێ نوسەری دڵسۆزمان هەن ویستویانە بەشێک لەو مێژووە تاڵەی کورد بنوسنەوە، بەداخەوە نەک یارمەتییان نەداون، بەڵکو ڕێگریشیان لێکراوە و گرفتیان بۆ دروستکراوە. لێرەدە بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی 90 ساڵەی ئەنافرانەکەوە ئەو کیژۆڵەڕێکەڵەیەی لەو ڕۆژگارە تاڵانەدا لە ڕۆژژمیرەکەی خۆییدا یادەوەری خۆی نوسیووەتەوە، ماڵەکەیان و ئەو شوێنەی تێیدا یادەوورییەکانی تێدا نوسییوەتەوە کراوە بە مۆزەخانە و هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە و جۆرەها فیلم و و کتێب و شانۆگەری لەبارەوە دروست کراوە.

ئانا فرانک زۆربەی ژیانی لە هۆڵەندا لە شاری ئەمستردام ژیاوە، تەمەنی چوارساڵ بووە، کە لەگەڵ خانەوادەکەیدا، کە نازییەکان دەستییان بەسەر ئەڵمانیادا گرتووە و ئەمانیش هەڵهاتوون بۆ هۆڵەندا، لە ساڵی 1941 ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان لێ زەوتکردون و بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە، لە ساڵی 1940 یش، لە ئەمستردام بەگیریان هێناون و لە حوزەیرانی ساڵی 1942 بە هۆی داگیرکردنی هۆڵەندا لە لایەن نازییەکانەوە، چەوساونەتەوە و ڕاوەدوونانی جولەکەکان پەرەی سەندووە، کۆمپانیاکەی باوکی ئانافرانکیان زەوتکردووە، بەزۆر ئانا فرانک و خوشکەکانی هەرچەندە لە قوتابخانە زۆر زیرەک بوون، قوتابخانەی جولەکەکانیان لێ قەدەغەکردوون و لە ترساندا لە ژێرزەمینی ماڵەوەیان و هەندێ ژووری ماڵەکەیان کە باوکیان (ئوتو فرانک)، شوێنی خۆشاردنەوەی تێدا بۆ دروستکردبوون، هەروەها لەناو کتێبخانەکەیاندا ڕۆژژمێرەکەی دەشاردەوە، تا ئەو کاتەی خانەوادەکەیان لە ئابی 1944دا دەستگیرکران، تەنها باوکیان ڕزگاری بوو. لە مانگی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ساڵی 1944 لەگەڵ خوشکەکانیدا گواستراونەوە بۆ بەندیخانە سەربازییەکانی مارغوت، ئوشفیتز پاشان بۆ بەندیخانەی بێرگن بیلسن، لەوێ بە هۆی نەخۆشی (تیفۆیس) پاش چەند مانگێک کۆچی دوایی کرد، ڕێکخراوی خاچی سور دەڵێت: لە مانگی ئازاردا مردووە، بەڵام دەستەڵاتدارانی هۆڵەندی ڕۆژی 31 مارتی 1945 یان بۆ ڕۆژی مردنەکەی داناوە، بەڵام بە گوێرەی توێژینەوەیەکی ساڵی 2015 ی مۆزەخانەی (ماڵی ئانا فرانک) ئاماژە بەوە دەکات، ڕێی تێدەچێت لە مانگی شوباتی ساڵی 1945 دا مردبێت. دوای جەنگ کە باوکی ئانا فرانک، ئۆتو فرانک گەڕایەوە بۆ ئەمستردام و چووەوە ماڵەکەی خۆی دەفتەری یادەوەرییەکانی کچەکەی دۆزیەوە، کە بەهۆی سکرتیرەکەیەوە، میپ خیز Miep Gies پارێزرابوو، هەوڵیدا، لە ساڵی 1947 دا بە هۆی دەستنووسە بنەڕەتییە هۆڵەندییەکەیەوە یەکەم چاپی لێ بڵاوبکاتەوە و پاشان یەکەم چاپی ئینگلیزی لە ساڵی 1952 دا بە ناونیشانی (ڕۆژمێری کیژێکی گەنج) بڵاوبۆوە و تا ئێستا بۆ 70 زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە و بڵاوبۆتەوە.

ئەو ئامانەی لە جیاتی نووسەرەکانیان، بەشداری یادەوەری (بێوار)یان کرد.....

بۆچی بێوار ...؟!
نوسینی: هیوا سەرهەنگ
بەشی سێزدەمین ...

نامەی یەکەم: شەفیقی حاجی خدر

لەمێژ نەبوو گەیشتبوومە هۆڵەندا، هێشتا هەر لە دنیای کەمپ و دنیای داخراوی خۆماندا بووین، جارێ لە پرسی زمانیش هەر گەڕی، هیچ سەرودەرمان لێدەرنەدەکرد، جار بەجار بە شرە ئینگلیزییەکە ئەگەر هەندێ وشەمان پێکەوە نابان، دەنا ڕستەکانیشمان لەنگ بوون، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەرانبەرەکەمان لێی تێدەگەیشت. هەر لەو ماوەدا و ئەوکات، وابزانم بۆنەیەکی پەنابەران هەبوو، ڕێک نازانم شوێنەکەی کوێ بوو، لەوانەیە دەوربەری ڕۆتەردام بوو بێت. چیبکەم، بێزەینی، دەردێکی بە کەسەرە! هەرچۆنێک بێت، وابزانم لەو ڕیزی ڕێڕۆیشتنەکەدا بووم بۆ شوینی بۆنەکە، لەپڕ یەکێ لە دوامەوە بانگی کردم، کاک شەفیق، کاک شەفیق؟! ئای، تۆ بڵێی کێ بێت؟... ڕاستییەکەی بانگکردنەکەم پێ سەیر بوو، ئاخر چاوەڕێی شتێکی وەها نەبووم، هیچ برادەرێکی وەهام لەگەڵ نەبوو، لە دواوە بەجێ مابێت.. منیش ئاوڕم دایەوە، گەنجێکی قۆز، دیاربوو منی ناسیبوو، بە وەسف بێ ، بەهەر شتێک بێ، دەیزانی ئەو بنیادەمەی لەو ڕیزە ڕێڕۆیشتنە دەڕوا ناوی شەفیقە و کوڕی حاجی خدریشە!... گەنجەکە بە ڕوویەکی خۆش بە پیرمەوە هات، گوتی من برای (هیوا سەرهەنگ)م، کاکم سڵاوی هەیە، ئەم ژمارەی ڕۆژنامەیەش دیاریی بۆ تۆ. منیش هەندێک بە حەپەساوییەوە، چاکوچۆنیم لێوەرگرتەوە، ئیدی کە ناوی (هیوا سەرهەنگ)ی هێنا، خەریکبوو هەندێ سەرسامییەکەم بڕەوێتەوە. کەچی هێشتاش بێ خەبەر بووم لە ڕۆژنامە، یان بڵاوکراوە، یان مانگنامەی ئەو کات، کە لەژێر ناوی (بێوار)دا دەریدەکرد. پاش چاکوچۆنی، ئینجا زانیم، کە کاک (ڕاژان) هەم برا و هەم پەیکی کاک (هیوا سەرهەنگ)ە. هەرچۆنێک بێت، ڕۆژنامەکەم لێ وەرگرت، هەرچەندە کاتەکەش هی ئەوە نەبوو، بە لاپەڕەکاندا بچمەوە، بەڵام سەرپێی و ڕاگوزەرانە لە قەبارەی ڕۆژنامەکە ڕامام و ناونیشانەکە سەرنجی ڕاکێشام، ئیدی لاپەڕەکانیم هەڵدانەوە... بۆخویندنەوەیش، دواتر لە ماڵەوە لە ئەلفەوە تا یا هەموویم خوێندەوە. بەڵێ ئەوە یەکەمین ناسینی من بوو لەگەڵ ڕۆژنامەیەک، لەگەڵ ئەوەی ناوی (بێوار) بوو، بەڵام بووە واری کۆمەڵێک قەڵەمی غەریبە و هەندەران نشین. ڕۆژ هات و ڕۆیشت، مەراقی ئەنجامی مافی پەنابەریمان نەما، دوای سێ مانگی کەمپی (خیڵزە ڕاین)، پاشان مانگ و نیوێکی کەمپی (زێیڤۆڵدا) ئێمەیان فڕێدایە گوندێکی زەیلاندی خواروو هۆڵەندای سەر سنووری بەلژیک بە ناوی (ئاردنبورخ) .. پاش ساڵ و نیوێک زیاتر ئینجا ئەپارتمانێکمان لە (سخیدام) وەرگرت... ئیدی لەوێوە، هەم لەگەڵ کاک هیوا و پەیمان سەرهەنگ بووینە دراوسێ، هەم لەگەڵ (بێوار)یش بووینە خوێنەر و پاشان نووسەر. ئێستاش، کە من لە کوردستانەوە، بەو چەند دێڕانە بەشداری ئەم کۆڕە تایبەتە دەکەم دەربارەی (بێوار)، بە شەوق و زەوقەوە، بە خۆشەویستی و پێزانینەوە، بە تاسە و غەریبییەوە بۆ (بێوار)ی واری غەریبیمان و هەم بۆ هۆڵەندای واری دووەمم یاددتان دەکەم. خۆشەویستان.. بەڕاستی ئێستا، دوای نزیکەی دوو دەیە ئەوسا لەو یادکردنەوەیەدا، لە بەهای هەر بڵاوکراوە و ڕۆژنامەیەک کە بە کوردی لە هەندەران دەرچووبێت، تێدەگەم.

شەفیقی حاجی خدر

ئاخر ئەو بڵاوکراوانە بەدەر لەوەی کۆمەڵێک هەواڵی لەسەر ڕەوشی ئاوارەیی تێدابوو، مەکۆیەکیش بوو بۆ کۆکردنەوە و یەکدی ناسینی هەندێ قەڵەم، لەو ڕێگەشەوە پەیوەندی پەیداکردن بوو لەگەڵ خوێنەری پەرۆش... بەڵام لە هەمووشی گرنگتر تۆمارکردنی وشەی کوردی، خزمەتکردنی زمان، کە پێموایە، ئەوەی لە مێژوودا ئێمەی بە کورد هێشتۆتەوە، تەنیا و تەنیا زمانەکەمان بووە. تۆ تەماشا بکە ئەو شار و دێهات و ناوچانەی سەر سنوور لەگەڵ عەرەبستان، لەگەڵ فارس و تورک، کە بە هەر هۆیەک بێت زمانەکەیان لە دەستدابێت، ئەوا خاکەکەشیان فت بووە. هەر بەڕاستی زمان ناسنامە بووە و هەرواش دەمێنێت. ئەوێ ڕۆژێ بەدەر لە دەرکردنی (بێوار) لەسەر دەستی ئەو پیاوە لەخۆبردووەی بنەماڵەی شەرەفمەندی (سەرهەنگ)، "میدیـا"ی ڕۆتەردام و شارەکانی دیکەش ڕۆڵێکی گەورە و جوان و کۆکەرەوەیان بۆ ڕەوەندی ئاوارەیی لە وڵاتی خاکە نزمەکان بینیووە.

بۆیە من لەو یادەدا، لە دەستخۆشی، لە سوپاسگوزاری، لە منەتباری و سوپاس و پێزانین بەدەر هیچم نییە.. هەرچەندە دەکرێ بڵێم: بریا لەکار نەدەوەستا .. بریا بەردەوام دەبوو، بریا شەقڵی دیکەی وەردەگرت، بەڵام خۆ بریاکان تەواو نابن و کاریش بە بریا پێک نایەت و دەشڵێن داری بریا بەرناگرێ! دووبارە خۆشەویستی و ڕێزو پێزانینم هەم بۆ (بێوار)، هەم بۆ یادەکەی و هەم بۆ (سەرهەنگ)ییەکان و بۆ ئێوەی ئامادەبووش.

هەولێر، 01/08/2019

چاوەڕوانی نامەی دووەم بن..

لە بەشی چواردەمین دا ...

کورد و نازم حیکمەت
دکتۆر جەبار قادر

پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ نازم حیکمەت

پۆستێکی کورتم لە مەڕ پەیوەندی هەردوو بنەماڵەی ئوروستوکراتی ئەستەمووڵیی نازم حیکمەت و ئەمین عالی بەدرخان بڵاوکردەوە. کاک بەکر شوانیش بە سوپاسەوە لە پەراوێزی ئەو نووسینە کورتەدا نامەیەکی گرنگی نازم حیکمەتی بۆ دکتۆر کامەران بەدرخان بڵاو کرەوە، کە وادیارە کاتی خۆی گۆڤاری بەرەو دوو هەزار "e Doğru2000" لە ٣١ تەممووزی ١٩٨٨دا بڵاوی کردبۆوە. من کاتی خۆی بە هەردوو زمانی ڕووسی و تورکی زۆر گەرام بە دوای هەڵوێستێکی ئەرێنی ئەو شاعیرەدا، بەرامبەر کورد بە گشتی و دۆزی نیشتمانی کورد لە باکوڕی کوردستان بە تایبەتی، بەداخەوە هیچ شتێکی وام نەبێنییەوە. لە هەشتاکاندا گفتوگۆیەکی گەرم لە بارەی عەزیز نەسین و نازم حیکمەتەوە لە نێوان دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "هاوکاری" دروست بوو. ڕەنگبێ ئەو ڕۆژنامەیە هەرگیز ئەوەندەی ئەو ڕۆژانە خەڵک بەدوایدا نەگەڕابێت و نەیخوێندبێتەوە. بابەتی گفتوگۆکە کتێبەکەی عەزیز نەسین بوو " تورک لە بوڵگارستان و کورد لە تورکیا"، کە کاک بەکر شوانی و کاک سیروان ڕەحیم کردیان بە کوردی و منیش پێشەکیم بۆ نووسی و لە ئەکادیمیای کوردی بڵاومان کردەوە .وتارەکانی دکتۆر کەمال سێ بەش بوون و لە ڕۆژانی ٢٣ و٣٠ ئۆکتۆبەر و ٢ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٩بڵاوکرانەوە، وەڵامەکانی کاک محەمەدی مەلا کەریمیش لە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٨ دیسەمبەری هەمان ساڵدا بوون. ئەو کاتە دەمەتەقێ و گفتوگۆیەی ئەو دوو نووسەرە گەورەیە تام و چێژێکی تایبەتی هەبوو. کاکە حەمە دواتر وتارەکانی خۆی کرد بە کتێب و بە ناونیشانی" بەتەمای گفتوگۆیەکی دیموکراتی بووم، بووم بە کاکە حەمەی کورد" و لە ساڵی ١٩٩٠ لە بەغدا بڵاوی کردەوە. دکتۆر کەمال بە پێنج ئەڵقەی تر وەڵامی بۆچوونەکانی کاکە حەمەی دابووەوە. لە گفتۆگۆ گەرمەی دکتۆر کەمال و کاکە حەمەی مەلا کەریم باسی نازم حیکمەت هاتە کایەوە. دکتۆر کەمال ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد، کە نازم حیکمەت هیچی وای لەسەر کورد نەنووسیوە و دەبوایە وەک کۆمۆنیست و ئینتەرنالیستێک هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بەرامبەر دۆزی کورد لە تورکیا هەبوایە و لە دژی ستەمەکانی دەوڵەتی تورک بەرامبەر بەو گەلە دەنگی بەرز بکردبایەتەوە. هەرچی کاکە حەمە بوو وەک کۆمۆنیستێک پاساوی بۆ نازم حیکمەت دەهێنایەوە، کە نەیاندەتوانی قەناعەت بە زۆر خوێنەر بێنن. پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ " کوردۆیەف" بۆی گێڕامەوە، کە کاتێ کتێبی " ڕێزمانی کوردی" لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکردەوە، دانەیەکی پێشکەشی نازم حیکمەت کردووە و بۆی نووسیوە، کە "هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە هەوێنی ئەوەی لە بارەی هاونیشتمانییە کوردەکانتەوە شتێک بنووسی". وتی: مخابن ئەڤ ... باڤ تشتەکی نەنڤیسی. کەم کەس دەیتوانی گومان لە دڵسۆزی قەناتێ کوردۆ بۆ کۆمۆنیزم و سیستەمی سۆڤییەتی بکات، بەڵام کوردپەروەرێکی بێ گەردیش بوو. <<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<

نایە نازم حیکمەت
بۆ کامەران بەدرخانە؟
دکتۆر جەبار قادر

موسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە کە ماڵی مزیەت خانمی کچی ئەمین عالی بەدرخان وەک بارەگا و دێوەخان بوو بۆ گەنجانی کورد لە ئەستەمووڵ. ئەو خانمە هەمیشە هەستی کوردایەتی لە دڵ و مێشکی گەنجانی کوردا جۆش دەدا. موسا عەنتەر بۆ خۆی لەو خانمەوە زۆر هەواڵ و چیرۆکی لە بارەی بەدرخانیانەوە بیستووە. ئەو دەڵێ کە مزیەت خوشکی بچووکی کامەران و جەلادەت بەدرخان بووە. کاتی خۆی شووی بە کابرایەکی سوری نیو کورد و نیو عەرەب کردووە. مێردەکەی زوو مردووە و منداڵی لێی نەبووە. مزیەت خانم بەو میراتە دەژیا کە پیاوەکەی لە دوای مردنی بۆی بە جێهێڵا بوو. ماڵەکەی لە گەڕەکی شیشلی لە پشت گۆڕستانی ڕۆمەکان بوو.

موسا عەنتەر دەڵێت کە گەنجانی کورد لە ئەستەمووڵ ماڵەکەیان وەک ناوەندێکی کولتوری و یادەوەری لێ کردبوو و زوو زوو لەوێ کۆ دەبوونەوە. میزیەت خانم زۆر شتی بۆ دەگێڕانەوە. یەکێ لەو باسانە باسی پەیوەندی خانەوادەی بەدرخانیان و حیکمەت بەگی باوکی نازم حیکمەتی شاعیر بوو. مزیەت خزمایەتی لە گەڵ دایکی نازم حیکمەتدا هەبوو. بە هۆی ئەم خزمایەتییەوە حیکمەت، کە لە دوای شۆڕشی ئیتحادییەکان کرا بوو بە بەڕێوەبەری گشتی چاپەمەنی، گەلێ لە بەدرخانییەکانی بردە ڕیزی ئیتیحاد و تەرەقییەوە و لە ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنیدا دەرفەتی بۆ ڕەخساندن. مزیەت خانم دەڵێت ئەم پەیوەندییە خێزانییە زۆر گەرم و گوڕ بوو و دایکی ئەم و دایکی نازم حیکمت زۆر جار شیریا بە منداڵی یەک دەدا. وادیارە ئەو بە هەڵە باسی کامەران و نازم دەکات، بەڵام ئەوە دروست نیە چونکە کامەران لە ساڵی ١٨٩٥ و نازم لە ساڵی ١٩٠٢ هاتوونەتە دونیاوە. دەبێ مداڵێکی تری ئەمین عالی بەدرخان بووبێت. بەم شێوەیە نازم حیکمەت دەبێتە برای شیریی کوڕان و کچانی ئەمین عالی بەدرخان.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Musa Anter, Hatıralarim, Doz yayınları, Istanbul 1990.S. 107–108.

جارێکیان کە کوردێکی باشووری کوردستان ڕاپورتی لە سەر نووسیبوو و وتبووی کە کوردۆیەف کوردێکی ناسیۆنالیستە و زیان بە یەکێتی سۆڤییەت و پارتی کۆمۆنیست دەگەیەنێت، زۆر تووڕە ببوو و دەیوت " هەی ئەحمەق" تۆ دەتوانی گومان لە سەر دڵسۆزی من بۆ یەکێتی سۆڤییەت و پارتی کۆمۆنیست دروست بکەی؟. من کوڕە هەژارێکی ئاوارە و بێ کەس و کار بووم، لە سایەی یەکێتی سۆڤییەت بووم بە پرۆفیسۆر، من لە بەرەکانی شەڕ لە دژی سوپای هیتلەر بەرگریم لە دەوڵەتی کرێکاران و جوتیاران کردووە و لە لێواری مەرگ بەبریندارى گەڕاومەتەوە. ئێستا تۆ هاتووی ڕاپۆرت لەسەر کەسێکی وک من بۆ بەرپرسانی حیزب و دەوڵەتی سۆڤییەت دەنووسی!.

لە سەردەمی جیهانگیریدا تاکی هۆشیار نەوەندە ناکەوێتە شوێن خەمەزاتییەکانی شاعیر و خۆیانی تێدا نابینێتەوە، ئەمڕۆ بە شیعر سۆزی ناجوڵێت و هەڵناچێت چونکە تاکەکان بابەتییانە بیردەکەنەوە

بازاڕ و شیعر
حەمەفەریق حەسەن

یەک لەباری ئێمەی کورد، ئێستا پتر لە هەر سەردەمێکی مێژوویی، شیعر بەرهەم دێنین. تەواو بە پێچەوانەی، گەلانی دونیای پێشکەتووەوە، تەنیا لەم دەیەیەی دواییدا بارتەقای هەموو سەدەی نۆزدە و بیست شیعر نووسراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خوێنەری شیعر ڕوو لە کەمییە! بەڵام شیعری ئەوسا، بە بەراورد لەگەڵ شیعری ئیستادا، هەم قووڵ هەمیش جوان و لەبەردڵان بوو. هەیە بە تەمەنێکی کەمەوە، چەندان دیوانە شیعری بە چاپ گەیاندووە، بەڵام بە هەموو دیوانەکانی ئۆرتی تاکە قەسیدەیەکی شاعیرانی کلاسیکیان نییە. چونکە هەرچی شیعرە کۆنەکەیە، هەموو کەرەسە و هونەرەکانی شیعری تێدا خرابوونە کار. ئەمڕۆ، کە دونیا لە سەردەمی جیهانگیریدایە، تاکی هۆشیار ئەوەندە ناکەوێتە شوێن خەمە کەسەکی و زاتییەکانی شاعیر و خۆیانی تێدا نابینێتەوە. تاکی ئەمڕۆ وەک جاران، بە شیعر سۆزی ناجوڵێت و هەڵناچێت. چونکە تاکەکان بابەتییانە بیردەکەنەوە. ئەوان زیاتر گوێ بە ژانرێک، یان بابەتێک دەدەن بە ئاوایەکی کۆنکریتی باسی ژیانیان بکات و لە مەینەتی و کێشەکانیان بدوێت و بکۆڵێتەوە. کەڵکەڵەی شیعر نووسین لە ئێستا و کۆنیشدا، لە سۆنگەی خەیاڵڤرین و ئاشقبوون، یان ئەوەتا لە سۆنگەی پەیدابوونی بۆشاییەکەوە، پەڕیوەتە نێو زەینی زۆرێکیان. هەندێک لەو نووسەرانەی پێشتر شیعریان دەنووسی و خۆیان بە خاوەن بەهرە دەزانی، بگرە شانازیشیان بە بەهرەی شیعریی خۆیانەوە دەکرد، ئەوە ماوەیەکە لە سۆنگەی نادڵنیایی ئایندە و ئۆرتی شیعرەوە، لەپاڵ بەهرەکەی خۆیداندا، ڕوویشیان کردووەتە، ڕۆمانnووسین و تۆیژینەوە نووسین، وەرگێڕان و درامانووسین. لە گۆڤاری الجسر، العدد، (٥)، شتاء ٢٠١٢، (المجتمع الكردي قصصييا)دا، عبد الكريم يحيى الزيباري، لە جێیەکدا دەڵێت: "هناک مثل کوردي يقول: أن لم يكن الكردي فلاحا أو راعيا، أصبح شاعرا" واتە: "تاکی کورد، ئەگەر بە جووتیاری و شوانکارەییەوە خەریک نەبوو، ئەوا دەبێت بە شاعیر!" من ئەم وتەیەم بە نەختێک دەستکارییەوە، لەلای هەندێک ڕۆژهەڵاتناسیش بەرچاو کەوتووە و پێشتریش لە شوێنی تردا، ئاماژەم پێداوە. ئەم ڕایە ڕاستیی تێدایە. ئەوەتا وەلی دێوانە هەم شوان بووە هەمیش شاعیر. لە ڕاستیدا ئەم ڕایە هەڵدەگرێت زۆری لەسەر بنووسرێت. چونکە بڕێک ڕۆشنایی دەخاتە سەر مگێز و هەڵکەوتەی کەسیەتیی تاکی کورد و پیشانی دەدات، کە تاکی کورد هەم نوقمی خەیاڵاتە هەمیش دەستەوسانە و پیشەیەکی ئەوتۆ بۆ ژیان و گوزەران گومان نابات. ئەوەتا لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا کار گەیشتووتە ئاستێک تەلەڤریۆنەکانیش خەریکی پەخشی شیعرن. تەلەڤریۆنەکانیش خەریکی پەخشی شیعرن. شاعیرانی زیندو خۆیان دەردەکەون، کۆچکردووەکانیش بێکارێک دێت بۆیان دەخوێنێتەوە. ئەمەیان دیاردەیەکی بەم سەردەمە نامۆیە و ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا وێنەی نەبێت. ئاخر ئەگەر یەکێک بیەوێت تۆیژینەوە بنووسێت، ئەوا دەبێت ئەو هەمیشە بخوێنێتەوە و بە شوێن سەرچاوەدا بگەڕێت، دەبێ لای کەم زمانێکی زیندو بزانێت، تاکو بۆی بلوێت گەرماوگەرم ئاگاداری ئەو سەرچاوە پەیوەندیدارانە بێت، کە تازەکی لە خۆرئاوا چاپ بوون، نەک کتێنی پەنجایەکانی سەدەی پێشوو بکات بە سەرچاوەی باسەکەی ئێستای. دەسا زۆرێک لە شاعیرانی ئەم سەردەمە هەتا قۆناغی ناوەندییان خوێندووە، دەڵێن گوایە هێندێکیان سەرەتاییشیان بۆ تەواو نەکراوە.



زۆرێک لەوان بەدەر لە کوردییەکی نارەوان و شپرزە، زمانێکی تر نازانن. وێڕای ئەوەی هێندێک جاران، تۆیژەر پێویستیی بە ئامار دەبێت. یان ناچار دەبێت بچێتە ناو خەڵکەوە، بۆ ئەوەی دەمودووبان تاقیبکاتەوە. هەرچی هونەری ڕۆمانووسینیشە، پڕۆسێسێکە پشووی درێژی دەوێت، شارەزایی تەکنیکی گەرەکە و بە ماوەیەکی زۆر ئەوجا ڕۆمان دێتە بەرهەم. ئەوەی ڕۆمان دەنووسێت، دەبێت بە ڕاستی ڕووناکبیر بێت. هێندەی کۆمەڵناسێک شارەزای کون و کەلەبەری کۆمەڵگەی خۆی بێت. چونکە ئەو ناچارە کارەکتەر لە ژینگەی خۆیەوە بهێنێت، بیانجووڵێنێت و شوێنیان بکەوێت، بە کارەکتەری خێڵەکی و دێهاتی و شارییەوە؛ بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییانەوە، بە دیندار و بێ دینیانەوە. لە نێو دەقی ڕۆماندا شارستانەت، ژیان، زەمان و کەسەکان پێکەوە کۆدەبنەوە و گوتوبێژ دەکەن. خۆسیە ساراماگۆ دەڵێت: "من بۆیە بەڕۆمانەوە خەریکم، چونکە ناتوانم تۆیژینەوە بنووسم. شیعر بۆ نموونە لە سەردەمی وێنەدا زیانی پتری بەرکەوتووە. چونکە شیعر ئەبستراکتە و غینائی تڕە، لە کاتێکدا ڕۆمان قووڵتر بەنێو ژیانی کەسەکی و زاتیدا ڕۆدەچێت". خۆ ئەگەر باس لە هونەری سینەما بێت، ئەوەی وا سیناریۆ دەنووسێت، کەسێکە هەم نووسەرە هەمیش هونەرمەند. ئەو دەبێت لە نزیکەوە ئاگاداری پیشەسازیی سینەما بێت و بە خوێندن خوێندبێتی. وەک بەهایش، سیناریۆ گرانبەهاترین ژانرە، چونکە سیناریۆی سەرکەوتوو زۆر کەمە. وێڕای ئەوەی، لەنێوان دەیان سیناریۆدا دەرهێنەر دێت یەکێکیان بەگەن دەکات. سەبارەت شانۆیی، ئەوەیان هەر نەیکردبێت، نووسینی چەند کارێکی گەلێک قورسە. نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکو لە جیهانیشدا دەقی سەرکەوتوو دەگمەنە. هەمیشە دەرهێنەری شانۆ گەیی لە نەبوونی دەقی نوێی شانۆیی هەیە. من لێرەدا باس لە چیرۆک ناکەم، چونکە بۆخۆم بەزۆری چیرۆکان دەنووسم. بەڵام هەرچی شیعرە حەیاتەکەیە، بەتایبەتی شیعری ئەم سەردەمە، لەلای زۆرێک پێویستیی بە زانینی هونەری شیعر نییە! بۆشاییەک، یان چۆڵەوانییەکی وەحشەتناک لە ژیانی ڕۆژانەی زۆرێک لە شاعیرانی سەردەمی کۆندا هەبووە. زۆریان کەسانی دەستوپێ سپی بوون. لە سرووتەکانی حوجرە و مەدرەسە بترازێت، گەمە و پیشەیەکی سوودمەندی ئەوتۆ شارەزا نەبوون، تاکو بیگرنەدەست.

بروانە ل 5

ئەوە نەزمی نوێی جیهانە، کە نرخ بۆ شیعر دانانێت. هەر شتێکیش لە بازاڕدا بێ نرخ بوو، ئەوا دەپووکێتەوە. ئەدەبیش کە بوو بە کاڵا، ئیتر دەبێتە ملکەچی یاساکانی بازاڕ

پاشماوەی ل 4 نوسینەکەی حەمەفەریق حەسەن

زۆرێک لەوان داهێنەری گەورەیش نەبوون. هێندێکیان هاتوون بە کەمێک دەستکارییەوە لاسایی شاعیرانی عەرەب و فارس و تورکیان کردووەتەوە. زەین و خەیاڵی ئەوانیان دووبارە کردووەتەوە. ئەوانەی کە شارەزای شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی بن، ئەم ڕاستییەیان هەست پێ کردووە و دەیزانن. بەم دواییە، جاوروبار لەم بەستێنەدا قسەی خۆیشیان کردووە. وەلێ خەم، خولیا، سەرگەرمی و پێداویستییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵە زۆر جیاوازن و لە پێداویستییەکانی مرۆڤی پەنجا ساڵێک لەمەوبەر گەلێک زۆرترپشن. تاکی ئێستا کێشەکانیشی ئاڵۆزترن، بە دەر و دراوسێ، بە مەلای گوند و بە ڕیشسپییەکانی خێڵیش چارەسەر ناکرێن. بۆیە ژانری شیعر دەرۆسیان نایەت و ناتوانێت پڕواپڕ گوزارشتیان لێ بکات. شیعر فریاش ناکەوێت ئەو هەموو مەینەتییانە بگرێتە خۆی و بیانکاتە کۆڵ، کە ڕەنگە هەندێک جاران مەترسییەکان بگەنە ئاستی لەنێوچوونی گرووپەکی ئیتنی و سڕینەوەی لەسەر نەخشەی گێتی. بۆیە لە ئاستی کێشەکانی ئەم سەردەمەدا ژانری ڕۆمان کاراتر، دەستکراوەترە و گشتگیرتریشە. ڕۆمان بۆی هەیە فریای ڕاڤە و وێناکردنیان بکەوێت. دنیای نوێی عەولەمە، ڕۆمانی بەکاڵاکردووە، بەڵام وادیارە بەنیاز نییە چیتر شیعر بەکاڵا بکات، واتە ئەوە نەزمی نوێی جیهانە، کە نرخ بۆ شیعر دانانێت. هەر شتێکیش لە بازاڕدا بێ نرخ بوو، ئەوا دەپووکێتەوە. ئەدەبیش کە بوو بە کاڵا، ئیتر دەبێتە ملکەچی یاساکانی بازاڕ. ئەوە دەزگەی پەخش و بڵاوکردنەوەیە (دار النشر) کە بڕیار لەسەر چارەنووسی ژانرەکان دەدات. وەک چۆن بازرگانانی کەڤاڵی شێوەکار بڕیار لەسەر فرۆش و نرخی کەڤاڵەکان دەدەن و ڕێباز و قوتابخانە جیاوازەکان دەنرخێنن. ئەمڕۆ ئەدەبیش ملکەچی کڕین و فرۆشتنە، ملکەچی یاسای خواست و خستنەڕووە. لەم ڕووەوە، زەقترین ڕووداوێک، کە لەمساڵدا (٢٠١٢)، جێی سەرنج بووبێت، وەستانی گۆڤاری (بزاڤی شیعر)ە، لە وڵاتی فرانسە، دوای ٦٢ ساڵ لە دەرچوونی سەرومڕ. محمد المزيودي، کە لە پاریسەوە ڕاپۆرت دەنێرێت، دەڵێت: "دەشێ دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە ژانری شیعر کارێکی قورس بێت. لەبەر زۆر هۆکار، کە ڕەنگە بەهێزترینیان ئەوەبێت، بە بەراوردی ڕێژەیی لەچاو خوێندنەوەی ڕۆمان، چیرۆک و ژانرەکانی تری وەک بیۆگرافیا و ئۆتۆبیۆگرافیا و ئەدەبی نامەگۆڕینەوە و گەشتنامەدا، خوێنەر وازی لە شیعر خوێندنەوە هێناوە." جێی باسە، وەستانی گۆڤاری "بزاڤی شیعری" دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێوەندە فەرهەنگییەکەی ئەوروپادا هەبوو. چونکە ئەم گۆڤارە، مێژوویەکی درێژ و ڕەنگین و دەوڵەمەندی هەیە. کاتی خۆی لە شاری مەرسیلیا، بە کۆششی دەستەیەک شاعیری بەدەربەست لەدایک بوو. مەزنە نووسەری وەک: پاپلۆ نێرودا، مایاکۆڤسکی، ڕیستۆس، نازم حیکمەت، بڕێخت، تریستیان تزارا و پۆڵ ئیلوار و زۆر شاعیری تری ناسراو شیعری خۆیان تێدا بڵاوکردووەتەوە... بڕوانە: ((الحركة الشعرية الفرنسية تتوارى عن عمر ٦٢ سنة، محمد المزيودي، الشرق الاوسط، ٨ حزيران، ٢٠١٢)).نووسەرانی عارەب، کە سەردەمێک جەختیان لەسەر دەکرد و دەیانگوت (شیعر دیوانی عارەبانە)، ڕاستیان دەگوت، چونکە یەک لەباری ئەوان. ژانری شیعر زۆر لە کۆنەوە زمانی عارەبیی یەکخستووە و پاراستوویەتی، بەڵەوەی، دەوڵەتێک بێت بە فەرمی ئەم زمانە یەکبخات. بەڵەوەی عارەب دەوڵەتی هەبێت. بەڵەوەی قورئان زمانی فەرمی و ستانداردیان بۆ چێبکات، شیعر ئەو مەزنە ئەرکەی بۆ ئەوان ڕاپەڕاندبوو. بەڵام شیعری کوردی، لەبەر زۆر هۆکاری مێژوویی، کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە، بۆی نەلواوە ئەو ڕۆڵە مەزنە بگێڕێت. بۆیە ناکرێت ئێمەی کوردیش لاسایی نووسەرانی عارەب بکەینەوە و بێژین: شیعر دیوانی کورد بووە. یەک لەباری ئێمەی کورد، شیعر لە داهاتوویشدا ئەم کارە گرینگەی لەدەست نایەت.

بۆ یەکەمجار ژمارەکانی 10 و 12 ی ڕۆژنامەی کوردستان، لەلایەن د.جەلیلی جەلیل لە نەمسا دەدۆزرێتەوە



کاتێ ژمارەکانی 10 و 12 ی ڕۆژنامەی کوردستان، لەلایەن د.جەلیلی جەلیل لە نەمسا دەدۆزرێتەوە و پێشکەشی حەمید بەدرخانی دەکات، لە فێستیڤاڵی بەدرخان کە لە شاری دهۆک لە 2005/4/22 ئەنجامدرا، وەکو موژدەیەک بۆ سەرجەم ڕۆژنامەوانانی کورد، ئەو کاتە حەمید بەدرخان ڕایگەیاند...

مخابن دکتۆر کەمال فوئاد ئەوکات سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکانی بەدرخانبوو، لە هەمانکاتیشدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش بوو، زۆر دڵشادبوو بە دۆزینەوەی ئەو دوو ژمارەیە لە ڕۆژنامەی نۆبەرە (کوردستان)...بۆ ئەو مەبەستە لە کۆتایی فێستیڤاڵ و لە ژمارە 56 ی بەدرخان کە سەرجەم چالاکییەکانی لەخۆگرتبوو هەر لە دهۆک هەردوو ژمارە دۆزراوەکە چاپکرایەوە و بەسەر میواندابەشکرا ...

https://www.instagram.com/p/BxPzQYC0o3/?igshid=vvzdpvy9kwes

دزینی نێستێتیکا دەنێو کوردا و لە هەندەران HBO Nordik کۆمپانیای فیلمسازی هۆ-بێ-نۆ-نوردیک و نێلکسێڤیچ گۆران مەریوانی

دزینی هونەر و ئەدەب: کۆمەڵێ تێبینی من, هەر جارەی سەرنجێک!

کۆمپانیای هۆ-بێ-ئۆ-نوردیک، سوید، تازەکی سیریاڵێکی تێڤێئی دەربارەی کارەساتی چێرنۆبیڵ، ٥ بەش، ئۆکرانیا ١٩٨٦، بەرهەمهێناوە. ڕەخنەگران تەبابوون کە بە یەکێ لە سڕیاڵە کوالیتیدارەکانی تێڤێ، کە مێژوویەک دەگێڕێتەوە، هەژماربکەن. من گەرماوگەرم هەر (٥) بەشەکەییم تەماشاکرد. دۆستانی نزیکیشم لە کوالێتییە بەرزەکەی ئاگادارکرد. هاوکات نامەیەکم بۆ کۆمپانیای ناوبراو نارد:

١). ٣-٦-٢٠١٩: "چۆن دەکرێ دەمێ بەشێکی گەورەی ئەو بەرهەمە راستەخۆ کۆپیەی رۆمانە شایەتحاڵیەکەی، نزایەک بۆ چێرنۆبیڵ ١٩٩٧، سڤێتلانە ئێلهێکسێڤیچ-ە، ١٩٤٦....، بەشێکی تریشی هەوێنی سیریاڵەکەیە، لێ بە تەعجوبەوە، نێوی ئەو ناهێنرێ، وەرگری خەڵاتی نۆبێڵ ٢٠١٥".

٢). ٥-٦-٢٠١٩، وەڵامێکی کورتی کۆمپانیاکە :(بەڵێ دەزانین و ئاگادارین!).

٣). ئەمن بەردەوام بووم، هەمان ڕۆژ: "ئەو چاپتەرانەی پەیوەندی بە لودمیلا و ئینگاتینکۆسی دووگیان و مێردەکەیەوە کە ئاگرکوژێنەرەوەیە، هەیە، تەنێ کۆپیەتان کردووە". خودی ئەم ڕۆمانەش هۆکاری خەڵاتی نۆبێڵی ٢٠١٥.

٤). دوێنێ مێدیای سویدی هاتنە دەنگ. هاینێ پاڵاس: ڕەخنەگر، ڕۆژنامەی ئێکسپرێس، دەنووسێ، وەک خۆی ئێلێکسێڤیچ تاڵاندەکرێ)! چەند مێدیایەکی تریش. نووسەری ڕوسیی هەڵهاتوو، ماشا گێسن، لە نیوۆرک، ئینگلیزی، هاتۆتە دەنگ.

٥). ٧-٦-٢٠١٩، خودی ئێلێکسێڤیچ هاتە دەنگ :(تەواوی سیریاڵەکە لەسەر سێکوچکە، سێ نووسەر بەندە، بەشی زۆری خودی خۆم، یۆری شتیرباک: ئۆکرانیا، ئەوجا گیریگۆری مێدڤێدێڤ، ڕوسیا! لێ کۆمپانیاکە بە فەرمی ئاماژەی بە کەسمان نەداوە. ڕاستە ئەوان لەڕێی بریکارەکەی منەوە، گالینە دۆرستهۆف، ئاڵمان، هەقی منیان داوە. بەڵام بە فەرمی نێوی ئێمە ناهێنن، ئێکسپرێس ٧-٦-٢٠١٩)! ناچار کۆمپانیەکە هەر دوێنێ پاشەکشەیکرد و بڕیاریاندا لە هەر بەشێکدا نێوی نووسەرانی هەوێن لێوەرگیراو یان کۆپیەکراو بنووسن. ئەوڕۆش بە مەسیجێک منیان ئاگادارکرد. ماوەتەوە بڵێم:

١). وەک تەواوی مێدیای ئاوروپا ئاماژەی پێداوە:(کۆمپانیای بەرهەمهێنەر دەبێ شوکرانەبێژ بێ بەوەی سیریاڵەکە لە ئامریکا بەرهەم نەهاتووە، دەنا سزای سەختی ماددی و نا-ماددیشیان دەدرا)، لێرە لە وڵاتەکانی باکور قانونی پاراستنی ئێستێتیکا کەمتر ماددیە، جۆرێکی ترە!

٢). پۆتین، سەرەککۆماری ڕوسیا هاتە دەنگ و دەڵێ: (ئەوانە گشتی بوختانن، دروستکراون، ڕووداوەکە بەوشێوەیە نییە! ئێمە خۆمان کارێک لەو بوردا دەکەین و لە ڕێی بەرهەمی خۆمانەوە ڕاستی دەگێڕینەوە. چاوەڕوانی فیلمی مەش بن!). ئەو جۆرە سەدایانە سەختە بچن بە گوێی مەدا، چوون لە کارەساتی هەڵەبجە و کیمیابارنی جەنگی هەشتاکانەوە لە سەرانی عێراقی ئەو دەمان بیستووە. بە گوێ ئاشنان. قەدیمن!

ماویەتی: دزین دەنێو کوردا! ئەی نووسەری کورد دەدزێ؟ بێ-ئاماژە وەردەگرێ ؟ هەوێنێک بۆ نووسینەکانی (قەرد-دەکا) بێگەڕانەوە بۆ سەرچاوە، عوزرخواهی و نەمزانی و ..... تاد؟ بۆ بەشی دوو.

لە ئەکاونتی نووسەرەوە وەرگیراوە.

ئەڵمانیا ڕۆژنسساوا دەپارێزێت

بورهان ئەمین-ئەڵمانیا

بەرلە سەردانی هەفتەی پێشووی مایک بۆمبیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، ڕاگەیەنرا، کە حکومەتی ئەڵمانیا پەیمانی بەو بەرپرسە باڵایە داوە، کە وڵاتەکەی پارێزگاری لەناوچەی باکوری سوریا بکات، کە ئەمریکا نیازی وایە بیکاتە ناوچەیەکی ئارام و کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەردا بکشێت.

SPIEGEL ONLINE SPIEGEL

US-Außenminister Pompeo in Berlin

Deutsche "Tornados" sollen Schutzzone in Nordsyrien absichern

Die USA drängen Berlin, eine mögliche Schutzzone in Syrien militärisch zu unterstützen. Dazu könnte nu SPIEGEL-Informationen die Bundeswehrmission in Jordanien verlängert werden. Doch das ist heikel.

گۆڤاری دێرشپیگلی ئەڵمانی باڵاویکردۆتەوە، لە چەند مانگی ڕابردوودا وتوێژکراوە بۆ بەشداریکردنی ئەڵمانیا، لەو ئەرکە و ئەو وڵاتە بە فڕۆکەی تۆرنادۆوە، پارێزگاری لەو ناوچەیە بکات لە هەر دەستدرێژییەک، هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کردووە، هەرچەندە ئەو بڕیارە ڕەزامەندی پەرلەمانی دەوێت، بەڵام هەرزوو حکومەتی ئەڵمانیا بەڵێنی بە ئەمریکا داوە، بەشێکی سوپای ئەڵمانی کە ناوی بونسفیرە و لە چوارچیوەی هاوپەیمانی دژ بەداعش لە ئوردن جێگیرکراون، ماوەی پرۆسەی هاوکاریەکانی درێژبکاتەوە و لەوێ بمێننەوە، ئەمەش لەسەر داوای چەندین جارەی ئەمریکا بووە. هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوەکردووە، کە پارتی دیموکراتی کریتسیان، ڕەزامەندی نیشانداوە بۆ درێژکردنەوەو بەردەوامبوونی ئەو ئەرکە و پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکانی باکوری سوریا بە فڕۆکەی تۆرنادۆ و چاودێریکردنی ڕەوشەکە و یارمەتی لۆجێستی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان، بەشیک لە سەرکردایەتی پارتی سۆسیالدیموکارت کە هاوپەیمانی حکومەتن تا ئێستا بەوە ڕازی نین، بەڵام وەزارەتی دەرەوە و کابینەی حکومەت بڕیارەکەیان پەسەندکردووە.

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

سەرۆکی SPD دەستی لەکارکێشایەوە

هەفتەی پێشوو خاتوو" ئەندریا نالیس" سەرۆکی پارتی سۆسیال دیمکوراتی ئەڵمانیا " ئێس پێ دێ" دەستی لەکار کێشایەوە، هۆکارەکەشی بۆئەو شکستە گەورەیەی پارتەکەی دەگەڕێتەوە، کە لە هەڵبژاردنی هەفتەی پێشووتری هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا بەدەستی هێنابوو، ئەو ژنە دەڵی لە کاتی سکست دەبێت وازبێنین و خەڵکی تر بێتە شوێنمان بۆ ئەوەی کەسانی تر چارەی شکستەکە بکەن.

هارفارد دکتۆرای فەخری بەخشێە مێرکل

لەسەر داوای زانکۆی هارفاردی ئەمریکی خاتو " ئەنجیلا میرکل" بەسەردانێک چووە ئەمریکا و لە زانکۆی هارفارد گوتارێکی پێشکەشکرد، تیایدا باسی لە ئەزمونی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی کردو ئاستەنگ و خەباتی بەردەوامی بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ باسکرد، گوتارەکەی بووە جێی سەرسامی ئەو هەزارەها خوێندکار و مامۆستایەی کە لەوێ ئامادەبوون، لەپای خزمەتی مرۆڤایەتی و کارە چاکەکانیدا، ئیدارەی زانکۆ بڕوانامەی دکتۆرای فەرخری پێشکەش بە مێرکل کرد.

هونەرمەندێکی ناودار کۆچی دوایی کرد

ماوەی ڕابردوو لەشاری مینوشن ئەستێرەی بەناوبانگی سینەمای ئەڵمانی خاتو" هانیلۆرە ئێلزنەر" لەتەمەنی ٧٧ ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، ئەو ژنە یەکێک بوو لە ئەکتەر و هونەرمەندە بەناوبانگەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەم و لەتەمەنی هونەریدا بەشداری لەدەیان فلیم و دراماو شانۆگەریدا کردووە، لەم بوارەدا چەندین خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێ بەخشراوە، هەفتەی پێشوو لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەخاکیان سپارد.

ئەڵمانیا منداڵانی داعش وەردەگرێتەوە

ڕۆژنامەی (سود دۆیچەزایتۆنگ) ئاشکرایکرد، کە دواجار ئەڵمانیا ڕازی بووە، ژمارەیەک لەو منداڵانە بگوازێتەوە کە لەدایک یان باوکێکی داعشی ئەڵمانی لە دایکبوون و ئێستا لە ئۆردوگاکانی سوریا بەخێو دەکرێن، ئەمەش لە بریارێکی دادگادا هات، کاتێک باپیرە و داپیرەیەک سکاڵایان لەسەر حکومەت تۆمارکردبوو، کە ناهێڵن ئەو دوو نەوەیان بگوازنەوە ناو ئەڵمانیا، کە دایکیان کاتی خۆی چووبووە ناو داعش و لەوێ کوژرا بوو.

ئاڵدی لە ڕکابەری Lidelدا ئقێکی لە چین کردەوە

خانەوادەی سەرمایەداری "ئەلبرێشت"ی خاوەن بازاڕی ئاڵدی لەڕکابەری بازاڕی لیدل چوون لە شاری شەنگەهای دوو مارکێتیان کردەوە، شایانی باسە هەردوو بەشی "ئاڵدی نۆرد"ی باکور و لەگەڵ ئەوەی باشور " ئاڵدی سود" هەردوکیان سەر بەو خانەوادەیەن ولە ١١ وڵات ٦٢٤٠ مارکێتیان هەیە، ١٥٠ هەزار کرێکار کاری تێدا دەکەن، ئەوانە یەکێکن لە ملیاردێرەکانی ئەڵمانیا و جیهان و سەرمایەکەیان ٢٣ ملیار یۆرۆیە،بەڵام سەرمایەی خاوەنی لیدڵ لەوان زیاترە و ٣٧ ملیارە، ئەویش هەر هی ئەڵمانێکە.

ڕۆژنامەنوسێک لەتورکیا دادگایی دەکرێت

میدیای ئەڵمانیا بلاویکردەوە، کە "سوهەیلە کاپلان" کچە ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک تورک لەمڕۆژانە لە تورکیا دادگایی دەکرێت بەتۆمەتی جنێودان بە " ڕەجەب تەیب ئەردۆغان' سەرۆکی تورکیا و چالاکی لەدژی حکومەتی ئاکەپە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبوک و تۆیتەر و سوکایەتیکردن بە دەسەڵاتدانی وڵاتەکەی. ئەوەش یەکەمین جار نییە، کە ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانی لەو وڵاتە دادگایی دەکرێن.

جێگرەوەی مێرکل ڕۆژنامەنووسانی تووڕە کرد

"ئەنگرید کرەمپ کارینباوەر" کە بە AKK ناسراوە و جێگرەوەی خاتوو ئەنجێلا مێرکلە لە پۆستی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کریستیان وخۆی ئامادەکردووە، لە دوای مێرکل بکرێتە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەسەر لێدوانێک تووشی ڕەخنەی تونڈی ڕۆژنامەنووسان بۆوە و لە زۆر لاوە سەرکۆنەیان کرد و گوتیان ئەو ژنە قابیلی شوێن گرەوەی مێرکل نییە، AKKلەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا لە لایەڕەی تایبەتی خۆی لە تویتێکدا نوسیبووی هەقە سنورێک بۆ ئازادی بیروڕاو ڕۆژنامەنووسان دابندرێت و بە ئارەزوی خۆیان بەناو نەکەون.

هەزاران عێراقی ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان وەرگرتووە

نوسینگەی ئاماری حکومەت ڕایگەیاند کە لەساڵی ٢٠١٨ دا ١١٢٣٤٠ هاوڵاتی بیانی، کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێبوون، ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان وەرگرتووە لەپێشەوەیاندا ١٧٧٠٠ کەس لە تورک و دواتر عەرەبن و لەنێوانیشیاندا ٤٠٨٠ کەس عێراقین، ئەو ژمارانە لە ساڵانی پێشووتر زیاترن.

کوڕەکەی ساختەکاری لەکارەهونەرییەکانی باوکی کردووە "ئیسە و چیەندین ساڵە بۆ خۆی وێنەناکێشێت"

(پیتەر ماکس) دیارترین هونەرمەندی سەردەمە، ئەو بە ڕەنگە سوور و شینە ڕەونەقدارەکان و هەروەها بەکارهێنانی فلچەی سەر قوماش بەنێوبانگە. میراتی کارەهونەرییەکانیشی بەرەبەرە بەرەو جەنگێکی قوڕاوی دەبەن و پەیوەندیی بەبڕی ملیۆنان ساختەکارییەوە هەیە، شەڕی خانەوادەکەیان لە دادگایە و لەبەردەم پرسی ئەوەدایە، ئاخۆ تا چەند کەسێک دەتوانێت وێنە بکێشێت گەرەبێت و هەستەکانی لە ژێر ڕکێفیدا نەبن؟ دروست ئەمە بەسەر پیتەر ماکسدا هاتووە. ساڵی ٢٠١٢ دووچاری نەخۆشی"ئەلزەهایمەر" لەبیرچوونەوە دەبێت. بەڵام ستۆدیۆکەی لە لایەن کوڕەکەی(ئادەم)ەوە بەڕێوەدەبرێت، تا ئەمڕۆش هەرئەو بەرهەمە هونەرییەکانی دەفرۆشێت. تەنها ئەو تەڵەکەبازییەی، کە لە ساڵی ٢٠١٨ و لە داهاتی ستۆدیۆکەیALP کراوە "کە بەناوی منداڵەکانی– ئادەم و لیبرا– کردووە "دەگاتە ٢٧ملیۆن ئۆیرۆ. ئەو هونەرمەندە نەخۆشە خۆی وێنەکانی کێشاوە؟ "نیۆیۆرک تایمز" گومانی هەیە. پاش لێکۆڵینەوە، کوڕەکەی ئادەم ساڵانی ڕابردوو باوکی ناچارکردووە تا هێما لەسەر کارێک دابنێت، کە لەلایەن گرووپێک لە١٨ هونەرمەند پێکهاتبوون بکێشێت. ئەو نیشانەیەش چەند کانژمێرێکی خایاندووە. "ئەو ساڵانێکە لەڕەوشێکی وادا نییە، کە بتوانێت هێڵکاری بکات" هاوڕێیەکی نزیکی وێنەکێشەکە وایدەگووت .ئەم تۆمەتەش لەلایەن چەندین کەسەوە لەدژی ڕۆژنامەی بە هەرمێنی ئامریکایی دەربڕدراوە. سوزانە زاکسل لە بنکەی هاریکاری ئەلزەهایمەری ئەڵمانیا، بۆ ڕۆژنامەی بیلدی یەکشەممان گوتی: "کەسانێک کەتووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە دەبن، ڕەنگە تا ماوەیەکی زۆر بتوانن چالاک بن لەکاری هوتەرییدا، بەڵام بەهەرحاڵ بەئاشکرا گۆڕانکاریی هونەریی لە گوزارشتدا بەدیدەکرێت". ئادەمی کوڕ و پارێزەرەکان لەسەر ئەوە شەڕیانە، کە کارەهونەرییەکان بەڕێگایەکی نا یاسایی بەرهەم هاتوون. دادگایەکیش ساڵی ٢٠١٨ هەقی بەمەداوە. ئێستا ململانێ یاساییەکە بەردەوامە: کچەکەی لیبرا هەنوکە هەوڵ دەدات، براکەی لە ستۆدیۆ بەگیر بهێنێت. کچەکە دەڵێت،دەیەوێت"ڕووبەڕووی ئەوانە بێتەوە کە بریندار و پێشێڵی باوکی دەکەن و بەکاری دەهێنن". لەنێو ئەو هەموو بگرەوبەردەیەشدا، هەرگیز ڕۆژێک لەڕۆژان پیترماکس خوازیاری ئەوە نەبووە، کە بکەوێتە داوی لەبیرچوونەوە لەهونەر.

ئەو ئەڵمانە جووە نیگارکێشە ساڵانی شەستەکان لە نیۆیۆرک ستۆدیۆیەکی دامەزراند، بەهۆی وێنەکانی لە ستایڵی کۆمیک بەنێوبانگ بوو. ئەو وێنەی سەرۆکی ئامریکای وەک بیل کلینتۆک و جۆرج دەبڵیو بوشی کێشاوە، گۆڤاری میوزیک ڤیدیۆ"یەلۆ سوبمارینە"بیتڵس. چەندینجار بۆتە ملیۆنێر، بەتایبەتیش بەهۆی زێدەبڕکییەکانی سەر کەشتییە گەشتیارییەکان.

ئەو جارێک گوتبووی: "من ڕەنگم خۆشدەوێ. نیگارکێشانم خۆش گەرەکە". ئاخۆ ئەو هێشتا ئەو کارە دەکات؟ ڕیپۆرتەری"نیویۆرک تایمز" سەردانی پیتەر ماکسی کردووە، تا سەبارەت بەو تۆمەتانە قسەی لەگەڵدا بکات. ئەو هیچی لێ تێنەگەیشتووە. پرسیاری کردبوو، ئێمە ڤێگا لە چ ساڵێکداین؟. پیتەر ماکس لەنازییەکان ڕایکردووە ئەو هونەرمەندە بەناوی پیتەر فینکڵشتاین لە١٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٧لە بەرلین لەدایک بووە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئەو بنەماڵە جووە لەدەستی نازییەکان بەرەو شەنگەهای (چین) ڕادەکەن.

دوای نیشتەجێبوون لەئیسرائیل وهەروەها ئافریکا ساڵی ١٩٥٣بەرەو ئامریکا کۆچ دەکات، کەمێک پاش تەواوکردنی خوێندن، پیتەر بەهەرەی وێنەکیشان لەخۆیدا دەدۆزێتەوە. ئیتر ناوی هونەری پیتەرماکس لەخۆی دەنێت، لە فێرگەی نیویۆرک لەبەشی هونەری بینین دەخوێنێت. ئاندی وارهۆل و ڕۆی لیشتنشتاین لەو ناودارانەی جیهان هەژماردەکرێن، کە پیتەر ئاشنایەتی لەگەڵیاندا پەیداکردووە. گرانترین تابلۆی بە ٤٤٣٠٠٠ ئۆیرۆ فرۆشراوەو، کارەکانی لەڕێی ئۆنلاینەوە لەنێوان ١٠٠٠ بۆ ٣٠٠٠٠ دەفرۆشرێن، بەڵام هەموو ئەو کارانە،کە لە دوای ٢٠١٢ەوە بەرهەم هاتوون، ناتوانرێت ڕاستی و دروستی لە کارەکەدا بسەلمێندرێت.

سەرچاوە سایتی بیلد

چـــــــــالاکی کورد لە تـــــــــاراوگە

شیعری دوو شاعیری کورد لە گۆڤاریٚکی ئەمەریکیدا بڵاوەبیتەوە



گۆڤاری کۆنسیکیۆنس کە گۆڤارێکی ئەدەبی تایبەت بە ئەدەبیاتی جەنگە و لە ئەمریکا چاپ دەبێت، دوو شیعری خاتوو چۆمان هەردی و دوو شیعری دلاوەر قەرەداخی بڵاوکردۆتەوە، کە هەر د.چۆمان هەردی هەموو دەقەکانی وەرگێڕاون بۆ ئینگلیزی، شایانی باسە هەر لەم ژمارەیەدا و لەو دۆسیەیەدا، کە ناوی دۆسیەی شاعیرانی عێراقی و کوردی لێ نراوە، دوو شیعری شاعیر و نووسەری ناودار فازیل عەزاوی، نەوەی شەستەکانی عێراق بڵاو بووەتەوە.

لە دلاوەر قەرەداخی–یەوە

نەگەر کوردی بکرێت بە زمانی پەروەردە و خوێندن، دەبێت بە یەکێک لە زمانە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان

پسپۆری زمان عەلی کەریم حسێن فەرهەنگێکی بەراوردکاری بۆ زمانی کوردی لەگەڵ ٦٠ زمانی تردا ئامادە کردووە و لە دیدارێکدا کە بە زمانی تورکی لەگەڵی ساز کراوە، دەڵێت: زمانی کوردی یەکێک لە کۆنترین زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و دەکرێت ڕەگ و ڕیشەی زۆربەی زمانەکانی جیهانی تێدا بدۆزرێتەوە. حسێن باوەڕی وایە ئەگەر کوردی بکرێت بە زمانی پەروەردە و خوێندن (لە تورکیا)، دەبێت بە یەکێک لە زمانە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان. بڕوانە ئەم لینکە:

https://aryenhaber.xyz/dilbilimci-ali-husein-kerim-dunyadaki-dillerin-gecmisi-kurtcede-aranabilir/?fbclid=IwAR1_TU006T5G6PFbNhnw23Mk_FmsVnx9y1teZcHZTHkxpo8AMWGv7OUdMFY

دیمانەکەی پسپۆری زمان عەلی کەریم حسێن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بە ئومێدی ئەوەی هاوڕێیەکی تورکیزان کاتی هەبێت و وەری بگێڕێت. لە ئەکاونتی (بەکر شوانی)یەوە

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە شاری یۆتۆبۆری سوید پێنجەم دیداری شانۆی کوردیی ساز کرد

لە ژێر دروشمی (شانۆ سەکۆی حەق بێژییە)، ڕۆژی 30–5–2019 تا 2–6–2019 بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، پێنجەم دیداری شانۆی کوردیی لە شاری یۆتۆبۆری–سوید سازکردو پێنج شانۆگەری تێدا نمایش کرا، کە بریتی بوون لە شانۆیی (تابلۆیەک لە خۆڵەمێش) لە دەرهێنانی بەکر ڕەشید، شانۆیی (شەو) لە نووسین و دەرهێنانی شۆڕش قادر، مۆنۆدرامای (داربەڕووەکانی ولاتەکەم) لە نووسین و دەرهێنانی ڕەزا سەعیدیانی، شانۆیی (دیکتاتۆر چیکۆ) لە نووسین و دەرهێنانی کەریمۆ، شانۆیی (باوک) لە نوسینی ئاوگوست ستریدبێرگ و دەرهێنانی سدیق عەزیز.

لە ئەکاونتی مامۆستا شەمالّی عەبەڕەش–ەوە

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

عەلی لەتیف

ساڵی 1944 لە گەڕەکی چواربااغ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لەساڵی 1964 هەڵبژێردراوە بۆ یانە و هەڵبژاردەی سلێمانی و هەر لەو ساڵەدا یەکەم یاری بۆ یانەی سلێمانی کرد، لەگەڵ یانەی کارەبای بەغدا، لە یاریگای ئیدارە مەحەلی سلێمانی، عەلی لەتیف یاریزانی تۆپی پێ و باسکە و گۆڕەپان و یاری بالە بوو، پاشان بووە بە ڕاهێنەری یانەو هەڵبژاردەی سلێمانی لە یاری تۆپی پێ و باسکە پاشان ناوبژیوانی پلە یەک بووە لە تۆپی پێ و باسکە شان بەشانی وەرزش کەسایەتیەکی ناسراو بووە، لە هونەری شێوەکاری و چەندین پێشانگای کردۆتەوە لە وڵاتەکانی ئەوروپا و یابان و کەنەدا و چەندین وڵاتی دیکە، ماموستا عەلی دەستی شیعریشی هەبووە و کۆڕەکەشی بە ناوی دیلان یەکێکە لە گۆرانی بێژە سەرکەوتووەکان. لە 18–07–2009 کۆچی دوایی کرد.

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم، دەربارەی ئەم هونەرمەندە دەڵێت: زۆربەی ئەو تابلۆیانەی کە عەلی لەتیف و هاوشێوەکانی نەخشاندویانە ڕەنگدانەوەی دۆخی کۆمەڵگایە. ئەم ناوەڕۆکانە لەزەمەنی تابلۆکان و دواتریش، بەشێوازێکی سروشتی، کاریگەریی لەسەر بینەر یان خوێنەر دروست دەکەن. واتە بەبێ ئەوەی کەس گوشار بخاتە سەر ئەم بینەر و خوێنەرە پەیوەندییەکان بەهۆی دەربڕینە ناوەڕۆکییەکانەوە دروست دەبن. دواتر ئەم جۆرە لەبینەر و خوێنەر بەشدار دەبن لەپڕۆسەی دەق وتابلۆکان وتەنانەت لەڕاقەکردنیشی. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=9843



تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

15 Juni . 2019 No. [55]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

هەفتەی پێشوو لە شاری ڕۆتەردام ڕووداوێکی تەقەلێکردن و کوشتن و تووندوتیژی و ڕفاندن ڕوویدا، پێنج کەس بە تۆمەتی تێوەگلانی ئەو ڕووداوە دەستگیرکراون.. ل 1 ، بۆچی بێوار...؟ بەشی سیازدەمین ل 2 و ل 3 دوو نامەی سەردار عەبدولکەریم و مەلا برایمی مەجید پور .

یادەوەرییەکانی ئەنیس نین، لێدوانی؛ دانا ڕەئووف ل 3

نامەی تۆماس ترانسترۆمێر بۆ ڕۆبێرت بلای دلاوەر قەرەداخی، ل 4 و ل 5

دۆگان ئاکهانلی مەدالیای گویتە وەردەگرێت، بەکر شوانی ل 5،

نوێگەرانی شیعر، ولاتانی باکوڕ، نەرویژ، گۆران مەریوانی ل 6

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 7

بەدرخانییە کەمالیستەکان... نوسینی: دکتۆر جەبار قادر ، ل 8

هونەرمەندی شێوەکاری کورد: محەمەد فەتاح ل 10

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

15 Juni 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 55
15 حوزەیرانی 2019

هەفتەی پێشوو لە شاری ڕۆتەردام ڕووداوێکی تەقەلێکردن و کوشتن و تووندوتیژی و ڕفاندن ڕوویدا، پێنج کەس بە تۆمەتی تێوەگلانی نەو ڕووداوە دەستگیرکراون..

ڕۆتەردام: لە ڕۆژنامەی دتێلگرافەوە

دوێنێ ڕۆژی هەینی دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریدا بە گرتن و هێشتنەوەی پێنج کەسی گومانلیکراودا دا بۆ ماوەی چوارە ڕۆژ، کە لە ڕووداوێکی تەقەلێکردن و کوشتن و تووندوتیژی و ڕفاندندا تێوەگلاون، کە ڕۆژی یەکشەممەی پێشوو لە ناوچەی Kralingen ی شاری ڕۆتەردام ڕووی دابوو.

ڕۆژی یەکشەممەی هەفتەی پێشوو، کات 21:30 نۆونیوی شەو شەڕ و پێکدادان لە نێوان دوو گروپی چەکداردا لە شەقامی Waldeck Pyrmontlaan لە شاری ڕۆتەردام ڕوویدا، لە ئەنجامدا، دوو چەک و ماتۆڕ و هەندی کەلوپەلی دیکەی گومانلیکراوەکان، لە لایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیرا، گروپەکان لە ناو یانەشەوانەکاندا بوو بوو بەشەڕیان و ماتۆڕی قاچاخیان پێ بووە.

یەکێک لە قوربانییەکان، بە گوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیس لە گومانلیکراوەکان نییە، کەسێکی 33 ساڵە و چوار فیشەک قاچی پێکاوە. گومانلێکراوەکانیی دیکەش، کە دەستگیرکراون، کەسێکی تەمەن 24 ساڵی خەڵکی ناوچەی کۆڵمبورخ و 23 ساڵێکی خەڵکی شارۆچکەی (ئەلفن ئەن دن ڕاین) و 40 ساڵێکی خەڵکی (سومیلسدیک) و 36 ساڵێک، کە شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی نەزانراوە و ژنێکی 27 ساڵی خەڵکی (هیلیفوتسلاوس)ە.

پۆلیس بە وردی دوای ڕووداوەکە کەوتووە و ئەو شەوە 12 یەکەی ئاسایش و فرۆکەی هێلیکۆپتەری پۆلیسی بەشداری ڕووداوەکەیان کردووە، یەکێک لە گیراوەکان بە هۆی بریندارببوونی قاچییەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە و دەست بەسەر ئۆتۆمبێلێکی گومانلێکراوە کانیشدا گیراوە.

تەقە کردنێکی دیکەش لە باشوری ڕۆتەردام

هەمان شەو سەعات حەوتی ئێوارە پێش ئەو ڕووداوەی ئاماژەمان پێدا، ڕووداوێکی دیکەی تەقەکردن، لە باشوری ڕۆتەردام ڕوویداوە و کەسێکی دیکەی دەوروبەری ناوچەی هیتکامپ بریندار بووە و براوەتە نەخۆشخانە.

کەسێکی گومانلێکراوی 33 ساڵە دەستگیرکراوە، بەڵام نازانرێت کە ئایا ئەم کەسە یەکێک بێت لە هەمان ئەوکەسانەی کە لە ڕووداوەکەی کاتژمێر 21:30 نۆونیو ی ناوچەی Waldeck Pyrmontlaan بەشدار بووبێت. پۆلیس کەوتۆتە گرتن و بەدوادا گەڕانی گومانلێکراوەکان، ڕەنگە قوربانی گومانلیکراوەکان ناسیاوی یەکدیش بن. بەداخەوە ئەمڕۆ هەموو کونجێکی ئەم جیهانە شەڕو ئاشووب و تۆقاندن و کوشتن باڵی بەسەردا کێشاوە، ڕۆژانە لەملاو ئەولا ڕووداوی ترسناک و تۆقینەر دەبیستین، شارێکی جوانی وەک ڕۆتەردام، کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەدەستی نازییەکانی ئەڵمانیا سەرتاپای خاپورکرا، پاشان بەدەستی خەکەکەی و شارەوانی ڕۆتەردام شارێکی نمونەیی لێ بنیاتنرایەوە، حەیفە بە کارەساتی ئاوا ناشرین بکرێت.

نەو نامانەی لە جیاتی نووسەرەکانیان، بەشداری یادەوەری (بێوار)یان کرد
بێوار هەناسەیەک بوو، بۆ کوردانی نەوسسای تاراوگە ..

بۆچی بێوار ...؟!
نووسینی: هیوا سەرهەنگ
بەشی سێزدەمین ...

نامەی دووەم: سەردار عەبدولکەریم

سڵاو و ڕێزم کاک هیوا، بۆ ماندووبوونی بەڕێزتان و پەرۆشیتان بۆ هاوکاری و خزمەتی هاونیشتمانیانت لە هەندەران. ئەگەر بە پێوەرەکانی ئەمڕۆی بواری چاپ و کۆمینیکەیشن و ماس میدیا لە مانگنامەی(بێوار) بڕوانین، ئەوا هەڵە دەکەین،چونکە(بێوار)، لە سەردەمێک دەرچووە هێشتا تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، پاوانی چەند دامەزراوەیەکی دیارکراو بووە، هێشتا بەم شێوە ئاسایی و ئاسانەی ئێستا نەکەوتبووە بەردەست هەموو کەسێک و میللی نەبوو. ئەو کاتەی (بێوار) لە دایک دەبێ سەرەتای دەستپێکردنی کۆچی بە لێشاوی پەنابەرانی کوردی باشوور بوو، زەمەنێک بوو شەڕی ناوخۆ بێ ئومێدی و بێزاری چاندبوو، پەنابەری کورد لە سەفەرە سەختەکەیدا نە پارە، نە جلوبەرگ، نە خێزان و نە منداڵیان لەگەڵ خۆیان نەدەهێنا، تاکە هاوڕێی ئەم سەفەرەیان دۆخە دەروونییە سەختەکەیان بوو. ئەمەش وایدەکرد زۆربەی پەنابەرانی کورد لە ئاوارەییدا پێویستیان بە هاوکار و ڕێنوێنی و ڕێپێشاندەرێک هەبێ. ئەوەی زیاتر دۆخەکەی لای پەناهەندە کوردەکانی ئەوسا قورسترکردبوو، زۆربەیان بە زمان و کەلتووری ئەم وڵاتە تازەیەیان نامۆ بوون. لەم ڕۆژگارەش کەنالەکانی ڕاگەیاندن هەموویان بە زمانی تر بوون، پەیوەندیکردن لە ڕێگای تەلەفۆن و فاکسەوە زۆر کەم و گران بەهابوو، لەم واقیعەدا کاتێک کە بڵاوکراوەی (بێوار) بە هەگبەیەک لە هەواڵ و وشەی ئومێدبەخش لەم غەریبایەتی و ژینگە نامۆیە لە ڕێگای پۆستەوە خۆی بە ماڵێکی کوردا دەکرد، هەوایەکی فرێشی کوردستان بوو، بۆ شکاندنی تاسەی غەریبی و هەناسەدانێکی کوردانە، لەم ڕۆژگارە سەرباری لایەنە ڕۆشنبیرییەکەشی، لە ڕووی دەروونییەوە ئەم تروسکاییە بوو کە جۆرە هێمنییەک و سەبوورییەکی دەبەخشی . بێوار ئەگەر لە ڕووی تیراژ و شێوازی چاپییەوە هەژارانە بوو، بەڵام لە ڕووی پەیامەوە زۆر دەوڵەمەندبوو. (بێوار) بڵاوکراوەیەکی ڕووژێنەری سلبی، شوێن پێهەڵگری، دەم پڕ پرسیاری نەبوو، بەڵام هەگبەیەک بوو لە وشەی پڕ مانا و زانیاری بەخش بە تام و بۆنی کوردەواری، بە لەبەر چاوگرتنی باری دەروونی و دۆخە سیاسییەکەی کوردانی تاراوگە، ئەم شێوازەی کارکردن بۆ ئەو کاتە زۆر گونجاو و پێویست بوو .. دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ لە ڕێگای پەناهەندە کوردەکانەوە گەیشتبووە هەندەرانیش. دەبوو ڕاگەیاندن بۆ ئاشتبوونەوەی کورد پەنابەرەکان زۆر هەستیارانە و تەحەفوزکارانە مامەڵە لەگەڵ داڕشتنی دەق و بەکارهێنانی وشەکان بکات، (بێوار) لەم ڕووەوە تەجاوزی کەلتوورە سەقەتەکەی ڕاگەیاندنی ئەوسای کوردستانی کردبوو.

بێ ئەوەی هەستی یەک کەس بە وشەی زبر بریندار بکات و بەبێ جیاوازی دەرگای هەموو ماڵە کوردێکی پەنابەری بەبێ جیاوازی دەکوتی، بە دڕێژای زیاتر لە یانزە ساڵی دەرچوونی (بێوار) یادگاری زۆر شیرینمان بۆ دروست بووە، ئەویش بە هەوڵی ئەو ستافە لە خۆبردو و ماندوونەناسەوە بووە، کە لە پشت چاپکردن و پەخشکردنییەوە بوون، ئەوان کەسانی لێهاتوو، ڕۆشنەفکر، مرۆڤدۆست و کوردپەروەر بوون. لەم ڕۆژگارەی کە (بێوار)ی تیادا لە دایکبوو بوو، شەڕی ناوخۆیی هەڵەی زۆری بە ڕۆژنامەنووسان دەکرد، بەڵام (بێوار) لەم دۆخەشدا، لەگەڵ ئەوەی هێزێکی فکری و سیاسیشی لە پشتەوە بووە، بەڵام دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە بە دنیابینێکی کوردپەروەرانە و مرۆڤ دۆستانەی تەجاوزی ئەو ئەتمۆسفیرە گرژاوییە، پڕ هەڵچوون و سەقەتەیان کرد، بۆیە توانی خۆی لە گەمەی یاریکردن بە هەست و سۆزی تاکی کورد بپارێزێ.

(بێوار)، واری کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر و گەنجی کوردی هەندەران بوو، کە نمایشی توانا، قەڵەمرەنگینی و فکر و بۆچوونەکانی خۆیان تیایدا کردووە،(بێوار) توانی لەم قۆناغەدا دەیان قەڵەم بخاتەوە گەڕ کە بەهۆی پەنابەری سست ببوون، هەروەها چەندین قەڵەمی تازەشی لە ئەوروپا دۆزییەوە. ئەگەر سەیری سەرجەم ژمارەکانی بێوا بکەین، بە ئاسان هەست بەم نەفەس درێژییەی ستافەکەی دەکەین لە نووسین و دەربڕین بە سیاسەت و شێوازێکی نەرم، بۆیە توانیان بەو ئیمکانیاتە سادەیەیان دڵی چین و تۆێژێکی زۆر لە کوردەکانی هەندەران بۆ خۆیان کێش بکەن، کەشێکی گونجاوی دەروونیش بۆ خۆگونجاندن بەرهەم بهێنن. ئەمڕۆ ئەم شێوازەیان شەرەفێکی گەورەی بەخشیوە بە (بێوار) و ستافەکەی. ئەم هەوڵە لە سەرەتادا وەک فڕێدانی بەردێکی بچووک بۆ ناو گۆماوێکی مەنگ وابوو. ئازیزم کاک هیوا .. من وەک ڕۆژنامەنووسێک و هاوکارێکی (بێوار) چاک درک بە ماندووبوونتان و ئەرکە قورس و سەختەکەتان دەکەم، بۆیە پێشنیار دەکەم: هەموو ژمارەکانی (بێوار) کۆبکرێنەوە و جارێکی تر چاپ بکرێنەوە و ببیلۆگرافێکیش بۆ نووسەر و بەشداربووەکانی دروست بکەن، هەروەها گۆڤارەکەش بکەن بە گۆڤارێکی ئەلەکترۆنی زمانحاڵی کوردانی تاراوگە. لە کۆتاییدا دەمەوێ لە ڕێگای ئەم یادەوەرییەوە بڵێم: هەموو هەوڵێک هەر چەند بچووکیش بێ، کاریگەری و سوودی خۆی هەر دەبێ، ئەگەر هاتوو خاوەن پەیامێکی پیرۆزی مرۆڤدۆست بووبێ، بۆیە ئەگەر بە پێوەری ئێستا بەراوردی (بێوار) لەگەڵ ئەو هەموو گۆڤار و بڵاوکراوە پڕ تیراژ و بە ئیمکانەتانەی ئێستا بکەین، تێدەگەین مەزنی ئەم گۆڤارە لە پەیامەکەی بووە، نەک لە تیراژ و ستافە قەبە و ئیمکانیاتە ماددییە زۆرەکەی. سڵاو و ڕێزم بۆ ماندوبوونتان و هەموو ئەوانەی لەم یاد و بۆنەیەدا بەشدارن.

براتان

سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵڵا

2018 /12/ 30 هەولێر

بڕوانە ل 3

بۆچی بێوار ...؟!
نوسینی: هیوا سەرهەنگ
بەشی سێزدەمین ...



نامەی سێیەم: مەلا برایمی مەجیدپور

من و بێوار .. دۆستی گەرم و گوڕو خاوەن بەهرەی هەندەرانم گۆڤاری بێوار بوو. ئەو لەو دنیا ئالۆزەی کە ژیانی دوور وڵاتی هەمووانی بە جۆرێک بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، کورد کوتەنی باب ئاگای لە کوڕی نەمابوو، دەهاتە لام و هەموو بابەت و ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕامەوە، نەیدەهێشت لە دنیا بێ خەبەر بم، (بێوار) گۆڤارێکی مانگانەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی گشتی بوو. لە شاری ڕۆتردامی هوڵەند بە هەوڵ و هیممەتی بەڕێز هیوا سەرهەنگ و هاوکارانی بەزمانی پاراوی کوردی دەردەچوو و دەخرایە بەر دیدی خوێنەرانی، لەو گۆڤارەدا ئازادی ڕاوبۆچوون و،لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن بە تەواوی لەبەرچاو دەگیرا. بابەتەکانی هەمە چەشنەو گشتی بوون واتە سیاسی، کۆمەلایەتی، ئەدەبی، کلتورو ڕەخنەگری و پێشنیاری جۆراوجۆری لەناو خۆیدا جێکردبۆوە .هیچ چەشنە سانسۆرێک لە ئارادا نەبوو. لە ناساندنی جینایەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەتی باشوور نەخشی بەرچاوی هەبوو، سەبارەت بە ژن و کێشەو مافەکانیان زانستیانەو وردبینانە بابەتەکانی شیدەکردنەوەو نابەرانبەری ژن و پیاوی بە ناعەدالەتی کۆمەڵگاوە دەبەستەوە .. گەندەڵی لەناو کۆمەڵگاو دەسەڵاتدا بە مەترسییەکی گەورە دەزانی و چاکسازی ڕیشەیی بە پڕۆسەیەکی گەشەو پێشکەوتن و بەختەوەری و ئاوەدانی وڵات دەزانی، بەلایەوە گرنگ و پێویست بوو، یادی گەورە پیاوان و شاعیران و نووسەران، بابەتێک بوو کە (بێوار) لە خۆیدا جێی کردبوونەوە، ڕەخنەگری کارسازو زانستیانە، بەشێکیتر لە گۆڤارەکەی پڕ دەکردەوە، لەگەڵ و گازندەشدا، لە شکاندنی کەسایەتی ئەفراد بە غەیرە مەنتیقی بە نادروست دەزانی و خۆی لێدوور دەخستەوە، یەکیتر لەکارە جوانەکانی (بێوار) پێکهێنانی سمیناریکی دووراو دوور بوو،لەودا پرسیاری جۆراوجۆر ئاڕاستەی کەسایەتی و نووسەرانی جۆراو جۆر کرا بوو، وەڵامەکانیشی لە لاپەڕەکانی خۆیدا دەخستە بەر دیدی خوێنەرانی، ئەوانەو زۆریتریش ببوونە هۆی خۆشەویستی (بێوار) لەناو خوێنەرانیدا، بەجێهێنانی ئەو ئەرکە پیرۆزە و هەمەلایەنە لە تاراوگە و بەئیمکاناتێکی کەم و ماندووبوونێکی زۆری کار گێڕانی، ئەوە دێنێ کە سوپاسیان لێبکەم و دەستخۆشیش بە نووسەرەکانی بڵێم. بەو تێڕوانینەوە دەگەڵی بوومە دۆست و برای هاوکار.

مەلا برایمی مەجیدپور.
دیار شوانە وێلە ئالەگۆکە.
13/01/2019
چاوەڕوانی نامەی چوارەم بن.

یادەوەرییەکانی ئەنیس نین



خەریکی خوێندنەوەی یادەوەرییەکانی (ئەنیس نین)م، خانمێکی کۆسمۆپۆلیتیک. لە ساڵی ١٩٠٣ لە فەڕەنسا لە دایک بووە و بەوە ناسراوە، کە پەیوەندییەکی زۆری بە نووسەرانی سەردەمەکەی خۆیەوە هەبووە، لەوانە هێنری میللەر و ئەنتۆنین ئارتۆ. یاداشت و یادەوەرییەکانی کە لە حەوت بەرگدا بڵاو کراونەتەوە ناوبانگیان لە هەموو جیهاندا دەرکردوە و وەرگێڕاونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دونیا. لەم یاداشتانەدا بە وردی پەیوەندییە سۆزداری و سێکیسسەکانی خۆی باس کردووە. ئەو خانمە لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ هێنری میللەر دەڵێت: (زۆر دەترسم لەوەی کەسی سێیەمم لێ پەیدابێت، رقم لە ژمارە سێیە و دڵنیام گەر کەسێک لەنێوانمان پەیدا بێت هەموو خۆشەویستی و سۆز و جوانییەکان لەناو دەچن...) دەڵێی خانمێکی ئەمرۆ، یان کوڕە عاشقێکی ئەمڕۆ نووسیویەتی. بە هەرحاڵ ئەم یاداشتانە چەندان زانیاری گرینگی بە منداوە لەسەر ژیانی ئارتۆ، کە لە هیچ شوێنێکی تردا دەستم ناکەوێت.

نامەی تۆماس ترانسترۆمێر بۆ ڕۆبێرت بلای

١٧ ی نۆڤەمبەری ١٩٦٩

ڕۆبێرت – ی ئازیز

دیسان لێرە دانیشتووم و بە ئامێری تایپەکەم کەوتوومەتەوە تەقوهوڕ. ئێستا کە خۆپیشاندانە گەورەکە تەواو بووە، ئیدی ڕەنگە کاتت هەبێت نامە بخوێنیتەوە و وەڵامیش بدەیتەوە. لە ڕۆژنامەکاندا نووسراوە کە ئێوە لە واشنتۆن ٣٠٠ هەزار کەس بوون. چاکە! هەڵبەت من تەماشاکەرێکی هەر زۆر نیگەران بووم – دەترسام شتێک لە گرێژنە بچێ و ئەوە بەهانەیەک بداتە نیکسۆن* تا هەر هەموو Sturmbrigade ـەکەی بەکاربهێنێ. دەبێ شتێکی زەحمەت بێت کە ٣٠٠ هەزار سێوی ڕزیوت لە بوشکەکەدا هەبن (دەشێ وشەکەم بە هەڵە بەکارهێنابێ – ئاخر لێرە هیچ فەرهەنگێکی زوبانم لەبەردەستدا نییە).

لەم ڕۆژانەدا یۆران سوننیڤی تەلەفۆنی کرد و چەند دێرە شیعرێکی نوێ و – وەک دەردەکەوت – زۆر بەهێزی تۆی بۆ خوێندمەوە کە خەریکی تەرجەمە کردنییەتی، بەڵام گوتی لە " بڕگە بوزاییەکان" دا پێویستی بە یارمەتیدانی منە. شیعرەکەم بۆ بنێرە!

لە کۆتایی ئۆکتۆبەردا دوو هەفتە لە ئەوروپای خۆرهەڵات بووم – دوو هەفتە لە هەرە کاتە بە شۆڕ و شەوقەکانی ژیانم. من لەلایەن ئینستیتیۆی سوێدەوە هەنێردرابووم و ئەرکم ئەوە بوو کە پێوەندی لە پشت و لەمیانە و لە پاڵ کەناڵە بیرۆکراتە فەرمییەکاندا دروست بکەم. پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ئەودیو پەردەی ئاسنینەوە هەر ئێجگار فەرمییە، ئێمە پڕۆگرامێکی ئاڵۆگۆڕی کولتووریمان لەگەڵیاندا هەیە، بەڵام زۆرجاران لەبری خەڵکە ڕاستەقینەکە، خەڵکە سیاسییە بیرۆکراتەکە دەگەنە ئێرە. جا بۆیە بۆ ئەم ئیشەش دەستنیشانکرام، چونکە سەرم لە زوبانی ئەڵمانیی دەردەچێ، مارکسی نیم و موحافەزەکاریش نیم، هەروەها لەبەرئەوەش کە نە ئێجگار گەنجم و نە ئێجگار پیر، نە ئێجگار نەناسراوم و نە ئێجگار ناسراو، نە ئێجگار فەرمیم و نە ئێجگاریش سەربەگۆبەنگ و هتد ..... من لەگەڵ شاعیرێکی کۆچبەری هەنگارییدا ئیشم لە وەرگێڕان لە هەنگارییەوە کردووە، لەبەرئەوە نەختێک شارەزای هەنگاریا– م و بە تایبەتییش بۆدابست. لە دواییین دەقیقەدا هەنگارییەکان زانییان من بەڕێگەوەم و کردمییانە "میوانی فەرمیی یەکێتیی نووسەران"، دەرەنجامی ئەوەش لەلایەن ژنێکی پڕ وزەوە (وەک تەرجومان) پێشوازیی کرام و پێشوەخت بەرنامەیەکی فەرمییم بۆ دانرابوو. هەڵبەت ژنە تەرجومانەکە شتەکانی لە هەندێک لاوە ئاڵۆزکاند، بەڵام دوای نیوەڕۆ ماندوو بوو و کۆڵی دا، ئیدی ئەوسا توانیم بکەومە سۆراخی ئەدرێسە تایبەتەکانی خۆم. شتێکی خۆشە سیکۆلۆگ بیت– هەنگاریا ئاڵۆزە.

دلاوەر قەرەداخی

نزیکەی ٨ کۆمپۆسیتۆر، ١٣ شاعیر، ٣ سەرنووسەر، ٢ پەخشیار، بەڕێوەبەری خانەیەکی کوڕانی لاسار و ٢٠ کەسی ئاسایی و هتد ... یم بینین. یەکێک لەوانەی کە دەمویست داوەتی سوێدی بکەم یانوس پیلینسزکی شاعیر بوو، ئەوەی کە هاوینی ڕابردوو تۆ لە کۆنفرانسی شیعر لە لەندەن بینیوتە. پیلینسزکی لە ژووری باڵەخانەیەکی ناوەڕاستی بۆدابست – دا دەژی (هەروەک زوربەی خەڵکە هەژارە هەنگارییەکە توانای ئەوەی نییە خودان باڵەخانەی خۆی بێت)، ئەو کەسێکی لەبەردڵانە، چەند ئێوارەیەکی لە یادەوەرییدا بەنرخمان پێکەوە بەسەر برد (بەبێ تەرجومان). پێگەی فەرمیی وی لە هەنگاریا لاوازە و بێگومان لە توانایدا نییە مۆڵەتنامەی سەفەر بۆ سوێد وەربگرێت (وی کاتۆلیکێکی ئیمانداره و ژنەکەشی بۆ فەڕەنسا هەڵهاتووە). پیلینسزکی بە پەڕۆشەوە باسی تۆی دەکرد – سەری سووڕمابوو کە چۆن توانیویەتی پێوەندییەکی هێندە پتەو لەگەڵ ئەمریکاییەکی وەک تۆدا دروست بکا کە یەکەم جار بە جلکە سەیروسەمەرە و ڕەفتارە هەوسارپچڕاوەکانتەوە بینیوتی، زەندەقی لێت چووە. ئەو لەنێوان ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٥٦ یەک تاقە دێڕی بڵاونەکردۆتەوە. یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە هەر لەو ماوەیەدا ناچار بە بێدەنگیی کراوە ساندۆر ویرۆرس– ە و ئەویش کەسێکی تره کە دەمەوێ پێشنیار بکەم بۆ سوێد بانگهێشت بکرێت. من پێنج شیعری ئەوم بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆیی و BL.M وەرگێڕدراون. شتێکی هەست وروژێنە کاتێ بە دیداری ئەم جۆرە کەسانە دەگەیت کە توانیویانە سەروەری مرۆییانەی خۆیان بپارێزن سەرباری ئەوەی ساڵانێکی زۆرە وەک سەگی پاقلۆقیی مامەڵە دەکرێن.

بڕوانە ل 5

پاشماوەی ل 4 نامەی تۆماس ترانستڕۆمێر بۆ ڕۆبێرت بلای

بەڵام ئەوڕۆکە بارودۆخی هەنگاریا بەراورد بە چیکۆسلۆڤاکیا ئارامە. لە پراگ من چ میوانێکی فەرمیی نەبووم، بەڵام نامەیەکی ڕاسپێریم بۆ سەرۆکی بەشی کاروباری دەرەوەی یەکێتی نووسەران پێبوو. نامەکە ئەو خانمە چیکیییە نووسیبووی کە تۆ سالّی ڕابردوو لە ماڵەکەی من بە دیداری گەییشتیت. ئەو خانمە لە نامەکەیدا نووسیبووی کە من شاعیرێکی ناسیاسییم.

هەڵبەت ئەوە تەواو ڕاست نییە بەڵام ئەو گوزارشتە وەک ڕاسپێری لە پراگ بەکاردەهێنرێت! سەرۆکی بەشی کاروباری دەرەوەی یەکێتی نووسەران کەسێکی میهرەبان بەڵام تا بڵێی شپرێو بوو کە لەیەک کاتدا بە پێنج تەلەفۆن قسەی دەکرد و بالّی ڕاستیشی بە سەختی زامدار بوو. وی هەوڵی دەدا گەشبینییەکی فەرمییانە بەرامبەر ئایندە پیشان بدات، بەڵام چاوانی شتێکی تریان دەگوت. پاشان مەرەخەس کرام و لێم گەڕان کە کێم پێخۆش بێت ببینم – و دەی منیش هەروام کرد.

سەعاتگەلێکی زۆرم بە وتووێژەوە بەسەر برد، وتووێژم دەکرد و بە ڕەشبینییەکی چڕ و هاوبەش بەرەو ڕوو دەبوومەوە. ڕەشبینی نووسەران، کرێکاران، ئەندامانی حیزبەکان و بازرگانان .... هەمووان کاردانەوەیان بە هەمان شێوە بوو. ئەوانە خەڵکانێکی میهرەبان بوون و دەیانزانی کە نوێنەرایەتی لە سەدا نەوەدونۆی ڕای گشتیی دەکەن و تەواوێکیش دڵنیابوون لەوەی ئەو لە سەدا یەکەی کە ماوە، وەک سەردەمە کۆنەکان ئامادەی ئەنجامدانی تیرۆر و قڕکردنن. ڕەوشەکە ڕێک بە هەمان ئەو جارەی بەر لە سەفەرەکەم کاتێ کە (هوساک**) سنوورەکانی داخست، وابوو. خەڵکی نائومێدانە پەرۆشن جۆرێک پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی تری ئەورووپادا بهێڵنەوە بە جۆرێک کە کتوپڕ هەستم کرد چۆن هەیبەتە گاڵتەجارانەکەی ئینستیتیۆی سوێدی، ئاڵوگۆڕی کولتووریی و هەموو شتە هاوچەشنەکانی تر دەڕەوێتەوە. هیوادارم بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە ئایندەدا دەستنیشان بکرێم. سوێد لە ڕەوشێکدایە کە هەلومەرجی ئەوەمان دەداتێ شتێک بکەین. شتێکی زۆر کەم... بەڵام بەهەرحاڵ شتێک.

ماڵ و منداڵ باشن. (.....) دەزانی کارول مانگێک لەمەوبەر نامەیەکی جوانی بۆ مۆنیکا و من نووسیوە؟ زۆر بەوە شادمان بووین و بەردەوام پەرۆشی ئەوەین کە هەمدیس بە دیدارتان بگەینەوە.

سڵاوی گەرم!

تۆماس

لە کتێبی

AIR MAIL
Brev 1964– 1990

*مەبەست لە ڕیچارد نیکسۆن، سیوحەوتەمین سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. (و).

**هوساک: مەبەست لە گوستاڤ هوساک (١٩١٣– ١٩٩١) سیاسەتمەدار و ڕابەری سیاسی چیکۆسلۆڤاکیای پێشووە کە لە سالّی ١٩٦٩ – ١٩٨٧ سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیا و لە سالّی ١٩٧٥ – ١٩٨٩ سەرۆکی ئەو وڵاتە بووە. (و)

دۆگان ئاکھانلی مەدالیای گوێتە وەردەگرێت

Herzlichen **Glückwunsch**, lieber Doğan Akhalı

ئەنستیتووی گوێتەی ئەڵمانی مەدالیای گوێتە بۆ سالّی ٢٠١٩ دەبەخشێت بە نووسەری تورکی هاوواڵاتیی ئەڵمانیا دۆگان ئاکھانلی و دوو کەسی تر. مەدالیای گوێتە خەڵاتێکی واتادار و گەورەیە و لە سالّی ١٩٥٥وە دەبەخشرێت بەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئەڵمانیا خزمەت بە زمانی ئەڵمانی دەکەن و ئەو کەسانەی، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هانی پێکەوە کارکردنی کولتووری دەدەن. ئاکھانلی ڕۆژی ٢٧ی ئابی داهاتوو لە ئاهەنگێکی گەورەدا لە شاری ڤایمار خەڵاتەکەی وەردەگرێت.



هاوڕێی بەڕێز و ئازیزمان ئاکھانلی لە وتار و ڕۆمان و کتێبەکانیدا، بەرگری لە دۆزی کورد و ئەرمەن دەکات و لەو سۆنگەیەوە لای دەوڵەتی تورک کەسێکی بێزراوە. لەبەر ئەو هۆیە و لەسەر داوای تورکیا هاوینی ٢٠١٧ لە کاتێکدا بۆ گەشت لە ئیسپانیا بوو، لەلایەن پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە دەستگیر کرا، بەڵام دواتر بە گوشاری میدیا و ڕۆشنبیران و دیپلۆماتکارانی ئەڵمانیا و ئەورووپا ئازاد کرا.

ئاکھانلی سالّی ٢٠١٥ میوانی فێستیڤاڵی گەلاوێژ بوو لە سلێمانی و هەر لەو سەردانەدا سەری لە هەولێریش دا.

لە ڤیدیۆی ئەم لینکەی خوارەوە، ئاکھانلی باسی هەستی خۆی دەکات پاش ئەوەی ناوی وەک یەکێک لە براوەکانی مەدالیای گوێتە ڕاگەیەندرا.

یاکۆبسن هەمیشە گوتویەتی: بۆ ڕزگاری دەزگای چاپەمەنی پارتی کرێکاران لە ڕکێفی نازیەکان، بەناچاری بۆتە نازی..پاساوگەلێ لەکن خۆشمان هەمیشە دەیبیستین، لەوانە، بۆ بە جاشبوونی `کوردان`...



رۆڵف یاکبسن*، Rolf Jacobsen

دیوانی : زەمین و ئاسن ، چاپی نەرویژی (١٩٣٣)، زمان: نەرویژی، ل (٢٥)
رۆڵف یاکبسن: نوێگەرایی درەنگ دەگاتە نەرویژ بە بەراورد بە باقی وڵاتانی باکور و ئاوروپا. شیعری نەرویژی بەندار بوو (بێبەند= ئازاد)، لە شەپۆلی نۆگەرایی دابڕووبوو تا هاتنی یاکبسن، ١٩٠٧–١٩٩٤، منداڵی خێزانێکی دکتۆری دانە. فەلسەفە، زانستی زمان، لاهوت (تیۆلۆگی=ئاینگەرایی)، مێژوو لەگەڵ زمانی نەرویژی خوێندوە، بەڵام کۆی خوێندنی لە ئاکادیمینامەیەک پا کۆنەکردۆتەوە. رۆژنامەوان، سەرپەرشتی خانەی وەشان، سیاسی بووە، نوێنەری پارتی کرێکاران و ئەندامی ئەنجومەنیان و بەرپرسی چامەنی ئەو پارتە بووە. دەمێ نازیەکان نەرویژ داگیردەکەن، یاکۆبسن دەبێتە سەرپارشتیاری دەزگای پڕوپاگاندەی ئەوان. دوای جەنگ دادگایی دەکرێت و سێ ساڵ ونیو بەکاری قورسەوە زیندانی دەکرێت. سەردەمی نازیبوونی یاکۆبسن تا ماوەیەک شاردراوە بووە. یاکۆبسن هەمیشە گۆتوویەتی:``بۆ ڕزگاری دەزگای چاپەمەنی پارتی کرێکاران لە ڕکێفی نازیەکان، بەناچاری بۆتە نازی``. پاساوگەلێ لە کن خۆشمان هەمیشە دەیبیستین، لەوانە، بۆ بە جاشبوونی ``کوردان``. جیاوازیەکەی لە کن مە و لەکن نەرویژیان بوونی جێبەجێکردنی قانونە.

یاکۆبسن هەر گەرماوگەرم بۆ زیاد لە (٢٠) زمان وەرگێڕاوە. ڕێچکەشکێنی نوێگەرایی نەرویژە. ئاسەواری ئەو ئێستاش لەکن نەرویژیان و لەملاو لەولا دەبینرێت. دوای ئەم شیعرە، ئەم ستایلە، کە ماکێکی کەمێ لاهوتی پێوەیە، تا کۆتایی سەدەی رابووردوو، بە جۆرەها شیعری لەمجۆرە دەبینین، لە کولتور و وڵاتی جیاوازدا، بە ناو و سەردێڕی نوێوە، بە جوان و ناشرینەوە، لەوانە: یەکێک، کەسێک، ئەم مرۆڤە، ئینسانی گەورە، ..... رەنگە جوانترینیان، لەبەر نزیکی لە کولتوری و زمانی کوردی ئێمەوە، کە(٣٠) ساڵ زیاتر دوای یاکبسن نووسرابێ: ``کسی که مثل هیچکس نیست`` خانمی نوێگەرای فارسە، فروغ فروخزاد.

Goran Meriwani, 2019; June

نوێگەرانی شیعر: وڵاتانی باکور: نەرویژ
ئامادەکردنی: گۆران مەریوانی

کەسێ

بە قەڵەمی: رۆڵف یاکبسن، نەرویژ
وەرگێڕانی: گۆران مەریوانی

کەسێ لە ژیانماندا پەیدا دەبێ
کەسێ تێکەڵی ژیانمان دەبێ
بێ ئەوەی بانگهێشکرابێ دادەنیشێ
کەسێ
لاموبالاتانە، ڕاگوزەر تێدەپەڕێ
کەسێ گوڵباخێکت پێدەبەخشێ
ماشینێکی تازە دەکڕێ
کەسێ
لە تۆ نزیکە،
کەسێ تۆ هەر زوو لە بیرتکردوە
کەسێ، ئاخر کەسێ
خودی خۆتیت
کەسێ
هەرگیز نەتبینیوە
کەسێ سپاریس* دەخوات
کەسێ منداڵە
کەسێ دەچێتە سەربان
لە تەنیشت مێزێکەوە دادەنیشێ،
لە جۆلانەیکدا ڕادەکشێ
بە چەترێکی سوورەوە دەگەڕێ
کەسێلێت دەڕوانێ
کەسێ هەرگیز تێبینی تۆی نەکردوە
کەسێ ئەمشەو مردوە
کەسێ ئەوی تر، کەسێ تۆیە،
کەسێ نییە
کەسێک بێ.

* سپاریس: خواردنێکی سەوزەیە.

لە ئەکاونتی نووسەرەوە وەرگیراوە.

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

یاسای کۆچ هەموار کرایەوە

لە چەندڕۆژی ڕابردوودا پەرلەمانی ئەڵمانیا یاسای کۆچ و پەنابەرانی ئەڵمانیای هەموار کردەوەو بەپێی یاسا نوێیەکە پلانی ناردنەوەی خاوەن دۆسیە ڕەتکراوەکان خێراددەکرێت و بایەخ بەوانە دەدرێت، کە کاردەکەن و خۆیان فێری زمانی ئەڵمانی کردووە، هەروەها ڕێگاش ئاسان دەکات بۆ ئەوانەی پیشەیەک دەزانن و دەیانەوێت بێن لەناو ئەو وڵاتە کارێک بکەن، بەکورتی بەخت دەداتە ئەوانەی کە ئەگەر ڕەتیشکرابێتنەوە، مادام کاردەکەن و کێشەی پۆلیسیان نەبێت و خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگە ڕاهێنابێت، ئەوا ئەوانە دەمێننەوە و کارئاسانیان بۆدەکرێت.

کێ قابیلی پۆستەکەی مێرکلە..؟

ساڵی داهاتوو مێرکل دەبێت دەست لە پۆستی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا هەڵبگرێت و بڕیاریشیداوە چیدی خۆی هەڵنەبژێرێتەوە، لەسەر ئەمە پەیمانگای" کانتار ئامنید" بۆ ڕاپرسی و توێژینەوە، ئەو باسەی هەڵسەنگاندوە و لەناو پارتەکەدا ڕاپرسیەیەکی کردووە، کە ئایا کێ کاندید دەکەن بۆ ئەم پۆستە، بۆیان دەرکەوتووە کە لەنێوان هەرسێ سەرکردەی پارتی دیموکراتی کریستیان" فریدریش مێرتس و خاتو کرامب کارینباوە و ئەرمین لاشیت" فریدریش مێرتس گەورە ڕکابەری مێرکل لە هەموویان بەختی زیاترە بۆ ئەو پۆستە ٣١٪ هێناوە، بەڵام کارینا بووە بە ١٦٪.

ئەڵمانیا پێویستی بە خوێن هەیە

پێرێ ڕۆژی جیهانی خوێن بەخشین بوو، بەم بۆنەیەوە خاچی سوری ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، کە وڵاتەکە پێویستی زۆری بەو کەسانە هەیە، کە خوێن دەبەخشن، ئەو وڵاتە ساڵانە پێویستی بە ١٠٠ هەزار کەسی تر هەیە کە خوێن ببەخشن، چونکە ئێستا خوێن بەخشین زۆر کەمبونەتەوە و بەشێوەیەک کە لە دەستەی لاواندا زۆر کەم ئەوکارە دەکەن.

پەرستارێک ٨٥ نەخۆشی کوشتووە

نیلس هۆیگن ئەو کەسەیە کە ساڵانێک لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا وەک پەرستیار کاری کردوە و ڕۆژانی ڕابردوو لە بەردەم داداگا، دانی بەوەدانا کە ٨٥ نەخۆشی بەئەنقەست کوشتووە و تاقی کردنەوەی لەسەر کردوون، ئەویش بەدەرزییەک هەوڵی داوە دڵیان لەکاربخات، دواتریش هەر بەدەرزیەکی تر هەوڵیداوە دڵیان بخاتەوە ئیش، بۆیە تاقیکردنەوەی لەسەر سەدان کەس کردووە و ١٠٠ کەسیش لەژێر دەستیدا مردوون، داداگا سزای زیندانی تاهەتایەی بەسەردا سەپاند، ئەڵمانیا گوتی لە دوادوای شەڕی جیهانی دووەم، ئەمە گەورەترین تاوانی کوشتنە کە لەو وڵاتەدا کراوە.

پلانی تازە بۆ خێرالێخوڕینی ئوتۆمبێل

شارەوانی شاری "هاناو" خەریکی پلانێکی تازەیە بۆ خێرالێخوڕینی ئۆتۆمبێل، لەناو شارەکەدا، ئەویش بە دروستکردنی لەمپەر لەشیوەی" قۆرت" لەسەر شەقامەکان بەشێوەی زنجیرە و بەستراو بە ڕادار و کامێرای تایبەتی، هەر کاتێک شوفێر خێرا لێخوڕی ڕادارەکە ئاماژە دەداتە لەمەپەرەکە و دوای چەند مەترێک لەمپەرەکە دروست دەبێت، ئەو پلانە تازەیەش لە سوید و چیک پێشتر هەبووە و تازە هاتۆتە ئەڵمانیا.

سێ داعشی عێراقی دادگایی کران

ساڵی پار لە هەرەیەک لە شارەکانی "دۆرتمۆند و ئەمبرگ و زولتسباخ" سێ گەنجی عێراقی بە تۆمەتی پەیوەندی بوونیان بە داعشەوە دەستگیرکرابوون، ئەوانە لەناو داعشەوە ڕایانکردوە و ڕوویان کردۆتە ئەڵمانیا بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، پۆلیس لەناو کەمپ گرتوونی و داواکاری گشتیش چەندین بەڵگەی خستۆتەڕوو لە دڕندەیی و زەبروزەنگی ئەو سێ کەسە لە دژی خەڵکی بێتاوان، دانیشتنەکانی داداگا تا سەرەتای ئەیلول بەردەوام دەبێت.

سەرۆکی حکومەتی کاسل کوژرا

هەفتەی ڕابردوو " ڤالتەر لوبکە" سەرۆکی حکومەتی کاسل ی سەربە هەرێمی هێسن لەناو باخی ماڵەکەی خۆیدا بە گوللەیەک کە لەسەری درابوو کوژرا، ئەو بەرپرسە ماوەی ١٠ ساڵە ئەو پۆستەی هەیە و سەربە پارتی دیموکراتی کریاستیان "پارتەکەی مێرکل'ە و بەوە ناسراوەکە داکۆکی لە پەنابەران و جێگیرکردنیان لەو هەرێم و شارەکەی کردووە، ڕاستڕەوەکان زۆر لەدژی بوون، لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و تا ئێستا چەند کەسێک دەستگیرکراون، بەڵام جارێ پۆلیس کەسی تۆمەتبار نەکردووە.

بەدرخانییە کەمالیستەکان... نوسینی: دکتۆر جەبار قادر

بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان پاشا خزمەتی زۆریان بە ڕژێمی کەمالی کرد. ئەو بەدرخانیانەی لە تورکیا مانەوە ناچار بوون پاشناوی "چنار" یا "کوتای" هەڵبگرن. پاشناوی چنار مستەفا کەمال دابووی بە حوسێن واسیف بەدرخان وگوایە پێی وتووە کە تۆ وەک دار چنار باڵا بەرز و دامەزراوەی. ئەم حوسێن واسیفە دوو جار بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی تورکیا "پارلەمان" و دوو جاریش مستەفا کەمال کردی بە وەزیری فێرکردن و دواتریش بە باڵیۆزی تورکیا لە ڕۆما و مۆسکۆ. هەر لە مۆسکۆش کۆچی دوایی کرد. حوسێن واسیف چنار ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە دەرکردنی یەکێ لە گرنگترین قانوونەکانی پەروەردە وفێرکردن و جێبەجێ کردنی، کە قانوونی "تەوحیدی تەدریسات" بوو. بە پێی ئەم قانوونە هەموو دەزگاکانی خوێندن و فێرکردن لە تورکیا گرێدران بە وەزارەتی فێرکردنەوە و بە پێی یەک سیستەم ڕێکخرانەوە. هەر بە پێی ئەو قانوونە قوتابخانە ئاینییەکان هەڵوەشێنرانەوە. لە هەمان ڕۆژدا کە ئەم قانوونە دەرچوو خیلافەت هەڵوەشێنرایەوە. حوسێن واسیف بە داهێنەری فێرکردن و پەروەردەی سیکولار لە تورکیا دادەنرێ. ئەو هەر لە سەردەمی بزووتنەوەی کەمالییەوە تێکەڵاویان ببوو و ڕۆژنامەی "ئزمیرە دوغرو" "بەرەو ئەزمیر"ی لە گەڵ مستەفا نەجاتی هاوڕێیدا لە باڵیکەسیر دەردەکرد و گوتاری ئاگرینی لە دژی یۆنانییەکان تێیدا دەنووسی، کە ئەو دەمە ئەزمیریان گرتبوو. حوسێن واسیف ماوەیەک داواکاری گشتیش بوو لە دادگای سەربەخۆیی" استقلال محکمەسی" کە نەیارانی مستەفا کەمالی قەڵاچۆ دەکرد. ئەسعەد چناری براشی لایەنگرێکی دڵسۆزی کەمالیستەکان بوو و لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "دەنگی تورک – تورک سێسی" بوو، دواتریش بوو بە نوێنەری ئەزمیر لە پارلەمانی تورکیا.

حیکمەت چناریش کوڕی ئەمین عالی بەدرخان بوو، لە دوای تەواوکردنی خوێندن لە ئەڵمانیا گەڕایەوە بۆ تورکیا و پاشناوی چناری هەڵگرت و وەک بەڕێوەبەر کاری دەکرد و لە ساڵی ١٩٩٢کۆچی دوایی کرد. حەیدەر چنار کە کوڕی ڕامی بەدرخان بوو لە ساڵی ١٩٢٠ هەموو پەیوەندییەکی لە گەڵ بەدرخانیاندا بڕی بۆ ئەوەی "خۆی پاک بکاتەوە لە بیر و بۆچوونەکانیان".

موسا عەنتەر زۆر بەڕێزەوە باس لە مزیەت چنار خانم دەکات، کە کچی ئەمین عالی بەدرخان بوو و ماڵەکەی لە ئەستەمووڵ وەک بنکەیەکی کولتوری وا بوو بۆ گەنجان و قوتابیانی کورد کە بۆ خوێندن هاتبوون بۆ ئەو شارە. باسی موراد ڕەمزی چناریش دەکات کە کوڕی بچووکی بەدرخان پاشا بوو و لە دەزگاکانی پۆلیس و دادوەری کاری دەکرد و لە ساڵی ١٩٤١ دا کۆچی دوایی کرد. موسا عەنتەر لە زمانی ئەوەوە زانیاری ورد لە سەر دابەشبوونی بەدرخانییەکان بە سەر سێ گروپدا دەگێڕیتەوە.

بەشێکی تر لەو بەدرخانیانەی لە تورکیا مانەوە پاشناوی"کوتای" یان هەڵگرت. جەمال کوتای یەکی لە دیارترین کوتاییەکانە. جەمال کوتای ڕۆژنامەوان و مێژوونووسێکی دیاری تورکیا بوو و نزیکەی سەد ساڵ ژیا"١٩٠٩ – ٢٠٠٦" و ١٨٧ بەرهەم و کتێبی لە دوای خۆی بەجێهێشت. تەنها "مێژووی خەباتی سەربەخۆیی و ئازادی" لە بیست بەرگدا، هەڵبەتە مەبەست مێژووی بزووتنەوەی کەمالییە، کتێبی "ئەو مێژووەمان کە نەزانراوە" ش لە چوار بەرگدایە. کاتێ کۆچی دوایی کرد هەندێ لە ڕۆژنامەکان شۆک بوون کە زانیان جەمال کوتای بە ڕەچەڵەک کورد و لە بنەماڵەی بنەماڵەی بەدرخان پاشایە.

لەم جۆرە ڕووداو و سەربوردانەوە دەبێ ئەوە فێر بین کە مەرج نیە نەوەی "شۆڕشگێران، نیشتمانپەروەران، خەباتکاران" وەک باو باپیرانیان بن. ڕەنگبێ هەمان شتیش بۆ نەوەکانی خۆفرشان و پیاوانی داگیرکەر دروست بێت.

ئەم چەند دێڕە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ لە بارەی بەدرخانیانی کەمالیستەوە، بەم زووانە بڵاودەبێتەوە.

چـــــــــالاکی کورد لە تـــــــــاراوگە

گۆڤاری کوالێهتی وڵاتی فینلاند لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی وێنەکانی ڕەسوڵ خۆڕەم تیشک خرایە سەر بارودۆخی کوردستان

گۆڤاری کوالێهتی وڵاتی فینلاند لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی وێنەکانی ڕەسوڵ خۆڕەم تیشک خرایە سەر بارودۆخی کوردستان و ناساندنی زیاتری فەرهەنگ و جوگرافیای کوردەواری بە دانیشتوانی ئەوروپا.

کوالێهتی وەک گۆڤارێکی هەفتانەی وێنە و سیاسەتە لە نوێترین ژمارەیدا شەش لاپەڕەی تەرخان کردووە بە کوردستان و سیاسەتەکانی جیهان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرامبەر کورد.

ڕۆژنامەنووس ڕەسوڵ خۆڕەم خەڵکی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ناساندنی زیاتری دۆزی کورد و کوردستان بە فینلاندیەکان چالاکانە کاردەکات.

پەیامنێری گۆڤاری کوالێهتی، ئێلینا یەر وینێن بە هەڵبژاردنی مانشێتی: (وێنەکان و دایک و کوڕ) لە ڕێگای زمانی وێنە و گوتەکانی پێرە دایکێک، کە بە ئاواتی گەڕانەوەی کوڕەکەیتی لە هەندەران بە شێوەی تایبەت باسی رابردوو و ئەمرۆ و داهاتووی کوردستان دەکات، لە کوردستانی سەربەخۆ و ئازادیدا وەک گەورەترین ئاواتی دایکانی کورد ناوی دەبات. شایانی باسە ڕۆژنامەنووس ڕەسوڵ خۆڕەم خەڵکی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی هەشت ساڵی ژیانی لە وڵاتی فینلاند بە کردنەوەی دەیان پێشانگای فۆتۆگرافی و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی بە ناوەڕۆکی کوردستان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی فینلاندا هەوڵی داوە بۆ ناساندنی زیاتری دۆزی کورد و کوردستان بە فینلاندیەکان.

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

محەمەد فەتاح

ساڵی 1965 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 1985 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی 2009 کۆلێجی هونەری زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.

لەم وڵاتانە تابلۆکانی نمایشکراون، ئینگلتەرا، ئیتالیا، دەرەنسا، ئەمەریکا، یابان، ئەڵمانیا، نەرویج، فینلەندا، بەلژیک، سوید، هۆڵەندا، نەمسا، هندستان، ئێران، میسر، قەتەر و تایوان.

بەشداری زۆرێک لە پێشەنگا تایبەت و هاوبەشەکانی کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ دەوە تا ساڵی ٢٠١٨ لە ناوخۆی کوردستان و عێراق بەرهەمەکانی پیشاندراون:

بەغداد، بەصرە، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، کەلار، ڕانیە، دەربەندیخان، پێنجوین و شارەزوور، چەندین خەڵاتی هونەری و مەدالیای زێڕینی بەرهەمی سەرکەوتووی بەدەستهێناوە. سەرۆکی بەشی شێوەکاری بووە، لە چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵە و بەڕێوەبەرێتیدا، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، ئەندامی ئەنجومەنی گەلەری زاموا، بەڕێوەبەری گۆڤاری شاکار و مانگنامەی بەدرخان بووە. دیزاینیچەندین بەرگی کتێب، دیکۆر، لۆگۆ، ڕیکلامی فیلم و پۆستەری کردووە،چەندین و کاری دیکە و پۆستی باڵای وەرگرتووە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/hamafatah/photos_albums?sk=wall&lst=100001818168085%3A100001009833355%3A1560467275

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

20 Juni . 2019 No. [56]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

ئایا لە هیچ کونجێکی ئەم دنیا فراوانەدا، ئارامگایەک ماوە، کە ئاسایش و ئارامی و خۆشگوزەرانی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت، دوو ڕووداوی کوشتن و بریندارکردن بە چەک و چەقۆ....؟. ل 1

بۆچی بێوار...؟ بەشی سیازدەمین، ل 2 دوو نامەی: نەسرین عەباس و شێرکۆ شێخ نوری..

خۆخۆری هەندێک لە میرانی کورد لە ئاوارەییدا، دکتۆر جەبار قادر ل 3

گالیلۆ گالیلەی (1564–1642)لەبەردەم دادگادا: هەر دەجوڵێت...! ل 4، شیرکۆ ڕەشید قادر

کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان، ل 5 و ل 6

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دەوە. ل7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد:
ئاسۆ محەمەد ڕەسوڵ ل 8

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەتدا دەردەچێت

20 Juni 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 56
20 حوزەیرانی 2019

ئایا لە هیچ کونجێکی ئەم دنیا فراوانەدا، ئارامگایەک مساوە، کە ئاسایش و ئارامی و خۆشگوزەرانی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت....؟

لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا لە باکوڕی ئەمستردام، کەسێکی نەناسراو، بە فیشسەک کوژراوە

خوێنەرانی ئازیزی تاراوگە، وەک لەسەرەتای ئەم بڵاوکراوەیەوە، گفتی ئەوەمان پێدان، تاراوگە تایبەت بێت بە هەواڵ و دەنگوباس و چالاکییەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری و ڕووداوەگرنگەکانی کە لەدەوروپشتی خۆمان ڕووددەن، بەداخەوە سەدەرسەد نەمانتوانی ئەو بەڵێنە بەرینەسەر، لە ژمارەی پێشوو و ئەم ژمارەیەش، لاپەڕەیەی یەکەممان تەرخان کرد بۆ چەند هەواڵێکی ناخۆش کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە ڕۆتەردام وئەمستردام و هاردەرڤایک ڕوویانداوە. ڕەنگە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ بردنەسەری بەڵێنەکەمان، داواکاری هاوکارمان بن..

ئەمستردام: بە گوێرەی هەواڵەکان و ڕاپۆرتی پۆلیس، کاتژمێر نۆی ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی پێشوو، لە گەڕەکی de Papaverweg لە باکوڕی ئەمستردام، کەسێکی نەناسراو، بە فیشەک کوژراوە، هەرچەندە زۆر هەوڵدراوە لە مردن ڕزگار بکرێت، بەڵام لەبەر سەختی بریندەکەی گیانی لەدەست داوە.
هەروەها لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا، هیچ گومان لێکراوێکیش دەستگیر نەکراوە، بەڵام پۆلیس بەداوای ئۆتۆمبێلێکی جۆری BMW دا دەگەڕێت، کە ڕەنگەکەی زیوییە و ژمارەکەی بەلچیکییە، پۆلیس پێش ئێستا ڕایگەیاند، ئۆتۆمبێلێکی لەم جۆرەیان لە شاری زاندام دەستگیرکردووە و کەنالی تەلەفیزیۆنی AT5 ڕایگەیاند تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی لێکراوەتەوەتەوە، بە گوێرەی بەدواداچوونی پۆلیس و ڕاپۆتی AT5 و شایەتحاڵەکانیش، ئەوەی زانراوە دەڵێن تەقەکەرەکە پیاو بووە.

لە ئۆردوگای پەنابەرانی(هاردەرڤایک)، سێ کەس بە شەڕەچەقۆ یەکتریان بریندار کردووە، دوانیان بریندەکانیان مەترسیدارە..

دوو کەس لە ئۆردوگایەکی پەنابەران AZC بە شەڕەچەقۆ یەکتریان بریندار کردووە و ژیانیان لە مەترسیدایە، کەسێکی دیکەش بە سوکی بریندار بووە، دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ کراوە، لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر گیراوە.
شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممەی پێشوو، لە ناوەندێکی پەنابەران لە هۆڵەندا بەناوی هاردەرڤایک Harderwijk دووکەس لە ئەنجامی شەڕەچەقۆ بە خەستی یەکتریان بریندار کرد، بریندەکانیان مەترسدارە، ئەو دووکەسە پیاون و تەمەنیان لە نێوان 31 و 22 ساڵیدایە.
نیوەشەوی دوێنێ پۆلیس ڕاپۆرتێکی لە سەنتەری پەنابەران بەناوی خراف ئۆتۆلان لە de Graaf Ottolaan وەرگرت، کە لە ئەنجامی شەڕەچەقۆیەکەوە ڕوویداوە.
بە گوێرەی قسەکەری (COA) ناوەندی پێشوازیکەری پەنابەران، ڕووداوەکە لە ئەنجامی کێشەیەکەوە دروست بوو لەسەر ئەو گومانلێکراوەی کە تەمەنی 23 ساڵە و بەسوکی بریندار بووە، پاش ئەوەی لە خەستەخانە چارەسەری بۆکراوە، ئێستا لای پۆلیس بۆ لێکۆڵینەوە دەسبەسەرە، بەڵام هیچ زانیارییەک دەربارەی هۆکاری ئەم کێشە و شەڕەچەقۆیە لەبەردەستدا نییە، ڕووداوەکە ئێستا لە ژێر بەدواداچوونی پزیشکی و گەواهیدانی شایەتحاڵەکاندایە.

یەک لەو وشانەیە کە زۆر جار تێگەیشتنمان دەخاتە بەر پرسیار، وێڵ بە شوێن لێکدانەوەیەکی نەزەلی وەک خۆی نەمردووین، لە کۆتایدا هێشتا هەر پێناسەکەمان نەپەی بە نەمری بردووە و نەلەتێگەیشتنی هەندێکماندا نەمرە

نامەی پێنجەم: شێرکۆی شێخ نوری:

(بێوار) هاوەڵێکی چاکی رۆژانی تەنیایی و دابڕان و ئاوارەیی و نامۆیی بوو، لەناو دۆزەخی غوربەتی و حەسرەتی دوورە وڵاتی، (بێوار) وەک دۆستێکی دڵسۆز و خەمخۆر دەبووە میوان و هاوبەشی ناسۆری و خەمەکانی دەکردی، بۆ ئەوان رۆژان بە هەق دەڵێم هاوڕێی تەنیایی و پردی بەستنەوەی روحەکان بوو، ئەوان رۆژان و ئەوسەردەمە ببووینە بولبولی شەیدا و دوور بووین لە هێلانەو گوڵ و زێد و نیشتمان. هەموشمان، جگە لە دابڕان زۆرشتمان لە دەست دابوو، ببووینە بابردەڵەی بەر گێژەڵووکە، تووشی رۆژی رەش هاتبووین، تووشی ژیانێکی پڕلە رەنج و دەرد و داخ هاتبووین و نەکەس دەیپرسی نەکەسیش دەیگووت چۆنی .. لە یادان چووبووینەوە و هەموومان ببووینە چیرۆکی کۆن و کەسێکت شک نەدەبرد بزە لەسەر لێوی بێت تابتوانێ کەمێک خەم و خەفەت و ناسۆری بۆ بەیان بکەیت و ببێتە هاوخەمت، مام هێمن ئاسا تەنهاو تەنها خۆشەویستی،گۆشەی تەنیاییمان هەر ئەژنۆکەمان بوو، بۆیە رۆژ و شەو گرتبوومانە نێو باوەشمان .. بەڵێ لەوان سەردەم و رۆژە پڕ لە نەهامەتی و دەرد و ژانەدا خواکردی لە هەناوی زادەی هزرو بیری خێزانی (سەرهەنگ)ەکاندا رۆڵەیەکی چاوگەش و کۆرپەیەکی ژیکەڵە لە دایک بوو، نێودێرکرا بە (بێوار) .. بێوار کەوتە گروگاڵ، گەورە بوو، کەوتە سەرپێی خۆی، مااڵم هەقە چاک خزمەت دەکرا، بەباشی چاودێری و پەروەردە دەکرا.. (بێوار) رۆڵەی تاقانەو خەمرەوێنی هەمووان بوو، هەر بۆیە هەمووان بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە خزمەتیان دەکردو پەروەردەیان دەکرد، (بێوار) بوو، بەو (بێوارە)ی کە توانی نەک هەردەرگا بەدەرگای کوردانی هۆڵەندا بەسەربکاتەوە بەڵکو بوو بە باڵندەیەکی تیژ باڵ و سنووری وڵاتان و دەریا و زەریاکانیش ببڕێ، ئەوەی مەبەستی بوو بێوار ببێتە هاوڕێ و هاوەڵ و دۆستی بێتەک و دوو، (بێوار) بەسەری دەکردەوەو دەبووە میوانی .. (بێوار)، بوو بەپردی بەیەک گەیشتن بۆ هەموان ئەوەی جیگەی باسکردن بێت ئەو سەردەمە لە ئەوروپاش دنیای تەکنەلۆژیا هێندە پێشکەوتوو نەبوو بەدەر لە کەنالە ئاسمانییەکان و خەتی تەلەفۆنات و فاکس، زیاتر شتی تر نەبوو تا ئەو کاتەش کتیب و رۆژنامەو گۆڤارەکان تام و چێژو سەنگی خۆی هەبوو، هەر بۆیە زۆر بەزووپی لە سەرتاسەری جیهانەوە هۆگرو خوێنەری خۆی هەبوو، تەنانەت دەگەیشتە وڵاتی پاکستانیش ئێ کورد حەیاتە خیر لەخۆ نەدیوە وا پەراگەندە بووبووین وەک کەوی برابرامان لێهاتبوو، بەبێ ویست و ئارەزووی خۆمان کەوتبووینە نێوقۆچەقانی رۆژگاری بێ بەزەیی، وای تورپابووین، هەریەکەمان بۆ وڵات و مەملەکەت و گۆشەیەکی ئەم جیهانە فرێدرابووین،ئەوان سەردەمان کە (بێوار) پێ و باڵی گرت دەمانزانی چۆن پەرتەوازەی وڵاتان بووین، هەربۆیە لە یەکەم ساتی لە دایکبوونی(بێوار)، بیوارم وەک رۆڵەیەکی راستە قینەی خۆم خۆش ویستووەو تا توانیومە لە هەموو رووپەکەوە خزمەتم کردووە و بۆی بووم بە پەیامنیر، بە هەواڵنێر، جارجارەش شتیک یان بابەتێکم بۆی نووسیوەو مادیەن و مەعنەویەن هاوکارو پشت و پەنای بووم، هەرچەندە جار جار خێزانی بیوار غەدریشیان لێدەکردم، بەاڵم پێم وابێ کاکە (هیوا و دادە پەیمان)، من بەپێ دەزانی دەیانزانی دڵم گرێ ناگرێ، بە هەرحاڵ، راستییەک هەیە دەبێ بیڵێم من وەک خۆم نەک هەرجارێ سەدان جار سوپاس و دەستخۆشی و پیزانینی خۆم ئاراستەی برام کاکە هیواو دادە پەیمان و سەرجەم خێزانەکەیان دەکەم،بە وێژدانەوە دەڵێم کارێکی شایستەو بەجێ و جێگەی ریزو تەقدیرکردنن، بەراستی دڵسۆزیان نواند، خزمەتێکی باشیان کردە دیاری دەستیان یادو یادەوەری ئەو رۆژانە گەر شکۆداربێ و دەست و هزرو خامەی (سەرهەنگ)ەکان پارو بەبڕشت بێت هەمیشە، بە راستی ماندووبوون، بەپەرۆشبوون. سوپاسو دەستخۆشی خۆم ئاراستەی، کاکە هیواو خێزانەکەی و ئەوانەی داریکیان خستۆتە سەر بەردێک، بۆ مانگنامەی (بـــێـــوار)ی خەم ڕەوێن و هاوەڵی تەنیایی و ئاوارەیی ئەوان رۆژو سەردەمە. ریزو حورمەتم بۆ یەک بەیەکی ئەو بەریزانەی ئێستا، لەو کۆرەدا بەشداربوون.

بۆچی بێوار ...؟!
نوسینی: هیوا سەرهەنگ
پەشی سێزدەمین ...

نامەی چوارەم: تەسرین عەباس ئیبراهیم – نامەی پێنجەم: شێرکۆی شێخ نوری

ئەمڕۆ و لە گۆشەی پشوودا لە (بێوار)، ڕاستەوخۆ لە گەڵتانم. هەندێک جار بە شوێن لێکدانەوەی مانای وشەیەکدا وێڵ دەبین، کە (نە) نامۆیە بە ڕۆحمان و (نە) بەدەرە لە توانای لێکدانەوەمان، کەچی هێشتا هەر ناتوانین ڕاو ڕێی تێبگەین و دڵنیا بین لە پێناسەکردنی تەواوی. چون، دەترسێن غەدر لە وێژدانمان بکەین. وشەی نەمری، یەک لەو وشانەیە کە زۆر جار تێگەیشتنمان دەخاتە بەر پرسیار، وێڵ دەبین بە شوێن لێکدانەوەیەکی ئەزەلی و وەک خۆی نەمر و لە کۆتاییشدا هێشتا هەر پێناسەکەمان نەپەی بە نەمری بردووە و نە لە تێگەیشتنی هەندیکیشماندا بە نەمری دەمێنێتەوە تا مردن. ئەگەر نەمری لە هونەردا بە هەموو چمکەکانییەوە،خۆی ئاوێتە کردبیت، گەر لە ماڵی ئەدەب و نووسیندا خۆی حەشار دابیت گەر لە دیڕی چاپکراوی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بە تێپەڕینی چاخ و سەردەم خۆی نووسیبێتەوە، گەر مۆسیقا مانای نەمری لە ئاوازێکدا بە گوێماندا بچرپێنێت و سەدای دەنگدانەوەی جەمسەرەکانی زەوی بە یەکتر بگەیەنێت، هەموو ئەم لێکدانەوانەی نەمری گەر خۆشەویستی نەبێتە یارو، یاوەریان نەبێت، هەرگیز بە نەمری نامێنێتەوە، هەر بۆیە ئەو ساتانەی کە (بێوار) لە تاراوگەدا و لە ڕیگەی پۆستەوە خۆی لێدەکردین بە ژووردا، هەر یەک لە خوێنەری نووسەرو لە نووسەری خوێنەر و هەوادارانی خوێندنەوەی بە خۆشەویستییەوە لە چاوەڕوانی تەقەی دەرگای پۆستەکەدا بووین، چونکە(بێوار) بە دەر لە 127 ژمارەی بەرهەم هێناراو و ڕەنگاڵەییەوە، جگە لە توانایەکی نەمر بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم توانا زیهنییەکان، نووسەران، خاوەن تواناو بەهەرەمەندی لە هەر شوێنێکی دنیادا گەر کوردێک هەبوو بێت لە هەمان کاتدا ئاوڕدانەوەیەک بوو لەو بەشەی کوردستانیانی سەرهەڵگرتوو، کە هەندێکیان لەو سااڵنەدا خاوەن ڕەگەزنامە و زۆرینەیەکیش لە چاوەڕوانی دڵنیاییدا سااڵنیان بەڕێ کرد. لە کاتێکدا کە (بێوار) عاشقێکێ بوو بێ پرس لەناوو ناونیشان و ستاتۆ گوێی لە هەناسەکان دەگرت, ئامێزی بەشداری واڵو بەرهەمی قەڵەمەکانی دەچنیەوە و دڵی بێ قەراری پڕ لە دڵەڕاوکێی ئارام رادەگرت، بە بانگهێشتنامەوە و پرسی بەشداری پێکردنی سەرجەم نووسەر و شاعیر و ڕەوشەنبیر و کەسانی ئەکادیمی لە بواری دەروونناسی و پۆلەتیک و جڤاک ناسیدا. بە دوور لە حەزی جوێکاری جۆریک لە خولقی ئەنتگراسیۆنی کردبووە پەیام و کاری خۆی، هەر وەک پردێک لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و کوردستان و ئەوروپادا، هەواڵەکان لە سەرجەم بواڕەکانی توانا و ڕووداوەکاندا ڕاگە دەکران و دەیخستنە پێش دیدی خوینەر، لە بەرامبەر تەنها بەشداریەیەکی سااڵنەی (وەک دەڵێن) چەند درهەمیدا، ئەوانەشی کە هێشتا ئەودەم لە پڕۆسەی چاوەڕوانیدا بوون بێ بەرامبەر باربۆی دەکردن، بێوار، هەندیک جاریش بە یاوەری چەپکێ گوڵی بێدەنگ وەک بەڕیز (پەیمان خان و کاک هیوا) خۆیان ئەمما بۆن خۆش.. (بێوار) دەبووە خاوەن ماڵ. ئیتر ئەبێت لەمە زیاتر چی بێت خۆشەویستی بۆ وشەی کوردی، کە سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچوون و مەیلی حزبایەتی، (بێوار) بێ ئاوڕدانەوە و خۆتێکەڵکردنی ڕەنگەکان هەر وەک ژمارەکانی بە ڕەش و سپی خۆی هێشتبۆوە و هەتا ئەمڕۆ و ئەم ساتەش وا بە نەمری لە نیوانماندا ماوەتەوە و لە بیرەوەریماندا هەرگیز نەمر. بەاڵم هێشتا هەر لە پێناسەکەم رازی نێم و دەخوازم (بێوار) بەردەوام بێت. پێشنیاری من لەمڕۆدا بەگەڕ خستنەوەی (بێوار)ە بۆ خاوەن قەڵەمی بە تواناو داهێنەر، گەرچی ئەمڕۆ لە فەزای میدیاکاندا ڕۆژانە بە دەیان و سەدان نووسین و گۆڤاری دیجیتاڵی هەمە جۆر دەبینین، بەاڵم هیچیان نابنە تێشووی ئەرشیفێکی زیندوو نەمر بەڵکو لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دەسڕدرێنەوە و فەنا دەبن، ئەگەرچی لە ئەرشیفی هەر یەکەماندا زیندوو ڕاگیراو، بەاڵم ئەو ئەرشیفە چاوی مێژوو تێر ناکات و نابێتە جێگەی بڕوا و سەرچاوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەر بۆیە داخوازیم لە دەستەی بەڕێوەبردن، ئەوەندەیە کە با (بێوار) بە نەمری خۆیەوە بەردەوام بێت تا وێژدانی پێناسەکەمان بۆ نەمری ڕازی بکات. هەر بمێنن ..

خۆخۆری هەندێک لە میرانی کورد لە ناوارەییدا

دکتۆر جەبار قادر



لەگەڵ ڕاگەیاندنی تەنزیماتدا لە دەوڵەتی عوسمانی، پرۆسەی داگیرکردنەوەی کوردستان و لەنێوبردنی میرنشینە کوردییەکان دەستی پێ کرد و لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدەدا هەموویان لە بەین بران. لەو ڕۆژە بەدواوە دەروازەی باڵا "بابی عالی" ڕاستەوخۆ هەموو ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی بەڕیوە دەبرد. یەکێ لە بڕیارەکانی دەوڵەت لە دوا ڕۆژەکانی پەلاماری سەربازی کوردستاندا دامەزراندنی ویلایەتێک بوو، بە ناوی "ویلایەتی کوردستان"، کە بە پێی بەڵگەنامە عوسمانییەکان لە ٥ دیسەمبەری ١٨٤٧دا دامەزرێنرا. ویلایەتی هەکاری، سەنجەقەکانی وان، مووش، هەکاری، جەزیرە و بۆتان و قەزاکانی ماردین لە چوارچیوەی ئەو ویلایەتەدا یەکخران. دامەزراندنی ویلایەتەکە ئەوەندەی یادگارییەک بوو، بۆ سەرکوتکردنی میرە کوردەکان، کە دەمێکی درێژ بوو دەوڵەتیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردبوو و بۆ وەبیر هێنانەوەی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم(١٨٣٩ – ١٨٦١) وەک "فاتیحی ڕاستەقینەی کوردستان"، ئەوەندە پێناسەیەک نەبوو، بۆ دەقەرێکی جوگرافی تایبەتمەند بە ناوی کوردستان. لە نێوبردنی میرنشینە دەرەبەگ، خێڵەکی و خۆجێیە تێکبەربووەکانی کورد، ئەو کارەساتە نیشتمانی و نەتەوەییە نییە، کە زۆر لە مێژوونووسانی کورد دەیانەوێت وێنای بکەن. هەر دەوڵەت لە هەوڵی مانەوە و خۆ سازکردن بووبایە، ئەو هەموو یەکە فیۆدالی و عەشیرەتییەی ڕادەماڵی و لە نێو دەبردن. ئەم باسە با بۆ جارێکی تر بێت. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم خۆخۆڕی هەندێ لە میرانی کوردە، دوای ئەوەی دەسەڵاتەکانیان لە دەست دەدەن و میرنشینەکانیان لە بەین دەبرێن و لەسەر دەستی دەوڵەتی عوسمانی ئاوارە و سەرگەردان دەکرێن. سەردارانی کورد لە دوای لە نێوبردنی میرنشینەکانیان، لە کوردستان دوورخرانەوە و هەر یەکەیان بەلایەکدا ئاوارە کرا. لە دەسپێکدا هەموو بران بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێووە، بە ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتی بەرینی عوسمانیدا بڵاوەیان پێ کرا. بەدرخان بەگی بۆتان و نوروڵلا بەگی هەکاری لە ئەستەمبوڵەوە بۆ دوورگەی کریت دوور خرانەوە. بەدرخان بەگ پاش ئەوەی دە ساڵی ڕەبەقی لەو دوورگەیە بەسەر برد، دەوڵەت لێی خۆش بوو، پلەی میری میران و نازناوی پاشای پێ بەخشی و بردیووە بۆ ئەستەمۆڵ. هەرچی نوروڵلا بەگ بوو، ئەو مامەڵەیەی لە گەڵدا نەکرا. بە پێی بەڵگەنامە عوسمانییەکان نوروڵلا بەگ بەو ڕێزلێنانە لە بەدرخان پاشا و پشتگوێ خستنی ئەو زۆر دڵگران و نیگەران بوو، لە لای ڕەفعەت بەگ والی عوسمانی لە دوورگەی کریت چەند جارێک دەردی دڵی خۆی هەڵڕشت. والی گلەیی دەردەڵی نوروڵلا بەگی کرد بە ڕاپۆرت و لە ٢٠ دیسەمبەری ١٨٥٧دا ڕەوانەی دەرباری سوڵتانی کرد. پێدەچێت نوروڵلا بەگ کاتێک هیچ وەڵامێک وەرناگرێتەوە، زوو زوو بە بیری والی دەهێنایەوە و ئەویش لە دوای دوو مانگ نامەیەکی تر ڕەوانەی دەروازەی باڵا دەکات. دوای چەند مانگێک لە چاوەڕوانی ئیتر نوروڵلا بەگ بێ هیوا دەبێت و بڕیار دەدات ڕاستەوخۆ نامە بنێرێت بۆ سوڵتان و لێی بپارێتەوە، ئەویش وەک بەدرخان ببەخشێت. نامەکەی لە ئەرشیفی عوسمانی پارێزراوە و ڕێکەوتی ١١ نۆڤەمبەری ١٨٥٨ بەسەرەوەیە. ئەم نامەیە لەو بارەیەوە سەنجڕاکێشە، کە تا ڕادەیەک تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان میران و سەردارانی کوردی ئەو سەردەمە، کە لە ڕاستیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆدا نییە.

نوروڵلا بەگ دەنووسێت، کە ئەو هیچ کاتێک لە دژی دەوڵەت نەبووە و بەردەوام خۆی و باوباپیرانی خزمەتی دەروازەی باڵایان کردووە و بە ناڕەوایی دوورخراوەتەوە، هەروەها زۆر دڵگرانە بە خەڵاتکردنی بەدرخان بەگی"چەتە".نوروڵلا بەگ لە نامەیەکەیدا دەڵێت "بۆ خاتری ڕەسووڵەڵلا ئەم داوایەم لە بەرچاو بگرن" و ئاماژە بەوە دەکات کە خۆی و باوباپیرانی لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە بەندە و کۆیلەی دەوڵەت بوون. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەو بۆ خۆی لە گەڵ سوپای عوسمانیدا لە دژی بەدرخان جەنگاوە. ئەم داننانەی نوروڵلا بەگ، ئەوە دەردەخات کە میرانی کورد چەند لە گەڵ یەکدا بێ متمانە بوون، ئاخر ئەوان گوایە هاوپەیمان و هاوسەنگەر بوون، لە دژی سوپای عوسمانی کە هەموویانی لە سەر شانۆی کوردستان ڕامالّی. نوروڵلا بەگ قسە دەباتەوە سەر بەدرخان بەگ و بەبیری دەروازەی باڵای دەهێنێتەوە، کە ئەو ماوەیەک لەوەوبەر بەخشراوە و پلەی میری میرانی پێ دراوە، موچەکەشی کراوە بە ١٤٠٠٠ قرووش و مۆڵەتی ئەوەشی پێ دراوە بە ئارەزووی خۆی لە شوێنێک نیشتەجێ بێت. نوروڵلا بەگ ئەوەشی لە بیر ناچێت، هەندێ خۆی هەڵبکێشێ و بەدرخان پاشا بشکێنێتەوە، کاتێ ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو لە کوردستان لە بەدرخان بەگ زۆر بەناوبانگتر و بەڕێزتر، لە ڕووی دارایی و سەربازیشەوە زۆر لە سەرووی ئەوەوەیە، هەروەها ئەم و باوپیرانی هیچ کاتێک"ئەهلی خیانەت" نەبوون. لە پاش ئەم نامەیە هەندێک لە داخوازییەکانی جێبەجێ دەکرێن و بەر لە مردنی لە ساڵی ١٨٦١بە دوو ساڵ پلەی "سەرگەورەی دەرگاوانی دەروازەی باڵای" پێ دەبەخشرێت و موچەی خۆی و کەس کارەکەی زیاد دەکرێت، هەرچەندە نوروڵلا بەگ لە ئاوارییەشدا داهاتی دەیان گوندی هەکاری و وانی بۆ کۆدەکرایەوە و بە پێی بەڵگەکان تەنها لە ناوچەی باشقەڵا ٢٥ گوندی هەبوو (*). چەندین نموونەی لەم جۆرە میر و سەردارانە لە کتێبە گرنگ و پڕ زانیارییەکەی نووسەری بەتوانای کورد کاک سینان هاکان"کورد و بەرخودانەکانی ١٨١٧ – ١٨٦٧ لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا" دەبینرێن، کە کاک بەکر شوانی* بە کوردییە پاراو و ئاست بەرزەکەی کردوویەتی بە کوردی و لە ساڵی ٢٠١٢ لە ئەکادیمیای کوردی بڵاومان کردەوە. بەندەش پێیدا چوومەوە و پێشەکییەکی ٢٣ لاپەڕییم بۆ نووسی. پێموا بوو ئەم کتێبە لە ناوەندە "زانستی!!" و "ڕۆشنبیری!!"یەکانی کوردستان دەنگدەداتەوە و دەیان گوتاری لە بارەوە دەنووسرێت. بەداخەوە من بۆخۆم هیچم نەبینی، نازانم هیچی لەبارەوە نووسرا، یان وەک هەموو نووسینەکانی تر هیچ پرسیارێکی لەلای خوێنەران دروست نەکرد.

* ئەو وێنەیە لە ئەکاونتی کاک بەکر شوانی وەرگیراوە.

گالیلۆ گالیلەی (1564–1642)لەبەردەم دادگادا: هەر دەجوڵێت...!

شێرکۆ ڕەشید قادر

"خودای گەورە دوو کتێبی نوسیووە، یەکێکیان کتێبی پیرۆز، ئەوی تریان هی سروشت، ئەم دو کتێبە نابێت دژی یەکتربن." گالیلۆ.

لە 22 ی حوزەیرانی 1633 لە ڕۆما، ئیختیارێکی ڕیش سپی، سەرتاپا پۆشاکی سپی پۆشیبوو، شەرمەزار و پەشیمان لە کردەوەکانی، لە بەردەم حەوت پیاوی کڵێسەدا چۆکی دادابوو، داوای بەزەیی دەکرد و پاکانەی دەنووسی. ئەم پیاوە ڕدێن سپییە، لە ئیمانداری و خواپەرستیدا لەوان زۆر زیاتر مەسیحی بوو، بەڵام تەنها بە دڵی ئەوان کتێبەکەی نەنووسی، بۆیە لێرەدا دەیانەوێت ڕیسوای ئەم دنیا و ئەو دنیای بکەن. ئەم پیرەمێردە، گالیلۆ گالیلەی بوو، لە بەردەمیاندا گوتی: "من، گالیلۆ گالیلەی، کوڕی ڤینچینسۆی فلۆرەنسی، تەمەنم هەفتا ساڵە، خۆم هاتووم بۆ دادگا، لەبەردەمی ئێوەدا چۆکم داداوە، ئێوەی کاردینالی لۆرد و قەشەی گەورە، ئێوەیەک کە موحەقیقی گشتی دونیای مەسیحی هەمووانن لە دژ کافرانی فاسق. لە بەردەم چاوانمدا کتێبی پیرۆز دانراوە و دەستی پیادەدەم، سوێند دەخۆم کە هەمیشە باوەڕم وابووە، لە ئایندەشدا، بە یارمەتی خودای گەورە، باوەڕم هەروا دەبێت، ئیمانم هەیە بە هەرچی بەندێک کە کاتۆلیکی پیرۆز و کڵێسەی ڕۆما تەبەننای دەکات، فێری خەڵکی دەکات و بانگی بۆ دەدات." لەم بەرواردا، دو دونیا بە یەکدا هاتن، دونیایەک کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو کایەکانی کۆمەڵدا هەبوو، دنیایەکی تریش، کە تازە بە تازە وەک فۆرمێکی مۆدێرنە خەریکی گاگۆڵکە بوو، دونیای یەکەم ئیمانی بە پیرۆزی ئەبەدی و ڕەهای خۆی و هەقیقەتەکانی هەبوو، دونیای نوێش ئیمانی بە نەمری هەقیقەتی ماتماتیکی و تاقیکردنەوەی زانستییانە بوو. دونیای یەکەم مزگێنی بە مرۆ دەبەخشی لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی دەرسەکانی پیاوانی کڵێسە، دونیای دووەم بانگەوازی کۆنترۆڵی سروشتی بۆ خزمەتی ئینسان دەکرد لەسەر عەرد. دونیای یەکەم کتێبە پیرۆزەکانی لەو دیو دەروازەکانی کڵێسەوە توند گرتبوو، بە جۆرێک خەڵکی عەوام بۆی نەبوو ڕاستەوخۆ بیخوێننەوە، دونیای دووەم بانگەوازی بیرکردنەوەی ئازادی دەکرد و دەیگوت مرۆ مافی خۆیەتی ئەم کتێبانە بە چاوانی خۆی ببینێت و بە ئەقڵی خۆی هەڵیان بسەنگێنێت. دونیای یەکەم دونیای دووەمی پێ قبوڵ نەبوو، سەرتاپا ڕەتی کردەوە. کاتێک ئەم دوو دنیایە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، پاڵەوانی دونیای یەکەم پیاوانی بەدەسەڵاتی کڵێسە و پاڵەوانی دونیای دووەم، هەرچەندە بە سیما و ڕواڵەت و بەکردەوە گالیلۆ بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بریتی بوو لە گۆڕینی پێگەی دونیا خۆی، بە واتایەکی تر دونیا، یاخود بڵێین عەرد چیتر لە حاڵەتی وەستاندا نییە، چیتر عەرشی گەردوون نییە و مرۆڤیش چیتر ئەو زیرۆحە پیرۆزە ئەبەدییە نییە، کە سەدان ساڵە پێمان دەڵێن، بەڵکو وەک هەر کائینێکی تر لەم گەردوونەدا بوونی هەیە و لە هیچیان زیاتر نییە و هیچ سیمایەکی پیرۆزی نییە.

بەمجۆرە پەیامی دونیای دووەم پەیامی نوێی گالیلۆ بوو، کە خۆی لە ڕوخساری سیستەمی نوێی کۆپەرنیکۆسی، مۆدێلی چەقە–خۆریدا نمایش کردبوو. ئاکامی ئەم ململانێیە تراژیدیایەکی گەورە بوو، دونیای یەکەم لە سایەی هەڕەشە و گوڕەشەی ئەشکەنجەدا چۆکی بە دونیای دووەم دادا، گالیلۆ بەڕووکەش دۆڕاندی، سازشیکرد، پاکانەی نووسی و گوتی من هەڵەبووم، زۆر هەڵە بووم، هەرگیز زەوی بە دەوری خۆردا ناسوڕێتەوە، مۆدێلی کۆپەرنیکۆس جگە لە فەرزیەیەکی ماتماتیکی هیچ هەقیقێتێک لەخۆناگرێت، من چیتر دەرسەکانی سیستەمی چەقە–خۆری ناڵێمەوە و بانگەشەی لە نێو خەڵکدا ناکەم، زەوی جێگیرە، کۆسمۆلۆژیای ئەرستۆیی و ئەسترۆنۆمی پەتلیمۆسی ڕاستییەکی ڕەهایە. گالیلۆ حوکمی دەست بەسەری هەتا هەتایی درا. کە هەستایە سەرپێ بۆ ئەوەی ڕەوانەی دەست بەسەری یەکجارەکی بکەن، لە پەنجەرەکەوە پشیلەیەکی بینی دەجوڵایەوە، گالیلۆ لە ژێر لێوەوە ورتەیەکی کرد و وەک دەڵێن گوتی،" هەر دەجوڵێت." بەڵێ گالیلۆ هەرگیز بە دڵ و بە ڕۆح سازشی نەکرد، لای وی عەرد هەر دەجوڵێت و پەشیمانی لە دوا نییە. گالیلۆ سێ ساڵ دەست بەسەر بوو، دوایی ناردیانەوە بۆ ماڵی خۆی، بەڵام هەرگیز بۆی نەبوو بچێتە دەرەوە، یان خەڵکی هاموشۆی بکەن، دوایی چاوانی لەدەستدا و بووە بنیادەمێکی نابینا و بە هۆی لاوازی و تەندروستی خراپەوە لە 1642 دا، لە ژووریکی تەنها و بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە هەموو دۆستان و نەیارانی کرد. پاپا ئوربانی هەشتەم مۆڵەتی نەدا بە فەرمی بنێژرێت و گۆڕی بۆ هەڵبەستن، تەنانەت ڕازی نەبوو ناویش لەسەر گۆڕەکەی بنوسن، ئیتر لە گۆشەی کەلاوەی کڵێسەیەکی فلۆرەنسادا بێناو و بێ ناونیشان ناشتیان. بە داخەوە پیاوانی کڵێسە لەو سەردەمانەدا ئاینی خودا و پەیامی پیرۆزی ئیلاهییان بەکارهێنا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هەقیقەتێکی کۆپەرنیکۆسی هیچ مەترسییەکی بۆ ئایینی ئاسمانی نەبوو، بەڵام پاسەوانانی کڵێسە لەسەر ڕووی عەرد لێی ترسان و تۆقین، هەر بۆیەش گالیلۆیان ڕاپێچی دەست بەسەری کرد. گالیلۆ شەڕەکەی دۆڕاند، بەڵام مرۆڤایەتی و زانستی نوێ جەنگەکەیان بردەوە. بەمجۆرە کڵێسە دەنگی ئازاد و بیرکردنەوەی سەربەستی کپکرد، ئیتاڵیا کە ناوەندی یەکەمی ڕێنیسانس و شۆڕشی زانستی بوو، بە ئاڕاستەی بێدەنگی هەنگاوی هەڵگرت، زانست لێرە بارگەی لێ پێچایەوە و بەرەو باکوری ئەوروپا و وڵاتی ئنگلستان جوڵەی کرد، لێرە لە وڵاتی ئنگلیز، لە ساڵی 1642، هەمان ساڵی ماڵئاوایی گالیلۆ، یەکێک لە بلیمەترین زاناکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەدایکبوو، ئەو ئینسانە نێوی نیوتن بوو. نیوتن نەک هەر پەیامەکەی گالیلۆی بەرزکردەوە و ژیاندەوە، بەڵکو، بە پشت بەستن بە یاسای گالیلۆ لەمەڕ جوڵە، توانی گەورەترن پەنهانی هێزی گەردوون بۆ مرۆڤایەتی و بە فۆرمێکی ماتماتیکی والا بکات، ئەو هێزەش بریتی بوو لە هێزی کێشکردنی گەردوونی و یاسای دووجای پێچەوانەیی. هەم گالیلۆ و هەم نیوتن دو ئیمانداری گەورە و لە خواترس بوون، هەرگیز ڕۆژێک لە دژی ئایین قسەیان نەکردووە، بەڵکو پیاوانی کڵێسە کتێبی پیرۆزیان خستەگەڕ بۆ سزادانی زانست و ڕابەرانی بیرکردنەوەی ئازاد. ساڵان هات و ساڵان چوو، کڵێسەی کاتۆلیکی، دوای چەندین جار پێداچوونەوە، سەرەنجام، لە ساڵی 1995 دا، بە فەرمی داوای لێبوردنی لە گالیلۆ کرد و ڤاتیکان لە بەردەم کۆمەڵگای جیهانی و زانستدا گوتیان لە پرسی گالیلۆدا، هەڵەیەکی گەورەیان کردووە.

کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان*

سەرەتای منداڵی د. کەمال فوئاد

بەشی یەکەم

لەزۆر دانیشتندا لەگەڵ نەجیبزادە د. کەمال فوئاد کاتێک قسەی دەکرد و باسی منداڵی خۆی دەکرد یەکسەر باسی هەولێری دەکرد و دەیوت ئیحسانی برام لە هەولێر لەدایک بووە منیش لەساڵی 1937 لە باخچەی ساوایانی گەرەکی ئازادی لەهەولێر وەرگیرام، کاتێک سەردەمانی زووی ئەوکاتی بیر دەکەوێتەوە بە پێکەنینەوە دەیوت بەخێوکەری باخچەی ساوایان کاتێک کوڵمەکانی دەگرتم ئازاری دەدام هەرچەندە ئەو لە خۆشەویستیەوە وایدەکرد دیارە لەو دانیشتنە لەتەک برایانم کاروان ئەنوەر سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان کە ئەو کات بەڕێوەبەری نوسینی مانگنامەی بەدرخان بوو لەگەڵ برای خۆشەویستمان سالح بێژار ئەو کات دەستەی نوسەرانی بەدرخان بوو بۆ دیدارێک لە ژوورەکەی ئەودا لە مەکتەبی سیاسی(ی ن ک) لە قەلاچوالان لە 2002 ئەنجامدرا. بەمەبەستی سازدانی چاوپێکەوتنێک بۆ مانگنامەی بەدرخان ئەو قسانەی کرد. سەردەمی منداڵی ئەو جیاواز لە ندالآنی دیکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنەماڵەیەکی خانەدان و خوێندەوار و نەجیبزادە بووە بۆیە هەردەم باسی کتێب و نوسین و خوێندنەوەی سەردەمی منالّی لێرە و لەوێ دەکرد.

د. کەمال فوئاد م چۆن ناسی..؟

کاتێک تەمەنم گەیشتە 17 ساڵان لەگەڵ دونیای کتێب و خوێندنەوە و دەستنوسە کۆنەکان و وێنە دانسقەکان شارەزا و تێکەڵ بووم بەو دونیایەی کە 30 ساڵە بێ پچران و دابڕتن نە من بێ ئەو هەڵدەکەم و نە ئەویش، بۆیە لە سەرەتای ساڵی 1985 بۆیەکەمین جار کتێبی کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەساڵی 1898–1902) م بەرچاو کەوت لەشاری هەولێر. سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەکانی کوردستانی نۆبەرەی میقداد بەدرخان و عبدالرحمن بەدرخانی برای کە هەردوکیان سەرنوسەری رۆژنامەکە بوون، تەنها 26 ژمارەی لە خۆگرتبوو، جگە لە ژمارەکانی (12 و 10 و 17 و18 و19) کە سەرجەم ژمارەکان 31 ژمارە بوون ساڵی 1972 لەبەغدا چاپکرابوون.

پێشەکی بۆ رۆژنامەی کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی 1898-1902 بە قەڵەمی د. کەمال فوئاد

پێش 43 ساڵ د. کەمال فوئاد بەم زمانە شیرین و پاراوە پێشەکی بۆ 26 ژمارەی رۆژنامەی کوردستانی دایک دەنوسێت کە لەساڵی 1972 لە بەغداد چاپ کراوە بەمەبەستی ئاشنابوون کە چوار دەیەیە واتە چوار نەوەی یەک لەدوای یەک پەروەردە بووە و ئاشنا بن پێی بۆیە وەک خۆی ئەم پێشەکییە پێشکەش بە نەوەی نوێ و گیانی پاکی رەوانشاد د. کەمال فوئاد ئەکادیمیست و رابەری رۆژنامەوانی کوردی دۆزەرەوەی سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان جگە لە ژمارە 19 دەکەین.

پێشەکی کتێبەکە..

تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کوردی تەنیا زمانی گفتوگۆ و شیعر بوو نەک نوسین، لەبەرئەوە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵی 1898 بایەخێکی تایبەتی هەیە لە مێژووی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان دا.

کاتی خۆی بیستبووم کە ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە لە کتێبخانەی پرووسیا لە ئەڵمانیا دەست ئەکەون، پاش چوونم بۆ ئەوێ زانیم کە ئەم کتێبخانەیە ئێستا ناوێکی تری هەیە. لەپاش جەنگی جیهانی دووەمەوە ناوی بووە کتێبخانەی دەوڵەتی کە ئێستا ئەکەوێتە بەرلینی رۆژهەڵاتەوە لەزێش زانیم کە ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەگەڵ گەلێک چاپکراوی ترا گواستراونەوە بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا.

لەسەرەتای ئابی 1965 بەشوێن ئەو دەستنوسە کوردییەکاندا ڕێم کەوتە شاری ماربۆرگ و توپینگن بەهەلم زانی جارێکی تر، هەواڵی رۆژنامەی کوردستان بپرسم، پاش گەڕان و پشکنینێکی زۆر ئاگادارکرام، کە ئەم رۆژنامەیە لە ئەڵمانیای رۆژئاوایە لە کتێبخانەی دەوڵەتی (staatsabibliothek) لە شاری ماربۆرگ، بەڵام ئێستا لەگەڵ هەزاران چاپکراوەی تردا، نۆرەیان نەهاتووە بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە و ل هشوێنی تایبەتی خۆیان سەر لەنوێ دابنرێنەوە، بەڵێنیان دامێ کە هەر کاتێک بەرچاویان کەوت دەستبەجێ بۆم ڕەوانە بکەن بۆ بەرلین، منیش ساڵی چەند جارێک ئەم بەڵێنەم بیر ئەخستنەوە تا لە هاوینی 1986 دا ئەم ئاواتەم هاتەدی و هەموو ئەو ژمارانەی رۆژنامەی کوردستان، کە لە ئەڵمانیا پارێزراو بوون کەوتنە بەردەستم، ئەوەبوو کاتی خۆی گوتارێکم لەسەر بڵاوکردەوە لە گۆڤاری ڕووناکی دا کە لەبەغدا دەرئەچوو (ژمارە–1 لە 1969/5/23).

*حەمید بەدرخان، لێپرسراوی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی رۆژنامەوانیی و کەلتوور.

بڕوانە ل 6

ئەم ڕۆژنامەیە بە کوردییەکی جوان وڕەوان(زاراوەی کرمانجی سەروو، شێوەی جەزیرە و بۆتان)، بە دوو هەفتە جارێک لە چوار لاپەڕەی (25.50 / 32.50 سم)ی دا دەرئەچوو..

پاشماوەی کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان



ئێستاش خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم ، کە توانیم سەرلەنوێ بە چاپی بگەیەنم ئەمە خۆشی دۆزینەوەکەی نوێ کردەوە، نەک هەر لە لای من بەڵکو لای هەموو ئەوانەی دەمێکە بە تاسەی بینینی ئەم ڕۆژنامەیەوەن. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە 30 ی دوالقعدەی 1315، (9 ی نیسانی 1314ی ڕۆمی) بەرامبەری 22ی نیسانی 1898 لە قاهیرە دەرچووە. لەسەرەتادا لەلایەن نەوەی بەدرخان پاشا(مقداد مدحت بەدرخان)ەوە دەرئەچوو ژمارە(6–19) لە جنێف و ژمارە(20–23) دووبارە لە قاهیرە و ژمارە 24 لە لەندەن و ژمارە(25–29) لە فۆلکسۆن و ژمارە(30و 31) جارێکی تر لە جنێف لەلایەن برای مقداد بەدرخان(عبدالرحمن بەدرخان)ەوە دەرئەچوو.

ژمارە 31 ی ڕۆژی 6 ی محرم 1320(1ی نیسانی 1318ی ڕۆمی)بەرامبەری 14 ی نیسانی 1902 دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە بە کوردی یەکی جوان و ڕەوان(زاراوەی کرمانجی سەروو، شێوەی جەزیرە و بۆتان) بە دوو هەفتە جارێک لە چوار لاپەڕەی (25.50 / 32.50 سم)ی دا دەرئەچوو. جۆری کاغەز و چۆنیەتی چاپکردنەکەشی خراپ نەبوو، بە تیپی عەرەبی لەسەر تەرزی فارسی چاپ ئەکرا، لە ژمارە 4 ەوە بە تورکیش ووتاری تێدایە بەتایبەتی سکاڵانامە(عرجحال) و پاشان نامەی کراوە کە زۆر جار بۆ سوڵتان عبدالحمید نوسراون دژی بەرەبەرەکانی ڕۆژنامەکە و ئازاردانی‌نەوەکانی بەدرخان، پاش ئەوەی ڕۆژنامەکە هیچ ئومێدێکی بە سوڵتان عبدالحمید نەماوە دەستی کردووە بە هێرش بردنە سەر سوڵتان و دەست و دایەرەکەی وە زۆر ئازایانە لەسەر کوشتنی مدحت پاشا و هاوڕێکانی وە لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانی تورکی نوسیووە. لەبەربەرەکانێتی کاربەدەستانی عوسمانی ڕۆژنامەکە وەکو خاوەنەکانی ویستویانە هەموو جارێک لەکاتی خۆیدا دەرنەچووە، هەر لەبەر ئەم بەرەکانێیەش بووە کە لەشوێنێکەوە گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر. نرخی ئەم ڕۆژنامەیە هەر لەوەدا نیە کە یەکەم ڕۆژنامەیە بەزمانی کوردی دەرچوبێت بەڵکوو نرخێکی مێژوویی و سیاسیشی هەیە سەرنجێکی سەرپێیی لەناوەرێکی ئەم ژمارانە ئەو ڕاستیەمان بۆ ساغ ئەکاتەوە کە بزووتنەوەی کوردایەتی هەر لەسەرەتاوە ڕێگای یەکێتیی تێکۆشانی گرتووە لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەو گەلانەی کە کورد لەگەڵیان ژیاوە. هیوادارم کە خوێنەرانی بەڕێز نرخی بزانن و کەڵکی لێ وەربگرن.

کەمال فوئاد

بەغدا 1971/10/4

چاپکردنی ڕۆژنامەی کوردستان خولی سێیەم لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی

دوای 21ی ئابی 1996 ڕاژەی کارکردنم لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین گواستەوە بۆ چاپخانەی زانکۆی سلێمانی و کاتێک خەریکی کارکردن بووین لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، لەلایەن هاوڕێم هەڵوان ئەژی گۆران خەریکی کارکردن و پاککردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بووین کە بەخولی سێیەم ناسراوە و سورەیا بەدرخان سەرنوسەری ئەو خولە بووە و 15 ژمارەی لێدەرچووە، بە چاپێکی جوان و قەشەنگەوە چاپکرا لەم کاتی ئامادەکردن بۆ چاپ د.کەمال فوئاد سەردانی چاپخانەی کرد و دەست خۆشی لە کارمەندان و پاداشتی سەرجەم کارمەندانی کرد.

فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان

کاتێک یەکەمین فێستیڤاڵی بەدرخانمان لە شاری سلێمانی لە 22–4–2004 لە هۆڵی گەنجان لە سلێمانی و هۆڵی شەهید عەلی عەسکەری لە دوکان بە ئامادەبوونی سەرۆک مام جەلال و زیاتر لە 500 میوانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە دروشمی هەموومان قەرزاری بەدرخانیەکانین بەڕێوەچوو، هەر لە ڕێوڕەسمی فیستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان د. کەمال فوئاد وەک میوانێکی ئازیز و بەبەردەوامیش بەدوای سۆراغی ژمارە ونەکانی ڕۆژنامەی کوردستان پرسیاری لە میوانەکان دەکرد، بۆیە زۆر بە گەرمی و دەستخۆشی لەسازدانی ئەو فێستیڤاڵەی لێکردم و (50)دانە لە ڕۆژنامەی کوردستانی خولی سێیەمی پێشکەش بە میوانان کرد و هەر لەو فێستیڤاڵەدا پاش ئەوەی داوامان لێکرد لە فێستیڤاڵەکانی ئایندە ببێ بە سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵی بەدرخان، ئەویش بە شانازییەوە ئەو داوایەی ئێمەی بەهەند هەڵگرت و ڕەزامەندی نیشاندا، بۆیە لە دووەمین فێستیڤاڵی بەدرخان کەلەدهۆک لە 22–4–2005 و سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە هەولێر لە 22–4–2006 لەگەڵ لیژنەی باڵا سەرپەرشتیار و هاوکار و بڕیاردەر بوو، هەربۆیەش لەڕووی دارایی و مەعنەوییەوە پشت و پەنای دەزگای بەدرخان و سەرجەم ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بووە، بۆیە بە شانازییەوە لە فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخان لە دهۆک ژمارە 10 و 12 ی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن جەلیلی جەلیل دۆزرایەوە و پێشکەش بە دووەمین فێستیڤاڵی بەدرخان و د. کەمال فوئاد کرا.

پێشتریش مەحمود زامدار ژمارەی 17 ی دۆزیبۆیەوە و د. کەمالیش ژمارە 18 ی دەستکەوتبوو.

حەسەن یاسین و د. کەمال فوئاد

لەسەرەتای پێشەکی چاپی دووەمی کوردستان کە لەقاهیرە لە 10–7–2005 لە چاپخانەی ڕوز الیوسف بەچاپ گەیشت، سەرجەم ژمارەکانی کوردستان جگەلە ژمارە 19 نەبێت دەنوسێت ئەو هەوڵ و کۆششانەی د. کەمال فوئاد کە ڕۆڵی لە ناساندنی بنەماڵەی بەدرخانیەکان وەک ڕێچکە شکێنی ڕۆژنامەنوسی کوردی و گەشاندنەوەی دیدەی ڕۆژنامەنوسانی کورد بە ڕۆژنامەکە بەرز هەڵدەسەنگێنین و بە گەرمی دەستی ماندوونەبونی دەگوشین. بۆیە چەندین جار لەگەڵ حەسەن یاسین پرۆژەی نوسینەوەی بیرەوەریەکانی د. کەمال فوئاد لەڕێگەی تۆمارکردنەوە ئەنجام بدەین، مەخابن سەرقاڵی دکتۆر و دواتر نەخۆشکەوتن و دواجاریش ئۆغرکردنەکەیەتی، حەسەن یاسین سەرسام بوو بە دید و تێڕوانینەکانی د. کەمال فوئاد لەڕوانگەی ئەوەی هەرچی حەسەن یاسین بینوسیبایە دەیخوێندەوە، هەربۆیەش لە پێشەکی چاپی دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان کە بە قەڵەمی حەسەن یاسین نوسرابوو، د. کەمال دەستخۆشی لێکرد و پێشەکیەکەی بەرزنرخاند.

ماوێتی بۆ ژمارەی داهاتوو

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

وەرزشوانێکی کورد یەکەم بوو..

"ئیسحاق توتوملو" کوردێکی باکوری کوردستانە و بەبنەچە دیاربەکرییە، لەئەڵمانیا وەرزشوانە و شۆفێرێکی ناسراوە، هەفتەی پێشوو لە پێشبڕکێییەکدا پلەی یەکەمی ئۆتۆمبێلسواری لە شاری نوربێرگرینگ وەدەستهێنا، ئەو شۆفێرە کوردە خەڵاتی پلەی یەکەمی وەرگرت، ئۆتۆمبێلەکەشی لەسەر شێوەی ئاڵای کوردستان نەخشاندبوو.

چەند خوانەناسێک قورئانی پیرۆزیان درواند...



سێ چوار ڕۆژ لەمەوبەر لەشاری بریمن و لەمزگەوتێکی ئەوشارە چەند کەسانێکی نەناسراو بەدزیەوە نزیکەی ٥٠ دانە لە قورئانی پیرۆزیان پارچە پارچەکردوە و وەک سەرزنشتێکی موسڵمانان، بەناو شوێنی نەشیاو بڵاویان کردۆتەوە، ئەو کارە وەک پۆلیس ئاماژەی پێکردووە بەکاری نازیبە ڕەگەزپەرستەکان دەچێت و بەدەستێکی تێکدەر وەسفکراوە، بۆ نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان موسڵمانان وئاینەکانی تر، بۆیە ناڕەزایی تووندی نێوەند سیاسی و ئاینیەکانی لێکەوتۆتەوە.

دوو ڕێکخراوی کلتوری کوردی داخران...

سێ ڕۆژی ڕابردوو پۆلیسی ئەڵمانیا بارەگای هەردوو ڕێکخراوی کلتوری "میزوپۆتامیاو میر مۆزیک"داخست و دەستیشیگرت بەسەر ژمارەیەکی زۆر لەکتێبی کوردی دەیان بەڵگەو دیکۆمێنتی هەردوو ڕێکخراوەکەدا ، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرابو ئەو دوو ڕێکخراوە گوایە لە پارتی کریکارانی کورستانەوە نزیکن وسیاسەتەی ئەوان جێبەجێ دەکەن،موعارەزەی ئەڵمانی لەوانە پارتی چەپ بەوە ڕازی نیەو دەڵێت حکومەتی ئەڵمانیا لەگەڵ ئەردۆغان ڕێککەوتوە ئەوکارانە بکات.

بای ملیارێک چەکی تر ڕەوانە شەڕی یەمەن کرا...

هەرچەندە لەساڵی پارەوە بەبڕیاری پەرلەمانی ئەڵمانیا فرۆشتنی چەک بەوڵاتانی بەشداری لەشەڕی یەمەن هەڵپۆەستێردراوە تاکاتێکی نادیار بەڵام لەدوای سەردانەکەی جێنشینی ئیماراتی عەرەبی بۆبەرلین لەمڕۆژانە حکومەت ڕەزامەندی نیشانداوە بۆ فرۆشتنی بای یەک ملیار و ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ لەچەک وجبەخانەبەهەریەک لە سعودیەو ئیمارات و میسر.

بورهان ئەمین–ئەڵمانیا

لەبەرلین یادی ڕێگرتن لەمەرگەساتێک کرایەوە.

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەبەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا یادی ئەوڕۆژانەکرایەوە کە ٧٠ ساڵ لەمەوبەر هاوڵاتیانی ئەوشارە خەریک بو لەبرساو لەژێر ئابلوقەی سوپای سۆڤیەتی ئەوسا بمرن و ١١ مانگ بولەباریکی یەکجار ناخۆشدا دەژیان، ئەوکاتە ژمارەیەک فڕۆکەی هاوپەیمانان پردێکی ئاسمانیان بۆکردنەوەو لەومەرگەساتە ڕزگاریان کردن وئازوقەو پیداویستی وخواردنیان بۆ فڕێدانە خوارەوەو ریگای دەربازبونیان بۆ کردنەوە، لەم یادەدا ئەمڕۆ ١٠ فڕۆکەی کۆنی ئەوسای شەڕکەری ئەڵمانیا ئاسمانی بەرلینیان تەنی وئەم ڕۆژەیان بەرزو پیرۆزڕاگرت، لەساڵی ١٩٤٨ سوپای سۆڤیەت هەموو دەروازەکانی بەرلینی ڕۆژئاواو هێڵەکانی شەمەندەفەرو جادەکانی لێگرتن و ئابلوقەیەکی کوشندەی خستەسەر خەڵکەکەی.

کۆچبەرە سوریەکان دیپۆرت دەکرێنەوە

لەکۆبونەوەی هەفتەی ڕابردوی وەزیرانی ناوخۆی هەر ١٦ هەرێمەکەی ئەڵمانیا گەیشتنە ئەوەی ئەو سوریانەی کە مافی مانەوەیان نەدراوەتێ، دەبێت دیپۆرتی وڵاتی خۆیان بکرێنەوە، بەڵام لەسەر ئەفغانیەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن، هەورەها هاوهەڵویستیس بوون لەسەر ئەوەی ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی کەلە ناو ئەڵمانیا تاوانی دزی و چەتەیی و ڕاوڕووت دەکەن، ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان لێوەربگیرێتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارانەیان بەرزکردۆتەوە.

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

ئاسۆ محەمەد ڕەسوڵ

لە 2–6–1987 لە سەرچنار نزیک شاری سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 2009–2010 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شێوەکاری– پەیکەرسازی تەواوکردووە.

بەشداری لەم پێشەنگا هاوبەشانەی هونەرمەندان کردووە:

سەنتەری ڕۆشنبیری شار–سلێمانی 2005–09–22، مۆزەخانەی ئەمنە سورەکە 2006–04–16 ، ڤیستڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای سلێمانی 2007–05–05، گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی2007–08–31 ، ناحیەی ڕزگاری– گەرمیان–06–01 2010، مەڵبەندی ئیشی دەست سلێمانی 2010–05–14، گەلەری نیشتمانی ئەمنە سورەکە سلێمانی 2013–09–24، هۆڵی پەروەردەی قەرەداخ 2014–01–21، مەڵبەندی ئیشی دەست سلێمانی 2014–09–09، چالاکی قوتابخانەکان سلێمانی 2014–12–01، گەلەری نیشتمانی ئەمنە سورەکە سلێمانی 2017–05–22، گەلەری نیشتمانی ئەمنە سورەکە سلێمانی 2017–07–12، ناوەندی کلتوری خانەقین –04–07 2019. هونەرمەند ئاسۆ محەمەد مامۆستایە لەقوتابخانەی فایەڵ، ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ئەندامی چالاکی گروپی هونەری دڵخوازە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100008439578742&sk=photos_all

تـــاراوگـــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

25 Juni . 2019 No. [57]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

هۆڵەندا چێژ لە پاڵەوانێتەکەیی و شانازی بە (مارتن فان دێر ڤاودن)ەوە دەکات بە هۆی خۆڕاگری سەرکەوتنی لە مەلەوانییەکەیدا. ل 1

بۆچی بێوار...؟ بەشی سیازدەمین، سێ نامەی عەلی بچکۆل، سالار باسیرە و خاڵە بەکر.. ل 2

کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان– بەشی دووەم، ل3 ،

کورتە چیرۆک: بێگانەیەک لە گۆڕستان، نووسینی : شوان عەباس بەدری ل 4 و 5 و 6 و7

دوو چالاکی کورد لە تاراوگە، یەکەم: کۆسار عیزەت لە وەرزێکی تری تۆپی پێ دا، دووەم: هونەرەمەدی شێوەکار ڕزگار ئەمین لە پێسەنگایەکیدا لە شاری ئارنێم ل 8،

گۆشەی 14هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە. ل 9

هەروەها لە لاپەڕەکانی دیکەدا، چەندین نووسینێکی، بەرزان هەستیار، بەختیاری شەمەیی، دکتۆر جەبار قادر و مامۆستا نوری کەریم و موزەفەر عەزیز دەخوێنیتەوە.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد: ئـــاری بـــابـــان ل 14

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەتدا دەردەچێت

25 Juni 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 57
25 حوزەیرانی 2019

مارتن مارتن فان دێرڤاودن Maarten van der Weijden نەوە پاڵەوانە مەلەوانەی بووە جێ سەرنج و باس و خواسی ڕۆژانەی زۆربەی هۆڵەندییەکان بە گشتی و هەرێمی فریسلاند بە تایبەتی

هەمیشە پاڵەوانە ڕاستەقینەکان مرۆڤ سەرسام دەکەن!

لیواردن– بە خەم و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە ئەو عەشاماتە زۆرەی بۆ پشتیوانی مەلاوانییەکەی (مارتن فان دێر ڤاودن)، لە ڕۆژی هەینیی پێشووەوە و چاوەڕوانییان دەکرد و فەرشی سووریان بۆ ڕاخستبوو، خۆسبەختانە ئەمڕۆ شادمانن، گەشتەکەی لە غروتیە ڤەیلین Grutte Wielenی شاری لیواردنەوە دەست پێکردبوو، دوێنێ شەوی دووشەممە، بەسەرکەوتوویی کۆتایی بە گەشتەکەی هێنا، کە نزیکەی دووسەد کیلۆمەترێ لە ماوەی سێ ڕۆژدا بڕی. ئاپۆڕای هاندەران و جەماوەرێکی زۆر ڕێگەکەیان بەست بوو، بەجۆرێک خەڵکان چووبوون بەناوەکدا، کاتێک مەلەوانەکە، خەریک بوو دەگەیشتە کۆتایی ئامانجەکەی و لەگەڵ ئەوەی ئەو ماوە زۆرەی بە مەلەکردن بڕی بووی، وردە وردە خێرایی مەلەکردنی کەمتر دەبووەوە. مەلەوانەکە Van der Weijden هەنگاوی ڕۆژی یەکەمی بەهۆی Reinier Paping ەوە دەست پێکرد، کە بڕاوەی مەلەوانی خەڵاتی Elfstedentocht ی ساڵی 1963 یە و بە هۆی ئەم گەشتی مەلەوانییەوە، تا ئێستا بڕی 3.91 ملیون یورۆیان کۆکردۆتەوە، کە ئامانجی کۆتایی گەشتە مەلەوانییەکەیە، کۆمەک و کۆکردنەوەی پارەیە بۆ تویژینەوە لە نەخۆشی شێرپەنجە، ئەم بڕە پارەیە زۆر لە بانگەشەکەی ساڵی پێشووی زۆرتر بوو، پاش ڕاگەیاندنی بڕەکەی کە بریتی بوو لە 2.5 ملیون یورۆ.

هۆڵەندا چێڕ لە پاڵەوانێتەکەیی و شانازی بە (مارتن فان دێر ڤاودن)ەوە دەکات بە هۆی خۆڕاگریەوە

لە ڕاستیدا لە ڕۆژەکانی کۆتایی مەلەوانییەکەدا، لە هەموو شوێنەکان هۆڵەندەوە، وەک خۆپیشاندانێکی ئاهەنگ ئامێزی جەماوەری لەدەوری (مارتن فان دەر ڤایدن) کۆبووبوونەوە، بەجۆرێک قەرەبالغیەکە لە ڕۆژی هەینیی کە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی مەلەوانییەکەی بوو، بەردەوام بوو تا ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە کۆتایی هات، جەماوەرەکە دەیانویست لە مەلەوانەکە نزیک ببنەوە، بۆ هاندان و شانازیکردن بەم پاڵەوانێتیەوە.

مارتن فان دەر ڤایدن کە دە ساڵ لەمەوبەر، بووە پاڵەوانی ئۆلۆمپی لە پەکین و دواتر تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن بوو، ساڵی پار بڕیاریدا بە ئامانجی کۆکردنەوەی پارە، بۆ ئەنجامدانی 11 تویژینەوە لەسەر نەخۆشی شێرپەنجە، (تحدی)چالێنجێکی* شێتانە ئەنجام بدات و لە ناوچەی فریزلاند بە مەلە 200 کم ببڕێ. ماوەی سێ ڕۆژە هەموو هۆڵەندە بە دڵ و زۆرێکیش بە مەلەکردن لەگەڵی دەژین. ساڵی ٢٠١٨ دوای بڕینی 163کم و مانەوە 55 کاتژمێر لە ناو ئاودا و پێش گەیشتن بە خاڵی کۆتا، بەهۆی خراپی باری تەندروستیەوە وازی هێنا و گەیەنرایە نەخۆشخانە. دواتر هەر بەقەرەوێڵەی نەخۆشخانەوە هێنرایە لێواردن، ئەو شارەی کە چالێنجەکەی لێوە دەستپێکردبوو و دەبوایە هەر لەوێش کۆتایی بهاتایە. خەڵکێکی زۆر لە پێشوازیدا بوون، لەوانە سەرۆک وەزیران (مارک ڕوتە) و پارێزگاری لێواردن، کە وەک هاوڵاتی ئاسایی و هەر لەناو خەڵکەکەدا وەستابوون. لە ئاهەنگی ڕێزلێنانێکی گەورەدا، بڕی پارەی کۆکراوە ڕاگەیەندرا، کە تا ئێستا گەیشتۆتە دوو ملیۆن و نیو زیاتر یورۆ و بەخشینیش هێشتا بەردەوامە.بەڵام، خۆشبەختانە دوێنێ توانی بڕی 3.91 ملیون یورۆیان بۆ هەمان مەبەست کۆکردۆتەوە.

هەمیشە پاڵەوانە ڕاستەقینەکان مرۆڤ سەرسام دەکەن!

مانگنامەی (بێوار) ڕۆڵێکی زۆر جوانی بینی لەوەی لە ڕۆژگارێکدا بە سەدان کورد... ئاوارەی گێژەنی پاکستان بووین، نەماندەتوانی دەنگمان بە هیچ شوێنێک بگات..(بێوار)وەکو خدری زیندە خۆی کرد بە باوەشماندا...!

بۆچی بێوار ...؟! نوسینی: هیوا سەرهەنگ بەشی سێزدەمین ...

نامەی شەشەم؛ عەلی بچکۆل

پ. د. سالار باسیرە

بەڕێز کاکە هیوا ڕێزو خۆشەویستیم بۆ خۆت و ماڵ ومندالّتان..

بە بۆنەی یادکردنەوەی مانگنامەی (بێوار)ەوە پێم خۆشە پیرۆزباییتان لێ بکەم و هیوادارم هەردەم لە سەرکەوتندابن... دیارە مانگنامەی (بێوار) دەوریکی زۆر جوانی بینی لەوەی لە ڕۆژگارێکدا بە سەدان کورد ئاوارەی گێژەنی پاکستان بووین، لەو ڕۆژگارانەدا نەماندەتوانی دەنگمان بە هیچ شوێنێ بگات..(بێوار), وەکو خدری زیندە خۆی کرد بە باوەشماندا و بەو هۆیەشەوە ئێمەش هەوایەکی دەرەوەی پاکستان هەڵمژین، بەتایبەت بۆ من هەندێ لە دەردە دڵی خۆم لە لاپەڕە زێڕینەکانی (بێوار)دا دەردەبڕی و هەرلەڕێی بێوارەوە پێمان دەگەیشتەوە. دەمەوێ ئەوە بڵێم (بێوار) بۆ من بوبو بە فریشتە و هەندێ لە وڕێنەکانی خۆم لە بابەت ئەو ژیانەی ئەوسای ئێمە لە پاکستان دەردەبڕی و کورتەیەکیش لە بابەت ژیان و بوونی کوردانی پاکستان، کە سالّەهایە لەو وڵاتەدا کاڵبوونەتەوە. من لێرەوە دەستخۆشی لە کاک (هیوا) و هەموو ئەوانە بکەم کە دەوریان هەبووە لە مانگنامەی (بێوار).. ڕێزو خۆشەویستیم بۆ بنەماڵەی(بێوار)ی خۆشەویست .

نامەی حەوتەم؛ پ. د. سالار باسیرە لە بیرەوەری مانگنامەی (بێوار)دا..

بێوار .. ئەو مانگنامەیەیە کە پێش زیاتر لە بیست ساڵ، ئاشنا بووم پێی و بە شانازییەوە بابەتم تێیدا دەنووسی، ڕۆژگارێک بوو کە تەکنەلۆژیا وەک ئەمڕۆکە لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتوو نەبوو، هەربۆیە بە ڕێگای پۆستەوە نووسینەکانمان دەگۆڕییەوە و بێوارم بۆ دەهات. بیرۆکەی مانگنامەی (بێوار) یانزە ساڵی تەمەنی خۆی بەڕێکرد و 127 ژمارەی لێ دەرچووە، بیرۆکەو تایپکردن و ناردن و بڵاوکردنەوەی هی بەڕێز کاک (هیوا سەرهەنگ)ە لە شاری ڕۆتەردام .. هەندێک لەو نووسینانەی کە بە چەند زنجیرەیەک تێیدا بڵاودەکرانەوە کاک (هیوا سەرهەنگ) دەیکردنە نامیلکەیەک، بۆ نموونە (گەشتێکی لێکۆڵینەوەی بۆ نیکاراگوا). (بێوار) لە ڕابوردوودا خزمەتێکی زۆری بە خوێنەرانی و ڕۆژنامەگەریی کوردیی کردووە و ڕۆڵی هوشیارکەرەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی بینیوە، ئەگەر باس لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بکرێت لە تاراوگە ئەوا مانگنامەی بێوار و سەرنووسەر و خاوەن بیرۆکە بەڕێزەکەی کاک(هیوا سەرهەنگ) دەبێت بەشێک بێت لەو مێژووە. ئیمەی کورد لە تاراوگە هەمیشە تینووی خوێندنەوەی بابەت و هەواڵەکانی وڵات بووین، بە تایبەت لەو سەردەمەی سیاسیداو وەک پێویست، خاوەن دامودەزگای ڕاگەیاندن نەبووین، (بێوار) بەشێکی ئەو بۆشاییەی پردەکردەوە و سەرنووسەرەکەی لەسەر ئەرکی خۆی ئەو خزمەتە سیاسییە گرنگەی ئەنجام دەدا، بە تایبەت بۆ ڕەوەندی کوردیی لە تاراوگە. (بێوار) ڕۆل و پێگەی خۆی هەبووە و بینیوە، بەتایبەت لە ڕۆژگارە قورسەکانی نەبوونی ئینتەرنێتدا.

لێرەوە سڵاو و ڕێز دەنێرین بۆ هەموو ئەوانەی ماندووبوون بە دەرکردنی (بێوار) و ئەوانەی ئەم کۆڕەیان ساز و ئامادە کردووە.

نامەی هەشتەم: خاڵە بەکر

سڵاو و ڕێز بۆ ئامەدەبووان... بێوار...لانکەیەک بوو میهرەبانانە وشە و ئێش و ئازارەکانی نووسەرانی تاراوگەی ڕادەژان و دەیلاوانەوە، بەوپەڕی وەفاو ئەمەکەوە پشت و پەنای نووسەرانی هەموو بستەخاکێکی ئەم دنیایە بوو... چ لە کیشوەری ئۆروپا، ئەمەریکا، ئوسترالیا، ئاسیا و هەرێمیش.

بڵاوکراوەی (بێوار) وەیان باشتر بڵێین (بێوار)ی باڵا سپیپۆش زیاتر پشت و پەنای ئەو قەڵەمانە بوو کە لەو کات و زەمانەدا بە زەحمەت دەستیان دەگەیشتە بڵاوکراوە فەرمی و لۆکاڵییەکانی هەرێم، ئەگەر دەستیش بگەیشتایە یان لە ڕێگەی فاکس وەیان لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بەرهەمێک وەیان دەقێکی ئەدەبی بناردرایە ئیدی یان پشت گوێ ئەخرا وەیان پاش چەند مانگێک ڕووناکی بڵاوکردنەوەی بەخۆوە ئەبینی یان نەیدەبینی .. بە پێچەوانەی (بێوارە)وە کە بەرهەمەکە دەگەیشتە پۆستی (بێوار) وەیان ئیمەیلەکەی زۆر بەخۆشحاڵییەوە هەواڵی گەیشتنی بەرهەمەکەی یان بە ئیمەیڵ وەیان بە تەلەفون پێ ئەدایت و پشت گوێ نەئەخرا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هێمای دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ڕۆژنامەگەری بوو لەلایەن (بێوارە)وە .. وێڕای ئەوەش هەموو مانگێک (بێوار) لەسەر ئەرک و ماندووبوونی خۆی (بێوار)ی پۆست ئەکرد بۆ دۆست و ئەدەبدۆستان و ئەو نووسەرانەی کە (بێوار), نووسینەکانیانی لە دووتوێی لاپەڕەکانیدا بڵاو کردبۆوە لەهەر شوێنێک بوونایە. شایەنی وتنە لەو دەمەی کە پێم لە کوردستان ترازاو لەم وڵاتەدا جێگیر بووم، قەڵەمم لە (بێوار) نەترازا.. ئەویش بەهۆی براو هاوڕێی خۆشەویست و ئەدیب و نووسەرو ڕۆژنامەنووس کاک (محەمەد جەزا بەرزنجی) وە ئاشنایەتیم لەگەڵ بەڕێز کاک (هیوا و بێوار و خێزانی بێوار) پەیدا کرد و (بێوار) بۆ من بوو بە مینبەرو باوەشێکی دڵسۆزو بەسۆز، بۆ لاواندنەوەو دەربڕینی خەم و ئازارەکان.. وێڕای ئەوەش لەو ڕۆژگارەدا (بێوار) چاپکردنی دوو نامیلکەی شیعرمی گرتە ئەستۆی خۆی و شیعرەکانمی لە پەرشوبڵاوی ڕزگار کرد و تا دواهەناسەی ژیانیش سوپاس گوزاری ئەو ئەرک و ماندوو بوونەیەم. نامیلکەی یەکەم بەناونیشانی (خەرمانی خەم) ساڵی 1999 , نامیلکەی دووەم بەناونیشانی (خەڵوەتگای دیدەنی) ساڵی 2001. هیواداریشم کە کاک (هیوا و خێزانی بێوار)ی هەمیشە لەیاد، بەسنگ فراوانی خۆیان بم بەخشن کە دەرفەت و بوارم بۆ نەڕەخسا لەم یادەوەرییە پێرۆزەدا ئامادە بم. هیوای سەرکەوتنتان خۆشبەخت و ئاسودەم دەکات، سوپاس بۆ هەمووان.

بەکر محەمەد ئەمین (خاڵە بەکر) ٢٣ / ٢ / ٢٠١٩

کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان*

فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخان لە دهۆک

بەشی دووەم:

پاش ئەوەی د.کەمال فوئاد شەرەفی سەرپەشتیاری فێستیڤاڵی بەدرخانی پێسپێردرا، لە هەمان کاتدا سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بوو، ئەوەندە سەرقاڵ بوو بە کارەکانی پەرلەمان و دارایی گشتی ی ن ک زۆر کەم دەپەرژایە سەرئەوەی کە لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵ دابنیشێت، لەگەڵ ئەوەش بۆ هەر فێستیڤاڵێک 10–15 دانیشتن ئەنجام دەدرا لێرەش ناکرێ ڕۆڵی سینەم خان جەلادەت بەدرخان، د، کومال مەزهەر، مامۆستا جەمال عەبدول، فەرهاد عەونی، مستەفا سالح کەریم، د. مۆفەق دەرگەلەیی، سەلاح سەعدوڵا، ئەنوەر قەرەداغی، موسەدەق توفی، ئەنوەر محەمەد تاهیر، د.سەلاح هروری، محەمەی مەلا کەریم، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، جەوهەر کرمانج و عەبدوڵا زەنگەنە، کەژاڵ ئەحمەد، حەسەن یاسین، موفید جەزائیری، زیرەک کەمال، ئەوانی دیکە لەیاد بکرێن، کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو، لە سەرخستنی فێستیڤاڵەکانی بەدرخان، کە جێگای شانازی من و فەخرێکە بۆ د.کەمالی ئەکادیمیست و رابەر و مامۆستامان بۆیە لەکاتی کارکردنمان لە لیژنەی ئامادەکار و ڕۆژان و سازدانی فێستیڤاڵ جگە لەماندووبنوێکی زۆر خۆشەویستی لیژنەی باڵا و مەبەست لە سازدانی فێستیڤاڵەکە بە سەرکەوتویی هیڤ بەڕژەوەندیەک لەنێوان کەسەکاندا بەدی نەدەکرا بۆیە لە خۆبوردووانە کارەکان ئەنجام دەدران و د. کەمال فوئادیش لەبەرامبەر ڕاپەڕاندنی کارەکانی فێستیڤاڵی بەدرخان لە دهۆک و هەولێر دەیگوت بەدرخانیەکان ئەو کات کارێکی مەزنیان ئەنجام داوە، ئەوەی ئێستا ئێوە دەیکەن هیچی کەمتر نیە لەوەی ئەوان، لەم فێستیڤاڵەدا ژمارە 10 و 12 ی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن د. جەلیلی جەلیلی دۆزرایەوە و پێشکەش بە لیژنەی باڵای فێستیڤاڵ کرا. لەهەمان کاتیشدا پەیکەری مقداد بەدرخان لەلایەن هونەرمەند زاهیر سدیق ئەنجامدرا و پێشکەش بە کتێبخانەی بەدرخانیان کرا لە دهۆک.

دەقی گوتاری سەرپەرشتیاری گشتی دووەمی فێستیڤاڵی بەدرخان 22–4–2005 لە دهۆک لەلایەن د. کومال فوئاد خوێنرایەوە کە لە ژمارە 56 ی مانگنامەی بەدرخان لە دهۆک چاپکرا بڵاوکراوەتەوە ئەمەش دەقی گوتارەکەیە.

بەڕێز نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز نوێنەری پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز پارێزگاری دهۆک

خوشک و برایانی خۆشەویست، ئامادەبووانی بەڕێز بەناوی لیژنەی باڵای فێستیڤاڵەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین و سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبونتان لە فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخاندا کە ئەمساڵ بەبۆنەی 107 هەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییەوە لە شاری دهۆکی خۆشەویست بوکی کوردستان بەڕێوەدەچێت وەک پێزانینێک بۆ ئەم بنەماڵە بەڕێزە کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بناغەیان بۆ زمانی نوسینی کوردی دارشت، دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی لەو سەردەمەدا بە چاپکراوی هەنگاوێکی گەورە بوو لەڕێگەی خزمەتکردنی مەسەلەی کورددا وەک وەڵامێکی دەمکوتکەر وایان ئەزانی کە بەلەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا ئیتر مەسەلەی کورد کۆتاییهات و لەناوچوو. سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە بواری ڕۆژنامەگەریدا دەستپێشخەرنەبوو لەڕووی ڕۆشنبیری و سیاسیشەوە جێگای شانازییە بۆ ئەو بنەماڵەیە و هەموو ئەوانەی شانبەشانی ئەوان و دوای ئەوان درێژەیان بەو خەباتە پیرۆزەدا و نەیانهێشت ئەو ئەستێرە گەشە لە ئاسمانی کوردستاندا بکوژێتەوە، ئالاکەیان بەرز ڕاگرت و هەمیشە بە شەکاوەیی بەرەو پێشەوەیان برد، وەلامی لەناوبردنی میرنشینەکانیان بە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری دایەوە. هەر لەو سەردەمەدا بوو، کە ڕۆشنبیرانی کوردستان دەستیان کرد بە خۆرێکخستن و لەڕیزی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیەکانی تر لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەستیانکرد بە خەباتێکی سیاسی ڕێکخراو دژی زۆر و ستەم و چەوسانەوە، لەپێناوی ئازادی و یەکسانی و مافی نەتەوەییدا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان کرد، بە ئۆرگانی خۆیان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانیان هەموو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کەلەو سەردەمەدا دەردەچون ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و بەڵگە ئەدەن بەدەستەوە کەلەناو دەوڵەتی عوسمانیدا زەمینە خۆشکەربوون بۆ شۆڕشی مەشرووتیەت و کۆتایی هێنان بە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی ستەمکار لە ساڵی 1908 دا، زۆر بەداخەوە ئەو سەرکەوتنە لە لایەن شۆڤێنیستەکانی ئیتیحادی و تەرەقی شێوێنرا، ئەو هیوا گەورەی نەتەوەکانی تورکیای عوسمانی لەو شۆڕشە مەزنە چاوەڕێیان ئەکرد نەهاتەدی و هەر زوو زیندە بەچاڵکرا، هەر ئەو سیاسەتەی ئیتیحاد و تەرەقیش بوو کە تورکیای فرێدایە ناو

ئاگری شەڕێکی سوتێنەر و تۆقێنەرەوە لەنێوان ساڵانی 1914 و 1918 کە بووە هۆی نەمان و لەتبونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئامانجەکەشی بۆ کورد دابەشبونی کوردستانی عوسمانییبوو بەسەر دەوڵەتی نوێی تورکیا و عێراق و سوریادا کە تائێستا بەشێکی زۆری گەلەکەی بەدەست ئازار و ڕەگەز پەرستانەیەوە بەو هەموو زۆر و ستەمەی لە کورد کراوە و ئەکرێ بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری و سیاسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەنگاوی گەورە دەهاوێژێ و نموونەی هەرە گەورە و زیندووش ئەم بەشەی کوردستانی عێراقی فیدرالییە، کە بۆتە مایەی هیوا و شانازی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ناوچەکە و ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق هاتۆتەدی پتا پێش چەند ساڵێک کە کورد خەونی پێوەئەبینی ئەبێ ئەد دەستکەوتە گەورەیە بپارێزین و گەشەی پێبدەین بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانە بخەینەکار. ئەو مەشخەڵەی بە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان هەڵگیرسا ئەبێت بەرز ڕابگیرێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ درەوشاوە تربێت، دیاردەی دڵخۆشکەر لەو بوارەدا ئەوەیە کە ڕۆشنبیرانی کورد لەماوەی 35 ساڵی ڕابردوودا بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەنێوان 1898 و 1960 دەرچوون سەرلەنوێ هەندێکیان لەگەڵ پێشەکی و ڕونکردنەو و لێکۆڵینەوەی پێویستدا بەچاپگەیاندوون، بەم کارەیان خزمەتێکی گەورەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی نەتەوەکەیان کردووە بەوەی بڵاوکراوەکانی سەردەمی پێشوویان بەنەوەی نوێ گەیاندووە و سەرچاوەیەکی هاوچەرخی ئەو سەردەمەیان خستۆتە بەردەستی مێژووئوسان. ئاشکراشە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەک بەڵگەنامە نوسراوەکان سەرچاوەیەکی گرنگ و بایەخدارن بۆ زانین و تێگەیشتنی مێژووی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەر نەتەوەیەک و نوسینەوەیان بەشێوەیەکی ڕاست و بابەتیانە. هیوادارین ئەو بزوتنەوە پیرۆزە هەر بەردەوامبێت بۆ بۆژاندنەوەی سامانی نوسراومان لە ڕۆژگاری ڕابردوودا.

ئامادەبووانی بەڕێز خوشک و برایانی خۆشەویست،

لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا کورتەیەک لەو بابەتانە پێشکەش دەکرێن کە بۆ فێستیڤاڵی ئەمساڵ ئامادەکراون و ئەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هیوادارین بە سەرنج و تێبینیەکانتان دەوڵەمەندیان بکەن و بیروڕاتان لەو بارەیەوە بەشێوەیەکی بابەتی بخەنەڕوو. سوپاسی ئەو بەڕێزانە ئەکەین کە ئەرکی پێشکەشکردنی بابەتەکانیان خستۆتە ئەستۆ، هیوای بەردەوامبون و سەرکەوتنیان بۆ ئەخوازین، سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە هاوکاری و کارئاسانیان بۆ کردووین بەتایبەتی برای بەڕێزمان کاک نێچیرڤان بارزانی کە ئەرکی تێچوونی میوانداری فێستیڤاڵەکەی لە شاری دهۆک گرتە ئەستۆ، هەروەها هی هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لەئامادەکردنی ئەم فێستیڤاڵە بەشداربوون و ئەرکیان کێشاوە بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانەی بە وێنە و پەیکەر و فۆتۆگراف هۆڵەکانیان ڕازاندۆتەوە و ئەو نوسەرانەی بە بەرهەمە چاپکراوەکانیان چاوی خوێنەرانیان گەشاندۆتەوە، سوپاسێکی گەورە بۆ دەزگای بەدرخان کە ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساندین و چوامانی بەدیتنی ئێوەی بەڕێز ڕوونکردەوە، جارێکی تر هەموو لایەکتان بەخێربێن سوپاس بۆ ئامادەبونتان.

کەمال فوئاد

22–4–2005

گورتە چیرۆک: بێگانەیەک لە گۆڕستان

نووسینی : شوان عەباس بەدری

ئەم شەویش بەبێئاگایی ڕێم کەوتۆتە گۆڕستانی شارەکەمان و وەک پیشەی هەمیشەییم، یەک یەک کێڵی سەر گۆڕەکان دەخوێنمەوە و بەهێمنی هەنگاو دەنێم، نەوەک ئارامی میوانەکانی ژێر خاک تێک بدەم و زیزیان بکەم، هەمیشەش کە دەگەمە سەر گۆڕی ژمارە 107 و ناو و سالڕۆژی لە دایک بوون و ڕۆژ و چۆنییەتی مەرگی دەخوێنمەوە وشک دەبم و چاوانم فرمێسکی بە خۆڕی پێدادێتە خوارەوە ! هەست دەکەم خاوەنی گۆڕەکە، دەناسم و کەسێکی زۆر نزیکی خۆم بووە، بەڵام هەرچەند بیر دەکەمەوە نایەتەوە یادم، کە کێیە و کێ بووە و بۆچی بەم جۆرە دڵتەنگی دەبم !؟ نەرمە بارانێک دەبارێت و بۆنی خاک مەستی کردووم بەڵام نازانم بۆچی هەرگیز بە دڵۆپەکانی باران تەڕ نەبووم سەدان جار شەستە باران دایکردووە و خەڵکی هەریەکە و بەجۆرێک پەنای بۆ شوێنێک بردووە و خۆی لە تەڕبوون پاراستووە، کەچی من لەژێر ئەو بارانە بەبێ ئەوەی تەنانەت دڵۆپێکیشم بەرکەوێت پیاسەم کردووە و گۆرانیم بۆ خۆم گوتووە! چەند هەنگاوێکم ماوە بگەمە سەر گۆڕی ژمارە 107 و دیسان هەست بە دڵتەنگیەکی بێ ئەندازە سامناک و سەیر دەکەم. دەمێ سالّە لە پووچی ژیان ڕادەکەم و پەنا دەبەمە بەر میوانەکانی ژێر خاک و کردووەن بە هاودەم و هاوڕێی خۆم ! ئاخر من گەیشتوومەتە پلەیەک لە پووچی و بێزاری و نائومێدی، کە ئیتر خەڵکی شار و هاوڕێ و کەسوکارم من نابینن و ون بووم لە بەر چاویان، چەند شەوێک لەمەوبەر، کە کەسوکارم نانی ئێوارەیان دەخوارد و خەریکی قسە و پێکەنین بوون، منیش خۆم کرد بە مااڵدا و لە سەر سفرە دانیشتم و سەلامێکم لێ کردن، بەڵام کەسیان وەڵامیان نەدامەوە و وەک هەمیشە بە دڵساردی خۆم کرد بە ژووڕەکەمدا، سەیرە وەڵامی سەلام و پرسیارەکانم نادەنەوە و لە گەڵمدا نادوێن، کەچی ژووڕەکەمیان لە چاوی خۆیان زیاتر خۆشدەوێت..! باش دەزانم ژیان لە ناو خۆیدا هاڕیوومی و سەرگەردانی کردووم، تەنانەت جێگەکەشمیان لە زانکۆ بەخشیووەتە کەسێکی تر و لە یادمە ئەو ڕۆژە هەر چەند هاوارم دەکرد ئەمە جێی دانیشتنی منە، کەچی ئەوان بە قسەکانم پێدەکەنین و گوێم لە مامۆستاکەمان بوو، کە دەیگووت: کەس نازانێ ئەو داماوە خەریکی چییە و ئێستا کاتەکانی خۆی چۆن پڕ دەکاتەوە لە گەڵ ئەو هەموو جڕوجانەوەرە! تەنها کەسێک کە هەستم پێ دەکات و هەمیشە باسم دەکات و لە گەڵمدا دەدوێت دایکمە، ئەوە کە هەمیشە هەست بە دڵتەنگی و ئازارەکانم دەکات و دێتە ژووڕەکەم و لێم دەڕوانێت و بە هێمنی و بە دەنگێکی میهرەبان لەبەرخۆیەوە و بەبێ ئەوەی من گوێم لێبێت چەند قسەیەک دەکات و فرمێسک بە چاوانیدا دێتە خوارەوە و منیش باوەشی پێدا دەکەم و فرمێسک دەڕێژم و لە ئامێزیدا هەموو دڵتەنگی و ئازارەکانم لە یاد دەکەم. گۆڕستانی شارەکەمان لە سەر گردێکی بەرزە، ئەمەندە بەرز کە هەموو شارت لێوە دیارە و شەوانە چراخانێکی ئارام و بێدەنگە و بە ڕۆژیش لە بەر ژاوەژاو و هاتوچۆ مێشکت جام و کاس دەبێت، بەڵام من هەمیشە ئەم شارە نەفرەتییە بە ڕەنگی خۆڵەمێشی و پڕ لە مرۆڤی نەخۆش و گێل و نەزان و بێخەبەر لە دنیا دەبینم، کۆمەڵە کەسێکی نەخۆش، کە خۆیان لە هەموو شتێکی دەوروبەریان هەڵدەقورتێنن و هەر ئەمەش بووە، هۆکارێکی سەرەکی پەنابردنم بۆ گۆڕستان و دوورخستنەوەی خۆم لە هەموو نەخۆشیزمەکانی چواردەورم.

لە لای گۆڕی ژمارە 107 بە چەند هەنگاوێک بۆ خوارەوەی چەند گۆڕێک، بۆ میوانی تازە ئامادەکراوە و منیش وەک هەمیشە بە ناخێکی لێوانلێو لە خەمۆکی سەیریان دەکەم و وەک هەمیشە ئاهێکی حەسرەت ئاسا هەڵدەکێشم و لە سەر بلۆکی بەردەم گۆڕی ناسیاوە نەناسراوەکەم دادەنیشم و لێی دەڕوانم و وەک پیشەی هەمیشەییم دەست دەکەم بە گفتوگۆ لە گەڵیدا!

– دیسان هاتمەوە لات ئەی بێگانەی لە ناو گۆڕدا نووستوو، دەزانم سالّەهای سالّە لە ژێر ئەو خاکە بوویتەتە هاودەم و هاوڕێیەکی خامۆشی و تاریکی بەڵام بڕوات هەبێت شتێکی ئەوەندە گرنگ و بە نرخت لە دەست نەداوە، هەر هیچ نەبێت ئاسودەیت کە مرۆڤت وەک خۆی نەناسیووە و ژیان یەخەی پێنەگرتووی و بە زۆر لە ناو قەفەسە ژەنگاوییەکەی خۆیدا دیلی نەکردووی..! خۆزگەم بە خۆت، کە خەنجەری بێوەفایی و خیانەت و دوڕوویی و تەماع و تانە و تەشەری مرۆڤت نەچەشتووە و وەک سیسێرکێک لە ژێر قورساییەکی پووچ و بێمانادا پان نەبوویتەتەوە. منی سەرگەردان و خۆدوورەپەرێز لە چواردەورم ببینە، ئەمەندە خۆم لە نەخۆشیزمە ناسیاو و نەناسیاوەکانم دوور خستەوە، کە دەمێ سالّە منیش وەک تۆ تەنها ناو و ناونیشانێکم لێ ماوەتەوە و هیچی تر ! کەس نامبینێت، کەس لەگەڵمدا نادوێت، جگە لە دایکم و خوشکەکەم کەس بیرم ناکات، هەندێ جاریش گەر گوزەرا باوک و براکانم سەرزارەکی باسێکم بکەن و فرمێسکێکی تامەزرۆییم بۆ بڕێژن. ئەوەندە ئازارم چەشتووە بە دەست ژیانمەوە، کە ئیتر وەک مۆمە خۆشەیەکم لێ هاتووە و ژیانیش بە ئارەزووی خۆی هەر ڕۆژەو بە شێوەیەک گەڕم پێ دەکات. من لە ناو بێ چارەنووسیەکی سامناکدا دەخولێمەوە و جگە لە ئارامی دوای مەرگ هەموو ئارامییەکم لە یاد کردووە. خۆزگە دەتوانی وەڵامم بدەیتەوە و بزانم تۆ کێی، کە هەمیشە فرمێسکی حەسرەتت بۆ دەڕێژم و دڵتەنگتم !؟ لەناکاو گوێم لە دەنگی منداڵێک دەبێت کە پێم دەڵێت :من تۆم و تۆش منی! بە بیستنی ئەم ڕستەیە ترسێک سەرتاپای دەروونم داگیر دەکات، ئەو منالّە کێیە کە بەرامبەرم دانیشتووە و سەرتاپای خۆڵاوی و بەرگێکی زەردی داڕزاوی لە بەردایە ؟!

بڕوانە ل 5

پاشماوەی کورتە چیرۆک: بێگانەیەک لە گۆڕستان
نووسینی : شوان عەباس بەدری

خودایە سااڵەهای سااڵە سەردانی ئەم گۆڕستانە دەکەم و دەمێ سااڵە لە سەر ئەم گۆڕە دادەنیشم بەاڵم ئەوە یەکەمجارە کەسێک لە گەاڵمدا بدوێت! تۆ بڵێی کابوس ببینم ! تۆ بڵێی دوچاری سکیزوتایپال بووبێتم و مێشکە نەفرەتییە تاریک پۆشەکەم ئەم ڕستەیەی بە گوێمدا دابێت؟! نە ... نە ئەی ئەوە نییە منداڵێکی بەرگ داڕزاوی دەم بە پێکەنین بەرامبەرم دانیشتووە و بە پێکەنینە زیقنەکەی ئازارم دەدات و پەنجەی ئاماژەی بۆ درێژ کردووم! ئەوەندە ترساوم کە توانای ئەوەشم نییە جگەرەکەی دەستم فڕێ بدەم و ڕاکەم، بە ترسەوە دەڕوانمە سیما خەمناکەکەی، کە ڕەنگی خۆڵی لێ نیشتووە و لە چەند شوێنێکەوە چەند قڵیشاوییەکی کەمی پێوە دیارە. لە شوێنی خۆم وشکبووم، زمانم تەتەڵە دەکات و دەنگی هەورە تریشقەو لێزمەی باران ترسەکەمی سەد ئەوەندە کردووە، لێی دەپرسم : ت...ت....تۆ ک....ک...ێ....ی؟

هەر بە پێکەنینە زیقنە ئازار بەخشەکەی وەاڵمی دامەوە: ئەی پێم نەگوتی من تۆم و تۆش منی.

هێزم دایە بەر خۆم و گوتم: تۆ چۆن منی منیش چۆن تۆم ؟ تۆ نزیکەی سی ساڵێکە مردووی و منیش هێشتا زیندووم ! تۆ منااڵێکی شەش ساڵانی و منیش وا دەبم بە سی و شەش ساڵ!

وەاڵمی دامەوە: من منداڵی تۆم و تۆش ئاوێنەی هەڵکشانی تەمەنی منی، دەمێ ساڵە دێیتە سەردانم و بۆم دەگریت بەبێ ئەوەی بزانی کێم، لە ڕاستیدا تۆ بۆ خۆت فرمێسکت دەڕشت و نەتدەزانی کە خۆت لێرە نێژراوی، تۆ سی ساڵ لەمەوبەر لە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیدا مردی و لێرە نێژرای.

– نە... نە درۆ دەکەی من تۆ نیم و تۆش من نیت، باشە گەر من مردبێتم چۆن هەناسە دەدەم؟ چۆن لەگەڵ کەسوکارم دەدوێم و بەشداری هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانم ؟ چۆن خوێندنگەم تەواو کردووە و چوومەتە زانکۆ و چۆن دایکم هەمیشە دێتە ژووڕەکەم و قسەم لەگەڵدا دەکات و لە خۆشەویستیدا فرمێسکم بۆ دەڕێژێت و منیش سەر دەخەمە سەر کۆشی و نازم دەکێشێت ؟ من نەمردووووووووم ،من زیندووووووم.

دیسان گوێم لە پێکەنینە زیقنە ئازار بەخشەکەیەتی، ئەمجارە بە دەنگێکی بەرزتر پێدەکەنێت بە جۆرێک، کە پەردەی گوێم لەبەر پێکەنینەکەی خەریکە دەدڕێت، هەر بەو کەنینە ئازار بەخشەی وەاڵمی دامەوە: ئەو کاتەی لە منااڵیدا مردیت و نێژرایت، ژیانت وەک خودی خۆت لە شەش ساڵیدا وستا و کۆتایی پێهات، بەاڵم تۆ هێشتا ئەوە نازانیت، کاتێک منداڵێک دەمرێت ڕۆحی بە بەردەوامی لە گەشە کردندایە و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە دەبوایە ببینیایە و گشت ئەو ئازارانەی کە دەبوایە بیچەشتایە، مەرگ بووە بەربەستێک لە بەر دەمیدا بە جۆرێکی تر و بە هەمان شێوە دەیانبینێت ! من خۆم لێرە بە جێ هێشتووە و لە ڕێی ئاوێنەکەی هەڵکشانی تەمەنم، کە تۆی هەموو ئەو شتانەم بینی، کە دەبوایە بمبینیایە . تۆ جگە لە ئاوێنەی تەمەنێکی ژەنگاوی بە باچوو، هیچی تر نیت .تۆ هەناسە نادەی بەڵکو تەنها الساییی ئەو کەسانە دەکەیتەوە کە هەناسە دەدەن، تا ئێستا لەکاتی هەناسەدان هەڵم لە دەمتدا هاتۆتە دەرەوە ؟ تا ئێستا هەناسەت تەنگ بووە؟ تا ئێستا کوێی؟

–نەخێر!

– تەواو کردنی خوێندنگە و زانکۆ تەنها و تەنها لە ناو جیهانە تایبەتەکەی تۆدا بوونی هەیە و لە ناو جیهانە ڕاستەقینەکەی مرۆڤ تۆ تەنها مرۆیەکی لە بیرکراوی، مردووی ناو دۆسیەی سەر ڕەفەکانی ئەرشیفی نەخۆشخانە و فەرمانگە حکومییەکانی و هیچی تر ...قسەکەی پێ دەبڕم و هاواری بە سەرا دەکەم: ئەی ئەوە نییە دایکم هەموو ڕۆژێ دێتە ژووڕەکەم و نازم دەکێشێت؟؟

بە چاوە سامناکەکانی بۆ ساتێک لە سەرتاپام دەڕوانێت و بە بزەیەکی تاڵەوە پێم دەاڵێت:– ئەوە ژووری تۆ نییە، ئەوە ئەو ژووڕەیە کە تۆ تێیدا لە دایک بووی و دایکیشت بە یادی تۆوە، کە ماڵەوە کەسی لێ نەبێت دێتە ژووڕەکە و دەتاوێنێتەوە و فرمێسکی تامەزرۆییت بۆ دەڕێژێت....

دیسان قسەکانی پێ دەبڕم و هاوار دەکەم: بەاڵم من کە سەر دەخەمە سەر کۆشی ئەو نااااااازم دەکێشێتتتتتت.

– نە ئەو تۆ نازی تۆ ناکێشێت، ئەو وێنەکەی تۆ لە ئامێز دەگرێت و دەستە میهرەبانەکانی بە سەر وێنە زەرد هەڵگەڕاوەکانی تۆدا دەهێنێت و تۆش لەو کاتەدا، کە سەرت لە سەر کۆشیەتی وادەزانیت نازت دەکێشێ و دەست دێنێت بەسەرتدا، ئەو هەست بەبوونی تۆ ناکا و تۆش تا ئێستا هەستت بە ئێش و ئازار و جەرگ سووتاندنی ئەو نەکردووە، تا ئێستا لە ناو وەهمێکی قوواڵ ژیاوی، وەهمێک بە ناوی ژیان و زیندوویەتی.

– باشە گەر ژیانی من وەهم بووبێت ئەی خۆ من خۆم بە چاوی خۆم سەدان مرۆڤم بینیووە، کە لە تاو پووچی ژیان و نائومێدی و بێ چارەنووسی و حەسرەت خۆیان هەڵواسیووە و کۆتاییان بە چەرمەسەری و بەدبەختییەکانیان هێناوە و لەگەڵ کەس و کارمدا لە پرسەی زۆربەشیاندا بەشدار بووم.

– ئەی کەس بەرەو پیرت هاتووە و پێشوازی لێ کردووێت؟

–نەخێر.

– وەک پێم گوتی تۆ ئاوێنەی هەڵکشانی تەمەنی پاش مەرگی منی، من ئەو ژیانەی کە دەبوایە بمبینیایە نەمدەتوانی ببینم لە ڕێی تووە بەڕێم کردووە و کەس هەست بە بوونی تۆ ناکات، جیهانی تۆ و جیهانی مرۆڤێکی زیندوو، وەک یەکە و هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە تۆ ئەوان دەبینیت و ئەوان تۆ نابینن، گەرنا وەک شتی تر، بە مردوو و بە زیندوو هەموومان لە ناو بازنەیەکی پووچ و بێ مانای پڕ لە ئازار و بەدبەختیدا دەخولەینەوە و ئەم بەدبەختییەش تەنها مەرگ چارەسەریەتی و تەنها مەرگە، کە دەتوانێت چکێ لە مەینەتییەکانی مرۆڤی زیندوو کەمبکاتەوە.

– کەواتە هەموومان هەریەکە و بە جۆرێک دوای وەهمێکی تایبەت بە خۆمان کەوتووین. بڕوانە

دواجار لە ڕێی مەرگەوە لە دەست ئەم هەموو نازارە ڕزگارم دەبێت، کەچی ئێستا بۆم دەرکەوت، کە تەنانەت ناتوانم خۆشم بکوژم و تا هەتایە دەبێت بە دەست ئەم خەمەوە تامی حەسرەت بچێژم.

پاشماوەی کورتە چیرۆک: بێگانەیەک لە گۆڕستان نووسینی : شوان عەباس بەدری

– بەڵێ بەڵام ئەوە لە یاد نەکەی زیندووەکان زۆر لە کەسە مردووەکان بەدبەختترن، کەسێکی مردوو هەموو ڕۆژێک تەنیاییەکانی خۆی دەژمێرێت و لە ئامێزیان دەگرێت و دەخەوێت، بەڵام مرۆی زیندوو شەو و ڕۆژ بە دەست ئازاری تەنیایی دەتلێتەوە، تەنیایی لە جیهانی زیندواندا دوو جۆرە، تەنیاییەکی بنیاتنەر و تەنیاییەکی ڕووخێنەر، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بە دەست تەنیاییەوە گیرۆدە بوون، بەدەست تەنیاییە ڕووخێنەرەکەوە دەنالێنن. ئەوانە ئەو جۆرە کەسانەن، کە ئەمەندە تەنیابوون ئیتر هەموو جۆرە چێژ و خۆشییەکیان لە بیر کردووە و کاتەکانی خۆیان بەدیار جاجاڵۆکەی ناو ژوورەکەیان بەسەر دەبەن و دواجار تەنیایی ئەمەندە تینیان بۆ دەهێنێت، کە ئیتر لە هەموو شتێکی جیهان دادەبڕێن و جیهانێکی تایبەت بە خۆیان لە ناو هزر و مێشکیاندا دەخولقێنن. هەر وەک تۆ یا باشترە بڵێم، هەر وەک من کە گەر زیندوو بوومایە دەگەیشتمە ئەوپەڕی بێزاری و پووچی و دوورەپەرێزی و خۆکووشتن.

چاو دەبڕمە ناو چاوی و بە دەنگێکی خەمبار و سیمایەکی خەمۆکەوە پێی دەڵێم:

– خۆکووشتن ساماناکترین ئەنجامە، کە مرۆڤ پێی دەگات، ئاخۆ من لە چ شوێنێک و لە چ کاتێک و بە چ شێوەیەک خۆم دەکوژم !؟

– بیرت نەچێت کە تەنها کەسانی زیندوو خۆیان دەکوژن، تۆ خۆت مردووی وەک پێم گوتی تۆ دەمێک ساڵە بووی بە ژمارەی ناو دۆسییەکی سەر ڕەفەی فەرمانگە حکومییەکان، ناوت لە هەموو شوێنێک خەتی بە سەردا هێنراوە و خۆکووشتنەکەشت تەنها ڕەنگدانەوەی خۆکووشتنی منە، لە ڕاستیدا ئەوە منم کە خۆم دەکوژم نەک تۆ.

– دەکرێت ئەمەندە نەڵێی تۆ منی و تۆ هیچ شتێک نیت، جگە لە من و ئەمەندە ئەم قسەیە دووبارە نەکەیتەوە ؟

دیسان بە پێکەنینە زیقنەکەی ئازارم دەدا و مێشکی کاس کردووم.

– نە، نابێ ڕاستی تاڵە و تۆش ئیتر کاتیەتی کە تامی ئەو ڕاستیە بچێژیت.

–چۆن مردی ؟

–لە کاتی گەڕانەوەم لە خوێندنگە ئۆتۆمبیلێک لێی دام و تا گەیاندمیانە خەستەخانە مردم .

– مەرگ ترسناکە ؟

– نە، هیچ ترسناک نییە و بگرە زۆر زۆریش ڕووخۆش و میهرەبانە.

– مەگەر مەرگ سیمای هەیە و دەتوانیت سیمای ببینیت..؟

– نە، بەڵام ئەوە باش دەزانم و لەوە تێگەیشتووم، کە بە پێچەوانەی ژاوەژاو و دڵڕەقی و شەتەکەکانی ژیان مەرگ هاوڕێیەکی بێدەنگ و ئارام و بەوەفایە.

– خۆزگەم بە خۆت کە توانیووتە مەرگ ببینیت و لە ئامێزیدا بخەویت، ئاخر من چەند بەدبەختم ئەم هەموو ساڵە بەدەست دڵڕەقییەکانی ژیانەوە نااڵاندوومە و خەنجەری چواردەورم خواردووە و دڵی خۆمم بەوە خۆشکردووە، کە دواجار لە ڕێی مەرگەوە لە دەست ئەم هەموو ئازارە ڕزگارم دەبێت، کەچی ئێستا بۆم دەرکەوت، کە تەنانەت ناتوانم خۆشم بکوژم و تا هەتایە دەبێت بە دەست ئەم خەمەوە تامی حەسرەت بچێژم.

– کێ گوتوویەتی تۆ نابێ بمری؟

– ئەی خۆت نەتگووت من ئاوێنەی تەمەنی نەبینراوی تۆم ؟

– ئەی خۆ منیش لە ڕێی تۆوە ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر دەبێت بمرم لە مەرگ ناترسی ؟

– نە من خۆم کە هەر مردبێتم ئیتر چ باکێکم لە مەرگ هەبێت ؟!

– ئەی خۆ یەکەمجار هاوارت بە سەرا دەکردم و دەتگوت من نەمردوم من زیندووم.

– ئاخر قبوڵ کردنی قورس بوو ، لەوە ناخۆشتر نییە چەندین ساڵ وەک کەسێکی زیندوو و زیتەڵە ژیابیت و لە ناکاو یەکێک بێت و ئەو جادووە بشکێنێت و تێبگەیت ژیانت جگە لە وەهم و درۆیەکی گەورە هیچی تر نەبووە، بەڵام دڵخۆشم کە دەزانم ڕۆژێک دادێ کۆتایی بەم هەموو ڕاکەڕاک و ماندوویەتی و ژیانە بێمانایەم دێت. سەیرە من تەنها بیرەوەرییەکانی شەش ساڵی سەرەتای تەمەنم نایەتەوە یادم ئەی خۆ تۆ ئەڵێی من ئاوێنەی تۆم ئەی چۆن ئاگاداری ئەو ڕووداوانەی پێش مەرگت نیم؟

–ئاخر تۆ تا پێش مەرگی من بوونت نەبوو، ڕووداوەکانی ژیانی تۆ لە شەش ساڵییەوە و دوای مەرگی من دەست دەکات.

– ئێستا تێدەگەم، کە بۆچی لە سەر دیوار و لەسەر ڕەفەی ماڵەکەمان تەنها وێنەی منداڵی منیان هەڵواسیووە و هیچ وێنەیەکی نوێم نییە، ئەم بابەتە زۆر ئازاری دەدام وامدەزانی ماڵەوەمان ڕقیان لە گەورە بوون و بیروباوەڕ و دنیا بینی منە، هەمیشە کە وێنەیەکی بە کۆمەڵیان لە ناو ئەلبومی یادگارییەکانیان دادەنا بە خۆمم دەگوت ئەوەندە بێزراوم لە لایان، کە تەنانەت ئامادە نین وێنەیەکم لە گەڵدا بگرن، خۆزگە هەرگیز گەورە نەبوومایە و هەر لە منداڵیدا بمردمایە، گەورە بوون و تەمەن هەڵکشان ژانێکی بێ کۆتا و بە سوێیە، گەورە بوون واتە ونکردنی چێژەکان و جێهێشتنی میهرەبانی و پاکی.

بڕوانە ل 7

پێش بینینی تۆ هەمیشە شارەکەم وەک زەلکاو و دۆڵێکی دۆزەخی بێ سنور و بێ کۆتایی دەهاتنە بەرچـــــاو...

پاشماوەی کورتە چیرۆک: بێگانەیەک لە گۆڕستان نووسینی : شوان عەباس بەدری

– باشە خەم مەخۆ و چێژ لە دەنگی ئەو لێزمە بارانە بگرە کە زەوی دەشوات و جارکی تر زیندووی دەکاتەوە.سەرم بەرەو ئاسمان بەرز دەکەمەوە و تاوێ ڕادەمێنم و بە دەنگێکی خەمگینەوە بە منداڵەکە دەڵێم: لە کاتی باراندا هەمیشە خەمەکانی من دوو ئەوەندە دەبن.

– بۆچی؟

– ئەوە چەندین ساڵە حەسرەتی تەڕبوون لە ژێر باراندا لە سەر دڵم ماوە، زۆر حەز دەکەم کە دڵۆپەیەک باران ماچم بکات و سەر و مل و هەموو گیانم بخوسێنێت. باران هەموو شتێک دەشوات جگە لەمن.

– نە، من پێم وایە جگە لە مرۆڤ باران هەموو شتێکی سەر ئەم زەمینە پاک دەکاتەوە، هەر چەندە دەمێ ساڵە مردووم و گۆشت و پێست و ئێسک و پرۆسکم بۆتە خۆراک و هاوەمی مار و مێرووی ژێر زەوی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من هێشتا وا دەزانم هەورە بروسکە درنگی کۆکەی یەزدانێکە، کە ئەم ڕۆژانە زیاد لە ئەندازە جگەرە دەکێشێت و بۆ تەنیایی خۆی دەگری!!!

وەڵامی دەدەمەوە – مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی پیس و فێڵباز و ترسناکە، ئاااە چەند خۆشبەختم، کە سەر بە دنیای مرۆڤە زیندووەکان نیم و لە ناو ژیانە پڕ لە زەلکاوەکەیاندا ناژیم و دوور و نزیک هیچ پەیوەندییەکم پێوەیانەوە نییە. منداڵەکە تاوێ بە نووکی پەنجەکانی یاری بە خاکەکەی بەردەمی دەکات و دواتر پێم دەڵێت: نە مرۆڤ زیاتر بوونەوەرێکی داماو و کۆیلەیە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت کۆیلەی دوو شتە لە ژیانیدا. لێی دەپرسم: ئەو دوو شتە چییە؟ وەڵامم دەداتەوە – مرۆڤ کۆیلەی پارە و مەرگە. بە گوتنی ئەم ڕستەیە خەمێکی قوواڵی بێ کۆتاییم لە چاوەکانیدا بەدی کرد، دواتر بەدەنگێکی خەمناکتر لە خەمی چاوەکانی دریژەی بە قسەکانی داو گوتی: هەمووان هەر یەکە و بە جۆرێک بە دوای پارەدا وێڵن و سەرگەردان ئەمەندە وێڵن، تا دواجار دەگەنە مەرگ و دەبن بە کۆیلەیەکی هەمیشەیی عەدەم..! لە هیچەوە دێنە ناو پووچی و لە پووچیش دەگەڕێنەوە ناو هیچ، داماو و پەرێشانن و کۆششێکی بێپایان دەکەن بۆ بەدی هێنانی خەون و ئارەزوەکانیان، کاتێکیش دەگەنە ئارەزوەکانیان تێدەگەن ئەو هەموو خۆشی و خەونەی، کە بۆ خۆیان هۆنیبۆوە جگە لە سەرابێک هیچ شتێکی دیکە نەبووە، نائومێدی جمکی مرۆڤە. پێکەنینی مرۆڤە خەمۆک و خەمگینەکان لە فرمێسک و هەنسکەکانیان بە سوێتر و ئازاربەخشترە. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بەدبەختەیە کە لەناو بن بەستێکی تاریکدا گیری خواردووە و سات لەدوای سات تەنافی نائومێدی زیاتر بە دەوری ملیدا تووند دەبێتەوە. بە هێمنی دەچمە تەنیشتی دادەنیشم و بە گوێیدا دەچرپێنم: – مرۆڤەکان کە باسی خۆکووشتن دەکەن هەندێکیان ئەو کارەیان بە لاوە شتێکی سەیرە و نازانن، کە کەسی خۆکوژ گەیشتۆتە دوا لوتکەی ئازاری دەروونی و لەوە تێناگەن، کە ئیتر ئەو کەسە ناتوانێت بەرگەی ئەو هەموو شەتەکە دەروونیە بگرێت و لەناو ئۆقیانووسی نائومێدی و مۆتەکەی بێ چارەنووسیدا نغرۆ بووە.

ئەوە تەنها مرۆڤە هۆشیارەکانن، کە لە پەیوەندی عاشقانەی نێوان ژیان و ماهیەتی خۆکوشتن تێگەیشتوون و ئەوانی دیکە تەنها چاوەڕێی مەرگ دەکەن و هیچی دیکە.

– مرۆڤ هەموو تەمەنی لەناو چاوەڕوانی بە سەردەبات و دواجاریش تێدەگات چاوەڕوانییەکانی چاوەڕوانگەلێکی ئەبەدی و ئەزەلین و هەرگیز ناشکێن.

وەک پرسیارەکانی.

–بەڵێ وەک پرسیارەکانی.

–ئەی چار چییە؟

– دانیشێت و بەخۆی و بەژیان و بە چوارەوری پێبکەنێت!

– ئاخر ئەمە ڕێگە چارە نییە.

– تۆ پرسیارت لێ کردم و منیش بەدیدی خۆم وەڵامم دایتەوە.

– دەزانی پێش بینینی تۆ هەمیشە شارەکەم وەک زەلکاو و دۆڵێکی دۆزەخی بێ سنور و بێ کۆتایی دەهاتنە بەرچاو... هەستم دەکرد کۆمەڵێ مردووی جەهەنەمی بەبێ ئەوەی، کە هەست بکەن مردوون، بە چواردەورمدا هاتوچۆ دەکەن و ئازارم دەدەن و لە هەموویان بێزار و وەرز بووم، بێ ئاگا لەوەی مردووی ڕاستەقینە خودی خۆم بووم، ئەوە من بووم گۆڕە تاریکەکەی دەروونم هەڵتەکاند بوو، هەوڵم دەدا لاسایی کەسە زیندووەکان بکەمەوە، پێدەکەنیم بەبێ ئەوەی قاقاکانم هیچ چێژێکم پێببەخشن، ئەوەی هەبوو تەنها مردوویەک بوو، کە وەک تارماییەک بە ناو کوچە و شەقام و پارکەکانی شارەکەدا پیاسەی دەکرد، بەبێ ئەوەی کەس هەست بە بوونی بکات و لە خەم و حەسرەتەکانی تێبگات.

– بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش سبەی ڕۆژێکی ڕووناک و نوێیە بۆ تۆ.

– ڕووناک و نوێ ! ئەی ئەوە ئێمە دوو سەعاتە باسی چی دەکەین ؟

– ژیان هەمیشە بەو جۆرە نییە، کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، هەندێک جار خەوێک یان ڕووداوێک یا بینینی کەسێک سەرتاپای ژیانمان دەگۆڕێت و دنیابینیمان بەرگێکی دیکە دەپۆشێت. من ماندوو بووم دەڕۆمەوە ناو جیهانە بێدەنگ و خامۆشەکەی خۆمەوە و تەنیاییەکانم لە ئامێز دەگرم.

– ئەی ناتبینمەوە ؟

– ئیتر هەرگیز نامبینیتەوە.

خەمبارانە دەست درێژ دەکەم تا بۆ دواجار ماڵئاوایی لە سیما و چاوە خەمۆکەکانی بکەم، بەڵام لە ناکاو لەبەر چاوانم ون بوو و منیش لە ژێر ئەو لێزمە بارانە وەک هەمیشە بە تەنیایی مامەوە.

******* ******

لە نێوان خەو و هۆشیاریدا، گوێم لە دەنگێکە کە دەڵێت: دکتۆر دکتۆر خەریکە دێتەوە هۆش خۆی.

– باشە بیگوازنەوە بۆ ژوورێکی تر.

پاش کەمێک تەنها ئەوەندە دەزانم، کە لەسەر دەستە بەرێک پاڵیان خستووم و پاڵم پێوەدەنێن، چاوەکانم کردۆتەوە و گڵۆپە شیرییەکانی بنمیچی ڕاڕەوەکە یەک.. یەک.. وەک شریتی ژیانم لەبەر چاوانمدا دێن و دەچن و لەو دووریشەوە گوێم لە دەنگی کەسوکارمە و منیش بیرم لە ژیان و گۆڕی ژمارە 107 دەکردەوە!

کۆتایی

چـــــــــالاکی کورد لە تـــــــــاراوگە

کۆسار عیزەت لە کۆتایی وەرزێکی تری تۆپی پێدا

پیرەمێردی نەمر دەفەرموێت: سەرم بەفرە و کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری.. ڕەنگە ئەم دێڕی هۆنراوەیەی پیرەمێردی نەمر، ڕێک بە باڵای ئەم گرووپەدا ببڕێت، پێمان باشە لە بڵاوکراوەی تاراوگەدا هەرجاری کوردێکی چالاکی تاراوگەنشین بەسەربکەینەوە، ئیتر لە هەر بواریکدا بێت، ئەمجارە بە کورتی تیشک دەخەینە سەر لایەنێکی بەڕێز کاک کۆسار عیزەت، لە دوای کۆچ و بەجێهێشتنی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٩دا، مانگی ٢ی ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتۆتە هۆڵەندا، ساڵێکیش دوای ئەوە دەستی کردەوە بە یاری فوتبۆڵ، کە لە ساڵی (١٩٨٩)ەوە وازی لێ هێنابوو، ئەوەش ساڵانێکی زۆر بوو، کە گەیشتە هۆڵەندا ئەمجارە لە تیپێکی پلە دووی هەرێمی (فریسلاند) وڵاتی بەستەڵەک، لە باکوری هۆڵەندا دەستی پێکردەوە. پاش جەند ساڵێک بە ماڵەوە هاتنە شاری (لاهای) دەنهاخ، دوای ئەوە ٤ وەرز بۆ تیپێکی تر لە لاهای یاری کرد، دواتر کە ماڵیان گواستەوە بۆ هەرێمی وڵاتی ڕۆژئاوا، تەمەنی هەڵکشاو تر بوو، هەر بۆیە باشتر بوو، لە ئاستێکی نزمتردا فوتباڵ بکات و هاوڕێکانیشی، کە پێکەوە فوتباڵیان دەکرد لە تەمەنەوە لەیەک نزیکن بوون، گەرچی زمان و کلتور و ئاین و وڵاتی ئەم گرووپە لە ناوخۆیاندا جیاوازە و نەبۆتە ڕێگر لەنێوانیاندا، کە چی وا بۆ ١٠ ساڵ دەچێت پێکەوە فوتبۆل دەکەن و زۆر بەختەوەریشن، بۆ بەشداربوون لەم گرووپەدا هەر یەکە ساڵانە وەک ئابونە ١٥٠ یۆرۆ دەدەن، هەموو شەوی ٤ شەممە لەسەر ٥ شەممە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە سەعات ٢٠:٣٠ تا ٢١:٣٠ ڕاهێنان دەکەن، هەموو دوو هەفتە جارێکیش یاریبان هەیە لە پێشبڕکێی هەرێمەکەماندا، یارییەکانیان لە نیوەی گۆڕەپانەکەدا ئەنجام دەدەن، ناوبژیوانیان نییە، دوو جێم یاری دەکەن و هەر جێمەیش نیو کاژمێرە، لە نێوان جێمی یەکەم و دووەم تەنها ٥ خولەک کاتی پشووە، تیپەکەیان ناوی کوینتس 2 ە، گرووپەکە لە 6 هەڵبژاردە پێکهاتووە، هەموو دوو هەفتە جارێک لە یەکێک لە لادێکان یاری دەکەن، جێگەی ئاماژەپێدانە، کە ئەم هەرێمەی کاک کۆسار عیزەت لێی دەژی بریتییە لە کۆمەڵە گوند و لادێی بچوک و مام ناوەند و گەورە و چەند شارۆچکەیەک. کۆسار لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لە کاتی ڕاهێنان و یارییەکاندا، تەواو چێژ لە هونەری فوتبۆڵ دەبینێت، هەر کاتێک بارگاوی دەبێتەوە بە ئاستەنگەکانی ژیان و سەختییەکان دەپڕوکێنێت و ئەم یارییانە خاڵییان دەکاتەوە لەو بارگانە. ڕۆژی 16–06–2019 دواین ڕۆژی یاریکردنیان بوو، هەر بەو بۆنەیەوە خولێک کرایەوە بۆ ٤ تیپ دەبوو، هەر تیپێک ٤ یاری بکات، لە کۆتاییدا بە بەدەستهێنانی ٦ خاڵ، گرووپەکەی کۆسار یەکەمی گرووپەکان بوون، پاڵەوانێتییەکە نزیکەی ٤ کاتژمێری خایاند.

پێش دەستپێکردنی پاڵەوانێتییەکە، ئەم دوو وێنەیەیان گرت بۆ یادگاری: وەستاوان لە ڕاستەوە: یۆهان (کاپتن)، ئاد، ڕۆبەرت، ڕوود، شۆن، ڕۆن و عەلی (ئەم لاوە خەڵکی مەغریبە و لەم وەرزەدا پەیوەندی پێوە کردوون).

دانیشتووەکان: (فرانس زایڵ، شاک، کۆسار عیزەت و فرانسی). بێگومان وەرزشکردن پێش جەستە ڕۆح نوێ دەکاتەوە، پنتی زۆر گرنگ هەیە لە پرۆسەی وەرزشکردنا، کە فەلسەفەیەکی قەشەنگی لە پشتە.

پێشەنگای تایبەتی تابلۆکانی هونەرمەند ڕزگار نەمین لە ئارنێم بەردەوامە

ڕۆژی 03–06–2019 پێشەنگای تایبەتی هونەرمەند ڕزگار ئەمین بە 17 کاری ڕۆنی لە شاری ئارنێم لە هۆڵی (de bibliotheek in kronenburg) کرایەوە، تا ڕۆژی 01–09–2019 بەردەوام دەبێت. ڕزگار ئەمین وەک لە ژمارە 6 ی بڵاوکراوەی تاراوگە ل 8 ڕۆژی 01–08–2018 ئاماژە بە کورتەیەکی ژیانی و هەندێ لە تابلۆکانی دراوە، هونەرمەندێکی کوردی باشورە لە ساڵی 1968 لە سلێمانی دایک بووە، لە ساڵی 1994 ەوە گەیشتۆتە هۆڵەندا و ئێستا لەگەڵ هاوسەر و سێ جگەرگۆشەکەی لەشاری ئارنێم دەژی و لە شارۆچکەی دوسبورخ کاردەکات. تابلۆکانی ڕزگار پێک هاتوون لە دیمەنی سروشت، کۆمەڵێک کاری هونەری دەگمەن و دانسقەی ئەوتۆی بە بۆیەی زەیتی و ئاوی کێشاون، بینەر پەلکێشی ڕۆمانسیەت دەکات. ڕزگار لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی زانکۆی ئوترێخت، بەشی هونەری پەیکەرسازی، هونەری بینراو و نەخشەسازی خوێندوویەتی و لە تابلۆکێشاندا پسپۆڕی وەگرتووە. سەرەڕای تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە کوردە، کۆمەڵێکی زۆر تابلۆ و کاری نەختینە و ئەنتیکی هونەرمەندانی 100 ساڵ لەمەوبەری هۆڵەندی نوسخەی ئۆریجنالی دەست کەوتووە، لەڕاستیدا شایانی ئەوەیە ئاوڕێکی جدی لەم هونەرمەند بدرێتەوە و بناسێنرێت بە هونەرمەندانی کورد لە وڵات و دەزگا پەیوەندیدارەکان، یان ئەرشیفی مۆزەخانەی نەتەوەیی کوردستان دروست بکرێت و لەوێدا ئەم بەرهەمانەی تێیدا بپارێزرێت.

ئەو کەسەی ویستی زۆرترین ڕەنگ ببینێت؟

هەر ئەو کاتەی بەبەرنامەیەک نوسەر و ڕۆژنامەنووس کاک کامەران سوبحان، گەشتێکی کرد بۆئەوروپا بەتایبەتی بۆ ئەڵمانیا، بەڵام کەزانی پێشانگەی هونەرمەندێکی وەک ڕزگار ئەمین هـــۆڵەندا کراوەتەوە، پلانەکەی گۆڕی و بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی خۆی گەیاندە ناو پێشەنگاکە، ئەو هیلاکی زۆری پێوە دیاربوو، بەڵام نوقمی جوانی سروشت هیلاکیەکەی بیرچووبۆوە، دواپشوویەکی کەم جارێکی دیکە پرسی بەیانی یەکەم وێستگەمان پێشانگەکەی ڕزگار دەبێت، ئەو بە بینینی تابلۆکان بەمۆبایلکەی وێنە لەدوا وێنە بەردەوام دەیگرت و ڕزگار ئەمینی خاوەن تابلۆکانی لەبیر کردبوو، لەناو ئارامی کەشی تابلۆکاندا، زۆر لەسەرخۆ بەبەردەم تابلۆکاندا زۆر بەوردی لێی دەڕوانین ؟ پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کورد لە تاراوگە چەند زۆریش بن، سەردانی پێشەنگا هونەری و کۆڕ و دانیشتنە کەلتوری کۆبوونەوەکان ناکەن...؟ بەڵام ڕۆژنامەنووسێک لە کوردستانەوە دێتە ئەوروپا، لە وڵاتێکەوە خۆی دەگەیەنێتە وڵاتێکی دیکە، بۆ بینینی کارێکی هونەری و کەلتوری، ئەمە پرسیارێکی جدییە.. ئەمە بۆ..؟

گۆشەی 14 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

مێرکل لەگەڵ درستبونی دەوڵەتی کوردستان نییە..

ئەنگێلا مێرکل، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە شاری "گوسلار" ی هەرێمی نیدەرزاکسن لە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارانی شارەکە ووتی دەبێت هەلومەرجێکی دادپەروەرانەی تەواو بۆ کورد لە عێراقدا بڕەخسێت و خاوەن دەسەڵاتێکی زۆری خۆبەڕێوەبردن بێت. مێرکل ووتیشی بونی دەوڵەتی کوردی لە بەرژەوەندی ناوچەکە نیە، بەڵام پاڵپشتی لەوە کرد کوردی کەباشووری کوردستان خاوەن دەسەڵاتێکی زۆری خۆبەڕێوەبردن بێت ولەگەڵ ئەوەدا نییە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێت .

سنوورێک بۆ تووندوتیژی دژ بە پیاوان دادەنرێت

لەدوو هەرێمی ئەڵمانیا ژمارەیەک سیاسەتمەدارو یاساناس پرۆژەیەکیان بەدەستەوەیە بۆ ڕیگرتن لەدەستدرێژی کردن سەرو وبەکارهێنانی تووندوتیژی پیاوان لەلایەن ژنەکانیانەوەو هێڵێکی گەرمی تەلەفۆنیشیان داناوە بۆ حاڵەتی بەپەلە، لەماوەچەند ساڵی ڕابردودا ئەمە لەئەڵمانیالە حاڵەتەوە بۆتەدیاردەوبەپێی ئاماری پۆلیس پێرار لەکۆی ١٢٧ هەزار حاڵەتی تووندو تیژی خێزانی ٢٤ هەزار حاڵەت لەدژی پیاوان بوەو ژنەکانیان زوڵمیان لێکردون ولێیان داون کەدەکاتە نزیکەی ١٨٪.

دانانی کرێی نۆتۆبان ڕەتکرایەوە..

دوێنێ دادگای باڵای ئەوروپی بڕیاریداداوای ئەڵمانیا ڕەتبکاتەوە بەدانانی کرێی جادەخێراکان" نۆتۆبان" لەگەڵ وڵاتەدراوسێکانی وەک نەمساو هۆڵەندا، چونکە پێشتر ئەڵمانیا داوایکردبو کارێی جادەبەبڕی ساڵانەی ١٣٠ یۆرۆ لەو نۆتۆمبێلەکاروانچیە ئەوروپیانەوەرنگرێت کەبەوڵاتەکیدا تێپەڕدەبن .

سیاسیەک دەڵێت، هاتنی کۆچبەران زۆر بەسوودە

" کریستیان ڤۆلف" سەرۆکی پیشوتری ئەڵمانیا، لە ڕێوڕەسمی یادی ٦٠ ساڵەی دامەزراوەی "کۆرنارد ئەدیناوەر" بۆ میدیا گوتی، هاتنی لێشاوی کۆچبەران بۆ ئەڵمانیا وەک ڕوخانی دیواری بەرلین سوودی بۆ وڵاتەکەی دەبێت و ئەمەش چەند ساڵێکی تر بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت، کە مێرکل کارێکی زۆر باشی بۆ وڵاتەکەی کردووە.

ڕێ لە زیادبوونی کرێی خانوو دەگیرێت

پارتە دەسەڵتدارەکانی هەرێمی بەرلین" سۆسیالدیمکوراتSPD وسەوزەکان Die Grone و چەپەکان Die Linke " ڕێککەوتن کە تا پێنج ساڵی تر، نەهێڵن خاوەن خانوو شوققە و کۆمپانیاکان کرێکانیان بەرزتربکەنەوە، ئەم بڕیارەش لەدوای خۆپیشاندانی فراوانی کرێچی و هاوڵاتیانی ئەو هەرێمەکرا لەدژی گرانبوونی بێ مانای کرێی خانوو، شایانی باسە لەبەرلین یەک ملیۆن و نیو شوققەی کرێ هەیە.

٣ کۆچبەردەستدرێژیان کردۆتەسەرمندالێک

سێ کۆچبەری عەرەب و ئەفغان لە ئۆردوگایەکی شاری ئۆگسبۆرگ، لە دوای ئەوەی خۆیان سەرخۆش دەکەن، بەپلانی نەخشە بۆکێشراو دەچن منداڵێکی ئەڵمانی دەڕفێنن و لە شوێنێکی تارێک هەرسێکیان دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر و دواییش لەوکاتەی دەیانەوێت بیکوژن، خەڵکیان لێ پەیدا دەبێت و منالەکە بە بریندارى بەجێ دەهێڵن، پۆلیس هەرسێکیانی گرتووە و خراونەتە بەردەم دادگا، داواکاری گشتی داوای زیندانی ١٠ ساڵی بۆکردوون.

تکتی فڕۆکە لە شەمەندەفەر هەرزانترە

ئەو پرسیارە زۆر دەکرێت، کە ئایا چۆن دەبێت زۆر جاران تکتی گەشتی فڕۆکە لە شەمەندەفەر هەرزانتر بێت، لە وەڵامی ئەمەدا ڕۆژنامەی دۆیچلاند ٣٠٠٠ی تایبەت بە لاوان دەڵێت: بەپێی ڕێکەوتنی ٥٢ وڵاتی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٤ەوە "کیرۆسین" کە بۆ فڕۆکە بەکاردێت، باجی لەسەر نییە بەپێچەوانەی بەنزین و گاز و کارەبا، کە بۆ ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و هۆیەکانی تری گواستنەوە بەکاردێت، باجی لەسەر دانراوە، جگەلەوەش لە گەشتی شەمەندەفەر باجی تریس هەیە بەڵام لەسەر فڕۆکە نیە.

تەکنەلۆژیایەکی نوێ، لەئەڵمانیا بەکاردێت

بە هاتنی سیستەمێکی تازە بۆ ناو مۆبایلێکی ئایفۆن، حکومەتی ئەڵمانیا دەیەوێت سوودی لێوەربگرێت و لەخزمەتی هاوڵاتیاندا بەکاری بهێنێت، ئەویش لە مانگی ئەیلولی داهاتووە و بە بەرنامەی AusweisApp2 هەموو هاوڵاتیان دەتوانن پێناسەکانیان بخەنە ناو ئەو ئەپە و بەبێ دیکۆمێنتی کاغەزی و تەنها بە نیشاندانی ئەو ئەپە گەشتەکانیان بکەن.

لە نێوان "پیتەربورگ "و "سلێمانی"دا...!
بەرزان هەستیار



دیستۆفسکی لە ساڵی "1848" دا لە ڕۆمانی "شەوە سپییەکان"دا سەبارەت بە یەکێک لە خانووە کۆنەکانی شاری "پیتەربورگ" لە زاری کارەکتەرێکی سەرەکیی ڕۆمانەکەوە دەنووسێت (هەرگیز ئەو خانووە نەشمیلە پەمەیی باوەم بیر ناچێتەوە کە هەر چەند بە بەریدا دەڕۆیشتم دۆستانە تێی ئەڕوانیم.. هەروەها وا دۆستانە و بە شانازییەوە ئەیڕوانییە دراوسێ خنجیلە جوولّەنەکەرەکانی خۆی، من دڵم ئەکرایەوە و کەچی بە داخەوە کە هەفتەی ڕابوردوو بەلایدا تێپەڕیم هەر وەک بە پەستییەوە بە گوێمدا بچرپێنێ و بڵێ " وا خەریکە بە ڕەنگی زەرد بۆیەم ئەکەن " وا بوو، ئای لەو دڵڕەقانە ئای لەو دڕندانە ! بەزەییان بە هیچیدا نەهاتەوە، نە بە پایەکان و نە بە گوێسوانەکاندا و ئێستا ئەم دۆستەم وەک مەلی کەناریی زەرد هەڵگەڕاوە)،

داخۆ ئەگەر "دیستۆفسکی " لەم سەردەمەدا بژیایە و خەڵکی شاری "سلێمانی" بوایە چی سەبارەت بەو هەموو خانووە شوێنەوارە پڕ یادەوەریی و مێژوویییانە بنووسیایە کە نەک ڕەنگکردن، بەڵکو هەندێکیان بە جۆرێک خاپووڕکراون کە ئەسەرێکی وایان نەماوە پێمان بڵێت ئەم شوێنە ڕۆژێک لە ڕۆژان ماڵ بووە، ماڵێک پڕ لە ژیان و جوولّە و کەسانێک بە نێوان حەوشەو ژووڕەکانیدا هاتن و چوون کە هەر کۆڵەکەیەک لەو خانووانەیان بارتەقای هەموو ساڵانی تەمەنیان خۆشویستووە، داخۆ چی سەبارەت بەو هەموو گەراجی ئۆتۆمۆبێلانە بنووسیایە کە بوونەتە میراتگرێکی ڕەزاگران و پەی دەر پەی سەرقاڵی سڕینەوەی یادەوەرییەکانمانن ،ئەبێ جێگە دەست وپەنجەی چەندین کرێکارو وەستای کارامەی تری ئەو سەردەمانە لە "سلێمانی" وسەرتاسەری کوردستاندا چاوەڕوانی کەوچکی بێڕەحمیی شۆفڵ بن و چاومان بە دیاریانەوە زیتەی بێت و کەسێک نەبێت بڵێ هەتا ئێرەو بەسسس

دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی زۆر ڕووداوی گرنگی مێژووی بزووتنەوەی کوردی لە سەدەی بیستەمدا بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوەیی گێڕاوەتەوە...

چەند وێنەیەک بۆ مێژوو

دکتۆر جەبار قادر

کاتی خۆی وتووێژێکی پێنج کاتژمێریم، لەگەڵ خوالێخۆشبوو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلیدا کرد و لە پرۆگرامی "بۆ مێژوو" باش لە بیرم نەماوە، لە تەلەفزیۆنی مەد یا میدیا یا ڕۆژ تیڤی بوو بڵاوکرایەوە. وتووێژەکە بە عەرەبی بوو و بە کرمانجی مۆنتاژ کرا. دکتۆر وانلی زۆر ڕووداوی گرنگی مێژووی بزووتنەوەی کوردی لە سەدەی بیستەمدا بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوەیی گێڕایەوە. بۆ مۆنتاژ کردنی وتووێژەکەش نزیکەی سەد وێنەی باشی بۆ ناردم کە هەندێکیمان بەکارهێنا. هەندێ لە وێنەکانیشم لە کاتی خۆیدا لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی مێژووییدا لە ڕۆژنامەکەی حیزبی زەحمەتکێشاندا بڵاوکردەوە.

وێنەیەکی لە گەڵ عەبدولکەریم قاسمە لە کاتی کۆنگرەی قوتابیانی جیهان لە بەغدا. لە سەر وتارێک کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوی کردەوە سەبارەت بە مافی کورد لە دەستووری عیراق لەو وڵاتە دەرکرا و ئەو ئەفسەرەی گەیاندێ فڕۆکەخانە پێی وتبوو ئامۆژگاریت دەکەم جارێکی تر سەردانی عێراق نەکەی.

دوو وێنەی لە گەڵ ئیحسان نوری پاشایە، یەکێکیان لە تاران و ئەوی تریان لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، دەوترا ڕژێمی شا ئیحسان نوری پاشای ناردبوو بۆ کۆنگرەکە بۆ ئەوەی لە دژی ئەو ڕژێمە کار نەکرێت.

وێنەیەکی تری لە گەڵ مەدام میتیرانە لە کۆنفرانسێک لە بارەی کوردەوە.

وێنەکەی تر لە گەڵ پاپای ڤاتیکانە، کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەبدورەحمان دورە پاپا پێشوازی لێ کردن.

لە کاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ یشدا لە گەڵ چەند کەسێکدا بە هیلیۆکۆپتەرێکی فرەنسی زوو خۆی گەیاندە کوردستان و لە ئامێدی نیشتنەوە.

پیاوێک کە سێ چارەکەی ژیانی لە ئەوروپا و هەموو ژیانی دوور لە کوردستان بەسەر برد بەڵام تا بڵێی کورد بوو و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی تەنها کوردایەتی کرد.

زۆر بەختەوەرم کە لە ساڵی ١٩٩٤ەوە تا کۆچی دوایی یەکێک لە نزیکترین کەسەکانی بووم و لە کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ماوەی شەش ساڵی جێگری بووم و پێکەوە کاری زۆرمان کرد و پێکەوەش لێی کشاینەوە. پێش ئەوەش لە پەڕلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پێکەوە ڕۆژانی زۆرمان بەسەر برد و دۆسێیەکی گەورەی نامە و نامەکاریش لە نێوانماندا پارێزراوە.

زمانی کورد لەمەترسیدایە، زمانی سەقەت و سەقەتکردنی زمان بەشی یەکەم

نوسینی نوری کەریم ئەڵمانیا

ڕێزمان، ڕێنوس، ئاخاوتن،
لە ئاخاوتندا سێ چوار زار بەکاردەهێنین،
لەنوسیندا چوار ئەلف و بێ بەکاردەهێنین،
ڕاگەیاندن و میدیا بە سێ زار(دیالێکت) پەخشدەکرێت.
سەرەتا پێویستە بە خوێنەری هێژا بڵێم کە بابەتێکی زمانەوانیی وەها گرنگ، پەلوپۆی زۆری لێدەبێتەوە،ئەوەش لەوتارێکدا جێگەی نابێتەوە،هەوڵدەدەم لەکورتی بیبڕمەوە و لە وتارێکدا کەبۆ ڕوژی زمانی دایک ئامادەم کردووە دریژەی بدەمێ.. شەڕەفخانی بتلیسیی و زۆرینەی شارەزایانی زمان لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی کورد(زمانی کوردی) لە چوار لق پێکدێت: کرمانجیی، لوڕیی، گۆرانیی و زازایی.

1– کرمانجیی دو لقە:

ئا / کرمانجیی باکور/ کرمانجیی ڕۆژئاوا(بۆتانیی): بادینانی، بۆتانیی، ناشتیانیی، هەکاریی و بایەزیدیی. دانیشتوانی کوردستانی باکوور، نێوەڕاست و باشووریش هەتا خوار دهۆک، ئامێدی، زاخۆ و ڕۆژئاوای زێی گەورە پێ‌ی دەدوێن. کرمانجیی باکورفراوانترین دیالێکتەکانی زمانی کوردی یە و زۆرترین کورد پێیدەدوێن وبریتییە لە: شێوە ئاخاوتنی کوردەکانی ئەریڤان، باروکلی دەوروپشتی ئارارات، کوردەکانی بایەزید، ورمێ، هەکاری، شەمدینان، بادینان، نورعابدین، ماردین، ئامەد (دیاربەکر) و باکووری سوریا.

بێ/ کرمانجی باشور– کرمانجیی ڕۆژهەڵات– کرمانجیی نێوەڕاست (سۆرانیی) بریتی یە لە : موکریی (سابڵاخ، سنە، سەقز، بانە، بۆکان و مەریوان)، سلێمانیی، هەولێریی،کەرکوکیی پێ‌ی دەئاخافتن..

2 – لوڕیی (کەڵهوریی) : شێوە زاری کرماشان، بەختیاریی،خانەقین. دیالێکتی لوڕی بچوکیش مامە سەنی، کەلهوڕی و فەیلی دەگرێتەوە.

3– گۆرانیی (هەورامیی): شێوە زمانی گۆرانی، زمانی فەرمی میرنشینی ئەردەڵان و زمانی شیعریی مەولەویش بو. بەڵای تۆفیق وەهبی بەگیشەوە بریتییە لە (گۆرانی، هەورامی، زەنگنە، کاکەیی، باجەلانی.)

4 – زازا، دیالێکتی کوردەکانی دەرسیم و چەند ناوچەیەکی باکور.

کورد بە شیوەیەکی گشتیی زمانی دراوسێکانی دەزانێت، بەشێک لە کوردانی باشورلە هەرسێ زمانی عارەبی، تورکمانیی، فارسیی،یەکێکیان، دوانیان یا هەرسێکیان دەزانن. کوردانی خۆرهەڵات لە خوێندنگەدا فێری زمانی فارسیی دەکرێن و هەندێکیان عارەبیش دەزانن،کوردانی باکور لە هەمو کایەکانی ژیاندا بەجۆرێک زمانی تورکیای داگیرکار بەسەریاندا سەپێنراوە ژمارەیەکی بەرچاویان کوردی نازانن!! کوردانی خورئاواش لەپاڵ زمانی کوردیدا، عارەبیش فێردەبێت کە زمانی فەرمیی وڵاتی سوریا و خوێندن و پەروەردەیە. هەژمونی بندەستیی و سەپاندنی زۆرەملیی کارێکی کردووە هەرکوردێک لەبەرامبەر بێگانەیەکدا ئەگەر زمانەکەشی نەزانین، زۆر لەخۆمان دەکەین فڵتە فڵت دەست پێدەکەین و هەمو گیانیشیمان پێدەکەنێت، کە چەند ژیرو وریاو لێهاتوین، زمانی بێگانە دەزانین! مرۆڤ چەند زمان بزانێت، ئەوەندە پتر پتر فێربێت و تێبگات، بەڵام بەمەرجێک بایەخدان بەزمانەکەی خۆمان پشتگوێ نەخەین. زمانی کوردیی بە بەراورد بە زمانی فارسیی و تورکیی، زمانێکی پاک و پەختە، هەرچەند دەوڵەمەند نییە، بەڵام پەکیشی نەکەوتووە، بەڵکو جێگەی سەرسوڕمانی دۆست و دوژمنیشە، کە ئەم نەتەوەی کورد بە ئەم هەزاران ساڵ ژێردەستیی و چەوساندنەوە و کوشتن و بڕین و پاکتاوکردنی نەژادیی و کاوڵکردنی وڵات و بەردەوام وەشاندنی تۆوی ناکۆکیی و دوبەرەکیی و کورد کوشتن... ئەم زمانی کورد چۆن لەنێونەچووە، ماوەتەوە و گەشەشی کردووە، بەپێچەوانەی چەندین زمانی وەک قیبتی لە میسر و زمانی ئەمازیریی گەلانی باکوری ئەفەریقا. خەمخۆرانی زمانی کوردی زۆرن، بەڵام بە بەراورد بەوانەی لە ڕوی زانینەوە یا نەزانینەوە زمانەکەمان تێکدەدەن و بەدەستی ئەنقەست وشەی بێگانە و نەخوازرا و دەخزێننە نێو کایەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، خەمخۆران لەچاو ئەوانەدا کاریگەری یەکی بەرچاویان نییە. زۆر سەیرە کە دەبینین ئێستا وشەگەلێکی وەک (زەواج، صەوت، گەعدە، جەو، مورتاح، تەصویر) لە لادێکانیش بەکاردەهێنرێن و جێگەی وشە ڕەسەنەکانیان گرتۆتەوە، ئەوەش نیشانەیەکی ترسناکە و دەستی دەرەکیی و ناوەکیی بەپلان و بەرنامە کاریان لەسەر کردووە، ئەگەرنا وشەگەلێکی وەک: فۆرمی خۆراک، ڕوداوی هاتوچۆ، بیمەی بێکاریی، پێشینەی هاوسەرگیریی، پێشینەی خانوبەرە، کارتی ئاسایش، تیرۆر و دژەتیرۆر، کۆمپانیا، باجی داهات، بێژەر، موچە، موچەخۆر، کار، کارمەند، بێکاریی.. زۆر سادەو ئاسان جێگیربون و پیرەژنێکی نەخوێندەواریش بەکاریان دەهێنێت..

تۆ سەرنجیک لەم هۆنراوەیەی حەزرەتی مەحوی بدە، کە لە ساڵانی١٨٣٦ – ١٩٠٦دا ژیاوە:

کەخوا بیدا، لەهێڵێکی ئەدا، سەیری هەیە ڕێکەوت **
وەنەوزم دا، نیگارم هاتەخەو،من ئەمشەوخەوم پێکەوت

مەحوی نەمر ١١٣ ساڵ لەمەوبەر (نالێم لەهەمو هۆنراوەکانیدا)، بە ئەم زمانە کوردی یە پوخت و پاکە دەدوێت، نەخێر زۆرێک وشەی بێگانەی بەکاربردووە، بەڵام ئەو سەردەمە ئاسایی بووە، ئینجا ئەوسا لەکوێ و ئێستا لەکوێ، کە شەرمەزاری یە نەتوانین بەزمانی خۆمان بدوێین وشانازیی پێوەبکەین. ئەوە چ کارەساتێکە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان نەزانێت بەکوردی یەکی ڕەوان بدوێت، بەباوکی دەڵێت (ئەمەوێ زەواج بکەم)، باوکیشی کە سەرکۆماری عێراق بوو دەڵێت: (تۆ زەواج بۆخۆت دەکەیت، کەیفی خۆتە) پرسیار و وەڵامێک نەک هەر لە ڕوی زمانەوە، لەروی پەروەردەییشەوە زۆر کاڵ و کرچە.

کەنالێکی تەلەفیزیۆن لە ڕێبوارێکی پرسیی: ناقی خودێ بە عەرەبی چییە؟ لەوەڵامدا وتی: بەخودێ نزانم!! ئەمەیان گەلحۆیی یە چونکە ڕۆژانە وشەی(الله) و(وەڵا) بەکاردەهێنێت.

سەد ساڵ لەمەوبەر مەلا محەممەدی کویی، کە ناسراوە بە مەلای گەورە ، ناهەقی نەبو، ڕو لە کورد فەرمویەتی:

ئێوە (احقر الناس)ن ئیمڕۆ لەبەینی ئومەم *
قیسمێ بەندەی تورکن، هێندێ خادمی عەجەم
ئێوە بێ قەدر وقیمەت و بێ عەسکەر و عەلەم*
بێ تاج و تەخت ودەوڵەت، ژێردەستی کوللی عالەم}

* ئەحقەرئەلناس(ئەحقەرننناس) واتا سوک و ریسوا و بێنرختترین کەسانی سەرزەمین . دوژمن بەهۆی بەکاربردنی زمانی دایک، پەرلەمانتاری کورد ڕاپێچی زیندان دەکات!! جا تۆ تەماشا کوردێک لە باکور لەسەر بەکاربردنی زمانی کوردیی ڕاپێچی زیندان بکرێت،بەڵام چەند شەرمە لە باشور،خۆمان زمانەکە ی خۆمان شەل و شکست و کوێرەکەین، سەقەتی دەکەین، دەیکوژین و هیچ لێپرسینەوەیەکیش نییە!؟ سڵاو لە هەستکردن بەکوردبون، سڵاو لە شانازیکردن بەکوردبونەوە، سڵاو لە بەرخۆدان و قوربانیدان لە پێناو شەرەفی وڵات و نەتەوەدا،سڵاو لە مەشخەلهەڵگرانی شاری خامۆشان،شاری کوێران ،لە گیان لەسەردەستانی شێرە ژن و پیاوەکانی نێو هۆڵی پەرلەمانە قرچۆکەکەی تورکیا، کە سل ناکەنەوە لە تۆقاندن و زیندان و ئەشکەنجە.

ڕاستیی مرۆڤ لەو شتە دا نییە کەنیشانت دەدات، بەڵکو لەوەدایە کە ناتوانێت بۆت دەربخات، بۆیە گەر ویستت بیناسیت،گوێ بەوە مەدە کە دەیڵێت،بەڵکو گوێ بۆ نەوە شل کە نایڵێت

جبران خەلیل جبران (١٨٨٣-١٩٣١) *

شاعیر و نووسەرو نیگارکێشی ناودار جبران خەلیل جبران لە شاری بشری لە باکوری لوبنان لەخانەوادەیەکی هەژار چاوی بەدنیا هەڵێناوە، دایکی ناوی کامیلا بووە و باوکیشی خەلیل بەکەسێکی بەدڕەوشت و مەیخۆرو قومارباز دەناسرا، دواتر بەتاوانی خواردنی پارەی خەڵک، تا قەرزەکانی بداتەوە زیندانی دەکرێت و ئیدی هەرچی هەبووەم دەستی بەسەردا دەگیردرێت، ئەم گرفتاریانەش دایکی ناچار دەکات، کە بڕیاری کۆچکردن بەرەو ئامریکا بدات، بۆیە جبران و پەترۆسی برای و هەردوو خوشکی ماریانە و سولتانە، لەگەڵ دایکیان وڵات بەجێدەهێڵن، جبران لەبەر خراپی باری گوزەرانیان لە تەمەنی منداڵیدا نەخراوەتە بەر خوێندن، بۆیە لە ئامریکا هەر زوو پەنا دەباتە بەرخوێندن، پاشان دەست دەداتە ئەدەب و نووسین بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. جبران بەشێوازە رۆمانسییەکەی بۆتە هێمایەک بۆبنەما و گەشەی سەردەمی ڕاپەڕینی ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخ، بەتایبەتیش لە پەخشانە شیعردا، جبران ئەندامی یەکێتیی پێنووسان بووە لە نیویۆرک کە بە"شاعیرانی تاراوگە" دەناسرێن، هاوشانی نووسەرانی وەک:-ئەمین ڕەیحانی و میخائیل نەعیمە و ئیلیا ئەبومازی لەچالاکیدا بووە. ساڵی ١٩٢٣ بە بەرهەمی "پەیامبەر" ناوبانگ دەردەکات، چەندین گوتاریش لەبارەی فەلسەفەوە بەئینگلیزی دەنووسێت، بەڵام زێتر بەزمانی عەرەبی نوسیوویەتی، پەرتوکەکەی لەپڕفرۆشیدا لە دوای شێکسپیر و لاوزێ هاتووە و پەیامبەر وەرگێڕدراوتەوە سەر ١١٠ زمان لەوانەش چینی. جبران چەندین بەرهەمی تری هەیە، لەژیانیشیدا پەیوەندییەکی خۆشەویستیی هەبووە لەگەڵ مەی زیادەی نووسەری فەڵەستینی کە لەقاهیرە دادەنیشت، ئەو پەیوەندییەش عەشقێکی پاک بووە و بەبێ ئەوەی لەهەموو ژیانیشیان یەکتر ببینن، تەنها ئەوگوزارشت و هەستەیان بەنامە بۆ یەکتر بەیانکردووە و ئەم پەیوەندییەش بیست ساڵی خایاندووە و دواجار هەردوو عاشق بەسەلتی دەمێننەوە و نەجبڕان ژن دێنێت و نەمەی زیادەش شوو دەکات، ئیتر بەمردنی جبڕان لە١ی ئەپریلی ١٩٣١ لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا بەنەخۆشی سیل کۆتایی بەچیرۆکە دڵداریەکەیان دێت، دە ساڵ دوای دڵدار دولبەریش لەساڵی ١٩٤١ دا ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکات، هەرچەند چەندین خوازبێنیشی هەبووە، بەڵام گشتیانی ڕەتکردۆتەوە،تا لەو دنیا بەسەلتی بەئازیزەکەی بگاتەوە. جبران خەلیل جبران گوتەی جوانیشی زۆرە،لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:-

– فێربە جێی بهێڵیت،هەرشوێنێک کە شایانت نەبێت.

– دڵپاکی گەمژەیی نییە،بەڵکو پەروەردەیەکی باش و ئاکارە.

– پەیوەندییە تۆندوتۆڵەکان، پێکهاتووە لەتێگەیشتنی روحەکان.

– بیرت دەکەن، کاتێ لەدۆزینەوەی کەسێکی وەک تۆ شکست دەهێنن.

– بۆ خۆت ڕۆژەکانی خۆت جوان کە، چاوەڕێی جوانی ڕۆژ لەکەس مەکە.

– پاریزگاری لە شکۆی خۆت بکە، هەتا گەر بگاتە ئەوەی ببیتە هاوڕێی دیواری ژووورەکەشت.

– گەر زیاد لەپێویست خۆشەویستی بکەیت، ئەوا زیاد لەپێویستیش دووچاری ژانی دڵ دەبیتەوە.

–بەختەوەرم مەکە، بەڵام شادییشم گەندەڵ مەکە.

– فرمێسکی ئەوین جوانە، گەر یەکێ بدۆزیتەوە بیسڕێتەوە.

– ڕێز لەسەرووی هەموو شتێکە، لەسەرووی هاوڕێیەتی و لە بان خزمایەتی

وخۆشەویستیشە.

– کەسانێک هەن بەدوای هەڵەکانتەوەن، تا لێت دوور بکەونەوە، هەشە چاو لەشاشیەکانت دادەخات، چونکە خۆشی دەوێیت.

– بابایەک هەن کە لێت نزیک دەبنەوە، ئەوسا دەزانیت هەندێ شت لەدوورەوە جوانترن.

– با هەر یەکە و بەڕێگای خۆیدا بڕوات، من بۆلای تۆ و تۆش بۆلای من.

– دوو شت مرۆڤ ئازاردەدەن: خۆ سەرقاڵکردن بە ڕابردوو و خۆسەرقاڵکردن بە خەڵک.

– کە دڵ بە شتێک شکا؛ ئەوا هەزار لێبوردنیش دادی نادات.

– ئەوانەی دەچنە دڵتەوە بەوردی هەڵیانبژێرە؛ چوون لەخۆت زیاتر کەس باجی نیشتەجێیبوونیان نادات.

– وا بکە زەردەخەنەکانت کەسانی دەوروبەرت بگۆڕێت و مەهێڵە دەوروبەر بزەو خەندەت بگۆڕن.

– دوورترین ماوەی نێوان دووکەس؛ هەڵە لێکتێگەیشتنە.

– تۆ کەسێکی زۆر بەختەوەریت، گەر خودانی کەسێک بیت کاتێ باسی"هەڵسوکەتە بەدەکانت"ی بۆ دەکەیت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەتۆ.. کەسێکی خراپی.

– ترست لە لەدەستدانی کەسێک نەبێت، بەڵکو لەوە بترسە کە خودی خۆت لەدەست بدەیت، لەهەوڵی ڕازیکردنی کەسانیتر.

– هەژار؛ ڕاستگۆترین عاشقە، لەبەرئەوەی بێجگە لەدڵێک پەی بە هیچ شتێکی تر نابات، کە بۆ تەفرەدان پێشکەشی بکات.

– ئەوەی هەست بە ئامادەنەبوونت نەکات، ئەوا دڵنیابە هەست بە بوونیشت ناکات.

– نیشانەکانی پێگەیشتن ئەوەیە کە پەیڤە جوانەکان چیتر بەتەنێ کارت تێناکەن و سەرنجت ڕاناکێشن و هەست بە خۆشەویستییان ناکەیت، بەڵکو تەنها هەڵوێست و کردارەکانت بەوە هەڵدەستن.

– نیوەی شیکپۆشیت لە وشەکانتە و نیوەکەی تریش لە ڕەوشتت.

– گەر هەستکرد پێویستت بەدەستێکی گەرم هەیە، ئەوا دەستەکەی ترت بگرە،چونکە هیچ کەسێک نادۆڕێت گەر بڕوای بەخۆی بێت.

– ڕەوشتی مرۆ ئاوێنەی دڵیەتی؛ ئەوەی هەڵسوکەوتی جوان بێت، ئەوا دڵێکی ساغی هەیە.

–گەر ڕابردووت پەیوەندی پێوەکردیت و پێی گوتی، کە تاسەی دیدارت دەکات، بەهێمنی دایخە و بڕۆ ئێستات لەباوەش بگرە.

– خراپترین هەڵەمان، خۆ سەرقاڵکردنمانە بەهەڵەی خەڵکانی دی.

* سەرچاوە ویکیپیدیاو ڤیدیۆی یوتوب لەعەرەبییەوە.

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

ئاری بابان

لە ساڵی 1953 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە
– قۆناغەکانی خوێندنی لە کەرکوک تەواو کردووە و زانکۆی موستەنسریە– کۆلێجی ئاداب، بە شی زانستی کتێبخانەکانی لە بەغدای تەواو کردووە.
–لە کۆتایی شەستەکانەوە لە بواری هونەردا کاردەکات.
– یەکەم پێشانگەی هونەری لە ساڵی 1970 لە کەرکوک و لە هۆڵی ئامادەیی ئیمام قاسم کردۆتەوە، لەگەڵ هونەرمەند(گارا) و هونەرمەندی کۆچکردوو (ئەیوب شەریف).
– تائیستا لە 120 پێشانگەی هاوبەش زیاتر بەشداری کردووە، لە شارەکانی کوردستان(سلێمانی، کەرکوک، هە ولێر و دهۆک)، لە نێوان ساڵانی 1972 تا 2014.
– هەروەها بە شداری کردووە، لە پێشانگەی هاوبەشی لە دەرەوەی هەرێم،وەک (لەندن، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و شەوی هونەرمەندان لە فنلەندا).
– هەروەها 8 پێشانگەی تایبەتی کردۆتەوە و خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە:
1– کتیبی (الملاک الفاسد)ی یوسف فرانسیسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی. 2–کتیبی (اکتشاف الشهوة)ی نوسەری جەزائیری، فضیلة الفاروق–ی کردووە بە کوردی.3– کتیبی (سێ کوچکەی حەرامکراو)ی نوسەر عەلی بویاسینی کردووە بە کوردی.
4– چەندین گوتار و نوسینی هەمەچەشنە بڵاوکردۆتەوە. 5– چەندین کۆڕ و سمیناری دەربارەی ئەزمونی هونەری گێڕاوە.
7– جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی هیوا بووە. 8– ئەندامی ئەنجومەنی باڵا و سەرۆکی ناوەندی کەرکوک بووە.
– بەڕێوەبەری کتیبخانەی گشتی سلێمانی بووە و ئێستا شارەزایە لە بواری کتێبخانەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری.
بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم دوو لینکە:
https://www.facebook.com/ari.baban.12/photos_all
www.aribaban.webs.com



Acrylic On Canvas 70x100 Cm 2013

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

01 Juli . 2019 No. [58]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

چوون بۆ سەرکار بە سێ چارەکەوە لە فەرمانگە حکومی و ناحکومیەکانی هۆڵەندا بۆ پیاوان ڕێگە پێنەدراوە،.... ل 1

بۆچی بێوار...؟ بەشی سیازدەمین، دوو نامەی سەردار فەتاح ئەمین و ئیسماعیل تەنیا... ل 2

کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان– بەشی سێیەم، ل3 ،

مۆنۆدرامای سەرکەوت ئارۆ– ئامادەکردنی تاراوگە– ل 4

گۆشەی 15هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە. ل 5 و 6،

چالاکی کورد لە تاراوگە: دیداری شیعری کوردیی لە ئەمستردام و دابەشکردنی بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسێن عارف ل 7. زمانی کوردیی لە مەترسیدایە، مامۆستا نوری کەریم، ل 8.
دوو نووسینی موزەفەر عەزیز دەربارەی ڕووداوێک لە فڕۆکەخانەی هانۆڤەر و پلەی گەرما،

هونەرمەندی شێوەکاری کورد:
کوستان حەمال ل 14

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

01 Juli 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 52
01 تەموزی 2019

چوون بۆ سەرکار بە سێ چارەکەوە لە فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکانی هۆڵەندا بۆ پیاوان رێگە پێنەدراوە،...

قوربانییەکانی قەندیل

ڕۆژی 27-6-2019 جارێکی دیکە، فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بۆردومانی بناری قەندیلیان کرد و بەهۆیەوە لە گوندی ئاشقوڵکە ژمارەیەک قوربانی ژن و منداڵی لێکەوتەوە. هونەرمەندی شێوەکاری کورد محەمەد ئیسماعیل بەم شێوەیە لە واڵاکەی خۆیدا هەستی خۆی دەربڕیووە.

سێ ڕۆژ گێژ بووین لەسەر بابەتی خانمێکی نیقاب(باڵاپۆش)، لەلایەن ڕەخنەگران و لایەنگرانیەوە..! کەچی فرۆکە جەنگیەکانی تورکیای فاشیزم ناوچەسنووریەکانی هەرێمی کوردستان بۆردمان دەکات، بە دەیان قوربانی لە ژن، پیر و منداڵی هاوزمان و هاوڵاتی خۆمانی شەهید کردووە...! کەس ئیدانەی ئەردۆغان و دەسەڵاتی تورکیا ناکەن، ئای لەویژدانتان، حکومەتی هەرێم ئای لە ویژدانتان پەرلەمانتاران، ئاااااای لە هەڵوێستتان ڕۆشنبیران و ڕوناکبیران، ئای لە هەڵوێستان ئەی میللەت.

چوون بۆ سەرکار بە سێ چارەکەوە لە فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکانی هۆڵەندا بۆ پیاوان رێگە پێنەدراوە،...

لە هەفتەی پێشووەوە، تا ئێستاش پلەی گەرمی لە هۆڵەندا وەک زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا ڕوو لەبەرزبوونەوەدایە، کەش و ئاوهەوا، لە ڕادەی خۆی دەرچووە و چوون بۆ سەرکار بەکەلوپەلی سێ چارەکەوە لە فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکاندا بۆ پیاوان ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام بۆ ژنان بە تەنورەی کورتەوە ئاساییە، بۆیە کەسێک بە ناوی (پیم ستەین بێرخن)، کە گەنجێکی هۆڵەندییە، خاوەنکارەکەی ڕێگەی پێ نەداوە بە سێ چارەکەوە بچێتە سەرکارەکەی، بە ناچاری ئەویش تەنوورەیەکی کورتی شینی جوانی ژنانەی لەبەرکردووە، چۆتە سەرکارەکەی.

ئەمەش کاردانەوەیەکی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای خۆیدا هێناوە و بیروبۆچووی جۆربەجۆری وروژاندووە، کاتێک پیم وێنەی خۆیی بڵاوکردۆتەوە و باسی ئەوەی کردووە، چۆن بەسەر پاسکیلەوە و لە بازاڕەکاندا لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکراوە و چییان پێ گوتووە.
لە ئەکاونتی (موزەفەر جەعفەر) هوە ئامادەکراوە.

هیوا سەرهەنگ پێشینەی ڕۆژنامەنووسی، سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردووی هەبووە، لە هەولێر لە دەرکردنی کۆمەڵێک بڵاوکراوەی وەک ڕەهێڵە، تیشک، بیری نوێ، خەباتی قوتابیان و خەرمانەی وشە ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە

بۆچی بێوار ...؟!
نووسینی: هیوا سەرهەنگ
پەشی سێزدەمین ...

نامەی نۆیەم: سەردار فەتاح ئەمین

بەڕێزەوە و بەڕوخسەت خواستن لە پیرەمێردی نەمر، ئەم چەند دێڕە ساکارە، بە بۆنەی بەردەوامی و دەرچوونی(100) سەدەمین ژمارەی بڵاوکراوەی "بێوار"ی ئازیزەوە، پێشکەشە بە هەردوو پێشمەرگەی ماندوونەناسی وشەی شیرینی کوردی لە تاراوگە، بەڕێزان خاتوو (پەیمان سەرهەنگ و کاک هیوا سەرهەنگ).

(بێوار)، بێوار نیت، تۆ وڵاتمانی،
تۆ پشت و پەنا و تینی گیانمانی
لەم غەریبیەیە، بە تەنها هەرتۆی
باخێکی سەوزی پڕ لە تانوپۆی.

گوڵە ئاڵەکەی باخچەی "میدیا"
تا تۆ بمێنی ئەزیش گەش ژیا
کاتێ چرۆی کرد، تۆی "هیوا"ی هەمووان
گەنج گەنج بوونەوە، تووڕ درا گۆچان.. !

سەدان ساڵ بژیت، نەک سەد ژمارە
"سەرهەنگ" لە دەورت دایم بێدارە
ئەمڕۆ پێت دەڵێم، بە کوردی ڕەوان
دەک پیرۆزت بێت، یادگاری کوردان!!..

دوو "سەرهەنگ" ئێستا ئاگادارتن
بە شەو و بە ڕۆژ بەرخوردارتن
یەزدانی مەزن ئاگای لێتان بێ
دڵ و دەروونی کوردان جێتان بێ.

وەکو پیرەمێرد، تۆش بە کۆمە کۆم
بۆ "بێوار"مکەت، بسووتێ وەک مۆم
کزەی شەماڵێک هەڵی کردووە
نەوەک هۆڵەندە، دنیای گرتووە.

دار عاسای دەستی پەنابەرانی
ڕێنیشاندەری پیر و لاوانی
ورەت پێداوون، بە پەیڤی جوانت
زاخاوی مێشکی، بە ووشەکان....

غەریبیت دەکەن ڕۆژێک دوا کەوی
لەم هەندەرانە، تۆ قاسپەی کەوی
(بێوار)، بێوار نیت، تۆ وڵاتمانی
تۆ پشت و پەنا و تینی گیانمانی.

تێبینی: کاک سەردار، ئەو ڕۆژە خۆی ئامادەی کۆڕەکە بوو، بۆیە هەر خۆی نامەکەی خوێندەوە، کاتی خۆشی، ئەم چەند دێڕەی بە ناوی (سەپان حەسەن)ەوە هەر لە بێواردا

نامەی دەیەم: ئیسماعیل تەنیا
(بێسوار)، واری پەیڤە پەرتەوازەکان بوو..

لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٦)ی سەدەی ڕابردوو گەیشتمە ئەڵمانیا. ئەو کات، بەهۆی سەفەری قاچاغی ڕێگای هاتونەهات، تەواو لە نووسین و خوێندنەوە دابڕا بووم. سەرچاوەیەکم بۆ خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانم شک نەدەبرد... ئاخر ئەو کات، هۆکارەکانی پەیوەندی و گەیاندن وەک ئێستا ئەوەندە ئاسان نەبوون، کە بە تەنها کلیکێک چی دەخوازیت و مەبەستتە بە خەڵکی بگەیەنیت. ئەوەی هەبوو شڕە فاکسێک بوو، کە هەندێک جار ئەویش کە دەگەیشتە کوردستان، کێشەی دەرنەچوون و ناڕوونی تێدەکەوت .! کە دەڵێم فاکس، ئەمەش دەبوو، لە ڕێگای نووسینگە کەمەکانی کەرتی تایبەت، کە لە کوردستاندا هەبوون، لەوێشەوە ڕابسپێری بۆ ڕۆژنامەکانی بنێرن. ئەم فاکسەش بۆ هەموو کەسێک ئاسان و بەردەست نەبوو، بە تایبەتیش بۆ بابایەکی تازە هاتووی کەمپنشینی وەک ئێمە. من بۆ یەکەم جار، لە ڕێگای برادەرانی بڵاوکراوەی (سەکۆ–بەرلین)ەوە، ئاشنایەتیم لەگەڵ (بێوار)، پەیدا کرد و هەر لە ڕێگای ئەوانەوە ڕایەڵەی پەیوەندی و بابەت بڵاوکردنەوەم، لەگەڵ (بێوار) دروست کرد. ئەو ڕۆژانە بەدەست هێنانی زانیاری و پەیوەندی کردن بە کوردستان و گەیشتنی هەواڵە گەرمەکانی وڵات و دنیای پەنابەران هێندە کەم بوون، کە لە ئاستی نەبوونداا بوون، چونکە نە ئەنتەرنێت، مالپەڕ، مۆبایل، واتسئاپ، ڤایبەر و فەیسبووک و نە گەشتی ڕاستەوخۆ لە نێوان کوردستان و وڵاتە خانەخوێکانی پەنابەرانی کورد هەبوون، تاوەکو بە ئاسانی هەواڵەکان بگات... لەم کاتەدا، کۆمەڵێک پەناهەندەی هەست بە لێپرسراویەتی کردن و بوونی ئەم کەلێنە گەورەیە، بە ئەرکی نیشتیمانیی خۆیان هەڵدەستان... یەکێک لەوانە (هیوا سەرهەنگ)ی تازە میوانی هۆڵەندا بوو... ئەو لەم بوارەدا، نابەڵەد و تازە نەبوو، خاوەن باکڕاوندو پێشینەی، کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووی هەبوو، لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لە هەولێر بەشدار و هاوکار بووە لە بەڕێوەبردنی چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و دەرکردنی کۆمەڵێک بڵاوکراوە لە نموونەی: (ڕەهێڵە)، (تیشک)، (بیری نوێ)، (خەباتی قوتابیان)و (خەرمانەی وشە)...تاد. بڕوانە ل 3

کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان*

بەشی سێیەم
فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخان لە هەولێر

لەدرێژەی کارو چالاکیەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان خۆئامادەکردنمان بوو بۆ وەرزێکی دیکەی سازدانی فێستیڤاڵی بەدرخان، ئەمجارەشیان د. کەمال فوئاد بە شانازییەوە سەرپەرشتیاری گشتی سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخانی قبوڵکرد، بۆیە بەبەردەوامی لە خەمی کاروبارەکانی لیژنەی بااڵی فێستیڤاڵ بوو، بەرنامەی کاری فێستیڤاڵی بەدرخان لە هەولێر 22–4–2006 جیاواز لە هەموو ئەو یادانەی کە بۆ رۆژی رۆژنامەنوسی کوردی و دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی 22–4–1898 بوو، چونکە لەچاپدانەوەی سەرجەم ژمارەکانی کوردستان لە قاهیرە و تاران سەرەڕای چاپکردنی 16 کتێب بۆ ئەو یادە لەگەڵ کۆمەڵێک چالاکی و بابەتی دیکەی نوێ خرانەڕوو، ئەوانە بە هیمەت و دڵسۆزی د. کەمال فوئاد و لیژنەی باڵا ئەنجامدرا بۆیە بە درێژایی ژیانی خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلی کوردی کردووە لەوانە دامەزراندنی مەڵبەندی ئاوەدانی لە ئەڵمانیا، پاراستنی دەستنوسە کوردییەکان، پرۆژەی پیرەر، دۆزەرەوەی رۆژنامەی کوردستان، سازدانی کۆنفرانسی جینۆسایدی کورد لە پەرلەمان، گرنگیدان بە زمانی کوردی و پشتگیری ئەو خوێندکارانەی کە خوێندنیان جێهێشتبوو ناردنەوەیان بۆ زانکۆکان، باربوکردنی دەزگای روناکبیری و رۆژنامەنوسی...) لێرەدا بە پێویستی دەزانین دەقی ووتاری سەرپەرشتیاری گشتی سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە هەولێر وەکو خۆی بڵاوبکەینەوە کە لە ژمارە 69 ی 22–5–2006 ی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە.

گوتاری بەڕێز د. کەمال فوئاد سەرپەرشتیاری گشتی سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیچیرڤان بارزانی

بەڕێز نوێنەری بنەماڵەی بەدرخان ئەمیرە سینەم

بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان ئامادەبووانی بەڕێز و خوشک و برایانی خۆشەویست

بەناوی لیژنەی باڵای سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان ئەکەم و سوپاسی ئامادەبونتان ئەکەم، بەتایبەتی سوپاسی ئەو خوشک و برایانە ئەکەم کە بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوە و چالاکیەکانی فێستیڤاڵدا ڕێگای دووریان گرتۆتەبەر، سوپاسی پێزانینی زۆرمان بۆ برای خۆشەویستمان کام نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو هاوکاری و کارئاسانییەی پێشکەشی کردین بۆ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکە.

بەڕێزان وەک ئاگادارن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە سلێمانی و لە دهۆک دوو فێستیڤاڵی ڕێکخست، فێستیڤاڵی ئەمساڵ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانەوە ڕێکخراوە لەژێر دروشمی(لەپێناو چەسپاندنی ئازادی و بەرزراگرتنی ڕەوشتی ڕۆژنامەنوسی) بەڕێوەئەچێت، هەڵبژاردنی ئەو دروشمە بۆ فێستیڤاڵی ئەمساڵ مانای خۆی هەیە، 15 ساڵە بەشێکی زۆری کوردستانی باشوور ئازادبووە و دەسەڵاتی بێگانەی بەسەرەوە نەماوە، ئایا ئێمە وەک پێویست ئەم هەلە زێڕینەمان هەڵسەنگاندووە و توانیومانە ئەم ئازادییە بەباشی بەکاربهێنین و بەباشی ڕەفتاری لەگەڵدا بکەین؟ ڕۆژنامەوانی پیشەیەکی بەرز و پیرۆزە ئایا ئەو نوسراوانەی لەسەر لاپەڕەی هەندێک لە ڕۆژنامەکان بڵاوئەکرێتەوە ئەو بەرزی و پیرۆزییەی ڕاگرتووە و ڕەوشی ڕۆژنامەوانی تێدا بەدی ئەکرێت، هیوادارین ئەو دوو بابەتە لە کۆبونەوەکانی داهاتوودا جێگای باس و لێکۆڵینەوە بێت، با نرخی ئەو ئازادییە بزانین کە زۆر لەسەر گەلەکەمان کەوتووە و هەزاران ڕۆڵەی کورد لەو پێناوەدا گیانی خۆیان بەخت کردووە و زۆر نارەوایە ئەم دەستکەوتە گەورەیە لەدەست بدەین و ئەو ئازادییە پێشێل بکەین و ماوە بدەین بکرێتە بەڕەڵایی و گەڕەلاوژێ، با ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی بەزر ڕابگرین و لە هەموو لەکەیەک بپارێزین.

با ڕووداوەکان وەک خۆی بخەینەڕوو دوور لە هەڵچون و قسەی ناڕاست و نابەجێ با نەوەی نوێ بە بیر و باوەڕی زانستی و گیانی سەردەم پەروەردە بکەین و ڕۆژانی پڕ لە زۆر و ستەمی رابردوو ئاشنایان بکەین، ئەو ڕۆژە ڕەشانە لەگەڵ ڕۆژانی ئەمڕۆ بەراورد بکەین و بەشێوەیەکی بابەتی هەڵیان بسەنگێنین با ئەو ئازادییە بپارێزین و هەوڵبدەین کەموکوڕییەکانی نەهێڵین و ماوەنەدەین کاربەدەستان پێشێلی بکەن و گێرەشێوێنانیش ناهۆشیارانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن، با هەموومان لەپێناو چەسپاندنی ئازادی و ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی وشیارانە هەنگاوبنێین و ئەوەش پێک نایەت ئەگەر بەمێژووی گەلەکەمان ئاشنا نەبین و بەراوردێکی بابەتیانە لەنێوان دوێنێ و ئەورۆدا نەکەین، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پیرۆزەش بەتەنیا ناکەوێتە دەست دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادگایی و ڕاپەڕاندن دەسەڵاتی چوارەمیش ئەوەندەی سێ دەسەڵاتەکەی تر بەرپرسیارە لەجێبەجێکردنی، هیوادارین ئەم بابەتە سەرنجی بەشداربووانی فێستیڤاڵ ڕابکێشێ و ببێتە یەکێک لە بابەتە سەرەکیەکانی کۆبونەوەکانی داهاتوو، ببێتە جێگای باس و لێکۆڵینەوەی کەرەسەیەک بۆ داڕشتنی پرۆژەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئێستاماندا با ئەو ئەستێرە گەشەی بە دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەرلە 108 ساڵ لە ئاسمانی کوردستان هەڵهات و بووە پێشەنگی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی و وەرچەرخانێک لە ڕەوتی بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا هەر لەبەردوابێ و گەشەداربێ و نەیەڵین تەمومژ بەری بگرێ و کەسانی نەفام لەکەداری بکەن و لەڕێگای ڕاست و خزمەتکردنی زانست و پێشکەوتنخوازی لایبدەن و بیکەنە مەیدانێک بۆ شەڕە قسە و ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەرام و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، با ئەو ئالایەی میقداد مەدحەت بەدرخان هەر پایەدار و شەکاوە بێت، هیوادارین بە هاوکاری ئێوەی بەڕێز فێستیڤاڵی ئەمسالیشمان وەک ئەوانی پێشوو بەسەرکەوتوویی کۆتایی بەکارەکانی بهێنێ و لە 110 یەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە دیداری یەکتری شادببینەوە و هەربژین و سەرکەوتووبن.

پاشماوەی نامەی دەیەمی ئیسماعیل تەنیا دەبارەی بێوار

(بێوار)، یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەمی بە چوار لاپەڕەی فۆلسکاپ (ئەی چوار)، لە ١٩٩٦/٨/١٥دا دەرچووە. ماوەی دوازدە ساڵ بەردەوام بووە... لەم ماوەیەدا (١٢٧) ژمارەی بە قەبارەی (١٣٢٠) لاپەڕە لێدەرچووە. زێتر لە (٢٧٩) نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و هەواداری نووسین و خوێندنەوە، بابەتەکانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. هەندێکیان بە درێژایی دەرچوونی (بێوار) دانەبڕاون لە بڵاوکردنەوە... بە پێچەوانەشەوە، هەندێکی تریان، یەک یان دوو بابەتیان بڵاوکردۆتەوە و دواتر دابڕاون. سەرنووسەر یان داینەمۆی سەرەکی ئەم بڵاوکراوەیە (هیوا سەرهەنگ)، هەرچەندە خۆی یەکێک بووە، لە ئەندام و هەواداری یەکێک لە لایەنە سەرەکییە شەڕکەرەکانی کوردستان، کە لەو کاتەدا، شەڕی گەرم و ساردی نێوان یەکێتیی و پارتی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا، لە کڵپەو تاوی خۆی نەکەوتبوو، ئینجا ئەم (هیوا سەرهەنگ)ە، بە هەستێکی بەرزی ئاشتیخوازی و کوردانە، هۆکارێک نەبووە بۆ خۆشکردنی ئەم ئاگرە، کە هەندێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی تر پێچەوانەی (بێوار) بوون و ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان لەم ڕووەوە گێڕاوە... ئەگەر ئەمڕۆ یان سبەی، تۆێژەرێک بێت و لێکۆڵینەوە لەم لایەنەی(بێوار) بکات، بە هەق ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە زۆربەی مانشێتەکان کە ئاوێنەی ڕووتی سیاسەتی(بێوار)بوون، هەمووی لەسەر ئاشتی و پرۆسەی ئاشتبوونەوە بووە. هەواڵی وای بڵاونەکردۆتەوە کە قەوارەی درزەکان گەورەتر بکات.. بە واتایەکی تر، (بێوار) بڵاوکراوەیەک بووە، لە خەمی ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیان و یەکڕیزی ماڵی کوردا بووە...گەر ڕۆژێک دابێت، دادگایەک بۆ دادگایی کردنی ئەو میدیایانە دابنرێت، کە ڕۆڵیان لە خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکیدا هەبووە، دڵنیام (بێوار) براوەیەکی ئاشتیخوازی دەبێت و بە ڕووسووری دەردەچێت. دوای وەستانی (بێوار)، کاتی خۆی بابەتێکی دوور و درێژی چڕو هەمە لایەنەم بە ژمارە و داتاوە، لەسەر (بێوار) بە ناونیشانی: (بێوارێک لە ئاوارەییدا)، لە چەند شوێنێک بڵاوکردۆتەوە.. دواتر هەر لەلایەن (هیوا سەرهەنگ)ەوە، لە ساڵی (٢٠١٢) لە فۆرمی نامیلکەیەکی (٦٠) لاپەڕەیی، جارێکی تر بڵاوکرایەوە، لەوێدا باسی (ژمارە و نووسەر و لاپەڕە و کاتی دەرچوون و گۆشە و ڕێباز و ...تاد)، بە داتا خستۆتە ڕوو... ئەم هەوڵەشم لە پێناو بە زیندوو هێشتنەوەو ون نەبوونی هەوڵ و تێکۆشانی(بێوار) لەم قۆناغەدا بووە. دڵنیام ئەگەر ڕۆژێک دابێت و تۆێژەرێک بە مەبەستی لێکۆڵینەوە، بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا گوزەر بکات، بێ ئاوڕدانەوە لە (بێوار)و ڕۆڵی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە تایبەت لە تاراوگەدا، هەوڵێکی ناتەواو دەبێت. لەم یادەدا، پێشنیار دەکەم، کە هەموو ژمارەکان ئەگەر بە تیراژێکی کەمیش بێت، دووبارە چاپ بکرێنەوە و بەسەر ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی و کتێبخانەکانی کوردستاندابەش بکرێت، تاوەکو پێگەی مێژوویی پتەوتر و ڕەگاژۆتر بێت... هەر لێرەدا دەستی ماندوو بوونی هەموو ئەمانە دەگوشم، کە ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەیدا هەبووە... بە هەق بڵاوکراوەیەکی خاکەڕاو، بۆ ئەوێ ڕۆژان، واری پەیڤە پەرتەوازەو پەڕاگەندەکان بوو.

هانۆڤەر– 2019/01/15

چاوەڕوانی نامەی یانزەمین بن...

مۆنۆدرامای سەرکەوت تارۆ: مێژوونەها هەناسە باس لە نایندارى و گلۆبالیزم لە نێوان باوەڕداری و چارەنووسدا دەکات...

ئامادەکردن و دواندنی: تاراوگە

سەرکەوت تارۆ ئەو هونەرمەندە لێهاتوو پڕ ئەزموونەی،لە بواری هونەری شانۆ و دەرهێناندا، کاتێک ڤێستیڤاڵی هەشتەمینی بەدرخان لە واشنتۆن 2010 سازدرا، تارۆ بەرهەمێکی شانۆی پڕمەرگەساتەکانی گەلی کوردی نمایش کرد، کە لە نوسین و دەرهێنان و نواندنی خۆی بوو، ئەو هێمن هێمن دەدوێ و ئێستا لە شاری ناشفێلی ولایەتی تێنسی دەژی، هەندە جوان و ناوازە مامەڵە لەگەڵ ژانی گەلێک دەکات...لە وەڵامی پرسیارێکی هەفتەنامەی تاراوگەدا، لێی پرسی ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە کەرەستەکانی دراما و مۆنودراما و فیلم ئاراستەیەکی دیکە بەخۆیەوە ببینێت..؟

وەڵامەی ئەوەبوو.. لەدوا بەرهەمی ئەم وەرزەی کە ڕۆژانی ٢٨،٢٩ حوزەیرانی ٢٠١٩ نمایش دەکرێت ؟

سەرکەوت تارۆ : لەم بەرهەمەدا باس لە پرەنسیپەکانی نامۆ بوونی تاکی کورد دەکەم، لە کاتێکدا لە ناوەوەی وڵات گیرخواردەی کۆمەڵێ کۆتی نەخوازراوە، کە بەبێ ویستی خۆی ناچارە بیانڕازێنێتەوە، ئەو دەمەی لە شەقەی بااڵیش دەدات بەرەو ئاسۆیەکی فرە ئازادی نێو خەیاڵە تەنراوەکانی کەچی لە دوو جەمسەرەوە جارێکی دیکە تووشی نامۆبوونی جەستەیی و هزری گێژاوی ئەو ژیانە دەبێتەوە، کە چارەنووسەکانیان بۆ نووسیوەتەوە؟!

تاراوگە : مەبەستت چییە ؟

سەرکەوت تارۆ: لێرە مەبەستم ئەو چارەنووسە ئاسمانییە نییە، کە ئایندارەکان جێیی باوەڕیانە، بەڵکو ئەوە دنیای گلۆبالیزمەی بۆیان هۆنیوەتەوە، تاکی کورد لە ناوەوە و لە دەرەوە کۆتکراوە، هەرچەندە زۆرێک خۆی لە دەرەوە بە ئازاد و خۆشحاڵ دەبینێتەوە، بەاڵم هەر پابەندە بە ناسنامەی نەتەوەیەک، کە سەرجەم لەو بۆتەیەدا دەژین، تۆ تەماشاکە باڵاترین دەسەاڵتداری کورد تا سادەترین تاک، لە نێو قەیرانێکی نەخوازراوی نامۆیی نێو بۆتەقەی گلۆبالیزمەدا گێنگڵ دەدەین، ناتوانین و خاوەنی بڕیاری پلانێکی تۆکمەی سبەی خۆمان بین...

تاراوگە : بەهیواین بتوانن لە چالاکییەکانتان بەردەوامبن ؟

سەرکەوت تارۆ: دڵنیابن تا لە ژیاندابین بەردەوامدەبین لە کار و چالاکییەکانمان... بەهیوام بەرهەمی داهاتوومان لەسەر ژیاندۆستی و ژیانخۆشیبێت...

گۆشەی 15 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ماندی لەسەر ئاستی ئەڵمانیا یەکەم بوو

"ماندی هۆفمان" تەمەن ١٤ ساڵ، کچە خوێندکاری ئامادەیی لە شاری براونشڤایکی هەرێمی نێدەرزاکسن، لە قۆناغی ئامادەیی توانی کۆی نمرەکانی یەک ١ بێنێ و ببێتە یەکەمی سەر هەموو ئەڵمانیا، شایانی باسە نمرەی یەک واتە نایاب و دەکاتە ١٠٠ ی هەرێمی کوردستان.

پەرلەمانتارێک وەڵامی مێرکلی دایەوە

لەبارەی ئەولێدوانەی ئەنگێلا مێرکڵ، کە دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی کورد ڕاگەیاند بوو "مارک هاوپتمان" پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کریستیان، لە ڕاگەیێندراوێکدا وەڵامی ئەنگێلا مێرکڵی دایەوە و پشتیوانی خۆی بۆ گەلی کورد و سەربەخۆی دووپات کردەوە، ناوبراو لە ڕاگەیندراوەکەدا دەڵێت "حکومەتی ئەڵمانی بۆ بەدیهاتنی چارەنووسی گەلان ستانداردە و پشتگیریان دەکات، ئەی بۆ چی بۆ کورد وانییە؟

شاژنی ئیمارات ڕایکردۆتە ئەڵمانیا

چەند سەرچاوەیەکی میدیای عەرەبی لەوانە " ئیمارات لیکس"و " گۆڤاری عەرەبی" ئاشکرایان کردووە، کە شاژنی ئیماراتی "هەیا حوسێن" هاوسەری شێخ محمەدی کوڕی ڕاشد سەرۆکی حکومەتی ئیمارات و حاکمی دوبەی لەمڕۆژانەدا لە مێردەکەی جیابۆتەوە و بە یارمەتی دیپلۆماتکارێکی ئەڵمانی، لەگەڵ کوڕ و کچێکی ڕایانکردۆتە ئەڵمانیا و داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە، ئەو شاژنە کچی شاحوسێنی شای ئوردنە، ئیمارات داوایکردونەتەوە و ئەڵمانیاش داواکەی ڕەت کردوونەتەوە، شایانای باسە لە میدیای ئەڵمانیدا باسی ئەو هەواڵە نەکراوە.

مارکێتێکی ئاسیایی قاچاغچی دەرچوو

بازاڕی " دۆنگ شوان" ی ئاسیایی کە بنکەکەی ل مبەرلینە و ٢٥٠ لقی دیکەی لە وڵاتان هەیە، کە کاری هاوردەکردنی کاڵاوشمەکی بیانی دەکات بۆ ئەڵمانیا، دەرکەوتووە کاری بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەکات و بە بڕی ١٠ هەزار بۆ ١٥ هەزار یۆرۆ کوڕ و کچی گەنج لە وڵاتانی ئاسیا" ڤیەتنام و تایلاند" بە قاچاغ دەهێنێتە ئەڵمانیا بۆکارکردن لە ئارایشتگا و دوکانەکانی جوانکاری نینۆک، لە هەریەک لە پۆڵەندا و ئەڵمانیا، چەند کەیسێک هەیە کە نەفەرەکان گەیشتوون نەیانتوانیووە پارەکە بدەن ، بۆیە بۆتە شەڕوکێشە لە نێوانیاندا.

یاریزانێک ئیفلاسی کرد"

بۆریس بێکەر" یارزیانی بەناوبانگی ئەڵمانی لەیاری تێنس، سێ ساڵ لەمەوبەر بەهۆی قەرزوقۆڵەیەکی زۆرەوە ئیفلاسبونی خۆی ڕاگەیاند و ئێستا بۆ دانەوەی قەرزەکانی هەموو کاس و مەدالیا و خەڵاتەکانی خۆی لە زیادکردنی ئاشکراو لەڕێی ئینتەرنیتەوە دەفرۆشێت و تیایدا ٨٢ لەو خەڵاتانەی خۆی مەزاد دەکات، ئەو یاریزانە شەش جار لەسەر ئاستی جیهان بۆتە پاڵەوان و ئێستا تەمەنی بۆتە ٥٢ ساڵ، بەهۆی خۆدزینەوە لەباج و تەزویر و قەرزی حکومەت لە هەریەک لە ئەڵمانیا، سویسرا، بەریتانیا و ئەفریقیا ئیفلاسی کردووە.

دوو فڕۆکەی سوپا کەوتنەخوارەوە

هەفتەی پێشوو دوو فڕۆکەی جۆری "یۆڕۆ ڤایتەر سەر بەگروپی 73 "شتاینهوف" لە دەوروبەری شاری ڕۆستۆک لە هەرێمی میکلینبۆرگ– فوربومرمان پێکیاندا داو کەوتنە خوارەوە تێکوپێکشاکان، بەڵام فڕۆکەوانەکان توانیان بە پەڕەشوت خۆیان ڕزگار بکەن و هیچیان لێنەهات.

بڕوانە لاپەڕە 6

پاشماوەی گۆشەی 15 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

نرخی موڵک زیادی کردوە

دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠١٥ نرخی زەوی وزار، موڵک و خانوبەرە لە ئەڵمانیا بە بڕی ٢٢٪ زیادی کرد، ئێستاش بەپێی نوسینگەی ئاماری فیدراڵ ئەمساڵیش ٥٪ ی دیکە لە چاو ساڵی پێشوودا زیادی کردووە، لەهەندێ شاری گەورەی، وەک بەرلین، هامبۆرگ، مینوشن، فرانکفۆرت، کۆڵن، دوسلدۆرف و شتوتگارد زیادبوونەکە بووە بە ٩٪، دەزگاکە ئەو گرانبوونە، بە دوو هۆکار لێکدەداتەوە، یەکەمیان: کەمی لە سوود و هاتنی لێشاوی کۆچبەران بۆ ئەم وڵاتەیە.

پارتی سەوز داوای لێپرسینەوە لە VW دەکات

پارتی سەوزی ئەڵمانی داوا لە حکومەت دەکات، کە چاودێری و لێپرسینەوە، لە کۆمپانیای ڤۆڵکسڤاگن بکات، لە مەسەلەی مافی مرۆڤ و بازرگانی کردن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی، کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، لەوانە وڵاتی چین. پارتەکە داوا دەکات ڕاپۆرتی وەرزی هەبێت لەسەر مافی مرۆڤی وڵاتان و لەحاڵەتی ئاوەدا، کە هەر وڵاتێک پێشێلی بکات، کۆمپانیاکان بازرگانی کردنی لەگەڵ بوەستێنن و نەبنە شەریکی.

مێرکل دیسان جەڵتە لێی دا

دوای ئەوەی هەفتەیەک لەمەوپێش "ئەنجێلا میرکل" لە ڕێوڕەسمی پێشوازی سەرەک وەزیرانی ئۆکرانیدا، هەموو گیانی لەرزی و بووە جێی سەرنجی میدیا، دوای ئەوە دڵنیای درا لە باشی تەندروستی، ئەمڕۆ دیسان لەکاتی ئامادەبوونی لە سوێندخواردنی وەزیری دادای تازەی ئەڵمانیادا گیانی لەرزیەوە، بەڵام گوتەبێژی حکومەت گوتی ئەوە ئاساییە و بەهۆی بەرزبونەوەی پلەکانی گەرماوە بووە، شایانی باسە مێرکل بە نیازیشە بچێتە یابان بۆ بەشداری لە G20.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین–ئەڵمانیا

پاشماوە پلاستیکیەکان دەکرێنە سوتەمەنی

کۆمپانیای " بیوفابریک"ی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، کە لەدوای شەش ساڵ توێژینەوە و کارکردن گەیشتونەتە ئەوەی، کە دەتوانن پاشماوە پلاستیکیەکان، ئەوانەی زیانبەخشن بۆ ژینگە بکەنە سوتەمەنی و لە هەر کیلۆیەکدا یەک لیتر سوتەمەنی لێدروست بکەن، پسپۆرێکی شارەزایش لە زانکۆی دڕێسدان لە مبارەیەوە دەڵی: ئەمە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە، کە لەداهاتودا ئەمە بکرێت خەمێکی گەورەمان لەکۆڵ دەبێتەوە.

باندێکی مادەی هۆشبەر دەستگیرکران

لە هەڵمەتێکی پۆلیسی شاری ماگدیبۆرگ، پۆلیسی ئەڵمانیا توانی چوار تۆمەتباری بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەر دەستگیر بکات، کە لوبنانی، سوری، ئەفغانی و ئێرانین، لەو ئۆپەراسیۆنەدا، کە ٦٠ پۆلیس بەشدار بوون، توانیان دەست بەسەر چەند کیلۆیەک کۆکاین و دەمانچە و کلاشینکۆف و بۆمب و چەقۆ و دەیان هەزار یۆرۆ و چەند دکۆمێنتێکدا بگیرێت.

چـــــــــالاکی کورد لە تـــــــــاراوگە

یانەی کوردیی میدیـــا" لە هۆڵەندا دیدارێکی شیعری بۆ چەند شاعیرێک لە ئەمســـــتردام ڕێکخست

لە چالاکییەکی دیکەی یانەی کوردیی "میدیـــا" دا، ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 26-06-2019 لە هۆڵی یانەی کوردی "میدیـــا" لە ئەمستردام، بە ئامادەبوونی دەستەبژێرێک لە نوسەران و ڕۆشنبیرانی تاراوگەنشینی هۆڵەندا و ئەڵمانیا، چالاکییەکی ڕۆشنبیری لە دوو بڕگەدا پێشکەشکرا.

بڕگەی یەکەم: دیدارێکی شیعری بوو، لە لایەن خاتوو بەهار موفتییەوە بەڕێوە دەبرا، کە بە تایبەت لە سویدەوە بۆ ئەم دیدارە هاتبووە ئەمستردام و شاعیران لەتیف عومەر، ئاواز سامان و شوان عوسمان شیعریان تێدا خوێندەوە و مەبەست جەعفەر بە کەمانەکەی ئێوارەکەی ڕازاندبۆوە.ئاواز سامان لە بڕگەیەکی شیعرەکەیدا دەڵێت:

من لە تۆدا
لە ڕۆخی گیاندانداا بووم
ڕۆحم بە تۆ سپارد
تا ڕۆژ و مانگ... لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە
ڕێگایەک لە نێوان من و تۆدایە،
هەنگاوەکان هێمن.. نەرم، تا دەگەنە خاڵی بەیەکگەیشتن
دەنگێ دەگاتە گوێچکەکانم.... چەند لە من دوور بکەوێتەوە
سەرما.. گەرما، ڕۆژ... شەو، تێک دەشکێندرێن..

لەتیف عومەر لە چامەی پانۆرامایەکی شیعری سەرشەقامدا دەڵێت:

ئەی داد هاوار، ئەی خوا هاوار
ئەم سەفەرە بۆ وای لێهات
ئەی شان، تفەنگ هاوار
مرۆڤەکان هەموو هاوار
ئەم سەفەرە بۆ وای لێهات
ئێمە چی بووین..؟ ئێمە کێ بووین..؟
بۆچی جووین و شەڕمان لەگەڵ دێراودا کرد
هەورى چڵکن بەسەرسەرمان، زووخەبارانی دەئەکرد...

شوان عوسمانیش لە دیوانی سەفەری ئاو و نامەکانی دایکم چەند چامەیەکی خوێندەوە:

ژنێک لە ئاو، بە خۆی و ئامێزێک بارانەوە... دەکەوێتە ڕێ..
ئەو دێ... تا بە ڕۆحی نەبات، نەبات بە ڕۆحی زەریاوە بکات...
هەموو زەریاکان، بە فووەیەکی ئەوەوە پڕ لە ئاو دەبن..
ئەو کە دێ، دەم بە دەمی هەموو ئاوەکانەوە دەنێت،
تا یەک یەک جۆگە و ڕووبار و زەریا ئاو بدات...
ڕوح بە ئاو و
ئاو بە ماچ تەڕ بکاتەوە....

(تەمەنێک لە بندەستی ڕووداو و کارەساتەکانەوە)ی مامۆستا حسێن عارف، وەک دیارییەک بۆ کوردانی هۆڵەندا

بڕگەی دووەم؛ دیاریەکی بە نرخی مامۆستای ڕۆمانووس و نوسەری ناسراو حسێن عارف بوو، کە بریتیی بوو لە ٢٣ دانە، بیرەوەرییەکانی لە دووبەرگدا بە ناونیشانی (تەمەنێک لە بندەستی ڕووداو و کارەساتەکانەوە)، کە بەواژۆیی خۆی وەک دیارییەک بە تایبەتی بۆ یانەی کوردیی "میدیـــا"ی هۆڵەندای ناردبوو.



مامۆستا حسێن عارف، یادەوەرییەکی خۆشی لەگەڵ یانەی کوردیی "میدیـــا"دا هەیە، کاتی خۆی کە سەردانی هۆڵەندای کرد، دەستەیەک لە خوێنەرانی بەرهەمەکانی ئێوارە کۆڕێکی ڕێزلێنان و نرخاندنی بەرهەمەکانیان لە هۆڵی "میدیـــا" لە ئەمستردام لە ١٦-٠٦-٢٠٠٧ دا، بۆ ساز کرد، لەو کۆڕەدا مۆمی هەفتا و یەک ساڵەی تەمەنی کوژێندرایەوە و بە بۆنەی تێپەڕبوونی نیوسەدە زیاتر بەسەر داهێنان و بەخشش و بەرهەمەکانیدا خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەشکرا.

زمانی کورد لەمەترسیدایە، زمانی سەقەت و سەقەتکردنی زمان

بەشی دووەم

ڕێزمان، ڕێنوس، ئاخاوتن،
لە ئاخاوتندا سێ چوار زار بەکاردەهێنین،
لەنوسیندا چوار ئەلف و بێ بەکاردەهێنین،
ڕاگەیاندن و میدیا بە سێ زار(دیالێکت) پەخشدەکرێت.
هەردو زاراوەی خوێندەوار و ڕۆشنبیر: هەتا ئەم دوایی یانەش وشەگەلی نەخوێندەوار، کۆلکە خوێندەوار، خوێندەوار، ڕۆشنبیر و تاریکبیر (لەباشور کۆنەپەرست و ڕەجعی و لە ڕۆژهەڵات مورتەجیع ی بۆ بەکاردەهات)، هەژاری موکریانی شتێکی خۆش لەوبارەیەوە دەگێڕێتەوە، کە سەردەمی کۆماری کوردستان خۆیان بە ڕۆشبیر و پێشکەوتنخواز ژماردووە و هەر کەسێک بیرو باوەڕی جیاوازی هەبایە، بە (مورتەجیع) ناودەبرا. هەژار بەڕپرسی شانەیەکی ڕێکخستن بووە، جارێک لە کۆبونەوە لێی دەپرسن ئەری هەژار تۆ ئەوەندە وشەی مورتەجیع بەکاردەبەیت، ئەوە مانای چی؟ بەخودای ئەمنیش نازانم، دەبێت پرسیار بکەم. هەژار لەبەڕپرسەکەی خۆی دەپرسێت ئەرێ ئێمە ئەوەندە وشەی مورتەجیع بەکاردەبەین ، مانای چییە؟ بەخودای هەژار ئەمنیش نازانم!
خوێندەوار بەوکەسە دەڵێین کە خوێندن و نوسین دەزانێت،بەڵام ئەو خوێندەوارەی چەند قۆناغێکی پتر خوێندووە و زانیاری یەکانی فراوانترن و لەهەر بابەتێک کەم و زۆر شتێک دەزانێت،ئێمە زاراوەیەکی گونجاومان لەبەرامبەریدا نییە کە لە عەرەبیدا (موسەقەف) بەکاردەبرێت، ئێمە زاراوەی ڕۆشنبیر بەکاردەبەین بۆی کە زۆر هەڵەیە، ڕۆشنبیر پێچەوانەی تاریکبیر و کۆنەپارێز و کۆنەپەرستە و لەزمانی کوردیدا وشەیەکمان نییە بەرامبەر وشەی(موسەقەف).هەندێک کەسیش پێدەچێت لەناچاریدا زاراوەی عەلمانی لەبری (موسەقەف)ی عەرەبی بەکاردەهێنێت،بۆیە پێویستە وشەیەک بۆ (موسەقەف) بدۆزینەوە.لەو بوارەدا کەسانی شارەزاو بەتوانامان هەن و جێگەدەستیان دیارە..بەندەش لای خۆمەوە چەند وشەیەکم بۆ یەکەمجار لە بەرهەمەکانمدا بەکاربردووە، وەک: سەرکردە و بنکردە، سڕڕکردە و فڕکردە، ڕابەر و ڕاونەر، بەڕپرس و بەڕیەرست، ناساندنی کتێب، شارگر: فاتیح (ئەوانەی شارێک یا وڵاتێک داگیردەکەن). شەوگەڕ: والی بەغدا،سلێمان کەهیە1741– 1761 والی بەغدا بو، شەوان جلوبەرگێکی ئاسایی دەپۆشیی و بەنێوشاردا دەگەڕا. هەروەها شەوگەڕ بۆ (حەسحەس) یش گونجاوە، کە بەو کەسانە دەوترێت شەوانە پارێزگاری دوکانەکانی نێوبازار دەکەن بە تفەنگێک و جلی سڤیلەوە. چەندین ساڵ لەمەوبەر بەشێکم لەسێ بەرگەکەی کتێبی پانۆراما، تەرخانکرد بۆ دیاردەی سەقەتکردنی زمانەکەمان کە دواتر بوبە باو .. لەوێدا سەرکۆنەی ئەوانەم کردووە کە نەک هەر وشەی بێگانە بەکاردەهێنن، بەڵکو چەندین وشەی کوردی ڕەسەن ڕەسەنیش دەگۆڕنەوە بە وشەی بێگانە. بەڕاستی ئەمە تاوانە و تاوانێکیشە سزادانی دەوێت. وەنەبێت هەر من بەڵکو عەبدوڵڵا پەشێو، دکتۆر عیزەدین مستەفا، کە هەفتانە لە کوردستانی نوێ لە سەر شێواندنی زمانەکەمان لەلایەن(میدیاکاران) و بەتایبەتیش ئامادەکار و بەڕپرسانی تیڤی یەکان، بەڵام کێ گوێی پێدەدات. هۆشداریی دەدەن کە زمانی کوردی لەمەترسیدایە،بەڵام هەر هوشیارکردنەوەیە و لەو سنورە دەرنەچووە بۆ دیاریکردن ، پۆلێنکردن، دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و دۆزینەوەی چارەسەر وکارکردن لەو پێناوەدا، کارکردن نەک هەر وتن و قسەی ڕوت و بانگەشە. هەر بۆ نمونە وشەگەلی : زەواج،گەعدە،پەوت،جەوی هەیە و جەوی نییە،مورتاح،بەپێتە.کابرایەک بەپەری ناهوشیاری نەتەوەیی یەوە لەپێناو مشتێک دۆلاردا لە ریکلامی برنجی مەحمود دا، ئەو وشەیە بەزۆر دەئاخنێتە میشکی بینەر و بیسەرەوە. زمانێکی سەقەت : خوێنەری هێژا سەرنجێک بدە ئاخۆ کورد ئاوها دەدوێت ؟ کوڕی پوری ئازیزم بیرتەدەکەم. دالیا ئەم هەمو ساڵە تۆ لەکوێیت؟ هەندێک (نوسین)یش دەخوێنیتەوە مەگەر هەر ئەو کەسەی نوسیوێتی بزانێت چییە! هەر بۆنمونە : خەونێکی بێ پشتیوان !.پێگەیشتویی ولەسەرەخۆیی جێگەی سیاسەتی کاری تۆندکردن لەبەر هۆی تۆندکردن؟! ئامانجی تەنێ خەڵکی ڕەش بو.! گازێکی عەسەبی کوژەر؟! (نوسەرێک) جیاوازی نێوان ڕێنوس و حونجە ناکات و ڕێنوس

نوسینی نوری کەریم نەڵمانیا

بەواتای (سپێڵ) ی ئینگلیزی تێگەیشتووە. لێرەدا هەروا سەرپێیی چەند نمەنەیەک دەخەمە بەرچاو: عێراق لەسەر درگای جەنگێکی نوێیە.(وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی العراق علی ابواب حرب جدیدە) دروستە بڵێین :عێراق لەسەر لێواری جەنگێکی نوێ یە، ،لەسەر بەفر خلیسکان(خلیسکێنەی سەر بەفر)، کەسێکی بەخێرهێنراو نییە(کەسێکی چارەگران و میوانێکی نەخوازراوە)، کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەڵەمانی (کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەڵەمانیا). (دراماییەکی دۆبلاژکراو: ئەوئاگرەی کردوتە بەیاری دەتسوتێنێ(کورد دەڵێت یاری بە ئاگرمەکە)،) لەو نامەیە شت لە(خۆگرتووە گەیشت(لەو نامە پڕ بایەخە گەیشت). وێنەیەکی ئەدهەم بارزانی کە وێنەیەکی خومەینی بەخۆیەوە هەڵواسیوە(..کە وێنەیەکی خومەینیی کردووە بە بەرۆکیدا)، فەرمانگەی چاکسازی سەید صادق (فەرمانگەی چاککردنەوە و بەردەوامی پێدان)، هاوڕێیەکم گوێی لە ڕووداوەکە بوو! (ئەم بەڕێزە لەبری ئەوەی ڕوداوەکە ببینێت دەیبیستێت!!)، چی بەمێشکتدا دەڕوات؟(بیر لەچی دەکەیتەوە؟) چی سەربار دەکەیت؟(چی دەخەیتە سەر؟) ئەم شامپۆیە نەرمی دەبەخشێت بە دەم وچاوت. (پێست نەرم دەکات)، (بەرنامەیەکی کەناڵی تیڤی ڕوداو دەڵێت: ئاو چۆن دەگاتە حەنەفی ماڵەکەت؟ کامەران مەنتک مامۆستای زانکۆی هەولێر و چاودێری سیاسیی: کێشە و ململانێی نێوان نێچیر بارزانی و مەسرور بارزانی کێشەیەکی لە مێژینەیە و بە درێژایی مێژووی پارتی بەردەوامی هەبووە،(ئاخر ڕەحمەت لەباوکت نێچیر و مەسرور بارزانیی ئەگەر کێشەشیان لەنێواندا بێت هەر پێنج شەش ساڵێکە و مێژوی پارتی گەیشتۆتە حەفتاو سێ ساڵ). (عاجل) ی عەرەبیی لە کوردیدا وەک واتای (بەپەلە) نایەت، بەڵکو واتای ڕوداوێک کە هەنوکە ڕویداوە، بەرامبەرەکەشی کە دروست ئەو مانایە بدات (هەر ئێستا، هەنوکە)یە، یا (گەرماوگەرم). ئەسپ سواری من (کورد دەڵێت شاسوارەکەم یا سوارچاکەکەم)، تەماشاکەن هەمو کەس لێرەن (لەبری ئەوەی بڵێت تەماشاکەن چەند قەوغایە). کارێک دەکەم زەوی لە شوێنی خۆی یاری بکات. (دەیەوێت بڤەرموێت دەیقەومێنم)، ئامادەین بۆ تۆمارکردنی هەمو گۆرانیەکی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و ئەجنەبی! (ئەو بەڕێزە عەرەبیی، فارسیی، تورکیی بە ئەجنەبی نازانێت!!) شوانەکە زۆر بەتوندی ئاگاداری مەڕەکانی دەکرد. (شوانەکە چاک یا دڵسۆزانە ئاگاداریی مەڕەکانی دەکرد) ئەگەر گوێتان لە زەڕاندنی گوێدرێژ بو..(زەڕینی گوێدرێژ) گوێیان لە حەپینی سەگ بو. (وەڕین و حەپەی سەگ). تابلۆیەکی گەورە لەسەری نوسراوە: شاری فاروقی پزیشکیی (مدینە فاروق الطبیە) شاری پزیشکیی فاروق دروستە. شاعیرێک نوسیوێتی: زمان و موفرەدە، درکم کرد. ئەو وشەی (درک)، کە سەرچاوەکەی (ادراک)ی عەرەبی یە، زور وشەی دیکەش بەدوی خۆیدا پەلکێشی نێو کوردی یەکە دەکات وەک: مودریک.

لە فڕۆکەخانەی هانۆفەر، بۆنێکی پیسی جانتای گەشتیارێک کارمەندان کاس دەکات، دوای پشکنین جرجێک لە ناو جانتاکەدا دەبێتە شۆکی ژیانیان...!

جرجێکی مردووی 45 کغم لە جانتای گەشتیارێکدا دەدۆزنەوە



هانۆفەر:کارگوزارێکی بەئەزموونی فڕۆکەخانە رەنگە زۆر شتی لەتەمەنی کارکردنیدا دیبێت.کاری هونەری دزراو،ئاژەڵی نامۆ، یا بڕێکی زۆر مادەی هۆشبەر،بەڵام ئەوەی لەنێو جانتای پیاوێکی لەفڕۆکەخانەی هانۆفەردا دۆزیوەتەوە،دەبوو بۆخۆشی کەخاوەنی ئەو هەمووخزمەتەیە بەچۆکدابێت.

٤٥ساڵییەکی خەڵکی غانا،کە لەهانۆفەر دەژیت،لەکاتی گەڕانەوەی لەگەشتەکەیدا کۆنترۆڵ دەکرێت،چونکە جانتاکەی بۆنێکی یەکجار ناخۆشی لەناوهۆڵەکەدا بڵاوکردۆتەوەو کارمەندەکان پێیان سەیرو نائاسایی بوە،بۆیە دەبوو کابرا جانتاکەی بکاتەوە.

لەناکاو کارمەندان رووبەڕووی شتێکی قێزەون دەبنەوە:لەناو کەلوپەلەکاندا، جرجێکی مردووی ٤٥ کغم دەدۆزنەوە.

ئەم جورجەگەورەیە سەروکاری بەوەوە هەبووە، کە لە ئافریکا دەژی "دانێکی گەورەو دواوەیەکی تەڕو کلکێک، یەکسەر دەبوو جانتاکە داخەنەوە "کارمەندی گومرگی هانۆفەر بۆ راگەیاندن وایگوت.

هۆکارەکەش، کابرا ئەو جرجە مردووەی بۆ ئەوە هێناوە، کەلەوە هێشتا قێزەونترە ویستویەتی سوپێکی بەتامی لێ دروستبکات.

غانەییەکە لە کاتی پرسیاری کارمەندانی گومرگ، وا بەرسڤی دابوەوە کە ئەو ئەو ئاژەڵەی لەزێدەوە بۆئەوە لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە، تا سوپێکی لێ ئامادە بکات. بەڵام ئەوەش نەکراو نەبوو.

دوای بانگکردنی تیمێکی ڤێتەرنەری ئاژەڵەکەیان لەبەرمەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لابرد و"کەرستەی چەلاوەکە"ش! یەکسەر دەبوو لەناوببردرێت.

ئەو ٤٥ ساڵییەش بە بڕێک پارە سزا دەدرێت. هەروەها دەبێت تێچووی فڕێدانی جرجەکەش لەئەستۆ بگرێت.

سەرچاوە سایتی دێر ڤیستن

بیستبوومان ڕانەمریشک و گۆشتی خێر لە نێو فڕۆکەخانە دۆزراونەتەوە، ئەوە جرجی تۆپیویشی هاتەسەر!.

ریکۆردی گەرمای ئەڵمانیا: لەبەرلین کیسەی خوێن و ئاوی خواردنەوە کەم دەبن، ئەسفەلت درزی تێدەکەوێت.

کەش وهەوا لەئەڵمانیا:

ڕێکوردی گەرما لە وڵات گەیشتە ئەوپەڕی –لەهەندێ دەڤەردا چوارشەممەی پێشوو گەرمی گەیشتە ٤٠ پلەی سەدی.

فەرمانگەی کەشوهەوا هوشداری لەبارەی گەرماو تیشکی سەروو وەنەوشەیی دەکرێ بڵێین بە هەموو دەڤەرەکانی ئەڵمانیا داوە.

هەرگیز لە ئەڵمانیا مانگی حوزەیران بەمجۆرە گەرم نەبووە، لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا پلەی گەرما ٣٨،٦ بووە، بەمەش ژمارەی پێوانەیی پێشووی شکاندووە، چوارشەممەی هەفتەی پێشوو، لە سنووری ئەڵمانیا –پۆڵۆنیا کاتژمێر ١٤:٥٠خولەک ٣٨،٦ بووە و کەمێک دواتر بەرە و زێکسیشە باد مۆسکاویش دریژبۆتەوە، لەوێ کاتژمێر ١٦:٢٠خولەک ٣٨،٦بووە ،ئەمەش تا ئێستا بەرزترین پلەیە، کە لە ساڵی ١٩٤٧ەوە میتەرۆلۆگەکان پێوانەیان کردبێت، ئەو کات لە بیولەرتال لەبادن ڤۆرتنبێرگ خۆی لە ٣٨،٥ داوە.. لەهەمووان جیاوازتر هەمان ڕۆژ لە مانشنۆ (براندنبۆرگ) و هۆیەرسڤێدە (زاکسن)، کۆتبوس(براندن بۆرگ) و هەروەها لە میۆرندۆرف لەکلاین زێ باخ لە بایەربوە کە پلەکەی گەیشتۆتە ٣٨،١.

ڕۆژئاواش بەگەرمترین شوێنەکانی ئەڵمانیا دانراوە و– تۆبیاس راین ئارتس–ی میترۆلۆگ ڕایگەیاندووە. لەبەرلین ٣٧،٥ ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە بۆ مانگی یونی(حوزەیران)، بەشێوەیەکی گشتی لەزۆربەی شارەکانی ئەڵمانی مانگی شەش ریکۆردێکی نوێ بووە.

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

کوێستان جەمال

کوێستان جەمال دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی ساڵی 1984–1985ە، دەرچووی ئەکادیمیای هونەرییە لە شاری بێرگن لەنەرویج، خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەری لە ساڵی 2002–2009 تەواو کردووە، خاوەنی سێ کچە و لەگەڵ هاوسەرەکەی شانۆکار صدیق عەزیز پێکەوە، بۆ ماوەی 21 ساڵە، لە وڵاتی نەرویج دەژین. دوای تەواوکردنی خوێندن ئێستا مامۆستای هونەرە لە قوتابخانەی کلتوری لەشاری بێرگن. لەگەڵ کاری مامۆستایەتیدا، بەردەوامە لەکاری هونەریدا و دانەبراوە، چەند پێشنگایەکی لە نەرویج و لە چەندین پێشانگا لەدەرەوەی نەرویج بەشدار بووە. کویستان ڕێکخەری پرۆژەیەکە لە ساڵی 2010 ەوە تا ئێستاش پێوەی سەرقاڵە، ئەوبش پرۆژەی کومنۆک. ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆ ژەیە دروست کردنی پردێکی کلتوریە، لەنێوان وڵاتی نەرویج و کوردستاندا. کویستان بۆ ماوەی چەند ساڵێک ڕێکخەری گەلەری پولس بوو، لەگەڵ هەردوو هاوڕێی هونەرمەندی سولفرید ئەکسنس و ئەود بێکلون. هەر لەو گەلەریەدا، کوێستان پێشانگای بۆ چەند هونەرمەندێک لە کوردستانەوەکردۆتەوە، دواتر پێشنگاکە هێنرا بۆ گەلەری بۆملۆ لەوێش نمایش کرا. کویستان جگەلە تابلۆکێشان کاری پیرفۆرمانسیش دەکات، کەئێستا لەخۆ ئامادەکردندایە بۆ کاری پرفۆرمانس لەئەسینا، کە لەلایەن هەودوو کوراتور هارکیلیا هاری و چێل ئیریک بانگکراوە بۆ بەشداربوونی لەپێشانگایەکدا بەکاری پیرفۆرمانسی"دەرزی وەک قەڵەم"، لەمانگی شەشی ئەمساڵدا. کوێستان هەروەها سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ پێشانگای تایبەتی شاری بێرگن لەپایزی ئەمساڵدا لە گەلەری فێلفێت و کوراتور ئڤلین هۆڵم. هەروەها پێشانگایەکی تایبەتی لەساڵی 2020دا. کویستان دەڵێت؛ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدام، که بتوانم لەڕێگەی زمانی هونەرەوە نزیک بوونەوە لەنێوان کلتورە جیاوازەکاندا دروست بکەم، هەتا بتوانین زیاتر لەیەکتر تێبگەین و یەکترمان قبوڵ بێت، نمایش کردنی کاری هونەریش دەرفەتێک بێت بۆ ئەکتیڤ کردنی بینەر بۆ گفتوگۆ و گەڕان بەدوای ئەوەی، کەدەیبینێت چۆن دەیبیێت و چۆن چێژی لێ وەردەگرێت، ئەوەی کە دەیبینێت چی لەلا بەجێدەهێڵێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم دوو لینکە:

https://www.kwestan-jamal.com/



تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

05 Juli . 2019 No. [59]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– دادگای ئەمستردام، سزای بەندکردنی تا مردنی بەسەر قیلێم هۆڵیدەری (61 ساڵیدا) سەپاند. ل 1

– بۆچی بێوار.؟ بەشی سیازدەمین، دوو نامەی سەردار مەحمو مورادی و کامەران ئەحمەد سلێمان. ل 2

– کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان– بەشی چوارەم و کۆتایی ، ل3 و ل 4

– زمانی کوردیی لە مەترسیدایە، مامۆستا نوری کەریم، بەشی سێیەم، ل 5

– گۆشەی ژمارە 16هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە. ل6 و7 ،

– کورتە چیرۆک: داهـــــۆڵ نووسینی : شوان عەباس بەدری ل 9.

– هونەرمەندی شێوەکاری کورد، خاتوو تارا خەلیل ل 10.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەندا دەردەچێت

05 Juli 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-58
ژمارە 59ی 05 ی تەموزی 2019

دادگای ئەمستردام، سزای بەندکردنی تا مردنی بەسەر ڤیلیّم هۆڵیدەری (61 ساڵیدا) سەپاند..

دوێنی پێنجشەممەی ڕێکەوتی 04 تەموزی 2019 ڕاگەیاندنەکانی هۆڵەندا سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی دادگاییکردنی سەرۆکی گروپێکی تاوانکاری ڕێکخراو بوون.

دادگای ئەمستردام، سزای بەندکردنی تا مردنی بەسەر ڤیلیّم هۆڵیدەری (61 ساڵیدا) سەپاند.

لەبەر ئەندامێتی لە ڕێکخراوێکی تاوانکاری و لەپای هەموو ئەو کوشتنانەی بەدەستی خۆی ئەنجامیداوە.

بە گوێرەی بڕیارەکانی دادگا و بە پێی ئەو بەڵگانەی لەسەر Holleeder هەبوون، سەلمێندراوە ئەو ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە بە لە ناوبردنی هەریەکە لە Cor van Hout لە ساڵی (2003) دا و Willem Endstra، لە ساڵی 2005 و Kees Houtman لە ساڵی 2006 و Thomas van der Bijl.

هەروەها ویلیّم هۆڵیدەر لە ساڵی 2002 دا لە هێرشکردنە سەر John Mieremet تیۆەگلاوە، بەو ڕووداوە ناوبراو لە ساڵی 2005 مردووە، دادگا بەڵگەی باوەڕپێکراوی لەبەردەستە.

دادەر گوتی؛ دادگا لە پاش دادگایی کردنی (هێڵدەر و دینۆ سویرەڵ و ستانلی هێڵس) بۆی ڕوون بووەوە، ئەم سێ تاوانبارە پێکەوە بێباکانە ڕێکخراوێکی تاوانکاریان پێکهێناوە بۆ کوشتن و هێرشکردنەسەر خەڵکی بۆ سەرانەسەندن و کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆر.

پێشتر بڕیاری سزای هەتاهەتایی، بەسەر دینۆ سویرەڵ Soerel دا درا بوو، بەهۆی تێوەگلانی لە کوشتنی Houtman و Van der Bijl، هەروەها هاوڕێی سێهەمیان ستانلی هێڵس بە گولە ساڵی 2011 کوژرابوو.

سەرەڕای ئەو تاوانانەی دراونەتە پاڵ ویلیّم هۆڵیدەر، هەر هەمووی لەسەری سەلمێنراوە، بەڵام لە هۆڵەندا دادگای (ئیستئناف) تێهەڵچوونەوە، ڕێگەی پێدەدا بە هۆی پارێزەرەکەیەوە و لەڕیگەی دادوەری گشتییەوە، بە دۆسییەکەیدا بچنەوە و داوای کۆتا بڕیاری دادگاش، تاوانبار داوای ئەوە دەکات بێتاوانی تەواوی خۆی دەربخات. بێگومان ئیستیئناف ئەنجامی لۆژیکی دادگا دەسەلمێنێت.

ساندر یانسن، یەکێک لە پارێزەرانی هۆڵیدەر دەڵێت: بەڵێ دۆسیەی ئیستیئنافمان پێشکەش کردووە و ڕوونکردنەوەیەکی کورت لە لایەن Holleeder خۆیەوە، بۆ دادوەری گشتی پێشکەش کراوە، کە سوورە لەسەر بێتاوانی تەواوی خۆی و دەڵێت پێویستە بابەتیانە و بە وێژدانەوە لە مەسەلەکەم بڕوانرێت، ئەو بە قسەی خۆی لەوە دڵنیایە، کە بێتاوانە بەڵام دەترسێت، لەوەی تاوانی کوشتنی ئەو قوربانیانەی بخریتە مل و تۆمەتبار بکرێت.

دادگا ڕوونە لە بڕیاردانداء شایەتی خوشکەکەکانی هۆڵیدەر، سۆنیا و ئەستراید و هاوڕێ کۆنەکەی (ساندرا دن هارتۆخ) بەسوود بوون، بۆ دادگا و بەڵگەی سەلمێنەری تاوانەکانی هۆڵیدەر بوون.

ئەو نامانەی لە جیاتی نووسەرەکانیان بەشداری یادەوەری (بێوار)یان کرد....!

بۆچی بێوار ...؟!
بەشی سێزدەمین ..

ئامادەکردنی: هیوا سەرهەنگ.



نامەی یانزەمین؛ سەردار مەحمو مورادی

کە هاتمە هۆڵەندا، بە دوای ڕێکخراوێک، جێگایەکی کوردیدا دەگەڕام. یەکەمجار تێلم بۆ "میدیـــا"ی کوردی کرد، کاک سەردار فەتاح وەڵامی دامەوە، مانگی دوازدەی ساڵی 1997 بوو. "میدیـــا"ی کوردی ئەمستردام دواتر "میدیـــا"ی ڕۆتەردامم ناسی.

لە ڕێگای کاک (هیوا سەرهەنگ)ەوە، (بێوار)، کە بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو، چاپ و بڵاودەکرایەوە.

بۆ ئەو سەردەمە میوانێکی خۆشەویست بوو، کە وڵات و شارانی دەکرد، لەمسەر بۆ ئەوسەری دنیا دەگەڕا، من گۆشەیەکم هەبوو لە دوالاپەڕە، گۆشەکەی (فاشیلە فەنی)، دواتر بوو بە (لەهەر چەمەنێ سەمەنێ)، سەرەتا ناوی کەسم لەسەر نەدەنووسی، زۆر کەس تامەزرۆ بوون، بزانن ئەم کەسە کێ یە؟ من هەموو جار دەمگوت بۆ نووسەر گرنگە پەیامەکەی بگات، ئیتر گرنگ نییە بناسرێت یان نا.

(بێوار) لە کاتی خۆیدا خزمەتکارێکی خۆشەویست بوو، دەکرێت هەموو شتێ بە کێشانە و پێوانەی زەمان و مەکانی ئەو دەمە حیساب بکەین، بۆیە بێ دوو دڵێ دەڵێم بۆ ئەودەم بڵاوکراوەیەکی پێویستی سەردەمەکەی بوو.

نامەی دوانزەمین؛ کامەران ئەحمەد سلێمان

ئازیزان و خۆشەویستان ئەم کاتەتان شاد و کامەران بیت...

بەندە وەکو کوردێکی پەناهەندە، کە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، لەگەڵ هەزاران کوردی دیکە، کاتێک ڕووماکردە ئەوروپا ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت و دژوارتر بووینەوە، لە ڕووی جیاوازی زمان و کلتور و داب و نەریتەوە. لەو ساتانەدا وەکو هەر تاکێکی کورد، خولیام ئەوە بووە، کە پەیوەندییەکی بەهێزم لەگەڵ کوردەکانی شارەکەم و وڵاتەکەدا هەبێت. ئەو پەیوەندییەش هەروەها ئاسان نەبوو، بەڵکو لەڕێگای یانەی کوردی "میدیـــا"وە، دەرگایەکی گرنگ لەمن کرایەوە بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ کوردەکان دروست بکەم... لەو ساتانەدا کە بواری تەکنەلۆژیا بەم شیوازەی ئێستا پێشکەوتوو نەبوو ، دەرکردنی مانگانەیەکی وەکو (بێوار) لەلایەن کاک (هیوا سەرهەنگ و پەیمان خان)ەوە، کە سەرپەرشتی یانەی کوردی "میدیـــا"یان دەکرد لە شاری ڕۆتردام، جێگای دەستخۆشی بوو.. لەو ڕێگایە توانیمان ئاگاداری بەشێک لەکارو چالاکییەکانی کوردەکانی ناو هۆڵەندا ببم و لەو ڕێگایەشەوە توانرا وەکو نەتەوەکانی تر زمانی دایکی خۆمان بپارێزین.. کە لەو کاتەدا بەو ئیمکانیەتە کەمەوە، بڵاوکراوەیەکی مانگانە دەربکرێت و بگاتە دەست هەندێک کوردی دانیشتووی وڵاتەکە، بەلای منەوە گرنگ و کارێکی پیرۆز بوو. بۆ من کە بڵاوکراوەیەکی کوردی مانگانە لە ڕێگای پۆستەوە بگاتە دەستم زۆر دڵخۆشی دەکردم. وەکو خۆم وەکو ڕۆژنامەنووسێک خۆبەخشانە بە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ هاوکاری بڵاوکراوەی (بێوار) بووم. جێگای شانازیمە، کە وەکو هاوکار لە ڕێگای بڵاوکراوەی (بێوار)ەوە ناومان چۆتە مێژووی ئەو ساڵانەوە، کە (بێوار)ی تێدا دەرچووە. لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ کاک (هیوا و پەیمان خان)و هەموو ئەو ئازیزانە دەخوازم دەکەم کە بەشداربوون، کە هەمووان وەکو یەک خێزان ماوەی زیاتر لە ١١ ساڵ بەردەوام بوون.. بە دڵنیایی کارێکی لەو جۆرە لەو سەردەماندا هەروا ئاسان نەبووە. لەوە زیاتر نامەوێت کاتتان بگرم و هیوام وایە هەمیشە شا د و دڵ و دیدە ڕووناک بن.

٣-١-٢٠١٩ سلێمانی

چاوەڕێی بەشی چواردەمین بن..

کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت نووسینی: حەمید بەدرخان*

بەشی چوارەم و کۆتایی

هەندێک یادەوەری لەگەڵ (کەمال فوئاد)، پیاوێک لە یاقوت

ئەکتیڤ و پرۆفیشنالّ

زۆرجار لیژنەی بالّای ئامادەکاری فێستیڤالّ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێ دەدا لەنێو کۆبوونەوەکەدا بەشێک لە ئەندامان هەندێک وشەی سەیر و سەمەرەیان بەکاردەهێنا، د.کەمالیش زۆر پێی قەڵس دەبوو، وەڵامی دەدانەوە دەیگوت برادەر ئەو وشەیە مانای چییە، جارێکیان لەتەک مامۆستام (مستەفا سالّح کەریم) دانیشتبووم قسەم دەکرد و گوتم دەبێت ئەمجارەیان زۆر پرۆفیشنالّانە فیستیڤالّی سێیەمی بەدرخان لە هەولێر، 22–4–2006 بەڕێوەببەین، دکتۆریش تورەبوو گوتی (تۆش بەم زمانە قسە دەکەی! منیش گوتم ئاساییە ئەو وشە هاتۆتە نێو زمانی کوردی، ئەویش گوتی: (پرۆفیشنالّانە) مانای چییە..؟منیش گوتم مەبەست بێ کەموکوڕی و کارێکی باش بێت ئەویش گوتی وانییە، ئەو مانایە نابەخشێت، پاش سەعاتێک نۆرەیی قسەکردنی من هاتەوە، من بە حیساب بەئاگاییەوە قسە دەکەم بۆ ئەوەی وشەیەک نەدرکێنم، کە دکتۆر پێی قەڵس بێت، یەکسەر دەستم بە قسان کرد و گوتم دەبێت(ئەکتیڤ) بێت، گوتی دیارە تۆ وازناهێنی... تکایە مادام نازانن ئەو وشانە لە کوێ بەکاردێت و ماناکەی چییە، جارێکی دیکە حەز ناکەم گوێم لێی بێت، حەمیدە فەندی).

د.کەمال و حەوت موژدەبەرەکە..!

زۆرجار لە دانیشتنە تایبەتەکانی د. کەمال باسی بەشیر موشیر و حەوت موژدەبەرەکە دەکرا، یەکەمجارم بوو، لەو دانیشتنانە بەشداربم و گوێبیستی وشەی پەیتوکە و لێخۆڕ و کۆمەڵێک وشەی سەیر و سەمەرە دەبووم، نەشم دەزانی مەسەلە چییە، تا لە چەند دانیشتنێکی دیکە ئینجا زانیم مەبەستیان بەشیر موشیر (ئوستازە)، بۆیە پرسیارم کرد حەوت موژدەبەرەکە کێن....؟

ئەوانیش گوتیان (مام جەلال، کەمال فوئاد، جەمال نەبەز، کامیل ژیر، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئیحسان فوئاد، هەژار موکریانی)، بۆیە جگە لەوانە سوختە و خەڵکی دیکەش هەبوون، جارێکیان پرسیارێکم ئاڕاستەی د. کەمال فوئاد کرد بۆچی ئەوەندە گرنگیتان بە بەشیر دەدا؟

لە وەڵامدا گوتی: چەندین گوتارمان نوسی بەناوی بەشیر بلّاوەدەکرایەوە لە دژی شۆڤێنیستە عەرەبەکان و شیعرەکانی خۆمان بەناوی بەشیر بلّاوەدەکردەوە، بەڕێز مام جەلال بەناوی بەشیر وەڵامی وەزیری دیفاعی ئێرانی دەدایەوە بۆیە لای د. کەمال فوئاد بەشیر موشیر دیاردەیەکی ناوخۆیی کوردستانی و جیهانی بووە.

من و عەبدوڵّا زەنگەنە و د. کەمال فوئاد

هەرچەند جار د.کەمال فوئادم دەبینی دەیگوت میرت چۆنە، من سەرەتا نەمدەزانی مەبەستی عەبدوڵّلا زەنگەنەیە، کە پرسیارم کرد دکتۆر مەبەستت کێیە میر؟ ئەویش لە وەڵامدا پێدەکەنی و دەیگوت عەبدوڵّلا زەنگەنەی خۆشەویست، بۆیە چەندینجار ئەوەی دووبارە و سێ بارە دەکردەوە، کە هەوڵەکانی زەنگەنە بۆ گۆڕینی ڕێنوسی ئەلف و بێی عەرەبی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە 31 ژمارەی دەرچووە لە 1898 تا 1902 لە دووتوێی کتێبێک چاپ و بلّاوبکرێتەوە وەلێ دەزگای بەدرخان هەر 30 ژمارەی لە تاران و قاهیرە چاپکردۆتەوە، د. کەمال دەیفەرموو تەنها ئەو کارە بە زەنگەنە دەکرێت بۆیە زۆرجار پرسیاری دەکرد، زەنگەنە لەو کارەی گەیشتە کوێ..؟ بیرمە لە ئامادەکاری فێستیڤالّی بەدرخان لە هەولێر، کە لە ئۆتێل ئەزمەر لە سلێمانی لەنێو کۆبونەوەی لیژنەی بالّادا برادەرێک بە د.کەمالی گووت: حەزدەکەین ئەو پرۆژەیەی زەنگەنە ئێمە چاپی بکەین، ئەویش لە وەڵامدا گوتی ئەو کارە حەمید و دەزگای بەدرخان بە هاوکاری زەنگەنە ئەنجامی دەدەن، بۆیە بەهیواین لە ئایندەیەکی نزیک بە هیممەتی عەبدوڵّلا زەنگەنەی خۆشەویست ئەو پرۆژەیە تەواو بکرێت و بەشێوەیەکی جوان چاپ بکرێت، بۆیە لە جێگای خۆیەتی ئەو وەسیەتەی جێبەجێبکرێت، چونکە کەمال فوئاد پیاوێکە لە یاقوت.

د. کەمال و نەخۆشخانەی بەرلین

لەو کاتەی د. کەمال فوئاد باری تەندروستی تێکچوو بە بەردەوامی لەڕێگای سەعدییە خانی خوشکی و کاک سەلام و خزم و کەسوکاریان هەواڵی تەندروستی ئەوم دەپرسی، تا ئەو لە نەخۆشخانەکانی بەرلین لە ئەڵمانیا بوو، من دووجار سەردانیم کردووە، جارێکیان لەگەڵ کاکە شاخ و بە ئامادەبوونی ئاریانای کچی بۆ ماوەی کاتژمێرێک لای مامەوە و زۆر دڵشاد و دڵخۆش بوو، لەبەرامبەر ئەوەی لە هەولێرەوە هاتووم بۆ لای و زۆرم باسی بەشیر موشیر و کۆمەڵێک شتی دیکە باسکرد، مخابن جگە لە زەردەخەنەیەک هیچ وەڵامێکی دیکەی نەبوو، تەمەن کە دەکشێت ئەوەندە بێویژدانە لەبەرامبەر زانا و دانا و نەخوێندەوارێک، کە لە کۆتاییدا هەموویان ڕاپێچی ئەو شوێنە دەکات، کە مرۆڤ تاهەتایە جارێکی دیکە ژیان ناکاتەوە. بۆیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتیان بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی کردووە ژیان پاش مردنی خۆیان لەنێو کۆمەڵگاکەیاندا دەست پێدەکاتەوە، ئەویش بەو بەرهەمانەی، کە لە ژیانی خۆیاندا نوسیویانە و پێشکەشیان کردووە. جاری دووەمیش پێش چەند مانگێک بە خزمەتی گەیشتم ئەفسوس ئەم جارەیان نەیناسیمەوە و تەنیا گوتی: ئیحسانی برام چۆنە...؟

بڕوانە ل 4

ئەم بەڵگە گرینگ و پڕبایەخانەی، کە هەمیشە نەیارانی کورد هەڵسووڕاون،هەتا سەروسۆراغیان نەمێنێت، لە سایەی بیری ورد و بەدواداچوونی شێڵگیرانەی دوکتۆر کەمال فوئادەوە دۆزراونەتەوە..



پاشماوەی ل 3 کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت..

ڕێوڕەسمی ناشتن لە بەرلین

وەک وەفایەک دەبوو بەشداری ڕێڕەسمی ناشتنی ڕەوانشاد د.کەمال فوئاد بکەم لە بەرلین، لە 28–11–2014 حەمید ئاسا لەتەک ئاسۆ خانەقینی ڕێگامان گرتەبەر بۆ شاری مانهایم و لەوێشەوە بە تەنها چووم بۆ بەرلین، کاتی گەیشتنم لەلایەن بەڕێز پێشمەرگەی ماندووی ڕۆژانی خەبات(کرمانج هاریکی) پێشوازیکرام و لە ڕۆژی 30–11–2014 و چووین بۆ پرسە و لەوێ بەڕێزان عومەر فەتاح و سەعدی پیرە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ی ن ک ئامادەبوون و جگە لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، دۆست و هەوادار و خەڵکانێکی زۆری هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون، بۆ ڕۆژی دواتر 1–12–2014 لە گۆڕستانی (Parkfrisdholf neukolln) بە ئامادەبونی خۆشەویستانی بنەماڵەی د. کەمال فوئاد لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەخاکسپێردرا، لەپاشان لەلایەن ئاریانای کچی دکتۆر کەمال فوئاد میواندارى کراین.

ئاریانا نامەیەک بۆ کەمال فوئادی باوکی دەنوسێت..!

من زۆر بیر لە باوکم دەکەمەوە، زۆر شت ئەوم بیر دەخاتەوە، ئەو لەنێوان دوو جیهان و دوو وڵاتدا دەهات و دەچوو، ئەو لە هەردووکا لە مااڵی خۆیدا بوو، جاری واش هەبوو، لە هەردووکا نامۆ بوو. من دڵنیام کە ئەو بە هەردووکا دڵی خۆش بوو، هەستی بە ئارامی دەکرد. لە کوردستان کە نیشتیمانەکەی بوو، لەو وڵاتەی کە لە ناخەوە پێوەی پەیوەست بوو، هەروەها لە ئەڵمانیاش نیشتیمانی خۆی دۆزیبۆوە. باوکی ژیانێکی پڕ بەسەرهات و پڕ تام و چێژی هەبوو، چەندەها ڕووداوی بینی بوو، دەشیزانیی بۆ چی دەژیی. دیاربوو کە لەو پەیامەی کە لەژیانیدا هەیبوو بە هیچ جۆرێک دوودڵ نەبوو. لەبەر ئەوەش زۆرجار جێی ستایش و سەرسامییم بوو.

ئاریانا فوئاد

15ی شوباتی 2016

ئەڵمانیا

د. کەمال فوئاد دۆزەرەوەی ڕۆژنامەی کوردستان

وەکو دیارە کوردستان لە خولی سێهەمیشدا هەر لەسەر باری ڕوون کردنەوەی نەتەوە و بواری نەتەوایەتی و دابینی مافی ئازادیی کوردان ڕۆیشتووە و سەرنجی داوەتە سەر لایەنی سیاسی و مێژوویی و بە تێبینییەوە چەند بەشێکی کورتی شەرەفنامەی شەرەفخانی بە کوردی و تورکی بڵاوکردۆتەوە. جیاوازیی لەگەڵ خولی یەکەم، خۆ بواردنی بووە لە بڵاوکردنەوەی شیعر و لێی تێپەڕیووە. هەروەک ئاماژەشی پێکرا دەبینین، کە لە سەرەتاوە دووهەفتەنامەکە دابەش بووە بە سەر زمانی کوردی و تورکیدا و لە ڕاستیدا ئەم کارە گەیاندنی ڕاستەوخۆی پەیام و ڕاسپاردە و داخوازییەکانی لێ دەخوێندرێتەوە. چۆن بووە کوردستان لە بڵاوکرانەوەی وەستاوە لام ڕوون نییە، بەڵام ئەم بڵاوقۆکەش هەروەک کوردستانی سااڵی ١٨٩٨ لە جوڵاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و پەیوەندیی نێوان کوردان و ناساندنیان بە ڕۆژهەاڵتناسان و ورووژاندنی پرسی ئازادیدا دەوری گێڕاوە.

ئەم بەڵگە گرینگ و پڕبایخانەی کە هەمیشە نەیارانی کورد هەڵسووڕاون هەتا سەروسۆراغیان نەمێنێ، لە سایەی بیری ورد و بەدواداچوونی شێڵگیرانەی دوکتۆر کەمال فوئادەوە دۆزراونەتەوە و خراونەتە سەر خەزێنەی مێژووی نیشتمان و بواری ڕۆژنامەوانی و زمان و وێژەمانی پێ خۆشتر کراوە. کاک کەمال سااڵی ١٩٦٨ لە ئاڵمان دەستی بە ٢٦ ژمارەی کوردستان ڕاگەیشتووە و سااڵی ١٩٧٢ لە بەغدا کردوونی بە بەرگێک و چاپی کردوونەوە و پێشەکی و پەڕاوێزی بۆ نووسیون. دواتر لە ماوەی زەماندا، جگە لە ژمارە ١٩، مامۆستا مەحموود زامدار ژمارە ١٧ و دوکتۆر جەلیلی جەلیل ژمارە ١٠ و ١٢یان گەیاندۆتە دەستی.

سااڵی ٢٠٠٥ لە قاهیرە و سااڵی ٢٠٠٦ لە تاران، حەمید ئەبوبەکری خاوەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەسەر ڕەزامەندیی کەمال فوئاد تێکرای لە بەرگێکدا چاپ کردوونەوە. وەک باسی کرا هیچ ژمارەیەکی خولی دووهەم هەتا ئێستا دیار نییە، بەاڵم کوردستانی خولی سێهەم، سەرلەبەریان شەهیدی ڕێی ئازادی نەجمەددین بیووکایا (١٩٤٣– ١٩٨٤)، سااڵی ١٩٧٦ لە شام گەیاندوونییە دەستی کەمال فوئاد و ئەویش سااڵی ١٩٩٨ لە سلێمانی بە بەرگێک چاپی کردوونەوە و پێشەکیی لەسەر نووسیون. خودی پاراستن و کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمانە نیشانەی درێژە و گەشە و نەپسانەوەی بیری مرۆڤی کوردە بۆ وەدی هێنانی دنیایەک و جوغرافیایەکی تازەی سیاسی.

گیانی بەرزەفڕی ڕۆاڵە ئەمەکدارەکانی خانەدانی بەدرخان شاد بێت، کە تاجی بەجێنەمانی کوردیان لە کاروانی تازەگەریی جیهانیدا نایە سەری. ڕۆحی پاک و بێگەردی ئەو کەسانە گەشاوە بێ، کە بێوچان شەو و ڕۆژیان پێکەوە بەستنەوە هەتا قافڵەی قەاڵمباری ڕێگای پەرە و گەشە و پێشکەوتنی ئازادی هەر باژۆ و لە پەل و پۆ نەکەوێت.

پیرۆز بێ ڕۆژی ٣ی مانگی مەی، یادی سااڵوەگەڕی ئازادیی ڕۆژنامەوانیی جیهانی .

سەرچاوە:

١ –کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (١٨٩٨–١٩٠٢)، کۆکردنەوە و پێشەکی: دوکتۆر کەمال فوئاد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، تاران ٢٠٠٦.

٢ –کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، دەورەی سێیەم (١٩١٧– ١٩١٨)، کۆکردنەوە و پێشەکی: دوکتۆر کەمال فوئاد، سلێمانی ١٩٩٨.

سەالحەددین ئاشتی، مەهاباد

٣٠ /١/ ١٣٩٨= ١٩ /٤/ ٢٠١٩

* حەمید بەدرخان، لێپرسراوی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتوور.

زمانی کورد لەمەترسیدایە، زمانی سەقەت و سەقەتکردنی زمان

بەشی سێیەم

نوسینی نوری کەریم نەڵمانیا

ڕێزمان ، ڕێنوس ، ئاخاوتن

لە ئاخاوتندا سێ چوار زار بەکاردەهێنین،

لەنوسیندا چوار ئەلف و بێ بەکاردەهێنین ،

ڕاگەیاندن و میدیا بە سێ زار(دیالێکت) پەخشدەکرێت.

پێش ساڵێک لەمەوبەر ! (ساڵێک لەمەوبەر، بەر لە ساڵێک)، ماسی لە دەریا . دای لە شەقەی باڵ(ئەمەیان هەر بۆ پێکەنین دەشێت. حەزناکەم ئەم ڕۆژە خۆشە لەناو بچێت(حەزناکەم ئەم ڕۆژە خۆشە بەسەربچێت)، دیواری گرینۆک(مەبەستی لە دیواری گریانهێن) ە ، گایەل (مەبەستی لە گاگەل)ە. پێڵاوەکان لەبەرکە(پێڵاوەکان لە پێکە)، من هەمو لایەکم تەڕبووە(سەرتاپام تەڕبووە)، تۆ چەند مرۆڤێکی پلاناویت(تۆ چەند مرۆڤێکی فێڵبازیت)، سوپا بڵاوەی بە هێزەکانی کرد(ئەوە واتای هێزەکانی گێرایە دواوە، ئۆپەراسیۆنەکە کۆتاییهات ،بەڵام ئەو بەڕێزە بەمەبەستی سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی هێزەکان بەکاریهێناوە -(اعادە انتشار القوات)، پڕچەککردنی حەشدی شەعبی و بەئامانجکردنی کورد(مەبەستی لە پەلامارادانی کورد)،بەڕپرسێکی باڵای باشوردەفەرموێت: پرۆسەی بڕیاردان لە هەرێم تەندروست نییە!(پرۆسەی .. نا دروستە)،نوسەرێک بە زمانێکی سەقەت نوسیوێتی : بە عام ئاگایان لەو هەموو سیخوڕ و پلانانە نین..ئەحزابی باشوور(ئەمە زمانی نوسین نییە)،بۆ دڵت دامێ بێ دڵت کردم لەناو بەهاردا بێ گوڵت کردم(شاعیرەکە دەیتوانی بڵێت لەبەهاریشدا،لەناو گوڵاندا بێ گوڵت کردم)،بە حوزنەوە ماڵاواییت لێ ئەکەم و..(بەخەمەوە ماڵاواییت لێدەکەم)،هونەرمەندی گەورە حەمە جەزا دەڵێت: دەستم بۆ هەر گوڵێک ئەبرد،ئەبو بە درک لەژێر پێم (درکێک بچێت بەدەستدا،بۆ دەگاتە ژێرپێ؟)، پێکەنین و خەندەکەت عەزابی قەبری منە(پێکەنین و خەندە ،بەتایبەتیش ئەگەر لەیارەوە بێت شادیی بەخشە)،حەزدەکەم قۆڕکانم هەتا ئاسمان درێژبنەوە! (قۆ کە درێژ دەبێتەوە، بەرەو زەوی درێژ دەبێتەوە،)، زۆر خۆش بو بۆنی دایکم رابکێشم!.. بۆنی دایکم هەڵمژم)، ملوولە(مەبەستی لە "مولولە"یە)،سڵقی کەرکوکی (سڵقی کەرکوک) ،جەنگی جیهانی دووەم"الحرب العالمیه التانیه"(دووەم جەنگی جیهان یا جیهانیی)،ئوتومبیلەکەم لە خزمەتگوزارییە!(..لای فیتەرە ، بردومە بۆ چاککردن)،دەستەکانت بخەرە گیرفانت (مەبەستی ئەوەیەدەست بکە بە گیرفانتداو پارە دەربهێنە).

نوسەریش هەیە وشەی نێرقوز/نەرقوز بە نێربوز تێگەیشتووە! نوسەری زۆر ناسراویش هەیە نوسیوێتی: (..دەرکەری ڕۆژنامەکە بوون)! دەرکەر لەوێدا زور نەگونجاوە،(. . عێراق بەچەند دڕینێکی یاسای نێودەوڵەتان هەستاوە .) پێشێلکردن دروستە نەک دڕاندن کە بەرامبەر(خرق)ی عەرەبی یە. (ئەمە وانی یە تۆ زۆر خراپ لەمن گەیشتویت) گەیشتویت لە چاوگی گەیشتن وەرگیراوە، وەک گەیشتن بە شوێنێک ،ئامانجێک،پلەو پۆستێک،دروست ئەوەیە بڵێین تۆ زۆر خراپ لەمن تێگەیشتویت. (ڕێمی شا، ڕێی سنووری زەوی نێوان عێراق و تورکیای بۆ چەکدارەکانی(قیادەی موەقەت) شل کرد). خوێنەری هێژامن هیچ نالێم ، بەڵام تۆ دەڵێیت چی بەرامبەر (ڕێی سنووری زەوی شلکردن)؟

وانە بێژیکی زانکۆ بە پلەی دکتۆر(دکتۆر تەرەقە) دەڵێت : .. بەمەرجێ تەرخانی تایبەتی خۆی نیە..(مەبەستی لەوەیە بواری پسپۆڕیی خۆی نییە(مجال الاختصاص)، یاریزانەکە دەستی بە ڕاهێنانەکانی سەر یاریگا کردەوە !(دەیەوێت بڵێت لە پێکانەکەی چاکبۆتەوە،ئەگەر نا وەرزشوان و یاریزان هەر لەیاریگاکاندا ڕاهێنان دەکەن)،جلێکی بەگوڵی لەبەردابو(مەبەستی لە گوڵدار یا گوڵگوڵە)،ئەوەی ئەم کارەی کردووە بۆ هەمیشە لێی ناگەڕێم(هەرگیز لێیخۆشنابم)،

تێکەڵاوکردنی وشەی نێچیر و نێچیروان،نێچیروان ڕاوی نێچیر دەکات. سەرباز وتی(کەسیک کە ناوی سەربازە وتی ،بەڵام ئەو بەڕێزە دەیەوێت بڵێت سەربازەکە وتی . قسە شەرمەزارەکانی ،(قسە شەرمهێنەرەکانی).

نانی نوێ(کوەد دەڵێت نانی گەرم). شانەکانت ڕاتەکاند(شانەکانت هەڵتەکاند) . هەزارانی پێش ئەو ئەشکەنجە دراون(پێش ئەویش هەزاران کەس ئەشکەنجە دراون). جگەرەکە دەخاتە دەمیەوە(جگەرەکە دەنێت بە لێویەوە) تۆ بۆچی ناگری(تۆ بۆچی ناگریت؟)، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی هەڵگرتووە وەک فەرمانێکی نووسراوی سەر پێستی هەڵگرتبێ(کە دەڵێین ڕۆژنامە، واتا ڕۆژانەیە. ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە گرتووە هەر وەک فەرمانێک کەلەسەر پێستە نوسرابێت). .

بەر لە هەزاران ساڵ پێش ئێستا(کە وتمان بەر لە هەزاران ساڵ،ئیتر پێویست بە پێش ناکات). مەبەستت وایە؟(مەبەستت ئەوەیە؟).ئەوەی گوێچکە خۆشەویستەکەت بیستی.(ئەمەیان هەر بۆ پێکەنەن باشە!).

نمونەیەک لە بێسەروبەریی میدیای باشور:

بێژەرێک جیاوازی نێوان شەقام و شەقاو ناکات ، دەڵێت : چەند شەقامێک لەولاترەوە!زۆرێک لە (میدیاکاران)جیاوازی نێوان هەردو وشەی (حاڵەت) و (دیاردە)ناکەن، حاڵەت بارودۆخێکی کاتی یە،وەک تورەبون کە دێت و بەسەر دەچێت،بەڵام دیاردە فراوانترەو بەردەوامیشی هەیە و لە ئەنجامدا دەبێتە کلتور وەک کلتوری ئافرەت کوشتن. کەنالێکی تیڤی بەرنامەیەک لەسەر پورتوگال پێشکەش دەکات و دەڵێت ئەمڕۆ باسی شاری پۆرتۆ دەکەین لە بولگاریا!؟

چارەسەرێک بۆ سوکایەتی نەکردن بە زمانەکەمان:

بەبۆچونی من یەکێک لە ئەرکە پیرۆزەکان دو خاڵی زۆر گرنگە : پاداشت و سزا ! هاندانی مرۆڤی کورد زمانەکەی بەکەم نەبینێت ،بایەخی پێبدات و هەرکەس لای خۆیەوە گەشەی پێبدات، باوک ودایک لەماڵەوە، مامۆستا لە خوێندنگەکان، بەڕێوەبەر و بەرپرسان لەهەر پلەوپایەیەکدان هەتا دەگاتە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرکۆمار و سەرکردایەتیی حیزبەکان..خاڵی دووەمیش کەچاودێریی و سزادانە،لێژنەی پسپۆڕ و کارامە دابنرێت بۆ چاودێریکردنی هەمو جۆرە چاپەمەنی یەک وێبدیای بیستراو ،بینراو، خوێندراو و دانانی فلتەری ئەستۆر و سزای ئەوانە بدات سەرپێچی دەکەن یا هاوکارنین، وەک سزاکانی پۆلیسی هاتوچۆ لە وڵاتانی پێشکەوتو کە سەرپێچیکار جگە لەسزای پارەسەندن،خاڵیش لە سەرپێچیکار دەشکێنن هەتا دەگاتە ڕادەی لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێری یەکە.ئێمەش لێژنەیەکی باڵای پاراستنی زمان دابمەزرێنین وبە کارتی زەرد و سور و ڕەش سزای سەرپێچیکاران بدات .بەڵێ با ئازادبین لە دەربڕینی بیروڕای خۆماندا،بەڵام ئازاد نین بەزمانێکی سەقەت و شێواو، زمانەکەمان تێکبدەین و ئەوەی نەوەکانی پێش ئێمە بە سەدان ساڵ کردویانە بەبای بدەین.ئاخر ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا وەک ئەو هەمو پیاوکوژ و ژنکوژانە هەن، زمان کوژ و زمانکوژییش هەیە.

ماوێتی

ئەڵمانیا- جوو- هۆڵۆکۆست
عەرەبی عێراق- کورد- ئەنفال

بەکر شوانی

داخۆ کەی ئەو سیاسییە مرۆڤدۆستە لە عێراق پەیدا دەبێت، کە داوا بکات لە عەرەبستانی عێراق جینۆسایدی ئەنفال، بخرێتە بەرنامەی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتییەوە و ساڵانە لە سەرەتای بەهارەوە، تا کۆتایی هاوین خوێندکاران لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراقەوە، سەردانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ و مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بکەن؟

سەرۆکی پارتی کرستیان دیموکراتی ئەڵمانیا کرامپ کارنباوەر (جێگرەوەی مێرکەل)، لە دیمانەیەکدا داوای کردووە سەردانی مۆنۆمێنتەکانی هۆلۆکۆست بخرێتە بەرنامەی خوێندنەوە بۆ ئەوەی منداڵانی ئەڵمان هەرگیز ئەو کارەساتەیان لەبیر نەچێت، کە نازییەکان بەسەر گەلی جوولەکەیان هێنا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.spiegel.de/politik/deutschland/annegret-kramp-karrenbauer-will-pflichtbesuch-von-holocaust-staetten-a-1275534.html

---

لەگەڵ نووسەری دەستڕەنگین
و هێژا بەختیار عەلی

سیروان رەحیم بەختیار عەلی

لە مەیدانی ڕودۆلف لە شاری کۆڵن لە قاوەخانەیەکی یۆنانی پێکەوە بووین. دیداری ئیمڕۆمان هەرهەموو باسوخواسی ئەدەبی و هونەری بوو . دیداری کاک بەختیار تایبەتە، بەتایبەتی ئیمڕۆ. پاش گەشتێکی بۆ چەند شارێکی فەرەنسا و لەندەن، ئیمڕۆ کاک بەختیار گەڕایەوە شاری کۆڵ و هەندێ هەواڵی گرنگی ئەدەبی لەلا بوو. پاش گەیشتنی بە کۆڵن یەکترمان بینی. باسی لە وەرگێڕانی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا کرد، کە کراوە بە زمانی فەرەنسایی و بەشێوەیەکی باش بڵاوەدەبێتەوە. هەروەها باسی لە وەرگێڕانی هەمان ڕۆمان کرد، بۆ زمانی ئینگلیزی کە سااڵی داهاتوو لە وەشانخانەیەکی ئەمەریکایی دەردەچێت، مانگی هەشت، واتا مانگی داهاتویش ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە بە زمانی ئەڵەمانی بڵاوەدەبێتەوە، کە هەردوو وەرگێڕی بەتوانا ئوتا خان و کاک ڕاوێژ وەریانگێڕاوە. هاوکات بەختیار عەلی دەستی کردووە بە نووسینی ڕۆمانێکی نوێ و لەوەیە کۆتایی ئەم ساڵ تەواوی بکات. لەدڵەوە پیرۆزبایی لە کاک بەختیار عەلی دەکەم. هیوادارم لەشساخ و بێوەی بێت. چەند خۆشە، چەند گرنگە و چەند پێویستە ناوی ئێمەیش لەو دەروازەیەوە، لەدەروازەی ئەدەب، هونەر و داهێنانەوە بچێتە نێو خەڵک و بەتایبەتی ئەوروپایی گەلەوە.

میژوو دروستکردنی کفتەی سابونکەران

سەبارەت بە خواردن و میژووی خواردن و شێوەی دروستبوونی و پێکهاتەکانی خواردنەکە، لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە دەگۆڕێت، زۆربەی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، خاوەنی ناندینی (موبەق)ی خۆیانن، لێ مەخابن تەنیا کورد خاوەنی ناندین نییە ؟ هەرچی خواردنی دنیا هەیە دەرخوادمان دەدەن، کە خاوەنەکانیان، یا تورکی سەردەمی عوسمانلی، یاخود فارسی سەردەمی سەفەوییین...بەداخەوە تاکو ئێستا بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی باسی ناندینی کوردی نەکراوە، جێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاسی هەندێک لەو کەسانەبکەین، کە هەوڵیانداوە و چەندین کتێبی کوردیشیان دەرکردووە سەبارەت بە ناندین و خواردنی کوردیی، لێ ئەفسوس ئەوانە هیچێکیان خواردنی کوردیی نین... سەبارەت بەمێژوو دروستکردنی کفتەی سابونکەران و چۆنیەتی لێنانی و پێکهاتەکانی ...لە گۆڤاری سلێمانی و دەمەتەقێی ڕەوانشاد، د.کەمال فوئاد و جەمالی حەکیم ئاغا، کە لە هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوبۆتەوە و دەڵێن؛ لە دێر زەمانەوە لە شاری سلێمانی، گەڕەکی سابونکەران، خەڵکانێکی پیشەوەری دروستکردنی سابون لەو گوزەرە ژیانیانکردووە...

دەگێڕنەوە ڕۆژێک ئەو کابانەی یا ئەو چێشتلێنەرەی، کە خواردنی بۆ زیاتر لە 30 کەس دروستکردووە... هەواڵ وا بڵاودەبێتەوە لەنێو کرێکارەکاندا، کە چێشتلێنەرەکە کەسێکی ئازیزی کۆچی دوایی کردووە و ئەوڕۆژە نایەت بۆ کار....بۆیە لە نێو کرێکارەکانی دروستکردنی سابوون لە گەڕەکی سابونکەران دەبێتە مقۆ مقۆ و ئاژاوە، ئاخۆ نیوەڕۆ بەو ماندوویەتییە چی بخۆن ...؟ بۆیە لە نێوخۆیاندا ڕێکدەکەون، کە یەکێک ماڵ بە ماڵی ئەو کەسانە بگەڕێت، کە لەو شوێنە کاردەکەن، بۆ هەرچییەک هەبێتم لەگەڵ خۆیان بهێنن و خواردنی نیوەڕۆ دروستبکەن.. سەرئەنجام ئەوانەی ڕاسپێردران خواردن دروست بکات چێشتلێنەر نەبوون و هیچ شتێکیان سەبارەت بە خواردن دروستکردن نەدەزانی...؟ بۆیە توانیان 10 کفتەی گەورە دروست بکەن و هەریەکەی سێ کیلۆ گرام بووە، لەگەڵ شلەی نۆکاو، چونکە چێشتلێنەری پێشوو ڕۆژی پێشووتر نۆکی خستۆتە ناو ئاو بۆ ئەوەی نەرمببێت... کاتێک خواردن ئامادەکراوە لای وەستاو کرێکارەکانەوە بەسەرسوڕمانەوە خواردویانە و دەستخۆشیان لێکراوە و ئەو خواردنە ناونراوە (کفتەی سابونکەران)...ئەوە نەمران جەمالی حەکیم ئاغا و دکتۆر کەمال فوئاد وایان گێڕاوەتەوە..

گێڕانەوەی: حەمید بەدرخان
تایپۆی: تارا محەمەد ئەمین

گۆشەی 16 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ژنێک لەئەڵمانیا بۆتە کارێزما

لەمڕۆژانەدا ٤٢ کۆچبەر لە دەریای نزیک سنوری ئیتاڵیا، کاتێک لە لێواری مەرگ نزیک دەبونەوە، کەشتیەکی فریاگوزاری ئەڵمانی بەناوی Sea Watch 3 یە و کەشتیوانەکەی ناوی "کارۆلا ڕاکیتە" توانی سنور ببەزێنێ و هەموو ئەو کۆچبەرانە ڕزگار بکات و بیانگەیەنێتە نزیکترین بەندەری ئیتاڵیا، بەپێی یاساکانی ئەو وڵاتەش هەر کەشتیەک لەو کەنارە نزیک بێتەوە، توندترین سزای دارایی و زیندانیش دەکرێت، ئێستا ئەو دۆسیەیە بۆتە کێشە لە نێوان ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، چونکە ئیتاڵیەکان دەیانەوێت ئەو کچە بە ١٠ ساڵ زیندانی بکەن و دەیان هەزار یۆرۆش سزای بدەن، ئەم مەسەلەیە سەرزەنشتی سەرتاسەری ئەڵمانی لێ کەوتۆتەوە و تەنها لە ڕیزی میدیاکارانەوە زیاتر لە نیو ملیۆن یۆرۆ کۆکراوەتەوە بۆ ئازادکردنی ئەو کەشتیوانە، سەرۆکی ئەڵمانیا و ڕاوێژکاریش زۆر بەوە نیگەرانن و ئەو کچە ئێستا بۆتە وێردی سەرزمانی کۆمەڵگەی ئەڵمانی.

پارەی منداڵ وخانەنشینی زیادی کرد

لەمڕۆوە موچەی منداڵان Kindergeld بەبڕی ١٠ یۆرۆ بۆ هەر منداڵێک زیادی کرد، هەروەها موچەی خانەنشینیانیش بە ڕێژەی ٣-٤٪ زیادی کردووە، بەڵام نرخی پولی پۆست ١٠ سێنت بەرزبۆتەوە، جگە لەوەش بەهۆی ئەو گرە گەرمایەی ڕۆژانی ڕابردوو، نرخی سەوزە و خۆراک gemüse نزیکەی دوو ئەوەندە زیادی کردووە، دواتر دادەبەزێتەوە.

هەزران کەس لەگەرما مردوون

SONNTAG KÖNNTE 40-GRAD-MARKE GEKNACKT WERDEN

Bild Tausende Deutsche sterben während Hitzewellen

بەهۆی شەپۆلی گەرمای ساڵانی ڕابردوەوە هەزاران کەس مردوون، زۆرترین کەس لەساڵی ٢٠٠٣، کە ژمارەیان گەیشتۆتە ٧٦٠٠ کەس، ساڵی پاریش ٤٩٠ کەس هەر بەهۆی گەماوە گیانیان لەدەستداوە، کە زۆربەیان ژن و پیاوی پیر یان نەخۆشی سەرجێگابوون، لەساڵانی نێوان ٢٠٠٦ تا ٢٠١٥ ش زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس لە گەرما و لەتەنگەنەفەسی و وەستانی دڵ لەم وڵاتەدا مردوون، ئەمسااڵیش خەڵکێکی زۆر لە ئەنجامی ئەو گرەیە گیانیان لەدەستداوە، بەڵام جارێ ئامار نەکراون و دواتر بڵاودەکرێنەوە.

ئەکتەرێکی بەناوبانگ کۆچی دوایی کرد

خاتوو Lisa Martinek لیزا مارتینگ ژنە ئەکتەری ناوداری ئەڵمانی لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا لە ئیتاڵیا کۆچی دوایی کرد، ئەو ئەکتەرە خەڵکی بەرلینە و بەشداری لەدەیان بەرهەمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی کردووە، دوا کاری هونەریشی"دیمەنێک لە تاوان" بوو، کە لە شاری میونشن بەرهەم هاتووە، ئەو ژنە لە پای هونەرەکەی ژمارەیەکی خەڵاتی گەورەشی پێبەخشراوە، خاتو لیزا سێ منداڵی هەیەو مردنەکەشی زۆر کتوپڕ بووە.

یاسای کۆچ هەموارکرایەوە

لەمڕۆژانەدا پەرلەمانی هەرێمەکان Bundesrat ڕەزامەندی لەسەر ئەو یاساتازانە نیشاندا، کە پێشتر Bundestag دەنگی لەسەر دابوو، بەپێی بڕیارە تازەکە ئاسانکاری بۆ پێدانی مافی پەنابەران دەکرێت بەتایبەتی ئەوانەی بۆشایی دەستی کار پڕدەکەنەوە و پیشەیەکی تایبەتی دەزانن، یان دەیانەوێت لە ئەڵمانیا فێری ببن و کاربکەن، کۆت و بەندیش دەخریتە سەر ئەوانەی ناو و ناسنامەی ڕاستی خۆیان لە دەزگاکان دەشارنەوە و نازناو لە خۆیان دەنێن، بەگشتی بوار بۆ ئەوانە دەڕەخسێندرێت، کە دەیانەوێت خزمەت بەخۆیان و بە ئەڵمانیا بکەن، بتوانن خۆیان بژێنن وەک هاوڵاتی ئاسایی لە وڵاتەکە، ژیان بەسەر ببەن و نەبنە بارقورسی بەسەر میرییەوە.

پاشماوەی گۆشەی 16 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ئەڵمانیا تابلۆیەکی دزراوڕادەست دەکاتەوە

تابلۆی"گوڵدانی گوڵ" کە لەلایەن هونەرمەندی شێوەکاری جیهانی"یان فۆن هاوسوم" کێشراوە، کاتی خۆی سەربازانی سوپای نازییە ئەڵمانەکان لەسەروبەندی کشانەوەیان لەناو خاکی ئیتاڵیا لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەمۆزەخانەی فلۆرەنسایان دزی بوو، وابڕیارە حکومەتی ئێستای ئەڵمانیا، لە ڕێوڕەسمێکدا ڕادەستی ئیتاڵیای بکاتەوە، ئەم تابلۆیە نرخەکەی چەندین ملیۆن دۆلارە و لەساڵی ١٨٢٤ لە مۆزەخانەی فەرەنسا دانراوە، لەکاتی دەستپێکردنی جەنگ لە گوندێکی دەوروبەر شاردویانەتەوە، کاتێک سوپای نازییەکان دەچنە ئەو شوێنە لەلایەن سەربازێکی ئەڵمانیاوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەیگوازێتەوە بۆ ئەڵمانیا، تا ساڵی ١٩٩١ ئەم تابلۆیە هەر لەلایەن یەکێک لە بنەماڵەکان دەمێنێتەوە، دواتر لە کاتی یەکگرتنەوەی هەردووبەری ئەڵمانیا، حکومەت لێیان دەسێنت و وەک بەرهەم و سامانێکی داگیرکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئێستاش لە دوای ٧٥ ساڵ ئەڵمانیا دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئیتاڵیا.

باندێکی چەتەی عەرەب بونەتەکێشە بۆنەڵمانیا

لە شاری بەرلینی پایتەخت عەشیرەتێکی لوبنانی هەن، کە ژمارەیان نزیکەی ١٠٠٠ کەس دەبێت و لەکۆمەڵێک خێزاندا سەدان گەنج و لاویان هەیە و هەموویان خزم و کەسی یەکترن، ئەوانە بەوە بەناوبانگن، کە چەند باندێکی دزی و ڕاوڕوت و جەردەییان هەیە و لە دادگاکان چەندین دۆسیەی تاوانکاریان لەسەر کوشتن و برین و غەدرکردن لەخەڵکی ڕوبەڕوکراوەتەوە، ئەو عەشیرەتە زۆربەیان لە گەڕەکی" عارەبان" لە پایتەخت نیشتەجێ بوون و زۆربەیان هاوسێی یەکترن و هەمیشە ئاژاوە و کێشە لەشارەکە دەنێنەوە و بەگروپ دەگەڕێن و پۆلیس لەدەستیان بیزار بووە، ڕۆژەیەک پێشکەشی پەرلەمان کراوە بۆ دەرکردنی سزایەکی تونددی ئەوانەی، کە تاوانی کوشتن و بازرگانی مادەی هۆشبەر و قاچاغچێتی و ڕێگری دەکەن، تائێستا پۆلیس چارەسەری ئەو کێشانەی نەکردووە، هەندێک پێیان وایە کە دەبێت کێشەکان وەک کۆمەڵێکی کەیسی جیا، دادگاکان یەکلاییان بکاتەوە، کەچی تونڕەوەکانیش پێیان وایە، کە حکومەت لەئاست ئەم کێشانە کەمتەرخەمە و پێویستە وەک یەک کەیس سەیریان بکات و ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان لێ بسەننەوە.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین–ئەڵمانیا

سیاسیەکی تر هەڕەشەی لێ دەکرێت

لەوماوەیە نازییە نوێیەکان هەڕەشە لە سیاسەتمەدارانی ئەڵمانی دەکەن و چەند ڕووداوێکی نەخوزراویشی لێکەوتۆتەوە کە بەکوژرانی پارێزگاری :قۆڵقهاگن"ی دەستی پێکرد و دوسێیەکی دیکەش هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە،لە ماوەی ڕابردوودا دیسان دەمانچەیەکی پلاستیکییان خستۆتە ناو سەندوقی پۆستی "مارتین دۆلیگ" سەرۆکی لقی هەرێمی سەکسۆنیای پارتی سۆشیال دیموکرات و لەنامەیەکدا، کە لەگەڵ دەمانچەکەدا بۆیان نووسیووە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن.

لەدادگایەک مارەیی ڕەتکرایەوە

لەدادگای شاری فرانکفۆرت ژنەعەرەبێکی موسڵمان سکاڵای لەسەر کۆنە هاوسەرەکەی تۆمارکردووە، کە لە ٢٠٠٦ شووی پێکردوە و دووساڵ دەبێت، تەڵاقی خۆی لێوەرگرتووە، ئێستا دەیەوێت مارەییەکەی لێ وەربگرێت، کە سەفەرێکی حەج بووە بۆی، بۆیە دادگا داواکاری ئەو ژنەی ڕەتکردەوە بە وەرگرتنی مارەیی بەوپێیەی هەردوو داواکار و داوالێکراو لە ئەڵمانیا دەژین و ئەو کەیسە لەگەڵ یاسای ئەڵمانیدا ناگونجێت، بۆیە ژنە دۆڕاندی و خەرجی دادگاکەشی کەوتۆتەسەر، کە خۆی لە پێنج هەزار یۆرۆ دەدات.

کورتە چیرۆک:

داهـــــۆڵ

نووسینی : شوان عەباس بەدری

ئەمڕۆ شەش مانگی تەواوە، خۆمم لە ناو ژووڕە بچوکەکەم بەند کردووە و بە دیار جگەرە و کتێبەوە ڕۆژگاری خۆم بە سەردەبەم، شەش مانگ لەمەوبەر لە ئێوارەیەکی باراناوی ساردا دەستم کرد بە بۆیاخ کردنی ژووڕەکەم و سەرتاپای ژووڕەکەمم بە بۆیاخی ڕەش بۆیە کرد و پەنجەرەی ژووڕەکەشم بە تەختە گرت. بۆنی جگەرە و عەرەقی لەشم و خەو تێکەڵ بەیەک بووە و هەوای ژووڕەکەمی ئاڵودە کردووە، کەم نییە شەش مانگی ڕەبەقە دەرگای ژووڕەکەمم نەکردۆتەوە و بە دیار مۆمێکەوە شەوم بە ڕۆژ گەیاندووە و ڕۆژم بە شەو! کۆمەڵە کتێبێکی زەردەهەڵگەڕاوەی داڕزاو لەسەر فەرشی ژووڕەکەم کەوتوون و لەوالشەوە کیسێکی پڕ لە جگەرەی سووتاو و تەپڵەکێکی ڕەش هەڵگەڕاو. شەش مانگ لەمەوبەر بوو، کە بۆ دواجار هەنگاوم نایە ناو کۆڵانە باریکە کۆنەکەمان، زۆرم ڕق لەم کۆڵانەیە بە نەفرەت بێت، ئەمەندە باریک و تەنگە کە ناچار دەبێت لە هەموو ئەوانە بڕوانیت کە بەرامبەرت دێن و سەلامت لێ دەکەن، سەلامەکەیان جگە لە بۆنی دووڕوویی و خیانەت و بێ ویژدانی هیچی تری لێ بەرز نابێتەوە و منیش بە ناچار دەبێت وەڵامیان بدەمەوە و هەندێک جاریش لەبەر تەنگی ئەم کۆڵانە نەفرەتیە شان بدەم لە شانیان. هەشت مانگێک لەمەوبەر دەر و دراوسێ لەبەر بۆنی زێراب و مەنهۆڵی ناو کۆڵانەکە هاواریان لێ هەستابوو، گەن و گوو سەرتاپای کۆڵانەکەی تەنیبوو، کە ئەمەش خۆی نەگبەتییەکی تر بوو. ئاە ئەو ڕۆژەی بڕیارمدا ئیتر خۆم لە هەموو شتێک و هەموو کەسێک دابڕم، هەستم بە وزە و هێزێکی سەمەرە دەکرد لە دەروونمدا، بەیانییەکەی وەک هەمیشە کاتژمێر پێنج لە خەو هەستام و بە دیار جگەرە و قاوەوە بە نوکی پەنجەم دەمکێشا بە تەپڵەکەکەی بەرامبەرم و تاوناتاوێ چاوم دەبڕیە بنمیچی ژووڕەکە و تاوناتاوێکیش سەیری زەوییەکەم دەکرد، کە هەنگاوم نایە دەرەوەی ماڵەوە هاوارى ژنەکەی دراوسێمان دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان، منداڵی دەبوو، خەڵک دەبەنگە منداڵ لە دوای منداڵ دەخەنەوە و بەبێ ئەوەی ئایندەیەکیان هەبێت، تەنها ژمارەی ناو ئەم کۆڵانە نەفرەتییە زیاتر دەکەن و هیچی تر، لەوالترەوە پیرەپیاوەکەی دراوسێم، وەک هەمیشە لە ناوەڕاستی دەرگای دەرەوە گۆچان بە دەست و گوڵ بە ئێخە وەستا بوو، وەک هەمیشە سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد و بە خۆی دەگوت: بۆ نەهات ؟ هایەکی لە شوشەی کاتژمێرەکەی دەکرد و بە پەڕۆیەکی سپی پاکی دەکردەوە ، دەمێ ساڵە پیرەپیاوە چاوەڕێی میوانێکی نەناسراو دەکات و بۆ نەهاتەکەی بۆتە پرسیارێکی بێ وەڵامی ئەزەلی. ئااخ ئەوە لاقەی کچە شۆخ و شەنگەکەی جارانی کۆڵانەکەمان بوو، بە لامدا تێپەڕی بە بێ ئەوەی هیچ سەلامێک بکات، سەردەمانێک شۆخی و شەنگی لە حەوت گەڕەک ئەولاتریشەوە باس دەکرا، شوخێکی دەم بە خەندە و میهرەبان و زیرەک بوو، کە لە نیوەڕۆیەکی شومی هاوینا بە زۆر لە پیرەمێردێکی حەفتاساڵە ماڕەیان بڕی و هەموو خەون و ئاوات و خەندەکانیان لە گۆڕنا، دوای سێ مانگ بە تەڵاق دراوی گەڕایەوە ماڵی باوکی و ڕۆژ نییە بە دەستی باوک و براکانی لێدان نەخوات. ئەو ڕۆژەی بڕیارمدا خۆم زیندانی بکەم، کە گەیشتمە سەر کارەکەم چایەکم خواردەوە و جگەرەیەکم کێشا و نامەی دەست لە کارکێشانەوەکەم پێشکەش کرد، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامەکەیان بکەم، چوومە ناو بازاڕ و بۆیاخی ڕەشم کڕی و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتم. لەسەر سوچی هەموو شەقامێکدا کۆمەڵە منداڵێکی پێ پەتی جل دڕاوی سواڵکەر و لەولاتریشەوە کۆمەڵە سەربازێکی چەک بە دەستی پۆستاڵ لەپێ، کە چاودێری ورد و درشتی چواردەوریان دەکرد دەبینران، دەسەڵاتداران کۆمەڵە یاسایەکی سەمەرەیان بەسەر خەڵکی و ئاسمانی وڵاتدا سەپاندبوو بۆ نموونە فەرمانیان بە کوشتنی هەموو کۆترەکان دەرکردبوو، لە بەرامبەریشدا تا حەزت بکردایە قەلەڕەش و قەلەباچکەت دەبینی، لە سەر شەقامەکان ئاوێنەیەکی گەورە دانرابوو، گەر سەربازەکان فەرمانیان پێ بکردیتایە دەبوایە بچیتە بەر دەمی و بە زەردەخەنەوە سەیری خۆت بکەیت و پاشان ستایشی فەرمانڕەوای وڵات بکەیت، کە تۆی لە نەخۆشی و ناخۆشی و برسێتی و هەژاری پاراستووە و ژیانی پێ بەخشیویت..! بە نەفرەت بن ئەو شەقام و کۆڵان و خەڵکە، شەقامگەلێکی پڕ لە چاڵ و چۆڵی، گەر ئاگات لە خۆت نەبێت و بکەویتە ناویان قاچت دەشکێت، یان گەر شوێنێکیشت نەشکێ سەربازەکان بە تۆمەتی کەمکردنەوە لە هەوڵ و ماندوو بوونی فەرمانڕەوا بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان خۆیان دەست و قاچت دەشکێنن! شارەکەمان لە کۆمەڵە شەقام و کۆڵان و پردێکی داڕوخاو و گڵی و داتەپیوی بە مشک و جرج تەنراو پێکدێت، کە دەوری بە تەلی دڕکاوی و دڕک و داڵ تەنراوە و تەنها یەک ڕێگەی هاتوچۆی هەیە بۆ دەرەوەی شار و بە پێچەوانەوە بۆ ناوەوە، کە ڕۆژانە تەنها بۆ ماوەی سێ سەعات ڕێگەکە دەکرێتەوە! تامی دەمم تاڵ بووە و هێزم لێ بڕاوە، گاڵتە نییە شەش مانگی ڕەبەق خۆت لە دنیای دەرەوە دابڕی و تەنها بە جگەرەو خواردنێکی کەم خۆت بژێنیت و کاتەکانی خۆت بە کتێب خوێندنەوە پڕ کەیتەوە کە گەر بێتو لایەنە ئەمنییەکان پێی بزانن کتێب ئەخوێنیتەوە بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی فکری دوژمنکارانە و کەوتنە ژێر کاریگەری فەرهەنگ و کەلتووری بێگانە بە کۆمەڵگە لە سێدارەت ئەدەن ، مۆمی ژووڕەکەم تروسکایەکی کەم ئەبەخشێتە ژووڕە تاریک و ڕەش هەڵگەڕاوەکەم و بە کەشەنگی لەسەر ئەو عەرزە سارەدە ڕاکشاوم، چەند شەوێ لەمەوبەر خەوم بە فەرهەنگەوە بینی ، ئەم بەیانییەش هەرلە خۆیەوە هاتە بەر چاوم و بینیم کە بە چ جۆرێ خۆی هەڵواسی ،قۆڵ کورتێکی سوور و پیجامەیەکی خەت خەتی لە بەرا بوو، بەڵێ بە جوانی بینیم تەنافەکەی وەک پاپیۆنێک خستە دەوری ملی و مێزە بچوکەکەی ژێر پێی وەک تەمەن و ژیانی خۆی فڕێدا و بە دەم گیان دەرچوون و باوەش کردن بە مەرگەوە بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە سەیری ئەکردم ، چاوەکانی سوور سوور هەڵگەڕا بوون و خەریک بوو لە پڵێنە بێنە دەرەوە ، جوان بوون سەرنج ڕاکێش بوون، دوو چاوی دەرپەڕیو و سیمایەکی دەم بە کەنینی شین هەڵگەڕاوە، نا نا خەو نەبوو ڕاستی بوو ئەم بەیانییە بوو لە بەر چاوما خۆی هەڵواسی ، من بینیم ،خەوەکە چەند شەوێ لەمەوبەر بوو، خۆ هەڵواسینەکەی ئەم بەیانییە بوو ، بەڵام نازانم بۆ تەرمەکەی لە ناو ژووڕەکەما نییە ، کە خۆی کووشت دیار نەما ئەی خۆ من بینیم ئەی بۆ ئێستا هەر چەند سەیری مێچ و دیوار و عەرزی ژووڕەکە ئەکەم هیچ نابینم ؟ هیچ دیار نییە !ئاە فەرهەنگ بیرم کەوتەوە چەن مانگێ لەمەوبەر پیاوە ئاینییەکەی کۆڵانەکەمانی نارد بۆ خوازبێنی کچە دراوسێکەیان کەچی ئەو ناکەس بەچەپە بۆ خۆی داوای کردبوو فەرهەنگیش خۆی کووشت دوای ئەوەش لایەنە ئەمنییەکان بە تۆمەتی وەرنەگرتنی مۆڵەتی ئەمنی بۆ خۆکووشتن باوکیان لە سێدارە دا! باشە ئەی ئەمە کێ بوو ئەم بەیانییە لەبەرچاوما خۆی هەڵواسی و ئێستا سێبەرێکی تەناف لە مل لە سەر دیواری ژووڕەکەم یاری دەکات و کەچی تەرمەکەشی دیار نییە؟ ! قۆڵ کورتە سوورەکەم لەبەر عەرەق و دوکەڵ سپی و ڕەش هەڵگەڕاوە و پیجامە خەت خەتەکەشم لە چەند لایەک بە جگەرە سووتاوە و چڵک سەرتاپای داپۆشیوە، ئەم نیوەڕۆیە لە خۆمەوە کتێبێکم گرتە دەست و کە کردمەوە ئەم دێڕە هاتە بەر دەمم: ئەی خۆکووشتن ئەی دەزگیرانە دێرینەکەم ئاخۆ کەی بێت ڕۆژی گواستنەوە دیاری بکەین و بە یەک بگەین؟ لە دەرەوە دەنگی غەڵبەغەڵبی خەڵکی دێ و سات بە سات ئەو غەڵبەغەڵب و هات و هاوارە لە ژووڕەکەم نزیک و نزیکتر دەبێتەوە، زۆر ئەترسم ئەم خەڵکە نەفرەتییە هێرشم بۆ بێنن و لەم تەنیایی و گۆشەگیرییە دەرم بێنن. لەو دیو دەرگاکەوە گوێم لە خەڵکەکەیە دەڵێن : دەرگاکە بشکێنن بۆگەنی کردووە.

***** ***** ****

بە شکاندنی دەرگای ژووڕەکە چەند پیاوێکی سمێڵ زلی کەڵەکەت خۆیان دەکەن بە ژووڕەکەدا و یەکێکیان، کە بە لایتێک تەرمە هەڵواسراوەکەی ناو ژووڕەکەی دەپشکنی بە هاوڕێکەی گوت: ڕەنگە شەش مانگێک بێت، کە خۆی کوشتبێت.

کۆتایی

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

تارا خەلیل عەبدوڵڵا

تارا خەلیل عبدالله لەدایک بوی شاری کەرکوکە.. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە کەرکوک تەواو کردووە.. دواتر قۆناغی زانکۆی لە شاری بەغدا تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پەروەردەی هونەری وەرگرتوو و پاشان بە هۆی کوردبوونییەوە لە شاری کەرکوک دانەمەزراوە، بۆیە ناچار بووە لە ساڵی 2000 بە شێوەیەکی نهێنی بچێتە هەولێر و لەوێ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ببێت بە مامۆستا و ماڵی باوکیشی هەر لە کەرکوک بووە، ئەو بە نهێنی هاتووچۆی لە نێوان کەرکوک و هەولێردا کردووە، تا ساڵی 2003 و ڕوخانی ڕژێمی بەعس گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوک و لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەی شارەکە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوکییان دامەزراندووە و بۆتە مامۆستا لە بەشی شێوەکاری پەیمانگاکە. تا ئێستاش هەر مامۆستایە لەوێ. لە قۆناغی زانکۆ دوو پێشانگای کردۆتەوە.. دواتر لەساڵی 2004 لەگەڵەری میدیا پێشانگای تایبەتی لە شاری هەولێر کردۆتەوە..ساڵی 2005 لەکەرکوک پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، جگە لە کۆمەڵێک بەشداری لە پێشانگا هاوبەشەکانی دیکە، کە لەناو کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان و بەغدا و چەند شارێکی تری باشووری عێراق بەشدار بووە، هەروەها بەشداری لە پێشانگای نێو دەوڵەتی لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە هۆڵی الاهرام کردووە، بەشداری لە پێشانگای نێودەوڵەتی هونەرمەندانی بێسنور لە تورکیا کردووە. تا ئیستاش هەر بەردەوامە لە کارو چالاکیەکانی لە بواری هونەری شێوەکاریدا.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم دوو لینکە:

https://www.facebook.com/tara.khalil.10/photos?lst=100001818168085%3A100002907857534%3A1562199631

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA تاراوگە

10 Juli . 2019 No. [60]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 دوو بابەت: یەکەم: پیاوێکی ئەمەریکی تەمەن 49 ساڵ بە گومانی فڕاندنی کێژۆلەیەکی 12 ساڵی لە ڕۆتەردام بەندکراوە. دووەم: ئیرادەی ژیان....بەرامبەر ئاگری جەنگ و گۆڕی بە کۆمەڵی دەریای تۆقێنەر ..نوسینی نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵا

– ل 2 چەند دیمەنێک لە کۆڕی یادکردنەوەی (بێوار)، کە لە ڕۆژی 24/02/2019 لە شاری ڕۆتردام

– ل 3 و ل 4 لە یادی 12 ساڵەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، پ.د. زاهیر

– ل 5 زمانی کوردیی لە مەترسیدایە، مامۆستا نوری کەریم، بەشی چوارەم

– ل6 لە سەنگەری بەرگری لە شیعر، شیعر هەنووکەیە.. نووسینی شاڵاو حەبیبە.

– ل 7 مێرکڵ دەڵێت: دیموکراسی بۆ ئێمەو چەک و جبەخانەش بۆ ئێوە.... لە بورهان ئەمین-دەوە-

– ل 8و 9 کتێبی پرینکیپیا: تروپکی شۆڕشی زانستی و لەدایکبوونی فیزیکی هاوچەرخ، شێرکۆ ڕەشید.

– ل 12 هونەرمەندی شێوەکاری کورد، فرود باقی .

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

10 Juli 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-60
ژمارە 60 ی 10 ی تەموزی 2019

ئیرادەی ژیان....بەرامبەر ئاگری جەنگ و گۆڕی بە کۆمەڵی دەریای تۆقێنەر ..

پیاوێکی ئەمەریکی تەمەن 49 ساڵی لە لایەن دادگای هۆڵەندییەوە، بڕیاری بەندکردنی بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ دەرچووە

پیاوێکی ئەمەریکی تەمەن 49 ساڵی لە لایەن دادگای هۆڵەندییەوە، بڕیاری بەندکردنی بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ دەرچووە، بە گومانی ئەوەی دەستی لە فڕاندنی Hania کیژۆڵەیەکی 12 ساڵیدا هەبێت. دوێنێ ڕۆژی سێشەممە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریدا ماوەی دەستبەسەری گومانلیکراوەکە درێژبکرێتەوە، تا لێکۆڵینەوەی زیاتری لێ بکرێت، داواکاری گشتی گومان ئەوە دەکات، کە ئەم پیاوە ئەمەریکییە 49 ساڵییە، دەستدرێژی سیکسی دژی ئەو منداڵە ئەنجام دابێت، بۆیە بڕیاریدا لە زیندانێکی تاکە کەسیدا بمێنێتەوە و تەنها بتوانێت پەیوەندی بە پارێزەرەکەیەوە بکات.

هەواڵەکان ڕایانگەیاند Hania هانیا لە کۆتایی مانگی حوزەیرانەوە، لە کاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانەوە بۆ ماڵەوە دیار نەماوە، هەر ئەو شەوە، شوتی گشتی ئاگادارکردنەوەی پۆلیس (AMBER Alert)، هۆشداری بەناو هاوڵاتیاندا بڵاوکردۆتەوە لە ونبوونی و هەروەها پاراستی گیانی هانیا. دوای دوو ڕۆژ هانیا و ئەو کەسە لە ئوتێلێکی ناوەڕاستی شاری ڕۆتەردامدا دۆزرانەتەوە، لێکۆڵینەوە لەم دۆسیەیە بەردەوامە و پۆلیس هۆڵەندی داوای هاوکاری و زانیاری زیاتر لە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکی دەکات بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە.

ئیرادەی ژیان....بەرامبەر ئاگری جەنگ و گۆڕی بە کۆمەڵی دەریای تۆقێنەر ..

یوسرا ماردینیی سوریایی، لە دایکبووی ٥- ٣-١٩٩٨، هێشتا تەمەنی نەببوو بە ١٨ ساڵ، کە لە ڕێگای دەریاوە بە شڕە بەلەمێک، لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تردا، بەرەو یۆنان هەڵدێن... بەڵام لە چەقی دەریادا، شڕە بەلەمەکە بەرگەی شەپۆلی تووڕەی دەریا ناگرێت و نوقم دەبێت، کەچی ویست و ئیرادەی ژیان لە لای ماردینی، ئەوەندە باڵا دەبێت، وای لێدەکات بۆ ماوەی ٣ کاژێڕی تەواو، شەڕی ئەو دەریا زەبەللاحە بکات و بەمەلەوانی خۆی بگەیەنێتە کەنارەکانی یۆنان و ڕزگار دەکرێت، کاتێک خۆی دەگەیەنێتە ئەڵمانیا و مافی پەناهەندەیی وەردەگرێت، تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ.

لەوێ بە هۆی توانا وەرزشیەکانیەوە، ئەڵمانەکان دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنن و بەشداریی یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی ٢٠١٦ دەکات، کە لە ریۆدیجانیرۆ ئەنجامدرا.... لەوێدا بوو، بە دیارترین ئەستێرەی ئۆڵۆمپیادەکە.. !

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا

تێبینی: زانیاریەکانی لە هۆڵەندییەوە لە سایتی msn وەرگرتووە.

چەند دیمەنێک لە کۆڕی یادکردنەوەی (بێوار)، کە لە رۆژی 2019/02/24 لە شاری رۆتردام- هۆڵەندا ساز کرا

بۆچی بێوار ...؟!
دوایین بەش ..

ئامادەکردنی: هیوا سەرهەنگ.

لە یادی 12 هەمین ساڵەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، نەکادیمییەکی بوێر

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

دوابەدوای ساڵی 1996، کاتێک دەسەڵاتی کوردیی لەکوردستانی باشوور، دابەش بوو بەسەر دوو جەمسەری جیاواز، یەکێک لەو شتانەی کە هاتە نێو بیروهەستی تایبەتی خۆمەوە، بریتی بوو لەکردنەوەی خوێندنی بااڵ لەزانکۆی سلێمانی. دیارە پێشتر، لەزانکۆی سەالحەددین، ئەزموونێکم لەب واری خوێندنی بااڵدا هەبوو. کردنەوەی ئەم سێکتەرەی خوێندن لەو ڕۆژگارە نالەبار و سەختەدا کارێکی ئاسان نەبوو. ئەمەش لەڕووی دارایی و کادێری پسپۆڕ و کەرەستەی کارکردن، وەک سەرچاوە و پێداویستییەکانی تر. تێپەڕاندنی ئەم کێشانە لە الیەکەوە پێویستی بەبوێری و سەرکەشییەکانەوە هەبوو. لەالیەکی تریشەوە بەپشتگیری و هەماهەنگی و یارمەتی کەسانی دڵسۆزی خاوەن دەسەاڵت. سەرەتا پەیوەندیم کرد بەسەرۆکی زانکۆ،پرۆفیسۆر جەالل شەفیق. ئەوەی تێگەیشتم لەم بەڕێزە ئەوەبوو، کە ترسێکیان لەکردنەوەی خوێندنی بااڵدا هەیە، ئەویش بەوەی پڕۆسەکە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، کە لەڕاستیدا ناهەقی نەبوو، چونکە لەگۆشەیەکەوە دۆخە سیاسییەکە جێگیر نەبوو. لەگۆشەیەکی تریشەوە باری دارایی حکومەتەکەی سلێمانی وەک پێویست نەبوو. لەسەرو ئەمانەشەوە ترسی ئەوەشی هەبوو، کە کادێری پسپۆڕ لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە بەر دەست نەبێت. بۆیە منیش هەر سەرەتا پەیوەندیم کرد، بە چەند کادێر و پسپۆڕێکی خاوەن هەڵوێست لەناوەوە و دەرەوەی سلێمانی، لەوانە پرۆفیسۆران: عیزەددین موستەفا ڕەسوڵ، مارف خەزنەدار، موحەمەد نوری عارف، موحەمەد مەعروف فەتاح (حەمەی مارف مۆریاسی) وئاوڕەحمانی حاجی مارف. بەهۆی گرژی و ناکۆکی و ململانێی جەمسەرە سیاسییەکان، هاتنی مامۆستایانی زانکۆی سەالحەددین و دهۆک کارێکی زۆر سەخت بوو، بەاڵم ئەم مامۆستایانە بە تایبەتی ئاوڕەحمانی حاجی مارف، کە لەژێر دەسەاڵتی ڕژێمدا بوو توانیان سنووری دەسەاڵتی سیاسی ببەزێنن و پەیمانی ئەوەیاندا، کە ئامادەبن، بێبەرامبەر وانەکان بڵێنەوە. دواتر و لەالیەکی تریشەوە پەیوەندیم بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلیکرد، ئەویش تەواو پشتگیری لەپڕۆسەکە کرد و گوتیڵ: "ئەوەی لەتوانای من و حکومەتدا بێت ئەوا کەمتەرخەم نابین و جێبەجێی دەکەین". ئەمانە کارێکیان کرد، کە ترسەکە لە الی سەرۆکی زانکۆ بڕەوێتەوە. لەماوەیەکی زۆر کورتدا خوێندنی بااڵ بۆ یەکەمجار لەکۆلێژی زمان، بەشی کوردی وعەرەبی کرایەوە، دواتر بەشێک لەک ۆلێژەکانی تریشی گرتەوە. پێشتر پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارفم لەبەغدا ناسیبوو، کاتێک خوێندکاری زانکۆ بووم لەزانکۆی بەغدا و جارجارە لەبەشی کوردیی و کۆڕی زانیاری کورد دەمبینی. بەزمانە پاراو شیرینەکەی خۆی، ئەوەندە باسی خوێندنی لەیەکێتی سۆڤییەت بۆ دەکردم ئومێدم دەکرد لەیەکێک لەزانکۆکانی ئەو وڵاتە خوێندنی بااڵ تەواو بکەم، کەبەداخەوە لە ئایندەدا کارەکە وا دەرنەچوو، لەبری یەکێتیی سۆڤییەت، زانکۆی گالسکۆ، لەبەریتانیا بوو بەمەڵبەندی خوێندنی بااڵم. پەیوەندییەکەمان دواتر و زیاتر خەستر بۆوەوە، کاتێک خوێندنی بااڵ لەبەشی زمانی کوردی زانکۆی سەالحەددین کرایەوە، بەتایبەتی لەدوای ناوەڕاستی هەشتاکان. دانیشتن لەگەڵیدا تەواو دەیگواستیتەوە، بۆ جیهانی ئەدەب و زمان و ئەکادیمیا. بەو پێیەی باگراوندەکەی، بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ڕووسی لە زانکۆی لیننگراد هێنابوو، ئەوا شارەزاییەکی وردی لەسەر ئەدەبیاتی ڕووسی هەبوو. جەختی زۆر لەبەرهەمەکانی پۆشکین، گۆگۆل، لیرمنتۆڤ، دیستۆڤسکی، تۆڵستۆی، مەکسیم گۆرگی و برۆدسکی دەکردەوە. جارجارە لەسەر ئەم نووسەرانە، بەشێوازی خواستن، سەرچاوە وەرگێڕاوەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی پێدەدام. کاتێکیش خوێندنی بااڵ لە زانکۆی سلێمانی و بەتایبەتی لەکۆلێژی زمان کرایەوە، زۆر زانستی و ئەکادیمی و بوێرانە، لە هەردوو قۆناغی ماستەر و دکتۆرای بەشی کوردیی و دواتریش عەرەبی، بەشداری لەپڕۆسەی خوێندن کرد. تەنانەت ئەندامێکی کارای گفتوگۆی نامەکان و هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکانیش بوو. مانگی جارێک دەهات بۆ گوتنەوەی وانەکانی، بەاڵم بۆ ماوەی یەک هەفتە دەمایەوە. ڕۆژانەش بەڕێژەی حەوت کاتژمێر وانەکانی بەبێ دواکەوتن دەگوتەوە، کە ئەمە زۆر زیاتر بوو لەو بڕە کاتژمێرانەی، کە هەفتانە دەکەوتە سەرشانی، یان بۆی دیاریکرابوو. جگە لەمەش ئەرکێکی پیرۆزی تری خستە ئەستۆ، ئەویش گەیاندنی مامەڵەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی زانکۆی سلێمانی بوو، بۆ مامۆستا و پسپۆڕانی زانکۆکانی ژێر دەسەاڵتی ڕژێم، بە تایبەتی زانکۆی بەغدا و تکریت. لێرەدا گەر ڕژێم بەم کارانەی بزانیبایە، ئەوا چارەنووسی مامۆستا دەکەوتە ژێر مەترسییەوە. ئەوکاتیش بەهۆی دابڕانی شارەکانی کوردستان، هەڵسەنگێنەری نامەی ماستەر و دکتۆرا و لێکۆڵینەوەکان، لەنێوخۆی خۆماندا، تەواو کێشەی دروست کردبوو.

بڕوانە ل 4

ئاگاداربووم، ئاوڕەحمانی حاجی مارف، بەشێک لەو پارەیەیی مانگانە لەزانکۆی سلێمانی وەریدەگرت، بەرامبەر بە ئەرکە زانستییەکانی، دابەشی دەکرد بەسەر کارگوزارەکان و بەشێک لە خوێنکارە لێهاتووە دەستکورتەکاندا

پاشماوەی ل 3 پرۆفیسۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف: ئەکادیمییەکی بوێر..

بۆیە هەوڵەکانی مامۆستا لەم بوارەدا، وەک پردێکی نهێنی، زۆر دەگمەن بوو، بەڵکو جۆرێک بوو لە پێشمەرگایەتی.

لەسەرو هەموو ئەمانەوە، کارێکی پیرۆزتری خستە ئەستۆ، ئەویش هەوڵەکانی لە بواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، لەگۆڤارە زانستی و ئەکادیمیاکانی عێراقدا، بەتایبەتی گۆڤاری زانکۆکانی بەغدا، موستەنسریە، ابن ڕشد، موسڵ و تکریت. بەرپرسانی ئەو زانکۆیانە سەرجەمیان مامۆستایان لە نزیکەوە دەناسی و ڕێزی تایبەتیان بۆی هەبوو. ڕێزەکەش بەپلەی سەرەکی دەگەڕایەوە بۆ ئاستی زانستی و ئەکادیمییەکانی. ئەو کات لەلایەکەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی توانای بڵاوکردنەوەی سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی نەبوو. لەلایەکی تریشەوە بۆ هەندێک ئاستی بەرزکردنەوە بەتایبەتی بۆ پلەی پرۆفیسۆری، پێویست بوو لێکۆڵینەوەکان لەدەرەوەی هەرێم بڵاوبکرێنەوە. ڕۆڵی مامۆستا لەو ڕووەوە زۆر بەرپرسانە بوو. تەنانەت پارەی بڵاوکردنەوەکانی دەگرتە ئەستۆ و دواتر زانکۆی سلێمانی بڕە پارەکانی پێدەدایەوە. هەندێک جاریش بەهۆی ڕۆتینەوە، گەڕانەوەی پارەکانی زۆر دوادەکەوت. ئەوەی جێگەی سەرنجیش بێت، ئەوە بوو کەلەو سەریش مامەڵەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە کە ئەمەش، لەجەمسەرێکەوە ئەرک و هیلاکییەکی زۆری دەویست، لەڕووی جەستەیی و داراییەوە. لەجەمسەرێکی تریشەوە کارێکی زۆر ترسناک بوو، بەوپێیەی لە بازنەکانی پشکنین سەرجەم بڵاوکراوەکانی هەرێم قەدەغە بوون. ئەمەش جۆرێک بوو لە هەڵوێست و جوامێری و بوێری و سەرکەشی. بێگومان پێشوەخت ئاگاداری ڕەفتاری دەسەڵاتی ڕژێم بوو، کە چەند ترسناک و کوشندە بوو. بەڵام هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر نیشتمان، جۆرێک لەسەرکەشی دەخولقاند، ئەمە لەدەست هەموو کەس نەدەهات. هەندێک جار پێم دەگوت: مامۆستا ڕێگاکە زۆر ترسناکە و ئێمە لەڕۆحی تۆ زۆر دەترسین. لەوەڵامدا دەیگوت: "من تەمەنێکم بەڕێ کردووە و لەمردن ناترسم و چی دەبێت باببێت". کەدەهاتە سلێمانی بەمەبەستی وانە گوتنەوە بەخوێنکارانی خوێندنی باڵا، یان گفتوگۆی نامەکان ئەو ماوەیەی، کە دەمایەوە و بەحوکمی کەسێتی خۆی و ناسینی بەشێک لەبەرپرسانی ئەوسای دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی سلێمانی، زۆرێک لەئیش و کارە وەستاوەکانی زانکۆی ڕادەپەڕاند. بەمەش ئەرکی سەرشانی لەلایەکەوە، گوتنەوەی وانەکان بوو. لەلایەکی تریشەوە کردنەوەی گرێکوێرەکان، ئەویش بەهۆی ڕۆتینە بێ ماناکانەوە. کاتێک کۆمەڵەی ئەکادیمیای کوردیی لەڕێگەی چەند دڵسۆزێکەوە لەهەولێر دامەزرا، بەنموونەی پرۆفیسۆران: کەمال خۆشناو، مارف خەزنەدار، موحەمەد نوری عارف، کاوس عەزیز بەگ و بەندە، ئەوا پرۆفیسۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، یەکێک بوو، لەخۆبەخشەکان و بەئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە و هەر زوو پردی پەیوەندییەکانی لەنێوان کۆمەڵەی ئەکادیمیا و ئەو مامۆستا و ئەکادیمیانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا کاریان دەکرد دروست کرد، تائەوانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان ببن بەئەندام لە کۆمەڵەکەدا. ئەمە جگە لەوەی چەند سیمنارێکی زانستی بەئەنجام گەیاند، بەتایبەتی دوای ساڵی 1996.

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

لەکۆتایدا ماوەتەوە بڵێین، کە مامۆستا کەسێکی بەخشندە و ڕۆح سووک و خۆشەویست و قسەخۆش و بوێر و زانستخواز و خاوەن هەڵوێستەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو. لەنزیکەوە ئاگاداری ئەوە بووم، کە بەشێک لەو پارەیەیی مانگانە لەزانکۆی سلێمانی وەریدەگرت، بەرامبەر بە ئەرکە زانستییەکانی، دابەشی دەکرد بەسەر کارگوزارەکان و بەشێک لە خوێنکارە لێهاتووە دەستکورتەکاندا.

کارەکەشی زۆر بەنهێنی ئەنجام دەدا و حەزی نەدەکرد هەموو کەس پێی بزانێت. ئەمە جگە لەوەی هەر جارە، کە دەهات بۆ زانکۆی سلێمانی، چەند کتێبێکی دەگەمەنی بەدیاری پێشکەش بەکۆلێژ دەکرد. سەرەڕای هەموو ئەمانە، خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبی بەنرخە لەبواری زانستە زمانەوانییەکاندا، کە بێگومان کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر بونیادی جیهانی زمان بەگشتی و زمانی کوردیی بەتایبەتی دەبێت. لێرەوە ئەرکی بەشە زانستییە کوردییەکانە، لەنزیکەوە بایەخ بەبۆچوون و بەرهەمە زمانەوانییەکانی بدەن، ئێمەش بەچاوی ڕێزەوە بڕوانینە هەڵوێست و هەوڵە ئەکادیمییەکانی.

---

* دکتۆر **ئاوڕەحمانی حاجی مارف** (١٩٤٠، سلێمانی – ٨ یا ٩ی تەممووزی ٢٠٠٧) زمانناس و مامۆستای زانکۆ و نووسەری بەناوبانگی کوردە. پاش خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە سلێمانی چووە بۆ سۆڤیەت و لەوێ لە بەشی ڕووسی لە کۆلێژی ئادابی لێنینگراد بەکالۆریۆس و ماستەری لە زمانی و ئەدەبی ڕووسی وەرگرتووە. لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لە لێنینگراد دکتۆرای زمانی کوردی پێ دراوە. پاش ١٣ ساڵ ژیان لە سۆڤیەت گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

زمانی کورد لەمەترسیدایە، زمانی سەقەت و سەقەتکردنی زمان

بەشی چوارەم

زمانی کورد لە مەترسیدایە

ڕێزمان، ڕێنوس، ئاخاوتن

لە ئاخاوتندا سێ چوار زار بەکاردەهێنین،

لەنوسیندا چوار ئەلف و بێ بەکاردەهێنین،

ڕاگەیاندن و میدیا بە سێ زار(دیالێکت) پەخشدەکرێ.

داو ودەزگاکانی چارەسەرکردن و پەرەپێدانی زمان، زانکۆ،وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن،ناوەندەکانی سەر بە پارتیی و یەکێتی وکۆمسیۆنی زمان و پەروەردەی کەنەکە(کۆنگرەی نەتەوەیی کورد) لە2009وە بەبەشداریی چەندین لایەنی پەیوەندیدار دامەزراوە ئەرکە هەنوکەیی کانیان بەکوێ گەیاندووە لە کایەکانی زمان،ڕێزمان،ڕێنوس و ئاخاوتندا؟ میدیاکان: ڕۆژنامە،گۆڤار،رادیۆ و تیڤی یەکان کە تەنها لە باشور بریتی یە لە٢٠٤ دوسەدو چوار ڕۆژنامە،٥٠٨پێنج سەدو هەشت گۆڤار،١٠٩سەدو نۆ کەنالی ئاسمانیی و ناوخۆیی و ١٣٨ رادیۆ چ جێگە دەستێکیان دیارە؟گەلانی هوشیار وەک هەمو بوارە گرنگەکانی بون و ژیان و مانەوە،بایەخی تەواو بە زمانیش دەدەن، زمان گیانلەبەرێکی کێوی نییە مشوری خۆی بخوات، بەڵکو زیندەوەرێکە چۆن گەشەدەکات و پێشدەکەوێت، هەر بەو جورەش ئەگەر خاوەن وچاودێر و خەمخۆری نەبێت لاوازدەبێت و دەپوکێتەوە و دەشێت لەنێویش بچێت.زمان ملکی کەسانێک، کۆمەڵێک، تیرە و هۆزنییە، ملکی نەتەوەیە، هێما و سونبولی نەتەوەیە و لەو بوارەشدا زۆر لە مێژو، وێژە لەبەرچاوتر و خۆنوێنتر دەردەکەوێت و ئەو بەرهەمانەش کە بەو زمانە نوسراون دەبنە تۆماری ئاستی ژیاریی و پێشکەوتنی خاوەنەکەی و ئاستی ڕۆشنبیریی و پلەی کۆمەڵایەتی تاکوتەرای خەڵکەکەش.تۆ هەر ئەوەندەی جگەرەکێشێک لەگەڵ کەسێکدا بدوێ، تێدەگەیت لە چ ئاستێکی خوێندەواریی و کۆمەڵایەتیدایە.

کێشە زەقەکان : ئەو کێشە گەورەیەی حاڵینەبونی کورد لەکورد هەر وا ئاسان چارەسەر ناکرێت(ئاخر زۆرشەرمە دو کورد لە یەکتر تێنەگەن و ناچاربن بە زمانی عەرەبی یا تورکیی بدوێن یا پێویستیان بە وەرگێردەبێت!!) لەسەر ئاستی حکومەت و هەردو حیزبی دەسەڵاتدار نەک هیچ هەوڵێکی بۆنەدراوە،بەڵکو ڕێگریی لە چارەسەرەکانیش دەکەن بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردە،دەڤەری سلێمانی پێداگرن لەسەر زارزمانی سۆرانی،دەڤەری هەولێریش پێداگرە لەسەر بەکارهێنانی سورانیی و بادینیی، دەڤەری کەرکوک هەردو دیالێکتی سلێمانیی و هەولێر،دهۆکیش لەگەڵ حومکەتەکەی هەولێر پێداگرن لەسەر کرمانجی ژوروو.ڕاستە ژمارەی ئەو کوردانەی بە دیالێکتی کرمانجی ژوروو دەدوێن زۆر زۆرترە لەو کوردانەی بە کرمانجیی باشور دەدوێن،بەڵام زمانی خوێندن و نوسین و کتێبی خوێندنگەکان هەر کرمانجی باشور بووە،زمانی فەرمیی حکومەتی مەلێک مەحمود و کوماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و حومکەتەکەی هەرێمیشە.. ئەم ناوچەگەرێتی یەکێشەی دیکەشی لێکەوتۆتەوە و دەکەوێتەوە، هەر بۆ نمونە هەندێک خۆیان دەبەنەوە سەر زمانی پەهلەوی کۆن (گورانیی، هەورمانیی(هەورمان)، زازایی) و نکولیکردن لە کوردبون و خو جیاکردنەوە لەکورد وەک بەشێک لەبرایانی یێزدیی ، زازا و ..

ڕێنوس: کێشەکانی ڕێنوس هەرچەند ئەوەندە زورن لە ژماردن نایەن، بەڵام بەدانانی یاساو ڕێسایەکی ورد وردە یەکدەخرێت هەمومان بەڕێنوسێکی یەکگرتو دەنوسین. نمونەیەکی بەرچاو لەکێشەی ڕێنوس: پێش کەش، دەبینین لە حونجەدا چونیەکن، بەڵام لە ڕێنوسدا جیاوازن، هەندێک بە هەڵە دەنوسن پێش کەش لە بریی پێشکەش، خوا لێ خوشبو(خوالێخۆشبو)، یاری کردن (یاریکردن)، وەڵام دانەوە(وەڵامدانەوە)، پێش کەش، دەبینین لە حونجەدا چونیەکن، بەڵام لە ڕێنوسدا جیاوازن، هەندێک بە هەڵە دەنوسن پێش کەش لەبریی پێشکەش، خوا لێ خوشبو(خوالێخۆشبو)، یاری کردن (یاریکردن)، وەڵام دانەوە (وەڵامدانەوە)، بریتیبو (بریتی بو)، هەست کردن(هەستکردن)،نی یە(نییە)، نەم وت(نەموت)،ماف خوراو (مافخوراو)، نەی پێکاوە (نەیپێکاوە)، دەست خۆش (دەستخۆش). نوسەری ناسراویشمان هەیە دەنوسێت: پێشمەرگەیەتیمکرد (پێشمەرگەیەتیم کرد)، لە کوردستانبوم (لە کوردستان بوم)، ئەم سەردەمەمانبێت(ئەم سەردەمەمان بێت).

نوسینی نوری کەریم نەڵمانیا

چاو لێ کەری !! خوشبەختانە وشەکانی یاریکەر، کارەکەر، پێشکەشکەر، ئامادەکەر و .. کەمتر بەکاردەبریت لەبریی یاریزان، کارکار، پێشکەشکار، ئامادەکار و .. واوی کورت(و)، واوی درێژ(وو)، یێی کورت(ی)، یێی درێژ(یی) :

بەبۆچونی من پێویستمان بە پیتی (وو) نییە،مەگەر بۆ وشەیەکی وەک کوڕ ، کووڕ. کووڕ ئەگەر بە (وو) نەینوسین دەبێتەوە بە کوڕ. پیتی (ی) کورت و درێژ: زۆر لە (نوسەران) پیتی (ی) درێژ هەر بەکارنابات،ئەوەش گەلێک هەڵەو لێکتێنەگەیشتنی بەدواوەیە.هەر بونمونە ئەم دو پرسیارە : ببورن تۆ عوسمانیت؟ ، ببورن تۆ عوسمانیت؟ هەردوکیان یەک واتا دەبەخشن کە ئایا تۆ ناوت عوسمانە؟بەڵام کە دووەمیان بە دو (ی) ،ی درێژ دەنوسین واتاکەی تەواو دەگۆڕێت و دەبێتە ئایا تۆ سەر بە دەوڵەتی عوسمانیت؟ تۆ عەرەبی؟ تۆ عەرەبیی دەزانیت؟ ئاگاداری هاوڕێکەت بکە. واتا هەوالەکەی بدەرێ.بەڵام ئاگاداریی هاوڕێکەت بکە، واتا چاودێریی و پارێزگاریکردن.

ئاخۆ هۆکارەکانی ئەو خەمساردیی وهەستنەکردن و کالبونەوەی هەستی کوردایەتیی وهوشیاریی نەتەوەیی یە چییە؟ ئەقڵییەتی سیاسیی کورد هێشتا ئەقڵییەتەکەی میرەکانی میرنشینی بابانە،کە هیوایەکی بەسبەینێ نەبو، بریتیبو لەوەی کارێک بۆ ئەمڕۆ بکە، سبەی خوا گەورەیە!خۆ بە پەیوەندی دۆستایەتیی وتەبایی و ئاشتی خەریک مەکە،ناحەز و رکابەر و دوژمنەکانت لەنێوببە و هەمو شوێنەوارێکیشیان بسڕەوە. ئەوەتا وەک دڵسوزان هەستی پێدەکەن و کێشەکانیان لەکۆڵ گرتووە، کێشەکانی زمان،زمانێک هەمو کورد بتوانێت پێی بنوسێت و بخوێنێتەوە،ئیتر زمانی یەکگرتوش بێت هەر نەیسە هەتا دەگەینە زمانی ستاندارد. خۆ ئەوەش چەندوچونی ناوێت کە لەم بارودۆخە نالەبارەی ئەمڕۆماندا پێویستمان بە زمانی یەکگرتو زۆرترە وەک لە زمانی ستاندارد. ئەمە جگە لە کێشەکانی ڕێزمان و ڕێنوس کە هێشتا یاساو ڕێسایەکمان بۆنوسین بە کرمانجیی خوارو/نێوەڕاست دانەناوە کە باشور و ڕۆژهەڵات پەیڕەوی بکەن و گەڕاوینەتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردو کە خاوەنبڕوانامەکانی بواری زمانی کورد لەسەر ئەوە ڕێکنەدەکەوتن ئاخۆ پیت یا تیپ دروستە لەبەرامبەر(حرف)ی عەرەبیی بەکاربهێنرێت.

****

ماوێتی

لە سەنگەری بەرگری لە شیعر، شیعر هەنووکەیە.. نووسینی شالاو حەبیبە

دیارە ئەو گوشارانەی ئەمڕۆکە لەسەر شیعر و شاعیری هەن و کە زۆر جاریش گالتەجارانە دەخرێنە ڕوو، نەک لە ڕابردوودا، بگرە لە بەرەبەیانی یەکەمین شیعرنووسینی کوردییەوە، بە هەمان چەشن بووە. ڕوونە لەم نێوانەدا مەبەست لە نالییە، کە بۆ یەکەم جار بیر لەوە دەکاتەوە شیعر بە زمانی کوردی (بنووسێت) و پاشان ڕەخنەکان– لەوەی، کە بۆ بە کوردی شیعر دەنووسێت(!؟)– دەگەنە ئاستێک کە ناچار بێت لەو بارەیشەوە دیسان هەر شیعر بنووسێت.

هەڵبەت ئەگەر نالی ئەو بەرگرییە شیعری و زمانییەی نەکردبا، ئەمڕۆکە خودی شیعرەکانی، ئەو بەرگرییەیان دەکرد. بۆیە ئێمە لە یەکەم هەوڵمان لە نووسینی شیعر بە زمانی کوردیدا سەرکەوتوو بووین، خۆشبەختانە تەنانەت یەکەمینی ئەم هەوڵانە شیعری چاکن و ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پێشهاتێکی نوێیە. بە بیرکردنەوە لەوەی ئەگەر نالی نائومێد بوایە و بە ڕەخنەی هاوەڵان و هاوزمانەکانی کاریگەر بوایە و چیتر شیعری نەنووسیبایە، چی دەبوو؟ ئەوا ڕەنگە دەستێکی ئەدەبیاتی ئێمە سااڵنی سااڵ دوا کەوتبا، تا زمانشکێنێکی دیکە پەیدا دەبوو، کە شیعر و زمانی کوردی ئاشت بکاتەوە. بۆیە لەم ڕووداوەی نالییەوە، کە شیعرنووسینی بە زمانی کوردی کرد بە ڕووداوێک، چەند خاڵێک هەن:

یەک: شاعیرانی کورد لەگەڵ هەر شیعرنووسینێکدا ستایشێکی نالی قەرزارن، کە ئەو بوو وای کرد ئێمە ئەمڕۆکە بە کوردی شیعر بنووسین و بخوێنینەوە.

دوو: پێش نالی ڕەنگە وا باو بووبێت کە زمانی کوردی، یان زمانی شیعریی کوردی– بێ ئەوەی هێشتا بوونی هەبووبێت– هیچ نهێنییەکی تێدا نییە و بەتاڵە، کە ئەم بۆچوونە لای زۆرێک هێشتا هەر هەیە– و نالی یەکەم نهێنیبینی زمانی کوردی بوو، کە ئەم توانا زمانییەی بۆ خوێنەران ئاشکرا کرد. هەرچەند زۆرێک ئیمانیان نەهێنا، ئایا ئەمڕۆکەیش ئەگەر خوێنەرانێک یان نووسەرانێک کە دژەشیعر دەبن، کەموکوڕی لە شیعرەکانەوەیە؟ کە هەڵبەت (بەڵێ/نەخێر) لێرەدا کەڵکی نییە و وەڵامەکە کاتی باشتری دەوێت. بۆیە لەگەڵ هەر کەشفێکی تازە لە شیعردا، بنەڕەتێکمان هەیە، کە کەشفە شیعری و زمانییەکانی نالین.

سێ: نالی بە کردەوە ئەوەی سەلماند: شیعر پێویستە بەردەوام لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەدا بێت، چونکە ژانرێکی تازەیە و (ئێستایش هەر تازەیە) لە ئاستە باڵاکەیشیدا، ژانرێکی عەوامانە نییە و چاوەڕێش نەکەین کە گشت خوێنەرێک شیعردۆست بێت.

ئەوەی لە ئەمڕۆدا و بە دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەاڵیەتییەکان، زیاتر لە سەردەمەکەی نالی پێویستمانە، ئەو خۆڕاگرییە تونەی نالییە لە هەمبەر شیعرناخۆشەویستاندا، چونکە ئەمڕۆکە بە حوکمی لێشاوی شیعرە–بۆ–خەندە–شەیر–کراوەکان پێویستمان بە تووندترکردنەوەی ئەم سەنگەرە ئەدەبییانەیە، کە هەڵبەت بەرگریی ئێمە لە بنەڕەتدا بەرگرییە لە شیعر وەک کردەیەکی زمانەکی و بوونەکی، نەک باش و خراپییەکەی، ئەم بەرگرییە زۆر جار هەر شیعر خۆیەتی.

شالاو حەبیبە

چوار: دەبێت سوپاسی ئەو حەشرە بکەین کە لە شێخ ڕەزاوە بە حەشری نێرەکەر ناسراوە و دەستخۆشیی سەرەکییش دیسان هەر بۆ نالییە. ئەگەر نالی نەبوایە، دوور نەبوو سااڵنی سااڵن زمانێکی بێ شیعر ژیاباین و وااڵتێکی بێ شیعر. بە هۆی نالییەوەیە کە ئەمڕۆکە لێشاوێک لە شاعیرانی باش و خراپ خەریکی شیعرنووسینن. ئەمەیش حاڵەتە نیگەتیڤەکە نییە، بەڵکو ئەوەی جێی ڕەخنەیە، ئەوەیە کە دژەشیعربوون– هەندێک جار بە ناوی خودی شیعرەوە و زۆر جاریش بە ناوی شیعرە ئاست–زۆر–نزمەکانەوە– بەرفراوانە، کەچی شیعرە باشەکانیش هێشتا کەم کەسێک دەیانخوێننەوە. ڕوونتری بکەمەوە: زۆرێکان گلەییی ئەوە دەکەن، کە شیعری کوردی خراپە بۆیە دژین و نایخوێننەوە، کەچی شیعرە باشەکانیش هەر ناخوێننەوە. بۆیە لێرەدا کەموکوڕییەکە لە شیعردا نییە، لە هەڵبژاردنەکەماندایە. دەنا هەر ئێستا ئەو شیعرە باشانەی بە زمانی کوردی نووسراون، تەمەنێکی باشیان بۆ خوێندنەوە گەرەکە، بۆ نەتەوەیەکی بە ڕێژەی نەتەوەی کوردیش، یان بەو هێندەیەی بە زمانی کوردیی سۆرانی دەنووسن، ڕەنگە هێندە بەس بێت.

پێنج: کاتێک شیعر دەخوێنینەوە، پێویستە گشت ئەو زمانەمان فڕێ دابێت، کە پێشتر دەمانزانی، چونکە ئێستا ئیتر زمانێکی نوێ دەناسین. ئەمە یەکەم کەس نالی، بە شیعرەکانی پێی گوتین و وەک حاڵیبوون هێشتا بە زۆرێکمان نەگەیشتووە. ڕەنگە هەر ئەمەیش هۆی زۆرێک لە ڕەتکردنەوەکان بێت.

شەش: لە کۆنترین دەستکەوتە ئەدەبییەکانی ئێمەی کورد شیعرە و زۆربەی گالتەجارییەکانیش لە الیەن خوێنەران و هەڵبەت خودی شاعیرانیشەوە هەر بە شیعر دەکرێن؛ ئەمە باریکی ئاساییە: چونکە بوونەوەرێکی لەمێژینەیە لەنێومان و هێشتا نەیوستووە تێکەڵ بەو زمانە بێت، کە ئێمە دەیخوازین. باریکی نائاساییە: چونکە هێند لەمێژینەیە و هێشتاکە بەرامبەری بە ئاستی حاڵیبوون نەگەیشتووین.

حەوت: ئەو بوێرییە زمانییەی نالی کردی، نامەیەکە بۆ سەرجەم شاعیرانی دوای خۆی، ئێمە پێویستە نامەکە بکەینەوە، ئەگەر دەمانەوێت شیعر بنووسین.

مێرکڵ دەڵێت: دیموکراسی بۆ ئێمەو چەک و جبەخانەش بۆ ئێوە.... لە بورهان ئەمین-ەوە

لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆ لەشاری " گوسلار"، ئەنجێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا هەڵوێستی خۆی لەسەر سەربەخۆی کوردستان ڕاگەیاند و گوتی "دژی دروستبونی دەوڵەتێکی کورددیە لە عێراق، ئەو کارە ئاشتی ناوچەکە تێکدەدات، گوتیشی پێمواندیە دروستبوونی دەوڵەتێک بۆ کوردەکان خزمەت بە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە بکات."

ئەمە یەکەمین جارە مێرکل بەم شێوەیە و بەو ڕاشکاویەوە دژایەتی خۆی ڕابگەیەنێت و ئاوێک بکاتە ئاشی وڵاتانی دەرودراوسێ و لەپێناوی خاوکردنەوەی گرژیەکانی لەگەڵ تورکیا و دەسەڵاتی ئاکپارتی لەلایەک و کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەکی دیکەوە بەهێزکردنی پێگەی وڵاتەکە لەناوبژیکردنی کێشەسەرەکیەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە لێدوانی لەمجۆرەبدات.

هەرچەندە لەنێوەندی سیاسی و مرۆییدا ئەو ژنە بە دیموکراسیخواز و مرۆڤدۆست ناسراوە و لەم بوارانەشدا چەندان خەڵاتی جیهانی پێبەخشراوە، بەڵام ڕوالەتی سەرکردە سیاسیەکانی پارتە سەرمایەداری و پارێزگارەکان هەروا بووە،هاوشێوەی "دۆنالد ترەمپ و تیرازا مەی" لە پێناوی بەرژەوەندی و سەرمایەی وڵاتەکانیان، هەموو کارێکی دژ بە مرۆڤایەتی و وڵاتانی دونیا دەکەن، گوێ نادەنە ویست و خەون و ئامانجی ئەو گەلانەی، کە سەدان ساڵە لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی تێدەکۆشن.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین–ئەڵمانیا

سیاسەتی نێودەوڵەتی مێرکل و حکومەت و پارتەکەی لەسەر بنچینەی بەرژوەندی و سەودای بازرگانی و قازانجی دارایی دامەزراوە و نموونەی ئەمەش لەمبارەیەوە گەلێ زۆرن، دۆستایەتی کردنیان لەگەڵ ڕژێمی پادشایەتی سعودیە و عەبدولفەتاح سیسی میسر و پیشتریش لەگەڵ مورسی و زۆرێک لە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە ئەوەمان بۆدەسەلمێنیت و پێمان دەڵێت، کە ئەوان ئازادی و دیموکراسیەتیان بۆ ئێمە پێ ڕەوا نییە و پێیان خۆش نییە ناوچەکەمان ئارام و ئاسودەبێت و گەلان لە ژێر چەتری دیموکراسیەتدا بحەسێنەوە، ئەگینا ئەگەر ئێوە خۆتان بە دیموکراسخواز و ئاشتپارێز دەزانن...؟ بۆچی لەپێناوی بەرژوەندیەکانتان لەگەڵ دەرودراوسێی کورد، هەستی چل ملیۆن کورد بریندار دەکەن؟ بۆچی داکۆکی لە گەلانی وەک ئەفغان، تورک، ئەرمەن، ئازەری و گەلانی دیکە دەکەن و باربۆی لۆجێستی و هەماهەنگی سیاسیان دەکەن..؟ بۆچی بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی، تەنها لەناردنی چەکی میلان زیاترمان پێ ڕەوا نابینن؟

دژایەتی مێرکل بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەخۆڕاناییە بەڵکو لە چوارچێوەی سیاسەتی زۆرینەی ئەو پارتانە دێت، کە ئێستا لەسەر ئاستی ئەوروپا و زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژئاواوە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، سیاسەتمەدارانی خۆشمان درک بەو ڕاستیە دەکەن، سازدان و پەلەکردن لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی تر، ئەو دژایەتیەی تۆختر کردەوە، بۆیە پێناچێت ئەو پارتانە لە قۆناغێکی وانزیکدا، بڕوا بەو پرسەمان بێنن و گرێبەستە زەبەلاحەکانی چەکو جبەخانەکانیان بکەنە قوربانی پرسی کورد، بۆیەد دێت چاوەڕێی دەسەڵاتی پارتە چەپ و سەوز و لیبرالەکان بکەین، تا حوکمی ئەو وڵاتانە دەگرنە ئەستۆ، هەرچەندە مێرکل و حکومەت و پارتەکەی"پارتی دیموکراتی کریستیان"، بۆ ناوخۆی ئەڵمانیا سەرقافڵەی پیادەکردنی ئازادی و دیموکراسین، لەسەر ئاستی وڵاتانیش کار بۆ فراوانکردنی دەکەن، بەڵام بۆ کورد لە مەشقپێکردنی چەند پێشمەرگەیەک و ناردنی چەکی میلان تێناپەڕێت، تێکچڕژانی وەزعی سیاسی ناوچەکەمان و شەڕوشۆڕ لە بەرژەوەندی و فرۆشتنی چەک و هاوردەی نەوت و کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری سامانە بۆ وڵاتەکانیان.

کتێبی پرینکیپیا: تڕۆپکی شۆڕشی زانستی و لەدایکبوونی فیزیکی هاوچەرخ

شێرکۆ ڕەشید قادر



"ئەمە ئەو پیاوەیە کتێبێکی نوسیوە خۆشی لێی تێناگات" ڕێبوارێک کە نیوتن دەبینێت.

لە ساڵی 1684 دا لە یەکێک لە قاوەخانەکانی شاری لەندەن، سێ زانای گەورەی ئنگلیز لەو سەردەمەدا پێکەوە دانیشتبوون قسەیان دەکرد، لە درێژەی گفتوگۆدا، باسەکەیان چووە سەر پرسی جوڵەی هەسارەکان. ئەو سێ زانایە بریتی بوون لە کریستۆفەر ڕێن، تەلارسازی گەورەی ئەو کاتە، کە بەرپرسی یەکەمی نۆژەنکردنەوەی لەندەن بوو، دوای کارەساتی خاپووربوونی ئاگرکەوتنە مەزنەکەی لەندەن لە ساڵی 1666دا، دووەم ئیدمۆند هەیللی بوو، کە فەلەکناسێکی بلیمەت بوو، کلکداری هەیللی دۆزییەوە، سێیەمیش، ڕۆبەرت هووک بوو، دۆزەرەوەی خانەی ڕووەک و بونیاتنەری یەکەمی مایکرۆسکۆپ بوو. هەیللی پرسی و گوتی،' ئایا ئەو هێزەی هەسارەکان بە دوری خۆردا و لەسەر خولگەکەیان دەهێڵێوە لەگەڵ دووجای دووریدا دەگۆڕێت.'؟ هەردووک لە وەڵامدا گوتیان ئەو گریمانەیە، واتە فەرزییەیە، ئنجا هەیللی گوتی،' ئەی باشە کەس ئەمەی سەلماندووە.' لە وەڵامدا ڕۆبەرت هووک، لاف و گەزافی لێدا و گوتی، 'بەڵێ من چەند ساڵێکە سەلماندوومە، بەڵام لای خۆم بە نهێنی پاراستوومە بۆ ئەوەی بزانم کاتێک خەڵکانی تر فەشەل دەهێنن ئنجا بڵاوی دەکەمەوە، کە چۆن کردوومە'! نە ڕێن و نە هەیللی باوەڕیان بەم خۆهەڵکێشانەی هووک کرد، ڕێن گوتی ئەگەر هووک لە ماوەی دوو مانگدا سەلماندنەکەی بخاتەڕوو، ئەوا کتێبێکی پێشکەش دەکات، کە بەهاکەی چل شلینگ (سێ دۆلارێک) بێت. هووک فەشەلی هێنا، ڕێن گوتی،' من هێشتا لەودا(مەبەست لە هووک)ە، ئەوە نابینم وەک وشەکانی باش بێت.' هەیللی گوتی،' یەکێک دەناسم لە کامبریجە و خولیای لە پرسی کێشکردندا هەیە.' ئەو کەسە پێناوێکی گۆشەگیری هەتا بڵێی هەمیشە تەنهای بێ هاوڕێ و مات بوو، ناوی ئیسحاق نیوتن بوو. دە ساڵ پێش، نیوتن ئەندامی کۆمەڵەی شاهانە بوو، بەڵام لەسەر پرسی ڕوناکی و تەلەسکۆپەکەی بوو بە دەمەقاڵێیەکی زانستی گەورە لەگەڵ ڕۆبەرت هووک خۆیدا. نیوتن بڕیاریدا ئەم ناوەندە زانستییە بە تەواوی جێبهێڵێت و گووتی هەتا ئەم کابرایە لێرە بێت، جارێکی تر سەرناکات بە هۆڵی کۆمەڵەدا. هووک نیوتنی تاوانبارکرد، هەردووک بابەتەکەی، هەم ئایدیای ڕوناکی و ڕەنگەکان و هەم داهێنانی تەلەسکۆپەکەی، لە هووک وەرگرتووە. هووک بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی شاهانە بۆ سی ساڵ. نیوتن لە ساڵی 1704 دا، دوای مردنی هووک، ئنجا هاتەوە بۆ کۆمەڵە، بەڵام بوو بە سەرۆک، هەرچی شتێک لە ناوەندی کۆمەڵەی شاهانەدا هەبوو، کە پەیوەست بوون بە هووکەوە، نیوتن فەوتاندی و ئێستاش کەس نازانێت چی لێکردن.

لە مێژووی زانستدا، هەرگیز زاتێکی پڕ کینەی وەک نیوتن نابێتەوە. هەیللی هەستا و چوو بۆ کامبریج بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات. ئەم بڕیارەی هەیللی ڕەوتی مێژووی گۆڕی. ئەبراهام دیمۆیڤرێ، کە هاوڕێی هەردوکیانە، داستانەکە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: 'لە 1684 دا دکتۆر هەیللی هات بۆ سەردانی (نیوتن) لە کامبریج، دوای ئەوەی ماوەیەکی کورت پێکەوە بوون، دکتۆر لێی پرسی لای وی ئەو چەماوەیەی هەسارەکان لە سوڕانەوە بە دەوری خۆر هەیانە چییە و ئەو هێزی کێشکردنەی، کە بە ئاڕاستەی خۆر هەیانە پێچەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ دووجای دووریەکەیان لە خۆرەوە. ئایا ئەو لەم مەسەلەیەدا چی دەڵێت؟ سێر ئیسحاق یەکسەر وەڵامی دایەوە و گوتی ئەو چەماوەیە فۆرمێکی هێلکەیی هەیە. دکتۆر لە خۆشیدا شانی هەڵتەکاند و سەرسام بوو، ئنجا پرسی چۆن زانیت؟ نیوتن گوتی بۆچی؟ حسابم کردووە، دکتۆر هەیللی گوتی بەڵکو حساباتەکەی پیشان بدات. بە بێ وەستان سێر ئیسحاق کەوتە پشکینین و گەڕان بە نێو کاگەزەکاندا، هیچی نەدۆزییەوە، بەڵام پەیمانی دایە، کە تازەی بکاتەوە و بۆی بنێرێت'. هەیللی بە پەرۆشەوە سێ مانگ چاوەڕوان بوو، بۆ ئەوەی هەواڵێک لە نیوتنەوە بێت، بە دڵ حەزی دەکرد پەیوەندی پێوە بکات، بەڵام دواجار شتێک هات، نوسێنێکی نیوتن بوو بە ناوی " لەمەڕ جوڵەی تەنە سوڕاوەکان"، بەڵام شتی زۆر زیاتر دوایی هات. ئەم نوسینە سەرەتای شتێک بوو، دوای دوو ساڵی تر، فراوان بوو بۆ پرینکیپیا، گرنگترین کتێبی فیزیک لە هەموو سەردەمەکاندا. پرینکیپیا، کە کورتکردنەوەی "پرینسیپە ماتماتیکییەکانی فەلسەفەی سروشتی"یە، لە تەموزی 1687 دا لەدایکبوو. ئەوەی شایانی باسە، سەرەتا وەک پێویست بوو کۆمەڵەی شاهانە ئەرکی دارایی چاپەکەی بگرێتە ئەستۆ، بەڵام کۆمەڵە، بە هۆی گەمژەیی خۆیەوە تازە بە تازە ئیفلاسی کردبوو، چونکە هەر پارە و پولێکی هەبوو لە چاپی کتێبێکدا بە ناوی " مێژووی ماسی" سەرفیکرد، کە پڕبوو لە وێنە. ئەمە جگە لەوەی هووک چەند جارێک ئیشارەیدا بەوەی نیوتن ئایدیای "یاسای دووجای پێچەوانەیی" کە بەشێکی گەورەی شاکارەکەی نیوتن بوو، هی هووکە و بەڵگەی هەیە لە ساڵی 1679 چۆن وەک نامە بۆ نیوتنی ناردووە، نیوتن پێویستە هیچ نەبێت لە کتێبەکەدا سوپاسی ئەو بکات..

کتێبی پرینکیپیا، تاجی زێڕینی هەرە گەورە و تڕۆپکی هەرە بەرزی شۆڕشی زانستی سەدەی هەڤدە بوو. هەتا ئێستاش ئایدیاکانی لە زۆر ڕاڤەکارییەکانی میکانیکدا بەکاردێن

پاشماوەی ل 8 کتێبی پرینکیپیا: تڕۆپکی شۆڕشی زانستی و لەدایکبوونی فیزیکی هاوچەرخ

لە چاپتەرێکدا نیوتن ناوی هووکی هێنابوو، بەڵام کاتێک ئەم بەزمەی بیست، لە داخا ئەو چاپتەرەی بە تەواوی سڕییەوە و خەریک بوو نیوتن، بە یەکجارەکی پەشیمان بێتەوە لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، بەڵام هەیللی تکا و رجای دنیای لە نیوتن کرد شتی وا نەکات. هەیللی، چونکە بە بنەماڵە دەوڵەمەندبوون، ئەرکی لە چاپدانی کتێبەکەی نیوتنی گرتە ئەستۆ. بەمجۆرە شۆڕشی نیوتن لەدایکبوو. تێگەیشتن لە کتێبی نیوتن، نەک بۆ مرۆڤی ئاسایی سەخت و زەحمەت بوو، بەڵکو زانایان و ماتماتیکناسانیش پێیان ئەزم نەدەکرا. یەکەم بە لاتینی نوسرابوو، دوومیش پڕبوو لە ماتماتیک، بە تایبەتیش ماتماتیکی کالکیولەس، کە نیوتن هەر خۆی دایهێنا بەو مەبەستەی خێرایی هەندێک لە هەسارەکان بدۆزێتەوە و تیوری کێشکردن بە هۆیەوە دابڕێژێت.

کتێبی پرینکیپیا، تاجی زێڕینی هەرە گەورە و تڕۆپکی هەرە بەرزی شۆڕشێ زانستی سەدەی هەڤدە بوو. هەتا ئێستاش ئایدیاکانی لە زۆر ڕاڤەکارییەکانی میکانیکدا بەکاردێن، هەرچەندە نیوتن ئەمەشی نەنوسیایە هەر زانایەکی گەورە و مەزن دەبوو، بەڵام پرینکیپیا نیوتنی بەرزکردەوە بۆ لوتکە و پلە یەک لە مێژووی بەشەرییەتدا، چونکە پرینکیپیا سیمای هەموو شتێکی گۆڕی، زانست، ماتماتیک، فەلسەفە و ئایین.

پرینکیپیا لە سێ کتێب پێکهاتووە:
کتێبی یەکەم، لەمەڕ جوڵەی تەنەکان، هەر سێ یاساکەی نیوتن لەمەڕ جوڵە وحسابات‌ەکەی لەسەر خولگەی هێلکەیی هەسارەکان لەخۆدەگرێت.
کتێبی دووەم، ئەمیش هەر ناونیشانی لەمەڕ جوڵەی تەنەکان و ئەمیش تاووتوێ جوڵە دەکات لەو تەنانەدا کە بەرهەڵستی ناوەندەکە دەکەن، وەکو کاریگەری بەرهەڵستی هەوا لەسەر پەندۆڵ، لێرەدا وەسفی فۆرمی تەنەکان دەکات و کاریگەری ئەم فۆرمە لەسەر جوڵەیان لەو ناوەندانەی بەرهەڵستی جوڵەی تێدا دەکەن.
کتێبی سێیەم، لەمەڕ سیستەمی دونیا، یاسای گشتی یان گەردونی کێشکردن لەخۆدەگرێت.

ئەمە جگە لەوەی هەر ئەم کتێبە شاکارە بەرزەی ئەقڵی مرۆڤ یەکێک لە داهێنانە ماتماتیکییە هەرە پڕ قودرەت و تۆکمەکانی نیوتن لەخۆدەگرێت کە هەتا ئێشتاش لە بازاڕەکانی تەکنەکۆلۆژی سەتەلایت و بورسە و هەڵبەز و دابەزی کەشوهەوا و نرخی پشکەکاندا زۆر بە گەرمی بەکاردێن. ئەو زانستە ماتماتیکییە بریتییە لە کالکیولەس، بە زمانی کوردی پێی دەڵێن تەواوکاری و جیاکاری، کە بە داخەوە هەتا ئێستاش قوتابیان ئەم ماتماتیکە دەخوێنن، تەنانەت هەن دکتۆراشی لەسەر دەهێنن، کەچی نازانن چییە و بۆچییە. نیوتن سێ ساڵی پێچوو بۆ تەواوکردنی پرینکیپیا، وەک دەڵێن چەندین شەو نەخەوتووە تەنها بۆ ئەوەی شتێک بنوسێت بە نەمری بمێنێتەوە. دوای پرینکیپیا ئیتر هیچی نەنوسی، تەنها کتێبی ئۆپتیک نەبێت، ئەویش لە شەستەکانی هەمان سەدەی هەڤدەدا نوسیبووی. دوای پرینکیپیا، نیوتن تووشی نەخۆشی خەمۆکییەکی سەخت بوو، ئەوەندی تر بووە هاوسەری تەنیایی.

شێرکۆ ڕەشید قادر

جگە لەوەی بە منداڵی ئەوینی کچۆڵەیەک بوو، ئیتر نیوتن هەرگیزاو هەرگیز سۆزی خۆشەویستی بۆ کچان نەبووە. وەک دەڵێن دەستی بەر دەستی کچان نەکەوتووە. لە ساڵی 1727 دا، کاتێک بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە دونیا کرد، گەورەترین و شکۆدارترین مەراسیمییان بۆ ڕێکخست، لە ناشتنەکەیدا ڤۆڵتێر، فەیلەسوفی هەرە گەورەی فەرەنسی حزووری هەبوو، لە نامەیەکدا گوتی،" لێرە سەری ڕێز و نەوازش بۆ زاناکانیان دەدانەوێنن، لای ئێمەش بۆ ژەنەراڵەکان". دوای مەرگی نیوتن، زانست و ماتماتیکی وڵاتی ئنگلیزەکان بۆ زیاتر لە دوو سەد ساڵ چووە دەورانی سبوتەوە. چونکە وەک تارماییەک باڵی کێشا بەسەر بیرکردنەوەی ڕۆشنفکری زانستییانەی ئنگلیزەکاندا. کتێبی پرینکیپیا هەتا ئێستاش لە برەودایە و لە کتێبخانەکان دەفرۆشرێت. بەڵام وەک ڕێبوارێک کاتی خۆی نیوتن بە لایدا تێپەڕ دەبێت و دەیناسێت، ڕێبوارەکە دەڵێت،' ئەوە ئەو کابرایەیە کە کتێبێکی نووسیوە خۆشی نازانێت باسی چی دەکات'.

هەر شەوەی چیرۆکێک - سەرێ شەڤێ چیرۆکەک



بەکر شوانی

ئەوە ناونیشانی نوێترین کتێبی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد "Selim Temo" یە کە بە زمانی کوردی–کرمانجیی سەروو و ٣٦٦ چیرۆکی منداڵان لەخۆدەگرێت. نووسەر لە دیمانەیەکدا "کۆمێنتی یەکەم" دەڵێت چیرۆکەکانی لە کولتووری نەتەوە جیاوازەکانی جیهانەوە وەرگرتووە و لەگەڵ نەخش و نیگاری ڕەنگیندا پێشکەش بە منداڵانی کوردی زمان لێ قەدەغەکراوی کردووە. ئەم کتێبە شایەنی ئەوەیە وەربگێڕدرێتە سەر کرمانجیی خواروو.

نوسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر لە دیدی نوسەر و ڕۆژنامەنووس (لەتیف فاتیح فەرەج)ەوە

ئەمڕۆ ڕۆژی چوارشەمە ١٠/٧، کات ژمێر پێنجی عەسر ناوەندی دیالۆگ لە کەرکوک میوانداری نوسەر وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر دەکات و تیشک دەخاتە سەر تازەترین بەرهەمی خۆی، کتێبی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. عێراق، کورد و جەنگی سارد) بە ناونیشانی (ئەرێ کورد بوونە بەردەباز..؟).

نوسەر و ڕۆژنامەنووس (لەتیف فاتیح فەرەج)، ئاوا لەم کتێبە دەدوێت:

ئێستا خەریکی خوێندنەوەی وەرگێڕانەکەی شەفیقی حاجی خدریم، ڕاستی تەواوم نەکردووە، لێ هەر لە سەرەتاوە خوێنەری کورد ڕوبەڕووی کتێبێکی پڕ زانیاری سەردەمێکی دیاری کراوی پرسی کورد، لە باشوری کوردستان دەبێتەوە، ئەم کتێبە "بریان ڕۆبەرت گیبسن " نوسیویەتی و شەفیق بە زمانە کوردییە ڕەوانەکەی خۆی کوردانویەتی، بە بڕوای من بۆ هەر خوێنەرێکی کورد خوێندنەوەی ئەم کتێبە پێویستە، کتێبەکە لە ساڵی ١٩٥٨تا ١٩٧٩ باس دەکات، وردەکاری زۆری تێدایە، تا کتێبەکە نەخوێنرێتەوە، مرۆڤ نازانێ بۆ کەنەدی لەو ئەمەریکا دورەوە داوای سڕینەوەی عەبدولکەریم قاسم دەکات..؟ ئەوەش دەزانی کە داخوا کورد چ جۆرە داشێکی شەترەنج بوونە..؟ ئەمن شتاقی ئەوزانیاریانەم، باسیان ناکەم تا بە خۆتان نەیخوێنەوە، شەفیقی حاجی خدر، لە وەرگێڕاندا دەست بۆ کاری دانسقە دەبات، ئەمنیش سەرە ڕای سەرقاڵی خۆم بە نوسین و خوێندنەوەی بەردەوامەوە هەندێک جار سەرەبڕی بۆ دەکەم.

لە دیدی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، داخوا ئێمە بەردە بازین یان شتی تر...؟

لە وانی (هەوانامەی کتێب)ەوە وەرگیراوە

گریان بۆ شێرکۆ بێکەس

بەختیار عەلی، شێرکۆ بێکەس و مەریوان قانع

ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٩٢ لە "پەیمانگای هونەریی" لە سلێمانی گیراوە، ئەو دەم دکتۆر مەریوان لە پەیمانگەیە مامۆستا بووە..

دکتۆر مەریوان قانع لە ژیانیدا چەند جار گریاوە...؟

ئەوەندەی بیرم بێت من تائێستا سێ جار بۆ مردوەکان گریاوم. ساڵی پار بۆ دایکم کە لەپڕو بێهیچ پێشینەیەک لەڕووداوێکی هاتوچۆدا کۆچی دوایی کرد. ساڵی ١٩٨٣ بۆ پۆلێک لە پێشمەرگەی هاوڕێ و دۆستی ڕاستەقینەو دێرینم لە بالیسان کاتێک چوومە سەر تەرمەکانیان. ئەم چەند ڕۆژەی دوایش چەند جارێک بۆ شێرکۆ بێکەس. یەکێک لەو هۆکارانەی وا لەمن دەکات کوردبوونی خۆم خۆشبوێت و ڕێزێکی تایبەتم بۆ ئەو ڕاستییە هەبێت کە کوردم، بوونی ئەزموونی شیعریی و ئیستاتیکی ئەم پیاوەیە. شێرکۆ بێکەس چەندان جار ڕووە جوانەکانی کوردبوون و ڕووە جوانەکانی زمانی کوردیی وەک زمان و ڕووە جوانەکانی شیعری وەک تۆمارێکی ویژدانیی بۆ خەمە قوولەکانی مرۆڤ، نیشانداوم. ئەمانەش بەسن بۆئەوەی تا ئەو سێ شتە مابن، واتە تا کوردبوون و تا زمانی کوردیی و تا جوانیی مابێت، ئێمە لەگەڵ ئەم پیاوەدا بمێنینەوە".

ژمارە 2 ی گۆڤاری تاڤ، تایبەت بە شانۆ بڵاوبۆوە

لەم ڕۆژانەدا ژمارە 2 ی گۆڤاری تاڤ دەرچووە و ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەوێت. لەم ژمارەیەدا چەندان لێکۆڵینەوە و دەقی شانۆیی بڵاوکراونەتەوە، کە دڵنیام سودێکی زۆری بۆ هەموو شانۆکاران دەبێت. دەتوانن لەم ژمارەیەدا باسێکی (دانا ڕەئووف) سەبارەت بە شانۆی پۆست مۆدێرنیزم و دەقێکی نوێی شانۆیی نووسەر، بە ناونیشانی (لە کزیوەدا تاریک داهات)، بخوێننەوە...

هەواڵی هونەری و ئەدەبی..هەواڵی هونەری و ئەدەبی..هەواڵی هونەری و ئەدەبی..

ڤێستیڤاڵی ساڵانەی جەژنی خواروو‌ی نۆرنبێرگ و بەشداری کارای ناوەندی پێکەوە ژیانی کوردو ئەڵمان

لەنێوان ڕۆژانی ٥ – ٧ی تەموزی ٢٠١٩ بەبەشداری ناوەندی پێکەوە ژیانی کوردو ئەڵمان ڤێستیڤاڵی ساڵانەی"جەژنی خواروی نۆرنبێرگ" بەڕێوەچوو، ڕەشمالی کوردیش بەنمایشی ئاڵای کوردستان و پێشکەشکردنی کلتوری خواردنی کوردی سەرنجی نەتەوەکانی دیکەی ڕاکێشا و خانمانی کوردیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو..

63 ڕێکراو چالاکیەکانی خۆیان نمایش کرد

لەم ڤێستیڤاڵەدا زیاتر لەشەست و سێ ڕێکخراوی کلتوری نەتەوە جیاجیاکانی ئەڵمانیا جگە لەحزبە ئەڵمانیەکانی وەک سۆسیال دیموکراتەکان وسەوزەکان و چەپەکان و یەکێتی دیموکرات مەسیحی و ڕێکخراوە جیهانیەکانی وەک لێبوردنی گشتی چەندین گروپی مۆزیک و گەنجان بەشداریان تیاکردو هاوکات لەگەڵ لەناوەندی پێکەوە ژیانی کوردو ئەڵمان دا میدیا هاوسی کوردەکانی باکوریش هەمان چالاکیان هەبوو..

ناوەندی پێکەوە ژیانی کوردو ئەڵمان سەرکەوتوو بوو

لەڤێستیڤاڵی ئەمساڵدا ناوەندی پێکەوە ژیانی کوردو ئەڵمان وەک وەک پۆلێک چالاکوان و ناوەندێکی کلتوری بەشێوەیەکی کارامەو سەرکەوتوانە توانیویان بەشداری بکەن و خوانی کوردی پێشکەش میوانی ئەڵمان و نەتەوەکانیتر بکەن خانمانی لێهاتوو بۆ ئەو ڤێستیڤاڵە چەندین جۆری خواردنیان ئامادەکرابوو،ئەوەی گرنگیش بوو ئەم بەشداریکردنە چەتری کۆکردنەوەی خێزانە کوردەکان و قوڵکردنەوەی هەستی کوردانەو ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی بوو..خانەی کوردی لەم پێشانگایەدا بەلۆگۆی ناوەندەکەو ئاڵای کوردستان ڕازێنرابوەوەو سیمایەکی جوانی بەشداربوونی کوردی بەرجەستەکردبوو.لەڕۆژی دووەمی ڤێستیڤالەکەدا گروپی ئەرارات چەند پارچە مۆزیکێکی پێشکەش کردوو ژمارەیەک لەڕەوەندی کوردی کۆڕی هەڵپەڕکێیان جۆشدا.

ئەم ڤێستیڤاڵە ساڵانە لەسەرەتای مانگی تەموزدا بۆماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوەدەچێت دەیتە نوێکردنەوەی پەیامی پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن و ئاشتی کۆمەڵایەتی لەو شارەدا.

شیهاب عوسمان– ئەڵمانیا:

نامەیەکی شیهاب عوسمان بۆ هونەرمەند و شێوەکار دڵشاد کوێستانی

هاوڕێم دڵشاد کوێستانی...

تۆ پڕ لەدەنگی خۆش و هەناسەی تەزیوی شیعر و هارمۆنیای ڕەنگەکانی ڕۆحی..! هیچم پێ نیە بۆ جوانیەکانت، هاوڕێ شێرینەکەم.. هونەرمەندە بە توانا و داهێنەرەکەم.. ئەوە نەبێت.. چریکەی پڕ ئاوازی خۆشت لە دەروونما دەنووسمەوە، دەنگە خۆشەکەت وەک گوڵێک بەبیستنم پاراو دەکەم..

هەناسە شیعریەکانت دیرۆکی جوانیەکانی هەست و خۆشەویستیتە لەو باخی ڕەنگانەدا، کەدواجار هارمۆنیای ڕەنگەکانی داهێنان و باگراوەندی خوێندنەوەتە بۆ داهێنان.. داهێنانێک کەدەبێتە زمانی باڵوێزی ڕەنگەکانی پڕ ئازاری گەلێک و دوا جار لە پایتەختی ڕۆشنبیری میسری عەرەبیدا .. لەهۆڵی سونبولیکی کوردی ئەو وڵاتە ئەحمەد شەوقی بە ڕەنگ و ئاماژەکانی پڕ ئازار.. نوێنەرایەتی هونەری گەلێک دەکەیت و پێشانگاکەت ئامادە دەکەیت، کە بڕیارە لەم ڕۆژانەدا بە ئامادەبوونی باڵوێزی فەرەنسا لە قاهیرە بیکەیتە نمونەیەکی جوان و سەربەرزی هونەری پڕ داهێنانی کوردی... هاوڕێم چەند سەربەرزم پێت

هاوڕێت– شیهاب عوسمان– ئەڵمانیا

چاپێکی نوێی کۆمەڵە چیرۆکی "تەرمی نەناسێک" ی نازاد بەرزنجی



لە "چاپەمەنیی مانگ"ی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاپێکی نوێی کتێبی "تەرمی نەناسێک"ی نوسەر و وەرگێڕی بەتوانا نازاد بەرزنجی بڵاوبۆتەوە، کە دەکاتە چاپی سێیەمی کتێبەکە و بریتییە لە چەند کورتەچیرۆکێکی نوسەر لەگەڵ دوو لێکۆڵینەوەدا بە قەڵەمی مامۆستا"عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی" و " کاک"سابیر ڕەشید" سەبارەت بە چیرۆکەکان. پیرۆزبایی لە کاک نازاد بەرزنجی و دەستخۆشی لە هاوڕێیانی چاپەمەنیی مانگ دەکەین و هیوای بەردەوامی و گەشانەوەیان بۆ دەخوازین.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

فــرود بــاقی

لە سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 1999 بەشی هونەری پەیمانگەی مەڵبەندی ماموستایانی سلێمانی تەواو کردووە، ڕۆژی 1999/2/27 یەکەمین پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، ڕۆژی 2013/6/18 دووەمین پیشانگای تایبەتی کردۆتەوە لە هۆڵی موزەخانەی سلێمانی، ڕۆژی 2017/4/30 سێیەم پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە لە هۆڵی موزەخانەی سلێمانی، بەشداری لە 41 پێشانگەی هاوبەشدا کردووە لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان. ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، قۆناغەکانی کارکردنی هونەری 3 قۆناغە: یەکەمیان قۆناغی هێڵکاری، لە بەشی هونەر لە پەیمانگەی مەڵبەندی ماموستایانی سلێمانی، دووەم قۆناغی کاری ئەیستراکت و دەربڕینخوازی لە ساڵی 2002 بەو شیوازە کاری کردووە تا ساڵی 2012، لە ئێستادا سێیەم قۆناغی کارکردنێتی و لە ساڵی 2013 وە دەستی بەم شێوازە کردووە، ئەم کارانەی لە سێیەمین پێشانگای تایبەتیدا نمایش کردووە. کە لێرەدا بڵاوکراونەتەوە، لەو نمایشە تایبەتییەیدا 21 کاری قەبارە جیاواز نمایش کرد، بەناونیشانی (جوانییەکانی دونیای سلێمانی)، ماتریالی گواش لەسەر کانفاسی بەکارهێناوە،کە زیاتر باس لە جوانیی و دیمەنەکانی ساڵانی رابووردووی سلێمانی دەکات، واتە زیاتر دیمەنی ئەو کۆڵان و گەڕەک و خانووانەی سەرەتای دروست بوونی شاری سلێمانیی کێشاوە، کە بەستایل و تەکنیک و ڕوانینی تایبەتی خۆی کاری تێدا کرووە. لە یەکەی ئەو کارانەوە لەگەڵ ئەوەی ستایلێکی کارکردنی خۆیەتی لەهەمان کاتدا دوو پەیامی هەیە یەکەمیان: دەبوایە زۆریک لەو کۆڵان و تەلارە کۆنانە نەڕوخێنرانایە و بپارێزرانایە لە لایەن دەزگا شوێنەوارەوە، کە نایبەتن بە پاراستنی کلنورو کەلەپوری نەتەوەییم پەیامەکەی دیکەیشی ئەوەیە وەبیر هێنانەوەی جوانییەکانی ساڵانی ڕابوردووە و نیشاندانەوەیان بەڕەنک و هێڵ، هونەرمەند لە داهاتوویەکی نزیکدا بڕۆژەیەکی دیکە نمایش دەکەکات، ئەویش تەواوکاری ئەم کارە کەلەپوربیانەیەتی، لە زنجیرەیەک کارێکی نوێی دیکەیدا، ئەمجارەیان بەڕەنگی نوێ و هێنانی کۆمەڵێک فۆرم و سیمبولی نەبینراوەوە، کە پێشتر لە کارانەکانیدا بەکاری نەهێناون ونەبینراون. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/frudbaqi/photos_all



تــــاراوگــــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

15 Juli . 2019 No. [61]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 و ل 7 بابەتێک دەربارەی کۆدێتای چواردەی تەموزی ساڵی 1958

– ل 2 بۆ میژوو کتێبخانەی عەتاوڵڵا ئاغا و سمکۆ عەبدولکەریم– حەمید بەدرخان

– ل 3 و ل 4 لە یادی 21 هەمین ساڵەی کۆچی دوایی ئیبراهیم ئەمین بااڵدار:

گەوهەرێک لە زانست و پەروەردە، نوسینی پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

– ل 5 زمانی کوردیی لە مەترسیدایە، مامۆستا نوری کەریم، بەشی پێنجەم و کۆتایی.

– ل 6 پۆرترێتێک لە لایەن هونەرمەندی شێوەکار محەمەد ئیسماعیل بۆ دکتۆر جەبار قادر

– ل 8 هونەرمەندی شێوەکاری کورد، خاتوو شەهلا محەمەد عەبدوڵڵا.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

15 Juli 2019

Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl

N-61

ژمارە 61 ی 15 ی تەموزی 2019

چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە مێژووی عێراقدا ڕۆژێکی شوم و بەدناوە، سەرەتای هەموو نەهامەتییەکانی دوینێ و ئەمڕۆیە

جێگەی تێڕامانە ئەگەر کوردێک یان پارتێکی کوردیی، لەم ڕۆژگارەدا، لە یادی کۆدێتای 14 ی تەمووزی ساڵی 1958 دا، پەیام یان بەیاننامەی پیرۆزبایی بۆ ئەو ڕۆژە دەربکەن و پیرۆزبایی لەم یادە بکەن، یان ئەو کۆدێتا خوێناوییە بە شۆڕش ناوبەرن، کە بەغدای ئەوسای کردبوو، بە گۆمی خوێن و تاوانکاری، بەندە هەرگیز بەرگری لە ڕژێمی پاشایەتی عێراق و دارودەستەکەی ناکەم و ئەم نوسینەم بۆ مەبەستی بەرگری کردن نییە لە دارودەستەی ڕژێمی پادشایەتی، ئەوەندەی بەراوردکردنی تاوان بێت بە تاوان، نەهاتووم لێرەدا باسێکی زانستی وەها لەسەر مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی بەزۆر دروستکراو و بە ڕژێمە یەک لە دوای یەکە تاوانکارەکانی دیکەی عێراق بکەم، من باسی ئەوە ناکەم ڕژێمی پاشایەتی لەسەرەتای دروست بوونیەوە، بە ئڤلیجی لەدایک بووە، تا ڕۆژی ئینقلابەکەی کەریم قاسم، چەندەها کوشتوبڕی لەم وڵاتەدا ڕوویداوە و چەندین تاوانی جۆربەجۆر بەرانبەر بە عێراقییەکان بە کورد و عەرەب تورکمان و کەمایەتییەکانی دیکە کراوە.

ئەو تاوان و کوشتارەی بەرانبەر ڕژێمی پادشایەتی و خودی خانەوادەی مەلیک فەیسەڵ کراون لەو ڕۆژگارەدا، مێژوو خۆی بە شەرمەزار دەزانێت لە ئاستی، هەندێک وێنەی ئەو قوربانی و کۆژراوانەم لە کاتی خۆیدا بینووە، کە لە لایەن ئەنجامدەرانی بەناو شۆڕشی چواردەی تەموزەوە دەرهەق بە خانەوادەی پادشایی عێراق کراوون، بەهەمان ئەو تاوانە دڕندانەیەی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕە کە بەرانبەر بە کورد، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیاباران و تاوانەکانی داعش کراون، بەرانبەر بە مرۆڤایەتی.

بڕوانە ل 7

حەوت ساڵ کارکردن لە ئینسایکلۆپیدیای هەولێر، لە نوسینگەی دەزگای بەدرخان لەتەک لیژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیای هەولێر، سەنگی مەحەکی کارەکانمان بوون

بۆ مێژوو

کتێبخانەی عەتاوڵڵاغا و بەندە و سمکۆ عەبدولکەریم

لە سەرەتای دروستبوونی مانگنامەی بەدرخان، کە سەرەتا مانگانە هەموو 22 ی مانگێک بەڕێکوپێکی و بێ دواکەوتن دەردەچوو، لە پاشان دووهەفتە جارێک و لە دواجاریشدا هەفتانە بە 10 پاشکۆوە، کە بریتیبوون لە (کەڵچەر، فۆتۆگراف، هونەر، وەرزش، نێرگز، هاموون، کاریکارتۆر، وێران، بدرخان العربي)، سەرەڕای چەندین پاشکۆی دیکە بە بۆنە نەتەوەیی و لەدەستدانی ئازیزانەوە بە چوار لاپەڕە دەهاتە چاپکردن ...خەم و خولیا و پەرۆشیمان بۆ کەلتور بە ئەندازەیەک بوو، یار و نەیار پشتڕاستی هەنگاوەکانی ئێمەیان دەکرد... حەوت ساڵ کارکردن لە ئینسایکلۆپیدیای هەولێر لە نوسینگەی دەزگای بەدرخان لەتەک لیژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیای هەولێر سەنگی مەحەکی کارەکانمانبوون، دۆزینەوەی نەخشە عوسمانلیەکە لە لایەن بەندە و بە هاوکاری ڕەوانشاد فارسی برام لە موسڵ و پێشکەشکردنی بەهێرۆخان و لە پاشان سەرۆک مامجەلال لە مورافەعەکەی ئەنجومەنی حوکم، لەبەغدا دۆست و دوژمنی سەراسیماکرد...

سازدانی 15 فێستیڤاڵی نێو دەوڵەتی بەدرخان لە ساڵانی 2004–2019، لە (سلێمانی، دهۆک، هەولێر، ئەڵمانیا، قاهیرە، یۆنان، جۆرجیا، ئەمریکا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئۆکرانیا، مۆسکۆ، ئیرلەندا، بەریتانیا، هۆڵەندا)، کە توانی زیاترلە 2500 میوان داوەتی فێستیڤاڵەکانی بەدرخان بکات، لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، سەرەڕای چەندین چالاکی دیکە لە وڵاتانی دیکە وەکو (تورکیا، ئێران، سوریە، ئێران، قاهیرە، 10ساڵ لەسەریەکتر بەشداری کردن لە پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا ... هتد.

لەگەڵ نووسینی ئەو چەند دێڕە ئەو ڕۆژانە و خەمخۆریەی مزۆ لەشکریم لە بیرناچێ بۆ بەدرخان، کاتێ بنەماڵەی عەتاوڵڵاغای هەولێری ویستیان کتێبخانەکەی بفرۆشن هەرزوو پەیوەندی بە بەندەوە کرد، وا بزانم گوتی زێوەر ئاغا کوڕی عەتاوڵڵاغا لە بەغدا دەژی و هاتۆتەوە هەولێر بۆ ئەوەی دیدەنی کوڕی عەتاوڵڵاغا بکەی، چونکە دەگەڕێتەوە بەغدا، بۆیە منیش لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم بەئاگاداری بەڕێز عیماد ئەحمەد، کە ئەو کات جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، توانا ئەحمەدی بەرپرسی ڕاگەیاندنی نوسینگەی خۆی (جێگری سەرۆک وەزیران)ی ڕاسپارد بەمەبەستی پاراستنی لە فەوتانی کتێبخانە و دەستنووسەکانی نێو کتێبخانەکە بیکڕنەوە، بۆ ئەو مەبەستە بەڕێزان عەدنان موفتی و کەنعان موفتی ڕۆڵێکی باشیان هەبوو، لە بەهاناوەچوون و کڕینەوەی کتێبخانەکە... فەهرەستی کتێبخانەکە کۆپیەکی لای من پارێزراوە و قسەم لەگەڵ د.نەجاتی عەبدوڵڵا کرد و فەهرەستەکەم خستە بەردەستی، پاشان نازانم کتێبخانەکە چی بەسەرهات..؟

بەکامێرای سمکۆ عەبدولکەریم

چونکە لە تورکیاش گروپی مۆزەخانەی و ئەرشیفی نەتەوەیی تورکیا، دۆڵمە باخچە بە نیازبوون سەردانیان بکەن، چونکە زۆربەی کتێبەکان بە زمانی تورکی و ئەلفوبێی عەرەبی بوو...

هەر لەنێو کتێبخانەکەدا سەدان وێنە و هەموو بڵاوکراوەکانی چاپخانەی کوردستانی، گیو موکریانی تێدابوو، مخابن لەدوایدا نازانم کتێبخانەکە چی لێهات... ئەو چەند وێنەیە لە ئەرشیفی برای خۆشەویستم سمکۆ عەبدولکەریم پارێزراو بوو، پاش چەندین ساڵ بەدەستم گەیشتن و منیش گەرمام گەرم بڵاومکردنەوە... سەروەرییەکان ئەوەندە زۆرن و ئەوەندە ماندوو بووم لە ژیانی ڕۆژانەی خۆم، بە قەولی سامی هادی نووسەر و شاعیر دەیگوت، حەمید بەدرخان کراس و بێجامەی نییە بۆ خەوتن، واتە لەبەر سەرقاڵی فریای خەو ناکەوێت...

ئەوەی کردوومە منەت نییە، بەسەر گەلەکەمەوە، بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانیووە و جێبەجێم کردووە و چاوەڕێی پاداشت و سوپاسگوزاریش لە کەس ناکەم... بەندە بۆ مێژوو 20 بیست ساڵ کارم لەسەر زیندووکردنەوەی مێژوو و بەرهەم و دیرۆک و کەلتوری ماڵباتا بەدرخانیان کردووە و بە زیندوویی ڕامگرتووە .. سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم، کە ڕۆژانێک هاوکار و پشت و پەنامان بوون، سوپاسیش بۆ ئەو سەربازە گومناوانە، کە ڕۆژگارێک بە سکی برسی و شەونخونی، ئەمڕۆی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ تۆێژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتووریان دروستکرد...

ماویەتی

حەمید بەدرخان، ئەڵمانیا

2019/07/13

لە یادی 21 هەمین ساڵەی گۆچی دوایی ئیبراهیم ئەمین بالّدار: گەوهەرێک لە زانست و پەروەردە

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

دوای ئەوەی لەکۆتایی حەفتاکاندا وەک یاریدەدەری توێژەر لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی دامەزرام، تەواو ئاشنایەتیم لەگەڵ گەوهەری ئەلف وبێی کوردیدا، مامۆستا ئیبراهیم ئەمین بالّدار پەیدا کرد. ئەمە بۆ من، خەیاڵ و خەوێک بوو، چونکە کاتێک کە قوتابی سەرەتایی بووم، بەتایبەتی لەپۆلی یەکەم، ڕۆژانە چاوم بەناوی مامۆستا دەکەوت، لەسەر بەرگی کتێبە بەنرخەکەی کە هەمووانی فێری خوێندنەوە و نووسین کرد و ئەو قەرزە، بەبڕوای بیرکردنەوەی خۆم، بەهیچ کام لە ئێمە نادرێتەوە. دوای چەندین ساڵ لەفێربوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم بیرمەندەم بۆ یەکەم جار بینی، کە پێشتر بەهیچ شێوەیەک نەمدیبوو. گەرچی ناونیشانی ڕاژەکەم هاوشێوەی هاوڕێکانم بە نموونەی پرۆفیسۆران دڵشاد عەلی و فازل مەجید و فەرەیدون عەبدول و سەباحی غالب، بریتی بوو لە یاریدەدەری توێژەر بەڵام ڕاگرایەتی کۆلێژ ڕێگر بوو، لەوەی ئێمە بەکاری زانستی خۆمان هەڵسین و لەبری ئەوە هەر یەکەمانیان سەرقاڵکرد، بەکارێکی کارگێڕییەوە. ڕێکەوت من بەر بەشی خۆیی کەوتم کە خوشکی بەڕێزم دکتۆر پەروین نوری عارف بەڕپرسی ئەو بەشە بوو. بەحوکمی جێگەکە، ڕۆژانە یان باشتر وایە بڵێم زۆربەی کات مامۆستایان بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کارە کارگێڕییەکانیان سەردانی ئەو بەشەیان دەکرد. یەکێک لەو مامۆستا بەڕێزانە ئیبراهیم ئەمین بالّدار بوو، کە هەمووان ڕێزێکی بێ سنوریان لێ دەگرت، لەوانە خودی خۆم. ئەو ماوەیەی کە لە ژوورەکە دەمایەوە بریتی بوو لەوانە و زانیاری زۆر بە سوود و منیش تەواو گوێبیستی قسەکانی دەبووم، چونکە لەناخدا دەمگوت ئەمە هەل و فرسەتێکی زێڕینە کە لەنزیکەوە سوود لە ناوەڕۆکی قسەکانی ببینم. لەنێو قسەکانیدا دوو شێواز بەدی دەکرا، یەکەمیان زۆر ئایدیاڵیزمانە و دوهەمیان زۆر کۆمیدیانە. واتە لەنێو قسە جدی و ئایدیاڵیزمییەکانیدا جارجارە نوکتەیەک یان قسەیەکی خۆشی تێکەڵ دەکرد. ئەمەش وایکردبوو، کە گوێگران بەهەستێکی قوولّەوە گوێبیستی قسەکانی بن بەو پێیەی تەواو چێژێکی دەدایە دانیشتن و دایەلۆگەکان. هەر لەبەر ئەمەش بوو ڕۆژانە خودی خۆم زۆر حەز و خولیای ئەوەم دەکرد، کە مامۆستا سەردانی ژوورەکە بکات، تاسودێکی لێ ببینرێت. هەر زوو لەوە گەیشتم کە مامۆستا کوردپەروەرێکی نموونەیی و زۆریش دژی ڕژێمە. پیاوانی ڕژێمیش لەکۆلێژ هیچیان لەبەرامبەری پێ نەدەکرا، بەڵکو بەوێژدانەوە زۆریش خۆشیان دەویست و ڕێزی تایبەتیان لێ دەگرت. لەدانیشتەکانیدا ئەم زانیارییانەم لەخودی خۆی وەرگرتووە، کە لەدایکبووی شاری سلێمانی ساڵی 1920.لەساڵی 1927 چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی.لەساڵی 1940 خانەی مامۆستایانی لادێی لەبەغدا تەواو کردووە. لەساڵی 1956 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی بەغدا، بەشی کارگێڕی بەدەستهێناوە. بڕوانامەی ماستەر لەزانکۆی سان فرانسیسکۆ لە بواری پەروەردە بەدەست دەهێنێت. لەیادم نەماوە پێش دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی لەکۆی کاری کردووە. هۆڵی وانە گوتنەوەکانی زۆر گەرم و گوڕ بوو، ئەویش لە لایەکەوە بەهۆی پەرۆشی و خۆشەویستی بۆ ناوەڕۆکی وانەکە.

لەلایەکی تریشەوە شێوازی قسەکردنی بریتی بوو، لە بەکارهێنانی دەنگێکی تۆزێک بەرز کە هەندێک جار دەنگەکە دەگەیشتە ژوورەکانی تر. ڕۆژێک مامۆستایەکی عەرەب لەکۆلێژ، بەشی کۆمەڵناسی بەنێوی دکتۆر عەلی عەبدولقادر، هات و لەلای ڕاگر، دکتۆر کامیل حەسەن عەزیز بەسیر، دەستی بەگلەیی کرد گوایە دەنگی مامۆستا دەگاتە هۆڵەکەی. ڕاگریش گوتی"من هەر لەمندالّییەوە چاوم لەدەست داوە و ئێستاش تۆ دەتەوێت عەقڵم لەدەست بدەم. من لەبەردەم مامۆستا بالّداردا هێشتا قوتابییەکەی جارانم و ناتوانم دڵی بشکێنم". جگە لەمەش مامۆستا کەوانەی دەگوتەوە تەواو وەک دەرویشێکی لێ دەهات و بەویژدانەوە دەچووە نێو بابەتەکە و لەهەمان کاتیشدا جووڵەی گەلێک زۆر بوو. ئەوەندە بەهەستێکی بالّاوە وانەکانی دەگوتەوە، دەمی تەواو کەفی دەکرد کە هەموو ئەمانە نیشانە و ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی ڕاستگۆیی مامۆستا بوون بەرامبەر بەزانست و فێربوون بەگشتی و بابەت و پسپۆڕییەکەی بەتایبەتی. سەرەتای جەنگی عێراق – ئێران بوو، شەڕ گەرم ببوو. ڕۆژێک مامۆستام بینی لەیەکێک لەو ژێر زەمینانەی کەهەندێک جار بەهۆی فڕۆکەکانی ئێرانەوە خۆمان تێدا دەشاردەوە و نارەحەتییەکی زۆر بەڕووخساریەوە دیار بوو. هەر لەوێدا، کە چەندین بەڕپرسی ڕژێمی لێبوو ڕاشکاوانە ڕووی دەمی لە هەموان کرد و گوا\وتی "ئەم گەمژەیە (مەبەستی سەددام حوسەین بوو)، تووشی قەڵبەیەکمان دەکات و ناوچەکەش کاول دەکات و ئەم شەڕەش زۆر دەخایەنێت چونکە شەڕی نێوان عەرەب و فارس زۆر کۆنە و هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە". منیش بەهۆی کەمی ئەزموونەوە ئەم قسەیەم زۆر لەلا سەیر بوو، چونکە زۆرینە لەو باوەڕەدا بوون، کە شەڕەکە چەند ڕۆژێک دەخایەنێت و دواتر کۆتایی پێ دێت. بەڵام بۆچوونەکەی مامۆستا ڕاستر دەرچوو. هەستی نەتەوایەتی مامۆستا بێ وێنە بوو. بەڵگەی هەرە نزیکیش ئەلف و بێ کەیەتی کە لەلایەکەوە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی کوردی ڕەسەن، کە بۆ ئەو کات شتێکی دەگمەن بوو. لەلایەکی تریشەوە وێنەی کەسایەتییەکان، جگە لەقوتابیان، بەجل و بەرگی کوردییەوە بە نموونەی مام زۆراب. لێرەدا وەک خۆی بۆی گێڕامەوە دەرخستن و نمایشکردنی جل و بەرگە کوردییەکان کەهونەرمەند و شارەزای پەروەردەی ئەڵمانی تڕۆدی میتڵمان نەخشاندونی کێشەی گەورەی لەوەزارەتی مەعاریفی ئەو کات بۆ دروست کردووە.

بڕوانە ل 4

مامۆستا باڵدار * دەڵێت: ئەم بەردانە لەکاتی خۆیدا من دامناون، بەڵام بێ ناز کەوتوون و خزمەت نەکراون

پاشماوەی نوسینەکەی پ. د. زاهیر لەتیف کەریم
نیبراهیم ئەمین باڵدار: گەوهەرێک لە زانست و پەروەردە

دیارە لێژنەی تایبەتی حەزیان نەکردووە کەجل وبەرگی کوردی بەکار بێت. بەڵام مامۆستا هەر پێداگری کردووە و هەمووانی قایل کردووە. ئەمەش چیرۆکێکی درێژە و لێرەدا جێگەی نابێتەوە. بەوپێیەی مامۆستا دەرچووی زانکۆیەکی ئەمریکی بوو ئەوا زۆر حەزی دەکرد ئێمە هەموومان لە ئەمریکا بخوێنین، چونکە دەیگوت گەر دەتەوێت زیاتر فێری زانستی ڕاستەقینە بیت، بەتایبەتی وەرە بۆ ئەمریکا باشترین جێگەیە. هەر لەبەر ئەمەش بوو، هەمیشە هانی دەداین کە لەدەرەوە بخوێنین. لەگەڵ ئەمەشدا دەیگوت بەمەرجی گەڕانەوە و خزمەتکردن. بەداخەوە هەر دوای دەستپێکردنی شەڕی عێراق–ئێران، زانکۆ گواستراوەوە هەولێر و منیش هەر ئەو کات و بەمەبەستی خوێندن ڕووم لە بەریتانیا کرد. دوای خوێندن کە گەڕامەوە بۆ زانکۆی سەڵاحەددین، مامۆستا ڕاژەکەی گواستبۆوە بۆ بەغدا و لەوێش لەزانکۆی بەغدا و کۆڕی زانیاری کورد و عێراقی کاری دەکرد. بەڵام پێش کۆچی دوایی لەساڵی 1998، کە ئەو کات من ڕاگری کۆلێژی زمان بووم، لەزانکۆی سلێمانی، سەردانێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ کۆلێژەکەمان کرد. ئەمەش دوای دابڕانێکی زۆر. لەڕاستیدا کە بینیم زۆر لاواز هاتە بەرچاوم ئەویش، وەک خۆی پێی گووتم، بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە بوو. لەهەمان کاتیشدا نیشانەی پیری تەواو ڕووخساری داپۆشیبوو. منیش هەر لەوێدا، دەستەکانیم ماچ کرد و کاتێکی خۆشمان بردە سەر و کەوتینە گێڕانەوەی یادەوەرییەکان و ئەو ڕووداوانەی، کە لەدابڕاندا ڕوویان داوە. دواتر پیاسەیەکمان بەزانکۆدا کردوو، لەهەمان کاتدا چوویندە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری زانکو کە لەزەمەنی مامۆستادا بریتی بوو لەخانەی کتێب و مامۆستاش ماوەیەک بەڕێوەبەری ئەو خانەیە بوو. کەسەیری ئەو بەردانەی کرد کەلەبەردەم بەڕێوەبەرایەتییەکەدا دانراوە ماوەیەک واقی وڕما و دواتر بینیم چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و گوتی "ئەم بەردانە لەکاتی خۆیدا من دامناون، بەڵام بێ ناز کەوتوون و خزمەت نەکراون". دواتر مامۆستا فەرمووی "سەرەتا زۆر شادمانم کە ئێستا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایت و لەهەمان کاتیشدا ڕاگریت. منیش ئێستا خانەنشینم و دەمەوێت جارێکی تر بگەڕێمەوە شارەکەی خۆم و لەو زانکۆیەدا کار بکەم، کە پێشتر کارم تێدا کردووە. لەهەمان کاتیشدا نامەوێت وەک مامۆستا بەشیر موشیر لەبەغدا لە نامۆیدا بمرم". گەرچی لەڕووی جەستەییەوە، هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هیلاکیەکی زۆی پێوە دیار بوو، بەڵام نەمتوانی ڕێز لە داواکەی مامۆستا نەگرم و پێم گوت"مامۆستا ئێمە هەموومان خوێندکاری بەڕێزتانین و زۆر شادمان دەبین بەشدار بیت لەپڕۆسەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا". لەوێدا زۆر دڵی کرایەوە و زۆریش دڵخۆش بوو. دواتر فەرمووی "کەواتە دەگەڕێمەوە بەغدا و هەندێک کاروباری تایبەتی خۆم هەیە و جێبەجێیان دەکەم و دواتر دەگەڕێمەوە". بەداخەوە دوای ماوەیەکی زۆر کورت هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستامان بیست و زۆرێک لەئێمە پێشوازیمان لەتەرمەکەی کرد، دواتر بەرەو گردی سەیوان بەڕێمان کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، وەک بە ئاشکرا تێبینی دەکرێت، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە لەلایەن دەزگا و لێپرسراوانی دەسەڵات. دەبوو، بەڵکو زۆریش پێویست بوو لەنێو زانکۆ پەیکەرێک لە بڕۆنز یان هۆڵێکی بەناوەوە بکرایە، بەتایبەتی لەو کۆلێژەی کە پێشتر ڕۆڵی تێدا بینیووە.

پەیکەری ئیبراهیم ئەمین باڵدار لەقوتابخانەی ئەربیل ئووڵا دەستکردی سامان هیدایەتی ساڵی ٢٠١٥

مامۆستایی کردووە. لەو ماوەیەدا ئەلفوبێیەکی نوێی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی داناوە و دەستنووسەکەی ناردووە، بۆ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی و لەوێ لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ پەسندکراوە و نادراوە بۆ شالیارێتی پەروەردە لە بەغدا (شالیارێتی مەعاریف) و پسپۆرانی ئەوێ و ڕێکخراوی یونسکۆش پەسندەی دەکەن، ئینجا چاپکردنەکەی بەخۆی دەسپێرن. بەر لە تەواوبوونی چاپەکەی ئەو ئەلفوبێیە نوێیە باڵدار لە ساڵی ١٩٥٠دا گوێزراوەتەوە بۆ شاری هەولێر و ئەو ئەلفوبێیە نوێیەی لە هەولێر گوتۆتەوە، کە لەسەر ڕێگای ڕستەیی دەگوترێتەوە، نەک پشت بە دەنگی پیت و تاکە وشە ببەستێت. مامۆستای ئیبراهیم باڵدار ئارەزووی تەواوکردنی خوێندنی باڵاتری هەبوو، بۆیە بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بڕوانامەی دەرچوونی لە تاقیکردنەوەی گشتی قۆناغی ئامادەیی وەرگرت و لە کۆلێژی بازرگانی و ئابووری لەزانکۆی بەغدا وەرگیرا و لە ئەنجامدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت و هەر بە ئەوەندە نەوەستا بەڵکو هەوڵیدا بچێتە ئەمەریکا و لە سەرەتای ١٩٦٠ کان بڕوانامەی ماستەری لە کۆلێژی سان فرانسیسکۆ لە پەروەردە وەرگرت و گەڕایەوە بەغدا. مامۆستا باڵدار لە دوای کردنەوەی زانکۆی سلێمانی و گەڕانەوەی لە ئەمەریکا دەکرێتە مامۆستا لە کۆلیژی ئاداب لەو زانکۆیەدا. کاتێکیش کە ئەو زانکۆیە دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر و ناوەکەی دەکرێتە زانکۆی سەڵاحەددین لە هەولێر و لە کۆلێجی ئاداب – بەشی کوردی ماوەیەک وانە دەڵێتەوە. ئینجا دەچێتە شاری بەغدا لە زانکۆی موستەنسیریە وانە دەڵێتەوە. لە ڕۆژی ١١/٧/١٩٩٨ دا لە بەغدا و لە ماڵەکەی خۆیدا ژیانی کۆتایی دێت و تەرمەکەی دەبردێتەوە بۆ سلێمانی لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاک دەسپێردرێت.

لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

- ئەلفوبێی نوێی کوردی – بەغدا – چاپی یەکەمی ١٩٥١ و تاکو ئێستا پتر لە ٣٥ جار چاپکراوەتەوە، ٩٨ لاپەڕەیە.
- ئەلفوبێ بۆ گەوران – بەغدا – چاپی یەکەم ١٩٥٥، ٧٨ لاپەڕەیە.
- الابنیه المدرسیه للمدارس الابتدائیه – بەغدا ١٩٦٥، ٤٢ لاپەڕەیە.

* **ئیبراهیم ئەمین باڵدار** (١٩٢٠–١٩٩٨) مامۆستای ناوداری پەروەردەی کوردی بوو، کە لە پێکهاتنی ئەلفوبێی ستانداردی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. لە سلێمانی لە دایکبووە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە و پاشان چووەتە بەغدا لە قوتابخانەی خانەی مامۆستایانی لادێ. لە ڕۆستەمییە وەرگیراوە و لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠دا خوێندنی تەواوکردووە و بڕوانامەی وەرگرتووە و لە مانگی تشرینی یەکەمی هەر ئەو ساڵە کراو بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە پارێزگای سلێمانی و لە گەلێک شار و دێهاتەکان

زمانی کورد لەمەترسیدایە، زمانی سەقەت و سەقەتکردنی زمان بەشی پێنجەم و کۆتایی

نوسینی نوری کەریم ئەڵمانیا

زمانی کورد لە مەترسیدایە

ڕێزمان، ڕێنوس، ئاخاوتن

لە ئاخاوتندا سێ چوار زار بەکاردەهێنین،

لەنوسیندا چوار ئەلف و بێ بەکاردەهێنین،

ڕاگەیاندن و میدیا بە سێ زار(دیالێکت) پەخشدەکرێ.

ئێمە کە دەڵێین کوردایەتی یا نیشتیمان پەروەریی، مەبەست هەستکردنە بەوەی کوردین،خۆشەویستیی نەتەوەو ئاو وخاک لەدەرونماندا بچەسپێت و هەست بەئەرکە نیشتیمانی یەکانمان بکەین کە یەکێکیان خوشویستن و پاراستنی زمانە و پاراستنیشی پێشمەرگایەتیی و بەرخۆدان و خوبەختکردنی ناوێت، کومەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد (کاژیک) وەک بزوتنەوەیەکی هوشیارکارو بریتی بو لە قۆناغی کاملبونی بیری نەتەوەیی و ئەگەر نەکەوتایەتە (تەپکە) وە، لە بواری زمان، مێژو، روناکبیریی و خەبات زۆری لە باردابو.

یەکێک لە هۆکارەکانی کێشەکانی زمانی کورد خودی خۆمانین، بەتایبەتیش حوکمەتی هەرێم و لایەنە سیاسی یەکان. دەسەڵاتی بەعسی یەکان بەرنامەکانی رادیۆ و تیڤی کوردیی بە هەردو زارزمانی بادینیی و سۆرانیی پەخش دەکرد،حکومەتی هەرێم و حیزبەکانیش ئەو هەمو کەناڵی ناوخۆ و ئاسمانی یەیان هەیە وهەر هەمویان بەهەمان ئەو پلانە نەگریسە بەرنامەکانیان بە بادینیی و سۆرانیی پەخش دەکەن ،بەڵام سەرۆکی پێشوی هەرێم و ئەمڕۆش ٢٠١٩/٦/١١سەرۆکی نوێی هەرێم وتاری ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی یاسایی بە زاری سۆرانی خوێند

هۆکاری دیکەش زۆرن : هەستی نیشتیمانیی و نەتەوەییمان کزولاوازە و گیانی بێگانە پەرستیی و لاساییکردنەوەی بێگانە و دوژمنانی گەلی خۆمان بەسەرماندا زاڵە، ئەوەندەی رومان لە پارەو دەوڵەمەندبون، کۆشک و ئوتومبێلی مۆدێرن، خواردن و پۆشاک و سەیران و گەشت و گەڕانە، بەشێکی ئەوانە ئاگاداری ئاو مەترسی یانە نەبوین کەڕوبەڕوی زمانەکەمان بۆنەتەوە و نزیکەی ٣٠سی ساڵە دوژمنانی کورد بە پلان و بەرنامەوە کاری لەسەر دەکەن و هەتا ئێستا چەند قۆناغێکیشیان بڕیوە، ئێمەش ڕێژەیەکی کەم نەبێت، ئەویدی هەر ئاگاداریش نییە و ئاگاداریش بێت باکی نییە!هاوار و بانگەوازێکیش لێرەو لەوێ لەلایەن دڵسۆزانێکەوە ئەوەندەی من ئاگاداربم وەک مامۆستا جەمال عەبدول، سەلام ناوخۆش، دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز، دکتۆر محەمەد مەحوی، دکتۆر عیزەدین مستەفا و عەبدولا پەشێو.. هاوکار و هاریکار و پشتیوانێکیان نییە و لە سنوری هوشیارکردنەوە و هاوار و بانگەواز تێنەپەڕیوە بۆ پراکتیزەکردن. ئاخر هەوڵ وکۆششی دڵسۆزان چ ئەنجامێکی ئەڕێنی دەبێت لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە ڕێژەی ئەوانەی دەخوێندنەوە بریتی یە لە ٧٩،٠٪ (کەمتر لە١٪) بەبەراورد لەگەڵ هاوڵاتی یانی ئایسلاندە،کە لەهەر دە کەسیان یەکێکیان کتێبێک دەنوسێت و بڵاویدەکاتەوە،هەر یابانی یەکیش لە ساڵێکدا ٨٠هەشتا کتێب دەخوێنێتەوە.

چی بکەین بۆ نزیککردنەوەی دیالێکتەکان...؟ :

زمانێک یا زارزمانێک دابنێین بە بناغە بۆ ئەلف وبێ و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندندا بۆ خەملاندنی زمانێکی یەکگرتو، لەئایندەشدا زمانی ستانداردی لێدەخەملێت.مستەفا کەمال توانی لەماوەیەکی کورتدا ئەلف وبێ و زمانی یەکگرتوی بەسەر تورک و زمان و ئەلف و بێ عەرەبیدا سەپاند.

ئەوانە مشتێک بون لە خەروارێک ، لەدەم و لە قەڵەمی خوێندەوار و نوسەر و میدیاکار وخاوەن بڕوانامەی بەرز و دکتۆراشەوە، بەڵام بەشانازیشەوە دەڵێم نوسەر و کوردیزانی هەڵکەوتوشمان هەیە، وەک بەڕێزان ئیبراهیم ئەحمەد،سەعید ناکام،شوکر مستەفا،شێرکۆ بێکەس، حسەین عارف، حەمەی مەلا کەریم، دو وەرگێڕ حسەین ئەحمەد جاف و حسەین عوسمان نێرگسەجارِی، کە وەرگێڕانێکی زۆر پوخت و پاراویان بۆ بیرەوەری یەکانی مێجەر نۆئێل کردووە و 1948 لە بەغدا چاپکراوە و چەندین ناوی دیکەش.. لە ئەم ماوەیەشدا وەرگێڕێک (پێدەچێت لە لاوەکان بێت) رۆمانی (سێ شەممان لەگەڵ مۆریی) لە نوسینی یچ ئەلیۆم کردووە بە کوردی. خوێنەری هوشیار و بەسەلیقە پەسەندیان کردووە و زۆربەشیان دەڵێن هەست ناکەین، بابەتێکی وەرگێڕدراو دەخوێنینەوە.

دوژمنانی کورد بۆ ئەوەی زمانی کورد (کوردیی) لەبەر چاوی باپیرانمان سوک و ناشیرین بکەن و زمانی خۆیان لەبەر چاو بکەوێت وتویانە: عربی اول و آخر است، فارسی شکر است، تورکی هنر است، کوردی گوز خر است. واتاکەی: زمانی عەرەبیی زمانی بەر و دوایە، فارسیی شیرینە وەک شەکر، تورکی هونەر و جوانکاری یە، بەڵام زمانی کوردیی پیسایی یە!!

تێبینی: ئەم نوسینە بابەتێکی ڕەخنەگرانە نییە و مەبەست هوشیارکردنەوەیە و ناوی نوسەران و سەرچاوەکانم نەبردووە.

****

لێرەدا هەر ٥ بەشی نووسینەکەی مامۆستا نوری کەریم کۆتایی هات، بێ دەستکاری بڵاومانکردۆتەوە، وە نەبێت سەرنج و تیبینیی خۆمان لەسەری نەبێت، لەملاو ئەولاش وردە سەرنجمان بۆ هاتووە، بەڵام ئەم باسە زۆر هەلدەگرێت و پێویستە گفتوگۆی جدی لەسەر بکرێت، داواکارین لە پسپۆرانی بواری زمان، ئەم لایەنەی زمانی کوردیی بە هەند وەربگرن و ئاوڕ لە هەموو ڕوکارەکانی زمانی کوردیی بدەنەوە.

تاراوگە

پۆرتریێتی نوسەر و مێژوونووس پرۆفیسور. د. جەبار قادر هێنکاری: هونەرمەندی شێوەکار محەمەد ئیسماعیل

نووسینی دەق: ئامانج نازم بیجان

ناوی تەواوی جەبار قادر غەفور زەندییە، لە ساڵی 1951 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە. دواتر ڕوو دەکاتە شاری بەغداد و لە بەشی مێژوو کۆلیجی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغداد وەردەگیریت، لە ساڵی 1972 بە پلەی یەکەم، (زۆرباشە) لەسەر ئاستی بەش، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە میژووداا بەدەست هێناوە. لە پاش دامەزراندنی وەک و مامۆستا، لە چەند ئامادەییەکی شاری کەرکوک، بابەتی میژووی گوتۆتەوە. پاشان لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە دەنێردرێت بۆ مۆسکۆ، لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤییەت وەردەگیرێت. لە ساڵی 1977 بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە بە ناونیشانی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا– لە نێوان ساڵانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی 1918–1939). شیاوی باسە، پ.د. (م.س. لازاریڤ – 1930–2010) سەرپەرشتی تێزی دکتۆراکەی کردووە. پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، لە نێوان ساڵانی (1978–1981) لە هەردوو زانکۆی سولەیمانی و سەلاحەددین– هەولێر، وەک مامۆستا خزمەتی کردووە. دواتر گواستراوەتەوە بۆ زانکۆی موسڵ، لەوێش هەتا ساڵی 1990 بەردەوام بووە. لەپاش ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 ە وە، ڕوو دەکاتە تورکیا و دواتر بۆ هۆڵەندا. لە نێوان ساڵانی (1992–1993)، لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نزیک– بەشی زمانی عەرەبی سەر بە زانکۆی ئەمستردام، وانەی گوتۆتەوە. ساڵی 2007 دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە زانکۆی کۆیە وەک ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان دادەمەزرێت. هەر لە هەمان ساڵدا، وەک ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردیی هەڵدەبژێردرێت، دواتر دەبێت بە سەرنووسەری گۆڤاری ئەکادیمیا. شیاوی باسە، پ.د. جەبار قادر زمانەکانی کوردیی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، ڕوسی و هۆڵەندی بە باشی دەزانێت. زیاتر لە 300 گوتار و لێکۆڵینەوەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوبۆتەوە. ئەمە جگە لەوەی پیشەکی بۆ چەندین کتێب نووسیووە، کە نرخ و بەهایەکی زانستی گەورەیان بەخشیووە بەو کتێبانە.

پێوانەی 50×70 cm ساڵی 2019

هەروەها سەرپەرشتی چەندان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای کردووە. پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە چاوپێکەوتنێکی دا، دەڵێت: دکتۆر جەبار قادر، یەکێک بووە، لە خوێندکارە زۆر زیرەک و بەتواناکان.

چەند نموونەیەک لە بەرهەمەکانی:–

1– (قضايا كردية معاصرة) – كركوك – الانفال – الكرد وتركيا، برلين، 2006.

2– تركيا المعاصرة، جامعة الموصل، 1988. (بالاشتراك).

3– دراسات في التأريخ الاوربي الحديث، جامعة الموصل، 1988. (بالاشتراك).

4– قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد و كوردستان، أربيل، 2013. (بالاشتراك).

5– من وثائق ثورة أيلول – مجلس قيادة الثورة، جامعة دهوك، 2009.

6– استخدام الاسلحة الكيمياوية ضد الكرد في ضوء الوثائق الرسمية العراقية، أربيل، 2011. (بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە).

7– ئەبو قاسم لاهوتی، کورد و کوردستان، ڕۆتەردام، 1988. (وەرگیران لە ڕوسییەوە).

8– م.س. لازاریڤ، کورد و کوردستان، سلێمانی، 2000. (وەرگێڕان لە ڕوسییەوە).

9– چەند بابەتێک لە میژووی کورد، سلێمانی، 1999.

10– پ.د. جەبار قادر، ناعەقلانییەت لە گووتاری بەرەی تورکمانی دا، وە: سەباح ئیسماعیل، کەرکووک، 2005.

ئەم دیمەنە پیشانی دەدا، کە قین و داخی ئەم خەڵکە دژ بە ڕژێمی پادشایەتی تا چ ڕادەیەکە هەروەها پیشانی دەدا خەڵکی چەند عاتیفین لەلایەک و لەلایەکی تریش چەند بێ ڕەحمن و هەستی مرۆڤایەتییان نییە و تۆڵەسێنن..

کەسایەتی ناسراوی کورد، کۆچکردوو دکتۆر جەمیل شەرەف لە بیرەوەریەکانیدا، کە لە کاتی کۆدیتای 14 تەموز لە بەغدا بووە، بەم شێوەیە یادگاریەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:



کە بەلای وەزارەتی بەرگری (دفاع) لە دەرگای تەنیشتی قەڵەبالغیەکی زۆر پەیدا بوو، خۆم لێ نزیک کردەوە و دیتم 3 مەیت لە گۆڕێ کەوتووە، خەڵکەکە زۆر بە داخ و قینەوە شەقیان لەو مەیتانە هەڵدەدا و بەپێ کەوتبوونە سەر زگیان و هەڵدەپەرین، کە پرسیم ئەمانە مەیتی کێن ...؟ گوتیان مەیتی وەزیرەکانی دەوڵەتەکانی پەیمانی بەغدان، یەکێکیان (ابراهیم طوقان) بوو، نوێنەری ئوردن، لە کۆبوونەوەکانی پەیمانەکە ئەوانی تریش لە جل و بەرگیان دیاربوون کە بێگانە بوون، ئەوێم بەجێهێشت و بە شەقامی ڕەشید بەرەو (حیدرخانە) ڕۆیشتم، لە ڕێگا تووشی سەدەها کەس بووم و باوەشیان پێدادەکردم، بەبێ ئەوەی بیان ناسم و هاواریان دەکرد (صدقه، فدوه، تحررنا) واتە: بە قوربانت بم رزگارمان بوو، بەم شێوەیە پیشانی دەدا، کە قین و داخی ئەم خەڵکە دژ بە ڕژێمی پادشایەتی بەکرێگراو تا چ ڕادەیەکە، هەروەها پیشانی دەداکە خەڵکی ئەم ناوچەیە، چەند عاتیفین لەلایەک و لەلایەکی تریش چەند بێ ڕەحمن و هەستی مرۆڤایەتیان لە بیردەچێتەوە، کە چۆن تۆڵە بستێنن....؟

ئوتێل سیروان لە شەقامێکی لابەلای ڕەشید بوو، کە گەیشتمە ئەوێ پێیان گوتم کاک نوری لە بەیانیەوە ڕۆیشتووە. منیش گەڕامەوە شەقامی ڕەشید و بەرەو (باب الشرجی) ڕۆیشتم، لەڕێگا دیمەنێکی زۆر ناڕەوام دیت بێزم لێبێوە.

پیاوێکی مردویان هەڵواسیبوو، خەڵکەکە دەیان گوت: (هذا هو الوصی .... الخائن)، واتە ئەم خائنە جێگری شایە، عەبدولئیلا خاڵی فەیسەڵی دووەم پێشتر، دانرابوو بە جێگری شا، چونکە کە باوکی فەیسەڵ غازی مرد ئەو منداڵ بوو.

خاڵیان دانابوو بە جێگری تا گەورە دەبێت، عەبدولئیلا، کە جێگری شا بوو، گەنج بوو خۆی بەکاروباری وڵات خەریک نەدەکرد، هەموو ئەو کارانەی دابوو، بە ئینگلیزەکان و پیاوی گەورەیان نوری سەعید و پێڕەوەکانی خەڵک لەو ڕۆژانەدا دوایی نەدەهات، بە سەدەها هەزار خەڵک بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆیشتن، لە ڕۆژانی یەکەم و دووەمی دوای کودەتاکەی 14ی تەموز بەدەیان خەڵکم دیتن مردبوون و پەت لەلاشەکەیان بەسترابوو، بە ئۆتۆمبیلەوە قایم کرابوون و لەسەر شەقامەکان (سحل) ڕادەکێشران.

ئێوارەی ئەو ڕۆژانە هەڤاڵان و برادەرانم دەدیتن وەک عەبدولحوسێن و یەدوڵا کەریم و کەسانی تر بەیانی ڕۆژی 7/16 چووم بۆ کۆشکی شا (قصر الزهور)، لەو بەری ڕوبارى دەچڵە بوو، لە کەرخ لە ڕێگا پەیکەری (مؤد)م دیت خەڵکەکە ڕۆژی پێشتر ڕووخاندبوویان، چونکە نیشانەی زوڵم و زۆری و ئیمپرالیزم بوو، خەڵکیکی زۆر ڕوویان کردبووە، ئەم کۆشکەی شاو پێشتر تاڵان کرابوو، فەیسەڵ و خزمەکانی لەناو ئەو کۆشکەدا هەموویان کوژرابوون، بەڵام تەرمەکانیان لەوێ نەبوون. لەناو ئەم کۆشکە تەنها وێنەی چەند ئافرەتیکی نیوە ڕووتم بەرچاو کەوت فرێدرابوون و ئەوەی شایانی باسە هەندێک لەو کاربەدەستانەی حکومەتی شا فەیسەل نەکەوتبوونە دەست سەربازەکان و هەڵاتبوون لەڕادیۆ و (تەلەفزیۆنی بەغدا، کە ساڵی 1956 دامەزرابوو)، ناوە ناوە بانگەوازیان بڵاودەکردەوە، داوایان دەکرد نەهێڵن تاوانباران ڕزگاریان بێت، لە پێشەوە ئەوانەی هەڵاتبوون نوری سەعید و فازل جەمالی بوون.

ناو بەناو دەنگ و باسی جۆراو جۆر بڵاودەکرایەوە، هەندێکیان ڕاست دەرنەچوون، سێیەم ڕۆژی کودەتاەیەکە پاش نیوەڕۆ لە سەر شەقامی ڕەشید لای سینەمای سندباد، کە نزیک (باب الشرجی) دەڕۆیشتم، لە پر خەبەرێک وەک بروسکە بڵاوبووەوە، هاوار کرا: (لزموا، لزموا) واتە گرتیان، گرتیان... دیاربوو، کە مەبەستیان نوری سەعیدە، منیش کە ئەمەم گوێ لێ بوو، وەک هەزارانی تر کەوتمە غاردان بەرەو (باب الشرجی) و دوایی بەرەو (ساحه النصر)، گەلێک کەس لە خۆشیاندا تەقەیان دەکرد، لەوانە برادەرێکی خۆمان بوو، ناوی کەریم بوو، خەڵکی کۆیە بوو و جێگری ئەفسەری ئەحتیات بوو .... کە گەیشتمە(ساحه النصر) خۆم کردە ناو قەلەبالغیەکە و گەیشتە سەری دیتم مردوویەک لەوێ کەوتووە، خوێناویە.. بە باشی سەیری دەموچاویم کرد و بۆم دەرکەوت، کە ئەو لاشەیە نوری سەعیدە و لە نزیک لاشەکەی عەبایەکی ژنانە کەوتبوو، خوێناوی بوو .... دیار بوو، زۆر لە مێژ نەبوو کوژرابوو.. بە عەبایی ژنانەوە ویستبووی دەربباز بێت، بەڵام خەڵکەکە ناسیبوویان و کوشتبوویان پارچەیەکم، لە عەبا خوێناویەکەی هەڵگرت بۆ یادگاری.... ڕۆژانی تەمموزی 1958 هەرگیز لە یاد دەرناچێت....

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

خاتوو شەهلا محەمەد عەبدوڵڵا

شەهلا محەمەد عەبدوڵڵا، لە دایک بووی 20–08– 1968 شاری سلێمانی باشوری کوردستانە، پیشەی مامۆستایە، هونەرەکەی خۆڕسکە و ئە کادیمیای هونەری شێوەکاری نەخویندووە، تەنها ئەوەیە لە منداڵیەوە، لەناو خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراودا پەروەردە بووە، خۆشی بەهرەی تابلۆکێسانی تێدابووە و زۆر حەزی لە هونەری وێنەکێشان کردووە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی شێوەکاری شاری سلێمانی، بەشداری چەندان پێشانگای هاوبەشی کردووە، ئێستاش سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ پێشانگایەکی تایبەتە لەگەڵ ڕیکخراوی(ملتقی رواد الفن لعراقی فی ترکیا) ڕۆژی 16–08–2019 تا 23–08–2019 لە شاری ئەستەمبوڵ بەردەوام دەبێت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/shahlam.abdllah/photos_all

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

25 Juli . 2019 No. [62]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 دوو بابەت، یەکەم: کۆنسێرتی سالأنەی ئەندریا لیۆن ماری نیکۆلاس ڕەیۆ میوزیکژەنی ئۆرکێسترای ناسراوی هۆڵەندی لە ماستریخت. دووەم: ڕۆمانی (ئەسپەرە)ی عومەر سەیدە بڵاوبۆوە و هەروەها پاشماوەکەی لە ل 8 دا بخوینەوە.

– ل 2 قاسملو ئێستا لە ناو گەلی خۆیدا، وەکو ئاڵا بە ئاسمانەوە دەشەکێتەوە، نووسینی بەکر شوانی – ل 3 و ل 4 موحەمەد عارف: شێوەکار و ئەکادیمییەکی کوردپەروەر و بەئەزموون، پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف

– ل 5 گۆشەی 17 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە.

– ل 6 دوو بابەتی دکتۆر مەریوان وریا قانع و گۆران مەریوانی.

– ل 7 پرسەنامەی ئەکادیمیای بەدرخان هەفتەنامەی تاراوگە،بە هۆی کۆچی دوایی فەرید زامدارە.

ل 9 دوو بابەتی دیکە دەخوێنیتەوە، نەخشەی سەربازی کەرکوک و کێبڵی هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخیی کوردیی بە زمانی ئینگلیزی.– ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد، ستار قادر فەرەج.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

25 Juli 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-62
ژمارە 62 ی 25 ی تەموزی 2019

سەدان مرۆڤ زیندە بە چاڵ کران، ژن و منداڵ و پیر، بە لەی بیابان خنکێنران. لە ژێر لەمکەداو بەر لەوەی هاوڕێکەم رۆحی بفڕێت.. لە ڕۆمانی ئەسپەرەوە

کۆنسێرتی ساڵانەی ئەندریا لیۆن ماری نیکۆلاس ڕەیۆ میوزیکژەنی ئۆرکێستڕای ناسراوی هۆڵەندیی لە ماستریخت

ئەندریا لیۆن ماری نیکۆلاس ڕەیۆ میوزیکژەنێکی ئۆرکێستڕای ناسراوی هۆڵەندییە، کە بە ئامێری کەمانچە میوزیک دەژەنێت و کارەکانی بە شێوازی کلاسیکی و میللی و هاوشیوەکانی یۆهاین شتراوس نمایش دەکات، لای جەماوەر هۆڵەندی و زۆرێک لە جیهان ناسراوە و شەیدایان (معجبین) ی تایبەتی خۆی هەیە، ناوەکەی فەڕەنسییە، لە ڕۆژی 1 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1949 لە شاری ماستریخت، لە باشوری هۆڵەندا لە دایک بووە، منداڵی سێهەمی دایک و باوکێتی لە نێوان شەش براو خوشکیدا، دوو خوشکی لە خۆی گەورەتری هەیە بە ناوەکانی (تیریسیا و سیلیا) و دوو برای لە خۆی بچوکتری بەناوەکانی (روبرت و جان فیلیب)، و خوشکی بچوکیشی بە ناوی (جابی بویرما– ڕەیۆ) هەیە.

ڕەیۆ ساڵانە لە شاری ماستریخت کۆنسێرتێکی گەورە ساز دەکات، ئەوە ماوەی 30 ساڵ زیاترە لە لە گۆڕەپانێکی گەورەو فراوانی شاری ماستریخندا، لە زۆربەی وڵاتانی دنیاوە گوێگران و تەماشاکەرانی دێن بۆ بینین و گوگرتن لە کۆنسێرتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا، لە لایەن ڕەخنەگرانیەوە، ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرن، کە ڕێباز و شیوازی کارکردنەکەی جۆرێکە لە بازرگانیکردن بە هونەرەکەیەوە.

ڕەیۆ لە خانەوادەیەکی مۆسیقیدا گەورە بووە، باوکی سەرۆکی تیپی Limburgs Symfonie Orkest (LSO) (سیمفۆنی ئۆرکێستڕای لیمبورخ) بووە، کە کاتی خۆی بە (Maastrichts Symphonie Orkest) ناسرا بوو. ئەم هونەرمەندە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە کەمان دەژەنێت. لە ساڵی 1968 بۆ یەکەم جار لە شاری Luikse لیخە (لێژ)ی بەلجیکا تا ساڵی 1973 لەسەر دەستی Herman Krebbers خوێندویەتی.

هەروەها لە ساڵی 1974 لە ئەکادیمیای میوزیکی برۆکسل وەرگیراوە و ساڵی 1977 تەوای کردووە، هەوروەها لە پەیمانگای مۆزیکی ماستریخت ناوبەناو درەسی وەرگرتووە، دوای تەواکردنی خوێندنەکەی لە ساڵی 1977 و خەڵاتی" بریمیر" لە ئەکادیمیای میوزیک لە برۆکسل وەرگرتووە، لەبەر بەرزی ئاستی هونەری مۆسیقاکەی، دوای سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی ساڵی 1978 ئۆرکێسترای ماستریخت دامەزراند. ساڵی 1975 لەگەڵ ماریۆری کوشمان هاوسەرگیری کردووە، کە مامۆستای زمان بووە، دوو کوڕیان هەیە بە ناوەکانی مارک و پییر. ڕەیۆ بە پێنج زمان قسە دەکات، هۆڵەندی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی و ئیتالی.

عومەر سەید " بەناونیشانی (ئەسپەرە)، ڕۆمانی سێهەمی خۆی بڵاوکردەوە

ڕۆماننووسی کورد " عومەر سەید " بەناونیشانی (ئەسپەرە)، ڕۆمانی سێهەمی خۆی بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆمانە، تایبەتە بە ئەنفال و قوربانیانی ئێزدی دەستی داعش، ژمارەیەک لە ژنان، کچان و پیاوانی قوربانی لەم ڕۆمانەدا چیرۆکەکانی خۆیان بۆ مێژووی دوور و درێژی جینوساید دەگێڕنەوە و لە نێو دادگایەکی فەنتازیدا، دادگایی جەلادەکەیان دەکەن و مێژووی ستەم و داگیرکارییەکەی ریسوا و شەرمەزار دەکەن و ناچار بە دانپێدانەکانی دەکەن. ئەسپەرە لە دووتوێی 178 لاپەڕەی A5 دایە و بە تیراژی 500 دانە کەوتە بەر دەستی خوێنەران..لە لاپەڕە 8 ئەم ژمارەیەی تاراوگە بەشیکی کورتی ئەم ڕۆمانە بخوێنەوە.

قاسملوو ئێستا لە ناو گەلی خۆیدا، وەکو ئاڵا بە ئاسمانەوە دەشەکێتەوە...

موسا عەنتەر

و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی

(تێبینی: پێشتریش ئەم بابەتەم بڵاو کردووەتەوە. وا دیسان بە بۆنەی یادی ٣٠ تیرۆرکردنی ڕابەری گەورەی کورد د. عەبدولڕەحمانی قاسملووە پۆستی دەکەم... ب. شوانی).

دوو گەنجی کوردی خەڵکی ورمێ لە ئیستانبوڵ دەیانخوێند؛ حوسێن قاسملوو لە بەشی ناوخۆیی زانکۆی تەکنیکی دەڕیا و لەو زانکۆیە دەیخوێند. ئەحمەد قاسملویش لە کۆلێژی پزیشکی دەیخوێند و لەو بەشی ناوخۆییە دەڕیا، کە من داممەزراند بوون. پێم وابێت ساڵی ١٩٤٥ بوو، ڕۆژێک حوسێن گەنجێکی تازە پێگەیشتووی چاوگەش و بلیمەتی بۆ لای من هێنا و گوتی: "کاک موسا، ئەمەیش عەبدولڕەحمانی برا بچووکمانە". عەبدولڕەحمان ئەو ساڵە لە ئێران قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد بوو، بۆ خوێندن هاتبوو. گەنجێکی چوست و بەرچاو بوو. لە سەرتاپای جەستەی وزەی کۆمەڵایەتی هەڵدەقوڵا. برا گەورەکانی، ئەحمەد و حوسێن وەک ئەو نەبوون. عەبدولڕەحمان هەرزیاد مەیلی بەلای هونەرەوە بوو. دەیویست لە کۆلێژی ئەدەبیات سۆسیۆلۆژی بخوێنێت. لەوێ ناونووسم کرد. لە بەشە ناوخۆییەکەی من دەمایەوە. زۆربەی ئەو کاتانەی وانەی نەدەبوو، لای من کاتی بەسەردەبرد. ئەو بەردەوام بە ئاگری کورد و کوردستان دەسووتا. دوای نزیکەی پێنج مانگ ئارەزووی لە کۆلێژی ئەدەبیات نەما و سەرلەنوێ و لە سفرەوە دەستی پێ کردەوە. لە هەموو هەلێکدا بە منی دەگوت خوازیارە بچێت بۆ ئەورووپا. ئەو سەردەمە، ڕۆژی هەینیی یەکەمی هەموو مانگێک دەچوومە ماڵی دادە مەزییەت خاتوونی خوشکی کامەران بەدرخان لە شیشلی و لەوێوە تەلەفۆنمان بۆ کامەران بەگ دەکرد کە ئەو کاتە لە پاریس دەڕیا. ڕۆژێک باسی ئارەزوو و لێهاتوویی ئەم گەنجەم بۆ کامەران بەدرخان گێڕایەوە. گوتی: "سەر سەر و سەرچاو. کوڕی خۆم، بۆم بنێرە. من لێرە بورسێکی بۆ دابین دەکەم." کاتێک ئەم مزگێنییەم بە عەبدولڕەحمان گەیاند، فرە شادمان بوو. پێم گوت: "بەڵام مەرجێکم هەیە؛ ئەگەر برا گەورەکانت ڕازی بن..." وەک ئاگر وابوو. هەر ئەو ئێوارەیە هەر دوو برا گەورەکانی گەیاندە کنم. هەردووکیان ڕازی بوون، بەڵام گوتیان پارەی پێویستیان پێ نییە و نامە بۆ ئێران دەنێرن و پاشان عەبدولڕەحمان بۆ ئەورووپا بەڕێ دەکەن. گوتم: "پارەتان لێ ناخوازم. من ئەم کارکە دەگرمە ئەستۆ. برای ئێوەیە، برای منیشە." عەبدولڕەحمان بە ماوەیەکی کورت ناوی خۆی لە زانکۆ سڕییەوە، بەڵگەنامەکانی ئامادە کرد و لە وێستگەی سرکەجییەوە بەرەو ئەورووپا بەڕێمان کرد. بێگومان شەڕی دووەمی جیهانی بەکۆتا هاتبوو.

عەبدولڕەحمان پاش ئەوەی گەیشتە پاریس، چ لە ڕووی زانستی و چ لە ڕووی ئەدەبییەوە پەیوەندی لەگەڵ من نەپچڕاند. دوای ئەوەی بە جوانی فێری زمان بوو و دەوروبەرێکی گونجاوی دۆزییەوە، هەر بابەتێک

دەربارەی ئاشتیی جیهانی هەبوایە و هەر بابەتێکی زانستیی ناو کتێبخانەکانی ئەوێ کە بۆ من سەرنجڕاکێش بوایە، نامە بۆمی دەنارد. کامەران بەگیش پێی سەرسام بوو. عەبدولڕەحمانیش بێ سنوور ڕێزی لە کامەران بەگ و هاوسەری پۆلۆنیایی وی دەگرت. ئەویش حسێبی کوڕی خۆی بۆ عەبدولڕەحمان دەکرد. کامەران بەگ لەبەرئەوەی خاڵی هاوسەری من بوو، منی بە خوارزا ناودەبرد و جارێک لە تەلەفۆندا گوتی: "کوڕم، لەبەرئەوەی منداڵم نەبوو، خەمگین بووم. بەڵام تۆ و عەبدولڕەحمان ئەو کێماسییەتان بۆم پڕ کردەوە. ئێستا زۆر بەختەوەرم. بشمرم، وەجاغم ڕۆشنە." کامەران بەگ بەو قسەیە شەرەفی پێم بەخشی و لە ژیانمدا گەورەترین میهرەبانی بۆم نواند. مەحاڵە بتوانم بە وشە گوزارە لەو شەرەف و شکۆیە بکەم. دوای نواندنی ئەو میهرەبانییە بەردەوام وا هەستم دەکرد وەک ئەوەی کوڕی کامەران بەگ بم. بە درێژایی ژیانم هەموو هێز و توانای خۆم خستە کار بۆ پاراستنی ئەو شەرەفە. ئێستایش کەسایەتیی شکۆداری ئەو کلاوڕۆژنەی ژیانی منە. پێم وایە ئامۆژگارییەکانی کامەران بەگ لە بواری هەستی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی گەورەیان لەوەدا هەیە کە من توانیومە تا ئەمڕۆ لە سیاسەت و ئاکاردا لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم.

ئەگەر سەرنج بدرێت، عەبدولڕەحمانیش لەسەر هەمان بیر و باوەڕ بوو. بەڵام ئەو لە من سوودمەندتر بوو، چونکە مردنەکەیشی شەرەفمەندانە بوو. وای چەند بەختەوەر دەبم ئەگەر شانسم هەبێت و منیش وەک ئەو لە پێناوی گەلەکەمدا شەهید بکرێم! ئێستا قاسملو لە ناو گەلی خۆیدا وەکو ئاڵا بە ئاسمانەوە دەشەکێتەوە. مەگەر ئەمە ترۆپکی شەرەف نییە؟!

سەرچاوە: کتێبی "بیرەوەرییەکانم"ی موسا عەنتەر ...

تێبینی: موسا عەنتەر چەند مانگێک دوای تیرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسلموو ئەم بیرەوەرییانەی نوسیوە. ڕێککەوت وابوو خۆیشی ئەو شانسەی بەرکەوت و ڕۆژی ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ ، واتە ٣ ساڵ و دوو مانگ و حەوتوویەک دوای تیرۆرکردنی د. قاسملو، لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا بەدەستی چەتەکانی دەوڵەتی تورک تیرۆر کرا.

موحەمەد عارف: شێوەکار و ئەکادیمییەکی کوردپەروەر و بەئەزموون

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

هەندێک جار ڕێکەوتەکان ڕۆڵی کاریگەری پۆزەتیف دەبینێت. گەرچی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی، بەهۆکاری سیاسی و فیکری بۆ هەولێر، لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، جێگەی نیگەرانی تێکڕای خەڵکی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی پردێکی سۆسیۆڵۆژی لەگەڵ ناوچە کوردستانییەکانی تردا بەتایبەتی شاری هەولێر دروست بکات. هاوتەی ئەمجارەمان جەخت لەسەر هونەرمەندی شێوەکار و کوردپەروەر و ڕووناکبیری بەتوانا پرۆفیسۆر موحەمەد عارف دەکات. پێشتر لەڕێگەی مامۆستا و هونەرمەندی شێوەکار عەلی لەتیفی برا گەورەمەوە، ئاشنایەتییەکم لەگەڵیدا هەبوو. دیار بوو بەهۆی هونەرەوە، ئەو دوو هونەرمەندە لەنزیکەوە یەکتریان دەناسی و ئاگاداری هونەری یەکتر بوون. بەڵام دواتر لە ڕاپەڕینەکەوە تەواو یەکترمان ناسی ئەویش بەو پێیەی بەڕێزیان لەکۆلێژەکەی ئێمە، کۆلێژی ئەدەبیات– زانکۆی سەڵاحەددین، دامەزرابوو، یان باشتر وایە بڵێین گواسترابۆوە بۆ ئەو کۆلێژە. ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندییەکەمان پتەوتر دەبوو. هۆکارە سەرەکییەکەش دەگەڕایەوە بۆ خودی هونەر خۆی و دواتر کەسێتی مامۆستا. واتە هەردوو جەمسەری هونەری و کەسێتی مامۆستا زیاتر هەردووکمانی بەیەکەوە گرێدا بوو، چونکە مامۆستا لەدانیشتنەکانیدا هەمیشە جەختی لەسەر فەلسەفەی هونەر بەگشتی و هونەری شێوەکاری بەتایبەتی دەکردەوە، لەهەمان کاتیشدا دەیگووت "ئێمەی کورد دەتوانین لەڕێگەی هونەرەوە، خۆمان بەجیهان بناسێنین". منیش بەهۆی کاریگەری مامۆستا عەلی لەتیف و پسپۆرییەکەمەوە نزیکایەتی و دراوسێیەتییەکەم لەگەڵیدا دروست کرد. هەندێک جار بەجووتە دایەلۆگمان دەکرد. هەندێک جاری تریش پرۆفیسۆر موحەمەد نوری عارفی مامۆستا و هاوڕێ بەشداری دایەلۆگەکانی دەکرد. پێش ئەوەی مامۆستا عەلی لەتیف بۆ یەکجاری کۆچ بکات بۆ ئەڵمانیا، لەساڵی 1994 سەردانێکی تایبەتیم کرد بۆ شاری هەولێر، کە تا ئەو کات مامۆستا بووم لە زانکۆی سەلاحەددین. لەوێ دانیشتنێکی چەند سەعاتیمان لەگەڵ هونەرمەند موحەمەد عارف ئەنجامدا، بەڵکو خزمەتێکی زۆریشی کردین. لەوێوە تێگەیشتم کە پەیوەندی نێوانیان زۆر کۆن و پتەوە. مامۆستا موحەمەد عارف ڕووی کردە ماموستا عەلی و گووتی "لەبەر یەک شت حەز دەکەم بچیت بۆ ئەڵمانیا، ئەویش وەرگرتنی زانیارییەکانی سەردەمە لەسەر هونەری شێوەکاری. بەپێچەوانەوە حەز ناکەم نیشتمان بەجێ بهێڵیت.. تکا دەکەم ڕۆژێک بگەڕێیتەوە وڵات". مامۆستا موحەمەد عارف زۆر حەزی بەوە نەدەکرد، کە زانیارییە تایبەتییەکانی خۆی بدات بەکەسانی تر، بەڵام تەواو پشتی بەمن ئەستوور بوو، یان هیچ ترسێکی نەبوو. ئەوەی لەیادەمە دەیگووت" لەڕەواندوز لەساڵی 1937 لەدایک بووم و لەساڵی 1957 پەیمانگای هونەرە جوانەکانم لە بەغدا تەواو کردووە

کردووە و دواتر ڕووم لە مۆسکۆ کردووە، لەساڵی 1967 بڕوانەی ماستەرم لەکۆلێژی هونەرە جوانەکانی مۆسکو بەدەستهێناوە".

بەوپێیەی ئەو کات، بەهۆی نەبوونی پسپۆڕی ئەکادیمی لەبواری شێوەکاری، لەزانکۆی سەڵاحەددین، کولێژێک یان بەشێک نەبوو بەنێوی هونەرە جوانەکان. بۆیە نزیکترین جێگە بۆ بەهرە و پسپۆڕییەکەی مامۆستا موحەمەد عارف، بریتی بوو لەکۆلێژی ئەدەبیات. لەم کۆلێژە و بەگوشاری بەندە، توانرا گەلەڕییەک بدرێت بەمامۆستا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەڕۆڵی پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی بکرێت، کە ئەوکات ڕاگری کۆلێژ بوو، تەواو پشتگیری لەتواناکانی مامۆستا کرد.

گەلەڕییەکە خۆی بۆخۆی ببووە سەنتەرێکی هونەری، بۆ ئەو خوێندکارانەی کە حەزوخولیا و بەهرەیەکی هونەرییان هەبوو. ئەمەش لەکاتی پشوویاندا، یان لەڕۆژانی پشووی هەفتەدا. زۆربەی کەرەستەکانی ئەم گەلەڕییە بەکاغەز و قوماش و بۆیەی ئاوی و زەیتی کەوتبۆوە سەر ئەستۆ و گیرفانی مامۆستا خۆی. جار جارەش ڕاگرایەتی یارمەتییەکی دەدا بەڵام وەک پێویست نەبوو. هەموو جار دەیگووت "هونەرەکەم لەهەموو شتێک زیاتر خۆشم دەوێت، نانێک کەمتر دەخۆم". لەگەلەڕییەکەدا دڵسۆزانە کاری دەکرد و تەواو دەچووە نێو تێۆر و بنەماکانی هونەری شێوەکاری. هەندێک جار داوای لە من دەکرد کە لەڕووی ڕێبازە فەلسەفییەکانەوە قسە لەسەر تابلۆکان بۆ ئامادەبووانی خوێندکاران بکەم. خوێندکارەکانیش بەپەرۆشییەوە دەهاتنە هۆڵی گەلەڕییەکە. هەر لەنێو گەلەڕییەکەدا مامۆستا کتێبخانەیەک بەسەرچاوە هونەرییەکانی دروست کرد. بەشێک لەو سەرچاوانە ئەو کتێبانە بوون، کە مامۆستا خۆی لە ڕووسییەوە وەریگێڕابوونە سەر زمانی کوردی و عەرەبی. هەر ئەو کاتە ڕۆژێک مامۆستام بینی زۆر نیگەران و تووڕە بوو، کە ئەمە یەکەم جارم بوو بەو شێوە تووڕەییەوە ببینم. تووڕەییەکەی لە جێگەی خۆی بوو، لەکاتێکدا دەیویست پلەی زانستی وەربگرێت و ئەوانەی کە لەلیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کۆلێژدا کاریان دەکرد، بەهۆی کەمی ئەزموونی هونەرییەوە، کارەکەیان بۆ ئەنجام نەدەدا. لێرەدا هاواری بۆ من هێنا ومنیش لەلایەکەوە لیژنەکەم قایل کرد، کەپسپۆڕانی هونەری دەتوانن لەڕێگەی خوێندنەوە شیکارییەکان بۆ تابلۆکانیان دەتوانن لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن. لەلایەکی تریشەوە ڕاگرایەتی کۆلێژیشمان قایل کرد، بەوەی کەهەڵگرانی بڕوانامە هونەرییەکان بەنموونەی شێوەکاری دەتوانن پلەی زانستییەکایان بەرز بکەنەوە هاوشێوەی کۆلێژە هونەرییەکان. بەمەش ڕێگرییەکان لەبەردەم مامۆستادا، تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر کران. هەندێک جار بانگێشی مامۆستام بۆ بەشی زمانی عەرەبی دەکرد، کەبەشێوازی سیمیناری چەند زانیارییەکی هونەری شێوەکاری پێشکەش بەخوێندکاران بکات. لەپێشکەشکردنی سیمینارەکانیدا زۆر زانستی و ئەکادیمیانە باسی لەو هونەرە دەکرد.

بڕوانە لاپەرە 4

مامۆستا موحەمەد عارف کەسێکی بەخشندە و هونەرمەندێکی مەزن و کوردپەروەرێکی دڵسۆز بەخاک و نیشتمان بوو.

هەمیشە دەیگووت: ئەسپی وڵاتەکەم، لەجوانی و ڕەسەنایەتی و ئەرکدا، لەئەسپی هیچ وڵاتێک ناچێت..!



تابلۆی هونەرمەند ڕێبوار خالید

ئەمە جگە لەوەی شێوازی پێشکەشکردنەکەی، هاوشێوەی شارەزایان و ئەکادیمیانی ئەوروپایی بوو. زۆر هێمنانە و لەسەرخۆ دەچووە نێو بابەتەکانی. لێرەوە بۆم دەرکەوت، کە ئاستی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی مامۆستا لەئاستێکی هەرە بەرزدا بوو. ڕۆژێک پەیوەندی پێوەکردم و گوتی"خۆشحاڵ دەبم پێکەوە و لەگەڵ بەشێک لەخوێندکارەکان گەشتێکی هونەری لە ناوچەی شەقڵاوە و ڕەواندز ئەنجام بدەین". منیش داواکەیم ڕەت نەکردەوە و بۆ بەیانی بەپاسێک، کە خۆی بەکرێی گرتبوو کەوتینە ڕێ. بەڕاستی گەشتێکی لەبیرنەکراوە. لەو گەشتەدا داوای لەخوێندکاران کرد، کە ڕاستەوخۆ دیمەنی سروشتی کوردستان بگرن. هەر یەکەو بەپێی ئازادی و سەربەستی و خواستی خۆی دیمەنێکی هەڵدەبژارد. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو، کە دڵسۆزانە سەرپەرشتی سەرجەم خوێندکارانی دەکرد و دەگڕا بەسەریاندا و زانیاری وردی دەدانێ. هەر ئەو کات تابلۆیەکی خۆی پێشکەشکردم کەلەسەری نووسراوە"ماڵ ئاوایی شۆڕە سوار،1975". لەپشتی تابلۆکەش ئەم دەستەواژەیەی بۆ نووسیوم: "پێشکەشە بەبرای کوردپەروەر دکتۆری پایە بڵند کاک (زاهیر)ی بەڕێز لەگەڵ خۆشەویستیمان. محمد عارف، 1994/1/5 ". گەر زیادەڕۆیی نەکەم ئەوا ڕۆژ نەبووە مامۆستا نەبینم و باس لەهونەر نەکەین. گەرچی لەتەمەندا لەمن گەورەتر بوو، بەڵام بەخشندەیی مامۆستا کارێکی وایکردبوو، کەڕێز لە کەسەکان بگرێت، بەجیاوازی فیکر و ئایدیا. بۆیە هەستم نەدەکرد، کە لەنێوانماندا جیاوازی زەمەن و تەمەن هەیە. کاتێکیش لەساڵی 1995 ڕاژەکەم گواستەوە بۆ زانکۆی سلێمانی زۆر دڵگران بوو، چونکە دەیگوت "تۆ تەواو لە من دەگەیت و ڕێز لەهونەر دەگریت". لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە لە پەیوەندی دانەبڕاین.

لەساڵی 2004 کاتێک بەهەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا، کۆلێژی هونەر لە زانکۆی سەڵاحەددین دامەزرا و کرایەوە، پەیوەندییەکی پێوە کردم و گوتی: "زۆر حەز دەکەم بەگوتنەوەی وانەی ڕێبازە ئەدەبی و فەلسەفییەکان بەقوتابیان بەشدار بیت، لەپڕۆسەی خوێندن لە کۆلێژ". منیش سوپاسم کرد و لەهەمان کاتدا داوای لێبووردنم لێ کرد، بەوەی ئەرکێکی زۆرم لەسەر شانە و ناتوانم کارەکە ئەنجام بدەم. هەر لەو ساڵەدا بوو، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی هونەر لەزانکۆی سەڵاحەددین بەدەستهێنا و هەر ئەو کات، جوانترین پیرۆزبایم لێ کرد. کاتێکیش کە بوو بەڕاگری کۆلێژی هونەر پەیوەندیم پێوە کرد و گووتم: "مامۆستا من بەهۆی وەرگرتنی پۆستی ڕاگرایەتی، بۆ ماوەی شەش ساڵ، وەک پێویست لێکۆڵینەوەم نەنووسی. تکایە هەڵەکەی من دووبارە مەکەرەوە. ئەوەبوو ماوەیەک تا کۆلێژەکە کەوتە سەر ڕێڕەوی خۆی مامۆستا ئەو پۆستەی وەرگرت و دواتر وازی لەو پۆستە هێنا، گرنگی زیاتری بە هونەرەکەی دا. گەرچی لەڕووی زەمەنەوە توانای مامۆستا لە ئاستێکی هەرە بەرزدا بوو، بەڵام لە کۆتایی ژیانیدا هونەرەکەی گەیشتە لووتکە. داخەکەم مەرگ هەمیشە ڕێگر دەبێت لەبەردەم پڕۆسەی ژیان و مامۆستاش لەساڵی 2009 مالئاوایی لێکردین. ماوەتەوە بڵێن کە مامۆستا کەسێکی بەخشندە و هونەر دۆست و کوردپەروەرێکی دڵسۆز بەخاک و نیشتمان بوو. هەمیشە دەیگووت "ئەسپی وڵاتەکەم،لە جوانی و ڕەسەنایەتی و ئەرکدا، لە ئەسپی هیچ وڵاتێک ناچێت". زۆر کاریگەر بوو، بەشاعیرانی وەک خانی و نالی و حاجی و گۆران. کە شیعرەکانی گۆران ی بەنێوی " گوڵی خوێناوی " و " دەرویش عەبدوڵڵا "دەخوێندەوە تەواو چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک. بۆیە ڕێزگرتن لە هونەری ئەم هونەرمەندە کورد هەڵکەوتووە، لەلایەکەوە ڕێزگرتنە لە چەمکی هونەر بە گشتی و لە لایەکی تریشەوە لە کوردبوونی کوردستان بەتایبەتی بەوپێیەی ناوەڕۆکی زۆربەی هەرە زۆری تابلۆکانی دەرئەنجامی کوردستانیبوونە. دواتر تێگەیشتم کە ئەسپەکەی موحەمەد عارف هەر کوردستان خۆیەتی، کە زۆرێک لە تابلۆکانی داگیرکردووە، بەڵکو کارەکتەرێکی هەرە سەرەکییە.

گۆشەی 17 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

دووژن لە ئەڵمانیا پۆستی باڵایان پێ سپێردرا.

هەفتەی پێشوو خاتوو "ئورسولا ڤۆن دێرلاین" وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، لەناو پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپای بردەوە و بوو بەیەکەمین ژن، کەئەم پۆستەی پێ بسپێردرێت، هەر لەشوێنی ئەو خاتوو"ئەنگرید کرەمپ کاریئنباوەر"AKK ، پۆستی وەزیری بەرگری ئەڵمانی پێدرا و بوو بە دوەمین ژن، کە ئەم پۆستە وەربگرێت.

زیاتر لە 100مزگەوت خرانە ژێر چاوەدێرییەوە...!

بەهۆی پەرەسەندنی ئیسلامییە سەلەفیەکان و بڵاوبونەوەی توندڕەوی لە ڕیزی فەقێ و ئەو خوێندکارە هەرزەکارانەی، کە لەناو مزگەوتەکان دەرسیان پێدەدرێت، پۆلیسی ئەڵمانیا بە فەرمانی دەزگای پاراستنی دەستور، لە کۆی ٨٥٠ مزگەوت لە هەرێمی نۆردراین ڤێستڤالێن ١٠٩ مزگەوتی خستۆتەژێر چاوەدێریەوە و بەچڕی بەدوای ئەو ٣٠٠٠ سەلەفیەوەن، کە لەو مزگەوتانە توندڕەوی بڵاودەکەنەوە.

ئەڵمانیا دوو ملیۆن یۆرۆ سزای فەیسبووکیدا

لە چەند ڕۆژی ڕابردودا، حکومەتی ئەڵمانیا لە سکاڵایەکیدا لە بەردەم دادگا، سزای دوو ملیۆن یۆرۆی بەسەر کۆمپانیای فەیسبوکدا سەپاند، بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕەگەزپەرستی و توندڕەوی لەدژی ئەو میللەت و ئاینانەی، کەلەنا وڵاتەکەدا دەژین.

بەتەنیایی ژیان لەزیاد بووندایە

دەزگای ئاماری ئەڵمانیا ئاشکرای کردووە، کە لە ساڵانی نەوەدەکان بەدواوە، ئەو کەسانەی کە بەتەنیا دەژین لە زیادبوندان، دەزگاکە بڵاوی کردۆتەوە، کە ٤١،٤ ملیۆن خانوو و ئەپارتمانتی نیشتەجێبونی لەو وڵاتە هەیە و زیاتر لە ١٧ ملیۆن کەس بەتەنیا دەژین، کەدەکاتە یەک لەسەر پێنجی کۆی دانیشتوانی هەموو ئەڵمانیا.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین–ئەڵمانیا

کچێک پارەیەکی زۆری کۆپی کردووە

لەشای" بیرماسینس"ی هەرێمی راینلاند بفالتس، کچێکی ٢٠ ساڵان چۆتە پیشانگایەکی ئۆتۆمبێل و سەیارەیەکی بە ١٣ هەزار یۆرۆ کڕیووە، دەرکەوتووە، کە پارەکە هەمووی ساختە بووە، لە دوای پشکنینی پۆلیس دەرکەوتووە، کە ئەو کچە لەماڵەوە پارەیەکی زۆری تری کۆپی کردووە و خەڵکێکی زۆریشی پێ هەڵخەڵەتاندووە.

بەرلین تکتی هاتوچۆی پاس دەکاتە ١ یۆرۆ

پارێزگاری بەرلین بۆ ڕۆژنامەی "نۆیە زوریشە زایتۆنگ"ی سویسری ئاشکرای کردووە، کە کاردەکات بۆ هەرزانکردنی تکتی هێڵیەکانی هاتن و گوستنەوەی ناو شارەکە، بە شێوەیەک کە ببێتە ساڵانە بە ٣٦٥ یۆرۆ و هەمان نرخی هاتووچۆی ناو ڤیەننای پایتەختی نەمسا، ئەمەش خزمەتێکی زۆر بە هاوڵاتیان و کاسبکاران دەکات و ئێستا باریکی قورسی نرخی کرێی تکتی ساڵانەی هاتوچۆ لەناو شارەکە ٩٦١ یۆرۆیە.

وتاری سەلەفیەت و شار، لە کتێبی "کۆمەڵگاو غەریبەکانی" دکتۆر مەریوان وریا قانع

شارمان نییە...تەواو

"کەسانێک هەن پێیان وایە شار لە دونیای ئێمەدا بوونی نییە و ئەوەی هەیە دێژکراوەی لادێ و کلتوری لادێکانە. ئەم جۆرە ڕوانینە، کە زۆرجار بە ناوی فیکر و فەلسەفەو بیرکردنەوەی قوڵەوە دەردەبڕدرین، جگە لە تەمبەڵییە فیکرییەکەی پشتیان کە وایان کردووە توانای پشکنینی ڕاستەقینەی هیچ دیاردەیەکی کۆنکرێتیان نەبێت، هاوکات ڕێگرییەکی گەورەن لەبەردەم تیگەیشتن لە سادەترین دیاردەکانی نێو دونیای ئێمەدا. ئەم جۆرە ڕوانینە لە باتی ئەوەی پێمان بڵێن ئیمە چ جۆرە شارێکمان هەیە و پرۆسەی بەشاربووبن لە ناویدا چۆن دروست دەبێت، چ هێز و گروپ و بزوتنەوەیەک دروست دەکات، بە کێ ئینتیما دەبەخشێت و کێ بێ ئینتیما دەکات، دەکرێت باس لە دەیان پرۆسەی دیکەش بکرێت، دەڵێم لە باتی خۆماندوکردن و گەڕان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانە و هاوشێوەکانیدا، ئەم ئینکارخواستانە ڕێگا هەرە سادە و هەرە ئاسان و پڕ تەمبەڵییەکە هەڵدەبژێرن و بەوە خۆیان ڕزگاردەکەن کە بڵێن ئیمە شارمان نییە .

بۆ سەلماندنی هەڵەی ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە هەر بۆ نموونە وێنەی ڕووبەری گشتی شاریکی وەک سلێمانی لە هەفتاکان و هەشتاکاندا وەربگرین و بەراوردی بە وێنەی ڕووبەری گشتی هەمان شار لەمڕۆدا بکەین. لە هەفتاکان و هەشتاکاندا ئەو ڕووبەرە گشتییە پڕ بوو, لە ئافرەتی بێحیجاب و مینیجۆب و تەنورەی کورتلەبەر، پڕ بوو لە مەیخانە و یانە و دوکانی فرۆشتنی مەی، سینەمای تێدا بوو, کە هەموو جۆرە فیلمێکیان نیشان دەدا بە فیلمی ئیرۆتیکیشەوە، فۆرمێکی تایبەت لە مۆسیقا بااڵدەست بوو، گروپی شانۆیی جیاواز و بۆنەو ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەی هەمەڕەنگی تێدا بوو، ئەمە جگە لە بوونی چەندان کتێبخانە، کە پڕبوون لە ئەدەبیاتی تەواو چەپگەڕ و عەلمانی. هەموو ئەمانە سەرچاوەی ناموبوون و شۆکی کلتوریی بوون بۆ کەسانێک، کە نەک تەنها ئەندامی ئەم یان ئەو گروپی ناچالاکی سەر بە ئیسلامی سیاسی بوون، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە مەیلی دینی کۆنەخواز و داخراویان هەبوو"....

نێوی کوردستان لە تورکیا و لە ڕۆمانێکی پاپلۆ چێلۆ- ی پورتوگالی دەسڕێتەوە! گۆران مەریوانی

خوێنەرانی ڕۆمانووسی پورتوگالی، پاپلۆ چێلۆ، لە وەرگێڕانی ڕۆمانی (یازدە-دەقە)، بە تورکی، دەبینن کە وشەی کوردستان لەو ڕۆمانەدا سڕدراوەتەوە و کراوەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە دەقە ئینگلیزیەکەی هەمان ڕۆماندا هاتووە: ``خانم چووە ئینتەرنێت-کافێیێکەوە و دۆزیەوە، کە کوردان لە کوردستانە-وە هاتوون، وڵاتێ کە لە گۆڕێدا نییە، هەینێ دابەشکراوە دەنێوان تورکیا و ئێراق``. وەرگێڕە تورکەکە پەساژی دووەمی لەو بڕگەیە گۆڕیوە بە:``دە ئینتەرنێتی ڕا نووسرابوو، کە کوردان لە ڕۆژهەڵاتی نێڤیندا دەژیان`` خانەی پەخشی تورکیەکە، جان پەبلیشەر-هاوس، ڕێیداوە (38) جاران لە چاپکردنەوەی ئەو ڕۆمانەدا، دوور لە مەبەستی چێلۆ، هەمان پەساژە بنووسرێتەوە. جان ئێز، خاوەنی دەزگای پەخش، دەتوێتەرێنێ:``هەقیانە خوێنەران تووڕەبن، لێ لە چاپی داهاتوودا ڕاستیدەکەینەوە``.....``ئەمن نازانم کێ لەو کارە بەڕپرسیارە، چاپەکەمان گەلێ کۆنە. دەرحاڵ، پەخشکاران مافیان نییە بە ئارەزوی خۆیان مەتنێک بگۆڕن `.

سادات ئۆیزن-ی وەرگێڕیش دەتوێتەرێنێ:``ئەز نازانم چۆن ئەو ئاڵوگۆڕە هاتۆتە گۆڕێ. ئەمن دڵنیام کە بڕیاری من نەبووە، هەندێ نمونەی وەرگێڕانی خۆیشی هێناوەتەوە، کە هێمای بە کوردستان لە خۆ-گرتووە``. هەروەها دەڵێ: ``ئەمن هەوڵمدا وەبیر خۆمی بێنمەوە، گەر ئەودەم بە جۆرێکی جیاواز بیرمکردبێتەوە، لێ نەخێر، ئەمن هەمان کەسم. دەمی دوودڵی، پرینسیپەکانمان، فریادڕەسمانن. وەرگێڕان هەمیشە شان-بە-شانی لێکدانەوە دەڕوات، بەڵام سەنسورکردن، نەخێر. ئەمن هەرگیز لایەنگری سانسوگەرایی نەبووم`.

ئۆز-ی پاپلیشەر دێتە بەرگری لە ئۆیزن و دەنووسێ:``ئەو دەخاڵەتکردنە، بێ-شک، دەمی چاپکردن ڕوویداوە``!

لە ساڵی 1924 وشەگەلی کورد، کوردی، کوردستان بە قانونی فەرمی لە تورکیادا یاساخکراوە. دوای میلینیۆم گرژی کەمێ چووە دۆخی هێوری. تا ئۆردوهان هات و ئا کە پێ-پارتی بە بڕیارێکی پارلەمان 2017 وشەی کوردستانی دووبارە قەدەخەکردەوە.

چێلۆ یەکێکە لە نووسەرە سەرکەوتووکانی پۆرتوگال، زیاتر ناسراوە بە ڕۆمانی (ئالکیمیست)، نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن کتێبی لە تەواوی دونیادا فرۆشراوە..

تێبینی: یەکەمیجار ڕۆژنامەی (گاردیانی) بەریتانی هەواڵەکەی بڵاوکردەوە، پاشان لە فرەگەلێ لە هەواڵ و ڕۆژنامەی تردا پەخشکرایەوە.

18-07-2019

پرسەنامەی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتوور و هەفتەنامەی تاراوگە لە هۆڵەندا، بە هۆی کۆچی ناوادەی شاعیر و ڕوناکبیر فەرید بەکر ئەیوب، ناسراو بە فەرید زامدار 1952-2019

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، پاش ململانێیەکی سەخت، لەگەڵ نەخۆشیدا ڕۆژی 2019/07/21 دڵە گەورەکەی هاوڕیمان دەرید زامدار لە لێدان کەوت و بۆ هەتا هەتایە مالئاوایی لێکردین، ئەو هەگبەکەی، پڕبوون لە شیعری جوان و تابلۆی ڕەنگین، خۆشی بەڕەفتار پەپولە ئاسا لەنێو ڕوناکبیرانی کوردو عەرەبدا ناسرابوو، مرۆڤێکی هەست ناسک و لە ژیانیشیدا مرۆڤێکی بێوەی و تەنیا و تەنیا، لە نێو خەیاڵی شیعرەکانیدا وەکو مرۆڤ ویستوویەتی بژیت... بەناوی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتوور و هەفتەنامەی تاراوگە لە هۆڵەندا، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو، ڕەوانشاد فەرید زامدار دەکەین، دەخوازین لە یەزدانی مەزن و دلۆقان ئەوە دوا کۆست و خەمی خانەوادەکەیان بێت...

حەمید بەدرخان

سەرۆکی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتوور ، ئەڵمانیا

سەردار فەتاح ئەمین

سەرپەرشتیاری هەفتەنامەی تاراوگە لە هۆڵەندا

2019/07/22

ئەدەبی کوردیی و هەولێر زامدارێکی دیکەشی لەدەستدا

فەرید زامدار– فەرید بەکر ئەیوب، لەدایکبووی: 1952 هەولێر و کۆچی دوایی 21–7– 2019 هەولێر.

دەستپێکی ئەدەبی ساڵی 1971.

ئاستی خوێندن: ناوەندی.

کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی و سیاسی:

* لە نێوان ساڵانی: (1982– 1983) لە شاخ لێپرسراوی چاپخانەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە.

* ماوەی چەندان ساڵ ئەندامی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

* لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕاوێژکار بووە.

بەرهەم و چاپکراوەکانی

– بروسکەی هەورێ مەبەستێک، شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، 1973. 38 لاپەڕە.

– ژوانی سێبەر، شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجمهور، موسل، 1979. 104 لاپەڕە.

– شۆڕشگێڕ کێیە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، زەڵێ: شاخ، 1982، 20 لاپەڕە.

– پێناس (کۆمەڵێک دەستەواژەی سیاسی ئابووری)، چاپی یەکەم،بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، زەڵێ: شاخ، 1983، 32 لاپەڕە، قەبارە: (15×21)سم.

(.....)، شیعر، چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1990، 240 لاپەڕە، قەبارە: (14×21)سم.

– ماکرۆکۆسم (گەورەترین جیهان)، چاپی یەکەم، 1996.

– میکرۆکۆسم (بچووکترین جیهان)، چاپی یەکەم، 1996.

– ستێکس، بروسکەیەکی ئاوی یە بۆ کائیناتە دارستانیەکانی جەهەننەم، چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی قەڵا، سلێمانی، 1997، 87 لاپەڕە، قەبارە: (14.5×20)سم.

– فراغ فی العقل الأملائی، الطبعه الاولی، سلیمانیه، 1999.

– toho ، لە شەوی یەکدەقییدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999.

– مردنی ئەندازەیی پەنجە شێتەکانی شەیتان، چاپی یەکەم، سلێمانی 2001.

– ئەنیماۆندی: جیابوونەوەیەکی تڕە لە تاوانەکانی تری شیعر، دەقێکی هێرشبەرە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2006، 44 لاپەڕە. چاپی دووەم، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011، 49 لاپەڕە، قەبارە: (15×21.5)سم، نرخ: (1000)دینار.

– شەڕی وشەکان و نیو نوقتە لە ژێر نیودا، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2007.

– مردنی بازنەیی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012.

– بارانی چل شەوە، شیعر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 32 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

– ڕێ و نووسەری ڕێ، شیعر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 32 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

– ناوچەیەک لە ژووڕە دزراوەکە، شیعر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

– ئیمزایەکی بزر بە قەڵەمی شاعیرێک، شیعر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 31 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

– دواین ئێوارەخوان، شیعر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 31 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

– ئۆکتافیا پێکە خودابیەکانی لاتەریکی، شیعر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 16 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

– گەردوون لە پیلانێکی شیعریدا، شیعر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 24 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

– دەریاچەی ئاگر، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 31 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.

بیرمە ڕۆژی زیندە بەچاڵکردنمان، جەللادەکەمان، سەگە ڕەشتاڵە درندەکە.بە لاقرتیّ و پێڕابواردنەوە بە هاوڕێکەمی گوت: "تۆ نیسیەوەی جنۆکەی، بۆیسە دەتکوژم"....!

پاش چەندین و چەندین ساڵ، لمی کەڵەکەبووی سەرمانیان هەڵدایەوە و گەڕاندیانینەوە باوەشی نیشتمان، بیرمە ڕۆژی زیندە بە چاڵکردنمان، جەللادەکەمان، سەگە ڕەشتاڵە درندەکە، بە لاقرتیّ و پێڕابواردنەوە بە هاوڕێکەمی گوت: "تۆ نەوەی جنۆکەی، بۆیە دەتکوژم." هاوڕێکەم پەنجەی ئەو دەستەی منی لێئالابووم، ڕووکردە خۆیی و بە ریتمێکی خاو، بەڵام دلێرانە و بە خۆڕاگرییەوە پێی وت": من نەوەی جنۆکە نیم، من نەوەی فریشتەم، من نەوەی لووتکەم ئەو کاتی ڕۆدەچێ بە ئاسمانی هەوری ئاوس بە بەفر، لەگەڵ سپێتی و پاکی بەفردا دێمە بوونەوە، بشمکوژی، لەگەڵ هەر بەفر بارینێکدا دەگەڕێمەوە. نەوەی ڕەگی بەڕووم، کە توند و قوڵ ڕۆدەچێ بە خاکدا و لەگەڵ هەر چرۆیەکدا، هەر گەڵا و گوڵێکی بەهاردا، دەگەڕێمەوە. نەوەی پایزم، ئەو کاتی بە شان و ملی ڕووتەوە، باوەش بۆ بای سارد دەگرێتەوە، تا لە هەناسەیان بمخوڵقێنن. نەوەی گەنمی ڕەش گوڵم، ئەو کاتی کە هێشتا قەرسیلی سەوزە و بە دەم باوە کەرۆشکە دەکات، من بە شیری سپی ئەو گۆش کراوم و لەگەڵ زەردبوونیدا دیسانەوە دەگەڕێمەوە. من نەوەی هەڵۆم، بشمکوژی، گەر هەموو لمی دنیاشم بە سەردا بدەی، لە قوڵایی ئاسمانەوە، بە سەر باڵی هەڵۆوە دێمەوە. من پیاوی ئەو چیا بەرز و ڕەوەزە لووس و خەڕەندە هەزار بە هەزارانەم، کە تەنها فریشتە دەگرنەخۆ، جەستەم بۆ تۆ، بەڵام ڕۆحە سرکەکەم لە نەوەی فریشتەی چیا و شیوی قوولە، بە تۆ ڕامناکرێ. من نەوەی ئاسمانم، ئەو کاتی باپیرە هەرە گەورەم، بە قەوسی پەلکە زێڕینەدا هاتە خوار، بۆ نێو بێشەڵان و ژێر تاقگەی ئاوی سازگار. نەوەی ئەو یەکەم شوانەم، کە گوندی چەرموی دروستکرد و بە دەنگی خۆشی شمشاڵەکەی سروشتی سەخت و گیانداڕانی کێوی ڕامکرد. نەوەی مانگم، کە لە شەوی هاویندا خەرمانە ئەکات و لە نێو کانییە ڕوونەکەدا مەلە دەکات. من لە ڕەچەڵەکی ئەو هەنگەم، کە دوور دوور دەڕوا بەڕەو جێژوانی گوڵان. ڕەچەڵەکم دەچێتەوە سەر مێژوویەکی قوول، بۆ ئەشکەوتی شانەدەر. بەر لەوەی ئادەم لە بەهەشت دەرکرێت، ئێمە لێرە بووین و هەبووین. من بە تۆ فەنا ناکرێم، بە تۆ لەبن نایەم، هەم و دەبم. لمی تۆ وەجاغی گەرمی منی پێدانامرکێتەوە، بە تۆ کۆتاییم پێ نایەت، من کوڕی هەزاران تووڵە ڕێگام، من لە ڕەچەڵەکی ئەو حەقیقەتەم، کە وەک دەروێشێک بە دەفەکەی زەوی و ئاسمان دەلەرزێنێ و بە سەمای دەخات. من بەشێکم لە چیا، لە دارگوێز، لە کارێزی پڕ قوڵپە قوڵپی ئاوی شیرین. من نەوەی پەرییانم، پەری گەلێک کە هیچ جڕوجانەوەرێک، هیچ جنۆکەیەک، هەرگیز دەستی بەر دەستیان نەکەوتووە . ئێمە خەڵقەندەی ئاسمانی عیشق و خۆشەویستین، نەک ئاسمانی قین و خوێنڕشتن". شۆفڵەکان هاتن و لمی گەرم و داخبووی ژێر تیشکی خۆری باشووریان بە سەردا ڕژاندین، بە قەپاڵی گەورەی گەورەی پڕ لم سات دوای سات ئێمەیان دادەپۆشی، لە نێو ژاوە ژاوی ڕەق و بەرزی شۆفڵەکاندا، هاوڕێکەم بێ ترس و سڵەمینەوە هەر دەیگوت و دەیگوت:

"من ئەو دەنگی هاش و هوشەم، کاتێک با خۆی دەکات بە نێو لق و پۆپ و گەڵای سەوزی درەختی باخدا، دەنگی ئەو شمشاڵەم کە هاوئاوازە لەگەڵ دەنگ گەلی تری سروشتدا، ئەو شمشاڵەی کە هەزاران ساڵە سروشتمان بۆ ڕام دەکات، مەڕ و تەگە و ئاژەڵەکان ڕام دەکات، ئەو شمشاڵەی لە قامیشی سروشت و هەناسەی فریشتەوە هەزاران ساڵە بە تروپکی چیاکانەوە سەدای خۆشەویستی بڵاو دەکاتەوە . دەنگی تەمبور و دووزەلەم، هەست بزوێن و ژیان دۆست. من لاوک و حەیرانم، سیاچەمانە و هۆرە و مەقامی خاوکەر و ئای ئایم. بەشێکی هاوتەبام لە نێو سەمفۆنیای ئەم سەر زەمینە. لەگەڵ ڕەشەبا و تیشکی خۆر و لووتکەی چیادا تەبا و گونجاوم، ناوچە و خاک و نیشتمانی خۆم هەیە، کە لە مێژە تاپۆکەی بە ناوی ئێمەوەیە، تۆ ئەم حەقیقەتە نەخۆش و هەراسانی کردووی، بۆیە دەمکوژی، بەڵام من نامرم". سات دوای سات، لم دایدەپۆشین، سەدان مرۆڤ زیندە بە چاڵ کران، ژن و منداڵ و پیر، بە لمی بیابان خنکێنراین. لە ژێر لمەکەدا و بەر لەوەی هاوڕێکەم ڕۆحی بفڕێت، لە ڕێگەی ئەو خوێنەی بۆ دواجار بە جەستەیدا دەگەڕا بەردەوام هەر دەیوت: "لێرەدا جەستەم دەمرێت، من و هاوزمانەکانم ئێرە دەبێتە گۆڕی بە کۆمەڵمان، بەڵام ڕۆحەکانمان هەر ئێستا بەرز دەبێتەوە و دەفڕێت، دوور دەفڕێت، دەگەڕێنەوە بۆ ئاسمانی خاک و خۆڵی خۆمان، تا جارێکیتر لەگەڵ باراندا دەگەڕێینەوە سەر زمینی نیشتیمان، سەر لە نوێ لەگەڵ گوڵیلکە سوورە و گژ و گیای بەهاردا دەبووژێینەوە و دەگەڕێنەوە بۆ ژیان". بەرلەوەی بە یەکجاری ڕۆحی دەرچێت و بە جێم بهێڵێ، منی لە دەمی خۆی نزیککردەوە و لە ژێر لمی نەرم و گەرمدا، چپاندی بە گوێمدا: "خەمت نەبێت، دەتبینمەوە، لەو جێگایەی شمشاڵی شوان مەڕەکان دەلەوەڕێنێ، لەو نسار و مێرگ و تروپکانەدا، لە سێبەری فێنکی تەرووی گەرمیاندا، لە ڕێگای پێچا و پێچ و هەڵکشاوی نێو چیاکاندا، پێکدەگەینەوە". ئەو و ئەوانیتریش هەر هەموو ڕۆحیان فڕی، من و چەند کاتژمێرێکیتر و چەند وردە پارەی گیرفان و چەند چاوێلکە و کیسەی کلی چاو و گواڕە و موستیلە و تەوقەی سەری کچان و هەندێ وردە شتیتر بە هاوەڵی سەدان جەستەی بێ ڕۆحی کەڵەکە بووی بە سەر یەک کەوتوودا ماینەوە. لە مەملەکەتی مردووواندا، لە گۆڕی بە کۆمەڵدا، ئیدی زەمەن نە پێویستە و نە هەستی پێدەکرێت، چرکە چرکی من لە ژێر لمی بیاباندا هیچ مانایەکی نییە و نەماوە، بۆیە بێ ترس و بێ دووڵیی، خۆمم کوشت.

لە (ڕۆمانی ئەسپەڕە)ی

عومەر سەیدەوە

نەخشەی سەربازی گەرکوک، کە سەرۆکایەتی نەرکانی جەنگی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1914 لە چاپی داوە



هەندێ وردە تێبینی لە نەخشەکەدا سەرنجیان ڕاکێشام. کە وشەی گوندی (هەفتەغار)، هەر هەفتەغارە نەک ئیفتیخاری عەرەبی، ئاماژە بەناوی (مەتارە و چیای مەتارە)ش دەکات. تازەخورماتوو لە نەخشەکە ناوی تازەحورمەتلی یە و ئیمام زەینەل عابدین ئیمام زەینەڵ عەبدولە. لاسین بە لازینە و لاسون ناوی هاتووە. تۆبزاوا و عەلی سەرای وەک خۆیانن و مەتیقیش بە ماتیک ناوی براوە. ئێنگیجە بە ئێنگیجە یا یەنیجەی بچووک نووسراوە، ڕەنگبێ بۆ ئەوە بێت لە ئێنگیجەی لای خورماتوو جیای بکەنەوە.

داقوق وەک تعوق و طائوق نووسراوە و ئاوی ڕۆخانەش بە تعوق چایی نەک طاوق صو نێوبراوە. چیای باباگورگوڕ بە جبل کورکور لەسەر نەخشەکە نووسراوە. هەڵبەتە وەک نەخشەیەکی سەربازی گرنگی زۆر دراوە بە تۆپۆگرافیای ناوچەکە و ئاماژە بە ڕاستی، هەردە، چیا و ڕووبارەکان کراوە. شتی تری لەو جۆرەی زۆری تێدایە و هەرکەسێ دەتوانێت سەیرێکی ناوچەکەی خۆی بکات و هەندێ زانیاری لە مەڕ ناوەکان تۆمار بکات.

تێبینی:

پێویستە لێرەدا سوپاسی کاک سەدات ئێرئۆغلو بکەم، کە ئەرک دەکێشێت و لە میانەی کارکردنیدا لە سەر بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی، هەندێ بەڵگەم بۆ دەنێرێت. زۆر هەوڵمدا دەزگاکانی لای خۆمان قایل بکەم، بەوەی هەندێ یارمەتی ئەو برادەرە بدەن بۆ ئەوەی ئەو هەزاران بەڵگەنامە گرنگانە، کە کۆپی کردوون و زانیاری لەسەریان تۆمار کردووە، بخرێنە بەردەم تویژەران و کەڵکیان لێ وەربگیرێت. بەداخەوە هەموو هەوڵەکانم بێ ئەنجام بوون.

هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی کوردیی بە زمانی ئینگلیزی، دکتۆر ڕێبوار فەتاح

نوسەری ناسراوی کورد، دکتۆر ڕێبوار فەتاح، چاپی سێهەمی کتێبی (هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی کوردیی)، بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە، لە دەزگای پەخشی ئەمازۆن دەتوانن دانەیەک لە کتێبە بەنرخەتان دەست بکەوێت، بە هۆی ئەم لینکەوە.

https://www.amazon.com/poetry-depicts-you-anthology-contemporary/dp/1976719127

ئەم کتێبە دانسقەیە هەوڵێکی ناوازە و دەگمەنە بۆ ناساندنی شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیی بە ئینگلیزی زمان، کە پێستر هەوڵی لەم جۆرە نەدراوە، کتێبەکە پیک دێت 126 چامەی 18 شاعیر، لە نێوان 100 ساڵدا، کە لە لای خوێنەرانی ئینگلیزی زمان نەناسراون، بە هۆی زەبروزەنگی ڕژێمە یەک لەدوای یەکە چەوسێنەراکانی عێراقەوە.

زۆربەی ئەو شاعیرانە دژی ڕژێمی بەعسی دەستەڵاتدار بوون و سێ لەو شاعیرانەی لەم کتێبەدا نمونەی شیعرییان وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئینگلیزی، یان لە سێدارە دراون یان کوژراون، وەک دڵشاد مەریوانی، مەلا عەلی و بەرزان عوسمان، هەروەها لەسەر دەمی ئاسایشی دەستەڵاتی کوردیشدا، شاعیرێکی وەک (ئەبوبەکر عەلی)یش تیرۆرکراوە و (عیرفان ئەحمەد)یش، لە کارەساتێکی دڵتەزێندا لە کاتی گرتنیدا لە لایەن دەستەڵاتی پۆلیسی کوردییەوە گیانی لەدەستداوە.

ئەو شاعیرانەی لەم کتێبەی دکتۆر ڕێبواردا، بەرهەمەکانیان کراوە بە ئینگلیزی، دوو چامەی نالی (1797–1869) بۆ پێشکەشکردنی نمونەی شیعری کلاسیکی کوردیی، کە لای خوێنەرانی ئینگلیزی زمان نەناسراوە، دوو چامەی عەبدوڵڵا گۆران، دوو چامەی ئەحمەد هەردی، چامەیەکی یونس ڕەئووف دڵدار، چامەیەکی کامەران موکری، 4 هۆنراوەی عەبدوڵڵا پەشێو، 41 هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس، 7 هۆنراوەی دڵشاد مەریوانی، 11 هۆنراوەی ڕەفیق صابر، 14 هۆنراوەی گۆران مەریوانی، 13 هۆنراوەی محەمەد عومەر عوسمان، 5 هۆنراوەی ڤینۆس فایەق، 2 هۆنراوەی دڵسۆز حەمە، 2 هۆنراوەی بەرزان عوسمان، 1 هۆنراوەی ئیسماعیل محەمەد، 5 هۆنراوەی حسێن مەولود ئەحمەد، ناسراو بە مەلا عەلی، 3 هۆنراوەی ئەبو بەکر عەلی، یەک هۆنراوەی عیرفان ئەحمەد، یەک هۆنراوەی لوتکە ، لەگەڵ 10 هۆنراوەی دیکەدا. کۆی هەموو هۆنراوەکان 126 هۆنراوەی کوردین و هەروەها کورتەیەکی ژیاننامەی هەریەکە لە شاعیرەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ چاوخشاندنێک بە گەشەی قوتابخانەی شیعری کوردییدا، هەر لە شێخ نوری شێخ صالح (1868 – 1958)، ڕەشید نەجیب (1906– 1968)، ڕەفیق حیلمی (1898–1960)، عەبدولڕەحمان بەگی بابان، کە بە عەبدولڕەحمان بەگی نفوس ناسراوە، (1878–1967) و عەبدوڵڵا گۆران (1904– 1962).

ئەم کتێبە دانسقەیە، هەوڵێکی ناوازە و دەگمەنە بۆ ناساندنی شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە زمانی ئینگلیزی، دەستخۆشی و و پیرۆزبایی لە دکتۆر ڕێبوار فەتاح دەکەین.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

ستار قادر فەرەج

ستار قادر یەکێکە لە شێوەکارە سەرکەوتووەکانی هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، چەندین پێشانگای تایبەتی و خولی مەشقی ڕاهێنانی هونەری لە سلێمانی و هەولێر کردۆتەوە. لە ساڵی 1968 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. لە ساڵی 1989 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی وێنەکێشانی تەواوکردووە.

لە ساڵی 2002 کۆلێجی هونەر بەشی وێنەکێشانی تەواوکردووە. لە ساڵی 1987 تا 2019، زیاتر لە (10) پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە و بەشداری چەندان پێشانگای هاوبەشی کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات..

لە ساڵی 2006 کۆمەڵێک گوتاری بڵاوکردۆتەوە بەناوی (وێنەکێشانی چیا). لە ساڵی 2014 دوا کتێبی بەناوی (تابلۆ و خوێندن) بڵاوکردۆتەوە. ئەم شێوەکارە ئێستا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرێتی هونەری وێنەکێشان لە شاری سلێمانی.

خاوەنی چەند کتێبێکی هونەرییە، یەکێک لە بەرهەمەکانی (لە وێنەکێساندا هونەری پۆرترێت). ئێستا لە گەلەری سلێمانی خولی هونەری بۆ خوێندکارەکانی کردۆتەوە، ڕۆژانە لە کاتژمێر 14:00 بۆ 16:00

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/star.qadir.5/photos_all



تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

01 Augustus . 2019 No. [63]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 دوو بابەت دەخوێنیتەوە، یەکەم: لە ناو هەموو وێستگەکانی شەمەندەفەر جگەرکێشان قەدەغە دەکرێت. دووەم: لەمڕۆوە، بااڵپۆشی نیقاب، لە شوێنە گشتییەکاندا لە هۆڵەندا قەدەغە دەکرێت.

– ل 2 مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن، یەکێکە لە نووسەرە، یر بەرهەمەکانی کورد.

– ل 3 و ل 4 ململانێی شیعر و ڕەخنە.....نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم.

– ل 5 گۆشەی 18 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دەوە.

– ل 6 چالاکی کورد لە تاراوگە...دوو هونەرمەندی شێوەکاری کورد، پێشەنگایەک لە نەرویج دەکەنەوە.

– ل 7 شەکسپیر و کۆمیدیای هەڵەکان لە کۆلێژی ئۆکسفۆرد...دانا ڕەئووف.

ل 8 و ل 9 ئاوڕدانەوەیەک لە سیامەند شاسواری پێشمەرگەی دێرین و نووسەر و وەرگێڕی بە توانا.

... – ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد، ی‌ل‌مال ع‌ەک .

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوانییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

01 Augustus 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-63
ژمارە 63 ی 01 ی ئابی 2019

بە گوێرەی بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی هێڵی ئاسنی هۆڵەندا، لە ماوەی دوو ساڵی ئایندەدا، لە ناو هەموو وێستگەکانی شەمەندەفەر جگەرکێشان قەدەغە دەکرێست....

بە گوێرەی بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی هێڵی ئاسنی هۆڵەندا، لە ماوەی دوو ساڵی ئایندەدا، لە ناو هەموو وێستگەکانی شەمەندەفەری هۆڵەندە دا، جگەرکێشان قەدەغە دەکرێت تێدا، لەنبارەیەوە لە هەموو لایەکەوە، بیروبۆچوونی جیاواز سەرهەڵداوە، بۆ نموونە گومان دەکرێت و ترسیش لای فەرمانبەر و کرێکارنیبەڕێوەبەرایەتیی NS دروست بووە، جگەرەکێشان لەخۆشیان قەدەغە بکریت، هەروەها کۆمپانیای ProRail ڕایگەیاند، کە لەمەودوا لە هەموو شوێنە گشتییەکانی هۆڵەندا، لەسەر شەقام و ناوبازاڕەکانیش نابێت جگەرەی تێدا بکێشرێت.

ئەمەش بێگومان ناڕەزایی جگەرەکێشەکانی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە تەنها لە ناو گەراج و پارکی ئۆتۆمبێل و بەستنەوەی پاسکیل، شوێنی تایبەت بۆ جگەرەکێشەکان دابین دەکریت بۆ جگەرەکێشان.

لەمڕۆوە هەر ژنێک لە هۆڵەندا (بااڵپۆش) نیقاب بپۆشیت، 150 ئیرۆ سزای دەدرێت

هۆڵەندا تەنها وڵات نییە، کە بااڵپۆشی ژنانی مسوڵمان قەدەغە دەکات، بەڵکو لە وڵاتی تونسیش، کە وڵاتێکی عەرەبییە هەمان بڕیار چێبەجێ دەکرێت.

کاتژمێر 14:23 ئەمڕۆ ڕێکەوتی 01-08-2019، ئەم بڕیارە لە ژووری دووەمی پەرلەمانی هۆڵەندییەوە دەرچووە: سەردانی کەرانی پەرلەمان، لە ناو هۆکارەکانی گشتی گواستنەوە، لە نەخۆشخانە و قوتابخانەکان، لەبەرکردنی بااڵپۆشی و نیقاب پۆشین لە ژنان قبوڵ ناکرێت.

بێگومان هۆڵەندا تاکە وڵات نییە، کە ئەم بڕیارەی دەرکردووە، بەڵکو پێشتریش وڵاتانی دیکە ئەم بڕیارەیان دەرکردبوو، تونتریش جێبەجێ دەکرد.

* لە کوێ نیقاب پۆشین قەدەغەیە..؟

لە هۆڵەندا لە هەندێک شوێنی دیاریکراودا نیقاب پۆشین قەدەغەیە، بەڵام لە فەڕەنسا و بەلچیکا و نەمسا و بولغاریا، بە تەواوی لە هەموو فەرمانگەکان و شوێنەکان گشتییەکان قەدەغەیە، تەنانەت لەسەر شەقامەکانیش، لە هەندێک لە وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا کەمتر بااڵپۆشی قەدەغەیە، وەک دانیمارک و ئیتالیا و ئیسپانیا و سویسرا.

جێگەی سەرنجە لە تونس و مەغریبیش، کە هەرچەند دوو دەوڵەتی موسوڵمانن، نیقاب پۆشین بە شێوەیەک لە شێوەکان قەدەغەکراوە، لە وڵاتی تونس زۆر نییە ئەو بڕیارەی دەرکردووە، بەڵام لە مەغریب لەساڵی 2017 دەوە، نیقاب پۆشین لە فەرمانگە گشتییەکان لەبەر هۆکاری ئاسایش قەدەغەکراوە. هەروەها بازرگانی پێوەکردنی و بەرهەمهێنانی کەلوپەلی بااڵپۆشی و نیقابیش قەدەغە کراوە.

مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن، یەکێکە لە نووسەرە، پڕ بەرهەم و قەڵەمە بە بڕشتەکانی کورد

هەندێک لەبەرهەمەکانی نووسەر

مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن، یەکێکە لە نووسەرە، پڕ بەرهەم و قەڵەمە بە بڕشتەکانی کورد، کە لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی پێشووەوە، بە تین و تەوژمێکی بە گوڕەوە، هاتە ناو دنیای چیرۆکی کوردییەوە، هەر زوو توانی جێ پەنجەی خۆی لە ئەدەبی بەرگری کوردییدا بچەسپێنێت و یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی ئەم بوارە.

محەمەد فەریق حەسەن (حەمە فەریق حەسەن)، ساڵی 1941 لە گوندی قازانقایەی دەڤەری قەرەداخ، لە دایک بووە. سەرەتایی لە قەرەداخ و ناوەندی لە هەڵەبجە و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی خوێندووە نزیکەی(30) ساڵان لە گوندەکانی دەشتی دزەیی و دەڤەری سلێمانی و ناو شاری سلێمانیدا مامۆستا بووە. ساڵانی 1979–1983 بە سکرتێری ئیداریی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێرراوە. لە راپەڕینی ئاداری 1991دا بە سەرۆکی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێرراوە. یەکەمین کتێبێک لەسەر هونەری شێوەکاری کورد، لە باشووری کوردستاندا، چاپ و پەخش بووبێت، (هونەرو مەسەلەکانی سەردەم)ە، کە ناوبراو نووسیوێتی. ساڵی 1985 لە چیا لەلایەن (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان)ەوە چاپ بووە. ساڵی 1989 حیکایەتی بۆ یەکەمین فیلمی سینەمایی (35ملم) لە باشووری کوردستان بەناوی (نێرگز بووکی کوردستان) نووسیوە، کە لە دەرهێنانی جەعفەری عەلییە. لە کۆتایی ساڵی 1998ەوە لە وڵاتی دانیمارک دەژی.

ئەم کتێبانەی لای خوارەوە، بەشێکن لە بەرهەمەکانی مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن، کە لە ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵی تەمەنی ئەدەبی خۆیدا ساڵ نووسیونی. ئایا خوێنەری کورد، کام لەم بەرهەمانەی ئەم نوسەرە گەورییەی کوردی دیووە، یان خوێندووەتەوە؟

١ (سێبەری ئەسپەشێ (کۆچیرۆک)، سلێمانی، ١٩٧٨
٢ (ڕستێک زەنگیانەی ئاوی، (کۆچیرۆک)، بەغداد، ١٩٧٩
٣ (پەریخان، (کۆچیرۆک)، کاترینا هۆڵم، سوید، ١٩٩١
٤ (دووربین (کۆچیرۆک) ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢
٥ (ملوانکەی ستیل، (کۆچیرۆک)، هەولێر، ٢٠٠٤
٦ (شەوەکەی عەریف زبالە، (کۆچیرۆک)، هەولێر، ٢٠٠٦
٧ (ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت، (کۆچیرۆک)، هەولێر، ٢٠٠٨
٨ (مێزەرفڕێنەکانی شەو، (کۆچیرۆک) هەولێر، ٢٠١٢
٩ (کەسێک لازۆی دیبێ؟، (ڕۆمان)، هەولێر، ٢٠٠٤
١٠ (باپیرە کوردۆ، (کۆچیرۆکی منداڵان) ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢
١١ (کۆتر شین و زەوی سپی، (کۆچیرۆکی منداڵان)، هەولێر، ٢٠٠٤
١٢ (هەنگەژاڵ، (کۆچیرۆکی منداڵان)، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥
١٣ (سێ وێنە (چیرۆکی منداڵان)، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٧

١٤ (ئەهای ئەهای بۆرەمار، (چیرۆکی منداڵان)، هەولێر، ٢٠٠٩
١٥ (هونەر و مەسەلەکانی سەردەم، چیا، ١٩٨٥
١٦ (دەسەڵاتی چوارەم، هەولێر، ١٩٩٨
١٧ (تکایە دەست بە شیعرەوە بگرن، هەولێر، ٢٠٠٥
١٨ (هێمن و بۆنی غەریبی، هەولێر، ٢٠٠٥
١٩ (مێنتەلیتیی خێڵ، هەولێر، ٢٠٠٨
٢٠ (دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەڤزیۆن، سلێمانی، ٢٠٠٧
٢١ (لێشاوی دەنگۆ، (لێکۆڵینەوە لەمەڕ ڕاگەیاندن)، هەولێر، ٢٠٠٩
٢٢ (زمانێکی نێرسالار، (ژمارەیەک وتار)، هەولێر، ٢٠١٠
٢٣ (دوژمنی گەل، (دەقی شانۆیی) وەرگێڕان، بەغداد، ١٩٨٦
٢٤ (سێ شانۆگەری (سێ دەقی شانۆیی)، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٢
٢٥ (دەرمانی عەشق، (ژمارەیەک ئەفسانە)، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٦
٢٦ (دارگێڵاس، (چیرۆکی منداڵان)، وەرگێڕان ، ٢٠٠٤
٢٧ (پاپۆڕی فڕیو، (چیرۆکی منداڵان)، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٤
٢٨ (کچە ئەستێرە، (چیرۆکی منداڵان)، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٤
٢٩ (گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە، (کۆچیرۆکی منداڵان)، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٩
٣٠ (بەسەرهاتی دەستکێشێک، (چیرۆکی منداڵان)، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٩
٣١ (مەملەکەتی ماسی، (٣٧ حیکایەتی فۆلکلۆری)، سلێمانی، چاپی یەکەم، ١٩٩٦
٣٢ (مین و ژیان (پڕۆگرامی خوێندن بۆ ناوچە مینڕێژکراوەکان)، سلێمانی، ١٩٩٦
٣٣ (دارا و نەسرین، لە بادینانییەوە بۆ شێوەزاری سۆرانی، سلێمانی، ١٩٩٥
٣٤ (بەکولتوورکردنی خوێندنەوە، هەولێر، ٢٠١١
٣٥ (لە گێژەنی پرسیاردا، سلێمانی، ٢٠١١
٣٦ (سندووقی هەزار پیشە، سندووقی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢
٣٧ (سندووقی هەزار پیشە، سندووقی دووەم،هەولێر، ٢٠١٢
٣٨ (ئەزموونی چیرۆکنووسین، سلێمانی، ٢٠١٢
٣٩ (خۆرکەوتن، کۆی کورتەچیرۆکەکانم، سلێمانی، ٢٠١٣
٤٠ (سەد ڕازو ڕازێک، (کۆ چیرچیرۆک)، سلێمانی، ٢٠١٤
٤١(ئەوسا و ئێستای چیرۆکی منداڵان، جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٦
٤٢ (سلێمانی و جەنگی کەنداو، دەزگەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٦
٤٣ (کوڕەزاکەی زیتۆ، (ڕۆمان) لەسەر ئەرکی فاروق مەلا مستەفا، سلێمانی، ٢٠١٦

ململانێی شیعر و ڕەخنە.....نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شیعر و ڕەخنە لەئەدەبیاتی عەرەبی و کوردیدا ئەوا داتاکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە شیعری هەردوو ئەدەب لە سۆزەوە سەرچاوەی گرتووە.واتە شیعری عەرەبی و کوردی ، وەک دوو جەمسەری هاوشێوە ، بە دەنگە لیریەکان دەستیان پێکردووە وە هەتا ئەمڕۆکەش ئەم دەنگە لەشیعرەکانیادا بەئاشکر بەدی دەکرێت.ئەم شێوازەش لە مامەڵە پێی دەوترێت عەفەویەت (Spontaneous)،کەئەمە کردارێکی خۆڕسکییە وبۆتە هۆکارێک بۆ دروست بوونی ئارەزوەکانی هەڵسوکەوتی مەعریفی و ڕوَشنبیری خاوەن دەقەکان گەر چی سەرچاوەکەشیان سۆز بێت . بە مانایەکی تر،خوێندنەوە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەکان ئەوەیان سەلماندوە کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگایەکی سۆزداریی زیاتر لە کەرەستە عەقڵیەکان.لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بازنە عەقڵییەکانی لە دەست دابێت بەڵکو مەبەست ئەوەیە کەڕێژە سۆزداریەکان گەلێک زیاترە لە ڕێَژە عەقڵیەکان . بۆ نموونە ، امرئ القیس ، لە چامە هەڵواسراوەکەیدا ، بە دوای سۆزدا وێڵە و سۆزی کردووە بە فۆرمێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.جۆری سۆزەکەش ،لەدەربڕیندا،ڕاستەوخۆ وعەفەوییە.لێرەدا ، هێزی خێرایی هەڵچوونە ڕاستەوخۆکان بە هەردوو شێوە جەمسەر – ئاسۆیی و ستوونی – جوڵەیەک دەبەخشن بە دەقەکە و خوێنەر ، یان بە منی قسەکەر و ئەوی بەرامبەر وەک ئەوەی هەڵچوونەکە چەقێک بێت بۆ هەموو بەبێ جیاوازی.تەنانەت کەرەستە سروشتییەکانیش کە شاعیر بەکاری هێناون دەبنە ئامانجێک بۆ دەربڕینە هەڵچوونییەکان.هەر چرکەیەک لە گەڕان ، یان بە مانایەکی تر هەر جوڵەیەک لە سروشتی جێگە و کەسەکان بوونەتە سەنتەرێکی سەرەکی لە دەقەکەدا بەو پێیەی هێزی دەسەڵاتی خود دابەش بووە بۆ چەند خودێک .هەر لەبەر ئەمەشە ئێمەی وەرگر بە هۆی خزمایەتی یان دراوسێیەتییەوە هەست بە نامۆ بوون لەگەڵ دەقەکەدا ناکەین و خوازیارین چرکە لە دوای چرکە دوای ڕووداوەکان بکەوین ، چونکە هەستی خودی بکەر لێرەدا یەکسانە بە هەستی خودەکان و جودا نابنەوە.ئێش و ئازارەکانی خودی بکەر ، یان دارمانێکی سایکۆلۆژی دەبێتە خاڵی هاوبەش بۆ هەموان بەجیاوازی جێگە وزەمەن ، لەبەر ئەوەی گۆتاری خودی بکەر گوتارێکی گشتگیرییە نەک تایبەتی.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا، بە نموونەی شاعیرە میللی و نامیلییەکان وەک بەردەشانی و جەزیری و خانی و نالی و سالم و کوردی و مەولەوی و گۆران . .هتد ، دیسانەوە ، هەست بە هەمان کارلێکی سۆزداری دەکەین.گەر چی شیعرەکانیان پڕن لە وێنە زمانی و ڕەوانبێژییەکان ، بەڵام خاڵی دروست بوونی شیعرییەت لای ئەم شاعیرانە هەڵچوونە سۆزداریەکانە.

بەمەش وێنە زمانی و ڕەوانبێژیەکانیان لەخزمەت سنوورە لیرییەکاندایە. خۆ ئەگەر شاعیرەکان ئەو مافەیان لێ بسەنرێتەوە یان ترازاندنێک لە قەوارە سەرەکیەدا ڕوویان دا ئەوا دەست بەتاڵ دەردەچن و گۆتارەکانیان بە کرچ و کاڵی دەمێننەوە.بەم شێوەیە شیعری عەرەبی و کوردی، وەک نموونە، لەسەر یەک ڕێچکە بیناکراوە یان دامەزراوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕەخنەیە کە لەبنچینەدا پشتی بە سروشتی عەقڵ بەستووە. بەو پێیەی عەقڵ دەتوانێت شتەکان باشتر بدۆزێتەوە و ئاشکرایان بکات .ڕەخنە، لای عەرەبەکان ،لە سەرەتا و بە کاریگەری و هێزی سروشتی هەڵچوونەکان لەسەر بنەمای سۆز بیناکرا.کە ئەمە بە ئاشکرا لە شیعری پێش ئیسلام تا سەردەمی عەباسییەکان بەردەوام بوو. واتە هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییەکان لەسەر بنەمای ڕەخنەیەکی زانستی بینا نەکرابوو وەک ئەوەی فلان شاعیر باشترە لەوی تر کە نازانین ئەو فاکتەرانە چی بوون کە بۆتە جیاوازی ئەم و ئەو . بەڵام لە زەمەنی عەباسییەکاندا و بەهۆی تێکەڵاو بوونی کۆمەڵگا بە کۆمەڵگا مەدەنیەکان و گۆڕینی جۆر و سستمی خوێندن و خوێندنەوە و کارنامەی وەرگێڕان و کاریگەری بە تایبەتی شاکارە ڕەخنەییە مەزنەکانی یۆنان بە نموونەی ئەرستۆ و ئەفلاتون بەئاشکرا هەست دەکەین کەئەدەبی عەرەبی پێ دەنێتە قۆناغێکی مەعریفی نوێوە کە عەقڵ سەرچاوەکەی بوو. هەر لێرەوە کارە پەخشانەییەکان بە شێوەیەکی هونەری و دروست سەری هەڵدا بەمەش ئەدەبیاتی عەرەبی لە یەک ژانرەوە پێی نایە ژانرێکی تری ئەدەبی ئەویش ڕەخنە بوو.بوونی ڕەخنەش ، بونێکی شارستانی و مەعریفی و ڕۆشنبیری بوو بەو پێیەی هیچ دەقێکی ئەدەبی، بە تایبەتی شیعر، بە بێ ڕەخنەی زانستی تواناکانی بەدەر ناکەون یان ناتوانین ڕێژەی داهێنانیان دەست نیشان بکەین . . بۆ نموونە هەر وەک ئاماژەمان پێدا، بە بێ ڕەخنە، ئێمە نازانین داهێنان و هێزی شاعیرەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام لە کوێدایە و چییەو چۆنە و چەندە ! هەر لەبەر ئەمەشە ڕەخنەگرە یونانی و ڕۆمانییەکان هەر لە سەرەتاوە ئەو هەستەیان لا دروست بوو کە دەقە ئەدەبیەکان بە بێ ڕەخنە لە جۆری لۆژیک و زانستی کارێکی نا سروشتییە.یان ئەو هەستەیان لا دروست بوو کەبوون (خلق)لە ڕێگەی دوو چەمکی جیاواز و دژ بە یەک بەڕێوە دەچێت، بایەخدان بە یەکێکیان تای تەرازووەکان تێک دەچێت ، هەر لەم ڕوانگەیەوە قورسایی ژیان یەکسانە بە قورسایی مردن یان هێزی کارنامەی ڕەنگەکان یەکسانن بە یەک وەک ئەوەی هەر ڕەنگە وتایبەتمەندی خۆی. لێرەدا ئێمە نامانەوێت ، بە درێژی باس لەو هۆکارانە بکەین کە ڕۆژهەڵات بە نموونەی ئەدەبیاتی عەرەبی و کوردی بۆچی زیاتر مەیلیان بەلای سۆزداریەکەدا ڕۆیشتووە ، بەڵام ئەوەندە هەیە، لە لایەکەوە وەک مەسەلەیەکی– بۆماوەیی– جیناتی کاری لەسەر کراوە، لە لایەکی تریشەوە ئەم سنوورە ، بە هۆی فشاری گەندەڵی مەعریفی و ڕۆشنبیرییەوە سۆزی بەلای مەسەلە عەقڵییەکاندا بردووە، ئەویش بۆ ئەوەی نهێنیەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر داپۆشراو بێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو عەرەبەکان لە زەمەنی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا حەزیان بە لۆژیک و گۆتارە عەقڵییەکانی قورئان نەدەکرد بۆ ئەوەی دانەبڕێن لە داب و نەریتەکانیان لەوانە پەرستنی خوداوەندەکانیان کە بەپێی لۆژیکی ئیسلام هیچ مەعریفەتێکی لە پشتەوە نەبوو. لەلایەکی تریشەوە شاعیرەکان بۆ گوتارەکانیان پێویسیان بە عەقڵ نەبوو چونکی سۆز دەیتوانی خواستی ڕۆژانەیان بە ئەنجام بگەیەنێت . واتە جۆری مامەڵەی تاکەکان بە تایبەتی شاعیرەکان لەگەڵ بەرامبەرەکاندا – خۆشەویستەکانیاندا – پێویستی بە لۆژیک و عەقڵ نەبوو ، چونکی ئەو جۆرە مامەڵانە ، چ لای ئێمە بێت یان دەرەوەی بازنەی ئێمە، پێویستیان بە کەرەستە سۆزداریەکانە.

بڕوانە لاپەرە 4

جوانییەکانی فەوزاش لەوەدایە، کە نەسەقێک لە پشتیانەوە بێت، ڕۆڵی نەم نەسەقەش لێرەدا بۆ شیعر بریتیە لە ڕەخنە. لە نەدەبیاتی کوردیدا

بە مانایەکی ڕوونتر مەسەلەی سۆز بە عەقڵ چارەسەر نەدەکرا، هەر ئەم هۆکارەش بوو کە بووە هۆی دابڕان و هەرەس و تراژیدیا لە چیرۆکی قەیس و لیلی یان مەم و زین. بەڵام دوای ئەوەی عەقڵ لەپاڵ سۆزدا بووە کارێکی واقعی ئەویش بە پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە، تاکەکان زیاتر بەرپرسیارێتیان دەکەوتە سەر ئەویش بەوەی سۆز هەمیشە ناتوانێت خاوەن بڕیار بێت. بەمەش دەسەڵاتی سۆز کەمتر دەبێتەوە چونکی تاک ڕەوی هەمیشە هۆکارێکە بۆ خوڵقاندنی گرێکوێرەکان ، چونکە ئەو فەوزایانە لە بنەڕەتدا هیچ نەسەقێک نایان بەستێتەوە بە یەکەوە، جوانییەکانی فەوزاش لەوەدایە کە نەسەقێک لە پشتیانەوە بێت. ڕۆڵی ئەم نەسەقەش لێرەدا بۆ شیعر بریتیە لە ڕەخنە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا، تا سەدەی بیستەم نەمانتوانیوە وەک پێویست کار لەسەر مەسەلە ڕەخنەییەکان بکەین.هۆکارەکان هەمان هۆکارەکانی پێشوون بەڵام بە جیاوازی زەمەن.واتە گەر ئەدەبی کوردی وەک ئەوەی لەبەر دەستماندایە بەراوورد بکەین لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانی بە نموونەی عەرەب و فارس و تورک و ئەوروپا ئەوا لە لایەکەوە هەست بە دابڕانی زەمەنی و ئەدەبی دەکەین ، لە لایەکی تریشەوە وەرگرتنەکانمان زۆر بە هێواشی دەڕوات ئەمە لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا ، بە نموونەی شکسبیر ، هەست بەوە دەکرێت کە هەمیشە لە ملمانێ گۆرانکارییەکاندان. شکسبیر لە کارە درامیەکانیدا، توانی یاساکانی ئەرستۆ بەکاربهێنێ و جێ بەجێ یان بکات لە لایەکی تریشەوە گۆڕانکاریشیان بەسەردا بهێنێ بە تایبەتی لە سێ یەکە بنەڕەتیەکە (یەکەی زەمەن و جێگە و ڕووداو). خۆ ئەگەر بڕوانینە ئەدەبیاتی چەرخی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە لە فەڕەنسا و دەوروبەری ئەوا بە ئاشکرا هەست بە گۆڕانە خێراییەکان دەکەین . بۆ نموونە سەرجەم فەلسەفە دەستکرد ودانراوەکان و ڕێبازە ئەدەبیەکان و کارە هونەرییەکان لەو زەمەنانەدا بەدەرکەوتن . خێرایی زەمەن و گۆڕانکاییەکان کارێکیان کرد کە ماوەی ڕۆمانسیەت و ڕیالیزم زۆر کورت وکەم بێت کە ناگاتە نیو سەدە.یان دەرکەوتنی چەند ڕێبازێک لە یەک کاتدا وەک سمبۆلیزم و دادایزم و سوریالیزم و پڕناسیزم. لە پاڵ ئەمانەی کە باسمان لێوە کرد ، گەر سۆزی دەقێکی شیعری بە پێی گریمانە بریتی بێت لە (90%) وە بواڕە ڕەخنەییەکەی گەر لەسەر بنەمایەکی زانستی و عەقڵی و لۆژیکی بینا کرابێت ئەویش بە پێی گریمانە بریتی بێت لە (90%) ئەوا بە هەردووکیان هارمۆنیایەکی تەواوکەری دروست دەکەن . بەڵام گەر هاتوو ڕێژەی سۆزی دەقە شیعرییەکە بریتی بێت لە (90%) وە بواری ڕەخنەییەکە زانستی نەبوو بەڵکو سۆزداری بوو بە ڕێژەی (90%) ئەوا لێرەدا هارمۆنیاکە دروست نابێت و بەڵکو ڕێژەی ڕەخنەکەش بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچێتە سەر شیعرەکە و ڕێژەکە دەبێتە (180%) بەمەش تای تەرازووەکە لاسەنگ دەبێت هەروەک ئەم هێڵکارییە نیشانی دەدات:



بەڵام گەر بە پێی بۆچوونی یەکەم کار بکەین – شیعرێکی سۆزداری و ڕەخنەیەکی زانستی – ئەوا هەردووکیان لە پانتایەکدا یەک دەگرنەوە و دەسەلمێنێت و هیچیان ئەوی تر فەرامۆش ناکات و دەبنە تەواوکەری یەک.

:

بەمەش ململانێکان کۆتاییان پێ دێت، هەروەک چوار گۆشەکەی گریماس بۆمان دەسەلمێنێت :



لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا شیعر و ڕەخنە بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە. سەرەتا پەیوەندییەکانیان پەیوەندی سۆزداری بوو ، دواتر لە چەرخی عەباسییەکاندا و دەرکەوتنی چەند ڕەخنەگرێکی بە توانا وەک ابن قتیبە، قدامە بن جعفر، الجاحظ، ابن رشیق، ابن الجنی هتد، دەبینین پەیوەندییەکان لە لایەکەوە هارمونین و لە لایەکی ترەوە شیعر دوژمنی بۆ دروست بوو چونکە پێشتر شیعر لە ڕووبەرێکی فراوانی سەربەستیدا دەسوڕایەوە و شاعیران وەک زانا و فەیلەسوف و پێغەمبەرەکان سەیر دەکران و قسەکانیان هەمووی جێگەی متمانە و باوەڕ بوو ، گلەیی کردنیان وەک کوفر وابوو. دواتر شاعیرەکان جۆرە سڵەمینەوەیەکیان تێدا بەدیکرا بەرامبەر ڕەخنە وەک ئەوەی ڕەخنە دەسەڵاتێک بێت بەسەر دەقە شیعرییەکانیاندا یان دەسەڵاتیان دابەش کردبێت بەسەر دوو بەشی یەک گوتار بە بێ جیاوازی.هەر لەبەر ئەمەشە دەقە شیعرییەکانی ئەم چەرخە لە جوانترین دەقی شیعری عەرەبین کە بە چەرخی ئاڵتونی ناسراوە. بەڵام دواتر ، بە هۆی تێکشکانی ئیمبراتوریەتی ئیسلامی بەرامبەر هێزە دەرەکیەکان و لاوازی زمان و دەربڕینەکان ، شیعر و ڕەخنە پێی نایە قۆناغێکی زۆر دژوارەوە کە بە خراپترین چەرخ ئەژمار دەکرێت.نە شیعر توانای داهێنانەکانی مایەوە نە ڕەخنەش تواناکانی خۆی لەدەستدا.بەمەش ڕێژەکان پێچەوانەی پێشوو دەرچوون. لە چەرخی بیستەم و ئێستادا ، جارێکی تر گۆڕانکاری بەسەر شیعر و ڕەخنەدا هات.شاعیر و ڕەخنەی داهێنەر ، کە هەریەکەیان ئاگاداری ئەوی تریانە ، توانیان گرۆتینێک بدەن بە پرۆسەی ئەدەب و ڕەخنەی نوێ یان هاوچەرخ کە دەتوانرێت ،بەنموونەی ڕدونیس و محمد مفتاح و صلاح فضل و عبدالله الغذامی، هاوشێوەیەک دروست بکرێت لەگەڵ دەرەوە بە نموونەی ت.س.الیوت و یاکبسون، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا، تەنها دەسەڵات بریتی بوو لە شیعر، ڕەخنە بەسۆزداری و عەفوی بیناکرابوو زانستی نەبوو. نموونەکانی عەرەبی عەباسی لای ئێمە بوونی نەبوو.نووسینەکانی مامۆستا سجادی و ڕەفیق حلمی باشترین نموونەن.ئەم سستمە لە نووسین کاریگەری تەواوی لەسەر زەمەنەکانی تری ئەم نوسراوانە بە قورسی بەجێ هێشتووە و بۆتە یاسایەک یان ڕژێمێک لە بیرکردنەوە نوسین و ڕەخنەییەکان.بێگومان ئەمە لە بەرژەوەندی بازنە مەعریفی و زانستییەکاندا نییە و زیاتر لەگەڵ هێڵکارییەکەی یەکەمدا یەکدەگرنەوە.ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمڕۆکە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەخنەگرمان نەبێت، بەڵام ئەوەندە هەیە، ڕەخنگرەکانی ئێمە لە لایەکە توانای کارکردنیان لەسەر تیورە ڕەخنەییە نوێیوکان لاوازە لە لایەکی تریشەوە هەوڵەکانیان سنووردارە و ڕەگی عەفەویەت و وەسفیەت زاڵە بەسەر کارەکانیانەوە کە ئەمە لە بەرژەوەندی دەقە شیعرییەکاندایە، چونکە لێرەدا هێڵی لاوازییەکانیان ئاشکرا نابێت و کارەکانیان بەبێ چاودێری ئەنجام دەدرێت.بەمەش دەقە شیعرییە کوردییەکان ڕەنگە بە لاسەنگی بمێنێتەوە و هەر خۆیان سوڵتانی دەسەڵات بن بە بێ چاودێری ووردی ڕەخنە بەتایبەتی ڕەخنە تازەگەرایی ودوای تازەگەراییەکان.*

گۆشەی 18 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ڕیزبەندی زانکۆیەکەمەکانی ئەڵمانیا ئاشکرا کران

لەخولی حەوت ساڵەی لەمەوبەری زانکۆ یەکەمەکانی ناو ئەڵمانیا، ١١ زانکۆی نایاب لە ئاستی زانستی و توێژینەوە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵاوە ڕاگەیەنران و چونەناو ڕیزبەندی لیستی پلەیەکەکان، کە ئەمانەن زانکۆکانی "هامبۆرگ، ئاخن، درێسدن، مینوشن، کۆمستانس، تۆبینگن، هایدلبێرگ، کالسرۆ و بۆن، هەروەها زانکۆکانی ئازاد و هۆمبۆڵت و تەکنەلۆژی لە بەرلین" ئەم زانکۆ باشانە لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیەوە، ساڵانە نیو ملیۆن یۆرۆیان بۆ خەرج دەکرێت، هەریەکێک لەو ١١ زانکۆیە لە ئەمساڵەوە و بۆ ماوەی ٧ ساڵ هەموو ساڵێک ١٠ تا ٢٨ ملیۆن یورۆ زیاتر لە بودجەی خۆی وەردەگرێت، بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی و گەشەپێدان لە بواره جیاوازەکاندا.

نارنجۆکێک لە ناو مزگەوتێکدا پوچەڵ کرایەوە

لە مزگەوتێکی شاری دیسبورگ، کە گەورەترین مزگەوتی هەرێمەکەی لێیە کەسێکی نەناسراو، کە پێدەچێت لە نازیەنوێیەکان بێت، نارنجۆکێکی لە ناو مزگەوتێک داناوەتەوە. تیمێکی پۆلیس پێش تەقینەوەی نارنجۆکەکە پوچەڵیان کردەوە، لە ماوەی ڕابردوودا لە ئەڵمانیا، لە چەند مزگەوتێکی شاری میونشن و ئیزارلون، بەهەمان شێوە نارنجۆکیان دانابۆوە، ئەو تونددڕەوانە وا پڕوپاگەندە دەکەن، کە گوایە مادام ئیسلامیە ڕادیکاڵیەکان، تیرۆر دەکەن، ئەوانیش دەبێت تۆڵەی خۆیانیان لێ بکەنەوە.

هەفتەی پێشوو شەپۆلێکی تری گەرما ئەڵمانیا و ئەورووپای گرتەوە

دەزگای کەشناسی ئەڵمانی DWD ئاشکرایکرد، کە هەفتەی پێشوو شەپۆلێکی تری گەرما هەموو ئەورووپای گرتەوە، لە هەندێ ناوچە پلەی گەرما گەیشتە سەروو ٤٠ پلەی سەدی، ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی پێشوو. لەئەڵمانیا و لە هەرێمی زارلاند و ڕایلاند پفاڵتس و پێنجشەممەش لەهەرێمی باکوری ڕاین و شاری کۆڵن گەیشتە سەروو پلەی سەدی و زۆر گەرم بوو.

ساڵی پێشوو ١٠٠ هەزار عێراقی هاتوونەتە ئەڵمانیا

نوسینگەی ئاماری ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، ژمارەی پەنابەران و ئەوانەی لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەریان کردووە، تا کۆتایی ساڵی 2018 گەیشتۆتە نزیکەی 1یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار کەس، لەو ژمارەیەش 1 یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس مافی مانەوەیان لە ئەڵمانیادا وەرگرتووە، کە زۆربەیان سوری و عێراقی و ئەفغانین، ئاماژەشی پێدا لەکۆی ئەو دوو ملیۆن پەنابەرە 100 هەزاریان عێراقیین. سەرچاوەیەکی تریش کۆی ژمارەی کوردی هەرچوارپارچەی کوردستان، بە یەک ملیۆن کەس دەخەملێنێت.

ئەوەی نیگامەی پێنەدراوە دەبێت، ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت...

"هۆرست زیهۆفەر"ی وەزیری ناوخۆی فیدراڵی ئەڵمانیا، لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: ئەوەی مافی پەنابەری نەیگرێتەوە، دەبێت ئەوروپا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی،

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین–ئەڵمانیا

سەرکردەیەکی ئەڵمانی، داوای شۆڕشی چەکداری دەکات

" ئۆفە ینوگە" کۆڵۆنیلی خانەنشینکراو و سەرکردەی پارتی جێگرەوە بۆ ئەڵمانیا AFD کە پارتێکی تونڕەوی نازییە، داوا لە ژەنەرالەکانی سوپای ئەڵمانیا دەکات، کە لە دژی حکومەت شۆڕش بەرپا بکەن و بیرۆخێنن، ئەمەش بێزاری لایەنە سیاسیەکانی لێ کەوتۆتەوە و پێیان وایە، کە ئەوەی سەرکردەکانی ئەو پارتە دەیکەن دووره لە دابونەریتی دیموکراسیانە و بنەماکانی کاری سیاسی لەناو وڵاتدا.

فلیپین هاوردەی گۆشتی بەرازی ئەڵمانی ڕاگرت

بەهۆی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسێکی نەخۆشی لەناو گۆشتی بەرازدا، حکومەتی فلیپین و زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیا، هاوردەکردنی گۆشتی بەرازی ئەڵمانی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگرت، شایانی باسە ئەڵمانیا لە هەموو وڵاتە ئەورووپیەکان زیاتر گۆشتی بەراز بەرهەم دێنێت و هەناردەی دەکەن، ئەڵمانیا یەکێک لە سەرچاوەی گەورەی ئەم جۆرە گۆشتەیە، لەسەر ئاستی هەموو جیهان.

میرکل گوڵی لەسەر گۆڕەکۆی ژمارەیەک شەهید دانا

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا " ئەنجێلا میرکل"ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، لە بەرلین ی پایتەخت و لەوشوێنەی کە ئەو ڕووداوەکەی لێ قەوما، چەپکە گوڵی ڕێز و وەفای لەسەر گلکۆی ژمارەیەک لە ئەفسەرو پلەدارەکانی وڵاتەکەی دانا، کە لە ساڵی ١٩٤٤ بەشداربوون لە هەوڵی کوشتنی سەرکردەی نازیەکانی ئەڵمانیا" ئەدۆلف هیتلەر" و کاتێک نەخشەکەیان سەری نەگرت بەدەستی چەکدارەکانی هیتلەر شەهیدکران.

سوریەیەک بارودۆخی ناو نەخۆشخانەیەک دەشڵەژێنێت

لە نەخۆشخانەیەکی شاری ئۆگسبۆرگ، کۆچبەرێکی سوری ئیسلامی، بەهۆی نەخۆشیەکەوە دەچێتە نەخۆشخانەکە و بەردەستی دکتۆرەکان بۆ پشکنین، کاتێک برینپێچێکی ژن لێی نزیک دەبێتەوە، بۆ پێدانی دەرمان و ڕەوانکردنی بەمەبەستی ئەنجامدانی نازووری قۆڵۆن، بەسەر کچە سستەرەکەدا هاوار دەکات و پێی دەڵێت لێم نزیک نەبیتەوە هەی کافر، کچە دەیەوێت قسەبکات، کەچی پێی دەڵێت وسبە، لە وڵاتی ئێمەدا، هەتا پیاو وەستا بن، ژنان بۆیان نییە قسەبکەن. کابرای نەخۆش دەقیژێنێت و بە ئەڵاهو ئەکبەر، ئەڵاهو ئەکبەر، دۆخی ناو نەخۆشخانەکە تێک دەدات، ناچار پۆلیسی بۆ بانگ دەکەن و ئێستا کابرا لەبەردەم داواکاری گشتی چەند تۆمەتێکی ڕووبەڕوو کراوەتەوە.

چالاکی کورد لە تاراوگە...چالاکی کورد لە تاراوگە...چالاکی کورد لە تاراوگە...چالاکی کورد لە تاراوگە...

دوو هونەرمەندی شێوەکاری کورد، دەیەمین پێشانگای تایبەتی خۆیان لە شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نەرویج کردەوە

هونەری شێوەکاری کورد، بە بەراوورد بە هونەری شێوەکاری جیهانی، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینیووە. ناکرێت بەراوورد بکرێت لە نێوان ئەم دوو دنیایەدا،

لەڕووی ئەکادیمی هونەری شێوەکاری کوردی تەمەنی ناگاتە ٧٠ ساڵ، بەڵام لە وڵاتانی وەکو ئیتاڵیا و فەرەنسا و زۆری تر لە وڵاتانی دنیا، هونەری شێوەکاری چەندین سەدەیە بەشێوازێکی ئەکادیمی ئاست بەرز کاری لەسەر دەکرێت. لەناوەڕاستی ساڵی١٤٠٠ و سەرەتاکانی ڕێنسانس هونەری شێوەکاری لە وڵاتی ئیتالیا بەرەوپێشچونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و جیهانیش سوودمەند بوون لەو ئەزموونە. هونەری شێوەکاریی زمانحاڵی زۆرێک لە ڕووداوە گرنگەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە و هونەرمەند ڕۆڵی ئەکتیڤی هەبووە، لە بەرجەستەکردن و ئامادەبوون لەو ڕووداوانەدا. نمونەی (فرانچیسکۆ دی گۆیا) و تابلۆ بەناوبانگەکەی The Third of May، ساڵی١٨٠٨ شۆڕشی ئیسپانیا دژی داگیرکاری ناپۆلیۆن.

هەروەها (ئیۆجین دیلاکروا) و تابلۆی (ئازادی ڕابەری خەڵکە) ساڵی ١٨٣٠ شۆڕشی فەرەنسا و زۆری تریش ...

هونەرمەند و هونەری شێوەکاری کوردیی، وەکو پێویست ڕۆڵی خۆی نەگێڕاوە لە ڕووداو و مێژوو و بەسەرهاتەکانی کۆمەڵگەی کورديدا.

سەرەڕای ئەو بۆچوونانەی دەرمانبڕی، لەگەل ئەمانەشدا، هونەری شێوەکاریی کوردیی، شەقاوی زۆر گەورەی بڕیووە، ئەوتا چەندان هونەرمەندی گەورەی شێوەکاریمان لە کوردستان و لە وڵاتانی دنیادا هەن، توانیویانە ڕۆڵی گەورەی خۆیان بگێڕن، هونەرەکەیان، ئەگەر زیاتر نەبێت، شان دەدات لە هونەری بەرزی جیهانی.

لێرەدا ئاماژە بە تارا محەمەد ئەمین و ئەنوەر سابیر، دەدەین، کە دوو هونەرمەندی شیوەکاری کورد و هاوسەری یەکدین و لە وڵاتی نەرویج دەژین، پێشانگایەکی شیوەکاریان بۆ تابلۆکانیان لە 20-07-2019 کردۆتەوە، بڕیار وایە، کە یانزە ڕۆژ بخایەنێت. تابلۆکانی ئەم دوو هونەرمەندە، ڕووی گەش و هونەری بەرزی شێوەکاری تێدا بنمایشکراوە، بە پێویستمان زانی لە ژیانی هونەری و چالاکییەکانیان بدەینەوە.

تابلۆکانی تارا

تابلۆی ئەنوەر سابیر

تارا محەمەد ئەمین

ساڵی ١٩٦٧ لەسلێمانی لەدایک بووە.

لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی نیشتەجێی وڵاتی نەرویجن، لەشاری فرێدریکستاد دەژین.

ساڵی١٩٨٧ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ٢٠٠٠ زانکۆی هونەری میللی لە شاری ڕاولاند لە تەلەمارک خوێندووە College Telemark University .

ئەندامێکی چالاکە لەگەڵ کۆمەڵی هونەری شێوەکارانی شاری فرێدریکستاد+ ئەندامە لە کۆمەڵەی هونەری شێوەکارانی ØBK.

ساڵی ٢٠١٦ لەشاری سلێمانی، پێشانگەی تایبەتی خۆی کردۆتووە. کۆی بەرهەمی نمایشکراوی لەم پێشانگەیەدا ٥٠ تابلۆیە.

ئەنور سابیر ساڵی 1966 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی هونەری: پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ساڵی1987، ئەکادیمیای هونەری میللی نەرویجی ساڵی 2000. یەکەم پیشانگەی لە ساڵی 1993 لەهۆڵی قوتابخانەی سورکێو لەسلێمانی کردۆتەوە. لە ساڵی 1997 لە وڵاتی نەرویج نیشتەجێبووە، لەگەڵ هونەرمەند خاتوو تارای هاوسەری. ئەندامی کۆمەڵەی هونەری شێوەکاری شاری کۆنگسبێرگ دواتر شاری فرێدریکستاد. بە 11 تابلۆ بەشداری لەم پیشانگەیەدا کردووە، کەزۆربەی قەوارەی گەورەن. تابلۆکان زیاتر بەڕەنگی زەیتی لەسەر کانڤاس کێشاوە، دوا تابلۆی بەناوی (بێدەنگی.x50230) ڕەنگی ئەکریل لەسەر کانڤاس، لەتابلۆکەدا نەهامەتی و سەرکوتکردن و لەتاریکیدا هێشتنەوەی کۆمەڵگایەک لەلایەن کەمینەیەکی مشەخۆر بەدی دەکرێت.

شەکسپیر و کۆمیدیای هەڵەکان لە کۆلێژی ئۆکسفۆرد...دانا رەئووف

کۆمیدیای هەڵەکان و پانتاییە بۆشەکان

ئەم گروپە بچووکەی شانۆی گلوپن، کە تەنها لە هەشت ئەکتەری بە نەژاد جۆراوجۆر پێک هاتبوون، لەسەر پانتاییەکی بۆش، لە ڕیتمێکی خێرادا، بەبێ هیچ کەل و پەل و ئێکسیسوار و سینۆگرافیایەک، هەموو ڕۆڵەکان دەبینن.

دیدی ڕیژی لەسەر بنەمای گەمەیەکی ڕاستەوخۆ، توانای ئەکتەر و پەیوەندییەکی بەردەوامی ئەکتەر/بینەرانەوە ڕۆنراوە. پانتایی شانۆ جگە لە دوو دەرگا لەم سەر و ئەوسەر و دەرگایەکیش لە ناوەڕاستدا، وەک ئاماژەم بۆ کرد، هیچ شتێکی تری لەسەر نییە. دەرگاکان ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی پەیوەندی و خوڵقاندنی ڕەوشە پڕ لە هەڵەکان و ئەو گەمەیەی ڕیژیسۆری نەمایشەکە خوڵقاندبووی، دەبینێت.

ئەکتەرەکان هەر هەموویان گۆرانیبێژ، مۆسیقاژەن و سەمازان بوون و بە چەشنی نەمایشەکانی سەردەمی ئێلیزابێسی لە گەمەیەکی شانۆییدا، بە سەما و گۆرانی و مۆسیقا، دیمەن و بەشەکانی نەمایشەکەیان دەبەست بەیەکەوە. نەمایشەکە لە کاتژمێری هەشتی ئێوارە، بەر لە تاریک داهاتن، دەستی پێ کرد و یانزەی شەو بە تاریکی کۆتایی هات.

لەمشەوانەدا شانۆنامەی کۆمیدیای هەڵەکان The Comedy of Errors لە بەردەم کتێبخانە دێرینەکەی کۆلێژی ئۆکسفۆرد پێشکەش کرا. ئەم کۆمیدیایە کورترین دەقی شەکسپیرە و لە ساڵی ١٦٢٤دا بڵاو کراوەتەوە. نەمایشەکە لەلایەن گرۆپێکی گەنجی شانۆی گلوپن Globeon لە کاتژمێری هەشتی شەوە دەستی پێکرد بۆ یانزەی شەو.

لە زۆر کەس وایە، کە دەقە تراجیدیاکانی شەکسپیر، دیدە فەلسەفییە قوواڵەکان و کێشە خودگەراکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت و کۆمیدیاکانیشی تەنها گەمەیەکی ساکار و چێژ بەخشە؛ بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. بەرجەستەکردن و گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا، هەمیشە لە چەقی دەقەکانی شەکسپیردایە، جا ئەگەر کۆمیدی، یان تراجیدی بێت. دەقەکانی شەکسپیر تژین لە ژیان، بۆ نموونە دەقە کۆمیدییەکانی، لە چیرۆکە ساکارەکاندا، لە دیمەنە خەونەئامێزەکاندا، لە بەدحاڵی بوون و گۆڕانکارییەکاندا، تەنگەشە و قەیران و پرسە گران و ململانێکان خۆیان شاردۆتەوە. بەکورتی کۆمیدیاکانی شەکسپیر بە زمانێکی شیعری باڵا بەرجەستەی هەڵە و بەدحاڵی بوونەکانی ژیان دەکات، بەڵام لەسەر ئاستێکی قووڵیش باسی مرۆڤ دەکات، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەوشانەدا دەکات..

کۆمیدیای هەڵەکان و پانتاییە بۆشەکان

ڕووداوەکانی کۆمیدیای هەڵەکان، وەک بەشێکی زۆری کۆمیدیاکانی شەکسپیر، لە چەندان شەڕ و هەڕەشە و بەدحاڵی بوون و تووندوتیژی پێک دێت، کە لە کۆتاییدا بە ئاشتی و خۆشەویستی و بەیەکترشادبوونەوە کۆتایی دێت. دەقەکە باسی خێزانێک دەکات، کە دوانەیەکیان هەیە و لە گەشتێکدا، کەشتییەکەیان تووشی کارەساتێک دەبێت و دایکەکە لەگەڵ یەکێک لە دوانەکە و باوکەکەیش لەگەڵ ئەویتریان لێک دادەبڕێن و لە کۆتایدا یەک دەگرنەوە. کات ڕۆڵێکی گەورە لەم دەقەدا دەگێڕێت و شەکسپیر مامەڵەیەکی زیرەکانە و هەمەلایەنەی لەگەڵ کات کردووە. ڕووداوەکان لەیەک ڕۆژدا ڕوودەدەن و کات دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بەسەر ڕووداو و کارەکتەرەکانەوە. دابڕان و تێکەڵکردن و هەڵە و بەدحاڵی بوونەکان فۆرمی کۆمیدیاکە دروست دەکات، کە شووناسی کارەکتەرەکان و ڕەوشێکی نائارام و هاوکات ناچارکردنی دوانەکە، لە گەڕانێکی بەردەوامدا بە دوایی خۆیدا، کە لەم دەقەدا، گەڕانەکە بە دوایی ئەویتری (دوانە) کەدایە، ڕەوشێکی تژی لە هەڵەی کۆمیدی و بەدحاڵی بوون و گومان دروست دەکات.

ئاوڕدانەوەیەک لە سیامەند شاسواری پێشمەرگەی دێرین و نووسەر و وەرگێڕی بە توانسا....



کۆنفرەنسی ٣ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ١٩٨٣ پیرەمەگروون ١.سیامەند شاسواری ٢.شوان بادینی ٣. شۆڕش حاجی ٤.کۆسرەت ڕەسوول ٥.قادری حاجی عەلی ٦.سامان گرمیانی ٧.عەزهاد سەنگاوی ٨.سەلاح جان ٩.سەعدون قەیلی

سیامەند شاسواری لەدایکبووی ساڵی 1957 لە شاری سەقز، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکەم ڕێکخراوی چەپی کوردستانی واتە "ڕێکخراوی کوردستانی ئازاد" ساڵی 1975 لەگەڵ زیاتر لە 50 کەس لە تێکۆشەرانی خەباتی نهێنی لە لایەن ڕژیمی شاوە گیرا. سیامەند، کە بە تاوانباری یەکەم دانرابوو، نەک هەر خۆی لەبەر ئەشکەنجەی ساڤاکدا ڕاگرت بەڵکو سەربەرزانە لە زیندان مایەوە، تا ساڵی 1979 کە شای گۆرپبەگۆڕ هەڵات، کە سیامەند لەگەڵ هاوڕێکانی لە ناوەوە زیندانیان شکاند و هەر لە زیندانەوە، چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانی. بە هاتنەدەرەوەی سیامەند لە زیندان، لەگەڵ هاوڕیکانی وەکو کاک جافری ئەمین زادە و کاک ڕەووفی پەرستار و کاک فەرەیدوونی دارایی، کە تا ئێستەش لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستاندان، لە شاری سەقز، یەکەم و مەزنترین ناوەندی فەرهەنگیی کوردیان بە هێنانی چاپخانەی مەزنی ئوفست و کەرەسەی پێشکەوتووی چاپ دامەزراند، بە ناوی "بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد"، کە دەیان پەرتووکی بەنرخیان چاپ کرد و یەکەم بەرهەم، پەرتووکی (فێربوونی زمانی کوردی) بوو، کە سیامەند لە زیندان نوسیبووی و چەند دەهەزار دانەی لێ چاپ کرا. سیامەند و هاوڕێیانی پەیوەندی زۆر نزیکیان لەگەڵ (ی.ن.ک) هەبوو، بڵاوکراوەکانی ی.ن.ک، هەر لە "ڕێڕەوی نوێ" و "الشرارة" بگرە تا زۆر پۆستەر و بڵاوکراوەی تر لەوێ چاپ دەکرا... ساڵی 1979 دەسبەجێ پاش هێرشی داگیرکەر، بۆ سەر کوردستان و دەسبەسەراگرتنی (بنکەی بووژانەوە)، سیامەند چوو بۆ سەرکردایەتی ی.ن.ک. لە ناوزەنگ و لەوێ بوو بە پێشمەرگە و کرا بە بەرپرسی یەکەم چاپخانەی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و چاپکردنی گۆڤاری (کۆمەڵە) و بڵاوکراوەکانی تری کۆمەڵە، کە خۆ لە دەیان بەرهەمی بەنرخ دەدەن و... بە خۆشیەوە سەنتەری ستراتیژی خەریکی لەچاپدانەوەیانە. ساڵی 1980 لە خڕی ناوزەنگی زەڵێ دەبێت بە ئەندامی هەڵبژاردەی دەستەی کارگێڕی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ و لە دەرکردنی سیانزە ژمارەی (نووسەری کوردستان) بە نووسین و چاپ و دزاین بەشداری دەکات و ئەرکی هەرە سەرەکی چاپکردنەکەی لە ئەستۆی سیامەند دەبێت، کە لە چاپخانەی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چاپ دەکران.

سیامەند دەیان پەرتووک و گوتاری نووسیوە و وەرگێڕاوە وەکو:

- قەیرانی وزە و دابەزینی نرخی پەترۆڵ،
- (ism و ist) و جۆری بەکارهێنانیان لە زمانی کوردیدا،
- وەرگێڕانی هەژدەی بڕۆمێری لویی بۆناپارتی کارڵ مارکس...

کە هەمان سەرەتای هەشتاکان لەناو شۆڕش چاپ و بڵاو کراونەتەوە... ئەمساڵی 2019 ـەش جارێکی تر، هەژدەی بڕۆمێری لە ئینگلیزییەوە کردووەتەوە بە کوردی و لە زنجیرەی وەرگێڕانی (پڕۆژەی ناوەخت)دا چاپ دەکرێت.

تا ئێستەش لە کاری وێژەیی بەردەوامە، وەکو (چامەی پیلان) و وەرگێڕانی (پێنج دیوانی شێرکۆ بێکەس) بۆ زمانی فارسی، هەرچەند سیامەند شاسواری زیاتر ڕامیار و نووسەری ڕامیاریی بووە، تا وێژەیی... بەڵام لەم دواییانەدا بە لای کاری وێژەییدا دایشکاندووە... و ئەم بەرهەمانەی پێشکەش کردووە:

* وەرگێڕانی پەرتووکی گرنگی "ڕێگەی ئاسان بۆ وازهێنان لە جگەرە"

* وەرگێڕانی دوو بەرگی ڕۆمانی "سوور و ڕەش" نووسینی ستاندال، کە لە یەک بەرگدا چاپ کراوە.

* وەرگێڕانی ڕۆمانی حەوت بەرگی "گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو"ی مارسێل پرووست، کە بە گەورەترین ڕۆمان و شاکاری وێژەیی دادەنرێت و نزیکەی شەش هەزار لاپەڕە دەرچووە، بە هەزاران پەراوێز و تێبینی و تابلۆ و وێنەی پێویستەوە لە ساڵانی 2014 تا 2018 لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

* وەرگێڕانی ڕۆمانی دوو بەرگی "دێکامێرۆن" یان هەگبەی 100 چیرۆک نووسینی جیۆڤانی بۆکاچیۆ.

* وەرگێڕانی ڕۆمانی 8 بەرگی "یانەسای تیبۆ" نووسینی ڕۆژە مارتن دو گار براوەی خەڵاتی نۆبێلی وێژەیی، کە لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە چاپ دەبێت.

سەبارەت بە "کەلیدەر"

ئەوەی خاوەنی ئایدیۆلۆژییە، ئامانج لە لای خاڵی یەکەمە و ئەوانیتر چەندە گرنگ بن، هەر لاوەکین... لە پاش زیندان و شاخ کەم نین، ئەو جارانەی لە بەردەمی پارلمانەکانی ئوروپادا خۆم بە زنجیر بەستۆتەوە، لەوەش زیاتر هەمیشە ئالای کوردستان بە شانەوە بووە، تەنانەت لەو کاتانەوە، کە تەنانەت کوردەکانیش لەوە دەترسان، کە (ئە) ئالای کوردستانی پێیە...ئەوەی ئەو و هاوڕیکانی لە کوولەکەی ترس و خۆفا بانگیان بۆ دەدا ئەمڕۆ ئیتر دیاردەیەکی سەلمێنراوی دۆست و دژە.. لە دامەزراندنی دەیان کۆمەڵە و فیدراسیۆن و پارتی و کونگرەی نیشتمانیی و نووسینی مانیفێستی ڕزگاری کوردستاندا بەشداریی چالاکی کردووە... بەتایبەتی چووە بۆ کانادا و بۆ کێبک و چەندین ساڵ بووە، بە ئەندامی (پارتی کێبکوا) و لە ڕێڤراندۆمی سەربەخۆیی کێبکدا ڕۆڵی بینیووە و خەباتی کردووە بۆ سەربەخۆیی کێبک و جیابوونەوەی لە کانادا... ئەگەر ئەمانە شێوازەکانی خەباتکردنی سیامەند بوو بێت، دەبێت بڵێین لە هەمان سەرەتای دەرچوونی کەلیدەرەوە، کە بەرگ لە دوای بەرگ دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران، هەم لە ناو ڕووناکبیرانی ناوەوەی ئێراندا تەقیەوە و دەنگی دایەوە و بووە هۆی سەرنج و تێبینی؛ هەم بوو بە هۆی مشتومڕێکی تۆند و ئاڵۆز لە نێوان ڕۆشنبیرانی کورد و ناکورد لە ئەوروپا و ئەوەی کە نوسەرێکی توانا و بەهرەمەند و بەهەڵوێستی ئێرانی بەو پێودانگە و لەو قەبارەیەدا و بەو ڕوانگە مرۆیی و ڕاستگۆیانەیەوە باسی کورد بکات، وای لێکردووە:

سیامەند شاسواری هەم کەلیدەری بە هی خۆی زانیوە، هەم وەرگێڕانی کەلیدەری بە پێداویست و ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە لە قۆناغێکیش‌دا، بڕیاریدا بە کەمترین ماندووبوون، هەر دە بەرگەکەی تەواو بکات.

*هەم کەلیدەر بە هی خۆمانی بزانێت، هەم وەرگێڕانی کەلیدەر بە پێداویستی بزانێت و هەم وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی بە ئەرکی سەرشانی خۆی بژمێرێت...لە قۆناغێکیش‌دا، بڕیاریدا و بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانی کەلیدەر، کە بە کەمترین ماندووبوون و ڕەنگە زۆر جار بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە کاری لەسەر کردووە تا تەواوی کرد، نەک هەر ماندووی نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ ڕوحیدا ژیاوە؛ چونکە زانیوێتی ئەگەر تەنها یەک دانەی بچێتە نامەخانەی کوردییەوە، ئەوا سیامەند ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندووە و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. دەڵێن نووسینەکانی چارلز دیکنز بە پارەیەک ورد و هەمەلایەنە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی نواندۆتەوە، بۆ ناسینیەوەی داب و نەریت و دەرد و ئازار و هەست و نەستی ئەو خولەی کۆمەڵگەی ئینگلیز بە پارەیەک بەکەڵکە کە لە تۆژینەوەکانی هەموو کۆمەڵناسەکان گرینگترە. ئەوەی کەلیدەر بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت، توانای دەوڵەت ئابادی لە ئاستێک دای،ە خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات بۆ گەشتێکی نامۆ و نەناسراوی تاراوگەی دوورە وڵاتی و ئاوارەیی و خۆگری و خۆڕاگری و نەتوانەوەی بەشێکی دابڕاوی نەتەوەکەمان، کاتێک ئەو خوێنەرە دەگەڕێتەوە... بۆی دەردەکەوێت، نەک هەر لەو مێژووە تێگەیشتووە و ئەو خەڵکە دەناسێت، بووە بەوان، دەرد و ئازارەکانی چەشتووە، پەژارە و خۆشی و شادییان، جەربەزە و کەڵ بوون و بوێریان، هەڵسوکەوت و شەڕ و شیوەن و قوشقی بوونیان تێدەگات، دەیانناسێت و دەزانێت کەمتەرخەمی کردووە، پارچەی جەرگی لەوێ بووە و ئەم لە خەمیان بێخەم بووە. چەندە دوژمن و داگیرکەر هەوڵیان داوە، ڕاستیەکانمان لێ بشارنەوە، دەوڵەت ئابادی بە تێکۆشانێکی بێوچانی داهێنەرانە و ئینسانی بە شێوەیەک دەمانباتەوە بۆ ناو کەسوکاری تەرەکراومان کە: شانازییان پێوە بکەین. ئەو کەلێنەی خوێندنەوەی کەلیدەر پڕی دەکاتەوە؛ مەگەر بە خوێندنەوەی "کەلیدەر" ئەگینا پڕ نابێتەوە... ئەدگاری کلاسیکی کەلیدەر نەک هەر هەلومەرجی تایبەتی سەردەمی خۆی بە شێوەیەکی هەمەلایەنە شێ دەکاتەوە، خەباتی ڕامیاری ئەو خولەش پیشاندەدا، پڕۆسەی پەرەگرتنی گوڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەنەخشێنێت و نەخوازە پەردە لەسەر ڕوخساری دژۆێن و درۆینی سەرەڕۆیی و فەرماندە و فەرماندار و خان و گزیر و سەرکار و خۆفرۆش و بەکرێگیراویان هەڵدەداتەوە. ئەگەر بڵێین ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤەکان ڕادەی هەڵوێستی ئەوان، بەرامبەر بە دیاردەکان دیاری دەکات، ڕەنگە بۆ کۆمەڵگای ئێمە تۆزێ قورس بێت؛ چونکە پێداویستی و مسۆگەربوونی دیالکتیکی، ئازادی تێگەیشتنە لە پێداویستی و ڕاستەقینە؛ خوێندنەوە، تۆژێک خوێنەری تایبەت بە خۆی هەیە، کە هەست بەو پێداویستیە دەکات، سیامەند دەڵێت: کەس دەناسم کەلیدەرم بە کوردی پێداوە، نەک هەر دە بەرگەکەی خوێندۆتەوە، لای کەم بووە و داوای لێکردووم باقیەکەشی بۆ بنێرم. ڕۆمانی وەکو کەلیدەر لەم بابەتەیە، زۆربوونەکەی نابێتە هۆی وەڕەزبوون، واتە ئەدگاری ڕۆمانی کەلیدەر بە جۆرێکە، تەنها پەنجا لاپەڕەی لێ بخوێنیتەوە، تا کۆتایی وازی لێناهێنیت. ناتوانی بڵێی ئەوە خۆ باسی ئەو بابەتە دەکات، کەلیدەر گرنگی خۆی، شیرینی خۆی، هەمەڕەنگی خۆی هەیە. لە موچوڕکەی پێستی ڕووتی پەریزادی گوڵخەندەرانی ناو زەلانی مەندای بەر خۆرەتاوەوە خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات بۆ مەیدانی جەنگ، بۆ زاغی دروێنە، بۆ بازاڕی خەڵووز و بۆ لێڕی قورەسوورەی تاغی، بۆ گەڕەکی خمگەران، بۆ خۆپیشاندان و خوێندکارکوژان و بۆ کۆبوونەوەی نهێنی، بۆ دادوەریی گوڵمحەمەد و بۆ زیندانی بنکۆڵکراو، بۆ بەزمی دەرویشی مەست و بۆ پیلانی باوک کوژان، بۆ ڕوسیەی بولشەڤیک و لە قەرەباخەوە بە کاروانی پەنجا وشتر، بۆ شیرەکێشخانەی مەشهەد، بۆ کاروانسەرای کچە کاولی و خۆشەویستی قەدغە و ئەوینی حەرام، جنۆکەی ناو بیر و بەزمی سەما و عاشقی شەیدا و شەیدای درۆیین:

گۆی منیت و تلت دەدەم بە زەبری بای گۆچانەکەم لە دووت بە ڕاکەڕاکە دێم، هەرچەند بۆ خۆم تلت دەدەم کەلیدەر دیالکتیکی بەردەوامی و دژایەتی دژەکانە، کێشی هەیە، کێشەری هەیە، ڕات دەکێشێت، ڕات دەشەکێنێت، دات دەچڵەکێنێت، ڕاتدەژەنێت، دەتشەمژێنێ؛ دەتبوغزێنێ، قاقا لەگەڵی پێدەکەنی و لە خەڵوەتی دڵی خۆتدا بوغزی پەنگ خواردووی ناو گەرووت دەتەقێتەوە و فرمێسکت بەخوڕ دادەباڕێنیت... لەسەر باڵی ئەوین دەفڕیت و لە جوامێری تەژی دەبیت، بەزەیی دڵت دەهەژێنێت و بێبەزەیی دڵت دەتەزێنێت...

هەندێ کەس کە کوردی نازانن، ئاماژە بەوە دەدەن، کە زمانی کوردی هەژارە و وشەی کەمە و لەو بڕوبیانوانە، کەچی ئەو چەشنە کەسانە، ئەگەر ڕۆمانی کەلیدەر بخوێنێتەوە، یەکسەر بۆیان دەردەکەوێت، ڕۆمانی کەلیدەر جگە لە زۆر وشەی دژواری باو، فەرهەنگۆکێکی لەگەڵە چەندسەد وشەی گرتۆتە خۆی، کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەبووە. سیامەند شاسواری پێی وایە زمانی کوردی دەتوانێت، بە قوواڵی و چڕوپڕی زمانی ئاڵمانی، چەمکە فەلسەفیەکان دەربڕێت و شیتەڵ بکات، وەکو زمانی فەرانسە سوسیالیزم شیروقە بکات و وەک ئینگلیزی ئابوری پێناسە بکات. ئەوەی کە زمانی کوردی پێ هەژار بێت، ئەو لای وایە، ئەو کەسە خۆی کوردی نازانێت و بە زمانی تریش هەر سەرکەوتوو نەبووە، چونکە کێشەکە ئەو جۆرە کەسانەن نەک زمانەکان. هەرچەند زمانی کوردی ئەمڕۆ پێشکەوتنێکی زۆری بە خۆیەوە بینیووە، ئەو تۆژەرەوەی زۆر بەتوانای وا دەناسێت، وەکو برایەکی دیکەی خۆی، نوسەر بە توانا و ئازیز کاک موحسینی شاسواری، کە بە تۆژینەوەی چەند هەزار لاپەڕەییەوە نەک هەر لە ڕوانگەی ئێتیمۆلۆژییەوە و بەڵکو بە دی.ئێن.ئ ش دەیسەلمێنێت، زمانی کوردی زمانێکی بەهێزە. زمانی کوردی نەک هەر خاوەنی وشە و تاکی فرە و فراوان و زۆر و زەبەند و تێر و تەسەل و خۆحەن و خۆڕسک و ڕەسەنە، لە داڕێژان و پەخشان و چەمک و پەند و شێوە و شێواز و دەستەواژە و ئەدگار و تایبەتمەندی و وێنا و وێنەی شیعری و بەستە و هۆنراوە و هەڵبەستیش زۆر بەهرەمەند و ڕەنگین و ڕازاوە و بەدەسەڵات و توانایە. ڕۆمانی کەلیدەر بە مسۆگەری یەکێکە لە مەزنترین شاکارەکانی وێژەیی جیهان و سیامەند زۆر شادمان دەزانێت، کە ئەو بەرهەمە مەزنە لەسەر کوردە و لێدانی دڵی کوردی تەرەکراو لە شاخەکانی سەنگرد و لە لمەڵانەکانی تاغی بۆ مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە... (دەوڵەت ئابادی)، مرۆڤی هەزار پیشەی کار و هونەر و شانۆ و سناریۆ و سینەما، ئوستادی مسۆگەری نووسین و داهێنانی وێژەییە، لە ڕۆمانی کەلیدەردا، مرۆڤە بە فراوانی واتای وشە، خاوەن هەڵوێست و بوێرە، بەئەمەگە. دۆست خۆشەویستە و شاملوو تا مرد ئەم بەسەر سەریەوە بوو، بۆ مامۆستا برایمی یۆنسی فرمێسکی خەم دادەباڕێنێت و... وەک دەزانین مەزنیی ڕۆمانی کەلیدەر بەڕادەیەک باڵی بەسەر دنیای دەوڵەت ئابادی‌دا کێشاوە، کە بەرهەمەکانی تری شاردۆتەوە، ئەگینا (دەوڵەت ئابادی)، جگە لە کەلیدەر خاوەنی دەیان بەرهەمی بەنرخ و جوانی وێژەییە، کە لە خانەی خۆیان‌دا بە داهێنان دەژمێردرێن، بۆ نموونە ڕۆمانی کولۆنێل، کە لە ئوروپا بڵاوکراوەتەوە، کەچی بە زمانی فارسی هەتا ئێستاش چاپ نەکراوە. واتە دنیای (دەوڵەت ئابادی) دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگە، کە توانای نەخشاندنی هەموو جۆرە کاراکتر و پرسۆنایەکی تویژەکانی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگەی، تا باڵاترین پلەکانی هەیە بە هەموو وردەکارییەکانیەوە... بە هەمان شێوە کە دارەتی دەروونی و باروودۆخ و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سروشتیەکان دەنەخشێنێت و دەنوێنێتەوە.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

عەلی محەمەد

هونەرمەند عەلی محەمەد، ناسراو بە کەمال عەلی لە ڕۆژی ١-١-١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، هەر لە منداڵیەوە سەرقاڵی وێنەکێشانی سروشتی جوانی کوردستان بووە، کە تەمەنی ١٤ ساڵ بووە، گەلێک تابلۆی هونەری سەرنجڕاکێشەری کێشاوە، ئەو کاتەی قوتابی هونەرمەندی شێوەکاری گەورە مامۆستای سمکۆ تۆفیق بووە، ئەم مامۆستایە ئەو کاتە کاریگەری زۆری لەسەر بەرهەم و کارە هونەرییەکانی هەبووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواو کردووە، پاشان سەرسام بووە، بە کاری هونەرمەندە ناسراوەکانی بەغدا، بە تایبەتی بە کارەکانی هونەرمەند فایەق حەسەن، هەرە لە سالاّنی حەفتاکانەوە، چەندین پێشەنگای لە شاری سلێمانی کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئاوارەی هۆڵەندا بوونەتەوە، چەندین پێشەنگای هونەری شێوەکاری لە هۆڵەندەش کردۆتەوە، لە ساڵەکانی: ١٩٩٥، ٢٠٠٧، ٢٠٠٩، ٢٠١٠ و ٢٠١٤.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/kamal.alee.14/photos_all

https://www.pinterest.co.uk/pin/319614904779649421/

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

05 Augustus . 2019 No. [64]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 لە یادی پێنج ساڵەی "کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان" پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بریتی ئێزیدییەکان دەکوڵێننەوە.. نووسینی: دکتۆر ڕەفیق سابیر.

– ل 2 کۆبەرهەمی شانۆیی نووسەر و هونەرمەند مامۆستا تەلعەت سامان بڵاوکرایەوە.

– ل 3 و ل4 کۆدەکانی دەقی "شیخ مەحمودی زیندوو"ی دیلان.....نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم.

–ل 5 گۆشەی 19 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دەوە.

ل 6 پیاوێک لە هەنگوینی وشە...! لە یادی " شێرکۆ بێکەس"دا ئاریستەرزان هەب ،

– ل 7 پاشماوەی ل 1 لە یادی پێنج ساڵەی "کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان". نووسینی: ڕەفیق سابیر. نوسەری ناسراو پشکۆ نەجمەدین چۆن ڕۆمانی (ماڵی پشیلەکان)ی هیوا قادر دەبینێت...؟

ل 8 و ل 9 کورتەیەک لە مێژووی جوداخوازانی (کانتۆنی یورا) لە سویسرا.... فەوزی ڕەمزی.

... – ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد سابیر لە فینلاندەوە.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

05 Augustus 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-64
ژمارە 64 ی 05 ی ئابی 2019

لە یادی پێنج ساڵەی "کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان" پەرلەمان و حکومەتی هەرێم برینی ئێزیدییەکان دەکوڵێننەوە.. نووسینی: ڕەفیق سابیر

– پەرلەمانی کوردستان، دوو ساڵ دوای نەتەوە یەکگرتووەکان، کوشتاری ئێزیدییەکانی بە جینۆساید ناساند.

– پێویستە ئیزدییەکان خۆیان، لەژێر چاودێری و پارێزگاریی نەتەوەیەکگرتووەکان ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

پێش پێنج ساڵ تیرۆریستە ئیسلامییەکانی داعش، پەلاماری ئێزیدییەکانی ناوچەی شەنگالیان دا. هەزاران چەکدار و ئاسایش و پۆلیسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە شەنگاڵ بوون، بەبێ تەقەکردن، بە خۆیان چەک و زرێپۆشەکانیانەوە لە شەنگاڵ کشانەوە و سەدان هەزار منداڵ و ژن و پیر و کەسانی مەدەنییان بۆ داعش بەجێ هێشت. بەمەش جینۆسایدکردنی ئیزدییەکان، دەستی پێ کرد، کە گەورەترین تاوانی سەدەی بیستویەکەمە. شایانی باسە داعش، شەش مانگێک پێش ئەم تاوانە، لە ژمارە ٤ و ژمارە ٩ گۆڤارەکەیدا (دابق) بە ئاشکرا پلانی خۆیان لەبارەی ئیزدییەکان ڕوون کردەوەوە و بە پێی ئایەتی ئەنفال و حەدیس و چاولێکردنی کردەوەی ئەسحابەکان، ئێزیدییەکانیان وەک کافر ناساند و پیاوەکانیان بۆ کوشتن و ژن و کچەکانیان، وەک کۆیلەی سێکسی، حەڵاڵ کردبوون(١). لەمەش گرنگتر، بە پێی ڕۆژنامەی ئاوینە (ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٩) پەرلەمانی کوردستان (ڕۆژی ١ی تەموز ٢٠١٤ بە نووسراوێکی نهێنی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە کە، قەزای شەنگاڵ لە لایەن داعشەوە کۆنترۆل دەکرێت و کارەساتی مرۆیی لەو شوێنە ڕوودەدات، بەڵام حکومەتی هەرێم، هیچ ئیجرائاتیکی لەسەر ئەو ڕووداوە پێشبینیکراوە نەکرد). پێنج ساڵ دوای ئەو تاوانە هێشتا ئەو کەس و لایەنانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەم تاوانەدا، هاوکاری و کۆمەکی داعشیان کردووە، ئاشکرا نەکراون. لەمەش زیاتر، نەدراوە، پەرلەمانی کوردستان، یان دادگا، یاخود وەزارەتی پێشمەرگە، لێکۆڵینەوەی ڕوونکارانەی قانوونی و سەربازیی لەگەڵ هیچ کام لەو بەرپرسە سەربازی و ئەمنی و حیزبییانەدا بکات، کە خەڵکی ئێزدیی شەنگاڵیان بۆ داعش بەجێ هێشت! ئەمەش برینی ئیزدییەکانی بە کراوە و بەردەوام کولاوە هێشتۆتەوە.

دوای پەردەپۆشکردنی ئەم تاوانە نێودەوڵەتییە، لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕێی لیژنەی تایبەت بە خۆی، لەم تاوانەی کۆلییەوە.

لە ئەنجامدا ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٦ بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی، بە بڕیارێکی تایبەت، کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکانی بە جینۆساد ناساند و داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد، بڕیارێک، لەبارەی کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە هاگ بکات، بۆ ئەوەی ئەو دادگایە لەو تاوانە مەزنە بکۆڵێتەوە. ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جینۆسایدی ئیزیدییەکانی، لە پرسێکی نێوخۆیی عێراقەوە، گۆڕی بە پرسێکی جیهانی. بەم پێیە لێکۆڵینەوە لەم تاوانە و دادگاییکردنی بەرپرسان و بەشداربوون و هاوکارانی ئەم تاوانە، ئەرکێکی کۆمەڵی نێودەوڵەتیشە. پەرلەمانی کوردستان، دوو ساڵ دوای نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمڕۆ، لە یادی پێنج ساڵەی کوشتاری ئێزیدییەکاندا، بە بڕیارێکی نێوەچڵ و شەرمنانە، ئەم کارەساتەی بە جینۆساید ناساند. ئەم بڕیارە کاڵ و کرچەکەی پەرلەمان، ئەو ئیدیۆمەمان بیر دێنێتەوە کە دەڵێ: (کێوەکە زا و جرجێکی بوو(چونکە پەرلەمان ئەگەر بە ڕاستی نوێنەری خەڵکی کوردستانە، پێویستە:

یەکەم: لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەم تاوانە پێک بهێنێت و لێپێچینەوە لەو بەرپرسانە بکات، کە ئێزیدییەکانیان بۆ داعش جێ هێشت. هەروا دەبێ بەرپرسانی حکومەتی ئەو کاتە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە بۆچی کاتێ پەرلەمان لەبارەی پەلاماری داعش ئاگاداری کردنەوە، هیچ کارێکیان بۆ پاراستنی ئێزیدییەکان نەکرد...؟

دووەم پەرلەمان هاوکاری و کۆمەکی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات و دەوڵەتی عێراق هان بدات تا فشار بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بەرێت، کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان زوو لە دادگای نێودەوڵەتی یەکلایی بکرێتەوە.

کۆبەرهەمی شانۆیی نووسەر و هونەرمەند مامۆستا تەلعەت سامان بڵاوکرایەوە



لەم ماوەیەدا کۆبەرهەمی شانۆیی نووسەر و هونەرمەند مامۆستا تەلعەت سامان، لە لایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان لە هەولێر چاپکراوە، شایانی باسە کاک کاروان عەبدوڵڵای بەرپرسی دەزگاکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، کە نووسەر و شاعیر فەرهیدوون سامان برای کۆچکردوو، بتوانێت بەرهەمە شانۆییەکانی ئەم شانۆکارە مەزنەی کورد کۆبکاتەوە و ئامادەی بکات، وێڕای نووسینی پێشەکی لە ڕووی زمانەوانی و هەڵەچنیشەوە کاری بۆ کردووە، بڕیارە لە ڕێورەسمێکی جوان و تایبەتدا ئاهەنگی واژووکردن و بڵاوکردنەوەی بە ئامادەبوونی هاوڕێیان و دۆستانی کۆچکردوو بۆ ڕیکبخرێت... بۆ زانیاری پتر ئەو پێشەکییەی کاک فەرهیدوون سامان، کە لە کتێبەکەدایە لێرەدا بڵاودەکەینەوە :هونەرمەند و نووسەری شانۆیی مامۆستای کۆچکردوو تەلعەت سامان ناوێکی دیار و گەشی ناو دونیای نووسین و هونەری شانۆی کوردییە، لەهەمانکاتیشدا دەتوانین بڵێین پێشەنگی قوتابخانەی پێگەیاندن و دروستکردنی دەیان ئەکتەری دراما و شانۆیی بووە لە شاری هەولێر، چونکە بەر لە کارە هونەریەکانی کۆچکردوو لەو شارەدا شتێک نەبوو بە ناوی بزاڤی شانۆیی کوردی، مەگەر لێرەو لەوێ لەسەر ئاستی چالاکی قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردە، سالێ جارێک یان دووان کارێکی هونەری سادە لەسەر ئاستی ئۆپەریتی منداڵان لە بۆنە نیشتمانیەکاندا پێشکەش کرابێت، بەڵام بە دەرکەوتن و هاتنی مامۆستای نەمر تەلعەت سامان پتر لە نیو سەدە، لەو بوارەدا خزمەتی بە بزاڤی شانۆ و دراما کوردیی کرد لە کوردستاندا و بەتایبەت لە شاری هەولێردا، لێرەدا ئاماژە بە ژینامەی نووسەر و هونەرمەندی کۆچکردوو کە لەو کتێبەدا (کۆبەرهەمی شانۆیی) و بە تێرو تەسەلی باس لە کارە هونەرییەکانی کراوە، هەرلە سەرەتای تافی لاوێتیدا لە تەمەنی شانزدە ساڵی، بۆ یەکەمجار بە چەند دەقێکی ئیزگەیی بەشداری چالاکیەکانی ڕادیۆی کوردی بەغدا دەکات، دواتریش هەر لە ساڵی ١٩٦٧وەک خولیا و عیشقێکی سەرەدی بۆ هونەری دراما و شانۆ ڕوو دەکاتە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانستگای بەغدا، لە ساڵی ١٩٧٠ لیسانسی هونەری نواندن لەو کۆلیژە بەپلەی زۆر باشە وەدەست دەهێنێت.

بەیاننامەی یانزەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ هەلێکی زێڕین بوو بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو کە سوود لە ئازادی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی لەو قۆناغە وەرگرێت و برەو بە کارە هونەریەکانی بدات، وێڕای نووسینی نزیکەی پەنجا دەقی درامی و شانۆیی. چەندان تیپی هونەری شانۆیی وەک تیپی شانۆی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی، تیپی هونەری نوێی کوردی، دواتر لە دوای ڕاپەڕین تیپی شانۆی سامانی دامەزراند.

هەلبەتە مژارو ناواخنی تێکستە شانۆییەکانی کۆچکردوو زۆربەی زۆریان گوزارشت بوون لە پرسی نەتەوەی کورد و کێشە مێژوویەکانی و ڕەخنەگرتن بوون لەدەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان و کۆنەپەرستانی ناوەخۆ لە دەرەبەگ و ستەمکارانی کۆمەڵگای کوردی، پشت بەستن بە چیرۆکە میللیەکان و داستانە نەتەوەییەکان زۆرترین شاکاری هونەری شانۆیی ئافراند، لەوانەش دەقگەلی شانۆیی (مەم و زین. فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، قەڵای دمدم. شاری ئەوین. قەل و ڕووتە، پیلان، زنجیرە درامای کەوەکانی قەرەچووخ و خانزادێکی تر...هتد)، وێڕای ئامادەکردنی دەیان کاری هونەری بۆ شاکارەکانی وەک: ڕۆمانی حەمەدۆک و داستانی چیای ئاگری یەشار کەمالی ڕۆماننووسی تورکی بە ڕەسەن کورد، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ستەمکاری بەعسدا گەورەترین دژایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرخۆدان بوو، لە ڕێگای هونەری شانۆوە. مایەوە ئەو بڵێم کۆچکردوو لەو سالانەی دوایی ژیانی سەبارەت بە زۆر هۆکار، لە ڕەوشی هونەری شانۆیی کوردیی بێ تاقەت بوو، من وەک برا بچووکی خۆی هانمدا، کەسەرجەم دەقە شانۆییەکانی بخاتە بەردەستم بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگاری بکەم و وەک کتێب بۆی چاپ بکەم، ئەوە دوای هەوڵی بێوچان و ماندووبوونی زۆر و گەڕان بە دوای تێکستە هونەرییەکانی... لێرە و لەوێ ژمارەیەکی بەرچاومان دەست کەوتەوە، منیش خۆبەخشانە قۆڵم لێ هەڵمانی دوو کارم بۆ ئەنجامدا، یەکیان زۆرینەی دەقەکانم بۆ تایپ کرد، دووەم لە ڕووی زمانەوانی و ڕێنووس و خاڵبەندییەوە دەستم بە هەموویاندا داهێنا، ئەوە بوو لە ڕێگای دەزگاکانی چاپەمەنی، وەک بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێر، دەزگای چاپ و وەشانی ئاراس کتێبەکانیمان بە چاپ گەیاند، دواجاریش مخابن دوای کۆچی ناوادەی هونەرمەندی نەمر، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان ئەو ئەرکە پیرۆزەیان خستە ئەستۆی خۆیان، سەرجەم کتێبەکانی، کە پێج کتێبی چاپکراو بوون، لەدوتوێی کۆبەرهەمی شانۆییدا بە چاپ گەیاندران، هیوادارین توانیبێتمان کەمێک لەو قەرزە بدەینەوە مامۆستا تەلعەت سامانی هەردەم لەیاد، کە نزیکەی پەنجا ساڵ خزمەتی بە چەندان نەوەی هونەری و بزاڤی شانۆیی لە کوردستان کرد...

فەرهیدوون سامان

کۆدەکانی دەقی "شێخ مەحمودی زیندووی"ی دیلان.....نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف گەریم

پ.د.زاهیر لەتیف گەریم

بەشی یەکەم

زمانی شیعر بەهێماو ئایکۆن و نیشانە و کۆدەکانییەوە، لەبنەڕەتدا بریتین لەکۆمەڵێک دیمەن و وێنە و سۆز و ئەندێشە، کە هەندێکیان لە واقیعدا بوونیان هەیە و هەندێکی تریشیان لە دەستکردی خەیاڵە. هەموو ئەم وێنە و دیمەنانە دەرئەنجامی ململانێی هێزی ناوەوە و دەرەوەی خاوەن دەقە، کە بەپێی گریمانەکان ڕەنگە بەدرێژایی زەمەن لەگەڵیدا بێت. گەر بڕوانینە دەقەکەی دیلان (شێخ مەحمودی زیندوو)، کە بەبۆنەی کۆچی شێخەوە لەساڵی 1956 نووسراوە، ئەوا یەکسەر خۆمان لەنێو دوو فۆرمدا دەبینینەوە:

یەکەمیان وشەکان وەک ئەوەی کە لەواقیعدا بەرجەستە دەبن.

دووەمیان: مانای ناوەوەی وشەکان، کە لەناخی شاعیردا بوونیان هەیە. لێرەدا ئەرکی خوێنەری نموونەیی و پشت بەست بە تێڕوانینە ڕەخنەییە تازەگەرایی و دوای تازەگەراییەکان، کردنەوەی کۆدی ئەو وشانەیە و دواتر گواستنەوەیانە لەدۆخێکی سروشتی بەکارهێنان بۆ دۆخێکی دەربڕینی بابەتگەرایی. بەبێ ئەم خوێندنەوەیە ستراتیژییەتی دەقمان بۆ دەرناکەوێت. بەپێچەوانەوە دەقەکە لە بازنەیەکی مانایی گشتگیریدا دەسووڕێتەوە، کە هۆکارێک دەبێت بۆ کوشتنی داهێنانی دەقەکە. لەم دەقەدا، دیلان چەند گریمانەیەکی مانایمان دەداتێ، کە توانای دەستنیشانکردن و بەرپرسیارێتی مانا گشتییەکەی هەیە، ئەمەش بەمەبەستی کارنامە هەڵچوونی و وروژاندنییەکان تا ئاڕاستەی خوێنەر، بەشێوە گشتییەکەی، بگۆڕێت لە ئاڕاستەیەکی مێژوویی سادە، بۆ ئاڕاستەیەکی ئیحائی پڕ مانا. هەر لەبەر ئەمەشە کە گوتراوە وشەی شیعر لە بنەڕەتدا ئەو وشەیەیە، کە شیعرییەتی لێ دروست دەبێت، ئەمەش بەو مەرجەی وشەکان گەمارۆ درابێت، بەمانای ماناکان، یان بەلادانی پێوەرەکانی زمان وەک پێشخستن و دواخستنی ڕستە و فرەیز و گەمە ڕەوانبێژییەکان. ئەم دەقەی دیلان،لەڕووی سیمیۆلۆژیاوە، پشتی بەتێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان واقیعی تێکڕای خەڵک و ڕووداوە بابەتییەکان بەستووە. سستمەکەش خۆی لەودا دەبینێتەوە تا ڕێژەی تێکڕای خەڵکی لەزیادبووندا بێت ئەوا لەبەرامبەردا نامەکەی شاعیر، لای ئەو تێکڕایە، زیاتر جێگەی خۆی دەگرێت، بەڵکو ئەو تێکڕایە دەبێتە بەشێکی هەرە گرنگی دەقەکە و بەشدار دەبێت لەدید و بۆچوونەکانی شاعیر. بەمەش گەرچی دەق لەبنەڕەتدا خواستێکی خودی وتاکییە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خاوەن دەق تەواو تێکڕای خەڵکی مەبەستە، وەک ئەوەی مەبەستی بێت مانای دەقەکەی بگەیەنێت بەو تێکڕایە بەوپێیەی ئەو مانایە بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندی بەو تێکڕایەوە هەیە. لێرەدا سۆسێر(1857– 1913) دەڵێت"زمان لەدوو جەمسەری سەرەکی پەیدا بووە، ئەوانیش تاک و کۆیە و هیچیان لەوی تریان بەهێزتر نییە". ئەمەش، وەک هەر خۆی دەڵێت: "دەرئەنجامی پەیوەندییە سیمۆلۆژییەکانی نێوان مانا و مانای ماناکانە، یان نێوان خوێنەر و دەق و خاوەن دەق و دەقە".



بەشێک لەم پەیوەندیانە لەڕێگەی کردنەوەی کۆدەکان و ڕاڤەکردنیانەوە ئەنجام دەدرێت. واتە گەر کۆسپێک، بەهۆی بەکارهاتنە زمانەوانییەکانەوە، پەیدا بوو، ئەوا وەک سۆسێر دەڵێت، دواتر پەیوەندییەکانی نێوان ئەو جەمسەرانەی بەرەو شکست دەڕۆن و بەمەش نامەکە وەک پێویست ناگاتە جێگەی مەبەست. بۆ نموونە لەکاتێکدا دەڵێین "مەلیک مەحمود" ئەوا دەبینین کە لەچەند پیتێک پێکهاتووە و خوێنەر، تەنانەت تێکڕای خەڵکی، تێدەگات کە ئەم مەلیکە شێخ مەحمودە سەرکردەیەکی دیاری خەبات و تێکۆشانی کوردە، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەوڵێکی زۆر گەورەیدا بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی کورد، لەچوارچێوەی جوگرافیایەکی نیشتمانی دیاریکراودا، کە دەرئەنجام ڕووبەڕوی چەندین گرفت و کێشەی سەختی سیاسی و ئابووری و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی بوەوە. گەر ئەم دەستەواژەیە یان ئەم وشانە مایەوە و کاری لەسەر نەکرا، یان وەرنەگێڕایە سەر کلتوور و زمانەکانی تر بەنموونەی ئینگلیز ئەوا خوێنەر، بەگشتی و خوێنەرێکی ئینگلیزی بەتایبەتی، ناتوانێت وەک پێویست پێناسەی ئەم مەلیکەمان بۆ بکات، بەڵکو ڕەنگە نەشزانێت ئەم مەلیکە کێیە و کەوتۆتە چ جێگەیەکی جوگرافیاشەوە. ئەمەش بەهۆی تێکشان و هەرەسی ڕۆشنبیری و دابڕان ونبوونی پەیوەندییەکانە، لەنێوان ئەو جۆرە لەخوێنەران. بەمەش کۆدی دەستەواژەکە بۆ خوێنەرە گشتییەکە، وەک خۆی مایەوە و نەچووە بواری کارنامەکانەوە. لەگەڵ ئەمەشدا گەورە زانای سیمانتیک و پراگماتیک، چارڵس پیرس (1839–1914)، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەم تێکشان و دابڕانەی داوە، ئەویش لە ڕێگەی نەخشە سێکوچکە بەناوبانگەی بەنێوی "کۆد و بابەت و ڕاڤەکردن". لەکۆدەکەدا ئاماژەکان خۆیان لەدەرەوەی دەقدا دەبینێتەوە و دواتر بابەتێک دەخوڵقێت، کە پێویستی بەخودێکی بەئەزموونە، تابتوانێت ڕاڤەیان بکات و لەوێشەوە چەمکە تێگەیشتنی و گواستەوەییەکان سەرهەڵدەدەن. هەر بۆ نموونە کە دەڵێین "مەلیک مەحمود"، ئەوا لە ڕێگەی گێڕانەوەگەرییەکانەوە، بەتایبەتی ڕەهەندە مێژووییەکەی، دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، کە ئەم مەلیکە چۆن بوو بەمەلیک و چیشی دەویست لە مەلیکییەکەی! یان مەلیکی کێیە و داواکارییەکانی بریتی بوون لەچی! ئایا مەلیکێکی خۆشەویست بوو یان نەگریس! دەرەوەی خۆی بە دراوسێ و دوور لەدراوسێکانی چۆن سەیریان دەکرد!؟ ئایا سەرکەوتنی سۆسیۆلۆژی و ئابووری و فیکری بەدەستهێناوە، یان تەنها کارێکتەرێکی وەرەقی بوو هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، جگە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی!؟ بەڵام کە خوێنەری نموونەیی دەچێتە نێو ناوەڕۆکی مێژوویی ئەم مەلیکەوە ئەوا بۆی دەردەکەوێت، کە ئەم مەلیکە پێش بوونی بەمەلیک لە بنەماڵەیەکی خانەدانی کۆمەڵگایە و لەپێناو خاک و نیشتمان و مەسەلە گەورەکانیدا خۆی بەخت کردووە، بەڵکو لەوەش زیاتر زیندانی کردۆتە کۆشکێکی پیرۆز بۆ مەسەلەکانی. واتە ئەم مەلیکە لە خۆڕا نەهاتووە و دەرئەنجامی تێکۆشان و ئازایەتی و بوێری و جوامێرییەکان بوو.

بڕوانە لاپەرە 4

کۆمەڵگای کوردی تەنها یەک مەلیک مەحمودی هەیە، ئینجا ئەو مەلیکە نەمر بێت یان زیندوو لەڕوی سیاقی مانایییەوە هیچ کێشە دروست ناکات چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە مەلیکەکە بۆ کورد، کەسێکی نموونەیی یان خۆشەویست بوو

لێرەشەوە بابەتی ئەم مەلیکە، بابەتێکە کە پێدەنێتە قۆناغی بابەتگەراییەوە وەک ئەوەی بۆ ئەم بابەتە خولقابێت. بەمەش تێکڕای خەڵکی پێوستیان بەڕاڤەی خوێنەرە نموونەییەکانە و لێرەشەوە جیاوازییەکان لەنێوان خوێنەرەکاندا، بەئینگلیزەکانیشەوە دروست نابێت، چونکە مەسەلەی ڕاڤەکە تەواو کارئاسانی کردووە، بەبێ جیاوازی. هەر لەبەر ئەمەشە پێرس، سەبارەت بەتێگەیشتنەکان، پشتی بەئەزموونە مرۆڤایەتییەکان بەستووە، لەکاتێکدا ئەم ئەزموونە سوود لەچەمکە فزۆلییەکان دەبینێت کە خۆڕسکانە بەدوای زانیاری ڕووداوەکاندا دەگەڕێت، وەک ئەوەی مەحمود ناوێکی ڕۆژهەڵاتییە و مەلیکەکەش سەر بەم جێگەیەیە. گەڕان بەدوای کۆدی ئەم ناو سیفەتەدا لەنێو ئینسکلۆپیدیای فەرهەنگی سیاسی و فیکریدا کارێکی زۆر گران نیە و سەرچاوە پێویستەکان، دەتوانێت سەرەداوی ئەم کەسێتییە ئاشکرا بکەن. ئەمەش بەوپێیەی پەیوەندی نێوان ناو و سیفەتەکە، لەبنەڕەتدا پەیوەندییەکی هۆکارییە نەک هەڕەمەکی. بەئاڕاستەیەکی تر، تێگەیشتنی ئەم کۆدە لەڕێگەی چەمکە میژوونییەکانەوە پەیدا دەبێت. کوردیش پێش لەدایک بوونی مەلیک مەحمود و مەملەکەتەکەی ئاشناییەتییەکی میژوویان، لەگەڵ ئەم سیفەتەدا(مەلیک) دروست کردووە، ئەویش لەڕێگەی بەرهەمە چیرۆکی و حیکائییەکانەوە. گەر بمانەوێت بەهەمان تێڕوانین سەیری ناونیشانی دەقەکەی دیلان بکەین: شێخ مەحمودی زیندوو" ئەوا دەبینین دەستەواژەکە، بەشێوە گشتییەکەی پێکهاتووە لەدوو بازنە.

یەکەمیان بازنەیەکی سروشتییە (شێخ مەحمود)، کە ئەم ناو وتایتڵە گەلێک زۆرە لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کوردی بەتایبەتی.

دوهەمیان: وشەیەکی زۆر سروشتییە و هەمیشە لەسەر زاری هەمووانە بەجیاوازی جێگە و زمانەوە، بەڵام بەتێکەڵبوونی ئەو دوو بازنەیە، لەوە دەگەین کە ئەم شێخ مەحمودە، مەلیک مەحمودی کوردە ئەویش بەهۆی قورسایی وشە و سیفەتی زیندووەوە. بەمەش جیاوازی نامێنێت لەنێوان ناونیشانی سەرەکی دەقەکەی دیلان و ناونیشانی"مەلیک مەحمود"، چونکە یەک شت کۆیان دەکاتەوە ئەویش زیندوێتی ئەم سەرکردە کوردەیە. بەمەش دەشێت جێگۆڕکی لە ناونیشانەکەدا بکرێت، بەبێ ئەوەی لەڕووی مانایییەوە کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر کەسێتی مەلیک مەحمود دروست بکات. لەم گۆشەیەوە، پێنج ئاماژەی سەرەکی دەتوانن دەستنیشانی هێزی کۆدەکان بکەن:

– ئاماژەی یەکەم/ ئاماژەییە نموونەیی و پێکهاتەییەکان.

یەکەمیان: (نموونەیی) بریتییە لەیەک خانە یان چەند خانەیەک کە خوێنەر بۆی هەیە یەکێکیان هەڵبژێرێت وبیکاتە بنەمای بیرکردنەوە ڕاڤەییەکانی. دروستکەری ئەم خانەیەش خۆی لەدوهەمدا دەبینێتەوە کە پێی دەگوترێت: "ئاماژەییە پێکهاتەییەکان". بۆ نموونە،لەکۆدی "مەلیک مەحمود" دا، خوێنەر بە دیلان یشەوە، بەهۆی دراوسێیەتی ماناکانەوە، هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەتوانێت کۆدێکی هاوشێوە لەکێش و قەبارە و هێزدا هەڵبژێرێت ئەویش "شێخ مەحمودی زیندووە"، کەکۆدی یەکەم دەبێتە سەرچاوەلێگرتنێک (مرجع) بۆ کۆدی دووهەم. بەمەش ئەو کۆدانەی، کە دەسووڕێنەوە لە"مەحمود" دا بریتین لە: مەلیک،شێخ،زیندوو. خوێنەریش لەڕووی سیاسی و فیکری و میژووییەوە گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی، کە مەلیک کۆدێکی کۆنی میژووییە و لەنێو گێڕانەوە زەمەنییەکاندا جێگیر بووە. کاریگەری ئەم کۆدە لەڕێگەی چەمکە جیرییەکانەوە توانای خولقاندنی زەمەنێکی نوێ و تازەیان هەیە بەنموونەی مەلیک مەحمود. زیندوویەتی و نەمریی

سۆسێر(1857– 1913)

مەلیک مەحمودیش توانای دریژەپێدان و بەردەوامی خەبات و تێکۆشانی دەبێت.

ئاماژەی دوهەم/ ئاماژە مانایییەکان. ئەم ئاماژەیە، لەپێناو گەیشتن بەڕاستییەکانی کۆد، بەدوای مانای ماناکاندا دەگەڕێت. واتە لە کاتێکدا دیلان دەڵێت: "شێخ مەحمودی زیندوو"، ئەوا مەسەلە سیاسی و فیکری و نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەبنە چەقی کارنامەکانی ئەم شێخە، وەک ئەوەی گەر ئەو کارنامانە نەبێت ئەوا مەلیک ماناکانی خۆی لەدەست دەدات و بەڵکو هیچ مانایەکی نامێنێت. بۆیە لەئاماژە مانایییەکاندا کەسێتییەکەی ئەم شێخە پێدەنێتە بازنەی دەسەڵاتە کاریزماییەکان نەک پێچەوانەکەی.

– ئاماژەی سێهەم/ ئاماژە ڕێکەوتنییەکان. نموونەی هەردوو ئاماژەی پێشوو، ئەوەمان پێدەڵێت کە لەنێوان کۆدەکانی زەمەندا جۆرە ڕێکەوتنێک هەیە، کە ڕەهەندە فیکری و سیاسی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان فاکتەرێکی وزەبەخشن بۆ ئەم ڕێکەوتنە. بۆ نموونە لە کاتێکدا دیلان دەڵێت: "شێخ مەحمودی زیندوو "، ئەوا بەهۆی ڕێکەوتنەوە هیچ زیانێک بەکۆدی مەلیک مەحمود ناگەیەنێت، بەوپێیەی پێشتر ڕێکەوتنی فیکری و ڕۆشنبیری و سیاسی لەنێوانیاندا هەیە. واتە شتێکی نامۆ یان لەدەرەوەی کەسێتی ئەو کۆدانەدا بوونیان نیە. ئەمەش لەڕوویەکی ترەوە پێی دەگوترێت نزیکایەتی یان دراوسێیەتی کۆدەکان. واتە گەرچی مەحمود ناوە بەڵام دەورە دراوە بەنازناو و سیفەت، کە سەرجەمیان فیکرێکی سیاسیان دروست کردووە، کەهەمیشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە، چونکە لەولاوە کۆدە میژووییەکان پشتگیری تەواوی لێ دەکەن.

– ئاماژەی چوارهەم/ئاماژە پەیوەندییەکان. بەوپێیەی ناو و نازناوەکە خۆڕسکانە دروست نەبووە، ئەوا ڕێکخستن لە نێوان ئەو ناو و نازناوەدا، لەپێناو پەیوەندی زەمەنی کۆدەکاندا دروست بووە، کەخۆیان لەمانا تایبەتەکاندا دەبینێتەوە و لەنێوانیشیاندا هیچ بۆشاییەک دروست نابێت، وەک ئەوەی ناونیشانەکە بکەین بە شێخ مەحمودی زیندوو، یان نەمر یان مەلیک مەحمودی نەمر، یان زیندوو، یان مەلیکی نەمر یان زیندوو...هتد. ئەمەش لەکاتێدا کە کۆمەڵگای کوردیی تەنها یەک مەلیک مەحمودی هەیە، ئینجا ئەو مەلیکە نەمر بێت، یان زیندوو ئەوا لەڕووی سیاقی مانایییەوە، هیچ کێشە دروست ناکات، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە مەلیکەکە بۆ کورد، کەسێکی نموونەیی یان خۆشەویست بووە.

ماوێتی

گۆشەی 19 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

دوو کەسی ئێزدیی لە ئەڵمانیا مافی پەنابەرێتییان پەتکرایەوە

لەمڕۆژانەدا دادگای هەرێمی نیدەرزاکسن داوایەکی مافی پەنابەری پیاوێکی عێراقی و خوشکەکەی ڕەتکردەوە، چونکە دادوەر پێی وابوو مەترسی لەسەر ژیانی ئێزدییەکان لەب اکوری عێراق نەماوە و دوای دەرکردنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، ئەگەری گەڕانەوەی ئەو ڕێکخراوە بۆ سەر ئەو ناوچانە لەئارادانیە، ئەمەش لەدوای ڕووداوانی کارەساتی ڕەشەکوژی ئێزییەکان بەدەستی داعش، ئەمە یەکەمین کەیسە، کە ڕەتبکرێتەوە و ئێزدی لەئەڵمانیا مافی پەنابەرێتی پێنەدرێت.

لە شارەگەورەکان یاری ناگرین قەدەغەکرا

لەپێناو پاراستنی ژینگەیەکی ساف و ئاوهەوایەکی سازگار دەستەی پاراستنی ژینگەلەئەڵمانیا DUH بریاریدا کە یاریە ئاگرینەکان و تەق تەقێنەلەشەوی سەری ساڵی تازە لەناو ٣١ شاردا قەدەغە بکات کەئەمانەن" هالە ،نۆرەنبێرگ، ئێسن،ئێسلینگن، هایلبرۆن، لودفیگسبۆرگ، میونشن، فرانکفۆرت، دۆرتمۆند، دوسلدۆرف، ئوبەرهاوزن، هامبۆرگ، لیمبحۆرگ، بیلەفێلد، ماینز، ریوتلنگن، ئۆفنباخ، کیبل، ڤۆرتسبۆرگ، هانۆڤەر، ئولدنبورگ، ڤۆبەرتال، ئاخن، دارمشتاد، پاساو، ڕگنسبورگ."

نەفغانیەک دەستگیرانەکەی لەت وپەت کرد

لەشاری دۆرتمۆند کوردێکی ئەفغانی ٢٤ ساڵ، کاتێک لەگەڵ کچە هاوڕێکەی، کەتەمەنی ٢١ ساڵ دەبێتە دەمەقاڵێیان دەست دەخاتە بینی و دەیداتە بەرچەقۆ، ٧٠ چەقۆی لێ دەدات و لەتوپەتی دەکات، ئینجا دەیخاتە ناو جانتایەک و لە شوقەکەکە دەیباتە دەرەوە، دەچێت لە پارکێکی ئۆتۆمبێل فرێی دەدات، دوای لێکۆڵینەوە پۆلیس گەنجەکەی لەشاری تسفیکاو دەستگیرکردووە و بە هەلیکۆپتەر گواستویەتیەوە بۆ دۆرتمۆند، تۆمەتی کوشتنی بەئەنقەستی دراوەتەپاڵ و لەوەدەچێت سزای زیندانی تاهەتایەی بەسەردا بسەپێندرێت.

سەرۆکی پێشوی AUDI دەستگیرکرا

بەتۆمەتی دەست هەبوون لەو فرتوفیلانەی، کە لەئۆتۆمبێلی جۆری ئادودیەوە، لە ساڵانی ڕابردوودا کراون، بەفەرمانی داواکاری گشتی "ڕۆبەرت شاتدەر" سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی جێبەجێکاری کۆمپانیاکە، لەگەڵ سێ لەکاربەدەستیدی دەستگیرکران وەدخرێنەبەردەم دادگا، شایانی باسە بەهۆی ئەوفرت وفێڵانەوە، کە لەکۆتایی ٢٠١٥ لێیان ئاشکرابوو بەفەرمانی دادگا کۆمپانیای ئاودی زیانی ٣٠ ملیار یۆرۆی پێگەیشت و تا ئێستاش ئەو کەیسە هەر ماوە.

بەناوی پۆلیسەوە پاسێکی پڕ لە پارە دزرا

لەشاری کالسرۆ کاتێک پاسێکی سەربە کۆمپانیایProsegur پارەی کۆمپانیاکەی دەگوازتەوە بۆ بانک، لەڕێگا باندێکی دزی بە جلی پۆلیس و بە ئۆتۆمبێل و بەدەمانچەوە ڕایاندەگرن و بە نیشاندانی دیکۆمێنتی پێویست، کە گوایە فەرمانیان پێیە دەست بەسەرپارەکەدا دەگرن، دوایی دەردەکەوێت کە ئەوانە دزبوون و بەو فێڵە توانیوویانە، ئەو هەموو ملیۆنان یۆرۆیە بدزن، پۆلیس خەریکی لێکۆڵینەوەیە و سەرکۆنەی ئەو دوو کارمەندە باوەڕپێکراوە دەکرێت، کە چۆن ئەو فێڵەگەورەیان لێکراوە.

گایەکی هار دووکەسی کوشت

لە پاوانێکی هەرێمی باڤاریا، لەکاتێکدا کە گاوانێکی تەمەن ٦٠ ساڵە خەریکی ئالیکدانی مانگاو گوێرەکەکانی دەبێت، لەپڕ گایەکی هار پەلاماری دەدات و دەیکوژێت، دوای کەمێکی تر، کاتێک باوکە پیرەکەی گاوانەکە، بەدوای سۆراغی کوڕەکەیدا دەچێتە ناو پاوانەکە و تەرمی کوڕەکەی دەبینێ و لێی نزیک دەبێتەوە، دیسان گایەکە پەلاماری باوکیشی دەدات و دەمودەست ئەویش دەکوژێت، ئەمجارە ژنەکەی تەلفۆن بۆ ئیسعاف دەکات و تیمی فریاگوزاری دەگەنەسەر تەرمەکان، گاهارەکە پەلاماری ئەوانیش دەدات، تا بەتەقەی پۆلیس، ئینجا دەتوانن تەرمەکان بگوازنەوە.

داوادەکرێت لەپۆلدا تەلەفۆن قەدەغەبکرێت

یەکێتیی مامۆستایانی ئەڵمانیا، لە بەیاننامەیەکدا داوای لە حکومەتی فیدراڵ کردووە، کە سنورێک بۆ پێشێلکردنی مافی مامۆستایان دابنرێت، بەوەی زۆرێک لە خوێندکاران بەهۆی تەلەفۆنەوە لەکاتی وانەگوتنەوەی مامۆستایاندا، لەناو پۆلەکاندا وێنە و گرتەی ڤیدیۆییان دەگرن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوی دەکەنەوە، تا ئێستا چەندین خوێندکار بەهۆی ئەم ڕەفتارانەوە لە پۆلەکان دەرکراون، بۆیە یەکێتیەکە داوا دەکات بردنە وەژوورەوەی هاندی بۆناو پۆلەکان قەدەغە بکرێت.

بەهۆی کۆچبەرانەوە مەلەوانگەیەک داخرا

مەلەوانگەیەکی شاری دوسڵدۆرف، بەهۆی کاری تێکدان و خراپەکاری و دەستدبردن بۆ ژنان لەمانگی ڕابرووودووا مەلەوانگەیەک بۆ چەندین جار داخرا و سەرەنجام ئێستا وەک فەرمابگەیەکی ئاسایش ڕێپۆشوێنێکی توندی لێ گیراوەتەبەر، دواجار ژمارەیەکی زۆری ئافریقایی کە نزیکەی ٦٠ گەنج دەبوون، بەیەکەوە چووبوونەناو مەلەوانگەکە و کاری ئاژاوەیان نابۆوە، هەرەشەشیان لەستافی مەلەوانگەکە کردبوو، ئەگەر قسەبکەن دەیانکوژن، تا بەزەبری پۆلیس لەوێ کرابوونە دەرەوە.

پیاوێک لە هەنگوینی وشە...! لە یادی " شێرکۆ بێکەس"دا

زۆر سەختە باس لە مەرگی گوڵێک بکەیت و بەڵام هێشتا بەرامەی وەک خۆی لە باخەکەدا مابێت، گرانە و سەرکێشییەکی بێمانایە لە ونبوونی کەنارییەکی خۆشخوان بدوێیت و کەچی ماڵەکەت لە نەغمەی ڕەنگاوڕەنگیدا سەرمەست بووبێت.

هەمیشە ئەو جۆرە سەرکێشییانە بە جۆرێک هەناسەم تووند ئەکەن ،ئەڵێم هاکا وەک زەرنەقووتەیەک لە هێلانەکەم بەربوومەوە وبەرلەوەی بکەومە زەوی ، بازێک چنگم لێگیر کات و لە چاوتروکانێکا بمباتە کەشکەلانی فەلەک.

ئەوەندە کشانی ئەستێرە، ڕوانینی پەلکێش کردم و هێندە خەریکی دڵدانەوەی ئەو چەمانە بووم، کە هەمیشە لە پرسەی ماسییەکاندا خامۆش..خامۆش ئەڕۆژان، ڕەنگی فەنابوونم لێنیشت، من ئیتر حەوسەڵەی ئەوەم نەماوە، سەیری گیانەڵای کلوەبەفرێکیش بکەم، بڕستی ئەوەم لەبەر بڕاوە لە سەرەمەرگی بارانا ئێشک بگرم، ئاخر هەموو گیانەڵایەک، چاوە ماتەکانی "شێرکۆ"م وەبیردێنێتەوە و ئەو شیعرانە دێنێتەوە بەر قاپیی خەیاڵم، کە جار...جار ئارام و جار..جاریش بە لێزمە خۆشەویستیی و فرمێسک و بۆکڕووزی ئاهی بێوەژنێکی کۆڵ و هەنسکی منااڵێکی لانەوازیان لێ ئەبارێ. هەر سات تووترکی ماتەمینییەک لە سەراپام گیر ئەبوو، شیعرێکی قژتەڕی " شێرکۆ" تەقەی لە شووشەی پەنجەرەکەم هەڵئەستان ومنیش ماندوو.. ماندوو بە ئەسپایی پەردەکەم لائەدا وپەنجەرەکەم بۆ ئەخستە سەرپشت، بەر لە وشەکانی ،" ئەو" بەپرتاو خۆی ئەکرد بە ژووراو و بەو نەغمە گڕ و ناوازەیەی خۆیەوە پێش من دەستی ئەکرد بە خوێندنەوەی شیعرەکە و ئیتر منیش هەورێک لە شەرم دایئەپۆشیم وزاتی ئەوەم نەئەکرد پێی ببڕم و خۆم شیعرەکەی تەواو بکەم. ئاخر " شێرکۆ"، هەربە تەنها شیعرەکانی ئۆرکستڕای ڕەنگ و کەرنەڤاڵی ئەستێرە ومێخەکبەندی لەنگەرگرتووی سەر جووت مەمکی شۆڕەژنێک نەبوون؛کە ئەکەوتە سەر سەودای شیعر خوێندنەوە، دەنگیشی بورکانێک بوو نێڵە نێڵ ئەسووتا و تاقگەیەک بوو لە میسک و بەخۆر ئەڕژا، باخێکی دەستبڵاو و سەخی تەبیعەت بوو، باخێک، هەموو میوەیەکی ئەبەخشی.

لە هەر گۆشەیەکی ئازارەوە نیگا هەڵخەیت، بڵێسەش نەبێ، تروسکەیەک بەدی ئەکەی شیعرێکی "شێرکۆ" لەبەریا دانیشتبێ و سەرقاڵی نووسینەوەی مەینەتیی ئێمە وهەڵکشان وداکشانی دەریای کارەساتەکان بێ، لە هەر کوێوە دیقەت بدەی چەڕەدووکەڵێک چاو ئەکەیت وکە لێی نزیک بوویتەوە " شێرکۆ"یەکی تیا ئەدۆزیتەوە کە بەدەم کێشانی یەک دوای یەکی جگەرەوە خوێنی خۆی ئەکا بە سووتوو.

****

بەرزان هەستیار

تامی پەشمەکی ئەو نەرمە گلەییە شیرینەم هەر لە زاردایە کە جارێک پێی وتم ئەو هەموو ترس و تارمایی مردنە چییە لە شیعرەکانتا؟ ئەفسووس ئەوە یەکەمجار بوو " شێرکۆ" وا بە بێئاگایی ببینم ، ئاخر ناکرێ "شێرکۆ" لەو هەموو بێمروەتییەی مردن تێنەگا، سەیرە " شێرکۆ" نەیزانیبێ پشکۆ گەشەکەی مردن هەمیشە وەک باڵندەیەکی ئەفسانەیی بەسەر سەرمانەوە ئەخولیتەوە و لە کەمترین دەرفەتدا کڵپەی زێمارێک بەرئەداتە حەوشە وهەیوانی دڵان و ئەنگووستەکانمان ئەکاتە کۆڵەوژ ، ئاخر " شێرکۆ" خۆ مەملەکەتی بەرینی شیعرەکانی خۆت پڕە لە گۆڕستانی گوڵەبەیبوونەکانی نیشتیمان ، سیخناخە لە فرمێسکی هەڵقرچاو و زەردەخەنەی مل بەکوێن..گلەیی چیم لێئەکەی "شێرکۆ".. گلەیی چی؟ چەند جار شیعرەکانی خۆت هەتا بەردەرگای مردن ڕاپێچکراون و بەڵام بە سەرچڵیی خۆیان گەشتوونەتەوە ئاواییە شینەکانی ژیان ؟ " شێرکۆ " زۆر لە مێژە " ئەنوەر قادر"ی هاوڕێت لەبەر هەیوانی فێنکی شیعرێکا نووسیوێتی "مردن.. مردن کەنارێکی شین و تەڕە، ئێواران پیاسەی پیا ئەکەم "؛ دەسا پیاسەی ئەم ئێوارەیە و هەموو ئێوارەکانی تەنیایی تۆش باش، ڕەنگی ئەم ئێوارەیە و هەموو ئێوارە ڕەنگاڵەییەکانی ترت جوان، شیعری ئەم ئێوارەیە و هەموو ئێوارەکانی تری بێدەنگییت شاد، ئێوارەیەک کە دڵنیام شیعرت ئەوەندە تێیدا کڕێوە ئەکا، هەموومان ئەکەی بە سەرپۆشێکی سپی، دابارێ و تا ئەبەد بە بێگەردیی بریسکەت بێ و چەشنی گەوهەری یەکدانە ورشە و پرشەت، ماڵە بێ چراو کووچە نووتەکەکان پڕ بکا لە جریوە.. جریوی ڕووناکیی. هەر کەمێک پێش ئێستا وەک ئەوەی لەرزی شتێک دایگرتبم، لەرزێ کە نەزانرێ لە کوێوە چۆراوگە ئەبەستێتە ڕۆحەوە، وەک خەمێکی ناو شیعرەکانی تۆ گرمۆڵە بووبووم و وەک پارچە سەهۆڵێک، تەزیو ، سوپاس بۆ خەیاڵی سەرکێشم کە ڕاستەوڕاست بردمیە ژێر بنمیچی پڕ ئاسوودەیی باڵەخانەی دیوانێکی تۆوە و ئیتر هێدی..هێدی قاچەکانم درێژ کرد و پەیتا..پەیتا پشکۆی ئاگردانی شیعرەکانت پڕیان کردمەوە لە ئۆخژنی گەرمبوونەوە ، پەنگری دڕێکت، دەستم و یەکێکی تریان تەزووی ئەبەخشییەوە بە سنگی شەختەکردووم ، بۆیە ئەڵێم منەتباری تۆم "شێرکۆ" ، دواجار سوپاس بۆ درەخت و هەتاو و گەڵای زەرد وکلوەبەفری شیعرەکانت ، سوپاس بۆ شەونخووننیت بەدیار پیربوونمانەوە، سوپاس بۆ ئەوەی نەمردیت هەتا سەراپا بااڵت لە شیرینیی شیعر هەڵکێشا و بوویتە پەیکەرێک لە هەنگوینی وشە

****

پاشماوەی ل 1 لە یادی پێنج ساڵەی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم برینی ئێزیدییەکان دەکوێننەوە

نووسینی: رەفیق سابیر

سێیەم ئێزیدییەکان خۆیان، لەژێر چاودێری و پارێزگاریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن و بندەستی هیچ لایەنێک نەکرێن.

بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان، هەڵاتنە لە بەرپرسیارێتی، هەروا درەنگ و ناتەواوە و زیاتر برینی ئێزیدییەکان دەکوێنێتەوە، نەک هەوڵێک بێت بۆ دۆزینەوەی راستی و سەپاندنی عەدالەت، بۆیە بەدووری نازانم، کە زۆرینەی ئێزدییەکان و خەڵکی کورد، ئەم بڕیارە وەک خۆڵکردنەچاویی ئێزیدییەکان و خەڵکی کوردستان ببینن. دوو ساڵ پێش ئێستا، لە یادی سێ ساڵەی کۆمەڵکوژی ئیزیدییەکاندا، پێش گاڵتەجاڕیی ریفراندۆم، لەم پەیجەدا نووسیم:

{تا ئەو رۆژەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی راستییەکان دەردەخات و تاوانباران سزا دەدات، تا ئەو رۆژەی دادگا داد و ماف بۆ قوربانیان و حورمەت بۆ عەدالەت و مرۆڤایەتی و ژیان دەگێڕێتەوە، تا ئەو رۆژە دەکرێت هەموو رۆژێک و هەر رۆژێک سێیێ ئابێت. ئەوەی بەسەر ئێزیدییەکان هێندرا، دەکرێت، بەسەر هەر ناوچەیەکی تری کوردستاندا بهێندرێت. کاتێک دوای ئەنفال و کیمیابرانکردنی کوردستان، دەسەڵاتی کوردی رێگەی دا ئاوا بە ئاسانی، چەندسەد چەکدارێکی خوێری و بوودەڵە، جینۆسایدی ئێزیدییەکان بکەن، دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەبیر بێت کە دەشێت، کارەساتی لەم جۆرە سێیارە و دەبارەش ببنەوە}.

ئەم پێشبینییە، لە مەزاتخانەکەی ریفراندۆمدا، هاتە دی و نیوەی باشووری کوردستان رادەستی عێراق کرایەوە.

با بزانین چی تر بەڕێوەیە!!.

.....

(١) بۆ زیاتر بڕوانە د. کەمال میراودەلی، بۆ فەیس بووک چوار ساڵ پێش ئێستا پەیجەکەی داخستم. لەو وتارەدا بە وردی ئاماژە بە پلانی داعش و ئادرێسی پەیجەکەیان دراوە.

–failed–the–4–Issue–magazine–isis–state–
https://clarionproject.org/docs/islamic crusade.pdf
https://incisity.files.wordpress.com/2015/07/dabiq9.pdf

نوسەری ناسراو مامۆستا پشکۆ نەجمەدین چۆن ڕۆمانی (مااڵی پشیلەکان)ی هیوا قادر دەبینێت...؟ لە "مااڵی پشیلەکان"دا، خەیاڵ چەپۆکانییەتی!

کەیفم بە پشیلە و خێڵی پشیلان نەهاتووە و نایێ، کەچی مااڵی پشیلەکان بە جارێک پەلکێشی کردم و جیا لە هەر ڕۆمانێکی کوردی، وێڕای سەرقاڵیی خۆم، بۆ سێ ڕۆژان، لەسەر شەپۆلەکانی خەیاڵ و فەنتازیا، فڕاندمیان... فڕاندمیان بۆ دنیای ئەو حیکایەتانەی کە چاوڕێم نەدەکردن.

ئەم ڕۆمانەی هیوا قادر، هەموو خەسڵەتەکانی ڕۆمانی سەرکەوتووی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. زمانێک قوڵ و سادە، وەک ڕەوتی کانییەکی ڕوون، دەڕژێتە پانتاییی ناخ و ئەندێشەی خوێنەر، کاراکتەر و پاڵەوانانێک لە دریژاییی ڕەوتی ڕووداوکاندا، بە دەنگ و ڕەنگی جیاوازەوە، دوور لە دەنگی نووسەر، زیکزاکی هەڵسوکەوت دەکەن و هەمیشە خوێنەر، ڕووبەڕووی ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکان دەکاتەوە.

چیرۆکی عیشقی پیا و کاڵێ، زیباخانم و زیبای پشیلە، شاشتین، گۆنیلا و کچەکەی و زۆر حیکایەتی دیکەش، کە بە تاڵە نەبینراوەکانی خەیاڵ پێکەوە دەبەسترێن و پێکڕا و بە ئاقار و گوزەرێکدا دەبزوێن، مەگەر هەر ڕۆمانێنوسێکی بەئەزموون توانیبێتی بیانچنێت و بەرەو کۆتاییەکی پێشبینینەکراویان بئاژووێت!

من پێم وایە، ئەم ڕۆمانەی هیوا، لە ترۆپکی ڕۆمانی کوردیدا، جێی گرتووە. ئەمە تەنیا کورتە ناساندنێکی ڕۆمانێکە کە ئاوڕدانەوەی جیددیی گەرەکە.

ڕۆمانێک بێ دریژدادڕی و فەلسەفاندن، پێمان دەڵێ، کوردیش دەشێ ڕۆمانێکی هەبێت، کە لە دونیای ڕۆمانی جیهانیدا، شوێنپێیەک بۆ خۆڕانان ببینێتەوە.

دەست و بیر و خەیاڵت خۆش بن، کاکە هیوای هاوڕێی ئازیز.

گورتەیەک لە مێژووی جوداخوازانی (کانتۆنی یورا) لە سویسرا.... فەوزی ڕەمزی

چۆن کێشەی کانتۆنی یورا (Kanton Jura) لە وڵاتێکی وەک سویسرادا چارەسەرکرا...؟



چۆن سویسرا ئەو کێشەیەی کە داوای جودابوونەوەیان دەکرد، لە کانتۆنی بێرن (Kanton Bern) چارەسەرکرد؟ نهێنی ئەو دیموکراتیەتە ڕاستەوخۆیە چییە، کە وا دەکات پاش 200 ساڵ لە کێشمەکێش ئەو جیابوونەوەیە سەربگرێت؟

وڵاتی سویسرا لە ئێستادا لە 26 کانتۆن پێکهاتووە و هەر کانتۆنە بۆخۆی وەک کۆنفیدراڵێک کاروباری خۆی بەڕێوە دەبات، بۆ گرفتە چارەنووسسازەکانیش ئەوا ڕیفراندۆم چارەسەری ئەو گرفتە دەکات، بۆیە وڵاتی سویسرا بە وڵاتی ڕیفراندۆم دەناسرێت.

لەم وڵاتەدا گرفتێک هەر لە کۆنەوە هەبووە، کە ئەویش "گرفتی یورا"ی پێدەگوترێت. ساڵی 1815 خاڵی دەسپێکی گرفتەکە بوو، کە بە "گرفتی یورا" دەناسرا و لە دانیشتنێکی تایبەت لە "کۆنگرەی ڤیەنا"دا، بڕیار لەسەر جیابوونەوەی ناوچەی یورا Jura لە کێسای ڕۆمی کاتۆلیک لە "بازڵ Basel " و بەستنەوەی بە کانتۆنی بێرنەوە درا. ئەم بڕیارە بووە سەرهەڵدانی چەند گرفتێک، چونکە زۆرینەی هەرەزۆری "کانتۆنی بێرن Bern Kanton " ئاڵمانی زوانن و لە هەمان کاتیشدا سەر بە کێسای پرۆتیستانتن و زۆرینەی دانیشتوانیشی بە دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایەدارەکانی سویسرا دەژمێردرێن، بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی یورا فەڕەنسی زوانن و سەر بە کێسەی کاتۆلیکن و ئاستی بژێویان لاوازە، دەتوانم بڵێم هەژارانە دەژین لە چاو کانتۆنەکانی دیکەی سویسرادا.

هەر ئەم هۆکارەیش بوو، کە وای لە دانیشتوانی گشت ناوچەکانی یورا کرد کە ڕازی نەبن بەو لکاندنەوەیان بە کانتۆنی بێرنەوە و هەوڵێکی زۆریان خستەگەڕ بۆ جیابوونەوە و کردنیان بە کانتۆنێکی جودا، لە نێو کۆنفیدراڵییەتی سویسرادا. دانیشتوانی یورا خۆیان بە زوڵمێکراو دەزانی لە ڕووی بژێویی و هەروەها لە ڕووی دینییەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەم جوداخوازانە، خۆیان لە قەڕەی نانەوەی ئاشووب و توندوتیژی و هەڵگیرسانی شۆڕش نەدا، وەک چۆن لە ئیرلەندا و ناوچەی باسک و سریلانکا و (وەک لای خویشمان لە کوردستان).

ئەمان زیاتر ڕێگەی گفتوگۆیان هەڵبژارد، لە گەڵ دەوڵەتدا و بەشێوەیەکی دیموکراتییانە توانیان بگەنە ئەنجام و خەونەکەی خۆیان بگەینە بێننەدی، هەرچەندە جارناجارێک تووندوتیژی سەری هەڵدەدا، بەڵام هەر زوو چارەسەر دەکرا.

باسێکی مێژووی نەو گرفتە...

لە ساڵی 1815 دا واتە هەر دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ناپلیۆن لە فەرەنسا، کۆنگرەی ڤیەنا بڕیاریدا، کە ئەو ناوچەیەی کە پێی دەگوترێت (یورا)، لە کانتۆنی بازلەوە (دانیشتوانی بازل بە هەردوو زوانی فەڕەنسی و ئاڵمانی دەدوێن واتە هاوبەشن) بخرێتە سەر کانتۆنی بێرن، کە لە خۆییدا حەوت هەرێمی لە خۆگرتبوو، کە بریتی بوون لە (بۆرۆنتروی، دۆلیمۆن، لیفرانش مۆنتانی، مۆتێی، کۆرتلاری، لانۆڤێل، لۆڤۆن)، ئەمە بە یەکەمین سەرهەڵدانی گرفتەکە دادەنرێت.

*لە ساڵی 1947 دا زۆرینەی پەرلەمانتارانی کانتۆنی بێرن بەرهەڵستیان کرد،

لەوەی کە نوێنەرێکی یورای فەڕەنسی زوان سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ئەو کۆڕەبکات، ئەمە بووە یەکەمین بزیسکی ناڕەزایی لەلای پەرلەمانتارانی خەڵکی یورا و بە سوکایەتییەکی گەورەیان زانی و ئیتر یەکەمین دەنگی ناڕەزایی و جوداخوازی لەناو خەڵک و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا سەریهەڵدا.

*لە ساڵی 1950 دا بە زۆرینەی دەنگی دانیشتوانی کانتۆنی بێرن بڕیاردرا، کە زوانی فەڕەنسی وەک زوانێکی فەرمی لەتەک زوانی ئەڵمانیدا، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیە لەو کانتۆنەدا ڕەچاوبکرێت و ئیتر جێگە و پلەیەکی دیاریکراو بۆ ناوچەی یورا–ی فەڕەنسی زوان دابنرێت.

پاشماوەی ل 8 کورتەیەک لە مێژووی جوداخوازانی (کانتۆنی یورا) لە سویسرا.... فەوزی ڕەمزی

*

لە ساڵی 1972 دا کار گەیشتە ئەوەی هەندێک لە تووندڕەواکان، هەڵبکوتنە سەر عەمباریکی تەقەمەنی سوپای سویسرا کە لەو ناوچەیەدا بوونی هەبوو و توانیان بیتەقێننەوە

* لە ساڵی 1974 دا دانیشتوان هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ جیابوونەوە، بەڵام بە شێوەیەکی دیموکراتییانە و ڕیفراندۆمێکیان ئەنجامدا ، با بزانین چون ؟

1– ڕیفراندۆمێک لەو ناوچانەی کە بە هەرێمی یورا دەناسرێت.
2 – لە ساڵی 1978 دا ئەو ڕیفراندۆمە لە سەراسەری وڵاتی سویسرادا ئەنجامدرا و سەرکەوتنی بەدەستهێنا و 82.3% ی دەنگدەران بڕیاریان بەوەدا، کە ببێتە کانتۆنێکی جودا لە کانتۆنی بێرن و ناوچەی " دۆلیمۆنت و بۆرۆنترۆی و ولی فراش و مۆنتانی" گرتەوە.

*لە ساڵی 1994 دا دەوڵەت بڕیاری دا بە پێکهێنانی دەستەی هاریکاری و چارەسەری کێشەکە و بڕیاری دا کە لە هەردوولا لێژنە پێکبێت و بە ڕەسمی داواکرا لەو دەستەیەی کە بە ناوی " کۆمیتەی یۆرۆاسی " Jurassic separatismەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد کە سنووری هەرێمەکەیان دیاری بکەن و ئەوجا گفتوگۆ بکرێت.
*لە ساڵی 2013 دا دانیشتوانی هەردوو کانتۆنی بێرن و یورا بە ڕیفراندۆمێک بڕیاریاندا کە ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە باشووری یورا و بەڵام لەسەر کانتۆنی بێرن حساب دەکرێن، بخرێنە سەر یورا و بەمە بە تەواوی کێشەکانیان چارەسەرکرد و هیچ پێویستیشی بە شەر و پێکدادان نەکرد تەنیا چەند ڕووداوێکی کەم نەبێت ئیتر هیچ دیکە نەهاتە گۆڕێ.... بەڵی وڵاتێکی وەک سویسرا بەم شێوەیە گشت گرفتەکانی خۆی چارەسەردەکات .
ڕووبەری ئەم کانتۆنە (839 km2) و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی 73 هەزار کەسن و پایتەختەکەیشی شاری(دیلیسبێرگ Delsberg) ە و ئەم کانتۆنە لە سێ هەرێمۆکۆکەی گچکە و 64 شارەوانی پێکهاتووە و هاوسنوورە لەتەک کانتۆنەکانی بازڵ و نیوشاتێل و سۆلۆتۆرن و بێرن و گراندایست ی فەرەنسی.
ئەوەی شایانە کە بەندە باسیلێوەبکەم : هەموو هۆکارەکانی شەڕوپێکدادان و تووندوتێژی و پێکداهەڵگژان ئامادەکاری هەبووە، کەچی لەتەک ئەوەشدا دانیشتوانی هەردوو ناوچەکە پێی هەڵنەسان، لەو هۆکارانە: "جیاوازی زوان واتە ئاڵمانی و فەرەنسی، جیاوازی ئوولی واتە پرۆتستانت و کاتۆلیک، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، واتە کانتۆنێکی وەک بێرنی زەنگین و دەسەڵاتدار و یورایەکی تا ڕادەیەک هەژارنشین و پەراوێزخراو، کەچی ئەو خواستی پێکدادانە نەهاتە دی ئەویش بەهۆی بیرمەند و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزانەوە بوو. ئەوجا بوونی ئەو دیموکراتیەتەی کە لە وڵاتەکەدا پەیڕەودەکرێت بۆتە بنبڕکردنی هەموو جۆرە تەنگەژەیەک و هەروەها پەیڕەوکردنی ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری گرفتە ئاڵۆزەکان کە میللەت ڕای خۆی دەربببڕێت ، بۆتە چارەسەر.
****

* ئەو نەخشەیە هەر 26 کانتۆنەکانی وڵاتی سویسرایە و (6) کانتۆنی یورا، (7) کانتۆنی بێرن و (9 و 10) کانتۆنی بازڵ دەنوێنێت .
ئەو دروشمەی بۆ کانتۆنەکەیان هەڵیانبژاردووە دەنوێنێت.

سەبارەت بە نەبوونی چاپی کوردیی ڕۆمانی "مۆزەخانەی پاکیزەیی" لە مۆزەخانەی پاکیزەیی لە نیستانبوڵ بەکر شوانی



لە ماوەی ڕابردوودا چەندین نامەم لەو خوێنەرە هێژایانەوە بۆ هاتووە، کە لە ئیستانبوڵ سەردانی "مۆزەخانەی پاکیزەیی"ی ئۆرهان پاموکیان کردووە و هەموویان پرسیاری ئەوە دەکەن، کە بۆچی لەوێ وەرگێڕانی ڕۆمانی "مۆزەخانەی پاکیزەیی" بە هەموو زمانەکان هەیە، بە زمانی کوردی نەبێت؟

هاوڕێی ڕۆژنامەنووس کاک کارزان گلی–یش لە ڕاپۆرتێکدا، کە هەفتەی ڕابردوو لە ئیستانبوڵەوە بۆ هەفتەنامەی "باس"ی ناردووە (کۆمێنتی یەکەم)، هەمان پرسیاری کردووە و داوای بە دواداچوونی لێم کردووە.

من ١٠ ساڵ لەمەوبەر، مافی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەم دا بەناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە و ساڵی ٢٠١٠ بۆ یەکەمجار چاپ کرا و ساڵی ٢٠١٦یش، دوای ئەوەی جارێکی تر پێیدا چوومەوە، لە بەرگێکی زۆر جواندا بۆ جاری دووەم چاپکرایەوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە مافی چاپکردنی بەرهەمەکانی پاموکی بە کوردی خواروو (سۆرانی) کڕیوەتەوە و بەو پێیەش، ناوەند لە هەر کتێبێکی چاپکراو بە کوردی چەند دانەیەک بۆ نووسەر دەنێرێت. پاش پەیوەندیکردنم بە کاک هەژار مەجید، خاوەن و بەڕێوەبەری گشتیی ئەندێشە، پێی ڕاگەیاندم، کە تا ئێستا دووجار چاپی هەموو کتێبە کوردییەکانی پاموکی بۆ نووسەر ناردووە و تەنانەت جاری دووەم بە دەستی پێی گەیەندراوە (بڕوانە وێنەکە)، بەڵام نە کاک هەژار و نە منیش نازانین هۆکاری دانەنانی چاپە کوردییەکەی ئێمە لە مۆزەخانەی پاکیزەیی چییە؟

بەڕای من نەبوونی چاپی کوردیی ڕۆمانەکە بۆ خودی مۆزەخانەکە کێماسییەکی گەورەیە.

لەگەڵ کاک هەژار وا ڕێک کەوتین بە دواداچوونی زیاتر بۆ ئەو بابەتە بکەین و خوێنەرانی بەڕێز و هێژا لە ئەنجام ئاگادار بکەینەوە.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

ئازاد سابیر

ئازاد سابیر سالّی 1968 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. سالّی 2016 بۆ 2017 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هۆڤینکای تەواوکردووە لە فینلاندا. لە ژیانی هونەریی خۆیدا ئەم پێشانگا تایبەتییانەی کردۆتەوە: سالّی 1983، 1991، 1993، لە گەلەری مۆزەخانە لە سلێمانی. سالّی 1995 پێشانگای تایبەتی لە گەلەری سالار مەجید لە سلێمانی، سالّی 1997 لە ژێر ناوی بەرزاییەکانی تەسەوف لە وڵاتی تورکیا. سالّی 1999 لە ئارت گەلەری دی کووخ لە هۆڵەندا. سالّی2000 لە بورخقاڵ لە هۆڵەندا. سالّی 2002 لە وڵاتی فیلەندا لە گەلەری ئی. سالّی 2010 لە گەلەری دانهێڵدەرلە هۆڵەندا. سالّی 2010 لە پۆدیۆم مۆزاییک گەلەری لە ئەمستەردام. سالّی 2012 لە گەلەری ئارت رۆۆم لە هۆڵەندا، سالّی 2018 نۆتابلۆ لە گەلەری قاوەخانەی دۆلفین لە رەهیمەکی، لە فیلەندا. سالّی 2020 لە ئورۆرا ئارت گەلەری، لە باشوری شاردود لە هۆڵەندا. هەروەها سالاّنە بەشداری دەیان پێشانگای هاوبەشی شێوەکاری کردووە. ئەمە چەند نموونەیەکیانە، پێشانگای هاوچەرخی هونەرمەندانی کورد، لە هۆڵی ئاری سالّی ١٩٩٠، لە ئەمریکا و ئەڵمانیا سالّی ١٩٩٥، لە یۆنان سالّی ١٩٩٧، پێشانگای هاوبەشی دنیای ڕەنگەکان لە هۆڵەندا سالّی ١٩٩٩ پێشانگای هاوبەشی گەشت و گوزار لە گەلەری تێکسڵ لە هۆڵەندا سالّی٢٠٠٠، پێشانگای فیستیڤاڵی هاوبەشی نێوان دەریا لە نۆرد ڤایک لە هۆڵەندا. تا سالّی ٢٠١٩ بە بەردەوام لە هەموو چالاکییە هونەرییەکانی زۆربەی وڵاتانی دنیا بەشداری کردووە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://azad.exto.nl/kunstwerk/306806047_next.html#.XUh_Regza70

https://www.facebook.com/azad.saber/photos_all?sk=wall&lst=100001818168085%3A100000316277431%3A1565032635



تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA
تاراوگە

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

12 Augustus . 2019 No. [65]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دزییەکی گەورە لە پۆلیس کرا، لەگەڵ چەند هەواڵێکی دیکەدا، هەر لە ئەڵمانیاوە، ئامادەکردنی بورهان ئەمین.
– ل 2 چاپی سێهەمی کتێبێکی ئازاد بەرزنجی(تەرمی نەناسێک) بڵاوکرایەوە.

– ل 2 سێ کورتە نووسینی دانا ڕەئووف دەربارەی شەکسپیر .
– ل 3 و ل4 بەشی دووەمی و کۆتایی کۆدەکانی دەقی "شیخ مەحمودی زیندوو"ی دیلان..... .
نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

–ل 5 و ل 6 گۆشەی 20 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە.. .
– ل 7 سێ چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری کورد لە تاراوگە، ١– دەربارەی پێشەنگای فاتمە بەرزنجی

ل 8 ئەرەبێ شەمۆ – کوردێکی مەزن، نووسینی مامۆستا م. ئارام، ل 9 دواکاری نووسەر و ڕۆژنامەنووس، حەمید بەدرخان، کتێبی (ئێرکلینز، شارۆچکەیەکی مرۆڤ دۆست).

... – ل 10 هونەرمەندی فۆتۆگرافەر و شێوەکاری هۆڵەندی خۆرخی هیندریک بریتنەر.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

12 Augustus 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-65
ژمارە 65 ی 12 ی ئابی 2019

لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دزییەکی گەورە لە پۆلیس کرا

سێیەکی کۆچبەران لە ئەڵمانیا کاردەکەن...

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری دێر شپیگل کەزانیاری لە سەنتەری توێژینەوەی نۆرەنبێرگ وەرگرتووە، کە ٣٥٪ ی ئەو کۆچبەرانەی لە ساڵی ٢٠١٥ تا ساڵی ٢٠١٨ هاتونەتە ئەڵمانیا ئێستا خراونەتە سەرکار یان ئیشیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە.

سەنتەرەکە ئاشکرایکردووە کە لەو ساڵانەدا ملیۆنێک و دوسەدهەزار کەس لە سوریا، عێراق، ئەفغانستان، ئەریتیریا، سۆماڵ، پاکستان و نێجیریا ژمارەیەکی تر لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ئەڵمانیا و لەوانە ٤٠٠ هەزاریان ئێستا کار دەکەن.

ژمارەیەک پزیشک لە ئەڵمانیا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت

لە بەدواچوونێکی پۆلیس بۆ ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وسوددۆیچە زایتۆنگ) و کەناڵی تەلەفزیۆنی ARD بەوەرگرتنی دەرزی چالاککەرەوە لە لایەن ژمارەیەک وەرزشوانی نێودەوڵەتی، ژمارەیەک پزیشکی ئەڵمانی پۆلیس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراون و لە شاری ئۆزەرهایمی باشوری ئەڵمانیا بەفەرمانی داواکاری گشتی ماڵی دکتۆرێکیان پشکنیووە و بەدوای دەرزی چالاککەرەکان "منشطات"دا گەڕاون.ش

ایانی باسە ئێستا ٢١ یازریزانی کوڕ و پێنج کچ لە هەشت وڵات تۆمەتی وەرگرتنی دەرزی چالاککەرەوەیان دراوەتە پاڵ، ئەو دوکەسانەش میدیایە ژمارەیەک دکتۆری ئەڵمانیان ناوبردووە، کە دەستیان لەو کارەدا هەبێت.

کێژۆڵەیەکی بچکۆلە، لە هەرێمی باشاریای ئەڵمانی شکات لە باوکی دەکات

پۆلیسی ئەڵمانی ئاشکرایکرد، لە شاری فراکۆنیای هەرێمی باشاریا کچێکی پێنج ساڵە، لەسەر هێڵی گەرمی پۆلیس قسەی کردووە و سکاڵای لەسەر باوکی خۆی تۆمارکردووە، لەکاتی تەلەفۆن کردن منداڵە لێی داخراوەتەوە، دواتر کارمەندی پۆلیس خۆی ژمارەکەی لێداوەتەوە و باوکی هەڵیگرتووە، باوکەکە داوای لێبوردنی کردووە، کە منداڵەکەی بەهەڵە ژمارەکەی لێداوە، بەڵام پۆلیس داوای منداڵەکەی کردووە، بۆیە هاتۆتەوە سەر هێڵەکە و ڕاستی ئەوەی پێ گوتوون، کە باوکی لەمڕۆژانە لەناو شار دووجار لە ترافیکی سووری داوە و سەرپێچی کردووە، بۆیە دەبێ سزا بدرێت و دەستبەجێ دەبێت بێن دەستگیری بکەن، بۆیە پۆلیسیش چوونەتە ماڵی کابرا و مۆڵەتی شۆفێرییەکەیان بۆ ماوەیەی کاتی لێوەرگرتۆتەوە.

لە ئەڵمانیا دزییەکی گەورە لە پۆلیس کرا

پۆلیسی بەرلین ئاشکرای کرد، کە لەمڕۆژانەدا لە بنکەی NeuKölln لە بەرلینی پایتەخت، ژمارەیەک دز چوونەتە سەریان و چەند ئامێرێکی لاسلکی و ئامێری ڕادیۆ و پەیوەندیەکان و چەند ئامێرێکی تایبەتیان دزیووە، ئەگەر بتوانن بەکاری بێنن ئەوا زیانێکی زۆر لە نهێنیەکانی پۆلیس دەدەن، بەڵام هەرزوو دەزگاکان ئامێرەکانیان لە کارخستووە و ئیستا بەدوای دزەکاندا دەگەڕێن.

لە (بورهان ئەمین)ەوە

چاپی سێهەمی کتێبی (تەرمی نەناسێک)، کۆمەڵە کورتە چیرۆکی نازاد بەرزنجی لە چاپەمەنیی مانگ لە شاری بانەی پۆژهەڵاتی کوردستانەوە بڵاوبۆوە



لە بڵاوکراوەکانی "چاپەمەنیی مانگ"، کە ناوەندەکەی لە شاری بانەی (پۆژهەڵاتی کوردستان)ە، چاپێکی نوێی کتێبی"تەرمی نەناسێک"ی نازاد بەرزنجی بڵاوکردۆتەوە ، کە دەکاتە چاپی سێهەمی ئەم کتێبە، ناوەڕۆکی (تەرمی نەناسێک) بریتییە لە چەند کورتەچیرۆکێکی نوسەر لەگەڵ دوو لێکۆڵینەوەدا، بە قەڵەمی هەردوو نووسەر "مامۆستاعەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی" و " کاک"سابیر ڕەشید" سەبارەت بە چیرۆکەکان.

قوتابخانەی شەکسپیر و ئەنجومەنی شار

ئەو قوتابخانەیەی شەکسپیر بە منداڵی تیا خوێندوە؛ لە ساڵی ١٤٠٠ەکاندا دامەزراوە و هاوکات جگە لە قوتابخانە دادگا و ئەنجومەنی شاریش بووە. هیچ بەڵگەیەک نییە، کە شەکسپیر لەم قوتابخانەیە خوێندبێتی، بەڵام تەنها قوتابخانە بووە، کە لەو سەردەمەدا لەم شارەدا هەبووە. باوکی شەکسپیر سەرۆکی دادگا و کاربەدەستی باڵای شارەکە بووە، ئەمە تەنها بەڵگەیە کە شەکسپیر لەم قوتابخانەیە خوێندبێتی. شەکسپیر تا تەمەنی ١٤ ساڵی خوێندوە و دوای ئەوە لە هیچ شوێنێکی تر نەیخوێندوە. لەو دەمەدا شانۆی گەرۆک هاتونەتە ستراتفۆرد و پێویستیان بە مۆڵەت بووە، لەبەر ئەوە نمایشەکانیان بۆ ئەنجومەنی شارەوانی، کە باوکی شەکسپیر ئەندامێکی گرینگ بووە، لەم قوتابخانەیەدا نمایش کردووە، دوای ئەوە بۆیان بووە لە شوێنە گشتییەکاندا نمایش بکەن. بەم شێوەیەش شەکسپیر هەر لە تەمەنێکی زۆر گەنجییەوە،وەک هەرزەکارێک شانۆی دیوە، هاوکات هەر لەو قوتابخانەیەشدا قوتابییەکان نمایشی شانۆییان بۆ مامۆستاکانیان پێشکەش کردووە.

دانا ڕەئووف و شانۆ و شەکسپیر

دوا نارامگای شەکسپیر

دوێنێ بارانێکی زۆر باری، بەیانی زوو هەستام و بارانەکە خۆشی کردۆتەوە، بەڵام هەموو شوێنێک تەڕە. لە هوتێلەکەمەوە، کە دراوسێی ماڵی شەکسپیرە و هەمووی سەد مەترێک لێیەوە دوورە، بەرەو ئەو کڵێسایە دەکەومە ڕێ، کە دوا ئارامگەی شەکسپیرە. کە دەگەم هێشتا دەرگای کڵێساکە نەکراوەتەوە، دەچمە گۆڕستانەکەی بەردەم کڵێساکە و لەناو گۆڕەکاندا دەگەڕێم و کات بەڕێ دەکەم. کە دەرگاکەیش دەکرێتەوە دەچمە ژوورەوە و ئافرەتێکی دەم بەخەندە بەرەو ڕووم دێت، ڕێگام پیشان دەدات و بە ئاماژەیەک شوێنی گۆڕەکەی شەکسپیرم پیشان دەدات.

دەچمە سەر گۆڕەکەی و ئاننای ژنیشی بە تەنیشتییەوە نێژراوە. گۆڕەکەی شەکسپیر بە پەتێکی باریکی ڕەش جیاکراوەتە و بەساکاریش لەسەر تابلۆیەک نووسراوە، ئەمە گۆڕی شەکسپیری شاعیرە. هەموو شتێک زۆر ساکارە، تەنها پانتاییەکی بچووک، چیرۆکی کەسێک دەگێڕێتەوە، کە بۆ هەتایە شانۆ و مرۆڤایەتی قەرزاریەتی.

(ستراتفۆرد)ی شوێنی لەدایک بوونی شەکسپیر

شەکسپیر لە ستراتفۆرد لە دایک بووە و لە ستراتفۆردیش مردووە. ساڵانە هەزارەها کەس لە هەموو دونیاوە دێنە ئەم شارە و دەچن بۆ شانۆ و سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، کە شەکسپیر تیا ژیاوە و کاری لێ کردوە. هەموو شارەکە شانۆیە و شانۆیش ئەم شارەیە و فرسەتی کاری بۆ هەموو شارەکە دابین کردوە. ستراتفۆرد لەنێوان رابردوو، مێژوو و ئێستادا دێت و دەچێت، لە لایەکەوە دەیانەوێت سیما و فۆرم و ستراکتوری ١٤٠٠ ەکانی شارەکە زیندو بکەنەوە و بیپارێزن، لە لایەکی تریشەوە شەکسپیرمان لە شارێکی مۆدێرندا پیشان بدەن. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم شارە بە ڕۆژ جمەی دێت و ئێجگار قەرەبالغە، بەڵام لە سەعات پێنجی ئێوارەوە هەموو شوێنێک دادەخرێت و شار چۆڵ دەبێت. لە شەشی ئێوارەوە شانۆکان دەکرێنەوە و لەبری شەقام و بارەکانی شار شانۆکان جمەیان دێت.

کۆدەکانی دەقی "شێخ مەحمودی زیندووی"ی دیلان.....نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

بەشی دووەم

– ئاماژەی پێنجەهم/ ئاماژە گواستنەوەییەکان. ڕۆژان پارت (1915–1980) لەنامە وێنەگیراوەکەیدا، کەبریتیە لەسێکوچکەی سەرچاوە و کەناڵ و وەرگر، جەختی لەوە کردووە, کەهێزی گواستنەوە بەکاری گەیاندن هەڵدەستێت.

لێرەدا هەر پارت ئاماژەی بەدوو جۆر لەخوێندنەوە کردووە، یەکەمیان خوێندنەوەی مانا هێماییەکان وخوێندنەوەی مانا ئیحائییەکان. مانای یەکەم بریتیە لەقۆناغی نامە و جۆری وەسفکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان دال، کە تێگەیشتنێکی سروشتییە بۆ مانای هێماکان،لەگەڵ مەدلوول کە تێگەیشتنێکی هزری و عەقڵییە بۆ مانای هێماکان. مانای دوهەم بریتیە لەقۆناغی بیرکردنەوەی مانای هێماکان کەپشت بەواقیعی ڕۆشنبیری و مەعریفی و سۆسۆلۆژیا دەبەستێت. بۆنموونە، تێکڕای کورد بەهۆی مێژووە سیاسی و فیکری و سۆسیۆلۆژیاکانەوە, کەزۆربەی هەرە زۆریان خۆیان لەئێش و ئازار وکوشتن وگرتن و ڕاونادا دەبینێتەوە هەمیشە بەدوای بۆشایی کۆدەکاندا دەگەڕێت, تا بەلایەنی کەمەوە جۆرە باڵانسێک دروست بکات لەنێوان خۆشی و ناخۆشیدا. لێرەدا ئەم تێکڕایە پێویستی بەسەرجەم زەمەنەکانە ئەمەش لەلایەکەوە لەپێناو سوود وەرگرتن لەزانیارییەکان. لەلایەکی تریشەوە لەپێناو بەراوووردکردنی کەس و سەرکردەکانە. مەلیک مەحمود،بەلای تێکڕای کوردەوە، یەکێکە لەکەسێتییە سەرکەوتووەکان کە نموونەی زۆر کەمە.

لێرەوە مەلیک و زەمەنی مەسەلەکانی دەبنە سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخی فیکری سیاسی بۆ زەمەنەکانی دوای ئەم زەمەنە. بەمەش مەلیک خۆی دەبێتە دەقێکی سەربەخۆی ئەدەبی و فیکری وسیاسی و مەعریفی نەک هەر بۆ زەمەنی خۆی بەڵکو دوای خۆشی. وەرگریش بەشێک دەبێت لەو دەقە چونکە لەلایەکەوە ئەرکی ڕاڤەکردنی لەسەرە. لەلایەکی تریشەوە هەوڵدەدات زەمەنەکان گرێ بدات، یان بیانگوێزێتەوە بۆ تێکڕای خەڵکی بەکورد و بێگانەشەوە. لە پێناو قوولبونەوە لەسروشتی کۆدەکانی ئەم دەقەی دیلان، پشت بەم پێنج کۆدەی ڕۆژان پارت دەبەستین کەلەخوارەوە هاتووە:

1– کۆدە ڕاڤەییەکان. ئەم کۆدە لەچەندین یەکە پێکهاتووە کەخۆی لە ئاراستەکردنی پرسیارێک بەچەند گۆشەیەکی جیاوازدا دەبینێتەوە. وەلامی ئەم پرسیار وفرە گۆشانەش بەکراوەیی دەمێننەوە.

پرسیارەکەش دەرئەنجامی قۆناغێکی تەماوییە کەنەک تێکڕای خەڵکی بەڵکو خودە بەئەزموونەکانیش پێویستیان بەکردنەوەیان هەیە.

ناونیشانی دەقەکە باشترین نموونەی ئەم پرسیارە تەماوییە کە لە ڕێگەی ڕاڤەکردنەوەکان، ڕاماندەکێشێت بۆ چەندین گریمانەی

پرسیاریی. پرسیارە گریمانەییەکەش بریتیە لەوەی مەلیک لەچ زەمەنێکی فیکری و سیاسی و ئابووری و ئایینی و سۆسیۆلۆژی و ڕۆشنبیریدا بانگەوازی بۆ مەلەکەتەکەی خۆی کرد..! ئایا لەهەموو ئەم ڕووانەوە ئەو بانگەوازە جێگەی خۆی بوو یان مەلیک پەلەی لەدامەزراندنەکە کرد. هەل ومەرجی ناوەوە ودەرەوە دەیتوانی درێژە بەمەلەکەتە بدات یان هەموو ئەمانە لەچاوەڕوانی هەلێکدا بوون تا شکستی پێ بهێنن. دواتر پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە و دەڵێت کەسێکی وەک شێخ مەحمود، کە خاوەن پلە و پێگەی ئایینی و سۆسیۆلۆژی و تەنانەت دارایی خۆی بوو، ئەوا چۆن هاتە نێو بەرنامە سیاسییە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانەوە! ئایا پیاوانی ئایینی سەردەم توانیان وەک پێویست پشتگیری لەدامەزراندنەکە بکەن یان بەپێچەوانەوە دژایەتیان کرد بەشێوە ئاشکرا ونهێنییەکەی!ئەوانەی پشتگیریان لە ئەزموونەکەی کرد خاوەن ئەزموون بوون یان کەسانی ئاسایی!شێخ گوێی لەم خاوەن ئەزموونانە دەگرت یان تاک ڕەویانە دەیڕوانییە مەسەلەکە!ئەمانە وچەندین پرسیاری لاوەکی تر کەدەسووڕێنەوە بەدەوری پرسیارە سەرەکییەکەدا. دیلان وەک شاعیرێکی خاوەن ئەزموون لەبواری سیاسەت وفیکر وڕۆشنبیریدا لەڕێگەی تەنها ووشەیەک کەبریتیە لە "زیندوو"وەلامێکی خێرا وگرنگمان دەداتەوە وبەپێی گریمانەکان دەڵێت:ئەم زیندووە دەرئەنجامی ئەوەیە کەتێکڕای خەڵکی بەپیاوانی ئایینی وڕۆشنبیرانەوە تەواوی پشتگیریان لەمەلەکەتەکە کردووە،چونکە شێخ لەپێناو مەسەلە نیشتمانی ونەتەوایەتییەکەدا سەرجەم بەژەوەندییە میتریالییەکانی خۆی بەلاوە ناوە ولەبری ئەمە چووە نێو جیهانە سەرکەشییەکانەوە ودەرئەنجامیش بەهۆی بەرژەوەندی وولاتە زلهێزەکان بەتایبەتی ئینگلیز لەناوچەکە، لەبری کورسی پاشایەتی کۆت و زنجیریان خستە دەست و قاچی مەلیکەوە و شکستیان بەمەلەکەتەکەی هێنا. بەڵام لەلای گەلەکەی هەر مەلیکە و بەزیندوێتیش دەمێنێتەوە، کەئەم جۆرە تێڕوانینە لەسەرجەم مەلیکەکانی جیهاندا شتێکی زۆر دەگمەنە، بەوەی لەلای دەسەڵاتە زلهێزەکانەوە مەلیک نەبیت و لەلای جەماوەر و گەل هەر مەلیک بیت.

2– کۆدە سیمانتیکییەکان. ئەمە ئەو کۆدەیە کە لەڕێگەی مانای وشەیەکەوە مانایەک یان چەند مانایەکی تر لەدایک دەبن، کەسەرجەمیان پشت بەپەیوەندییە زمانەوانییەکان دەبەستێت لەسەر ئاستی وشە و فرەیز و ڕستەکان. هەر بۆ نموونە هێزی ناونیشانی دەق و ناوەڕۆکەکەی لە زیندووەکەدایە کە لەوێوە سەرجەم هێما تەماوییەکان بەرەو ڕەوینەوە و کردنەوە دەچن. یان وەلامێکە بۆ هەموو ئەوانەی، کە دژایەتی کەسێتی شێخ مەحمود و مەلەکەتەکەی دەکەن. بەئاراستەیەکی جیاواز ئەم وشەیە دەبێتە چەقی بیرکردنەوەکانی دیلان، بەرامبەر بەکەسێتی شێخ مەحمود. (دیلان)یش بەوپێیە خودێکی سروشتی نییە و خاوەن ئەزموونە ئەوا تێڕوانییەنەکانی بۆ مەسەلەکان بەلای تێکڕای خەڵکییەوە جێگەی متمانەیە، بەڵکو سەرچاوەیەکی بەهێزی هەڵسەنگاندنەکانە. واتە بەلای دیلان هەر مەرج نییە هەموو سەرکردەکان بەزیندوویی بمێننەوە، ئەوانەی کەدەشمێننەوە ئەوانەن، کەهەڵگری پەیامە پیرۆزە نموونەییەکانن، کە بەرژەوەندی تێکڕای خەڵکیان مەبەستە نەک بەرژەوەندییە تایبەتەکان.

بروانە لایەرە 4

دوای تێپەڕبوونی زەمەنێکی دوور و درێژ لەتێکشانی مەملەکەتەکەی مەلیک مەحمود، دیلان بەکاریگەرییە کاریزماییەکانی شیخ مەحمود لەگەرمەی ململانێدا بوو، لەگەڵ دوژمنی بێگانە وەک نەوەی لەزەمەنی مەملەکەتەکەدا بژی

دیارە تێڕوانینی دیلان بۆ شیخ مەحمود تێڕوانینێکی سەرپێی و عەفەویی نییە، چونکە ئەو تێڕوانیانە ماوەیەک بڕ دەکەن و دواتر بەرەو لاوازی و کۆژانەوە دەڕۆن. لێرەدا دیلان لەبەردەم بەرپرسیارێتی شیعرییەتدایە و نایەوێت زیادەڕۆیی بێ مانا، لە بۆچوونەکانیدا بکات، چونکە باش دەزانێت کە لەئایندەدا لەسەری دەکەوێت و بەمەش هێزی شیعرییەتی لاواز دەبێت. لەکاتێکدا کە دەڵێت:

بەڵام .. بەرانان گوێم لێڕاگرە
من کوردم کوردیش گەلە، ئینسانە
– – – – – – – –

سەر نەوی ناکا لەبۆ بێگانە

ئەوەتا دوای تێپەڕبوونی زەمەنێکی دوور ودرێژ لەتێکشانی مەملەکەتەکەی مەلیک مەحمود، دیلان بەکاریگەرییە کاریزماییەکانی شیخ مەحمود لەگەرمەی ململانێدایە لەگەڵ دوژمنی بێگانە وەک ئەوەی لەزەمەنی مەملەکەتەکەدا بژی. ئەمەش گەرچی نیشانەیەکی سیمیۆلۆژیاییە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نیشایەکی ماناییەشە کەئاماژەیەکە بۆ بەردەوامی خەباتی نیشتمانی کەمەلیک هەڵگری ئەو خەباتە بوو.ئاوڕدانەوە لەسروشتیش بەشێکە لەبەشداریکردن لەپڕۆسەی تێکۆشان لەکاتێکدا ئەم سروشتە دەبێتە هاوسەنگییەکی بابەتی لەجۆری پۆزەتیڤی.واتە لەپێناو پێناسەکردنی شوناسی خاک ونیشتمان، دیلان پەنای بۆ هاوکێشە وهاوسەنگییە بابەتییەکان بردووە بەنموونەی پێکهاتەکانی سروشت.پاییز هاوسەنگییەکی بابەتی دروست کردووە لەگەڵ شێخ مەحمودا بەوپێیەی هەردوو جەمسەر نیشانەی خەم وئازارەکانە.خەزانی تەماویی ومەنگ وخەزانی تاریک وتاڵ ئامرازێکی یارمەتدەرە بۆ دەرخستنی خەمەکان.لەبەرامبەر گەڵای پاییزدا پەنا بۆ لق وپۆپ وخونچەی ژەنگاویی بردووە کەئەمانیش نیشانەیەکی زەقی خەمەکانە.لەئاسمانی پاییزدا پەنا بۆ ڕەنگە ناسروشتییەکان براوە وەک نەشین ونەپیرۆزەیی.هەروەها بۆ شەوی پاییزیش پەنا بۆ جریوەی ئەستێرەی شەنگ براوە.چاوی شاعیر خۆشی وەک هاوکێشەیەکی بابەتی بۆ پاییز بەووشک وبێ جوولە بەکارهاتووە.چۆلەکەی مۆڵی ئێوارانیش خۆیان لەکڕ وکشومات وبێ دەنگیدا دەبینێتەوە.سەرچنارەکەش پرچەکانی ژاکاوە:

پۆلە چۆلەکەی مۆڵی ئێواران
کڕ وکش ومات، وڕ وبێدەنگە
سەرچنار ڕەشە ڕەشتر ئاسمانی
پرچی ژاکاوە چڕە زەبەنگە

هەموو ئەمانە نیشانەی بەشداریکردنی دیلان ە لە خەمەکانی شێخ مەحمود و هەرەسهێنانی مەملەکەتەکەی. بەمەش سروشتی کوردستانیش دەبێتە بەشێک لەمەسەلە گەورەکەی شێخ مەحمود، بەڵکو دەبێتە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی ماناکان.

3– کودە هێماییەکان.ئەم کۆدە، گەرچی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهێمای ووشە ودەستەواژەکانەوە هەیە بەڵام لێرەدا زیاتر بایەخ بەشێوە دوبارەییەکان دەدات کەهێمایەکن بۆ دەرخستنی مەبەستێتی دەق. دیلان، لەدەقەکەیدا، سەرەتا بەهاوکێشە وهاوسەنگییە بابەتییەکان دەست پێدەکات لەنێوان خودی خۆی وکۆستی کۆچی شێخ مەحمود ودیمەنەکەی بەستۆتەوە بەسروشتی پاییز کەداپۆشراوە بەخەم ومات وزیز وڕەنگ زەردی. ئەم دیمەنە لەدەقەکەدا بەڕێژەی چوار جار دووبارە دەبێتەوە کەئەمە لەلایەکەوە ڕێژە وقورسایی ئازارەکان دەستنیشان دەکات.لەلایەکی تریشەوە ئەم دووبارەیە نیشانەی پەیوەستێتی شاعیرە بەنامە وپەیامەکەی شێخ مەحمود.

دووبارەبوونەکان یەک ئاراستەی شێوەیی وەرنەگرتووە بەڵکو هەر جارە وجۆرێک لەوێنە.لەگەڵ ئەمەشدا سەرجەم شێوە وێنەکان لەیەک بازنەی مانایيدا کۆدەبنەوە. ئەم دەستپێکە بەخاڵی تەقینەوەی دەقەکە ئەژمار دەکرێت وەک ئەوەی قورسایی دەقەکە کەوتبێتە سەر ئەم دەستپێکە کەبێگومان کاریگەری پۆزەتیڤیش لەسەر وێنەکانی دوایی دروست دەکات. جگە لەم دەستپێکە،شاعیر پەنای بۆ چەمکی جێگەیی بردووە کەتوانیوێتی هەستی شاعیر زیاتر بجوڵێنێت.جێگاکانیش زۆرن وەک "کوردستان وبەردەقارەمان وئاوباریک وداری کەلی وسەرچنار و بەرانان و سەیوان"ە. بۆ نموونە بەرانان کەهێمای مێژوو وهێز و بەرگری و پەیوەستێتی خاک و نیشتمانە دەبێتە پەیامێکی سەردەمیانە بۆ بیرکردنەوە شۆڕشگێرییەکەی دیلان وەک ئەوەی پەیامەکەی شێخ مەحمود بەردەوامی دەبێت بەئاراستەی درێژایی زەمەنی بەرانان. دایەڵۆگی شاعیر لەگەڵ بەرانان دایەڵۆگی پەیوەندییە مێژووییەکانە، کەیەک مەسەلە کۆیان دەکاتەوە ئەویش پەیوەستێتیە بەخاک ونیشتمان، یان پارێزگاریکردنە لەشوناسی مێژوو:

بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆزن...
بەرانان دیارە قورگت گیراوە...
بەڵام..بەرانان گوێم لێڕاگرە...

4– کۆدە خەملاوییەکان. ئەم کۆدە جەخت لەسەر ئەنجامی هەستەکان دەکات.هەستەکانیش مەرج نییە بەشێوەیەکی زنجیرەیی وبەک لەدوای یەک خۆیان نمایش بکەن بەڵکو خوێنەر بەدوای ئەنجامی ئەم هەستانەدا دەگەڕێت.بۆ نموونە لەکاتێکدا دیلان دەڵێت:

پایز...خەزانی تەماوی ومەنگە
گەڵا ولق وپۆپ، خونچە بەژەنگە
ئاسمان نەشینە نەپیرۆزەیی
نەشەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە

ئەوا بەپێی کۆدی خەملاندن ئەم وێنەیە پێویستی بەئەنجامێکە، کە دەبێت زەمەنی ئەم پاییزە بریتی بێت، لە گەڵاڕێزان و لق و پۆپ و خونچە بەژەنگ و ئاسمانی بێ شینی و بێ پیرۆزەیی و بولبوولی نائارام. لەهەمان کاتیشدا و بەپێی ڕەفتارە سروشتییەکان ئەم جۆرە لەدیمەن بۆ هەتاهەتایە نامێنێتەوە، دواتر لەبری زەردی گەڵا و چڵکنی ئاسمان سەوز و شین دەبنەوە. بەمەش مانای گشتی دەقەکە لەگەڵ دیمەنە جیاوازەکانی هەست پەکدەگرێتەوە. ئەویش لەڕێگەی یەک ئەنجامییەوە کە ئەو ئەنجامە تەنها لەوێنە خەماوییەکاندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لەپشتییەوە هیوایەک هەیە هاوشێوەی ڕەفتارە سروشتییەکە.

گۆشەی 20 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

قەرزی پافوک BaföG زیادکرا

حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاریدا قەرزی پافوک کە دەدرێتە خوێندکارانی زانکۆ بەبڕی ١٢٦ یۆرۆ زیاد بکات، واتە بۆ خوێندکارێکی زانکۆ کە بەتەنها بژی لە جیاتی ٧٣٥ ی جاران ئێستا لە مڕۆوە ٨٦١ یۆرۆ وەردەگرێت، هەورەها موچەی ئاوسلبدۆنگیش Ausbilung زیاد کرا، حکومەت یەک ملیاودووسەد ملیۆنی تری بۆسەر بودجەی پەروەردە زیادکردووە.

قەرزی پافوک: ئەو پارەیەکە حکومەت لەماوەی خوێندنی زانکۆدا بەقەرز دەیداتە خوێندکاران، کە چوونە سەرکار، مانگانە بە قیستێکی کەم نیوەیان لێ وەردەگرێتەوە.

ئاوسبیلدۆنگ: خوێندنی فێربوونی پیشەیە بۆ ئەوانەی ناچنە زانکۆ، ماوەکەی سێ ساڵە.

ڕێکخراوێکی حیزبوالله قەدەغەکرا

پیرێ دادگای باڵای دەستوری ئەڵمانیا چالاکیەکانی ڕێکخراوی "ڕەنگەکان لەپێناو منداڵانی بێ باوان"ی قەدەغەکرد، ئەو بڕیارە لەدوای ئەوەهات، کە ئەڵمانیا بۆی دەرکەوت ئەم ڕێکخراوە لە ژێر ڕێنمایی و چاوەدێری حیزبوالله‌ی لوبنانی کاردەکات و یارمەتی و هاوکاری دارایی بۆ کۆدەکاتەوە، حەوالەی بەیروتی لوبنانی دەکات، بەپێی زانیاریەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا، ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ڕابردوودا بڕی سێ ملیۆن یۆرۆی بۆ "ڕێکخراوی شەهید"ی سەر بە حیزبوالله ناردووە.

ئیستیڤاڵی فیلمی کوردی دەستی پێکرد

نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلین، کە لە ١ تا ٧ ی مانگ لە شاری بەرلین دەخایەنێ دەستپێکرد و بەرهەمی سینەماکارانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەوروپای تێدا نمایشدەکرێت، ئەمجارە ٣٠ فیلم نیشاندەدرێن، ئەم فێستڤاڵە لە ٢٠٠٣ەوە وە لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلمی (میتۆس فیلم)ـەوە و بە هاوکاریی ڕێکخراوە سەربەخۆکان بەڕێوە دەچێت.

داوا دەکرێت پەنابەرانی زیاتری نێزدیی وەربگیرێن

سێ سیاسەتمەداری ناودرای ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا داوا لەحکومەتی ئەڵمانیا دەکەن، کە هەوڵبدات ژمارەیەکی زیاتری هاوڵاتیانی پەنابەری ئێزدی وەربگرن و داڵدەیان بدەن، بەتایبەتی ئەوانەی پێویستیان بەوەهەیە بگوازرێنەوە و ئیدی ناتوانن ژیان لە زێدی خۆیان بەرنەسەر، هەریەک لە "تۆماس ئۆبەرمان" جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە پارتی سۆسیال دیموکرات و خاتو"ئەنالینا بیربوک" سەرۆکی پارتی سەوز و "فۆلکەر کاودەر" سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کریستیان"پارتەکەی مێرکل"، داوایان لە حکومەتی ئەڵمانیا کردووە، کە چەند سەد لێقەومایکی دیکەی ئێزدی، کە پێویسیان بە دەستگرتن و حەواندنەوە هەیە بگوازنەوە بۆ ئەڵمانیا و مافی پەنابەرێتیان بدەنێ.

یارمەتی پێداویستی خوێندن زیادکرا

بۆ ئەوانەی کە یارمەتی سۆسیال یا Jobcenter وەردەگرن و منداڵی خوێندکاریان هەیە، لە یەکی بنەرەتیەوە تا شەشی ئامادەیی Abitur ئەو یارمەتیەی کە ساڵی دووجار پێیان دەدرا بۆ کڕینی پیداویستی خوێندن و پەراو و قەڵەم و پێداویستی خوێندن، لەمڕۆوە، لە سەری ساڵانەوە لە ٧٠ یۆرۆوە کرا بە ١٠٠ و لە نیوەی ساڵانیش لە ٣٠ یۆرۆوە کرا بە ٥٠ یۆرۆ، واتە ساڵانە لەجیاتی ١٠٠ یۆرۆ لەمەودوا ١٥٠ یۆرۆیان پێ دەدرێت.

ئەڵمانیا داوای لێبوردن لەپۆڵۆنیا دەکات

لە پۆڵۆنیا لە ڕێوڕەسمی یادی ٧٥ ساڵەی ڕاپەڕینی پۆڵۆنیەکان لەدژی نازیەکانی ئەڵمانیا "هایکۆ ماس" وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دوای لێبوردنی لەگەل و وڵاتی پۆڵۆنیا کرد، کە نازیەکان بەناوی ئەڵمانیا کارەساتیان بەسەر خەڵکەکەیدا هێنابوو، ئەو وەزیرە دوسێ جار گوتی هەست بەشەرمەزاریەکی گەورە دەکەم، کە ئەودیمەنە تراژیدیایانە دەبینم، کە بەناوی وڵاتەکەمانەوە کراون، شایانی باسە لە ساڵی ١٩٤٤ خەڵکی پۆڵەندا لەدژی داگیرکاری نازیەکانی ئەڵمانیا ڕاپەڕێنێکی سەرتاسەریان هەڵگیرساند و لەماوەی ٦٣ ڕۆژدا بەرگریەکی بێوێنەیان لە ماف و خاک و وڵاتی خۆیان کرد، لەو ڕاپەڕینەدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار سەرباز و پلەدار و هاوڵاتی ئاسایی کوژران، لە تۆڵەی ئەوەدا نازیەکان نیوملیۆن کەسیان لە وارشۆ دەربەدەرکرد و ئەو شارە گەورەیان بە تەواوی وێران کرد.

پاشماوەی گۆشەی 20 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

لەسەر کۆچبەران ئیتاڵیا لۆمەی ئەڵمانیا دەکات

"ماتیۆ سالڤینی" سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا و سیاسەتمەداری تونڕەو و گەلپەرست ڕەخنەی توندی لە وڵاتی ئەڵمانیا گرت، لەسەرئەوەی ئەلمانیا سەرەڕۆیی لە کەیسی پەنابەراندا دەکات و دەیەوێت وڵاتەکەیان بکاتە وێستگەیەکی پیادەڕۆ و کاروانسەرا بۆ کۆچبەرانی نایاسایی، ئەمەش لەدوای ئەوەوە هات، کە کەشتی فریاگوزاری "ئالان کوردیی" ئەڵمانی بۆ چەند جارێک ژمارەیەکی زۆری کۆچبەری لەناو دەریا ڕزگارکردووە، بۆ کەنار دەریا بردوونی و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپای گواستونەتەوە.

بای یەک ملیار کۆکاین گیرا

گومرگی هامبورگ Zoll Hamburg ڕایگەیاند "بارهەڵگرێکی گومانلێکراو"، کە لە ئۆرۆگوایەوە بەرە و بەلجیکا بەڕێوە بووە لە گومرگ، شوفێرەکە گوتوویەتی گوایە دانەوێلە بارکردوە، بەڵام دوای پشکنین دەرکەوتووە، کە ٤ تۆن و نیو کۆکاینی لەناو کەلوپەلەکاندا و لەناو ٢٢١ جانتای وەرزشی ڕەش و لەناو شوشەی تایبەتی شاردۆتەوە، نرخی ئەو کۆکاینە بە یەک ملیار یۆرۆ قەبڵێندراوە، بڕیارە هەمووی بسووتێنرێت.

یاساکانی ئیشی ڕەش تونددەکرێت

هەریەک لە پەرلەمانی ئەڵمانیای فیدراڵBundesamt وپەرلەمانی هەرێمەکان Bundesrat ڕێککەوتن لەسەر تونکردنی یاساکانی ڕێگرتن لە ئیشی ڕەش کە زیانێکی زۆری بە دەوڵەت گەیاندوە، بەپێی یاساتازەکان دەسەڵاتی دایەرەی گومرگ وبەشی ئیشی ڕەش زیاد دەکرێت تا بتوانن کۆنترۆڵی تەواوی ئەو بوارەبکەن.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

سەد خوێندکار توشی سیل بوون

لە خوێندنگایەکی بنەڕەتی Grundschule شاری کارلسرۆ، بەهۆی ئەوەی دوو خوێندکار توشی نەخۆشی سیل Tuberkulose (TBC) بوون و ئیدارەیان ئاگادار نەکردۆتەوە، لەماوەیەکی کەمی پێش دەستپێکردنی پشووی هاوینە، ١٠٩ مامۆستا و خوێندکار و کارمەندانی مەکتەبەکە توشی ئەو نەخۆشیەبوون و بەنێو هەمووانداا بڵاوبۆتەوە، ئێستا دەزگا تەندروستیەکان Gesundheitamt هەموو خوێندکارانی ئەو مەکتەبە دەپشکنن لە بەرمەترسی تووشبوونیان بەو نەخۆشییە.

چین لەسیاسیەکی ئاڵمان تووڕەبووە

فراکسیۆنی پارتی سەوزی ئەڵمانی Die Grüne ڕایگەیاند، کە بڕیار وابوو لەمڕۆژانەدا وەفدێکی پەرلەمانی ئەڵمانیا لە نێوانیدا خاتوو "مارگرێتە باوزە" پەرلەمانتاری سەربە پارتەکەیان ئەندام بووە بچێتە وڵاتی چین، بەڵام حکومەتی ئەو وڵاتە ڕازی نەبووە، بەسەردانی ئەو ژنە لەناو وەفەکەدا، چونکە لە ماوەی پێشوودا ئەوکەسە ڕەخنەی زۆری لە حکومەتی چین گرتووە، لەسەر تونودتیژیەکانیان بەرامبەر ئیغۆرە موسڵمانەکان، کە ڕۆژانە دەچەوسێندرێنەوە، بۆیە پەرلەمان سەردانەکەی بەتەواوی هەڵوەشاندەوە.

چـــــــــالاکی کورد لە تـــــــــاراوگە

پێشانگایەکی شێوەکاری هاوبەش لە یادی پێنج ساڵەی جینۆسایدی ئێزیدیانی شەنگال لە هانۆڤەر پێشکەش کرا

ڕۆژی 03–08–2019 لەشاری هانۆڤەر لە ئەڵمانیا، پێشانگایەکی شێوەکاری هاوبەش بە بەشداری 55 هونەرمەندی شێوەکاری کورد پێشکەش کرا، شایانی باسە هونەرمەندەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە بانگێشتکرابوون، کە یادی پێنج ساڵەی ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدیانی شەنگال بکەنەوە، پێشەنگاکە لە شاری هانۆڤەر بە هاوکاری و ماندوو بوونی هونەرمەند هاوڕێ تەها ساڵح و ڕێکخستنی هەر یەک لە کۆمەڵەی ڕەنگ ئارت و ئەکادیمیای ئێزدی و پشتیوانی شارەوانی هانۆڤەر بەڕێوەچوو.

لە پێشەنگاکەدا چەندین شێوەکاری کورد (ڕێنەکێش و پەیکەرساز) کە لە کوردستان و شارەکانی ئەڵمانیا و شارەکانی دیکەی ئەورووپا (فەرەنسا، نەمسا، هۆڵەندا، دانمارک، بەریتانیا، فینلاند و چیک)ەوە بەشداربوون. لە هەمان کاتدا پێشانگاکە وەک دیدارێکی هونەری دەبینرا، لەبەر ئامادەبوونی زۆربەی شێوەکارانی بەشدار و پسپۆڕانی هونەر و هونەر دۆستێکی زۆر، کە تیایدا بیروڕا و گۆڕینەوەی ئەزموون و کۆڕو سیمیناری هونەری و گۆرانی و موسیقی تێدا پێشکەشکرا.جێی ئاماژەیە کە هونەرمەندی ناسراو نیاز بەیاتی لە دانیمارک و عینایەت عەتار لە فەڕەنسا و مەریوان جەلال لە بەریتانیاوە ئامادەبوون و دکتۆر سرور عەلوەنی، سیمینارێکی هونەریشی پێشکەش کرد لەگەڵ چەندەها هونەرمەنی بەتوانای دیکە. جێی ئاماژەبۆکردنە هونەرمەندی بەشدار تەها ساڵح بێ لە بەشداربوونی بە کاری هونەری، ئەرکی ڕێکخستن و بەڕێوبردنی چالاکیەکانی لە ئەستۆ گرتبوو. شایانی باسە هونەرمەند ئاری میرزا، کە ئەم هەواڵەی پێ ڕاگەیاندین، خۆیشی بە دوو تابلۆ بەشداری پێشانگە هونەرییەکەی کردووە، بە ناوەکانیی (بازنگ بار) و(ستێرەی شەش گۆشە) .

پێشەنگای تایبەتی شێوەکاری فاتمە بەرزنجی لە گەلەری سانا لە شاری ئوترێخت دەکرێتەوە

ڕۆژی 31–08–2019 کاتژمێر 16:00تا–18:00 ئێوارە پێشەنگای تایبەتی هونەرمەندی شێوەکاری فاتمە بەرزنجی, لە گەلەری سانا لە شاری ئوترێخت دەکرێتەوە، بە ئامادەبوونتان خۆشحاڵ دەبین لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Galerie SANAA (Berthe Schoonman), Jansdam 2,
3512 HB Utrecht
www.galeriesanaa.nl

بە سەرپەرشتی هونەرمەند ئاکۆ فەرەیدوون، گروپێکی میوزیکی پرۆفشنالّی ئەڵمانی، لە ئوترێخت کۆنسێرتێک پێشکەش دەکەن

ئاکۆ فەرەیدوون، کە کوردێکی باشووری کوردستانە، لە خانەوادەیەکی ناسراوی شاری سلێمانییە، سەرپەرشتی ئەم گروپە دەکات. لە ڕۆژی 2019/10/12 دێنە هۆڵەندا و کونسیرتێک پێشکەش دەکەن. ئەم گروپە گروپیکی میوزیکی پرۆفشنالّن و بەردەوام لە ئەڵمانیا، لە چەندین شار لە فیستڤاڵ و بۆنە تایبەتیەکان و کلتوورییەکان بانگێشکراون و هونەرێکی بەرزیان نمایش کردووە.

ئاکۆ لە وڵاتی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا ئەکونسە فەتوری خوێندووە و بڕوانامەی ماستەری لە بواری موزیکدا لە بەلجیکا بەبەدەستهێناوە، ئێستا خەریکی خویندنی زیاترە لەبواری میوزیکدا لە وڵاتی نەرویج.

لەم کۆنسێرتەدا ئەم میوزکانەی تێدا پێشکەش دەکرێت:

Klezmer ,klassik ,orien Tango Weltmusik

ناوی موزیکژەنەکانی گرووپەکە لە شەش هونەرمەند، پێکهاتوون کە ئەم هونەرمەندانەن:

Querflöte Veronika Keber, Klarinette Ako Karim,
Gitarre Jens Mackenthun, Klavier Susanne Klar
Kontrabass Harald Becher, Drums Uli Krämer-Ragusi

کۆنسیرتەکە لەم کات و ئەدرێسە پێشکەش دەکرێت:

Zaterdag 12 oktober 2019 van 20:00 - 22:00
ZIMIHC Theater Zuilen
Prinses Christinalaan 1, 3554 JL Utrecht (stad)

ئەرەبێ شەموٚ – کوردێکی مەزن، نووسینی مامۆستا م. ئارام

ئەرەبێ شەموٚ (ئەرەب شامیلۆف) چیرۆکنووس و رۆژنامەنووس و پاچقەکەرێکی بەناوبانگی کوردی بە ئاین ئێزدییە، رۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٩٧ لە دێی (سوسزێ)ی سەر بە شاری قارس لە دایک بووە، کە ئەو کاتە لە ژێر دەسەلاتی ڕوسیادا بووە و ئێستا لە بن دەستی تورکیادایە. ساڵی ١٩٧٨ گیانی سپاردووە. دەستێکی باڵای هەبووە لە داڕشتنەوەی ئاوبێی کوردیدا بە پیتی لاتینی، بۆ کوردانی کوردستانی سوور و ساڵی ١٩٢٨ لەگەڵ (ئیسحاق ماروگولۆف) لەو کارە مەزنەدا سەکەوتوو بووە، دوای ساڵێک کتێبی (هینبونا خواندنا نڤیسینا کورمانجی)ی پێ چاپ کردووە.



ئەرەبی شەموٚ لە ساڵی ١٩٣٠ەوە تا ١٩٧٢ ژمارەیەک ڕۆمان و چیرۆک و شانۆیی نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە، بەناوبانگترینیان ڕۆمانی (دمدم)ی مێژوونووسە، کە ساڵی ١٩٦٦ بڵاوکراوەتەوە. بەسەرهاتەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، هەروەها چیرۆکی (شوانی کورد)ی ئەو، لە ئیتالیا دوو کاری هونەریی ئۆپێرای لێ پێک هێنراوە بە ناوی (ئیل پاستۆرە کوردۆ) و(ئیل کاستیلۆ دی دمدم). ئەرەبێ شەموٚ کۆمەڵێک وتارێشی نووسیوە لە بارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دەرەبەگایەتی و ژیانی دێهاتییانی کوردەوە. لە گەرمەی یەکەم جەنگی جیهانیدا، لەبەر ئەوەی زمانەکانی ئەو ناوچەیەی ئاسیای بە باشیی زانیوە، لە ساڵی ١٩١٤ەوە تا ١٩١٧ کراوە بە پاچقەکەری سوپای ڕوسیی. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی ئەرمەنستان بووە. لە ساڵی ١٩٣١ەوە لە ئینستیتوتی لینینگراد بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی، ڕاژەی ئەدەبی کوردیی کردووە. لە ساڵی ١٩٣٠ەوە تا ١٩٣٧، یەکێک بووە لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردیی (ڕیا تازە)، کە لە بێریڤانی پێتەختی ئەرمەنستان دەرئەچوو. دۆست و هاوەڵ و هاوکاری زانای زمانەوانیی کورد (قەناتی کوردۆ) بووە، کە هەردووکیان خەڵکی دێیەکیش بوون. ساڵی ١٩٣٧، جۆزێف ستالین بە بڕیاری ترافاندن دووری ئەخاتەوە بۆ سیبیریا و تا ساڵی ١٩٥٦، دوای مردنی ستالین، ئەوجا ئەگەڕێتەوە بۆ بێریڤان. لێرەدا بۆ ناسینی یەکێک لە کتێبەکانی کە ناوی (داستانی میللیی کوردی)یە و ساڵی ١٩٦٧ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کورتە باسێک ئەنووسم، ئەم کتێبە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆماری ئەڵمانیای دیمۆکراتی (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی جاران) بە زمانی ئەڵمانی بڵاو کراوەتەوە. سەرناوی کتێبەکە بە ئەڵمانی (سێ سەرڕووتاوەکە – داستانی میللی کوردی)ی دراوەتێ، لە دەزگای پەخشی کتێبی منالان لە بەرلین چاپ کراوە. خاتوو (لیزەلۆتە ڕێمانێ) لە ڕوسییەوە کردوویە بە ئەڵمانی. ١٠٤ لاپەڕەی بەرگ مقەبایە، پاشەکییەکی کورتی نووسەر، هەروەها بە ئەڵمانی چەند وشە و ناوێکی ڕۆژهەڵاتییش لێکدراوەتەوە. وێنەی بەرگەکەی ڕەنگینە و نێوان پەڕەکانیش چەند وێنەیەکی بە ڕەنگی سوور و ڕەشی تێدایە.

کتێبەکە یازدە حەکایەتی تێدایە: پاڵەوانی ترسنۆک، سێ سەرڕووتاوەکە، کوڕی باخەوان، مەحمودی ڕاوکەر و عوسمان پاڵەوان و ئەسەدی سەرباز، دەیەم کوڕی شوانەکە، ئەسلان، کێ زۆرترین کاری هەیە، پیاوە ژیرەکە و دزەکان، شێر و مشک، سی سەر مەڕ بۆ نوێژێک، چوار هاوڕێ و گەلەگورگ. پاشەکیی کتێبەکە، کە ئەرەبێ شەموٚ خۆی نووسیویەتی ئەمەیە: "کورد یەکێکە لە کۆنترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. هەر لە پێنجەم سەدەی ساڵژمێری ئێستامانەوە، لە لایەن میژوونووسە یۆنانییەکانەوە ناوی هێنراوە. کوردەکان ئەمڕۆ بە بەشکراوی لە تورکیا، لە ئێران، لە عێراق و لە سوریا ئەژین. بەشێکی پچووکیشی ئاکنجیی قەڵەمڕەوی یەکیەتیی سۆڤیێتە (ڕوسیای ئێستا– م. ئارام)– لە ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان. سەدان ساڵە کورد کولتوری نەتەوەیی و ئەدەبیی نووسراوی خۆیان هەیە. (عەلی حەریری)ی شاعیری سەدەی یازدەیەم، یەکەم کەس بووە بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی کوردی نووسیوە، (فەقێ تەیرا)ش لە سەدەی دوازدەیەمدا و مەلا ئەحمەد(ی جزیری – م. ئارام) لە سەدەی یازدەیەمدا و (ئەحمەدی خانی) لە سەدەی هەڤدەیەمدا ڕێبازی ئەویان گرتووەتە بەر. لە یەکیەتیی سۆڤیێت (ڕوسیای ئێستا) کتێبی قوتابخانە و کتێبی پڕ لە وێنە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کراونەتەوە؛ ڕۆژنامەیەکی کوردییش هەیە (هەبووە – م. ئارام) بە ناوی "ڕیا تازە". لەو کۆمارانەی کوردیان لێ ئەژیی، ڕادیۆ بە بەردەوامی هەواڵی کوردیی بڵاو ئەکاتەوە (بڵاوئەکردەوە– م. ئارام). ئەدەبی زارەکیی کوردان دەوڵەمەندە. داستانەکانیان لە فۆلکلۆری گەڵانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا پایەیەکی دیاریان هەیە. ئەم کتێبە بەناوبانگترین داستانی ئامادەکراو بۆ زارۆکانی تێدایە.

ئەرەب شامیلۆف

لێرەدا یەکێک لە حەکایەتە کورتەکانی ناو ئەم کتێبەم بۆ کردوون بە کوردی: "سی سەر مەڕ بە نوێژێک"

(پیاوێکی جووتیاری دەوڵەمەند لە دێیەک ئەژیا. ئەم پیاوە بەو هەموو زەوی و زار و جووت و بەرەیەوە کە هەیبوو، چاوی پڕ نەئەبووەوە، ئەوەندە خۆ بە زل زان بوو و وا لە خۆی گۆڕابوو، ئەیویست مەلای مزگەوتەکەیان لە قورئان خوێندندا لە جیاتی ناوی الله ناوی ئەم بهێنێ. بەو مەبەستە چوو بۆ لای مەلا و پێی گوت: "سی سەر مەڕی شیردارت بە خەڵات ئەدەمێ، ئەگەر لە نوێژدا لە جیاتی ناوی الله ناوی من بهێنی." مەلا نەیئەویست ئەو ئالۆوێرە لە کیس خۆی بدا، ئیتر بەو مەبەستە لە ڕۆژی هەینیدا، کە خواناسان هاتنە مزگەوتی دێیەکە، بە ڕاستیی لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو ناوی الله بهێنێ، ناوی جووتیارە دەوڵەمەندەکەی ئەهێنا. بە ڕێکەوت، ئەو ڕۆژە مەلای دێیەکەی دراوسێ بۆ نوێژی هەینی لەوێ ئەبێ. بێگومان هیچ ئاگایەکی لە ڕێکەوتنەکەی نێوان مەلا و کابرای جووتیاری دەوڵەمەند نەبوو و کە ناوی ئەوی بیست، بە تووندی بەرپەرچی دایەوە: "نەخێر، نەخێر، ئەوە هەڵەیە، ئەی کوا ناوی الله؟" بەڵام مەلاکە بەوە سەری لێ نەشێوا، بەو دەمووەوەی قورئانەکەی پێ ئەخوێندەوە، لایدایە سەر ئەو:

"بێێێێێێدەنگ بە هاااااوپیشەکەم، ئەو ئەیەوێت سیییییی سەر مەڕماااان بداتێ، بیییستی بۆ من و دەی بۆۆۆۆۆ تۆۆۆۆۆۆ."
بەوە مەلای دراوسێ لە شتەکە تێگەیشت و ئیتر بەرپەرچی نەدایەوە.)

پاشماوەی کۆدەکانی دەقی "شێخ مەحمودی زیندوو"ی دیلان.....نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

ئەمەش زیاتر لەدوا دیمەنی دەقەکەدا، بەئاشکرا بەدەردەکەوێت لەکاتێکدا دەڵێت:

باهەنگی لاوی نیشتمان پەروەر
ئەو بۆنە ببا بۆ بەردەکانت
لێی دروست بکا شانەی هەنگوینی
مەبەست وبڕوا وجۆشی فەرمانت

5– کۆدە شارستانییەکان.

ئەم کۆدە بریتیە لەدەنگێکی نادیار کەلەبنەڕەتدا پەیوەندی بەچەقی ناوەڕۆکی دەقەکەوە هەیە.لێرەدا ئەرکی سەرەکی خوێنەر دۆزینەوە وئاشکراکردنی ئەو دەنگەیە.بۆ نموونە دیلان لەدەقەکەیدا کۆچی شێخی زیندوو دەبەستێتەوە بەئۆنتۆلۆژیای جێگەوە،لەگەورەوە بۆ بچووک وەک کوردستان وهەورامان وئارارات وسەرچنار وبەرانان وبەردە قارەمان وسەیوان وکانی ئاسکان وئەزمر وهەڵگورد...مەبەست لەهێنانەوەی ئەم جێگایانە، لە جەمسەرێکەوە بریتیە لە لکاندن و بەستنەوەی کەسێتی شێخ بەناوەڕۆکی مێژوویی ئەو جێگەیانە.

لەجەمسەرێکی ترەوە گەورەکردنی ئەم کەسێتییە تاڕادەیی بوونی بە ئەفسانەیەک. ئەو ئەفسانەیی کەبەلای ڕۆلان پارتەوە شێوازێکە لەشێوازەکانی ڕۆشنبیری وەک ئەوەی دیلان بیەوێت خوێنەر بەئاگا بهێنێتەوە کەشێخ دەرئەنجامی کلتوور وفیکری مرۆڤایەتیە کەبەئەفسانە دەستی پێکردووە.

تێورە سۆسیۆلۆژییەکانیش هەمیشە جەختیان لەوە کردۆتەوە کەهەڵچوونی خودە بەئەزموونەکان بەرگێکی فیکری وهزری وئایدیۆلۆژیایی لەخۆ دەگرێت وبیرکردنەوەکانیان سنووری خودی خۆیان تێدەپەڕێنێت ودەچێتە فەزایەکی زۆر گەورەترەوە بەنموونەی جیهانە شارستانی وئەفسانەییەکان.

بەمانایەکی تر، لەزەمەنی تازەگەری و دوای تازەگەریدا، خوێنەر پێویستە ئاڕاستەی خوێندنەوەکانی خۆی بگۆڕێت، لە سیاقێکی مێژوویی بۆ نەسەقێکی فەرمانایی، وەک ئەوەی دیلان بیەوێت بە تێکڕای خەڵکی، بە دۆزمنەکانیشەوە، بڵێت کەپەیامەکەی شێخ مەحمود پەیامێکی خودی نیە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەگەل و مێژووەکەیەوە هەیە. بەمەش دیدی دیلان بۆ شێخ مەحمود، دیدێکی تەسکی بیرکردنەوە نییە، یان هەڵچوونێکی عەفەویی نییە، بەڵکو توانیوێتی مەسەلەکەی شێخ ببەستێتەوە بەزەمەنی شارستانییەتی جێگەی شێخەوە، وەک ئەوەی بەتایبەتی بەدۆزمن بڵێت مەسەلەکەی شێخ مەسەلەیەکی نوێ نییە، بەڵکو داواکەی بۆ دامەزراندنی مەملەکەتەکەی بەدامەزراوەیەکی شەرعی دەزانێت، چونکە خاوەن مێژوو و شارستانییەکی تایبەتی خۆیەتی و لەزەمەنی هاوچەرخدا لێیان زەوت کردووە.

لێرەدا دیلان، لەڕێگەی ئەم کۆدەوە، ئەو شەرعییەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ شێخ مەحمود و گەلەکەی و لەهەمان کاتیشدا ئاگری خەبات بۆ جارێکی تر هەڵدەگیرسێنێتەوە:

من کوردم کوردیش گەلە،ئینسان
هەزار ئەوەندە بخرێتە بینی
دەستی گەردوون و چنگی زەمانە
کورد شۆڕە سواری وەک شێخی بوو بێ
سەر نەوی ناکا لە بۆ بێگانە
– – – – – – – –

ئەو ڕێیەی کەتۆ گرتت لەژینا
ئێستەش بەجێت هێشت بۆ ڕۆڵەکانت!

کۆتایی

نێرکلینز، شارۆچکەیەکی مرۆڤ دۆست
Erkelenz, Eine Freundliche Stadt

دواکاری نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، حەمید بەدرخان، کە بە زمانی کوردیی نووسیوویەتی و لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەبێتەوە..

پاش ڕاوێژکردن و بەدواداچوونی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، حەمید بەدرخان، لەگەڵ زۆرێک لە ئەڵمانەکان و ڕوناکبیرانی کورد، کە چەندین ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژین و ئاگاداری کۆمەڵگای ئەڵمانیان. هەوڵ و ماندووبوونی ساڵێک کارکردنی ئەم نووسەر ماندوونەناسە، کە شەیدای هەموو جۆرە زانیارییەکە، توانی لەسەر شارۆچکەی ئێرکلینز، کە لێوان لێوە لە جوانی سروشت و خەڵکەکەشی ژیاندۆست و حەز بە ژیانخۆشی دەکەن. سەرەڕای مێژووی دروستبوونی ئەو شارۆچکەیە و جوگرافیا و پێگەی ئابووری و کشتوکاڵ و ئایین لەو دەڤەرە ناوەڕۆکی کتێبەکە، چەندین بابەتی دیکە لە خۆدەگرێت، کە بریتییە لە 96 لاپەڕەی (14cmx24cm) لەگەڵ پاشکۆیەک، کە تایبەتە بە دیکۆمێنت و وێنە.... بەمزوانە چاپەدکرێت و بڵاودەبێتەوە، لە لێدوانێکدا لە نووسەر بە تاراوگەی ڕاگەیاند: بەهیوام توانیبێتم، مێژوو و جوگرافیای ئەو شوێنەی، کە بۆتە شوێنگەی مرۆڤدۆستی و خۆشبەختی ئەو میللەت و نەتەوە و هاوڵاتییانەی، لە وڵاتە جیاجیاکانی دنیاوە، ڕوویان لە شارۆچکەی ئێرکلینز کردووە و ڕێزیان لێگیراوە...بە خوینەرانی کوردم ئاشناکردبن.

دیارە حەمید بەدرخانیش وەکو یەکێک لەو کەسانەی، کەڕووی لەو شارە کردووە و تێیدا نیشتەجێ بووە و خزمەتێکی زۆریان کردووە و درێخیان لەگەڵدانەکردووە..

شایانی باسە حەمید بەدرخان، لەدایکبووی ساڵی 1967 ی شاری هەولێرە و بەکالۆریۆسی لە ئابووریدا هەیە، 37 کتێبی بڵاوکردۆتەوە بە نووسین و ئامادەکردنەوە، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە و پێشتر بۆ ماوەی 6 ساڵ سکرتێری لیژنەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان بووە، ئێستا سەرۆکی ئەکادیمیای بەدرخانە بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتور، زیاتر لە 44 وڵاتی بینووە، بەمەبەستی سازدانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کەلتوری بەدرخان، 10ساڵ بەشداری لە buch misse لە فرانکفۆرت کردووە، ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی...

ئەمجارە هونەرمەندێکی شێوەکاری هۆڵەندی

خۆرخی هیندریک بریتنەر

جۆرج هیندریک بێرتنەر هونەرمەند وێنەکێشێکی هۆڵەندییە، لە شاری ڕۆتەردام لە 12 ئەیلولی ساڵی 1857 لە دایک بووە و لە 5 حوزەیرانی ساڵی 1923 لە ئەمستردام کۆچی دوایی کردووە. تابلۆکانی زۆر بە وردی مۆرکی وێنەی ژیان و کۆچەو کۆڵانەکانی ئەمستردامی پێوەدیارە، کارەکانی بە گروپی هەشتاکانی سەدەی هەڤدەمەم ناسراوە، ئەو گروپەی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هونەری شێوەکاری و ئەدەبی هۆڵەندی هەبووە، وەک شێوەکارانی وەک ئیسحاق ئیسرائیل، ولیم وێتسن و هاوڕێ شاعیرەکانی وەک ڤیلیم کلۆس و لۆدڤیک فان دیسیل).

جۆرج هیندریک بێرتنەر، یەکێک بووە لە هونەرمەندە هۆڵەندییە سەرەتاییەکان، کە وێنەکێشانی سەرشەقامی داهێناوە، وێنەی زۆرێک لە کەسایەتییە بەناوبانگان و وێنەی زۆری ئەسپی کێشاوە.

پەیوەندی بێرتنەر و فان خۆخ:

لەسەرەتای ساڵەکانی 1882 بێرتنەر و فان خۆخ بە هۆی تەیۆی برای فان خۆخەوە یەکترییان ناسیوە، کاتێک لە ناوچەیەکی کریکاری لاهای پێکەوە کاریان کردووە، ئەمە بەلای بێرتنەرەوە سەرنجڕاکێشەر و جێگەی شانازی بووە، چونکە خۆی بە وێنەکێشی چینە ئاساییەکانی کۆمەڵگە زانیوە، ئەو کاتانە بێرتنەر خۆی بە لە پێشتر زانیوە لە فان خۆخ و زۆر هاوکاری کردووە، لە مانگی مایسی هەمان ساڵدا بێرتنەر داخڵی نەخۆشخانە دەکرێت و فان خۆخیش سەری لێدەدات، پاش دوو مانگ ڤان خۆخ داخڵی نەخۆشخانە دەکرێت بەڵام بێرتنەر سەردانی ناکات، ئیتر یەکتر نابیننەوە تا فان خۆخ لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا، لاهای بەجێدێڵێت، تا ئەو کاتە لە ڕۆتەردام و لاهای ئەم دوو هونەرمەندە زۆربەی کاتەکانیان پێکەوە بوون، فان خۆخ دەربارەی کارەکانی بێرتنەر لای تەیۆی برای گوتوویەتی تابلۆکانی دەڵێیت کاغەزی سەردیواری بۆگەنە، بەڵام دەربارەی بیروڕای بێرتنەر بۆ تابلۆکانی فان خۆخ هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نییە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.google.com/search?q=george+hendrik+breitner&rlz=1C1VFKB_enNL653NL653&tbm=isch&source=iu&ictx=1&fir=KtJo9Dmzi87xWM%253A%252CHplHx_EIDMKllM%252C_&vet=1&usg=AI4_-kQkPWWJCBvQP-vbtJ-ZOnSygKoJRA&sa=X&ved=2ahUKEwiMrKGg4vrjAhXByKQKHak7C5IQ_h0wC3oECAoQBQ#imgrc=KtJo9Dmzi87xWM:

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

17 Augustus . 2019 No. [66]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 :چەند هەواڵێک لە ئەڵمانیاوە، لە هاوکارمان بورهان ئەمینەوە، لە ئەڵمانیا شەمەندەفەری ژینگەپارێز کەوتەکار..

2 : شیعر بە ئاوازەوە... نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن..

– ل 3 و ل4 پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی، فریشتەیەک لە هەڵوێست و زانست. نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف

–ل 5 گۆشەی 21 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دەوە.

ل 6 ئایا زانست یەکێتەوە بە باب ئافرود باق یەکێتەت، بابەدوو باب لوقمان حەوێز.

– ل 7 و ل 8 و ل 9 "جوڵندیی کوڕی کوڕکوڕ" ئەو پادشا مەزنە کورد "کافر"ەی، کە قورئان ئاماژەی پێکردووە و کورد بە پادشایەکی ڕابردووی خۆی داینـاوە نووسینی: سۆران حەمە ڕەش.

– ل 9 کورتە نووسینێکی حەمید بەدرخان، دەربارەی کوردبوونی هونەرمەند عەلی ئەحمەد بەدرخان.

... – ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری هۆڵەندی لیۆن ئەدریانۆس.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەتدا دەردەچێت

17 Augustus 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-66
ژمارە 66 ی 17 ی ئابی 2019

لە ئەڵمانیا شەمەندەفەری ژینگەپارێز کەوتەکار

مێرکڵ دەڵێت: فریاکەوتنی کۆچبەران ئەرکە...!

ئەنجێلا مێرکڵی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە دیدارێکی خوێنەرانی ڕۆژنامەی Ostsee zeitung گوتی: ئێمە نابێت هەر خۆشیمان بۆ خۆمان بوێت، دونیا پڕیەتی لە تراژیدیا و دەبێت، ئێمە بەشدار بین لە ئاسانکردنی خەمەکانی گەلانی دیکەش، هەروەها گوتی دەربازکردنی کۆچبەرانی نایاسایی لە سەرەمەرگ و لەنیو دەریاکاندا ئەرکێکی مرۆڤایەتییە، زۆر پێویستە لەسەر هەموومان.

کەپێک لەڕووی سەرۆکی حکومەتی ئیتاڵیا دەوەستێتەوە

"ماتیۆ سالڤینی" سەرەک وەزیرانی ئیتاڵیا فەرمانی داوە ئەوکەس وتیمانە سزابدات کەلەناو دەریا کۆچبەرانی نایاسایی ڕزگاردەکەن، " کارۆلا ڕاکیتە" کچە قوبتان کە لەگەڵ تیمێکی فریاگوزاری ئەڵمانی بەبەلەمێک خەڵک ڕزگاردەکات وماوەی پیشوو لەئیتاڵیا دەستگیرکرابو ،ئێستا دوای ئازادکردنی سەرلەنوێ ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە لەکارە مرۆڤایەتیەکانی بەردەوام بێ وگوێ بەبڕیارو سزاکانی ئەو بەرپرسە ئیتاڵیە نەداو بگەڕێتەوە کاری خۆی.

بەرازیل گازاندە لەنەڵمانیا دەکات

"سڤینیا شولزە" وەزیری ژینگەی ئەڵمانی ڕایگەیاند، کە ئەو هاوکاری یارمەتییە ماددییانە بۆ بەرزایل دەوەستێنن، چونکە ئەو وڵاتە وا هێدی هێدی دارستانەکانی ئەمازۆن وشک دەکات و گوێ بە پاراستنی ژینگە نادات، لەسەر ئەوە "گایر بولسونارۆ"ی سەرۆکی بەرازیل، لەسەر ئەم هەڵوێستەی گلەیی و گازاندەی لە حکومەتی ئەڵمانیا کردووە و گوتوویەتی منەتمان بەو یارمەتیانە نییە، شایانی باسە ئەڵمانیا لە پێناو پاراستنی ژینگە و ئاووهەوا لە پرۆژەیەی پاراستنی ژینگەدا بڕی ٣٥ ملیۆن یۆرۆ دەدات بە بەرازیل و ئێستا ئەو پارەیەی لێ بڕین.

لە ئەڵمانیا شەمەندەفەری ژینگەپارێز کەوتەکار

هەفتەی ڕابردوو یەکەمین شەمەندەفەری ژینگەپارێز لەئەڵمانیا کەوتەکارو یەکەمین گەشتی لەشاری فارنیمۆندە دەستپێکردو لە ڤیەننا کۆتایی هات، شەوی دواتر بەهەمان هێڵدا گەڕایەوە،بڕیار وایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ ئەمجۆرە شەمەندەفەرە هێڵی زۆرتربکاتەوە، شایانی باسە ئەو شەمەندەفەرە ژینگە پیس ناکاو لە سویسرا دروستکراوەو دووقاتە، خێراییەکەی لە سەعاتێکدا ٢٠٠ کیلۆمەترە،ئەڵمانیا ١٧ دانەی لە سویسرا کڕیوەو بەکاریان دێنێت.

لە بورهان ئەمین–ەوە ئەڵمانیا بڕوانە ل 5

شیعر بە ئاوازەوە... نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن



میزۆپۆتامیا، کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیش دەگرێتەوە، لانکەی هونەرو ئەدەبە. بۆ یەکەمین جار لێرەوە، لەلای سۆمەرییەکانەوە مێژوو کەوتەڕێ و نووسین داهات. لەو ملیۆنە تابلۆیەی تاکو ئێستا دۆزراونەتەوە، سێ تا چوار هەزاری بریتین لە دەقی ئەدەبیی شیعر و حیکایەت و داستان و دروود و نزا بۆ خواوەندەکان. دیارە ئەم تابلۆ دۆزراوانە تەواوی هونەرو ئەدەبی دۆڵی میزۆپۆتامیا پێکناهێنن؛ چونکە لە سۆنگەی درێژەکێشانی نائارامیی ناوچەکەوە، پشکنینی ئەرکیۆلۆجی، هەموو کوردستانی نەگرتۆتەوە. کێ دەڵێ هەزاران تابلۆی دیکەیش لە بن خاکدا جێنەماون و لە ناویاندا دەیان ئەفسانەو داستانی دیکە نادۆزرێنەوە؟ لەو سەردەمانەدا، سۆمەری، ئەکادی، بابلی و ئاشووری. هەموو لایەکیان دەقەکانیان بە شیعر نووسیوە. پەیدابوونی شیعریش بە پەیدابوونی گۆرانی و سروودەکانەوە وابەستەیە، چونکە بێجگە لە گۆرانی، سروودەکانیش بە شیعری پەخشان ئامێز (الشعر المرسل) نووسراون. وشەی شیعر، کە هەندێ کەس بە هەڵە بە عارەبیی دەزانن، لە زۆربەی زمانەکانی ئەم ناوچەیەدا هاتووە. بەو ژانرە گوتراوە، کە بۆ گۆرانی ئامادەکراوە. وشەکەیش لە بناغەدا بۆ (شیرو) ی بابلی و (شیر) عیبری و (شور) ی ئارامی و (سر) ی سۆمەری دەگەڕێتەوە. سروودی سروودەکان، کە دەدرێتە پاڵ (سلێمان)، لە تەورات دا وەک: (شیر، هشیر) هاتووە. (١) ئەوەندە هەیە عەرەبەکان هاتوون، لە ناوەڕاستدا (عەین) یکیان بۆ زیاد کردووە و بووە بە (شیعر) .دەستووری ئێستا، لە ئەدەبی میزۆپۆتامیای کۆندا (قافیە، سەروا) لە مەرجە بنەڕەتییەکانی شیعر نەبووە. زۆر شیعری جیهانیی هەبوون گوێیان بە سەروا نەداوە. وەک شیعری یۆنانی و عیبرانی و لاتینی. (٢) بەو حسابەی تەمەنی شیعر لەم ناوچەیەدا بۆ چوارهەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، دەبوایە کورد لەم بوارەدا ڕابەربووایە و پێشی هەموو دنیای بدایەتەویە، کەچی وا نەکەوتووەتەوە. دیارە سۆمەر و ئەکاد و ئاشوور هیچ کامیان عارەب نەبوون، هەر وەک کوردیش نەبوون. بەڵام چونکە شارستانەتی ئەوان لەسەر ئەم خاک و بوومە سەریانهەڵداوە و لەبەینچوون. چونکە ئێستا ئاسەوارەکانیان لە بن خاکی ئێمەدان، کەواتە بۆمان هەیە خۆمان بە خاوەنیان بزانین و میراتگریان بین. ئەوەی لە دوایان بەجێماوە، وەک کەلەپوور سەیردەکرێ و ناوی داهێنەرانیان لەسەر نییە. هێندێک جاران، ناوی ئەو کەسانەی پێوەیە، کە وەک (کاتب) بە نووسینی بزماریی دەقەکانیان نووسیوەتەوە. ئەوەندە هەیە (ئەنخدوانا) ی کچی سەرجۆنی ئەکادی کۆنترین کەسێتیی ئەدەبییە لە مێژوودا. ئەمەش بە هۆی ئەو دروودانەوەیە، کە ئەو بۆ خواوەند ئەنانای سۆمەریی نووسیونی. بەڵێ ئەمە کۆنترین دەقە تاکو ئێستا دۆزرابێتەوە و بە ناوی نووسەرەکەیەوە تۆماربێت. نووسەرەکەیش مێینەیە! (٣). ئەو سەردەمە دەقی شیعر، یان داستان و دروودەکان، لەسەرەتای ساڵدا (سەرەتای نیسان) و لەنێو پەرستگەکاندا، لە پێش جەماوەرێکی بەرفرەدا خوێندراوەتەوە و خەڵک بەڕێزەوە گوێدێری بوون. کاتێک شیعر لەگەڵ ڕۆماندا بەراورد دەکەیت، تێدەگەیت، کە شیعر پێویستیی زیاتری بە بەشداریی گوێدێر هەیە. دەبێ شێوەی خوێندنەوەی شیعرێک، وەک بەشداریی بێت لە گەڕی سەماو کەشی سروودێکی هزریی و ئایینیدا. ئەگەر بمانەوێت وێنەو ڕەزم و کێشی شیعرەکە (ئەگەر کێشداربێت) کارمان تێبکات، ئەوا پێویستە هەستی ئێمەی خوێنەریش، لە بەرامبەر هەستە وروژاوەکانی شاعیردا، بەشداربێت.

تاکو بتوانین بە تەواوی بچینە ئەتمۆسفێری شیعرەکەوە. هەتا زیاتر بەشداریی بکەین، ئەوا زیاتریش چێژ لە شیعرەکە وەدەگرین.(٤) بۆیە خوێنەری شیعری دووتوێی دیوان و گۆڤارەکان ئەو بەشداریيە گەرم و گوڕەی شیعر ناکەن. سوودیش لە توخمە پێکهێنەرەکانی شیعر وەرناگرن. بەڵکو پێوەندییەکی ساردوسڕ دەکەوێتە نێوانیانەوە، کە ناگاتە ئاستی بەشداریی ڕۆحی و وێژدانی. لەو سەردەمانەدا، کە شیعر لە شانۆدا دەخرایەکار، پێوەندییەکی تووندو تۆڵی لە نێوان ئەو ئەکتەرانەدا کە دەقەیان دەنواند و لەنێو جەماوەری گوێگری ئامادەی شانۆییەکەدا دەڕەخسا. وەلێ ئەمڕۆ شانۆی بە شیعر نووسراو، ئەو بایەخەی جارانی پێ نادرێت. شانۆکاران لای لێ ناکەنەوە. ئەگەر لاشیان لێ کردەوە، شێوازە شیعرییەکەی تێکدەشکێنن و وەک پەخشان پێشکەش بە بینەری دەکەن. ئەی کەواتە چۆن دەتوانین ئەمڕۆ ئەو بەشداریيە، لە نێوان شاعیرو گوێگردا بهێنینە ئاراوە؟ خۆ ناکرێ بۆ هەموو شیعرێک بچینە سەردانی شاعیرەکە، داوای لێ بکەین بە دەنگی خۆی و لە کەشێکی تایبەتیدا بۆمان بخوێنێتەوە. ئێ شیعریش ژانرێکە زیاد لەهەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب مامەڵەیەک لەگەڵ هەست و سۆزدا دەکات و لە ناخەوە دەیانجووڵێنێ، دەیانوروووژێنێ و بە ئاگایان دێنێت. ڕەنگە باشترین مامەڵەیەک بۆ نزیکخستنەوەی شیعر لە گوێگرەوە ئەوەبێ بیکەی بە گۆرانی. شیعر بۆخۆی موزیکی تێدایە. ئەگەر بێتو چەند ئامێرێکی موزیک هاوکاریی لەگەڵدا بکات و بە دەنگێکی بەجۆش ئەدا بکرێ. ئەوا جۆشی موزیک تیایدا بەرزدەبێتەوە. شیعر خۆی ئاوازی هەیە و ئەگەر موزیکزانێکیش هات ئاوازێکی پڕ بەپێستی بۆ دانا، ئەوسا کاریگەریی لەسەر گوێگر پتر دەبێ. دیارە ئەگەر گۆرانییەکە سیناریۆی بۆ چێکراو وێنەگیرا و لە تەلەڤزیۆیەوە پیشاندرا، ئەو حەلە هونەرێکی دیکەیشی دێتەپاڵ. واتە وێنە ڕەنگییە بزۆزەکان، شیعر و گۆرانییەکە بەرجەستە پێشان دەدەن. جوانی شوێن و دیکۆر و توانای ئامێرەکانی موزیک و خرۆشی گۆرانیبێژ دەچنە پاڵ شیعرەکە و زیاتر بە ئاهەنگی دەکەن. لەم دۆخە نوێیەدا گۆرانیبێژ لەبریی خودی شاعیر ئامادەبوونی هەیە و خۆیەتی، کە شیعرەکە بە دەنگ و ئاوازەوە ئەدا دەکات. تەواو پێچەوانەی دەقی نێو دیوانە شیعرەکە. دیوانی تۆز لێ نیشتوو، کە بریتییە لە دەقی سڕبووی بێ جوولە و بێ گیان . بەم پێیە، گوێگرتن لە گۆرانیبێژ، کە ڕووی لە تۆیە، لە جۆش و خرۆش و جوولەدایە و شیعرەکە بە زیندوویی پێشکەش دەکات. تۆش بە هەست و ڕامان و چوونە ناو جیهانە ئەفسانەییەکەیەوە گوێی بۆشل دەکەی. هەم بەشداری و هەم چێژی لێ دەبینی. بەڵام دەقە نووسراوەکان ڕووی دەمیان لە تۆ نییە. بۆیە ئەو شیعرانەی کە دەکرێن بە گۆرانی و ئۆپەرێت، بە زیندوویی دەمێننەوە، هەمیشە بەگوێی جەماوەر ئاشنان و نووستن و سڕبوونیش بە خۆیانەوە نابینن .

ژێدەر :

١ .طه باقر، ملحمة گلگامش، ص/١١

٢ .طه باقر، مقدمة في أدب العراق القديم، ص/٥٦

٣ .الثقافة الأجنبية، العدد/٢٦٥

٤ .الثقافة الأجنبية، العدد (٢)، سنة، ١٩٨٢

بڕوانە: تکایە دەست بەشیعرە بگرن، محەمەد فەریق حەسەن، دەزگەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥

پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی، فریشتەیەک لە هەڵۆیست و زانست

پ.د.زاهیر لەتیف گەریم

لەکاتێکدا و لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو خوێندکاری بەشی عەرەبی بووم لەزانکۆی بەغدا،کۆلێژی ئەدەبیات،مامۆستاکانم، بەنموونەی پرۆفیسۆران عناد غزوان وجلال خیاگ وعلی جواد الگاهر وداود سلوم،بەچاوی ڕێزەوە باسی پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی یان دەکرد.هۆکارەکەشی بەپلەی یەکەم دەگەڕایەوە بۆ لێهاتوویی ئەم زانا کورده لەڕووی زانست وئەکادیمیاوە.ئەو کات مامۆستا پاکیزە (1924– 2003)، کە لەدایکبووی شاری سلێمانییە و لەلای ئێمە و کەس و کاری بە "باجیلە" ناسرابوو، لەکۆڕی زانیاری کوردی بوو، کەمتر دەهات بۆ کۆلێژ. کەد هاتیش ئەوا، وەک خودی خۆم، نەمدەتوانی ببینم ئەویش بەهۆی نەگونجاندنی کاتەوە. زیاتر لەبەشی کوردی دەبینرا. ئەمە وای لێکردم، کە بەدوایدا بگەڕێم تا لەنزیکەوە بیناسم یان سوودێکی زانستی و پەروەردەیی لێ ببینم. بەپێی بواری خۆم سەردانیم دەکرد و ئەویش دوور لەفیز و خۆبەزلزانین وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایەوە. هەر لەوێوە بۆم دەرکەوت کە ئاستی بیرکردنەوە و زانست و دەربڕینەکانی سروشتی نین و تەواو کاریگەری شێوازە ئەمریکی و ئینگلیزییەکانی پێوە دیار بوو.

بۆ ئەو کات تێگەیشتن لەبۆچوونەکانی کارێکی ئاسان نەبوو. دیارە هەر ئەمەش وایکردبوو کەزۆربەی خوێنکارەکان وەک پێویست نەتوانن لەمانا و مەبەستێتی مامۆستا بگەن. لەچاوپێکەوتن و دانیشتنەکاندا بۆم دەرکەوت، کە بەڕێزیان لەساڵی 1949 بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە دار المعلمین العالیە بەدەستهێناوە. دواتر بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندن ڕووی لەئەمریکا کردووە و بڕوانامەی ماستەری لە زمانەوانیدا لەزانکۆی هارڤەرد لەساڵی 1951 بەدەستهێناوە. بەمەشەوە ناوەستێت و دواتر ڕووی لەبەریتانیا کردووە و لەوێش لەزانکۆی لەندەن بڕوانامەی دبلۆمی باڵای لەساڵی 1953 بەدەست دەهێنێت. لەکۆتایشدا ڕوو لەزانکۆی قاهیرەی میسری دەکات و لەکۆتایی پەنجاکاندا بڕوانامەی دکتۆرا لەپسپۆڕی زمانە سامییەکاندا بەدەست دەهێنێت.

لە ساڵی 1987 جارێکی تر، لەزانکۆی سەڵاحەدین، یەکترمان بینییەوە، بەڵام ئەمجارەیان هەردووکمان وەک مامۆستا. لەزەمەنی ڕابردوودا هەمیشە پێی دەگووتم: کە باشتر وایە لەدەرەوەی وڵات بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا بخوێنیت. زۆری پێ خۆشبوو کەمنیش بڕوانامەی دکتۆراکەم لەیەکێک لەزانکۆکانی بەریتانیا بەدەستهێناوە. هاوڕێیەتیمان ڕۆژ بەڕۆژ بەهێز دەبوو، چونکە لەبەشی عەرەبی، کۆلێژی ئەدەبیات، دامەزرابوو.

جێگەی مانەوەشی لە فلاتەکانی(شوقە) ڕووناکی بوو، کە تەواو بەرامبەر بەفلاتەکەی ئێمە بوو. هەر زوو دۆستایەتی لەگەڵ خێزانم دروست کرد، بەڵکو پێشتر دراوسێیەتی و خزمایەتی لەگەڵ شاڵییەکانی خێزانمدا هەبوو. زۆربەی کات بەتایبەتی دوای دەوامی فەرمی وەک یەک خێزان پێکەوە بووین. لەماڵەکەیدا هەمیشە خەریکی دوو شت بوو، ئەوانیش خوێندنەوە و خواردن دروستکردن. لەخواردندا حەزی زۆر بەخواردنە کوردییەکان دەکرد وەک ترخێنە و گەنمە کوتاو و چەنسووتە و کفتە و یاپراخ. لە لێنانیدا زۆر وەستابوو. ئاڵوگۆڕی خواردن لەنێوانماندا هەبوو. منداڵەکانمی زۆر خۆش دەویست. جارێکیان چەند وێنەیەکمان پێکەوە گرت، کە گەڕابۆوە بۆ ئەمریکا یەکێک لە وێنەکانی گەورە کردبوو، لەهۆڵی دانیشتنەکەیدا دابنابوو. ئەمەش نیشانەی وەفایی و دڵسۆزی و خۆشەویستی بوو، پێچەوانەی پەیوەندییە ڕووکەشییەکان، کە هەمیشە بەرژەوەندی میتریاڵی لەپشتەوەیە.

کتێبخانەیەکی بچووک و خنجیلانەی جوانی هەبوو، کە سەردانیم دەکرد وامدەزانی لە جێگەیەکی زانستی تایبەتدام و تەواو زانست و خوێندنەوە باڵی کێشابوو بەسەر جێگەکەدا. لەپێناو وەرگرتنی زانیاری، جارجارە بەشێک لە خوێندکارەکانی سەردانیان دەکرد. ئەمیش وەک منداڵی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن و زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێدەکردن.

بڕوانە لاپەرە 4

بۆم دەرکەوت پاکیزە ڕەفیق حیلمی کە لەناخدا، هاوشێوەی ڕەفیق حیلمی بەگی باوکی، هەمیشە بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی دەگری

پاشماوەی ل 3

ماڵەکەی ببوو بەزانکۆ، خۆشی حەزی بەو جۆرە پەیوەندییە دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتی تایبەتی بۆ دانابوون و بەبێ ئاگاداری پێش وەخت دەرگای لەکەس نەدەکردەوە.

واتە بەبێ دەستنیشانکردنی کاتێکی دیاریکراو پێشوازی لەکەس نەدەکرد. زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکانی ئینگلیزی وعەرەبی و عیبری و فارسی بوون. لەزانینی ئەم زمانانەدا زۆر شارەزا بوو.لەقسەکردن ونووسینی ئینگلیزی وعەرەبیدا زۆر بەزەحمەت هەستی پێدەکرا کەکەسێکی کورد بێت.لەکۆڵێژ خاوەن کەسێتییەکی هەرە بەرزی زانست وکۆمەڵایەتی بوو.لە ووتنەوەی وانەکانیدا،کەهەندێک جار داوای مۆڵەتم دەکرد ومنیش لەگەڵ خوێنکاراندا دادەنیشتم،زۆر بەهێمنی ولەسەرخۆ کاتەکەی بەڕێ دەکرد.بۆ چرکەیەک کاتی بەفیڕۆ نەدەدا و داوای سەرچاوەی پێویستی لەخوێنکاران دەکرد ولەهەمان کاتیشدا هۆڵی خوێندنەکەی کردبوو بەگفتوگۆ و ئارگیومێنت. هەمووان دەبوو بەشدار بن.گەر هەستی بەلاوازی خوێنکارێک بکردایە ئەوا قایل نەدەبوو داوای خوێندنەوەی زیاتری لێ دەکرد.هەندێک جاریش کۆمێنتی کاریگەری دەدا.دیارە ئەمەش لەپێناو بەرز ڕاگرتنی زانستدا بوو نەک شکاندنی خوێندکار.بۆیە ئامادەبوون لەهۆڵەکانی مامۆستادا کارێکی ئاسان نەبوو چونکە کاتەکانی پرکردبۆوە بەزانست وبواری نەدەدا بۆشایی تێ بکەوێت.هەندێک جار ولەبۆنەکاندا داوای ڕێپێوان لەمامۆستایان وخوێندکاران دەکرا کەبەرە وشەقام وجێگە حکومییەکان بڕۆن.بەڵام ئەم ڕێگەی نەدەدا ودەیگوت زانکۆ جێگەی زانستە نەک حیزبایەتی.وانەکانی خۆی دەگوتەوە وگوێی لەبەرپرسانی حیزبی وکارگێڕی نەدەگرت.ڕاگری کۆلێژیش کەکەسێکی حیزبی بەرز بوو هیچی پێ نەدەکرا بەرامبەر ئەم ڕەفتارەی مامۆستا.بەپێکەنینەوە دەیگووت" بڕیارەکە مامۆستا ناگرێتەوە"کەئەمە هەڵوێستێکی تایبەتی خۆی بوو بەوپێیەی ڕێزێکی بێ سنووری لەمامۆستا دەگرت ومامۆستاش لەبەرامبەردا ڕێزی لەخۆی وزانستەکەی دەگرت. ڕۆژێکیان چاکم بیر دێت کەزۆر تووڕەبوو لەڕاگری کۆلێژ وپێی گووت" ئەمە چیە زانکۆتان کردووە، بە بارەگای حیزبی هەر ڕۆژە و ڕێپێوانێک!".

لە هەموو ڕوویەکەوە خاوەن ڕەوشت و نەفسێکی زۆر بەرز بوو. گەر مامۆستایەک یان خوێندکارێکی خوێندنی بااڵ داوای ئەوەی بکردایە، کە بەئۆتۆمبێلە تایبەتەکانیان بیگوێزنەوە بۆ کۆلێژ و ماڵەوە ئەوا قبوڵی نەدەکرد و دەیگوت: "من پارەم بۆچییە گەر خزمەتم نەکات". نەک هەر ئەمە بەڵکو بەهۆی سەخاوەتەکەیەوە هەمیشە گیرفان و جانتاکانی کراوە بوو. زۆر یارمەتی کارمەند و خوێنکارە هەژارەکانی دەدا. ژیانی زۆر بچووک کردبۆوە و ئەوەندە بایەخی بەماڵی دونیا نەدەدا. بۆیە دوژمنی پارە بوو. گەرچی ڕەفتاری لەوانە گوتنەوەدا، وەک مامۆستایەکی ئەوروپی و بابەتیانە ڕەفتاری دەکرد و زۆریش لەکارەکەیدا تووند وجدی بوو، بەڵام لەدەرەوەی هۆڵ کەسێکی بەخشندە بوو. زۆربەی کات دەم بە پێکەنین بوو.

خاوەن زەردەخەنەیەکی تایبەت بوو. زۆرجار پێم دەگووت "زەردەخەنەکانی بەڕێزتان لەزەردەخەنەکەی مۆنالیزا جوانترە". وەڵامەکەی بەزەردەخەنەیەک دەدامەوە. مامۆستا کەسێکی ورەبەرز بوو، نائومێدی بەڕواڵەتییەوە بوونی نەبوو، بەڵام لەئەنفالەکەدا گریان تەواو کۆنترۆڵی کردبوو. لێرەوە بۆم دەرکەوت کە لەناخدا، هاوشێوەی ڕەفیق حیلمی بەگی باوکی، هەمیشە بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی دەگری.

د

وای ئەنفال بەسااڵێک زانکۆی سەاڵحەدینی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بەغدا ولەوێشەوە بۆ جارێکی تر بۆ ئەمریکا.بەر لەکۆچەکەی گەڕایەوە سلێمانی وهەواڵی گەڕانەوەی خۆی بۆ گەیاندم.منیش لەماڵی کاک فەوزی برا بچووکی،چەند جارێک خۆم وخێزانم سەردانیمان کرد.هەر لەو کاتەدا کەتەندروستیشی باش نەبوو زۆر حەزی دەکرد بەشدار بێت لەپڕۆسەی خوێندن بەاڵم تەمەن ونەخۆشی ڕێگەی نەدا.ئێستاش جار جارە لەگردی سەیوان و لەتەنیشت مامۆستای کوردایەتی ڕەفیق حیلمی بەگ، لەگەڵ خێزانمدا، سەردانی گۆڕەکەی دەکەم ویادەوەرییەکانیش بەخێرایی دێنە بەرچاو.لێرەدا دوژمنایەتیکردنی بۆ پارە جێگەی خۆی گرت وهەڵوێستەکانیشی بەرامبەر خاک ونیشتمان لەبیر و هزرماندا هەمیشە بەزیندوویی دەمێننەوە.

گۆشەی 21 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

مەلای مزگەوتێک کەوتەبەرڕەخنە

لەمڕۆژانەدا کاتێک خیزانێکی عەرەب، کێشەی خۆیان ڕووبەڕووی مەلای مزگەوتێکی شاری میونشن دەکردەوە، مەلاکە فتوای ئەوەیدا، کە پیاو بۆی هەیە لەکاتی دروستبوونی کێشەدا، لە ژنی خۆی بدات و بە تووندوتیژی گرفتەکە چارەسەربکات، ئەم مەسەلەیە شۆڕبۆوە بۆ نێو میدیا و لەزۆر لاوە ئەو مەلاو مزگەوتە تووشی ڕەخنەی تووندبوونەوە، بەتایبەتی ڕاستڕەوە ئەڵمانەکان بەهەڵێکی زێڕێنیان زانیووە، کە دابەزنە سەر موسڵمانان و سەرزنشتیان بکەن، مەلاکەش دەڵێ فتوای من لەسەر بنچینەی ئاین و شەریعەت دراوە.

"فرانک باسرمان" دەمڕاستی پارتی ئەلتەرناتیف Afd داوای پەیوەندی باش لەگەڵ سوریا دەکات

"فرانک باسرمان" دەمڕاستی پارتی ئەلتەرناتیف Afd لە ناو پەرلەمانی ئەڵمانیا داوادەکات، حکومەتی ئەڵمانیا پەیوەندی باشی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد هەبێت و سوریەکان لەئەڵمانیا پێگەیەکی باشیان هەیە و ژمارەیان خۆی لە ٨٠٠ هەزار کەس دەدات، ناوبراو بۆ ڕۆژنامەی "فینانتس ناخریشتن" گوتوویەتی، کە سوریا پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە و هاوکاری وڵاتان و دەستگرتن هەیە، بۆیە ئەڵمانیا پێویستە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕژێمە چاک بکاتەوە و نەهێڵێت بڕوخێت، شایانی باسە پارتی ئەلتەرناتیف بۆ ئەڵمانیا تووندڕەو و نازیپەرستە، کەیفیان بە ڕژێمی سوریا دێت.

زەنگینێک لە ئەڵمانیا 100 هەزار یۆرۆ دەداتە نەخۆشخانەیەک

لەڕێی ڕۆژنامەی "براونشڤایگەزایتۆنگ"، کە داوای یارمەتی بۆ ئەو نەخۆشخانەیە کردووە لە ئەڵمانیا، دەوڵەمەندێکی شارەکە ١٠٠ هەزار یۆری پێشکەش بەو نەخۆشخانەیە کرد بۆ یارمەتی ئەو نەخۆشانەی، کە لە سەرەمەرگدان و داوایکرد ئاسانکارییان بۆ بکرێت تا زوو ئاسانکاری مردنیان بۆ بکرێت، بۆئەوەی ئازاری زۆر نەچێژن، چونکە ئەو نەخۆشخانەیە تایبەتە بە نەخۆشیە کوشندەکان و ژمارەیەکی زۆری لەو نەخۆشانە تێدایە، کە هیوا بەمردنێکی بێ ئازار دەخوازن.

ژنە داعشێک دەستگیرکرا

داواکاری گشتی ئەڵمانیا فەرمانی دەستگیرکردنی ژنە هاوسەری داعشێکی بەتۆمەتی پەیوەندی بەڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و پێشێلکردنی یاسای چاودێری چەکی دەرکرد، بەپێی زانیاریەکان ئەو ژنە لە ساڵی 2016 لەگەڵ مێردەکەی چۆتە سوریا و عیراق و لەوێ لەیەکتری ماڕەکراون، لەناو داعش ماونەتەوە و مێردەکەی چۆتەشەڕەوە، ئەویش ئەوەی پێی کراوە لە ئازاردانی دراوسێکانی دڕێخی نەکردووە.

داوادەکرێت گۆشت گران بکرێت

لیژنەی کشتوکاڵی لەپەرلەمانی ئەڵمانیا پڕۆژەیەکی هەیەو داوادەکات، باجی سەر گۆشت و بەروبومی ئاژەڵداری لە ٧٪ و بکرێتە ١٩٪ و نرخەکانیش زیاد بکرێن، تا جوتیار و ئاژەڵدارەکان بتوانن خزمەتی باشتری ئاژەڵان بکەن و بەرهەمەکانیشیان زیاتر بکەن، سێ پارتی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە پارتی سەوزیان لەگەڵ، شایانی باسە گۆشتی بەرخ لای تورکەکان کیلۆی بە 10 یۆرۆ و لای مارکێتی ئەڵمانیش گۆشتی گوێرەکە بە 13 یۆرۆیە.

داوادەکرێت هێز لەدژی ئیسلامیەکان بەکاربێت

هەفتەی ڕابردوو لە دوسلدۆرف شارەزایانی بواری ئیسلامی و پاراستنی ئەمن و ئاسایش کۆبونەوەو تاوتێی چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی ئیسلامی سیاسی و تووندڕەویان کرد، کە ئەگەر سنوری بۆ دانەنرێت دەبێتە هەڕەشە بۆسەر باری ئاسایشی هاوڵاتیان، پێشنیار بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزکرایەوە، کە تونتر ڕەفتار بکەن لەگەڵ ئەو تووندڕەوانە و ئەگەر پێویستی کرد چەکیش بەکار بهێنن، شایانی باسە لەناو ئەڵمانیادا ١١ هەزار سەلەفی تووندڕە و هەن، زۆربەیان گومانی کاری تیرۆریستیان لێ دەکرێت، ژمارەیەکی زۆری سەرکردە و دەمڕاستەکانیان خراونەتە زیندانەوە، بەڵام لەوێش هەر خەریکی نەخشە و پلانن، بەرامبەر بە تێکدانی ئاسایشی ئەو وڵاتە.

بەیەک چاوتروکاندن هونەرمەندێک بووە ملیۆنێر

هونەرمەندی ئەمریکی (دیڤید تشۆ)، کە لە بنەچەدا کۆرییە، تەمەنی 43 ساڵە بەدەستی چەپی وێنە دەکێشێت، بە یەکیک لە هونەرمەندە بە تواناکانی ئەمریکا و دونیا ناسراوە، زیاتر کاری دیواربەندی دەکات، بە بەناوبانگترین هونەرمەندی گرافیکییە..

ئەم هونەرمەندە لەگەڵ ئەوەی ئەو توانا هونەرییە، بێسنوورەی هەبووە، بەڵام کێشەی دارایی زۆر بووە، لەبەر ئەوە چەندین جار خراوەتە بەندیخانەوە بە هۆی دزیکردنەوە، لەبەر ئەوە بەرهەمە هونەرییەکانیشی کەم بووبوونەوە..

لە ساڵی 2005 کەسێک بەناوی (شون بارکر) تەلەفونی بۆ دەکات و پێی دەڵێت کۆمپانییایەکی بچوکمان دامەزراندووە، کە وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وایە، منیش هاوبەشم لەو کۆمپانیایە، دەمانەوێت چەند کاریکی تایبەتی دیواربەندیمان بۆ بکەیت، ئەمیش یەکسەرقبوڵی دەکات، وارێکدەکەون، کە بری 60 هەزار دۆلاری بدەنێ.. (داڤید) دەست بەکارەکەی دەکات و تەواوی دەکات، بەڵام کاتێک دەگاتە ئەوەی پارەکەی وەربگرێت، پێی دەڵێن: ئیمە ناتوانین بە تەواوی پارەکەت بدەینێ، لەبەر ئەوە دەبێت بە چەند جارێک پارەکەت بدەینێ، ئەمیش پێی ناخۆش دەبێت، بەڵام لە کۆمپانییاکەوە، پێی دەڵێین، ئەی بۆ بەشێکت لە کۆمپانیاکە نەدەینێ..؟ (دیڤید)یش ڕازی دەبێت، بەڵام بە دڵێکی سارد و شکاوەوە دەڕوات...دوای چەندین مانگ (داڤید) هەر بیریشی نامینێ، کە بەشێکی (سەهم)ی لە کۆمپانیایەکدا هەیە و بەردەوامیش کاری هونەری خۆی دەکات....

ساڵی 2012، کارەکان بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەگۆڕێن، ئەویش ئەوەیە تەلەفۆنێکی لە (مارک زوکەر بێرگ) Mark Zuckerberg هوە بۆ دەکرێت، کە بەڕێوەبەری کۆمپانیای (فەیسبوکە) پێی دەڵێت: من بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەم و کۆمپانیاکەشمان زۆر فروان بووە، بەشەکانی ئێوەش (سەهمەکانت) نرخەکەی گەیشتۆتە (200) ملیۆن دولار.

داڤید وای داناوە ئەمە دیارییەکی خودایە، لەبەرئەوە بەشێکی زۆری ئەو پارەیەی دەستی کەوتووە، لە کاری خێرخوازیدا بەکاری هێناوە، (بەیەک چاوتروکاندن، ئەم هونەرمەندە بووە ملیۆنێر)، بەڕاستی ئەم ژیانە سەیرە....!

16/8/2019

هەسارەی موشتەری، یەکێک لە جوانترین تابلۆکانی ئاسمانە..!

لوقمان حەویز/ تێکساس

زۆربەتان دەزانن ئەمە وێنەی هەسارەی موشتەریە، جیاوازی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە لەڕێگەی تەلەسکۆپی هابڵ چرکێنراوە لە بەرواری 27 ی مانگی حوزەیرانی 2019، هابڵ لە خولگەیەکدا کە بەدەوری گۆی زەویدا دەسوڕێتەوە و زۆر کەم بۆ چاودێریکردنی هەسارەکان بەکارهێنراوە، ئەمجارە یەکێکیانە...

هەسارەی موشتەری گەورەترین هەسارەی کۆمەڵەی خۆرە،

تیرەکەی 11 ئەوەندەی تیرەی گۆی زەویە، بارستەکەی 317 ئەوەندەی بارستەی زەویە و دووریەکەی لە خۆر لە نێوان 740 بۆ 816 ملیۆن کیلۆمەترە، بە 11 ساڵ جارێک بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، زۆر خێراش بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و تەنیا بە 9 کاتژمێر و 56 خولەک سوڕێک بەدەوری خۆیدا تەواو دەکات، پێکهاتەی تویکڵەکەی وەکو گۆی زەوی بەردینی و ڕەق نییە بەڵکو لە گازی شل بوو پێک دێت و گازی میثان پێکهاتەی سەرەکییەتی...

هەسارەی موشتەری پتر لە 70 مانگ یان پاشکۆی هەیە، زۆربەیان بچوکن تەنیا چواریان نەبێت بە بەراورد گەورەن، لەبەر ئەوەی پێکهاتەکەی سەرەکی سەر ڕووەکەی گازی میثانی شلە هیچ هیوایەک بەدی ناکرێت بۆ بوونی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە...

شایەنی گوتنیشە کە وێنەکە تەنیا بەهۆی تیشکی بینراوە چرکێنراوە، واتە تیشکی خوار سووری تیدانییە Infrared، ئەمە مانای ئەوەیە چاوی مرۆڤیش ئەگەر لە نزیکەوە بینینێت هەر بەم شێوەیە دەیبینێت و ڕەنگەکان سروشتین...

https://www.nasa.gov/.../.../2019/hubble-new-portrait-of-jupiter

"جوڵندیی کوڕی کوڕکوڕ" ئەو پادشا مەزنە کوردە "کافر"ەی، کە قورئان ئاماژەی پێکردووە و کورد بە پادشایەکی ڕابردووی خۆی داینـاوە

نووسینی: سۆران حەمەڕەش

خوێنەری ئازیز، ناونیشانی بابەتەکە ڕات نەچڵەکێنێت، هۆکارێک هەیە بۆ دانانی وشەی "کافر"، کە دواتر لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتەکەدا بۆت ڕوونـدەبێتەوە. پاش ساڵانێکی زۆر لە کارکردن و هەوڵ بۆ ساغکردنەوەی مێژوو و فەرهەنگی کوردی، خۆشحاڵم کە بڵێم ئەمڕۆ ئەرشیفێکی دێرینی وام لەسەر کورد هەیە، کە هیچ گومانم نییە لەوەی هەموو زانکۆ و دەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستان ئەرشیفی لەو جۆرەیان نییە. ئەرشیفەکەش هەر ئەوە نییە لەوێدا بێت، کارم لەسەر زۆربەی کردووە و بەردەوام شتی نوێیان تێدا دەدۆزمەوە. جا زۆر جار لە ناو ئەو هەموو سەرچاوانەدا کە سەیری ئەو هەموو بابەتە دەکەم کە لەسەر فەرهەنگ و مێژووی کورد هەیە و هێشتا هیچیان لەسەر نەنووسراوە یان زۆر کەمیان لەسەر نووسراوە، تەمەنم لەبەرچاودا کەم دەبێتەوە و ژیان کورت دەنوێنێت؛ خەمەکە بەشی ئەوە نەکات ئەو هەموو کارە تەواوبکەم. بەڵام ژیان سنووردارە و مرۆڤ هەرچەند هەوڵ بدات فریای بەشێک لە خەونەکانی دەکەوێت. جا لە کاتی خوێندنەوەی سەرچاوەکاندا کاتێک هەندێک شت سەرنجم ڕادەکێشن، دەستبەجێ لە شوێنێکدا دەیاننووسم بێ ئەوەی کە بزانم لەو کاتەدا سوودەکەی چی دەبێت، بەڵام دوای چەندین ساڵی تر پارچەیەکی تری ئەو بابەتە لە شوێنێکی تردا دەدۆزمەوە و زیاتر لە بابەتە مێژوویەکە دەگەم و بەو جۆرە سەرەداوێکی بچووک زۆرجار دەمبەنە سەر گەوهەرێکی دێرینی مێژوو و فەرهەنگی کوردی. چیرۆکی ئەم پادشا مەزنە کوردە "کافر" مەش، بەرهەمی گەڕانی چەندین ساڵ و کۆکردنەوەی سەرچاوەی جیاوازە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر کاتێک کە کتێبی مێژوونوسی کورد و پیاوی دەوڵەت و میری هەزەبانی هەولێری، ئەبو هیجا (١٢٢٣ –١٣٠١ ز) م دەخوێندەوە، شتێک سەرنجی ڕاکێشام. پێش ئەوەی کە زیاتر لەسەر بابەتەکە بدوێم دەبێت بزانرێت، کە میر ئەبوهیجای مێژوونوس کێیە.

ئەم پیاوە میر و کەسایەتیەکی خوێندەوار بووە و شارەزا بووە لە مێژوو و زماندا و شاعیر و پیاوی دەوڵەت و سەر بە بنەماڵەی هەزەبانی حوکمڕانی دێرینی هەولێر بووە. ئەو لەدایکبووی هەولێر بووە و لەوێ خوێندوویەتی، دواتر بۆ چەندین ساڵ و هەتاوەکو کۆتایی ژیانی والی دیمەشق بووە. لە ڕووی سیاسیەوە سەر بەو کوتلەیە بووە کە داکۆکیان لە عەلی کوڕی ئەبی تالیب کردووە بەڵام لە ڕووی بیروباوەڕوە پێ دەچێت زۆر ئیماندار نەبووبێت. لەبەر ئەوەی هاوڕێی نزیکی فەیلەسوفی هەولێری، عیزی زەریر بووە کە بە زەندیق (بێ باوەڕ/کافر) لە قەڵەم دراوە. هێندە هاوڕێ بوون، لە سەرەمەرگیشدا لە تەک عیزی زەریردا بووە، هەتاوەکو هەناسەی دەرچووە هەر لەتەکیا ماوەتەوە و هۆنراوەیشی بۆ ئەو زاتە فەیلەسوفە گوتووە.

لە کتێبەکەیدا بە زمانی عەرەبی لەسەر مێژوو (کە بەندە کۆپیەکی هەیە)، میر ئەبو هیجا لە شوێنێکدا باسی مردنی دوا میری مەزنی هەزەبانی، لە ڕۆژی ١١٢٥/٧/٢٠ ز دا دەکات، بە ناوی (میر عیزەدین شەهاب ئەلدەولە ڕێخۆشکەری ئایینی ئیسلام و تاجی پادشاکان ئەبو هیجای کوڕی مۆسەک کوڕی هاکۆ/ئاکۆی هەزەبانی خاوەنی هەولێر). ئەبی هیجای مێژوونوس دەڵێت ئەو میرە بە یەکێک لە پادشا پێشینەکان دادەنرا لە بەخشندەیی، خواردن، جلوبەرگ، ئازایەتی، دادپەروەری، باڵابەرزی و قۆزیدا و بەهێزترین دەنگی هەبووە، دەڵێت گوایە کاتێک کە پژمیوە لە دەرەوەی هەولێر گوێیان لە پژمەکەی بووە. دوای ئەوەی کە بەو جۆرە بەسەریدا هەڵدەدات دەڵێت لە دوای مردنی ئەو میرە کوردە هەزەبانیە، کوڕەکەی بووە بە پادشا و پاش ماوەیەکی کەم تورکەکان هەولێریان گرتووە و بەو جۆرە کۆتایی بە حوکمڕانی هەزەبانیان لە هەولێردا هێناوە و هەولێر کەوتۆتە دەستی تورکەوە. دواتر ئەو مێژوونوسە ئاماژە بە هۆنراوەیەک دەکات کە بەعەرەبی بە شانوبالّی ئەو پادشا کوردەدا هەڵدراوە. لە دێڕێکی هۆنراوەکەدا دەگووترێت:

(شهدت بصحة ملكه و علائه اى الكتاب و عزة القسعاء)

واتە " لەسەر پادشایی و پایەبەرزی ئەو، کتێب و شانازی

پتەوی شایەتە" بڕوانە لاپەڕە 8

ئەو زانیاریانەی کە لەسەر جوڵەندی ماونەتەوە زیاتر دەچنە خانەی ئەفسانەوە، وەک لە بابەت و ڕووداوێکی مێژوویی

پاشماوەی نووسینەکەی: سۆران حەمەڕەش

لە کۆتایی هۆنراوەکەدا ئەبو هیجای هەزەبانی مێژوونوس، بۆچوونێکی سەیر لەسەر لێکدانەوەی هۆنراوەکە دەدات. ئەو دەڵێت "کە دەڵێت کتێب شایەتە لەسەر دروستیی حوکمڕانیی ئەو، ئەوەیە کە هەزەبانیەکان لە بنەچەی جلندیی کوڕی کوڕکوڕ–ن کە خودا دەربارەی دەڵێت (و کان وراءهم ملک یاخذ کل سفینة غصبا).. واتە مێژوونوسێکی کوردی وەک ئەبو هیجای هەزەبانی بنەچەی دەسەڵاتدارە هەزەبانیەکانی گەڕاندۆتەوە بۆ جوڵەندیی کوڕی کوڕکوڕ. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە بە نزیکی لە هەموو تەفسیرەکانی قورئاندا ئەو ئایەتە بەوە لێکدراوەتەوە کە ئاماژەیە بە جوڵەندیی کوڕی کوڕکوڕ کە پادشایەکی کافری پێش ئیسلام بووە و دەسەڵاتدارێکی گەورە بووە، دەستی بەسەر کەشتیەکاندا گرتووە و ڕێی لە کەشتیەکان گرتووە. ئەم پادشایە هێندە بەناوبانگ بووە، لە ناو سەرچاوە ئیسلامیەکاندا قسە و بۆچوونی زۆر جیاوازی لەسەر هەیە. هەندێک دەڵێن کە پادشایەکی گەورە بووە و لەسەر کەنداوی فارسی/عەرەبی ئەوەی کردووە و هەندێکی تر دەڵێن لای ئەندەلوس وئەوانەی تر دەڵێن لەسەر دەریای سپی لە ئەنتاکیا کە بە درێژایی مێژوو ولاتی کوردان بووە. هەندێک دەڵێن پێغەمبەر نامەی بۆ نووسیوە تا داوای لێبکات بێتە سەر ئایینی ئیسلام و هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی موسا و هەندێکی تر پێش موسی. بەو جۆرە زۆر لە سەرچاوە ئیسلامیەکان چیرۆکی جوڵندی دەگێڕنەوە و لە کتێبی (ئەلف لەیل وە لەیلە) شدا چیرۆکی جوڵەندی وەک پادشایەکی کافر باسکراوە بەڵام ئەوەی کە مایەی سەرنجە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە چیرۆکەکەی (ئەلف لەیل وە لەیلە) بە عەرەبی نووسراوە بەڵام زۆربەی ناوەکانی ناو چیرۆکەکە عەرەبی نین و ناوی جوڵندی خۆشی لە عەرەبی ناچێت. جگە لەوەش سەرەڕای ئەوەی کە چیرۆکەکە کراوە بە عەرەبی، کەچی یەکێک لە کاراکتەرەکانی چیرۆکەکەی (ئەلف لەیل وە لەیلە)، دێوی چیا (غول الجبل) یە. لەوە دەچێت ئەم بۆچوونە ئەفسانەییە لە ناو کوردا بنەچەیەکی مێژوویی دێرینی هەبێت و لە ڕابردوودا زیاتر بایەخی پێدرابێت و لە زۆربەی کوردستاندا ئەم چیرۆکە گێڕابێتەوە. لەبەر ئەوەی کە جگە لە بۆچوونەکەی ئەبو هیجای هەزەبانی کە نزیکی پێش هەشت سەد ساڵ لەمەوبەر داویەتی، بەیتێکی کوردی تایبەتیش هەیە کە پشتڕاستی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە. ئەو بەیتە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەناوچەی موکریان تۆمارکراوە بە ناونیشانی "جوڵندی".

ئەم بەیتە لە ساڵی (١٩٠٢–١٩٠٣ز) دا لەلایەن ئۆسکارمانەوە تۆمارکراوە و مامۆستا هێمن دواتر هێناویەتە سەر ڕێنوسی کوردی. بەیتی جوڵەندی نزیکی ٢٥ پەڕەیە و بەیتێکی دوورودرێژە کە چیرۆکی پادشایەکی مەزنی کوردی "کافر" ە کە دەچێتە جەنگ دژی موسوڵمانەکان و ڕوو دەکاتە مەدینە بۆ لەناوبردنی محەمەد و عەلی. چیرۆکی بەیتە کوردیەکە لەوەی (ئەلف لەیلە وە لەیلە) جیاوازە و لە سەردەمی پێش تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا تۆمارکراوە، بۆیە کەشوهەوایەکی هێندە کوردانەی هەیە کە زۆر جار هەست ناکەیت کە باس لە پێغەمبەری موسوڵمان و مەکە و مەدینە دەکرێت. پاڵەوانەکانی بەیتەکە بریتین لە جوڵەندی و موحەمەد و عەلی و فاتیمە و عومەر و بیلالی حەبەشی و شەیتان. ناوەکان زۆر کوردێنراون، بۆ نموونە بە عومەری کوڕی خەتاب دەگوترێت (کاک عومبەر) و فاتیمە (فاتیمە خانێ) و هیلالی حەبەشی (هیلالی عەبەشی) و عەلی–ش (شێری خوڵای/خودا) و هەندێک جاریش (عەلی کاکە).

چیرۆکەکە هەرچەندە نزیکی سەد و پانزە ساڵ لەمەوبەر تۆمارکراوە، بەڵام بە دڵنیایی مێژووەکەی لەوانەیە زیاتر لە هەزار ساڵ بێت، هەرچەندە بەهۆی تۆمارنەکردنی بە نووسین، زمانی بابەتەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زمانی سەر و سەد ساڵ لەمەوبەرە نەک هەزاران ساڵ لەمەوبەر.

چیرۆکەکە درێژە بەڵام کورتەی بەیتەکە ئەوەیە کە جوڵندی بە هەواڵی پەیدابوونی "حەمەدەمین" و عەلی "شێری خوڵای/خودیا" دەزانێت و بە هاوکاری شەیتان دەیەوێت لەناویان بەرێت و مەککە و مەدینە وێران بکات بەسەریاندا، لەبەر ئەوەی کە وەک پادشایەکی مەزن پێی وایە ڕکابەری لەسەر زەوی بۆ دروست بووە. دوای ئەوەی کە شەیتان هەندێک جادوو لە عەلی دەکات و بە مەبەستی سستکردنی و بەشداری نەکردنی لە شەڕدا، جوڵەندی پاڵەوان کە پادشایەکی مەزنە، لەگەڵ سوپا مەزنەکەیدا ڕوو دەکاتە مەدینە و چوار دەوری دەگرێت. دواتر لە شوێنێکدا بە ئەسپە زەنگیە ڕەشە گەردن بەخاڵەکەیەوە نیمچە فرینێک خەندەقێکی چل گەزی دەبڕێت، کە بە جادوو موسوڵمانان بە دەوریدا دروستیان کردووە. جوڵەندی دەست دەکات بە کوشتاری ئەسحابەکان و دوازدەیان لێ دەکوژێت و گەمارۆی مەدینە دەدات. محەمەد و موسوڵمانەکان دەکەونە خۆیان و محەمەد هەواڵی بۆ دەهێنرێت، کە جوڵەندی پادشا و سوپاکەی هاتوون و گەمارۆی مەدینەیان داوە. محەمەدیش بە ژنێکدا هەواڵ بۆ عەلی دەنێرێت هەتاوەکو فریا بکەوێت و بێت بە هانای پێغەمبەرەوە و بەوجۆرە لە کۆتاییدا عەلی بە شمشێرێک پادشا پاڵەوانە "کافر" دەکوژێت. بەیتەکە زۆر بە وردی دارێژراوە و خەیەاڵتێکی کوردانەی خۆشی سەردەمی ڕابردووی تێدایە.

چیرۆکی بایەخدانی کورد بە جوڵندی پادشا لەوێدا تەواو نابێت، قەاڵیەک هەیە لە نزیک چەمی ڕێزان لە نزیک شاری سلێمانی، بە ناوی قەاڵی جوڵندی، کە ئەمڕۆش پاشماوەکەی ماوە. قەاڵک لە سێ الوە بە ئاو گیراوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێدمۆنس ئەو کات سەردانی قەاڵکە دەکات و دەاڵێت زۆر بەشی جیاوازی ناو قەاڵکە بەئاسانی جیادەکرێتەوە. قەاڵکە ئەمڕۆش ماوە و خەاڵک سەردانی دەکەن، بەاڵم سەرەڕای گەڕانی زۆرم یەک لێکۆاڵینەوەی زانستیی کوردیم لەسەر ئەو قەاڵیە و شێوەی بیناکەی نەکەوتۆتە بەرچاو. ناوی بەرنامەیەکی دۆکیومێنتەری لەسەر ئەنتەرنێت هەیە بێ ئەوەی کە بتوانم چنگم بکەوێت. ئەو زانیاریانەی کە لەسەر جوڵەندی ماونەتەوە زیاتر دەچنە خانەی ئەفسانەوە وەک لە بابەت و ڕووداوێکی مێژوویی. ئەوەی کە ڕوونە سەردەمانێک لە ناو کورد دا جوڵەندی ناوبانگی گەورەی هەبووە و لە ناو کۆڕی میر و دەسەڵاتداراندا لەلایەن بەیتخوانەکان گێڕدراوەتەوە و لە زۆر شوێنی کوردستاندا خەڵک ئاشنای ئەم پادشایە بوون. جوڵەندی هەرچەندە بە کافر لەقەڵەم دراوە، بەاڵم ناوهێنانی لەلایەن میرێکی مێژوونوسی کوردەوە وەک باپیرە گەورەیان نزیکی هەشت سەد ساڵ لەمەوبەر، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو سەردەمە هێشتا لە ناو کورد دا جوڵەندی وەک ئەفسانە و وەک پادشایەکی دێرینی کورد باسکراوە.

پاشماوەی نووسینەکەی: سۆران حەمەڕەش

هەروەها ناونانی قەڵایەک بە ناوی ئەو پادشایەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە بیروباوەڕەکە لە ناو کورد دا زۆر بڵاو بووە. دروستکردنی ئەو بەیتە کوردیەش ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە جوڵەندی هێندە لە ناو کورد دا ناسراو بووە، کە چیرۆکێکی خەیاڵی بە ناوەوە دروستکراوە کە لەوە ناچێت هیچ بناغەیەکی میژوویی هەبێت. بەستنەوەی ئەو قەڵا میژووییەی ناوچەی چەمی ڕێزان بە ناوی ئەوەوە، هەر ئەو ڕاستیە دوو پات دەکاتەوە .ئەمڕۆ گەر لە سەرچاوەی عەرەبیدا بە دوای جوڵەندیدا بگەڕێیت، ئەوا بۆچوونی زۆر جیاواز لەسەر ئەو پادشایە دەبینرێت، بەڵام بە عەرەبیکردنی شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی کە عەرەبەکان باڵوڵی زانا/دێوانەی یارسانیشیان کردۆتە عەرەب. هەروەها جگە لە ناوی "جوڵندی" بەشەکانی تری ناوەکەش بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. جوڵەندی بە دڵنیایی پادشایەکی دێرین بووە، سەردەمەکەی هێندە دێرینە بۆیە بووە بە ئەفسانە و دەماودەم گێردراوەتەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەزاران ساڵ بێت لە کوردستاندا لەناو خەڵکدا باسکرێت. دروستکردنی ئەوبەیتەش زیاتر خەیاڵاتی بەیتخوانەکان بووە کە ئاگاداری ئەوەبوون کە جوڵندی پادشایەکی پێش ئیسلام بووە، بۆیە ئەو چیرۆکە خەیاڵییەیان بۆ دروستکردووە. گەر بخوازیت وەک ئەگەری میژوویی تێبگەیت جوڵندی کێ بووبێت و بۆ لە ناو کورد دا ئاوا ناوبانگی هەبووە و خەڵک بە پادشای دێرینی کوردی داناوە چەند ئەگەرێک هەیە. لەبەر ئەوەی کە پادشاکە بە دەریاوە بەستراوە و دەستی بەسەر کەشتیەکاندا گرتووە، دوو شوێن هەیەکە دەشێت چیرۆکەکەی تێدا دروست بووبێت، یان کەنداوی فارسی/عەرەبیە، کە لە رابردووی کۆندا کورد هەتاوەکو کەنداو بوونی هەبووە یان دەریای ناوەڕاستە کە دەشێت پادشایەکی سەدەی یەکەمی زاینی بێت لەو کاتەدا کە هەژمانیەکان دەسەڵاتیان هەتاوەکو دەریان سپی ناوەڕاست ڕۆیشتووە ئەو پادشایە ژیابێت، یان ئاماژە بە پادشایەکی سەردەمی میتانیەکان بێت کە دەسەڵاتیان هەتاوەکو ئەودەریایە ڕۆیشتبێت و چیرۆکەکەی دەماودەم لە ناو کورد دا گێردرابێتەوە. بە دڵنیایی زۆر گران دەبێت کە بگەینە وەڵامێکی ڕوون و میژوویی بۆ بنەچەی جوڵەندی، ئەم چیرۆکە هەر وەک چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر، هەرچەندە لە بنەچەدا دەشێت میژووی هەبێت، بەڵام ناتوانرێت وەک بابەتێکی میژوویی مامەڵەی لەگەڵ بکەین. بابەتەکە زیاتر دەچێتە ناو خانەی ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردیەوە. بەریتانیەکان پادشایەکی هاوشێوەیان هەیە، بە ناوی پادشا ئارسەر (King Arthur)کە چەندین فیلم و چیرۆکی بەناوەوە کراوە، بەڵام هەتاوەکو ئەمڕۆ وەک ئەفسانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت سەرەڕای چەندین هەوڵ بۆ ساغکردنەوە بنەچە میژووییەکەی. بۆیە داستانی جوڵەندیش، داستانێکی کوردی دێرینە بۆ پادشایەک کە کورد بە پادشایەکی دێرینی خۆی داناوە و چیرۆکی لەسەر داناوە و قەڵای بە ناوەوە کردووە. زیندوو کردنەوەی جوڵەندی ، زیندووکردنەوەی بەشێک لە فۆلکلۆر و ئەفسانەی کوردیە و بەڵگەیەکی تری لە دەوڵەمەندیی فەرهەنگی کوردی.

تێبینی:

١ –بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بەیتی جوڵەندی بخوێننەوە دەتوانن لە ماڵپەڕی کوردی kurdipediaکتێبەکە دابەزێنن لە ژێر ناونیشانی (توحفەی موزەفەریە).

٢ –ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بە مەبەستی کورتکردنەوەی بابەتەکە بە گشتی باسم کردووە و نەچوومەتە وردەکاری بۆچوونە جیاوازەکانەوە.

٣ –هێندەی گەڕام لەسەر ئەنتەرنێت تەنها لینکی ئەم دوو گەشتەم دۆزیەوە کە بە شێوەیەکی سەرپێیی کۆمەڵێک خەڵک سەردانی قەڵای جوڵەندیان کردووە.

https://www.youtube.com/watch?v=nRYccLSVxn0

https://www.youtube.com/watch?v=FsF6_7_M9n8

بۆ میژوو عەلی بەدرخان: من کوردم و کورد و کوردستانم خۆشدەوێ

علي احمد بدرخان: انا كوردي و احب الكرد و كوردستان

حەمید بەدرخان

بۆ یەکەمینجار لە قاهیرە، کاتێ ئەکادیمیای بەدرخان گەورەترین چالاکی خۆی لە قاهیرە سازدا، وەفدەکە بریتیبوون لە 20 کەس، ئەوکات دەرهێنەری بەناوبانگی کورد ، عەلی ئەحمەد بەدرخان لە نەخۆشخانە کەوتبوو، چارەسەری پزیشکی وەردەگرت، هونەرمەندی پەیکەرساز زاهیر سدیق، نوێنەری تەلەفزیۆنی خاک بوو، کە هاوکاری سەفەرمانبوو، لە ڕێگەی هێرۆخانەوە پەیوەندی پێوەکراو پێی ڕاگەیەندرا، گوڵێک بەدیاری بۆ عەلی بەدرخان ببنە نەخۆشخانە و سڵاوی ئەویشی پێڕابگەیەنن، ئێمەش واتە هەموو وەفدەکە چوینە لای بۆ هەوڵی پرسینی تەندروستی، کاتێ هەموومانی دیت و گوتمان ئێمە کوردین و بۆلای بەڕێزتان هاتووین و دیاری و گوڵەکەی هێرۆخانمان پێدا، زۆر دڵی خۆشبوو، باسی میژوو و جوگرافیای کوردستان و بنەچەو باب و باپیرانیان، کە چۆن لە باکوڕی کوردستانەوە، هاتونەتە میسر و خزمەتێکی بەرچاویان پێشکەش بە پیشەسازی فیلمی میسری کردووە، بۆیە ئەکادیمیای بەدرخان ڕێوڕەسمێکی لە نەخۆشخانە ڕێکخست و میدالیای بەدرخانی پێشکەشکرد. لەودەمە عەلی ئەحمەد بەدرخان بەدڵخۆشی و کامەرانییەوە بە زمانی عەرەبی گووتی؛ انا كوردي، و احب كورد و كوردستان. مارینا شەمزینانی زۆر هاوکاری کردین لەو سەفەرە، کە لە نوێنەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کارمەندبوو. جێگای پێزانین و ڕێزە، ئێمەش هەموومان بە کوردی گوتمان من کوردم کورد و کوردستانم خۆشدەوێ، .ئەویش بە کوردی، چەندین جار دووبارەی کردەوە و بەدوای ئێمەدا گوتوویەوە، بۆیە لە دیدارێکی بەدرخان لە ژمارە 59 کە لە 2005/07/22 لە قاهیرە لە چاپخانەی ڕوزالیوسف چاپ و بڵاوکرایەوە، بە مانشێت لە لاپەڕە یەک بڵاومانکردەوە، سەرەڕای لە چاپدانەوەی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان 1898–1902، لە هەمان چاپخانە لە قاهیرە، لە گەڕانەوەشماندا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دیمەشق ڕۆژنامەی بەدرخان و سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە چاپمان کردبوو دەستی بەسەرداگیرا و میوانەکان گەڕانەوە کوردستان و من و حەسەن یاسین ماینەوە بۆ وەرگرتنەوەی، بۆ بەیانی لەڕێگای عەبدولرەزاق تۆفیق نوێنەری ی.ن.ک لە دیمەشق و هونەرمەندی فۆتۆگرافەر نەدیم ئادۆ بڵاوکراوەکان ئازادکران، بەومەرجەی لە فڕۆکەخانەی دیمەشق ڕاستەوخۆ بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا بگەڕێینەوە، وامانکرد و گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئەوەی کردومانە منەت نییە ؟ بەسەر گەلی کورد دا، ئەوەی کراوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانییووە، باکیشم بەهیچ شتێک نەبووە... شانازین بەو کارانەی ئەکادیمیای بەدرخان لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی ئەنجاممانداوە. وەفدەکە ئەوەندەی بیرم مابێت، بریتیبوون: لە حەمید بەدرخان، زاهیر سدیق، محەمەد فەتاح، حەسەن یاسین، فەیسەل عەلی، ئەیاد عەبدوڵڵا، حەمە هاشم، فەیسەڵ عوسمان، شوان تاقینگ.

ئەمجارەش هونەرمەندێکی شێوەکاری هۆڵەندی

لیۆن ئەندریان

هونەرمەند و وێنەکێشێکی هۆڵەندییە، لە خانەوادەیەکی هەرێمی سەرووی برابانتی خواروو هۆڵەندایە، لە ساڵی 1944 لە دایک بووە و ساڵی 2004 کۆچی دوایی کردووە، ئەندریان کوڕی لیۆ ئەلبێرتا ئەندریانسە. باوکی بەڕێوەبەری کارگەیەکی ئەسفەنج بووە، باوک و دایکی بەمەوە پێنج منداڵیان هەبووە، وینۆسی برای، ساڵی 1946 مردووە، کە کوڕی سێهەمی خانەوادەکەی بووە، ئەمیش پاش جەند ساڵێک ناوی Leowinus برای وەرگرتووە، هەرچەندە ئەم ناوی لیۆ بووە و ناوەکەی لە ساڵی شەستەکاندا کورتکراوەتەوە بۆ لیۆن، هەر لەمنداڵیەوە، بەهەرەی وینەکێشانی تێدا دەرکەوتووە، تابلۆکانی لیۆن تەجریدی(ئەبستراکت)، شیوازی نیگارکێشانی ناو کێڵگە و کشتوکاڵی سادەی پێوەدیارە و لە لایەکی دیکەوە وێنەکانی بەدەوری شیوازێکی دیکەی ژیان و باشترکردنیدا دەگەڕیت، هەر لە قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییەوە، لە لایەن مامۆستاکانیەوە، بە تایبەتی هاری کرییس هەست بە بەهرەی هونەری لیۆن کراوە و هاندراوە کەوەک هونەرمەندێک هەنگاوبنێت، پاشان لە خوێندنگەی هونەری Mulo وەرگیراوە، بەڵام ڕاهێنانەکانی تەواو نەکردووە، دوای ئەوە لە ئەکادیمیای هونەری شاری دەمبوش Hertogenbosch ، بەو مەرجە وەرگیراوە، کە ئێوارانبەردەوام بێت لە وەرگرتنی بروانامەکەی لە خوێندنگەی هونەری Mulo هەر بەردەوام بووە لە ساڵی 1963 تا ساڵی 1967 خوێندوویەتی ، بەڵام تووشی بێ هیوایی بووە لە خوێندنی هونەر، لەبەر ئەو بیروبرواینەی ئەو کاتە دەربارەی هونەر هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.google.com/search?q=leon+adriaans&sa=X&rlz=1C2VFKB_enNL653NL653&biw=1680&bih=890&tbm=isch&source=iu&ictx=1&fir=5Xyyu3LN2vj-8M%253A%252CFLw4RqifuOU9gM%252C_&vet=1&usg=AI4_-kTCOlUwErcDp2dRqhpuemmQRhJv5w&ved=2ahUKEwjVyeKW84XkAhWM3KQKHTJVAQMQ_h0wD3oECAoQDQ#imgrc=5Xyyu3LN2vj-8M:



تارا وگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

24 Augustus . 2019 Nummer. [67]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 کێن ئەوانە مافی پەنابەرێتیان لێ وەردەگیرێتەوە..؟ **چەند هەوڵێکی گرنگ لە ئەڵمانیاوە ئامادەکردنی بورهان ئەمین بڕوانە ل 5 و 6**

– ل 2 دوو نووسین؛ یەکەمیان: دکتۆر مەریوان وریا قانع، دووەمیان: ئیوارەی یەروانەی بەختیار عەلی

– ل 3 و ل4 نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم، بەشی یەکەم – دەربارەی. تیۆری هەڵوەشاندنەوە و بەڕۆشنبیرکردنی زەمەن. ..

– 5 و 6 گۆشەی 22 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە.

– ل 7 سێ کورتە نووسینی گرنگی دکتۆر جەبار قادر. .

– ل 8 قبوڵی، کابولی یان برنجە سوور، حەمید بەدرخان،

– ل 8 سەباح یاسین،فەرهەنگۆکی کوردی– سۆمەری تاو بەتاو.

ل 9 بۆچوونێک لەبارەی بەهرەمەندیی و زیرەکیی نووسینی: موزەفەر عەزیز.

... – ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری لاوی کورد دنیا عەبدوڵڵا.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوانییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

24 Augustus 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-67
ژمارە 67 ی 24 ی ئابی 2019

کێن ئەوانە مافی پەنابەرێتیان لێ وەردەگیرێتەوە..؟

لە ئەڵمانیا سێ کورد دادگایی دەکرێن

داواکاری گشتی دادگای هامبۆرگ، سێ کۆچبەری کوردی تۆمەتبار کرد، بە هەوڵدان بۆ کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوە و بەکارهێنانی TNT، یەکەمین دانیشتنی دادگاکەش لە ڕۆژانی ڕابردوو بەڕێوەچوو و بەردەوام دەبێت، ئەو سێ گومانلێکراوە، سێ گەنجی کوردی باشورن، بەناوەکانی (شاهین، هێرش، ڕەئوف) ساڵی پار لە هەرێمی شلیسۆگ هۆڵشتاین، لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران و لەوکاتەوە لە زیندانی یەک کەسی بەندکراون، داواکاری گشتی بەڵگەی لەبەردەستدایە، کە ئەوانە سەربەداعش بن و هەندێک کەلوپەل و پێداویستی گرنگ و بەهادار و مەترسیداریان پێ گیراوە.

پارەلەناو دایبی منداڵاندا گیرا

لە فڕۆکەخانەی شتوتگارد، لە کاتی پشکنینی جانتای پیاوێکی ئیتاڵی، پۆلیسی گومرگ بڕی ٢٨ هەزار یۆرۆی لەناو دایبی منداڵدا دۆزیەوە، کە پیاوەکە تیایدا شاردبوویەوە و پیشتریش گوتبووی: کە گوایە پارەی پێ نییە، بەهۆی ئەوەی سەرپێچی کردووە و بڕی ١٠ هەزار یۆرۆ زیاتر لەگەڵ زۆی هێناوە، پۆلیس بە ٣٦٠٠ یۆرۆ سزایدا. شایانی باسە بۆ هەر گەشتیارێک، تەنها بۆی هەبە بڕی ١٠ هەزار یۆرۆ لەناو ئەوروپادا بگوازێتەوە، بەڵام ئەگەر پێشتر نیشانی بدا و ئەوراقی تایبەتی پێ بێت، بۆی هەیە زیاتریش بگوزێتەوە.

عەللاگەی نایلۆن قەدەغەدەکرێت

خاتوو" سڤینیا شولزە" وەزیری ژینگەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، کە لەپێناو پاراستنی ژینگە و پاک ڕاگرتنی ئاوهەوا وەزارەتەکەی خەریکی دانانی پڕۆژەیەکە، بۆ قەدەغەکردنی زەرفی نایلۆن، شایانی باسە ساڵی پار هەموو جۆرە زەرفێکی نایلۆن لە مارکێتەکاندا کرا یە پارە بۆ ئەوەی فڕی نەدرێت، ئەو هەنگاوە سەری گرتووە و ئەو پاشماوە پلاستیکیە زۆر کەمی کردووە، ئێستا دەیانەوێت بۆ ماوەیەکی نزیکی داهاتوو، بەیەکجاری نایلۆن قەدەغەبکرێت و جۆری تر جێگەی بگرێتەوە.

کێن ئەوانە مافی پەنابەرێتیان لێ وەردەگیرێتەوە..؟

نزیکەی ٨٠٠ هەزار سوری لە ئەڵمانیا هەن، ژمارەیەکی زۆریان مافی پەنابەرێتیان وەرگرتووە، لەسەر پەساپۆرتەکەیان نوسراوە،(بۆت هەیە بچیتە هەموو وڵاتێک تەنها سوریا نەبێت)، ئەمسااڵیش ژمارەیەکی زۆریان بەسەردان چوونەتەوە بۆ سوریا و سەردانی کەسوکاریان کردووە، بۆیە (هۆرست زیهۆفەر)ی وەزیری ناوخۆ گووتی سیاسەتێکمان لە فڕۆکەخانەکان گرتۆتەبەر، هەر سوریەکی لەمجۆرە بڕواتەوە وڵاتی خۆی، ناوەکەی دەنێردرێتە دەزگای پەنابەران و بەهۆی ئەو سەرپێچیەوە مافی پەنابەرێتی لێوەردەگیرێتەوە.

لە بورهان ئەمین–ەوە ئەڵمانیا بڕوانە ل 5

ناسینیی میشێل فوکۆ لای دکتۆر مەریوانی وریا قانع



تەمەنی ناسیسنی من بۆ کارەکانی میشێل فۆکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی هەشتا، لە ناو ڕۆشنبیریی و ئەدەبیاتی ئێمەی ئەو سەردەمەدا فۆکۆ کەسێکی نەناسراو بوو. لە عێراقیشدا چەند کەسێکی کەم نەبێت کەس هیچی ئەوتۆی لەسەر کار و بەرهەم و بیر و بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە فەرەنسییە نەدەزانی. بەڵام دوای هاتنی کۆمەڵێک کتێب لە مەغریبی عەرەبیی و دوای گەیشتنی هەردوو گۆڤاری "الفکر العربی المعاصر" و"العرب و الفکر العالمی" ، کە مەرکەزی ئەنمای قەومی لە بەیروت و پاریس دەریدەکردن و دوای ئاشنابوون بە کارەکانی فەیلەسوفی سوریایی مەتاع صەفەدی، ئیتر زیاد لە پەنجەرەیەک بۆ ناسینی ئەم فەیلەسوفە فەڕەنسییە کرایەوە. ئەو دوو گۆڤارەی باسمکرد گرنگییەکی تایبەتیان بە فیکری فەلسەفیی هاوچەرخ بەگشتیی و بە کارەکانی میشێل فۆکۆ بەتایبەتی ئەدا. بەر لە مانەیش فەیلەسوفی میسری زەکریا ئیبراهیم لە کتێبێکدا بەناوی "مشکلە البنیە"، بەشێکی کتێبەکەی بۆ ناساندنی فیکری فۆکۆ تەرخانکردبوو، کە ئێمە ئەوکات وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی ئاشنابوون بە فیکری فۆکۆ بەگشتیی و بە بەناسینی قوتابخانەی بونیادگەریی بەتایبەتیی، بەکارماندەهێنا.

هاوکات کتێبی "خۆرهەڵاتناسیی"، الاستشراق" ی نووسەری فەلەستینی ئیدوارد سەعید، سەرەتایەکی گرنگ و بەهێزبوو بۆ ئاشنابوون بە چەمکی "گوتار" لای میشێل فۆکۆ. ئەوە پەیوەندییە پتەوەی میشێل فۆکۆ لەنێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا پێشنیاریدەکات، ئیدوارد سەعید دەیگوازێتەوە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو شێوازە لە مەعریفە، کە لە ڕەوتی پەیوەندیی کۆڵۆنیالیزم و پێگەی لاوازیی میللەتە کۆڵۆنیاڵکراوەکاندا دێتەکایەوە.

ئیدوارد سەعید "مەعریفەی خۆرهەڵاتناسیی" وەک مەعریفەیەکی کۆڵۆنیاڵی پێناسەدکات و نیشانیئەدات چۆن گوتارەکانی خۆرهەڵاتناسیی وەک بەشێک لەو پەیوەندییە کۆڵۆنیاڵیە کاردەکەن، کە لەنێوان ئەو دوو بەشەی جیهاندا دروستدەبێت، مەبەستم خۆرهەڵات و خۆرئاوایە. ئەم کارەی سەعید یەکەم کارێک بوو، لە دەرەوەی کارەکانی فوکۆ خۆیا، بە وردی نیشانمانبدات چۆن دەسەڵات و مەعریفە بەناوەکدا دەچن و چۆن دەکرێت سیستمێکی مەعریفیی وەک سیستمێکی دەسەڵاتگەر دەستبەکاربێت.

یەکەم بەکارهێنانی من بۆ چەمکێک لە چەمکە گرنگەکانی میشێل فۆکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۸۹، ئەودەم لە نوسینێکدا بەناونیشانی "دەقی مردو لە نێوان ئەبستیم و ئایدیۆلۆژیادا " چەمکی "ئەبستیم"م لای میشێل فۆکۆ بەکارهێنا بۆ ئەوەی هەندێک سەرنج لەسەر سیاسەتی بەرهەمهێنانی تێکست لە ڕۆشنبیریی کوردیدا و لەسەر ژیانی تێکست و مردنی تێکستەکان لەناو ئەم ڕۆشنبیریەدا، دەربڕم".

لە پێشەکی کتێبی: "ئەخلاق و بەرگریی: سەرەتایەک بۆ فیکری میشێل فوکۆ" کتێبخانەی ئەندێشە..سلێمانی ۲۰۱٦

(ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی بە زمانی ئەڵەمانی

ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (۲۱/۸/۲۰۱۹) بە زمانی ئەڵەمانی بڵاوکرایەوە



ئێوارەی پەروانە سێیەمین ڕۆمانی بەختیار عەلی نووسەرە، کە بەزمانی ئەڵەمانی و لە یەکێک لە نێودارترین وەشانخانەکانی ئەوروپا "ئونیۆن فەرلاگ" بڵاوەدەبێتەوە.

ڕۆمانەکە هەفتەی پێشوو ڕۆژی سێشەممە کەوتە بازاڕەوە.

هەم لە شێوەی کتێب و هەم وەکو کتێبی ئەلکترۆنیش.

بۆ داناسین، هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن سەبارەت بە ڕۆمانەکە، وەشانخانەی ئونیۆن لە ڕۆژی ۲۰۱۹/۹/۱ بەدواوە زنجیرەیەک سیمینار و کۆبوونەوە بۆ نووسەری ڕۆمانەکە لە چەندین شوێنی ئەدەبی و هونەریی گرنگی سویسرا، نەمسا و ئەڵەمانیا ڕێکدەخات.

لە (بەکر شوانی)ەوە

تیۆری هەڵوەشاندنەوە و بەڕۆشنبیرکردنی زەمەن

بەشی یەکەم

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

گەر تیۆری هونەر بۆ کۆمەڵ باسکردن بێت لەپەیوەندییەکانی ئەدەب وکۆمەڵگا بەو پێیەی لەلایەکەوە نووسەر لەدایک بووی کۆمەڵگایە وجودا نابێتەوە لەبابەتەکانی کۆمەڵگا، لەلایەکی تریشەوە ئەم نووسەرە هەڵقوڵاوی ژینگەی کۆمەڵگا خۆیەتی و کاریگەری کۆمەڵگاکانی تریشی لەسەرە ،ئەوا تیۆری هەڵوەشاندنەوە ،لەڕێگەی شێوازە ئەدەبی وفەلسەفییەکان وگەشەی کۆمەڵەوە ، پەیوەندییەکانی خۆی لەنێوان بونیادی دەق ودەرەوەی دەق دەبەستێت ئەویش پشت بەست بەزانستی سەردەم وتێگەیشتنی تاکەکان بۆ ئەو تیۆرانەی کەبەدەردەکەون وتێکڕای خەڵکییان بە ووردەکارییەکانەوە سەرقاڵ کردووە.هەروەها پرسیارە بەردەوامە بێ کۆتاییەکان وخۆ نەبستنەوەیان بەپرسیارێکی دیاریکراو،بەڵکو گومانکردن لەسەرجەم پرسیارەکان.واتە پرنسیپی هەڵوەشاندنەوە چاودێریکردنی چەمکی ژیانە لەڕێگەی تێگەیشتن وڕاڤەکردن وپرسیارە ئاڵۆز وتەماوییەکانەوە کەهەمیشە بەکراوەیی دەمێننەوە.لێرەدا تاکەکان،هەموو، بەرپرسیارێتی ئەم دۆخانەیان دەکەوێتە ئەستۆ نەک تەنها تاکێکی دیاریکراو.هەر لەبەر ئەمەشە،لەپێناو بەسەرخستنی ئەم پرۆسەیە تاکەکان ناچار دەبن بەرەو ڕەهەندە مەعریفی وڕۆشنبیری وفیکری وفەلسەفییەکان بچن چونکە کارنامەی ئەم پرۆسەیە پێویستی بەم ڕەهەندانەیە نەک بۆچوونە خۆڕسکی وهەڕەمەکییەکان. بەمەش دیدی تاکەکان بۆ شت ودۆخەکان تیژ تر دەبن وهەڵەکان بەئاسانی تێناپەڕێن. ئەم تاکانە کە لەدۆخە سروشتییەکەی خۆیان دەترازێن وپێدەنێنە دۆخێکی کراوەی ڕۆشنبیری ، ئەوا دواتر بەدوای ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێن کەهۆکاری سەرهەڵدانی چەمکێکن بە نموونەی باسکردن لەچەمکی چینایەتی کەچۆن سەرهەڵئەدات وچۆنیش کۆتایی پێدێت وقازانجەکانی بۆ خاوەنەکانیان چەندە ووزەرەرمەندیش کێیە! یان پێویستە تێبگەین کەچەمکی دیمۆکراسی چییە وهێزی کارکردنی چەندە وچۆنیش دەتوانێت تاکەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت وقازانج وزەرەرەکانیشی بۆ کێیە!. پەیوەندی تاکەکان بەکۆمەڵ هەمیشە پەیوەندی پڕۆتۆکۆلی یان هۆکاری نییە بەڵکو پەیوەندی خودی بکەرە بەتاکەکان وکۆمەڵەوە.

لێرەدا دوو جۆر لەهەست پرۆسەکە دەبەن بەڕێوە: یەکەمیان، هەستێکی واقیعی وەک ئەوەی کەهەیە ودەبێنرێت، ئەمەش لەوکاتانەدا بەدەر دەکەوێت کە تێکڕای تاکەکان ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ دۆخ وکەیسەکاندا دەکەن بەبێ ئەوەی بچنە نێو ووردەکاری وبۆچوونە ئایندەییەکانی سیاسی وئابووری ئایینی وسۆسیۆلۆژی وپەروردەییەوە. بەم جۆرە هەستە دەوترێت هەستی هاوچەرخێتی.

ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە دیدی زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان خۆیان لەیەک پێوانەیی وتێگەیشتندا دەبینێنەوە ولێکچوونەکان دەبنە دیاردەیەکی سەرەکی بۆ شتەکان ودەوروبەر.بەمەش جیاوازی نامێنێت لەنێوان تاکەکاندا. دوهەمیان،هەستی ئایدیۆلۆژی کەلەڕێگەی ئارگیومێنتەکانەوە ئەنجام دەدرێت وهەوڵی دەستنیشانکردنی زانیاری وداتاکان دەدات.لەمەیاندا تاکەکان چاودێری تەواوی کۆمەڵگا ودەسەڵات دەکەن ولەهەمان کاتیشدا هەوڵی دەستنیشانکردنی سەرجەم وێنەکانی ئێستا و ئایندەش دەدەن.ئەمەش لەو کاتانەدا بەدەردەکەوێت کەپەیوەندی خودی بکەر لەگەڵ بابەتەکاندا بەهێز وکاریگەر بێت.لێرەوە گوتارەکان بەشێوە تەندروستەکەی ئەگەری بەدەردەکەون وڕەوینەوەی تارماییەکانی لێدەکرێت. لەم گۆشەیەوە،ڕێبازی دیالێکتێکی یارمەتدەرێکی زۆرگونجاوە بۆ ئەم جۆرە دیدو بۆچوونە ئەویش بەوەی ئەم ڕێبازە هەڵدەسێت بەلێکۆلینەوە وشیتەڵکردن وڕاڤەکردن وئاشکراکردنی مەسەلە ودیاردەکان لەڕێگەی ئەو یاسا وپرنسپانەی کە ئەم ڕێبازەیان دروست کردووە وەک یاسای گۆڕانکاری لەسستمی چەندێتی بۆ چۆنیەتی ویاسای ململانێی دژایەتییەکان ودواتر یاسای ڕەتکردنەوەی ڕەتکراوەکان. لەم گۆشەیەوە، پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب وکۆمەڵگا بەدەر دەکەون ئەویش لەڕێگەی دوو تیۆرەوە:

یەکەمیان،تیۆری بەوێنەگرتن وڕەنگدانەوە کەبریتیە لەپەیوەندی دەق وبابەتی تاکەکان بەو پێیەی دەق لەدایک بووی دەوروبەرە وڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانەیە کەڕۆژانە تاکەکان گوزارشتیان لێوە دەکات.

دوهەمیان، تیۆری پێکەوەبەستن.ئەمەش بەو پێیەی تاکەکان کاریگەری تەواوی خۆیان هەیە لەسەر پرسیار ووڵامەکان لەهەمان کاتدا توانای بەشداریبوون ودروستبوونی دەقیشیان هەیە.هەر ئەمەش وای لەفەیلەسوفی فەڕەنسی "تەین"(1828– 1893) کرد کەجەخت لەسەر پێکهاتەی زانستی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بکات وپەنا بۆ سێکوچکەی زەمەن وژینگە وژانەر بەرێت ،چونکە سەرچاوەی دەق خۆی لەم سێکوچکە سەرەکییەدا دەبینێتەوە.زۆر بەکورتی، زەمەن بەجۆرەکانیەوە، زەمەنی پێش دەق وزەمەنی دەق وزەمەنی دامەزراندن وزەمەنی دوای دەق وزەمەنی ئایدیولۆژیا. هەموویان خولقێنەری دەقێکی ئەدەبی یان سیاسی یان فەلسەفین گەرچی هەندێ جار زەمەنەکان لەنێو دەقەکاندا بەئاشکرا نابینرێت. بۆ نموونە، شیعری "بیست وحەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم"ی بێکەس کەزەمەنی دەقەکە ئاشکرایە ودەگەڕێتەوە بۆ 1946، لەبەردەم حاکمی ئینگلیز ئەدمۆنز لە سلێمانی خوێنراوەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا پەنگخواردەی زەمەنی پێش دەقە. دوای زەمەنی دەقیش، بەنموونەی ئەمڕۆ، جارێکی تر تاکی کورد زەلیلی هاوشێوەی حاکمی زەمەنی دەقە. ژینگەی زەمەنی ئەم دەقە ژینگەیەکی گرژ وئاڵۆزە، تاکەکان بەگەورە و بچووکەوە نازانن چۆن خۆیان لە قەیرانەکان دەربباز بکەن، چونکە گەمارۆ دراون بە چەندین دۆخی سیاسی، ئابووری و فیکری. ئاستی بیرکردنەوە وتێگەیشتن وڕاڤەکردنیش بەرامبەر بە هێزی دەرەوە سنووردارە وجوڵەکان بە سستی دەڕۆن. لەلایەکی ترەوە تاکەکان خۆشیان بەڕپرسیارن لە ئاڵۆزکردنی ژینگە ومەسەلەکە وەک ئەوەی نەیانەوێت بەشێک بن لەم ژینگە ومەسەلەیە.هەر ئەمەش دەستنیشانی ژانەری دەق وکەسێتی تاکەکان دەکات بەوەی لاوازن وتوانای بەرەنگاربونەوە وململانێی کەیسەکانیان نیە. گەر بمانەوێت پرۆسەی ئەنفال بکەین بە نموونەیەکی دینامیکی وبەڕپرسێتی وپەیوەستێتی، ئەوا ئێمە کورد ،لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە، لەلایەکەوە دەتوانین هێزی بوونمان پتەوتر بکەین و پارێزگاریشی لێبکەین،لەهەمان کاتدا خۆمان زیاتر بەجیهانی دەرەوە بناسێنین.

بڕوانە لاپەرە 4

پەیوەندییەی نێوان تاک و پرۆسەی ئەنفال پێویستە بچێتە نێو پرنسیپی پەروەردە و فێرکردن تا زەمەنەکان دوای ئەنسفال فرسەتی لەبیرچسونەوە ئەنجام نەدەن و پەیوەندییەکان بەرەو تێکشسکان نەچن

پاشماوەی ل 3

دواتر هەوڵی ئەوە بدەین کەچۆن بۆچوونی بەرامبەرەکانمان بگۆڕین بەوەی ئێمەی کورد، لەجیاتی ئەنفال سەربەستی و پێکەوە ژیانمان دەوێت، هەروەها هەوڵی ئەوەش بدەین، کە وێنەی ئەنفال بە بەرزی ڕابگرین و دووبارە نەبێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا گەر نەمانتوانی پارێزگاری لە کەسیەتی ئەنفال و کەیسەکانی تری هاوشێوە بکەین. ئەم پەیوەندییەی نێوان تاک و پرۆسەی ئەنفال پێویستە بچێتە نێو پرنسپی پەروەردە و فێرکردن تا زەمەنەکان دوای ئەنفال فرسەتی لەبیرچونەوە ئەنجام نەدەن و پەیوەندییەکان بەرەو تێکشکان نەچن، بەمەش ئەنفال دەبێتە خودی بکەر وتاکەکانیش بە بابەت.ئەم جێگۆرکێیە لەڕێگەی بونیادی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام دەدرێت.واتە ،گەر ئێمە لەزەمەنی ڕابردوودا جۆرێک لەسستی وتەمەڵی گەمارۆی دابوبین وچاوەڕێی ئەوەمان دەکرد دەرەوەی خۆمان شتێکمان بۆ بکات ،ئەوا لەلایەکەوە ئەم دەرەوەیە بەمەیل وئارەزووەکانی خۆی وێنەکان دەکێشن بەبێ ئەوەی ڕاپرسێک بە ئێمە بکەن کە ئەمە لەزۆر حاڵەتدا زەرەری لەبەرژەوەندییە گەورەکانمان داوە ،هەروەک چۆن تورکی عوسمانی لەگەڵ بابانەکان وئینگلیز لەگەڵ مەلیک مەحمودا ئەنجامیاندا. لەلایەکی تریشەوە دەرەوەی خۆمان بەوە کەیفی دەهات ودێت کە تاکەکانمان هەمیشە گێل ونەفام ونەزان وهەژار ودەستکورت بن تا بە ئاسانی گەمەکان لەبەرژەوەندی خۆیاندا بکەوێتەوە کەبێگومان ئەمەشیان لەبەرژەوەندی ئێمەی کوردا نیە. ئەم جۆرە دۆخانە هۆکارە بۆ لەبارچوونی گوتار. بەڵام گەر ئەنفال بوو بە کەیسێکی کاریگەر وبکەر ئەوا لەیەک کاتدا توانای کۆکردنەوەی تاکەکانی هەیە ولێرەشەوە تاکەکان پێویستە ئەو پرسیارەیان لادروست بێت کە ئەنفال چییە ومەترسی چییە وسوودیشی چەندە! ڕاستە ئێمە لەئەنفالدا ژمارەیەکی یەکجار زۆرمان لە دەست داوە ، بەڵام ئەم پرۆسەیە هەڵێکیشە بۆ سەرکەوتن و بونیادی زەمەنێکی نوێ وبەڕۆشنبیرکردنی تاکەکان لەزەمەنی ئێستا وداهاتوودا ،چونکە ئەنفال بەم شێوەیە دەبێتە ستراژییەت ومێژوو وسیاسەت وئایدیولۆژیا. واتە گەر کارەکە پێچەوانەی ئەمە دەرچوو، وەک ڕاییکردن ونمایشکردن ئەوا ئەم کەیسە لەنێو زەمەندا وون دەبێت وتاکەکانیش بێئاگایی خۆیان لەناوەرۆکەکەی نیشان دەدەن، هەروەک چۆن لە کەیسەکانی تر بەدی دەکرێت بە نموونەی ئیمارەتی بابان وحکومەتەکەی مەلیک مەحمود.لەگۆشەیەکی ترەوە،ئێمەی کورد پێش زەمەنی ئەنفال چەندین جار کەوتوینەتە بەر شاڵاوی هاوشێوە. لەنێو ئەم زەمەنەشدا هەڵکشان و داکشانێکی زۆرمان بەخۆوە دیوە.بەڵام ئەوەی،لێرەدا، گرنگ بێت، دوای زەمەنی ئەنفالە، کە تاکەکان پێویستە لەحاڵەتی خۆئامادەباشیدا بن، ئەویش لەپێناو دووبارەنەبونەوەی ناوەرۆکی زەمەنەکە. بەڵام گەر سەیرێکی زەمەنی پێش ئەنفال بکەین، ئەوا بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە حاڵەتە هاوشێوەکان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە و چارەسەری گونجاویان بۆ نەدۆزراوەتەوە. ترسە ئایندەییەکانیش لەزەمەنی کەیسەکانەوە دەست پێدەکات و بۆتە بەشێک لەکلتوور. کەواتە بەپێی ڕێبازی دیالیکتیکی پێویستە هەڵەی زەمەنەکانی پێشوو ببێت بە سەرچاوەی بیرکردنەوەکان، تا لەئایندەدا ئەم جۆرە هەڵانە دووبارە نەبنەوە. بەمەش ململانێ دەکەوێتە نێوان عەقڵی زەمەنی ڕابردوو و ئێستاوە. گەمەکەش پێویستە لەبەرژەوەندی عەقڵی ئێستا بکەوێتەوە و زەمەنە دۆراوەکان بگۆردرێن بەپێچەوانەکانی. لێرەدا هۆکاری تێنەگەیشتن و پرسیارنەکردن و ڕاڤەنەکردنمان بۆ ئەم کەیسە و کەیسە هاوشێوەکان ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم/ نەبوونی حەزوو خولیا. ئەمە زیاتر خۆی لەو مەسەلە وشتانەدا دەبینێتەوە، کە توانای وروژاندنیان هەیە و دەتوانن جۆلەیەک بەدۆخ و دۆسیەکان بدەن. گۆڕینی ئاڕاستەکانی حەز و خولیا لەجۆری ناشرینەوە بۆ جۆرێکی ئایدیاڵیزمی لە ڕێگەی دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت.

یەکەمیان، سروشتی ناوەوەیی تاکەکان وەک کارێکی بۆماوەیی کەهەمیشە وەک تاکێکی بزێو حەزیان بەناسینی ژمارە وشتەکانە. دوهەمیان، پرۆسەی خوێندنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمەی کورد، بەڕێژەیەک لەڕێژەکان، گەر حەز و خولیایەکیشمان هەبووبێت، ئەوا، هەتا ئێستا، بۆ شتە خراپەکان بەکارمان هێناون وەک کوشتن و دووفاقی و نەفامی وخیانەتکردن ..هتد. لەلایەکی تریشەوە، بەڕێژەیەکی یەکجار زۆریش، دیاردەی نەخوێندنەوە ئاشنایەتییەکی خراپی لەسەر تاکەکان دروست کردووە. هەتا ئەمڕۆکە پڕۆتۆکۆلێکی گونجاومان لەگەڵ خوێندنەوەدا واژوو نەکردووە. ئەم ڕاستیەش لەو کاتانەدا بەدەر دەکەوێت، کە بەکاری دەرخستنی زانیاری و هەڵسەنگاندنەکان هەڵسین، بەنموونە پراکتیکەکانی خوێندکارانی زانکۆ و بەرزتریش. لێرەشەوە ئەو پرسیارە سروشتیانە دێنە بەردەم کە دەڵێت، چەند لەو خوێندکارانە کتێبەکانی بەدلیسی وئەمین زەکی بەگ وتوفیق وەهبی بەگ وڕەفیق حیلمی بەگ و دیوانە شیعرییەکانی نالی، سالم، کوردی، مەحوی و وەفایی، هەروەها سەرچاوە بەنرخەکانی فەلسەفە و ئەدەبیاتی بێگانەیان خوێندۆتەوە..؟ تەنانەت گەر زانیارییەکیشیان هەبێت ئەوا زانیارییەکان زۆر سادە و ڕووکەشین و دوورن لەتوێکاری بابەت و ناوەڕۆکەکانی دەقەوە.

بۆ نموونە، ئێمە گەر بمانەوێت باس لەچەرخی ناوەڕاستی ئەورووپا بکەین ئەوا بەبێ باسکردنی شاعیری ئیتالی "دانتی" ناتوانین بەم کارە هەڵسین. هەروەها ئێمە لە دانتی ناگەین تاچیرۆکی میعراجی ئیسلامی نەخوێنینەوە و نەچینە نێو وردەکارییە گێرانەوەییەکانی لەڕووی کەسێتی و زەمەن وجێگە و دایەلۆگ و ململانێکان. هەروەها لەم میعراجەش ناگەین تا قورئانی پیرۆز نەخوێنینەوە. لەهەمان کاتدا گەورەیی قورئانیشمان بۆ دەرناکەوێت گەر بەراوووردی نەکەین لەگەڵ نامە ئاینییەکانی تردا. ئەمانە هەموو زانیارین و دواتر پێویستیان بەڕاڤەگردن و بڕیارە. لێرەدا خوێندەوار پەیوەست دەبێت بە ئایدیایەک تا زانیارییەکانی تێدا کۆبکاتەوە و دواتر بیانگوێزێتەوە بۆ پڕۆسەی کارکردن و کارنامە. لای ئێمە هێشتا ئەم جۆرە مامەڵە و خوێندنەوەیە نەبۆتە خولیا، چونکە خولیا بەدوای زانیارییەکاندا دەگەڕێت و ئێمەش پێچەوانەی زانیارییەکان کار دەکەین، کە ئەمە زەنگێکی ترسناکە لە جیهانی بازنە مەعریفی، ئەکادیمی، فەلسەفی و ڕۆشنبیرییەکاندا.

ماوێتی

گۆشەی 22 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

نێستا ژنان لە ئەڵمانیا وڵات بەڕێوەدەبەن

ژنە سیاسەتمەدارەکانی ئەڵمانیا

لەمساڵانەی دواییدا ژنانی ئەڵمانیا بەچڕی چوونەتە ناو کایەی سیاسی و ئیداری و دەستی کارەوە، ئێستا وای لێهاتووە، کە زۆربەی پۆستە گرنگ و سیادییەکان بەدەست ژنانەوەیە، کە گەورەترین وڵاتی ئەورووپی و بە یەکێک لە حەوت وڵاتە پیشەسازیەکیەکانی دنیا دەژمێردرین و جیهان بەڕێوەدەبەن ئەوانیش.

ئەنجێلا مێرکل: سێ خولە لەسەریەک "١٢ ساڵ"ە ڕاوێژکاری ئەڵمانیایە.

کرەمب کارینباوەر: سەرۆکی پارتی دیموکراتی کریستیانە "پارتەکەی مێرکل" گەورەترین پارتە لە ئەڵمانیادا، مانوێلا شلیسڤیگ: سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات، دووەمین گەورە پارتی ئەڵمانیایە، ئەنالینا باربۆک: سەرۆکی پارتی سەوزە، سارا ڤاگنکنێخت: سەرۆکی فراکسیۆنی چەپ لەپەرلەمان، سەرۆکی ڕەوتی چەپ.

نێستا ئاوی بەلوعە لە ئەڵمانیا دەخوڕێتەوە

وەزیری ژینگەی ئەڵمانیا Svenja Schulze ئاموژگاری هاوڵاتیان دەکات کە هەوڵ بدەن ئاوی بەلوعە بخۆنەوەو دووربکەونەوە لە کڕینی ئاوی بتڵی پلستیک، ئەو ئاوە جگەلەوەی وەک ئەوەی ناو بۆڕی تەندروست نیە بتڵە پلاستیکەکەش بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی پیسکردنی ژینگە، جگەلەوەش پێیویست ناکات پارەی زیاتر بە ئاوبدەن وئەرکی هێنانەوەی بگرنەئەستۆ وخەڵکی کارێک بۆخۆی زیاد بکات، ئاوی بەلوعە تەندروست وهەرزانترو عەملی تر بۆ بەکارهێنان.

بەڕێوبەرێکی ڕیکلامێکی سەیر دەکات..

شارەدێی Kollnburg ی هەرێمی باڤاریا ژمارەی دانیشتوانەکەی ٣٠٠ کەسەو دکتۆری خێزانی لێ نیە، چەند جارێک هەوڵدراوە دکتۆرێک بێنن کەچی کەس ئامادەنەبوە بیگواێزێتەوە ئەوێ، ناچار خاتوو " یوزیفا شمیت" سەرۆکی شارەدێکە لە لەگۆڤاری " دۆیچە ئێرتزبلات" ڕیکلامێکی کردوەو تیایدا دەڵێت " شارۆچکەکەمان پێویستی بەدکتۆرەو خۆشم شووم نەکردوە" ئەو ڕیکلامە بۆتە جێی سەرنجی میدیاو کۆمیدیانە وەسفی دەکەن کە گوایە دەیەوێت بەبەردێک دوو چۆلەکە بکوژێت... هەم شوبکاو هەمیش دکتۆرێک بێنێتە شارەکەی... شایانی باسە ئەو قەیرە کچە شارۆچکەکەی خۆی خۆش دەوێ وئامادەیە لەپێناو هێنانی دکتۆرێک شوی پێبکات.

سوریيەک نیشێکی سەیروسەمەری کرد

Im Hamburger Hauptbahnhof kam es zu den filmreifen Szenen

ماوەیەک لەمەوبەر لە وێستگەی شەمەندەفەری هامبۆرگ Hauptbahnhof پیاوێکی سوری ٤٢ ساڵ لە شەمەندەفەرەکەی دێتە خوارەوە بۆ جگەرەکێشان، دوو منداڵەکەی "٥ ساڵ و٧ ساڵ" لەسەر کورسییەکان بەجێدێڵێت بۆ جگەرەکێشان، لەناکاو شەمەندەفەرەکە دەرگا دادەخات و دەبزوێت، ئەویش دەشڵەژێ ولەتاو منداڵەکانی خۆی بەهات و هاوارەوە خۆی بە قیتارەکەوە هەڵدەواسێت، ئەو هەموو خەڵکەی بانهۆف سەیری دەکەن و دەبێتە قیژە قیژ، باش ڕۆیشتنی چەند کیلۆمەترێک شەمەندەفەرەکە دەوەستێت و پیاوەکە دەهێننەوە ژووری، بەڵام پۆلیس کەیسێکی بۆ کردەوە و ڕەنگە سزای بەسەردا بسەپێنن.

ئەنجێلا مێرکل نەخۆشە

ئەنجێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا تەندروستی باش نیە و لەو ماوەیە دووجار جەڵتەی بچوکی لێداوە، لەکاتی پیسوازی فەرمیدا گیانی لەرزیوەو بۆتە جیی سەرنجی نێوەندی سیاسی ومیدیا ، بەڵام ئەوژنە زۆر بەهێزەو ئینکاری دەکات لەوەی کە نەخۆش بێت ، ئەوە دوو سێجاریشە لە کاتی پێشوازی وچڕپینی سرودی نیشتیمانی ناتوانێت بەپێوەبوەستێت بۆیە بەناچاری لەسەر کورسی دادەنیشێت.

پۆلیسێکی ساختە دەستگیرکرا

کەسێکی تەمەن ٢٢ ساڵ لەشاری بەرلین ماوەیەک بوو پۆلیسی پایتەختی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو بەوەی گومانیان لێ پەیدا کردبوو لە چالاکی و پشکنین و گەڕان و سوڕانەوەکانیدا بەناو شاردا، لەدوای لێکۆڵینەوەی فەرمانگەی پۆلیس ئەو کەسە، کە ڕەگەزی خۆی بۆ ژن گۆڕیووە و پۆلیس نییە و ساختەچییە، جلی فەرمی پۆلیس و کلاو و کەرەستەکانی پەیدا کردووە و بەناوی پۆلیسەوە هاتوچۆ دەکات، پاش ئەوە دەستگیرکراو خرایە بەردەمی دادگا.

پاشماوەی گۆشەی 22 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

کۆچبەرانی یۆنان دیپۆرت دەکرێنەوە

وە زارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ئاشکرای کرد، کە بەردەوام دەبن لە ناردنەوەی ئەو کۆچبەرانەی لەوڵاتی یۆنانەوە دەیانەوێ خۆیان بگەیەننە ئەڵمانیا و تیایدا نیشتەجێ ببن، ئەڵمانیا بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئیسپانیا و یۆناندا کردوویەتی، هەر کۆچبەرێک بیەوێت لە یۆنانەوە بیتە ئەڵمانیا و سنور ببڕێت، لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت و ڕەوانەدەکرێتەوە، شایانی باسە لەسەرەتای ئەمسالّەوە تائێستا زیاتر لە حەوت هەزار کۆچبەری لەمجۆرە دەستگیرکراون و ڕەوانەی ئەو وڵاتانە کراونەتەوە کە لێیەوە هاتوون.

ناستی خوێندن لە ئەڵمانیا بەرزتردەبێت

بەپێی ڕاپۆرتێکی سەنتەری ئەڵمانی بۆ ئالۆگۆڕی ئەکادیمی ئەمسال ئەڵمانیا بۆتە وڵاتی باش لەوەرگرتنی خوێندکارانی بیانی لە زانکۆکانی لە دوای وڵاتانی ئینگلیزیزمان، ئەڵمانیا لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی یەکەمدایە ، ساڵی پار ٢٨٢ خوێندکاری وڵاتە جیاجیاکان هاتونەتە ئەڵمانیا لە زانکۆکان خوێندویانە، بەهۆی بەرزی ئاستی وزانستی سومعەی زانکۆ ئەڵمانیەکان تادێت ڕەواجیان زیاتر دەبێت، شایانی باسە ئەڵمانیا١٤٠ زانکۆ Universtät و٥٢ ئەکادیمیای هونەر Kunsthochschulen و ٤٢٦ کولیژو ئینستیتۆی جیاجیاFachhochschulen ی هەیە کە سەربەخۆن ولەدەرەوەی زانکۆکان خوێندنی تێدا دەکرێت، کە ژمارەیەکیشیان ئەهلین.

تانە لە یاسای گۆڕینی ڕەگەز دەگیرێت

"تیسا جانزیر" پەرلەمنتاری ئەڵمانیا لەسەر لیستی پارتی سەوز کە ماوەیێ ڕابردو ڕەگەزی خۆی لە پیاوەو گۆڕیوە بۆژن لە میدیا بەتوندی ڕەخنەی لە یاسای گۆڕینی ڕەگەز گرت و ووتی دەبێت هەموار بکرێتەوەو خەڵکێکی زۆر لەدژیەتی چونکە ٤٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوەو بۆ ئێستا ناشێت، شایانی باسە بەپێی ئاماری ڕێکخراوی دووڕەگەزەکان لەئەڵمانیا نزیکەی نیو ملیۆن نێرەموک و دووڕەگەز هەن.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

ژمارەی خێزانی داعشەکان ناشکراکران

وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا لە یەکەم ڕاگەیێندراودا دەربارەی ژمارەی هاوژین و منداڵەکانی چەکدارانی داعش کەهەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانین ئاشکرا دەکات و دەڵێت، ئێستا 68 ژن و 120 منداڵی چەکدارانی ئەڵمانی نێو داعش لە کامپەکانی سووریا هەن،ئێستا حکومەت لەهەوڵی گەڕاندنەوەیانە، هەروەها 40 داعشی ئەڵمانی تریش لە زیندانەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات بەدیلگیراون .

ویستی کچەکەی بەزۆر بەشوو بدات و سزادرا

لەشاری Markkleeberg عەرەبێکی سوری پەنابەر، بەناوی ئەحمەد ٤٧ ساڵ لەسەر سکاڵای کچەکەی خرایە بەردەم دادگاو تۆمەتی ئەوەی درایە پاڵ کە بەزۆر ویستەیەتی کچەکەی بەناوی "ماهیرە" ١٩ ساڵ بە ١٥٠٠ یۆرۆ بە شوو بداتە کوڕی مامی و کچەش ڕازی نەبووە و بۆتە شەڕیان، باوکە هەڕەشەی کوشتنی لێ کردووە، دادوەر بڕیاریدا بە سزادانی بە ٨٠٠ یۆرۆ و ئاگادارکردنەوەشی، کە ئیدی کاری لەوجۆرە نەکات، دادوەر بەکابرای گوت، دەبێت سوپاسگوزار بیت، لە وڵاتێکی دیموکراسیدا دەژیت و کچێکی وا بەجەرگت هەیە.

بۆ سەرباز شەمەندەفەر بووە بەخۆڕایی

ڕێککەوتنێکی نێوان وەزارەتی بەرگری ئەڵمانی و کۆمپانیای شەمەندەفەری ئەڵمانی DB بڕیاردرا لەمەودوا هاتووچۆی سەربازانی ئەڵمان لە نێوان شارەکاندا بەخۆڕایی بێ و وەزارەت خەرجیەکەی لەگەڵ دۆیچەبان بگرێتە ئەستۆ.

به یادی دکتـۆر زهیر عبدالملک، کەسایەتی نیشتیمانیی و فەیلی کوردپەرور



یادی هەمیشە زیندوو بێت٠ دکتۆر زوهێر لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی کرد بەشۆڕشەوە و لە بەشی عەرەبی ڕادیۆی شۆڕش هەواڵی دەخوێندەوە٠ لە گەڵ لێکترازان و دوو بەرەکیدا کوردستانی بەجێهێشت و لە فەرەنسا دکتۆرای لە سۆسیۆلۆژیا وەرگرت و تا خانەنشین بوو لە ڕێکخراوی فاوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کاریکرد، لە ڕۆما کۆچی دوایی کرد٠ چیرۆکی وەرگێڕانی "کوردستان کۆلۆنیایەکی نێودەوڵەتی" ئیسماعیل بێشکچی بۆ خۆی خەمخۆری و نیشتمانپەروەری دکتۆر زوهێر دەردەخات٠ پارەیەکی زۆری دا، تا کتێبەکەیان بۆی کرد بەفرەنسی و ئەوجا لە فرەنسییەوە کردیەوە بە عەرەبی٠ یادەوەری زۆرم لە گەڵیدا هەیە و لە کاتی خۆیدا دەیانگێڕمەوە...

دکتۆر جەبار قادر..

چاوەڕوانین

ناوی هەندێ لە عەشیرەتەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و موسڵ

ئەمە دوو لاپەڕەیە لە دەفتەرێکدا، کە لە ژێر ناونیشانی"دەفاترموختلفە و متنوعة" کۆکراونەتەوە، دەفتەرەکە باس لە ناوی هۆز و عەشیرەتەکانی بەغدا، بەسرە، شارەزو، کەرکوک، موسڵ، وان و قارس و لیوا و سەنجەق و ناحیەکانیان دەکات. نمرەی (٦٨) بەسەرەوەیە و ٢٣ موحەڕەمی ١٢٦٩کۆچی کە دەکاتە ١٨٥٢ز. یەکێ لە کێشە زۆرەکانی ئەرشیفی عوسمانی ئەوەیە کە هەندێ جار سانّی کۆچی، کە بە سانّی کۆچی عەرەبی ناویان بردووە لە سەر بەڵگەنامەکان نووسراوە و هەندێ جاریش سانّی کۆچی ڕۆمی. ئەمەش وای کردووە لە مێژووی بەڵگەنامەکاندا هەندێ کێشە دروست بن. لە گۆڕینی سانّی کۆچی عەرەبی و ڕۆمیشدا بۆ زایینی، بە تایبەتی ئەگەر مانگەکەی لەسەر نەنووسرابێ، ئەوا لێرەش کێشە پەیدابووە. بۆتیگەیەشتن لە ئەرشیفی عوسمانی، جۆری بەڵگەنامەکان، زاراوەو دەستەواژەکان، هەروەها ئەو دەزگا و ناوەندانەی ئەو بەڵگەنامانەیان دەرکردووە و شێوازی ڕێکخستنیان دەتوانن سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

الأرشيف العثماني – فهرس شامل لوثائق الدولة العثمانية المحفوظة بدار الوثائق التابعة لرئاسة الوزراء باستانبول، إعداد نجاتي أقطاش و عصمت بينارق، ترجمة صالح سعداوي، عمان ١٩٨٦. وەکو هەموو شتەکانی دیکە ئێستا ئەرشیفخانەش خراوەتە سەر سەرۆکایەتی کۆمار، چونکە شتێک بە ناوی سەرۆکایەتی وەزیرانەوە نەماوە. بڕوانە وێنەی دەستە چەپ

نەخشەی خانەقین، لە چاپخانەی ئەرکانی گشتی جەنگی عوسمانی سانّی ١٣٣١ ڕۆمی

دکتۆر جەبار قادر

نەخشەی خانەقین، لە چاپخانەی ئەرکانی گشتی جەنگی عوسمانی سانّی ١٣٣١ ڕۆمی، کە سانّی دارایی عوسمانی (السنة المالية) بووە و بەرامبەر سانّی ١٩١٥، چاپ کراوە.

دیارەنەخشەکە بۆ مەبەستی سەربازی دانراوە.

ئەم نەخشەیەش هەر کاک سەدات ئەرغەنی کۆڵنەدەر بۆی ناردووم. دوای نووسینەکەی پێشووم سەبارەت بە هەوڵی یارمەتیدانی ئەم تۆپژەرە کوردە و پەیوەندی کردن بە چەند دەزگایەکی بە ناو کولتوری و زانستی کوردیی و پەیوەندی چەند کەسێکەوە، کە قەولیاندا هەوڵبدەن بۆ پەیداکردنی یارمەتی دارایی، بۆ ئەوەی کاک سەدات بەردەوام بێت لە کارەکانیدا. بەداخەوە وەک هەمیشە هیچ بەرهەمێکیان نەبوو، بۆیە بڕیاماندا لەگەڵ هەندێ دۆست و هاوڕێدا بە خۆمان بە گوێرەی توانا یارمەتی پێشکەش بە کاک سەدات بکەین، بۆ ئەوەی لەم ئەرکەیدا بەردەوام بێت.



قبوڵی ، کابوڵی یا برنجە سوور

تابلۆ: تارا محەمەد ئەمین

نووسینی: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

زۆر جار قسە لەسەر خواردن و ناندینی نەتەوەو میللەتانی جیهان دەکرێت و کە خاوەنی مێژوو و پێکهاتەو شێوەی دروستکردنی خواردنە میللییەکانی خۆیان، هەموو نەتەوەو میللەتان و هاونیشتیمانیانی هەر وڵاتێک هیچ خواردنێک ناخوات کە نەزانێ پێکهاتەکەی لەچی دروستدەکرێت و مێژووەکەی بکەی دەگەڕێتەوە ...

فەرەنسییەکان شانازی بە بەکارهێنانی چەتاڵ و چەقۆ دەکەن، حەلەبییەکان شانازی بە خواردن و دروستکردنی کوبەوە دەکەن، میسرییەکان شانازی بە فول و فەلافل و توعمییە و کوشەری و ملوخییە و عیراقییەکانیش شانازی بە قۆزی و تەشریب و تریت و پاقلابەڕۆن، دلێمی و ئەمریکییەکانیش شانازی بە ماکدۆنالد و کەی ئێف سی دەکەن و هیندییەکانیش بە بەکارهێنانی بەهارات و لوبنانیەکانیش بە موقەبیلات و تورکەکانیش بە دۆنەر و ئێرانیەکانیش بە قورمەسەبزی دەکەن،هتد... هەر بۆیە باسی ئێمە قسەکردنە لەسەر خواردنێکی زۆر سەرنجراکێشی نێو کۆمەڵگای کوردواری ئەویش قبوڵی یا کابوڵی یا برنجە سوورەیە. ئەفغانییەکانیش شانازی بە خواردنی کابوڵی دەکەن، کاتێک لە ڕیستۆرانتەکانی ئەفغانی داوای خواردن دەکەیت، یا سەیری مینێوکەی دەکەیت، یەکێک لە خواردنەکان کابوڵییە و یەکێکە لەو خواردنانەی، کە ئەفغانییەکان بە خواردنی خۆیانی دەزانن... ئەو خواردنە 120ساڵ پێش ئێستا هاتۆتە کوردستان و بڵاوبۆتەوە. دەگێڕنەوە غەزالە خانمی هاوسەری پیرەمێردی شاعیر، دەستە خوشک و دراوسێیەکیان دەبێت لە شاری سلێمانی، کە بە ژنە ئەوغانییەکان ناسرا بوون، خواردنی کابوڵییان لێناوە و لەوەوە فێربوون و ناوەکەیان گۆڕیووە و کردوویانە بە قبوڵی، لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانیش بۆتە برنجەسوور و بەچەندین شێوە دروستدەکرێت، جارێکیان ڕەوانشاد دکتۆر کەمال فوئاد گووتی: لە وڵاتی ئەڵمانیا و بە تایبەتی شاری بەرلین ڕێگام کەوتە چێشتخانەیەکی ئەفغانی، کەسەیری مینۆکەیانم کرد، خواردنی کابوڵی سەرنجی ڕاکێشام و بە شێفەکەم گوت، ببووڕە دەتوانم بێمە ناندینەکەوە، سەیری خواردنی کابوڵی بکەم، ئەویش بەدڵخۆشی وەڵامی دامەوە و گووتی، فەرموو... کەسەیرم کرد، هەمان قبوڵی خۆمانبوو، واتە برنجەسوور، بەهیواین وەکو میللەتانی دونیا ئێمەش ببینە خاوەنی ناندینی کوردی و مینۆیی خواردنە کوردییەکان. با پشتگیری لە کۆنفراسی بەرەو ناندینی کوردەواری هەنگاو بنێین، وەکو میللەتانی دیکە خاوەنی مێژووی ناندینی کوردی خۆمان بین.

سەباح یاسین لە بەرهەمێکی نوێیدا بەناونیشانی (ئاو بە تاو) فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری بڵاوکردۆتەوە



ئێمە گەرەکە بۆ نزیکبوونەوە لە زوانی کوردیدا سەرەتایەک دابنین بکەین. ئەم سەرەتایە بریتییە لە دوو دەنگی نەبزوێن و بزوێنی(ڤۆکال و کۆنسۆنانت) "ئ" و "ا" کە "ئا"ی ئاوی سروشتی و "ت" و "ا" تاوە (هەتاو)ە گەردوونیە و لە دەنگی "ئا"ی ئاو، "تا"ی تاودا، دەنگی "هەتاو" کە چوار دەنگە پەیدابووە. بەو مانایەش دەنگی "ئا و تا" سەرەتا و کۆتایی دەنگی "ئاو و تاو" بوون و دەنگی ئاویان تێدایە و کۆمەڵە دەنگییەکانی دی لە ئەوانەوە دروست بوون. "ئ" و "ا" و "ت" و "ا" وەک بوونی نەبزوێن و بزوێنی ئافرێنەرانە(خالقی) بریتی بوون لە بنەمای گەردوونناسیی زمانی کوردی، ئەمەش بێگومان ڕوانگەی ئەفسانەیی زمانە دێرینەکەی بووە، ماوەتەوە و ئەو مانایەش لە مانای بوونی مرۆڤیەکەیدا کە کولتوورییە ئاو (ئاوهاتنەوە)، بە "ئاو، تۆو و نەوە" ناسێنراوە. ئاخر بە گوێرەی ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەری خوداکان وەک ئافرێنەر (خالق) خۆیشیان ئاویی بوون. لەم ڕوانگەیەوە دەربڕینەکانی "ئاو" و "تاو"ی کوردی، هەروەها "ئود" و "ئا"ی سۆمەری، تەنیا وشە نین، بەڵکو بیرۆکەیی ـ کۆنسێپتی (تێگەییانە) ڕەخساون و بەوەش ڕوانگەیەکی ئەقڵانی (مۆغی) و زانستی لە ماناکانیاندا، کە بیرکارییە دەردەکەوێت. پەیوەندی بە ئەفسانەی ئەفراندنەوە گەرەکە، لێرەدا بەکورتی ببێژین، کە سەرەتا یەک خودا نەبووە گەردوون بئافرێنێت، بەڵکو دوو خودا هەبوون، واتا دوو ئاو کە شیرین و سوێر (ترش) بوون. ئەم دوو خودا ئاوییە شیرین و سوێرە تێکەڵ بە یەکدی دەبن، تێکەڵبوونیشیان هێمایە بۆ خۆشەویستی و ڕەحەتبوونیان، کە بەو ڕێیەوە نەوەی کوڕ و کچ دەخەنەوە، واتا ئەم خودازادانەش بە هەمان شێوە ئەوانیش کە بوون هەر ئاو بوون. ئەم دیدەی سۆمەرییەکان هاوکات لە بەرهەمهێنانی مانادا بەرجەستە بووە. بۆ نموونە "هەتاو" یان "تاو"ی کوردی مانایە بۆ ڕووناکی ڕۆژ و گەرمای تیشک، لێ لە زوانی سۆمەریشدا "ئود (ud)" مانای "ڕۆژی سروشت (day)، تاو یان گەرما (heat)، تا (fever)، ڕۆژی گەروون (sun)، هاوین (summer)" دەگەیەنێت. بە واتایەکی دی مانای "ئاو و تاو"ی کوردی هەمان مانای "ئا (a) و ئود (ud)"ی سۆمەری دەگەیەنن. یان بۆ نموونە چۆن جەژنی نەورۆز لای کورد مانایە بۆ نوێبوونەوەی ساڵ، لای سۆمەریەکانیش کە بە "زاگ – مو" (zagmu [NEW YEAR]) ناویان بردووە، هەمان مانای نوێبوونەوەی ساڵی گەیاندووە.

بۆچوونێک لەبارەی بەهرەمەندیی و زیرەکیی نووسینی: موزەفەر عەزیز

زۆرجار کە توانای داهێنانی زانایەک، یا گوێبیستی دەنگێکی خۆش یا سەرنجی هەر کارێکی لەڕادەبەدەر دەدەین، یەکسەر بیرمان بۆ بەهرەیەکی خوایی دەچێت، کە لەگەڵ لەدایکبووندا بە کەسەکە بەخشراوە و ئیدی دەگوترێت: ئەمە بە هەموو کەسێک ناکرێت و لەم ڕووەوە چەندین نموونەی زیندووش هەن، کە بێهاوتان و هاوشێوەیان دەگمەنە و نییە.

بۆ لێکۆڵینەوەش لە ژیانی هەر ناودارێک لە گێتیدا، ئەوا ڕەنگە کۆمەڵێک هۆکار بێنەگۆڕێ، کە هەوێن بوون بۆ سەرکەوتنیان، ئەمەش جیناتەکانی نین، بەڵکو ژینگە و گەشەپێدانی تواناکانی خۆیەتی، کە دوو بنەمای سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی ئەو ناوبانگە.

وۆلف ئەمادۆیس مۆتزارت بلیمەتێک بوو لە سێ ساڵییەوە توانای ژەنینی پیانۆی هەبووە و لەشەش ساڵیشدا یەکەم پارچە موزیکی خۆی داناوە، باوکی لەناو خەڵکدا وای ناساندووە، کە ئەوە پەرجووە (معجزە) و (یەزدان لەسالسبورگ بەدنیای بەخشیووە)، ئێمە تا هەنووکەش مۆتزارت وا وێنا دەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا (بەهرەی موزیکی)ی ئەو (منداڵە پەرجووە)، کە سەرنجی زۆرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، وەک دەرکەوتووە کەمتر پەیوەندی بەلایەنی دەرەکیی هەیە، هەروەک، نووسەر (داڤید شێنک) لە کتێبی–بلیمەتیی لەناوەوەماندایە– و ناسینەوەیەکی نوێ لەبارەی بەهرە و زیرەکیدا، ئەم باسە دەوروژێنێت و ئاماژەی پێدەدات، ڕیەکی جوداوازیش دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە، کە بەهرەی مۆتزارت لە ئاسمانەوە نەهاتووە ! بەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری تر، لەوانەش باوکی لیۆ پۆلد، خۆشی ئاوازدانەر بووە، هەر لەسەرەتاوە هەوڵی لەگەڵ ئەو زارۆیە داوە و ساڵانێکی دوورودرێژ بەبێ وچان ڕاهێنانی بە کوڕەکەی کردووە، تا گەیشتۆتە ئەو توانا و ئاستە بەرزە! دیارە نووسەر چەندین بەڵگەشی لەو بارەوە دەست کەوتووە، دەشڵێت: بەهۆی جیناتەکانەوە نییە، بەڵکو ئێمە توانای لەوەش زیاترمان هەیە، گەر بێت و خۆمان کاراو ئەکتیڤ بکەین و جینی نوێ و خانەی تر ببوژێنینەوە و پەرەیپێبدەین. ئەو ژورنالیستە ئەمریکییە، کە بە کەسێکی سەرکەوتوو ناسراوە، خاوەن چەندین بەرهەمە لەوانە: (لەبیرچوونەوە)،کە تایبەتە بە نەخۆشی لەبیرچوونەوە و لەسەر جینەکان بەردەوام دەبێت و پێیوایە، کە جینەکان چارەنووس دیاری ناکەن و زیرەکیش زگماکی نییە، بەڵکو گەشەسەندێکی ئاوێتەی خانەکان و ژینگەیە، مرۆڤ دوای لەدایکبوون بڕیاری لەسەردەدات، بۆیەش زیرەکیی و بەهرە و بلیمەتیی، دەرەنجامی گەشەسەندنی چالاکییەکانی ڕۆژانەن، کەس تەنێ وەک بلیمەتێک لەدایک نابێت، ئەوەی پێی دەگوترێت منداڵی پەرجوو، مەرج نییە لەژیاندا سەرکەوتووبێت.

بەپێچەوانەوە منداڵی پەرجو گەر هەبوایە، ئەوا دەبوو لە دووانەیەکی یەک هێلکەییدا بەدی بکرێت، کەچی ئەوە نابینرێت، هەرچەندە شێوەیان لەیەک دەچێت، وەلێ زۆرجار گەلێک لەیەک جیاوازن.

گەر بێت و لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکەی –شێنک– لە ناودارانی خۆمان بدوێین، کە زیاتر شاعیر و گۆرانیبێژن، ئەوا لەهەندێک لایەنەوە لە بۆچوونەکەی شێنک نزیک دەبینەوە بۆ نمونە: زۆربەی شاعیرانمان لە ژینگەیەکی ئایینی تا ڕادەیەک لەیەکچوو پەروەردە بوون و پەرەیان بەتواناکانی خۆیان داوە، دواترهەر کەس بەپێی شارەزایی خۆی ئەسپی خۆی تاو داوە، هەروەک سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی کە دەنگێکی دەگمەنە ئەویش هاندانی دەوروبەر و پەرەپێدانی تواناکانی خۆی بووە، وایکردووە چریکەی دەنگی بە نەمری بمێنێتەوە، هەروەها گەڕان و دەربەدەری زیرەک و ماملێ و شارەزایی لە مەقامات و ڕاهێنانی بەردەوامی مەردان و دیلان و خاڵەتایەر وایکردووە، توانای دەنگیان ئاستێکی بەرزتر وەربگرێت.

هەندێک جار کاریگەری باوک خانەوادەیەکی هونەرمەند دێنێتە ئارا، هاوکات ئارەزووی بەرەوپێشەوە بردنی هونەری دەبنە هۆکار، بەوێنەی کامگارەکان کە مامۆستا و پێشەنگییان حەسەنی کامکار بووە، دیارە لەناو کوردان نمونەی کاریگەری برا لەسەر براش زۆرن، وەک سابوری و داودە و..هتد.

ئیتر ئەمە کورتە باسێک بوو لەسەر بەهرە و زیرەکیی، گەر بهاتایە ئێمەش ژینگە و هاندانی باوکێکی وەک لیۆپۆلدمان هەبوایە، وێڕای گەشەسەندنی توانایەکی وەک مۆتزارت، ڕەنگ بوو لەناو ئێمەشدا، بلیمەتێکی وەک مۆتزارت دروست ببوایە!

ئەمجارە هونەرمەندێکی شێوەکاری گەنج

دنـیـا عەبدوڵڵا

خاتوونێکی گەنجی هونەرمەندی شێوەکاری خۆڕسکی پڕ فەنتازیایی کوردە و دەیەوێت لە ڕێگەی خەیاڵەوە، واقیع بە دەوروبەرەکەیەوە گرێ بداتەوە، وەک خۆی لە گفتوگۆیەکی گۆڤاری (بانوراما الشباب) بەزمانی عەرەبی کە لەگەڵیدا سازیانداوە دەڵێت: ساڵی ١٩٩٠ لە باکوڕی عێراق لە شاری هەولێر لەدایک بووە، لە کاتی لەدایک بوونیەوە وەک فرمێسکی دایکێک وایە لەو ساتەی، کە منداڵەکەی بەجێی دەهێڵیت. دنیا زۆربەی کاتەکانی ژیانی لەگەڵ وێنەکێشاندا بەسەر دەبات. هەموو ڕۆژێکیش ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات.. ئەم بۆچی وێنە دەکێشێت..؟ لە کاتیکدا کامێرا لە چەند چرکەیەکی کەمدا دەتوانێت وێنەی هەموو شتێک بگرێت و بچێتە ناو هەموو وردەکارییەکانەوە، لە پێش ئەمیشدا، گەلێک وێنەکێشی مەزن و ناودار تابلۆیان کێشاوە..! بەڵام ئەم وەک خۆی دەڵێت: دەچێتە ناو خەیاڵەوە، وێنەی هەموو ئەو شتە ترسناکانە دەکێشێت کە پێستر بە خەیاڵی کەسی دیکەدا نەهاتوون. دنیا عەبدوڵڵا خوێندنی تەواو نەکردووە، لەڕێگەی هەوڵدانی خۆیی و خۆماندووکردنییەوە بە خوێندنەوەی ڕۆمان و تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەوە خۆی فێری زمانی عەرەبی کردووە و ئێستا لە هەوڵدانایە بۆ فیربوونی زمانی ئینگلیزی و دنیا هونەرمەندێکی گەنجی پڕ لە چالاکییە تا ئێستا نەناسراوە، بە هیوایە لە زووترین کاتدا بتوانێت لە هەولێر لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، یەکەم پێشەنگای تایبەتی خۆی بکاتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/profile.php?id=100012108793174&sk=photos_albums

تـــاراوگـــه

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

31 Augustus . 2019 Nummer. [68]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 ئەڵمانیا منداڵی داعشەکانی خۆی دەگوازێتەوە..! چەند هەوڵێکی گرنگ لە ئەڵمانیاوە، ئامادەکردنی بورهان ئەمین بڕوانە ل 5

– ل 2 وەفا و پێزانین نەماوە...! نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن.

– ل 3 و ل4 نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم، بەشی دووەم – دەربارەی. تیۆری هەڵوەشاندنەوە و بە
– 5 گۆشەی 22 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–هوە....
– ل 6 بەرەو تەمبەڵ بوون دەچین..؟ بۆچی..؟ لوقمان حەویز– تەکساس.....

– ل 7 ڕێکخراوە مەدەنیەکان و خۆگونجاندنی کۆچبەران .. ، نووسینی: سیروان مەحمود پۆلیس....
ل 8 سەباح یاسین، فەرهەنگۆکی کوردی– بەشی دووەم، سۆمەری تاو بەتاو – بەشی دووەم

– ل 9 دوو نووسین: دایکێک لەیارێزگاری زانیاری کەسی توڕەیە نووسینی: موزەفەر عەزیز.....
دووم: چەند ڕێگایەکی سروشتی بۆدابەزاندنی پەستانی خوێن.. دکتۆر عادل حسێن

... – ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد مامۆستا عەلی جۆڵا .

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

31 Augustus 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-68
ژمارە 68 ی 31 ی ئابی 2019

ئەڵمانیا منداڵی داعشەکانی خۆی دەگوازێتەوە

ئەڵمانیا ملیارەها یۆرۆ دەداتە عێراق

حکومەتی ئەڵمانیا خەریکی دانوستانکردنە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ٦٠ هاوڵاتییە داعشەی خۆی، کەوا لەزیندانەکانی بەغدادان، لەسەر ئەمە ئەڵمانیا ئامادەیی خۆی دەربڕیووە، کە ٢٠ ملیار یۆرۆ بداتە عێراق لە بری پادەستکردنەوەی ئەو داعشە ئەڵمانیانە.

ئەڵمانیا منداڵی داعشەکانی خۆی دەگوازێتەوە

حکومەتی ئەڵمانیا بۆیەکەمین جار ژمارەیەک منداڵی ئەڵمانی چەکدارانی داعشی لە رۆژئاوای کوردستانەوە گواستەوە وڵاتەکەی کە ماوەی ڕابردوو لە کەمپەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان دەحەوێندرانەوە، لەکاروانی یەکەمدا پێنج منداڵ گوازرانەوەو هەوڵ دەدرێت درێژە بەو پرۆسەیەبدرێت ،وەزارەتی ناوخۆدەڵێت، ئێستا 68 ژن و 120 منداڵ وهەرزەکاری چەکدارانی ئەڵمانی نێو داعش" لە کامپەکانی سووریا هەن ووڵاتەکەشی پلانی هەیە بەقۆناغ هەمویان بگوازێتەوە.

ئەڵمانیای جێهێشتووەو ئەلمانیا بەدوایدا دەگەڕێت.

گەورەترین کۆنگرەی ئاینەکان سازدرا

هەفتەی ڕابردوو لە شاری (لیندا‌و)ی باشوری ئەڵمانیا، گەورەترین کۆنگرەی ئاینەجیاجیاکان لە ژێرناوی (ئاینەکان لەپێناوی ئاشتی) دا، بە بەشداری سەروو هەزار نوێنەر لە ١٠٠ ئاین و مەزهەبە جیاجیاکان لەسەرتاسەری جیهان دەستی پێکرد و دوو ڕۆژدەخایەنێت، کۆنگرەکە لەلایەن "فرەنک ڤالتەر شتاینمایەر"ی سەرۆکی ئەڵمانیا کرایەوە و بەبایەخەوە وەسفکرا، سەرۆک داوای لە نوێنەری ئاینەکان کرد، کە کێشەکانیان بە لاوەبنێن و بەئاڕاستەی برایەتی و پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری و لەپێناوی مرۆڤایەتی و کۆتایی هێنان بە کوشتوکوشتار کاربکەن.

گەریلایەکی ئەڵمان شەهیدکرا

ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگە ڕایگەیاند، بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی دەوڵەتی تورکیا لە کۆتایی ساڵی 2018 دا گەریلایەکی خەڵکی وڵاتی ئەڵمانیا بەناویMichael Panser شەهیدکراوە، ئاماژە بەوەکراوە ئەو هاوڕێیە لە ماوەیەکی کورتدا فێری ژیانی چیا بوو، لە لایەکەوە هەوڵیدا ڕوانینە ئەنتەرناسیۆنالیستەکەی لە بنەما پتەوکاندا بەهێز بکات، لە لایەکی دیکەوە خۆی لە گەریلایەتی، زمان، کلتور و هونەر پێشخست، بە ژیانە پڕ دیسپلینەکەیەوە، مۆرال، لەخۆبردوویی و بە بڕیار هێزی بە هەموو هاوڕێکانی دەبەخشی، لە ماوەیەکی کورتدا هێندەی ئەوەی باش بخوێنێتەوە و بنوسێت فێری کوردی بوو".

لە بورهان ئەمین–ەوە ئەڵمانیا بروانە ل 5

وەفا و پێزانین نەماوە...! نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن

بۆچی ئێستا لە بوارەکانی شانۆو و دراما‌دا کار ناکەی؟ ئەمە پرسیارێکە زۆر جاران لەلایەن هاوڕێ و ئازیزانی ئەدەبدۆستەوە بەرەوڕووم کراوەتەوە. ڕاستە من شانۆیی (مەلی ئاوات، دۆتمیری دزێو، بەلەمی ئەفسووناوی، دوژمی گەل و گەشتەکەی حەسەن)م لە زمانی عەرەبییە وەرگێڕاوە. من زۆربەی ئەم کارانەم لەسەر داخوازیی دەرهێنەرێک یان چەند ئەکتەرێک کردووە. دیارە دوای ئەوەی خۆم دەقەکەم خوێندووەتەوە و هەستم بە نزیکی نێوان ئەو دەقانەو کۆمەڵی کوردەواریی ئەو سەردەمە کردووە، کە سالانی هەشتای سەدەی ڕابردووە.

وێڕای ئەوەی چیرۆکی یەکەم فیلمی سینەمایی ٣٥ ملم (نێرگز بووکی کوردستان) من نووسیوومە. جێی وتنە سیناریۆی فیلمەکەیشم نووسیبوو، ئەوەندە هەبوو، دەرهێنەر (جەعفەر عەلی) بەو هەنجەتەی ئەو هێڵێکی دیکەی بۆ چیرۆکەکە زیاد کردووە، سیناریۆکەی منی بەگەن نەکرد. ئەگەرچی سوودی تەواویشی لێ وەرگرت. ئەو مەبەستی بوو، هەم دەرهێنان هەمیش سیناریۆ، هی خۆی بن و هەقدەستی هەردووکیان وەربگرێت. بۆیە تەنیا چیرۆکی فیلمەکە بۆ من مایەوە.

وێڕای ئەوە، من چیرۆک و سیناریۆی یەکەم درامای تەلەڤزیۆنی (گەلی کوردستان)م نووسیوە بە ناوی (بازنەی تەنیایی)، کە لە دەرهێنانی کاوە جوتیار و نواندنی عەبدولی حەمە جوان و دەستەیەک ئەکتەری هێژای شاری سلێمانی بوون. شانۆییەکی شیعریشم بە ناوی (ڕووبار) نووسیوە. تا ئێستا هیچ دەقێکی کوردیم نایەتە یاد ئەوەندەی ئەم دەقە خرابێتە سەر شانۆ. یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەیشی هێژا (محەمەدی مەلاکەریم) کردی بە عەرەبی. من نازانم چەند جاران بە زمانی عەرەبی خراوەتە سەر شانۆ.

هەموو ئەو دەرهێنەرانەی کاریان لەم دەقانەدا کردووە، کە وەرمگێڕاون یان خۆم نووسیومن. هەموو ئەو ئەکتەرانەشی کە ڕۆڵیان تێدا بینوە، جارێک لە جاران لە سەمتی چاوپێکەوتندا بە تاکە دێڕێکیش ناوی منیان نەهێناوە! وەک لایەنی ماددیش منیان لەبیر نەبووە.

بۆ نموونە دوژمنی گەل پارەیەکی زۆری پەیدا کرد. بۆ یەکەم جار لە شانۆیی دوژمنی گەلدا نرخی بلیت لە نیو دینارەوە بوو بە دیناریک. بەڵام فلسێکیشیان بە من نەدا!



من هەموو پشووی سەر سالّ خەریکی نووسینی چیرۆک و سیناریۆی (بازنەی تەنیایی) بووم. بەڵام تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان تەنانەت کاسێتێکی فیلمەکەی خۆمی نەدامێ، تاکو هیچنەبێ وەک ئەرشیڤ لەلای خۆم هەڵیبگرم، چ جای هەقدەست! وەلێ سەبارەت بە فیلمی نێرگز بووکی کوردستان، من مافی خۆم وەرگرت، کە بریتیبوو لە هەزار دیناری ئەو کاتە. لە کاتێکدا ئەکتەری پلە یەک تەنیا شەش سەد دیناری وەرگرت. جا کە من نە لە ڕووی مەعنەوییەوە ناوم بهێنن و لە ڕووی ماددییەوە لێی سودمەند ببم، ئیتر بۆچی دوای کلاوی بابردوو بکەوم؟ سەیرە! لەم وڵاتەی ئێمەدا مردو بەشی زیندو دەخوات! بە دڵنیاییەوە من مەبەستم ئەوە نییە خۆم بە شەکسپیر بەراورد بکەم. نووسەری وەها دووبارە نابێتەوە. بەڵام ئەم پرسیارە هەر دەکەم: زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم: پتر لە دوو ملیۆن ئەکتەر و دە هەزار دەرهێنەر کاریان لە دەقەکانی شەکسپیردا کردووە! (کێ دەتوانێت ناوی سەد ئەکتەرو بیست دەرهێنەریانم پێ بڵێت؟)

من دەقی دوژمنی گەڵ و هێنریک ئیبسن–م بە شانۆکاری کورد ناساندووە، کە لە کات و ساتی خۆیدا پیشاندانی وەک شۆڕشێک وەهابوو، کەچی ئەوەتا تازەکی لە هەولێر، ئەو دەقەی (دوژمنی گەل)، کە من لە سالانی هەشتای سەدەی ڕابوردوودا وەرمگێڕاوە، ئەفەڕۆز دەکەن و دەقی وەرگێڕێکی دیکە دەخەنە سەر شانۆ ناویشم ناهێنن. هیوادارم ئەم کورتە وەڵامە قەناعەتی بە هاوڕێ و دۆستانم کردبێت. چاویان ماچدەکەم.

شانۆ
ئەرسەلان دەروێش شاکاری (دووژمنی گەل) لە هەولێر نمایش دەکات

تیۆری هەڵوەشاندنەوە و بەڕۆشنبیرکردنی زەمەن

بەشی دووەم

پ.د.زاهیر لەتیف گەریم

دوهەم/ پشتگوێخستنی ماناکان. ماناکان گەلێک زۆرن وەک مانای ئایینی، فەلسەفی، ئەدەبی، زانستی، فەرهەنگی، مەعریفی و ڕۆشنبیری...هتد. بەشێک لە هەرەسهێنانی گوتار دەگەڕێتەوە بۆ نابەڕپرسیارێتی تاکەکان بەرامبەر بەماناکان بە تایبەتی ئەو مانایانەی کە بەئاشکرا نابینرێن، بەڵام گرنگی خۆیان هەیە بۆ بونیادی قەوارەیەکی شوناسی سەربەخۆی تایبەت. لەم حاڵەتەدا بەرپرسیارێتی تاکەکان، بەجیاوازی پێشە و کارەکانیانەوە، لەوەدایە کەپێشەنگی زانیارییە جیاوازەکان بن و تەنها جەخت لەسەر زانیارییەکی دیاریکراوی تەسک نەکەن و زانیارییە گەورەکانی تر فەرامۆش بکەن. خۆ ئەگەر لەسەرەتادا جەخت لەسەر خاڵێک کرا ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە، کە ئەم خاڵە یارمەتدەرێکی ئەکتیڤ بێت بۆ دۆزینەوەی خاڵەکانی تر. بۆ نموونە، ئەمڕۆی کورد، بەمەبەستی دروستبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، گەر بە قەوارەی نەتەوایەتی دەست پێبکات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە جیهانی دەرەوە ئەم قەوارەیە تێکبشکێنێت بەو پێیەی ئەم قەوارەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا ناگونجێت، بەڵکو جێگەی مەترسیشە بۆ ناوچەکە، بەڵام گەر هاتوو جەختمان لەسەر بونیادێکی تر کرد بەنموونەی ئابووری، بەو پێیەی ئەم جیهانە، ئەمڕۆکە، پێویستی زۆری بە ئابووری هەیە، ئەوا، لەپێناو بەرژەوەندییەکاندا، ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەمان جیهان دان بەمافی نەتەوایەتی و قەوارەیی کوردا بنێت و گرژییەکان بگۆڕدرێن بۆ پێکەوەژیان و پەیوەندیە بەرژەوەندییەکان. تەنانەت گەر سەرچاوەی زەمەنی زانیارییەکان وەک پێویست لەبەر دەستدا نەبوو، ئەوا خوێندنەوەی دەقەکان بەپێی ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە و سیمیۆلۆژیا...هتد، توانای بەدەرخستنی زانیارییەکانی هەیە. واتە، گەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێک بۆ زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە ئەنجام بدەین و لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی مێژوویی تەواومان لەبەر دەستدا نەبوو، ئەوا خوێندنەوەی دەقە کۆنەکان و سوود وەرگرتنیان بەسن بۆ ئەم کارە. تەنانەت ڕەخنەگران و مێژوونوسان، لەڕێگەی ئەم خوێندنەوەیە و دواتر شیکاریکردنەوەیان دەتوانن زانیاری پێویستیان دەست بکەوێت هەروەک چۆن ڕەخنەگرانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام ئەنجامیاندا، لەکاتێکدا تەنها پەنایان بۆ دەقە شیعرییەکان برد. بەڵام ئێمەی کورد، لەلایەکەوە، گەڕانمان بۆ شتەکان، یان ئەرشیفەکان، لاوازە و ئەم گەڕانەشمان نەکردووە بە پێشە و نەشمان خستۆتە نێو بەرنامەی جێبەجێکردنی کارنامەکانەوە، بەڵکو زۆرێش ڕقمان لەماناکانە و نامانەوێت زانیاریان لەسەر کۆبکەینەوە. لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی نەبوونی چەمکی هۆشیاری ڕۆشنبیری و مەعریفی و خوێندنەوە شتێکی ئەوتۆمان پێ نییە تا بەکاری گەڕانەکە هەڵسین.

بۆیە ماناکانیش لەدەرەوەی خۆمان بەبێ مانایی دەمێننەوە و هیچ سوودێکی سەرچاوەیی لێ نابینرێت. مەبەستیش لەگەڕان هەر گەڕان خۆی نییە، بەڵکو کارکردنیشە دوای گەڕان، وەک ئەوەی دەقی گەڕانەکە تیۆر بێت و دواتر ئەم تیۆرە پێویستی بەپراکتیک بێت. لەزەمەنی ڕابردوودی خۆماندا، بەهۆی نەبوونی خوێندەواری پێویست و لەوالاشەوە نەفامی و تەمبەڵی، گوێبیستی حیکایەتخوانەکان دەبووین، گەر حیکایەتخوان، شەوێک لە شەوان ئامادەنەبوایە، ئەوا گوێگران بێجووڵە و سەرگەردان دەبوون. ئەم سستی خوێندنەوەیە زۆر ترسناکە، چونکە گەر تاکێکی، بەنموونەی حیکایەتخوان، چووە دەرێ لە بازنەکە، ئەوا سەرجەم تاکەکان شکست دێنن. بەمەش سەرجەم خاڵ و زانیارییەکان لەدەست دەچن و جارێکی تر، وەک کارێکی ڕەوڕەوەیی، دەگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر وەک ئەوەی هیچمان نەکردبێت.

سێیەم/ بەرژەوەندییەکان. بەتایبەتی لەجۆری میتریاڵیزم، بەکاری سڕینەوەی داتا مێژوویی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان هەڵدەستێت. خاوەنی ئەم جۆرە لەبەرژەوەندی هەمیشە سەرقاڵی ئەو شتانەن، کە لە سروشتی خۆیانەوە نزیکن و خۆیان نادەن لەقەرەی شتە پیرۆزەکان، کە دەکەونە دەرەوەی ئەم بەرژەوەندییانەوە. گەر بەرژەوەندییەکان بۆ شتە پیرۆزەکان تەرخان بکرێت، وەک گەڕان بەدوای قەوارە و ناسنامەی نەتەوایەتی و زمانی و کلتووری و فەرهەنگی و ئەدەبی...هتد، ئەوا بێگومان ئەم گەڕانە پێویستی بەخوێندنەوە و هیلاکی و فیداکاری و دڵسۆزی و نارەحەتی هەیە. بۆ نموونە گەر سەیرێکی دەقە شیعرییەکانی بێکەس بکەین، ئەوا بەئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە بەرژەوەندی شاعیر لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە گەلەکەی، وەک گەلانی جیهان، بگات بە ئاواتی خۆی و لەهەمان کاتدا خوێندەوار و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر بێت و کۆیلایەتی قبوڵ نەکات، کار بۆ ناسنامەکانی خۆی بکات. شاعیر جگە ئەمانە هیچ شتێکی تری مەبەست نییە. هەروەها بەرژەوەندییەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە گەلەکەی هەمیشە پێشکەوتوخواز بێت و کار لەسەر وردەکارییەکانی شوناس بکات و لەدوورەوە نەڕوانێتە شتە پیرۆزەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو لەبری ئەمە بایەخ بە کلتووری ناوەوە و دەرەوە خۆی بدات و بەهۆشیارییەوە بڕوانێتە کەرەستە زمانیی و فەلسەفی و ئایینی و سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگییەکان. تەنانەت ئەم بیرمەندە گەر بەلای هەندێکەوە قسەیەکی خواردبێت بەو پێیەی دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز تووندو تۆڵ بووە، ئەوا لەلایەکەوە ئەو هەستەی لادروست ببوو، کە هێزی تاکی کورد بۆ شتەکان لاوازە و توانای دەرخستنی زانیارییەکانی نییە، تەنها ئینگلیزە کە لەناخی بۆچوونەکانی ئەم بگات. لەلایەکی تریشەوە، بێ چەندوچوون، ئەمەی لەپێناو بەرژەوەندییە گەورەکانی کوردا ئەنجام داوە، کە دوای چەندین ساڵ ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد و عەرەب و جیهانی سێیەم بەهەمان بۆچوون و هەڵوێستەی ئەم بیرمەندە کار دەکەن و زۆر بەمەمنوونییەوە باوەشیان کردووە بەهێزە سەرەکییەکانی دەرەوەدا. لێرەدا مامۆستا وەهبی بەگ ئەو ڕاستییەی لا دروست ببوو، کە تاکەکان لەڕێگەی پەیوەندییەکان بەجیهانی دەرەوە و سەرچاوە بەنرخەکانی ئەم جیهانە دەتوانن بزێو بن و لەشتەکان بگەن و پرسیاریشی لەسەر بکەن. ئەم بیرمەندە ڕۆشنبیرە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەهەوڵی گۆڕینی فۆرمەکاندا بوو، ئەو فۆرمانەی کە بەدرێژایی زەمەن ژەنگیان گرتبوو. بەمانایەکی ڕوونتر، بەرژەوەندییەکانی ئەم بیرمەندە لەوەدا بوو، کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەبۆچوونە کلاسیکییەکاندا بکات، تا تاکی کورد زیاتر هوشیارتر بێت و لەمەسەلە و شتە گەورە و بچووکەکانی خۆی و دەرەوە بگات.

بڕوانە لاپەرە 4

توانا لۆکەڵییەکان بەس نین بۆ دەرخستن و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی شتەکان، بەتایبەتی شتە هەستیار و گەورەکان، کە دوا ڕۆژی تاکەکانی پێوە بەندە.

پاشماوەی ل 3

گەر هوشیارتریش بوو ئەوا لەلایەکەوە باشتر تێدەگات، کە پەیوەندییەکان جێگەی مەترسی نین، بەتایبەتی گەر توانیمان بەشێوەیەکی زانستی و لۆژیکیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. لەلایەکی تریشەوە توانا لۆکەڵییەکان بەس نین بۆ دەرخستن و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی شتەکان، بەتایبەتی شتە هەستیار و گەورەکان، کە دوا ڕۆژی تاکەکانی پێوە بەندە. ئەم زانایە هەمیشە خوازیار بوو سەرجەم تاکەکان وەک خۆی هوشیار و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر بن و بەرپرسیارێتی پرسارەکانیش لە ئەستۆ بگرن. گوێنەگرتن لەبۆچوون و ئایدیاکانی مامۆستا و هاوشێوەکانی هۆکارێکی سەرەکی بوون، بۆ هەژاری و نەخوێندەواری کۆمەڵگای کورد، لەهەمان کاتدا بۆ هەرەس هێنانی بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکەی مەلیک مەحمود. ئەم نەگوێگرتنە تەنها پەیوەست نییە بەزەمەنی ڕابردووەوە، بەڵکو تا ئێستاش بەردەوامی خۆی هەیە و هەڵەکانیش بەهەمیشەیی دووبارە دەبنەوە.

چوارهەم/ بەگوتارنەکردنی پرۆسەی فیکری و ئەدەبی و سیاسی و سۆسیۆلۆژی. لە لێکۆڵینەوەیەکماندا بەناونیشانی" گوتاری کوردی"، کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەدەب وهونەر بە سێ بەش بڵاوبۆتەوە، ژمارە ، 5531 ،5538 ، 5525، بەدرێژی جەختمان لەسەر دروست بوون و لە بارچوونی گوتار کردووە. لێرەدا گەر گوتار بریتی بێت، لەدەنگی تاک و بەرجەستەکردنی ئەو دەنگە لەنێو ڕەهەندە فیکری و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و ئەدەبییەکان، ئەوا لەلایەکەوە ئەم جۆرە مامەڵەیە دووبارە دەبنەوە.

سیاسەتەوە. لەم گۆشەیەوە، شاعیرتەنها وەک شاعیرێک سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک بیرمەند وڕووناکبیر وڕۆشنبیر وخاوەن ئەزموونیش ،کە لەڕووی کارنامەوە ، کارنامەکانی هاوشێوەی کارنامەی شاعیرە مەزنەکانی جیهانە بەنموونەی ئۆسکار وایەڵد وشێڵی بایرۆن ووردز ۆرس وکیتس...هتد.ئەم دەنگەی گۆران گەرچی کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام گوتاری کوردی پێویستی بە دەنگەکانی تریشە وەک کارێکی هەماهەنگی و تەواوکاری.

پێنجەم/ هێزی نەبزواندن. لەوکاتانەی کەکەرەستەکان پشت بەهێزی بزواندن نابەستن،ئەوا نەسەقەکان لەنێوان خودی بکەر وبابەتەکان بەرەو تێکشان دەچێت، بەڵکو بۆشایی گەورە دەکەوێتە نێوانیان وەک ئەوەی هەریەکەیان بۆ پرۆسەیەکی تایبەت وجیاواز کار بکات کەپەیوەندی بەپرۆسەی بەرامبەرەوە نیە. ئێمەی کورد لەم حاڵەتانەدا چێژ لەهێزە بزواندنە میتریاڵیزمییەکان دەبینین وبەهەچ شێوە و شێوازێک بێت دەمانەوێت بگەین بەم جۆرە هێزە. بەڵام نەهاتوین کار لەسەر هێزە بزواندنە ئایدیاڵیزمەکان بکەین و بیکەین بەبەردی بناغەی کەسێتی کۆمەڵگا وکلتوور وداب ونەریت، بەڵکو ،لەمەش زیاتر، دەشیان تۆرێنین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهێزی بزوێنەری ئایدیاڵیزیمان لاوازە وبەڵکو لەزۆر حاڵەتیشدا بوونی نیە.گەر هێزی بزوێنەری ئایدیاڵیزم بوونی نەبوو ئەوا گوتارە بە وێنەکراوەکانمان بە ئاشکرا دوور دەکەوێتەوە لەڕاستییەکان وزیاتر خۆی لە بەڕێکردنی بابەتەکاندا دەبینێتەوە. حەزرەتی نالی لەچامە بەناوبانگەکەی کە بۆ سالمی هاوڕێ وهاوبیری نارد، لەڕێگەی هێزی بزواندنی ئایدیاڵیزمییەوە توانی ناخی خۆی ونیشتمان وزەمەنەکەی بخاتە نێو چوار چێوەی ئەو چامەیەوە کە بەئاشکرا هەست بەگریان ونالە و هاوار و دابڕان و نامۆبوون وتەنیایی و دەربەدەری دەکەین. واتە ،نالی ، وەک خودی بکەرێکی ئەکتیڤ، ڕێکەوتنێکی ڕۆحی و ئایدیاڵیزمی لەگەڵ بابەتەکەی، کە نیشتمان ودەسەڵاتەکەی بوو، بەستووە و ئەم وێنەیەی کردووە بەچەقی کارنامە و هەڵوێست. بەمەش گەر کارنامەی پێشووی شاعیر خۆی لە بابەتە سۆزداری وسۆسیۆلۆژییەکاندا ببینێتەوە، ئەوا ئێستا کارنامەیەکی فیکری وسیاسیشی چووە پاڵ.ئەمڕۆ ئەوانە زۆرن کە ڕێچکەی ستراتیژیەتی نالی یان گرتووە ولەڕێگەی فەنتازیای خەیاڵەوە ماوەکان تێدەپەڕێنن وبەرۆح هەمیشە لە نیشتمانن وئاگاداری وورەکارییەکانی ئەم نیشتمانەن.پەشێو وجەمال غەمبار یەکێکن لەوانە.گۆران یش لەزەمەنە ڕۆمانسیزمییەکەیدا، کە باس لەئافرەت وسروشت و جوانییەکان دەکات، نەیتوانیوە، بەرامبەر بە ڕووداوەکان ، دوورە پەرێز بوەستێت. شیعری "شەهید" کە بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا وشەهیدبوونی هەڵۆ بەگی نووسیوە بەڵگەی ئەم ڕاستیەن :

هەزار و نۆسەد و سی بوو، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵهات:
غرێوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی،
"هەڵۆ بەگ" ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات،
لە پێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی

هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم دەقە تەنها پەیوەست نەبوو بە خودی پاڵەوان، بەڵکو هەستە نەتەوایەتیەکە بزوێنەری ڕاستەقینەی دەقەکەیە، بەوپێیەی زەمەنی پاڵەوان کۆتایی پێهاتووە. ئەو بارودۆخانەی کە ئەم جۆرە هەستە دەبزوێنن بریتین لەپەیوەندی پەیوەستێتی وئایدیۆلۆژیایی لەنێوان خودی بکەر وبابەتەکە ئەویش وەک پرۆسەیەکی ئۆرگانی کەهەمیشە خۆی لەیەکگرتنەوەکاندا دەبینێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی شاعیرانی زەمەنی ڕابردوو ،بەنموونەی برایم ئەحمەد،بەهۆی ئەم جۆرە هەڵوێستانەوە، خۆیان لەبەندیخانە و گرتووخانە ومەنفا دیوەتەوە.

هەر ئەم جۆرە هەڵوێستەش بوو کەحەزرەتی نالی یان ناچارکرد، کە بۆ هەتا هەتایە جارێکی تر شارە پیرۆزەکەی بەداگیرکراوی نەبینێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا نالی دەیتوانی ،وەک بەرژەوەندییەکی میتریاڵی، نزیک بێتەوە لەهێزی دەسەڵاتی داگیرکەر و بەڵکو فەرشی سوریشی بۆ ڕابخرێت، بەڵام گەورەییەکەی نالی لەوەدا بوو کە مەنفا و ئازارەکانی هەڵبژێرێت و بیکات بەڕۆح و نیشتمانی دووهەمی.

گۆشەی 23 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

سوریەک بەتاوانی کوشتنی ئەڵمانێک سزادرا

دادگای ئەڵمانیا سزای نۆ ساڵ و شەش مانگی زیندانی بەسەر گەنجێکی سوری بەناوی عەللا شێخ دا سەپاند، کە تۆمەتباربوو بە کوشتنی پیاوێکی ئەڵمانی تەمەن 35 ساڵ و هاوکارەکەشی کە عیراقیەکە دوای کەتنەکەیان ئەڵمانیای جێهێشتوە و ئەلمانیا بەدوایدا دەگەڕێت.

میۆرسیدس جاسوسی کردووە



ڕاپۆرتێکی میدیایی ئاشکرایکردووە، کە کۆمپانیای میۆرسیدس لەڕێگای جێگیرکردنی چەند ئامێرێکی نهێنییەوە، جاسوسی بەسەر هەزاران شۆفێرەوە کردووە، بەپێی ڕاپۆرتەکە ئامێرەکان بەنهێنی دانراون و توانای تۆمارکردنی دەنگ و دەستنیشانکردنی شوێنی شۆفێرەکان و زانیارییە تایبەتییەکانی هەبووە و گەیاندویەتی بە ناوەندێکی سەرەکی. ئەوەش ئاشکراکراوە تەواوی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەدوای 2018 دروستکراون ئەو ئامێرانەیان تێدا جێگیرکراوە، کە ژمارەیان 670 هەزار ئۆتۆمبێلە و لەڕێگای نوێنەرە فەرمییەکانی ئەو کۆمپانیایەوە فرۆشراون.

لەشاری ڤۆپەرتاڵی ئەڵمانیا 160 نەتەوەی جیاواز هەیە

لە شاری ڤۆپەرتاڵ ١٦٠ نەتەوەی جیاجیا هەیە و نەتەوە گەورەکان جگە لەئەڵمان، بریتین لە تورک و عەرەب و فارس و ئیتاڵی و یۆنانی و پۆڵۆنی و ڕۆمانی و چیکی و بولگاری و کورد و...هتد، زۆربەی هاوڵاتیانی ئەو نەتەوانە خەریکی کاسبی و فێربونی زمانی ئەڵمانین.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

ئەڵمانی حەزیان لە ڕوس نییە

بەپێی ڕاپرسیەکی ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی چارەکی ئەڵمان حەزیان لە سیاسەتی ڕوسیا نیە و پێیان خۆشە سزاکانی یەکێتی ئەورووپای لەسەر دانراوە و ئارەزووی چارەی پۆتین و دارودەستەکەی ناکەن.

گیراوە ئەڵمانییەکان لە تورکیا بەرەو زیادبوون دەچن

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، کە ژمارەی ئەو هاوڵاتی و ڕۆژنامەنووسانەی کە ماوەی ڕابردو لە تورکیا گیراون زیادی کردوە و لە ٤٧ کەسەوە بوونەتە ٦٢ کەس و ٣٨ کەسی تریش دەستبەسەرکراون و ناتوانن تورکیا بەجێ بهێڵن.

ڤاوڤی ئۆتۆمبێلێکی زۆری خۆی وەردەگرێتەوە

گەورە کۆمپانیای ناوداری ئەڵمانیا VW ڤۆلکسڤاگن ئاشکرایکرد، کە لەساڵی ٢٠١١ دا ٦٧٩ هەزار ئۆتۆمبێلەی بە ئەمریکا فرۆشتووە و ئێستا کێشەی تەکنیکیان لی پەیدا بووە، بەو هۆیەوە لەوانەیە ببن بە دوو کەرتەوە، بۆیە دادگا بڕیاریداوە هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانە بگەڕێندرێنەوە کۆمپانیاکە.

بەرەو تەمبەڵ بوون دەچین..؟ بۆچی..؟ لوقمان حەویز- تەکساس

بۆچی نزیکەی 20 هەزار ساڵ دەبێت تاوەکو ئێستا، قەبارەی مێشکی مرۆڤ هەر لە کەمبوونەوەدا بووە..؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە مرۆڤ بەرەو تەمبەڵی چووە..؟ ئەگەر وایە بۆچی بەرەو تەمبەڵی چووین لەوماوەیەدا..؟ بۆچی قەبارەی مێشکی هۆمۆسێپیاکان لە کەمبوونەوەیەکی بەردەوامدا بووە لەو ماوەیەدا..؟

بە لێکۆڵینەوە لەو پەیکەرە ئێسقانانەی مرۆڤ، کە دۆزراونەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 20 هەزار ساڵ پێش ئێستا و بەدواوە، زانیاریەکی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشمان دەست دەکەوێت، ئەویش کەمبوونەوەی قەبارەی مێشکی مرۆڤە بەڕێژەی 10% لەو ماوەیەدا تاوەکو ئێستا، ئەمە مانای ئەوەیە ژمارەی خانە دەمارەکانی مێشکیش بەو ڕێژەیە کەمی کردووە، لەو ماوەیەشدا قەبارەی لەشی مرۆڤەکانیش بەگشتی هەندێک کەمی کردووە، بەڵام ڕێژەی کەمبوونەوەی قەبارەی مێشک خێراتر بووە، بەبۆچوونی زۆربەی دەمارناسانیش بەگشتی مانای ئەوەیە، کە تواناکانی مێشک بەرەو کەمبوونەوە چووە و مرۆڤ بەرەو تەمبەڵی چووە لەو ماوەیەدا، بەڵام بۆچی ئەمە ڕوویداوە؟ کۆمەڵێک لێکدانەوە هەیە، بەپێی باوەڕپێکراوترین لێکدانەوە ئەمە ڕوویداوە و ڕوودەدات بەهۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی کەلتور و کۆمەڵگاکان لەو کاتەوە، تاوەکو ئێستا، مرۆڤەکانی پێش ئەو کاتە بە کۆمەڵی بچوک بچوک ژیاون، کە ژمارەیان لەچەند دە کەسێک تا ئەوپەڕی چەند سەد کەسێک زیاتر نەبوون، ئەو ژمارە کەمە لەمرۆڤەکان هەر کۆمەڵێک جیا و دوور لە کۆمەڵێکی تر ژیاون، هەموو ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵانە تێکڕا بەرپرس بوون، لە ئەنجامدانی هەموو کارەکان وەکو ڕاوکردن و دابین کردنی خواردن، شەڕکردن و خۆپاراستن لە هێرشی تاکەکانی کۆمەڵەکانی تر و ئاژەڵە درندەکان، پەیداکردن و دۆزینەوەی شوێنی ژیان و حەوانەوە، ئامادەکردن و دروستکردنی هەموو ئەو کەرەستانەی، کە ئەو کاتە پێویست بوون بۆ ژیان، ئەوانیش لە تاشینی بەرد و دار دروست دەکران، بۆئەوە دەبوایە تاکی مرۆڤەکان بەردەوام لەگەڕان و پشکنین و کارکردندا بن بەبێوچان، ئاگرکردنەوە، هتد...بێگومان دوای دروستبوونی کۆمەڵگا و کەلتورەکان لە دەوروبەری 20 هەزار ساڵێک پێش ئێستا ئیتر ژمارەی تاکەکانی هەریەک لە کۆمەڵ و گروپەکان زۆر زیاتر بوون، ئەمە بووە هۆی جێگیربوونی کۆمەڵەکان و دروستبوونی دێهات و شارۆچکەکان، ئیتر پێویست بەوە نەبووە هەر تاکێک یان خێزانێک تێکڕای هەموو کارەکان بکات، بۆ نموونە کۆمەڵێک خەریکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵە خۆماڵیەکان و پەلەوەرەکان بوون و خواردنی پێویستیان بۆ کۆمەڵگاکەیان دابین دەکرد، هەندێک کاری دروستکردنی کەرەستەکان و کەلوپەلەکانیان گرتبووە ئەستۆ، هەندێکیش کاریان شەڕکردن و پارێزگاریکردن بوو لە کۆمەڵگاکانیان، بەکورتی مرۆڤەکان دوای دروستبوون و نیشتەجێبوونی کۆمەڵەکان وەکو پێشتر پێویستیان بەبەکارهێنانی ئەو هەموو توانایەی مێشکیان نەبووە، ئەمە هۆکاربووە بۆ ئەوەی ئیتر مرۆڤ پێویستی بەو هەموو توانایەی مێشکی نەبێت، وەکو پێشتر و لەئەنجامدا قەبارەی مێشک بەو ڕێژەیە بچوک بۆتەوە...



لەگەڵ ئەوەی پڕۆسەی پەرەسەندنی زیندەوەران و مرۆڤیش پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام زانیاریەکانمان بەگشتی ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەردەوام مەبەستی سەرەکی پەرسەندن یان ئیڤۆلیوشن لەزیندەوەران و مرۆڤیش بریتیبووە، لە زۆرکردنی ئەگەری مانەوە و ڕزگاربوونی لە سروشت نەوەکو بەتەنیا زیرەکی، لەبەر ئەوە بەمەبەستی بەکارهێنانی کالۆریەکانیش بەباشترین شێوە، هەموو بەشەکانی جەستە بەپێی ڕادەی پێویست هەروەها بەپێی بەکارهێنانی بەردەوام گەشە دەکەن و دەمێننەوە، بەگشتی ئەگەر هەر بەشێک بۆ ماوەیەکی درێژ کەمتر بەکاربهێنرێت، یان بەکارنەهێنرێت، ئەوا بەتێپەڕبوونی کات یان دەپوکێتەوە و بێ هێز دەبێت یاخود نامێنێت...ئەی پێشکەوتن و بەرجەستەبوونی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان لەئێستادا لەنێو هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان قەبارە و تواناکانی مێشکمان بەرەو کوێ دەبەن؟

بەرپرسیاریەتی تاکەکانی مرۆڤەکان لەکۆمەڵگایە نوێیەکانی ئێستا بەگشتی لەکەمبوونەوەی زیاتردایە، لەم ڕۆژگارەی ئێستا هەروەکو نمونە زۆربەی ئەو خواردن و پێداویستیانەی ڕۆژانە دەمانەوێت خۆمان بەرهەمیان ناهێنین یان دروستیان ناکەین، کەسانی تر ئەوەمان بۆ دەکەن، بەگشتی سنوری بەرپرسیاریەتیەکانمان لەژیانی ڕۆژانەماندا تەسک بۆتەوە، زۆربەی کاتەکان زۆربەمان هیچ کارێک ناکەین و مێشکمان بەکارناهێنین، بەهۆی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان و هۆکارە نوێیەکان لەژیانماندا بەتەواوی لە جۆرە ژیانێکی تردا دەژین بەبەراورد بە پێشتر، بەگشتی وەکو پێشتر ئەوەندە پێویستیمان بە بیرکردنەوە و تواناکانی مێشکمان نییە وەکو مرۆڤە کۆنەکان، هەندێک لەدەمارناسان بەگشتی پێیان وایە ئەم بچوکبوونەیە لەقەبارەی مێشکی مرۆڤەکان و کەمبوونەوەی توانا و زیرەکیان دوورنییە هەر بەردەوام بێت، لەوانەیە بپرسن: ئەی ئەو هەموو پێشکەوتنە لە زانست و تەکنەلۆژیا چۆن لەسەرانسەری جیهان ڕوودەدات؟ لە ڕاستیدا بەهۆی بوونی کۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی نێوانیان و گواستنەوەی زانیاریەکان، ئەوا زانستەکان و تەکنەلۆژیاکان بەگشتی زۆر بەخێرایی بڵاودەبنەوە و کەڵەکە دەبن، مرۆڤێک داهێنانێک بکات لەهەر گۆشەیەکی جیهان ئەوا بەهۆی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگاکان یەکسەر داهێنانەکە بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە هی هەموو مرۆڤایەتی، لەلاتان سەیر و سەمەرە نەبێت، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی هەرە زۆری مرۆڤەکان بڕێکی زۆر کەمتر لە تواناکانی مێشکیان بەکاردەهێنن بەبەراورد بە مرۆڤەکانی ئەشکەوتەکان بەر لە 20 هەزار ساڵ..!

لوقمان حەویز/ تێکساس

http://blogs.discovermagazine.com/.../human-brains-have-shr.../...

ڕێکخراوە مەدەنیەکان و خۆگونجاندنی کۆچبەران لەگەڵ کۆمەڵگە نوێکاندا

سیروان مەحمود پۆلیس

دەتوانین بڵێن بەشی هەرە زۆری ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی نیشتمان کۆچبەرن پتر لەوەی پەناهەندە بن، ئەمەش بۆ زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش ڕاستە، چونکە پرەنسیپ و خەسڵەتەکانی کۆچبەرییان بەسەردا جێگیر دەبێت، زیاتر لەوەی پەناهەندەیی بیانگرێتەوە. هەربۆیە باسەکەم گشگیر کرد و مەبەستیشم لێی ئەو خەڵکە بێگانەیەیە، کە لە وڵاتێکی نوێ نیشتەجێ دەبن، سا ئەگەر کۆچبەربن، یان پەناهەندە. لە ئێستادا کۆچکردن ڕووی لە هەڵکشاندایە، لەنێویشیدا کۆچبەرانی کورد، هەر بۆیە بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بخەمە ڕوو، تا وەک تاک و وەک ڕێکخراوە مەدەنیەکان خزمەت بەو کۆچبەرە نوێیانە بگەیەنین. هەڵبەتا کۆمەڵگەی نوێ لە زۆر ڕووی فیزیکی و کۆمەڵایەتییەوە، نامۆیە بەکۆچبەر، بەڵام ئەوە چارەنووسیەتی و دەبێت لەگەڵیدا هەڵبکات، هەر بۆیە لە زۆربەی وڵاتاندا، کۆچبەر بە شێوەیەکی فەرمی دەخرێتە نێو پرۆسەی خۆگونجاندنەوە. یەکێ لەهەرە بابەتە سەرەکیەکانی ئەو خۆگونجاندنە فێربونی زمانی بەکارهاتووی ئەو وڵاتەیە، چونکە زمان کلیلی سەرەکی هەموو دەرگاکانی تێگەیشتن و گەشەسەندنە لە نێو کۆمەڵگەی تازەدا، بەوهۆیە کۆچبەر دەتوانێت نزیک بێتەوە لە بەدەست هێنانی پێداویستیەکانی ژیانی، هەرەها مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکەکان و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە باشتر دەبێت و کارەکانی ئاسانتر بەڕێ دەکرێن، ئەمە سەرباری ئەوەی دەرفەتەکانی بەدەست هێنانی هەلی کار و گەشەپێدانی ژیانی تایبەتیشی گەورەتر و مسۆگەرتر دەبێت. لەوانەیە بەلای زۆرێکەوە تەنها زمان گرنگە و پێویستە بۆ خۆگونجاندنی کۆچبەر لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێ، بۆیە لە زۆر ویستگەدا دووچاری چەندین بەربەست و شکستی دیکە دەبێتەوە و هەنگاوەکانی خاوتر و کەمتر چالاک دەبن، بۆ بڕەودانی بە پرۆسەی خۆگونجاندن، بۆیە دەبێت کۆچبەر بەئاگابێت، لەپاڵ کلیلە سەرەکییەکەدا، ئەوا هەندێ پێداویستی دیکەش گرنگن بۆ سەرخستنی پرۆسەی خۆگونجاندنی و ئەگەر بڕوای پێ نەبێت ئەوا زوو کۆڵ دەدات و کاریش دەکاتە سەر ویستی بۆ فێربوونی زمان و بەهانەی بۆ دەدۆزێتەوە تا خۆی لێبدزێتەوە.

کۆچبەر، بەتایبەتیش ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت، کە ڕەوەندی کوردیش دەگرێتەوە، دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ جیاوازییەکانی نێوان خۆی و وڵاتەکی لەگەڵ کۆمەڵگەی وڵاتی نوێدا و کار بکات بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵیاندا، لەو جیاوازیانەش:

ژینگە: ئەمە لایەنی سروشت و کەشوهەوا دەگرێتەوە، پەیوەستە بە کاریگەرە فیزیکیەکانەوە، بۆیە ئەگەر لە ناخەوە ئامادەیی نەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕاستیە و تێگەیشتنی نەبێت بۆ ڕێوشوێنە پێویستەکانی دورخستەنەوەی خۆی و دەوروپشتەکەی لە مەترسیەکانی، ئەوا دووچاری نەخۆشیەکانی دەبێتەوە و بەتایبەتیش نەخۆشیەکانی جومگە و ئێسقان و کاردەکاتە سەر بەرنامەکانی ژیانی.

دابونەریتی خواردن: بۆ نموونە هەندێ وڵات بە هۆی سەرماوە، ئەوا گۆشت یان ئەو خواردنانەی سەرچاوەی وزەی تێدایە دەبنە بەشێکی سەرەکی خواردنەکانیان.

هەتاو: وەک نمونەیەکی دیکە کە لە وڵاتانی ئێمەدا زۆرە، بەڵام لەم وڵاتانەدا کەمتر هەڵدێت، بۆیە ئەو جۆرە خواردنانەی دەوڵەمەندن بە ڤیتامینی دی کە زۆر پێویستە بۆ تەندروستی و هۆشی مرۆڤ دەبێتە پێداویستیەکی بەردەوام، ئیتر کۆچبەر دەبێت بەئاگا بێت و ئامادەیی تێدا بێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ شێواز و جۆری نوێی خواردن، تا دووچاری گرفتی کیمیاوی و دەرئەنجامە خراپەکانی نەبێتەوە، کار بکاتە سەر تەندروستی و بێزاری بە ژیانیەوە دەرکەوێت یان کار بکاتە سەر ویستی بۆ درێژە پێدانی پرۆگرامی خۆگونجاندنی، ئەم ڕاستیەشمان لە زاری زۆر کەسەوە بیستووە، کە چەند بێزارە بەهۆی تێکچونی سیستەمی خواردنی و بەرەو ڕەوشێکی خراپی بردووە.

دابونەریتی کۆمەڵایەتی: کۆچبەر دەبێت ئامادەیی تێدابێت بۆ دروستکردنی لایەنی کەمی ئاستی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ و خەڵکانی هاوپیشە و شوێنە گشتیەکان و هەروەها بەدواداچوونی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکانی ئەو وڵاتە، ئەمەش ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ ناساندنی زیاتری کۆچبەر بە دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و لەهەمان کاتدا بۆ هاوکاریکردنیان لەلایەن کۆمەڵگە نوێکەوە، تا ژیانی ئاسانتر و باشتر بە ڕێ بکات و ئاسودەتر بن لە نێویاندا.

هەڵبەتا کۆمەڵێک بابەتی دیکەش هەن بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی پرۆسەی خۆگەنجاند لە نێو کۆمەڵگەی نوێدا، هەمویان پێکەوە تەواوکەری یەکترن و پێکەوە ئامانجەکە دەپێکێنن.

پێویستە وەک کۆچبەرانێکی پێشوتری خاوەن ئەزموون و وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆرترە لەم وڵاتانەداین، ڕۆڵمان هەبێت، لە بەرچاوڕوونی کۆچبەرانی نوێ و بەتایبەتیش هاونیشتمانانمان، تا نەکەونە ئەو هەڵانەی، کە زۆرێک لە کۆچبەرانی پێشوتر دووچاری بوونەتەوە. هاوکار و ڕێنوێنیان بین، بۆ سەرخستنی پرۆسەی خۆگونجاندنیان و ئاسانکردنی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ژیانی نوێیان، هەڵبەتا ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەگشتی و ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی پشکی شێریان بەردەکەوێت لەم ئەرکەدا.

سەباح یاسین لە بەرهەمێکی نوێیدا بەناونیشانی (ئاو بە تاو) فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری بڵاوکردۆتەوە

بەشی دووەم

زوانی ئێمە کە ئەمڕۆ کارایە، کولتوری زوان و مانای نەوە، واتا ئاو یان تۆو دەبەستێتەوە بە مانادانی ئاوایی دێرینی چاخی بەردینەوە. لێ داڕوخانی ئاوایی و ئاوەدانیی دێرین تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە، بۆیە مرۆڤ تا ئەمڕۆ دەرفەتی لێسەنراوە، کە لە خۆی و خودی زوانەکەی تێبگات، بەڵێ مرۆڤ هێشتا بەخۆداچوونەوەی سەردەمییانەی گەرەکە تا لە قوڵیی گرفتەکانی تێبگات. تێگەیشتن لە بوون و هەبوونی کولتوری زوان ڕێ خۆش دەکات لە خودی سروشتی مرۆڤیمان و بوونی سروشتیمان/ گەردوونیمان، تێبگەین. کەواتە ئەمڕۆ ئاشنابوون بە خۆمان یان بە مێژووی زوانەکەمان، چ وەک تاک و چ وەک کۆ، ڕێ خۆش دەکات لە ئەوسای کردگاری و پەروەردگاری داپیر و باپیرە گەورەکانمان تێبگەین، کە وەشاندنی تۆو و کێڵانی ئەرزیان داهێنا و مرۆڤیان نەوەییانە لە مانای تۆودا/ ئاودا بە سروشتی/ گەردوونی دانا. لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە تێگەیشتنەی ئەوان مانای بە داری ژیان و نوێبوونەوەی نەوە داوە و ئاو بە تاو بەو شێوەیە وەک ئاهەنگی نەورۆز لە زهنی کۆی ئێمەدا ماوەتەوە. هەبوونی ئاو/ هەتاو ـ وەک ئەقڵ/ دەست لە هۆنینەوەی ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەرییدا([2]) سەرەتایە/ کۆتاییە و مانای کردگاری و پەروەردگارییان هەیە و هێماکانیان بیرکارییانە داڕێژراون. داڕشتنەکەش کاریگەری لەسەر ئەو مانایە هەیە، کە لە وشەی زوان و لە مانای ئاو و هەتاوی کوردی و سۆمەریدا هەیە. بۆ نموونە: ئاو بە بنەمای بوون و هەتاو بە کۆتایی هەبوون دانراوە، ئەوەش بەڕوونی لە زوانی سۆمەریدا دەبینرێت، لە زوانی کوردیشدا ئاسەواری ئەو بۆچوونە لە داڕشتنی وشەکاندا دەبینرێت. دەنگی ئاو لە دەنگی تاو و هەتاودا ئاسەواری ڕوانگەی دێرینی زوانەکەن و ئەوەش خوێندنەوەی سەردەمیی دەخوازێت. بۆنموونە زاراوی "ئاو بە تاو" لە وێنە و مانای شەپۆلی ئاودا وێنەی نزم/ بەرز و بەرز/ نزمە و لە گەشتی سروشتیانەی ئاو بۆ ئاسمان یان گەشتی ئاو لە ئاسمانەوە بۆ ئەرز دەدوێت. خودی "تاو" سەرچاوەی بزووتنی ئەو گەشتە بەتاوەی ئاوە لە ئەرز و ئاسماندا، چاویش وەک وێنە دەنگی خۆر و بێدەنگیی هەڵم بەدیدەکات، بە گوێرەی ئەو بیستن و بینینەش ماناکە لە زواندا وەک باران بەتاو، خۆر بەتاو، تاوی نێر و مێ بۆ یەکتر، مانای ئاو و هەتاو بەیەکەوە دامەزراوە. لەو گەڕانەی ئاودا خودی ئاو بە تاو نوێبوونەوەیە. نوێبوونەوەی سروشتی و گەردوونیی ئاو و هەتاو بەیان دەبێت، ئەوجا ئەو مرۆڤانەی کە کێڵانی ئەرزیان داهێنا، مانایان بەو خوێندنەوە سروشتی و گەردوونییە بەخشی. ئەم ڕەوشە وادەکات، کە ئێمە ئەوان بە داهێنەری زوانی کوردی/ سۆمەری دابنێین، هاوکات ئەو بنەما زوانییەش لەبیر نەکەین، کە وادانانی هێما و بیرکاری سەرچاوەی مانادانن بە دەنگ و وێنەییە، ئەوەش هاوتایە بەو بنەما زوانییە کە وەک پارادایمی کار و بیر سروشتی/ گەردوونی وەک خۆی خوێندۆتەوە، نەک وەک مێتافیزیکی سەردەمانی دێرین هەوڵی دابێت پاساو بۆ بوونی ئاو و هەتاو بهێنێتەوە، نەخێر ئەو پارادایمەی ئاو بە تاو وەک سەرچاوەی نوێبوونەوە نەوەیە، کە خۆ خوێندنەوەیە.

ماوێتی

ئێمە گەرەکە بۆ نزیکبوونەوە لە زوانی کوردیدا سەرەتایەک دابنین بکەین. ئەم سەرەتایە بریتییە لە دوو دەنگی نەبزوێن و بزوێنی(ڤۆکال و کۆنسۆنانت) "ئ" و "ا" کە "ئا"ی ئاوی سروشتی و "ت" و "ا" تاوە (هەتاو)ە گەردوونیە و لە دەنگی "ئا"ی ئاو، "تا"ی تاودا، دەنگی "هەتاو" کە چوار دەنگە پەیدابووە. بەو مانایەش دەنگی "ئا و تا" سەرەتا و کۆتایی دەنگی "ئاو و تاو" بوون و دەنگی ئاویان تێدایە و کۆمەڵە دەنگییەکانی دی لە ئەوانەوە دروست بوون. "ئ" و "ا" و "ت" و "ا" وەک بوونی نەبزوێن و بزوێنی ئافرێنەرانە(خالقی) بریتی بوون لە بنەمای گەردوونناسیی زمانی کوردی، ئەمەش بێگومان ڕوانگەی ئەفسانەیی زمانە دێرینەکەی بووە، ماوەتەوە و ئەو مانایەش لە مانای بوونی مرۆڤیەکەیدا کە کولتوریی ئاو (ئاوهاتنەوە)، بە "ئاو، تۆو و نەوە" ناسێنراوە. ئاخر بە گوێرەی ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەری خوداکان وەک ئافرێنەر (خالق) خۆیشیان ئاویی بوون. لەم ڕوانگەیەوە دەربڕینەکانی "ئاو" و "تاو"ی کوردی، هەروەها "ئود" و "ئا"ی سۆمەری، تەنیا وشە نین، بەڵکو بیرۆکەیی ـ کۆنسێپتی (تێگەییانە) ڕەخساون و بەوەش ڕوانگەیەکی ئەقڵانی (مۆغی) و زانستی لە ماناکانیاندا، کە بیرکارییە دەردەکەوێت. پەیوەندی بە ئەفسانەی ئەفراندنەوە گەرەکە، لێرەدا بەکورتی ببێژین، کە سەرەتا یەک خودا نەبووە گەردوون بئافرێنێت، بەڵکو دوو خودا هەبوون، واتا دوو ئاو کە شیرین و سوێر (ترش) بوون. ئەم دوو خودا ئاوییە شیرین و سوێرە تێکەڵ بە یەکدی دەبن، تێکەڵبوونیشیان هێمایە بۆ خۆشەویستی و ڕەحمەتبوونیان، کە بەو ڕێیەوە نەوەی کوڕ و کچ دەخەنەوە، واتا ئەم خودازادانەش بە هەمان شێوە ئەوانیش کە بوون هەر ئاو بوون. ئەم دیدەی سۆمەرییەکان هاوکات لە بەرهەمهێنانی مانادا بەرجەستە بووە. بۆ نموونە "هەتاو" یان "تاو"ی کوردی مانایە بۆ ڕووناکی ڕۆژ و گەرمای تیشک، لێ لە زوانی سۆمەریشدا "ئود "(ud) مانای "ڕۆژی سروشت(day) ، تاو یان گەرما (heat)، تا(fever) ، ڕۆژی گەروون(sun) ، هاوین "(summer) دەگەیەنێت. بە واتایەکی دی مانای "ئاو و تاو"ی کوردی هەمان مانای "ئا (a) و ئود"(ud) ی سۆمەری دەگەیەنن. یان بۆ نموونە چۆن جەژنی نەورۆز لای کورد مانایە بۆ نوێبوونەوەی ساڵ، لای سۆمەریەکانیش کە بە "زاگ – مو [NEW zagmu) " (YEARناویان بردووە، هەمان مانای نوێبوونەوەی ساڵی گەیاندووە. کولتوری مرۆڤی، بە مانا کردگارییەکە، پێکەوە لەتەک کێڵان و دروستکردنی ئاوایی سەرووی مێژۆپۆتامیادا داهێنراوە. مرۆڤ لەو دەمەوە مانای بە سروشتی خودی کولتوری و گەردوونی داوە. لە وشە و بیرۆکەی "زوان"ی کوردیدا مانای سروشت و گەردوونی تۆمار کراوە. دەنگ لە تۆماری وشەی زوانەکەدا، وێنە یان مانا پێکدەهێنێت. ئەو مانادانە بە "زوان" بەرانبەر ئەو مانا تێهەڵکێشەی ئاو بە تاو دەوەستێتەوە، کە سروشتییە/ گەردوونییە. هەروەها نەوە لە هەردوو زوانی کوردی و سۆمەریدا وەک ئاو/ تۆو ناسێنراوە، لێرەشدا ئاو/ تۆو مانایە بۆ بوونی "داری ژیان" کە سروشتییە/ گەردوونییە و دینەکانی چاخی بەردین تا دوای سۆمەریەکان پێوەی پابەند بوون، بەڵێ ئەوە تا دەگات بە دینی سەردەمی ئاخامینەکان. پێدەچێت زەردەشت سەرەتای دووبەشبوونی/ جیابوونەوەی ئەم بنەمایە بێت، کە پاشان دینەکانی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام ئەو بنەمایەی بوونی داری ژیانیان لە مانا خوداییەکەیدا وەرگرت و مانایان بە گوێرەی کولتوری زوانیی خۆیان بۆ داڕشت. کەواتە تێگەیشتنی ئێمە لە مانای ئاو/ تاو یان زوان لە ڕووی واتاسازی (semantic) و دەنگەوە [1])(phonetic) دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری زوانی و مانادان بە تۆو، لێرەشدا کێڵانی ئەرز، پەرەدان بە گیانداران، داهێنانی ئاڵوگۆڕی شمەک، تواندنەوەی کانزاکان، داودەرمان و زۆر شتی دی سەرچاوەی زانین و پەیڕەوە بنەماییەکەی بوون، نەک ئەو ڕاڤەکارییانەی زوانی زوانی فەرمانی کە وشەی خوداییان بە بنەمای مانای ژیان داناوە و خۆیان سەپێنەرانە لە دونیادا مەزن کردووە.

دایکێک لەپارێزگاری زانیاری کەسی توڕەیە وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز



"من بۆم نەبوو لەئاهەنگی خستنەبەرخوێندنداوێنە بگرم"

ئەو لەوێنەکەدا سەرەڕای قەدەغەکردنیشی پێدەکەنێت: ئەلیکساندەر ناومان(٤٥ ساڵ)لەگەڵ کچەکەی ئەنتۆنیا (6 ساڵ).

فۆتۆ:مایکە گلۆکنەر...لەلایەن:تیلۆ شۆلتیسێک

هالە:– سەردەمانێک هەن مرۆڤ تەنها یەکجار دەیانبینێت. خستنەبەر خوێندنیش یەکێکە لەو چرکەساتانە، بەڵام چی دەکەی لەگەڵ ڕێکخستنی بەرگریی زانیاری کەسی، کە لەنێوان باوان و وێنەی یادگارییدا دانراوە؟ ڕۆژی شەممە ئەلیکساندرا ئاهەنگی چوونە فێرگەی کچەکەی –ئەنتۆنیای دەگێڕا (بەهیوای ئاییندەیەکی باش)، لە فێرگەیەکی بنەڕەتی لەهالە لەدەڤەری زاکسن ئەنهالت، بەڵام بەفەرمیی نەیتوانی وێنەیەکی ڕێوڕەسمەکە لەگەڵ تێکڕای منداڵەکاندا بگرێت، بۆیە بەر لە دەستپێکردنی ئاهەنگەکە بەڕێوەبەری خوێندنگەکە ستیڤین هونکەرت بەهۆکاری پارێزگاری لەزانیاری کەسی هەمووانی ئاگادارکردەوە،

کە نابێت وێنەبگرن (بەگوێرەی ڕاپۆرتی بیلد).

"بێگومان بەداخەوە ئەمە زۆر ناخۆش بوو، کە ئێمە لەکاتی ئاهەنگەکەدا نەتوانین وێنەبگرین". دایکەکە بەخەمباریەوە وایدەگوت."بەڵام ئێمە ڕێزمان لەبڕیارەکە گرت". هەروەها قوتابخانەی هایدەش لەهالە بەهەمان شێوە وێنەگرتن قەدەغەبووە، لەکاتی خستنەبەرخوێندندا. مامۆستایەک هۆشداریی دەدایە یەکە بەیەکەی ئەوانەی سەرپێچییان دەکرد، بۆ بیلدیش گوتی:دایکان و باوکان دەتوانن لەدەرەوە لەسەر پەیژەکان وێنەبگرن".

میوانێکی ئاهەنگەکە بوگدان ک (٤٢ ساڵ) بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە لە بەرلینەوە هاتبوو:"ئاخر یاساغکردنی وێنەیەک، کە بە دەستییەکەت لەگەڵ منداڵەکەی خۆتدا بیگریت، شێتییە".

هاینز–پیتەر مایدینگەر(٦٤ساڵ)،سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی ئەڵمانیا، پێی وایە کە قەدەغەکردنی وێنەیەک بەیەکەوە جێی داخە، بەڵام دەڵێ: بەدڵنیاییەوە دەبێ مافی منداڵەکە لەناو ئەو وێنەتایبەتەی خۆتدا پارێزگاری لێبکرێت".

شایانی باسە وێنەگرتنی منداڵان لە دایانگە و باخچەی ساوایان و فێرگەکاندا بەپێی یاسای پارێزگاری زانیاری کەسی قەدەغەیە، دایکان و باوکانیش ئەو مافەیان هەیە، کە لێنەگەڕێن وێنەی منداڵەکانیان لەو شوێنانەدا بگیردرێت، هەر لەسەرەتاشەوە بە نووسراو لەبارەی ڕەزامەندبوون، یا نەبوونی وێنەی منداڵەکانیان و بڵاوکردنەوەیدا، واژوویەک دەکەن، بەمەش کەس بەبێ پرسی ئەوان بۆی نییە وێنەی منداڵەکانیان بگرێت و بڵاویکاتەوە.

سەرچاوە سایتی بیلد.

چەند ڕێگایەکی سروشتی بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن نووسینی دکتۆر عادل حسێن

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hypertension نەخۆشییەکی مەترسیدارە، هۆکارێکی بەهێزە بۆ جەڵتەی مێشک و نەخۆشی دڵ. تا ئێستا چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن نەدۆزراوەتەوە، تاکە ڕێگا بۆ کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرز بریتییە لە پارێزی خۆراک، گۆڕینی ستایڵی ژیان لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمان بە درێژایی تەمەن.

هەنگاوە سروشتییەکان بۆ کۆنترۆلکردنی پەستانی بەرزی خوێن ئەمانەن:

مەشقی وەرزشیی ڕۆژانەی وەکو پیادەڕۆیی کە هاندەرە بۆ بەهێزکردنی ماسوڵکەی دڵ، کەمکردنەوەی خوێ لە خۆراکدا، دووركەوتنەوە لە خواردنەوەی ئەلکهول، کە هەیە بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن تا ڕێژەی 16%، کەمکردنەوەی کافائین چونکە زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە و چای هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەیەکی کاتیی پەستانی خوێن، خواردنی شوکولاتەی تاریک یان کاکاو بە بڕی کەم، دابەزاندنی کێشی لەش بۆنموونە دابەزاندنی تەنیا 7 کگم هاندەرە بۆ دابەزینی پەستانی سەرەوە بە ڕێژەی 8.5 ملم جیوە و پەستانی خوارەوە بە ڕێژەی 6.5 ملم جیوە، دووركەوتنەوە لە جگەرەکێشان چونکە هەر جارێک هەڵکێشانێکی دوکەڵی جگەرە پەستانی خوێن کەمێک بەرزدەکاتەوە، کەمکردنەوەی شەکر و کاربۆهیدراتی سافکراو، پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی سووککردنی ستڕێس بە گوێگرتن لە مۆسیقا، ئەنجامدانی مەشقی فیزیکی یان پشوودان و هەواگۆڕی، زیادکردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، کالسیۆم، کە ڕۆڵیان هەیە لە دابەزاندنی پەستانی خوێندا، بۆنموونە سەوزەی جۆراوجۆر، تەماتە، پەتاتە، مۆز، ئاڤۆکادۆ، شووتی، پرتەقاڵ، شیر، ماست، ماسی تونە و سالمۆن یان ساردین ، کاکۆ و تۆوەکان، پاقلەمەنییەکان، ئەلبان یان شیرەمەنی کەم چەوری.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد



عەلی جۆڵا

ساڵی ١٩٤٠ لە هەڵەبجە لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٦ ئەکادیمیای بەرزی هونەری لە بەغدا بە پلەی نایاب تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٦٧ یەکەمین پێشەنگای تایبەتی گرافیکی لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی کچان لە سلێمانی کردۆتەوە. لەو کاتەوە ساڵانە لە کردنەوەی پێشەنگای تایبەتی خۆی بەردەوام بووە، تا ساڵی ٢٠٠٥ کە دەیەمین پێشەنگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٦٦ەوە تا ساڵی ٢٠١٣ بەشداربووە لە زیاتر لە ٤٠ پێسەنگای هاوبەشدا. لە ساڵی ١٩٦٩ەوە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردییە و تا ئەمڕۆش ئەندامە. ئەندامی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستانە.
بەشداربووە لە داموەزراندنی کۆلێجی هونەری زانکۆی سلێمانی، ساڵی 2015 کۆمەڵەی هونەرجوانەکانی کورد لە یوتوبوری لە سوید خەڵاتی ڕێزلێنانیان بەخشی بە شێوەکار مامۆستا عەلی جۆڵا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.youtube.com/watch?v=C_DRaplplW

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

31 Augustus . 2019 Nummer. [68]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 ئەڵمانیا منداڵی داعشەکانی خۆی دەگوازێتەوە..! چەند هەوڵێکی گرنگ لە ئەڵمانیاوە، ئامادەکردنی بورهان ئەمین بڕوانە ل 5

– ل 2 وەفا و پێزانین نەماوە...! نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن.

– ل 3 و ل4 نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم، بەشی دووەم – دەربارەی. تیۆری هەڵوەشاندنەوە و بە
– 5 گۆشەی 22 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–هوە....
– ل 6 بەرەو تەمبەڵ بوون دەچین..؟ بۆچی..؟ لوقمان حەویز– تەکساس.....

– ل 7 ڕێکخراوە مەدەنیەکان و خۆگونجاندنی کۆچبەران .. ، نووسینی: سیروان مەحمود پۆلیس....
ل 8 سەباح یاسین، فەرهەنگۆکی کوردی– بەشی دووەم، سۆمەری تاو بەتاو – بەشی دووەم

– ل 9 دوو نووسین: دایکێک لەیارێزگاری زانیاری کەسی توڕەیە نووسینی: موزەفەر عەزیز.....
دووم: چەند ڕێگایەکی سروشتی بۆدابەزاندنی پەستانی خوێن.. دکتۆر عادل حسێن

... – ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد مامۆستا عەلی جۆڵا .

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

31 Augustus 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-68
ژمارە 68 ی 31 ی ئابی 2019

ئەڵمانیا منداڵی داعشەکانی خۆی دەگوازێتەوە

ئەڵمانیا ملیارەها یۆرۆ دەداتە عێراق

حکومەتی ئەڵمانیا خەریکی دانوستانکردنە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ٦٠ هاوڵاتییە داعشەی خۆی، کەوا لەزیندانەکانی بەغدادان، لەسەر ئەمە ئەڵمانیا ئامادەیی خۆی دەربڕیووە، کە ٢٠ ملیار یۆرۆ بداتە عێراق لە بری پادەستکردنەوەی ئەو داعشە ئەڵمانیانە.

ئەڵمانیا منداڵی داعشەکانی خۆی دەگوازێتەوە

حکومەتی ئەڵمانیا بۆیەکەمین جار ژمارەیەک منداڵی ئەڵمانی چەکدارانی داعشی لە رۆژئاوای کوردستانەوە گواستەوە وڵاتەکەی کە ماوەی ڕابردوو لە کەمپەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان دەحەوێندرانەوە، لەکاروانی یەکەمدا پێنج منداڵ گوازرانەوەو هەوڵ دەدرێت درێژە بەو پرۆسەیەبدرێت ،وەزارەتی ناوخۆدەڵێت، ئێستا 68 ژن و 120 منداڵ وهەرزەکاری چەکدارانی ئەڵمانی نێو داعش" لە کامپەکانی سووریا هەن ووڵاتەکەشی پلانی هەیە بەقۆناغ هەمویان بگوازێتەوە.

ئەڵمانیای جێهێشتووەو ئەلمانیا بەدوایدا دەگەڕێت.

گەورەترین کۆنگرەی ئاینەکان سازدرا

هەفتەی ڕابردوو لە شاری (لیندا‌و)ی باشوری ئەڵمانیا، گەورەترین کۆنگرەی ئاینەجیاجیاکان لە ژێرناوی (ئاینەکان لەپێناوی ئاشتی) دا، بە بەشداری سەروو هەزار نوێنەر لە ١٠٠ ئاین و مەزهەبە جیاجیاکان لەسەرتاسەری جیهان دەستی پێکرد و دوو ڕۆژدەخایەنێت، کۆنگرەکە لەلایەن "فرەنک ڤالتەر شتاینمایەر"ی سەرۆکی ئەڵمانیا کرایەوە و بەبایەخەوە وەسفکرا، سەرۆک داوای لە نوێنەری ئاینەکان کرد، کە کێشەکانیان بە لاوەبنێن و بەئاڕاستەی برایەتی و پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری و لەپێناوی مرۆڤایەتی و کۆتایی هێنان بە کوشتوکوشتار کاربکەن.

گەریلایەکی ئەڵمان شەهیدکرا

ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگە ڕایگەیاند، بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی دەوڵەتی تورکیا لە کۆتایی ساڵی 2018 دا گەریلایەکی خەڵکی وڵاتی ئەڵمانیا بەناویMichael Panser شەهیدکراوە، ئاماژە بەوەکراوە ئەو هاوڕێیە لە ماوەیەکی کورتدا فێری ژیانی چیا بوو، لە لایەکەوە هەوڵیدا ڕوانینە ئەنتەرناسیۆنالیستەکەی لە بنەما پتەوکاندا بەهێز بکات، لە لایەکی دیکەوە خۆی لە گەریلایەتی، زمان، کلتور و هونەر پێشخست، بە ژیانە پڕ دیسپلینەکەیەوە، مۆرال، لەخۆبردوویی و بە بڕیار هێزی بە هەموو هاوڕێکانی دەبەخشی، لە ماوەیەکی کورتدا هێندەی ئەوەی باش بخوێنێتەوە و بنوسێت فێری کوردی بوو".

لە بورهان ئەمین–ەوە ئەڵمانیا بروانە ل 5

وەفا و پێزانین نەماوە...! نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن

بۆچی ئێستا لە بوارەکانی شانۆو و دراما‌دا کار ناکەی؟ ئەمە پرسیارێکە زۆر جاران لەلایەن هاوڕێ و ئازیزانی ئەدەبدۆستەوە بەرەوڕووم کراوەتەوە. ڕاستە من شانۆیی (مەلی ئاوات، دۆتمیری دزێو، بەلەمی ئەفسووناوی، دوژمی گەل و گەشتەکەی حەسەن)م لە زمانی عەرەبییە وەرگێڕاوە. من زۆربەی ئەم کارانەم لەسەر داخوازیی دەرهێنەرێک یان چەند ئەکتەرێک کردووە. دیارە دوای ئەوەی خۆم دەقەکەم خوێندووەتەوە و هەستم بە نزیکی نێوان ئەو دەقانەو کۆمەڵی کوردەواریی ئەو سەردەمە کردووە، کە سالانی هەشتای سەدەی ڕابردووە.

وێڕای ئەوەی چیرۆکی یەکەم فیلمی سینەمایی ٣٥ ملم (نێرگز بووکی کوردستان) من نووسیوومە. جێی وتنە سیناریۆی فیلمەکەیشم نووسیبوو، ئەوەندە هەبوو، دەرهێنەر (جەعفەر عەلی) بەو هەنجەتەی ئەو هێڵێکی دیکەی بۆ چیرۆکەکە زیاد کردووە، سیناریۆکەی منی بەگەن نەکرد. ئەگەرچی سوودی تەواویشی لێ وەرگرت. ئەو مەبەستی بوو، هەم دەرهێنان هەمیش سیناریۆ، هی خۆی بن و هەقدەستی هەردووکیان وەربگرێت. بۆیە تەنیا چیرۆکی فیلمەکە بۆ من مایەوە.

وێڕای ئەوە، من چیرۆک و سیناریۆی یەکەم درامای تەلەڤزیۆنی (گەلی کوردستان)م نووسیوە بە ناوی (بازنەی تەنیایی)، کە لە دەرهێنانی کاوە جوتیار و نواندنی عەبدولی حەمە جوان و دەستەیەک ئەکتەری هێژای شاری سلێمانی بوون. شانۆییەکی شیعریشم بە ناوی (ڕووبار) نووسیوە. تا ئێستا هیچ دەقێکی کوردیم نایەتە یاد ئەوەندەی ئەم دەقە خرابێتە سەر شانۆ. یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەیشی هێژا (محەمەدی مەلاکەریم) کردی بە عەرەبی. من نازانم چەند جاران بە زمانی عەرەبی خراوەتە سەر شانۆ.

هەموو ئەو دەرهێنەرانەی کاریان لەم دەقانەدا کردووە، کە وەرمگێڕاون یان خۆم نووسیومن. هەموو ئەو ئەکتەرانەشی کە ڕۆڵیان تێدا بینوە، جارێک لە جاران لە سەمتی چاوپێکەوتندا بە تاکە دێڕێکیش ناوی منیان نەهێناوە! وەک لایەنی ماددیش منیان لەبیر نەبووە.

بۆ نموونە دوژمنی گەل پارەیەکی زۆری پەیدا کرد. بۆ یەکەم جار لە شانۆیی دوژمنی گەلدا نرخی بلیت لە نیو دینارەوە بوو بە دیناریک. بەڵام فلسێکیشیان بە من نەدا!



من هەموو پشووی سەر سالّ خەریکی نووسینی چیرۆک و سیناریۆی (بازنەی تەنیایی) بووم. بەڵام تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان تەنانەت کاسێتێکی فیلمەکەی خۆمی نەدامێ، تاکو هیچنەبێ وەک ئەرشیڤ لەلای خۆم هەڵیبگرم، چ جای هەقدەست! وەلێ سەبارەت بە فیلمی نێرگز بووکی کوردستان، من مافی خۆم وەرگرت، کە بریتیبوو لە هەزار دیناری ئەو کاتە. لە کاتێکدا ئەکتەری پلە یەک تەنیا شەش سەد دیناری وەرگرت. جا کە من نە لە ڕووی مەعنەوییەوە ناوم بهێنن و لە ڕووی ماددییەوە لێی سودمەند ببم، ئیتر بۆچی دوای کلاوی بابردوو بکەوم؟ سەیرە! لەم وڵاتەی ئێمەدا مردو بەشی زیندو دەخوات! بە دڵنیاییەوە من مەبەستم ئەوە نییە خۆم بە شەکسپیر بەراورد بکەم. نووسەری وەها دووبارە نابێتەوە. بەڵام ئەم پرسیارە هەر دەکەم: زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم: پتر لە دوو ملیۆن ئەکتەر و دە هەزار دەرهێنەر کاریان لە دەقەکانی شەکسپیردا کردووە! (کێ دەتوانێت ناوی سەد ئەکتەرو بیست دەرهێنەریانم پێ بڵێت؟)

من دەقی دوژمنی گەڵ و هێنریک ئیبسن–م بە شانۆکاری کورد ناساندووە، کە لە کات و ساتی خۆیدا پیشاندانی وەک شۆڕشێک وەهابوو، کەچی ئەوەتا تازەکی لە هەولێر، ئەو دەقەی (دوژمنی گەل)، کە من لە سالانی هەشتای سەدەی ڕابوردوودا وەرمگێڕاوە، ئەفەڕۆز دەکەن و دەقی وەرگێڕێکی دیکە دەخەنە سەر شانۆ ناویشم ناهێنن. هیوادارم ئەم کورتە وەڵامە قەناعەتی بە هاوڕێ و دۆستانم کردبێت. چاویان ماچدەکەم.

شانۆ
ئەرسەلان دەروێش شاکاری (دووژمنی گەل) لە هەولێر نمایش دەکات

تیۆری هەڵوەشاندنەوە و بەڕۆشنبیرکردنی زەمەن

بەشی دووەم

پ.د.زاهیر لەتیف گەریم

دوهەم/ پشتگوێخستنی ماناکان. ماناکان گەلێک زۆرن وەک مانای ئایینی، فەلسەفی، ئەدەبی، زانستی، فەرهەنگی، مەعریفی و ڕۆشنبیری...هتد. بەشێک لە هەرەسهێنانی گوتار دەگەڕێتەوە بۆ نابەڕپرسیارێتی تاکەکان بەرامبەر بەماناکان بە تایبەتی ئەو مانایانەی کە بەئاشکرا نابینرێن، بەڵام گرنگی خۆیان هەیە بۆ بونیادی قەوارەیەکی شوناسی سەربەخۆی تایبەت. لەم حاڵەتەدا بەرپرسیارێتی تاکەکان، بەجیاوازی پێشە و کارەکانیانەوە، لەوەدایە کەپێشەنگی زانیارییە جیاوازەکان بن و تەنها جەخت لەسەر زانیارییەکی دیاریکراوی تەسک نەکەن و زانیارییە گەورەکانی تر فەرامۆش بکەن. خۆ ئەگەر لەسەرەتادا جەخت لەسەر خاڵێک کرا ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە، کە ئەم خاڵە یارمەتدەرێکی ئەکتیڤ بێت بۆ دۆزینەوەی خاڵەکانی تر. بۆ نموونە، ئەمڕۆی کورد، بەمەبەستی دروستبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، گەر بە قەوارەی نەتەوایەتی دەست پێبکات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە جیهانی دەرەوە ئەم قەوارەیە تێکبشکێنێت بەو پێیەی ئەم قەوارەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا ناگونجێت، بەڵکو جێگەی مەترسیشە بۆ ناوچەکە، بەڵام گەر هاتوو جەختمان لەسەر بونیادێکی تر کرد بەنموونەی ئابووری، بەو پێیەی ئەم جیهانە، ئەمڕۆکە، پێویستی زۆری بە ئابووری هەیە، ئەوا، لەپێناو بەرژەوەندییەکاندا، ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەمان جیهان دان بەمافی نەتەوایەتی و قەوارەیی کوردا بنێت و گرژییەکان بگۆڕدرێن بۆ پێکەوەژیان و پەیوەندیە بەرژەوەندییەکان. تەنانەت گەر سەرچاوەی زەمەنی زانیارییەکان وەک پێویست لەبەر دەستدا نەبوو، ئەوا خوێندنەوەی دەقەکان بەپێی ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە و سیمیۆلۆژیا...هتد، توانای بەدەرخستنی زانیارییەکانی هەیە. واتە، گەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێک بۆ زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە ئەنجام بدەین و لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی مێژوویی تەواومان لەبەر دەستدا نەبوو، ئەوا خوێندنەوەی دەقە کۆنەکان و سوود وەرگرتنیان بەسن بۆ ئەم کارە. تەنانەت ڕەخنەگران و مێژوونوسان، لەڕێگەی ئەم خوێندنەوەیە و دواتر شیکاریکردنەوەیان دەتوانن زانیاری پێویستیان دەست بکەوێت هەروەک چۆن ڕەخنەگرانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام ئەنجامیاندا، لەکاتێکدا تەنها پەنایان بۆ دەقە شیعرییەکان برد. بەڵام ئێمەی کورد، لەلایەکەوە، گەڕانمان بۆ شتەکان، یان ئەرشیفەکان، لاوازە و ئەم گەڕانەشمان نەکردووە بە پێشە و نەشمان خستۆتە نێو بەرنامەی جێبەجێکردنی کارنامەکانەوە، بەڵکو زۆرێش ڕقمان لەماناکانە و نامانەوێت زانیاریان لەسەر کۆبکەینەوە. لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی نەبوونی چەمکی هۆشیاری ڕۆشنبیری و مەعریفی و خوێندنەوە شتێکی ئەوتۆمان پێ نییە تا بەکاری گەڕانەکە هەڵسین.

بۆیە ماناکانیش لەدەرەوەی خۆمان بەبێ مانایی دەمێننەوە و هیچ سوودێکی سەرچاوەیی لێ نابینرێت. مەبەستیش لەگەڕان هەر گەڕان خۆی نییە، بەڵکو کارکردنیشە دوای گەڕان، وەک ئەوەی دەقی گەڕانەکە تیۆر بێت و دواتر ئەم تیۆرە پێویستی بەپراکتیک بێت. لەزەمەنی ڕابردوودی خۆماندا، بەهۆی نەبوونی خوێندەواری پێویست و لەوالاشەوە نەفامی و تەمبەڵی، گوێبیستی حیکایەتخوانەکان دەبووین، گەر حیکایەتخوان، شەوێک لە شەوان ئامادەنەبوایە، ئەوا گوێگران بێجووڵە و سەرگەردان دەبوون. ئەم سستی خوێندنەوەیە زۆر ترسناکە، چونکە گەر تاکێکی، بەنموونەی حیکایەتخوان، چووە دەرێ لە بازنەکە، ئەوا سەرجەم تاکەکان شکست دێنن. بەمەش سەرجەم خاڵ و زانیارییەکان لەدەست دەچن و جارێکی تر، وەک کارێکی ڕەوڕەوەیی، دەگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر وەک ئەوەی هیچمان نەکردبێت.

سێیەم/ بەرژەوەندییەکان. بەتایبەتی لەجۆری میتریاڵیزم، بەکاری سڕینەوەی داتا مێژوویی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان هەڵدەستێت. خاوەنی ئەم جۆرە لەبەرژەوەندی هەمیشە سەرقاڵی ئەو شتانەن، کە لە سروشتی خۆیانەوە نزیکن و خۆیان نادەن لەقەرەی شتە پیرۆزەکان، کە دەکەونە دەرەوەی ئەم بەرژەوەندییانەوە. گەر بەرژەوەندییەکان بۆ شتە پیرۆزەکان تەرخان بکرێت، وەک گەڕان بەدوای قەوارە و ناسنامەی نەتەوایەتی و زمانی و کلتووری و فەرهەنگی و ئەدەبی...هتد، ئەوا بێگومان ئەم گەڕانە پێویستی بەخوێندنەوە و هیلاکی و فیداکاری و دڵسۆزی و نارەحەتی هەیە. بۆ نموونە گەر سەیرێکی دەقە شیعرییەکانی بێکەس بکەین، ئەوا بەئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە بەرژەوەندی شاعیر لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە گەلەکەی، وەک گەلانی جیهان، بگات بە ئاواتی خۆی و لەهەمان کاتدا خوێندەوار و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر بێت و کۆیلایەتی قبوڵ نەکات، کار بۆ ناسنامەکانی خۆی بکات. شاعیر جگە ئەمانە هیچ شتێکی تری مەبەست نییە. هەروەها بەرژەوەندییەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە گەلەکەی هەمیشە پێشکەوتوخواز بێت و کار لەسەر وردەکارییەکانی شوناس بکات و لەدوورەوە نەڕوانێتە شتە پیرۆزەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو لەبری ئەمە بایەخ بە کلتووری ناوەوە و دەرەوە خۆی بدات و بەهۆشیارییەوە بڕوانێتە کەرەستە زمانیی و فەلسەفی و ئایینی و سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگییەکان. تەنانەت ئەم بیرمەندە گەر بەلای هەندێکەوە قسەیەکی خواردبێت بەو پێیەی دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز تووندو تۆڵ بووە، ئەوا لەلایەکەوە ئەو هەستەی لادروست ببوو، کە هێزی تاکی کورد بۆ شتەکان لاوازە و توانای دەرخستنی زانیارییەکانی نییە، تەنها ئینگلیزە کە لەناخی بۆچوونەکانی ئەم بگات. لەلایەکی تریشەوە، بێ چەندوچوون، ئەمەی لەپێناو بەرژەوەندییە گەورەکانی کوردا ئەنجام داوە، کە دوای چەندین ساڵ ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد و عەرەب و جیهانی سێیەم بەهەمان بۆچوون و هەڵوێستەی ئەم بیرمەندە کار دەکەن و زۆر بەمەمنوونییەوە باوەشیان کردووە بەهێزە سەرەکییەکانی دەرەوەدا. لێرەدا مامۆستا وەهبی بەگ ئەو ڕاستییەی لا دروست ببوو، کە تاکەکان لەڕێگەی پەیوەندییەکان بەجیهانی دەرەوە و سەرچاوە بەنرخەکانی ئەم جیهانە دەتوانن بزێو بن و لەشتەکان بگەن و پرسیاریشی لەسەر بکەن. ئەم بیرمەندە ڕۆشنبیرە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەهەوڵی گۆڕینی فۆرمەکاندا بوو، ئەو فۆرمانەی کە بەدرێژایی زەمەن ژەنگیان گرتبوو. بەمانایەکی ڕوونتر، بەرژەوەندییەکانی ئەم بیرمەندە لەوەدا بوو، کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەبۆچوونە کلاسیکییەکاندا بکات، تا تاکی کورد زیاتر هوشیارتر بێت و لەمەسەلە و شتە گەورە و بچووکەکانی خۆی و دەرەوە بگات.

بڕوانە لاپەرە 4

توانا لۆکەڵییەکان بەس نین بۆ دەرخستن و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی شتەکان، بەتایبەتی شتە هەستیار و گەورەکان، کە دوا ڕۆژی تاکەکانی پێوە بەندە.

پاشماوەی ل 3

گەر هوشیارتریش بوو ئەوا لەلایەکەوە باشتر تێدەگات، کە پەیوەندییەکان جێگەی مەترسی نین، بەتایبەتی گەر توانیمان بەشێوەیەکی زانستی و لۆژیکیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. لەلایەکی تریشەوە توانا لۆکەڵییەکان بەس نین بۆ دەرخستن و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی شتەکان، بەتایبەتی شتە هەستیار و گەورەکان، کە دوا ڕۆژی تاکەکانی پێوە بەندە. ئەم زانایە هەمیشە خوازیار بوو سەرجەم تاکەکان وەک خۆی هوشیار و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر بن و بەرپرسیارێتی پرسارەکانیش لە ئەستۆ بگرن. گوێنەگرتن لەبۆچوون و ئایدیاکانی مامۆستا و هاوشێوەکانی هۆکارێکی سەرەکی بوون، بۆ هەژاری و نەخوێندەواری کۆمەڵگای کورد، لەهەمان کاتدا بۆ هەرەس هێنانی بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکەی مەلیک مەحمود. ئەم نەگوێگرتنە تەنها پەیوەست نییە بەزەمەنی ڕابردووەوە، بەڵکو تا ئێستاش بەردەوامی خۆی هەیە و هەڵەکانیش بەهەمیشەیی دووبارە دەبنەوە.

چوارهەم/ بەگوتارنەکردنی پرۆسەی فیکری و ئەدەبی و سیاسی و سۆسیۆلۆژی. لە لێکۆڵینەوەیەکماندا بەناونیشانی" گوتاری کوردی"، کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەدەب وهونەر بە سێ بەش بڵاوبۆتەوە، ژمارە ، 5531 ،5538 ، 5525، بەدرێژی جەختمان لەسەر دروست بوون و لە بارچوونی گوتار کردووە. لێرەدا گەر گوتار بریتی بێت، لەدەنگی تاک و بەرجەستەکردنی ئەو دەنگە لەنێو ڕەهەندە فیکری و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و ئەدەبییەکان، ئەوا لەلایەکەوە ئەم جۆرە مامەڵەیە دووبارە دەبنەوە.

سیاسەتەوە. لەم گۆشەیەوە، شاعیرتەنها وەک شاعیرێک سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک بیرمەند وڕووناکبیر وڕۆشنبیر وخاوەن ئەزموونیش ،کە لەڕووی کارنامەوە ، کارنامەکانی هاوشێوەی کارنامەی شاعیرە مەزنەکانی جیهانە بەنموونەی ئۆسکار وایەڵد وشێڵی بایرۆن ووردز ۆرس وکیتس...هتد.ئەم دەنگەی گۆران گەرچی کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام گوتاری کوردی پێویستی بە دەنگەکانی تریشە وەک کارێکی هەماهەنگی و تەواوکاری.

پێنجەم/ هێزی نەبزواندن. لەوکاتانەی کەکەرەستەکان پشت بەهێزی بزواندن نابەستن،ئەوا نەسەقەکان لەنێوان خودی بکەر وبابەتەکان بەرەو تێکشان دەچێت، بەڵکو بۆشایی گەورە دەکەوێتە نێوانیان وەک ئەوەی هەریەکەیان بۆ پرۆسەیەکی تایبەت وجیاواز کار بکات کەپەیوەندی بەپرۆسەی بەرامبەرەوە نیە. ئێمەی کورد لەم حاڵەتانەدا چێژ لەهێزە بزواندنە میتریاڵیزمییەکان دەبینین وبەهەچ شێوە و شێوازێک بێت دەمانەوێت بگەین بەم جۆرە هێزە. بەڵام نەهاتوین کار لەسەر هێزە بزواندنە ئایدیاڵیزمەکان بکەین و بیکەین بەبەردی بناغەی کەسێتی کۆمەڵگا وکلتوور وداب ونەریت، بەڵکو ،لەمەش زیاتر، دەشیان تۆرێنین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهێزی بزوێنەری ئایدیاڵیزیمان لاوازە وبەڵکو لەزۆر حاڵەتیشدا بوونی نیە.گەر هێزی بزوێنەری ئایدیاڵیزم بوونی نەبوو ئەوا گوتارە بە وێنەکراوەکانمان بە ئاشکرا دوور دەکەوێتەوە لەڕاستییەکان وزیاتر خۆی لە بەڕێکردنی بابەتەکاندا دەبینێتەوە. حەزرەتی نالی لەچامە بەناوبانگەکەی کە بۆ سالمی هاوڕێ وهاوبیری نارد، لەڕێگەی هێزی بزواندنی ئایدیاڵیزمییەوە توانی ناخی خۆی ونیشتمان وزەمەنەکەی بخاتە نێو چوار چێوەی ئەو چامەیەوە کە بەئاشکرا هەست بەگریان ونالە و هاوار و دابڕان و نامۆبوون وتەنیایی و دەربەدەری دەکەین. واتە ،نالی ، وەک خودی بکەرێکی ئەکتیڤ، ڕێکەوتنێکی ڕۆحی و ئایدیاڵیزمی لەگەڵ بابەتەکەی، کە نیشتمان ودەسەڵاتەکەی بوو، بەستووە و ئەم وێنەیەی کردووە بەچەقی کارنامە و هەڵوێست. بەمەش گەر کارنامەی پێشووی شاعیر خۆی لە بابەتە سۆزداری وسۆسیۆلۆژییەکاندا ببینێتەوە، ئەوا ئێستا کارنامەیەکی فیکری وسیاسیشی چووە پاڵ.ئەمڕۆ ئەوانە زۆرن کە ڕێچکەی ستراتیژیەتی نالی یان گرتووە ولەڕێگەی فەنتازیای خەیاڵەوە ماوەکان تێدەپەڕێنن وبەرۆح هەمیشە لە نیشتمانن وئاگاداری وورەکارییەکانی ئەم نیشتمانەن.پەشێو وجەمال غەمبار یەکێکن لەوانە.گۆران یش لەزەمەنە ڕۆمانسیزمییەکەیدا، کە باس لەئافرەت وسروشت و جوانییەکان دەکات، نەیتوانیوە، بەرامبەر بە ڕووداوەکان ، دوورە پەرێز بوەستێت. شیعری "شەهید" کە بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا وشەهیدبوونی هەڵۆ بەگی نووسیوە بەڵگەی ئەم ڕاستیەن :

هەزار و نۆسەد و سی بوو، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵهات:
غرێوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی،
"هەڵۆ بەگ" ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات،
لە پێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی

هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم دەقە تەنها پەیوەست نەبوو بە خودی پاڵەوان، بەڵکو هەستە نەتەوایەتیەکە بزوێنەری ڕاستەقینەی دەقەکەیە، بەوپێیەی زەمەنی پاڵەوان کۆتایی پێهاتووە. ئەو بارودۆخانەی کە ئەم جۆرە هەستە دەبزوێنن بریتین لەپەیوەندی پەیوەستێتی وئایدیۆلۆژیایی لەنێوان خودی بکەر وبابەتەکە ئەویش وەک پرۆسەیەکی ئۆرگانی کەهەمیشە خۆی لەیەکگرتنەوەکاندا دەبینێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی شاعیرانی زەمەنی ڕابردوو ،بەنموونەی برایم ئەحمەد،بەهۆی ئەم جۆرە هەڵوێستانەوە، خۆیان لەبەندیخانە و گرتووخانە ومەنفا دیوەتەوە.

هەر ئەم جۆرە هەڵوێستەش بوو کەحەزرەتی نالی یان ناچارکرد، کە بۆ هەتا هەتایە جارێکی تر شارە پیرۆزەکەی بەداگیرکراوی نەبینێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا نالی دەیتوانی ،وەک بەرژەوەندییەکی میتریاڵی، نزیک بێتەوە لەهێزی دەسەڵاتی داگیرکەر و بەڵکو فەرشی سوریشی بۆ ڕابخرێت، بەڵام گەورەییەکەی نالی لەوەدا بوو کە مەنفا و ئازارەکانی هەڵبژێرێت و بیکات بەڕۆح و نیشتمانی دووهەمی.

گۆشەی 23 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

سوریەک بەتاوانی کوشتنی ئەڵمانێک سزادرا

دادگای ئەڵمانیا سزای نۆ ساڵ و شەش مانگی زیندانی بەسەر گەنجێکی سوری بەناوی عەللا شێخ دا سەپاند، کە تۆمەتباربوو بە کوشتنی پیاوێکی ئەڵمانی تەمەن 35 ساڵ و هاوکارەکەشی کە عیراقیەکە دوای کەتنەکەیان ئەڵمانیای جێهێشتوە و ئەلمانیا بەدوایدا دەگەڕێت.

میۆرسیدس جاسوسی کردووە



ڕاپۆرتێکی میدیایی ئاشکرایکردووە، کە کۆمپانیای میۆرسیدس لەڕێگای جێگیرکردنی چەند ئامێرێکی نهێنییەوە، جاسوسی بەسەر هەزاران شۆفێرەوە کردووە، بەپێی ڕاپۆرتەکە ئامێرەکان بەنهێنی دانراون و توانای تۆمارکردنی دەنگ و دەستنیشانکردنی شوێنی شۆفێرەکان و زانیارییە تایبەتییەکانی هەبووە و گەیاندویەتی بە ناوەندێکی سەرەکی. ئەوەش ئاشکراکراوە تەواوی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەدوای 2018 دروستکراون ئەو ئامێرانەیان تێدا جێگیرکراوە، کە ژمارەیان 670 هەزار ئۆتۆمبێلە و لەڕێگای نوێنەرە فەرمییەکانی ئەو کۆمپانیایەوە فرۆشراون.

لەشاری ڤۆپەرتاڵی ئەڵمانیا 160 نەتەوەی جیاواز هەیە

لە شاری ڤۆپەرتاڵ ١٦٠ نەتەوەی جیاجیا هەیە و نەتەوە گەورەکان جگە لەئەڵمان، بریتین لە تورک و عەرەب و فارس و ئیتاڵی و یۆنانی و پۆڵۆنی و ڕۆمانی و چیکی و بولگاری و کورد و...هتد، زۆربەی هاوڵاتیانی ئەو نەتەوانە خەریکی کاسبی و فێربونی زمانی ئەڵمانین.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

ئەڵمانی حەزیان لە ڕوس نییە

بەپێی ڕاپرسیەکی ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی چارەکی ئەڵمان حەزیان لە سیاسەتی ڕوسیا نیە و پێیان خۆشە سزاکانی یەکێتی ئەورووپای لەسەر دانراوە و ئارەزووی چارەی پۆتین و دارودەستەکەی ناکەن.

گیراوە ئەڵمانییەکان لە تورکیا بەرەو زیادبوون دەچن

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، کە ژمارەی ئەو هاوڵاتی و ڕۆژنامەنووسانەی کە ماوەی ڕابردو لە تورکیا گیراون زیادی کردوە و لە ٤٧ کەسەوە بوونەتە ٦٢ کەس و ٣٨ کەسی تریش دەستبەسەرکراون و ناتوانن تورکیا بەجێ بهێڵن.

ڤاوڤی ئۆتۆمبێلێکی زۆری خۆی وەردەگرێتەوە

گەورە کۆمپانیای ناوداری ئەڵمانیا VW ڤۆلکسڤاگن ئاشکرایکرد، کە لەساڵی ٢٠١١ دا ٦٧٩ هەزار ئۆتۆمبێلەی بە ئەمریکا فرۆشتووە و ئێستا کێشەی تەکنیکیان لی پەیدا بووە، بەو هۆیەوە لەوانەیە ببن بە دوو کەرتەوە، بۆیە دادگا بڕیاریداوە هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانە بگەڕێندرێنەوە کۆمپانیاکە.

بەرەو تەمبەڵ بوون دەچین..؟ بۆچی..؟ لوقمان حەویز- تەکساس

بۆچی نزیکەی 20 هەزار ساڵ دەبێت تاوەکو ئێستا، قەبارەی مێشکی مرۆڤ هەر لە کەمبوونەوەدا بووە..؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە مرۆڤ بەرەو تەمبەڵی چووە..؟ ئەگەر وایە بۆچی بەرەو تەمبەڵی چووین لەوماوەیەدا..؟ بۆچی قەبارەی مێشکی هۆمۆسێپیاکان لە کەمبوونەوەیەکی بەردەوامدا بووە لەو ماوەیەدا..؟

بە لێکۆڵینەوە لەو پەیکەرە ئێسقانانەی مرۆڤ، کە دۆزراونەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 20 هەزار ساڵ پێش ئێستا و بەدواوە، زانیاریەکی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشمان دەست دەکەوێت، ئەویش کەمبوونەوەی قەبارەی مێشکی مرۆڤە بەڕێژەی 10% لەو ماوەیەدا تاوەکو ئێستا، ئەمە مانای ئەوەیە ژمارەی خانە دەمارەکانی مێشکیش بەو ڕێژەیە کەمی کردووە، لەو ماوەیەشدا قەبارەی لەشی مرۆڤەکانیش بەگشتی هەندێک کەمی کردووە، بەڵام ڕێژەی کەمبوونەوەی قەبارەی مێشک خێراتر بووە، بەبۆچوونی زۆربەی دەمارناسانیش بەگشتی مانای ئەوەیە، کە تواناکانی مێشک بەرەو کەمبوونەوە چووە و مرۆڤ بەرەو تەمبەڵی چووە لەو ماوەیەدا، بەڵام بۆچی ئەمە ڕوویداوە؟ کۆمەڵێک لێکدانەوە هەیە، بەپێی باوەڕپێکراوترین لێکدانەوە ئەمە ڕوویداوە و ڕوودەدات بەهۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی کەلتور و کۆمەڵگاکان لەو کاتەوە، تاوەکو ئێستا، مرۆڤەکانی پێش ئەو کاتە بە کۆمەڵی بچوک بچوک ژیاون، کە ژمارەیان لەچەند دە کەسێک تا ئەوپەڕی چەند سەد کەسێک زیاتر نەبوون، ئەو ژمارە کەمە لەمرۆڤەکان هەر کۆمەڵێک جیا و دوور لە کۆمەڵێکی تر ژیاون، هەموو ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵانە تێکڕا بەرپرس بوون، لە ئەنجامدانی هەموو کارەکان وەکو ڕاوکردن و دابین کردنی خواردن، شەڕکردن و خۆپاراستن لە هێرشی تاکەکانی کۆمەڵەکانی تر و ئاژەڵە درندەکان، پەیداکردن و دۆزینەوەی شوێنی ژیان و حەوانەوە، ئامادەکردن و دروستکردنی هەموو ئەو کەرەستانەی، کە ئەو کاتە پێویست بوون بۆ ژیان، ئەوانیش لە تاشینی بەرد و دار دروست دەکران، بۆئەوە دەبوایە تاکی مرۆڤەکان بەردەوام لەگەڕان و پشکنین و کارکردندا بن بەبێوچان، ئاگرکردنەوە، هتد...بێگومان دوای دروستبوونی کۆمەڵگا و کەلتورەکان لە دەوروبەری 20 هەزار ساڵێک پێش ئێستا ئیتر ژمارەی تاکەکانی هەریەک لە کۆمەڵ و گروپەکان زۆر زیاتر بوون، ئەمە بووە هۆی جێگیربوونی کۆمەڵەکان و دروستبوونی دێهات و شارۆچکەکان، ئیتر پێویست بەوە نەبووە هەر تاکێک یان خێزانێک تێکڕای هەموو کارەکان بکات، بۆ نموونە کۆمەڵێک خەریکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵە خۆماڵیەکان و پەلەوەرەکان بوون و خواردنی پێویستیان بۆ کۆمەڵگاکەیان دابین دەکرد، هەندێک کاری دروستکردنی کەرەستەکان و کەلوپەلەکانیان گرتبووە ئەستۆ، هەندێکیش کاریان شەڕکردن و پارێزگاریکردن بوو لە کۆمەڵگاکانیان، بەکورتی مرۆڤەکان دوای دروستبوون و نیشتەجێبوونی کۆمەڵەکان وەکو پێشتر پێویستیان بەبەکارهێنانی ئەو هەموو توانایەی مێشکیان نەبووە، ئەمە هۆکاربووە بۆ ئەوەی ئیتر مرۆڤ پێویستی بەو هەموو توانایەی مێشکی نەبێت، وەکو پێشتر و لەئەنجامدا قەبارەی مێشک بەو ڕێژەیە بچوک بۆتەوە...



لەگەڵ ئەوەی پڕۆسەی پەرەسەندنی زیندەوەران و مرۆڤیش پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام زانیاریەکانمان بەگشتی ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەردەوام مەبەستی سەرەکی پەرسەندن یان ئیڤۆلیوشن لەزیندەوەران و مرۆڤیش بریتیبووە، لە زۆرکردنی ئەگەری مانەوە و ڕزگاربوونی لە سروشت نەوەکو بەتەنیا زیرەکی، لەبەر ئەوە بەمەبەستی بەکارهێنانی کالۆریەکانیش بەباشترین شێوە، هەموو بەشەکانی جەستە بەپێی ڕادەی پێویست هەروەها بەپێی بەکارهێنانی بەردەوام گەشە دەکەن و دەمێننەوە، بەگشتی ئەگەر هەر بەشێک بۆ ماوەیەکی درێژ کەمتر بەکاربهێنرێت، یان بەکارنەهێنرێت، ئەوا بەتێپەڕبوونی کات یان دەپوکێتەوە و بێ هێز دەبێت یاخود نامێنێت...ئەی پێشکەوتن و بەرجەستەبوونی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان لەئێستادا لەنێو هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان قەبارە و تواناکانی مێشکمان بەرەو کوێ دەبەن؟

بەرپرسیاریەتی تاکەکانی مرۆڤەکان لەکۆمەڵگایە نوێیەکانی ئێستا بەگشتی لەکەمبوونەوەی زیاتردایە، لەم ڕۆژگارەی ئێستا هەروەکو نمونە زۆربەی ئەو خواردن و پێداویستیانەی ڕۆژانە دەمانەوێت خۆمان بەرهەمیان ناهێنین یان دروستیان ناکەین، کەسانی تر ئەوەمان بۆ دەکەن، بەگشتی سنوری بەرپرسیاریەتیەکانمان لەژیانی ڕۆژانەماندا تەسک بۆتەوە، زۆربەی کاتەکان زۆربەمان هیچ کارێک ناکەین و مێشکمان بەکارناهێنین، بەهۆی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان و هۆکارە نوێیەکان لەژیانماندا بەتەواوی لە جۆرە ژیانێکی تردا دەژین بەبەراورد بە پێشتر، بەگشتی وەکو پێشتر ئەوەندە پێویستیمان بە بیرکردنەوە و تواناکانی مێشکمان نییە وەکو مرۆڤە کۆنەکان، هەندێک لەدەمارناسان بەگشتی پێیان وایە ئەم بچوکبوونەیە لەقەبارەی مێشکی مرۆڤەکان و کەمبوونەوەی توانا و زیرەکیان دوورنییە هەر بەردەوام بێت، لەوانەیە بپرسن: ئەی ئەو هەموو پێشکەوتنە لە زانست و تەکنەلۆژیا چۆن لەسەرانسەری جیهان ڕوودەدات؟ لە ڕاستیدا بەهۆی بوونی کۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی نێوانیان و گواستنەوەی زانیاریەکان، ئەوا زانستەکان و تەکنەلۆژیاکان بەگشتی زۆر بەخێرایی بڵاودەبنەوە و کەڵەکە دەبن، مرۆڤێک داهێنانێک بکات لەهەر گۆشەیەکی جیهان ئەوا بەهۆی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگاکان یەکسەر داهێنانەکە بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە هی هەموو مرۆڤایەتی، لەلاتان سەیر و سەمەرە نەبێت، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی هەرە زۆری مرۆڤەکان بڕێکی زۆر کەمتر لە تواناکانی مێشکیان بەکاردەهێنن بەبەراورد بە مرۆڤەکانی ئەشکەوتەکان بەر لە 20 هەزار ساڵ..!

لوقمان حەویز/ تێکساس

http://blogs.discovermagazine.com/.../human-brains-have-shr.../...

ڕێکخراوە مەدەنیەکان و خۆگونجاندنی کۆچبەران لەگەڵ کۆمەڵگە نوێکاندا

سیروان مەحمود پۆلیس

دەتوانین بڵێن بەشی هەرە زۆری ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی نیشتمان کۆچبەرن پتر لەوەی پەناهەندە بن، ئەمەش بۆ زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش ڕاستە، چونکە پرەنسیپ و خەسڵەتەکانی کۆچبەرییان بەسەردا جێگیر دەبێت، زیاتر لەوەی پەناهەندەیی بیانگرێتەوە. هەربۆیە باسەکەم گشگیر کرد و مەبەستیشم لێی ئەو خەڵکە بێگانەیەیە، کە لە وڵاتێکی نوێ نیشتەجێ دەبن، سا ئەگەر کۆچبەربن، یان پەناهەندە. لە ئێستادا کۆچکردن ڕووی لە هەڵکشاندایە، لەنێویشیدا کۆچبەرانی کورد، هەر بۆیە بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بخەمە ڕوو، تا وەک تاک و وەک ڕێکخراوە مەدەنیەکان خزمەت بەو کۆچبەرە نوێیانە بگەیەنین. هەڵبەتا کۆمەڵگەی نوێ لە زۆر ڕووی فیزیکی و کۆمەڵایەتییەوە، نامۆیە بەکۆچبەر، بەڵام ئەوە چارەنووسیەتی و دەبێت لەگەڵیدا هەڵبکات، هەر بۆیە لە زۆربەی وڵاتاندا، کۆچبەر بە شێوەیەکی فەرمی دەخرێتە نێو پرۆسەی خۆگونجاندنەوە. یەکێ لەهەرە بابەتە سەرەکیەکانی ئەو خۆگونجاندنە فێربونی زمانی بەکارهاتووی ئەو وڵاتەیە، چونکە زمان کلیلی سەرەکی هەموو دەرگاکانی تێگەیشتن و گەشەسەندنە لە نێو کۆمەڵگەی تازەدا، بەوهۆیە کۆچبەر دەتوانێت نزیک بێتەوە لە بەدەست هێنانی پێداویستیەکانی ژیانی، هەرەها مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکەکان و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە باشتر دەبێت و کارەکانی ئاسانتر بەڕێ دەکرێن، ئەمە سەرباری ئەوەی دەرفەتەکانی بەدەست هێنانی هەلی کار و گەشەپێدانی ژیانی تایبەتیشی گەورەتر و مسۆگەرتر دەبێت. لەوانەیە بەلای زۆرێکەوە تەنها زمان گرنگە و پێویستە بۆ خۆگونجاندنی کۆچبەر لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێ، بۆیە لە زۆر ویستگەدا دووچاری چەندین بەربەست و شکستی دیکە دەبێتەوە و هەنگاوەکانی خاوتر و کەمتر چالاک دەبن، بۆ بڕەودانی بە پرۆسەی خۆگونجاندن، بۆیە دەبێت کۆچبەر بەئاگابێت، لەپاڵ کلیلە سەرەکییەکەدا، ئەوا هەندێ پێداویستی دیکەش گرنگن بۆ سەرخستنی پرۆسەی خۆگونجاندنی و ئەگەر بڕوای پێ نەبێت ئەوا زوو کۆڵ دەدات و کاریش دەکاتە سەر ویستی بۆ فێربوونی زمان و بەهانەی بۆ دەدۆزێتەوە تا خۆی لێبدزێتەوە.

کۆچبەر، بەتایبەتیش ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت، کە ڕەوەندی کوردیش دەگرێتەوە، دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ جیاوازییەکانی نێوان خۆی و وڵاتەکی لەگەڵ کۆمەڵگەی وڵاتی نوێدا و کار بکات بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵیاندا، لەو جیاوازیانەش:

ژینگە: ئەمە لایەنی سروشت و کەشوهەوا دەگرێتەوە، پەیوەستە بە کاریگەرە فیزیکیەکانەوە، بۆیە ئەگەر لە ناخەوە ئامادەیی نەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕاستیە و تێگەیشتنی نەبێت بۆ ڕێوشوێنە پێویستەکانی دورخستەنەوەی خۆی و دەوروپشتەکەی لە مەترسیەکانی، ئەوا دووچاری نەخۆشیەکانی دەبێتەوە و بەتایبەتیش نەخۆشیەکانی جومگە و ئێسقان و کاردەکاتە سەر بەرنامەکانی ژیانی.

دابونەریتی خواردن: بۆ نموونە هەندێ وڵات بە هۆی سەرماوە، ئەوا گۆشت یان ئەو خواردنانەی سەرچاوەی وزەی تێدایە دەبنە بەشێکی سەرەکی خواردنەکانیان.

هەتاو: وەک نمونەیەکی دیکە کە لە وڵاتانی ئێمەدا زۆرە، بەڵام لەم وڵاتانەدا کەمتر هەڵدێت، بۆیە ئەو جۆرە خواردنانەی دەوڵەمەندن بە ڤیتامینی دی کە زۆر پێویستە بۆ تەندروستی و هۆشی مرۆڤ دەبێتە پێداویستیەکی بەردەوام، ئیتر کۆچبەر دەبێت بەئاگا بێت و ئامادەیی تێدا بێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ شێواز و جۆری نوێی خواردن، تا دووچاری گرفتی کیمیاوی و دەرئەنجامە خراپەکانی نەبێتەوە، کار بکاتە سەر تەندروستی و بێزاری بە ژیانیەوە دەرکەوێت یان کار بکاتە سەر ویستی بۆ درێژە پێدانی پرۆگرامی خۆگونجاندنی، ئەم ڕاستیەشمان لە زاری زۆر کەسەوە بیستووە، کە چەند بێزارە بەهۆی تێکچونی سیستەمی خواردنی و بەرەو ڕەوشێکی خراپی بردووە.

دابونەریتی کۆمەڵایەتی: کۆچبەر دەبێت ئامادەیی تێدابێت بۆ دروستکردنی لایەنی کەمی ئاستی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ و خەڵکانی هاوپیشە و شوێنە گشتیەکان و هەروەها بەدواداچوونی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکانی ئەو وڵاتە، ئەمەش ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ ناساندنی زیاتری کۆچبەر بە دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و لەهەمان کاتدا بۆ هاوکاریکردنیان لەلایەن کۆمەڵگە نوێکەوە، تا ژیانی ئاسانتر و باشتر بە ڕێ بکات و ئاسودەتر بن لە نێویاندا.

هەڵبەتا کۆمەڵێک بابەتی دیکەش هەن بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی پرۆسەی خۆگەنجاند لە نێو کۆمەڵگەی نوێدا، هەمویان پێکەوە تەواوکەری یەکترن و پێکەوە ئامانجەکە دەپێکێنن.

پێویستە وەک کۆچبەرانێکی پێشوتری خاوەن ئەزموون و وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆرترە لەم وڵاتانەداین، ڕۆڵمان هەبێت، لە بەرچاوڕوونی کۆچبەرانی نوێ و بەتایبەتیش هاونیشتمانانمان، تا نەکەونە ئەو هەڵانەی، کە زۆرێک لە کۆچبەرانی پێشوتر دووچاری بوونەتەوە. هاوکار و ڕێنوێنیان بین، بۆ سەرخستنی پرۆسەی خۆگونجاندنیان و ئاسانکردنی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ژیانی نوێیان، هەڵبەتا ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەگشتی و ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی پشکی شێریان بەردەکەوێت لەم ئەرکەدا.

سەباح یاسین لە بەرهەمێکی نوێیدا بەناونیشانی (ئاو بە تاو) فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری بڵاوکردۆتەوە

بەشی دووەم

زوانی ئێمە کە ئەمڕۆ کارایە، کولتوری زوان و مانای نەوە، واتا ئاو یان تۆو دەبەستێتەوە بە مانادانی ئاوایی دێرینی چاخی بەردینەوە. لێ داڕوخانی ئاوایی و ئاوەدانیی دێرین تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە، بۆیە مرۆڤ تا ئەمڕۆ دەرفەتی لێسەنراوە، کە لە خۆی و خودی زوانەکەی تێبگات، بەڵێ مرۆڤ هێشتا بەخۆداچوونەوەی سەردەمییانەی گەرەکە تا لە قوڵیی گرفتەکانی تێبگات. تێگەیشتن لە بوون و هەبوونی کولتوری زوان ڕێ خۆش دەکات لە خودی سروشتی مرۆڤیمان و بوونی سروشتیمان/ گەردوونیمان، تێبگەین. کەواتە ئەمڕۆ ئاشنابوون بە خۆمان یان بە مێژووی زوانەکەمان، چ وەک تاک و چ وەک کۆ، ڕێ خۆش دەکات لە ئەوسای کردگاری و پەروەردگاری داپیر و باپیرە گەورەکانمان تێبگەین، کە وەشاندنی تۆو و کێڵانی ئەرزیان داهێنا و مرۆڤیان نەوەییانە لە مانای تۆودا/ ئاودا بە سروشتی/ گەردوونی دانا. لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە تێگەیشتنەی ئەوان مانای بە داری ژیان و نوێبوونەوەی نەوە داوە و ئاو بە تاو بەو شێوەیە وەک ئاهەنگی نەورۆز لە زهنی کۆی ئێمەدا ماوەتەوە. هەبوونی ئاو/ هەتاو ـ وەک ئەقڵ/ دەست لە هۆنینەوەی ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەرییدا([2]) سەرەتایە/ کۆتاییە و مانای کردگاری و پەروەردگارییان هەیە و هێماکانیان بیرکارییانە داڕێژراون. داڕشتنەکەش کاریگەری لەسەر ئەو مانایە هەیە، کە لە وشەی زوان و لە مانای ئاو و هەتاوی کوردی و سۆمەریدا هەیە. بۆ نموونە: ئاو بە بنەمای بوون و هەتاو بە کۆتایی هەبوون دانراوە، ئەوەش بەڕوونی لە زوانی سۆمەریدا دەبینرێت، لە زوانی کوردیشدا ئاسەواری ئەو بۆچوونە لە داڕشتنی وشەکاندا دەبینرێت. دەنگی ئاو لە دەنگی تاو و هەتاودا ئاسەواری ڕوانگەی دێرینی زوانەکەن و ئەوەش خوێندنەوەی سەردەمیی دەخوازێت. بۆنموونە زاراوی "ئاو بە تاو" لە وێنە و مانای شەپۆلی ئاودا وێنەی نزم/ بەرز و بەرز/ نزمە و لە گەشتی سروشتیانەی ئاو بۆ ئاسمان یان گەشتی ئاو لە ئاسمانەوە بۆ ئەرز دەدوێت. خودی "تاو" سەرچاوەی بزووتنی ئەو گەشتە بەتاوەی ئاوە لە ئەرز و ئاسماندا، چاویش وەک وێنە دەنگی خۆر و بێدەنگیی هەڵم بەدیدەکات، بە گوێرەی ئەو بیستن و بینینەش ماناکە لە زواندا وەک باران بەتاو، خۆر بەتاو، تاوی نێر و مێ بۆ یەکتر، مانای ئاو و هەتاو بەیەکەوە دامەزراوە. لەو گەڕانەی ئاودا خودی ئاو بە تاو نوێبوونەوەیە. نوێبوونەوەی سروشتی و گەردوونیی ئاو و هەتاو بەیان دەبێت، ئەوجا ئەو مرۆڤانەی کە کێڵانی ئەرزیان داهێنا، مانایان بەو خوێندنەوە سروشتی و گەردوونییە بەخشی. ئەم ڕەوشە وادەکات، کە ئێمە ئەوان بە داهێنەری زوانی کوردی/ سۆمەری دابنێین، هاوکات ئەو بنەما زوانییەش لەبیر نەکەین، کە وادانانی هێما و بیرکاری سەرچاوەی مانادانن بە دەنگ و وێنەییە، ئەوەش هاوتایە بەو بنەما زوانییە کە وەک پارادایمی کار و بیر سروشتی/ گەردوونی وەک خۆی خوێندۆتەوە، نەک وەک مێتافیزیکی سەردەمانی دێرین هەوڵی دابێت پاساو بۆ بوونی ئاو و هەتاو بهێنێتەوە، نەخێر ئەو پارادایمەی ئاو بە تاو وەک سەرچاوەی نوێبوونەوە نەوەیە، کە خۆ خوێندنەوەیە.

ماوێتی

ئێمە گەرەکە بۆ نزیکبوونەوە لە زوانی کوردیدا سەرەتایەک دابنین بکەین. ئەم سەرەتایە بریتییە لە دوو دەنگی نەبزوێن و بزوێنی(ڤۆکال و کۆنسۆنانت) "ئ" و "ا" کە "ئا"ی ئاوی سروشتی و "ت" و "ا" تاوە (هەتاو)ە گەردوونیە و لە دەنگی "ئا"ی ئاو، "تا"ی تاودا، دەنگی "هەتاو" کە چوار دەنگە پەیدابووە. بەو مانایەش دەنگی "ئا و تا" سەرەتا و کۆتایی دەنگی "ئاو و تاو" بوون و دەنگی ئاویان تێدایە و کۆمەڵە دەنگییەکانی دی لە ئەوانەوە دروست بوون. "ئ" و "ا" و "ت" و "ا" وەک بوونی نەبزوێن و بزوێنی ئافرێنەرانە(خالقی) بریتی بوون لە بنەمای گەردوونناسیی زمانی کوردی، ئەمەش بێگومان ڕوانگەی ئەفسانەیی زمانە دێرینەکەی بووە، ماوەتەوە و ئەو مانایەش لە مانای بوونی مرۆڤیەکەیدا کە کولتوریی ئاو (ئاوهاتنەوە)، بە "ئاو، تۆو و نەوە" ناسێنراوە. ئاخر بە گوێرەی ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەری خوداکان وەک ئافرێنەر (خالق) خۆیشیان ئاویی بوون. لەم ڕوانگەیەوە دەربڕینەکانی "ئاو" و "تاو"ی کوردی، هەروەها "ئود" و "ئا"ی سۆمەری، تەنیا وشە نین، بەڵکو بیرۆکەیی ـ کۆنسێپتی (تێگەییانە) ڕەخساون و بەوەش ڕوانگەیەکی ئەقڵانی (مۆغی) و زانستی لە ماناکانیاندا، کە بیرکارییە دەردەکەوێت. پەیوەندی بە ئەفسانەی ئەفراندنەوە گەرەکە، لێرەدا بەکورتی ببێژین، کە سەرەتا یەک خودا نەبووە گەردوون بئافرێنێت، بەڵکو دوو خودا هەبوون، واتا دوو ئاو کە شیرین و سوێر (ترش) بوون. ئەم دوو خودا ئاوییە شیرین و سوێرە تێکەڵ بە یەکدی دەبن، تێکەڵبوونیشیان هێمایە بۆ خۆشەویستی و ڕەحمەتبوونیان، کە بەو ڕێیەوە نەوەی کوڕ و کچ دەخەنەوە، واتا ئەم خودازادانەش بە هەمان شێوە ئەوانیش کە بوون هەر ئاو بوون. ئەم دیدەی سۆمەرییەکان هاوکات لە بەرهەمهێنانی مانادا بەرجەستە بووە. بۆ نموونە "هەتاو" یان "تاو"ی کوردی مانایە بۆ ڕووناکی ڕۆژ و گەرمای تیشک، لێ لە زوانی سۆمەریشدا "ئود "(ud) مانای "ڕۆژی سروشت(day) ، تاو یان گەرما (heat)، تا(fever) ، ڕۆژی گەروون(sun) ، هاوین "(summer) دەگەیەنێت. بە واتایەکی دی مانای "ئاو و تاو"ی کوردی هەمان مانای "ئا (a) و ئود"(ud) ی سۆمەری دەگەیەنن. یان بۆ نموونە چۆن جەژنی نەورۆز لای کورد مانایە بۆ نوێبوونەوەی ساڵ، لای سۆمەریەکانیش کە بە "زاگ – مو [NEW zagmu) " (YEARناویان بردووە، هەمان مانای نوێبوونەوەی ساڵی گەیاندووە. کولتوری مرۆڤی، بە مانا کردگارییەکە، پێکەوە لەتەک کێڵان و دروستکردنی ئاوایی سەرووی مێژۆپۆتامیادا داهێنراوە. مرۆڤ لەو دەمەوە مانای بە سروشتی خودی کولتوری و گەردوونی داوە. لە وشە و بیرۆکەی "زوان"ی کوردیدا مانای سروشت و گەردوونی تۆمار کراوە. دەنگ لە تۆماری وشەی زوانەکەدا، وێنە یان مانا پێکدەهێنێت. ئەو مانادانە بە "زوان" بەرانبەر ئەو مانا تێهەڵکێشەی ئاو بە تاو دەوەستێتەوە، کە سروشتییە/ گەردوونییە. هەروەها نەوە لە هەردوو زوانی کوردی و سۆمەریدا وەک ئاو/ تۆو ناسێنراوە، لێرەشدا ئاو/ تۆو مانایە بۆ بوونی "داری ژیان" کە سروشتییە/ گەردوونییە و دینەکانی چاخی بەردین تا دوای سۆمەریەکان پێوەی پابەند بوون، بەڵێ ئەوە تا دەگات بە دینی سەردەمی ئاخامینەکان. پێدەچێت زەردەشت سەرەتای دووبەشبوونی/ جیابوونەوەی ئەم بنەمایە بێت، کە پاشان دینەکانی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام ئەو بنەمایەی بوونی داری ژیانیان لە مانا خوداییەکەیدا وەرگرت و مانایان بە گوێرەی کولتوری زوانیی خۆیان بۆ داڕشت. کەواتە تێگەیشتنی ئێمە لە مانای ئاو/ تاو یان زوان لە ڕووی واتاسازی (semantic) و دەنگەوە [1])(phonetic) دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری زوانی و مانادان بە تۆو، لێرەشدا کێڵانی ئەرز، پەرەدان بە گیانداران، داهێنانی ئاڵوگۆڕی شمەک، تواندنەوەی کانزاکان، داودەرمان و زۆر شتی دی سەرچاوەی زانین و پەیڕەوە بنەماییەکەی بوون، نەک ئەو ڕاڤەکارییانەی زوانی زوانی فەرمانی کە وشەی خوداییان بە بنەمای مانای ژیان داناوە و خۆیان سەپێنەرانە لە دونیادا مەزن کردووە.

دایکێک لەپارێزگاری زانیاری کەسی توڕەیە وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز



"من بۆم نەبوو لەئاهەنگی خستنەبەرخوێندنداوێنە بگرم"

ئەو لەوێنەکەدا سەرەڕای قەدەغەکردنیشی پێدەکەنێت: ئەلیکساندەر ناومان(٤٥ ساڵ)لەگەڵ کچەکەی ئەنتۆنیا (6 ساڵ).

فۆتۆ:مایکە گلۆکنەر...لەلایەن:تیلۆ شۆلتیسێک

هالە:– سەردەمانێک هەن مرۆڤ تەنها یەکجار دەیانبینێت. خستنەبەر خوێندنیش یەکێکە لەو چرکەساتانە، بەڵام چی دەکەی لەگەڵ ڕێکخستنی بەرگریی زانیاری کەسی، کە لەنێوان باوان و وێنەی یادگارییدا دانراوە؟ ڕۆژی شەممە ئەلیکساندرا ئاهەنگی چوونە فێرگەی کچەکەی –ئەنتۆنیای دەگێڕا (بەهیوای ئاییندەیەکی باش)، لە فێرگەیەکی بنەڕەتی لەهالە لەدەڤەری زاکسن ئەنهالت، بەڵام بەفەرمیی نەیتوانی وێنەیەکی ڕێوڕەسمەکە لەگەڵ تێکڕای منداڵەکاندا بگرێت، بۆیە بەر لە دەستپێکردنی ئاهەنگەکە بەڕێوەبەری خوێندنگەکە ستیڤین هونکەرت بەهۆکاری پارێزگاری لەزانیاری کەسی هەمووانی ئاگادارکردەوە،

کە نابێت وێنەبگرن (بەگوێرەی ڕاپۆرتی بیلد).

"بێگومان بەداخەوە ئەمە زۆر ناخۆش بوو، کە ئێمە لەکاتی ئاهەنگەکەدا نەتوانین وێنەبگرین". دایکەکە بەخەمباریەوە وایدەگوت."بەڵام ئێمە ڕێزمان لەبڕیارەکە گرت". هەروەها قوتابخانەی هایدەش لەهالە بەهەمان شێوە وێنەگرتن قەدەغەبووە، لەکاتی خستنەبەرخوێندندا. مامۆستایەک هۆشداریی دەدایە یەکە بەیەکەی ئەوانەی سەرپێچییان دەکرد، بۆ بیلدیش گوتی:دایکان و باوکان دەتوانن لەدەرەوە لەسەر پەیژەکان وێنەبگرن".

میوانێکی ئاهەنگەکە بوگدان ک (٤٢ ساڵ) بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە لە بەرلینەوە هاتبوو:"ئاخر یاساغکردنی وێنەیەک، کە بە دەستییەکەت لەگەڵ منداڵەکەی خۆتدا بیگریت، شێتییە".

هاینز–پیتەر مایدینگەر(٦٤ساڵ)،سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی ئەڵمانیا، پێی وایە کە قەدەغەکردنی وێنەیەک بەیەکەوە جێی داخە، بەڵام دەڵێ: بەدڵنیاییەوە دەبێ مافی منداڵەکە لەناو ئەو وێنەتایبەتەی خۆتدا پارێزگاری لێبکرێت".

شایانی باسە وێنەگرتنی منداڵان لە دایانگە و باخچەی ساوایان و فێرگەکاندا بەپێی یاسای پارێزگاری زانیاری کەسی قەدەغەیە، دایکان و باوکانیش ئەو مافەیان هەیە، کە لێنەگەڕێن وێنەی منداڵەکانیان لەو شوێنانەدا بگیردرێت، هەر لەسەرەتاشەوە بە نووسراو لەبارەی ڕەزامەندبوون، یا نەبوونی وێنەی منداڵەکانیان و بڵاوکردنەوەیدا، واژوویەک دەکەن، بەمەش کەس بەبێ پرسی ئەوان بۆی نییە وێنەی منداڵەکانیان بگرێت و بڵاویکاتەوە.

سەرچاوە سایتی بیلد.

چەند ڕێگایەکی سروشتی بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن نووسینی دکتۆر عادل حسێن

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hypertension نەخۆشییەکی مەترسیدارە، هۆکارێکی بەهێزە بۆ جەڵتەی مێشک و نەخۆشی دڵ. تا ئێستا چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن نەدۆزراوەتەوە، تاکە ڕێگا بۆ کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرز بریتییە لە پارێزی خۆراک، گۆڕینی ستایڵی ژیان لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمان بە درێژایی تەمەن.

هەنگاوە سروشتییەکان بۆ کۆنترۆلکردنی پەستانی بەرزی خوێن ئەمانەن:

مەشقی وەرزشیی ڕۆژانەی وەکو پیادەڕۆیی کە هاندەرە بۆ بەهێزکردنی ماسوڵکەی دڵ، کەمکردنەوەی خوێ لە خۆراکدا، دووركەوتنەوە لە خواردنەوەی ئەلکهول، کە هەیە بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن تا ڕێژەی 16%، کەمکردنەوەی کافائین چونکە زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە و چای هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەیەکی کاتیی پەستانی خوێن، خواردنی شوکولاتەی تاریک یان کاکاو بە بڕی کەم، دابەزاندنی کێشی لەش بۆنموونە دابەزاندنی تەنیا 7 کگم هاندەرە بۆ دابەزینی پەستانی سەرەوە بە ڕێژەی 8.5 ملم جیوە و پەستانی خوارەوە بە ڕێژەی 6.5 ملم جیوە، دووركەوتنەوە لە جگەرەکێشان چونکە هەر جارێک هەڵکێشانێکی دوکەڵی جگەرە پەستانی خوێن کەمێک بەرزدەکاتەوە، کەمکردنەوەی شەکر و کاربۆهیدراتی سافکراو، پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی سووککردنی ستڕێس بە گوێگرتن لە مۆسیقا، ئەنجامدانی مەشقی فیزیکی یان پشوودان و هەواگۆڕی، زیادکردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، کالسیۆم، کە ڕۆڵیان هەیە لە دابەزاندنی پەستانی خوێندا، بۆنموونە سەوزەی جۆراوجۆر، تەماتە، پەتاتە، مۆز، ئاڤۆکادۆ، شووتی، پرتەقاڵ، شیر، ماست، ماسی تونە و سالمۆن یان ساردین ، کاکۆ و تۆوەکان، پاقلەمەنییەکان، ئەلبان یان شیرەمەنی کەم چەوری.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد



عەلی جۆڵا

ساڵی ١٩٤٠ لە هەڵەبجە لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٦ ئەکادیمیای بەرزی هونەری لە بەغدا بە پلەی نایاب تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٦٧ یەکەمین پێشەنگای تایبەتی گرافیکی لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی کچان لە سلێمانی کردۆتەوە. لەو کاتەوە ساڵانە لە کردنەوەی پێشەنگای تایبەتی خۆی بەردەوام بووە، تا ساڵی ٢٠٠٥ کە دەیەمین پێشەنگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٦٦ەوە تا ساڵی ٢٠١٣ بەشداربووە لە زیاتر لە ٤٠ پێسەنگای هاوبەشدا. لە ساڵی ١٩٦٩ەوە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردییە و تا ئەمڕۆش ئەندامە. ئەندامی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستانە.
بەشداربووە لە داموەزراندنی کۆلێجی هونەری زانکۆی سلێمانی، ساڵی 2015 کۆمەڵەی هونەرجوانەکانی کورد لە یوتوبوری لە سوید خەڵاتی ڕێزلێنانیان بەخشی بە شێوەکار مامۆستا عەلی جۆڵا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.youtube.com/watch?v=C_DRaplplW

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

07 September . 2019 Nummer. [69]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 هەوڵێکـــــی تـــری چەواشـــەکردنی مێژوو، نووسینی: بەکر شوانی

– ل 2 و ل 3 کتێبی "لەمەڕ ســوڕانەوەی گۆ ئاســـــمانییەکان"ی کۆپەرنیکۆس، شۆڕشی ئەو کتێبەی کەس نەیخوێندەوە... نووسینی: شێرکۆ ڕەشید قادر.

– ل4 خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ڕۆمانی 360 شانشین، نووسینی: هۆشیارجەمال...

– ل 5 و ل 6 عومەری کەریم ئاغا و چەمکی تەوسگەرایی نووسینی : پ.دکتۆر زاهیر لەتیف

– ل 7 کورتیلە چیرۆک– درزی ئاوێنە نووسینی: نیگار غەریب–سویسرا.....

ل 8 سەباح یاسین،فەرهەنگۆکی کوردی– بەشی سێیەم، سۆمەری تاو بەتاو..

– ل 9 کردنەوەی دوو پێشانگەی هونەری لە ئەڵمانیا.

... – ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد کەمال هەژار.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

07 September 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N-69
69 ی 07 ی ئەیلولی 2019

هەوڵێکی تری چەواشەکردنی میژوو
میژووناسێکی تورک: سۆمەرییەکان تورک بوون!

بەکر شوانی – ئەڵمانیا

موعەزەز عیلمیە چیغ لە تورکیا وەک میژووناسی تایبەتمەند بە میژووی سۆمەرییەکان ناسراوە. ئەو خانمە کە تەمەنی ١٠٦ ساڵە و دەرچووی خوولی یەکەمی کۆلێژی زمان و میژوو و جوگرافیای ئەنقەرەیە، لە هەوڵێکی چەواشەکاریدا سۆمەرییەکان بە تورک دادەنێت. ئەو لە دیمانەیەک لەگەڵ بەشی تورکیی ماڵپەڕی "دۆچێ ڤێللێ"دا دەڵێت ئەتاتورک گوتوویەتی سۆمەرییەکان تورک بوون و داوای کردووە ئەو بۆچوونە بسەلمێندرێت. ئەم خانمەش دەڵێت: خۆی و نووسەرێکی تورکمان بە سەلماندن گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە سۆمەرییەکان تورک بوون!

لە ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەتی تورکدا هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر تورکبوون، بۆ نموونە: شیرین و فەرهاد و لەیلا و مەجنوون و چەندانی تریش تورکن. بۆیە بۆچوونی ئەو خانمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە، بەڵام بڵاوکردنەوەی چەواشەکارییەکی لەو جۆرە لە میدیایەکی سەنگینی ئەڵمانیادا مایەی پرسیارە!

سەرچاوە: لینکی هەواڵەکە، بە زمانی تورکی.

https://www.dw.com/tr/s%C3%BCmerler-bile-k%C3%BC%C3%A7%C3%BCk-k%C4%B1zlarla-evlili%C4%9Fe-kar%C5%9F%C4%B1yd%C4%B1/a-50238987?fbclid=IwAR2lWOkH6pAq31_UbPjX8gyhWaiEscyWT0Jr9xY1iQaOUQwskOjptPfJlXs

وەک چۆن میدیاکارێکی ناسراوی وەک کاک بەکر شوانی ئەو پرسیارە لە میدیایەکی سەنگینی ئەڵمانیا دەکات ئێمەش ڕووی ئەم پرسیارە ئاڕاستەی میژوونووسانی کورد دەکەینەوە، بریا بیاتوانیبا ئەم میژووناسە تورکە بەدرۆبخەنەوە و بەڕەچی هەواڵە چەواشەکارییەکانی بدەنەوە.

سوپاس و پێزانین

بەسوپاس و پێزانینی زۆرەوە، سەدان لاپەڕە بەڵگەنامە و ڕاپۆرت و بڵاوکراوەی پەیوەست بە میژووی هاوچەرخی کورد، بەزمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی، هۆڵەندی) لەلایەن نووسەر و سیاسەتووان بەڕێز (د. چیا عەباس ساحێبقڕان) ـەوە لە وڵاتی هۆڵەندا بەدیاری و بەمەبەستی پاراستن و ئەرشیفکردن پێشکەش بە ناوەندی کوردستان – زانکۆی سلێمانی کران، کە ئەمە وەجبەی یەکەمی ئەرشیفە تایبەتەکەیەتی و بڕیارە بەشەکانی دیکەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بە هەمان شێوە ڕەوانە بکاتەوە.

زۆر سوپاس بۆ ڕۆژنامەنووس شوان محەمەد، کە هەماهەنگییەکەی ڕێکخست، هەروەها بۆ نوسەر سەردار فەتاح ئەمین، کە ئەرکی هێنانەوەی بەڵگەکانی لە هۆڵەندا وە بۆ سلێمانی گرتە ئەستۆ و نموونەی هەموویان زۆر بێت، بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی و خەمخۆریی نیشتیمانیی و کوردانە.



ناوەندی کوردستان – زانکۆی سلێمانی

کتێبی "لەمەڕ سوڕانەوەی گۆ ئاسمانییەکان"ی کۆپەرنیکۆس، شۆڕشی نەو کتێبەی کەس نەیخوێندەوە... نووسینی: شێرکۆ ڕەشید

نیکۆلای کۆپەرنیکۆس(1543–1471): شۆڕشی پیاوێکی شەرمن و موحافیز.

" گەلحۆیەک هاتووە، دەڵێن فەلەکناسە و ناوی کۆپەرنیکۆسە، گوایە دەڵێت عەرد، نەک خۆر و مانگ و هەسارەکانی تر، بە ئاسماندا دەسوڕێتەوە. ئەم گەلحۆیە دەیەوێت سەراپای زانستی ئەسترۆنۆمیمان بۆ ئاوەژووبکاتەوە، بەڵام کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت: جۆشوا فەرمان بە خۆر دەدات کە بوەستێت نەک عەرد." مارتن لۆتەر

"ئەو شتانەی ئێستا من دەیانڵێم لەوانەیە شاراوەبن، بەڵام لە شوێنی خۆیاندا ئاشکرادەبن." ***نیکۆلای کۆپەرنیکۆس***

لەمانگی مایسی 1543دا، پیاوێکی ئیختیاری پۆلۆنی لەسەر پێخەفی مەرگ ڕاکشابوو، دوا هەناسەی ژیانی دەدا. چەند هاوڕێیەکی هاتن و کتێبێکی تازە چاپکراوی خۆیان خستە باوەشیەوە، ئەم کتێبە هەم یەکەم کتێب و هەم دوا کتێبیشی بوو. ئەم مرۆڤە کەنەفتە، کە بە ئاستەم توانستی جوڵەی هەبوو، تۆزێک بە کتێبەکەدا هەڵیڕاوانی و چاوە کزەکانی پێداخشاند، وەک دەڵێن، هەرگیز کتێبەکەی نەخوێندەوە. دوای چەند ڕۆژێک بەرەو مەرگی کۆتایی بارگەی لێپێچایەوە و مردن فڕاندی. ئەم پیاوە نیکۆلای کۆپەرنیکۆس بوو، کتێبەکەش نێوی "لەمەڕ سوڕانەوەی گۆئاسمانییەکان" بوو.

کۆپەرنیکۆس لە ژیانیدا پیاوێکی ئیماندار، کەسێکی موحافیز، زاتێکی شەرمن و هەمیشە تەنیا بوو، بەڵام دوای مەرگی خۆی کتێبەکەی هێدی هێدی و بە ئارامی گەورەترین شۆڕشی لە میژووی مرۆڤایەتیدا هەڵگیرساند. کۆپەرنیکۆس لە ساڵی 1473لە خێزانێکی خۆشگوزەران، لە پۆلۆنیا لەدایکبووە، لە تەمەنی دە ساڵیدا بابی دەمرێت و خاڵی، کە مەترانی هەرە گەورەی دەڤەرەکە بوو، دەیگرێتە خۆی و بەخێوی دەکات و هەموو خەرجی و ئاسانکارییەکی بۆ دەکات بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببێت بە کەسایەتییەکی لێهاتوو. سەرەتا زۆر حەزی لە شیعر و فەلسەفەی یۆنانی بووە. بۆ خوێندنی یاسا و پزیشکی دەچێتە ئیتالیا، کە لەو ڕۆژگارەدا ناوەندی ڕێنیسانس بووە و لە هەموو گۆشەیەکی ئەوروپاوە بۆ خوێندن ڕوویان تێکردووە. کۆپەرنیکۆس ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی لاتین و ئەسترۆنۆمی و زانستی یۆنانەکان پەیدا دەکات و لە هەمان کاتیشدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری فەلەکناسانی ئیتالیا و قوتابخانەی تازە بۆژاوەی ئەفلاتوونی نوێ. لە ساڵی 1514دا شۆڕەت پەیدادەکات و لە ڕۆما لە لایەن پاپاوە بانگهێشت دەکرێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی یاریبکات لە گۆڕین و ڕیفۆرمی ڕۆژمێردا، بەڵام ئەم داوایە ڕەتدەکاتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە سیستەمی فەلەکی چەقە–عەردی ئەرستۆ–پەتلیمۆسی هەڵەی زۆری تێدایە وڵە حاڵی حازردا تەبا نییە لەگەڵ ئەو هەموو داتا نوێیەی ئێستا لە ئارادایە، ئەمە پرۆژەیەکی مەحاڵە هەتا سیستەمی ئەسترۆنۆمی چەقە–عەردی گۆڕانکاری ریشەیی تێدا ئەنجام نەدرێت. دوای چەندین ساڵ خوێندن لە ئیتالیا، لە 1507 بۆ یەکجاری گەڕایەوە پۆلۆنیا. کۆپەرنیکۆس لە پۆلۆنیا وەک دکتۆر، یاساناس، ئابورییناس و دیپلۆمات کاریکردووە، بەڵام پیشەی سەرەکی و ڕەسمی بریتی بو لە بەڕێوەبردنی ملکەکانی کڵێسە. ئابوریناسێکی لێهاتوو بوو، دراوی پۆلۆنی ڕیفۆرمکرد. لەگەڵ ئەمانەشدا هەمیشە خەریکی خوێندنی ماتماتیک و ئەسترۆنۆمی بووە، لە ماڵەکەی خۆیدا بنکەیەکی فەزایی بچکۆلە بونیادەنێت و گەلێک جاران مەوقیعی ئەستێرەکان و هەسارەکان تۆمارەدکات. کۆپەرنیکۆس هەرگیز لە ژیانیدا خێزانی پێکەوە نەناوە. کتێبی "لەمەڕ سوڕانەوەی گۆ ئاسمانییەکان"، بە یەکێک لە شاکارە هەرە زانستییە شۆڕشگێرییەکانی میژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت.ساڵی بڵاوبونەوەی کتێبەکە بە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی زانستی دەزانرێت.



کتێبەکە لە شەش بەش پێکهاتووە و ناوەڕۆکەکەشی گەلاڵەی پێشکەشکردنی مۆدڵێکی نوێی فەلەکییە، کە دەڵێت زەوی هەرگیز هەسارەیەکی وەستاو نییە، بەڵکو ڕۆژانە جارێک بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ساڵی جارێک بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو عەردەی لەسەری دەژین هیچ پیرۆزییەک لەخۆناگرێت، نە چەقی گەردونە و نە مەخلوقە بزێوە سەرنشینەکەشی کائینێکی پیرۆزە. کۆپەرنیکۆس بە فۆرمێکی ماتماتیکی پڕ تەکنیکییانەی ئاڵۆز ئەو سیستەمە تەمەن دوو هەزار ساڵییەی ڕەتکردەوە کە بە مۆدڵی چەقە–عەردی ناسراوە و دەڵێت زەوی هەسارەیەکی وەستاوە و هەموو هەسارەکان، بە خۆر و مانگیشەوە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە. سیستەمی چەقە–عەردیبااڵدەست و فەرمانڕەوا لەو سەردەمەدا، کە ئەرستۆ لە سەدەی چوارەمی پێشزایینداً تەبەننای کردبوو، کڵێسەش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تێکەڵ بە ئایینی مەسیحی کرد و بوو بە تەفسیری فەرمی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی گەردون ولە سەرتاپای ناوەندە ئایینی و زانستییەکانی ئەوروپا دەخوێندرا، هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئەم مەزهەبە کۆزمۆلۆژییەئیلاهییە موبارەکە بوستێت و بیروڕای جیاواز دەربببڕێت ئەوە دژ بە ئایین و کڵێسەی پیرۆز و کتێبە ئاسمانییەکان قسان دەکات و ڕوبەڕوی ئەشکەنجە دەبێتەوە. ئەم بیرکردنەوە کۆپەرنیکۆسییە، یاخود مۆدڵی چەقە–خۆرییە، لەم سەردەمەی ئێستاماندا زۆر ئاساییە و بێگومان پێچەوانەکەی سەیرە، بەڵام لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا و لە سەدەی شازدەدا، تەواو بە بیرکردنەوەیەکی شێتانە دەزانراو و جۆرێک بوو لە کفر.

هەوێنی کتێبی "لەمەڕ سوڕانەوەی گۆ ئاسمانییەکان" بە بناوان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1510، کاتێک بە یەک دوو لاپەڕە دیدی خۆی لەمەڕ ئەسترۆنۆمی سەردەمەکە خستەڕوو، لە ماوەی چوار ساڵدا ئەم یەک دوو لاپەڕەیە گەشەی کرد بۆ حەوت لاپەڕە. دوایی لە نێوان فەلەکناسان و ماتمیکناسان و زانایانی هاوڕێی خۆیدا وەک دەستنوس بڵاوبوەوە. ساڵی فەرمی ئەم نامیلکەیە 1514 و لە میژووودا بە کۆمێنتاریۆلەس (تانەی بچکۆلە) ناسراوە. هەرچەندە هەرگیز چاپ نەکراوە، بەڵام ناوبانگی کۆپەرنیکۆسی لە سەرتاپای ئەوروپادا بڵاوکردەوە.

لەم نامیلکەیەدا، کە تەنها چەند تێبینییەک لە خۆدەگرێت، کۆپەرنیکۆس، لە بەرانبەر هەموو هەقیقەتێکی باوەڕپێکراوی ڕۆژگارەکەدا قسەدەکات، هەقیقەتێک، سەربارەی ئەوەی بە بنەچە پەتلیمۆسی و ئەرستۆییە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکی پیرۆزی مەزهەبەکانی کڵێسەیە و لە ناوەندە زانستی و تیولۆژییەکاندا دەخوێندرێن.

تانە بچکۆلە لە حەوت خاڵ پێکهاتووە، سادە و کورت، بەڵام یاخی و ڕادیکاڵ. لای خەڵک بە حەوت ئاکزیۆمەکەی کۆپەرنیکۆس ناسراوە، خاڵەکانیش ئەمانەن:

1. تەنە ئاسمانییەکان چەقێکی هاوبەشیان نییە.
2. چەقی عەرد چەقی گەردوون نییە.
3. هەمو گۆکان بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، هەر بۆیەش چەقی گەردون نزدیکە لە خۆرەوە.
4. دوری عەرد بۆ خۆر زۆر بچکۆلەیە بە بەراورد لەگەڵ دوری بۆ ئەستێرەکان.
5. جوڵەی بەرچاوی ڕۆژانەی ئەستێرەکان ئەنجامی خولانەوەی عەردە بە دەوری تەوەری خۆیدا.
6. جوڵەی بەرچاوی ساڵانەی خۆر ئەنجامی سورانەوەی عەردە بە دەوری خۆردا. هەموو هەسارەکانیش بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە.
7. پاشگەزە–جوڵەی هەندێک لە هەسارەکان تەنها ئەنجامی ئەو مەوقیعەیە کە ئێمەی سەرنجدەر لەسەر عەردێکی جوڵاو وەستاوین.

کۆپەرنیکۆس خۆی، بە مانا پیاوی کڵێسە بوو، کاتۆلیکییەکەی لەخواترس و ئیماندار بوو

کۆمێنتارلیۆس نمایشی شۆڕشێکی بیرەنگ بوو، گوزارشتی بۆمبایەکی خەوتوو بوو، هێمایەک بوو بۆ ئاڵنگاری کۆپەرنیکۆس خۆی لە هەمبەر ئەستڕۆنۆمۆمی ئاڵۆزی پەتلیمۆسی و کۆزمۆلۆژیای ناقۆڵای ئەرستۆیی، بەڵام لە ناوەڕۆکیشدا پەیامێکی نوێی دژ بە ئایین و کڵێسەبوو. لەم ساڵەوە کۆپەرنیکۆس بناغەی داڕشت بۆ نوسین و ئامادەکردنی ماتماتیکی و شیکاری جیۆمەتری مۆدڵە نوێکەی. پرۆژەکەنزیکەی سی ساڵی خایاند، ، بەڵام هەرگیز بڵاوی نەکردبوەوە، چونکە تەواو دەرکی بە دەرەنجام و ئاکامی پڕمەترسییانەی تیۆرییەکەی کردبوو.هەروەک نوسەری مێژووی فەلەک و رۆمانوسی گەورە، ئارسەر کۆیسلەر، لە کتێبە بەناوبانگەکەی، (گەڕۆکە خەوتووەکان)دا دەڵێت،' کۆپەرنیکۆس شۆڕشگێڕێکی شەرمن بوو.' بیروباوەڕی کۆپەرنیکۆس، جگە لە فەلەکناسان، عەیامێک بووڵە نێو خەڵک و هونەرمەند و رۆشنفکرانیشدا، بڵاوبوبوەوە، لە شارێکی نزیک خۆی، شانۆییەکیان پێشکەشکرد و بە ئاشکرا گاڵتەیان بە کۆپەرنیکۆس و چەمکی سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا دەکرد. لە ساڵی 1539دا، کاتێکت مارتن لۆتەر، ڕابەری بزوتنەوەی ڕیفۆرمی مەسیحی و پێشڕەوی پرۆتێستانەکان، بە بیروڕای کۆپەرنیکۆس دەزانێت، لەسەر خوانێک دەڵێت، 'گەلحۆیەک هاتووە، دەڵێن فەلەکناسە و ناوی کۆپەرنیکۆسە، گوایە دەڵێت عەرد، نەک خۆر، مانگ و هەسارەکانی تر، بە ئاسماندا دەسوڕێتەوە. ئەم گەلحۆیە دەیەوێت سەراپای زانستی ئەستڕۆنۆمیمان بۆ ئاوەژوبکاتەوە، بەڵام کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت جۆشوا فرمان بە خۆر دەدات کە بوەستێت نەک عەرد.' کۆپەرنیکۆس پلانی بڵاوکردنەوەی شاکارەکەی نەبوو، هەر هیچ نەبێت هەتا لە ژیاندایە، نایەوێت ئەو ئاشوبە ببینێت. بەڵام لە ساڵی 1539دا، لاوێکی23 ساڵە، دوای بڕینی ڕێگایەکی سەد و پەنجا کیلۆمەترى لە لە زانکۆی و یتینبێرگی ئەڵمانییەوە، لەبەردەم دەرگاکەیدا قوت دەبێتەوە، هاتبوو تەنها بۆ دوو هەفتە چاوی بە کۆپەرنیکۆس بکەوێت و چەقە–خۆری و ئەستڕۆنۆمی هاوچەرخ لە ئوستادی هەرە گەورە و بەناوبانگەوە فێربێت و شتێک گفتوگۆیەش لەو بارەیەوە ئەنجام بدەن. ئەم لاوە، ناوی ڕێتیکەس بوو، مامۆستای ماتماتیک بوو لە زانکۆ. ئوستادی هێمن و ئارام، شاکارە تۆزاوییەکەی لە سندوقێک دەرهێنا، لەگەڵ ڕێتیکەسدا کەوتە ئاخاوتن، بۆی دەرکەوت ئەمە گەنجێکی وریایە و ڕۆشنبیرییەکی بەرزی هەیە. کاتێک ڕێتیکەس لە فۆرمی ماتماتیکی و وردەکاری کرۆکی کتێبی "لەمەڕ سوڕانەوەی گۆ ئاسمانییەکان" حاڵیبوو لە ناخەوە خرۆشا و هەر زوو کۆپەرنیکۆسی قایلکرد کە شاکارەکە شایانی ئەوەیە لە تاریکی بێتەدەر و بچێتە نێو دونیای ڕوناکەوە، ڕێتیکەس خۆی تەرخانکرد بۆ یارمەتیدان و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە. دوای ساڵ پێداچوونەوە، شاکار ئامادەی چاپ بوو. سەرباری ئەوەی کۆپەرنیکۆس خۆی، بە مانا پیاوی کڵێسە بوو، کاتۆلیکییەکەی لەخواترس و ئیماندار بوو، بەڵام بۆ ئەوەی دوربێت لە هەمو تۆمەتێک و لەگەڵ دەسەڵاتی کڵێسەدا ڕوبەڕوی هیچ کێشەیەک نەبێتەوە، هات و کتێبەکەی پێشکەشکرد بە پاپا پۆڵی سێیەم و بە هاوڕێکانی گوت کۆپییەکی تایبەت بنێرن بۆ پاپای مەزن. لە 1541 دا، ڕێتیکەسی شاگرد دەستنوسەکەیلەگەڵ خۆیدابرد بۆ چاپخانە، بۆ شاری نیرۆمبێرگ بەو مەبەستەی سەرپەرشتی چاپەکە بکات، بەڵام هێشتا پرۆسەی چاپ لە نیوەدا بوو، کاتێک ڕێتیکەس دەستبەرداری پرۆژەکە دەبێت و بارگەی لێ دەپێچێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ وێتینبێرگ. ئەرکی سەرپەرشتیکردنەکە بە قەشەیەکی لۆتەری دەسپێرێت، بە ناوی ئەندریاز ئۆزیاندەر، کە هاوڕێی کۆپەرنیکۆس دەبێت. شە ئۆزیاندەرکە کتێبەکە دەخوێنێتەوە، دودڵ دەبێت و ئاکامی ترسناکی کارەکە نیگەرانی دەکات، یاخود پێدەچێت تیوورییەکەی بە دڵ نەبێت، بۆیە بێ ئەوەی کەس بزانێت، وەک پیاوێکی تەلیسماوی، پێشەکییەکی ئەفسوناوی بۆ کتێبەکە دەنوسێت و لە بەها و گرنگی کتێبەکە کەمدەکاتەوە. ئۆزیاندەر ناوی خۆی ناخاتە سەر پێشەکییەکە. لەم پێشەکییە بێ مۆڵەتەدا دەڵێت،' مەرج نییە ئەم تیۆرییە وەک هەقیقەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو تەنها دەتوانرێتوەکو خەیاڵ یان فەرزیەیەکی ماتماتیکی تەبەننابکرێت و بۆ دیاریکردنی پێگە و مەوقیعی هەسارەکانی ئاسمان سودی لێوەربگیرێت، دەنا لە ڕوی واقیعی و فیزیکییەوە شەرت نییە ڕاست بێت. دەنا لە ڕوی واقیعی و فیزیکییەوە شەرت نییە ڕاست بێت. 'ئەم پێشەکییە بوو بە یەکێک لەو دوو هۆکارە بنەڕەتییەی کەکاریگەری سلبیبیان هەبوو لەلەسەر کتێبەکە لە بازاڕدا و هۆکاری دوەمیش ئەوەبوو، کە کۆپەرنیکۆس ئەم کتێبەی بە فۆرمێکی زۆر تەکنیکی و ماتماتیکییانە نوسیبوو، پڕبوو لە حساباتی ژمارەیی و نەخشەی ئاڵۆزی جیومەتری، تەنها خەڵکانێک بایەخیان بە کتێبەکە دا کە لە ماتماتیک و ئەستڕۆنۆمیدا پسپۆڕبوون. هەر بۆیەش دەبینین کە سەرەتا هیچ نەبوو بە هۆی شڵەقاندنی گۆمی فیکری و زانستی سەردەمەکە، ئەمە جگە لەوەی هێشتا خەڵک بە گشتی ئامادە نەبون ئەو چەمکە ئەزم بکەن کە زەوی دەجوڵێت و بە هیچ جۆرێکیش چەقی گەردون نییە. لە کۆتایی 1542 دا، کۆپەرنیکۆس توشی نەزیفی مێشک بوو، لە پێخەفدا کەوت، هێدی هێدی کەنەفت بوو، کاتێک شاکارەکەی لە چاپخانە هاتەدەر، چەند سەد کۆپییەکیان نارد بۆ خۆی. دواجار، پێش مەرگی، چاوێک بە بەرهەمە نۆبەرە و تاقانەکەی ژیانیدا دەخشێنێت، وەک هەندێک سەرچاوە دەڵێن، هەر لە هەمان ڕۆژدا دەمرێت. هەندێکی تر دەڵێن پێشەکییە ئەفسوناوییەکە، کە مۆدڵە ئەستۆنۆمییەکەی دەخاتە گومانەوە، بووە هۆی مەرگی یەکجارەکی. یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی تر کە کۆپەرنیکۆس ئیشارەی پێدەدات، بریتییە لە دوری ئەستێرەکان و سنووری گەردوون. لە سیستەمی کۆزمۆلۆژی ئەرستۆییدا، ئەستێرەکان لە ئاسماندا جێگیرن و وەک گۆیەکی کریستاڵی ئاوی دەوری فەزایان داوە و دوا هێڵەکانی سنوری گەردونیان دروستکردووە. ئەمە جگە لەوەی لای ئەرستۆ ئاسمان، بە تایبەت لەو دیوو سنووری مانگەوە، لە مادەیەکی تر پێکدێت کە بە ئیسەر یان توخمی پێنجەم ناوی دەبات و تەواو جودایە لەو مادانەی کە عەردیان لێ دروستبووە. لای ئەرستۆ ئەودیو سنوری ئەستێرەکان، عەرشی خوداکانە. لە ئاینی مەسیحاندا ئەم چەمکە گەشەیکرد و وەک بەشێک لە کڵتوری کڵێسە تەبەننایکرد. کۆپەرنیکۆس بەمجۆرە تەفسیری ئاسمان و ئەستێرەکانی نەکرد، لای وی مومکینە ئەستێرەکان هێندەی قەبارەی خۆر گەورەبن، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە جێگیر دێنەبەرچاو بریتییە لە دووریان لە ئێمەوە، دەنا ئەو جێگیرییەی کە وێنای دەکەین تەنها شتێکی ڕواڵەتە و هیچی تر. هەرچەندە کۆپەرنیکۆس لێرەدا هیچ باس لە هزری ناکۆتا ناکات، بەڵام سەرەتایەک بوو بۆ لەدایکبونی چەمکی ناکۆتای گەردونی، ئەمەش بۆ خۆی دیسانەوە هێڵێکی سوری تر بوو کە ئنسانی سەردەمەکە جورئەتی نەبوو توخنی بکەوێت، چونکە لای کڵێسە حەرام بو. هەتا ساڵی 1600، واتە دوای شەست ساڵ. ژمارەی ئەو کەسانەی کتێبی "لەمەڕ سوڕانەوەی گۆ ئاسمانییەکان"یان خوێندەوە سەد کەس تێنەپەڕین، پاشان ژمارەی ئەو کەسانەش کە باوەڕیان بە سیستەمی کۆپەرنیکۆسی چەقە–خۆری هەبوولە دە فەلەکناس تێپەڕیان نەکردبوو، ئەوانیش بۆ مەبەستی دیاریکردن و پێشبینی مەوقیعی هەسارەکان بوو.

لە ساڵی 1576دا، فەلەکناسی ئنگلیزی تۆماس دیگز، کتێبێکی بەچاپ گەیاند و بۆ یەکەمجار کەوتە باسکردنی مۆدڵی کۆپەرنیکۆس و هەر لێرەشدا بۆ یەکەمجار هەنگاوی زیاتر هەڵدەگرێت و پرسی ناکۆتای گەردوون دەوروژێنێت.

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ڕۆمانی 360 شانشین، نووسینی: هۆشیار جەمال

ڕۆمانی ٣٦٠ شانشین یەکێکە لە و ڕۆمانانەی لەلایەن ناوەندی ساراوە چاپ کراوە، ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٢٨ لاپەڕەیە و لە نووسینی "ڕێبوار وەلی کاوانی"ە، یەکەم کاری نووسەرە لە چوارچێوەی ئەدەبدا. من لێرەدا هەوڵم داوە، لەڕووی تەکنیکی گێڕانەوە، هەندێک گرفت و کێشەی ڕۆمانەکە دەربخەم.

جۆری ڕۆمان:

ئاشکرایە ڕۆمان چەندین جۆری هەیە، وەک ڕۆمانی مێژوویی، پەروەردەیی، ڕیالیزمی، هەڵسوکەت و نەریتی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ڕووداو، ئەزموونی، پۆلیسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆمانی دژە ڕۆمان و چەندین جۆری تر.

ئەم ڕۆمانەی ڕێبوار وەلی کاوانی، دەکرێت لە ڕیزی ڕۆمانی دژە ڕۆمان هەژمار بکرێت، کە دژە ڕۆمان، جۆرە بەرهەمێکی ئەزموونییە، کە لە یاسا و نەریت و شێوازەکانی ڕۆماننووسەکانی ڕابردووی ژێر پێ دەخات. ڕۆماننووس هەوڵنادات بە شێوەیەکی ڕیالستی هەموو شتێک بەواقعی نیشان بدات، یاخود شێوەی سروشتگەرایی وەربگرێت.

چەندین نووسەر هەیە لەم جۆرە ڕۆمانەیان نووسیوە بە نموونەی: بەرهەمەکانی (تۆماس هاری)، سامیۆن بێکت... هتد.

بەگشتی تایبەتمەندیەکانی دژە ڕۆمان ئەمانەن:

١/ دژە ڕۆمان داڕشتن و چیرۆکی دیاری کراوی نییە.

٢/سود لەڕووداوی پەرش و بڵاو وەردەگیرێت.

٣/کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە زۆر کەم دەگۆڕێن.

٤/بەشێوەیەکی ڕوالەتی و درێژ دادڕی، کەرەستە و بابەتەکان شیدەکاتەوە.

٥/زۆر سود لەدووبارە کردنەوە وەردەگرێت.

هەموو ئەم خاڵانەی سەرەوە لە ڕۆمانی ٣٦٠ شانشین دا بوونی هەیە.

سەرباری زۆری لاپەڕەکانی کتێبەکە، کارەکتەرەکان زۆر کەمن و درێژ دادڕیەکی زۆر بە قسەی کارەکتەرەکانەوە دیارە، کە خوێنەر چێژی لێ نابینێت. هەروەها زۆر سوود لە دووبارە بوونەوەی گفتوگۆکان، لە کاتی گۆڕینی کارەکتەرەکاندا بەکار هاتووە. لەم ڕۆمانەدا داڕشتی چیرۆکێکی دیاریکراو بوونی نییە، بەڵکو کارەکتەری سەرەکی کە ناوی "جەمال"ە، لە ڕێگای پارچە کاغەزێکەوە دەچێتە ژیانێکی خەیاڵییەوە، کە لە چەند شانشینێک پێکدێت. لێرەوە ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا نووسەر ئاگاداری جۆرەکانی ڕۆمانە؟ ئایا نووسەر ڕۆمانی دژە ڕۆمانی نووسیوە؟ یان کەم ئەزموونی نووسەر و بێئاگایی لە بەرهەمە ئەدەبییەکان، وای کردووە بەرهەمەکە بەم شێوەیە بێت و نووسەر ئاگاداری ئەم جۆرە لە نوسین نییە، کە لەساڵانی نیوەی یەکەمی سەدی بیستدا "سارتەر" لە ڕۆمانی (دڵڕابوون) کاری لەسەر کردووە.

دەروازە:

ئەم ڕۆمانە لە (٧)چاپتەر پێکدێت، کە هەر چاپتەرەی ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە (١–٧) و لێک جیاکراوەتەوە. لەگەڵ تەواو بوونی هەر چاپتەرێکدا وێنەیەکی خەیاڵی بوونی هەیە، وەک هێمایەک بۆ شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە لە کۆتا چاپتەر هیچ وێنەیەکی خەیاڵی نەکێشراوە و جیاوازە لەوانی تر. کارەکتەری سەرەکی کە (جەمال)ە، لەدوای چوونە ناو شانشینەکان، بەشێوەیەکی گێڵانە هەڵسوکەوت دەکات، بۆ هەر بابەتێک پێوستە ڕوونکردنەوەی بۆ بدەن و دەرنگیش تێدەگات لە قسەکان، ئەمەش وای کردووە هەندێک جار سەرزەنشت بکرێت، بەبۆچوونی من، نوسەر لەم هەڵبژاردنی کارەکتەرەدا سوودی لە ڕۆمانی(گوێ بگرە پیاوی بچوک) وەرگرتووە،کە لەساڵی ١٩٤٥ نوسراوە لەلایەن ولیم ڕایش، کە نوسەرێکی ئەڵمانیە و لەم ساڵانەی

هۆشیار جەمال بەرگی ڕۆمانەکە

ڕابردوودا چەندین جار لەلایەن زیاتر لە وەرگێڕێک کراوەتە زمانی کوردی. ناونیشانی ڕۆمانەکە ٣٦٠ شانشین، کە سەیری دەکەیت یەکسەر خەیاڵت بۆ ئەوە دەڕوات ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لە ٣٦٠ شانشین ڕووبدات، بەڵام هەموو ڕوداوەکان تەنها لە ناو (٤) شانشیندا ڕوودەدا و کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێت، کارکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە ناو ژیانی واقعی و کۆتایی دێت، بەڵام نووسەر لە کۆتایدا نووسیویەتی کۆتایی بەرگی یەکەم !

دیالۆگ لەناو ڕۆمانەکەدا:

ڕۆمانەکە پڕە لە دیالۆگ لە نێوان جەمال و تابان، جەمال و ڕووناک. بەڵام دیالۆگەکان لە ئاستێکی نزمدان و قسەکان گشتین، تەنانەت خۆشەویستیەک لەلایەن جەمالەوە بۆ تابان دروست دەبێت، ئەو دەربڕینانەی نوسراون زۆر ئاستێکی نزمی ئەدەبیانەی هەیە و زیاتر لە دەربڕینی هەستی مێرد منداڵیکی کوڕ بۆ کچ دەچێت.

شێوازی زمان:

شێوازی زمانی ئەم ڕۆمانە زۆر جیاوازە، لەهەر ڕۆمانێکی تر چونکە دابەش بووە بۆ دوو جۆر زمانی نوسین، یەکەمیان: ئەوەی باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی نوسینەکەدا زمانێکی ناتەواو و ناڕێکخراوە، واتە دیالۆگ و ئاخاوتنی کارەکتەرەکان زیاتر قسەی ئاسایی ناوخەڵکە و زمانێکی ئەدەبی سەرنجراکێش بوونی نییە. لەبەرامبەردا بەشێکی تر لە دێڕەکانی ناو ڕۆمانەکە، تاڕادەیەک زمانیکی ئەدەبیە و دەربڕین و ڕستەکانی خوێنەر ڕادەکێشن بۆ خوێندنەوە، پرسیارێک لێرەدا دروست دەبێت ئایا ئەم ڕۆمانە بەرهەمی یەک نووسەرە؟ یان زیاد لە نووسەرێک، ئەم بەرهەمەی نووسیوە؟

شوێن:

شوێنی ڕووداوەکان لەم کتێبەدا بەدیاری کراوەی وڵاتێک یاخود شارێک یاخود ناوچەیەک نییە، کە لە واقعدا بوونی هەبێت، ئەوەی هەیە زیاتر لە ئەفسانەیەک دەچێت، کەمترین کەسی تێدا دەژی، ئەم ڕۆمانە سەرباری زۆری لاپەڕەکانی بەڵام نەیتوانیوە وێنەیەکی جوانی ئەو شوێنە بخوڵقێنێت، کە ڕووداوەکان لێی ڕوویان داوە، لەڕووی بوونی سروشتی جوان و بوونی ڕووبار ناوچەی شارستانی و بازار و چەندین بابەتی تر، نووسەر بۆجاری دووم لە ڕۆمانەکەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕۆمانێکی ترەوە، کە ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی جۆرج ئۆرویڵە و لە یەکێک لە شانشینەکاندا باسی سیستەمی حکومرانی ئەو شانشینە دەکات، کە لەلایەن ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەرەوە حوکمڕانی دەکرێت، لای جۆرج ئۆرویڵ بنەماڵەی بەرازەکان دەسەڵاتدارن، لای ڕێبوار وەلی کەڵەشێرێک سەرۆکە. بەگشتی پەیامی نوسەر زۆر ناڕوونە لەسەر ئاین و سیاسەت و پەروەردە و کۆمەڵگا بەڵام زۆر بەشەرمەوە دەیەوێت ڕەخنە لەم لایەنانە بگرێت.

سەرچاوەکان

١/ ٣٦٠ شانشین، ڕیبوار وەلی کاوانی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سارا.

٢/بنیادی گێرانەوە(چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیە لەبارەی چیرۆک و ڕۆمان و ڕۆمانە شعر)، عبدوڵلا ڕەحمان، چاپی یەکەم ٢٠١٤، خانەی موکریان بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

٣/ ڕۆمان چییە؟، نوسینی ئیزامیر مالکام، وەرگیرانی جەواد مستەفا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨ خانەی موکریان بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

عومەری کەریم ئاغا و چەمکی تەوسگەرایی

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

بەوپێیەی مرۆڤایەتی هەر لەکۆنەوە ڕووبەڕوی گرفت و کێشەکان بۆتەوە، ئەویش بەهۆی ستەمەکانی هێزی بااڵی دەسەاڵت و کۆیالیەتی چینە هەژار و دەستکورتەکان، ئەوا لەهەمان کاتدا کەسە بەئەزموونەکان بیریان لەڕێگە چارەیەکی فیکری کردۆتەوە، بەمەبەستی ڕاگرتنی باڵانس و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان. ئەریستۆفانیسی یۆنانی کۆن لەڕێگەی کارە کۆمیدیاکانییەوە، وەک ئەرکێکی ئەخالقی و ئەدەبی گاڵتەی بەکۆمەڵگاکەی خۆی دەهات، لە کاتێکدا قایل دەبوون بەسەرجەم بڕیارەکانی هێزی باڵای دەسەاڵت. هەر لەبەر ئەمەش بووە نازناوی باوک، یان میری کۆمیدیای کۆنیان، پێ بەخشیوە. لەزەمەنی ڕیسانسیشەوە، بەبۆنەی ئەدەبیاتی (ئەلسکەندەر پۆپ) ی ئینگلیزی و (جۆناسان سویفت) ی ئیرلەندی و(گۆگۆڵ)ی ڕوسی، تەواو چەمکی تەوسگەرایی لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و بوێرانە نووسەران کەوتوونەتە ڕەخنە لە کۆمەڵگا و دەسەاڵت. گەرچی تەوسگەرایی بەمانای پێکەنین لە پێناو پێکەنیندا نایەت، کە ئەمە جۆرێکە لەقۆشمەچێتی (تهریج) بەاڵم لەگەڵ ئەمەشدا، لەڕێگەی کردارە کۆمیدیاکانەوە، دەتوانێت بچێتە نێو جومگەکانی کۆمەڵگاوە و بەشێوازێکی ڕەخنە ئامێز کەموکوڕی و هەڵە و شتە ناشیرین ونامۆکان، بۆ تێکڕای خەڵکی دەردەخات، یان ئاشکرایان دەکات. بەمەش لەالیەکەوە تەوسگەرایی ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە، بەشتە جوان و ناشیرینەکانییەوە. لەالیەکی تریشەوە پارێزگاری لە بەها مرۆڤایەتییەکان دەکات. ئەمەیان جۆرێکە لەچەکی هەستیاری بەوپێیەی خاوەن تەوسگەراییەکان، بەنموونەی عومەری کەریم ئاغا، مەبەستیانە کە تاکی کۆمەڵگا هوشیار بکەنەوە لە گەندەڵییەکان. هەر ئەمەش وایکردووە، کە ڕەخنەگران باێن "تەوسگەرایی شێوەیەکە لەشێوەکانی ئەدەبی بەرەنگاری دژ بە گەندەڵکاران". کەواتە تەوسچییەکان ڕۆژانە وەک کەسێکی گەرۆک دەگەڕێن و چاودێری وردی دیمەنەکانی تێکڕای خەڵکی، بەهەژار و دەوڵەمەند و تەنانەت پیاوانی دەسەاڵت دەکەن و دواتر بەکاری پۆڵێنکردنی ئەو دیمەنانە هەڵدەستن و گوڵبژێری دەکەن، لەگرنگەوە بۆ گرنگتر و گرنگترین. لێرەدا بەرهەمەکانیان پێدەنێتە گوتارە ڕوشنبیرییەکان، کە کارنامەی سەرەکی ئەم گوتارە بریتیە لە:

– بەئاگابوونی تێکڕای خەڵکی بەو هەڵە و کردارانەی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن، ئەمەش جۆرێکە لەتاقیگە پەروەردەییەکان.

– چاوپێخشاندنەوە بەکردارەکاندا، ئەمەش بەمەبەستی گۆڕینی ئاڕاستەکانە لە ناشیرینەوە بۆ جوان بەو پێیەی تەوسگەرایی لەبنەڕەتدا دەربڕینێکی ئیستاتیکی ویژدانییە و لەڕێگەی هەڵوێستەکانەوە دەگەڕێت بەدوای مەسەلەکانی تێکڕای خەڵکیدا. گومانیش لەوەدا نییە کە مەبەستی سەرەکی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی، کە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی گەندەڵییەکان.

– گەورەکردن و فراوانکردنی هێزە هزری و فیکری و مەعریفییەکانی تاک، وەک ئەوەی تا ڕێژەی ئەو هێزانە لەگەورەبوونداً بێت، ئەوا لەبەرامبەردا کێشەکان بەرەو چارەسەر دەڕۆن.

– خوڵقاندنی بوێری لە نێو تێکڕای خەڵکیدا، وەک ئەوەی هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵەدانی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ ونبونی بوێری و ئازایەتی و ئازادی..

– ڕاهێنان لەسەر چەمکی ڕەخنەگرتن بەوپێیەی تەوسگەرایی لە ناوەڕۆکدا کردارێکی ڕەخنەییە، دەرهەق مەسەلە و دۆخ و کەسەکان.

– چاکسازی لە ڕەفتاری کەسەکان بە جیاوازی تەمەن و فیکر و ئایدیا و چین و ئاستەکان. تاڕەفتاری تێکڕای خەڵکی بەشێوە چەقبەستووەکان بێت، ئەوا هێزی گەندەڵی و ئێش و ئازارەکان لەگەشەدا دەبن. هەر لەبەر ئەمەشە تەوسچییەکان دەیانەوێت و بەڵکو خوازیارن، کە ئاڕاستەی ڕەفتارەکان بگۆڕدرێت.

– یەکگرتنی دید و بۆچوونەکانی تێکڕای خەڵکی بەتایبەتی بەرامبەر بەمەسەلە ناشیرین و قێزەوونەکان، وەک ئەوەی گەر ئەو دیدوبۆچوونانە یەکنەگرن، ئەوا ئەو مەسەلانە بەکراوەیی دەمێننەوە و بەردەوامیشیان دەبێت.

– ڕزگاربوون لەچەمکی زۆرداری، کە هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی گرفتە سۆسیۆڵۆژی و سایکۆڵۆژی و فیکرییەکانە.

– دروستبوونی قەوارەیەکی ڕۆشنبیری لەنێو تێکڕای خەڵکیدا، وەک ئەوەی سەرچاوەی نەهامەتییەکان و ونبونی ڕەهەندە ڕۆشنبیرییەکان بێت.

هەموو ئەمانە ئاماژەن بەوەی، کە نووسینە تەوسگەراییەکان پێویستیان بەکەسە بە ئەزموونەکانە، کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی گۆڕینی ئاڕاستەکانیان هەیە، لەخراپەوە بۆ جوان. لێرەدا کەسێتی تەوسگەرایی پێویستیان بەم جەمسەرانەی لای خوارەوەیە:

– جەمسەری عەقڵی. خاوەن تەوسگەراییەکان هەڵگری خەسڵەتەکانی زیرەکی و خەیاڵی و لۆژیکین، کە زۆر جار بەرهەمی ئەم خەسڵەتانە لەڕێگەی ڕەهەندە کتوپڕییەکانەوە دەخولقێن. واتە هێزە کەڵەکەبووەکانی عەقڵ دەبنە سەرچاوەیەکی وزەبەخش بۆ دەبڕینە فیکری و سۆسیۆڵۆژی وسایکۆڵۆژییەکان. بۆ نموونە، عومەری کەریم ئاغا لەیەکێک لە دیمەنەکانیدا دەڵێت"لەکاتی دەسەاڵتی ڕژێمی بەعسدا، کەسێکی بەعسی هەبوو، زۆر زۆر بێناموس و پیاو خراپ بوو، ناوو شۆرەتی خراپی لەناو خەڵکیدا بااڵببۆوە. سەیر لەوەدا بوو، لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا نەکوژرا، وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو. دوای ڕاپەڕین چاوم بەم خۆفرۆشە کەوت. گوتم: ها ! فاڵن چۆنی لەچیدای؟ گوتی: ئاغا گیان زۆر باشم، هەر خوا بێحورمەتمان نەکات. هەر کە ئەمەی گوت: یەکسەر گوتم: "جاتوخوا لە تۆ بێحورمەتتر هەبوو!" (کەشکۆڵی ئاغا، عومەری کەریم ئاغا، بەرگی چوارەم، دەزگای چاپ وپەخشی جەمال عیرفان،2012 : لاپەڕە– 76–77).

قسەکەر کە عومەری کەریم ئاغا خۆیەتی، لەپاڵ ئەوەی کەسێکی وریا و خاوەن ئەزموونێکی ژیانی و فیکری بەهێزە، ئەو کەسێکی بوێرپشە و وەاڵمێکی زیرەکانە و خێرای کابرای خۆفرۆشی دایەوە، کە تەواو دەگونجا لەگەڵ کەسێتی ئەم خۆفرۆشە. لەهەمان کاتیشدا ڕەخنە لە دەسەاڵتیش دەگرێت، کە کەسە خۆفرۆشەکان هیچ سزایەکی نیشتمانیان وەرنەگرتووە. لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "لەکۆمەڵگەدا واباوە هەر کەسێ ژن بهێنێ، یاخود خانوو بکات (ئیمامی عەلی) لەپشتێتی، یان زامنێتی.

برادەران گوتیان ئاغا تا چەند ئەو بۆچوونە تۆی گرتۆتەوە؟ منیش پێمگوتن: نەلە ژن هێنان و نە لەخانوو کردندا، ئیمامی عەلی یارمەتیدەرم نەبووە. گوتیان چۆن؟ گوتم: لەبەر ئەوەی ناوم عومەرە" (کەشکۆڵی ئاغا، بەرگی چوارەم:76). گەر ئەم دیمەنە کۆمیدییە بەپێی ڕەخنەی ڕۆشنبیری کاری لەسەر بکەین ئەوا قسەکەر ئەوەمان پێدەڵێت، کە بابەتە کلتووریییەکان لەدەستکردی مرۆڤەکانە و هەر مرۆڤەکانیشە دەتوانن تێکیان بشکێنێت. عومەری کەریم ئاغا لەم دیمەنەدا لە الیەکەوە دەیەوێت باێت: کە ئەو بۆچوونانە، کەمۆرکێکی ئایینی پێوە دیارە، هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینە و و زانستی نییە بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەتا ژن و ماڵیشی کردووە و ئیمامی عەلیش هیچ یارمەتییەکی نەبووە.

عومەری گەریم ئاغا زۆر بە وریایی و وردبینەوە وێنەکان دەگرێت، وەک ئەوەی خۆی وێنەگر و دەرهێنەریان بێت. ئەمەش پەیوەندی بەکەسێتی خۆیەوە هەیە بەتایبەتی لەبواری گێڕانەوەگەریدا ئەو کەسێکی دەم بەپێکەن و خۆڕسکە

پاشماوەی ل 5

لە لایەکی تریشەوەڕەخنە لەکۆمەڵگا دەگرێت، بەوەی کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە باوەڕیان بەکرداری ئەفسانەییەکانە، کە کلتوور لەپێناو قایلکردنی تاکەکاندا بەڕیرسی سەرەکی ئەم تێکەڵکردنەی نێوان ئەفسانە و ئایینە. بەمانایەکی تر عومەری کەریم ئاغا بەهۆی ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکەیەوە ئاگاداری ئەوەیە، کە کلتوور بەزۆرەملێی چەند بۆچوونێکی سەپاندووە بەسەر کۆمەڵگاکاندا، بەڕەچاوکردنی جێگە و زەمەن و ئایینیش لە نزیک و دوورە بەرپرسی ئەم بۆچوونە نییە. واتە ئاغا دەزانێت کە کۆمەڵگای کوردی پەیوەندییەکی ڕۆحی و ئایینی هەیە لەگەڵ ئیمامی عەلی و ئەم پەیوەندییە بووە بە واقیعێکی ئایینی و کلتووری، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەیەوێت بڵێت، کە ئەم بۆچوونە لەجێگەی خۆیدا نییە. ئەم بۆچوونەی لەڕێگەی تەوسێکەوە ئەنجام داوە، کە هەمووان دەگرێتەوە بەجیاوازی ناوەکان.

– جەمسەری سایکۆلۆژی: گەرچی خاوەن تەوسەکان هەمیشە لەحاڵەتی ڕەخنەگرتنە زبرەکاندان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەڕووی سایکۆلۆژیاوە، کەسانێکی هەڵچوونی نین. بەپێچەوانەوە لەڕووی سایکۆلۆژیاوە کەسانێکی لەسەرخۆ و ڕۆح سووکن. بەمانایەکی تر، گێڕەرەوە، یان قسەکەر وەک شاعیرێک هەڵسوکەوت ناکات، کە زۆربەی کات دەربڕینە هەڵچوونییەکان ڕۆڵی سەرەکیان دەبێت لەدامەزراندنی دەقەکانیاندا. بەڵام لەدیمەنە تەوسییەکاندا ئەرکی خاوەن تەوس، گێڕانەوە و وەرگێڕانی دۆخ و مەسەلەکانە، بەبێ ئەوەی ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکان بەربەستێک دروست بکەن، لەبەرامبەر ناوەڕۆکی دیمەنەکان. بەمەش بابەتە تەوسییەکان گوشار ناخەنە سەر بارە سایکۆلۆژیاکانی خاوەن تەوس. هەر لەبەر ئەمەشە بەرهەمەکانیان بەشێوازێکی زۆر دیبلومانسیانە دەچن بەڕێووە. بۆنموونە ئاغا لەیەکێک لەدیمەنەکاندا دەڵێت" ڕۆژی 2006/2/26 چەند برادەرێکم هاتن بۆ گاڵتە و سوعبەت گوتیان: ئاغا تۆ وەک سیاسەتمەدارێک پرسیارێکت لێدەکەین. وادیاربوو لەوەوپێش تەگبیریان کردبوو. گوتم فەرموون پرسیارەکەتان بکەن. یەکێکیان گوتی:ئاغا کەی حکومەتی عێراق دروست دەبێت؟ منیش گوتم: یەکەم من سیاسەتمەدار نیم، دووەم تاکەر لەبەغا نەزەرێ دروست نابێ " (کەشکۆڵی ئاغا. بەشی چوارەم:86) .

لەم دیمەنەدا دەشێ بگوترێت کە:

–عومەری کەریم ئاغا،گەرچی وەک کەسێکی سروشتی پێناسەی خۆی کردووە و کەوتۆتە دەرەوەی چەمکی سیاسەتمەداری، کە ئەمە جۆرێکە لەبێ فیزی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا و بەهۆی کاریگەرییە دیدیهیکانیەوە توانای وردکردنەوەی دۆخە سیاسییەکانی هەیە، بەڵکو ئەم دیدە ڕەنگە زۆر بەهێزتر بێت لە تێڕوانینی کەسە سیاسەتمەدارەکان بەو پێیەی لە نزیکەوە دەزانێت، کە سەرچاوەی بڕیارەکان لە مەڵبەندە، نەک جێگەکانی تر.

– نووسەری ناوبراو، بڕوای وایە کە کلیلی چارەسەر تەنها لای مەڵبەندە کەبەغدایە. بەمەش لەلایەکەوە ئامۆژگاری خاوەن دەسەڵاتی کوردی دەکات، کەڕێگەی بەغدا باشترین ڕێگایە نەک جێگەکانی تر، بەتایبەتی دراوسێکان. لەجەمسەرێکی ترەوە ئەوەش ئاشکرا دەکات، کەئەم مەڵبەند خاوەن کەسێتی مۆلکداری بەهێزە، چونکە سەرچاوەی بڕیارە.

–نووسەر، بەزمان و دەربڕینێکی زۆر کورت زۆرترین زانیاری گرنگ دەدات بەخوێنەر. ئەمەش بەمانای کورتکردنەوەی تێڕوانینەکانە، بەمانایەکی ڕوونتر،عەفەوییەت و ڕاستگۆیی و زیادەنەڕۆیی پەیامێکی هەرە گرنگی تەوسگەرایە، کەماوەکان بەخێرایی دەبڕێت و خۆی خەریک ناکات بەشتە لاوەکییەکانەوە .

– جەمسەری ئەدەبی. گەر وردبینەوە لەسەرجەم دیمەنەکانی کەشکۆڵی ئاغا، بەهەموو بەشەکانییەوە، ئەوا بەئاشکرا تێبینی ئەوە دەکەین، کەعومەری کەریم ئاغا زۆر بەوورپایی و وورد‌بینەوە وێنەکان دەگرێت، وەک ئەوەی خۆی وێنەگر و دەرهێنەریان بێت. ئەمەش پەیوەندی بەکەسێتی خۆیەوە هەیە بەوپێیەی بەرلەوەی دەست بکات بەکاری نووسین بەتایبەتی لەبواری گێڕانەوەگەریدا، ئەوا کەسێکی دەم بەپێکەنینی خۆڕسک بوو. لەجەمسەرێکەوە قسەخۆشەکانی و لەجەمسەرێکی ترەوە جۆلە کۆمیدیاکانی، کە سەرنجی هاوڕێ و تێکڕای خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و پایەدەکێشێت. بەشێکی زۆری ئەم خەسڵەتە لەکارە هونەرییەکانیدا بەزەقی بەدەردەکەوێت. جێگەی ئاماژەیە کە ئاغا کەسێکی تەواو سادە و سروشتییە کە بێگومان پێشەی مامۆستایەتی و دواتر کاری سەربەست لەبازاردا کە لەنزیکەوە وێنەی کێشە و گرفتەکانی تێکڕای خەڵکی دەگرێت، فاکتەرێکی وزەبەخشن. ئەمە هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی دۆخەکان.ئەرکی ڕۆژانەشی بریتیە لەگەڕان و گرتنی وێنە و بەرجەستەکردنیان. لێرەدا گەرچی بۆماوەبوون ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام لە ئاغادا کۆمەڵگا بووە، بەتاقیگەیەکی بەهێزی گێڕانەوەکان.شاری سلێمانی، کەهەمیشە داپۆشراوە بەخەم و ئێش و ئازارەکان بەجیاوازی زەمەن پێویستی بەکەرەستە کۆمیدی و تەوسییەکانە.لەلایەکەوە بۆ ڕەوینەوەی ئازارەکان. لەلایەکی تریشەوە بۆ چارەسەری کێشەکان.

بەمەش ئاغا لەیەک کاتدا پێدەنێتە قۆناغی ڕاوێژکاری بۆ کۆمەڵگاکەی. بۆنموونە لە دیمەنێکدا دەڵێت"یەکێک لەبرادەرانی حیزبی کەران، هات بۆ دوکانەکەم. لەو کاتەدا لەسەر مێزەکەم کتێبێکم دانابوو، بەرگەکەی وێنەی کەرێکی لەسەر بوو. ناونیشانەکەشی (کەرنامە)یە، کە چاوی بەوێنەی کەرەکە کەوت گوتی: ئەوە چییە؟ گوتم: (تۆنامەیە). سەیر لەوەدابوو ئەو برادەرە خوێندەواری نەبوو. گوتم وەرە کەریش بیت و نەخوێندەواریش. گوتی:ئاقڵ ژیان هەر بۆ کەرە. منیش گوتم :ڕاستەکەی ئەوە نییە (گا) دەیکات و ئێوەش دەیخۆن" (کەشکۆڵی ئاغا، بەشی چوارەم:88). ئەم دیمەنە دیوێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدات ئەویش بەوەی کە گرەوی ژیان لە تای تەرازووی ناعاقڵانەکاندایە و لەبەرامبەردا خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان، یان خاوەن دەسەڵاتە مەعریفییەکان، بەشەکانیان هەر ئێش و ئازار و خەمە چونکە ئاستی بیرکردنەوەیان بۆ مەسەلەکان لە جۆری بەرپرسیارێتییە و لەئەنجامدا بەش خوراو دەردەچن.ئەمە لەلایەکەوە نیشانەیەکی ترسناکی هەرەسە ئەخلاقی و سۆسیۆلۆژی و فیکرییەکانە. لەلایەکی تریشەوە بێ ڕێزیکردنی چەمکی ویژدانی ڕۆشنبیرییە کەبێگومان ئەم ویژدانە بەشێکی گرنگی بەها زاڵە جوانەکانی کۆمەڵگایە.لێرەشەوە ڕووبەرە گەورەکانی جێگە وکەسەکان دەکەونە ژێر هەڕەشەی سڕینەوە ئینتۆلۆژیاکان کەئەمە لەبەرژەوەندی مەسەلە گەورەکاندا نیە بەنموونەی خاک ونیشتمان ونەتەوە.کەواتە گێڕانەوەکەی عومەری کەریم ئاغا بریتیە لەهەستکردن بەمەترسی ئایندە ولەهەمان کاتیشدا تاکی کورد بەئاگا دێنێتەوە بەوەی وونبونی بەها زاڵەکان وڕۆشنبیری ودادپەروەری لەدابەشکردندا ئەنجامەکەی وێرانکردنی شوناسی کوردییە.ڕەنگە هەر ئەمەش وایکردبێت کە کورد بەشێوەیەکی گشتی هەتا خاوەن دەسەڵاتێکی جێگەبی خۆی نەبێت .

– جەمسەری سۆسیۆلۆژی.بەوپێیەی کاری تەوسگەرایی بریتیە لەڕاستکردنەوەی هەڵەکانی تاک وکۆمەڵگا ئەوا خاوەن تەوسەکان خۆیان لەئەزموونەکاندا دەبینننەوە بەوپێیەی تەواو تێکەڵ بەبابەتەکانی ژیان دەبن وتەنها لەدوورەوە وێنەکان ناگرن.هەر لەبەر ئەمەشە کەهەڵگری چەمکی بوێری وئازایەتین چونکە ڕۆژانە ڕووبەڕوی چەندین دیمەنی ناوازە وڕەخنە دەبنەوە.ئەوەتا عومەری کەریم ئاغا لەبەرهەمەکانیدا،بەتایبەتی لەکەشکۆڵەکانیدا، جەختی لەسەر دیمەنە سیاسی وئەخلاقی وئایینی وسۆسیۆلۆژییەکان کردۆتەوە ولەدەربڕینەکانیشیدا بوێرانە وزۆر ڕاشکاوانە دەچێتە نێو ئەو مەسەلانەی کەبەلای تێکڕای خەڵکییەوە هێڵی سوورە.واتە کاتێک نووسەر،عومەری کەریم ئاغا،باس لەمەسەلە قەدەغەکراوەکان دەکات بەنموونەی سێکس ئەوا کارەکە پەیوەندی بەخۆیەوە نیە بەڵکو نوێنەرایەتی ناخی تێکڕای خەڵکی پێدەکات.بەمانایەکی تر،نووسەر لەکاتێکدا نموونەکان لەسەر خودی خۆی دێنێتەوە ئەوا ئەو نموونانە پەیوەندی بەزۆرێک لەتێکڕای خەڵکییەوە هەیە.بەمەش کارنامەکەی بریتیە لەگواستنەوەی هەستەکان لەداخراوەوە بۆ کراوە.ئەمەش پێویستی بەئەزموونێکی سۆسیۆلۆژی هەیە.بۆ نموونە لەیەکێک لەدیمەنەکاندا دەڵێت"ژن ومێردێکی ناسیاو هاتنە دوکان بۆ لام،مێردەکەی وتی ئاغا تەقاوت بووم.منیش پێموت:سەر وبەر پیاوە؟! وتی بەسەر خراپم بەبەر باشم.پێموت:کۆڵەوار سەر ئاوێنەی بەرە.خێرا ژنەکەی وتی:ڕەحمەت لەگۆڕی مردووت،ئاغا وەکو منی ئەناسێ" (کەشکۆڵی ئاغا،بەشی چوارەم:71).لەم دیمەنەدا ئەم وێنانە بەدی دەکرێت:

– پیاوانی کورد پێان شەرمە ڕاستییەکان بڵێن بەتایبەتی سەبارەت بەهەستی سێکسییانەوە،بۆیە پەنا بۆ زیادەڕۆیی دەبەن.

– بوێری ئافرەتی کورد لەدەرخستنی ڕاستییەکان.گەر سەیری کەشکۆکەڵەکانی ئاغا بکەین ئەوا بەئاشکرا تێبینی ئەوە دەکەین کەدرکاندنی ڕاستییەکان، لەبواری مەسەلە سۆزداری وسێکسییەکاندا، بەڵای ئافرەتدا دەڕوات.وەڵامی ڕاستییەکانیش مەرج نیە ڕاستەوخۆ بێت بەڵکو پارێزگاری لەئەتەکێتی بوونی خۆشیان دەکەن وگەر بەرامبەر ووریا نەبێت ئەوا بەئاسانی لەنامەکانیان تێ ناگەن.

– کەسی بەئەزموون دەبێت ئاگای لەچەمکە بایۆلۆژییەکان بێت بەوەی تا تەمەنەکان لەهەڵکشاندا بن ئەوا لەبەرامبەریشدا هێزی توانەکانیش لاواز دەبن.لەمەیاندا عومەری کەریم ئاغا بەوپێیەی خاوەن ئەزموونە وخوێندەواریشە ئەوا دەزانێت چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو جۆرە تەمەنە بکات لەکاتێکدا دەڵێت"سەر ئاوێنەی بەرە" کەئەمە ئیدیۆمێکی کوردیشە ولەکاتی پێویستدا بەکار دێت. هەموو ئەمانەی سەرەوە ئاماژەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا وئەدەبیات پێویستیان بەچەمکی تەوسگەرایی گەرچی ئەم چەمکە بەقورسترین وناڕەحەترین بابەتی ئەدەبی ئەژمار دەکرێت بەوپێیەی کەسە تەوسچییەکان لەنێو کۆمەڵگادا زۆر دەگمەنن ولەهەمان کاتیشدا ناوەڕۆکی کارەکانیشیان پێویستی بەجوولە وگەڕانێکی بێوچان وهەستێکی ڕاستەقینە هەیە.جگە لەمانەش،مەسەلەی بوێری وداماڵینی دەمامکەکانیش پێویستیان بەکەسە ئەزموونەکانە لەهەموو بوارەکانی ژیان،سیاسی وفیکری وئابووری وسۆسیۆلۆژی.هەر لەبەر ئەمەشە کەدەڵێین تەوسگەرایی چەکی هەستیارەکانە،هەر وەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، چونکە بەشێک لەڕۆشنگەری لەسەر بنەمای ڕەخنە تەوسگەراییەکانەوە دروست بووە ودەبێت.واتە لەو کاتانەی ڕاستییەکانی ژیان بەڕەو خواری دەڕۆن ئەوا تەوسگەرایی ،لەڕێگەی هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییە ڕاستەوخۆ وکۆمیدییەکانەوە ،دەبێتە کۆڵەکەیەکی بەهێزی بەرگری لەدارمان.ئەمەش بەوپێیەی تەوسگەرایی لەبنەڕەتدا بابەتێکی هەستیارییە بۆ تێکڕای خەڵکی وڕۆڵی خودە بەئەزموونەکانیش گەیاندن و وروژاندنی مەسەلەکانە، یان ڕێگە چارەی گونجاوە بۆ کێشەکان.

کورتیلە چیرۆک
درزی ئاوێنـــــــ

سەباح یاسین لە بەرهەمێکی نوێیدا بەناونیشانی (ئاو بە تاو) فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری بڵاوکردۆتەوە

بەشی سێیەم

هەر بۆیە سۆمەری و کورد نەوەیان بە ئاو، تۆو ناوناوە.هوشیاری ئەو داپیر و باپیرە گەورانە لە زوان و ژیان جێی باس و لێکۆڵینەوەی زۆرتر و فراوانترە، ئێمە لێرەدا تەنیا ئەو دەرفەتەمان هەیە، کە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین، کە جەمسەرەکانی ئاو و تاو تێکهەڵکێشانە پێکەوە گرێدراون، یان سەرەتا و کۆتاییەکانیان تێکهەڵکێشانە بەردەوامی بە نوێبوونەوەی خۆ خوێندنەوەیان دەدەن. بۆ نموونە تێکهەڵکێشی سروشت/ گەردوون وەک بوون داوای مانا و هۆکاری دین و دونیایی لە ئێمە ناکات، بەڵکو ئەوە ئیدیالی خۆمانە کە پرسیار لەبارەی کردگار و پەروەردگاری بوونەکەی دەجوڵێنێت. پێدەچێت داپیر و باپیرەکانیش ئەو پرسیارانەیان پێش نیشتەجێبوون هەبووبێت و لەگەڵ نیشتەجێبووندا هانی تێکهەڵکێشی مانا و مانای زوانیان وەک ئاو و تاو بە بوونی تۆوی کردگار و پەروەردگارییەوە ببەستنەوە و لەسەر ئەو بنەمایە بۆچوونی خۆیان کە بەردەوامی سەردەمی چاخەکانی سەهۆڵبەندانی جیهان بووە و جیهانی داهێنانی "ئاوی"ی بووبێت، خۆیان بە نەوەی ئاویی ناونابێت. ئەمە مانایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت، کە تێگەیشتنی ئەوان بۆ زوان سروشتی بووە و پێدەچێت لەو سەردەمانەوە وێنەی زوانیان میتۆلۆژییانە(ئەفسانەیانە) وەک پلەگۆشتی ناو دەم بۆ مابێتەوە، هەروەها لەگەڵ کێڵانی ئەرزدا بیریان لە مانای زوان (گفتوگۆ) و بوونی ئاویی خۆیان کردبێتەوە، هەر بەو مانایەش خوێندنەوەی ئاویی خۆیان بە بوونی هەتاوییەوە بەستبێتەوە، کە بەستەڵەکی تواندۆتەوە، ئەوجا بەدووی ئەو گۆڕانەدا زوانیان وەک سەرچاوەی ماناداهێنان بە زوانی ڕەگەز دانابێت و بە گوێرەی ئەوەش ڕەگەزی مرۆڤیان لە ڕەگەزی ئاژەڵ و ڕووەک جیاکردبێتەوە. ئەو سەرەتایەی زوانی کولتوری لە وشەی زوان و مانای ئاو بە تاودا تۆمار بووە. کەواتە کێڵانی ئەرز لەگەڵ خۆیدا کێڵانی بیر و زوانی هێناوە، بەو مانایەش ئاوەدانی خاک و زوانی ئێمە سەریهەڵداوە. ئەو سەرهەڵدانە سەرهەڵدانی ئیدیالی تاکی/ کۆی زوانەکەیە و هەڵگری مانای سروشتییە/ گەردوونییە و دەشێت وەک سەرەتای مێژووی نیشتەجێبی مرۆڤ و کولتور دیاری بکرێت. کاتێک لە ڕوانگەی سروشتی و گەردوونییەوە لە بڕوا دینییەکانی وەک یارسان، هەقە، عەلەوی[3]، کاکەیی و ئێزدی وردەدبینەوە، ئەوجا بە شێوە ژیان و دونیابینینی جوتیاری کوردیان دەبەستینەوە، ئیدی پتر لە بوونی مرۆڤی و کولتوری زوان تێدەگەین، یان ڕوونتر دەبینین، کە چۆن بەرخۆدانی کردووە و ئەو کولتورە لە بەردەم زۆرداری و داگیرکاری دەرەکی و خۆهەڵخەڵەتانی ناوەکیدا خۆی ڕاگرتووە.

بۆچوونی سروشتی/ گەردوونی کە لەسەر کشتوکاڵ ڕێگەی بۆ کێڵانی ئەرز و بەڕێوەبردنی ژیان کردۆتەوە، هاوکات ئەقڵانیانە ڕێگەی بۆ تێگەیشتن لە هاوتا و جیاوازیی تۆو کردۆتەوە، بەئاگایی لە تێهەڵکێشی ئاو و هەتاو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بریتییە لەو بنەمایەی نوێبوونەوە کە هاوتاکردنی جیاوازیی پاراستووە. نێر و مێی کوردی تا شەڕی یەکەمی گێتی بەیەکەوە ساکار و ئاسان لە کێڵگە و ماڵدا کاریان دەکرد، ئەوەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆبینینە سروشتی و گەردوونییە. زوانی سۆمەری و کوردی بە دەم ئەو ڕوانگە هاوتا و جیاوازەی ئاوەدانکاری دونیاییەوە پەرەیان بە خۆیان داوە، لێڕەشدا مانایان بە تۆو و گیاندار و ڕووەک داوە، ئەو مانایانەش کە لە هەردوو زوانی کوردی و سۆمەریدا هەن و بنەمان، ئاوایی و ئاوەدانیی مێژۆپۆتامیایان داهێناوە. بۆ نموونە ناوبردنی نەوە بە ئاو/ تۆو کە مانادانە بە مرۆڤ، لە بنەڕەتدا پێناسەیەکی سروشتییە/ گەردوونییە، ئەوەش بە زوانی لەوەوبەر و ئەو نوێبوونەوەیەی زوانیان دەبەستێتەوە، کە مانای بە ئاوی/ هەتاوی لەوەوبەر داوە. کەواتە "دەنگ/ وێنە"ی ئاو و هەتاو، لەگەڵ وشە و بیرۆکەی زواندا کە لە زوانی کوردیدا/ سۆمەریدا دووفاقییە، سۆمەرناسان دەنگی مێخەکەیان بە "ئا "a / خوێندۆتەوە. بەردەوامیی ئەو وێنە دووفاقییەی شەپۆلی نزم/ بەرز یان بەرز/ نزمی، ئاون/ تاون کە تێکهەڵکێشانە لەسەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە ([4] gobekli–tepe)وێنە کراوە. وێنەی سەر ئەو بەردە هەڵگری مانای کردگاریی و پەروەردگارییە، ئەوەش نێر و مێی ئاوەدانکەری سەرەتا و کۆتایین کە هونەرییانە ئەو مانایانەیان لەسەر بەردەکە تۆمارکردووە. ئەو مانا تۆمارکراوانەی سەر بەردەکە سروشتین/ گەردوونین و خۆخوێندنەوەی زوانین بۆ ئەو مانایەی ئاو/ تاو و زوان کە هەتاویانە نوێبوونەوەی (updated) گیانداری بە بوونی ئاوەوە بەستۆتەوە. کەواتە وێنەی سەر بەردەکە و وێنەی زوان کە پلەگۆشتە، هەروەها ئاو کە بنەمایە، وێنەدانەوەی سروشتبینیی مرۆڤانی ئەو سەردەمە بوون: ئەوان مانای ئاویان بە تاو و مانای پلەگۆشتەکەیان بە ڕەگەزەوە بەستۆتەوە، یان وەک وێنەی شەپۆلەکان لە یەکدییان هەڵکێشاون. ئەو تێکهەڵکێشییە ئەفراندیکی کردگاری و پەروەردگاری بووە. مرۆڤەکان خۆشەویستیی ئەرزیان/ ئاسمانیان بە بنەمای ژیان دادەنا. ئاو/ تاو و وێنەی ئاوی سەربەردەکەی گۆبەکلی تەپە ([5])، هەروەها گلێنەی ئوبەیدیەکان، هەڵگری ئەو مانا کردگاری و پەروەردگارییەن، کە ئەفسانە ئەفراندنی سۆمەری یان مێزۆپۆتامیای لەسەر بیناکراوە . با بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم پرسە هەڵوێستە لەسەر نووسینی شەپۆلی (ئاو)بکەین، کە هێمایی و بیرکارییانە لەسەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە وێنە کراوە. شەپۆلی ئاو بە تاو لەگەڵ داهێنانی نووسینی مێخیدا گۆڕانی بینی: لە هەزار ساڵی یەکەمی داهێنانی مێخدا گۆڕرا بۆ مێخی "" و لە هەزار ساڵی دووەمی داهێنانی مێخدا گۆڕرا بۆ مێخی "". بە تاو وەک سەرچاوەی نوێبوونەوە نەوەیە، کە خۆ خوێندنەوەیە. بەردەوامیی ئەو وێنە دووفاقییەی شەپۆلی نزم/ بەرز یان بەرز/ نزمی، ئاون/ تاون کە تێکهەڵکێشانە لەسەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە ([4] gobekli–tepe)وێنە کراوە. وێنەی سەر ئەو بەردە هەڵگری مانای کردگاریی و پەروەردگارییە، ئەوەش نێر و مێی ئاوەدانکەری سەرەتا و کۆتایین کە هونەرییانە ئەو مانایانەیان لەسەر بەردەکە تۆمارکردووە. ئەو مانا تۆمارکراوانەی سەر بەردەکە سروشتین/ گەردوونین و خۆخوێندنەوەی زوانین بۆ ئەو مانایەی ئاو/ تاو و زوان کە هەتاویانە نوێبوونەوەی (updated) گیانداری بە بوونی ئاوەوە بەستۆتەوە. یان وەک وێنەی شەپۆلەکان لە یەکدییان هەڵکێشاون. ئەو تێکهەڵکێشییە ئەفراندیکی کردگاری و پەروەردگاری بووە. مرۆڤەکان خۆشەویستیی ئەرزیان/ ئاسمانیان بە بنەمای ژیان دادەنا. ئاو/ تاو و وێنەی ئاوی سەربەردەکەی گۆبەکلی تەپە ([5])، هەروەها گلێنەی ئوبەیدیەکان، هەڵگری ئەو مانا کردگاری و پەروەردگارییەن، کە ئەفسانە ئەفراندنی سۆمەری یان مێزۆپۆتامیای لەسەر بیناکراوە.



ماوێتی

پێشانگایەکی شێوەکاری لەهانۆفەر

رۆژانی ٣١ی ٨و ١ی٩ لەهانۆفەر لە٦٩شوێندا هونەرمەندانی شێوەکار دەرگایان بۆ بەرهەمەکانیان لەپێشانگایەکدا والاکرد. هەر شتێک لەژێر ناوی هونەردابێت نیشاندەدرێت: وێنەی فۆتۆگرافی، شێوەکاری، گرافیک...تد .ئەم نمایشە شارەوانی هانۆفەر پێی هەڵساوەو خەڵکێکی زۆر بەپەرۆشەوە هاتبوون و لەوێدا بەپرسیاری سەردانیکەران و وڵامی شێوەکاران کاتێکی خۆش بۆ سەیرکردن وچێژوەرگرتن وکڕین بەسەردەبەن، لەنێو ئەم بەرهەمانەدا شوێنی شێوەکارو خۆشنووس"تەها سالح" لە پڕۆگرامی پیشانگاکەداشدا هاتوەو هەر کە ڕوو لەشوێنەکە دەکەیت بەتابلۆیەکی ناوازە هەست دەکەین ئەمە بۆنی کوردستانی لێدێت، چونکە تابلۆیەک لەپێشوازیتدایە، بریتییە لەهاوارێک ولەنێویشیاندا بەخەتێکی جوان وتێکەڵاو ناوی شارو گوندەکانی کوردستانی لەسەر نووسراوە، هونەرمەندانە نیشانی دەدات کە لەهەموو بستێکی خاکی کوردان دەنگ وهاوارێک بەرزبۆتەوەو ئازاری گەلەکەی بەیان دەکات، دواتر لەژووڕەوە تابلۆیەکیتر دەبینرێت کە خانمێکەو ڤژی بەپیت کێشراوەو لەئارامیدا دەژیت، دواتر شەڕوشۆڕ بەڕەنگی زەردوسوورو پاشان بەڕەنگی شینی تۆخ وکاڵ وێنەی مرۆڤ بەڕەش و ئاوارەیی وێنادەکات، دیارە تابلۆی عومەری خاوەریش لەناوەڕاستی بەرهەمەکاندایەو لەیەکێکیتر لە بەرهەمەکانیدا تابلۆی سووتاندنی خەرمانی بەروووبوومی جوتیاران نیشان دەدرێت و وشەی(گەنم مەرگ)بەدی دەکرێت، لێرەوە دەست خۆشی وهیوای سەرکەوتن بۆ چاڵاکییەبەردەوامەکانی کاک تەها دەخوازم وچەند وێنەیەکی هاوکارێکی بەناوی" سێرگی" کە وێنەیەکی جوانی شەمەندەفەرێکی کێشاوە زۆر لەفۆتۆ دەچێت وچەند وێنەیەکیتری پیشانگاکە بەگشتی و ئامادەبووان دەخەینەڕوو.



گردنەوەی پێشانگەی فۆتۆگرافی بە نێـــــوی قەڵای هەولێر لە ڤیستیڤاڵی کولتووری هاوینەی شاری لودڤیگس هافن‌ی لە ئەڵمانیا

نووسەر و هونەرمەند یووسف مەنتک لەبواری کولتووری چالاک و بەشدار بووە، لە کردنەوەی پێشانگەی فۆتۆ گرافی، بە نێوی قەڵای هەولێر لە 29 هەمین ڤیستیڤاڵی کولتووری هاوینەی شاری (لودڤیگس هافن)، لە ئەڵمانیا، کە پێشانگەکە دوو هەفتە بەردەوام بوو، لە هۆڵی ئەکادمییای ئەدریم شانۆی لاون، لە لایەن شارەوانی شاری ناوبراو، کە جێگری پاریزگار و بەرپرسیاری کولتووری خاتوو پرۆفیسۆر .د . کۆرنێڵا ڕایفن بێرگ ئامادەبوون.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

کەمال هەژار

کەمال ڕەحیم حاجی ئەحمەد جۆڵا ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٣ بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی عێراق و ساڵی ١٩٨٤–١٩٨٥ بووە بە ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، ساڵی ١٩٩٠ گەڵەری هەژاری کردۆتەوە بۆ نمایشکردنی بەرهەمە شێوەکارییەکانی، لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا ئەندامی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانە، بەشداری زیاتر لە پەنجا پێشەنگای هاوبەشی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانی کردووە، ساڵی ١٩٩٥ پێشەنگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٦ بەشداری پێشەنگای هاوبەشی جیهانی لە (ابن البواب) لە وڵاتی تورکیا لە ئەستەمبوڵ، بۆ کاری خۆشنووسی و زەخرەفەی ئیسلامی کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٨ پێسەنگای تایبەتی لە شاری هلسنکی لە وڵاتی فینلاند کردۆتەوە، نزیکی ٢٠٠ کارتی چاپکردووە و بەخۆڕایی دابەشی کردووە، بڕوانامەی ڕێزلێنانی وەزیری ڕۆشنبیری عێراق و ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ڕێزلێنانی وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، هەمان ساڵ پێشەنگای تایبەتی پۆرترێتی ناوداران و شاعیران و ئەدیبانی کۆنی کوردی کردۆتەوە، ساڵی ٢٠٠٩ بەشداری دەیەمین پێشەنگای هونەرمەندانی سلێمانی کردووە، لە ئەمنەسوورەکە و بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان ناوەندی سلێمانی وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٠ پێشانگای تایبەتی (سەمای ئەسپەکانی)ی لە هەولێر کردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠١٤ دوە پڕۆژەی دەرخستنی پانۆڕامای خۆڕاگری کوردی دەرخستووە و ساڵی ٢٠١٩ پێشانگایەکی تایبەتی لە هۆڵی ئەمنەسوورەکە بۆکردۆتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/kamal.hajar.12/photos_all?sk=wall&list=100001818168085%3A100020914177793%3A1567542945



تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

14 September . 2019 Nummer. [70]
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 بڕیارە سەربازانی ئەڵمانی لە کوردستان بمێننەوە، لە (بورهان ئەمین) دەوە
– ل 2 چاپکردنی کتێبی (داهێنان و مەرگ)ی سەلاح حەسەن پاڵەوان بە زمانی عەرەبی . . . . . .
– ل 3 ڕەنگاڵە... دوو وەرگێڕانی مامۆستا م. ئارام لە ئەڵمانیاوە.
– ل4 هەڵدانەوەی دیوێکی تری شۆرشی کورد لەڕۆمانی وێرانەدا.... نووسینی: هۆشیارجەمال..
– ل 5 و ل 6 گۆشەی 24 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە
– ل 7 دوو نووسینی فاروق هۆمەر: بێڕێزی نەکردن لە کاری نووسیندا....
ل 8 و ل 9 سەباح یاسین،فەرهەنگۆکی کوردی– بەشی چوارەم، سۆمەری تاو بەتاو..
– ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد: سامانعوسمان.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

14 September 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 70
70 ی 14 ی ئەیلولی 2019

بڕیارە سەربازانی ئەڵمانی لە کوردستان بمێننەوە

فڕۆکە تایبەتییەکەی میرکل لەکارخرا

دوای ئەوەی لەماوەی چەند مانگێکدا دوسێ جار کێشەی میکانیکی و تەکنیکی تێکەوت، سوپای ئەڵمانیا بڕیاریدا، فڕۆکە تایبەتییەکەی خاتو ئەنجێلا میرکل، کە جۆری گلۆبالّ 5000 لەکار بخات و فڕۆکەیەکی تازەتری بۆ تەرخان بکات، ئەو فڕۆکەیە لە ساڵی ٢٠١١ دروستکراوە و نرخەکەی پێنج شەش ملیۆن یۆرۆیە، چاککردنەوەکەی بەقەدەر نرخی یەکێکی تازەی تێدەچێت بۆیە سکرابکرا.

بڕیارە سەربازانی ئەڵمانی لە کوردستان بمێننەوە

هەردوو پارتی هاوپەیمانی فەرمانڕەوا لە ئەڵمانیا "دیموکراتی کریستیان و سۆسیال دیموکرات" لە سەر درێژکردنەوەی ئەرکی راوێژکارانی سەربازیی وڵاتەکەیان لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕێکەوتن و بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە، لە کوردستان و عێراق بمێننەوە، لە ڕێکەوتنەکەدا هاتووە، "مەشق و ڕاهێنان بە هێزە عێراقییەکان بەردەوام دەبێت و بەشداری سەربازەکانی ئەڵمانیا لە گەشتەکانی چاودێریی ئاسمانی ناتۆ – فڕۆکەکانی ناسراو بە ئاواکس، تاوەکو 31–10–2020 درێژدەکرێتەوە،

دژایەتی کۆچبەران بەردەوامە

پۆلیسی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، کە لەشەش مانگی ڕابردوودا ژمارەی ئەو تاوان و دەستدرێژیانەی کراونەتە سەر کۆچبەران و پەنابەران ٦٠٠ کاری دوژمنکارانەبووە و زۆربەیان لەلایەن توندڕەوو نازیی تازەکان ئەنجامدراوون.

پازلێک ناوی چووە جێنسەوە

"لارس موتزا" گەنجێکی بەرلینیە و بەهۆی گەورەیی پێیەکانیەوە، ناوی چوە جینسەوە، ئەو گەنجە درێژی پێی ٣٥ سانتیمەترە و پێڵاوی ژمارە ٥٧ لەپێ دەکات، کە لەبازار دەست ناکەوێت و هەموو جارێک بەدروستکردنی دەدات، دایکی دەڵێت هەر پێڵاوێکی ١٢٠٠ یۆرۆی تێدەچێت، تا بۆی دروست دەکەن و بێزار بوون لەو وەزعە.

نازییەکی نوێ بە دارلاستیک بێگانەکان دەکاتە نیشانە..!

لە شارەدێی "تاونۆشستاین"ی سەر بەهەرێمی هێسن، نازیەکی تەمەن ٥٢ ساڵ پەیدا بووە، لە شوێنەگشتییەکان لەناو ترومبێلەکەیەوە بێگانەکان دەکاتەنیشانە و بەردیان تێ دەگرێت، تەنها لەم هەفتەیە دوو ژنی ئەفەریقی و عەرەبێکی سوری پێکاوە و ئێستا لە خەستەخانە کەوتوون، بە شایەدی سۆماڵییەک لای پۆلیس ئێستا کابرا گیراوە و کە ماڵەکەیان پشکنیووە ژمارەیەک دارلاستیک و کەللا "هەڵمات" و کەرەستەیان دۆزیووەتەوە.

لە (بورهان ئەمین) دەوە بروانە ل 5

چاپکردنی کتێبی (داهێنان و مەرگ)ی سەلاح حەسەن پاڵەوان بە زمانی عەرەبی

کتێبی (الابداع و الموت) کە بە کوردییەکەی دەکاتە (داهێنان و مەرگ)، لە ساڵی ٢٠٠٣ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاویکردەوە و لە لایەن دەزگای قەڵەمەوە بۆ دووەم جار چاپ کرایەوە، ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن مامۆستای کۆچکردوو (محەمەد سابیر مەحموود) کراوە بە عەرەبی ، پاش پێداچوونەوەی لە لایەن چەند نووسەرێکی ناسراوی عەرەب، زۆربەیان پێیان باشبوو چاپ بکرێت، لە پاش دووداڵی و چاوەڕوانییەکی درێژخایەن، لە لایەن دەزگای چاپ و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی (ئەلئەرویقە) لە میسر چاپ کراو، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان بڵاوبۆتەوە. ئەم کتێبە بەو شێوەیەی کە نووسەرەکەی قسەی لەسەر دەکات "هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی داهێنان لە هەموو بوارە مرۆییەکاندا، هەروەها بەستنەوەی ئەم دیاردەیە بە گۆڕانکارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و جوگرافییەکانەوە، پاشان خوێندنەوە دەکات بۆ هەموو ئاستەکانی گەشەکردنی داهێنان و شۆڕەبێتەوە، بەنێو ناوە دیارەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە بواری بیرکردنەوە و داهێناندا. کتێبەکە بۆ چەندین بەش دابەش بووە، لە هەر بەشێکدا بابەتێکی گرنگی پەیوەست بە داهێنان دەوروژێنێت. سەرەتا بە وشەی مردن دەست پێدەکات واتە پێناسەکردنێکی واقیعبینانە بۆ ئەم وشەیە و گەڕاندنەوەی بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەدەب و هونەر و چالاکییە مرۆییەکان و هەوڵی ئەوەی، کە مردن چییە و بە چ بەرهەمێکی مرۆیی دەوترێت مردوو. لێرەوە کتێبەکە شۆڕەبێتەوە بە نێو بابەتەکانی داهێنان و دۆزینەوەی ئەو خەڵەلانەی، کە وا دەکەن کارێکی مرۆیی کارێکی مردوو و بێگیان بێت، هۆکارەکانی چین و لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە...؟ کتێبەکە لەم بارەیەوە چەندین نموونەی هێناوەتەوە هەر لە نموونە فیکرییەکان، تا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، هەروەها لە رووی فەلسەفیشەوە خوێندنەوە بۆ ئەم پەیوەندییە دەکات. هەروەک گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی بوونگەرایی و رەشبینی وەک سەرچاوەیەک بۆ بەستنەوەی بە وشەی مەرگەوە. لە بابەتە گرنگەکانی نێو ئەم کتێبە (بەدوای یەکداهاتنە)، کە لەوێدا ئاماژە دەکرێت بە دیاردەی بە دوای یەکداهاتنی دیاردەکان لە مردن و ژیاندا، خۆشی و ناخۆشییەکان، سەرهەڵدان و ئاوابوون، خۆشی و ناخۆشی، کە بە دووردرێژی و نموونەی زیندوو باس لەم دیاردانە کراوە، هەروەها کتێبەکە رووبەرێکی فراوانی بۆ ئەم چەمکە داگیرکردووە.

پاشان دێتە سەر قسەکردن لەسەر چەمکی (دەق)، لێرەدا خوێندنەوەی دەق رێک پێچەوانەی بۆچوونە سادەکەیە، کە تەنیا وەک وشەی سەر پەڕاو دەیبینت، نەخێر لێرەدا دەق فەزایەکی کراوەیە، دەچێتە دەرەوەی نووسینیشەوە. واتە دەبێتە چالاکییەکی فیکری، فیزیکی، ئاکاریانە. کتێبەکە فراوانتر مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، تا بگاتە ئەو ئاستەی نهێنی زیندووی و مردووییەکانی بدۆزێتەوە. یەکێ لەو بابەتە گرنگانەی تر، کە کتێبەکە لەسەری دەوەستێت بریتییە لە هارمۆنیای مەرگ، واتە هەموو شتێک و دیاردەیەک هارمۆنیای خۆی هەیە، دەقیش بۆ ئەوەی خۆی پێشکەش بکات، دەبێت بەپێی هارمۆنیای تایبەتی خۆی بڕوات، ئەوەشی وادەکات دەق تووشی مەرگ بێت، لە هارمۆنیای تایبەت بە ئەرکەکەی لادەدات. بابەتی (چێژ و دەق و تەکنەلۆژیا) بۆ خۆی هەوڵدانە بۆ پێکەوەگرێدانی رەگەزەکانی پەیوەندیدار بە داهێنان پێکەوە، دەق دەکرێت لە نێو تەکنەلۆژیادا ژیانی خۆی لەدەست بدات، یان بەپێی زەمەن چێژی بگورێت. دەقی تەکنەلۆژیا توانیوێتی بچێتە نێو دەروونی هەموو دەقەکانەوە، واتە پێی بە زۆر لە بەهاکان لێژ کردووە، هەر ئەمەش وایکردووە، مانەوەی دەق لە نێو ئەم کایەدا کارێکی سەخت بێت. ئەو بابەتانەی کە لەم کتێبەدا قسەیان لەسەر کراوە، بریتین لە (نێوەندی مەرگ و نووسین)، (دەسەڵات و دەق)، (خەون و مەرگ)، (خەون و داهێنان)، (مەرگ لە نێوان هەست و دەق)، (ستوونی پەیوەندییەکان)، (هێزوعەقڵ)، (وەهمی داهێنان یان مەرگی داهێنان). دواجار هەر لەم کتێبەدا باس لە (فەزاو کولتووری کوردی) کراوە، لەم بەشەدا باس لە داخراوی و دوورەپەرێزی لە نێو کولتووری کوردی دەکرێت و هۆکارەکانی کزی ئاستەکانی داهێنان، هۆی قوولی وەهمەکان لە نێو ئەدەب و کولتووری کورديدا، کە دواجار هۆکەی بۆ خودی رۆشنبیران دەگەڕێنێتەوە، لێرەشدا باس لە شیعری کوردی دەکرێت، بە دوورودرێژی ئەم دیاردانە لە بابەتی شیعری کوردی و وەهم دا باسکراوە. نامۆبوون یەکێکی ترە، لەو چەمکانەی ئەم کتێبە کاری لەسەر کردووە. بەگشتی ئەم کتێبە بە پشتبەستن بە ژمارەیەک سەرچاوەی هەمەچەشن و سوود وەرگرتن، لە کۆمەڵێک سەرچاوەی زمانەکانی عەرەبی، فارسی، کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی توانیوێتی یەکێ لە ئاڵۆزترین بابەتەکان تاوتوێ بکات. وەرگێڕی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی عەرەبی مامۆستای عەرەبیزان محەمەد سابیر ساڵی ٢٠٠٦ دەستی کرد، بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە و لە ٢٠٠٧ لە وەرگێڕانی بوەوە، بەڵام بە هۆی هەندێ بارودۆخی تایبەت نەتوانرا لە کاتی خۆی چاپ بکرێت، تا ساڵی ٢٠١٩ دەزگای چاپ و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان، کە سەرپەرشتیاری هانی سڵێوەی بوو، رەزامەندییان بۆ چاپکردنی دەربڕی، پاش ئەوەی کتێبەکە لەلایەن نووسەری ناسراوی عەرەب جەمال کەریم هەڵسەنگاندنی بۆ کرا، شایانی گوتنە ئەم دەزگایە یەکێکە لە دەزگا ناسراوەکانی وڵاتانی عەرەبی.

ڕەنگاڵە... دوو وەرگێڕانی مامۆستا م. ئارام لە ئەڵمانیاوە

جیهانی قازانج و بازرگانیکردن بە مریشکەوە

لە بازاڕەکانی ئەورووپا زۆر بە دەگمەن گۆشتی کەڵەشێرت دەست ئەکەوێت، لەناو ساردڕاگری بازاڕە گەورەکاندا نایبینی. کەڵەشیر لە ڕووی بازرگانییەوە ئەو سوودەی نییە، درەنگ گەورە ئەبێت، زۆر ئەخوا و گۆشت کەم ئەگرێت؛ هێلکەش ناکات، بەڵام مریشک بەو شێوازی گۆشت پێگرتنەی ئەورووپا، دوای هەشت هەفتە لە کیسەی هەوالێبڕاودا، بە ئامادەکراوی ئەخرێتە بازاڕەوە. ئەو ڤیدیۆیەی لێرەدا ئەیبینی کورتە باسێکی جیهانی قازانج و بازرگانی کردنە بە مریشکەوە، بە کەمێک دەستکارییەوە لە ئەڵمانییەوە کردوومە بە کوردی:

(ئەمە شوێنێکی جووچک هەڵهێنی تەواو ئاساییە لە ئەڵمانیا. ئەمشەویش لێرە ١٨٠هەزار جووچک سەریان لە هێلکە جووقاوە، هەندێکیان لە بەیانییشدا هەوڵیانە لە هێلکەکان بێنە دەرەوە.

ئەم دام و دەزگەیە مریشکی هێلکەکەر پەروەردە ئەکا، بە درێژایی دەیان ساڵی بەخێوکردنی پوختەکراو، پیشەسازیی ئەوەی بۆ چووەتە سەر و مریشکی هێلکەکەری وا بەپیتی هێناوەتە بەرهەم، کە لە ساڵێکدا ٣٠٠ هێلکە ئەکەن. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە نیوەی ئەم جووچکانەی هەڵدێن، کەڵەشیرن؛ جاران ئەم پەلەوەرە نێرانەش بەخێو ئەکران بۆ گۆشتەکەیان، ئێستا ئەوە نەماوە. چونکە دەمێکە مریشک پەروەردە ئەکرێت بۆ گۆشتگرتن. مێیە و نێرەی وا، کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کاتی سەربڕینیان بێت. ئەوانە لە هەڵهێنگەی تایبەتیی تردا بەخێو ئەکرێن. گوێنی نێرە بۆ بەرهەمهێنان لەسەرخۆ پێئەگەن، لەبەرئەوە نێرەکان لێرە و لە هەموو داموددەزگەیەکی جووچکهەڵهێنی تریش، بە سۆنگەی سوود و قازانج هاوێر ئەکرێن* و لەناو ئەبرێن. ڕەحەتییەک لە شریتێکی گواستنەوە بەستراوە و ئەڕوات تا جووچکەکان ئەگەیەنێتە گازێکی خنکێنەر. جووچکە نێرەکان بە گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەخنکێندرێن، ئەوە سی چرکەیەک ئەخایەنێ؛ ڕاپۆرتی شارەزایەک مردنەکە بە پشووبڕان، گیانەسەربوون و زەندەقچوون ناو ئەبا. کوشتنی جووچک بەپێی یاسا ڕێی پێ دراوە، هەرچەند ئەوە بە ئاشکرایی بەرپەرچی یاسای گیانەوەر پارێزییشە. ئەگەر بە گوژمێک هەموو جووچکەکان نەمرن، ئەبێ بگازێندرێنەوە، بە گوتەی خۆیان لەو بوارەدا. نەوەدهەزار جووچک لەم ڕۆژەدا و لەم هەڵهێنگەیەدا لەناو ئەبرێن. هەموو ساڵێک لە ئەڵمانیا ٤٥ ملیۆن و لە وڵاتانی یەکیەتیی ئەورووپادا بەتێکڕایی تا ئێستاش دووسەدوهەشتا ملیۆن جووچک بەم شێوەیە ئەمرن. لەڕاستییدا یاسای گیانەوەرپارێزی ڕێ بەوە نادات، گیانەوەر بێ هیچ سۆنگەیەک ئازار بدرێت و دەردەدار بکرێت. سۆنگەیەکی ژیرانە بۆ ئەوە ئەبێت تەنیا بەدەستهێنانی خۆراک بێ، نەک قازانج. کە زۆربەی جووچکەکان جیاکرانەوە، پسپۆڕەکان دێن و ئەوانن کە ئەتوانن خێرا و بروسکە ئاسا کەڵەشیر لە مریشک جیا بکەنەوە، ئەو جووچکانەی درەنگ هەڵدێن، لەو ئامێرەدا کۆتاییان دێت، کە پێی ئەڵێن داپاچ. لەبەر ئەوەی بە سۆنگەی قازانج، ئەوە ناهێنێت ئەو پاشەبەرانە جیا بکرێنەوە، ئێستا ئەو جووچکانە هەموویان لەناو ئەبرێن بە نێر و مێوە، چونکە چاوەڕێکردنی هەڵهاتن و جیاکردنەوەیان کات ئەکوژێت. ئەمە کارێکی باوە، ڕۆژانەیە، سیاسەت بە ناڕەوای ئەزانێت، لەگەڵ ئەوەش چاوی لێ پۆشراوە).

****

*بەپێی بڕیارێکی دادگای ئەڵمانی، لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە، جیاکردنەوەی کەڵەشێر و مریشک ئەبێ بە هێلکەکاندا و پێش هەڵهاتنیان بە هۆی ئامێری تایبەتی و لەیزەرەوە ئەنجام بدرێ و ئەو هێلکانەی ئەبن بە کەڵەشیر، لە کارگەی تایبەتدا ورد بکرێن و وەکو ئالفی وشککراوە بدرێ بە گیانەوەری تر.

لەقلەقەکەی بۆتمەر ... زانیارییەکی مێژوویی

باڵندەی لەقلەقی سپی لە کوردەواریدا حاجی لەقلەقیشی پێ ئەڵێن، بەو بڕوایەی کە ئەو باڵندە جوانە بێوەیە گەرمیان و کوێستانکەرە، هەموو ساڵێک لە سەرەتای پایزدا بەرەو باشوور ئەفڕێت و ئەچێتەوە بۆ وڵاتی عەرەبی سعودی و لە سەرەتای بەهاریشدا دێتەوە بۆ کوردستان. دیارە ئەوەش ئەبێتە پشتیوانی بۆ ئەو بۆچوونە، کە ئەو باڵندەیە ئەگەر بۆی بلوێ، بە سەر منارەی مزگەوتەوە هێلانە ئەکات. لەقلەق و پەڕەسێلکە و کاردەپەلە (تەیرەن ئەبابیلە) لای کورد بە پیرۆز دائەنرێن. لای گەلانی ئەورووپا تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، ئەوە مەتەڵێک بوو بۆ خۆی، کە لەقلەق لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزدا، کە بەرەو باشوور ئەفڕن و ئەگەڕێنەوە، بۆ کوێ ئەچن و لە کوێ ئەگیرسێنەوە!

ڕۆژی ٢١ی مایسی ساڵی ١٨٢٢، دانیشتوانی کۆشک و بەرەی (بۆتمەری شاری کلیوتس)ی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لە سەر سەربانی خانوویەکی ئەو تەنیشتەوە لەقلەقێکی سپی ئەبینەوە، کە تیرێک پێکاویەتی و چەقیوەتە ملی. ئەو لەقلەقە بە تیرەکەوە ئەبەنە لای پرۆفێسۆرێکی مۆمیاکەر، مۆمیا ئەکرێ و پاشان ئەبرێتە زانستگەی شاری ڕۆستۆک و لە دام و دەزگەی زیندەوەرزانی دائەنرێت. دوای کڕوکاش و لێکۆڵینەوە دەرئەکەوێت، کە ئەو لەقلەقە لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەفریقا بە تیری ڕاوکەرێکی ئەفریقی پێکراوە و بە زام و تیرەکەی ملیەوە ئەبێت بۆ هاتنەوەی بۆ ئەورووپا، ئەرک و ئازارێکی هەژندەی چەشتبێت. ئەوە یەکەم ڕووداوی لەو جۆرە ئەبێت، کە لە مێژوودا ناسرابێت و تۆمار کرابێت. ئەورووپاییەکان بەوە ڕازی گەرمیان و کوێستان کردنەکەی لەقلەقیان بۆ ئاشکرا ئەبێت و ئیتر ئەزانن، کە لەقلەق کاتێک لە سەرەتای پایزدا ئەورووپا بەجێ ئەهێڵن، ئەگەڕێنەوە بۆ ئەفریقا.

وێنەی لەقلەقە بەناوبانگەکەی بۆتمەر لە ئەڵمانیا

هەڵدانەوەی دیۆکی تری شۆڕشی کورد لەڕۆمانی ویژانەدا.... نووسینی: هۆشیار جەمال



مامۆستا بەهادین نوری

بەرگی ڕۆمانەکە

ڕۆمانی ویژانە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی شۆڕش و ڕۆژگارەکانی کیمیاباران و شاڵاوی ڕەشی ئەنفال و ڕانکردنی گوندەکانی کوردستانە، لەلایەن ڕژێمی بەعسی ڕوخاو، نوسەری ئەم ڕۆمانە مامۆستا بەهادین نوری کەسایەتی دیاری چەپی کوردستان و ئامادەبووی ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە، ئامادەگی هەبووە، لەناو ئازارەکانی ئەوێ ڕۆژێ نوسەر دەڵێت: وێنەگر نەبووم تا وێنەی تاوان و ئازارەکان بگرم، بەڵام توانیم ئازار و برینەکان نیشانی هەمووان بدەم. ئەوەی ڕووداوەکانی ناو ئەمڕۆمانە لە کتێب و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان و بەرنامەی کەناڵە تەلەفزیونیەکان، یان گوتەی بەشێک لەپێشمەرگە یان شایەتحاڵەکان و بەرپرسەکان جیادەکاتەوە، ئەوەیە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، کۆمەڵێک ڕاستی مێژوویی کەم باسکراو دەخوێنیتەوە، کە پێشتر ڕاگەیاندنی کوردیی کاریان لەسەر نەکردووە، یاخود لەکەناری بابەتەکە دواوون، لەجیاتی دەست خستنەسەر برینەکان، زیاتر کاریان لەسەر ستەم و زوڵم و تاوانەکانی سەدامی دیکتاتۆر و دەستەڵاتەکەی کردۆتەوە.

دەست بردن بۆ ئازارەکان:

نوسەرلەم ڕۆماندا زیاتردەستی خستۆتەسەر برینەکانی ناوجەستەی نەتەوەی کورد خۆی، کە تائیستاش ساریژنەبوون، لەکاتێکدا کە هەموو حیزبەکان دڕەندەیی بەعسیان زانیوە و ئاگاداری پلانی وردی بوون، کە ئەو دەسەڵاتە ڕەگەزپەرستە، هەموو هەوڵێک دەدات بۆلەناودانی نەتەوەی کورد، چ لە ڕووی کلتور و زمان ود یمۆگرافیای شارەکانیەوە بێت، یان کوشتنی لاوەکان و ڕاپێچکردنیان بۆ ناوزیندان، بەڵام هێزە کوردیەکانی بەشدار لە جوڵانەوەی کوردییدا لەو سنورەجوگرافیا داخراوە کەمەی، کە دەسەڵاتداربوون تێید،ا زۆربەی کاتەکانیان بە شەڕی براکوژی و ئازاردانی ئەندامانی حزبەکانی یەکدی و یەکتر قبوڵنەکردنەوە بەسەر بردەوە، گیانی ڕق و تۆڵەیان لەناخی کەسەکاندا چاندووە، کە تائیستاش کاریگەری هەیە و بەردەوامە.

هاوڕێی کۆمەڵە دەبێت، کەچووە گوندەکان دەست و داوێن پاک بێت:

پێشمەرگە لە خەیاڵی نەوەی ئێمەی دوای ڕاپەڕیندا، وەک مرۆڤێکی پیرۆز سەیرکراوە، بەڵام ئەم ڕۆمانە ڕوویەکی تری بەشێک لەو کەسانە دەردەخات کە بەهەر هۆکارێک بووبێت، کە ڕەنگە بەشێکی هەر باوەری بە خەباتی کوردیش نەبووبێت، چەکی لەشان کردوە وخۆی خزاندبوە ناو ڕێزەکانی پێشمەرگەوە، ئەو کەسانە لە کاتێکدا، کە خەڵکی گوندەکان شەو ڕۆژ خزمەتی کردوون، نان و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین دەکردن، بەچاوی خیانەتەوە سەیری ماڵ و خێزان و کچی هەندێک لە گوندنشینانیان کردوە، ئەم کارەی ئەو کەسانە، ڕەنگە کە مینەش بووبن، هەمان ئەو دێرانەی بیرخستەمەوە، کە نەوشیروان مستەفا لەنامیلکەی هاوڕێی کۆمەڵەدا بۆ پێشمەرگەکانی دەنوسیت: "هاوڕێی کۆمەڵە دەبێت، کە چووە گوندەکان دەست و داوێن پاک بێت، بەرامبەر بەو کەس و ماڵ و خێزانانەی، کە خزمەتیان دەکەن".

ڕاوکردن و بەرپرسەکان:

لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، ڕاوکردن لەخەڵکی گوندەکان قەدەغەکرابوو، بەڵام زۆربەی ئاژەڵە کێویەکان، لەودەمەدا ڕاو دەکران هەر لەلایەن پێشمەرگەوە، ئەمە ئەگەر بۆ دابین کردنی پێداویستەکانی ڕۆژانەی خۆیان بووبێت، تاڕادەیەک ئاسایی بووە، بەڵام زۆربەی ڕاوکردن تەنها بۆ بەرپرسەکانیان بووە، ئەم کلتورە دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بووە، تا ئیستاش کە وەزارەتی ناوخۆ کارمەندی ئاسایشی بۆ پاراستنی ژینگە و دارستان و ئاژەڵەکان دامەزراندووە، بەردەوام بەرپرسەکان دەستیان لەم نەریتە هەڵنەگرتووە.

خەڵکی گوندەکان گەورەترین قوربانی بوون:

دێربەدێڕی ئەم ڕۆمانە ئازار و هاوار و مەینەتی و هەژاری و ماڵوێرانی خەڵکی گوندەکانە، هەتا بە وردی بیخوێنتەوە تێدەگەیت چەند قوربانیانداوە، هەر لەساتەوەختی دەست پێکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە، لە باشوری کوردستان، هەتا سەرجەم ژیان و ماڵ و کچ و کوڕیان لە دەستداوە، کە چەندین ڕۆژ و مانگ لە کونە تەیارەدا بەسەربردووە، لە ڕۆژگاری ئەنفالدا بە برسێتی و ماندوێتی و لێکدابڕانی ئەندامەکانی خیزانەکان لە یەکتر و گواستنەوەی بەشێکیان بۆ ئۆروگا زۆرەملیەکان و بەشیکی تریان بۆ زیندان و ئەنفال کردنیان، کە دواتر زۆربەی هەرزۆری پیاوان و ژنانیان، یان کوژران و زیندەبەچاڵ کراون و بەشێکی کچ و ژنەکانیش هەر چرکە و خولەکێکیان مردن و ئەنفالکردنێک بووە، چونکە بەرپرسە ئەمنیەکانی حکومەتی بەعس دەستدرێژی سێکسی دەکردە سەریان و ڕایاندەگواستن.

"لەوێژەوە بەسامەدا سەگەکەمان کەوتە قسە، بەڵام سەگەکەمان مەرد بوو گوتی چی دەکەن با بیکەن، بەڵام من نابم بە بەعسی"

پێکهێنەرێکی تری ئەم ڕۆمانە جاشە، کە هەرلەسەرەتاوە ڕۆڵیان هەبووە لە وێران کردن و ڕوخان و سوتاندی گوندەکان و دزی شەرەخۆڕی و تاڵانکردنییان پێش سەربازانی ڕژێم، ئەنفال سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، تا وەرزی کۆکردنەوەی بەروبوومەکان، ئا لەوکاتەدا سەردەستەی جاشەکان، سەرجەم بەرهەمی دانەوێڵەی جوتیارانیان دەسوتاند، یاخود بۆخۆی دەیدروونەوە و دەیبرند. ئەوەی سەرەنجی خوێندەر ڕادەکێشێت لەم ڕۆمانەدا، لەکاتی چوونە ناومااڵێک لەیەکێک لەگوندەکان بۆ تاڵانی و دزی، سەگی خاوەن ماڵەکە چەندین جار هەوڵدەدات نەهێڵێت دەست بۆ کەلوپەلەکانی ماڵەکە ببرێت، لەلایەن جاشەکانەوە هەتا جاشەکە سەگەکە دەکوژن و ئەفسەرێکی عەرەب بە جاشەکە دەڵێت: "ئەو سەگەی کوشتت لە تۆ مەردترە، چونکە ئەو وەفای بۆ خاوەنەکەی هەبوو، بەڵام تۆ وەفات بۆ کەس و کاری خۆشت نییە، ئەم دێرانە کتێبی" گۆڕستانی چراکان" ی شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەسی بیرخەستمەوە کە لە بەشێکیدا دەڵێت: "لەو ئێوارە بەسامەدا سەگەکەمان کەوتە قسە، بەڵام سەگەکەمان مەرد بوو گوتی: چی دەکەن با بیکەن، بەڵام من نابم بە بەعسی". تاوانەکانی ئەو ڕۆژانە ئەوەندە زۆرن و ئەوەندە گەورەن، لە ڕانانیکی لەم شێوەیە یاخود ڕۆمانێکدا جێگایان بکرێتەوە، بریندەکان هەر دەکولێنەوە و ئازارەکان بەردەوامە، بەداخەوە زۆربەی سەرۆک جاشەکان، ئێستا ڕێزی زیاتریان لێدەگیرێت و بەشێک لە جاشەکانیش خانەنشینی وەردەگرن. گوندەکانیش لە جیاتی ئاوەدانکردنەوە و پڕۆژەی نوێ، کە سەرچاوەی پرکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵن دووبارە چۆڵ کرانەوە، بەهۆی نەبوونی پلانەوە، پێشمەرگە ڕاستەقینەکانیش ئەوانەی خۆیان و کەسوکاریان ببوونە قوربانی و زۆترین ماندوونیان پێبڕاوە، هیچی ئەوتۆیان بۆنەکراوە، کەمینەیەک بەهۆیانەوە هەڵئاوساون و بوونە بازرگانی نەوت. کەسوکاری ئەنفالیش چاوی چاوەڕوانیان کوێربووە، نەک هەر ڕۆڵەکانیان نەگەڕانەوە، بەداخەوە نەبوونە خاوەنی ژیانێکی شایستەش لە چارەکە سەدەی حکومڕانی کوردیدا.

گۆشەی 24 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

سزای پارککردنی ئۆتۆمبێل زیاد دەکرێت..

دەسەڵاتی ناوخۆیی هەرێمی بەرلین، بەدەست شوفێرانەوە بێزار بوون، کە لەسەرجادە و شەقام و شوێنە گشتیەکان بەنایاسایی ئۆتۆمبێلەکانیان پارک دەکەن، بۆیە دەیانەوێت سزاکە لە ١٥ یۆرۆوە بکەن بە ١٠٠ یۆرۆ، چونکە هەر چەندی دەکەن، ناتوانن سەرپێچی شوفێران ڕابگرن..

کوشتنی زەنگەسورە سزای قورس بووە

پاراستنی ئاووهەواو هێشتنەوەی زیندەوەرە سروشتیەکان لە ناو ژینگەدا، بەیاسا ڕێکخراوە و مادەی تایبەتی لە دەستوری ئەڵمانیا بۆ دانراوە، بەپێی بڕگەکانی ١ و ٢ و٣ ی مادەی ٤٤، کە جۆرێک لە هەنگ و زەنگەسۆرە سەرخڕەکان کە وا هێدی هێدی بەرەو لەناوچوون دەچن، نابێت بکوژرێن و ئەگەر یەکێک ئەو کارەبکات و بەسەریدا ساغ بێتەوە سزاکەی دەگاتە ٦٥ هەزار یۆرۆ، لەدەستوردا هاتوە کاتێک ئەوجۆرە زیندەوەرانە بێزارت دەکەن یان دێنە سەرخوانەکات دەبێ ئارام بگرێت ولە شوێنی خۆت نەجولێی تا خۆی وازت لێ دێنێ ونابێت ئازاریان بدەیت.

باج لەسەر سەروەت و سامان دادەنرێت

پارتی سۆسیالدیموکراتSPD پڕۆژەیەکی ڕاگەیاند بەپێیەوە باج لەسەر سەروەت وسامانی ئەو دەوڵەمەندانە دادەنێت کەلەدوومیلیۆن بەسەوەیان هەیە، بڕی باجەکەش لە ١٪ تا ١،٥ ٪ دەبێ وئەو سەدان ملیۆنێرانەدەگرێتەوە کە سەدان ملیار یۆرۆیان هەیە، شایانی باسە سەروەتی ٤٥ بنەماڵەو خانەوادەی ئەڵمان دەکاتە کۆی ٥٠٪ ی سامانی دانیشتوانی هەموو ئەڵمانیا،ئەوپڕۆژەیە لە ڕیی فراکسیۆنەکەی خۆیان دەخرێتە بەردەم پەرلەمان.

لە ئەڵمانیا داوای هەرزانکردنی کرێی هاتووچۆ دەکرێت

بەهۆی گرانی هاتووچۆی ناوشارەکان لە زۆر لاوە دەنگی نارەزایی بەرزبۆتەوە و داوادەکرێت، کرێی هاتووچۆی ساڵانەی هەموو شارەکان بکرێتە ٣٦٥ یۆرۆ، شایانی باسە لە شارە گەورەکانی، وەک بەرلین، هامبۆرگ و میونشن، کرێی هاتووچۆی ساڵانە دەگاتە هەزار یۆرۆ بۆ کەسێک.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

سەرکردەیەکی شیشانی تیرۆرکرا

لە بەرلین " سەلیم خان خانگۆشڤیلی" سەرکردەی پێشووی سەربازی شیشانی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، بە دەماچەیەکی بێدەنگ کوژراو، تاوانبارەکەش دەمودەست لەلایەن پۆلیس دەستگیرکرا، کە ڕوسییە و حکومەتی ڕوسیاش بێئاگایی خۆی ڕاگەیاند، شایانی باسە ئەو سەرکردەیە دوژمنی گەورەی حکومەتی ڕوسیابووە و ٢٠ ساڵ لەمەوبەر یەکێک بووە لە فەرماندە هەرە ئازاکانی سوپای شیشانی و لەدژی ڕوسیا جەنگاوە.

ئەڵمانیا پێویستی بەبەخشینی خوێنە

دەزگا تەندروستیەکان ئاشکرایانکرد، کە بەخشینی خوێن فریای پێشکەوتن زیادبوونی ژمارەی دانێشتوان ناکەوێت و ئەو بەخشینە زۆر کەمبۆتەوە بەڕادەیەک، کە لەساڵانی ئایندەدا، ڕەنگە ببێتە کێشە، لەساڵی ڕابردوودا ٣،٤ ملیۆن کەس، پێویستی بەخوێن هەبووە و لە سەلاجەکاندا، تەنها ٤،٥ ملیۆن بوتڵ هەبووە، گەنجەکانیش زۆر کەم خوێن دەبەخشن، بەزۆری ئەوانەی لە نێوان ١٩٥٥ تا ١٩٦٥ لەدایکبوون ئامادەیی خوێن بەخشێنیان هەیە.

دەستکەوتێک بۆقوربانیانی دەستی نازیەکان

"هۆرست زیهۆفەر" وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، کە حکومەت پەلەدەکات لە خیراترکردنی پێدانی ڕەگەزنامە بەوانەی باوباپیرانیان بونەتە قوربانی دەستی نازییەکان و چەوسێندراونەتەوە، ئەمەش هەزاران جولەکە دەگرێتەوە، کە کاتی خۆی باوباپیرانیان لەلایەن نازییەکانەوە کوژراون، یان ئازار دراون. بڕوانە لاپەڕە 6

پاشماوەی گۆشەی 24 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ژن ومێردیک بەتاوانی تیرۆر سزادران

ژن و مێردێکی تونسی ساڵی پار بەتۆمەتی کاری تەقاندنەوە و تیرۆر و ئامادەباشی بۆ ئەگەری ئەنجامدانی هێرشێکی بایۆلۆجی بەمادەیەکی ترسناک، لە شاری دوسلدۆرف دادگایی کران و ڕووبەڕوی سزای 15 ساڵ زیندانی بوونەوە، ئەو ژن و مێردە عەرەبە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڕێکی زۆری مادەیەکیان کڕیووە لە لەکاتی تەقینەوەی ١٥٠٠ کەس پێ دەکوژێت، هەروەها یاری ئاگرینیشیان بەکار هێناوە بۆ سیناریۆی ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستی لەئەڵمانیا.

پەرلەمانتاران داوای نازادکردنی هۆزان جانێ دەکەن

ژمارەیەک پەرلەمنتاری ئەوروپی لە نێوانیادا گروپێک لە پەرلەمانتارانی ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا بۆ ڕای گشتی و حکومەتی تورکیا داوا دەکەن، کە گۆرانیبێژی کوردی باکور لە زیندانەکانی تورکیا ئازاد بکرێت و ئەو ژنە بەناهەق دەستگیرکراوە، شایانی باسە ئەو ناوبراو سترانبێژە و ساڵی پار بەتۆمەتی لایک و کۆمێنت لەدژی دەسەلاتی ئاکپارتی و گۆڕانی چڕین بۆ نەیارانی دەسەلات دەستگیرکراوە.

مێرکل ١٧ جار بڕوانامەی دکتۆرای پێبەخشراوە

لەدوای ئەوەی لەهەفتەی ڕابردوودا "ئەنجێلا مێرکل"ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە پای خزمەتکردنی بۆ کۆمەڵگا و زانست و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەلایەن زانکۆی "لایبزیک" بڕوانامەیەکی تری دکتۆرای فەخری پێبەخشرا، ئێستا مێرکل بۆتە خاوەنی ١٧ دکتۆرا و دەکرێت لەپێش ناوەکەی ئەو هەموو ژمارە دکتۆرایەی بۆ بنوسرێت..!

مردن بەهۆی جگەرەوە زۆربووە

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی ئەڵمانیا ساڵانە لەئەڵمانیا ١١٠ هەزار کەس بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەمرن، ئەو ڕێژەیەش لەچاو ساڵانی ڕابردوو زیادبووەو وەزارەت هۆشداری دەدات لەوداهاتوودا دەبێتە سێ هێندەی ئێستا، پسپۆران بۆیان دەرکەوتوە کە کاتێک مرۆڤ وازلەجگەرەدێنێت سێ مانگی دەوێ تا جگەرەی پاک دەبێتەوە، هەشت مانگیش تا سیستەمی بەرگری دەگەڕێتەوە باری جارانی، ماوەی پێنج ساڵیشی دەوێ تا مەترسی لێدانی جەڵتەی دەماغی نامینێت، ١٠ ساڵی پێویستە تا مەترسی توشبونی شێرپەنجەی جگەرو سیەکانی لەسەر نامێنێت، ماوەی ١٥ ساڵی دەوێت تا ناوەشی لەهەموو ئاسەوارەکانی ئەو دوکەڵەبەتەواوی پاک دەبێتەوەو وەک ئەوکەسەی لێدی کە جگەرەی نەکێشابێت.

سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی نەڵمانیا وازی هێنا

"مانوێلا شڤێزیک"سەرۆکی حکومەتی هەرێمی هەرێمی–Mecklenburg Vorpommern بەهۆی توشبونی بە نەخۆشی شێرپەنجەی مەمکەستی لەپۆستی سەرۆکی پارتی سۆسیال دیمکورتی ئەڵمانی SPD کێشایەوە، شایانی باسە لەو وڵاتە ساڵانە ٦٩ هەزار ژنی سەرو ٤٥ ساڵ تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن.

ژنە داعشێک دەستگیرکرا

دوێنێ دژەتیرۆری ئەڵمانیا بێوژنێکی دەستگیرکرد کە هاوسەری گۆرانیبێژی ڕاپی ئەڵمانی " دێنیس کۆسبەرت" ی ڕەگەز تونسیەو لەدوای ئەوەی ساڵی پار مێردەکەی لە بۆمبارانێکی هاوپەیمانان لە سوریا کوژرا، لەو ماوەیە گەڕایەوەتەوە ئەڵمانیاو پۆلیسیش چاوەدێری دەکرد، لەدوای کۆکردنەوەی زانیاری ودیکۆمێنت لەسەری بۆیان دەرکەوتوە کەئەوژنە دەستی هەبوە لە کوشتنی خەڵکی بێتاوان و بەکردار داعش بووە.

هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازی پەرەی سەندووە

لەدوای ئەوەی پیرار بەفەرمی و بەیاسا ڕێگەدرا بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکان، ئێستا ئەو دیاردەیە پەرەی سەندووە بەشێوەیەک لەماوەی ساڵێکدا ٣٣ هەزار هاوسەرگیری لەدەزگافەرمیەکان ئەنجامدراوە، ١٦٨٠٠ یان لەنێوان پیاو و پیاو، ١٦١٠٠ یشیان لە نێوان ژن و ژن بووە، بەو مانایەی لە هەر ١٤ گرێبەستێک، هاوسەرگیرییەکیان لە نێوان هاوڕەگەزەکاندا بووە.

ڤۆڵکس ڤاگن ناوی خۆی دەگۆڕێت

کۆمپانیای ڤۆڵکس ڤاگن بە نیازە ناوی کۆمپانیاکەی بگۆڕێت بۆ (ID.3)، بەڵام لۆگۆی تایبەتی خۆی ناگۆڕێت، بەرپرسانی ئەو کۆمپانیایە ئاماژیان بەوەکردووە، کە بەرهەمە نوێیەکانیان لە داهاتوودا تەکنیکی زۆر بەرزی تێدا بەکاردێت بە شێوەیەک لەگەڵ خواستی سەردەم بگونجێت و لە لایەن هاوڵاتیانەوە ڕەواجی هەبێت.

دوو نووسینی فاروق هۆمەر: بێڕێزی نەکردن لە کاری نووسیندا

کاری ئاسان و ناسان بەدەست

یەکێک لەو دیاردانەی کە ئەمڕۆ لەو ناوەندە هەژارەی کورد دا، بۆتە باو و ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە، زوو گەیشتنە بە ناوبانگ و زوو گەیشتنە بەبوون بە ناو. لەپڕێک دونیای ئێمە پڕبوون لە هەزاران گۆرانیبێژ و ڕۆمانnووس و چیرۆکنووس و شاعیر و وەرگێڕ و فیمینیست .... هتد. لە ئاوڕدانەوەیێکدا دونیایێک سەرلەبەری گۆڕا. ئەوەی جێی ڕامان و لێکۆڵینەوەیە نەک تەنیا تەمەن، بەڵکو ئەزموونیش. دەشێت بپرسین کەسێک هێشتا بیستەکانی تەمەنی خۆی نەبڕیووە و پڕ نەکردۆتەوە، چۆن دەتوانێت خاوەنی دەیان کتێب بێت. ئەوە دەڵێین داهێنان دەتوانێت تەمەن ببڕێت بەڵام ئەی ئەزموون. لەپڕێک سەدان کەس دەبینیت لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا دەبنە وەرگێڕ، بەبێ ئەوەی پاشخانێک و پێشکارێکیان بینرابێت، بەبێ ئەوەی سەرەتا گوتارێک یان لێکۆڵینەوەیێکیان لە ڕۆژنامەیێک لە گۆڤارێکدا بینرا بێت، کتوپڕ بە کتێب دێنە پێشێ. وەرگێڕان لە زمانە زیندووەکانی جیهانەوە، بە تەمەنێکی بیست ساڵییەوە جێی گومانە، لە کاتێکدا ئەو کەسە بەسەر کتێبێکەوە بنیشێتەوە کە پێشتر بە کوردی کراوە و کەسێکی پڕ ئەزموون و زمانناسیش وەری گێڕابێت. کاتێکیش لێپرسینەوەی لێدەکەیت، بەدەم شڵەژانێکەوە دەڵێت، خۆ تۆ مافی فلان کتێب و نووسەرت بۆ خۆت قۆرخ نەکردووە. ئەو وەڵامدانەوەیە کتوپڕ پێتدەڵێت تۆ لەبەرانبەر کەسێکی ساویلکە و بێ ئەزموونداو وەستاویت. من بۆ خۆم دوای دە ساڵ دووریم لە کوردستان و لەو ناوەندەی هەیبوو، لە گەڕانەوەمدا کۆمەڵێک کتێبم بینین، کە هەشتاکان وەرگێڕانێکی گەورە و شایستەیان کراوە و جارێکی دی کەسانێک هاتوون وەریان گێڕاوەتەوە. بۆ ناوەندێکی بچکۆلەی کوردی کە چوار ملیوێن کەسی تیا دەژی و سەدانێکی دەخوێننەوە ئەوە جێی تێڕامانە. بۆ نموونە، داغستانی منی ڕەسوڵ حەمزە تۆف، کە مامۆستا عەزیز گەردی وەریگێڕاوە و ئەو دوو کتێبە بە یەکێک لەو ڕەگوڕیشە گرنگانەی نێو زمانی کوردی دادەنرێت، کێ بوێری دەکات جارێکی دی خۆی تێدا تاقیبکاتەوە ئەگەر لەو کوردیناستر نەبێت. پاشان وەرگێڕانەوەی کتیبێک بۆ ناوەندێکی وا پێشێلکردنی ڕەنجی ئەو پیاوەیە و بەفیڕۆدانی کات و وزەی کەسێکی تر، کە دەکرێت لە شوێنێکی تر و لە کارێکی ترا بەکار بخرێت. ئەگەر کارێک خراپ کرابێت و لە زمانی ڕەسەنەوە نەکرابێت دەشێت بیانووی خۆی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێت، بەڵام ئەی ئەگەر وا نەبێت چی...؟ تەنیا ئەوەندە هەیە دەگوترێت کەسێک لە کاری ئاسان و لە ناوبانگی ئاسان دەگەڕێت. لێرەدا ئێمە دەکرێت لە پێزانین بڕوانین، لە پێزانین بۆ ئەو کەسە گەورانەی کە لە کارەکانیان وەستا و لێوەشاوەن و نەهێڵین بێڕێزی بە ڕەنج و بەرهەمیان بکرێت. من ئەو کارەم دیووە بەرانبەر بە کەسانێکی گەورەی وەک شکور مستەفا و خەبات عارف و زۆری تر کراون. ئەو گەنجانە کە لەکاری واوە دەگلێن و دەست بەسەر شانیاندا دەدرێت، فێری کاری ئاسان و ئەزموونی هەڵە و کەوتنی خێرا دەبن. دەشێ وەکو وەرگێڕ بۆ ماوەیێک کەمێک شوێنی تەماشا و ناوبانگێکی کاتییش بەدەست بێنن، بەڵام زۆر نابات دەکەون و خراپ دەشکێن. ئەو بێنەزاکەتییە دونیای ئێمەی تەواو داخان کردووە. هەر بەتەنیا گاڵتە و سووککردنی کتێب نییە، هەموو بوارەکانی دی گرتۆتەوە و مێشک و دیدە و مەزاجی مرۆڤی ئێمەشیان بە بەرهەم و کاری خراپ ڕاهێناوە و دواجار کلتور و زمان و هونەری میللەتێکیش بەرەو قڵیبوونەوە و لە ڕێچکە دەرچوون دەبەن. من نازانم کێ بەرپرس و خەمخۆری دونیای ئێمەیە، بەڵام ئەگەر سنورێک بۆ ئەو پەلاماڕە بۆ سەر کلتوری کوردی دانەنرێت زۆرێک نابات هەموو شتێک لەگەڵ خۆی دەسوتێنێت.

ئەنفالێکی ڕەش

یەکێک لەو گرفتانەی زۆرجار سەرقاڵم دەکات، زۆری و پڕی ئەو هەموو کەنالانەیە، کە لە دنیای ئێمەدا پەرشوبڵاوبوونەتەوە. ئەگەر کەسێک لە دوڕەوە و بێئاگابێت لە حاڵ و باڵی کورد، پێیوایە کورد میللەتێکە زۆری هەیە بۆ گووتن. دەشێ بپرسین ئایا کورد زۆری هەیە بۆ گووتن یاوەخوود هیچی نییە و خۆی وا نیشان دەدات پڕە لە گووتن؟ سروشتی مرۆیی وایە، کاتێک هیچی نییە بۆ گووتن، زۆرترین قسە دەکات بۆ ئەوەی خەوشێک داپۆشێت، کە تیا دەژی. مرۆڤی نەزان و گەمژە هەمیشە زۆر دەڵێت، دەیەوێت بە زۆر گووتن خۆی وا نیشان بدات فامیدەیە. ئەو پێیوایە فامیدەیی لە گووتنی زۆردایە. قسەکردن بۆ خۆی هونەرێکە، کە هەموو کەس فێری نابێت. کەسانێک هەن تا دەشمرن دوو ڕستەی جوان بەرهەم ناهێنن. ئەو مرۆڤەی شتێکی بۆ گووتن هەبێت، کورت و خێرا و بەجۆرێک دەیڵێ پڕ لە جوانی و کاریگەری بێت. کورد مللەتێکە ئەوەندە تووشی کارەسات بووە، تا لاڵ بووە و نازانێ چۆن گوزارشت لە خۆی بکات و حەپەساوە. ئێوە تێبینی کەسێکی لاڵ بکەن، زۆرترین قسە دەکات و زۆر بەخێرایی و بێوەستان دەدوێت و هەمیشەش لەوە دەگەڕێت یەک دوو ووشە بە دروستی و بەساخی بڵێ و نایڵێت. کورد لە بارودۆخێکدا دەژی پێیدەڵێن ساکان. ئەو مرۆڤانەی دەساکێن بە دوو جۆر لێیدێنە دەرێ، زۆر گووتن و کەمگووتن. زۆر گووتن لەوەی تەنیا ئەو ساکانە دەگێڕێتەوە و ئیدی کوێر و نابینا تا مردن بەردەوام ساکانی خۆی باسدەکات و خۆی دەجوێتەوە. کەمگوتن لەوەی بیر دەکاتەوە و کورت دەدوێت و هەوڵدەدات جارێکی دی تووشی ئەو ساکانە نەبێتەوە. کورد لە ئیستادا ئەو ساکاوەیە، کە زۆر دەڵێت و بیر لەوە ناکاتەوە چی دەڵێت. کورد بەتەنگ ساکانی خۆیەوە نییە و کەسانێکی فامیدەی ئەوتۆشی نییە ڕاڤەی ساکان و چارەسەری ساکانی بۆ بدۆزێتەوە. من ژمارەی کەنالەکان بە دروستی نازانم و ژمارەیان لەوە زیاترە کەمن تێبینیم کردووە، بەپێی ئەوەی جارجارێک بە ڕێکەوت و بەش بەش هەندێک بەرنامە و دیمەن دێنە بەرچاوم، لەوە دڵنیا دەبم هەموو ئەوەی، کە هەیە تەنیا کات بەفیڕۆدان و پارە بەفیڕۆدانە. بەشێک لەو کەنالانە بە هێنانی گۆرانیبێژ و دەمەوەر و چەندەر پڕ کراونەتەوە. ئەوەی من دەمەوێت لێی بدوێم وێناکردنی ئەو کەنالانەیە بە ئەنفال. کاتێک دوژمنەکانی کورد، کورد ئەنفال دەکەن، ئەوان تەنیا بۆیان دەکرێت جەستە و شوێن داخان بکەن و بیسڕنەوە، بەڵام ئەم کەنالانە کات و عەقڵ و هوشیاری ئینسانی کورد دەسڕنەوە. کاتێک لەبەردەم ئەنفالی جەستە و شوێن دا دەوەستین، دەشێت بە عەقڵ و هوشیاری ئاسەوارەکانی ئەو شێواوییە پڕ بکەینەوە، بەڵام ئەو دەمەی عەقڵ و هوشیاری سڕ دەکرێن، ئیدی ئێمە کەوتوینەتە بەردەم ئەنفالێک، کە سەختە بتوانین بەرەنگاری بینەوە. من پێموایە لە دەمی ئیستادا ناکرێت لە خەڵکان بگەیێنین ئەو کەنالانە، کەنالێکی وێران، ئەو دەنگە نە تۆن و نە خۆشی و نە هونەری تیا نییە. ئەو درامایە، ئەو شاعیرە، ئەو بەرهەمە بێکەڵکە. خەڵکانێک لەسەر بەرهەمی خراپ و میزاجی خراپ و نەناسینەوەی ڕەش و سپی و جوانی و ناشرینی پەروەردە کراون و چاو و گوێ و ڕەوشت و ئارەزووی بینەریان تەواو شێواندووە. ئەو ئەنفالی مێشکە بە ئەندازەیێکی ترسناک کاری خۆی کردووە و نەوەیێکی خراپی خوڵقاندووە. من پێموایە ئێمە لە ئیستادا شەڕی وەستانی ئەو هەموو کەنالانەمان پێناکرێت، بەڵام دەکرێت جوانترین و زیرەکانەترین ڕێگە بگرینە بەر. مانگرتنێکی سەرتاسەری لە ڕوانین بۆ ئەو کەنالانە، لە یەک کات و گشت پێکەوە هەموو تیۆرییەکانمان بێنینە دەرێ و هەمووبان پێکەوە بشکێنین. بەو کارە هەر یەک لە ئێمە زیانێکی کەمی بەردەکەوێت، بەڵام دەسکەوتێکی گەورە لە ڕزگارکردنی عەقڵ و هوشیاریمان. ڕزگارکردنی ئیستا و داهاتوومان لەو ئەنفالە، کە ڕۆحی هەمووانی بەجۆرێک داخانکردووە، هیچ قوتابخانە و پەروەردەیێک ناتوانێت ساریژی بکاتەوە.

سەباح یاسین لە بەرهەمێکی نوێیدا بەناونیشانی (ئاو بە تاو) فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری بڵاوکردۆتەوە

بەشی چوارەم

با بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم پرسە هەڵوێستە لەسەر نووسینی شەپۆلی () ئاو بکەین کە هێمایی و بیرکارییانە لەسەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە وێنە کراوە. شەپۆلی ئاو بە تاو لەگەڵ داهێنانی نووسینی مێخیدا گۆڕانی بینی: لە هەزار ساڵی یەکەمی داهێنانی مێخدا گۆڕرا بۆ مێخی "" و لە هەزار ساڵی دووەمی داهێنانی مێخدا گۆڕرا بۆ مێخی "". سۆمەرناسان دەنگی مێخەکەیان بە "ئا "a / خوێندۆتەوە.

خوێندنەوە بۆ مانای شەپۆلی ئاو بە تاو (وەک: دەنگ + وێنە یان کار + بیر) لە زوانی کوردی و سۆمەریدا هاوکێشەییانە ڕەخساوە، واتا وەک ".x+ y=z" ئەو هاوکێشە تێکهەڵکێشە هاوشێوەی ئەو مانایەیە (هەروەها مانای داستانی ئەفراندنی (خوڵقاندنی) سۆمەرە) کە لە وشە و بیرۆکەی زواندا، ئاو بە تاو وەک دوو ئاوی سەرەتایی سوێر و شیرین (نێر و مێ) دەبینرێت. وێنەی ئاوی سوێر و شیرین لە سروشتدا قەوارەیەکی شەشپاڵوویە، ئەوجا ئەگەر لەگەڵ هەڵمی ئاسماندا وەریبگرین، ئەوا قەوارەکە شێوەیەکی گەردوونی هەیە، ئەوجا گەر بە مانای دەرکەوتنی خوداکانی ئەفسانە ئەفراندنییەوە ببەستینەوە، ئیدی لە قوڵیی تۆو/ ناوک تێدەگەین، کە لە قوڵی گیانەوە هاتووە، گیانیش بە مانای ڕۆح و گیان دەگەڕێتەوە بۆ پشتاوپشت. پشتاوپشت هەڵگری مانای کاتە/ جێیە، ئەوەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کات/ جێ بە سروشتی/ گەردوونی بە بوونەوە دەبەستێتەوە.

لە مانای زوانی وشەیی و بیرۆکەی زوانی کوردی و سۆمەرییدا ئەو بەردەوامیی مانایە تۆمار بووە و ئاو بە تاویش هەڵگری هەمان خەسڵەتە، کە بە تۆوی/ ئاوی و نەوەیی ناوبراوە. کەواتە گەشتی ئاو بۆ ئاسمان و گەڕانەوەی، کە تێکهەڵکێشی قەوارەیە، مانایە بۆ بوونەکەیەتی، لێڕەشدا ناوک و ناوەندی گەردوون و شێوەکەی ئاسۆیی و ئەستوونی دەردەکەون. کەواتە مرۆڤ، یان با بڵێین: زوانی کوردی و سۆمەری کە زوانیان تێکهەڵکێشانە وەک ئاو و تاو وێنە کردووە، مانای وێنەکەیان لە زهنەوە وەرگرتووە نەک لە ڕاقەی لۆژیکی زوان و وشەسازییەوە، بە واتایەکی دی، هەردووکیان زوانی سروشتین/ گەردوونین، ئەمەش جیایان دەکاتەوە لە زوانەکانی دی. بۆ نموونە کردگاری و پەروەردگاریی مانا لە زوانەکانی دیکەدا کە فەرمانین، بەڵام مانا لە زهنی کوردیدا/ سۆمەریدا بەردەوامیدانە بە مانای سروشتی/ گەردوونی، ئەوەش سەرچاوەی خۆدۆزینەوەی سەرەتایی و ماناداناری زوانی نیشتەجێیەکانی کوردستان بووە، کە جیاوازە([6]) و بە شێوەی زانستی ڕێگەی بۆ داهێنانی پێوانەکانی وەک قەوارە، ڕووبەر و کێش خۆشکردووە. لە وشە و بیرۆکەی "زوان/ [7"eme]دا، چ وەک پلە گۆشتی ناو دەمی گیاندار "و" چ وەک زوانی ڕەگەز، ئەو جیاوازییە زوانییە ئەقڵانی و زانستییە دەبینرێت، کە سەرچاوەی داهێنانی ئاوایی دونیا و زوانی بووە، بەڵام لە زوانەکانی دیکەدا ڕاقەکاری سەرچاوەی مانای زوانی ئاخاوتنیانە، واتا جۆرە هەڵوێستێک کە ڕێگەی بۆ خۆهەڵخەڵەتاندنی خەیاڵی (دینی و دونیای)ی کردۆتەوە . هەروەها بیرۆکەی "زوان /eme" لە کوردی و سۆمەرییدا وێنەن بۆ چێژی خواردن و چێژی ئاخاوتن، کە ماناداتن بە دونیا، کە سروشتییە و پێناسەیە بۆ گەردوون/ گشتی. کەواتە وشە و بیرۆکەی زوان هاوشێوەی ئاو/ هەتاو یان ئاو بە تاو هاوکێشەییانە داهێنراوە و داهێنانەکەش بەردەوامیی بوونەکەیە، واتا جیاوازە لە دونیابینیی جیابوونەوە، کە زوانی بە سەرچاوەی جیابوونەوەی مرۆڤ لە گیاندار یان لەیەکدی داناوە. بۆ نموونە ئاوازی/ دەنگی "ئاوایی" کوردی و ئیدورو(eduru) ی سۆمەری مانان بۆ دێ/ گوند و "ئاوەدان"ی، "ئورو (uru) "مانایە بۆ نشینگەیەک کە جێی ئاوە. نشینگە لە مانای ئاوەدانکردنەوەدا وەک داهێنانێکی مێژوپۆتامیای سەروو ناسێنراوە.

کەواتە واتا/ مانا، دەنگ و وێنەی ئاوایی(eduru)، هاوشێوەی ئەو هاوکێشەیەی زوانە کە نووسینی هێمایی و بیرکاری داهێناوە. لەو ڕووەشەوە نزیکی دەنگ/ وێنە لە مانای "ئاو"ی کوردی و /a" ئا"ی سۆمەرییدا دەبینرێت. هەروەها نشینگە و جێی دۆزینەوەی نووسینی هێمایی - وەک جێی "ئاو" - ئاماژەیە بۆ ئاوایی، لێڕەشدا مێژوپۆتامیای سەروو ناوچەییە و لە دێرینەوە بە کەل و کێو و کەند ناوبراوە. جێی سەرنجە کە سۆمەرییەکان مێخی ""یان بە دەنگی "کی "ki /گۆکردووە و مانای جێ (جی) و ئەرز دەگەیەنێت. ئەگەر لە وێنەی مێخەکە وردببینەوە و لە گۆکردنەوەی دەنگی "کی"ی سۆمەری بهزرێین، ئەوجا بە دەنگ و وێنە و مانای "کوو، کۆڕ، کوڕ، کەن، کەل، کێو" تا بە واتای "کوڕ، کچ یان کێر، کوز" کە بەرز و نزمیە بەراوردی بکەین، ئەوسا لەوانەیە لە دەنگی کی و جێ (جی) وەک بەردەوامیی ئەو زوانە دووفاقییە و شێوەکاری (ئەندازیاری) تێبگەین، کە سروشتیانە/ گەردوونیانە ماناکانیان داهێناوە. لە کوردیدا دەنگی "ک" دەگۆڕێت بۆ "چ" یان جێگۆڕکێ دەکەن. دەشێت ئەو جێگۆرکێیەی دەنگ لە پشتاوپشتی زوانەکەوە هاتبێت. بۆ نموونە وێنەشەپۆلی ئاوی سەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە([8]) جارێک بەرز و جارێک نزمە، دوور نییە کە لە ڕابردوودا ئەو جێگۆرکێیەی ئاو هاوتاکرابێت بە مانای دەنگ، هەروەها دوور نییە کە گوێ و چاوی مرۆڤی ئەو دەمە لە گوێ و چاوی مرۆڤی ئەمڕۆ هەستیارتر بووبن. وێنەکردنی تێکهەڵکێشانەی شەپۆلی بەرز/ نزم و نزم/ بەرز لەسەر بەردەکە دەگەڕێتەوە بۆ تاوی ئاوەکە، تاکو گۆڕان یان وەرچەرخان بە ئاڕاستەی نوێبوونەوە بدات. کەواتە ئاو و تۆو ونەوە - وەک دەورانی نوێبوونەوە - مانا لە بوونە تاوییەکەوە (ئاڕاستە شەپۆلییەکەی) وەردەگرن و تێکهەڵکێشانە خۆیان کە ئاو و تاوە نوێدەکەنەوە. بە واتایەکی تر ئاو و تاو وەک گیان و ڕۆح یان ناو و کردار یان ئاو و شەپۆل بەیەکەوە بینراون. مانای وشەی "ئاو"ی کوردی و "ئا"ی سۆمەری بریتییە لە "ئاو، تۆو، نەوە"، لێڕەشدا دوو دەنگی "ئ"ی نەبزوێن و "ا"ی بزوێن سەرچاوەی ئەو مانایەی هەردووکیانە و پێدەچێت "و" یان "ڤ" و "ب" کە لە مانای ئاودا دەبینرێن، لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆ ئەو دەنگانە زیادکرابن. تا ئەمڕۆ لە زوانی کوردیدا هەمان خوێندنەوە بۆ ئاو/ تۆو ـوەک نەوەـ هەیە، ناوکیش کە هەر تۆوە، مانای پشتاوپشتی نەوەی بە تۆوی دایک/ باوکەوە هەیە. ئەمە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت، کە زوانی کوردی و سۆمەری بەردەواملیان بە ڕوانگەی زوانی نیشتەجێبووە دێرینەکانی مێژوپۆتامیای سەروو داوە، ئەگەر نا، ئیدی چۆن ئەو دوو زوانە هەمان مانایان بۆ بیرۆکەی زوان (وەک چێژ) و ئاو (وەک تۆو و نەوە) دەبوو و زۆر وشە لە یەکدەچوون؟ لە فەرهەنگۆکەدا ئەو لەیەکچوونانەی هەردوو زوانەکە ڕوونەدەکەینەوە .

بڕوانە لاپەڕە 9

پاشماوە فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری (ئاو بە تاو)ی سەباح یاسین

لەم فەرهەنگۆکەدا هاوشێوەیی و لەیەکچوونی واتا/ مانا و دەنگ/ ئاواز لە زوانی کوردی و سۆمەریدا دەخەمە پێشچاوی خوێنەران، ئەمەش لە وێنە و وشەدا، تاکو کوردەکان خۆیان بە زوانی ئێستایاندا بچنەوە و لەو خزمایەتییەی زوانی کوردی و سۆمەری تێبگەن. بۆ نموونە واتای یان دەنگی یان وێنەی "ئاو" و /a/" ئا" هاوشێوەی واتا و وێنە و مانای "زوان / eme"ـ وەک وشە و بیرۆکە – دووفاقیانە ڕەخساون، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لە یەک سەرچاوەی زوانەوە گەشەیان کردووە. نزیکیی ئەو بنەما زوانییە لە ڕووی ماناوە ڕوانگەی زهنی زوانەکان دەردەخات، جا ئەگەرچی وشەی زوان لە ڕووی دەنگەوە لە وشەی ئیمی (eme) ناچێت، بەڵام لە ڕووی ماناوە هەڵگری مانای چێژە، ئەمەش بە دوو مانای هاوتا و جیاواز، هەر ئەمەشە دەمانگەیەنێت بەو تێڕوانینە بنەماییە، کە مانای وشە و بیرۆکەکەی لە یەک زهنی زوانییەوە سەرچاوەیان گرتووە. جگە لەوە هەردووکیان لە ڕووی هێما و بیرکاریی وشە کوردییەکە و ئەو دەنگەوە، کە بۆ مێخە سۆمەرییەکە دانراوە، یەک بنەمای هێمایی و بیرکارییان هەیە. بێگومان هاتنی دەنگی ئاو/ ئا لە زوانی کوردی و سۆمەریدا بە مانای ئاو، کە تۆو و نەوەیە، بەردەوامیی زوانی داپیرە/ باپیرە مێژۆپۆتامییەکان ئاشکرا دەکات، کە پشتاوپشت لە مێژۆپوتامیای سەروو ژیاون. بۆ تێگەیشتن لە بەردەوامی هێمایی و بیرکاریانەی زوانی مێژۆپۆتامییە دێرینەکان، تەنها خەریکبوون بە ئاسەوار یان خوێندنەوەی نووسینی هێمایی و مێخی و پیتی بەس نین، بەڵکو پێوستە ئاسەوارەکان هاوتا بکرێن بە بنەما هێماییەکانی زوانی مێژۆپۆتامییە دێرینەکان، هەروەها بە مانادانی وشە و بیرۆکەیی لە مانای مێخ و وشە کوردییەکاندا. کەواتە مانای هێمای ئاو بە تاو بەرانبەر بە زانین (ڕوون و ڕووناکی)، ئەوجا پەیڕەوی زهنی میتۆلۆژییان، بیرکارییانە لەگەڵ نێشتەجێبوونداو وەک تۆوی ژیان ڕاڤە کراوە، کە بێگومان ڕاڤەکردنێکی فەلسەفەیی بووە، چونکە لە مانای نەوەدا کە ئاو و تۆوە، یان لە زواندا کە مانایە بۆ چێژی خواردن و مانا، ڕاڤەکردنێکی فەلسەفەیی بۆ خۆناسین هەبووە، یان بۆ ئەو ناسینە، کە زوانی گریک بە خۆشەویستی (فەلسفە) بۆ زانین ناوی بردووە. خۆناسین بوو بە پاڵەپێز بۆ سەرهەڵدانی خوداناسین یان سروشتناسین یان گەردوونناسین، لەو ڕێگەیەشەوە ئاو/ تاو یان سروشت/ گەردوون وەک زوان بە یەکەوە گرێدرانەوە، ئەوەش نهێنی ئەفراندنی دونیای مرۆڤایەتی بوو. بۆ نموونە: نەوە وەک ئاو/ تۆو بەردەوامی ڕوانگەکەی ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەرە کە دەماودەم لەوەوبەرەوە گەیەنراوە، بەو مانایەش خود و خودا وەک خاک و خۆر، وەک دەنگ، وێنە، مانا، لەیەکەوە نزیکن و نزیکییان لەیەک مانایدا ئارامیی ژیانی بۆ مرۆڤی ئاوەدانکەری ئەو دەمەنە ڕەخساندووە. لەم ڕوانگەیەوە زوانی کوردی و ئەفسانە ئەفراندنی سۆمەریی یەک بنەمای میتۆلۆژییان هەیە، هەردووکیان بەردەوامی ئەو زوانە وێنەکارییەن کە لەسەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە وێنە کراوە، واتا ئەو زوانە ئاوییانەی کە مانای بە بوونی گیاندارەکان داوە یان شەپۆلی ئاو بە تاوی بە بنەمای ژیانیان داناوە. مار و مەلەک تاوس لە زهنی ئێزدیدا هەڵگری خەسڵەتی میتۆلۆژین، وەک وێنە یان نووسین بەردەوامی شێوەکاریی دێرینن، کە مێژووناس و شوێنەوارناسان وەک هێما و بیرکاری دیارییان دەکەن. بۆ نموونە: مار لە قوڵی و تاریکی ئەرزدا هێلەکە دەکات، تاو و تینی ئەرز ڕێگە بۆ هەڵهێنان خۆشدەکات.

تاوس هەروەک مار هێلکە دەکات و گەرمی مێینەکە ڕێ بۆ هەڵهێنانی هێلکەکە خۆشدەکات، تاوس خۆیشی لە نێوان ئەرز/ ئاسماندا وەکوو ئاو و هەتاو گەشتی بەرزی و نزمی دەکات.

کەواتە مار و مەلەک تاوس هەڵگری مانای میتۆلۆژیانەی دینن و هێلکە لای ئێزدییەکان بە سەرەتای دروستکردنی گەردوون دانراوە، لێرەشدا هێلکە وەک ئاو و تاوەکە شلەمەنییە و گەرمی ڕێگەی هەڵهێنانی بۆ خۆشدەکات. ئەو مانا زهنیەی ئێزدی و سۆمەرییەکان یان گۆبەکلی تەپەییەکان کە شەپۆلی ئاو تاوەکەیان وێنە کردووە، بەرانبەر یەک ڕوانگەی زوانی دین و دونیا دەوەستێتەوە، هێندە نەبێت، کە گۆڕان بەسەر فۆرمی ماناکەدا هاتووە، لێ زهنییەتە میتۆلوژییەکە سروشتیانە/ گەردوونییانە بەیەکەوە گرێدراوە. ئەو مانا سروشتییە/ گەردوونییە ڕوانگەی زوانی و خودی زوانی کوردیی لەو ئایدیالە دینییە پاراستووە، کە لە سێهەزار ساڵی دواییدا لۆژیکییانە مانای زوانی و میتۆلۆژیای جیای بۆ ئەفراندنی گەردوون و سروشت، گیانلەبەر و مرۆڤ، داهێناوە. سۆمەرییەکان مێخی()یان بۆ مانای "خودا/ ئیلو (ilu)" و "ئاسمان/ ئان (an)" بەکاربردووە. کەواتە مانای خودا/ ئاسمان هاوشێوەی دووفاقییەکەی "ئاو/ تاو"، "ئا/ تا" یان "زوان eme"/چ وەک وشە و چ وەک بیرۆکە یان هێمای بیرکارییانە داهێنراوە و هەر بەو مانایەش میتۆلۆژی و فەلسەفە تێکهەڵکێشراون. لەم ڕوانگەیەوە "زوان eme" / هەڵگری مانای ناسینە/ پێناسەیە یان وشەیە/ بیرۆکەیە، هەروەها کولتوری کێڵان سەرچاوەی زەخرەفی (pattern) و لەیەکچوونی دەنگ و وێنەکان بووە، ئەوجا چۆن ئەو وێنانە لە داڕشتنی وشە و بیرۆکەکاندا دەبینرێن، بە هەمان شێوە لە نەخشی سەر شوێنەوار و کارە هونەریەکاندا دەبینرێن، ئەمەش ئەو ڕوانگە زهنی و تێڕوانینە ڕووندەکاتەوە، کە بە بەردەوامی کردگاری و پەروەردەیی دانراوە. بۆ نموونە، تامی خواردن یان چێژ بۆ مانا ـ وەک وشە و بیرۆکەی "زوان / eme"ـ پێمان دەڵێت، کە مرۆڤ هەستی/ هۆشی خۆی هاوتا بە خەون و خەیاڵ ـ وەک سروشت/ گەردوون ـ هوشیارانە بەدی کردووە و کردگارییانە لەسەر ئەو بنەمایە وشەی داهێناوە و پەیڕەوەی لەو جۆرە زانینەی کردووە. کەواتە دووفاقەیی وشە هاوتا بە بەرجەستەی بینین، کە ئاسۆیی و ئەستوونییە ـ وەک گیان کە شەش پاڵووە ـ ڕاڤە کراوە. هەبوون و بوونیش وەک گیان کە ڕۆح و گیانە، بەو یەکبوونە سروشتییەوە/ گەردوونییەوە ـ وەک ئاو/ هەتاو ـ دانراوە، هەروەها بە دەورانی ئاو و هەتاوی چوار وەرزییەوە گۆڕانی ئەرز/ ئاسمان گرێدراوە و لەو ڕێگەیەوە پێوانەی کات و جێ دامەزراوە.

ماوێتی

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد



سامانعوسمان

سامان عثمان قادر، ناسراو بە سامانعوسمان لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩ سلێمانی – گەڕەکی دەرگەزێن، دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایان، وەک وێنەکێشان خولیای منداڵی بووە و لە ساڵی ١٩٨٣ بە بەردەوامی کاری وێنەکێشان دەکات و دوو پیشانگەی تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٥ لە سلێمانی و ساڵی ١٩٨٧ لە بغداد کردۆتەوە، هاوبەشی زیاتر لە پەنجا پیشانگەی هاوبەش کردووە لە عێراقدا، ئێستاش مامۆستای هونەرە، لە دوای کاری مامۆستایی ، سەرقاڵی کاری وێنەکێشانە لەسەر داوای کڕیار.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/profile.php?id=100014228644031&sk=photos_albums&lst=100001818168085%3A100014228644031%3A1568331674

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

21 September . 2019 Nummer. [71]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 دێرک قێرسوم پارێزەری دۆسێیەکی گەورەی دژی تاوان لە شاری ئەمستردام تیرۆرکرا

– ل 2 مارف خەزنەدار، ئەکادیمییەکی هەڵکەوتوو.....نووسینی: پ .د. زاهیر لەتیف کەریم.....

– ل 3 بە بۆنەی یادی 27 ساڵەی تیرۆرکردنی موسا عەنتەر، پرینەوەی چنارێکی بااڵبەرز.ب شوانی

– ل4 دوو بابەتی وەرگێرانی هاوکارمان موزەفەر عەزیز..

– ل 5 و ل 6 گۆشەی 25 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە

– ل 7 دوو چاکی هونەری کوردان لە نەرویج و ئەڵمانیاوە..

ل 8 و ل 9 سەباح یاسین،فەرهەنگۆکی کوردی– بەشی پێنجەم، سۆمەری تاو بەتاو..

– ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد: سامان ئەبوبەکر سەعید.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

21 September 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
N 71
Emai: sardarfatah@live.nl
71 ی 21 ی ئەیلولی 2019

دێرک ڤیێرسوم پارێزەری دۆسیێیەکی گەورەی دژی تاوان لە شاری ئەمستردام تیرۆرکرا

دێرک ڤیێرسوم پارێزەری دۆسیێیەکی گەورەی دژی تاوان لە شاری ئەمستردام تیرۆرکرا

ماوەی چەند ساڵێکە لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا، گروپێکی مافیا، چەندین تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە، ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٨ ی سێپتەمبەر دێرک ڤیێرسوم پارێزەری کێسی ئەو کۆژراوانە، لە شاری ئەمستردام تیرۆرکرا، ئەم پاریزەرە بە پارێزەری زۆڵملێکران ناسراوە.



مستردامەیە ی سی ئێل ڕۆپ ڕایگەیاند بکوژی (دێرک ڤیێرسۆم)ی تەمەن 44 ساڵ، کە خاوەنی ژنێک و دوو منداڵە، مێردمنداڵ نییە، وەک پێشتر وا لەقەڵەمدرا بوو، کە بکوژەکە تەمەننی لە نێوان 16 بۆ 20 ساڵیدایە و جلێکی ڕەشی لەبەردابووە، بەڵکو پاشان بە هۆی شایەتحاڵەکانەوە زانرا تەمەنی بکوژەکە لە نێوان 20 بۆ 25 ساڵیدایە و توانیوێتی پاش ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکە هەڵبێت. دێرک ڤیێرسۆم پارێزەری نەبیل بەی بوو، کە ساڵی پار براکەی لە باکوڕی ئەمستردام لە لایەن (رضوان تاغي)ی گەورە تاوانبارەوە کوژرابوو. ئێستا لە ناوەندی کاری پارێزەریدا لە هۆڵەندا، بە تایبەت لە ئەمستردام، دڵەڕاوکەو ترسێکی زۆری بۆ پارێزەرەکان خوڵقاندووە.

پارتی سەوزی ئەڵمانی دژی ناردنەوەی پەنابەرانی سوریە

"فرانسیسکا براتنەر" شارەزای سیاسەتی ئەوروپا و پەرلەمنتاری فراکسیۆنی پارتی سەوزی ئەڵمانی، هەڵوێستی پارتەکەی ئاشکرا کرد لەسەر ناردنەوەی پەنابەرە سوریەکان و وەڵامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کریستیانی دایەوە، کە ئەوان نیازیان وایە ئەو سوریانەی کە مافی پەنابەرێتیان ڕەتکراوەتەوە، دیپۆرتی وڵاتی خۆیان بکرێنەوە، بە بیانوی ئەوەی وڵاتەکەیان بەرەو ئارامی دەچێت، ئەو سیاسیە لیبراڵییە بەتەوسەوە دەڵێت، لەناو خاکی سوریادا، هەمیشە خوین دەڕژێت، کەچی ئەو سیاسیانەش هەموو سێ مانگ جارێک ئەوبەزمە دێننە گۆڕێ.

چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەلاماری (مێرکل) یاندا

لەم چەند ڕۆژی ڕابردوودا پیشانگای نێودەوڵەتی ئۆتۆمبێل لە فرانکفۆرت کرایەوە و خاتوو (ئەنجێلا مێرکڵ) لەوکاتەی کە لە خانەی BMW لەگەڵ سەرۆکی بەشەکە قسەی دەکرد، ژمارەیەک چالاکوان هەڵیان کوتایە سەری و پەلاماریاندا، بەڵام پاسەوانەکان نەیانهێشت دەستیان بەربیکەوێت دووریان خستنەوە، ئەو چالاکوانە ژینگەپارێزانە پەیامی ئەوەیان گەیاند، کە ئۆتۆمبێل هۆکاری سەرەکی پیسکردنی ژینگەیە.

لە (بورهان ئەمین) دوە بڕوانە ل 5

مارف خەزنەدار، ئەکادیمییەکی هەڵکەوتوو.....نووسینی: پ .د. زاهیر لەتیف کەریم

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

مارف خەزنەدار

کاتێک خوێندکاری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بووم لە بەشی زمانی عەرەبی، لەنزیکەوە زۆر حەزم دەکرد، کەسایەتییە ئەکادیمیە کوردەکان، بەنموونەی پرۆفیسۆران عیزەددین موستەفا ڕەسوڵ و مارف خەزنەدار بناسم. گەورەیی ولێبووردەیی ئەم بەڕێزانە خەونەکەمی جێبەجێ کرد وبوومە هاوڕێیەکی ئەم بەڕێزانە وزیاتریش.بەو پێیەی ئەم دوو ئەکادیمییە ئاست بەرزەی کورد لەبنەڕەتدا دەرچووی زمانی عەرەبی بوون ئەوا منێکی تازە پێگەیشتوو سوودێکی زۆرم لێ بینین . لەساڵی 1985،دوای ئەوەی بڕوانامەی دکتۆرام بەدەست هێنا،بۆ جارێکی تر ولەزانکۆی سەڵاحەددین لەهەولێر ئاشنایەتیم لەگەڵ جەنابی خەزنەدار دا نوێ بووەوە.لەماوەی ئەو دەساڵەی مانەوەم لەزانکۆ وهەولێر زۆربەی کاتم لەگەڵ ئەم بەڕێزەدا بردۆتە سەر . بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئەم تێبینی وسەرنجانەی خوارەوەم لەسەر ئەم بیرمەند و ڕۆشنبیر و ئەکادیمییە لا دروست بوو:

یەکەم: لە ڕووی زانستە ئەدەبی وفەرهەنگی ومەعریفی وسیاسی وسۆسیۆلۆژی وئارکۆلۆژییەکانەوە خاوەن توانا و بەهرە و سەلیقە وفرە زیرەکییەکی نموونەیی بوو. بۆ هەر بابەتێک بەچڕی وبەزانیارییەکی پڕۆفیشناڵییەوە دەستی دەکرد بەگفتوگۆ .خوێندنەوەی بۆ مەسەلە وپرسیارەکان شارەزایانە بوو .خودی خۆم،لەو زەمەن وکاتەدا کە لەڕووی تەکنەلۆژیا وسەرچاوەوە وەک ئێستا نەبوو ،گەر پێویستم بەزانیارییەک بوایە ئەوا ڕاستەوخۆ پەنام بۆ جەنابی دکتۆر عیزەددین وخەزنەدار دەبرد . ڕاستە بەفەرمی خوێندکاری ئەم دوو بەڕێزە نەبووم بەڵام هەمیشەی کات خۆم بەخوێندکاریان زانیوە .دەوڵەمەندی کتێبخانەکەی خەزنەدار بێ وێنە بوو.کتێب وسەرچاوەکانی بەمەبەستی ڕازانەوە نەبوو بەڵکو هەموویانی بەتێر وتەسەل خوێندبۆوە.ووتنەوەی بابەتە زانستی وسیمینارەکانی چێژێکی تایبەتی هەبوو .هۆڵی خوێندن و وانە ووتنەوەی پێچەوانەی هەرە زۆری مامۆستایان بوو . وەک مامۆستایەکی ڕەسەنی زانکۆ مامەڵەی لەگەڵ خوێندکار وبابەتەکانیدا دەکرد .گوێگران ودانیشتووان زۆر بەڕێز وشەوقەوە ئامادە دەبوون.تەنانەت،وەک نەریتێکی هەمیشەیی،هیچ کات لەسەرەتای وانە ووتنەوەدا ناوی خوێندکارانی نەدەخوێندەوە لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکاران بەبێ دواکەوتن ئامادە دەبوون. ئەمەش بێگومان لەلایەکەوە دەگەڕایەوە بۆ ڕێی زانست وزانیارییەکان،لەلایەکی تریشەوە بۆ هێزی کەسێتی سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی مامۆستا.

دووهەم: هەستی نیشتمانی ونەتەوایەتی لەئاستێکی بەرزدا دەبینرا. هەمیشە دەیگوت " خۆزگایە دەسەڵاتی ئەوەم دەبوو مەڵبەندێکی ئەکادیمی نیشتمانی سەربەخۆم دادەمەزراند ودەمانکردە جێگەی ئارگیومێنتی فیکر وزانست و ئایدیا و ئەدەب. "گەرچی حەزی بەدەرخستن نەبوو بەڵام هەندێک جار مەسەلە گرنگ و پیرۆزەکان ناچاریان دەکرد دەمامکەکەی دامالێت. لە کیمیابارانەکەدا سەردانی مالّی مامۆستام کرد. دیار نەبوو. خێزانەکەی فەرمووی " ئەمڕۆ دکتۆر زۆر بێ تاقەتە و هەر لەبەیانیەوە و بێ نان خواردن چۆتە کتێبخانەکەی و دەڵێت نامەوێت کەس ببینم." کە گوێی لەدەنگی من بوو فەرمووی وەرە خوارەوە .....

(واتە بۆ کتێبخانەکەی کە لە ژێر زەمینەکەیدا بوو). کە بینیم،لەڕاستیدا، جەنابیان زۆر بێ تاقەت هاتنە بەرچاو .ووتم ئەم بێ تاقەتیە چییە ؟ فەرمووی" چۆن بێ تاقەت نابم ! لەلایەکەوە ئەنفال ولەلایەکی ترەوە کیمیاباران ". لەوێدا دڵی زۆر ناسک ببوەوە وبەئاشکرا چاوەکانی پڕببوون لەفرمێسک.

سێیەم: سۆز ودڵسۆزی بەرامبەر کار وپیشە وئەوانی بەرامبەر. بەوپێیەی مامۆستا کەسێکی چاوچنۆک وخۆویست نەبوو ،ئەوا زۆر ڕێزی لەخۆیی وزانست وپیشەکەی وئەوانی بەرامبەر دەگرت.تا کۆتایی ژیانی لەنووسین وخوێندنەوە نەکەوت.زانکۆ ومالّەوەی کردبووە جێگەی دایەڵۆگ وئارگیومێنتەکان .ئەوەی پێویستی بەمامۆستا ببوایە ئەوا وەک خۆبەخشێک یارمەتی دەدا،مالّەکەی لەلایەکەوە قەڵەندەرخانەیەک بوو بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی ڕەنگ وجێگە وئایدیا، لەلایەکی ترەوە ببووە مەڵبەندێکی زانستی وەک ئەوەی بڵێت گەر خەونی دروستبوونی مەڵبەندێکی ئەکادیمی نیشتمانی سەربەخۆ نەهاتە دی، ئەوا مالّەوە هەمان ڕۆڵ دەبینێت. ڕۆژانە مامۆستایان وخوێندکارێکی زۆر ڕوویان لەمالّەکەی دەکرد.لەلایەکەوە خێزانەکەی سەرقالّی خزمەتکردن وئامادەکردنی خوانی نیوەڕۆ یان ئێوارە بوو،لەلایەکی تریشەوە مامۆستا لەیەک کاتدا خەریکی نووسین وخوێندنەوە ویارمەتی بەرامبەرەکان بوو . ڕۆژانە،ئەو توانا وهێزە بەردەوامە هەر لەخۆیان دەوەشایەوە وبێزاربیان پێوە دیار نەبوو. من بەش بەحاڵی خۆم زۆر شەرم دایدەگرتم دەرهەق ئەو جۆرە مامەڵە ئەخلاقی و زانستی و مرۆڤایەتیانە. ئەم ڕێزلێگرتنەم تەنها لەحاتەم بیستووە .لە دۆخە سیاسیە ئاڵۆزەکاندا ،بەتایبەتی لەشەڕی برا کوژییەکەدا،مالّەکەی ببووە جێگەی پەناهەندەکان.هەر لەو کاتانەدا ڕۆژێکیان ڕێم کەوتە مالّی مامۆستا وچەند برادەرێکی سیاسی دیاریکراوی لێ بوو.وەک برا وگوڵ خزمەتی دەکردن.ووتم مامۆستا مالّەکەت بووە بەمالّی ئەبو سوفیان.ئەویش یەکسەر ڕستەکەی تەواو کرد وفەرمووی " من دخل بیت ال سفیان فهو امن ".مەبەستی ئەوە بوو ئەوەی دێتە مالّم ئەوە لەلایەکەوە مالّ مالّی خۆیەتی،لەلایەکی تریشەوە بۆ کەس نیە ڕێرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەمامۆستا کەسێکی دڵسۆز وبەئەمەک وبوێر بوو .هیچ کات هەستم نەکردووە کەچاوبەرە و ژێری پیاوانی دەسەڵات ورژێم بوبێت.

چوارهەم: کەسێکی خۆنەویست و بەئەمەک بوو، بەوپێیەی مامۆستا کەسێکی داخراو نەبوو، ئەوا لەهەمان کاتدا حەزی بەپلە و پایەی کارگێڕی نەدەکرد. لەجیاتی ئەمانە هانی خوێندکارانی دەدا بەرەو خوێندن و خوێندنەوە. تەنانەت یارمەتی خوێندکارە لێهاتوو و هەژارەکانیشی دەدا . لەدوای ڕاپەڕین بەیارمەتی هەردوو بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز و دکتۆر حەسەنی حوسامی لەبەرلین ڕێکخراوێکی خێرخوازی بۆ یارمەتی زانکۆکانی کوردستان و خوێندکارە لێهاتووە هەژارەکان دروست کرد. مامۆستا لەپێناو سەرخستن و سەرکەوتنی ڕێکخراوەکە داوای لە دکتۆر حەمە نوری عارف و بەندە کرد تا کارەکان وەک ئەوەی پێویستە هەڵسوڕێنین. دواتر داوامان لە بەڕێز دکتۆر کاوسی عەزیز بەگ کرد کەئەویش،وەک ئەندامێک،لەگەڵماندا کار بکات. کاری هەموومان خۆبەخشی بوو.ڕێکخراوەکە ماوەی چوار ساڵ بەشێوەیەکی زۆر جوان و شایستە کاری کرد. دواتر لەناوخۆ هەرەسیان پێهێناین وکۆتایی بەکارەکان هات.لەو ماوەیەدا مامۆستا وسەرجەم ئەندامان نموونەی کار ودەست پاکی بوون.هیچ کات هەستمان نەدەکرد کەمامۆستا سەرۆکمانە بەڵکو هەموو کارەکانی ڕووبەڕوی ئێمە دەکردەوە.جگە لەمەش لەمالّی دکتۆر کەمال خۆشناو وبەئامادەبوونی بەڕێزان دکتۆر حەمە نوری ودکتۆر کاوس کۆبوونەوەیەکمان بەمەبەستی دروستبوونی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان ئەنجامدا. ڕاستە بیرۆکەکەی دەگەڕایەوە بۆ دکتۆر کەمال بەڵام هەموو حەزمان دەکرد یەکێکی وەک دکتۆر عیزەددین یان خەزنەدار سەرۆکایەتییەکە بگرێتە ئەستۆ بەڵام خەزنەدار داوای هەمووانی قبوڵ نەکرد ودواتر دکتۆر کەمال بووە سەرۆک .بۆیە ئەوەی بەلای مامۆستاوە گرنگ نەبوبێت پلە وپۆست بوو .هەر لەبەر ئەمە وزانستەکەی بوو کەمنەتی بە ئەم وئەو نەبێت و ئازادانە کارەکانی بکات. بەدرێژایی ئەو دەساڵەم لە ناسینی مامۆستا،ڕۆژێک گوێبیستی ووشەیەکی ناشیرین وناشایستەی نەبووم.خاوەن نەفسێکی هەرە بەرز.تا دوا هەناسەی بەشدار بوو لەپڕۆسەی زانستدا .هەزار سڵاو لەگیانی پاکی ئەم بیرمەندە بەئەمەکە کەهەمیشە خۆیی وماڵ ومندالّی لەخزمەت فەرهەنگ وڕۆشنبیری کوردا بوون.

بە بۆنەی یادی 27 ساڵەی تیرۆرکردنی موسا عەنتەر، بڕینەوەی چنارێکی باڵابەرز

یادی ٢٧ ساڵەی بڕینەوەی چنارێکی باڵابەرز

"ئەگەر زمانی دایکیی من پایەکانی دەوڵەتەکەت دەلەرزێنێت، واتای وایە لەسەر خاکی من دەوڵەتت بنیات ناوە"! موسا عەنتەر

لێرەدا پێشەکیی کتێبی "بیرەوەرییەکانم"ی موسا عەنتەر (١٩٢٠ – ٢٠ سێپتەمبەر ١٩٩٢) دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز...

بەکر شوانی

ڕەجاییزادە ئەرجومەند ئەکرەم تالو لە گێرانەوەی ژیانی خۆیدا بەمجۆرە باس لە شوێنی لە دایکبوون و زێدی باوک دەکات: "دەڤەری مەرمەرە شارستانیترین هەرێمی تورکیایە؛ ئیستانبوڵ جوانترین شاری مەرمەرەیە؛ بۆغازئیچی ڕازاوەترین بەشەشاری ئیستانبوڵە. ساریيەر شیرینترین قەزای ئیستانبوڵە؛ یەنی محەلە باڵاترین گەڕەکی ساریيەرە و کۆشکی ڕەجاییزادەکان شاهانەترین کۆشکی یەنی محەلەیە... من ئا لەوێ لە دایک بووم." بێگومان ئەو کوڕی ڕەجاییزادە ئەکرەم بوو. ئێستا با سەیرێکی من بکەین: کوردستان دواکەوتووترین هەرێمی تورکیایە؛ ماردین پاشکەوتووترین پارێزگای کوردستانە؛ نوسێبین دەردەدارترین قەزای ماردینە؛ ستلیلێ (ئاکارسو) هەژارترین ناحیەی نوسێبینە؛ زۆنگێ (ئێسکی مەغارە) دواکەوتووترین گوندی ستلیلێیە و من، بەپێی تۆماری باری کەسایەتی، لە ئەشکەوتی ژمارە ٢ی ئەو گوندە لە دایک بووم. لەوانەیە بگوترێت: "باشە برا، ئەو ژیانە پریمیتیڤ و قەڵسەت بە کەڵکی چی دێت و تیشک دەخاتە سەر چی؟" بەڵام بە بۆچوونی من ئەو پرسیارە لە جێی خۆیدا نییە. لەم ڕۆژگارە و لە دنیای نۆشداریدا لە سایەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر مشک یان کەرۆشک، ژیانی زۆر کەس ڕزگار کراوە. هەڵبەتە ئامانج لەو تاقیکردنەوانە تۆڕینەوەی پێکهاتن و گەشەسەندنی ئەو ئاژەڵانە نییە وەک شێر، پڵنگ یان فیل، بەڵکو بەدەستهێنانی سوودە بۆ مرۆڤایەتی. ژیانی منیش نرخی ئەو ئاژەڵانەی تاقیکردنەوەی هەیە. دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا کتومت وەک مشک و کەرۆشکەکانی تاقیگە تاقیکردنەوەیان لەسەر من کردووە. ئەوەی من لێرەدا دەیکەم، خستنەڕووی ئەزموونە خۆش و ناخۆشەکانمە لە شێوەی ڕاپۆرتدا. باوەڕم وایە ئەم ڕاپۆرتانە سوودیان بۆ خوێنەر دەبێت، چونکە من بە پارچەیەکی داپڕچێندراو لە کوردستان دادەنرێم. بەو جۆرە کار لەسەر من کراوە. بەڕاستی بە هۆی ئەنجامدانی ئەو تاقیکردنەوانەوە لەسەرم تەنگ و چەڵەمەی زۆرم چێشت؛ دارکاری کرام؛ چەندین مانگ لە ژووری تەنگی هاوشێوەی گۆڕ لە ناو کێچ و مشک و پۆخڵیدا مامەوە؛ زیندانی کرام؛ دوور خرامەوە. ژیانی بازرگانیم بە مەبەست تێک درا و کەوتمە سەر ساجی عەلی. لە کاتێکدا خۆم لە گرتووخانە بووم و هاوژینم لە نەخۆشخانە کەوتبوو، بارهەڵگر برایە بەردەم ماڵمان لە ئیستانبوڵ و ماڵەکەم لەلایەن دزانی پیشەییەوە تاڵان کرا. لە پای گشت ئەمانە نە خەڵاتم لە کەس دەوێت و نە سزا. لە ڕاستیدا، ئەگەر سەرنج بدرێت، هەردووکیانم وەرگرتووە. ئەگەر ئەوەی بە سەرم هێندراوە، بە ڕەوا بزانرێت، ئەوا بە زیادەوە سزای خۆم چێشتووە. پێم وایە خەڵاتی خۆمیشم وەرگرتووە، چونکە کاتێک وتەکانی نووسەرێک دوای سی و شەش ساڵ وەک خۆیان بە دی دێن، ئەوە بە واتەی گەورەترین خەڵات دێت. هەموو ئەو نووسینانەم کە بوون بە هۆی دەستگیرکردنم، هاوشێوەی تابلۆیەکی تورکیای تژە لە کێشمەکێشی ئەمرۆیە. پێم وایە خەڵاتی دووەمیشم دەرچوونە لەو ئەشکەوتەی زێدی بابم، کە لەسەرەوە وەسفم کرد و هەروەها توانای نووسینی ئەم دێرانەیە ئەمرۆ لەگەڵ ئێوەدا.



وەک باوە، نووسەرانی بیرەوەری دەڵێن: "ژیانی من بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی وڵات"، یان: "لە بیرەوەرییەکانمدا مێژووی وڵات و مرۆڤایەتی دەبینن." بەڵام من هێندە گەورە ناپەیقم. بێگومان خۆ ئێمە ناپۆلیۆن یان هیتلەر نین تا بیرەوەرییەکانمان مێژووی شەڕێک، یان هەموو مرۆڤایەتی لە خۆبگرێت. بیرەوەرییە بچووکەکانمان تەنیا شتە بچووکەکان دەگرێتەوە. بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە نەخۆشییەکان نموونەیەک لە جەستەی مرۆڤ وەردەگیرێت. جا کەسانی وەک ئێمەیش ڕێک لە نموونەیەک دەچین کە لە جەستەی نشتیمان وەرگیرابێت. وەک باوە، ئەو نموونەیە دەپشکێندرێت و ڕاپۆرتێکی لەبارەوە دەنووسرێت و بەپێی ئەوە بڕیار دەدرێت. بەڵام ئەو نەزانانەی کە منیان دەپشکنی، ڕاپۆرتێکی هەڵەیان نووسی و بڕیاریان دا جەستەیەکی تووشبوو بە شێرپەنجەم و دوای چل ساڵ زیندانیکردن ئەوسا بڕیاریان دا لوویەکی شێرپەنجەیی نیم. تا ئەو بڕیارەیش درا، جەستەم پڕ کرا لە کون و برین. جا بیرەوەرییەکانی من کە گوتم هەریەکەیان دەبن بە ڕاپۆرتێکی شایەن بە لێکۆڵینەوە، بریتین لەو ڕاپۆرتە هەڵانەی.لە نووسینی ئەم بیرەوەرییانەدا بە کوردی بیرم کردووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتی فاشیستی سەردەم و یاسا فاشیستەکانی ئەو دەسەڵاتە ئاخاوتن و نووسینی بە زمانی دایک لێمان قەدەغە کردووە، ناچار بووم ئەم بیرەوەرییانە بە زمانی تورکی کە زمانێکی بیانییە بۆ من، بنووسم. هەر ئەوەیش هۆکارە بۆ شێوازی دەربڕینی بۆچوونەکانم و توانای نەنووسینم بە تورکییەکی جوان. تکام وایە خوێنەرانم ئەم ڕاستییە لەبەر چاو بگرن و لە کێماسییەکانم ببوورن. خوا یار بێت، ئەگەر تورکیا لە ماوەی ژیانی منداً ببێت بە وڵاتێکی شارستانی، باوەڕم وایە کتێبەکەم زۆر جوانتر و واتەدارتر بە زاراوەی کرمانجیی زمانی کوردی دەردەچێت. ئەوسا کاتێک خوێنەرانم تورکی و کوردییەکە بەراورد دەکەن، تێدەگەن من لەم ڕووەوە چەند مافدار و خەمگینم. بیرەوەریی جوان و شەرەفمەندانە هاندەرە بۆ نووسینی بیرەوەریی بەنرخ. چەندین ساڵ بوو دەمویست بەسەرهاتی ژیانم بنووسمەوە، بەڵام بەرەو پێشەوەچوونی تەمەن و بەسەرچوونی مەودای حەفتا ساڵ لە نێوان من و بیرەوەرییەکانمدا ئەو کارەی دژوار کردبوو. بەڵام دوو تیشکی گەنجی ناو بیرەوەرییەکانم، باهۆز شاڤاتا و محەمەد سەلیم ئۆکچوئۆغلو هێز و وزەیان پێم بەخشی و ئەوان بە پرسیارە لۆژیکییەکانیان بیرەوەرییەکانمیان هێنایەوە بیرم. بە ناوی خۆم و کەسوکارم و سەرجەمی گەلەکەم و هەموو کەسێکەوە کە سوود لەم بیرەوەرییانە وەردەگرێت، چەند سوپاسی ئەم دوو گەنجەمان بکەم، هێشتا هەر کەمە. بە خۆشەویستییەوە چاوی هەردووکیان ماچ دەکەم.

موسا عەنتەر

ئەم وێنەیە بەجیهاندا بڵاوەبێتەوە:خانەشوفێرێک لەگەڵ سەرنشینێکی ساکاریدا دەبێتە پاڵەوان

ئاکسلی بچووک کە خەڵکی ئاوگۆستای ویسکۆنسینی ئامریکایە، ڕۆژی یەکەمی خوێندنی وا هاسان بەڕێ نەکرد، چونکە ئەو منداڵە هێند بەترس و لەرزەوە خۆی ئامادە کردبوو، پێکەنینەکەی بەجارێ بزرکرد بوو، بەڵام کاتێ پاسی فێرگەکەیان دەگاتە بەر دەرگا. "ئیدی یەکسەر بۆ خوێندن کەیف خۆش بوو، بەڵام ئەو کاتەی پاسەکە لەسوچەکەوە وەدەرکەوت، لەپڕ بێدەنگ بوو". دایکی "ئامی" بۆ سی ئێن ئێن وایدەگوت. بەڵام کەداوا لە کوڕەکەی دەکات سەرکەوێتە ناو پاسەکە، بەترسەوە خۆی بەدایکییەوە دەنوسێنێت. هەر دەرگای پاسەکە دەکرێتەوە ئەو دەداتە پڕمەی گریان. بەڵام شوفێرەکە،"ئیزابێل لانە" بە هانای ئەو کوڕە بچووکە دێت و ڕاستەوخۆ شوێنێکی لە پشت خۆیەوە بۆ دابین دەکات، ئیدی ئاکسل سواردەبێت. "تۆ بەسەر ئەمەدا سەردەکەویت و ئێمە بەیەکەوە زۆر بەختەوەردەبین" ئەو خانمە وا بەکوڕە بچووکەکە دەڵێت و لەدواوەش دەستی درێژدەکات و دەستی دەگرێت"، من وام هەست کرد ئەمە بۆ ئەو باشترین قسەکردنە، کە لەودەمەدا بۆی بکەم". ئاکسل بۆ چرکەیەکیش دەستی لە دەستی ئیزابێل بەرنەدا. ئامی،کە دەیویست وێنەیەکی کوڕەکەی لەیەکەم ڕۆژی خوێندندا بچرکێنێت، ڕێک لەو کاتەدا وێنەیەک دەگرێت، دواتر بۆ پۆلیسی ئاوگۆستای ڕەوانە دەکات. کارمەندان دواتر وێنەکە لە واڵی فەیسبوکی خۆیان بڵاودەکەنەوە.

شانازییە کە هاوڕێی مرۆڤێکی وا باش بیت

"لێرە ئێوە ئیزابێل لانە دەبینن، یەکێک لەباشترین شوفێرەخانمەکانمان، کەدەستی کوڕێکی ترساو لە ڕۆژی یەکەمی خوێندنی گرتووە. مایەی خۆشحاڵییە کە ئێمە ڕۆژانە لە لایەن مامۆستایان و شوفێرانی پاس و کارمەندان و بەڕێوەبەرانی فێرگەکان ببینین، گەلێک بەهاداڕە، ئێمە شانازی بەهاوکارێکی و باشی ئەو جۆرە مرۆڤانە دەکەین". بەمچەشنە لەسەر واڵی فەیسبوکی پۆلیسی دادەنێن.

ئەو میوان و سەرنشینە بچووکە یەکسەر کاری لێدەکات و بەر لەوەی پاسەکە لە شەقامی خانەوادەی جۆنسۆن بسوڕێتەوە، ئاکسل واز لە گریان دەهێنێت و ژیر دەبێتەوە. دایکی بێئەندازە شانازی بە کوڕە گەورەکەیەوە دەکات. "ئاکسڵ ئێستا ڕۆژانە بەبێ ئاریشە سەردەکەوێتە ناو پاسەکە. ئەو فێرگەی خۆشدەوێت!" ئەم باسە هەڵوێستێکی بەشێوە بچووکی قەبارە مەزنی مرۆڤانە نیشان دەدات، کە بەهەڵسوکەوتێکی ساکار، توانی ڕەنگدانەوە و مانایەکی گەورە بە ژیان بدات و ئەو دەستگرتنەی ئاکسل دەستگرتنێکە هەموو مرۆڤێک لە کاتی تەنگانەدا پێویستی دەبێت، دواجار بەهەند وەرگرتنی هەڵوێستەکەش لەلایەن دەسەڵات و پۆلیسەوە و بەرزنرخاندنی هەمووان هاندەدات نموونەی ئیزابێلاکان لە زۆربوونداین و بەمەش گیانی یارمەتی و هاوکاری زیاتر تەشەنە بکات.

سەرچاوە: فۆکس ئۆنلاین

73 ساڵییەک دەبێتە دایکی دووانەیەک لە باوکێکی سەروو هەشـــــتا ساڵیی!

موزەفەر عەزیز

ئەمە ڕووداوێکی لە ڕادەبەدەری پزیشکییە، خانمێکی ٧٣ساڵان لە هیند دووانەیەک بەدنیا دەهێنێت و بەمەش دەبێتە پیرترین دایکی جیهان، دوای چەند کاتژمێرێک بەسەر نەشتەرگەرییەکەدا دایک و باوکەکە بۆ کەناڵی بی بی سی تو لوگو ڕایان گەیاندووە، کە ئێستا بێئەندازە بەختەوەرن و ئەوان لە هەموو ژیانیاندا بە هیوای منداڵ بوون، هەنوکە ئەو خەونە بۆ خانەوادەکەیان بەدی هاتووە و بەڕێگای پیتاندنی دەستکردەوە ئەنجامدراوە و هەردوو منداڵەکەش بەگوێرەی هەواڵی کەناڵەکە لە باریکی تەندروستی زۆر باشدان، بەڵام پێدەچێت باوکەکە بەرگەی ئەو هەموو دڵەڕاوکێیەی نەگرتبێت و تەنها ڕۆژێک دواتر جەڵتە لێی دەدات و ئێستا لە نەخۆشخانەدا چارەسەر دەکرێت، چەند کاتژمێرێکی کەم پێش ئەوە لە لێدوانێکیدا گوتبووی، هەرچی ڕووبدات، ئەوا هەر ڕوودەدات و هەمووی بەدەستی خوداوەندە، شیاوی باسە ئەمانە لەڕێی هاوسێیەکی ٥٥ ساڵییانەوە ئەم شێوازەیان تاقیکردۆتەوە هەروەک "تونایت نیوز" دەڵێت: بەجۆرێک هێلکەکان بەشێوازی دەستکرد دەپێتێن و دواتر دەخرێتە منداڵدانەوە و خانمەکە تێکڕای ماوەی دووگیانیەکەشی لە نەخۆشخانەی ئەهالیی ئی ڤی ئێف لە باشووری شاری گونتور لە ژێر چاودێری دابووە، بەسەرپەرشتی دکتۆر ئوماشانکار ساناکایالابوە و ڕوونیشیکردۆتەوە، کەبەڵێ ئەمە پەرجوویەکی بزیشکییە لە زانستی سەردەمدا، ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەبەڵگەنامەکانی خوێندنیدا کردووە، خانمەکە لە١ی یولی ١٩٤٦ لە دایک بووە، پیاو دەتوانێت بەمزووانە لەکتێبی گینس ژمارەی پێوانەیی بدۆزێتەوە، پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٦ ژنێکی ئیسپانی ٦٦ ساڵان تۆمارکراوە، بەڵام دوای سێ ساڵ و پاش لە دایکبوونی دووانەکەی "کارمان باوسادە" کۆچی دوایی کرد.

ماوە بگوترێت ئەو دوو هاوسەرە هیندییە ٥٧ ساڵە هاوسەرگیرییان کردووە و بەدرێژایی ئەو ماوەیە چاوەڕێی منداڵ بوون بوون و لە کۆتاییدا، بێ ئومێد نەبوون و ئەوەتا گەیشتن بە ئامانج و ئاواتی خۆیان، هیوادارین کەس بێ ئومێد نەبێت و بەهیوای خۆی بگات.

سەرچاوە سایتی قیلت

گۆشەی 25 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ڕزگاربووانی ناو دەریاکان مافی پەنابەرێتی وەردەگرن

هۆرست زیهۆفەری وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، ئەڵمانیا ئامادەیە پێشوازیی لە 25% ئەو پەنابەرانە بکات، کە لە دەریاکان ڕزگار کراون و توانیوویانە بگەنە ئیتالیا، هەروەها گوتیشی ئەو سیاسەتەی کۆچ، کە پەیڕەوی دەکەین لە هەمان کاتدا سیاسەتێکی مرۆییە و کەس جێناهێڵێن تا بخنکێت، ئەگەر هەموو ئەو بابەتانەی گفتوگۆمان لەسەر کردووە وەک خۆیان بمێننەوە، دەتوانین پێشوازی لە 25% ئەو پەنابەرانە بکەین و لەو نەهامەتیانە قوتاریان بکەین، کە لە دەریاکان ڕزگاریان بووە و گەیشتوونەتە ئیتالیا.

ئۆتۆمبێلی جۆری تازە نمایشکران

ئۆتۆمبێلە نوێکانی مێرسیدس و بی ئێم ڤی، لە پێشانگەی ئۆتۆمبێلی فرانکفۆرت پەردەیان لەسەر لادرا، مێرسیدیس بێنز ڤیژن EQS، جۆرێکی تازەی قەمەرەیە، لەگەڵ بی ئێم دەبڵیو M Next، جێگەی زۆرترین سەرنجی سەردانیکەرانی پێشانگەکە بوون.، هەردوو ئەم جۆرانە بەکارەبا کاردەکەن و لەسالّی دادێ دەخرێنە بازارەوە.

ئەو پیشانگایە ماوەی ١٢٢ ساڵە ڕێکدەخرێت و نزیکەی یەک ملیۆن کەس سەردانی دەکەن، زەویەکی ٢٣٠ هەزار مەتردوجای بۆ تەرخانکراوە و لە ٩ هۆڵی گەورەدا نزیکەی ١٠٠٠ خانەی جۆراجۆری هەیە، ١١ ڕۆژ لە ١٢تا ٩/٢٢ دەخایەنێت.

لە ئەڵمانیا گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە

شوێنەوارناسان لە شاری فرودینگن، گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزیەوە، کە مێژووەکەی بۆ ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لەناو گۆڕەکەدا ئێسک و پروسک و گەوهەر و گەنجینە و هەندێ مادەی پڕ بەها دۆزراونەتەوە، کە مەزەندە دەکرێت هی ٦٠ ژن و پیاوی ئەو سەردەمە بن.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

ئەڵمانیەکان ئارەزووی سێکسیان لاواز بووە



بەپێی توێژینەوەی پرۆفیسۆرێک بەناوی "ئۆلریش ڕاینهارت" ژن و پیاوی ئەڵمانی لەو قۆناغەی ئێستادا، ئارەزووی سێکسکردنیان لە جاران کەمتربۆتەوە و ئەوانەی تەمەنیان لە ٢٠ بۆ ٤٩ ساڵە ٥٩٪ یان هەفتەی جارێک و ٨٢٪ یان مانگی یەک جار سێکس دەکەن، بەتەمەنەکانیش لە ٥٠ بەسەرەوە ٧٪ هەفتانە و ٢٣٪ ش مانگانە سێکس دەکەن.

دژەتیرۆری ئەڵمانیا هەڵمەتێکی دەستپێکرد

دژەتیرۆری ئەڵمانیا لە هەرێمی هامبۆرگ، شلیسڤیگهۆڵشتاین، میکلنبۆرگ و ڤۆپەرمان، هەڵمەتێکی چڕوپڕیان دەستپێکرد بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەک گومانلێکراوی عەرەب، کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت هاوکاری تیرۆریستان بکەن، لە سوریا و لە پشکنینی ژمارەیەک شوقەو و ماڵدا ١٠ کەسیان دەستگیرکردووە.

پاریزەرێکی ئەڵمانی ملیۆنێک یۆرۆی بردەوە

لە بەرنامەی "کێ ملیۆنەکە دەباتەوە" پاریزەرێکی ئەڵمان، کە ناوی شترۆیە و ١٦ ساڵە بەهیوای بردنەوەی بڕێک پارەیە و لەماوەی ئەو هەموو ساڵەدا پرۆڤە لەسەر پرسیار و وەڵامەکان دەکات و خۆی پەروەردە دەکات تا بەشداری بکات و پارەکە بباتەوە، هەفتەی ڕابردوو پیاوەکەی خەڵکی هامبۆرگ توانی خەونێ خۆی بێنێتەدی و بڕی یەک ملیۆن یۆرۆ بباتەوە.

پاشماوەی گۆشەی 25 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

کەنیسە پاپۆڕێک بۆ فریاکەوتنی کۆچبەران دابیندەکات

کەنیسەی پرۆتستانتی ئەڵمانی بڕیاریدا، کە کەشتیەکی خێرخواز تەرخان بکات و بینێرێتە دەریای ناوەڕاست و نزیک کەنارەکانی ئیتاڵیا بۆ دەربازکردنی ئەو کۆچبەرە لێقەوماوانەی کە لەناو دەریا گیردەخۆن و ڕووبەڕووی مەترسی مردن و خنکان دەبنەوە.

نازیەک هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵێک منداڵ

کاتێک پۆلیک منداڵی خوێندنگەیەکی کۆڵن، بە گەشتی خوێندنگەکەیان دەیانەوێت لە بانهۆفی بێلەفێلد دابەزن و ژمارەیەک منداڵی بیانیان لەگەڵدا دەبێت، پیاوێکی نازی ٣٩ ساڵ پەلاماریان دەدات و گازێکی ژەهراویان پێدا دەکات، لەوکاتە پۆلیس فریا دەکەوێت و دەستگیری دەکات، بەڵام ١٠ لەو منداڵانە بەوگازە ژەهراویە دەبورینەوە و زوو دەیانگەیەننە خەستەخانە.

جیاوازی لە نێوان ژنان و پیاوان بەردەوامە

بەدرێژایی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی خەباتی ژنان بۆ یەکسانی لەگەڵ پیاواندا، هێشتا لە زۆر بوار و لەناو جەرگەی وڵاتە ئەوروپی و پێشکەوتوەکاندا، ئەو جیاوازیانە بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا لە مەسەلەی مووچەی خانەنەشینیدا، ژنان بە ڕێژەی ٢٦٪ لە پیاوان کەمتر وەردەگرن.

لە ئەڵمانیا کارتە زەردەکەی نەخۆشی نامێنێت

بەپێی " پیتەرئەلمایەر" وەزیری ئابووری ئەڵمانیا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ ەوە، ئەو کارتە زەردە نامێنێت، کە کرێکار و کارمەندەکان لە کاتی نەخۆش کەوتن و نەچوونە سەرکارياندا دەبوو لای دکتۆر پڕی بکەنەوە و بیبەنە لای خاوەنکار و پێی دەڵین Arbeitsunfähigkeitsbescheinigung،لەبری ئەوە دەتوانن بە ئیمێل پەیوەندی بکەن و بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بارودۆخی خۆیان بەیان بکەن، ئەمەش لە پێناوی کەمکردنەوەی خەرجیە، چونکە دەرکەوتووە کە تەنها ساڵی پار ٧٧ ملیۆن لەو کارتانە بەکارهاتووە، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا، ساڵانە بڕی ٢٣٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ خەزینەی گشتی دەگەڕێتەوە.

دیزاینەرێکی بەڕەچەڵەک کورد کۆچی دوایی کرد

لیوجی کۆلانی Luigi Colani دیزاینەری ناسراوی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک کورد لە تەمەنی 91 ساڵی لە شاری کارلسرۆ کۆچی دوایی کرد، ناوبراو دزاینی ئۆتۆمبێل، قەنەفە، شوشەوات، تەلەڤزیۆن، کامیرا و جلوبەرگی کردوە و بەقسەی خۆی زیاتر لە چوار هەزار دیزاینی جۆراوجۆری هەیە و بەهۆی کارە سەرنجڕاکێشەکانی، جگە لە ئەڵمانیا لە ژمارەیەک وڵاتی جیهانیدا کاری کردووە، بەر لەمردنی بۆ میدیا گوتوویەتی، کە ئەڵمانیا لە دایکبووە، بەڵام باپیرە گەورەی لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر کوردستانەوە هاتوونەتە ئەڵمانیا.

ڕاهێنەرێکی کورد لە ئەڵمانیا دەرس دەڵێتەوە

"فوئاد نووری" ڕاهێنەری یاری کاراتی و مامۆستای کۆلێژی وەرزشی زانکۆی سلێمانی بە فەرمی ولەسەر داوای ئەکادیمیایەکی یاری کاراتی شاری دیورن بانگهێشت کرابو بۆ کردنەوەی خولێکی ڕاهێنان وبەسەرکەوتویی کارەکەی ئەنجامداولە دەزگا وەرزشیەکانی شارەکە سوپاسنامەیەکی پێبەخشرا.

نمایشی "نامە بۆ خودا" بە نەرویجی
Forestillingen “Brev til Gud” på Cornerteateret i Bergen

دراماییەکی دۆکومێنتارییە دەربارەی ئەنجامدانی تووندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە ژنان لە جەنگە مۆدێرندا. دەرهێنانی: سەدیق عەزیز، نووسین: لە هەر دوو دەقی "ژیان بە تامی مردن"ی د. دڵشاد مستەفا و "هاواری ژنێک"ی بەڕێز مەجیدەوە ئامادە کراوە. وەرگێڕانی بۆ نەرویجی: تاریق هێدی

ئەم شانۆگەرییە لە ڕۆژانی ١٣ تا ١٥ی سێپتەمبەر لەسەر تەختی شانۆی Cornerteateret ی شاری بێرگنی وڵاتی نەرویج پێشکەشکرا و ڕۆژانی هەینی ٢٠ی سێپتەمبەر سەعات ٦ی ئێوارە و ڕۆژی شەممە ٢١ی سێپتەمبەر سەعات ٧ی ئێوارە لەم ئەدرێسە بەردەوام دەبێت:

Kong Christian Frederiks plass 4

پاش بینینی نمایشەکە، هەم چێژێکی زۆر و هەم حەسرەتێکی مەزن بە کۆمەڵێک پرسیاری زۆرەوە دەربارەی حیکایەتە غەمگینەکانی بەشەریەت و برینە هەتوان نەکراوەکانی لات بەجێ دەمێنێت. هاوکات لەگەڵ بینینی هەر دیمەنێکدا ڕووبەڕووی هەژانێکی دەروونی دەبیتەوە و ناتوانیت وەک بینەرێک نەبیتە بەشێک لە نمایشەکە.

ئەداکردنی هەر سێ ئەکتەری بە توانای نەرویجی "لینە فیۆرتۆفت، بێریت سولستاد و ستاینەر تۆرسن" و کاری هونەرییانەی چڕی دەرهێنەر سەدیق عەزیز گەواهیدەری ماندووبوونێکی زۆرن لە ئەنجامدانی کارەکەدا و جێگەی دەستخۆشییە و شانۆگەرییەکە شایەنی بینینە.

BREV TIL GUD
Regissør: Sadik Aziz Bawan
Manus: Dilshad Mustafa og Barez Majeed
Oversettelse: Tarik Hedi

Nasjonalteateret i Mosul i Irak har blitt omgjort til et fengsel under ledelse av Den islamske Staten. Teateret er nå blitt et sted for tortur og dødsstraff for uskyldige mennesker .Den Islamske Staten arresterer Leyla, en kjent kvinnelig skuespiller i Mosul. Etter tortur og voldtekter våkner hun til bevissthet og gjenkjenner sitt gamle arbeidssted. Gjennom minnene fra teateret og tekstene fra de store klassiske drama, holder Leyla håpet levende. Leyla er en troende Yezidi, men i møte med sin kristne medfange er ingenting viktigere enn å holde livsviljen oppe hos de begge .Vi har to forestillinger igjen av «Brev til Gud» på Cornerteateret. Det er lite å bli oppløftet av, her er ingenting det er meningen å humre av. Det er den smertelige fortellingen om krig, mishandling, råskap og menneskelig ondskap satt i system. Men, jeg skulle ønske noen av dere likevel vil ta turen. Fordi vi «ikke må tåle så inderlig vel, den urett som ikke rammer oss selv .«Vår kurdiske regissør Sadik Aziz har laget et stykke som minner oss om at krig ikke er historie, at den er nærværende og angår oss, uansett hvor vi er i verden. At vi ikke må glemme eller fortrenge, men være våken og varsle om urett, uavhengig av hvor den finner sted.

Forestillinger:
.20Sept. 18:00 - 19:00
.21Sept. 19:00 - 20:00
Adresse:
Kong Christian Frederiks plass 4

گۆڤاری (ARTPROFIL) کە گۆڤارێکی هونەری باڵایە لە ئەڵمانیا تۆژینەوەیەکی لەسەر هونەرمەند ناری میرزا بڵاوکردۆتەوە

گۆڤاری (ARTPROFIL) گۆڤارێکی هونەری جوانە لە هەڵبژاردە لە توانا هونەریە بەرزەکان و ڕێکخستنی باڵای هونەری لە ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا چاپ دەکرێت و لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان بڵاودەکرێتەوە....

Eine individuelle Kraft zeigt sich virulent als machtvolles Ganzes in einer strudelartig besetzten Aktivität von Gegenwart.

Ary Mirsa: Das Weltenrund ist nicht auf Stillstand angelegt.

Bilder vermögen unsere Sinne zu betören. Sie fokussieren den Blick, steigern die Aufmerksamkeit, machen neugierig und sind doch in sich gefangen. Auch die künstlerischen Botschaften von Bildern gilt es immer wieder aufs Neue zu entschlüsseln.

Leseprobe - mehr im ARTPROFIL

www.arymirsa-art.com

Ary Mirsa, o.T, © Ary Mirsa

جێی خۆشحاڵییە نوسەری گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەیەکی پربەپێستی کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاری میرزا ئەنجامداوە و کارە هونەریەکانی شیکردۆتەوە و هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ پێکهاتەی کارەکانی ئاری کردووە و بەرز نرخاندووە.

ein Bericht über mein kunstwerke bei kunstzeitschrift (ARTPROFIL). Artprofil ist ein kunst magazin wird über den gutsortierten pressefachhandel verbreitet ,so in Deutschland ,Österreich und in der schweiz so wie regional auch in Gebieten Belgiens und Spanniens.

ATELIER UND WERKSTATT

Eine individuelle Kraft zeigt sich virulent als machtvolles Ganzes in einer strudelartig besetzten Aktivität von Gegenwart.

Ary Mirsa: Das Weltenrund ist nicht auf Stillstand angelegt.

Weitere Infos:
Ary Mirsa - Bildender Künstler
Königsteiner Straße 14
68305 Mannheim
E-mail: mirsa.ary@web.de
Web: www.arymirsa-art.com
Mobil: 0176-32156046

26 ARTPROFIL

ATELIER UND WERKSTATT

سەباح یاسین لە بەرهەمێکی نوێیدا بەناونیشانی (ئاو بە تاو) فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری بڵاوکردۆتەوە



بەشی پێنجەم

لە بزوتنەوەی مێخ ()ی ئاسماندا مانا گەردوونییەکەی خودا وەک ڕووناکیی ئاسۆیی/ ئەستونی دەردەکەوێت. ئەو تێڕوانینە ئەبستراکتە یان ئەو خوێندنەوە هێمایی و بیرکارییە لە چەند ڕەوشێکدا دەبینرێت، وەک: لە وێنەی بازنە بەردینەکەی گۆبەکلی تەپەدا، لە گڵێنە ئوبەیدیەکان و مەزارگەی لالەشی ئێزدیدا، ئەوەش بێگومان ئاسۆیی و ئەسوونییە - وەک ئاو/ هەتاو یان مار/ مەلەک تاوس لە ڕێگەی شەپۆلەوە گەشت دەکەن کە تاو و تینە. لەسەر ئەم داڕشتنە ناوبراوانە گەرەکە هەڵوێستەیەک بکەین. وەک گۆتمان ناوک تۆوە و مانایە بۆ پشتاوپشت. لێ دوای یەکگرتنی تۆوی نێر و هێلکەی مێ لە منداڵدانا ناوک پەیدادەبێت. لای مار و مەل بێچووەکە ڕاستەوخۆ لە سپێنەکە خواردن وەردەگرێت، نەک لە دایکەکە. بۆیە ناوک و ماندان بە ناوک لە شیردەردا - وەک سەرەمێکوتەکە – بە دیواری زێد(هەناو /ڕەحم) دایکەوە دەلکێت. لێرەدا جێی سەرنجە کە لە دەنگی ناوکدا دەنگی ئاو دەبیسترێت، ئاخر ناوک بەو تۆوانە دەگۆترێت، کە گیانێکی ئاوی وەک گۆشت- دەورەی ناوکەکەی داوە. لەم ڕوانگەیەوە تۆو/ ناوک، هاوشێوەی ئاو/ تاو یان ئاو/ هەتاو داهێنراوە، هەر لەو مانایەشدا هەتاو بە ناوەندی گەردوون دانراوە و پاشان وێنە زهنییەکە بۆ هونەر گواستراوەتەوە. داڕشتنی ئەم دیدە هێمایی و بیرکارییە لە چەند بەرهەمێکدا دەبینین: لەسەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە بەردەوامی ئەزمونی ژیان دەبینین، کە ئاوییە و لەگەڵ نیشتەجێبووندا - وەک ئاو بە تاو - بەردەوامیی زوانی هەبوو. لە شێوەکاریی تێکهەڵکێشی شەپۆلەکانی ئاوی سەر بەردەکەدا شەپۆلەکان بەرز و نزم ڕوو لە یەک دەکەن و نزم و بەرز لە یەکدی جیادەبنەوە، ئەوجا یەکدەگرنەوە و بەو ڕێگەیەوە بەردەوامی بە نوێبوونەوە دەدەن. ئەم داڕشتنەی سەر بەردەکەی گۆبەکلی تەپە هاوشێوەی داڕشتنی گڵێنە ئوبەیدییەکانە کە ئەوانیش وەک واتای ئاو بە تاو هەڵگری هەمان مانای زهنین، دوو شەپۆلی ناوەندی گڵێنەکە بە خاڵێک - ناوکێک تەوەرەئاسا بە یەکەوە لکاون و چوار ماسی بە دەنوکی چوار مەلەوەن، باڵی مەلەکانیش لە هەوادا هاوتا بە شەپۆلی دەوری گڵێنەکە و ناوەندەکە دەوران دەوران دەکەن. دەوران دەورانی ئاو بە تاو، لەگەڵ دەورانکردنی دوو شەپۆلی ئاو و چوار سەری ماسییەکان و چوار باڵی مەلەکاندا، هاوتان بە بیست و چوار شەپۆلی دەوری گڵێنەکە کە هێمایی و بیرکارییانە بۆ مانای کاتی/ جێی، ئەرزی/ ئاسمانی داڕێژراوە. کات/ جێگە – وەک سروشت/ گەردوون – لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە. بە واتایەکی دی، گڵێنە ئوبەیدییەکان باس لە بوون و هەبوونی ژیان دەکەن و هاوتان بە مانای تۆو/ هێلەکە لەو شێوەیەدا کە ئێزدییەکان لێی دەدوێن. لەم ڕوانگەیەوە ناتوانین دابڕاو، لە شێوەی ژیان و گەمەی زوان باس لە داهێنانی هێمایی و بیرکاری - وەک داهێنانی کاری مێشکی مرۆڤی - بکەین. ماندان بە ئاو، بە نەوە یان بە تۆو، هەر لە سەرەتاوە بۆ خۆخوێندنەوەی سروشتی/ گەردوونی دەگەڕێتەوە، کە هێمایی و بیرکارییانە مانای لە زوانی داپیر و باپیرەکانی چاخی سەهۆڵبەندانەوە وەرگرتووە. ئێمە ئەم ڕەوشە لە مانای باران بە تاو و هەتاو بە تاودا - وەک تاوی نێر و مێ بۆ یەکدی - دەبینین. لە بنەڕەتدا مۆغی مرۆڤ تا ئەمڕۆ هەمان بنەمای هاردوێری هەیە و زوانی ئاو بە تاویش سۆفتوێرانە لەتەک داهێنانەکان و دۆزینەوەکاندا گەشەی سەندووە. مرۆڤ لەکاتی نیشتەجێبوونەوە، واتا کاتێک خانووی دروستکرد و دەستی دایە بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەل و تۆو چاندن، وابەستەی تۆوە و ئاو بە تاوی وەک سەرچاوەی بوونی خۆی داناوە، هەر ئەوەش وایکردووە، کە ژیان لە بوونێکی سروشتییەوە وەربگۆڕێت بۆ بوونێکی گەردوونی.ڕوانگەی زهنیی لە بنەڕەتدا درێژکراوەی کولتوری کشتوکاڵییە و شێوە ژیانی جوتیاری مێزۆپۆتامیا بناغەی ڕشتووە، نەک مەلیک و ئیمپراتۆر و پەیامبەرەکان کە دەستبژێری کۆمەڵایەتین و تا ئەمڕۆ ئەوان بە جوڵێنەری مێژووی ئاوەدانی دادەنرێن.

بەڵێ، ماناداں بە تێکهەڵکێشی شەپۆلی ئاو بە تاو - وەک بوونی ئاسۆیی/ ئەستوونی دەگەڕێتەوە، بۆ زهنی جوتیاری نیشتەجێ، کە هاوتا بە کێڵان([9])ی ئەرز ئاسمانی/ گەردوونیان خوێندۆتەوە. ئەوجا خۆخوێندنەوە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ خوێندنەوەی یەکدی و گفتوگۆی نێر و مێ، بۆ ئاڵوگۆڕی شمەک و گەشەدان بە سیستەمی پێوانەی وشە و بیرۆکە، تا دەگات بە پێوانی ڕووبەر و کێش و جیاوازی قەوارە. لەم ڕوانگەیەوە ناتوانین مانای ئاو، زوان، تۆو بگەڕێنینەوە بۆ لۆژیک و پاساوی زوانی، بەڵکو دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ پێوانەی زهنی، کە سروشتی/ گەردوونی مانای هەبوونی بە بوونەوە گرێداوە. واتا ئەو گرێدانە پێوستی بە پاساوی فەرمان و فەرمودە نەبوو. زوانی کوردی/ سۆمەری بەو مانایە گەشەیان بە میتۆلۆژیی فەلسەفەیی داوە، بەو مانایەش زانین و پەیڕەوی لەوەوبەری ڕاوکەر و کۆکەرەوان بۆ ژیانی نیشتەجێیان گوازدراونەتەوە. گۆبەکلی تەپەییەکان نوێنەرایەتی ئەو گوازتنەوە زوانی و جیهانبینییە دەکەن و پێدەچێت هەر لەو دەمەوە مانای ئاو بە تاو لە زوانی میتۆپۆتامییەکاندا ئاوێتە بووبێت و تا ئەمڕۆ ئەو مانا ئەفراندنیەی گوم نەکردبێت، کە ئەفسانە سۆمەری یان پێش جووتیاری لەوەوبەر دایڕشتووە. زوانی کوردی بەو مانایە هەڵگری ڕەهەندی میتۆلوژییە و خەیاڵی وەک واقع/ بوون خوێندۆتەوە: ئەوە تامی خواردنە، کە ژیانی لەسەر وەستاوە، ئەوجا ڕاڤەکردنی ئەو مانایە وەک زوانی ڕەگەز بریتییە لە گفتوگۆ، کە ئاڵوگۆڕی مانایە یان هاوتاکردنی جیاوازییە، هەروەها خودناسین و خوداناسین بەردەوام نوێبوونەوەی سروشتین/ گەردوونین. بەڵام لەو دەمەوە، کە دەستەڵات فەرمان و فەرمودە وەک بنەڕەت یان وەک سەرچاوە وەردەگرێت، ئیدی خۆهەڵخەڵەتاندن و هەڵخەڵەتاندنی یەکدی بالادەستی وەردەگرن، لێرەشدا ئەو جۆرە وەرگرتنە مانای ژیان و تاوی نوێبوونەوەی نەوە بەتاڵدەکاتەوە، بەڵێ زۆرتر لەوەش تەنانەت خودی زوان دەگەیەنێت بە بێزوان و گفتوگۆی دین و دونیا مانای نوێبوونەوە ئاو - بە - تاوییەکە لەدەستدەدات، کە ئیدی مرۆڤ لە مرۆڤێتی دەکەوێت و چیدی کولتور وەک خۆداهێنان ناکەوێتەوە. ئێمە ئەمڕۆ شاهێدی بەستەزوانی و بێزوانین، کە لە زانین و پەیڕەو دابڕاون و ڕەدکردنەوە بووە بە لەبرییەک بۆ گەڕان بەدووی زانینێکدا کە نەزانین یان نابینایی سروشت – گەردوونیە. هەڵوێستەیەک لەسەر دووفاقەیی مانای زوان لە زوانی کوردی و سۆمەریدا و یەکفاقەیی مانا لە زوانی هیندۆئەورپی و سامیەکاندا سەرەتای ڕەدکردنەوەی گفتوگۆ یان ئاڵوگۆڕی مانا ئاشکرا دەکات، واتا پێشانی دەدات، کە چۆن دەستەڵات فەرمان و فەرمودەی بە بنەمای بوون و هەبوون داناوە و مێتۆدی ڕەدکردنەوەی لەجێی ئاڵوگۆڕی مانا پەیڕەو کردووە.

پاشماوە فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری (ئاو بە تاو)ی سەباح یاسین

مانای وشەی زوان لە زوانی سامیدا بەرانبەر وشەی "لسیان (tongue) " دەوەستێتەوە، کە مانایە بۆ چێژی خواردن، هەروەها لە زوانی هیندۆئەورپیدا بەرانبەر وشەی "لغە (language) "دەوەستێتەوە، لێرەشدا جێی سەرنجە کە هیچ کامیان بەرانبەر نییە بە بیرۆکەی (زوان eme /کە گفتوگۆی ڕەگەزە و لەگەڵ دەنگی "لسیان (tongue) "هاوتا نایەنەوە. لێ مێژووی سێهەزار ساڵی ڕابوردوو پێشانمان دەدات، کە چۆن ئەو زوانە گۆشتی و ئەقڵییە بووە بە مشەخۆری سەرچاوەی زانین و پەیڕەوی فەرمان و فەرمووە دەکات، کە وەک سەرەنجام ڕێگەی بۆ تاکی باڵادەست کردۆتەوە، لەم ڕەوتەشدا تاک و کۆ نەک تەنیا بە کۆیلەکراون، بەڵکو ئەوان تەنانەت وەک نێر و مێ دابەش و بێبەش کراون لەو مانایە، کە سروشت/ گەردوون ئاو - بە - تاوانە ڕێگەی ئاوەدانیی خێزانی و زوانی بۆ کردبوونەوە. ئەگەر بە وردی چاو بە نووسینەکانی ئاڤێستای زەردەشتی، تەوراتی ئیبراهیمی، ئینجیلی عیسایی و قورئانی محەمەدیدا بگیرین و بیر لە سەردەمی سەرهەڵدانیان بکەینەوە، ئەوجا بڕوانین، کە چۆن قەوارەی گۆڕانی کۆمەڵ لە پەیوندیی سروشتییەوە/ گەردوونییەوە وەرگۆڕاوە بۆ پەیوەندیی ئیمپراتۆر یان ئۆرد یان سەروەر و کۆیلە، ئەوسا دەبینین، کە چۆن ئەقڵیەتی شێخ و خەلیفە و دەرویش لە کولتووری ئەمڕۆدا دامەزراوە، هەروەها چۆن مرۆڤەکان بەسەر دەسەڵاتەکاندا دابەشکراون، ئەوجا چۆن ئەقڵیەتی ڕەدکردنەوە ئەو بنەما دینی و دونیاییەی لەوەوبەری نەفی کردووە و لەبریی ئەو مانای بە دژایەتیکردنی یەکدی داوە، کە ئیدی زوانی گفتوگۆ نەکردن، بووە بە سەرچاوەی کاولکاریی شارستانیی دێرین و ئەو جۆرە مانایەش تا ئەمڕۆ لە دونیای ئێمەدا بەردەوامە.

مانای وشەکانی نێو ئەم فەرهەنگۆکە، ئەوجا بیرۆکەکانیان، پێمان دەڵێن کە مێژووی گەشەی زوان هاوتا بە ئاوایی و ئاوەدانی دونیا ڕوویداوە. پڕۆسەی ئاوەدانی لە چاخی بەردینداً بە ئاوایی ناوچە شاخاویەکانی مێژۆپۆتامیای باکور دەستیپێکرد و لە شەشهەزاری یەکەم نیشتەجێبوونداً کێڵان و تۆو وەشاندن بڵاوبوونەوە، واتا چۆن بەردێک فڕێدەدرێتە نێوەندی ئاوەوە، ئەوجا نێوەندەکە وەک ناوک بازنە دەخاتەوە و بازنەش بەردەوام زیاد دەکات، بەو شێوەیە وەشاندنی تۆو لە مێژۆپۆتامیای باکورەوە لە شەشهەزار ساڵی یەکەمدا بە ئاسیا و سەرووی ئەفریکا و باشووری ئەورووپادا بڵاوبۆتەوە، بەو مانایەش بیرۆکەی "کێڵان" مانای ژیانی کردگارانەی بە جێگەوە بەستۆتەوە، ئەوەش وەک ماناداں بە "کولتور"ی ژیان کە نان پەیداکردنە، ئەوجا نیشتەجێبووەکان لە سەری ساڵ تۆویان چاندو و ناوەندی ساڵدا هەڵیانگرتووتەوە و ئاهەنگیان گێڕاوە. ئیدی لەو ڕێگەیەوە ئاهەنگەکە و کولتورەکە بە جیهانی دێرینداً وەک خستنەوەی نەوە و نوێبوونەوەی تۆو بڵاوبونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئاهەنگی سەری ساڵ نوێبوونەوە (نەورۆز) و ناوەندی ساڵ (قوربان) لە کار و بیری نوێبوونەوە و بەردەوامیدان بە ژیانی نیشتەجێییەوە هاتووە نەک لە ئایدیالی دینییەوە، لێ دڕەنگتر دینەکانی ئەم سێ هەزار ساڵەی ڕابردوو سودیان لەو نەریتە داهێنراوانە وەرگرت و ماناکەشیان بە گوێرەی پێداویستییە دینی و دونیاییەکانی دەستەڵادارن گۆڕی. بە هەر حاڵ، لەتەک کێڵان و وەشاندنی تۆودا ناوی ئاوایی بەنێو هەر سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریکا و ئەورووپادا بڵاو بۆوە([10]). دەنگی "ئە" و "ئا" کە لە ناوی کیشوەرەکاندا هەیە، هاوتایە بە ناوی زۆرینەی خوداکانی دێرین، هەروەها بە قارەمانەکان، پاشاکان، دەڤەرەکان، ڕووبارەکان، گۆمەکان و ئۆکیانووسەکانی هەر سێ کیشوەر. هێڕۆدۆت دووهەزار و چوارسەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر ئەو ناوانەی لە پەڕاوەکەیدا تۆمارکردووە. جگە لەوە پێدەچێت، سەرەتای ئەو ناوانە کە بە دەنگی "ئە" یان "ئا" دەستیان پێکردووە، بۆ پیرۆزکردنی ئاو (کە تۆوە) گەڕابێتەوە.

زوانی سۆمەری و کوردی ئەو مانایەی ئاو/ هەتاوی مێژۆپوتامیای دێرینیان بۆ ئاوەدانی سروشت/ گەردوون پاراست کە مانایەکی هێمایی و بیرکاریی بوو. لەم جێیەدا گەرەکە ئاماژە بۆ هەڵوێستێکی هێژۆدۆت بدەین لە لێکدانەوەکانیدا: لێکدانەوەکانی دەری دەخەن، کە بە دیدی ئەو کورشی ئاخامینی کۆتایی بەو گەشە سروشتییە هێنا و بەمەش گەشەی کار و بیری مرۆڤی وەستاند یان بڕخەوش کرد، ئەوەش بە داهێنانی فەرمان (ستراپ). ئەمە بە واتای، کاتێک پێشتر ئەنجومەن شار ـ دەوڵەتی وەک نەریتێکی کولتووریانەی پشتاوپشت ڕێکدەخست، ئەوا کورش ئەو شێوازەی ڕێکخستنی نەهێشت و لەبریی ئەو سیستەمی دانانی میری سەپاند. ئەمە لە بنەڕەتدا ڕێخۆشکەر بوو بۆ هاتنەئارای جەنگی دەوڵەتان و ئیمپراتۆرەکان: ئەسکەندەری مەکدۆنی، ساسانییەکان، ئیمپراتۆرییەکانی مەسیح و ئیسلام دڕێژەیان دا بەو نەریتە جەنگییە. هەڵوێستەیەک لەسەر نووسینی هێما (token)کە بیرکارییانە (Mathmatic) داهێنراوە، لە شرۆڤەکەی "Denise (Schmandt–Besserat[11])"دا نزیکمان دەخاتەوە لەو مانایە کە لە واتا و دەنگ، لە وێنەی "زوان"eme /ی کوردیی/ سۆمەریدا دەیبینین، کە زوانیان - وەک وشە و بیرۆکە - دووفاقەیی پێناسە کردووە. ئەو پێناسەیەی زوان و ئەو هێما بیرکارییانەی ئاڵوگۆڕ پێمان دەڵێن: چۆن پێوانە بۆ شمەک دانراوە، چۆن پێوانەکان بەسیستەم کراون، بە هەمان شێوە زوانی ئاخاوتن گۆڕانی بەسەردا هاتووە. گەر لێرەدا "واداناں " (proposition)ی مانای زوان - وەک چێژی خواردن و مانا - وەربگرین، ئەوا دەبینین، کە پەیڕەوی ئەو جۆرە زانینە دەکات، کە تەنیا زهن، نەک دەم یان وشە، هاوتا و جیاواز مامەڵەی لەتەکدا دەکات. ئاخر لە دەنگ و وێنە یان بینین و بیستنی وشە و بیرۆکەی زواندا چ وەک وشە و چ وەک کار و بیر سەرچاوەی مانایە. بۆ نموونە وشەی زوان لە کوردی و سۆمەریدا - وەک پلە گۆشتی ناودەم - مانایە بۆ چێژی خواردن، کە دەنگ و وێنە ماناکەی پێکدەهێنن، لێ زوانی ڕەگەزی مانای گفتوگۆی سروشتی بە لایە و سروشت - گەردوونی بەلایەکی تر دەگەیەنێت. کەواتە ئاڵوگۆڕی شمەک و گفتوگۆی مانا سەر بە یەک سەردەمی داهێنانن و مۆغ ماناکەی - بە کار و بیر - هێمایی و بیرکارییانە بەرجەستە کردووە. بەمەش دەتوانین وەک دەرئەنجام ببێژین، کە ئەو وشە دووفاقەییانە وێنەدانەوەی کار و بیری ئەقڵانین و مانایان لە هەبوونی ئاو/ تاو وەک گیان/ ڕۆح وەرگرتووە، نەک گیان و ڕۆح کە جیابوونەوەیەکی ئەرزی/ ئاسمانین. لە بۆچوونی زهنی و لە مانای گیانی کوردیدا نەک گیان و ڕۆح، بەڵکو سروشت و گەردوون، وەک ئاو/ هەتاو لەیەک هەڵکێشراون. بۆ نموونە ""Magiو "ماگویس (magus) "لە زوانی لاتینیدا بە مانای پیاوی ژیر هاتوون، لە زوانی سامیدا (SEMITIC LANGUAGES)وەکوو "مەجوس"ی گۆکراوە، لە کوردیدا بە پیری مۆغان ناسراون، لێرەشدا ڕێبازی پیران ڕێبازی پەیڕەوە لە زانین کە دەماودەم یان دەستاودەست گواستراوەتەوە. هەروەها مۆغەکان بە ئەستێرەناس و جادووگەر ناسراون. ئەگەر تەماشای مانای وشەی "ماجی "Magi لە زوانی لاتینی و سامیدا بکەین، دەبینین کە مەبەستی ئەو زوانانە لە ناوی "ماجی" بریتی بووە لە پیری مۆغانەکان. مۆغ لە کوردیدا مێشک و مانایە بۆ پێکهاتەی هەستەدەماریی لەنێو ئێسک و کاسەی سەر و گیاندا.

ماوێتی

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

سامان ئەبوبەکر سەعید

سالّی 1968 لە کەرکوک لەدایک بووە. دەرچووی بەشی ئەلەکترۆنی پەیمانگای هونەری کەرکوک سالّی 1990 ە، تا ئێستا (9) پێشەنگای تایبەتی کردۆتەوە و سەرپەرشتی چوار کۆڕی هونەری هونەرمەندانی کەرکوکی کردووە، هەروەها بەشداری(وەرشەی کاری وێنەکێشانی سروشتی) و بەشداری بینالی حەوتەمی (پەکین/چین) کردووە لە سالّی 2017 . هەروەها بەشداری پێسەنگای هونەری هاوبەش کردووە لەدەرەوەی وڵات لە (ئەڵمانیا و هۆڵەندا و میسر و ئەردەن و تونس و چین و تورکیا و ئێران). بەشداری لە (120) پێشەنگای هونەری هاوبەشدا کردووە لە ناوخۆی وڵات.

لە ژیانی هونەریدا ژمارەیەک بڕوانامەی ڕێزلێنان و مەدالیا و سوپاسنامەی پێبەخشراوە.

ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عێراق و کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و رابیتەی داهێنەرانی عەرەب و نەقابەی هونەرمەندانی کوردستان و کۆمەڵەی خۆسنووسانی عێراقە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/saman.abubakr.7/photos_all



تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

28 September . 2019 Nummer. [72]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 کچێکی ئێزدی لە ئەڵمانیا ئامادەی دادگاییکردنی داعشێک دەبێت و چەندین هەواڵی دیکە لە (بورهان ئەمین) هوە

– ل 2 و ل 3 تۆفیق وەهبی بەگ، یەک گرتە و چەندین مانـــــا..! پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف.

– ل 3 گۆڕستانی گیانەوەری ماڵیی لە ئەلمانیا، نوسینی مامۆستا م. ئارام..

– ل 4 بەکر شوانی،جۆرج مالۆری...ئەفسانەی شاخەوانی ئەو شاخەوانەی دوای ٧٥ ساڵ تەرمەکەی

– ل 5 و ل 6 گۆشەی 24 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–هوە

– ل 7چالاکی هونەری و کەلتوری کوردان لە تاراوگە

ل 8 سەباح یاسین،فەرهەنگۆکی کوردی– بەشی شەشەم و کۆتایی، سۆمەری تاو بەتاو..

ل 9 گەشتی 'کۆن ـ تیکیی" و شکاندنی مەحاڵ– مصطفی چوارتایی.....

ل 10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد: سەرچڵ شەوقی.



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

28 September 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
№72
ژمارە 72 ی 28 ی ئەیلولی 2019

کچێکی ئێزدی لە ئەڵمانیا ئامادەی دادگاییکردنی داعشێک دەبێت

کچێکی ئێزدی ئامادەی دادگاییکردنی داعشێک دەبێت

شەڕا سەلیم کچێکی تەمەن ١٧ ساڵی شەنگالیە و لەساڵی ٢٠١٤ لەلایەن داعشەوە ڕفیندراو تووندترین ئازاری بەدەست ژمارەیەک داعشەوە چەشتووە، ئێستا یەکێک لەو داعشانەی، کە ئازار وئەشکەنجەی داوە، ڕیارە لە چەند هەفتەی داهاتوودا لە ئەڵمانیا دادگایی بکرێت. دیکۆمێنت و شایەدی و بەڵگەی تەواویان لەسەر کۆکردۆتەوە، یەکێک لەو قوربانیانەی کە بەدەستی ئەو داعشە گرفتار بووە، ناوی شەزایە و بڕیارووایە بگەیەندرێتە ئەڵمانیا و لە کاتی داگاییکردنەکەدا ڕووبەڕووی بکەنەوە لەگەڵ ئەو داعشەدا.

لە نێوان شەمەندەفەرێک و نۆتۆمبێلێکدا پێکدادان ڕوویدا

لەهەرێمی سەکسۆنیای خواروو کاتێک نۆتۆمبێلێک لە هێڵی شەمەندەفەر نزیک دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی هیچ بەربەستێک لەنێوانی شەقامەکە و هێڵەکەدا نەبووە، لەناکاو شەمەندەفەرێک خۆی بە نۆتۆمبیلەکەدا دەکێشێت ولەئەنجامدا دایکێکی ٣٥ ساڵی ومنداڵەکەی کە ٣ ساڵە دەمودەست گیان لەدەست دەدەن.

جگەرەی بێ نیکۆتین داهێنرا

مامۆستایانی زانکۆی دۆرتمۆند بۆ زانستیە پراکتیکیەکان، جۆرە تووتنی جگەرەیەکیان داهێناوە، کە ڕیژەیەکی یەکجار کەم نیکۆتینینی تێدایە و زیانی زۆری بۆ تەندروستی مرۆڤ نایێت، لە یەک گرام لە تووتنی ئاساییدا ١٦ ملیگرام نیکۆتین هەیە، کەچی لەو مادەیەی دایانهێناوە لەیەک گرامدا تەنها 0,04% ملیگرام نیکۆتینی تێدایە.

لەسەرزمێریکدا ژمارەی منداڵان لە ئەڵمانیا ئاشکرا کرا

ئۆفیسی دەزگای ئامار لەئەڵمانیا ڕایگەیاند، کە ژمارەی منداڵانی خوار 14 ساڵ لە ئەڵمانیا 10 ملیۆن و نیون، لە نێوانیاندا 5,400 ملیۆن کور و 5,100 ملیۆنیش کچن، ساڵی پاریش ٧٨٧ هەزار و٥٢٣ منداڵ لە دایکبوون.

کۆچبەرانی تورک ڕووە و ئەڵمانیا ڕوو لە زیادبوونە

لە دوای کۆدێتا سەربازیەکەی دژ بە ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا و گرتن و ڕاوەدونانی لایەنگانی سەر بە فەتحوڵڵا گوێلەن، تا دێت ژمارەی کۆچبەرانی تورک بۆ وڵاتی ئەڵمانیا ڕوو لە زیادبوونە و لەماوەی سەرەتای ئەمساڵەوە، تا سەرەتای مانگی ئاب ژمارەیان گەیشتۆتە، ٧٦١٠ کەس، کۆی ئەوانەی ساڵی ڕابردووش ١٠ هەزار کەس بوون، بەمجۆرە گەلی تورک لە دوای سوری و عێراقی و نایجیریەوە دێن، لەڕووی ژمارەوە چوارەمین میللەتن، کە داوای مافی پەنابەرێتی لە ئەڵمانیا دەکەن.

نرخی تکتی شەمەندەفەر هەرزانتر دەبێت

لە ڕێناوی پاراستنی ژینگەدا، حکومەتی ئەڵمانیا ڕیاریداوە، کە لەسەرەتای ساڵی داهاتوەوە بەڕێژەی ١٠٪ کرێی هاتوچۆی شەمەندەفەر کەم بکاتەوە، تا هاوڵاتیان هان بدات، لە جیاتی فڕۆکە و ئۆتۆمبێل، کە ژینگە پیس دەکەن هاتوچۆ بەو هۆکارانەی، وەک شەمەندەفەر بکەن، کە نابنە هۆی پیسکردنی ژینگە.

لە (بورهان ئەمین) هەوە ڕوانە ل 5

تۆفیق وەهبی بەگ، یەک گرتە و چەندین مانـــا..!

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم تۆفیق وەهبی بەگ

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، پێش ئەوەی سەفەر بۆ بەریتانیا بکەم بەمەبەستی خوێندنی دکتۆرا، خوالێخۆشبوو باوکم (حاجی شێخ لەتیفی عەللاف) فەرمووی:"بە گەیشتنت بۆ لەندەن، تکایە سەردانی شێخ بابە عەلی شێخ مەحموودی مەلیک بکە و لە جیاتی من دەستەکانی بگوشە و سڵاوی منی پێ بگەیەنە". خزمایەتی ئێمە لەگەڵ شێخانی حەفید زادە، لە جۆری ئامۆزایەتیە و هەموومان دەچینەوە سەر یەک باپیر (شێخ موحەمەدی نۆدێ). جگە لەمەش خوالێخۆشبوو باوکم، کەسێکی نزیکی شێخی نەمر بوو. لە شەڕی دەربەندی بازیان 1919 لەگەڵ شێخی نەمردا جەنگیوە و بەوهۆیەوە بریندارێش بووە. بۆیە باوکم کوڕانی شێخی زۆر خۆش دەویست. بە گەیشتنم بۆ لەندەن و لە فڕۆکەخانەی هیسرۆ تەلەفۆنێکم بۆ جەنابی شێخ بابە عەلی کرد، کە لە سلێمانی ژمارەکەیم لە جەنابی شێخ ڕەووفی برای وەرگرتبوو. لە تەلەفۆنەکەیدا سۆزێکی کوردستانیم بەر گوێ کەوت. هەمان ڕۆژ چوومە خزمەتی. یەکەم جارم بوو، جەنابیان ببینم. ڕێزێکی گەورەی لێنام. جەنابیشیان زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی، کە لە لایەن باوکمەوە هاتووم و هاتنەکەشم بۆ خوێندنە. لە هەمان کاتدا زۆریش هانیدام. لە میانەی سەردانەکەدا پرسیاری زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بەگم لێکرد، کە حەز دەکەم ببینم. جەنابی شێخ پرسیارەکەمی بە هەند وەرگرتوو و فەرمووی: "هەموومان قەرزاری ئەم زانایەین و زۆریشم پێ باشە، کە پەیوەندیت لەگەڵیدا هەبێت، چونکە شارەزایەکی پرۆفیشناڵی ئەدەب و زمانی کوردییە".

منیش هەر بۆ ئەو مەبەستە دەمویست مامۆستا وەهبی بەگ ببینم. هەر لەوێدا ژمارەی تەلەفۆن وناونیشانی مامۆستای دامێ. لەهەمان کاتیشدا خۆی تەلەفۆنێکی بۆ جەنابی وەهبی بەگ کرد و دوای سڵاوکردن فەرمووی: "کەسێکی خزمی نزیکی خۆم بۆ خوێندنی دکتورا لە بواری ئەدەبی بەراوورکاریدا هاتووە بۆ ئێرە و پێویستی بە ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی جەنابتانە". مامۆستاش بێ چەند وچوون فەرمووی: "کەی دێت من ئامادەم ". خوێندنەکەی من لە زانکۆی گلاسکۆی سکۆتلەندە بوو، لە بەشی باکوری بەریتانیا. پاش ماوەیەک تەلەفۆنم بۆ مامۆستا وەهبی بەگ کرد، کە حەز دەکەم بتان بینم. مامۆستاش بەڕێزەوە داخوازییەکەمی قبوڵ کرد. بە شەمەندەفەر کەوتمە ڕێ بەرەو لەندەن. کاتەکەی گەرچی بەهار بوو، بەڵام ڕۆژێکی باراناوی بوو. بینینی منیش بۆ مامۆستا خەو و خەیاڵ بوو. پێشتر بە وێنە مامۆستام بینیبوو. کە چومە ماڵەکەی، لە کاتی دیاریکراو، خۆی دەرگاکەی کردەوە. فۆرم و شێوەی دەموو چاوی ئەوە نەبوو، کە من لە وێنەکاندا بینیبووم. پیری پێوە دیار بوو. تەمەنی لەو کاتەدا لەسەروو نەوەد ساڵییەوە بوو. پێشتر زانیاریم نەبوو، کە ئاسیاخانی خێزانی پێش چەند ساڵێک کۆچی دوایی کردووە. بۆیە بە ئاشکرا هەستم کرد، کە بەتاقی تەنها دەژی. هەردوو کوڕەکەشی، کە یەکێکیان پزیشک بوو، ئەوی تریان لە بواری میوزیک کاری دەکرد، لەدەرەوەی ماڵی مامۆستا دەژیان. مامۆستا ڕێزێکی گەورەی لێنام و منیش دەستەکانیم ماچ کرد. بەر لە قسەکردنمان لەسەر بابەتی خوێندنەکەم بە تەواوی هەستم کرد، کە لە فینۆمینیای کوردستاندا دانیشتووم. ماڵێک پڕ لە کورایەتی. کتێب و سەرچاوە بەنرخە کوردییەکان. کەلوپەلی کوردییانە. بەڕە و مەنجەڵی مس و خورچ و سەماوەر. کوردی زوبانێکی ڕەوان. ئەدەب و ئەخلاقێکی کوردانەی ڕەسەن. بەو پلە و پایە و تەمەنەوە وەک کەسێکی سروشتی و دوور لە فیز و خۆبەزلزانین هاتە بەرچاو. لەکاتی گفتوگۆکاندا، هەر زوو بۆم دەرکەوت، کە جەنابیان خاوەن ئەزموونێکی فیکری و سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەرزە. بیرەوەرییەکانی زۆر تیژانە کاری دەکرد و تەمەن هیچ کاریگەرییەکی نێگەتڤی نەکردبووە سەری. هەر سەرەتا فەرمووی: "ئێمە گەلێکی نەگبەت و ستەم دیدەین، مێژووش لایەنگرێکی باشمانە، بەڵام قەدەرەکان تێکیان شکاندووین. خوێندنی ئێوە و هاوشێوەکانتان بەشێک لە نەگبەتییەکە دەڕەوێنێتەوە". لێزمەی باران دەرەوەی هەراسان کردبوو. ماڵەکەی مامۆستاش پڕ بوو لە دڵۆپە. مامۆستاش چەند مەنجەڵێکی مسی دانا بوو، تا دڵۆپەکان کومبار و فەرشەکان تەڕ نەکات. دەنگی دڵۆپەکان جۆرە ڕتمێکیان دروست دەکرد. ئەم دڵۆپ و ڕتمانە شیعرەکەی بدر شاکر السیاب یان هێنایەوە یادم بە نێوی " أنشودة المطر"، لەو ساتە وەختەدا ویستم مەنجەڵەکان خاڵی بکەمەوە. بەڵام مامۆستا فەرمووی "دەستی لێ مەدە و تەمەڵمان مەکە، گەر ئێوە لێرە ڕۆشتن کێ مەنجەڵەکانم بۆ لابەرێت". دواتر گوتم "قوربان دەنگی دڵۆپەکان هەمان دەنگی دڵۆپەکانی (السیاب)ە کە دەڵێت : مطر مطر مطر . .". جەنابیشی یەکسەر فەرمووی: "بەڵێ وایە. من دووەم وڵاتی تێکی شکاندم و (السیاب)یش برسێتی وڵات"، گوتم قوربان دیارە جەنابتان شیعرەکەی السیاب تان خوێندۆتەوە. فەرمووی "بەڵی زیاتر لە جارێ". هەر لەمەوە بۆم دەرکەوت کە مامۆستا، جگە لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی، شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا هەبوو. وەک کەسێکی پسپۆر، بە وردی ئەدەبیاتی عەرەبی، بەپێی قۆناغەکان، خوێندبۆوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەیگوت "من زیاتر بەلای زانستی زماندا ڕۆیشتووم"، کە ئەمە بێگومان لە بێ فیزییەوە هاتبوو. دواتر هاتە سەر جۆری خوێندنەکەم، کە ئەدەبی بەراوورکاری بوو، فەرمووی: "بەراووردی چی لەگەڵ چی دەکەی". منیش گوتم "نیازم وایە شیعری نوێ و ئازادی عەرەبی و کوردی بە نموونەی السیاب و گۆران و کاریگەری ئەدەبیاتی ئینگلیزی لەسەریان هەڵبژێرم".

بڕوانە ل 3

پاشماوەی نوسینەکەی پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف کەریم.. تۆفیق وەهبی بەگ، یەک گرتە و چەندین مانسا..!

فەرمووی "کوڕم، یەکەم ئەم بابەتە بۆ ئێمەی کورد زۆر تازەیە و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت. دووهەم زۆرم پێ باشە بابەتێکی گرنگ و هەستیارت هەڵبژاردووە، کارەکەت تەقلیدی نیە. سێهەم گۆران کاریگەری قوتابخانەی میتافیزک و ڕۆمانسی تا ڕادەیەکی فراوان دووڕە لە ئەدەبیاتی نوێ بە نموونەی ئیلیوت. بەڵام السیاب بە پێچەوانەوە. (أنشودة المطر)ەکەی، کە پێشتر ئاماژەت پێکرد، تەواو کاریگەری ئیلیوتی بەسەرەوەیە. چوارهەم مادام ئەدەبی ئینگلیزی کەوتە نامەکەت، ئەوا باشتر وایە وەک کەسێکی پسپۆر، بە وردی ئەدەبیاتی عەرەبی، هەبوو. کە بە وردی و بە چاکی بچێتە نێو ئەدەبیاتی ئینگلیزییەوە". ئەم زانیارییانە و زیاتر تەواو سەرسامیانکردم، کە پێشتر وامدەزانی مامۆستا زانیارییەکانی تەنها لە زماندا چڕکردۆتەوە، بەڵام زۆر شارەزایانە ئاگاداری ڕۆشنبیریەتی گەلان بوو. منیش لای خۆمەوە ڕاسپاردە و بۆچونەکانی مامۆستام بە زیادەوە جێبەجێ کرد. هەر لەوێدا بۆم دەرکەوت، کە ئەدەبیاتی نالی و سالم و کوردی و مەحوی و پیرەمێرد و گۆران کاریگەری زۆریان لەسەر مامۆستا جێهێشتووە. زۆر شەیدای هەردوو گەشتەکەی گۆران بوو، (گەشتی هەورامان و قەرەداغ). سەبارەت بەم دوو گەشتە فەرمووی: "کە ئەم دوو گەشتە دەخوێنمەوە چاوم پڕ دەبێت لە فرمێسک، چونکە کوردستانی بە هەناسەوە تێدا دەبینم. لەگەڵ ئەوەشدا بۆشاییەکانی غوربەتیان بۆ پڕکردومەتەوە". دوای ئەم گفتووگۆ زانستی و مەعریفی و ڕۆشنبیرییە تێروتەسەلانە و زیاتریش، جەنابی فەرمووی: " کوڕم ئەرکی خوێندنەکەت لەسەر کێیە..؟ چونکە خوێندن لەم وڵاتە لە ڕووی داراییەوە ئاسان نییە". منیش گوتم: "قوربان ئەرکەکە لەسەر گیرفانی خۆمە و کەسیش یارمەتیم نادات". فەرمووی "گەرچی گیرفانم مانگانە شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی تێیدایە دەیکەم بە دوو کەرتەوە. کەرتێکیان بۆ تۆ و ئەوی تریشیان بۆ خۆم". لە وەڵامدا گوتم " قوربان، زۆر سوپاست دەکەم. ئەو ڕێز و بەخشینی زانیاری و زانستانە بۆ من گەلێک لە پارەکە زیاترە. گەر پێویستم بە شتێک بێت، ئەوا ماڵەکەی جەنابتان بۆ ئێمە وەک ماڵی کورد وایە". دواتر گوتم " قوربان تەنها یەک داواکاریم لە جەنابتان هەیە، ئەویش نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشتەکانتە". ئەمەش دوای ئەوە هات کە بەڕێزیان لەسەر و بەندی گفتوگۆکانیدا، وەک مێژوونووس و ئەدیب و نووسەر و سیاسەتمەدار و کۆمەڵناس و جوگرافیاناس و زمانسازێک، ئارگیومێنتەکانی بەڕێوە دەبرد. لە وەڵامدا فەرمووی "کارێکی لەم شێوەیەم لەبەر دەستدایە و کاک حەمە ڕەسوڵ هاوار زۆر هاوکاریم دەکات". پێش ئەوەی جەنابیان بەجێ بهێڵم فەرمووی: "ڕەنگە فەرهەنگە هاوبەشەکەم لەگەڵ ئیدمونز سوودبەخش بێت بۆ خۆت و خوێندنەکەت، کە دەتوانم بۆتی کۆپی بکەم و بە پۆستدا ڕەوانەی بکەم، چونکە لە بازاڕ و کتێبخانەکاندا بەدەست ناکەوێت". ئەمە ئەوەندەی تر دڵی خۆشتر کردم. پاش گەڕانەوەم بەماوەیەک مامۆستا ئەم فەرهەنگە و کتێبە بەنرخەکەی ئیدمۆنز بە نێوی" کورد، تورک و عەرەب " بە زمانی ئینگلیزی بە شێوەی کۆپی و بە پۆستدا بۆی ڕەوانە کردم، کە هەتا ئێستا لای خۆم پارێزراون. ئەم دیدارە تەنها دیدار بوو، چونکە باری دارایم ئەوەندە باش نەبوو، تا زوو زوو بچم بۆ لەندەن و سەردانی مامۆستا بکەم، بەڵام تا کۆچکردنی لە ساڵی 1984 چەندین جار بە تەلەفۆن پەیوەندیمان هەبوو. هەموو جارێش دەیفەرموو:"کوڕم شەرم مەکە پێویستت بە چی بوو ئاگادارم بکە". لە وەڵامدا دەمگوت "مامۆستا گیان ماڵی جەنابتان ماڵی کورد و هەرچیم پێویست بوو، بە جەنابتان دەڵێم". هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەم کەڵە بیرمەندە کوردە، کە لە زەمەنی خۆی و دوای خۆشی سەرچاوە و گەنجینەیەکی هەرە بەنرخی مەعریفەت و ڕۆشنبیریەتی کوردە. دروست کردنی مەزارێک، هاوشێوەی مەزارەکانی حافزی شیرازی و هەمەدانی و فیردەوسی، جێگەی خۆیەتی و زیاتریش بە مەرجێک بەرپرسان، بەدەنگ کەسایەتییەکانمانەوە بێن.

گۆڕستانی گیانەوەری ماڵیی لە ئەڵمانیا

ئەڵمانیا لە دوای ڕوسیاوە لە ئەوروپادا، دووەم گەورەترین وڵاتە لە ڕووی ژمارەی گیانەوەری ماڵییەوە؛ مەبەست لەو گیانەوەرانەیە، کە لە ناو ماڵدا ڕائەگیرێن و لەگەڵ خێزانەکاندا ئەژین. بازرگانیکردن بەو گیانەوەرانەوە و ناز و خۆشەویستی پێدانیان ساڵ بەساڵ ڕوو لە زیادبوونە. لە یاسای گشتیی دەوڵەتدا ڕەش لە سەر سپی، مافی ئاژەڵیی ئەو گیانەوەرانە بە جۆرێک چەسپێندراوە، کە ئەبێ هەموو بوارەکانی بەیتاڵی و خۆراک و کەرەسەی ڕاگرتن و یاری و خۆشگوزەرانی و حەوانەوەیان بە باشترین شێوەی پاراستنی ژیانی شایستە و مردنی ئارام و ناشتن یا بە خۆڵەمێشکردنیان بۆ فەراهەم بکرێت.

کۆنترین گۆڕستانی ئاژەڵان لە جیهاندا، ساڵی ١٨٩٩ لە باکووری شاری پاریسی پێتەختی فرەنسا جێی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، ئێستا لەو گۆڕستانەدا زیاتر لە سەدهەزار کێڵی گۆڕی ئاژەڵ هەن، کە زۆربەیان کێڵی گۆڕی سەگی تۆپیون. بەپێی ئاماری نوێ لە ئەڵمانیا: لە ١١،٥٧ ملیۆن ماڵدا سەگێک یا زیاتر هەیە، ژمارەی پشیلە لە سەگ زۆرترە و لە نزیکەی ١٢،٢٤ ملیۆن ماڵ و خێزاندا پشیلەیەک یا زیاتر هەیە، ١،٨٥ ملیۆن ماڵیش بالندەی هەمەڕەنگی وەکو کەناری، تووتی، چۆلەکە، خورماخۆرە ... یان هەیە. ٢،٣٦ ملیۆن ماڵیش لە ئەکواریۆمی گەورە یا پچووکدا ماسی ڕائەگرن، لە گیانەوەرە پچووکەکانی سەر کۆش و سەر کورسیی وەکو بەرازی هیندی، جرج، مشک، دووپایلکە، کەرۆێشک، کیسەڵ و هی تر، لە ٢،٦٨ ملیۆن ماڵدا و گیانەوەری تری وەکو مار و مارمێلکە و قومقومۆکە و دووپشک و جاڵجاڵۆکەی گەورە و تەنانەت هەزارپێ و شارەمێروولەش، لە ٢،٥١ ملیۆن ماڵدا پەروەردە ئەکرێن. تاکە تاکەیەکیش ئاژەڵی گەورەی وەکو بێولەورچ و گایلکە و گیانەوەری خشۆکی وەکو ماری زەبەلاحی بواش لە ماڵاندا هەن، کە ڕاگرتنیان نایاساییە.

ئەم وێنەیە کە لە ڤیدیۆیەکەوە وەرگیراوە، یەکێکە لە گۆڕستانەکانی ئاژەڵانی شاری بەرلێن – تێمپلهۆف، کە هەموو جۆرە گیانەوەرێکی ماڵیی تێدا ئەنێژرێت بە ئاژەڵ و پەلەوەڕ و خشۆک و ماسییشەوە.

****

ئەڵمانیا ٢٦/٩/٢٠١٩– نووسینی م. ئارام

جۆرج مالۆری...ئەفسانەی شاخەوانی ئەو شاخەوانەی دوای ٧٥ ساڵ تەرمەکەی دۆزرایەوە

بەکر شوانی

شاخەوانی ئینگلیز جۆرج هێربێرت مالۆری ساڵی ١٨٨٦ لە هەرێمی شیشەری بەریتانیا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٢٤ لە هەوڵێکدا بۆ سەرکەوتن بەسەر چیای ئەڤەرێستدا بێ سەروشوێن بوو، ساڵی ١٩٩٩ تەرمەکەی دۆزرایەوە. نزیکەی سەدەیەکە مالۆری لە بەریتانیا و لای شاخەوانەکانی جیهان ئەفسانەی بێ ڕکابەری شاخەوانی و پێشەنگی شاخەوانانی جیهانە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەرەو خولیای سەرکەوتنی لوتکەی ئەڤەرێستیان لە سەردایە. بە هۆی ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا لە کوردستانیش وەرزشی شاخەوانی و هەڵکشان بە شاخدا سەری هەڵداوە، هەوڵێکی واتەدار دەبێت ئەگەر لێرەدا و بۆ یەکەمجار بە زمانی کوردی کورتەیەک دەربارەی ژیانی شاخەوانی ئەفسانەیی مالۆری بخرێتە بەردەستی خوێنەران و شاخەوانانی کوردستان.

هەمیشە چاوی لە لوتکە بوو..

جۆرج مالۆری، براگەورەی مارشاڵی هەوایی ترافۆرد مالۆری بوو کە ساڵی ١٩٤٤ خۆی و هاوسەرەکەی بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی لە فەرەنسا مرد. جۆرج مالۆری لە زانکۆی کامبریدج مێژووی خوێند و بوو بە مامۆستا. ئەو هەر لە منداڵییەوە شەیدای هەڵگژان بوو بە دار و دیوار و شاخدا. ساڵی ١٩١٤ پێش ئەوەی وەک خۆبەخش بچێتە شەڕی یەکەمی جیهانەوە، لەگەڵ ڕووس تێرنەری ئەڤینی گەورەی ژیانیدا زەماوەندی کرد و ژیانی هاوسەرێتیی پێکەوەنا و ساڵانی دواتر سێ منداڵیان بوو. ساڵی ١٩٢١ جۆرج مالۆری بانگهێشت کرا بۆ بەشداریکردن لە گەشتێکی زانستی بۆ لوتکەی ئەڤەرێست کە بەرزترین لوتکەی جیهانە لە زنجیرە چیای هیمالایا لەسەر سنووری وڵاتانی چین و نیپال و باکووری هندستان و نزیکەی ٩ کم لە ڕووی دەریاوە بەرزە. ئامانج لەو گەشتە کە لەلایەن کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانەی بەریتانیاوە ڕێکخرابوو، پێوانی تایبەتمەندییەکانی ئەڤەرێست و دۆزینەوەی ڕێگەیەک بوو بۆ سەرکەوتن بەرەو لوتکە. لەو گەشتەدا لە باکووری نیپاڵەوە ڕێچکەیەک بەرەو لوتکە دۆزرایەوە و دەستنیشان کرا. جۆرج مالۆری ساڵی ١٩٢٢ لە گەشتی دووەمیشدا بەشدار بوو. ئەمجار پێویست بوو شاخەوانەکان هەوڵ بدەن بەرەو لوتکە سەربکەون. شاخەوانەکان لەو هەوڵەیاندا توانییان تا بەرزایی ٨٣٠٠ مەتر سەربکەون. هەرەسێکی گەورەی بەفر کە مردنی ٧ کۆڵبەری تیمی شاخەوانانی لێ کەوتەوە، بوو بە هۆی ئەوەی کۆتایی بەو هەوڵە بهێندرێت. ساڵی ١٩٢٤ لە خوولی ئۆڵۆمپیادی زستانە لە چامۆنیکس مەدالیای شاخەوانان بەخشرا بە جۆرج مالۆری و هەموو ئەو هاوڕێ شاخەوانانەی کە ٢ ساڵ پێشتر هەوڵیان دابوو بگەنە لوتکەی ئەڤەرێست.

دۆزینەوەی تەرمی جۆرج مالۆری

شاخەوانی ئەمریکایی کۆنراد ئانکەر، دوای ٧٥ ساڵ، لە ١ ئاداری ١٩٩٩ لە بەرزایی ٨١٥٠ مەتر تەرمی وشکەهاتووی جۆرج مالۆریی دۆزییەوە. تەرمەکە زۆر بە باشی مابووەوە. چاویلکەکەی لە گیرفانیدا بوو. بوتڵی ئۆکسجینەکەی دیار نەمابوو. باوەڕ دەکرێت گەیشتبێتە لوتکە و پاش ئەوەی بوتڵەکە خاڵی بووە، لەوێ بەجێی هێشتبێت. کاتێک لە ژیاندا بوو، بەردەوام وێنەیەکی "ڕووس"ی هاوسەری پێ بوو، بەڵام لە کاتی دۆزینەوەی تەرمەکەیدا لە گیرفانیدا نەمابوو. هەوادارانی جۆرج مالۆری بۆچوونیان وایە ناوبراو گەیشتبێتە لوتکە و وێنەکەی لەوێ دانابێت. کامێراکەیشی پێ نەمابوو. شوێنەواری دوو بریندی کاریگەر بە تەرمەکەیەوە دیار بوو؛ ئێسکی ڕانی ڕاست و سەری شکابوون... وەڵامێکی زۆر بەناوبانگی جۆرج مالکۆنی هەیە؛ لێی دەپرسن بۆچی دەیەوێت سەربکەوێتە سەر لوتکەی ئەڤەرێست؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ("Because it is there.") چونکە لەوێیە.

دوای وەنبوون/مردنی جۆرج مالۆری:

– ڕووس تێرنەری هاوسەری، دەستی منداڵەکانی گرت و گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی. ساڵی ١٩٣٩ شووی کردەوە و ساڵی ١٩٤٢ بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد.

– نووسەری بەریتانی جێفری ئارچەر وەک یەکەم نووسەر ژیانی جۆرج مالۆری کرد بە ڕۆمانێک بەناوی "ڕێگەکانی نەمری". ڕۆمانەکە ساڵی ٢٠٠٩ کەوتە بازاڕەوە.

– فیلمی دۆکۆمێنتاری "کێویترین خەون" لە دەرهێنانی ئەنتۆنی گێفن کە یەکەم فیلمە لەسەر لووتکەی ئەڤەرێست دەرهێندراوە، باس لە دواین بە شاخدا هەڵگژانی جۆرج مالۆری دەکات.

– جۆرج مالۆریی دووەمی کوڕەزای جۆرج مالۆری لە ١٥ ئایاری ١٩٩٥، واتە ٤ ساڵ بەر لە دۆزینەوەی تەرمی باپیری، سەرکەوتە سەر لوتکەی ئەڤەرێست.

گۆشەی 26 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان

بەهۆی نزمی ئاستی ئابووری بەری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بەرلەیەکگرتنەوەی لەگەڵ بەری ڕۆژئاوا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکەکەی بەناچاری ڕویان دەکردە ئەوبەرو لەوێ دەگیرسانەوە، ئەوبارە دریژەی هەبوەبەڵام لەوڕۆژەی هەردو بەری ئەڵمانیا یەکی گرتۆتەوە زیاتر لە ٤،٧٠٠ ملیۆن کەس چونەتە بەری ڕۆژئاوا بەڵام لەدوسێ ساڵی ڕابردودا نزیکەی ٢،٥٠٠ ملیۆن کەس گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، بەڵام لەراپرسیەکدا ٣٧٪ ی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوا خۆیان بە هاوڵاتی پلەدوو حسێب دەکەن چونکە هەست بەجیاوازی زۆر دەکەن لەگەڵ هاوڵاتیانی بەری ڕۆژئاوا.

سۆزانیەک دەبێتە داعش و دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا

Gericht guckt BILD-Doku über ISIS-Braut

دیریای تەمەن ٢٧ ساڵ کچێکی ئەڵمانەو بەدانپێنانەکانی خۆی لەبەردەم دادگا ئاشکرایکردوە کەپێنج شەش ساڵ بەرلەئێستا لەهەردوو شاری دۆرتمۆندو ڤۆپەرتاڵ بەفەرمی کاری لەشفرۆشی کردوەو خەریکی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرو دەیان کاری تر بوە، لەساڵی ٢٠١٥ لەڕیی فێسبوکەوە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ داعشیک بەناوی مارۆ بەستوەوشوی پێکردوە لەپێناوی ئەودا چۆتە سوریا، دوایی کە مێردەکەی کوژراوەو داعش بەرەو نەمان ڕۆیشتوە ئەو ساڵی پار گەڕاوەتەوە ئەڵمانیاو ئێستا خراوەتە بەردەم داداگاو تۆمەتی کوشتوبرو تیرۆرو تەقاندنەوەوکاری وەحشیگەرانەی دراوەتەپاڵ.

ئەڵمانیا دەوڵەمەندتر دەبێت

بەپێی ڕاپۆرتێکی گلۆبال ویرسی تایبەت بەئابووری ئەڵمانیا یەکێکە لە٢٠ وڵاتە هەرە زەنگینەکەی جیهان ولەدوای هەریەک لەئەمریکاوسویسرا سەنگافورەوتایوان وهۆڵەندایابان وسویدوبەلجیلکاو نیوزلەندەاو دانیمارک وکەندەاو بەریتانیاوئیسرائیلو ئوستراڵیاوفەرەنسەاو نەمساو ئیتاڵیا لەریزی ١٨ یەم دێت لەدەوڵەمەندیدا،بەجۆرێک کە هەر تاکێک ٥٢٨٦٠ یۆرۆی بەردەکەوێت وئەمەش لەچاو ساڵان هەندەک زیاترە.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

ئیسلامیەک لەبەردەم دادگادا هەڕەشەی کرد

Richterin rechnet mit Hass-Islamist ab

ئیسلامیەکی تونڕەو بەناوی " حەیدەر" کە عەرەبەو تەمەنی ٢٧ ساڵە لەسەر کاری نابەجێ وتێکدان وئاژاوەو بونی پەیوەندی بە ڕێکجراوە تیرۆریستەکانەوە دەستگیرکراوەو هەفتەی ڕابردوو لە دانیشتنێکی دادگایی کردنەکەیدا لەکاتی ئیفادەوەرگرتنیدا هەڕەشەی لە دادگاو هەموو خەڵکی ئەڵمان کرد وگوتی هەموتان دەکوژم، لەدوای تەواوبونی وتەکەیدا ژنەدادوەرەکە سای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردادا.

موچەی سۆسیال Harz 4 زیاد دەبێت

بڕیار وایە لەسەرەتای ساڵی تازە ٢٠٢٠ مانگانەی ئەوکەسانەی کە لەسەر دایەرەی چاودێری کۆمەڵایەتیدەژین زیاد بکرێت ، بەجۆرێک بۆهەر گەنجێک دەبێت بە ٤٣٢ یۆرۆ,واتە مانگێ ٨ یۆرۆیان بۆ زیاد دەکرێت،ئەو کەسانەی خێزاندارن دەبێتە ٣٨٩یۆرۆ،ئەوانەی تەمەنیاشن لە ١٤ بۆ ١٧ ە دەبێتە ٣٢٨ یۆرۆ وئەوانەی لە ٦ بۆ ١٣ ساڵن ٣٠٨ یۆرۆ ومنااڵنی تا تەمەن ٥ ساڵانیش بڕی ٢٥٠ یۆرۆوەردەگرن.

لە بەرلین ئۆتۆمبێل قەدەغە دەکرێت

لەپێناو پاراستنی ژینگەو ڕێگرتن لە پیسبونی کەژی ناو شاری بەرلینی پایتەخت دەسەاڵتی ئەو هەرێمە بڕیاریداوە کە ڕۆی یەکشەممەی داهاتوو ٩/٢٢ هاتوچۆی هەموو جۆرە ترومبێلێک لەناو سار قەدەغەبکاو لەبری ئەوەش ئاسانکاری هاتوچۆبۆ هاوڵاتیان بکات بەوەی نرخی پلێتی ڕیژانە بۆ تورام وئوبان وشتراسەبان وشەمەندەفەر کەژینگە پیس ناکەن لەوڕۆژە بکاتە٢،٨٠ دوو یۆرۆو هەشتا سەنت.

پاشماوەی گۆشەی 26 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

کۆمپانیاکان زۆرترین کرێکاریان هەیە

کۆمپنئیا بەناوبانگەئەڵمانیەکان تادێت ناسراوترو قەبەتر وزەنگینتر دەبن، ئێستای وای لێهاتوە ژمارەیەک لەو کۆمپنیایانە لەسەر ئاستی هەموو جیهان زۆرترین ژمارەی کرێکاریان هەیە لەوانە ڤۆلکس ڤاگن ٦٤٢،٣٠٠ کرێکارو دۆیچەپۆست ٥١٩ هەزارو بۆش ٤٠٢،٢٠٠ ولیدڵ وکاوفلاند ٤٠٠ هەزاروسێمنس ٣٧٧ هەزارو ئیدیکا ٣٦٩ هەزارو ڕیڤە ٣٤٥ هەزارو دۆیچەبان ٣١٠ هەزار کرێکاریان هەیە.

لە ٥٠٠ شاری ئەورووپا ڕێپێوان ئەنجامدرا

An diesen 500 Orten in Deutschland wird am Freitag gestreikt und blockiert

بۆ پاراستنی ژینگەو ڕێگرتن لە پیسبونی وگۆڕانی ئاووهەوا سبەینێ کەدەکاتە ٢٠ ی مانگ لەسەرتاسەری ئەورووپاو لە زیاتر لە ٢٠٠٠ شاری ناو ئەو ٢٧ وڵاتەدا خۆپیشاندان ونارەزایی دەردەبڕدرێت بەرامبەر بەدەسەڵاتەکان کە هەوڵی دابینکردنی ژینگەیەکی پاک وبیگەرد نادەن، تەنها لەئەڵمانیا لە ٥٠٠ شارو شارۆچکەو سارەدی ئەو چالاکیە ئەنجام دەدەری وپلانی ئەوەهەیە کەهاوڵاتی وچالاکوانان بەیەک دەنگ وبەیەک ڕەنگ هەڵوێستی خۆیان بەیان بکەن.

ئیدی نابێت لای ژن و منداڵ جگەرە بکێشرێت

بەینی ڕۆژی هەینی لە پەرلەمانی هەرێمەکان Bundesrat گفتوگۆلەسەر پرۆژەیەکی پارتی سۆسیال دیموکراتەکان دەکرێت کەبەپێیەوە سزای ئەوکەسانەدەدات کەلەناو ترومبێل جگەردەکێشن ،منداڵ یان ژنی دوگیانیان هەڵگرتوە، ئەو پرۆژەیەهەریەک لە هەرێمەکانی هامبۆرگ وشلیسڤیگ هۆڵشتاین و بریمن وباکوری راین وێستیڤالیاو سەکسۆنیای خوارو پستیوانی لێدەکەن، ئەگەر زۆرە سەربگرێت وببێتە بڕیار.

کۆمپانیاکانی تەلەفۆن دزی لەخەڵک دەکەن

کۆمپانیاکانی(ڤۆداڤۆن، مۆبیلفونک،دیبیتێل،کلارمۆبیل) ژمارەیەکی زۆر حیسابی هەڵەیان بۆ هاوبەشەکانیان ناردوەو نەرەزاییەکی زۆر پەیدابوە لسەر ئەمە بەشێوەیەک ئیستا بۆتە کێشەلەنێوانی ٤١ هەزار هاوبەش وئەوکۆمپانیایانەکە پارەی زۆریان لە حیسابیان بڕیوە.

هاوڵاتیەک سکاڵای دژی پۆلیسێک بەرزکردەوە

لەبەرلینی پایتەخت پۆلیسێک بۆنانی نیوەڕۆ پەلەی دەبێ ودەچی لەشوێنێکی خراپ لەنزیک دوکانێکی پیتزا ترومبێلەکەی لەشوێنێکی قەدەغەپارک دەکات، کچێک دەیبینێ وتەلەفۆن بۆ دایەرەی پۆلیس دەکات، لەسەر ئەمە پۆلیسەکە بەبڕی ٣٠ یۆرۆ لەسەر ئەو سەرپێچیە سزادەدرێت.

نازیبەکان پشتیوانی بەشار ئەسەد دەکەن

سەبارەت بەو لێبوردنەگشتیەی کە ڕژێمی سوریاو بەشار ئەسەد دەری کردوە پارتی جێگرەوەبۆ ئەڵمانیا AFD کەپارتێکی ڕاستڕەوو نازی پەرستە لەبەیاننامەیەکدا بەم بۆنەیەوە ستایشی ئەوڕژێمەدەکاو داوا لە پەنابەرەسوریەکانی ناو ئەڵمانیا دەکات کە سود لەودەرفەتەوەرگرن وبگەڕێنەوە باوەشی ڕژێمەکەیان کە هەر ئەو دەیانبپاریزێت،شایانی باسە زۆربەی پارتە ڕاسترەوەکانی ئەورووپا پشتیوانی بەشار ئەسەد دەکەن.

چالاکی هونەری و کەلتووری کوردان لە تاراوگە

شانۆگەری پادشایەتی سمێڵ

(لە یوسف مەنتک)ەوە– ئەڵمانیا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 27.09.2019ئتژمێر 19,30 ئێوارە. لە کڵنیسای میلانشۆنیک، لە ئەڵمانیا جەوانانی پڤالتز باو– گرووپی شانۆگەری مەهەلەی نێونەتەوەیی، کە پێک هاتووە لە چەندین لاوی نەتەوە جیاجیاکانی شاری لودڤیگس هافن و مانهایم و دەوروبەری. وەک فارس و ئەڵمان و عەرەب و سۆمالی و کورد .....هتد

ئەم شانۆگەرییە باس لە لە حوکمی پاشایەتی ئەبوشوارب دەکات، سیستمی زۆرداری و چەوساندنەوە و تیرۆرو کەیفی پادشا زاڵ دەکات، پادشا ئەو کەسە دەکات بە وەزیر، کە شواربەکەی(سمێڵی) لەهی هەمووان زلترو بە زەوقی پادشا بێت، پاشا چۆنی بوێت وا ولّات بەڕیوەدەبات، پڕۆتستۆکردن و ئۆپۆزسیۆن و ڕەخنەگرتن لە سیستمی حوکمڕانی باجی قورسی بەدواوەیە، خەڵک بێزارە، بێکارە، ئازادیان دەوێت، دواجار پەیکەری پادشا لەسەر کۆشکەوە فڕێدەدرێتە خوارەوە، ئەو شانۆگەرییە لە بیرۆکەی جۆمان خەلیل و دەرهێنانی لویسە ڕیت، الهامی تەواوی گرووپی بەشدار.

هەریەکێک لە ئەکتەرانی نەتەوەکان باسی زۆرداری سیستمی سیاسی و ژیانی هاوڵاتیانیان دەکرد، دیکۆری شانۆکە لە بۆکسی چوارگۆشە دروست کرابوو، بەزمانە جیاکان لەسەری نووسرابوو: گەران بەدوای گەرمی نیشتمان، ژیان، ئازادی، فرمێسک و خوێن لەسەر ڕومەتەکان، ئەو شانۆگەرییە ڕێک بە قەدو بالای کوردستان دا دوراوە!!!

کتێبەکەی بەهرۆز بوچانی بە زمانی هۆڵەندیی

پایزی ئەم ساڵ کتێبی "جگە لە شاخەکان هاوڕێیەکی تر نییە" بۆ زمانی هۆڵەندی وەردەگێدرێت و لەلایەن دەزگای پەخشی "یورگن ماس"ەوە بڵاودەبێتەوە. دەزگای پەخشی "یورگن ماس" تایبەتە بە چاپکردنی ئەدەبیاتی میللەتە نائەوروپاییەکان و نووسەری کۆچبەر بۆ ئەوروپا. تا ئێستا چەندان ڕۆمانی نووسەرە عێراقیی و سوریی و ئێرانیی و ئەفریقاییەکانی بە زمانی هۆڵەندیی بڵاوکردۆتەوە. یورگن ماس دۆستێکی نزیکی منە و لە کۆتاییەکانی ساڵانی نەوەدا پێکەوە لە یەکێک لە ڕادیۆکانی هۆڵەندادا کارماندەکرد. ناونیشانی کتێبەکەی بەهرۆز بوچانی لە وەرگێڕانە هۆڵەندییەکەیدا، کەمەکێک دەسکاریکراوە و کراوە بە "تەنها شاخەکان هاوڕێی منن." ئەم ساڵ کتێبەکەی بەهرۆز لە کۆرسێکدا بەناوی "دەسپێکێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی"، Introduction to Comparative Literary Studies، بۆ خوێندکارانی بەشی ماستەر لەبوای ئەدەبیاتدا، لە زانکۆی ئوترخیت دەخوێندرێت.

منیش لە مانگی ٤ و ٥ ی ئەم ساڵدا کۆرسێک لە زانکۆی ئەمستردام بەناوی "مەسەلەی کورد لە سەدەی بیست و یەکەمدا Kurdish Question in 21st Century,"بە قوتابیانی ماستەر لە بواری دیراساتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەڵێمەوە. یەکێک لە وانەکانی ئەو کۆرسەم تەرخانکردووە بۆ قسەکردن لەسەرتێما سەرەکییەکانی ناو ئەم کتێبەی بەهرۆز. مرۆڤ کە داهێنەر و کۆڵنەدەر بوو، کە دەستبەرداری خولیا و خەیاڵەکانی خۆی نەبوو، لە هەر شوێنێکی دونیادا بێت، لە ساتێکدا شوێنی خۆی هەر دەکاتەوە. ئەو دونیایەی تیایدا دەژی ناچاردەکات گوێی لێبگرێت. بە هیوای ئەوەی ئەم نووسەرە ڕۆژێک ئەو "زیندان"ە ئوستراڵییە بەجێبهێڵێت کە ئێستا لەناویدا دەژیی و لە شوێنێکی ئەم دونیایەدا وەک مرۆڤێکی ئاسایی ژیانێکی ئاسایی بباتەسەر.

دکتۆر مەریوان وریا قانع

سەباح یاسین لە بەرهەمێکی نوێیدا بەناونیشانی (ئاو بە تاو) فەرهەنگۆکی کوردی - سۆمەری بڵاوکردۆتەوە

بەشی شەشەم و کۆتایی

هەروەها مێشکی مرۆڤ سەرچاوەی خەون و خەیاڵە و مۆغەکان - وەک پیر ڕۆڵی چاودێری دین و دونیاییان لە کۆمەڵدا - گێڕاوە. ئاخر مرۆڤی مێزۆپۆتامیا ئاگامەندانە بەردەوامیان بە زانینی دێرین دەدا و کاری دین و دونیاییان دابەش کردبوو، گونجاو بەمەش کرداری مۆغەکان هاوتای خەون (ئەستێرە ناسی) و خەیاڵە (فاڵگرەوەی کە تاک ناسینە)، کە کردارێکی پیشەییە. سۆمەرییەکان "ماگورسی" ([12]magursi)یان بە پیشە (profession) دادەنا. ئێمە تەنانەت لە ڕێبازی پیران و مانای مەلای دوانزە عیلم و شێخی بەرمالّدا هەوڵی کۆشش دەبینین، کۆششەکە بۆ تێگەیشتنە لە بەری ماڵ، کە سروشتە/ گەردوونە نەک ئەم مزگەوت یان ئەو مەرقەد. لێرەدا گەرەکە لایەنێک لەیاد نەکەین: تا ئەو کاتە کە مۆغەکان نەکەوتبوونە ژێر کاریگەریی فەرمانی ئیمپراتۆریانەوە، ئەوان پیشەییانە بەردەوامییان بە دیدی ژیانکردنی سروشتی / گەردوونی دەدا، کە پشتاوپشت لە ئاوایی و ئاوەدانییەکانی دێرینەوە هاتبوو، لێرەشدا بە هەردوو مانای میتۆلۆژی و فەلسەفەیی هاندەری خەون و خەیاڵی کراوەی مرۆڤی ئاوەدانکەر بوون و خەون و خەیاڵی زوانیان سروشتیانە/ گەردوونیانە ڕادەگرت. لوتکەی "پیرەمەگرون" و لوتکەی شاخی "سارا" کە بە تەنیشت یەکدییەوەن، هێمان بۆ وێنەی نێر و مێ، کە بە پۆپە - واتا سەر وەک بەرزترین جێی لەش - دانراون. سەری کەلی پیرەمەگرون پێش شیو و دەشتەکان ڕووناکی و گەرمی و تەڕی ئاسمانی پێدەگات، دڕەنگتریش ڕۆژ لێی ئاوا دەبێت. پیرەمەگرون لە ناوچەی سورداشە و هەقە/ یارسان نیشتەجێی ئەو ناوچەیە بوون. لەوێ تا ساڵانی پەنجاکانیش نێر و مێ کراوە و ئازادانە خێزانیان دروست دەکرد و کۆڕ و کوبوونەوەی نێر و مێ لە ماڵە گشتییەکانیاندا بەڕێوە دەچوو. چێژی زوان بۆ تام و مانا سەرچاوەی تێگەیشتنی ئەو مرۆڤانە بوو، کە گەشەیان بە پەروەردەی تۆو/کێڵانی ئاوی و هاتاوی دا و ئاڵوگۆڕی شمەکیان داهێنا، هەروەها مرۆڤی خۆبەزلزان و خۆهەڵخەڵەتێنەر نەبوون. بەڵێ، لە دێرینەوە بیرۆکەی "سالیمو (salīmu)ی ئەکەدی هەبوو، کە سۆمەرییەکان بە "ئینیم - دوگ –(inim " (([13]dugگۆیان دەکرد و مانای ئارامی و ئاسایشی کوردی دەگەیەنێت. ئەگەر لە زەخرەفەی ئاوازەکانی ئەرز و ئاسمان و ئەستێرەدا بگەڕێینەوە بۆ مانای ئارامی، ئەوا دەبینین، کە بیرۆکەی ئارام مانای لە ئاوازی ئاوایی ئەرزیەوە/ ئاسمانیەوە وەرگرتووە. بیرۆکەی ئارامیی سروشتی/ گەردوونی کە هاوەمییە بۆ بەهەشت وەک ماڵی خودا، لە لایەن میتۆلۆژییەکان و فەلسەفەوە وەرگێڕرا، واتا کردیان ئارامگەیەک کە خودا لێی نیشتەجێیە، بەمەش چیدی بەردەوامیی بوون و خۆخوێندنەوە نەبوو. تا ئەمڕۆ لە کوردستانی باکور ناوچە هەیە بە ناوی بەهەشتەوە، لە زوانی لاتینیشدا بەهەشت بە پارادیس گۆڕەکرێت، کە هێمایە بۆ قەدپاڵی شاخ کە پارچە پارچە بە جێی کشتوکاڵ کراوە و ئەوەش مایە ئارامی ژیان بووە. لێ زوان لە دۆخی فەرماندا وابەستەی پەیڕەوە. مرۆڤ ئێستا ژیان دروست بە بادان و پەلاماردان بەردەخات و هاوکات چاوەڕێی بەهەشتێک دەکات نەک ژیان لەنێو و لەتەک سروشتدا / گەردووندا وەک ئارامگە بژێنێت. بەڵێ زوانی دۆخی فەرمان زوانی تێکشکانە نەک بیناکردن، هەروەها ماناکانی لەسەر فەرمانی باش و خراپ داهێناوە، بەو ڕێیەشەوە خەڵکی هانداوە، کە گیرۆدەی دەستکەوت بێت، نەک کار لەسەر کردگاری و پەروەردگاری خۆیان و کولتوریان بکەن.

[1].دەنگ: ١. هەرچییەک گوێ دەیبیستێ. ٢. خەبەر، باس. ئاواز: دەنگوسەدا، دەنگی بەقەوەت (بەدەنگی بەرز)، دەنگی ئامرازی موسیقا وەک گۆرانی، ستران، لاوک؛ چریکە؛ دەنگی پەلەوەر. ئەگەر هەڵوێستەیەک لەسەر وشەی ئاواز بکەین، دەبینین کە مانای لە دەنگ زیاترە؛ من بە دوری نازانم کە وشەی ئاواز بەردەوامیی وشەی ئاو بێت، لەو مانایەدا کە ئاو بە سەرچاوەی ژیان (وەک تۆو، نەوە) ناسێنراوە. بۆ نموونە ئاوازی خۆرە و هاژە هاوتا بە وێنەئاوە و ماناکەش لە دەنگەکەیەوە وەرگیراوە، بەو مانایەش سروشت/ گەردوون بە ڕووناکی ئاو و هەتاو دانراوە.

[2]. بڕوانە داستانی ئەفراندن لە پەڕاوی ئاوبەتاودا.

[3] عەلەوی لە ئاوازی ئالوی کە ئالیهەیە سەرچاوەی گرتووە و کولتور و بەها کۆمەڵایەتیەکانیان و بەتایبەتی پەیوەندی نێر و مێیان هاوشێوەی یارسانیەکانە

[4]. http://www.smithsonianmag.com/history-archaeology/gobekli-tepe.html#ixzz2Ax8Pinwb
[5]. http://www.smithsonianmag.com/history-archaeology/gobekli-tepe.html#ixzz2Ax8Pinwb

[6]. ئەمە ئەوە ناگەێنێت، کە زمانی کوردی لەو ڕووە تەنها سەرچاوەییە و بە دوری نازانم کە زمانی سامی و هیندۆئەوروپایەکانیش بەردەوامی ئەو زمانەبن کە لە میزۆپوتامیا سەرو گەشەی کردوە و خەڵکانیک ئەو کۆمەڵگایەشیان جێهێشتبێت و لە داویدا زمانی سامی و هیندو - ئەوروپایان لێ پەیدابووە. وشەی زمان وەک پلە گۆشت پشتگیری لەو گوڕانە دەکات و سۆمەری و کوردیش کە درێژکراوەی خاکەکەن گەشەیان بە میراتە دێرینەکەی زمان داوە.

[7]. eme [TONGUE] (178x: ED IIIa, ED IIIb, Old Akkadian, Ur III, Early Old Babylonian, Old Babylonian) wr. eme "tongue; language" Akk. Lišānu

[8]. بڕوانە وێنەی شەپۆلی ئاوی سەر یەکێک لە دوو بەردی ناوەندی بازنە بەردینەکەی گۆبەکلی تەپە، تا لە مانای کردگاریی شەپۆلی ئاو بە تاو - وەک بنەمای بوونی گیاندارەکانی "سەر ئەرز، هەوا، بن ئەرز" - تێبگەیت، کە هێمایی و بیرکارییانە وێنە کراوە.

[9]. وشەی کولتور لە وشەی کێڵان (کی – لان) وەرگیراوە.

[10]. بڕاونە "هێرۆدۆت"، میژووی جەنگی پارسەکان و ئەو ڕێکخستنەی کە کووڕشی ئاخامینی لە ژیر سەرناوی ستراپ (فەرمان)دا. ئاخامینەکان هەر سێ کیشوەری ئاسیا، ئەفریکا، ئەوروپا دابەشکرد بەسەر ٢٢ ستراپدا. ئەوان بیریای کی میری ستراپە دەدات و بەو کارە سەپاندنی فەرمان (ئایدیاڵە) و لەهەمانکات ریکخستنی ئەنجومەنی خیزان (پیر و لاو) ڕەتکرایەوە و پیرەکان کە بە موغ ناسراوبوون ، لە فەترە ئاخامەینەکان لە ناوبران و خۆرهەلاتە لەو سەردەمەوە تا ئەمڕۆ ئەزمەی کار و بیری هەیە و دەستەلات دوای دەستەلات کار لەسەر کۆدەتاو ڕەدی لەوەوبەری خوێی دەکاتەوە ..

[11]. لێرەدا(Token) م بەمانای هێما وەرگێڕاوە. مەبەستم لەو جۆرە هێمایەیە کە وەک پارە بەکاربراوە. بۆ نموونە لەسەر پارچە قوڕێکی سورکراوە وێنەی یەک مەڕ بەرانبەر چوار مریشک دانراوە. ئەو جۆرە هێمایە لە زوانی ئینگلیزیدا بە (token) ناو دەبرێ .

[12]. magursi [PROFESSION] wr. ma2-gur8-si "a profession"
[13]. inimdug [PEACE] (3x: ED IIIb) wr. inim-dug3 "peace, reconciliation with the gods" Akk. salīmu. silim [HEALTHY] (228x: ED IIIb, Old Akkadian, Lagash II, Ur III, Old Babylonian, unknown) wr. silim "(to be) healthy; completeness; well-being" Akk. šalāmu; šulmu

گەشتی 'کۆن ـ تیکیی" و شکاندنی مەحاڵ- مصطفی چوارتایی

پێشتر فیلمی "Kon–Tiki" یم بینیبوو، لێ هەرگیز نەمزانیبوو، کە مۆزەخانەیەکی تایبەتی بۆ دروستکراوە و، پاڵەوانەکەی بەشێکە لە دیرۆک و شانازییەکانی نەرویج. نەرویج وەک وڵاتێک جوگرافیایەکی گەورە و گەلێکی بەژمارەکەمی دانیشتوان، هەوڵیانداوە هەرچی هەیانبووە ون نەبێت، نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بیانبینن، گەلێکن شانازیی بەبچوکترین داهێنان و هەموو کەلوپەل و فۆلکلۆر و کەسایەتییەکانی خۆیانەوە دەکەن. لەگەڵ کەمیی دانیشتواندا، ژمارەیەکی بەرچاو مۆزەخانەیان هەیە، بەتایبەت لە پایتەختدا، هەر لەماڵی پاشا تێدەپەڕیت، زنجیرەیەک مۆزەخانەی یەک لەدوای یەک دەبینیت. یەکێک لەو مۆزەخانانەی سەردانم کرد و خۆێندمەوە، مۆزەخانەی " کۆن ـ تیکی" بوو.....ناوی ئەم مۆزەخانەیە و رووداوەکەی بەستراوە بە زانا 'د. تور هایەردال"ەوە. پێش ئەوەی بێمە سەر دریژەی باسەکە، ناچارم باسەکە و کەسایەتیی دکتۆر تور تێکەڵ بکەم، چونکە لەیەکتر جیانابنەوە.

"دکتۆر تور" زانایەکی نەرویجیی و گەڕۆکێکی سەرکێشی نەترس بووە، تایبەتمەند بووە، لەزانستی توخم و نەتەوەکان و مێژووی جێگۆڕکێ و گواستنەوەی شارستانیەکان لەجیهاندا. ئەم پیاوە لەدوای گەڕان و توێژینەوەی زیاتر لە دەسالّ دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە خەڵکی ئەمریکای لاتینیی بەسەکۆیەکی لەدار دروستکراو، دووری هەشت هەزار کیلۆمەتریان بڕیووە و گەیشتوونەتە دورگەکانی "پۆلۆنیزیا" لە نەرویج. بۆیە دەخوازێت ئەو ئەزموونە دووبارە بکاتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە.

زۆر ناوەند دژایەتی دەکەن و بەکارێکی شێتانەی دەبینن، بەڵام بەهەوڵ و سووربوونی خۆی، پێنج کەسی دیکە کۆدەکاتەوە، سەکۆدارینەکە دروست دەکات، بەهەمان کەرەسەی کۆن، کە پێش 1500 سالّ پێیدروسکرابوو. دکتۆر تور و پێنج هاوڕێکەی لە کەناری خۆرئاوای ئەمریکای باشوورەوە؛ دەکەونە دەریا و ئۆقیانووسی ئارام دەبڕن و سەرەنجام دوای چەندین جار رووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی دەریا و زەریا و زریان و مەترسیی لەناوچوون، هەمان دووریی (8000کلم)ەکە دەبڕن و دەگەنەوە دوورگەی "توموانۆ" لە پۆلۆنیزیا.

لەهەموو مۆزەخانەکانی نەرویجدا، دەریا و دەریاوانیی ئەگەر بەوێنەیەکیش بێت، یان بەباسی کەسایەتییەک، جێگەی گرتووە و دیارە.

کورتەیەک لەژیانی دکتۆر هۆر

• د. تور هایەردال لە 1914/10/6 دا لەشاری "لارڤیک" لەنەرویج لەدایک بووە. لە 2002/4/18 لەشاری "کۆلامیکیریی" لە ئیتالیا و لەتەمەنی 88 ساڵییدا بەهۆی شێرپەنجەی مێشکەوە کۆچی دوایی کردووە. زانکۆی ئۆسلۆی تەواوکردووە وەک تایبەتمەندێک لە زانستیی گیانداران و جوگرافیادا. ئەوکاتەی خەریکی خوێندنی زانکۆ دەبێت، هاوکات لەگەڵ خوێندنی زانکۆ، خۆیشی دەکەوێتە خوێندن و توێژینەوە لە بارەی شارستانییەت و مێژووی پۆلۆنیزیا. ئەو سەرچاوەیەی دکتۆر تور پشتی پێبەستبوون، کۆمەڵێک کتێبی زۆر دەگمەن بوون کە بازرگانێکی "شەراب" لەئۆسلۆ هەیبوون، پاشان زانکۆی ئۆسلۆ ئەم کتێبانە لەخاوەنەکەی دەکڕێتەوە و دەیاندانە بەشی توێژینەوەی مۆزەخانەی کۆنتیکیی. دوای حەوت وەرز خوێندنی لە زانکۆ و راوێژکردنی بەژمارەیەک لەپسپۆڕان لە بەرلین، توانی لەژێر سەرپەرشتیاریی هەردوو مامۆستا "کریستین بۆنیڤی" و "هالمار برۆک" خەریکی دکتۆراکەی بێت، پرۆژەکەشی گەڕان بوو بە سەردان و توێژینەوە لە دورگە دابڕاوەکانی ئۆقیانووسی ئارام و هەوڵی دۆزینەوەی چۆنیێتی گەیشتنی ئاژەڵ و بوونەوەرە ناوخۆییەکان بەو دوورگانە.

یەکەمجار بەرەو دوورگەکانی "مارکیز" ڕۆیشت و لەوگەشتەشدا "لیف"ی هاوسەری یەکەمیی، یاوەریی بوو. دوای گەڕان و نیشتەجێبوون و توێژینەوەی لەو دوورگانە، کتێبێکی گرنگی دەربارە نووسی و بەناونیشانی "فاتو هیفا" واتە "گەڕانەوە بۆ سروشت" بڵاوکردەوە.

• گەشتی کۆن تیکیی بۆ دۆزینەوە:

لەگەشتی سەرکێشیی "کۆن ـ تیکی"یدا، د. تور هایەردال دوای توێژینەوە و گەڕانە زۆرەکانی هات لە بارەی شارستانییەتی ئەنکا. کە ژیانیان چۆن بووە، گەشتە دەریاییەکانیان چۆن کردووە، وێنەکێشراوەکانیان چۆن بوون، هەروەها لێکچوونێکی زۆری بینیوەتەوە لەنێوان ئەوان و شارستانیەتەکانی دوورگەکانی ئۆقیانووسی ئارام. ئەمانەشی بە پردێکی پێوەندیی نێوان شارستانییەتی ئەنکا و دوورگەکانی پۆلۆنیزیا دەبینی. رای دکتۆر تور وابوو ئەگەر ئەو سەرکەوتووبێت لەگەیشتن بە پۆلۆنیزیا بە سەکۆیەکی دارین هەروەک چۆن پێشینیان کردوویانە، ئەوا ئەو بیردۆزەیە دەسەلمێنێت کە گەشتکردن بەسەر بەرزە شەپۆلەکانی دەریادا، بە سەکۆیەکی دارین، رەچەڵەکی ئەو گەلانەی دوورگەکانی پۆلۆنیزیا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەمەریکای لاتینی کە دەشێت پێش 5000 سالّ بە سەکۆیەکی دارینی هاوشێوەی "کۆن ـ تیکیی" گەیشتبن. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە گەشت دەکات بۆ "پێرۆ" و لەگەڵ پێنج کەسی دیکەدا، سەکۆ دارینەکە دروست دەکەن و، ناوی یەکێک لە خواکانی ئەو ناوچەیەی لێدەنێن(کۆن ـ تیکیی) کە لەناو دانیشتوانی ڕەسەنی پێرۆدا ناسراو بووە.

تێبینی :

١– لەبابەتی داهاتوودا، دوو مۆزە خانەی دیکەی گرنگ دەناسێنم پێتان، کە یەکێکیان یەکجار سەرنجڕاکێشە و ڤیدیۆکەی دادەنێم.

٢– وێنەی دکتۆر تور هایەردال لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.

٣– دوو وێنەکەی دیکە خۆم گرتوومن.

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد

سەرچل شەوقی

لە سلێمانی لەدایک بووە. ساڵی 1985–1986، بەشی نیگارکێشانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی 2017 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پەروەردەی هونەریدا وەرگرتووە. لە ساڵی 1985 ەوە تا ساڵی 2019 (8) پێشەنگای تایبەتی کردۆتەوە، لە ساڵی 1972 تا ساڵی 2019 بەشداری نزیکەی 150 پێشەنگای چالاکی هونەری و ڤیستڤاڵی پەیمانگا و pێشەنگای هونەرمەندانی سلێمانی کوردستانی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا کردووە. لە ساڵی 1987 ەوە بە بەردەوامی تا ئێستا لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا وینەی کاریکاتێری و مۆتیڤی بڵاوکردۆتەوە. ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تایبەت بە هونەرە، لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە. لە ژیانی هونەریدا ژمارەیەک بڕوانامەی ڕێزلێنان و مەدالیا و سوپاسنامەی پێبەخشراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/profile.php?id=100009917140558&lst=100001818168085%3A100009917140558%3A1569620248&sk=photos



تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

05 Oktober . 2019 Nummer. [73]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 "فریدی ئۆقەر ستیخن" ژنە شۆڕشگێڕی هۆڵەندی و سومبولی خەبات و تیکۆشان و ئازایەتی لەدژی داگیرکاری نازیەکان کۆچی دوایی کرد و چەندین هەواڵی دیکە، لە (بورهان ئەمین) دەو

– ل 2 و ل 3 بیرمەندێکی شۆرشگێڕ برایم ئەحمەد، پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف.

– ل 4 نابووتکردنی کەڵە شاعیر– بووسینی: محەمەد ف. حەسەن

– ل 5 گۆشەی 27 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دەو

–ل 6 دوا دە ڕێسا لە ڕێساکانی شەمسی تەوریزی بۆ عیشق– وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی.....

– ل 7 چالاکی هونەری و کەلتوری کوردان لە تاراوگە

ل 8 نامە هیندوستانیەکان...مرۆڤێک دەبێتە دیاردەیەک، نووسینی: گۆران مەریوانی..

ل 9 کورە خنکاوە کۆچبەرەکە باوکی ئالان کوردی... –وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز.....

10 هونەرمەندی شێوەکاری کورد: تەها ئەحمەد ڕەسوڵ.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

05 Oktober 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 73
73 ی 05 ی ئۆکتۆبەری 2019

"فریدی ئۆقەر ستیخن" ژنە شۆڕشگێڕی هۆڵەندی و سومبولی خەبات و تیکۆشان و ئازایەتی لەدژی داگیرکاری نازیەکان کۆچی دوایی کرد

ئەو ژنەتێکۆشەرەی هەزاران نازی لەناو برد

خاتوو "فریدی ئۆقەر ستیخن" ژنە شۆڕشگێڕی هۆڵەندی و سومبولی خەبات و تیکۆشان و ئازایەتی لەدژی داگیرکاری نازییەکان، لەمڕۆژانەدا لە خانەی پیرانی شاری دریهۆیس لەتەمەنی ٩٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەو خاتوونە لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئەمستردام لە دایکبووە، باوکی کۆمۆنیست بووە، لەسەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەڵمانیاکە هۆڵەندایان داگیرکرد، ئەو تەمەنی تەنها ١٤ ساڵ بوو، چووە ڕیزی خەباتگێڕانی دژی نازیەت و شۆڕشێکی بێوینەی لە دژیاندا دروستکردن، لەتەک خوشکی گەورەی " تروس" کە ١٦ ساڵ و هاوڕێیەکی کچی تریان بڕیاریاندا ڕووبەڕووی دوژمنکاری نازییەکان ببنەوە و وانەیەکی وایان دابدەن، کە هەرگیز نەیاندیبێت، ئەو شانە سێ کەسییە چیی لەدەستیان دەهات دەیانکرد، لە کوشتنی نازییەکان و تەقاندنەوە و کاری پارتیزانی و دانانەوەی دینامێت لەژێر هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر و پرد و ریگاوبانەکان و شوێنە قەرەباڵغ و سەربازییەکانی داگیرکەراندا، زۆرجاران بەهێمنی و زیرەکیەوە سەربازەکانیان بەناوی خۆشەویستی و سێکسەوە هەڵدەخەڵەتاند و لەگەڵ خۆیانیان دەبردنە ناو دارستان، یان شوێنە چۆڵەکان و لەوێ دەیانکوشتن.



کاتێک گۆڤاری فاریس پرسیار لەو ژنە کرد، کە ئایا چۆن نازییەکان ئاشکرایان نەکردوون، ئەو ژنە دەڵێت: هەڵەی کوشندەی ئەو نازییانە ئەوە بوو، لە ڕیزەکانی سوپای خۆیاندا ژنیان وەرنەدەگرت و متمانەیان پێیان نەبوو، بۆیە ئێمەش مامەڵەمان تەنها لەگەڵ پیاوەکانیان بوو، هەڵخەڵەتاندنیشیان ئاسان بوو، چونکە دابڕاو و دەستبەسەر و تامەزرۆی ژن بوون، هەر بۆیەش لە شەڕەکە دەربازیان بوو، هیچیان لێ بەسەر نەهات،خوشکەکەی بەرلەمردنی لە ٢٠١٦ بیرەوەریەکانی خۆی نوسیوەتەوە و ئەویش لەدوای ڕزگاربونی شووی بەپیاوێکی ئەندازیارێک کردووە و سێ منداڵی لە بووە و هەرسێکیان ماون و لە هۆڵەندا دەژین، بەڵام دەستەخوشکەکەیان، کە ناوی "هانی شافت" بوو کەوتە بەردەستی نازییەکان و ئەو کارانەی لێ ئاشکرابوو، بۆیە زوو لە سێدارەیاندا. هاوڕێکەی دیکەی تروس کەلەژیاندا مابوو بەناوی ئەو ڕێکخراوێکی خێرخوازی دامەزراند "ڕێکخراوی هانی شافت" و فریدیش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بوو، ئەو ڕێکخراوە ئێستاش خزمەتی زۆر دەکات و چیرۆکی ئەو سێ دەستەخوشکەی کردۆتە داستان و سومبولی بەرگری و مقاومەت لەنێو نەوەی نوێی کۆمەڵگەی هۆڵەندیدا.

فریدی بەرلەمردنی بۆ ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندی گوتوویەتی: لەوکاتەی بە کلاشینکۆف سەربازێکی نازی دەکوشت و دەیبینی، بەزەییشی پێدا دەهاتنەوە، کە کەوتۆتە خوارەوە و هەوڵدەدات ڕاست بێتەوە، ئەو حەزی لێ بووە بچێت یارمەتیان بدات و بنباڵیان بگرێت.

نازیەکان زۆر مرۆڤیان کوشت، خۆشیان زۆریان لێکوژرا و بوون بەپەندی زەمانە، هەتا هەتایە مرۆڤایەتی نەفرەتیان لێ دەکات.

لە (بورهان ئەمین) هوە بڕوانە ل 5

بیرمەندێکی شۆڕشگێڕ برایم ئەحمەد



پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

سەرەتا لەو پرسیارەوە دەستپێدەکەین کە دەڵێت "ئایا دەشێت نووسەر خاوەن هەڵوێستەیەکی سیاسی بێت یان پێچەوانەکەی ڕاستر؟" بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، ڕەخنەگری ئینگلیزی تێری ئیگڵیتۆن (1943–)، لەکتێبەکەیدا "تیۆری ئەدەب" دەڵێت "تیۆری ئەدەبی نوێ بەشێکە لەمێژووی سیاسی و ئایدیۆلۆژی سەردەم، بەڵکو ئەم تیۆرە جودا نابێتەوە لەبیروڕا سیاسی و فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان".لە کۆمەڵگەی کوردیشدا، ئەدەبی نوێ دەرئەنجامی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی سیاسەت و فیکر لەدایکبووە. ڕەنگە پێچەوانەکەشی هەر ڕاست بێت. بیرمەندو نووسەرو شاعیر، برایم ئەحمەد لەمیانەی ئەو پرسیارەی کە ئاڕاستەی کرابوو ئایا بەسیاسەت دەستت پێکردووە یان ئەدەب؟ لەوەڵامدا دەڵێت "لەدوای کارەساتی شەشی ئەیلوول، من و هەڤاڵەکانم، چوویینە سیاسەتەوە. کاتێ زانیمان خەریکی دروستکردنی کۆمەڵەیەکن بەناوی (کۆمەڵی لاوانی کوردستان) یان (کۆمەڵی خوێندەوارانی کورد) وتمان با هەوڵبدەین تۆڵەی شەشی ئەیلوول بکەینەوە... دوای کارەساتی شەشی ئەیلول، ئیتر سیاسەت بوو بەشتێکی ڕۆژانە... لەبەرئەوە بەباشی ناتوانم دەسنیشانی بکەم، کە ئەدەبم لەپێش سیاسەتدا دەسپێکرد، یا سیاسەتم لەپێش ئەدەبدا. بەڵام شتێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە یەکەم نووسینم لە 1931– 1932 دا بڵاوکراوەتەوە. جا دەبێ سیاسەتەکە پێشتر بووبێ" (بڕوانە، چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد، د.عەبدوڵڵا مەردۆخ). لەمەوە لەوە دەگەین کە برایم ئەحمەد (بلە) بەهۆی ژینگە سیاسی و سۆسیۆلۆژی و فیکرییەکانی سەردەمەوە لەیەک کاتدا دەستی بۆ هەر دوو چەمکی سیاسی و ئەدەبی بردووە وەک ئەوەی ئەو دوو جەمسەرە تەواوکەری یەکترین. واتە بەرلەوەی نووسەرو شاعیر بێت ئەوا دۆخ و مەسەلە کورد‌ییەکان کردارو مۆتیڤێکی پۆزەتیڤ بوون بۆ خولقاندنی گوتارێکی ئەدەبی کوردی نوێ. لێرەشەوە پرسیارێکی تر دروستدەبێت کە دەڵێت "برایم ئەحمەد چی بوو؟".

گەڕانێکی خێرا بەژیاننامەو بەرهەمە ئەدەبی و شیعرییەکانی ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دەردەخەن کە ئەم خودە بابەتی و بکەرە بەرلەوەی کورد بێت ئەوا ئەندامێکی کارای خێزانی مرۆڤایەتی بوو. هیچ کات دژی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان کاری نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گەر نیشتمانەکەی لە نیشتمانەکانی تر خۆشتر بووبێت ئەوا ئەمە کارێکی خۆڕسکی و سروشتییەو لەبەها مرۆڤایەتییەکانی کەمناکەنەوە. هەروەها تەنها شاعیرو نووسەرو سیاسەتمەدار نەبوو، بەڵکو بیرمەندێکی وزەبەخشی پەروەردەش بوو. لەدەقەکانیدا بەئاشکرا هەست بەگرنگیدانی سستمی خوێندن و فێرکردن و خۆشەویستی خاک و نیشتمان و مەسەلە ڕەواکانی نەتەوەکەیی و مافی دادپەروەری و یەکسانی و برایەتی دەکرێت. لێرەدا کەسێتییەکەی تەواو یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بیرمەندی فەڕەنسی و جیهانی جان جاک ڕۆسۆ کە یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی شۆڕشی فەڕەنسی. بەمەش، بلە کەسێکی داخراو نەبوو، بەڵکو ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لەبونیادنانی ڕۆشنگەری کوردی کە هەتا ئێستا بۆتە سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخی ڕۆشنبیرییەتی کوردی. لەمەشیاندا، ڕەنگە، وەک ڕۆشنبیرو ڕوناکبیرێک سوودی لە بۆچوونە ئازادە ڕۆشنگەرییەکانی دیکارت و میکاڤیللی و جۆن لۆک و تۆماس هۆبز بینیبێت. لەدوای هەرەس پێهێنانی مەملەکەتەکەی مەلیک مەحمود لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، بلە، هاوشێوەی گۆران و هاوڕێکانی شێخ نوری شێخ سالح و ڕەشید نەجیب و ئاوڕەحمان بەگی نفوس، لەهەوڵی نوێکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری هاوچەرخی کوردیدا بوو. لەهەمانکاتیشدا لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە چۆن ئاستی هۆشیاری تاکی کورد گەورەترو باشتر بکات. دیارە ئەمەش بەمەبەستی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی مەسەلەکانی کورد بوو. ئەم قۆناغە لەمێژووی سیاسی و ئەدەبی کوردا بەقۆناغی دوهەم و تەواوکەری قۆناغی یەکەمی کوردستانی باشوور لەقەڵەم دەدرێت. هەر لەم قۆناغە نوێیەدا، بلە وەک پارێزەرو ڕۆژنامەنووسێک، بێدەنگی زوڵم ستەمی دوژمنانی شڵەقاندووە، بەڵکو تێکیشکاندووەو لەجیاتی ئەمە بانگەوازی بۆ دادپەروەری و مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کوردستان و پارێزگاری لەشوناس و کەسێتی کورد دەکرد. هەر لەبەرئەمەش بووە کە هەمیشە لەنێو ململانێ سەختەکانی فیکرو سیاسەتدا خۆی دیوەتەوە. لەهەمووشیاندا بەهێزێکی فیکری قورسەوە ڕووبەڕوی بەرامبەرەکان دەوەستایەوە.

بڕوانە ل 3

پاشماوەی...بیرمەندێکی شۆڕشگێڕ برایم ئەحمەد

بۆ نموونە، ژانی گەل لەڕۆژێکدا نووسرایەوەو بڵاوبۆوە کە تێکڕای خەڵکی وەک پێویست ئاگاداری ململانێ چینایەتی و فیکری و سیاسییەکان نەبوون. بەڵام بلە بەشێوازێکی ئەدەبی و هێمنانە زۆربەی ئەو تاکانەی بەلای نامەکانیدا ڕاکێشا بەتایبەتی ئەو نامانەی، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە چارەنووسی نەتەوەکەیەوە هەبوو.

واتە لەزەمەنی نەفامی و نەخوێندەواری و بێدەنگییەکاندا لەلایەکەوە لەهەوڵی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکاندا بوو. ئەوەتا لەساڵی 1944 بووە بەئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک)وە بوو بە لێپرسراوی لقی کوردستانی عێراق. لە ساڵی 1946 دا چۆتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردو لێپرسراوی لقی سلێمانی. لەساڵی 1953 دا کراوە بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان. لەنێوان ساڵانی 1939 –1949 ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ کە خۆی پێشەنگی دامەزراندنەکەی بووە.

لەلایەکی تریشەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەهەوڵی تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردیدا بوو. هەر لەو زەمەنەدا کە هەژاری و بێکاری و ستەمی دەرەبەگایەتی باڵی کێشابوو بەسەر زۆرینەی خەڵکیدا بەتایبەتی گوندنشینەکان، برایم ئەحمەد تەواو داکۆکی لەمافە بەشخوراوەکانی ئەو چینەی دەکرد. لەبەشێک لەدەقە شیعرییەکانیدا هەمیشە جەختی لە ئازادی گەل دەکات بەوپێیەی ئازادییەکان لەڕێگەی فیداکارییەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە بەلای بلەوە چینەکانی خوارەوە دەتوانن بەدەستی بهێنن:

کوردی بێ کەس بەسیە هەستە تێپەڕی هەنگامی شەو
ڕۆژی ئازادیت ببینە، تا نەمێنێ سامی شەو
خوێن بڕێژە ، لەش بنێژە، قەت مەچێژە تامی خەو
چونکە قوربانی ئەوێ، هەڵهاتنی ڕووی ڕۆژی نەو

بەمەش بلە دەبێتە پاڵەوانی چینی هەژارو لێقەوماوان. هەر لەبەرئەمەشە، شێوازی دەربڕینە زمانەوانییەکانی زۆر نزیکە لەزمانی ئەو چینەوە کە ئەمە خەسڵەتێکە لەخەسڵەتەکانی شیعری ڕۆمانسی و ڕیالیزمی سۆشیالیستی. ئەمەش لەپێناو گەیشتن بەناوەڕۆک و بابەتی دەقەکانێتی چونکە بلە لەنزیکەوە ئاگاداری ئەوە بوو کە شۆڕشەکەی لەڕێگەی چینە هەژارو ڕەنجبەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەوەتا دەڵێت:

ئەو ڕۆژەی کە کورد پاڵە و جوتیاری لەگەڵ کاسبکار،
گشت خوێندەواری هەموو دڵسۆزی دیهات و شاری
بڕیاری خۆی دا لەسەر ڕزگاری

گەر بەتێڕوانینێکی بونیادگەریانە بڕوانینە دەقەکانی برایم ئەحمەد ئەوا دەبینین ئەم شاعیرو نووسەرە لەهەوڵی دەربازبوونی خودی خۆیدایە. ئەمەش بۆچوونێک دروستەکات کە بلە تەواو چۆتە نێو ڕێبازی فەلسەفەی دیدگەرایی جیهانی و بابەتگەراییەوە. دیدگەرایی جیهانی، هەروەک ڕەخنەگری دیدگەرایی جیهانی لۆسیان گۆڵدمان دەڵێت، تەواو پێچەوانەی دیدگەرایی خودییە چونکە پانتایی ناوەڕۆک و بابەتەکان زۆر گەورەترن لەپانتایی خودەکان. لەبەرئەمەشە گوتراوە بابەتەکان ڕووداوێکی فیکری و سیاسی و سۆسیۆلۆژییە نەک خودی. لێرەدا گرنگی خود، بەنموونەی برایم ئەحمەدێکی بکەر، لەوەدایە کە دەستنیشانی زانیاری و مەسەلەکان بکات و بەپێی سستمێکی فەلسەفیش ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزێتەوە.

ئەم ئەرکە بەتێکڕای خەڵکی ئەنجام نادرێت بەوپێیەی توانای تێبینی و ڕاڤەکردنیان لاوازە یان لەئاست مانا قوڵەکانی گێڕانەوەو بابەتە هەستیارەکاندا نین. بەڵام بەلای خودێکی بکەری شارەزاوە مانا گەورەو بچوکەکان نابێت بەئاسانی تێپەڕ ببن. لەم ڕوانگەیەوە لەکاتێکدا برایم ئەحمەد دەچێتە نێو دیدگەرایی جیهانییەوە ئەوا سەرەتا باش دەزانێت کە ئەرک و کارەکەی بریتیە لە کارێکی دەستەجەمعی نەک بەکۆنترۆڵکردنی زانیارییەکان لەڕێگەی خودێکی دیاریکراوەوە. سادەیی و بێ فیزی بلە لەمەوە سەرچاوەی گرتووە چونکە گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی خود بەخودەکانەوە بەهاکانی بەدەردەکەوێت. هەر لەبەرئەمەشە بابەتگەرایی خۆی لەدوو جۆردا دەبینێتەوە کە هەردووکیان لەبرایم ئەحمەدا بوونیان هەیە. یەکەمیان، منێکی خودیی کە گرنگی بەماناکانی جیهان و ئەزموونەکانی دەدات وەک دادپەروەری و یەکسانی و برایەتی و تێکۆشان...هتد. دوهەمیان، منێکی لێبووردەیی کە بەشدار دەبێت لەگەڵ چەمکە جیهانییەکاندا بەدەر لەبەرژەوەندییە تەسکە میترياڵییەکان. بەئاڕاستەیەکی تر، دیدگەراییە جیهانییەکەی لۆسیان گۆڵدمان گرنگی تەواو بەڕاستییە سۆسیۆلۆژی فیکری و ئابووریەکانی تێکڕای خەڵکی دەدات کە دواتر ڕێڕەوی کارەکە دەگۆڕێت و پێدەنێتە کارنامەیەکی ئایدیۆلۆژیاییەوە. لەم ساتەدا دیدگەرایی جیهانی و بابەتگەرایی یەکدەگرنەوە بەوەی یەکەمیان دەستنیشانی بیرکردنەوەی خودێکی بکەرو خاوەن ئەزموون دەکات کە توانای وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی مەسەلە جیاوازەکانی هەبێت و لەهەمانکاتدا پەیوەندی نێوان ئەو مەسەلانەو تاکەکان، یان پەیوەندی خودو بابەت گرێ بدات. لەدوهەمیاندا بۆچوونەکان دەکەونە نێو ململانێکانەوە وەک ئەوەی خودی بکەر دەکەوێتە دژایەتی ئەو بەرامبەرانەی کە هۆکاری تێکشاندنی دۆخ و مەسەلەکانن. لەبەرامبەریشدا خاوەن هۆکارەکانیش دەکەونە پیلانگێڕاندنی بێ مانا دژ بەخود. برایم ئەحمەد، هەر لەزەمەنی چالاکییەکانیەوە تا دەگاتە ئەمڕۆکەش خۆی لەهەردوو دۆخەکەدا دەبینێتەوە بەوەی دەقە ئەدەبی و شیعری و نامە فیکری و سیاسییەکانی لەدۆخێکی داینامیکیدایەو هەر خوێندنەوەیەک بڕێک لە زانیارییەکان گەورەترو فراوانتر دەکات کە ئەنجامی ئەم خوێندنەوانە جۆرە گرژییەک لەسەر بەرامبەرەکانی دروستەکات. ئەمەش لەڕێگەی هێزی ئەزموونە بابەتگەراییەکانیەوە ئەنجام دەدرێت لەکاتێکدا هەستی بەڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵگەکان بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی کردووەو دەکرد. لەمەسەلەکاندا هیچکات بێدەنگی و بێ لایەنی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو زۆر بەوردی دەچووە نێو چەقی ئەو مەسەلانەوە. بەمەش تەنها پشتی بەشتە ڕووکەشەکان یان بینراوە سادەکان نەدەبەست.

نابووتکردنی کەڵە شاعیر

محەمەد ف. حەسەن



بەڕاست ئەوە چ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکە و سەر بەکام سەدەو کامە هزر و ڕێبازە، کاتێک هەر ڕەخنەگر و توێژەرێک لای خۆیەوە، بۆ پەسەندان و بە شانوشەپیلکدا هەڵدانی ئەو شاعیرەی، کە خۆی مەبەستیەتی، دێت بە ڕاست و چەپدا نازناوی (کەڵەشاعیر) دەبەخشێتەوە؟ داخۆ نازناوی کەڵەشاعیر لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و چلۆن پەڕێوەتە نێو فەرهەنگی ئێمەی کوردەوە؟ بەنیازم لێرەدا، لەمەڕ چەمکی کەڵەشاعیر، وەک زاراوەیەکی باوی نێوەندە فەرهەنگییەکەی خۆمان قسان بکەم و نابووتیشی بکەم. ئەوی ڕاستی بێت، کەڵە شاعیر نازناوێکە فڕی بەسەر کورد و ئەدەبی کوردەوە نییە. بەڵکو سەربە کەلتووری بێژییە. بەو واتایەی زادەی بیر و هزرێکە، بە ئێمە نامۆیە. دەشێت بڵێین سەر بە کەلتووری بیابانە و بۆ سەردەمی جاهیلیی لەمەڕ عارەبان دەگەڕێتەوە. کەڵەشاعیر، زاراوەیەکە کوتومت وەرگێڕانی (الشاعر الفحل) ی عەرەبییە و لەوێوە بۆ نێو کەلتووری ئێمەی کورد پەلکێش کراوە. لە سەردەمی جاهیلیدا، شاعیر دەزگەیەکی ڕاگەیاندن بووە بۆ خۆی. ئەوی شاعیر شێلگیرانە بەرگریی لە سەروەری و کەرامەتی خێڵەکەی خۆی کردووە. ئەوەندەی پێی کرابێت، کووڕەی جەنگی نێوان خێڵەکانی دەماندووە. لای ئەوی شاعیر، خێڵ لە جێی نیشتمان، گەل و نەتەوە بووە. ئەو بە شۆڕەسوار و جەنگاوەرانی خێڵی خۆیدا هەڵیداوە. فەزڵی خێڵەکەی خۆی بەسەر تەواوی خێڵەکانی دەوروبەریدا داوە. گوایە جەنگاوەرانی خێڵەکەی خۆی، هەمیشە شمشێریان بە خوێنی نەیاران سوور بووە. کوڕانی خێڵ، مەردی مەیدان و پیاوی ڕۆژی تەنگانەن و هەرگیز ناخیچێن. ئەوان بۆ خزمەتی میوان سەریان پێوەنییە. بەخشندە و نانبەدەن. بەم پێیە، هەر خێڵێک لای خۆیەوە، لای کەم شاعیرێکی هەبووە، یان ڕاگرتووە، کە مایەی شانازیی ئەندامانی خێڵەکەی بووە. شاعیر نزیکترین کەس بووە لە میر و سەرخێڵەوە. لەسەر خوانی ئەوان نانی خواردوە بەم دەست و بەو دەست خەڵات کراوە. ئەو ڕۆڵەی، کە شاعیری جاهیلی گێڕاویەتی بە مێینە ڕایی نەکراوە. لە دیدی ئەواندا مێینە ڕایەکی نەکەوتووە ببێتە دەمڕاستی خێڵەکەی. مێینە هەمیشە لەبن مەترسیدا بووە و شیمانەی ئەوە هەبووە لە غەزوێکدا ببێتە دەستکەوتی جەنگ (غنیمە) و بەکەنیزە بکرێت. لێرەیشەوە بە جارێک ئابڕووی خێڵ پایەماڵ بکات. دەڵێن فیرەزدەق، شاعیری ناوداری سەردەمی جاهیلی، سەبارەت بە ژنەشاعیرێکی ئەو سەردەمە وتوویەتی: ((اذا صاحت الدجاجة صياح الديک فاذبحوها/ ئەگەر مریشک وەک کەڵەشێر خوێندی سەربڕن!)) واتە فیرەزدەق عەقڵی نەبڕیوە مێینە دەم لە ئەدەبەوە بدات، چونکە ئەو شیعرنووسینی بە کاری مێردان زانیوە .ئەگەر بەتاڵانچوونی(سەبی) مێینەیەک لە تافی جەنگدا، بۆ خێڵ بە شانکورتی حسێبب کرابێت. ئەوا سوێی بەتاڵانچوونی مێینەیەکی شاعیر دووجایە. چونکە زامێکی ئەوتۆ دەکاتە جەستەی خێڵ، هەتا ڕۆژی قالوبەلا ساڕێژ نابێت. بە سەرێکی دیکە، وەک عبدالله الغذامي لە کتێبەکەیدا (المرأة واللغة، ط3، 2006) باسی لێوە دەکات، لە سەردەمی جاهیلیدا، شیعر هۆنینەوە بە کارێکی نێرانە هاتووەتە ژماردن.

بۆیە ئەوان زاراوەی (کەل: فحل) یان بۆ شاعیرە هەڵکەوتووەکانی سەردەمی خۆیان بەکارهێناوە. گوایە ژن شایانی ئەوە نەبووە شیعر بهۆنێتەوە. چونکە شاعیرەکان کە سەرپاکیان پیاو بوون دانیان بە توانای مێینەدا نەناوە. دواتر بە هەزار ناری عەلی، چەند شاعیرێکی پیاو هاتوون دانیان بە توانای خەنسادا ناوە. واتە چەند کەڵەشاعیرێکی ئەو سەردەمە هاتوون خەنسایان کەڵاندووە و بە شاعیر قەبوولیان کردووە . ئەگەرچی لە سەردەمی جاهیلییەوە تاکو ئێستا، گۆڕانی مەزن بەسەر ئەدەب، هزر و دیدی خەڵکدا هاتووە. ئەوەتا دەیان ژنە نووسەری بە دیمەن لەنێو عەرەبدا هەڵکەتوون، کە جێدەستیان بە فەرهەنگی عەرەبییەوە دیارە و مایەی شانازین وەک، ناسک مەلائیکە، لەیلا عوسمان، سەحەر خەلیفە، ئاسیا جەبار، ئەحلام موستەغانمی، حەنان ئەلشێخ و زۆری دیکە... وەکیدی چەندین ئافرەت لە دنیادا خەڵاتی نۆبلیان لە ئەدەبدا وەرگرتووە. شیعریش چیتر ئەو ژانرە نییە، کە تەنیا نەزری نێرینەکان بێت .حاڵی حازر ئێمەیش چەندان ژنە شاعیرمان هەن، کە هەر لەجێیە گوێ بۆ لەرینەوەی دەنگ و سۆز و ئەدایان بگرین، وەختایێ ئەوان شیعر دەخوێننەوە. هەر زینەتە سەیری سەروسووڕەت و قەدوبااڵیان بکەین، وەختایێ ئەوان بە تەواوی بروابەخۆبوونەوە دێنە سەرشانۆ. شاعیرانی مێینە زۆر جوانتر و خۆشئاوازتر شیعرەکانیان ئەدادەکەن. ڕاستگۆیی و سۆزی زیاتریش لە شیعری ئەواندا هەست پێ دەکرێت. ئەوەتا لە بواری شیعردا ژنانی وەک کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، مەهاباد قەرەداخی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، نیگار نادر، لازۆ، چۆمان هەردی و کەژاڵ ئبراهیم خدر و چەندانی دیکەمان هەن. جێی باسە دەرکەوتنی نووسەری مێینە لەخۆیدا ڕووترین ئاماژەیە بۆ چوونەپێشەوەی ڕۆڵی مێینە لە نێو کۆمەڵدا. کەچی هەندێک نووسەری نێرینەی کورتبینی کورد، هێشتا لەبن کاریگەریی ئەم زاراوە جاهیلییەدان. لە حاڵێکدا هەر توێژەرێکی نوێی عەرەب، ئەگەر نەختاڵێک شارەزای ڕەوتی مێژوو بێت، دەستبەرداری بووە و باوەڕناکەم چیتر زاراوەی کەڵەشاعیر بەسەرزاریدا بێت. پیاوی شاعیر چەند بکۆشێت هێشتا هەر ناتوانێت لەبریی ئەوانی مێینە ئەدەب بنووسێت و گوزارشت لە خەم و کۆڵانی ئەوان بکات؛ بەتایبەت لەم چاخەدا کە کوڕانی خێڵ لەسەر سووکە گومانێک، نزیکترین مێینە لە خۆیانەوە گۆشاوگۆش سەردەبڕن. جا لەو سۆنگەیەوە، کە سەروەختی جاهیلی شیعر تاکە ژانری ئەدەبی بووە، ئەوان سیفەتی کەڵیان داوەتە پاڵ شاعیر. لێ لەم سەردەمەدا، کە ژانرەکان زۆرن، ڕەخنەگری کوردیش لەلای خۆیەوە بە ڕاست و چەپدا نازناوی کەڵ دەبەخشێت و دەیداتە پاڵ ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و... بەڵکو ڕەخنەگری وامان هەن ئەم نازناوی (کەڵ)ە، وەک خەڵات دەبەخشنە، هونەرمەندانی شانۆ و شێوەکار. ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لەوە نەکردووەتەوە، کە ئەم نازناوە ماوەبەسەرچووە، کەڵکی ئەم سەردەمەی پێوە نەماوە. تۆزی لێنیشتووە و لە خۆیدا واتای بێبەشکردنی ڕەگەزی مێینەیە لە بەهرەی ئەدەب و هونەر دەگەیەنێت. وەکیدی، زاراوەکە بۆ سەردەمی جاهیلی عارەبان دەگەڕێتیەوە و فڕی بەسەر فەرهەنگ و کولتووری کوردەوە نییە. وێڕای ئەوەی، کە زاراوەی کەڵە شاعیر یان کەڵە نووسەر، زیاتر مەدلوول و نێوەڕۆکی ئیرۆتیکی و سێکسی لە خۆیدا هەڵگرتووە و هیچ پێوەندیی بە داهێنانەوە نییە. جێی باسە (کەڵ) بەو گیانداڕە نێرە بەهێز و بەتوانایە دەوترێت، کە مێینەکانی لێ چاکدەکرێت. وەک: کەڵەگا، کەڵەکێوی، کەڵەشێر... دەشێ بڵێین کەڵایەتی، یان نێرایەتی، هیچ پێوەندیی بە داهێنانەوە نییە؛ نەخوازە ئەگەر ئەو داهێنانە لە بەستێنی ئەدەب و هونەردا بێت.

سەرچاوە: سندووقی هەزارپیشە، سندووقی دووەم، محەمەد فەریق حەسەن، دەزگەی ئاراس، ٢٠١٢

گۆشەی 27 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ئەمرۆ یادی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیایە

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن هاوڵاتیانەوە دیواری بەرلین ڕوخێندرا و هەردوو بەری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، یەکیان گرتەوە و بوو بە ئەڵمانیای فیدراڵ، تێچووی ئابووری ئەو یەکگرتنەوەیە گەلێک زۆر بوو، تا ئێستا دوو بلیۆن یۆرۆ واتە ٢٠٠٠ ملیار لە شارە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵات خەرجکراوە، بەڵام بۆتە دەستکەوتێکی گرنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی پڕشگنداڕە لەژیانی ئەڵمانەکان ول ایەڕەیەکی گەشە لە ئاشتی و پێکەوەژیان و تەبایی و هەنگاونان بۆ پێشەوە.

Mede in Germany بەکەمینە

بەپێی هەڵسەنگاندن و ڕاپرسیەکی ئینستیتۆی " یۆگۆف"ی ئەڵمانیا، کە لە ٢٣ دەوڵەتی جیاجیای جیهانی پێشکەوتوو، ڕای خەڵک و کۆمپانیاکانی وەرگرتووە، لەسەر کوالیتی بەرهەمەکانی، ژمارەیەک وڵات، لەئەنجامدا گەیشتۆتە ئەوەی کە بەرهەم و کالای دروستکراوی ئەڵمانی لە پێشەوەی هەمووانە و پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی جیهان و ٤٥ خاڵی وەرگرتووە، دوای ئەویش ئیتاڵی ٣٨ خاڵ و بەریتانیا و فەرەنسا ٣٤ خاڵ و یابان ٣٣ و کۆریای باشور ٢٨خاڵ.

سەرخۆشێک بیرە بەسەر سەری ژنێکدا دەکات

پۆلیسی بەرلین ئاشکرایکرد، کە پیاوێکی سەرخۆشی تەمەن ٣٥ ساڵ لە وێستگەی میترۆی هێلیسدرۆف ژنێکی باڵاپۆشی بینیوە و بەرە و ڕووی بۆتەوە، لەپڕ بتڵێ بیرەی کێشاوە بەسەریدا و بیرەکەی بە سەریدا کردووە، کارمەنادنی وێستگەکە، کابرایان گرتووە و ڕادەستی پۆلیسیان کردووە، شایانی باسە زۆرینەی ئەڵمان لە ڕەفتاری موسڵمانانی دانێشتووی وڵاتەکەیان بێزار بوون.

دەیان پۆلیس لەتاوان تێوەگلاون

دەسەڵاتی هەرێمی هێسن، ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە ٤٠ پۆلیس، کە گومانی ئەوەیان لەسەرە دەستیان هەبێت لە دوژمنداری بێگانەکان و ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستی و کاری ئاژاوەنانەوە و تێکدان، ئەو پۆلیسانە ژمارەیەکیان پەیوەندیان بەگروپە نازیەکانەوە هەیە و دیکۆمێنتیان لەسەر کۆکراوەتەوە، ئەگەر بەڵگە لەسەریان بسەلمێندرێت، ئەوا سزای توند دەدرێن.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

بەرلین شوقفە دەکرێت

لەشارە گەورەکانی ئەڵمانیا بەتایبەتی بەرلین و میونشن و هامبۆرگ کرێی خانوو شوقفە زۆر گرانبووە، بۆیە ئەمسااڵ لە بەرلین ناڕەزایەتیەکی زۆری لێ کەوتەوە و خۆپیشاندانی گەورەی بۆکرا، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەیسە، دەسەڵاتی هەرێمی بەرلین بڕیاریدا لەپاڵ سنوردانان بۆ کێشەی گرانی کرێ، وەک قۆناغی یەکەم نزیکەی ٦٠٠٠ شوقفەی نیشتەجێبوون بەبڕی یەک ملیار یۆرۆ بکڕێت و خۆی بە نرخێکی هەرزان بەکرێیان بداتەوە.

منداڵێکی نەخۆش بەپارەیەکی زۆر ڕزگارکرا

خێزانێکی شاری لۆدفیگسبۆرگ منداڵێکی یەک ساڵانەیان هەیە، کە نەخۆشیەکی زۆر کوشندەی هەیە و ئیسقانەکانی شێ دەبێتەوە و لەجوڵەی دەخات، ئەو نەخۆشییە دەگمەنە و تێچوونی چاکبوونەوەی زۆر گرانە، دوو ملیۆن یۆریۆ دەوێت، دەرمانەکەشی تەنها لە ئەمریکا دەست دەکەوێت،بۆیە ناچار لەڕێی فەیسبووکەوە بڵاویانکردەوە و لەلایەن خەڵکی خێرخوازەوە هاوکاری یەک ملیۆن یۆرۆی بۆ کۆکرایەوە، بەڵام کاتێک بیمەی تەندروستی AOK بەکەیسەکەیان زانی کۆی پارەکەی بۆ خەرجکرد و دەرمانەکەیان بۆ کڕی، کە پێی دەڵین Zolgensma و منداڵەکە وا بەرە و باشی دەڕوات، ئەو پارەیەش کە کۆکرابۆوە، دەخرێتە خزمەت بواری تری خێرخوازیەوە.

نان و کەرە بۆتە خواردنی فۆلکلۆری ئەڵمان

یەکێک لەو خواردنانەی، کە زۆربەی ئەڵمانەکان بەیانیان یان هەرسێ ژەمە دەیخۆن، بەبێ ئەوەی لێی بێزار ببن، نانی تۆست و کەرەیە، کە بەدرێژایی مێژوو ئەوە بەردەوامی هەیە و لەگەڵ بوونی ئەو هەموو جۆرە خوارنانەدا، بەڵام ڕەواجی هەر هەیە و تائێستاش زۆربەی خەڵکی بەلەزەتێکی زۆرەوە دەیخۆن و نەوەکانی دوای خۆیان فێردەکەن.

دوا دە ڕێسا لە ڕێساکانی شەمسی تەوریزی بۆ عیشق- وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

ڕێسای سی و یەکەم: ئەگەر ویستت باوەڕی خۆت بەهێز بکەیت، دەبێ لە ناوەوە نەرم بیت. بۆ ئەوەی باوەڕت پتەو بێت و وەکو بەرد ڕەق بێت، دەبێ دڵت وەکو پەڕ سووک بێت. وەختێ دووچاری نەخۆشییەک یان ڕووداوێک یان خەسارەتێک دەبین و یاخود بەجۆرێک لە جۆرەکان ترس داماندەگرێت، ئەوا ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوانە دەبینەوە کە فێرمان دەکەن چۆن کەمتر خۆپەرست بین و پڕحیکمەتتر و بەسۆزتر و بەخشندەتر بین. گەرچی هەندێکمان ئەم وانەیە فێردەبێت و نەرمتر و میانڕەوتر دەبێت، لێ هەندێکی تر دڵڕەقتر دەبن. ئەوەی وات لێ دەکات لە هەقیقەتەوە نزیکتر بیت، ئەوەیە کە دڵت بە چەشنێک فراوان بێت جێی هەموو مرۆڤایەتیی تیا بێتەوە و عیشقی زیاتر لەخۆبگرێت.

ڕێسای سی و دووەم: نابێ هیچ شتێک لەنێوان تۆ و خودادا هەبێت؛ نە ئیمامەکان و نە قەشەکان و نە زانا ئایینییەکان و نە هیچ ڕاسپێردراوێک بۆ پێشەوایەتیی ئەخلاقی یا دینی و نە هیچ سەروەرێکی ڕۆحییش و تەنانەت ئیمانی خۆشت. باوەڕت بە بەهاکانی خۆت و پرنسیپەکانی خۆت هەبێت، بەڵام مەیسەپێنە بەسەر ئەوانی تردا. کاتێک دەبیتە مایەی شکاندنی دڵی کەسانی دی، باوەڕە دینییەکەت هەرچییەک بێت، ئەوە بزانە کە باوەڕێکی دینیی باش نییە. لە پەرستنی هەموو جۆرە بتێک خۆت بپارێزە، لەبەرئەوەی ڕوانینت دەشێوێنێت. با بە تەنها خودا، خودا و بەس، ڕێنوێنت بێت. فێری هەقیقەت ببە، بەڵام وریابە ئەو هەقیقەتانەی لات دروست دەبن نەیانکەیت بە بت.

ڕێسای سی و سێیەم: وێڕای ئەوەی مرۆڤ لەم جیهانەدا تەقەللا دەدات شتێک بەدیبهێنێت و ببێت بە کەسێکی گرنگ، بەڵام دوای مەرگی، هەموو شتەکان جێدەهێڵێت. تۆ دەتەوێ بگەیتە قۆناغی باڵای عەدەم. ئەم ژیانە وەکو تیشکێک و بۆش وەکو ژمارە سفر ببەسەر. ئێمە لە گوڵدان دەچین، ئەوە جوانییەکەی دەرەوە نییە کە قەدمان ڕادەگرێت، بەڵکو ئەوە بۆشایی ناوەوەمانە، ئەوە خۆزگەکانمان نین کە وامان لێ دەکەن لەسەر ژیان بەردەوام بین، بەڵکو ئەوە هوشیاریمانە بە عەدەم.

ڕێسای سی و چوارەم: ڕادەستبوون بە مانای ئەوە نایەت مرۆڤ لاواز یان نەڕێنی بێت و نابێتە مایەی باوەڕهێنان بە چارەنووس یان ملدان، بەڵکو هێزی ڕاستەقینە لەوەدایە مرۆڤ ڕادەستی ئەو هێزە بێت کە لە ناخییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوانەی ڕادەستی جەوهەری خودایی لە ژیاندا دەبن، لە دڵنیایی و ئاشتیدا دەژین، تەنانەت ئەگەر هەموو دونیاش دووچاری شڵەژان لە دوای شڵەژان بێت

ڕێسای سی و پێنجەم: لەم دونیایەدا، ئەو شتە لێکچووەکان و ڕێکەکان نین کە هانمان دەدەن هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بچین، بەڵکو ئەوە شتە دژ بەیەکەکانن. لە ناخی هەر یەکێکماندا هەموو دژوازییەکانی گەردوون هەن، بۆیە پێویستە باوەڕدار لەگەڵ کافرەکەی ناو ناخی خۆیدا بەرخورد بکات، پێویستە کافریش باوەڕدارە بێدەنگەکەی ناو ناخی خۆی بناسێت. تا ئەو ڕۆژەی تیا دەبین بە "ئینسانی کامڵ"، باوەڕ چ نییە جگە لە پرۆسەیەکی هێواش و پێویستی بە هەمبەرەکەی هەیە، واتە :کفر.

ڕێسای سی و شەشەم: ئەم دونیایە لەسەر پرنسیپی ئاڵوگۆڕ دروست بووە؛ هەر مرۆڤێک چەند چاکە و چەند خراپەی کردبێت، بۆی دەگەڕێتەوە. لەو پیلان و داوانە مەترسە کە کەسانی تر بۆتی دەنێنەوە، وەختێ کەسێک تەڵەیەکت بۆ دەنێتەوە، ئەوە کاری خودایە، چونکە ئەو خۆی گەورەترین پلاندانەرە، تەنانەت گەڵای داریش بەبێ ئاگای ئەو ناجووڵێتەوە. بە سادەیی و بە شێوەیەکی تەواو باوەڕت بەوە هەبێت، ئەوەی خودا دەیکات، بەجوانی دەیکات.

ڕێسای سی و حەوتەم: خودا شتەکانی ورد و بەحیسابە، هێندە وردە کە تەگبیرکردن و ڕێکخستنی وای کردووە هەموو شتێک لەسەر زەوی لەکاتی خۆیدا ڕووبدات؛ نە خولەکێک زووتر و نە خولەکێک درەنگتر. کاتژمێرەکەش بۆ هەموان و بێ ئاوارتن، بە وردی کار دەکات؛ هەموو کەسێک کاتێکی هەیە بۆ خۆشەویستی و کاتێکیش بۆ مردن.

ڕێسای سی و هەشتەم: هەرگیز درەنگ نییە بۆ ئەو پرسیارەی لە خۆتی بکەیت: ئاخۆ من ئامادەم ژیانی خۆم بگۆڕم؟ ئاخۆ من ئامادەم خۆم لە ناوەوە بگۆڕم؟

ڕێسای سی و نۆیەم: گەرچی بەشەکان دەگۆڕێن، وەلێ گشت وەکو خۆی دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی وەختێ دزێک ئەم جیهانە جێدەهێڵێت، دزێکی تر لەدایک دەبێت، کاتێکیش کەسێکی ئابڕوومەند دەمرێت، کەسێکی تری ئابڕوومەند جێی دەگرێتەوە. بەمشێوەیە، نەک هەر هیچ شتێک وەکو خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو هەرگیز هیچ شتێکیش ناگۆڕێت، لەبەرئەوەی بەرامبەر هەر سۆفییەک کە دەمرێت، سۆفییەکی تر لە شوێنێکی تری ئەم دونیایەدا لەدایک دەبێت. دینی ئێمە دینی عیشقە و هەموو مرۆڤەکان بە زنجیرەیەک دڵ پێکەوە بەستراونەتەوە، کە ئەڵقەیەک لێ بووەوە، ئەڵقەیەکی تر لە جێیەکی تر شوێنی دەگرێتەوە. ناوەکان دەگۆڕێن و دێن و دەچن، وەلێ جەوهەرەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

ڕێسای چلەم: ژیان بەبێ عیشق هیچ بەهایەکی نییە، لەخۆت مەپرسە چ جۆرە عیشقێکت دەوێت، عیشقێکی ڕۆحی یان مادی، خودایی یان دونیایی، خۆڕئاوایی یان خۆرهەڵاتی؟ ئەم دابەشبوونانە بەرەو دابەشبوونی زیاترمان دەبەن، عیشق نە ناوی لێ دەنرێ، نە نیشانەی هەیە و نە پێناسە، خۆی ئەوەیە کە هەیە، بێگەرد و سادە... "عیشق ئاوی ژیانە و مەعشوقیش ڕۆحێکە لە ئاگر"، وەختێ ئاگر عاشقی ئاو دەبێت، ئەم گەردوونە دەبێت بە گەردوونێکی تر.

چالاکی هونەری و کەلتووری کوردان لە تاراوگە

کۆمەڵەی کوردیی موردایک، مانگی سێپتەمبەر و نۆڤێمبەر پێشانگایەکی شێوەکاری و دیدارێکی شیعری ڕێکدەخات

هەموسالێک کۆمەڵەی کوردیی موردایک لە شارۆچکەی زەیفن بێرخن، بەسەرپەرشتیی هاوڕێی شاعیر لەتیف عومەر، ڕۆژێکی کەلتووری و پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ هونەرمەندانی کورد و چەند هونەرمەندێکی هۆڵەندی و نەتەوەکانی دیکە سازدەکات. ئەمساڵ پێشەنگاکە بۆ ٩ هونەرمەندی شێوەکاری ڕێکخراوە، لە ناویاندا هونەرمەندان: ئاشتی شێخانی، بژار حەمدی، سامان قادر بەشدارن و پێشەنگاکە، بە ناونیشانی گەڵاکانی پایز بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بەردوام دەبێت. یەکەم ڕۆژی کردنەوەی پێشەنگاکە لە ١٤ و ١٥ ی سێپتەمبەر تا 2019/11/5 بەردەوامە دەبێت. شایانی باسە ئەم پیشانگایە ئەمساڵ نێودەڵەتییە، چونکە هونەرمەندی وڵاتەکانی دیکەش جگە لە کورد، تێدا بەشدارن، وەک هۆڵەندی، ئیتاڵی، ڕووسی، پۆڵۆنی. هەروەها لە میانەی چالاکیەکەدا ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 26-09-2019 دیدارێکی شیعری ئامادەکراوە، کە چەندین شاعیری کورد و نەتەوەکانی دیکە شیعرەکانی خۆیانی تێدا دەخوێننەوە و هەردوو چالاکییەکە لە هەمان هۆڵ ڕێکدەخرێت و ئەو ڕۆژە ئێوارە خوانێکشی لەگەڵدا ئامادەکراوە.

پەردە لەسەر دوو پەیکەری نایابی هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد زیرەک میرە لە شساری سنەک لە هەرێمی فریسلاند لادەدرێت

ڕۆژی 14-09-2019 بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و سەرۆکی شارەوانی و پارێزگار و وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی هەرێمی فریسلاند لە وڵاتی هۆڵەندا، پەردە لە سەر یەکەمین پرۆژەی هونەری هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد، زیرەک میرە بە ناوی (Violin Woman) لادرا. شایانی باسە زیرەک میرە، 25 ساڵە کاری هونەری پەیکەرسازی دەکات. خاوەنی چەندین پەیکەری ناوازەی دیکەیە لە باشوری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان. بە فەرمی چووە بۆ کۆبانێ و پەردەی لەسەر پەیکەری ئازادی لاداوە.

ساڵی پار لە شەقامێکی گشتیی سلێمانیی پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردستاندا، پەردە لەسەر تازەترین شاکاری هونەریی ئەم هونەرمەندە لادرا بەناوی (کولتوور و خۆشەویستی). ئەم پەیکەرە کە میرەی هونەرمەند ساڵ و نیوێکی تەواو کاری تێدا کردووە، بەرزییەکەی نۆ مەترە و لە مادەی ستیڵ بە سپۆنسەریی سەرمایەدارێکی سلێمانی دروست کراوە. ئەوەی هەمووان دەیبینن پەیکەرەکە بریتییە لە چەقۆیەکی گەورە و لەسەر نووکی چەقۆکە کچ و کوڕێک باوەشیان بەیەکدییا کردووە و خۆشەویستی دەکەن. ئەم کارە و هەموو کارە هونەرییەکانی دیکەی میرە، ئەم پەیکەرەش مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە، هەروەها ڕۆژی 25-10-2019 لە شاری سنەیک لە هەرێمی فریسلاند پەردە لەسەر پەیکەرێکی دیکەی زیرەک میرە لادەدریت بە ناوی (چاوەڕوانی)ەوە، کە بەرزییەکەی 4 م.

نامە هیندوستانیەکان...مرۆڤێک دەبێتە دیاردەیەک

نامەی یەکەم
گاندی
دووی نۆکتۆبەر یۆبیلیۆمی (۱۵۰) ساڵزاینی گاندی

مەهاتما: ئیستا، موهەندەس کارامەچەند گاندی (٢ ئۆکتۆبەر ١٨٦٩– ٣٠ ژانیوەری ١٩٤٨) دیاردەیەکە. مرۆڤێکی سادە و ساکار، لاغرو قوپاو، رەشتاڵە و ناماسولکەدار، بچکولە و کەمخۆر، کە چەرچڵ نازناوی (فەکیرێکی ڕووتوڕەجاڵی*) لێدەنێ و پێی شەرمە (لە کەنار شازادەدا، لە کۆشکی ئیمپریاڵی لە لەندەن و لەسەر هەمان پێپلیکە کە شازادە لە بانی وێستاوە، فۆتۆی لەتەک شازادەدا دەربکەوێ)، لێ گاندی چۆک بە ویش و بە ئیمپریاڵەکەشی دادەدات. چلۆن و بەچی؟

دیباچە

دەمێ ڕابوونی گەلانی بندەست، چەرخی بیست، دەگاتە لوتکە، هێزە سیاسیەکانی چەپ–و–ڕاستگەرا کۆشتاری کۆلۆنیالیستەکان، بە پرینسیپی: خوێن–بە–خوێن–دەشۆرێتەوە، حەڵاڵدەکەن. فەرهەنگی سیاسی ڕابوونەکان و سەرکردەکانیان تێژین لە میراتی سیاسیانی خۆیانگەرا. `بەو چەکەی دەکەوێتە دەستمان دەیانکوژین` ماوتسیتۆنگ، `چەکێک کە دەیهێنە ئێروکانێ تا لە ڕێیەوە بمانقڕێنن، لێیان دەگەڕین و بە چەکی خۆیان دەیان کوژین`، ژەنەڕاڵ جیاب و هۆشی مینە. `کوردستان دەکەینە گۆڕستانی دوژمنان`. لە ئەرشیڤی تەواوی وڵاتانی ئاسیا، ئافریکا، باشوری ئامریکا.... و `دایکانی وڵات ناترسن تا کوڕ–کیژیان بنێرنە بەر قەناره`! کۆمۆنیستەکانیش سۆسیالدیموکراتی دوو دەکەنە خائین، چوون دەستبەرداری پرینسیپی دەسەڵات–هەر–بە–خوێن لادەبرێ، دەبن.

مەهاتما گاندی: دیاردەیەکە

گاندی وەک فرەگەلێ لە ڕابەرە سیاسیەکانی هاوپێشەی لە ئاوروپا: ئۆکسفۆرد–بەریتانیای گەورە خوێندویەتی. هەر زوو دەبێتە ئەکتیڤیستێکی بە مەعریفە–زانین–تینو لە ئۆکسفۆرد و کۆمەڵگای بەریتانیدا. کۆمەڵەی ڤێگیتاریان بە هاوکاری چەند هاوڵاتیەک لە تەوێژ و چینی جیاواز ڕۆدەنێ و ماوەیەکیش دەبێتە سکرتێری دامەزراوەکە. لە بەریتانیەکان، زانکۆ و کۆمەڵەکەیانەوە، فێری بەکارهێنانی دامودەزگا کۆمەڵایەتیە دیموکراتیەکان دەبێ: نووسینی عەریزەی پڕۆتستۆ، مەزبەتە و ئیمزا کۆکردنەوە، دامەزراندنی سەندیکا و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی خەڵکی لە ڕێپێوان و شەقام–پڕۆتستۆدا، دیاریکردن و هەڵبژاردنی پەیامی قۆناخی مێژوویی، گرێدانی ئاشنایەتی لەتەک کەسایەتی لە تەوێژ و چینە جیاوازەکان، دیداری کەسانی بەنێوبانگ وەک میوان، یان بۆ کار یاخود بۆ ئەرکێک، نمونە، پڕۆتستۆنامەی خۆیانی پێ–ڕابگەیەنێ چ بە زارەکی یان بە نووسین، نامە نووسین بۆ سەرجەم کەسایەتییە نێودارەکانی ئەودەم و سودوەرگرتن لێیان: تۆلستۆی، ئانیشتاین .... و تەنانەت ئادۆلف هێتلەر `ئازیز کەنسلەری بەرلین هێتلەر` وەک لە نامەیەکیدا هاتووە. لە گشتیان گرینگتر، خوێندنەوەی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و چۆنیەتی سەروسەوداکردنە لەتەکیاندا. گاندی بە پێچەوانەی سیاسیەکان و ئەکتیڤیستەکانی بەرەی ڕاست–میانڕەو–چەپ، بەهیچ جۆرێک سڵی نەکردۆتەوە لە پەیوەندی، دیداری کەسایەتی سیاسی لە ڕەنگی جیاواز. بازنەی ئاشنایەتی ئەو بێ–مەقام و دەسەڵاتدار، پوولدار و نەداری لەخۆ–گرتووە.

دەمی ڕۆنان و چالاکی بزوتنەوەکەی (ساتیاگارە*) بۆ بەرژەوەندی وڵات لە دەرگای تەواوی ئەو کەسایەتیانەی داوە. نامەشی بۆ تەواوی دونیا، بێ–چوونە بەر دەرگایان و پارانەوە و لاڵانەوە، نووسیوە.

نەتەوەچێتی: هیندوستانی

دروشمی وەڵامی خوێن–تەنێ–خوێنە ڕووبەر–و–ناوەڕۆکی بزووتنەوەو ڕابوونی گەلانی کۆلۆنیالکراو دەگرێتەوە. چەمکی، هیندوستانێتی، کوردایەتی، عەرەبچێتی، تورکچێتی، ئافریکاچێتی، لە کورتی نەتەوەپەرستی تەواوی ئەو بزوتنەوانەیە. سەدساڵ زیاتر ئەم بزوتنەوانە خەڵکیان نارەدە زیندان، ژێر سێدارە، گۆڕەپانی شەڕ–جەنگ بۆ بەدیهێنانی نەتەوەپەرستیەک کە بە پەیڕە–پڕۆگرامی خوێناوی خۆیان پیرۆزیانکردبوو. سەدای ڕەخنەگرانیش لەم ڕێبازە (شۆڕشئەنگێزە) بە خائین، وڵاتفرۆش، دوژمنی گەل، ترسنۆک.. دەدرایەوەو `دادگای گەل` لە هەمبەریان بە مۆرێکی قاچاخی هەرزان دروستکراو، بڕیاری کوشتنی ئەم دەنگانەیان مۆردەکرد*. پاشان، لاوێکی نەزان، مەستی نەتەوەپەرستی و بێئەزمون، چوار فیشەکی دەنێو چاوانی نەیارانیان دەدا و، ئیتر لە مێدیای قەومچێتیەکاندا دەکرا بە کەرنەڤاڵی خوێن و دووسەد شیعر و تیاترنامەی بۆ دەنووسرا، دەبوونە داستانی ئازادی نەتەوەپەرستەکان! کۆتاییش، دەمێ ئەم نەتەوەپەرستانە دەسەڵاتدەگرن، جگە لە پرینسپی کە خوێن–بە–خوێن حوکمدەکرێت هیچ شتێکی تر لە کولتورو هەگبەیاندا نییە. دیموکراتی، بە چەمکە فراونگەلیەکەی، کە تا سنوری دادپەروریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و قانونی بگرێتەوە، نامۆن بەوان. ئەو کەمە–دامودەزگایانەش کە کۆلیانیستەکان دایانناببوو وێرانکران و ئەورۆ ئەم وڵاتە `ئازادانە` و `سەربەستانە` جگە لە تاپۆیەک، سێبەرێکی مەرگ و خوێن زیاتر، چیتر نین. هەژار، نەدار، بێ–قانون، بێ–پەیڕە–و–پڕۆگرام، بێ–مەعریفە، نەزان و نەزانین، لە شانۆیەکی کۆمێدی دەچن کە نووسەرێکی لاکۆلان شەرمێ دەکات بینووسێ. هەر هەمووشیان، بە جیاوازی ئایدۆلۆژیشەوە، دەخوازن تا قەبر و ئەبەد، خۆیان و کەسوکاریان لە دەسەڵاتدا بن.

*گاندی: بزوتنەوەی ساتیەگرا Satyagraha:

هەر بەو چەکەی بەریتانیای مەزن دەرسیان دادابوو، بەوەی بەریتانیا بێ شۆڕش و کوشتار دەگوازرێتەوە بۆ دونیای سەرمایەداری و کۆلۆنیدار، بەوەی دامودەزگا دیموکراتیەکان ئامرازی گۆڕانکاری کۆمەڵگەن، بەوەی ئازادی ڕۆنانی سەندیکا، کۆبوونەوە، کۆمەڵە و ڕێکخراو–سازدان مافی گشت کەسێکن، بەوەی چوونە سەرشەقام و ڕێپێوان، بەوەی مەزبەتە و ئیمزاکۆکردنەوە، ئەریزەنووسین، پڕۆتێستنامە، بەکارهێنانی مێدیا..... ئەمانە گشتیان نیعمەت و بەرەکەتی ئیمپریاڵی بەریتانیان و دانسقەن، هەر بۆیێ بەریتانیای مەزن خاوەنی مۆراڵ، ئاکار و ئەتیکێکی دەگمەن و بەر بەرەکەتی پەروەردگار کەوتووە.

بروانە لاپەرە 9

پاشماوەی نامە هیندوستانیەکان...

مرۆڤێک دەبێتە دیاردەیەک- گۆران مەریوانی

کۆمەڵگای وان، بە حیسابی ئەودەمی خۆیان، بانسۆسایێتی دونیای دیموکراتیخواز بووە. گاندی پانتەڵۆنی مۆرێڵ و ئەتیکی وان بە بەرچاوی دونیاوە دادەماڵێ و لێدەگەڕێ پاشەڵی راستەقینەیان بە جوانی ببینرێ. لە دونیا دەگەیێنێت، کە چۆن ئەوەی بەوان رەوایە بە قانون و ئەتیکی بەریتانیای ئیمپریاڵی، نیعمەتە و بەرەکەتی خانەوادەی شازادەن، قانون و دامودەزگایە، کەچی بۆ هیندوستانیەکان زوڵم و زەلیلی و بندەستییە. گاندی چەمکی نەتەوەپەرستی، قەومچێتی رووتدەکاتەوە لە درۆکانی و ئازادی لە گشت بوار و کایەیەکدا بە دادپەروەریەوە دەبەستێتەوە. مافی نەتەوەو تاکی جیاواز گرێدەدا بە دونیایەک دوور-دوور لە خوێن تا هەمرا-پێکەوە بکرێت هەڵبکەن. لە گوتار و نامە پڕۆتستۆیەکانی خۆیدا هەمیشە جەختدەکاتەوە: `ئەمن نامەوێ ئازار بە کەسێ، رۆحلەبەرێ بگەیەنم، ناخوازم بەریتانیەک لە زیان نزیکبێتەوە و دووچاری بەڵایەک بێ`. لێ `ئەمن و میللەتانی هیندوستان ئازادی و سەربەستی پڕ عەدالەتی خۆمان گەرەکە، کۆڵنادەین تا ئاشتیانە وەدەستی دێنین`! کار گەیشتە ئاستێک کە دونیای گەورە بەریتانیای مەزنیان وەک ئیمپریاڵێکی بێ-مۆرال، دوور-لە-ئەتیک و بەها مرۆڤایەتیەکان، بەها-کریستیانێکان دەهاتە پێشچاو. بەهاگەلێک کە ئیمپریاڵ بەردەوام پڕوپاگاندەی بۆ دەکرد و وەلێ لە کۆڵۆنیالیەکانی خۆیدا جێبەجێینەدەکرد. پڕۆگرامی نەتەوەپەرستی وەک قەومچێیەکان دەیانخستە بەردەم لەکن گاندی بێ-بەهابوو. وێرانکردنی دامودەزگایەک کە تێکۆشانی عەقڵیەتی مرۆڤایەتی بۆخێر و باشە دروستیانکردوە، بەهەردانی رەنجی مرۆڤایەتیە. پاراستنیان ئەرکی بزوتنەوەی رزگاریخوازییە. بەڵام بە حوکمی خۆجێیی. پاشەڕۆژی میللەتانی هیندوستانی، چ لە رووی مۆرال و ئەتیکەوە، چ لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، لەوانە، هەڵی کار دۆزینەوە، بە ریفۆرمکردنی خوێندن، تۆڕی ئەلەکتریک دانان و دامودەزگای تەندروستی، رەگاوبان ..... تاد ئەرکی بزوتنەوەی رزگاریخوازیە. بۆیێ دەبێ پڕۆگرامی وردیان بۆ گشت بابەت و کایەیەک پێشوەخت دانابێ. ئەوڕۆ دووەم گەورە-وڵاتی دونیا بە ژمارەی دانیشتووانی، دوای چین، هیندوستانە. یەکەم دیموکراتی گەورەی دونیایە. زیاد لە سەد زمان، گەل و گروپی جیاواز هامژین و هامزیندەگی یەکترن. سەرباری جیابوونەوەی پاکیستان تا ئێستاش بیست دەرسەدی دانیشتووان موسوڵمانن. یەکێکە لەو وڵاتانەی لە کێبڕکێیی پێشکەوتندا بە هەنگاوی گەورە نزیکدەبێتەوە لە زلهێزانی جیهان. دامودەزگای خوێندن، کۆمەڵایەتی، سیاسی، پشکنین، چ ئاسمانی یاخود زەمینیان لە ریزی پێشەوەی دونیادایە. گاندیش بە فیشەکی یەکێ لە ئاشنایانی و لە نەیارانی نەتەوەپەرستی، بە پاساوی ئەوەی ئەو خاتری موسڵمانان دەگرێ لە بەرامبەر میللەتانی هیندوستاندا لە (٣٠ ژانیوەری ١٩٤٨) دەکوژرێ. نەتەوەپەرستەکان ئێمە و مرۆڤایەتی لە ئەقڵیەتێکی دیموکراتی-بونیادگەرای دونیای کۆڵۆنیاکراو بێبەری دەکەن. بەڵام بەداخەوە ئەوە دوا-فیشەکی نەتەوەپەرستەکان نابێ و نەشبووە!

نامە هیندوستانیەکان ئیدامەی هەیە: نامەی دووەم بەمزووانە.

نیو-دەلهی\هیندوستان
یەکی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

١ .(فەکیر: لە زمانە ئاوروپیەکاندا گوازارشت نییە لە هەژار، لە فەقیر، بەڵکو عرفانیەک کە دەست بە ماڵ و سەروەت و سامانەوە دەنێ و خۆی تەرخاندەکا بۆ پەروەردگار و هەقیەرستی. فەرهەنگی ئۆکسفۆرد.

٢ .(وشەیەکی ئاوێتەیە. خودی گاندی، ١٩٠٨، لە زمانی سانسکریتەوە وەریگرتووە تا گیانێکی نوێ بداتە بزوتنەوەی ئەنتیهێز، یان بزوتنەوەی پاسیڤیزم کە لەودەمەیدا لە ئامریکای باکور و ئاوروپا هاتبووە گۆڕێ. ئاستیە: راستی. گراها: دەستبەردارنەبوون. گاندی بزوتنەوەی رزگاریخوازی بە پاسیڤ و خاڵی لە (هێز) نەدەزانی. لە روانگەی ئەوەوە دیدێکی نوێی بۆ فشار و بەکارهێنانی (هێز- لە شێوەیەکی تردا دۆزیبۆوە)، ئەویش دەستبەردارنەبوونی راستییە. راستیش گوزارشتە لە بوون، بە پێچەوانەی درۆ-وە کە واتای ناراستی دەدات و گوزارشت نییە لە بوون، لە وجود، بەڵکو لەهیچ ، گاندی دەنووسێ:`جیهان لەسەر بناخەی ساتیا:راستی رۆنراوە. بەرامبەر بە ئا-ستیا کە گوزارشتە لە نا-ڕاستی یاخود نەبوون.` دادپەروەری هەقیانەتەو نا-دادپەروەریش ناڕاستی، درۆیە، کە دەبێ دەستبەرداری بین.

کوڕە خنکاوە کۆچبەرەکە باوکی ئالان کوردی دەیەوێ لەگەڵ sea-Eye چاوی دەریا ناماەدەبێت لەتەمەنی سێ ساڵیدا ئالان کوردی لەدەریای ناوەڕاستدا خنکا

موزەفەر عەزیز

وێنەی لاشەکەی لەکەنارەدەریادا لە ٢٠١٥ بەدنیادا بڵاوبوەوە. هەنوکە باوکی ئالان عەبدوڵڵا کوردی بەڕێکخراوێکی فریاگوزاریی ئەڵمانیای ڕاگەیاندووە، دەیەوێت هاوکاریان بکات. ئەو لەگەڵ ئەوانەی کە بەناوی کوڕەکەی"ئالان کوردی"یان ناوناوە بچێتە نێو دەریا، عەبدوڵڵا کوردی ٤٥ ساڵان لەدیدارێکیدا بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی بەناوی"لا ریپوبلیکا" وایگوتووە. ئەو بەڕاستی ئامادەیی و داوای ئەوەی کردووە، لەگەڵ فریاگوزارانی خێرای دەریادا بێت، وتەبێژی"سی ئایی" چاوی دەریاش ئەمەی پشت ڕاستکردۆتەوە و لەگەڵی لە پەیوەندیدان. وێنەی ئەوکاتەی لاشەی کوڕە سێ ساڵییەکەی لەکەنارێکی تورکیا، جیهانی خستە دڵەڕاوکێ و ڕایچڵەکاندن، بووە سیمبولی قەیرانی کۆچبەران. ئەمە "زۆر جێی بایەخە"و"بیرۆکەیەکی نایابە" گەر بێت و مرۆڤێک بەگرنگییەوە بڕوانێتە کردەی فریاگوزاری، قسەکەری چاوی دەریا وایدەگوت: ئاخۆ بەڕاستی عەبدوڵڵا کوردی کاردەکات، یا نا، ئەوا وابەستەی چەند فاکتەرێکە، وەک فیزاو پرسی ڕاهێنان و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەو بارەوە.

دوو کوڕ و هاوسەرەکەی لەدەستدا:

عەبدوڵڵا کوردی ساڵی ٢٠١٥ پارەی دابووە قاچاخچیەک، تاکو خێزانەکەی لە تورکیاوە بەرەو یۆنان ببات، پێشتر فەرمانگەکانی تورکان ڤیزای گەشتی خیزانەکەیان بەرەو کەنەدا ڕەتکردبوەوە، کە لەلایەن کەسوکارییەوە بانگێشتکرابوون، دواتر ئەوە بوو بەو بەلەمە بچووکە خانەوادەی کوردی لەدەریای ڕاوەردا نغرۆ بوون. لەو ڕووداوەدا لەگەڵ ئالان، غالب و هاوسەری عەبدوڵڵا کوردی "ریحانە" ش گیانیان لەدەستدا. ئەو خۆشحاڵە کە پاپۆڕەکەیان بەناوی کوڕەکەیەوە ناو ناوە، عەبدوڵڵا کوردی ئێستا وایدەگوت. کوردی دوای ڕووداوی بەلەمەکە بەر لەچوارساڵ جارێکی دی هاوسەرگیریی پێکهێناوە و ئێستا لەگەڵ هاوژینە نوێیەکەی چاوەڕێی زارۆیەکی تر دەکەن. "هەر منداڵەکە بەدنیا بێت، بەرەو پاپۆڕەکە دەچم، تا هاوڵاتیان ڕزگاربکەم. دەمەوێت یارمەتیان پێشکەش بکەم، لەوەی من لێی بێبەش بووم، "ئەو بۆ "لا ریپوبلیکا" وایدەگوت. کوردی لەسەرزاری خۆیەوە، ڤیگا لە هەولێر لەپارچەکەی کوردان لەعیراق دەژی ولەوێ سەرپەرشتی ڕێکخراوێکی فریاگوزاری ئاواران دەکات. "ئالان کوردی" سەر بە "سی ئایی"چاوی دەریا چالاکی فریاگوزاریی ماڵتایان لە ١٠ی سێپتێمبەر بەکۆتاهێنا. ئێستا پاپۆڕەکە لەبەندەری بوریانایە، لەئیسپانیا لەنگەری گرتووە. ئەو جڤاتە فریاگوزارییە دەیەوێ لە ١٢ی ئۆکتۆبەرەوە بەردەوامی بەچالاکییەکانی بدات، بەڵام جارێ چاوەڕێی پێداویستیی دارایی دەکەن.

سەرچاوە:شپیگل mbö/dpa/AFP

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد



تەها ئەحمەد ڕەسوڵ

تەها ئەحمەد ڕەسوڵ ساڵی 1967 لە شاری کەرکوک لەدایکبووە و دواتر گەڕاونەتەوە بۆ شاری سلێمانی. ساڵی 1985–1986 چووەتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی شێوەکاریی و بەهۆی نەچوونی بۆ سەربازگەکانی مەشقی قوتابیان و دواتر ئیمزانەکردنی بۆ ڕژێمی بەعس ساڵی 1988 لە کۆلیژ دەرکراوە. ساڵی 1993 لە یەکەمین فێستڤاڵی هونەرمەندانی سلێمانی بەشداریکردووە. ساڵی 1995 یەکەم پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی. بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە. وەک سەرپەرشتیاریی هونەریی، نەخشەسازیی و دیزاین و لۆگۆی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان کردووە، هەروەها دیزاینی بەرگی کتێب و دیکۆریستی تی ڤی. ئەندامی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە.. ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستانە.. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. هونەرمەند جگە لە کاری هونەریی، بۆ بەردوان بە ڕۆشنبیریی هونەریی، تۆژینەوە و نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕانی لەو بوارەدا هەیە و چیرۆکنووس و شاعیر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری نێوەندی ڕۆشنبیریی کورددییە. تائێستا 17 کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە لە بوارەکانی: چیرۆک.. ڕۆمان.. ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریی و وەرگێڕان.. چوار کتێبیشی ئامادەی چاپن.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/profile.php?id=100006381242384&sk=photos_all&lst=100001818168085%3A100006381242384%3A1569795502



تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA تاراوگە

12 Oktober . 2019 Nummer. [74]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی تاراوگە، تایبەتن بە هێرشە دڕندانەکەی ڕژێمی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا ..

– ل 1 ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستە کوردان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن...

لە زۆربەی وڵاتانی دنیاوە خۆپیشاندانی کوردانی تاراوگە بۆ پشتگیری ڕۆژئاوا دەستی پێکرد..

– ل 2 و 3 کتێبی (تورکیا لە ســـــــــەردەمی گۆڕاندا) نووسینی: محەمەد نورەدین، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

– ل 3 گۆ جەنگ و شوناسی نەتەوەیی، نووسینی: توانا عەبدوڵڵا.

–ل 4 بێرت مەکگۆرک دەڵێت: پێویستە چەند کەس بکوژرێن، یان ئاوارە بن، تا ترامپ بە عەقڵی خۆی ئابووری تورکیا بڕوخێنێت.

ل 5 بانگەوازێک بۆ کوردستانیان وهێزانی دیموکراسیخواز، نووسینی: گۆران مەریوانی..

ل 8 و 9 تورک بناسە، حەمە سەعید حەسەن.. هەروەها چەندین کاریکاتر و تابلۆی هونەرمەندان بڵاوکراوەتەوە.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

12 Oktober 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
N 74
Emai: sardarfatah@live.nl
74 ی 12 ی ئۆکتۆبەری 2019

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستە کوردان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن...
لە زۆربەی وڵاتانی دنیاوە خۆپیشاندانی کوردانی تاراوگە پۆ پشتگیری ڕۆژئاوا دەستی پێکرد

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستە کوردان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن...

بەکر شوانی:

تکایە با یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بین..!

خوشک و برایانی هێژا، هاوڕێیانی خۆشەویست..

ئەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان بەسەر کورد دێت، ستەمێکی بێ هاوتایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ترامپ تیشکی سەوزی بۆ خوێنڕێژێکی وەک ئەردۆگان داگیرساندووە تا کورد و دەستکەوتەکانی لەناوببات. تورکەکان هەموو لە دەوری دەوڵەت و سوپا دڕندەکەیان کۆ بوونەتەوە و هیچ نووزەیەکی ناڕازی لە تورکیاوە نابیسترێت. دامەزراوەی ئاینیی تورکیش بە هەموو توانای خۆیەوە لە پشت ئەردۆگانەوەیەوە و پشتیوانی لە هەنگاوەکانی دەکات. دوێنێ گوێم لە مەلایەکیان بوو بەناوی جوبەلی ئەحمەد خۆجە دەیگوت ڕەحم بە کوردەکان مەکەن و هەموویان لەناوببەن. ڕۆژنامەیەکی نزیک لە ئاکەپەش لە مانشێتێکدا نووسیبووی: "بڕۆن بە کافرەکان بڵێن سوپای محەمەد بەڕێوەیە"! لە کاتێکدا ئەوان یەکڕیزن و بە هەموو توانای خۆیانەوە لەگەڵ هێرشی سوپای دەست بەخوێنی وڵاتەکەیاندان، کارێکی زۆر نابەجێ و ناشارستانی دەبێت ئەگەر ئێمە هەر گرووپێکمان لە ئاوازێک بخوێنێت. تکایە با یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بین تا ئەم قۆناغە سەختە تێدەپەڕێنین. ئەگەر تورک لەم هەنگاوەدا سەرکەوتوو بێت، بە دڵنیایی ئامانجی داهاتووی باشوور دەبێت. تکایە لە ڕوانگەی حزبایەتی و تەنانەت کوردبوونیشەوە نا، بەڵکو لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە بۆ هەر ستەمێک بڕوانن کە لە کورد دەکرێت. من باوەڕم وایە ئەگەر کوردیش نەبوومایە، هەر بە هەمان شێوەی ئێستا بۆ کورد خەمبار دەبووم. بەر لە هەموو شتێک دەتوانین دڵی خۆمان بەوە خۆش بکەین کە لەوێ هێزێک هەیە بەرگری دەکات و بەئاسانی خۆی و خاک بەدەستەوە نادات. لەسەر ئاستی ڕای گشتیی جیهان و دەوڵەتانیش جموجوڵ لە ئارادایە و حەتمەن ئەنجامێک وەدەست دێت. سەرکەوتوو بێت خەباتی هاوچەرخی کورد لە دژی داگیرکەران و پاشکۆکانیان.

لە زۆربەی وڵاتانی دنیاوە خۆپیشاندانی کوردانی تاراوگە پۆ پشتگیری ڕۆژئاوا دەستی پێکرد

ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 09–10–2019 لە بڕۆکسلی پایتەختی بەلجیکا،بۆ پیشتوانی خەبات و خۆڕاگری خوشک و برایانمان و گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوا، بۆ ڕیسواکردنی جموجۆڵی شەڕانگێزی بەردەوامی ئەردۆگانی عوسمانیزم و بڕیارەکانی ترامپی هەڵەوەڕ، بۆ هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری شەقام و ناوەندە گرنگە سیاسیەکانی ئەوروپا... کوردانی هۆڵەندا و بەلجیکا و ئەڵمانیا و هەندێ لە کوردانی وڵاتانی دیکەی دەوروبەر ڕوویان کردە بڕۆکسلی ناوەندی پەرلەمانی ئەوروپی و خۆپیشاندانێکی مەدەنیان لە بەردەم بارەگای سەرەکی پەرلەمانی ئەوروپی ڕێکخست، پاشان ڕوویان کردە باڵوێزخانەی ئەمریکی، لەوێدا هەندێ پشێووی ڕوویدا و پۆلیس ڕێی نەدا، حەشاماتەکە لەبەردەم باڵوێزخانەکە گردببنەوە و غازی فرمێسک ڕێژی بەکار هێنا و چەند خۆپیشاندەرێک دووچاری تووندوتیژی و ئازاردان بوونەوە و لەلایەن پۆلیسەوە بۆ ماوەیەک چوار دەوری گردبوونەوەکە درا و پاشان لەژێر چاودێری تووندیان ڕوویان کردەوە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپی، لەوێ نوێنەرانی ئیرلەندا پێشوازیان لە نوێنەری گردبوونەوەکە کرد و گوتاری پشتگیریان پێشکەش کرد و مەوعیدی چاوپێکەوتنی فەرمیان دانا لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە هەر بۆ هەمان ڕۆژ لەناو باڵەخانەی پەرلەماندا، بەڵێنیاندا بەفەرمی داواکاریەکان بگەیەنە نێو هۆڵی پەرلەمان و بەتەواوی پشتگیری ڕۆژئاوا بکەن و دژ بە بڕیارەکەی ترامپ و هێرشی سەربازی تورکیا هەڵوێستیان هەبێت... خۆپیشاندانەکە ئامانجی خۆی پێکا و فشارێکی مەدەنی سەرکەوتوبوو... بێگومان ئەو فشارە کەمتر و پچوکترین هاوکاری و پشتگیری کوردانی تاراوگەیە بۆ ڕۆڵە قارەمانەکانمان لە ڕۆژئاوادا .... سڵاو بۆ قارەمانیەتی و بەرخودانیان...

لە (سیروان مەحمود)ەوە

کتێبی (تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا)

نووسینی: محەمەد نورەدین، وەرگێڕانی: نازاد بەرزنجی



تورکیا و کورد

لە ئێستادا کە سوپای تورکی بە فەرمانی سەرۆکە دژەکوردەکەی، واتە ئەردۆگان، ڕووی چەک و تانک و فڕۆکەکانیان کردووەتە کوردانی ڕۆژئاوا ژیانی ملیۆنان کورد لەبەردەم هەڕەشەی مان و نەمانداید، ئەم کردەوەیە هیچ جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە بە درێژایی سەدەی بیست و ئەم چارەکەی سەدەی بیست و یەکیش، ئەمە ڕەفتاری ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی تورکیا بووە، بۆیە ئەم سیاسەتە درێژەپێدەری هەمان سیاسەتەکەی جارانیانە، کە کورد چ لە باکوری کوردستان و چ لە پارچەکانی تریش، بە تێرۆریست و بوونەوەرێکی ناشارستانی دەزانن. د. محەمەد نورەدین، کە پسپۆڕە لە کاروباری تورکیدا و لەم ڕووەشەوە خاوەنی چەندان کتێب و لێکۆڵینەوەیە لەسەر تورکیا، کاتی خۆی کتێبێکی نووسی بەناونیشانی"ترکیا في الزمن المتحول" کە ئێمە بە "تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا" کردمان بە کوردی و ساڵی ٢٠٠٠ چاپی یەکەمی لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کرا، بەشێکی کتێبەکەی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کردووە و تێیدا جەخت لەسەر ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەکاتەوە، بەداخەوە لەبەرئەوەی من فایلی وۆردەکەم لا نەماوە، ناچار لێرەدا بە فایلی وێنە دوو سێ لاپەڕەم لەو بەشە داناوەتەوە، بێجگە لەو پێشەکییەی کە خۆشم بۆ کتێبەکەم نووسیوە.

ئەم کارو کردەوە ئاسایشیانە، ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای ڕەسمی (واتە کەمالیزم)ە، لە تێڕوانینیدا بۆ مەسەلەی کورد لە تورکیادا، بەو پێیەی ئەمانە خەڵکێکی "یاخی" و خوێنڕێژن و لە ژێر سایەی حیزبێکدا کۆبوونەتەوە.

٩- ڕۆژنامەی "میللیەت" ی تورکی ٢-٣-١٩٩٤

١٠- گۆڤاری "نوقتە" (٥-١١/٦/١٩٩٤).

شوناس لە چەند هەڵبژاردنێکدا

تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا

سیاسەتی فەرامۆشکردنی کورد لە تورکیادا و تەنانەت نکووڵی کردن لە بوونیشی، تا سەرەتای هەشتاکان بەردەوام بوو، کاتێ یەکەم کەسێتیی لیبرالی، لە ڕووی ئابووری و فیکرییەوە، بوو بە سەرۆک حکومەت و پاشانیش سەرکۆمار، ئەویش تۆرکۆت ئۆزالە، ئۆزال جگە لەو ڕیفۆرمە ئابووری یە گرنگانەی لە ئازادیی ئابووری دا ئەنجامی دا، بەستنەوەی ئابووریی تورکیا بە بازاڕی جیهانییەوە و پەیڕەوکردنی سیاسەتی کرانەوە و کارلێکردن لەسەر ئاستی پەیوەندییە دولییەکاندا، کە بەرجەستە بوونی ئەمەیان لە هاوپەیمانێتیی دەولی دابوو دژ بە عێراق دوای داگیرکردنی کوەیت. جگە لەمانە یەکێک لە ئەدگارە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئۆزال لەسەر ئاستی ناوەوە بەخشینی مۆرکی شارەستانی بوو بە ژیانی سیاسی و فیکری لە وڵاتدا و نزیکبوونەوە لە لە مەسەلەی کورد، بە بیرێکی نوی و ئەقڵیەتێکی هاوچەرخانەوە، ئەوەش لە ڕێی بەدیهێنانی هەندێ مافی ڕۆشنبیریان، وەکو ڕێگەدان بەوەی کە لە دەرەوەی کاروباری ڕەسمیدا بۆیان هەیە بە کوردی قسە بکەن، هەنگاوی باشیش لەم ڕووەوە ئەوە بوو، کە ئۆزال لە ڕێی نێوەندەوە، لەگەل پارتی کریکارانی کوردستاندا دەستی بە گفتوگۆ کرد و لە ئەنجامدا لای خۆیەوە لە ١٧ ی ئازار/ مارسی ١٩٩٣ دا تەقەی ڕاگرت. ئەمە خگە لەوەی ئۆزال داوای کرد بە ئاشکرا گفتوگۆ لەسەر تەواوی مەسەلە گرنگەکان لە تورکیا بکرێت و لەوانەش مسەلەی پێکهێنانی فیدراڵیەت لە نێوان تورک و کورددا. بەڵام ئەم دەستپێکە مژدەبەخشانە، بە مەرگی ئۆزال (لە ١٧ ی نیسانی/ ئەپرێلی ١٩٩٣ دا کۆتاییان هات و لەگەل حکومەتەکەی تانسۆ چیللەردا تونەوتیژی سەربازی دەستی پێ کردووە.

دواکەوتن و جیابوونەوە:

گرنگی ئەم کتێبە:

تورکیا لە نەخشەی سیاسی ئەمێڕدا و بەتایبەتیش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە پێگەیەکی ستراتیژی و ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ڕووداو گۆڕانکارییەکانی هەیە، هەر گۆڕانکاریەکیش لە تورکیا بە ئەرێ بێت، یان نەرێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەسەر باری سیاسی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی و میللەتانی هاوسێیدا ڕەنگ دەداتەوە.

بڕوانە ل 3

پاشماوەی...کتێبی (تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا)

نووسینی:محەمەد نورەدین، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

لە نێو ئەو هاوسێیانەشیدا ئێمەی کورد، بە تایبەتیش دوای دووەم جەنگی کەنداو، لە ساڵانی پاش ڕاپەڕینەوە، کە ئەم کتێبەش بایەخ بەو ماوە مێژووییەی تورکیا دەدات، واتە تورکیای نەوەدەکانی پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێت و گۆڕانی دونیا لە دووجەمسەریەوە بۆ یەک جەمسەر. لێرەدا پرسیارێکی گەوهەری هەیە، کە بەردەوام بەڕووماندا دەتەقێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ئایا کورد توانیویەتی تا ئێستا گوتاری خۆی دامەزرێنێ، یان بە واتایەکی دی ئایا کورد گوتاری خۆناسیی هەیە. هەڵبەت بەڕای من وەڵامەکەی نەرێیە و لەبەر گەلێ هۆ، کە یەکێکیان ئەوەیە هیچ گوتارێکی خۆناسی نییە بتوانێ بە بێ(ئەویترناسی) خۆی دابمەزرێنێت، ئێمە تا چەند (ئەوانی تر بناسین، هێندەش پتر خۆمان دەناسین). سەبارەت بە (تورک) و (تورکیا)ش، یەکێکە لەو (ئەو)انەی، کە کورد بەدرێژایی دەیان ساڵ مێژوویەکی پڕ هەڵکشان و داکشانی لەگەڵدا هەبووە، هەر لە شۆڕشەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەوە و دواتریش تا دەگاتە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و دەستێوەردان و هەلوێستەکانی تورکی لە ئاست مەسەلەی کوردا، پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠) و لۆزان (١٩٢٣)، بۆیە ناکرێ هەروا بە سانایی بەسەر ئەو مێژووەدا تێپەڕین و بێ بایەخانە بڕوانینە گۆڕانکارەکانی ناوەوەی تورکیا و پێگەی لە دونیای سیاسی هاوچەرخدا و پەیوەندییەکانی بە وڵاتەکانی دەوروپشتی و وڵاتانی عەرەب و زلهێزەکانی جیهانەوە، کە ئەم کتیبە بەوردی لەسەریان ڕادەوەستێت.

شوناس لە چەند هەڵبژاردنێکدا:

لێرەوە کە گرنگی ئەم کتێبە دێت، بە تایبەتیش کە کتێبەکە لە یەک لایەنەوە ناڕوانێتە تورکیا، بەڵکو لە زۆربەی لایەنەکان دەکۆڵیتەوە و باری هەنووکەیی و ململانێ سیاسیەکانی نێو تورکیا و ئەگەرەکانی ئێستا و ئایندە هەڵدەسەنگێنێت. تورکیایەک کە لەپاش هەلوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێتەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک حاڵەت و دۆخی نوی بۆوە، تورکیایەک کە لەسەرێکەوە دەیەوێ ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی ئەورووپادا و لەسەرێکی ترەوە بەدەست کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی ناوخۆیەوە دەناڵێنێت و حیزبە ئیسلامییەکان دەیانەوێ بە ئاڕاستەی خۆیاندا ببەن و حیزبە عیلمانییەکانیش بە هەمان شێوە، سوپاش بەردەوام چاوی لەسەر ڕووداوەکانە و و لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە.

لەوڵاشەوە کێشەی کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستێ، کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ. ئەمە جگە لە چەندین کێشمەکێشی تری مەزهەبی و ئێتنی و ئابووری و کێشەکانی سەر سنووری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا و کێشەی ئاو و هتد...

ئەوەی وادەکات کە ئەم کێشەیەش زیاتر بە هەند وەربگیرێ، ئەوەیە کە جگە لەوەی کتێبەکە خۆی تازەیە و لە ساڵی ١٩٩٧ دا نووسراوە، نووسەرەکەیشی بە گیانێکی بابەتیانە و زانستیانە، لە تەواوی ئەو مەسەلانەی تۆزیوەتەوە و خۆیشی پسپۆڕە لە کاروباری تورکیادا و مامۆستای مێژوو و زمانی تورکیە لە زانکۆی لوبنانی و چەندین باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی تورکیا نووسیوە، بێجگە لە دوو کتێبی جاپکراوی تری لەسەر تورکیا کە ئەمانەن:

- کلاوێک و مێزەرێک: دەروازەیەک بۆ بزووتنەوە ئیسلامیەکانی ناو تورکیا (١٩٩٧).
- تورکیا – کۆمارە سەرگەردانەکە– چ١ – بەیروت– (١٩٩٨).

دەمێنێتەوە بڵێین کە ناونیشانی ئەم کتێبە بە عەرەبی (ترکیا فی الزمن المتحول) و واتە ئەگەر تەرجەمەیەکی دەقاودەقی بکەین دەبێ بە (تورکیا لە سەردەمێکی " یان ڕۆژگارێکی" گۆڕاودا)، یان تورکیا لەسەردەمێکدا، (کە لە گۆڕاندایە) واتە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، بەڵام ئێمە ئەم ناونیشانەمان بۆ هەڵبژارد (تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا)، بەو هیوایەی ئەو واتایە بگەیەنێت.

لە کۆتاییدا ئومیدەوارم، ئەم کتێبە وێنەیەکی ڕوونی تورکیا بخاتە بەرچاوی خوێنەری کورد و ئێمەش توانیبێتمان، لەم ڕووەوە بەشداریەکی خاکیانەمان کردبێت.

جەنگ و شوناسی نەتەوەیی... نوسینی توانا عەبدوڵڵا

لای نەتەوەی تورک و زۆرێک لە نەتەوەکانی تر جەنگ ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی شوناسی نەتەوەیی. لای تورک جەنگ بە شێوەیەک بەئەفسانەیی کراوە، دەکرێت بڵێین بەبێ بوونی شەڕ ئەم نەتەوەیە ناتوانێت درێژە بەو شوناسەی خۆی بدات. وشەی غازی کە بە کوردی مانای داگیرکەرە، نازناوێکی نەتەوەییە لای تورک وشەی فاتیح بووە بە ناسناوی زۆربەی سەرکردە نەتەوەییە مێژووییەکانیان. کولتوری جەنگ لای تورک ناسراوە بە بێڕەوشتیەکی لە ڕادەبەدەر گەر سەیری هونەر و مێژووی نوسراوی دنیا بکەین، بەڵگەی زۆر دەست دەکەوێت بۆ سەلماندنی بەربەریەتی ئەم نەتەوەیە لە جەنگدا. هەندێک لە مێژوونووسانی ئەورپا سەرەتای دروستبوونی هەستکردنی ئەوروپا وەکو یەکەیەکی کولتوری و سیاسی هاوبەش دەگەڕێننەوە بۆ هەستکردن بە مەترسی داگیرکاری تورک لە ماوەی چەند سەدەیەکدا، جەنگ نەک تەنها سەرچاوەی سەرەکی دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی تورکە بەڵکو ئەوروپاش لەترسی تورک بوو بە خاوەنی شوناسی یەکگرتوو. دروستبوونی کۆماری تورکیای نەتەوە پەرست لە دوای ڕوخانی دەسەڵاتی عوسمانی، جەنگی کردە شوناسی سەرەکی دروستبوونی نەتەوەی تورک، شکست و سەرکەوتنەکانی بە ئەفسانەیی کران و پاڵەوانێکی ئەفسانەیی جەنگیان داتاشی، کە پەیکەرێکی گەورەی بۆ دروستکراوە، ئەم پەیکەرە گولە تۆپێکی گەورەی بەدەستەوەیە یارمەتی سەربازەکان دەدات لە کاتی شەڕێکی دەریایی لەگەڵ ئەوروپییەکان، ئەم پەیکەرە لە ڕۆژی نەتەوەیی تورک زۆربەی تورک وێنەی خۆیان لە گەڵی دەگرن، لای نەتەوە پەرستەکان و ئەردۆگانیەکان ئەم یادە دووبارە بارگاوی کراوەتەوە بە گوتاری نەتەوەیی. ئەردۆگان جگە لەم ئەفسانەیە خۆشی کردووە بە پاڵەوانێکی نەتەوەیی و دنیای ئیسلام، ئەو ڕزگاربوونی خۆی لە سیناریۆی کودەتاکە وەکو ڕۆژێکی مێژووی دەناسێنێت، ئەم ڕووداوە وەکو ڕۆژێکی مێژوویی و لە دایکبوونی پاڵەوان دادەنرێت، وەکو باسمکرد جەنگ لای تورک شوناس دروست دەکات. ئەم جەنگەی ئێستا پێشبینیکراو بوو، سنوری شەڕی ئەردۆگان و تورکە نەتەوە پەرستەکان کۆتایی نییە، لاتان سەیر نەبێت کە عوسمانیەکان بە نیازی داگیرکردنی هەموو دنیا بوون، ئێستاش ئەردۆگان باوەڕی تەواوی بەم جەنگە لەگەڵ هەموو دنیا هەیە، نەتەوەی تورک لای نەتەوەپەرستەکان نەتەوەیەکی هەڵبژێردراوی خودایە بۆ حوکمکردنی دونیا. ئەم جەنگە تەنها جەنگی تورکیا نییە بەڵکو ئیخوانەکانی دنیای ئیسلامی و داعش و القاعیدە و ئەنساری ئیسلامی و گروپەکانی بە ناو ئۆپۆزسیۆنی سوری تێیدا بەشدارن، هەندێک وڵاتی ئەوروپی کە فاشیزمە نەتەوەییەکان دەسەڵاتیان تێیدا هەیە، دەبن بە پشتیوانی ئەم شەڕە، کە هەنگاریا لە ئێستادا پشتگیری خۆی ڕاگەیاندووە، مافی ڤیتۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەوروپا ئیدانەی ئەم شەڕە نەکات.

پێویستە چەند کەس بکوژرێن یان ئاوارە بن..! تاوەکو تەمپ بەعەقڵی خۆی ئابووری تورکیا تێکبشکێنێت...؟

لە سایتی (راچڵەکین)ەوە:

بڕێت ماکگۆرک، نێردەی پێشووی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی داعش دەڵێت، پرسیارێکی جددیم هەیە، پێویستە چەند کەس بکوژرێن یان ئاوارە بن تاوەکو تەمپ بەعەقڵی خۆی ئابووری تورکیا تێکبشکێنێت. ماکگۆرک لە تویتێکدا کە هەواڵی ئاوارەبوونی 100 هەزار هاوڵاتی رۆژئاوای کوردستانی شەپر کردووەتەوە نوسیویەتی "پرسیارێکی جددی، ئایا پێویستە چەند کەس بکوژرێن یان ئاوارە بن لە باکوری رۆژئاوای سوریا تاوەکو تەمپ بە حیکمەتی گەورەی خۆی بڵێت تورکیا هەنگاوێکی گەورەی بڕیووە و پێویستە ئابوورییەکەیان تێکبشکێندرێت." ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاشکرایدەکات، ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە لە باکوری سوریا (رۆژئاوای کوردستان) ئاوارە بوون، بۆ 100 هەزار کەس بەرزبووەتەوە. بەهۆی بۆردومانی بەردەوامی هێزەکانی سوپای تورکیا و میلشیا چەکدارەکانییەوە، تاوەکو ئێستا ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی رۆژئاوای کوردستان بەردەوامە. ماوەی سێ ڕۆژە، سوپای تورکیا و میلیشیا چەکدارەکان، لەشکرکێشیان بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان دەستپێکردووە و سەدان هاوڵاتی مەدەن کوژراون و بریندارببوون.

خەونی سوڵتان بە خامەی هونەرمەندی شێوەکار ڕێناس عارف

ڕۆژئاوا دوای کورد بە خامەی هونەرمەندی شێوەکار عومەر دەرویش



بانگەوازێک بۆ کوردستانیان و هێزانی دیموکراتیخوازی نازاد

هێرشی زاڵمانەی تورکیا بۆ ڕۆژئاواو ئەرکی ئێمەی کوردستانیانی دەرەوەی وڵات..
یەکەم: وڵاتانی سکەندەناڤیا.

کوشتن و زوڵم تەنیا کارێکە کە لە تورکیا دەوەشێتەوە بەرامبەر بە کوردستانیان. شتێکی دی چاوەڕوان ناکرێت. ئازادی کوردستانیان گەر لە بەهەشتیشدا بێ، تورکیا، بە قەولی دەوڵەت و ڕابەرانیان، لەشکرکێشی خۆیان بۆ ئەوێندەرێ، یانی بۆ ئاسمانیش رادەگەیەنن. ئەمە گۆتەی سیاسەتمەدارەکانیانە بە درێژایی مێژوو، تا ئەمڕۆ. بڕوانن مانشێتی ڕۆژنامەکانی تورکیا لە وێنەکەدا.

دەی باشە، هاوڕێیان، دۆستان و ئاشنایان چیبکەین، لە چ دەرگایەک بدەین و ئەرکمان وەک مرۆڤ و کوردستانی دەبێ چی بێ؟

ئەمن پێشنیاری ئەو خاڵانەی خوارەوە دەکەم، تکایە هەر کەس بە گوێرەی بیرکردنەوەی دیموکراتی و مرۆڤانەی خۆی بۆچوونی خۆی دەربڕێ و بە پێزیبکا، سوپاسی ئێوە.

١ .(دەستبەرداری هاواروهەرای مێژووی پارتە سیاسیە کوردەکانن ببین و هەنگاو بەسەر ئەواندا هەڵبێنین، لەم دۆخەدا تەنێ ئەقڵ و ژیرێتی و بیرکردنەوە بە سودە. جنێودان تەنێ زیانە.

٢ .(یەکگرتن: ناکۆکی لاوەکی، بیروبۆچوون و ڕەنگی سیاسی جیاواز وەلاوە بنێن، ڕۆژی یەکگرتنە.

٣ .(ڕێکخستنی کوردستانیەکان لە گشت شار، شارۆچکە، ئوستان و گوند و ...تاد لە ڕێکخراوێکدا بە نێوی:"جەنگی لە نێوبردنی ڕۆژئاوا رابگرن". ، "کشانەوەی دەوڵەتی داگیرکاری تورکیا لە ڕۆژئاوا".

٤ .(دروستکردنی کۆمێتەی: گەڕەک، ناوچە، شار و ئوستان، پارێزگە بۆ بەرگریکردن لە ڕۆژئاوا.

٥ .(چوونە سەرشەقام دەمی ڕۆیشتنی دانیشتووان و گەڕانەوەیان بۆ کار، بەیانیان و ئێوارەان، دانانی کەسانی، لە هەردوو ڕەگەز کچان و کوڕان، بە بەڕێوەبردنی ئەو کۆمێتیانەو گفتوگۆیان لەتەک دانیشتووانداو، دەبێ زمانی وڵات باش بزانن. تەنیا بە زمانی وڵاتی دانیشتوو بپەیڤن، نەک بە کوردی.

٦ .(پەیوەندیکردن بە بارەگای تەواوی پارت، ڕێکخراو، سەندیکاو میدیاکانەوە، لەتەک بنکەی خاچی سوور، یونێن، سەندیکای پارێزەران، خانەی قەڵەم و ئەمنێستی ئینتەرناسیونال، بۆ دابینکردنی وەرگرتنی کات تا دیداریان بکەن و تەواوی ئەندامانی ئەوانیش ئامادە بن بۆ ڕوونکردنەوەو حاڵیبوون لە کێشەی ڕۆژئاوا.

٧ .(کۆکردنەوەی کۆمەکی ماددی بۆ ڕۆژئاوا. هەچ کەس بە گوێرەی توانا. ئەم کارە مۆڵەتی فەرمی گەرەکە.

٨ .(کۆمێتەی گلدانەوەی کۆمەکی ماددی و دەفتەرداریکردنی.

٩ .(تەواوی کەمپینەکە لە ژێر نێوی: " ڕۆژئاوا لە بیرناکەین"، " ڕۆژئاوا تەنیا نییە!"

١٠ .(هەڵبژاردنی دەستەیەک لە کچان و کوڕان بۆ دیدەنی پارلەمان، وەزارەتی دەرەوە و تەواوی پەرلەمان یان ئەنجومەنی هەرێمەکان.

ئەمن بە پەلە ئەو خاڵانە دەنووسم، دەبێ دەستوبرد بین، هاشوهووش سوودی نییە، ڕۆژی یەکگرتن، ئەقڵ، ژیری و لە خۆبردوویە .سڵاوی من و چاوەڕێی هیممەتانم..

گۆران مەریوانی

گردبوونەوەو ناڕەزایی نازادی خوازانی جیهان کوردستانیانی سەربەرزی هۆڵەندا

وەک ئاگادارن ڕژێمی ڕەفتار فاشی تورکیا بێ گوێدانە یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤ و بەها ئەخلاقیەکان.. بەربۆتە گیانی ئازادیخوازانی ڕۆژئاوا، بەمەبەستی داگیرکردن و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە، تائێستاش لە خەونی دروستکردنی دەوڵەتی عوسمانلی گەورە خەبەری نەبۆتەوە... بۆیە بەرامبەر ئەم هێرشە ناڕەوایانە بانگێشتان دەکەین بۆ گردبوونەوەی هەموو کوردستانیانی هۆڵەندا لەژێر یەک چەترد. دواکارین بێگویدانە ڕەنگی حیزبی و ڕێکخراوەیی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 12–10–2019 کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ لەشاری دانهاخ لە گۆڕەپانی "مالیفێلد"...بۆئەم مەبەستە کۆببنەوە. بەناوی کوردستانیانی هۆڵەندا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ، داواکارین بێ گوێدانە ڕەنگی حیزبی و ڕێکخراوەیی وەک کوردێکی دڵسۆز، بۆ پشتیوانی براکانمان لە ڕۆژئاوا بەشدار بن و لە کات وشوێنی دیاریکراو بۆپڕوتۆستۆکردنی ئەم هێرشە نابەرامبەرو ناڕەوایەی تورکی ڕەفتار فاشی لەم ئەدرێسەی لای خوارەوە:

Malieveld
25 96 AA Denhaag
Zaterdag 12 Oktober Om 14:00 uur

خۆپیشاندانی کورد لە فڕۆکەخانەی سیخیپوڵ لە ئەمستردام

نیهاد القاضی

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٩-١٠-٢٠١٩ هەر لە پاش هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا، دەیان کورد لە فڕۆکەخانەی نیودەوڵەتی سخیپوڵ لە ئەمستردام گردبوونەوە و خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەیان ڕێکخست دژی لەشکرکێشی و داگیرکردنی سوپای تورکیا بۆ باکوڕی سوریا، ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ سەرکۆنەکردنی تیرۆری دەوڵەتی تورکیا دژی کەمە ئاینیی و نەتەوایەتییەکانی وەک کورد و ئەرمەنی و سریانی و مەسیحی و عەلەوی و ئیزدی ناو دەوڵەتی سوریا.

ماوەی دوو ڕۆژە زۆربەی دەوڵەتانی دنیا، جگە لەو وڵاتانەی هاوکارو و پاڵپشت و چاوگەی تیرۆری ئیسلامی(داعش). پاش هەڵوێستی دنیا دژی بڕیارەکەی ترامپ، زۆرینەی گۆنگرێس خۆیشی لە هەڵوێستێکی دیکەیدا ڕۆژی پێنجشەممە، دەڵێت ناوپژیوانی بکرێت لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی تورکیادا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سێ بژاردەی بۆ کردەوەی سەربازیی تورکیا هەیە لە باکوڕی سوریادا. ترامپ لە جریوەی تویتەکەیدا دەڵێت: هەڵبژارەکە ناردنی هەزاران سەربازە بۆ ناوچەکە و سەرکەوتنێکە لەڕووی سەربازییەوە، یان لێدانی ئابووریی بەهۆی سزادانەوە، یان ناوبژیوانی لە نێوان کوردەکان و تورکیادا، ئەم پێشنیارانە، لە پاش هێرشە سەربازییەکە سوودێکی ئەوتۆی نییە، کە بۆتە هۆی کوشتنی خەڵکی بێتاوان.

هەروەها کۆنگریسی ئەمریکا لەسەر تورکیا پرۆژەی یاسای سەپاندنی سزاکانی بەمجۆرە دیاری کردووە:

سیناتۆر لیندسی گراهام لەگەڵ سیناتۆر قان هۆلّن و دانەرانی هەردوو حزب لەکۆنگریس گەیشتینە ئەو پرۆژە بڕیارەی سەپاندنی سزای توند بەسەر تورکیا، بەهۆی هێرشی ناڕەوای بۆ سەرسوریا و سنوری ڕۆژئاوای عیراق.. چوارچێوەی ئەو تویتەی لە لایەن لینسی گراهام و کریس قان هۆلّن بەدەرکردنی پرۆژە بڕیاری سەپاندنی سزاکانی ئابوری بەسەر بەرپرسان و دەزگا فەرمییەکانی تورکیا. هەردوو حزب پرۆژەی سەپاندنی سزاکانی ئابوری کەوا ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

بەشی یەکەم: سڕکردنی سەرچاوەکانی دارایی سەرۆکی تورکیا، جێگری سەرۆک، وەزیری بەرگری، وەزیرانی دەرەوە، ئابوری، بازرگانی، ناوخۆو وەزیری گەنجینە ، سەپاندنی ئەو سزایانە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لەبەشی دووەم: هەموو یارمەتییەکانی سەربازی ئەمریکا ڕادەگیرێت، هەر کەسێکیش یارمەتی سەربازی و تەکنۆلۆجی سەربازی پێشکەش بکات سزاکان دەیگرێتەوە.

هێزەکانی هەوایی و پارچەی هێزەکانی هەوایی و میکانیکی کەوا بۆ هێزەکانی هەوایی بەکار دێ.

ئەو کەلوپەلانەی سەربازی و هێزەکانی پیادەو دەریایی. ئەو چەکانەی بەرگری کەوا لەلایەن سوپای تورکیا بەکار دێ بەشی سێیەم:

کەرتی وزە دەگرێتەوە.

کەسە بیانیەکان و هەموو ئەو کیانانەی کەوا کەلوپەل، خزمەتگوزارییەکان. تەکنولۆجیا و هەموو ئەو بەشانەی یارمەتی پێشکەشی کەرتی وزە دەکەن و بەسوودی کەرتی سەربازی دەگەڕێتەوە.

بەشی چوارەم

هەموو هەناردەو یارمەتییەکانی سەربازی لەلایەن وڵاتەیەگرتووەکانی ئەمریکا ڕادەگیرێت.

پێنجەم

دیاریکردنی سزاکانی کڕینی موشەکی S 400

شەشەم:

لە یارمەتییەکانی مرۆیی و داودەرمان دەبوردرێت.

حەوتەم:

ڕیپۆرت دەربارەی سەرچاوەکانی دارایی سەرۆک.

هەشتەم:

کارەکانی پێدانی قیزا ڕادەگیرێت.

سزاکان لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت، 90 ڕۆژ دەخایەنێت، درێژ دەکرێتەوە گەر هات و پابەندی نەبوو. بە کشانەوەی هێزەکانی لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکانی لە ڕۆژهەڵاتی فورات دا، کەوا لە ئۆپەراسیۆنی ڕۆژی 9 ی ئۆکتۆبەرەوە پەلامار دران.

پرۆژە بڕیارەکە لەم لینکەی خوارەوە سەیری بکەن.

https://www.facebook.com/photo.php?fbid=2417073881704088&set=a.135544166523749&type=3&theater

Groep Koerden demonstreerde op Schiphol tegen Turkse inval.

Een groep Koerden heeft in de stationshal op Schiphol gedemonstreerd tegen de Turkse inval in Syrië. Ze zwaaiden onder meer met Koerdische vlaggen en die van de Koerdische militie YPG, en riepen leuzen. Zeker 150 demonstranten scandeerden onder meer "Erdogan, terrorist".*De marechaussee stond om de demonstranten heen. Ze zijn met zachte dwang richting de uitgang geleid.*Het Turkse leger is sinds gistermiddag bezig met een offensief in Noord-Syrië. Het Turkse leger voert bombardementen uit en er zijn grondtroepen aanwezig.Turkije zegt in het gebied een veilige zone te willen creëren. Internationaal is verontwaardigd gereageerd op de aanval.

بانگەواز بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان

ئێوە بەرژەوەندییە کەسی و حیزبی و تایبەتەکانتان، لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانە. هەرلایەنێکتان پالّتان بەدوژمنێکەوە داوە و لەژێر سایەیدا بەدروشمی بریقەدار خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان فریوو دەدەن و لەسەر خوێنی ئەم میللەتە بە سامانی نەوەکانی داهاتوومان سفرەکانتان ڕازاوەتر و گیرفانەکانتان قەبەتر دەکەن. ئەمە چ شەرمەزارییەکە؟؟؟

لەوێشەوە هێرش دەکەنە سەر یەکتر و هەریەکەتان ئەویترتان بەخائین و ولّات فرۆش ناوزەد دەکات، ئەڕێ بەڕاست کامتان ولّات فرۆش و کامەتان ولّات پارێزن؟؟؟

گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژووی خۆی هەمیشە بەشمەینەت و قوربانی دەربووە و ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەگەر لەهۆکارەکانیشی بکۆڵیەوە سێ بەشی هۆکارەکەی بەرتەوازەیی و یەکنەبوونی بووە، ئەویش بەهۆی کەمزانی، تاکڕەوی و کەللەڕەقی سەرکردەکانیەوە بووە.

ئێوە هیچتان بۆ ئەم میللەتە نەهێشتۆتەوە، لەپارانەوە لەخواو نزاکردن نەبێت، ئەویش بەهۆی بێ باوەڕی و بێ ئومێدبوونیان لە ئێوە. من دڵنیاتان دەکەمەوە کە مێژوو ڕەحمتان پێناکات و نەوەکانی داهاتووش نەفرەتتان لێ دەکەن. ئێوە پێویستە ئیتر چاوتان باش بکەنەوە و سەیرێکی ڕەوتی ئەم دونیایە بکەن، بزانن ئێوە چەند لەدواوەی ڕەوتی سەردەمەوەن. ئیتر دەمێکە دونیا گۆڕاوە بەڵام ئێوە هێشتا نوستوون. بەم شێوەیە زیاتر بۆتان ناچێتە سەر. ئەگەر بەردەوامی بەم ئەقڵیەتە بدەن، ئاسۆی ئاوابوونتان زیاتر نزیک دەبێتەوە.

بۆیە بەئەرکی مێژووی خۆتان هەستن، وەرنەوە ڕیزی نەتەوەو ولّاتپارێزی، یەکێتیی، یەک گووتاری و یەک هێزی، بکەن بەدروشمی سەرکەوتن. ئەگەر بڕینێک کەوتە جەستەی قامیشلۆ، باخوێن لەجەستەی هەولێر و مەهاباد و دیاربەکر بچۆڕێ، چونکە کوردستان یەک جەستەی هەیە و ئەوخوێنەی لەدیاربەکر و مەهاباد دەڕژێ، هەمان خوێنە کە بەشادەمارەکانی قامیشلۆ و هەولێردا تێپەڕیوە. ئیتر وەرن دەست لەسەر ویژدانی خۆتان دانێن و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی بخەنە سەرووی هەموو شتێکەوە.

ئەگەر بەم بیروو باوەڕەوە خەبات درێژەی پێ بدرێت، ئیتر پێویست ناکات داوای یارمەتی تەنانەت لەهیچ زلهێزێکی دونیاش بکەن، یان چاوڕوانیان لێ بکەن کەبمانپارێزن.

شاهۆ پالّانی

ئەوکاتە هەم دوژمنانی کورد هەم زلهێزانی دونیاش خوێندنەوەی جیددیمان بۆ دەکەن و ناچار دەبن ڕێز لەئیرادەی نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆنی یەکگرتوو و یەک هێز بگرن. خۆ ئەگەر هێشتا دانیان بەمافەکانی ئەم میللەتەدا نەنا، دەتوانین بەئیرادەی پۆڵاییەوە خۆمان بسەپێنین و ولّاتی خۆشمان دابمەزرێنین و ببینە ئەمری واقیع.

هەموو ئەوانە بەدەست دەهێنرێت، ئەگەر خەبات خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانی بێت، نەک خەباتی حیزبی. ئەوان هەمیشە کەڵک لەپەرتەوازەیی ئێمە دەبینن، بۆیە هەوڵی لەیەکتر دوورخستنەوەی بەشەکانی کوردستان دەدەن، بۆئەوەی بەئاسانی بەسەریدا زاڵ بن.

ئێستا ئەوان خۆیان بەدۆستی باشوور نیشان دەدەن و بە بیانوی تیرۆریستیش هێرش دەکەنە سەر ڕۆژئاوا.

بەدڵنیاییەوە ئەوان پلانی درێژخایەنیان هەیە. ئەگەر لەسەرکوتکردنی ڕۆژئاوا سەرکەوتوو بوون، دواتر هەوڵی تێکدانی باشووریش دەدەن. بۆیە ئەگەر لەم سیاسەت کردنە بەم شێوەیە بەدەوامبن، زۆر ناخایەنێت ئەوەی ئەمڕۆ لەڕۆژئاوا ڕوودەدات، بەهەمان شێوە بەسەر باشوریشدا دێت.

هیچ کاتێکیش ناکرێت پشت بەزلهێزەکان ببەسترێت ، جا چ جەمسەری ڕۆژئاوا بێت یان ڕۆژهەلّات، ئێمە دەبێ لەوە تێبگەین کە ئەوان تەنها بەتەنگ بەرژەوەندەکانی خۆیانەوە دێن. هەرکاتی کاریان پێمان بێت دۆستمانن، کاتێک کاریان پێمان نەما لەنیوەی ڕێگا بەجێمان دەهێڵن و بە گورگانخواردمان دەدەن.

بۆیە هیچ کەس دۆستی کورد نییە، کورد تەنها خۆیەتی و بەس. ئەوەی کورد بەئامانجە لە مێژینە ڕەواکەی دەگەیەنێت تەنها یەکگرتوویی ڕیزەکانیەتی. ئیتر دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە، کە واز لە خەباتی لۆکاڵی بهێنرێت و خەباتی یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتیمانی سەرتاسەری کوردستانی پیادە بکرێت.

تورک بناسن..... نووسینی: حەمەسەعید حەسەن



وەک چۆن لە قەلاچۆکردنی کورددا، عەلی کیمیاوی ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە، ئەوە دۆکتۆر موحەممەد ڕەشیدیش بووە، سەرکردایەتیی پرۆسەی قەلاچۆکردنی ئەرمەنی کردووە. کە چەند ساڵێک دواتر لە دۆکتۆر ڕەشید دەپرسن: چۆن تۆ کە پزیشکیت، توانیت ئەو هەموو خەڵکە بکوژیت؟ دەڵێت: خۆ پزیشکبوون، ناسنامەی خۆم لە بیر ناباتەوە، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نەبوو، یان دەبوو ئەرمەن، قڕ بخەنە تورکەوە، یان تورک، ئەرمەن قەلاچۆ بکەن. کە خۆم لەو دووڕییانەدا بینییەوە، هێندەی چاوتروووکاندنێکیش دوودڵ نەبووم، تورکبوونم بەسەر پیشەکەمدا سەرکەوت و گەییشتمە ئەوەی، دەبێت ئێمە ئەوان بنەبڕ بکەین، نەک ئەوان ئێمە قەلاچۆ بکەن. کە لێی دەپرسن: باشە پزیشک دەبێت، ژیانی خەڵک ڕزگار بکات، یان ژیانیان لێ زەوت بکات؟ دەڵێت: ئەرمەن لەم وڵاتەدا، میکرۆبی ترسناک بوون، ئەدی ئەوە ئیشی پزیشک نییە، میکرۆب بکوژێت؟

لە ١٩٢١دا، عەسکەری تورک پەلاماری ڕابوونەکەی دەقەری دەرسیم دەدەن، سەدان کورد دەکوژن، زیاتر لە ١٣٠ گوند خاپوور دەکەن و گەلێک گوندنشین ناچاری ڕەو دەکەن. ئەفسەرێکی تورک کە لە هێرشەکەدا بەشدار بووە، گوتوویەتی: (ئەوانەمان قەلاچۆ کرد کە دەیانگوت: زۆ، (مەبەستی لە ئەرمەن بووە،) وا خەریکی قەلاچۆکردنی ئەوانەیشین کە دەڵێن: لۆ، (مەبەستی لە کورد بووە.)

کە کۆمارەکەی ئەتاتورک، جێی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەگرێتەوە، قوتابخانە ئیسلامییەکان دادەخرێن، تورکی دەبێتە تاقە زمانی فەرمیی وەڵات.

دان تەنیا بە هەبوونی نەتەوەی تورکدا دەنرێت، دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتی نەتەوەییی تورک و داوا لە کورد دەکرێت، یادەوەریی خۆیان بسڕنەوە و مافی کورد لە بیر خۆیان ببنەوە، ئەگەرنا لە زیندانیدا خۆیان دەبینەوە.

لە کۆتایی ١٩٢٤دا کورد بە گژ ئەو هەلومەرجە نوێیەدا دەچێتەوە، بەڵام ڕابوونەکە تێک دەشکێندرێت و لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٢٥دا، شێخ سەعید و ٤٧ لە هاوکارەکانی لە دیاربەکر لە سێدارە دەدرێن و لە هەمان ئەو جێیەدا کە ملی ئەو شۆڕشگێرانەی تێدا بە پەتدا دەکرێت، پەیکەرێک بۆ ئەتاتورک قوت دەکرێتەوە. عەسکەری تورک هەر بە هێندە دڵی ئاو ناخواتەوە، دواتر پەلاماری هەموو ئەو ناوچانەیش دەدات کە بەشداریی شۆڕشیان کردووە، دووسەد گوند کاول دەکات و زیاتر لە پازدە هەزار کورد دەکوژێت. دە ساڵ پێشتر تورک چییان لە ئەرمەن کردبوو، عەسکەری ئەتاتورک بە هەمان میتۆد، دەکەونە گیانی کورد. عەسکەری تورک کە دەگەنە گوندێک، دانیشتووانەکەی لە کەندێکدا ڕادەگرن و بە کۆمەڵ گوللەبارانیان دەکەن، یان لە کاداندا کۆیان دەکەنەوە و بە زیندوویی ئاگریان تێ بەر دەدەن، عیسمەت ئینۆنووی سەرەکۆمزیرانیش لە ئەنکارەوە دەڵێت: (ئێمە ناسیۆنالیستی کراوەین، ئەوە ناسیۆنالیزمە، ئێمەی پێکەوە ڕاگرتووە. بێجگە لە تورک، هیچ توخمێکی دیکە، هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی نابێت. بە هەر نرخێک بووە، هەموو ئەوانەی لەم وڵاتەی ئێمەدا دەژین، دەکەین بە تورک، ئەوانەیشی لە تورک و تورکایەتی یاخی دەبن، دەکوژین). ڕژێمی ئەتاتورک دادگایەکی تایبەت بە دیاربەکر دادەمەزرێنێت، دادگایەک کێی بوێت، دەیگرێت، با هیچ پێوەندییەکیشی بە شۆڕشەوە نەبووبێت و چەندان کوردی ناسراو کە هیچ چالاکییەکیان لە دژی ڕژێم نەنواندبوو، لەبەر دەروازەی شاردا لە سێدارە دەدات. دادگایەک لێکۆڵینەوە لەگەڵ پێنج هەزار کەسدا دەکات و فەرمانی لە سێدارەدان بەسەر چوارسەدیاندا دەسەپێنێت. ئەمە بێجگە لەوەی چەندان کەسی دیکە، بێ دادگاییکردن، گوللەباران دەکرێن و خەڵکانێکی زۆر لە ناوچەی دیاربەکر دوور دەخرێنەوە. بە شەست ساڵێک پێش ئەوەی، سەددام حوسەین، عەلی کیمیاویی بکاتە، حوکمڕانی گشتیی (باکووری عێراق،) ئەتاتورک، فەرمانڕەوای گشتیی بۆ (باشووری ڕۆژهەڵات)ی تورکیا، دەستنیشان کردبوو، فەرمانڕەوایەک بکوژ و ببڕ خۆی بوو.

بڕوانە لاپەڕە 9

پاشماوەی تورک بناسن..... نووسینی: حەمەسەعید حەسەن

ڕۆژێم دیمۆگرافیای باکووری کوردستان دەگۆڕێت، لێ دەگەڕێت، تورکی بەڵکان دەست بەسەر زەویوزاری کوردەکاندا بگرن و بەوەشەوە ناوەستێت و لە ڕێی وەزیری دەرەوە، وەک ئان کاترین ئیمانویلسۆن و خالید ساڵح بۆی چوون، ئەم پاساوە (داروین)یە بۆ ئەو زوڵمەی لە کوردی دەکەن، دەدۆزێتەوە: (کوردەکان لە کۆششیاندا بۆ ژیان، لێهاتوو نین، بە بەراورد لەگەڵ تورکدا هیچیان لە دەست نایەت و بەرەو لەناوچوون دەچن.) ساڵی ١٩٢٨ ئەندازیارێکی دانمارکی ڕێی دەکەوێتە دیاربەکر و دەربارەی کورد دەنووسێت: (ترس لە خوێنیاندا نیشتەجێیە.) وەلێ ئەو ترسە درێژە ناکێشێت و ڕێکخراوی (خۆیبوون) لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٣٠دا، لە چیاکانی ئارارات‌ەوە، ئاڵای بەرەنگاربوونەوە بڵند ڕادەگرێت و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان دەکات. ڕۆژێمیش بەو ئومێدەی کورد لەناو تورکدا بتوێنێتەوە، هەردوو وشەی کورد و کوردستان و زمان و پۆشاک و فۆلکۆری کوردی بە یەکجاری قەدەغە دەکات و چی خێڵی ئەو ناوچانەیشی بەرەنگاربوونەوەیان لێیە، بەرەو خۆرهەڵاتی تورکیا ڕادەگوێزێت. ڕەگەزپەرستی لای تورک بە جێیەک دەگات، سڵ لەوە نەکەنەوە بڵێن: وشەی کورد، لە (کارت – کورت)ی تورکییەوە هاتووە کە بریتییە لەو دەنگەی لە ئەنجامی بەسەر بەفر ڕۆییشتندا لە بنی چەکمەکانماوە پەیدا دەبێت.

لە ١٩٣٤دا پەرلەمانی تورکیا، یاسایەک پەسەند دەکات، ڕێوشوێن بۆ ئەوە دادەنێت، چۆن ئەو خەڵکەی ڕاگوێزراون، لەناو تورکدا بتوێنرێنەوە. وەزیری ناوخۆ دەڵێت: (کە یەک زمان و یەک شێوازی بیرکردنەوەمان هەبوو، بە قوواڵی هەست بە یەکێتیشمان دەکەین.) ئەو یاسایە لە پراکتیکدا هەوڵی بۆ ئەوەبوو، کورد لە ناوچە کوردنشینەکاندا نەهێڵێت و تورک لە جێگەکانی کورد نیشتەجێ بکرێت. کورد بە گرووپی بچووک بچووک بۆ ئەو شوێنانە ڕادەگوێزران کە زۆربەی خەڵکەکەی تورک بوون، تا هەڵی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێت لە کۆمەڵی گەورەدا پێکەوە بژین و چی زووترە لەناو تورکدا بتوێنەوە. لە ڕوانگەی سکرتێری گشتیی حیزبەکەی ئەتاتورکەوە، مەبەست لە یاساکە ئەوە بووە، لە ڕێی زەوتکردنی زەوییەکانیانەوە، یەکگرتوویی نێوان کوردان تێک بشکێنرێت، تا بە ئاسانی بتوێنرێنەوە.

ڕۆژێمەکەی ئەتاتورک قینێکی ئەستووری لە بەرانبەر خەڵکی دەڤەری دەرسیم، لە دڵدا بوو. دەرسیم تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، ناوچەیەک بوو سەخت، زێدی کوردی زازا بوو کە شیعەی عەلەوین. پەرلەمان لە ١٩٣٥دا، یاسایەکی تایبەت بە ڕاگواستنی دەرسیم پەسەند دەکات. سەرەتا ئەفسەرێک دەکرێت بە والیی (پاریزگا)کە کە بە کەیفی خۆی، چی بوێت، دەیکات. (تورک تاکە سەروەر و تاکە خاوەنی ئەم وڵاتەن. ئەوانەی تورکی پاک نین، تاقە یەک مافیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کۆیلە و خزمەتکاری تورک بن، با دۆست و دوژمن و تەنانەت بەردەوام ئەم قەوانە بۆ خەڵکی دەرسیم لێ دەدرێت. چیاکانیش، ئەم ڕاستییە بزانن.) خەڵکی دەرسیم کۆ دەبنەوە و داخوازییەکانیان بە نامە بۆ والیی دەرسیم کە لە ١٩٣٦دا، ناوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ تووندجەلی، دەنێرن. والی نامەبەران دەگرێت و لە سێدارەیان دەدات. دیسان خەڵکی ناوچەکە ڕادەپەڕن، ئەمجارەیان بە سەرۆکایەتیی سەید ڕەزا کە سەرکردەیەکی ئایینی بوو.

لە ١٩٣٥/٩/١٠دا سەید ڕەزا و پەنجا لە هاوکارانی، لەکاتێکدا بۆ گوتوبێژ لەگەڵ نوێنەرانی تورکیادا دەچن، دەگیرێن و دادگایەکی سەربازی یازدەیان بە مەرگ حوکم دەدرێن .کە لەشکری تورک بە چەکی قورسەوە هێرشی دەبرد، پیاوانی کورد بە چەکی سووک بەرەنگاری دەبوونەوە و ژنان و منداڵانیش بەرەو ئەشکەوت هەڵدەهاتن. لەشکر دەچوو لەبەردەمی ئەشکەوتدا ئاگری دەکردەوە، ئەشکەوت پڕ دەبوو لە دووکەڵ، ژن و منداڵی کورد، لەناوەوە مابانەوە، دووکەڵ دەیخنکاندن، بەرەو دەرەوە هاتبان، دەدرانە بەر ڕێژنەی گوللە. لەشکری بەعسیش لە شۆڕشی ئەیلوولدا، ئەم مێتۆدەی تاقی کردەوە. ڕێ کەوتووە ژنانی کورد بۆ ئەوەی دەست عەسکەری تورک نەکەون، لە چیا سەختەکانی دەرسیمەوە، خۆیان فڕێ داوەتەوە دۆڵەکانەوە. لە هێرش بۆ سەر دەرسیمدا، لەشکری تورک هەزاران کەسی ڕاگواست و تا چل هەزار ئینسانیشی کوشت. لە هاوینی ١٩٣٨دا، دوای ئەوەی جارێ کۆتاییهێنان بە هێرشەکەی سەر دەرسیم دەدرێت، لە پەرلەمانەوە سەرەکوەزیران دەڵێت: (بۆ هەتا هەتایە، کێشەی کورد لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشرا(.لە سایەی ڕژێمی ئەتاتورکدا کە جووتیارێکی کورد بۆ فرۆشتنی بەرهەم ڕێی دەکەوتە شار، بۆ هەر وشەیەکی کوردی کە بەکاری دەهێنا، بە لێ سەندنی پارە سزا دەدرا. لە سایەی ڕژێمی ئەتاتورکدا، کورد لە ترس و هەژاری و نائومێدیدا دەژیا، بەڵام ئەوی بە تورکی ئاخفابا، ڕژێم دەستی کۆمەکی بۆ درێژ دەکرد. ئەتاتورک کچێکی هەڵگرتبووەوە، ئەو کچە لەسەر ئاستی دونیا، یەکەمین مێینە بوو، ببێتە فڕۆکەوانی فڕۆکەی جەنگی، ئەو کچە بە فڕۆکەی جەنگی، خەڵکی سڤیلی کوردی بۆمباران دەکرد. ئەو کچە ناوی سەبیحە بوو، لە ئیستانبوول فڕگەیەک ناوی ئەوی لێ نراوە.

(*) Ann– Catrin Emanuelsson & Khalid Salih,
Drömmen om Kurdistan, ScandBook 2012 Falun.

بۆ پشتگیری کوردانی ڕۆژئاوا

به فلّچەی کاریکاریستی ئەڵمانی ماریان کامینسکی:
بنیاتنانی خەلافەتی عوسمانی لەسەر ئێسک و پروسکی کورد و ئەرمەنی.

خەڵاتی هاوپەیمانانی جیهانی بۆ لەناوبەرانی هێزی تیرۆری جیهانی (داعش)

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA
تاراوگە

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

19 Oktober . 2019 Nummer. [75]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 ئەمڕۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایی ئاشتیانەی ئازادی خوازانی جیهان و کوردستانیانی سەربەرزی هۆڵەندا، لە بەردەم گۆڕەپانی فۆندەڵپارک لەئەمستردام بەڕێوە دەچێت.....

– ل 2 و 3 بەشی یەکەمی–مەلیک مەحمود لەنێو خوێندنەوەیەکی بونیادگەریدا –پ.د زاهیر لەتیف.

ل 4 نامە هیندوستانیەکان...نامەی دووەم – گۆران مەریوانی.

–ل 5 گۆشەی 28 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە.

ل 6 بۆ پشتیوانی ڕۆژئاوا کوردستانیانی تاراوگە ڕژانە سەرشەقامەکان– بورهان ئەمین

ل 7 زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان– وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری کەریم – ئەڵەمانیا.

کوردەکان تەنیا چیاکان دۆستیانن نووسینی: سمیر عطاالله–

وەرگێڕانی: عەبدولکەریم شێخانی

ل 10 ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی شێوەکاری کورد، کۆچکردوو سەروەت سەوز و چەند تابلۆیەکی.



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەندا دەردەچێت

19 Oktober 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
N 75
Emai: sardarfatah@live.nl
75 ی 19 ی ئۆکتۆبەری 2019

ئەمڕۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایی ئاشتیانەی ئازادی خوازانی جیهان و کوردستانیانی سەربەرزی هۆڵەندا، لە بەردەم گۆڕەپانی فۆندەڵپارک لەئەمستردام بەڕێوە دەچێت....

خۆپیشاندان و ناڕەزایی ئاشتیانەی ئەمڕۆی ئازادی خوازانی جیهان و کوردستانیانی سەربەرزی هۆڵەندا لەشاری ئەمستردام لە بەردەم گۆڕەپانی فۆندەڵپارک لە ئەمستردام، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 19–10– 2019 لەم ناونیشانە:

Vondelpark 1
1071 AA Amsterdam

وەک ئاگادارن ڕژێمی ڕەفتار فاشی تورکیا 10 ڕۆژە بێ گوێدانە یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤ و بەها ئەخلاقیەکان، بەربۆتە گیانی ئازادیخوازانی ڕۆژئاوا، بەمەبەستی داگیرکردن و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە، وا ئێستاش بە هۆی بەرگری و مقاومەت و لەخۆبووردوویی شەرڤانانی گیان لەسەر دەست، خەریکە خەونی دروستکردنی دەوڵەتی عوسمانلی گەورە لە بارەبرێت، لەبەر ئەوە بە ناوی ئاشتی و نیوەندگیری ئەمەریکاوە دەیانەوی بە جۆرێکی دیکە پەرە بەدەستەڵاتە پاوانخوازییەکەیان بدەن. بۆیە بەرامبەر ئەم هێرشە ناڕەوایانە و ئەو گەمە ناڕەوایانەی دەوڵەتە زلهێزەکان بانگێشتان دەکەین، با بەشێوازێکی ئاشتیانە و مۆدێرنانە، لە ڕێپێوانێکی هێمنانەدا، ڕووی گەشی شارستانیانەی خۆمان نیشانبدەین و خۆمان بگرین لە هەموو جۆرە تووندوتیژیەک، هەمووان وەک کورد لە ژێر یەک چەتردا، لەگەڵ دۆستە هۆڵەندییەکان و گەلانی هاوڕێ و هاوسۆزی مەینەتییەکانی کورد پێکەوە ئامادەبین.

دواکارین بێگوێدانە ڕەنگی حیزبی و ڕێکخراوەیی بە ئاڵای کوردستانەوە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 19–10– 2019 کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ لەشاری ئەمستردام لە بەردەم گۆڕەپانی فۆندەڵپارک ئەمستردام " Vondelpark 1 " بۆئەم مەبەستە کۆببنەوە، بۆ پشتیوانی براکانمان لە ڕۆژئاوا، لە کات و شوێنی دیاریکراودا

میرکل جارێکی دیکە داوا لەئەردۆغان دەکات شەڕبوەستێنێت

لەمیانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ سەرەک وەزیرانی نەرویژ، هەفتەی پێشوو (ئەنجێلا میرکل)ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بۆجاری دووەم داوای لە ئەردۆگان کرد، کە هێرشەکانی بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان بوەستێنێت، کە بارێکی دژواری لە ناوچەکە دروست کردووە، یەکشەممەی پێسووش بەتەلفۆن قسەی لەگەڵ کردبوو، بەڵام تا ئێستا هەموو داواکانی میرکڵی ڕەت کردۆتەوە.

لەسەرداوای ئەڵمانیا ئەنجومەنی ئاسایش کۆدەبێتەوە

لەسەرپێشنیاری ئەڵمانیا بە نوێنەرایەتی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر پرسی هێرشەکانی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوا کۆبوونەوە و لە کۆی پێنج وڵاتی ئەندامیش چواریان داوای ڕاگرتنی ئەوشەڕە دەکەن، ئەنجومەنی ئاسایش لە 15 دەوڵەت پێکهاتووە، کە 5 یان ئەندامی هەمیشەین و مافی ڤیتۆیان هەیە کە پێکهاتوون لە ئەمریکا، فەڕەنسا، بەریتانیا، چین و ڕوسیا، 10 دەوڵەتی دیکەش ئەندامی نا هەمیشەیین.

لە (بورهان ئەمین) دەو بڕوانە لاپەرە 5

مەلیک مەحمود لەنێو خوێندنەوەیەکی بونیادگەریدا



پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

بەشی یەکەم

ئایدیۆلۆژیا، بەپێی پسپۆران،ڕژێمێکی فیکرییە وهۆکارێکیشە بۆ بونیادی پرۆژەیەکی سیاسی وئابووری وسۆسیۆلۆژی وکلتووری وتەنانەت باوەڕیی. بنەما تیۆرییەکانیش لەنێو دەقێکی ئەدەبیدا زیاتر خۆی لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

تێبینیکردن - خەیاڵی گریمانەکان - ئەزموونی گریمانەکان - دەرئەنجامـ

گەشتاندنی ئەم گریمانانە بەمەبەستی جێگیرکردن.

پێشەنگە سایکۆلۆژیاکانی چەرخی بیستەم بەنموونەی فرۆید وکارڵ گۆستاف ویۆنگ وکلاین وکارل ئەبراهام و وینیکۆت.. تیۆرەکانی خۆیان بەخەیاڵا وگرێمانە وئەزموون بونیادناوە.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کەمەبەستی ئێمەی تێدا کۆدەبێتەوە، ئاڕاستەی خوێنەر لەخوێندنەوەیەکی سیاقییەوە بگۆڕێت بۆ خوێندنەوەیەکی ڕۆشنبیری وپێوەرە عەقڵی ومەعریفی وکۆد وستراتیژیەت و ئایدیاکان.لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە، بەتایبەتی هەر لەچارەیەکی یەکەمی ئەم چەرخە،لەزۆر ڕووەوە،هەست بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگاکان دەکرێت کەئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانە لەمێژووی نەتەوایەتی میللەتەکان ،بەتایبەتی کورد، کەبۆ یەکەم جار توانی پردێک دروست بکات لەنێوان ڕەوشتی تاک و ڕژێمێکی سیاسی و ئەدەبی.شەپۆلێک لەڕۆژنامە وگۆڤار ووتاری ڕەخنەیی وبۆچوون سەریانهەڵدا کە لەوەوپێش بەم شێوە دینامیکییە فیکرییە بەدی نەدەکرا.لەلایەکەوە بانگەوازی سەربەخۆی بۆ کوردستان ودامەزراندنی مەملەکەتێکی تایبەت بەکورد.لەلایەکی تریشەوە گۆڕانکاری لەفۆرم وناوەڕۆکی شیعر کەڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر تاک وکۆمەڵگادا هەبوو.ئامانجی ئێمە لەم نووسینەدا بەدەرخستنی کەسێتییەکی کوردە کەتوانای بەرپرسێتی لەدامەزراندنی بەردی بناغەی ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و ئەدەبییە هەبووە وداکۆکیشی لێکردووە، ئەویش بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیبووە.بنەمای ئەم بزووتنەوەیە بەشێوازێکی نەتەوایەتی دەستی پێکرد ئەویش بەڕابەرایەتی مەلیک مەحمود کە توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتی مەملەکەتەکەیدا پارێزگاری لە کەسێتی کورد وشێوە ژیانی فیکری و سیاسی ناوچەکەی بکات. مەلیک مەحمود لەئاست ئەم هەڵوێستەدا ئەزموونێکی باشی بەدەستهێنا بۆ یەکخستنی جەماوەرو باوەڕهێنانیان بە مەسەلە گرنگەکەیان کەبریتی بوو لەگەڕان بەدوای شوناس وناسنامەی تاکی کورد لەچوارچێوەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆدا. جەماوەریش، بەهەست بێت یان بەهەڵچوونە خۆڕسکی وعەفەوییەکان، توانییان بەشداری لەم پرۆژە پیرۆزەی مەلیکدا بکەن وەک ئەوەی مەلیک بیەوێت بەشێک لەبەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی جەماوەرەکەیەوە.

بە مانایەکی تر مەلیک ئەو هەستەی لادروست ببوو، کە جەماوەر ئامادەباشی چاکی تێدایە بۆ بەشداریکردن لەپرۆسە سۆسیۆلۆژی وسیاسی وڕۆشنبیرییەکەیدا.ئەم پرۆسەیە،لەئەنجامدا،بووە ڕاستییەکی مەملەکەتە جگە لەکەسانێک کە شێوازی دەسەڵات و ڕژێمەکەیان بەدڵ نەبوو. لەهەموو حاڵەتەکانیشدا، هەردوولا، ڕژێم و ئوپۆسۆزیون ،لەبەردەم یەک یاسادا خۆیان دەبینیەوە ئەویش بانگەوازکردن بوو بۆ بازنەیەکی ڕۆشنبیری و گۆرانکارییە بابەتی و میترالیزمی و ئایدیالیزمی وعەقلییەکان.لێرەدا،پێش وەخت،نامانەوێت بڕیار لەسەر لایەنێک بدەین، یان بەلای جەمسەرێکیاندا دابشکێنن، چونکە هەر دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژی وسیاسی و ۆشنبیری شایانی چەند بۆچوون و ڕاڤەکردنێکە.هەندێکیان لەڕێگەی بەرژەوەندییەکانەوە وئەوانی تریشیان لەڕێگەی چەمکی بابەتیبوون.لەگەڵ ئەمانەشدا،یەکێک لە بانگەوازەکانی بونیادگەری ودوای بونیادگەریش گەڕانە بەدوای هۆکارەکان بەنموونەی دابڕان لەنێوان ڕاناوەکانی من وتۆ وئەو وئێمە وئێوە وئەوان.لەدوای دەستنیشانکردنی هۆکارەکان دەشێت گۆڕانکاری لەسنووری بیرکردنەوە ودەسەڵاتەکەیدا بکرێت تا لە ڕێگەیەوە بزانرێت هۆکارە سەرەکییەکانی دارمانی جوگرافی وئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی،بەنموونەی مەملەکەتەکەی مەلیک مەحمود، چیبووە! بۆ باسکردن لەدامەزراندن وقەیرانی دارمان پێویست ناکات تەنها ڕووی دەممان لە سەرکردەکەی بێت کە بەلای هەرە زۆری خەڵکییەوە ،لەیەک کاتدا،هۆکاری سەرەکییە بۆ دامەزراندن ودارمان بەبێ ئەوەی ئەمجۆرە خەڵکە ڕاڤەکردنی بۆ دەرەوەی سەرکردەکان هەبێت. بەرلەوەی بچینە نێو هۆکارە دەرەکییەکان وهێزی دەسەڵات ونەخشە ئایدیۆلۆژی وئابووری وئەدەبی ومەعریفییەکانیان، سەرەتا پێویستە لێکۆڵینەوە لەپێوەرە سۆسیۆلۆژی وتاکەکانی کۆمەڵگا بکرێت بەسەرکردە وپێشەنگەکانیشیەوە،ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کەبزانین تاچ ڕادەیەک بەرپرسیارێتی دامەزراندن ودارمان دەکەوێتە ئەستۆیان. مەلیک مەحمود دەفەرموێت:

نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومرەهی
نایکەمە سەرخۆم بەدەستی موددەعی تاجی شەهی
قەت بە ئەمری دوشمنانم نامەوێ فەرمان ڕەهی

گەرچی ڕووبەری ئەم دەقە کورتە،بەڵام خۆی زیاتر لەیەک وێنە وواتادا دەبینێتەوە وەک وێنەکانی هەست و فیکر وهەوەس وئەزموون وژیان وڕۆژەی هەڵچوونی وکاریگەریی وئایدیا. ئەم گوتارە گەڕانەوەیەکە بەرەخنەی ڕۆشنبیری مێژوو وفیکر ودەسەڵاتی سەردەمی مەملەکەتەی مەلیک،کەخۆی لەملانێی دوو ئایدۆلۆژیای جیاوازدا دەبینێتەوە. یەکەمیان، دەسەڵاتی سیاسی کورد. دووهەمیشیان، دەسەڵاتی سیاسی ئیمپریالیزم.

بڕوانە ل 3

پاشماوەی مەلیک مەحمود لەنێو خوێندنەوەیەکی بونیادگەریدا



ئەم مەسەلەیە چەند بۆچوونمان لا دروست دەکات،وەک بۆچوونی ئایینی ونەتەوەیی و نێودەوڵەتی.زۆربەمان دەزانین مەلیک مەحمود کێیە بەڵام جۆری خوێندەوەکانمان بۆئەم کەسێتییە جیاوازە.. هەندێک بە پیاوێکی ئایینی، هەندێکی تریش، وەک لە دەقەکەدا دیارە، بەپیاوێکی نەتەوەیی وهەندەکانی تریش(خوێنەر خۆی دەتوانێت ناوی تر بۆ بدۆزێتەوە).بەشێوەیەکی گشتیش، ستراتیژیەتی ئەم دەقە ئاماژەپێکراوەی سەرەوە خۆی لەم تەوەرانەدا دەبینێتەوە: تەوەری نیشتمان - بوونی تاکی کورد - بابەتی دەوڵەت - بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی وفیکری - ڕای گشتی (ناوەوەو دەرەوە) - دامەزراندنی دەوڵەت.تێکڕای ئەم تەوەرانەش خۆی لەهەڵوێستەیەکی قەوارەیی وئەخلاقیدا دەبینێتەوە وەک ئەوەی مەلیک بیەوێت مەملەکەتێک دروست بکات بەڵام لەڕێگەی تواناجەستەیی ومەعنەوییەکانی خۆی. ئەم هەڵوێستەیەش،خۆی لەخۆیدا،نامەیەکیشە بۆ دەسەڵاتی ئیمپریالیزم ئەویش بەوەی مەلیک پابەند نابێت بەستراتیژیەتی ئەو دەسەڵاتە. بەمانایەکی تر، ستراتیژیەتی ئەم دەقەی مەلیک خۆی لەڕاگەیاندێکی هاوچەرخی بیرکردنەوەدا دەبینێتەوە کەبەرپرسیارێتی مەملەکەتەکەی مەلیک دەستنیشان دەکات.هەر ئەم بیرکردنەوەیە بوو کەفۆرمی بیرکردنەوەی تاکی کوردی بەگشتی وشاعیرانی بەتایبەتی گۆڕی لەدۆخێکی کۆنەپەرستی ستاتیکەوە بۆ دۆخێکی هاوچەرخی داینامیک.تەنانەت دارمانی مەملەکەتەکەش لەئایندەیەکی زۆر کوردا، بەئەزموونێکی پۆزەتیڤی فیکری وسیاسی ئەژماردەکرێت،ئەویش بەوەی مەسەلەی ئێستای کورد سوودێکی باشی لەئەزموونەکەی مەلیک بینیوە وهەڵەیکانی زەمەنی مەلیک دووبارە ناکاتەوە ومەسەلەکە پێویست دەکات بەدیبلۆماسییەت بکرێت وبەژەوەندییەکانیش بەهەند وەربگیرێت،هەروەک لەم هاوکێشەیەدا ڕەنگی داوەتەوە: نیشتمان - نەتەوە - دبلۆماسییەت وبەرژەوەندی. گەر لەڕووی فیکرێکی سیاسی وئەدەبییەوە سەیرێکی دەقەکە بکەین،ئەوا بەپێی سیاق ونەسەقە زەمەنی ودەقییەکان دەگەین بەو ئەنجامەی کەدەقەکەی مەلیک مەحمود نەک تەنها گوتارێکی سیاسییە لەبەردەم سیاسەتی ئینگلیز، بەڵکو، لەهەمان کاتیشدا، مانیفێستۆیەکە بۆ ناسنامەی ئەدەبی نەتەوایەتی و بانگێشەکردنی شاعیران و ئەدیبانە بۆ بونیادنانی ئەدەبێکی نەتەوەیی ودوورکەوتنەوە لەکاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ئەدەبی بێگانە بەنموونەی ئەدەبیاتی عەرەبی وفارسی وتورکی.ئەم مانیفێستۆیە،لەزەمەنی دەقەکەدا، جۆرە پەیوەستییەکی ئایدیۆلۆژیایی لەخۆ دەگرێت.بەم پێیە دەقەکە پەیوەندییەکی سۆسیۆلۆژی و نەتەوایەتی لەنێو تێکڕای تاکەکاندا دروست کرد وەک ئەوەی مەلیک،لەپاڵ نامە ڕاستەوخۆکەی بۆ دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی،داوای لەشاعیران وئەدیبان وڕۆشنبیران کردبێت کەبەدەنگ مانیفێستۆکەوە بچن چونکە گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی کەدامەزراندنی مەملەکەتێکی کوردی سەربەخۆ تەنها بەگوتاری سیاسی دروست نابێت وئەدەب،لەو ڕووەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری ووروژاندن ببینێت ولەلایەکی تریشەوە شاعیران بگەڕێنەوە بۆ کلتووری نەتەوایەتی خۆیان ووازلەکەرەستە بێگانەکان بهێنن.لەجەمسەرێکی تریشەوە، مەلیک هوشیارە لەو هەڵوێستەی کە لەدەقەکەیدا هاتووە کە تەنها ڕێگە بۆ دەستکەوتنی چارەی خۆنووسین گەرانە بەدوای توخمەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کە دەتوانێت گوشارێک بخاتەسەر بۆچوون و سیاسەتەکانی دەرەوە وبیانکات بەکەرەستەیەکی ووزەبەخش بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکان هەروەک چۆن دواتر گاندی هەمان هەڵوێستەی بەرامبەر بەهێزی داگیرکەری ئینگلیز بەکارهێناو سەرکەوتووش بوو. بەمەش پێویست ناکات مەلیک بەبەندەیی بژی وبێگانەش تاجی مەلیکی بخاتەسەری بۆئەوەی لە ئایندەدا چۆنیان ویست وبەپێی خواست وئارەزووو بەرژەوەندییەکانی خۆیان مامەڵەی سیاسی و ئابووری لەگەڵدا بکەن. لێرەدا گریمانەیەکیش دروست دەبێت ئەویش بەوەی ناوەڕۆکی ئەم دەقە هۆکار وفاکتەرێکی بەهێز بووە بۆ دارمانی مەملەکەتەکە، بەوپێیەی مەلیک بەئاشکرا هەڵوێستی خۆی بۆ ئینگلیزەکان نیشان دەدات کەبەلای ئینگلیزەکانەوە و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

باشتر وابوو کەتاجەکە خۆیان بیکەنە سەر مەلیک بۆ ئەوەی لەزەمەنی دەق و دوای دەقیشدا چۆنیان بیوستایە ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ مەلیکدا بکردایە،هەروەک چۆن هەمان تاجیان خستۆتە سەر چەندینی تر کەوەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. (خوێنەری زیتەڵ خۆی دەتوانێت لە ڕێگەی میژووی هاوچەرخەوە بەدوای ئەم نموونانەدا بگەڕێت).کەواتە، دارمانی مەملەکەتەکە خیانەتێکی تیوری وپراکتیکی مەلیک نەبوو بەڵکو واقعی سیاسی ناوچەکەو بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز وای خواست کە مانیفێستۆکە،وەک پێویست، جێبەجێ نەکرێت، واتە لەپاڵ ئەو هۆکارەی کە ئاماژەمان پێدا، ئینگلیز تاجی مەلیکیشی بخستایەسەر مەلیک مەحمود هەر بەو ئاراستەیی دەبرد کە مەلیک خۆی خستیە سەری،هەروەک چۆن لەمەلیک فەیسەڵدا،لەساڵی 1958، ئەنجامیاندا.لەلایەکی تریشەوە دارمانەکە لەبەر ئەوە نەبوو کە قەوارە وهێزی ئینگلیز گەورەتر بووبێت وکوردیش بەپێچەوانەوە، بەڵکو بەرژەوەندییە ئابووری و میترياليزمەکانی ئینگلیز وای خواست کە مەملەکەتە بەرەو ئەو ئاکارە بڕوات.ئەمڕۆش لەڕووی هێزو تەکنۆلۆژیاو ئابوورییەوە هیچ بەراوورديک ناکرێت لەنێوان ئەمریکا وکوردستاندا، بەڵام بەرژەوەندییەکان وادەخوازێت کەیارمەتی کوردەکان بدرێت.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەلیک پیاوێکی نەفام وبێ ئەزموون وعەفەویی نەبوو، وەک هەندێک کەس وای بۆدەچن،بەڵکو بەرژەوەندییەکانی هێزی دەرەوە لەسەر هەموو پێناسە مرۆڤایەتی وجوگرافیایی وئایدیاکانەوە یە،ئەمڕۆکەشی لەگەڵدا بێت.هەر لەبەرئەمەش دەپرسین،بانگەوازەکەی مەلیک مەحمود لە دەقەکەیدا لەئەنجامی چییەوە سەری هەڵدا؟وەک دەردەکەوێت، مەلیک لە زەمەنی دەقەکەیدا نائارامەو لە بارودۆخێکی نائاسایدا دەژی.خۆی لەبەردەم ڕووداوێکی چارەنووس سازدا دەبینێتەوە ودەیەوێت ستراتیژیەتی خۆی بۆ ئینگلیزییەکان ئاشکرابکات. دواتر پرسیار دەکەین و دەڵێن ڕەنگدانەوەی ئەم گوتارە ،لەیەک کاتدا،لەسەر سیاسەتی ئینگلیز وکورد چیە؟ ئایا خەڵکی کوردستان،بەتایبەتی لەزەمەنی دەقدا، کەزیاتر خۆیان لەنێو شەریعەت وياساکانی ئایندا دەبینییەوە، بە ئاسانی وبێچەند وچوون و لەبەر خاتری مەلیک ئەم شەریعەتی ئیسلامە دەگۆڕێتەوە بەڕەهەندە نەتەوایەتییەکان؟خۆ ئەگەر بانگەوازەکە شەریعەتێکی پوزەتیڤی هەبووبێت بۆ ئەو زەمەنە ئەی بۆچی نەیتوانی بەردەواميیەک بدات بە تاجی مەملەکەتەکە! کاریگەرییەکان بەدارمانی مەملەکەت لەدەرەوەی ئەم دەقە چین وکێ لێی بەرپرسە؟گەرچی کارەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەمێژوونوسانەوە هەیە،بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کارنامەکانی ڕەخنەگری سیمۆلۆژیایی یاکۆپسن ،ڕەنگە جێگەی وەڵامەکانی تێدا بێتەوە.کارنامەکانیش بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

ماوێتی

نامە هیندوستانیەکان...نامەی دووەم (١)

ئەشقی ئازادی &بایکۆتی شتمەکی تورکی&ئاوەڵانیان
بۆ رۆژئاوا– بە یادی ١٥٠ ساڵزاینی گاندی



گۆتی شتومەکی ئیمپریاڵی بەریتانی مەکرن.
گۆتیان: لاغرپیاوە شێتە!
ئیدامەی بە قسەکانی دا، گۆتی: (نمەکی)* دەریایان بۆ بارمەکەن. جەستە و زیندەگی بەنیائادەم بە (نمەک*) بەندە، لێگەڕێن تا ژانی بێ–نمەکی ئێسکیان بپوکێنێتەوە، ئەوجا لە مە حاڵی دەبن.
گۆتیان: دووچڵ–ئێسکە چ ئاگرێک دەنێتەوە! دەی قووتی ماڵومندااڵ بەچی؟
وەڵێ ئەو گفت و کرداری یەک بوو. لەو سیاسیانەی ئەو عەسرەی نەبوو. سپیدە زوو شاڵخامی لە خۆی پێچا، چەرخە–هەلاجیەکەی خستە بن هەنگڵی و خوداحافیزی لە (کاستوربێ)** کرد، بەرەو مەیدانی شار بەڕێکەوت. تەنێ لە بان عەردی رەقوتەق دانیشت و چەرخی وەگەڕخست.
گۆتیان: عەقڵی لەدەستداوە. ئەوە چ دەکا؟
گۆتی: لۆکەی خۆم هەلاجیدکەم بۆ داپۆشینی خۆم.
گۆتیان: دەی ئەو خەڵکە؟
گۆتی: فەرموون، جێگە زۆرە.
تاوێکی برد، لاوێک هات، یەکێکی تریش، نەخێر دووانی تریش. ئێوارە دەمێ لایکردوە مەیدان جێگەی رەۆحلەبەرێکی دی تێدا نەدەبۆوە! هەر کەسێ، پیاو–ژن بە چەرخە–هەلاجیانەوە دانیشتن و بەدەم دەمەتەقێوە خامی خۆیان هەلاجیدەکرد.
حەمباڵەکان دەمێ ئەوەیان بیست فەردە–پڕ(نمەکەکانیان) تورِدا و چوونە مانگرتنێ.
ئەوە دەستپێکی چڕۆی ئازادی هیندوستانە.
ئازادی، سەربەستی، بەهای مرۆڤایەتی تەنێ و تەنێ بە هێز پەیدا نابێ. رێگای رزگاری فرەن.
لێگەڕێن با کۆمپانیەکانیان، فابریکەکانیان، خواردنەکانیان، نمەکیان، لۆقەنتەکانیان، جلوبەرگیان دابڕزێ، مۆرانە و گەنە تێیان بدا، گیرفانی پارەی چەکیان هەلاهەلابێ، دە بێ–پارەییدا بکەونە سەر جادە و ئابڕویان بچێ،

ئەوانەی نۆ–سەد–ساڵە ئاگری قڕکردنیان بۆ مە داخستووە، ئاگری نابووتی دەماڵیانچێ، تاریکی– برسێتی هەناویان بخوا، گۆشت بە ئێسکیانەوە نەمێنێ.
خانەیان خەموجەخار پەپکەی تێدا بگرێ.
لێگەڕێن، مەیکڕن، بە لەعنەتیانکەن.
چەرخی ئومێد و بژێویتان بخەنە گەڕ.
لە کۆتاییدا، تەنیا و تەنیا ئەقڵە سەرمان دەخا.

نەک راکیەی تورکی، تەماتەی ئەنکەرە، پۆشاکی ئەستەمبوڵ. سەفەری ئازربایژان و.....تاد

خەزێنەی فیشەک و گوللەیەک کە بە نێوی خوداوە بە زارۆکی مەوەی دەنێن، ویشککەن. پووڵبڕیانکەن. ئاگربڕیانکەن. لێگەڕێن با وەک باب و باپیرانیان مشک و مێروو، میزی حوشتر و گوێدرێژان نۆشکەن!
لێگەڕێن. قەولبدە بە خێزانت، بە منداڵت، بە داکت، بە بابت، بە شەهیدانمان، بە هەڵەبجە، بە کۆبانێ، بە ئامەدێ، بە بارزانێ، بە مەهابادێ، سبەی هەچ کەس چەرخە–هەلاجی، داس و تەور، پاچەکۆڵە و بێڵ، تۆو– و دەخڵی ئەمباری باپوباپیران دەربهێنن و بەرەو مەیدانی شار بەڕێکەون!

هەرچ شتێک نێوی تورک و توریکای پێوەیە، هەچ وڵاتێک پشتیوانیان دەکا بەر هەمان غەزەبیانخەن.

خودای گاندی و دادپەروەری ئاگادارمان بێ، لێگەڕێن لە بوونمانەوە هێز بەکاردێنین، با ئەوەجارە بژێوی خۆمان، ئازادی خۆمان، بە بازو–و–ئەقڵی خۆمان دابینبکەین!!

هیندوستان
لە خانەی گاندیەوە– پازدەی ئۆکتۆبەر ٢٠١٩

*نمەک وشەیەکی هیندوستانیە (وەک کوردی) یانی خوێ.

**ژنی گاندی.

(١) .هیوادارم کەنالێکی تێڤێی کوردستانی بەوەی ئەوێسااڵی هیندوستان هەولێری هەڵبژاردوە بۆ پەیکەری گاندی و بەبۆنەی یادی ئەو- هاوکات رۆژئاواشەوە فیلمی ژیاننامەی (گاندی–١٩٨٢) کە چەند ئۆسکارێکی بردۆتەوە، نیشانبدەن.

گۆشەی 28 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ڤۆلسڤاگن وەبەرهێنانی لە تورکیا ڕاگرت

ڤۆلکسڤاگن بەهۆی هێرشەکان و پێشێلکارییەکانی تورکیا بۆسەر باکووری سووریا بڕیاری ڕاگرتنی وەبەرهێنانەکانی لەتورکیا دەدات، کۆمپانیای ڤۆلکسڤاگنی ئەڵمانی دروستکردنی ئەو وێستگەیەی دواخست کە بڕیاربوو بە بڕی 1.4 ملیار دۆلار لە تورکیا دایبمەزرێنێ وهەران هەلی کار لە وڵاتە بۆ خەڵکەکەی بڕەخسێنێت.

ئاگر لە ئۆتۆمبێلێکی باڵیۆزخانەی تورکیا بەردرا

کەسانێکی نەناسراو ئاگریان لە ئۆتۆمبێلێکی باڵیۆزخانەی تورکیا بەردا، کە لەبەردەم بارەگاکەیان لە گەڕەکی کرۆیتبێرگ لە بەرلینی پایتەخت وەستا بوو، پۆلیسی بەرلین ئاشکرای کردووە، کە ئەو سوتاندنە بەدەستی ئەنقەست بووە.

لەئەڵمانیا باو باوی سکۆتەرە

ماوەیەکە لە زۆربەی سارە گەورەکانی ئەڵمانیا شارەوانیەکان دەستیان کردوە بە دابینکردنی سکۆتەر لە سەنتەری شارەکان بۆ هاوڵاتیان وبەکرێدانیان، ئێستا زۆربەی خەڵکی بەتایبەتی گەنجەکان لە جیاتی ئۆتۆمبێل ئەو هۆکارە بۆ گواستنەوە بەکاردێنن ، چونکە نە ژینگە پیس دەکاو نە تێچوشی گرانە، بەڵام دەبێت بەکارهێنەر تەمەنی لە سەرو ١٤ ساڵ بێت، شایانی باسە خێرای سکۆتەر ٢٠ کیلۆمەترە لە سەعاتێکدا.

ژنە سیاسیەک دەستبەرداری هەموو پۆستەکانی بوو

" ئەندریا نالیس" ژنەسیاسەتمەداری ئەڵمانی و سەرۆکی پێشووی پارتی سۆسیال دیموکرات، کورسی پەرلەمانی بەجێهێشت و بەمجۆرە دەستبەرداری هەموو پۆستەکانی بوو، لە کاری سیاسی و ئیداریدا، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو، کە سۆسیال دیمکورات لە هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەدا، شکستی گەورەیان هێناوە، ئەو ژنە لە ١٩٩٨ ەوە پەرلەمانتارە و ماوەی دوو ساڵیشە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتەکەیەتی، لە ٢٠١٣ تا ٢٠١٧ وەزیری کار بووە و لە ٢٠١٨ ش کرایە سەرۆکی پارت و ئێستاش وازی لەهەموویان هێنا.

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین– ئەڵمانیا

موسڵمان و جولەکە دەبنە دۆستی یەکتر

لەدوای پەلامڕیکی تیرۆریستی لەشاری هالە بۆسەر دێرێکی جولەکەکان، ئێستا موسڵمانەکانی ئەڵمانیا ترسێکی زۆریان لێ نیشتوە لە پەلاماری نازیەکان و لەگەڵ کۆچبەرانیی جولەکە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەوەن، کە چی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەو مەترسیانە بپارێزن، بەپێی ئاماری وەزارەتی ناوەخۆ ساڵی پار زیاتر لە ١٠٠٠ جار لەلایەن ئەو ڕاسترەوانەوە پەلاماری جولەکەو موسلانەکان دراوە.

پیشانگای کتێب لە فرانکفۆرت کرایەوە

ئەمساڵیش 71 هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت لە ڕۆژانی 16 تا 20 ی ئۆکتۆبەری 2019 بەڕێوە دەچێت، یە بەبەشداری ١٠٠ وڵات و٧٥٠٠ خانەی کتێب و نزیکەی هەفتەیەک دەخایەنێت، ئەوی ساڵی پار ٢٤٥ هەزار کەس و ١٠ هەزار ڕۆژنامەنوس و هەزارارن نوسەر و ڕوناکبیر هاموشۆیان کرد، ئەمساڵ نەرویژ میوانی پیشانگاکەیە، ماوەی چەند ساڵێکیشە خانەی کوردی هەیە و کتێب و بڵاوکراوەی کوردی تێدا نمایش دەکرێت.

باجی سەر بواری ڤڕۆکەوانی زیادکرا

بەهۆی ئەوەی گەشتەئاسمانیەکان و فڕۆکە ژینگە، بەڕێژەیەکی زۆر پیس دەکەن، بۆیە حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاریدا، ڕێژەی باج لەسەر گەشتی فڕۆکە زیاد بکات و بەپێی ماوەی گەشتەکان، بڕەکە لە ٣ یۆرۆ بۆ ١٧ یۆرۆ بۆ هەر تکتێکی فڕۆکە لەسەر هاوڵاتیانی زیاد دەکات.

یاریزانێکی ناودار وازی لە وەرزش هێنا

" شقاین شتایگەر" یاریزانی بەناوبانگی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەڵمانیا و یاریزانی پیشووی تیپی بایەرن مینوشن وازی لە یاری تۆپی پێ هێنا.

بۆ پشتیوانی ڕۆژئاوا کوردستانیانی تاراوگە ڕژانە سەرشەقامەکان

نەرویژ، هۆڵەندا، فنلەندا و ئەڵمانیا هەناردەی چەکیان بۆ تورکیا ڕاگرت..

ئامادەکردنی: بورهان ئەمین

لەدژی دەستدرێژیەکانی سوپای تورکیا بۆسەر کوردانی ڕۆژئاوا و نانەوەی تراژیدیایەکی مرۆیی، کوردستانیانی تاراوگە لە پایتەخت و شارە گەورەکانی وڵاتانی ئەورووپا "ستۆکهۆڵم، بەرلین، ئەمستردام، لاهای، پاریس، لیۆن، ستراسبۆرگ، بروکسل، کۆپنهاگن، هامبۆرگ، کۆڵن،فرانکفۆرت، نۆرەنبێرگ، هانۆڤەر، دوسلدۆرف...هتد" بەجۆشوخرۆشێکی زۆر و بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە هاتنەسەرشەقام و ئیدانەی ئەو پەلامارە سەربازیەی تورکیایان کرد و داوایان لە حکومەتی وڵاتەکانیان کرد، کە پێش لەو هێرشانە بگرن و نەهێڵن خوێنی کورد بەخۆڕایی بڕژێ و هەوڵەکانی خۆیان بخەنەگەڕ لەپیناو بەرقەرارکردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

ئەورووپیەکانیش پشتیوان بوون:

جگە لەدەیان هەزار کەس لە کۆچبەرانی کورد لەتاراوگە و لە وڵاتانی ئەورووپا ژمارەیەک زۆر لە خەڵکانی بیانی و چالاوانانی بواری سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مرۆیی، ئەڵمانی، هۆڵەندی و سویدی و ئەندام ول ایەنگرانی پارتی چەپ و سەوزەکان بەشدریان کرد و دەنگی خۆیان خستەپاڵ دەنگی کوردستانیان و داواین لە وڵاتەکانیان کرد، کە هەموو جۆرە پەیوەندیەکی سیاسی لەگەڵ حکومەتی تورکیا ڕابگرن و چیدی چەک و تەقەمەنیشی پێ نەفرۆشن، دەنگی نارەزایەتی خەڵکی ئەورووپا و کورد بەتایبەتی بووە دەنگێکی زۆڵ لەپیناوی هێنانەدی ئاشتی و ئارامی وەستاندنی شەڕو ئاژاوە و پشتیوانی بۆ ئیدارەی خۆسەریڕي ڕۆژئاوا و خەڵکی کوردستان بەگشتی.

ئەمریکاش ئیدانەکرا:

لە سەنتەری زۆربەی شارەکان و بەردەم باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا و تورکیا دروشمی سەرەکی خۆپیشاندەران بەرزکرایەوە، کە بریتی بوو لە وەستاندنی شەڕ، دەستبەرکردنی ماف و ئازادیەکانی کورد، پرۆتۆستۆکردنی سیاسەتی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و نارەزایەتی دەربڕین بوو، بەرامبەر بە دەستدرێژی حکومەت و سوپای تورکیا بۆسەر خەڵکی سڤیلی کوردانی ڕۆژئاوا و بۆمبارانکردنیان بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، لە چالاکیانەشدا بەگشتی پارتە کوردستانیەکانی هەر جوارپارچە بەگشتی و ئەندام و دۆست و لایەنگرانی حیزبە دۆستەکانی گەلانی کوردستان بەتایبەتی بەشداریەکی کاریگەریان کرد و پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا دووپات کردەوە.

ئەسکەندەنافیا هەڵوێستی نواند:

لەبەر پەچەکردرای ئەو هەڵمەتە سەربازیەدا، هەریەک لە وڵاتانی فنلەندا و نەرویژ و هۆڵەندا، فرۆشتنی هەمەجۆرە چەکیکی سەربازیان بە تورکیا ڕاگرت و داوایان لە حکومەتی دادوگەشەپێدان کرد، کە دەست لەو شالاوە سەربازیە هەڵبگرێت و هەنگاو بەرەو ئاشتی و تەبایی بنێت.

حکومەتی مێرکل بڕیاریدا:

بەپێی هەفتەنامەی" بێلد ئەم زۆنتاک" بێت، کە زانیاری لەسەر زاری "هایکۆ ماس" وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا وەرگرتووە، بەرلین بڕیاریدا کە فرۆشتنی چەک بە تورکیا ڕابگرێت و ئەو بەڕپرسە باڵایە جەختی لەوە کردۆتەوە، کە دەستبەجێ ناردنی هەموو جۆرە چەکێکی گەورەو بچوک بۆ تورکیا ڕێگەی پێنادرێت.

ئۆپۆزیسیۆنی ئەڵمانی داکۆکی لە کورد دەکات:

ئەم بڕیارەش لە کاتێکدایە، کە نێوانی هەرد و حکومەتی بەرلین و ئەنقەرە ماوەی ساڵیک زیاترە تەواو نییە و هەمیشەش پارتە بەرهەڵستکارەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەتیش چەپەکان و سەوزەکان، داوا لە حکومەت دەکەن، کە ئیدی چەک بە تورکیا و سعودیە نەفرۆشرێت و دیپۆلماسیەتی خۆی لەگەڵ ئەنقەرە ببڕیت، تا دان بەمافی کورد و ئازادی و دیموکراسیدا نەنێت، بەڵام حکومەتی ئەڵمانیا نەیدەویست دەستبەرداری ئەو دەستکەوتە ئابوورییەی بێت، کە ساڵانێکی زۆرە بەهۆی ئەو هەناردەیەوە قازانجی لێدەکات، چونکە تەنها ساڵی پار بە بەهای 268 ملیۆن یۆرۆ چەکی بە تورکیا فرۆشتووە.

زنجیرەی ١١ چیرۆک بۆ منداڵان- وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری کەریم - ئەڵەمانیا

سەرەتایەکی پێویست:

ئەوە دو جارە و هەردو جارەکەش بەدەستی ئەنقەست، دوکۆمەڵە چیرۆکی چەند نوسەرێکی ئەڵەمان و ئینگلیز هەڵدەبژێرم، وەریانبگێڕمە سەر زمانی کوردی، کە نوسەرەکانیان لە سااڵنی پەنجاکانی سەدەی رابوردودا نوسیویانن. جاری یەکەم دوشانۆنامەی تەنزئامێز بەپێنوسە قشت و بە بڕشتەکەی نوسەری بلیمەت فریدریش دۆرینمات لە خوڵقاندنی وێنەی هونەریی (سکۆب رەنگاوڕەنگ)ی ناوازەو مزرو بە سفتوسوێی تەنزو لاقرتی خەستوخوڵ و بڕینی بە باڵای هەندێک لە پاڵەوانەکانیدا. ئەمجارەش کۆمەڵێک کورتە چیرۆک بەپێنوسی هێڵموت کلۆپفەر، فریتس ستێپات،پریسێال، لامۆنت، تۆنی برادمان و مارتین باڵتشایت. گەر لە هۆکارەکەش دەپرسیت و دەڵێیت بۆ؟ راستەو راست و بێ دودڵی دەڵێم چیرۆکەکان لەو سااڵنەدا نوسراون، کە ئەڵەمانیا تازە رزگاربووبو لە دووجەنگی جیهانیی، کە لە ماوەیەکی کورتدا بەدوای یەکداهاتن و وااڵتانی ئەورووپا و بەتایبەتیش ئەڵەمانیا کاول و وێران، دانیشتوان جگەرسوتاو، بریندار و کەمئەندام.... لەگەڵ ئێمەی کوردد،ا کە ئێمەش تازە لە نسکۆی شۆڕشەکانی ئارارات (ئاگریی)، بارزان، سمکۆی شکاک، شێخ مەحمودی نەمر و کۆماری کوردستان هەڵدەستاینەوە. پەروەردەکارانی ئەوسەردەمەی کورد لەباشور چەند دانەیەکیان لەم چیرۆکانە لەبەرنامەکانی خوێندنی سەرەتایی عێراقەوە لە عەرەبییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی و بۆ ئێمەی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی ئەو سااڵنە تاموچێژێکی یەکجار تایبەتی هەبوو. دیارە ئێمە ئەوکات نەماندەزانی، کە ناونیشانی چیرۆکەکان گۆڕدراون (نەک وەرگێڕدراون)، بەاڵم ئێستا دەزانین چیرۆکی (دەنکە هەنارێ) لەبری (بەفروخوێن) و (گەاڵوێژ و گورگ) لەبری (کاڵوسور) و (بلوێرژەنی جادوگەر)، لەبری (راوچی جرجەکانی هاملن) و هتد.. دانرابوون. ئەوەی زۆر سەرنجراکێشە، بەهرەو توانای هونەریی ئەو پەروەردەکارانەیە لە هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەو چیرۆکانەدا کە لە کتێبی (خوێندنەوەی کوردیی) قۆناغی سەرەتاییدا خوێندومانە و هێشتا لەیادو یادەوریشماندا بە زیندویی ماونەتەوە. بەو هیوایەی ئێوەی ئازیزیش، کە دەیخوێندنەوە ئەو چێژو تامەی لێوەربگرن و بە زیتەڵەیی لەیادو یادەوەریتاندا بمێننەوە.

بلوێرژەنی جادوگەر*

رۆژێکیان دایە گەورەی (موبلەر) هاتە سەردان و دیدەنیی خێزانەکەیان، هەموو ئەندامانی خێزانەکەش بەبینینی دایەگەورە زۆر شادمان بوون، بەتایبەتیش ئەحمەد، چونکە پێشتر(هانز)ی هاوڕێی گوتبووی نەنکم خۆشترین چیرۆک و سەرگوزوشتەی ئەڵەمانیی دەزانێت و بۆمان دەگێڕێتەوە.

ئەحمەدیش تکای لەداپیرە کرد، یەکێک لەو چیرۆکانەیان بۆبگێڕێتەوە، ئەویش (بەسەرهاتی راوچی جرجەکانی شاری هاملن)ی بۆ گێڕانەوە و بەمجۆرە دەستیپێکرد: (لەباکوری وااڵتی ئەڵەمانیا و لەسەر کەناری روبارە هەرە جوانەکەی ڤیسەر، شارێک هەبوو بەنێوی شاری هاملن. سەردەمانێکی زۆر زوو، لەناکاودا شارەکە پڕبوو لە مشک و جرج و بەهەر لایەکدا دەچوویت، ئەو گیاندارە چەپەڵانەت دەبینی، بەسەر شەقامەکانەوە، لە حەوشەکاندا و لە ژووری ماڵەکاندا، پارچە گۆشتێکیش چییە لە ژێرزەمینەکاندا و لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەدا نەمان، تەنانەت لە ماڵی پارێزگاری شار، ماڵەکانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەو مشکە برسییانە دەمیان نەیگاتێ.

رۆژێک لەرۆژان پیاوێکی نامۆ و نەناسراو ڕێگای دەکەوێتە ئەو شاری(هاملن)ە و پرسیاری ڕێگای سەرەکیی شارەکە لەیەکێک لە دانیشتوانەکەی دەکات، تکایە ڕێگای سەرەکیی شارەکەتان کامەیە؟ پیاوە نامۆکە بەدەم ئەو پرسیار و وەاڵمەوە گوێبیستی ئەو کارەساتەش دەبێت، کە دوچاری شارەکە بووە. کابرای ڕێبوار هەر ئەوەندەی ئەو هەواڵەی بەرگوێ کەوت، دەستبەجێ رووەکاتە بارەگای پارێزگاری شار و دەڵێت: گەورەم من دەتوانم بەهۆی بلوێرەکەمەوە، کە بلوێرێکی ئەفسوناوی و جادوسازە، ئەو مشک و جرجانە بگرم و لەم شارە دووریان بخەمەوە! هەر ئەوەندەی فو بە بلوێرەکەمدا بکەم هەر هەموو مشک و جرجەکان ناچاردەبن ڕەدومکەون! بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش پێویستە بڕی سەد 100 مارکم پێبدەن. پارێزگاری شار و ئەندامانی پەرلەمان دوای بیرکردنەوە و ڕاوێژێکردنێکی زۆر بڕیاریاندا و بەڵێنیان پێدا (بەسەرچاوان، ئێمە لە کانگای دڵەوە حەزدەکەین، ئەو پارەیەت پێبدەین، بەاڵم پێویستە یەکەمجار مشکەکان لەشار دوربخەیتەوە.

رۆژی دواتر کابرای نامۆ بە شەقام و کوچە و کۆاڵنەکانی شارەکەدا دەگەڕاو بلوێری دەژەنی و مشک و جرجەکانیش لەژێر زەمینی ماڵەکان دەهاتنە دەرەوە و دوای بلوێژەنەکە دەکەوتن.! تەنانەت تەنها مشکێک لەکون و کەلەبەرەکانیشدا نەما و هەرهەموویان دوای بلوێژەنە جادوگەرەکە کەوتبوون و ئەویش دوا یەکیانی کردە نێو ڕووبارەکەوە و هەموویان بەخنکان چوون. دانیشتوانی شارهەرهەموویان فرە دڵخۆش و شادمان بوون بەاڵم ئەندامانی پەرلەمان بەجۆرێکی دیکە بیریان کردەوە :(هەنوکە تاکە مشکێک لە شارەکەماندا دانەماوە، ئیتر چ پێویست دەکات پارە بەو بلوێژەنە بدەین !؟)* ئینجا بلوێژەنەکەیان بانگکرد و گوتیان: (بەداخەوە، شارەکەمان هەژارە و پارەو پولێکی ئەوتۆی نییە، داوای لێبووردن دەکەین که ناتوانین 100 مارکەکەت بدەینی !) کابرای بلوێژەن کە ئەم بڕیارەی پیاوماقوڵانی شاری بیست، هیچ نەیبردە سەرخۆی و نەیکردە هەراو هوریا، بەاڵکو دیسانەوە بەدەم بلوێرلێدانەوە بەشەقام و کۆاڵنەکانی شاردا دەگەڕا و هەر منداڵێکیش گوێبیستی دەبوو، ڕاستەوڕاست دوایدەکەوت. بەمجۆرە منداڵێک لەو شارەدا نەمابوو دوای نەکەوتبێت و بلوێژەنیش هەردەڕۆیشت و ئەوانیش بەدوایەوە هەتا بردنیە بناری چیایەکی نزیک لەشارەکە، چیاکە خۆیکردەوە و منداڵان دەنگ و ڕەنگیان نەما و هیچ کەسێک جارێکی دیکە ئەوانی نەبینییەوە!

*ناونیشانی ئەم چیرۆکە لە تێکستەکە ئەڵەمانی یەکەدا، (راوچی جرجەکانی هاملن)ە. Der Rattenfänger von Hamlen

* هەنوکە: ئێستا..

ماوێتی

کوردەکسان تەنیسا چیساکان دۆستیانن نووسینی: سمیر عطاالله- وەرگێڕانی: عەبدولکەریم شێخانی

ئەم گوتارە (سمیر عطاالله) ی نووسەری لوبنانی کە لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەعەرەبییەکاندا کاری کردووە، ڕۆژی ١٤/١٠/٢٠١٩ لە ڕۆژنامەی (لشرق الأوسط) نووسیویەتی و لەبەر ئەوەی گوتارەکەم زۆر بەدڵ بوو و ڕەنگە قسەی دڵی هەموومانی کردبێت وابوو، بۆیە بڕیارم دا بەرچڤەی بکەم، بە تایبەتیش کە هیچ شتێکم تێدا نەبینی پێچەوانەی بۆچوون و قەناعەتی خۆم بێت. ڕەنگە لە هەندێک شوێن تێوەڕۆخێکی خۆمم تێ خستبێت، بەڵام خستوومەتە نێو دوو کەوانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ نووسینەکەی نووسەر تێکەڵ نەکرێت. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لەوانەیە نووسینەکە کەمێک درێژ بێت، تکایە لێی بێزار مەبە و لە نیوەی وازی لێ مەهێنە و بیلامانێ ، وەک کەری نیوە زەڕی لێ مەکە. تکایە هەمووی بخوێنەوە چونکە سوودت پێ دەگەیەنێ نەک زیان. نووسەر دەڵێ: هەندێک وشە هەن زۆر بەهێزن لەنێو زمان و فەرهەنگی جیا جیادا، بەڵام لە واقیعدا بەدی ناکرێن و نین. ئێمە باسی کەشکەڵان ((الفضاء)) دەکەین و ڕەنگە ڕۆژانە چەند جارێک بیڵێینەوە، بەڵام ئێمە دەزانین کە تەنیا تاکە کەسێکی عەرەب ((شازادە سوڵتان کوڕی سەلمان)) دەزانێ ئەو وشەیە بەڕاستی مانای چییە. هەروەها وشەی بەختیاری هەموو ڕۆژێک دەیان جار خۆی دەخزێنێتە نێو ژیانمانەوە، لە (ڕۆژباشەوە) بیگرە تا دواتر، بەڵام کە تاوێک بەرانبەر ماناکانی دەوەستین و بیر دەکەینەوە، دەبینین کە ئەوە تەنیا وشەیەکە لە نێو فەرهەنگدا سەبارەت بە زۆربەی ئادەمیزاد، لە کاتێکدا کۆڵی زاڵە بەسەر ئەم هەسارەیەدا. بەختیاری حاڵەتێکی تاکە کەسییە، لە کاتێکدا بەدبەختی حاڵەتێکی گشتییە بۆ سەر هەموو گەل و کۆمەڵە و وڵاتێک، لەم ڕووەوە مامۆستا هێمن دەڵێ: ((شینم گەلێک گێڕا شادیم کەم دیوە|| شادی دەڵێن هەیە بەڵام نەمدیوە)). لە باڵیۆزی ڕووسیان پرسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ئەوەی کە ئەمریکا دەسبەرداری کورد بووە، گوتی: گوناحەکە هی خۆیانە، چونکە پشتیان بە چاودێرێکی هەڵە و چەوت بەستبوو. بەڵام کۆڵییەکە لە بنەڕەتدا ئەوەیە، کە گەلێک پێویستی بە چاودێر یان (شوانێک) بێت، واتە بێ ماف بێت. خوا لێ خۆشبوو (جەلال تاڵەبانی) بارودۆخی گەلەکەی لەوەدا چڕ کردەوە، کە گووتی: (کورد لە چیاکان بەولاوە، هیچ دۆستی دیکەی نییە). بەڵام ئەوان خۆیان لە وڵاتێک دیوەتەوە، کە تەنانەت لە چیاکانیش ڕاویان دەنێن و فڕۆکە بۆمبارانیان دەکا لە کاتێکدا ئەوان لە نێوان بەردەکانیدا سەرگەردان و ماڵوێرانن و ئەوەش، کە باڵیۆزی ڕووسیا گوتی لە بارەی پشتیوان و شوان و میگەلەوە، هیچ ڕاست نییە. ئاخر خۆ زۆر جار کوردەکان پەنایان بۆ شوانیی سۆڤیەت بردووە، بەڵام لە پشتیوانەکانی دیکە چییان دەست کەوتووە، لەمانیش هەر ئەوەندە وەک هەموو کۆڵەکانی سەر زەوی، کورد هەموو دۆستایەتییەکی چاوەڕوان کراویان تاقی کردۆتەوە، بەڵام ڕووبەڕووی پشت تێ کردن و دەست لێ بەردان بوونەتەوە.

گلەیی و گازاندەکە، بە چاوپۆشی لە هۆکارەکان، هەمیشە دەکەوێتە ئەستۆی کوردەکە خۆی، چونکە تەنیا ئەنجامەکە گرنگە.

((جاران لە زۆربەی شارەکان خانی وڵاخان هەبوو، واتە گەراجی کەران. گوندنشینەکان کە دەچوون بۆ شار، وڵاخەکانیان دەبردە خان و ئاویان دەدان و تووڕەکە (جۆرک)ی کاو جۆیان بە سەرەوە دەکردن. کابرایەک کەرەکە دەبات بۆ خان و دەیبەستێتەوە و ئاوی دەدا جۆرکی ئالیکی بەسەرەوە دەکات و دەچێت بۆ بازار بۆ کڕینی پێداویستییەکانی. کە دێتەوە دەبینێ کەر نەماوەو دزراوە. ئیدی هەموو گوناحەکە دەخەنە ئەستۆی خاوەن کەر. یەکێک دەڵێ باشی نەبەستبۆوە، یەکێ دەڵێ: ئالیکی نەدابوویە، یەکێ دەڵێ ئاوی نەدابوو. بەکورتی هەموو گوناحەکە دەخەنە ئەستۆی خاوەن کەر خۆی . کابراش لە داخانا کە وەختە شەق بەرێ دەڵێ : باشە باش هەمووی کوناحی منە , ئەی دزەکە هیچ گوناحی نییە)). ئا بەو شێوەیە سەرۆکی ئەمریکا بۆی دەرکەوتووە کە کوردەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا و لە شەڕی دابەزینی هاوپەیمانان لە نۆرماندی لە فەڕەنسا، بەڵام نەیگوتووە بە چ سیفەتێک، شان بەشانی ئەمریکا شەڕیان نەکردووە. ((باشە جەنابی سەرۆک کە تۆ ئەوەت دەزانی چۆن پشتت گرتن و هاوکاریت کردن ؟))، ئاخر کوردەکان هەنگینێ ((حەفتاو پێنج ساڵ پێش ئێستا کە ڕەنگە جەنابی سەرۆک منداڵ بووبێت و دەستی لە پیسایی خۆی وەردابێ))، هاوولاتیی کوردی هەژار و کۆڵۆڵ لە نێو وڵاتانێک بوون، کە سەربەخۆ نەبوون و ئەوانەش کە شەڕی یەکلاکەرەوەی نۆرماندییان دەکرد، لە هەموو سوپایەک و فڕۆکەوانێک مەشق پێ کراو و پێشکەتووتر بوون، لەسەر ئاستی هەموو جیهان. هۆلیود چەند فیلمێکی نایابی لەبارەی جەنگ و نۆرماندییەوە بەرهەم هێناوە، کە کەڵە ئەکتەرە گەورەکانیان کۆکردۆتەوە و بێ گومان کورد لەو ڕاستییە و لەو سینەمایانە دیار نەبوون، چونکە ئەوان تەنانەت ئاماژە کردن بە ناویشیان لە تورکیا و ئێران و سوریا و عیراق قەدەغە بوو، ئەوەی هەیانبوو تەنیا چیاکان بوون و ئەوانیش ئەگەر بۆیان بکرایە پشتیان تێ بکەن، بێ گومان بێ سێ و دوو و دوودڵی، ئەوەیان دەکرد.

ئەم جەنگە هەوڵێکی دەوڵەتی تورکە بۆ دەرچوون لە قەیرانی ناوەکی کۆمەڵگای دابەشبووی تورک

بەرگری لە ڕۆژئاوا بەرگرییەکی سیاسی یان ئینسانی ڕووت نییە. بەڵکو بەرگرییەکە کە دەموچاوی ڕاستەقینەی سیاسەت لە جیهانی ئەمڕۆدا نیشاندەدات، سیاسەتی تورک و کۆمەکی ترامپ و پۆتین بە ئۆردوگان سەرەتای کۆتاییە بۆ ئەو دەموچاوە هیومانیستییەی کە گلۆبالیزمی سیاسی دەیویست بیداتە خۆی. درندەیی سوپای تورک بەشێکە لە درندەییەکی گەورەتر کە لە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە، لەیەکدانی وەحشییەتی دەوڵەتی ناسیونالیستییە لەگەڵ دیوە بەربەرییەکەی کەپیتالیزم و گلۆبالیزمی نوێدا. لەم دۆخەدا دەوڵەتی ناسیونالیستی تورک بە هەموو هێزێکی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە فۆرمی دەوڵەتی ناسیونالیستی زیندووە و بەهایەک نییە لەسەرو بەها سیاسییەکانی دەوڵەتی ناسیونالیستییەوە، سیستمی گلۆبالیش دەیسەلمێنێت کە سیستمێکە تەنیا هاتوچوی ئازادی کالا و پارەی بۆ گرنگە. ئەوە ترامپ نییە بە تەنیا کە مرۆڤی بۆ گرنگ نییە، بەڵکو تەواوی سیستمی گلۆبالە کە لەسەر لەبیرکردنی ئینسان دروستبووە. هەموو ئەو وەهمانەی کە لیبرالە نوێکان لەسەر گلۆبالیزەیشن بڵاویانەکردەوە، کە گوایە بەهای سیاسی و ئەخلاقی گلۆبال دروستەکات و ئەخلاقێکی نوێ دەهێنێت، لێرەدا کۆتایی دێت. گلۆبالیزەیشن وەک هاوکارێکی درندەی دەوڵەتی ناسیونالیست دەردەکەوێت. ئەم جەنگە هەوڵێکی دەوڵەتی تورکە بۆ دەرچوون لە قەیرانی ناوەکی کۆمەڵگای دابەشبووی تورک. تورکیا لە ئێستادا لەبەردەم دابەشبوونێکی قوواڵدا دەژی، ئەو بەشەی تورکیا کە چاوی لە خۆرئاوایە، قووڵ لەو بەشەی جیابۆتەوە کە چاوی لەسەردەمی خەلیفەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە. تورکیا لە ناوەوە و دەرەوە تووشی کێشەی جدی بۆتەوە. ئەم دۆخە واپێویست دەکات، ئۆردوگان ترس لە کورد زیندووبکاتەوە، بۆئەوە پێویستی بە جەنگێکە تا ترازانی ناوخۆ رابگرێت و یەکێتییەکی فاشیستیانە لە نێوان پارچە لە یەک ترازاوەکانی کۆمەڵگای تورکیدا دروستبکاتەوە و خۆی وەک بەرگریکار لە تورکیا نیشانبدات . ئەم دەوڵەتە مێژووی خۆی لەسەر جەنگ بونیادناوە، لەسەر ئینکارکردنی شوناسەکانی تر، لەسەر دروستکردنی دۆخی جەنگ. ئەوەی لە بەردەم کورددا ماوەتەوە، بەکارهێنانی هەموو شێوە شەرعییەکانی بەرگریکردنە لە خۆ. ئەمڕۆ جگە لەوەی هەوڵبدەین دەموچاوی فاشیزمی دەوڵەتی تورک زیاتر دەربکەوێت، ڕێگایەکی ترمان نییە. ئەمڕۆ کێشەی ئێمە ئەو کێشەیەیە کە پارادۆکسەکانی ناو سیستمی جیهانی زەقتردەکاتەوە، ڕووی نائەخلاقی خۆرئاوا زیاتر ئاشکرادەکات. ئێمە جگە لە ئیرادەی خۆمان و هێزی بەرگری خۆمان، هێزێکی ڕاستەقینەی ترمان نییە. جگە لەوەی کە چەکی ئیرادە و کولتوور و داهێنان بەکاربهێنین، جگە لەوەی بەرگری لە بەها ئینسانییەکان بکەین، هیچ ڕێگایەکی ترمان نییە. پێداگری لەسەر ئاشتی و لەسەر بەکارنەهێنانی چەک، پێداگری لەسەر مافی مرۆڤەکان و نەتەوەکان تاکە زمانە کەدەبێت قسەی پێبکەین. فاشیستەکان نابێت بمانکەن بە فاشیست. من خۆم پێم باشترە وەک مرۆڤ بمرم نەوەک درندە بژیم. جوانی خەباتی ڕۆژئاڤاش لەوەدایە کە خەبات و بەرگرییەکە لە ترۆپکی مافی ئینسانەوە هاتووە بۆ بەرگری. بەرگی ڕۆژئاوا بەرگریی میللەتێکە کە قەدەرێتی جەنگ لەگەڵ هەموو شێوەکانی فاشیزمدا بکات، بێئەوەی ئینسانییەتی خۆی بدۆڕێنێت."

کوردستانی سەربەخۆ

دکتۆر هەردی هادی

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئاخۆ

مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر!

گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێ، کەچی ڕوانیم:

لە پێشمدایە زەرد و ماە و سەخت و ئەستەمێکی تر

هێمن دیوانی: عیشق و ئازادی ١٩٧٧

لەم نەخشەیەی 1918دا کوردستان هەیە و سوریا و عێراق نین، تورکیا و ئێرانێکی بچوککراوە بە هەقی خۆیان نەک وەک ئێستا لە بنچینەدا کوردستان یەک پاکێجە، تا ئەودەمەی وا سەیر نەکرێت، نە هاوارمان دەگات و نەدەبینە نەتەوە، کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) و باکور (تورکیا)ش بەشێکن لە کوردستانی سەربەخۆ و سەرەکیترین و کرۆکی خەباتن، بێ ئەوان دوو پارچەکەی تر پەراوێزی خەباتن، گەر لەمە زیاتریش بن. خەمی گەورەی تر ئەوەیە جیا لەوەی تورکانی ڕۆمی ئینکارمان دەکەن، کە هیچ و زۆر ڕاستیشی فەرموو سالم: "هێندە شوومن لە شەخسیش دەدەن زەرەر"، هەندێ دۆستی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشمان لە ژێر کاریگەری "شوناسی فریودەرانە"ی سازکراوی ئەم سەد ساڵەی "ناوەندگەرێتی" ئێراندا، ڕێک وەک پان ئێرانیستەکان، لە سێ کوردستانەکەی غەیری ئێراندا، کورد بە میللەت دەزانن و کوردانی ئێران بە عەشیرە و قەوم لەقەڵەم دەدەن و شانازی بە برایەتییەکی ئاریایی دروستکراوەوە دەکەن، داخی هەندێ پڕۆ عێراقی باشور و پڕۆ سوریایی ڕۆژئاواش، کەم نیین و هیوایان بە ئێراق و شام هەڵچنی بوو، تا لەسەر بنەمای "ئینسانییەت و مواتەنە" بینای بکەنەوە. نەتەوەیەک خۆی خۆی بنیات نەنێت کەس خێری پێناکات، ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٢٢ سەردەمی کوردستان بوو، بەڵام نە سەرکردەیەکی کۆکەرەوە و نە ئیرادەیەکی هاوبەش و نە گوتارێکی جێگیر و نەهێزێکی هاوبەشی هەبوو، هەوڵی زۆری بیانیش هەبوو بۆ یەکخستنی هێزی کورد، بەڵام نەکرا و نەکرا. ڕێک وەک ئێستا. ئەوکات وەک گەل و نەتەوە بیرمان لێکراوەتەوە و ناسێنراوین، بەڵام ئێستا زیاتر کشاوینەتەوە و لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بە خەڵک لە قەڵەممان دەدەن. بەداخەوە بەم حاڵەی ئێستاوە، سەد ساڵێکی تریش دیسان نەوەی نەوەکەمان دەبینێ ماتەمێکی تر.

ئەم نەخشەیە پێشنیارکراوی ساڵی١٩١٨یە، دووبارە دابەشکردنەوەی زەویەکانی دەوڵەتی عوسمانی–یە و وڵاتەکانی ناوچەکەیە، کە بە پێی بنەمای مافی چارەی خۆنووسینی گەلان ١٩١٨داڕێژراوە، کە تیایدا کوردستان دەوڵەتێکی پێشنیارکراوی سەربەخۆیە.

ئەرشیفی ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی/زانکۆی سلێمانی.

#ناوەندی_کوردستان #زانکۆی_سلێمانی #کوردستان #نەخشەکان #جەنگی_یەکەمی جیهانی #مافی_چارەنووس #ئەرشیف #ڕۆژئاوا #باشوور #ڕۆژهەڵات #باکوور

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد سەروەت ئەنوەر سەوز

لەساڵی (1954) لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لەماوەی خوێندنی ناوەندیدا، بەشداری چەندین پێشانگەی چالاکی قوتابخانەی کردووە، ساڵی (1970) لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوە، لەوێ بەشی گرافیکی بەپلەیەکی بەرز تەواوکردوە، پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ چۆتە ئەوروپا و دیسان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. سەروەت سەوز یەکەم پێشانگەی لەزانکۆی سلێمانی بەهاوبەشی چەند هونەرمەندێکی تر لەساڵی (1976)دا کردۆتەوە، دوای ئەوە چەندین پێشانگەی لەشارەکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق) کردۆتەوە. لەساڵی (1992)دا، سەوز لەگەڵ هونەرمەند (نامیق عەلی قادر) پێشانگەیەکیان لەشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا کردەوە، ساڵی (1993)ش لەسەر بانگهێشتنی (فرانسوا میتەران)ی کۆچکردو، پێشانگەیەکی هاوبەشی کردەوە لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی کورد لەو وڵاتە، لەوڵاتانی دیکەی وەک (بەریتانیا، ئەڵمانیاو ئیتاڵیا) پێشانگەی تایبەتو هاوبەشی هەبووە، چەندین پێشانگەی هاوبەشیشی لەگەڵ هونەرمەند (سامان کەریم) کردۆتەوە. لەساڵانی نەوەدەکاندا، سەروەت سەوزی هونەرمەند، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەڕێکخراوی مەگ دا کاری مین هەڵگرتنەوەی کردوە. دواهەمین پێشانگەی هاوبەشی بۆ یادی ساڵڕۆژی شازدەی مانگی مارت بوو، لەڕۆژی (2004/3/16)دا هەر لەو ڕۆژەشدا بوو، کە توشی ڕوداوێکی هاتوچۆ بوو، ئۆتۆمبێلێک لێیدا و بەسەختی بریندار بوو، بەداخەوە لە ڕۆژی (2004/3/28) واتە (12) ڕۆژ دوای تووشبوونی بەوکارەساتە و بریندار بوونی، لە نەخۆشخانەی (جادری) لە شاری بەغدا، کاتژمێر پێنجی ئێوارە گیانی لەدەستدا و بەیەکجاری ماڵئاوایی لەهونەرو هونەر دۆستانو شەیدایانی کارەکانی کرد.

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوانییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

26 Oktober 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 76
76 ی 26 ی ئۆکتۆبەری 2019

کورد و پاییز لەیەکدەچن هەردوولا هەڵدەوەرێن هەردووڵاش زیندوو دەبنەوە.وەک چۆن هەندێک گەڵا ئەوەندە جوانن یان نامۆن بە گەڵاکانی تر کەدەوەرن جارێکی تر بە هەمان شێوەک بەهەمان ناوازەیی نایانبینینسەوە

هەر لە ڕۆژی 22–10–2019 لە ساتەوەختی بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان شاعیری پایز (محەمەد عومەر عوسمان)، سەرەتای دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ و پاش ئاشنا بوونم لە ڕێگەی هەندێ هاوڕێووە بەم گەنجە تایبەت و زیرەکەوە، ئەو ڕۆژانەم بیردەکەوێتەوە، کە سەرەتای خوێندنەوە و بەدواداگەڕانی سەرچاوەی هەمەجۆری ئەدەبی و خوێڕشنبیرکردنی ئەو کاتە بوو.

حەمە لە هەموو هاوڕێکانی دیکەمان جیاواز تر بوو، هەمیشە بە یەکجار خوێندنەوەی بابەتێک. سەرجەمی بابەتەکەی لەبەردەکرد و بەبێ سەرچاوەکە، وەک خۆی دەیگوتەوە.. ئەمە بۆ ئەو دەق و بابەتە ئەدەبی و شیعریانەی دەرەوەی پڕۆگرامی خوێندن مەبەستمە، چونکە حەمە ئەو کاتە لە ئامادەیی سلێمانی بوو، بەندەش لە سانەوی سەلاحەدین بووم، بەڵام بە حوکمی سەروساختمان و گرەوگاڵمان لەگەڵ بابەتە ئەدەبییەکاندا و بەدوادا گەڕانمان بەدوای سەرچاوەی خوێندنەوەدا هەر زوو بووین بە ئاشنا، بە تەواوی لە دوای ساڵی ١٩٧٦ەوە، ئیتر کەوتینە هەوڵی ئەوەی گڕوگاڵەکانمان بنیرین بۆ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو کاتەدا، بیرمە من سانسی بڵاوکردنەوەی گڕوگاڵەکانم پێش هەندێ لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم بوو، نە ئەوسا و نە ئێستاش نەمتوانی لە هاوڕێکانم تێپەڕێنم، جارێکیان بە ناو شیعرێکیان بەسەروگوێلاک شکاوی و لێلابردن و بۆ زیادکردنەوە بۆ بڵاوکردمەوە، بە ناونیشانی (ڕەز)ەوە، دێڕێکی تێدا بوو بە کۆتاییەکەی بە(نوێ ڕێبازم) دەهات.

ڕۆژنامەکەش ئەم دەستەواژەییەیان بۆ زیاد کردبوو:

سا زووکە وەرە ئامبازم

یاری نازداری بەنازم

کاکە حەمەی هاوڕێشمان، زۆر نەبوو ناسیبووم، ئەو ڕۆژە لەبەردەم کتێبخانەی شێخ ئەنوەری ڕەحمەتی شاعیردا، وەستا بوو، گووتی ئاوەرە ئەوە هاوکاری تازە هاتوو، شیعریکی تۆی تێدایە....! هەتیو بۆ تۆ سەگی وا دەڵێ: سا زووکە وەرە ئامبازم.

ئەو کاتە من زۆر جدی و هەرگیز گاڵتەم لەگەڵ کەس نەدەکرد و کەسیش وای پێ نەگوتبووم، بەڵام لە خۆشی بڵاوکردنەوی شیعرەکەم گوێم پێ نەدا ئیتر لەو ڕۆژەوە کاکە حەمەی ئازیزمان یەکێک بوو لەو خۆشەیستانەی هەموو هاوڕێکانی هەموو شتێکیان لێ قبووڵ دەکرد، چونکە لە هەموو ئەو برادەرانەی ئەو کاتە جوانتر و قوڵتر دەینووسی، بەداخەوە لە ڕۆژەوی ناسیوومانە، هەر کاتێک بمانبینیبایە باسی ئەم خۆکوشتنەی دەکرد. بەداخەوە سوێیەکی قوڵی نا بە دڵی کەسوکار و



هاوڕێکانیدا، بەو چەند شیعرە کەمەی کە دووتوێی نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی (لە غوربەتا) بڵاویکردۆتەوە، توانیوێتی وەک شاعیرێکی داهێنەر لە مێژووی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخدا، ناوی خۆی بچەسپێنیت، دروود بۆ گیانی پاکی محەمەد عومەر عوسمان کە خۆی زۆری پیخۆس بوو بە شاعیری ژەنەراڵی پایز بانگی بکەن. بڕیارماندا ئەم ژمارەیەی تاراوگە بۆ مەرگی ئەو ئازیزەمان تەرخان بکەین، وەک وەفایەک بۆ هاوڕێیەتی چەندین ساڵەمان، لێرە هەوڵمداوە هەندێک لەو نووسین کورتە شیعرییانەی کە هاوڕێیکانی خۆیی بۆیان نووسیوە، جارێکی تر بڵاوبکەمەوە. مانشێتی لاپەڕەی یەکەمی ئەم ژمارەیەشم بە دەستەواژەی نووسینێکی هاوڕێی قۆناغی ئامادەییم کاک شوان باقی دەست پێکردووە، کە دەڵێت: کورد و پاییز لەیەک دەچن، هەردوولا هەڵدەوەرێن. هەردوولاش زیندوو دەبنەوە.

وەک چۆن هەندێک گەڵا ئەوەندە جوانن یان نامۆن بە گەڵاکانی تر، کەدەوەرن جارێکی تر، گەڵایەکی تر بە هەمان شێوە، هەمان جوانیی، هەمان ناوازەیی بەدی ناکرێت.

بڕوانە لاپەرە 13

فەلسەفەی بێرگسن لە شیعری محەمەد عومەر عوسمان دا



پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

گەرچی زانایان قەوارەی نەستەکانیان لەنێو فەلسەفە ڕیالیزمییەکاندا قۆلکردۆتەوە، بەڵام لەزمانی هونەری و ئەدەبییدا بریتییە لەو دەستپێکە فیکرییەی، کە دەقەکەی لێدابەش دەبێت، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ بۆچوونی بێرگسن دا لەکاتێکدا دەڵێت: "نەستەکان لە بنەڕەتدا غەریزەیەکی ئاژەڵییە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەست بە دەوروبەرەکان دەکات و لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ فینۆمینیای وێنەکاندا". دیارە لەپشت ئەم کارنامەیەوە ڕاستییەک هەیە، کە بزوێنەری ئەو وێنانەیە. بەمەش کارەکە لەچەمکی خۆڕسکی دوور دەکەوێتەوە. بەڵای ئەم فەلسەفەیەوە نەستەکان، زیاتر مامەڵە لەگەڵ عەقڵدا دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە گەر جۆرە سۆزێکمان بەرامبەر دەقەکە بەدی کرد، ئەوا وەرگر بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، لێرەشەوە هەڵوێست و پەیوەستێتی نێوان خود و ئەو و بابەت بە ئاسانی یەک ناگرنەوە، ئەویش بەهۆی گوشاری یەکێکیان لەسەر ئەوی تریان (بۆ زیاتر بڕوانە لێکۆڵینەوەمان: پەیوەندێتی خود و ئەو و بابەت لە شیعری گۆران دا، گۆڤاری (الاستاذ زانکۆی بەغدا، ژمارە 90,سالی 2009). لێرەدا پەیوەندی فەلسەفە بە شیعرەوە پەیوەندی زانیارییە لەنێوان خود و ئەو و بابە. واتە شاعیر لەو ساتانەدا پەیوەندیدار دەبێت بە فەلسەفەوە کە زانیارییەکان ڕوون و ئاشکرا نەبن، یان بوونەکان فۆرمیان نەبێت. فەلسەفەش بەشێوەیەکی گشتی و بێرگسنی بەتایبەتی لەپرسیارەکانەوە دەست پێدەکات. هەر پرسیارێک بازنەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و بەدوای ناسنامەکاندا دەگەڕێت، تا دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە مەملەکەتی عەقڵ لە سەر بنەمای وەهم و خەیاڵ دروست نابێت. ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش لە ئێستادا زیاتر بە دوای وەهمەکاندا دەگەڕێین و پرنسیپ فەلسەفییەکان پەراوێز دەخەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شیعر لەڕێگەی بنەما عەقڵی و مەعرفییەکانەوە پێداویستییەکی فیکرییە بۆ دەرخستنی بۆشاییەکان لەنێوان پیاوانی ئایینی و تێکڕای جەماوەر، سەرکردەکان و تێکڕای جەماوەر، نووسەر و شاعیر و تێکڕای خوێنەر (نەک خوێنەری نمونەیی)...هتد.



لەنێو مێژووداً، تاکە مەعریفییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیووە، لەوانە هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئادابە (1927)، گەورە فەیلەسوفی فەرەنسی هێنری بێرگسن(1859–1941)، کەتوانی لەڕێگەی بۆچوونەکانییەوە نەستەکان بکاتە بەردی بناغەی هەستی تاکەکان ئەویش لەکاتی بیرکردنەوە قۆڵەکانیان بەرامبەر بە بوون و زەمەن و خودەکان. ئەم تاکانە کەسانێکی سادەی دوور لە دیدنین وبەدوای شتەکاندا دەگەڕێن تا لەڕێگەی زانیارییەکان و پرسیارەکانەوە بگەنە ئەو یەقینەی کەشتەکان لەیەکتر جودا بکەنەوە. ئەمەش بە کارێکی گواستنەوە دەدرێت لە قەڵەم,وەک گواستنەوەی وەهم وخەیاڵ بۆ واقیعەکان بەو مەبەستەی ئەو تاکە بتوانێت سێکۆچکەی خود و ئەو و بابەت بە یەکترییەوە گرێ بدات.

لێرەدا ئەوەی شیعر لەفەلسەفەی دەوێت بیناکردنی بازنەیەک وبابەتێکی نوێیە کەکاریگەری دروست دەکات لەسەر ئاستە فیکری و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەکان کەپێشتر زۆربەی هەرە زۆری ئاستەکان بەرەو ڕووخانی هەست و نەستەکان ڕۆشتوون. فەلسەفەی بێرگسن ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر پێویستە توانای گۆڕانکاری هەبێت و کار لەسەر کارنامە بابەتییەکانی پرسیارەکان بکات. ئەو گۆڕانەش پێویستە بەرەو ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤی بەرێت و توانای گرێدانی تاکەکانی هەبێت. بە پێچەوانەوە نوسینەکان لە بازنە کلتورە سواوەکاندا خۆیان دەبینەوە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم فەلسەفەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کێشەی هەر نووسەر و شاعیرێک کێشەی زەمەنە بەجیاوازی قۆناغەکانیانەوە و پێویستە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرەنگاری بێتەوە . ئامانجی بێرگسن ئەوە بوو کە فیکرەکان پێویستە لە بەندایەتی زمان دەرچێت وبچێتە نێو میتافیزیکای و شەکانەوە بەبێ ئەوەی هێماکان بەزەقی خۆیان ببینننەوە. بەمەش ئەو دەقانەی کە لەسەر بنەمای ئەم فەلسەفەیە کار دەکەن ڕاستەوخۆ دەچنە نێو خانەی بابەتەکانەوە بەبێ ئەوەی وێنەکانی بە فیڕۆ بڕوات. لێرەشدا ئەوەندەی تاکەکان سوودمەند دەبن ئەوەندە خاوەن دەق سوودمەند نابێت. محەمەد عومەر عوسمان لەدایکبووی سلێمانی (1957)، لەشیعری "ئەشکی ئێوارەدا دەڵێت:

لەگەڵ هەنسک و گریانی .. هەوری خوێنینی ئێوارە
بەکوڵ گریا..فرمێسکی ڕشت.. ئەم دڵە پڕ لە پرسیارە.

*****

وتم.. ئای ڕەنگە هەورەکان لەتاو..ئازاری قامچی بروسکەکان بێ.. بەخوڕ دابکەن؟ یان بۆ دیمەنی پڕ ماتەمینیی گەڵا مردووەکان.. شین و زار بکەن؟ یان بۆیە ئاسمان وا بەکوڵ گریا..

چونکە گوڵی هەور لەوەرینایە و دەستی بەربووە لە چڵی دەریا!
گریام و کەسێک نەبوو لێم بگا.. باخی ئومێدم بوو
بە خاکستەرگریام و کەس نەبوو
دڵی بەفرینی بکا بەدەست و کراسی ڕەشم دادڕێ لەبەر

*****

پاشماوەی فەلسەفەی بێرگسن لە شیعری محەمەد عومەر عوسمان دا

هەتا سامالّ شانی دادا.....هەر وەستابووم..
کەس پێکی دڵی نەهێناو لێورێژ بوو سوراحیی چاوم

هەر لەم ناونیشانەوە ئەو پرسیارمان لا دروست دەبێت، کە خودی قسەکەر خوازیارە بەشێوە نەبینراوەکان پرسیارە ئاڵۆز و میتافیزیکییەکان ئاڕاستەی بەرامبەرەکان بکات. وەڵامەکانیش بەگریمانە دەشکێتەوە. واتە بابەتە سۆسیۆلۆژییەکان گوشاریان خستۆتە سەر شاعیر بۆ ئەوەی پرسیاری لادروست بکات، بەڵکو بەدوای سێبەری پرسیارەکانیشدا بگەڕێت.

لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا، بەبێ هیچ پێشەکییەکی زەمەنی ڕابردوو، هاوکێشەکە جەمسەری خودی بکەر و ئەوی بەرامبەری پێکەوە لکاندوە. پرسیارەکەش پرسیاری هەموانە. لەبەشی دووهەمدا ئازارەکان لە هەوڵی بێ هیوای خودی شاعیردایە کە ئەمەش کارێکی سایکۆلۆژی وبایۆلۆژی سروشتییە وەدچێتە خانەی تیوری جیرییەوە Elasticity کەبریتییە لەسستمێکی هێزدار لەسەر شێوەیەک کەدەبێتە هۆی گۆڕانکاری ئەو شێوەیە لەئاسانکردنی ئەو هێزانە یان گۆڕانی شێوەی تەنێک ئەویش بەهۆی توانای فشارەوە Stress . هەموو جیرییەکیش ڕادەیەکی دیاریکراوی هەیە Limit of Elasticity، (بەڵام بەهۆی کاریگەری هێزی فشارەوە جاری وا هەیە کەڕادەی جیرییەکە لەسنووری سروشتییەکەی خۆی دەترازێت ودواتر بەلابردنی هێزەکانیش تەنەکە ناگەڕێتەوە دۆخە ئاساییەکەی خۆی (بڕوانە لێکۆڵینەوەمان بە ناونیشانی : گێڕانەوەگەری و جیڕی لە ئەدەبی بەراووردا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (13) ساڵی (2004). لە بەشی سێهەمی دەقەکەدا و لەڕێگەی کۆدێکەوە کە تێنەگەیشتنی خودەکانی ترو ئەوانی دەسەڵاتە، دەیەوێت بەڕپرسێتی ئازارەکان بخاتە ئەستۆی ئەم کۆدە، بەمانایەکی تر گەر خودەکان و ئەوی دەسەڵات تێبگەیشتنایە ئەوا بە لای شاعیرەوە دەقەکە بەرەو ئاراستەیەکی تر دەڕۆشت یان هەر لەدایک نەدەبوو . لە بەشی کۆتایی شیعرەکەشدا، بێ ئاگایی و کەمتەرخەمی و بێ بایەخی و تێنەگەیشتنی ئەم کۆدە گورزێکی کوشندەیان لە خودی شاعیر داوە بەمەش شاعیر هەتا هەتایە بەم جۆرە ئازارانەوە دەمێنێتەوە و دەنالێنێت. جگە لەمەش شیعرەکە، تێکڕا باس لە قۆناغێکی زەمەنی دەکات. ئێوارە ئاماژەیە بۆ ئەو زەمەنە. جۆری زەمەنەکەش تاریک وتاڵە ,بەڵکو ئاوابوونی زەمەنە ئەکتیڤەکانە.لەم زەمەنەدا تراژیدیای بونەوەر بەدی دەکرێت.زەمەنە ئەکتیڤەکان بەرەو تەراوگە وياخیبوون ,یان خۆکوژی دەچن. ئەوی دەسەڵاتیش بواری نەداوە بەخودەکان کە ممارسەی دەربڕینە سروشتییە لیریکییەکانی خۆیان بکەن.یان چێژ لەناوەڕۆکی دۆخە سۆسیۆلۆژییە سۆزدارییەکان ببینن.لەم لاشەوە تێگەیشتنەکان هێواش دەڕۆن، باوەڕەکان لە خاچ دەدرێن.خودەکان لەخۆیان ناگەن، کۆکردنەوەی خودەکانیش لە بازنەیەکدا کرداریکی مەحاڵە.سەرجەمیان دەزانن ئازار چییە بەڵام هەستیان لاوازە. خودی شاعیر ,لێرەدا,واقی وڕماوە ، هەنگاوەکانی ئەمیش فۆبیاوییە .ترسێکی لە پرسیارەکانیدا هەیە ، هەروەک لە بەشی یەکەمی شیعرەکەیدا بەدی دەکرێت لەکاتێکدا ناتوانێت سەرچاوەلێگرتنی ئازارەکان دەستنیشان بکات کە کێن ئەوانەی هەست وجوانی سۆزەکان دەکوژن .بەمەش شاعیر ناچارە بەرەو خواستە ڕۆمانسیزمییەکان بڕوات کە ئەمەش جۆرێکە لەچاوبەستی. چاوبەستیش هەروەک لە لێکۆڵینەوەیەکمدا بە ناونیشانی ((التحایل النصی–دراسه مقارنه)) گۆڤاری زانکۆی تکریت 2009 باسی لێوە کراوە بریتییە لەدامەزراندنی دەقێک لەسەر بنەمایەکی قوڵی ڕۆشنبیری وهونەری وسایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی,تەنانەت دەبێتە ڕژێم وياسایەک بۆ شتە گونجا و نەگونجاوەکان.وێنەکانی دەچنە فەزایەکی نادیارەوە کە تواناکانی لەڕووی تەکنیکەوە بەهێزترە لە دەمامک . واتە جۆرێک لە دەربڕین کەتوانای بەستنەوەی هەستەکانی بە نەستەکانەوە هەیە ئەویش بەشێوەیەکی ناسروشتی .ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە خودی شاعیر نایەوێت ڕاستەوخۆ بچێتە نێو ململانێکانەوە ,بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دەیەوێت وێنەیەکی تری زەمەنیمان بۆ دروست بکات کە هاوشێوە بێت لەگەڵ وێنەکانی مەسیح و حەلاج.

هەتا سامالّ شانی دادا.....هەر وەستابووم..
کەس پێکی دڵی نەهێناو لێورێژ بوو سوراحیی چاوم

هەر لەم ناونیشانەوە ئەو پرسیارمان لا دروست دەبێت، کە خودی قسەکەر خوازیارە بەشێوە نەبینراوەکان پرسیارە ئاڵۆز و میتافیزیکییەکان ئاڕاستەی بەرامبەرەکان بکات. وەڵامەکانیش بەگریمانە دەشکێتەوە. واتە بابەتە سۆسیۆلۆژییەکان گوشاریان خستۆتە سەر شاعیر بۆ ئەوەی پرسیاری لادروست بکات، بەڵکو بەدوای سێبەری پرسیارەکانیشدا بگەڕێت.

لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا، بەبێ هیچ پێشەکییەکی زەمەنی ڕابردوو، هاوکێشەکە جەمسەری خودی بکەر و ئەوی بەرامبەری پێکەوە لکاندوە. پرسیارەکەش پرسیاری هەموانە. لەبەشی دووهەمدا ئازارەکان لە هەوڵی بێ هیوای خودی شاعیردایە کە ئەمەش کارێکی سایکۆلۆژی وبایۆلۆژی سروشتییە وەدچێتە خانەی تیوری جیرییەوە Elasticity کەبریتییە لەسستمێکی هێزدار لەسەر شێوەیەک کەدەبێتە هۆی گۆڕانکاری ئەو شێوەیە لەئاسانکردنی ئەو هێزانە یان گۆڕانی شێوەی تەنێک ئەویش بەهۆی توانای فشارەوە Stress . هەموو جیرییەکیش ڕادەیەکی دیاریکراوی هەیە Limit of Elasticity، (بەڵام بەهۆی کاریگەری هێزی فشارەوە جاری وا هەیە کەڕادەی جیرییەکە لەسنووری سروشتییەکەی خۆی دەترازێت ودواتر بەلابردنی هێزەکانیش تەنەکە ناگەڕێتەوە دۆخە ئاساییەکەی خۆی (بڕوانە لێکۆڵینەوەمان بە ناونیشانی : گێڕانەوەگەری و جیڕی لە ئەدەبی بەراووردا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (13) ساڵی (2004). لە بەشی سێهەمی دەقەکەدا و لەڕێگەی کۆدێکەوە کە تێنەگەیشتنی خودەکانی ترو ئەوانی دەسەڵاتە، دەیەوێت بەڕپرسێتی ئازارەکان بخاتە ئەستۆی ئەم کۆدە، بەمانایەکی تر گەر خودەکان و ئەوی دەسەڵات تێبگەیشتنایە ئەوا بە لای شاعیرەوە دەقەکە بەرەو ئاراستەیەکی تر دەڕۆشت یان هەر لەدایک نەدەبوو . لە بەشی کۆتایی شیعرەکەشدا، بێ ئاگایی و کەمتەرخەمی و بێ بایەخی و تێنەگەیشتنی ئەم کۆدە گورزێکی کوشندەیان لە خودی شاعیر داوە بەمەش شاعیر هەتا هەتایە بەم جۆرە ئازارانەوە دەمێنێتەوە و دەنالێنێت. جگە لەمەش شیعرەکە، تێکڕا باس لە قۆناغێکی زەمەنی دەکات. ئێوارە ئاماژەیە بۆ ئەو زەمەنە. جۆری زەمەنەکەش تاریک وتاڵە ,بەڵکو ئاوابوونی زەمەنە ئەکتیڤەکانە.لەم زەمەنەدا تراژیدیای بونەوەر بەدی دەکرێت.زەمەنە ئەکتیڤەکان بەرەو تەراوگە وياخیبوون ,یان خۆکوژی دەچن. ئەوی دەسەڵاتیش بواری نەداوە بەخودەکان کە ممارسەی دەربڕینە سروشتییە لیریکییەکانی خۆیان بکەن.یان چێژ لەناوەڕۆکی دۆخە سۆسیۆلۆژییە سۆزدارییەکان ببینن.لەم لاشەوە تێگەیشتنەکان هێواش دەڕۆن، باوەڕەکان لە خاچ دەدرێن.خودەکان لەخۆیان ناگەن، کۆکردنەوەی خودەکانیش لە بازنەیەکدا کرداریکی مەحاڵە.سەرجەمیان دەزانن ئازار چییە بەڵام هەستیان لاوازە. خودی شاعیر ,لێرەدا,واقی وڕماوە ، هەنگاوەکانی ئەمیش فۆبیاوییە .ترسێکی لە پرسیارەکانیدا هەیە ، هەروەک لە بەشی یەکەمی شیعرەکەیدا بەدی دەکرێت لەکاتێکدا ناتوانێت سەرچاوەلێگرتنی ئازارەکان دەستنیشان بکات کە کێن ئەوانەی هەست وجوانی سۆزەکان دەکوژن .بەمەش شاعیر ناچارە بەرەو خواستە ڕۆمانسیزمییەکان بڕوات کە ئەمەش جۆرێکە لەچاوبەستی. چاوبەستیش هەروەک لە لێکۆڵینەوەیەکمدا بە ناونیشانی ((التحایل النصی–دراسه مقارنه)) گۆڤاری زانکۆی تکریت 2009 باسی لێوە کراوە بریتییە لەدامەزراندنی دەقێک لەسەر بنەمایەکی قوڵی ڕۆشنبیری وهونەری وسایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی,تەنانەت دەبێتە ڕژێم وياسایەک بۆ شتە گونجا و نەگونجاوەکان.وێنەکانی دەچنە فەزایەکی نادیارەوە کە تواناکانی لەڕووی تەکنیکەوە بەهێزترە لە دەمامک . واتە جۆرێک لە دەربڕین کەتوانای بەستنەوەی هەستەکانی بە نەستەکانەوە هەیە ئەویش بەشێوەیەکی ناسروشتی .ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە خودی شاعیر نایەوێت ڕاستەوخۆ بچێتە نێو ململانێکانەوە ,بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دەیەوێت وێنەیەکی تری زەمەنیمان بۆ دروست بکات کە هاوشێوە بێت لەگەڵ وێنەکانی مەسیح و حەلاج.

بەمانایەکی ڕوونتر خودی شاعیر، لەپێناو ڕۆژە شیعرییەکەیدا، دەیەوێت چێژ لە ئازارەکان ببینێت پێچەوانەی هێزی دەسەڵات,ئەمەش لەپێناو سەلماندنی دەسەڵاتی خودی بکەر کەئەمیش خاوەن دەسەڵاتە ودەتوانێت خودە هاوشێوەکان بخاتە گریان وڕپسیارکردن.واتە تا گوشاری ئەوی دەسەڵات لە زیادبوندا بێت ئەوەندە خودەکان بە شاعیریشەوە لە حاڵەتی خۆئامادەکردندان بەرەو ڕۆژەی بەها جوان و گەورەکان . لە شیعری "خۆکوشتن " یشدا دەڵێت:

(– ئای..کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت.. لەقوڵپی خوێنتا گەرم گەرم بێتەوە؟
یان مردن بمرێ و لە ژووڕەکەتا.. هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟)
– کە نیوە شەوان.. هانا بۆ مەرگ.. مەرگی خۆم ئەبەم
ڕوخسارێکی کاڵ.. لەدووڕەوە دێ.. کاڵ هەر وەکو تەم
هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ..
لەپڕا ئەڵێم.. ئای.. خۆ هاتووە!
سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم
زەردە ئەیگرێ و
زۆر بە خامۆشیی.. لە سیمای مردووم.. ورد ئەبێتەوە..
منیش چەقۆکە ئەشارمەوە..
نەفرەت لە بیری خۆکوشتن ئەکەم
پێ ی دەڵێم.. گیانە.. ئاگر لە گیانی تەزیوم بەردە..
با دڵ و سینەی پڕ لە ئازارم لەت و پەت نەکەم
زەردە ئەیگرێ و
کە هەنگاوێکیش بەرەو ڕووی دەنێم..
بەجێم ئەهێڵێ..
سیمای کاڵ.. کاڵتر.. کاڵ دەبێتەوە
دیسان ژووڕەکەم کەیل ئەبێتەوە لە زایەڵەی گۆڕ..
هەزاران تابوت.. لەناوچاوانما.. ئەخولێتەوە
لەتەم و مژا.. پەل دەهاوم و
جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکەم ئەبەم..
چەند ساتێک نابا.. بەر لە مردنم.. دەگەڕێتەوە
سیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە
سەر لەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە
کوشتنی خۆم بیر دەباتەوە

بەپێی کەوانەی کۆپلەی یەکەم کە لەڕێگەی سروشتی سەرچاوەلێگرتنێکەوە (مرجع) سەری هەڵداوە، خود ناڕەحەت و بێزارە. بە نیازە لەساتێکی دیاریکراودا – نیوە شەو – بەرەو جیهانی یوتوبیا کۆچ بکات. بەڵام لەناکاو، کە تەکنیکێکی جوانی شیعرەکەیە, بە دەنگێک یان ڕەنگێک بۆچوونی خود لە نێگەتڤەوە بۆ پۆزەتیڤ دەگۆڕێت بەمەش کارەکە بۆ ماوەیەک دەوەستێت. بەکاڵبوونەوە و کزبونی ئەم ڕەنگ و دەنگە ، جارێکی تر بڕیاری سەرەتا دەردەکەوێتەوە .بەم شێوەیە شیعرەکە ,کە لەسەر بنەمایەکی بازنەیی یان داخراو دروست بووە، خۆی لەنێوان خاڵی سفر بۆ خاڵی سفردا دەبینێتەوە. بەردەوامبوونەکەش،لێرەدا، بەردەوامبوونی شیعریەکەیە، کە ئەم کارە لەڕووی هونەری و دەربڕینی و ناوەڕۆکەوە لە بەرژەوەندی خودەکانە بە شاعیریشەوە. بەمانایەکی تر مانەوەی شیعریەتی شاعیر پەیوەستە بە گەمەی بەردەوامبوونی نێوان دوو ڕەگەز (ژیان–مردن) یان (مردن–ژیان).

بڕوانە ل 4

پاشماوەی فەلسەفەی بێرگسن لە شیعری محەمەد عومەر عوسمان دا

دیارە توانای بایۆلۆژی کارنامە دەرەکییەکان زیاتر و زۆرتر و گەورەترە لەبایۆلۆژیەتی شاعیر.لە هەمان کاتدا بەدەرکەوتنی شێوەکان –سیما غەریبەکە– گورێک دەدەن بە توانا بایۆلۆژیەتییەکەی شاعیر . لێرەدا خود ,لەزەمەنی دەقدا,خۆی نادات بەدەست قەدەری مردنەوە ئەمەش هەستکردنە بە جۆرە بالانسێک لە نێوان هەرسێکۆچکەی: خود و ئەو بابەت. ئەمە بە مانا گشتییەکەی. لەڕووی نەسەقی دەقەکەشەوە پێویستە ئەو پرسیارانەمان لا دروست بێت کە : –هۆکاری خۆکوشتنەکە چییە و کێش بەرپرسە لەم کارە ! لە کاتێکدا شاعیر ژیانی خۆش دەوێت و لە بنەڕەتدا نەفرەت لە خۆکوشتن دەکات ، یان بە مانایەکی تر خۆشەویستی بۆ(ئەوی) تر وایکردووە کە نەتوانێت دەستبەرداری ژیان بێت.لەڕووییەکی تریشەوە گەر شاعیر توانای خۆکوشتنی خۆی هەبێت ئەی بۆ چی توانای ململانێکانی نەماوە و ئیرادەکانی لاوازە ! بەمانایەکی ڕوونتر شیعرەکە بەرزبوونەوەو دابەزین لەهەڵچوونەکان بەخۆوە دەبینێت. لەو کاتانەی کە سەرچاوەکان پشتگیری کوشتن دەکەن ئەوا ڕووبەری دەقەکە بەرەو تەسکبوونەوە دەچێت . بەپێچەوانەوە ڕووبەری دەقەکە بەرەو فراوانبوون دەڕوات. ئەمانە هەموو ئەوە دەگەیەنن کە ئەوانی بەرامبەر بەدەسەڵاتیشەوە شاعیریان هەراسان کردووە و لەولاشەوە تووشی دڵەڕاوکێیان کردووە. دامرکانەوەش کارێکی ئاسان نییە چونکە هەراسانبوون وبێبەشبوونی خود کردارێکی گشتگیرییە وتەنها پەیوەست نیە بەخودی شاعیرەوە.

– پرسیار بکەین لە دانانی ناونیشانەکە لە کاتێکدا شاعیر ئەوەندەی ئارەزووی مانەوەیە ئەوەندە ئارەزووی مردن نییە بەوپێیەی ووڕەی بۆ ژیان بەرزترە لەمردن ئەویش بە هۆی گوشاری هیواکانی ژیان لەسەر خود و خودەکان,ئەمەش بەوپێیەی دووبارە بوونەوەی ئەم وێنانە,لەڕووی سایکۆلۆژیاوە, بەهێزتر و کاریگەرترە لەو وێنانەی کە باس لەمردن دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە, شیعرەکە، لەڕووی مەجاز و واتا ماناییەکانەوە,بەوێنە مانەوەییەکان دەمێنێتەوە . لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم ناونیشانە شەرعیەتی خۆی هەیە ئەویش بە سەرنجراکێشانی خوێنەر، لەئێستا وئایندەدا, تا بزانێت خودی شاعیر لەپێناو چیدا خۆی دەکوژێت. خۆ کوشتنیش لە دەقە شیعرییە لیریکییەکاندا کارێکی ستەمە و لە پشتیەوە کۆمەڵێک فاکتەر بوونیان هەیە. –پرسیار بکەین و بزانین بۆ چی شاعیر نیوە شەوی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجامدانی خۆکوشتنەکەی لە کاتێکدا ، بەپێی بایۆلۆژیەتی زەمەن ، ئارامترین کات ئەو کاتەیە و هەڵچوونەکان بەرەو دابەزین دەچن . بۆ ئەمەشیان دەشێت بوترێت گوشاری دڵە ڕاوکێکان و لاوازبوونی بایۆلۆژیەتی شاعیر لە لایەکەوە وای لە خود کردووە کە فەزای خۆکوشتنەکە داخارو بێت و کەس ئاگاداری کات وسەرچاوەکانی نەبێت . لە لایەکی تریشەوە ، گەرچی وا هەست دەکرێت کە شاعیر لە دەقەکەیدا تووڕە بێت ، بەڵام هێمنییەکان ڕاستی ئەم بۆچوونەن,چونکە لەپشت کاری خۆکشتنەوەکە نەخشەیەکی نهێنی هەیە.کاتەکەش کاتێکی شاعیرییە و وێنە میتافیزیکییەکان لەو ساتانەدا کاریگەری خۆیان دەبینن. دواتر پرسیار دەکەین ئەو ڕوخسارە غەریبە کە لەئاسۆیەکی دوور دێت و دواجار سیمای نامێنێت خۆی لە چیدا دەبینێتەوە ! بۆ ئەمیشیان ،دەشێت بگوترێت کە شاعیر لە بنەڕەتدا – بە نمونەی ئەم شیعرەوە – لە نێو جیهانی دڵە ڕاوکێدا دەژی. دڵەڕاوکێش هەردوو جەمسەرەکەی (ژیان–مردن) وەک یەک نابینێت گەر چی هەردوو جەمسەر,لەڕووی ئەنجامەوە, یەکسانن .کەواتە چەپ و ڕاستی بیرۆکەکە دڵە راوکێیە وشاعیر هەندێک جار لەناخدا بڕیاری خوکوشتن دەدات و هەندێک جاری تریش پێچەوانە.

لەلایەکی تریشەوە، هیواکان خۆیان دەبنە ئەو ڕوخسارە غەریبە یان ئەنجامی دایەلۆگەکانی نێوان خود و ئەو یان ئەوانی بەرامبەر جۆرە سیمایەک دروست دەکەن، یان بیرکردنەوەکان لەساتە وەختی هەڵچوونەکاندا مەرج نیە خۆکشتنی لێ بکەوێتەوە چونکە بەپێی گریمانەکان شاعیر لەچاوەڕوانی ڕووداوی زەمەنەکاندایە و بەزوویی بڕیاری خۆکشتنەکە نادات. بەمەش زەمەنی خۆکشتن دوادەکەوێت بۆ کاتێکی نادیار. لە شیعری "ژەنەڕاڵی پایز "دا دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پایز..
منی هەگیز ئۆقرە نەدیو
ژەنەڕاڵم.. ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و
ملیارەها گەڵای وەریو
****

منم ژەنەڕاڵی پایز..
کاسکێتەکەی سەرم هەورەو
ئەستێرەکانی سەرشانم چەند گەڵایەک بە ڕەنگی زیو
پاڵتۆی بەرم کزەبایەو
شمشێرەکەم لقی درەختێکی ڕزیو
****

منم ژەنەڕاڵی پایز..
درەختی ڕووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم..
منیش نازناوی شەهیدم دا بە گەڵای هەڵوەریو.. و
کردمە تاکە ئازیزم
لەیەک ساتا خۆم کۆرپەی گەڵاڕێزان و
هەرخۆشم باوکی پایزم
****

منم ژەنەڕاڵی پایز..
خوێنێکی زەرد بەنێو دەمارما دەگەڕێ و
چاوم هەروەک هەور نمناک
تەنیا من بووم کە لە تابووتی شوشەدا..
چەندین گەڵام سپارد بەخاک
****

منم ژەنەڕاڵی پایز
من بووم لەگەڵ زریانی بیرچوونەوەدا.. کەوتمە جەنگ و
زۆر گەڵام دەرهێنا لە چنگ
من بووم شەوی گەڵاکانم..
خستە ژێر باڵی تریفەو – ورشەی گزنگ
*

منم ژەنەڕاڵی پایز..
پایز بەبێ من هەتیوەو
من بووم وتم بەڵێ تەرمی نسێ ی سەوزە..
گەڵای وەریوی کۆچ کردوو
تەنیا منم کە لەمیحرابی پایزا..
بۆ گیانی زیندووی گەڵاکان..
نوێژی شەهید دائەبەستم..
ناوی نانێم نوێژی مردوو
سلێمانی/شەوی 1990/2/28

شاعیر هەروەک لە ناونیشانەکەدا بەدی دەکرێت، لەڕێگەی هاوکێشە بابەتییەکەی نێوان خۆی و پایزدا، دەیەوێت بیسەلمێنێت کە هێزی ئازارەکانی گەلێک زیاترە لەوی بەرامبەری.

بڕوانە ل 5

پاشماوەی فەلسەفەی بێرگسن لە شیعری محەمەد عومەر عوسمان دا

گەر پایز هێما بێت بۆ ناڕەحەتییە سایکۆلۆژییەکان، ئەوا خودی شاعیر زیاتر پێویستی بەو ناڕەحەتییە هەیە و چێژیشی لێ دەبینێت.لێرەدا خودی بکەری شاعیر مافی خۆیەتی کە ئەو زیادە ڕۆییە بکات لەسەر دەنگی پایز، چونکە خۆی بەپاڵەوانێکی چیرۆکە تراجیدیاکە دەزانێت و کۆرنووش بۆ ئەوی بەرامبەر نابات.بەمەش گوزارشتکردن لە بارە سایکۆلۆژیاکەی خۆی ڕووبەڕێکی گەورەی سروشتی میتافیزیا نا تراجیشنەکەی داگیر کردووە. بانگەوازەکە زۆر بوێرانە هاتۆتەوە بەو شێوەییەی کەشاعیر مەبەستێتی. بڕگەی ((منم ژەنەڕاڵی پایز)) کەبەڕێژەی شەش جار دوبارە بۆتەوەکە جۆرێکە لەبەرەنگاربوونەوە دژ بەو کەرەستانەی کە گوزارشت لە ئازارەکان دەکەن .ئەمەش ڕاستێتی وڕاستگۆیی چەمکی پەیوەستێتی بەدەر دەخات بەرامبەر بە ئەوی بەرامبەر.ئەمانەش ئەوە ناگەیەنن کەخودی شاعیر خوازیاری دروستبوونی بۆشاییە گەورەکان بێت لەنێوان خۆی و پایزدا، بەڵکو پەیوەندییەکەیان و تێکەڵبونیان لەگەڵ یەکتری هاوشێوەی صوفیەکانە. لێرەدا پرسیارەکە لەوەدایە کەدەڵێت ئەو (ئەوە)یە کێیە کەشاعیر دەیەوێت بۆی بسەلمێنێت, کە ژەنەڕاڵی ئازار و خەمەکانە. گەر چی (ئەو) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیار نییە ، بەڵام گریمانەکان بە لای ئەوەمان دەبات کە شاعیر عاشقی مەسەلە گەورەکانە و پشتگیریشی لێ دەکات .ژەنەڕاڵ وەک ووشەیەکی فەرهەنگی پەیوەستە بە ڕێبازە سەربازییەکانەوە. بەڵام سیمای ئەم ژەنەڕاڵە سروشتییە ودەستکرد نییە ، سادەیە و ئاڵۆز نییە ، ئازایە و ترسنۆک نییە ! توانای گرتنە ئەستۆی مەسەلەکانی هەیە و دڵسۆزیشە بۆ خودەکان .ئامادەباشی پیاوانەی هەیە لە گۆڕەپانی جەنگدا . لە دوور و نزیک ئاگاداری ڕووداوەکانە بە زەمەنی ڕابردوو ئێستاوە. ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن کە شەرعیەتێک هەیە بۆ دروستبوونی ئەم ژەنەڕاڵە ، شەرعیەتەکە پێداویستییەکی فیکری و ئایدۆلۆژیاییە ، ئەو و ئەوان بە بێ ئەم خودە کارەکانیان پێ ئەنجام نادرێت. لەلایەکی تریشەوە خود بە ئاگایە لە پێداویستییەکانی (ئەو) و (ئەوان) وبەباشیش دەزانێت بە دوای چ ناسنامەیەکدا دەگەڕێت. بەمانایەکی ڕوونتر، خود بە باوەڕەوە دەجەنگێت، بۆیە گەڕانەوەی بۆ نییە. دواتر پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە بەوەی چی ئەم بابەتەی خولقاندووە!جارێکی تر گریمانەکان ڕەنگە یارمەتیدەرمان بێت بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی هەستەکان بەرامبەر (ئەوی) مێژوو ، شارستانیەت ، قەوارە ، بوون ، ناسنامە . لەهەمان کاتدا ئەوانەشی کەهۆکاربوون بۆ شکاندنی هیوا وئامانج و ئارەزووەکان کەپێشتر جۆری ڕێکەوتنەکان شێوازێکی پڕۆتۆکۆڵی لەخۆ گرتبوو.لەم گۆشەیەوە خود ناچارە نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا بکات ولەهەمان کاتیشدا سەرکەوتنەکانی خۆی بۆ ئەوان ئاشکرا بکات ئەویش لەڕێگەی خەباتی خودەکان و شەهیدبونیان کە هەمیشە لای خودی شاعیر بە زیندویتی دەمێننەوە . ئەمانەش بەومانایە دێن کە شاعیر لە ڕێگەی دەمامکێکەوە توانی مەبەستێتی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت.

لە شیعری "تەنیایی"دا دەڵێت:

سەدەها سەگ پێم وەڕیوە..
کەڵبەی تیژیان لەو دەستانەما نوقم کرد
کە نانی تیابوو نەوەک بەرد
درەختە پایزییەکانیش منیان جێهێشت..
کە دڵی سەوزم دیاریی بوو نەک گەڵای زەرد
فەرامۆشم..
فەرامۆشم وەک تارژەنێکی مەزنی..
نیشتەجێ بووی شارێکی کەڕ فەرامۆشم..
فەرامۆشم وەک زەنگی ئەو کەنیسەیەی..
بووبێتە بنکەی سەربازیی و زەخیرەی شەڕ

سلێمانی/شەوی 1987/8/6

زەمەنی دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ (1987/8/6). شاعیر بەزمانێکی شیعری و هێمایی، بەشێک لە زانیارییەکانی ئەو سەردەم و ڕۆژگارانەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ناوەڕۆکی گێڕانەوەکە پەیوەندی بەتێکڕای خەڵکییەوە هەیە و تەنها پەیوەست نیە بەخودی شاعیرەوە.

هەر لەبەر ئەمەشە وەک گێڕەوەرێک دەچێتە نێو گێڕانەوەکە. ئەمجارەشیان شاعیر بێزار و ناڕەحەتە بەهۆی پەراوێزخستنی لەپڕۆسەی ژیان.دیمەن و وێنەکان تەواو بەرجەستەی دۆخی زەمەن دەکات.وێنەکانیش لەجۆری ئەبستراکین وڕۆمانێک لەڕووداو وگێڕانەوە دروست دەکەن کەئامادەیە بۆ جۆلەیەکی سەمفۆنیایی پڕ لە ئێش و ئازار . ئەوی دەسەڵات لەبەر سەرقاڵی خۆی بەجیهانی میتریاڵیزم و ئازاردانەوە توانای ڕاڤەکردنی بڕگەکانی ئەم وێنانەی نییە,بەڵکو بێ ئاگایی خۆی لەمەسەلەکان نیشان دەدات.لەم ساتە وەختەشدا (ئەوانی) ڕاگەیاندنیش زانیارییەکان فەرامۆش دەکەن چونکە سەرقاڵی مەسەلە لاوەکییەکانن.لێرەدا لەو پرسیارەوە دەست پێدەکەین کەبۆچی خودی شاعیر تەنیایە وئەوانی تر فەرامۆشیان کردووە.نەک هەر ئەم دەقە بەڵکو دیوانە شیعرییەکەی بەنێوی " لەغوربەتا " ئەوە دەسەلمێنێت کەشاعیر هەر لەسەرەتاوە بێبەشبووە لەبەها زاڵە جوانەکان ولەوڵاشەوە سەرکووت کراوە بەشێوازی جۆراوجۆر وهەناسەیان لێ بڕیوە.ئەمە لەکاتێکدا هیچ کات ئازاری کەسیشی نەداوە.ونبوونی ئازادی ونەخشەیەکی جوگرافی دیاریکراو تەواو شاعیریان گەمارۆ داوە . لەم زەمەنە نالەبارەدا خودی شاعیر تەواو توشی بەنامۆبوون یان یاخیبوون بووە. وەک شاعیر خۆی دەڵێت,هەر چوار دەوری گیراوە و لە ناوەڕاستیشدا سەگەکان بێ هەست وبێ بەزەیی کەوتونەتە وێزەی خودی تەنیا.فەرامۆشکردنیشی ئەوەندەی تر شاعیریان بێزار وتەنیا کردووە .هەرلەبەر ئەمەشە زەمەنەکان لەبەردەم شاعیردا قوفڵیان لێدراوە وناکرێنەوە بەوپێیەی هەمیشە خۆیان لەزەمەنە جیاوازەکاندا دووبارە دەکەنەوە بەبێ گۆڕانکاری.لێرەدا جیاوازی نامێنێت لەنێوان زەمەنی دەق وگێڕانەوە ونووسیندا. دواتر پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە کەدەڵێت هۆکاری ئەم وەڕین و ئازارە چی یە ! تۆ بڵێی قەدەری خود ئەمەی خواستبێت یان کارەکە کارێکی جیناتی وبۆماوەییە!نەک هەر بۆ خودی شاعیر بەڵکو بۆ هاوشێوەکانیش کەتێکڕای خەڵکی پێکهێناوە.هەروەها مەترسی خود چییە لەسەر ئەوی بەرامبەری نەیار! یان ئەوی بەرامبەر چی دەوێت لەئەمی خود و بەرنامە پیرۆزەکەی .گەرچی ئەم وێنانە وەک نەسەقێک لە دەقەکەدا نەهاتوون بەڵام سیاقە مێژوویی و سیاسییەکان هەمیشە جەختیان لەبێبەشبوونی تاکی کوردی کردووە. لەپاڵ ئەمانەشدا ، خودی شاعیر وەک خودێکی سادە خۆی نیشان دەدات لە جیاتی چەک نانی ژیانی لە دەستدایە ، هیچ مەترسییەکی لەسەر ئەوی بەرامبەر دروست نەکردووە .لە دوا بڕگەی شیعرەکەدا ، شاعیر ئاماژە بە چەند وێنەیەک دەدات کە ڕەنگە بە لای هەندێکەوە لاواز بێت لە کلتوری خودی شاعیر ئەویش بەکار هێنانی ووشەی زەنگ و کڵێسایە کە بۆتە بنکەی سەربازی و زەخیرەی شەڕ . لێرەدا,بەپێی گریمانەکان ، زەنگی کڵێساکان گەرچی هێمای ئاگادارکردنەوەیە بەڵام لەلای شاعیر دەنگەکانی بێ دەنگن ، کڵێساش شوێنێکی ئایینی و ئامینە ، خەڵکان لەکاتی پێویست و جەنگدا پەنای بۆ دەبەن ومەرج نیە لەڕێگەی زەنگەکانەوە پێناسەی بکرێت. لە سەرو ئەمانەشەوە تەکنیکێکە زۆربەی شاعیرانی نوێ ,بەئینگلیز و کورد و عەرەبەوە, پەنایان بۆ بردووە ئەویش لەپێناو شکاندنی سنوورە تراجیشنەکان یان بەکارهاتووە بە مەبەستی پەیوەندێتی لەگەڵ ئەوانی دوای هێڵە سوورەکان کەئەمەش لەڕووە کارنامەییەکەوە هیچ مەترسییەک لەسەر ئایینی خودی شاعیر دروست ناکات.

حەمە، ژەنەڕاڵی پایز، ئاوارەیەکی نێو وجود!

نووسینی: گۆران مەریوانی، نەخشەدانان- هیندوستان، نۆکتۆبەری ٢٠١٩



هەر لە منداڵیەوە هاوڕێ بووین. من و ئەو، من و حەمە.

بە منداڵی، هەرچەندە کەسمان شەڕانی نەبووین، زوو-زوو بەیەکدا هەڵدەپژاین. دواییش، زوو ئاشتەبووینەوە. بە گەورەییش هەر وابووین، مەخابن. هەروەک لە دوانامەی ئەودا {لێرەدا لاپەڕەی یەکی دەبینن}، تا ڕۆژی هەڵهاتنم، ١٩٧٩، گەر لە شار بوومایا، هەمیشە چەند سەعاتێ پێکەوە دەبووین. پێکەوە دەستماندایە قەڵەم، پێکیشەوە بڕیارماندا، چ بنووسین نابێ لە نووسەرانی پێش خۆمان، بەتایبەتی ڕوانگە، بچێ. هەرواش کەوتەوە. کە ڕوانگە بڕەوی دا، ئێمە پێکەوە تازە تامی وشەمان دەکرد. ئەمن، ١٩٩١، لەتەک دەستەی یەکەم ئاوارانی دەرەوە، گەڕامەوە وڵات. کەسێ منی نەدەناسیەوە. تەنانەت داکیشم. ڕۆژی یەکەم جەمال خەمبار هاتە دیدەنیم. ڕۆژی دووەم حەمە و فاتح عزالدین وەژوورێکەوتن. هێشتا لە هۆڵە گەورەکەمان دانەنیشتبووین گۆتی، (گۆرە) ئا ئەوە بخوێنەرەوە، دەستی برد لە بەرکی چاکەتەکەیدا نامەیەکی چڕ و لۆچی، وەک سەردەمی تازە-نووسینمان، ڕادەستکردم. چاوێکم لێکرد، قەڵەمێکم هەڵگرت گۆتم، ئەمن کەیفم بە پیتی (ج) زۆر نایێ، (جەنەڕاڵم) کۆژانەوەو کردم بە ، (ژەنەڕاڵی پایز)! هێشتا بڵاونەکرابۆوە. ئەوجا کامێرا-ڤیدۆیەکی نایابی ئەودەم، کە لە خوشکە گچکەمم قەردکربوو، دەرهێنا، گۆتم، بە دەنگی خۆت بیخوێنەوە. ئەمن و عزالدین گوێڕادێربووین. چەندجارەکی خوێندەوە و فیلمیمکرد. بە درێژایی مانەوەم، ڕۆژانە، سێ قۆڵی یەکمان دەبینی، زیاتر دەچووینە باخی گشتی، بە یادی ڕۆژانی مێر-منداڵی، لەو جایانەدا کە شیعر، پەخشان، کتێب، سەعی، گفتوگۆ-و دەمەقاڵێمان تووش ببوو، دادەنیشتین و دیرۆکی ڕابووردوومان دەگێڕاوە. فۆتۆمان لە یەکتر دەگرت. حەمە لە قاقای پێکەنینی دەدا و ئەمن دەترسام لە دەرگەزێنێ، گەڕەکی پێشووی خۆیان، سەدای بناسنەوە! عزالدین-ش، کە ئێمە خۆمان لەبەردەمیادا بووین، بە ئەستەم دەنگیمان دەژنەقی! نەخێر، شەڕی منداڵیشمان، بەداخەوە، بە گەورەییش ئیدامەی هەبوو. مەخابن! کە لە شەڕدابووین، (ژەنەڕاڵەکەی) دەکردەوە بە (جەنەڕاڵ)، کە ئاگربەستیش لە گۆڕێدا بایە، دەیکردەوە بە (ژەنەڕاڵ)، تا نامەیەکی نووسی و گۆتی، پەیمانبێ، لەوەو دوا هەر (ژەنەڕاڵ) دەبێ! ئیدی (ژەنەڕاڵی پایز) لە دایکبوو! ئێرە شوێنی باسی شەڕ-و-هەرای نێوانمان نییە. ئەمن لە پێشەکی دیوانەکەمدا، کە زوو-زوو دەڵێم بەو زووانەی چاپدەبێ و هەر نابێ، ڕووبەرێکی گەورەم بۆ هەردووکیان (و یارانی تر) تەرخانکردوە. لێ، حەمە پێی ڕانەگا و نایبینێ. ئەفسوس! ئەم نووسینە چکۆلەیە تەنێ بەشێکی چکۆلە تر لە ئێستاتیکا لەکن ئەو دەگرێتە خۆ. یانی حەمە وەک ئێستاتیکار. چوون حەمە و ئەو گروپەی مە شاعیر نەبووین، بەڵکو ئێستاتیکار بووین و دەبین. ئەو شاعیرێکی خۆڕسک بوو. بە سروشت ئێستاتیکار بوو. ریتم و موسیک هەمیشە دەزاری ڕابوو، هاودەمی بەرهەمی بوو. کە شیعرێکی بنووسیبا، وادەهاتە پێشچاو، کاغەزێکی-مۆری-قەدیم (قۆپیە) وەژێر دەمار-و-ئیحساس، دەگەرمەی خوێن بەربوونی ڕا بنێت و، گەرما-و-گەرم رایکێشێت! بۆ شیعر، کۆپیاتۆرێک بوو لە گۆشت-و-خوێن. نووسەرێکی مە نییە، کلاسیەکانی لێدەرچێ، باسی تەنیایی، گۆشەنشینی، سروشت و باخی بەرینی ڕۆحی مرۆڤی وەک ئەو کردبێ. دونیای تەنیایی ئەو ڕووبەر-و-قوڵاییەکی ڕۆحی هەیە، هیچ پەیوەندی بە زەمان و مەکانەوە نییە.



شیعرە درێژەکەی (لە غوربەتدا) کە مۆری (بەسرە)ی لێداوە، پەیوەندی بەو شارەوە نییەو حەمە بە (بەسرە)ی ڕا گوزەری هەرگیز نەکردوە. لێ ئەو لەلایەک، کەیفی بەوە دەهات مەودایەکی جوگرافی بە تەنیایی خۆی بدا و، لەلایەکی تریش، ماسکێکی کۆمەڵایەتی بوو تا نەڵێن حەمە (شێتە- خەڵکی بە شێتم دەدەنە قەڵەم)، خۆی گۆتەنی. حەمە بۆ ئێستاتیکا دەژیا و پەیوەندی بە دونیای کۆمەڵایەتی و جڤات و کۆمەڵەوە نەبوو. بنکەی کۆمەڵایەتی ئابووری، خێزانداری و ...تاد کە بەشێکی گەورەی پێکهاتەی ناسنامەی مرۆڤی سەردەمە، لەکن ئەو وجودی نەبوو. حەمە عاشقێک بوو بێ دڵبەر و یار. ئەوەش بۆخۆی گەورەترین کێشەی ئەوینە. کە کانی خوڕسکی شیعری ئەو دەنیشێتەوە، ئیدی دەستبەرداری شیعر دەبێ، وەڵێ وەک ئێستاتیکارێک دەژی: ماڵ و چایخانەی قەڵادزێیان تا ئەمن لە وڵاتێ بووم، دوای هەڵهاتنی من: خانەو چایخانەی (گەل)! لەوێندەرێ، لەو کورەی عەشامەتەی ڕا، بە دونیای تەنیایی خۆیەوە دەنێو (گەل)دا دادەنیشت! ئیدی ئەو شیعری تری نەنووسی. دەیگۆت، (گۆرە) شتێکی تازەم نووسیوە، یان خەریکم تەواویدەکەم، لێ تەنێ خۆزگە-فیکر بوو. لە واقیعدا ئەو لە مێژ بوو ماڵی لە خانەی (شیعر)-ەوە بۆ (ئێستاتیکا) گواستبۆوە و، لە وجودا ئیدی کرێنشین بوو. ئایا دەکرا بەردەوامبێ و شیعر بنووسێ؟

دوو وەڵام هەیە. یەکەم وەڵام: بەڵێ. بەڵێ، باش دەکرا، گەر شیعر وەک ئەو شیعرانە بێ کە ئەوڕۆ لە بازاڕیدان! پڕوپاگاندەی سیاسی یان جۆرێکی تر لە قسەی زل لێ بێ-گوزارشت و بێ-ئادرەس. لێ گەر شیعریش بە خوێن، وەک ئەو دەیویست بنووسرابا، ئەوە گوزەشت! شیعری ڕۆژگاری ئەوڕۆ لە کن ئەو، کە بەشەرمەوە ڕووی نەبوو ڕاستەوخۆ گوزارشتبکا، وڕێنەیەکی بێ-تام بوو، یان ڕستەو وشەسازی پڕوپاگاندە، یاخود دێڕ و تەنی قەبە و زەبەلاح لێ خانەی شیعر خاڵی لە گشت ئێستاتیکایەک. وێڕای (ماڵی دزراو). ئەمە هەرە لایەنی جوانی (ژەنەڕاڵی پایز)ـە، کە ئامادە نییە ئەستێرە، داڵ، شیر-و-تیری-ڕزیو-گەڵا-و-درەخت-ی سەرشانی بگۆڕێتەوە بە ستارەی بریقەدار!

درێژەی هەیە! بەشی دووەم بزاڤی تەنیایی لە کن ژەنەڕاڵی پایز و ڕابەرانی ڕوانگە.

تێبینی: نامەکە ڕادەستی هاوڕێم (ئازادی حەمە) کراوەو ئەویش بەمنی گەیاندوە.

پەیڤی هاوڕێکانی ژەنەرالّی پایز- محەمەد عومەر عوسمان

نەی هاوەردی خەم و پایز
نەی هەمیشە لەلام نازیز
بڕۆ ئیتر.. خوداحافیز

تەهای ئەحمەد ڕەسوڵ

محەمەد عومەر عوسمان کە ناوەکەشی هەر لە درەخت دەچێت، درەختێکی پایزی بوو.. درەختێک کە لەنێو کۆڕی ژیاندا لە پایزدا لەدایک ببوو و شکۆفەی کردبوو.. گەڵاکانی زەرد و ئاڵتونی تەڕ و بریسکەدار.. ئەو نەک وەکو پایز.. بەڵکو خۆی پایز بوو و دەشیزانی ژیانی کولەمەرگی و کەساسی خۆی لە پایز دەچێت.. وەک شاعیرانی گۆڕستان و ڕۆمانسییەکان، سەرەتا ئاوابوون و غوربەت کاری تێکردبوو، دواتر پایز کە ئەویش دیسانەوە ڕەنگەکانی لە ئاوابوون دەچوو. حەمە عومەر درەختێکی بەژن کەلەگەتی پایزی بوو.. سەر و قژی وەک گەڵای پایز و قۆڵ و پەنجەکانیشی بەچەشنی پەلک و لقوپۆپی ئەو درەختە.. کاتێک جگەرەی دەکێشا دەتگوت لاسکی درەختێکی خۆی گرداوە و دوکەڵ دەکات.. ئەویش بەچەشنی گۆران ی شاعیر هاوەردی پایز بوو..





لێ لێکچوونی خۆی هێندە زۆربوو هەرگیز بەتەمای ژیانی بەهاری خۆی نەبوو، وەک گەنجێک یان پیاوێک ڕەفتار بکات.. بەڵکو ڕێک و ڕاست لەو درەختە دەچوو کە جیاوازی نەبێت، ئەو درەختە نێر یاخود مێ بێت.. کاتێک دەدوا، بەڵێ دەمولێوی لەژێر سمێڵەوە دەجووڵاند، بەڵام هەمیشە جووڵەی قسەکردنی وەک ڕێنمایی دایکێکی میهرەبان و بەسۆز دەدوا زیاتر وەک لەوەی وەک باوک یان پیاوێک بدوێ. لە شیعری دەمامکدا کە دەمامکی شاعیرێکی وەک یەسەنین و ڤانکوخی هونەرمەندی دەپۆشی.. زۆر لێهاتوو دەمامکی ئەوانی دەخستە ڕوخسار و بەدەنگی ئەوان دەهاتە گۆ، لەو جۆرە شیعرانەدا مەگەر نزار قەبانی وەک ئەمی شاعیر توانیبێتی دەمامکی شیعری لەسەرنێ و ببێتە سوارچاک یان شمشێرەوانێکی عەرەبی. دەبێت چەندە بە گۆڕان ی شاعیر سەرمەست بووبێ کاتێک بۆ پایز نووسیویە: ئاڵتونی دار دەڕژێ بگرین.. پۆلێ باڵدار دەفڕێ بگرین... حەمە عومەر خۆی درەخت بوو و گەڵاکانی تەڕ و بریسکەدار دەچوونەوە هەروەک چاوەکانی، لێ مخابن لەو ماوەیەی دواییدا زیاتر لە گەڵای پەژمووردە و سیس و ژاکاو دەچوو و دەتگوت تەڕیی تێدا نەماوە و هەورێک ناگری بەسەر باڵایدا.. دوێنێ کە بینیم دەتگوت تارماییە بە شەقامی سابونکەراندا دەڕوات و کەس نایبینێ.. من ئێستا بیردەکەمەوە، بڵێی دوێنێ کەس ئەوی دیبێت وا وەک شەبەنگ و تارمایی دەڕوات و بیر لە سیسبوونی خۆی دەکاتەوە و کەس دەرکی پێناکات!! داخۆ چەندە هەلاهەلا و پەرت بووبێت لەناوەوە.. لە کۆمەڵە گەڵایەکی لولخواردوو.. درزبردوو و پەژمووردە دەچوو، نەک ئەو گەڵیانەی جاران تەڕ و بریسکەدار و پڕ ویقار بوون. ئەم تابلۆیەم کە دیمەنی باخی گشتی شاری سلێمانییە.. لەنێوەندیدا درەختێک زیاتر خۆی دەنوێنێ.. هەنوکە لای من ئەو درەختە زۆر لە ژەنەڕاڵی پایز دەچێت، کە هێشتاکە وەستاوە و هەناسە دەدات و باڵی کێشاوە بەسەر دیمەنەکەدا و پایزی خۆی دەژی.

بۆچی ژەنەڕاڵی پاییز خۆی کوشت؟؟؟

کۆمەڵناس حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

ژەنەڕاڵ، هەستناسک و وێژدان زیندوو بوو، مێشک و دەماری – ئەعسابی ئەو مێشک و ئەعسابی مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، ئەوەی لەنزیکەوە ئەم شاعیرە بلیمەتەی بناسیایە، دەیزانی کە چەند بلیمەت و شعور بەرزو ناسکبوو دڵی ئەو لە پەڕەی باڵی پەپوولە دەچوو.. لەچرکەیەکدا تووڕەیی و هێمنی و پێکەنین و هەڵچوون و داچوونی تیا دەبینی.. زۆر سەرسامبوو بە ئەدەبی وجودییەت و عەبەسیەت و ئەو نووسەرو شاعیرو ڕۆمانnووسانەی ئینتیحار یان خۆکوژییان ئەنجامدابوو، نموونەی باڵاو هەرە بەرزی ئینسانی بڵندو سەرووی ئاستی ئاسایی بوون و هەمیشە باسی ژیانی ئەوانی دەکرد، چرکە بەچرکە بەرواری ژیان و وێستگە هەرە گرنگەکانی هەریەک لە بیسەنینی شاعیر و مایۆکۆفسکی شاعیر و هێمێنگوای ڕۆمانnووس و خەلیل حاوی لوبنانی و ڤانکووخی شێوەکار و کێ و کێی دونیای لەبەربوو..

زیرەکی و بلیمەتی کاکە حەمە لەوەدا نەبوو، کە ئەمەش لەڕووی سایکۆلۆژییەوە زیانی هەبوو، هەرهیچ نەبێت بۆ ئەم، چونکە ئەگەر ئەو کەسە هەژاربوو یان نەیتوانیبێت بڕوانامەیەک بەدەستبێنێ و باری فیسیۆلۆژی و دەروونیشی زۆر هەستیاربوو، یان گرێوگۆڵی سایکۆپاتی هەبوو ئەستەمە ڕەفتارو گوزەرانی ئاسایی و بێ گرێوگۆڵ بەرێتەسەر.... بلیمەتی و نەخۆشی دەروونی یان گرژیی دەماریی هەرکەسێک گرێدراوە بە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە و سەرباری ئەوەش هەست بەکەمیکردن و شۆکی بواری خۆشەویستی لە تافی لاوێتیدا مەترسیدارن و شتێک لە لاربوونەوە یان لادانی دەروونی– کۆمەڵایەتی لە ڕەفتار نواندنیدا دێنێتەدی... ئیبداع و داهێنان، کە دۆزێکی پڕ لە ئیشکالیەتە و دەروندروستی سەرچاوەکەی نییە و بڕێک لە گرێی دەروونی و ناساغی ناخ و ڕەوانی مرۆڤ بەرهەم هێنەرەکەیەتی، ئەفراندن و داهێنان دوو جۆرن، جۆرێکیان لای مرۆڤی ئەعساب ساردەوە سەرهەڵدەدات. جۆری دووەم لای مرۆڤی ئەعساب گەرمەوە سەرهەڵدەدات... کاکە حەمە وا خولقابوو، کە سەر بە بەرەی جۆری دووەم بێت... هەڵچوون و تووڕەیی ئەو لە تسۆنامی دەچوو، مەترسیداربوو، بەڵام زیان و هەڕەشەی بۆ کەس نەبوو، بەڵکو بۆ خودی خۆی بوو، هەمیشە دەمار و ئەعساب و ناخی پڕبوو لە کەفوکوڵ، کۆژانی دونیای خستبووە سەرشانەکان و ئەستۆ لاوازەکەی خودی خۆی و هەمیشە خۆی دەخواردەوە... کاکە حەمەی ژەنەڕاڵی پایز بێ ئۆقرەبوو... پڕاوپڕ بوو لە شەپۆل و گڤەو هاژوهووژی ڕەشەبایەک، کە قەدەر پێی بەخشیبوو، چونکە ژیانی سیخناخبوو لە نامۆیی و نەهامەتی بۆ ئەو مێشک و دەمارو ئەعسابە ناسکەی ئەو ئێجگار زەحمەت و قورسبوو... ئەو باریکی گرانی بەسەر شانەوە بوو....!!!! دەروونی ئەو سادەو نۆرماڵ نەبوو...هەمیشە شەپۆلی دەداو بێهەدادان بوو ...

سەرەوتی نەبوو، خەوی نەبوو ، پڕبوو لە ژان، لە خەم، لە پێچاوپێچ....بەڵام شایانی وتنە کۆنترۆڵی سەرەتای گەنجێتی ئەو بەهێزبوو، ئەوکاتەی لە قۆناغی هەرزەکاری و سەرەتای لاوێتیدابوو، ڕێک لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ئیبداع دوای ئیبداع دەکات ..ڕاستەوخۆ لاسایی بۆدلێرو ڕامبۆ و مایۆکۆفسکی و شاعیرە جیهانیەکانی ئەکردەوە، چونکە پێیان سەرسامبوو، ڤانکووخ لەناو دڵ و دەرونیا پاڵکەوتبوو ، بەڵام بەستایلی خۆی، پایزی کردە ڕەمز، ڕەمزێکی نوێی سەر بە دیدگاو قوتابخانەی تایبەت بەخۆی و چوارینەکانی ئەو بێوێنەن و دووبارە نابنەوە .. شتێکی بەڵگەنەویستە لەجۆری کەسێتیە ئاڵۆزەکانی وەکو کاکە حەمە کەمن و ئەمان نموونەی خەڵکی سادە نین و کەچی وا دەرئەکەون کە زۆر سادەن و کوڕی کۆڵان و سەر شەقامەکانن ..

وا نیەو هەرگیز، بەڵام لەمجۆرە کەسایەتیانە لەسەرووی ئاستی ستانداردی کەسایتیەوەن و بەهیچ شتێ دانامرکێن و ناگیرسێنەوەو قەناعەت ناکەن، چونکە ئەمان پێشئەوەی پراکتیکی کردەوەیەک بکەن دەستوپەنجەیان لەگەڵدا نەرمکردووەو دیقەتیان زۆر تیژەو لەوسەرییەوە ئەگەڕێنەوە بە ئەندێشەی فراوانی خۆیان لەمسیان کردووە پێشترو بەلایانەوە دووبارەیەو ئەڵێی کاری دەستی دووەمن، بۆیە زوو لێی بێزار ئەبن و زوو لە شتەکانی دەوروبەریان تێر ئەبن و ڕادەی بێسنووری ڕوئیاو تێڕوانینیان وا ئەکات زوو ئیشباع بن و دواتر زوو لێی یاخی بن و خەمۆکی بگاتە وێژەیان .....

حەمە هەمیشە دڵی تەنگبوو، بێزاربوو، دژی ژینگەو کۆمەڵگەکە دڵڕەقەکەی بوو، دواجار بۆ ساڵێک و دووان گەیشتە وڵاتی سوێد، بەڵام چونکە هەڵگری بیرۆکەو هزری ڕەتکردنەوەو ڕەفزی هەموو شتێ بوو هەر زوو ئەوێشی لەبەرچاو کەوت و گەڕایەوە...!!! ئەمجۆرە کەسێتیە زێدە هەستیارانە بەرگە ناگرن و پەتی سەبرو ئارامگرتنییان قرچۆکەو زوو زوو بیرۆکەی خۆکوژی لەسەر زمانیانەو حەمەش وابوو، دەیانجار لای بەندە باسی خۆکووشتنی دەکرد و شانازی بەو کەسانەوە دەکرد، کە ئەنجامیانداوە...

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەگەر شێرکۆ بێکەسی نەمر لە بواری شیعرداو بەو هەموو دیوانەی داهێنانی بەرجەستە کردبێت، ئەوا ژەنەڕاڵی پایز بە تاقە دیوانێک توانی بگاتە ئاستێکی زۆر بەرزی بێوێنە و پەنجەمۆری خۆی لە بواری شیعردا جێبێڵێ و بووە، داهێنەری دژەباوی نێو گۆڕەپانی یەک سەدەی شیعری هاوچەرخی کوردیمان....

نموونە لەشیعرەکانی:؛

بۆ چوار وەرزی ساڵ نابێتە پاییز؟
تا نیگای ئەوم هەردەم نیشان دا
ئەو نیگایەی لە سنگما ئەسووتێ و
چەخماخە ئەدا لە ناخی گیاندا

****

تو خوا گەر مردم.... گەڵا کفنم بێت..
دەمیشم پڕ بکەن لە گەڵای وەریو
تابووت و گۆڕم چڵی پاییز بێ و
تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو

مەرگی شاعیرێکی پاییزی لە پاییزێکی زووداو

نووسینی: ئازاد بەرزنجی

سەیر نییە خوێنی خۆت بە پاییز بەخشی، چونکە تۆ زۆر لە مێژە پێشبینیی پاییزی نیشتمانت کردبوو، نیشتمانێک عاشقی هەموو شتەکانە جگە لە شتە جوانەکان، نیشتمانێک شەیدای هەموو ناشرینییەکانە جگە لە شیعر و داهێنان، نیشتمانێک هەموو شتێک بە مرۆڤە دزێو و قێزەون و ژیانکوژەکان ڕەوا دەبینێت، جگە لەوانەی ستران بۆ باڵای شیعر و جوانی و ژیان دەچڕن.
تۆ لەمێژە پەیمانت بە پاییز داوە گەر سەنگەری خۆی بۆ بەهاری سەوز چۆڵ نەکات، ژیانی خۆتی پێ دەبەخشیت، ئەی ئەوە نییە دەڵێیت:

داوای شیعرێکی سەوزم لێ مەکە

بەهار لە عومری من بێ بەرییە

بڕوانە قژی ماشوبرنجیم

کە دەفتەرێکی کوێرەوەرییە

ڕاستە، تۆیەکی نەوەی ژان و مێژوویەکی پڕ لە شکست و نائومێدی، شیعری سەوز لەکوێ بهێنیت؟ تۆیەکی نەوەی دوای هەرەس و ڕۆژگاری جەنگ و شەڕی ناوخۆ و زەلکاوی سیاسەتی بەناو کوردایەتی، باس لە کام بەهار بکەیت؟

تۆیەک کە شار پەنجەرەکانی خۆیان خڕ داخستووە بۆ نەڵێیت:

ئەمشەو خەڵکی شار پەنجەرەکانیان خڕ داخستووە
تەنها من نەبێ پەنجەرەکەمم خستۆتە سەر پشت
کێ وەک من پێکی
لە غەمی گەڵای زەرد لێوڕێژ ئەکا
هاکا بە باڵای داریکی ڕووتا
خوێنی خۆمم ڕشت.

بەڵێ، شارێک پەنجەرەکانی بەڕووی ژیان و جوانیدا خڕ داخستبێت، هەر دەبێ تۆ بە باڵای داریکی پاییزیدا خوێنێ خۆت بڕێژیت.
ڕۆژگارێکی چەند دڵڕەقە حەمە عومەر
ڕۆژگارێکە نابێ خۆت بیت
ڕۆژگارێکە نابێ یەک ڕوخسارت هەبێت
ڕۆژگارێکە دەبێ تێیدا پاڵەوانی هەزار ڕوو بیت
ئینجا تۆ بۆت هەیە بژیت
شیعر چییە
شیعر چیی پێ ئەکرێ لەئاست
ئەم بازارە بێ ڕەحمەدا؟
بەڵێ، تۆ خۆرێک بووت بۆ شیعر و جوانی، بەڵام خۆشت دەتزانی، کە خۆری شیعر و جوانی لەم دەڤەرەدا دەمێکە ڕوو لە ئاوابوونە، بۆیە دەستت چوو گەرووی شیعرچڕینت و گوتت:
لۆمەی من مەکەن
بەر لە ڕۆچوونم
خۆم کوشت کە زانیم
خۆرێکم نزیک لە ئاوابوونم
بەڵام بەر لەوەی پەپوولەی ڕۆحم
گڕی مۆمی مەرگ بەربا لە گیانی
ئاگرم لەسەر بەفر کردەوە و
گەرووم لێوڕێژی بەستەی گۆرانی
هەر بەڕاستی تۆ گەرووت لێوڕێژ بوو لە بەستەی گۆرانی، بەڵام گۆرانییەک جیاواز لە گۆرانییە باوەکانی ئەم ڕۆژگارە، گۆرانییەک نامۆ بە گوێی مرۆڤەکانی ئەم ڕۆژگارە، چونکە تۆ "با"ت دەخوێندەوە و ئاگری عەشق چووبووە خوێنتەوە، بەڵام کوان ئەو مرۆڤانەی ئەمڕۆ لە زمانی "با" و "عەشق"دەگەن؟ بۆیە تۆیان بە شێت لەقەڵەم دەدا:

خەڵکی بە شێتم ئەدەنە قەڵەم
نازانن کە من "با" ئەخوێنمەوە
تنۆکی باران حەرفی شیعرمە و
ئاگری "عەشق" چۆتە خوێنمەوە.

بۆیە پەنات بۆ مردن برد، گەرچی مردنیش هەر بە شێتی زانیت:

مردن پێم ئەڵێ تۆ تەواو شێتیت
وشە جێی ژانتی تیا نابێتەوە
سەرخە سەر سنگم، چاوانت لێک نێ
کێ هەیە فرمێسک بخوێنێتەوە.

گەلێ پەیڤ ماون بۆ گوتن سەبارەت بەم مەرگە ڕۆحتەزێنەت حەمە، بەڵام با جارێ بەس بێت.

مااڵی شیعرت ئاوا و ڕۆحت ئاوا.

وێنەکە : چایخانەی شەعب، ناوەڕاستی هەشتاکان

لە ڕاستەوە: بەختیار عەلی، محەمەد عومەر عوسمان، ئازاد بەرزنجی، گۆران بابا عەلی.

ئەدەب و دۆزینەوە...وەڵامێک بۆ چۆڵی جاسم- نووسینی: فاروق هۆمەر

ئێوارەیێکی درەنگی سەرەتای پاییزی دوای ڕاپەڕین بوو، لە کۆڵانێکی ئیسکان دەگەڕامەوە بۆ ماڵێ. لە دوورەوە سێبەری کەسێک سەرنجی ڕاکێشام لە چەقی ڕێگەکە لەناو تاریکاییەکەدا ڕاوەستابوو. کاتێک نزیکتربوومەوە ڕوانیم ئەو کەسە حەمە عومەر عوسمانە و بەسەر شتێکا نوشتاوەتەوە و ناجوڵێ. ئەو شتەش پشیلەیێکی مردوو بوو دیاربوو زۆر نەبوو ماشێن شێلابووی. هەستمدەکرد ئەو بەجۆرێک خەمگینە وەک ئەوەی لەبەردەم مەرگی هەموو دونیادا وەستابێ. ئەوەندە بە تەنگەوە لە پشیلەکەی دەڕوانی وەک ئەوەی بیەوێ زیندووی بکاتەوە. لەبەردەم ئەو پیاوەدا سەرسام وێستابووم کە دوای کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال مەرگی پشیلەیێکیش ئازاری دەدا" دەربارەی ئەوەی ئایە شیعرەکانی حەمە عومەر، دەچنە چ خانەیێکی ئەدەبەوە، ئەدەبێکی ژیاندۆستی یان مەرگدۆستی. ئەدەبێک بۆ ڕەشبینی و خۆکوشتن یان ئەدەبێک بۆ ژیان. زۆرێک هەن دیدێکی سادەیان بۆ ئەدەب هەیە و هەر ڕاگوزاری لە پرسیارە گرنگەکان دەڕوانن و هیچ کاتێک پرسی ژیان و مەرگ و ئەو قۆناغانەی دەکەونە پشتییەوە نابینن. ئایا ئەدەبێک هەیە خوێنەر بۆ مەرگ ڕابکێشێ و ئەدەبێکی دیش بۆ ژیان. ئەگەر ئەدەبێکی وا هەبێ، ئیدی ناکرێ ڕێگە لە مەرگ بگرین و هەموومان باوەش بە ژیان دا بکەین. ئەدەب بۆ خۆی بریتییە لە پرۆسەیێکی قوڵبینی ئەوتۆ کە هەر کەسێکی سادە بۆی ناکرێ مامەڵەی بکات. نووسین تەنیا ریزکردنی ووشە نییە و خوڵقاندنی دونیایێکی پڕ لە ئارامی نییە بۆ خوێنەر. دۆزینەوەی هەناسەکانی کۆمەڵگایێکە کە ئایا توانای هەڵقوڵینی ئارامی تیا هەیە.

حەمە عومەر عوسمان، هەمیشە لە ڕێگەیێک دەگەڕا لە مرۆڤبوونی خۆی ڕابکات و ببێ بە شتێکی دی، تا دواجار لەڕێی هاوار و بەدبەختی گەڵاکانەوە و لە پاییزێکی ئەبەدیی دا دەبێ بە ژەنراڵ، ژەنراڵی پاییز. ئەو ژەنرالەی کە لەڕێی شیعرەوە دەکرێ باوەشێک بۆ هەموو کەسە بێدەرەتان و خەمگینەکانی نیشتیمانی خۆی و دونیاش بکاتەوە کە ڕۆژگار هەڵیان دەوەرێنێ. ئەو گەڵا هەڵوەریوانەی کە چیدی دەرەتانێکیان نەماوە بۆ ژیان و بەوپەڕی حورمەتەوە دەیانێژێ. هەڵبەت لە ڕۆژگارێکی پڕ لە ئاشووب و کارەسات سەختە بتوانی مرۆڤبوونی خۆت ڕابگری. کاتێک لە زەمینەیێک جەنگ هەڵدەگیرسێ ئیدی لەوێ دا شتێک نامێنێتەوە ناوی مرۆڤ بێ و تەنیا دوو ڕێگات لەبەردەمە و سێیەمیان نییە، بکوژیت یان کوژراو. حەمە لە دونیای ناوڕاستی حەفتاکان قام دەکاتەوە، ڕۆژگارێک کورد نەهامەترین کاتەکانی خۆی دەگوزەرێنێ. مێردمنداڵێک لەبەردەم جیهانێکی پڕ لە ئاشووب دێتە دەرەوە، لەوێ دا تاریکاییێک سەرلەبەری ڕێگاکانی تەنیووە.

بۆ ئەوەی لە حەمە تێبگەین، دەبێ لە ئیستای هەڵبگرین و بیگەڕێنینەوە نێو ئەو چوار چێوەیەی کە لێوەی هاتووە. کاتێکیش لەو چێوار چێوەیەوە بۆی دەڕوانین، دەبینین چرکەساتەکانی کورد هەر هەمان درێژکراوەی ئەو ڕۆژگارەیە و شتێکی ئەوتۆی لێنەگۆڕاوە. حەمە هەمیشە لەڕێی شیعرەوە بۆ دەرووبێک گەڕاوە کۆتاییەک بۆ بەدبەختی بدۆزێتەوە و مرۆڤ لە شوێنێک دانێ کە مافی سروشی خۆیەتی. ئەو بەردەوام لە گەڕان دا بووە بۆ دۆزینەوەی دەرووبێک بۆ حەسانەوە.

کاتێک دڵنیا دەبێت دەرووبێک نییە ئیدی ڕێگە بە خۆی نادات درۆ لەگەڵ خودی خۆی و خوێنەرەکانیشی بکات. دەشێ بپرسین لە دونیای کوردی دا، کە سەرلەبەری هەڵوەشاوە، ئەوە چ نوسەرێکە دەتوانێ موژدەی ژیاندۆستی ببەخشێتەوە. کاتێک کە تۆ بۆت ناکرێ ئەو پاڵەوانە بیت، چیت لەبەر دەستە ببەبەخشی نان، ئازادی و ژیان. حەمە ڕۆژگارێک بوو لە گەڕانی خۆی بردەوامبوو، تا ئەو شوێنەی شیعری نووسی، بۆ ژیان نووسی و شیعرەکانی دەلیلی جوانی و ناسکی و مرۆییبوون. ئەو وەک ژەنرالێک ڕۆژانە باوەشی بۆ گەڵای مردوو دەگرتەوە.

کاتێک بۆی ناکرێت مەرگی گەڵایێک ڕزگار بکات ئیدی وەک ژەنرالێکی گەورە لە پاڵ گەڵاکانی هاوڕێ و خۆشەویستانی خۆیەوە دەمرێ. حەمە ئەو مەسیحەبوو تا بۆی کرا هەوڵی دا ئازاری هەموومان هەڵگرێ و باوەشمان بکات. کاتێکیش باوەشی ئەو بچوکدەبێتەوە و جێی هەموومانی تیا نابێتەوە لەجێی ئێمە دەمرێ.

کەسانێک هەن پێیان وایە خۆکوشتن داواکاری و هاندانە و وەکو پەتا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگوێزرێتەوە. نەخێر با لەو دیدە دوورىبکەوینەوە کە پێمان وابێ حەمە خەڵکی بۆ خۆکوشتن هانداوە و ئەدەبێکی ڕەشی بەرهەم هێناوە. حەمە هەر لەسەرەتاوە وەک دۆزرەوەیێکی هەقیقی هات و زۆر بە قوڵی کەشفی دونیای ئێمەی کرد و پێیگووتین بەختەوەری لێرە نییە. مرۆڤانی دۆزەرەوە، وەک مرۆڤانی سادە نین. کاتێک لەبەردەم ڕوانینە قوڵەکانی خۆیان دا دەوەستن قوڵ دەبینن و قوڵ دادەهێنن. داهێنانیش ڕەفتارێکە مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگوازێتەوە. داهێنەران، هەموو ئەوانەی جیهانی ئێمەیان ڕۆشنکردۆتەوە ژیانیان بە بەدبەختی خۆیان کۆتایی هاتووە. داهێنان دواجار دەگاتە شوێنێک کە دەبێتە نەخۆشی. بیرکردنەوەی قوڵ و هەناوبینی کاری هەموو کەسێک نییە. ئەوانەی تووشیان دێ، هیچ هێزێک نییە جوولەیان ڕابگرێ. کۆتایی داهێنان، پڕی چەرمەسەرییە. کاتێک ڤانکوخ گوللەیێک دەنێ بەسەریەوە، چ هێزێک دەتوانێ پێشی پێبگرێ. ئەوە کێیە دەتوانێ بڵێ، ڤانکوخ دۆزەرەوەیێکی داهێنەر نییە. ئەوە کێیە دەکرێ بڵێ ئەو ڕۆشناییەی ناو تابلۆکانی ڤانکوخ ژیانی پڕ لە حورمەتی مرۆیی نەکردووە. ئەوە کێیە دەتوانێ بڵێ شیعرەکانی حەمە عومەر پڕی ژیاندۆستی نییە. ئەو شیعرانەی کە بۆ هەتایە دەژین. ئەو شاعیرەی لە مرۆیی خۆی هەڵات و بوو بە ژەنرالێک و ئەمجارە ئازارەکانی هەموو گەڵاکانی بۆ خۆی برد.

حەمە گیان بە دۆعای ئەم شیعرەت ئەسپێرم

حسێن بەفرین

(محەمەد عومەر عوسمان) لەگەڵ منذا لە ساڵی1976ەوە تێکەڵاوی هەیە. ئەو کات گەنج بوو، تازە دەستی دابووە شیعر نووسین، کە من و ئەو یەکمان ناسی، هەر چەند لە خانووەکانی کارگەی جگەرە دراوسێ بووین. من ئەو کات عادەتێکم بوو، کە گەنجێکی وەک ئەوم بناسی بایە و داوای ڕێنوێنی لێ بکردمایە، بە پێ ی تێگەیشتنی خۆی هەندێک سەرچاوەم بۆ دیاری ئەکرد و ئەویش بە زۆری ئەچوو لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی پەیدای ئەکرد و خۆی پێوە خەریک ئەکرد، بۆ (حەمە عومەر)یش هەر وام کرد، ئیتر شەوانەش بە زۆری سەردانی ئەکردم، شەوێکیان باسی خوێندنەوەی کتێبێکی کرد لە سەر ژیانی (مۆباسان)، وتی: سەیرە لەو کتێبەدا ئەڵێ مۆباسان هاتووە لە بەردەمی ئاوێنەدا وەستاوە و بەگوێزان خۆی سەربڕیووە). منیش کە هەستم بەو مەترسی یە دەروونی یەی ئەوکرد پێم وت: ئەوە شتێکی درۆیە و ئەسڵەن مۆباسان خۆی نەکوشتووە، ئیتر لەم قسانەم زۆر بۆ کرد، بۆ ئەوەی وەها شتێک لە سەریدا نەمێنێ. بەڵام بە داخەوە دوای ئەو هەموو ساڵە (حەمە) ئەو حەزە دەروونی یەی خۆی هێنایە دی، کە من پێ ی کاس بووم و پێم وا نیە (حەمە) بەو هەموو یادگاریەوە، کە لای من هەیەتی لە بیر بچێتەوە، چونکە ئەو هەمیشە وەک برا گەورەیەکی خۆی گوێی بۆقسە و ئامۆژگاریەکانی من ئەگرت و هەرگیز بە قسەی من ناڕەحەت نەبووە. بە داخەوە بۆ دوا جار بینیم بەو شێوەیە مااڵ ئاوایی لێ کردین، سڵاو لە خۆت و شاعیریەتیت (محەمەد عومەر عوسمان)ی خێر نە دیوو: تەنها شتێ بۆ مااڵ ئاوایی کردنی ئەم شیعرەیە کە تایبەتە بەو

ژیان(فەرشی سوور) ڕا ناخات بۆ هەر کەس هاتە دنیاوە
وردە وردەش گەورە ئەبی لەو خێزانەی تۆی تیا زاوە
کە ئەبیتە ئەو مرۆڤە لە سەر دوو پێ ی خۆت ئەوەستی
لە پێناوی ما نە وە ی خۆت ڕێگە لە مردن ئەبەستی
بە خۆت نیە بە ناو خۆشی و ناخۆشی دا دێیت و ئەڕۆی
جار جار تامی خۆشی ئەکەیت جار جارێکیش گەڵێ نامۆی
ئەمە یا سای بنە ڕە تە لە ڕا ستە ڕێ خۆ ی لا نا دا ت
بۆ یە هەتا دوا هە نا سە فوو لە چرا ی بوو نیش نا کا ت
ئیتر نا زا نم لەبەرچی کاری وا نا ڕە وا ئەکەیت
بە ئاسا نی وا بەو جۆرە : دەست بۆ ڕێ ی (خۆکوشتن) ئەبەیت؟

پەیڤی هاوڕێکانی ژەنەرااڵی پایز- محەمەد عومەر عوسمان

مااڵئاوا پیاوە جوانەکەی شاری سلێمانی و بەردەم چایخانەی شەعب. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نمونە جوانەکانی شار یەک یەک سلێمانی چۆڵ دەکەن و جێمان دێڵن.

ڕۆحت شاد ژەنەرااڵی پاییز
شاعیرێ .. خۆی کوشت!
قەڵەمێ ... شکا
کتێبێ ، گڕی بەردایە گیانی..
لەچاوی خوداش ، فرمێسکێ تکا..
کاتێک کە ناشتیان ،
مەزارەکەی بوو بەکۆڕی شیعرو
نزاش ... گۆرانی!
بەندی عەلی
لە منەوە بۆ ژەنەرااڵی پاییز....

هەواڵی کۆچت لە تەوقی سەرم
هەتا بەری پێم گیانی تاسانم
هەر وەکو گەاڵی وەریوی پاییز
فرمێسک ئەچۆڕێت لە چاوەکانم

ئارام قزڵەری
ستۆکهۆڵم
٢٢/١٠/٢٠١٩

ژەنەڕاڵی پاییز

هەڵمەت هوشیار

–١–

ژیانی بە پاییز بەخشی
گەاڵ بۆیە سەرچۆپی کێش و
داری ڕووت جۆاڵنە
بۆ جەستەی سڕی.
***

–٢–

بەم پاییزە مەچۆرەوە
ئاخر هێشتا گەاڵیەک ماوە
سەرچۆپی بکێشێت و
داڕێک شک دەبەین
چیرۆکی ڕووتبوونەوەی
بنووسیتەوە.



پەیڤی هاوڕێکانی ژەنەرالّی پایز- محەمەد عومەر عوسمان

گۆڕەکەم پڕە لە گەڵای وەریو
هەر گەڵایەکی شیعرێکی منە
بەسەر لاشەما گەڵا دەباریّ
پایز خەمێکی دەریای بێ بنە
*****

کزەی هەناسەم وەک سروەی پایز
ئەدا لە هزرو ڕامان و فیکرم
پایز چ پایز گەڵا ڕێزانە
شێواوە ترپەو خەیاڵی شیعرم
دکتۆر عەباس ساڵح عەبدوڵڵا

حەمە گیان حەمە گیان ئەم بەیانیە بۆ پێت نەوتم ئیتر نیازمە وەک (یەسەنین) بۆ دوا جارە پایز ئەبینم.

تۆ بڵێی!...
خاڵە بەکر
ئەم دوا بڕیارەت لەدوا مەنزڵێکی پایزیا بۆت نەبێت
بەغوربەت.؟
بڕیاریش بێت نەیەم بۆ پرسەکەت!..
لەجیاتی مزگەوت!...
ژێر درەختێکی ئەم پایزەت بۆ بکەم بەمەراسیمی
پرسەکەت.
سبەی وەک ڕەنگی قژت
پۆشاک ئەپۆشم
بەدیار گەڵایەکەوە ئەگریم و
ئاهی پڕ حەسرەتت بۆ هەڵەکێشم.

نیازمە!..
ئەمشەو کەمێکی تر!..
تەرمەکەی حەمە بگوازماوە
لەگەڵ تەرمی خۆما بینێژم!.
ئەغیارانیش!..

تەنها دوو گەڵای ئەم پایزە
بکەن بەکێلی دوا مەنزڵ دوا نزرگەمان

***

بەرزان هەستیار

حەمە گیان بۆنی تۆم لێ نابێتەوە، کەسەکەممممممممممممممم.
کەس وەک تۆ وێرانی نەکردمممممممممم
سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیزم کاک ئاراس عوسمان،
کە ئەمشەو ئەم وێنانەی بۆ ناردمەوە.
حەمە گیان کەس نییە تووڕەبوونی لە هێمنییەکەی جوانتر بێت.
کەچی تۆ وا بوویت.
کەس شک نابەم لەلوتکەی هەڵچوون و قووڵبوونەوەی برینەکانی
ڕۆحیدا بە زەردەخە و پاشان بە قاقایەکی بەرز ی گاڵتەجاڕییەوە
بڵێ : دنیا فشەیە.. ئا بێنە هەتیو جگەرەیەکم بەرێ.
حەمە گیان یەکەم جارە لە ژیانما بزانم پاییزیش
وەک مناڵ هەتیو ئەکەوێت.
کەسەکەم ، تا تۆبان هەبووبت نە گەڵا هەستی بە هەتیویی خۆی دەکرد
و نە درەختیش بەکۆستکەوتن.
حەمە عومەر عوسمان، حەمەی پاییز و تەنیاییەکان، تاڵ بە تاڵی قژە
سپییەکەت ماچ ئەکەم کەسەکەم.ماڵئاوا، جەنەڕاڵ گیان نەدەبوو تۆ وا
زوو جێمانبێڵیت.
چەند جوانە بیر لە پشیلە بکەینەوە....
بەرلەوەی بە خواردنی کۆترەکان تاوانباری کەین
حیکمەتی خۆی هەیە، لەسەر دەنکە گەنمێک...
شارە مێروولەیەک نەسووتێنین؛
بۆ دزیینی شیلەکانیان...
هەنگەکان سەرگەردان نەکەین ؛
بە قسەی "حەمە عومەر عوسمان "* بکەین و
بۆ ساتێک گەرمبوونەوە...
گڕ لە گەڵا ناموراەکان بەر نەدەین

تەموزی 2010 پاش کۆتایی کۆرە شیعرییەکەم لە هۆڵی تەوار لە سلێمانی...

وەسیەتنامە

دڵنیا بن ، خۆم ناکوژم
ئەو ڕۆژەی هەواڵی مەرگم
بەپەنجەی کوڕی پرسیارێ
لەپەنجەرەی گوێتان ئەدات،
باش بزانن..
یان بەدەستی سووری مەراق،
یان بەدەستی..
کرێکارێکی نێو کارگەی
خاوەن مەراقێ .. کوژراوم!
تا تڕۆپکی کەللە ڕەقی
لەگەڵ خۆکوشتنا دژم..
ئەگەر مردم..
لە هەواری سەرسوڕمانا
لە شاری وەهم و گومانا،
بۆ هۆیەکی دی بگەڕێن
دڵنیا بن .. خۆم ناکوژم
ئەز .. دەمێکە
لەگەڵ خۆکوشتنا، دژم!!

.....

بەندی عەلی - ٢٠١٩

حەمە گیان



توڕە، پڕ سۆزو عەشق، شێت و یاخی، هەر ڕۆژەی ئاگرێک لە جەستەی بەردەبوو، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کێ ئەوی بە دڵە و کێ بەدڵی نییە، حەمە شەیدای ژیان بوو، بەڵام هەر نەیدەتوانی بژی، ژیان هەموو ساتە جوانەکانی منداڵی و گەنجێتی لێسەند.

هاوڕێم...
تۆ سەدەیەک پێش ئێمە هەستت کرد، کە ژیان لەم خاکەدا بێهودەیە، چاکت کرد!!! بە دەستی خۆت چوێتە بەهەشتی خۆتەوە بەرلەوەی فڕێت بدەنە دۆزەخی خۆیانەوە.

کورد و پاییز لەیەک دەچن، هەردوولا هەڵدەوەرێن هەردووڵاش زیندوو دەبنەوە.

شوان باقی

زۆر دەمێکە گوتوومە کورد و پاییز لەیەک دەچن، هەردوولا هەڵدەوەرێن. هەردووڵاش زیندوو دەبنەوە. وەک چۆن هەندێک گەڵا ئەوەندە جوانن یان نامۆن بە گەڵاکانی تر کەدەوەرن جارێکی تر ،گەڵایەکی تر بە هەمان شێوە،هەمان جوانیی،هەمان ناوازەیی بەدی ناکرێت. لەکوردیشدا بەهەمان یاسای گەڵا وەریوەکان هەندێک مرۆڤ، کە دەوەرێن دەبێت چەندەها ساڵ چاوەڕێ بیت، تا مرۆڤێکی تری وەک ئەو بەدی دەکەیت. ئێمە لەڕێگەی ژەنەڕاڵی پاییزەوە جوانی پاییزمان بۆ دەرکەوت، حەزمان لەگەڵا زەردە ڕزیوەکان کرد. دەپێم بڵێ خۆت بە کام گەڵا وەریوە سپارد؟ زیاتر لە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا دەمان زانی، کە دەبوایە ئەم سەفەرەت بکردایە، بەڵێ سەفەرێک بێگەڕانەوە بۆناو دۆزەخ. دەزانم لە وڵاتی قەزاوقەدەردا، چەندەهای وەک تۆ هەن ڕیزیان گرتووە بۆ ئەم سەفەرە. پورزاکەم(حەمید بانەیی)، کەهاوڕێی خۆت بوو جوانترین دەربڕینی بۆ نووسیت:

هاوڕێم...تۆ سەدەیەک پێش ئێمە هەستت کرد، کەژیان لەم خاکەدا بێهودەیە. چاکت کرد!!! بە دەستی خۆت چوێتە بەهەشتی خۆتەوە، بەرلەوەی فڕێت بدەنە دۆزەخی خۆیانەوە. من تۆم بەزیندووی نەناسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو مرواریە جوانانەی وشەکانی نێو هۆنراوەکانتدا، سەربەرزی تۆ لەوەدایە وەک هەندێ لە شاعیرە بێسەوادەکانی ئەوێ قەڵەمەکەتت بە زیندوویی نەفرۆشت.

ڕۆحت شاد....

ئەجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری هۆڵەندیی یۆهانیس فێرمێر

یۆهانیس فێرمێر یەکێکە لە هونەرمەندە گەورە بەناوبانگەکانی چەرخی زێڕینی مێژووی هونەری هۆڵەندا، کە لە نێوان ساڵانی ١٦٣٢ــ١٦٧٥ لەشاری دێڵفت ژیاوە. ئەم هونەرمەندە گەورەیە سەرەڕای شاکارە هونەرییەکانی بەدوو تابلۆی زیاتر دەنگی داوەتەوە، یەکێکیان ئەو کچەی شیر ڕۆدەکات و ئەو کچە گەنجەی گوارەیەکی یاقوتی لەگوێدایە. ئەو تابلۆیەی، واتە ئەو کچەی گوارەی لە گوێدایە، وەک تابلۆی مۆنالیزا وایە بۆ هۆڵەندیەکان، کە لە سەرشێوەی بارۆکە دروست کراوە. هەڵبەتە لەوسەردەمەدا هەر فێرمێر ئەم ستایلەی بەکار نەهێناوە، بەڵکو هونەرمەندای سەردەمی خۆی، وەک گەورە هونەرمەند ڕێمبراند و فرانس هاڵس شێوازی بارۆکینیان بۆ تابلۆکانیان گرتۆتەبەر. بەڵام وەک لە دۆکۆمێنتەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە، فێرمێر ئەو کچە گەنجەی گوارە یاقوتی بەگوێیەوەیە، لەچکەکەی سەری شێوازەکەی وەک شێوازی تورک کێشاوێتی، لەگەڵ ئەوەشدا فێرمێر لەو سەردەمەشدا هاتووە کامێرە دیا، یان شێوەی کامێرە پەڕۆیەکی بەکار هێناوە؟ کە لەڕاسیدا هونەرمەند فێرمێر پێویستی بەو شێوە بەکارهێنانە نەبووە، چونکە خۆی هونەرمەندێکی بەتوانا بووە. لەڕووی پێکهاتەی تابلۆکە زیاتر تاریکی باڵی بەسەردا کێشاوە و کچەکە لەنێوان ٢٠سانتیمەتر دەبێت، تابلۆکە زۆر سەرنج ڕاکێشە، کە سەیرت دەکات، زەردەخەنەیەکی نەرم لە سەر لێوەکانێتی و زۆر بە تەنکی، بۆیەکەی لەسەر دەموچاوەکە بەکارهێناوە، لەکۆتایدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە قەبارەی یاقوتەکەی گوێی هێندەی قەبارەی چاویەتی ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە دەشێت یاقوتەکە ئۆرجینانڵ نەبێت ؟

ڕزگار ئەمین

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

02 November . 2019 Nummer. [77]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ل 1 سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانی 25 دەفتەریۆرۆی بۆ ڕۆژئاوا نارد، هەواڵنامەی ئەڵمانیا ئامادەکردنی: هاوکارمان بورهان ئەمین. بڕوانە ل 5

– ل 2 و 3 بەشی دووەم مەلیک مەحمود لەنێو خوێندنەوەیەکی بونیادگەریدا– پ.د زاهیر لەتیف.

– ل 3 لوتکەی ڕەوشت و پەروەردە، وەرگێڕانی: کەرەم کاکە وەیس..

ل 4 چەند وشەیەک دەربارەی سیستمی میرنشینی لە کوردستاندا!؟ ، لێدوانی بەختیاری شەمەیی.

– ل 6 نامە هندوستانیەکان...نامەی سێیەم – گۆران مەولوانی..

ل 7 بەشی ۲ زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان– وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری کەریم – ئەڵەمانیا. ل 8 و ل 9 لە بیرتان بێ، چۆن دیسان خەیانەت بە کوردەکان کرا– بێری شلّماشی

ل 10 دوو کتێبی سەرنجڕاکێش...لێدوانی: لوقمان حەوێز– تێکساس .. ل 11 بابەتێک سەبارەت بە بایکۆت، هیچ کلووە بەفڕێک بە تەنیا خۆی بە بەرپرس نازانێت لە هەرەس، نووسینی: ب محەمەد.

ل 12 دووبابەت لە لایەن شاسوار هەرشەمیی، دەربارەی بایکۆت و کتێبەکەی (تەتەڵە)..... ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی کورد شاناز جەمال مەحمود و چەند تابلۆیەکی– حەمید بەدرخان .

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

02 November 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 77
77 ی 02 ی نۆڤێمبەری 2019

سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانی 25 دەفتەریۆرۆی بۆ ڕۆژئاوا نارد

سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانی 25 دەفتەریۆرۆی بۆ ڕۆژئاوا نارد

"مارتین سۆنەبۆرن" کەسایەتی دیاری ئەڵمانی، نوسەر و سیاسی پارتی Die Partei و پەرلەمانتاری ئەورووپی، لە هەڵمەتێکیدا بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی داریی لێقەوماوانی ڕۆژئاوا، توانی بڕی ٢٥٠ هەزار یۆرۆ لەپارت و کەسایەتیەکان کۆبکاتەوە و ڕادەستی مانگی سوری کوردی بکات و هەرخۆی بە تەنیا ١٠ هەزار و پارتی سۆسیال دیموکرات و پارتەکەی مێرکڵ پارتی ڕاستڕەو پشکیان لەو بەخشینە هەبووە و باقی تریش خەڵکی خێرخواز داویانە.

ئەڵمانیا بەیەکێک لەوڵاتە دڵڕفێنەکان دەرچوو

لێکۆڵینەوەیەکی کۆمپانیای جیهانی Boston Consulting Group دەریخستووە، کە ئەڵمانیا لەناو لیستێ ١٨٤ وڵاتی جیهانیدا، بۆ خۆشگوزەرانی ناوی لە ڕیزبەندی ١٢ هەمین وڵاتدایە، ئەو لیستە ساڵانە ڕێکدەخرێت، وڵاتان بەپێی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و ئارامی و گەشەی ئابووری و پەروەردە و تەندروستی و بەرهەمهێنان ڕیزبەند دەکرێن، ئەمساڵ نەرویج یەکەم، سویسرا دووەم، ئیسلەندا و دانیمارک و سوید و فینلەندا بەدوایاندا هاتوون، ئیماراتی عەرەبیش تاکە وڵاتی عەرەبیە کە ٢٨ هەمینە.

مێرکل نازناوی پێشەوای شارستانیەتی وەرگرت

لەپای ڕووبەڕووبوونەوەی نازیەنوێکان و بەرپەرچدانەوەی بیری ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستی، لە کۆنگرەی جولەکەکانی جیهاندا، کە لە مینوشن سازدرا خەڵاتی " تیۆدۆر هێرتزل" یان پێشکەش بە ئەنجێلا مێرکڵ کرد و سوپاسی پشتیوانیەکانیان کرد، نازناوی" پێشەوای شارستانیەت" یان پێبەخشی.

ئەتڵەسێکی نایاب ڕادەستی میسرکرایەوە



دوێنێ" هایکۆ ماس" وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیالەسەردانێکیدا بۆ قاهیرە ئەو ئەتڵەسە نایابە کۆنەی گەڕاندەوەکە ساڵانێک لەمەوبەر لە میسر دزرابو وهێنابویانە بەرلین وفرۆشتبویانە مۆزەخانەیەک،هایکۆ ماس لەپاڵ ڕادەستکردنەوەکەشدا بە وەزیری دەرەوەی میسری وتوە کە هەندێک ڕێز لە دیموکراسی بگرن.

منداڵان نابێت مۆبایل بەکاربێنن

"تۆماس فیشباخ" سەرۆکی دەستەی پزیشکی منداڵانی ئەڵمانیا، داوا لە دایک و باوکەکان دەکات، کە نەهێڵن منداڵانی خوار تەمەن ١٠ ساڵ تەلەفۆنی هاندی"مۆبایل" بەکار بهێنن، چونکە کاری نەرێنی دەکاتە سەر مێشک و گەشەی کەمدەکاتەوە، بەشێوەیەک کەوا لەمندالّ دەکات بیرنەکاتەوە و گێل دەرچێت.

لە (بورهان ئەمین) هوە بڕوانە لاپەرە 5

مەلیک مەحمود لەنێو خوێندنەوەیەکی بونیادگەریدا



پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

بەشی دووەم

یەکەم/ کارنامەی هەڵچوونی: ئەم کارنامەیە پەیوەستە بە نێرەر (بەرهەمهێنەر)و شێوازی بەکارهێنانی دەربڕینەکەی کە زیاتر خۆی لە شێوازێکی ڕاستەوخۆدا دەبینێتەوە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کە لێی دەدوێت ئەویش بەمەبەستی گواستنەوەی ئەو هەڵوێستەیە بۆ نامەکەی وەرگر، لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەم پڕۆسەیە،شاعیر هەوڵدەدات دەستەواژە سەرسوڕمانی و فرمانی و بانگەوازی بەکاربهێنێت کە سەرجەم ئەمانە کەرەستەی زمانی سەرچاوەیین. مەلیکی شاعیر لە دەقەکەیدا بەم شێوە زمان و شێواز وهەڵوێستە بۆمان دەدوێت. واتە چرکە ساتەکانی هەڵچوون پێویستی بەم جۆرە شێوازەیە بۆئەوەی گشت ڕاناوە سەربەخۆکان بەسەربکاتەوە بێجیاوازی دەنگ وشوێن وئایدیا.واتە،لەلایەکەوە شێوازە دەربڕینییەکە ڕووتکردنەوەیەکە بۆ جەماوەرەکەی مەلیک وەک ئەوەی پێشبینی ئەوەبکرێت کە جەماوەر ڕووی دەمی گلەیی لە مەلیک بنێن کە ستراتیژیەتی مەملەکەتەکەی ڕوون و ئاشکرا نیە، یان داوای ئەوەی لێبکەن کەزیاتر نزیکبێتەوە لەبەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئینگلیز،ئەویش بەمەبەستی مسۆگەرکردنی مەملەکەتەکەی.لەلایەکی تریشەوە شێوازە دەربڕینییەکە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی توڕە هەڵچوونیشە بۆ ئینگلیز وەک ئەوەی ئینگلیز داوا لەمەلیک بکات پابەندی سەرجەم سیاسەتەکانی بێت. مەلیک بۆ دەربازبوون لەم بۆچوونانە، بەم شێوازە دەربڕینییە وەڵامیان دەداتەوە کە لەدەقەکەیدا هاتووە چونکە مەلیک، وەک شاعیرو دەسەڵات وخاوەن ئەزموون، هوشیارترە وباش دەزانێت گەر پابەندی سیاسەتی ئینگلیز بێت ئەوا،لەیەک کاتدا، بەدوو سەر دەدۆڕێت. لەجەمسەرێکەوە تاجەکەی دەدۆڕێنێت بەوپێیەی لەبنەڕەتا ئەم تاجە مۆڵکی خۆی نییە و بە قەبارە وپێوانەی سەری ئەو دروست نەکراوە.لەجەمسەرەکەی تریشەوە،دۆڕانی خۆی لەمێژوودا مسۆگەر دەکات .لێرەدا مەلیک ناچارە بەم شێوەیە گوزارشت لە ستراتیژیەتەکەی بکات کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە کارێکی سەرکەشی و جەربەزەیی مەلیک نیشان دەدات،یان جۆرێکە لەخۆبەزلزانین بەوپێیەی مەلیک لەبنچینەدا لەنەوەی پێغەمبەرە وخاوەن شوناس ودەسەڵاتێکی ئایینی بەهێزە لەناوچەکە وکڕووش بۆ بەرامبەرەکان نابات بەتایبەتی ئینگلیزێکی خاچ پەرست کەئەمە بەلای مەلیکەوە جۆرێکە لەسووکایەتی.

دووەم/ کارنامەی ڕاڤەیی: ئەم کارنامەیە پەنا بۆ ڕاڤەکردنی دەق بۆ دەق خوی دەبات وەک ئەوەی وشەیەک یان فرەیزێک یان دێرێک بەکاری ڕاڤەکردنی دەقەکە هەڵسێت کەمەبەستێتی دەقەکە لەو ڕاڤەیەدا کۆدەکاتەوە.لێرەدا دەقی یەکەم بریتییە لە کارنامەیەکی سەرەتایی دووهەمیش بەکارنامەی ڕاڤەکردن.

گەر سەرنج بدەینە دەقەکەی مەلیک، دەبینن لە دێڕی یەکەمدا، وەک دەستپێکێک، ئاماژەیەکی سەرەتایی دراوە بەڕاناوەکانی منی یەکەم کەنایەوێت لەنێو ژینی ئەسیریدا درێژە بەخەباتی سیاسی خۆی ومەملەکەتەکەی بدات.بەڵام لەدێڕی دووهەمدا مەلیک دەیەوێت زیاتر مانای ئەسیریمان لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بۆ ڕوونبکاتەوە، بۆیە دەبینین ئەمجارەیان جەخت لەسەر بیناکردنی مەملەکەتەکەی دەکات و نایەوێت مەملەکەتەکەی ئەسیری سیاسەتێکی بێگانە بێت وچۆنیان ویست وا هەڵیسورێنن.لەدێڕی سێیەمدا مەلیک هەوڵدەدات پێناسەی ئینگلیزمان بۆ بەرجەستە بکات ئەویش وەک مودەعییەک کەمافی هەبێت بەسەر هەمووانەوە کەئەمانە،بەڵای مەلیکەوە، دوژمنی گەل ونەتەوە ونیشتمانن وبۆ مەسەلەی دامەزراندنی مەملەکەتەکەی بەهیچ شێوەیەک پشتیان پێ نابەسرێت،چونکە بەلایەوە هەچ دامەزراندنێک بەو شێوەو شێوازە بێت ئەوا دەشێت زۆر بە ئاسانیش بۆشایی و درزی تێ بکەوێت ودواتر هەرەسیش بهێنێت.

سێیەم/کارنامەی بەڵگەئامێزی: لەم کارنامەیەدا بەرهەمهێنەر،لەپێناو پشتڕاستکردنەوەی بابەتەکەی پێش ڕووداوەکە،چەند زانیارییەکی بنەڕەتیمان دەداتێ کەدەبنە دەرئەنجامێک بۆ دوای ڕووداوەکە.مەلیک ،وەک بەرهەمهێنەر وبەڕپرسێک،پێش دامەزراندنی مەملەکەتەکەی ئەو زانیارییانەمان دەداتێ کەچۆن وبەچ شێوە و شێوازێک دایبمەزرێنێت. لەڕێگەی هەوڵەکانی خۆی !یان ئەوانەی کەبەنێوی ڕژێمە فیکری و سیاسییە دیموکراسییەکانەوە دەیانەوێت مەملەکەتێک لەسەر سەهۆڵ دروست بکەن،! کە هەچ کات ویستیان بە زووترین کات وبێ چەندو چوون لەنەخشەی جیگەیی بیسڕنەوە. لێرەدا مەلیک، وەک سەرکردەیەکی نموونەیی،خاوەن هێزی پێشبینییە بۆ ڕووداوەکان و توانای ڕاڤەکردنیشی هەیە. بەمەش مەلیک وەک ڕۆمانسیزمەکان مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەیدا ناکات کەبریتی بێت تەنها لەئاماژەپێکردن بەمەسەلەیەک لەمەسەلەکان بەبێ ئەوەی بچێتە نێو ووردەکاری هۆکار وچارەسەرەکان،بەڵکو وەک ڕیالیزمێک دەڕوانێتە مەسەلەکەی وزۆرێش ئایندەکەی مەبەستە.بۆیە،هەر لەئێستاوە باش دەزانێت کەئایندەی ئەو تاجە، گەر لەلایەن مودەعییەکانەوە لەسەر بکرێت،ئەوا هەر زوو دەیدۆڕێنێت بەوپێیەی ئەمە یەکەم پیشەی مدەعییەکان نییە دەرهەق ئەو گەلانەی کەهاوشێوەی گەلەکەی مەلیکن.

چوارەم/ کارنامەی گیرەیی: ئەو کارنامەیە هەڵدەستێت بەگرێدانی وێنەکان بەبێ ئەوەی بۆشاییەکی نا لۆژیکی لەنێوانیاندا دروست ببێت. مەلیک لە دەقەکەیدا توانیوێتی ڕووداوی زەمەن و دامەزراندنی مەملەکەتەکەی بەبۆچوون و بیرێک دەربڕێت، بەبێ ئەوەی گوشار بخاتەسەر کاری دەمامک و شێوازە ڕەوانبێژی وهێماییەکان.

بڕوانە ل 3

پاشماوەی مەلیک مەحمود لەنێو خوێندنەوەیەکی بونیادگەریدا

واتە، مەلیک، لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ وبوێرانە ڕووی دەمی لەتێکڕای خەڵکی وهێزی داگیرکەرە.لەلایەکی تریشەوە،هوشیارە لەوەی گەر هاتوو بەفەرمانی دوژمنانی داگیرکەر تاجی مەلیکی بخرێتە سەری و فەرمانیشی پێ بکرێت،ئەوا بێگومان، لەلایەن ئەو داگیرکەرانەوە،وەک کوێلەیەک سەیر ومامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. هەر لەبەر ئەمەشە،مەلیک ئەم جۆرە تاج و مەملەکەتە ڕەت دەکاتەوە چونکە نەبوونی گەلێک باشتر و پیرۆزترە.

پێنجەهم/ کارنامەی سەرنج ڕاکێشانی وبانگیشەکردن: ئەو کارنامەیە گوشار دەخاتەسەر هەستی گوێگر بەمەبەستی ڕاکێشانی بەلای دەقەکەدا.لەدەقەکەی مەلیکدا دوو جۆر گوێگر بەدی دەکرێت. یەکەمیان،گوێگرێکی نزیک کەزۆربەی هەرە زۆریان پشتگیری لەستراتیژیەتی مەملەکەتەکە دەکەن. دووهەمیان ،گوێگرێکی دوور کەپێچەوانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. مەلیک بۆئەوەی بە تیرێک دوونیشان بپێکێت، ڕووی دەمی لەهەموو ڕاناوەکانە وسەرنجی هەمووانی گوێگر بۆخۆی و دەقەکەی ڕادەکێشێت،ئەمەش بەمەبەستی جەخت خستنەسەر گوتاری بابەتەکەی وەک ئەوەی بڵێت: ئەی گەلی کورد گەر مەملەکەت بەدەستی دوژمن دامەزراند، ئەوا وەکو ئەوە وایە پەیژەیەک لە لم دروست بکەیت (ناوی ڕۆمانێکی سەلیم بەرەکاتە)، یان بڵێت ئەی پیاوانی ئینگلیز ئێمە ئەو گەلە نین کە بەمەیل وئارەزووەکانی خۆتان هەڵمان سورێنن! بۆیە دەبینین لە دێڕی یەکەمدا گوتارەکە گشتییە وپەیوەندی بەهەردوو جۆری گوێگرەوە هەیە. لەدێڕی دووهەم و سێهەمدا،بەرەو تایبەت دەڕوات، ئەویش بە خەستکردنەوەی ژیانی ئەسیری و کۆیلەیی بەهۆی ملکەچبوون بە ڕژێمێکی سیاسی دەرەکی، کە دەرئەنجامەکەی قەیرانێکی نێگەتیڤی گەورەی لێدەکەوێتەوە دوور لە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کورد.

شەشهەم / کارنامەی ئایدۆلۆژیایی: ئەو کارنامەیەیە کەهەوڵی بەدەرخستنی ستراتیژیەتی دەق لەڕووی سیاسی وفیکری وسۆسیۆلۆژییەوە دەدات. گەرچی هەندێک جار پەیوەندی دەق بە ئایدیۆلۆژیاوە، وەک تۆدۆرۆڤ بۆی دەچێت، پەیوەندییەکی بەزاندنییە بەڵام،لەگەڵ ئەمەشدا، دەق ،زۆربەی کات، لەهەوڵی خۆ ڕزگارکردنی بیرێکی دەرەکیدایە بۆئەوەی خۆی ببێتە ئایدیۆلۆژیایەکی سەربەخۆی تایبەتمەند.لە دەقەکەی مەلیکدا، ستراتیژیەکە، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، ئاشکرایە.بەڵام ئەوەی ،بەشێوە گشتییەکەی،تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەڕێبازێکی فیکری دیاریکراوی سەربەخۆی فەرمی، وەک ڕێکخراوێک،لەپشت دامەزراندنەکەوە بوونی نیە، تا بیکەنە سلۆگانێک (دروشم) بۆ پرۆگرامی دەوڵەتەکە.ئەمەش بەو مانایە دێت کەکارەکە زیاتر مۆرکێکی خۆڕسکی لەخۆ گرتبێت.بەڵام ،بەخوێندنەوەیەکی تر،دەقەکە،وەک کارنامەیەکی شاراوەی ئایدیۆلۆژیایی،دەیەوێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە وخۆی دەبێتە مانیفێستۆیەک بۆ گوتاری دامەزراندنەکە.هەر لەبەر ئەمەشە،ئێمەی خوێنەر بەو زەقییە هەست بەدابڕان وبەزاندنێک لەنێوان دەق وئایدیای دەرەوەی دەقی مەلیکدا ناکەین.لەلایەکی تریشەوە ،هەر بەو زەقییە،هەست بەوە ناکەین کە گوتاری دەقەکە عەقڵەوی بوبێت ودوور بێت لەپلانێکی پێش وەخت.بەڵکو تەنها ئاماژەکردن بەکوردیبوونی دامەزراندنەکە خۆی بۆ خۆی بریتیە لەهەوێنێکی هەرە بەهێز بۆ دامەزراندنێکی پلان داڕێژراو.

لوتکەی ڕەوشت و پەروەردە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: کەرەم کاکەوەیس

لەکاتی ئاهەنگی بووک گواستنەوەدا، یەک لە ئامادەبووان ئەو مامۆستایەی بینی، کە پێش 53 ساڵ لە سەرەتایی وانەی پێ دەگوتنەوە. قوتابیەکە بە گەرمی و زۆر بە پەرۆشەوە پێشوازی لێکرد و دوایی بە شەرم و خەجاڵەتەوە گوتی: مامۆستا نامناسیتەوە ؟

مامۆستا بە تەمەنەکە گوتی: نا کوڕم.

قوتابیەکە بە دەنگێکی نەرمەوە گوتی: چۆن نامناسیتەوە؟ من ئەو قوتابیەم، کە کاتژمێری هاوڕێکەم لە پۆلدا دزی. کە منداڵەکە، خاوەن کاتژمێرەکە گریا، تۆش داوات لێ کردین هەموومان بوەستین تا بمان پشکنی. دڵنیابووم کارەکەم ئاشکرا دەبێت و لە پێش چاوی قوتابی و هاوڕێکانمدا ئابڕووم دەچێت و بۆ هەمیشە کەسایەتیم لەکەدار دەبێت. فەرمانت کرد، کە هەموومان ڕووە و دیوار بە ڕیز بوەستین و چاومان بنووقێنین. دەستت کرد بە پشکنینمان، کاتێک گەیشتیە من، کاتژمێرەکەت لە گیرفانم دەرهێنا و بەردەوام بووی تا هەموومانت پشکنی. پاشان فەرمانتدا کە هەموومان بچین لە جێی خۆمان دابنیشینەوە. منیش زۆر دەترسام، کە ڕیسوام بکەیت. دواتر کاتژمێرەکەت بەرز کردەوەو بە خاوەنەکەیت دایەوە. ناوی ئەو کەسەشت نەهێنا، کە کاتژمێرەکەت لە گیرفانی دەرهێنا، کە من بووم !

بە درێژایی ساڵانی سەرەتاییم ، نە دات بە ڕوومدا ، نە سزات دام. نە کەسیش پێی گوتم کە من دزم!

لەبەر ئەوە مامۆستا گیان لەو کاتەوە بڕیارمدا هیچ شتێک نەدزم با بچووکیش بێت. ئەی چۆن نامناسیتەوە..؟ مامۆستا گیان کە بەسەرهاتەکەشم ئاوها ئازار بەخشەو ناکرێت لە بیری بکەیت، یان لە بیرم بکەیت؟!

مامۆستاکە بە نەرمی تەپ تەپ لە پشتی قوتابیەکەی داو بە بزەوە گوتی: بێگومان ئەو ڕووداوەم دێتەوە یاد کوڕم. ڕاستە ئێوەم پشکنی و بە ئێوەم گوت چاوتان بنووقێنن، هەتا دزەکە لە پێش چاوی هاوڕێکانی ڕیسوا نەبێت . بەڵام کوڕم شتێک کە تا ئێستا نەتزانیووە ئەوەیە ئەو کاتەی پشکنیتانم، خۆیشم چاوم نووقاندبوو، بۆ ئەوەی نەهێنیەکە داپۆشراو بێت و دڵم شتێک نەکات بەرامبەر ئەو کەسەی کاتژمێرەکەی دزیووە!

هیوادارم مامۆستا بەڕێزەکان سوود لەم وانەیە وەربگرن و هەست و کەسایەتی قوتابیەکان کە ئایندەی گەلەکەمانن نادیدە نەگرن...

چەند وشەیەک دەربارەی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا!؟

لە روانگەی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە، زۆر بەکورتی ئاماژە بە هەندێک لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی سیستەمی میرنشینی دەدەم. ئەگەرچیش ئەم بابەتە زۆر گرنگە، بەڵام لێرەدا نامەوێت زۆر درێژی بکەمەوە. شایانی باسە ئێمەی کورد لە چەند سەد ساڵی رابووردوودا، خاوەنی گەلێک میرنشینی سەربەخۆی خۆمان بووین، وەکو میرنشینەکانی بەتلیس و بۆتان و جەزیرە و ئەردەڵان و بابان و سۆران. سیستەمی میرنشینی بە درێژایی سەدان ساڵ لەمەوبەر لە کوردستاندا سەری هەڵداوە. ئەگەرچی ئەو سیستەمی میرنشینییە یەکێ لە هۆکارەکانی خۆپاراستن و مانەوەی هۆزە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو میرنشینینانە بووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هۆکارێکی نەرێنیی بووە، لە دروست نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی و هۆی پەرشوبڵاوی و ناتەبایی و ناکۆکی و شەڕوشۆڕشی نێوان میرنشین و هۆزە جیاجیاکانی کوردستان بووە. ئەو میرنشینە کوردییانەی رابووردووی نەتەوەکەمان، بریتی بوون لە دەسەڵاتی ڕەها و تاکەکەسیی خودی میر و بنەماڵەی میر، کە ناوچەیەکی فراوانی کوردستانیان لەژێر دەستدا بووە و فەرمانڕانیی خەڵکەکەیان کردووە. لەهەمان کاتیشدا میرنشین پێکهاتەیەکی سەربازی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بوون، خاوەنی دەزگەی بەڕێوەبەرێتی و خزمەتگوزاریی ناوخۆیی و هێزی چەکدار و داروودەستە و فەرمانبەر و دەستوپێوەندی تایبەتیی خۆیان بوون. خاوەنی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و پیشەسازیی دەستی و بازرگانی و بازرگانان و گەڕۆک و تەتەر و خاوەنی زمانی ناوچەیی و خوێندنگەی ئایینی و مەلا و مزگەوت و میرزا و نووسەر و هۆزانڤان و هونەر و موزیک و گۆرانبێژ و بەیتبێژ و شایەر و هەروەها چەندین پێکهاتەی لێکجیاوازی تر لە کەمەنەتەوەیی و ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی لەخۆگرتبوو، بەڵام بەگشتی میرنشینە کوردییەکانی ئەو سەردەمانە، لەناوخۆدا چەند دەسەڵاتێکی جیاجیا و لێکدابڕاو و دژ و دوژمنی یەکتری بوون. ئەگەرچی بە ڕووکەش سەربە دەسەڵاتی ناوەندیی یەکێ لە دەوڵەتە گەورە بەهێزەکانی وەکو دەوڵەتی عوسمانی یان سەفەوی و قاجاری بوون، لەهەمان کاتیشدا پێکهاتە و هێزێکی کوردیی ئازا و جەنگاوەر و بەرگری لەخۆکردوو بوون، بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی سوپاکان و کاربەدەستەکانی ئەو دوو گەورە هێزە دوژمنانەی نەتەوەکەمان. گەورەهێزەکان هەردەم لە ناچاریدا بە ڕووالەت خۆیان بە پشتیوانی ئەو میرنشینە کوردییانە زانیوە و پشتیوانیی ئەو سیستەمی میرنشینییەی کوردستانیان کردووە و ناوبەناو مەدالیا و نازناوی دەسەڵاتیان بەخشیووە بە میر و سەرۆک هۆزەکانی کورد، تا کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن مافی دەوڵەتی نەتەوەیی و خاوەن نیشتمانی سروشتی و مێژوویی خۆی نەتوانێت یەکگرتوو بێت و خۆی ڕێکبخات و یەکبووبوونێکی نەتەوەیی پێکبهێنت و ڕاپەڕین و شۆڕشی نەتەوەیی سەرتاسەری دژی ئەوان بەرپا بکات و خۆی لەژێر باڵادەستیی ئەواندارزگار بکات و دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی پێکبهێنێت!؟ جۆرە سیاسەتێکی تریشیان بەرامبەر بەو میرنشینە کوردییانە بەکار هێناوە، کە مەرجی مانەوە و سەربەخۆیی ئەو میرنشینانە ئەوە بووە، کە دەست وەرنەدەنە ناو کاروباری میرنشینە کوردییەکانی دیکەوە و هەوڵی کۆنفیدراڵیی نێوان خۆیان نەدەن و تەنها وەک میرنشینێکی سەربەخۆی ناوچەیی خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی میرنشینەکەی خۆیان بن. هەمیشە نەوەی میرەکان و سەرۆک هۆزەکانیان (بەتایبەتی کوڕەکانیان) بەناوی مافی بەشداریکردن لە پەروەردە و خوێندن و ژیان و خۆشگوزەرانی دەرباری شا و سوڵتان، مافی خوێندنی سەربازی و کاروباری دەوڵەتداری، وەک بارمتە نەوەی ئەو میر و سەرۆک هۆزانەیان لەلای خۆیان گلداوەتەوە!

بەوە کۆت و بەندێکیان کردووەتەوە دەستی میرەکان و سەرۆک هۆزەکانی کوردستان!؟ بێگومان نەوەکانی میرەکان و سەرۆک هۆزە کوردەکانیشیان بە شێوەیەک پەروەردە کردووە، کە پاشان بتوانن جێگەی باوکیان بگرنەوە و لەئاستی جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی شا و سوڵتان و دەسەڵاتدارێتیی باڵای ئەواندا بن و هەردەم وەفاداربن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شا و سوڵتان بن!؟ یەکێ لە هۆکارەکانی بەژێردەستیی هێشتنەوەی کورد لە ڕێگەی بەیت وبالۆرەی هاوئایینی و برای دینییەوە کوردییان هەڵخەڵەتاندووە و لە شەڕ و جەنگەکانی خۆیاندا دژ بە ڕووسەکان و کریستیانەکانی ناو دەسەڵاتدارێتییەکەیان بەکاریان هێناون، ناوبەناویش بەناوی هاوئایینی و هاو ئایینزاییەوە، هەر لایەکیان، شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانی، دژی یەکتری هێزە جەنگاوەرەکانی میرنشینە کوردییەکانیان بەکارهێناوە و باشترین و ئازاترین و دڵسۆزترینی ڕۆڵەکانی کوردییان لەو شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا بەکوشتداوە، ئەمە جگە لەوەی کە شا و سوڵتان و دەربارەکانیان، هۆکاری ئاژاوەنانەوە و هەڵگیرساندی شەڕوشۆڕی نێوان میرنشینە کوردییەکان بوون!؟ کورد لە ڕابووردوودا بەو شێوەیە لەنێو سیستەمی میرنشینیدا بە یەکنەگرتوویی و ناکۆکی و ناتەبایی ناوخۆ ماونەتەوە و نەیانتوانیووە یەکگرتووبن، وەک هێزێکی یەکگرتوو بەرامبەر بە شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانی بوەستنەوە و خۆیان لە ژێردەستەیی ئەو دوو دەوڵەتە دژ و دوژمن و داگیرکەرەی کوردستان ڕزگار بکەن!؟

سەرنجام، هەموو میرنشینە کوردییەکان، بەهۆی ناتەبایی و ناکۆکی و دژایەتی و دوژمنایەتی و شەڕوشۆڕی نێو خۆیان و لاواز بوونی ئەمان لەلایەک و فرتوفێڵی شا و سوڵتان و دەربارەکانی و بەهێز بوونیان و هێرش و داگیرکارییان بۆ سەر میرنشینەکان، وردە وردە یەک بەیەک کۆتاییان پێهێنراوە و لەناو براون و پاشماوەیان لە کوردستاندا نەماوە!؟ با لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێم، کە ئەگەرچیش بارودۆخی کوردستان وەک ڕابووردوو نییە و لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئێستا پێکهاتەی سیستەمی میرنشینیی جاران بەشێوەیەکی دیکە خۆی بەرهەمهێناوەتەوە، سیستەمی حیزبی وەک سیستەمی میرنشینیی خۆی دەرخستووەتەوە و سەرۆک و سکرتێری حیزب، شوێنی میرەکانی جارانیان گرتووەتەوە!؟

بەختیاری شەمەیی

گۆشەی 29 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

زۆرینە لەگەڵ دەرکردنی تورکیان لەناو ناتۆ

بەپێی ڕاپرسیەکی دەزگای تۆیژینەوەی YouGov، کە گۆڤاری فۆکۆس و ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی بڵاویان کردۆتەوە لە ٥٨٪ی ئەڵمانەکان لەگەڵ ئەوەن، گەمارۆ بخرێتەسەر تورکیا لەناو هاوپەیمانی ناتۆش بکرێتە دەرەوە، تەنها ١٨٪ ش بێلایەنی خۆیان هەڵبژاردووە.

تورکیش ئیرلاین ڕیسوا و مەحکوم کرا

ڕۆژانی ڕابردوو چالاکوانانی کۆچبەرانی کورد و دۆستانی ئەڵمان چوونە ناو فڕۆکەخانەکانەی هامبۆرگ، فرانکفۆرت، هالە لاینزیک، بریمن و بەردەم خانەی هێڵی ئاسمانی تورکیایان گرت، بەدروشمی بازرگانیکردن لەگەڵ تورکیا مرۆڤ دەکوژێت لافیتەیەکیان بەرزکردەوە و سیاسەتی وڵاتەکەیان ڕیسوا و مەحکوم کرد، ئەم چالاکیە لەژمارەیەک فڕۆکەخانەی وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، دانیمارک، سوید، بەلجیکا ئەنجامدراوە.

پارتی چەپی ئەڵمانی ئاڵای کوردستانی هەڵدا

لەدوای بردنەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی تورینگن، سەرەتای ئەم هەفتەی پێشوو پارتی چەپی ئەڵمانی Die Linke بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاواو لە دژی سیاسەتی تورکیا لە داگیرکاری، لەسەر بارەگای سەرەکی خۆیان لە پۆتسدام، ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد.

گەورەترین ددان کێشرا

دکتۆرێکی ئەڵمان لەشاری ماینز سەرکەوتوو بوو، لە دەرکێشانی ددانی پیاوێک، کە ساڵانێک بوو بەهۆی ئازارەوە پێوەی دەتلایەوە، ئەو ددانە درێژیەکەی نزیکەی ٤ سم بوو، بە درێژترین ددانی مرۆڤ لە قەڵەمدراوە، "دکتۆر ماکس لۆکاس " بەهۆیەوە ناوی چووە گێنسەوە.

داوا دەکرێت دەست بەسەر سەروەت و سامانی ئەردۆگاندا بگیرێت

"بیرند ڕێکسنجەر" سەرکردەی پارتی چەپی ئەڵمانی داوا دەکات، وڵاتانی ئەورووپا دەست بەسەر سەروەت و سامانی بنەماڵەی ئەردۆگاندا بگرن، کە لە بانکەکانی ئەورووپا دایناون، ناوبراو دەڵی ئەو پەلامارە سەربازیەی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوا، هاوشێوەی ئەوەی داعشە و هەقە ئەڵمانیا ئیدی هەموو گەمارۆیەک بخاتە سەر ئەو حوکمەتە.

گەنجێکی کورد ناگری لەخۆی بەردا

لەدژی داگیرکاری سوپای تورک و قەتل وعامی کوردان لە ڕۆژئاوا، پەنابەرێکی کوردی ڕۆژئاوای دانیشتووی ئەڵمانیا، کە تەمەنی ٢٨ ساڵ بوو لەبەردەم بارەگای کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەربە نەتەوەیەکرتوەکان لە ژنێڤی سویسرا بەبەنزین ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەڵام بەپەلە فریای کەوتن و بە فڕۆکە فریاکەوتن گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەی شاری لۆزان.

وەرزشوانێکی کورد یەکەم بوو

"ئاکام تەرەغە"، یاریزانی کورد، لە کێبڕکێی ڕێکخراوی جیهانیی "فی ئێف سی"، کە لە شاری "بوخوم" لەنێو ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی وڵاتانی جیهانی بەشداربوو، پلەی یەکەمی بەدەست هێناو کەمەربەندی پاڵەوانیەتیی جیهانیی "کیک بۆکسـ"ی لە کێشی ٧٧ کیلۆدا بردەوە، "ئاکام تەرەغە" خەڵکی شاری بۆکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و لە ئەڵمانیا دەژی.

نامە هیندوستانیەکان...نامەی سێهەم



دێباچە:

دەگەڕێتەوە بۆ وڵات، بۆ هیندوستان، ١٩١٤. نێوبانگی دونیای گرتۆتەوە. ئەو، گاندی خەبەرێکی لەو شورەتەی نییە. بزوتنەوەی سیاتیەگراها (دەستبەردارنەبوونی هەقیقەت) سنوری باشوری ئافریکای لە مێژە بەزاندوە. خەڵکی، حەشامات، خۆڕسکی و لە خۆوە، بێ-فرمانی دەسەڵاتداران بەندەریان تەنیوە، دەخوازن مەهاتما (گەورە-ڕۆح) گاندی، ڕێبەری دوور-و غەریبیان، لە دووریشەوە بێ، ببینن. هەرایە، گوڵ-گەردانە، بە دەستوری خۆیان، بە دەستەوە گیراوە، ها ئێستا نا، ساتێکی دی وەدەرکەوت. سیاسیەتمەداران، بە خۆیان و ماشین، گالیسکەو دەست-و-پێوەندیانەوە ئەو ناوە دەشێلن. کامیان ئەو، گاندی بەلای خۆیدا رادەکێشێ؟ چ پارت و ڕێکخراوێک ئەو دەکاتە (ئومێدەوار)ی کاندیدی خۆی؟ هەرایە!

دواجار ئەو، مەهاتما گاندی، سەرتاپای لە جلوبەرگی خۆمالّی هیندوستانیەوە ئالاو، پا دەخاتە سەر عەرد. پاپۆڕ دەگا. دەبێتە هەرا. پوولدار، سەردار*و رابەران درِ بە حەشاماتی دەدەن و دەچنە بن هەنگڵی:خۆشهاتیتەوە سەردار! حەشامات تۆیان خۆشدەوێ (ساحێب)*.

ئێمە تۆمان گەرەکە ساحێب. تەخت-و-بەختمان بۆ ئامادەکردویت، ئادەی گۆتارێکی ئاگرین، ساحێب!

بواری نادەن و بە پاڵ وەسەر تەختی دەخەن! ئەو کە مەشهورە بە شەرم، شەرمدەیگرێ! فێریش نییە گوتاری ئاگرین بدات، بەدەر لە قسە دەربارەی هەقیقەت! خودایێ، چ بڵێ؟

تەنێ دوو وشە، دوای ئەوەی هەردوو لەپی دەستی بەیەکەوە جووتدەکاو بەرزی دەکاتەوە بۆ سەر سینەی وەک لە حوزوردا بێ ، دەڵێ: نەمەسکار. (سڵاو). دەنیاڤاد. (سوپاس)، و دێتە خوارێ. پەلکێشی ماشینێکی رازاوەیدەکەن. (ساحێب)ی خانەخوێ، زوو دەپرسێ: سەردانێکمانبکە، ئێمە دەوکەینە ئومێدەواری خۆمان. وەرە بۆ کۆنگرێس. ئەندامانمان چاوەڕێن. لە مێژە دەخوازن بە بینینی (ساحێب) شادبن!

ئەو، مەهاتما، راستەخۆ وەڵام دەداتەوە:

ئەمن دەخوازم سەرەتا بە وڵاتەکەم ئاشنا بم. ئەمن غەریبم بە وڵاتی پان-و-بەرینم. دەمەوێ دەستبەرداری کاری پارێزەریم ببم. کەمێ پوولم پێکەوە ناوە.

بەشی ساڵێکی خۆم و ماڵ-و-منداڵ دەکا. دامناوە ساڵێک بە قەتار، سەکشنی نمرە سێ. هی هەژاران و بێدەراتانان، دەمەوێ وڵاتەکەم، یانی ئەوان ببینم. ئاشنایان بم. ساڵێک دەشێ کافیبێ: دەڤەر، ناوچەو خەڵکانی تەواوی هیندوستانی* ببینم.

پوختەی رووداو:

لەو ڕۆژەوە، خەڵکانی سیاسەتمەدار و ئاسایی، جل-و-بەرگی سەرانسەری وڵاتی خۆیان لا هێندە خۆشەویست دەبێ کە ئیدی تا هەینێ هەر بەو شێوەیەش سەرۆکوەزیران و باقی سیاسەتمەداران و خەڵکانی وڵات خۆیان دەگۆڕن. بە پێچەوانەی هەردوو بزوتنەوەی رزگاری ناسیۆنالیستی و چەپگەراوە کە جلکی سەربازی دەمی شەڕ-و-ئاشتی دەپۆشن. یان سەرکردەکانیان بە دەستە-و-دانە قات-و-قەراوێتیان لە قەتەر-و-دووبەیەوە بۆ بێنن. یان کتێبخانەیەک لە پشت مێزەکانیانەوە بە هەزارەها کتێبی نەکراوە بڕازێننەوە، گوایێ کتێب دەربارەی میللەتەکەیان دەخوێننەوە. سەفەری یەکساڵەی ئەو لەتەک هەژارترین، بێ-دەرەتانترین، نەدارترین، خەڵکانێک و کاستێک (چینە نا-پیرۆز-و-گلاوەکان) دەستپێدەکا. گاندی بە درێژایی ساڵێک میوانی ملیۆنەها، هەزارەها، سەدەها خەڵکگەل و لە تەواوی چین-و-توێژەکان دەبێ. فرەگەلێ لە کتێبەکانی لەو سەفەری ئاشنابوونی بە وڵاتی خۆی سەرچاوەدەگرێ. شایانی باسە ماوەیەک لەکن تاگور، یەکەم براوەی خەڵاتی نۆبێل ١٩١٣، دەمێنەتەوەو دەبنە یار-ی (دۆستی نزیکی) یەکتر.

وشە سانسکریت و هیندوستانیەکان:

ئومێدەوار: کاندید، نمایندە. ساحێب: میسیۆ، میستەر. سەردار: هیندویەک بە کلاوپۆشی هیندویسمەوە. نەمەسکار: سڵاو. دەنیاڤاد: سوپاس. هیندوستانی: بە تەواوی دانیشتوانی هیندوستان بەبێ ڕەگەز، دین-و-ئاین، گروپی ئێتنیکی، نەتەوەو....جیاوازی دەگوترێ، ئیستاکێ بۆتە چەمکێکی باو. کاست: چین و توێژی جیاوازی هیندوستان بە سۆنگە و هۆکاری جیاواز. یار: هاوڕێ و دۆستی گەڵێ نزیک.:

ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ هیندوستان

زنجیرەی ١١ چیرۆک بۆ منداڵان- وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری کەریم - ئەڵەمانیا

* ئەهریمەن و بیناسازەکە

بەسەر ترۆپکی پردێکەوە لەشاری فرانکفۆرت، کەڵەشێر (کەڵەباب) یکی ئاسنین چەسپاوە . جا هۆیەکەی چییە ، ئەوە دانیشتوانی شارەکە ئەم چیرۆکەی لێدەگێڕنەوە:

لەرابوردودا و لەهەمان ئەو شوێنەدا پردێک بە تەختەدار دروستکرابو، هێندە کۆن و پەڕیوت ببو، چیتر خۆی بەپێوە رانەگرت و رمیا. پارێزگاری شار وەستایەکی شارەزای هێناو پێیگوت: پردێکی نوێ دروستبکە! (دوای صەد 100 رۆژی دیکە لەم شوێنەدا پێشانگایەکی بازرگانی دەکەینەوە و بازرگانانیش لەوڵاتانی ئەوروپاوە دین بۆکڕینی کاڵاکان، جا پێویستە پردەکە بەر لە گەیشتنی ئەوان تەواوبوبێت!)

وەستاو بەردەستەکانی گورجوگۆڵ و چالاک کاریاندەکرد، بەڵام نەوە دونۆ99 رۆژ تێپەڕیو هێشتا تەنها نیوەی پردەکە تەواوبوبو . سەر لە ئێوارەی ئەو رۆژە، وەستاکە ماتوخەمبار بەدیار پردەکەوە دانیشتبو ، کتوپڕ ئەهریمەنێک لەتەنیشتییەوە قوتبووەوە و پێی گوت : گەرەکمە هاوکاریت بکەم، من ئەمشەو پردەکە تەواددەکەم بەمەرجێک تۆش لەپاداشتی کارەکەمدا گیانلەبەرێکم بدەیتێ ! کابرای وەستای پرد دەمودەست وتی باشە ، دڵنیام سبەی هەزار زیندەوەر بەسەر پردەکەدا دەپەڕێنەوە ، یەکەمیان بۆتۆ!

بەیانی زو، بەر لە خۆرەتاو، وەستاکە چوبەلای پردەکەوە تەماشایکرد پردەکە تەواوکراوەوهیچ کەموکوڕییەکی تێدا نییە ! وەستاکەش هیچ کاتی بەفیرونەدا ، کەڵەشێرێکی گرت و بەرەڵایکردە سەرپردەکە و کشەی لێکرد بەسەر پردەکەدا بپەڕێتەوە ! ئەهریمەنەکەش کە دەمێکبو چاوەڕوانی پاداشتەکەی دەکرد کە مرۆڤێک بەسەر پردەکەدا تێبپەڕێت نەک کەڵەباب ، زۆر پەستو تۆڕەبو ، کەڵشێرەکەی گرت و فڕێیدایە نێو روبارەکەوە . دانیشتوانی شارەکەش بۆ بەرزراگرتنی یادەوەریی

دڵسۆزیی و ژیریی ئەو وەستایە وگیانی کەڵەشێرەکە کە گیانی مرۆڤێکی رزگارگرد، کەڵەبابێکی ئاسنینیان دروستکردو لەبەرزترین شوینی پردەکە جێگیریانکرد

ناونیشانی دەقە ئەڵەمانییەکە. * Der Baumeister und der Teufel

* جەردە

رۆژێک بازرگانیکی سەرمایەدار دەچێتە سەردان و دیدەنیکردنی یەکێک لە هاوڕێ پیرو بەتەمەنەکانی، کە لەشارێکی بچوکدا دەژیا. دوای دیدارەکە، هەمان ئەو رۆژە بازرگانەکە سەرلەئێوارەیەکی درەنگ ماڵئاوایی لە هاوڕێکەی کرد و بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

کۆڵان و شەقامە تەسکەکانی ئەو شارە زۆرتاریکبون، لەپڕێکدا گویی لە تەپەتەپ و دەنگی پێی و هەنگاونانی خێرای کەسێک بو، پیاوێکی بەتەمەن لەشەقامێکی دیکەوە بە پرتاو دەهات و کوتو مزرەقی خۆیی پێداکێشا و بەپەلە وتی : تکایە ببورن. ئەمەی وتو هەربەوخێراییەش دورکەوتەوە.

بازرگانەکە ویستی لەبەر روناکیی گڵۆپە زەردباو وکزەکەی قەراغ شەقامەکە، تەماشایەکی کاتژمێرەکەی بەرباخەڵی بکات، بەڵام کاتژمێرەکە لەگیرفانی بەرباخەڵەکەیدا نەمابو! کەبیری کردەوە وتی : ئەو کابرا پیرەی بەهەڵەداوان هات و خۆیی پێداکێشام، کاتژمێرە نایابەکەمی لێدزیوم ! ئەمەی وت و بەراکردن کەوتە دوی دزەکە و دەستی لە چمکێکی پاڵتۆ چڵکنوپیسەکەی گیرکردو قیژاندی بەسەریدا : کاتژمێرەکەمم بدەرەوە ! کابرا بەترسێکەوە کاتژمێرێکی لەگیرفانی پاڵتۆ شڕەکەی دەرهێناو دایبەدەست بازرگانە هەڵچووەکەوە.

بازرگانەکە گەڕایەوە بۆ ئوتێلەکەی و هەرئەوەندەی چووە ژورەکەی خۆی تەماشایکرد کاتژمێرەکەی لەسەر مێزە بچکۆلەکەی تەنیشت جێگەی خەوتنەکەی لەبیرچووە !خوای گەورە خۆ ئەوە من بوم بەدز، من کاتژمێری ئەو کابرا داماوەم دزیوە نەک ئەو کاتژمێری منی دزیبێت!

بۆ سبەینێ بەیانی زو بەخویو کاتژمێرەکەوە رویکردە بنکەی پۆلیس و روداوەکەی بۆ ئەفسەرەکە گێڕایەوە و ئەویش کاتژمێرەکەی لێوەرگرت و دواتر دایانەوە دەست خاوەنەکەی.

جەردە: ناونیشانی دەقە ئەڵەمانییەکەDer Räuber *

چیاکانی ئاڵپ

دانیشتوانی وڵاتی ئەڵەمانیا زۆر حەز لە گەشت و گەڕان دەکەن ، لە رۆژانی پشودا دەگمەن کەسێک لەماڵەوە بمێنێتەوە ، هەندێکیان دەچنە کەنار روبارێک و هەندێکیان رودەکەنە زنجیرە چیاکانی نێوەڕاست یا بەرەو باشور دەڕۆن بۆ زنجیرە چیاکانی ئاڵپ ، ئەوان دەیانەوێت ئەو کاتانە بەئاسودەیی بەسەربەرن، بەتایبەتیش لەنێوچیاکاندا لە ژاوەژاوی نێوشارەکان دوردەکەونەوەو هەست بەهێمنیی و ئارامیی دەکەن.

چیاکانی ئاڵپ زۆربڵند و سەرکەشن ، بەرزاییان دەگاتە 3000 - 4000 مەتر لە ئاستی ڕوی دەریاوە، بەفری سەرلوتکەکان لە هاوینیشدا ناتوێنەوە، بۆیە ئەو چیایانە لەسەر زمانی دانیشتوانی دەڤەرەکەوە، بە نەمر ناودەبرێن [1]

سەرکەوتن بەو چیایانەدا هەرچەند کارێکی دژوار و هەندێک جاریش مەترسیدارە بەڵام گەشتیاران دڵخۆشدەکات و وەک وەرزشیش بۆ تەندروستی بەکەڵکە ،بەڵام هەندێک گەشتیار حەزدەکەن بێ ئەرک و ماندوبون بەچەند خولەکێک بەهۆی (ترافیک تیل)[2] وە بچنە بەرزایی و لوتکەکان . دیمەنی چاوئەندازی شیو و دۆڵەکانی دامێنی چیاکان لەو بەرزاییەوە زۆر جوان و دڵبزوێنن. بۆ پشودانیش لەزۆربەی بەرزایی و لوتکەکاندا کافیتریا هەن و میوانەکان دوای ژەمێکی خێرا دەتوانن گەڕانێک بکەن و بەرەو خوار ببنەوە . میوانەکان لە دۆڵەکەدا دەچنە ئوتێل یا لەماڵەجوتیارێک دەحەوێنەوە و نە شارە گەورەکە دەبینن و نەشتێکی لەبارەوە دەبیستن . بەپاڵ خانوی جوتیارەکانەوە تاچاو بڕبکات لەوەڕگای صەوزو تەڕە ، لەپشت ئەویشەوە ئیتر دارستان و جەنگەڵە ، بەزۆریش روبارێک لەو نزیکانە دەبینرێت و میوانەکان دەتوانن مەلەوانی تێدابکەن و هەریەکەیان بەپێی یاسا مافی ڕاوکردن و گرتنی دو ماسیشی پێدراوە. بەمجۆرە هەموان بەشادمانی دەگەڕێنەوە ماڵەوەو هیوادەخوازن یاڵێکی دیکەش بتوانن گەشتێکی چیاو لوتکەو دۆڵ و نشێوەکان بکەنەوە.

Ewig(1)

Seilbahnen(2)

ماوێتی

له بیرتان بێ، چۆن دیسان خەیانەت بە کوردەکان کرا

هیوایەکی خۆشبینانە:

بێری شلّماشی

دیسان گەلەکەی ڕاوەدونرا، کۆمەڵکوژ کرا، چۆن دیسان چارەنووسی کوردەکان بەکۆتایی دەگات..

بێری شلّماشی کورد/هولّەندی، لەم نوسراوەیەدا. لەبیرمان مەکەن، دیسان لە بیرمان مەکەن.. فۆلکسڕانت

١٨ ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩

چوارسالّ بووم کە لە ١٩٨٨دا سەددام حوسێن بە گازی کیمیایی پەلاماری هەڵەبجەی دا و کوردی کۆمەڵکوژ کردن. ئێمە لە ئالمیرەی هولەند دەژیاین و هیچم لە چۆنیەتی ئاوارەبون لە ولاّتی خۆمان و لە ترس و دلّە ڕاوکێکان لە ئێرانم لە بیر نەمابو. خەونم بەوەوە دەدی کە ئایەتوللا خومەینی بە ئاوەڕۆی دەستشویی خۆمان دا بەڕێکەم تا بتوانم سەردانی نەنکم بکەم. ژمارەیەکی زۆر کەس و کارم هەبون کە هیچکاتێک نەم دەدیتن. تەنیا لە شایی دا هێندێک لە ناسیاوانی خۆمانم دەدی. ئەو کاتانەی کە لە سالّۆنی ئاهەنگەکانی گەڕەکەکەمان دا هێندە هەڵدەپەڕین کە لاقەکانمان ماندو دەبون. تا ئەوکاتەی خەبەری مانگی مارسی ١٩٨٨مان پێ گەیی. ئەمن لە تەلەفزیۆنەکە ڕامابوم کە دیتم کۆمەڵەخەڵکێک گرمۆڵە ببون ونیگا بێ گیانەکانیان ڕوو لە ئاسمان بە مۆلەق وەستابون. بێژەری تەلەفزیۆنەکە کوتی ئەوانە کوردن. هەروابزانە باسی کۆمەڵە زیندەوەرێک دەکا کە خەریکە نەسلیان لە ناوبچێ.بە لاّم لە ڕاستی دا ئەوەئێمە بوین کە باسمان دەکرا، نەتەوەیەک کە لە زۆر هەوڵی کۆمەڵکوژی دا نیازی فەوتانی دەکرێ. هەروەک هێرشەکانی ئەنفال لە لایەن سەددام حوسێنەوە لە سالّەکانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٩کە نیزیکەی دوو سەد هەزار کەسی تێدا کومەڵکوژ کرا. ئەمن ئەو کات زۆر لەوە منداڵتر بوم کە تێبگەم کێ لە دژی کێ شەڕ دەکا، بەلاّم ناڕەحەتی و ئازاری دایک و بابم هەست پێ دەکرد .ناڕەحەتیەکان تەواو نەدەبون، جارێک بە هۆی کۆمەڵکوژیەوەو جارێکی دی بەهۆی تیرۆڕی باشترین هاوڕێکانی بابم کە لە وییەن و بێرلین کە لە لایەن تیرۆڕیستانی کۆماری ئیسلامیەوە تیرۆڕ کرابون و وێنەکانیان بلاّو دەبۆوە کە بە سەر مۆبلّەکاندا لار ببونەوەو خوێنیان لێ دەچۆڕا .هەر یەک سالّ لەمەوبەریش بو کە ڕژیمی ئێران ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە قولاّیی خاکی کوردستانی عێراق دا موشەکباران کرد، کە حەفدە کەسی تێدا کوژران. زۆر پێش لە دایکبونی من، مامێکم لە لایەن ڕژیمی پاشایەتیەوە لە ئێران لە سێدارە درابو. دایکیشم کاتێک منی لە زگ دابو، لە لایەن ڕژیمی خومەینیەوە زیندانی کرابو. ئەوە لە کاتێک دابو کە خومەینی بەلّێنی لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤی بە خەڵک دابوو. هەرکەس کەمێک میژوو بناسێ، ڕەنگە پێکەنینی بەوهیوایە بێ کە کوردەکان هەیانە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. هەرچەند پێکەنین بۆ من زۆر زەحمەتە، لەو کاتەوەی کە تڕامپ گوتی: دەزانی چی، ئەتۆ ئەردۆغان بەو باسکە درێژانەتەوە، بڕۆ بە کەیفی خۆت بە چارەنووس و ژیانی کوردەکان یاری بکە،هێزەکانی من دەچنەوە ماڵێ. ئەگەر ئەمن بۆ هەر خەیانەتێک، کە بە کوردەکان کراوە مورویەکم وەرگرتبا، ئێستا ملوانکەیەکی پڕ لە موروم لە گەردن دا بوو. نەسلی من کوردستانی هەم بە جێژنەکانی ناسیوە و هەم بە خۆپیشاندانەکان، کە دوای هەر جینایەتێک دەرحەق بەکوردەکان بۆی دەڕۆیشتین. لە مەیدانی مالیفێڵد(بەناوبانگترین مەیدانی شاری لاهای هولەند)، یا لە مەیدانی دام(بەناوبانگترین مەیدانی شاری ئەمستردامی هولەند) کە وەک کچێکی لاو ژمارەی ٤ و ئالای کوردستانم بەرز دەکردەوە.زۆر خۆشحاڵ دەبوم کاتێک ڕێڕەوێکی هولەندی لێی دەپرسیم، ئەوە مانای چییە؟ کوردستان، چوار وەلاّت، سوریە، عێراق، ئێران و تورکیە، یەک چیرۆک ٤ دوژمن، ئازار وناخۆشی.دەتوانم ئەو قاوانەی دیسان لێبدەمەوە. ئەمن لە ولاّتێکی پڕ لە ئاسایش گەورە بووم، بە بازبازێنی مەیدانی قوتابخانەکەمان، لە نێو ویلاکاندا و بە مریشک و پەتات و ژێمی سێوی. بەلاّم بۆ من و بنەماڵەکەم ڕوویەکی دیکەی جیاوازیش لە ژیانماندا هەبو، جیاواز لەگەڵ ژیانی هاو پۆلەکانم. ئێمە تەنیا یەکترمان هەبوو، نە باپیرمان هەبو نە نەنک، نە پورمان هەبو ، نە خاڵ و نە خوارزا و پورزا.خۆشی و ناخۆشیەکانی خزمەکانمان زۆر بەکەمی، ئەویش بە ڕێگای تەلەفون دا بۆمان دەهاتن. هێندێک جاریش بە نێو تەلەفزیۆنە گەورە فیلیپسەکە دا کە لە نێو کۆمۆدێک لە ژووری دانیشتن داندرابوو. هەر ساڵەی بەشێک لە هیواکانی من دەتوێنەوە، وەک سەهۆڵی لوتکەکانی قوتبی باکور. ئەگەر ئەم هەل و مەرجە درێژەی هەبێ، هیواکانی من شتێک نابن جگە لە گۆمێکی لێڵ لە حەزو فریو خواردن کە هەتا دێ گەورەتر دەبێ. ڕەنگە ئەوە هەر ئەوزەل ئاوە بوبێ کە حەوتوی پێشو لە مەیدانی مالیفێڵد بە چەکمەکانمەوە چومە سەری لە نێو پەڵە چیمەنەکەدا، ئەوکاتی کە بۆ چەندومین جار بەشداریم کرد لە خۆپیشاندان دا. ئەمن بن ئامۆزا یازدە ساڵانەکەشم لەگەڵ خۆم بردبو، کە ملیۆنێکی تێکۆشەرانی لە ملی هاڵاندبو، قومقومەیەکی لە کۆڵەپشتیەکەی دابو. بەتەواوی ئامادە تا ڕۆژی دوایی لە بازنەی قوتابیەکاندا لە قوتابخانە، چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە. جار لە دوای جار هەمان چیرۆک. نەوەیەکی دیکە، بەلاّم هەمان داستانی ئێمە. کوردەکان، چوار وڵات، یەک داستان، دوژمنەکان و ئازار و ناڕەحەتی. ئارەزوم دەکرد کە ئەو بن ئامۆزایەم هەرگیز ئەوەی نە دیبایە. کە ئەوە باشترین واتایە کە دەمانتوانی بیدەین بە بێهیواییمان:

لە شەممەیەکی خۆڵەمێشی دا بڕۆین بۆ مەیدانێکی چیمەنی زەلکساوی تا وێنای بکەین کە ئەردۆغان تیرۆڕیستێکە.

قینی ئەردۆغان بەرامبەر بە کوردەکان گەورەترین مێرکی بازرگانیی ئەوە. ئەوە تێناگەم کە چۆن ئەمریکاییەکان گورگێکی ئاوایان بەڕەڵا کردوە بۆ سەر خاکێک کە تازە ڕزگار کراوە. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو هێرش دەکاتە سەر نیشتمانی ئێمە نەک تەنیا بۆ ئەوەی کە بمان کوژێ، بەڵکو بۆ ئەوەی بە تەواوی لە نێومان بەرێ. هەروەک چۆن هێزەکانی ئەو بەرامبەر سیاسەتوان خاتو هێڤرین خەڵەف لە سەر چەقی ڕێگایە ڕەفتاریان کرد. دایکی جەنازەی لەت و پەتی ئەوخانمەی هێنایەوە و بە عیشقەوە بە خاکی سپارد. ژنێک کە دەیویست کەش و هەوایەکی سیاسیی تازە بێنێتە ئاراوە، کە بۆ یەکسانی وئاشتی تێدەکۆشا، بەبەرچاوی دنیای دوو پێوانەیی یەوە کوژرا. بۆ کەسێکی کە بەردەوام کوژرانی هاو نیشتمانیەکانی لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دیوە، زۆر زەحمەتە تاقەت بێنێ ئەمەش ببینێ.

پاشماوەی لە بیرتان بێ، چۆن دیسان خەیانەت بە کوردەکان کرا

چۆن دەکرێ ئێستاش هەر ئەوە ڕوو بدا. لە بن ئامۆزاکەم دەپرسم کە بۆچی دەیویست لە خۆپیشاندان دا بەشداری بکا و لە دڵی خۆمدا بە ئاوات بووم کە ئەو مەجبور نەبێ ئەوە دووبارە بکاتەوەو لە جیاتی ئەوە بچێ لە کافەی ستاربوکس قاوە بخواتەوەو بە شەقامەکانی لاهەدا خۆپیشاندان نەکا. بەڵام ئەو دەزانێ ئێمە بۆ لێرەین، ئەو لە نارەحەتیی دایک و بابی ئاگادارە.ئێمە توشی هێدێک هاوڕێ دەبین کە هەر وەک من نەیانتوانیوە بخەون، دووشەممە نەیانتوانیوە، سێ شەممە نەیانتوانیوە وهەینیش نەیانتوانیوە و ئەوشۆش ناتوانن. باران وەک گۆزەی سەراوژێر دەباڕێ، بەڵام ئەمن چەترم ناوێ.

بەرەو کوردستان:

لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵی دا گواستمەوە بۆ باشوری کوردستان، تەنیا بەشی کوردستان کە شێوەیەک لە خۆبەڕێوەبەریی لەو کاتی دا. ساڵی ٢٠١٢ بو، ئەمن لە ماڵێک دا دەژیام کە لە ڕیزە ماڵەکانی گەڕەکێکی تازە بو.ڕۆژێک دوو تازەلاو لە بەر دەرگاکەم قوت بونەوە، هێندە لاو بوون کە لە تەمەنی بن ئامۆزاکەم دا بون. ئەوان وێنەی دار و پەردووی خانوێکی ڕووخاویان بەدەستەوە بو.پرسیان کە داخوا شتێکم هەیە بۆ خواردن، دیارە هەم بو.ئەمن زۆر شتم هەبون کە ئەوان نەیان بو. بۆ وێنە کاسێتی منداڵان بۆ منداڵەکان. کوردەکان لە نێو ئاڵۆزیەکانی بەهاری عەڕەبی دا ناوچەکانی خۆیانیان ڕزگار کردبو.کوردەکانی سوریە کە نەک تەنیا بونیان قەبوڵ نەدەکرا وەک کورد، بەڵکو وەک خەڵکی سوریەش خاوەنی هیچ ناسنامەیەک نەبون. بە وەبیرهاتنەوەی ئەو مەسەلەیە، هەستێکی سەیر بە مێشکم دا ڕادەبرێ، ئەسەد کە هەشت ساڵ لەمەوبەر خۆیان لە دەستی ڕزگار کردبو، ئێستا هیوایەکە بۆدرێژەدانی ژیانیان. دوو ساڵیش دوای ئەوەی کە من بسکویت و ئاوم دانێ هەروا لە گۆشەیەکی دەرەوەی گەڕەکەکەمان لە کەلاوەیەکدا دەژیان کە بۆخۆیان پێکیانەوە نابو، لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە ڕۆژێک بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. لە یەکێک لە کەلاوەکان دا کچێک لە دایک ببو، لەو دیوی پەردەیەکەوە پیاوێکی بە ساڵداچو لە سەر جێ ڕاکشابو و چاوەڕوانی مەرگی دەکرد. چەندین ژیان ئاوارە ببون بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانی دا گیر بکەن. لە نکاو بەرەو ڕووی لێشاوی ماشێنان بوینەوە کە خەڵکی موسڵ بون و لە ترسی داعش ماڵ و حاڵی خۆیان بەرەو هەولێر بەجێ هێشتبو. چونکە شتێک بە ناوی داعش تەواوی شارەکەیانی داگیر کردبو. لە سوریەش هەر ڕاست ئەوە ڕووی دا.

قارەمانانی فڕێدانی داعش:

داعش چیا سەرزەوزەکانی بە ڕەنگی ڕەش داپۆشی. ئەوان توشی هەر نیشانەیەکی مرۆڤایەتی بوون لە نێویان برد. هەمو شتێک، ژن وەک کالایەک بەکارهێنران، هونەر لە نێوبرا، نەوت دزرا، پردەکان ڕووخێنران، منداڵەکان فرۆشران. هەموشتێک دەبوو لە نێوبچێ. تا چارەگە سەعاتێک ڕێگاش لەو جێگایە نیزیک بونەوە کە منی لێبووم. کورد بێ دەوڵەتەکان لە ناکاو بوونە هێزێکی پێویست لە پشت هاوپەیمانەکانی نێونەتەوەیی بۆ ئەوەی بتوانن داعش تێک بشکێنن. هاوپەیمانیەک دروست کرا کە هولەندیشی تێدا بو.ئەوجار ئێمە ناسراین وەک سەربازە پێشکەوتوەکان کە بە خاتری خۆمان و بە خاتری دنیاش دەبو گیاکەڵە بژار بکەین. بەڵام کوردەکان لەوەی زیاترن کە تەنیا وەک پاڵەوانی فڕێدانی داعش چاویان لێ بکرێ. زیاترن لە وەی تەنیا وەک قوربانی ببینرێن و زیاتریشن لەو تاقمە پیسەی کە بەرەو جەهەندەمیان ناردن. لە ساڵی ٢٠١٥ دا ئەمن سەردانی ئەو شاخانەم کرد کە زەمانێک بابم و دایکم خەباتیان تێدا دەکرد، ڕاست بەرامبەری ئێران، لەژێر تیرهاوێژی ئەو دوژمنە دا کە ڕۆژانە بە هۆی هێلیکۆپتەرەکانیەوە کۆلبەری کورد دەکوژێ بە بەهانەی ئەوەی کە سنوریان بەزاندوە. ئەو ناوچەیە پڕ بو لە مینی چێندراو کە پاشماوەی شەڕەکانی ڕابردوو بوون. لەوێ لە سنوری نێوان چەوسێنەرێکی کوردەکان واتە ئێران، و چەوسێنەرێکی دیکەی کوردەکان، تورکیە ، ئەمن لە گەڵ واقیعیەتی وەزعی خۆمان بەرەوڕوو بووم. ئێمە دەورەدراوین بە چەند دیکتاتۆرێک کە ڕقێکی زۆریان لە گەلی ئێمە هەیە،

ئەو دیکتاتۆرانەی کە هیچ چەکێک نییە بە کاری نەهێنن بۆ ئەوەی ئێمە لە نێوبەرن. ئە ردۆغان بە خێرایی خەریکی وێرانکردنی شارە کوردیەکان بو لە تورکیە، بەڵام وەختیشی هەرمابو تا لە چیاکان ئێمەغافڵگیرکا بە گەورەترین تراومای ژیانی خۆم. ماوەی چەندین خولەک پێنج تەیارەی ئێف شازدە لە سەر سەرمان دەخولانەوە. هەر وەک ئەوە وابو کە لە تابوتی خۆت دا ڕاکشێی و چاوەڕوانی مەرگ بکەی و هەست بکەی کەسێک خەریکە بزمارەکانی دادەکوتێ. بۆ ماوەیەک ئاسمانزەرد هەڵگەڕا، ڕمبەیەکی گەورە هات، دوای ئەوە بێدەنگی باڵی کێشا. ئەو ڕمبەیە دەشی توانی بە مانای کۆتایی من بێ، کۆتاییەکی بێ نرخ. لە جێگایەک کە تەنانەت مەرگیش بە هاسانی بەجێت ناهێڵێ.

ڕۆژە ڕەشەکان

لە کاتی خۆپیشاندان لە مالیفێڵد دا هاوڕێیەک هاتە لام. ئەوساڵ ڕۆژە تاریکەکانی پایز بۆ وی زوو سەریان وەدەرنا. بنەماڵەکەی لە شارێک دا گیری خواردوە کە تورکیە بەوێدا دەیهەوێ هێرش بکا.چۆن لە گەڵ کەسێک قسە بکەی کە لە تۆ زۆرترلە نێوکارەساتەکەدایە. جاری وایە ئینسان وا بیر دەکاتەوە کە کوردبون بۆ خۆی نەخۆشیەکە، کە جار وبار وا بەخێرایی سەر هەڵدەداتەوە کە هەمو کەس دەیبینێ. هەر وەک ئێستا، لە ڕۆژئاوای پێشو دا.هەرکەس بتوانێ، هەڵدێ و ئاوارە دەبێ. ئەوکارەی کە ئێمەش کاتی خۆی کردمان. هەروەک چۆن دوای مەش لە عێراق ڕا ئەو کارە کرا. لە کاتێک دا ئێمە تەواوی ئەو کاتانە لە بەرامبە ر داعش دا بەقامەتێکی ڕاست ڕاوەستابوین تا شارەکانی وەک کۆبانی ڕزگارکەین، بە بۆمبەکانی ئوروپا و بە ئامادەیی مێدیا لە سەر شانۆکە، لە گردێکی ئەوبەرمانەوە،لە دەرەوەی سنور لە تورکیە. ئەو وڵاتە کە ئەوکاتی پێشی بە شەپۆلی پەنابەران دەگرت و لەوڵاشەوە تیرۆڕیستە داعشیە بریندارەکانی لە نەخۆشخانەکانی خۆی داچارەسەر دەکرد. ئێمە ماوەیەکی دوور و درێژ بە تەنیا بوین. تا ئێستاش.چونکە هەمو کەس دیتی ئێمە کێین. یارمەتیدەرە، کە هاوڕێ هولەندیەکانم تەلەفونم بۆ دەکەن تا پێکەوە قسە بکەین، پێتیشنان بەم لاو ئەولادا بە ڕێ بکەین بۆ بەدەستهێنانی ناوچەی دژەفڕین و بەشداری بکەین لە خۆپیشاندانەکان دا. ئەوە چۆنە کە ئاغای ڕووتە(سەرۆک وەزیرانی هولەند) لە قەڵاتەکەیەوە هیچی پێ نیە جگە لە هێندێک هەنگاوی سەرەتایی؟ ئەو چۆن تەوجیهی دەکا کە ئەندامێکی پارلەمان لە حیزبەکەی خۆی لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە، گەشتی پشودان بۆ تورکیە لە ڕێکای کۆمپانی گەشت و گوزار (کۆمپانی کۆرندۆرن) بە گرنگتر دەزانێ لە ژیانی ئینسانەکان؟ ئایا ئەوەندە هێزیان هەیە کە تورکیە لە ناتۆ وەدەرنێن؟چاوەڕوان دەکەین تا ئەوەڵین گروپە داعشیە هەڵاتوەکان دەگەنە ئێرە؟ تەماشاچی دەبین کە چۆن بە بەهانەی ڕاگرتنی تەقە،ئەوکوردانەی لە مارْ وحاڵی خۆیان دەردەکرێن، پەنا دەبەن بۆ ئەو ناوچانەی کە تا ئێستاش بۆمباران دەکرێن، لە کاتێکدا ئەردۆغان دەیهەوێ پەنابەری ناوچەکانی دیکەی سوریە لەوێ جێگیر بکا و دێمۆگرافی ناوچەکە بگۆڕێ؟ باکوری سوریە نێودێرکراوە بە گەورەترین ئاژغاڵدانیی شارستانیەتی ئەم سەردەمە. لە شەڕی داعش داکوردەکان یازدەهەزار کەسیان قوربانی دا، ژمارەیەکی لە ئەژمار نەهاتوش بریندار بوون. بۆ ئەوەی لە دوژمنێک ڕزگاریان بێ و دیسان پاڵیان پێوەنێن بۆ نێو باوەشی دوژمنێکی دیکە. ئەگەر مەجبور بین ڕۆژئاوای کوردستان تەحویل بدەین، ئەوە خەتایەکی نەبەخشراوە. دێنهاخ(پایتەختی دەوڵەتیی هولەند) بە چاوی خۆی دیویەتی. کۆمەڵکوژی لە لایەن ئەردۆغانەوە، ئازادکرانی سەگەکانی داعش،ئەسەد کە خەریکە دەستان لێک دەسوێ و پوتین کە ڕێگای پێدراوە حەوتوی داهاتو قسەیەکی لێ بکا. هەرچیەکیش ڕوو بدا، ئێمە لە بیر مەکەن. لە بیرتان نەچێتەوە کە کوردەکان چۆن شەڕیان دە کرد. لە بیرتان نەچێ کە شەڕکردنی ئێمە چەندە بەنرخ بو.کە کوردەکان هەڵس و کەوتێکی چەند مرۆڤانەیان تەنانەت لە گەڵ زیندانیە داعشیەکان دەکرد. لە کۆتایی دا لە بیرتان نەچێ کە ئێمە چۆن دیسان خەیانەتمان پێ کرا.

بێری شڵماشی نوسەر و فیلمسازێکی هولەندیە کە ڕەگەکانی لە کوردستانی ئێرانن.

دوو کتێبی سەرنجڕاکێش...لێدوانی: لوقمان حەوێز- تێکساس



لوقمان حەوێز

پێشەکی من پێم وایە ئایینەکان و بڕوابوون بەخودا بەشێک بووە لە ژیان و مێژووی مرۆڤ و هیچ هێزێک لەوانەیە نەتوانێت مرۆڤەکان دابماڵێنێت لەم بڕوایانە، خستنەڕووی ئەم کتێبانەم تەنیا بۆ ئەوەیە خەڵکی ئێمەش بزانن چی دەنوسرێت و بڵاودەکرێتەوە لە جیهان لەم بوارە... دوو کتێبی گرنگ و سەرنجڕاکێش لەسەر ئایین نوسراون لە ئەمەریکا لەلایەن یەک نوسەر، دوای بڵاوبوونەوەیان و تاوەکو ئێستاش بەهۆی سەرنجڕاکێشیان لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا ناوەناوە باسیان لێوە دەکرێت، یەکێک لە کتێبەکان دەربارەی خودا و هزری ئایینیە لە ساڵی 2017 بڵاوکرایەوە، ئەوی تر لەسەر حەزرەتی عیسایە و لە ساڵی 2013 بڵاوکرایەوە، هەردووکیانم خوێندۆتەوە، لێرەدا زۆر بەکورتی باس لە نوسەرەکە و هەروەها کتێبەکانیش دەکەم... هەردوو کتێب بوون بە NY.times.Best.Sellers، لە ئەمەریکا هەر کتێبێک خرایە لیستی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز وەکو پڕ فرۆشترین کتێب مانای ئەوەیە ئەو کتێبە لە ئەمریکا زۆرترین خواستی لەسەرە و ملیۆنەها دۆلار دروست دەکات...

نووسەری هەردوو کتێب ڕەزا ئەسڵان جێگای باس و سەرنجی خەڵک بووە لە ئەمەریکا، ناسراوە بە کەسێکی زیرەک و سەرنج ڕاکێش، سەرەتا کەمێک باسی ئەو دەکەم ئینجا زۆر بە کورتیش باسی هەردوو کتێبەکە دەکەم، ئەو جگە لەم دوو کتێبە کۆمەڵێک کتێبی تریشی هەیە لەسەر ئایین بە گشتی و ئایینی ئیسلام و تونڕەوی لەنێو ئایینەکان، بەڵام ئەم دووەیان جێگای سەرنج بوون لە ئەمەریکا بۆیە باسیان دەکەم...

ڕەزا دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لەسەر عیسای مەسیح لە ساڵی 2013 بوو بەکەسێکی دیار و بەناوبانگ، ئەو بەڕەچەڵەک ئێرانیە و منداڵ بووە کاتێک دایک و باوکی لە ئێرانەوە کۆچ دەکەن و دەیهێنن بۆ ئەمەریکا کەمێک پێش ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران، ئەو منداڵە زیرەکە هەر لە زووەوە لە قوتابخانە زۆر پێش دەکەوێت، دوایی لە تەمەنی 15 ساڵی کڵێسایەک لەبەر زیرەکی بۆلای خۆیان ڕایدەکێشن و لە قوتابخانەیەکی تایبەتی خۆیان دەیخەنە بەر خوێندن بەخۆڕایی، لە ئەنجامدا هەر لەوکاتەوە دەبێتە کریستیان، دوایی لە کریستیانیتی زۆر قوڵ دەبێتەوە و بڕوانامەی دکتۆرا دەهێنێت لەوبوارە و دەبێتە یەکێک لە ئەکادیمی و لێکۆڵەرەوە دیارەکان لە ئەمەریکا لە بواری ئایینی کریستیانیتی، بەر لە شەش حەوت ساڵێک وازدەهێنێت لە کریستیانیتی و دەبێتەوە موسڵمان، دەست بە نوسینەوەی کتێبی یەکەمی دەکات بە ناوی: "عیسای نازرێث" یان عیسا وەکو کەسایەتیەکی مێژوویی، بۆ ڕوونکردنەوەی نازرێث ناوی ئەو گوندەیە کە عیسا لێی گەورەبووە لە خاکی فەڵەستین، لە ئەمەریکا بە پێی گۆڕانکاری یەکەم کە لە دەستووردا جێگیر کراوە ئازادی ڕادەبرین تەواو ڕەهایە، بێگومان نوسین و بڵاوکراوەکان بەشێکی سەرەکین لەو ئازادیە، ئەم مرۆڤە بە ئەسڵ ئێرانیە و دایک و باوکی هێشتا موسڵمانن هاتووە ئەم کتێبەی لەسەر عیسا نووسیوە بەم شێوەیە بەڵام شتێکی زۆر ئاساییە لەم ووڵاتە، ئەم پیاوە کە لە کەسایەتیە هەرە ئەکادیمی و شارەزایەکانە لەبواری ئایینی کریستیانیتی لە ئەمەریکا. لە کتێبەکەی باس لە چیرۆکی مێژوویی ژیانی حەزرەتی عیسا دەکات، وردەکاری و زانیاریەکانی هەمووی بە بەڵگەی مێژوویی خستۆتەڕوو.

بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان چەندەها گەشتی بۆ ئیسرائیل و ئوردن و بەریتانیا کردووە.

لە کتێبەکەی باس لە چیرۆکی مێژوویی ژیانی حەزرەتی عیسا دەکات، وردەکاری و زانیاریەکانی هەمووی بە بەڵگەی مێژوویی خستۆتەڕوو، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان چەندەها گەشتی بۆ ئیسرائیل و ئوردن و بەریتانیا کردووە، لێرەش لە ئەمەریکا هەرچی سەرچاوەی مێژوویی و کتێبی کۆن هەیە بەکاریهێناوە، لە کتێبەکەی دەڵێت عیسا مرۆڤێک بووە هەرگیز ووشەی کریستیانیتی و باسی ئایینێکی نوێی نەکردووە لەژیانیدا، ئەو دەڵێت بەپێی بەڵگەکان ئەو کۆمەڵە قوتابیەی کە گوایە لەگەڵ عیسا بوون و ئینجیل لە زمانی ئەوان وەگیراوە و نوسراوەتەوە لە ڕاستیدا هەرگیز عیسایان نەبینیوە و لەگەڵ ئەو نەژیاون، دەڵێت عیسا مرۆڤێکی زۆر باش بووە و پاڵپشتی هەژاران بووە و داوای دادپەروەری کردووە، هۆکاری لە خاچدانیشی هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی داوای دادپەروەری و کەمکردنەوەی باجی کردووە لەسەر هەژاران، پاشا جولەکەکانی ئەو وەختەش بە مەترسیان داناوە لەسەر کورسیەکانیان، لەبەرئەوە کۆمەڵێک تۆمەتیان بۆ هەڵبەستووە و تۆڵەیان لێکردۆتەوە...

بێگومان دوای دەرچوونی کتێبەکەی کڵێسەکان پێیان ناخۆش بوو کتێبێک بەم شێوەیە باس لە حەزرەتی عیسا بکات، بەڵام کەس قسەیەکی ناشیرینیشی پێ نەووت و هیچ هەڕەشەیەکیشی لێنەکرا، کتێبەکەی لەو کاتەوە تاوەکو ئێستاش لە هەموو ئەمریکا دەفرۆشرێت...

کتێبی دووەمی کەلێرەدا باسی دەکەم لە ساڵی 2017 دەرچووە بە ناوی "خودا، مێژوویێکی مرۆڤە"، ئەم کتێبە لەڕووی زانستیەوە باسی سەرهەڵدان و دروستبوونی هزری ئایینی دەکات لە مرۆڤ، ڕەزا ئەسلان شیکردنەوەیەکی ورد دەخاتەڕوو لەسەر مێژووی سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی هزری ئایینی لەمرۆڤدا، لە شیکردنەوەکەدا دەڵێت ئەمە شتێکە وەکو پێداویستیەکی پەرەسەندن Evolutionary.Need بەر لەنزیکەی سەدوپەنجا هەزار بۆ دووسەدهەزار ساڵ بە شێوەیەکی بایۆلۆجی و سروشتی لە مرۆڤ دروستبووە، واتە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەنگاوەکانی گەشەکردنی مرۆڤەوە یان پەرەسەندنی هەبووە...نوسەر ئاماژە بەوەدەکات کە دروستبوونی ئەم هزرە لە مرۆڤ وای کردووە لەڕووی سایکۆلۆجیەوە بڕوای بەوەیە هەبێت کە لەناو لەشی ڕۆح هەیە و بەشێکی جیاوازە لەجەستەی، کۆمەڵێک لێکدانەوەی ڕۆحانیشی دروستکردووە و بە هۆکاری ڕووداوە ناخۆشەکان و مردنی داناون...هەروەها دەڵێت هەر لە زووەوە ئەم هۆکارە بایۆلۆجیە پاڵنەر بووە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان هزرە ئایینیەکان بە دامەزراوەیی بکەن و ئایینەکان دروست بکەن، ئەو بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زانستی بەهێز دەخاتەڕوو کە ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت، لەبەر ئەم هۆکارەش ئایین شتێکی جیهانیە و لایەنی کەم سەدا هەشتای مرۆڤەکان ئامادەسازیان تێدایە هەڵگری بیروباوەڕە ئایینیەکان بن هەتا ئەگەر ئەو ئایینانە پڕ بن لە خورافات، بە کورتی ئەو دەڵێت خودا لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەکردنی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤ لە هزر و مێشکیدا دروست بووە لەبەر ئەو هۆکارە بایۆلۆجیەی سەرەوە...

وێنەکان: بەرگی هەردوو کتێبن...

هیچ کلووە بەفرێک بە تەنیا خۆی بە بەرپرس نازانێت لە هەرەس

ڕەنگە هەموو کوردستان بایکۆتی کاڵای تورکی بکات ئابووری تورکیا دانەڕمێت، بەڵام گرنگە هیچ نەبێت ئێمە هۆکار نەبین کە ئەو بازارە ببوژێنینسەوە

ب. موحەمەد

بڕوا ناکەم زۆڵی بەکاربەر و هێزی بە ئاڕاستەی گۆڕین جێی مشتومڕ بێت، هەروەک بەکارهێنانی ئەم هێزە بۆ هەڵوێست وەرگرتن یاخود سەرخستنی ئایدیایەک هەرگیز تازە نیە. لە مێژە ڕووەکیەکان ئەمە چەکیانە و کاریگەرییان بەسەر بازاڕی ئەو وڵاتانەی کە ژمارەی ڕووەکیەکانی تێدا زۆرە، بەڕوونی دیارە. هیچ ڕێستورانتێک نییە، کە چەند جۆرە خۆراکێکی ڕووەکی لەپاڵ مێنوەکەی خۆیدا پێشکەش نەکات. هەروەک بەهۆی قێگەنەکانەوە ئێستا دەیان ڕێستورانت هەیە لە شارەگەورەکانی دنیادا، کە تەنها خواردنی قێگەنی تێدا پێشکەش دەکرێت. ئەم دەستکەوتە تەنها بۆ ئەوان گرنگ نییە بەڵکو بەشداری دەکات لە هۆشیارکردنەوەی گۆشتخۆرەکانیشدا و بیرهێنانەوەیان، تا هەڵوێستە بکەن بەرامبەر دڕندەیی بایۆئیندستری و زیانە ژینگەیی و تەندروستیەکانی بۆ خودی مرۆڤ خۆی. هەر ئەمەش چەکی ژینگەپارێزانە، کە هەوڵ دەدەن لەڕێی هۆشیاری دەستەجەمعیەوە، کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە کەم بکەنەوە. بۆ نمونە نەوەیەکی گەنج و هۆشیار هەیە، کە لەڕێی ریسایکلینەوە و لەبەرکردنی جلی دەستی دوو، دەیەوێت گوزارشت لە شوناسی سیاسی خۆی بکات. خۆ ئەگەر دەربکەوێت مارکەیەک لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کالاکانیدا، بەرپرسانە مامەڵەی نەکردووە، بۆ نمونە منداڵی تێدا بەکارهێنراوە، یاخود ڕەچاوی مافی کرێکارەکانی نەکردووە، یان پابەند نەبووە بە بنەماکانی ژینگەپارێزیەوە، گورزی گەورە لە وێنای دەکەوێت، کە دواتر کاریگەری لەسەر داهاتی دەبێت. کەمنین ئەو مارکانەی کە لەبەر ئەم هۆیە خراونەتە بلاک لیستەوە و خەڵکانێکی زۆر بایکۆتی کالاکانی کردوون. واتە بەرزبونەوەی هۆشیاری تاک و ئاگایی لە ڕەفتاری خۆی وەک بەکاربەر، هەروەک هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر دەرهاویشتەی بژاردەکانی، لە سیماکانی کۆمەڵگایەکی زیندوو و بەرپرسە، نەک تەنها جۆرایەتی بەڵکو چەندایەتیش جێی سەرنج و ڕەخنەیە، بۆیە (ئەمستردام) ئەم شارەی منی لێدەژیم بازاڕی زۆر هەیە بۆ گۆڕینەوەی جلوبەرگ لە جیاتی کڕینی کالای نوێ. هەروەک لە خۆیەوە نییە کە مینیمالزم لە فۆرمێکی هونەریەوە بووەتە لایفستایلی خەڵکانێنی زۆر. ئەمانە بەشێکی کەمی ئەو هەوڵانەن کە تاکە بەئاگا و خاوەن دیسپلینەکان دەیدەن تا کاریگەریان هەبێت بێ ئەوەی بچوکی ئەو کاریگەرییە ساردیان بکاتەوە. کوردستان بووەتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کالای خراپ، کە بەشێکی بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵە لەلایەن دەسەڵاتەوە و بەشێکی چاوچنۆکی بازرگانەکانە، بەشێکیشی لە ئەستۆی کڕیاری کورد، کە بێئاگایە و هەمیشە بێ بیرکردنەوە بە دوای هەرزانترینیدا دەگەڕێت. لەم هەلومەرجەدا کالای خۆماڵی هەرگیز فرسەتی ئەوەی نەبووە خۆی پێشبخات و بەکوالتی/ نرخی ببێتە ڕکابەری کالا هاوردەکراوەکان.

بە بڕوای من ئەم کەمپینە دەکرێت بکرێتە سەرەتایەک بۆ بەخۆداچوونەوە و هەڵوێستە کردن لەسەر فەرهەنگ و تێگەیشتنی گشتیمان، وەک بەکاربەر چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ. چ لە ڕووی چۆنایەتیەوە چ لەڕووی چەندایەتیەوە .بیر لەو هەموو خواردنانە بکەرەوە، کە لە مێزی نانخواردنەوە دەکرێتە تەنەکە خۆڵەکانەوە بیر لەو هەموو جلانە بکەرەوە، کە کەنتۆروکانمانی ئاخنیوە ئەو هەموو کەلوپەلانەی ماڵەکانمانی سیخناخ کردووە .خاڵێکی تر ئەوەیە کە بەردەوام کورتکردنەوەی بەرپرسیارێتی لەهەموو پرسەکاندا، لە زۆڵی دەسەڵاتدا و زەبەلاح کردنی زۆڵی حکومەت، بە بڕوای من، پاشماوەی بیری تۆتالیتاریەیە، کە چۆتە پەروەردە و فەرهەنگی ئێمەوە. ڕووی ترسناکی ئەم دیدە لەوەدایە کە تاک تیایدا وەک بونەوەرێکی بێهێز و کۆمەڵگا وەک مێگەل وێنا دەکات. ئەم بەکەمزانینە دوژمنی هەبوونی خەونە و پرۆژە مەدەنی و دەستەجەمعیەکان پێش لەدایکبوونیان لەباردەبات .کۆمەڵانی خەڵک پێویستیان بە خەونێکی هاوبەش یاخود ئازارێکی هاوبەشە تا کۆیانبکاتەوە. ئەمڕۆ ئەو ئازارە لەئارادایە. دەسەڵاتی فاشیستی تورکیا و لەشکرەکەی پشت بە ئابووریان دەبەستن بۆ خۆپڕچەکردن و بەدیهێنانی خەونە پاوانخوازیەکانیان .یەکجار قورسە ئەو هەموو ئازارە ببینیت و تەنیا وەک تەماشاکەرێک بمێنیتەوە. نەک تەنها ئەوە بەڵکو تۆ یەکێک لەسەرچاوەکانی داهاتی ئەو لەشکرە بیت. هەموو کوردستان بایکۆتی کالای تورکی بکات ئابووری تورکیا دانارمێت، بەڵام گرنگە هیچ نەبێت ئێمە نەبین کە ئەو بازاڕە ببوژێنینەوە. هەندێک گومان لەوە دەکەن، کە ئەم کەمپینە بە ئامانج بگات و بوژاندنەوەی بەرهەمی خۆماڵی لەسایەی ئەم هۆشیاربوونەوەیەدا بەوەهم ناو دەبەن. دڵنیام نابێت بەوەهم ئەگەر کەسە چالاکوان و ئەکادیمیەکان لە جیاتی بێهیواکردنی خەڵک ڕۆڵێکی بونیادنەرانەیان ببینیایە بە قۆستنەوەی ئەم هەلە بۆ چینی تۆڕی هاوکاری زانستی و پشتگیری دارایی بۆ ئەو بەرهەمە ناوخۆییانەی کەپێویستیان بە دەستگیرۆییە. چاوێک بخشێنە بە سایتەکانی کراودفەندینا دەبینی چۆن خەڵکی مەدەنی دەتوانن هاوکار و پاڵپشتی یەک بن. جگە لەمە سەدان کۆنسێپتی ئابووری نوێ هەیە کە شایەنی تاقیکردنەوەن. هەن دەڵێن داتامان نیە ونازانین کاریگەری ئەم بایکۆتە چی دەبێت لەسەر ئابووری خۆمان. بروابکەن ژیان بەردەوام دەبێت و مێژوو بەرەو پێش دەچێت چاوەڕێی ئەنجامی توێژینەوە ناکات. دواتر ئێمە لە هیچ بواریکدا داتامان نییە ناکرێ داوا لە کۆمەڵانی خەڵک بکەین بووستن لە ژیان تا داتا ئامادە دەبێت.

ئازیزێک خەمی جگەرەی تورکیەتی، چونکە خۆی ئالودەی بووە، هیوادارم ئەم بایکۆتە هەلێک بێت تا واز لە جگەرە کێشان بهێنن. سەبارەت بەوە خۆشبەختانە نیو سەدەیە داتا و توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراو هەیە و زیانە بێکۆتاکانی جگەرە دەمێکە سەلمێنراون.

بایکۆتێکی چاوەڕوان نەکراو

یانە و تیپی تۆپی پێی زۆر ناسراوی سویدیی Hammarby، هاممەربیی، کە لە ساڵی 1889 دامەزراوە، لەوانەیە یەکەمین دامەزراوەی نادەوڵەتیی بێگانە بێت، کە دوێنێ، بە فێرمی ڕایگەیاند، بە هۆی پەلامارەکانی تورکیاوە، هەموو جۆرە پەیوەندیەکی بەو وڵاتەوە دەپچڕێنێت. واتا نە یاریزانی تورکی دەکرێت، نە تیپە وەرزشیەکانی تورکیی بۆ یاری، بانگهێشتی سوید دەکات و نە گەشتی تورکیاش دەکەن. بە گوتەی Markus Nilsson، جێگری سەرۆکی یانەکە، یەکەمین کاریشیان، هەڵوەشاندنەوەی کۆنتراکتی کردنەوەی ئۆردوگای مەشق کردنی تیپەکە بوو لە تورکیا، بۆ ساڵی 2020، کە پارەیەکی زۆری هوتێل و مەیدانی مەشق و خواردنی بۆ تەرخان کرابوو.

هاممەربی، یەکێکە لە یانە دەوڵەمەندەکان و لە دەیان تیپی لاوان، پێگەیشتوان، کچان بۆ هەموو لکەکانی وەرزش پێکهاتووە و نزیکەی سەد ساڵیشە، هەمیشە چەندان یاریکەریان لە تیپی نیشتیمانی سوید هەیە و ساڵانەش کێبڕکێ لەسەر پلەکانی یەکەم و دووەمی سوید دەکەن.

بە هۆی ناسراوی تیپەکە، ڕۆژنامەکانی سوید، بایەخیان بەو هەواڵە داوە.

تێبینی: هەواڵ و وێنەکە لە ژمارەی ئۆژۆ ١٧-١٠-٢٠١٩ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناسراوی سویدی Aftonbladet وەرگیراوە، کە بەڕێز (شاسوار هەرشەمیی) لە دیواری فەیسبووکی خۆی، لینکی گوتاری ڕۆژنامەکەشی دابەزاندووە، بە سوپاسەوە لەوەوە وەرگیراوە.

https://www.aftonbladet.se/sportbladet/fotboll/a/JoG45R/hammarby-bryter-turkiet-samarbete?fbclid=IwAR3veAYqRoPPFbctoKBLhDqvsdvzWyMDtMibBmTaNx8SV8DAM9ey5uST-_A

تەتەڵە شاکارێکی شاسوارانە!

شەفیقی حاجی خدر

لەگەڵ خوێندنەوەی هەر بەندێکی ئەم کتێبەدا، میژوو بە هەموو ڕووداوە جەرگبڕەکانی بە پێشمدا جۆللانەی دەکرد، کە پێشتر بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆیی، کەچی ئێستا ئاراستە ڕاستەقینەکەی خۆی وەرگرتەوە. ئاخر خۆ لە میژە دەرک بەدوو ڕاستی حاشاهەڵنەگر کراوە:

١- میژوو کە خۆی دووبارە دەبێتەوە (بەتایبەت بەسەر کورد) زۆر کێفەڕاتبارانەیە.

٢- میژوو براوەکان دەینووسنەوە. بەڵام ئەمجارەیان لە دووتوێی ئەم کتێبە میژوویە شاکارەدا، خوێنەر بەسەر دووڕیانێکدا دەکەوێت، ڕێگەیەک ئاڕاستەی کۆن و باوی چەسپێنراوە، ئەوی دیکەشیان لێکدانەوەی ڕاستکردنەوەیە، هەڵبەتە بە بەڵگەوبەندی سەلمێنەرانە. ئیدی هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەرهێڵەدا، دەپرسم هەق نییە هەندێ کتێب دوای خوێندنەوە بخرێنە نێو ڕەفەی کتێبان و ئاو بێنە و دەستان بشۆ! بەڵکو دەبێ لێیان بکۆڵدرێتەوە، ببنە مایەی مقۆمقۆی فرەڕەهەند، کۆڕ و سیمینارییان بۆ بگێڕردێت، بە گوێرەڕەی سەرەنجامەکان ڕاسپاردەی بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، ئاخر ئەگەر ئەمە نەکرێت، کەواتە نە خوێنەر خوێنەرێکی جدییە و نە کایەی ڕۆشنبیریش واتای ڕاستەقینەی خۆی دەبەخشێت.

بەڵێ ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبانە، کە نەوەک هەر زەنگی هەژێنەرە بەڵکو خودی هەژانەکەیە، حەیف بە بێدەنگی بڕوا. نووسەر زۆر داودۆزانە بەسەر تەڵە میژوویەکاندا دەڕوات. ئەوەی لە بەهای نووسینەکەی زیادکردووە توانای فەرهەنگناسی نووسەرە (نەخاسمە چوونە نێو بنج و بناوانی وشەکانە بە زمانە مرودوو و زیندووەکان)، کە کەلێنەکانی داپۆشتوون. نەتەوە وەک هزر و کار و ڕەفتار دەبێت دروستبکرێت، دەبێت ڕێڕەوی بۆ دەستنیشانبکرێت، ڕاستە جومگە و دینگەکان بە شێوەیەکی سروشکردی هەن، بەڵام بەگەڕخستنیان پێویستی بەکار و کاردانەوەیە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە بەدواداچوون و لێزیادکردن و لێکۆڵینەوەی زیاتر، دەربەستی ڕاچەنینێکی هزرییە بۆ هوشیاربوونەوە، بۆ نۆژەنکردنەوەی ئینتیما و بۆ سەلماندنی دڵسۆزی بۆ خەڵک و خاک لە بۆتەی نەتەوە و نیشتمان. تکام وایە ئێوەش بە نیازی بەرتەک بیخوێننەوە، چونکە کتێبێکە بۆ هەموو کەسێکی ڕۆشنبیر کە خۆی بە داربەڕوی ئینتیمای نەتەوەیی کورد هەڵواسیوە.

کڕینی کاڵای تورکی بە بەهای (١٠٠٠) دینار..
واتا پێدانی فیشەکێک
بە سوپای تورکیا
هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵای تورکی

داگیرکاریی تورکیا ـ ئێمە و کوردەکان، نووسینی: مصطفی چوارتایی

– ئەمڕۆ لەهەڵوێستێکی بەرەنگاری ترسناک و تۆقێنەردام، ئەویش ناپاکییە!
– کەوتوویەتە جەنگێکەوە؛ لەنێوان دۆست و دوژمندا؛ ناتوانیان هەڵبژێرین!
– ملیۆنەها گەنج دەڕژێنە سەر شەقام بۆ تەندروستیی دایکی زەویی، بەڵام نیوەی ئەوان بۆ سەرکۆنەکردنی ئەوەی بەسەر دایکانی –کورد و منداڵەکانیان دێت، دەرناکەون.
– پارتێکی چەپ بەچەپ دانانرێت ئەگەر لە قەیرانێکی سیاسییدا هەڵوێستی نەبێت. بەتایبەت ئەگەر کارەساتێکی مرۆییش بێت!

گۆڤاری لیسپرێسۆ "L Espress"ی ئیتالی، کە گۆڤارێکی کولتووریی و سیاسیی و ئابووریيە و یەکێکە لە ناودارترین گۆڤاری هەفتانەی ئیتالیا، 12 لاپەڕەی بۆ جەنگی داسەپاوی تورکیا و ئەردۆغان بەسەر رۆژئاوای کوردستاندا تەرخانکردووە. دیماسیمۆ کەچجاریی؛ بابەتێکی زۆر بەپێز و ناخەڕێنەری تێدا نووسیوە و، لۆمەی سەختی ئەورووپا دەکات کەپێش هەمووان ناپاکییان لەگەڵ کورددا کردووە و دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەن، کە لە داهاتوودا تورکیا هێرش بکاتە سەر ئەورووپاش. هەروەها گلەیی زۆر لەچەپەکان هەیە و بەنوبوویان دادەنێت. بەندە لەڕێی پرۆگرامێکەوە کردم بەئەڵمانیی، ئەم بابەتەی کەچجاریی سەرنجی راکێشام، بۆیە کردمەوە بەکوردیی. هیوادارم کورداني تاراوگەش ئەوەندەی دەتوانن، رای گشتیی و میدیاکانی ئەورپا و رۆژئاوا بۆ خەڵکی کوردستان بگوازنەوە، گرنگە.

ئێوە و بابەتەکە:

ئەرووپا لە سیاسەتی دروست دوورکەوتووەتەوە، چەپ بوونی نییە. کارەساتەکان ئەمە دەسەلمێنن؛ کە رای گشتیی دەتوانێ سەرنج لەسەر پرەنسیپێکی جیهانی وەک (ژینگە)چڕ بکاتەوە، بەڵام لە سیاسەتدا نا، کەوتووینەتە جەنگێک کە لەنێوان دۆست و دوژمندا؛ ناتوانیان هەڵبژێرین! ئەو ڕایەی کەدەڵێت؛ ئەورووپا لەحاڵێکدایە پێیدەکرێت رۆڵێکی مێژوویی لەجیهاندا بگێڕێت و بەئەرکێک هەڵسێت کە بەدیهێنانی ئاشتی و بەیەکگەیاندنی کولتوورەجیاوازەکان بێت، هەروەها دان بەبەهای هەر یەکێکیاندا بنێت، (concordia oppositorum). واتە یەکێتیی هاودژەکان، ئەوە هەر هەیە، گەیشتوونەتە خاڵێکی وەرچەرخان کەچیدی دان بە سیاسەتی (خەیاڵپڵاو)یدا نەنێین. ئێستا ئەم بەها و بیرۆکەیە هەمووی لە قسەکردن و گوتارداندا کورتکراوەتەوە. ئەگەر نەشڵێین دووڕوویيەکی ناشایستەیە. سیاسەت وەک خۆی پێڕەونەکرێت، هەروەک کاتی رووخانی دیوارەکە(بلۆکی سۆشیالیستیی). ئێمە ئێستا لەجۆرە دەستەوستانییەکداین کە بێئەوەی بزانین، هەڵوێست بەرامبەر ئەو هەموو کارەساتە وەربگرین. ئەمڕۆ لەهەڵوێستێکی بەرەنگاری ترسناک و تۆقێنەردام، ئەویش ناپاکییە، ئەورووپا ناپاکیی دەکات! ناپاکیی لەسیاسەتدا لە کردەوەیەکی یەکلاکەرەوەدا، ئەمە وەک سوێندخواردن وابووە شکێندرابێت، ئەنجامێکی دەبێت چاکنەکرێتەوە. چونکە کەسێک ناپاکیی کرد دەچێتە ڕیزی دوژمنەوە و دەبێتە دوژمن.

دەبێتە دوژمنی ئەوانەی باوەڕیان پێکردبوو، گەلی کورد باوەڕی بەئێمەبوو! پێویستمان بەهاوکاریی و قوربانییەکانیان بوو، ئاخر تێرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامیی و خۆکوژەکانیان ئەورووپایان کردە ئامانج و هێرشەکانیان واتایەکی سیمبۆلیکی هەبوو؛ وەک ئەوەی تاوەرەکانی نیۆرک. ئەو جەنگەی لەعێراقەوە بۆ سوریا گواستراپەوە؛ شەپۆلێکی کۆچپێکردنی وای دروستکرد کە ڕێیپێنەگیرێت. کوردەکان لەپێناوی ئێمەدا جەنگان. ئێمە هاوپەیمانیان بووین؛ مەرج نییە نووسراو لەنێوانماندا هەبووبێت، ئاخر تیشکی خۆر کە ماندەل ناکرێت؛ پێویستی بەبەڵگەی نووسراو نییە. ئێمە لەگەڵیاندابووین شانبەشان، هاوسۆزی داواکارییە پیرۆزەکەیان بووین بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردستان. ئێمە ئەم ڕێککەوتنەمان دڕاند! ترامپ گەیشتووەتە ئەوەی قەشمەرییان پێبکات و بڵێت:"کوردەکان لەجەنگی دژی نازییەکاندا هاوکارمان نەبوون". ترامپ ئەو وێنە ڕوونەیە، وێنەی ڕۆژئاوایەک کە زمانێک بەکاربهێنێت جیاوازنەبێت لە بەرژەوەندیی ئابووریی و بازرگانیی و مادیی. بەڵام ئەی ئەورووپا؟! بەڵام ئەورووپا بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە ئەرکێتی بەرەنگاری زەمینلەرزەی خۆرهەڵاتی ناڤین ببێتەوە وەک ئەو ڕەوشە هەمیشەییەی ململانێی ئیسرائیل و فەلەستنین، هەروەها ئەو گوشارە زۆرەی کە دەکەوێتە سەری لەئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی کیشوەری هەژاری ئەفریقاوە. بۆی هەیە متمانەی هەر یەکێک لەگەلانی ناو ململانێکان لەدەست بدات! ئەمە خۆ هەر ئەنجامی سیاسەتەکانی بلێر نییە لەدوای جەنگەکەی بۆش، یان دەستتێوەردانی داخنامێزی فەرەنسا لەلیبیا. لەتواناشیدا نەبێت سیاسەتێکی نێودەوڵەتی هاوبەش پیادەبکات. ئاخر سیاسەت واتە سیاسەتی دەرەوە بۆ هەر قەیرانێک. ئەمڕۆش ئەورووپا بازێکی دراماتیکی دەدات. ئەورووپا کوردەکان بۆ ئەو بڕیارانە بەجێدێڵێت کە بەبێ ئامادەبوونی ئەوان لەسەر مێزەکان دەدرێن. دژی ئەوانەی کە ئەمان داوایان لێدەکردن بۆیان بجەنگن. بۆ ئەم پرسە بەردەستە! ئەورووپا توانیوێتی چیبکات؟ تەنیا پەنای بردووەتە بەر ئەوەی بڵێن چەک نافرۆشێن بە تورکیا(خۆی پێیفرۆشراوە و تەواوبووە)! ئەمە کارەسات و بنەمای بێچارەیی واقیعی سیاسییە. ئایا ئێوە پێتانوایە کە لەئایندەدا تورکیا هێرشێکی داگیرکاری بهێنێتە سەر ئەورووپا، ئێمە وکوردەکان بەبێ ڕێکەوتنێکی بەرگریی هاوبەش، بەبێ سیاسەتێکی نێونەتەوەیی؛ هیچ ناوچەیەکی سەربەخۆی خۆمانمان بۆ بپارێزرێت؟

بڕوانە ل 14

پاشماوەی داگیرکساریی تورکیا ـ نێمە و کوردەکان نووسینی: مصطفی چوارتایی

ئایا ئەمە دیدی ڕاستەقینەی ئەوروپا دەبێت. بەخێربێن بۆ ئاهەنگی کۆتایی ناشتنی تەرمی ئەوروپا، دەبینین، کە چۆن مەراسیمی پرسە لەگێژاوی ئەمەریکا و ڕوسیا و چیندا بەڕێوەدەچێت. لە پازدە ساڵی تابردوودا لەوڵاتەکەماندا شتێک ڕوویدا، جێگەی لێوردبوونەوەیە؛ ڕۆژانی جەنگی عێراقتان لەیادە؟ کاتێک بۆ چەکە کۆکۆژە نهێنییەکانی سەدام دەگەڕان، لەهەموو شارەکانماندا، بە ملیۆنەها پەنجەرەوە ئاڵای ئاشتی پێوەهەڵواسرابوون، هەزاران خۆپێشاندان دەکران، هۆشیارییەکی فراوان هەبوو کە بۆیە ئەم جەنگە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تووندڕەوانی ئاینیی و تێرۆریستیی ؟

ئێمە چۆن نەبوونی ڕای گشتیی جەماوەریی شیبکەینەوە، کە گوزارشت لە تووڕەیی و هاوسۆزیی بەدڵ و گیانی بەرامبەر بە کارەساتی کوردەکان بکات؟ ڕەنگە بەری بێهووایەکی قوڵ بێت. بێهووایەکی تاڵ! ڕەنگە بەهۆی ئەو قەیرانە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە بێت کە هیچ باوەڕێکی بە چارەنووس و ئایندەیەکی جوان و پێشکەوتووی دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکانەوە نەماوە. ڕەنگە کولتووری دێرینەکان قابیلی داپۆشین بن، هەرچەند لەژینگەی خۆشیدا؛ وزەی پێویستی بۆ بەرگرییکردن هەیە. با بە ئەمانەتەوە پرسیاربکەین، ئایا ئەم فرەکولتووریە هیچ واتایە یان بایەخکی گەورەی بۆ ژینگە هەیە؟ پێمان سەیر نابێت کە ملیۆنەها گەنج بڕژێنە سەر شەقام بۆ تەندروستیی و دایکی زەویی، بەڵام نیوەی ئەوان دەرنەکەون بۆ سەرکۆنەکردنی ئەوەی بەسەر دایکانی کورد و منداڵەکانیان دێت، یان ئەو کۆچبەرانەی لە دەریای ئێمەدا خنکاون. ئایا بەشێکی ئەم سروشتە کە مرۆڤ لەنیوەی ئەم گۆی زەمینەدا دەنالێنێت؛ دەتوانێت زەوییەکی تەندروست بێت؟! ئەم پرسیارە دەبێت لەلایەن بەناو چەپەکانی ئەوروپاوە وەڵامبدرێتەوە کە دروشمی ئەوروپای نوێیان هەڵگرتووە. پارتێکی چەپ بەچەپ دانانرێت ئەگەر لە قەیرانێکی سیاسییدا هەڵوێستی نەبێت. بەتایبەت ئەگەر کارەساتێکی مرۆییش بێت! کەمێک سەرنج بدەن، لەریگەی ئینتەرنێتەوە، ئەگەر بۆ باسی پاراستنی ژینگە بێت ، چەند خێرا دەکەونەخۆ و، ئەگەر بۆ بابەتی سیاسش بێت چەند خا و سڕ دەبن، چەند گران دەبێت خەڵک کۆکەیتەوە، کێشەکە"بەهاکان"نین، بەڵکوو تێگەیشتنە لەوەی کێ دۆستە و کێ دوژمنە! تا خۆی لەدژی یان لایەنگریی ڕێکبخات. لەبەرئەوە کێشەگەلی سیاسیی بەتایبەت پێویستی بە زانیاری دروست و ڕێکخستن و شوێنی مشتومڕی دێمۆکراسیانە و کۆمەڵە و کۆنگرە دەبێت تا هێڵەکانی جووڵەکانیان دیاریبکات، هەروەها بە سەرکردەی باوەڕپێکراو و نوێنەرانی بەهێز، بەڵام دوای ئەم گۆڕانکاریی و تازەگەرییەی ئەمڕۆ؛ سیاسەت بە جووکەی تویتەر و بەلایکی فەیسبووک و بەجنێو و سووکایەتیی و گەمژەیی ئینتەرنێت دەکرێت. هەروەها بە فەیک نیوز(هەواڵی ساختە و هەڵبەستراو)، لەم نێوەندەشدا کوردەکان گیریانخواردووە و ئەردۆغانیش هەڕەشەمان لێدەکات یان دەبێت سەرانەی بدەینێ یان کۆچبەرانمان بۆ دەنێرێت.

L Espresso 20.10.2019

DI MASSIMO CACCIARI ILLUSTRAZIONI DI ZEROCALCARE

نامەیەک بۆ جەنەڕاڵ مەزڵووم کۆبانێ!

ئەم نامەیە بۆ تۆیە، نەک تڕامپ و پۆتین. بە منداڵی هێلانەیەکی سوێسکەم پێدەزانی، هەموو ڕۆژێک تۆزی سەر هێلکەکانم بە قۆڵی کراسەکەم دەسڕییەوە، تا بوون بە بێچوو و لە نیشتمانی شاخستانی خۆیاندا، بە ئازادی هەڵفڕین. ئێستا کە لە ڕەشێنەی چاوەکانی تۆی بیرمەند و فێرمەند دەڕوانم، دەمێک قەشە "ڤالانتاین کەدیس"ی، بانگەوازی ئاشتی و خۆشەویستی بە گوێی جیهاندا دەدەیت و دەتەوێ ئاماژە بەوە بدەیت: ئەها ئێمە چەند مرۆڤگەلێکی جوانین! دەمێک "بێنگت وێستەربێری"ی، وەک جوامێرێک خەمی کەمەنەتەوە و کۆچبەران و دیلت، بەپێی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەوپەڕی ئەخلاق و سەربڵندییەوە لەبەرە و پاراستووە. لە تازەترین وێنەشدا، "یوسێ موجیکاس"ی کوردیت و کراسی هیوا بەبەر هیواخوازاندا دەکەیت، هەر دەڵێی دایکی شەهیدیت و بە دەستی خۆت مەتر مەتر کوتاڵی ویژدان دەبڕیت. جەنەڕاڵی هێژا! دەزانم، نها تۆش دەتەوێ هەڵفڕی و مەتەرێزی شەرەفی شەڕکەرانی ئازادی یەک بە یەک بەسەر بکەیتەوە. بەسەریان بکەیتەوە و پێیان بڵێیت، من پێم لە جەرگی خۆم ناوە و سازشم کردووە، بۆ ئەوەی ڕێ بە پاکتاوی ڕەگەزیی ئەم گەلە بگرم و ئێوەش سەنگەری بەرگری بەهێزتر بکەن. ئاخر دوور نییە ڕۆژگار بۆ تەنها جارێکیش لە بەرژەوەندیی ئێمە بێت. دەتەوێ پێیان بڵێیت، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و سیناتۆر لیندزی گراهام و نزای دایکە شەهید و بێ ڕۆژەکانی نیشتمان و پێکەنین و دڵخۆشیی گەدا و شێتەکانی ئەم وڵاتە، لەبەر جوامێریی ئێوەیە نەک من. دەتەوێ بڵێیت، هەڵاڵنم! چۆن چێژی شیعر لە تامی بەری دڕەختی میوەی جۆراوجۆ دەچێ، ئێوەش هەریەک ئاوا شیرین و پڕبایەخن.

دواگوتە/ جەنەڕاڵ! تۆ ئێستا دەوڵەمەندترین کەسی لە بەدەستهێنانی خۆشەویستی و وەفا و کرداری بەجێ، بەوەش دڕەختەهیوایەکی نوێت لە دڵی گەلێکدا چاندووە. ئیدی ئەو ترسەش بڕەوێنەوە، کە وەک زۆربەی سەردارەکان و لە کاتە هەستیارەکاندا، تۆش پێت لەسەر پەلکەمۆزەکە هەڵنەخلیسکێ؟

سەیروان کاروانی

١٩ / ١٠ / ٢٠١٩

تێبینی: نیگارەکە بەرهەمی خاتوونی هێژا: "تارا ئەمین"ە.

.....

*ڤالانتاین کەدیس: ئەو قەشەیەی کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی کرد و، هەر لەو پێناوەشدا کوژرا.

*بێنگت وێستەربێری :(Bengt Westerberg) سەرۆکی پارتی گەلی وڵاتی سوێد بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ بۆ ١٩٩٥. لەسەر ڕەوشی پەنابەران و هەوڵی دژایەتیکردن و کوشتنیان لەلایەن پارتی تووندڕەوەوە، جوامێرانەترین هەڵوێستی نواند.

*یوسێ موجیکاس :(José Mujicas) بە هەژارترین سەرۆکی جیهان و دەوڵەمەندترین کەس لە بەدەستهێنانی خۆشەویستی لەنێو گەلی "ئورۆگوای"دا ناسراوە.

ڕەجارەی هونەرمەندێکی کورد

شاناز جەمال مەحمود

ساڵی 1979 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە. هەر لە منداڵیەوە خۆلیا و حەزی هونەری تێدا خوڵقاوە، لە ئێستادا چوار پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە و لەسەر زیندووکردنەوەی هونەری کلتووری کوردەواری کاردەکات، بە کارەکانی توانیوێتی بەشداری چەندەها پێشەنگای نێودەوڵەتی ڤیستفاڵی ساڵانە بکات و تا ڕادەیەکی باش بە کارەکانی کلتووری ڕەسەنی وڵاتەکەی خۆی گەیاندۆتە 31 وڵاتی جیهان.پەیامی شاناز لە کارەکانیدا ئەوەیە، کە دەریبخات خانمی کوردیش توانا و سەلیقە جوانی هونەری تایبەتی خۆی هەیە و پشت بە بەهرە و داهێنانی خۆی دەبەستێت، تاکی کوردیش کەمتر نیین لە هونەری باڵای جوانی جیهانی و خاوەن کەلەپوری تایبەتی خۆیانن. دەستپێکردنی شاناز بەم شێوازە تایبەتییە لە کاری هونەری، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئێمەش دوێنێ و ساڵانی ڕابوردوو خاوەنی ئەو ئەو کلتورە هونەرییە دەوڵەمەندە بووین، ئەی دەبێت ئێمە ئەمڕۆش و سبەینێ و داهاتوو چی بکەی..؟ بۆ ئەوەی ئەو کەلەپورە دەوڵەمەندە ئاشنا بکەینەوە بە نەوەکانی داهاتوومان و بە دونیا، ئەویش بە نەخشاندنی چەندین پارچە خشڵی خۆڕازاندنەوە، بەو پارچە بەڕەو جاجم و ئەو بابەتە کۆنینانەی لەسەردەمی باوباپیرانمانەوە بەکار هاتووە و بۆمان بەجێماوە، ئێستە خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچن،ئەم هاتووە جارێکی دیکە کۆیان دەکاتەوە و ڕوحی هونەری و کەلتوری سەردەمیانەی دەکاتەوە بەبەردا و لەم ڕێگەیەوە مۆرک و ئاکارە کوردەوارییەکان بە دنیا دەناسێنێتەوە.

حەمید بەدرخان

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

09 November . 2019 Nummer. [78]
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– سیاسییە هۆڵەندییەکان بێدەنگ نەبوون بەرانبەر بەوەی، لە ڕۆژئاوای کوردستان چی ڕووەدات.؟ ل 2
– خاکێتی پرۆفیسۆر عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ– پ.د.زاهیر لەتیف کەریم. ل 3
– هێنڵەری سەدەی بیست و یەکەم لە تورکیا سەری هەڵدا– نووسینی عەبدولکەریم شێخانی ل 4
– تورکیا بەکارهێنانی سینەما چەکێکی کاریگەر لە دژی کورد و کوردستان.نووسینی: بەکر شوانی ل5 و ل 6
– گۆشەی 30 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 7و ل8 . ...
– بەشی سێیەم زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان– وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری کەریم، ل9 و ل10
– بەشی دووەم– چەمکی تەنیایی و گۆشەگیریی لە دیدی تەنیانشینێکەوە: شاعیری ژەنەڕاڵی پایز– نووسینی: گۆران مەریوانی ل 11و ل 12.
– کوردەکان تەنیا فریشتەیەکن لەو پارچەیەی جیهاندا–سلاڤۆی ژیژەک ل 13
– چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد لە تاراوگـــە ل 14
– وەڵامی چی دەدیتەوە؟ شیزۆفرینا و سیاسەت– نووسینی: ڕزگار عومەر ل 15
– ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی چەرخی ١٧ و چەند تابلۆیەکی کارڵ فابریتیۆس...ڕزگار ئەمین ل 16

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

09 November 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 78
78 ی 09 ی نۆڤێمبەری 2019

سیاسیە هۆڵەندییەکان بێدەنگ نەبوون بەرانبەر بەوەی، لە ڕۆژئاوای کوردستان چی ڕووەدات..؟

لە ڕۆژی ٩–١٠–٢٠١٩ەوە تا ئێستا هێرشی سوپای تورکیا بۆسەر باکوڕی سوریا– ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامە بە جۆرەها چەکی قەدەغە کراویش بۆردومانی خەڵکی سڤیل و شارو شارۆچکە و گوندەکان دەکات و شەڕ و کوشتار بە توندترین شێوە بە بەرجاوی دنیاوە بەردەوامە. ل؛ە زۆربەی وڵاتانی دنیاوە کۆچبەرانی کورد لە تاراوگە بەردەوامن لە خۆپیساندان و ناڕەزایەتی، خۆشبەختانە پەرلەمان و دەستەڵاتدارانی هەندێ لە وڵاتان هاتوونەتە دەنگ، بەڵام هێشتا کۆدەنگیەکی ئەوتۆ دژی ئەردۆگان و ڕژێمەکەی نەخەملێوە و هەردوو زلهێزی دنیا تا ئێستا ئەمەریکا و ڕوسیا، گلۆپی سەوزیان بۆ ئەردۆگان داگیرساندووە و شوێن دەستیان بۆ شل کردووە، ئەردوگانیس ڕۆژبەڕۆژ هار تر دەبێت و ئێستا هەڕەشەی داگیرکردنی ولایەتی موسڵیش دەکات لە باکوڕی عێراق، بە بیانووی پاراستنی تورکمانەکانەوە. لەلایەکی ترەوە ئەردۆگان لە نامەیەکی تۆندی هەڕەشە ئامێزدا بۆ ئەوروپییەکان و یەکێتیی ئەورووپا، داوایان لێ دەکات لە خەوڕابن، ئەگەر نا دەرگای پەناهەندە سوورییەکان بەڕەو ڕووی ئەوروپایان لێ دەخاتە سەرپشت، دڵگرانە کە ئەوان جەنگی (کانی ئاشتی)یان بە کردەیەکی ئیستعماری ناوبردووە، گوایە تورکیا بۆ پاراستنی یەکڕیزی خاکی سوریا و گەڕاندنەوەی ئەو ئاوارە سووریانەن کە لە خاکی تورکیادان. بەڵام نیازی گلاوی ئەردۆگان لای دنیا شاراوە نییە و هەموو گەلان دەزانن، ئەو بە نیازی پاکتاوی ڕەگەزی و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانن. لەم ڕۆژانەدا زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی هۆڵەندی و ئەوروپی سەرکۆنەی کردەوە سەربازییەکانی ڕژێمی تۆرکیایان کردووە. لە ناویاندا وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا ستیف بلوک لە پێگەی خۆیدا لە تویتەردا دەڵێت:

" باڵیۆزی تورکیامان بانگێشت کردوە و داوامان لێکردوە کە تورکیا لەم کردەوە سەربازییە بووەستێت." هەروەها وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا لە بەیاننامەیەکدا هۆشداریداوە بە تورکیا، کە ئەم کردەوە سەربازیانە، دەبێتە هۆی ئاوارەبوونێکی دیکەی پەنابەران و زیانگەیاندن لە پرۆسەی بەگژداچوونەوەی داعش و ئارامی ناوچەکە دەشێوێنێت. هەروەها سەرۆک وەزیرانی هۆڵەند مارک ڕووتە داوای لە تورکیا کردووە، تونودتیژی بووەستێنێت و ڕایگەیاندووە، کەهەر کوردەکان بوون لە ناوچەکەدا شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی داعشیان کردووە، شانبەشانی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا، لەبەرئەوە هەست بەو پەیوەندیە بەتینەی نێوان ئەوان خۆمان دەکەین، بۆیە پێویستە لەسەر تورکیا ئەم هێرشە بووەستێنێت و لە ناوچەکە بکشێتەوە.

سزادانی تورکیا: سیاسیە هۆڵەندییەکان بێدەنگ نەبوون بەرانبەر بەوەی، لە باکوڕی ڕۆژهەڵاتی سوریا چی ڕووەدات..؟ زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا، ڕەخنەی تۆندیان لە ڕەفتارەکانی تورکیا گرتووە لە ناوچەکەدا و بە کۆی دەنگ داوای سەپاندنی سزا دەکەن بەسەر ڕژێمەکەی ئەردۆگاندا. پەرلەمانتاری پارتی سۆشیالیستی هۆڵەندا SP، سەعادەت کارابولوت، داوا لە حکومەتی هۆڵەندی دەکات ئەندامێتی تورکیا پەیمانی ناتۆ هەڵبپەسترێت و پێویستە فرۆشتنی چەک و تۆپ و تانک و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و تەقەمەنی و ئامێری سەربازی بە تورکیا بووەستێنرێت، جونکە ئەوەی ئێمە دەیبینین بەو چەکانە هێرشی پێدەکرێتە سەر خەڵکانی سڤیلی سوریی و بێتاوان و کوردەکان، نەک داعش. سەرۆکی پارتی ئازادی هۆڵەندا PVV، خیرت فیلدەرز، لە تویتەری خۆیدا نوسیوێتی: "تورکیا دوڵەتێکی هاوپەیمان نییە بەڵکو دەوڵەتێکی تیرۆریستییە. پێویستە یەکسەر لە پەیمانی ناتۆ دەربکرێت. هەروەها جیسی کلافەر، سەرۆکی پارتی چەپی سەوز، GroenLinks، کردوەوە سەربازییەکەی تورکیا بە کارەساتێک وەسفدەکات بەسەر کوردە سڤیلەکانی ڕۆژئاوادا و داوا لە یەکێتیی ئەوروپا دەکات بە پەلە و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە تورکیا بگێڕێتەوە پابەند بێت بەو پەیماننامە ئەوروپیانەی کە ئیمزای لەسەرکردووە و داوادەکات هەموو جۆرە یارمەتییەکی سەربازی لەگەڵ تورکیادا بووەستێنرێت.

خاکێتی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ- پ.د.زاهیر لەتیف کەریم



لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، لەنزیکەوە ئاشنایەتی و هاوڕێیەتیم لەگەڵ پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دا هەبووە. لەنێو هەموو ئەو زەمەنانەدا سەرچاوەیەکی زانستی ومێژوویی و فیکری و ئەدەبی بووە بۆ تێکڕای خوێندکار وماموستایان.

لە دانیشتنەکانیدا بە بەردەوامی خودی خۆم وانەی تازەی لێوە فێردەبووم. ئەوەشی سەرنجی ڕادەکێشام فرە زانیارییەکانی بوو، وەک ئەوەی پسپۆڕ بێت لەسەرجەم زانستە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و فیکری و ئەدەبی و سیاسی و ئابووری و فەلسەفی و مێژوویەکان. لەگەڵ ئەوەی,لەو زانستانەدا، خاوەن دەسەلاتێکی سەرچاوەیی بوو، بەڵام کەسێکی زۆر خاکی و بێ فیز بوو. لێرەدا خاوەن ئیدیۆمێکی تایبەت بەخۆی بوو لەکاتێکدا دەیگووت"غرور برای کەریتییە". ئەمەش لەکاتێکدا کەکەسە بەفیزەکان تەواو پرۆفیسۆریان ناڕەحەت دەکرد. بۆیە پرۆفیسۆر بەشێوەیەکی خۆڕسکی، نەک دەستکرد، کەسێکی خاکی بوو، بەڵکو زۆریش دژی کەسە بەفیزەکان بوو. بێ فیزییەکانیشی خۆیان لەم هەنگاوانەدا دەبینیەوە:

– بەڕێزێکی زۆرەوە پێشوازی لەمیوانەکانی یان لەوانەی کەخوازیاری زانیارییە سەرچاوەییەکان بوون دەکرد.ماڵەکەی یان لەکاتێکدا لەکۆلێژ کاری دەکرد ژوورەکەی هەمیشە کراوە بوو.لەچاوپێکەوتنەکاندا هیلاکی پێوە دیار نەدەبوو.ئەمەش وایکردبوو کەکەسێکی خۆشەویست بێت وبەبەردەوامیش خەڵکی بەجیاوازی کار وپیشە سەردانیان دەکرد بەڵکو وەک چەقێکی ڕۆشنبیری و فیکری و ئەدەبی سەیر دەکرا. میوانەکانیش تەواو سنوورەکانی کوردستانی گەورەی لەخۆ گرتبوو، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور. هەموو ناوچەکانیشی وەک یەک خۆش دەویست و جیاوازی لەنێواناندا نەدەکرد.

– مامەڵەی لەگەڵ کەسەکان بەنەیارەکانیشیەوە بریتی بوو لەسۆزێکی ڕاستەقینە و دوور دەکەوتەوە لە قین وکینە. واتە ئەوەی ڕووی لەجێگە ومااڵی پرۆفیسۆر بکردایە، ئەوا سەرجەم ناکۆکی وکینەکانی ڕابردووی لەیاد دەکرد. هەر لەبەر ئەمەش بوو، دەیگووت"گەرچی شتەکانم لەیاد ناچێت بەڵام دڵم جێگەی کین و قینی تێدا نابێتەوە و هەر زوو سارد دەبمەوە". چەند جارێک هەوڵی تایبەتیم داوە بەدروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشێک لە هاوڕێکانی، لەئەنجامدا دەیگووت: "من ئامادەم گەر بەڕامبەر قایل بێت".

– لەدایەڵۆگ و دانیشتنەکاندا تەواو دوور دەکەوتەوە لە زیادەڕۆییە خۆهەڵکێشانییەکان، بەڵکو باسی لەگەورەیی خۆی نەدەکرد. ئەوەی سەرنجی منی زۆر ڕادەکێشا، بیرتیژی و نووسین و خوێندنەوە بەردەوامییەکەی بوو، کە هیچ کات هەستی بەبێزاری نەدەکرد. هەچ نووسین و لێکۆلینەوە و کتێبێکم بڵاوببوایاتەوە، ئەوا یەکسەر دەمگەیاندە ماموستا و پێشکەشم دەکرد. ڕۆژێک کتێبی"برایم ئەحمەد و ستراتیژیەتی دەق "م گەیاندە ماموستا، کە لە نووسینی خۆمە و ژمارەی پەڕەکانی 300 لاپەڕەیە و پێکهاتووە لەحەوت لێکۆلینەوە، کە سەرجەمیان پشتیان بەڕێبازە ڕەخنەییەکانی تازەگەری و دوای تازەگەراییەکان بەستووە. دوای سێ ڕۆژ ماموستا زەنگێکی بۆ کردم و گوتی ئەوە کتێبەکەم خوێندەوە، بەڵام دەمەوێت بتبینم.

منیش گوتم بەسەرچاو. ئەو ڕۆژە بۆم نەکراو بۆ سبەینێ دوای نیوەڕۆ گەیشتمە ماڵی ماموستا. دوای بەخێرهاتن، دوور لە فیز و خۆبەزلزانین گوتی: ئەوە کتێبەکەم خوێندەوە، بەڵام حەزم کرد ڕوونکردنەوەم لەسەر لێکۆڵینەوەی "تیۆری زیرەکی ئارتیفیشاڵی" بۆ بدەی، کە یەکێک بوو لەلێکۆڵینەوەکانی نێو ئەو کتێبە. منیش گەرچی پێشبینی ئەو پرسیارەم نەدەکرد، بەڵام زانیارییەکانم لەسەر ئەو تیۆرە لە مێشک و بیرەوەرییەکانمدا هێشتا پاریزراو بوون. بۆیە یەکسەر دەستم کرد بە باسکردنی ئەو تیۆرە، کە چۆن توانیومە لە بازنەیەکی ماتماتیکی و زانیارییە نهێنییەکانی دەزگا سیخوڕی و بەرگرییەکان بیگوێزمەوە بۆ جیهانی دەقی شیعری، بەنموونەی دەقەکانی ماموستا برایم ئەحمەد. ماموستاش وەک خوێندکارێک گوێی لە قسەکانم دەگرت و هەر لەوێدا دوای ئەوەی دەستخۆشی لێکردم ئینجا گوتی "ئەوا لەتاقیکردنەوەکەشدا بەسەرکەوتوویی دەرچوویت". جگە لەمانەش یەکێک لەخەسڵەتەکانی بێ فیزی بریتییە لەیارمەتیدان. ئەوەی ماموستا بوبێت یان خوێندکار گەر داوای زانیارییەکی زانستی یان مێژوویی و سەرچاوەیی لەپرۆفیسۆر عیزەدین کردبێت، ئەوا بەبێ چەند وچوون یارمەتی داوە.لەم ڕووەوە چاوچنۆک نەبوو، بەپێچەوانەوە هەمیشە دەست و سنگی کراوە بوو بەجیاوازی فیکر و ئایدیا. ئەمەش بەو مانایە دێت، کە پارێزگاری لە هەست و نەستی بەرامبەرەکان دەکرد و حەزی نەدەکرد داواکارییەکانیان ڕەتبکاتەوە، گەرچی هەندێک جار وەک خۆی دەیگوت، بەشێک لەو داواکاریانە کارێکی ئاسان نەبوون. کاتێک لەسەرەتای هەشتاکاندا خوێندکاری دکتۆرا بووم لەبەریتانیا، داوای چەند سەرچاوەیەکم لێکرد، کە زۆر پێویست بوون، بەتایبەتی کتێبە بەنرخەکەی بەنێوی"الواقعیه فی الادب الکردی". ئەم کتێبە پێش ڕۆشتنم نووسەر فوئاد سەراج پێی بەخشیم بەڵام بەداخەوە لەفڕۆکەخانەی بەغدا دەست بەسەر کراو و نەیان هێشت لەگەڵ خۆمدا بیبەم. جەنابی پرۆفیسۆر لەڕێگەی پۆستەوە ئەم کتێبە و چەند کتێبێکی تری بۆ ناردم، کە هەتا ئێستا لەلام پاریزراون. ئەمە لەکاتێکدا پەیوەندیم بەماموستاوە ئەو کات، وەک پێویست نەبوو، بەڵکو لە دوورەوە یەکترمان دەناسی.

سەرنج: بەداخەوە لە کاتی کۆچی دوایی ڕەوانشاد پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، نەتوانرا لە تاراوگەدا، پانتاییەکی شیاوی بۆ تەرخان بکرێت، بە پێویستمانزانی، لە نزیکبوونەوی چلەی ئەم نەمرەدا، ئەم نووسینەی بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف بڵاوبکەینەوە.

هیتلەری سەدەی بیست و یەکەم لە تورکیا سەری هەڵدا- نووسینی عەبدولکەریم شێخانی

هەرچەندە من ڕێزم بۆ هەموو گەلێک هەیە، وەک لە نووسینێکی دیکەمدا گوتوومە، چونکە پەروەردەی سیاسیم ئەوەی فێر کردم، بەڵام زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم ڕەگەزی تورک شۆڤێنیترین ڕەگەزی سەر زەوین و ڕقیان لە هەموو میللەتێکە، بە تایبەتیش کورد. تێبینیم کردووە هەر شوێنێک تورک یان تورکمانی لێ بێت، بەچاوی دوژمن سەیری کورد دەکەن. ئاشکرایە کە خاکی تورکیای ئێستا، تورکەکان داگیریان کردووە. ئەوەی مێژوو بخوێنێتەوە دەزانێت، کە تورک خێڵی کۆچەر بوون و بە دوای لەوەڕدا گەڕاون بۆ مەڕو ماڵات و ئەسپ و وڵاغەکانیان و هاتوونە ئەو جاران پێی دەگوترا ئاسیای بچووک. سەلجووقییەکان حوکمی ئەو ناوچەیان دەکرد. لەشەڕێکیاندا، یارمەتی سەلجووقییەکانیان دا و ئەمەش بوو بە هۆی سەرکەوتنیان. لە بەرانبەر ئەو چاکەیەدا سەلجووقییەکان ناوچەیەکیان بۆ دیاری کردن، کە تێیدا نیشتەجی بن. دوای نیشتەجێ بوونیان شەڕیان بە ناوچەکانی دەوروپشتی خۆیان فرۆشت و بەرەبەرە داگیریان کردن و ئەو پارچە زەوییەی خۆیان فراوانتر کرد و سەرەنجام سەری سەلجووقییەکانیشیان خوارد و حکوومەتیان دامەزراند. لەبەر ئەوەی خێڵێکی مەغۆلیی دڕ و شەڕانی بوون، هەمیشە خەریکی شەڕ و خوێنڕێژی بوون. سوڵتان ئۆڕخان کە یەکێک بوو لە دڕندەترین و خوێنخۆرترین سوڵتانەکانی عوسمانی سوپای ئینکیشاری (یەنیچەری) پێکهێنا لەو منداڵە مەسیحییە (٨– ١٠) ساڵانەی، کە لە شەڕەکانیان زۆر دڕندانە دەیانڕفاندن و لەسەر کوشتن و تاڵان کردن ڕایاندەهێنان. ئەو سروشتە دڕندانە خێڵەکییە بە درێژایی حوکم کردنیان لە و ناوچانەی کەوتوونەتە بەر قەڵەمڕەویان پێیانەوە دیار بووە. کوشتارە دڕندانەکەی ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٥، کە دەوری ملیۆن نیویکیان لێ کوژرا بە ژن و منداڵ و گەورە و بچووکەوە، ئاشکراترین ئەو دیاردە دڕندانەیەی تورکانە. لە دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووداوەکانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەم و دامەزراندنی تورکیای تازە، لە لایەن مستەفا کەمالەوە، ئەو سروشتە دڕندەییە بە هەموو سەرانی تورکیاوە دیار بووە، بە تایبەتی بەرانبەر بە کورد و لە باکوری کوردستان. هەموومان دەزانین چ کوشت و کوشتارێکیان بە کورد کردووە و تەنانەت قسەکردن بە کوردیشیان لێ قەدەغە کردبوون، جگە لە ڕاگواستنی سەدان هەزار کورد بۆ ناوچە تورکنشینەکان بە مەبەستی سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی نەتەوەیی کورد، تا گەیشتە ئەردۆغانی سوڵتانی تازەی تورکیا، کە خۆی بەپێشەوای موسڵمانانی ناوچەکە دادەنێت. هەر لەبەر ئەوەشە دەیەوێت سەڵتەنەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە و دەست بەسەر چەندان ناوچەی وڵاتانی دەوروبەریدا بگرێت، وەک هەنگاوی یەکەم بۆ گیان بە بەرداکردنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی. ئەو دەمێکە چاوی بڕیوەتە باشوری کوردستان، کە بەشی زۆری ویلایەتی موسڵی پێک دەهێنا و خرایە سەر حکومەتی عێراقی تازە دامەزراو و نەوتێکی زۆری تێدایە، کە لێکی تورکانی بۆ دێتە خوار و لە هەمان کاتیشدا چاوی بڕیوەتە ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستان و بە بەشێک لە خاکی تورکیای دەزانێت. ئێستا ئەو بارودۆخەی بۆ ڕەخسا، بە تایبەتی کە سەرۆکی ئەمریکا زۆر بێ ڕەوشتانە پشتی لە کورد کرد و وەکو بێ لایەنێک خۆی ڕاگەیاند.

جگە لەوەش هەموو سەرانی تورک، تا ئێستاش وەک سەرسەری و شەلاتییەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو لایەنانە دەکەن، کە لە خۆیانی بەبێ هێزتر دەزانن و دوور لە هەموو ئەتەکێتێکی دیپلۆماسی. بۆ نموونە: کاتێک عەبدوڵڵا ئۆچەلان لە سوریا بوو، مەسعود یەڵماز هۆشداریی دایە سوریا و گوتی ئەگەر ئۆچەلان دەرنەکەن، ئیمە چاوی سوریا دەردێنین. ئەو جۆرە هەڕەشەیە تەنیا کەسانی سەرسەری و ڕەوشتنزم دەیکەن. هەروەها ئەردۆغان گوتی: ئەگەر کوردەکان لە ماوەی دیاری کراودا نەکشێنەوە، سەریان پان دەکەینەوە و ئەو قسەیە هەر لە کەسێکی شەللاتی دەوەشێتەوە و پیاوێکی سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار نایکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئەردۆغان لە گوتارێکیدا دەڵێت: کوردەکان زەردەشتین و کافرن و پێویستە بکوژرێن. ئەردۆغان بەم قسەیەی دەیەوێت ئەو عەرەبانەی هاوبیری ئەون و ئیخوانچین، بکاتە دوژمنی کورد. ئێستا ئەردۆغان لای هاوبیرەکانی، بە تایبەتی لە تورکیا پێغەمبەری سەردەمە و پێشەوای موسڵمانە ئیخوانچییەکانە، بەڵام ئەردۆغان بە پێغەمبەرایەتی ڕازی نابێت و ئیدیعای لەوە زیاتر دەکات و بەوەوە نەوەستا، کە مەلاکانی لێ هان داین بمانکوژن، ئێستا خۆی هاتە مەیدانی فەتواودان و کوردی موسڵمان بە کافر دادەنێت و دەڵێت: زەردەشتین و کوشتنیان حەڵاڵە، لە کاتێکدا نابێت هیچ موسڵمانێک بە کافر دابنرێت مادامەکێ شایەتمانی هێناوە و ئیمانی بە خواو پێغەمبەر هەیە. با بۆ پێکەنین ئەم قسە خۆشەشتان بۆ بگێڕمەوە:

گوتمان تورک زۆر شۆڤێنین و هەموو دانیشتوانی ناو سنوری تورکیا بە تورک دەزانن و دەشبێ تورک بن. مامۆستا لە پۆل باسی گەورەیی تورک دەکات و دەڵێت: ئێستا ئەوەی تورکە دەست هەڵبڕێت. هەموو دەست هەڵدەبڕن و تەنیا منداڵێک نەبێت. مامۆستاکە پێی دەڵێت: بۆ دەستت بەرز نەکردەوە، ئەی تۆ تورک نیت ؟ منداڵەکە دەڵێت: نەخێر من کوردم. مامۆستا وەک فیشەکە شێتە (دەمەرقاچان) بەڕووی منداڵەکەدا دەتەقێتەوە و دەڵێت: چۆن دەبێت تۆ تورک نەبیت ؟ کێ گوتی تۆ تورک نیت؟ منداڵەکە گوتی: دایک و باوکم کوردن. مامۆستاکە زیاتر تووڕە دەبێت و دەڵێت: باشە، ئەی ئەگەر دایک و باوکت گێل و بێ مێشک بوون، تۆ چی دەبیت ؟ منداڵەکە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ تورک دەبم.

تورکیا: بەکارهێنانی سینەما وەک چەکێکی کاریگەر لە دژی کورد و کوردستان...نووسینی: بەکر شسوانی

لە تورکیا، کورد یەکەمجار ساڵی 1951 لەسەر دەستی هەردوو دەرهێنەر عاتیف یڵماز (1925–2006) و حوسێن پەیدا (1919–1990) لە فیلمی "گۆڕەکەم لە بەرد هەڵبکۆڵن"دا گەیەندرایە سەر پەردەی زیوینی سینەما. دواتر یڵماز گونەی (1937–1984)، چ وەک دەرهێنەر و چ وەک سیناریۆنووس، لە فیلمەکانیدا لەسەر کورد کاری کردووە. لە فیلمە تورکییەکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوویش بەدواوە کورد، بۆ یەکەمجار بە ناو و زمانی خۆیەوە دێتە سینەمای تورکییەوە و بینەر گوێی لە زمانی کوردی دەبێت. فیلمی "گەشتی بەرەو خۆر"ی یەشیم ئۆستائۆغڵو و فیلمی "پیاوی گەورە و ئەڤینی بچووک"ی خەندان ئیپەکجی دوو نموونەی فیلمەکانی ئەو سەردەمەن. وەک ئەکتەریش؛ تاریق ئاکان، هاکان بالامیر، تویرکان شۆرای، هولیا کۆچیغیت، فاتمە گیریک، شەنەر شەن، کەمال سونال و ئەلیاس سەلمان لە سینەمای تورکیدا "نوێنەرایەتی"ی کوردیان کردووە. ئەوانەی سەرەوە چەردەیەک لەو زانیارییانەن، کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد موسلیم یوجەل لە دووتوێی کتێبێکی هێژادا بەناوی "کوردەکان لە سینەمای تورکیدا" بە زمانی تورکی بە چاپی گەیاندووە. نووسەر لەم کتێبەدا چەند بابەتێکی وەک ساڵانی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا و سیاسەتەکانی ئاسیملاسیۆن و مێژووی سینەمای تورکی و ڕۆڵی کورد و نیشتمانی کوردانی لەو سینەمایەدا داوەتە بەر باس و توێژینەوە. پاشان بە دوای وەڵامدا گەڕاوە بۆ کۆمەڵێک پرسیاری لە جۆری: لە سینەمای تورکیدا زمانی کوردی چۆن لە ناو زمانی تورکیدا شاردراوەتەوە؟ کەی بۆ یەکەمجار زمانی کوردی لە سینەمای تورکیدا بەرگوێ کەوتووە؟ کاراکتەری کورد لە فیلمەکاندا چۆن نمایش کراوە؟... سینەمای تورکی ساڵانێکی زۆر کاراکتەری کوردی وەک کەسانی "پەرپووت و ناڕێکپۆش" و "پۆشەری جلوبەرگی مایەی پێکەنین" و کەسانی خاوەن "ژیانی خێزانیی نامۆ" و ئاغا و شێخ و چەتەی ناشارستانی نمایش کردووە. ئەو سینەمایە هەموو کاتێک هەوڵیداوە ناسنامەی ڕاستەقینەی کورد بشارێتەوە و هاتووە لەبری ئەوە کاراکتەری خەیاڵیی کوردی خوڵقاندووە و هەوڵیداوە لەو ڕێیەوە شتێک بخاتە ڕوو کە لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا بە "ڕۆژهەڵاتی/کورد" ناو براوە و ئەو دەستەواژەیەیش لە ڕوانگەی زۆرینەی کۆمەڵگەی تورکیاوە، هێمابووە بۆ دواکەوتوویی و نەزانی و عەشیرەتگەرایی. بە چاوگێڕان بە ئەنجامی توێژینەوە و گەڕانەکانی موسلیم یوجەلدا بۆمان دەردەکەوێت کورد لە سەدان فیلمی تورکیدا کراوە بە بابەت، یان کاراکتەری کورد خزێندراوەتە ناو فیلمەکانەوە.

یڵماز گونەی ١٩٣٧-١٩٨٤

بەڵام ئەو کاراکتەرانە هیچ کاتێک نوێنەرایەتیی "کوردی ڕاستەقینە"یان نەکردووە، یان وردتر بڵێم؛ نەویستراوە نوێنەرایەتیی "کوردی ڕاستەقینە" بکەن. ئەم کاراکتەرانە زمانێکی تورکیی خراپ بەکاردەهێنن، کەسانی بێ ناو و بێ کەسایەتین، سەرتاپای ژیانیان لەسەر بنەمای شەڕی نێوان عەشیرەتەکان و تۆڵەسەندنەوە داڕێژراوە و لە خەم و ئازار و هەژاری و نەداری بترازێت، هیچ شتێکی تر لە ژیانیاندا نییە. ئەوانەیشی کاراکتەری کوردیان لە سینەمای تورکیدا نمایش کردووە، هەموویان ئەکتەری تورکن و لەسەرەوە ناوی هەندێکیان براوە. ئەو کوردانەی کە ئەو ئەکتەرانە ڕۆڵیانیان گێڕاوە، بەردەوام بریتی بوون لە چەتە، ئاغا، مافیا، یان کوردی لادێنشینی نەخوێندەوار و ناشارستانی. لە ڕێی ئەو کاراکتەرانەوە کورد وەک کەسانی سەختەکار، قۆڵبڕ، پیسکە، بێبەزەیی، پاشقەڕۆ و کەسانی پاشماوەی سەردەمی فیۆدالی نمایش کراون.

هەرچی خراپەکاریی مرۆڤ هەیە بە کوردەوە لکێندراوە

موسلیم یوجەل سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی، کە سەرباری تێپەڕبوونی کات و هاتنە ئاراوەی سەردەمێکی نوێ لە ناوچەکە و جیهاندا، کەچی هێشتا لە فیلم و زنجیرە تورکییەکاندا گۆڕانکاری بەسەر چۆنیەتیی نمایشکردنی کەسایەتیی کوردا نەهاتووە. ئەو کوردانەی پێشووتر وەک گوندنشینی هەژار و بێدەسەڵات نمایش دەکران، لە فیلم و زنجیرەکانی ئەم سەردەمەدا وەک کەسانێک پێشان دەدرێن کە ئاغا و مافیای دەوڵەمەند و خاوەن پاسەوان و خزمەتکاری زۆرن و لە کۆشک و سەرای شارەکاندا دەژین و درێژە بە دابونەریتە فیودالییەکان دەدەن. یوجەل پێی وایە لە فیلم و زنجیرەکانی ئەم سەردەمەیشدا هەرچی خراپەکارییەکانی مرۆڤ هەیە بە کوردەوە دەلکێندرێت و ئەمەیش نیشانەیە بۆ ئەوەی، کە لە سینەما و دراماى تورکیدا تێڕوانینی باو بۆ کورد نەگۆڕاوە، یان نەویستراوە و ناویسترێت گۆڕانی بەسەردا بهێندرێت.

ئەکتەرێکی تورک پێویست ناکات خۆی زۆر ماندوو بکات بۆ گێڕانی ڕۆڵی کوردێک؛ تەنیا ئەوەندەی بەسە بە تورکییەکی خراپ بدوێت، وەک کاراکتەر خۆی بخاتە قاڵبی کەسێکی نەزان و پەرپووتەوە و بەو جۆرە کاراکتەرێکی کورد دروست دەبێت. لەساڵانی 1950دا هەر زیاد عاتیف یڵماز کاراکتەری کوردی لە فیلمەکانیدا نمایش کردووە.

بڕوانە لاپەڕە 6

پاشماوەی تورکیا: بەکارهێنانی سینەما وەک چەکێکی کاریگەر لە دژی کورد و کوردستان...نووسینی: بەکر شوانی

"گۆڕەکەم لە بەرد هەڵبکۆڵن، هاواری خوێناوی، لانکی خاڵی" هەندێک لە فیلمەکانی ئەو دەرهێنەرەن لەو سەردەمەدا. ئەگەرچی زۆرێک لەو فیلمانە لە گوندەکان وێنەیان گیراوە، بەڵام ڕووداوەکانی ناویان لە ژیانی ڕاستەقینەی ناو گوندەکانەوە زۆر دوورن، بە واتایەکی تر، وەک چۆن کاراکتەری کورد بە شێوێندراوی نمایش دەکرێت، ژیانی گوندنشینانی کوردیش بەرەو ئاڕاستەیەکی خراپ دەستکاری کراوە. سەیر لەوەدایە عاتیف یڵماز خۆی کوردە و لە شاری مێرسین لە دایک بووە، بەڵام ئاشکرایە کە نەیویستووە، یان نەیتوانیوە لە دەرەوەی پانتایی و بارۆدۆخی باوی ئەو سەردەمەدا کار بکات. سیناریۆی زۆربەی فیلمەکانی ئەو سەردەمە لەسەر بنەمای گۆرانی و لاوکی کوردی و ئەو کتێبانەی دەربارەی کوردن، داڕێژراون. بۆ نموونە؛ چیرۆکی فیلمی "گۆڕەکەم لە بەرد هەڵبکۆڵن" لە لاوکێکی فۆلکلۆریی دەشتی ئورفا وەرگیراوە. لێرەدا پێویستە بگوترێت ئەوە یەکەم فیلمە لە مێژووی سینەمای تورکیدا ناوی کوردی تێدا هێندرابێت.

عاتیف یڵماز ساڵانێکی درێژ خووی بە دەرهێنانی فیلمی ژیانی ناو گوندەکانەوە گرتبوو. لە فیلمی "کچگەل، چاوەڕێی شاخەکان بکەن"یشدا کە لە ڕۆمانێکی نووسەری تورک ئەسەد مەحموودەوە وەری گرتووە، دیسان کاراکتەرێکی کورد هەیە. ئەمجار ئەم کاراکتەرە ژنێکی کێوی و نەزانە و پێویستە مااڵی بکرێت. لە ڕاستیدا، مرۆڤ دەتوانێت لە میانەی ئەو ڕۆمان و فیلمەوە تێڕوانینی ئەو سەردەمەی تاک و کۆی تورکی بەرامبەر بە کورد بۆ دەربکەوێت. فیلمی ئاماژەبۆکراو لەبەرئەوەی بە دڵی بینەران بووە و داخوازیی زۆری لەسەر بووە، ساڵی 1968 جارێکی تر سەرلەنوێ وێنە گیراوەتەوە و دەرهێنراوە. عاتیف یڵماز کە تا کۆتایی ساڵانی شەست تەنیا فیلمی لەسەر گوندنشینان دەرهێناوە، لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا دەستی کردووە بە دەرهێنانی فیلم لەسەر ژیانی ناو شارەکان، چونکە ئەو ساڵانە سەرەتای کۆچی کوردە لە گوندەکانەوە بۆ شارە گەورەکانی باکووری کوردستان و تورکیا.

لەو کاتە بەدواوە کۆچی کوردەکان لە دەشت و گوندەوە بۆ شار دەبێت بە بابەت بۆ سینەمای تورکی، بەڵام ئەمجار کورد لە فیلمەکاندا کاراکتەری دەرگاوان و کەسانی مایەی پێکەنین و پێ ڕابواردنن.

دەرهێنەران کوردیان وەک تاکی باوکسااڵر و ناموسپارێز نمایش کردووە. لە فیلمەکانی ئەو سەردەمەدا پیاوانی کوردی نیشتەجێی شارەکان نایەڵن هاوسەر و خێزانەکانیان لە ماڵ بچنەدەرەوە. خۆ ئەگەر بچنە دەرەوە و بە دەرچوونەکانیان بزانرێت، ئەوا باوک و برای کوردی فیوداڵ و کەللەڕەق لە پێناوی کڕینەوەی شەرەفیاندا هاوسەر و خوشکەکانیان دەکوژن. کەچی هەر لەو سەردەمەدا پیاوانی تورک لە فیلمەکاندا وەک کەسانی هاوچەرخ و شەرڤانی قارەمان نمایش دەکرێن.

سەردەمی یڵماز گوینەی

دەکرێت کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتا بە سەردەمی یڵماز گوینەی دابنرێت. یڵماز گوینەی یەکەمجار وەک یاریدەدەری عاتیف یڵماز چووە دنیای سینەماوە. ئەو ئەگەرچی ساڵانی پەنجا و شەست لە هەندێک لە فیلمەکانی عاتیف یڵماز و خالید ڕەفیقدا ڕۆڵی سەرەکیی گێراوە، بەڵام لە ساڵانی هەشتادا ئەستێرەی لە ئاسمانی سینەمادا

گەشاوەتەوە. بەتایبەتیش فیلمی "ڕێگە" سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە سینەمای کوردیدا. یڵماز گونەی بە پێچەوانەی عاتیف یڵماز و دەرهێنەرەکانی ترەوە، کاراکتەری وەک "بێریڤان"ی بردە ناو فیلمەوە. کەچی دەرهێنەران و سیناریۆنووسانی تورکی ئەم سەردەمە هێشتا بە ڕێچکەی ئەوانەی پێش خۆیاندا دەڕۆن و بەتایبەتی لە زنجیرەکاندا کاراکتەری کورد لەسەر شێوازی ڕابردوو نمایش دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا موسلم یوجەل پێی وایە کاراکتەرە کوردەکانی ناو زنجیرەکانی کەناڵی تەلەڤیزیۆنی "سەمەن یۆڵو" لە کاراکتەری ئافرێندراوی خەیاڵیش نامۆترن. بۆ نموونە؛ لەو زنجیرانەدا پیاوانی کورد شێت و شەیدای خواستنی کچانی کەمتەمەنن. لە شەڕی نێوان گەریلای کورد و سەربازی تورکیشدا، گەریلا درندە و مرۆڤی بێبەزەیی و خوێنڕێژە. لێرەدا تەنیا جیاوازییەک لەگەڵ ڕابردوودا ئەوەیە هەندێک لە کاراکتەرە کوردەکان لەبری ئەوەی بە تورکییەکی خراپ بدوێن، بە کوردییەکی بەمەبەست شێوێندراو دەئاخڤن. بەشێوەیەکی گشتی، لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ کاراکتەری کورد لە چەند قاڵبێکی دیاریکراودا دەخرێتە بەرچاوی بینەری سینەمای تورکی. لە فیلمە بەناو کۆمیدییەکاندا کورد کاراکتەرێکی قەشمەر و مایەی پێکەنینی بینەرانە. لە فیلمەکانی درامادا هەمیشە کورد کاراکتەرێکی بەستەزمان و بێچارەیە و لە گوندەوە بۆ شار کۆچی کردووە و هەرچەند دەکات لەگەڵ ژیانی شاردا ڕانایەت. لە فیلمەکانی ئەڤیندا دوو کچ و کوڕی گەنج عاشقی یەکدی دەبن، بەڵام باوکی کچەکە ناڕازییە و ئامادە نییە کچی خۆی بدات بە کوڕەکە. ئەو باوکەی مایەی ڕق هەستانی بینەران زۆربەی کات کاراکتەرێکی کوردە. بەکورتی؛ دەرهێنەران و سیناریۆنووسانی تورک لەبری ئەوەی کاراکتەری ڕاستەقینەی کورد لە فیلم و زنجیرەکانیاندا بخەنە ڕوو، هاتوون ئەو کاراکتەرانەیان لە خەیاڵی خۆیان و لە ژیانێکی نەبووەوە هێناوە.

سەرئەنجام

ئەگەرچی کوردی دەرەوەی باکووری کوردستان و تورکیا کەم تا زۆر دەزانن لەو وڵاتە هونەری سینەما خراپ لە دژی کورد بەکارهێنراوە، بەڵام تا کتێبی "کوردەکان لە سینەمای تورکیدا"ی موسلیم یوجەل نەخوێنینەوە، وەک پێویست بۆمان دەرناکەوێت چۆن ئەو هونەرە بەرزەی سەردەمی ترۆپکی شارستانی لە تورکیا بەردەوام وەک چەکێکی کوشندە و جۆری ئامرازێکی ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت لە دژی گەلی کورد بەکاربراوە! بەڕای من، زۆر پێویستە ئەم کتێبە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و لە پەیمانگە و کۆلێژ و دامودەزگاکانی تایبەت بە سینەما و شانۆ و ڕاگەیاندندا هەبێت بۆ ئەوەی سینەماکاران و ڕۆژنامەنووسانی ئێمە بزانن لە ڕێی هونەری سینەماوە وێنەیەکی چەند خراپی کورد بە ڕای گشتیی تورک گەیەندراوە! شێواندنی کورد و کوردستان لە سینەمای تورکیدا و لای بینەری تورک بارێکی هێندە لارە کە ڕاستکردنەوەی، کاری فرە و سەنگین و کاتی زۆری دەیەوێت.

گۆشەی 30 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-دەوە

حکومەتی ئەڵمانیا داوادەکات کوردەکانی وڵاتەکەی نەچنە تورکیا

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کوردانی نیشتەجێی وڵاتەکەی ئاگادار کردەوە کە تورکیا زانیاری لەسەر ئەوکەسانەکۆکردووەتەوە کە لەدژی هێرش و داگیرکاریی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، خۆپێشاندانیان کردووە بۆیە داوای لە ڕەوەندی کوردی کردووە لەو ماوەیەدا سەردانی تورکیا نەکەن، شایانی باسە لە دوای هێرشەکانیان بۆ سەر ڕۆژئاوا، تورکیالە فڕۆکەخانەکانی ١٤ کوردی دانیشتوی ئەڵمانیای دەستگیر کردووە.

شەڕقانێکی نەڵمان شەهیدکرا

قوستەنتین،گ نازناو بە" ئەندۆک سۆتکار" گەنجێکی ئەڵمانی شاری کیلەو ماوەی دوسێ ساڵە بۆتە شەڕڤان لەڕیزەکانی یەپەگە، لەمڕۆژانە لە شەڕی سەرێکانی بەدەستین سوپای تورک شەهیدکرا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو سەرڤانە ئەڵمانییە بروانە ئەو لینکە...

https://www.facebook.com/heval.nali/videos/2535236359862902/UzpfSTEwMDAwMDQ1MDc1MjQ1MTozMzc0MDk2ODM1OTQ4NjQy/

سەرکردەیەک هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت

"جەم ئۆزدەمیر"سەرۆکی پێشوی پارتی سەوزو سەرکردەی ئێستایان لەمڕۆژانە نامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ هاتوەو تیایدا هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، ئەوگروپەی هەڕەشەشیان لێکردوە ناویان" گروپی چەکی ئەتۆمیە" کە لەناو زیندانەکانی وڵاتانەوە لەڕێی ئینتەرنێت تۆڕێکی تۆندڕەویان دروستکردوەو بەتەمان ژمارەیەک سەرکردەی سیاسی بکوژن لەپێشەوەیاندا ئۆزدەمیرە،ئەو سیاسیە لەلایەن تورکە ڕەگەزپەرستەکان-یشەوە چەند جارێک لەوجۆرە هەڕەشانەی لێکراوە.

هەفتەی یادی ڕوخاندی دیواری بەرلین بەڕێوەدەچێت

ئەم هەفتەیە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا چالاکیەکانی ڤێستیڤاڵی هەفتەی ڕوخانی دیواری بەرلین وبەگگرتنەوەی هەردو بەری ئەڵمانیایە، لەم هەفتەیەدا سەدان چالاکی هەمجۆرهونەری و کلتوری، سیاسی، ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەچێت و شارەوانی چەند پرۆژەیەکی تازەی خزمەتگوزاری دەکاتەوە، شایانی باسە لە ٤ ی ڤۆڤێمبەری ساڵی ١٩٨٩، واتە سی ساڵ لەمەوبەر هاوڵاتیانی بەری ڕۆژهەڵاتی شیوعی بەلێشاو پەلاماری ئەو دیوارە ئەستور و بەرزەیان دا، کە شاری بەرلینی کردبووە دوو بەش، جەماوەر دیوارەکەیان ڕوخاند و ئەم هەنگاوە ئەڵمانیای کردەوە بە یەک دەوڵەت و یەک حکومەت.

چەتەیەکی عەرەب دوای ناردنەوەی، هاتەوە ئەڵمانیا

"ئیبراهیم میری" چەتەیەکی لوبنانیە و لەماوەی چەند ساڵێک لە ئەڵمانیا بووە، چەندین تاوانی گەورەی کردووە، سەرەنجام بەبڕیاری دادوەر هاوینی ڕابردو بەکەلەپچەوە ڕەوانەی بەیروت کرایەوە، لەمڕۆژانەدا بە قاچاغ خۆی گەیاندۆتەوە ئەڵمانیا و یەکسەر هەر لە فڕۆکەخانە دەستگیرکرا، میری عەشیرەتێکی لوبنانین و ژمارەیان ٣٠٠٠ کەس دەبێت و لە نەوەدەکانەوە هاتونەتە ئەڵمانیا و زۆربەشیان چەتە و ڕێگرو دزە جەردەن، حکومەت هەمیشە بەدوایانەوەیە.

پاشماوەی گۆشەی 30 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ئەردۆگان خەون بەنیمپراتۆرتەتی عوسمانی دەبینێت

ڕۆژنامەی سەنگینی" دی ڤێلت" لەبابەتێکیدا لەسەر ڕوداوەکانی ئەمدواییە دەنوسێت، کە حکومەتی ئەردۆغان نەخشەی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەیە و لەو پێناوەدا خەبات دەکات، بۆ هێنانەدی ئەو بەرنامەیە و داگیرکردنی خاکی هەندێ لە وڵاتانی دروسێی و سوریاش بەشێکە لەو نەخشەیەی، کە بەردەوامی پێ دەدات.

بەرپرسێک داواەکات ئەنجومەنی ئاسایش دابمەزرێت

SPIEGEL ONLINE SPIEGEL+

Verteidigungsministerin

Kramp-Karrenbauer plant Nationalen Sicherheitsrat

Verteidigungsministerin Kramp-Karrenbauer will einen Nationalen Sicherheitsrat aufbauen. Dieser soll zur Vernetzung von Diplomatie, Militär und Innerer Sicherheit dienen. Das sagte sie bei einer Rede in München.

خاتوو "ئەنگرید کرەمپ کارینباوەر" AKK وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کریستیان"پارتەکەی مێرکل" پێشنیاری کردوە لەپێناو ڕێگرتن لە تیرۆر و بەرپەرچدانەوەی خێرا، ئەنجومنێک دروست بکرێت بەناوی ئەنجومەنی ئەمن و ئاسایشی نیشتیمانیی ئەڵمانیا و کاری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پاراستنی گیان و سەلامەتی هاوڵاتیان و ڕەوشی ناوخۆی وڵاتەکەیان بێت.

لوفتهانزا ١٣٠٠ گەشتی هەڵوەشاندەوە

دوای ئەوەی هەوڵەکانی هێڵی ئاسمانی لۆفتهانزەی لە دادگایەکدا بۆ پێشگرتن لەمانگرتنی کارمەندە خزمەتگوزاریەکانی دۆڕاندی، بڕیاریدا لەکۆی شەش هەزار گەشتی ئەم دوو ڕۆژەیدا 1300 گەشتیان هەڵبوەشێنێتەوە ،ئەمەش کێشەیەکی زۆر دروستدەکات.

لەهەڵمەتێکدا ٢٠ فڕۆشیاری مادەی هۆشبەر دەستگیران

لەهەڵمەتێکی پۆلیسی ئەڵمانیادا، لەشاری هالەی هەرێمی سەکسۆنیای ئەنهالت، توانرا ٢٠ چەتە و بازرگانی مادەی هۆشبەر دەستگیر بکرێت لەگەڵ ژمارەیەک زۆر لەومادانەوە چەکی سووک و دەرمانی جۆراجۆر.

بڕیاردرا پێشەوا ئاینیەکان دەبێت زمانی ئەڵمانی بزانن

"هۆرست زیهۆفەر" وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا بڕیاریدا، بەفێرکردنی زمانی ئەڵمانی بۆ هەموو ئەو مەلا و پێشەوای ئاینیانەی، کە لە مزگەوت و دێر و شوێنە سروتەئاینیەکان، گوتارو دەرس بە خەڵکی دەڵێنەوە، ئەوەش بۆ ڕێگرتنە لە تۆندڕەوی ئاینی و تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا، بەکورتی ئەڵمانیا دەیەوێت لەو مەلایانە تێبگات و تێشیان بگەیەنێت.

گەورەترین شکستی پارتەکەی مێرکل

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە هەرێمی "تورینگن" هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو. پارتەکەی مێرکل کە ساڵانی پێشوو هەمیشە، یەکەمی سەر هەرێمەکە بوو، ئەمساڵ تەنها ڕێژەی ٢١،٩ ٪ ی هێنا و سێیەم بوو، لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە هەرگیز دەنگی وا خراپی نەهێناوە.

* پارتی چەپ بووە براوەی یەکەمین و ٣٠،٩٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.
* پارتی ڕاستڕەو بووە دووەمین پارتی براوە و و نێوەندە سیاسییەکان دەترسان لەوەی دەنگی یەکەم بهێنێت، بەڵام خۆشبەختانە ناتوانێت بەشداری حکومەت بکات، بەڵام دوو ئەوەندەی خولی ڕابردوویان هێناوە.
* هەرێمی تورینگن دانیشتوانەکی دوو ملیۆن کەسە و ڕووبەرەکەی ١٦٠٠٠ کم. ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی ئەو هەرێمە ٩٠ کورسییە. شایانی باسە پارتی چەپی ئەڵمانی دۆستی کوردن، زۆر لەدژی سیاسەتی تورکیان.

زنجیرەی ١١ چیرۆک بۆ منداڵان- وەرگێڕانی لە ئەڵمانی یەوە: نوری کەریم - ئەڵمانیا

بەشی سێیەم

(١) بەفر و خوێن

سەردەمانێکی زۆر زو لە پێدەشت و دارستانەچڕەکانی پشت حەوت زنجیرە چیاکەوە، حەوت کورتەباڵا پێکەوە دەژیان، زۆرێک چیرۆک و بەسەرهاتی سەرسوڕهێنیان دەزانی، هەمو ئەو کەسانەی سەردانیان دەکردن حەزیان دەکرد گوێبیستی ئەو بەسەرهاتانەبن، ئەوان لەبارەی کچە شازادەیەکی جوانەوە دەدوان کە چەند ساڵێک پێشتر رزگایان کردبو. حەوت کورتەباڵاکە لە کانەخەڵوزەکاندا کاریان دەکرد، گەلێک جار دوای گەڕانەوە لەکاروفرمانی رۆژانەیان پێکەوە دادەنیشتن و لاپەڕەکانی کتێبی چیرۆکەکانیان هەڵدەدایەوە و بیریان لەو کاتانە دەکردەوە و لەگەڵ بیرەوەرییەکاندا سەرلەنوێ دەژیان.

ئەم چیرۆکە لەو ڕۆژانەوە دەست پێدەکات، کەدەکەوتە پێش حەوت چیاکەوە کە کورتە باڵاکان لەپشتییەوە دەژیان و شاو شاژنێک فەرمانڕەوایی گوندەکان و دارستان و جەنگەڵە هێمن و سپی و نسێکانیان دەکرد، دانیشتوانی ناوچەکە بەختەوەربون و ناخۆشییەکی وەها ڕوینەدا بتوانێت ئاسودەیی ژیانیان بشێوێنێت. ئێوارەیەکی زستان بەفر کلو کلو دەباری، شاژن لەبەر پەنجەرەی ژورەکەیدا دانیشتبو، بە دەرزیکاریی و نەخش و نیگارچنینەوە خۆیی دەخڵافاند، لەناکاودا دەرزییەکە چو بەپەنجەیداو کە داچڵەکی چەند تنۆکێک خوێن کەوتنە سەر ئەو بەفرەی بەر پەنجەرەکە. دەمێک بو شاژن ئاوات خوازبو منداڵێکی ببێت، لەم کاتەدا ئاواتەکەیی دەڕبڕی: (خۆزگە منداڵێکم هەبایە قژی وەک خەڵوز ڕەش و لێوەکانی وەک خوێن سور و پێستیشی وەک بەفر سپی.) هەر ئەو صاڵە ئاواتەکەی هاتە دیتن، کچێک ل ەشاژن لە دایکبو هەمو ئاوات و خوزگەکانی ئەوی بەرجەستەکرد، بۆ پیروزی و بەختەوەریش ناوی (بەفرو خوێن)ی بۆ هەڵبژارد، بەڵام زۆری نەخایاند شاژن مرد و لە هەمو لایەکی وڵات پرسە و ماتەمینی بۆدانرا، پاشای وڵاتیش هەرچەند لە سوێ و ئازاری مەرگی ناوەختی هاوسەرە ئازیزەکەی ئارامی لێبڕابو، بەڵام دواتر هاوسەرێکی نوێی دیاریکرد، هەتا حەزبکەیت جوان و شۆخ و ناسک بو بەڵام زۆر لوتبەرز و بەخویی و جوانییەکەی دەنازی.

بەیانییەک شاژنی نوێی وڵات کە هەستاو وەک هەمو بەیانییەک چووە بەردەم ئاوێنە ئەفسوناوییەکەی قەد دیوارەکە و پرسیاریکرد : (کێ جوانترین شۆخی گشت وڵاتە ؟) شاژن هەمو بەیانییەک کە لەخەو ڕادەبو، ئەو پرسیارەی لەئاوینەکە دەکرد چونکە دڵی بەرگەی ئەوەی نەدەگرت هیچ کەسێک لەو جوانتربێت.

ئاوێنەکەش هەمو بەیانییەک لەوەڵامدا دەیوت (خانمی شاژن، ئێوە جوانترین ئافرەتی ئەم وڵاتەن) لەوڵاشەوە (بەفروخوێن) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جوانتر دەبو، لای هەموانیش خۆشەویست بو، ورده وردەش باوەژنەکەی ڕقی لێدەبووەوە، بەڵام دەیشاردەوە، هەتا بەیانییەک کە لەخەو ڕابوو، وەک هەموو بەیانییانی دیکە پرسیاری لە ئاوێنەکە کرد (جوانترین ئافرەت لەم وڵاتەدا کێیە؟)، بەڵام ئەمجارەیان وەڵامێکی چاوەڕواننەکراو و تۆقێنەری بیست:

(خانمی شاژن ئێوە جوانترین ئافرەتن بەڵام بەفروخوێن زۆر لەئێوە شۆخوشەنگترە!)، شاژن زۆر نیگەران بو، بۆئەوەی کچەکە لەنێوبەبات ڕاوچی تایبەتیی خۆیی بانگکردو فەرمانیدایە (ئەو کچە ببەرە قوڵایی دارستانەکە و بیکوژە.) ڕاوچی یەکە دڵی بۆ کچەکە دەسوتا بەڵام نەیدەتوانی بێفەرمانی شاژن بکات، بۆیە تکای لەکچەکە کرد هەرکاتێک چو بۆ پیاسەی نێودارستانەکە، با پێکەوە بچین. بەفروخوێن حەزینەکرد بێنەزاکەت بێت، ڕێگەی پێدا بۆ پیاسەی دارستانەکە هاوڕێیەتی بکات. کاتێک پێکەوە بەدارستانەکەدا دەگەڕان ڕاوچییەکە ویستی فەرمانەکەی شاژن جێبەجێ بکات، بەڵام دەستی نەدەچووە منداڵێکی بێتاوان، بۆیە ئاگاداریکرد کە شاژن چ ئەرکێکی پێسپاردووە و دەڵێت (برۆ ڕاکە ! من بە شاژن دەڵێم کوشتم دڕندەی دارستانەکە خواردیان)[٢]. کچەی بێدەستەڵات لەبیستنی مردنێکی وەها توشی شۆک دەبێت. کابرای ڕاوچیش نێچیرێکی ڕاوکردو دڵەکەیی بردەوە بۆ شاژن و وتی کچەکەم کوشت و ئەمەش دڵەکەیەتی هێناومەتەوە. بەفروخوێن شپرزە و سەرلێشێواو، ئەوەندە بەناو جەنگەڵەکەدا ڕایکردبوو هێزی لەبەربڕابو، لەناکاوێکدا لەدورەوە خانوەیەکی چکۆلانەی لێدەرکەوت، لەدڵی خۆیدا وتی (پێدەچێت لەوێندەرێ پەنایەک بدۆزمەوە پشوویەک بدەم و خۆراکێکم دەستکەوێت.) گیاندارانی جەنگەڵەکە لەدورەوە (بەفزوڵەوە) تەماشایان دەکرد، ئەو کچۆڵەیە چۆن بەسەر گردەکاندا سەرو خواری دەکرد. بەفروخوێن زۆر بە وریایی و ئەسپایی لەدرگای خانووەکە دەدات، بەڵام وەڵامێکی نەبیست، ناچار چووە ژورەوە بەڵام حەپەساو لەشوێنی خۆی وەستا، هەرهەمو کەلوپەلەکانی نێو خانووەچکۆڵانەکە، چکۆلانە بون،کورسی و مێز، قاپەکان، چەقۆوچەتاڵەکان، تەنانەت جێگاکانی خەوتن و پێخەفەکانیش! بەفروخوێن پارچەیەک نان دەخوات و کەمێک شیر دەخواتەوە ئینجا دەڵێت: (خانوچکەیەکی زۆرجوانە) بەڵام پێویستی بە هەندێک پاکژکردنەوە و ڕێکخستن هەیە، خۆدەتوانم ئەو کارە بکەم و لەبری ئەوەش هەرلێرە بژیم، ئەوە زۆر خۆشدەبێت ! کچەکە کاتی بەفیڕۆنەدا، گسکێکی دۆزییەوە و دستیکردە کارکردن، ئەوەندە شەتەک و ماندو بو خۆیدا بەسەر یەکێک لەپێخەفەکانداو خەوی لێکەوت. کورتەباڵاکان کاری ئەو ڕۆژەیان تەواوکرد و هیلاک و ماندو بەنێو جەنگەڵەکەدا بەڕیز و یەک بەدوای یەکدا بەپێی ژمارەکانی سەر کڵاوە قوچەکانی سەریان بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە. کەگەیشتنە بەر دەرگا، کورتەباڵای ژمارە یەک هاواریکرد : ئیستە خواردنێکی خۆش و بەتام دەخۆین و ئینجا یەکسەر بۆناو جێگەی خەوتن، ئەی ئەوە چییە، دەرگای ماڵەکەمان کراوەتەوە، ئەوە چەندین ساڵە شتێکی وەها ڕوینەداوە، دزو جەردەش لەناوچەکەدا نییە ؟! یەکەیەک بەوریایی چونە ژورەوە و چاویان بەماڵەکەدا گێڕا کچێکی نەشمیلەیان بینی خەوتووە، هێشتا لەهەموو ژیانیاندا جوانێکی وەهایان نەدیتبو.

پاشماوەی زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان- وەرگێڕانی لە نەڵەمانی یەوە: نوری کەریم - نەڵەمانیا- بەشی سێیەم

کورتەباڵاکان لەیەکتریان پرسیاردەکرد، ئەمە کێیە و چکارەیە، چۆن گەیشتۆتە ئێرە ؟ بەڵام هیچکامیان وەڵامێکیان لانەبوو، بۆیە کچەکە بەئاگا دەهێنن و پرسیاری لێدەکەن....کاتێک بەفروخوێن بەسەرهاتی خۆیی و پلانە نەگریسەکەی باوەژنەکەیی بۆگێڕانەوە، ئەوان زۆر نیگەران بون و دڵخۆشییان دەدایەوە و سۆز و خۆشەویستی خۆیان بەسەردا دەرژاند و کردیانە یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە و ئەوەشیان پێڕاگەیاند هەرچەندێک حەزدەکەیت دەتوانیت لای ئێمە بمێنیتەوە وەک ماڵی خۆت و باوەژنە دڵڕەقەکەشت لێرە دەستی ناتگاتێ. کچە زۆر شادمان بو، گشت ئازارەکانیشی لەبیرکرد، کەدەتوانێت لەپەنای میهرەبانیی ئەواندا پارێزراوبێت، ئەویش بەڵێنیدا (من رۆژانە خواردن ئامادەدەکەم و ماڵ خاوێن دەکەمەوە و جلو بەرگیشتان بۆدەشۆم.) ئەم هاودەنگییە بۆ کورتەباڵاکان ئەوەندە خوشبو خەریکبو برسێتی لەبیربکەن. بەیانیی رۆژی دواتر بەفروخوێن خوانێکی بەرچایی رازاوەی بۆ هاوڕێکانی رازاندەوە: شلکێنە، هێلکەی فریش، گۆشتی لاران و سەمونی گەرم. دوای بەرچایی کورتەباڵاکان بەسوپاسەوە ماڵئاوایی دەکەن و بە هێزو ورەوە بەرەو کاری رۆژانەیان دێنەدەرەوە و دەڵێن: نەشمیلە گیان، وریابە و ئاگاداری خۆتبە، دەرگا لەکەسانی نامۆ نەکەیتەوە و لەگەڵ هیچ کەسێک مەدوێ کەناناسیت، کچەش بەڵێنی پێدان و دڵنیایکردن (خەمی منتان نەبێت، وریاو بەئاگادەبم.)

شاژن ئەم بەیانییەش کە دەچێتە پێش ئاوێنەکە و وەک هەمو بەیانییەک هەمان پرسیار دەکات (ئاوێنەکە، ئاوێنەی قەد دیوارەکە، کێ جوانترین ئافرەتی وڵاتە)، ئاوێنەکە لەوەڵامدا وتی: خانمەکەم ئێوە لێرە جوانترینن بەڵام لەودیو حەوت زنجیرە چیاکانەوە بەفروخوێن زۆر جوانتر و دڵفڕێنە) شاژن زۆر تورەبو، قیژاندی: ئەوە تۆ چی دەبێژیت ئاوێنە دەبەنگەکە ؟! دیارە هەڵەیەک لە ئارادایە، ئاخرهەرچەند پرسیارەکەی دوپاتەدەکردەوە، ئاوێنەکە هەرئەو وەڵامەی دەدایەوە! شاژن پلانێکی داڕشت، بەرگی فرۆشیارێکی دەستگیڕ دەپۆشێت[3] و سەبەتەیەک پڕدەکات لە بابەتی وردە واڵا و متومورو، بازن وشانە و ملوانکە و دەسڕۆکەو کەلوپەلی جوان و ئاڵوواڵ و ئینجا لەکتێبی جادوگەرییەکەیدا دەگەڕا رێگای گەیشتن بە ئەودیو حەوت زنجیرە چیاکان بدۆزێتەوە... زۆری نەخایاند گەیشتە بەردەرگای ماڵی کورتە بنەکان و تەققەی لەدرگا دەداو بانگیدەکرد: شانەی جوان، بازنی رەنگاوڕەنگ. بەفروخوێن سوکوئاسان دەرگای کردەوە و گوتی: ببۆرن من بۆم نییە رێگەتان بدەم بێنە ژورەوە.

شاژنەکە دەڵێت: پشتێنی جوانم بۆهێناویت، حەزناکەیت تاقیبکەیتەوە ؟ شاژن ئەمەی گوت و پشتێنێکی کردە کەمەری کچەکە، لەم کاتەدا بەفروخوێن چمکێکی جلەکانی شاژن دەبینێت،بەڵام کتوپڕکچەی داماو بێهۆش کەوتە سەر زەوی. کاتێک شاژن دەیویست بەپەلە دوربکەوێتەوە، حەوت کورتەباڵاکە گەیشتنەوە ماڵەوە و بینییان بەفروخوێن بێهۆش کەوتووە! لە ژنەکە دەپرسن ئێوە کێن و چیتان دەکرد لێرە، بەڵام باوەژنە دڵڕەقەکە خۆی دەربازکرد. یەکێک لەکورتەباڵاکان بەلای کچەکەوە مایەوە و هەولی بوژاندنەوەیی دەدا و ئەوانیدیکەش کەوتنە شوێن ئافرەتە هەڵاتووەکە بەڵام نەیانتوانی بیگرن. شاژنیش هەرئەوەندەی گەیشتەوە کۆشک، یەکسەر چووە بەردەم ئاوێنەکەو پرسیاریکرد (ئاوێنەکە، ئاوێنەی قەد دیوارەکە، کێیە جوانترین ئافرەتی وڵاتەکە ؟)، بەڵام کە ئەمجارەش وەڵامێکی چاوەڕواننەکراوی بیست، توشی شۆک بو، راچڵەکی (خانمی شاژن، لێرە ئێوە جوانترین ئافرەتن بەڵام بەفروخوێن لە ماڵی حەوت کورتەباڵاکەی ئەودیوحەوت زنجیرە چیاکە هەزاران جار جوانترە.):

ئەمجارەیان باوەژنە بەدرەوشتەکە ئەوەندە تۆڕەو دەمارگیر بو، سێویێک ژەهراوی دەکات و جلوبەرگی ژنەجوتیارێک دەپۆشێت و سەرلەنوێ لە کۆشک دورکەوتەوە بەرەو ماڵی کورتەبنەکان و هەرکە گەیشتە نزیک ماڵەکە، هاوارێدەکرد سێو، سێوەلاسورە، شەکرەسێوم پێیە، وەرە نەشمیلەکەم، لێرەوە رۆڵەکەم، سێوت بدەمێ بەدیاری... ئاوها بەزمانی شیرین بانگی دەکرد هەتا کچەکە درگای کردەوە و سێوە لاسورە جوانەکەی لێوەرگرت و سوپاسیکرد، ئەویش دەیوت بیخۆ، زۆربەتامە، گازی لێبگرە.

کچە قەپاڵێکی لەسێوەکەگرت و کتوپڕ بەلاداهات و وەک مردو کەوتە سەرزەوی. باوەژنە دڵڕەقەکە بەزەردەخەنەیەکی سەرکەوتنەوە بەپەلە لەو دەوروبەرە دورکەوتەوە بەڵام حەوت کورتەباڵاکە لە چاوتروکاندنێکا گەیشتنەوە ماڵەوە و تورەو بێئارام خاکەناسەکانیان فرێداو بەوناوەدا بڵاوبونەوە، بەدوای تاوانبارەکە داو ئەمجارەیان دەربازنەبو، گرتیان و فرێیاندایە چەمەکەوە و ئیتر لەو رۆژە بەدوا شاژن نەبینرا.

کورتەباڵاکان بەپەلە گەڕانەوە ماڵەوە، دیتیان شازادەکەیان هێشتا وەک مردو لەژورەکەدا کەوتووە، بەدیاریەوە دانیشتن و دەگریان، ئینجا بۆ ئەوەی هەمێشە لاشەی نازداری شازادە جوانەکەیان لەپێش چاویان بێت و ناو ئارامگاکەی ببینن، بەدەستی خۆیان ئارامگەیەکی رازاوەی نایابیان لە زێڕو کریستاڵ بۆ دروستکرد و بردیانە سەر لوتکەی جوانترین چیای دەڤەرەکە و بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە چەندین شەو و رۆژ بەلایەوە مانەوە هەتا رۆژێک بەرێکەوت شازادەیەکی گەنج و جوان بەسواریی ئەسپێک بەوێدا تێدەپەڕێت، فرە سەری سوردەمێنێت کە دەبینێت کچێکی ناسک و نازدار لەناو تابوتێکی شوشەدا راکشاوە، لەیەکەمین نیگاوە شەیدای دەبێت.

کورتەباڵاکان چیرۆکە خەمناکەکە بۆ شازادە کە دەگێڕنەوە و ئەویش وەک ئەوان دەستی بەگریان کرد و ئینجا وتی: بەرێزان ئەوەندە جوانە حەزدەکەم بەرلەوەی بڕۆم بەئەسپایی ماچێکی بکەم. ئەوانیش دڵیان نەشکاند و سەری تابوتەکەیان بەرزکردەوە و شازادەش زۆر بەناسکیی بەفرو خوێن ماچدەکات و لەچاو تروکاندنێکدا کچەکە لەخەوەکەی رادەچڵەکێت، کوڕەشازادەکەش لە خۆشییاندا هاواریکرد، لەتەک منداڵ وەرە بۆکۆشکەکەی باوکم و ببە بەبوکی من . کچەشازادەش دڵی بۆکوڕەکە داخورپا، پەسەندیکرد و دوای ماوەیەکی کورت ئاهەنگی زەماوەندی هاوسەرگیرییان سازدا، میوانەکان هەتا ئێوارە سەرگەرمی دانس و هەڵپەرکێ بون و کورتەباڵاکانیش زۆرشادمان بون، دو هاوسەرە بەختەوەرەکەش هەرگیز ئەوانیان لەبیرنەکردو چاکە و دڵسۆزیی ئەوانیان هەرلەبەرچاوبو، کە رۆژانێک کچەکە زۆر پەریشان و لێقەوماوو بێکەس بو.

- ناونیشانی ئەم چیرۆکە لە تێکستە ئەڵەمانی یەکەدا (بەفر و خوێن)ە

1.

.- لە دەقەکەدا دەڵێت درندەکانی دارستان خواردیان2

۳- فرۆشیاری دەستگیڕ:کۆڵێکی سوکەڵە کاڵای جۆراوجۆر بە گوندەکاندا دەگێڕێت بۆ فرۆشتن.

****

سەرنج: لە ڕووی ڕێنووسەوە، ئەم وەرگێڕانەی مامۆستا نوری کەریم لەگەڵ تاروگەدا جیاوازە، بەڵام ئێمە ڕێگە بەخۆمان نادەین دەستکاری ڕێنووسی هەندێک لە نووسەرە دیارەکانمان بکەین.

بەشی دووەم- چەمکی تەنیایی و گۆشەگیریی لە دیدی تەنیانشینێکەوە:

شاعیری پایز حەمە عومەر عوسمان ژەنەڕاڵی پایز- نووسینی: گۆران مەریوانی



گارسیا مارکێز، ١٩٢٧–٢٠١٤، لە گۆتارێکی ڕا لە دانشگای کالیفۆرنیا لەمەڕ (سەدسال لە گۆشەگیریی، solitude، ١٩٦٧ /١) خۆی دەدوێ: {کە–گریگۆری ڕەباسا– ڕۆمانەکەی من وەردەگێڕێ چەمکی گۆشەگیری لە ئیسپانی و لاتینیەوە وەردەگرێ و بۆ یەکەمجار لە ئینگلیزیدا بەکاریدەهێنێ. چوون ئەو دەزانێ تەنیایی گەلێ جودایە لە گۆشەنشینی–خەڵوەتنشینی. لەکن من، ئەو بە ئینگلیزی ڕۆمانەکەی منی نووسیوەتەوە. وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی ئەو لە خودی ئیسپانیەکەی من گەلێ باشترە. حەزدەکەن ئەو ڕۆمانەی بخوێننەوە، گەر ئینگلیزی بەڵەدن، تکادەکەم وەرگێڕانەکەی ئەو بخوێننەوە، نەک ئیسپانیەکەی من}. {دانشگای کالیفۆرنیا، بەشی زانستی زمانی ئیسپانی.} لە زمانە سکەندەناڤیەکاندا ئەوسالْ، ٢٠١٩، بۆ یەکەمیبار بینیم نووسەرێک چەمکە لاتینێکە، سۆلیداد، بەکاردێنێ. دەنا لە وەرگێڕانی مارکێزادا، ١٩٧٠، هەر نووسراوە: سەد سالْ لە تەنیایی.

بێگومان هەڵەیە. تەنیایی–گۆشەنشینی دوو چەمکی جودان.

تەنیایی زیاتر لە پڕۆسێسی نامۆییەوە، (ئەلێنەیشونەوە)، دێتەگۆڕێ، کە مارکس (١٨١٨–١٨٨٣) بۆ یەکەمجار لە (کەپیتاڵ)دا لێوەی دەدوێ. تەنیایی بە خواست و ئارەزو نییە، دووڕە لە هەڵبژاردنی کەسەکی/ خود، بەڵکو هەلومەرجێکی تایبەتی دێتەگۆڕێ کە تێیدا (کەس–خود) دەگۆشەیەکیدا گیردەکرێ، ئەوجا ناچاردەکرێ کە تەنیا بالْبێ. ئەم دوو مەرجە، سەپاندن–ناچارکردن، نا–بەدڵی / نا–ئارەزوومەندانە، لە چەمکی گۆشەنشینی–گۆشەگیرییدا نییە، بەڵکو (کەس–خود) خەڵوەتنشینیەک بە خواستی خۆی هەڵدەبژێرێ و تێیدا گۆشەنشین یان خۆی گۆشەگیر دەکا.

حەمە عمر عثمان خۆی لە ڕووبەرێکدا، کە ئەو لەڕێی نووسەرە کلاسیەکییە ڕووسەکانەوە وەریگرتووە و نێوی ناوە پایز تەنیا دەبینێتەوە*. ئەم ڕووبەرە لەبنچینەدا کێشەی تەنیاییەکی گەورەی حەمە–یە. پایز، وەک ماسکێک، دەکات بە خەڵوەتگای خۆی، کە لە هەقیقەتدا تەنێ–نشینگای ئەوە. یانی ئەو بێ ڕەچاوکردنی وەرز هەر تەنیایە، جا نێوێکی ئێستاتیکدار، پایز، لەو تەنیاییە دەنێ. ئەمن لە پێشەکی دیوانە نا–چاپکراوەکەمدا بە دوورودرێژی لەو باسەی دەدوێم. ئەو، ئەو کەناڵان و پردانەی کە تەنیایی وەک دەرئەنجامێکی نامۆیی (ئەلینەشون) کەمدەکاتەوە یان دەڕەوێنێتەوە ڕەتدەکاتەوە، ناخوازێ بە سەریاندا گوزەربکا بەرەو کۆمەڵ و جڤات بگەڕێتەوە. نایەوێت بەکاریانبهێنێ. بۆ؟ وەڵام فرەن. بۆ دەرفەتێکی–تر. لێ: کار–ئیش، دەرامەت و بژێوی پەیداکردن، خێزان دروستکردن، وەچە خستنەوە، چوونە پارت–ڕێکخراوگەلێ کە نزیکبێ لە دونیا–بینینی ئەوەوە، بەشداریکردن وەک ئەکتیڤیستێک لە جۆرەها کاروباری کۆمەڵایەتی، وەرزشگەلی و..... پرسگەلێکی جیهانگیر، لەمانە گشتیان بەدوورە.

تەنیاگەیەکی ئایدیایی بۆ خۆی دروستکردوە کە لەتەک تەمەندا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاتر خۆی نیشاندەدات و سەخت–تر دەبێ. ئەمن کە شەو–ڕۆژ سەرقاڵی سیاسەت و خوێندنەوە بووم، فرەگەلێ لە گوند و شارم تەیدەکرد بۆ پڕۆسێسی هۆشیارکردنەوەو کاری سیاسی، لە حەمە–ش گەلێ نزیک بووم، ئەو ڕۆژێک نەیپرسی، سەرقاڵی چیم، داوای مانیفێستێک، کتێبێکی سیاسی و فەلسەفی نەکرد، هەرگیزیش نە–یگوتووە کە کارێکی خراپ دەکەم. بۆچوونی لەوبارەیەوە سفری ڕووت بوو. ئەمنیش هەرگیز داوای چالاکی سیاسیم لێ–نەکردوە. ئەو لەتەک تەنیایی خۆیدا ئولفەتی گرتبوو. هەردووکیان یەکدیان ڕامکردبوو. ببوونە دوو هاوڕێی گیانی–بە–گیانی. بێ یەکتر هەڵیاننەدەکرد. دڵسۆزی یەکبوون. بەجۆرێک، سەرباری ئەو هەموو جەنجاڵییەی حەمە، نە–دەکرا لە تەنیایی، نە لەو هەراوهۆریایەی ئەوی تێدا دەژیا، لە یەکتر دابڕێنرێن، بترازێنرێن.





تێبینی: نامەکە ڕادەستی هاوڕێم (ئازادی حەمە) کراوەو ئەویش بەمنی گەیاندووە.

لێ حەمە خۆڕسکی، بە تەبع، تەواو هۆشیار بوو لەو دوو چەمکە: تەنیایی و گۆشەگیریی. ئەو بە ڕۆح هەمیشە لە تەنیاگەریدابوو. وەک شاعیرانی ئەودەم و ئێستاش لەخۆڕا و بێ–تێگەیشتنێکی ڕۆحی و ئەزموونداری لەو دووچەمکە هەرگیز نادوێت.

نانووسێ: ئەز تەنیام وەک خودا، وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێ. (لە سێهەم گۆتاردا لەو باسەی دەدوێم). نالْێت: ئەز تەنیام وەک فیسار و فلانە کەس یان شت.

بڕوانە لاپەڕە 12

پاشماوەی بەشی دووەم- چەمکی تەنیایی و گۆشەگیریی لە دیدی تەنیانشینێکەوە: شاعیری پایز حەمە عومەر عوسمان ژەنەڕاڵی پایز- نووسینی: گۆران مەریوانی

ئەو راستەوخۆ ئەزموونی تەنیایی– خۆیمان بۆ باسدەکات. کە لە سەگێک دەدوێ نانووسێ: من سەگێکی تەنیام بینی، یاخود وەک سەگێکی تەنیام ..... چوون دەزانێ سەگی تەنێ وجودی نییە، بەڵکو سەگی بێ–خاوەن، سەگی–بەرەڵا، وەک کوردان دەڵێن، سەگی–شەقام، بە قەولی ئینگلیزان، هەیە. یانی کە سەگ تەنێ بوو گوزارشتە لە بێ–خاوەنی، بێ–کەسی، بێ–لانەیی و بێ–دەرەتانی:

لە تاو تەنیایی... دوێنێ نیوە شەو

چووم سەگێکی مات، بگرمە باوەش

نانووسێ: چووم سەگێکی تەنیا بگرمە باوەش، بەڵکو (مات) کە دەرئەنجامی بێ–خانەو لانەیی، بێ–دەرەتانی سەگەکەیە.

سەگ لە یەکەم گروپ و نەسڵی ئەو رۆحلەبەرانەیە لە سەرەتای مێژووەوە بوونەتە دۆست وهاوڕێی گیانی–بە–گیانی مرۆڤ. مرۆڤ–سەگ دوو چەمکی لەیەک دانەبڕاون. سەگ گیانلەبەرێکی گروپگەلییە، نەک تەنیاگەرا. ئەو وەک سەگ تەنێ نییە. بۆ سەگ نە–دەکرێ گۆشەنشین– یاخود تەنێنشین بێ. سەگ ئەو هەڵبژاردەیەی لە ئیختیاردا نییە. ناکرێ بۆ سەگ، ئارەزوومەندانە، ئیختیاری یەکێ لەو دوو هەڵبژاردەیە بکا. ئەوە ئێمەین، مرۆڤە، کە سەگ بە تۆپزی ناچاری تەنیایی دەکا. بەوەی دەریدەکەین و لە خۆمانی بە دوورەدەگرین. دەیانخەینە سەر شەقام. بێ–لانە و کەسیان دەکەین. حەمە خۆڕسکی، بێ–هۆشیاری فەلسەفی–سیاسی و.....، دەرک بەو دیاردەیە دەکا. لێ شاعیرانی نەوەی ئەو–و دوای ئەویش پەی بەو نهێنییە کۆمەڵایەتی–و–فەلسەفییە نابەن. بەڵکو راستەوخۆ دەنووسن: سەگێکی تەنیام بینی! کە گوزارشتە لە بێ–خاوەنی، بێ–لانەیی، ناچارکراو، تەنیا–و دەربەدەرکراو. دوو دونیای تەواو لە یەکتر جودان. حەمە لە شوێنێکی تردا دەڵێ: لە تەنیاییمدا سەگێکم بینی، بەڵام سەگەکە، (چەمی عاتیفەی دەڕژانە بەر پێم)! تەنانەت سەگەکە، بە پێچەوانەی شاعیرانی تر‌ەوە، هاوسۆزیی خۆی نیشاندەدات بۆ شاعیر چوون سەگەکە هەلومەرجی زیندەگی خودی خۆی، لە شاعیردا دەبینێتەوە کە لە دەربەدەری و بێ خانەو لانەیی سەگەکە خراپترە. وێرانترە. هیچ میللەتێک هێندەی نووسەران و شاعیرانی سەردەمی ئەورۆی کوردستانیان دەربارەی تەنیاییان نە–نوسیووە.

لە دوای حەمە، کێ هەڵدەسێ (قەسیدەیەک) بۆ پایز یاخود تەنیایی دەنووسێ. لێ ئەوەی دەنێو ئەو نووسینانەدا لە زەینی گشتدا بە زیندووی دەمێنێتەوە، تەنێ و تەنێ شیعرەکانی حەمە–ن. چوون رەسەنن، بە حەقیقەت تەنیان. وشە نین. قسە نین. خاڵین لە گشت جۆرە بۆن–و–بەرامێکی پۆپلیستیانە. دیکۆر و زەخرەفە نین. بە شوێن نێوبانگ و چەپڵەلێدەردا ناگەڕێن. شیعری ئەو، بە حەز بێلێین یان بە–ناحەزی: دەردی دڵە. وڕێنەی زار نین. فەلسەفەی هەلەق–و–مەلەق نین. شیعرن بە قوڵایی وشەکە.

لە بەشی سێهەمدا: کورد و تەنیایی لەکن شاعیرانی روانگە.

کەلکوتا، هیندوستان یەکی نۆڤەمبەری ٢٠١٩.

تێبینی:

(١). گریگۆری رەباسە، ١٩٢٢–٢٠١٦، مامۆستا و پڕۆفیسۆری زمان لە داشگای کۆلۆمبیا، وەرگێڕی ئیسپانی و پۆرتوگالی– ئینگلیزی، سێ دانە ساڵی رەبەق سەرقاڵی وەرگێڕانی سەدساڵ لە گۆشەنشینی مارکێز بووە. بەجۆرێک ماکێز گەلێ لەو بێ هیوا دەبێ. لە دواییدا شاکاری وەرگێڕان نیشاندەدات. چەند خەڵاتێکی لەو بوارەدا وەرگرتووە، لەوانە، خەڵاتی قەڵەمی خانەی وەرگێڕان ١٩٧٧، مێدالیای قەڵەمی خانەی راڵف مانهێم ١٩٨٢.

(٢). پایز لە کن حەمە چەمکێکە لە نووسەرانی کلاسیکی رووسەوە وەرگیراوە. ئەمن باش بیرمدێ چۆن و کەی. لە دیوانەکەمدا رۆشنی دەکەمەوە. لێ دەبێ ئەوە لەبەر چاوبگرین کە حەفتاکانی سەدەی رابووردو هەلومەرجی ئێستاتیکای کوردستانی باشوور، لەڕێ بزوتنەوەی چەپەوە ببووە هەلومەرجی روسیا و سۆڤیەتی نەماو. ئەوە باسێکی ترە. بۆ دەرفەتێکی تر.

(3). Solitude: the state of being or living alone; seclusion .to enjoy one's solitude.ڕوونکردنەوەی ئۆکسفۆرد، فەرهەنگ، بۆ چەمکی گۆشەنشینی

کوردەکان تەنیا فریشتەیەکن لەو پارچەیەی جیهاندا-سلاڤۆی ژیژەک

زیاد لەسەد ساڵی تەواو بەسەر بەرهەمە پڕفرۆشەکەی کارل مەیدا تێدەپەڕێت: "بەناو کوردستانی شاخاوی'دا، کە ناوەرۆکەکەی دەربارەی سەرکێشییەکانی قارەمانێکی ئەڵمانییە بەناوی: کارا بین نیمسی. ئەم کتێبە جەماوەرییە پڕفرۆشە لەناوەندی ئەورووپادا جۆرە دیدێکی دەربارەی کوردستان بنیات نا: ئەویش کە (کوردستان) شوێنێکە جەنگی دەستەویەخەی دڕندانەی خێڵەکی، ڕاستگۆییەکی ساویلکانە، هەستی شەرەفپارێزی، تیادا دەگوزەرێت، هەروەها ئەفسانەسازن، خیانەتچین وە جەنگی بەردەوام و دڕندانە لەنێوانیاندا هەیە. تەقریبەن ئەمە کاریکاتێری بەربەریانەی ئەوانی دیکەیە لەچاوی شارستانیەتی ئەورووپییەوە. گەر سەرنجی کوردەکانی ئەمڕۆ بدەین، ناتوانین شتێکی تەواوپێچەوانەی ئەو کڵیشەسازییەی(ئەورووپییەکان) بەدی نەکەین، لەتورکیا کە خۆم لەنزیکەوە ئاگادارم، تێبینی ئەوەم کردووە کەکەمینەی کوردی لەو وڵاتە بەشێکی زۆر مۆدێرن و سیکیولاری کۆمەڵگان، دوورن لەهەموو فەندەمێنتالیزمێکی ئایینی، لەهەمان کاتدا پەرە بە فیمینیزم دەدەن، .. هتد. ئەو عەبقەرێتییەی تەمپ (کە خۆی نەخشەی بۆ کێشاوە) ڕەوایی دەدات بە خیانەتە نوێکەی لەکوردەکان (زۆر چالاکانەش خۆش دەبێت لەهێرشی تورکیا بۆسەرکوردەکان لەو ستاتۆیەی باکوری سوریا، کە کوردەکانی ئەوێی تیادا نیشتەجێن)، دەشڵێت: 'کوردەکان فریشتە نین' بەدڵنیاییەوە لەلای ئەو فریشتەکان زیاتر کەوتونەتە ئیسرائیلەوە (لەکەناری ڕۆژئاوا) وە ناوچەی یەمەنی نزیک لە سعودییە نەک شوێنی تر. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە: کوردەکان تەنیا فریشتەیەکن لەو پارچەیەی جیهاندا. چارەنووسی کوردەکان کردوونی بە نمونەیەکی قوربانیی یارییە کۆلۆنییە جیۆپۆلەتیکییەکان: وە پەرتەوازەی کردوون بەناو چوار سنوری چوار دەوڵەتی دراوسێدا (تورکیا، سوریا، ئێراق، ئێران)، بەشە ئۆتۆنۆمییەکەیان، (کە زیاتر لەو ئۆتۆنۆمییان شایەنە) بەگشتی کەس کەیفی پێ نایەت، هەربۆیە باجێکی زۆر لەپێناو مانەوەیدا دەدەن. ئایا ئێمە ئەوەمان لەبیرە کە بۆمبی کۆمەڵکوژی سەددام لەباکوری ئێراق کوردەکانی ژەهراوی کرد، لەدەوروبەری 1990 دا؟ کەچی هەرلەم چەند ساڵەشدا تورکیا خەریکی یارییەکی پلان بۆدارێژراوی سەربازی–سیاسی بوو. سەروەختی هێرشی تیرۆریستانی داعش (گوایە) بەشێوەیەکی فەرمی تورکیا لەداعشی دەدا، بەڵام زۆرتر بۆمبارانی کوردەکانی دەکرد، لەکاتێکدا ئەوان بەڕاستی خەریکی جەنگ بوون لەدژی داعش. لەم چەند دەیەی دواییدا، کوردەکان شانیان دایەبەر بنیاتنانی ژیانێکی کۆمۆناڵ ئەویش لەهەلومەرجێکی ئەزموندا: ساتەوەختێک کە بتوانن ئیدی ئازادانە هەوایەک هەڵمژن لەدەرەوەی ملمانێکانی ئەو دەوڵەتانەوە چواردەوریان داون و بەم کارەش بتوانن وێنەی خۆیان نیشانی جیهان بدەن.

پاش کەوتنی سەددام (هەرێمی کوردستان) وەک تەنیا بەشی ئاسایش لەئێراقدا دڕێژەی بەخۆیداو ژێرخانی خۆی بوژاندەوە، تەنانەت توانیان فڕۆکەخانە بنیات بنێن و بەئەورپاپانەوە ببەستێتەوە. لەباکوری سوریا کوردەکان توانیان ڕۆژئاڤا بنیات بنێن کە شوێنێکی بێهاوتایە لەناو ئەو بێسەروبەرییە جیۆپۆلەتیکیەی ناوچەکەیاندا: کاتێک کوردەکان هەم دەستیان تێوەردەدرێت و لەهەمان کاتدا لەلایەن دراوسێکانیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت، ئەوان دێن بەخێرایی کۆمەڵگایەک بنیات دەنێن کە هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت: جگە لە بەرجەستەکردنی یۆتۆپیا بۆ واقیع لەناوچەکەیاندا. وەک ئارەزوویەکی پیشەییم، سەرنجی هەوڵی پێشخستنی ڕوناکبیری دەدەم لە کۆمیونتی لە ڕۆژئاڤا کە چەندجارێک بانگێشتکراوم چەند وانەیەک بڵێمەوە، بەڵام بەهۆی ململانێ سەربازییەکانەوە لەناوچەکەدا چەندجارێک ئەو بانگێشتە هەوڵدەوەشێتەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر من خەمبار دەکات کاردانەوەی هەندێک لە هاوکۆلێژە "چەپەکان"ی منن کە بێزارن لە پشتبەستنی کوردەکان بە ئەمریکا وەک قەڵای پارێزگاریی لێیان. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوان چی بکەن؟ بکەونە ناو تەنگەژەکانی نێوان تورکیاو شەڕی ناوخۆی سوریاو وە یان ئاژاوەکانی عێراق و ئێران؟ ئایا هیچ ئیختیارێکی دیکەیان هەیە؟ ئایا قوربانی بەژیانی خۆیان بدەن و بێن خەریکی هاریکاریی بەرەی دژە–ئیمپریالیستی بن؟ ئەم هەڵوێستە ڕەخنەییەی چەپ لەدورەوە هیچ لەو شتەقێزەونە کەمتر نییە کە بەرامبەر مەسەدۆنیا ڕوویدا. (.....) لێرەوە ئەرکی تەواوی ئێمەیە پشتگیری لە بەرەنگاریی کوردەکان بکەین لەبەرامبەر داگیرکاریی تورکیادا، بە تونديی سەرکۆنەی ئەو یارییە چەپەڵەش بکەین کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ کوردەکان دەیکەن. کاتێک کە دەوڵەتە دراوسێکانیان بەردەوام هەڵئەخزێنە ناو بەربەریزمی نوێوە، کوردەکان تاکە تروسکەی هیوان لەناوچەکەدا. ئەمە هەربەتەنیا پەیوەست نییە بە پشتگیری کوردەکانەوە کە لەتێکۆشان و جەنگدان، بەڵکو پەیوەستە بە خۆشمانەوە (ئەورووپییەکان)، ئەمە پەیوەستە بەوەی کە چ چەشنێکی نوێی سیستمی جیهانی خەریکە سەردەردەهێنێت. گەر کوردەکان بەجێ بهێڵرێن، ئەوا هیچ مانایەک بۆ بەشە هەرە بەنرخەکەی میراتی ئەورووپا کە میراتی ڕزگارییخوازییە نامێنێتەوە. گەر ئەورووپا چاوی لەئاستی کوردەکان دابخات ئەوا خیانەت لەخۆی دەکات. ئەو ئەورووپایەش کە خیانەت لە کوردەکان دەکات لەوە بەدوا ئەورووپا نییە بەڵکو دەبێت بە ئەورووپاستان. وەرگێڕانی: ش.ف

بەشێک لە گوتارێکی سلاڤۆی ژیژەک کە لەسەر وێبسایتی ئیندیپێندێت بڵاوکراوەتەوە.

سێ کتێبی ئەم نوسەر کراوە بە کوردیی، لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند لە سلێمانی، دەست دەکەوێت.

کورتەیەکی گشتی لە ژیانی سلاڤۆ ژیژەک:

لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

لەدایکبووی لوبلانا بووە لە پایتەختی سلۆڤینیا، لە ٢١ی ئازاری ١٩٤٩، فەیلەسووف و ئابووریزان و ڕەخنەگری سلۆڤینییە و کاریگەربووە بە فرێدریش هێگێل و کارڵ مارکس، ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی سلۆڤینی بووە، تا تشرینی یەکەمی ١٩٨٨. یەکێکە لە تویژەرە گەورەکان لە پەیمانگای زانستی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی لوبلانا.

چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد لە تاراوگە

بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بەهرۆز بوچانی بە زمانی هۆڵەندیی

ڕۆژی چوارشەمەی ڕێکەوتی ٦-١١-٢٠١٩، لە ناوەندی ڕۆشنبیری دی بالی لە شاری ئەمستردام ئێوارە کۆڕێک سازکرا، بەبۆنەی بڵاوبوونەوە کتێبی "جگە لە شاخەکان هاوڕێیەکی تر نییە" بەزمانی هۆڵەندیی، لە نووسینی شاعیر و ڕۆژنامەنووس بەهرۆز بوچانی. لە ئێوارە کۆڕەکەدا "ڕادیۆی قی پێ ڕۆ" و "ڕێکخراوی چالاکیی ئەدەبیی ئەمستردام" و "دەزگای چاپ و پەخشی یورگن ماس"، ئێوارەکەیان ڕێکخستبوو.

بەهرۆز بوچانی لەدایکبووی ساڵی (1983) سەرەتا کە ئەم کتێبەی نووسیوە، لە دوورگەی مانۆس دەستبەسەر بووە، شەش ساڵ پێش ئێستا ویستوێتی بۆ ئوستورالیا هەڵبێت، بەڵام لەناو دەریادا دەستگیرکراوە و پاشان لە ڕیگەی فڕۆکەوە گواستراوەتەوە بۆ دوورگەی مانۆس و لەوێ بەشێوەیەکی نایاسایی بەندکراوە، ئەو بەندیخانەیە پێی دەگوترێت (گوانتانامۆی ئوستورالیا)، لە ماوەی بەندێتییەکەیدا بە نهێنی کتێبەکەی نووسیوە.

بەرنامەی ئێوارەکە: سەرەتا ڕادیۆی قی پێ ڕۆ، کە بە ڕادیۆی بی بی سی هۆڵەندا ناودەبرێت، ماوەی ٤٥ دەقیقە بەرنامەیەکی تایبەتی لەسەر کێشەی وەرگرتن و مەماڵەکردنی پەناهەندەی لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا بڵاوکردەوە، کە لە لایەن لیندا پۆڵمان ئامادەکرابوو. دوای ئەوە بەهرۆز بوچانی لە ڕێگای سکایپەوە بۆ ئامادەبووان قسەی کرد و دواتر وەرگێڕی یەکەمی کتێبەکە بۆ زمانی ئینگلیزیی و دکتۆر مەریوان وریا قانع- مامۆستای زانکۆی ئەمستردام لەسەر کتێبەکە بە گشتیی و لەسەر ئەدەبیاتی کوردیی هاوچەرخ بە زمانی ئینگلیزی قسەی کرد و دکتۆر مەریوان لە والّەکەی خۆیدا دەربارەی کتێبەکەی بەهرۆز بوچانی دەڵێت: ئەم کتێبە بەرهەمی ئیرادەیەکی هێجگار بەهێز و خواستی گەورەی تەسلیمنەبوونی مرۆڤە، بەو دۆخە نائینسانییەی کە فڕێدەدرێتە ناوەوە. کتێبێکە لە باوەڕی گەورەی مرۆڤەوە بە وشە و بە نووسینەوە سەرچاوەی گرتووە. لەو قەناغەتەوە هاتوە ئەوەی ڕووەدات پێویستە بگێڕدرێتەوە، چونکە گێڕانەوەی حیکایەتەکان دەتوانن شتێک لە دونیا بگۆڕن. بەهرۆز بوچانی بۆ داواکردنی پەناهەندەیی ڕوو لە ئوستورالیا دەکات، کەچی حکومەتی ئوستورالیا لەگەڵ ٤٠٠ کەسێکی دیکەدا لە دورگەیەکدا زیندانیان دەکات و هەموو پەیوەندییەکانیان بە دونیای دەرەوە دەقرتێنێت. لە ئێستادا ماوەی شەش ساڵە ئەو نووسەرە لە گەڵە چەند سەد کەسێکی تردا لەو دورگەیەدا زیندان بوون، لە ناو ڕووبەرێکدا کە بە قەبارەی یاریگایەکی تۆپی پێ دەبێت. ئەم کتێبە بەسەرهاتی ژیانی سەختی ئەو کەسانە و ئەو دورگە داخراوە دەگێڕێتەوە. ژیانێک کە بەسەدەها شێوە بریندار و بێنرخ کراوە. نووسینی کتێبە خۆشی ڕووداوێکی دەگمەنە. بەهرۆز بۆچانی لەڕێگای تەلەفۆنە مۆبایلەکەیەوە، کە بە شێوەیەکی قاچاغ لە زیندانەکەدا بەکاریدەهێنێت، دەکەوێتە نووسینی کتێبەکەی و لەڕێگای وتس ئەپەوە ئەوەی ڕۆژانە دەینووسێت دەینێرێت بۆ وەرگێڕی کتێبەکە، ئەویش بۆسەر زمانی ئینگلیزیی وەریدەگێڕێت. دوای چاپبوونی کتێبەکە دەنگدانەوەیەکی گەورە لە ئوستورالیا و دونیای ئینگلیزیی زماندا دروستدەکات و وەک بەشداربیەکی گرنگ و بەهێزی "ئەدەبیاتی زیندان" مامەڵەدەکرێت. کتێبەکە ڕەخنەیەکی هێجگار بەهێز و هەمەلایەنە لە سیاسەتی مامەڵەکردنی نائینسانیانەی پەناهەندە لە ئوستورالیادا و نیشاندانی دیوە تاریک و تۆقێنەرەکەی سیاسەتی حکومەتە پۆپۆلیستەکانی ئەمڕۆکەی خۆرئاوایە. بەهرۆز بوچانی لەناو زیندانەکەیەوە تا ئێستا دوو خەڵاتی ئەدەبیی گرنگیی لە وڵاتی ئوستورالیا وەرگرتوە. کتێبەکە تا ئێستا لە چەند ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندیدا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ باسکراوە و لە ڕۆژانی ئایندشدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت دەنگدانەوەی زیاتری هەبێت.

شایانی باسە کاک شاخەوان سدیق ڕایگەیاند: ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو کتێبەکە لە سلێمانی و بەوەرگێڕانی هاشم ئەحمەدزادە لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردیی و بڵاوکراوەتەوە، بەهرۆز بوچانی خۆشی ئێستا لە مانوس نییە و بەسکایپ قسەی بۆکردین گوتی: نەک من کەس لە مانوس نەماوە و هەمومان ئازاد کراوین و گواستراوینەتەوە بۆ ئوستورالیا.

هونەرمەندی شانۆکار سیروان جەمال بەشداری لە شانۆیی Broos ی هۆڵەندیی دا کرد

هونەرمەند شانۆکار سیروان جەمال ناسراو بە سیروانی کەشکۆڵ ڕایگەیاند: شانۆیی (Broos) بەرهەمی تیپی شانۆی (Drang) ی هۆڵەندییە، ئەم شانۆییە 8 ساڵە لە هۆڵەندا پێشکەش دەکرێت و بەردەوامە لە چەندین شاری دیکەی هۆڵەندا پێشکەشمان کردوە، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2019/11/5 لە شاری Deft ی لەسەر شانۆی THEATER DE VESTE پێشکەش کرایەوە بە ئامادەبوونی زیاتر لە 500 بینەر.

بۆ پشتیوانی ڕۆژاڤا گروپی سکێچ بۆ شانۆی ڕاگوزەریی فۆڕمی مایسترۆ 2019 ی پێشکەش کرد

ڕۆژی ٢-١١-٢٠١٩ بۆ پشتیوانی ڕۆژاڤا گروپی سکێچ بۆ شانۆی ڕاگوزەریی فۆڕمی مایسترۆ ٢٠١٩ی لەهۆڵی کولتوری پاڤیلۆن لەهانۆفەر نمایشکرد و دواتریش خەڵاتی ئەمساڵ وەک نەریتێکی گرووپەکە بەخشرا بە خاتوو سابات ساڵح، کە ئەکتەرێکی کارای گرووپەکەیە و پێشتریش، فاروق میرزا سدیق ئەم خەڵاتەی وەرگرتووە، لەدوماهیشدا بەمیوزیک و گۆرانی کۆتایی بە نمایشەکەهات، لێرەدا دەستخۆشی لەو گرووپە دەکەین کە تائێستا چەندین چالاکییان لەوڵاتانی ئاوروپایی و کوردستان ئەنجامداوە، شیاوی باسە لەم نمایشەشدا گۆڕانکاریی بەگرووپەکەوە دیاربوو، تێیدا دوو ئەکتەری لاوی ڕۆژاواش بەشداربوون.

موزەفەر عەزیز

وەڵامی چی دەدیتەوە؟ شیزۆفرینا و سیاسەت- نووسینی: ڕزگار عومەر

ئەردۆگان، چەشنی ترامپ لەو جۆرە کەسانەن، ئەگەر لە دەسەڵات نەبن هیچ مرۆڤێک بە کەسانی دەوروبەری خۆشیانەوە، تاقەتی ئەوەیان نییە لە دە دەقیقە زیاتر تەحەمولیان بکەن.

زۆربەی دیکتاتۆرەکان لە کاتی تێکشکانی غروریان توشی شیزۆفرینیا دەبن، جۆرێکی تایبەت لە شیزۆفرینا کە لە هەموو کاتێکدا وای بەفەرز وەرگرتووە دونیاش لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ خیتابە هیچەکان، بەراورد هیچەکانی ئەودا دەژین.

مەزوڵوم کۆبانی وەکو کەس کەسێکی زۆر ئاساییە؛ تەنانەت دوا چاوپێکەوتنیشی لە گەڵ کەناڵی ڕووداو نیشانیدا وەکو مرۆڤ هیچ تایبەتمەندیەکی زیاتری لە کەس نەبوو. ئەوەی مەزوڵوم دەکاتە ئەو کەسە جیاوازە خۆی نییە وەکو "لێپرسراوێک"، بەڵکو پڕۆسەیەکی دوورو درێژە لەوەی چۆن "پرەنسیب" وا دەکات نەک تەنیا کەسێک، بەڵکو دانیشتوانی جوگرافیایەکی دیاریکراو لەگەڵ تێکەڵاو بوون لە ئەزموونێکی سیاسی، بە عەقڵ و لۆژیکی قوتابخانەیەکی پڕ لە دیسپلین و لەهەمان کاتدا پڕ لە پراگماتیزمی هەڵبژاردە و ناچار، لە تەنگەبەرترین و سەختترین ڕێگاکانی زۆرانبازیدا، جلەوی ئەو ووشە پڕ لە تەم و مژە بگرن، کە بریتیە لە "مێژوو" ! ئەوان ئەزمونەکەیان سەدایەکی جیهانی دایەوە، دوای ئەزمونی چەپی "ئەمریکای لاتین و گیڤارا" لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، یەکەم جارە بزوتنەوەیەکی وڵاتێکی جیهانی سێیەم ببێتە یەکێک لە شوناسە جیهانیەکانی بەرەنگاری.

ئەردۆگان کاتێ دەیەوێت بەراوردی بەغدادی و مەزولوم بکات، خۆی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت، کە ئەم قسەیە هیچ نرخێکی نییە، بەڵام خۆ شیزۆفرینا لۆژیک نازانێت، بەڵام شیزۆفرینا لەیەک ڕووی زۆر بچوکیشەوە جۆرێکە لە خاڵیی کردنەوە.

ئەگەر لە دەرەوەی زانست و لۆژیکی پزیشکیدا، وازێکەوێت کە نەست یان لاشعورلە کاتی سەیر کردنی ئاوێنەدا مرۆڤە ڕاستەقینەکەی ناخ دەربخات، ئەوا بە دڵنیایی دیکتاتۆرە نەخۆشەکان توشی گرفتی زیاتر دەبن، چونکە ئەردۆگان لە ناخی خۆیدا دەزانێت ئەو بەراوردکردنە باتاڵترین و تورەهاترین ریکلامی جەنگە، بەڵام هێشتا گرفتەکە لێرەش نیە ! غروری تێکشکاوی ئەردۆگان فشارێکی دەروونی گەورەی بۆ دروست کردووە، ئەو هەرگیز مەبەستی ئەوە نییە، بەغدادی بە مەزڵوم بەراورد بکات، هاواڕە بنەڕەتیەکەی دەروون ئەوەیە، کە ئەو دەیەوێت خۆی لەگەڵ مەزڵوم بەراورد بکات! تاسە دەروونیەکە قوڵە! ئاخر غروری دیکتاتۆرێکی، یەکێک لە گەورەترین سوپاکانی ناتۆ چۆن دەبێت بێتە ئاستی کەسێک، کە ئەو ناوی لێ ناوە تیرۆریست؟ حەل کردنی ئەم هاوکێشە دەروونییە بە لە جیاتی دانان دەبێت، وەکو ماتماتیک بە دانانی "س" وەکو نرخێکی نەزانراو حەل دەبێت. بەغدادی تا لە ژیان مابوو نەدەکرا بکرێتە ئەو نرخە نەزانراوەی ئەو موعادەلەیە، بەڵام کاتێک دەگوژرێت و دەکەوێتە دەرەوەی مێژوو، ئەو کاتە بۆ زۆر کەس بە تایبەتی بۆ ئەردۆگان بۆ ریکلام دەتوانێت وەکو "س" بەکاری بهێنێت. دەبەنگی ئەردۆگان لێرە لەوەدایە ئەو تەنیا وا دەزانێت بە دانانی بێ نرخێک لە گەڵ نرخێکی زانراودا، ڕەنگە جۆرێکە لە تێکەڵاوی نرخەکان و ئاژاوەیەک دروست بێت، بە تایبەتی بۆ ئیستیهلاکی ناوخۆی تورکیا، بەڵام ئەم موعادەلەیە، لەهەر لایەک دەستی پێ بکەیت هەر ئەو "س" ە بێ نرخە، بە پێچەوانەی ماتماتیک یەکسان دەکات بە هیچ، بە ئەردۆگان!

لە والّی ڕۆمانووس عومەر سەیدەوە

ئەمجارەش هونەرمەندێکی هۆڵەندی کـارڵ فابریتیۆس

هونەرمەندێکی هۆڵەندییە، کارەکانی لەستایلی باڕۆکە لەچەرخی 17 ژیاوە، لە 27–02—1622 لە دایک بووە، لە 12—10 1654 کۆچی دوایی کردوە، لەماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کاری داهێنەرانەی دروست کردووە، یەکەم بڕوانامەی لای باوکی وەرگرتووە لە شاری میدین–بیمستیر کە دەکەوێتە سەرو ئەمستردامەوە، دواتر لەنێوان ١٦٤١ــ ١٦٤٣ هاتۆتە ئەمستردام بۆتە فێرخواز لای هونەرمەندی گەورە ڕێمبراند، لەو ماوەیەدا کە لای ڕێمبراند بووە، زۆرکاریگەری ئەوی لەسەر بووە و لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک کارێکی ڕووناکی. ئەم هونەرمەندە جارێکی تریش ئەمستردام جێدەهێڵێت ڕوو دەکاتە شاری دێڵفت ـ دەبێتە هاوڕێی دیزاینەر ـ خێرت هاوک خێست، کارڵ دیسانەوە ئەم دیزاینەرە کاریگەری خۆی لەسەر دادەنێت و تابلۆکانی لەو ماوەیەدا،کەدروستی کردوون زیاتر ڕوناکتر بوون، هەروەک لە پۆترێت و تابلۆکانی تریدا دەبینرێت٠ هەر بەهۆی ئەوەی لە دێڵفت بووە، هونەرمەندی گەورە فێرمێر لەو شارە ژیاوە پەیوەندی لەگەڵدا پەیداکردوە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم هونەرمەندە لەتەمەنی ٣٢ ساڵیدا بەتەقینەوەیەک گیانی لە دەستداوە، کە ئەو سەردەمە تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویداوە و چەندین خانو و گەڕەک وێران بووە، کارڵ بەتابلۆیەکی ناوبانگی پەیداکردووە، تابلۆی ـ بووکە سوورە ـ ئەم تابلۆیە باڵندەیەک بە کوردی زۆر ناوی پێدەڵێن، بەڵام زۆرینە دەڵێن بووکە سوورە بە زنجیرێکی بچووک لەسەر سندوقێک بەستراوەتەوە، کەسەیری دەکەیت دەبێت تارادەیەک سەری بۆ بەرزبکەیتەوە، چونکە بووکە سوورەکە لە بەرزیەوە سەیری خوارەوە دەکات، زۆر بەسەلیقەوە کاری تێداکردوە، زەردی سەر باڵی هێند جوان نەخشاندویەتی هەست دەکەیت دەجوڵێت. ئەم هونەرمەندە چونکە هاوسەردەمی فێرمێر بووە و لێوەی نزیک بووە، باگراوندی ئەم تابلۆیەی (بووکە سوورە)، وەک هەمان باگراوندی تابلۆی فێرمێرە ئەو کچەی گۆزەیەک شیری بەدەستەوەیە هەروەها ڕووناکیەکەشیان، وەک یەک لەلای چەپەوە هاتووە، دەمەوێت ئاماژە بەوش بکەم تابلۆی بووکەسوورە شوێن تەقینەوەکەی ئەوسای پێوەیە و چونکە لەسەر تەختە کراوە تەختەک کەمێک بریندار بوە٠

ڕزگار ئەمین

تـــاراوگـــه

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

16 November . 2019 Nummer. [79]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– لە سوید خەڵاتی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی پروگرێسیڤ ئالاینس (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) درا بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش.؟ ل 2 – ئایا ستراتیژ چییە.؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین بیخوێنین..؟. فەریق ڕۆکنیخانەنشین.. محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی ل 3

– گرنگترین پرەنسیپەکانی تەرجەمەی زارەکی– نووسینی: تاریق هێدی ل,4 و ل 5 ...

– دوو بابەتی وەرگێڕدراوی موزەفەر عەزیز، دەربارەی ئۆردوگایەکی پەنابەران لە پاریس و شەهیدبوونی شەرڤانێکی ئەڵمان ل 6 گۆشەی 31 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بوارەکانی ئەمنی–وەرە ل7 .

– جارێکی دیکەش هیتلەردۆغانەکەی تورک دنیا دەشێوێنێت– نووسینی عەبدولکەریم شێخانی ل 8

– بەشی چوارەم زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان– وەرگێڕانی لە ئەڵمانی یەوە: نوری کەریم، ل9 ئەڵمانیا–

– لاپەڕەی گۆران مەریوانی، ڕۆژئاوای ئێمە ل10. – بیروبۆچوونە زانستیی و لۆژیکییەکانی مامۆستا لوقمان حەویز– تێکساس ل 11.– ترامپ لە ڕۆڵی پۆلیسی هاتۆچۆ– بەکر شوانی و ڕێکەوتنەکەی سوریا و ئەمەریکا– دکتۆر ڕێبوار فەتاح ل 12.–وەرگێران لە کورمانجییەوە– محەمەد فەریق حەسەن ل 13 .– چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد لە تاراوگـــە ل 14.– شەپۆلێکی جیهانی تازە– نووسینی: دکتۆر مەریوان قانع. ل 15

– ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی ڕوسی ئیڤانـــە شیشکین و جەند تابلۆیەکی...ڕزگار ئەمین ل 16

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

16 November 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
N 79
Emai: sardarfatah@live.nl
79 ی 16 ی نۆڤێمبەری 2019

لە سوید خەڵاتی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی پروگرێسیف ئاڵاینس (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) درایە بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش

سێ کەس بەتۆمەتی تیرۆر دەستگیرکران

هەفتەی پێشوو پۆلیسی ئەڵمانیا لە شاری ئوفنباخی هەرێمی هێسن بە تۆمەتی پەیوەندی بەداعش و نەخشەسازی بۆ ئەنجامدانی تەقینەوەیەک ٣ گەنجی بیانی دەستگیر کران، کە دوانیان تورک و یەکێکی مەقدۆنی بوون، ئەوانە دەیانویست کاری تیرۆریستی لە ئەڵمانیا ئەنجام بدەن.

نازییەکان سەلکە بەرازێکیان لەپێش مزگەوتێک دانا



لەشاری شویلمی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و لەبەردەم مزگەوتێک، کەوا خەریکە دروستی دەکەن، کەسانێکی نەناسراو کە لەوەدەچێت لە نازییەتازەکان بن، وەک نارەزاییەک بۆ دروستکردنی ئەو مزگەوتە بەشەو سێ سەلکە بەرزایان لەبەردەم دەرگای سەرەکی مزگەوتەکە داناوە، کاتێک کرێکارەکان بەیانی زوو دەیبینن خەبەری پۆلیس دەدەن و دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە.

بڕوانە لاپەڕە 7

لە سوید خەڵاتی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی پروگرێسیف ئاڵاینس (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) درایە بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش

بروانە لاپەڕە 14

ژنێکی بیانی بووە هاوسەرۆکی فراکسیۆنی پارتی چەپ

لە چوارچیوەی هاوسەرۆکایەتی کردنی پارتی چەپی ئەڵمانیان Die Linke کە ژن و پیاوێکن، لەپاڵ دیتمار بارتش، پارێزەر"ئەمیرە محەمەد عەلی" یان وەک هاوسەرۆک هەڵبژارد، ئەو ژنە لەساڵی ١٩٨٠ لە هامبۆرگ لە باوکێکی میسری و دایکێکی ئەڵمان لەدایکبووە و سیاسیەکی کۆمۆنیستە و لەم خولەدا بووە یەرلەمانتار.

ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟



نووسینی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بە سوپاسەوە ئەم نووسینە گرنگەی (کاک شێخ محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی) مان دەربارەی بابەتی ستراتیژ چییە..؟ بە زمانی عەرەبی بۆ هاتووە، هەر بەڕێزیشیان خۆی بەشێکی لێکردووە بە کوردیی، لەبەر هەستیاری بابەتەکە، هەر جارەی بەشێکی لە تاراوگەدا بڵاودەکەینەوە.

بەشی یەکەم

پێشەکی:

چوار هۆکاری سەرەکی هەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ستراتیژی وڵات و پاڕێزگاری لە ئاسایشەکەی:

یەکەم: ستراتیژ بابەتێکە، گرنگی مێژوویی گەورەی هەیە. شێوازی ئەو ستراتیژیانە، کە سیاسەتمدار و سەرکردە ئەفسەرەکان دایدەڕێژن، کاریگەری مەزنی دەبێت لەسەر پاشەڕۆژی میللەتان.

دوهەم: بابەتی ستراتیژ خۆی لەخۆیدا، بابەتێکی سەرنجراکێشەرە بۆ زۆر کەس. ئەگەر تێبینی بکەیت لەکتێبخانە ناوادارەکانی دنیادا، وەک (کتێبخانەی بوردەر، بارنزونوبل). ...هتد.. شوێنێکی تایبەت تەرخان کراوە، بۆ بابەتی جەنگ، کە زۆرترین سەرچاوە و کتێب لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زور لەم کتێبانە تایبەتن بە یادەوەری یان باس لە پرۆسە سەربازیەکان دەکەن، بەڵام لە هەندێکیاندا زۆر گفتوگۆی چڕی لەسەر بابەتی ستراتیژی تێدایە.

سێهەم: زۆر لەو نوسینانە لاساییکەرەوە لەبابەتی ستراتیژ دەدوێن، دەتوانرێت لە بوارەکانی تردا کاریان پێبکرێت. بۆ نموونە، "سان تزو، کلاوزەفیتز– کە زۆر ناودارن، لە هزری ستراتیژیدا"، گەشاندنەوەیەکی نوێیان بەخشیوە بەو کەسانەی لەبواری ستراتیژیدا کاردەکەن، وەک ڕاوێژکارەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا.

چوارەم: لە کۆتاییدا، لێکۆڵینەوەیەکی بە بەرنامە لە بابەتی ستراتیژەوە، دەتوانیت ئەگەری سەرکەوتن لە داڕشتنی ستراتیژییە تازەکان بەدیبهێنیت و زیادیان بکات، وا لە گەلێک بکات بتوانن، ئامانجە ئاسایشییەکانیان بەدیبهێنن لە دونیایەکدا، کە هەمیشە لەگۆڕانکاریدایە.

لە ڕاستیدا پێویستە لەسەر سەرکردەکان، ستراتیژ بەکاربهێنن بە شیوەیەک بتوانرێت هێزی چەکدار بەشێوەیەکی ئەخلاقی، لە چالاکی سیاسیدا بەکار بهێنرێت.

بەبێ ستراتیژ، ڕەنگە جەنگ بە ئاکارێکی بێمانا و بێ بەزەییانە بەرەو تێکدان و وێرانکاریمان ببات.

لە کاتێکدا پێویستە زانیاری زور هەبێت لە بارەی مێژووی ستراتیژەوە، لە هەمانکاتدا کۆمپانیا و دەزگاکانی دیکەش ڕەنگە سوودمەندبن ل هزری ستراتیژی"التفكير الاستراتيجي"، بەڵام زۆرترین و گرنکترین هۆکار بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژ پارێزگارییە لە ئاسایشی وڵات. ئەمە هوکاری سەرەکییە بۆ لێکۆڵینەوە لە ستراتیژ، کە بواری کۆلێجە سەربازییە باڵاکانی وڵاتە، وەک کۆلێجی ئەرکان" Staff College" و کۆلێجی جەنگ"War College" و کۆلێجی بەرگري نيشتماني "National Defense College"، کە وانە دەدەن بە ئەفسەرە سەربازە پلە باڵاکان (هەندێ جاریش چەند کەسێکی مەدەنیش، وەک بریکار لە وەزارەتەکان و بەڕێوبەرانی گشتی لە دەزگاکانی حکومەتدا هاوبەش دەبن)، بەبۆنەی گرنگی ڕۆشنبیری سەرکردە ئەفسەرەکان دەربارەی هزری ستراتیژەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زور پێویستە زوو زوو هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ شێوازی گوتنەوەی وانە ستراتیژییەکان..[1]

1. هاري جي. سوميرس، الابن، *حول الاستراتيجية: حرب الفيتنام في السياق*، كارليسلي، مجلة: معهد الدراسات الاستراتيجية، كلية حرب الولايات المتحدة الامريكية، 1981، ص 1–

ماوێتی

گرنگترین پرەنسیپەکانی تەرجەمەی زارەکی- نووسینی: تاریق هێدی



تەرجەمەکردنی زارەکی، کارێکی زەحمەت، بەڵام بە ئاسان وەرگیراو!

زۆر کەس بەتایبەت ئەوانەی لە دەرەوە دەژین، دەیان چیرۆکی کەیس و نهێنی خەڵکانێکیان بیستۆتەوە و زارە و زار گەیاندوویانە، کە لەلایەن موتەرجیمەکانەوە ئەو زانیارییانە دزەی کردووە و هەندێکیان بوونەتە نوکتە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی واقوڕمان و مقۆمقۆی ئەم و ئەو..!

دیارە بەهۆی هاتنی لێشاوی پەنابەران و خەڵکانی دیکە لە سەرانسەری جیهانەوە بەرەو خۆرئاوا (بەتایبەت دوای جەنگی دووهەمی جیهانی) زیاتر و زیاتر پێویستی بە موتەرجیمی زارەکی گەشەی کرد. کورد و زمانی کوردیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نەبوو، بەڵام کارەکەش بێ خەوش و زەحمەتی نەبووە. لە ڕووی کەسانی وەرگێڕەوە ئەم مۆرکە گشتییانە بینراوە و بیستراوە:

١- نەبوونی توانای باش لە جووتزمانیدا واتە زمانی دایک و زمانی بەرامبەردا و شارەزایی لە جووتکۆمەڵگە و جووتکولتوری قسەکردندا. هاوکات نەبوونی فیلتەرێک بۆ دەرخستنی ئەو لاوازییە چوونکە موتەرجیم لە نیوان "نێرەرێک و وەرگرێکدا" کارەکەی دەکات کە لەیەکتر تێناگەن و موتەرجیم هەرچی بگەیەنێت بە یەکێک لەو دوانە، ناتوانن دڵنیا بن لە کوالیتێت و ڕاستی و چەوتی گەیاندنەکەی، واتە بە سانایی هەڵە تیدەپەڕێت.

٢- بەشێکی زۆری ئەوانەی کاری تەرجومە دەکەن، هەر ئەوەیە کە چەند ساڵێک لە وڵاتەکەدا ماونەتەوە و زمانێکی جادە یان خوێندنێکی سنووردار گشتی فێربوون و ئیتر تایبەتمەند نین و خاوەن بڕوانامەیەک یان کۆرسێکی چڕی "تەرجەمەی زارەکی" نەبوون، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لە دوو لایەن کردووە، کە لە پرۆسەی تەرجەمەدا زۆر سەنترالن، یەکەمیان ئیتیکی تەرجەمە کردن و ئەوی تریان تەکنیکی تەرجەمەکردنە. نموونەیەکی گرنگ لە لایەنی ئیتیکی کارەکە ئەوەیە، کە کەسی موتەرجیم (وەرگێڕ) دەبێت بە تەواوەتی ئەرکی نهێنی پاراستن بپارێزێت، بە جۆرێک کە هاتیتەدەر لە ئەنجامدانی کارەکە وابزانیت هیچت نەبینیووە و نەبیستووە. لەمەدا مەبەست ئەوەیە، کە زانیارییەکان نەگەینیت بە کەسانی دیکە.

گرنگترین ئەرک و پرنسیپە ئیتیکییەکانی کاری تەرجەمەی زارەکی

نموونەیەکیش لە بواری تەکنیکی بەکارهێنانی زمان، ئەوەیە، کە کەسی وەرگێڕ نابێت بە داڕشتەی جێناوی کەسی سێهەمی تاک قسە بکات، بەڵکو دەبێت جێناوی کەسی یەکەمی تاک بەکاربهێنێت. واتە کاتێک دکتۆر لە نەخۆش دەپرسێت:"چەند ڕۆژە تووشی ڕشانەوە بوویت؟" و نەخۆشەکە لەوەڵامدا دەڵێت: " دوو ڕۆژە تووش بووم". لێرەدا کاتێک موتەرجیم قسەی نەخۆشەکە دەگەیەنێت بە دکتۆرەکە نابێت بە داڕشتەی "دەڵێت دوو ڕۆژە نەخۆشم" بەڵکو دەبێت وەک قسەکەر بڵێت:" دوو ڕۆژە تووش بووم."

سەرەکیترین ئەرکی موتەرجیم (وەرگێڕ) ئەوەیە، کە کاتێک لە "کەسی نێرەرەوە" پەیامێک دەنێردرێت بۆ "کەسی وەرگر" سێ پرۆسە بە باشی ئەنجام بدات.

یەکەم: گوێگرتن و درکپێکرتنی ئەو پەیامەی کەسی نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێت بە بەرامبەر.

دووهەم: بیرتیژی و فۆرمەلەکردنی پەیامەکە بە دروستی.

سێهەم: گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامەکە بە وەرگر.

هاوکات پابەندبوون بە ئیتیکی کارەکە لە گرنگترین خاڵی مۆراڵیی کارەکەیە، کە لێرەدا گرنگترین ڕێنماییە ئیتیکییەکان دەخەینەڕوو. دیارە ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی وەرگێڕانی زارەکییان خوێندووە، ئاشنان پێیان:

١- موتەرجیم نابێت ئەرکێکی تەرجەمەکردن قەبوڵ بکات گەر لە خۆی دڵنیا نەبوو، کە قابیلیەت و توانای تەواوی هەیە بەسەر کارەکەیدا.

پاشماوەی گرنگترین پرەنسیپەکانی تەرجەمەی زارەکی- نووسینی: تاریق هێدی



حەوت پسەیام کە پێویستە موتەرجیم (وەرگێڕ)، لە دەستپێکی کاردا بە هەردوولایەنی بیانگەیەنێت

ئەو کەسەی کاری تەرجەمەکردنی زارەکی دەکات دەبێت ئەرک و مافی خۆی بزانێت، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییە نێونەتەوەییانەی بۆ کار و ئێتیکی تەرجەمەکردن دانداروان. لە سەرەتای دەستپێکردنی تەرجەمکردنی زارەکی پێویستە موتەرجیم، وەک کەسێکی پرۆفیشۆنااڵ ئەم حەوت خاڵە بە هەردوو زمان بەو دوو لایەنە ڕابگەیەنێت کە تەرجەمەیان بۆ دەکات:

١- موتەرجیم هەرچی دەوترێت بێ کەم و زیاد و گۆڕانکاریی وەک خۆی تەرجەمەی دەکات.

٢- موتەرجیم بێلایەنە، و هیچ بۆچوونێک یان ڕێنماییەکی خۆی ناخاتەڕوو.

٣- ئێوە خۆتان بەرپرسن لە ناوەرۆکی قسەکانتان و چۆنیەتی پێکەوە ئاخاوتنتان.

٤- هەربۆیە ڕاستەوخۆ تەماشای یەکتری بکەن و بە جێناوی کەسی دووهەم قسە بکەن واتە ڕاستەوخۆ بە یەکتری بڵێن "تۆ دەتەوێت...تاد" نەک ڕوو لە موتەرجیمەکە بکەن و بە داڕشتەی " پێی بڵێ کە دەیەوێت....تاد."

٥- هەر کاتێک موتەرجیم هەستی کرد لە شتێک تێناگات، ئەوا بۆی هەیە داوای دووبارەکردنەوە یان ڕوونکردنەوە بکات.

٦- موتەرجیم ئەرکی نهێنی پاراستنی لەسەر شانە و بۆی نییە لای کەس باسی هیچ بکات.

٧- ئەو تێبینی و زانیارییانەی موتەرجیم لە کاتی تەرجەمەکردنەکەدا وەک سەرەقەڵەمانە یاداشتیان دەکات، دوای تەواوبوونی کارەکە بەبەرچاوی هەردوو لایەنەوە دەدڕێنێت.

٢- موتەرجیم دەبێت زۆر بە باشی خۆی ئامادە بکات، واتە لە ڕووی توانای زانینی جووتزمانی، تەکنیکی تەرجەمەکردن و زانینی چەمکەکانی ئەو بوارەی تەرجەمەکەی تێدا دەکات. ئێمە دەزانین موتەرجیم دەشێت لە بوارەکانی پزیشکی، یاسایی، دادگاکان و پۆلیس، کەیسی پەناهەندەیی، کار، گەشتیاری و ژیانی ڕۆژانە و زۆر بواری تردا تەرجەمە بکات، هەربۆیە پێویستی بەوەیە سەدەها وشە و زاراوەی ئەو بوارانە بە باشی بزانێت.

٣- موتەرجیم نابێت کارێکی تەرجەمە قەبووڵ بکات کە یەکێک لە لایەنەکان کە تەرجەمەیان بۆدەکات خزم و کەسوکاری بێت یان بەرژەوەندییەکی لەگەڵیدا هەبێت، یاخود پەیوەندییەکی بە کەیسەکەوە هەبێت کە تەرجەمەکەی تێدا دەکات.

٤- موتەرجیم نابێت لایەنگیری لە یەکێک لەو دوولایەنە بکات کە تەرجەمەیان بۆ دەکات یان بەزەیی و سۆزی هەبێت بۆیان، واتە دەبێت هەوڵ بدات تەواو بێلایەن بێت لە کاتی کارەکەیدا. ئاخر زۆرجار بینیومانە و بیستوومانە کە موتەرجیمەکان ڕێنماییان داوە بە یەکێک لە لایەنەکان و یان وای دەرخستووە زانیاری ئیزافەی هەیە لە بارەی کەیسەکەوە. جاری واش هەیە دەشێت بە ڕوونی سۆزی بۆ کەسێک دەربڕێت، بۆ نموونە کە وەڵامی ڕەفزی کەیسی پەنابەری پێ دەدەن یان هەواڵی دکتۆرێک بە هەبوونی نەخۆشییەکی سەخت لە نەخۆشێکدا، هەروەها دەشێت بەهۆکاری نەتەوەیی و خەڵکی هەمان شار و هەمان وڵات موتەرجیم سۆزی بجوڵێت بۆ کەسەکە.

٥- موتەرجیم دەبێت هەرچییەک دەوترێت بە ئەمانەتەوە وەک خۆی بیگوازێتەوە بەبێ زیاد و کەم، واتە نابێت لە خۆیەوە زانیاری ئیزافە بخاتە سەر باسەکە یان لێی بقرتێنێت.

٦- پابەندبوون بە ئەرکی پاراستنی نهێنی، کە دەبێت سەد دەر سەد بێت! واتا هەر کە لە ئەرکی تەرجەمەکردنەکەی تەواو بوو دەبێت چی وتراوە و بیستوویەتی لە یادی کات و ئەو تێبینی وزانیارییانەی لە کاتی تەرجەمەکردنەکەدا یاداشتی کردوون هەمووی لەبەرچاوی لایەنەکاندا بدڕێنت و فڕێیان بدات.

٧- هەرکات لە کاتی تەرجەمەکردنەکەدا هەستی کرد پرۆسەکە بە باشی ناچێت بەڕێوە بۆ نموونە بەهۆی لەیەکتر تێنەگەیشتن، یان هۆکاری تیۆری و پراکتیکی دیکە، ئەوا دەبێت داوای کشانەوە بکات و بەردەوام نەبێت.

٨ -زۆری دی...

هێزی پۆلیس چوونەسەر چەند نۆردوگایەکی نایاسایی پەنابەران لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پاریس- وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز

زیاد لە١٦٠٠کەس لەلایەن پۆلیسی فەڕەنسییەوە لەنۆردوگایەکی نایاسایی پەنابەران لەفەڕەنسا هێنرانە دەرەوە. ئەو هەڵمەتەش ڕۆژێکی خایاند، پاش ئەوەی حکومەتی فەڕەنسا سیاسەتێکی توندی بەرامبەر کۆچبەران گرتەبەر.

پۆلیسی پاریس پێنجشەممەی پێشوو دوو نۆردوگای نایاسایی پێچایەوە، یەکێکیان لەباشوری پایتەختی فەڕەنسا و ئەوەی دیکەش لەناو پاریس لە سان–دینەز. تێکڕا ١٦٠٦کەسیان دەرهێنا، کە لە ڕەوشێکی نالەبار لەنێو چادردا دەژیان. بەپێی لێدوانی فڕانس ئینفۆ، بەپاس ئەوان بەرەو هۆڵە وەرزشیەکانی ئەو ناوچەیە گوازراونەتەوە، ئەمەش شوێنێکی فریاگوزارییە و جارێ لەجیاتی نۆردوگایە. جێگری پارێزگاری پاریس"دۆمنیک فیرزینی"لە لێدوانێکیدا گوتوویەتی؛ سەدان کەس بەر لەم چالاکییە خۆیان شاردبۆوە و نەیاندەویست بەفەرمیی لەنۆردوگا بژین. ١٥تا٢٠٪ی خەڵکەکە پەناهەندەبوون، کە مافی پەناهەندەییان پێدراوە، بەڵام خانویان دەست نەکەوتووە، بەگشتی ٥٩ لەو چادرە نایاساییانە بوون کە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە لەفەڕەنسان. دوای داخستنی نۆردوگایەکی کۆچبەران لە ٢٠١٦دا لە کالاس، ئیتر بەردەوام کۆچبەران بەرەو پاریس دەهاتن.

لەبەرئەوە لە باشوری پایتەختی فەڕەنسا چەندین چادری نایاسایی هەیە، کە هەزارانپەنابەری تێدا دەژین. ئەو شوێنە زۆرجار چۆڵکراوە، بەڵام بەماوەی چەند هەفتەیەکی کەم دیسان سەر لەنوێ نۆردوگای لێ دروستدەکرێتەوە. پیاوان بە لایانەوە گرنگە ئەوان لەوێ بژین بەبێ چاودێری پەناهەندەیی، هەروەها ژنان و منداڵانیش. دواجار ڕۆژی چوارشەممەی پێشوو وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا کریستۆف کاستنەر بڕیاریدا، کە دەبێ ئەو شارانەی ئەمجۆرە چادرە نایاساییایەیان لێیە، بەر لەکۆتایی ساڵ چۆڵبکرێن. پاش لێژنەی وەزارەت حکومەتی فەڕەنسا ڕێکاری جۆراوجۆری لەبواری سیاسەتی کۆچبەرانەوە ڕاگەیاند و بازنەکەشی تۆکمەترکرد.بەمەش پەناهەندە دوای سێ مانگ لە داوای پەناهەندەیی، ئینجا سیستەمی تەندروستی گشتی پێدەدرێت. هەروەها دەبێت زووتریش بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان و کاتی مامەڵەی مافی داواکردنی پەناهەندەییش کەمتر دەکرێتەوە. سەرۆک وەزیران ئێدوارد فیلیپە ڕوونیکردەوە، دەبێت، "هاوسەنگییەک لە نێوان و ماف و ئەرک سەبارەت بە بیانییەکان"هەبێت.

سەرچاوەDW:

شەڕقانێکی یەپەگەی ئەڵمان لە باکووری سوریا دەپێسکرێت- وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز

سایتی دۆیچە ڤێللە کە کەناڵێکە تایبەت بە هەواڵەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا و ئەندامی کەناڵی ARD یەو لەبەرلین و بۆن بە سی زمان پەخشدەکرێت، لە سایتەکەی خۆیدا هەواڵی شەهیدبوونی شەڕقانێکی ئەڵمان بڵاودەکاتەوە و فیلمێکی دیکیۆمێنتاریشی لەژێر ناوی "کوردەکان لە نێوان شەڕ و دیموکراسیدا"داناوە، کە مێژووەکەی هی ٣ی٨ی٢٠١٩یە. سەرەتا نووسراوە: شەڕقانێکی یەپەگەی ئەڵمان لەباکوری سوریا دەپێکرێت، کۆستەنتین گ.لەدژی داعش شەڕی کرد، لەگەڵ کوردە یەپەگەکان. لە ئۆکتۆبەر ئەو ئەڵمانە شەهیدکرا، ڕەنگە بەهۆی هێرشی ئاسمانی تورکەوە بێت. دی ڤی قسەی لەگەڵ دایک و باوکی کرد.

دوا هەواڵ، کە کۆستەنتین گ. بۆ باوانی ناردووە، تەنها لەچەند وشەیەکی کەم پێکهاتوە: "من دەبێ بڕۆم". دوای سێ ڕۆژ ژیانی لە دەستداوە، پێکرانەکەی بەهۆی هێرشی ئاسمانی ترکان بۆسەر شاری سەری کانی لە باکوری سوریادا بووە، دایک و بابی لەو بڕوایەدان.

کۆستەنتین گ. یەکێک بووە لەو سەدان خۆبەخشە نێودەوڵەتییانەی کە لەگەڵ کوردە چەپڕەوەکان لە یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەبووە، کە هەتا ماوەیەکی کەم بەرلەئێستاش بەگرنگترین هاوپەیمانی یو ئێس ئا دەهاتنە ئەژمار و لەهێرشی زەوینیدا لەدژی وەک بۆخویان ناویان لەخۆیان نابوو "دەوڵەتی ئیسلامی"دەجەنگان.

یەپەگە: ئەو هاوپەیمانە بەجێهێڵدراوە شەڕقانانی یەپەگە زۆرینەی "هێزەکانی سوریای دیموکرات" SDF پێکدەهێنن. لە ٢٠١٥ دوای شەڕی ناوخۆی سوریا لەکومەڵێک هێز دروست بوو کەهاوشانی کوردان هەروەها عەرەب و یەکینەکانی کریستیش هەن. هەموویان لەشەڕ دژی داعش لەلایەن یو ئێس ئا وە پشتیوانی دەکران. بەژیانی زیاتر لە١٠٠٠٠دەهەزار شەڕقان ئەم ئامادەباشییە بەڕێوەچوو. لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەر سەرۆکی ئامریکا دۆنالد تڕەمپ لەپڕ کشانەوەی هێزەکانی ئامریکای لەباکووری سوریا ڕاگەیاند. سەبارەت بەهاوبەشەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەناوچەکەدا هەنگاوێکی چارەنووسسازبوو: لە ماوەی نێوان دوو ڕۆژدا بەبێ هێزێکی گرنگیی پارێزگار مانەوە. تەنها چەند کاتژمێرێکی کەم، دوای کشانەوەی سوپای ئامریکا و ڕێگا چۆڵکرا، سەرۆکی ترکان ڕەجەب تەیب ئێردۆگان دەستی بەلەشکرکێشیی کرد. هەروەها تێیداهاتوە:

لە دەنگۆیەکەوە بۆ هەواڵێکی غەمناک:

ماڵباتی کۆستەنتین سەرەتا بەتەواوی لەهەواڵەکە و لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دڵنیانەبوون، بەڵام دواتر هەواڵەناخۆشەکەیان پێگەیشتووە و پشتڕاستکراوەتەوە، کە کوڕەکەیان بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکەوە گیانی لەدەستداوە. چۆن وکەی بەتەواوی ژینی سپاردووە، بەڵام هاوڕێیەکی تری ئەڵمانی ئەمەی بۆ دۆیچەڤێللە پشتڕاستردۆتەوە و وێنەی سەر پاسپۆرتەکەشی بۆناردوون. ماوە بگوترێت کۆستەنتین لە ٢٠١٦ ئەڵمانیا بەرەو ڕۆژاڤا جێدەهێڵێت و ئەو یەکەم کەس نەبووە و سەدانی تریش هاوشانی یەپەگە لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی لەسوریا و ئێراق دەجەنگان.

سەرچاوە سایتی دۆیچەڤێللە.

گۆشەی 31 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

گرتنی وێنەی نەشیاوی ژنان سزای توندی خرایەسەر

ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردوو، حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاریدا هەرکەسێک بۆ هەر مەبەستێک بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی وێنەی سنگی ڕووتی ژنان یان لەژێرەوە قاچ و شوێنە هەستیار و وروژێنەرەکانی ژنان بگرێت، بەپێی یاسا سزای توند دەدرێت و لەوانەیە تا دوو ساڵ زیندانی بکرێت.

لە شارێکی ئەڵمانیا نیدی پارەی ورد وەرناگیرێت



ئیدارەی بەندەری Wangerooge سەر دەریای باکور Nordsee بڕیاریدا کە ئیدی لە بازارەکانی ناو ئەو دورگەیە، کە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن، پارەی ورد وەرنەگیرێت، چونکە گواستنەوەی ئەو پارانە لە بانکەکانەوە بۆ سەنتەری شارەکان بۆ فرۆکە و کەشتی زۆری تێدەچێت و زیانی لە قازانجەکەی زیاترە، بۆیە نزخی هەموو کاڵاو شمەک و خواردەمەنیەکان لەبازارەکان وای لێدەکرێت کە وردەی تێدا نەبێت، بۆ نمونە ٥ نان یان دە نان دەکەنە پێنج یۆرۆی کاغەز.

کۆمپانیایەک چەکی لێزەر دروست دەکات

کۆمپانیای Reinmittal توانی جۆرە چەکێک دروست بکات کە بەهۆت تیشکی لێزەرەوە کاردەکات، ئەوچەکە بەهۆی تیشکە بەهێزو کاریگەریەکەی لێزەر دەتوانێت ئامانجەکە بێبێکێ ووێرانی بکات، بڕیارە لە ساڵی داهاتوو لە سەر کەشتیەکان دابندرێ ولە ساڵی ٢٠٢٣ لەبواری سوپاو هەناردەکردندا دەیخەنە بازارەوە.

هامبۆرگ خەڵاتێکی یۆنسکۆی بردەوە

ڕێکخراوی جیهانی یۆنسکۆ، خەڵاتی پەروەردە و ژینگە پارێزی و گەشەپێدانی پێبەخشرا، ئەو خەڵاتە ساڵانە دەدرێتە ئەو شارانەی، کە لەسەر ئاستی جیهان بایەخ بە پەروەردەی ژینگەیی و پاراستنی ئاوهەوایەکی سازگار و هۆشیارکردنەوە دەدەن، لەبواری پەروەردە و فێرکردندا، دوێنێ ٩/١٥ لە کۆنگرەی ڕێکخراوەکە لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا پارێزگاری هامبۆرگ خەڵاتەکەی وەگرت.

چارەکە ملیۆنێک ئەڵمان وڵاتەکەیان بەجێ دەهێڵن

ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری و گەشەپێدان OECD ئاشکرایکرد، کە ساڵانە ٢٥٠ هەزار هاوڵاتی ڕووەکەنە وڵاتانی تری جیهان و بۆ خوێندن یان بۆ کارکردن تێیدا نیشتەجێ دەبن، لەو وڵاتانەی کە ئەڵمانەکان مەراقیانە بۆی بچن ئەمانەن"سویسرا، بەریتانیا، نەمسا، هۆڵەندا، ئیسپانیا"ن.

داعشەکانی لای تورکیا وەردەگیرێنەوە

لەدوای ڕاگەیاندنی تورکیا بەڕەوانکردنەوە داعشە ئەڵمانیەکان، وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا دەڵێت "هەموو شتێک دەکەین بۆئەوەی ئەو گەڕێندراوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە، مەترسی بۆ سەر ئەڵمانیا دروستنەکەن، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەش دەڵێت "ژمارەی ئەو کەسانە کەمتر لە 20 کەسن هاوڵاتی ئەڵمانین بۆیە بەپێی یاسا دەبێت وەربگیرێنەوە، بەڵام نایەڵین ببنەوە جێی مەترسی.

ئەمساڵ ئەڵمانیا بایی ٧ ملیار یۆرۆ چەکی فرۆشتووە

بەپێی وەڵامێکی وەزیری دارایی ئەڵمانیا، لەسەر پرسیارێکی ئەندام پەرلەمانی فراکسیۆنی چەپەکان، کە ئایا لەسەرەتای ساڵەوە تا ئێستا ئەڵمانیا بایی چەند چەکی فرۆشتووە و هەناردەی دەرەوەی کردووە، ئەو وەزیرە ئاشکرایکرد، کە بڕی فرۆشتنی چەک لە ١٠ مانگدا گەیشتۆتە ٧ ملیار و ٤٠٠ هەزار یۆرۆ، بەپێی زانیاری میدیا یەکێک لەکڕیارە سەرەکیەکانی ئەو چەکانە حکومەتی تورکیایە.

جارێکی دیکەش هیتلەردۆغانەکەی تورک دنیا دەشێوێنێت- نووسینی عەبدولکەریم شێخانی

لە گوتارێکی پێشوومدا کەبەر لە چەند ڕۆژێک بڵاوم کردەوە، ئاماژەم بە سەرهەڵدانی هیتلەرێکی تازە لە تورکیا کردبوو. ئەردۆغانی فاشی تەنیا سمێڵە پەنجەکەی نەبێت، دەنا ئەو هیتلەری تەواوە و ئالنگاریی (تحدی) ی هەموو جیهان دەکات. ئەوەی مێژووی ئەڵمانیای نازیی خوێندبێتەوە و چاوی بە چۆنێتیی دەرکەوتنی هیتلەردا خشاندبێت، بێ سێ و دوو بۆی دەردەکەوێ کە ئەردۆغان هیتلەری سەردەمە و ئەو لەمەو دوا ناوی هیتلەردۆغانە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هیتلەر وەک داکۆکیکەرێکی توندڕەو سەری هەڵدا. ئەو سەرەتا سەرباز بوو لە کاتی جەنگدا. دوای دۆڕانی ئەڵمانیا لەو جەنگەدا، هاوپەیمانان (بەریتانیا و فەڕەنسا) سزای تووندیان بەسەر ئەڵمانیادا سەپاند. لەو ماوەیەدا ئەدۆڵف هیتلەر یەکێک بوو لەوانەی دژی مەرجە قورسەکانی سەر ئەڵمانیا وەستا، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی نەبوو. ئەو لەگەڵ هاوبیرانی حزبی ئیشتیراکیی نەتەوەیی کە بەحزبی نازی)ناوبانگی دەرکرد، دامەزراند. چەند جارێک بەشداریی هەڵبژاردنی کرد و شکستی هێنا تا ساڵی ١٩٣٣ کە لە هەڵبژاردندا زۆرینەیەکی کەمی هێنا و سەرۆکی دەوڵەت بە ناچاری ڕووی لە هیتلەر نا، بۆ پێک هێنانی کابینەی حکوومەت. هیتلەر هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەوڵی لەنێو بردنی نەیارەکانی خۆی دا، هەر وەک ئەمڕۆ حزبی دادو گەشە پێدانەکەی هیتلەردۆغان پەیڕەوی دەکات. بۆ لە ناوبردنی حزبی شیوعی سیناریۆیەکی ساز کرد بە سووتانی ڕایخشتاغ (بینای ئەنجومەنی نوێنەران) و بەسەر حزبی شیوعیی داهێنا وەک بیانوویەک بۆ لێدانی، بەتەواوی هیتلەردۆغانیش ئەمڕۆ بە بەرنامە ئەوە دەکات بۆ لێدانی نەیارەکانی بە تایبەتیش پەکەکە. هیتلەر بە نهێنی کەوتە چەکی قورس دروست کردن و خۆ قایم کردن، ئێستا دیکتاتۆرەکەی تورکیا هەمان شت دەکات و پەلوپۆ دەهاوێ بۆ هەموولایەک بۆ خۆ پڕ چەک کردن و هەر جارەی دەیەوێ بچێتە باوەشی یەکێک لە لایەنەکان و خۆی لای ئەو لایەنە خۆشەویست کات. ئەوەی بۆ هیتلەردۆغان ڕەخساوە بۆ هیتلەر نەڕەخسا. تورکیا ئەمڕۆ ئەندامی پەیمانی ناتۆیە، بەڵام ئەڵمانیا تەنیا بوو. هیتلەر گەلی ئەڵمانی وا پەروەردە کرد کە هەواداری حزبی نازی بن و فێری شێوە سەلام کردنی نازییانەی کردن. هەروەها هیتلەردۆغان دەیەوێ هەموو گەلی تورکیا بکات بە هەوادار و پشتیوانی حزبی دادوگەشە پێدان بەناوی ئیسلامەتییەوە. هیتلەر دەیویست شکۆ و گەورەیی بۆ ئەڵمانیای لەجەنگ دۆڕاو بگێڕێتەوە، هیتلەردۆغانیش دەیەوێ شکۆی خەلافەتی عوسمانی زیندوو کاتەوە و بیبۆژێنێتەوە، بەتایبەتی کە ئێستا هەندێک لایەنی ئیسلامی عەرەبی بە سەرکردەی ئیخوانچییەکانی دەزانن و هێز و توانایەکی تێدا بەدی دەکەن بۆ دووبارە دروست کردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی ئەو دیکتاتۆرەی تورکیا. هیتلەر کە خۆی بەهێز کرد و چەکی تازەی دروست کرد، داوای هەندێک ناوچەی کرد کە پێی وابوو هێ ئەڵمانیان، وەک هەرێمی(ئیلزاس و لۆرێن) ی فەڕەنسا و هەرێمی(سۆدێت) ی چیک و هەندێ ناوچەی دیکە لە پۆڵەندە. لێرەدا هاوپەیمانان نەرمییان لەگەڵ هیتلەردا نواند بە تایبەتی (چەمبەرلین) ی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا کە نەیدەویست وڵاتەکەی ڕووبەڕووی ئەڵمان بێتەوە و ئاگرە سووڕە لە خۆم دووڕەی پەیڕەو دەکرد. هیتلەردۆغان کلکی لە کۆمارە تورکزمانەکانی سۆڤیەتی پێشوو و لیبیا و قەتەر و هەرێمی کوردستان و لوبنان و سوریا تۆزێ دەکا. تورکەکان لەمێژە چاویان لە هەرێمی کوردستان (ویلایەتی مووسڵ) بڕیوە و بە بەشێک لە تورکیای دەزانن چونکە وەکو خۆیان دەڵێن ئینگلیزەکان دوای کۆتایی هاتنی جەنگ داگیریان کردووە، هەروەها چاویان لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بڕیوە، دوای ئەوەی بە پێی سەودا و مامڵەتێکی ئیستیعماریانە هاوپەیمانان لیوای ئەسکەندەرونەی سوریایان لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەش بە تورکیا کرد و هیتلەردۆغان کە خۆی بە خەلیفەی تازەی

موسڵمانان دەزانێ، ڕۆژئاڤای کوردستان بە دڕێژکراوەی لیوای ئەسەندەروونە دەزانێ و دەیێ بخرێنە سەر یەک. ئێوە بڕوانن، ئەو هەموو دەستدرێژییانەی هیتلەردۆغان کردنی وڵاتانی ئەوروپا و تەنانەت ڕوسیاش چۆن نەرمی بەرانبەر تورکیا دەنوێنن و قیرۆسیا لەو گەلانە دەکەن، کە هیتلەردۆغان بە زەبری چەکی قورسی ناتۆ و سوپایەکی پڕ چەک و جبەخانە بەربۆتە گیانیان و جیهانی پیشکەوتووش چاوی لە عاستیدا دەنووقێنێ. دەنا کاتێک کە تورکیا هێرشی کرد سەر عەفرین و لە خوێنێی گەوزاند، ئەگەر ڕوسیا چرای سەوزی بۆ هەڵنەکردایە و ئەمریکا لغاوەکەی ڕاتەکاندایە، ئێستا تورکیا زاتی ئەوەی نەدەکرد، بەو بێ شەرمی و بێ باکی و دڕندەییە هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاڤای کوردستان و منەتیش لە کەس نەزانێ. ئێستاش ئەگەر وڵاتانی دەسەڵاتدار لە لغاوی تورکیای فاشی نەدەنەوە دوور نییە کە جیهان بەرەو هەڵدێرێکی مەترسیدار نەبات. ئەو پیاوە تا سەر ئیسکان فاشیستە، زۆر بیرۆکەی ڕووخێنەری لە بن سەریدایە و ئەگەر دەرفەتی زیاتری پێ بدرێ. زیانی زۆر گەورە بە هەموو جیهان دەگەیەنێ. تورکیا لە چوارچێوەی زیندووکرنەوەی خەلافەتی عوسمانیدا ئێستاش چاوی لە هەندێک وڵاتی ئەوروپای وەک بولگاریا و بەلقان بڕیوە، کە کاتی خۆی عوسمانییەکان داگیریان کردبوو و بە بەشێک لە خاکی تورکیایان دەزانێ. جارێکیان لەگەڵ مام جەلال دانیشتبووین، باسی زۆر شتی کرد. یەکێک لەوانە گوتی: ئەمریکاییەکان پێمان دەڵێن تکایە تورکیا مەوروژێنن با نەیەنە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، چونکە ئەگەر بێن، بە گران بۆمان دەکشێنرێنەوە. ئەوەتا چەند ساڵە بەشێکی قوبروسیان داگیر کردووە و بۆمان ناکرێنە دەرەوە. منیش گوتم، مام جەلال واتە دەڵێن دار لە دەمی سەگ وەرمەدەن ؟ مام گوتی: کەریم ئەوە تۆ وا دەڵێی و من وا نالێم. هەندێک دەڵێن تورک پێ بخاتە هەر شوێنێک، ئەو جێگەیە نە ڕۆژی لێ هەڵدێ و نە گیای لێ دەڕوێ.

کاک نوری ماستاو چەند پەندێکی وڵاتانی سەبارەت بە تورکان هێناوەتە و داوای لێ بوورینی لێ دەکەم، کە من لێرە ئەو نووسینەی لێ بخوازمەوە و دووبارە بڵاوی بکەمەوە، هیودارم بمبەخشێ، چونکە من سینگ فراوانیی ئەوم قۆستۆتەوە بۆیە زاتی ئەوەم کردووە.

+ کورد دەڵێ بێ ڕەوشتترین کەسانێک کە خوا دروستی کردبن تورکە
+ پەندی ئەرمەنی: تورک ئەگەر کەسی دەست نەکەوت بیکوژێ، باوکی خۆی دەکوژێت.

+پەندی ئاشووری: شەیتان چەندان دەمامکی هەیە، یەک لەوانە، دەمامکی تورکییە.

+پەندی ئۆکڕانی: نە مریشک لە باڵندەیە و نە نە تورکیش لە مرۆڤە.

+پەندی بولگاری: تورک قاچی لە هەر شوێنێک دانا، سەوزایی لێ ناڕوێت.

پەندی ڕۆمانی: تا کەڵەشێر هێلکە نەکات، تورک نابێتە مرۆڤ.

پەندی یۆنانی: ئەگەر تورک باسی ئاشتیی کرد، بزانە جەنگێک بەڕێوەیە.

زنجیرەی ١١ چیرۆک بۆ منداڵان- وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری کەریم - ئەڵەمانیا

بەشی چواردەم

سینەمایەک لەماڵەوە

لە رۆژێکی تەمو مژاوی زستاندا(ئینگی) پێشنیازێکی بۆ کورە هاوڕێکەی کرد: (هانز ، فیلمی گەشتەکەی خۆت بۆ کەنار دەریا پێشانی ئەحمەد بدە !) ئەحمەد بەدەنگی بەرز وتی :(ئۆو ، تۆ ئەوەت کردوتە فیلم ، تکایە دەمەوێت ببینم !) (هانز) یش بەپێکەنینەوە دەڵێت : (ئا ، هێشتا فیلمێکی وەک فیلمەکەی من جوان لەسینەما پیشان نەدراوە ! بەڵام حەزدەکەم ئێوە ببینن ، پەلە مەکەن ، ڕوبکەنە دیوارەکە وڵەسەر ئەو کورسییانە دانیشن! (هانز) چووە ژورەوە و سنوقێکی گەورەی هێنا و وتی : من حەزم دەکرد چەند ڕۆژێک پێشتر فیلمەکەتان پێشان بدەم بەڵام کاتمان بەدەستەوە نەبو ، ئێستا ئەو پەردەیە بەسەردیوارەکەدا بڵاو بکەنەوە ، (ئینگی) تۆ گڵۆپەکە داگیرسێنە ، ئەحمەد تکایە تۆش یارمەتیم بدە ئامێرەکە ڕێکبخەم . (هانز) سنوقە گەورەکەی لەسەر مێزێک داناو کردییەوە ، ئەحمەد کە ئەو ئامێرە مۆدێرنەی بینی وتی حەزدەکەم منیش ئامێرێکی وەها مۆدێرنم هەبێت . (هانز) فەرمانیدا : ئینگی ژورەکە تاریک بکە ، فیلمەکە پێشان دەدرێت . ئامێرەکە وێنەکانی دەگواستەوە سەر پەردەسپییەکە و ئەحمەد ئەو گەشتەی هاوڕێکانی وەک ڕاستەقینەبێت بەچاوی خۆی دەبینی کە لەپشوی هاویندا کردبویان .(هانز) چەند گرتەیەکی فیلمەکەی بۆ ڕوندەکردنەوە: بڕوانن ئەوە شوراکەی شاری (هامبۆرگ) ە، لەشارە هەرەگەورەکانی ئەڵەمانیایە و زۆر بەنێوبانگە، صاڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوی تێدەکەن، ئێستا ئێوە بەندەرەکەی (هامبۆرگ) دەبینن، هەر ئێستا پاپۆڕێکی زەبەلاح گەیشت و کەناریگرت، سەرنشینەکان دادەبەزن. ئەمەش گرتەیەکی دورگەی (سولت)ە، ئەوەکەنارەکانییەتی، ئەو ئافرەتە گەنجە مایۆ لەبەرە خوشکی (کورت) ی هاوڕێمە تەماشای براکەی دەکات کە نایەوێت مەلەبکات، چونکە ئاوی دەریاکە ساردە . لێرەدا کتوپڕ فیلمەکە کۆتایی هات و ئامێرەکە تەنها تیشکێکی سپی دەهاویشتە سەر پەردەکە!...

(هانز): ئیتر تەواو هەرئەوەندە بو ، نەمتوانی پتر بەردەوامبم.

ئەحمەد: بەسەرسورمانەوە ، بۆ ، بۆ نەتدەتوانی؟

(هانز): بەپێکەنینەوە چونکە دەمویست پاڵێک بە (کورت) وە بنێم بۆناو ئاوەکە.

****

بڕیاری دادوەر

بازرگانێکی دەوڵەمەند بەڵام هەتابڵێیت چاوچنۆک ودەست قوچاو وچاوچنۆک، کیسەباخڵەکەی (جزدان) بزردەکات،ونبونی کیسەباخڵەکە زۆر شپرزەو دڵتەنگ و بێئارامی دەکات، بەتایبەتیش ئەو ڕۆژە پارەیەکی زۆری دەستکەوتبو، بڕی 1500 هەزار و پێنج یەد مارکی تێئاخنیبو. ئەو ڕۆژە هیچ و بۆ سبەینێ پیاوێکی نورانیی بەتەمەن بە پێی خۆی هات و جزدانەکەی بۆ هینایەوە بۆ ماڵەوە. بازرگانەکە هەرئەوەندەی جزدانەکەی بە دەست کابراوە بینی، لەخۆشییاندا شاگەشکە دەبێت و دەپرسێت: بەڕێزتان جزدانەکەی منتان دۆزیوەتەوە ؟

پیرەپیاوەکە: بەڵێ، ئەوە جزدان و پارەکانت و تکایە دەستخۆشانەکەیم بدەرێ.

بازرگانەکە: خێرا جزدانەکەی لێوەرگرتەوە و پارەکانی ژمارد، فنکێکی کەم نەبو،بەڵام بۆ ئەوەی هیچ نەداتە ئەوپیاوە دەستپاکە درۆیەکی کرد و وتی من لەم جزدانەدا دوهەزار 2000مارکم دانابو بەڵام ئێستا تەنها هەزارو پێنج یەد مارکی تێداماوە، بەڕێز تۆ پێشەکیی دەستخۆشانەی خۆت هەڵگرتووە ، وانییە ؟

پیرەپیاوەکە: بەڕێزەکەم، ڕاستە من مرۆڤێکی هەژارو دەستکورتم بەڵام ڕاستگۆ و دەستپاکم، پەنجەم بۆ پارەی تۆ درێژنەکردووە و هیچم لێهەڵنەگرتووە، تکایە هەقەکەی خۆمم بدەرێ.

بازرگانەکە بایەخی بەقسەکانی نەدا، نەک هیچی پێنەدا بەلکو دەچێت بۆ دادگاو شکاتیشی لێدەکات ! بەڵام دادوەرەکە بەژیریی و وردبینیی خۆی هەرزو ڕاستی و درۆی بازرگانەکەی بۆ ئاشکرابو، ڕوی تێدەکات و دەڵێت : بەڕێزتان جزدانێکی بزرکردووە کە دو هەزار مارکی تێدابووە ، وایە ؟

بازرگانەکە : بەڵێ گەورەم وایە.

دادوەرەکە : بەڵام ئەم بەڕێزە جزدانێکی دۆزیوەتەوە کە تەنها هەزار و پینج یەد مارکی تێدابووە ، کەواتە ئەمە جزدانی بەڕێزتان نییە ، جزدانی کەسێکی دیکەیە و ئەم مرۆڤە دەستپاکەش دەتوانێت هەڵیگرێت بۆخۆی!

بازرگانەکە (هاواریکرد) : ئەی پارەکانی من ؟

دادوەرەکە(بە زەردەخەنەیەکی ساردو پڕ ماناوە) : چاوەڕوان بە ، ئەوەی تۆ کەسێکی دیکە دۆزیوێتییەوە!!

*ناونیشانی چیرۆکەکە لە تێکستە ئەڵەمانی یەکەدا(بڕیارەکە)دیە.

**********ماوێتی

لاپەڕەی گۆران مەریوانی.....لاپەڕەی گۆران مەریوانی.....لاپەڕەی گۆران مەریوانی.....

رۆژنـــــــــــــاوای نێمـــ

ببارێ ئەی غەزەبی تۆرانیان
ببارێ ئەی زۆڵە ئەولادی عوسمانلیان
تا بۆیان بسەلمێنین
ئێمە یان لە خاکی خۆماندا دەژین
یان وەک کێوەکانمان بە پێوە دەمرین

ببارێ ئەی گوللە، ئەی تۆپ
ببارێ ئەی قین
ئێمە سینەمان لە ئەزەلەوە پڕە لە برین
ئێوەش دڵتان خاڵییە لە خودا و لە دین
ببارێ ئەی غەزەب
ببارێ ئەی مەرگ
ببارێ ئەی ئەستێرەی ئاسمان
کە تەنیا کزە-چاوێک شک نابەیت بۆ روانین!

ئێمە نە-حەشارگەیەک شک دەبەین
نە-گەڵایەک بۆ خۆ-داپۆشین
ببارێ ئەی زوڵم، ئەی بێدادی
ئێوە بۆ بێ-شەرەفی دەژین و
ئێمەش بۆ ئازادی

ببارێ ئەی مردن، ئەی نەمان
ببارێ ئەی تاعوون، ئەی فەوتان
ببارێ، ببارێ
تا سەوز دەبینەوە
تا بۆ بەرەنگاریەکی تر

بە چڵێ زەیتون، بە گوڵاڵە سوورەیەک
بە دڵێ پڕ لە ئەوین
بە خودای داد و یەقین
بەرەنگارتان دەبینەوە!
ببارێ، ببارێ
تا باشتر سەر هەڵدەدەینەوە!

**** **** ***

Goran Meriwani
Bombay, Hindustan , 12-11-2019

Our Rojawa

گۆران مەریوانی

بۆمبای، هیندوستان ،١٢- ١١-٢٠١٩

ببارێ ئەی گوللە، ببارێ ئەی تۆپ
ئێمە لە هەڕەشەت ناترسین
ئێمە تەنیا جارێ دەمرین.
**** *** ***

ببارێ، ببارێ
لەتەک خۆتدا کاولی بێنە
ماڵمان، خانوومان بڕمێنە
ببارێ وەک سیل، وەک تاعوون
لمۆزی بۆرە-گورگەکانت بە خوێنمان سوورکە
ئێمە ئینسانین، هەناسە دەدەین
عاشق دەبین و (هیوا) ماڕە دەکەین
ببارێ ئەی گڕ، ببارێ ئەی تۆپ
ئێمە بە شەڕتان لە ناوناچین!

ئێمە فێرین گوللە پێستمان بسمێ
ئاگر بە سینەماندا بچزێ
گازمان بکەن کە دێزە-تورکین
دادمان لەبەردەمی ئاسماندا بفەوتێ
ببارێ ئەی گوللە، ئەی تۆپ، ئەی تاعون
نێوان ئێمە و ئێوە دەریایەک خوێنە
ئێمە رووتین و لە پەرینەوە ناترسین

ببارێ ئەی گوللە ، ئەی تۆپ
ببارێ ئەی خومپارە، ئەی تاعوون
ئێمە بۆ خۆشاردنەوە تەنیا پێست شک دەبەین
بۆ ئاخافتنیش یەک وشە: نابەزین.

بیروبۆچوونە زانستیی و لۆژیکییەکانی مامۆستا لوقمان حەوێز - تێکساس

سەرنجڕاکێش: گەردوون توند و تیژە، سەختە، جوانە، پڕیشە لە نهێنی و دیاردەی زۆر سەرسوڕهێنەر، بزانن ئێمە بەرهەمی چین؟

توشی سەرسوڕمان دەبین کاتێک دەزانین پێکهاتەکانی لەشی ئێمە و هەموو جوانیەکانی سروشتیش بەرهەمی ئەم دیاردە توند و تیژەی گەردوونین!..

ئەو ئەتۆمانەی من و تۆ و هەموو جوانیەکانی سروشتیان دروستکردووە بە گۆی زەویشەوە ساتێک لە ساتەکان بەر لە ملیارەها ساڵ لەناخی ئەستێرەیەکی زۆر زۆر گەرم دروستبوون لەکاتی تەقینەوەیدا لەکۆتایی تەمەنی، ئەو تەقینەوانە کە بە سوپەرنۆڤا ناودەبرێن بەیەکێک لەتوند و تیژترین دیاردەکانی گەردوون دادەنرێن...

ئەو دوو توخمەی لەگەردوون زۆرن و زاڵن بەپلەی یەکەم هایدروجین و بە پلەی دووەمیش هیلیۆمە، بەڵام ئێمە و هەموو زیندەوەران جگە لە هایدرۆجین لە سێ توخمی سەرەکی تر دروست بووین، ئەوانیش ئۆکسجین و کاربۆن و ئاسنە...

ئەم سێ توخمە لە کوێوە هاتوون؟ چۆن دروستبوون؟

ئۆکسجین و کاربۆن لەناو ناخی ئەستێرەکان دروست دەبن بەدرێژایی تەمەنیان، بۆ نمونە ئەو ئەستێرانەی ئەوەندەی خۆر و گەورەترینش، دوای تەقینەوەی ئەو ئەستێرانە لەکۆتایی تەمەنیان ئەو دوو توخمە و هیلیۆمیش بەبۆشایی ئاسماندا بڵاو دەکەنەوە، ئەگەر ئەستێرەکەش زەبەلاح بوو ئەوا لەکاتی تەقینەوەی بەشێوەی سوپەرنۆڤا توخمی ئاسنیش دروست دەبێت لەناخەکەیدا و ئەویش بڵاو دەبێتەوە بە بۆشایی ئاسماندا، دواتر ئەو توخمانە لەگەڵ تەمێکی هایدرۆجینی تر تێکەڵ دەبن لە بۆشایی ئاسمان و دوای تێپەڕبوونی دەیەها و سەدەها ملیۆن ساڵ ئەستێرە و کۆمەڵەی خۆری نوێی تر دروست دەکەن، کۆمەڵەی خۆری ئێمەش بەخۆر و هەسارەکانەوە بە گۆی زەویشەوە بەم شێوەیە دروستبووە...

هەر لەبەر ئەمەشە دەڵێین هەموومان لەتۆزی ئەستێرەکان دروستبووین...



ڕۆژی ١١/١١ی ئەمساڵ بۆ جاری چوارەم لەم سەدەیەدا هەسسسسسسسسسارەی مێرکوری بەپێش خۆردا تێپەڕی...

ڕووداوەکە پتر لە 5 کاتژمێری خایاند، بەڵام لەم کلیپە کە نزیکەی 1000 جار خێراتر کراوە و لە 20 چرکەدا هەموو تێپەڕبوونەکە دەبینیت...

https://www.facebook.com/Lukman.Hawez/videos/2769652126399804/

ئەو تۆپە درەوشاوەیەی لە کلیپەکە دیارە خۆرە، پەڵە تاریکە بچوکەکەش کە بە پێشیدا تێدەپەڕێت هەسارەی مێرکوریە کە نزیکترین هەسارەیە لە خۆر... ڕۆژی ١١/١١ هەسارەی مێرکوری (عوتارد) بۆ جاری چوارەم لەم سەدەیە بۆ دید و بینایی ئێمەی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بە پێش خۆردا تێپەڕی، تاوەکو ساڵی 2032 تێپەڕینێکی تری هەسارەی مێرکوری بەپێش خۆردا ڕوونادات‌ەوە... تێپەڕینەکە پتر لە 5 کاتژمێری خایاند، لەم ڤیدیۆ کلیپەش کە دوێنێ ئاژانسی ناسا تۆماری کردووە و خێراکراوە، تێکڕای هەموو تێپەڕینەکەی مێرکوری بە پێش خۆردا لێرەدا لە ماوەی 20 چرکە نیشان دەدرێت... ئێمە لەسەر ڕووی گۆی زەوی تەنیا تێپەڕبوونی هەردوو هەسارەی مێرکوری و ڤینۆس دەبینین بەپێش خۆردا، ئەویش لەبەر ئەوەی تەنیا خولگەی ئەم دوو هەسارەیە دەکەونە نێوان خولگەی گۆی زەوی و خۆر...

هەسارەی مێرکوری بۆ ئەوەندە بچوک دیارە بەبەراورد بە خۆر؟ لەکاتی پەڕینەوەی مێرکوری وەکو خاڵێکی زۆر بچوک دەردەکەوێت لە پێش خۆر، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە تیرەی خۆر 277 ئەوەندەی تیرەی هەسارەی مێرکوریە، لەڕاستیدا بارستایی خۆر پتر لە 98% ی هەموو بارستایی کۆمەڵەی خۆر پێک دێنێت، واتە هەموو هەسارەکان و هەسارۆکەکانی ناو کۆمەڵەی خۆر ئەوەندە بچوکن بەبەراورد بەخۆر هەموویان بەیەکەوە تەنیا نزیکەی 2% ی بارستایی کۆمەڵەی خۆر پێک دەهێنن...

ترامپ لە ڕۆژی پۆلیسی هاتوچۆدا...! نووسینی: بەکر شوانی

میدیای ئەڵمانی میدیایەکی سەنگینە و بەوە ناسراوە تا تەواو دڵنیا نەبێت، هەواڵ و ڕاپۆرت بڵاو ناکاتەوە. گۆڤاری دێر شپیگل کە لای من تاجی سەری میدیای ئەڵمانییە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی خۆی، ڕاپۆرتێکی دەربارەی گوزەرانی سەردانەکەی سەرۆکی تورکیا بۆ ئەمریکا بڵاو کردووەتەوە و بەسەردێری "ڕیسوایی لە کۆشکی سپی" دەنووسێت کە ترامپ کۆنگرێسمانەکان و ئەردۆگانی ڕووبەڕووی یەکدی کردووەتەوە و گفتوگۆیەکی توند هاتووەتە ئاراوە و خۆیشی وەک پۆلیسی هاتوچۆ ناوبژیوانیی کردووە (کۆمێنتی یەکەم).

https://www.spiegel.de/politik/ausland/recep-tayyip-erdogan-zeigt-anti-kurden-video-im-oval-office-a-1296524.html



ئاشکرایە ئەردۆگان لیستێکی درێژی داخوازی لە ئەمریکا و هەموو جیهان هەیە کە دەکرێت لەم چەند دێرەدا پوخت بکرێتەوە: "ئەیییییییییییی ئەمریکا، پێویستە تۆ و هەموو جیهان لە چاوی ئێمەی تورکەوە بۆ کورد بڕوانن!" بەڵام دوای ئەو هەموو ڕەخنەیەی کە لە پای هێرشی سوپای تورک بۆ سەر ڕۆژئاڤا ڕووبەڕووی ترامپ کرایەوە، لەوە دەچێت ناوبراو ئامادە نەبێت چی دی کاغەزی سپی و واژۆکراو بخاتە بەردەستی ئەردۆگان، بۆیە کۆنگرێسمانەکانی هێناوەتە ناو کۆبوونەوەکەوە.

لەملایشەوە میدیاکانی تورکیا بە جۆرێک باسی سەردانی سەرۆکەکەیان بۆ واشینگتۆن دەکەن وەک ئەوەی سەرانسەری ئەمریکای فەتح کردبێت. دوێنێ ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق"ی زمانحاڵی ئاکەپە نووسیبووی هیچ سەرۆک وڵاتێک بە ئەندازەی ئەردۆگان دەستکەوتی لە ئەمریکا نەپچڕیوە. ئەمڕۆش کۆمەڵێک لێدوانی ئەردۆگانی بڵاو کردووەتەوە کە خۆیندنەوەیان لەخۆوە بزە دەخاتە سەر لێوی چاودێر (کۆمێنتی دووەم).

https://www.yenisafak.com/gundem/senatorleri-ikna-etmemi-istedi-3514363?fbclid=IwAR1eZKfB9fzrYKNaOHqqiJvHmLqnVdLlQNS113vuHJ-pOUFzSJK-jEixkgA

وەک ئەوەی کۆنگرێسمانەکان کۆمەڵێک منداڵی چەتوون و لاسار بن و باوکیان داوا لە هاوڕێیەکی خۆی بکات کەمێک ئاموژگارییان بکات، ئەردۆگان دەقاودەق دەڵێت: "ترامپ تەکلیفی لێم کرد قەناعەت بە کۆنگرێسمانەکان بهێنم و سەری ئەویش ئاسوودە بکەم"!

ڕێکەوتنەکەی سوریا-ئەمەریکا

دکتۆر ڕێبوار فەتاح

بە تۆڕە کۆمەڵایەتیکاندا گەڕام، شڕۆڤەی زۆر بۆ ڕێکەوتنەکە دەکرێت؛ هەندێکیان بە جۆرێک نووسراون، کە ئیدی ئەمە کۆتای هەموو شتێکە و هەمووی دۆڕا..

ژیان و کێشە نێودەوڵەتیەکان هێندە سکار نین. ئەوە چەند ڕستەیەکە لەسەر کاغەز. مێژووی هەزاران ڕێکەوتنی لەو جۆرەی خستووەتە زبڵدانەوە.

ڕێکەوتنەکە لەسەر کوردە. کورد سەپاندویەتی بەسەر هەردووڵادا. کورد تەنیا مەبەستم لە ڕۆژئاڤا نییە، بەڵکو هەموومانە. ئێستا لە هەفتاکاندا ناژین، بە ئاسانی پیلانی نێودەوڵەتیمان بەسەردا فەرز بکرێت. هەموومان پێکەوە دژی هێرشی تورکین و قبوڵمان نییە. ئەو هەموو خۆپیشاندان، نوسین، هەواڵ گەیاندن و تد بەشێکن لە فشار لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تورکیا و ئەمەریکاشەوە.

ئێستا ئەمەریکا – سوپاس بۆ ترەمپی گەمژە، خۆی خستە ئاستی تورکیاوە؛ دەبووایە بە جۆرێکی دیکە ڕەفتاری بکردایە. ئێمە و دۆستەکانمان ڕازی نەبووین. ئەمەریکا دەستبەرداری کورد بوو، هەڵبەت بەسەریەوە نەچوو.

ئێمە و دۆستەکانمان ئەمەریکا و ئیدارەی ترەمپ–مان خستانە سەرئەژنۆ. ڕێکەوتنەکە شکستی هەردووڵایە، ئەمەریکا و تورکیا بۆ کپکردنی کورد. ئەمەریکا وای دەزانی زۆر بە ئاسانی دەتوانێ کورد بەجێ بهێڵێ؛ ئێمە و دوستانمان شەرمەزارمان کرد. تورکیا وای دەزانی هەر بە 24 سەعات لەبەرچاوی جیهاندا ڕۆژئاڤا لەنێو دەبات و کوردیش ناهێڵێت. سەری لەبەردی دا و بۆی دەرکەوت لەناوبردنی کورد لە خەیاڵپڵاوی توکی ڕەگەزپەرست، زۆر ئاڵۆزترە.

ئێمە کپ نەبووین و ڕێککەوتنەکەش دەخەینە زبڵدانی مێژووەوە. بەداخەوە ئەو هەموو زانکۆ و دەستگایانەی هەرێمی کوردستان نەیانتوانی هەندێک زانای سیاسی پەروەردە بکەن، کە بتوانن بەرچاوی خەڵک ڕوون بکەنەوە. ئەو گەرەلاوژەیەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیکاندا دەیبینین، ئەنجامی نەبوونی ئاڕاستەیەکی زانستیە، کە بتوانێ دیبەیتەکە فۆکەس بکات. ئێمە لێرەین و زیاد لە هەزار ساڵە دیانەوێت کپمان بکەن. ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک بەهێزترین و کێشەکەمان لەسەرتاسەری جیهاندا لە دیبەتیدایە.

ئیتر ڕۆیی من پیر ببم یان دڵم بمرێ
یا بلوری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ

گۆران

وەرگێڕان لە کوردییەوە

بەشی یەکەم

محەمەد فەریق حەسەن

دونیا گۆڕاوە، ئیستا هەر کتێبی نوێی وەرگێڕدراوەو دەکەوێتە بازارەوە. ئەوەتا وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی و زمانە خۆرئاواییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی، بووە بە کاری ڕۆژانە. دیارە زۆربەی دەقەکانیش ئەدەبین. لە بەرانبەردا، بە دەگمەن دەقی کوردی بۆ سەر ئەو زمانانە وەردەگێڕدرێت. بۆچی دۆخی وەرگێڕان لای ئێمە وەهایە؟ بۆچی وەرگێڕی بیانی لا لە دەقی کوردی ناکاتەوە؟ جا ئەم وتارەی من، بەنیازە مشووری ئەم دۆخە نابەرانبەرە بخوات و قسەی لەسەر بکات. لەم بەستێنەدا دەگونجێ بڵێین: وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە، کوردی لە زمانێکی پەراوێزخراوەوە دەکات بە زمانێکی ناسراوتر. لە ڕێی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆوە، بە گەلانی دوور و نزیک دەڵێین: ئەوەتا ئێمە هەین و خاوەنی ئەدەبێکین، کە شایانی خوێندنەوەیە. خۆ دیارە سەرەتا دەبێ داهێنان هەبێ، ئەوجا ئێمە بۆمان هەیە بیر لەوە بکەینەوە، ئەو داهێنانە، بە گەلانی دونیا بناسێنین. وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە، ژیان و ژیاری ئێمە، خۆزیا و بریای ئێمە، کولتووڕی ئێمە، وەک خۆمان دەخوازین و وێنای دەکەین، دەگەیەنێتە گەلانی دونیا، کە جاران داگیرکەر ئێمەی کرێت و نالەبار پیشانی دونیا دەدا. وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ، لە زمانی کوردییەوە، بۆ ئەوەیە بمانناسن، تێمانبگەن و بە هەڵەدا نەچن.

وەرگێڕان. دەروویەکیشە بۆ هێنانە ئارای دایەلۆگی نێوان گەلان و شارستانەتییەکان. یەک لەباری خودی نووسەریش، ژمارەی خوێنەری پێ هەڵدەکشێ. جاران کە تەنیا خوێنەری بەدەربەستی کورد لەو بەئاگابوون و دەیاننناسی، دوای وەرگێڕان، گەلانی تریش دەیناسن. بەم پێیە، دەقەکان کاریگەریشیان لە جاران پتر دەبێ. خۆ ئەگەر جاران نووسەر، بە زمانی کوردی هەزار کۆپییان لە کتێبەکەی بۆ چاپکردبێ، ئەوا دوای وەرگێڕانی دەقەکەی، تیراژی بەرهەمی ئەو، بۆ دەیان هەزار و هەندێ جاران بۆ پتریش هەڵدەکشێ. وەختێ هەڵمەتی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سەر زمانە زیندووەکان دەست پێ دەکات، ئەوە مانای وایە، لای خۆشمان ئەدەبی کوردی، بەرەوی پتر پەیدا دەکات و دەبووژێتەوە. لێرەش وەک وڵاتانی دونیای ئازاد، ئەدەب بەکاڵا دەبێت. ئێمەیش دووڕەپەڕێز ناوەستین و لە گوتوبێژی نێوان زمان و کولتووڕە جیاوازەکاندا بەشدار دەبین. ئیتر لیرە بەدواوە هەر ڕۆمانێک، هەر کۆچیرۆکێک، دەبێت بە شابەندەرێک بۆ گەلی ئێمە.

ئێمە زوو زوو گوێمان بە دەستەواژەی (دەقی جیهانی) دەزرنگێتەوە. ڕەنگە تۆ، لای خۆتەوە بپرسیت: ئەوە کێیە، کە بڕوانامەی جیهانیبوون بە دەق دەبەخشێت؟ بە چ پێودانگێک ئەو دەقانە بە جیهانی بوونە؟ دەسا من لای خۆمەوە، لەم وەڵامە دروستتر گومان نابەم: ئەوە وەرگێڕەکانن، کە ئەم کارەیان لەدەست دێ. ئەوانن دەقەکان بە جیهانی دەکەن و نووسەرەکانیش بە دونیا دەناسێنن. من دەتوانم بڵێم: دوای وەرگێڕانی دەقە زیندووەکانی ئێمە بۆ زمانانی بیانی، لە جاران پتر هاوڕێ و هاودەنگ، بۆ خۆمان و بۆ پرسەکانمان پەیدا دەبن. ئەوسا ئیتر لە خۆمان و لە کێشەکانمان حاڵی دەبن .هەتا ئێرە، قسەکان ئاسایی و لەبەر دڵان بوون. ئاخر من بەهارم بۆ نووسەری کورد هێنابووە چۆکان! دەبا ئەوجا بپرسین: لەم سەردەمەدا، کە بەرژەوەندیی هاوبەش و قازانجی مادی، بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەک پێوەرن، ئەوە کێیە ئەوەندە میهرەبانە، وا ئاوڕی بە خێر لە ئەدەبی گەلێکی بێ دەوڵەتی وەک کورد دەداتەوە؟ ئاخر ئێمە گەلێکی پەراوێزخراوین. ئەوەتا ئێمە ناتوانین تەنانەت گەنم و جۆی جووتیارانی خۆمان ساغ بکەینەوە! خۆ گەنم خۆراکێکی گرینگە و سەردەمێک گەلانی خوداپێداو بە کۆمەڵێک پێشمەرجەوە بە وڵاتانی هەژاریان دەفرۆشت.... ماوێتی

سەرچاوە: گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٦٩، ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

بەرەنگاری

لە گێژەنی ڕۆژێکی بە وژە وژەی (با)و هاڕەی تانک و کۆپتەر ڕەنگپەڕیودا، لەژێر ئاسمانی هەوراویی بە چەپەدووکەڵ قانگدراودا، لە نێو شپرزەیی ئەو ئاخۆران و بخۆرانەدا، ترس مەیدانی بە شەرم چۆڵ کردبوو. هۆپێکم لە خۆ زانی من لە دونیا دابڕاوم و دەرگەو پەنجەرەکانی ئاسمان و زەمینیشم خڕ لەسەر کڵۆمدراون. لە خەمی سەردەرکردندا، بە لاکەلاک گەیشتمە جۆگەیەکی ئاو لێبڕاو و تەخت لە ناویدا ڕاکشام. من لە نێوان بنجە گیایەکانەوە بە دووربین سەرنجی ئاواییەکەی پێشی خۆم دەدا. تا دوێنێ بوو ئێمە لێرە دەحەساینەوەو نهۆ چۆلەکە کوژی لێ نەماوە. نەمزانی بە ژنوژاڵ و پیرو منداڵەوە چییان بەسەرهات. مێگەلی بیرە بیرە بە یەکدا دەهاتن و دەیانبارڕاند. ماین و جوانو بێ خاوەن دەسووڕانەوە و دەیانحیلاند. سەگگەڵی دێ کلکیان لەنێو گەڵیان نابوو، ڕووەو هەور دەیاقروسکاند. هەراوهوریاو سمڕ سمڕ دەگەیشتە بەربای گوێم و لێی تێنەدەگەیشتم. کاوناکاوێکیش ڕیزێک گوللـە بەسەرما دەڤزین.

لەهیکڕا تانکێکی زەرد، بە هاڕەهاڕ گەیشتە پێش باڵەخانەیەک، هاوکات مریشکێکی ڕەش، پۆلێک جووجەڵە بە دوایەوە، لەو کولانەوە، کە ڕێک کەوتبووە پاڵ دەروازەی باڵەخانەکە، دەرپەڕین. پێدەچوو شوفێری تانکەکە نەیدیبن. مریشکەکە ڕەش باڵەکانی کردبوونەوە، بێباک بەو کێوە ئاسنینەدا هەڵدەشاخا. دەگەڕایەوە، جووجەڵەکانی پاڵدەدان و خۆی بە تەنیا شاڵاوی بۆ تانکەکە دەهێنایەوە، هەڵدەبەزییەوە، لێکدا لێکدا بەر دەنووکی دەدا. هەتا تانکی تاین لە سنووری باڵەخانەکە ڕەتنەبوو، مریشکەڕەش لێینەبووەوە. منیش کە لەناو جۆگەکەدا تفەنگەکەم لەنێو لینگم نابوو. لە هەناسەیەکدا ئاوێنە بازنەییەکەی باخەڵم دەرهێنا، کە ڕووی وەک ئەو ڕۆژە تەڵخ بوو. تفێکم لە ڕوخساری بزرکاوی خۆم کردو تا دەستم گرتی ئاوێنەکەم تووڕەهەڵدا.

٢٠١١/٥/١٣

.....

سەرچاوە: سەد ڕازو ڕازێک، محەمەد فەریق حەسەن، ٢٠١٤ لاپەڕە (٦٧)

چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد لە تاراوگەدا

هەواڵێکی خۆش.. .

بەهرۆز بوچانی ئازادە و ئێستا لەنیوزلەندایە....

دکتۆر ئارام ڕەفعەت

زۆربەی میدیاکانی ئوسترالیا ئازادبوونی بەهرۆز بوچانیان وەک سەردێڕی هەواڵ و هەواڵی بەپەلە بڵاوەکەنەوە. بوچانی وەک پەنابەر ڕووی لە ئوسترالیا کردبوو، بەڵام بۆ چەندین ساڵە لەگەڵ سەدان پەنابەری تر لە دورگەیەک دەسبەسەر کراوە، ئەو لەدەست بەسەریدا کتێبی "جگە لە چیاکان کەس دۆستمان نییە" نووسی و لەڕێی ئیستینگرامەوە ڕۆژانە چەند پەرەگرافێکی ڕۆمانەکەی بە نهێنی بۆ هاوڕێیەکی دەنارد. کتێبەکەی ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و بەرزترین خەڵاتی ئوسترالی بۆ ئەدەب پێ بەخشرا. کتێبەکەی ئەم گەنجە ئیلامییە گێڕانەوەی چیرۆگی ڕێگای مەرگە لەنێوان ئەندەنوسیا و ئوسترالیا و پاشانیش وێناکردنی ئەو جەهەننەمەی ژیانی دەسبەسەرییەی لە دورگەیەکی پاپوا نیو گینیا.

لە ڕۆمانەکەیدا هەمیشە لەنێوان مەرگ و دۆزەخدا ئەو بەهەشتێکی دێتە بەرچاو، ئەو بەهەشتەی کە ئومێدی دەداتێ تا بەزیندوویی بمێنێتەوە و تەسلیمی مەرگ نەبێت، ئەو بەهەشتەی کە ئومێدێکی پێ دەبەخشێت تا لەگەڵ دۆزەخ ڕابێت. ئەو بەهەشتەش کوردستانە. بەهرۆز لە شەپۆلە مەرگهێنەکانی دەریا وێنەی چیاکانی کوردستان دەکێشێت و بەرەو لوتکەی ژیان هەنگاو دەنێت... ئەو لە گرمەگرمی هەورە تورەکانی ئاسمان لایلایەی دایکێکی کورد دەبیستێت کە ڕۆڵەکەی دەلاوێنێتەوە... بەهرۆز لە خۆرە بێ بەزەیی و ڕۆح هەڵقرچێنەکەی مانوس تیشکی زێڕینی خۆری دەمکەلی شاخەکانی کوردستان دەکاتە شاباڵی خایاڵەکانی... بەهرۆز تەنانەت لەو جەهەننەمەی کە تێیدا عومری جەوانی دەهارێت، کوردستانێک دروست دەکات و ناوی دەنێت کوردستانە بچکۆلەکە و ئالای کوردستانی لەسەر هەڵدەکات.

بەهرۆز و کورد بوون دوو هاوتای یەکترین..

ئەو تاکە پەناهەندەیە کە بەقەد هەموو ئەو پەناهەندانەی کەڕوویان لەم مەملەکەتە کردووە قسەوباسی لەسەر کرابێت. لەهەر شوێنێکیش ناوی بەهرۆز هاتبێت ناوی کوردیشی لەگەڵ هاتووە. هاوشێوەی ژەنەڕاڵ کۆبانێ، بەهرۆزیش ژەنەڕاڵێکی تری کوردانە، ژەنەڕاڵی ئەدەب. هەردوو ژەنەڕاڵەکەش هەمان ئەستێرەیان لەسەر شانە، ئەستێرەی نەبەزین و خۆشەویستی کوردستان.

ئازادی بەهرۆز بوچانی لە بەهرۆز و گەلی کورد و سەرجەم ئازادیخوازان پیرۆز بێت.

خەڵاتی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی پروگرێسیف ئاڵاینس (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) درایە بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش

دکتۆر میلان

لە ڕۆژانی هەینی و شەممەی ڕێکەوتی ١٥ و ١٦ی نۆفێمبەر، کۆنگرەی (Progressive Alliance) لە وڵاتی سوید بەڕێوەدەچێت و لە کۆنگرەکە، خەڵاتی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی پروگرێسیڤ ئاڵاینس (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) درایە بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش. ئەم خەڵاتە لە لایەن وەزیری بەرگری سویدەوە پێشکەش بە خێزانی دەمیرتاش کرا. پێترۆ هۆڵتکویست وەزیری بەرگری سوئێد دەڵێت: دەمیرتاش بۆ ئازادی و مافی گەلی کورد خەبات دەکات هەر بەو هۆکارەش ئێستا لە زیندانی تورکیایە. هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز چەترێکی سەردەمی کارای نێودەوڵەتییە بۆ پارت و ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکان لەسەر ئاستی جیهاندا.

ڕۆمانی بێگوناە- نووسینی بورهان سونمیز



ناوڕۆکی ڕۆمانەکە باسی پەناهەندەیەکی کورد لەگەڵ کچێکی فارسی گەنجدا دەکات، کە ناوی فەیروزەیە، ڕێگاکانیان یەکتر دەبڕێت و لە کامبرج لە یەک دەدات، کچە بەدوای ئاسوودەیدا وێڵە و دەیەوێت لە ئەزموونی خۆشەیستییە بێهودەکەی دەرچێت، هەمیشە دەفتەرێکی شیعری بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ژیان ببێتەوە، کوڕە کوردەکەش کێشەی خەوزڕانی هەیە بەدوای (چارەسەردا) دەگەڕێت. کوڕە چیرۆکی وڵاتی باوکی بۆ دەگێڕێتەوە، دەربارەی فۆتۆگرافێکی گەڕیدە، کە بەدوای ژنخوشکەکەی وێڵە لە شوێنە چۆڵەکاندا بۆدەگەڕێت و ژنە گەنجەکەش بەدوای خۆشەویستە ونبووکەیدا دەگەڕێت. هەردووکیان لە شەڕدان لەگەڵ ڕابردوویای خۆیاندا، بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم شەڕە، ئەمیان هەمیشە لەدەفتەرەکەی شیعری بۆ ئەو دەخوێنێتەوە، کوڕەش چیرۆکی وڵاتی باوکی بۆ دەگێڕێتەوە و لەو کاتەی بەدوای ژن خوشکەکەیدا دەگەڕێت لە شوێنە چۆڵەکاندا، ژنەش چاوەڕێی گەڕانەوەی دەزگیرانەکە و نەنکێتی، ئەو نەنکەی هەموو کەسەکانی دەوروبەری وردە وردە لە دەست داوە. لەم گەڕان و گەشتەیاندا هەردووکیان ژیانی خۆیان لە یەکترا دەدۆزنەوە.

دەربارەی نووسەر: بورهان سونمیز لە وڵاتی تورکیا ساڵی 1965 لە دایک بووە، بە زمانی تورکی و کوردیی قسەدەکات، لە ئەستەمبوڵ کاری پارێزەری کردووە، بەهۆی کاری سیاسیەوە چۆتە ئینگلتەرا، دە ساڵ لە تاراوگە لە غوربەتدا ژیاوە، ئێستە لە نێوان کامبریدج و ئەستەنبولدا دەژی. گوتارەکانی لە ڕۆژنامە جیهانیەکانی وەک وەک: The Guardian و Die Zeit و Der Spiegel و La Republicca بڵاودەکاتەوە. ڕۆمانەکانی کۆمەڵێک خەڵاتی بردۆتەوە، پێشتر کتێبی (ئەستەنبوڵ، ئەستەنبوڵ) لە دەزگای بڵاوکردنەوەی ئۆرلاندۆ بڵاوکردبۆوە. بورهان سونمیز ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری دەزگای قەڵەمی نێودەوڵەتییە.

شەپۆلێکی جیهانیی تازە لە ناڕەزایی دەربڕین: لە ئەمریکای لاتینەوە بۆ عێراق- نووسینی دکتۆر مسەریوان وریا قانع

لە دوای ناڕەزاییدەربڕینە گەورەکانی "بەهاری عەرەبیی" و "بزوتنەوەی ئۆکیوپای" ەوە لە ساڵی ٢٠١١ دا، ئەم ساڵ، ساڵی ٢٠١٩ ، ئەو ساڵەیە، کە زۆرترین ناڕەزاییدەربڕینی بە خۆیەوە دیوە. هەندێک کەس باس لە "شەپۆلی دووهەمی" بەهاری عەرەبی و بەهاری میلەتان دەکەن. لەم ساڵەدا دەیان ملیۆن مرۆڤ لە چوار کیشوەری جیاوازدا چونەتە سەر شەقامەکان. ملیۆنان مرۆڤ لە ئەمریکای لاتین و لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپادا داوای گۆڕانکاریی گەورە و هەمەلایەن لە ژیانی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییدا دەکەن و خەون بە ژیانێکی ئینسانییەوە دەبینن، کە ڕێز لە کەرامەتی ئەوان وەک مرۆڤ بگرێت. لەم چەند هەفتەیەی دواییدا ملیۆنان مرۆڤ لە بەرشلۆنە و هۆنگ کۆنگ و لوبنان و عێراق و ئەندەنوسیا و بۆلیڤیا و هایتی و لە سەرەتای ئەم ساڵیشدا لە زۆرشوێنی تری وەک میسر و سودان و جەزائیر و زیمبابوێ و ڕوسیا و فەرەنسا و بریتانیا و سێربیا و بەرازیل و ڤەنزوێلا و ئەکوادۆر، ڕژانە سەر شەقامەکان و بەگژ ئەو ژینگە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا چوونەوە کە لە ئێستادا باڵادەستکراوە. ئەم ناڕەزاییدەربڕین و ئەم پەنابردنە بۆ شەقام لەم دەیەی دواییدا بەڕادەیەک گەورە و هەمەلایەن بووە، دەکرێت بڵێین ئەم دەیەی گۆڕیوە بۆ دەیەی گواستنەوەی سیاسەت لە دەزگا ڕەسمییەکانی سیاسەتکردنەوە بۆ ناو شەقام و گۆڕەپان و ڕووبەرە گشتییەکان، دەیەی تەحەداکردنی دەزگا سیاسییە ڕەسمییەکان و گۆڕینی شەقام و گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکان بۆ ڕووبەری سیاسیی تازە و ڕادیکاڵ. ژمارەی ئەوانەی لەسەر شەقامەکانن کەم وێنەیە. لە لوبنان یەک لەسەر چواری دانیشتوانی وڵاتەکە لەسەر شەقامن..لە بەرشلۆنە نزیکەی یەک ملیۆن و لە جەزائیر و سودان و جاکارتاش بەهەمان شێوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم ناڕەزاییەتییە جیهانییە درستبوونی ئەو فشارە مادیی و ماڵییە گەورەیەیە کە لەسەر بەشێکی گەورەی دانیشتوانی ئەو دروستبووە. ژمارەیەکی گەورەی خەڵک توانای دابینکردنی ئەو لانیکەمی ژیانەیان نەماوە کە مرۆڤ بەهۆیەوە هەست بە بوونی ماف و کەرامەتی خۆی بکات. هۆکارێکی دیکە بریتییە لە مەسەلەی گەورەبوون و فراوانبوونی نایەکسانییە کۆمەڵایەتیی و مادییەکان لە نێو یەک کۆمەڵگادا، کەسانێک دروستبوون خاوەنی ملیارەها دۆلارن و کەسانێکی دیکەش هەن داهاتی ڕۆژانەیان دۆلارێک یان چەند دۆلارێکە. وڵاتانی وەکو عێراق و شیلی و لوبنان لەو وڵاتانەن کە ئەم جیاوازییە لە داهاتدا زۆر بە ئاشکرا و بە بەرفراوانی هەستیپێدەکرێت.



لە لوبناندا پاڵنەرە سەرەتاییەکە بۆ چوونە سەر شەقام سادەبوو، حکومەت باجێکی تازەی داهێنا، باج لەسەر واتسئەپ، WhatsApp، و خەڵک دەبوایە ئەم باجە تازەیە بە دەوڵەت بدەن. لە شیلی بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخی بلیتی میترۆوە ڕووبدا و ملیۆنێک مرۆڤ چوونە سەر شەقامەکان، گەندەڵیی و دزیی و بەفێڕۆدانی داهاتی دەوڵەت سەرچاوەیەکی سەرەکیی تری دەربڕینیی ناڕەزاییەتییەکانە. بڕ و ڕادەی گەندەڵیی لە هەندێک وڵاتدا کەم وێنەیە، لەوانەش بۆ نموونە عێراق، ئەم گەندەڵییە وادەکات کەمینەیەک لە وڵاتەکەدا بەشێوەیەکی ئەفسانەیی دەوڵەمەند بین و زۆرینەش لە دۆزی هەژاریدا بژین، یان لەهەندێک دۆخدا لە ژێر هێڵی هەژاریشەوە بژین. دیسانەوە عێراق نموونەیەکی زیندووی ئەم دۆخەیە. بەڵام لەناو ئەم دۆخە گشتییەدا هەندێک جیاوازیی گرنگ هەیە کە نابێت لەبەرچاو نەگیرێت و هەموویان لەژێر پەنابردن بۆ چەمکێک یان دەستەواژەیەکدا نیشتەجێبکرێن. ئەوەی میسریەک یان سودانیەک یان لوبنانیی و عێراقیەک دەباتە سەر شەقام هەمان ئەو هۆکارە نییە کە پاریسیەک و هۆنگ کۆنگیەک و جاکارتیەک دەجوڵێنێت. یەکەمیان هەژاریی و بێکاریی و نەداریی بە مانا ڕەهاکەی دەیجوڵێنێت، نەبوونی لانی هەرەکەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و گیرخوردن بەدەست دابینکردنی پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکانی ژیانەوە دەیجوڵێنێت، لەکاتێکدا دووهەمیان ئەو فۆرمە لە هەژاریی ناناسێت و ئەوەی دەیجوڵێنێت هەوڵدانە بۆ بەرگریکردن لە ژیانێک لەودیوی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانەوە بێت. ئەوەی کەسێک لە پاریسدا دەجوڵێنێت هەستکردنە بە بێتوانایی لەوەدا ئەو ژیانەی دەیەوێت هەیبێت و چاوڕێیی دەکات نەتوانێت دابینیبکات.. ئەگەر لە یەکەمیاندا بێئیشیی و هەژاریی و نەداریەکی گەورە و بنەڕەتیی هۆکاری سەرەکیی تووڕەبوونە کۆمەڵایەتییەکان بێت، لە دووهەمیاندا فەشەل لەوەدا مرۆڤ خۆی ژیانی خۆی دابڕێژێت و بەو شێوەیە بژیی کە چاوەڕوانە و دەخوازێت بژیی، هۆکارەکەیەتیی. ئەگەر لە پاریسدا دەرەنجامە وێرانکەرەکانی نیولیبرالیزم خەڵک ببات سەر شەقامەکان، لە عێراقدا ئەوەی خەڵک دەجوڵێنێت دزیی و جەردەیی و گەندەڵییەکی هەمەلایەن و کەم وێنە و گۆڕانی ئابووریی دەوڵەت و ئابووریی وڵاتەکەیە بۆ دەغیلەیەکی شەخسیی ئەوانەی حوکمڕانن. تا ئێستا ئەم پانەبردنە بۆ ناڕەزاییدەربڕین و ئەم "سیاسەتی شەقام"ە لە هەندێک شوێندا سەرکەوتنێکی سیاسیی بەرچاوی بەدەستهێناوە. لە جەزائیردا هەم سەرۆکی وڵاتەکە، بۆتفلیقە و هەم سەرۆکەکەی دوای ئەویشی ناچار بە وازهێنان کرد. لە سوداندا کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی سەربازیی عومەر بەشیر هێنا. لە هەندێک وڵاتی تردا ئەو بڕیارانەی دراوبوون، هەڵوەشێندرانەوە، بەڵام لەهەندێک شوێنی تردا، تا ئەم ساتە، ئەم شەپۆلە تازەیە لە ناڕەزاییدەربڕین ئەنجامێکی بەرچاوی نەبووە. ڕاستییە سادەکەی ئەم ساتەوەختە مێژوویییە ئەوەیە کە چیتر ناکرێت دریژە بەو بێدادیی و دزیی و جەردەیی و گەندەڵییە بدرێت کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، گۆڕانی هەمەلایەن و قوواڵ پێویستە، پرنسیپە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانەش دابینکردنی دادپەروەریی و ڕێز و ئازادیی و کەرامەتە بۆ مرۆڤ.

ئەمجارە هونەرمەندێکی ڕوسی
ئیفانــە شیشکین

ئیفانە شیشکین هونەرمەندێکی شێوەکاری ڕوسییە، لەساڵی 1832 لەدایک بووەو ساڵی 1898 کۆچی دوایی کردووە، ساڵی ١٨٨٩ تابلۆی دوانیوەڕۆیەکی دەوروپشتی مۆســـکۆی بە ڕووبەری ٨٤،٤ ــ ٢،١١١ سم دروست کردوە، ئەگەر سەرنج لەم تابلۆیە بدەین، دەکرێت بەسێ بەشەوە، کە دووبەشی سەرەکی ئاسمانی پێکهێنانەوە، بەشەکەی تری زەوی بەهەموو فۆرمەکانیەوە٠ ئیفانە شیشکین ئەم بابەتەی زۆر ژیرانە هەڵبژاردووە. لەم تابلۆیەدا هونەرمەند یەکێک لەوەرزەکانی وڵاتی ڕوسیای نیشانداوە، کە ئەو وەرزەش هاوینە. شیشکین لەبەشی خوارەوەی تابلۆکەیدا بەڕێگایەکی پانوبەرین بەردەوامی داوە بە ڕێگاکە، دوریەکی هێچگار جوانی لە تابلۆکەدا دەرخستووە. هونەرمەند هاتووە ئەوڕ ێگاقوڕاویەی، زۆر هونەریانە دروست کردووە، زۆر بێوێنە کاری تێداکردووە، کەلێی وردەبیتەوە، هەست بەشوێن پێکان و شوێن تایەی عەرەبانەکە دەکەیت، لەم لاو ئەولای ڕێگاکە شیشکین دووپەڵە گەنمی دروستکردوە پەڵگەنمەکان لەیەکتری جیاکردۆتەوە و زۆر بەسەلیقەی وردی لەگەنمەکەدا کاری کردوە، هەروەها لەتابلۆکەدا چەند فیگەرێک دەبینرێن بەرەوڕوت دێن کەلێیان وردەبیتەوە هەست دەکەیت، کە لەکێسا گەڕاونەتەوە٠ هونەرمەند شیشکین هێند بەسەلیقە و لەسەرخۆ کاری کردوە کە تۆزێک زیاتر لە تابلۆکە نزیک دەبیتەوە، دەڵێی هەست بەبۆنی سروشتەکەی ڕووسیا دەکەیت، یان دەتوانم بڵێم کە لە نزیکەوە سەیری تابلۆکە دەکەیت، هەست بەورشەی پەڵە گەنمەکان دەکەیت و گەرمی هەتاوەکەش زیاتر ئارامیت پێ دەبەخشێت هونەرمەند شیشکین زۆر ڕاستگۆ بووە بۆ کارەکانی.

ڕزگار ئەمین



تــــاراوگــــه

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

23 November . 2019 Nummer. [80]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– پارتی ســـەوزی ئەڵمـــــانی داوادەکات تورکیا سزا بدرێت، ئەمڕۆ لە لاهای بۆ پشتگیری کورد ڕۆژهەڵات خۆپیشاندان دەکرێت ل 2 – ئایا ستراتیژ چییە.؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین بیخوێنین..؟. بەشی دووەم فەریق ڕۆکنیخانەنشین.. محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی ل 3

– پرۆفیسۆر کەمال خۆشناو، دڵسۆز و بوێر و خۆڕاگر– پ.د.زاهیر لەتیف کەریم ل4 و ل 5 ،
– "بێ دەوڵەتی" بۆ گەلی کورد مانای چی..؟ نووسینی: عەبدوڵڵا چوارتایی ل 6.....
– گۆشەی 32 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بوارەکانی ئەمنی– دەوە ل7 . ..

– لە بیروبۆچوونەکانی مامۆستای زانکۆ ئەمستردام دکتۆر مەریوان وریا قانع جارێکی دیکەش ل 8
– بەشی پێنجەم زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان– وەرگێڕانی لە ئەڵمانی یەوە: نوری کەریم، ل9

– لاپەڕەی گۆران مەریوانی، ژەنەرالی پایز، چەمکی تەنیایی& گۆشەنشینی بەشی سێیەم. ل 10 .
– چارەنووسی باشووری کوردستان بەرەو کوێ دەچێت!؟ بەختیاری شەمەیی ل. 11 ، سێ نووسین لە ل 12دا– کورد پێویستە بەجدی بەشداری گۆڕانکاری لە ئێراندا بکات.دکتۆر ڕێبوار فەتاح و دوونووسینی دڵشاد حسێن، دەربارەی مارکیز و نیتچ
– کێ ساڵە شێتی کوشت؟ ڕۆمانێک بۆ پرکردنەوە و ژیانەوەی گێڕانەوەی کوردی– نووسینی: فاروق هۆمەر–کەنەدا ل 13
– چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد لە تاراوگــــە ل 14.– شەپۆلێکی جیهانی تازە– نووسینی: دکتۆر مەریوان قانع. ل 15.
– ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد شوان کەمال و چەند تابلۆیەکی.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

23 November 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 80
80 ی 23 ی نۆڤێمبەری 2019

پارتی سەوزی ئەڵمانی داوادەکات تورکیا سزا بدرێت ئەمڕۆ لە لاهای بۆ پشتگیری کورد لە ڕۆژهەڵات خۆپیشاندان دەکرێت

پارتی سەوزی ئەڵمانی داوادەکات تورکیا سزا بدرێت

پارتی سەوزی ئەڵمانیا لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی خۆیدا، کە یەکشەممەی پێشوو بەسترا، داوای لە حکومەت کردووە، هەوڵ بدات ڕێگە لە تورکیا بگرێت بۆ پەلاماردانی ڕۆژئاوای کوردستان، داواشی کردووە ئەڵمانیا سزای ئابووری بەسەر تورکیادا بسەپێنێت. هەروەها فڕۆشتنی چەک بە تورکیا ڕابگرێت و باج لەسەر ئەو کەلوپەلانەی هەناردەی تورکیای دەکات زیاد بکات.

دۆستێکی کورد کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی ١٨ی نۆڤێمبەر، ڕۆژنامەنووسی دیاری ئەڵمان و دۆستی نزیک و خەمخۆری کورد و دۆزەکەی، "یۆرگن هۆپە" لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا لە شاری دۆرتمۆند کۆچی دوایی کرد، ئەو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارە ئەڵمانییە چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووە و نوسین و چالاکی و کۆڕی سیاسی لەسەر کورد پێشکەش کردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ تا ٢٠٠٣ بەرپرسی ڕادیۆی WDR بووە، ئەو ڕادیۆیە لەو ماوەیەدا لەپاڵ زمانی ئەڵمانیدا بە ٨ زمانی تر پەخشی کردوە یەکێک لەوانە زمانی کوردی بووە، کە بۆماوەی یەک سەعات پەخشکراوە و تائێستاش بەردەوامە.

ئەمڕۆ لە لاهای بۆ پیشتوانی لە ڕۆژهەڵات و ڕیسواکردنی ڕژێمی نێران خۆپیشاندان دەکرێت

بۆ ئاگاداری کوردانی نیشتەجێی هۆڵەندا و دۆستانی ئازادی، بۆ ئەوەی پیشتوانی لە خوشک و براکانمان بکەین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2019/11/23 کاتژمێر 14:00تا 16:00 لە نزیک سەفارەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری دەنهاخ گردبوونەوەیەکی ئاشتیانە سازدەکریت بۆ ڕیسواکردنی ڕژێمی پەت و سێدارە، دەرحەق بەو کارو ڕەفتارانەی لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و کوشتنی هاوڵاتییانی سفیل لە ڕۆژهەڵاتی وڵات. ئامادەبوونی کۆچبەرانی کورد پشتیوانییە لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و کوردانی ڕۆژهەڵات.

شوێن و کات:

Duinweg 20, 2585 JX DenHaag
Zaterdag– 23/11/2019 van 14:00 tot 16:00

ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟

نووسینی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی دووەم

لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە تاکو ئەمڕۆ، بە بەردەوامی بەشێکی زۆری ئەم بابەتەی ناو ئەم گوتارە، لە وڵاتەیەکگرتووەکان گفتوگۆیەکی گشتی لەسەر دەکرێت، تەنانەت لە شێوەی گوتنەوەی وانەی ستراتیژ لە پەیڕەوی خوێندنی سەربازی پیشەییدا (PME) (Professional Military Education) پراکتیزەی دەکەن. سەرەتا باس لەو گفتوگۆیانە بوو، لەبابەت ئەو کەموکوڕیانەوە، کە لە ستراتیژیەکانی هەردوو جەنگی ئێراق و ئەفغانستاندا جێبەجێکران، یان بەو شێوەیەی کە هەندێک لە ڕەخنەگران باسیان لێوەکرد دەربارەی سەرنەکەوتن لە بواری ستراتیژ و لە فەرمانداری ستراتیژیدا. ئەم قسەوباسانە وایانکرد هەندێ لە نوێنەرانی پەرلەمان سەرنجیان بچێتە سەر بەرنامە و پەیڕەوی خوێندن، چۆنکە لە پەیڕەوی خوێندنی سەربازی پیشەییدا (PME) لەو بنکانەدا دەبێت فەرماندە سەربازییەکان فێری پیشەیی داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژ بن. ئەو پرسیارەی، کە دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئایا لێرەدا شتیکی هەڵە هەیە لە پەیڕەوی خوێندنی سەربازی پیشەییدا؟[1]

ئاخو پەیڕەوی خوێندن لە دەزگا سەربازییە ناوەندیەکان و باڵاکان لەوڵاتی ئێمە وڵاتە عەرەبیەکاندا چۆن بێت؟ [1]

– یەکێک لە گوتارەکان بەشێوەیەکی ڕوون، جەخت لەسەر پەیوەندی پێناسەی وشەی "ستراتیژ" دەکات، (پێناسەی ئێمە بۆ وشەی ستراتیژ) و پرسیار لەبابەت (ئایا ستراتیژ چیە؟) نەخشەی کاری ئێمە لە دواییدا بۆ داڕشتنی بەرنامەی خوێندنی چەمک و کارامەیەکان بە گوێرەی ئەو نمونەیەی، کە گونجاوە لەگەڵ شێوازی پێناسەکەماندا بۆ ستراتیژ. لێرەدا مەبەستی هەموو گوتارەکە خۆی لەمەدا دەبینێتەوە کە: (ئایا دەتوانرێت وانە بدرێت، نەک بە مەبەستی تێگەیشتن لە ستراتیژ...بەڵکو بۆ توانای ئامادەکردنی ستراتیژ"، بەمانای داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژ بەشێوەیەکی گونجاو و باشتر؟ ئەگەر وایە، چۆن؟)

– وەڵامی ئەم پرسیارە لەتێڕوانینی منەوە کارێکی زۆرگرانە شایەنی جێبەجێکردن نەبێت نییە، بەڵکو ئاساییە کە بکرێت، بەشێوەیەکی گونجاو: هەمیشە کات هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە. هەروەک زۆر لە تۆژەرەکان پێیانوایە و گوتوویانە: کە ئێستە کاتی ئەوە هاتووە وەک کۆمەڵگا هەوڵبدەین بۆ بەرزکردنەوەی زانیارییەکانمان بەشێوەیەکی گونجاو لەبابەت ئەو وانانەی کە لە کۆلێج و پەیمانگاکانی فێرکردن و پەروەردەکردنی سەربازی لە وڵاتەکەماندا دەگوترێتەوە، یان ناگوترێتەوە، چۆنیش دەگوترێتەوە لەکۆلێج و پەیمانگا مەدەنیەکانی وەزارەتی پەروەردەی باڵا لای ئێمە؟ تۆزیک گومان لە بابەتەکە هەیە..! حەز دەکەم بۆ زیاتر هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان. دوو هۆکار هەن کە لەو بابەتە دەدوێن، لێرەدا ئاماژەیان پێ بدەم. پێویستمان بەبوونی ستراتیژیەکی ڕاست هەیە یەکەم، هاوڵاتی بە یاریزانێکی سەرەکی دەژمێردرێت لە پروسەی دیموکراسیدا، کە داڕشتن و جێبەجێکەردنیی ستراتیژی تێدا دەکرێت.

دووهەم، (ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دەبن بە فەرماندەی سیاسیی لە ئایندەدا)، بەمانای فەرماندە مەدەنییەکان، ئەوان کاری بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی سەرەکی داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژ دەگرنە ئەستۆ، لەبەر ئەوە نابێت مەبەست هەر کارامەیی و لێهاتوویی بێت، لەبواری ستراتیژی سەربازی و زانیاریی ئەفسەراندا و جێ سەرنج بن، بەڵکو پێویستە هەمیشە ئاگاداریی زۆریش بدرێت بە کادرە مەدەنییەکان لەبواری ستراتیژدا کاردەکەن.

ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان هەیە، بەشێوەی گوتنەوەی وانەی ستراتیژەوە..؟

– بۆچی پێویستە لەسەرمان بیخوینین ؟ بۆچی پێویستە لەسەرمان خەڵک فێربکەین؟ چۆن پێویستە شێوەی فێرکردنیان بزانین؟

– ئەمانەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەزگا سەربازیکانماندا، لەسەر بەرنامەو پەیڕەوی خوێندن زۆر دەکەوێت، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی پێویستمان بەپراکتیزەکردنێکی زۆر هەیە لەناو بەشێکی گەورەی کومەڵگاکەماندا. ئەو کاتە دەتوانین نەک هەر چاوەڕێی بین، کە چۆن کارامەیی ستراتیژی بەدەست دەهێنین، نەک هەر لەم بارودۆخەی ئێستادا، بەڵکو بە بەردەوامی و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەدەی ٢١دا. من خوازیارم کە هەوڵەکانم لە نووسینی ئەم گوتارەدا شێوەیەک بێت لە هاندانی خوێندەوارەکانمان بۆ ئاڕەزووی گفتوگۆکردن و ئاخافتن "الحوار" لەسەر ئاستی کومەڵگا و ناوچەیەکی پان و بەرینداً.

1. هاري جي. سوميرس، الابن، *حول الاستراتيجية: حرب الفيتنام في السياق*، كارليسلي، مجلة: معهد الدراسات الاستراتيجية، كلية حرب الولايات المتحدة الامريكية، 1981، ص 1–

ماوێتی

پرۆفیسۆر کەمال خۆشناو، دڵسۆز و بوێر و خۆڕاگر- پ.د.زاهیر لەتیف کەریم



گەرچی پێشتر وەک مامۆستا و دامەزرێنەری زانکۆی سلێمانی ساڵی 1968 و تێکۆشەرێک، ناو و ناوبانگی کەمال خۆشناوم بیستبوو، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە، کاتێک لە هەولێر و زانکۆی سەلاحەددین مامۆستا بووم، بۆ یەکەمجار و لەنزیکەوە برادەرایەتی و ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم بەڕێزەدا دروست کرد. ماڵەکەی کە لەگوندی زانکۆ بوو، ببوو بە جێگەی دایەلۆگ و ئارگیومێنتە زانستی و فیکری و سیاسییەکان. وەک کەسێکی سروشتی لە خزمەت میوانەکانیدا بوو، تەنانەت گەلێک جار خۆی بەکاری خزمەتکردن و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرد. ڕۆژێک پێم گوت"مامۆستا گیان تۆ، بەهەموو پێوەرێکی تەمەنی و زانستی و سیاسی و فیکرییەوە، پێویستە دابنیشت و ئێمە خزمەتی خۆمان بکەین". لە وەڵامدا گوتی: "گەرچی من لە دایکبووی ئاغا و بەگەکان بووم، بەڵام ئەمڕۆ ئەو زەمەنی خۆزبەلزانین و بە گەورە زانینە بەسەر چووە و ژیانی پێشمەرگایەتی، وەک کێڵگەیەکی ڕاهێنان، فێری زۆر شتی کروووم، لەوانە ڕێزگرتن لە چینی هەژار، مامناوەند، نووسەر، شاعیر و ڕۆشنبیرانە". کاتێکیش وەک مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین و دوای دابڕانێکی زۆری زانستی و ئەکادیمی، بۆ جارێکی تر دامەزرایەوە، ژووڕە بچووکەکەی کە بۆی تەرخان کرابوو، ببوو بە ژووری کۆبونەوەکان. پۆلێک لە مامۆستایان ڕۆژانە یان هەفتەی دوو، تا سێ ڕۆژ لەو ژووڕەدا یەکمان دەگرتەوە، بەنمونەی بەندە و مامۆستایان حەمە نوری عارف و کاوس عەزیز و دارا جاف و ئەحمەد حەمە ئەمین و دڵشاد عەبدولڕەحمان و ڕۆستەم عیززەت...هتد. لەو سەردان و کۆبوونەوانەدا هەر زوو بۆم دەرکەوت، کە مامۆستا خۆشناو خاوەن کەسێتییەکی تایبەتی خۆیەتی و گەر ئاستی بەرامبەرەکان لە ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزدا نەبوایە ئەوا بەئاسانی لە ستراتیژیەت و بۆچوونەکانی نەدەگەیشتن. خاک و نیشتمان و زانست نزیکترین هاوڕێی بوون، بەڵکو حەزەکانی لەم خاڵانەدا کۆکردبۆوە.



هەمیشە لەخولیای ئەوەدا بوو، کە چۆن بتوانێت سەرکەوتن بۆ حەزەکانی بەدەست بهێنێت. بەچاکیش دەیزانی ئەو حەزانە بەخودی تاکی خۆی بەدەست نایەت. هەر لەبەر ئەمەش بوو، کە حەزی بەهاوڕێیەتی ئێمە بوو، بەڵکو زۆریش نزیک دەبوەوە لە نموونەکانی وەک ئێمە. لەهەموو حاڵەتەکانیشدا دڵسۆزی بۆ حەزەکانی بەدەردەکەوتن، وەک ئەوەی بەشێک بێت لەو حەزانە. جەنگی براکوژی زۆر کاری تێکرد و هیچ کات حەزی بەو جۆرە جەنگانە نەدەکرد، چونکە دەیگوت: "گوتاری کوردی بە جەنگی براکوژی بەرهەم نایەت و دروست نابێت". جەنگەکە زۆر شتی گۆڕی بەتایبەتی لە ئاستێکی ئایدیالزمییەوە بۆ ئاستێکی ڕووخاوی تێکدەر. شیرازەی زانست و ئەکادیمیا بەرەو هەرەس دەڕۆشت و ململانێی لایەنگرانی هەر دوو حیزبی دەسەلاتی نێو جەنگەکە هۆکار و فاکتەری سەرەکی ئەم تێکشاندنە بوو. ئەمە مۆتیڤێکی وزەبەخش بوو بۆ مامۆستا خۆشناو، تا بیربکاتەوە لەچارەسەرێکی گونجاو. لەماڵەکەی خۆی و بەئامادەبوونی چەند برادەرێکی ئەکادیمی بیر لەوە کرایەوە، کەکۆمەڵەیەکی ئەکادیمیای کوردستانی دامەزرێنین.

بیرۆکەکە دەگەڕایەوە بۆ مامۆستا خۆشناو، بەڵام داوای لەبەندە کرد، کەسەردانی جەنابی کاک کۆسرەت بکات، کەئەو کات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بوو، تا ڕەزامەندی فەرمی لەسەر بدات. لەسەردانەکەدا جەنابی کاک کۆسرەت بەخۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەکە دا.

سەرەتا مامۆستا خۆشناو و ئێمەش داوامان لەپرۆفیسۆر مارف خەزنەدار کرد، کە ئەرکی سەرۆکی کۆمەڵەکە بگرێتە ئەستۆ تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

بڕوانە لاپەڕە 5

پاشماوەی پرۆفیسۆر کەمال خۆشناو، دڵسۆز و بوێر و خۆڕاگر- پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

بەڵام مامۆستا خەزنەدار قایل نەبوو، لەئەنجامدا کارەکەمان ڕووبەڕووی مامۆستا خۆشناو خۆی کردەوە. ئەو ماوەیە تا دەگاتە نەهامەتییەکەی 31 ئاب کۆمەڵەکە بەهاوکاری و هاوەهەنگی هەموو مامۆستایەک بەجیاوازی فیکر و ئایدیا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەڕاگرتنی ئاستی کارگێڕیی و زانستی لە زانکۆکانی کوردستان بەگشتی و زانکۆی سەڵاحەددین بەتایبەتی. کۆمەڵەکە ڕۆڵی ناوەندگیری و ڕەوینەوەی گرژییەکانی بینی بەتایبەتی لەنێوان ئەندامانی مامۆستایانی هەر دوو حیزبی ناکۆک.

ئاڕاستەی بۆچوونەکان بەیارمەتی مامۆستا خۆشناو دەچوو بەڕێوە. ڕۆژانە وەک ئەرکێکی نیشتمانی و زانستی سەرجەم ئەندامان بەتایبەتی ئەندامانی دامەزرێنەر لە جووڵەیەکی بێوێنەدا بوون و بەبەردەوامی سەردانی سەرکردایەتی هەر دوو حیزبی ناکۆکی دەکرد. جووڵێنەری کارەکە، جارێکی تر، دەگەڕایەوە بۆ مامۆستا خۆشناو بەو پێیەی خاوەن ئەزموونێکی سیاسی دوور و درێژ بوو. لەهەمان کاتدا هاوڕێتی نزیکی لەگەڵ سەرکردەکاندا هەبوو. لە کۆبوونەوەکاندا تەواو ڕێزی لەئامادەبووان و ئەندامانی دامەزرێنەر دەگرت و بۆچوونی خۆی بەزۆرە ملێی نەدەچەسپاند بەسەر ئەوانی تردا. لەگەڵ گەورەدا گەورە بوو، لەگەڵ بچووکیشدا بچووک بوو. هەمیشە هانی ئێمەی دەدا، کە کۆڵ نەدەین بەرامبەر بە بۆچوون و بڕیارە نالۆژیکەکان.

دوای نەهامەتییەکەی 31 ئاب مامۆستا خۆشناو هات بۆ زانکۆی سلێمانی، کە ئەو کات بەندە ڕاگری کۆلێژی زمان بووم. مامۆستاش دوای ماوەیەکی کورت ئەرکی ڕاگرایەتی کۆلێژی کشتوکاڵی گرتە ئەستۆ.

ماوەی چەند ساڵێک پێکەوە وەک ڕاگر کارمان پێکەوە کرد. لەو ماوەیەدا نموونەی بوێری و دڵسۆزی بوو بۆ زانکۆ و زانست. ڕووبەڕوی چەندین بڕیاری کتوپڕی لادەرانەی دەسەڵات بوو. بۆچوونەکانی کاریگەری لەسەر بەشێک لەڕاگرەکان دروست کرد، بەوەی کە پێویستە شەڕ بکەن لە پێناو بەرز ڕاگرتنی کەسێتی زانکۆ و زانست.

بەبەردەوامی خۆی لەنێو گرژی و ململانێکاندا دەبینییەوە. کەبوو بەسەرۆکی زانکۆی سلێمانیش بەهەمان ڕۆح و خولیاوە کاری دەکرد. لەبەردەم دەسەڵاتدا کەسێکی بوێر و خۆڕاگر بوو. شتە نامۆکانی بەزانست و ئەکادیمیای پێ قبووڵ نەدەکرا. ڕۆژانە خۆی لە جەنگێکی سایکۆلۆژی سەختدا دەبینییەوە.

بەبەردەوامی چاودێری سروشت و پڕۆسەی خوێندنی دەکرد. لە دایەلۆگەکاندا ڕاشکاوانە و بێ ترس مامەڵەی لەگەڵ بەرامبەرەکاندا دەکرد.

هەر لەو زەمەنەدا ڕۆژێک بانگی بەندەی کرد و گوتی: باشتر وایە کە زانکۆ ڕێکخراوێکی خۆبەخشی دامەزرێنێت، کە سود و قازانجەکەی بگەڕێتەوە بۆ زانکۆ.

ئەمجارەش داوای لەبەندە کرد، کە بچێت بۆ لای جەنابی کاک کۆسرەت بەمەبەستی ڕەزامەند وەرگرتنی ئەو ڕێکخراوە. بەندەش ئەرکی ئەم کارەم گرتە ئەستۆ و بەسوپاسەوە کاک کۆسرەتیش بەدەنگ داواکارییەکەمانەوە هات و بڕیاری فەرمی بۆ ڕێکخراوەکە دەرکرد. لەماوەیەکی کەمدا ڕێکخراوەکە بەنێوی "کارۆ"ەوە بوو، چەند کارێکی ڕاپەڕاند و لەئەنجامیشدا خزمەتێکی باشی زانکۆی کرد. مامۆستا خۆشناو، کە وەک سەرۆک کاری دەکرد، نمونەی دەست پاکی و دڵسۆزی بوو.

هیچ شتێکی بەبێ ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئەنجام نەدەدا، کە بەندە یەکێک بووم لەوانە. گەرچی لەدوا ساتەکانی ژیانیدا و بەهۆی گواستنەوەی چەند هەواڵێکی نادروست لەلایەن کەسە خۆپەرستەکانەوە، پەیوەندی نێوانمان بەرەو گرژی ڕۆیشت، بەڵام لە نەخۆشییە کوشندەکەیدا، کەبەرەو ئەمریکا ڕۆیشت بەمەبەستی چارەسەر، چەند جارێک لەڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیم پێوە دەکرد و لەهەواڵی تەندروستیم دەپرسی. لەبەرامبەردا زۆر دۆستانە و لەجاران زیاتر خۆشەویستی خۆی بۆ من و خێزانەکەم دەردەبڕی. بەداخەوە، مەرگ ڕێگەی نەدا، جارێکی تر پێکەوە کار بکەین بەڵام بۆچوون و یادەوەرییەکانی بۆ من گەورەترین ئەزموونە و هەمیشە لەهزر وهۆشمدا پارێزراوە.

"بێ دەوڵەتی" بۆ گەلی کورد مانای چی..؟ نووسینی: عەبدوڵڵا چوارتایی



نەبوونی " دەوڵەت " بۆ هەر گەلێک؛ مانای وایە ئەو گەلە دەزگەییەکی دەسەڵاتداری نییە، کە هێندێک گەلی دی هەیانە. جا لەبەر ئەوەی خاوەنێتی (هەبوون) مانای هی خۆیی (ملکایەتی)یە و هی خۆییش، مانای دەسەڵاتە، دیارە ئەو گەلەی خاوەنی دەوڵەت نییە؛ بێبەشکراوە لەو دەسەڵاتانەی دەزگەیەکی دەسەڵاتدار هەیەتی، بەهۆی ئەوەشەوە بێبەشکراوە لەو دەسەڵاتانەی کە ئەو ملکایەتییە بە خاوەنەکەی دەدا.

جا لەبەر ئەوەی بوونی دەسەڵات مانای بوونی ئازادییە، دیارە ئەو گەلەی "دەوڵەت"ی نییە، ئەو ئازادیانەی نییە، کە گەلە دەوڵەتدارەکان هەیانە. بە کورتی: گەلی بێدەوڵەت کەمترە لەو گەلەی دەوڵەتی هەیە.

ئەمە لەباری نرخی مرۆڤایەتییەوە، لە باری واقیعیشەوە؛ ئەو گەلەی دەوڵەتی نییە، ناتوانێت کەڵک لەو هەل و دەسەڵاتانە وەربگرێت، کە گەلێکی خاوەن دەوڵەت وەریدەگرێ، وەک پاراستنی ئەو ئەرزەی لەسەری دەژی، پاراستنی زمان و کولتوور و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی. هەروەها لەکاتی تەنگانەدا ناتوانێت، دەنگی خۆی بە شێوەیەکی کارا بگەیەنێتە دەزگە جیهانییەکان. بۆ وێنە: گەلی کورد لەو چەند دەوڵەتەدا، کە ئەمڕۆ لە سنوورەکانیدا دەژی، چونکە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە؛ نرخی کەمترە لە عەرەب و ترک و فارس کە خاوەنی دەوڵەتەکانی عێراق و ترکیا سوریا و ئیرانن. لە ترکیا دان بە بوونی کورددا نانرێت و بە "ترکی کێوی "دەدرێتە قەڵەم، لە عێراق و سوریادا بە بەشێک لە "نەتەوەی عەرەب" و لە ئێرانیشادا بە "تیرەیەکی کۆنی فارس"یان" برایەکی موسڵمان."

هۆی ئەوەی کە کورد لە هیچ لایەک بە "گەلێکی سەربەخۆ" نادرێتە قەڵەم، ئەوەیە کە کورد دەوڵەتی نییە، ئەو چەند دەوڵەتەی باسکران هیچیان دەوڵەتی کورد نین. ئەگەنا ئەگەر وانەبێ بۆچی ترک و عەرب و فارس بە " نەتەوە " دەژمێررێن بەڵام کورد بە " گەلێکی سەربەخۆ " نادرێتە قەڵەم ، ئەگەر چێ کورد لەگەڵ ترک و عەرەب و فارسدا دەژی و هەر لە سنوری ئەو دەوڵەتانەدا دەژی کە ئەوان تێیدا دەژین . جا لەبەر ئەوە هەموو باسێکی " برایەتی " کورد و عەرەب و کورد و ترک و کورد و فارس ، کە هێندێک لە داگیرکەرەکانی کوردستان و هێزە چەپییەکان دەیکەن ؛ هەمووی درۆیەکی رووتە و بۆ تەفرەدانە و ئەو عەرەب و ترک و فارسانەی ئازادیخوازن ؛ نابێ بێژن " بژی برایەتیی کورد و عەرەب یان کور و ترک یان کورد و فارس " چونکە ئەو برایەتییە نییە تا بژی ، برایەتیی مانای وەکیەکییە ، وەک یەکیش ئەمڕۆ لە ئارادا نییە ، لەبەر ئەوە دەبێ جارێ هەوڵبدەن ئەو برایەتییە لەڕێی وەکیەکییەوە دروستبکەن ، ئەوجا باسی بکەن و بێژن " بژی! "

نەبوونی دەوڵەتی کورد مانای وایە کە بوونی کورد خۆی لەبەر مەترسی نەماندایە ،چونکە هەر دەزگەی دەوڵەتییە کە لە زرووفی ئەمڕۆدا دەتوانێ خاکی نەتەوەیەک بپارێزێ لە دەستدرێژکەران ، هەر ئەویشە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا دەتوانێ رەوایەتییەکی قانوونی بۆ ئەوە دروستبکات کا خاکی ولاتێک مالّی نەتەوەیەکە. نەبوونی دەوڵەتی کورد ؛ مانای وایە ئەو خاکەی کوردستان کە چەندهەزار ساڵێکە نیشتیمانی نەتەوەی کوردە ؛ بە مالّی کورد نەدرێتە قەڵەم، بەڵکو بە مالّی ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردستانیان بەشکردووە و هیچیشیان دەوڵەتی کورد نین ، جا لەبەر ئەوەی بە خاکی کوردستان بە مالّی کورد نازانرێ دیارە هیچ جۆرە زامنێکیش نییە بۆ ئەوەی کە کورد دەتوانێ لەسەر خاکەکەی خۆی بژی و بمێنێتەوە.

سەرچاوە: مامۆستا جەمال نەبەز

ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سەمینار و کۆڕێکی زانستییدا

بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە – لەندەن ٢٠٠٢

تێبینیی : وێنەکە لە والّی خاتو هانەلۆرە کیوشلەر، هاوژینی مامۆستا جەمال نەبەز وەرگیراوە.

گۆشەی 32 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

گەنجێکی عێراقی کێژێکی فارسێکی کوشت

لەچەند مانگی پێشودا لەشاری لوبیک گەنجێکی عێراقی لەگەڵ کچە هاوڕێ ئێرانیەکەی بەناوی " فاتیمە ٢٨ ساڵ" دەبێتە دەمەقاڵێیان و لەدەرفەتێکدا چەقۆی لێ هەڵدەکێشێت و بڕەحمانە دەیکوژێت، دواتر دەیبات لە دارستانێکی ئەو شارە فڕێی دەدات، هەفتەی پێشوو تاوانبار دانی بەتاوانەکەیداناو داواکاری گشتی داداگای لۆبیک پێشنیاری سزای هەتا هەتایی بۆ کرد، بەڵام دادوەر سزای زیندانی ١٢ ساڵی بەسەردا سەپاند.

نازییەک ٥٢٣٠ تۆمەتی دراوەتەپاڵ

هەفتەی پێشوودانیشتی ژمارە ٢٣ ی دادگاییکردنی پیرەمێرد"برۆنۆ دای" بەڕیوەچوو، کە ٥٢٣٠ تاوانی لەسەرە، لەبەرامبەر ئەوەی کە لەساڵی ١٩٤٤ و لەسەردەمی حوکمی هیتلەردا سەرباز و جەللادی ئەو هێزە بووە، کە پاسەوانی ئوردوگای ستاتهۆفی وڵاتی پۆڵەندای کردووە و لەکۆتاییدا ئەو ئوردوگایە ٦٠ هەزار کەسی تێدا بە ئازار و ئەشکەنجە و برسیکردن وتێهەڵدان تێدا کوژراوە، ئەو تۆمەتبارە ئەو کات گەنج بووە و ئێستا تەمەنی ٩٥ ساڵە و لەسەر کورسیە، ٣٠ هەزار کەس لەوانەی لەو تراژیدیایەی نازیەکان ڕزگاریان بووە سڵکاڵایان لەسەر ئەو تۆمەتبارە هەیە، هەندێکیان مردون و ئەوانەی ماویشن چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن.

نیوەی کۆچبەران بێکارن

دەزگای کاری حکومەتی فیدراڵ ئاشکرایکرد، کە ٤٧.٢ کەس لەوانەی بێکارن و یارمەتی بیمەی بێکاری سۆسیال "هارتس فیە" وەردەگرن لە کۆچبەرانن، بۆیە پێیان وایە پەنابەران کاری نەڕێنیان کردۆتەسەر ڕێژەی بێکاری لەو وڵاتە و ساڵانی پێشوو هەرگیز وانەبووە.

سەلەفیەکان لە زیادبووندان

دەستەی پاراستنی دەستوری ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، لەسەرتاسەری ئەڵمانیا و بەتایبەتیش لە بەرلینی پایتەخت، سەلەفیەکان زیادیانکردووە و لەوشارە ژمارەیان ١١٢٠ کەس دەبن، لە کاتێکدا ساڵی پار تەنها ١٠٠٠ کەس دەبوون، بەڕپرسانی ئاسایش هۆشداریان داوە لەوەی، کە مەترسی تیرۆر لەسەر وڵاتەکەیان هەیە.

پارەیەکی زۆر بەڕەش حەواڵە دەکرێت

دووسێ ڕۆژی ڕابردوو، پۆلیسی ئەڵمانیا بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گومرگ لە هەڵمەتێکی گەڕان بەدوای ئەوکەسانەی کە کاری یاساغ و حەواڵەی پارە و خشڵ و زێڕ دەکەن، لەئەڵمانیاوە بۆ وڵاتانی دەرەوە و بەدزی حکومەت و تیایدا ٨٥٠ پۆلیس و ١١ داواکاری گشتی هەڵیانکوتایە سەر ٦٠ پێگەو ئۆفیس و کۆگا و شوقە لە هەرێمەکانی (هێسن، هامبۆرگ، بەرلین، باکوری ڕاین و ێستیڤالیا، توانیان لەکۆی ٢٧ گومانلێکراو کەمەزەندە دەکرێت ٢٠٠ ملیۆن یۆریان حەواڵە کردبێت توانیان ٦ کەسیان لێ دەستگیربکەن.

باخچەیەکی ساوایان داخرا

لە شاری فانلیتسی هەرێمی براندنبۆرگ، بەهۆی ئەوەی ساغ بۆتەوە بەڕێوەبەری باخچەیەکی ساوایان، لەسەری منداڵێکی سێ ساڵانەی داوە، دادگای ئەو شارە ئەو بەڕێوەبەرەی بە ٥٤٠٠ یۆرۆ سزادا و بڕیاریشی دا، کە باخچەکە بەتەواوی دابخرێت، چونکە بەکەڵکی پەروەردەی منداڵان نایەت.

زۆنەکانی هێڵی تەلەفۆن نەکتیڤتر دەکرێت

لە زۆر ناوچە و ڕووبەری خاکی ئەڵمانیادا Netz واتە تۆری تەلەفۆن و ئینتەرنێت نییە یان لاوازە، بۆیە وەزارەتی گەیاندن بڕیاریداوە بڕی یەک ملیارو ١٠٠ ملیۆن تەرخان بکات، تا لە تەواوی خاکی ئەڵمانیا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

لە بیروبۆچوونەکانی مامۆستای زانکۆی ئەمستردام دکتۆر مەریوان وریا قانع
جارێکی تر "نان و ئازادیی و کەرامەت" خودا و ئینسان و پاراستنی پیرۆزییەکان

بەبۆچونی من ئەوەی ئێستا لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت "شەپۆلی دووهەم"ی ناڕەزاییەدربڕینێکە کە "بەهاری عەرەبیی" شەپۆلی یەکەمی بوو. لە زۆر ڕووەوە ئەوەی ڕووئەدات بەردەوامی هەمان ئەو شەپۆلەیە دوای دە ساڵێک دواتر. دروشمی سەرەکیی بەهاری عەرەبیی "نان و ئازادیی و کەرامەت" بوو. جەوهەری ناڕەزاییەکانی ئەمڕۆش بە هەمان شێوە لە دەوری هەمان دروشم دەسوڕێنەوە و لە هەلومەرجێکی تازەدا نیشانیئەداتەوە. ساڵانێکی درێژە ئەوانەی دەچنە سەر شەقامەکان و بەڕووی ئەو دەسەڵاتدارایانەدا دەچنەوە کە لە ناوچەکەدا حوکمڕانن، ئەو سێ داواکارییە سەرەکییان هەیە کە لەو دروشمەدا بەرجەستەیە. لە ڕاستیدا ئەم سێ داواکارییە ماوەیەکی درێژە لەگەڵ مێژووی میلەتانی ئەم ناوچەیەدا دەژیی و بۆ ماوەیەکی درێژیش دەمێنێتەوە. لە ڕوانینی منداً هیچ بزوتنەوەیەکی ناڕەزاییدەربڕین و هیچ خواستێکی گۆڕانکاریی لەم ناوچەیەدا ناتوانێت باز بەسەر داواکارییەکانی ناو ئەو دروشمەدا بدات.

"نان" خواستیی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی نیشتیمانیی و دابینکردنی لانیکەمی دادپەروەریی و یەکسانیی کۆمەڵایەتیی، بەر جەستە دەکات. لە ئاستە قووڵەکەیدا مانای کۆتاییهێنانە بەو سیستمە ئابوورییە گەندەڵ و وێرانەی ئەمڕۆکە لەناوچەکەدا بۆ خزمەتەی کەمینەیەکی دەسەڵاتدار سەروەرکراوە و کۆتاییهێنانیشە بەو دابەشکردنە نایەکسان و ترسناکەی سەروەت و سامانی نیشتیمانیی کە زۆرینەیەکی گەورەی هەژار و بێئاسۆ و بێئومێد کردوە.

"ئازادیی" خواستی مرۆڤی ئەم ناوچەیە بۆ ئازادیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی، بۆ ئازادیی دین و ویژدان، بۆ ئازادیی جوڵە و گەڕان و شوێنگۆڕین، ئاراستەیدەکات. ویستی ئینسان بۆ بوونی بەمرۆڤێکی ئۆتۆنۆم و بۆ کۆتاییهێنان بە چاوساعە سیاسیی و دینیی و ئەخلاقییەکان دەیجوڵێنێت.

هەرچی "کەرامەت" ە پێداگرتنە لەسەر ئەوە ڕەهەندە هێجگار گرنگەی ژیانیی مرۆڤ، کە کەمتر پەیوەندیی بە دابینکردنی نان و ئازادییەوە هەیە و زیاتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە ژینگەیەک دروستبکرێت مرۆڤ تیایدا ئیهانە و زەلیل و گرگن نەکرێت، دان بە مرۆڤبوونی مرۆڤدا بنرێت وەک بوونەوەرێکی خاوەن کەرامەت. دەوڵەت و حوکمڕانان و دەزگاکان بۆیان نەبێت و نەتوانن سوکایەتیی بە مرۆڤ بکەن. ئەمەش کاتێک مەیسەر دەبێت کە دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی، نەتوانن مرۆڤ ئیهانە بکەن و وەک بوونەوەرێکی سوک و کەمنرخ و بێڕێز، مامەڵەی بکەن. ئەوەی ئەمڕۆ ڕووئەدات گەڕانەوەیەکی تازەی ئەو سێ خواستە سەرەکییەی سەرەوەیە کە لەیەککاتدا پێویستیی بە دەسکاریکردنی ئابووریی و شێوازی کارکردن و، پێویستیی بە گۆڕینی عەقڵیەتی حوکمڕانن و ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتیی و بە دەسکارییکردنی دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتە، بە جۆرێک نەتوانن و بۆیان نەبێت سوکایەتیی بە مرۆڤ بکەن. ئەوەی ڕووئەدات بەرجەستەبوونێکی تازەی خواستیی وەدیهێنانی ئەم سێ فۆرمەیە لە گۆڕانکاریی. ئەمەش گەرچی لە ئێستادا وەک مەحاڵێک دەردەکەوێت، بەڵام هاوکات ئەو ئاسۆ سەرەکییەیە کە کردەی دەسکاریکردنی ژیان لەم ناوچەیەدا، ڕووی لێیەتیی و بەرەوڕووی دەڕوات.

+ بەر لە حەوت ساڵ:

ئایا بەڕاستی خودا پێویستی بەوەیە ئینسان بە یاسا بیپارێزێت؟ ئایا کاری یاساکان ئەوەیە ئینسانەکان لە خودا بپارێزێت، یان ئەوەیە ئینسانەکان لە یەکتری بپارێزێت؟ ئایا پاراستنی خودا پوێسیتی بە پەرلەمانتار و زۆرایەتی پەرلەمانی هەیە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بە بەڵێ، هێمایەکی ئاشکرا بۆ لاوازی خودا دەکات، لاوازییەک وابکات خودا پێویستی بەوەبێت یاسا بۆ پاراستنی دەربکرێت. لە بیرکردنەوەی دینیدا خودا بۆیە خودایە چونکە نە لەکەس بووە و نە کەسی لێدەبێت و نە پێویستی بەکەسیشە، خودا بۆیە خودایە چونکە هەموکەس پێویستی بەوە بۆ پاراستن، بۆ ژیان و مانەوە، بۆ بەختەوەری و بەدبەختی، نەک بە پێچەوانەوە. خودا لە فیکری دینیدا پێویستی بەوە نییە کەس بیپارێزێت، بیرکردنەوە لە پاراستنی خودا دەچێتە خانەی تەشهیرکردنەوە بە خودا. چونکە خودا کەسێکە چۆنی بوێت بەوجۆرە دونیا دەباتبەڕێوە، چۆن حەزبکات بەوجۆرە شتەکان ڕێکدەخات و ئارەزووی چی بکات ئەوە بەسەر ئینسان و کۆمەڵگاکاندا دەهێنێت. خودا لە بیرکردنەوەی دینیدا لە دونیا و سەردەمێکی تردا، مەبەستم دونیا و سەردەمی دوای مردنە، گەورەترین دادگا بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی دادەنێت و بە هەرکەس و چۆنی بوێت بەو شێوەیە سزا و پاداشت دەبەخشێت. لەڕاستیدا لەپشتی بیرۆکەی پاراستنی خوداوە بە یاسا، لۆژیکێکی دونیایی دژ بەدین ئامادەیە کە خودا وەک بوونەوەرێکی لاواز و بێتوانا وێناەدکات، وەک کەسێک کە پێویستی بە زۆرایەتییەکی پەرلەمانی کۆمەڵێک حیزبی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی ڕەحمەت بفەرموون و بیپارێزن. ئەم دۆخە کۆمیدییە، کە لە لۆژیکی دینی خۆیدا کوفرێکی تەواوە، دەریدەخات ئەوەی ئاراستەی بیرکردنەوەی دەرکردنی یاسایەکی لەوبابەتە دەکات، خودی دین، یان لۆژیکێکی دینی نییە، دڵسۆزیی بۆ دین و بۆ خوداوەندیش نییە، بەرگریکردن لە دین و لە دینداریی نییە. لە ڕاستیدا ئینسان دەتوانێت تا ئەو شوێنە بڕوات و بڵێت داواکردنی پاراستنی خودا بە یاسا، تەعەداکردنە لە خودا و بە هیچ وەرگرتنی توانا و هێز و دەسەڵاتەکانی خودایە، بە کەمگرتنی خودا و بە کەمگرتنی ویست و حەزەکانیەتی وەک خودا. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم داوایە داوایەکبێت بەقووڵیی دژ بە لۆژیکی بیرکردنەوەی دینی خۆی، ئەی باشە ئەم هەرا و هۆریا و قیژەقیژە چییە بۆ دەرکردنی یاسایەک بۆ پاراستنی خودا؟ ئەگەر خودا پێویستی بە پەرلەمان لە هەولێر نەبێت، بۆئەوەی بیپارێزێت، ئەی باشە ئەم داوایە لەبەرچی وەک یاسا دەبرێتە بەردەمی پەرلەمان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە زەحمەتە نییە، ئەوەی کەمەکێک سەر لە "کۆمەڵناسیی دین" و لە "کۆمەڵناسیی دەسەڵات" دەربکات، دەزانێت ئەم دەنگە دەنگ و هەڵاو هۆریایە، هەوڵدان و پلانی ئەو گروپ و هێزە کۆمەڵایەتییانەیە کە سەرقالی گەورەکردنی دەسەڵات و نفوزی سیاسیی و کۆمەڵیەتیی و ڕەمزیی خۆیانن بەناوی خوداوە. دین ژێرخانی پێگە ئابوریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەیانە. واتە مەسەلەکە هەر لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بە خوداوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەوڵدان بۆ گەورەکردن و سەپاندنی تەماح و ویست و چاوەڕوانی ئەو گروپانەوەیە هەیە، کە بەناوی خوداوە دەدوێن. گروپگەلێک بۆ پاراستنی دەسەڵات و گەورەکردنی تەماحەکانی خۆیان، داوای دەرکردنی یاسا بۆ پاراستنی خودا، دەکەن. ئەم گروپانە دەیانەوێت لەڕێگای پاراستنی خوداوە دەسەڵاتی خۆیان و لەڕێگای ڕێزگرتنی پیرۆزییەکانەوە، تەماحەکانی خۆیان پیرۆزبکەن.

ئەم نووسینە بەبۆنەی پێشنیارکردنی دەرکردنی یاسایەکەوە بۆ پاراستنی پیرۆزییەکان، نووسرا.

زنجیرەی ١١ چیرۆک بۆ منداڵان- وەرگێڕانی لە ئەڵمانی یەوە: نوری کەریم - ئەڵمانیا

بەشی پێنجەم

پێشبڕکێی مام ژیشک و باجی کەرۆشک

سەرلەبەیانی رۆژێکی بەهار، ژیشکێک لە کێڵگەیەکی (کەلەرم)دا بەتەنیا پیاسەی دەکرد، ئەو بەقاچە کورتەکانییەوە نەیدەتواتی خێرا بڕوات، زۆر لەسەرخۆ و هێدی هێدی دەڕۆیشت و دوای چەند هەنگاوێک هەڵوێستەیەکی بۆکرد و چووە سەر تەختەبەردێک دانیشت، چەند خولەکێک تێپەڕی، لەولاوە کەرۆشکێکی خۆڕەسەند بەپرتاو هات. ژیشکەکە بەرویەکی خۆشەوە سڵاوێکی دۆستانەی لێکرد، بەڵام کەرۆشکە لەخۆباییەکە وەڵامی نەدایەوە و بەلوتبەرزیی و فیزێکەوە پرسیاریکر : تۆ لە کێڵگەی منداچیدەکەیت، بۆ لەماڵەوە دانانیشیت ؟ تۆ بەو قاچەکورتانەتەوە دەتوانیت، تەنها چەند مەترێک ڕێبکەیت ! ژیژکەکەش بەتووڕەیی وەڵامیدایەوە: ئۆو! قاچەکانم لەقاچەکانی تۆ خراپترنین،منیش دەتوانم وەک تۆ گورجوگۆڵ و خێرا رابکەم ! کەرۆیشکەکە بەپێکەنینەوە گوتی: هاهاها من لە هەر هەموو گیاندارانی ئەم دەڤەرە خێراتر و تیژڕەوترم. ژیشکەکە ئەم لوتبەرزی و خۆهەڵکێشانەی کەرۆیشکەکەی زۆر پێناخۆشبوو، گوتی : جا ئەمەی پێناوێت، فەرموو پێشبرکێیەک دەکەین، لێرەوە هەتا ئەوسەری کێڵگەکە رادەکەین بزانین ئاخۆ کاممان خێراترین، پاداشتی براوەش جوانترین سەلک کەلەرمە. کەرۆیشکەکە ئەمەی زۆر بەدڵ بو گوتی: ئەی بەسەر چاو، فەرمو من ئامادەم. ژیشکەکەش گوتی: باشە من هەتا ماڵەوە دەچم و دوای نیوەڕۆ هەردوکمان هەر لەم شوێنەدا ئامادە دەبین. مام ژیشک بەهاوسەرەکەی دەڵێت: ئافرەت من دەمەوێت لەگەڵ ئەو کەرۆیشکە لوتبەرزەدا گرەویک بکەم، لە پێشبڕکێدا کاممان خێراترین بەڵام نابێت ئەو سەرکەوتوبێت و گرەوەکە بباتەوە !! هاوسەرەکەی گوتی : پیاوەکە ئەوە نەبووە و هەرناشبێت، مەحاڵە مەحاڵ، چۆن گرەوی وەهادەکەیت، مەگەر تێکچویت ؟ ئافرەت تێکنەچووم، تۆ هەر ئەوەندە لەو سەری کێڵگەکە بوەستە و چاوەڕوان بە من و کەرۆیشکەکە لە ئەمسەری کێڵگەکەوە رادەکەین، دیارە ئەو زۆر زووتر دەگاتە ئەوسەر، هەرکەگەیشت تۆ هاوارببکە و بڵێ: من زوتر گەیشتم و گرەوەکەم بردەوە. بەمجۆرە کێبەرکێ دەستپێدەکات، ژیشکەکە لەجێگەی خۆی ناجوڵێت بەڵام کەرۆیشکەکە بەسەرگەرمیی و لەخۆباییبون رایدەکرد و رایدەکرد، کە گەیشتە ئەو سەری کێڵگەک، ژیشکەکەی بینی زووتر گەیشتووە بەڵام هەستی بەوە نەدەکرد ئەوە هاوسەری ژیشکەکەیە، سەری سوڕماو دەیگوت شتی وانابێت، جارێکی دیکە رادەکەین، یـــاک ک ک دووووو سێ، گورج دەگاتەوە ئەمسەری کێڵگەکە دەبینێت ژیشکەکە زوتر گەیشتووە (من لەتۆ خێراترم). کەرۆیشکەکە نەیدەویست باوەڕبکات گوتی: با ئەمجارەش رابکەین، یـــاک دووووو سێ ، بەهەموو هێزو توانای خۆی ڕێگاکەی دەبڕی بەڵام ئەمجارەیان بەرلەوەی بگاتە ئەوسەری کێڵگەکەو هاوسەرەکە هاواربکات من زوترگەیشتم و من بردمەوە و تۆ دۆڕاندت، کەرۆیشکەکە کەوت و مرداربوەوە ! مام ژیشک هاوسەرەکەیی بانگکرد و بەدەم ڕێگاوە بەرەو ماڵەوە بەتێرامان و لەسەرخۆ دەڵێت (لوتبەرزی و لەخۆباییبون سەرەتای کەوتن و مل شکاندنە.).

****

شتێفی لە باخچەی "ساوایان"

ئەم بەیانییە شتێفی (شتێفان) خنەخنی نەکرد و خۆیی نەخڵافاند، هەرکە لەخەو رابو، یەکسەر لەناو پێخەفەکەی هاتە دەرەوە و دەموچاوی شت، قژی شانەکرد، جلەکانی لەبەرکرد و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەمڕۆش دەچینەوە بۆ باخچە، هاوڕێکانم دەبینمەوە و تێروپڕ پێکەوە یاری دەکەین، یاهووو،(هێی ی). شتێفی کەگەیشتە باخچەکەیان، یەکەمجار و بەرلە هەموشتێک دەچێتە شوێنی جل هەڵواسین کە هەموو منداڵێک لەباخچەکەدا جێگەیەکی تایبەتیی هەیە بۆ جل و پێڵاوەکانی. چاکەت و کڵاو و ملپێچەکەیی داکەند و لەژێر ناوەکەی خۆیدا هەڵیواسین، ئینجا چووە حەوشە. یەکەمجار شتێفی ماوەیەک لەناو لمەکەدا خەریکی یاریکردن بوو، کتوپڕ گوێی لەدەنگی منداڵێک بو دەگریا و دەیگوت(مامی تۆ مەڕۆ)[1]. ئەوە دەنگی (پاوڵ) ە و یەکەمین جارە دێتە باخچەی ساوایان، تۆندو بەهەمو هێزی خۆی هەردو دەستە بچکۆلەکانی لە چاکەتەکەی دایکی گیرکردبوو. خاتو لیندا) چاودێری باخچەکەیە، گوتی: وەرە شتێفی ! حەزدەکەیت پێشانی (پاوڵ)ی بدەیت ئێمە لێرە چیدەکەین ؟ شتێفی بۆ پاوڵ پێدەکەنێت بەڵام ئەو خۆی لەپشت دایکییەوە دەشاردەوە. شتێفی گوتی وەرە هاوڕێ من نەپێنییەکت پێدەڵێم! پاوڵ کە ئەمەی بیست تەماشایەکی شتێفی دەکات. شتێفی: منیش یەکەمجار کە هاتم حەزم لە باخچە نەدەکرد، نەمدەویست دایکم بڕوات، بەڵام ئێستا زۆرخۆشە . وەرە حەزدەکەیت هەمو یارییەکان ببینیت ؟ پاوڵ سەرێکی بۆ لەقاند ! ئینجا شتێفی پانتایی لمەکەی پیشاندا کە تێیدا یاری بە لم دەکەن، پایسکلی سێ ڕەوڕەوە،سەرکەوتن و پێداهەڵگەڕان، خلیسکینە و خۆحەشاردان ، ژورە بچکۆلەکەی حەوشە و ڕەفەی کتێبەکانیش، ئینجا شتێفی دەڵێت : هەندێکجار (خاتو لیندی) چیرۆکمان بۆ دەگێڕیتەوە ، هەندێکجاریش وێنە دەکێشین یا شتێک دروستدەکەین و لەنێوان ئەوانەشدا خواردن دەخۆین و خواردنەوە دەخۆینەوە و سەرلەنوێ دەست دەکەینەوە بەیاریکردن، داڕەوانی دەکەین، پێداهەڵدەگەڕێین و دێینە خوارەوە، سەردەکەوین و بەڕەوخوار خۆدەخلیسکێنین. ئیتر شتێفی نەیتوانی زۆرتری بۆ بگێڕیتەوە چونکە خاتولیندا هەموو منداڵەکانی بانگکرد و گوتی: وەرنەوە، پێکەوە گۆرانییەک دەڵێین...

(دە پیاوی کورتەبالا

دەهاتن و دەچوون

دە پیاوی کورتە بالا

هیچ کارێکیان بەلاوە قورس نەبوو ....) دوای گۆرانییەکە، پاوڵ کەم و زۆر پەستیی و خەمناکیی بەڕوویەوە نەماو ، شتێفی خەریک بوو بڵێت باهەندێکی دیکە یاری بە لمەکە بکەین، بەڵام کات درەنگ بوو، (خاتو لیندا) بانگیکرد: منداڵینە باوکان و دایکانتان هاتوون بەدوتاندا، کاتی ڕۆشتنەوەیە بۆماڵەوە. لەم کاتەدا پاوڵ ڕووخۆش و دەم بەخەندە گوتی : چووووس ، سبەی یاری بە لم دەکەین، ئێ ؟ شتێفی پێدەکەنێت و سەری بۆ لەقاند: ئێ، چووووس هەتا سبەینێ بەیانی.[2]

١ – ئەڵمانەکان بۆ بانگکردنی دایک، مامی بەکاردەبەن کە کورتکراوەی وشەی(موتەر– دایک)ە.بەداخەوە زۆرێک لە دایکانی کوردیش حەزدەکەن منداڵەکانیان لە بریی وشەی شیرینی (دایە) بە (مامی) بانگیان بکەن!منداڵێک کە دەڵێت دایە،هەرکەس بیبیستێت دەڕانێت ئەوە زمانێکی جیاوازە.

٢– چووووس یا چاااو،زۆرتر لاوان و منداڵانی ئەڵەمان بەکاریدەهێنن لەبریی وشەی(قیدەرسێهن) بەواتای هەتا یەکتر دیتنەوەیەکی دیکە(بەهیوای دیدار).

ماوێتی

****

لاپەڕەی گۆران مەریوانی.....لاپەڕەی گۆران مەریوانی.....لاپەڕەی گۆران مەریوانی.....

ژەنەڕاڵی پایز: چەمکی تەنیایی & گۆشەنشینی - بەشی ٣

بەو خودایەی بێ–شەریک و لا–مەکان و واحیدە*

دێبـــــــــاچە:

خاڵێکی تر کە چەمکی تەنیایی لە گۆشەنشینی–گۆشەگیریی جودا دەکاتەوە، بەدەر لەو دوو خاڵەی لە بەشی (٢) باسکرا، بەوەی تەنیایی: تۆپزییە و لەژێر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیدا خۆی قووت دەکاتەوە. بە رۆحدا دەنووسێ. لەژێر رکێفی کەسەکی و ئارەزووی خودا نییە. هەست–نەستێکی رۆحییە پێش ئەوەی جەستەیی بێت، بەڵام گۆشەنشینی ئارەزوومەندانەو لە ئیختاری تاک–خود خۆیدایەتی. سێهەمین خاڵی جوداکاریی ئامانجە. گۆشەنشینی ئامانجدارە. کەس–خود بە ئامانجێک خۆی دە گۆشەیەکی دەهاوێ. لێ تەنیایی ئامانجنەدارە. یان راستتر، کەس–خود تۆفانئاسا دەخاتە گێژاوێکی بێ–سەروبەرە. ئاژاوەیەکی بێ–ئاسۆوە کە جگە لە دەردە–خەمۆکی هیچ پەیامێکی دی شک نابات. بەڵام گۆشەنشینی پەیامدارە. پەیامێکی پۆستکراوە بە ئاراستەی ئامانجێک. لەوانە عەوداڵبوونی خود بۆ دۆزینەوە و کەشفی خۆی و دەور–و–بەری. تا هەلومەرجی تێرامان و بە–خۆدا چوونەوە بڕەخسێنێ. تا کەس–خود باشتر بۆ هەلومەرجێکی تر لە ئایندەدا تەیاربێ.

بـــــــابـــــەت: بە داگیرکردنی (رۆژئاوا) سۆسیالمیدیاکان تژی بوون لە ئاماژەدان بە دێرە (شیعرێکی) شێرکۆ بێکەس:(کورد وەک خودا تەنیایە).

کێشـــــــــــە: ئایا راستە کورد وەک خودا تەنیایە؟ با چاوێک لە کێشەکە بکەین. خودا نە لە کەس بووە و نە کەسی لێ–بووە و لێدەبێ. خودا بێ–رەنگ و بۆن و جەستەو ..... لێ لە گشت جێگەیەکدا بوونی هەیە. ئاگادار و هۆشی لای گشت شتێکە و لە گشت شوێنێکە. هەموو گیانلەبەر و بێ–گیانێک. سەر–و–بن عەرد. غەیب و نا–غەیب. ئاسامان و دەریا و گەردون و دار–و–بەرد. لەم دونیا و لەو دونیا. گەر مێرولەیەک پەلکی چاوی ببزوێنێ لە رێیی جۆرەها فریشتە و چاودێری نەبینراوەوە، هەندێجاریش روودەدا بینراوەوە، هەواڵ بۆ بارەگای پەروەردەگار دەچێتەوە. چی روودەدا و رووناداد دەنووسرێ و بۆ عەرشی ئەو دەنێرێ. حیساب و کیتابی ورد دەکرێ، دانە–بە–دانە، دەستە–بە–دەستە، کۆمەڵ–بە–کۆمەڵ..... هیچ زیندەوەرێک، هج بێ–رۆحێک لە حیساب نەجاتی نابێ. رۆژی مردن، یان راستر، رۆژی حیساب ژیاننامەی بەنیئادەمان دەردەهێنرێ و لەبەر دەمی پەروەردگاردا دادگایی عادیلانەمان دەکرێ. بە جۆرێ مووەیک چییە نادادی لەو پێداچوونەوانەدا نییە. ئەم تۆڕە هەوڵگیرییە ئاسمانیانە، ئەم رایەڵی بە ئاگاییە ناکرێ و نەبووە، لە وردە کاریی و وریاییدا، بەراورد بە دەزگای ئاسایشان و هاوجۆرەکانیان لەم دونیایەدا بکرێ. ئایا سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتە مەزنە رەهایە، تەنیایی یان گۆشەنشینییە؟ پەروەردگار بە هیچ جۆرێ کار–و–باری دەسەڵاتی رەهای خۆی لەتەک فریشتەو دەست–و–پێوەندەکانی بارەگای ئاسمان و زەمین و رۆحدا بەش نەکردوە. ئەو حاکم و دادوەری ئەوەڵ و ئاخیرە. ئەو نووری ئەم دونیا و ئەو دونیایە. بیەوێت و گەر پێویست بکات، بە هەزار شێوە زیاتر بەڵامان بۆ نازڵ دەکات، یان بە پێچەوانەوە، دەرگای روحم و فەیزی خۆیمان بۆ دەکاتەوە.

با کورتی بکەمەوە، پەروەردگار حوکمی رەهای گشتمان و گشت شتێکی بە دەستە. ئەوە ئەو دەسەڵاتەیە، کە ئەو نایەوێت و ناکرێت لەتەک هیچ رۆحلەبەرێکدا کە خۆی خوڵقاندوویەتی بەشبکات. ئامانج دەسەڵاتی رەهای ئەم دونیا و ئەو دونیایە. ئامانج سزا و ئەجرە. رەحمەت و نەفرەتە. کەی بخوازێ پرس بە هیچ گیانلەبەرێک ناکات. دەروازەی بەهەشت و دۆزەخ بە فرمانی ئەوە. ئەی کورد؟ گەر هەلومەرجی تەنیایی کورد بچوێنین بە تەنیایی پەروەردگار، دەی باشە ئەو دەسەڵاتە رەهایە کە مەرجی بوونی خۆی لە ریگای تەنیاییەکەی خودا خۆیەوە بەرهەمهاتووە چۆن سەر–و–سەودای لەتەکدا بکەین؟ بە چ هەلومەرجێکی کوردی بچوێنین؟ تەنیاییەک کە دەسەڵاتێکی رەهای نەمر و هەرگیز لە کورد نەچووی لە خۆ–گرتووە. بە وشەیەکی تر، مەرجی تەنیاییەکەی پەروەردگار تەنیا و تەنیا دەسەڵاتە رەهاکەیە؟ کوردیش لە مێژوویدا تەنێ بێدەسەڵات بووە. ئەم لێکچوونە نا–لۆژیکدارە بۆ؟ نە بوونی تێڕوانینێکی فەلسەفی، مەعریفەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، شۆڕ نەبوونەوە بۆ نێو دیاردە وردەکان و پشت بەستن بەوەی لەسەر زاری مەردمان و خەڵکی (باوە). گرینگی نەدان بە چەمکی (دژە–باو)مان نابێ لێرەدا لە یاد بچێ. خۆ–هەڵواسین بەو شەپۆلە میللیانەی کە خەڵکی بە (راستی) دەزانن و هۆشیاریان لە بارەیەوە نەبووە، یان نییە، لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەدەب–هونەری پۆپلیستی کە کۆژراوی چەپڵەیە، نەک لۆژیک و ئێستاتیکا، بەو ئاکارەمان دەبات. دەمانگەیەنێتە کۆڵانێک کە کوێرە. هی کوێرانی بیناییدارانیشە. نامانباتەوە سەر دەریای ئێستاتیکا، گەڕان و خۆ ماندوکردن، پشکنین، شرۆڤەکردن و تینووی مەعریفە.

ژەنەڕاڵی پایز

بە پێچەوانەوە، ژەنەڕاڵە تەنیاکەی محمد عمر عثمان تفەنگەکەی دەستی داری رزیوە، ئەستێرەکانی شانی گەڵای ژەنگدار و بابردوە. خودەکەی سەری کڵاوە–هەوری کون–کونە. ئەمجۆرە ژەنەڕاڵە لات و بێکەسانە هیچ دەسەڵاتدارێک، خاوەن لەشکرێک خوازیاریان نییە. بازاڕی سیاسیان گەرم نییە. لە بابەتێک دەدوێن بەڕاستی وجودی نییە. بەچاو نابینرێ و نا–ئاشنایە بە هۆشیاری میللی و بە گوێی ئادەمان. دەسەڵاتدارێکی بەنێوبانگ ئەستێرەیەکی بریسکەدار وەسەر شانی نانێ تا قووتە–سەلامیان بۆ بکرێ. ئەو لە دڵی ڕا ژەنەڕاڵە. ژەنەڕاڵێک کە خودی خۆی قوربانییە نەک بکوژ. ئەو لە رۆح–و–دڵماندا، لە هۆشماندا ژەنەڕاڵێک خەبەر دەکاتەوە کە لەکن مەش وجودی هەیە. ژەنەڕاڵ، بە حیساب، کە ناشرینترین مەخلوقە لەکن کوردستانیان جوان دەکات. لێ لە نزیکەوە ئاشنا نەبوون بەم ژەنەڕاڵە نەبینراوە، بە دیداری، کە تا ئەو دەمەی دەقەکە دەخوێنینەوە لەکنمان نە–ناسراو بووە. لە ناکاوێکدا ژەنەڕاڵ دەبینین و بە پێچەوانەی ژەنەڕاڵە راستەقینەکەوە، نامان ترسێنێ، بەڵکو سەرسامان دەکات، بە جۆرێک کە ئاواتخوازین چی ژەنەڕاڵی دونیایە بەو بچن. ئەمجۆرە ژەنەڕاڵە پێویستیان نە–بە سەربازە، نە–بەڵەشکر، نە بە چەپڵە. ئەمە نێوی رەسەنی ژەنەڕاڵی ئێستاتیکایە، یانی زانست–و–هونەری جواناسی. نابێت لە یاددمان بچێت، دەمێ عمر عثمان ژانەڕاڵەکەی دەنووسێ، ئێمە پەلکێشی جەنگێکی تری خوێناوی دەکرێین، ١٩٩٠–١٩٩١. ئەوجا جەنگی ناوخۆ. قەڵەمی نووسەرە سیاسیەکانی مە لە خزمەت ژەنەڕاڵەکانیاندان، قەڵەمی عمر عثمانیش سەرزەنشتێکی رۆمانسیانەی جەنگ و نووسەرە ژەنەڕاڵەکانی جەنگن.

* دێرە شیعرێکی بێکەسی باوکە.

بەشی چوارەم و کۆتایی: خۆ–کوشتن بۆ؟

گۆران مەریوانی

٢٠١٩–١١–١٧، مۆمبای، هیندوستان.

چارەنووسی باشووری کوردستان بەرەو کوێ دەچێت!؟ بەختیاری شەمەیی

چارەنووسی باشووری کوردستان بەرەو ئەوە دەچێت کە هەمان مێژووی ئێرانی سەردەمی بنەماڵەی پەهلەویی تێدا دووبارە ببێتەوە!؟

نووسەر و مێژوونووس و توێژەرەوەی مێژووی ئێران، بەتایبەتی مێژووی بنەماڵەی پەهلەوی و دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران، (د. عەباسی میلانی) لە کتێبی (نگاهی به شاه)دا، بەم شێوەیە کورتبینی و هەڵەبوونی شا و لە هۆکاری سەرەکیی ڕوخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەویی ئێران باس دەکات: شای ئێران، لە هەموو سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی خۆیدا، ڕەوتی چەپ و چەپگەرایی ناوخۆی ئێرانی، بە دوژمنی یەکەم و سەرەکیی دەسەڵاتداریێتیی خۆی زانیوە و هەردەم جەختی لەسەر دژایەتی و دوژمنایەتیی چەپەکان و بزووتنەوەی چەپگەرایی کردووەتەوە، هەر بەم هۆکارە و بۆ پێشگیری کردن لە بزووتنەوە و پەرەسەندی ڕەوتی چەپ و چەپگەرایی ناوخۆی ئێران، پشتیوانیی لە ئاخوندەکان و حوسەینییەکان و حەوزە ئایینییەکانی ئێران دەکرد و کۆمەکی پێدەکردن و ئیمتیازاتی زیاد لەپێویستی بە ئاخوندەکان دەدا و زوو زوو بانگهێشتنی لای دەرباری خۆی دەکردن، یان خۆی و شابانوو فەرەح، سەردانی ئاخوندەکان و حوسەینییەکانیان و حەوزەکانیان دەکرد و یارمەتییان دەدان، بەو مەبەست و ئامانجەی کە ئایین و شیعەگەرێتی بەربەستێکی گەورە و کاریگەر بێت بەرامبەر بە بڵاببوونەوە و پەرسەندنی بزووتنەوەی چەپ و چەپگەرایی ناوخۆی ئێران، لەو ڕوانگەیەوە و بەو هۆکارەی، کە ئێران دراوسێی یەکێتیی سۆڤێتی جاران بوو و ئەوەشی بە هەڕەشە و مەترسییەکی هەرە گەورە بۆسەر خۆی و دەسەڵاتداریێتیی بنەماڵەکەی و دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران دەزانی!؟ هەر بۆ ئەو مەبەستە، ساواک و سوپای خستبووە هەڵوێستی دژایەتی و دوژمنایەتیی کردنی چەپەکان و ڕەوتی چەپگەری لە ئێران و تەنانەت دژ و دوژمنی چەپەکانی دەرەوەی ئێرانیش بوون. هەربۆیە سەبارەت بەو بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەڵوێستەی شا، چەندین لە ڕاوێژکارە دووربینەکانی خۆی، بەردەوام شایان لە کاریگەری و هەڕەشە و مەترسیی ئاخوندەکان و شیعەگەرێتی و حوسەینییەکان و حەوزە ئایینییەکان بۆ داهاتوو ئاگادار کردووەتەوە و پێیان ڕاگەیاندووە کە ئەو هەموو دژایەتی و دوژمنایەتییەی چەپەکان و چەپگەرایی و خەریک کردنی ساواک و سوپا بە چەپەکانەوە زیادەڕەوییە و چەپەکان و چەپگەرایی ئەو هەڕەشە و مەترسییە گەورەیە نین چ بۆ خۆی و چ بۆدەسەڵاتی بنەماڵەکەی و چ بۆ دەوڵەتی ئێرانیش. لەڕاستیدا و لە بواری کردەوەدا، ئەگەری ئەوەی کە چەپەکان دەسەڵات بگرنە دەست، زۆر دوورە و کارێکی نەکردەنی و چاوەڕوانەکراوە. بەڵام ئەگەری دەسەڵات گرتنەدەستی ئاخوندەکان، لەبەرئەوەی ڕەگوڕیشی مێژوویی و جەماوەریان هەیە، زۆرتر و کردەنی و چاوەڕوانکراوە. بەڵام شا پێداگریی لەسەر ئەو بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و تێگەیشتن و بۆچوونە هەڵەیەی خۆی دەکردەوە و بەردەوام بوو لەسەر دژایەتی و دوژمنایەتیی کردنی ڕەوتی چەپگەرایی و لەناوبردنی چەپەکانی ئێران!؟

سەرەنجام ڕەوتی مێژوو بە پێچەوانەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی شای ئێران ڕێی کرد و بووە هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران و دەربەدەربوونی خۆی و بنەماڵەکەی و ئاوارەبوون و لەناوچوونی هەزاران هەزار لە پشتیوانان و لایەنگران و دۆستانی!؟ جا با لێرەوە زۆر بەکورتی ئاماژەیەک بە پرسێکی هەرە پێویست و گرنگ و چارەنووسساز بکەین: ئەوە ٢٨ ساڵە سەرانی پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتدارانیی نادڵسۆز و ناهۆشیار و کورتبینی باشووری کوردستان، بۆ دژایەتی کردن و دوژمنایەتیی کردنی بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردی و نەتەوەییەکان و دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کوردنی ڕەوتی چەپگەرایی و چەپەکان و بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و هۆشیاری لە باشووری کوردستان! شانبەشانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بە هەموو شێوەیەک پشتیوانییان لە ڕەوتی ئیسلامچیی سیاسەتچی باشووری کوردستان کردووە و دەکەن و کۆمەکی مادی و مانایی کردوون و دەکەن و هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ کردوون و بۆیان دەکەن!؟ وەک دەبینین: ئەمڕۆ بارودۆخێکی هەرە خراپ و دواکەوتوو و دژە پێشکەوتن و دژە کوردایەتی و دژە پێشکەوتنخوازی و دژە مافی کچان و ژنان و هەلومەرجێکی نەخوازراو لەنێو کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا هاتووەتە پێشەوە کە زیادتر لەنیوەی هاونیشتمانیی باشووری کوردستان، چ ئاشکرا و چ ژێربەژێر بوونەتە داعشبیر و داعشی خۆمەڵاسداو و ئەندام و لایەنگر و دۆستی ڕەوتی ئیسلامچیی سیاسەتچیی دروستکرا و نۆکەر و بەکرێگیراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان!؟ با ئەو ڕاستییەش باش بکەین: ئەگەر بەهۆی سەرهەڵدانی داعش و ئامادەبوونی هاوپەیمانە ئەمەریکی و ئەوروپییەکانەوە نەبووایە لە باشووری کوردستان، لەمێژ بوو ئەوەی سەرانی پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتدارانی باشوور بیریان لێنەکردووەتەوە و پێدەچێت هەتا ئێستاش هەر بیری لێنەکەنەوە! ڕووی دابوو!؟ با ئەوەش بپرسین: ئایا گرەنتی ئەوە هەیە کە هاوپەیمانە ئەمەریکی و ئەوروپییەکانەوە هەتاسەر هەر لەگەڵماندا بمێننەوە، یان ئەگەر بەرژەوەندییان ئەوە بخوازێت کە دەستبەردارمان ببن، پشتمان تێناکەن و بەگورگان خواردوومان نادەن!؟ ئایا ئێمەی کوردانی باشوور، لە ئەگەری ڕووداندا پێشهاتێکی لەوجۆرەدا، چ ئامادەکارییەکمان کردووە و چی دەکەین و دەبێت چی بکەین!؟ بەتایبەتی ئێمەی کوردانی باشوور پێشتر ئەزموونی کارەساتباری تێکشکانی شۆڕشی ١٤ ساڵەی ئەیلوولمان هەیە کە بەناو هاوپەیمان و دۆستەکانمان، پشتیان تێکردین و بەگورگان خواردوویان داین و ئێمە خۆیشمان وەک سەرکردە و سەرکردایەتیی شۆڕشەکە، هیچ ئامادەکارییەکمان بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتە نەکردبوو و سەرنجام دووچاری ئەو تێکشکان و هەرەس و کارەسات و ماڵوێرانی و ڕەنجبەخەسارچوون و دەربەدەری و بەشمەینەتییانە بووینەوە!؟ هۆشداریەک: ئەگەر هەتا ١٠ بۆ ١٥ ساڵیتر کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، پرچەککردنی باند و گروپە ئیسلامچییە سیاسەتچییەکانی باشووری کوردستان، ئەگەر و پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو و کردەنیی هەرە خراپ و هەرە کارەساتباری مێژووی کورد و کوردستان دەبێت!؟ لە کوێتایدا دەبێت ئەمەش بڵێم: هیوادارم هەرگیز ئەو دەسەڵاتداریێتییەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، بە هەموو هەڵە و کەمکوڕی و گەندەڵکاری و خراپی و خراپکارییەکیشییەوە، هەر بمێنێت و ئەوەی هەتا ئێستا بەدەستمان هێناوە، لەدەستمان نەچێت!؟

ستراتیجی کورد لە ئێراندا بە 10 خاڵ - دکتۆر ڕێبوار فەتاح

دکتۆر ڕێبوار فەتاح

کورد پێویستە بەجدی بەشداری گۆڕانکاری لە ئێراندا بکات. ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ نەتەوەی کورد، بەهۆی ئەزمونی خەباتیەوە، دەسپێشخەری خۆی بکات بۆ ئێرانێک, کە هەم لە خزمەتی گەلی ئێراندا بێت، هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هانبدات بۆ هاوکاری دامەزراندنی. کورد دەتوانێت دەسپێشخەری جێگیرکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن لە دەستوری داهاتووی ئێراندا. دیارە ئەم خاڵانە سەرپێین و بیرکردنەوەی قوڵیان پێویستە، بەڵام من بە باشم زانی، تەنیا 10 خاڵ – گەر بەپەلەش بووە – ویستم بیخەمەڕوو، وەک سەرەتایەک بێ بۆ داڕشتنی دەستورێکی نوێی هاوچەرخ بۆ ئێران.

هەروەک حەزم کرد سەرەتایەک بێت بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە گرنگە.

1– یەکپارچەیی خاکی ئێران دەپارێزرێت و کار بۆ جیابوونەوە لە ئێران ناکرێت، بەڵکو کار بۆ هاوکاری و یەکگرتنی هەموو هێز و نەتەوەکانی ئێران دەکرێت، لەپێناو گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی گەلی ئێران و دامەزراندنی وڵاتێک لەسەر بنەمای 'هاوڵاتیبوون.'.

2– دەستوری ئێران دەگۆڕێت بە دەستورێکی هاوچەرخ، کە تێیدا مافی مرۆڤ و نەتەوەکان دەپارێزرێت.

3– قانونەکانی ئێران دەگۆڕین بە قانونی هاوچەرخ و مافی مرۆڤ تیایاندا دەپارێزرێت.

4– مودیلێکی حوکمڕانی دادەمەزرێت، کە هاوکاری فرەنەتەوەیی و ئاینی ئێران دەکات.

5– ئاین و دەوڵەت جیا دەکرێنەوە و دەوڵەتێک دادەمەزرێت، کە دەسەڵاتەکان تێیدا سەربەخۆ دەبن. مافی هەموو ئاین و ئاینزاکان بە قانون دەپارێزرێت.

6– کۆمەڵێکی سیڤڵی دیموکرات دادەمەزێت، کە ڕێکخراوە سیڤڵەکان بەشێکی گرنگ دەبن لە پێکهاتەی کۆمەڵ، و کاریان بە قانون ڕێکدەخرێت..

7– زمانی فارسی دەکرێت زمانی فەرمی هەموو ئێران بێت؛ لە پاڵێدا زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران زمانی فەرمین لە هەرێمەکانی خۆیاندا.

نەتەوەکان بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن. دابینکردنی خزمەتگوزاری لە سەرتاسەری خاکی ئێراندا تەبا دەبێت، بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان ناوچە و نەتەوەکاندا..

8– مافی ژنان لە هەموو قانونەکاندا دەپارێزرێت؛ هەروەک مافی خێزان و منداڵ بە قانون دەپارێزرێت و ئاسانکاریان بۆ دەکرێت. بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ژنان بە قانون دەپارێزرێت..

9– هیچ هێزێکی ئاسایش پارێز، لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەڵبژێراو ڕاوەستاو نابێت. هێزی پاسداران، قودس و هەموو ئەوانی دیکە هەڵدەوشێنەوە. هەموو هێزی چەکدار و ئاسایش پارێز لەژێر دەسەلاتی حکومەتدا دەبن.

10– دەوڵەتی ئێران دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، دەستبەرداری پێشێلکردنی مافی گەلان و نەتەوەکانی دیکە دەبێ، و ئاسایش و ئاشتی جیهان و ناوچەکە دەپارێزێ. ئێران ڕێز لە هەموو قانون و نەریتە نێو دەوڵەتیاکان دەگرێ، ڕێز لە سەروەری عێراق دەگرێ و پەیوەندی ئاسای دەکاتەوە لەگەڵ گشت وڵاتانی ناوچەکەدا..

هیوادارم گفتوگۆ دەربارەی ئەم پرسە گرنگە دەستپێ بکات.

هاوسەری مارکیز- لەسەرەتای زۆربەی ڕۆمانەکانی مارکیزدا نوسراوە پێشەکەشە بە مەرسیدس..

لە ساڵی ١٩٦٦ کاتێک گابریل گاریسیا مارکیز و هاوسەرەکەی مەرسیدس لەبەردەم نوسینگەی پۆست لەمەکسیک وەستا بوون بۆ ناردنی دەستنوسی ڕۆمانی "سەد ساڵ لە گۆشەگیری" بۆ دەزگای چاپ لە ئەرجەنتین، ئەو ڕۆمانەی 18 مانگی پێچوو، تا تەواوی کرد و لە 510 لاپەرە پێکدەهات. کاتێک کارمەندی پۆستەکە پێی گوتن پارەکەتان بەشی ناردنی ناکات چونکە زۆرە و قورسە..

ناچار نیوەی دەستنوسەکەیان نارد و گەڕانەوە پارە پەیدا بکەن، بۆ ناردنی نیوەکەی تری، لەبەرئەوەی قەرزێکی زۆریان لەسەر بوو. مشتومڕ کەوتە نێوان مارکیز و مەرسیدس. مارکیز پێی باش بوو ئامێری چاپەکەی بخاتە ڕەهنەوە. مەرسیدس پێی باش بوو ئەلقەی هاوسەری بخاتە ڕەهنەوە. چونکە ئامێرێ چاپەکە تەنها شتە سەرچاوەی نووسینی مارکیزە. مشتومڕەکەیان زۆری خایاند. بۆ بەیانی کاتێک مارکیز لەخەو هەستا بینی پەشە دەستنوسەکەی دیار نییە. چاوەڕێی کرد. مەرسیدس هاتەوە، لێی پرسی کوا بەشی دەستنوسەکە؟ گوتی: ئەلقەکەم لە ڕەهن داناو و بەپارەکەی پۆستمکرد.

هاوڕێ کۆنەکانم لە کوێن، نەوانەی کە ساڵانی پێشوو هەستم دەکرد بە تەواوی لەیەسەکەوە نزیکین؟



ئێستا وای بۆ دەچم من سەر بەجیهانێکی جیاواز بم لەوەی ئێستا. لەوە دەچێت ئێمە هەمان زمانیش قسە نەکەین، هەستدەکەم بوومەتە کەسێکی نامۆ و بێزراو. وشەکانیان و گرنگی پێدانەکانیان هیچ بۆم گرنگ نین، بێدەنگ بووم لە بەرئەوەی کەسیان لە قسەکانم ناگەن چی ترسناکە، لە کاتێکدا زۆرت هەبێت بۆ گوتن کەچی بێدەنگی هەڵبژێریت، نەتوانینی ئاڵگۆڕی بیرکردنەوەم لە گەڵ ئەوانی تردا خراپترین و پیسترین جۆری تەنهاییە بۆ من.

بەشێک نامەی نیتچە بۆ خوشکەکەی ١٨٨٦

کێ ساڵە شێتی کوشت؟ ڕۆمانێک بۆ ڕزگاربوونی ژیانەوەی گێڕانەوەی کوردی- نووسینی: فاروق هۆمەر-کەنەدا

بەشی یەکەم

گەر بە شێوەیێکی ڕاگوزاری سەرناوی ئەو ڕۆمانە لە شوێنێک ببینین بە هیچ شێوەیێک سەرنجمان ڕانەکێشێ و قەبەیی ڕۆمانەکەش هاندەرێک نییە بۆ ئەوەی بەرەو لای خۆیمان بەرێ، بەتایبەتی لە کتێبخانەیێکی هەژاری وەک کتێبخانەی کوردی کە ڕۆمان بووە بە کاری سادە. دواجار نوسەرێکی نەناسراویش بە تایبەتی کە لە هیچ شوێنێک شتێکمان دەربارەی نەبیستووە هۆکارێکی تر بۆ خۆ دزینەوەمان لێی. خوێنەر، بەتایبەتی کەسێک کە بەناو تەمەنی خۆی دا چووە، سەرودەرەی لەگەڵ کات و فرسەتەکانی ژیانی خۆی دەکات و هەوڵدەدات یاری بە کاتەکانی خۆی نەکات و لەگەڵ کتێبی گرنگ و پڕ بایەخ مامەڵە بکات. هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕێگرن لەوەی سەرکێشییەکی وا لەگەڵ ئەو کتێبەدا بنوێنی. کاتێک کتێبەکەم پێگەیشت و هێشتا بەشی یەکەمم تەواو نەکردبوو هێز و پتەویی نوسەرەکەی سەرنجی ڕاکێشام. ناشێت نوسەرێک بەو هەموو زانایی و لێهاتوویییەی خۆیەوە لەم سەر زەمینە ژیابێ و کورد بێ و خەڵکی سلێمانی بێ ئاوا گومناو و نەناسراو مابێتەوە. یەکەم شتێک گومانێک دەربارەی نوسەرەکەی لایەرە بە لایەرە تێکەڵاوم دەبوو. ئەم پیاوە زانایە لەپڕ دێت و بۆشاییەکی گەورە لە هونەری گێڕانەوەی کوردیی دا پڕ دەکاتەوە کە سەدەیەک دەبێ شوێنی خاڵییە و دەڕواو دەمرێ.

دوکتۆر عەلی کەریم کێیە؟



من هەر خێرا وەک ئەوەی خوێنەرێکم هەموو گیانم گومانە لەم کەسە کەوتمە گومانەوە. شێوازی نووسینی ئەو پیاوە، شێوازێکی سادە نییە. کەسێک نییە هاتبێ و گێڕانەوەیێکی سادەی هەبێ و بڕوات و هیچ لای تۆ جێنەهێڵێ.

ئەو کارێکی کردووە ئێمە بەدرێژایی ژیانمان بە خۆمانەوە نەدیووە. من هەمیشە ئەو پرسە تەنگی پێهەڵچنیوم بۆچی هەموو میللەتانی ناوچەکە هەر لە تورک و عەرەب و فارس، کە هاوسێمانن نووسەرانی کلاسیکی گەورەیان هەیە و ئەدەبی گێڕانەوەیان هاوشانی شیعر کە هەناوی یەکەمە بۆ خۆ ناسین و خۆ گوزارشت کردن پێکەوە هاوشانن.

کورد بۆ تا ئیستا ئەدەبی گێڕانەوەی نییە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان ئەو قۆناغە هەر وا بە خاڵی ماوەتەوە. کورد تەنیا شیعری هەیە و شاعیرانی کلاسیکی کورد بۆچی بایەخێکیان بە هونەری گێڕانەوە نەداوە.

لەپڕێک پیاوێک دێ و ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ دەکاتەوە و نەک هەر هونەری گێڕانەوەی کوردی دەخوڵقێنێ بەڵکو لە ئاستێکی فراوانتر دا هونەری گێڕانەوە دەباتە هاوشانی گێڕانەوەی جیهان و بە تەکنیکێکی باڵای گێڕانەوە خەم و ژیان و بوونی مرۆڤی کورد شیکار و ڕاڤە دەکات. بۆ من دوکتور عەلی کەریم کەسێکی نەبووە.

ئاخر پیاوێک لە ساڵی هەزار و نۆ سەد و سی و پێنج لە سلێمانی لە دایک بووبێت و لە ساڵانی شەستەکان لە ڕوسیا دکتۆرای وەرگرتبێت، هەروا بە ئاسانی جێی بڕوا نییە. بۆچی تا ئیستا ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد کە لە ڕوسیا خوێندویانە لە شوێنێک باسێکیان لێوە نەکردووە.

بۆ خوێنەرێکی وەک من کە ئەدەبی کوردی دەناسم و شارەزاییەکی ئەوتۆم هەیە ناشێت پیاوێکی وا گەورە نەناسم. ئەو پیاوە دکتۆرە و جوگرافیا ناسە و هەر وا کەسێکی سادە نییە. هەرچی ڕۆمانەکەشە ئەوەندەی کاریگەری ئەدەبی ئینگلیزی پێوەیە، شوێنی کاریگەری ئەدەبی ڕوسی تیا خاڵییە. هەرچی شێوازی نوسینی ئەو پیاوەشە دەمباتەوە سەر کتێبەکانی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا، بەتایبەتی لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێی ناوزەنگ و خولانەوە لەناو بازنەدا و پەنجەکان یەکتری دەشکێنن. نەوشیروان مستەفا کەسێکی ڕۆشنە بە ئەدەبی ئینگلیزی و لە ئینگلستان ژیاوە و لە گێڕانەوەکانی دا وەک مرۆڤێکی سەرشار پڕە لە میژوونناسی و جوگرافیاناسی و ئەدەبناسێکی قوولیشە و هەموو ئەو ڕەگەزانەش لەنێوان ئەو دوو زاتە گەورەیەدا ئامادەیە. کێ دەڵێ ئەو کەسەی ڕۆمانی کێ ساڵە شێتی کوشت، هەر خودی نەوشیروان مستەفا نییە و لەژێر ناوێکی خوازراودا ئەو کارەی نەکردووە. هەردوو ئەو نووسەرە مردوون و ئیدی لێرە نین و ئەوەش بیانوویێکی پڕ لە گومانە کە ئەدەبێک بە تەنیا خۆی و بەبێ کەسایەتییەکی ئامادە بڕواتە ناو ئەو بۆشاییە فراوانەی کە تادێت خاڵی و خاڵی دەمێنێتەوە.

ماوێتی

چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگەدا

سیمینارێک لە زانکۆی لایدن بۆ ڕۆژاڤا بە ناونیشانی کورد لە نێوان دوو ئاگردا

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەمە ١٥-١١-٢٠١٩ لە زانکۆی لایدن لە لایەن ڕێکخراوی خوێندکارانی زانکۆکە (مۆنیتوم) سیمینارێک ڕێکخرابوو لەسەر سوریا- ڕۆژاڤا، بە ناونیشانی کورد لە نێوان دوو ئاگردا، بۆ پرۆفیسۆر یۆست یونەردن مامۆستا لە زانکۆی ڤاغنن لە هۆڵەندا، کە هەموو توێژینەوەکانی لەسەر دۆزی کورد بە تایبەتی دۆخی کورد لە باکوری کوردستان، هەر لەو سمینارەدا بەڕێز یۆست هیلترمان سەرۆکی پرۆگرامی نێودەوڵەتی بۆچارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان گروپە ناکۆکیەکان باسێکی پێشکەش کرد، ئەوەی گرنگ بوو، لەم سیمیناره زۆر بەوردی باسیان لە ئێستا و داهاتووی کوردانی ڕۆژاڤا کرد، خاوەن باسەکان هەردووکیان کۆک بوون لەسەر ئەوەی، کە کورد بە هەموو بەشەکانییەوە هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی نییە، هەروەها وڵاتانی چواردەوریشیان وەک عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران، نایەنەوێت کورد بەهێز بێت و خۆی خۆی بەڕێوە بەرێت، لە هەر پارچەیەک بەهێزبوونی خێرا دەستیان لە کاروباریان وەرداوە و تێکیان داوە، لە میانەی باسەکانیاندا گوتیشیان کورد سەلماندویەتی نەتەوەکی تا بڵێیت ئازا و خۆڕاگرن، بەڵام دبلۆماسی نین و گوێ بۆ یەکتر ناگرن و یەکگرتوو نین. هەموو لەناو خۆیاندا خۆی خەز دەکات خۆی پاشا بێت لەسەر حسابی ئەوی دی، واتە کورد دەبێت بزانێت کێ دۆستی ڕاستەقینەیەتی و کێ دوژمنیەتی. دووبارە ڕەخنەیەکی زۆریان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمەریکا و ڕوسیا گرت، بەرامبەر بەو هەوڵ و پەیمانەی بە کوردیان دابوو، هەموویان گۆڕییەوە بە بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانیی خۆیان لەگەڵ تورکیادا، ئەو هەموو قوربانییەی شەرڤانان لە ڕۆژئاوا دژی لە ناوبردنی داعش بەخشی بە هەند وەرنەگیرا و دیسانەوە سپاردیانەوە بە چیاکانی خۆیان.

عومەر ڕەسوڵ

بڵاوبوونەوەی کتێبی "کوردەکان: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە نەرشیڤی دیپلۆماسیی فەرەنسی لە نێوان ساڵانی 1874-1945 دا

دکتۆر نەزەند بەگی خانی لە واڵی خۆی لە فەیسبووک رایگەیاند: وەکو سەرپەرشتیار لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی فەرەنسی هارماتان، بەشی 'میللەتان و کولتور و ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵات'، خۆشحاڵم بڵاوبوونەوەی یەکەم کتێب لە بەشەکەم ڕابگەیەنم بەناونیشانی "کوردەکان: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئەرشیڤی دیپلۆماسیی فەرەنسی لە نێوان ساڵانی ١٨٧٤–١٩٤٥ دا". ئەم کتێبە لە لایەن دکتۆر سەبری جگەرلی و دکتۆر دیدییە لوساو و نووسراوە بەرهەمی دوو ساڵ توێژینەوە و بەدواداچوون و ڕاڤە و هەڵسانگاندنە و خزمەتێکی گەورە بە دیراساتی کوردی لە بواری ئەکادیمی و دۆزی کوردی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکات.

پرۆفیسۆر و مامۆستای کۆمەڵناسی (یۆست یۆنخێردن) سمینارێکی لە شاری بریدە دەربارەی کورد پێشکەش کرد

ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی ١٩ نۆڤەمبەری ٢٠١٩لە شاری بریدە لە باشوری هۆڵەندە سیمینارێک دەربارەی دۆزی کورد سازکرا، کە تێیدا پرۆفیسۆر و مامۆستای کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی لە زانکۆی ڤاخنینگن لە شاری نایمیخن دکتۆر (یۆست یۆنخێردن) شارەزا و ئەکادیمی لە مێژوو و جوگرافیا و دۆزی کورد، باسێکی بەپێز و ئاکادیمیانەی لە سەر مێژوو و بارودۆخی سیاسی کوردستان پێشکەش کرد، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەم و داگیرکاری کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا و فەرەنساوە، تا هەر سێ جەنگی داگیرکاری ئێستای ئەڤرین و کەرکوک و ڕۆژاڤا .. بە تێک هەڵکێشکردنی باسەکەی بە وێنە و نەخشە و داتا و دیکۆمێنتی گرنگ، بێگومان ژمارەیەکی زۆر میوانی هۆڵەندی لە کۆڕەکە ئامادە بوون، پاشان باسەکە بووە جێ گفتوگۆ و پرسیارێکی زۆر، ئامادەیی خۆشی دەربڕی کە لە هەر شوێنێک کوردەکان بیانەوێ ئەم باس و سیمینارەیان بۆ دووبارە بکاتەوە ئەو سەردانی زۆری کوردستانی کردووە و وەک کوردێکی وریا ئاگادار و شارەزای هەموو بوارەکانە..سیمینارەکە کۆمەڵەی ساز کورد لە شاری بریدە ئامادەی کردبوو بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن لە ئەنتەرنێت سەیری واڵەکەی بکەن.

Dr Joost Jongerden , Sociology end Anthropology in Wageningen University.

خالید ڕەسوڵ

ئاوڕێک لە هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد شسوان کسەمال

شوان کەمال ساڵی ١٩٩٥ دەچێتە ئەڵەمانیا و لەو کاتەوە لەگەڵ کارگەی داڕشتنی برۆنزو دروستکردنی پەیکەربڕ میتاڵ(ڕۆلف کایزەر)، دەست بەکاری هونەری دەکات تا ساڵی ٢٠١٥ بەردەوام دەبێت، لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا کۆمەڵێک کارو پرۆژەی هونەری بۆ خۆی و بۆ ئەو کارگەیەش دروست دەکات کە زۆربەیان لە مۆزەخانە و گەلەری و پارک و شوێنە گشتیەکانی زۆرێک لە شارە گەورەکانی دونیادا دانراون. لە ئەڵەمانیا بەهۆی ئەزموون و سەلیقەی هونەری شوان کۆمەڵێک کاری پەیکەری مێژوویی دروست دەکات لەسەر داواکاری شارەوانی و حکومەتی ئەڵەمانیا، کە لە ئێستادا لە زۆرێک لە شارەکانی ئەڵەمانیا دانراون، لەوانە پەیکەری (ئرنۆلد رۆز، فوارەی دادپەروەری لە پارکی کۆماری شاری فوپەرتاڵ، پەیکەری یارمەتی هەژاران و پەیکەری مۆسیقاری سەدەی ڕۆمانتیک فیلکس میندڵسۆن لەبەردەم ئۆپیرای شاری دۆسڵدۆرف) گەلێک پەیکەری تریش.

هەر لە ئەڵەمانیا شوان پلانی کۆمەڵێک پرۆژە و کاری هونەری دەکات بۆ شارەکانی کوردوستان، بەڵام بەداخەوە لەبەر خەمساردی و نەبوونی دامودەزگای هونەری دڵسۆز پرۆژەکان نەکرا، تەنیا ئەو پەیکەرەی (عەدالەت)نەبێت کە لەبەردەم باڵەخانەی دادی شاری هەولێر دانراوە، بە قسەی شوان ئەو پەیکەرە برۆنزە بە کولیتیتی ئەڵەمانی دروستکراوە، لەوانەیە نەک لە کوردوستان بەڵکو لە عێراق و وڵاتانی دراوسێش نمونەی نەبێت. ساڵی ٢٠١٤ لەبەردەم دەزگای پەخشی سەردەم پەیکەرێکی بۆ شاعیری ناسراو شێرکۆ بێکەس دروستکردووە دوایش لەسەر داواکاری خانەوادەی ئەم شاعیرە مۆنۆمینتێکی لەسەر ئارامگەکەی لە ساڵی ٢٠١٥ لە پارکی ئازادی دروستکردووە.

لە ساڵی ٢٠١٥ شوان دەچێتە وڵاتی سوید لە شاری مالمۆ، لەگەڵ کارگەی (ڕۆسنگرێنز) دەست بەکاری هونەری دەکات. (ئەم کارگەیە ناسراوە و لە سەدەی هەژدەوە کاری داڕشتنی میتاڵ و برۆنز دەکات لە ئەسکەندناڤیا).

شوان کۆمەڵێک کاری هونەری دروست دەکات لەوانە کۆمەڵێک پەیکەری ئەپستراک بۆ خەستەخانەی شاری مالمۆ دوایی پەیکەری مریەم کچێکی زنجیە لەبەردەم کتێبخانەی شاری یۆتۆبۆری، پەیکەری کۆچبەر بۆ پارکی پەیکەرەکانی ئیکەبێری لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج. ساڵی ٢٠١٨ پەیکەرێک بۆ بەردەم مۆزەخانەی شاری ئاهوس لە سوید، ئێستاش خەریکی پەیکەرێکی گەورەیە بە بەرزی ٤ مەتر لەژێر ناوی(موسیقیە ئۆمتۆمیستەکان)، ساڵی ٢٠٢٠ لە پارکێکی شاری مالمۆ دادەنرێت.لە ئەمساڵدا لەم کارگەیە پەیکەرێکی برۆنزیان بۆ (هەمینگوای) دروستکردووە، دوایی کتێبێکیش بەزمانی ئینگلیزی و ئیسپانی دەرچووە لەسەر هیمنگوای و پەیکەرەکە، دوایی ڕەوانەی کوبا کراوە تا لەشاری هاڤانا لە مۆزەخانەکەی هیمنگوای دابنرێت، لەناو کتێبەکە باس و وێنەی ناوی شوانی تێدایە، کە خۆی دەڵێت لە ئەڵەمانیاش لە ناو دوو کتێب باسی تواناکانم کراوە لە بواری پەیکەرسازی، بە وێنەوە دەڵێت ئەم کتێبانە گرنگن چونکە ئەوروپی چاپیکردووە و بۆ مێژوو دەمێنێتەوە.

پرۆژەی داهاتوویشی پەیکەری دەموچاوێک دەبێت بە بەرزی ١٠ مەتر، کە لەوە دەچێت گەورەترین پۆترێت بێت لە جیهانا، لە ئێستادا شارەوانی و حکومەتی سوید لەگەڵ کارگەی ڕۆسنگرێنز خەریکی پلانی دروستکردن و گفتوگۆی بودجە و تێچوونەکەی دەکەن، چونکە وەک شوان دەڵێت کارێکی لەم جۆرە پێویستی بە پارەیەکی یەکجار زۆرە دەشڵێت هیوادارم ئەم پۆژەیە سەربگرێت بۆ بیۆگرافی و ئەزموونی خۆم باش دەبێت. شوان کەمال بێجگە لە پرۆژە و کاری هونەری خاوەنی ٣ پێشانگەی تایبەتی هونەری پەیکەرسازییە و بەشداری گەلێک پێشانگەی هاوبەشی کردووە، لە کوردستان و عێراق و ئەوروپا و جیهان، گەلێک خەڵاتی هونەری وەرگرتووە.

بڕوانە لاپەرە 16

هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد

شوان کەمال هونەرمەندێکی کوردە لە بواری هونەری پەیکەرسازی ساڵی ١٩٦٧ لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان لەدایک بووە. لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی پەیکەرسازی خوێندوە لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ ساڵی ١٩٨٧ بڕوانامەی دبلۆمی بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی کوردوستان وەرگرتووە، دوای ئەوە دریژەی بە خوێندنی هونەری پەیکەرسازی داوە لە ئەکادمیای هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٩١ بەکالۆریۆسی بە پلەی نایاب وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠١٨ لە وەزارەتی خوێندنی باڵای سوید لە شاری ستۆکهۆڵم بڕوانامەی تایبەتەمەندییتی لە هونەری پەیکەرسازی پێبەخشراوە. دوای ڕاپەرین شوان کەمال بۆتە مامۆستای پەیکەرسازی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک پرۆژەی هونەری پەیکەرسازی ئەنجامداوە، لەوانە پەیکەری تۆفیقی کارەبا لە شاری هەڵەبجە، کە(قوربانی چەکی کیمیاویە)، پەیکەری حەمەسەعی ئەندازیار بۆ فەرمانگەی کارەبای سلێمانی، پەیکەری شەهیدانی چیمەن لە فولکەی خانەقای سلێمانی، پەیکەری خاڵە حاجی لە فولکەی خاڵە حاجی دوایی پەیکەری رۆژنامەنوسی ئەڵەمانی گادگروس و بەختیار عەسکەری، کە (لە ڕاپەرینەکەی کەرکوک شەهیدکراون) و گەلێک کار و پرۆژەی هونەری دیکە، دوای تێکچوونی باری سیاسی و ئابوری کوردوستان و هەڵگیرسانی شەری ناوخۆ، شوان کوردستان بۆ یەکجاری جێ دەهێڵێت لە ساڵی ١٩٩٤. لە شاری ئەسینا لە وڵاتی یۆنان دەست بەکاری هونەری و پەیکەرسازی دەکاتەوە، لەوێ کۆمەڵێک کاری سەر بەردی مەرمەر دروستدەکات بۆ وەرشەیەکی پەیکەرسازی.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هونەرمەند بڕوانە:

https://www.facebook.com/shwan.kamal.56/photos_albums?sk=wall&lst=100001818168085%3A1037807343%3A1574118329



تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

30 November . 2019 Nummer. [81]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– کوڕی سەرۆکی پێشوتری ئەڵمانیا کوژرا.. ل 2 – ئایا ستراتیژ چییە.؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟. بەشی سێیەم – بیری ستراتیژی فەریق ڕۆکنیخانەنشین.. محەمەد نەجمەدین.. نەقشبەندی ل 3 . – کورتەیەکی پێویست لە مێژووی مۆسیقای جیهانی– نووسینی: سەلاح ڕەئووف ل,4 و ل 5،

– داخۆ دوای خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە پاروی بەروبومی تورکی بەقوڕگدا دەچێتە خوارێ؟ بەکرشوانی ل 6 – گۆشەی 33 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین– دەو ل7. – دواڕۆژی کورد لە عێراق سیستاندا– نووسینی: دکتۆر حەماد قادر –ل 8

– بەشی شەشەم و کۆتایی زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان– وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری کەریم، ل9 .
– دەربارەی کتێبی هەزار ئاە و هەزار یاخیبوون– وەرگێڕانی سەفوەت ڕەشید سدقی. ل10 .

– چەمکی تەنیایی..... گۆشەنشینی لەمەڕ ژەنەڕاڵی پایز(4)– گۆران مەریوانی ل، 11 و ل 12..... .....
– کێ سالە شێتی کوشت؟ ڕۆمانێک بۆ پڕکردنەوە و ژیانەوەی گێژانەوەی کوردی– نووسینی: فاروق هۆمەر–کەنەدا ل 13
– چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد لە تاراوگـــە ل 14.

– عێراق و کۆتایی سیاسەت– نووسینی: دکتۆر مەریوان قانع. ل 15.
– دەربارەی هونەرمەندی شێوەکاری هۆڵەندی فرانس هاڵس و چەند تابلۆیەکی، ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

30 November 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 81
81 ی 30 ی نۆڤێمبەری 2019

کۆڕی سەرۆکی پێشوتری ئەڵمانیا کوژرا

سوریەک لەسەر کارێکی نەشیاو دەستگیرکرا

پێڕێ لە وێستگەی شەمەندەفەر" بانهۆف"ی شاری کالسرۆی باشوری وڵات هاوڵاتیەکی پەنابەری سوری ٢٣ ساڵ چۆتە بەردەمی دووژنی گەنج و بە بزاوتنی نەشیاو جوڵەی سەیرو سەمەرە زەکەری خۆی دەرهێناوەو لێیان نزیک بۆتەوە، دوژنەکە بەپەلە ڕایان کردوە بۆلای پۆلیس ودەستبەجێ دەستگیرکراوە.

بۆ بەکرێگرتنی شوقەیەک 1749 داواکار هەیە

دوێنێ تەلەفزیۆنی RBB ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، سەبارەت بە گرانی و قەیرانی کرێی و خانوو و شوقەقە لە بەرلینی پایتەخت و باسی لە شوقەقەیەکی دوو ژووری کرد لە شونبێرگ، کە کرێکەی ٥٥٠ یۆرۆ بووە، خاوەنەکەی لە ڕۆژنامە بڵاوکردۆتەوە، کە بەکرێی دەدا و ڕۆژێکی داناوە بۆ ئەوانەی مەیلیان هەیەو بچن ببینن، لەو ڕۆژەدا ١٧٤٩ کەس هاتۆتە سەیری شوقەقەکە و بۆتە هەڵا و هۆریا و کابرای کرێچی بەبڵندگۆ قسەی لەگەڵ کرێچیەکان کردووە و ئەو ناوە هەمووی توشی شۆک هاتوون.

دووکەس ٣٠ ملیۆنیان لە تیروپشک بردەوە

هەینی ڕابردوو دوو هاوڵاتی ئەڵمانی هەریەکە و ٣٠ ملیۆن یۆرۆیان لە یانەسیبی ئەوروپی بردەوە، کە یەکێکیان لە هەرێمی هێسن و ئەوی تریش لە بایەرن بوو، چواری تریش هەر لەئەڵمانیا هەریەکە و ٣ ملیۆنان بەدەستهێنا و بۆ کڕینی کارتەکەش تەنها ٢٠ یۆرۆیان دابوو.

بڕوانە ل 7

کۆڕی سەرۆکی پێشوتری ئەڵمانیا کوژرا

Der Sohn des Ex-Bundespräsidenten Richard von Weizsäcker wurde bei einer Messerattacke in Berlin getötet.

هەفتەی پۆلیسی بەرلین ئاشکرایکرد، کە هەفتەی ڕابردوو کە د. فریتس ڤۆن ٥٩ن ساڵ کوڕی" ڕیتشارد ڤۆن فایتسکەر" سەرۆکی پێشوتری ئەڵمانیا (١٩٨٤ تا ١٩٩٤) لەکاتی وتنەوەی موحازەرەیەک لە خەستەخانەی شلوسبارگی بەرلین، لەلایەن چەند کەسانێکی نەناسراوەوە پەلاماردراوە و بەچەقۆکوژراوە، لە کاتی بەرگریکردنی چەند ئامادەبوویەکیش لەو دکتۆرە کەسێکی تریش بریندارکراوە، بەم بۆنەشەوە مێرکل خەم و پەژارەی خۆی دەربڕی.

لەفەی دۆنەر ساختەی تێدا دەکرێت

دەزگای پاراستنی مافی بەکارهێنەری ئەڵمانیا ئاشکرایکرد کە ساڵی پار لەکۆی پشکنینی ١٢٠٠ چێشتخانەی لەفەی گەسی دۆنەر بۆیان دەرکەوتوە کە یەک لەسەر سێیان ساختەکاری تێدا دەکەن لەپێکهاتەکانی وەک ئەوەی گوایە گۆشتی مریشک یان ئاژەڵە کەچی شتی تری تێکەڵ دەکەن وەک پەتاتەو چەوری وگۆشتی قەل کە هەرزانە، شایانی باسە ئەنجێلا مێرکل زۆر حەز لە دۆنەری تورکیەو لەمێژە هەموو هەفتەی جارێک دۆنەرێک دەخوات.

ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟

نووسینی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی سێیەم- بیرکردنەوەی ستراتیژی

لەڕابردوودا و جیهانی ئەمڕۆ و بێگومان سبەیش، بەگوێرەی **بیرکردنەوەی ستراتیژی** زۆربەی داواکارییەکانی کەمتر نابن لە ڕووداوەکانی وەک (داعش) "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام" لەساڵانی ٢٠١٤ و پێشتریش، جەنگەکانی (عێراق – ئێران و عێراق – ئەمریکا)، " گەردەلوولی بیابان" و ئابڵوقەی ئابووری و عێراق – ئەمریکا، "پرۆسەی ئازادی عێراق" لەساڵی ٢٠٠٣ و ...هتد). لەگەڵ ئەوەی ئەوانەهەمووی و بیرخستنەوەی بەئازارن، بەڵام بەداخەوەئێمەهێشتا نەگەیشتوینەتەئاستێک، کەبتوانین ستراتیژێکی گونجاو بۆ خۆپاراستن و خۆبەدوورگرتن لەهۆکارەکانی جەنگمان هەبێت، یان لانیکەم خۆپاراستن بۆکێشەو ڕووداوەکان داربڕێژین، تا خۆمان بەدووربگرین لەخوێنڕشتن، کێشەی ئابووری و تێکچوونی ژیرخانی وڵات و پێکهاتەی کەسایەتی، کەچارەسەرکردنی زۆر گرانە، لەماوەیەکی کورتدا. بەڵێ هەموو جیهان بەشێوەیەکی گشتی بەشێوازێک ئاڵۆز بووە، چەندین هەڕەشەو گرفت بەدیاردەکەون، هەندێکیان هەڵقوڵاوی وڵاتەکانی دەوروبەر و هەندێکی تریش، ئەوەیە کە، لەیاریزانەجیهانییەکان نین (لاعبین غیر دولیین) لەناوخۆ و دەرەوە. ئەمڕۆ ململانێ نەتەوەییەکان هەڕەشەن بۆ سەربناغە و بەها مرۆییەکان. ڕێکەوتنی باندەکان بۆ مادەی هۆشبەر، تاوانی ڕێکخراو لەناوخۆی وڵاتدا، ئەوانەی وڵات دەکەن بەپرد بۆ پەڕینەوە، ئەوانەی خزمەتکارییان دەکەن، دزینی پارەو سەروماڵی گشتی، گەندەڵی، ئەمانە هەموویان هۆکاری لاواز کردنی حکومەتەکانن و هێرشن بۆ سەر ئابووری وڵات.

ڕێگەپێشاندانی مرۆڤەکان بەنایاسایی کۆچبەکەن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، بەرەنگاربوونەوەیەکی بەها بەرزەکانی ڕەوشتە و دەبێت هەست بەوەبکرێت، کە بوونی کەسانی بە ئەزموون و بە تەمەن دوای جەنگی سارد پێویستن، گرفتی دابەزینی پلەی گەرما و کاریگەری بۆسەر ژینگە و تەندروستی هاوڵاتیان و و ئایندە.

چۆنەپێشەوەی بیرکردنەوە لە ئابووری، هەروەها گرفتی دابەزینی ئاستی خوێندن و زۆری ڕێژەی بێکاری و نەبوونی کەرتی تایبەت، هەموو ئەمانە هۆکاری نەرێنین و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئابووری وڵات دەبێت.

ئەم بابەتانە هەندێکن لەگرفتەکان و تێمان دەگەیەنێت، کە "لەو وڵاتانەی کە دەبێت بەرەنگاربینەوە، ڕوانینێک **و بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی** لە ئارادا نییە"، ئەم باوەڕە وایلێکردم، کە حەز بەلێکولینەوەیەک بکەم، لەبابەت ستراتیژدا لەسەدەی ٢١ دا.

هەروەها هەندێک گرفت هەن، کە ئەگەر بە وریایی ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەوانەیە مەترسی پێشبینی نەکراو پیشان بدەن، بۆ وڵاتەکانی ئەم هەریمە و خەڵکەکانی و ڕەنگە هەموو وڵاتانی جیهان بگرێتەوە. دیارترینیان ئەنجامی تەقینەوەی تەکنۆلۆژیا و لیزانینی هونەریین (Know–how). هێرشەکان بۆ سەر تۆڕەکانی ئینتەرنیت، کە دەتوانن هەموو کێشە سیاسی، سەربازی، ژێرخانی ئابووری نەتەوەیی، لەگەڵ سەلامەتی جیهان، خۆشگوزەرانی خەڵک بخاتە مەترسیەیەوە.

زۆرکردن لە بوونی بایۆلۆجی، کیمیایی، ڕادیۆلۆجی، تەکنۆلۆجیای ناوەکی و پەیداکردن لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکان، ناسراو بە وڵاتە سەرپێچیکارەکان "Rouge–States"، یان ڕەنگە تەنانەت تاکەکەس بتوانێت مەترسی بخاتەسەر زۆر خەڵک و تەنانەت کۆمەڵگاش. ئەم گرفتانە ڕاستەقینەن و بوونیان هەیە و خواستن و لە ئایندەشدا، سەرنجی وریا و بیرکردنەوەی بەرنامە داڕێژراوی پێویستە، ئەگەر خواستی بەرگری کردن هەبێت، پیش ڕووداتی کارەساتەکان. هەروەها پێویسە کە وڵاتەکەمان لەگەڵ وڵاتانی تر هاوکاربن، لەگەڵ حکومەتەکان یان لەگەڵ تاک، کە ئامادە و ڕەزامەندی هەبێت، بۆ بەشداریکردن لە هەوڵەکان بۆ بونیاتنانەوەی شار و بنیاتنانەوەی ژێرخانە تێکدراوەکان، یان ڕوخاوەکان و داموەدزگای پەروەردە و خویندن و تەندروستی...هتد. بەکورتی، گرفتی ئەمڕۆ و سبەی پێویستی دەبێت بە داڕشتنی ستراتیژێکی گونجاو، ئەگەر ئێمە بمانەوێت سەرکەوتوو بین لە پاراستنی بەها و دامەزراوە نەتەوەییەکانمان.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لە بابەت زۆری کێشەکانمان قسەبکەین، دەبینین زانکۆ و کولێجەکان **ستراتیژناسەکان بەرهەم ناهێنن**، تەنانەت لە دامەزراوە باڵاکانی پەروەردەیی سەربازی، زۆربەی کات خوێندنی ستراتیژی، دەگۆڕدرێت بۆ خوێندنێکی تایبەت، هەندێک بیرمەندی ستراتیژی مەزن لە میژوودا، شان بەشانی خویندنی کرداری ئاسایشی نەتەوەیی (هەردوکیان پێویستن، بەڵام بە پێوەر و بەرنامە)، نەک شیکردنەوەیەکی وا کە ئامانجی ڕاهینانی ستراتیژ ناسێکی تەندروست بێت.

ئەگەر بمانەوێت بەسەرکەوتوویی مامەڵەبکەین لەگەڵ کێشەکانی ئایندەدا، دەبێت **بیرکردنەوەی ستراتیژی** بە گوێرەی وردی و چۆنییەتی و پێویستییەکانی سەرکردەکانی وڵات بێت.

ماوێتی

کورتەیەکی پێویست لە میژووی مۆسیقای جیهانی- نووسینی: سەلاح ڕەئووف

کۆرت زاکس دەڵێت :(گۆرانی لە چاو ئامێرەکانی مۆسیقادا کۆنتر و لە پێشترە)، چونکە ئەو گەلانەی زۆریش دواکەوتوون، بەبێ ئەوەی شتێک دەربارەی مۆسیقا بزانن، کەچی خاوەنی ئاواز و گۆرانی خۆیانن .لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەر بە منداڵی و لەسەرەتای زمان پژانیەوە کاتێک ئەکەوێتە گرۆگاڵ، وردە وردە ئاوازی پچڕ پچڕ ئەچڕێ، تاکوو فێری وشەی گونجاو ئەبێت و چەندین ئاواز لای کۆئەبێتەوە، بەبێ ئەوەی تاکە ئامێرێکی مۆسیقای سەرەتاییش بزانێ.

منیش دەڵێم....گەر ئەو ئاوازە پچڕپچڕانەی ئادەمیزاد سەرەتا بێت بۆ زمانی ساز و ئاواز، ئەی ناتوانین بڵێین پێش ئەوەی کە ئادەمیزادیش دروست بووبێت، سرووشت دروست بووە و هەندێ جار بە هۆی لەرینەوەی تەنێکەوە، جا بە هۆی کارەساتێکی سروشتییەوە بێت وەکوو باو بۆران و هەورە تریشقە و دیاردە سروشتییەکانی تریش، چەندین ئاوازی لەو جۆرە پچڕ پچڕانە هاتوونەتە کایەوە یان دروستبوون .بۆیە من لای خۆمەوە وای بە باش ئەزانم کە بڵێین :دیاردەی دروستبوونی ساز و ئاواز و گۆرانی هەریەکەیان پەیوەستی دروستبوونی دەنگ پەیداکەرەکەیەتی .ئەو ڕاستییەش ئەوە ئەیسەلمێنێت کە دروستبوونی سروشت پێش دروستبوونی ئادەمیزادە .بۆیە من وای بە ڕەوا ئەزانم کە دروستبوونی ئاوازی مۆسیقا و بگرە ژاوەژاویش پێش گۆرانی بن .دیارە دوای پەیدابوونی ئادەمیزاد زمانی ساز و ئاواز لەگەڵ پێشکەوتنی میللەتانی سەر ڕووی زەمیندا پابەندی ئەو پێشکەوتنەیان بووە، تا هاتۆتە ئەوەی لای هەندێک لە میللەتان پێش لە میللەتانی تر یاسا و ڕێسا بۆ مۆسیقا پەیدا ببێت .لای هەندێ لە میللەتان بە ئەندازەی پێشکەوتنی خۆیان فۆرمی مۆسیقا و گۆرانی جۆراوجۆر هاتە کایەوە .لە هەمەن ساتیشدا لای میللەتانی دواکەوتوو هەر بە شێوە سادەییەکەی خۆی ماوەتەوە و بگرە کاری زۆر بە پێزیشیان فەوتاوە و لە دەست چووە .

سەبارەت بە دۆزینەوە و دروستکردنی ئامێری مۆسیقا لە ژیانی ئادەمیزاددا مشتومڕی هەمەجۆر هەیە، کە تەنانەت هەندێکیان جێی متمانە نین و تەمێکی ئەفسانەییان بەسەرەوەیە .لەو ئەفسانانە ئەفسانەیەکی چینی هەیە دەڵێت :)باڵندەیەکی نەناسراو ڕێنوێنی مرۆڤی کردووە، بۆ دۆزینەوەی ئامێری مۆسیقا .(یان دەڵێن :لامک کە بە چەند پشتێکی ئەچێتەوە سەر ئادەم، یەکەمین کەسێکە کە ئامێری عودی دروستکردووە و، یۆپاڵ و تۆپاڵیش کە هەردووکیان کوڕی ئەو بوون، پەییان بە دۆزینەوەی مۆسیقا بردووە و ئامێرەکانی)عود، تەپڵ، دەف(یان دروستکردووە .موسای پەیامبەریش ئەفەرموێت :تۆپاڵ لە پێش تۆفانەکەی حەزرەتی) نووح(دا ژیاوە و ئەو باوکی هەموو نەیژەن و عودزانێکە) .نووح(یش خۆی یەکەمین کەسێکە کە مۆسیقای بەکاربردووە .ئەو عودی دروستکردووە و ئاوازی پێ دەرهێناوە، بەڵام ئەو عودە لە تۆفانەکەدا لەناو چووە، لە ڕۆژگاری) داوود (پێغەمبەردا دۆزراوەتەوە و چاکراوەتەوە و بەکارهێنراوە) .هـ .ج .فارمەر)

شارەزاکانی مێژووی مۆسیقا لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری مۆسیقا بە قوڵی چوونەتە بنج و بناوانی، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاکامێکی یەکجاری و دڵنیاکار .هێندێک دەڵێن وڵاتی هیندوستان لانکەوازی مۆسیقا بووە .هێندێکی تر دەڵێن وڵاتی بابل کە جێگەی جادووگەری و زانست بووە .هێندێکی تر دەڵێن مۆسیقا لە وڵاتی میسر لە دایک بووە .هێندێکی تر لەسەر ئەوە سوورن کە وڵاتی) ئێرانە(، چونکە لانەی سیحر و جادووگەری بووە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە گەیشتۆتە وڵاتی یۆنان و دوای ئەوانیش گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپا .عەرەبەکانیش لە سەردەمی داگیرکردنەکانی ئیسلامدا)گام (پەیژەی مۆسیقایان هەر لەوێوە وەرگرتووە .هەروەها تورکەکانیش بنەمای مۆسیقایان هەر بۆ ئەوێ ئەگەڕێتەوە .عیبرانییەکانیش لە دێر زەمانەوە خاوەنی مۆسیقای خۆیان بوون و گرنگی زۆریان پێداوە و گەلێ ئاوازی بەسۆز و دڵگیریان داناوە، کە لە کۆڕی ئاینیدا وتویانە .لە)تەورات(یشدا ناوی هەندێک دانەری مۆسیقا و دەنگخۆش و ئامێری مۆسیقا هاتووە، لە دەنگخۆشەکانیان ناوی) داوود (پێغەمبەر و سلێمان)هاتووە. فیرعەونەکانی میسریش لە داب و دەستوری خۆیاندا سێ جۆری ئامێری مۆسیقایی) ژێدار و تەپڵ و فووکار(یان بەکاربردووە .لە فەرەنساش ئەشکەوتێک هەیە پێی دەڵێن)لانەی نۆتۆن(، هەندێ ئامێری ساکاری مۆسیقاییان تیا دۆزیوەتەوە، کە یەکێکیان فیکە فیکێکە لە ئێسکی لولاقی بزن دروستکراوە.

بەڵام ئەوەی بە نووسین وەکوو سەرچاوەیەکی ڕوون لەبەر دەستدا بێت، نووسینی یۆنانییەکانە، کە هەردەم شیعر و مۆسیقایان هاوڕێ و هاوکاری یەک بوون .شیعرەکانیان بە هاوکاری و یارمەتی ئامێری مۆسیقایی تار)تەمورە (خوێندووە . هەرچەندە مۆسیقا لە سەرەتادا تەنها بۆ ڕاگرتنی ڕەزمی) ریتم (بەکارهاتووە و بەو پێشکەوتنەی ئێستا نەبووە، تەنها دابونەریتێکی سەرەتایی بووە، کوتومتیش لە دابونەریتی ئاینی (زەرتووشت)چووە.

بروانە لاپەرە 5

پاشماوەی- کورتەیەکی پێویست لە مێژووی مۆسیقای جیهانی- نووسینی: سەلاح ڕەئووف

A , B , C , D , E , F , G

De complete hymmne–tekst luidt:

Ut queant laxis – Resonare fibris

Mira storum – Famuli tuorum

Solve pollute – labii reatum

Sancte Ioannes

دوای ئەم ئیتر زمانی ساز و ئاواز بەرە بەرە لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی گەلاندا پابەندی پێشکەوتنیان بووە . لەسەر بیروڕاکەی کۆنفۆشیۆس کە دەڵێت) :گەر ئەتەوێ ڕادەی شارستانی هەر میللەتێک بزانیت، گوێ لە مۆسیقاکەیان بگرە .(سەدەی شازدەهەم بە سەدەی زێڕین و وەرچەرخان ناسراوە، لەبەر پەیدا بوونی فۆرمی جۆراوجۆری مۆسیقای وەکوو:

کۆرالCoral_ ، مادریجاڵMadrigal, _ئۆپێراOpera_ ، کانتاتاCantata_ ، ئۆراتۆرێۆOratorio_ ،لییدLied_ ، فۆگاoverture_ ، پرێلیۆدPrelude_ ، دیسان سۆناتاSonata_ ، کۆنسێرتۆConcerto_ ، سیمفۆنیSymphony _و چەندین فۆرمی مۆسیقای هاوچەرخ، کە بە دەست و پەنجەی مۆسیقازان و مۆسیقاناسانی بلیمەتانی وەکو: و باخ، هاندڵ، هایدن، مۆتزارت، ڕۆسینی، بیتهۆڤن، شۆبەرت، شۆپان، پرامز، ڤاگنەر، کۆرساکۆف، چایکۆفسکی، شتراوس و خاچادۆریان و چەندانی تریش، کە تا ئێستاش کارە هونەرییەکانیان لە گوێی ئادەمیزاددا ئەزرنگێتەوە .بەڵام سەیرکە ئەم ناوە بلیمەتانە تەنها هەر لە مۆسیقای ڕۆژئاواییدا هەن، تەنها چەند کەسێکی وەکوو کۆرساکۆف و خاچادۆریان نەبێت، کە لەسەر مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی هەژمار ئەکرێن .بەڵام بەداخەوە دیسان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگرێتەوە . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە میللەتی کوردیش وەکوو میللەتانی تری سەر دنیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی هیچ نەبووبن . بەڵکوو ئەتوانین بڵێین کە تاوانی دیار نەبوونی کەلتوری مۆسیقای کوردی لە ئەستۆی گەردوون و مێژوویدایە .دیار و ئاشکرایە کە میللەتی کورد لە دێرزەمانەوە گیرۆدەی دەستی داگیرکەران و دوژمنانییەتی، کە هەردەم نەیان هێشتووە هیچ کاتێک میللەتی کورد ئاهێکی بەبەردا بێتەوە .هەرچەندە من بە زیرەکی و ئازایەتی ئەزانم کە تائێستاش کەسی کورد توانیویەتی سنگاوسنگ بەهۆی کەسانی بلیمەتی وەکو زیرەک و ماملێ و ئەزغەرو سێوە و مەردان و خالقی و ڕەزازی... هتد .کەلتوری خۆی بپارێزێت و لە دواییدا ئەمە دەسەلمێندرێت.

هونەری مۆسیقا دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیح لە وڵاتانی ئەوروپادا زیاتر گەشەی سەند و زەمینەیەکی لەبارتری بۆ لووا، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری قوستەنتینی ئیمپراتۆردا، کە لە ساڵانی312 ی زاینیدا ئازادی بە دیانەتەکان دا کە دەستوری ئاینی خۆیان بەجێ بهێنن . لەو سەردەمەدا سروتێک دەرکەوت، کە سۆز یان مونا‌جاتێک بوو، بە شان و شکۆی یەزداندا بێژرابوو، تەنها بە دەنگی ئادەمیزاد دەبێژرا و ئامێری مۆسیقایی لەگەڵدا بەکارنەدەبرا.

ئەو جۆرە نەریتە بەردەوام بوو تا سەردەمی پاپا گریگۆری گەورە، تا لەسەردەمی ئەودا و بە دەرکەوتنی **جیدۆ ئەریتزۆ** لە (990_1050)ی زاینی کە ڕەبەنێکی دییان بوو، گرێ کوێرەی لە زمانی مۆسیقادا کردەوە، کە تا ئەمڕۆش جێ پەنجەی دیارە . ئەویش بە دانانی سروتێک کە تەواوی هەر حەوت پلە دەنگییەکەی مۆسیقایی تیا دەستنیشان کرد، کە بۆ) جان پاتیست(ی قەدیسی دانا، بەو جۆرەی کە لە سەرەتای هەر بەیتێکی شیعرەکەیدا، بە یەکێ لەو پلە دەنگییانەی مۆسیقا دەستی پێئەکرد .بە واتای هەر حەوت پلە دەنگییەکانی) ئوت)دۆ _ (ڕێ _ مێ _فا _سۆڵ _ لا _ سی (بەکارهێنا .هەرچەندە ئەم وشانە خۆیان سەربەخۆ هیچ مانایەکییان نەئەبەخشی تەنها ئەوە نەبێت، کە یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆ دەستنیشانکردنی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا لە پلەی نزمەوە بۆ پلەی بەرز .هەرچەندە ئێستا لە باتی ئەو حەوت پلە دەنگییانە لای هەندێک لە گەلانی جیهان بەتایبەتی ئینگلیز، بۆ ناو بردنی ئەو حەوت پلە دەنگییە، پیتەکانی زمانی لاتینی بەکار ئەهێنرێن .

دێرە شیعرەکانیش بەم جۆرە بوون :

داخۆ دوای خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە پارووی بەروبومی تورکی بە قوڕگدا دەچێتە خوارێ؟

چیرۆکی سووتاندنی فیدایی کوردستان شەعبانزادە موشلو حلمی یلدرم و هاوڕێکانی دڵۆپێکە لە زەریای ئەو تاوانانەی کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی و پاشان دەوڵەتی تورک لە ٩ سەدەی ڕابردوودا لە دژی کورد و نەتەوەکانی تر ئەنجامیان داوە.

مێژوونووس سەدات ئولوگانا لە کتێبی "فیدایی کوردستان موشلو حلمی یلدرم کە لە ڕێی چوونیدا بۆ بەهاناوەچوونی سەید ڕەزا سووتێندرا"دا تابلۆیەکی پڕ لە شانازی و هەمان کات خەمگینی کۆتایی دەیەی سێیەمی سەدەی ڕابردوو دەخاتە بەرچاومان.

حلمی یلدرم ئەفسەرێکی پایەبەز بوو لە سوپای عوسمانی و دواتریش سوپای کۆماری تورکدا و هەمان کات ئەندازیاری ئەلەکتریک و ئەلکترۆن بوو. لەبەرئەوەی خوولیای ڕزگاریی گەل و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لە سەردا بوو و بۆی دەرکەوت دەوڵەت نیازی بەرامبەر بە کورد خراپە، هەڵهات و ڕووی لە شام کرد. لەوێ پەیوەندی کرد بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی خۆبیبوونەوە و زیاتر لە بواری کاری ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی گەلدا چالاک بوو. ساڵی ١٩٣٧ لە قامیشلو گرووپێکی ١٨ کەسی بە سەرۆکایەتیی حلمی یلدرم پێک دێت بەمەبەستی بەرێکەوتن بەرەو دەرسیم بۆ بەهاناوەچوونی سەید ڕەزای سەرکردەی شۆڕشی دەرسیم.

ئەم گرووپە لە کادرە پێشکەوتووەکانی شۆڕشی ئارارات پێک هاتبوون و یەکێک لە بەشداران شێخ عەبدول ڕەحمان پیرانی برای شێخ سەعیدی پیران بوو.

لە ڕاستیدا بەشی زۆری ئەندامەکانی گرووپ کوردی سوونی بوون، ئەمەش پرۆپاگەندە ڕەشەکانی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی تورکی بە درۆ دەخستەوە، کە وای پێشان دەدا گوایە ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێوان کوردی سوونی و کوردی عەلەویدا هەیە.

ئەندامانی گرووپ شەوی ٨ی تەموزی ١٩٣٧ بە چەک و پێداویستیی سەفەرەوە لە نوسێبینەوە بەرێنەوە باکور و دوای ٩ ڕۆژ گەیشتنە گوندی سەلات لە نزیک ناوچەی بسمیلی نێوان ئامەد و دەرسیم. ئەندامانی گرووپ بۆ خۆپاراستن لە چاوی دوژمن، بە ڕۆژ پشوویان دەدا و بە شەو ڕێیان دەکرد.

لەو دەوروبەرە هەندێک گوندی تورکی مەکەدۆنیایی هەبوون کە دەوڵەتی تورک لە کۆتایی ساڵانی ١٩٢٠ بەمەبەستی بە تورککردنی کوردستان لە جێی کورد ئاوارەکان نیشتەجێیانی کردبوو. یەکێک لەو تورکانەی مەکەدۆنیا بەناوی باسوخ دەمەو ئێوارە لای گوندی سەلات گرووپی فیداییانی کوردستان دەبینێت و یەکسەر خۆی دەگەیەنێتە نزیکترین قەرەقۆڵ و هەواڵ دەدات. لە ماوەیەکی کەمدا هێزێکی زۆر لە دەرسیم و ئامەد و چەند ناوچەیەکی ترەوە دەگەن و گرووپی فیداییانی کوردستان گەمارۆ دەدەن. ڕۆژ و نیوێک شەڕ بەردەوام دەبێت. ناوچەکە دەشتاییە و وەرزی درووێنە بەسەرچووە. تورکەکان بۆ ئەوەی بەزوویی کۆتایی بە شەڕەکە بهێنن، ئاگر لە پەرێز و پووشەڵانەکان بەردەدەن و بەو جۆرە حلمی یلدرم و فیداییانی هاوڕێی هەر هەموویان دەسووتێن و دەبن بە خۆڵەمێش. حلمی یلدرم لە یەکێک لە بەیاننامەکانیدا ڕوو لە دەوڵەتی تورک دەڵێت: "بۆ پچڕاندنی زنجیری دیلیتان لە پێماندا تا دواین کورد دەجەنگین". سەروەری پاکڕەوان شەعبانزادە موشلو حلمی یلدرم ڕاستی فەرموو، چونکە ئەوانەی کە لەم سەردەمەدا لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ پچڕاندنی زنجیری دیلی تێدەکۆشن، ڕوحی ئەو و هاوڕێ فیداییەکانێتی کە وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی ئەواندا زیندوو بوونەتەوە و هەڵساونەتەوە.

سەرچاوە: کتێبی ئاماژە بۆ کراو (وێنەی هاوپێچ):

لەم لینکەدا کورتە ڤیدیۆیەک بە زمانی تورکی دەربارەی ئەم بابەتە هەیە:

https://www.youtube.com/watch?v=3sWBr_vXgG8&feature=youtu.be&fbclid=IwAR1y0PLLpRfH2i9ofpUyy41eZdTAfQxESdastTYTZnZEOUej0tdKAeVpqfY

گۆشەی 33 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

دوێنێ هەینی ڕەش بوو

دوێنێ " هەینی ڕەش" Black Friday ی پێ دەڵین، ئەو ڕۆژە لەهەموو بازاڕ و سوپەرمارکێتێکی ئەڵمانیا تایبەت بەکەرەستە و جلوبەرگ وپێداویستی ماڵ داشکاندنی لە ٢٠٪ تا ٧٠٪ هەیە و جموجۆڵێکی زۆر دەکەوێتە ناو بازاڕ و خاوەن دوکانەکان، کاڵا و شمەکەکانیان بەرێژەیەکی باش دادەشکێنن و بەهۆی پڕ فرۆشیەوە قازانجێکی زۆر بەدەست دێنن.

شایانی باسە لە ساڵی ١٨٦٩ دا، بازاڕی ئەمریکادا تەپی و زیانێکی زۆری بەرکەوت و نرخەکان زۆر دابەزین، بۆرسەی ئەو وڵاتە ئەو کات بەدەست و قەڵەم دەنوسراو ڕادەگەینرا، زیانەکان بەڕەنگی سور و قازانجەکانیش بەڕەش دەنوسران و هەڵدەواسران، هەینی ڕەش بەمانای ئەو قازانجە دەهات، کە بازرگانەکان بەدەستیان دەهێنا، لەوساوە لە ئەمریکا لەو ڕۆژە داشکاندن بۆ کاڵاکان دەکرێت و بۆتە ڕۆژێکی بازرگانی گەورە و بەناوبانگ، ووردەوردەش بە وڵاتانی تردا بڵاوبۆتەوە، ئێستا لە بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و نەرویج و بەرازیل و ڕۆمانیا و هیندستان و مەکسیک و ئیمارات بۆتە باو.

سێ شاری ئەڵمانیا زۆر بەرهەمهێنن

بەپێی توێژینەوەیەکی پەیمانگای ئابوری ئەڵمانی WI گۆڤاری هەفتەی ئابوری و پێگەی ئینتەرنێت" سکوت ٢٤، هەرسێ شاری "میونشن، شتوتگارد و بەرلین"، وەک سێ شاری ئەکتیڤ و بەرهەمهێن دەرکەوتوون، ئەوانە زۆر دینامیکین، لە بواری جوڵە و گەشە و بونیاتنان و بازاڕدا، بۆ نموونە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس هاتوونەتە بەرلین و تیایدا نیشتەجێ بوون، شاری میونشن بۆ ئیش وکار و ژیان، بازاڕی گەرمە و دارمشتادیش بۆ هەنگاوەکانی پێشکەوتن و ئایندەی ئەو شارە لە هەموو بوارەکاندا لە ڕیزی پێشەوەدایە.

ساڵی پار زیاتر لە ١٠٠ ژن کوژراون

بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی خێزانی ئەڵمانیا، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، کە دەکاتە ١١/٢٥ ی هەموو ساڵێک، ساڵی پار لە ئەڵمانیا ١٢٢ ژن، لە لایەن پیاوەکانیان یان هاوڕێکانیانەوە کوژراون، ١٤١ هەزار حاڵەتی تووندوتیژی لە ئەلمانیادا دژ بەژنان تۆمارکراون.

بەرپرسێک داوای ئینتەرنێتی خۆڕایی دەکات

"پیتەر ئەلمایەر" وەزیری ئابوری ئەڵمانیا، لە کۆنگرەی هێڵی ئەنتەرنیت، کە ڕۆژی دوشەممە و سێشەممەی پێشوو لە بەرلین بەسترا داوایکرد، کە هەقە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ هاوڵاتیان بکرێتە خۆڕایی، چونکە بۆتە پێویستیەکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان و بۆتە مافێکی سەرەکی.

هەزاران جوتیار بەڕێپێوان چونە بەرلین

لە پێناو باشکردنی ژیانی جوتیاران و بەشداری پێکردنیان لە سیاسەتی کشتوکاڵ و باشکردنی ئەو کەرتە و یارمەتیدانیان، زیاتر لە ١٠ هەزار جوتیار بە ٢٠٠٠ تراکتۆرەوە، چوونە بەردەم وەزارەتی کشتوکاڵ لە بەرلین و لەوێ داواکاریەکانی خۆیان خستە بەردەم وەزیر، نوێنەرانی جوتیاران لەسەر مێزێک لەگەڵیان کۆبوونەوە و سۆز و پەیمانیان پێدرا، کە داواکانیان بەهەند وەربگیرێت.

مەلەوانگەی ژنانی بالاپۆش ڕەتکرایەوە

لە شاری فرانکفۆرت دەوڵەمەندێکی عەرەب، داوای مۆڵەتی دروستکردنی مەلەوانگەیەکی تایبەتی کردووە بە ژنانی موسڵمان، کە تایبەتی بکات بەو ژنانەی، کە بە باڵاپۆشیەوە دەیانەوێت مەلەبکەن، دیزاینەکەی داناوە و بڕی سێ ملیۆن یۆرۆشی بۆ تەرخان کردووە، بەڵام ئەو داوایە لەلایەن بەرپرسانی شارەکە ڕەتکرایەوە و ئەو بیرۆکەیە تووشی ڕەخنەی تووندبۆتەوە.

دواڕۆژی کورد لە عێراقی سیستانیدا- نووسینی: دکتۆر جەبار قادر

دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق بەرەو سیستەمێکی مەزهەبی تەواو هەنگاو دەنێت. لابردنی عادل عەبدولمەهدی بە فیکەیەکی سیستانی جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم دەسەڵاتەی بۆ هەموو لایەک دەرخست. ئێستا هەموو کەسێک دەزانێت نەدەستور و نەئەنجومەنی نوێنەران و نە هەموو دامەزراوەکانی تری دەوڵەتی عێراق، بەرگەی یەک قسەی سیستانی ناگرن. گروپە سیاسییەکانی شیعەی عێراق لە یەکەم ڕۆژەوە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن خەونیان بەم ڕۆژەوە دەبینی، بەڵام دەیانزانی ئامادەیی سوپای ئەمریکا لە عێراق و هەڵوێستی سوننە و کورد کۆسپن لە بەردەم ئەم خەونەیان. ئەمریکا خوا خوای بوو بکشێتەوە و لە کۆتاییدا سوپاکەی کشانەوە، سوننەش بە هۆی ناواقیعییەتی سیاسی و تووندڕەوی ناسیۆنالیستی و مەزهەبییەناوە شارەکانیان وێران کران و پێگەیان بە تەواوەتی لاواز بووە و ئەمڕۆ کۆمەڵێ هەلپەرست و خۆفرۆش نوێنەراتییان دەکەن. هەرچی کوردە خۆی بە هاوپەیمانی شیعەی ستەملێکراو دادەنا، تا کارەساتەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ قەومان و حەسەن پلایس و ئەبو عزرائیل و هەموو هاوپێشە درندەکانیان هاوپەیمانەکەی دوێنیان هەتک کرد. لە ٢٠٠٣ەوە زۆر جار ئەمەم گوتووە، کە گەورەترین هەڵەی سیاسی بەرپرسانی کورد هاوپەیمانیان بوو، لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا. هەمیشە وەڵامیان ئەوە بووە، کە کەس لە گۆڕەپانەکە نەبوو لەوان زیاتر. ئەمە دیوێکی ڕاستییەکانە، دیوەکەی تری ئەوەیە، کە ئەوان لە هەڵپەی بەدەستهێنانی دەستکەوتی بەپەلە و کاتیدا لە بەر پێی خۆیان زیاتر هیچیان نەدەبینی.

گەلێک جار لە شیعەکان زیاتر بە سیستانی و پیاوانی مەزهبیدا هەڵیاندەدا، تاوای لێهات کەس نەوێرێت ناسکترین ڕەخنە لەوەی لە مەرجەعییەتی شیعەوە کردیان بە مەرجەعییەتی ئایینی.

تەلەفزیۆنی فەرمی دەوڵەتی "عێراقی فیدیرال و پارلەمانی" دروشمی "مرجعییەتی نیشتمان"ی لە سەر شاشەکەی داناوە. ئەوەی کاربەدەستانی ئاخوندی ئێران لە دەستوردا جێگیریان کردووە و بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا سەپاندوویانە، سیستانی و لایەنگرانی دەیانەوێ لە سێبەری دەستورێکی دیموکراتیدا بەسەر گەلانی عێراقدا بیسەپێنن. ڕێژەی شیعە لە عێراق لە بەرامبەر مەزهب و ئاینەکانی تر بەو جۆرەی ئێران نیە، بۆیە ئەمان دەیانەوێ لەدەرەوەی ڕێکاری دەستوری ئەو کارە ئەنجام بدەن.

جێبەجێ کردنی خواستەکانی سیستانی بێ بەرگری کورد و سوننە وا دەکات دەسەڵاتی مەزهبی ببێتە دێوەزمەیەک کەس نەتوانێ لە بەرامبەریدا خۆی پێ بگیرێت. چەوسانەوەی نەتەوەیی و مەزهبی کورد ئەوەندەی تر پەرە دەستێنێ. عەرەبی شیعە لە دژی کورد هەمیشە زمانی هاوبەشیان لە گەڵ عەرەبی سوننەدا هەیە و دەبێ. هەستی تووندڕەویی ناسیۆنالیستی بەرامبەر کورد لە لای عەرەبی شیعە هیچی لە عەرەبی سوننە کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبێت.

بە کورتی و کوردی ڕۆژانێکی پڕ لە کێشە و بگرە و بەردە چاوەڕوانی کورد دەکەن لە باشووری کوردستان، ئەوەی لە ١٦ ئۆکتۆبەر بینیمان شتێکی ئەوتۆ نابێت لە چاویان. دەبێ کورد بەرگری لە داهاتووی خۆی بکات و شیعەکان لەوە تێبگەیەنێت کە ناکرێت مەرجەعییەتی بەشێک لە دانیشتوان بڕیار لە سەر چارەنووسی هەموو خەڵک بدات و بۆ ئەمەش داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بکات کە ڕێگری لەم ڕەوتە ترسناکە بکەن.

زنجیرەی ١١ چیرۆک بۆ منداڵان- وەرگێڕانی لە ئەڵەمانی یەوە: نوری گەریم - ئەڵەمانیا

بەشی شەشەم و کۆتایی

باشترین ژیاننامە[1]

جارێک بازرگانێک (بزنسمان) پێویستی بە هاوکارێک بو، ریکلامێکی لە رۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە. نزیکەی پەنجا لاو هاتنە پێشەوە،بزنسمانەکەش کورجوگۆڵ یەکێکیانی هەڵبژارد و ئەوانی دیکەی گەڕاندەوە.هاوڕێ یەکی بزنسمانەکە لەوێ دانیشتبو،ئەو بڕیارە پەلەیەی هاوڕێکەیی بەلاوە سەیر بو،لێیپرسی: چۆن وا خێرا ئەو لاوەت پەسەند کرد،خۆ (کورتەی ژیاننامە)[2] شی پێشکەش نەکردبو؟دەیناسیت،هیچ لەبارەیەوە دەزانیت؟ بەڵێ زۆر شت لەبارەیەوە دەزانم ، ئەو لاوە گەلێک رەوتاری پەسەندی هەیە! بەر لەوەی بێتە ژورەوە پێڵاوەکانی پاککردەوە و کەهاتە ژورەوەش درگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست.ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤێکی بەسەلیقەومشورخۆرەو بەتەنگەوە دێت. لە ئەم کاتەدا پیاوێکی بەتەمەن هاتە نوسینگەکە،لاوەکە هەر خێرا جێگەکەی خۆیی بۆچۆڵکرد، کورێکی بەڕەوشتە، جگە لەوانەش گورج و دروست وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایەوە، کەواتە ژیر و زیرەکیشە،کتێبێکم لەسەر زەوی یەکە دانابو ،ئەو هەڵیگرتەوە،سەرنجم لەوەشدا جلوبەرگی خاوێن بون و دەموچاو و رەنگوروشی رون و پاک بون.ئایا هەمو ئەمانە ئیمپفیلونگ نییە؟ ئەمە کورتەی ژیاننامەیەکی زۆر چاکترە لەژیاننامەی لاوەکانی دیکە.

١ – ناونیشانی ئەم چیرۆکە بەئەڵەمانی بریتی یە لە (باشترین رێنمایی)

Die beste Emfehlung

٢– هەرکەسێک بیەوێت لەسەر کارێک دابمەزرێت،سەرەتا کورتەیەکی ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی پێشکەش دەکات بە خاوەن کارەکە.

****

شێرێکی نەخوێندەوار[1]

ل/٤ نوسەری ئەم چیرۆکە مارتین بالتشایت صاڵی ١٩٦٥ لە شاری دیوسلدۆرف– ئەڵەمانیا لەدایکبووە،کە هەنوکەش هەرلەوێ دەژی.خوێندنی زانکۆ،بەشی دیزاینی ئابوریی تەواوکرد. ئەم چیرۆکە یەکەمینجار صاڵی ٢٠٠٢چاپ و پەخشکراوە ودواترلە ساڵی ٢٠٠٨دا، لە دوتوێی کۆبەرهەمەکانی نوسەردا،لەلایەن دەستگای چاپ و وەشاندنی مارکوس ڤێبەر بڵاوکراوەتەوە. نەڕشێرێک نەیدەزانی نامە بنوسێت،بەلام ئەوە پەست و نیگەرانی نەدەکرد،چونکە دەیتوانی بنەڕێنێت و کەلبە ترسناکەکانی ریچبکاتەوە، ئیتر لەوە پتر پێویستی بەهیچ نییە،بۆ سەپاندنی دەسەڵات ودابینکردنی پێداویستی یەکانی ژیانی رۆژانە. رۆژێک لە رۆژان، مام شێر،(خاتوشێر)[2]ێکی زۆر جوان و قەشەنگی بینی کە کتێبێکی دەخوێندەوە. مام شێرچوبەلایەوە و لێینزیکبووەوە،ئەوەندە لەبەر دڵی جوان بو،تامەزرۆی ئەوەبو ماچی بکات،بەڵام هەڵوێستەیەکی کردو بیریکردەوە.ئەوشێرە نازدارە کە کتێب دەخوێنێتەوە، بەر لەوەی ماچبکرێت، پێویستە لە نێرە شێرەکانەوە نامەی دڵداری بۆبنوسرێت،بەڵام مام شێر نەخوێندەوارە و ناتوانێت نامە بنوسێت!مام شێر ئەمە لە یەکێک لە پیاوە ئاینی یە مژدەهێنەرەکانەوە فێربببوو،هەرچەندە بەژەمێکیش خواردی!![3]

مام شێر چو بۆلای مەیمونیک و وتی: نامەیەکی خوشەویستیم بو بنوسە بۆ ئەو شێرخانمە.بەیانی رۆژی دواتر مام شێر نامەکە دەبات بۆ پۆست،بەڵام حەزیدەکرد بزانێت مەیمونەکە لە نامەکەدا چی نوسیوە، بۆیە دوا بەدوا گەڕایەوە بۆڵای مەیمونەکە،نامەکەی بۆبخوێنێتەوە. مەیمون دەستیکرد بە خوێندنەوەی نامەکە : هاوڕێی هەرە خۆشەویستم،حەزدەکەیت پێکەوە بە درەختەکاندا هەڵگەڕێین؟مۆزی زۆر بەتامیشم هەیە! سڵاوی نێرەشێر. مام شێر نەڕاندی، نەخێێێێێر، من نەمویستووە، شتی وەها بنوسرێت!نامەکەی دڕاند، ونجڕونجڕیکرد، ئینجا بەرەوخوار چوبۆ سەر روبارەکە، بۆ ئەوەی ئەسپی دەریا نامەیەکی جوانی بۆ بنوسێت. مام شێر، بۆ سبەینێ نامەکەی هەڵگرت و چو بۆ پۆست، بەڵام حەزیکرد بزانێت ئەسپی دەریا لەنامەکەدا چی نوسیوە بۆ خۆشەویستەکەی. بەڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە ونامەکەی خستە بەردەم ئەسپی دەریاو گوتی:هاوڕێ دەمەوێت نامەکەم بۆ بخوێنیتەوە. ئەسپەکە بەمجۆرە نامەکەی خوێندەوە: ئازیزترین هاوڕێ،حەزدەکەیت پێکەوە لە روبارەکەدا مالەبکەین وناخ ئالگن تاوخن؟ ئەوە زور خوشە!سڵاوی نێرە شێر. مام شێر نەڕاندی نەخێێێێێرمن گەرەکم نەبو شتی وەها بنوسیت. ئێوارەی هەمان رۆژ قالۆنچەیەک لەو ناوە بو،گوڕیدایە خۆی و بەنوسینی نامەکەوە ماندو بو،عەترێکی بۆنخۆشێشی کرد بەسەر کاغەزی نامەکەدا. مام شێر ئەم نامەیەشی هەڵگرت و رویکردە پۆست، لەو کاتەدا زەڕافەیەک بەلایدا تێپەڕی(پف لەو بۆنە ناخۆشە، ئەوە چییە؟) زەڕافەکە ویستی بزانێت ئەو بۆنە ناخۆشە چییە.

شێرەکە وتی: ئەم نامەیەیە! ئەوە بۆنی قالۆنچەی پێوەیە.

زەڕافەکە وتی: ئێ ،ئێ،چەند خۆشدەبو ئەگەر جارێک ئەو نامەیە بخوێنمەوە. ئینجا دەستیکرد بە خوێندنەوەی نامەکە : ئازیزترین هاوڕێ، دەتەوێت لەگەڵ منداِ خۆمان بەسەر زەویدا بخشێنین؟ من (پشقل)م هەیە،تامیان زۆر خۆشە![4] سڵاوی نێرە شێر.

شێرەکە زۆر تورە بو،نەڕاندی وزیڕاندی،نەخێێێێێر،من هەرگیز نەمویستووە ئەو شتانە بنوسم. زەڕافەکە وتی: بەڵێ راستە تۆ گەرەکت نەبوئەوو بنوسرێت! مام شێر ئەم نامەیەشی ونجڕونجڕکرد و داوای لە زەڕافەکە کرد سەرلەنوێ نامەیەک بنوسێت،بەڵام کاتێک مام شێر بۆ سبەینێ رۆشت نامەکە وەرگرێتەوە وبیداتە تیمساح بیخوێنێتەوە،تیمساحەکە زەڕافەکە و نامەکەشی پێکەوە قوتدابوو!

ئینجا ئێستا نۆرەی تیمساحەکەیە، نامەیەکی دیکە بنوسن، سیسارکەچەڵە نامەکە دادەڕێژێت بۆ شیرەکچە جوانکیلەکە و تیمساحەکەش دەینوسێت: خۆشەویستترین هاوڕێ، بۆ ئەمڕۆ ئێوارە، بەشێک لە لاشەی زەڕافەکە ماوەتەوە. تۆش وەرە، زۆر بەتام و خۆشە! سڵاوی نێرە شێر. شێرەکە وتی: ئۆونەخێر،من هەرگیز گەرەکم نەبووە، وەها شتێک بنوسرێت! مام شێر ئەم نامەیەشی دڕاند و رۆژی دواتر پێویست بو سیسارکە کەچەڵە نامیەک بنوسێت وخودی خۆیشی بیخوێنێتەوە: خۆشەویترین هاوڕێم،من نێرە شێرم ۆ سەرۆکی ئەم دەڤەرەم. دەخوازم یەکتر بناسین!

مام شێر ئەمەی بەدڵبو، سەرێکی بۆلەقاند. بەڵێ ئەویش هەر بەوجۆرەی دەویست.

****

پاشـــــــــــماوەی - زنجیرەی 11 چیرۆک بۆ منداڵان
وەرگێڕانی لە ئەڵمانی یەوە: نوری کەریم - ئەڵمانیا

سیسارکەچەڵە، بەردەوام بو لە خوێندنەوەی نامەکە : ئێمە دەتوانین بە سەردارستان و جەنگەڵەکاندا بفڕین. من لاکە گۆشتی زۆر خۆش و بەتامم هەیە! سڵاوی نێرەشێر.

ئێستا ئێتربببڕەرەوە! نەخێر! شێرەکە ئەمەی گوت و بەهەمو هێزوتوانایەوە نەڕاندی وزریکاندی بەسەریدا، نەخێێێێێر، نەخێر!جارێکی دیکەش نەخێر!

من دەمویست بوی بنوسم،ئەو چەند جوانکیلە و نازدارە. من گەرەکم بو بۆی بنوسم کە چەند تامەزرۆی بینینیم.[٥]من دەمەوێت ئاسایی پێکەوە بین، هەروا تەمەڵ لەژێر درەختێکدا راکشێین،ئێواران تەماشای ئاسمان بکەین! ئەمەش کارێکی دژوار نییە!

ئینجا یەک نەڕەی کردو بەجۆرێک زیڕاندی عەرد و بەرد لەرینەوە.ئەو وشە جوانانەی دەردەبڕی کە دەیویست بینوسیبا، ئەگەر بیتوانیبا،بەڵام نەیدەتوانی و لەبێزاریدا هەر دەینەڕاند.

ئەی بۆچی خۆت نامەکەت نەدەنوسی؟

مام شێر ئاوڕیدایەوە و وتی :ئەوە کێ یە دەیەوێت ئەوە بزانێت؟!

دەڵە شێریک(٦) کتێبێکی بەدەستەوە بو، گوتی : من دەمەوێت بزانم.

نێرە شێرەکەش بە کەڵبە تیژەکانی یەوە بە دەنگێکی نزم وتی : من هیچم نەنوسیوە،چونکە نوسین نازانم ..

هەردو شێرە نێر ومێ یەکە بۆنیان بەیەکدی یەوە دەکرد و شێرە خانم،مام شێری لەگەڵ خۆیدا برد، فێری خوێندنەوە و نوسینی بکات.

Der Löwe den nict schreiben konte

١–ناونێشانی تێکستە ئەڵەمانی یەکە (ئەو شێرەی نەیتوانی نامەیەک بنوسێت)ە

٢– خاتو شێر: مێینەی شێر یا دەڵە شێر.

٣– مژدەهێنەرەکان: ئەو پیاوە ئاینی یانەی کە دەگەڕێن و ئاینی کریست بڵاودەکەنەوە.

٤– پشقل : پشقل و شیاکە و تەرس پاشەڕۆی ئاژەڵن.

٥– تامەزرۆ: زۆر حەزکردن لە شتێک.

٦– دەڵەشیر : مێچکەی شێر.

هەزار ئاه و هەزار یاخیبوون

ئەم کتێبە گەشتی نوسەرێکی ئافرەتی ئەمەریکییە، بەناو کوردستانی گەورەدا، نووسینی: کریستیان بێرد، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: سەفوەت ڕەشید سدقی، ٥٠٧ لاپەڕەیە ساڵی ٢٠١٨ لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی چاپکراوە و داهاتی کتێبەکە بۆ نەخۆشخانەی هیوا تەرخانکراوە.

کاک سەفوەت ساڵی ١٩٤٠ لە ناحییەی گەڵاڵەی سەربە قەزای ڕەواندز لە دایک بووە، خوێندنی زانکۆی لە کۆلێجی حقوقی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە جۆراوجۆر فەرمانگەکانی حکومەتی عێراقدا کارمەندی یاسایی و بەڕێوەبردن بووە، ساڵی ٢٠٠٤–٢٠٠٥ ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی یەکەم کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بووە، بۆ ماوەی ساڵێک ٢٠٠٩–٢٠١٠ ستافی ڕێکخراوی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی سیستەمەکانی هەڵبژاردن() ی ئەمەریکی بووەلە خەرتووم وەک ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی بۆ کۆمەککردنی(کۆمیسیۆنی نیشتمانی هەڵبژاردنەکانی سودان). گەلێک کاری گرنگ و پۆستی باڵای دیکەی وەرگرتووە، بۆ ماوەی ١٠ مانگ لەسەر ڕاسپاردەی (نەتەوە یەکگرتووەکان) کۆمیسیاری نێودەڵەتی بووە، لە کۆمیسیۆنی سکاڵاکانی هەڵبژاردن(ECC)ی ئەفغانستان لە کابول. ئەندامی سەندیکای پاریزەرانی عێراق و دواتر سەندیکای پاریزەرانی کوردستانە لە سالی ١٩٨٥ ەوە تا ئێستا. سەرەتای ئەمساڵ بۆ تۆمارکردنی هەندێک لە بیرەوەری و یادەوەرییەکانی چوومە خزمەتی کاک سەفوەت ڕەشید سدقی لە ماڵی خۆیان لە سلێمانی، بۆ ئەوەی هەندێک زانیاری دەربارەی خۆیی و ناسین و ئاشنابوونی بە کۆچکردوو ئەندازیار مستەفا سلێمان، (خاوەنی فەرهەنگی زاراوەی زانستی) تۆمار بکەم. لەو دانیشتنەدا کۆمەڵێک یادەوەری گرنگی بەڕێزیانم لای خۆم پاراستووە، لە کاتێکی دیکەدا دەیانخەمە ڕوو.

لێرەدا دەمەوێت بە کورتی دەربارەی ئەم کتێبە نایابەی کاک سەفوەت بدوێم، کە لەو دانیشتنەدا ژمارەیەکی پێشکەش کردم، وەک دکتۆر ڕیبوار فەتاح گوتەنی: بە کوردییەکی ڕەوان وەریگێڕاوە. ئەم کتێبە، وەک شەرابی چاک، سەفەر دەکات. لە سلێمانی–ەوە گەیشتووەتە لەندەن. ئێستە گەیشتۆتە ئەمستردامیش، وەک دکتۆر ڕیبوار دەڵێت: بە ناشکوری نالێم، کوردیزان نەماوە؛ کە کوردیەکی ڕەوان دەخوێنیتەوە، دڵ و دەروونت ڕوون دەبێتەوە، بە خۆت دەڵێێت، دوور لە ئێستا، وەختی خۆی بەم کوردییە جوانە دەدواین..زمانی کوردی پاراو لەگەڵ نەمانی بەردی سەر یاپراخ، دەستار، دێوجامە، هەوجار، یەکەوگۆتەکە، ئێستری چەموش و زۆر شتی دیکەدا نەما.. کتێب باشترین هەگبەیە بۆ پاراستنی زمان، کە بە چاخەکاندا، وەک بروسکە، سەفەر دەکات. نەوەکانی داهاتوو، گەر خوێنەوار بن، دەکرێت لە خوێندنەوەی کتێبەوە زمانیان پاراو بێت. منیش لێرەوە زۆر سوپاسی کاک سەفوەت دەکەم، نمونەیان زۆر بێت. هیواداریشم بەردەوام بێت لە وەرگێراندا، داوای لێبووردنی لێدەکەم کە درەنگ ئەم ئاوڕە کورتەم لێدایەوە بەهۆی کاک ڕێبوارەوە سوپاسی ئەویش دەکەم.

چەمکی تەنیایی..... گۆشەنشینی لەمەڕ ژەنەڕاڵی پایز(4)

خـــــۆ-کـــوشـــــــــــتن

یـــــــــــان یاری بە چەقۆ ڕەشەکەی ژێر سەرینەکەم*!

مـــــن & ئێـــــــــوە

کێ هەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان یاری بە چەقۆ ڕەشەکەی ژێر سەرینەکەی نەکردبێ؟ لە دڵی ڕا یان بە دەنگی بەرز نەیگۆتبێ، بریا دەمردم، جا بە هەچ سۆنگەیەک بووبێ! یان بیرۆکەیەک، بروسکە-ئاسا، ئاسمانی دڵتاریکی ئەوی بە `چەقۆیەکم لەو دڵەم با لەو حاڵەی چاترە` تەی نەکردبێ؟ مردن لەتەک زیندەگیدا لە دایکبووە، لەتەک پڕۆسەی هۆشیشدا، لە سۆنگەی جیاوازەوە، بیرۆکەی `خۆ-کوشتن` خەملاوە. جیاوازی نێوانیان، ئەویان بە دەست مە نییە، ئەمیان دەسکی چەقۆ-ڕەشەکەی لە دەستی مەدایە. هاوشێوەی تەنیایی و گۆشەنشینین. درزی نێوان ئەو دووانە گاهێک ئاسمان و ڕێسمانە، گاهێکیش لە دەمی-چەقۆکەی تەنکترە .

پـــەرچـەکـــرداری مـــــن

وەڵامی مرۆڤ جودان لەهەمبەر دەرکەوت و دیاردە جیاوازە جەرگبڕەکان. گاهێ دەحەپەسێین، ئەبڵەقدەبین، دەپەشۆکێین، دەمی هەواڵبیستنیان. گاهێکیش، وەک وەڵامێکمان لە مێژە لەکن گەڵاڵە بووبێ، لێ نەهاتبێتە درکاندن، گۆتومانە، ئاخری هەر ئەنجامی دا. شەوێک، گەرمەی هێرشی غەداری تورکان بۆ سەر ڕۆژئاوا، بە شەقامەکانی ئەحمەدئاباوا وەک شێتان گرمدەخوارد. ئەمن تازەکی هاتبوومە هیندوستانێ. تەنێ بووم. دەنکاوێ ڕا، دۆستێ هەواڵی کەوتنی ژەنەڕاڵی پایزی دەمەیدانی جەنگی ژیانێی ڕا دامێ: ژەنەڕاڵ هەر بە تفەنگە-دارین و فیشەکە گەڵا-چرۆکەکانی خۆیەوە دەمەیدانی جەنگێ ڕا بەرامبەر خۆی کەوت`. ئەمن پرسیم: جا رابۆوە؟ ئەو: نەخێر، ئەوجارەی هێجگارەکییە! پەرچەکرداری من وەڵامی دووەم بوو!

خۆ-کوشـــــتن و زانســـت

زانست، سایکۆلۆژی و پیسیکۆلۆژی*، گەیشتوونەتە هەندێ هۆکار کە دەبنە بنەمای خۆ-کوشتن. دەکرێ لە چوار خاڵدا کورتبکرێنەوە:

١ .(بوونی هۆ\چەند هۆیەکی سایکۆلۆژی (دەروونی) بە هۆی ڕووداو\ڕووداوانی تاریکەوە کە ڕەگی بۆ قۆناخ و گەشەسەندنی منداڵی دەگەڕێتەوە.

٢ .(نەخۆشی یان ڕاستر دەردە-زادەیەکی سایکۆلۆژی کە هەر لە سەردەمی ساواییەوە هاو-زیندەگی بووە، لەوانە، شیزۆفرینیا، خەمۆکی.....تاد

٣ .(هاوشانی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە، ئالوودەبوونی ئەو کەسە بە جۆرێک لە مادەی هۆشبەرەوە لە مێرمنداڵی بەدواوە.

٤ .(دوا-خاڵ، کە نوێترین تیۆرییە، دەشێ خۆ-کوژیی جۆرێک لە میراتگریی خانەوادەگی بێ. فاکتەری میراتگریی لێرەدا گوزارشتە لە پڕۆسێسی گەشەسەندنی چەندین نەوە کە بە میراتی سایکۆلۆژی خۆ-کوشتنیان، دەشێ، بۆ مابێتەوە.هیچ کام لەم خاڵانە بە تەنێ کار ناکەن. بەڵکو هەمیشە لەتەک، لانی کەم یەک یان زیاتر، پڕۆسێسی بڕوابوون بە (خود) بە لە نێوبردنی (خۆ) بنکۆڵ دەکەن. بە واتایەکی تر، هۆکارێکی تاکزادە نییە، بەڵکو مولتی-هۆکار لە گۆڕێدایە، (کۆ-هۆکار). لە گشت حاڵەتێکدا پسپۆڕان دەبێ ئاگادر بکرێن و پڕۆسەی تیمارکردنی دەروونی دەست پێبکا. دەگمەنن ئەو کەسانەی بە تەنێ ئەو شەڕە دەروونیەیان لەهەمبەر خۆیاندا پێدەکرێ. بە کورتی زانست خۆ-کوشتن بە نەخۆشی لە قەڵەمدەدا. بۆیێ تیماریشی لەکن پسپۆڕانە.

ژەنەڕاڵی پـــایـــــز

ئەوەی لەکن من زیندەیە: هەڵبژاردنی نێوی خودی ژەنەڕاڵە! بۆ ژەنەڕاڵ؟ خۆ ژەنەڕاڵ، با بە داری ڕزیوش بچێتە مەیدانی جەنگ، بۆنی ژەنەڕاڵی هەر لێدێ! بۆ ئەم نێوە سەربازیە؟ ئەو خۆ-تەیارکردن و لەشکرکێشیە بۆ؟ ئەو هەڵبژاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی ڕوسی، کە تژییە لە پاڵەوانی سەرباز و لەشکرگەلی بە جۆرێک کە کێژە ڕوسێک لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕوسدا تا ژەنەڕاڵێ، ئەفسەرێ هەبن، دڵیان بە مەخلوقێکی تر نادەن! تەواوی بەرهەمی محمد عمر عثمان، کە کەمن، هەر بەرگ و کەسایەتیەک بپۆشن، مەتنەکان لەسەر سێ پایە ڕۆنراون: خودێکی تەنیا لە زۆرانبازیەکی خوێناویدا دەگەڵ مەرگ و ژیانی خۆیدا. مەیدانی جەنگیش: دیوی ناوەوەی خود خۆی. ئیدی باسێکی تر لە گۆڕێدا نییە. ئەم جەنگە ساکیت و بێدەنگە کە دەیگەیەنێتە پلەی ژەنەڕاڵ، لەو ڕۆژەوە کە دەست دەداتە قەڵەم تا ئەو ڕۆژەی مالئاواییمان لێدەکات دریژەی هەیە. عمر عثمان کە وەک من نەوە-منداڵی جەنگی ناوخۆیە، کەچی لەبەر تەپ-و-تۆز و گرمە-گرمی شەڕی نێو ناخی خۆی گشت ئەو جەنگانەی کە ولاتی وێرانکرد نابینێ، ئاسەواری هیچ جەنگێک، بە هەشت ساڵی جەنگی عێراق-ئێرانیشەوە لە بەرهەمیدا بزرە.

بڕوانە لاپەڕە 12

پاشماوەی چەمکی تەنیایی..... گۆشەنشینی لەمەڕ ژەنەڕاڵی پایز(4)- گۆران مەریوانی

ئەو تەنیایە، بە شوێن رۆحێکدا دەگەڕێ گەرمیبکاتەوە، سەر بخاتە سەر ڕانی، هاوسۆز و هاودەردی بێ. لێ کە ئەو خاوەن رۆحە پەیدا دەبێ و دەخوازێ عمر عثمان دە ئامێزێ بنێ، ئەو هەڵدێ، خۆی بزر دەکا، ئامادە نییە شان بداتە بەر ئەرکی ئاسایی کە مرۆڤ ڕۆژانە و لە ژیانیدا بەرامبەری دەجەنگێ. ئەو، بە قسەی خۆی، ئەوە مەرجەکانی ئێمەن، کۆمەڵن کە ژیانی ئەوی تەنیا کردوە. هەمیشە ئەو گللەییە دەکا کە کۆمەڵ ئاوڕێ لەو ناداتەوە! لێ خودی خۆی ئامادە نییە بە مەرجی ئێمە (کۆمەڵ) بژی! چەقۆیەکی دەسک ڕەشیش دەخاتە ژێر سەرینەکەی. نەک بۆ بەرگریکردن لە خۆ. بەڵکو تا هەڕەشەی نەمانی خۆی لە (ئێمە=کۆمەڵ) بکا، یاخود بڕیاردانی خاڵی کۆتایی ژیانی دەربکا. ئەفسوس. نەوەک (نوح) دەکرێ کەشتیەک دروستبکا و لەتەک یارانیدا سەواری بێ، تا لە تۆفان رزگاری بێ، نە وەک (نوح-یش) دەکرێ لە کەشتیەکە دابەزێ و دونیا ئاوەدان بکاتەوە!

خۆ-کوشتن و فەلسەفە

هەندێ فەلسەفە، پێچەوانەی زانست، جۆرەها پاساو بۆ پووچکردنی ژیان دەهێننەوە. خۆ-کوشتن بە نەخۆشی دەردێکی ئینسانی دانانێ. بەڵکو ئیختیار. لەوبارەیەوە هێندە نووسراوە ئەمن دووبارەی ناکەمەوە. ژیان ئیجباریە. نەک بە گوزارشتە سەربازیەکەی، یاخود کە ئیختیاری خۆ-کوژی یاساخە، نا، خۆ-کوشتن بە پێی یاسا لە هیچ وڵاتێکدا قەدەخە نییە. لێ مردن هەمیشە ئاسانترە لە ژیان. زیندەگی هەمیشە سەختترە لە مەرگ. ژیانیش، هێندەی ئەمن بزانم، جەنگێکە تا (کەشتیەک) دروستبکەیت، تا لە (تۆفان) قورتاربیت و پارچەیەکی تر لە ڕۆحتدا ئاوەدان بکەیتەوە. ڕێبەریت گیانلەبەرە رزگارکراوەکان تێیدا بسرەون. زیندەگی بێ-من و تۆ و عمر عثمان بەردەوامی هەیە. لێ چەقۆ ڕەشەکە تەنێ دڵی عمر عثمان لە لێدان رادەوەستێنێ. دڵی ئێمەش لە خوم هەڵدەکێشێ. چەقۆیەکی دەسک-ڕەش هەرگیز لە شیعرێکی پایزانە، بەهارانە، زستانانە.... لە گوڵێ، لە گریانی ساوایەک جوانتر نییە. فیشەکێک کە مایاکۆڤسکی(١٨٩٣-١٩٣٠)، هێمنگوای (١٨٩٩-١٩٦١) بە خۆیانەوە دەنێن، پەتێک کە یەسنین (١٨٩٥-١٩٢٥)، چێلان (١٩٢٠-١٩٧٠)لە گەردنی دەنێن لە پەتک-ناوکی کۆرپەلەیەک هەرگیز جوانتر نییە. مەرگ، وەک هەندێ لە دۆستان دەنووسن، پیرۆزناکرێ، ئەوی پیرۆز دەکرێ ژیانە، خودی ژیانیش بە تەنێ نا، بەڵکو چی لە (کەشتیەکە) دەهاوین. دەنا هەموو دەمرین، کەشتیەکە دەمێنێتەوە. چاوەڕێی ئازادخوازێکە نەک ژەنەڕاڵێ بیگەیەنێتە وشکانیەک تا ئاوەدانی بکاتەوە!

مرۆڤ هەرگیز ڕێنادات مردن بەسەر وەچەکانیدا زاڵ بێ! مەحاڵە. تامی ژیان لە شەڕی خوێناوی نێوان چەقۆی مەرگ و هەناسەی ژیاندایە! دە زاردایە دەمێ خوێنە-سوێراوی کۆششی تێدەزێ! تا ژیان باشتر، جوانتر، سادەتر، ئاسانتر، خۆشتر بێ، دەستی سەر دەسکی چەقۆ ڕەشەکە زیاتر دەڕەوێتەوە..

ئەوەی لێرەدا گرینگە خۆ-کوشتن پرۆسێسێکی ئاڵۆزەو هەرگیز تاقە-هۆکار بنەمای نییە، بگرە مۆڵتی-هۆکارداڕە، هەمیشە ڕەگێکی قوڵی لە زەمینەی ڕۆحدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی. هەندێ لە سایکۆلۆژ-فەیلەسوفەکان وای بۆ دەچن کە خۆ-کوشتن تۆڵە سەندنەوەیەکە لە خود و لەو کەسانەی بوونەتە هۆکاری دەردی خۆ-کوشتن، چوون وەک ئاماژەی پێدرا، خۆ-کوشتن بە دەرد، بە نەخۆشی لە قەڵەم دەدرێ. هەر بۆیێ بڕواشیان وایە تا شێوەی خۆ-کوشتنەکە سەختر بێ، دەکرێ تۆڵە

سەوندنەوەکە جەرگبڕ-تر بێ. خۆ-کوشتن دانسی سەر پەڕی-گوڵباخ و گۆرانی و ئاواز و وێنەی خۆرنشینان نییە. هەرگیز ناکرێ بنووسرێ: "ئەو هەر شیعری بۆ پایز نووسی و دە پایزێ دا خۆشی کوشت، چقەد جوانە خۆ-کوشتنەکەی" وەک لە سۆسیال-مێدیاکاندا نووسرا. خۆ-کوشتن شیعر نووسین نییە. خۆ-کوشتن نەمانی گیانێکە بۆ ئەبەد. با هەموومان بچینە دەرێ و خۆمان ئامادەبکەین بۆ شەڕی ژیان، شەڕێ کە کۆتایی بە مردنی هەموومان دێ، وەلێ ئینسانی تێدا زیاتر پیرۆز دەبێ، ئازادی تێدا زێدەتر بەرفراوان دەبێ.

2019/11/22 هیندوستان:

---

*ناونیشانی ئارتیکڵەکە لە شیعرێکی محمد عمر عثمان-ەوە وەرگیراوە.

*خوێندنی ئاکادیمی سایکۆلۆژی لە سکەندەناڤیا پێنج ساڵی زانکۆیە، بەدەر لە ساڵانی پراکتیک. مەرجی قەبوڵ: باڵاترین نمرە، تاقیکردنەوەی کەسەکی دەمی داواخوازی خوێندن، سێڤیی کار ڕەچاو دەکرێ. بەڵام پسیکیاتری: زانستی پزیشکی دەروونی، یەکەمجار لە بەشی پزیشکی بۆ دکتۆری دەخوێنرێ حەوت ساڵ، دوایی، بۆ هەر دووکیان، ساڵانی پراکتیک دێ، ئەوجا خوێندنی تایبەتمەندی لە بواری تایبەتیمەندیدا: دکتۆری دەروننناسی منداڵ بۆ نمونە، یان سایکۆلۆژی مێرمنداڵ. هەر دووکیان هەمان مەرجی قەبوڵیان هەیە. سایکۆلۆژ و پسیکیاتری دوو زانستی جیاوازن. ئەوی یەکەمیان هەرگیز نابێتە دکتۆر، با بە زمانی میللی بدوێین، چوون هێندەی من بزانم هەندێ کوردستانیان لێکیان جودا ناکەنەوە.

فۆتۆ: یەسێنین: شاعیر و ئەلکهولیست(١٨٩٥-١٩٢٥). دەمی ڕوخانی سۆڤیەت، ڕوسیای قیدڕاڵ سیاسەتی لیبڕاڵی نوێی هەڵبژارد کە بۆ چەند دەیەیەک دانیشتووانی خستە سەر بەرە. ئەوکات مێدیاکارێکی فرە ڕوویان لەوێندەرێ کرد و بەشێکی زۆریان لە دۆکومێنت و مەتنی شاردراوەیان لە گەنجینە نهێنیەکان بە پارە کڕی. ئەم وێنەیە یەکێکە لەوانە کە لە ئەرشیڤی پۆلیسی پێشوو-سۆڤیەتەوە دەرهێنراوە. ساتەوەختی گەیشتنی پۆلیسە بۆ ژووری ئوتێلەکەی یەسێنین کە خۆی تێدا بە وایەر هەڵواسیووە. وایەرەکان دیارن. فۆتۆ: پۆلیسی سۆڤیەتی.

کێ ساڵە شێتی کوشت؟ ڕۆمانێک بۆ پڕکردنەوە و ژیانەوەی گێڕانەوەی کوردی- نووسینی: فاروق هۆمەر-کەنەدا

بەشی کۆتایی

ڕۆمانی کێ ساڵەی کوشت، لەسەر شێوەی تەونی جاڵجاڵۆکە دامەزراوە، هەر بازنەیێک دەبێتە هۆی کردنەوەی بازنەیێکی دی و بازنەیێک بەرەو بازنەیێکی دیت دەبات. کارکردنێکە هەر ئەوەندەی کەوتیتە ناوی ئیتر تا کۆتایی دەرهاتنەوەت بۆ نییە. ئەو ڕۆمانە لەسەر ئاستی هونەری گێڕانەوەی ڕۆژهەلاتی ناوڕاست بە یەکێک لەو ڕۆمانە دژوارانە دەژمێرێت کە تا ئیستا نووسراوە و پڕترین کارێکە کە پڕترین کارەکتەر و ڕوداوو و چنینی لە خۆ گرتبێ.

چەقی ڕووداوەکان لە دەوری کارەکتەری ساڵە دەخولێتەوە و هەموو کارەکتەرەکانیش دوور و نزیک لەو پەیوەندییەدا دامەزراون. یەکێک لەو بنچینانەی کە ئەو جۆرە گێڕانەوانە دەیخوازێ، ماکینەی ڕوداوە. هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەیان ڕوداوو دروست دەبن و بەردەوام ڕوداوێک یێکێکی دی بەدووای خۆی دا دەهێنێ. هەر ڕوداوێکیش هاوشانی دەرکەوتنی کارەکتەرێک وەک کانیلەی ڕوداوو دەتەقنەوە. واتە دەرکەوتنی هەر کارەکتەرێک هاوپاڵە بە ڕوداوو هەر ڕوداوێکیش کارەکتەرێک و پتر لەگەڵ خۆی دەهێنێ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کارکردنە خوڵقاندنی توخمی سەرسامییە کە بەردەوام لە ئاستێکی نزمی سەرەتاییەوە بەرەو سەرەوە باڵا دەکات و هەڵدەکشێ و چاو و گوێ لە خۆیەر دەڕوێنێ. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بە کوشتنی کارەکتەری ساڵە دەستپێدەکات، کوشتنی کەسێکی بێکەسی بەستەزمان کە لەجێی ئەوەی کپ بکرێ لەناکاوێک دەبێتە پڕ تەموومژاوییترین کوشتنی نێو شارێک و هەموو خەڵکانی شاری تێوە دەگلێ و دواتر پەلوپۆ بۆ هەموو دونیا دەهاوێژێت. ڕوداوێکی فرە گەورە کە هەنگاو هەنگاو وەک بڵقێک لە دووی فڕێدانی بەردێک بۆ ناو جۆگەلەیەک دروستدەبێت و دواجار بەشێوەیێک لەسەر کارەکتەرێکی بەستەزمان یاخود بچکۆلە، کە لە دونیای ئێمەدا نەبینراو و نەخوێنراوەیە. دەکرێت بگوترێت کردەی کوشتن بەردەوام لێرە و لەوێی دونیا ڕوو دەدەن، بەڵام دونیای ئێمە بە کوشتن دەستپێدەکات.

یەکەم کوشتنێک کە شاری سلێمانی بە خۆیەوە دەبینێت، کوشتنی جەمال عیرفانە. هەر لێرەوەش یەکەم کوشتن بە فەرامۆشی دەسپێرێت و لەناو تەمومژێک دا بۆ ئەمڕۆمان درێژ دەبێتەوە.

دکتۆر عەلی لە خوێندنەوەی شارێکی وەک سلێمانییەوە، یەکەم پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات دادەڕێژێت و سەرەتاکانی پێگەی مۆڕاڵیش لێرەوە دەبێتە ڕوانین و کارکردنی ڕۆمانەکە. هەر لەم سەرەتا گرنگەشەوە ئیدی پێگەی ئەدەب و هونەری گێڕانەوەش لەسەر ئەو خوێندنەوە قوواڵەوە دەسپێدەکات کە مرۆڤی کورد لە فەرامۆشی دەهێنێتە دەرەوە و ئەو پرسیارە گرنگانەی کە دەبێت بکرێن و ناکرێن لێرە بەدوا ببنە هەوێنی کردنەوەیێک کە ئەدەب بۆی بکرێ لەبەردەمی دا واقورماو نەمێنێتەوە.

دواپین بینین: دکتۆر عەلی، یەکەمین گێڕەرەوەیێکە کە لە هەناوی شارەوە دێتە دەرێ و سەرەتای ئەو هونەرە لە ئەدەبی کوردی دا دەکاتەوە و لێرە بەدووا خوێنەری کورد و مرۆڤی کورد چیدی تەنیا نییە و لەگەڵ ئاوڕدانەوەی دا وەک هەر خوێنەرێکی دی دونیا نوسەرێکی هەیە لە ئاستێکی باڵادا پشتی پێببەستێت. دەشێ بڵێین ڕۆمانی کێ ساڵەی کوشت، یەکەمین ڕۆمانی کوردییە کە شار و خەمگینی و پرسە گرنگەکانی بوونی مرۆڤی کورد لە خۆ بگرێ. دەشێ سلێمانیش لێرە بەدوا وەک هەر شارێکی دی جیهان لەڕێی ئەدەبەوە لە دونیادا ئامادەیی هەبێ.

لە ڕۆمانەکەوە: ئەوەی لە سلێمانی ڕوو دەدات، لە هیچ شوێنێکی دی دونیا ڕوو نادات. ئەوەی منداڵە وورەکەی سلێمانی دەتوانێ بیکات بە حکومەت ناکرێ. بە هەمان شێوەش من دەڵێم ئەوەی دکتۆر عەلی کردی، بە هیچ کەس ناکرێت و لەسەر ئاستی جیهان وەک موجیزەیێک دەمێنێتەوە. ڕۆمانی کێ ساڵەی کوشت، ڕۆمانێکی هێندە چڕ و پڕە کە دەشێ هەر کاتێک لە دەرزیێک گەڕاین لەوێ دا بیدۆزینەوە. ڕۆمانی کێ ساڵەی کوشت، ئەو کتێبەیە کە ئەدەب و پێگەی ئەدەبی گەڕانەوە بۆ شوێنی سروشتی خۆی. چۆن ئینگلیزەکان ولیام شەکسپیریان هەیە، نەرویژییەکان هێنریک ئیبسنیان هەیە، ئێمەش بۆمان دەکرێ بڵێین دکتۆر عەلی کەریممان هەیە.

گرنگی ئەو ڕۆمانە بۆ من: من هەمیشە لە خۆم دەپرسی بۆ نالییەکمان هەیە و شیعر وەک چاپیێک دادەڕێژێ، بۆ گێڕەرەوەیێکی گەورەمان نەبووە. لێرە بەدووا گەڕانی من کۆتایی پێدێت و دەرکەوتنی ئەو گێڕەرەوە گرنگە کۆتایی بە پرسیار و تێڕامانی من دەهێنێ.

کۆتایی: یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو دەرکەوتنە درەنگەی دکتۆر عەلی، ڕاستکردنەوەی هەقیقەتێکیشە کە قەدەری مرۆڤی کوردییە. هەمیشە مرۆڤە مەزنەکانی لە فەرامۆشی دا دەمرن. هەمیشە کورد ئاگای لەو کوڕانەی خۆی نییە کە خزمەتی گەورەی کردوون.

خۆزگەیێک: دکتۆر عەلی، لە غەریبی و لەنێو دەستکورتییەکی گەورەدا ژیا و مرد. خۆزگە لاشەی ئەو مرۆڤە گەورە و ڕزگارکەرە دەهێنرایەوە بۆ سلێمانی و لەنێو خەڵکانی خۆی دا دەنێژرا. گۆڕی ئەو پیاوە بۆ داهاتووی میللەتێک گرنگە و بوونی لەناو خاکی سلێمانی دا نیشانێکە بۆ ئەو ئەدەبە گەورەیەی کە لەدووی خۆی بەجێیهێشت. ڕۆمانی کێ ساڵەی کوشت، کتێبێکە بە کتێبی تەمەن دەدرێتە قەڵەم و کتێبێکیشە هونەری گێڕانەوەی یەکەمی بۆ ئێمە خوڵقاند. کتێبێک کە لەناو تەموومژی سەدەیێک دێتە دەرەوە. ئەو پیاوەی یەکەمین کەسێکە لەناو تەموومژدا کار دەکات و یەکەمین کەسێکیشە ئەو تەموومژە دەڕوێنێتەوە. دکتۆر عەلی، ئەو نووسەرەشە کە سنورەکانی نێو شارەکانی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە و لێرە بەدووا ئەوەی باسی ئێرە و ئەوێی کوردستان بکات نووسەرێکە بچکۆلە و باڵا کورت. کێ ساڵەی کوشت، کتێبێکە بۆ هەموان و سەرەتای دەسپێکێکی هەقیقی هونەری گێڕانەوەی کوردییە. من لێرەوە کرنۆش بۆ ئەو خاکە غەریبە دەبەم، کە لاشەی ئەو پیاوە غەریب و مەزنەی لە خۆ گرتووە.

چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگەدا

بەیەکگەیشتن و دیدارێکی یانەی کوردیی"میدیا"ی هۆڵەندا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفالدا

لە پەراوێزی کۆنفرانسی 24 هەمینی ساڵانەی مونتەدای جیهانی لاهای، کە ڕۆژانی 25 ئەم مانگە تا 29 ی نۆڤمبەری 2019 خایاند و لە ئۆفیسی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی OPCW لە شاری دەنهاخ بەڕێوەچوو، 23 ڕێکخراو لە کوردستانەوە بەشدریان تێدا کرد بوو، وەک کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە و کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی سەردەشت و ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال و مۆنمێتی ئەنفال لە چەمچەماڵ.. هتد. یانەی کوردیی "میدیـــا" لە هۆڵەندا، بە هەڵی زانی بەڕێزان کاک شێخ فەتاح و خاتوو دیمەن بەرزنجی لە ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال میواندارای بکات و بەیەکگەیشتن و دیدارێکیان بۆ ڕێک بخات لەگەڵ دەستەیەک لە ڕێکخراوە کوردییەکانی هۆڵەندا. ئەوانیش بە خۆشحاڵیەوە لە نزیکەوە تیشکیان خستە سەر کاروجالاکییەکانیان و بەڕێوەچوونی ڕۆژەکانی کۆنفرانسەکە و ڕۆڵی خۆیان و ڕێکخراوە کوردییەکان بەگشتی و (ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال)یان خستە ڕوو. سەرەتا خاتوو دیمەن محەمەد سەرۆکی ڕێکخراوەکە، باسی چۆنێتی دامەزراندنی چیرۆکەکانی ئەنفال کرد و بەشداری خۆیانی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی OPCW بە وردی خستە پێشچاو، هەروەها باسی ئەوەی کرد، کۆمەڵێک کتێب و دۆکۆمێنتی بەزمانی ئینگلیزی و کوردی پێشکەش کردوون و لەکۆڕەکەی "میدیـا"شدا دابەشی کردن. لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد، ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال، کار لەسەر تۆمارکردنی چیرۆکی قوربانیانی تاوان و جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران دەکات، دەیەوێت زاکیرەی قوربانیان بەزیندوویی بمێنێتتەوە. هەورەها باسی لە زنجیرە چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە کرد لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا. پاشان شێخ فەتاح ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکە و لێپرسراوی بەشی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و جێگری مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی.ن.ک)، تیشکی زیاتری خستەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی ڕۆژەکانی کۆنفرانسەکە و وێڕای هەندێ سەرنج و ڕەخنە، ڕۆڵی ڕێکخراوە کوردییەکانی لە کۆنفرانسەکەدا بەرز نرخاند لە هەوڵدانیان بۆ بەجێنۆساید ناساندنی کەیسەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیابارانکردنی تێکڕای گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و پرۆسەکانی ئەنفال، هەروەها ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی خوێندەوە، کە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی ڕێکخراوی OPCW کردبوو. شایانی باسە شێخ فەتاح خۆی یەکێکە لە قوربانیانی ڕژێمی پێشووی عێراق، کە حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندبوو. لە ئیوارەکەدا ئامادەبووان بەشدرییەکی لێپراوانەیان لە گفتوگۆکاند کرد و پرسیاری ڕووبەڕوویان ئاڕاستەی لێپرسراوانی ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال کردەوە و ئەوانیش هەریەک لە بەڕێزان ئەکرەم محەمەد ئەحمەد لێپرسراوی کۆمیتەی پ.م دێرینەکانی هۆڵەندا، هاوڕێ باخەوان لە ڕێکخراو و وێبسایتی کوردییێدێیا، سەرکەوت فەتاح لە ڕێکخراوی چاک، کامەران جەباری، مامۆستا شێخ جەمال، مامۆستا سەعید زەنگەنە و حەمە عەلی مەحمود بوون.

شێوەکارانی کۆمەڵەی ڕەنگ ئارت پێشانگایەکی یەک ڕۆژە لەشاری بۆن دەکەنەوە و پاشان تابلۆکان لە مەزادی ئاشکرادا دەفرۆشرێت و داهاتەکەی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت

ئاری میرزا

شێوەکارانی کۆمەڵەی ڕەنگ ئارت پشانگەیەکی یەک ڕۆژە لەشاری بۆن دەکەنەوە و پاشان تابلۆکان لە مەزادی ئاشکرادا دەفرۆشرێت و داهاتەکەی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت. تا ئێستا نزیکەی 45 هونەرمەند بەشدارن، پێشانگاکە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 01–12–2019 کات: 13:00ی پاشنیوەڕۆ تا 17:00 ی عەسر لەم ئەدرێسەی خوارەوە دەکرێتەوە:

Adresse:Brüder Gasse 16–18

53111 Bonn

تاسەی دایکێکی کورد لە موزەی هونەرەکانی فۆتۆگرافی فینلاند

لە موزەی هونەرەکانی فۆتۆگرافی هێلسینکی پایتەختی فینلاند، بە بەشداری هۆگرانی وێنە و هونەر، پێشانگای وێنەی ڕەسوڵ خۆڕەم بە ناونیشانی: (دایکم دەڵێ بگەڕێوە) کرایەوە.

تابلۆکانی ئەم پێشانگایە ئاوێنە ئاسا لە ڕێگای وێنەکانی ڕەسوڵ خۆڕەم، تیشکیان خستۆتە سەر ژیانی ڕۆژانەی چەند دایکێکی کورد، کە ڕۆژانە بە حەسرەت گەرانەوەی ڕۆڵەکانیان لە هەندەران بۆ کوردستان، ژیان تێپەر دەکەن. بە مەبەستی ناساندنی زیاتری ڕێنووسی کوردی بە خەڵکی فینلاند، زانیاریە گشتیەکانی ئەم پێشانگایە بە دوو زمانی فینلاندی و کوردی لە سەر دیواری هۆڵی موزە نووسراون. شایانی ئاماژە پێکردنە، ڕەسوڵ خۆڕەم کوردی ڕۆژهەڵاتی دانیشتووی وڵاتی فینلاندە، لە ڕێگای ئەم بابەتە و وێنەکانی هەوڵ دەدات، بۆ ئاشناکردنی زیاتری فینلاندیەکان بە داب و نەرێتی کوردەواری. پێشانگای فۆتۆگرافی (دایکم دەڵێ بگەڕێوە) هەتا ڕێکەوتی 05–01–2020 بەردەوامە و پێشوازی دەکات لە دۆستانی هونەری فۆتۆگراف.

عێراق و کۆتایی سیاسەت- نووسینی: دکتۆر مەریوان وریا قانع

عێراق بەرەو دۆخێکی سیاسیی تەواو ناجێگیر و ترسناک دەڕوات و ڕووی لە نادیار و تاریکیەکی گەورەیە. پێدەچێت پەنابردن بۆ تووندتوێژیی ببێتە ئامرازی ژمارە یەک و هەرە سەرەکیی ئەو پەیوەندییەی کە خۆپیشاندەرانە ناڕازییەکان بەو نوخبە حوکمڕانەوە گرێئەدات، کە لە قۆناغی دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەینیدا دەسەڵاتی گرتۆتەدەست. عێراق ئەمڕۆ سەرزەمینی دەیان قەیرانیی گەورە و هەمەجۆرە لە پێشە هەموانیشەوە:

یەکەم: گۆڕانی دەوڵەتە بۆ مۆڵکی شەخسیی ئەو نوخبەیەی کە زیاد لە پازدە ساڵە حوکمڕانە. ئەم بە مۆڵکایەتیکردنەی دەوڵەت هاوشانە بەدروستبوونی چەندەها هێز و میلیشیای چەکداریی، کە هەندێکیان سەر بە کەسایەتیی و پارتی سیاسیی و دینییە ناوخۆکانە، هەندێکی تریان لەدەرەوەڕا دروستکراون دەست و پەنجەی وڵاتانی ئیقلیمی ئاراستەیان دەکات. ئەم میلیشیایانە وەک سوپای تەریب و خاوەن هێزی گەورە ئامادەن و بەمەش یەکێک لە سەرەکیترین ئەو پرنسیپانەی دەوڵەتان دەکات بە دەوڵەت وێرانکردوە: پرنسیپی مۆنۆپۆلیکردنی مافی بەکارهێنانی تووندتوێژیی شەرعیی و کۆکردنەوەی ئامرازەکانی تووندتوێژیی لە دەستی دەوڵەتدا بە تەنها. لە عێراقدا نەک تەنها میلیشیای چەکدار هەیە، بەڵکو دەیەها خێڵ و عەشیرەتی چەکداریش هەیە، کە هەریەکێکیان دەسەڵاتێکی تەریبیی بە دەسەڵاتی دەوڵەت دروستکردوە.

دووهەم: ئەو نوخبە حوکمڕانە لە دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەینەوە سەرقاڵی بە خێزانیکردنی فرەلایەنی دەسەڵاتەکان بووە لەو وڵاتەدا. واتە بە کردەوە خەریکی بونیادنانی سوڵتانیزمێکی خێزانییە تیایدا دەسەڵات بە ویراسیی لەناو کۆمەڵێک خێزان و بنەماڵەی دینیی و سیاسیدا سنووردارکرێت و زۆرینەی زۆری هێزە کۆمەڵایەتیی و مەدەنیی و سیاسییەکانی تر لە دەرەوەی بازنە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدا بن.

سێهەم: بۆ پاراستنی هەیمەنەی ئەم نوخبە سوڵتانیی و خێزانیی و بنەماڵەیی و دینییە، ئابووریی وڵاتەکە بەشێوەیەکی سیستماتیک بە تاڵان دەبرێت و لە هەموو جومگەی گرنگەکانیشیدا چەندان میکانیزمی گەورەی گەندەلیی و دزیی و جەردەیی فرەشێوە چێنراوە.

بەمەش ئابووریی عێراق و خودی دەوڵەتی عێراقی خۆشی گۆڕاون بۆ بۆ ئابووریی و دەوڵەتی غەینەمە. لۆژیکی غەنیمە هەم بڕێکی گەورەی ئابووریی وڵاتەکە ئاراستە دەکات، هەم لۆژیکی کارکردن بە دەوڵەت خۆشی.

چوارهەم: لە ١٦ ساڵی ڕابردوودا نەوەیەک لە کوڕ و کچی گەنج لەو وڵاتەدا دروستبوون، کە جگە لەم سیاسیی و دەسەڵاتدارە گەندەڵانە، جگە لە سیاسەتێکی تائیفیی و دینیی، جگە لە مۆنۆپۆڵکردنی دەزگاکان و سەرجەمی پێگە سەرەکیی و ناسەرەکییەکانی ناو جیهازی بیرۆکراسیی دەوڵەت، شتێکی تریان نەدیوە. ئەم نەوەیە سەرجەمی نەهامەتییە تاکەکەسیی و دەستەجەمعییەکانی خۆیان و چۆنیەتی تێکچونی ژیانیان و هۆکاریی نائومێدبوونیان ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتی ئەم نوخبە سیاسییە گەندەل و دەسەڵاتدارەوە گرێئەدەن. بۆیە جگە لە تووڕەبوون شتێکی تریان نییە بەو دەسەڵاتدارانەی نیشانبدان.

پێنجەم: هەموو ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمانکرد، وایکردوە کێشەیەکی هێجگار گەورە لە وڵاتەدا دروستبووبێت، کە بە بۆچوونی من لە هەموو کێشەکانی تر ترسناکترە، ئەویش کێشەی نەمانی متمانەیە لە نێوان کۆمەڵگا و حوکمڕانەکانیدا.

ئەم متمانەیە لە هەموو ئاستێکدا وردوخاش بووە و هێزێک و کەسایەتییەک نەماوە لەناو ئەو نوخبە حوکمڕانەدا قابیلی متمانە پێکردن بێت. ئەم نەمانی متمانەیەش وادەکاتادا ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەئارادا نەبێت.

شەشەم: کە متمانە نەما و دڕدۆنگیی و ڕق و لە کۆتاییدا تووندوتیژیی بوو بە ئامرازی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئەو خەڵکە نائومێد و تووڕەیە و دەسەڵاتداران، ئەودەم هیچ مانایەک بۆ کردەی سیاسیی نامێنێتەوە. ئەوەی لە عێراقدا دەیبینین کۆتایی کردەی سیاسییە وەک کردەیەک بە هۆیەوە خەڵک ژیانی گشتیی خۆیان بە شێوەیەکی ناتوندتیژ ڕێکبخەن. لە کوێشدا سیاسەت پەکیکەوت و وەک یەکێک لە چالاکییە هەرە سەرەکییەکانی ئینسان سڕایەوە، لەوێدا دەگەڕێینەوە بۆ قۆناغی بەر لە دروستبوونی سیاسەت، قۆناغی جەنگی گشت دژ بە گشت.

حەوتەم: هەموو ئەمانە مانای ئەوەیە ئەو قەیرانەی لە ئێستادا لە عێراقدا هەیە و ئامادەیە لەو شێوازەیە لە قەیران کە ئەنتۆنیۆ گرامشی ناوی "قەیرانی ئۆرگانیی" لێدەنێت، واتە ئەو شێوازیە لە قەیران کە لە چورچێوەی ئەو دەزگا و میکانیزم و شێوازی حوکمڕانیی و پەیوەندییانەدا چارەسەر نابێت کە لە ئێستادا لە ئاراداان و بالادەستکراون.

فرانس هاڵس

لەسەردەمی هونەرمەندی گەورەی هۆڵەندا ڕێمبراند هونەرمەندێکی گەورەی تر هەبوو بەناوی فرانس هاڵس، لە ساڵی 1583/1582 لە ئەنتڤێرپن لە بەلچیکا لەدایک بووە و لە ڕۆژی 26 ی ئۆگۆستی ساڵی 1666 لە هالیم لە هۆڵەندە کۆچی دوایی کردووە، بەشێکی گەورەی لە مێژووی هونەری هۆڵەندادا لەچەرخی زێڕین پرشنگدار کردوە لەچەرخی ١٧ بەستایڵی بارۆک کاری کردووە. فرانس هاڵس زۆر گرنگی بەپۆترێت داوە، لەساڵی ١٥٨٥ لەشاری ئەنتڤێرپین کە دەکەوێتە بەلچیکاوە لەدایک بووە، دواتر بەخێزانەوە کۆچیان کردوە بۆ بەشی سەرەوەی هۆڵەندا و ل ەشاری هـــارلێم نیشتەجێ بوون، بۆهەموو ژیانی لەو شارەماوەتەوە لەسەرخوێندن بڕوانامەکانی فرانس هاڵس زۆر زانیاری نییە؟ ئەگەر بێت و سەیری تابلۆکانی فرانس هاڵس بکەین، واهەست دەکەین ژیان و بەردەوامی هەیە، تایبەتمەندێتی زۆری خۆی هەبووە، ئەو شێوازەی ئەو کاری لەسەر کردووە، تازەگەری زۆری پێوە دیارە. لەشێوەی دانانی فڵچەکانیدا دەتوانین بڵێن لەو قاڵبە کلاسیکیە خۆی دەرباز کردووە و کە ئەمەش بۆڕێمبرانتیش لە هەندێک تابلۆیدا هەروابووە .

کارەکانی فرانس هاڵس مەزەندە دەکرێت بەنزیکەی ٢٤٠ کار٠

فرانس هاڵس سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا لەنێوان ساڵانی ١٦٢٠ تا ١٦٤٠ کۆمەڵێ پۆرترێتی ناوازەی بەرهەم هێنا، ئەم هونەر مەندە گەورەیە لە٢٩ـ٨ـ١٦٦٦ کۆی دواکردە

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هونەرمەند بڕوانە:

https://www.wikiart.org/en/frans-hals

رزگار ئەمین– ئارنێم

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

07 December . 2019 Nummer. [82]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ناکۆکی وڵاتانی ناتۆ لەسەر ڕۆژئاڤا. ل 2 – ئایا ستراتیژ چییە.؟ پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین؟ بەشی چوارەم، فەریق ڕۆکنیخانەنشین.. محەمەد نەجمەدین.نەقشبەندی ل 3.ل4

–تەنگوچەڵەمەکانی ناو مۆسیقای کوردیی بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی .. نووسینی: سەلاح ڕەئووف ..ل 5،

– کۆمەڵکوژییەکی لەبیرکراو– وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز چۆن ئەتاتورک (عەلەوییە)کوردەکانی کوشـــــــــتووە ل 6 – دوو چاپکراوی نوێ –ل 7. – میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا– نووسینی دکتۆر زاهیر لەتیف و دکتۆرە نیان نەوشیروان مەستی. ل 8. ل 9

– چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگـــە. ل... 10 –زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان– ژمارە: یەک کوردستانیـــــان و ڕۆشنبیـــری ئـــــازاد، نووسینی گۆران مەریوانی. ل 11 و ل12

– مامۆستا جەمال عەلی ناسراو بە شێخ جەمال چاوشین وەک مامۆستای کیمیا، لە یەکێک لە ئامادەییەکانی هۆڵەندا و وەک ڕاهێنەرێکی تیپەکانی فوتبالْ ل 13 – سەلاحەدینی ئەیوبی کە وەک پاڵەوانێکی .. لە ئەدەبی ئەوروپاییدا.. نووسینی: سۆران حەمە ڕەش ل 14 و ل 15 و ل16 و ل17– دووبابەتی زانستی: عومەر ڕەسوڵ مامۆستا جەزا نووسیویانە ل17 – ئەمجارەدەربارەی قوتابخانە هونەریی هۆڵەندی هاخەسی سخوڵ.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

Gerard Bilders: *Weiland bij Oosterbeek*, 1860, in een stijl die nog invloed van de romantiek verraadt.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

07 December 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 82
82 ی 07 ی دیسەمبەری 2019

ناکۆکی وڵاتانی ناتۆ لەسەر ڕۆژئاڤا تا بێت قوڵتر دەبێتەوە

سێشەممەی پێشوو سەرۆک کۆماری فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن و دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا پێش کۆبونەوەی ئیستانبول لەسەر سوریا قسەیان کرد، بۆئەوەی کە هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ماکرۆن بەرەوڕووی ترەمپ بووە و گوتی ئێمە لە ناو ناتۆدا تەنها گرنگی بە ماددە نادەین، بۆ ئێمە مەسەلەی ویژدان و گیانی سەربازەکانمان گرنگ ترن.

ئەو هێزەی لە دژی داعش هاوشانی سەربازەکانمان جەنگان و قوربانیی گەورەیاندا، لای ئێمە هەرگیز تیرۆریست نین و پێناسەی ئێمە بۆ ئەوان لەگەڵ پێناسەی ئێوە جیاوازە. ئێمە گرنگی بەس بە پارە و ماددە نادەین و مۆراڵ و وەفا و پەیمان لای ئێمە لەپێس ترن.ڕەمپ دۆخی سیاسی لە ئەمریکا زۆر باش نییە و ڕەنگە پۆستەکە لەدەست بدات و فڕێی بدەنە دەرەوە لە کۆشکی سپی، بەڵام لەگەڵ خەلیفە ئەردۆگان زۆر شتیان لەژێر سەردایە.. ڕەنگە بۆیان نەچێتەسەر. خەباتی دیبلۆماسیی شاندی ڕۆژئاڤا شانبەشانی شەڕی بوێرانەی شەڕڤانان، دۆستێکی بەهێزی وەکو ماکرۆنی بۆ کورد بنیاتناوە و دەبێت کورد بتوانێت ئەم دۆستایەتییە بقۆزێتەوە.

سەرۆکی فەرەنسا چەند جارێک دووپاتی کردەوە، کە لەسایەی هێرشی تورکیاوە بۆ سەر باکوری سوریا داعش خەریکی بوژانەوەیە چونکە هێزەکانی سوریای دیموکراتی لاواز کردووە ، کە "بڕبڕەی پشتی جەنگی دژی داعش بوو". لەبەرامبەردا ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا جارێکی تر هەڕەشەی ئەوەی کردەوە، کە ئیمزا لەسەر ئەو پلانە ناکات کە بۆ پاراستنی چەند وڵاتێکی ئەورووپی داڕێژراوە دژی هەر هەڕەشەیەکی ڕوسیا ئەگەر وڵاتانی ناتۆ قبوڵی هێرشەکەی بۆ سەر باکوری سوریا نەکەن و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بە تیرۆرست ناو نەبەن. بەڵام لە وەڵامدا ئیمانیۆل ماکرۆن گوتی، "بە داوای لێبوردنەوە ئێمە هەمان پێناسەمان نییە بۆ تیرۆریزم [وەک تورکیا]. کاتێک سەیری تورکیا دەکەم لەئێستادا دژی ئەوانە شەڕدەکەن کە هاوشانی ئێمە شەڕ دەکەن، کە هاوشانی ئێمە شەڕیان کرد دژی داعش. هەندێک جار تورکیا لەگەڵ بریکارەکانی داعشدا کار دەکات".

هەروەها ماکرۆن لەسەر قسەی خۆی سوورببوو کاتیک مانگی ڕابردوو ناتۆی بە "مێشک مردوو" ناوبرد بەهۆی ئەوەی تورکیا بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی ناتۆ هێرشی کردە سەر باکوری سوریا و ترەمپیش ڕێگەی بۆ خۆشکرد. لەلایەکی دیکەوە دۆنالد ترەمپ پێناسەکەی ماکرۆن لەسەر ناتۆ، کە وتبووی "مێشک مردووە"، بە "سوکایەتی کردن بە زۆرێک لە هێزەکان" ناوبرد و پێیوابوو زۆر "ناشرین و بێڕێزییە". کێشەی ڕۆژئاوای کوردستان تەنها کێشە نەبوو لە لوتکەکەدا، کڕینی سیستەمی بەرگری ئێس–٤٠٠ی ڕووسی لەلایەن تورکیاوە و نیگەرانی ترەمپ لەسەر پابەندنەبوونی وڵاتانی دیکە بۆ پێدانی خەرجی پێویست بە ڕێکخراوەکە بۆ بەرگریکردن چەند باسێکی تری لوتکەکە بوون. لەو بارەیەوە ترەمپ هۆشداری ئەوەیدا کە ئەگەر وڵاتە ئەورووپییەکان بە "لاساری" بمێننەوە ئەوا سزا دەسەپێنێت بەسەریاندا. هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) دامەزراوەیەکی سەربازی بەرگری نێودەوڵەتیە و لەساڵی 1949دا دامەزراوە و 29 وڵات تێیدا ئەندامن. هاوپەیمانێتییەکە سیستمێکی بەرگری گشتیگیرە و چەند وڵاتێکی گەورە تێیدا بەشدارن لەوانە ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، هتد.. کە پێکەوە هێرش دەکەنە سەر هەر وڵاتێک لەوەڵامی هەر هێرشێک بۆ سەر یەکێک لە وڵاتانی بەشدار. لە بنەڕەتدا هاوپەیمانییەتییەکە دژی فراوانخوازی ئەوکاتی یەکێتی سۆڤییەت دروستبوو.

ئەم هەواڵە بەشیکی لە (هاوڵاتی) وەرگیراوە..

ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟



نووسینی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی چوارەم

ستراتیژ- چالاکی هزر "عەقل" (Activity of The Mind)

وشەی **ستراتیژ** وشەیەکی یۆنانییە - (ستراتەگیا) (Strategia) بەمانای "کەشتی گشتی"(General Ship) و (ستراتەگوس) (Strategos) بەمانای "گشتی یان سەرکردە"دێت.[1] وشەی ستراتیژ زاراوەیەک بووە پەیوەستدار بەچالاکی سەربازی. ژەنەرالّی دوو ئەستێرە(Major–General) ئەڵمانی **کارل فۆن کلاوسەویتز**، کەبەباوکی خوێندنی ستراتیژی هاوچەرخ هەژماردەکرێت، پێناسەی بۆ ستراتیژ وەک (بەکارهێنانی تێکەڵچوون (The Engagement) لەشەڕدا بۆ مەبەستی جەنگ) کردووە.[2] فیلد مارشال **هیلمەت کارل بیرنهارد گراف فۆن مولتکەبەئاکام** گەیشتووە، کەستراتیژ(گونجاندنی کرداریی هۆکارەلەژێردەستی سەرکردەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی لەڕوانینیدایە)[3]. دووپاتکردنەوەیەکی کەمتر لەسەر جەنگەکان، **بەڕێز باسیل هینری لیدل هارت**، ڕەخنەی لەکلاوسەویتز گرت، بەوەی کلاوسەویتز دوپاتکردنەوەی لەسەرشەڕەکان (Battles) پیشنیاردەکات، بەوەی کەشەڕەکان تاکە هۆکاری بەدەستهێنانە بەکۆتایی ستراتیژ).[4] **لیدل هارت** بەم شێوەیە پێناسەی بۆ ستراتیژ (هونەری بڵاوکردنەوەو جێبەجێکردنی هۆکاری سەربازییە بۆهێنانەدی کۆتایی ئەنجامەکانی سیاسەت بەتەواوی).[5] پێناسەی **لیدل هارت** جۆرێکی فراوانترە، تا ڕێژەیەک پێشنیار دەکات بۆ هۆکاری سەربازی و بە ڕوونی دووپاتیدەکاتەوە، ئەنجامی سیاسی دوائەنجامی کۆتاییەکانن لەلایەن هوکارە سەربازییەکانەوە. بیگومان، **کلاوسەویتز** لەکتێبەکەیدا پاشان بەخاڵێک ئاماژەی بەوەداوە (لەسەر جەنگ) (On War) بە گوتە ناودارەکەی (جەنگ تەنها کردارێکی سیاسەت نییە، ئامرازێکی سیاسی ڕاستە و بەردەوام بوونێکی چالاکی سیاسییە بەهۆکارێکی دیکە).[6]

لەسەدەی بیستدا بەشێوەیەکی بەرچاو، قوتابیانی بواری ستراتیژی زیاتر پێناسەکەیان درێژ کردبۆوە بۆ مەیدانی چالاکی سەربازی و جێبەجێکردنی زاراوەکە بەبەردەوامی لە بوارەکانی تری وەک ئابووری، سیاسی، سیاسەتی بیانی و ئاسایش. لەو کاتەی فەرهەنگی **میریەم– وێبستەر** (Merriam –Webster)، نیمچە مامەڵەیەک دەکات بۆ پیشتر بەکارهێنانی وشەکە، کە لەچوارچێوەیەکی سەربازیدا دەستەبەریدەکات، هەروەک یەکەم پێناسەی (زانستەکە و هونەری بەکارهێنانی سیاسی، ئابووری، دەروونی و هێزی سەربازی نەتەوەیەک، یان گروپێکی نەتەوەیی پشتگیریی زۆرترین توانا بۆ سیاسەتێکی گونجاو لەئاسودەیی و جەنگدا).[7] ئەو ئاسانتریدەکات و لەهەمانکاتدا بۆچوون، بۆ ستراتیژ و تێگەیشتن زیاتر ڕوون دەکاتەوە، ڕووخسارێکی هاوچەرخی پێدەبەخشێت، لە دووهەم پیناسەدا باس لە (پلانێکی زیرەکانە یان ڕێگەیەک، هونەری داهێنان، یان بەکارهێنانی پلان یان فێڵکردن بۆ گەیشتن بەئامانج) کرا.٨ هەردوو پێناسەکان مەبەستیان نەپێکا. ئەویش " تەواوکەرە– یەک خراوە" بەسادەترین زاراوە، ستراتیژ بەمانای جێبەجێکردن **یەک خراوە** بۆ هاوکارەکان (Means)، تا کۆتایی خواست بهێنێتەدی یان دووپاتکردنەوەکەیان لەسەر یەکخراوە. لەپێناسەی یەکەمدا، ئەم خاڵەگرنگە بزر دەبێت.

١.**والتر دبليو**. سكيت، القس، قاموس إختصاری موجز للغة الإنجليزية، نيويورک: جی. بی. أولاد بوتنام، ،1980، ص. 522 .

٢. **كارل فون كلاوزفيتز**، *عن الحرب*، مايكل هيوارد وبيتر بارت، بريسينتون: مطبعة جامعة بريسنتون،1976، ص–177.

٣ . مقتبس من كتاب ب. ايچ. ليدل هارت، الاستراتيجية، لندن، المملكة المتحدة: شركة فايبر وفايبر المحدودة،1967، ص–320.

٤. كان ليدل هارت يدرک جيدا التفاصيل الدقيقة لمعايير كلاوزفيتز فی الاستراتيجية. وأشار إلى أن كلاوزفيتز اعترف بأن "هدف القتال ليس دمارا دائما لقوات العدو"، و "يمكن تحقيق هدفه أيضا فی كثير من الأحيان دون حدوث القتال على الإطلاق". وكان نقدهلكلاوزفيتز أن الجميع قبض على عبارات رنانة مثل "ليس لدينا سوى وسيلة واحدة فی الحرب هی– المعركة"، "المعركة هی النشاط الوحيد فی الحرب"، "قد نخفض كل نشاط عسكری فی مجال الاستراتيجية إلى وحدة المعارک الفردية"، و "دعونا لا نسمع عن الجنرالات الذين يحتلون دون سفک الدماء". انظر ب. ايچ، ليدل هارت، " *شبح النابليون*"، جنة جديدة، مطبعة جامعة يالی، 1935، ص–.126–124.

٥. ليدل هارت، استراتيجية، ص– 321.

٦ . ليدل هارت، استراتيجية، ص– 321.

٧. كلاوزفيتز، في الحرب، ص–87.

٨. ميريام وبستر أون لاين، متاحة من

www.merriam– webster.com/dictionary/strategy.

پاشماوەی ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا، پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟

– لەدووهەم پیناسەدا، هەرچەندە فراوانتر و ڕەنگە بەسوود بێت و دووپاتی دەکاتەوە، کە ستراتیژ بەسادەیی پلانێکی یارییە. بەکارهێنانی هۆکارەکان کۆڕانە، یان لەخۆوە ناتوانرێت بەستراتیژ ڕەچاو بکرێت.

– لە ئاستی سیاسیدا، یان سەربازی نەتەوەییدا، لە ئامرازەکانی توانای نەتەوەیی، پێناسەیەکی بە سوودتری ستراتیژ، جێبەجێکردنی یەکخراوە (بۆ نموونە: سیاسی– دبلوماسی دەروونی"سایکۆلۆژی"، ئابووری، زانیاری (Informational)، و سەربازی)، کە دەیەوێت بەرژەوەندی نەتەوەیی بگرێت. یەکخراو بۆ هاوکارییەکی بەردەست، تا کۆتایی خواستەکان بهێنێتەدی، بێگومان ستراتیژ سنوردار ناکات بۆ بەکارهێنانی تەنها هاوکاری بەردەست. لەوانەیە ستراتیژێکی پێشکەوتوو– بەشێوەیەکی باش، هەوڵ لە ناوەڕۆکیدا هەبێت، کە پێشڕەو بێت بۆ زیادکردنی هاوکارەکانی.

– سەرەڕای ئەم سادەییەی، دیارە ستراتیژ زاراوەیەکە، زۆر جار بەکارهێنانی نابەجێیە بۆ نموونە: لە کاتی جەنگی ساردا، کۆمەڵەی ئاسایش و بەرگری، زۆر جار ئاماژەیان بۆ ستراتیژی ناوەڕۆک (احتواء) دەکرد، (The Strategy of Containment)، کە هێشتا ستراتیژ ناتوانرێت بەسادەیی ڕەفتاری بگۆڕێت بۆ ئامانجێک، وەکو ناوەڕۆک یان هەڕەشەی سۆڤیەت تێیدا گیر بخوات. ئەگەر ئاوا بکرێت ڕاستیەک پشتگوێ بخات، بەومانایە دێت، کە دەتوانرێت ڕێگایەکی بۆچوون بێت بۆ هێنانەدی ئامانجێک. ئەوە چەند ئەگەرێکی کارە، بە وریایی هۆکاری بەردەست، یەکدەخن بۆ ئەوەی کۆتایی ئارەزووەکان بەدەستبهێنێت.

– ستراتیژ نە بەتەواوی **هونەرە** و نە **زانستە**، لەهەندێ بواردا **هەردووکیانە**. وەک **هونەرێک**، تا توانای بیرکردنەوە هەبێت بەشێوەیەکی ستراتیژی کارامە دەتوانیت فێربیبیت، بەهۆی ئەزموونەوە و تێبینیکردن و خوێندنەوە، وەک **زانستێک**، بیرکردنەوە بەشێوەیەکی ستراتیژی شوێنکەوتی بەرنامەدارشتن و زانین و بەشداریکردن، پێویستی بەهەندێ شتی تری وەک: ناسینەوە و ڕێسای گرفتیک، کۆکردنەوەی زانیاری، گریمانە جێگرەوەکان (Alternative Hypotheses) هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیژ بەشێوەیەکی ڕوون، **چالاکییەکی هزرە"عقل"، وەک جەنگ بۆ کلاوسەویتز،**[9].

ستراتیژ کردارێکی پەیوەندیدارە بە مرۆڤ، (دەست ڕەنگینی–کارامەیی)(**هی المهارة**). بابەتی کار کردنە لەسەر ڕەفتار. ڕێسای پلانێکی یاریی دروستکردنە بۆ چوونە ناو بازنەی دروستکردنی بڕیاری "دوژمن"، کە وایان لێبکرێت یان ئەو دودڵییە دروستبکرێت، هەرچی ئەوانە **لەوانەیە** بەپێچەوانەوە کردبێتیان– لە هەوڵی حکومەت، لە ژووری ئەنجومەنی بەڕێوەبەران، یان لە مەیدانی شەڕدا. بۆیە" **سان تزو – "Sun Tzu** ئەوەی کە نووسیویەتی (١٠٠) سەد سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لە(١٠٠)سەد شەڕدا لوتکەی کارامەیی نییە. لوتکەی کارامەیی لەوەدایە دوژمن بهێنرێتە ژێردەست بەبێ شەڕکردن)[10]،[ئەوانە کارزانن و ستراتیژن لە جەنگدا، کە سوپای دوژمنەکەیان دەهێنن ژێر دەستیان بەبێ شەڕکردن. ئەوان شارەکانی دوژمن دەگرن، بەبێ پەلاماردان و تێکدانی ولاتەکەیان و بەبێ ئۆپراسیۆنی دریژخایەن][11]. سەبارەت بەکاردانەوەی بیرێکی هاوشێوە (تومو– Tu Mu) نووسیویەتی لە نێوان ساڵانی (٦١٩–٩٠٥) ی زایینی، تێبینیان کردووە: (باشترین ڕێگەچارە پێش ئەوەی دژوارییەکان سەرهەڵبدەن، ئەویش بەزاندنی دوژمنە پێش سەرکەوتنی و پێش ئەوەی هەڕەشەکان بەرجەستەببن)[12]. دوای نزیکەی (١٥٠٠) ساڵ لە تێبینییەک بۆ خۆی، لیدل هارت دەنووسێت: (کارکردن لەسەر بیری مرۆڤ، زۆر گرنگ و کاریگەرترە، بەبەراورد لەگەڵ کۆنترۆلکردنی لە شەکانیان یان ڕێکخستنی کارەکانیان)[13].

---

[9]. المصدر نفسه.

[11]. کلاوزفیتز، في الحرب، ص – 149.[11]. صموئيل بي. كريفث، صان تسو: فن الحرب،

[11].نيويورک: مطبعة جامعة اوكسفورد،1963، ص –77.

[13]. المرجع نفسه، ص–79.

سـلێمانی ... لە نێوان دوێنـێ و ئـەمـڕۆ دا

خالید ڕەسوڵ

سلێمانی– گەڕەکی چواریاخ سەرو یاریگای سلێمانی نزیک ماڵی عومەری سەعدون و ئەسعەد ڕەباتی، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بەبۆنەی هاتنی نوێنەرانی سەرۆکی حکومەتی عێراق، عەبدول سەلام عارف، کە ئەوکات جێگری سەرۆکی عێراق عەبدولکەریم قاسم بوو، بۆ قسەکردن لەگەڵ کورد هاتبوون، لەگەڵ چەند وەزیر و ئەفسەرانی بەناوبانگی عێراق و نوێنەرایەتی کورد، کە بریتی بوون لە لوقمان بارزانی و چەند کەسانی تر، لەبەر جێگەیەکی نەشیاو بۆ ئەو بۆنە و قەڵەبالغییە، بەڕێز شێخ لەتیفی حەفید و موتەسەڕیفی ئەوسای سلێمانی ماڵی حاجی کەریمی ڕەزاخانیان لەسەر داوای خۆی هەڵبژارد، بۆ ئەو بۆنەیە وەک لە وێنەکەدا دیارە، لە سەربانەکە ئالای ئەوسای عێراق هەڵکراوە و ئاپۆڕایەکی زۆر لە پیاو و ژن و منداڵ لەوێ ئامادەن، کە پاشانیش لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکرایەوە .. حاجی کەریم یەکێک بوو لە پیاوە جوان و ناودارەکانی شار بازرگان بوو، بەتایبەت لە هندستانەوە چای هاوردە دەکرد بەناوی چای ئەزمەڕ، کە قۆریەکی لەگەڵدابوو، وێنەی خۆی لەسەر بوو ڕەنگە هێشتا لە هەندێ لە ماڵانیش مابێت، یا وەک دەڵێن لەسەر سندوقەکان وێنەی سەلاحی کۆڕی لەسەر بووە بە قۆریەکەوە، حاجی کەریم وەک پیاوەکانی تری گەڕەک هاوڕێی باوکم بوو، هەردوو کوڕەکەشی هاوڕێ و کوڕی گەڕەک بوون، سەلاح کەکارمەندی دائیرەی پۆلیس بوو بەداخەوە لە نەرویج بەکارەساتێکی ناخۆش کۆچی دوایی کرد، کاکە کاوەی حاجی کەریمیش لەسەر ئامێری سایزەر مۆسیقاژەنێکی لێهاتوو بوو تەمەن درێژبێت. وێنەی ماڵەکە خەزورم بەڕێز (کاک حەببی وێنەگر و کاک عەبدولای برای) گرتوویانە، هەندێ لە زانیاریەکانم وەرگرتووە بەتایبەت لە هاوڕێم کاک (سەرهەنگ جاف) لە ئەڵمانیا، کە حاجی کەریم دەکاتە مێردی پوری.

تەنگوچەڵەمەکانی ناو مۆسیقای کوردیی بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی

Salah Raouf

تەنگوچەڵەمەکانی ناو مۆسیقای کوردی بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاست بەگشتی

((سەڵاح ڕەوف))

هەرچەند ورد بینەوە ئەبینین، کە سااڵنێکی دوور و درێژە ئاستی هونەریی لە ڕۆژهەاڵت هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە. هەرچەندە بە هۆی هەندێک کەسی خۆڕسکی هونەریی بەهرەدارەوە کەم تا زۆر هونەر لەم ناوچەیەدا گەشەی سەندووە، بەاڵم دوور بووە لە ئاستی زانستی، بۆیە فراوانیش بووبێت ئەوا ئاستێکی کەم بووە و زیاتر بۆتە هۆی (زۆربێ و بۆربێ)کە.

ئەو ڕێگرانەش یان ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەم ئاستنزمی و فراوان نەبوون و پێش نەکەوتنە زۆرن ... لەوانە:

١- زۆری و بۆری ناوی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا بەگشتی و پەیژەکانی مۆسیقا بەتایبەتی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی ئاستی هونەری ئاواز و مۆسیقا هەیە. وەکوو بە ئاشکرا لە هەموو ئاستێکی خوێندندا و لای هەندێک هونەرمەندی ئەم ناوچەیە (ڕۆژهەاڵت) دیارە و هەر بەو جۆرەیە. هەر وەکوو ئەوە وایە کە من ئێستا لێرەدا ناوم (سەاڵح) بێت، بەاڵم کە چوومە جێگایەکی تر ناوم ببێت بە (هەر ناوێک پێت خۆشە)، بە واتای گۆڕینی ناوەکەم بە پێی شوێن و جێگاکە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مایەی سەرلێشێواندنی خۆمان و دەوروپشت بە خزم و بێگانەشەوە. جا نموونەی ناوی خۆم نموونەیەکی زیندووە بۆ بەکارهێنانی ناوی پەیژەیەکی مۆسیقا، کە ئەبینین بۆ یەک پەیژەی مۆسیقا چەندین ناو دێتە کایەوە. وەکوو مامۆستا عەبدولڕەحمان چبچچی ئەڵێ: لە پارچە ئاوازێکدا دوو مەقامی جیاوازی بەکارهێناوە، کە ئەمەش ڕووداوێکی گرنگە لە مۆسیقای عەرەبیدا. بەاڵم بە

داخەوە بەم جۆرە ئەو مۆسیقایە ناوی پەیژەکەی لە دەست داوە و، ئەبوایە بگەڕێین بۆ ئەوەی ناوێکی نوێ بۆ ئەو پەیژە نوێیە دابنێین.

٢- ئەبوونی سیستەمێکی زانستی بۆ نوسینی ڕابەری پەیژەکانی مۆسیقا، لەساتی نۆتەنوسینی پەیژەکانی مۆسیقادا بەتایبەتی پەیژەی دووەمی گەوردی ڕۆژهەاڵتی (ڕاست)و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگیەکانی (شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم)، کەتائێستاش هەرکەسەو بە بۆچوونی خۆی ئەینوسێ.

٣- ئەبوونی سیستەمێکی زانستیی بۆ گەشەدان بە پارچە ئاوازێک و بەکارنەهێنانی پەیژەی جیاواز لە ئاوازێکدا و، مانەوەی پارچە ئاوازێک لەسەر یەک پەیژەی مۆسیقایی. بۆیە ئاواز و مۆسیقاکانمان تەنها لە شێوەی فۆرمی ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆریدا ماونەتەوە. دیسانەوە بۆیە وەکوو میللەتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و میللەتانی ئەوروپا بەتایبەتی نەبووینەتە خاوەنی فۆرمی نوێی وەکوو سیمفۆنی و کۆنسیرتۆ و ... هتد و چەندین فۆرمی نوێی جوان.

٤- ئەوژمانەوەی سیستەمێکی (میتۆدێکی) زانستیی بۆ بەکارهێنانی پەیژەی کرۆماتیک، بەتایبەتی لە پەیژەی دووەمی گەوردی ڕۆژهەاڵتی (ڕاست)دا، کە ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم پەیژەیە لە ئاستێکی نزمدا، یان هەربەکارنەهێنانی.

سەرنج: تاراوگە دەستکاری ڕێنووسی نووسینەکەی مامۆستا سەاڵح ڕەووفی نەکردووە، وەک چۆن بۆی ناردووین، ئاوا بڵاومانکردۆتەوە. وشەی (بەداخەوە)ی جیاکردۆتەوە، ڕێنووسی نووسینەکەی لەگەڵ تاراوگەدا جیاوازی زۆرە.

کۆمەڵکوژییەکی لەبیرکراو- وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز چۆن ئەتاتورک (عەلەوییە)کوردەکانی کوشتووە

دوای ئەوەی سایتی" دەس ئێرستە"ی ئەڵمانیا هەواڵی پەخشکردنی کۆمەڵکوژی کوردانی لەلایەن ئەتاتورکەوە بڵاوکردەوە و ئێمەش لای خۆمان تەواوی هەواڵەکەمان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردیی "هەروەک لەوێنەکانیشدا دیارن"، کەچی بەر لەنزیکەی دوو کاتژمێر و نیو، هەمان پێگە هەواڵەکەیان گۆڕیووە و لەخوارەوە پۆزشیان هێناوەتەوە، کە ئەوانە کورد نەبوون، بەڵکو عەلەوییەکانن، کورد دەڵێت: (شەل نییە پای شکاوە)..

بۆ ئاگاداریتان تکایە، وا لێرەدا وێنەی هەردوو هەواڵی سایتەکە وەک خۆی دادەنێمەوە.

ئەمەش هەواڵەکەی پێشوو تره.

کەمال ئەتاتورک بەدامەزرێنەری کۆماری تورکیای مۆدێرن ناسراوە...دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەیەک زمان، یەک ئایین. بەڵام بەمانای وشە لەسەر لاشەی مردووان بنیادیناوە، هەرچەندە ئاشکرایە، بەڵام بەو قەبارەیە نا.

بەڵگەنامەیەک کە تازە لەتورکیا دۆزراوەتەوە دەریدەخات، کە چەند دڕندانە لەدژی کوردان لەدەرسیم، کە ئەمڕۆ ناوینراوە تونجەلی گازی ژەهراوی بەکارهاتووە، ئەو گازەش گوماندەکرێت لەئەڵمانیاوە هاتبێت. لە تورکیا ئەو ئەرشیڤە کەم بایەخی پێدراوە، بەڵام ئەوەتا لەتونجەلی خۆی، کەس چیتر نایەوێت بێدەنگی لەو پرسە قەدەغەکراوە بکات. لە شوێنەکەدا قسە لەگەڵ نەوەکانی کۆڕاوەکانی ئەوکات کراوە. ئەم بابەتە بەیانی ڕۆژی 01– 12– 2019 کاتژمێر 23:05 خولەک بەکاتی ئەوروپا لەکەناڵی ئەڵمانیا پێشکەشکرا، بۆ ئاگاداری، سەرچاوەکە سایتی دەس ئێرستە "Das Erst"

دەرهێنەری بەتوانای کورد (ڕێبەر دۆسکی) بە فیلمی دیکۆمێنتاری (هاوڕێ و پلنگ) توانی خەڵاتی باشترینی فیلمەکان وەربگرێست

خالید ڕەسوڵ

دەرهێنەری بەتوانای کورد (ڕێبەر دۆسکی) بە فیلمی دیکۆمێنتاری (هاوڕێ و پلنگ) توانی خەڵاتی باشترینی فیلمەکان وەربگرێت لە ڤیستیڤاڵی جیهانی فیلمی دیکۆمێنتاری لە شاری ئەمستەردامی پایتەختی هۆڵەندە. ئەم ڤیستیڤاڵە لە ساڵی ١٩٨٨ەوە یەکیکە لە گەورەترین ڤیستیڤاڵەکانی جیهان بۆ فیلمی دیکۆمێنتاری.

ڕێبەر دۆسکی ساڵی ٢٠١٣ ئەکایمیای فیلمی لە هۆڵەندە تەواوکردووە، ساڵی ٢٠١٥ لەسەر کورتە فیلمی دیکۆمێنتاری (قەناسی کۆبانی) چەند خەڵاتی تری جیهانی وەرگرتووە. لیژنەی هەڵسەنگاندنی ڤیستیڤاڵەکەش بۆ ئەم فیلمەی گوتیان: ئێمە زۆر سەرسام بووین بەدیمەنە سیحراویە سروشتیەکانی کوردستان کەسێک ئەم سروشتە ببینێت هەناسەی بۆ نادرێت.

مێژووی جوڵانەوی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان 1975 ـ 1991

لەدوای چاپکردنی کتێبی "ڕەهەندەکانی بیری سیاسی"، د. دلێر ئەحمەد حەمەد، دووەم کتێبی خۆی بەناوی "مێژووی جوڵانەوی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥ ـ ١٩٩١" لە چاپخانەی کارۆ بەچاپ گەیاند، کتێبەکە چوار بەشی لە خۆگرتووە و لە ٣١٦ لاپەرە پێکهاتووە، لە سەرەتای هەفتەی داهاتوودا لە کتێبخانەکاندا بە نرخی ٥ هەزار دینار بەردەستە.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٧ ـ ١٩٩٨ نوسراوە وەک تێزی دکتۆرا پێشکەش بە بەشی زانستە سیاسییەکانی کۆلێژی فەلسەفەی زانکۆی (سانت ـ پترسبۆرگ) کراوە، ساڵی ١٩٩٩ لەسەر پێشنیاری ئینستیتۆتی ڕۆژهەڵاتناسی پترسبۆرگ لە ڕوسیا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ناوەرۆکی ئەم کتێبە بریتییە لە مێژووی سیاسی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥ ـ ١٩٩١)، باس لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کاتی کوردستان دەکات، تیشک دەخاتە سەر خەباتی چەکداری و ململانێی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و باس لە خەبات و ڕووداوە گرنگ و سیاسییەکانی ئەو سەردەم دەکات، هەر لەبەرپابوونی خەباتی چەکداری تا ڕاپەینی ساڵی ١٩٩١ ی خەڵکی کوردستان دژ بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی حکومەتی عێراق.

ـ د.دلێر ئەحمەد حەمەد لە دایکبوی هەولێر ١٩٦١.

ـ خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردوە.

ـ سالی ١٩٨١ بوە بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی ینک ـ ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگای شۆڕشەوە چۆتە یەکێتیی سۆڤیەت و تا ساڵی ١٩٩٩ لە زانکۆی سانت ـ پترسبۆرگ لە ڕوسیا خوێندنی بەکەلۆریۆس ـ ماستر ـ دکتۆرای تەواو کردوە، لە بواری مێژوو زانستی سیاسی.

ـ ساڵی ١٩٩٩ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی دامەزراوە لە بەشی مێژو وانەبێژ بوە .

ـ کتێبەچاپکراوەکانی:

ـ ڕەهەندەکانی بیری سیاسی.

ـ کتێبی گفتوگۆی نێوان ینک و حکومەتی عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ د ـ سەروەر عبدالرحمن.

ـ کتێبی یاسا دەستوریەکانی تورکیاو کورد- لە نوسینی حەسرەتیان لە ڕوسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ـ مێژوی جوو لەڕوسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

عەتا مەحمود

کتێبی- چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە فەلسەفەی بوونگەرایی

کتێبی "چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە فەلسەفەی بوونگەرایی"



ئەمە ناونیشانی یەکێکە لە کتێبەکانی بیرمەندی ناوداری عەرەب "عەبدولڕەحمان بەدەوییە، نوسەر و وەرگێڕی ناسراوی کورد ئازاد بەرزنجی، وەرگێڕانەکەی تەواو کردووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. بەدەوی لەم کتێبەدا جگە لەوەی سەرەتا باس لە پێشزەمینە فەلسەفییەکانی تەوژمە فیکری و فەلسەفییەکانی سەدەی بیست دەکات، دواتر بە کورتی باس لە فەلسەفەی بوونگەرایی و تەوەرەکانی ئەو فەلسەفەیە دەکات و ئینجا کتێبەکەی بەسەر کۆمەڵێک بەشدا دابەش دەکات، کە هەر بەشێکی تەرخانە بۆ یەکێک لە فەیلەسوفە بوونگەراکان و ژیان و تەوەر و چەمکە سەرەکییەکانی فەلسەفەکەیان، کە دەشێ خوێنەری کورد بە هەندێکیان ئاشنا نەبن.

پێڕستی کتێبەکەش بەمجۆرەیە:

پەرەسەندنی فەلسەفی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا.

پوختەی بوونگەرایی،سۆرین کیرکەگۆر، مارتن هایدیگەر، کارڵ یاسپەرز، ئۆرتیگا ئی گاسێت، میگیل دی ئۆنامۆنۆ، ئەلبێر کامۆ، نیکۆڵای بێردیاییڤ، گابرێڵ مارسێڵ، ژان پۆڵ سارتەر.

لە لاپەڕەکانی کۆتاییشدا، پوختەی فەلسەفە بوونگەراییەکەی خۆی بۆ خوێنەران دەخاتە ڕوو. ئومێدەوارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم کتێبە و کتێبێکی تریش کە سەبارەت بە "نیچە" یە و هەر هەمان نووسەر کردوویەتی بە کوردی، لەلایەن دەزگای جەمال عیرفانەوە چاپ و بڵاوبکرێنەوە و بکەونە بەر دیدەی خوێنەرانی کورد، دەست خۆشی لە هاوڕێی ئازیزمان کاک ئازاد بەرزنجی دەکەین.

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا

بەشی یەکەم

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عبدالستار شارباژێڕی

کورتەی تۆژینەوەکە:

ئەوەی لەم ساڵانەی دوایی لەبواری رۆشنبیریدا، کۆمەڵگای کوردەواری بەخۆیەوە خەریک کردووە دەتوانین ناوی بنێین کودەتا. ئەم ڕەوتەی ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوە برد بەشێوەیەکی گشتی، تابیگەیێنێتە ئاستی ئەدەبی جیهانی، چ لەڕێگەی ئەدەبی راستەوخۆ یان وەرگێڕان .لێرەو لەوێ جار جار دەنگێکێک سەرهەڵدەدا بەتایبەت لەبواری ژنانا .ئەودەنگە ئازایانە هێواش هێواش توانیان جیهانبینی و هزرو بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی بگۆڕن ،لێرەو لەوێ ئەو خەمانەی کەشاعیرانی ژنی کوردی بێزار دەکرد. دەڕەوییەوەو لەڕێگەی شیعرە هەمە ڕەنگەکانیانەوە کەلەئەنجامی دژایەتیەکی بەهێز، بارودۆخ و هەڵوێستی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتیەوە هاتبووە کایەوە.

بۆئەم توێژینەوەیەش ئامانجێتی شاعیری کۆچکردوو"کەژاڵ ئیبراهیم خدر" وەبیر بهێنێتەوە "1968،2018"

ئەم شاعیرە ..یەکێکە لەدەنگە شیعرییە نوێکانی ژنان لەکوردستاندا لەلایەکی دیکەشەوە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە هەوڵە شیعرییەکانی ئەم ژنە شاعیرە بوروژێنێ ..ئایا..شیعرەکانی ئەم خانمە تەنها هەوڵی تاکە کەسین یان هەوڵێکی مرۆڤ دۆستانەیە یان هزریە ؟ئایا پێکهاتەی شیعرەکانی پێکهاتەیەکی دروونی و شیکارییە، یان پاڵنەرەکانی بونیاد نان و تێکدان لە شیعرەکانیدا چیە؟یان خۆت چۆن مامەڵە لەگەڵ هەردووکیان دەکەیت بۆبونیادنانی ئەزموونێکی سۆزداری و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتوو..

لەسەرەتادا دەمانەوێت بڵێین ئەم بابەتەمان لەرووی وەزیفیەوە کێشەیەک دروستەدکات دەربارەی میتابۆلیزم،کەدەکرێ بڵێن بابەتێکی بایو_کیمیاویە و پەیوەندی بەچمکی ئەدەبی و شیعریەوە هەیە .بابەتێکی ئاوا تائێستا نەچۆتە ئەو بوارەوە،هەرچەندە لەهەموو سەردەمانێکدا بۆنمونە"شیعر دەربڕینی وشەیە لەڕێگەی زمانەوە.واتە زمانی هەست بەرانبەر دۆستی و سۆزداری ،لەبنەڕەتدا زمانی دەربڕینە بۆمەسەلەیەک کە کاریگەری لەسەر واقع هەبێ. ئەم زوبانە زۆر لایەنی جیاواز دەگرێتەوە لەوانە"هاتن"ایحاو"ڕەمزی –واقیعی راستەوخۆ شاعیر خۆی چواچێوەی گشتی شیعرەکە دەجوڵێنێ.

دەقی شیعری ڕەنگاورەنگە، جاری واهەیە پڕە لەبێ هیوای –نامۆیی و دەربەدەری ،ئازارکێش –خەونەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە،ئەمانە هەموویان پێویستیان بەتواناو هێزی زۆرهەیە ،گەرم گوڕییەکی پێویستە بۆبونیادنانی دەقێکی شیعری کەبتوانێت پارێزگاری لەبەردەوامی خۆی بکات ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەنجامدانی وەها پرۆژەیەک کەسێکی داهێنەری دەوێ کە شیعرەکانی هەموو لایەنەکان بگرێتە خۆی و هێماکانی تێدا جێ بێتەوە. هیماکانی ئەنتۆلۆجی بۆکارکردن و ئامادەباشی ،بگرە بۆبونیادنانی کۆمەڵگا لەڕەگە کۆمەڵایەتیەکەوە. "کەژاڵ ئیبراهیم"ی شاعیر نوێنەرایەتی ئەو ئامادە باشیە دەکات و خۆی تەرخانکردووە ئەو ئەرکە ئەدەبیە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

بەشی دووەمی ئەو جەدەلەش بریتیە لە جەدەلێکی دەستە جەمعی –بەکۆمەڵ– کە ناخی شاعیر دژی دەوروبەری خۆی دەوەستێ وەک قسەکردن لەسەر هیوا بڕاوی –خەمۆکی خۆپەرستی تادوایی. لەڕاستیدا کەژاڵ خۆی لەگەڵ دوو خوددا سازاندووە. خودی "من و ئەو" لەیەکاتدا بەو ماناییەی جەدەلی خودی دەربارەی هەستەکانی خۆی دەدوێت لەوبابەتانەی ئاماژەیان پێدا، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی لەدایک بوونی جەدەلی دەستە جەمعی و پێچەوانەکەش هەر راستە، لەبەرئەوە بونیادنانی خود لای"کەژاڵ" بەمانای لادانی پەردەیە لەسەر راستیەکان، کە شوێنی ئەو دەگرێتەوە تا ئەو خودە دەبێتە هێماو پێناسەی یاخی بوون لەیاساکانی کۆمەڵگەو نەریتە سۆزداری و وێژدانیەکانی.

لەم ڕوانگەیەوە "کەژاڵ ئیبراهیم" لەجەدەلێکی بەردەوام دایە کێشەی خود لەگەڵ خودی خۆی بۆگەڕان و دۆزینەوەی ناوی راستەقینەی خۆی و پێناسەی خۆی لەکۆمەڵگادا. لەگەڵ هەوڵی بەردەوام بەڵام ناگاتە ئەنجام و وەڵامی راستی دەست ناکەوێت ،بۆیە دەبێتە کەسێکی نامۆ لەگەڵ خۆی و بەمانایەکی وردتر"کەژاڵ ئیبراهیم" شوێنی گرنگی گرتووە لەئەزموونی سۆزداری و کۆمەڵایەتی و، سوربوون لەسەر ئەو بابەتانەی کە بابەتی سەرەکی کۆمەڵگەن بۆیە دەبینین شیعرەکانی وێنەی زۆر بایەتی هەمەجۆری گرتۆتە خۆی. بۆیە هەر توێژینەوەیەک لەبابەت ڕوخساری شیعرییەوە ئەنجامێکی لێ بەدی ناکرێ ئەگەر نەبەسترێتەوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە ،بەو مانایەی کۆمەڵگا لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکاندایە. بۆیە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا بەلای "کەژاڵ "ەوە بریتیە لەشوێن گۆڕکێ و کات گۆڕکێ و ڕوداوەکان و ئەمیش دەبێتە قوربانی ئەوانە. دەبێ ئەوەش بڵێین پەیوەندی "کەژاڵ" بەپرۆژەی شیعرییەوە پەیوەندیکی پێوە لکاوە و شیعر لای ئەو چوار چێوەیەکی هزری ڕەوشتیە ،ئەمیش وەک شاعیر جوڵێنەری ئەو چوارچێوەیە بەتایبەت لەدۆخی وەستاوە بۆدۆخێکی جوڵاوی بەردەوام جۆری ئەم پەیوەندییە نزیکە لەپێشبڕکێ. چونکە شیعر لای ئەم لەهەنگاونانداینەو بەرەوپێش دەچێ، هیچ هێزێک رایناماڵێت، بەرگری دەکا لەو هێرشە روخێنەرانەی بەرەو ڕووی دێن. ئیتر لێرەدا بابەتی میتابۆلیزم ئامادەباشی دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکی بەرگری و ڕوو بەڕووبونەوە، لەنێوان بونیادنان و داڕوخاندا.

بۆیە دەکرێ بڵێین ئەمە دیاردەیەکی دوو جەمسەرییە لەبنەڕەتدا بابەتێکی "دژە" هەر لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا ئەو "دژە" سەری هەڵداوە بەرەو بیرکردنەوە هەنگاوی هەڵگرتووە.

بڕوانە لاپەڕە 9

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا

پاشماوەی ل 8

تێکەڵ بەژیان بووە لەرێگەی ئەزموونگەراییەوە لەهەمانکاتدا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر پێشکەوتنی هزری مەعریفی مرۆڤ هەبووە ئەمەش لەگەڵ دروستبوونی "میسۆلوجیا" سەری هەڵدا" ئیبراهیم مدکور"203"204"

لەسەردەمی نوێدا دەبینین گرنگی بە"دژەکان"دەدرێ بەتایبەت لە نێوان "بوون و نەبوون"واقیع و خەیاڵ" بۆنمونە "ئەلبیرکامۆ" هونەر دەبەستێتەوە بەهەڵوێستی میتافیزیکی مرۆڤ چونکە گەردون پڕە لە دەنگ و ململانێ و کۆنترۆڵ نەکردنی ،کەواتە هونەرمەند دەبێت لەوبارەیەوە قسەو تێڕوانینی هەبێ و چارەسەری بکات. لێرەوە دەوترێ هونەرمەند یان شاعیر لەدایکبووی واقیعە بە"خەیاڵ و واقیعەوە" چونکە ئەمە بەشێکە لەو واقیعە ،هەروەها "نیچە"ش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ناتوانێ بەرگەی واقیع بگرێ و، جارێکی دیکەش رووبەرووی دژەکان دەبێتەوە" ئەحمەد حەسەن ئیبراهیم–56" ئەمەش دەچێتە بواری کارلێکی نێوان و خودوو واقیع ،واقیع توخمێکی کیمیاوییە خودیش شیدەکاتەوە و لێکی هەڵدەوەشێنێ بەپێی پێداویستی مرۆڤ بەکاریگەری کات و شوێن؟

پێناسەی میتابۆلیزم بریتیە لە"مانای هەڵوەشانی کرداری، روخاندن و بونیات نان لە لەشی مرۆڤ یان ئاژەڵ" یان رووەک. بەومانایەی لەش پێویستی بەوزە هەیە، واتە زیندەوەرەکان بەهەموو شێوازەکانیانەوە پێویستیان بەوزە هەیە بۆ بەردەوامی ژیان، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەستیارترین ئەوزیندەوەرانەیە پێویستی بە وزەی زیاتر هەیە بۆڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی لەجموجۆڵ و زێدە چالاکیەکانی ناو لەش . بۆنمونە مرۆڤ تواناکانی لەخواردەمەنی وەردەگرێت ،هەر چەندە ئەو وزەیە بەشێوەیەکی ئامادەکراونییە تالەش راستەوخۆ کەڵکی لێوەربگرێت .بۆیە پێویستە لەلەشدا بگۆڕدرێ بۆ وزە، لەئەنجامی کرداری میتابۆلیزمەوە ،کەبێ ئەو کرارە مرۆڤ ناتوانێ کەڵک لەخواردنەکان وەربگرێ پێویستە هەموو خواردەمەنیەکان لەناو ئەندامی هەرسکردندا تێک بشکێنێ و لێکی هەڵوەشێنێ. تابتوانێ کەڵکیان لێوەربگرێ ئەمەش لەئەنجامی زنجیرەیەک چالاکی کیمیاویە کە رووەدات ،لێرەدا ئەرکەکە ئەوەیە وزەو بڕی گەرمی پێویست دابین بکرێت بۆلەش بۆپاراستنی زیندە چالاکیەکانی بەکرداری میتابۆلیزم بەدوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت

1_تێکشاندن"کاتابۆلیزم

لەم کردارەدا خواردەمەنیەکان شیدەکرێتەوە، توخمەکانی کاربۆهیدرات، چەورییەکان، پرۆتینەکان، دەگوشدرێت بۆ شێوەی وزە، بۆیە گەرمی پێویست بۆلەش بەپێی پێویست بۆلەش ،بەپێی نێوەندە چالاکیەکان وەکوو پێویستی گەرمی لەکاتی سەرمادا یان ئەنجامدانی وەرزش.

2_بنیات نان"ئنامۆلیزم: لەم کردارەدا شانەکان هەڵدەستێت بەبەکارهێنانی سەرجەم ئەو توخمانەی لەتێکشکاندا بەرهەم هاتوون.لەپێناو بونیادنانی سەرجەم پێداویستیەکانی لەش و بەردەوام بوونی بۆژیان.ئەم هاوکێشەیە بەڕادەیەک زۆر لە شیعریەتی شاعیر دەچێ ئەوەتا شاعیریش بۆبەردەوامی دانی بە دەقەکانی بنیات نانی بابەتی پێویستی بە تێکشکاندن و بونیادنانەوە هەیە. یان بارودۆخێکی شیکردنەوە ،نەک لەرووی مادییەت بەڵکوو لەرووی ماناو دەستەواژەی وشەهێنان و لێک هەڵوەشاندن و، لێک جیاکردنەوەو، دروست کردنەوەیەکی نوێیە. هەروەک "دریدا" دووپاتی دەکاتەوە لەدۆخی ناوخۆی دەویست"کردنەوەیەکی نوێیە"حالە لاداریە"جاک دریدا –60" یان بەپێی دەربڕینەکەی "جیرار جنبومبەر" ئامانجی ئەوەیە دەقەکان بتەقنەوە "علی حرب–20"، بابەتی ئێمە تەنها لێکهەڵوەشاندنەوەی دەقەکە نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای یەکگرتنەوەی دەقەکان. دەقی شیعری و ئەدەبی بێگومان کۆمەڵێ هۆکار و پرسی خۆی هەیە کە خاوەنی دەقەکان دەجوڵێنێت. تا بونیادی دەقەکەی لەسەر دابنێت بۆ بونیادەکان دەبێت. پێویستە کارێکی جوانتر پێشکەش بکات لەتێکشکاندن "بۆنمونە"ئەگەر بتەوێ لەش و لارێکی رێک و جوانت هەبێ دەبێ وەرزش بکەیت چەوریەکان بسوتێنیت، هەروەها کاربۆهیدرایەتیەکان کە زیادە لە لەش.

ئەوە لای ئێمە پێی دەوترێت سووربوونی لەسەر ئامانجەکان، ئەگەر ئارەزوو بکەیت شتێک نییە بەدەستی بهێنیت، دەبێت قوربانی بەهەندێک شتی دیکە بدەیت، گەر وانەبێت خەونەکان نایەتە دی. ئەرکی سەرەکی میتابۆلیزم دابینکردنی وزەیە بەپێی پێویست، توخمەکانی وزە لای "کەژاڵ"ی شاعیر هەمە جۆرە، بەڵام لەوەش گرنگتر پەیوەست بوونی بەبابەتەکەوە لەرووی سۆزداری و ئینتیما و پەیوەست بوون بە چڕبوونەوە تیایدا. لەمیانەی ئەو وزانەوە پەنجە دەخەینە سەر پێکهاتەکەی.

میتابۆلیزم بەم شێوەیە""

1_دارمان: داڕوخان

هەرچەند ئەوە دەکاتە لێک هەڵوەشاندن لە بابەتی رەخنەییدا، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا، ئەم توێژینەوە تێکشکاندنی بەشێکی بونیادی شتێکە یان تێکشکاندنی گشتی ئەو شتەو گۆڕینی لە هاوسەنگیەوە بۆ شتێکی دیکەی، نا هاوسەنگ بەمەش نزیک دەبێتەوە لەپێناسەی شۆڕش و گۆڕینی دەسەڵات، یان بەمانایەکی دیکە گۆڕینی ناپەسەند بۆ دۆخێکی جوانتر و پەسەند، کە بەهای جوانی تێدا بەدی بکرێت. هەوڵبدات بۆ دۆزینەوەی خودێکی کارا، لەجیهانی غروریدا.چونکە ئەو واقیعەی تیایدا دەژی شایستەی کەسایەتی ئەو نیەتێکی دەشکێنێت و دەیگۆڕێت، بۆدینای خەیاڵ. بەڵکو مرۆڤ دەکاتە رۆحێک لەجیاتی واقیع لەهەمانکاتدا هەوڵیش دەدات بگاتە جیهانی میتافیزیکی، لەپێناوی ڕاستیدا و هەستکردن بەبوونی لەم گەردونەدا و گەیشتن بەو ڕاستیەی، کە پێویستە قوربانی بدرێت. قوربانی خود لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو، ئەمە پێویستی بەو واقیعی دامالڕاو "تجرید" نییە، بەڵکو پێویستی بە"تەعبیریەت" هەیە، تەعبیری هەستیاری پڕ لە سۆز، لە ڕێگەی وێنە هەستیەکانەوە، کە هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی هەستی خودی چالاک، کەواتە بونیادنانی دەقی ئەدەبی و شیعری.

لە ڕاستیدا بەرهەمی ناخی شاعیرە، گەر وانەبێت دەچێتە قاڵبی پیاهەڵدان و موجامەلەکردن، ئەوەش ئەوە دەگەێنێت گەدەی شاعیر لەعەقڵی دایە، واتە عەقڵی شاراوە .

کاتێ دیمەنێکی سۆزداری دەبینێت، ئەو دیمەنە دەگاتە ناو عەقڵ و کرداری داڕمان دەست پێدەکات. بەشێوەیەکی گشتی یان لەبەشێکی دیمەنەکەدا، یان لەهەست و بابەتە گشتیەکاندا، کەدەبنە بابەتی تاکە کەسی و بەپێچەوانەشەوە. ئەم تێکشکاندنە پێویستی بە وزە هەیە، بۆنمونە قەصیدەی"ئاوڕدانەوەیەک بۆ دوێنێ"ی خاتوو "کەژاڵ" کە مامۆستا "جیهان عمر" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی دەبینین شاعیر هەوڵەدات لە ژیانی واقیعی ڕبکات و پەنا بەرێتە بەر دونیای خەیاڵ و هەستی رۆمانسی تێدا دەبینێتەوە و هەستی دەجوڵێنێت. لەراستیدا ئەوە شۆڕشە بەسەر واقیعدا بۆ وەرگرتنی چێژی خەیاڵ، ئەم خەیاڵەش لەئەنجامی بەهای ڕاستەقینەی ڕۆمانسیەتە لەسەردەمی رابردوودا، جارێکی دیکە دەیەوێت وەڵامی خەڵکی بداتەوە، کە هەڵەی تێکشکانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ونبونی بەهای زاڵ بوون بەسەر شوێندا. ئەمەش کاری خاوەنەکانیانە، بۆیە دەبینین سەرەتای قەصیدەکە بە کەشێکی غەمناک دەستپێدەکات لە ڕابردوودا، وەک ئەوەی پێشتر شتێکی لێ ون بووبێت. بۆی نەگەڕێتەوە، هۆکارەکەشی ئەو کەسانەن، کە لەو دەوروبەرە دەژین.

ماوێتی

چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگەدا

کۆتایی چالاکییە وێژییەکانی نووسەری کورد ئسەنوەر ئەڵمان لە ساڵی 2019



لە ڕۆژانی 15,16ی مانگی نۆڤێمبەری ئەمساڵ ساڵیادی پەنجا ساڵەی یەکێتیی نووسەرانی ئەڵمان VS لە شاری کۆڵن کرایەوە، لەو یادەدا نوێترین ئەنتۆلۆگی نووسەرانی بەڕەچەڵەک بیانی خرایە پێشچاو.

ڕۆژی 29–11 نووسەر ئەنوەر ئەڵمان بە دوو هۆنراوە لە شەوی ئاشتیدا لە شاری مونشنگلادباخ بەشداری کرد.

لە ڕۆژی 12.10دا چەندین بەرهەمی وێژەیی دەخوێندرێتەوە و هەر لەوێدا نوێترین ئەنتۆلۆگی بە زمانەکانی ئەڵمانی و زیربی دخریتە پێشچاو.





ئەنوەر ئەڵمان

نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی زمانی کورد و ئەڵمانییە.

ئەندامی پێنی کورد، ئەندامی یانەی نووسەرانی خۆرئاوای ئەڵمانیا WAV، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی ئەڵمانیا VS ە.

بەرهەمە کوردیەکانی: تا ئێستا یازدە کتێبی بە کوردیی چاپکردووە، سێ کتێبی نووسینی خۆی: کۆچیرۆکێک، نۆڤێلێتێک و کتێبێکی هەڵبەست. هەشت وەرگێڕان لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردیی.

سیازدە ئەنتۆلۆگی لەتەک نووسەران و شاعیرانی ئەڵمانیادا، بڵاوکردۆتەوە.

کۆی بەرهەمی چاپکراوەکانی 24 کتێبە.

چەندین هەڵبەست و بابەتی دی لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردیی وەرگێڕاوە. وەک نموونە: کرۆنۆلۆگی مێژووی تورک، تێزی میژوویی کورد و دۆزی کورد– ئیسماعیل بێشکچی. مێژووی ڕیفۆرمی ئەوروپا–مارتین لوتەر. کۆمەڵێک. هەڵبەستۆکەی ئەفۆریزم.

زمانی بەرهەمەکان: کوردی، ئەڵمانی، زێربی. فارسی. چەند دانەیەکیش بە ئیگلیزی و ڕوسی بڵاوکراونەتەوە.

لە 25 ساڵی ڕابردووەوە بەشداری نووسینی لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی وڵاتانی هەندەرانی کردووە.

ڕۆژنامەی مالمۆی سویدیی! ڕاپۆرتێک لەسەر پڕۆژەی مۆسیقیە ئۆپێتێمیستەکان، پەیکەری فیل و مۆسیقیەکەی هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد شوان کەمال بڵاودەکاتەوە

ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی مالمۆی سویدی لەسەر پڕۆژەی مۆسیقیە ئۆپێتێمیستەکان، پەیکەری فیل و مۆسیقیەکەی هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد شـــــوان کـەمال

ساڵی داهاتوو لەپارکی گەل(فۆلکسپارک) پەیکەرەکە دادەنرێت ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 05–12–2019 نزیکی ٢٠٠ کەسایەتی سویدی هاتنە شوێنی کارەکەی هونەرمەند شوان کەمال بۆ یادی ١١٠ ساڵەی دامەزراندنی ئەم شوێنە هونەریە و سەیری پەیکەرەکەی دەکەن، هەرلەوشوینە خواردن و خواردنەوە پێشکەش میوانەکان دەکرێت، وەک سیرۆمۆنیەکی هاتنی جەژنەکانی سەری ساڵ پێشوازی لە میوانەکان دەکرێت!

زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان- ژمارە: یەک
کوردستانیان و رۆشنبیری ئازاد

2019-11-28

مالّی ئەو: جەوهەر لال نەهرۆ و کورد

ئەمن هەینێ لەبەردەم ئەو مالّەی کە هەمیشە خاوەنەکەی دەمالّی مە، دەمی منداڵیم، نێوی دەهات، وێستاوم. سەرم گرتووە. عەشاماتێکی زۆریش بە پەرۆشی چوونە ژوورەوەن. بەشێکیان خوێندکاری ئاکادیمی پۆلیسن. ئونیفۆرمیان (هاوپۆشاکیان) گەواهی قسەمە. نۆقەمبەر (١٣٠) ساڵ دەگوزەرێ بەسەر یادی هاتنە دونیای ئەوەوە. خانوویەکی مەزن، ئەمێستا مولّکی گشتییە، بۆتە مالّمۆزەخانە. باخچە و دار و زیخ و چیمەن و..... تا بڵێیت دڵگیر و قەشەنگە. تۆ بڵێیت ئەو کوردستانیانەی دێنە ئێروکانێ، کە کەم نین، سەردانی لالە نەهرۆیان (١٨٨٩-١٩٦٤) نەکردبێ؟ ڕاڕەوەکانی پڕن لە کتێب، بە زمانی جیاواز. ژوور و سەر مێز و دیوار و..... ئیدی هەر کتێبە و کتێب. کەل-و-پەلی ئەودەمی مالّەکەی مە، بە سەر سوڕمانەوە تێبینی دەکەم، لەوی ئەوی باشترە! ئەمە مالّی یەکەم سەرۆکوەزیرانی هیندوستانی ئازادە، ١٩٤٧. جەوهەر لال نەهرۆ، کە ناوەکەی بە هیندی ئاوها دەخوێنرێتەوە نەک وەک نەوەی پێشوو، جەواهیر، کە لە عارەبییەوە گواستوویانەتەوە، شووڕەتدار بە (پاندیت- بابی ڕۆحی وڵات). دە مالّی مە، بە هۆی بابمەوە، هەمیشە بە پەرۆشەوە باس لەو دەکرا.ئێستا ئەمن تەنێ وێستاوم و بابم لەتەکدا نییە! سالاّنێکی زۆر گوزەشتووە. چقەد بابم دڵی دەکراوە گەر بهاتبا و بۆ جارەکی لالە نەهرۆی لە نزیکەوە بدیبا! یاخود جەوهەر لال ڕێی بزر بکردبا و سەردانی مەی لە کوردستانێ بکردبا. هەر دووکیان، ئەفسوس، یەکدیان نەبینی و کەسیشیان نەماون.

مالّی مە و نەهرۆ & هیندوستان

"منداڵینە، کابرایەک هەیە دەبێ بیناسن، نابێ نێوی ئەو دەبیرکەن"! دەمێ بابم ئێوارانێکی دە فرۆشگای خۆی گەڕاوە، ئاوهای گۆت. بابم عاشقی خوێندنەوە بوو. کتێب دڵی ئەوی دەکردەوە. بە ڕۆژ، بەدەم بازرگانیەوە، دە فرۆشگای خۆی، چی فریا بکەوتبا دەیخوێندەوە. ئێوارانیش بۆ مەی منداڵی دەگێڕاوە. پاشان خەریکی باخچەکەی دەبوو. ئەو دەیگۆت گوڵ-و-کتێب خوشک-و-بران" !ئەو نێوی نەهرۆیە، لال جەواهیر"، ئەوجا کتێبێکی قەبارە ئەستووری بەرز کردەوە وەک پیشەی خۆی لە بەرگی گرتبوو، بە خەتی خۆی دەسەر بەرگەکەی "رسائل السجن من نهرو الی ابنته اندیرا" نوسیبوو.

"چاوکەن، ئەندێرای کچی بۆ زیندان دەنووسێ و دەپرسێ، ئەرێ بابە کورد کێن و چین؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە، کوردان کورمانجی دەپەیڤن، نەتەوەیەکی گەورەن، فرەگەلێکیان دە ئێستای تورکیادا دەژین و تورکان غەدر و زوڵمیان لێدەکەن، ئەوانیش خاوەن خەباتن. لێ گەورەترین نەتەوەی بێ-دەوڵەتن. دە زیندانێوە نامە دەنووسێ و بۆ کچەکەی و ڕوونیدەکاتەوە! کێ زات دەکا ئەوڕۆ باسی کورد بکات نەهرۆ نەبێ؟ جا لە گشت شتێ باشتر دەزانن چییە منداڵینە؟" ئەمن یەکەم کەس بووم دەمگۆت نا. "ئەم کابرایە دۆستی نزیکی گاندی-شە، ١٨٦٩-١٩٤٨؟". گاندی لای بابم لە تەک نەهرۆدا نمونەی ڕۆشنبیری بیر-ئازاد بوون، قەدرداربوون.

من

ئێستاکونێ ئەمن دەنێو مالّی ئەودام لە دەلهی-نوێ لە گەڕەک و سەرشەقامی: تین مورتی مارگ. بەرامبەر، ئەو کتێبەی کە بابم هێندەی خوێندبۆوە، ئەو بەشانەی کە باسی کوردیان دەکرد ئەزبەر کردبوو،

وێستاوم و هەزاران بیر-و-بۆچوون لە دەستما، لە سەرما و لە دڵم ڕا ئەمسەر-و-ئەوسەر دەکەن. تەنێ دوو شت توانیویانە دە بەڵانسی هێمنی خۆم، تا ئەوڕۆکە، بمترازێنن. جارەکی، ٢٠٠٤، لە مەدرید کە بەرامبەر تابلۆی بە نێوبانگی پابلۆ پیکاسۆ، ١٨٨١-١٩٧٣، گوێرنیکا، ١٩٣٧، وێستام و ئەوڕۆش!

ئەم دوو مرۆڤە، لال نەهرۆ و گاندی، دە سەرەتای چەرخی پێشوودا، هیندوستانیان بەرەو ئازادی برد. بێ-شەڕ-و-شۆڕ بە گوزارشتە کولتوریەکەی. پێش گشت شتێ، کە ئەوە بابەتی باسەکەی من دەبێ، مرۆڤی ئازاد، ڕۆشنبیری ئازادیان دە ئاسیادا هێنایە گۆڕێ.

من

ئەمن دە ژیانم ڕا زۆر جاران گیراوم، تێهەڵدراوم، ڕاونراوم، دەربەدەر بووم. بەر هەڕەشەی مان-و-نەمان کەوتووم. وەدووم کەوتوون، چاودێریکراوم تا دۆست-و-ناسیاوم بناسرێن..... بزانرێ کێ دۆستایەتیم دەکا..... تاد. بۆ تووشی ئەو دەردی سەریە بووم؟ چوون تەنێ نەمدەویست وەک (ئەوان) بیربکەمەوە. دەمخواست توانای بیرکردنەوە و تێڕامانم دەژێر رکێفی خۆمدا بێ. کارێکی ئاوهاش سەردەمی نەوجەوانی من و ئێستاش یاساخ و قەدەخەیە. ئەمە تەواوی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەگرێتەوە لەو پەڕی چەپەوە تا ئەو پەڕی ڕاست، بێ-هەڵوێران! دۆخێک کە حوکومەتە یەک-بە-دوای یەکەکانی عێراق کەمتر دەکرا بۆیان ڕەدونانێکی بەوجۆرە ئەنجامبدەن، وەک لە پارت-و-ڕێکخراوە ژێر زەمینیەکان، چوون ئەمان شارەزابوون! هەر دەگەڵ ڕەخنەیەکت بگرتبا، بۆچوونت وەک (ئەوان) نەبایا، ئیدی بەدەستی خۆت گۆڕی خۆت هەڵکەندبوو. هێندەی پارت-و-ڕێکخراوەکان دەنێوی خۆیاندا چاودێری یەکدیان دەکرد، حوکومەت هێندەی نەدەکرد. ئەوەندەی ئەمان لە سەر بیر-و-باوەڕ یەکدیان دەسڕیەوە، حوکومەت کەمتر چاقۆی کوشتنی هەڵدەگرت !تەنێ ڕێگەیەکیش بۆ زۆرانبازی ئایدۆلۆژی و بیر-و-باوەڕ هێز-و-خوێن بوو. لە دیدی جڤات و کۆمەڵیشەوە، کێ گورزی خوێناوی بهاویشتبا، ڕێزدارتر بوو. ڕۆژانێ بوو هێز-و-خوێن پیرۆز بوو. گەر گەرما-و-گەرمیش نەکرابا، گرفت نەبوو، چوون، تۆڵە بە سەبرە، ئەمما بەزەبرە!

بڕوانە لاپەڕە 12

پاشماوەی زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان- ژمارە: یەک

کوردستانییەکان و رۆشنبیری ئازاد- گۆران مەریوانی

پرسیار

دەڵێن دە جۆاتێکی دروست و شکۆداردا دوو دیدگای، بە دەر لە دەسەڵاتە قانوونییە فەرمیەکان، رەخنەگر و چاودێرکار بەسەر کۆمەڵەوە هەیە، میدیا و رۆشنبیران. هەر دووکیشیان لە ژێر سایەی یەک مەرجدا بەڕێوە دەچن: بیرکردنەوەی ئازاد و کارکردنی سەربەست! ئێمە لە هەر دووکی بێ-بەری بووین. بۆ؟ بۆ کوردستان بە کوردستانیەکانیەوە نە بووە خاوەنی وشەی ئازاد، بیری ئازاد، کرداری ئازاد؟ بۆ رۆشنبیرێکی کوردستانی دەبێ: کۆمۆنیست، مارکسی، ماوی، ئامریکایی، ناسری، هەواداری بەعثی سوری، بەریتانی، تورکی، سعودی، ئێرانی..... تەنانەت ئالبانی-ش(٢) بێ، لێ خاوەنی بیر-وبۆچوونییەکی تایبەت بە خۆی و کوردستانیانی خۆی نەبێ؟ بۆ نابێ سەر بە گشت خانە ئایدۆلۆژیەکدا بکەیت، گەر بابەتێکی پۆسەتیڤی تێدا بێ وەریبگریت، بگونجدرێنێ لەتەک هەلومەرجی هەنووکەییدا و ئەوجا مانّئاوایی لەوجۆرە بیر-و-باوەڕە بکەیت؟ بۆ دەبێ تەنێ وەها بیربکەیتەوە و رەفتار بکەیت، کە سەرکردەکەت دەخوازێ؟ تەنانەت بۆت نەبێ وەک پەیڕەوەو-و-پڕۆگرامی ناوخۆی پارت-و-رێکخراوەکەشت سەر-و-سەودا بکەیت؟ بەڵکو تەنێ دەبێ وەک یەک سەرکردەی زیندە، بە دەر لە زەمان و مەکان، جا هەچ رەنگ-و-بۆیەکی هەبێ، رەفتاربکەیت؟ بە بێ جیاوازی رێکخراو، وەک گۆتم لە چەپ تا راست، لە دیندار و ئایدۆلۆژیدار، لە میانڕەو-و تا ئەوپەڕی قوتبەکان.

تۆمارکردنی ئایدۆلۆژی و بیر-و-بۆچوون.

رۆشنبیران و میدیاکارانی مە هەرگیز سەربەست و ئازاد نەبوون. هەر لە بەر بەیانی میژووەوە دابەشبوون دەنێو جوغزی ئایدۆلۆژی و بوونە بەشێک لە پارت و یەکخراوە سیاسیەکان. بەمەش مردنی خۆیان عەیانکرد. دەرئەنجام بوونە بەشێک لەو پێکهاتەیەی کوردستانیانیان بەورۆ گەیاند. دیدگایەک کە چاودێریکارە بەسەر کۆمەڵەوە، رەخنەگرە لەهەمبەر سیاسەت و جۆاتەوە، ئێمە هەر لەبەرەبەیانی میژووەو لەدەستماندا. دەگمەنن ئەوانەی لەو بازنەیەدا نەگیرساونەتەوە. بۆیێ هەر زوو پارت و رێکخراوە سیاسیەکانمان هاوتای دەسەڵاتی حوکومەت بوونە تۆمارگای بیر-و-بۆچوون، لەوێشێوە راپۆرتدان دەربارەی شێوەی بیرکردنەوەی کەسەکی و تاک. سالانێکی زۆر نابا دوای ئەوەی ئامریکا بە تەواوبوونی جەنگی دوو، کۆمێتەی تۆمارکردنی بیروباوەڕەی جیاواز و راپۆرتدان لێیان دروستدەکەن، پاشان ئاوروپییەکانیش هەمان مێتود دەبێتە شێوەی کارکردنیان. لەکن مەش (پاراستن ١٩٦١-١٩٦٢)، ئەوجا یەک-لە-داوی یەکی پارتەکان زیندان، تۆمارگەی ئایدۆلۆژی، راپۆرتدانی چۆنیەتی بیرکردەوە دەخولّقێنن. سیاسیەکانی مە بۆ ئەو کارە پەنایان بردۆتە بەر رۆشنبیران، ئەمانیش ئەو ئەرکەیان جوان وەئەستۆی خۆیان ناوە. ئەمە، سەرەتای بە گۆڕسپاردنی رۆشنبیر-و-میدیای ئازادە، لە میژووی نوێی ئێمەدا. کوشتن و تێرۆر، لەکن گشتیان ئاو خواردنەوە بووە. بۆ؟ چوون پاساوی ئاسان بووە: خائینن، دە بەرەی گەلدا نین، میللەتفرشن و .....! کە گفت-و-گۆکانی ئایا کوشتنی (فوائادی مەجید میسری) دەخوێنینەوەو فرمانی تێرۆری ئەو لەکن کۆمێتەی کوشتنی نێو شاری سولەیمانی ئەودەم دەڕوانین، رێک کۆپیە و درێژەپێدانی، بە ناو، شۆڕشی کولتوری پارتی کۆمۆنیستی چین-ەا

وشەی دوایی

ئەم وشانەی کە من دەینووسم بە هیچ جۆرێک پیرۆزکردنی باوەڕێک، ئایدۆلۆژیەک، ولّات و رێکخراوێک، یان سەرکردە و رابەرێک نییە، قەدردان نییە بە سەرکردە و ولّاتێک. ئەمن دەمەوێ بزانم بۆ نەکرا بۆ کوردستانیان بناخەی رۆشنبیرێکی ئازاد، میدیایەکی سەربەست رۆنێن؟ بە نەبوونی ئەو هەولّەش رۆشنبیران و میدیاکارانیان کەوتنە داوەکەوە و بوونە بەشێک لە میژووی دوور لە شکۆ و پڕ خوێناوی لە نێوبردنی نێوبردنی خۆمان. بۆ تاکو ئێستاکونێ رۆشنبیرێک، سیاسیەک، میدیاکارێک بە مشتێک دۆلار دەکرێ و دەفرۆشرێ؟ بۆ لەکن ئەم لا دەچیتە ئەو لا بە قات و کەراوێت و خۆ-بەزل-زانینەوە؟ بۆ گشت لایەنێک ئامادەیە یەکێک لەم سووک-رۆحانە، بێ-چاو تروکاندن، بکرێ! گەر مەبەست سڕینەوەی رۆشنبیران و میدیاکاران نەبێت! گەر ئامانج نەمانی دیدگای رەخنەگر و چاودێریکار نەبێت!

پوختەی باس

(١).ئەو هۆیانە چین کە رۆشنبیر، میدیاکار و سیاسەتمەداری مەی لە خەسڵەت و ئاکاری کەسەکی سڕیوەتەوە و ئەوانی کردۆتە بەشێک لە سەر-و-سەودا و مامەڵەی بازرگانی سیاسی؟

(٢) .بۆ رۆشنبیران و میدیاکارانی ئێمە بوونە بەشێک لە میژووی خوێناوی مە؟ لە جیاتی رەخنە و رۆشنکردنەوەی نەهامەتی ئەو سەرگەردانیانەی کە شەڕی ناوخۆ دەکرێ تووشمان بکات؟

(٣) .زمانی کوردی: گەر زمانی مە، وەک سەلمێندراوە، رەچەڵەکی زمانە هیند-و-ئاوروپیەکانی هەبێ، هەر وەک لەو سالّانەی دواییدا سەلمێندراوە کە تەنانەت لاتین-ش بە رەچەڵەک دەچێتەوە سەر زمانی هیند-و-ئاوروپایی، کە بنچینەیان سان-سکریتە، باشە بۆ زمانناسانی کوردستانی رووبان لە هیندوستان نەکرد کە مەڵبەندی زمانە هیند-و-ئاوروپییەکانە، واتە سان-سکریت؟ بۆ دەچوونە سۆڤیەت و ئاوروپا؟ بۆ زمانناس و پسپۆڕانی بواری زمانناسی مە سەر لە سان-سکریت دەرناکەن، ئاگاداری زمانی هیندی نین؟ کە بنچینەی زمانی کوردییە! تا ئێستاکونێ دێن و دەڵێن فلّانە وشە بە عارەبی، فارسی، تورکی، روسی.....ئاوها و ئاوهایە کەچی نازنن خودی وشەکە بە دایکی رەسەنیان، سان-سکریت چییە؟

(٤) .ئاین: بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی رووی لە هیندوستان کرد بۆ خوێندنی لاهوت (ئایننناسی)؟ گریمان دەکرا بۆ ئەو نەقشبەندی بکاتە مەزهەبی فەرمی میرنشینی بابان، گریمان مەزهەبی قادریان و پیاوانی تری تورکی عوسمانلیان بۆیان نەکرابا ئەو لە سولەیمانی وەدەرنێن، داخۆ ئێستا ئێمە مەزهەبێکی تایبەت، قوتابخانەیەکی تایبەتی ئاینی ئیسلامیمان بە خۆمان دەبوو؟ وەک فارسان، تورکان و عارەبان؟ دەکرا بۆمان دین و ئیمانمان بە موسڵمانی بهێڵینەوە وەلێ بە تێڕوانینی خۆمان؟ وەک وان؟ نە بووینایەتە پاشکۆی ئەبەدی ئەوان؟

دووبارە من

ئەمن هاتوومەتە هیندوستان تا وەڵامی ئەو پرسیارانەم بزانم. عەودالّیانم. شوێن پێی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هاتنە هیندوستانیەوە تا گەڕانەوەی و وەدەرنانی لە پایتەختی رۆشنبیران: سولەیمانی، خوێندنەوەی گاندی و نەهرۆ کە سەرکەوتن لە دەرەوەی بەلشەڤیزم، کۆمۆنیزم، کاپیتالیزم، لیبرالیزم و .....تاد قوتابخانەیەکی ئازاد بۆ رۆنانی رۆشنبیرانی ئازد و میدیاکارانی ئازاد دەستبکەن، ئێمە، بە بەراورد بەوان، تەواو شکستمان خوارد. ئێمە بووینە کۆیلەی سیاسیەکان! بە پێی توانا لە (هاولّاتی)-دا بۆچوونەکانم لەوبارەوە دەخوێنیتەوە. تکادەکەم، بێ-هیچ دەمارگیریەک، تۆش بەشێبە لەو گفتوگۆیانە.

تا ژمارەی داهاتوو

گۆران مەریوانی -هیندوستان

مامۆستا جەمال عەلی ناسراو بە شێخ جەمال چاوشین وەک مامۆستای کیمیا لە یەکێک لە ئامادەییەکانی هۆڵەندا و وەک ڕاهێنەرێکی تیپەکانی فوتبالّ

لەم ژمارەیەی تاراوگەوە بەنیازین، هەر جارەیەی گفتوگۆیەک لەگەڵ کەسێکی سەرکەوتوو بکەین لە یەکێک لە بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، بۆ ئەوەی بتوانین تیسک بخەینە سەر ژیان گوزەرانی کورد لە تاراوگە بە گشتی و لە هۆڵەندا بە تایبەتی بۆ ئەم ژمارەیە، توانیمان چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کاک شێخ جەمال شێخ عەلی ساز بکەین، کە بە شێخ جەمال چاوشین ناسراوە.

پ: سەرەتا تکایە خۆت بناسێنە..؟

وەڵام: ناوم شێخ جەمال شێخ عەلی یە، ڕۆژی 10-01-1962 لەگەڕەکی داڕۆغا لە شاری سلێمانی لەدایک بووم، خوێندنی ئامادەیم لە سانەوی ئەزمەڕ تەواو کردووە و پاشان چوومەتە زانکۆی موسڵ، لەوێ بەشی کیمیا کۆلێجی زانیاری بەشی کیمیام تەواوکردووە. لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووم و هەر لەسەرەتاوە بوومەتە پێشمەرگە و لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 لە چیمەن بریندار بووم، لە کاتێکدا هەموو هاوڕێکانم شەهیدبوون. لە ساڵەکانی 1991 و 1993ئەندامی کۆمیتەی ٢ ی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی- بووم، لێپرسراوی کەرتی خوێندکاران.

پ: کەی گەیشتیوویتە دەرەوەی وڵات...؟

وەڵام: لە کۆتایی ساڵی 1993 خۆم و ماڵ ومندالّم (هاوسەر و دوو کوڕ و کچەکەم)، کوردستانمان بەجێهێشت بەرەو ئەوروپا، لە هۆڵەندا گیرساینەوە، بەداخەوە لەگەڵ گەیشتنمان بە هۆڵەندا، کوڕە ناوەنجیەکەم، بە کارەساتێک ژیانی بەخشی و بەجێی هێشتین، ئەو کارەساتە دڵتەزێنە، دڵی خۆم و هاوسەرەکەمی هەلقرچاند، هەتا ئێستاش ئەو سوێیە لەدڵمان دەرناچێت، سێ برا و خوشکێکم لە دەرەوەی وڵاتین و ئەوان لە بەریتانیا نیشتەجێن. تالیبی برام لە ڕووی سایسیەوە لە هەموومان چالاکترە، لە ڕێکخستنی یەکێک لە پارتە کوردستانییەکاندا کاردەکات.

پ: بەڕێزتان توانیوتانە لە هۆڵەندا چی بکەن...؟

وەڵام: من لە ساڵی 1994 ەوە لە هۆڵەندام و لێرە دەستم بە خوێندن کردەوە جگە لە بوارەکەی خۆمدا و توانیم لەبواری فوتبالّ (تۆپتۆپێن)شدا، تا ئێستا سێ بڕوانامە بەدەست بهێنم. بڕوانامەکان لە یانەی تێلستار Telesttar بەشی گەنجان و لە یانەی Zandvoort زاندڤۆرت، تیپی یەکەمی یانەی ئەبکاودە Abcoude و تیپی یەکەم و یانەکانی خیوزن Geuzen و ئۆدی ساوس Odysous هێڵەخۆم Hillegom و RCH،

پ: کاری ئێستاتان چییە...؟

وەڵام: ئەوە 25 ساڵە ڕاهێنەرم و تاڕادەیەک بە ئاستێکی باش گەیشتووم لەگەڵ چەند یانەیەکی یاریکردندا وەک ڕاهێنەر کاردەکەم.

پ: خواستت بۆ گەنجانی کورد چییە لە هۆڵەندا..؟

وەڵام: هەمیشە حەزمکردووە، یانەیەکی فوتبالّی کوردیی بکەینەوە و لە هۆڵەندا منیش ببم بەڕاهێنەری و کاری تێدا بکەم و یان ببم بەڕاهێنەری هەڵبژێردراوی کوردستان و خزمەتی میللەتەکەم بکەم، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو بواڕە نەڕەخساوە.

چۆن توانیت ببیت بە مامۆستای ئامادەیی و وانەی کیمیا بڵێیتەوە..؟

وەڵام: سەبارەت بەو خوێندنەی لە وڵات تەواوم کردبوو، لێرە لە هۆڵەندا جارێکی دیکە بڕوانامەکەم وەرگێڕا بۆ زمانی هۆڵەندی و لە زانکۆی ئوترێخت، دەستم بەخوێندن کردەوە و توانیم بڕوانامەی ئێرەش بەدەست بهێنمەوە و ئێستا مامۆستام لە ئامادەییەکی هۆڵەندیی و توانیومە بەسەرکەوتوویی وانەی کیمیا بڵێمەوە، جگە لە کاری مامۆستایی، ڕۆژەکانی دیکەش سەرقاڵی ڕاهێنەری فوتبالّم، لە چەند یانەیەکی هۆڵەندیی کاردەکەم.

پ: بۆ گەنجانی کورد خواستت چییە..؟

وەڵام: ئامادەم یارمەتی هەموو گەنجێکی کورد بدەم، کە حەزوو ئارەزووی لە فوتبالّ و وەرزشە، بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەوێت.

لە کۆتاییدا سوپاسی تاراوگە دەکەم، کە توانیم بەهۆیەوە دەنگی خۆم بگەیەنم.

سەلاحەدینی ئەیوبی کە وەک پاڵەوانێکی نموونەیی لە ئەدەبی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا وێناکراوە لە ڕووی ڕەگەزیشەوە نەوەی ئەژدەهاکی پادشای مید بووە؟

نووسینی: سۆران حەمەڕەش

بۆیە کاتێک کە منێکی مێژوونوس بابەت لەسەر زانایەکی وەک "برایم کوردی گۆرانی شارەزووری" دەنووسم بە مەبەستی تێگەیشتن لە بنەچە و ڕابردووی فیکری کورد و چۆنێتی گۆڕانی و گرێدانی بەمڕۆوە و سەرئەنجام تێگەیشتن لەمڕۆ، دەیان کۆمێنت دەبینم کە دەڵێت "جا ئەوە چ سوودێکی بۆ کورد هەبووە؟" لە کاتێکدا لە ئەوروپادا کە دەیانەوێت نەک لە خۆیان بەڵکو لە جیهانیش تێبگەن، دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە؛ ئەی ئاخۆ تێگەیشتن لە برایم کوردی گۆرانی شارەزووری، چ سوودێکی بۆ ئەوروپییەکان هەبێت؟ لەبەرامبەر ئەم ئاڕاستە فکریەدا ئاڕاستەیەکی تری پێچەوانە هەیە کە ئاڕاستەی ئیسلامی سیاسی کوردی نوێیە، کە ئەویش دیسان کاری لێکۆڵینەوە ناکات و بە مەبەست هەرچی ڕابردووی کورد دەیەوێت لە خزمەتی ئایدیۆلۆجی ئاینی خۆیدا دابڕێژێتەوە و هەر شتێک پەیوەندی بە ئاینەکەیەوە نەبێت بۆ ئەو گرنگ نیە و مێژوو دەستکاری دەکات و دایدەڕێژێتەوە بە ئامانجی خزمەتی ئاینەکەی نەک تێگەیشتن لە ڕابردوو. بۆیە مێژوو وەک ئامرازێک بۆ داکۆکیکردن لە بیروڕای خۆیان بەکاردێنن و هەموو هەڵسوکەوتێکی سەلاحەدین لە ڕوانگەیەکی ئاینیی خۆیەوە دەخوێنێتەوە و مۆرکی کوردی لە سەلاحەدین کردۆتەوە و کردوویەتی بە سەرکردەیەک کە تەنها داکۆکی لە ئاینی ئیسلام کردبێت، بێ ئەوەی کە لە سەر بنەمای بەڵگەی مێژوویی ئەم بۆچوونە بدات. زۆر بابەتی مێژوویی قوربانی ئەم دوو ئاڕاستە فکریەن و سەلاحەدینی ئەیوبی یەکێکە لە زەقترین قوربانیەکانی ئەم دوو ئاڕاستە فکریە کە تەڕ و وشکی بەیەکەوە سوتاندووە و ئەمڕۆ هەزاران دەروێشیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بوون کە وەک باسکرا خۆیان بە هیچەوە ماندوو ناکەن و پێویستیان بە تێگەیشتن نیە، ڕابردووی خۆیان لێ وون بووە و بوونەتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگەییەکی فەرهەنگ هەژار کە لە بنەچەدا دەوڵەمەندە. وەک چۆن ئەمڕۆ بابەتە سیاسیە کوردیەکان دەستبەجێ دوو سەنگەری علمانی/ناسیۆنالیستی و ئیسلامی سیاسی کوردی لێدەگیرێت، بابەتی سەلاحەدینیش هەر بە هەمان شێوەیە. کێشەکەی سەلاحەدینی ئەیوبی لەوەدایە کە قوربانیی تەنها ئەو دوو ئاڕاستە فکریە نیە بەڵکو فاتیمی/شعیەکان لەبەر ئەوەی سەلاحەدین دەوڵەتەکەی ڕوخاندن بە کابرایەکی دڕندە لە قەڵەمی دەدەن و لەولاشەوە عەرەبی سونەی ناسیونالیست، لەبەر مەزنی ئەو سەرکردە کوردە جیهانیە خۆی کردووە بە خاوەنی و ئەیەوێت بەرگێکی عەرەبیی بکاتە بەری. جا لە ناو ئەم ژاوەژاوەدا کە هیچیان مەبەستیان تێگەیشتن نیە و هەموویان لە ڕێگای سەلاحەدینەوە دەیانەوێت داکۆکی لە ئایدۆلۆجیای خۆیان بکەن، گران دەبێت لەم سەرکردە کوردە جیهانیە بگەین کە گاریگەریەکی گەورەی لەسەر جیهانی سەدەکانی ناوەڕواست بەجێهێشتووە. لە ڕاستیدا خاوەنی ئەو ئایدۆلۆجیایانەی کە ئاماژەی پێکرا، سەلاحەدینیان لە ئێمەی عەودالی تێگەیشتن لە مێژوو، ڕفاندووە و چیتر خاوەنی نەماوین.

دەزانم لە ژێر ئەم بابەتەدا دەیان کەس بە زمانێکی زبر و نەشیاو، زۆر بەئاسانی لە وەڵامدا دەنووسن "نەخێر سەلاحەدین جاش و خۆفرۆش بووە" یان "ئەو هیچی بۆ کورد نەکردووە و تەنها بۆ ئیسلام هەوڵی داوە" یان "سەلاحەدین خزمەتکارێکی عەرەب بووە و هیچی بۆ کورد نەکردووە"، هتد. ئەگەر لەو کەسانە بپرسیت چیت لەسەر سەلاحەدین خوێندۆتەوە یان تا چەند لەسەرچاوەکاندا بە دوای سەلاحەدیندا گەڕاویت؟ وەڵامەکەی لەوانەیە "هیچ" بێت یان چەند سەرچاوەیەک بێت کە عەرەبی ناسیۆنالیست لە سەدەی بیستەمدا نووسیبێتیان. واتە ئەم بۆچوونە لەسەر هیچ یان بۆچوونی خەڵکانی تر داڕێژراوە. ئەم ئاڕاستەی بیکردنەوەیە تەنها خوێنەری ئاسایی ناگرێتەوە بەڵکو نووسەر و بەناو ڕۆشنبیریش پەیڕەوی دەکەن. لە ڕاستیدا گەر تۆزێک سەیری ڕابردوو بکەین، باوباپیرانمان بەم شێوەیە بیریان نەکردۆتەوە، ئەمە ئاڕاستەیەکی فیکریی نوێیە کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ناسیۆنالیستی کوردی نائاشنا بە مێژوو و فەرهەنگی کوردی، دایڕشتووە. دواتریش ئیسلامی سیاسی کوردیی ئاڕاستە دژەکەی گرتۆتە بەر. بۆچوونەکەش لەسەر ئەوە بووە کە هەر کەسێک ناوی کوردی نەبێت لە مێژوودا ئەوە کورد نیە، یان هەر زانایەکی کورد کە باسی دەوڵەتی کوردی نەکردبێت، ئەوە کورد نیە و ناهێنێت باس بکرێت. هەتا ڕادەیەک هەر سەرکردەیەک کە ئالای کوردستانی هەڵنەکردبێت، ئەوە کورد نیە و جاشە. ئەم ئاڕاستە فکریە پێویستی بە خۆماندووکردن و تێگەیشتن نیە، تەنها کەفوکوڵ و تورەییە و زیاتر کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە هەلومەرجی کورد و کوردستان. جا کە ئێمە سەلاحەدینمان تاوانبار کردووە لەبەر ئەوە نیە کە ئەو پیاوە تاوانبار بێت بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێمە لە ناو پەرەکانی مێژوومانداو بەدوای تاوانبار و شەیتانێکدا دەگەڕێین کە لە داخی نەهامەتی کورد دا ڕەجمی بکەین و ئەو داخەی دڵی خۆمانی پێ بڕێژین. بۆیە گەورە و بچووکمان هەر کە گوێمان لە ناوی سەلاحەدین دەبێت دەستبەجێ هاوشێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ شەیتان، دوو جنێو بۆ ئەو سەرکردە جیهانیە دەنێرین. بە شەیتانکردنی سەلاحەدینی ئەیوبی بەرهەمی تورەیی و داخی دڵمانە نەک ناسینی ئەو پیاوە. ئەم تورەییە زیانی زۆری لێداوین و وایکردووە کە نەوەیەک بەرهەم بێت کە هەوڵی تێگەیشتن لە فەرهەنگی خۆی نەدات و جیهانی فەرهەنگی کوردی ڕەش و سپی ببینێت، یەکێکیان خائین و ئەوی تریان کورد.

بڕوانە لاپەڕە 15

هیچ سەرکردەیەک لە جیهاندا هێندەی سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٨-١١٩٣ ز) لەلایەن دوژمنانیەوە ڕێزنەگیراوە و دەتوانرێت حاڵەتی سەلاحەدین وەک شتێکی دەگمەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەژمار بکرێت.

هیچ سەرکردەیەک لە جیهاندا هێندەی سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٨–١١٩٣ ز) لەلایەن دوژمنانیەوە ڕێزنەگیراوە و دەتوانرێت حاڵەتی سەلاحەدین وەک شتێکی دەگمەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەژمار بکرێت. لە ناو هەموو سەرکردە ڕۆژهەڵاتیەکاندا سەلاحەدین گەورەترین ڕێزگیراوە لەلایەن ئەوروپیەکانەوە بە مەرجێک ئەم سەرکردەیە لە سەردەمێکی تونڕەویی ئایینی ئەوروپادا دژی خەڵکە ئایینییە کریستیانە ئەوروپیەکان شەڕی کردووە و هەزاران سەربازی کریستیان لە شەڕ دژی سەلاحەدین کوژراون، سەرەڕای ئەوە ڕوخساڕێکی سەیری ئەڕێنی بۆ سەلاحەدین لە ئەدەبی ئەوروپیدا دروستکراوە کە مایەی سەرسوڕمانە؟ هەر دوابەدوای شەڕی خاچپەرستەکان لەگەڵ سەلاحەدین، لە ئەوروپادا چەندین بابەتی ئەدەبی نووسراوە کە سەلاحەدینی وەک نموونەی سوارچاکی خستۆتە ڕوو کە هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی پیاوچاکیی بووە. لە سەدەی سیانزەیەمدا واتە هەر دوا بەدوای مردنی سەلاحەدین، یەکێک لە کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی کە بە زمانی ئیتاڵی نووسراوە لە مێژووداو و گرنگە بۆ مێژووی زمانی ئیتاڵی، کۆمەڵێک چیرۆکن لە ژێر ناونیشانی "سەد چیرۆکی دێرین (Cento novelle antiche)." یەکێک لە چیرۆکەکانی سەلاحەدین وەک پیاوێکی دادوەر نیشان دەدات کە ڕێزی لە کریستیانەکان گرتووە و ئەو لە سەرکردە کریستیانەکان زیاتر خاوەن بیروبڕوایەکی مرۆڤپەروارانە بووە. ئەوروپیەکان هێندە ڕوخساڕێکی ئەڕێنیان لەسەر ئەو سەرکردەیە هەبووە، تەنانەت لە هەندێک تێکستی ئەوروپیدا چیرۆکێکی خەیاڵی داڕێژراوە گوایە سەلاحەدین لە ڕێگای ئیتاڵیاوە چووە بۆ فەرەنسا و لەوێ شاژنی فەرەنسا حەزی لێکردووە و چیرۆکی دڵداریان بۆ دروستکردووە. وە چیرۆکێک دروستکراوە کە گوایە دایکی سەلاحەدین ژنێکی ئەوروپی بووە بە ناوی شازادە (کۆونتیس پۆنتیۆ)، کاتی خۆی بەهۆی گەردەلوولێکەوە پاپۆڕەکەی لای میسرەوە شکاوە و کەوتۆتە میسر و سەلاحەدین منداڵی ئەو بووە. هەروەها دەڵێن کە گوایە دڵی شازادە (ئێلێنوا ئەکواتین) (١١٢٢–١٢٠٤ ز) ی بردووە کە ئەو کات ڕۆیشتووە بۆ ئورشەلیم/قودس. تەنانەت ناوی سەلاحەدین دراوە بە منداڵی ئەوروپی ئەو سەردەمە. یەکێک لە بنەماڵە لۆردە بەناوبانگەکانی فەرەنسا بە ناوی ئەنگلۆرێ، لە ناو هەموو نەوەیەکیاندا یەکێک لە کوڕەکانیان ناوی سەلاحەدینی لێنراوە و ئەو دابونەریتە هەتاوەکو ساڵی ١٧٣٢ ز پەیڕەوکراوە. واتە زیاتر لە حەوت سەد ساڵ دوای مردنی سەلاحەدین بەردەوام بوون لەسەر ئەو دابوونەریتە. شاعیر و نووسەری بەناوبانگی ئیتاڵی سەدەی سیانزەیەم دانتێ (١٢٦٥–١٣٢١ ز) بە یەکێک لە خاوەن ڕەوشت بەرزە ناکریستیانەکان داینناوە. نووسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی ڤۆڵتێر (١٦٩٤–١٧٧٨ ز) سەبارەت بە سەلاحەدین دەڵێت "دروست پیاوێکی باش، پاڵەوان و فەیلەسوف بووە". بە هەمان شێوە نووسەر و ڕۆمانتووسی بەریتانی سێر واڵتەر سکۆت (١٧٧١–١٨٣٢ ز) بە هەمان شێوە لە ڕۆمانەکەیدا سەلاحەدینی زۆر ئەڕێنی تر لە سەرکردە کریستیانەکان خستۆتە ڕوو. بەو جۆرە سەلاحەدین سەرەڕای ئەوەی کە لە سەنگەری ئاینی دژە کرسێتیتاندا بووە زۆربەی ئەو نووسەرانە کریستیان بوون، کەچی ئەو سەکردە کوردە وەک نموونەیەکی ڕەوشتبەرزی و سوارچاکی و دادوەریی لێدێت بۆیان و هەموویان خۆزگەیان خواردووە کە وەک سەلاحەدین بوونایە. تەنانەت هەندێک سەرچاوەی ئەوروپی دێرین چیرۆکێکی دروست کردووە گوایە سەلاحەدین پێش ئەوەی کە بمرێت بووە بە کرسێتیان و بە کریستیانی کۆچی دوایی کردووە.

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون دەنا چەندین ڕۆمان لەسەر سەلاحەدین دانراوە و چەندین داستانی ئەڕێنی بە ناوی ئەو سەرکردە کوردەوە لە مێژوودا نووسراوە. جگە لە کورد نەبێت و هەندێک لەوانەی لە ڕووی مەزهەبیی ئیسلامیەوە ڕقیان لێیەتی، دەنا هەموو جیهان ڕێزی بۆ ئەم سەرکردە کورده جیهانیە داناوە. ئەمە بە تەواوی بۆچوونی ئەو کوردانە بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێن گوایە سەلاحەدین هەموو شتێکی بۆ ئیسلام کردووە. گەر وابوایە و هەموو شتێکی لە پێناوی ئاینی ئیسلامدا کردبایە ئەوا بە هەموو لۆجیکێک دەبوو ئەو نووسەرە ئەوروپیە کریستیانانە لە سەردەمی ئاینیی ئەوروپادا ڕقیان لێببوایە. کە ئەوە بێ مانایی بۆچوونی بێ بناغەی زۆربەی کورد دەخاتە ڕوو. ئەوەی کە وایکردووە ئەوروپیەکان هێندە سەرسام بن پێی، نوێنەرایەتیکردنی بووە بۆ خەسڵەتەکانی فەرهەنگیی کوردیی نەک فەرهەنگی ئیسلام، لەبەر ئەوەی چەندین سەرکردەی ئیسلامیی شەڕیان لەگەڵ ڕۆم کردووە و بە هیچ شێوەیک ئەوان ئەو ڕوخسارەیان بۆ دروست نەبووە و هیچ سەرکردەیەک بەدرێژایی سەردەمی حوکمڕانیی ئیسلام ڕەفتاری لەو جۆرەی نەنواندووە. ئەی بۆ خالیدی کوڕی وەلید لەشەڕیدا لەگەڵ ڕۆم ئەو وێنە ئەڕێنیەی لای ئەوان دروست نەکردووە؟ سەلاحەدین بەخشندە بووە، لەوپەڕی بەهێزیدا لێبوردەیی نواندووە و هەروەها هەمەڕەنگی ئاینی قبوڵ بووە و بە ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ کردووە. لە ڕاستیدا ئەو هەڵسوکەوتەی سەلاحەدین هاوشێوەی ئەوەی کورده کە ئەمڕۆ لە ڕۆژئاڤای کوردستان دەگوزەڕێت کە وایکردووە دوژمنەکانیان کە داعش، خۆیان بدەنە دەست ئەوان وەک لە هاوخوێنە عەرەبەکانیان. هەر هەمان خەسڵەتەکانی سەلاحەدینە ئەمڕۆ لە ڕۆژئاڤادا بەدی دەکرێت. هەر چۆن ئەمڕۆ میدیای جیهانی باسی خەسڵەتە مرۆڤدۆستیەکانی ڕۆژئاڤا دەکات و ڕۆژئاڤا بووەتە سیمبوڵی مرۆڤایەتی، ئەو کاتە کە میدیای دەنگ و ڕەنگ بەو جۆرە نەبووە، بۆیە چووەتە ئەدەبی ئەوروپیەوە بە هەمان شێوەی میدیای ئەمڕۆ. جا با بزانین بنەچەی بنەماڵەی سەلاحەدین و شێوەی پەروەردکردن و هەندێک زانیاری تر وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانمان دەداتەوە؟ ئەم پیاوە لە تکریت لەدایکبووە بەڵام بنەچەی خێزانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەیەک کە ئەمڕۆ دەکەوێتە ناو ئەرمینیا و بە دوین/دڤین ناسراوە کە لە ڕابردوودا هەندێک جار بەشێک لە ئەرمینیا و هەندێک جاری تر بەشێک لە ئازەربایجان بووە و وڵاتی کوردان بووە. زانای کورد ئیبن خەلەکان (١٢١١–١٢٨٢ز) کە نزیکی هەژدە ساڵ دوای سەلاحەدین لەدایکبووە، بنەچەی مااڵی سەلاحەدین بۆ شوێنێک لە وڵاتی ئازەربایجان گەڕاندۆتەوە بە ناوی دوین و دەڵێت لە تیرەی کوردی ڕەوەندی/ڕەوادیین کە سەر بە هۆزی گەورەی هەزەبانی کوردن. ئەو زانیاریە هەمووی لەلایەن مێژوونوسی ئەرمەنی حەیتون (١٢٤٠–١٣١٠ز) پش دووبارە کراوەتەوە. هەروەها ئیبن خەلەکان زانیاریەکی زۆر سەرنج ڕاکێش دەخاتە ڕوو و دەڵێت "پیاوێکی زانا و خوێندەوار کە دەزانێت چی دەبێژێت و خەڵکی دوینە دەڵێت کە نزیکی دوین گوندێک هەیە بە ناوی ئەجدانگان/اجدانقان/ئەژدانکان کە هەموو خەڵکەکەی کوردن و لە تیرەی ڕەوەندین". بەڵام لەوە گرنگتر نزیکی هەزار و شەش سەد ساڵ لەمەوبەر مێژوونوسی ئەرمەنی موسای خورێنی (لەدایکبووی ٤٠١ ز) باسی دوین و (ئەژدانکان) دەکات. ئەو دەڵێت دوای ئەوەی کە دوا پادشای مید (هەژدیها/ئەژدەهاک) کوژرا، دەستوپێوەند و ژن و منداڵی لە ناوچەی دڤیندا نیشتەجێ بوون. ئەو دەڵێت کە ئەو ناوچەیە پێشتریش هەر میدی/کوردی بووە و هەروەها دەڵێت کە هەتا وەکو سەردەمی ئەو، واتە نزیکی نۆ سەد ساڵ دوای نەمانی پادشای مید، لەوێدا خەڵک بەیت و لاوکی چیرۆکی میدەکانیان گێڕاوەتەوە و خەڵکەکەش خۆی بە بەرەی هەژدیها داناوە.

بڕوانە لاپەڕە 16

زۆر ڕووی ئاینی و عەسکەری و کۆمەڵایەتی سەلاحەدین و دەوڵەتەکەی هەیە بە تەواوی بە هەڵە لێی تێگەیشتووین

زۆر نادادوەرانە قسە لەسەر یەکێک لە سەرکردە مێژوویییەکانی کورد و جیهان دەکەین و زوڵممان لێکردووە

زۆر ڕووی ئاینی و عەسکەری و کۆمەڵایەتی سەلاحەدین و دەوڵەتەکەی هەیە کە ئێمە بە تەواوی بە هەڵە لێی تێگەیشتووین لە ئەنجامدا زۆر نادادوەرانە قسە لەسەر یەکێک لە سەرکردە مێژوویییەکانی کورد و جیهان دەکەین و زوڵممان لێکردووە. سەرچاوەی ڕوون هەیە لەسەر هەلومەرجی ئابووری سەردەمەکە، لەسەر پێکهاتەی سوپاکەی، لەسەر نامەکان کە نووسراون، لەسەر بنەماڵەکەی، لەسەر ڕۆڵی سەرکردە و کەسایەتیە کوردەکان، لەسەر پەیوەندیان بە شەدادیە کوردەکانەوە.... سەرەڕای ئەوەش ئاشنای یەک کتێبی کورد نیم کە بارگاوی کراو نەبێت بە ئایدۆلۆجیا و هەوڵیدا بێت کە تا ڕادەیەک بێلایەنانە ئەو پیاوە لە ڕێگای سەرچاوە دیرینەکانەوە بناسێت. زۆر ڕوونە کە هێشتا ئەلفوبێ لە سەلاحەدین نازانین و سەرەڕای ئەوە خاوەن ئایدۆلۆجیاکان سەلاحەدینماین لێ ڕفاندووین. ئەم وتارانەی من تەنها سەرەتان و هەندێک جار زانیارییەکان لەسەر ئەو سەکردەیە زۆر جار مایەی سەرسوڕمانن. جا بۆ ئەوەی لە سەلاحەدین و مێژووی کورد بگەین، دەبێت ئەو بەرگە شەیتانیە بدڕینین کە کردومانە بەری ئەو پیاوە و خۆمان لە خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیان بە دوور بخەین و بە چاوێکی دادوەرانەتر سەیری ئەو پیاوە بکەین. دەنا هەر ئەو قسە بێ بناغانەمان دەبێت کە سەدەیەکە بێ خۆماندووکردن دڕی ئەو سەرکردە کوردە دەیکەین و دووبارەی دەکەینەوە یان هەموو ژیانی دەکەین بە ئیسلامیی و بەو ئاڕاستەیە بۆ بەرژەوەندی فکری خۆمان یەکلای دەکەینەوە. مێژوونووسین پێویستی بە بەڵگە و لێکدانەوە و خۆماندووکردن هەیە نەک بە تورەیی و ئایدۆلۆجیای تووندڕەوانە. سەلاحەدین سەرکردەیەکی کورد بووە و بە کوردی دواوە و لە ناو فەرهەنگی کوردیدا گەورە بووە. لە هەمان کاتدا بەپێی مانای نەتەوەیی لەو سەردەمەدا، بە شێوەیەکی باش سوودی لە کوردبوونی وەرگرتووە و لە هەمان کاتدا لە سایەی ئەودا کورد بوژانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. بە دڵنیایی گەر کۆمەڵێک فاکتەر لە دوای مردنی لەبار بوونایە و یەکێک لە بەرەکانی بیانتوانیایە بەردەوامی بە دەسەڵاتی حوکمرانیی کوردە ئەیوەبیەکان بدەن، ئەوا بە دڵنیایی بەهۆی سەلاحەدینەوە ئەمڕۆ کورد خاوەنی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو و زمان و فەرهەنگی کوردی باڵا دەست دەبوو.

نووسینی سۆران حەمەڕەش

تێبینی: ئەژدەهاکی دوا پادشای مید لەگەڵ ئەژدەهاکی چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر دوو کەسایەتی جیاوازن و سەرچاوە مێژوویییەکانیش وەک دوو پادشای جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کردوون و یەک کەس نین. ئەوەی یەکەمیان کەسایەتیەکی مێژوویییە و ئەوەی دووهەمیان ئەفسانە. ئەوە ناسیۆنالیست و ئیسلامیی سیاسی کوردی ئەو بابەتەیان دروست کردووە دەنا کورد لە هەندێک ناوچەدا شانازی بە ئەژدەهاکی میدەوە کردووە و پادشای تری کورد لە سەردەمی ئیسلامدا بەهۆی گرنگیی ناوەکە و وەک شانازی، هێشتا ئەو ناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. لەم وتارەدا کە لەسەر نەورۆز نووسراوە، ئەو بابەتە یەکلاکراوەتەوە.

https://www.facebook.com/photo.php?fbid=2155458471156475&set=a.172935546075454&type=3&theater

دیارە ناوی ئەژدانکان کە شوێنی نیشتەجێی دەستوپێوەندی ئەژدەهاکی دوا بادشای میدی بووە، هەر پەیوەندی بەوە هەبووە و بنەماڵەی سەلاحەدین لەوێوە هاتوون. بەپێی موسای خۆرێن دەستەی دووەمی پادشاکانی ئەرمینیا کە میدی بوون، لەوێدا حوکمیان کردووە و خۆیان بە نەوەی هەژدیها/ئەژدەهاکی پادشای مید داناوە. لە ڕاستیدا پێنج سەد ساڵ دوای قسەکانی ئەو مێژوونوسە، هەر بەرەی ئەو میدانە لە ژێر ناوی شەدادیدا حوکمیان کردووە و باوباپیران و ماڵباتی سەلاحەدینیش لەژێر سایەی دەوڵەتی کوردی شەدادی (٩٥١–١٠٧٥ز) دا گەورە بوون. موسای خۆرێن تەنانەت باسی "ئانوش" ی ژنی دوایەمین پادشای میدی دەکات و کە لەوێدا ژیاوە و بە دایکی هەژدیهاکان ناوی دەهێنێت، لەبەر ئەوەی کوردەکانی ئەو ناوچەیە خۆیان بە نەوەی ئەژدەهاک/ئەژدیها و پادشای میدی داناوە. لە گوندی بنەماڵەی سەلاحەدیندا خەڵک هێندە ئاشنا بوون بە مید، لە هەموو شیعرو داستاندا ئاماژەیان پێکردووە و لە چەندین چیرۆکدا باسیان کردووە. واتە بنەماڵەی سەلاحەدین لە ناوچەیەکەوە هاتوون، کە یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی فەرهەنگی کوردی بووە و خەڵکەکەی لاوک و حەیرانەکانیان شانازی بووە بە ڕابردووی بنەچە میدی خۆیانەوە و خۆیان بە بەرەی هەژدیها/ئەژدەهاک داناوە (تکایە با ئەم بابەتە تێکەڵی ئەژدەهاکی نەورۆز نەکرێت). لەوانەیە گەر دی ئێن ئەی سەلاحەدین و ئەژدەهاکی میدیمان دەستبکەوێت کە ئەوە شتێکی مەحاڵە، هێشتا گران بێت کە بیسەلمێنن سەلاحەدین لە ڕووی خوێنەوە نەوەی ئەژدەهاکی میدی بووبێت، بەڵام بەدڵنیایی سەلاحەدین و بنەماڵەکەی لە ڕووی فەرهەنگیی و پەروەردەوە، درێژکراوەی ئەو شانازیە و نەوەی ئەو فەرهەنگە کوردی/میدیە بوون کە ئەژدەهاک لە گوندەکەی ماڵباتی سەلاحەدینا بۆی بەجێهێشتبوون و لە لاوک و داستانی ناو گوندەکەدا دەیانگێڕایەوە. گوندی ئەژدانکان لە پێش ئیسلامدا پایتەختی ناوچەکە بووە و دواتر لە سەردەمی سەلاحەدینا بووە بە گوندێک. سەلاحەدین لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا لە پەروەردە و فەرهەنگی کوردی دوور نەبووە و هیچ گومانێک نیە لەوەدا کە خۆی و بنەماڵەکەی بە کوردی دواون. تکریت کە لێی لەدایکبووە بەشێکی باشی خەڵکەکەی کورد بووە، شام درێژکراوەی ولاتی کورد بووە و لە میسردا لە پێش ئیسلامدا کورد ڕۆڵی هەبووە. جا ئەم پەروەردە کوردیە لە شتی تردا ڕەنگی داوەتەوە. مرۆڤ کە سەیری پێکهاتەی سوپاکەی سەلاحەدین و سەرکردە گەورەکانی دەوڵەتەکەی دەکات، بۆی دەردەکەوێت کە کورد چ ڕۆڵێکی هەبووە و تەنانەت کێبڕکێی هەبووە لە ناو سوپاکەیدا لە نێوان وکورد و تورکەکاندا. بۆ نموونە ئەبو هیجای هەزەبانی هەولێری مێژوونووس کە یەکێک لە سەرکردەکانی بووە و حوکمڕانی شاری ئۆرشەلیم/قودس بووە لە کاتی جەنگەکاندا لە نامەیەکدا کە دەینێرێت بۆ سەلاحەدین دەڵێت "یەکێک لە بنەماڵەی خۆت بنێرە کە بتوانین لەدەوری کۆببینەوە، دەنا نە کورد بڕوای بە تورک هەیە نە تورک بە کورد". ئەوە تەنها یەک نموونەیە دەنا چەندین کەسایەتی سەربازیی، ئاینی، مۆسیقاژەن، شاعیر.. ی کورد بەشێکی گرنگی دەوڵەتەکەی سەلاحەدینیان پێکهێناوە و لە هەندێک لە ووتەکانیاندا کورد بوون ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە. لێرەدا لەم گوتارە کورتەدا هەر هێندە دەگووترێت بەڵام ڕوونە کە ئێمە تێگەیشتنێکی زۆر سادە و بارگاویکراو بە ئایدۆلۆجیامان لەسەر سەلاحەدین هەیە و بەڵگەکان بۆمان دەردەخەن کە چەند نائاشنین بە سەلاحەدین و سەردەمەکەی.

توێژینەوەیەکی نوێ دەربارەی (تێکچونی پێکەوەگەیاندنی زانیارییەکان لە ڕێگای هەستیارەکانەوە لە لای ئۆتیزم).

گەڕان بە دوای هۆکاری سەرەکی ئۆتیزمدا..

عومەر ڕەسوڵ

ڕۆژی ٢٥-١١-٢٠١٩ لە لاپەڕە تایبەتیەکەی زانکۆی ئەمستردام بڵاوکراوەتەوە، بە سپۆنسەری دەزگای فلاگ ئێرای ئەوروپی بۆ توێژینەوە، ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکە لەسەر هەردوو سیستەمی هەستیاری (بینین، بیستن)کراوە، دەیانەوێت بزانن چۆن هەستیارەکان بە یەکەوە کاردەکەن و چۆن گەشە دەکەن هەر لە دایکبوونەوە تا گەورەبوون...؟ بۆ ئەم توێژینەوەیە دوو گروپی خۆبەخشیان دەستنیشان کردووە، گروپێک ئۆتیزم، گروپێک ئۆتیزم نین ئەم توێژینەوەیە لەلایەن گروپێکی ئەوروپی هاوبەش پێک دێن لە زانکۆی ئەمستردام، لیژنەی توێژینەوەی نەتەوەیی ئیتالی، سەنتەری توێژینەوە زانستییەکانی فەرەنسی، زانکۆی ئەسینا لە یونان، بەسەرپەرشتی هەردوو یارمەتیدەری پرۆفیسۆر (ئومبێرتۆ ئۆلسس، مامۆستا لە زانکۆی ئەمستردام و ئەندام لە پەیمانگای سوامیردامی ئەندازەیی سروشتی زیندەیی لە ئەمستردام)، یارمەتیدەری پرۆفیسۆر کۆنرادۆ ئا. بۆسمان، مامۆستای لە زانکۆی ئەمستردام و ئەندام لە پەیمانگای سوامیردامی ئەندازە یی سروشتی زیندە یی لە ئەمستردام، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەزگای فلاگ ئێرای ئەوروپی بۆ توێژینەوە بڕی (هەشت سەد و حەڤدە هەزارو هەشت سەدو چل ئێرۆ) تەرخان کردووە ٨١٧،٨٤٠. مرۆڤ لە ڕێگای هەستیارەکانیەوە پەیوەندی بەدەرەوە دەکات، لە شتەکان تێدەگات، هەستیارەکان بە سیستەمێکی زۆر ڕێکوپێک کار بە یەکەوە دەکەن، گەر یەکێک لەو هەستیارانە تێکچوونی تێکەوت ئەوا کار لە هەستیارەکانی تریش دەکات و زانیاریەکان بە باشی وەرناگرن، ئە مە کێشە سەرەکییەکە یە لە لای ئۆتیزم(گرفت لە وەرگرتنی زانیاری و شیکردنەوەی و کارپێکردنی). ناوەڕۆکی توێژینەوەکە گەڕانە بە دوای هۆکاری تێکچونی ناهاوسەنگی لە نێوان ئەو خانەدەمارییانەی هانی دەمارەخانەکانی تر دەدەن بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئەو دەمارەخانانەی ڕێگروبەربەستن لەوەرگرتنی ئەو زانییاریانەی کە پێویست نین لە بەشی توێژاڵی نوێ لە مێشکدا (مێشکی بیرکردنەوە). سەرکەوتنی ئەم توێژینەوەیە زۆر دڵخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن زاڵ ببن بە سەر ئەو زیاد بوونە لە ژمارەی ئۆتیزم و دۆزینەوەی هۆکارە سەرەکییەکە.

گۆشەی زانست

مامۆستا جەزا دەینووسێت

کلیبتوکراتی kleptocracy

زاراوەیەکە بەمانای دەستەڵاتداری دز دێت، بە زوبانی سیاسی، ڕێسا و یاسای دەستەڵاتێکە، هەموو دەستەڵاتەکان بۆخۆی قۆرغ بکات، لە لای دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتێکي کەمایەتی (اقلية) monrity، لەوانە ڕژێمی کلیبتوکراتی بێکدەهێنن، لەسەر حسابی بەرژەوەندی گەل، بەجۆرێک تەنانەت (وعد)پەیمانی درۆشیان پێ نییە بیدەن بە میللەیت، بۆ خۆشکردنی گوزەرانییان، لە بنچینەدا زۆرینەی ئەم جۆرە حوکمڕانییە دیکتاتۆریەتی شمولییە، هەندێ جار کلیبتوکراسی لە هەندێ دەستەڵاتی دیموکراسیشدا سەرهەڵدەدات و دەگۆڕێت بۆ حوکمی کەمایەتی (الارليفاركية)(حكم الاقلية).

ئایا دەزانیت..؟

مێشکی هەنگ (النحل) ملیۆنێک خانە لە خۆی دەگرێت، بە بەراورد لەگەڵ مۆخی پەپولەیەکدا.

مۆخی پەپولە ٢٥٠ هەزار خانە لە خۆی دەگرێت.



هەرچەندە لەگەڵ بچوکی مۆخی هەنگدا، هەنگەوانەکان (النحالون)، دەرس دەدەن بە هەنگەکانیان و ڕایان دەهێنن، لە کۆی ١٥ هەوڵداندا، دەستیان کرد بە شیکارکردنی پرسیارەکانیان، لە دووەم هەوڵداندا هەنگەکان وەڵامی پرسیارەکانیان بەهەمان ڕێژە و بە خێراتر ئەنجامدا.

هاخەسی سخۆڵ

هاخەسی سخۆڵ لەنێوان ساڵانی ١٨٦٠ تا ١٩٠٠ ئەم قوتابخانە هونەرییە لەشاری دانهاخ لە هۆڵەندا سەری هەڵداوە، زۆر گرنگی خۆی هەبووە و لێی کۆبونەتەوە. ئەم قوتابخانەیەدا لەسەر دەستی چەندین هونەرمەند دامەزراوە وەک هونەرمەند یۆزف ئیسرایل و یاکوب، فیلیەم ماریس، فیلیەم ڕۆلۆفیس، کۆستاند گابریێل، هاندریک فیلیەم میسداخ و چەند هونەرمەندێکی دیکە٠ ئەم هونەرمەندانە بەپێچەوانەی ڕۆمانتیک کاریانکردووە، بابەتەکانیان لەوسەردەمەدا لە چەرخی ١٩ زۆرکاری ورد و جوانیان ئەنجامداوە، ئەم هونەرمەندانە ڕاستەوخۆ لەدەرەوەی (گەلەری) ئەتەلیکانیان کاریان کردوە ڕاستەوخۆ بەرامبەر سروشت، هەروەکو ئەو شێوازەی لەفەڕەنسا هەبوو، کە پێیان دەگوتن باربیزۆن، بەڵام هاخەسی سخۆڵ بابەتەکانی مۆرکی هۆڵەندی بوون، تابلۆکانی مەڕومالات، ئاشی با، ماسی گرو مانگا....هتد. ئەم هونەرمەندانە ڕووناکیەکی تەواویان لە تابلۆکانیاندا بەرجەستە کردوە٠ئەگەر سەرنجی تابلۆکانیان بدەین، دەبینین دوو تۆنی ڕەنگ بەسەریاندا باڵی کێشاوە: یەکەم ڕەنگی خۆڵەمێشی... دووەم ڕەنگی سەوزباو، هەربۆیە لە دوایدا پێیان دەگوتن قوتابخانەی خۆڵەمێشی، ئەم گروپە کاریگەری (ئیمپیرسیۆنیزم)یان لەسەر بوو، وەکو ڕەنگ و شوێن و فڵچە بەکارهێنان، ئەم شێوازە تا چەرخی ٢٠ کاری پێدەکرا.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بڕوانە:

https://nl.wikipedia.org/wiki/Haagse_School_(schilderkunst)

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

Jozef Israëls: *Langs moeders graf*, 1856, in een monumentale grootte van 244 x 178 centimeter.

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

14 December . 2019 Nummer. [83]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

–گوندێ هۆخڵاند لە هۆڵەندا لە سەر کێشەی شکانی بوریی ئاوی گوندەکەیان بێزابوون ئەنوەر جۆڵا. ل 2 – ئایا ستراتیژ چییە.؟ پێویستە چۆن لێی تێبگەین؟ بەشی پێنجەم،فەریق ڕۆکنیخانەنشین.. محەمەد نەجمەدین.نەقشبەندی ل 3.ل4.– ئێوارەک دەربارەی کوردەکانی ئەمستردام–دکتۆر مەریوان و چەند کەسێکی دی

– شیعرە پەشمەکیەکانی دکتۆر عەباس سالّح عەبدوڵڵا –غەفور سالّح عەبدوڵڵا ل 6 و ل 7. – میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا– بەشی دووەم– دکتۆر زاهیر و دکتۆرە نیان مەستی. ل 8. ل 9

– چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگـــە. ل5 و10 –زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان– ژمارە: دوو قەتـــــاریک قەدەرێک ســــــەوارێتی.....!، نووسینی گۆران مەریوانی. ل 11 و ل12

– ڕاپۆرت بۆ گریکۆ نیکۆس کازانتزاکیس سالّی دادێ....نووسینی: دلاوەر قەرەداخی ل 13 – گۆشەی 34 هەواڵنامە ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 14 و ل 15. – هونەرمەندی کورد شوان کەمال پرۆژەیەکی مێژوویی لەئەڵەمانیا زیندووەکاتەوە و سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە...! ل16 . – ل 17 دووبابەتی زانستی: لوقمان حەویز و مامۆستا جەزا نووسیویانە ل17 . – ئەمجارەدەربارەی قوتابخانە هونەریی هۆڵەندی هاخەسی سخوڵ..... هونەرمەندی هۆڵەندی ڤلیەم ڕۆڵۆفد و جەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

14 December 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 83
83 ی 14 ی دیسەمبەری 2019

هۆخڵاند گوندێکی هۆڵەندایە لە سەر کێشەی شکانی بوریی ئاوی گوندەکەیان زۆر بێزاربووون

هۆخڵاند گوندێکە لە ناوەڕاستی وڵاتی شانشینی هۆڵەندا، لە هەفتەی پێشووە، لە سەر کێشەی شکانی بوریی ئاوی گوندەکەیان زۆر بێزاربووون، ئەمە کارەساتێک وەسف دەکەن سەرەتا هۆکاری ئەم گرفتەیان نەدەزانی.

هۆخڵاند Hoogland گوندێکە، سەر بە شارەوانی هەرێمی ئوترێخت لە ناوەڕاستی هۆڵەندا، ژمارەی دانیشتوانی بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی 2006، 10587 کەس بووە، تا ساڵی 1974 ئەم گوندە لەسەر شارەوانی Amersfoort بوو. ساڵی پەنجاکان هۆخڵاند بە شێوەیەکی زۆر باش فراوان بوو، ناوەکەی لە ناوچەی Langenoord و Bieshaar هوە گۆڕا بۆ هۆخڵاندی ئێستا، شەش قوتابخانەی سەرەتایی (بنەڕەتی) تێدایە، کە خوێندن تیایاندا بە شێوازی ڕۆمانی کاسۆلیکیی و گشتییە. لەم ژمارەییەی تاراوگەدا، گوتارێکی سەرنجڕاکێشەری ڕۆژنامە نووسی هۆڵەندی(DANIËL VAN DAM)، بڵاوەدەکەینەوە، کە لە پەیجی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دتەلەگراف (De telegraaf) ی ڕۆژی(09 dec. 2019) وەرگیراوە. ڕەنگە لە وڵاتی خۆمان هیچ کەس بڕوانەکات لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک هۆڵەندا، گیروگرفتی لەم شیوەیە ڕووبدات. لە ماوەی یەک هەفتەدا ئەمە بۆ جاری حەوتەمینە دانیشتوانی کێرکلاند لە هۆخڵاند، بۆری ئاویان دەتەقێت و خەڵکەکە لەم ڕووداوە گەلێک بێزاربوون، هەروەها ئەم بەیانییە جارێکی دیکە ئەم کێشەیە دیسان ڕوویدایەوە. لە کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانییەوە، خەڵکەکە بێ ئاون. خەڵکی گوندەکە بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە و لەبەرخۆیانەوە دەیانگوت ئەم هەفتەیە هەفتەی کارەسات(نەگبەتییە) و تا ئێستا هۆکارەکەشی نازانین.

یەکێک لە دانیشتوانی گوندەکە گوتی: لە کونی دەرگاوە تەماشای کرێکارەکانم دەکرد، کە خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکەبوون. شەقامەکە بەسترابوو، هەندێک لە پیاوانی گەڕەک چووبوونە سەر چاڵە هەڵکەندراوەکان و دەیانویست بۆری ئاوەکە ببینن. دوای ئەوەی بۆریەکانیان چاک کرد، لەدووری ٢٠ مەترەوە جارێکی دیکە، بۆرییەکان ئاویان لێدەچوو. کرێکارەکان نەیاندەتوانی لەوە زیاتر هیچ بکەن و سەریان لەم کارە سووڕمابوو.

بێگومان ئەمە بۆ ئەوان زۆر ناخۆش بوو، دوای ئەوەی چوارجار بیردەکەیتەوە و دەڵێیت؛ ئەمە زۆر سەیرە، ئای ئێرە چ وڵاتیکی دواکەوتووە. لەسەروو هەموو ئەم گرفتانەوە، کە ڕوویدا بوو ڕۆژی هەینیی ڕابردووش کێبڵێکی کارەبا بچڕا، زیاتر لە نیوکاتژمێر خەڵکەکە لەبەر تاریکی دانیشتین. بەڕاستی ئەم هەفتەیە، هەفتەی کارەساتی پێدەگوترێت. گرفتەکان لەم گوندەدا هەروا بەردەوامن، ئەم بەیانییە گوێم لێی بوو، پەمپێک ئیشی دەکرد، وامزانی ئەوە ڕاستی نییە..؟ بەڵێ جارێکی دیکەش گرفتەکە سەری هەڵدایەوە.. ئەم ڕووداوانە دڵخۆشکەر نین

لەوەش خراپتر:

لە کاتژمێر پێنج و نیوەوە، بەلوعەکان ئاویان پێدا نایەتەخوارەوە، لە هەفتەیەکدا ئەمە حەوتەمین جارە بۆرییەکان دەشکێن، هەفتەی پێشوو بۆرییەکان لەخۆیانەوە شکان، وەک گوتەبێژی کۆمپانیاکە باسی کرد، ئەم کێشەیە چارەسەرکراوە. جارێکی دیکە کێشەکە لەوەوە سەری هەڵدایەوە، کە کاتێک بۆرییەکان کەوتنەژێر پاڵەپەستۆی ئاوەوە، ئەمە دۆخێکی زۆر تایبەتە، بەڵام وادیارە بۆریە ئاوەکان، کێشەیان زۆرە، بۆیە زوو زوو دەشکین. ئەو هەفتەیە زۆر زەحمەت بوو (خۆت بشۆیت)، یەکێک لە دانیشتوانی گوندەکە گوتی: ئەگەر ئاو بێتەوە، دەبێت بەپەلە خۆت بشۆیت، لەسەر شەقامەکان دەبە ئاو دانراون بۆ خەڵکەکە.

کۆمپانیای ئاوەکە بەپەلە ئاوی خواردنەوەیان بۆ قوتابخانەی لانگن نۆردی Langenoord سەرەتایی دابین کرد، ئەو قوتابخانەیەی کە کۆی خوێندکارەکانی ٢٨٠ قوتابییە، ئێستا ئاوی بەلوعەیان هەیە و دەتوانرێت ئاودەستخانەکانیش پاک بکرێنەوە.

ساندرا یانس باسی ئەوەی کرد: هەفتەی پێشوو، کێشەکە جۆرێکی دیکە بوو، ئەوسا قوتابخانەکە تەنها دوو ڕۆژ کێشەی ئاوی هەبوو. خانووەکانی دیکەش لەسەر شەقامەکان دەبە ئاویان بۆدابین کرابوو، کاری چاککردنەوەی بۆری ئاوەکان لەوە زیاتر دەوێت وەک چاوەڕوان دەکرا. هەروەها ناوبراو گوتی: ویستمان دووشەو و دوو ڕۆژ بێ وەستان کار لە چاککردنەوەیی بۆرییەکاندا بکەین، بەڵام لەبەر تەڕوتووشی زەوییەکە، نەتوانرا بە یەکجاری بۆرییەکان بگۆڕدرێن.

وەرگێڕانی لە هۆڵەنییەوە: ئەنوەر جۆلا

ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟



نووسینی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی پێنجەم

دەوڵەتی ناڕێک (FALSE DICHOTOMIES)

ستراتیژی بەرگری لەوەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بریتییە لە: (بیرۆکەیەکی وردبینی یان کومەڵێک بیرۆکە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی "Instruments" توانای" Power" نەتەوەیی بەشێوازی بەگەڕخستن "Synchronized" و یەکخستن تا بەدەستهێنانی ئامانجەکان لەسەر شانۆ یان گۆڕەپان لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان فرە وڵات "Multinational".[1] گابریەل ماسیلە و ستیفەن ماوت ئەم پێناسەیەیان بەدیکرد : (سەرنجراکێشی بیرۆکراسی و دروست لەئاستی سیاسي و تارادەیەک بیکەڵک)[1]. بەهۆکاری جیاوازەوە من تاڕێژەیەک هاوڕاینم. یەکەم، پێناسەکە شوێنی ستراتیژ بەرز دەنرخێنێت، وەک بیرۆکەیەک بۆ قەوارەیەکی سنوربەزێن – کە لەوانەیە بیکاتە مەتەل نەک ڕوونی بکاتەوە زیاتر مانای زاراوەکە چیە ؟ دووهەم، هەرچەندە من خۆم زیاتر دەبینمەوە و بەتەواوی هاوڕام لەگەڵ وەزارەتی بەرگری بۆ بەکارهێنانی وشەی یەک بوون و بەکارهێنانی وشەی سنووردارکردن کەدەبێت پێشنیاربکەن بۆ بەکارهێنانیان لەیەککاتدا بەپێی پێویست. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت هەندێک ئامراز لەیەککاتدا بەکار بهێندرێت، لەشێوازی کات " Synchronous" یان هاوتەبا " Simultaneous" بەپشت بەستن بەبارودۆخەکە، هەندێک هوکاریش هەن لەوانەیەبەکار بهێدنرێت لەکاتێکدا تا ئەوکاتەی ئەوانیتریش بەدوای یەکدا دێن – وەک لەپلانی یاریکردن کە لەزۆربەی یاریە وەرزشیەکاندا پیادەدەکرێت.

لەکوتاییدا، هەندێک پێیان وایە، کە پێناسەی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بەهەڵە ستراتیژ دەبەستێتەوە بە" ئامرازی توانای نەتەوەیی" و بەتەنها ستراتیژ دەخاتە پلەیەکی نزمتر بۆ هێنانەدی "ئامانجەکانی شانۆ یان گۆڕەپانی نەتەوەیی یان فرەڕەگەز.[1] پێناسەیەکی لەوجۆرە بیگومان، بەشێوەیەکی گشتی هاوڕایە بەگشتی، کەدەبێت (ستراتیژی گەورە – Grand Strategy) یان (ستراتیژی نەتەوەیی– National Strategy) بێت. لەسەرئاستی سوپا، ئەنجامەکە دروستکردنی دیواریکی جیاکردنەوە بووە لە نێو خودی ستراتیژدا، وا دادەنرێت، کە تەنها بۆ زانیاری گەورە سیاسیەکان و بەڕێوەبردنی سەربازیی بێت و لەلایەن ئەوانەوەبەڕێوەببرێت، وەک بەناکراوە بە هونەر کردەیی(Operational Art) ئەنجامدەر لەسەر ئاستی شانۆ/گۆڕەپان یان ئاستي هەڵمەت (Campaign) لەناکۆکییەکدا (Conflict). سوپای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، زاراوەی هونەری کردەیی (فن العملیات)یان لەسۆڤیەتەکانەوە وەرگرتبوو، بۆ پێناسەکردنی شێوەی بیرکردنەوە لەجەنگ لەسەر ئاستی هەڵمەت/شانۆدا. بێگومان، هونەری کردەیی هونەرێک نییە، یان بەلایەنی کەمەوە تەنها هونەرنییە، بەمجۆرە پێناسەیەکی هەژارە بەپلەی یەکەم بۆ ئەو ئامانجەی دەیەوێت. وەزارەتی بەرگری وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا هونەری کردەیی پێناسە دەکات بە (پراکتیزەکردنی بیرۆکەی داهێنەرانە لەلایەن فەرماندەو دەستەی کارگێڕی (Staff)" هیئة الركن" بەپشت بەستن بەکارەمەییان، زانینیان، ئەزمونیان لەدارشتنی ستراتیژدا، هەڵمەتەکان و ئۆپێراسیۆنەسەرەکیەکان و ڕێکخستنی هێزە سەربازییەکان وبەکارهینانیان. هونەری کردەیی کۆتایی(Ends)، ڕێگا/بیرۆکە(Ways) و هۆکار(Means) یەکدەخات لەئاستی جەنگدا.)[1] ئەوەتا ئێستا زۆر بیروکراسیانە بۆ وەسفکردنی بیروکەی ستراتیژی لەئاستي کردەیی جەنگدا، وای لەوەزارەتی بەرگری ئەمریکا کرد کە لە ئەنجامدا دواتربەم شێوەیە پێناسە بکات:

[1] . انظر المطبوعات المشتركة 02-1 (JP)، قاموس وزارة الدفاع للمصطلحات العسكرية والمرتبطة، واشنطن العاصمة: رؤساء هيئة الأركان المشتركة، 12 نيسان 2001، بصيغةالمعدلة حتى 17 أكتوبر 2008، ص-525.

[1] . غابرييل مارسيلا وستيفن أو. فاووت " تدريس الاستراتيجية في القرن الواحد والعشرين"، مجلة قوات مشتركة، العدد 52، الربع الرابع 2009، ص- 60، الحاشية 2.

[1] . 02-1(JP)، ص - 525.

بڕوانە لاپەڕە 4

پاشماوەی ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا، پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟

[لە ئاستی جەنگ، دەبێت بۆ هەڵمەت و ئۆپراسیۆنە سەرەکییەکان پلانیان بۆ دابنرێت و بەڕێوەببرێن و بەردەوام دەبن لە بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان لەنێو شانۆکان، یان لە دەڤەرێ لەدەڤەرە کردەییەکانی دیکە. چالاکی لەم ئاستەدا پەیوەندی تەکتیک و ستراتیژ بەیەکەوە دەبستێت بەهۆی دامەزراندنی ئامانجەکانی کردەیی، کە پێویستن بو هێنانەدی ئامانجە کردەییەکان و دەستپێکردنی کار وسەرچاوەکان جێبەجێ و دروستی بکەن تا ئەم رووداوانە هەمیشە بەردەوام دەبن.]5

بەهەمان شێوە، سوپا دیواریکی جیاکردنەوەی دامەزراندووە لەنێوان ستراتیژ وتەکتیکدا، کەتەکتیک ئەوچالاکییەیە، کەئەنجامدەدرێت لەئاستی خواروتر. هەر وەک لەگەڵ ستراتیژدا، وشەی تەکتیک (Tactics) میژوویەکی درێژی هەیە، لەوشەی یونانیەوە (تەکتیکا) (Taktika)وە هاتووە و کۆی وشەکە (تاکتیکوس) (Taktikos) بەمانای گونجاو بۆ ڕێکخستنە.[1] فەرهەنگی میریەم – ویبستر وەک یەکەم پێناسە بۆ تەکتیک دەنووسێت: (زانستەو هونەری ڕێکخستن و مانۆری هێزەکان لەشەڕدا گەورەی دەکات، کەبەهونەرێکی کارامەیی لەبەکارهێنانی هۆکاری بندەست تا کۆتایی بهێنێتەدی.)[1] لەکاتی یەکەم مامەڵە و هەڵسوکەوت بۆ دواخستنی کارەخوازراوەکانی پێشتر کە تەنها پەیوندیدارەبەهێزە سەربازیەکان، دواترینیان بەهۆی کەمزانینەوەبێت، بەڵام وا دیارەدەبێت وەک ستراتیژ بێت. وەزارەتی بەرگری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێناسەی بەمشێوەیەدەکات: (بەکارهێنان و ڕێکخستن وفەرماندان بەهێزەکان، کە پەیوندیان هەیە بەیەکتر،[1] بەم جۆرە ئەوانە تاوانبارەدەکەن کە بەکاری دەخەن لەئاستی تەکتیکی شەڕدا بۆ جێبەجێکردنی ڕێساکان (Procedures) و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی پەسەندکراون – دوو هاوواتایی (Synonymies) بوو، ئەوەی یەکێکیان ئاماژەی بۆ دەکرێت بۆ باشتر تێگەیشتن لە زاراوەی تەکتیک. بەمجۆرە، ئەمە بەجێدەهێڵرێت لەگەڵ پێناسەیەکی بێکەڵک بەشێوەیەکی زۆر بۆ بەکارهێنانی تەواوی ئامرازەکان بۆ هێنانەدی ئەرکەکان (Tasks) لەلایەن فەرماندەکان لەئاستی خواروتر،بەتایبەتی لەڕەچاوکردنی بارودۆخی جەنگی هاوچەرخ. ئەمە بێگومان، حاشاهەڵنەگرە، کە فەرماندەکان لە ئاستی تەکتیکدا زۆرجار ڕوبەڕووی گرفتەکان دەبنەوە ئەوانەی کەگوێڕایەڵن بۆ "ئەندازیاری"، یان داڕشتنی چارەسەرییەکان، کە تێیدا ڕاهێنانی دووبارەکراو و جیبەجێکردنی تەکنیکە پەسەند کراوەکان پێشتر وڕێساکان بەشێوەیەکی گرنگ کە ڕابەرەکانی سەرکەوتن دەریدەخەن هەرکات تێکهەڵچوونی سەربازی ڕووبدات لەگەڵ دوژمن.

لەگەڵ ئەوەشدا ، بەدەگمەن شەڕی هاوچەرخ لاسایی نموونەی کلاسیک و کۆنتر دەکاتەوە، بەتایبەت لە کاتی جەنگی ناهەوسەنگیدا (Asymmetric) [اللامتماثلة]9. سێتێریس پاربوس (Ceteris Parbus) (بە واتای هەموو شتەکانی تر وەک یەک بێت، لەگەڵ وەستانی فاکتەرەکانی تر، بەڵام بەدەگمەن هەرجەند ئەمە مەحاڵە، ئەگەر ناحەزەکان بتوانن پشکنین ڕێکبخەن بۆ هێزەکانی ئەمریکا و بۆ خاڵە بێهێزەکانی.)

لێرەدا مەبەست ڕوون نییە و لە عەرەبییەکەش نەمدۆزییەوە.

بەمجورە، فەرماندە تەکتیکیەکان بەشێوەیەکي پێویست دەبێت ڕاهێنان بکەن، نەک تەنها کارامەیی بێ بیرکردنەوە لەسەر بنەمای ناسینەوەی شێواز و وەڵامی ڕێسایی لەبەکارهێنانی تەکنیکەکان، کە پەسند کراون ئەنجامبدەن، هەروەها شیکردنەوە بەشێوەیەکی ژیرانە بکەن و بڕیاربدەن، کە ئامرازەکانی بەردەست بهێننە ژێر دەستي فەرماندەکان بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنت. خاڵەکە لێرەدا ئەوەیە، لەڕاستیدا، سەرکەوتن لەهەر ئاستێکی چالاکیی سەربازی – ستراتیژی، کردەیی، یان ئاستی خواروو تر– پێویست دەبێت، کە فەرماندەکان لەو ئاستانەدا بەشێوەی ستراتیژی بیربکەنەوە و بەکارهێنانی هۆکارەبەردەستەکان بەشێوەیەکی یەکخراو بۆ گەیشتن بەهینانەدی کوتایی خواستەکان. ڕەنگە لەوەش گرنگتر، ئەم هۆکارانە زۆر جارهەندێکیتر لەهۆکارەکان بگرێتەوە زیاتر لەوانەی ئامادە دەکرێن بۆ هێزە سەربازییەکان وشەڕو و تێکهەڵچونەکان بێت. بۆنموونە: ئۆپهراسیۆنی سەربازی لەخواروی هەڵمەتەکان یان لەسەر ئاستی شانۆ/ گۆڕەپان زۆر جار وادەکات دەبێت، کار کردن لەگەڵ سەرکردە و کەسانی تر لەناوچەکە تا هەواڵگیری/ استخبارات و ئاسایشی هێزەکان دەستەبەربکەن(سیاسی)، ڕێگری لەدابینکردنی پێداویستی بۆ نەیارەکان (چالاکی ئابووری)، ئەنجام دانی پروژەی ناوخۆیی بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئاوی پاک یان گەیاندنی خۆراک بۆ دانیشتوانی ناوچەکە (ئابووری/ دەروونی) یان بەکارهێنانی فێڵ/ المخادعة، تا وابکرێت بۆچوونی نەیار بگۆڕدرێت(دەرونی).

4 . المرجع نفسه، متاح من www.dtic.mil/doctrine/dod_dictionary/.
5. المرجع السابق، ص- 399.
6. سکیت، قاموس، ایتومولوجیکال، ص-539.

7 . قاموس مریم – ویبستر اون لاین، متاحة من (*www.merriam-webster.com/dictionary/tactics*.)
8 . (JP 1-02)، متاحة من (www.dtic.mil/doctrine/dod_dictionary/.)

9. **عدم التماثل** (قاموس وزارة الدفاع الامريكية، للمصطلحات العسكرية ، 2017 ،مصدر سابق،" عدم التماثل - في العمليات العسكرية تطبيق استراتيجية، وتعبية، وقدرات، وأساليب مختلفة للتحايل على أو إبطال نقاط قوة الخصم في حين استغلال نقاط ضعفه."، ص21 .)

ئێوارەیەک دەربارەی کوردانی شاری ئەمستردام: چ مانایەکی هەیە کورد بیت و لە شاری ئەمستردامدا بژیت؟

ئەمستردام شاری هاوڵاتییەکانیەتی، هاوڵاتییەکانیش خەڵکی شوێنە جیاوازەکانی دونیان. لەم شارەدا کەسانی سەر بە ١٨٠ نەتەوە و گروپە ئەتنیی و دینییەکانی جیهان دەژین. ئەمەش وادەکات، ئەمستردام شاری ژمارە یەکی جیهانبێت، لەڕووی زۆری گروپە ئەتنییەکانی ناوبەوە و لە پێش شاری "ئانتڤێرپن"ی بەلجیکی و شاری "نیوێورک"ی ئەمریکییەوە بێت. کوردی پارچە جیاوازەکانی کوردستانیش بەشێکن لەم دیمەنە ئەتنییە هەڕەنگە و ژمارەیەکی بەرچاویان لەم شارەدا هەن و دەژین. لە چوارچێوەی زنجیرە بەرنامەیەکدا لە ژێر ناونیشانی "ئەمستردام شارێکی ترانس ناشنالّ"ی ڕادیۆی ڤی پێرۆ بەرنامەکانی ئێوارەی دووشەمەی داهاتوو، ڕێکەوتی ١٦ ئەم مانگە، لە کاتژمێری ٨ بۆ ١٠ی ئێوارەی بۆ باسکردنی کوردەکانی شاری ئەمستردام تەرخانکراوە. قسە و باسەکان بە زمانی هۆڵەندیی دەبێت و پرسیاری سەرەکیی بەرنامەکەش ئەوەیە: ئایا چ مانایەکی هەیە کوردبیت و لە شاری ئەمستردامدا بژیت؟ پرسیارە سەرەکییەکانی تری بەرنامەکە بریتین لە: ئایا کوردانی ئەمستردام لە ئێستادا بە چییەوە سەرقاڵن؟ ئایا مۆسیقا و هونەرە شانۆ چۆن هاریکاریی کوردانی ئەم شارە دەکات بۆ ئەوەی شوناسی کوردبوونی خۆیان بپارێزن؟ چۆن ئەم شوناسە وابڕێژنەوە بتوانن لە ساتەوەختەکانی جەنگدا وەک شوناسێکی بەرگریکەر ئامادەبێت؟ بەرنامەکان لە شاری ئەمستردام و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ستودیۆی Studio van Pakhuis de Zwijger پەخشدەکرێت و دواتریش تۆمارەکەی لەسەر وێبسایتی ستودیۆکە دادەنرێت.

Mariwan Kanie
Onderzoeker en assistent professor Semitische Talen en Culturen met Koerdische expertise, UvA

Martin van Bruinessen
Hoogleraar Comparative Study of Contemporary Muslim Societies en specialist Koerdologie, UU

Moustafa Hamo
Muzikant, community manager Welcome App

Goli Abdurahman
Vrijwilliger (borst)kankerpreventie, auteur '21 stralen'

Celil Toksöz
Regisseur en artistiek leider Theater Rast

ئەوانەی لەو ئێوارەیەدا وەک قسەکەر بەشدار و ئامادەن، مارتن ڤان براونێسە (کوردناسی هۆڵەندیی)، موسەتافا حەمۆ(مۆسیقار)، ئارەزو ئەسلام (چالەکەوان و مامۆستا)، گولی عەبدولرەحمان (خۆبەشکار و نووسەر)، جەلیل تۆکسۆز (دەرهێنەری شانۆ). (دکتۆر مەریوان وریا قانع)یش یەکێکە لە قسەکەرەکانی ئەو ئێوارەیە.

لە وانّی (دکتۆر مەریوان قانع)ەوە وەرگیراوە

بەرنامەیەکی تایبەت لە یادی شاعیر ژەنەڕاڵی پایزدا و نمایشی فیلمی (من هێشتا نامۆم)

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 15–12–2019 کات 14:30



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 15–12–2019 کات 14:30 دووڕنیوی پاشنیوەڕۆ، لەیادی شاعیر محەمەد عومەر عوسمان (ژەنەڕاڵی پایز)دا، یانەی کوردیی "میدیـــا" لە هۆڵەندا، ڕۆژێکی تایبەتی بۆ مەرگی ئەم شاعیرە داهێنەرەی کورد ڕێکستووە و ئەم بەڕێزانە تێیدا بەشدارن:

– حەمە بەکری کلارنێت، بە ئامێری سەکسۆفۆن و کلارنێت، چەند پارچە میوزیکێک پێشەکەش بە گیانی شاعیر دەکات.

– هونەرمەند کیا عەزیز فیلمی(من هێشتا نامۆم)، بۆ یەکەمجار نمایش دەکات، کە دەربارەی ژیانی شاعیری ژەنەڕاڵی پایز ئامادەی کردووە.

– مامۆستای زانکۆی ئەمستردام و نوسەر دکتۆر مەریوان وریا قانع، باسێک لەسەر شاعیر پێشکەش دەکات.

یادەکە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 15–12–2019 کات 14:30 دووڕنیوی پاشنیوەڕۆ،لە ئەمستردام لەم ناونیشانەی خوارەوە ساز دەکرێت:

Adres: Buurthuis de meevaart
Balistraat 48a
1094 JN Amsterdam

بە هۆی ئەم ئیمەیڵ و ڤایبەر و ژمارە تەلەفۆنانەوە، پەیوەندی بکەن‌ەب :

ئالان ئەمین: 0655873577،

ئیبراهیم عەلی سەعید: 0645262337،

مەبەست جەعفەر: 0683826334

سەردار فەتاح: 0684950807

یان ئیمەیڵ ئەدرێسی "میدیـــا"ەوە...

kvn.midia@gmail.com

شیعرە پەشمەکیەکانی دکتۆر عەباس سالّح عەبدوڵڵا

نووسینی: غەفور سالّح عەبدوڵڵا



لەو ماوە ناخۆش و قەیراناویەی کە باشوری کوردستان تووشی هاتووە، بەهەمان شێوە دۆخی ڕۆشنبیریشی سەرگەردان و بارگاوی کردووە، دەرەنجامی سیاسەتی خراپی دەسەڵاتی سیاسی باشوری کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگێکی نارەوای تاریکپەرستانی ئیسلامە تووندڕەوەکان، کە خۆی لە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) بەرجەستەکردووە، کە بووەتە هۆی شەهیدبوونی هەزاران لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە باشور. بۆتە هۆی خراپی بژێوی نوسەران و ڕۆشنبیران.

وەلێ ئەوەی مایەی دڵخۆشیە هەندێجار لە پڕ سەرەڕای ئەو بەربەستانەیش لە شاری سلێمانی بەتایبەتی هەندێک بەرهەم پەیدا دەبن، کە مایەی ئەوەن بڵێین هێشتا کوردستان خێری تێدا ماوە. بە بینینم نمایش کردنی شانۆنامەی (مارا ساد)بوو لەسەر شانۆی ڕۆشنبیریی سلێمانی لە نووسینی نوسەری ئەڵمانی(پیتەر ڤایس) و دەرهێنانی دەرهێنەری لاو (هیوا فایەق) بوو. نمایشی گرووپی (کۆڕی شانۆی با)بوو. نمایشێکە کە دەزانێت دەسەڵاتی گەندەڵی هەرێم بەرەو کوێ دەڕوات و عاقیبەتی دەسەڵاتی زۆردارەکان هاوشێوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە چی دەگات. ئەوانەی شۆڕشی میللەتیان دزی و سامانی گەلیان تاڵانکردن.

ئەم شانۆگەریە خاڵێکی وەرچەرخانە لە کاراکردنەوەی شانۆی کوردی دوای ئەوەی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە بەرەو هەڵدێڕی برد. شانۆگەریی (مارا ساد) شانۆگەریی ئەو نوخبەیەیە، کە لە سەنگەری(ژان پۆڵ مارا) دژ بە(مارکیز دی ساد)ەکانی دەسەڵات و ریسواکردنی شۆڕش دزەکان. (ژان پۆڵ مارا) یەکێک بوو لە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕشی فەرەنسا 1789 _1799و دواجاریش بە دەستی خۆشەویستەکەی(شارلۆت گۆردیا) دەکوژرێت، (مارکیز دیساد)یش بەشداربووی شۆڕشەکە بوو بەڵام دواجار هەڵگەڕایەوە و بووەدژە شۆڕش. پیتەر ڤایس ئەم سەربوردەیەی کرد، بە شانۆیەکی تۆماری جوان و ناوبانگی هێنا و تا ئێستایش.

یەکێک لەو بەرهەمانەی دیکە دیوانە شیعرێکی دکتۆر عەباس سالّح عەبدوڵڵایە بە ناوی (ئەندێشەکانی شەو). ئەمە واتای ئەوە نییە، کە دکتۆر عەباس بە شۆڕەسوار بزانم لە شیعری تازەی کوردیدا، بگرە نەبوونی شیعرێکی دیکەی کوردی لەم ماوە ناهەمواری مێژووی شاری سلێمانی و دەرکەوتنی نووسینی کرچوکاڵ لێرە و لەوێ بە ناوی شیعرەوە، بەڵام لەم بۆشاییە مێژوویەی شیعری

سلێمانی دکتۆر عەباس دەتوانین بڵێین دەسپێشخەرە، شاعیرێک ئەگەر شیعری تازەی نەبوو، دەبا شیعرە کۆنەکانی بۆ کەس نەخوێنێتەوە، چونکە شیعرەکانی پێشووی لەلای خۆی شەوقیان نەماوە ئەگینا با بێدەنگ بێت و دەست لە شاعیریەتی خۆی بشوات. من حەزم لە شیعرێکە منداڵیی بەدبەختی خۆمم بۆ بهێنێتەوە یاد، یان وێنەی شێوەی ئەو کیژانەم بخاتەوە بەرچاو، کە ئێستا ژنی خەڵکن و بە سااڵچوون. شیعرەکانی ئەم دیوانەی دکتۆر جیاوازن لە شیعرەکانی دیوانەکانی پێشووی، زیاتر تەڕ و ناسکن و وەکو پەشمەک زوو لە ژێر زماندا دەتوێنەوە و تامیان تا ماوەیەک دەمێنن، بۆ نموونە لەم شیعرەیدا، کە چەند پڕ سۆز و هەستناسکی مرۆڤێک دەبەخشێ:

خەیاڵ بمبەرەوە..
بۆ کەلاوەکەی کانێسکان
با سەرێک لە کولانەی توتکەکانم بدەم
بزانم سەرمایان نابێت
بزانم برسیان نییە
چ حەزێکی سەیر بوو!!.
بیانهێشتایە دەمهێنانەوە ناو پێخەفەکەمەوە
لەسەر سنگی خۆم دەمخەواندن
چ ئاوازێک لە گەرووپان هەڵدەستا
نووزە نووزی ئەوان و
گریانی دایکم تێکەاڵو دەبوون
خودایە جارێکی دی ناگەڕێتەوە
منااڵیی ناگەڕێتەوە..

بۆیە من شیعرێکم دەوێ بمباتەوە لای کۆاڵنە هەژار نشینەکانی گەڕەکەکەم، بمباتەوە بۆ یادی ئەو توتکە سەگانەی، کە بەبەر چاومەوە کلک و گوێیان دەکردن، بمباتەوە لای ئەو ژنانەی کە بەدایکی(یەسنین) دەچوون و لەسەرەڕێیەکاندا چاوەڕێی ڕۆڵەکانیان بوون، لە نادیاریەوە بێنەوە وەکو دایکم. گەرچی دکتۆر عەباس و یەسنین لە زۆر شتدا هاوبەشن وەکو مردن و تەنیایی و دایکی و سەگ. ئەم دیوانەی دکتۆر پتر لە سەد ناونیشانی تێدایە و هەموو دەربڕن لە هزرو خەم و ئەشق و بیرکردنەوەی عەباس سالّح عەبدوڵڵا. بەهەقەت شیعری (کتێبخانەکەم) و بۆ کۆچی شیرکۆ بێکەس بۆ شاعیر جەمال شارباژێڕی و بۆ ئەحمەد هەڵەبجەیی و شاعیر سەاڵح محەمەد و هەروەها شیعری (باخی گشتی) یادەوەریەکی جوانە بۆ هاوڕێ شاعیرە کۆچکردوەکانی وەکو سەاڵح محەمەد و هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران و عوسمان شەیدا و دڵشاد مەریوانی و ڕەفیقی مەال فایەق و هەمزەی عەلی دەدە.

بڕوانە لاپەرە 7

شاعیر ترسی نەماوە لە مردن، جگە خۆشەویستی خاک نەبێت. نیشتیمان هیچ گلەییەکی نییە لێی چونکە برایەکی پێ بەخشیووە و لەڕێیدا شەهید بووە، کوردێکیش لە ڕێگەی سەرگەردانی وڵات لە ئاوەکانی غوربەتدا خنکاوە

پاشماوەی شیعرە پەشمەکیەکانی دکتۆر عەباس سالح عەبدوڵڵا

ئەوەی مایەی ڕاستیە کە دەبێ بگوترێت دکتۆر یەکەم شاعیری بە ئەمەک و بەوەفایە و هاوڕێ شاریەکانی لە شاعیرانی و نوسەران بەسەرکردۆتەوە، کە من دەگمەن دەیبینم لەلای شاعیرەکانی دیکەی سلێمانی، ئەوەی من زیاتر سەرنجم داوە دکتۆر عەباس زیاد هەست بە تەنیایی دەکات و زۆر ئەو بابەتەی هێناوەتەوە و دیاریشە لەگەڵ (هیرمان هیسە) زۆر هاوڕان، هیسە دەڵێ (مرۆڤ هەمیشە تەنیایە):

هەموو شتێ لەم ماڵەدا تەنیا
هاوسەرەکەشم لە تەنیاییدا نوێژ دەکات
بۆ ئەوەی خودا بە بەهەشتی شاد کات
نازانم لەو دنیا و لە بەهەشتدا
تەنیا و بە بێمن چی دەکات.

گەرچی تەنیایی لەبەهەشتیش سوودی نیە یان تەنیایی لە هاوڕێی خراپ باشترە. یان دەگوترێت تەنیایی چارەنووسی هەموو گیانە مەزنەکانە. تەنیایی لە جۆرە زۆر ئازارە تووندکانە.

دکتۆر ترسی نەماوە لە مردن و کابرایەکی بەڕیئە و هیچ گوناهێ لە خۆی شک نابات، جگە خۆشەویستی خاک و نیشتیمان نەبێت. دیاریشە نیشتیمان هیچ گلەییەکی نییە لێی چونکە برایەکی بەخشی بە نیشتیمان و لەڕێیدا شەهید بوو، هەروەها کوردێک لە ڕێگەی سەرگەردانی وڵات لە ئاوەکانی غوربەت خنکا. خۆیشی زەرەیەک خیانەتی لە نیشتیمانەکەی نەکردووە. دەبا دیقیش بکەن بە بێ ئینحیاز کە ئەم دیوانەی دکتۆرم خوێندەوە هەستم کرد (سێرگی یەسنین) بەرامبەرم دانیشتووە. دە بابزانین لە شیعری (کتێبخانەکەم) چۆن مامەڵە لەگەڵ هەست و موفرەدەی شیعر دەکات:

ژووریکی پڕ لە کتێب..
تاقمێ قەنەفە و میزێک و کورسیەک
زۆپایەکی نەوت و یەک ئینجانە
وێنەیەکی کۆنی پانزە ساڵ لەمەوبەر



کۆمەڵێ برادەر
لە ناویان حەمەی نێرگز
گۆرانی بۆ بێ لەو چاوەمەنگانەت
چی شک ئەبەم
سەلاح محەمەد شیعری
ئەم ئێوارەیە زۆر ساردە
شار بۆنی بەفری گرتووە
ریشۆڵەکان بەرەو خواردێن
تەم باڵای گوێژەی گرتوە
شەو تێدەپەڕێ و حەمەی نێرگز
گۆرانیەکەی تەواو دەکا
سەلاح محەمەدیش چەند جارێ
شیعرەکەی دەخوێنێتەوە
من و تەنیاییش هەر سەیری یەکتری دەکەین
تا هەردووکمان خەو دەمانباتەوە ..

گەرچی شیعری (داڕووخان) لە هەموویان تۆکمەتر و خەستبوونەوەی ئەزموون و شاعیریەتیەتی..دواقسەیش ئەم نوسینە واتای ئەوە نییە من بۆ دکتۆر عەباس لە بنی کولەکەم دابێ، بگرە شیعری کوردیی هێندە باڵای بەرزە بە قەد چیا هێشتا دەنگەکانی زۆر ماون،

دواجاریش دەڵێم دەشێ دکتۆر عەباس لە سەرەتادا وەکو ئەم دیوانەی شیعری خاسی نەبووبێ گەرچی دیوانی (گوڵە پەمەییەکانی روح) جوان بوو هەر خویشم خوێندنەوەم بۆ کرد، وەڵێ خەریکە وەکو (نابیغەی زوبیانی) لە ئاخر و ئوخری تەمەن تیغی خۆی دەمەزەرد کردوە و لە وەزیفەی شیعر گەیشتووە، کە چۆن دەگوترێ ... نابیغە زوبیانی یەکێک بوو لە شاعیرانی خاوەن موعەلەقاتی حەوتی عەرەبی پێش ئیسلام، لە تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵی شیعری نووسی بۆیە ناویان نا نابیغە. گەرچی دکتۆر زۆری بەبەرە ماوە و لە نابیغەیی نەکەوێت.

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا

بەشی دووەم

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عبدالستار شارباژێڕی

لەباوەشی چیاکاندا
خەمەکانمان ئاوێزان بوون
نیشتمانم دوو هەوێ بوون
لەچاوی پیاوێک رامابوون
گیانی ئێمەش
وەک درەختەکانی پایز
رەشەبا ڕەنگی رامالّی و
ڕووت بووینەوە

"کەژاڵ" وێڵە بەدوای دوا شتدا کەلێی وونبووە ،چونکە هیواو بیرەوەریەکانی تێدا دەبینێ .ئەم داڕمانی رابردووە بەجۆرێکی دیکە ئامادەبوونی رابردووە لەئێستادا یان چەند مانایەکی دیکە دەبنە هۆی داڕمانی "من" واتە خود لەواقیعی هزری کۆمەڵایەتی ئەودا بەو مانایەی شاعیر

"کەژاڵ ئیبراهیم" حەزناکات لەکەش و هەوایەکی رۆمانسیەتدا بژی بۆیە هەوڵدەدات ئێستا دابڕوخێنێ لەگەڵ رۆمانسیەتێکی کراوەدا ،واتە لەوێنەکانی رابردوودا پەنا دەباتە بەر هیواکانی "من" خود لەئێستادا "

ڕوخسارم بەفرمێسکەکانی دایکم و
ئاهی ئازارەکانی گەلەکەم تەڕکرد
بوومە باڵدار بەسەر خەمە وەنەوشەییەکانەوە
گوزەرم کرد
وشەکان وەک دوو پەڕەسێلکەی تەزیوو
دەکەوتن و هەڵدەسانەوە
لەنێوانی دڵی من و خاکە بەجێماوەکەمدا
شتێک نەما بۆ سەبووری

"کەژاڵ " زۆر بەردەوام نابێ و خێرا "من "ڕووبەرووی دژایەتی کەسانێکی دیکە دەبێتەوە، یان باری کۆمەڵایەتی ڕێگە بەوە نادات ،بەو یارییە خەیاڵییەوە کەهەندێ راستی لە پشتەوەیە ،بۆیە جیابوونەوەیەک دەکەوێتە نێوانی هەردووکیان ،جیابوونەوەی ئەمجارە لەئەنجامی زاڵبوونی واقیعی کۆمەڵایەتی بەسەر هەستەکانی خەیاڵی شیعردا ،واتە "واقیع" توانیویەتی خەیاڵ تێکبشکێنێت

هەناسەت بۆکردمە چەتر
ڕێگەت نەدا دەستەکانی
تەرزەو باران بگاتە دڵم و
شکۆفەی حەزم هەڵوەرێ

کەواتە چرپەکان بوونەتە چەترو ڕێگەیان نەدا .تەرزەو باران بگاتە ناو دڵمان، چرۆکانی خۆشەویستیمان هەڵوەرین دوای داڕمانی خەیاڵەکان لەلایەن واقیعەوە بۆیە دەبینین شاعیر دوای ئەمە تووشی ناڕەحەتی و، بێ هیواییەکی زۆر دەبێ دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێ خەیاڵ لەپرۆسەی شیعردا جێی نابێتەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی ،بۆیە ناچار دەبێ بگەڕێتەوە بۆرابردوو،بەرەو ڕووە غەمناکەکەی جارانی بەشێوەیەکی هەمیشەیی ،ئەمە پێی دەوترێ مەرکەزییەتی دەق کە بریتیە لەورەیەکی شیعری بۆبەردەوامی پرۆژەی شیعر ،لەشێوەیەکی خەیاڵیدا لێرەدا پێویست نییە شاعیر هەموو شتەکان بەچاوی خۆی ببینێ ،بەڵکوو جاری وایە لەڕێگەی هەستەکانیەوە درکی پێدەکات .بەتایبەت ئەو بابەتانەی مرۆڤ دۆستین یان سۆزدارین و، پەیوەندی بەگشتیەوە هەیە بێ جیاوازی. لەم ساتەدا ئەندامەکانی هەناسەدان و لێدانی دڵ ڕۆڵێکی بنەڕەتیان هەیە بۆدەرخستنی پێناسەی هەستەکان، لەڕێگەی هەڵچوون و کارلێکی بابەتەکە، ئەو بابەتانەی بێگومان قەبارەی وزەکان زیاتر دەکات. ئەم وزەیە بەهەموو لایەکدا بڵاودەکێشێ بەمەبەستی داڕماندنی خەیاڵ و شوێنی هەستەکان شوێن خۆی دەگرێ .بۆنمونە رابردوو بەهەموو خراپیەکانیەوە وزەیەکە بۆدرک کردن بەراستی "واقیع" بۆ"من" لەلایەکی دیکەشەوە بۆپێشاندانی قەبارەی سۆزداری و ڕۆمانسیەت. لەم وێنانەدا کە نیشانماندا ئەوەمان بۆدەرکەوت کە"من" زۆر پەرۆشە بۆبابەتی ڕۆمانسیەت بەڵام ئەوی دیکەیان بە پێچەوانەوە ،لێرەدا لەئەنجامی ئەو جیاوازیانە هۆکار هەیە کە تائێستا ڕوون نییە لەدەقەکاندا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە.بەڵام ئێمە بەپێی گریمانەکان ئەوەمان بۆدەسەلمێ کە گومان ڕۆحی خۆ بەگەورە زانینە لەلایەن "دەق"ەوە لەسەردەمانی رابردوودا.وەیەکێکە لەهۆکارە لۆجستیەکانی دابڕانە لەنێوان هەردوکیاندا واتە "من" لەگەڵ ئەوانی تردا جارێکی دیکە دەنگی پیتەکان وەک چرپەیەکی بێدەنگ یان نەبیستن و، لاڵ بوون و، نەتوانایی ئەندامی قسەکردن بۆدەربڕین بەشێوەیەکی باش، پەیوەندی بەهێزیی هەیە بۆدۆخی دەرونی کۆمەڵایەتی و هزری شاعیرەوە. لێرەداو لەم تۆێژینەوەیەدا ناتوانرێ ئەم بابەتە کارابکرێت چونکە قەصیدەکانی "کەژاڵ ئیبراهیم" کە ئێمە پشتمان پێ بەستووە ،لەزمانی کوردییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی. شاعیر بەزمانی دایک نووسیونی، نەک بەزمانی عەرەبی "بۆزانینی ڕاستی دەنگەکان" بگەڕێرەوە بۆتۆێژینەوەکەمان بەناوی "سیمای دەنگەکان" لەدەقی شیعریدا" کەتۆێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە "گۆڤاری زانکۆی تکریت" بۆزانستە مرۆیەکان بەرگی هەڤدەهەم ژمارە"10ی ساڵی 2010 بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە لاپەڕە 9

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا

پاشماوەی ل 8

لەوەش زیاتر شەپۆلە تەوژمەکانی دەقی شیعری دەتوانێت هەمان ئەرک بخاتە ئەستۆی خۆی،ئەگەر پشت بەکرداری چەسپین و بەرز بوون و نزم بوون ببەستێت، بەپێی سروشتی رادەی حاڵەتە دەرونیەکانی شاعیر لە چرکە ساتەکانی بۆهاتنی شیعردا. ئەگەر جارێک لە پێناو بەدیهێنانی راستگۆیی لە ئەزموونی هەستیاری شیعردا و جارێکی دیکەش هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان وشەکانی پێکهێنەری شیعرو دەقە شیعریەکە،لێرەدا ناتوانرێ پشت بەدەقە وەرگێڕاوەکە ببەسترێ چونکە خوێنەر بەتایبەت خوێنەرە نمونەییەکان ناتوانن وەکوو پێویست چێژ لە هەستەکانی شاعیر وەربگرن لەرووی دەرونیەوە ،بۆیە پێویستە پشت بە دەقە راستەقینەکەی زمانی دایک ببەسترێ بۆئەوەی هەست بە هەموو هەڵچوون و کارلێک و هەستە دەرونیەکانی شاعیر بکرێت. بۆزانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆتوێژینەوەیەک بەناوی "شیعری شەپۆل ئامێز"توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە گۆڤاری"الاست"لە کۆلێژی "ابن رشد لەزانکۆی بەغدادی ژمارە"82"ی ساڵی 2009بڵاوبۆتەوە

"نموونەی دووەم "بۆقسەکردن لەسەر کردنی شیعرێکە

"بەناوی "مەخلوقێک لەرەنگ" کەلەلایەن "عبدالخالق برزنجی"یەوە وەرگێڕدراوە ،میتابۆلیزمی ئەم قەصیدەیە بەشێوازی قەصیدەکەی پێشترو بگرە زۆرینەی قەصیدەکانی شاعیر لەسەر بنەمای دوو وزە بونیادنراون، لێک دابڕاون. تێکشکان لەرەشبینیەوە بەرەو گەشبینی و بەپێچەوانەوە،لێرەدا کردارەکە ئاوێزانی یەکتری دەبن لەحاڵەتێکی ناهەستیاردا ،لە ئەنجامی کرداری گۆڕانکاری بەردەوام ،وەک ئەوەی شاعیر بەدەوری هیواو رەشیدا دەخولێتەوە،یان بە دەوری جێگری و ناجێگیری ،بەڵگەش بۆئەم تێڕوانینە بڕگەی یەکەمی قەصیدەکەیە کە شاعیر بەتەواوی دەچێتە ناو کەشێکی رەش بینیەوە..ئەو رەشبینیەتی و هیواو بڕاوەیە دەکاتە بناغەی داڕشتنی قەصیدەکەی. تایبەت بەدۆخی کۆمەڵایەتی و رۆمانسیەتی شاعیر .جارێکی دیکەش وەکوو لە قەصیدەکەی پێشتردا هاتبوو هەوڵدەدات "من"لەگەڵ ئەوانی دیکەوە ببەستێتەوە بۆدروستکردنی یەک رەنگی لە ژیانێکدا کەپڕە لە جووڵەو زیندە چالاکی ،بەڵام هیواکان تووشی داڕمان و تێکشکاندن دەبێتەوە ئەمەش لەئەنجامی ئامادەنەبوونی لایەنی دووەمە ،

واتە کاریگەری دەبێ و بۆدابڕان.

ئای چەند جوانە

ببینە مەخلوقێک لەرەنگ

چەندەها رەنگی رەنگاو رەنگ

شەوە ساردەکانی خەیاڵ و

گوڵە ژاکاوەکانی تەمەن و

زەنگی خۆرئاوابوونی تەنهایی و

پشکۆی دوێنێ بنوسینەوە

کەژاڵ دوای ئەوە تووشی بەرگری نامۆ بوون دێت و، خۆبەدەستەوە نادات لەرێگەی نووسینی شیعرەوە بەشێوازە خەیاڵیەکەی لێرەدا گەڕانەوەیە بۆیادەوەری جۆرێکە لە کرانەوەی دەرونی"بۆمن" لەگەڵ زاڵبوونی وزەی نامۆبوون بەسەریدا

من دەمەوێت رەوڕەوەی

مێژووی رۆژگارێک بنوسمەوە

هەست بەغەریبی خۆم نەکەم

من دەمەوێت باوەشێک

لەشیعری خۆشەویستی بنوسمەوە

مەحکوم نەبم بەقەدەر

2 هەست کردن

لەگەڵ ئەوەی هەستکردن کردارێکە بریتیە لە کردارێکی کیمیاوی، میکانیکی تیایدا زۆرێک لە بەشە گەورەکان هەڵدەوەشێنێ بۆبەشی زۆر بوون، بەڵام ئەوەی ئێمە ویستومانە بریتیە لەتوانای هزری تێگەیشتنەکان بۆچارەسەری ئەو بابەتانەی تایبەتی بە"خوود"لەگەڵ ئەویتر"،کەلەرێگەی هەستپێکردنەوە،لەرێگەی هەستە وەریەکانەوە دەردەکەون وەکوو "بینین ،بیستن، بۆنکردن"چێژکردن، هەستکردن"لەسەرو ئەوانەشەوە هەستاریە میتافیزیکیەکانە ئەمەش بەستراوە بەخوێندنەوەی ئەزموونیەکان تایبەت بە هەستاریی، بەو مانایەی کە سەرچاوەی زانیاریەکان تێگەیشتنیەکانیەتی . ئەم ئەزموونەیە ،بۆیە فەیلەسووفی ناوداری ئەزموونگەرایی" دیفید هیوم" دەڵێت"راستی تێگەیشتن و هەستپێکردن ،سەرچاوەکەیان هەستەوەرەکانە واتە لەئەنجامی کاریگەری هەستەکانەوەیە سەرچاوەی ئەو" ئینتباعاتانەش" ئەزموونگەرایە هەستەکانە، بیرۆکەکان جگە لە "ئینتباعیەت "چی دیکە نییە"محمد محمود 21–69 ئەمەش بە پێچەوانەوەی بۆچوونی ئەقڵمەندەکانی وەک "دیکارت"ە کە دەڵێن ئەقڵ ئامرازێکی سەرەکییە بۆزانیاری و تێگەیشتن ،بەڵکوو گەوهەری تاکەو، خوڵقێنەری بیروباوەڕیەتی "جنقیان رۆدیس "9–10 لەم رونگەیەوە و لەپێناو بەدیهێنانی ئەنجامی تێگەیشتن بە شێوەیەکی ئەرێنی ،پێویستە لەسەر تاکی تێگەیشتوو کارلێک بکات لەگەڵ بابەتەکان بەشێوەیەکی باش و نمونەیی دوور لە بەرژەوەندی ماددی. ئینجا دەبێ چاوەڕێی کارەسات و دڵە راوکێ و نامۆبوون تادوایی بکات .هەروەکوو چۆن شان و ملی شاعیرە رۆمانسیەکانی بەزۆری گرتووە،لەو دوو نمونە شیعرییەی سەرەوەدا بەروونی دەبینین "کەژاڵ ئیبراهیم" لەجۆرە نموونەیەکانە. چونکە بنەمای بابەتەکەی لەئەزموونە رۆمانسیە ویژدانیەکەیە :لەسەرچاوەی راستیەکەوە دەبینرێت دیارە هۆکارەکان وایان کردووە لەبەرامبەر هیواو ئاواتەکانی پاشەرۆژیدا تێک بشکێنێ لەرووی بەختەوەری و، دڵخۆشیەوە ،لێرەدا شاعیر لەوە تێدەگات گەیشتنی بەو ئاواتانە بۆئەو ناگەنە ئامانج .بۆیە هەست دەکرێ داڕمان و تێکشاندن بەو گەورەییە یەخەی پێدەگرێت لەوەش تێدەگات هیوا کۆنەکان جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە ئەمەش پەیوەست بوونە بە یاسای سروشتی سیاسی و هزری و، رەوشتی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ،بۆیە ئەمە ئەنجامی هەرسکردنێکە بەشێوەیەکی ئەرێنی قبوڵی دەکات و، کاری لێ دەکات. لەگەڵ ئەنجامی تێک شکانەکەی. جارێک پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و جارێکی دیکە ئاوێزانی زەمەن دەبێتەوە. بەهەموو پەیوەست بوونی بە بیروباوەڕەکانیەوە، بێدەنگی هەڵدەبژێرێ خۆی دەخواتەوە چەند لەداڕمان نزیک دەبێتەوە ئەوەندە حاڵەتە دەرونیەکان خراپتر دەبێ. ئەزموونە هەست گەراییەکەی ئاماژە بەئەوە ئەدات کە شاعیر بڕوای بە ئەزموونی داڕمان و تێکشکان هێناوە .چونکە دڵنیایە لە نەگەڕانەوەی هیواکانی چ رەگەزی بێ یان مێژوویی یان خاک و نەتەوە.

ماوێتی

چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگەدا

هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەختیار ڕەئووف ناسراو بە نامۆ دکتۆرای لە ڕاگەیاندندا وەرگرت



پاش ڕەنج و ماندوو بوونێکی زۆر و تەنها پشت بەخۆبەستن، هونەرمەندی شیوەکاری کورد بەختیار ڕەئووف محەمەد ناسراو بە (نامۆ)، ڕۆژی ٦ دیسەمبەری ئەمساڵ تێزی دکتۆراکەی پێشکەش کرد، بە ناونیشانی: سیمای کورد لە تەلەفیزیۆنی فەرەنسیدا، کە ڕاڤەکردنێکی سێمیۆدیسکورسیڤ (سیما و گوتار) ی ریپۆرتاژ و بەرنامەکان لە ساڵی ١٩٦٠ تا ٢٠١٧ی لەخۆگرتووە.

هەروەک بەڕێزیان ئاشکرایان کرد، ئەم دکتۆرایەی پێشکەشی کاکی هەمیشە نەمر و برای گەورەی خۆی نووسەری ناسراو کەمال ڕەئووف محەمەد کردووە، کە بە ئەستێرە گەشەی سلێمانی جاران و کوردستانی گەورە ناوی بردووە. ئێمە بەناوی بڵاوکراوەی تاراوگەوە پیرۆزبایی لە دکتۆر نامۆ ڕەئووف دەکەین. ئەم هونەرمەندە شێوەکارەی کورد بەختیار ڕەووف (نامۆ)، لەبەر کاروفەرمانی باوکی لە 27 سێپتەمبەری ساڵی 1966 لە عەمارە، لە باشوری عێراق، هاتۆتە دنیاوە و لە دەفتەری نفوسەکەی لە سەر بەغدا تۆمار کراوە. لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراوی سلێمانین و هەر لە منداڵییەوە، تێکەڵاوی ناو دنیای ئەدەب و هونەربووە، لە ساڵی 1989 ەوە لە فەرەنسا دەژی. جگە لە توێژینەوەی زانستی لە بواری مێدیا و هونەردا، خۆسبەختانە ئەمسڵ نامەی دکتۆراکەی، لە شرۆڤەی سیمای تەلەفزیۆنیدا تەواو کرد، نامۆ لە ساڵی 1994ەوە تا ئێستا لە 15 پێشانگای تایبەت و هاوبەشدا بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کردووە. سەرجەمی کارەکانی سەرچاوە لە بابەتە هەستیارەکانی مرۆڤەوە وەردەگرێت، بە تایبەتی ئەوین و ئاوێتەبوون، ژیانەوەی ساتە ناسکەکانی نێوی، نۆستالجی بۆ ڕابوردوو، ئەو ڕووداوە هەستهەژێنانەی، کە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

هونەرمەندی شێوەکار کاوە ڕەمزی پێشانگایەکی تایبەتی لە شاری Oldenzaal لە هۆڵەندا کردەوە لە ڕۆژی 12-12-2019 تا 01-02-2020 بەردەوام دەبێت...

هونەرمەندی شێوەکاری کورد کاوە ڕەمزی ڕۆژی ١٢–١٢–٢٠١٩ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هاوڕێیان و هونەردۆستان، پێشەنگایەکی شێوەکاری تایبەتی لە لەگەلەری Stadstheater de Bond لە شاری Oldenzaal لە هەرێمی Overijssel بۆ بەشێک لە تابلۆکانی کردەوە.

ئەم پێشەنگایە تا ڕۆژی ١–٢–٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت.

شایانی باسە کاوە ڕەمزی هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردە لەساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 1995، ئاوارەی هەندەران بووە، لە هۆڵەندا لە شاری ئەنیشخدەی نیشتەجێ بووە و لەوێش سەرقاڵی کاری هونەریە، توانیوێتی ئەکادیمیای هونەری AKI لە شاری ئەنیشخدەی تەواو بکات. کاوە بە ماتریالی جیاواز کارە هونەرییەکانی ئەنجامدەدات، وەکو ڕەنگی ئەکریل لەسەر قوماش و کاری سیرامیک بە شێوازی تایبەتی خۆی، کاوە لە چەندین پێشەنگەی تایبەتی و هاوبەشی خۆی لە کوردستان و هۆڵەندا و ئەڵمانیا بەشداری کردووە. ئێستا سەرقاڵی کاری شیوەکاری و سیرامیک وانەگوتنەوەی هونەرییە لە شاری ئەنیشخدەی لە هۆڵەندا.

زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان- ژمارە: دوو قەتـــــــاریّک قەدەرێک ســـــــــەواریّتی.....!

هیندوستان : 07–12–2019

ژانتایەکی پاریّزەریی، قاتێک بە قردێلە–وە کە لە رێجن–ستریتی لۆندەن کراوە، کەشخە و رێکپۆش، سەواری فارگۆنی فێرست–کلاس دەبێ. بەروار: حەوتی جۆنی، سالّ: ۱۸۹۳، ولّات: باشووری ئافریکا. ئینجیلێک بۆ خوێندنەوەی رێگا بە دەستەوە. پاریّزەری لاو، موهەنەندەس کەرەمچەند گاندی بەر نیگای سپی–پێستێک دەکەوێ.

راپۆرتی لێدەدات. بلێتبر (=کۆندێکتۆر) دێت و فرمانی پێدەدات کە بگوێزێتەوە بۆ دواین فارگۆن، نێو رەشپێستان و رەشەولّاخان. گاندیجی (۱) بلێتی فێرست–کلاسی نیشاندەدات. سوودی نییە.

ناسنامەی ئەندامبوونی لە سەندیکای پاریّزەرانی دەرچووی ئۆکسفۆردی بەریتانیای مەزنی نیشان دەدات. بێ–سوودە. دۆکۆمێنتی فەرمی دەخاتە پێشچاو کە پاریّزەری یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیەکانی ولّاتە و خاوەنەکەی پوولداریّکی ناسراوە و دۆستی بابێتی، بانگهێشتنامەی فەرمی دادگای ئەو شارەشی لە باخەلّدایە کە سەفەری بۆ دەکا. دیوار دەبیستێ، لێ بلێتبر نا. دە وێستگەی (پیێتەرماریتزبۆرگ) وەک فەردەیەکی گلّاو فرێدەدرێتە خوارەوە.

ئەو شەوە، کزەی بیابان روحمی نییە و تا سپیدە دەلەرزێ. تەنێ شوێنێک دەکرێ پشووی لێبدات کوخێکی شەقوشرە بۆ رەشپێستان و رەشەولّاخان.

خالّی وەرچەرخان:

گاندیجی دە تێبینیەکانی خویدا لەوبارەوە دەنووسێ، "شەوێک تەواوی ژیانمی گۆڕی". ئەو کە تامی ئازادی لە لۆندەن کردوە، کە هامشۆی گشت جۆرە چینێکی کردوەو گرفتی لەوبارەیەوە نەبووە. بە هۆی نووسین و دامەزراندنی کۆمەلّەی ڤیجیتاریان–موە، کە خۆی لەوێندەرێ یەکێک لە دامەزرێنەرانی بووە، پەیوەندیەکی باشی بە خانەدانەکانەوە هەبووە، بڕیاری خۆی دەدات، یان دەبێ وەک مرۆڤ بژی یاخود ملکەچی پێستسپیان بێ. بێ–بیرکردنەوە، یەکەم رێگا هەلّدەبژێرێت: ئازادی.

فێربوونی چەند وانەیەک:

(۱). چەوساندنەوە و کۆیلایەتی مەرج نییە تەنێ بنەمایەکی چینایەتی هەبێ، وەک مارکس و ئەنگلز دەنووسن. دەکرێ پێستسپییەکی لات پەیدابێ و دەشێ چەند دانەیەک پێستڕەش هەر بۆ کەیف و گەمە، بکەن بە دارەوە. (۲). بنەمای چینایەتی بە تەنێ هۆکاری خەبات نییە.

بە گوزارشتێکی تر، ئازادی و سەربەستی کە لە سەرەتاوە رەهەندێکی ئاوروپییە، مەرج نییە لە گشت شوێنێک رزگاری تەواوی مرۆڤ، ژەندەر، رەگەزانی تر، ژینگە و گیانلەبەرانیشی بووێ، بەدەر لە پێستسپیان خۆیان.

(۲). دەبێ خەلّکی هۆشیار بکرێن کە زیندەگیەکی لەوجۆرە، پابەندی کۆ–قانونێکە خودی مرۆڤ دایناوە. دەکرێ هەر لە رێی مرۆڤیشەوە هەلّبوەشێنرێتەوە. لێ بێ–هۆشیاری لەمەڕ خەبات، ئازادی مەحالّە. (۳). بۆ کۆکردنەوەی نا–ئازادان و نا–سەربەستان رێکخراوێکی کراوە (نەک–داخراو)، تا چالاکیەکانیان لە چوارچێوەیەکدا کۆیانبکاتەوە، پێویستە.

(٤). ئەو رێکخراوە دەبێ ئاشرەمی (=مەکۆ) (۳) خۆی هەبێ، تێیدا بەشداربووان فێری خوێندن، پیشەو–و– ئیشی دەست، کاری هەرەوەزی، بنەماکانی تەندروستی، داد، قانون و پێش گشتیان رەوشت بکرێن.

(۵). بۆکارێکی وەهاش پێویستە قەلّەم، دیبلّۆماتکاری، ژاندەر بخرێتە کار. گاندیجی سپی–پێستانێک کە هیومانیستن، بە تایبەتی خانمان، ئەوجا خانمی خۆی وەک نمونەیەکی پێشڕەو، پاشان نامە نووسین بە ئینگلیزیەک کە لە ئۆکسفۆرد فێربووە، بە قەلّەمێک کە لە وێندەرێ و لۆندەن بۆ کاری بواری رۆژنامەوانی بەتایبەتی ڤیجیتاریان بە کاری هێناوە، دەخاتە خزمەت بزوتنەوەکەی: سەتیاگراها(٤) لە دایکدەبێ. نامەیەک بۆ تۆلستۆی (۱۸۲۸–۱۹۱۰) دەنووسێ. هاوڕێیەکی خەباتی پارچە زەویەک لە گوندێکی نزیک دەکرێ نێوی دەنێن تۆلستۆی ئاشرەم (=مەکۆی تۆلستۆی).

(٦). مێدیا: یەکەمجار کە پێدەنێتە نێو هۆلّی دادگا بە سەروپێچی سپی هیندوسەوە دەڕوات. دادوەر داوا دەکا لایبدات. گاندیجی وەلّام نادانەوە و وەک خۆی دادەنیشێ. بە هاتنە دەرەوەی ئارتیکلّێک بۆ رۆژنامەیەک دەنووسێ و پرسەکە دەهروژێنێ. فرەگەلێ لە نووسەران و رۆشنبیران لەوبارەیەوە دەنووسن. گاندیجی لە مێدیادا بزوێنەرێکی بە هێز بۆ هۆشیار بوون و زانیاریدان دەدۆزێتەوە.

ئێمە و هیندوستانی گاندی:

چوار سالّێک پێش ئەم رووداوە، ۱۸۸۹، لە یەکێک لە ولّاتە دراوسێیەکانی هیندوستان، روسیا، بۆ یەکەمجار کۆنگرەی دروستکردنی پارتی سۆسیال–دیموکراتی کرێکارانی روسیا، (پاشان، ۱۹۰۳، پارتی کۆمۆنیست–بەلشەفیک)، دەبەسترێت. بۆ کورد و رۆژهەلّاتی–ناوین هیندوستان نزیک–تر، بە وێندەرێش زیاتر لە مێژوومانداً ئاشنابن. کەچی هێندە نابات تەواوی ناوچەکە خاوەنی پارتی کۆمۆنیستی خۆی دەبێ: ۱۹۱۹ تودەی ئێران. ۱۹۲۰ تورکیا، ۱۹۲٤ سوریا، ۱۹۳٤ حیزبی شیوعی عێراقی.....تاد. سەرباری بوونی سەرباز و کارگێرانی هیندوستانی لە ناوچەکەدا لە رێی لەشکری ئینگلیزوە، دەستبەسەرکردنی شێخ محمود شێخ حەفید (۱۸۷۸–۱۹۵٦) و دوورخستنەوەی بۆ هیندوستان، ۱۹۲۱–۱۹۲۲، رۆشنبیرانی مە، نە بە رووناکبیران و فیکر و فەلسەفەی هیندوستانی شارەزان و نە بەر شەپۆلی فیکر و فەلسەفەی ئەوان کەوتوون. ئاسەوارێکی لەوجۆرە نادۆزرێتەوە. نە لە هیندوستانیش بە ژیاننامەی ئەو رابەرە–سیاسی–و–رۆحیانە ئاشنان کە پەیوەندیان بە کوردەوە هەبووە.(وەک لە بەشی یەکدا باسکرا: مەولانا خالدی نەقشبەندی، ۱۸۰۷ دەگاتە هیندوستان). دەبێ هۆی چ بێ کە رۆشنبیران و سیاسەتەوانانی مە لە چەپڕەویدا رزگاری خۆیان دۆزیبێتەوە، لێ لە بیروبۆچوونی رۆشنبیرانی تردا، نمونە، گاندی و نەهرۆ–یان رەتکردبێتەوە؟ ئەمە بە مەرجێ، ئەمن تەواو دڵنیام، گەر رابەرانی بزوتنەوەی شێخ محمودی حەفید رێگای ئەوانیان گرتبا و خەباتی سەتیاگراهایان بە بنچینەی تێکۆشانیان بکردبا،

بڕوانە لاپەڕە 12

پاشماوەی زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان- ژمارە: دوو قەتسارێک قەدەرێک سەواریێتی.....! - گۆران مەریوانی

فەتوای وێرانکردنی داموەدزگایەک کە ئیگلیزەکان دە ولاتدا رۆیاننابوو، لەوانە: پەرلەمان، ئەنجومەنی پیران و.....تاد، نەدابا، شوێن پای هیندوستانیەکانمان گرتبا، دڵنیام ئێمە ئێستاکونێ، بە گوزارشتی ئازادی، ئازاد بووین. دەکرا ناوەرۆکی و پێکهاتەی ئەو داموەدزگا ئینگلیزیانە چێبکرێن، ناوەرۆکیان بگۆڕدرابانا و بەوجۆرە حورمەتیان بهێڵرێتەوە. ئێستاکونێ و دوای سالانێکی زۆری خوێن، ئێمە تووشی موسیبەتێک و گالتەجارییەک نەدەبووین کە بە حیساب نێوی پارلەمان و هەڵبژاردنی سەربەستی ولاتە! ئەو گشت خوێن و خەباتەشمان نەدەڕشت تا ببینە خاوەنی رابەرانی بێ–ناوەرۆک و داموەدزگایانی بێ–ناوەرۆکتر! دەبێ ئەو هۆکار و سۆنگانە چ بن، کە من، تۆ، ئەو–و ئەوی تر و .....تەواومانی بە چەپگەرایی ئەفسوناویی کردبێ لێ ستراتیژیەتی دەسەلاتمان تەنیا و تەنیا دەنێو خوێنڕشتندا بینیبێت؟ چی ئاوهای لە کوردستانیان کردبێ کە سەرسام بە خوێن، کوشتار، هێز و شاگەشکەی یەکتر کوژی بن؟ دڵنیام دەکرا لەتەک ئازادی هیندوستاندا، ١٩٤٧، ئێمەش هێدی–هێدی یان وەک ئەوان سەربەستیمان بەدەستبهێنابا! بۆ نەکرا؟ چەند خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە هەن؟ زانکۆ، فێرگا، داموەدزگا رۆشنبیرەکانی کن خۆمان خەریکی چین؟ بێگومان ئێمە بە هیچ جۆرێک نەکراوە بۆمان جێی داموەدزگا ئینگلیزەکان بە باشتر و چێتر پڕ–بکەینەوە! تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابوردوش گەر خاوەنی کەمە داموەدزگایەکی شەق–و–شڕ بووبین، ئەوا حەتمەن ماوە–شەپۆل و ئاسەواری ئینگلیزانە تا ئەو دەورانە ماوەتەوە.

جڤاک لە کن هیندوسیان:

جڤاکی هیندوستانی لە کۆمەڵ، چین، گروپی ئەتنیکی و دینی و کاست و..... پێکهاتووە. کاست لە چەمکی لاتینییەوە کاستۆس (=رەگەز، نەژاد، خزم) کە پورتوگالییەکان، چەرخی پازدە، دەمێ گۆوا–باشوری هیندوستان داگیریدەکەن، نێویان ناوە. کاست ئەندانمانی کۆمەڵێک دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی ڤارنە–سیستەمدا خۆیان دەبینەوە. ئاریەکان جڤاکیان بە پێی ڤارنە (=رەنگ بە سانسکریتی) کردوە بە چوار کڵاسەوە: (١).براهمینان: سپی، کە دینداری گەورە و رابەرانی رۆحانین. (٢). کشاتریا: سوور، ئاریستۆکرات و سەردارانی سەربازی. (٣). ڤایشیا: زەرد، بازرگان و ئەهلی–بازار. (٤). رەشپێستان: تەواوی ئیشی پیس و قورس دەگرێتەوە، لە پاکردنەوەوە تا .....تاد. ئەم سیستەمی ئاریا–زادەیە لە گشت جڤاتێکی ئاریدا هەیە، بە بڵاوبوونەوەی هیند–و–ئاوروپییەکان لە دونیادا بڵاوبۆتەوە، بە شێوە و جۆری جیاواز. لە ژێر ڤارنە–سیستەمە (سیستەمی–رەنگدار)–ەی هیندوستاندا تا ئەورۆکە سێ هەزار جۆر کاست و دوو–هەزار–و–پێنجسەد جۆر بن–کاست هەن. هەرچەندە (١٩٥٠) بە دواوە سیستەمی کاست بە قانون یاساخە، ناوی کاستیش کە بەرامبەر بە (گڵاو) دەوەستێتەوە کراوە بە (چەوساوە) بەڵام لە پراکتیکدا هەر دوو چەمکەکە لە گەڕدان. کاستزادەیەک لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا، تا ماوە، گیردەخوات، مەگەر کۆشش–و–کاری قورس–و–گران بکات تا لەو دونیای تر لە کاستێکی تردا، یان راستر لە رەنگێکی تردا بژێتەوە! هیندوستان نزیەکەی سەد گروپی ئەتنیکی جودا و زیاد لە سەد زمانی جیاوازی تێدایە. دینە سەرەکیەکانی هیندوستان: هیندو، ئیسلام، کریستیان، سیک، بودیزم، جەین یان جەینیزم، جوو، زەردەشتیان (ئێرانیانێک کە زۆرینەیان پێش زاین هاتوون و هەندێکیشیان، دەڵێن لێ جێی بڕوا نییە، هەڵهاتووانی فتوحاتی ئیسلامیانن، نێوزەدن بە پارس).گەورەترین پەرستگای زەردەشتیان لە دونیادا لە هیندوستانە.

هیندوستانی & هیندوسیەتی:

گاندی زوو گرفتی پێکهاتەی هیندوستانیان لە باشوری ئافریکا دەخوێنێتەوە. بۆیێ هەر زوو چەمکی هیندوستانی دەدۆزێتەوە و بە بڕواوە خۆی لە هیندوسیەتی دەپارێزێ.

دوای (٢١) ساڵ لە ئێکسیل دەگەڕێتەوە بۆ ولات، ئیتر نێوبانگی دونیای گرتۆتەوە. ئەودەم بە تەواوەتی پەرە بە بیروباوەڕی لەو بارەیەوە دەدات. گاندیجی بانگهێشتی (هەقیقەت یەزدانە) دەدات، بڕوای (تەنانەت گەر بشکۆژێم لە وێردی رامە و رەحیم (رامە: دووەم گەورە–خوداوەندی هیندوس، رەحیم ناماژە بە قورئان: غفار و الرحیم) ناکەوم، بۆ من گوزارشتە لە یەک خودا، چقەد بەو دوو ناوە لە بان زارم خۆشحاڵم) و (گڵاوەکان نێوکی ناشرینە، ئەوان وەک من و تۆ پیرۆزن، ئەوان وەک من و تۆ مەخلوقی دەستی پیرۆزی خودان) و(ئەمن نامەوێ ماڵەکەم بە دیوار هەڵچنرابێ، ماڵەکەم بە دیوار هەڵچنرابێ، دەڵاقەکەم گەڵە درابێ، ئەمن حەزدەکەمەوە چی کولتوری دونیایە سەربەستانە بە دەوروپشتی ماڵمدا هەڵبکەن. لێ ئەمن رەتیدەکەمەوە بکەوم و بە پای خۆمەوە نەوەستم. ماڵی من خانەی دەستبەسەرکردنی دینێک نییە. جێگای تەنانەت چکۆلەترین مەخلوقی خوداشە. ئەوەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە دژ بە رەگەزپەرستی، تاکپاوانی دینی و تاک–رەنگخوازی)(٥). ئیدی گاندی دەبێتە گاندیجی سەر زاری خەڵکی. کە هیندوسیان و موسڵمان پێکدا هەڵدەپژن ئەو مان لە خواردن دەگرێ. خەریکە دەمرێ. ناچار دێنە ماڵی و چەک و تفاقی شەڕیان وەبەر پێی دەنێن و داوای بەخشین دەکەن. بەداخەوە گاندی دەبێتە قوربانی بیروباوەڕی خۆی و بەدەستی ناسیونالیستێکی یاوەری دەکوژرێ. ئەوڕۆ چەمکی هیندوستان رەگی دەنێو جڤاتی هیندوستاندا داکوتاوە. هاوڵاتیان هەم سەربەرزن بە گروپی ئەتنیکی، دینی، نەتەوەیی خۆیان، لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بەوەی لە ژێر یەک ئاڵادا دەژین: هیندوستان.

کوردایەتی & کوردستانێتی:

کوردستان لە مێژە کۆمەڵێ ئاینزا، گروپی ئەتنیکی، نەتەوەی تر..... دەسەر خاکی دەژی. سەرانی کورد و رۆشنبیرانی بە هەڵبژاردنی چەمکی کوردایەتی دەبازنەی کوردا گیردەخۆن. نەتەوەو گروپ و ئاینزادەکانی تر لە خۆیان دەکەن. لە دەستپێکەوە گرفتێک بۆ خۆیان دەنێنەوە کە ئەوڕۆ سەختە دەرچوون لێی. گریمان گەر سیاسەتەوانان و رۆشنبیرانی کورد کورتبین نەبانایا کوردستانێتیان، بکردایەتە ستراتیژی و تاکتیکی خەبات و تێکۆشانی خۆیان، کە رزگاری تەواوی دانیشتوانی سەر خاکیان ئەوانی مەبەست بایە، دەکرا ئەو گرەوە ببەنەوەو ولاتێک بۆ هەمووان فەراهمبکەن. لەو بازنە مێژوویییە کە زۆرینەی پێکدادانە مێژوویەکانی ئێمە خۆی تێیدا دەبینێتەوە دەرباز دەبووین. ئەو تەسک بینییە بۆتە هۆکاری گەلێک لە گرفتەکانمان کە دەکرا بە شێوەیەکی ئاقلانە چارەسەربکرێ. دەبێ کوردایەتی چی بێ کە سیاسیان و رۆشنبیران بانگهێشتنیان بۆ دەکرد؟ دەناکاوێدا وازیان لەو ستراتیژیەتە هێنا. ئازادای کوردستان لە هەقیقەتەوە بۆ بە خەونی شاعیران! لە سەرەتاوە خەونی گەورەی سیاسیەکان خۆیانە. لاوان و نەوجەوانانی ولاتیان بۆ کردە قوربانی. هانی نووسەر و شاعیرانیان دا لەوبارەیەوە بنووسن؟ ئەوجا گۆتیان، دەستبەرداری بن ئەوە بە خەونیش نایەتە دی، مەگەر لەکن شاعیران! دەکرا ئەزمونی گاندی–نەهرۆ– هەڵبژێرین و لەو گێژاوە درۆیە دەرباز ببین؟ تا ژمارەیەکی تر بە یەک دەگەینەوە.

پەراوێز:

(١). پاشگری "جی" لە زمانی هیندوستانیدا گەر بخرێتە سەر ناوێک، نمونە: گاندی+جی=گاندیجی نیشانەی ڕێزە، هاوشێوەی کاک لە کوردیدا، میسیۆ لە فەرەنسیدا.

(٢). لە دارداڵی کەسێک بێ دادگا، گەرماوگەرم، مێتودێکی بەر بڵاوبوو لەسەروبەندی کێشەی سەربەستی رەشپێستانی ئامریکا، کۆمەڵێ سپیپێست بە گەلەکۆمکی، رەشپێستانیان دەگرت دەیانکردن بەدارا، هەندێجار گەر مێیینە بانایە، لاقەشیان دەکردن. لە ناوەڕستی چەرخی حەڤدەوە پیادەکراوە تا کۆتایی سیەکانی سەدەی رابووردو. نووسەر و مامۆستای زمانی ئینگلیزی، دەرچووی دانشگای هاڤارد، ئابێل میرپۆڵ، ١٩٠٣–١٩٨٦، کە بە رەچەڵەک جووی ڕووسە، سپیدەیەک، ١٩٣٠، لە ماڵ دێتە دەرێ، دەبینی کۆمەڵێ لاوی پێستسپی گەرەکیان چەند رەشپێستێک بیرازدەکەن و دوایی بۆ خۆشی بە درەختەکانی گەرەکەوە بۆ جوانی هەڵیاندەواسن تا دانیشتووانی گەرەک دڵشاد بکەن.مەرۆڤۆڵ شیعرە بەنێوبانگە نەمرەکەی، میوەی سەیر، دەنووسێ کە تا ئەورۆ زۆرینەی ستڕانبێژان چڕیویانە.

(٣). ئاشرەم، ئاشرەمە، لە بنچینەدا لای هیندوسی مەکۆیەکی چەپەرە کە یاوەران تێیدا، دەشێ لە ژێر رابەرایەتی گورو (=رابەرێکی رۆحیانیدا) بێ، کۆدەبنەوەو بە هەرەوەزی دەژین.

(٤). سەتیاگراها: وشەیەکی سانسکریتی ئاوێتەیە، پێکهاتووە لە: دەستبەردارنەبوون+هەقیقەت=هەقیقەتخواز، بنەمای بیروباوەڕی گاندیە.

(٥). تەواوی بیروبۆچوونی گاندی دەبارەی کولتور و رۆشنبیری لەلایەن ماوتسی–تۆنگەوە دزراوەو لە نامیلکەیکدا چاپکراوە: مقالات حول الثقافه.

وێنە: فارگۆنی قەتارەکەی گاندی، مۆزەخانەی نیو–دەلهی.

ڕاپۆرت بۆ گریکۆ نیکۆس کازانتزاکیس سالّی دادێ....نووسینی: دلاوەر قەرەداخی

عەلی نادر یەکێک لە خوێنەرە جدییەکانی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا دلاوەر قەرەداخی، لەدامێنی نووسینێکی دلاوەرد،ا کە لە پەیجەکەی بلّاویکردۆتەوە کاک عەلی دەلّیت: ئای چەند تامەزۆری خوێندنەوەی کازانتزاکیسم بە وەرگێڕانی کاکە دلاوەر. براکوژی، زۆربا، مەسیح لە خاچ دەدەنەوە، فرانسیسکۆسی قەدیسی من، ئازادی یامەرگ، سۆفیگەرێتیم خوێندوونەوە.

بەشەوقەوە چاوەڕوانی ڕاپۆرت بۆ گریکۆ دەکەم. کازانتزاکیس ئەو نووسەرەیە، کە دەبێتە پارچەیەک لە ڕۆحت. مرۆڤ خۆی تێدا بزردەکات و هەر جارێک دەبێتە کاراکتەرێک و کون و قوژبنەکانی کریت و کان و هەموو یۆنان تەی دەکات. سەرێک دەچێتە سەر خاچەکەی مەسیح وەکو فرانسیسکۆس چوارمێخەی دەکێشرێت، جارێک وەک زۆربا تانوپۆی زەوی ژێروژوور دەکات، گاهێکیش وەکو میگلس پالّەوان شمشێرەکەی لە هەوگی تورکان گیردەکات و تۆلّەی سەدان سالّەی مرۆڤایەتی لە تورک دەسەنێتەوە. هەر هەبی بۆ کاری جوان. بەهۆی هەندێک لە وەرگێڕانەکانی کازانتزاکیسەوە کتێبخانەکەم پڕکردووە لە وەرگێڕانەکانی کاکە دلاوەری گوڵ.

دەقی کورتە نووسینەکەی

کاک دلاوەر قەرەداخی: ڕاپۆرت بۆ گریکۆ

نیکۆس کازانتزاکیس سالّی دادێ.

خۆر هەڵایساو و تەپوتۆز لەژێر پێی پێغەمبەردا بەرز دەبۆوە و وەک هەور خۆی لێیەوە دەئاڵاند. هەستی بە تینوێتییەکی ناکاو کرد و هاواری کرد:" خودایە، شتێکم بدەرێ بیخۆمەوە"! دەنگێکی ئارام، دەنگێکی میهرەبان لە تەنیشتییەوە، دەنگێکی سازگار وەک خوڕەی ئاو، گوتی:" بخۆرەوە"!

ئاوڕی دایەوە و بینی ئاو لە قەڵیشتی بەردێکەوە دەتکێ و لەچاڵێکدا کۆبۆتەوە. دانەوێوە، ڕیشی لادا تا دەمی گەیشتە ئاوەکە. فێنکایی تا قامکی پێی گەییشت و کرتە لە ئێسکی پیرییەوە هەستا. دیسان کەوتەوە ڕێ. خۆر داچوو. پالّی بە قەدی دارخورمایەکەوە دا، دەستی ڕاستی خستە ژێر گۆنای و خەوێکی قوولّی لێکەوت. چەقەڵەکان لە دەوری کۆبوونەوە، بەڵام کاتێک بۆنیان پێوەکرد، لەترسا تێیان قوچاند. ئەستێرەکان وەک شمشێر بە ژوور سەرییەوە هەڵواسرابوون. بەرەبەیان خەبەری بۆوە و سەرلەنوێ کەوتەوە ڕێ. ڕۆژی سێیەم، دەشت لەمیانی باریکە ڕێی شاخەکانەوە وەدیارکەوت. ڕووباری ئوردون لەناوەندی دەشتەکەدا وەک مارێکی تێر و خاو و خلیچک، وەک مارێکی پەڵەپەڵەی سەوز پرشنگی دەدا. سێ ڕۆژی تر تێپەڕی و پاشان خانووەکانی بەیتلەحم، سپیی وەک ئەڵماس لەودیو دارخورماکانەوە کەوتنە ورشەورش. پۆلێک کۆتر بەسەر سەری پێغەمبەردا تێپەڕین. بۆ ساتێک لە فڕین کەوتن و پاشان بە ترسەوە وەک تیر بەرەو شار لە شەققەی بالّیان دا. لە دەروازە گەورەکەی باکووری شاردا، لەنێو بۆدڕنی مەڕومالّات و کوێر و گەڕ و گوولەکاندا کە سوالّی خواردنیان دەکرد، پیرەمێردان لەچاوەڕوانیی پێغەمبەردا ڕاوەستابوون. زەندەقچووانە لەنێوخۆیاندا کەوتبوونە ورتەورت و دەیانگوت:" پەتای گەڕیی لەناوماندا بلّاو دەبێتەوە! خودا دانابەزێتە سەر عەرد تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە مەخلوقەکانی خۆی وێران بکات"! پیرترینیان پێی بە جەرگی خۆیدا نا، هەنگاوێک چووە پێشێ و گوتی:" من قسانی لەگەڵ دەکەم"! پێغەمبەر لەگەڵ هەورێک تەپوتۆزدا گەیشت و 'با' عەبا چرچ و لۆچەکەی وەک ئالّای هەلاهەلای جەنگ، بەملاولادا دەشەکاندەوە.

"چیت بۆ هێناوین؟ ئاشتی یان شەڕ؟" پێغەمبەر لەهەمان کاتدا کە دەستی ڕایەڵ دەکرد، وەڵامی دایەوە:"ئاشتیی. بچنەوە مالّی خۆتان و شەقامەکان چۆڵ بکەن. دەمەوێ بە تەنیا پیایاندا تێپەڕم"!



خۆر هەڵایساو و تەپوتۆز لەژێر پێی پێغەمبەردا بەرز دەبۆوە و وەک هەور خۆی لێیەوە دەئاڵاند. هەستی بە تینوێتییەکی ناکاو کرد و هاواری کرد:" خودایە، شتێکم بدەرێ بیخۆمەوە"! دەنگێکی ئارام، دەنگێکی میهرەبان لە تەنیشتییەوە، دەنگێکی سازگار وەک خوڕەی ئاو، گوتی:" بخۆرەوە"!

ئاوڕی دایەوە و بینی ئاو لە قەڵیشتی بەردێکەوە دەتکێ و لەچاڵێکدا کۆبۆتەوە. دانەوێوە، ڕیشی لادا تا دەمی گەیشتە ئاوەکە. فێنکایی تا قامکی پێی گەییشت و کرتە لە ئێسکی پیرییەوە هەستا. دیسان کەوتەوە ڕێ. خۆر داچوو. پالّی بە قەدی دارخورمایەکەوە دا، دەستی ڕاستی خستە ژێر گۆنای و خەوێکی قوولّی لێکەوت. چەقەڵەکان لە دەوری کۆبوونەوە، بەڵام کاتێک بۆنیان پێوەکرد، لەترسا تێیان قوچاند. ئەستێرەکان وەک شمشێر بە ژوور سەرییەوە هەڵواسرابوون. بەرەبەیان خەبەری بۆوە و سەرلەنوێ کەوتەوە ڕێ. ڕۆژی سێیەم، دەشت لەمیانی باریکە ڕێی شاخەکانەوە وەدیارکەوت. ڕووباری ئوردون لەناوەندی دەشتەکەدا وەک مارێکی تێر و خاو و خلیچک، وەک مارێکی پەڵەپەڵەی سەوز پرشنگی دەدا. سێ ڕۆژی تر تێپەڕی و پاشان خانووەکانی بەیتلەحم، سپیی وەک ئەڵماس لەودیو دارخورماکانەوە کەوتنە ورشەورش. پۆلێک کۆتر بەسەر سەری پێغەمبەردا تێپەڕین. بۆ ساتێک لە فڕین کەوتن و پاشان بە ترسەوە وەک تیر بەرەو شار لە شەققەی بالّیان دا. لە دەروازە گەورەکەی باکووری شاردا، لەنێو بۆدڕنی مەڕومالّات و کوێر و گەڕ و گوولەکاندا کە سوالّی خواردنیان دەکرد، پیرەمێردان لەچاوەڕوانیی پێغەمبەردا ڕاوەستابوون. زەندەقچووانە لەنێوخۆیاندا کەوتبوونە ورتەورت و دەیانگوت:" پەتای گەڕیی لەناوماندا بلّاو دەبێتەوە! خودا دانابەزێتە سەر عەرد تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە مەخلوقەکانی خۆی وێران بکات"! پیرترینیان پێی بە جەرگی خۆیدا نا، هەنگاوێک چووە پێشێ و گوتی:" من قسانی لەگەڵ دەکەم"! پێغەمبەر لەگەڵ هەورێک تەپوتۆزدا گەیشت و 'با' عەبا چرچ و لۆچەکەی وەک ئالّای هەلاهەلای جەنگ، بەملاولادا دەشەکاندەوە.

"چیت بۆ هێناوین؟ ئاشتی یان شەڕ؟" پێغەمبەر لەهەمان کاتدا کە دەستی ڕایەڵ دەکرد، وەڵامی دایەوە:"ئاشتیی. بچنەوە مالّی خۆتان و شەقامەکان چۆڵ بکەن. دەمەوێ بە تەنیا پیایاندا تێپەڕم"!

ڕاپۆرت بۆ گریکۆ

نیکۆس کازانتزاکیس سالّی دادێ....

گۆشەی 34 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

دیسان چەک بۆ تورکیا نێردرایەوە

لەسەرەتای پەلاماری سوپای تورکیا بۆڕۆژئاوای کوردستان ئەڵمانیا گوتی ئەمە پێچەوانەی یاسانێو دەوڵەتیەکانە و یەکسەر هەناردەی چەکی بۆ ئەو وڵاتە ڕاگرت، بەڵام لەمڕۆژانەدا بایی ٣ ملیۆن یۆرۆ چەکی بۆناردووە و جارێ ئاشکرا نەبووە، کە چەکەکان چ جۆرێکن...؟

دزیەکەی زۆر ناقۆڵ کرا

هەفتەی ڕابردوو ژمارەیەک دزی پڕۆفیشنالّ بەجلی پۆلیسەوە چونەتە ناو مۆزەخانەی Grünes Gewölbe ی شاری دریسدن وخۆیان گەیاندۆتە ژورێکی زۆر تایبەتی ودانسقەی ناو مۆزەخانە کە دەیان کەرەستەی کۆن و گرانبەهاو بەنرخی تێدابوە، ژمارەیەک کەلو پەلیان دزیوە کە مێژوەکەیان بۆ سەدەی هەژدەیەم دەگەڕێتەوە،کەلو پەلەکان بای یەک ملیار یۆرۆدەبن ولەهەمویان پڕبەهاتر "هێمای سپی سەرکەوتنی پۆلۆنیایە"، کەلەئەڵماس ویاقوت وزێرو زیو لەسالّی ١٩٤٦ لەسەردەمی پادشایەتی سەکسۆنیەکان دروستکراوە،پۆلیسی سەکسۆنیا نیوملیۆن یۆرۆ دەداتە ئەوەی سەرەداوێکیان لەسەر دزەکان بداتێ.

یادی لە دایکبوونی بیتهۆڤن دەکرێتەوە

"مۆنیکا گروتەرز" وەزیری ڕۆشنبیری ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە ئەمسالّ جیا لەسالّان، بە ڤیستیڤالّێکی گەورەتر و لەژمارەیەک شاری ئەڵمانیا، یادی لەدایکبوونی مۆسیقاژەنی بە ناوبانگی ئەڵمانی بیتهۆڤن ١٧٧٠–١٨٢٧ دەکرێتەوە و حکومەت ٢٧ ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخان کردووە، هەروەها شاری Bonn، کە بیتهۆڤنی لێ لەدایکبووە و ٢٢ سالّی لێی ژیاوە، ١٠ ملیۆنی تەرخان کردووە بۆ ئەم مەبەستە.

حیزبوالّلەی لوبنانی قەدەغەدەکرێت

پێگەی شپیگل ئۆنلاین ئاشکرایکردووە، کە حکومەت بەنیازە لەمڕۆژانەدا بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکیەکانی حیزبوالّلەی لوبنانی لەناو خاکی ئەکمانیادا بدات، وەزارەتی دەرەوە قسەی لەگەڵ داد و ناوخۆ کردووە و تەنها ماوە ڕایبگەیەنن.

ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە دوو دیپلۆماتی ڕوسی دەرکران

حکومەتی بەرلین دو دیپلۆماتکاری ڕوسیای دەرکرد، بە تۆمەتی کوشتنی چیچانیەک، کە پێشتر فەرماندەی سەربازی بووە، بەگوێرەی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئەو دوو دیپلۆماتەی مۆسکۆ کە تاوانەکەیان دراوەتەپاڵ، ڕاستەوخۆ لە تاوانی کوشتنی "سەلیم خان خانگۆشڤیلی" تێوەگلاون، ئەو فەرمانده چیچانییە، مانگی دووی ئەمسالّ لە سەنتەری شاری بەرلین لە ئەڵمانیا، لەلایەن پاسکیلسوارێکی نەناسراوە تەقەی لێکرا و کوژرا، ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا ڕوسیای زۆر توڕەکردووە.

هانی خەڵک دەدرێت وازلە ئۆتۆمبێل بێنن

بەمەبستی هاندانی خەڵکی بۆ کەمتر بەکارهێنانی ترومبێل وڕوو کردنەوە هۆکانی گواستنەوەی گشتی کە زیان بە ژینگە ناگەیەنن دەسەڵاتی ناوخۆی شاری هانۆڤەربڕیاریدا تا سەری سالّ هەموو شەممەیەک کە پێی دەڵین ڕۆژانی "دەرکەوتنی مەسیحی دووەم " Advent هاتوچۆی گشتی بە قیتارو پاس وهۆیەکانی تر بکاتە خۆڕایی، ئەو هەنگاوەش زیاتر لە ٦٠٠ هەزارلەسەر حکومەت دەکەوێ ولەژمارەیەک شاری تری وەک کالسرۆ ومونستەریش کراوە.

داوادەکرێت مێرکل بایکۆتی G7 بکات

"ئۆمێد نۆریبۆر" سیاسەتمەداری پارتی سەوزی ئەڵمانی، داوای لە ئەنجێلا مێرکل کرد، کە بەشداری کۆبونەوەی داهاتووی گرووپی (جی حەوت) نەکات، کەبڕیارە ئەمجارە لە سعودیە ببەسترێت، تا ئەو وڵاتە دەست لە شەڕو شۆڕی یەمەن هەڵنەگرێت.

لەخوێندنگە دەرسی ئاینەجیاکان بووە فەرمی

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەڵمانیا و یەکەمین هەرێمیش هامبۆرگە، کە بڕیاریاندا وانەی ئاینە جۆراجۆرەکان، وەک ئیسلام و بوزی و کاسۆلیک و عەلەوی و پرۆتسانت و هی تر لە خوێندنگە سەرەتاییەکان بەفەرمی بگوترێنەوە و خرانە ناو پڕۆگرامی خوێندنەوە، بۆهەر یەکێک لەو ئاینانەش مامۆستای تایبەتی بۆتەرخان کراون.

پاشماوەی گۆشەی 34 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پەرستارێکی ژن سزایەکی تونددرا

بەستر پێرارلەخەستەخانەی منالآنی شاری ماربۆرگی هەرێمی هێسن کچەپەرستارێکی گەنج کە سەرپەشتکاری بەشی کورپەپێنەگەیشتوو تازەلەدایکبوەکان بوو، بەبێ پرسی دکتۆری تایبەت هەندێ دەرمانی ئارامکەرەوەی داوە بەو کۆرپانە بۆئەوەی دەنگیان لێوەدەرنەیەت وهێوربنەوە، دوایی دەرکەوتوە ئەو دەمانانە زیان بە تەندروستی وگەشەی کۆرپەکان هەبوەو ئەگەر بەردەوام بوایە دەبوە هۆی مردنیان، بۆیەهەفتەی پارلبردوو دادگا سزای زیندانی هەتا هەتایەی بەسەر پەرستکارەکەدادا.

سوریە کەتنکەرەکان دەنێردرێنەوە

هەفتەی پارلبردوو وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەکانی ئەڵمانیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەو کۆچبەرە سوریانەی، کە لە ئەڵمانیا دەژین و ڕۆژێک لە ڕۆژان کەتن، یان تاوانێکی گەورەیان کردووە، دیپۆرتی وڵاتی خۆیان بکرێنەوە.

کنێسا کۆچبەرانی دەریا ڕزگار دەکات

کلێسای ئینجیلی بەهاوکاری ژمارەیەک ڕێکخراوی مرۆیی لەهامبۆرگ هەڵمەتێکی ڕزگارکردنی ئەو کۆچبەرانەیان ڕاگەیاند، کەلەناو دەریای ناوەڕاست ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەلەمێکیان کڕیووە، نرخەکەی یەک ملیۆن یۆرۆیە و بانگەوازی هاوکاریان ڕاگەیاند، هەر زوو زیاتر لە ١٠٠ ڕێکخراو و کەسایەتی و دەوڵەمەند چوونە ناو ئەو هاوپەیمانێتیە و ئامادەیی خۆیان بۆ یارمەتیدان ڕاگەیاند.

مۆنۆمێنتێک بۆ قوربانیانی دەستی نازیەکان دادەنرێت

سەرۆک وەزیرانی هەر ١٦ هەرێمی ئەڵمانیا ڕازی بوون، لەسەر ئەوەی مونۆمێنتێک بۆ قوربانیانی دەستی نازیەکان دابندرێت، بە بڕی ٦٠ ملیۆن یۆرۆ دروست بکرێت و لە ٢٧ ی مانگی یەنیوەری ٢٠٢٠، کە دەکاتە یادی ٧٥ ساڵەی کارەساتی کوشتوبڕی ئۆردوگای ئۆشفیتس – بیرکناو.

کچەکوردێک کتێبێک بڵاودەکاتەوە

کتێبی "لە بەهاری سووریاوە بۆ هاوینی ئەڵمانیا" لە نوسینی کچێکی کوردی ڕۆژئاوایی بەناوی " ئارین جەعفەر" بڵاوکرایەوە. کتێبەکە بەزمانی ئەڵمانی چیرۆکی کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەتی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە تەمەنی 14 ساڵییەوە هاتۆتە ئەڵمانیا دەگێڕێتەوە، ئەو کتێبەتاوەکو ئێستا ژمارەیەکی بەرچاوی لێفرۆشراوە.

دەست بە چاندنی زەعفەران دەکرێت

بۆیەکەمین جار لەشاری ئەلتنبێرگی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا ساڵی پار جوتیارێک ڕووبەرێکی گەورەی زەویەکەی بۆ ڕواندنی ڕووەکی زەعفەران ئامادەکردوە و زیاتر لە پەنجا هەزار نەمامی ڕواندبوو، ئێستا بەرهەمەکەی پێگەیشتووە، شایانی باسە هەرێمی تورینگن بۆ پشتیوانی لەو جۆرە پرۆژەیە لە پێشبڕکییەکدا یە و بڕی ٣٢٠ هەزار یۆرۆی تەرخان کردبوو، تا جوتیاران هانبدات کاری لەوجۆرە بکەن و ئێستا پرۆژەکە هاتۆتە بەرهەم.

کەیسێکی زۆر کۆن سەرهەڵدەداتەوە

بەر لە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر لە مۆزەخانەی گۆتای شاری تیرینگنی ئەڵمانیا پێنج تابلۆی بەهادار دزاران، کە ئەو کات نرخەکانیان بە پێنج ملیۆن مارکی ئەوسا خەملێندرابوون، لەوساوە بەدوای دزیکەرەکاندا دەگەڕین، ساڵی پار پۆلیس سەرەداوێکی بەدەستکەوتووە، کە دوو کەس هەردووکیان ئێستا لە ژیاندا ماون گومانیان لێدەکرێت، ئەو کارەیان کردبێت و ئێستا خراونەتەبەردەم لێکۆڵینەوە.

هونەرمەندی کورد شوان کەمال پرۆژەیەکی میژوویی لە ئەڵمانیا زیندووەکاتەوە و سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە...!

شوان کەمال پەیکەرسازێکی کورد بەڵام لە ئاستێکی جیهانیدا کاردەکات، لەبەر نەبوونی دامودەزگای هونەری لە لایەکەوە بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردوستان، کە بۆتە هۆی ئاوارە بوون و دورکەوتنەوەی زۆرێک لە دانیشتوانی کوردوستان، بە دەستەی هونەرمەندان و رۆشنبیرانیشەوە ئەمانە هەمووی وایکردووە، شوان کەمال زۆر نەناسرێت لای خۆمان، لە کاتێکدا لە ئەڵەمانیا و وڵاتانی ئەسکەندناڤیا، سوید بەتایبەتی، گەلێک جار ناوی لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان هاتووە، بۆ ناساندن و زانیاری لەسەر کارو پرۆژە هونەریەکانی ئەم هونەرمەند، با تیشکێک بخەینە سەر هەندێک لەو کارانەی کە لە ئەوروپا ئەنجامی داوون، بۆ ئەوەی خوێنەرانی کوردیش ئاشنابن بە کاروپرۆژەکانی ئەم پەیکەرسازە داهێنەرەی کورد.

ئەمجارە پەیکەری شاسوار(ئەرنۆڵد رۆز).

پەیکەری ئەرنۆڵدرۆز لە سەدەکانی ١٦ دا دروستکرابوو، یەکێک بووە لە پەیکەرە جوان و ناوازەکانی هەرێمی نۆردراینڤیستیڤالن لە ئەڵەمانیا، لە شەری دووەمی جیهانی کاتێک ئەڵەمانیا دەکەوێتە بەر هێرشی بوردوومانکردنی فڕۆکەکانی هاوپەیمانەکان، ئەم پەیکەرە بەتەواوی لەناو دەچێت،تەنیا وێنەیەکی کۆنی ڕەشوسپی لە ئەرشیفی شاردا دەمێنێتەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە بەتایبەتی لەدوای ڕوخانی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی ئەڵەمانیا، لە حکومەت و شارەوانیەکان هەوڵیان داوە بۆ دروستکردنی پەیکەر، لە زۆربەی شوێنە گشتیەکان بە تایبەتی دروستکردنەوەی ئەو پەیکەرانەی کاتی خۆی، لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لەناوچوون، پەیکەری ئەرنۆڵد رۆز یەکێک بووە لەو پەیکەرانە. جا لە زمانی سەرۆک شارەوانی و پارێزگاری شاری فوپەرتاڵەوە باسیان لێوە کردووە، کە ماوەیەکی زۆر گەڕاون بۆ پەیکەرسازێک توانای ئەوەی هەبێت پەیکەرێکی لەو جۆرە دروستبکاتەوە، بەڵام کەسێکی وایان دەست نەکەوتووە، هەتا باسی ئەوە دەکەن کە چونەتە شاری بەرلین بۆ لای پرۆفسۆرێک لە بواری پەیکەرسازی پێی گوتوون، پەیکەرەکەتان بە بچوکی هەیە تا لەسەری دروستبکەینەوە، گوتوویانە تەنها وێنەیەکی کۆنی ڕەش و سپیمان هەیە، دەڵێن ئەویش پێکەنیوە گوتوویەتی لەبیری بکەن شتی وا ناکرێت، دەڵێن بێ هیوا بووین، تا زانیمان کە پەیکەرسازێک هەیە توانای ئەم کارانەی هەیە.کاتێک کارەکانی هونەرمەندی داهێنەری کورد شوان کەمالیان بینی، دوای نوسینی گرێبەست لەگەڵیدا بەهۆی کارگەی ڕۆڵف کایزەر لە شاری دۆسڵدۆرف، لە ساڵی ٢٠٠٩ دا، شوان کەمال دەستی بە پرۆژەکە کرد، نزیکی ساڵێک خەریکی دروستکردنی ئەسپەکە و شاسوار ئەرنۆڵدرۆز و پاشان لاوەکە بوو، هەر خۆی پلانی قاڵبکردن و دارشتنی برۆنزەکەشی کرد، ماوەی ٦ مانگێک پێوەی سەرقاڵ بوو، تا ساڵی ٢٠١٠ لە هەمان شوێنی جارانی جێگیری کرد.

پەیکەری ئەرنۆڵد رۆز بەسواری ئەسپەوە لەگەڵ لاوێک ڕەشمەی ئەسپەکەی گرتووە، لە ژێر قاچیاندا شەپۆلی ئاوی ڕوباری (ڕاین) دەبینریت، کە گوزارشت لە شاسوارێکی گەلی جەرمانەکان دەکات، لە کاتی هاتنی سوپای ڕۆمەکاندا، لە دەوروبەری شاری کۆلۆنیا نزیک ڕوباری ڕاین کە تێکیان دەشکێنێت.

پەیکەرەکە بە شێوەیەکی کلاسیک– ڕۆمانتیکی دروستکراو،ە لە مادەی برۆنز دارێژراوە بە قەبارەی (٣X٣ ١X)مەتر، کێشی(١٤٠٠) کیلۆیە، بە بەرزی نزیکی ١٠ مەتر لە تاقێکی دیواری دەرەوەی شارەوانی شاری فووبەرتاڵ دانراوە.

سەرچاوەکان:

https://www.wz.de/nrw/wuppertal/stadtteile/elberfeld/ritter-arnold-sein-ross-ist-schon-fast-fertig_aid-31303939
https://www.njuuz.de/beitrag7203.html
http://www.zeitspurensuche.de/05/05welbm1.htm

گۆشەی زانست
ماموستا جەزا دەینووسێت

خەونی یوساکا مازاوا– YUSAKA MAZWA

یوساکا مازاوا پیاوێکی مۆدێرنی ژاپۆنی ملیاردێرە، ئەگەر بۆی بڕەخسایە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دەبوو بە یەکەم مرۆڤ دەبوایە گەشتی مانگی بکردایە، بەڵام لەو کاتەی کە (ئەوجن سەرنان– (Euege Cernan ئاسمانناسی ئەمەریکی گەشتی مانگی کرد، لەساڵی ١٩٧٢ دا، مازاوا دانەبەزییە سەر ڕووی مانگ، بەڵکو بەدەوریدا سوڕایەوە لە گەشتێکی ئاسمانیدا کەوەستاکەی شخصی Xە، Xیەکێکە لەو زانایانەی کە نەخشەی گەشتی ئاسمانی دەکەن. ئەم پلانە بەلای کەمەوە لە١٧ ی ئەیلولی ئەمساڵدا بڵاوکراوەتەوە لە لایەنی ئالون مسک (Elon Musk)ەوە بەڕێوە دەبرێت، کە خۆی بەڕێوەبەری ئاسمانی X ە.

تا ئێستا نازانرێت ئەم پڕۆژەیە سەردەگرێت یا نا؟ لە رابووردوو دا زانائاسمان ناسەکان (رواد الفضاء astronauts)بۆ گەشتی ئاسمانی جیهانی پلانی ئاسانتر و ڕەوانتریان بەکار دەهێنا بو گەشتی سەرمانگ، گەشتی سەر مانگی ئەمساڵ هەڵگیرابوو(خرابۆوە ئەرشیف)ەوە، ئەو ڕۆکێتەی (صاروخ الانطلاق)، ئەم کارەی پیدەسپێردرێت، هێشتا بوونی نییە،بەهەرحال میستەر موسک بەوردی باسی پلاندانانی گەشتەکەی کردووە.

ڕێڕەو بڕین GROSSING PATH

لە ١١ ی نۆڤێمبەر لە هەندێ بەشەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشێکی ڕۆژئاوای کیشوەری ئەفەریقیا، مەریخ لە نێوان زەوی و ڕۆژدا تێپەڕ دەبێت، مەریخ بچووکترین هەسارە نزیکەکانی دەوری ڕۆژە و نزیکترنیان بوو، کە بینرا وەکو خاڵێکی ڕەش کە لە وێنەکەدا دەرکەوتووە لای خوارەوەی چەپی وێنەکە، (near bottom left) . مەریخ یەکەم هەسارە بوو، کە لەساڵی ١٦٣١دا ئەم ڕووداوەی لێ بەدیکرا و گومان نەما کە ڕێڕەوی هەسارەکانی دەوری ڕۆژ هێلکەییە زیاتر لەوەی کەبازنەی بێت. ئەم ڕووداوە سروشتییە ڕووادات (١٣) بۆ(١٤)جار لە سەدەیەکدا(خلال قرن) ڕووەدات.

ئەورووپیەکان ئەم ڕۆبۆتە خۆکوژە دەنێرن بۆ بۆشایی ئاسمانی دەوری گۆی زەوی..! نووسینی: لوقمان حەویز

ئەورووپیەکان بۆشایی ئاسمان لە پاشماوە و خاشاکی ئەمەریکا و ڕووسیا پاکدەکەنەوە!..



ئەگەر پیسکردنی بۆشایی ئاسمانی دەوری گۆی زەوی بەم ڕێژەیە بەردەوام بێت ئەوا نەوەکو گۆی زەوی بەڵکو ئاسمانی دەوری گۆی زەوی دەبێتە گەورەترین زبڵخانەی مرۆڤ لە گەردوون!..ئاژانسی ئاسمانی ئەوروپی ESA بەتەمایە لە ساڵی 2025 ئەم ڕۆبۆتە کە چوار باڵی هەیە بنێرێت بۆ بۆشایی ئاسمانی دەوری گۆی زەوی وەکو تاقیکردنەوەی یەکەم، لەم تاقیکردنەوەیە ئەم ڕۆبۆتە کە ناوی ClearSpace–1 ەو چەند پاڵنەرێکی موشەکیی پێوەیە لە یەکێک لە سەتەلایتە نزمە لەکارکەوتووەکانی دەوری گۆی زەوی نزیک دەبێتەوە و بە باڵەکانی لەگەڵ خۆی ڕایدەکێشێتە ناو بەرگە هەوای گۆی زەوی و بە وردی لە پانتاییەکی بێ مرۆڤی نێو زەریای هێمن خۆی و سەتەلایتە لەکارکەوتووەکە دەخاتە خوارەوە، لە کارەکەدا ڕۆبۆتەکەش دەسوتێت لەنێو بەرگە هەوای گۆی زەوی هەروەکو سەتەلایتە لەکارکەوتووەکە کە پارچە خاشاکێکی گەورەیە لە خولگەیەک بە دەوری گۆی زەوی... ئەگەر کارەکە سەدا سەد سەربگرێت ئەوا ئەورووپیەکان بە هەماهەنگیەکی نێودەوڵەتی دەست دەکەن بە پاککردنەوەی ئاسمان لەو هەزارەها سەتەلایتە لەکارکەوتووەی خولگە نزمەکانی ئاسمانی دەوری گۆی زەوی کە زۆربەیان لەلایەن ئەمەریکا و ڕووسیا هەڵدراون بۆ کاری چاودێریکردن و سیخوڕی و لەدژی یەکتر بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی سارد، هەروەها ئاسمان پاکدەکەنەوە لە پارچە گەورەکانی تری گەشتە ئاسمانیەکان...

هێنانە خوارەوەی ئەو خاشاکانە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی مەترسی گەورە دروست دەکەن و کتوپڕ لەشوێنی نادیار دەکەونە خوارەوە، هەروەها مەترسی گەورەش دروست دەکەن بۆ گەشتە ئاسمانیەکانی ئێستا و داهاتوو..

ڤیلیەم ڕوڵۆفد

هونەرمەندی ڕەنگی ئاوی و ڕۆنی و گرافیگ لە 10–03–1822 لەشاری ئەمستردام لەدایک بووە لە 12–05–1897 لەشاری بێرخێم ئەنتڤێرپی بەلجیکا کۆچی دوایی کردووە، ئەم هونەرمەند ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی لە شاری دنهاخ تەواوکردووە، سەر بەقوتابخانەی هاخسەسخولْ بووە، لە تابلۆکانیدا گرنگی زۆر بەپەڵە هەورەکانداوە و ڕووبەرێکی زۆری تابلۆکانی گرتۆتەوە. ڤیلیەم یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی زۆر ئارەزووی کردووە، ڕاستەوخۆ بەرامبەر سروشت کاربکات. ئەم هونەرمەندە لە پایتەختی بەلجیکا بروکسل ژیاوە. ئەم تابلۆییەی ڤیلیەم کە سەیری دەکەیت، کەسێک لە بەلمێکدا خەریکی ماسی گرتنە، لەو ئەستێرە یان (ئەستێڵ)ەدا، لە بەشی دواوەی تابلۆکە، ئاشێکی با دەبینیت پانتایی ئاسمانێکی هەوری هاوین لە پشتەوەی یەکسەر هەست دەکەیت هونەرمەندێکی هۆڵەندی ئەو تابلۆ بەرزەجوانەی دروست کردووە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هونەرمەندە بڕوانە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Willem_Roelofs

ڕزگار ئەمین– ئارێنێم

تارەوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

21 December . 2019 Nummer. [84]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

-پۆلیسی هۆڵەندا گەورەمافیا (رضوان طاغی) لە دوبەی دەستگیر کرد و گەڕاندییەوە بۆ هۆڵەندا. ل 2

ئایا ستراتیژ چییە.؟ بەشی شەشەم،فەریق ڕۆکنیخانەنشین.. محەمەد نەجمەدین.نەقشبەندی.ل 3

- بۆ مەرگی عەدنان جەباری- هەندێ مرۆڤ هەن لە ئاو دەچن، سەلاح حەسەن پاڵەوان و شوان عوسمان ل 4

- سێ بابەتی جیاواز- کەرکوک لە ئەدەبیاتی تورکی هاوچەرخدا، بەکر شوانی و موزەفەر عەزیز ل 5

..- ئەگەری کارکردنی کورد لەگەڵ پارتەکەی داود ئۆغڵودا..نووسینی: دکتۆر جەبار قادر.. ل ٦ و ٧ . .....-

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا- بەشی سێیەم- دکتۆر زاهیر و دکتۆرە نیان مەستی. ل 8. ل 9

- چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگـــە. ل 10 -زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان- ژمارە: سێ ڕۆشنبیری ئازاد و نا ئازاد....!، نووسینی گۆران مەریوانی. ل 11 و ل12

- گۆشەی 35 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 13 و ل14

- دووبابەتی زانستی: مامۆستا جەزا نووسیوێتی ل 15.

- ئەمجارە دەربارەی قوتابخانەی هونەریی هۆڵەندی هاخەسی سخوڵ.....

هونەرمەند پاوڵ یۆسف کۆنستانتین گابریێل و جەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

21 December 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
N 84
Emai: sardarfatah@live.nl
84 ی 21 ی دیسەمبەری 2019

پۆلیسی هۆڵەندا بە هۆی پۆلیسی ئیماراتەوە، گەورەمافیا و بازرگانی چەک و مادەی هۆشبەر (رضوان طاغی)ی تەمەن 41 ساڵی لە دوبەی دەستگیر کرد و گەرانديیەوە بۆ هۆڵەندا

بە گوێرەی ڕۆژنامە هۆڵەندییەکان، رضوان ئەلطاغي، کە بازرگانی چەک و مادەی هۆشبەرە و تاوانبارە بە چەندین دۆسیەی کوشتن و لەناوبردن، چەند ساڵێکە ئەنتەرپۆڵ بەدوایدا دەگەڕێت، بە تایبەتی لەسەر دۆسیەی تاوانی قاوەخانەی "لاکریم" لە مەراکش، ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لە دوبەی پایتەختی ئیماراتی عەرەبی، لەسەر فەرمانی داواکاری گشتی و بەیارمەتی پۆلیسی هۆڵەندی و ئیماراتی لە دوبەی لە ماڵێکدا، بەبێ بەرگری لەخۆکردن دەستگیرکرا.

پێنجشەممەی پێشووش بە فڕۆکەیەکی کرێ لە ژێرچاودێری پۆلیسی هۆڵەندیدا، گەیەندرایەوە هۆڵەندا و ئیستا لە بەندیخانەی Vught بەندکراوە و لەژێرچاودێری وردایە. رضوان ئەلطاغی تاوانبارە بە کوشتنی زۆر کەس لەناو هۆڵەندا و لەدەرەوەی هۆڵەندا، توانی بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی لە دەست پۆلیسی هۆڵەندی قوتار بکات و خۆی بشارێتەوە، پێتەر دی فریس دەڵێت: بەڵام پۆلیسی هۆڵەندی لەم مانگەدا هەوڵەکانی چڕکردەوە و توانی شوێنی ئەم تاوانبارە بزانێت و دەستگیری بکات. ئێرک ئەکیر بۆم دەڵێت: زۆر بە گەورەیی تەماشای توانای هاوکارەکانم و پۆلیسی دوبەیش دەکەم و زۆر سوپاسیان دەکەم، گرتنی ئەلطاغی بۆ هۆڵەندا دەستکەوتێکی گەورەیە، چونکە ئەو تاوانانەی طاغی و هاوکارەکانی ئەنجامیان دابوو، بەردەوامیش ئەنجامیان دەدا مەترسییەکی گەورە بوو، لەسەر دادپەروەری و ئاسایشی هاوڵاتیان. هەرچەندە ڕێکەوتنێک لە نێوان هۆڵەندا و ئیماراتدا نەبوو، بۆ گەڕاندنەوەی تاوانباران، بەڵام دەبوایە ڕێگەچارەیەک بدۆزرایەتەوە بۆ گەڕاندنەوەی طاغی، ئەویش دەبوایە لە ڕێگەی UN ەوە بوایە. طاغی دەیتوانی دژی گەڕاندنەوەکەی بوایە و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک خۆی دوابخات. بە گوێرەی قسەی سەرۆکی ئەم تیمە ١٠٠ کەسی تایبەت لە کارمەندانی پۆلیسی هۆڵەندی، لە دۆسیەی ڕەزوان طاغیدا سەرقاڵی بەدواداگەڕان بوون و دەڵێت لە دونیای ئێستادا زۆرگرنگە پێکەوەکار بکرێت و بۆ ئەم جۆرە دۆسێیانە پێویستە باش کاری بۆبکرێت تا دەگەیتە ئامانج، گرتنی طاغی نمونەیکی باشی ئەم هاوکاری کردنەیە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، طاغی یارمەتیدەری زۆری هەبووە، بۆ خۆشاردنەوە و هەڵهاتن کە خەڵکی وڵاتانی دیکە بوون، بە پاسپۆرتی کەسێکی دیکە توانیوێتی هەڵبێت بۆ دوبەی.

VVD کە حیزبی دەستەڵاتداری حکومەتی هۆڵەندییە و پارتی چەپی سەوز پیرۆزباییان لە پۆلیسی هۆڵەندی کرد، بەبۆنەی گرتنی ڕەزوانەوە، بەڵام کاردانەوەی پارتی ڕاستڕەوی هۆڵەندی، پارتەکەی(خێرت ڤیلدەرس) pvv لەسەر تاوانبار (رضوان طاغی) ئەوەیە، دەبێت ڕەزاوان بەزووترین کات بگەیەنرێتەوە هۆڵەندا و سزا بدرێت، هەرچەندە گرتنی تاوانباران تا سەر نییە لە هۆڵەندا و کەس لە هۆڵەندا سزای مردن نادرێت و بە چوارپەل هەڵناواسرێت (لە خاچ نادریت). بەڵام pvv داواکەکات (رضوان طاغی)، هەڵواسرێت، وەک چۆن کاتی خۆی مەسیح لەخاچدرا.

وتەبێژی پۆلیس ڕایگەیاند پێش ئەوەی ئەم تاوانبارە دەستگیر بکرێت، چەند تاوانباریکی گروپەکەیمان دەستگیرکرد، ئەوان زانیاری باشیان لەسەر شوێن و ڕێی ڕەزوان پێداین، بێگومان ئەم گرتنەی ئەو لێدانێکی کوشندەیە بۆ گروپەکەوی ڕەزوان.

پێش گەڕانەوەی تاوانبار ڕەزوان، بە هۆی ئەو زانیارییانەی کە Fred Westerbeke سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی هەیبوو، پێشبینی ئەوەی دەکرد، کە هیچ کێشەیەک لەڕێگەی گەڕانەوەکەیدا نەبێت، هەرچەندە Geert-Jan Knoops پارێزەر و مامۆستا لە یاسای نێودەوڵەتیدا، پێی وایە لەبەرئەوەی هیچ ڕێکەوتنێک لە نێوان هۆڵەندا و ئیماراتدا نییە، دەکرێت کێشە لە گەڕانەوەیدا دروست بێت.

بەخشیشی ١٠٠ هەزار ئیرۆکە نادرێت بەکەس.

وەزارەتی دادی هۆڵەندی پێشتر ١٠٠ هەزار ئیرۆی وەک بەخشیش تەرخان کردبوو، بۆ ئەوکەسانەی لە شوێن ڕێی ڕەزوان پۆلیسی هۆڵەندی ئاگادار دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەوەی پۆلیسی هۆڵەندی خۆیان لە ڕێگەی پۆلیسی ئیماراتییەوە ڕەزوانیان دەستگیر کرد، لەبەر ئەوە بەخشیشی ١٠٠ هەزار ئیرۆکە نادرێت بەکەس.

جیا کردنەوەی ستراتیژ لە وشەی ستراتیژی داڕێژراو



نووسینی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی شەشەم

ڕەنگە بەشێک لەگرفتەکان ئەوەبن، کە ئێمە لەگەڵ زاراوەیەک ڕووبەڕوو دەبینەوە، لە ئەنجامدانی بەکارهێنانی وشەی ستراتیژ "Strategy"، ئەو بەکارهێنانە بەزۆری لە دامەزراوە سەربازی و کایە سەربازییەکاندا بووە، لەوەی زیاتر لە نامە گۆڕینەوەی پیشەیی بووبێت بۆ بەکارهێنان.

وشەی داڕێژراوی ستراتیژ "Strategic" هەر وەک بەشێک لە ستراتیژی هاوپەیمانان بۆ بەزاندنی ئەڵمانیای نازی، وڵاتەیەکگرتووەکان و بەریتانیای گەورە دەستیانکرد بەبەکارهێنانی "بۆمبابارانی داڕێژراوی ستراتیژی".

ئەو زاراوەیە، ئەنجامدانی "بۆمبابارانی داڕێژراوی ستراتیژی" بەمەبەستی گۆتکردنی هەوڵی جەنگ و بڕیاردان لەسەر شەڕ لەلایەن ئەڵمانیاوە بووە. دوا بەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا فەرماندەی هەوایی داڕێژراوی ستراتیژی (The Strategic Air Command) دامەزراند، کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە وەشاندنی گورزێکی کوشندە، لە یەکێتیی سۆڤیەت لەکاتێکدا یەکێتیی سۆڤیەت بیەوێت هێرش بکاتە سەر وڵاتەیەکگرتووەکان یان هاوپەیمانەکانی، بەفڕۆکە

بۆمبا هاوێژەکان "قاصفات"، غەواسەکان، موشەکە دوورهاوێژەکان، کە داڕێژراوی ستراتیژین و پیناسەکراون، وەڵامیان بدەنەوە، بەوەی کە دەتوانن چەک بگەیەننە مەودای– درێژ و کارکردن لەسەرمانەوەی نەتەوەیەک لەژیاندا. لەتەنشت ئەو هێزانەشەوە، هێزێکی تەکتیکی، ئەوانەی کە مەودایان کەمترە، کاتیک بەکار بهێندرین، کاریگەری کەمی دەبوو، لەسەر مانەوەی نەتەوەیەک لەژیاندا.

لەبواری بازرگانی، پیشەسازی و پەروەردەدا، دامەزراوەکان کە بەرپرسیار بوون، لەپلانی داڕێژراوی ستراتیژدا، بۆ پێشکەوتن و درێژەدان، لەوانەیە بتوانن ئامانجی درێژخایەنیان پێشبخەن. بەداخەوە، وشەی ستراتیژ، بەمانای پلانێکی یاریکردنە، گەلێک جار واهاتووە بە تەنها دەردەکەوێت، بەتایبەتی بەدرێژایی ماوەی ڕابردوو بەکارهێنانی لەبواری سەربازیدا بووە، چی دەکرێت لەئاستی داڕشتنی ستراتیژیدا، بۆ بوارەکانی سەربازی یان بازرگانی، دەبیت زیاتر لێی تێبگەن، چونکە یەک ئەنجامی هەڵە یان کاولکەر، ئەو پێزانینە دووپات دەکاتەوە، کە تەنها سەرکردەی نەتەوەیی و ڕەنگە فەرماندەی سەربازی گەورە بتوانن تەنها سەرقاڵبن بەداڕشتنی ستراتیژەوە.

هەندێ مرۆڤ هەن لە ئاو دەچن

هاوڕێی ئازیزمان عەدنان جەباری مااڵئـــــاوایی یەکجاری لێکردین

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان کاک عەدنان جەباری پادەگەیەنین، کە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 20–12–2019 لە شاری هێڵقەرسوم، مااڵئاوایی یەکجاری لە خانەوادە و کەسوکار و هاوڕێیانی کرد.

کاک عەدنان کەسایەتێیەکی بەهێز و بە وزە و ڕۆشنبیرێکی قوڵ بوو، ماوەی چەند ساڵێک بوو، تووشی نەخۆشییەکی سەخت بوو بوو، دکتۆرەکانی ماوەیەکی کورتیان بۆدابوو لەم دوادواییەدا ئیزنیان دابوو، بەاڵم هەر کاتیک هاوڕێکانی سەردانیان دەکرد، ئەو دڵخۆشی دەدانەوە و هەمیشە بە وزە و توانایەکی پۆاڵینەوە دەدوا.

ڕۆژی 30–09–2019 لە شوێنی کارەکەم بووم، ئەو لە نەخۆشخانەی AMC ئەمستردامەوە، تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی سێ دیاری جوان و بەنرخم لە کاک سەلاحی برای کاک بوار نوردینەوە پێیە، هەرچەندە ئێستە لە چارەسەری پزیشکی دەرچووم، کەمێک لەسەرخۆم نیم، بەاڵم دەمەوێ پێتی بگەیەنیم. ئەو ڕۆژە سەردانی کردم و قاوەیەکمان پیکەوە خواردەوە و ڕازونیازێکی زۆرمان کرد، دیارییەکانی پێدام. ئەو وەک جەنگاوەرێکی بەهێز هاتە پێشچاوم، کە بە وزە و توانایەکی پۆاڵینەوە بەرەو ڕووی مەرگ بووبۆوە.

جارێکی دیکە لەگەڵ هاوڕێکانمدا کاک ئازاد خالید و کاک سیروان مەحمود، پاش ئەوەی زانیمان نەخۆشیەکە زەیفی لێ سەندووە، ڕۆژی 15–11–2019 لە شاری بۆسم سەردانمان کردەوە، بەداخەوە ئەمجارە لە پێکەوتبوو، بەاڵم هێشتا وزەو توانا بەرزەکەی هەرمابوو.

ڕەوانی شاد بێت کاک عەدنان جەباری، کوڕێکی کۆاڵنەدەر و نتم و پڕزانیاری، بەداخەوە لە غەریبی سەری نایەوە.

سەردار فەتاح ئەمین

هەندێ مرۆڤ هەن لە ئاو دەچن

لە هەرکوێ بن لەوێ دنیا سەوز دەبێت، کاتێ هەتاویش وشکیان دەکات لە ئاسماندا وەک باران دەڕژێنەوە سەر زەوی، کاتێ بەر قامکی تینووان دەکەون تەسکینی دەدەنە لەش، کە دەچنە هەر مێرگێ دەبنە هاوڕێی ماسی و گەاڵو و درەخت. ئەم مرۆڤەش لە جنسی ئاو بوو، هەموو ڕۆژێ بە تەڕایی خۆی ئەم ژیانە وشکەی ئاوڕشێن دەکرد، سااڵو لە خەونی ئەبەدی تۆ....

سەلاح حەسەن پاڵەوان

تۆش برادەر،
دڵت نەهات لێرە بی...
وەکو موسافیرێکی بێ جانتا،
لە بەیانەکی زوو بەرلەوەی کەسمان بێدار ببێتەوە،
ئەو دەڕوا و ناگەڕێتەوە...
تۆ ڕۆیشتی،
لە ساتی دەمبوونی قاوە،
لێرە نەبووی تا پێکەوە دانیشین..
یان لە ئێوارەیەک لەگەڵ شوشە شەرابێک دانیشین،
تۆ لە ساتی هەستانە سەرپێی شوشە،
پێت نەگرت،
بەربوویتەوە...
کەسمان ناتوانێ تاسەر چاوەڕێی مردنی خۆی بکات ،
تا تۆ بتوانی..
کەی خۆر،
بەسەرت دەکاتەوە..
بەبێ مااڵوا،دەڕۆی،
ئەو مااڵەت بەجێدێڵی...
دووڕە وااڵتیت دووجار دوور کردەوە،
لە وااڵت..

شوان عوسمان

"گەرکوک لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکیدا"

دەکرێت ئەوە ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و بابەتی ماستەر و دکتۆرا بێت. بڕوانن شاعیری دەربارى دەوڵەتی تورک عارف نیهاد عارف (١٩٠٤–١٩٧٥) لەبارەی گەرکوکەوە چی دەڵێت:

پەردەکانی دادراونەتەوە،
چراکانی کوژاونەتەوە،
باریکی چەندین ساڵە بە کۆڵییەوە،
یادەوەرییەکانی تێکشکاون،
ئەوە شوێنێکە، لەوێ،
ناوی گەرکوکە...

تورکییەکەی لە کۆمێنتی یەکەمدایە..!

Perdeleri örtük,
Lambaları sönük,
Sırtında yıllar yük,
Hatıraları kırık dökük,
Bir yer olacak, orada,
Adı, Kerkük…
Arif Nihat Asya (1904-1975)

پۆژی ناڵەی کوردستان

دەیان وێنە لە گوگلدا هەن، کە تیایاندا سەربازانی عەرەب (عێراق) و تورک ئاڵای کوردستانیان ناوەتە ژێر پێ. بە بینینی ئەو وێنانە شیعری (دۆستێ من، دژمنێ پۆستێ من – دۆستی من، دوژمنی پێستی من)ی قەدری جانم بیر دەکەوێتەوە، کە لە قۆناغی ناوەندیدا وەک نموونەی شیعری هاوچەرخی کوردی دەمانخوێند (بڕوانە ئەم لینکە).

https://helbest-siiir.blogspot.com/2009/11/bege-axirzeman-doste-min-dijmine-poste.html?fbclid=IwAR1tdBbGiM1mt0_wZCINISVqXmsDvIzQAZP9uB01mMcAkRw24pD-vUXrrn8

ئاشکرایە نە عێراق و نە هیچ یەکێکی تر لە داگیرکەرانی کوردستان دۆستی کورد نەبوون و نین. کورد ئەگەر خۆی بە یەکگرتوویی و تەبایی شکۆ بە ئاڵاکەی نەبەخشێت، ئەوا ئەگەری بینینی لەژێر پێی ئەوانی تردا هەموو کاتێک لە ئارادایە!

لە واڵی (بەکر شوانی)ەوە وەرگیراوە

کوردێک لە بەریتانیا بڕوانـــــامەی دکتۆرای بەپلەی نایاب لەبواری جیۆلوجیا بەدەستهێنا

دانا نوری رەزا بەرزنجی رۆڵەیەکی باشوری کوردستانە و هەر لەسەرەتاوە بەمانای وشە فێرخوازی زانست و زانیاریی بووە، هەمیشەو بەردەوام سەرەرای سەختی و نەهامەتییەکانی ژیان، سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی سەرکەوتووانە بەهەوڵی خانەوادە بەڕێزەکەی و بەتایبەتی پشتیوانی و هاوکاری دایکی ئازیزی بڕیووە.

سەرەتای ٢٠٠٠ بەشی جیۆلۆجی لە کۆلێژی زانیاری تەواوکردوە، پاشان بەهەوڵ و توانا و حەزی خۆی لەهەمان کۆلێژ پلەی ماستەری بەدەستهێناو بووە مامۆستا، خۆشبەختانە ئێستاش پاش ماندووبوون و کۆششێکی بێوچان خۆی و خێزانەکەی لە بەریتانیا بڕوانامەی دکتۆرای بەپلەی نایاب لەبواری جیۆلوجیا بەدەستهێنا.

لێرەوە خۆشحاڵین بە بیستنی ئەم هەواڵە و لەکانگای دڵمانەوە جوانترین پیرۆزبایی ئاراستە دەکەین، بەڕاستی سەلماندی و توانی کۆڵ بە مەحاڵ بدات، گەر مرۆڤ خۆی ویستی لەسەر بێت.

هیوای پلەی باڵاترو سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین، کەسانی شایستە، هەمیشە شایانی هەموو پلەیەکی باشن،هەربۆی دکتۆر دانای ئازیز رازاوەترین پیرۆزباییت پێشکەش بێت.

لە واڵی (موزەفەر عەزیز)ەوە وەرگیراوە

ئەگەری کارکردنی کورد لەگەڵ پارتەکەی داود ئۆغڵودا نووسینی: دکتۆر جەبار قادر

ئەحمەد داودئۆغلّو دامەزراندنی پارتێکی نوێی لە تورکیا بەناوی "پارتی ئایندە " Gelecek Partisi ڕاگەیاندا. لەو وتەیەی کە بە بۆنەی ڕاگەیاندنی پارتەکەی و ناساندنی ئەندامانی دامەزرێنەرەوە پێشکەشی کرد، ئاماژەی بە هەندێ خاڵی سەرەکی کرد کە پێویستیان بە هەندێ لێکدانەوە هەیە.

لە دەسپێکدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت، کە داوود ئۆغلّو نەک تەنها کوڕی دڵسۆزی ئیسلامی سیاسییە لە تورکیا، بەڵکو یەکێ لە بانگەشەکاران و دارێژەرانی بنەما تیۆرییەکانی دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپیدانیشە، بە تایبەتی لە بواری سیاسەتی دەرەوە. داودئۆغلّو وەک خوێنەوار و پسپۆرێکی شارەزا و خاوەن هزر بەشێوازی جیاواز لە ئەردۆگان بانگەشە بۆ بیر و بۆچوونەکانی دەکات و باوەڕی بە هێزی نەرم هەیە بۆ جێبەجێ کردنیان. بەگشتی دەتوانم بڵێم، کە جیاوازییەکی گەورە لە شێوازی پەروەردە و پێگەیاندنی هەردوو کەسایەتیدا هەیە. لە کاتێکدا داوودئۆغلّو وەک کەسێکی ئەکادیمی، کە دەبێت مێشک و هزری کراوە بێت و دوور لە دۆگما بێت، ئەردۆگان بە پێچەوانەوە وەک وتاربێژێک لە پەیمانگای وتارخوێنان پێگەیشتووە و تەنها باوەڕی بە قیرە قیر و هەڕەشە و گوڕەشەیە و هیچ ئامادەییەکی بۆ گفتوگۆ و دان و سان نیە. داود ئۆغلّو داوای دەستورێکی دیموکراتی ڕاستەقینە دەکات و باس لە سیاسەتێک دەکات کە هەموو پێکهاتەکانی تورکیا بگرێتەوە. ڕەخنەی توند لە سیاسەتەکانی ئەردۆگان دەگرێت. ئاماژەی ناڕاستەوخۆش بۆ نیوعوسمانیزم دەکات، نەک داگیرکردنەوەی ئەو وڵاتانە، بەڵکو لە ڕێگەی کولتووری و ڕابردووی هاوبەشەوە لێکنزیک ببنەوە و پێکەوە کاری هاوبەش بکەن. گوتارەکەی پڕ بوو لە بیرۆکەی نوێ و دەستەواژەی نوێ و کارکردن بۆ داهاتوو، نەک خۆبەندکردن لە ڕابردوودا. دەبێت چاوەڕوان بین بزانین چۆن دەخرێنە واری جێبەجێ کردنەوە. سەبارەت بە کۆمەڵێ خاڵی سەرەکی لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیادا، ئەو زۆر جیاواز لە ئەردۆگان و دەوروبەرەکەی بیر دەکاتەوە.

لە کاتێکدا ئەردۆگان باوەڕی بە دەسەڵاتی ڕەهای سەرۆکایەتی کۆمار هەیە، سیستەمی پارڵەمانی لە ڕێگای ڕیفیراندەمەوە هەڵوەشاندەوە، ئێستا بەشێوازێکی دیکتاتۆرییانە هەڵس و کەوت دەکات و وڵات بەڕێوەدەبات و هەموو دەنگە ناڕازییەکان سەرکوت دەکات، داوودئۆغلّو لە گەڵ سیستەمی پارڵەمانییە و لە دژی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی سەرۆک کۆمارە. سیستەمی سەرۆکایەتی ئەردۆگان زەبرێکی کوشندەی بە پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیا گەیاند و چەندین ساڵ ئەو وڵاتەی گێڕایە دواوە. کۆکردنەوە سەرۆکایەتی پارتی دەسەڵاتدار و سەرۆکایەتی کۆمار و گرێدانی هەموو دەزگا و دامەزراوە سەرەکییەکانی وڵات بەسەرۆک کۆمارەوە زەمینەی ڕەخساندووە بۆ دەسەڵاتێکی ڕەهای دیکتاتۆری.

هەر گرێدراو بەم بارەوە، ڕێگەگرتن لە ڕۆژنامەوانانی ئازاد و ئازادیی بیروڕا دەربڕین کێشەیەکی دیکەی گەورەی ئەمڕۆی تورکیایە. لە هەموو ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان باس لە پێشێلکردنی ئەم مافە دەکرێت، ئاماژە بە فشاری توندی دەسەڵات بۆ سەر ڕۆژنامەوانانیش دەکرێت و گرێدانی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی سیاسییەوە بووەتە سیمایەکی ناحەزی دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیا. لەمەشدا داودئۆغلّو بە پێچەوانەی ئەردۆگانەوە داوای ئازادی بیروڕا دەربڕین و هەڵگرتنی فشار و تۆقاندن لە سەر ڕۆژنامەوانان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات. تەنانەت لە وتەیەکدا باسی لەوە کرد کە سەرباری ترس و تۆقاندن ئەو و هاوڕێکانی بڕیاریاندا بەرپرسیارێتی مێژوویی بگرنە ئەستۆی خۆیان و لە دژی دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئەردۆگان بێدەنگ نەبن. بۆ لابردنی ستەمەکانی دەسەڵات و پاراستنی مافەکانی مرۆڤیش داوای سەربەخۆیی دادگاکان و سیستەمی دادوەری دەکات، کە ئەردۆگان هیچ سەربەخۆییەکی بۆ ئەم دامەزراوەیە نەهێشتووە و هەموویانی بەدەسەڵاتی خۆیەوە گرێداوە.

بڕوانە لاپەرە 7

ئەم داخوازییە و کارکردن بۆ سەربەخۆیی دادگا و سیستەمی دادوەری لە قازانجی هەموو دانیشتوانی تورکیادایە بە کوردانی ئەو وڵاتەشەوە

پاشماوەی لاپەڕە 6

ئەم داخوازییە و کارکردن بۆ سەربەخۆیی دادگا و سیستەمی دادوەری لە قازانجی هەموو دانیشتوانی تورکیادایە بە کوردانی ئەو وڵاتەشەوە، بۆیە پاڵپشتی کردن لەم داخوازییە ئەرکی سەرەکی هەموو خەباتکارانی ئازادی و دیموکراسییە لە تورکیا و باکوری کوردستان. لە کاتی خۆیدا داودئۆغلو بانگەشەی "سفر کێشە"ی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێی تورکیادا دەکرد. ئەو لەگەڵ ئەوەدا بوو تورکیا نموونەیەکی باش پیشانی گەلانی ناوچەکە بدات و وێنەی خۆی لە لایان شیرین بکات.

دەکرێت بگوترێت تا ئەندازەیەکیش ئەوە بەدی کرا، کە تورکیا لەو ساڵانەدا هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیدا لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەدا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی سیاسەتی ملهوڕانە و فراوانخوازیی ئەردۆگانەوە و هەڕەشە و گوڕەشەکانێوە پەیوەندییەکانی تورکیا لە گەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەدا زۆر ئاڵۆز و پڕ لە کێشەن و "سفر دۆستایەتی و سەقامگیری " جێگەی "سفر کێشە"ی گرتووەتەوە.

جیاوازییەکی تری سەرەکی ئەردۆگان و داودئۆغلو لەوەدایە کە ئەوان کاتێ پێکەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست لە دژی ڕەگەزپەرستی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی قسەیان دەکرد. ئەردۆگان ئاماژەی بە ئەحمەدی خانی و ئەحمەد قایا و شڤان پەروەر و ئەوانە دەکرد. لە دوای ئەوەی هاوپەیمانی لە گەڵ دەوڵەت باخچەلیدا بەست، بوو بە ناسیۆنالیستێکی ڕەگەزپەرستی تورک و کەوتە چەوساندنەوەی کورد و عەلەوی وگەلانی تری تورکیا.

هەر بەوەش نەوەستا، بەڵکو سیاسەتێکی دوژمنکارانەی لە دژی هەموو کورد، نەک تەنها لە تورکیا، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان پەیڕەو دەکات. داودئۆغلو ئەم هاوپەیمانییە بەکارێکی نادروست دادەنێت و پێیوایە لەگەڵ پرینسیپەکانی پارتی داد و گەشەپێداندا یەکناگرێتەوە.

ئەو لە بەرامبەر گوتاری تووندی تورکچێتی ئەردۆگان و باخچەلیدا، ئاماژە بە فرەڕەنگی و فرەکولتووری دانیشتوانی تورکیا دەکات و پەیمان دەدات وەک یەک سەیریان بکات و هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکات.

لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان لە گەڵ ئەوەدان هاوواڵتیانی تورکیا ئازادانە مافە کولتوری و زمانەوانییەکانی خۆیان بەکار بێنن. هەندێ گوتەی گشتی لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکانەوە دەکات و پێیوایە هیچ کێشییەک نیە چارەسەر نەکرێت.

ڕەنگبێ ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ دەسپێکردنەوە پرۆسەی ئاشتی لە گەڵ کوردا. لەم بارەی ئێستای تورکیادا کە بارگاوی کراوە بە دیدوبۆچوونی تونڕەوی نەتەوەیی تورکی و پارتەکەی ئەردۆگان و باخچەلی کەش و هەوای وڵاتەکەیان بەو بیرە ژەهراوی کردووە، ڕەنگبێ بۆ پارتێکی نوێ کە بیەوێت جێ پێی خۆی بکاتەوە، نەتوانێ لەوە زیاتر لەم بارەیەوە بڵێت. دەبێ چاوەڕوان بین بزانین لە داهاتوودا چی هەنگاو گەلێک لەم بواردەدا هەڵدێنن.

هەڵبەتە هیچ پارتکی سیاسی لە باری ئابوری سەختی ئەمڕۆی تورکیا ناتوانێت باس لە قەیرانی ئابوری و کێشەکانی بێکاری، دابەزینی بەهای لیرەی تورکی و پاشەکشەی وەبەرهێنان و...تاد نەکات، بۆیە بەشێک لە قسەکانی داودئۆغلویش بۆ ئەم پرسانە تەرخان کرابوون و ڕەخنەی تووندی لە سیاسەتەکانی ئەردۆگان گرت کە بوونەتە هۆکاری ئەم بارە سەختە.

ئەم بانگەشە و دروشمانە هەڵبەتە زۆر جوانن و هەندێ هیوا بە خەڵکی تورکیا دەبەخشن، بەڵام ڕۆژگار دەریدەخات تا چەند جێبەجێیان دەکەن و پێوەیان پابەند دەبن، یان هەر هەوڵێکن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. ڕەنگبێت ئەمە دەرفەتێک بێت بۆ نوێنەرانی کورد، کە لە ڕێگەی نەیارانی ئەردۆگانەوە دەسەڵاتەکەی لاواز بکەن و لە بەرەی پارتی داد و گەشەپێداندا لێکترازان و دابڕان دروست بکەن. وەک ئەوەی چۆن لە ئەستەمۆڵ بوونە هۆی دۆڕاندنی حیزبەکەی ئەردۆگان، لە داهاتووشدا لەگەڵ هەموو نەیارانی ئەردۆگان و باخچەلیدا هەوڵ بدەن گۆڕانکاری لە تورکیا بێننە دی. مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە هەندێک لایەنی کوردی لە دیدی ئایدیۆلۆژی و بڕیاری پێشوەختەوە هەڵوێستێکی نەرێنیئ بگرنە بەر لەبەرامبەر پارتەکەی داودئۆغلو. هەڵبەتە داودئۆغلو تۆمەتبارە بە بەشێک لەو کارەساتانەی بەسەر کوردانی باکوردا هێنران، بەڵام بەمانەوە لە ڕابردوودا و مامەڵەکردنی ناواقیعییانە لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا ڕەنگبێ ببێتە هۆی لە دەستدانی دەرفەتێکی دیکە.

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا

بەشی سێیەم

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عبدالستار شارباژێڕی

لەلایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنی ناوێی تەنها ڕێگەیەک نییە بۆ گرژبوون و چوونەوەیەکی حاڵەتی دەروونی. بەڵکوو ئەو ناوێیە دەگۆڕێ بۆوزەیەک کەپێی دەوترێ شیعر.ئەگەر ئەو داڕمان و ڕوخانە دەرونیە نەبوایە. ڕەنگە هەرگیز شیعر لای ئەو لەدایک نەبوایە چونکە ئەو هەستکردنە بەو ڕێگەیە نمونەییەی خۆی وایکردووە شیعریەت لای ئەو جێیە بگۆڕێ.

"بۆنمونە لەشیعری "مەخلوقێک لە ڕەنگدا" دەڵێت

کەوەرز دێت و دەڕوا
گەڵا پۆڵ پۆڵ دەوەرن
زەوی دەبێتە ڕەنگێکی تر
بەوێنەی تریفەی مانگ
تۆبڵێی وەرزی وەرینی گەڵا
گوێی لەهەنسکی گریان و
دڵی عاشق و، خەمی پەپوولە و
ئەندێشەی خەیاڵ و
چاوی پڕ فرمێسک بووبێ

لێرەدا زەمەن بریتیە لە وزەیەکی پێکهێنەر و، خوڵقێنەرو، بونیادنەر، بەڵام لەهەمانکاتدا هێزێکی کاریگەرە بەشێوەیەکی گشتی بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە لەسروشت یان بوونەوەرەکان لەبەردەم شاعیردا. تەنها یەک دەروەهەیە بۆرزگار بوون لە کاول بوونی زەمەن دەبێتە شتێک کە هیچ مانایەکی نابێ ،چونکە وزەی زەمەنی زۆر بەهێز ترە لەوزەی خەیاڵ ،لەم گۆشەیەوە هیوایەک بۆشاعیر نامێنێتەوە چ لەرابردوو ،چ لەئێستا و چ پاشەڕۆژ. چونکە بەشێکە لەرابردوو بەو پێیە هەست بەداڕمان دەکات ،مرۆڤ لەبەردەم زەمەندایە هیچ هێزو وزەو توانایەکی پێ نیە ،لەهەمان قەصیدەدا شاعیر دەڵێت

زەمەن بەئاسانی دێت و دەڕوا
وەرزی تەمەن لەگەڵ خۆیدا دەبا
دڵی پڕدەبێت لەهۆنینەوەی ملوانکەیەک و
چنینەوەی بەیانیەکی غەمگین و
تینوویەتی سەفەرێکی ماندوو

لەقەصیدەی "ئاوڕدانەوەیەک بۆ دوێنێ" شاعیر دەیەوێ زەمەن تێک بشکێنێ چونکە کات و زەمەن بەهەموو چمک و بابەتەکانیەوە کار لەسەر کاولکردنی پەیوەندی نێوان "من و ئەویتر" دەکات، خەیاڵ و گەڕانەوە بۆرابردوو ڕێگەیەکن بۆهەرسکردنی واقیع و زەمەن.

چونکە تائێستا پابەندبوونی یەکترین بەشێوەیەکی بێدەنگ و خۆشەویستی بۆیەکتری دەتوانی دڵتەنگیەکانی هەرس بکات.ئەمەیە دەبێتە هۆی بەردەوامی جوولەی حاڵەتێکی ڕۆمانسی بۆ"من" بەشێوەیەکی هەمیشەیی

چەند بۆن خۆش بوون
ئەو گوڵانەی دات لەقژم
پێشت ووتم "
ئەو عەشقەی ئێمە گۆرانیە
غەمبارەکان ناگرنە خۆ
چەند پیرۆزبوون ئەو وشانەی
بەگوێتا چرپاندم و ،ووتت "
ئێمە وەک پەشمەک واین
کە گەیشتینە ناوەمی یەکتریەوە
ناتوانین تامی یەکتر کەین دەتوێینەوە"

3_ئاڕاستەگۆڕین

مەبەست لەئاڕاستەگۆڕین ،گۆڕین و دروستکردنی لەدایکبوونی شتەکان نییە،بەڵکوو مەبەست لەوە سنوردارکردنی وزەی جوانییە لەدەقی شیعردا زیرەکی و وریایی ڕۆمانسی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەم کارەدا کەسانی زیرەک و خاوەن هزری ڕۆمانسی دەتوانن ئاسۆی حاڵەتە کۆمەڵایەتیەکان و هزریەکانی کۆمەڵگە دیاری بکەن لەهەموو چینەکان و توێژەکان

"طاهر محسن منصور"12–18

بەمانای ئەوەی خاوەن گۆڕانکارییەکان توانای پەیوەندییان هەیە لەگەڵ کەسانی تردا ،لەڕووی بنیاتنان و دامەزرابوونەوە لەبەرئەوە وزە یەکێکە لە شێوازەکانی بوون لەم گەردونەدا چونکە دەتوانی شێوەی شتێک بگۆڕێ بۆشێوازێکی دیکە، ئەو تێکشکانەی بازنەیەک لەسەر حساب کردن بۆدیدی نوێ. ئەوسا پێدەگوترێت "وزەی جوولە"، کە پشت بەبارستایی دەق و، کێشەکەی دەبەستێ هەرچەند وزەی جوولە زیادبکات ئەوا ئەزموونی شیعری زیاد دەکات لە ڕوانگەی ئەم بابەتەوە یان لە ئەزموونگەراییەوە بۆ بابەتی. ئەمە بەرنامەی گۆڕانکاری کارێکی تێۆری و ئەقڵانی نییە.بەڵکوو پشت دەبەستێ بەجۆرێ بارستایی ڕۆمانسیەتی دەق،ئیتر بابەتەکە دابەش دەبێ بەسەر چەند کۆمەڵێکدا کەبەدەوری ئەو بارستایەدا دەسوڕێتەوە ،لەهەموو وێنەیەکدا کێشی هەستەکان بەرزدەبێتەوە لەبەرامبەر بابەتەکەدا، قەبارەی وێنەکەش کێش و بارستایی دەقەکە دیاریدەکات. هێزی بارستایی لەباوەڕبوون بەمەسەلەی شیعرییەوە سەرچاوەدەگرێ بۆنموونە گوتاری هزری "حەللاج" دواتر دەگۆڕدرێ بۆ سەرکەوتن، چونکە لەتێڕوانینی ئەوەوە بارستایی بناغەیەکە بۆدەقی شیعرو هیچی تر تا ئەوڕادەییەی کە"حەللاج" چێژ لەمەرگ وەردەگرێ لەپێناو بارستایی بناغەی دەقە شیعریەکانی،چونکە بانگەوازەکانی بۆخوودی خۆی نەبووە بەڵکوو بۆ کەسانی دیکە بووە لەناو خەڵکە گشتیەکەدا. یانی بۆ بۆمرۆڤایەتی بووە.

بڕوانە لاپەڕە 9

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا

پاشماوەی ل 8

خاتوو کەژاڵ لەقەصیدەی "ئاوڕدانەوەیەک بۆدوێنێ" دا بارستایی بناغەی دەقەکە بریتیە لە ناموّی دەروونی لەئەنجامی "دابڕانی "من"لە"ئەوانی دیکە" یان راستر بڵێن گرنگی ئەدای"ئەوانی دیکە" بەمن" ئیتر هۆکارەکەی هەرچی بێ لە پشت گوێ خستن یان لووت بەرزی و لەخۆبایی بووی ئەوانی دیکە بەرامبەر"بەمن"بەڵام ئەو وزەیەی بەدەوری بارستایی دەقەکەدا دەسوڕێتەوە بریتیە لەدڵتەنگیەکی گەورەو گەڕانەوە بۆرابردوو ،رۆژانی رابردوو بیرەوەریەکان کەپڕن لە خۆشەویستی جوان و ،بەختەوەری .ئەم بارستایە کێشەی خود نییە بۆشاعیر بەڵکوو زەمەنی تێپەڕاندووە بازی بەسەر شوێندا داوە لەگەڵ هەموو جیاوازیەکانی رەگەزی رەنگ و زمان ،ئەرکی شاعیر لێرەدا ئەوەیە هاوسەنگی دروست بکات لەنێوان بابەتەکەی خۆی و، بابەتی ئەوانی دیکەدا؟ئەمەش بەگۆڕانی شوێنی توخمە بنەڕەتیەکانە لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی کە ،بەمەش رەوڕەوەی وزە لەدەورانی بەردەوامیدا دەبێ، بزوێنەرەکەشی خاوەنی توانی ئەزموونی خۆی دەبێ لەگەڵ پرنسیپە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیدا مامەڵە دەکات ئەمە خۆی لەخۆیدا بەوزەیەکی دیکە ناوزەد دەکرێ ،چونکە کارلێکەری وزەی یەکەم لەگەڵ بارستایی رۆمانسیەتی گشتی وزەیەکی نوێ بەرهەم دێنێ کە هاوتەریبە لەگەڵ وزەی یەکەم لەهەموو لایەنێکی بابەتیەوە"

پایز هەنگاوەکانی نا
گەڵاکانیش بەسەر روخساری زەویدا دادەبارن
گەڵاریزانی من و تۆش دەستی پێکرد
درەختەکان گەڵاکانیان وەراند و
لێوەکانی من ماچ
ئەوان بۆ سەر سنگی زەوی
من بۆ نیگای سیحراوی تۆ"

ستراتیژیەتی قەصیدەکانی "کەژاڵ ئیبراهیم" لەوەدا چڕ دەبێتەوە کەبابەتە کۆمەڵایەتی و رۆمانسیەتی دوای هەرسکردن و، تێکشکاندنی، دەگۆڕێ بۆ بابەتێک کە رێڕەوەکەی دەگۆڕێ لەبابەتێکی سادەوە بۆ بابەتێکی قوڵتر، کەخاوەنی وێنەیەکی جوان و پێویستە بۆدووبارەکردنەوەو دروستبوونی ناوکێک کە بتوانێ کۆنترۆڵی بەرهەمی شیعری بکات .ئەم شێوازە لەکارکردن بەلای "بەرنارد دوبریی" یەوە بریتیە لەبیرۆکەیەکی ناجێگیر لەکاری ئەدەبیدا.هەندێ جار بەمانای رۆڵی ناجێگیر ناوزەد دەکرێ "سەعید یەگین232"

بابەتی شیعری لە بەرهەمەکانی "کەژاڵدا" بۆتە وزەیەکی بەهێز و، دەگۆڕدرێت بۆوزەیەک کە کۆنترۆڵی خۆی دەخاتە سەر کەسایەتی شیعری "یەکێ لەودیمەنە تایبەتیەکانی لەدڵپاکی شاعیرەوە دەردەکەوێ کە خەمە، لەگەڵ ئەوەشدا رووبەرووی رق و کینە و، خۆپەرستی دەبێتەوەو، دواتر عیشقێکی نمونەیی ئەبەدی جێی دەگرێتەوە ئەوەتا لە قەسیدەیەکی بەناوی" دڵێک لەلاولاوی درەخت " کە طارق بابان" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی تیایدا دەڵێت:

مرۆڤ کە عشقی تێدا بوو
دڵی سووڕە
کە میهرەبانی تێدا بوو دڵی سپیە
کەوەفای تێدا بوو وەک ئاسمانە
کەئومێدی تێدا بوو دڵی سەوزە
بەڵام کەرقی تێکەوت رەش دەچێتەوە
کەئومێدی تێدا بوو دڵی سەوزە
بەڵام کەرقی تێکەوت رەش دەچێتەوە
""بۆدڵت هێندە رەقە
لەگەڵ گزنگی بەیانیدا دەردەکەوێت
شەپۆلێک لەتوڕەی دەبەخشێت
کەبێدەنگی دەبێتە میوانم

" بەر ئەنجام "

لەم توێژینەوەیەداگەیشتینەئەم دەرئەنجامانە:"

1_میتابۆلیزم"لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی بایۆکیماویە پشت دەبەستێ بەبەرنامەی لێکدانەوە. چڕدەبێتەوە لەتێگەیشتن لەبەرئەنجامە هەستیەکان وەکوو گواستنەوەی وێنەی گشتی بۆوێنەی بچووک بچووک بەپێی لۆجیکی هەستەکان "نەک سەلماندنێکی ماتماتیکی یان بنەمایەکی لۆژیکی ،چونکە پرسیارکردنی خوودی کاریگەر پێویستی بەوەڵام هەیە

لەقەصیدەکانی "کەژاڵ ئیبراهیم"دا کە ئاماژەمان پێداون لەم توێژینەوەیەدا دەبینین شاعیر هەوڵی داوە دۆسیە رۆمانسی و کۆمەڵایەتی و هونەریەکان بکاتەوە و، بیخاتە بەردەمی رای گشتی خەڵک نەک وەک نمایشکردن بەڵکوو وەک هاوبەشیەکی راستەقینە یان بڕیاردان لەسەری ،بەو مانایەی شاعیر دەیەوێت بۆهەموو لایەکی ئاشکرابکات هۆکارەکانی داڕمان و نوێکردنەوەو بونیاتنان چین؟ لەرێگەی تێکشکاندن و ڕێکخستنەوەو گۆڕینەوە بۆماوەیەکی تازەتر. پێمان دەڵێت کەئەم بابەتانە بەتەنها پەیوەست نین بە خوودی شاعیرەوە بەڵکوو بابەتین لەناو زۆربەی خەڵکدا هەن پیادا تێدەپەڕن وەک "ئازار، هەناسەساردی، نامۆیی دەروونی، و کۆمەڵایەتی. لەئەنجامی ونبوونی بەهاکانی وەک "زاڵبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی –یەکسانی لەماف و ئەرکدا ئازادیی ..تادوایی

2_میتابۆلیزم بناغەکانی دەقی ئەدەبی شیعری ئاشکراکردووە چونکە کاریگەری دەبێ لەسەر هەڵسەنگاندنی داڕمان و بنیات نانەوە بەیارمەتی کرداری لێک هەڵوەشاندنەوەی هەرسێ کردەی گۆڕین .دەتوانین بڵێین میتابۆلیزم رۆڵی ئامێرە پزیشکیەکان دەبینێ لەدیاریکردنی هەڵوێستی هێزو وزەو لاوازبوون و کەم و کوڕیەکان .

بۆنمونە قەصیدەکانی "کەژاڵ ئیبراهیم "پەردە لەسەر نهێنیە ناوخۆیەکان لادەدا وەکوو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و، دەروونی و، هزریەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و تاک بەتایبەتی .پرنسیپەکانی ئاشکراکردنی نهێنیەکانی بەستراوە بەهۆکاروپاڵپشتەکان و، بیانووەکانی ڕووی گۆڕین کەلەئەنجامی هەڵوەشاندن و نوێبونەوەوە دروست دەبێ.لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەئەم کردارە هەر لەخۆیەوە پەیدا نەبووە،بەڵکوو پێداویستیەکانی خوود یان تاک دروستیکردوون چونکە پەیوەندی تاک بەکۆمەڵگەوە پرۆژەیەکی بەردەوامەو لۆژیکێکی هزرو سیاسەت و کۆمەڵناسیە و، پرانسیپی داڕمان بونیات نانەوە دێنێتە کایەوە ئیتر ئاشکرادەبێ کەئەم کردارە کرداریکی واقیع بینانەیە نەک خەون و خەیاڵ.

3_مەرکەزیەتی میتابۆلیزم" لەوزەوە سەرچاوەدەگرێ چونکە جارێک بەناو جوومگەکانی ژیاندا دابەش دەبێ هەریەکەو بە پێی رۆڵ و هەڵوێستی کردارە کۆمەڵایەتی و هزرییەکان . جارێکی دیکەش دەبێتە شێوازێک لەشێوازەکانی بوون لەگەردووندا بەو مانایەی شێواز شتێک بگۆڕێ بۆشێوازێکی نوێ.

مەرکەزییەت و دەسەڵات لەقەصیدەکانی "کەژاڵ ئیبراهیم"دا لەهەستەوە سەرچاوە دەگرێت بەرامبەر بەژیان بەهەموو هەستەکانیەوە لەتێڕوانین و هەڵوێستە کانیدا زۆرکراوەنییە بەڵکوو دەخزێنە ناو رووبەرێکی دیاریکراوی وێنەکانی ژیانەوە.

چالاکی ڕۆشنبیریی دەربارەی کورد لە تاراوگەدا

ئەمستردام شاری هاوڵاتییەکانیەتیی

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٦-١٢-٢١٩ لە هۆڵی زڤایخەر، کۆڕێک ڕێکخرا بوو بەناونیشانی(ئەمستردام شاری هاوڵاتییەکانیەتیی).

لە ئێوارەکەدا سەرەتا مارتن ڤان براونێسە (کوردناسی هۆڵەندیی) و مامۆستای زانکۆی ئوترێخت، باسێکی مێژوویی لەسەر کودستان بەگشتی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابووردا، باسێکی ئەکادیمی پێشکەش کرد، پاشان موسەتافا حەمۆ لەدایک بووی عەفرین(مۆسیقار) بە تەمبورەکەی چەند پارچە ئاوازێکی غەمگینی پێشکەش ئامادەبووان کرد، گوڵاڵە عەبدوڵرەحمان، ناسراو بە گوڵاڵە پشدەری (خۆبەشکار و نووسەر)، کە خاونی کتێبێکە بە زمانی هۆڵەندی، دەربارە تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە باسی ئەزموونی خۆی کرد.

هەروەها دکتۆر مەریوان وریا قانع مامۆستای زانکۆی ئەمستردام، باسێکی دەربارەی بارودۆخی سیاسی کورد کرد و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ گوڵی عەبدوڵرەحماندا، لەو نێوەندەدا بەڕێوەبەری کۆڕ چەند پرسیارێکی دەربارەی ژیانی تایبەتی دکتۆر مەریوان خۆی و خانەوادەکەی کرد، ئەویش باسی شاعیری ناسراوی کورد قانعی باپیری کرد، چۆن لە زیندانی ئەفین لە تاران ساڵی 1963 لەگەڵ وریا قانع باوکیدا بەند کراون، د.مەریواندا و هەرلەوێدا شیعرە ناودارەکەی قانع (ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە...) بە کوردیی خوێندەوە و پاشان وەریگێڕایە سەر هۆڵەندی بۆ ئامادبووان. پاشان دکتۆر مەریوان لە چمکێکی دیکەوە باسی زاراوە جیاوازەکانی زمانی کوردیی کرد و بەزمانەکانی دیکەی وڵاتانی دنیای بەراورد کرد، هەروەک زمانی هۆڵەندی و چەندین نموونەی لەو بارەیەوە هێنایەوە. باسی ئەوەی کرد، لە شاری ئەمستردامدا ١٨٠ نەتەوە و گروپ و ئەتنیی و دینە جیاوازەکانی جیهانی تێدا دەژین، کوردیش نەتەوەیەکە دابەشکراوە بەسەر چواردەوڵەتی وەک عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا، کلتور و زمانەکانی ئەو وڵاتانە و سەرکوتی ڕژێمەکانی کاریگەری لەسەر کورد هەبووە.

لەچەندین وڵاتی دیکەی دنیاش کورد دەژین و لە ئەوروپا نزیکەی یەک ملیۆن کورد هەن، کوردیش وەک شاری ئەمستردام فرەڕەنگە، هەر لە مسوڵمانی شیعە و سونە، فەلە و جوو، کاکەیی و ئێزدیی و لە جۆرەها گرووپی جیاواز پێک هاتوون، ڕەنگە ئەمستردام شاری ژمارە یەکی جیهانبێت لەڕووی زۆری گروپە ئەتنییەکانی ناوایەوە و لە پێش شاری "ئانتڤێرپن"ی بەلجیکی و شاری "نیویۆرک"ی ئەمریکییەوە بێت.

کورد لە هۆڵەندا بەگشتی و لە ئەمستردامیش بە تایبەتی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتوون و ئەمانیش بەشیکی کاریگەرن لەم دیمەنە ئەتنییە هەمەڕەنگە و ژمارەیەکی بەرچاویان لەم شارەدا هەن و تا ڕادەیەکیش ڕۆڵی خۆیان بینیووە.

ئەو ئێوارەیە لە چوارچێوەی زنجیرە بەرنامەیەکدا، پێشکەشکرا لە ژێر ناونیشانی "ئەمستردام شارێکی ترانس ناشنڵ"، بە نیازن ڕادیۆی ڤی پێرۆ بەرنامەی ئێوارەکە، کە لە کاتژمێر ٨ بۆ ١٠ی ئێوارەی خایاند بگوازێتەوە.

تەنها سەرنجی ئێمە وەک ئامادەبووەیەکی ئێوارەکە، ئەم بەرنامەیە مانشێتەکەی بۆ کوردەکانی ئەمستردام تەرخان کرا بوو، بەڵام ئەوەی باس نەکرا کاروچالاکی کوردەکانی ئەمستەردام بوو. دەبوایە تیشک بخرایەتە سەر ڕۆڵی ئەوان و وەڵام پرسیارە سەرەکییەکەی خۆیان بدرایەتەوە، کە ئایا چ مانەیەکی هەیە کوردبیت و لە شاری ئەمستردامدا بژیت؟، تەنها دکتۆر مەریوان ئاماژەیەکی کورتی بەو لایەنەدا. پرسیارە سەرەکییەکانی تری بەرنامەی ئێوارەکە بریتی بوون لە: ئایا کوردانی ئەمستردام لە ئێستادا بە چییەوە سەرقاڵن؟ ئایا مۆسیقا و هونەر و شانۆ چۆن هاریکاریی کوردانی ئەم شارە دەکات بۆ ئەوەی شوناسی کوردبوونی خۆیان بپارێزن؟ چۆن ئەم شوناسە وا دابڕێژنەوە و بتوانن لە ساتەوەختەکانی جەنگدا کەبەسەر گەلەکەیاندا دێت لە وڵاتی خۆیان، لێرە وەک شوناسێکی بەرگریکەر ئامادە بن؟ بە نیازن بەرنامەکان لە شاری ئەمستردام و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ستودیۆی Studio van Pakhuis de Zwijger پەخش بکرێت و دواتریش تۆمارەکەی لەسەر وێبسایتی ستودیۆکەیان دابنرێت. لە کۆتاییدا خەلیل تۆکسۆز کوردی باکور (دەرهێنەری شانۆ)، باسی کاروچالاکییەکانی خۆی کرد، کە چۆن شانۆییەکانی شەکسپیری بۆ شانۆ ئامادەکردووە و نمایشی کردوون لە ماوەی پێشووشدا ئۆپیرایەکی لە دەقیکی ئیتالیەوە لە شاری ئوترێخت پێشکەش کردوە..

زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان- ژمارە: سێ
رۆشنبیـــری ئـــازاد و نا- ئـــــــازاد.....!

رۆشنبیـــــر (١)

لە گەرمەی ڕێنسانسدا لە تەنیشت میرەوە دانیشتووە. شەیتانئاسا پەیتا-پەیتا بە گوێیدا دەچرپێنێ، "ئامانج پاساوی مێتودە، سڵ-مەکە، مەنزڵ دوا وێستگەمانە، گوێ بەوانە مەدە کە دەڵێن ڕێگای گەیشتن بەدەسەڵات بەکاسە سەر داڕێژراوە. گشت ڕێگایەک، گۆمی خوێن، پول-و-پارە، فێڵ-و-کەڵەک، پاشقولگرتن-و-ملشکاندن تەنانەت با ئازیزترین کەسیشت بێ، بگرە. باش و خراپ بێ جیاوازی تا دەتگەیەنێتە سەر تەخت-و-بەخت، فلۆرەنس دەبێ بێتە ئیتالیا و ئیتالیاش فلۆرەنس، بۆ ئەو ئامانجە دەست لە هیچ مەپارێزە"! میر دڵنیا نییە، سەیرێکی نیکۆلا مێکاڤێلی، ١٤٦٩-١٥٢٧، دەکات و کەمێک تێڕادەمێنێ. بەڵام هەموو ئیتالیا یەکبخات و بیکاتە وڵاتێکی یەکگرتوو- لەم فلۆرسە چکۆلەیە قورتاری بێ، خۆتکەی دەدا. وانەی یەک: لە ڕێنساسدا ڕۆشنبیران ئازاد بوون، ئەوان ڕێنمایی سیاسەتوانیان دەکرد. دەسەڵات لەبەر ڕوحم و ڕێنمایی ڕۆشنبیراندا بوو. هێشتاکونێ ڕۆشنبیران نەبووبوونە شاگردی بەردەستی وەستاکانیان، مەقسەد سیاسەتەوانان. ڕۆشنبیران دەیانچرپاند و سیاسیەتوانان گوێڕادێر بوون.

رۆشنبیـــــر (٢):

گومان سەرچاوەی گشت زانیاری و زانستێکە! تا تۆوی گومان پەیکە لە ژێر پەڕەی دڵتدا نەکات قەدری فێربوون نازانیت. دروست-و-نادروست، هەق-و-ناهەق، داد-و-ناداد، یەکسان-و-نایەکسان پەیوەندی بە دەرئەنجامی کارمانەوە نییە بەڵکو پەیوەستە بە ئێمەوە کە تا چەند توانیومانە عەودالّی ئەرکی خۆمان بین، چلۆنیش دە پراکتیکدا پیادەی دەکەین. دەبینن، تەنیا گومان بەس نییە. مۆراڵ، ڕەفتار، ئێتیک و ڕەوشت بنەمای ئەکسیۆنەکانی مرۆڤن. ٢٥٥ ساڵ دوای زایینی مەکاڤێلی ئەم، ئەمانوێل کانت، ١٧٢٤-١٨٠٤، دێتە دونیاوە، گەرمەی چاخی ڕووناکبیرانە(=منەوەرانە). ئەمان گوێیەک کە هی میرانە قەرز ناکەن، نەخێر، بە گوێی خەڵکیشدا ناچرپێنن، بەڵکو هاواردەکەن، بڕواتان بە هیچ نەبێ تا دڵنیا دەبنەوە. گومانتان لە گشت شتێک بێ، تا بەڵگەی یەکلاکەروەتان دەستدەکەوێ. فزولیەت و گومان ئەستوندەکی سەردەمەکەن. ئەقڵ، تێڕامان، بیرکردنەوە، شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و توانای مرۆڤ شتگەلێکن بەسەر زاری ڕووناکبیرانەوەن. ئامانج پاساوی مێتودی کار ناداتەوە. ئەقڵ مەنزڵ و ئامانجە. ڕۆشنبیر وێڵی ئەقڵ و لۆژیکە. سەرکەوتن بەسەر تاریکی و فڕ-و-فێڵ و کوشت-و-بڕی دەسەڵات و سیاسەتەوانانداا ئامانجە. ئیستاتیکا و سیاسەت، پێکەوە، دەبنە مۆم و لایتی ڕۆشنکەرەوی تاریکساتانی سەردەم.

وانەی دوو: ڕۆشنبیر چاودێر و ڕەخنەگرە لەهەمبەر دەسەڵات و سیاسەتەوانان.

نێوان ڕۆشنبیرانی (١) و (٢)

١٨١ ساڵیش پێش کانت، بە گوزارشتێکی تر، نێوان مەکاڤێلی و کانت، کەسێکی تر دێ و مرۆڤایەتی فێری شێوازی گفت-و-گۆ و دێبەیت دەکا. چۆن بیرو-باوەڕت دەخەیتە بەردەم نەیارێکت، شێواز-و-ڕەفتاری ئاڵوگۆڕی بیر-و-بۆچوون چۆنە..؟

"گەر دەتەوێ نامە دێهاتیەکانی من بخوێنێیتەوە، سەرەتا دەبێ خۆت خاڵی بکەیتەوە، سفربکەیتەوە، ناکرێ بە کۆمەڵێ بیروباوەڕی پێشوەخت بڕواپێکراوەو لای من قووت بیتەوەو من چیم گۆت، تۆ بڵێیت دروست نییە. خاڵیبە دەمێ من دەخوێنیتەوە. پاشان ئەقڵت بەکار بێنە". ئەمیان، ١٦٢٣-١٦٦٢، بلیز پاسکال-ـە. پاسکال تەنانەت قەبوڵیشی نییە تۆ ڕۆشنبیرێکی ئازاد بیت بەڵام پێشوەخت مێشکت تژیی بێ لە جۆرەها ئایدۆلۆژیگەلی تر. دەخوازێ دەمێ ئەو دەخوێنیتەوە پاک بیت. تا بزانێ بێ-زانیاری پێشوەخت خۆت بە توانای ئەقڵی خۆت دەکرێ لەوبارەیەوە دێبەیت بکەیت. وانە: مرۆڤی ئازاد و سەربەستە لە هەڵبژاردنی بیروبۆچوونی خۆی، بەمەرجێ ئەقڵی خۆی بەکاربهێنێ. ئەقڵیش گوزارشتە لە گومان، لێکۆڵینەوە، سۆراخ و وێڵبوون، بەڵگە-و-سەلماندن. دەنا دەبیتە کۆیلەی کۆمەڵێ بیروباوەڕ کە مەرامی ڕۆشنبیر نییە. بەڵکو ئامانجی سیاسیەتوانانە، یانی دەسەڵاتە. دەسەڵاتیش مەنزڵ و ئامانجی ڕۆشنیری ئازاد نییە. بەڵکو کردە-کرداری تۆ، ئەکسیۆنی ڕۆشنبیری ئازاد سەروسەودایە لەتەک مرۆڤایەتیدا چ بۆ سوودی خۆت یان بۆ قازانجی ئەوانی تر بەمەرجێ هەق، دادپەروەری، مرۆڤایەتی، یەکسانی، دیموکراتی، ئازادی و سەربەستی ئامانج بێ، نەک سوودی کەسەکی و دەسەڵات.

پاسکال کە ماتماتیسیان، فیزیسیان، داهێنەر و نووسەرێکی گەورەیە، بەداخەوە، زوو دەمرێ. نامە دێهاتیەکان، ١٨ دانە، کە بیری فەلسەفی ئەون، یەکەمجار بە ناوێکی خوازراوەوە بڵاودەکاتەوە. ئەو (١٨) نامایە، ئێستاتیکای سەردەمی خۆی دێنێتە گۆڕین، شێوازی ئەدەب و هونەر ئاسەوارێکی فرەلایەنەی پاسکالیان پێوە دیارە. وانەی سێ: ئامادەی گفتوگۆ و دێبەیت بە، شێوازەکانی فێربە.

ڕۆشنبیـــــری نا-ئـــــازاد:

کوردستانی گەورە تا کۆتایی دووەم جەنگی جیهان خاوەنی کۆمەڵێ ڕۆشنبیری گەورە و بیر ڕووناکە، جێی شانازی میللەتن، هاوتای گەورە-ڕۆشنبیرانی دونیان. دوای جەنگی دوو ڕۆشنگەرایی و ڕۆشنبیرانی مە، بە گوزارشتی ئازاد، دێنە کۆتایی.

پاشماوەی زنجیرەی نامە هیندوستانیەکان
ژمارە: سێ...رۆشنبیری ئازاد و نا- ئازاد.....!

ئیدی ئێمە رۆشنبیرانێکمان نییە، کە بە گوێیی (میر)–دا بچرپێنێ و وانەی ستراتیژیەت و تاکتیکیان فێربکا. بچرپێنێ سولەیمانی، بارزان، مەهاباد، ئاکرێ، قامیشلۆ کوردستانین و کوردستانیانیش هەر ئەو شار و مەڵبەندانەن بە تەواوی دایشتووانیانەوە، دوور لە رەهەندی ئاینزا، گروپی ئەتنیکی، توێژ و چینی جوداوە. ئیدی ئێمە خاوەنی رۆشنبیرانێ نین تۆوی گومان لە دڵ و رۆحی خەڵکان و سیاسەتواناندا بچێنێ و، رێبدا ماری دوودڵی و شک، هەوای فزولیەت و سۆراخی فێربوون بەرامبەر خود، تاک و کۆمەڵ، جڤاک و دەسەڵاتداران پەیکە دەنێو سەنتەری بیر–و–بۆچوونیاندا بکا. کەسانێکمان نییە فێرمانبکا کە دێبەیت، گفتوگۆ، دانوسان، هامشۆ و یەکدی–بینین ئەلف و بای سیاسەت و رۆشنگەرایین، تا زۆرتر نزیک بین، تا پەرە بە ئاڵوگۆڕی هزر و دیدمان بدەین، ئاسۆ دەشێ گەشبینتر، نزیکتر بێ.

رۆشنبیرەکانی مە ئیدی بە شوێن سەردارانی تیرە و خێڵ، شێخ و سەید، مولکدار و ، کەسانی پایە بڵند و مەقامی نێو دەسەڵات و جڤاک دا وێڵن. بەخێرهاتنیان دەکەن و وەسەر تەختی رێکخراو، پارت و کۆمەڵەی سیاسی مۆدێرنەدا کە خۆیان دروستیان کردوە دەنێن. گوێیان هەڵدەخەن تا بزانن ئەمانە چ فەرمایشتێک دەدەن، بێ–شک و گومان، بێ–پرس–و–جو، جوان، بە داهێنانەوە، جێبەجێیدەکەن. گومان نامێنێ و دەبێ بە یەقین. فزولیەت دەمرێ و دەبێ بە کۆپیەی دەقی کۆن جوینەوەی بێ–گیان. هەچ سەردارێک دەنێو سەرکردانی لەوجۆرەدا فرمانێکی دابێ، ئیدی یەقینە و شوێن گومان نییە. ئەمان دەبن بە شاگرد و سیاسەتوانان بە وەستا. ئەمان دەبن بە دەسەڵاتی جێبەجێکار و سەرداران بە فرماندە. دەسەڵاتی سیاسی ئەم رێکخراوەناش، بێ–هەڵوێران بە گشت رەنگێکەوە جا چ چەپ، میانڕەو یان راستگەرا، بە گوێرەی نەخشە و پیلانێ بە هیمەتی خۆیان و یارمەتیکارانیان کە وڵاتانی بێگانەن بە ئێمە، ئۆرگان، رێکخراو، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن رۆدەنێن و لێدەگەڕێن دەستوپێوەندی رۆشنبیران کە رۆڵی دەست–و–پێوەند دەگێڕن، بێ–ورتە بیانبەن بەرێوە. رۆشنبیران بۆ سیاسیەتەوانان تۆمارنووسی ئایدۆلۆژی رادەگەیەنن، کەسانێ راپۆرت دەکەن کە وەک ئەوان ئیدی بیرناکاتەوە تا بە سزایان بگەیەنن. تا سۆڤیەت، ئامریکا، ئێران، ئیسرائیل، تورکیا، سوریا، چین، ...و ئالبانیا قسەیەکیان هەبێ، نە لێکدانەوەی خۆیان و نە لێکدانەوەی ئەو کتێب و تیۆرییانەی کە خۆیان بڕوایان پێیەتی و خوێندویانە وەردەگرن. رۆشنگەرایی دەبێ بە نەقڵ، کۆپیە، گوێڕادێران بۆ (برا گەورەکان)، هیچ داهێنانێ نابینین. دەمێ نەوجەوانێ بەرامبەر ئەم دکتۆرینە بەردئاسایە رادەوستێتەوە، دەکوژرێ، راودەنێرێ، یانیش سووک دەکرێ. پارۆڵێ کە قۆڵتێر، "بیروباوەرت بێ ترس بڵێ، تا پشتیوانیت لێبکەم، نەک لەبەر ئەوەی هاوڕاتم، بەڵکو تا بتوانی بە ئازادی دیدی خۆت بەیانبکەیت"، نامێنێ. دەبێتە، گەر بوێریت بیروبۆچوونت بە ئاشکرا بڵێ تا بتکوژین! سەرنجبدە: نەک بتکوژم، بەڵکو بتکوژین! چوون ئیدی شتێ نەماوە پێی بگوترێ رۆشنبیری تاک، بەڵکو رۆشنبیر بۆتە تۆپەڵ، بەشێ لە دەستە، تاقمێ، حیزبێ. رۆشنبیران، بە رێنمایی سیاسەتەوانان، بە دەستێ، دەزگای راگەیاندن دروستدەکەن نەک بۆ ململانێی هزریی، بەڵکو بۆ سوککردن و گاڵتەجاڕی بەیەکتر. رۆشنبیران دەبنە خاوەنی گەورەترین دەزگای چاپ، گۆڤار و رۆژنامە، ئیزگە–رادیۆ و .....تاد کە کاریان داهێنانە لە جنێو، گاڵتەجاڕیی، سووککردنی سیاسی بە یەکتر. رۆشنبیران، هەمدیسان بە رێنمایی سیاسەتوانان، بە دەستەکەی تریان ئەدەبیات و هونەری خوێنڕشتن دادەنێن، بە شوێن قارەمانێکدا دەگەڕێن کە دڵی پڕە لە کینە، رۆحی لە تۆڵە، دەستی لە خەنجەر و چەک. درۆ هەڵبەستن بۆ یەکتر.....تاد. تەنانەت دەمێ بەرپرسانی گۆڤاری (کاروان) .... و چاپەمەنی تر ئامادە دەکەن، پێشوەخت هەمیشە کۆپییەکی دەنێرن بۆ شاخ تا مۆڵەتی چاپ وەرگرن. کەمن ئەو رۆشنبیرانەی بەشدرای ناکەن و خاوەن رەخنەی دروستن.

ئیدی رۆشنبیرانی مە چیدی تۆوی گومانیان لا دەستناکەوێ، بەڵکو بەردەستی سیاسەتەوانان دەکەن. تۆوی یەقینی متمانەکردنی کوێرانە بە سیاسەتەوانان و ئایدۆلۆژیەکانیان دەخنە دڵی خۆیانەوە. هەستی تۆڵە سەندنەوە لە جێی ململانێی سیاسی، کوشتن لە جێی دێبەیت و گفتوگۆ دەگرنەوە. دەبنە یاوەری سیاسەتەوانان، ئەمان بۆ کوێ بچن، لە چ بەرەیەکدا بن، رۆشنبیران بێ دانانی ئامۆژەی گومان خۆیان دەخەنە پاڵ ئەو بەرەیە. باش و خراپ، بەرەی گەل و دوژمن.....تاد سەرکردەکان دیاری دەکەن. رۆشنبیران بەدەر لەوەی شوێن–پای سیاسەتوانان هەڵبگرن داهێنانێکی تریان نییە.

رۆشنبیرانێ کە خاوەنی نیشانەی پرسیار و گومانن، دەکوژرێن، راودەنرێن، دەگیرێن و دەخرێنە زیندان، لە باشترین حاڵەتدا پڕوپاگاندەی بێ–مۆڕاڵی و ئێتیکی خراپیان پێوە دەلکێنرێ. ئەم کارانە هیچیان بە دەستی دوژمانان ناکرێن، بەڵکو سەردارانی سیاسی بە گوێی رۆشنبیرانی دەچرپێنن و ئەوانیش جوان دەرئەیجامێنن.

ئاکـــــام:

نەمانی رۆشنبیرانێ کە خاوەن پرسیار و هەستی گومانن، لەلایەک، ئەمسەر–و–ئەوسەری سەردارانی سیاسی هەر جارە لە پاڵ دەولەت و حوکمەتێکدا، لە لایەکی ترەوە، دیمۆگرافی و پێکهاتەی دانیشتووانی کوردستان سەر لەبەر لێک–دەترازێنێ. شارەکان پڕ دەبن لە چەکدرا، خێڵ–و–تیرە، جاش و میلیشیا. کولتوری شار دەڕوخێ لە هەمبەر کولتوری چەک، خێل و خۆفرۆشتندا بە چۆکدا دێ. رۆشنبیران دەست–و–پێوەندی دەسەڵاتن، کە بێ دڵی خۆیان ناکەن لە هاوکاریکردن، شار کە سیمبۆلی شارستانیەتە دەڕۆخێ و لادێ–شار دروستدەبێ. ئیدی چیتر نە–رۆشنبیری ئازاد ماوە نە شارستانیەتێک کە توانای پەرەسەندنی هەبێ. ئیدی رێگا ئاوەڵە لەبەردەم سیاسەتوانان و سەردارانی جەنگ. دە ئاکامدا، دوای سااڵنێکی زۆر، کوردستانیان دەبنە خاوەن کولتورێک کە بە زمانی کلاسیک، ناوی (کولتوری دەشتەکی)یە. منداڵ و کیژانمان قوربانی یەکەمی ئەم کولتورە دەشتەکیەن. رۆحی مرۆڤێ بە پارە دەکڕێ و بە پارەش دەفرۆشرێ. دادگا و دەسەڵاتی جێبەجێکار شێری کارتۆنین. بە قەولی حەمدی:

باسی تەشکیلاتی ثانی هەر دەکەم بۆ پێکەنین

زۆرترین بۆ کەمترین و کەمترین بۆ زۆرترین!

ئەدی گاندیجی چۆنی لە کولتور و رۆشنبیری روانیوە؟ لە ژمارەی ئایندەدا پێک دەگەینەوە..

گۆران مەریوانی

١٤–١٢–٢٠١٩ هیندوستان

گۆشەی 35 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پەرلەمان یاسای هەڵگرتنی چەکی پەسەند کرد



پەرلەمانی ئەڵمانیا Bundestag، لەدوای مشتومڕێکی زۆر یاسایەکی تازەی بۆ هەڵگرتنی چەک پەسەند کرد، کە بەو پێیە هەر کەسێک چەک هەڵگرێت یان لەماڵەوە دایبنێت دەبێت مۆڵەتی فەرمی هەبێت، هەتا ڕاوکەرەکانیش دەبێت خۆیان و چەکەکانیان تۆماربکەن و کۆمپانیاکانییش دەبێت ژمارەی چەک و دیکۆمێنتی فەرمی کڕیارەکان بدەنە دەزگا ئەمنیەکان.

ئەڵمانیا پێویستی بە کرێکاری لێزانە

هەرچەندە ٢ ملیۆن ونیو دەستی کاری ئەوروپی لە ناو ئەڵمانیا کاردەکەن، ئەو وڵاتە لە چەند بواریکدا لە هێزی کار کورتی هێناوە و پێویستی بە ئەندازیاری کارەبا، کرێکاری کانزا و میکاترۆنیک، چێشتلێنەر، پەرستار، کرێکار بۆ چاودێریی بەسالاچووان، شارەزای کۆمپیوتەر هەیە، بۆیە حکومەت بڕیاریداوە لەساڵی تازە بەدواوە دەسەتی کار لە وڵاتانی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا بێنێتە ئەڵمانیاو کاریان پێبکات.

پەرلەمانتارێکی پێشوو لە تورکیا دەستگیرکرا

هەفتەی پێشوو "محەمەد کیلیس" پارێزەرو پەرلەمانتاری پێشووی ئەڵمانیا لە فرۆکەخانەی ئیستەنبوڵ بە فەرمانی دادوەری گشتی و بەتۆمەتی زڕاندنی ناوی ئەردۆغان دەستگیرکرا.

سیاسیەک لە بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر تێوەدەگلێت

دادگای باڵای بریمەرهافن لە کوێستکدا خەریکی لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ مارکۆس هۆفمان" سەرکردەی پارتی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا AFD کە تۆمەتی بازرگانیکردن بە نزیکەی ١٠٠ کیلۆ کۆکایینی دراوەتەپاڵ، ئەو بڕە مادە هۆشبەرەش بەهای ٨ ملیۆن یۆرۆیە.

شوفێرێک لەسەر نازیەت لەکارەکەی دەرکرا

لەکۆمپانیایەکی هاتوچۆی شاری درێسدن شوفێرێکی پاس بە تابلۆیەک نوسیبووی"شوفێری ئەم پاسە ئەڵمانە" بەمانای ئەوەی دڵنیایی دەداتە سەرنشینەکان، کە بێگانە نییە و لاف بەسەر خەڵکی ترەوە لێ دەدات، لەسەر ئەمە بەهۆی دانانی وێنەیەکەوە لە ئینستگرام لەلایەن کەسێکەوە کۆمپانیای DVB شوفێرەکەی لەکارەکەی دەرکرد.

ڤێستیڤاڵی لەدایکبوونی بتهۆڤن دەستپێکرد

هەفتەی پێشوو ڕێوڕەسمی یادی ٢٥٠ ساڵەی بونی مۆسیقاژەنی ئەڵمانی لە زێدی خۆی شاری "لودڤیگ ڤان بتهۆڤن" دەستپێکرد و تا ١/١٧ بەردەوام دەبێت، کە دەیان چالاکی هونەری و ئاهەنگ و مۆسیقا و کۆنسێرتی تێدا سازدەکرێت و ئەو ڕۆژە بەرزو پیرۆز ڕادەگیرێت، حکومەت بۆئەم یادە ٤٢ ملیۆن یۆرۆی تەرخان کردوە.

بڕوانە لاپەڕە 14

پاشماوەی گۆشەی 35 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە پورهان ئەمین-ەوە

ئۆتۆمبیلی وەزیرەکان زۆرترین زیان بەژینگەدەگەیەنن...

لەکاتێکدا کە حکومەت وەدزگاو رێکخراوە تایبەتیەکانی ژینگە خەریکی کەمکردنەوەی ئەو ماشێن وئامێرو هۆکارانەن کە دەبنەهۆی پیسکردنی ژینگە کەچی ترومبێلی ژمارەیەک وەزیری کابینەی مێرکل زۆرترین زیان دەگەیەنن لەپێشەوەیانداترومبێلی" ئەندریاس شۆبەر" وەزیری گواستنەوەو " کریستیا لامبرشت" وەزیری دادو "سیڤینیا شۆلزە" وەزیری ژینگە، ئەمەش بۆتەهۆی ناڕەزایی وگلەیی وگازندەو پلاری کەنالەکانی میدیا.

حکومەت کۆمپانیاکان هوشیاردەکاتەوە

حکومەتی ئەڵمانیا نامەیەکی بۆ هەموو ئەو کۆمپانیا ئەڵمانیانە ناردوە کە لەدەرەوەی وڵات بەرهەمهێنان دەکەن ڕەچاوی مافی مرۆڤ بکەن لەو وڵاتانەی کەکاری تێدا دەکەن، هەر وڵاتێک کە پیشێلی مافی مرۆڤی کرد هەوڵ بدەن بەرژەوەندیەکانیان لەوێ بکشێننەوە.

داعشەسۆزانیەکە سزادرا

ئەوکچە ئەڵمانەی کە سااڵنی پێشوو لەشاری دوسلدۆرف کاری لەشفرۆشی کردبو دواتر بەهۆی پەیوەندی بە کورێکەوە ببوە داعش وجوبەوە سوریاوعێراق لەسەنگەری ئەواندا کاری تۆندوتیژی کردبو، سااڵی پار گەڕایەوە ئەڵمانیاو لەوساوە لەژێر لێکۆڵینەوەی دادگادایە، دوێنێ دادگای شارەکە سزای زیندانی دوو ساڵ ونۆ مناگی بەسەردا سەپاند.

میتابۆلیزم لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا

پاشماوەی لاپەڕە 9

بەتایبەت لەروانگەی هزری کۆمەڵایەتی و، رۆمانسیەوە بۆبەدیهاتنی خواست و ئاواتەکانی دەبنە هۆی غەمناکی و ڕەشبینی و نامۆیی بۆیە دەبینین ئەو شتانە لەشیعرەکانیدا زاڵەو هەستی پێدەکرێت لەسەرەتاوە تاکۆتایی.

4_کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لەسەردەمانی زووەوە دۆخی ڕۆشنبیری تیایدا پەیوەستە بەو پەیوەندییە کەسیانەی نێوان تاکەکان لەم ڕۆشنبیریەدا خودی"من"نائامادەباشی هەیە لەکۆمەڵگەدا و لەناویدا دەتوێتەوە بەبیانووی ئەوەی بەرپرسیاریەتی گەورەیی لەم ژیانەدا دەکەوێتە ئەستۆ کە دەبێ لەبابەتەکانیدا دەربانبڕێ یان هەستکردن بە قەوارەیەکی مەرکەزی

کە بەتەنها و بێ هاوکاری لایەنەکانی دیکە ناتوانرێ بهێنرێتەدی ئەوە باشترین بەڵگەیە لەسەر داڕمانی پێوەرەکانی دیکە بۆهەردوو کرداری هەڵوەشاندن و

بونیاتنانی نوێ.

"کەژاڵ ئیبراهیم"لەبەرئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی قوواڵی ڕۆمانسیە بۆیە دەتوانێ نوێنەرایەتی ئەو جۆرە پەیوەندیە بکات چونکە پڕە لەوهەستە ناسکە ڕاستگۆیە بەرامبەرکەسانی کۆمەڵگەکەی .لەم ڕوانگەیەوە تاقیگەیەکی ئەزموونگەرایی لەپێناوی ئاشکراکردنی ڕاستیەکان لەپێچ و پەناو لێک هەڵوەشاندن و بونیاتناندا.

پەراوێزو سەرچاوەکان"

1_ئیبراهیم مدکور–فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتیەکان –ئامادەکردنی گروپێک لەمامۆستایانی میسری و عەرەبی –پسپۆڕانی گشتی میسر بۆکتێب –قاهیرە

2_ئەحمەد حسین ئیبراهیم –فەلسەفەی یاخی بوون و شوێنەوارەکانی لەسەر هونەری "بووتریە"پیکاسۆ–نامەی دکتۆرا پێشکەش کراوە بەبەشی گرافیک لەکۆلێژی هونەرجوانەکان زانکۆی قاهیرە ساڵی 1996

3_جاک دریدا– نووسین و جیاوازی وەرگێڕانی کاڤم جیهاد خانەی توتعال بۆبڵاوکردنەوە چاپی دووەم ساڵی 2000

4_حسنیای رودیس ،دیکارت و عەقڵانیەت"وەرگێڕانی عبده الحلو بڵاوکردنەوەی عویدات ،بیروت –پاریس چاپی چوارەم 1982

5_سعید یقتین –خوێندنەوەو ئەزموون –خانەی ڕۆشنبیری "دار البیقاو– مەغریب چاپی یەکەم 1985

6_گاهر محسن منصور– الغالی ولیلی لفته علی –ڕۆڵی ژیاری ڕۆمانسی لەبەهێزکردنی ڕەوشت گەرایی لەسەرکردایەتی گۆرانکاریەکان لەڕێگەی کاریگەری ناوەند گێڕی بۆدانایی –گۆڤاری زانستی ئابوریە–کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری زانکۆی بصرە– بەرگی هەشتەم –ژمارە "15" ی ساڵی 2015

7–علی حرب–ڕەخنەی دەق – مەڵبەندی ڕۆشنبیری عەرەبی –مەغریب، لوبنان –چاپی چوارەم ساڵی 2005

8_محمد محمد مدین –فەلسەفەی ڕۆشنگەرایی –خانەی ڕۆشنگەری –بیرۆت، لوبنان ساڵی 2008

تێبینیەکی بچووک"9"

لەهەڵبژاردنی نمونە شیعرەکانی "کەژاڵ ئیبراهیمدا" پشتمان بە دەستنوسێکی دیوانە شیعریەکی عەرەبی بەستووە کە کۆمەڵێک وەرگێڕ وەریان گێڕاوە و ئامادەی چاپە لە پاشەڕۆژدا.؟

گۆشەی زانست
ماموستا جەزا دەینووسێت

چاڵەرەشەکان

تێبینی و بۆچوونی دکتۆر هۆکینگ لە بابەت (چاڵەرەشەکان)، یان (الثقوب السوداء)ەوە (Black wholes)..

هەر دوو زانای کوزمۆلۆجی (جورج بوڵتن) و (واتفورد جامینی) دەڵین: کە تیشکی ڕووناکی توانای بڕینی چاڵەرەشەکانی هەیە.

دەشێت دوای چاڵە ڕەشەکان دنیای تر هەبێت، کە خواوەند لە قورئانی پیرۆزدا باسی دەکات بە (الجنة الماوی)، بەڵام زانیاری زاناکان نەگەیشتونەتە ئەو ئاستە، کە لەقورئانی پیرۆزدا باسی ئەو دنیا بە (الجنة الماوی) دەکات و ئارامگای مرۆڤە لە دنیایەکی هەمیشەییدا.

خانەی تیشکی

Windows of opportunity

One day, perhaps, solar cells could be used to power homes.

Researchers have been developing ever more efficient solar cells for many years, and some of the latest versions are now almost ready for commercial production. But there is another, potentially huge, market that has not yet been tapped: the windows in office buildings. Why not make them out of solar cells, so that they themselves generate the power they need? The main reason is that no one has a good answer to the question: where do you put them? Roof-top cells can power a one- or two-storey house. They will not power an office block. You could array them on the walls. But office blocks tend to have high window-to-wall ratios and to be governed, for fire-safety reasons, by strict rules on wall cladding.

What is left is to replace the windows themselves with solar cells. Unfortunately, commercially available solar cells are opaque to the point of blackness. But Seo Kwanyong of the Ulsan National Institute of Science and Technology, in South Korea, plans to do something about that. As he and his colleagues report this week in *Joule*, they have created solar cells that are as transparent as tinted glass.

Dr Seo's approach is, in retrospect, blindingly obvious. It is to punch—or, rather, etch—holes in the material of which a cell is made, in order to let light through. Getting the size and layout of the holes right, though, proved tricky.

Commercial solar cells are made from wafers of silicon. Dr Seo and his colleagues

Wiring up a wafer with 30% transmittance created a device with an efficiency of 12.2%. That compares with 20% for the best commercial cells, but is not negligible. So, though 20% transmittance is a bit on the dark side for office-window glass, what Dr Seo and his colleagues have created is a prototype that is within shouting distance of numbers that might make it commercially viable. Clearly, it would cost more than standard window glass. But, unlike window glass, it would pay back its cost in free electric current. ■

solar power(windows of opperchnity)

بەر لە چەند ساڵێک خانەی تیشکی (photovoltiac) خلایا ضوئیة)، زور گران بەها بوون، بۆ پێک هێنانی سەتالایت و دروست کردنی دەزگا ئەلکترونیەکان، لەوانەیە بڵێیت بۆ ئێستا سەربانی ماڵەکان پڕ دەکرێت لە خانە تیشکە هەتاوییەکان پێدانی ماڵان بەم جۆرە کارەبایە پارێزگاری زۆری ژینگە دەکات. لە پیس بوون دەپارێزێت و دووبارە لە شۆرت ئاگرکەوتنەوە.

ئێستا لە جێگەی سولار سیل واتە (خانەی هەتاوی)، لەکوریای باشور پلانێک بەکار دێت،

چەندەها جوولە کارەبا دروست دەکەن ماڵەکانیان بەکارەبا ڕۆشن دەکەنەوە.

دکتور سیور(Dr Seor)، ڕووبی کردەوە ئەو ماددەییەی کە سولار سیلی لێدروست دەکرێت، (کەسلیکونە)، کونێکی تێدەکرێت بەو کونەدا ڕووناکی تێپەڕ دەکەن بە ئاسانی سولار سیل کاری خۆی بەجێدەهێنێت و کارەبای خۆی دروست دەکات. دکتور سۆس و هاوڕێکانی کارەکەیان لەسەر پارچە سلیکۆن دەکەن بە ئەستوری 200 مایکرون و کون دەکرێت، کە تیرەی کونەکە 90 بۆ 100 مایکرۆن بێت و ڕوناکی تێپەڕ دەکات بەبێ پەرشبوونەوە (بدون ان یعانی الاستقطاب) (diffraction).

پاوڵ یۆسف کۆنستانتین گابریل

هونەرمەند گابریل لە شاری دنهاخ لە 05-06—1826 لەدایک بوە لە 23-08-1903 هەر لەدنهاخ کۆچی دوایی کردووە، تابلۆی ئاشی با بەناوبانگترین تابلۆی ئەم هونەرمەندەیە، لەدەوروبەری ساڵی 1889 بەڕەنگی ڕۆنی کێشاویەتی لەسەر تەختە، بەڕووبەری 66X102 سم.

ئەم تابلۆیە لە شێوەی بابەت و کارکردنی سەر بە قوتابخانەی هاخەسخۆڵە. هەرچەندە ئەم هونەرمەندە لەبروسل لە بەلجیکا ژیاوە، بەڵام زۆر لەژێر کاریگەری بابەتە هۆڵەندیەکاندا بووە، تابلۆی "ئاشی با"، کە سەیری دەکەیت بۆن و بەرامەی تۆنێکی هاوینی پێوەیە، ئاو هەوای ڕۆژێکی مانگی شەشی پێوە دیارە. لە بەشی پێشەوەی تابلۆکە (ئەستێرێک ـ ئەستێڵێک)دیارە، کەسێک خەریکی ڕاوەماسیە ئاشی با دەبینیت لەبەشی دواوەی تابلۆکە دەشتایەکی پان و بەرین ئاسمانێکی شینباو بە هەورێکی زۆر بەشی باگراوەندی تابلۆکەی داپۆشیووە، هونەرمەند گابریل زۆر بەتواناوە فلچەو ڕەنگی بەکارهێناوە، ئەم هونەرمەندە زۆر لە ژێر کاریگەری ئیمپری سیۆنەکاندا بووە. گابریل زۆر گرنگی بەهاوسەنگی لەنێوان ڕەنگ و بابەتەکانی داوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هونەرمەندە بڕوانە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Willem_Roelofs

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

تارەوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01–06–2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

28 December . 2019 Nummer. [85]

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

–لە نزیکەی 700 گوند و شاری هۆڵەندا پۆلیس دەستی گرت بەسەر بازرگانی چـــەک و مادەی هۆشـبەردا. ل 2 .....

– ئایا ستراتیژ چییە.؟ بەشی حەوتەم، فەریق ڕۆکنیخانەنشین..محەمەد ئەجمەدین.نەقشبەندی.ل3.ول 4

لە کتێبخانەی دێرینی کوردەوە.... دەربارەی ئەدەب و جوگرافیای کورد ل 5

– شکست و هەڵسانەوە یان خوێندنەوە لە هزری نووسەر فاروق هۆمەردال 6 – کتێبی: لە نێوان شۆپنهاوەر و ئەدۆرنۆدا تویژینەوەیەکی بەراوردکاری دەربارەی ئازار و موعاناتی جەستەیی. ل 7 – مینیمایزەیشن لەدەقی شیعریدا....نیشتمان پـــرە لە میلۆدی حەسرەت، عەبدولقادر سەعید، وەک نموونەدکتۆر زاهیر. ل 8. ل 9

– چالاکی هونەری و ئەدەبی دەربارەی کورد لە تاراوگـــە. ل 10 – پاشکۆی (١) ی نامە هیندوستانیەکان میوەی سەیر نووسینی گۆران مەریوانی. ل 11 – تێڕوانینی جیاواز بۆ پرسی کورد! بەکر شوانی و عەبدوڵڵا چوارتایی ل 12

– گۆشەی 36 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 13 و ل14

– دووبابەتی زانستی: مامۆستا جەزا و مامۆستا عەبدوڵڵا عەسکەری ل 15.

– ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی هۆڵەندی فیلیپ سادی و جەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.. ل 16.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

28 December 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 85
85 ی 28 ی دیسەمبەری 2019

لە نزیکەی 700 گوند و شاری هۆڵەندا پۆلیس دەستی گرت بەسەر بازرگانی چەک و مادەی هۆشبەردا

لە ماوەی ٩ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ دا، لە نزیکەی ٧٠٠ شارو گوندی هۆڵەندا پۆلیس دەستیگرت بەسەر بازرگانی چەک و مادەی هۆشبەردا. بە بەروارد بە هەموو ساڵی ٢٠١٨، ئەمە بە پێی لێکۆڵینەوەی ئاژانسی هەواڵی RTL لەسەر تاوان، لە زیاتر لە ٢٤٠٠ شوێنی نیشتەجێبوون لە هۆڵەندا ئەو تاوانانە ئەنجام دراون، بە پێی ڕاپۆرتی پۆلیس سەیری زیاترین لە ١٦ تاوان دەکرێت، کە ڕوویداوە و کار دەکاتە سەر سەلامەتی هاوڵاتیان.

ئەم زانیاریانە ژمارەی تاوانەکان بە پێی نوسراوی فەرمی پۆلیس پیشانی دەدات، کە لە کەمبوونەوەدایە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩ دا بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو، چاوەڕوانی دابەزین دەکات، بەڵام ئەمە بۆ ماددەی هۆشبەر و بازرگانی چەک ئەژمار ناکرێت، بگرە بۆ ئەوتاوانانە زۆر لەوە زیاتر بوون.

لە ٦٩٠ شوێنی نیشتەجێ بوون، لەم وڵاتە ئەوە باس دەکرێت، کە ئەم دوو کێشەیە لە هەڵکشانەدایە. بە پێی بۆچوونی پۆلیس لە ٩ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ئەو دوو تاوانە زۆر لەوە زیاتر بووە لەچاو ساڵی ٢٠١٨ دا.

بێگومان ئەم تاوانانە هەمیشە بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجامدراوە، ئەمەش وا دەکات، کە زۆر بەجدی سەیری بکرێت و جۆرە تاوانێکن، کە کاتێ هەستی پێدەکرێت، کە پۆلیس دۆزیبێتەوە، هەندێ جار هاوڵاتی ئەم تاوانانە نابات بۆ لای پۆلیس.

تاوانکارە گەورەکان بگرن:

ئەحمەد بارکۆش پارێزگاری شاری ئارنێم سەرسام نییە بە هەڵکشانی ئەو ژمارانە، شارەکەی ئەو بەدەست ئەم کێشانەوە دەنالێنێت. گەڕەک و کۆڵانەکانی شارەکەی پڕە لەم کێشانە، بەڕووکاری شارەکەیەوە دیارە، هەر جارەی گرفێک ڕوودەدات و تەقینەوە بەهۆی کارکردن بە ماددە هۆشبەرەوە دەقەومێت، ڕەوشی شارەکە دەشێوێت.

پارێزگار زۆری پێخۆشە چارەسەری ئەو گەنجانە بکات، کە تووشی ماددەی هۆشبەر بوون و دەڵێت:دەبێت ڕێگە بگیرێت و دژی ئەو حاڵەتە بووەستنەوە.

Teamchef Gideon Zandstra van de politie in Arnhem

هاوڵاتیان زیاتر هەواڵەکان دەیگەیەنن:

پارێزگار دەڵێت ئەو گرفتە زۆر بێتاقەتی کردووم، کە دەبینم بەئاسانی لەسەر شەقامەکانی شاری ئارنێم ماددەی هۆشبەر دەفرۆشرێت و منداڵانیش بە ئاسانی دەتوانن دەستیان بکەوێت و بەزووبی ئالوودەی دەبن، دەبێت منداڵەکانمان لەم بەڵای ژەهراوی بوونە بپارێزین. ئەحمەد مارکۆش دەڵێت: زۆر دڵخۆشم، چونکە پۆلیس ئێستا زیاتر شکاتی لە هاوڵاتیانەوە پێدەگات، بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردانە.

کاردانەوەی پۆلیس:

خیدیون زایندسترا کە سەرۆکی بەشێکی پۆلیسی ئارنێمە، وای دەبینێت، کە هاوڵاتیان سوودیان هەبووە لەم بوارەدا، لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا دەرکەوتووە توانراوە، بەو شێوەیە دوو کەسی تاوانبار بگیرێت، ئەم شێوە کارکردنە پیشانی داوە، لای پۆلیس، ئەو یارمەتیانەی هاوڵاتیان پێشکەشی دەکەن گرنگە، بۆ ئەم بەدواداچوونە ڕاپۆرتی پۆلیسمان وەرگرت، لەوێدا ١٦ تاوان تۆمار کرابوو، هەر لە دزینی پاسکیلێک تا کوشتن، مالبڕین و بازرگانی بە چەکەوە، بۆ ئەمەش ئەو ژمارانە بەکار هاتووە، کە هەر ساڵانی ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨ و نۆ مانگی یەکەمی ٢٠١٩ دا ڕوویانداوە، بەڵام ڕوودواوەکانی سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵ هێشتا بڵاونەکراونەتەوە. هەرچەندە مالبڕین لە زستاندا زیاترە بە بەراورد بە تاوانەکانی دیکە.

مەتەڵی سیاسەت بەرامبەر بەستراتیژ



نووسینی: فەریق ڕۆکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی حەوتەم

ئاشکرایە کە **ستراتیژ** دەبێت شوێن سیاسەت بکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بێت و چارەسەرێک دابنێت بۆ دوو دەوڵەت و پشتگیریان بکات، وەک کێشەی فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان، دواتر ئەرکی ئەوانە کە لە ئەنجامدانی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بیرۆکەی ستراتیژیکی دابنێن، پێویستە ڕەچاوی ئەو سیاسەتە بکەن. بەهەمان شێوە ئەگەر ئەوە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بێت، بۆ پشتگیری بزوتنەوەی دیموکراتی لە وڵاتانی بیانیدا، دواتر ئەوە ئەرکی دیاریکراوی ئەوانە کە سیاسەت لە ناوچە جوراوجورەکانی وڵاتانی جیهاندا جێبەجێبکەن ، تا هەندێک بیرۆکەی ستراتیژ دابینبکەن بۆ هێنانەدی ئەرکەکە، ئەم **سیاسەتە** هەروەک **ئامانج** دادەنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگایەکی تری تێڕوانین لەسیاسەت هەیە، ئەویش سیاسەت وەک **هۆکار"Means"**. بۆ نموونە، حکومەتی ولایە تە یەکگرتووەکان سیاسەتی دوو– دەوڵەت دادەنێت، لەوانەیە بەشێک لەکومەڵەیەکی فراوانتری سیاسەتەکان لەگەڵ **ئامانجی** گەورەتربێت.

سیاسەتەکانی دیکە لەوانەیە سنوردارکردنی ناردنی چەک بێت بۆ ڕێکخراوی حەماس"Hamas" ، هاندانی مافی مرۆڤ، دیموکراتی بەرفراوانتر لەناوچەکە، سەرەتای وتووێژێک لەگەڵ سوریا بۆ زەمینە سازی بۆ هاریکاری، هاندانی کاراکتەرە دەرەکییەکان بۆ پشتگیری لە هەوڵی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناوچەکەدا...هتد. هەموو بەیەکەوە بەمجورە سیاسەتە خزمەت دەکەن، هەروەک هۆکارێک تا ئامانجی نەتەوەیی فراوانتر بەدەست بهێنێت. ئەم ئامانجانە لەوانەیە هۆکاری کەمکردنەوەی ئەگەری ناکۆکییەکان بن و ببنە هۆکاریش بۆ زیادکردنی شادبوونێکی گشتی بۆ هاونیشتمانیانی ناوچەکە، کەمکردنەوەی کێشەکانی ناوچەکە خزمەت بە نەهێشتنی زەمینەیەکی باش دەکەن بۆ کاری تیرۆر.

سەقامگیری ناوچەکە دڵنیایی گەرەنتی ڕۆیشتنی نەوت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەناوچەکەدا دەکات و جێگیریی زیادکردنی بازاری نەوت لەجیهاندا دەدات و هاوکارییەکی باشتری جیهان دەبێت لەسەر ئاستی کێشەی ئەو ئاوارانەی، کە هەڕەشەن بۆسەر کومەڵگای نێودەوڵەتی. بەمجۆرە سەرجەم ئەو سیاسەتانە لەڕاستیدا بەو جۆرەبن (یان لایەنیکەم دەبێت وابێت)، بەرهەمێکی ستراتیژی گەورەتر، لەبارودوخێکی ئاوادا، بەشێوەیەکی گونجاو دەتوانێت، بگاتە ئەنجامی ئەو سیاسەتانەی، کە خزمەتی ستراتیژ دەکەن. **ستراتیژ یەکەم دێت**، پاشان شوێن سیاسەت دەکەوێت هەروەک هۆکارێک بۆ هێنانەدی ستراتیژێکی داڕێژراو.[1]هێشتنەوە لە هزردا گرنگە، چونکە وەک کەسێک جموجۆڵ بکات لە**ستراتیژی گەورە** "Grand Strategy" یان **ستراتیژی نەتەوەیی**"National Strategy" بۆ هەندێک لە سیاسەتەکان، کە"مێکیاڤیلی" لە خوار **ستراتیژی مەزن** دایدەنا. گەر ئاگاداربوون لە راستییەکان هەبێت کە لەئاستی خواروووتری سیاسەتەکان بن، ئەوکات هۆکاردەبن بۆ هێنانەدی ئەرکەکان لەئاستی نەتەوەییدا. سەرەڕای ئەوەش، هەروەک هۆکار ئەوان دەمێننەوە لەنێو بژاردە جیاوازەکانی حکومەتەکاندا، بۆ هێنانەدی کوتایی ئارەزووەکان "Desired Ends" . مەترسییەکە هەمیشە لەوەدایە، کە لەڕێگەدان بەسیاسەتەکان لەئاستی خواروتر، کە هەروەک هۆکار خزمەت دەکەن، تا دەبێت بەئامانجەکان لەئاستی نەتەوەیدا. ڕەنگە ئەمە گریمانەیەک بێت کە ڕوویدابێت، بۆ نموونە، لە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک لەبەر دواکەوتنی ئامانجی زیادکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، وڵاتە یەکگرتووەکان سەرقاڵبوون بە جەنگێکی دڕێژخایەن لە **ڤیێتنام** لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم" شیوعیەت" لەسەر ئاستی جیهان. لەڕاستیدا بۆ چەندین ساڵ، **لە ڤیێتنام** بەرژەوەندیەکی نەتەوەیی گرنگ ڕەچاوکرا بوو– بەیەک بەها کە خوێنی گەنجێکی زۆری ئەمریکی تیدا ڕژا.

[1] . ومن ناحية أخرى، إذا فهم المرء السياسة من حيث أحد التعاريف التي قدمها (Merriam-Webster) "كخطة شاملة رفيعة المستوى تشتمل على الأهداف العامة والإجراءات المقبولة، لا سيما بالنسبة لرئاسة الحكومة"، عندئذ على المستوى الوطني فان السياسة هي استراتيجية باسم آخر. لكن لسوء الحظ، فإن مصطلح السياسة نادراً ما يعكس درجة تكامل الوسائل المتاحة لتحقيق الغايات المرجوة التي يتم التعبير عنها من خلال مصطلح الاستراتيجية.

بڕوانە لاپەڕە 4

بەڵام دوای بەزینی هێزەکانی باشوری ڤیێتنام لەلایەن هێزەکانی باکوری ڤیێتنامەوە، ئیتر ڤیێتنام چیتر، وەک بەرژەوەندییەکی گرنگ نەما بۆ ئەمریکا

پاشماوەی ل 4

بەڵام دوای بەزینی هێزەکانی باشوری **ڤیێتنام** لەلایەن هێزەکانی باکوری **ڤیێتنامەوە**، ئیتر **ڤیێتنام** چیتر، وەک بەرژەوەندییەکی گرنگ نەما بۆ ئەمریکا. ئەمریکییەکان بۆ چەندین ساڵ بەدوای هۆکارەکانی نوشستی خۆیاندا گەران، هەتا بەڕێوەبەرایەتی سەرۆک **نیکسون** کەوتنە پرسیار، ئایا هۆکارێکی دیکە لەئارادا هەبوو، تا ئاسایشی نەتەوەیی زیاد بکات؟ گرفتێکی شاراوەتر لەسیاسەت بەرامبەر بەستراتیژ، وەک ئەو مشتومڕەی نێوان هێلکە لەمریشک یان مریشک لەهیلکە وایە، کە ناسراوە بە **مشتومڕی بێزەنتی**، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی ستراتیژی سەربازی زۆر بۆیانگرنگە، جیاکردنەوەی ئەو دوو بۆچوونە، کە دوو بواری رووبی جیاکردنەوەی چالاکی هەیە لەراستیدا پیشنیار دەکات، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەگرنگیەوە ئامرازەکانی توانای سەربازی بەکاربهێنێت (بۆ نموونە، ئۆپراسیونی "کرداری" شاراوە، پیشاندانی هێز، بڵاوبونەوەی هێزی سەربازی، مەودای فراوانکردنی بژاردەی دامەزراندنی شاراوە)، بڕیار لەلایەن دروستکەرانی سیاسەتەکان "Police makers" دەبێت تەنها پێکبهێندرێت لە راویژکاری نزیک لەگەڵ راویژکاری سەربازییدا. هەروەک **ژەنەرال کلاو سفیتز** تیبینی کرد لەنووسراوی سزادانی بۆ **ژەنەرال [موڤینیک]:**

[ئەرکەکە... بەشێوەیەکی سەرەکی ڕێگرتن لەسیاسەت بۆ داواکردنی هەندێکشت کەدژی سروشتی جەنگ و لەدەرەوەی بێئاگایی ئامرەزەکان لێوەی ئەنجام دەدرێن، هەلە لە بەردەم بەکارهێنانیان][1]. لەوەش گرنگتر، ئەوانەی کە رادەسپێردرێن چالاکی سەربازی ئەنجامبدەن لەبری کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی، کە لەلایەن سەرکردەکانیانەوە دانراوە، دەبێت زۆر ڕۆشنبیربن و توانای هەموو ئامرازەکانی نەتەوەیی و کەمو کوڕیەکانیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر ئامۆژگاری بدەن، لەسەر کام ئامرازی دیکە دەبێت بەکار بهێندرێت و بەچ شێوەیەک؟

بۆ ئەوەی زۆرترین بژاردەی سەربازی بۆ بەدیهێنانی زۆرترین ئەنجام هەڵبژێریت. بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە، لەکاتێک گرفتێکی دژوار لەئەمەریکای ناوەندی و دەڤەری **دەریای کاریبی** لەکوتایی ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کە پەیمانگای خوێندنی ستراتیژی لە وڵاتەیەکگرتووەکان داوای لێکرا بۆ بەرنامەیەک کە ڕۆڵی هێزی سەربازی لەناوچەکەدا ئەنجامبدات. کاتێک بەرنامەکە تەواوکرا، وڵاتەیەکگرتووەکان بۆچونیان سپارد بەئەنجامدانی ژمارەیەک لە [دەستپێشخەری سیاسی/ دبلۆماسی و ئابووری هاوشان لەگەڵ هەوڵی کارمەندانی سەربازی. کاتێک ئەم بەرنامەیە خرایە بەردەم گەورە ئەفسەرە فەرمیەکان، بەر پرسێک پرسیاریکرد، ئایا بۆچی ئەو پێویستە زانیاری دەربارەی دەستپێشخەریی سیاسی/ دبلوماسی و ئابووری هەبێت، لەکاتێکدا ئەو دەبێت گوێڕایەڵی فەرماندەی گەورەتر لەخۆی بێت، هەرکات بۆی ئەرکێکی سەربازی بۆ دەستنیشانکرا.

لەوەڵامدا، ئەوەی ئەوتیمە" Team" تێبینیکرد ، کە ئەگەر سەرکەوتن لەهەر یەک لەبژاردەی سەربازی دیاریکراو و هەماهەنگی لەگەڵ ئامرازی دیکەی توانای نەتەوەیی بکرێت، ئەوە ئەرکی سەرکرد دسەربازییە گەورەکانە دڵنیایی سەرکردە سیاسییە نەتەوەییەکان بدەن، باش ئاگاداری هەبوونی پێویستی ستراتیژ هەیە، کە هەموو ئامرازەکان بو داڕشتنی پلانێکی کاریگەر هەیە تا بەرژەوەندی ولایە تە یەکگرتووەکان پێشبخات لەوڵاتەکانی ناوچەکە.

[1] . دانیال ج. هیوز، محرر، **مولتکەعلی فن الحرب**: كتابات مختارة، نیویورك: بالانتین بوکس، 1993، ص. 36.

لە کتێبخانەی دێرینی کوردەوە.... دەربارەی ئەدەب و جوگرافیای کورد شوانی کورد

وەک سەردەقی ڕۆمان کوردیی

دەگوێزرێتەوە سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو

شوانی کورد؛ شوانی کرمانجان و چیرۆکی کوردانی

ئەلەگەز .....نووسینی: عەرەبێ شەمۆ

پێشەکی و وەرگێڕان بۆ سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو: د.محەممەد خزری ئەقدەم

ئەم ڕۆمانە وەک یەکەمین هەوڵی نووسینی ڕۆمانی هونەری کوردیی، ساڵی ١٩٣٥ لە ئێریڤانی پێتەختی وڵاتی ئەرمەنستانێ لەلایەن "عەرەبێ شەمۆ"ی چازان و لێزانەوە بڵاو دەکرێتەوە.

"شوانی کورد" بریتییە لە گێڕانەوەی بەسەرهات و کولتووری کوردانی ناوچەکانی نێوان ڕوسیای ئێستە و ئەرمەنستان، عەرەب شەمۆ ناو وناوبانگی لە پانتاییی مێژووی وێژەی کوردیدا بڵاودەبێتەوە و دەبێتە ئەستێرەیەکی ئاورنگدار لە ئاسمانی ناسنامە و کەلەپوری کورددا، بە جۆرێ ماکسیم گورکی لەم بارەوە دەڵێ :

"گەلی کورد بە زمانی نووسەری خۆی، واتە عەرەبێ شەمۆ دێتەدوو".

شوانی کورد وەک بەرهەمێک، کە دەکرێت لە سیلەنیگای جۆراوجۆرەوە بێتە بەر تیلای چاوان و سێرەی لێبگیرێت، هەتا ئەمڕۆ بۆ سەر چەندین زمان وەرگێڕدراوە. جگە لە ئەرمەنی و ڕوسی بۆ زمانەکانی فەڕەنسی و ئەڵمانی، تورکی وەرگێڕدراوە.

شایانی گوتنە کە عەرەبی شەمۆ، خاوەنی چەندین ڕۆمانی دیکەیە لەوانە (قەڵای دمدم) و (بەربانگ)، (ژیانا بەختەوەر). وەرگێڕەکەی بە کوردییەکی دەوڵەمەند هەموو جوانییەکانی ئەو ڕۆمانەی خستووەتە بەر دیدەی خوێنەرانی کرمانجی خواروو. پاش نزیک یەک سەدە لە دەرچوونی ئەم کتێبە، ئەوا بۆ یەکەمجار بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی)، لە لایەن وەشانخانەی "مادیار" چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

سەلاح حەسەن پاڵەوان

کەرکوک کوردستانە

کەرکوک کوردستانە، ناونیشانی پۆستێکی بەڕێز (نایف گەرگەری)یە لە واڵەکەی خۆی لە فەیسبووک بڵاویکردۆتەوە، لەگەڵ بەرگی کتێبێکدا، بەناونیشانی (جوگرافیای عێراقی نوێ)، کە بە زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٢٤ ، کە نووسەرەکەی هاشم ئەلسەعدی لە چاپخانەی دارالسلام لە بەغداد چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە بەرنامەی دیاریکراوی وانەی جوگرافیایە بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاند. نوسەرەکەی لەباسی لیوای کەرکودا دەڵێت: "زۆربەی دانیشتوانەکەی لە کوردەکان پێکدێن و ژمارەیەکیشی عەرەبن و کەمێک لە فارس و تورکمانیشی تێدا دەژین". لە کتێبەکەدا ئاماژە بەوەدراوە ئەم کتێبە بەرنامەی دیاریکراوە، کە لە قوتابخانە دواناوەندیی و خانەی مامۆستایاندا دەخوێندرێت، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە، کە کورد لەو ساڵانەدا زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوکی پێکهێناوە و عەرەب و تورکمان کەمایەتی بوون..!

كركوك كوردستانية ...
أصدرت وزارة المعارف كتابًا منهجيًا في مادة الجغرافية باسم (جغرافية العراق الحديثة) في سنة 1924 لمؤلفه هاشم السعدي بمطبعة دار السلام في بغداد / الطبعة الأولى .
تحدث مؤلف الكتاب عن لواء كركوك قائلًا : "... وأن معظم أهاليها من الأكراد وأن هناك عددًا غير قليل من العرب وقليلًا من الفرس والتركمان " !
وتجدر الإشارة إلى أن هذا الكتاب كان مقررًا منهجيًا في المدارس الثانوية ودار المعلمين .
وهذا أكبر دليل على أن معظم سكان مدينة كركوك هم من الكورد وأن العرب والتركمان هما أقلية !

شکست و هەڵسانەوە یان خوێندنەوە لە هزری نووسەر فاروق هۆمەردا

شکست و هەڵسانەوە

بەدرێژایی مێژوو، کورد نە شکستی بەخۆوە دیووە، نە هەڵسانەوە. کورد ئەو میللەتەیە جیاواز لە میللەتانی دی، نە شکستی هەیە نە هەڵسانەوەش. کاتێک شکست هەیە، دەبێت وانە و هۆکار و پەندیش لە ئارادا بن، کە خۆمانی لەبەردەمدا رێک بخەینەوە و هەوڵبدەین جارێکی دی دووچاری نەبینەوە. کاتێکیش هەڵسانەوە هەیە، دەبێت لوتکەیێکیش لە ئارادا بێت، کە بەرەو ڕووی بچین و جارێکی دی بەرەو خوارەوە بەرنەبینەوە. کورد میللەتێکە خاڵی لە خۆبینین و خۆ هەڵسەنگاندن، خاڵی لە سزا و لێبووردن. زۆر پرسیار هەن، کە دەشێت لە خۆمانی بکەین و خۆمانی لەبەردەم دا ڕێکبخەینەوە و بوێری ئەوەمان نییە بەرانبەری ڕابوەستین. زۆر بە سادەیی کێن ئەوانەی لەناو ئێمەدا ناپاک و پیس و هۆکارن بۆ هەڵدێران و بەربوونەوە؟ کێن ئەوانەی کە پاک و گەورەن و دەبێت شوێنیان بکەوین و گوێ لە ئاموژگارییان بگرین و هۆکاربوون بۆ سەرکەوتن؟ کێن ئەوانەی کە دەشێت سزایان بدەین و کێن ئەوانەی کە دەشێت لێیان ببورین؟ کورد نە پاکی هەیە نە پیس. کورد نە گەورەی هەیە نە بچووک. هەموومان پێکەوە گەورەین و هەموشمان پێکەوە شێر و قارەمانین. بەدرێژایی مێژووی کورد، کەسێکم نیشان بدە کە لەبەرئەوەی تووشی شکستی کردووین ڕیسوا کرا بێت و لە هەڵقەی کوردان کرابێتە دەرەوە، کەسێکیشم نیشانبدە، کە لەبەرئەوەی بەرەو سەرکەوتنی بردووین پادداشت کرابێت و لەناو هەڵقەی کورداندا سەروەری پێبەخشرا بێت. کاتێک کورد گیانێکی نییە بۆ بەراوورد، ئەوا تۆ خاڵیت لە شکست و هەڵسانەوە. تۆ میللەتێکیت مرۆڤانی ڕیسوا و قارەمانت نین. تۆ هێڵێکت نەبێت بۆ جوداکردنەوەی جوانی و ناشرینی، پاک و پیسی، چاکە و خراپە، باسی چی لە شکست و هەڵسانەوە دەکەیت. کورد میللەتێکە بە نیو مرۆڤ دەژمێردرێت. نیو مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە، کە تا ڕادەیێک ئەفسانەییە و تەنیا چاوێک یان گوێیەک یان لاپێکی مێشکی کار دەکات. ئەو مرۆڤەیە نە نێرە و نە مێ، بوونەوەرێکە هەردوو بەشەکەی لەناو خۆی دا بوون بەیێک. ئەو مرۆڤەیە کە هەموو ڕۆژەکانی لە یێک دەچن و هیچ جیاوازییەک لە جەستە و گیانی خۆیدا درک پێناکات. نیو مرۆڤ ئەو کەسەیە، کە هەڵسەنگاندنی بۆ خودی خۆی نییە و هەمیشە خۆی بە چاک و پاک و پاڵەوان دەبینێت و بەردەوامە لە ڕۆیشتن، ئەو مرۆڤەی تووشی شکست نابێت. کاتێکیش مرۆڤێک تووشی شکست نابێت، هیچ کات پێویستی بە هەڵسانەوە نییە. لێرەوە دەکرێت بڵێین کورد میللەتێکە خاڵی لە جاش و سیخوڕ و خۆفرۆش و پیسی و هەر ناشرینییەک، کە هەر مرۆڤێک بە سروشتی تووشی دەبێت. کورد هەمیشە پاڵەوان و شێر و گەورە و سەروەرە. کورد بوونەوەرێکی ئەفسانەییە لەسەروو مرۆڤەوە دانراوە و هیچ هەوڵدانێکی ڕۆحی و نا ڕۆحیش لە ئارادا نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەڕێیەوە دەسکاری پێگە و جێگەی خۆی پێبکات و هەر هیچ نەبێت لە خودی خۆی وردبێتەوە و بۆ یەکەمجار بەو بوونەوەرە ئەفسانەییە ئاشنا بێت، کە خودی خۆیەتی و هێشتا نایناسێت.

ئێمە تا ئیستاش جیاوازی لەنێوان مانا قووڵەکانی خوێندنەوە و خوێندنەوەی سادە ناکەین و پێمان وایە پرۆسەی خوێندنەوە تەنیا لە خوێندنەوەی کتێبدا کورتدەکرێتەوە. زۆرن ئەوانەی هەر وەک ماکینەیێک پەیتا پەیتا کتێب لەدوای کتێب دەخوێننەوە، دەنوسن، وەردەگێڕن، دواجار نە بچکێک لە ڕوانینی خۆیان بۆ دونیا و بۆ کۆمەڵگا و بۆ ژیان دەگۆڕێت و نە بچکێکیش لە مێشک و هۆشی ئەو خوێنەرانەی کاریان بۆ دەکەن دەگۆڕێت. شار و گوندەکانی ئەمڕۆی ئێمە سەرشارن بە سەدان کتێبخانە و کتێبفرۆشی و پڕی هەزاران هەزار کتێبن. ئەمڕۆ کتێبفرۆشی هەر وەکو تەماتە فرۆشی لێهاتووە. خەڵکانێک چۆن سەیری تەماتە دەکەن ئاواش لە کتێب دەڕوانن. ئەوانەی هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە خاڵیبوون لە خوێندنەوە و بینین و دونیابینی، کتێب و تەماتەیان بەیێک چاو دەبینی، ئەمڕۆ ئەوان بۆیان کرا زۆر بەسادەیی تەماتە و کتێب لای هەمووان بکەن بەیێک. ئەگەرچی پرۆسەی خوێندنەوە تەنیا لەنێو خوێندنەوەی کتێبدا گیری نەخواردووە، زۆرن ئەوانەی هەزاران کتێبیان خوێندونەوە و هێشتا لەنێو زیندانە تاریک و قووڵەکانی چاوبرسێتی و دڵپیسی و مێشکی بچکۆلەی خۆیاندا گیریان خواردووە. هەر وەک چۆن بینین لە دەرەوەی چاو و بیستن لە دەرەوەی گوێش هەن و ڕوو دەدەن، زۆرن ئەوانەی کوێرن و دونیا ڕۆشنتر و ڕەنگینتر دەبینن، کەڕن و هەموو دەنگەکان بە وردتر دەبیستن، ئاواش دەشێ خوێندنەوەش لە دەرەوەی کتێب ببینین. ئەوەی کەمێک لەو دونیایە خوردبێتەوە، کە ئەمڕۆ ئێمەی تیدا دەژین، زۆر بەسادەیی لەوە تێدەگات، کە کتێب و خوێندنەوە هیچ شتێکی لە دونیای ئێمە و خەڵکانی ئێمە باشتر و جوانتر نەکردووە. خوێندنەوەی کتێب، تەنیا خوێندنەوەیێک نییە ئێمە لەبەردەمیدا هەڵوێستەیێک بکەین. ڕۆژگارێک جیهان بێ کتێبیش بوو و مرۆڤیش ڕووت و قووت، کەچی مرۆڤ هۆشمەندتر و سالار تربوو. ڕۆژگارێک شارەکان بێ ئامێر و بێ نەخۆشخانە و بێ ڕێگاوبان بوون، کەچی مرۆڤ ئاسودەتر و خۆشبینتر بوون. لێرەوە دەشێت بپرسین ئەو هەموو زانین و زانیاری و ئامێرانە چییان لە مرۆڤبوونی ئێمە گۆڕی؟ ئەمڕۆ زۆر زۆر سادە کەسانێک زانکۆ تەواو دەکەن و هەموو دونیا پێیدەڵێن دکتۆر. ڕۆژێک بە ڕێکەوت کەسانێک شیعرێک دەنوسن، چیرۆکێک دەنوسن، خەڵکی پێیدەڵێن شاعیر و چیرۆکنوس. ڕۆژێک لەڕێی خزمایەتییەوە ڕۆڵێکی کۆمبارس لە شانۆییەک، لە دراماییەک دەبینێت، خەڵکان پێیدەڵێن هونەرمەند و خۆشیان لەناو هێنانی خۆیان بە نوسەر و دکتۆر و پرۆفیسۆر شەرمەزار نابن. ئیدی نە خۆی نە کەسێک لە یێکێیان ناپرسێت تۆ ڕوانینت بۆ دونیا چییە، ژیان چۆن جوانتر دەبێت، ڕێگاییێک بۆ چاککردنی ئەو هەموو ناداڵییە چۆن پەیدا دەبێت...؟ خوێندنەوە لە دەرەوەی کتێب و تەختەی شانۆ و پانتایی شاشە چۆن دەتوانێت مرۆڤ ئاقڵ بکات. خوێندنەوە مانای گۆڕینی خودە، کە لەناو ئەو هەموو ڕەشاییە، تۆش ڕەش نەچیتەوە سپی بنوێنیت. لەناو ئەو هەموو زوڵم و ناشرینییەدا تۆش دزێو نەنوێنیت بەڵکو بدرەوشێیتەوە. من سەرم لێنەشێواوە و دەبینم و دەبیستم و هێشتا ویژدانم دەتوانێت هۆکاری ئەو هەموو ناشرینی و شێواو و خراپییە جوێبکاتەوە و بزانێت، کاتێک زوڵم و نادادی بەو جۆرە سەردەکات، یێکێک لە نیشانەکانی ئەوەیە، کە خوێندنەوە لە دونیای ئێمە بەتەواوی کۆچی کردووە و هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە بۆتە بەردێک لەو دیوارە گەورە و گرانەی، کە ئێمەی لە کانیاوی ژیان و ئەڤین و پاکژی دابڕیووە.

کتێبی: لە نێوان شۆپنهاوەر و ئەدۆرنۆدا تۆێژینەوەیەکی بەراوردکاری دەربارەی ئازار و موعاناتی جەستەیی



کتێبی (لە نێوان شۆپنهاوەر و ئەدۆرنۆدا تۆێژینەوەیەکی بەراوردکاری دەربارەی ئازار و موعاناتی جەستەیی) بە زمانی ئینگلیزی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی ئەکادیمی جیهانی(Palgrave Macmillan)، بڵاوکراوەتەوە.

ئەم دەزگایە، بۆ وەرگرتنی کورسی خوێندن و تۆێژینەوە و خوێندنی پیشەیی دامەزراوە، نوسینگەی لە لەندەن و نیوریۆرک هەیە.

لە کۆتایی ساڵی 2014دا ئەم لە لایەن (دکتۆر مەتایس پیتەرس)ەوە، بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە، ناونیشانی کتێبەکە (لە نێوان شۆپنهاوەر و ئەدۆرنو- تۆێژینەوەیەکی بەراوردکاری دەربارەی ئازار و موعاناتی جەستەیی)، لە 260 لاپەرە و لە 11 بەشی پێک هاتووە، نوسەر لە نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە بە ناوبانگە ئەڵمانیەدا، دەربارەی بابەتێکی گرنگ گفتوگۆیەکی دەکات، کە تا ئێستالە بواریکی بەرفراوان و ئەکادیمی، لە شێوازەدا بە زمانی ئینگلیزی دەربارەیان نەگوتراوە ونەنوسراوە و کتێبیان لەبارەوە بڵاونەکراوەتەوە، نوسەر جەختی لەسەر هزری (بیری)هەردوو فەیلەسوفەکە کردۆتەوە، لە ڕووی ئازار و موعاناتی جەستەییانەوە، کە لە هەموو مرۆڤەکاندا، ئەم حاڵەتە وەک یەک هەستی پێ دەکرێت، هەرچەندە هەردوو فەیلەسوفەکە لە دوو سەردەمی مێژوویی جیاوازدا ژیاون و بۆچوونی فەلسەفیان جودا بووە، نوسەر (مەتایس پیتەرس) هاتووە تیشکی خستۆتە سەر(دڵەڕاوکە –توتر) و خۆپاراستن لە نێوان سروشت مێژووی فەلسەفی شۆپنهاوەری بە شێوازی قوڵی مێژوویی و بە شیکاری ڕەخنەیی ئەدۆرنو بەراورد کردووە.

لەم کتێبەیدا بابەتی هاوشێوەی لە نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە دۆزیوەتەوە، کە هەردوکیان ئەوەیان دراوەتە پاڵ بەوەی بەرگریان لە بیردۆزەکانی (ڕەشبینی)کردووە، لێرەدا دەستەواژە و تێگەیشتن لە ئازادی ون دەبێت و جەخت کردن لە میتافیزیکی کۆمەڵایەتی جێگەی دەگرێتەوە، بێئەوی بێئاگا بێت لە جیاوزیەکانی نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە.

دکتۆر مەتایس پیتەرس دەڵێت: شۆپنهاوەر و ئەدۆرنۆ (ڕەشبین)ن و لە شیکردنەوەی (گەشبینی)دا بەیەکدەگەنەوە، لە کاتێکدا هاوسۆزیان بۆ موعانات و ئازارە جەستەییەکان، وەک یەکی لێدێتەوە. ئەو کاتە ئەو سیفاتانە دەستکەوتی هونەر و ئەزمونن و شارەزاییەکانیشی سروشتی میتافیزیکایانەیە.

تۆێژینەوەکە شیکردنەوەیەکی دانسقەیە، مەتایس پیتەرس وامان لێ دەکات باشتر لە شۆپنهاوەر و ئەدۆرنۆ و هاوڕێبازەکانیان لە ڕابردوودا تێبگەین و لە بیردۆزەی ڕەخنەیی حاڵی بین، لەگەڵ ئەوانەشدا بەشداریەکی مەزن لە بیرماندا دروست دەکات دەربارەی ڕەشبینی و گەشبینی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.

مەتایس پیتەرز لە ساڵی 1982 لە هۆڵەندا لەدایک بووە، خاوەنی ئەم بڕوانامانەیە:

١- (دەرچووی ڕشتەی فەلسەفە لە زانکۆی ئوترێخت.

٢- سکوڵی نوێ بۆ تۆێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا.

٣- پەیمانگای کاسۆلیکی لە پاریس.

٤- دکتۆرای بە پلەی نایاب لە زانکۆی ئیسکس لە بەریتانیا وەرگرتووە. هەموو نوسین و کتێبەکانی ئەم نووسەرە لەسەر شۆپنهاوەر و ئەدۆرنۆ ومرلو بونتي و پەیوەندیەکانی نێوان فەلسەفە و فەلسەفەی کلتوری میللی نوسیووە، ماوەیەک تۆێژەرە بووە لە (کۆلێجی پۆستمۆدێرنیزم)، لە زانکۆی فریدریک شیلەر لە جینای ئەڵمانیا و ساڵی 2013 سەردانی کوردستان و زانکۆی سلێمانی کردبووە و خاوەنی چەندان کتێب و توژینەوەی دیکەیە دەربارەی ڕێبازەکانی فەلسەفە، ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی ئوترێخت لە هۆڵەندا.

مینیمایزەیشن لەدەقی شیعریدا....نیشتمان پڕە لە میلۆدی حەسرەت، عەبدولقادر سەعید، وەک نموونە

بەشی یەکەم



نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

بەوپێیەی زاراوەی مینیمایزەیشن وشەیەکی کوردی نییە و کوردیش هەتا ئێستا کاری لەسەر نەکردووە، بەڵکو ئاشنایەتییەکی ئەوتۆشی لەگەڵیدا نەبووە و نییە بەتایبەتی لەبواری ئەدەبی و شیعریدا، ئەوا نەمدەزانی لە بەرامبەریدا چی دابنێم. ئەمە،لە بواری زاراوە و زانستی تێرمۆلۆژیدا، تەنها کێشە نییە کەڕووبەڕوم دەبێتەوە ولەچەندین توێژینەوەی ترمدا هەمان کێشە بەرۆکی گرتووم و لەئەنجامدا و بەپێی توانا و بیرکردنەوە بێ فیزییەکانمدا، تا ڕادەیەک کێشەکەم چارەسەر کردووە، (ئەم بابەتە هەڵدەگرم بۆ لێکۆلینەوەیەکی ڕەخنەیی تایبەت(.مینامیازەیشن بریتیە لە بەفیڕۆنەدانی زمانی و دەرهاویشتەکردن و بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەک، بەکەمترین هێڵی دەربڕینی زمانی لە بواری شیعردا، شاعیر، بەشێوازێکی دەبڕینی قوولەوە، دەچێتە نێو وردەکارییەکانی ئەزموونی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە تێکڕای خەڵکی هەستیان پێدەکات، بەڵام توانای دەربڕینیان نییە. ئەمە لەگۆشەیەکی تردەوە پێی دەگوترێت "ڕۆشنگەری شیعری" وەک ئەوەی شاعیر مەبەستی بێت بچێتە نێو مەسەلە و پرسیارە هەستیارەکانەوە، کە زۆربەیان بەگرێکوێرەیی ماونەتەوە و چارەسەریان بۆ ئەنجام نەدراوە، یان زۆربەیان بەبێ بایەخ لەگۆشەیەکی بێ بەهای قەتیسماوییەوە، گیریان خواردووە و کەسێکیش ئاوڕیان لێ ناداتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە، مینیمایزەیشن ئامرازێکە، یان شێوازێکی دەربڕینییە بەمەبەستی دەرخستنی مەسەلە و کێشەکانە، بەڵام بەکەمترین ماوە و ڕێگە، کە دەشێت بەمەشیان بگوترێت "پەستانە دەق" یان "کورتیلە دەق". ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کەمکردنەوەی ماوەکان بەمانای کاڵ و کرچی دێت، بەڵکو،هەر وەک عەرەب دەڵێت"خیر الکلام ما قل ودل"، ئاماژەیەکی قوولی دەربڕینەکانیشە، کە پڕە لە چەندین کۆد و نیشانە و ئایکۆن. بەمەش دەقی مینیمایزەشن، کەبەشێکە لەهونەری ئەبستراکی، دەقێکی سروشتی نییە و خاوەنەکەی هەڵگری ئەزموونێکی قوورسی کارنامە هەڵچوونی و کاریگەریی و ئایدیۆلۆژییەکانە، کەنایەوێت خۆی بەشتە لاوەکییەکانی زمانی و دەربڕینی و ڕاقەییەوە خەریک بکات، بەڵکو لەجیاتی ئەمانە دەقەکەی چڕوپڕ دەکاتەوە و هیچ لادانێکی زیادەیی لە دەربڕیندا ناکات، بەڵکو پێویستی پێی نییە، چونکە دەتوانێت بەو کەمە شتە، گەورەکان بە ئەنجام بگەیەنێت. دیارە ئەمەش دەرئەنجامی بیرکردنەوە قوول و جدییەکانە، کە بەدرێژایی زەمەن لەبیر و هزری خۆیدا پاراستوێتی و لەهەمان کاتیشدا خاوەن شێوازێکی تەکنیکی خۆیەتی، کە لەڕێگەیەوە دەتوانێت ماوەکان بەزووترین کات ببڕێت. گەرچی هەتا ئێستا وەک ڕێبازێکی هونەری، یان ئەدەبی جێگەی خۆی نەکردۆتەوە، بەڵام هەوڵەکانی شاعیر و ڕۆمانووس و نووسەری ئەمریکی ستیڤن کرین (1871– 1900) و باشۆی یابانی (1644– 1694)، کە دامەزرینەری شیعری هایکۆی یابانییە، دەبێتە هەوێن و بەردی بناغەی مینیمایزەیشن.

خوێنەریش، بەشێوەیەکی گشتی و لە زەمنی ڕاکەڕاکە وخێراکاندا، بەدوای بیر و کاکڵەی بابەتەکاندا دەگەڕێت، نەک ڕازاندنەوە و لادانە بێ هۆکارییەکان.

ئەمڕۆش، کەزەمەنی خێراکانە، زۆرینەی خوێنەر بەلای دەربڕینە کورتەکاندا دەچن و تەواو دووردەکەونەوە لەدرێژەپێدانی ناوەڕۆکەکان، بەو پێیەی درێژەپێدانەکان کاریگەری و قورسایی سایکۆلۆژی دەخاتە سەریان و بەکارێکی قێزەوونی سەیر دەکەن، بەڵکو بەتەواوی لێی دووردەکەونەوە. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆلینەوەکەمان دابەش دەکەین بەسەر سێ ئاستی سەرەکیدا:

یەکەم: ئاستی پێش دەق. مەبەست لەم ئاستە دەستنیشانکردنی خاڵی ڕووبێتی بابەتە فیکری و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و سیاسیەکانی بەرهەمهێنەرە. بەمانایەکی ئاشکراتر، بەر لەوەی شاعیر، یان بەرهەمهێنەری دەق بچێتە نێو شێوازی دەربڕینە مینیمایزەیشنەکەوە، ئەوا پێشتر زانیارییە فیکری و سۆسیۆلۆژی و سیاسیەکانی لەهزر و هۆشی خۆیدا پاراستووە، لەچرکەساتە پێویستەکاندا دەیانخاتە ڕوو. بەمەش ئەم شاعیر، لەلایەکەوە خاوەن ئەزموونە و لەلایەکی تریشەوە، سەرچاوەکان بونیادێکی گرنگی پڕۆسەی شیعرییەتێتی. بەوپێیەی نموونەی لێکۆلینەوەکەمان خۆی لە دیوانە شیعری"نیشتمان پڕە لەمیلۆدی حەسرەت"ی عەبدولقادر سەعیدا دەبینێتەوە،شاعیر لەدەقی "شۆڕش" دەڵێت:

ئەوانەی یارییان بە جەنگ کرد،
کوژران.
ئەوانەی یارییان بە ئەستێرەی سەرشانی
کوژراوەکان کرد دەرباز بوون.
ئازاکان،کوژران بیرچوونەوە
ترسنۆکەکان، بەئەستێرەکانی....
سەرشانیانەوە،
نەبەردی بەرەکانی جەنگ،
بۆ نەوەکان دەگێڕنەوە (دیوان، 57– 58).

هەموو دەقەکە بریتیە لەمەی کە ئاماژەمان پێکرد. لەلایەکەوە تێکڕای تاکەکان ئاگاداری ئەو ڕاستیەن، کەپاڵەوانە ئازاکان هەمیشە لە پێش جەنگاوەرەکانەوە دەجەنگنن و زەرەرمەندی سەرەکیش هەر ئەمانن. ئەوانەشی کە لەبەرەی دواوەی جەنگدان، کەشاعیر بەترسنۆک لەقەڵەمی داون، دواتر دەبنە پاڵەوانی جەنگەکە و هەر خۆیان چەندین نیشانەی ئازایەتی و ئافەرینی هەڵدەواسن بەیەخەیانەوە. بەڵام مەسەلەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئەم جۆرە مامەڵە و شێوازە، بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوە. شاعیر لە لایەکی ترەوە، وەک ئەوەی خۆی وێنەگر و دەرهێنەری ڕووداوەکان بێت، یان خۆی یەکێک بێت لە جەنگاوەرە کوژراوە ئازاکان و ڕووداوەکەمان لە گۆڕەپانی جەنگدا و بەشێوازی نووسینێکی گێرانەوەیی لەدەفتەری بیرەوەرییەکانیدا بۆ دەگەڕێتەوە، ڕاستی جەنگاوەرە ئازاکان و پاڵەوانە ئایندەییەکانی جەنگەکانمان بۆ دەردەخات. کارەکەشی وەک مینی درامایەکی بچووک نمایش دەکات کە ووردەکارییەکان دەخاتە سەر خوێنەر. لەهەمان کاتدا شاعیر گەرچی بابەت و ڕووداوەکەی بەکراوەیی بەجێ هێشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆ لە نەوەی نوێ دەگرێت ئەویش بەوەی ئەم نەوەیە بێ چەند و چوون گوێ بیستی گێرانەوەکانی جەنگاوەرە زیندووەکانە، کە بوونەتە پاڵەوانی ئەمڕۆ. واتە شاعیر بابەتەکەی کورت و چڕ کردۆتەوە و نەهاتووە بەدرێژی باسی ڕووداو و دوای ڕووداوەکەمان بۆ بگێڕێتەوە. تەواوکردنی ڕووداوی خستۆتە ئەستۆی خوێنەر.

بروانە لاپەرە 9

شاعیرەکان دەستێکیان لای ئەهریمەنە و چاوێکیان لای ئاهورامزدا

مینیمایزەیشن لەدەقی شیعریدا..

پاشماوەی ل 8

لەدەقێکی تریدا بەنێوی"راو " دەڵێت:

راوچییەکان سەرسامن...
بە بێباکی ماسییەکان،
کەلە قولاپی مەرگ گرد دەبنەوە.
ماسییەکان سەرسامن...
بەگەمژەیی راوچییەکان
کە تێناگەن،
لەدەریا وئاسمان وزەمیندا
نان هەر لەقولاپی مەرگایە (دیوان،12– 13.)

لەرێگەی ئایکۆن ونیشانەکانەوە، شاعیر چیرۆکی "من" و "ئەو" مان بۆ دەگێڕیتەوە، یان کۆتایی بەململانێکانیان دەهێنێت. بەهۆی ئەزموونە پێش وەختەکانی شاعیرەوە، وەرگر و خوێنەر لەبەردەم کۆمەڵێک زانیاریدان بەتایبەتی ئەنجامی دایەلۆگە قورس و سەختەکانی نێوان ئەو دوو جەمسەرە، کە بەلای تێڕای خەڵکییەوە و تا زەمەنی دەق زۆر جیاوازن بەهۆی بالادەستی "ئەو" و لاوازی"من". بەڵام لەم دەقەدا شاعیر هەردوو جەمسەر دەخاتە نێو یەک تای تەرازووەوە، وەک ئەوەی چارەنووسی "من"هەمان چارەنووسی"ئەو" بێت. بەمەش کۆتایی بەگەمەی "تۆم" و"جێری"ییەکەی کورد دێت، ئەمەش دوای ئەوەی ئەم گەمەیە زەمەنێکی دوور و درێژی لەبیرکردنەوە و ململانێکان داگیر کردبوو. دواتر خوێنەر بەدوای گەمەیەکی نوێدا دەگەڕێت، کەجیاواز بێت لەوەی پێشوو. بەڵام هێشتا گەمەکە دەستی پێنەکردووە و نازانین چۆنیش دەست پێدەکات، یان ئایا چەند لێکچوون و جیاوازی دەبێت لەگەڵ گەمەکەی پێشوودا.

دوهەم: ئاستی دەق....ئەم ئاستە لەزەمەنی دەقدا، جەخت لەسەر هێڵە مرۆڤایەتی و فیکری و دەربڕینییەکان دەکات. بەهۆی تەنگەشەی ئازادی و هاوکێشە بابەتییەکانییەوە، شاعیر هەندێک جار بەپێویستی دەزانێت، کە نامەکەی بەکورتی و چڕی پێشکەش بکات. ئەمە لەبەر ترس نییە بەڵکو، هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شێوازێکە لە شێوازە دەربڕینە نوێیەکان، کە چیتر پێویست نەکات بچینە نێو چیرۆکە درێژەکانی ڕووداو جیاوازەکانەوە، بەڵکو کورتیلە گێڕانەوەییەکانیش، لەلایەکەوە، هەمان ڕۆڵی چیرۆکە درێژەکان دەبینن، بەڵکو کاریگەرییەکانیان هاوشێوەی یەکترن. لەلایەکی تریشەوە دەقی شیعری پێویستە خۆی لەوەسفە درێژخایەنەکان ڕزگار بکات، بەتایبەتی لەزەمەنی خێرا و سکوڵاریزمدا کە سەرجەم مرۆڤەکان سەرقاڵی شتە نوێیەکانن و ئەو بوار و ماوەیان نییە کەخۆیان بەوورەکارییەکانی ڕووداو و گێڕانەوە درێژخایەنەکانەوە خەریک بکەن. بەو پێیەی عەبدولقادر سەعید کەسێکی هەستیارە و لە نزیکەوە دەڕوانێتە مەسەلە گرنگ و کاریگەرییەکان و چێژیش لە بەشداریکردنی ئەو مەسەلانە دەبینێت، بەڵکو تەواو وەک ڕاوکەرێک، بەڵام هاوشێوەی ڕاوکەری دەقە ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوە نا، خۆی بۆ ئەو مەسەلانە ناوەتەوە و نیچیریان دەکات و نایەوێت لە دوورەوە گوێبیستی ڕووداوەکان بێت. لەم گۆشەیەوە چەندین دەقی چڕ و پڕی تەرخان کردووە، کە ناوەڕۆکی سەرجەمیان ئەوانەن، کە تێکڕای خەڵکیان هەراسان و بێزارکردووە.

بۆ نموونە لە دەقی " شاعیرەکان دەستێکیان لای ئەهریمەنە و چاوێکیان لای ئاهورمەزدا "دا دەڵێت:

بازەکان لەئاسمانی شینی دیموکراسیدا
ڕاوی بااڵندە فێر دەبن.
قرشە ڕادیکاڵەکانی دەریا،
لە قووڵی خەیاڵی زەریادا،
ماسییەکان ڕادێنن بۆ مردن.
نیوەی سەر زەوی، شاعیران دەیکەن بە
گوڵ و
لەهەر جێیەک شاعیری شەرمن و
سۆزانی بوێر بانگ بدا،
باز وقرش و کەرووێشکە شیعری
دەستەمۆ،
دەستێکیان لای ئەهریمەنە و
چاوێکیان لای ئاهورامەزدا (42– 45).

ئەم دەقە پێکهاتووە لەدوو دیمەنی جیاواز، بەڵام چەمکی مەبەستێتی و بونیادی بازنەیی هەردووکیانی پێکەوە گرێداوە. گەر بڕوانینە ناونیشان، کەلەبەشی کۆتایی دەقەکەدا جارێکی تر دووبارە بۆتەوە، دەبینین شاعیر لەڕێگەی ڕەهەندە جوواڵەییەکانی دەست و چاوەوە دەچێتە نێوز سروشتی ناوەوەی شاعیرەکان بەگشتی، کە دابەش بوون بەسەر دوو جیهانی جیاوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستەدا. بانگەوازی شاعیر تایبەت نییە تەنها بەشاعیرانی کورد و زەمەنی ئێستایانەوە، بەڵکو گشتگیرییەکی ڕۆژهەاڵتییە، بەکۆن و تازەکانیەوە. هۆکاری ئەمە گەرچی زۆرە بەڵام شاعیر ،بەشێوەیەکی کورتی ناڕاستەوخۆ، چڕی کردۆتەوە لەدەستەمۆیی بەشێکی زۆری تاکەکان وڵاوازیان بەهۆکاری میتریاڵی لەبەرامبەر خاوەن دەسەاڵتەکان .دیارە ئەم سروشتە تەواو کاریان کردۆتە سەر هەڵوێستە وسایکۆڵۆژیای شاعیر. بۆیە،لەلایەکەوە بەتوندی وبوێرانە ئەو ناونیشانەی کردۆتە چەقی دەق وبابەتەکەی.لەلایەکی تریشەوە ئەم ناونیشانەی جارێکی تر دووبارە کردۆتەوە لەکۆتایی دەقەکەیدا کەئەمەش بەمانای جەختکردنەوە و ڕەوینەوەی بارە سایکۆڵۆژییەکەی دێت، یان بەمانای دیاریکردن و ئاشکراکردنی هەڵوێستەکەی دێت لەنێو ئەو دوو گروپەی شاعیراندا. لەم ناونیشانەدا، شاعیر دوو شێوازی ئامرازی بەکارهێناوە. یەکەمیان، دەست و ئەوی تریان، چاو. ئەمە بەڕێکەوتە خۆڕسکییەکان بەکارنەهاتووە، وەک خوێنەرێک بڵێت ئەی بۆچی لە جیاتی چاو دەستی دووهەمی دانەناوە تا ناونیشانەکە ببێت بە "شاعیرەکان دەستێکیان لای ئەهریمەنە و دەستەکەی تر لای ئاهورومەزدا".

ماوێتی

چالاکی هونەری و ئەدەبی کورد لە تاراوگە

شیعر خوێندنەوە لە ئێوارەیەکی هەمەڕەنگدا

لەمیانەی چالاکییەکانی نوسینگەی ڕیالیزم، لە سێ ئێوارەی ڕەنگیندا لە ڕۆژانی 19تا 20 ی دیسەمبەری 2019، لە (سەنتەری کولتوری دەس هاوس)ی شاری لودڤیگس هافن، بە بەشداری ژمارەیەک لە هونەرمەندان و نووسەران، هەر ئێوارەیەک چەندین چالاکی هونەری و ئەدەبی پێشکەشکران، کە تێیدا پێشانگەی شێوەکاری، شانۆ و نواندن، موزیک و گۆرانی، شیحر خوێندنەوەی تێدا پێشکەشکرا. چالاکییەکان لەژێر دروشمی (ئاستی ژێر سفر) بەڕێوەچوو. لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 20–12–2019 دا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر شەیدایانی شیعر و ئەدەب، نووسەر و شاعیری کورد یوسف مەنتک بەشداری کرد و چەند پارچە شیعرێکی خۆی بە زمانی ئەڵمانی پێشکەش کرد.

ئاهەنگی سەری ساڵ لە ڕۆتەردام

هونەرمەندی کورد خانوو پرشنگ وەرزەندگان بەشداری پێشەنگایەکی هاوبەش دەکات

ڕۆژی ١٨ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هونەرمەندی کورد، پرشنگ وەرزەندگان بە چەند کارێکی هونەری سیرامیک و پەیکەرسازی لەگەڵ ٥٩ هونەرمەندی باکوڕ و ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندا، لە شاری (Emmen) لە پێشەنگایەکی هونەری بەشداری دەکات، لەم ناونیشانەی خوارتەوە:

De Fabriek, CBK Rensenpark

Hoofdstraat 18 Emmen, CBK, Ermerweg 88b, 7812 BG Emmen

پاشکۆی (١) ی نامە هیندوستانیەکان میـــــــ

تێڕوانینی جیاواز بۆ پرسی کورد!

«میساقی میللی=عەهدی میللی» تورک چییە....؟
کە ئێستا رژێمی گورگەبۆری تورک دەیەوێت بەشەڕ و داگیرکردنی رۆژئاوا و باشووری کوردستان بیهێنێتە دی !

عەبدوڵڵا چوارتایی

تورکەکان میساقی میللی بە (سوێند و پەیمان)ی نەتەوەیی ناودەبەن و بە ئەرکی هەموو تورکێکی دەزانن، کە پێویستە لەسەری بۆ هێنانە دی تێبکۆشێت. ئەو میساقە بریتییە لەو پێشنیارانەی مستەفا کەمال ئەتاتورک و هاوڕێکانی خستیانە بەردەم «مەجلیسی مەبعوسانی دەوڵەتی عوسمانی»، لە دوا دانیشتنیدا سەرەتای ساڵی١٩٢٠ و وەک بڕیار پەسەندکرا. لەو دانیشتنەدا هیچ پرۆتۆکۆل و مەحزەرێکی ڕەسمی تۆمار نەکراوە و هەر بە دەمی بووە، تا بە تەواوی بزانرێت ناوەڕۆکی ئەو میساقە چییە.. !؟ هێندێک سەرچاوە دەبێژن لەو دانیشتنەدا ٦ بڕیاری گرنگ دراوە، هێندێک دەبێژن ٨ بووە. بڕیارەکان بنەما و داخوازیی تورک بوون بۆ وتووێژ لەگەڵ هاوپەیمانان ی جەنگی جیهانی یەکەم لە دژی تورکیا و لەلایەن هاوپەمانانەوە ڕەفز کرا و دواتر ئەستەمبوڵیان داگیر کرد. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو خاڵ و ئەو نەخشەیەیە تێیدا، کە ئەتاتورک بۆ دەوڵەتی تورکیای دوای جەنگی جیهانیی یەکەمی ئامادە کردبوو و لە میانەی پەیمانی سیڤەر دا ڕەفز کرا؛ کە تورک تا ئێستاش پێی وایە هەر شوێنێک بەریتانیا و فەرەنسا و هاوپەیمانەکانیان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا تا ساڵی ١٩١٨ بەشەڕ داگیریان نەکردبێت، هەمیشە ملکی تورکە و دەبێت هەر بگەڕێندرێتەوە بندەستی تورکیا.!

بە بڕوای تورک ئەو نەخشەیە کۆی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و حەڵەب و زۆر دەڤەری ئەوروپا دەگرێتە خۆ وەک لە وێنەکەدا دەیبینن.

ئەردۆگان دەیەوێت وەک ئەتاتورک پاڵەوان و قارەمانی مێژوویی تورک بێت و خۆی و ڕژێمەکەی بەئاشکرا دەیڵێن کە هەنگاو بە هەنگاو کار بۆ بەجێهێنانی ئەو ئامانجە دەکەن. لە ٢٠١٨/٣/١٩دا هەر لەگەڵ داگیرکردنی عەفرین دا مژدەی داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی فۆراتیان دەدا (وەک ئێستا دەیبینین) و هاوکات عەفرین و موسڵ و کەرکووکیشیان، بە ویلایەتەکانی ژمارە ٨٢، ٨٣ و ٨٤ ی تورکیا پێناسە دەکرد.

هێندێک پێیان سەیرە ئیمامۆغڵو سەرۆک شارەوانی ئەستەمبوڵ، کە بە دەنگی کوردان ئەو پۆستەی دەستکەوت، یان قلیچدارئۆغڵو ڕێبەری «سۆشیال دیموکرات» ی تورکیا پشتگیریی ئەو هێرشانەی ئەردۆگان دەکەن. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا هەموو «تورک »یێک خۆی بە پابەندی ئەو میساقە دەزانێت و ئەوانە ئەگەر لە دەسەڵاتیشدا بوونایە وەک ئەردۆگان ئەو دۆخە پاشاگەردانییە نێودەوڵەتییەیان دەقۆزتەوە هەمان تاوانیان دەکرد. لێ مەخابن گوێی سیاسەتبازانی کورد هەمیشە کەڕە و چاویان پێشکات مەترسییەکان نابینێت، لە بڕێتی کار لەسەر یەکڕیزیی ناوماڵی کورد و ئامادەکاریی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن بکەن، کار لەسەر دوژمنایەتی یەکتر و خۆگونجاندن لەگەڵ دوژمندا دەکەن.

با حیزب و پارت و کۆر و کۆمەڵی کورد بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی یەکبگرن. داگیرکەران ڕەحم بەئێوەش ناکەن تەنانەت جاشێتیشتان پێ ڕەوا نابینن.

سەرکەوتن بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوای نەتەوەیی کورد بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان.

عەلی باباجان و تێڕوانینێکی جیاواز بۆ پرسی کورد!

بەکر شوانی

لە تورکیا، هەروەک چۆن دەنگدەری کورد ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە هەموو سەرکەوتنەکانی ئاکەپەدا، لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ناوخۆیشدا هەمان دەنگدەر ڕۆڵی کەمەرشکێنی هەبوو لە دۆڕاندنی هەمان حزب لە شارە گەورەکانی ئەو وڵاتەدا.

ئەحمەد داودئۆغلۆ و عەلی باباجانیش کە دوو کەسایەتیی کاریگەری ناو ئاکەپە بوون و ئێستا سەرقاڵی دامەزراندنی حزبی نوێن، ئەو ڕاستییە باش دەزانن و لەمێژە لەوە حاڵی بوون کە کاری سیاسی لە تورکیا بێ ئاوڕدانەوە لە گەلی کورد و دۆزەکەی لە باکور و تەنانەت لە پارچەکانی تریش، بێ ئاکام دەبێت. داودئۆغلۆ حزبی خۆی دامەزراند، بەڵام زۆر شەرمنانە و کورد گوتەنی، لەژێر لێوەوە باسی لە دۆزی کورد کرد. وەلێ پێ دەچێت باباجان زیاتر خۆی لە پرسەکە نزیک بکاتەوە و بیکات بە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی پارتەکەی کە بڕیار وایە لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا ڕابیگەیەنێت. باباجان لە ماوەی ڕابردوودا پێشوازی لە کۆمەڵێک سیاسەتمەدار و کەسایەتیی کورد کردووە و دوایین جاریش هەفتەی ڕابردوو چاوی بە شاندێکی مافناسانی کورد کەوتووە و پرسی کوردی لەگەڵیان تاوتوێ کردووە. ئیلهامی ئیشک کە سەردەمانێک لە ناو ئاکەپەدا ڕاوێژکاری کاروباری کورد بوو و ئێستا لەگەڵ باباجان کار دەکات، ئامادەی هەموو دیدارەکانی ناوبراو و شاندە کوردییەکان بووە و هەر خۆیشی ڕێکخەری دیدارەکان بووە. ئیشک لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی(T24) ی تورکی بە شێوازێکی جیاواز لەوەی کە لە سیاسەتی تورکیادا باوە، باس لە بۆچوونی باباجان بۆ پرسی کورد دەکات و دەڵێت" :کوردەکان چاوەڕوواننییەکی گەورەیان لە پارتەکەی باباجان هەیە". باباجان لە دوای دامەزراندنی پارتەکەی، دەستەواژەی ڕوونتر دەربارەی پرسی کورد بەکاردەهێنێت. ئەو پایە ڕەوایەی کە کوردەکان لە دنیادا بەدەستیان هێناوە، لەمەودوا لە سیاسەتی تورکیاشدا ڕەنگ دەداتەوە و هەرکەسێک بیەوێت ببێت بە جێگرەوەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا، ناچارە هەڵوێستی لەمەڕ پرسی کورد ئەرێنی بێت". با چاوەڕێ بین و ببینین!

تێبینی: فەرموو بۆ لینکی هەواڵەکە.

https://t24.com.tr/haber/kurtler-davutoglu-na-degil-babacan-a-kredi-veriyor,852509

گۆشەی 36 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە

هەناردەکردنی چەک ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرد

لەدوای ئەوەی لە٢٠١٥ەوە هەناردەکردنی چەکی ئەڵمانی بۆدەرەوە دابەزیبو ئەمساڵ ٢٠١٩ ئەڵمانیا بای ٨ ملیار یۆرۆ چەکی هەناردەی دەرەوەکردوەو باشترین کڕیاریش وڵاتی میسر بوە، لەدوای ئەویش هەریەک لەئیمارات وجەزائیروقەتەرن، بۆیە پارتی چەپی ئەڵمانی Die Linke ڕەخنەی زۆری هەیە لەسەر ئەوبازرگانیکردنەی چەک.

موچەزیاد دەکرێت

لەسەری ساڵی تازەوە موچەی چەند چین وتوێژێکی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا زیاد دەکرێت، خانەنشینان کە ژمارەیان ٢١ ملیۆن کەسە لە هاوینی داهاتوەوە خانەنشینیەکەیان بە ڕێژەی ٣،١٥٪ زیاد دەکرێت، کەمترین کرێی سەعاتی کار بۆ کرێکارو کاسبکارەکان لە ٩.١٩ ەوە دەبێتە ٩.٣٥ یۆرۆ، کەمترین موچەی خوێندکارانی پیشەیی Ausbildung مانگانە دەبێتە ٥١٥ یۆرۆ، موچەی یارمەتی کۆمەڵایەتی بڕی ٨ یۆرۆ زیاد دەکات واتە دەکرێتە٤٣٢ یۆرۆ مانگانە.

دروستکردنی شوقەو خانو زیادی کردووە

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەهۆی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان وهاتنی لێشاوی کۆچبەران دروستکردنی شوقەو خانو یەکجار زۆر، بەجۆرێک ئەمساڵ زیاتر لە ٣٠٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبون دروستکراوە و بە بەهای ١٣٧ ملیار یۆرۆی لێفرۆشراوەتە خەڵک.

لەناو کڵێسایەک سوری و ئێرانیەک بەشەڕهاتن

لەڕێوەڕەسمی ئاهەنگ ودوعاخوێندنەکانی ناو کەنیسەی " قەدیس نیکۆلای"ی لەشاری ئەوابادی هەرێمی سەکسۆنیا لەکاتی دابەشکردنی دیاریەکانی ڕێکخراوێکی خێرخوازی بەبۆنەی جەژنی لەدایکبونی حەزرەتی مەسیح سوری وئێرانیەک لەکاتی وەرگرتنی دیاریەکان بەشەڕهاتن وکارەستێکیان لەناو کەنیسەکە نایەوە، لەوشەڕەدا چەقۆیان بەکارهێناوتا پۆلیس گەیشتێ قەشەیەکیان بریندارکرد کە ناوبژی دەکردن.

کابرایەک پەنجا هەزار مارکی کۆنی دۆزیەوە

شەش مانگ لەمەوبەر کابرایەک کۆنەسەعاتێکی دیواری لەبازاڕی کۆنەی یەکشەممەوان Flohmarket کڕیبو، کەبردبویەوە ماڵەوەو پاکی کردبۆوە بڕی ٥٠ هەزار مارکی ئەڵمانی دۆزیبۆوە، هەر زوو ڕادەستی پۆلیسی کردبۆوە، بەپێی یاساش لەدوای ڕاگەیاندنی لە میدیا تا شەش مانگ ئەگەر کەس خۆی بەخاوەنی نەزانی ئەوا دەبێتە نهی ئەوکەسەی کە دۆزیویەتیەوە، بۆیە حکومەت تەنها هەقی رسوماتی ٥٧٦ یۆرۆی لێ گێرایەوەو باقی تریشی ڕادەستی کابرا کردەوە.

بروانە لاپەرە 14

گۆشەی 36 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پاشماوەی لاپەڕە 13

دیاری بەسەر ئاژەڵاندا دابەشدەکرێت

بەبۆنەی جەژنەکانی کرێمس وسەری ساڵی تازە، ئیدارەی باخچەی ئاژەڵانی شاری ستوتگارد زیاتر لە سەد پارچە دیاری بەسەر ئەو ئاژەڵانەدا دابەشکرد کە گرتوینەتە خۆی ، ئەو دیاریانە بریتی بون لە خواردن ومیوەو شیرینی تێکەڵی ئالیک وئەو خواردنانەی کە ئاژەڵان دەیخۆن، بەم بۆنەیەوە ئاژەڵانیش کەیفیان پێهات.

داوادەکرێت خێرایی ترومبێل لە ١٣٠ کم زیاترنەبێت

بەپێی پڕۆژەیەکی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانی خێرایی ترومبێل لەسەر هێکی خێراو ئۆتۆبانەکان نابێت لە ١٣٠ کم لە سەعاتێکدا تێ بپەڕێت، بەڵام پارتی کریستیانی کۆمەڵایەتی ووەزیری گواستنەوەو گەیاندن بەو پلانە ڕازی نین و نایەڵن سەربگرێت چونکە ئێستا خێرایی لەسەر Autobahn سنوری بۆدانەنراوەو ئەو پارتە هەمیشە ئەوداواکاریە لەحکومەت وپەرلەمان دەکات.

بەپرسێک داوا لەدایک و باوکان دەکات بخوێننەوە

خاتوو" ئانیا کارستیک" وەزیری پەروەردەی ئەڵمانیا داوای لە دیکو باوکان کرد کە هەوڵ بدەن زیاتر بخوێننەوەو کلتوری خوێنەنەوە فێری مناڵ ونەوەکانیان بکەن و کاتێک مناڵ ببینێت دایک وباوکان کتێب دەخوێننەوە ئەوانیش چاویان لێدەکەن وتواناو زیرەکیان زیاتر دەبێت.

ئاواتەکانی خەڵی ئەڵمان بۆ ساڵی ئایندەچین؟

بەپێی ئەو ڕاپرسیانەی کەلەناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیاکراوە بۆ ئاوات وئامانجەکانی زۆرینەی خەڵک بۆ ساڵی ئایندە، دەرکەوتوەکە ٦٤ ٪ ی خەڵک دەخوازن کاتێکی زیاتر بۆ حەوانەوە لەناو خاوخێزان تەرخان بکەن و هەمان ئەو ڕێژەیەش هیوایان وایە، بۆ ساڵی داهاتوو حکومەتەکان ژینگە و ئاوهەوایەکی پاکیان بۆدەستەبەر بکەن، ٥٤٪ یان دەیانەوێت کاتێکی زیاتر بدەنە وەرزش کردن و٣٦٪ یان هیوادارن بتوانن کێشیان دابەزێنن، ٣١٪ یان هەوڵ دەدەن، کە پارەی زۆرترپاشەکەوت بکەن،٢٧٪ یان ئاواتی ئەوەدەوازن، کە کەمتر کات بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەفیڕۆ بدەن،١١٪ ش هیوادارن بتوانن واز لە جگەرەکێشان بێنن.

داوا لە خوێسنەرانی ئازیزی تاراوگە دەکەین.....
پێمان بڵێن خاوەنی ئەم وێنەیە..کێ یسسسە..؟
بەچی ناسراوە..؟ لە کوێ دادەنیشسسسێت..؟
سەربە چ نەتەوەیەکە..؟ خەڵکی چ وڵاتێکە...؟

گۆشەی زانست
ماموستا جەزا دەینووسێت

ماددە و دژە ماددە...دژە ماددە دەڵێت: دابەزم، یسان سەرکسەوم...؟

سێ بۆچوون هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.... ئایا دژە مادە و مادە و وێنە.. ئاوێنەین؟

ASMSIMMATCHES ئیسمیسماکس گەورەترین گروپن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە سێ بیردۆزە، کە ئەمانەن. تەنۆلکە سەرەتاییەکان و بیردۆزەی ڕێژەیی گشتی و گەردوونین. زاناکان بۆیان دەرکەوت، کە هەریکە ئەوی دی لادەدات، گەردوونێکی بە بێ تیشک، ئەستێرە و هەسارەی گلاسیک پێک دهێنێت، دەبێت ئەوەش بڵێن ماددە و دژە ماددە یەکسان نیین، ئەم مەتەڵە(لوغزە)، زاناکانی فەلک و فیزیای بۆ نییو سەدە سەرقاڵ کردبوو، بەڵام ئێستا زۆر نزیک کەوتوونەتەوە لە شیکارکردنی، ئەویش بە بە کارهێنانی میکانیکی تاوەری گەورە (المعجلة)، لە شاری سرن CEREN ی وڵاتی سویسرا نزیک شاری جنێف،

ئەم شارە تاقیگەیەک دەگرێتە خۆی، بۆ لێکۆڵینەوەی خاسییەتی تەنۆلکە سەرەتاییەکان، لە ئەنجامدا توانیان دژە ماددە پێک بهینن.

زاناکانی گەردوون و بواری ئاسمانناسی، ئەگەری بوونی تەنێک دەکەن، لە شێوەی پەتاتەدا

زاناکانی گەردوون و بواری ئاسمانناسی، ئەگەری بوونی تەنێک دەکەن، لە شێوەی پەتاتەدا، لە پشتێنەی 2014 MU69 دا، لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمسالدا، لە باکوری باسفیک بە بەکارهێنانی تێلسکۆبی هبل لە پشتێنەی تەنێک لە شێوەی پەتاتەداتێپەڕی کرد، لە هەمان کاتدا، دووبارە هەمان هەوڵییان لە شاری سومیا دا. ئەم کارە ئاژانسی ناسا NASA ئەرکی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ و دەزگای 747ی تیرە هاوێنە(عدسە)یەکی .8.2 FT بەرەو باکوری FIGI (فیجی) بۆ بەکارهێنا، دوای ١٠ سەعات حاڵەتەکە دووبارە بۆوە و جارێکی دیکە دیارنەمایەوە. بەهەرحاڵ ئەم تەنە نامۆیە بوونی هەیە و جارجار سەردەدات.

بەرەو تەندروستییەکی تۆکمە ئامادەکردنی عەبدوڵڵا عەسکەری پسپۆڕی کیمییا

سوودەکانی شیێلان (MASSAGE).

شێلانی هەردوو قاچەکان، لە قوڵە قاپەوە، پشتەپێ و بنەپێ، لە چالاکییە باشەکانی تەندروستییە. خاڵەکانی دەماری هەست(NERVE POINTS)، لە بنی پێدا هەن. هەر خاڵێک بەستراوە بە ئەندامێکی لەشەوە(ORGAN).

شێلانی ئەو خاڵانە و پەستان خستنە سەریان بۆ ماوەی چەند چرکەیەک بۆ نموونە(15) چرکە چارەسەری نەخۆشییە جیاوازەکان دەکەن. ئەگەر نەچتی بۆ هۆڵەکانی پسپۆری شێلان، ئەوا خۆت دەتوانیت لە ماڵەوە ئەنجامی بدەیت. ئەگەر خاڵەکانیشت نەزانیت ئەوا هەموو بن پێت و تەنانەت پشتی پێت بشێلە و باشترە زەیتی زەیتون بەکار بهێنیت بۆ سوود وەرگرتن لە زەیتەکە و ئاسانکاری شێلان.

تێبینی: کارەکە بە هێمنی ئەنجام بدە، لە پەستانی زۆر دوورببە، بۆ ئەوەی دەمارە هەستەکان زەرەرمەند دەبن.

سوودەکانی شیێلان (MASSAGE BENEFITS):

١- یاریدەدەرە بۆ خەوی قوڵ(باش): چونکە سوڕی خوێن باش دەکات و ماسولکەکان خاودەبنەوە.

٢- باشکردنی سوڕی خوێن: ئەگەر ڕۆژانە (10خولەک) ئەم کارە بکەیت، ئەوا بڕی ئەو ئۆکسجینە (O2)، کە دەگەیەنرێتە خانەکانی لەش بەرزدەبنەوە.

٣- سیستەمی لیمف هاندەدات و بەربەستی هەڵئاوسانی دەمارەکان (دوالی الساقین) دەکات، واتە ئازاری پەلک و پوز کەمدەکاتەوە.

٤- لەش خاودەکاتەوە: خاوبوونەوەی ماسولکەکان و نەرم بوونی دەمارەکان ئارام بەخشن بە جەستە.

٥- دژە خەمۆکی یە: ئەمەش بە پەستان خستنەسەر پەنجەکەڵەی قاچ بۆ ماوەی چەند خولەکێک ڕۆژی (٢-٣)جار ، خەمۆکی کەم دەکاتەوە.

٦- چارەسەری جۆرەکانی ئازار دەکات: وەک: سەرئێشە- لاژانەسەر(شقیقە)(Migrain)- ئازاری مل، ئازاری پشت.

٧- ئازاری پشت: لە پەنجەکەڵەوە، هەتا (قوڵە قاپ) بەشێوەی بازنەیی بەشێوەی بازنەیی بچوک بشێلە. هەروا بۆ پاژنەپێ(اخمص القدم- Sole) و سەرپشتی پێ، ئەم شێلانە لە گرنگی خەوتنی سەرزەوی کەم دەکاتەوە

٨- ڕزگاربوون لە مل ئێشە: پەنجەکەڵە و جومگەکانی قاچ بشێلە بۆ ماوەی (٥ خولەک) بە هێواشی، یان دەتوانیت هەموو پاژنە پێکانت بشێلی..

٩- زاڵ بوون بەسەر ئازاری ڕان و پەلکدا: بە پەنجەکەڵەی دەستت نێوان پاژنە و بەرەوسەر، بۆ پوز، هەتا دەگەیتە ئەژنۆ، بۆ ماوەی چەند خولەکێک بشێلە.

١٠- قاچەکانت(پاکانت) تەندروست بکە: شێلان یارمەتیدەرە بۆ ئارامی ماسولکەکانی لاق، (٥ خولەک)، شێلان لە ڕۆژێکدا، پاژنەکانت بەهێزتر دەکات و بەربەستی زیان گەیشتن بە لاقەکانت دەدات.لە سایتی

https://drhealthbenefits.com/

وەرگیراوە

فیلیپ سادی

هونەرمەند فیلیپ Philip Sadée لە 07 فێبریوەری ساڵی 1837 لە شاری دەنهاخ لەدایک بووە و لە 14 دیسەمبەری ساڵی 1904 هەر لە شاری دەنهاخ کۆچی دوایی کردووە. ئەم هونەرمەندە قوتابخانەی کلاسیکی هونەری خوێندووە. زۆرێک لەبابەتەکانی باسی ڕۆخی دەریادەکات و چەندین فیوگەری لەڕۆخی دەریا، تابلۆکانی نەخشاندووە، تابلۆکانی باسی ژیان دەکەن، هەروەکو ئەم تابلۆیە، کە بەناونیشانی (گەڕانەوە لەڕۆخی دەریا)، لە دەوروبەری ساڵی 1878 لەسەرقوماش بەڕووبەری X40 50سم کێشاویەتی. بەڵام ئەم هونەرمەندە زیاتر بەبێ مۆدێل لە ئەتەلیەکەیدا کاری کردووە. تابلۆی (گەڕانەوە لەڕۆخی دەریا)، ئەو دوو فیوگەرە زۆر لە دایک و کچ دەچن، کە لە کەناری سخێفنین دەگەڕێنە. سخێفنین ناوچەیەکی بچوکی ناو شاری دەنهاخە لەسەر ڕۆخی دەریایە.

فیلیپ زۆر لەژێر کاریگەری قوتابخانەی باربیزۆندا بووە، بەڵام لە بەکارهێنانی ڕەنگدا زۆر شارەزابووە و زۆر بەسەلیقەوە، بابەتی قوڵ و جوانی بۆ تابلۆکانی هەڵبژاردووە، فیلیپ لەم تابلۆیەیدا زۆر بەجوانی کاری کردووە، لەگەڵ جل وبەرگی فیوگەرەکاندا.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هونەرمەندە بڕوانە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Philip_Sad%C3%A9e

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA
تاراوگە

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

08 JANUARI . 2020 Nummer. [86] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

-لە سەری ساڵدا لە شاری دەنهاخ ئاگر لە ئەپارتمانتێک کەوتەوە، ل 2 – ئایا ستراتیژ چییە.؟ بەش هەشتەم، فەریق ڕۆکنیخانەنشین.پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی ستراتیژیمحەمەد نەجمەدین.نەقشبەندی ل 3
– دڵشادنیم بەکوشتن... نووسینی: دکتۆر هەژار مەعروف ل 4

– هونەرمەندی کورد شـــــــوان کەمال پەیکەرێک بۆ یاریزانی سویدی(مارکۆس ڕۆسنبێری) دروست دەکات ل 5
– بەرگرییەک لە شیعر.....نووسینی: سەڵاح حەسەن پاڵەوان ل ٦. – ترسناکیی دەستەواژەی "سروشت" نووسینی: دکتۆر مەریوان وریـا قـانع. ل و ٧ . – مینیمایزمیشن لەدەقی شـیعریدا....نیشـتمان پـڕەلە

– چالاکی کورد لە تاراوگـــە، پڕۆژەی مامۆستای کورد. ل 10 – وەرگرتنی هۆرمۆنی ئاسۆپریسین لەڕێگای سپرای لووتەوە. عومەر ڕەسوڵ. ل. 11 – لە جیاتی پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ بۆ خوێنەرانی تاراوگە. ل12

– گۆشەی 37 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 13 و ل14

– دووبابەتی زانستی: مامۆستا جەزا نووسیوێتی ل 15.

– ئەمجارە دەربارەی قوتابخانەی هونەریی هۆڵەندی هاخەسی سخوڵ.....

هونەرمەندی هۆڵەندی ئەنتۆن ماوفێ و جەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

08 JANUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 86
ژمارە 86 ی 08 ی کانوونی دووەمی 2020

لە سەری ساڵدا لە شاری دەنهاخ ئاگر لە ئەپارتمانتێک کەوتەوە، زیانەکانی بە 15 ملیۆن ئیرۆ دەخەمڵێنرێت

بە گوێرەی ئاژانسی RTL بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە لە بینایەکی شووقەی نیشتەجێبوون لە شاری دەنهاخ، ١٢ بریندار لێکەوتۆتەوە، لە کاتێکدا خەڵکەکانیان بە سلنگ گواستۆتەوە، ١٢ کەس بریندار بوون، سیانیان برینەکانیان ترسناکە. دەیان کەس لەو شوێنەی ئاگری گرتبوو، لە گەڕەکی وەیتەرنیس فێڵد، دەبوایە بە سلینگ بهێنرێنەخوارەوە، لەبەر دوکەڵێکی زۆر، نەیاندەتوانی بە شوێنی ڕێڕەوی ئەپارتیمێنتەکەدا بهێنرێنە خوارەوە. هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە بە هۆی سووتانی چەند ئۆتۆمبێلێکەوە بوو، کە لە ژێر چەتری ئۆتۆمبێلەکانەوە گڕیان گرتبوو، لەبەرئەوەی دوکەڵێکی زۆریش هاتبووە ناو ئەپارتمانتەکەوە. ئاگرەکە تا ڕۆژی دوایی توانرا بکوژێنرێتەوە، پەیکەر و ناوەوەی ئەپارتمانتەکە پارێزراوبوو، بۆیە خەڵکەکە توانیان هەرزوو بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵەکانیان.

خەڵکەکە بەندکرابوون:

خەڵکەکە بەهۆی ئاگر و دوکەڵەوە، وەک ئەوە وابوو لە ماڵەکانیان بەندکرابن، قسەکەری بەشی سەلامەتی هاخلاندن، ئەمەی لەبەشی هەواڵی RTL ڕاگەیاند:

لەلا سەلامەتەکەی ئەپارتمانتەکەوە، خەڵکەکانمان بە سلنگ دەگواستەوە. دۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو، خەڵکەکەش زۆر پەشۆکاو بوون. دانیشتوانێکی زۆری ئەپارتمانتەکە بەباشی هۆڵەندییان نەدەزانی، هەر بۆیەش گفتوگۆ لەگەڵیاندا ئاسان نەبوو.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیاندا، لە شوێنی ڕووداوەکە زانیاری تیاتر بدەن، بە خەڵکەکە و کۆیان بکەنەوە و لەناو پاسەکاندا قسەیان بۆ دەکردن.

هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە:

بۆچی ئۆتۆمبێلەکان ئاگریان گرتووە، تا ئێستاش هۆکارەکەی نەزانراوە، بە پێی قسەکەری فەرمانگەی ئاگرکوژاندنەوە، گوایە هۆکاری تەکنیکی ئۆتۆمبێلەکان بووبێت و دەشیت هۆکارەکەش یارییەئاگرینەکانی سەری ساڵ (فیشکەشێتە)بووبێت. ئێستە پۆلیسی فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوە، سەرقاڵی توێژینەوەن، دایکیکی ٣٦ ساڵی و کچە ٨ ساڵییەکەی کە لەناوجەرگەی ڕووداوەکە بوون، ئێستا ژیانیان مەترسی لەسەر نەماوە.

هەردووکیان ڕەوشیان لە نەخۆشخانە لە ژێر مەترسیدا بوو، هەروەها باوکە ٣٩ ساڵییەکەیان و کوڕە ٤ ساڵیەکەشی ژیانیان لە مەترسیدا بوو، بەوهۆیەوە گیانیان لەدەستدا. بەپێی قسەی پۆلیس ئەم خێزانە چوارکەسییە، لە نهۆمی یەکەمی ناو ئاسانسواری ئەپارتمێنتەکە، کاتیک ئاگرەکە کوژێنرابۆوە دۆزرانەوە، بەڵام لە هۆش خۆیان چووبوون، کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت، بەهۆی هەڵمژینی دوکەڵی ئاگرەکەوە ئەو دۆخە ڕوویدابێت.

ئەم خێزانە هاتبوون بۆ سەردانی نەنک و باپیرەیان، کە لەو ئەپارتمێنتە دەژیان و لەوکاتەدا ئاسنسواریان بەکارهێنابوو، کە ئاگرەکە کەوتبۆوە و ئاسانسوارەکە لەکارکردن وەستابوو.

بەپێی قسەی هەندێ لە دانیشتوانی ئەپارتمێنتەکە، چەند ڕۆژێکە هەندێ قەنەفەی کۆنیش، کە لە یەکێک لە هۆڵەکانی نهۆمێک دانرابوون، ڕەنگە ئەم قەنەفانەش گڕیان گرتبێت و دوکەڵێکی زۆری کردبێت.

گومان لێکراوەکان دەستبەسەرکران:

دوو کوڕی ١٢ ساڵ و ١٣ ساڵ شەوێک لە بەندیخانە مانەوە، بەهۆی ئەوەی گومانیان لەسەر بوو، پۆلیس زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنیان منداڵە، بەپێی قسەی داواکاری گشتی نابێت زیاتر لەو ڕووەوە وردەکاری زیاتر بدرکێنرێت.

پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی ستراتیژی



نووسینی: فەریق ڕۆکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی هەشتەم

چەند ساڵێک پێشتر، "بنچینەی هزری ستراتیژناسێک "کێنیچی ئۆمای (Kenichi Ohmae) لەکتێبەکەیدا نووسی:"هۆکاری ستراتیژی کارە سەرکەوتووەکان شیکردنەوەی ورد نییە، بەڵکو لە هۆکاری باریکی دیاریکراوی هزرەوە سەرچاوەدەگرێت"[1] .ئەو ستراتیژناسە بەردەوام بوو، لەسەر بۆچوونەکەی بەوەی:

([لە] بیری ستراتیژناسێکدا، تێگەیشتن و کەمپینێک بۆ دەستکەوت گرنگە... پاڵ بەکرداریکێ بیر بەشێوەیەکي بنچینەیی داهێنەرانە و ئاقڵانە دەکاتەوە. لەڕاستیدا ستراتیژناس، شیکردنەوە ڕەتناکاتەوە، بەبێ گەیشتن بەئامانج، بەڵام ئەوان تەنها ئەوە بەکاردەهێنن تا کرداری داهێنەرانە هانبدەن و بیرۆکەکان تاقي بکەنەوە، کە دوور دەکەونەوە لەبەکارهێناني ستراتیژە داڕێژراوەکانیان، یان تا ڕاپەڕاندنی سەرکەوتوویی بیرۆکەی "کێوی" بەگریمانەیەکی زۆر دڵنیایی بدەن، کە لەوانەیە بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی گونجاو جێبەجێ بکرێن)2.

دوورنییە کەسێک لەلێدوانێکدا تێگەیشتنی بەشێوەیەک بێت، کە ستراتیژناسەکان لە دایکبوون و دروست نەکراون، کارەکە بەو شێوەیە نییە، "کێنیچی ئۆمای" لەوەڵامدا دەنووسێت: [ڕێگا هەیە،کە تێیدا توانا و هزری ستراتیژناسەکان دەتوانن زیاد بکرێن. "بەواتای دروستکردنی بۆ چەند جارێک" یان لاساییکردنەوە، لەلایەن کەسانی ترەوە، کە بەهرەیەکی سروشتی کەمیان تێدا هەبێت بۆ ستراتیژ... هەندێک چەمک و بۆچوونی دیاریکراو هەیە، کە یارمەتی ئەو کەسانەدەدەن، جۆری بیرکردنەوەیان بەشێوەیەکە، کە درک بە بیروکەی ستراتیژی بەرز بکات و بیدۆزێتەوە][3].

ئەگەر "کێنیچی ئۆمای" ڕاست بکات، کەواتە ئەو چەمکانە(Concepts) کامانەن، ئەو ڕێگایانە کە ئەگەر فێرکران، بتوانێت یارمەتی دەربێت بۆ دەرکەوتنی ستراتیژناسێکی باش؟ کامانەن ئەو پێکهاتە گرنگانەی کە ڕێگای ڕاست و دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتیکدا نیشاندەدەن؟ چەمکەکان کامانەن؟ ئەوانەی لە کاتی کرداردا هزر ڕادەهێنێت تا بیربکاتەوە بەشێوەیەکی هۆشیار و پەیڕەویانە، خزمەتبکات تا کرداری

داهێنەرانەکان بەدەستبخات و بەو جۆرە دەبن بەهۆی پەرەسەندنی پلانی یاری لەچوارچێوەیەکی باشدا و پێکهاتە دەتوانێت کرداری بن بە هەرشێوەیەک لەئاستی کار کردنی مرۆڤ، ئاخۆ یەک مەمەڵەکردنە لەگەڵ قەیرانێک، کەبەرەنگارییەکی دەستبەجێ، یان بەپلانی درێژخایەن سەرقاڵبووە؟

من بەباشی دەزانم حەوت جۆری فراوانی لێکۆڵینەوە پیشنیار بکەم: پێناسەکردنی بارودۆخەکە.

درێژەپێدانی خەم و ئامانجی دوژمنانی سەرەکی و پێش بریکاران/کێبڕکێکاران و یاریزانی گرنگی دیکە.

دیاریکردن و شیکردنەوەی بژاردەکان، کە لەوانەیە دواتر بگۆڕدرێن، بە گوێرەی فاکتەری"هۆی"، کە تێچووی هەبێت (Costes) و مەترسی بێت بۆ ئەگەری سەرکەوتن.

هەڵبژاردنی بژاردەکان و شیکردنەوەی جێگرەوەکان"البدائل" لە ژێر ڕوشنایی گریمانەکان، کە ڕێکنەکەوتن.

پێداچوونەوە لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانی ڕوداوەکان.

هەڵسەنگاندنی بژاردەکان، بەگوێرەی سەرکەوتنی کۆتایی و بەدەستهێنانی ئەنجامی خواستراو.

چاکسازی کردنی بژاردەکان، یان گۆڕینیان بەوانەی، کە شوێنگرەوەن (استبدال). کردارەپێشنیارکراوەکان دەبێت لە ئاستی باشدابن و ڕێکوپێکبن، هیشتا بەشداری بکەن لەبیر کردنەوە لەوەی چەند لایەک چارەسەر بکەن، بەمجۆرە داهێنان هاندەدات. لەسەرنجدان لە هەریەک لە پێکهاتەکان، من ئاماژەی بۆ دەکەم بۆ پەرەسەندنی ستراتیژ لەئاستي نەتەوەییدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت نموونەکە بەکاربهێندرێت بەهەموو شێوەیەک لەئاستی چالاکیدا.

---

1. کێنیچی ئۆمای، العقل الاستراتيجي: فن اليابانيين في الاعمال التجارية، نيويورک: ماک کرو – هيل، مشمول،1982، ص،4.
2. المصدر السابق نفسه.
3. المصدر نفسه، ص، 5.

دڵشادنیم بەکوشتن... نووسینی: دکتۆر هەژار مەعروف

کە هەواڵی کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندسم بیست و ئینجا لە تەلەفیزۆنەوە وێنەی هەلاهەلاکراوی جەستەی هەردوکیانم بینی، دەسبەجێ وێنەی کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردوستانم هاتە پێشچاو چۆن لە وڵاتی پڕ لە سامانی سروشتیی ئێراندا، لەبرساندا بەهێندەی باری ئەسپێکی کەتە و بەهێز کاڵای جۆراوجۆر بە پشت و شان و دەستیان بە هەوراز و نشێوەکانی سنوری دەستکرد دا دەگوێزنەوە بۆ بازاڕەکانی ئێران و عێراق، خوێنی ئاڵی تێکەڵ بە خۆڵ و قوڕاو و بەفراویانم هاتەوە پێشچاو، وێنەی ئەو پاسدار و سەربازە ئێرانیانەم هاتەوە پێشچاو چۆن لە سەنگەرەکانیانەوە بە خوێنێکی سارد و بەوپەڕی دڵڕەقییەوە سێرە لە سەر و سینگی ئەو کۆڵبەرە ماندو و برسیانە دەگرن و دەیانکوژن.

ئەی وێنەی ئەوانەی بۆ ترساندنی خەڵک لە شوێنە گشتیکانی شارە گەورەکانی ئێراندا لە سێدارە دەدرێن؟ ئەی وێنەی کەس و کاری کۆستکەوتووی بەجێماوی ئەو هەمووە کوژراو و گیراو و ونبووە؟

هەروەها وێنەی پسپۆڕ و شارەزا ی کوشتن و کاولکردنی ئەو کارمەند و سەربازە ئەمریکاییانەم هاتە پێشچاو، کە لە لاپتۆپ و مۆبایلەکانیانەوە ڕێنمایی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەکەن و ڕاکێتە نیشانشکێنەکانی پێ دەتەقێنن و نێچیرەکانیانی پێ ڕاودەکەن.

ئەی وێنەی فڕۆکە فانتۆم ١٦ ئەمریکاییەکان، کە تورکەکان دوای کشانەوەی ئەمریکا لە باکوری سوریا بەکاریدەهێنن بۆ کوشتنی ژن و منداڵی ڕۆژاوای کوردوستان و وێرانکردنی نیشتمانەکەیان؟

ئەی وێنەی ئەو ڕەشەکوژی و وێرانکاریەی فڕۆکەوانە سووری و ڕووسەکان بە فڕۆکە میگەکانی ڕووسیا، لە شاری ئەدلب ی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆنی سونیی– ئیسلامیی سووری بەرهەمی دێنن؟

ئەم دوو جۆر وێنە ئێرانی و سووری و تورکی و ئەمریکایی و ڕووسی و هاوشێوەکانیان، لە هەرکوێیەکی ئەم دونیایەدابن لە واتا و ناوەڕۆکدا جیاوازیان نییە و یەک شتن، بەڵام لە ژێر ناوی جیاجیادا، هەردوو جۆر وێنەکە پێمان دەڵێن بکوژە ئێرانی و سووری و تورکی و ئەمریکایی و ڕووسەکان و... بە یەک یاسا ئینسانەکان دەکوژن و ئاوەدانیەکان کاولدەکەن، کە یاسای هێز و تۆندوتوتیژیە، ئەو یاسایەی لە یاسای گیانلەبەرانی ناو جەنگەڵ بەدترە، چونکە کاتێک پڵنگێک ئاسکێک دەخوات، لەبەر ئەوە نییە ڕقی لێیەتی، بەڵام کاتێک دادوەرێکـــــــی

ئێرانیی شیعی حوکمی مەرگ بەسەر گەنجێکی کوردی سونیدا دەردەکات، یا پاسدارێکی شیعی کۆڵبەرێکی کورد دەکوژێت، یا حەشدشەعبیەکی شیعیی سەر بە ئێران خۆپیشاندەرێکی ئاشتیخوازی بەر ساحەی تەحریر دەکوژێت، یا داعشێکی سونی شوانێکی کوردی گەرمیانی، یا خەڵکی سەرێکانی دەکوژێت، ئەوە ڕق و کینەی هەڵقوڵاوی ئاین و ئاینزا و ئایدیۆلۆجیا هۆشبەر و عەقڵشۆڕ و گەوجێنەرەکانە، کە کوشتنیان لادەکات بە خواپەرستی و چاکەکاری! کاتێکیش سەربازەکانی ئەمریکا ڕۆژاوای کوردوستان بۆ شمشێری داعشەکان و تورکیای ئاغایان چۆڵدەکەن، ئەوەش هەر یاسای جەنگەڵە، جەنگەڵی سەرمایەداری لە جۆری نیولیبرالیزم، کە هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤدۆستی و هەست و سۆزی ئینسانی و یەکسانی و دادپەروەری دەکات بە قوربانی دۆلارێک و بەرمیلێک نەوت. بۆیە ئێمەی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردوستان دەبێت هەموو هەوڵەکان بخەینە گەڕ و خەباتی بەردەوام بکەین، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان لە عەرەب و تورک و فارس بە شێوازی ناتوندوتیژانە، بە بێ شەڕ، کە ئەسڵەن لەم سەردەمی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و ئەتۆمیەدا، بۆ ئێمەی داماو هەر واتایەکی نەماوە.

کەس وەک ئەڵمانەکان پەندیان لە شەڕ وەرنەگرتووە، ئەوان بەشداری کاریگەر و دۆڕاوی شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم بوون، ئەڵمانیا لەمەی دووهەمدا یەک لە چواری خاکەکەی دۆڕان، بۆیە بۆیان دەرکەوتووە بە شەڕ کێشەکان چارەسەر ناکرێن، ئینسانی ئەڵمانی یەکەم ڕستەی سیاسی، کە هەر لە مێردمندالیەوە پێیدەڵێن ئەمەیە: نا هەرگیز شەڕێکی تر(Nie wieder Krieg)، ئەوەتا دەبینین لە کاولستانی ئەڵمانیای دوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە، ئێستا لە سایەی سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حکومەتەکەی چ بەهەشتێکیان دروستکردووە!

هونەرمەندی کورد شـــــــــــوان کەمال پەیکەرێک بۆ یاریزانی سویدی(مارکۆس ڕۆسنبێری) دروست دەکات

هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد لە ماوەی ٣ ڕۆژدا، لە ناو شاری مالمۆ لە نزیک وێستگەی شەمەنەفەری شارەکە پەیکەرێک بۆ یاریزانی سویدی(مارکۆس ڕۆسنبێری) دروست دەکات و هەر لەوێ دادەنرێت، پاسان بۆ یەکجاری لە یاریگای شاری مالمۆ جێگیرکرا!

بەڕێوەبەرانی شاری مالمۆ وەک ڕێزێک وێستیان بۆ ئەم یاریزانە پاداشتی بدەنەوە، چونکە دوایەمین یاری دەکرد و ئیتر وازهێنانی خۆی ڕادەگەیاند، هونەرمەندی کورد شوان کەمالیان ڕاسپارد بۆ ئەم کارە، ئەویش لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، توانی ئەم پەیکەرە دروست بکات. شارەوانی مالمۆ گوتیان چی بکەین باشە؟ شایانی ئەم یاریزانە بیت، هونەرمەند شوان پێشنیاری کرد، پێڵاوەکانی لە برۆنز دروست بکات.

ئەوەی جێی سەرنجە لە هەمو میدیاکانی سوید بە ڕۆژنامە و گۆڤار هەتا تەلەڤیزیۆنەکانیش باسیان لەم پەیکەرە کرد. لیرەدا وێنەی هەندیک لەو بڵاوکراوانە دادەنێین..!

ئەو لینکەش ڤیدیۆیەکی قۆناغەکانی دروستکردنی پەیکەرەکەیە.

https://www.youtube.com/watch?v=1cTl2gF2U6Y

(جمهورية أفلاطون) بۆچی ئەفلاتون هونەرمەند و شاعیری بێبەریکردووە لە کۆمارەکەی! ئەفلاتون گەورە فەیلەسووفی یۆنانی ئەو هەموو هونەرمەند و ئەدیب و شاعیرە گەورانەی سەردەمی خۆی ناسیوە، کەچی گوتویەتی کەسیان بۆیان نییە بێنە کۆمارەکەی منەوە، ڤیدیاسی پەیکەرساز و هومری شاعیر، ئەو دو مەزنە لەو سەردەمە ژیاون. ئەفلاتون لەبەرئەوەی باوەڕی بە جوانی میسالی هەبووە، دەیگوت ئەو جوانیەش لێرە نییە، لە سەرەوەیە لە ئاسمانە، لە جیهانەکەی تر (جیهانی میسالیات)، لای ئەفلاتون هەموو شتێک نوسخە ئەسڵەکەی لە دونیاکەی تر، ئەمەی لای خۆمان هیچ نییە و کۆپیەکی خراپە، چونکە مادیە، دەگۆڕێت و خراپ دەبێت و نامێنێت، بۆ نموونە هەناریک کە پێ دەگات چەند جوانە، بەڵام دوای ماوەیەک کۆن دەبێت و خراپ دەبێت و دەڕزێت... بەڵام لای ئەفلاتون نوسخە ئەسڵەکەی هەنار لە دنیاکەی تر، بەڵام بە(شێوە هەندەسیەکەی)، تەنانەت مرۆڤیش پێکهاتووە لە جەستە و ڕۆح، جەستەکەی لە گۆڕانکاریدایە، دوای پیربوون و مردن دەڕزێت و نامێنێت، بەڵام ڕۆح لەوکاتەی دەچێتە گیانەوە ناگۆڕێت دوای مردن دەڕواتەوە بۆ سەرەوە، بۆ نموونە (ئەگەر کەسێک لە جەنگدا قاچ و دەستیشی بپەڕێت، خۆ لە ڕۆحی کەمنابێتەوە)، ئەوە ڕۆحە وەک خۆی دەمێنێت و سەردەکەوێت بۆ جیهانە میسالیەکە، دوایی ئەم جۆرە بیرکردنەوە و تەسەورە لە سێ ئاینە ئاسمانیەکەش باس دەکرێت، خۆی فەلسەفەکەی زۆر قوڵ و پڕ بایەخە، کاتی زۆری دەوێت بۆشیکردنەوەی، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەم پرسیارەی لێبکەین..!؟ بۆ هونەرمەند و شاعیر بێبەری دەکەی لەم نیشتمانەی خۆت کاک ئەفلاتون؟ دەڵێت ئاخر ئەوان لاسایی نوسخەی دووەم دەکەنەوە، کە ئەویش کۆپیە، بۆ نموونە پەیکەرسازێک لەشی ئافرەتێک دروست دەکات، چەند جوان دروستی بکات گرنگ نییە، چونکە لاسایی کۆپیەکەیە، یان شاعیرێک شیعرێکی جوان دەهۆنێتەوە بۆ لەشولاری ئافرەتێک، کە پاش ماوەیەک ئافرەتەکە پیر بووە و جوانی لە دەست داوە، چونکە کۆپیە و ئەسڵەکەی نییە. خۆی لە ڕاستیا ئەفلاتون خۆشی لە دروستکردنی ئەم کۆمارە میهرەبانە (الجمهورية الفاضلة)، سەرکەوتوو نەبووە، چونکە پاشایەکی یۆنان، گوتی ئەوەندە دەمت گەرمە وەرە ئەوە دورگەیەکت دەدەمێ بزانم چی دەکەی، دوایی چەند ساڵێک ئەفلاتون توشی شکست بوو وازی هێنا، گوتی دەبێت ئەو سێ چینە کۆمەڵایەتیەی کە دامنا بوو بۆ پێکهێنانی کۆمارەکەم، خەڵکەکەی لە منداڵیەوە پەروەردە بکرێن و چەندەها نەوەی پێویستە بۆ بنیاتنانی ئەو کۆمارە!!..

سەرچاوە:

ویکیپیدیای ئەڵەمانی و

سیمینارەکانی فەیلەسوفی میسری یوسف زیدان.

شوان کەمال

بەرگرییەک لە شیعر.....نووسینی: سەلاح حەسەن پالەوان

شیعر وەک هێزێکی تایبەت و ژانرێکی ئەدەبی دیاردەیەکە، چالاکییەکە، دابڕاونییە لە ژیانی رۆشنبیریمان، ناکرێت بە کەم تەماشا بکرێت، ئیلهامێکە مێژوویی‌یەکی قوولّی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە، دەربڕی ئازار و خۆشی و تامەزرۆییەکانە، بە هەموو پەیوەندییەکانییەوە سات لە دوای سات، هەنگاو بەهەنگاو لەگەلّ مرۆڤدا رۆیشتووە، شانبەشانی ژیان، بەدبەختی، ئەشق رۆیشتووە، رەنگی ئەو کەسانە بووە کە لە سەر تابلۆی ژیان ویستوویانە مێژوو بەجێبهێلّن، تۆمارکەری مێژوو، سات، چرکە و هەناسەساردی و چێژەکان بووە. ئەو خالّەی دەمەوێ لە ئاستیدا بووەستم، هاتنەخوارەوەی بەهای شیعر نییە، لەدەستدانی سێبەر و گەرمییەکانی نییە، ئەو خالّەی دەمەوێ لە ئاستی بوەستم هەتککردنی شیعرە، کەمکردنەوەیە لە هەیبەتی، بوێری نواندنە بەرامبەر بە شیعر. سالانێکە جەستەی شیعر لەتلەت دەکرێ و ژان دەخرێتە بەدەنییەوە و ئازاری دەگاتە کەشکەلانی فەلەک و کەس گوێ بەو نەعرەیە نادات. زیاتر لە سەردەمێکە لە نێو دنیای شیعری کوردییدا کەسانێکی زۆر وەک ئەسپێکی ملداو سواری پشتی شیعر دەبن و کەس لە سمکۆلانی ناترسێت، زیاتر لە دەسالّێکە هەموو قوژبن و لاپەڕە و رووی شاشەکانی میدیا و دەزگاکانی بلاوکراوە، پڕبووە لە تێکستی بەناو شیعر، یان بەشیعرکراو، ریزکردنی ئاخاوتن و هەندێ پەخشانی کرچ و کاڵ و دوور لە هیچ ریتم و میلۆدیایەکی شیعری، بەدەر لە هەستی شیعری، یان کۆلاجکردن و وتووێژی قافیەکراو..... بەدەر لەمەش بوێرانە کۆدەکرێنەوە و لە دووتوێی دیوانی شیعریدا بلاودەکرێنەوە، کۆڕی بۆ دەگرن و خەڵکانێ کۆدەکەنەوە و میدیاکان بە هەموو نەزانییەوە ریکلام و پروپاگەندەی بۆ دەکەن، ئەمەیە دەردەکە، راستە هەموو شتە گەندە و سست و تێکستە هەژارو شیعرە داماوەکان دەچنە نێو تەنەکەی وردە پەراوی مێژووەوە، بەلّام بە مەزنکردن و هەلّسەنگاندنی ئەو جۆرە کارانە و بەرزکردنەوە خاوەنەکانیان بۆ ئاستی کەلّە شاعیران و گرنگیدانی زیاد لەپێویست ئەمەیان بۆ خۆی دەردەکەیە. هەندێک لەم میانەدا بۆ دەستنیشانی هۆکار و سەبەبکاری ئەم قەیرانە پەنجەی ئاماژەی بەرەو نەبوونی رەخنە و سانسۆری ئەدەبی و چاپەمەنی دریژ دەکات، بەلّام هیچ ئاماژەیەک ناکەن بە خودی شاعیرە جیدییەکان، دەزگا چاپەمەنییەکان. من لێرەدا هۆکاری کەمبوونی گرنگیدان بە شیعر وەک چالاکییەکی هونەری دەگەڕێنمەوە بۆ خودی .. ئەوەی هەیە کاریگەری گەورەی بۆ سەر تێکستە جوان و شاعیرە داهێنەرەکانیش هەیە، رەوینەوە لە شیعر و قەیرانی چاپنەکردنی بەرهەمەکانییان و رەتکردنەوەی کتێبخانەکان و چاپەمەنییەکان مانای ئەوە نییە کە شیعر چیتر لە بازاڕی گەرمی ئەدەب و کۆمەلّایەتیدا موشتەری نەماوە، نەخێر هەمیشە رۆحە تینووەکانی جوانی و سۆز و هەست وێڵن بەدوای وشە ورژێنە و ئەو رستانەی کە ماناکانی رۆح ئاشکرا دەکەن و ناوی شاراوەی دڵشکاوەکان سەرلەنوێ دەلّێنەوە. شاعیران کە بەرۆکی بابەتێکی شیعری دەگرین، دەبێ راستی لێدەرهێنن، ئەوان کاتێ دێنە وێژەی شیعر، وەک مندالّێکی ساوا گەمەی لەگەلّ دەکەن، لەجیاتی ئەوەی هەرزەکارانە بیدوێنن، دەستی نەهامەتی بۆ درێژناکەن، لە قوڕگی راستی ناکەنەوە، وەک پەردەیەکی شاراوە دەینین، نەک وەک شانۆیەکی کراوە، لە شیعردا ژیان نابینن، مەرگ دەبینن، بۆیە ئەزموونە کرچ و کاڵەکانیان لە بەرگی بازاڕێکی سۆزداریدا بەوکەسانە دەفرۆشنەوە کە وەک خۆیان لە مانای شیعر دەگەن. گرفتی سەرەکی رۆیشتنی شیعر بەم ئاڕاستە بۆ خوودی ئەوانە دەگەڕێتەوە کە شیعر وەک شمەک دەبینن، نەک وەک گیان و جەستە و رۆح، ئەوانەی شیعر دەکەنە بەرگێک و خۆیان لەسەر شانۆی ئەو بازاڕە سادەدا دەردەخەن و زمانێکی هەژار و قافییەکی مر و میلۆدیایەکی سواو، هەرزە رستە بۆ خوێنەران دەلّێنەوە،

ئەوان زمانێک دەهێنن و هەلّبەست و بەربەستی پێدەکەن تا دیوانەکانیان پێ پڕبکەنەوە، ئەوان لە خەونی شیعردا ناژین لە خەونی خۆیاندا دەژین، ئەوان شەهیدی رۆحی شیعر نین و نابنە شەهید، بگرە زمان دەکوژن و لەسەر تەختەشۆری مردووان جەستەیەکی مردوو دەخەنە بەردەم خوێنەر، ئەوانن ژیانیان لە شیعر سەندووەتەوە، ئەوانەی تەنیا بۆ زۆرکردنی لاپەڕەکان شیعر هەلّدەبەستن، نەک داهێنان، ئەوان مانگی زیندوو نین بە سایەقەی ئاسمانی ساماڵەوە، ئەوان وێنەی مانگن لەنێو ئاوێکی لێڵدا، ئەوان کاروانچییەکی نەزانن و پێشڕەوی سوارانی حەقیقەت دەکەن بەرەو تاریکی و نێو ڕێگا هەلّدێڕەکان. دەمەوێ لێرە بەرگریی لە شیعر بکەم، ئەوەی شیعری هەتک کردووە، ئەوانەن نەک شیعر خۆی، شیعر خۆی ئابڕووی خۆی نەبردووە، ئەو زمانکوژ و رۆحکوژانەن. ئەمڕۆ شیعر وا بەستەزمانە ڕاکشاوە هەرکەسێ دێت و دەستێ لەلەشی دەدا، لەو بارانە دەچێت جوانییەکانی گوڵ ناشواتەوە. راستە قەیرانێکی شیعری لە دنیادا هەیە، بەلّام نەبووەتە هۆی پێلێژکردنی پایەی شیعر، تا ئەم ساتەش شیعر ئەو وزە رۆحییەیە بەشێک لە ناتەواوییەکانی گەردوون پڕدەکاتەوە، هیچ هێزێ ناگاتە هێزی شیعر لە بزواندنی سۆزو ئازار و چێژ و گەشگەییەکانی مرۆڤ. ئەوەی دڵی شیعر دەخاتە ژان ئەو لافاوە لێخنەیە دەنگەکانی بەناو شیعر مەرەزەی جوانی و سەیرانگای سەوزو چیمەن وێران دەکەن، شیعری تەڕی پڕ وردەکاری بەتەنیا دەتوانێ بنکەی ئەو شێوە شیعرانە لەق بکات. لێرەدا من هاتووم تا مەشخەلّێ هەلّگرم تا ئەو ڕێگا تاریکانە روونا‌ک بکەمەوە، کە دەبنە هۆی بە سەوا بردنی شیعر بۆ ئامانجە راستەقینەکەی. شاعیرانێکی زۆر هەن و شیعرێکی کەم، میعرگەلێکی زۆر هەن خنەی ئەوەیانە لەسەر کورسی راستەقیەی شیعردا دانیشن، بەلّام ئەو هێز و تونایەی هەیانە ناتوانی ملی شیعری راستەقینە بشکێنێ. ئەم کاروانە لە ئێستەدا لە هەلّدێرێکی قوولّدایە درمەکە شاعیرە جیدییەکانیشی گرتۆتەوە، ئەوانیش لە هەلّپەی ئەوەی دەنگیان لەنێو دەنگان بزر نەبێت بەچوارپەڵ پەلامارەدەن و تێکست دەردەهێنن، تا دەنگیان وننەبێت و نەکەونە نێو پەراوێزبوونەوە، بە هەموو کلۆجێ دەنووسن و بەرهەمدێنن تا بڵێن ئێمە هەین، ئەوەیان لەیادچووە ئەم باهۆزەی هەلّیکردووە گەر وا بڕوات ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەمە سەرەتای ئەو دامڕانەیە دەرودیواری شاعیرێتی وێران دەکات. شاعیربوون و شاعیرێتی هەرچەندە بە دیوانی زۆر و فرە نووسین نییە، بەوەش نییە بکەویتە کێبڕکێوە، شاعیرێتی ئامادەبوونی فیزیکی نییە، ئامادەبوونی رۆحییە. بۆیە بە پێویستی دەزانم بەرگری لە شیعر بکەم، چون شیعر ژانرێکی ئەدەبی مەزنە و ئاوێک نییە تەنیا بە دەمی چەند هەرزەشاعیر و چرچنووسەکان لێخن بێت، ئەگەرچی لەم سالانەی دواییەدا لەسەر ئاستی خۆیەر و جەماوەریبوون زیانی گەورەی بەرکەوتووە، لەم هاوکێشەیەش بە پلەی یەکەم شاعیران خۆیان بەرپرسیارن، رەخنەگران هەلّسەنگەرانی بەهای شیعر و هێزی شیعری بە پلەی دووەم، شیعر کەوتووەتە نێو ئابلّوقەیەکی ترسناک و بڕێکی زۆر کودەتاچی لە بەرگی شاعیرێتیدا خەریکن سەری دەخۆن.

ترسناکیی دەستەواژەی "سروشت" .... نووسینی: دکتۆر مەریوان وریا قانع

"دەستەواژەی "سروشت" یەکێکە لە دەستەواژە سەرەکییەکانی ناو فیکری ئەرستۆ، لای ئەم فەیلەسوفە یۆنانییە هەموو شتێک لە گەردوندا سروشتێکی تایبەت و نەگۆڕیی هەیە و ئەو شتانەش بەپێی ئاکارەکانی ئەو سروشتە تایبەتە دەژین و دەجوڵێن و کاردەکەن. هەموو گۆڕانکارییەکیش لە مێژووی مرۆڤدا گۆڕانە بەرەو گەیشتن و وەدیهێنانی خواست و ئاکارەکانی ئەو سروشتە. ئەگەر گۆڕانکاریی لای ئەفلاتوون مانای دوورکەوتنەوەی بەردەوام بێت لەو "جەوهەر" و "سروشتە" نموونەیی و ئاسمانییانەی لە دونیای ئایدیالدا ئامادەن، واتە گۆڕان لە "جەوهەر"دا کردەیەکی خراپ و نێگەتیڤ بێت، ڕووی لە سەروەرکردنی "کۆپییەکان" بێت بەسەر نوسخە "ڕەسەن" و "بنەڕەتیی"ەکاندا، چونکە "گۆڕانی زیاتر" مانای "دوورکەوتنەوەی زیاتر" لە سروشتی ئاسمانییانە و ئایدیالانەی شتەکان، ئەوا گۆڕان لای ئەرستۆ تەواو پێچەوانەی ئەم دیدە ئەفلاتوونییەیە و بە مانای جوڵەی بەردەوامی شتەکان دێت بە ئاراستەی گەیشتن بە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان کە لە قوڵایی هەر یەێک لەو شتانەدا ئامادەیە، هەروەها جوڵەیە بەئاراستەی وەدیهێنانی ئەو سروشتە کە مرۆڤ و دەزگاکان و شتەکان هەیانە.*1*بەمانەیەکی تر ئەگەر گۆڕان لای ئەفلاتوون دوورکەوتنەوەی هەرچی زیاتری شتەکان و دیاردەکان بێت لە جەوهەر و سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەوا گۆڕان لای ئەرستۆ جوڵەی شتەکان و دیاردەکانە بەرەو گەیشتن بەو جەوهەر و سروشتە و وەدیهێنان و بەرجەستەکردنی توانا و خواستەکانی ئەو سروشتە. لە پەیوەندیدا بە مرۆڤەوە، ئەرستۆ پێیوایە، باشترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە بەپێی سروشتی ڕەسەنی خۆی دەژیی و لەو سروشتە ڕەسەنەش لانادات و دوورناکەوێتەوە، واتە ئەو مرۆڤە سروشتی خۆی بەوشێوەیە دەژی کە لەناو ئەودا ئامادەیە. کێشەکە لەوەدایە ئەرستۆ مرۆڤەکان بە خاوەنی "یەک سروشتی ئینسانیی یەکسان" نازانێت، پێیوانییە "سروشتی" مرۆڤەکان یەک سروشتە، بە پێچەوانەوە ئەرستۆ ڕای وبوو "سروشت"ی ژن جیاوازە لە سروشتی پیاو و "سروشت"ی کۆیلەش جیاوازە لە "سروشت"ی خاوەن کۆیلە. هەروەها پێیوایە سروشتی پیاو لە هی ژن و سروشتی کەسی ئازاد لە کەسی کۆیلە بەرزتر و پێگەیشتوتر و بەهادارترە. بۆیە ئەرستۆ هەموو هەوڵدانێکی کۆیلە بۆئەوەی لە کۆیلەیەتی ڕزگاربێبێت و هەموو هەوڵدانێکی ئافرەت بۆئەوەی بەشداربێت لە ژیانی گشتیی دەرەوەی خێزان و بەدەستهێنانی مافی یەکساندا، نەک تەنها وەک کارێکی ناڕاست و خراپ وێناکەکات، بەڵکو وەک تەعەداکردنە سەر ئەو "سروشت"ەش دەیبینێت کە کۆیلەی وەک کۆیلە و ئافرەتی وەک ئافرەت پێکهێناوە. لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە ئەرستۆ باس لەوە دەکات کە مرۆڤەکان بەردوام پێویستییان بەیەکترە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەر لە بنەڕەتیشەوە کۆمەڵگا ناتوانێت بەبێ هاریکاری مرۆڤەکان لەگەڵیەکدا دروستببێت، هەروەها بەبێ ئەم هاریکارییە مرۆڤایەتیش ناتوانێت بێتەکایەوە و بەردەوامبێت.



بۆ نموونە ژن و پیاو پێویستیان بەیەکە بۆئەوەی منداڵیان ببێت و کاروباری ناومااڵیان ڕێکبخرێت و لەوێشەوە درێژە بە ژیانی مرۆڤایەتیی بدەن، بەڵام لەم پێویستییەدا "سروشت"ی ژن وایە لە ماڵەوە بمێنێتەوە و منداڵی ببێت و کاری ناو ماڵ بەڕێوەببات و "سروشت"ی پیاویش وایە ژیانی گشتیی ڕێکبخات و بەڕێوەببات. حوکمڕان و حوکمکراویش پێویستیان بەیەکە بۆئەوەی بتوانن کاروباری وڵات ببەنبەڕێوە، بەڵام حوکمڕان کەسێکە بەسروشت وادروستبووە حوکمڕانبێت و حوکمکراویش بەسروشت وادروستبووە کە حوکمبکرێت، لادان لەم سروشتە بە زیانی هەردووکیان و بەزیانی حوکمڕانیی و بە زیانی مرۆڤایەتیی کۆتاییدێت. ئەرستۆ کە باس لە ئاغا و سەپان، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، ئازاد و کۆیلە دەکات باس لە پێگەی جیاواز ناکات کە "پەیوەندییەکی سیاسیی" و "کۆمەڵایەتیی" دروستیکردبن، واتە ئەو پەیوەندییانە وەک پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی نابینێت، بەڵکو باس لە "پەیوەندیی سروشتیی" دەکات و وەک دەرکەوتی جیاوازیی "پەیوەندیی سروشتیی"ش وێنایاندەکات. بە بۆچوونی ئەرستۆ ئەوەی وادەکات کەسێک کۆیلەبێت بوونی سیستمێکی سیاسیی دیاریکراو و پەیوەندییەکی تایبەتیی هێز و مۆدێلێک لە دەسەڵات و شێوازێکی تایبەتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکو سروشتی کۆیلە وەک کۆیلە و سروشتی ئاغا وەک ئاغا لەبوونی ئەم شتانە بەڕپرسیارن. کۆیلە بە "سروشت" کەسێکە خاوەنی خۆی نییە، بەڵکو کەسێکی تر خاوەنیەتی، مولکی کەسێکی تر و ئامرازی دەستی کەسێکی تر، "سروشت"ی ئەو کەسەی تریش لە سروشتی کۆیلەکە جیاوازە. بوونی ئەم سروشتە جیاوازانەش شتێک نییە لەپڕ و لەخۆیەوە دروستبووبێت، بەڵکو لە ئەزەلەوە هەن و بەوجۆرەن، هەندێک کەس هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونیانەوە دروستبوون بۆئەوەی حوکمڕانبن و هەندێکی تریش بۆئەوەی کۆیلەبن."

لە کتێبی "مرۆڤ و کەرامەت"دوە ل ٢٠٨ بۆ ٢٠١١

مینیمایزەیشن لەدەقی شیعریدا....نیشتمان پرە لە میلۆدی حەسرەت، عەبدولقادر سەعید، وەک نموونە

بەشی دووەم



نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

هەمان پرسیاریش لە السیاب دەکرێت، کەدەڵێت"عیناک غابتا نخیل ساعه السحر "کەبۆچی نەیگووتووە"یداک غابتا نخیل ساعه السحر". بۆ ئەوەی السیاب، چاو سەرچاوە و کلیلی هەستەکانە. بۆ ئەوەی عبدولقادر سەعید و بەپێی سیاقی دەقەکەی دەست دەبێتە ئامرازێکی ترسناک بۆ کوشتن و بڕین و گرتن و خنکاندن و لێدان، کە تەواو یەکدەگرێتەوە لەگەڵ سروشت و کەسێتی خوای خراپە "ئەهریمەن". ئەمە لەکاتێکدا دەستەکەی تر ڕۆڵێکی پێچەوانەیی دەبینێت و دەبێتە نووسین و مۆزیک و وێنەکێشان. چاوەکەشی بەمەبەستی بەزەیی وجوانی و پەیوەندی و سۆز بەکارهێناوە، کەتەواو یەکدەگرێتەوە لەگەڵ سروشت و کەسێتی خوای چاکە"ئاهرومەزدا". ئەمەش بەو پێیەی دەقەکە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای دژایەتی و دوالیزمەی چاکە و خراپە دامەزراوە. یان لەنێوان جیهانی سەرمایەداری و سۆشیالیزم و کۆمەنیزمدا. بەمانایەکی تر، چیرۆکی ململانێکانی ئەم دوو جەمسەرە جیاوازە کۆنە و پێشتر ئێمەی خوێنەر، بەتایبەتی لەجۆری خاوەن ئەزموون، زانیاریمان لەسەری هەیە. لێرەدا شاعیر بەهۆی شێوازی کارکردنەکەیەوە بەپێویستی نازانێت درێژە بەو چیرۆکانە بدات، چونکە ئێمە لەلایەکەوە دەزانین،کەزۆرینەی تاکەکان هەمیشە لەبەردەم ترس و تۆقاندنی هێزی دەسەڵاتدا بووە. بەمەش گەر ئەم زۆرینەیە پشتگیری لەو هێزە بکەن، ئەوا ئەم کردارە لەدڵسۆزییەوە سەرچاوە وەرناگرێت، بەڵکو ترسەکان یان بەرژەوەندییەکان مۆتیڤێکی زۆر لەبارە بۆ ئەم پشتگیرییە. لەلایەکی ترەوە لاوازییەکان نیشانە و هێمای جوانییە، یان هێمای شیعری ڕەسەنە. ئەو تاکانەی کەدەکەونە نێو کەوانەی لاوازی، یان ئەوانەی کەبەڵای ئاهرومەزدا دەڕۆن، ئەوا بەرەبەرە کارلێکێک لەگەڵ چەمکی لاوازیدا دروست دەکەن و دواتر هەر هەمان لاوازی پێدەنێتە هێزێکی گەورە، کە جێگەی ترسی بەرامبەرە بەهێزەکانە. لەبەرامبەریشدا هێزی یەکەمیش بەرەبەرە بەرەو پوکانەوە دەڕوات، چونکە زۆرینەی تاکەکان، پێشتر لەناخەوە پشتگیریان لەم هێزە نەکردووە. بەمانایەکی تر، شاعیر لەنێو چیرۆکە شاراوەکەیدا ئەوەمان پێدەڵێت: کەزوڵم و ستەمی هێزی دەسەڵات جەمسەری لاوازەکان بەهێز دەکات. ئەمەش تەواو لەگەڵ یاساکەی نیوتن یەکدەگرێتەوە، کەپێی دەگوترێت "کار وکاردانەوە". واتە شاعیر هەموو ئەمانەی لەو چەند دێرە کورتەدا چڕکردۆتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بەدرێژەپێدان بێت.لەدەقێکی تریدا بەنێوی"هەژاری" دەڵێت:

– پێشئەوەی لێکجابینەوە،
حەسرەتی تۆ...
لە بازاری زێڕنگەران،
ئەڵقەیەک بوو.
ئەتکردە پەنجەی دەستە چەپ،
هەموو جارێ ئەمانکڕی و
هەژاری هەر لەوێدا ژێوانی دەکردینەوە.
بیرم لەتۆ ئەکردەوە،
ئەو حەسرەتە لێم نەئەگەڕا،
هەر بەگەنجی پیری کردم (دیوان، 99– 100)

لەم دەقەدا زۆر شت دەبینرێت وەک:

چیرۆکی خودی بکەری شاعیر و ئەوی بەرامبەری خۆشەویست. گرنگترین بەشی ئەم چیرۆکە دامەزراندنی خێزانە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و دارمانی خێزانیشە لەسەر بنەمای هەژاری و دەستکورتی. واتە لەسەرەتادا هەژاری و دەستکورتییەکە هۆکاری جودابوونەوە نەبوو، چونکە بەهەردووکیان، لەڕێگەی کڕین و فرۆشتنی زێڕەوە کە ئەڵقەکەی پەنجەی ئەوی بەرامبەری خۆشەویست نوێنەرایەتی دەکرد، بەکڕین و فرۆشتنی، توانیویانە بالانسەکان ڕابگرن. ئەم ڕاگرتنە تەنها ماوەیەک بڕی کردووە و دواتر پەت و پردی پەیوەندییەکە تێکدەشکێت ئەویش بەجودا بوونەوە. گەرچی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەم تێکشان و جودابوونەوەیە لەدەقەکەدا ڕوون نییە یان دیار نیە، بەڵام گەورەیی کێش و قەبارەی سۆز و خۆشەویستی خودی بکەری شاعیر بەرامبەر ئەوی خۆشەویست ئەوە دەردەخات، کە بەرپرسەکە ئەوی بەرامبەری خۆشەویستە کە بەرگەی هەژارییەکەی نەگرتووە.

– جەختکردن لەسەر دوو جیهانی فیکری جیاواز، سۆشیالیزمی و کەپیتەلیزمی، کەهەردووکیان پشت بەژێرخانی ئابووری دەبەستن، بەڵام بەشێواز و ڕێگەی جیاواز وەک ئەوەی ژێرخانی سۆشیالیزمی بریتی بێت لە ئابوورییەکی گشتی بۆ هەمووان و کەپیتەلیزمیش بە ئابوورییەکی تایبەت و تاکی. ئەم دوو چەمکە فیکرییەش خۆیان لە ڕێبازی ڕیالیزمدا دەبیننەوە پێچەوانەی ڕێبازی ڕۆمانسیزم،کە بایەخ وگرنگی بەبابەتی چینایەتی نادات بەڵکو ئابووری دەبێتە ئامرازێک بۆ دەرخستنی زانیارییەکان.

بڕوانە لاپەڕە 9

پاشاکان ...دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی...برینی شێڕپەنجە، بەڵام... وەزیری دەستە چەپ گەمژەیە، نەک دەستە ڕاست...

مینیمایزەیشن لەدەقی شیعریدا..

پاشماوەی ل 8

بەئاڕاستەیەکی تر، دەقەکەی عەبدولقادر سەعید لەسەر بنەمای ڕێبازی ڕیالیزم دامەزراوە بەوپێیەی خۆشەویستی نێوان خودی بکەری شاعیر وئەوی بەرامبەری خۆشەویست لەسەر بنەمای ئابووری خولقاوە وەک ئەوەی گەر داهاتێکی باشت هەبوو ئەوا پەیوەندی نێوان ئەم وئەو بەردەوام دەبێت، چونکە بناغەی پەیوەندی بریتیە لەبەرژەوەندییەکان. بەمەش گەر ئابووری بەهێز بوو ئەوا بونیادی پەیوەندی بەردەوام دەبێت. بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکان تێکدەشکێن ودەترازێن.بەڵام لەڕۆمانسیزمدا ژێرخان بریتیە لەبەها سۆسیۆلۆژی وئەخلاقییەکان وسۆزەکان دەچنە ژێر پرۆسەی فیداکاری ودامەزراندنی پەیوەندییە نموونەیی وڕۆحییەکان.لێرەدا خۆشەویستی شتێکی ڕووکەشی وگاڵتەجاڕی نیە چونکە بناغەکەی لەسەر بنەمایەکی بەهێز دامەزراوە.

سێهەم/ئاستی دوای دەق. ئەم ئاستە پەیوەندی ڕاسەوخۆی لەگەڵ خوێندنەوەی وەرگردا هەیە. بەوپێیەی مینیمایزەیشن خۆی لەڕووبەڕێکی تەسکی دەربڕیندا دەبینێتەوە وشاعیر تەواو وێنە وڕووداو وگێڕانەوەکان لەو ڕووبەڕەدا چڕ دەکاتەوە و ئەزموونەکەی دەچێتە نێو چوارچێوەی ڕۆشنگەرییە شاراوەکان وفەرهەنگە شیعرییەکەی بریتیە لەزمانێکی کاریگەری قوواڵ، ئەوا لەهەمان کاتیشدا خۆی زیاتر لەخوێندنەوەیەک دەبینێتەوە.بەمەش هیچ بەرلێکەوتنێک لەنێوان مینیمایزەیشن وپۆلیفۆنیدا (فرە دەنگی) ڕوو نادات.ئەمە لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لەڕەخنەگران وای بۆ دەچن کەمینیمایزەیشن دژایەتی پۆلیفۆنی ودایەلۆگەکەی باختین دەکات.بەپێچەوانەوە ئەوەی ئاستە ئیستاتیکی وهونەری وفیکرییەکانی دەق گەورە وئاشکرا دەکات ئەوە فرە خوێندنەوەییە لەلایەن خوێنەرەوە.بۆ نموونە،عەبدولقادر سەعید لەدەقی"نیشتمانپەروەران" دا دەڵێت:

ژیوان مەبەرەوە لەکوژران.
ژیوان نابمەوە لەمردن.
لۆمەیان مەکە شەقامێ،
کەرنەڤاڵێک،
باخچەیەکیان بەناوی تۆوە نەناوە.
دوو کێڵە بەردینی سەر گۆڕ،
بەسن بۆنیشتمانپەروەری،کەوەک
کەپسوول ئێکسپایەر دەبێ (دیوان،15– 16).

ئەم دەقە چەندین خوێندنەوە لەخۆ دەگرێت کەهەرە گرنگەکەیان بریتیە لەمانەی لای خوارەوە:

– ئەمڕۆکە، بەهۆی بڵاوبونەوەی گەندەڵی لەسەرتاسەری کوردستان، زۆربەی تاکەکان پەشیمانن لەوەی کەپێشتر ئەنجامیان داوە یان پێشکەشیان کردووە، لەپێناو خاک و نیشتماندا. واتە، تووڕەیی و بێزارییەک لەم زۆرینەیەدا بەدی دەکرێت .لەبەرامبەردا هێزی دەسەڵات تەواو بێباک وخەم ساردە.لێرەدا شاعیر ووردی بەرزە وزۆریش گەشبینە لەئایندەی مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.

هەر لەبەر ئەمەشە داوا لەتاکە زەرەمەندەکان دەکات کەپەشیمان نەبنەوە لەو فیداکارییەکانیان، یان لەکرداری نەبەردیانەی کەپێشکەشیان کردووە.

–دواتر شاعیر، وەک ئەوەی تەواو ئاگاداری سروشتی هێزی دەسەڵات بێت کەچەندە بێباک و خەم ساردە،بەشێوازێکی گاڵتەجاڕی پێش مەسەلەکان دەکەوێت ودەڵێت لۆمەی هێزی دەسەڵات مەکەن کەهیچیان بەناوی زەرەمەندان وفیداکارانەوە ناو نەنابێت یان تۆمار نەکردبێت، چونکە ئەم دەسەڵاتە لەبنەڕەتدا بریتییە لەپڕوپاگەندە و دروشمی قەبە و گەورە و بێ بەها.

– نیشتمان پەروەری بەلای شاعیرەوە لەکرداری پێش وەختەکاندا خۆی دەبینێتەوە کەدەبنە مایەی شانازی بۆ زۆرینەی خەڵکی کەبریتییە لەشوێن گۆڕی فیداکاران. بەڵام ئەمەش ئەوەندە ناخایەنێت و دوای ماوەیەک لەبیردەچنەوە.ئەمە تەواو لەجێگەی خۆیەتی بەوپێیەی چەندین ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە،کەژمارەیان گەلێک زۆرە، خۆیان بەخت کردوو و دواتر لەیاد کراون. لەمەش زیاتر،لەجیاتی ئەمانە، کەسانێک پاداشت دەکرێن کەهەڵگری شوناسێکی نیشتمانی یان کرداری نین. کەواتە لەم چەند دێرە کورتەدا چەندین وێنەی کایگەر وجوڵێنەر بەدی دەکرێت و سەرجەمیشیان پشتی بەئەزموون وبیرکردنەوەی شاعیر بەستووە ولەهەمان کاتیشدا تاکە هاوشێوەکانیش کردارێکی یارمەتدەرە بۆ دەرخستن وتەواو کردنی ئەو وێنانە.

لەدەقێکی تریدا بەنێوی"دادگایی" دەڵێت:

ژاک پریڤێر دەبێ دادگایی بکرێت

لەسەر شیعرێکی کەدەڵێ:
پێبکەنە ئەی گاڵتەجار!
پاشام،
وەزیری وەزیری دەستە ڕاستت گەمژەیە.
وەزیری دەستە چەپت دز.
ئەم وەزیرەت داوێن پیس و
ئەو وەزیرت درۆزن.
پاشاکان ...دەچنەوە سەر
ڕەچەڵەکی...
برینی شێرپەنجە.بەڵام...
وەزیری دەستە چەپ گەمژەیە ، نەک
دەستە ڕاست.
وەزیری دەستە ڕاست دزە، نەک دەستە
چەپ.
ئەم وەزیرەت درۆزنە.نەک ئەو وەزیر
ئەم وەزیرەت داوێن پیسە، نەک ئەم وەزیر
دەبێ ژاک پریڤێر دادگایی بکرێت (دیوان،19– 21)

چالاکی کورد لە تاراوگــــە....چالاکی کورد لە تاراوگــــە

پرۆژەی پێگەیاندنی مامۆســـتای کورد بۆ ئەڵمانیا خرایە بەردەستی وەزیری خوێندنی باڵای کوردستان

(سۆما) ئامادەیکردووە

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەریی یەکێتیی مامۆستایانی کورد لە ئەوروپا کۆبونەوە، دوای تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن لەبارەی پرۆژەی پەروەردەکردنی مامۆستای کورد بۆ کوردانی تاراوگەنشینی ئەڵمانیا و دۆخی یەکێتی مامۆستایانی کورد و پێداویستییەکانیان بەڵین هاوکاری پێویستی پێدان.

د. ئارام محەمەد قادر، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی لە شاری دۆسێلدۆرف–ی پایتەختی هەرێمی نۆردڕاین وێستفالن (Nordrhein–Westfalen)ی وڵاتی ئەڵمانیا، لەگەڵ یەکێتی مامۆستایانی کورد لە ئەوروپا کۆ بوەوە و گوێی لێ گرتن و بەڵێنی هاوکاری پێویستی پێدان. شاندی یەکێتی مامۆستایانی کورد لە ئەوروپا پێکهاتبوون لە (عەبدولقادر ئولوماسکان– سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان کورد لە ئەوروپا، جاهید کاپلان، سەمیر خدر، یوسف بلگچ– ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتی مامۆستایان کورد لە ئەوروپا).

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، بەرپرسی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی رۆژنامەوانیی و کەلتوور ، تیشکی خستە سەر گرنگی زمان و پەروەردەکردنی زارۆکی کورد و لەهەمبەر ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژین ...دواتر مامۆستا عەبدولقادر باسێکی کورتی یەکێتی مامۆستایانی کورد لە ئەوروپا و بایەخ و گرنگی مامۆستایان کوردی کرد لە ئەڵمانیا بە گشتی و هەرێی نۆردڕاین وێستفالن بە تایبەتی. دواتر هەر یەک لە مامۆستایان یوسف بلگچ، جاهید کاپلان و سەمیر خدر باسی بارودۆخی خوێندنی زمانی زگماکیان بە گشتی بۆ وەزیری خوێندنی باڵا روونکردنەوە، تێیدا بە درێژی باسی یاسای خوێندنی زمانی زگماکی کرا لە ئەڵمانیا و بایەخی هەبوونی مامۆستای کوردی کرا. هەروەها بەڕێوەبەرانی یەکێتی مامۆستایانی کورد لە ئەوروپا، بە شێوەیەکی تێر و تەسەل باسیان لە کەموکوڕیی و نەبوونی مامۆستای کورد کرد لە ئەڵمانیان، باسیان لەوەش کرد کە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مامۆستای کورد لە ئەلمانیان تووشی گیروگرفتی زۆری یاسایی و ئەکادیمی دەبنەوە، لە بەرانبەردا د. ئارام هاوڕابوونی خۆی بۆ گرنگی فێرکردنی زمانی زگماکی لە دیاسپۆرا کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدان کە بەجدی کار دەکات بۆ هاوکاریکردنیان بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مامۆستایانی زمانی کورد لەپێناو گەیاندنی خزمەت بە منداڵانی کورد لە ئەڵمانیا بە گشتی. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، شاندی یەکێتی مامۆستایانی کورد لە ئەوروپا، پرۆژەیەکیان پێشکەشی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرد کە تێیدا میکانزم و قۆناغەکانی پێگەیاندنی مامۆستایانی زمانی کوردی و هاوکارییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای روون کرابوەوە، هاوکات د. ئارام بەڵێنی پێدان کە لە گەشتی داهاتوویدا بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، پرۆژەکە لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتەکانی پەروەردە و چەند زانکۆیەک بخاتە بەر باس و کار بکەن بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی زمانی کوردی.

فێربوونی زمانی دایک لە وڵاتی ئەڵمانیا بە یاسا ڕێکخراوە، هەر خوێندنگەیەک زیاتر لە ۱۰ خوێندکاری هەر زمانێکی جگە لە ئەڵمانی هەبێت، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگە ئەرکیەتی کە مامۆستای ئەو زمانە بۆ ئەو خوێندکارانە دابین بکات، بەهۆی ئەوەی کە ڕەوەندی کوردی گرفتی کەمی مامۆستایان هەیە، خوێندکارانی کورد لە ئەڵمانیا وەکو پێویست ناتوانن بە زمانی دایک پەروەردە ببن.



وەرگرتنی هۆرمۆنی ڤاسۆپریسین لەڕێگای سپرای لووتەوە



عومەر ڕەسوڵ

وەرگرتنی هۆرمۆنی ڤاسۆپریسین لەڕێگای سپرای لووتەوە. یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵی ئۆتیزم گرفتی کۆمەڵایەتی باشتربێت.

ئەم زانیارییە لە ڕۆژی ١-٥-٢٠١٩ دا لە کۆڤاری زانستی دەرمانسازی ئەمەریکی لە دانیشگای ستاندفۆرد بڵاوکراوەتەوە، ئەم تۆژینەوەیە لەسەر ٣٠ منداڵی ئۆتیزم کراوە ، ٢٥ کوڕ و ٥ کچ، تەمەنیان لە ٦ ساڵییەوە بۆ ١٣ ساڵان و کران بە دوو گروپەوە، بۆماوەی یەک مانگ ڕۆژانە سپراکەیان بۆ بەکارهێناون، گروپی یەکەم (هۆرمۆنی ڤاسۆپرێسینان) پێدراوە و گروپی دووەم(سپرایی پلاسیبۆ)، دوایی مانگەکە وایان بۆ دەرکەوت ئەوگروپەی سپرای ڤاسۆپرێسینیان وەرگرتبوو زیاتر لایەنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان، ترسیان، دووبارەکردنەوەی شتەکان باشتر بووە کە لە گروپەکەی سپرایی پلاسیبۆیان بەکار هێنا.

deVolkskrant

NIEUWS

Autistische kinderen vertonen socialer gedrag door neusspray

Een neusspray maakt kinderen met autisme sociale schrijven onderzoekers van de Stanford Universiteit het wetenschappelijke tijdschrift Science Translatic Medicine, dat deze week verschijnt.

Neusspray 'potentiële doorbraak' voor kinderen met autisme

SUBLIME

MEDISCH CONTACT

Neusspray vasopressine verbetert symptomen autisme

Autistische kinderen socialer door neusspray

واتە ئەمان دەیان وویست بڵێن کە پێدانی ئەو سپرایە بە منداڵی ئۆتیزم منداڵەکە گرفتی کۆمەڵایەتی باشتر دەبێت، بەڵام هەرخۆیان کە لێیان پرسین دەڵێن نازانین چ کارێک دەکات لە ناو مێشکدا. خاتو سارا دورستۆن پسپۆڕ لە تێکچونی گەشەی مێشک لە دانیشگای ئیو ئێم سەی ئۆتریخت دەڵێت هە موو هەوڵدانێک بۆ باشترکردنی ژیانی منداڵی ئۆتیزم زۆر گرنگە و جێ ی دەست خۆشی لێکردنە، بەڵام بۆجونی من بۆ ئەم تویژینەوەیە بەباشە نیە، من بەڕاستی نازانم چونکە بەهۆی پێدانی سپرایەکی لووتەوە و بۆماوەیەکی زۆر کورت ،وەک سیحر وایە باوەڕناکەم.

هەروەها دەڵێت ئەی چی لە کەسێک دەکەیت چوبێتە تەمەنەوە. بیروباوەڕی یان باوتەلار لە دانیشگای ڕادباود، دەڵێت ئەوانەی تویژینەوەکەیان کردووە خۆشیان نازانن هۆرمۆنی ڤاسۆپرێسین کار لە چ بەشێکی مێشک دەکات. هەروەها یولی لاوکس سپێشیاڵ لە ئۆتیزمداو چالاکە لە ڕێکخراوی ئۆتیزمی هۆڵەندی دەڵێت من هیچ هیوایەکم بەم تویژینەوەیە نییە، دەبێت کۆمەڵگا ڕێگا بۆ ئۆتیزم خۆش بکات بەوەی وروژێنەرەکان کەمتر بکرێتەوەو دەوروبەرێکی گونجاو بۆ ئۆتیزم دروستبکرێت، هەروەها خاتو کارن پارکەر کە ئەمیش سپێشیالیستە لە ئۆتیزمدا دەڵێت هێشتا زوو تا بڵێین ئەم هۆرمۆنە کاری خۆی دەکات ، دەبێت لە سەر ژمارەیەکی زۆرتر ئۆتیزم بکرێت و پێویستمان بەکاری زیاترە بۆ ئەوەی ئەم تویژینەوەیە چەند جارێک و بە چەند قۆناغێکی جیاواز تاقیبکرێتەوە. بۆ دواجار خاتو زیوس دێکەر کە خۆی ئۆتیزمە دەڵێت من باوەڕناکەم بەم جۆرە تویژنەوانە بەهەر حاڵ هەرچ هەوڵدانێک بۆ باشترکردنی ژیانی منداڵی ئۆتیزم بێت دەبێت بەرەو ڕووی بچین و هیوامان پێی هەبێت.

ئەم سپرایە گەر سەربکەوێت و بۆ ئەوەی بکەوێتە دەرمانخانەکان 5 ساڵ زیاتری دەوێت.

لە جیاتی پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ بۆ خوێنەرانی تاراوگە



بەم چەپکە وتەیەی مەولانای ڕۆمی، کە والّی هاوڕێی ئازیزم کاک (ئازاد بەرزنجی) وەرمگرتووە، پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ لە تەواوی هاوڕێیان دەکەم، هیوادارم ئەم وتانە هەڵگری وانەی جوان بن بۆمان و چرای ڕووناککەرەوەی هزر و ڕەفتارمان بن، نەک هەر بۆ ساڵی ئایندە، بەڵکو بۆ هەموو ڕۆژانی تەمەنمان.

هەڵبژاردەیەک لە وتەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی:

□– بەتەنها کاتێ کە بەڕۆح کارێک ئەنجام دەدەیت، هەست بەو ڕووبارە سازگارە دەکەیت کە لە ناختدا هەڵدەقوڵێت... ئەوەش خۆشنوودیی تەواوەتییە.

□– ژیان ڕێگایەکە تایبەتە بە خۆت. دەشێ کەسێک بۆ ماوەیەک هاوەڵی ئەم ڕێگایەت بێت، بەڵام دواجار دەبێت، ئەو ڕێگایە بەتەنیا هەر خۆت ببڕیت.

□– هەموو شتەکان وەختێ لێکدەدرێنەوە، ڕوون دەبنەوە، کەچی عیشق ئەو دەمە ڕوونترە کە هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت.

□– سوپاسگوزار بە بۆ هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندا پێیاندا تێدەپەڕیت، لەبەر ئەوەی هەریەکێک لەو شتانە "ئاماژەیەکە لە خوداوە بۆ تۆ".

□– خودا ئازاری خوڵقاندووە تا لە میانییەوە دژەکەی دەرکەوێت کە بەختەوەرییە، چونکە شتەکان لە میانی دژەکانیانەوە دەردەکەون. لەبەرئەوەی دژێکیش نییە بۆ خودا، بۆیە هەر بە پەنهانی دەمێنێتەوە.

□– مەگری بۆ شتێک کە لە دەستت داوە، هەر شتێک کە لە دەستی دەدەیت زۆری پێ ناچێت بە دەستی دێنیتەوە، بەڵام لە شێوەیەکی تردا... بەتەنها ورد ببەرەوە دەبینیت کە وایە.

□– بە دەنگی بەرز مەدوێ ، چونکە ئەوە بارانە دەبێتە مایەی ڕووانی گوڵ، نەک هەورەگرمە.

□– ڕەنگە شتە سادەکان تایبەتترین شت بن، بەڵام هەموو چاوێک توانای بینینیانی نییە.

□– بڕینەکانمان ئەو درزانەن، کە ڕووناکییان لێوە دێتە ناوەوە، بۆیە من سوپاسگوزاری هەموو بڕینەکانمم.

□□– کاتێ جوانی لەناو دڵی خۆتدا دەدۆزیتەوە، لەناو هەموو دڵەکانی تریشدا دەیدۆزیتەوە.

□□– وەختێ دەتەوێت بەدوای زێدی ڕۆحدا بگەڕێیت، ئەوا خۆت ڕۆحیت، وەختێکیش دەتەوێت بەدوای پارچەیەک ناندا بگەڕێیت، ئەوا خۆت نانیت. کاتێکیش دەرک بەم بیرۆکە وردە دەکەیت، لەوە تێدەگەیت کە هەموو ئەو شتانەی بەدوایاندا دەگەڕێیت، خۆتن.

□□– عاشق نازانێت نائومێدی چییە، دڵێکیش کە شەیدا بوو، هیچ شتێک بۆی ئەستەم نییە.

□□– تەنها بە دڵ دەتوانیت بەر ئاسمان بکەویت.

□□– شوورەییە بتەوێ ببیت بە کەسێکی تر و ڕوخسار و جوانییە تایبەتەکەی خۆت نەبینیت.

تابلۆی هونەرمەند ئیحسان محێدین

تابلۆی ژیانەوە، کاری هونەرمەند حاجی خانم.
X85 cm acrylic on Canvas115
ساڵی نوێتان پیرۆز بێت، Beste wensen voor 2020



گۆشەی 37 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

گرگنترین گۆڕانکاریەکانی ئەڵمانیا لەساڵی تازەوە

بەپێی ئەو توێژینەوانەی ناوەندە ئابوریەکان بڵاویان کردۆتەوە ئەڵمانیا لەڕیز بەندی گەورەترین ئابوریەکان جیهان چوارەمە و لیستەکەش بەمجۆرەیە:

١. ئەمەریکا٢. چین ٣. یابان ٤. ئەڵمانیا ٥. هیند ٦. بەریتانیا ٧. فەرەنسا ٨. ئیتالیا ٩. بەرازیل ١٠. کەندا.

دەرهێنەرێکی گەورەی ئۆپەرا کۆچی دوایی کرد

"هاری کۆپفەر" بەناوبانگترین دەرهێنەری ئۆپەرای ئەڵمانیا لەتەمەنی ٨٤ ساڵیدا لەبەرلین کۆچی دوایی کرد، ئەو هونەرمەندە ئەڵمانیە لەم ساڵانەی دواییدا ببوە هونەرمەندێکی جیهانی لەهەریەک لە ئوسترالیا ئیسپانیا نەمساو فنلەندا کاری دەکرد، تا ئێستا ١٤٠ ئۆپەرای پێشکەشکردووە.

چەند جار Geldautomat شکێندراوە؟

نوسینگەی تاوان لەئەڵمانیا ئاشکرایکرد کەلەساڵی ٢٠١٩ دا دز ٣٦٩ جار هەوڵیانداوە مەکینەی پارە Geldautomat لەناو سەنتەرو بەردەم بانکەکان بشکێنن وهەوڵ بدەن پارەی لێ دەربێنن، بەڵام ئەوەیان نەدرکاندوە کە چەندین جار توانیویانە پارەی لێ بدزن.

ئەفغانیەک ژنی پێشووی خۆی دابەرچەقۆ

لەشاری Adschtein ئەفغانیەک بەناوی " غەفور ٣٤ ساڵ سێ چوار مانگ لەمەوبەر بەفەرمانی دادگا لەژنەکەی مریەم ٢٦ ساڵ جیابۆوە، لەجەژنەکانی سەری ساڵدا ژنەکەی لەگەڵ کوڕێکی گەنجی ئەفغانیدا بینیوە، لەوکاتەدا شێتو هار دەبێ ودەچی لەماڵی مێردەتازەکەی مەریەم دەگرێ وزیاتر لە چەقۆ لەناو سکی دەداو هەڵی دەدڕێت، دەرودراوسێ خەبەری لێدەدەن وتاوانبار لەبەردەم پۆلیس دانی بەتاوانەکەیدا ناوە.

سوودەکانی ئاوخواردنەوەی پێش نانخواردن بڵاودەکرێتەوە

گۆڤاری Freunden ی ئەڵمانی و ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی بۆ بایەخدان بە تەندروستی هاوڵاتیان، زنجیرەیەک ڕاپۆرتیان بڵاوکردۆتەوە، کەباس لە سوودەکانی خواردنەوەی ئاودەکەن لەبەیانیان پێش نانخواردن "خورینی"دەکات. بەکورتی سوودەکانی بەمانە لێکدەدەنەوە:"کوشتنی ژەهرەکانی ناو لەشی مرۆڤ، خێراکردن و باشکردنی هەرسکردنی خواردەمەنی، چارەسەرکردنی ترشبوونی گەدە و ئارامکردنەی ئەو کۆئەندامە، گەشەپێدانی سوڕی خوێن و جوانکردنی پێستی مرۆڤ، ڕێگرتن لە ئالودەبوونی کۆئەندامی میزەڵدان و زاوزێ، بەهێزکردنی بەرگری لەش لە نەخۆشیەکان". جگە لەدەیان سودی تر، کە دکتۆرە ئەڵمانەکان خەڵکی هوشیاردەکەنەوە، ڕۆژانە بەر لە نانخواردنی بەیانی، ئەگەر بتوانن نیو لیتر ئاو بخۆنەوە، ئەوا دوور دەبن لە زۆر نەخۆشی.

بڕوانە لاپەڕە 14

گۆشەی 37 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پاشماوەی گۆشەی 37

گرگنترین گۆڕانکاریەکانی ئەڵمانیا لەساڵی تازەوە

هاتوچۆ:

سزای پارکردنی ترومبێل لەرێڕەوو شوێنی هاتوچۆ و پارکی کەمئەندامان لە ٣٠ یۆرۆوە بۆ ١٠٠ زیاد کرا، هەروەها خاڵێکیش لەسەر مۆڵەتەکەی تۆماردەکرێت، لە ئەکتەکەی لە فلنسبۆرگ، ئەو شوفێرانەش، کە لە شوێنەقەڵەبالّغەکان پارک دەکەن و ڕێگای ترومبێکی فریاکەوتن یان ئاگرکوژێنەوە یان پۆلیس دەگرن ٣٢٠ یۆرۆ سزا دەدرێن، لەگەڵ تۆمارکردنی دوو خاڵ لەسەر مۆڵەتەکانیان.

دارایی

کەمترین موچەی خوێندکارانی پیشەیی Ausbildung دەکرێتە ٥١٥ یۆرۆ بۆ ساڵی یەکەم و دواتریش دەبێتە٦٢٠ ئیرۆ. موچەی بێکاران، ئەوانەی لەسەر یارمەتی Jopcenter دەژین بۆهەر سەڵتێک بڕی ٨ یۆرۆ زیاد کراوە و دەکرێتە٤٣٢ یۆرۆ، بۆ خێزاندارەکانیش (پیاوی بێکار و کابانی ماڵ)، ٧ یۆرۆ زیاد کراوە و و بۆتە ٣٧٩ یۆرۆ، بۆ منداڵانیش بەپێی تەمەنیان دەگۆڕێت. بۆ نموونە تا ٥ ساڵ ٢٥٠ یۆرۆ و لە ٥ تا ١٣ دەبێتە ٣٠٨ یۆرۆ و تا ١٨ دەبێتە ٣٢٨ و خوار ٢٥ یش، کە لەگەڵ دایک و باوکیان بژین دەبێتە ٣٣٩ یۆرۆ.

کارەبا بۆ هەر کیلۆواتێک لە بەبڕی ٥،٥ ٪ زیاد دەکرێت، کە بە ١٣ یۆرۆ مانگانە بۆ هەر خێزانێک دەخەملێندرێت.

باجی سەرتکتی شەمەندەفەرلە ١٩٪ وە بۆ ٧٪ کەمدەکرێتەوە،هی سەر فرۆکەش زیاد دەکرێت، ئەوەش بەهۆ پاراستنی ژینگەیە چونکە شەمەندەفەر کەمتر و فرۆکە زۆرتر ژینگە پیس دەکات، هاوڵاتیان هاند دەدرێن، کە بە شەمەندەفەر هاتووچۆ بکەن.

باجی سەر کتێب و ڕۆژنامە لە ١٩٪ ەوە دەبێتە ٧٪ هەروەها پێداویستی نهێنی ژنانە" دەسترۆ سانتی" یش بەهەمان شێوە باجەکەی دەکرێتە ٧٪.

گۆشەی زانست
ماموستا جەزا دەینووسێت

کوازرات و کاریگەری بۆ ژیان لەسەرزەوی

بوونی کوازرات کەمتر لە ٢٥ساڵی ڕووناکی دووڕە لە گۆی زەوییەوە و ترسناک بۆ ژیان لەسەر گۆی زەوی بە کەوتنە خوارەوەی تەنۆلکە بارگاوییەکان بە خێرای زۆر بۆسەرڕووی زەوی، کە دەگوترێت تیشکی گەردوونی (الاشعه الکونیه cosmic Ray) ئەمەش دەبێتە تێکدانی ئەو چینی هەوایەی کە دەوری گۆی زەوی داوە و وا دەکات ڕێبدات بە تیشکی گەردوونی و تیشکەکەی بگاتە سەر زەوی ببێتە کوتایی ژیان لەسەر زەوی.
بەڵام ئەگەر کوزراتەکان تێپەڕ بوون و لە سنووری ٢٥ ساڵی تیشکی ڕووناکی نەبەزاند، کاریگەری خراپی نابێت بۆ ژیان لەسەر ڕووی زەوی.
لە ڕاستیدا ئەم باسە لە گۆڤاری (الجیولوجی) دا بڵاو کراوەتەوە لە نوسینی زانا توماس لە دانشگای واشبورwash bur لە کنساس و ئەدریان میلوت لە دانشگای کنساس.

ئەم دوو زانایە پێشنیازیان ئەوەیە، کە چەند تەقینەوەیک ڕوو دەدات لە ناوچەی کوزراتەکاندا، بەڵام بە سەلامەتی تێپەڕ دەبێت.
جووتە زانا (دکتور نوماس و میلون) دەستیان بە گریمانەکانیان کرد بە تێڕوانیان، چواردە بۆ بیست کوازرات، کە لە ماوەی هەشت ملیون ساڵی ڕابوردوودا ئەو تەقینەوانە ڕووی داوە، لەناو ئەو ئەستێرانەی، کە خاوەن بارستایی زۆرن و بڕوایان وایە، کە ئەم ڕووداوە لەگروپی توکاناهۆرولوجوم HOrkologium stallar group Tucana دا بووە، حاڵی حازر بۆ ماوە سیی ملیۆن ساڵی تیشکی لە ئێمەوە دوورە.

میخائیل گۆرباتشۆفی سەرۆکی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەت دەڵێت: چیەکی نەتۆمی دووبارە ناشتی تێکدەری جیهانە

ئەم گوتەیە بۆچوونی میخائیل گۆرباتشۆفی سەرۆکی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەتە و دەڵێت؛ پێش سی ساڵ زیاتر لەمەوبەر، من و جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا ڕێکەوتین لەسەر داماڵینی چەکی ئەتۆمی (کورتەتاو ناوەندی) ئەمەش یەکەم هەنگاو بوو، دواتر ڕێکەوتنی دیکەی بەدوادا هات.
کاتی خۆی کە سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت– بووم لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج دەبلیو بۆش ساڵی ١٩٩١ ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی چەکی ئەتۆمی لە ڕەگ و ڕیشە دەربێنن، بەڵام ئەمڕۆ هێشتا بەشێکی زۆر چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا ماوە، کە پاشماوەی جەنگی ساردە.
لە ساڵی ٢٠١٥ دا کۆنگرەیەک بەسترا بۆ ڕزگاربوون لە چەکی ئەتۆمی، ئەمەریکا و ڕوسیا ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کرد بە UN، کە تێیدا هاتبوو 85 % ، چەکە ئەتۆمییەکانیان لەدەستداوە، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە و بەرز و بەنرخ بوو بۆ هەموو گەلان و بۆ هەردوو ئەو دوو وڵاتە زلهێزە.
بەڵام ئێستا دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، کە بەرەنگاری گێرمەوکێشەکان دەبنەوە، سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترامپ، هەفتەیەک پێش ئێستە بڵاویکردەوە، کە نیازی وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێکەوتننامەی کورتڕەو و ناوەندڕەو دەربچێت. دووبارە بناغەی دروستکردنەوەی چەکی ئەتۆم دابمەزرێننەوە.
ئێستا من پرسیار لە خۆم دەکەم زۆر ستەمکارن کە ئەم دەستکەوتە گەورەیە لەدەست بچێت، کە جیهان دەپارێزێت، لە شەڕی کوشندەی ئەتۆمی، من دەڵێم ئەمە چارەنووسی جیهانە، پێویستە UN بە کاری خۆیی و ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێ بۆ ڕاگرتنی ئەم کارە.

ئەنتۆن ماوفێ

هونەرمەند ئەنتۆن ماوفێ، لە 18- 09- 1838 لەزاندام لە دایک بووە٠ لە 05 -02- 1888 لەئارنهێم کۆچی دوای کردووە٠ تـــــابلۆی ڕێگایەکی لەناو هۆڵـــەندا ئەم تابلۆیە لەسەرقوماش بەڕەنگی ڕۆنی بەڕووبەری ٨،٣٥ ٥،٥٠X سم دروستی کردووە، ئەم تابلۆیە باس لەژیانی جوتیارێکی هۆڵەندی دەکات. وەک لە تابلۆکەدا دەبینین ئاسمانێکی باراناوی مەیلەو خۆڵامێشی، جویارەکە لەگەڵ ئەسپەکانی لەسەر ڕێگایەک بۆپێشەوە دەڕۆن، ڕێگاکە دووریەکی زۆر جـــوانی بە بەتابلۆکە بەخشیووە. ئەم هونەرمەندەش سەربە قوتابخانە هـــاخسە سخولّە، هەروەک لەبابەتەکانی پێشوتردا باسمان لێوەکرد، قوتابخانە هاخسەسخولّ تابلۆکانیان باسی ژیانی ڕۆژانەی هۆڵەندی دەکەن و پیشاندانی سرووشتی هۆڵەندا وەک ئاشی بـــاو ئەسپێر و دەریاچە و پرد و ئەسپ و مانگا٠ فیوگەرەکانی هونەرمەند ئەنتۆن ماوفێ هەموویان بەوکاروبارەوە خەریکن. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هونەرمەندە بڕوانە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Anton_Mauve

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی و کەلتۆری هەفتانەیە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

15 JANUARI . 2020 Nummer. [87] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

-چ گۆڕانکارییەک لە ساڵی 2020 دا لە هۆڵەندا ڕووەدات لە بیمەی تەندروستی و خزمەتگوزا تەندروستیدا..؟،ل2- دەربارەی ستراتیژ..دەرئەنجام-بەشی نۆیەم و کۆتایی،فەریق ڕۆکنیخانەنشین.محەم نەجمەدین.نەقشبەندی ل 3 - هەواڵی دەسبەرداربوون لەژیانی شاهانە وەک بۆمبێک بوو لە شانشینی یەکگرتوو بەریتانیا، ڕێگای"داهاتی ســــــەربەخۆ" بــۆ هێری و مێگن ئەســــتەم نییە،..! موزەفەر عەزیز ..ل 4

- چیرۆکی پەیکەرسازی کورد هونەرمەند شوان کەمال لەگەڵ پەیکەری یارمەتی هەژاران لە ئەڵمانا لە شاری فوپەرتاڵ لە هەرێمی نۆردراینڤیستفاڵن ل 5 - ئەچم بۆ شاری شووکردن بۆ نانی گەنم خواردن لە خزمەتی جیهانی منداڵاندا.محەمەد جەزا بەرزنجی ل 6 و ل 7- هاوچەرخێتی لەپەیکەرێکی زاهیر سدیق دا، دکتۆر زاهیر ل8و9

- هونەرمەندی شێوەکار عادل ئەسغەری عوبێدی - نووسینی: مامۆستا م. ئارام - ئەڵمانیا، ل 10. - پەنجەری شیعر بەفرداپۆشیوە، دلاوەر قەرەداغی و ڕۆدینکۆ، ڕاپەڕ عوسمان ل. 11 - دوو نووسینی فاروق هۆمەر ل 12

- گۆشەی 38 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 13 و ل14

- دووبابەتی زانستی: مامۆستا جەزا نووسیوێتی ل 15، تابلۆیەکی هونەرمەندی شێوەکار تارا محەمەد ئەمین.

- ئەمجارەش دەربارەی قوتابخانەی هونەریی هۆڵەندی هاخەسی سخوڵ.....

هونەرمەندی هۆڵەندی هێندریک ڤیلیەم میسداخ و جەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

15 JANUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
ژمارە 87 ی 15 ی کانوونی دووەمی 2020
N 87
Emai: sardarfatah@live.nl

چ گۆڕانکارییەک لە ساڵی 2020 دا لە هۆڵەندا ڕووەدات لە بیمەی تەندروستی و خزمەتگوزاری تەندروستیدا..؟

هەرچەندە هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەرزانترین و گرانترینیدا لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەگوزارییەوە بە نەخۆش نییە، کەواتە باش دەکەیت ئەگەر بەراورد بکەیت لە نێوان جۆرەکانی بیمەی تەندروستیدا، بەڵام وریابە هەر سەیری نرخە کەمەکەیان مەکە، چونکە جیاوزییەکان لە نێوان دوورونزیکی نەخۆشخانەکەدایە، هەندێ جار ناتوانیت بچیتە هەموو نەخۆشخانەیەک، کە خۆت دەتەوێت چارەسەری خۆتی تێدا بکەیت. هەرزانترین جۆری بیمەی تەندروستی بنەڕەتی (Basis) لە ساڵی 2020 دا، لای کۆمپانیای Zekur (van Unive), نرخەکەی مانگی بە 101,95 ئیرۆیە و گرانترینیان لای کۆمپانیای De Amersfoortse نرخەکەی مانگانە 142,95 ئیرۆیە بەڵام لای کۆمپانیای Zekur (van Unive), ناتوانیت بچیتە هەموو نەخۆشخانەیەک، بۆ چارەسەر وەرگرتن، چونکە خۆیان کۆنتراکتیان لەگەڵ چەند نەخۆشخانەی دیاریکراو کردووە، ئاگادار بە لە کاتی نەخۆشکەوتندا، ئەگەر بچیتە نەخۆشخانەیەک، کە ئەوان لەگەڵیان ڕێکنەکەوتوون دەبێت 100% نرخەکەی خۆت بیدەیت، هەروەها دەتوانیت هەرزانتر بکەویت، ئەگەر پارەی هەر 12 مانگەکە بەیەکەوە بەیەکجار بیدەیت.

بیمەی زیادە (Aanvullende):

جیاوازی ئەم جۆرە بیمەیە لەگەڵ بیمەی بنەڕەتی (Basis)، ئەوەیە کە دەتوانیت خزمەگوزاری تەندروستی وەربگریت، بەڵام لە بیمەی بنەڕەتی (Basis)دا دەبێت خۆت نرخەکەی بدەیت، جیاوازی نێوان شێوازی بیمەکان (Polis) زۆر زیاترە و دەبێت بە وردی لێیان بڕوانیت و ئاگاداری شیوازی پێسکەسکردنی خزمەتگوزارییەکان بیت..؟ یارمەتی دەوڵەت بۆ بەشی تەندروستی لە هۆڵەندا. بڕی ئەو پارەیەیە، کە دەوڵەت دەیدات وەک یارمەتی، پەیوەندی بە مووچەی ساڵانەی هەر تاکێکەوە هەیە، باری دارایی هەرخێزانێک تا مووچەکەیان بەرزتر بێت، کەمتر یارمەتی وەردەگرن. بۆ ئەوکەسانەی کەمترین داهاتیان هەیە، مانگی 5 ئیرۆ زیاتر وەردەگرن، بۆ خێزان 7 ئیرۆ، زیاترینیان 199ئیرۆیە لە مانگێکدا. بۆ وەرگرتنی ئەم یارمەتییەی دەوڵەت نابێت مووجەکەت لە ساڵێکدا لە 30481 ئیرۆ زیاتر بێت، بۆ خێزانێکی دوو کەسی 38945 ئیرۆ لە ساڵیکدا، هەروەها نابێت لە 116613 ئیرۆ زیاترت لە بانکدا هەبێت، ئەگەر تەنها بیت، ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەت بژیت نابێت لە 147495 ئیرۆ زیاترت هەبێت.

لە01–01 ئەمساڵەوە بیمەی تەندروستی لە هۆڵەندا چەند گۆڕانکاریەکی بەسەردا دێت، لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا Business Insider دەست پێدەکاتەوە. دەربارەی تەندروستی و خزمەتگوزاری تەندروستی، لە ساڵی ئایندەدا گرانتر دەبێت، بەهۆی زیندوکردنەوەی زیاترینی بەهای کۆلێکتیف. نرخی بیمەی بنەڕەتی (Basis)، ساڵی داهاتوو 27,36 ئیرۆ زیاد دەکات لە ساڵەکەدا، لەڕاستیدا بەرزبوونەوەی نرخەکەی بۆ خەڵکانێکی زۆر لەوە گەورەترە، لەبەرئەوەی کە ڕێژەی بەهای کۆلەکتیف بەرەو نیوە دەچێت، هەروەها خیاوازی لە نێوان هەرزانترین و گرانترین بیمە (Polis) پۆڵس لە 2020 دا نزیکەی 500 ئیرۆیە لە ساڵێکدا، کەواتە بازاڕکردن بۆ دۆزینەوەی بیمەیەکی هەرزانتر سوودی هەیە. هەرچی یارمەتییەکی تەندروستی هەیە، کە وەریدەگریت، لە ڕێگەی بیمەی سەرتایی (بناغەیی)، بۆ هەموو کەسێک وەک یەک وایە.

ساڵی داهاتوو خزمەتگوزارییەکان فراوانتر دەکرێت.

هەواڵێکی خۆشە بۆ ئەوکەسانەی واز لە جگەرەکێشان دەهێنن

بۆ نموونە ئەو بڕە پارەکەمەی (رسک) ساڵانە، دەبێت بیدەی لە گیرفانی خۆت، واتە 385 ئیرۆکە. ئەگەر لە ڕێگەی پزیشکی خێزانەوە بەشداری بکەیت لە پرۆسەی وەستان لە جگەرەکێشان، ئەوا پێویست ناکات بدەیت. ئەگەر لە شوێنێکی دوورەوە هاتبیت و پێویستی کرد بۆ چارەسەر بچیت بۆ نەخۆشخانە و لەوێ نەمینیتەوە، لە ڕێکەوتی 01–2020 01 وە شەوی 75 ئیرۆ وەردەگریتەوە. ئەمە بۆ نموونە بۆ ئەوکەسانەیە، کە چارەسەری خیمۆتێرەپی وەردەگرن، یان نەخۆشی گورچیلەیان هەیە و چارەسەر لە نەخۆشخانەیەکی دیکە وەردەگرن. هەروەک ساڵی پار پشکنینی NIPT بۆ ژنی دووگیان، کە لە ناو بیمەی سەرەتاییدا هەبوو. ئەگەر دەرمانێکت پێویست بوو، دەرمانەکە نرخی زۆر گران بوو، لە لیستی بیمەی سەرەتاییدا نەبوو، بەشێکی نرخەکەی وەردەگریتەوە، ئەگەر ئەو دەرمانە لە دەرمانخانەکە ئامادە بکرێت. لە ٢٠٢٠ دا ئەم پرۆسەیە ئاسان دەکرێت، پارەی ئامادەکردنی دەرمانەکە لە دەرمانخانەکە وەردەگریت، بەمەرجێک زۆر نەبێت.. هەروەها دەرمانی نەخۆشی ڕەقبوونی دەمارەکان MS بۆ چارەسەری نەخۆشی fampyra نەخراوەتە سەر بیمەی سەرەتایی. تەنها بۆ بیمەیی بنەڕەتی، لەگەڵ 385 ئیرۆی گیرفانی خۆت، جیاوازییەکە لە نێوان جۆرەکانی بیمەی تەندروستیدا 492 ئیرۆیە.

ئایا ستراتیژ چییە..؟ لەسەدەی 21 دا پێویستە چۆن لێی تێبگەین و بیخوێنین..؟



نووسینی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

بەشی نۆهەم و کۆتایی

دەرئەنجام:

دەتوانرێت تێگەیشتنی زورتر بۆ ستراتیژ هەبێت، وەک بەکارهێنانی بۆچوونێکی (Means)بەردەست، کە یەکخرابێت تا بەدەستهێنانی کۆتایی خواستەکان، لەئاستی نەتەوەیی. هەندێک ئامرازی یاسایی هەن، کە کۆمەڵێکی سیاسی، دبلۆماسی، زانیاری، ئابووری، دەروونی و ئامرازی سەربازی لەخۆدەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستی بە بیرکردنەوەی ستراتیژی هەموو ئاستەکانی دروستکردنی بڕیار دەربڕین و دەوڵەتی – ناڕێک (False Dichotomies) هەیە، کە ئەو ستراتیژە پێشنیار دەکەن و بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی بڵندتری حکومەت یان سوپا و "ماندووبوون" تەکتیکی ئەوەیە، کە لەئاستی خواروتر دەکرێت و ئەوان نەک تەنها بەهەڵەیدا دەبەن، بەڵکو دەبنە هۆی لێکەوتەی ئەنجامی خراپ.

هەر تاکێک دەبێت مەشقپێکراو بێت، لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی ستراتیژی، لە هەموو ئاستەکاندا. تەنها لەوکاتەدا دەتوانن ئەوان ئەو هۆکارەکانەی لەژێر دەستیاندا هەیە بەکاربهێنن بەشێوەیەک، کە لەوانەیە گریمانەی سەرکەوتن زیاد بکەن. بەوشێوەیەش جیاکردنەوەی سیاسەتی دەستکردی ستراتیژ بەهەڵەدا دەبات. ئەوەی ئاشکرایە تێگەیشتنی سیاسەتەکانە، کە وەک ئامانجەکان ناتوانن، بۆ بەدەستهێنان ستراتیژێکی گونجاو سەربکەون.

بەهەمان شێوە، کۆکردنەوەی سیاسەتەکان، کاتێک تێدەگەین کە هۆکارە، دەبێت بیری لێبکەینەوە، بەشێوەیەکی باش ڕێکیان بخەین، تا ستراتیژ دروستدەکەن.



ئەرکی یەکەمی ئێمە کە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە، تاکەکەس لەسەر بیرکردنەوەی ستراتیژی لەسەر هەموو ئاستەکانی "ناکوکی"، پەروەردە بکرێن و ڕابهێندرێن.

"ئەم گوتارە" ئەو پێکهاتانەی دیاریکردووە، ئەگەر هەرکاتێک ئەنجامدرا، یارمەتی ڕاهێنانی هزر بدات، تا بەشێوەیەکی گونجاو، هوشیارانە و داهێنەرانە بیربکاتەوە.

واتە بەبیرکردنەوەی ستراتیژی، کەسانێک هەن کە ئەم ڕێگایانە بەشێوەیەکی سروشتی بدۆزنەوە، بەڵام بەشێوازێک وەک هونەرمەندەکان، یان زاناکان، کە زۆربەیان فێر دەکرێن و ڕادەهێندرێن لەسەر پیشەکەیان.

بەو شێوەیە وەک چۆن ئێمە تەماشای ئایندە دەکەین، پێویستی بەبیر کردنەوەی ستراتیژی بەرز و ستراتیژناسی باشتر دەبین. بۆیە ئێمە دەبێت گروپێکی بەهێز دروستبکەین و گەشەیان پێبدەین، کە دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، دواتر ئایا ئەوان ئەو مامەڵەیە دەکەن، لەگەڵ قەیران و بەرەنگاربوونەوەیەکی دەستبەجێ، یان بەشدار دەبن لەداڕشتنی پلانی دریژخایەندا؟!

هەوالّی دەسبەرداربوون لەژیانی شاهانە وەک بۆمبێک بوو لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، ڕێگای"داهاتی ســـــــــەربەخۆ" بۆ هێری و میگن نەســـــتەم نییە..!

لەناکاو شازادە هێری و خانمەکەی میگن خۆیان لەخانەوادەی پاشایەتی دوورخەنەوە،بەهۆیەوە رەنگە دووچاری کەمی دەرامەت ببنەوە،بەڵام بەلای هەردووکیانەوە ئەمە ئاریشەیەک نییە. کۆشکی باکینگهێم وینسۆرکاستڵ و کۆشکی کێنسینگتۆن و چەندین شوێنیتریش بە پێداویستی و کەلوپەلەکانیانەوە، بۆ هێری و میگن وەک ئەندامی بنەماڵەی پاشایەتی بەریتانیا، لەهەڵبژاردنی هەموشتێک لەو شوێنانەدا کەپەیوەندی بە حەوانەوەو مانەوەیان هەبێت مافیان هەیە،کەچی پارسڵ شازادە هێری وخانمەکەی میگن،لە فروگ مۆر کۆتێج خانویەکی دێنشینیان نۆژەنکردنەوەو گواستیانەوە،ئەمەش خەرجییەکەی ٢،٤ملیۆن پاوەند بوو لەسەر هەژماری باجدەرانی بەریتانیا،بۆیە گواستنەوەکەیان بەرەو ئەوێ بەبێ رەخنە دەرباز نەبوو،دواترحەزی هێری هاتەئارا بەنێوان دروستکردنێک و دوورکەوتنەوە لەگەڵ بنەماڵەی پاشاو هاتوچۆی لەگەڵ براکەی شازادە ویلیەم و خانەوادەکەی،ئەمەش دیارە لەگەڵ کەسی ژمارە شەشی ئیستای هێلی جێگرەوەی شاهانە یەکناگرێتەوە. هێری ومیگن لەناوەڕاستی هەفتەدا ڕایانگەیاند،کە ئەوان چیتر نایانەوێ پابەندی خانەوادەی پاشایەتی بن و لەرووی داراییشەوە ئەم خێزانە بچوکە دەیانەوێ سەربەست بن، هەروەک لە ڕاگەیاندراوێکدا هاتووە. دەبێت هێری ومیگن پارەی کرێ خانوو بدەن؟ هەر زوو باسی ئەو پادشایانە و پارە، بووە بابەتی ڕۆژەڤ و لە"فروگ مۆرە کۆتێج"لە ژیانی ئیستایان و سەرمایەیان و ڕێی بەرەو سەربەخۆبوونی داهاتیان قسەی لەبارەوە کرا، کەلەوانەیە زۆر سەخت نەبێت ئەو داهاتەش لەموچەی باوکی شاچارلز بێت، ئەم بڕە پارەیەش لە موچەی سەرۆکایەتیی دەدرێت، کە دەکاتە سەدا پێنجی خەرجی نووسینگەکە. کۆی گشتی پارەی سالانە کە لەباجدەران وەردەگیردرێت دەکاتە ٨٢ملیۆن پاوەندو ئەمەش بۆ خەرجی و لەخزمەتی ئەرکە فەرمییەکان و هەروەها گەشتەکانی بنەماڵەی پاشادایە. هەنووکە دوای وازهێنانی هەردووکیان ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەو پارەیە چیتر لەژێر فەرمانیاندا نەمێنێت. ئایا شا چارلز بەردەوام دەبێت لەدانی پارەی هێری و خێزانەکەی؟ ئەوا هێشتا دیار نییە، ئاشکرایە ئەو بیری لەوەکردۆتەوە کە ئەو یارمەتییە بسڕێتەوە. بەگوێرەی پەراوی فەرمیی "دەزگای بلومبێرگ "چارلز سەرمایەیەکی زۆری هەیەو خۆی لە ٩٣٣ملیۆن پاوەند دەدات و پەیوەستە بە کۆرن والّەوە"سەرمایەی شا"بەمدواییە سەرمایەکە ٢١ملیۆنی تریش زیادیکردوە، لەلایەکیترەوە ڕەنگە دەنگ بەرزبێتەوە لەسەرئەوەی ئاخۆ هێری کرێی خانووی "فروگ مۆرە کۆتێج" و پۆلیسی پاسەوان کە تا ئێستا سکۆتلاندیارد ئەرکەکەی گرتۆتە خۆی دەدات؟

چونکە تا ئەوکاتە هێری و میگن بۆیان نەبوو، خاوەن داهاتی تایبەتی خۆیان بن، جا ئێستا هەروەک ڕایانگەیاندووە، لەسەر داوای خۆیان دەیانەوێت خیزانەکەیان لە داهاتدا سەربەخۆبێت.

گۆڤاری ئابووری"فۆربەس"پێی وایە، کە تا ئێستا هێری و میگن سالانە نزیکەی ٣ملیۆن دۆلار"٢،٣ملیۆن پاوەند"یان وەک دەرماڵەی شاهانە لەلایەن شا چارلزەوە پێدراوە. ئیدی نزیکەی ئەوەندەش دەبێت لەمەودوا بۆخۆیان وەدەستی بهێنن، تاکو ستایلی ژیانیان بەردەوام بێت، بەڵام لەگەڵ ئەم بڕیارەیاندا چەند گەشتێکی گرانبەهایان لەدەست دەچێت، بەڵام ئەوانە دەیانەوێت کاتی خۆیان لەنێوان ئینگلستان و باکوری ئامریکا دابەشبکەن، کە تێچووی ئەمەش جیاوازدەبێت.

بۆ هەر لێدوانێک بڕێکی شەش ژمارەیی وەردەگرن:

بەگوێرەی گۆڤاری"فۆربەس"ئەو جووتە چەند ڕێگاچارەیەکیان هەیە،میگن بۆ نموونە دەتوانێ وەک بەرێ ببێتەوە ئەکتەر–پێشتر ٨٥٠٠٠ دۆلاری لەزنجیرە دراما"سویتس"لەهەر دەرکەوتنێکیدا پێدراوە،جا لەهەر ڕۆلێکیتریدا لەوانەیە ئەوهێندە یا زیاتریش وەرگرێت و دیسان بەردەوامی بەپیشەکەی خۆی بداتەوە. هەروەها پرسی کتێب ولێدوانی هێری و میگنیش دێنە گۆڕێ. "فۆربەس" لەمبارەوە دەنوسێت،کەسە ناوداڕەکانی وێنەی سەرۆکی پێشووی ئامریکا بیل کلینتن و خانمەکەی هیلاری بڕێکی شەش ژمارەییان بۆ لێدوان ودەرکەوتنەکان لە زانکۆکان وەرگرتوە. باراک و میشێلە ئۆباماش هەروەتر لەبەرامبەر کتێبێک لەگەڵ "پەنگوین راندۆم هاوسە" لە٢٠١٧ بڕێکی پێوانەییان وەرگرتووە، کە ٦٥ملیۆن دۆلاربوەو دەکاتە"٤٩،٧ملیۆن پاوەند".

جا لەحاڵەتی تەنگانەشدا دەکرێت، ئەو خێزانە چەند ساڵێک ئاوا ژیان بکەن، سەرمایەی تایبەتی شازادە هێری ئێستا ٣٠ ملیۆن پاوەندە، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دیانای دایکی کۆچکردووی، میگنیش لەڕێگای نواندنەوە ٦٨،١ملیۆن پاوەندی هەیە، بەسەربەخۆکردنی داهاتیان لە راستیدا پێویست ناکات کار بکەن.

ئەم بڕیارەی ئەم جووتە دیارە دەمێکە پلانی بۆکێشراوەو بەهاری پار قسەیان لێوەکردوە،جا لەتازەترین زانیاریدا دوای ئەو خۆ جیاکردنەوەیە لەخانەوادەی پاشایان میگن بەبێی هێری وا گەشتێکی بەرەو کەنەدا دەستپێکردوە.

سەرچاوە سایتی فۆکۆس: لەکۆتاییدا ماوە بگوترێت هێری دەریخست خۆشەویستی ئەو بۆ میگن لەسەرووی پارە و دەسەڵاتە و بڕیارەکەشیان دژەبا و و مێژوویی و بایەخدارە، ئەوەتا بۆتە هەوالّی زۆربەی میدیاکانی جیهان و نیشانی دەدەنم کە ژیانی شازادەیی و خۆ بەدوورگرتن لەخەڵک ئەو ئەرزشەی نییەو سەربەخۆبوونی سەرمایەو ژیان وەک کەسێکی ئاسایی وبەداهاتێکی ئاشکراوە ویژدان ئاسودەدەکات و زۆر زۆریش لەوە خۆشترو باشترە کەبەپارەی مفت و لەسەرهەژماری خەڵکیدا بژیت.

چیرۆکی پەیکەرسازی کورد هونەرمەند شوان کەمال لەگەڵ پەیکەری یارمەتی هەژاران لە ئەڵمانیا لە شاری فوپەرتاڵ لە هەرێمی نۆرد-راینڤیستڤالن

پەیکەری یارمەتی هەژاران بە ئەڵمانی (Armenpflegedenkmal) شاری فوپەرتاڵ (Wuppertal)لە هەرێمی نۆرد-راینڤیستڤالن لە ئەڵمانیا، شارێکی کۆنی مێژویی و کلتوریە، گەلێک مۆزەخانە و ئەتەلی و گەلەری هونەری تێدایە، هونەرمەندی بەریتانی مەزن (Tony Gragg) لەم شارە دەژی، بێجگە لە ئەتەلیەکەی خاوەنی پارک و باخچەیەکی گەورەیە, زۆربەی پەیکەرەکانی لەوێ نمایش کراون، گەشتیاران و هەواداراني هونەری پەیکەرسازی لە هەمو جیهانەوە سالآنە سەردانی دەکەن.

فوپەرتاڵ تا ئەم سالآنەی دوایش یەکەم شاری جیهان بووە، کە خاوەنی شەمەنەفەری هەڵواسراو بووە.(Schwebebahn Wuppertal)، واتە شەمەنەفەر لە جیاتی ئەوەی لەسەر زەوی بڕوات بە ئاسمانەوە کاری خۆی دەکات. شتێکی تری ئەم شارە ئەوەیە، کە خاوەنی کۆمەڵێک پەیکەری مێژوییە، زۆرێکیان بە دەستی هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد شوان کەمال دروستکراون، لەوانە پەیکەری یارمەتی هەژارانە. چیرۆکی ئەم پەیکەرە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێک ناپلیۆن ئەوروپا داگیردەکات، پاش کشانەوەی برسێتی و هەژاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا دەگرێتەوە، شاری فوپەرتاڵ لەو کاتانەدا، دۆخی باشتر دەبێت، خاوەنی کۆمەڵێک کارگە و بازاڕ دەبێت، ئاست و ڕادەی هەژاری کەمتر دەبێت، بۆیە خەڵکێکی زۆر ڕوو لەم شارە دەکەن، کەسانێکی زۆر بێلانە و هەژار لەناو شارا پەیدا دەبن، دیارە ڕێژەی دزی و پیاوخراپیش زیاد دەکات، بۆ ڕێگرتن لەم دیاردانە و بۆ یارمەتی ئەمجۆرە کەسانە، چەند دەوڵەمەندێکی شارەکە، بەیارمەتی کڵنیسا بیر لەوە دەکەنەوە شوێنێک دروست بکەن بۆ حەوانەوە لەگەڵ پێشکەشکردنی پۆشاک و خواردەمەنی ڕۆژانە بۆ لێقەوماوان و هەژاران. پەیکەرەکە پێکهاتووە لە دوو فیگەر، پیاوێکی بەتەمەنی هەژار لەسەر بەردێک دانیشتووە ئافرەتێکیش بە تەنیشتیەوە قاپێک شۆربای گەرمی پێشکەش دەکات.

لەسەر بنکەیەکی بەردی مەرمەر دانراوە، بە بنی پەیکەرەکەوە پۆتریتی دەموچاوی سیان لەو کەسایەتیانە هەڵواسراوە، کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەم یارمەتی و پرۆژەیەدا.

پەیکەرەکە لە کەرەسەی برۆنز داڕێژراوە بە بەرزی نزیکی ٥ مەتر بە بنکەکەیەوە لە ناوەڕاستی شاری فوپەرتاڵ لە کێرشن پلاتز دانراوە. بەرهەمی ساڵی ٢٠١١ ی پەیکەرسازی کورد (شوان کەمال)ە، بە سپۆنسەری خەڵک و شارەوانی شاری فوپەرتاڵ لەگەڵ لایەنی جێبەجێکار کارگەی دروستکردنی پەیکەر بە میتاڵ. (Rolf Kayser)ە، لە شاری دۆسڵدۆرف لە وڵاتی ئەڵەمانیا دانراوە.

شایانی باسە شوان کەمال ناوی خۆی لەسەر ئەم پەیکەرانە بە پیتی کوردی و ئەڵەمانی هەڵکۆڵیووە.

سەرچاوەکان:

https://de.wikipedia.org/wiki/Elberfelder_Armenpflegedenkmal
https://de.wikipedia.org/wiki/Schwan_Kamal
https://www.youtube.com/watch?v=RMgjdAQwyfE
https://www.youtube.com/watch?v=7jLMVjfCf–4
https://www.youtube.com/watch?v=zFvETIogLRM

ئەچم بۆ شاری شووکردن بۆ نانی گەنم خواردن
لە خزمەتی جیهانی منداڵاندا ...محەمەد جەزا بەرزنجی

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ دا ئەم چەند وشەیەم لە پای بەرهەمێکی پۆپ پێزی کاک سەردار فەتاح دا نووسی و لە بڵاوکراوەی(بێوار) دا بڵاوبۆوە، وەلێ بە هۆی دەرئەنجامی کەمی بەرهەمی منداڵان و زۆر تر بایەخدانی نوسەران بەم بوارە، پێم گونجاو بوو، جارێکی تر بێتەوە بەر دیدی خوێنەران و نوسەرانیش.

سەردار فەتاح .لە خزمەتی جیهانی منداڵاندا.....

جیهانە بچکۆلانەکەی منداڵان هێندەی سادە و ساکار و پاکژە، پێچەوانەی ئەمە ئەدەبی منداڵان هۆش گوشین و زمانناسی و ئاشنابوون بە سایکۆلۆژیەتی منداڵانی پێویستە، هەر بۆیە کەم ئەدیب خۆی لەم بوارە دەدات و کەمیشن ئەو بەرهەمانەی تایبەتن بە منداڵان، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەدەبی منداڵان پابەندی تواناداری ئەدیبە بە شێوازی نووسین و بەکارهێنانی ووشە و ختوکەدان و جۆشدانی هەستی ناسکی منداڵ، چون منداڵ توانای بیرکردنەوەی قوۆل و هەڵسەنگاندنی نیە و زیاتر لە رێی هەستەوە چێژ لە شتەکان وەردەگرێت، ئەمەش بەو واتایەی بە پیرەوەچوونی منداڵ بۆ ئەدەبی منداڵان خۆیی و کەسییە، نەک بابەتی. نیکۆڵاس تاکر لە زمانی (جوان ئیکین) دەوە کە نووسەرێکی هاوچەرخی بە توانای منداڵانە دەڵێت: ئەم زاراوە و گوزارشتانەی بۆ بەرهەمی منداڵان هەڵدەبژێردرێت، دەبێت جوانکار و درەوشاوە بن .. چۆن ئەمانە لای منداڵ جوان و سەرنجڕاکێشەرن. (ئەچم بۆ شاری شووکردن بۆ نانی گەنم خواردن)، ئەو نامیلکە شیعرییە، بەرهەمی هۆش و خامەی رەنگینی کاک (سەردار فەتاح ئەمین)ە، هەڵبژاردن و دیاریکردنی گوزارشتێکی بەو جۆرە بۆ نامیلکەیەکی شیعری منداڵان، پێکانی ئەو مەبەستەیە کە سەرنجڕاکێشان و بایەخدانی منداڵ لە خۆدەگرێت و دەیخاتە سەر هەوەس و حەزی خوێندنەوەی، کۆمەڵە وشەی (چوون .. شار .. شوو .. نان .. خواردن) رۆژانە منداڵ دەیانبێستێت و دەیەوێت لە نهێنیەکانیان بگات و لێیان تێر بێت. ئەم نامیلکەیە 20 هۆنراوەی جۆراو جۆری لەخۆگرتووە و لە تەوەرەکانی (نیشتمانی، رێز و خۆشەویستی، پاکی و راستگۆیی، کەلەپوور، زمان و مێژوو)دا دەبینرێن.

بە پێی ئەوەش هەندێک لە هۆنراوەکان مێژوویان لەسەرە بە واتای لە دوو زەمەنی جیاوازدا نووسراون.

زەمەنی شۆڕش و ملمانێیەکان بەرامبەر داگیرکەران و زەمەنی پاش راپەڕین. چاپی یەکەمی نامیلکەکەش ساڵی 1999 یەو لە هۆڵەندا و پێشکەش بە جگەرگۆشەکانی تاراوگە کراوە. کاک سەردار لەو هۆنراوانەی پێش راپەڕین و زەمەنی شۆڕش وەک شارەزا و خەمخۆرێک بەشداری لە ملمانێیەکاندا دەکات و دەیەوێت شیعر بکاتە هاندانێک بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر و ئاشنایان بکات بە ووشەکانی: (دوژمن. تفەنگ، هەڵوێست، نیشتمان و گەل) و پێنووسیشی وەک هێمای خوێندن و ڕوناکبیری بەکارهێناوە و لە (بەستەی منالێکی ئاوارە) دا دەڵێت:

گوڵ خونچەی نیشتمانم
چقڵم بۆ دوژمنانم
یان: پێنووس بم جلوبەرگ بم
ئازا و هاوڕێی تفەنگ بم
هەرگیز خۆم نەدۆڕێنم
گەلەکەم نەرەنجێنم.

هەر لە هەمان هۆنراوەدا هێما بۆ گۆڕانکاریەک یان ئایدیۆلۆژیەتێکی نوێ دەکات و پڕ چێژ بە منداڵی ئاشنا دەکات:

قاڵبووی بیرێکی تازەم
پڕ گۆرانی و ئاوازەم

لە هۆنراوەی (بێدار) یشدا لە خۆشەویستی باڵندە و جریوەی پڕ ئاوازیان، ئازادی و یەکبەرەیی دەکاتە دیاری و پێشکەش بە منداڵانی دەکات و دەڵێت:

بڕوانە: لاپەڕە 7

ئەچم بۆ شاری شـــــووکردن بۆ نانی گەنـــــم خواردن

لە خزمەتی جیهانی منداڵاندا ...محەمەد جەزا بەرزنجی

پاشماوەی لاپەڕە 6

با تێکڕا ئازد بژین

گوێ لە نەغمەی یەک بگرین.

بینینی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی پێش راپەڕین زیاتر لە یەک روانگەوە بووە و شێوازێکی دیاریکراوی هەبووە کە (لە بەرامبەری داگیرکردندا .. شۆڕش دەبێت) و گوزارشتەکان (لە خۆشەویستی گەل و نیشتمان و ئازار چەشتن و ئازادی و یەکگرتن) نەک هەر باڵیان بەسەر هۆنراوەکانی کاک (سەردار)دا کێشاوە، بەڵکو بەسەر هۆنراوەی هەموو شاعیرە بە هەڵوێستەکانیشدا.

هۆنراوەی (باران)، ناسنامەیەکە بۆ سوودەکانی باران و ئەو

شتانەی منداڵ یەکسەر چێژیان لێ وەردەگرێت و دەڵێت:

ئەها باران باریوە خێر و فڕی هانیوە

گوندەکەمان بەهاران بەهەشتە بۆ منداڵان

زمانی شیعری و بە تایبەت زمانی شیعری منداڵان سەلیقە و بە ئەندازەکردنی ووشەسازی پێویستە، تا منداڵ ئارەزووی خوێندنەوە و لەبەرکردنیانی بجوواڵێت، خۆ بەستنەوەش بە کێش و قافیە لە شیعری منداڵاندا جگە لە ئاسانکاری و جوانکاری رۆڵێکی تر لە بە پیرەوچوونی منداڵان دەسازێنێ و لەبەریان دەکات. جا بە خوێندنەوە یان بە گۆرانی وەریان بگرێت. هەر نیکۆڵاس تاکر لە کتێبی (منداڵ و کتێب) دا دەڵێت: منداڵ حەز بە کێش و قافیە دەکەن، ئەمەیش بە دڵنیاییەوە هێزێکی کاریگەرە بۆ راکێشانی سەرنجی منداڵ بۆ شیعر و هەر ئەمەش وای لێ دەکات لەبەریان کات و لە میشکیدا بیان هێڵێتەوە.

کاک سەردار لەم هۆنراوەیەدا چەندین وشەی دوور لە بەکارهێنانی ووشەی رۆژانەی بەکارهێناوە وەک (ناوی مێژوویی، یاری منداڵانی ناوچەی جۆر بە جۆرەکانی کوردستان) ئەمە بۆ خۆی سەلیقە و سەرکەوتن و مژدەبەخشی بەهرەی شاعیرە. پێدەچێت لە نەبوونی فەرهەنگۆکێکی بچکۆلەش بۆ ئەو ووشانەش قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ و پرسیار زۆرکردنی لەبەر چاو گرتبێت و ناسینی ووشەکانی بۆ بەدواداچوونی منداڵان و حەز بە پرسیارکردنیان لە گەورە سااڵن جێ هێشتبێت. (ئەچم بۆ شاری شووکردن بۆ نانی گەنم خواردن)، ئەمە ناوی چیرۆکە شیعرییکی کوردیە لە نامیلکەکەیدا و هەر خۆشی ئاماژەی بەوەداوە کە ناوەرۆکەکەی لە حیکایەتێکی کۆنەوە وەرگیراوە. کاک سەردار چ وەک ئەزموونی منداڵی خۆی لە چۆنیەتی چێژ وەرگرتنی منداڵان لە شیعر و چیرۆک و بە تایبەت کاریکاتێر ئامێز.. لەم چیرۆکە شیعریەدا قاڵۆنچەی بەناز یان (نازێ نازێ) رۆڵی سەرەکی دەبێنێ و هێند خۆی بەناز دەگرێ قەبارە و بایەخی خۆی نازانێ و بە کەس رازی نییە و بەرز ئەفڕێ و نزم دەنیشێ. جا حیکایەتەکە یان هەڵبژاردنی شاعیر بۆ ئەم چیرۆکە و بە شیعرکردنی هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی لە پشتەوە بێت، قسەمان لەسەری نییە، دواجار (نازێ نازێ) بەو دەردە چوو، کە لە ژێر پێی فیلێکدا پان بۆوە. رۆڵدان بە ئاژەڵ و گیانلەبەرانی تری بچکۆلە زیاتر جێی سەرنجن لای منداڵان و جۆرە تام و چێژێکی تایبەتی لێ وەردەگرێت. هەر لە کۆنیشەوە منداڵ چێژی زیاتر لەو چیرۆک و شیعرانە وەرگرتووە کە ئەو گیانلەبەرانەی تیدا بووە (ژیان و گەشتەکانی مشک) هەکەی (دورونی کێلنەر). یان (گەشتەکانی جرجێک) ی (آ . ل. و. ی)، دوای سەد ساڵ جارێکی تر دایڕشتۆتەوە. کاک سەردار بەم نامیلکەیە دەیەوێت ئەو بڕوایە سەر بخات کە دەڵێت: ئەدەبی منداڵان ئەدەبێکە خۆشی دەوێت نەک ئەدەبێکە منداڵی خۆش دەوێت.

ماوەتەوە پاش دەستخۆشی لە کاک سەردار، بڵێین خۆزیا ئەو سەلیقە و توانا و بەهرەیەی شاعیر و هەموو ئەدیبانی تر لە تاراوگە زیاتر بخرایەتە گەڕ لە خزمەتی ئەدەبی منداڵان و جگەرگۆشەکانی تاراوگەدا.

ئەم سێ وێنەیەی سەردار، یەکەم: تەمەنی ٩ ماڵگی. دووەم: ٧ ساڵی. سێهەم: ٦١ ساڵی ...هاوڕێم کاک دەوەن مەعرووف لە ٢٥-١-٢٠١٩ چرکانوویەتی.

هاوچەرخێتی لەپەیکەرێکی زاهیر سدیق دا



نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

بەپێی زانستە سۆسیۆلۆژی و ئەدەبییەکان، هاوچەرخێتی بەمانای بەدواداچوونی تاکە زیتەڵ و بزێو و بەئەزموونەکان دێت، بەنێو دیاردەکانی زەمەن بەگشتی و تاکەکانی بەتایبەتی یان بریتیە لە پەیوەندی تاکە هەستیارەکان، بە زانیارییەکانی سەردەم لەڕووی مێژوو و سۆسیۆلۆژیا و فیکر و مەعریفەت و هونەر و ئەدەبەوە. هەر ئەم زانستە سۆسیۆلۆژیایە هاوچەرخێتی دابەشکردووە بەسەر سێ جەمسەری سەرەکیدا:

یەکەم/ هاوچەرخێتی بونیادی.ئەمە بریتییە لەنزیکبوونەوەی تاکێکی هەستیار بەنموونەی شاعیر، یان هونەرمەندێک، لەچەمک وڕەهەند ودیاردەکانی هاوچەرخ ودواتر ئەو تاکە دەیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنێت بۆ ئەو چەمک ودیاردانە.گەر پەیکەرە ئاماژەپێکراوی هونەرمەندی پەیکەرتاش زاهیر سدیق، وەک نموونە، وەر بگرین ئەوا بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کەهونەرمەند لەلایەکەوە دەیەوێت بەشدار بێت لەهەوڵ وکۆشش ومێژوو وفیکری مەلیک مەحمود بەتایبەتی لەشەڕەکەی دەربەندی بازیانی ساڵی 1919 کەدژ بەداگیرکەرانی ئینگلیز ئەنجام دراوە.لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت ڕۆڵی مەلیک لەهێزی داگیرکەردا بەرجەستە بکات.جۆری ڕۆڵەکەش وەک پاڵەوانێکی تراژیدیا بەدەردەکەوێت وەک ئەوەی مەلیک لەبنەڕەتدا لەخێزانێکی کاریگەر لەدایک بووە وهەڵوێستەی بەرامبەر خاک ونیشتمان ونەتەوە لەجۆری نموونەییە وفیداکاریشی بۆ داوە ولەپێناویشدا تووشی چەندین ناڕەحەتی وئێش وئازار بووە.بەمەش هونەرمەند لەڕێگەی پەیکەرەکەیەوە وجگە کارنامە کاریگەرێتی وپەیوەستێتی وتێگەیشتنێتییەکانی، ڕۆڵی وورووژاندنە هەڵچوونییەکانیش دەبینێت .ئەمەش بەو مانایە دێت کەپەیکەرەکە لەسەر بنەمایەکی فیکری وئەخلاقی دامەزراوە ومەلیک شایانی ئەوەیە کەلەڕێگەی هونەرەوە بەسەر بکرێتەوە.لێرەدا مەبەستێت هونەرمەند بەدەردەکەوێت کەبریتییە لەبونیادنانی کەسێتی مەلیک لەزەمەنی خۆیدا نەک دەرخستنی توانا هونەرییەکان کەئەمەشیان مافێکی تەواوی خۆیەتی.

دووەم/ هاوچەرخێتی زەمەنجێگەیی.ئەمە بریتییە لەگۆڕینی ئاڕاستەی بیرکردنەوە زەمەنی وجێگەییەکانی زەمەنی ڕابردوو لەزەمەنی هاوچەرخدا.واتە گەر جۆری بیرکردنەوەکانی تاکی کورد بەگشتی و خۆیەر بەتایبەتی لەزەمەنی ڕابردوودا لەجۆری سادە وساکاریدا خۆی ببینێتەوە ئەویش بەهۆی ئامادەنەبوونی فۆرمە ڕۆشنبیری وفیکری وئەدەبی ومەعریفییەکان ئەوا ئێستا ولەنێو زەمەنی هاوچەرخدا پێویستە بیرکردنەوەی تاک وخۆیەر بەرەو گۆڕانکاری بڕوات وخوی لەوێنە جێگیر وقەتیسماوییەکانی زەمەنی ڕابردوودا ڕزگار بکات وبۆ هەر وێنە وڕووداوێک چەندین خوێندنەوەی شیکاری وتوێکاری ئەنجام بدرێت بەتایبەتی لەڕووی بابەت و ناوەڕۆکەوە نەک گێڕانەوەیەکی سەرپێی بۆ ڕووداوەکان. ئەم نووسینەی ئێمە جەخت لەسەر بونیادێکی بابەتی دەکات، نەک بە هونەرکردنی پەیکەرەکە ئەویش بە بەکارهێنانی کەرەستەی کارکردن و کێش و قەبارە و کوالێتی دەرەوە و ڕووکەشی پەیکەرەکە، بەمانایەکی جیاوازتر، گەر لەزەمەنی مەلیکدا جۆرە تێنەگەیشتنێک هەبووبێت لەکەسێتی و

بەرنامەی مەلیک، ئەوا ئەم پەیکەرە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کەلەزەمەنی مەلیکدا مەلیکیان وەک پێویست پێناسە نەکردووە،بەڵکو مافی خۆشیان نەداوەتێ.بەمەش پڕۆژەکەی زاهیر سدیق لەسەر مەلیک گەڕانەوەی شەرعییەت وکەسێتی مەلیکە بۆ دۆخە ڕاستەقینەکەی خۆی کەبریتییە لەهەڵوێستی وجوامێری و بوێری و فیداکاری سەرکردەیەکی کورد لەپێناو خاک و نیشتماندا.

سێهەم/هاوچەرخێتی بەردەوامی.ئەمە بریتیە لەگریدانی دوو زەمەنی جیاواز بەوپێیەی زەمەنی ڕابردوو خۆی لەیاسا وهەڵوێستە و جوانییەکاندا دەبینێتەوە وزەمەنی ئێستا لەهەموو ڕوویەکەوە پێوێستی بەو زەمەنەیە کەوەک سەرچاوەیەکی بەنرخ سەیر بکرێت و سوودی بابەتی وئیستاتیکایی لێ ببینرێت.بەمەش هەر دوو زەمەن پێدەنێنە قۆناغی پڕۆسەی تەواوکاری وەک ئەوەی زەمەنی ڕابردووش پێویستی بەتواناکانی زەمەنی ئێستا هەبێت.زاهیر سدیق لەڕێگەی ناوەڕۆک وکارێکتەری پەیکەرەکەیەوە ڕۆڵی پێکەوەلکاندنی هەر دوو جەمسەری زەمەنی دەبینێت ولەهەمان کاتدا زەمەنی ڕابردوو وەک کەرەستە وسەرچاوەلێگرتنێک(مرجع) بەکار دەهێنێت.بەمەش هونەری هونەرمەند بەشێوەیەکی گشتی وپەیکەرە ئاماژەپێکراوەکەی بەتایبەتی،لەیەک کاتدا،دەبنە ستراتیژیەتی کرداری گوتارییەکەی هونەرمەند ولێرەشەوە چەمکی بونیادی خولقێنەری بەدەردەکەوێت کەهەر وەک زانای کۆمەڵناسی ئینگلیزی جۆن ڕسکن (1819– 1900) ئاماژەی پێکردووە،بریتییە لەکۆکردنەوەی شت ومەسەلە زەمەنییەکان لەنێو چوارچێوە وڕووبەرێکی دیاریکراوی کارکردنا کەئاماژەیە بۆ بابەتێکی فیکری ومەعریفی وڕۆشنبیری دیاریکراوی کاریگەر.هەر لەبەر ئەمەشە کەهاوچەرخێتی تەنها خۆی لەواقیعێکی تیۆری پۆرترەیتیدا نابینێتەوە بەڵکو کارەکەی زیاتر خۆی لەمامەڵە پراکتیکییەکانی سەرچاوە بەنرخە مێژوویی وڕۆشنبیری وفیکرییەکاندا دەبینێتەوە کەبەهەر دووکییان، تیۆری و پراکتیکی، یەکەیەکی بابەتی دەخولقێنن کەدەبێتە ئامانج بۆ تێکڕای خەڵکی نەک هەر تەنها بۆ هونەرمەند.

(بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

الرسم كيف نتذوقه- عناصر التكوين,مالنز فريدريك-ترجمة-هادي الطائي- 1993- بغداد.

لەم گۆشەیەوە،خەسڵەتەکانی هاوچەرخێتی بەدەردەکەون کەبریتین لە:

1– ڕەزامەندنی بابەتی.گەر سەیرێکی پەیکەرەکەی زاهیر سدیق بکەین ئەوا دەبینین بابەتی کارەکە، کەئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی مەلیک مەحمود وڕووداوە مێژوویییەکەی دەربەندی بازیانە،هیچ بۆشاییەکی فیکری وئەخلاقی ومێژوویی وهونەری دروست ناکات وبەڵکو بابەتەکە بەهۆی کاریگەرییە فیکری ونەتەوایەتی ونیشتمانییەکانەوە ڕەزامەندی پێش وەختی بەخشیوە بەسەرجەم ئەدیب ونووسەر و هونەرمەندان تا لەنزیکەوە ئاگادار وبەشداری ڕووداوەکە بن وبەرجەستەشی بکەن بۆ نەوەی نوێ وەک ئەوەی کە هەیە.

هاوچەرخێتی لەپەیکەرێکی زاهیر سدیق دا

پاشماوەی ل 8

بەمانایەکی تر، هونەرمەند خۆی دەبێتە دەستەڵاتێکی فیکری بۆ دەستنیشانکردنی بابەتەکەی بەبێ ئەوەی گوشاری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی سیاسی هاوچەرخانەی لەسەر بێت. یان بەبێ ئەوەی بیر لەقازانجی بابەتەکەی بکاتەوە.ئەمەش، لەلایەکەوە ئەوە دەگەیەنێت کەمەلیک وهونەرمەند هەردووکیان خۆیان دەبنە ئایدیۆلۆژیایەکی سەربەخۆ وە ئایدیاکەیان هەڵگری پەیامێکی ڕاستەقینەی فیکر وهونەرە نەک هەر بۆ خۆیان بەڵکو بۆ ئەوانەشی کەوەک ئەوان بیردەکەنەوە.لەلایەکی تریشەوە ئایدیاکە، کەبۆتە چەقی بیرکردنەوە نیشتمانی ونەتەوەییەکان بۆ تێکڕای خەڵکی،دەبێتە کارێکتەرێکی کاریزمایی بۆ سەرجەم زەمەنەکان بەبێ داپڕان، بەجیاوازی فیکر وئایدیاوە.

2- ڕەزامەندی ڕێبازی.لەلایەکەوە بەوپێیەی ناوەڕۆکی بابەتی پەیکەرەکە گشتگیرییە وپەیوەستە بەزۆرینە، یان تێکڕای، خەڵکییەوە ئەوا ئەم ناوەڕۆکە بابەتییە، لەڕووی ڕێبازی کارکردنەوە،گونجاوە ودەشێت بۆ سەرجەم کارە ئەدەبی وهونەرییەکان.لەلایەکی تریشەوە هونەرمەند هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕێبازە بەکاهاتووە هونەرییەکەیدا دەکات ودەزانێت چۆن کاری لەسەر دەکات وچۆنیش ڕووداوی زەمەنی ڕابردوو لەئێستادا بەرجەستە دەکات وچۆنیش تاکەکان لەدەوری کۆ دەکاتەوە.پەیکەرەکە،بەبۆچوونی ئێمە، لەسەر بنەماکانی ڕێبازی ئێکسپریشینیزم دامەزراوە.ئەم ڕێبازە ئەدەبی وهونەرییە دەرفەتێکی گونجاو دەبەخشێت بەنووسەران وهونەرمەندان تابتوانن ئەزموونە خودیی وسایکۆلۆژییەکانی خۆیان لەسەر ڕووداوێکی کاریگەری دەرەکی بخوڵقێنن.بەمەش گرنگی دەدرێت بەوێنە دەرەکییە کاریگەرییەکان کەپەیوەندی ئەخلاقی وفیکری لەگەڵ تێکڕای خەڵکیدا هەیە. زیاتر لەمەش، مەلیک مەحمود کەسێتییەکی تەوەرییە و لەزەمەنی خۆی بەگشتی و دوای خۆشی بەتایبەتی خاوەن کێشە سایکۆلۆژی و سۆزداریەکانە. لێرەدا هونەرمەند، جگە کارە تەکنیکی و هونەرییەکەی، لەهەوڵی گۆڕینی بۆچوونەکانی تێکڕای خەڵکیدایە ئەویش بەوەی کەسێتی مەلیک لەبنەڕەتدا کەسێتییەکی نیشتمانی ونەتەوەییە ولەپێناو خاک ومەسەلە ڕەواکانی میللەتەکەیدا دژ بەداگیرکەران جەنگیوە.ئەمە لەکاتێکدازۆر باش دەیتوانی لەپێناو پلە وپۆست وبەرژەوەندییە میترياليیەکاندا نزیک بێتەوە لەداگیرکەران وزۆریش سوودمەند بێت.هەر لەنێو ڕێبازی ئێکسپریشینیزمدا هونەرمەند توانیوێتی هونەر وتەکنیکی ئەم ڕێبازە تێکەڵ بەبابەتەکەی بکات وواقیع وەک خۆی نەگوێزێتەوە.هەر لەبەر ئەمەشە،لەلایەکەوە، دەبینین کەسێتی مەلیک بەستراوەتەوە بەجێگەی ڕووداوەکەی(دەربەندی بازیان وبەردە قارەمان).لەلایەکی تریشەوە بابەتەکەی بەهونەر کردووە ومەلیکی لەنێو تاشە بەردێکدا داناوە،کەئاماژەیە بەبەردە قارەمان،یان ئاماژەیە بەو بەردەی کەمەلیک لەپاڵیدا جەنگیوە وپاراستوشێتی. لەهەمان کاتیشدا هەڵگۆڵین و داتاشینی مەلیک لەو بەردەدا ئاماژەیەکی تری بۆ پەیوەستێتی مەلیک، کەنوێنەرایەتی گەلەکەی دەکات، بەخاک ونیشتمانەوە.لێرەدا کەسێتی مەلیک وجێگە جوانییەکی تری هونەری وفیکریان بەخشیوە بەناوەڕۆکی پەیکەرەکە. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کەلەپشت هەچ کارێکی هونەرییەوە بابەتێکی هەستیار وکاریگەر بوونی هەیە و ئەو بابەتەش پێویستی بەهونەرکردن دەبێت. بەپێچەوانەوە کارە هونەرییەکان تەنها خۆیان لەداڕشتنە هونەرییە زەقەکاندا دەبینێتەوە کەهیچ کاریگەرییەک لەسەر بینەر دروست ناکات وەک ئەوەی پارچە شیعرێک تەنها لەسەر بنەمای کێش وسەروا دامەزرابێت بەبێ ناوەڕۆک.

3- ڕەزامەندی ئامانجێتی.بەوپێیەی دراوسێیەتییەک لەنێوان ئەدەب وهونەردا بوونی هەیە وبەڵکو هەردووکیان تەواوکەری یەکن ولەپێناو یەک پڕۆسەی مرۆڤایەتی وئایدیۆلۆژیایی وگوتاریشدا کار دەکەن ئەوا،لەلایەکەوە، وێنە میژوونووسییەکانی زەمەنی ڕابردوو بەنموونەی مەلیک مەحمودپێویستی بەهەماهەنگی زەمەنی ئێستای هونەرمەند دەبێت،پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. ئەمەش لەپێناو خوڵقاندنی یەک ئامانجیدایە.

ئەمەش لەپێناو خوڵقاندنی یەک ئامانجیدایە. لێرەدا جۆری ڕەزامەندییەکە کراوەیە وهیچ ڕێگرییەک لەبەردەم هەردوو زەمەندا نیە،چونکە مەسەلەکان هەستیار وکاریگەرن وڕەزامەندنی پێش وەختی هەمووانی لەسەرە وکەسیش ڕێگری ناکات.لەلایەکی تریشەوە،گرێدانی دوو زەمەنی جیاواز ئەوە دەگەیەنێت کەهێشتا کێشەی مەسەلەکان کۆتاییان پێ نەهاتووە وهونەرمەند لەڕێگەی هونەرەکەیەوە،یان باشتر وایە بڵێین پەیکەرەکەیەوە لەهەوڵی ئەوەدایە کەلەزەمەنی خۆیدا درێژە بەخەباتی ئازادیخوازی کورد بدات.لەگۆشەیەکی تریشەوە دەیەوێت نەوەی نوێ ئاشنا بکات لەگەڵ ڕووداو ومەسەلە گرنگەکانی زەمەنی ڕابردووی مەلیک مەحمود.بەمەش پڕۆسەکە پێدەنێتە قوناغی ساغکردنەوەی ڕاستییەکانی مێژووی هاوچەرخ بەتایبەتی لەڕووی سیاسی وفیکرییەوە.لەهەمان کاتیشدا کۆکردنەوەی تاکەکانیشە لەنێو یەک بازنەی ئامانجیدا کەچارەنووسی هەمووانی لەسەر دامەزراوە.جگە لەمانەش،ئامانجی هونەرمەند لەپەیکەرەکەیدا بایەخدانە بەفۆرم وفیگەرە هونەرییەکان کەدەتوانن هەمان ڕۆڵی چیرۆک ورۆمان ودەقە شیعرییەکان ببینن بەڵکو زووتریش بەرجەستەی بکەن.واتە لەپاڵ پەیکەرەکەدا گێڕانەوەیەکی ڕووداوی بوونی هەیە کەلێرەدا پێویستە بینەریش بەشدار بێت لەپڕۆسەی کارەکە.بەپێچەوانەوە پەیکەرەکە،جگە کارە هونەرییەکەی،هیچ بەهایەکی نامێنێت.هەر لەبەر ئەمەشە هونەرمەند بڕیاری داوە کەپەیکەرەکە لەشوێنی ڕووداوەکە دابنرێت تا بینەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت ودواتر هەر ئەو بینەرە بکەوێتە ئەو پرسیارە فزوولییانەی کەدەڵێت خاوەنی ئەم پەیکەرە کێیە وزەمەنەکەی بۆ کەیی وکوێ دەگەڕێتەوە وبۆچیش لێرەدا دانراوە وپەیوەندیشی بەم جێگەیەوە چیە وئەنجامی ڕووداوەکەش بەچی گەیشتووە. ئەمە و چەندین پرسیاری تر کە بەکراوەیی دەمێننەوە.

هونەرمەندی شێوەکار عادل ئەسغەری عوبێدی نووسینی: مامۆستا م. ئارام - ئەڵمانیا

سالّی ١٩٦٤ لە دێی کەشکۆڵی گەورەی ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە پارێزگای کەرکوک هاتووەتە ژیانەوە. سالّی ١٩٨٥ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە هونەری شێوەکاری- بەشی وێنەدا بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرتووە. لە منداڵییەوە حەزی لە وێنەکێشانی دیمەنی سروشتی و ئاژەڵ و مرۆڤ کردووە، خامەی ڕەش و ڕەنگین و بۆیەی پاستێلی بەکارهێناوە. بە وێنەکانی بەشداریی هەموو پیشانگەیەکی وێنەی قوتابخانەکانی شارۆچکەی (کفری)ی کردووە و پاداشی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە. ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی شێوەکاری دیالە و ئەندامی کۆمەڵەی شاعیرە میللییەکان و نووسەرانی گۆرانیی میللیی دیالەیە. لە زۆربەی پیشانگە هاوبەشەکانی شێوەکاراندا لە بەغدا بەشداریی کردووە و پاداشی هەمەجۆرەی پێ بەخشراوە، لە شاری عەمانیش پیشانگەیەکی بۆ وێنەکانی کردووەتەوە. ئێستا لە (ناحیەی گوڵاڵە)ی قەزای خانەقین، یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستای پەروەردەی هونەرییە لە قوتابخانەی (شەهید داودی سەرەتایی کوڕان و کچان). ئەم هونەرمەندە لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و بەکارهێنانی فڵچە بۆ وێنەکێشان و لەبەرگرتنەوەی وێنەی فۆتۆگرافیدا زۆر کارامەیە، چەند وێنەیەکم لە وێنە دەستکردەکانی بۆ ئێرە بە نموونە هەڵبژاردووە.

بازاڕی سەوزەفرۆشانی ناحیەی گوڵاڵە

بۆردومان

ژنێکی کورد

گۆشەی دێیەکی کوردستان

هەوڵێری سالّی پەنجاکان

پەنجەرەی شیعر، بەفر دایپۆشیوە

دلاوەر قەرەداخی

لە کاتی خوێندنەوەی دەقی شیعردا، هیچمان لەلای بەشەکانی تری ژیانمان نین، بەڵکو هەموومان جەستەیەکین لەناو دێرە شیعرییەکانداو بە بێدەنگی دەخوێنینەوەو بەئاستەم گوێمان لە ترپەی دڵمانە (ئۆکتاڤیۆ پاث۲) وتەنی (ئەڕی لە ترپە ترپی پێڵوەکان زیاتر شتێکی تر هەیە؟) لە هەموو دەقێکی زیندودا بەتایبەتی دەقی شیعر، خەیاڵێک لەپەرتەوازبوون و مانا دروستەکاندا هەیە، کە دەتوانین لەم دوو مانایەدا ڕەنگ و زمانە دروستەکانی دەق و ماناکانی واتاو ئەیستاتیکای دەق و سیحرە جوانەکانی ناوەوەی دەقدا بیاندۆزینەوە. شیعر، ئەو دەمانە دەبێتە دەقی دروست، کە بتوانێ لەناو ڕستەدا خەیاڵ و مانا بخوڵقێنێ، کاتێکیش خەیاڵ و مانا توانیان ستراکتوری وێنە و ناوەرۆک چێبکەن، مانای وایە زمان لەناو دەقدا بوونی هەیە و وەکیتریش دەتوانین دیوە شاراوەکانی ناوەوەی دەق بدۆزینەوەو ڕاڤەی جدیان لەسەر بکەین. لەناو ئەو دێرە شیعریانەی کە دەیانخوێنینەوە، ئەوە ئێمەو خوێنەرین کڕو بێدەنگ بەناو باخچە و گوڵە دێرەکاندا دەڕۆین و ناتوانین تا دووایین ڕستە سەرهەڵبڕین، شاعیریش لەتەک خۆی و شیعردا پەلکێشمان دەکەن بۆناو گێڕانەوەی(میتافۆر، زمان، وێنە) ئێمەش زەمەن و کات لەتەک خۆمان دەبەین بۆ دارستانی شیعر و لەوێ جگە لە دیوان و چەند ڕستەیەک هیچی دی بەدی ناکەین، خولاسە ئەوە دەقی سەنگینە بەردەمی زامنان دەگرێت و ناهێڵێت جودا بینەوە لە یەکتری، لەم ساتەدا شیعر وەک موزیک وایە لەگەڵ کاتەکانی ئێمەدا یەکدەگرنەوە، یان وەک تەماشاکردنی تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش دەچینە ناو دونیای ڕەنگ و هەست دەکەین(موزیک، ڕەنگ، شیعر)یەک ماڵیان هەیە، بەڵام لە پۆشاک و خۆگۆڕیندا لێک جیا دەبنەوە، ئەو ڕۆحانەی کە عاشقی موزیکن زیاتر ئەم حاڵەتە دەیانگرێتەوە، ئەوەی ئارەزووی بێت گوێ لەموزیک بگرێت، دڵنیام هەمیشە لەناو هەستەکانیدا شیعرو تابلۆ و ڕەنگ بوونی هەیە، نهێنی شیعری جوان لە وەدایە کە ماناو واتا لەناو دەقی شیعردا بخوڵقێنێ. ئەگەر نا، پێچەوانەکەی دەبێتە ئەدەب نەک شیعر. شیعریش دروستکردنەوەی زمان و خەیاڵە دەکارێ گشت ڕووداوەکان لە دێرێکی جوان و پڕ مانادا بگێڕێتەوە، واتە گێڕانەوەو جوڵەی خەیاڵ ئەو ڕووداو مێژووییانە تۆمار دەکات کە زەمەنێک بەر لەئێستا ڕوویانداوە. شاعیر هەم مێژوو دەنووسێتەوە هەمیش زمانی پاشە ڕۆژ بەرەو نوێبوونەوە دەبات، ئەو دەخوازم لێرەوە بەرەو خوار ببینەوە بۆناو ئەو دەقانەی کە هەمیشە لەسەرزاران میوانن و تۆسقاڵە زەرەیەک لەهەستەکانمان جودا نابنەوە (دلاوەر قەرەداغی)لە دیوانی(من لە شارێکی زۆر دوورم)زۆر بە سادەیی و پڕمانا لە قەسیدەی(زستان دێت)تابلۆیەکی تازەو گێڕانەوەیەکی تری زستانمان نیشان دەدات.

زســـتان دێت

(هەست بە هەڵکردنی با دەکەم
هاوەی شکانی گوڵدانێک دێتە گوێم
هەست دەکەم
کتێبێک دەدرێت
ئینجانەیەک درز دەبات
درەختێک دەوەرێت
گوێم لێیە
جۆلانەیەک شەق دەبات
باخێک دەمرێت
زستان دێت
شەڵاڵ لە ئارەقە
خۆی بە ماڵدا دەکات و
چوار شانە .... کفت و شەکەت
لە ژووری میوان دادەنیشێت!)

مارگریتا بۆریسۆڤنا رودینکۆ

یەکێک بووە لەو ژنە ڕوسانەی، کە ناوبانگی هەبووە لە (کوردناسی)دا و بە کوردۆلۆجێکی سەرکەوتوو ناسراوە و لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی، دەیان لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری ئەنجامداوە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی دەستەی کوردۆلۆجە ڕوسەکان و شارەزاییەکی لە ڕادەبەدەری هەبووە، لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی و یەکەم کتێبی لەسەر ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوە، ئێستا لە کتێبخانەکانی شارەکانی ڕوسیا دەست دەکەوێت، خاتوو (مارگریتا) لەسەر شاعیرە کوردەکانی سەدەکانی شانزە و حەڤدە و هەژدە و شاکارە ئەدەبییەکانیان هەروەک (شێخی سەنعان) وەکەی فەقێ تەیران لە سەدەی حەڤدەهەم و (مەموزین)ی ئەحمەدی خانی، بە هەمان شێوە لە سەدەی حەڤدەهەم و یان (لەیلاو مەجنون)ەکەی حارس ی بەتلیسی لە سەدەی هەژدەهەم و (یوسف و زلێخا)کەی (سەلیم سلێمان) لە سەدەی شانزەهەم و چەندانی تر نووسیوە. (مارگریتا) هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردبوو بۆ زیاتر شارەزاو ئاشنابوون بە زمان و ئەدەبی کوردی و یەکێک بووە لەو ئەدیبە ڕوسە بەرچاوانەی، کە بەزنجیرە لە ساڵەکانی حەفتاکاندا لە زانستگای (زانستی ڕۆژهەڵاتی) لە زانکۆی دەوڵەتی لە پایتەختی ئەرمەنستان دەیان کۆڕی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر شاکارە ئەدەبییەکان و زمانی کوردی بە ئەنجام دەگەیاند و لەسەروو ئەمانەشەوە لەسەر فۆلکلۆری کوردی و (ئینتۆگرافی کوردی) بە هەمانشێوە لێکۆڵینەوەی پێویستی کردووە و یەکەم (مانوسکریپت– ی ئیتنۆگرافی کوردی مێژوونووس (مەلا محمودی بایەزیدی)و حیکایەتەکانی کوردیی، فۆتۆگرافی و بەسەرهاتە کوردییەکان و فۆلکلۆری کوردی و ترادیسیۆنەکانی تری لەسەر کورد بڵاوکردۆتەوە. خاتوو (مارگریتا)ی ڕۆژهەڵاتناس و کوردۆلۆژی لە 1926/5/9 لە لەدایکبووە و لە 1976/7/27 لە (لینینگراد) کۆچی دوایی کردووە، فیۆلۆجێکی بەناوبانگی ڕوسی و ڕۆژهەلاتناس و کوردۆلۆجێکی شارەزا بوو لە زمانی کوردیدا، کولتوور و مێژووی کوردی، زانای ئەدەبی، ئیتنۆگراف بوو، لە ساڵی 1954 دکتۆرای وەرگرتووە لە فیۆلۆجیدا.

ڕاپەڕ عوسمان عوزەیری

شاعیر کێیە...؟ نووسینی: فاروق هۆمەر

بەشی یەکەم

پێکێک لەو پرسیارانەی کە بەردەوام دەربارەی پێگەی شاعیر تەنگمان پێهەڵدەچنێ ناسینی ئەو کەسەیە کە خۆی وەک شاعیر دەناسێنێ، شاعیر کێیە؟ ئایا بەڕاستی کەسێک هەیە بتوانێ شاعیر بێ و ووشەی جوان و ناوازە و سیحراوی نەبیستراو و پەی پێنەبراو بدۆزێتەوە و پێکیانەوە ببەستێتەوە و شتێکیان لێ بخوڵقێنێ کە زۆر بە قوواڵی هەستوسۆزمان بجوڵێنێ. ئایا شاعیر ئەو ووشانە لە کوێوە دەهێنێ، فریشتەی خۆی هەیە، یاوەخوود شیعر جۆرێکە لە شێتی و شاعیر دەخاتە ناو ئاهەنگ و کەڵکەڵەی شێتییەوە و لەپێناوی داهێنان دا کەماڵ و هۆشی خۆی دەکاتە قوربانی. ئەی ئەگەر شاعیر، ساحیر یان شێت نییە ئەی ئەو ووشانە چۆن پێی دەکرێ بمانبزوێنێ، بۆچی بە تایبەت بەو ووشانە دەبزوێین. ئایا هەر کەس کۆمەڵێ ووشەی هێناو ڕێکیخستن ئیدی ئەوە شاعیرە. چۆن شاعیران لێک جوێ بکەینەوە، نەک هەر چاک لە خراپیان، بەڵکو ئەوانەیان کە دەتوانێ سەردەمێک بۆ خۆی قۆرخ بکات و لەنێو ڕۆژگارەکان دا بە نەمری بمێنێتەوە. ئایا هەموو ڕۆژگارێک شاعیری خۆی هەیە، یاوەخوود دەشێ چەندین ڕۆژگاریش بێن و بڕۆن و شاعیرێکی تیا هەڵنەکەوێ. کاتێک باسوخواس دەربارەی شیعر دێتە پێشەوە هەزاران پرسیاری جۆراو جۆر لە مێشکمان دا دەخوڵقێ و زۆرجار تەمەنێکیشمان لە گەڕان و پشکنین لێدەخوازێ و هێشتا بۆمان ناکرێ دەربارەی ماناکانی بگەینە دڵنیایی تەواو. بە تایبەتی لە ڕۆژگارێکی هاوچەرخی وەک ئەمڕۆمان دا کە تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن بە جۆرێک مرۆڤی ماندووکردووە کە ساتێکی ئەوتۆی نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوەی ببیەخشێ بە شیعر، لە کاتێکیشا جیهان تەواو سەرشارە بە کتێب و مۆسیک و سینەما و بە چرکەیێک دەتوانێ بە هەموو شتێکا ڕابگات. سەرباری ئەوەی کە مرۆڤەکانی ئەمڕۆ تا ڕادەیێک هەموو پێک دەچن و شار و گوندەکان هەموو وەکو ڕووبەرێکی لێکچویان لێهاتووە، شاعیرەکانیش بۆ خۆیان سەر بە هەمان دونیان و لەهەمان ڕووبەردا خولدەخۆن کە دۆزینەوە و جوێبوونەوەیان بۆتە کارێکی سەخت و مەحاڵ. ئایا لە کەشێکی ئاوادا ئاسان ناکەوێتەوە کار و دەستکردی شاعیران کۆپی بکرێنەوە و هەموو کەسێکی سادە بۆی بکرێ دەمەلاسکێیان بکاتەوە و هەر بۆ خۆی شیعر بنوسێ و پێویستییەک بە شاعیر نەمێنێ. ئایا ئێمە ئیستا لە سەردەمێکی وەهادا نین کە شاعیرەکان نەمابن و هەموو خەڵکی سادە و ڕەشۆکیش شتێکی سادە لە کارەکە فێربووبن و هەر هەمووان بووبنە شاعیر. ئەی ئەگەر نهێنی و سیحری کارەکە نەدزراوە شاعیرە هەقیقییەکانمان لە کوێن و ئەو هەموو تورەهاتە چین ڕۆژانە بەناوی شیعرەوە دەردەچن و دووبارە دەبنەوە.

عیرفان برینێکە لەناو دڵی من جسوانی و پاکژییەکی کوژراو

نووسینی: فاروق هۆمەر

عیرفان برینێکە لەناو دڵی من. جوانی و پاکژییەکی کوژراو، کە هەمیشە خوێنی لێدەتکێتەوە. من زۆر دەمێکە ئەو مرۆڤە مەزنەم لەگەڵ خۆم هەڵگرتوە، عیرفان پڕ لە خۆشەویستی و ژیاندۆستی بوو. بۆ جارێک نەمبینی تورە بێ. کە من تا ئەمڕۆ بۆم نەکراوە شتێکی بۆ بکەم، ئەم نوسینەی ڕزگار ئەمینی هاوڕێم زۆر هەژانمی. دەستتخۆش هاوڕێم ڕزگار گیان. من وونبوونی عیرفان بەو غەدرە گەورەیەوە ناتوانم لە بیر بکەم و بڕواش ناکەم سلێمانیش هەرگیز بۆی بکرێ لە یادی بکات. کوشتنی عیرفان کوشتنی پەپوولەیێک بوو، هیچ بیانوویێکی بۆ نییە.

(ئەمشەو بیری عیرفان ئەحمەدی شاعیر ئەکەم ،

ئەم پۆستە بۆ یادی ئەو ڕوحە جوانە)

مەستەکە لای نافورەکەوە کەوتبوو
کەسێ هات و هەڵی ستاندەوە
مەستەکە وتی:
چەن باشە نەکەوتومەتە دەریاکەوە٠
ئەوی هەڵیساندەوە وتی:
بۆ مەلە نازانیت ؟
مەستەکە وتی: نا
ئەویش وتی: سەگ لەتۆ باشترە٠
مەستەکە وتی: جەنابت مەلە ئەزانی ؟
ئەویش وتی: بێ گومان ئەیزانم
مەستەکە مەستانە و دڵپاکانە پێکەنی و وتی:
کەواتە تۆ وەک سەگەکە وایت٠
ئیتر کاتێکی زانی شلکوتی مەرگیان کرد٠
کەهۆشی هاتەوە لە نەخۆشخانە، پزیشکەکە پێی وت:
کوڕم ئیتر قسە بە پۆلیس مەڵێ٠

گۆشەی 38 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

داوادەکرێت ئەڵمانیا سەربازانی خۆی لەعێراق ببات دەرەوە

لە دوای موشەک بارانەکەی ئێران بۆ بنکەکانی ئەمریکا لە ناوخۆی ئەڵمانیا و بەتایبەتیش لەلایەن پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە، داوا لە حکومەت دەکەن، کە بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی، هەوڵبدەن سەربازەکانیان بیانگەڕینەوە وڵاتی خۆیان، بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش داوادەکەن، کە نەیانگەڕینەنەوە و مەشقپێکردنی پیشمەرگە کۆتایی پێنەهێنن. شایانی باسە ئەڵمانیا لەهەڵمەتی ڕوبەڕووبونەوەی داعشدا سەدان سەربازی بۆ مەشقپێکردنی هێزە عێراقیەکان ناردۆتە بەغدا و هەولێر، ئەوانەی هەولێر ٩٦ سەربازن و لەمڕۆژانە بەشێکیان ڕەوانەی بارەگای سەرەکیان لە ئوردن کرانەوە.

وەزیری بەرگری دەڵێت خەتای ئێرانە

خاتوو"ئەنگرید کرەمب کارینباوەر" AKK ڕایگەیاند، کە هەموو ئەو ئاڵۆزی و پشێویانەی کە لەمدواییەدا لە کەنداو و لە ناوچەکە ڕوویانداوە خەتای ئێران بووە و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەش بەرپرسیارێتی تێکچوونی زیاتری دۆخەکە لەئەستۆ دەگرن.

بنکەسەربازیەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیا ترسیان لەسەر نییە

لەدوای کوژرانی قاسم سلێمانی و هاویشتنی چەک موشەکێکی ئێرانی بۆناو خاکی عێراق و ڕووپاگەندەی تۆڵەکردنەوەی ئێرانیەکان لە ئەمریکا، وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، کە هیچ مەترسیەک لەسەر بنکەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیا نییە و لەمڕۆژانە ئەو بنکانە زۆر بەچڕی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە پارێزراون.

زیرەکترین خوێندکاری ئەڵمانیا دیاریکرا

"ماندی هۆفمان" ١٥ ساڵ، کچە خوێندکارێکی ئەڵمانەو ساڵی پار لە قۆناغی کۆتایی ئامادەیی Abitur لەسەر ئاستی هەموو ئەڵمانیا ,ئێستا خوێندکاری قۆناغی یەکەمی هەردوو بەشی ماتماتیک و فیزیا زانکۆی براونشقایکەو لەوێش سەرکەوتوترینە، بۆیە نازناوی زیرەکترین خوێندکاری ئەڵمانیای پیبەخشراوە.

باندێکی ساختەکاری بڕوانامەی زمان دەستگیرکران

بەپێی گۆڤاری فۆکۆس لەشاری مینوشن باندێکی ساختەکردنی بڕوانامەی زمان B1 یان دروستکردوە، لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە تائێستا بۆ هەر بڕوانامەیک زیاتر لە ٢٥٠٠ یۆرۆیان و کۆی گشتیش نزیکەی ١٠٠ هەزار یۆریان لە پەنابەران وەرگرتووە، ئێستا پۆلیس سێ کەسیانی لێ دەستگیرکردوون، شایانی باسە ئەو بڕوانامەیە یەکێکە لەمەرجەکانی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی و لەهەندێک هەرێمیش کۆچبەر دەبێت بە ئیلزامی بەدەستی بێنێت.

ئەوانەی ئۆردوگای پەنابەرانیان سوتاند دادگایی دەکرێن

ڕۆژنامەی بێکلد بڵاویکردۆتەوە، لەمانگی ئابی ساڵی پار، دوو کۆچبەری گەنجی ئەفغانی لە کاردانەوەی ڕەتکرانەوەی کەیسەکانیان لە لایەن فەرمانگەی پەنابەرانەوە، بۆ شەوەکەی چووبوون ئاگریان لە ژورەکەی خۆیان بەردا بوو لە ئۆردوگای بادگودیسبێرگ، ئاگر کەوتنەوەکە، زیانی ١٢٠ هەزار یۆرۆی بە بینا و کەلوپەلەکانی گەیاندبوو، ئێستا ئەو دوو تۆمەتبارە خراونەتە بەردەم دادوەر و بەسزای خۆیان دەگەیەندرێن.

بڕوانە لاپەڕە 14

گۆشەی 38 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پاشماوەی گۆشەی 38

خەڵکی گوندەکەی زراویان لەداعشیکی گەڕاوە چووە

"جینفیر دەبلیە"ی کچە ئەڵمان خەڵکی گوندێکی باکژوری ڕۆژئاوای ئەڵمانیایە، بەهۆی مێردەکەیەوە کە عەرەبی عێراقیە لە ساڵی ٢٠١٦ەوە چوو بووە ناو داعش لەناو خاکی عێراق، ساڵی پار گەڕاوەتەوە ماڵی خۆی و پۆلیس چاوەدێری لەسەر داناوە، تا ڕۆژی دادگایی کردنەکەی، بەڵام خەڵکی گوندەکەی لە ترس و دڵەڕاوکێدان و زۆربەیان ناوێرن شەوان لە ماڵ بچنەدەر.

ئەگەر دزێکت لەماڵەکەت گرت، دەتوانی لێ دەی یان بیکوژی؟

گۆڤاری فۆکۆس ئەو پرسیارەی لە پارێزەرێک کردووە کە ئایا یاسای ئەڵمانیا لە پرسێکی وادا چۆن مامەڵە دەکات..؟ ئەو پارێزەرە دەڵێت خاوەن ماڵ بۆی هەیە، بەرگری لە خۆی و شەرەف و ناموس و کەرامەت و کەلوپەلەکانی خۆی بکات، دەبێت خاوەن ماڵ بەپێی هەڵسوکەوتی دزەکە ڕەفتار بکات، ئەگەر دزە پەلاماری بدات دەبێت ئەویش دەست بکاتەوە و پارێزگاری لەخۆی بکات، ئەگەر چەکیشی پێ بوو، ئەوا بۆی هەیە بە هەمان شێوە چەکی لێهەبڵگرێت و تەقەشی لێبکات، ئەگەر دزە نیازی کوشتنی هەبوو ئەوا دەبێت خاوەن ماڵ بەرگری لە خۆی بکات و بریندارى بکات تا دەرەقەتی بێت بۆ گرتنی، لەهەموو ئەو حاڵەتانەشدا دادوەر بڕیاردەدات.. کە ئایا ڕەوشەکە پێویستی بە چ جۆرە بەرگرییەک بووە...!

ئەمساڵ کۆچبەران کەمتر هاتوونەتە ئەڵمانیا

وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا، بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی ئاشکرایکردووە، کە لە ساڵی ٢٠١٩دا، ١١١٠٩٤ داواکاری بۆ مافی پەنابەرێتی هەبووە، سوریەکان لە هەموویان زیاتر بوون و دوای ئەوانیش عێراقی و تورکی و ئێرانی و ئەفغانی لە ڕیزبەندی پێشەوەدا بوون، ژمارەی کۆچبەرانی ساڵی پار ١٤،٣٪ لە ساڵی ٢٠١٨ کەمتر بوون و تادێ ڕێژەکە کەمتر دەبنەوە، چونکە بەختی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی کەمتر بۆتەوە.

گۆشەی زانست
ماموستا جەزا دەینووسێت

بیردۆزەی کەمایەتی بۆچوون چییە...؟
ئەم بیردۆزەیە بە کەمایەتی بۆچوونی هایدلبێرگیش ناو دەبرێت. دەقی ئەم بۆ چۆنە دەڵێت [کە لە ١٩٢٧دا]هایدلبێرگ دایهێناوە، دەڵێت دۆخی جێگا و خێرای تەنیک ناتوانرێت، هەردوکیان بە تەواوی بپێورێت، یان ژمارە بکرێت تەنانەت بە بیردۆزەش.



وێنەی زانای ئەڵمانی هایدلبێرگ داهێنەری بیردۆزەی کەمایەتی یۆچوون [عدم الدقة] [uncertinity principle

تابلۆی هونەرمەند خاتوو تارا محەمەد ئەمین

بە بۆنەی ساڵیادی شەهیدبوونی (ساکینەجانسز وهەقاڵانی)، ڕەمزی مەزڵومێتی گەلێکی بێ وڵاتە.

دەورەی ساروۆس- مانگ گیران و ڕۆژ گیران

دەورەی ساروۆس (مانگ گیران و ڕۆژ گیران)، یان الخسوف والکسوف. بەر لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر، بابلیە کان دایانهێناوە بەردەوام زانا فەلەکیەکان لەسەری دەڕۆن.

ساروۆس دەورەکەی هە ژدە ساڵ و یانزە ڕۆژە، دوای ئەوکاتە مانگ گیران و ڕۆژ گیران بەڕێکی دووبارە دەبێتەوە..

تیشکە پێکهاتن چییە؟ التركيب الضوئي

[photothensis] تیشکەپێکهاتن کردارێکە ڕووەک و گیانلەبەری دیکە، ئەنجامی دەدەن بۆ پێکهێنانی خواردەمەنی.
لە ڕاستیدا کردارێکی پێکهێنەرە یان وزە بەخشە، لەم کردارەدا ڕوناکی بەکار دێت، یان ڕاستیەکەی تیشکی خور بۆ گۆڕانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، بۆ شەکر و خانەکان بەکاری دەهێنن وەک وزە.



سەرەڕای ڕووەک هەندی مشخۆر و بەکتریاش، ئەم کارە ئەنجام دەدەن بۆ دەست کەوتنی وزە.
وەکو ئە م هاوکێشانەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە.

6CO2+12H2O+Light=C6H12O6+602+6H2O

تێبینی : C6H12O6 مادەی کلوکۆزە.

هیندریک ڤیلیەم میسداخ

هونەرمەند هێندریک ڤیلیەم میسداخ لە ڕێکەوتی 23-02-1831 لەبەشی باکوڕی نێدرلاند، لە شاری خرۆنیگین لەدایک بووە. لەڕێکەوتی 10-07-1915 لەشاری دنهاخ کۆچی دوایی کردووە. تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە زۆربەی کەشتی یان کەشتی چارۆکەدار و کەشتی جەنگی دروست کردووە لە ڕۆخی سخێفنین. ئەم هونەرمەندەش سەربە قوتابخانەی هاخسەسخولّە، ئەم سەرەڕای تابلۆ جوانە هونەریەکانی بەپـــانۆرامای سخێفنین زۆر بەناوبانگە، ئەم پانۆرامایە لە شاری دنهاخە، مرۆڤ لەجوانی و سەلیقەی ئەم کارە تێر نابێت. هەروەک باسمان لێوە کرد،هونەرمەند هێندریک ڤیلیەم میسداخ لەبەشی سەرەوەی نێدرلاند لەدایک بووە لەساڵی 1868 هاتۆتە شاری دنهاخ، ئەم هونەرمەندە لە ڕۆخی دەریا بە بۆیەی ئاوی کاری زۆری کردووە، لەکاتی گۆڕانکاریەکانی ئاوهەوادا، تابلۆی هەموشێوازەکانی دەریای کێشاوە.. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هونەرمەندە بڕوانە:

https://www.dordrechtsmuseum.nl/kunstenaars/mesdag-hendrik-willem/?gclid=EAIaIQobChMI14a-9Mv85gIVh-FRCh146gxsEAAYAiAAEgIXCfD_BwE

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی و کەلتۆری هەفتانەیە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

22 JANUARI . 2020 Nummer. [88] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– داگایکردنی گومانلێکراوانی کوشتنی پارێزەر دێرک قێرسوم لە شاری ئەمستردام بەردەوامە.؟،ل2.
– لە بیـــــستەمین ساڵیادی ئەدیبی جوانەمەرگ و نووسەری چاڵاک و پڕ بەرهەم ئومێد ئاشنا دا ل 3 و ل 4
– هەواڵ لەسەر کورد... لێرەو لەوێ، هەواڵێک دەربارەی پەیکەرسازی کورد هونەرمەند شوان کەمال ..ل 5
– تەپڵە ئەفریکاییەکە جەندرمەیەکی تورک ئەنفالی کرد..نووسینی: خۆشناو مەریوانی. ل 6 و ل 7
– جێگۆرکێی دەقی کراوە و دەقی داخراو، دکتۆر زاهیر لە تیف ل8و9
– چاڵاکی ئەدەبی و هونەری کورد لە تاراوگە ، ل 10.
– دەربارەی کتێبەکانی نیهاد جامی، موزەفەر عەزیز ل. 11
– شاعیر کێیە؟ نووسینی: فاروق هۆمەر – بەشی کۆتایی ل 12
– گۆشەی 3 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 13 و ل14
– دووبابەتی زانستی: مامۆستا جەزا نووسیوێتی ل 15، .
– ئەمجارەش دەربارەی قوتابخانەی هونەریی هۆڵەندی هاخەسی سخوڵ.....
هونەرمەندی هۆڵەندی یان هێندریک قێرسین بروخ و جەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

22 JANUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 88
ژمارە 88 ی 22 ی کانوونی دووەمی 2020

داگایکردنی گومانلێکراوانی کوشتنی پاریزەر دێرک ڤێرسوم لە شاری ئەمستردام بەردەوامە

لە ژمارە 71 ی ڕۆژی 21 ی September 2019 تاراوگەدا هەواڵێکمان لە بارەی تیرۆرکردنی دێرک ڤێرسوم پارێزەری کەیسی زۆڵملێکراوان بڵاوکردەوە، کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 18 ی سێپتەمبەری ساڵی پار لە شاری ئەمستردام تیرۆرکرا، تا ئێستا کەیسی ئەم پاریزەرە، لە دادگا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. مســتردامەیٔ یسیلۆپ

پۆلیسی ئەمستردام کاتی خۆی ڕایگەیاند ئەو کەسەی بە گومانی کوشتنی (دێرک ڤێرسۆم)ی تەمەن 44 ساڵ دەستگیرکراوە بەناوی Giërmo B ەوە، لە دانیشتنی یەکەمی دادگاییکردنەکەیدا نکۆڵی لەو کوشتنە کردووە و دانی نەناوە بەوەی بەشداری کوشتنی ئەو پارێزەرەی کردبێت. بە پێی قسەی پارێزەرەکەیشی ئەوەی پۆلیس باسی کردووە، لە بکوژی دێرک ڤێرسومدا ئەوە نیشان نادات، کە ئەم ئەوکارەی ئەنجام دابێت، گوایە تەقەکەرەکە باڵا بەرز نییە و گەنجە گومانلێکراوەکە تەمەنی 36 ساڵە و ماسولکەدارە، بۆیە پارێزەرەکەی داواکاری پێشکەش کردووە، کە دەستگیرکردنەکەی لەسەر هەڵبگیرێت، بەڵام دادگا بڕیارێکی جیاواز دەدات و بە پاریزەرەکەی دەڵێت:داواکاریەکەت ڕەتدەکرێتەوە، بە مانای ئەوەی گومانلێکراو جاری هەروەک بەندکراو دەمێنێتەوە. Giërmo B خێرمۆ بەی خۆی وەک دەڵێت: کوشتنی ئەو پارێزەرەی زۆر بەلاوە ناخۆشە، من خۆشم باوکم.

بە پێی قسەی ڕۆژنامەنووس میخێل کلاسن لە بەشی هەواڵی RTL nieuws زۆری پێ سەیر بوو کە Giërmo B خێرمۆ بەی لە دانیشتنەکەدا قسەی کرد و دلتەنگی خۆی لەبەردەمی ژن و منداڵەکانی دێرک ڤێرسوم پیشاندا، بەڵام بە پێی بۆچوونی داواکاری گشتی هۆکار زۆرن بۆ مانەوەی گومانلێکراو لەبەندیخانەدا، چونکە ئەو کەسە گومانلێکراوە بە کوشتنی ئەو پارێزەرە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو تەقەکەرەکەیە.. کی ئەو پارێزەرەی کوشتووە، تا ئێستا بۆ داواکاری گشتی ڕوون نییە، هەرچەندە پێشتر هەوڵی تەقەکردن هەبووە بۆ ئەو پارێزەرە، ئەو ڕۆژەی، کە کوژراوە بە پاسکیل هاتووچۆی کردووە، نەک بە ئۆتۆمبێل. بە گوێرەی ئەو ڤیدیۆیانەی کە لەبەردەستە، ئەو ئۆتۆمبیلە دزراوە، چەند ڕۆژێک لە نزیکی ماڵی پارێزەرەکە دانراوە.گومانلێکراوەکە بە هۆی چەند نیشانەیەکەوە، دەتوانین بڵێین، پێش کوشتنی پارێزەرەکە بە ئۆتۆمبێلێکی دیکە بینراوە لە نزیک ماڵی پارێزەرە کوژراوەکە. هەروەها DNA ەکەی لە ناو ئەو ڤۆکس واگۆنەدا دۆزراوەتەوە کە بۆ کوشتنەکە بەکار هاتووە، دادگا نامە و وتوێژەکانی ناو تەلەفۆنەکەی گومانلێکراوی لایە، پێش تاوانەکە کە باسی چەکی کردووە. هەروەها ئەم گومانلێکراوە پارەیەکی کاشی زۆری پێ بووە پاش ئەنجامدانی تاوانەکە، داواکاری گشتی گومانی هەیە لەسەر ئەنوەریش، کە رضوان طاغی یە، کە ڕێکخەری ئەم تاوانە بووبێت، ئەنوەر ئەو ڕۆژە لە دادگا ئامادە نەبوو. دێرک ڤێرسوم پارێزەری شاهیدی سەرەکی نەبیل بەی Nabil B بوو، کە لە کردوە تیرۆریستییە گەورەکە بە ناوی Marengo تیرۆر کرا، کە رضوان طاغی گومان لێکراوی سەرەکییە.

لە بیـــــــستەمین سالّیادی ئەدیبی جوانەمەرگ و نووسەری چالاک و پڕ بەرهەم ئومێد ئاشنا دا

نەسرین عەباس ئیبراهیم

میژووی ئەدەبی کوردی و شارەکەمان سلێمانی بەتەنها یەک (ئاشنا)ی ناسی ئەویش ئومێد ئاشنابوو.

زاهیدەکەی نێو خەڵوەتگەی کتێبخانەی سلێمانی، ئومێد ئاشنا، کە جگە لە کەشکۆڵێک لە لاپەڕەی ڕەشکراوە و سپی بۆ نوسین و لە کتێبخانەیەکی هەڵچنراو، بە کتێب و لە خۆشەویستی هاوڕێ و ناسیارانی زیاتر، خاوەن هیچ سەروەت و سامانێکی دونیایی نەبوو، هیچ حەز و هیچ گومان و هیچ دوو دڵییەک پەی پێ نەدەبرد، جگە لە خۆشەویستی کتێب و دوو دڵی لە خوێندنەوەی، کامە کتێبیان و گومان لە ناوەڕۆک و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانیان نەبێت، کوڕە زاهیدەکەی خەڵوەتی ژووڕەکەی خۆی لە گەڕەکی صابونکاران.

ئومیدەکەمان مانّی لەهەر کوییەکی شاردا بوایە، هەر ڕێگایەکی بگرتایە و بەهەر کام لە گەڕەک و شەقامەکانی شاردا تیپەڕبوایە، ئەگەریش ڕێگەی لێ بزر ببوایە و گووم بوایە، بەڵام ئاشناکەمان هەر دەهاتەوە سەریەک ڕێگاو یەک شەقامی شار، ئەویش شەقامەکەی بەردەم کتێبخانەی گشتی شار بوو، لەوێدا خۆی دەبینییەوە، خۆی و یەک دوو کتێبی پێچراوە لەیەک لە ڕۆژنامەکانی ئەودەم لەبندەستیدا و چەند ساڵیک دواتریش کاتیک کەشکۆڵەکەی قورستر بوو، بندەستەکەی کردە لیڤێکسێکی چەرمی ڕەنگ قاوەیی و بەیاوەڕی یەک دوو لە پێنووسە شیڤەر و پارکەرەکانی دەم گیرفانی ناوەوەی چاکەتەکەی بەرە و کتێبخانەی گشتی دەکەوتەڕێ و هەر بەهەمان ڕێگەشدا و بەشانی باخچەی گشتیدا بەرەو سەرای سلێمانی و لەپاشی دیداریکی هاوڕێیان و پشوویەکی کورت و میزگردییەکی چاخانەی شەعب دەمەو ئیواران بەرەو مانّ دەبۆوەوە، تا ئەو دەمەی کە ئازار تەنگی پێ هەڵچنی و لەیەک لە شەپۆلەکانی کەناری ڕۆح بەخشینیدا و بەدەم هاوار و نزاوە لێشاوێک بێ بەزەیی لەخوین بەربوون چی شوشەی مەرەکە بەشین و ڕەش و سەوز و سورەکانی هەبوو، هەڵی لوشی و بردی و بەتەنها پێنوسێکی نوتق بەستراوی لەتەمەن بۆ هێشتەوە، کە بەخوێن ئازارەکانی دەنووسیەوە. ئومید ئاشنا هەر لەتەمەنی 14 ساڵیەوە و بەر لەئاشنابوونی بەژمارەیەکی ئێجگا زۆر لەهاوڕێی فرە ڕەگەز و مەزهەب لە هەر چوار پارچەی کوردستان و بەر لەبەخشینی نازناوی (ئاشنا) لە لایەن هاوڕێکانیەوە، ئومید ئالودە بەخوێندنەوەی کتێب و هەڵدانەوەی لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بوو، جۆرێک لە خولیاو ئالودەبوون، کە زۆربەی زۆری کاتەکانی لە ژورەکەی خۆیدا و بەڕۆبێکی ئاوریشمی ڕاست و چەپ گریدراو، بەدیار table lamp و عەلادینێکی گڕشین و جزوەیەکی قاوەوە، کە هەمیشە قاوەکەی ناوی دەسوتاو وشک دەبۆوە بەبێ ئەوەی قومێکیشی لیبدات، ئاودیووی ئەودیو درگاکەی دەکرد، تا بشۆریت و

بڕوانە: لاپەڕە 4

و سەرلەنوێ بیخاتەوە سەرئاگر، زۆربەی زۆری کاتەکانی لە ژووڕەکەی خۆیدا بەسەر دەبرد، بەڕادەیەک کە لامان سەیر بوو تێنەدەگەیشتین، ئەم هەموو کاتە بۆچی؟! داخۆ تاقەتی نەچوو لە خوێندنەوە، تەنانەت کاتی هاتنەسەر سفرەوخوانیشی نەبوو، دایکم بەجیا لەسەر سینییەک خواردنەکەی بۆ دەکرد بەژووردا، بەڵام دەمەوعەسرێکی درەنگ ئیتر ژورەکەی ئاشنا سیخناخ دەبوو، لەهەر تەمەنێکدا بووبێت ئومێد و بە هەر قۆناغێکدا تێپەڕیبێت بۆ هەرچ هۆکارێکی جیاواز بووبێت بەڵام هاوڕێکانی و ئومێد بۆ زیاتر لە مەبەستێک کۆدەبوونەوە.

لە بیرمە هەندێکجار تا شەو پاڵی بەنێوەشەوەوە دەدا گفتوگۆی ئەدەبی و کۆبوونەوەی سیاسی بەڕادەیەک تاوی دەسەند، کە دوکەڵی سیغار بەچەشنی دوکەڵکێش لەپەنجەرە هەوایی ژووڕەکەیەوە دەهاتەدەر، هەندێک لە ئاشناکانی دەمانەوە و ئەوانی دیش ئۆغریان دەکرد و دەڕۆیشتن، هەر بەڕاستی ئومێد ئاشنا چوونە ژورەوەیەک بۆ نێو مانّی کتیب چووە ژوور، کە هاتنەدەرەوەی بەخۆوە نەدیت بە جۆرێک خۆی بەتەنافی پیت و وشەو ڕستەکانیدا هەڵواسی بوو، کە نەتوانێت ژیانێکی ئاساییی بژی، ئومێد تەریک لە بۆنەو ئاهەنگ، دوور لەشێوازی دووبارەبوونەوە و ڕۆتین و جیاواز لە ژیانی زۆربەی خەڵکانی ئاساییی دەژیا، بەڕادەیەک، کە سەرباری نازداری و تاقانەیی و خۆشەویستی، بەڵام ڕەنگی موعاناتی ئومێد وەک بیرمەندێک و وەک کەسێکی بێدەنگ و وەک نووسەرێک زاڵ بوو بەسەر ڕەنگی لاویتیدا، ماندوێتی و ڕەنگ پەڕیووی تەواو بەڕوخساریەوە دیاربوو، لاویکی باریکەلە و زەعیف، تەنانەت هەندێک جار هاوڕێکانی لەگەڵیدا دەکیان کرد بە گاڵتە و پێیان دەگوت، کە ڕەشەبا بوو، بیرت نەچێت (ئومە)..یەک دوو بەرد بخەرە گیرفانت، تا ڕەشەبا نەتبات، سەرباری خۆشەویستی بۆ فێربوون و فێرکردن و خزمەتی قوتابخانە دووردەستەکانی گوندو شارۆچکەکان، بەڵام مامۆستا ئومێد نەیتوانی دەستەڵاتی کاری فەرمی وەک مامۆستایەک درێژە پێبدات و هەرزوو بەموچەیەکی کەم خۆی خانەنشین کرد و گەڕایەوە بۆ نێو ئەتمۆسفیری بۆنی لاپەڕەی کتێب و مێز و کورسیەکەی، خۆی بەتەواوەتی بڕیاری خۆبەخشینی ئاشکرا کرد، بە کتێب و نوسین.

ئومێد ئاشنا نووسەرێکی خۆڕسک بوو ڕوانیا و دونیابینی و لێکدانەوەکان گەلێک بەتەمەنتر بوون، لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی

لەم وێنەیە لە (1991/10/15) لەهاوپێمەحەواری چناروک گیراوە. بریتیە لەکۆمەڵێ شاعیرو نووسەر بەڕێگاوە بەرەو بەشداریو بەستنی کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەچن بۆ شاروچکەی شەقڵاوە. وێنەکە لەئیوومی کاک ئەمین محەمەد پارێزراوەوز نارەوێنی بۆمان. سویاسی هاوکاری دەکەین لەمەش ناوەکانە. لەلای ڕاستەوە: 1-کاک ئەمین محەمەد 2-خوالێخۆشبوو م. عومەر عەلی ئەمین 3-کاک ئەمین محەمەد 4-خوالێخۆشبوو م. شێرکۆ بێکەس 5-خوالێخۆشبوو م. ئومێد ئاشنا 6-م. حسێن عارف 7-خوالێخۆشبوو عوسمان شەیدا

به بۆچوونی من و بەپێی ئەو ڕاستیانەی ژیانی کاکە ئومێدم، دەتوانم بڵێم؛ ئەوەی کە کارەکتەری بوونیادی کەسایەتی ئومێد ئاشنای جیاەدکردەوە لە هاوەڵان و هاوتەمەن و تەنانەت ئەو هاوڕێ نوسەر و بیرمەندانەشی، کە بەتەمەن گەلێک لەخۆی گەورەتر بوون ئەوەبوو، کە ئومێد ئاشنا نووسەرێکی خۆڕسک بوو، ئیلهامی نوسین سەرچاوەیەکی دی هەبوو، جگە لە خەیاڵ ئەویش زیرەکی دەرک پێکردنی ناخی خۆی بوو، ڕوئیا و دونیابینی و لێکدانەوەکان گەلێک بەتەمەنتر بوون، لە تەمەنی ڕاستەقینەی ئومێد خۆی، دەتوانم بڵێم ئومێد هەر وەک بوونەوەرێکی نوسەر خەڵق ببوو،هیچ شتیک وەک بوونی کتیب دڵخۆشی نەدەکرد، گەواهی ئەم ڕاستیەش ، دەستپێکردنی گەلێک زووی خولیای نوسین بوو لای ئومێد ئاشنا، ڕاستە ئومێد ئاشنا لە 14 ساڵیدا یەکەم نوسینی لە ڕۆژنامەی هاوکاری ئەودەمدا دابەزاند، بەڵام من ناتوانم بڵێم 14 ساڵ بوو، ئومێد کاتیک ناوی چووە ڕیزی نوسەرانەوە، چونکەگەر 7 بەهاری سەرەتای تەمەنی لێ دەرکرێت، کە هێشتا منداڵ بوو فامی نەکردبۆوە، دەتوانرێت بگوترێت کەئومێد ئاشنا لە منداڵییەکی ئێجگار زووەوە قەڵەمی نووسینی لە دەستگرتووە و نوسەر بووە. ئومێد ئاشنای نوسەر جگە لە مەدرەسەی خۆشەویستی خێزان و لە تەنهاییی نێو خەڵوەتگەی کتێبەکانی ژوورەکەی، لە هیچ ئەکادیمیا و کۆلجێک وانەی خۆشەویستی و قەدر زانینی کتیب و ئەدەبیات بەپیتی ئەبجەدی فێرنەکرابوو، کە بەو منداڵییەوە، لەخانەی کتیبخانەکەیدا ڕیزیان بکات، وەرگێڕانی ئیلهام بۆ سەر زمانی دەربڕین و نوسین فێر نەکرابوو، بەپێوانە لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا و تایبەت لە دونیا پیشکەوتووەکاندا، مرۆڤەکان دەتوانن چۆن فێری وینەکێشان بکرێن، ئاوهاش وانەی تایبەت بۆ توانا‌سازی نووسین و نوسەری وەربگرن، ئەگەرچی زۆربەی نوسەرو داهینەرەکانی کورد و میللەتانی هاوشێوەی کورد موعانات و ئازاری ڕاستگۆییی خود و موحیببەت لە لایەک و بەلایەکی دیشدا، دڵرەقی سیاسەت و کلتور قەڵەمیان دەداتە دەست و ئیلهامەکان دەهەژێنێت، بەڵام دەرکەوتنی ئەو جیاواز یەلای ئومێد ئاشنا بە جۆریکی دی بوو، ئەویش ئەو ڕاستییە بوو کە هەر لە منداڵییەوە لە پاش باوەشی گەرمی دایکم و دڵی جوانی باوکم کتێبی ویست، ئەوە پێداویستی ڕاستەقینەی ژیانی ئومێد ئاشنا بوو، کە قەڵەمی دایەدەست، نەک بەتەنها هۆکارە جیاوازەکانی دروست بوونی ئیلهام و سەرچاوەکانی دیکەی هەژاندن، وەک کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، ئومێد ئاشنا زیاتر لە هەموو بابەتەکانی تری دونیا، لەگەڵ ئەدەبدا سەرقاڵ بوو، ئەگەرچی بە دونیای سیاسەت و مەراقی بندەستی میللەتەکەی نامۆ نەبوو، بەڕوخسارو ناوەڕۆکی بەرپرسیاریتی ئومێد ئاشنا، ئاشنا سالانێکی زۆری لەو نێوانەدا بەسەر برد، وەلێ ئومێد ڕووی بەرە و هەرکوێیەک وەربگێڕایە دواتر هەر ڕووبەڕووی قیبلەی ئەدەب، بەرمالی زیکری ڕادەخست. تێگەیشتنی ئومێد ئاشنا لە توانای نوسین و بە سیاسی بوون تێگەیشتنێک بوو، پڕ لە بەلانس و هارمۆنی، گەڕانەوە بۆ بەرهەمە پەخشانە شیعری و نوسینەکانی گەواهی ئەو ڕاستیانە دەدەن. ئاشنا لە ڕێگەی برەودان بە زمانی کوردی و ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانەی کوردی خەباتی خۆی دەکرد، بەردەوام دەیویست دڵی کتیب بۆلای خۆی ڕاکێشێت بەتەنها وەک خولیا و حەز وەک دڵدار مامەڵەی لەگەڵ بکات و شوێنی خویندنەوە و نوسین دەکرد، نەک وەک کەسێکی ون یاخود تووش بوو، بە(فوبیای) ناوبانگ و خۆدەرخستن بێت، چۆن ئاستی ڕۆشنبیری بەڕادەیەک لای مامۆستا ئومێد پیگەیشتوو بوو، کە هەرزوو بەهای بیرۆزیەکانی خود زاڵ بوو بەسەر هەڵوەسەی گوتنەوەی وشەی (من و خۆم و دیسان من)دا.

ئومێد ئاشنا پەپەپوولە ئاسا بە نێوماندا هەڵدەفڕی.. کوڕێک بوو، هێندەی ڕۆحێکی ئاسمانی هەبوو، هیند زەمینی نەبوو، کۆمەڵێک شتی خۆش دەویست، کە ئێمە نەماندەبینی بەڵام هەستیشمان پێ دەکرد کە براکەمان، زاهیدێکە عاشق، عاشق بەژیان بەکتیب بە وشە بەنوسین، ئەو عەشق و ژیانەی کە وەنەوزی کەرویشکە خەوێکی پێدەدا لەسەر کورسی کتێبخانەی سلێمانی و میزە سەوزە چوارگۆشەکەی ماڵەوەی، کاتیک بەدەم مەستی و خەونەوە دەگریا بۆ تەنیاییی خۆی و ڕاستی دڵی خودا،تا ئەودەمەی دواین هەناسەی بەخشیە دواین کاری، کە ئەویش دیوانەکەی حاجی تۆفیق فەیلەسوف (پیرەمیردی شاعیر) بوو. ئاشنا لەبەرامبەر گردەکەی یارە و لەگەڵ خۆرنشین و لە گردی سەیوان ئاویتە بەخاک بوو، ڕۆحی پەپولەئاسای ئومێد ئاشناکەی سلێمانی لەیەک لەتکانی دڵۆپی کریستاڵی فرمیسکەکانی وەستا عەباسی باوکمان و دڵسۆزانی شار و خەمخۆرانی ئەدەبی کوردیدا، کە نەیانهێشت بەنائومێدی بتکین و بارانماند بەسەر ئەو گڵە ئەرخەوانییەیەم کەتەرمی ئومێد ئاشنای جوانەمەرگی تیدا داهێڵرا بەسەر شان و بەباوەش لەگەڵ دەمەو عەسری 16 کانونی دووهەمی ساڵی 2000 دا و لە دامێنی تەنها 45 بەهاری تەمەندا ڕووە و ئاسمان و لەپرشنگی هەتاوی ئەودیوو هەوڕێکی سووری ئەو ڕۆژەدا وەک گۆمی خوێن و لە ژیر تاوی ڕەهێڵەی بارانیکی بێ شومادا، ئومێد ئاشناکەی هەمووان، جێی هێشتین و هەڵفری، ئیتر لەوێدا فوارەی وشەو دەربڕین لە نێو دەم و زمانی پاراوی ئاشنادا وشک بوو، هەناسەکانی خۆزگەی بۆ شادبوونەوە بە کتیب ساردبۆوە، چیدی لەو ڕۆژەوە و لەو ساڵەوە، ئومە بۆتە تۆوی گوڵێک و (چواروەرزە)، لەکەناری ڕێگەکانی بەرەو کتێبخانەی گشتی سلێمانیدا گوڵ دەگرێت بۆ میژووی وێژە و ئەدەبی کوردی و لەدڵی ئێمە و لەخەیاڵی دوور و نزیکی ئێوەدا دیسانەوە سەردەردینێ و دەوەرێتەوە و چرۆ دەکاتەوە و دیسانەوە گوڵ دەگرێت.

بەفرانباری ٢٧١٩

هەواڵ لەسەر کورد... لێرەو لەوێ

هەندێک لە گوندەکانی سنووری پارێزگای کەرکوک


1: ==خـــر
2: ==شـەقـام
3: ==شەقامی چەگلی
4: ==سنووری دێبەکان
5: ==ڕووبار
قەرەسالم
تولکی
عەلی بەگ
نیلنجاخ
نەرقە
تورکە
پاپیلان
قەفار
گۆگجە
پیرجان
کەلارقوت
مام ڕەش
فەقێ میرزا
بەلکە ڕەش
سەربیر
سەرچنار
سەرچەمان
سەرچاوە
سەرچنارە
سەرچنارەکان
سەرچنارەکانی
سەرچنارەکانی
سەرچنارەکانی

تەپڵە ئەفریکاییەکە جەندرمەیەکی تورک ئەنفالی کرد.....نووسینی: خۆشناو مەریوانی

لەگەڵ کچ و کوڕەکەمدا سەرتان نەئێشێنم، جارێکی لە ناوەڕاستی ساڵەکانی نەوەتەکانی سەدەی پێشوودا، بۆ گەشتێک، وەک زۆربەی هاوینەکان، لە پشووی گەورەی قوتابخانەدا بۆ کوردستان گەڕاینەوە. منداڵەکانم ئەوکاتە بەتەمەنەکەیان یادی بەخێر بێت، ڕەهێڵی (1) ناو بوو، تەمەنی چواردە و کچەکەم لەیلای ناوبوو، هەشت ساڵان بوو. بەیانییەکی کۆتایی مانگی تەموز بوو، فڕۆکەکەی لە ئەستەمبوڵەوە تێیدا فریبووین لەدیاربکر نیشتەوە. دەموودەست ماشێنێکی خەتمان تا زاخۆ بەکرێگرت، بەرێکەوتین، شۆفێرەکەمان گرمەی لە ماشێنەکە هەڵساند گازیدایە و تێیتەقاند. ڕێگای دوور ودرێژ و پێچاوپێچ، گەرمای هاوین وشۆفێری بەپەلە بەهیلاکی بردین. لێخورینی ماشێنی خێرا، مەودای نەدەداین هیلاکی کەم نوستنی دوێشەوی فرۆکەخانەی ئەستەمبوڵ لە ڕوخسار و لە لەشمان دەرکەین. ترسی خێرا لێخورینی شۆفێر هەروەها نەی هێشت وەنەوزی پێش خەومان خەرقی جوانی قەدپاڵی چیای سەوز ودەشتوودەری زەردی وسەوزی بەجێماوی بەهاری کوردستان لە هاویندا بکەین. دیمەنەکان زۆرجوان و زۆر بەخێرای بەرەو پیرمانەوە ئەهاتن وتێپەر دەبوون. کوڕەکەم لەشۆفێرەکە بەپەلەتر بوو، ساتە ناساتێک بەپرسیاری دووبارە، گۆمی بێدەنگیمانی دەشڵەقاند.

باوە: زۆرمان ماوە بگەین؟. کورم چەند کات ژمێرێکی تر دەگەینە زاخۆ، لە دوێنێوە مامتان لەو گەرمایەی ئەورا ماتەڵمانە. ئەوندە بێدەنگ دەبوین، ئەگەر گوێمان بەقڕەقڕی ماشێنەکە رابهاتبایە، جار جار گوێمان لەفرینی مێشی ناو ماشێنەکەدەبوو. کچەکەم لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە بێدەنگ بە چاوە گەشە شینەکانی ڕاوی گەشت وگووزارەکانی خاکی کوردستانی ئەکرد، هاوکات زۆر بەخواروی ناوەڕاستی فەرنسا دەچن. هێمنی وبێدەنگێکەی، بەوە دەچوو پەلەیبێت لەگەڵ پورزا وئامۆزاکانی وەک زۆر بەی هاوینەکان لەماڵی باپیری لەسولێمانی پەتپەتێن ودیلمۆودیلانێ بکات. بۆ ڕاوکردنی وەرەس، لێم پرسین، ئەوە بۆ وا کش وماتن، هیلاکنین؟ خۆ دوێشەو نە نووستن. کچەکەم سەرێکی بادا، وەک بڵێت کشومات نیم. کوڕەکەم ووتی؛ باوە ئارەزوو دەکەم زووبگەین تا بە بابە حاجی نیشاندەم، لەپارەوە چەند فرەتر فێری تەپڵ لێدان بووم.

ڕەهێل ئەزانی نەنک و باپیرتان زۆر دڵیان پێتان دەکرێتەوە. ئێستا گۆبەندی ئاوازی تەپڵیان بۆ سازکەن ئەوەندەی تر لە گەڵتاندا لاو دەبنەوە. ئەم هاوینە من بزانم، لەسلێمانی بە ئاوازی تەپڵ گۆبەندی خۆشیان بۆ سازدەکەن. دایەگەورە وبابەگەورە گەنج وقیت دەبنەوە. ناوچەی شاری مەردین بە خێرای تێمان پەراند، برسێتی وهیلاکی خۆی وەک ڕەشمار بۆ هێناین. بە جادەی سەرەکیدا شۆربۆوینەوە بۆ ڕێسترانەکانی پێش شاری جزیرەی ئەحمەدی خانی ومەلای جزیری. لە ڕێسترانەکانی ئەوڕێگایە نانمان خوارد وکەمێک حەساینەوە، هەرچەندە ڕێسترانەکانی سەر ڕێگاکان تەڵەی گیرفان بڕینی موسافیرانی کوردی باشور بوون. ئێمە وەک ئەو خەڵکەی لەتاو برسێتی وەک هەموو سەفەرەکانمان کەوتینە تەڵەکانیانەوە، بەگوێزانی نرخی تیژکراوە، سێ قات نرخەکەی پارەی باخەڵیان بڕین. بە ماشێنی خاڵەی تەکسی مان بەڕێکەوتینەوە. لەبەر کۆنترۆلی جەندرمەی تورکی، لەدوو ریانەکەی مەردینەوە تا مەرزەکەی سلۆپی سەر سنور، ماوەمان نەبوو پەساپۆرتەکانمان لەباخەڵمان بهاوینەوە.ئێمە لەسەفەری ساڵانی پێشووترماندا، لەجەندرمەی تورکی زۆرمان لەبەزمی بەهانە وئیهانە وماتەڵکردن وپێشێلکردنی هەست ومۆراڵی تاک دیبوو، لامان ئاسایی ببوو وەک ئاوخواردنەوە لەگەڵی ڕاهاتبووین، هەروەها لامان عەجایب نەبوو ، چونکە هێند تیاتر وفلیم لەسەر ڕەفتاری فاشییە ئەوروپاییەکانی جەنگی جیهانی دووهەم دیبوو، دەمێک بوو لە تورکی فاشی پێش بینی دەمان کرد. ئەوەی بەڕاستی جێگای ترس بوو، جەندرمەکانی سەرئاوی خاپوور بوو کەسنوری درۆی بەتۆپزی داریژراوی جیاکردنەوەی گەلێکە بۆ دووان کرد بوو. " کوردی عێراق و کوردی تورکیا " بوو. منالەکانم وەک زۆربەی منالانی ئەوروپا حەزیان بەیەک گرتن وئاشتی وخۆشەویستی نێو وڵاتانن دەکرد. بەڵام هەمیشە لەو مەرزە دەترسان دەیان گووت؛ بابە کوردستان زۆرخۆشە لەماڵی بابە حاجی هەرگیز تاقەتمان ناچێت، بەڵام کاتێک لەوسنورە تێدەپەڕدەبین، بیری پاریس دەکەین، کەیفمان پێدێ لەو ساتەدا بگەڕێینەوە بۆ پاریس. لەدڵی خۆمدا دەمگووت؛ ناحەقتان ناگرم لەو کاتە هەرەناخۆشەدا، کە مرۆڤ هەست وشعووری لەمردن نزیک دەبێتەوە، تف لەمرۆیی خۆی دەکات. بیری پاریسی نازدارتان دەکەوێتەوە. بەڵام باوکە حەسرەت دیدەکەتان کاتێک ئەم مەرزە دەبینێت بیری چاڵی جەرگی پیرێژن و ژنە گەرمیانێکەی دەکەوێتەوە، کە لەدامێنی نووگرە سەلماندا فرێدرابوو، بەزەبری ڕەشەبای بیابان بەلم داپۆشرابوو. لەو بیابانی کاکی بەکاکییەی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئێراکدا، بەخوێنەگەشەکەی خودی خۆی. لەتۆوێی گوڵیناو فەقیانەکەی، گوڵێکی سور هێزی ئەو لمە وشک وگەرمەی بڕیبوو، بەسروشتی لەبری ئاو بەخوێنی خودی خانمی ئەنفال کراو گوڵ گەشابۆوە.

بڕوانە: لاپەڕە 7

چەکوشەکەی دایە دەست شۆفێرەکەمان، بەسەریدا قیڕاندی و بەتورکی چەند وشەیەکی پێگوت: شۆفێرەکە چەکوشەکەی بەڕێزەوە لێوەرگرت، بەچەکوش بەربووە کوتانی سەروگوێلاکی تەپڵەکە

پاشماوەی لاپەڕە 6

شۆفێرەکە پێش ئەوی بگەینە مەرزەکە وەک هەمیشەی قەوانی نەڵێن کوردین وبۆکردستان ئەگەڕێنەوەی پێشکەشکردینەوە، بڵێن: عێراقین وبۆ عێراق دەگەڕێینەوە. هەروەها گوتی: بەمنااڵەکانت بڵێ کەقەوم فەرەنسین، وە خۆت عێراقیت، تا زوو دەربازبین، ئەدی زۆر دوامان دەخەن و ڕەنگە نەیەڵن بچنە ئەوديوەوە، بتان گەڕێنەوە. گەیشتینە مەرزو ئیهانە وپێشێل کردنی کرامەت کراین. جانتای سەفەر وکەلوپەلەکانمان پاش چەن ژەم پشکنین، داگرتن وبارکردنەوەی، دیسانەوە جەندرمەیەکی ئێسک ئەستوری ڕەزاگرانی ناشرین هات. بەئیشارەو ڕەمز گوتی؛ ئەوجانتایە بکەنەوە، بەپەلە جانتامان کردەوە.

ناو جانتای دی ڕەنگێکی هانی و برد، قیڕانی ولەگەڵ ڕەمزی ئاخافتنی دەست ڕاوەشاندا؛ ئەوە چییە؟ ڕەهێڵی کورم، بەپەلە بەفەرەنسی گوتی: مسیۆ ئەوە تەپڵە. جارێکیتر هەردووکمان، کورەکەم و من بەیەک دەنگ و بەزەردەخەنەوە گوتمان؛ مسیۆ ئەوە، تەپڵە.

جارێکی تر قیرانی،

–ئەوەچییە؟

بەهەردووکمان، بە هیما ودەست ڕاوەشاندن،

–تەپڵە.

لێمان نزیکبۆیەوە و بەهێزتر ئەی قیران. ئێمەش وەک قومبەلەمان بۆبژمێرێ هێچ حاڵی نەبووین. ئەمان گووت:

–تەپڵە.

شۆفێرەکەمان بەپەلە لێمان نزیک بۆوە و بەداماوی و کزییەوە گوتی:

–پەرۆ زەرد و سوور و سەوزەکە دەڵێت، کە پێستەکەی لە داری تەپڵەکە شەتەک داوە. یەکسەر تێگەیشتم مەبەستی ئاڵای کوردستانە. لە حەسرەتا بەفەرەنسی وتەم بۆ هات؛

–ئەو تەپڵە ئەفەریکاییە و لەئەفەریکا لە کامروون کڕیوومانە، لەهەندێ ناوچەی ئەفریکا تەپڵ بەپەرۆی ڕەنگاو ڕەنگ دەرازێنینەوە. هەڵی کوتایە سەر تەپڵەکە وەک لەجەنگی بەدر و حونەین دابێت، یا پەلامارى رابیعەی عەدەوی بدات، هەڵی گرتوو ڕۆیشت. بەدەم ڕۆیشتنێوە تەنیا وشەی تێرۆریست!!، تێرۆریستی!! بوو. دەمێکی بوو تێگەیشت بووم: ڕەنگی سەوز و زەرد و سور پەرچەمی کوردی تێرۆریستە. کوڕەکەم بەداماوییەوە لێی پرسیم؛ باوە بۆ تەپڵەکەی برد؟ نامانداتەوە؟ تەپڵ یاساخە؟ ناکوڕم تەپڵ یاساخ نییە، پەرۆی زەرد وسور و سەوز یاساخە. ئەو پەرۆیەی پێستی ئاسکەکەی لە داری تەپڵەکە قایم کردوە، نەدەبوو زەرد و سور و سەوز بووایە. دەبوو وەک هەموو ژیانی کورد!!، ڕەش بووایە. کوڕ و کچەکەم بەو گەرمای هاوینە لەترسا دەڵەرزین. بەوە ڕازیبووم تەپڵەکە حیجز کەن و نەمانەدەنەوە. بەکوڕەکەم گوت گوێمەدەرێ لە سلێمانی دانەیەکی ترت، پەرۆکەی ڕەش بێت بۆت دەکرم.

کوڕەکەم وەڵامی نەدامەوە. چاوی بریبووە ئەو ژوورەی جەندرمەکە بە تەپڵەکەوە خۆی تێخزاندبوو. پاش دوو هەناسە جەندرمەکە تەپڵەکە بەدەستێکییەوە و بەدەستەکەی ترییەوە، چەکوشێکی گەورەی پێبوو. هاواری لە شۆفێرەکەمان کرد و تەپڵەکەی بەهەموو هێزی بەزەویدا فرێیدا.

منداڵەکانم داچڵەکین و ئەوەندەی تر خەفەت باریکردن، وەلێ تەپڵەکە دەنگێکی حەزینی ئاژەڵێکی تەنیای شەوانێکی درەنگی لێ بەرزبۆوە و نەشکا. جەندرمە تورکەکە دەتگوت بایەقوشی نیوەشەوە هەر قیرە قیڕی بوو. چەکوشەکەی دایە دەست شۆفێرەکەمان، بەسەریدا قیڕانی و بە تورکی چەند وشەیەکی پێگوت. شۆفێرەکە چەکوشەکەی بەڕێزەوە لێوەرگرت. بەچەکوش بەربووە کوتانی سەروگوێلاکی تەپڵەکە. لەگەڵ هەر چەکوش وەشانێکدا، وەک مۆسیقایەکی سەفۆنی مۆزارد، تەپڵ مۆسیقای بەرگری لێبەرز دەبۆوە، ئەوەندەی تر منداڵەکانم هەڵ دەلەرزین و بەسیمایاندا خەفەتبار تر دەبوون. تەپڵەکەی لەو کاتەی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد. سەیری منداڵەکانم کرد چاویان بەهەردوو لەپی دەستییان گرتبوو.

–گوتم، ڕۆڵەکانم تەواو ئێستا دەڕۆین.

(1) 14ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ڕەهێڵدا تێپەڕی.

(2) ساڵی ٢٠٠٦ ڕەهێڵ لە گەشتێکدا لە شاخەکانی کەشمیر ژیانی تەواوبوو. ئێستا گۆڕەکەیی لەگۆڕستانی پییەرلاشێز لەپاریسە.

دوو هۆی سەرەکی پاڵی پێوەنام ئەم نوسراوەی بەردەمتان بنووسم:

١– (جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی فیگارۆی فەرەنسیدا، لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، ڕایگەیاند: جیهان گۆڕاوە و سەردەمی گیڤارا کۆتایی هاتووە، بۆیە بە چەکدارانی پەکەکە دەڵێم؛ بڕۆن لە پەرلەمانی تورکیا وتوێژی دیموکراسی بکەن."

٢ (کۆچی دوایی ڕەهێڵی کورم (١٩٨١–٢٠٠٦).

جێگۆڕکێی دەقی کراوە و دەقی داخراو



نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

لە سیمینارێکی هاوبەشماندا لەگەڵ پ.د.نیان نەوشیروان مەستی بەنێوی"جێگۆڕکێی دەقی کراوە ودەقی داخراو"، کەبەزمانی عەرەبی پێشکەش بەماموستایانی بەشی عەرەبی کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیکرا، لە ڕۆژی 2019/5/6، لەلایەکەوە ئاماژەمان بەودا کەئارگیومێنتی نێوان دەقی کراوە ودەقی داخراو کۆتایان پێدێت ئەویش بەوەی دەقی کراوە، دەشێت، بەیەک مانایی دابخرێت و دەقی داخراویش بەفرە مانایی کراوە بێت، لەلایەکی تریشەوە ئاماژەشمان بەودا، کە هەموو دەقێک بەکۆن و تازەوە دەچێتە نێو چەمکی دەقی کراوە و دەقی داخراو، ئەمەش لە کاتێکدا دەقی کراوە، کە لەبنچینەدا پەیوەستە بە دەقە گێڕانەوەگەرییەکان،د ەچێتە نێو دەقە تازە و تازەگەرییەکان، هەروەک ڕۆلان پارت (1915 –1980) 1 ئاماژەی پێداوە بەوپێیەی پڕۆسەی دەقی کراوە پڕۆسەیەکی بابەتگەرایی و ئەزموونگەرایی و ئایندەگراییە و پڕکردنەوەی ناوەڕۆکەکان کردارێکی سروشتی نییە و بەچەندین وێنەی جۆراوجۆری هونەری کارەکان دەچن بەڕێوە. بەپێچەوانەوەشەوە دەقی داخراو زیاتر مەیلی بەلای دەقە کۆنەکاندا دەڕوات، کە یەک مانایی ناوەڕۆکی دەقەکان دەبەن بەڕێوە، بەمە دەگوترێت" دەقە تاکگەراییەکان." بەر لەهەموو شتێک، دەقی ئەدەبی بەشێوە گشتییەکەی، بریتیە لەتەوەرێکی هەرە گرنگی بیرکردنەوە قوولەکان، کە جیاوازە لەبیرکردنەوە سادەییەکانی تێڕای خەڵکی. هەر لەبەر ئەمەشە دەستنیشانکردنی ماناکانی، لەلایەن ڕەخنەگرانەوە، کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە لەلایەکەوە دەقەکان دەچنە نێو پڕۆسە ڕەخنەییە جیاجیاکانەوە و هەر ڕێبازێکی ڕەخنەیی و جۆرێک لەهەڵسەنگاندن و تێگەیشتن. لەلایەکی تریشەوە هەر بواڕێکی مەعریفی خاوەن ئامانجێکی فیکری و هونەری و سیاسی و سۆسیۆلۆژی تایبەت بەخۆی هەیە. ڕوبیرت دیبۆگراند (1946–2008) لە کتێبی "دەروازەیەک بۆ زمانی دەقگەرایی" جەختی لەوە کردووە، کە دەقی ئەدەبی لەبنەڕەتدا کارێکی مەعریفییە، چونکە ناوەڕۆکەکانی داپۆشراوە بەکۆمەڵێک لەتۆڕە زانیارییەکانی سۆسیۆلۆژیا و فیکر و سیاسەت. ئەمەش بەو مانایەی، کە ڕەخنەگران نەتوانن پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ دەقی ئەدەبی ئەنجام بدەن، بەوپێیەی دەقەکان توانای بڕینی ماناکانیان هەیە و لەهەمان کاتیشدا جیاوازییەکان لەنێوان خۆیاندا دروست دەکەن، وەک ئەوەی هەر دەقە، لەڕووی زمان و فەرهەنگ و شێواز دەربڕین، خاوەن کەسێتی و بنەما و ستراتیژییەتی خۆیەتی. لێرەدا ئەوەی مەبەستی ئێمە بێت دابەشبوونی دەقە بەسەر دوو ڕەهەندی بیرکردنەوەدا: یەکەمیان: دەقی کراوە و دوهەمیان: دەقی داخراو. ئیمبێرتۆ ئیکۆ (1932 –2016)، کەڕۆلێکی بەرچاوی بینیوە لە گەورەکردن و گەشەی ئەم دوو زاراوەیە لە کتێبەکانیدا بەنێوی "کاری کراوە" و"خوێنەر لەحیکایەتدا" هەمیشە جەختی لە پێگەیاندن و دامەزراندن و ڕۆڵی وەرگر کردووە، کە دەتوانێت نهێنییەکانی دەق، بەدەر لەخاوەنەکەی، ئاشکرا بکات. لەهەمان کاتیشدا ئاماژەشی بەوەداوە، کە چەق (مرکز) و مەبەستێتی (قصدیە) بوونێکی دیاریکراویان لەدەقدا نییە. لەم ڕووەوە دەڵێت: دەقی کراوە زیاتر لە مانایەک لەخۆدەگرێت، بەپێچەوانەی دەقە داخراوەکان کە زۆر دەگمەنن و زیاتر خۆیان لە دەقە یاسایی و زانستییەکاندا دەبینرێنەوە. کەماناکان بەبێ گریمانەکان، تیایاندا جێگیرن. واتە مەبەستێتی بڵێت: کەدەقی کراوە لە دایکبووی چەندین بارودۆخە، کە ناکرێت لەنێو بازنەیەکی مانایی جێگیردا کۆیان بکەیتەوە. ڕۆلان پارت یش هەڵگری هەمان پەیامە بەوەی دەق خاوەنی چەندین دەروازەیە کە نازانین دەروازە سەرەکییەکە لەکوێدایە. لەهەموو ئەمانەدا دەگەین بەو ئەنجامەی، کە وەرگر یان خوێنەر کارێکتەرێکی ئێکتیڤە بۆ ڕاڤەکردن و فراوانکردن و تەسکردنەوەی مانای دەقەکان.

بۆل ڕیکۆر (1913– 2005)، ئاماژەی بەوەداوە کە خوێندنەوە لەلایەن خوێنەرەوە، بەمانای بەستن و گرێدانی گوتاری نوێیە، بەگوتاری دەق کە ئەمە جۆرێکە لە دریژەپێدانی ڕاڤەی دەقەکان. لێرەدا تۆدۆرۆڤ (1939–2017)، باوەڕێکی لادروست بووە، ئەویش بەوەی دەقی داخراو زیاتر پەیوەستە بەدەقە داهێنەرەکان و دەقی کراوەش بۆ دەقە ڕەخنەییەکان، کە دەتوانێت لەنێو یەک دەقدا چەندین چەقی جیاواز بخوڵقێنێت. هەر ئەمەش وایکردووە، کە بڵێت جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان گێڕانەوەی بەرهەمهێنەر و گێڕانەوەی خوێنەر، یان لەنێوان خەیاڵی بەرهەمهێنەر و خەیاڵی خوێنەر. جولیا کریستیڤاش، کەیەکێکە لە پێشەنگەکانی زانستی دەقناوێزان، خاوەنی هەمان ڕایە، بەتایبەتی لەپڕۆسە دەقناوێزانەکەیدا، کە پێکهاتەی دەق پێکهاتەیەکی فرە دەقییە، یان دەقەکان توانای بڕینی خۆیانیان هەیە. بەئاڕاستەیەکی تر، ڕەخنەگران، هەتا ئەمڕۆکە، لەسنووری یاساکانی دەقی کراوە و داخراودا لادانیان ئەنجام نەداوە، بەڵام لە پشت بۆچوونەکانیانەوە، چەند پرسیارێک لای ئێمە، دێنە پێشەوە بەنموونەی:

–ئایا دەقی کراوە بەکراوەیی دەمێننەوە بەبێ داخستن ؟

–ئایا دەقی داخراو بەداخراوەیی دەمێننەوە بەبێ کراوەیی؟

–ئایا پەیوەندی سیمیایی و دراوسێیەتی لە نێوانیاندا هەیە، یان پەیوەندییەکان بەدژایەتی ماونەتەوە؟

– ئایا دەقی کراوە ئاڵۆزە یان دەقی داخراو؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و زیاتریش، پێویستمان بەپراکتیزەکردنی نموونەکانە. سەرەتا بەڕستەیەکی کرداری تێپەڕەکان دەست پێدەکەین، کە دەڵێت "ئازاد ڕۆشت بۆ بازاڕ"، گەر ئەم ڕستەیە بدرێتە دەست خوێنەرێکی سروشتی یان سادە ئەوا مانای زۆر هەڵناگرێت، بەڵکو ڕستەکە، جگە لە ڕۆشتنی ئازاد بۆ بازار هیچ مانایەکی تری لەپشتەوە نییە، بەڵام گەر هەمان ڕستە بدرێتە دەست خوێنەرێکی بە ئەزموون و نموونەیی، ئەوا پرسیارەکە چەندین مانا لەخۆ دەگرێت، وەک ئەوەی ئەم ئازادە کێیە؟ منداڵە یان هەرزەکار و پیاو؟ بۆچی جەخت لەسەر ئازاد کراوە و ناوی کەسی تر نەهاتووە؟

واتە تایبەتمەندی ئازاد لە ڕۆشتن بۆ بازار چییە؟ دواتر پرسیار لەوە دەکرێت کە بۆچی ئازاد ڕۆشت بۆ بازاڕ! جۆری بازاڕەکە چییە و چیش دەکرێت! گۆشت یان سەوزە، یان بۆ بەسەربردنی کات، یان بۆ بینینی کەسێک ! بازاڕەکە دوورە یان نزیک!؟ پەیوەندی قسەکەر بە ئازادەوە چییە؟ یان بەچ مەبەستێک قسەکەر ئاماژەی بە ڕۆشتنی ئازاد کرد!؟ قسەکەر کێیە و نزیکایەتی ودراوسێیەتی و بەرژەوەندی لەگەڵ ئازادا چیە..؟ هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن، کە ڕستەکە لەیەک کاتدا ڕستەیەکی داخراو و کراوەیە.

قوبادی جەلیزادە لە شیعرێکدا دەڵێت:

من و نیشتمانە زەلیلەکەم لەیەک دەچین

ئەو هەر ڕۆژە پیاوێک داگیری دەکات و منیش هەر ڕۆژە ژنێک

جارێکی تر گەر ئەم دیمەن و وێنەیە بدەیتە خوێندەوارێکی ئاسایی ئەوا سەرەتا، بەبێ هیچ پێوەرێک، دەڵێت شیعرەکە شیعرێکی زۆر جوان و پڕ مانایە، بەڵام کە پرسیاری لێدەکەیت جوانییەکەی لە کوێوە هاتووە، یان لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە..؟

جێگۆڕکێی دەقی کراوە و دەقی داخراو

پاشماوەی ل 8

ئەوا وەڵامێکی ڕەخنەیی و لۆژیکی پێ نییە. ڕەنگە بەپێی گریمانەکان،بڵێت مەسەلەکە داگیرکردنە و هەمووان بەنیشتمانیشەوە داگیر کراوە. خۆ ئەگەر لە دەرەوەی کەسە ئاساییەکانیش گوزارش لەم دەقە بکەین، ئەوا بێبەشبوون تەوەرێکی سەرەکییە. واتا نەبوونی ئازادییەکان هۆکارێکە بۆ خوڵقاندنی چەمکی بێبەشبوون. بەمەش دەقەکە خۆی لەم مانایەدا دەبینێتەوە و قابیلی ڕاکێشان نییە. بەڵام گەر هەمان دەق بخەینە ژێر زانیارییە تیۆرەکانی ڕەخنەوە، بەتایبەتی تازەگەراییەکان، ئەوا چەندین مانا لەخۆ دەگرێت. یاساکانی لۆسیان گۆڵدمان(1913 – 1970) لەبواری بونیادە خوڵقێنەرەکان ئەوە دەردەخەن، کە قوبادی جەلیزادە لە دەقەکەیدا هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان سۆسیۆلۆژیا و داهێنانە ئەدەبییەکان بەهێز بکات، ئەویش بەوەی تێکڕای خەڵکی تێبگەیەنێت، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان ڕەنگدانەوەیەکی سادە و ساکاری هەستی دەستەجەمعیەکی خۆمالّی نییە بەڵکو لەوەش زیاتر مەسەلەکان گونجاندنێک لەگەڵ دیدە جیهانییەکاندا دروست دەکات. لێرەدا جەلیزادە جەخت لەسەر بازنە گەورەکەی واقیعە سۆسیۆلۆژیاکە دەکات، نەک دەرخستنی هێزی خودی تایبەت. بەمانایەکی تر، بەپێی بۆچوونەکانی گۆڵدمان، مەسەلە گشتییەکان لەڕێگەی هەوڵە تاکییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بەبەرژەوەندی تێکڕای خەڵکییەوە هەیە. ئەوەتا قوبادی جەلیزادە خۆی دەکاتە تاقیگەیەک، یان نموونەیەک بۆ مەسەلە گەورەکە کەنیشتمانە. واتە لەڕێگەی قوربانییەک بەخودی خۆی دەیەوێت تاکی کوردی ئاگادار بکات، کە نیشتمانەکەی هەمیشە لەژێر هەڕەشەی هێزی داگیرکەراندایە و زەلیلیش سیفەتێکی هەرە گرنگی داگیرکردنەکەیە. بەمەش خودی خۆی دەبێتە دەمامکێک بۆ مەسەلە گەورەکە. گۆڵدمانیش لە تیۆرەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە، کەدەقی ئەدەبی لەبنەڕەتدا هەڵگری کۆمەڵێک سەرچاوەلێگرتنە (مرجع)، کە لەسەر بنەمای ئارگیومێنتەکان دامەزراون، بەتایبەتی مەسەلە سیاسی و فیکری و ئابووری و سۆسیۆلۆژییەکان نەک مەسەلە سۆزداریە تایبەت و خودییەکان، لێرەشەوە دراوسێیەتییەک دروست دەبێت لەنێوان بونیادە هونەرییەکان و بونیادە فیکرییەکان، بەهەموو جۆرەکانییەوە. بەمانایەکی تر، بەپێی بۆچوونەکانی گۆڵدمان، مەسەلە گشتییەکان لەڕێگەی هەوڵە تاکییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بەبەرژەوەندی تێکڕای خەڵکییەوە هەیە. ئەوەتا قوبادی جەلیزادە خۆی دەکاتە تاقیگەیەک، یان نموونەیەک بۆ مەسەلە گەورەکە کەنیشتمانە. واتە لەڕێگەی قوربانییەک بەخودی خۆی دەیەوێت تاکی کوردی ئاگادار بکات، کە نیشتمانەکەی هەمیشە لەژێر هەڕەشەی هێزی داگیرکەراندایە و زەلیلیش سیفەتێکی هەرە گرنگی داگیرکردنەکەیە. بەمەش خودی خۆی دەبێتە دەمامکێک بۆ مەسەلە گەورەکە. گۆڵدمانیش لە تیۆرەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە، کەدەقی ئەدەبی لەبنەڕەتدا هەڵگری کۆمەڵێک سەرچاوەلێگرتنە (مرجع)، کە لەسەر بنەمای ئارگیومێنتەکان دامەزراون، بەتایبەتی مەسەلە سیاسی و فیکری و ئابووری و سۆسیۆلۆژییەکان نەک مەسەلە سۆزداریە تایبەت و خودییەکان، لێرەشەوە دراوسێیەتییەک دروست دەبێت لەنێوان بونیادە هونەرییەکان و بونیادە فیکرییەکان، بەهەموو جۆرەکانییەوە. قوبادی جەلیزادەش لەڕێگەی ئاماژە خودییەکانەوە دەیەوێت بچێتە جیهانە دەرەکییەکە، کە پەیوەندی بەتێکڕای خەڵکییەوە هەیە، بەڵکو خواستەکان خواستێکی تاکگرایی نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەشاعیر لەهەوڵی ئەوەدایە هەڵوێستە تایبەتە خودییەکان، کە خۆیان لەئافرەتدا دەبینێتەوە بگوێزێتەوە بۆ هەڵوێستە مێژوویی و فیکرییەکان، کە نیشتمانە. لەم ساتە وەختەدا ئەم جۆرە تێگەیشتنە هاندەرێکە، بۆ پەیوەندی خود بەبابەتەوە. یان بەلکاندنی بابەت بەخودەوە، چونکە کارەکە بەتێگەیشتنە فیکرییەکە، بریتیە لە پەیوەندییە ئایدیۆلۆژییەکان، کە هەندێک جار بەشێوە ناڕاستەوخۆکە کاری لەسەر دەکرێت، هەروەک نزار قەبانی کاری لەسەر کردووە، (بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە لێکۆڵینەوەی پ.د.نیان نەوشیروان مەستی بەنێوی "الاستقطاب التحویلی فی شعر نزار قبانی، مجلە جامعە تکریت للعلوم الانسانیە، المجلد 12 ، 2005").

گەر هەمان دەق بخەینە ژێر هێڵکارییەکانی تیۆری هاوکێشە بابەتییەکەی ت.س.ئیلیۆت (1888–1965) ئەوا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دەربڕینە سۆزدارییەکان بەهۆی زمانە شیعرییەکەوە بەلاوازی دەبینرێت. ئەمەش بەو مانایەی،کە دەربڕینە سۆزدارییەکە بەشێوە ناڕاستەوخۆکەی کار دەکات. بۆ نموونە، جەلیزادە سۆزەکەی دابەشکردووە بەسەر دوو جەمسەری جیاواز، نیشتمان و ئافرەت، کە نازانرێت تای تەرازوو بەلای کامیاندا دەشکێتەوە بەوپێیە هەردووکیان لەڕووی هێزەوە یەکسانن، یان هەردووکیان لەیەک کاتدا بریتین لەچەقی بیرکردنەوەکانی شاعیر و پیرۆزن. ئیلیۆت دەڵێت: تەنها ڕێگەیەک بۆ دەربڕینە هەڵچوونییەکان کارکردنە لەسەر وێنە هونەرییەکان، کە دەتوانێت کۆمەڵێک مەسەلە بخاتە ڕوو، لەهەمان کاتیشدا چارەسەریشیان بکات. واتە کەرەستە هونەرییەکە، کە خۆی لەلێکچوونەکاندا دەبینێتەوە (نیشتمان+ ئافرەت) کردارێکی کەسێتی و تایبەت نییە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی دەقەکەوە هەیە، نەک خودی شاعیر، گەر پەیوەندی بە شاعیریشەوە هەبێت، ئەوا بەشێوە ناڕاستەوخۆکە خۆی نمایش دەکات. لێرەدا هاوکێشەکە لەنێوان خودی شاعیر و بابەتدا بەدەردەکەوێت، ئەویش بەوەی جۆری هاوکێشەکە خۆی لە کاریگەرییە تەواوکارییەکاندا دەبێنێتەوە، نەک دژایەتییەکان یان پێچەوانەییەکان. بەمانایەکی تر، بابەتە سەرەکییەکە(نیشتمان)، کە لەبیر و هزری شاعیردا قەتیس ماوە، لەساتەوەختە پێویستەکاندا جووڵە بەخودی شاعیر دەدەن، کە هەستی خۆی تێکەڵ بەو بابەتە بکات. لەم گۆشەیەوە گەرچی هەردوو چەمکی نیشتمان و ئافرەت بەڕوالّەت جیاوازە، بەڵام لەلایەکەوە، هەردووکیان لەیەک پرۆسەی ئایدیۆلۆژیایدا یەکدەگرنەوە، وەک ئەوەی ئافرەت سروشتێکی کاریگەری نیشتمان بێت و نیشتمانیش بەبێ هێزی ئافرەت جوانییەکانی خۆی لەدەست دەدات. لەلایەکی تریشەوە، قوبادی جەلیزادە وەک سۆفیسیزمەکان، بەنموونەی ئیبن عەرەبی، جوانی مەبەستێتی (خودا+ نیشتمان) لەجوانی ئافرەتدا دەبینێتەوە. لێرەدا ئافرەت کەدەنگی ویژدان و سۆز و جوانییەکانە، توانای شاردنەوەی مەبەستێتی هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە دەقەکە لەسەر بنەمای هونەری ڕەوانبێژی و هێماگەری و زمانەوانی دامەزراوە، کە شاعیر لەدەربڕینە شیعرییەکەیدا نایەوێت وێنەکان بەشێوازی عەفەوی بخاتە بەردەم خوێنەرەوە، ئەمەش بەومانایەی کە دەقەکە خۆی لەتاکگەرایی ڕزگار دەکات و دەچێتە بواری دەقێکی کراوە، بەڵکو ئەم شێوازە لەبەکارهێنان تەوژمێک بەخوێنەر دەدات، کە هەمیشە بەدوای نهێنی وێنە مەبەستییەکەدا بگەڕێت. ئەمە تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی جولیا کریستیڤایە، کە دەڵێت" دەقی کراوە دەقێکی ئاسان و بێ کێشەیە بەپێچەوانەی دەقی داخراو، کە دەقێکی ئاڵۆزە و هەڵگری تەنها یەک مانایە." لەم نووسینەدا تێکڕای بۆچوونەکەمان خۆی لەوەدا کۆدەکاتەوە، کە هێڵی سوور لە نێوان دەقی کراوە و دەقی داخراودا بوونیان نامێنێت. بەدیدێکی تردا، دەقەکە ئاسان بێت، یان ئاڵۆز، ئەوا لەیەک کاتدا هەڵگری فرە مانایی و تاکگەراییە. واتە خوێندنەوەی هەر دەقێک لە لایەن خوێنەرێکی بە ئەزموون دۆخێکی تاکگەراییە، بەڵکو هەر خوێندنەوەیەک خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و هەستکردنە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر خوێندنەوەیەک دژایەتی لەگەڵ خوێندنەوەیەکی تردا هەیە و هەر خوێندنەوەیەکیش خاوەن پێوەری هەڵسەنگاندنی جیاوازە. لەهەمان کاتیشدا، گەر ئەم جیاوازییە خوێندنەوەییە، کۆیان بکەینەوە، ئەوا بەمانای فرە خوێندنەوەیی دێت. بەدیوێکی تردا، ئارگیومێنتی نێوان دەقی کراوە و دەقی داخراو کۆتایی بەسنوورەکانی نێوانیان دێنێت، لێرەشەوە لە ئەرک و کارنامەدا، هەردوو زاراوە، لەڕووی هێز و قورساییەوە، یەکسان دەبن، هیچیان لەوی تریان ئاسان یان ئاڵۆزتر نین.

تێبینی: لەئایندەیەکی نزیکدا ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە خۆی لە لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی ئەکادیمیدا دەبینێتەوە.

چالاکی ئەدەبی و هونەری کورد لە تاراوگە.....چالاکی ئەدەبی و هونەری کورد لە تاراوگە

باسێک لەلایەن هۆڵی مۆرگن مەیسن، سەبارەت بە شـــــیعری ژنانی کورد

لە زانکۆی ئەریزۆنا لە ئەمەریکا پێشکەشکراوە. تیایدا ئەزموونی شیعریی د.چۆمان هەردی و کەژاڵ ئەحمەد و تەریسی فوئاد و هێرۆ کوردە، خراونەتە ڕوو. هەر لەو باسەدا و بۆ ناساندنی ئەدەبیی کوردیی باسی ئەزموونی مامۆستا شێرکۆ بێکەس و جەمال غەمبار کراوە. تیشکیش خراوەتە سەر پرۆژەی کەشکۆڵی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و هەوڵەکانی ئالانە ماری لیڤنسون لابرووس بۆ ناساندنی شیعری کوردیی لەڕێی وەرگێڕانی چەندین دەقی کۆن و نوێوە بۆ زمانی ئینگلیزیی.

بەیەکگەیشـــــتن و دیدارێک لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی کوردیپیدیا

لە دەستپێکی ساڵی نوێ و وەرزی نوێی چالاکییەکانی یانەی کوردیی "میدیـــا" لە هۆڵەندا، یانەی کوردیی "میدیـــا" لە شاری دەنهاخ ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی 25-01-2020 کات 14:00 دووی پاشنیوەڕۆ بەیەکگەیشتن و دیدارێکی بۆ بەڕێزان (هاوڕێ باخەوان) و هاوکارانی لە ڕێکخراوی کوردیپیدیا ڕێکخستووە، کە تیایدا تیشک دەخەنە سەر: زانیاری چییە؟ سەرچاوەکانی چین؟ بۆچی گرنگە، چۆن بەڕێوەیدەبەین و دەیپارێزین...! تا لە گفتوگۆیەکی لێبراوانەدا، ڕووبەڕوو، لەگەڵ ئامادەبووواندا زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن. کۆڕەکە لە شاری دەنهاخ، لەم ناونیشانەی خوارەوە ساز دەکرێت:

Melkwegstraat 2, 2516 AJ Den Haag

بۆ پەیوەندی بە هۆی ئەم ئیمەیڵ ئەدرێسی "میدیـــا"ەوە:

kvn.midia@gmail.com

چالاکی ئەدەبی و هونەری کورد لە تاراوگە.....چالاکی ئەدەبی و هونەری کورد لە تاراوگە

دیوانێکی کەژاڵ ئەحمەدە بەزمانی نەرویژیی

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی cappelen ی نەرویژیی کە لەساڵی 1829 دامەزراوە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا. کۆمەڵە شیعرێکی کچە شاعیری کورد خاتوو (کەژاڵ ئەحمەد) ی بە زمانی نەرویژیی بەچاپ گەیاند، خانەی ناوبراو لە زنجیرەی چاپکراوەکانی شیعری سەدەی بیستەمی تایبەت بە ژناندا تائێستا (13) ژنە نووسەری لە سەرانسەری دنیادا بە خوێنەرانی وڵاتەکەی ئاشناکردووە کە ئەم خانمە کوردە یەکێکە لەو سیانزە قەڵەمەی نووسینە کانیان ئاوێنەی مەینەتیی وڵاتەکەیان و دەنگیی ژنانەی سەردەمە. دیوانی (EROBRINGER)ی واتا (فتوحات) لە لایەن (Hawdam Salih Jaf, Inger Østenstad) کاک هاودەم سالح جاف و خاتوو ئینگەر ئوستنستاد ی هاوسەریەوە وەرگێڕدراوە و بە تیراژی 1600دانە بەچاپ گەیشتووە، ئەم بەرهەمە بێجگە لەشیعرەکانی کەژاڵ لەکۆتایی کتێبەکەدا و بەقەڵەمی هەردوو وەرگێڕ ،پێشەکییەکی جوان و پڕبایەخ، سەبارەت بە ئەدەبی کوردیی بەگشتیی و مێژووی ئەدەبی ژنان لەکوردستاندا بڵاوکراوەتەوە و باس لەئەزموونی شیعریی خاوەنی کۆمەڵە شیعرەکە کراوە. سەبارەت بەم هەوڵ و هەنگاوە گرنگەی بەرەوپێشچوونی ئاستی شیعری کوردیی لەدنیای دەرەوەدا و دەربارەی ئەم کۆمەڵە شیعرە، کەژاڵ ئەحمەد پێی وتین " بەم دەستکەوتە ئەدەبییە بەرلەوەی شانازییەکم بۆ خۆم دەستەبەر کردبێت خۆشحاڵم بەوەی سەروەرییەکم بۆ وڵاتەکەم بەدەستهێناوە، لە وەڵامی نامەیەکیشدا کە مانگی یەکی ساڵی پار (2004) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی cappelen بۆیان ناردبووم و داوای ڕەزامەندییان لێکردبووم بۆ چاپکردنی کۆمەڵە شیعرێکم بۆم نووسیبوون: ئێوە بەم پرۆژەیەتان یارمەتیی ئێمەدەدەن کە پێتان بڵێین وڵاتەکەمان بێجگە لە ئازار و مەینەتیی وڵاتی شیعریشە" کەژاڵ شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی(ئینگلیزی، ئەڵمانیی، نەرویجیی، عەرەبیی، فارسیی، تورکیی) خاوەنی دەیان گوتارو لێکۆڵینەوەو دیدار و ڕیپۆرتاژ و گۆشەی تایبەت بە مەسەلەکانی ژنانە، کە لەپاڵ شیعرەکانیدا لە گۆڤار ورۆژنامەکانی کوردستان، وڵاتانی تردا بڵاویکردوونەتەوە.

https://www.cappelendamm.no/_erobringer-kajal-ahmad-9788202...

1- سایتی مالێک لە ئاسمان ساڵی 2005.

2- خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی Cappelend .

3- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ 2005.

کتێبەکانی نیهاد جامی

نیهاد جامی.. لەدایکبوی 5 ی ئاداری 1972 گەڕەکی حەمام عەلی بەگی شاری کەرکوکە.. سەرنوسەری گۆڤاری شانۆکار بووە.. ئێستاتا لە وڵاتی پۆڵۆنیا دەژی، خاوەنی کۆمەڵێک خەڵاتە: وەک باشترین دەرهێنەری فیستفاڵی شانۆیی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ساڵی 1995 لە هەولێر.. خەڵاتی ناوەندی ئەندێشە ساڵی 2014 وەک شانۆکاری ساڵ.. ئەو بەرهەمانەی وەک دەرهێنەر نمایشکردووە لەشاری هەولێر (لەماڵێکدا، ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات، سەفەرەکانی پەشیمانی، عەبا، لیدی ماکبێس، یادەوەری جەستە). لەشاری کەرکوک نمایشەکانی (پرۆژەیەکی شانۆیی بۆ چاوەروانی گۆدۆ، خاچ، سەگ و دەف، زوڵێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوک، یادەوەری دەنگ، ئۆدیبی زەردەشت، حیکایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەڵا، دەستنوسێکی شانۆیی، هاواری پیاوێکی سەرپێی، پارانەوە، مۆسیقارێکی ماندوو، تەنیایی خۆر ئاوابوون). لە تونێلی دەبەرندیخان شانۆگەری (تونێل) لە ڕانیە شانۆگەری (جوانترین مردن). لە کۆیە (یادەوەری دەنگ/2). لە هەڵەبجە (شەرابی سێو).

کتێبە چاپکراوەکانی نیهاد جامی:

1- خودی کوردی.

2- لەبارەی شێخ زانا (بەهاوبەشی زیرەک عەبدوڵڵا).

3- ڕەخنەگرتن لەمۆدێرنیتی.

4- نائومێدیەکانی شانۆ.

5- ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزمونگەری.

6- پەراوێزەکانی شانۆ.

7- شانۆی پۆست مۆدێرنیتی.

8- گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی.

9- نوسەرو نوسینەوەی زمان.

10- پلەی سفری شانۆ.

11- ئەرکیۆلۆژیای شانۆ.

12- کۆمەڵناسی شانۆ.

13- شانۆی فیمێنیستی.

14-لەئۆکتۆبەردا کوژرام.

15- من لەماڵی سەرۆک بووم.

16- کچەی خوێنەر ئەو دەقە شانۆییانەی نووسیوە "ئۆڤیلیاو وەهمی هاملێت، ئاهەنگی شوێکی قەرەجی، گیتار، کفن، کەونارا، مەسیح مریەم لەخاچ دەدات، تۆبەکارەکان، زوڵێخا لەخەونی یوسفدا، گۆچانی ڕامبۆ، کوشتنی دەزدەمونە، باڵندەکانی شالیر، پاکیزەترین سۆزانی.

ئەڵمانیا لە هاوکارمان: (موزەفەر عەزیز)ەوە..

شاعیر کێیە؟ نووسینی: فاروق هۆمەر - بەشی کۆتایی

بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لە دونیای ئێمەدا، ناوی شاعیری لێنراوە زۆر سەختە لەناو ئەو لێشاوی شاعیرانەدا بیاندۆزینەوە کە دونیای ئێمەیان پڕ کردووە لە ژاوە ژاو. سەرەتا بۆ ئەوەی شاعیر بناسینەوە، دەبێ بزانین شیعر چییە. هەر لەگەڵ فامکردنەوەی مرۆڤدا لە ڕۆژگارە تاریکەکانی بوونەوە، کە زمان هێشتا لە چەند بڕگەیێکی سادە و ساکار واوەتر نەچووە بۆ گوزارشتکردن لە پێداویستییە هەنوکەییەکانی ڕۆژانە، وێنەکێشان خولقاوە. دەشێ بڵێین وێنەکێشان یەکەمین زمانی مرۆڤبووە و هەر لەڕێی وێنەوە مرۆڤ دونیای خۆی ڕاڤەکردووە. دواتر لەگەڵ گەورەبوون و پیربوونی مرۆڤدا، ئەزموون و ڕوانینەکانیش گەورەبوون و شیعر جێگەی بە وێنەکێشان لەقکردووە و ئیدی شیعر بۆتە ئەو زمانەی مرۆڤ دونیای خۆی پێنوسیوەتەوە. هۆمیرۆس و ئێلیادە بە پێشینی ئەو بەکارهێنانە دەژمێردێن، کە نیشانی داوە شیعر هەر تەنیا دەربڕینێکی سادە نییە کە گرفتە ڕۆژانەییەکانی بۆ ڕڕ بکاتەوە، بەڵکو ڕوانین و ڕاڤەکردنی دونیاشە. شیعر تاقە کانییەک بووە پێمان دەڵێ مرۆڤێک لەوێیە، کە دەیەوێت دەربارەی ژیان و مەرگ و خودا و زەوی بدوێ و جێگەی خۆی لەناو بوواندا دیاری بکات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ ئەو پیربوون و هەراشبوونەی مرۆڤدا سەما و شانۆی دۆزیوەتەوە و ئیدی لێرەوە شیعر بە هێواشی پێگەی خۆی وندەکات. ئێمە لێرەدا ڕوانیمان لەسەر جێگەی مرۆڤ لە جیهاندا هەڵدەگرین و بە تەنیا تەماشامان بۆ کورد وەک نەتەوەیێک لەناو ئەو شەپۆلە گەورەیەی ڕۆژهەلآت دەگوێزینەوە، کە میللەتان و کلتوری جیاوازی تێدان. هێشتا کورد وەک نەتەوەیێک ئامادە نییە، ئەو مرۆڤێکی ئایینیە و لەگەڵ خەڵکانێکی دی، کە زمانی جیاواز و ڕەنگ و ڕووی جیاوازیان هەیە گوتارێکی ئایینی هەموویان پێکەوە کۆدەکاتەوە. لێرەدا دەشێ لای خانی ئێستێک بدەین و بە یێکەمین بیریارێکی کوردی بدەینە قەڵەم، کە هەوڵی ناسین و جوێکردنەوەی کورد دەدات، وەک نەتەوەیێک و دواتریش گوتارێکی کوردی دادەمەزرێنێت، کە چیدی گوتارێکی ئایینی سادە نییە. زمان لای خانی تەقەلایێک نییە بۆ دوزینەوەی شیعر ئەوەندەی شیعر دەرووێکە، بۆ ڕاڤەکردنی بوونی مرۆڤی کورد. خانی ئەو مرۆڤە ترسناکەیە، کە ڕۆژهەلآت و گوتاری ئایینی لەق دەکات و لەگەڵ زمان و نووسیندا، کورد وەک نەتەوەیێکی دی دەناسێنێت. پێگەی خانی لێرەدا هەمان پێگەی هۆمیرۆسە کاتێک بوونی مرۆڤ لەناو جیهاندا دیاری دەکات و پرسیارە قوواڵەکانی دەربارەی مەرگ و ژیان دادەمەزرێنێت. دواتر کە مرۆڤ لەناو هوشیاری خۆیدا، لە بوونێکی سادەوە بەرەو بوونێکی ئاڵۆز دەڕوات و دۆزینەوە و ڕاڤەکانیش دێنە گۆڕێ و جیهان چی دی ئەو جیهانە سادە و پاکژەی جارانی خۆی نییە، شیعریش ئاڵۆز دەبێ و ماناکانی سەرەتای خۆی وندەکات. لەم دەسپێکە خێرایەوە وەک ڕۆشناییەک بۆ کوردستانی باشوور دەڕوانینە ئەو لێشاوەی، کە ئەمڕۆ هەیە و ناوی لە خۆی ناوە شیعر و دەپرسین ئایا شیعری کوردی لە کوێدا هەناسە دەدات. بۆچی هێشتا شیعر پێگەی خۆی فراوان نەکردووە و تەنیا جوینەوەیێکی بێتام و بێمانای هەیە و هێشتا مرۆڤی کوردی لەنێو ئەو بوونە سادە و ساکارەی خۆیدا هێشتۆتەوە، کە مرۆڤی سەرەتا لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا ئەزموونی کردووە. ئێمە لێرەدا بۆ ئەو سادە و ساکارییەی شیعری کوردی لە باشوور، دوو ڕوانگە لە کەنارەکانەوە دەهێنینە دەرێ و نیشانی دەدەین. ئەو دوو هەنگاوەش کرۆک و ناوەخنی هەموو شیعری کوردی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و لەوە بترازێ شتێکی تازە نەدۆزراوەتەوە.

ڕوانگەی یەکەم: دڵدار:

دڵدار بە شیعری ئەی ڕەقیب، دەرگا لەسەر ڕوانینێک دەکاتەوە، کە هەموو مرۆڤی کورد لەوێدا کۆدەکاتەوە و گوتارێکی شیعری دادەمەزرێنێت، کە دەبێتە گوتاری هەموو شاعیرانی کورد. ئەی ڕەقیب، هەر تەنیا شیعرێکی ترسناک نییە، کە هەموو جەنگەکان لەگەڵ خۆی هەڵدەگیرسێنێت و مێشکی مرۆڤی کورد بۆ ئازادی دەکاتەوە، بەڵکو هەموو شیعری کوردیش لەوێدا کۆتایی پێدەهێنێت و شاعیرانی

کوردی دوای خۆشی لەوێدا مۆڵ دەدات. دڵدار بە سی ساڵ تەمەنی خۆیەوە، سەدان ساڵ دەژی و بە تەنیا شیعرێکەوە سەدان دیوان درێژ دەکاتەوە. دڵدار ئەو مرۆڤە کورت تەمەنەیە، کە ژیانی خۆی وەلاوە دەنێت و لەجێی ئێمەش دەژی. لێرە بە دوا شاعیرانی کورد، لەناو دڵدارەوە دێن و هەر لەناو دڵداریش دا کۆتاییان دێت. شێرکۆ بێکەس و پەشێو و هەڵمەت و ئەوانی دیش لەناو ئەو گوتارەدا درێژ دەبنەوە.

ڕوانگەی دووهەم:

وەلی دێوانە، بە چەند دەقێکی شیعری سادەی خۆیەوە دێت و ئەو عیشقە ئەزەلی و پاکژەی نێر بۆ مێ دادەمەزرێنێت. وەلی دێوانە، ئەو شاعیرەیە لەڕێی شیعرەوە ژن وەک بەرانبەر دەدۆزێتەوە. لە پێش وەلی دێوانەوە، ژن بەو قوواڵی و بوونە مانادارەوە لەناو کوردا بوونی نەبوو. ئیدی لەوە بەدوا شاعیرانێک دێن و ئەو ڕوانینەی وەلی دێوانە درێژە پێدەدەن، گۆران و شێخ ئەنوەر و هەردی و مەدهۆش و زۆرێکی دی هەڵگرانی ئەو ڕوانینەی وەلی دێوانەن و لەناو ئەودا هەناسە دەدەن. هەموو شیعری کوردی لە باشووردا، گوتارێکی تازە و ڕوانینێکی تازەی هەڵنەگرتووە تا ئەو دەمەی محەممەد عومەر عوسمان دێ و گوتارێکی دی جیاواز لە هەردوو ئەو دوو گوتارەی سەرەوە دەدۆزێتەوە و لەگەڵ مەرگی خۆشی دا قفڵێک لە شیعری کوردی دەدات و بۆ هەتایی کۆتایی بە شیعری کوردی دێنێ. حەمە ڕێچکەی شیعری کوردی دەگەڕێنێتەوە سەر ئەو ڕێچکە هەقیقی و بوونخوازییەی کۆی مرۆڤایەتی پێکەوە گرێدەداتەوە. حەمە کۆتاییەک بە نیشتیمان و بە کێشەی نەتەوەیی دەهێنێت و خەمە ئینسانییەکان لەو زەمینەیەوە دەتەقێنێتەوە، کە ڕۆژگارێک ڕووباری خوێنی لێوە دێتە دەرێ و ڕوبارێکی دی دەهێنێتە بوون و ژیانەوە، کە مرۆڤی کوردیش پرسیاری قوواڵی هەیە دەربارەی خودا و ژیان و مردن. لەنێو ئەو ڕێچکەیەشدا شاعیرانێکی دی وەکو بەختیار عەلی و دلاوەر قەرەداخی و سابیر سدیق هەن. ئێمە لێرە بەدوا لە چاوەڕوانییەکداین کێی دی دێت و دەروازەیێکی تازە و نوێ بۆ شیعری کوردی دیاری دەکات و لەو ژاوە ژاوە قوتارمان دەکات، کە لە هەشتاکان و دوای نەوەدەکانەوە پەنگ دەخۆنەوە و هەموویان تێکڕا درێژکراوەی یێکن و لەناو بێ دیدی و ڕوانیندا کوێر و نابینا بوون.

تێبینی: ئەم نوسینە ڕوانینێکی کورت و خێرایە، دەنا پێویستی بە کتێبێکە و ئێمەش ئەو کاتەمان نییە.

گۆشەی 39 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ساڵی پار چەکێکی زۆر فرۆشراوە

بەپێی پێگەی Zeit Online، لە ٦ مانگی یەکەمی ٢٠١٩ دا، ئەڵمانیا بای ٥،٣ ملیار یۆرۆ چەکی فرۆشتووە و تا کۆتایی ساڵیش خۆی لە ١٠ ملیار دەدات، لە کاتێکدا لە ساڵی پێشتر زۆر لەوە کەمتر بووە، ئەو وڵاتانەی کە کڕیوەیشیانە، بریتین لە هەنگاریا ١،٧٦ ملیار، میسر بای نزیکەی ملیارێک و دوای ئەویش کۆریای باشورو دێت، کە بەبڕی ٢٧٧،٧ ملیۆن یۆرۆ هەروەها وڵاتانی تری شەڕی یەمەنیش کڕیاری باشن و ئیمارات بەپلەی شەشەمی ئەو وڵاتانە دێت، کە بایی ٢٠٦ ملیۆن چەکی لە ئەڵمانیا کڕیووە و لیستەکە تورکیاشی تێدایە. شایانی باسە لەدوای ئەمریکا و ڕوسیا و فەرەنسا، ئەڵمانیا چوارەمین وڵاتە لە زۆرفرۆشتنی چەکدا.

ژمارەیەک سیخوڕ ئاشکرابوون

گۆڤاری دێر شپیگل بڵاویکردۆتەوە، کە سێ کەس کە ساڵانێکە کاری سیخوڕی بۆ وڵاتی چین دەکەن ئاشکرابوون و لەلایەن پۆلیسەوە کاری پشکنین و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری دەستپێکردووە، یەکێک لەوانە دیپۆلاتێکی پێشوی ئەڵمانیایە، بەپێی شپیگل کاری سیخوڕی وڵاتی چین بەشێوەیەکی فراوان لە ئەڵمانیا و ئەورووپا زیادی کردووە، ساڵی پاریش سیخوڕێکی دیکە، کە بۆ ئێران ئیشی دەکرد دەستگیرکرا، هەرچەندە بەسەریدا ساغ بۆوە، بەڵام ئێران نکۆڵی لێ کرد.

سەرۆکی CDU داوادەکات گیانی سیاسیەکان بپارێزرێت

خاتوو ئەنگرید کرەمپ کارینباوەر AKK سەرۆکی پارتی دیموکراتی کریستیان"پارتەکەی مێرکل"، کە هەمان کات وەزیری بەرگریشە بۆ تۆڕی میدیایی فۆنکە داوا لە مێرکل دەکات، کە لەجیاتی ئەوەی سیاسەتمەدارەکان چەکدار بکرێن بۆ خۆپاراستنی ژیانیان دەکرێت لەلایەن پۆلیسەوە ژیان و سەلامەتیان بپارێزرێت، بەتایبەتیش لەماوەی ئەوساڵانەدا چەندین جار هەڕەشەیان لێکراوە و ژمارەیەکیشیان بونەتە قوربانی.

مافی پەنابەری لەهەزاران کەس سەندرایەوە

دایەرەی کۆچ و پەنابەران ئاشکرایکرد، کە ٣،٣٥ ٪ ی ئەوانەی لە ساڵی ٢٠١٩ مافی پەنابەرێتیان پێدراوە، ئەو مافەیان لێسەندراوەتەوە، چونکە بەدرۆ خۆیان نمایشکردووە، کە لەوڵاتی خۆیان لە مەترسیدا بووە، لەکۆی ١٧٠ کەیسی جۆراوجۆر، کە ١١٥ هەزاریان سوری و١٧ هەزاریان عێراقی بوون، باقی تریش هی وڵاتانی تر، زیاتر لە ٥٦٠٠ کۆچبەر مافی پەنابەرێتیان لێ وەرگیراوەتەوە، چونکە یان زانیاری و ناو و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا نەکردووە، یان کەیسەکانیان تەنها سیناریۆیەک بووە و هیچی تر.

بەزۆربالاپۆشکردنی کچان سزای توندی لەسەرە

میتل دۆیچە روندفونک ڕایگەیاندووە، خێزانێکی ئەفغانی پەنابەر لەشاری لایبزیک ویستویانە بەزۆر سەرپۆش و بالاپۆش بە کچە ١٨ ساڵانیەکەیان بکەن و کچەش لاملی کردووە، لەسەر ئەمە چەند جارێک لێیان داوە و بەقژ ڕایانکێشاوە، بۆیە کچە لە پۆلیس خەبەری لێداون و ئێستا دایک و باوکی کچە خراونەتەبەردەم دادگای شارەکە و تۆمەتی تووندوتیژی و کوشتنیان دراوەتە پاڵ، وەک ئەوەی تۆڕە میدیاییەکان باسیان کردووە ئەو کەیسە چەند دانیشتنێکی بۆ دەکرێت وئەو خانەوادەیە سزای توند دەدرێن.

هێڵی شەمەندەفەر تازەدەکرێتەوە

بۆ پاراستنی ژینگە حکومەتی ئەڵمانیا پلانی ئەوەی هەیە، دەست بە پڕۆژەی نوێکردنەوەی هێڵەکانی شەمەندەفەر لە سەرانسەری وڵاتەکەدا بکات، کە ٨٦ ملیار یۆرۆ" ٩٥ ملیار دۆلار": ی بۆ تەرخانکراوە و بڕیارە ئەمساڵ دەستپێبکات و ١٠ ساڵ دەخایەنێت، ووزەی سەرجەم شەمەندەفەرەکانیش دەکرێنە کارەبا و دەستبەرداری دزیل دەبن، کە زیانی زۆر بەژینگە دەگەیەنێت.

بڕوانە لاپەڕە 14

گۆشەی 39 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پاشماوەی گۆشەی 38

ژنان دەخوازن لەپۆستی سیاسی و نابووری باڵادا ڕێژەیان زیاتر بێت

کۆمپانیای "ئای وای" بۆ هەڵسانەگاندن و چاودێری کۆمپانیا ئەڵمانیەکان ئاشکرایکرد، کە ساڵی ڕابردو ڕێژەی ژنان لە سەرۆکایەتی کردنی کۆمپانیا ئابوریەکان زیادیکردووە، بەشیوەیەک لە ساڵی ٢٠١٥دا، تەنها ڕێژەیان ٥٪ بوو، بەڵام ئێستا زیاتر لە ١٠٪ یە، ڕێژەی ژنان لە کایەی سیاسەت و دەسەڵاتدا زیاتر لە ٣٠ ٪ و دەخوازن بیکەنە ٤٠٪.

کۆمپانیای Tesla لقێک لەئەڵمانیا دەکاتەوە

کۆمپانیای تێسلای ئەمریکی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل لە شاری گرونهایدەی هەرێمی براندنبۆرگ، زەویەکی ٣٠٠ هێکتاری بای نزیکەی ٥٠ ملیۆن یۆرۆ کڕیووە، تا لقێکی کۆمپانیاکەی لەسەر دروست بکات و بەنیازن لەو ماوەیە دەست پێبکەن، شایانی باسە ئەو زەویەی زۆر هەرزان کڕیووە و مەتری دەکاتە نزیکەی ١٤ یۆرۆ لە کاتێکدا لە ناوچەی پیشەسازی لەشارە گەورەکان لە نێوان ٤٠ بۆ ١٥٠ یۆرۆیە، هەروەها زەوی نیشتەجێبون لە شارەکانی وەک بەرلین، میونشن، هامبۆرگ، دوسلدۆرف و فرانکفۆرت، هەر مەترەی لە نێوان ٥٠٠ یۆرۆ بۆ ١٠٠٠ یۆرۆیە.

هەڵمەتی پۆلیس بۆسەرئیسلامیەتوندڕەوەکان بەردەوامە

داواکاری گشتی بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی ئاشکرایکرد، کە لە هەموو هەرێمەکان فەرمانیان بە پۆلیس کردووە لەهەڵمەتەکانیان بەردەوام بن، لەدژی ئیسلامییە ڕادیکالیەکان و لە نێوانیشیاندا ئیسلامییە شیشانیەکان، کە مەترسیدارترینن، شایانی باسە ١١٥٠٠ ئیسلامی سەلەفی تونڕەو لە ئەڵمانیا هەن، کە زۆرینەیان لە میللەتە جیاجیاکانی وەک شیشانی، عەرەب، ئەفغانی و ئەڵمانیشیان تێدا هەیە.

خواردنی پەنیرێکی تورکی زۆر مەترسیدارە

بەپێی پێگەی Express چاودێری تەندروستی ئەڵمانی زەنگی مەترسی لەسەر جۆرەپەنیرێکی تورکی لێداوە، بەناوی Tulum Peynirl کە لە سۆپەرمارکێتە تورکیەکان دەفرۆشرێن و داوا لە هاوڵاتیان دەکرێت بە هیچ شیوەیەک نەیکڕن، چونکە ڤایرۆسێکی تێدا دۆزراوەتەوە خەڵکی توشی سکچوون دەکات، هەروەها چەند پارچە شوشەیەکی بچوکیشیان تێدا دۆزیوەتەوە لەناو پەنیرەکەدا، کە زۆر مەترسیدارە.

دوو بۆمبی سەردەمی جەنگی جیهانی بەتاڵ کرانەوە

لە نزیک خەستەخانەیەکی شاری دۆرتمۆند، دوو بۆمبی ڕزیوی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم دۆزرانەوە و لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە زیاتر لە ١٤ هەزار کەس، کە لەنزیک ئەو شوێنە دەژیان وریاکرانەوە کە بەشیوەیەکی کاتی ماڵەکانیان بەجێ بێڵن و هەردوو بۆمبەکەیان بەتاڵ کردەوە، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک بگەیەنێت، ناوە ناوە ئەو حاڵەتە لە ئەڵمانیا ڕوودەدات و بۆمبی ئەو زەمانە دەدۆزرێتەوە.

ڕێوەڕەسمی یادی جیابونەوەی دانیمارک سازدرا

هەینی ڕابردوو لە دانیمارک یادی ١٠٠ ساڵەی جیابونەوەی خۆی لە ئەڵمانیا ڕاگەیاند، کە لەشەڕی جیهانی یەکەمەوە پێوەی لکێندرابوو، دوای شەڕ بە ڕیفراندۆمێکی ئاشتیخوازانە و لەسەر داوای دانیمارکیەکان سنوری خۆیان دیاریکرد و خۆیان جیاکردەوە، لە ڕیفراندۆمەکەدا شلیسڤیگی باکور دەنگیان بۆ بوون بە دانیمارکدا داو بەشە باشورەکەشی بۆ ئەڵمانیا بۆیە لەساڵی ١٩٢٠ سنوری ئەو وڵاتە لە فلنسبۆرگی ئەڵمانیەوە دەستی پێکرد تا باشوری شاری تونەری دانیمارکی.

گۆشەی زانست
مامۆستا جەزا دەینووسێت

[The Dead see]
البحر الميت
یان دەریای مردو

ئەم دەریایە لە نێوان شریتی ڕۆژئاوای فەلەستین و وڵاتی ئوردون دایە. ناو نراوە دەریای مردن، یان مردوو، چونکە هیچ ژیانێک لە خۆی ناگرێت، لەبەر زۆری سویریی ئاوەکەی، دە جار ڕێژەی خۆی زیاترە لە ئوقیانۆسە خۆێدارەکان.

چوار سەد و هەژدە مەتر نزمترە لە ڕێکی ڕووی دەریاوە نزمترین خاڵە لەسەر ڕووی زەوی.

قەبارەی ئاوەکەی ١١٤ مەتر سێ جایە.

گەورەترین سەرچاوەی پۆتاسیوم کلورایدە.

ئێستا شوێنەکەی بۆتە شوێنی گە شتوگوزار، لە زۆر شوێنی جیهانەوە بۆی دەچن، ئاوەکەی زۆر سودبەخشە بۆ نەخۆشی پێست.

ئاوگوست ستریندبێرگ
کتێبێکی نوێی دانا ڕەووف



ئەم هەفتەیە لە ناوەندی ڕەهەند بڵاو دەکرێتەوە...

ناساندن....

هیچ نووسەرێکی سویدی هێندەی ستریندبێرگ لە نووسینەکانیدا نەژیاوە، هیچ کەسێکیش هێندەی ئەو بۆ نووسینەکانی نەژیاوە و هەرگیز حەزی بە دونیای نهێنیئامێز و شاردنەوەی شتگەل نەکردووە و وەک نووسەریش کاری ئەوە بووە، پەردە لەسەر نهێنییەکانی خۆی و کەسانی تر و کۆمەڵگە هەڵبماڵێت.

ستریندبێرگ بەردەوام لەگەڵ خۆی، دەوروبەرەکەی و کۆمەڵگەیشدا لە کێشە و دابڕاندا بووە، بە شێوازی تر بیری کردۆتەوە، نووسیویەتی و بە فۆرمی جۆراوجۆر بەرهەمی تری خوڵقاندووە. ستریندبێرگ کەسێکی گەڕۆک و نائارام بووە، لە هیچ شوێنێک هەستی بە ئاسوودەیی نەکردووە و بە بەردەوامی هەموو شتەکانی لە دوای خۆیەوە: ڕاستییەکان، بیروبۆچوونەکانی، هاوڕێکانی، ژنەکانی، منداڵەکانی، ناونیشانەکانی، شار و وڵاتەکانی بەجێهێشتووە.

ئەم گەڕۆکییەیش بەشێک بووە لە بەرهەمەکانی، هەموو وێستگەی شەمەنەفەرەکان، ژووری کرێگرتە، هوتێل، موتێل، ژووری ساکاری گوندەکان، شارە گەورەکان و وڵاتان، تەنها لە ڕووی جوگرافییەوە شوێنێک نەبوون بۆ جێگەی گوزەرانی ئەو، بەڵکو ئەو شوێنانە، بەپێی ڕەوشی ئەو ڕۆژگارەی خۆی و بەپێی بارودۆخەکان بوونەتە شیعر، وێنە و سمبوڵ و لە کارەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

یان هێندریک ڤێرسین بروخ

یان هێندریک ڤێرسین بروخ لـــە 30 ـ 11 ـ 1824 لەشاری دەنهاخ لەدایک بوە وە لەڕێکەوتی 14 ـ 03 ـ 1903 هەر لەشاری دەنهاخ کۆچی دوایی کردوە. هونەرمەند یان هێندریک، یەکێک بووە لەهەرە هونەرمەندە دیار و گرنگەکانی قوتابخانەی هاخسە سخولّ، چگەلە ڕەنگی ڕۆنی زۆر هێڵکاری و ڕەنگی ئاوی و کاری گراڤیکی هەیە، هونەرمەند دەچێتە بەلجیکا و لەبرۆسل پەیوەندی لەگەڵ چەند هونەرمەندێک دروست دەکات، بۆ ستایلی ڕەنگی ئـــاوی و پیشاندانی کارەکانی دەبێتەماییەی سەرکەوتنی.

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی و کەلتوری هەفتانەیە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

29 JANUARI . 2020 Nummer. [89] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– لە یادی 75 ساڵەی هۆڵۆکۆستدا، سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا مارک ڕووتە داوای لێبووردنی کرد،ل2.

– ژنی کورد لە مێژووی جوولەکەدا، سینات بارزانی بە نموونە،ئامادەکردنی: جوان عومەر ئەحمەد ل 3 و ل 4

– کورتە بەراوردکارییەکی نێوان دوو کتێبی خوێندنی ئەمڕۆی خۆمان و 63 ساڵ لەمەوبەری ئێرانەوە، بەختیاری شەمەیی.ل 5

– پێشەکیی کتێبی "نهێنییەکانی ژیان" ی (ئۆشۆ) زۆربایەکی بوودایی، نووسینی: ئازاد بەرزنجی. ل 6 و ل 7.

– کار وکارنامەی نووسەرانی کورد.. نووسینی: پ.د.زاهیر لەتیف کەریم ، دکتۆر زاهیر لە تیف ل8و9.

–ڕاپۆرتە هەواڵ: بەیەگەیشتن و دیدارێکی یانەی کوردیی"میدیا"ی هۆڵەندا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی کوردپێدیا، ل 10

– چالاکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە، پێشانگای شێوەکاری لە کەنەدا، دارا ئارام و لە ئەڵمانیا دەربارەی ژینگە....ل 11

– دوو چالاکی لە ئەڵمانیا، یەکەم: هەنگاوێکی تر بەرەو پەروەردەکردنی مامۆستایانی زمانی دایک لە ئەڵمانیا. دووەم: کەلتور و ئەدەب لە تێڕوانینی دوو ڕوناکبیری کورد.. ل 12

– گۆشەی 40 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–هوە ل 13 . – جل و بەرگی خەڵکی هۆڵەندا سەدو بیست ساڵ لەمەو بەر نووسینی: سەردار مەحمو ل14 – دووبابەتی زانستی: مامۆستا جەزا نووسیوێتی ل 15، .

– ئەمجارەش دەربارەی قوتابخانەی هونەریی هۆڵەندی هاخەسی سخوڵ.....

هونەرمەندی هۆڵەندی ڤیلیەم ماریس و چەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

29 JANUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 89
ژمارە 89 ی 29 ی کانوونی دووەمی 2020

لە یادی 75 ساڵەی هۆڵۆکۆستدا مارک ڕووتە داوای لێبووردنی کرد

جولەکەکانی هۆڵەندە دڵخۆشن بەو لێبووردنە مێژوویییەی، کە سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەیان، لەپای جینۆساید و کارەساتی هۆڵۆکۆستدا دەری بڕی، لە یادی 75 ساڵەی هۆڵۆکۆستدا مارک ڕووتە داوای لێبووردنی کرد، سەبارەت بەو ڕۆڵە خراپەی کە حکومەتی ئەوسای هۆڵەندی بینیوێتی لە بەدەستەوەدان و پشکنینی ماڵی جولەکەکان لە سەروەختی جەنگی جیهانی دووەمدا. لە ساڵیادی کارەساتی سووتماکردنی جولەکەکانی ئەمستردام سەرۆک وەزیران ئەم بڕیارەی دەرکرد، ئەمە یەکەمجارە حکومەتی هۆڵەندی داوای لێبووردن دەکات لە ڕووداوێکی وا گەورەی مێژوویی، کە کاتی خۆی هاوکاری ئەڵمانەکانیان کردووە، بۆ بەدواداگەڕان و دەستگیرکردنی جولەکەکانی هۆڵەندا، سەرۆک وەزیران مارک ڕووتە ڕایگەیاند: ئێستا بۆ ئەو کەسانەی لەو کارەساتە ڕزگاریان بووە، من داوای لێبووردن دەکەم لەو هەڵسووکەوتەی، کە حکومەتی ئەوسای هۆڵەندا دەرحەق بە جولەکەکاند کردوویەتی. ئەمە ئەوپەڕی هەستمە، کە هیچ وشەیەک بارتەقای ئەو کارەساتە گەورەیە نییە، کە بە (هۆڵۆکۆست) ناودەبرێت و دەرهەق بەو هاوڵاتیانەمان ئەنجامدراوە. مارک ڕووتە سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا، کە ئەمەی گوت: پاش 75 ساڵ لە ڕووداوی هۆڵۆکۆست و کارەساتی ئاوسفیچ تێپەڕ بووە، کە تا ئێستاش ڕەگەزپەرستەکان و دژە سامییەکان لەناو هۆڵەندەدا هەن و کەمنین، لەبەرئەوە پێویستە بە ئاشکرا دان بەو ڕاستیانەدا بنێین، کە ئەوسا چی ڕوویداوە و بەدەنگی بەرز هاوار بکەین کە چ تاوانگەلێک ئەنجامدراون. بە بۆچوونی مارک ڕووتە زۆرێک لە فەرمانبەرانی ئەوسای حکومەت، ئەو کارانەیان ڕەتکردۆتەوە، کە حکومەتی ئەڵمانی، فەرمانی پێکردوون، هەندێکی کەمیش ئەنجامیانداوە، دیارە ئەوە بەس نەبووە، چونکە ژمارەیەکی کەمی جولەکەکان پارێزگاری کراون و یارمەتیدراون و نەناسێنراون، بەڵام لە نێوان 140 هەزار جولەکەدا کە لە ساڵی 1940 لە هۆڵەندا ژیاون، 102000 یان بێسەروشوێن کراون. یاکۆس غریشهافەر Jacques Grishaver سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاوسفیچی هۆڵەندی، داوای لێبووردنەکەی سەرۆک وەزیرانی پێباشە و دەڵێت: ئێمە 75 ساڵە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەین، سەرۆک مێژووی بۆخۆی تۆمار کرد، بووە سمبولی ئێمە، لەو کاتەدا باوەشی بە مارک ڕووتەدا کرد و گوتی تا دوای تەواو بوونی گوتارەکەی چاوەڕوانی ئەم بڕیارەم لە سەۆک وەزیران نەدەکرد. سەنتەری دیالۆگی جولەکەکان، کەمتر بەم داوای لیبووردنە دڵخۆشن، نوێنەری کۆمەڵگەی جولەکەکان دەڵێن، ئەم داوای لێبووردنە زۆر دواکەوت، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو باوەڕەی، کە نەمابوو لەو بارەیەوە چاکی بکەینەوە. ڕێکخراوی CIDI جولەکە دەڵێت: ئەمە هەنگاوێکی مێژوویییە.

ڕێژۆ 27–01 لە هەموو جیهاندا یادی ساڵانەی قوربانییەکانی ئۆردوگای Auschwitz ئاوسفیچ کرایەوە، کە 75 ساڵ لەمەوبەر پاشماوەکەیان ڕزگار کران. لەو شوێنەدا 1,1 ملیون کەس کوژران، بەشی زۆریان بە غاز خنکێندران، ئەو شوێنە بووە سومبولێک، بۆ کارەساتی هۆڵۆکۆست، کە 6 ملیۆن جولەکەی تێدا لەناوبران، کە ئێستا مارک ڕووتەی سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا داوای لێ بووردنی لێ دەکات، ئەمەش پەیوەندی بە یادەکەوە هەیە و یەکەمجاریش نییە هۆڵەندا دان بەم تاوانەدا دەنێت، کە وەک وڵات خۆیشی بەشدارە لە ڕووداوانی ئەو کارەساتەدا. ئێستا مارک ڕووتە هەنگاوێک زیاتر چووە پێشەوە لەم باریەوە، ئەو دەسەڵاتدارانەی پێشتری حکومەتی هۆڵەنیان بەڕێوە بردووە ، هەرجارەی هەنگاوێک چوونەتە پێشەوە، بەڵام مکوڕ نەبوون لە داوای لێبووردن. ساڵی 1995 Beatrix شاژنی هۆڵەندا بەسەردانێکی بۆ ئیسرائیل لە پەرلەمانەکەیاندا گوتی: هۆڵەندیەکی زۆر لە کاتی داگیرکاری ئەڵمانیادا بۆ وڵاتەکەیان بەرگری و دژایەتی ئەو داگیرکارییەیان کردووە، بەڵام میللەتی هۆڵەندی نەیتوانیووە، بە تەواوی بەرەنگاری ئەو داگیرکارییە بێتەوە، کە بەسەر جولەکەکاندا هاتووە.

ڕێکایەکی ساردوسڕ:

سەرۆک وەزیرانی پێشوو تری هۆڵەندا Wim Kok قیم کۆکیش داوای لێ بووردنی بەشێوەیەکی ساردوسڕ کردووە. جولەکەکان لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا مامەڵەی خراپ کراون، ئەو جولەکانەی کە لە دوای کارەساتی هۆڵۆکۆست لە ژیاندا مابوون، نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە شوێن و ڕێگە و ماڵەکانی خۆیان، چونکە خەڵکی ماڵەکانیان داگیرکردبوون، هیچ هەست و سۆزێک نەبوو بۆ ئەو هەموو ئازارو ماڵوێرانییەی کە جولەکەکان بەسەریاندا هاتبوو لە ئەمستردام، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، بە جۆرێک (غەرامە)سزای باج دەدران، لە کاتی دەستبەسەراگرتنیان و بردنیان بۆ ئۆردوگاکانی لەناوبردن. ساڵی 2005 سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتە Balkenende یان پیتەر بەڵکاننده، دانی بەودانا کە نەک تەنها لە کاتی جەنگدا، بەڵکو دوای جەنگەکەش، فەرمانبەرانی دەوڵەت هەڵەی زۆریان بەرانبەر بە جولەکەکان کردووە، ئەمەشی کاتی خۆی لای ڕێکخراوی CIDI جولەکە درکاندبوو. هەندێ هۆڵەندی کاربەدەستی پلەبالا، لەگەڵ داگیرکەر یارمەتی دەریان بوون، ئەمانە خەتابارن بەوەی هەقی جولەکەکانیان خواردووە و وەک مرۆڤ ڕەفتاریان لەگەڵ نەکردوون، کەچی وشەی داوای لێبووردن لەدەم نەهاتۆتەدەر.

ژنی کورد لە مێژووی جوولەکەدا، سینات بارزانی بە نموونە

نووسین و ئامادەکردنی :جوان عومەر ئەحمەد

یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی مێژووی کوردە جوولەکەکان، نەبوونی نووسراو و تۆمارە مێژووییەکانە، جگە لە بیرەوەریەکانی بینجامین تودێلا و چەند پەرتووکێکی کەم نەبێت، تۆمارێکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، هەروەها خەمساردی زانکۆکانی کوردستان و کەمی تیز و لیکۆلینەوەکانی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان ئەوەندەی تر ئاستەنگی دروستکردووە بۆیە ئەم نووسینەی منیش بێ کەموکورتی نابێت.

مێژووی کوردە جوولەکەکان لە کوردستان:

ئەگەرچی تا ئیستا سەبارەت بە ساڵ و سەردەمی هاتنی جوولەکەکان بۆ ناوچەی مێزۆپۆتامیا کوردستان سالێکی دیاری کراو نەخراوەتە ڕوو، یان ئاماژە بەهیچ ساڵێک نەکراوە، زۆربەی زۆری ئەو نووسراوو سەرچاوانە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە بوونی جوولەکەکان لە کوردستان و ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 7ی پێش زایین هەندێک سەرچاوەی تر بۆ سەدەی 8ی پێش زایین.

مێزۆپۆتامیا (Mesopotamia) :بەزمانی گریکی (Μεσοποταμία) واتا وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، مێزۆپۆتامیا ناوچەیەکی جوگرافییە لە نێوان هەر دوو ڕووباری دیجلە و فورات، زۆربەی ئەم ناوچە کەوتووەتە کوردستانەوە. مێزۆپۆتامیا خاوەنی خاکێکی بەپیتە و هەر بەو هۆیەوە بە دێژایی مێژوو شوێنی کشتو کاڵ و بێشکەوتنی شارستانیەت بووە!!. لەو سەردەم و ساتەوەختەشدا سەدەی 7یی پێش زایین ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتداریێتی ئاشووریکاندا بووە. هەروەها لەسەردەمی بابلییەکاندا و بە هۆی هێرشەکانی (نەبووخەدنەسر) دووەم 605 –562 پێش زایین بۆ سەر جوولەکەکان و بەهەزاران جوولەکە بە دیل دەگرێت و ڕەوانەی شارو گوندەکانی بابل دەکرێن هەندێکیشیان بۆ ناوچە شاخاویەکانی باکووری ئیمپراتۆرێتی بابل کە دەکاتە ئیستای کوردستان. ئەبێت ئالێرەدا باس لە دوو سەردەمی جیاوازی کاولکاری و کۆمەڵکوژیەکانی جوولەکەکان بکەین سەرچاوەکان بە گشتی ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن ئاشوریەکان زیاتر لە جارێک هێرشی داگیرکاریان کردۆتە سەرخاکی ئیسرائیل دواتریش بابلیەکان هەروەها 10 لە هۆزە گەورەکانی بەنی ئیسرائیل بەدیل و کۆیلە کراوون ڕاگویزراون، هێرشی یەکەم لەلایەن ئاشوریەکان و سەد ساڵ دوای هێرشی یەکەم (نەبووخەدنەسر) دووەم، جارێکی تر کۆمەلکوژیان دەکات ژمارەیەکی زۆر کەم لە جوولەکەکان دەمێننەوە هەروەک (بینجامین تۆدێلا) باسی دەکات، کە لەتەواوی کۆمەلکوژی هۆزە جوولەکەکان تەنیا چەند هەزار جوولەکەیەک دەربازیان دەبێت سەرجەمیان کوژراون..

بینجامین تودێلا کێیە؟

گەریدەیەکی جوولەکە بووە لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سەدەی دوازدەهەمدا گەشتی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقای کردووە و هەروەها گەشتەکەی بینجامین بۆ خۆرئاوای ئاسیا بە سەد ساڵ پێش گەشتەکەی (مارکۆ پۆلۆ) بووە بینجامین توانایەکی ڕادەبەردەی هەبووە زمان زان و جوگرافیست و هیستۆرکاڵیکی بلیمەت بووە بینجامین بەیەک لە کەساییەتیە شارەزاو بە توانا و دیارەکانی جوولەکە دادەنرێت بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. بینجامین کارو چالاکیەکانی گرنگی تەنها بۆ گەلی جوولەکە نەبووە بەڵکو بە سەرچاوەیەکی گرنگی جوگرافیای و کۆمەڵناسی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست هەژمار دەکرێت.

هەندێک لە باسەکانی بینجامین ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی ئێستا و ڕابووردووی ڕۆژهەڵات پیشانی خوێنەر ئەیات. هەروەک لە کتێبەکەی (هێبریو) نووسیویەتەوە و پاشان کراوە بە لاتینی و دواتریش وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی تری ئەوروپی و جیهانی کە زیاتر بۆتە جێی تێڕامان لە سەدەی شانزەهەمین کە بە سەدەی گەشەسەندن ناو دەبرێت. گەڕان و ڕوومالّکردنی ڕووداوەکان لەسەردەمی بینجامین بە گرنگترین کار هەژمار دەکرێت لە مێژووی جولەکەکاندا.

نەبووخەدنەسری دووەم یەکێک بوو لە پاشاکانی بابل، کە لەنێوان ساڵانی 605 هەتا 562 پێش زایین فەرمانڕەوای ناوچەکەی کردووە!!. جگە لە سەرچاوە مێژووییەکان ئەم بۆچوونەش لەگەل تەواوی ئەو دەقە ئایینانەدا دێتەوە کەلە (بابیل) ئینجیل دا ئاماژەی بۆکراوە کە: جوولەکەکان لە پێش ساڵانی زایینیدا، ڕاپێچ و دیلکراوی شارەکانی بابل کراون. هەروەها لە (تەورات) یشدا هەمان زانیاری پشتڕاست کراوەتەوە ئاماژە بەهەمان زانیاری کراوە کە ساڵی حەوتەمی هۆشەعدا پاشای ئاشووری (شەلمانسەر) تەواوی جنۆکاکانی بۆ ئاشوور ڕاگواستووە، هەروەها (بینجامین تۆدێلا) ئاماژە بەوە دەکات کە 2800 ساڵ بەر لە ئێستا جوولەکەکان لەلایەن پاشای ئاشووری (شەلمانسەر سێیەم) 858–824 پێش زایین بۆ کوردستان ڕاگوێزراون و لەسەر ڕووباری خابوور نیشتەجی کراون، هەروەها لە (تەلمود) دا هەمان زانیاری دووبارە پشتڕاست کراوەتەوە.

تەلمود 1

تەلمود چیە !تەلمود (بەعیبری:תלמוד) وشەیەکی عیبرییە و بەمانای خوێندن یان فێرکردن دێت، دووەم کتێبی پیرۆزە بۆ جوولەکەکان لەدوای تەورات کە لە چەند نووسیراوێکی کۆکراوە پێک دێت. ئەم پەرتووکە باس لە وتوێژەکانی پیاوانی ئاینیی جوولەکە (حاخام) دەکات سەبارەت بە یاسا و بنەماکانی ئاینی جوولەکە، تەلمود لەدوو بەش (بەند) پێکدێت کە بریتیین لە میشنا و گیمارا کە میشنای 200 ساڵ بەر لە زایین نووسراوەتەوە و هەروەها گیمارا لە دەوروبەری ساڵی500ی زایین نووسراوە. تەلمود کاری پێدەکرێت لەلایەن هەموو جوولەکەکان کە باوەڕیان بە ئاینەکەیان هەیە، زۆربەی کاتیش جوولەکەکان دەیکەنەوە بەتایبەتی لەڕۆژی پشوو ناسراو بەڕۆژی (حانوکا).

هەربەپێی تەلمود ڕێ بە بانگخوازە جوولەکەکان دراوە کە بۆ ئاینی جوو لە نێو کوردەکاندا بڵاوبکەنەوە بەم کارەش سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە. لە ئاکامدا، خانەدانە فەرمانڕەوا کوردەکانی (ئادیابین) یان هۆزی (هەزەبانی).

بڕوانە: لاپەڕە 4

هەزەبانی هۆزێکی کورد بوون... هەزەبانێکان پێش لە دایکبوونی مەسیح هەتا چەند سەدەیکیش دوایی زایین حوکمرانی ناوچەیەکی فراوانیان کردووە

هەزەبانی هۆزێکی کورد بوون هەزەبانێکان پێش لە دایکبوونی مەسیح هەتا چەند سەدەیکیش دوایی زایین حوکمرانی ناوچەیەکی فراوانیان کردووە هەر لە ورمێ وە هەتا هەولێر فەرمانڕەوایی ئادیابین پایتەختەکەی هەولێر بووە!!. لەسەدەی یەکەمی پێش زایین خۆیان و ژمارەیەکی زۆری لەهۆزەکەی و کوردەکانی ژێر فەرمانڕەواییەکەی چوونەتە سەر ئایینی جوولەکە، هەروەها دکتۆر عومەر ئیبراهیم لە پەرتووکی کەرکوک ناوچەیەکی کوردستانیە دەنووسێت: لەسەدەی 6 شەمی پیش زایین ئایینی جوولەکە گیشتۆتە کوردستان، (دانیاڵ) پێغەمبەر یەکەم کەس بووە کە ئەو ئایینەی لە ناوچەی (کەرکوک) لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی (میدیا) بڵاوکردۆتەوە. هەروەها بینجامین تودێلا لەسەدەی دوانزەهەم بەتایبەت لەسالّی 1170 لەگەشتەکەیدا بۆ کوردستان بەو شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت هەردوو گەلی جوولەکە و کوردەکان لەلوتکەی گەشەسەندی ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتیدا بوون هەروەها ئەلیت ژنە کوردەجوولەکەکان زۆر ئازاتر و ئازادترن لەو ژنانەی لە ناوچەکەدا دەژین تەنانەت لە خوشکە جوولەکانیان ئازادتر و سەربەخۆتر تر دەژیان کە هەرگیز بەراورد ناکرێن بە ژنە فارس و تورک و عەرەبەکانی چواردەوریان، پەیوەندی خێزانی کوردەکان زۆر ئارامتربوون لەو گەلانەی ناوچەکە جگەلەوە ژنە کوردە جوولەکەکان لە کێڵگەکاندا شان بەشانی هاوسەرەکانیان کاریان دەکرد و بەدەگمەن دەتبینی ژنێک لەناویاندا بالاپۆش بێت، پیاوەکانیان زۆر بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ هاوسەر و ژنەکاندا دەکرد، چونکە ژنەکان زۆر ماندوو دەبوون بەکاری ناومالّ و هاوکاری هاوسەرەکانیان لەکێڵگەکاندا لە پێناو گەورەکردنی خێزانەکانیاندا. هەر بۆیە لە سەدەی 17دا بەهۆی ئازادی ڕێژەیی بوێری و متمانە بەخۆبوونی ئافرەتانی جوولەکە کوردەکان یەکەم ژنە کوردی جوولەکە دەبێتە حاخام (Rabbi) لە ئامێدی بەوەش ئەوەمان بۆ پشتراست دەبێتەوە کە خاکی کوردستان و کوردەکانی دالّدەی سەرجەم جوولەکە ڕاگوێزراوەکان بووە، بەشێکی زۆر کاروباری ژیان و فەرهەنگ و کلتوری کورد و گەلی جوولەکە هێند تێکەڵ بوون بەئاستەم جودا دەکرێنەوە، هەر بۆیە هەندێک پێیانوایە کورد بەرەچەڵەک دەچێتەوە سەر هۆزێکی کۆنی ئیسرائیل یان کورد زادەی شاسلێمان و جولەکەکانی بن دەستی ئەوبن. لێ لێرەدا ئەوەی گرنگە باسی بکەین کاریگەری کلتوری کوردە، ژنانی کوردە لەسەر گەلانی دراوسێ و ناوچەکە و بەتایبەت گەلی جوولەکە تەنانەت هەندێک داهێنان و ڕووداو لە کوردستانەوە بووە کە کاریگەری لەسەر ئەوان و گەلانی ناوچەکەش بەجێهێشتووە بەتایبەتی ئازادی و ئازایەتی ژنانی کورد کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد خۆ ئەگەر بەتایبەت (ئەسینات بارزانی) بەنموونە بهێنینەوە ئەوە بەروونی ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە نەک لە کلتوری گەلی جولکەدا بەڵکو لە تەلموودەکەشیان لەساییەی ئەسینات بارزانی گۆڕانکاری بەسەرهاتووە.

ئاسینات بارزانی: Asenath Barzani

ئاسینات بارزانی (1590 لەدایکبووە لە 1670 کۆچی دوایی کردووە) کچی یەک لە بەناوبانگ و دیارترین بانگخوازی کوردی جولەکە بووە، لە باشوری کوردستان و ئێراق کچی سامویلی کوڕی نێتانێڵ بارزانی.

ئاسینات بە یەکەمین ژنی بانگخوازی جولەکە هەژمار دەکرێت لە مێژوودا و لە هەمانکاتدا یەکەمین ژنی کوردیشە بانگخواز بێت. ئاسینات شارەزایی تەواوی هەبووە لەزمانی عیبری، تەورات، تەلموود، میدراش و کابالا دا. لەبەرئەوەی ساموێلی باوک کوڕی نەبووە ئاسینات یەک لە ژیرترین کچەکانی بووە لەلایەن ساموێلەوە تەورات و تالموود و میشنا و کابالّای فێر کوردووە، ئاسینات ئەڵێت؛ لەسەر ئەژنۆ ئەپارامەوە لە باوکم فێرم کات چونکە ئەو تەنها کاتەکانی بە شەوو ڕۆژەوە تەرخان کردبوو بۆ فێرکردنی تەورات. تواناو ژیری ئاسینات ناسراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سماموێلی باوکی ئاسینات زیرەکترین قوتابی خۆی هەڵبژارد کە ببێتە هاوسەری ئاسیناتی کچی بە ناوی یەعقوبی کوری ئیبراهیم میزراهی. ساموئیلی باوک تەنها مەرجی بۆ هاوسەرگیریی کچەکەی ئەوەبوو کە ئاسینات پەرە بە خوێندنەکەی بدات و ببێتە زانایەکی شارەزا لە تەورات تالموود لە بری کاری ڕۆتینی ناومالّ. پاش مردنی باوکی و دوورکەوتنەوەی هاوسەرەکەی بۆ خزمەتگوزاری و خزمەت کردنی ئاینەکەیان، ئاسینات ڕۆڵی سەرکردانەی ئایینی زۆر کرنگی گێڕاوە لە ناوچەی ئامێدی و گوندەکانی دەوروبەری و بووە بەکەسایەتیەکی دیاری ناوچەکە. نازناوی بارزانی بەهۆی شوێنی لەدایک بوون و ژیانیەوە بووە و خێزانەکەی بوونە خاوەنی(بارزانی) وەک پاشناو. بارزان؛ هەرێمێکی شاخاوەیە کە چەند کاژمێرێک دوورە لە باکوری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەولێرەوە. لە سالّی 1914 بارزانیەکان ڕاپەڕین دژی داگیرکەری عوسمانی بە پشتیوانی ڕووسیا کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی بیتلیس. ئەوەماوەتە بێژیم ژنانی کورد کۆڵەکەی فەرهەنگ کلتوری نەتەوەکەی خۆیان بوون، شان بەشانی پیاوی کورد لەهەموو کایەکاندا بەشداربوون سیمبۆلی ئازایەتی و لە خۆبوردەیی کۆمەلگای ڕۆژهەلاتی ناوین بوون لەجیهانی نوێشدا ژنانی کورد جێگەی شانازی مرۆڤایەتی بوون.

.....

تێبینی :تەورات (بەئینگلیزیTorah :، بەعیبری: תּוֹרָה؛ واتا فێرکردن)، وشەی تەورات بەعیبری بەواتای فێرکردن یان ئاراستەدان دێت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە فێرکاری و ئاراستەدانی یاساییەوە. تەورات ناوی پێنج کتێبی یەکەمی کتێبی پیرۆزی عیبیری (تەناخ) و پەیمانی کۆنە. کتێبی پیرۆز عیبری دابەش دەبێت بۆ سێ بەش، تەورات بەشی یەکەمییەتی، نیڤیێم واتا پەرتووکی پێغەمبەران بەشی دووەمی کێتووڤیم واتا نووسراوەکان بەشی سێیەمی بریتییە لە بەشی ئەدەبییاتی جوولەکە.

کابالا) :קַבָּלָה، ، (Kabbalaبیروورباوەڕێکی ڕۆحانی جووەکانە. لەسەرەتای سەدەی یەکی زایینی لەلایەن شەمعون بار یۆجایەوە دەستپێکرد. بیروورباوەڕی کابالا ئەوەیە کە چۆن دەتوانین خەیاڵ و ئەندێشەیەک ببینین و هەستپێبکەین. کابالا کاریگەری لەسەر بەشێک لە جووەکان هەبوو کابالا جۆرێکە بەشێکی ڕۆحانی سۆفیزمی نیو جولەکەکانە کابالا لەسەر 10 بنەما پێکدێت کە پێی دەڵێن درەختی کابالا کە نیشانەی 10 هێزە کە کاریگەرییان لەسەر جیهان هەیە.[1]

سەرچاوەکان:

Barazani, Asenath. Encyclopaedia Judaica. Detroit: Macmillan Reference USA. 3: 138

Who was the first female „rabbi?. Yekta Uzunoglu. Retrieved 2018–07–04.

Kurdish Women | Jewish Women's Archive. jwa.org

101 Storie Ebraiche che non ti hanno mai raccontato (in Italian). Retrieved 6 June 2012.

جوولەکەکانی شاری سلێمانی :ڕێبوار حەمەتۆفیق

کوردستانیة منطقة کرکوک: دکتۆر عومەر ئیبراهیم

کورتە بەراوردکارییەکی نێوان دوو کتێبی خوێندنی ئەمڕۆی خۆمان و 63 ساڵ لەمەوبەری ئێرانەوە

١– مێژووی نوێ و هاوچەرخ بۆ پۆلی شەشەمی وێژەیی،

152 لاپەڕەیە، ساڵی 2006– 2007

٢– تاریخ جهان، برای سال ششم ادبی، (تاریخ ایران)، سال 133622

جارێ زۆر بەکورتی..... گوتەیەکی چینی هەیە دەڵێت: (ڕێگەی هەزار میل بە یەک هەنگاو دەستپێدەکات)، جا زۆر جار ئەم گوتەیە بەناوی ماوتسی تۆنگیشەوە دەگوترێتەوە، کە گوایە گوتەی ماوتسی تۆنگ بووە، لەڕاستیدا ئەوە گوتەیەکی کۆنی چینییە، وەک پەندێکی پێشینان وایە ماویش بەکاری هێناوە. جا ئەوەی مەبەستە لێرەدا بیڵێم، کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکەوە ئەوەیە، هەموو ئیشێک سەرەتایەکی هەیە، ئەگەر سەرەتاکە بەباشی دەستپێکردبێت، ئیتر ئیشەکە خۆی باشی دەڕوات بەڕێوە. ڕەنگە بگوترێت: ئێران دەوڵەت بووە و دەوڵەتە و ئێمە جارێ دەوڵەت نین و زۆرمان ماوە، بە دەوڵەتێکی وەکو ئێران یان دەوڵەتانی تری دراوسێمان بگەینەوە!؟ لەڕاستیدا ئەمە وەکو ئەو بەراورد وایە، کە تیپی تۆپی پێی وڵاتی کوێت لە گەڵ تیپی پێی وڵاتێکی گەورەدا یارییان کردبوو، سەرەنجام تیپەکەی کوێت دۆڕاندبووی پاشان، کە لە ڕاهێنەری تیپەکەی کوێتیان پرسی بوو: هۆکاری دۆڕاندنەکەی تیپەکەتان چی بوو؟ ڕاهێنەرەکە وەکو پاساو و پاکانەیەک بۆ بێتوانایی و نالێهاتوویی و لاوازیی تیپەکەی خۆیان، لە وەڵامدا وتبووی: ئێمە وڵاتێکی بچووکین و ئەوان وڵاتێکی زۆر لە ئێمە گەورەترن، بەڵام ئەو ڕاستییەی بیرچووبۆوە، کە هەردوو تیپەکە دوو 11 پاریزان بوون بەرامبەر بە یەکتەری، نەک جەنگی نێوان دوو وڵاتی بێهز و بەهێز!؟ با بێمە سەر بابەتەکە: بەرواردێکم لەنێوان دوو کتێبی پەروەردە و فێرکاری و خوێندنی خوێندنگەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان و پەروەردە و فێرکاری و خوێندنی ئێرانی سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی کرد، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1957، واتە 63 ساڵ لەنێوان ئەو دوو کتێبەدا هەیە!؟ لەو بەراوردەوە تێگەیشتم، کە ئێمەی کوردانی باشور لەم سەدەی 21 هەمینەدا لە چ ئاستێکی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و پەروەردە و فێرکاری و خوێندنداین!؟ هەر بەڕاستی زۆر نیگەران و نائومێد بووم، چونکە جیاوازییەکە ئاسمان و ڕیسمان بوو، سەرنج بدەن 63 ساڵ لەمەوبەر کتێبی خوێندنی خوێندکارانی ئێرانی لە چ ئاستێکی بەرز و پێشکەوتوودا بووە، کە ئەو سەردەمە نە وەکو ئێستا توانای تەکنەلۆژی هەبووە و نە وەکو ئێستا سەرچاوەی گرنگ و پێویست لەبەردەستدا هەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی خوێندەواری و پەروردە و فێرکاری و خوێندنی ئێران لە ئاستێکی هەرە باڵا و پێشکەوتوودا بووە.

هیوادارم ئەم بەراوردکارییە بەوە لێکنەدرێتەوە، کە گوایە مەبەستەکە پەسن کردنی ئێران و شکاندنی خۆمانە، بێگومان نا بەڵام ڕاستی ڕاستییە، چ ئێمە باسی بکەین و چ باسی نەکەین، هیچ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێت. ئەم کتێبەی ئەم سەردەمەی خۆمان، لەلایەن تاکە کەسێکەوە نووسراوە، کە بەداخەوە بەڕێزیان ناناسم و نازانم چی خوێندووە و چ بڕوانامەیەکی هەیە و لە چ بوارێکی پەروەردەیی و فێرکاری و خوێندنداا شارەزایی هەیە؟ بەڵام هەرچۆن بێت ئەو کتێبی خوێندنە کە بۆ پۆلی شەشی ئامادەیی وێژەیی ئامادەی کردووە و (بۆ دوو خوێندنگەی ئامادەیی کچان و کوڕان)، هەر خۆی بەتەنها ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە، یان با بڵێین لەلایەن لایەنی پێوەندیدارەوە ئەو ئەرکەی پێیڕاسپێردراوە، کە لەڕاستیدا ئەوە کارێکی ئاسایی نییە و کتێبی خوێندن ناکرێت و نابێت تاکە کەسێک بەئارەزووی خۆی بینووسێت!؟ ئەوە کاری دەستەیەکی پیشەیی و شارەزای ئەو بوارەیە، ئەوە کاری دەستەیەکی پیشەیی و شارەزای ئەو بوارەیە، کە دەبێت لەلایەن لایەنێکی پێوەندیداری فەرمیی وەزارەتی پەروەردە و فێرکاری و خوێندنەوە ڕاسپێردرابێت و لەئاستی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە هەرە گرنگ و هەستیاردا بن. کتێبی دووەم کە ئەوەی ئێرانی سەردەمی شایە، لەلایەن پێنج کەسەوە ئامادەکراوە، کە یەکێکیان بڕوانامەی دوکتۆرای هەیە، دڵنیام هەر چواریان شارەزای ئەو بوارە بوون، چونکە بە تێکستی بابەتەکانیاندا دیارە و بۆ پۆلی شەشەمی وێژەیی ئامادەیان کردووە، زۆرترین زانیاریی پێویست و گرنگیان لەسەر مێژووی ئێران کۆکردووەتەو بە شیکاری و شیوازێکی مێتۆلۆژیانە بابەت و ڕووداوەکانیان داڕشتووەتەوە و بە سیستماتیک کورتەیەکی چڕوپڕی مێژووی ئێرانیان پێشکەشی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی وێژەیی کردووە. لێرەدا کۆتایی بەم ئاماژەدان و بەراوردکارییە دەهێنم، چونکە ئەمە بابەتێکی زۆر پێویست و گرنگە و لەهەمانکاتیشدا بابەتێکی زۆر هەستیارە و پێوەندیدارە، بە ئاستی خوێندەواری و پەروەردە و فێرکاری و خوێندنی ئێستا و داهاتووی چەندین نەوەی میللەتەکەمانەوە، هەربۆیە ئەم بابەت و ئەم بەراوردکارییە دەهێنێت زۆر زۆری لەسەر بنووسرێت، وەک دەڵێن ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت و زۆر دوورودرێژ دەبێتەوە، هەربۆیە تەنها مەبەستم بەراوردکارییەکی سەرپێی ئاستی هەردوو کتێبەکە و چۆنێتیی ئامادەکردنیان و ئاستی ناوەڕۆک و بابەتەکانی ئەو دوو کتێبە بوو، نەک بەراوردێکی گشتگیر و تەواو. بێگومان ئەم کتێبەی لەمەڕ خۆمان نموونەیەکە بۆ هەموو کتێبەکانی دیکەی پەروەردە و فێرکاری و خوێندنی خوێندنگەکانی ئەم سەردەمەی باشووری کوردستان!؟ با ئەمە بمێنێت بۆ جارێکیتر.....

بەختیاری شەمەیی

2020/01/21

پێشەکیی کتێبی "نهێنییەکانی ژیان" ی (ئۆشۆ) زۆربایەکی بوودایی

پێشەکیی کتێبی "نهێنییەکانی ژیان" ی ئۆشۆ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی
چاپی یەکەم: ٢٠١٣، چاپی دووەم" ٢٠١٥
بڵاوکار: ئەندێشە..



ئۆشۆ لە کۆتایی ساڵی 1931دا لە دێی کوچاڤادای هەرێمی مادیا پراداش لە هیندستان لەدایک بووە. ئەو هەر وەک خۆی دەڵێت لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا دەگاتە حاڵەتی ڕۆشنبوونەوە (واتە ئیشراق). پاشان زانکۆ تەواو دەکات و دواتر دکتۆرا لە فەلسەفەدا دەهێنێت و بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە زانکۆی شاری جەبەلپوور، لە بەشی فەلسەفە وانە دەڵێتەوە. بەڵام زۆری پێ ناچێت کە واز لە مامۆستایی و زانکۆ دەهێنێت، چونکە بە بڕوای ئەو فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی ئەکادیمیش بە تایبەتی ناتوانێت ڕێگای پەیبردن بە حەقیقەتمان پێ پیشان بدات. ئەو لە کاتێکدا فەیلەسووفانێکی وەکو فۆیرباخ و مارکس و نیچە و فرۆید و هەروەها زانایەکی وەکو داروین بە پەیامبەر ناو دەبات، بەڵام خۆی نایەوێت بچێتە ناو هیچ چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە، هەر بۆیە ئەو لە کاتێکدا خۆی لە ناو ژینگەیەکی ئایینیدا نەشونمای کردووە، بەڵام لەگەڵ هەموویاندا دەکەوێتە گفتوگۆوە، لێیان وەردەگرێت و ڕەخنەشیان لێ دەگرێت. هەروەها بە هەمان شێوە بۆ کولتووری سۆفی و عارفەکان دەگەڕێتەوە و لە سەریان دەدوێت. تەنانەت پێغەمبەرەکانیش، ئیدی هەر لە ئایینەکانی هیندستان و ئۆپانیشاد و ڕێنماییەکانی گۆرجیف و ئایینی زەردەشتی و مەسیحی و سۆفیزمی ئیسلامی و بوودیزم و یۆگا و تانترا و تاو و کریشنا و جەلالەدینی ڕۆمی و کێرکەگۆر و بێردیایيف و هایدیگەر و لاوتزە و حەللاج و کریشنا مورتی و هتد.... ئۆشۆ کە بە گوێرەی ڕۆژنامەی سەندەی تایمزی بەریتانی، یەکێکە لەو گرنگترین سەد کەسێتییەی کە سەدەی بیستەمیان پێکهێنا، بۆچوونەکانی خۆی لە ڕێی سیمینار و گفتوگۆی کراوەوە دەخستەڕوو. بە بڕوای ئەو مرۆڤی هاوچەرخ دووچاری کەرتبوون بووە لە نێوان سێکس و خۆشەویستیدا. بۆیە ئەو هەوڵی دەدا یارمەتیی مرۆڤەکان بدات تا لەو کەرتبوونە ڕزگاریان بێت و بۆ ئەمەش شێوازێکی نوێی بۆ "تێڕامان" پێشنیاز کرد. ئەو خوازیاری لەدایکبوونی جۆرێکی نوێی مرۆڤ بوو، مرۆڤێک کە هەم لە سەرچاوە ڕۆحی و عیرفانییەکان دانەبڕێت و هەم دونیاییش بێت، هەم بوودا بێت و هەم زۆربا. بۆ ئەمەش دوای خوێندنەوەی قوواڵی بۆ پاقڵۆف و سکینەر و فرۆید و یۆنگ و ئادلەر و بە پەنابردن بۆ تەکنیکەکانی تێڕامان، هەوڵی دا ڕێگایەکی نوێ بۆ یاریدەدانی مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە کۆت و بەندی دابونەریت و ئایدیا سوننەتییەکان و هزر و بیرۆکە هەڵەکانی ژیانی ڕۆژانە بدۆزێتەوە.

ئەمەش بە گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی خودی خۆی و گەڕان بەدوای ئەو خودەدا. مرۆڤی هاوچەرخ دیلی دەست وێناکردنەکانی ئەوانی تر لەسەری و دەیەوێت ئەوانی تر چۆنیان دەوێت، ئەمیش لەسەر ئەو وێناکردنە بژی. بەمەش تا بێت لە خودی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات و خودی خۆی دەدۆڕێنێت.هەروەها ئۆشۆ دەڵێت کە مرۆڤی هاوچەرخ ژیانی ڕاستەقینەی خۆی ناژی، بەڵکو هەمیشە لە ڕوانگەی تیۆری و بیر و ئایدیاکانەوە خۆی لەگەڵ ژیاندا دەگونجێنێت و بەمجۆرەش لە سەرچاوەی ئەسڵیی ژیان دادەبڕێت. ئەو دەبێت ئەوە بزانێت کە تەواوی هزر و ئایدیا و فەلسەفە و ئایینەکان ڕێژەیین و حەقیقەتی ڕەها لای هیچیان نییە و زۆربەشیان مرۆڤ لە ڕۆح و لە عیشق بەتاڵ دەکەنەوە، لەکاتێکدا لای ئۆشۆ ئەگەر تاقە ئایینێکی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ هەبێت، ئەوا ئەوە ئایینی عیشق و خۆشەویستییە. هەر لە ڕێی ئەم عیشق و خۆشەویستییەشەوە ئادەمیزاد دەتوانێت خودا بناسێت، نەک لە ڕێی ترسەوە. هەر بۆیە ئۆشۆ دەگاتە ئەوەی بڵێت کە عیشق یان خۆشەویستی خودایە. ژیانیش لە مانا ڕاستەقینەکەیدا دیارییەکە لەلایەن خوداوە دراوە بە مرۆڤ تا بە خۆشەویستی و ئاهەنگ بیباتە سەر، نەک بە ڕق و توندوتیژی.هەروەها دەبێ بیزانین کە ژیان شتێکە هەمیشە لە گۆڕاندایە. ئەمڕۆ لە دوێنێ ناچێت، هەر بۆیە هزری دوێنێش بۆ ئەمڕۆ نابێت. لەبەر ئەوە زانین دەربارەی ژیان شتێکە و ژیانکردن بە قووڵی شتێکی ترە. هەروەها زانین دەربارەی خۆشەویستی شتێکە و عاشقبوون شتێکی ترە. تۆ دەتوانیت زانیاری دەربارەی ژیان و حەقیقەت و خۆشەویستی لە سەر زمانی فەیلەسووف و زانا و تیۆرییە زانستییەکانەوە فێر ببیت، بەڵام ئەمانە باربووی ژیانکردنی خۆت و تێڕوانینەکانی خۆت ناکەنەوە. ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە نە کتێبێکی فەلسەفیی ئەکادیمییە، نە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی میتۆدێکە، نە کتێبێکی ئایینییە، نە کتێبێکی سایکۆلۆجییە و نە لەو کتێبانەشە کە وەعز و ئامۆژگاریی سادە بە خوێنەر دەدەن. بەڵام لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین کتێبێکە فەلسەفە و سایکۆلۆجیا و زانست و عیرفان بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکەی پێکدێنن و زمانێکیش بەسەریدا بااڵدەستە کە مۆرکێکی شاعیرانەی بەخۆیەوە هەڵگرتووە. ئۆشۆ کە خۆی لە زانکۆدا مامۆستای فەلسەفە بووە، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە بەتەنها فەلسەفە و ڕێبازە فەلسەفییەکان لەتوانایاندا نییە وەڵامی پرسیارە نهێنییەکانی بوون بدەنەوە، بەتایبەتیش ئەو فەلسەفانەی کە گیرۆدەی چوارچێوە و میتۆدێکی داخراون. هەروەها ئۆشۆ ئەگەرچی لەژێر کاریگەریی عیرفانی خۆرهەڵاتیدا بووە و بەتایبەتیش عیرفانی بوودایی، بەڵام تەنانەت ڕەخنە لە بوودیزمیش دەگرێت و لە زۆر شوێندا ئاماژە بەوە دەدات کە ناکرێ بڵێین بوودیزمیش ڕێبازێکی کاملە. بگرە ئۆشۆ باوەڕی بە هیچ جۆرە بەرکەمالییەک نەبووە نە لە دونیای فیکر و فەلسەفە و دین و نە لە ژیانیشدا.

بڕوانە: لاپەڕە 7

ئۆشۆ لە دەرس و گوتارەکانیدا زیاتر ڕووی لە تاکەکانە، بە بڕوای ئەو تا تاکەکان ڕۆشن نەبنەوە و ئاگامەند نەبن، زەحمەتە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دەستەجەمعی ئاگامەند بێت

پاشماوەی لاپەڕە 6

من بۆیە لێرەدا ئەم چەند دێڕەم وەکو پێشەکییەک بە پێویست زانی، لەبەر ئەوەی پێدەچێ لای خوێنەری کورد جۆرە وێنایەکی نادروست لەسەر ئەم پیاوە مەزنە (کە بەپێی ئاماژەکان بە یەکێک لەو دە کەسێتییە مەزنە دەژمێردرێ کە تواناییان جیهان بگۆڕن) خوڵقابێت و وەکو کابرایەکی واعیز و ئامۆژگاریکەر پیشان درابێ، یان وەکو گەلێ لەو نووسەرانەی کە زیاتر لەسەر ئاستێکی ڕووکەش و بازرگانی دەنووسن. لە کاتێکدا ئەمە ڕێک پێچەوانەی وێنە و کەسێتیی ڕاستەقینەی ئۆشۆیە. ئەو هەموو قاڵب و چوارچێوەیەکی بۆ بوونی مرۆڤ و بۆ سنووردارکردنی ئازادیی مرۆڤ ڕەتکردەوە. ئەو تا سەر ئێسقان دژە بە هەموو جۆرەکانی بزنس و بازرگانی و دەسەڵاتگەرایی و هەڵپەکردن بوو لە پێناوی دەستکەوتە ماددییەکان و شۆرەت و ناوبانگدا. بەداخەوە دەشێ ئۆبالّی ئەو وێنا سەقەتەی لەسەر ئۆشۆ دروست بووە لای خوێنەر، بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە بەشێوەیەکی شێوێندراو وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، چونکە گەلێ لەو کتێبانەی ئۆشۆ کە کراون بە زمانی فارسی و عەرەبی، بەشێکی زۆریان لێ قرتێندراوە یان گۆڕاوە و بەتایبەتیش ئەو پەرەگرافانەی کە پەیوەندییان بە ڕەخنەگرتن لە ئایینەکانەوە هەیە، یان ئەو پەرەگرافانەی کە تیایاندا ئۆشۆ قسە لەسەر سێکس و هەروەها سیاسەت دەکات. هەڵبەت دەبێ خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئۆشۆ خۆی باوەڕی بە نووسینەوەی دەرسگوتار و ئەو وانە زارەکییانەی خۆی نەبووە کە هەزاران کەس ئامادەی بوون. ئەو تەنانەت کتێبیشی بە قەفەسێک زانیوە کە تیایدا وشە و ڕستەکان ناتوانن بە تەواوەتی هەڵگری ڕاستی و زیندوویی حەقیقەتەکانی ژیان و ڕۆح و بوون بن و لەناو کتێبێکدا قەتیس دەبن و دەمرن. بەڵام ئەوە هاوکارەکانی بوون کە ئەو دەرسگوتارانەیان لەسەر شریتە تۆمارکراوەکانەوە گواستۆتەوە بۆ سەر کتێب. هەر زۆریی ژمارەی ئەو خەڵکانەش کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا ئامادەبوون، وای لە ئۆشۆ کردووە بە زمانێکی سادە قسە لەسەر حەقیقەت و نهێنییەکانی بوون و ژیان بکات، بە زمانێک کە بگاتە فراوانترین توێژی ئەو خەڵکانەی کە گوێیان بۆ ڕادێڕا. بۆ ئەم مەبەستەش هەروەها بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانیشی، زۆر جار هەندێ شتی دووپات دەکردەوە تا زیاتر جەختیان لەسەر بکاتەوە، یان پتر لە نموونەیەکی دەهێنایەوە. هەر بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی کە بڵێم لە کاری وەرگێڕانەکەمدا بۆ ئەم کتێبە (و بە پێچەوانەی هەموو وەرگێڕانەکانی ترمەوە) خۆم لەو دووبارەکردنەوانە پاراستووە، بەڵام بەبێ ئەوەی بهێڵم بە هیچ کلۆجێک کاریگەری بخاتە سەر گەوهەر و ناوەرۆکی بابەتەکان و لە هەندێ جێشدا پەنام بردۆتە بەر کورتبڕی، گەرچی ئەم حاڵەتەش کەمە. ئەو کتێبانەی ئۆشۆ کە دەرسگوتارەکانیان گرتۆتە خۆ، ژمارەیان خۆی لە پتر لە پێنجسەد کتێب دەدات گەر زیاتر نەبێت. هەڵبەت کەم بوار ماوە ئۆشۆ قسەی لەسەر نەکردبێت و جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە ئۆشۆ یەکێک بووە لە خوێنەرە چالاکەکانی سەردەمەکەی خۆی.

خوێندنەوەکانی لە فەلسەفەی یۆنانەوەی گرتۆتەوە تا ئایینەکان و فەلسەفەی هاوچەرخ. بۆ نموونە ئەو نەک هەر ئاگاداری نیچە و هایدگەر و مارکس و کامۆ و.... هتد بووە، بەڵکو قسەشی لەسەر کردوون. هەر جێی خۆیەتی کە بڵێین کتێبێکی تەواوی لەسەر لێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کتێبی (زەردەشت وەها دوو)ەکەی نیچە.

دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە دەبێ وریا بین و هەندێ لە بۆچوونەکانی ئۆشۆ بە هەڵە لێکنەدەینەوە، بەتایبەتیش وەختێ قسە لەسەر (نا – ئەقڵ) و (خەو) و (خاوبوونەوە) و (من ego – و هتد... دەکات و ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ئەو چەمکانەی لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتیش لە بوودیزمەوە وەرگرتووە و وەکو شێوازێک سەیری کردوون بۆ گەیشتن بە حاڵەتی ڕۆشنبوونەوە (enlightment) یا منەوەربوون و ئاگامەندی. کاتێکیش ئۆشۆ قسە لەسەر ئەقڵ دەکات، ڕەخنە لە ئەقڵ دەگرێت کاتێک تەقدیس و پیرۆز ڕادەگیرێ و دەبێتە سیستمێکی داخراو لە کۆمەڵێک چەمک و ئایدیا و بەم جۆرەش لۆجیکێکی ئەقڵانیی ڕەق و تەقی وا بەرهەمدەهێنێ کە دژ بە بوونی زیندوو و ژیان و زیندوویێتی دەبێت و لە دەرەوەی بوون و ژیانەوە ئایدیاکان بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت و بەبێ هیچ حیسابێک بۆ ڕەهەندە ڕۆحییەکانی مرۆڤ و بۆ لایەنی فەردانیی ئادەمیزاد. هەر بۆیە ئۆشۆ لە دەرس و گوتارەکانیدا زیاتر ڕووی لە تاکەکانە، بە بڕوای ئەو تا تاکەکان ڕۆشن نەبنەوە و ئاگامەند نەبن، زەحمەتە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دەستەجەمعی ئاگامەند بێت. زۆربەی کارەساتە مرۆییەکانیش و پەیدابوونی سیستمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکانیش هەر لە نەگەیشتنی تاکەکەسەکان بە ڕۆشنبوونەوە و بە ئاگامەندی دێت. وەختێ مرۆڤ وەکو تاکێک و وەکو خودێک باوەڕی بە خۆی و هێز و تواناکانی خۆی نەبوو و هەمیشە لە گەڕاندا بوو بەدوای هێزێکی تردا لە دەرەوەی خۆیدا تا پشتی پێ ببەستێ، ئەوا بێگومان ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ کەسانێکی دەسەڵاتگەرا تا سوود لەو لاواز و بێئیرادانە ببینن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی خۆیان، جا لە هەر بواریکی ژیاندا بێت. هەر بۆیە هێز و دەسەڵاتی دەسەڵاتگەراکان لە لاوازی و بێدەسەڵاتیی خەڵکانی تردوە دێت. تۆ کە تەنازولت لە ئازادیی خۆت کرد و ڕادەستی کەسانێک یان هێزگەلێکی دەرەوەی خۆتت کرد، هەر لێرەوەیە ئەو دەبێتەوە بە ئاغا و تۆش بە کۆیلە. بۆیە هەموو قسەکانی ئۆشۆ ئاڕاستەکراوی تاکەکەسە کە خۆی بێت، کە باوەڕی بە ئازادیی خۆی هەبێت، کە بە خۆی پشتبەستوو بێت، کە بە ئایدیای درۆکان و ئایین و ئایدیۆلۆجیا درۆزنەکان فریو نەخوات، کە دەسبەرداری ژیان و جوانییەکانی ژیان نەبێت لە پێناوی کۆمەڵێک وەهم و درۆدا کە لەژێر دەمامکی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و ئایینەوە هەموو ڕۆژێک بە گوێیدا دەدرێ، کە پێویستە مرۆڤ ڕێز لە هەموو ساتەکانی ژیانی خۆی بگرێ و بە هەموو هەست و سۆزەکانییەوە تیایدا بژی و هەمیشە هەوڵ بدات پانتاییەکانی جوانی و خۆشەویستی لە ژیاندا فراوان بکات و ئەمەش لەڕێی ئەوەوە دەبێت کە هەوڵ بدات لە بوارەکەی خۆیدا داهێنەر بێت، تا وەختێ جیهانی جێهێشت توانیبێتی جوانییەک بخاتە سەر جوانییەکانی دونیا. ئۆشۆ داوا دەکات مرۆڤ ئاوێتەیەک بێت لە زۆربا و لە بووداء، هەم لە ژیان ڕانەکات و بە قوواڵی لە ساتەکانیدا بژی و ئامێزی پێدا بکات، هەم ئامانج و شتە ڕووکەش و فریودەرەکانی ژیان هەڵی نەخەڵەتێنن و بەها ڕۆحییەکانی لەبیر نەبەنەوە و نەکەوێتە ئاستێکی نزمی بوونەوە. لەم ئاوێتەکردنەشەوە مرۆڤێکمان بۆ پەیدا دەبێت کە دەتوانین ناوی بنێین "زۆربای بوودایی" و تەواوی قسەکانی ئۆشۆش بۆ ئەو کەسانەیە کە هەوڵدەدەن ببنە "زۆربای بوودایی."

کار وکارنامەی نووسەرانی کورد.. نووسینی: پ.د.زاهیر لەتیف کەریم



کار جۆرایەتی کەسێتی نووسەران دەستنیشان دەکات، تا بزانرێت جیاوازی پیشەیی ئەم کەسێتیانە لەگەڵ ئەوانی تردا چییە و چۆنیش خۆیان لەیەکتری یان ئەوانی تر جودا دەکەنەوە ! یان هۆکاری دروستبوونی ئەم کەسێتییە چییە و ئەو کارنامانە چین کە پێویستە کاری لەسەر بکات، یان هێمای پیشەیی ئەم کەسێتیانە خۆی لەچیدا دەبینێتەوە ئەمانە و چەندینی تر.

کارنامە، بریتییە لەو ئەرکە ڕۆشنبیری و مەعریفی و فیکری و ئایدیۆلوژیانەی کە ئەم کەسێتییە پێی هەڵدەسێت. نووسەران بە تایبەتی لە کوردستان پێویستە لە یەک کاتدا چەند کارنامەیەکی جیاواز لە خۆ بگرن تا بتوانن ستراتیژیەتی هێما و پیشەکەی خۆیان ئاشکرا بکەن وئەو ستراتیژییەتە نامۆ نەبێت بە کارەکەی،یان بەوانی بەرامبەر.

سەرەتا ئەوەی نووسەران جودا دەکاتەوە لەوانی تر بابەتی پسپۆری بوونە بە دیاردە ئەدەبی و شیعری و فیکری و هونەرییەکان. کۆمەڵگا ، بە گشتی ، پێویستی بە سەرجەم جومگەکانی ژیانە وەک سیاسەت ، ئابووری ، وەرزش ، تەلارسازی ، تەکنەلۆژیا ، ئەدەب و هونەر ...هتد. ڕۆشنبیریەتی ئەدەب و هونەر ، بێگومان کلیلێکی هەرە بەنرخی عەقڵی مرۆڤە تا بتوانێت لەڕێگەی بۆچوونەکانیەوە کۆدی بابەتەکانی تر بکاتەوە یان بە کاری ئاسانکاری هەڵسێت . هەر بۆ نموونە ، سیاسەتی فەرەنسا لە چەرخی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە زۆر پشتی بە نووسەران و شاعیران بەستبوو ، تەنانەت ئەوانەی کە شۆڕشی فەرەنسیان بەرپا کرد ئەدیبان و نووسەران بوون. لەئێستای ئەمریکادا سیاسەت بە گشتی و سیاسەتی ئەمریکا بە تایبەتی سودێکی باش لە بۆچوونەکانی چۆمسکی وکەسانی تر دەبینێت. شیعر سەرچاوەی ڕۆشنبیریەتی عەرەبی پێش ئیسلام بوو ، هەر بۆیە شاعیران کرانە زمان حاڵی خێڵەکان ، بەڵکو لەوەش زیاتر ڕاوێژکاری سەرەکی خێڵەکان بوون. گوتارە فیکری وسۆسیۆلۆژییەکانیان لەچامە هەڵواسراوەکاندا بەتەوای ڕەنگیان داوەتەوە،تەنانەت بۆتە بەردی بناغەی فیکری عەرەبی.جارێکی تر، لای فەرەنسییەکانی چەرخی (16–19) یانە ئەدەبیەکان ڕۆڵی دامەزراوە ڕۆشنبیری و فیکری و حیزبیەکانیان دەبینی و هەر لەوێشەوە گوتارەکان بەرە و زۆربەی وواڵاتانی ئەوروپا و جیهان دەڕۆشت و بووە سەرچاوەیەکی مەعریفی و ڕۆشنبیری هەرە بە نرخ بۆ مرۆڤایەتی. کەواتە ئەرکی نووسەر وادەخوازێت خۆی جودا بکاتەوە لەوانی تر بەو پێیەی هێزە سەرەکیە فیکری و مەعریفیەکان لەنووسەرانەوە سەرچاوە دەگرێت ودواتر وەک کارێکی ئایدیۆلۆژیایی یان کاریگەریی دەچێتە نێو تاکەکانەوە لەوێشەوە دەبێتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی فیکری بۆ هەموان بەجیاوازی جێگە ونەتەوەوە.بەمەش خوڵقاندن وڕۆڵی نووسەر پێویستیەکی ڕۆشنبیری و فیکری و ئەخلاقیە ، ناکرێت فەرامۆش بکرێت ، چونکە هەر لە دێر زەمانەوە یاساکان، سەرکردەکان، بۆچوونی نووسەرانیان بە هەند وەرگرتووە و کاریشیان لەسەر بۆچوونەکانیان کراوە. سەرچاوەکان ئەوە دەسەلمێنن ، کە زۆر جار نووسەران یان شاعیران توانیویانە ڕژێمێکی فیکری یان سیاسی یان ئایینی بگۆڕن. هەر لەبەر ئەمەش بووە هەمیشە نووسەران جێگەی مەترسی دەسەڵات بوون . نموونەشمان بۆ ئەم بۆچوونە المتنبی و ابونواس و بشار و ابن المقنع و بێکەس و دیلان و کامەران و شێرکۆ ولەتیف هەڵمەت . . . ، ئەم ترسەش لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە نووسەران بەم کارنامانەی خوارەوە هەڵسن لەوانە :

یەکەم : بیناکردن :

ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد هەمیشە ئەو ڕاستییەیان لا دروست بووە کە دەسەڵاتی سیاسی بەبێ دەسەڵاتەکانی تر جێگەی مەترسییە و ئەنجامەکەشی دارمانی ژێرخانی سۆسیۆلۆژیا وسایکۆلۆژیا و ئابووری و فیکرییە . یۆنانی کۆن هەر زۆر زوو ئەو بۆچونەی لا دروست بوو ، کە پێویستە مەڵبەندێکی ڕەخنەیی و عەقڵی و لۆژیکی دروست ببێت تا سیاسەت بە شێوەی تاکگەرایی بوونی خۆی نەسەپێنێت بەسەر تاکەکاندا. نووسینەکانی سۆکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و ئەسخیلۆس و سوفۆکلیس بەربەستێک بوون لەبەر دەم ڕژێمی حوکمی ئەوسا. لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا شاعیرانی وەک حسان و عبدالله و کعب ، هاندەرێکی باشی پرۆسەی ئاینی ئیسلام بوون ، تەنانەت توانیان جوانی شیعری پێش ئیسلامیش بپارێزن و لە فەوتان ڕزگاریان کەن. شیعر لای ئەمانیش بووە کارێکی پەیوەستێتی و بەرەنگاری و فیکر و ڕۆشنبیریەت. پێغەمبەریش (د . خ) پشتگیری تەواوی لێکردن ، چونکە لەنزیکەوە ئەو ڕاستیەی لا دروست ببوو کە ئاینەکە وەک کارنامە پێویستی بە ڕۆشنبیریەت و مەعریفیەتی دەقە شیعرییەکانە بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕووی فیکرییەوە دراوسێیەتیەکیان لەگەڵ ئاینەکە دروست کردبوو . خەلیفە و ئەمیر و سوڵتانەکان ، تەنانەت مەلیک مەحمودی ئێمەش دووڕە پەرێز نەبوون لە بازنە ئەدەبییەکان، یان بۆچوونی نووسەران. کەواتە ، ئەدیبان و شاعیران و نووسەران هەمیشە مەڵبەندێکی کاریگەری زانیارییەکان بوون بەوپێیەی هێزەکانیان،لەڕووی مەعریفەت وڕۆشنبیرییەوە، هێزێکی نموویەیی بوون ولەوێشەوە بەها زاڵە جوانەکان بەدەردەکەون. هەر لەبەر ئەمەشە ، کۆمەڵگای کورد لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بیری لە بیناکردنی مەڵبەندێکی ئەدەبی و فیکری و ڕۆشنبیری کردەوە بە نێوی "یەکێتی نووسەرانی کورد" ، گەرچی کارەکە بە بەراوورد لەگەڵ جیهانی دەرەوە ، جۆرە دواکەوتنێکی بە خۆوە بینی . دیارە ئەمەش لە لایەکەوە لە پێناو دروستبوونی دەسەڵاتێکی ڕۆشنبیری و مەعریفی سەربەخۆ ، لە لایەکی تریشەوە بتوانێت چاودێرییەکی ڕەخنە ئامێز بێت بەسەر دەسەڵاتەکانی ترەوە بە تایبەتی دەسەڵاتی سیاسی . ئەم کارەش بە لای ئێمەوە دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو :

1– بەشارستانیەتبوون وبەڕۆشنبیرییەتبوونی کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی مێژووی نوێدا تا لەوێوە زانیاریە ڕەخنەیی وئەدەبی وفیکری وسۆسیۆلۆژییەکان ببنە دامەزراوەیەکی مەعریفی بۆ هەموان بەبێ جیاوازی فیکر وئایدیاوە.

2 – بەشداریکردن لەپرۆسەی ژیان بەوپێیەی سیاسەت بەتەنها ناتوانێت کارەکانی کۆمەڵگا و مەدەنیەت و ڕۆشنبیریەت جێبەجێ بکات. هەر لەبەر ئەمەشە کارنامەی نووسەران پێویستە کارێکی هەڵچوونی و عەفەوی نەبێت بەڵکو ڕێکەوتنێک یان کاریگەری پرۆسەیەکی گشتگیری ڕۆشنبیریەتی لە پشتەوە بێت هەروەک چۆن یەکێتی نووسەران لەسەرەتای دامەزراندیدا توانی بوێرانە بۆچوونەکانی ڕژێم ڕاقە بکات و بە کۆڕ و سیمینار و نووسینەکانیان فۆبیایەک لە ویژدانی ئەو ڕژێمەدا دروست بکەن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە زەمەنی ڕابردوودا گوتارێک هەبوو هەموومانی لە بازنەیەکدا گرێ دابوو کە بە داخەوە ئەمڕۆکە ئەو جۆرە گوتارە،لەلایەن دەسەڵاتەوە، لە یاد کراوە یان پشت گوێ خراوە،یان باشتر وایە بڵێین کاری جدی لەسەر ناکرێت.

بڕوانە لاپەڕە 9

ئەمڕۆ لەهەموو زەمەنەکانی تر، تاکی کورد پێویستی بە گەشەی مەعریفی و ڕووناکبیری و فیکری و ڕۆشنبیرییەکانە

پاشماوەی ل 8

دووەم : پەیوەستبوون: نووسەران وەک کارێکی پرۆفیشنالی، باشتر وایە کار لەسەر پەیوەستبوونی نامەکانی خۆیان بکەن و ترازاندن یان لادانێک،بەهۆی زاڵبوونی جیهانی میتریاڵەوە، لە جۆری نێگەتف دروست نەکەن. واتە ، دووركەوتنەوە لەکاری پەیوەستبوون بەو ئایدیۆلۆژیا مەعریفی و ڕۆشنبیری و فیکریانە هۆکارێکە بۆ زاڵبوونی دەسەڵاتەکانی تر بە تایبەتی سیاسی، دواتر بە ئاشکرا بۆشاییە گەورەکان دروست دەبن.ئەمڕۆ،بەهۆی زاڵبوونی چەمکی سیاسییەوە، تێبینی ئەوە دەکرێت کەنووسەران جۆرە درزێکیان تێ کەوتبێت. هۆکاری ئەمەش،بەشێوە گشتییەکەی، لەلایەکەوە دابەشبوونی نووسەرانە بەسەر ئایدیۆلوژیا جیاوازەکان کە هەر یەکەیان بە لای خۆیاندا ڕای دەکێشێت. لەلایەکی تریشەوە ئەو نووسەرانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئەو بازنانە ، کە ئەمانیش دەسەڵاتەکانیان دیاریکراوە لە نێو کاری هاوسەنگیەکاندا ، گوێیان لێ ناگیرێت. بێگومان ئەمەش جۆرە مەترسییەک لەسەر گوتارە سەرەکییەکان بەگشتی و بازنە مەعریفی و ڕۆشنبیریەکان بە تایبەتی دروست دەکات ،کە ڕەنگە نەتوانرێت لە ئایندەدا ، وەک بازنەیەکی گشتگیری ، خۆیان بە دەرەوە بناسێنن ، یان دەنگی دەرەوە قایل بکەن بەوەی کورد خاوەن فیکر و ئایدیا و بۆچوون و داهێنانن .لێرەدا یەکێتی نووسەران دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر وگرێدان لەنێوان ئەوانەی لەدەرەوە وناوەوەی فیکرە سیاسییەکان دروست بکات،بەڵکو بۆشاییەکان تێپەڕێنێت بەبێ ئەوەی لاسەنگییەک لەهاوسەنگییەکەدا دروست بکات.بێگومان ئەمەش پێویستی بەپشتگیری دەسەڵاتەوە هەیە،بەتایبەتی لایەنە بەرپرسەکان.

سێیەم : گرێدان : پێشتر ئاماژەیەکماندا بەگرێدان،نووسەران، وەک کار و پیشە و ئایدیۆلوژیا ، گەر گرژییەکی فیکری یان سیاسی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیدا بەدی کرد ، یان لە نێو گروپە فیکری و سیاسییە جیاوازەکان، ئەوا چاکترە بە کاری گرێدانی تاکە جیاوازەکان هەڵسن و بوار نەدەن بۆشایی لە نووسین و گوتارە سەرەکییەکاندا دروست ببێت. نووسەران وێەکێتی نووسەرانیش دەتوانن ڕۆڵی بازاری عوکاز ببینن ئەویش بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم خێڵە جیاوازەکان گەر چی ئەم خێڵانە هەمیشە خۆیان لە نێو ململانێ و گرژی و کوشتن و ڕاونانا دەبینییەوە. بەمانایەکی تر، لەپێناو کۆکردنەوە و بیناکردنی بناغەیەکی مەعریفی سەربەخۆ لە کوردستان ،وەک نموونە،نووسەران باشتر وایە ڕۆڵی دادوەرێکی بێ لایەن ببینن چونکە پێناسەی میللەتەکە بەندە بە پێناسەی ڕۆشنبیریەتی گوتارەکانیانەوە. ئەدەبیاتی جیهان ئەمڕۆکە بە شانازییەوە دەڕوانێتە چامە هەڵواسراوەکان یان نوسینەکانی ابن سینا و ابن رشد و ابن قتیبە و ابو نواس و ابو تمام و الحلاج و الف لیلە و لیلە و کلیلە و دمنە و مەم و زین و شیرین و خوسرەو و شکسبیر و دانتی وکانت ...هتد ، چونکە هەر ئەمانە بوون کە توانیان گەشە بە عەقڵی مرۆڤایەتی بدەن ،یان چەمکی ڕۆشنگەریان هێنایە نێو ئەدەبیات وڕۆشنبیرییەتی جیهانەوە. ئێمە لە ڕەخنەدا و بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی بەراووردکاریدا لەبەر دەم سێکوچکەی : نێنەر و گەیاندن و وەرگرداین. پەیوەندی ئەم سێکوچکەیە ،پێویستە لەجۆری تەواوکاری بن، بەپێچەوانەوە گەر بۆشاییەک کەوتە یەکێک لەمانە یان زیاتر ئەوا پڕۆسە مەعریفی و فیکری و ڕوشنبیرییەکان ئەنجام نادرێن.. بۆ نموونە، نێنەر، گەر بە هێز بێت، بە نموونەی ئەدەبی ئینگلیزی – بەو پێییەی ئەدەبی ئینگلیزی خاوەنی چەندین ڕێباز و کەڵە نووسەر و شاعیر و فەیلەسوفن وەک شکسبیر ، شاعیرە ڕۆمانسیزم و میتافیزیک و ئیلیۆت و سیتۆل و ماسیۆ ئەرنۆڵد و چارلز دیکنز و ئوسکار وچەندینی تر – ئەوا بەهای دەقەکانی لەو کاتەدا بەدەردەکەون کە لەلایەکەوە فاکتەری گەیاندن ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و بزێو ببینێت. لەلایەکی تریشەوە وەرگر لەدەقەکانی ئەو ئەدەبە تێ بگات. بۆ ئەم مەبەستە، تاکی کورد،وەک نموونە، پێویستی بە ڕێنماییەکانی شکسبیر هەیە بەتایبەتی لەسەر بنەماکانی دراما و شانۆ. لەلایەکی تریشەوە وەرگر لەدەقەکانی ئەو ئەدەبە تێ بگات. بۆ ئەم مەبەستە، تاکی کورد،وەک نموونە، پێویستی بە ڕێنماییەکانی شکسبیر هەیە بەتایبەتی لەسەر بنەماکانی دراما و شانۆ. نووسەرانیش بەپێی پسپۆرایەتی خۆیان ئەرکی گواستنەوەی ئەم ڕێنماییانەی بۆ تاکی کورد هەیە و لەهەمان کاتیشدا کارنامەکانیش خۆیان لە دەرخستن وفراوانکردن وڕەڤەکردنی زانیارییەکاندا دەبینێتەوە.

پێنجەم : پەیوەندیکردن : ئەمڕۆ لەهەموو زەمەنەکانی تر، تاکی کورد پێویستی بە گەشەی مەعریفی و ڕووناکبیری و فیکری و ڕۆشنبیرییەکانە، بەدەرەکی ولۆکاڵییەوە. گەر ئەدەبی نەتەوایەتی چێژی لەچەقبەستوویی بینی ونەچێتە دەرەوەی بازنەی خۆی ئەوا بێگومان ئەو ئەدەبە لەلایەکەوە گەشە ناکات ،لەلایەکی تریشەوە بەرەو پووکانەوە دەچێت.لێرەدا ئەرکی نووسەران بەتایبەتی ڕەخنەگران،جگە لەدەرخستن وفراوانکردن وگەیاندنی زانیارییەکان،بەپراکتیکردنی تیۆرەکانە تابتوانن ڕۆڵی پردێکی ڕۆشنبیری ببینن لەنێوان دوو جەمسەری ڕۆشنبیری جیاواز.وەرگێڕانیش بەهەردوو جەمسەرەکەی (لەلۆکاڵی بۆ دەرەوە ولەدەرەوە بۆ لۆکاڵی) وزەبەخشێکی کاریگەری گەیاندنەکانە.واتە مەرج نیە تەنها لەڕێگەی نووسین وڕەخنەکانەوە کاری گەیاندن ئەنجام بدرێت،بەڵکو وەرگێڕانیش بەشێک لەپڕۆسەی گەیاندن لەخۆ دەگرن. بەئاڕاستەیەکی تر،نووسەران بەشێوەیەکی گشتی پێویستیان بەئەزموونی خاوەن دەسەڵاتە ئەزموونگەراییەکانە کەئەم دەسەڵاتانە باشتر لەهێزە دەرەکییەکاندا بەدەردەکەوێت بەتایبەتی لەئەدەبە زلهێزەکاندا.لێرەدا جۆرە هەمانگیی وڕێکەوتنێکی مرۆڤایەتی دروست دەبێت بەبێ گوێدانە داب ونەریت وکلتوورە لۆکاڵییەکان.ئەدەبی بەراووردکاری گەرچی ئەدەبی نەتەوایەتی سنووردار کردووە بەوەی چوونە دەرەوەکان پێویستە سنووردار بکرێن ،بەڵکو ڕەچاوی بەشێک لەڕەهەندە ئایینی وفیکری وسۆسیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگا بێت.بەڵام ،لەگەڵ ئەمەشدا،چەمکی ئەزمونگەرایی ودیدگەرایی جیهانی وبابەتگەرایی توانای تێکشانی ئەم سنووریە هەیە.بەمەش فۆبیای ئەدەبی نەتەوایەتی لەداب ونەریتەکانی کۆتاییان پێدێت .

شەشەم :بەهۆشیاریکردن:

نووسەران لە سەرجەم حاڵەتەکاندا پێویستیان بەکاری هوشیاریکردنە ، هوشیاریی مێژوویی و ئەفسانەیی و پەروەردەیی و فیکری و ڕەوشتی . . هتد.لەم ساتە وەختەدا، بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کەئاستی ڕۆشنبیرییەت بەهۆی گوشارە لەڕادەبەدەرەکان بەرەو لاوازی دەچێت. هەندێک جار وێنەکان یان دەربڕینەکان یان زەمەنی دەقەکان تارماییەکی زۆریان لەسەرە و تاکەکان لە ڕووی زانیارییەوە ئاگاداری ئەو بازنانە نین. یان گوتارێک بە سادەیی دێتە بەردەم تاکەکان بەڵام لە بنچینەدا گوتارێکە پێویستی بە ڕاڤەکردنە چونکە ڕەنگە بەشێک لەو گوتارانە لەئێستا و ئایندەدا جێگەی مەترسی بێت بۆ تاکەکان یان بۆ گوتارە سەرەکییەکان.پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.ڕەنگە هەر ئەم کردارەش بێت کە ڕەخنەی ڕۆشنبیری خوڵقاند لەکاتێکدا ئەم ڕەخنەیە بایەخ بەشتە سادەکان دەدات ودواتر گەورەیان دەکات.فراوانکردن وگەورەکردنی بابەتە زانیارییەکان پێویستیان بەچەمکی ئەزموونگەرایی ودیدگەرایی وهۆشیارییەوە هەیە .بۆ نموونە تاکی کورد،بەشێوە گشتییەکەی، هەتا ئێستا خوێندنەوەی بۆ (هەزار وێەک شەوە) وەک پێویست نەبووە ئەمە لەکاتێکدا ئەوروپاییەکان لەچەرخی هەژدەوە بایەخێکی زۆریان بەناوەڕۆک وتەکنیکی ئەم بەرهەمە ڕۆژهەڵاتییە داوە،بەڵکو کاری جدی لەسەر ناوەڕۆکەکانی دەکەن.دامەزراندنی ڕێبازی ڕۆمانسیزم کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەم بەرهەمەی لەسەرە.تەنانەت خەیاڵە زانستییەکان سوودی تەواوی لەم بەرهەمە بینیوە.بەڵام لای ئێمەی کورد،ئەم سەرچاوە بەهێزەی داهێنان بوونێکی ئەکتیڤی نیە،بەڵکو ،شاعیران ونووسەران،وەک پێویست کاریان لەسەری نەکردووە.

ڕاپۆرتە هەواڵ: بەیەکەیشتن و دیدارێکی یەکسانەی کوردیی "میدیـــا"ی هۆڵەندا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی کوردیپیدیا

لە دەستپێکی ساڵی نوێ و وەرزی نوێی چالاکییەکانی یانەی کوردیی "میدیـــا" لە هۆڵەندا، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 25-01-2020 لە شاری دەنهاخ ، بەیەکگەیشتن و دیدارێکیان لەگەڵ ستافی ڕێکخراوی کوردیپیدیا بە ئامادەبوونی هاوڕێ باخەوان سەرۆکی ڕێکخراوەکە و هاوکارانی جوان عومەر ئەحمەد، مانوو بەرزنجی و بەناز جۆلا لە شاری دەنهاخ ڕێکخست.

سەرەتا هاوڕێ باخەوان خۆی ناساند و باسی چۆنێتی دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردیپیدیای کرد و بەشداری خۆیانی لە ماوەی دووانزە ساڵی ڕابردووادا کرد، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە، لە ئەرشیفکردن و تۆمارکردنی کتێب و دۆکۆمێنت و مێژووی کورد، کوردیپیدیا لە ساڵی 2008 لە لایەن هاوڕێ باخەوانەوە دامەزراوە. لە درێژەی قسەکانیدا هاوڕێ باخەوان لە داتشۆیەکدا تیشکی خستە سەر ئەوەی زانیاری چییە؟ سەرچاوەکانی چین؟ بۆچی گرنگە، چۆن بەڕێوەیدەبەین و دەیپارێزین! هەروەها باسی ئەوەی کرد، کوردیپیدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia)کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپیدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات. بۆ یەکەمجار وشەی کوردیپیدیا لەلایەن دامەزرێنەری کوردیپیدیاوە ئافرێندراوە.

سەرچاوەکانی کوردیپیدیا- ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپیدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپیدیادا چڕوپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.

ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپیدیا بۆیاندەنێرن و لەڕێی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەدەکرێت. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستیان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە و هەر کەسێک نەیەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپیدیادا ببێت، ناوی تۆمار ناکرێت، بەڵام لای خۆیان پارێزراودەبێت.

-ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپیدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو کوردیپیدیاوە، تۆماردەکرێت.

- ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپیدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکەن و چڕوپڕیدەکەنەوە و پۆلێنی دەکەن و پاشان تۆماردەکرێت.

- هەروەها ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپیدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدەن، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد، تۆمار دەکرێت و پەخش دەکرێت.

- تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و رووداو (کرۆنۆلۆژیا) تا ساڵی 2010 لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، کە کتێبێکی (هاوڕێ باخەوان)ە بە ناونیشانی هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد- چاپی یەکەم - بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) چاپخانەی روون، سلێمانی- 1999 بڵاوبۆتەوە. هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپیدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپیدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپیدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پڕۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپیدیایە. لە کۆڕەکەدا جەخت لەوە کرایەوە، ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لە ناو کوردیپیدیابێبێت، ئەوا ستافی کوردیپیدیای ئاگادارببکەنەوە. کوردیپیدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت و هەمیشە بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، داواکاری لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ئاگادارمان بکەنەوە. خوازیارین هەر زانیارییەک لە کوردیپیدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردیپیدیای لەسەر بنووسرێت. ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپیدیا بە دۆت نێت C - شارپ و SQLبەتایبەت بۆ ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئامادە و بەرنامەکراوە، بەردەوامیش لە باشکردن و گەشەکردندایە. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکڵەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.! ماڵپەڕی کوردیپیدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات. بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارانمان لە کوردستانەوە، کوردیپیدیا لە ڕۆژی 2013-11-11 بووە ڕێکخراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمارکرا. ئێستا کوردیپیدیا بە هەوڵی دڵسۆزانی پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردیی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کوردە!

هاوکارانی کوردیپیدیا:

بریتین لە: هاوڕێ باخەوان، مانو بەرزنجی، جوان عومەر ئەحمەد، سەریاس ئەحمەد، بەناز جۆلا، ئەڤین ئیبراهیم فەتاح، ڕۆژهات سەعید، هەڤاڵ نەژاد، ڕەوەز جەلال ئەمین، ئاراس ئیلنجاغی، نالیا ئیبراهیم، زریان سەرچناری، شکۆ حەمەد شێخانی، گەلێکی تر.

دامەزرێنەری کوردیپیدیا: لەسەرەتاوە هاوڕێ باخەوان بووە. لە کۆتاییدا جوان عومەر ئەحمەد، کە یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی ستافی کوردیپیدیا و لە بەریتانیاوە بە تایبەتی بۆ ئەم دیدارە هاتبوو، پاش خۆناساندن تیشکی خستە سەر کارو چالاکیەکانی خۆیی و وردەکاری ئیشکردنی لە ناو کوردیپیدیادا و کارەکانی بریتییە لە کۆکردنەوەی ئەرشیڤی نەتەوەیی و پێشخستنی زیاتری کارەکانی ڕێکخراوی کوردیپیدیا و باشترکردنی داتابانکەکەی. خاتوو جوان لە وڵات وەک مامۆستا لە بواری پەروەردە کاری کردووە و بڕوانامەی لە پێداخۆخۆیدا لە دەرەوە بەدەستهیناوە لە بواری گرێ ڕەفتاریکانی منداڵاندا. ئێستا ئەندامی کارای ڕێکخراوی کوردیپیدیایە. لە دیدارەکەدا ئامادەبووان بەشدرییەکی ڕاستەوخۆیان لە گفتوگۆکاند کرد و پرسیاری ڕووبەڕوویان ئاڕاستەی لێپرسراوانی ڕێکخراوی کوردیپیدیا کردەوە و جەختیان لەوە کردەوە ئەم دیدارە دەسپێکێکی باش و سەرکەوتووی سالّی نوێیە.

چالاکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە.....چالاکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە

هونەرمەند دارا ئارام لە پێشەنگای شێوەکاریدا

هونەرمەند دارا ئارام، لە ڕۆژی 20 فێبریوەری تا 21 ی مارتی 2020 پێشەنگایەکی شێوەکاری لە گەلەری (Earls Court) لە کەنەدا دەکاتەوە، کە تییدا ئەم بەرهەمانەی تێدا نمایش دەکات:

1- تاریک و ڕوون # 1. 2020 ئەکریلیک لەسەر قوماش 50 × 52 .
2- شکۆی تاقگە # 3. 2020 ئەکریلیک لەسەر قوماش 32 × 36.
3- تاریک و ڕوون # 4. 2020 ئەکریلیک لەسەر قوماش 10 × 12.

دارا ئارام هونەرمەندێکی کوردی شێوەکارە، خەڵکی باشووری کوردستانە. پاش ئەوەی پەیمانگای هونەرجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، چۆتە وڵاتی کەنەدا کۆلێجی هونەری ئۆنتاریۆ لە تۆرینتۆ خوێندوویەتی، تا ئێستا بەشداری 109 پێشەنگای تایبەت و هاوبەشی کردووە، لە زۆربەی وڵاتەکانی دنیا وەک ژاپۆن و ئەڵمانیا و سوید و دانیمارک و نەرویج و وڵاتە یەکگرتووەکان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکای باکوڕ. تا ئێستا کۆمەڵێک خەڵات و مەدالیای لەسەر هونەرەکەی پێ بەخشراوە.

پێڵاوی شین لە ناوەڕاستی شاری مانهایم لە ئەڵمانیا

حەمید بەدرخان

KUNST-INSTALLATION ALS ZEICHEN FÜR KLIMAWANDEL

Blaue Schuhe mitten in Mannheim

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2020/01/27 لە شاری مانهایم لە ئەڵمانیا، هونەرمەندێکی ئەڵمانی بە ناوی هایدڵبێرغ فرانک شلوتمان، گۆڕەپان و شەقامەکانی مانهامی بە دەریایەک پێڵاوی شین ڕازاندبۆوە. ئەم هونەرمەندە لە کۆی 500 جووت پێڵاو، کە بە ڕەنگی شین بۆیەی کردبوو، دەیویست سەرنجی خەڵکی بۆ ئەوە ڕابکێشێت، کە بەرزبوونەوەی ئاستی دەریا لە ئەنجامی گۆڕینی کەشوهەواوە چی کاریگەریەکی لەسەر ژینگە کردووە، خوێندکارانی یەکێک لە ئامادەییەکانی خیمناسیۆمی مانهایم 300 جووت پێڵاوی خۆیانیان پێشکەش ئەم هونەرمەندە کردبوو، هەروەها 200 جووتی دیکەشی لە یەکێک لە قوتابخانەکانی تر دەست کەوتبوو، وەک بەرەنگاربوونەوەیەکی گۆڕینی کەش و ئاو هەوا.

ئەم هونەرمەندە دەیەوێت پێمانبڵێت ئەمە کارێکی ژینگە پارێزییە و کەرەستە کۆنەکان مەرج نییە فڕێبدرێن، دەکرێت بۆ چەندین کاری دیکە بەکاربهێندرێنەوە ...بۆیە لێرەو لەوێ دەبیندرێت کەرەستەکان پێش ریسایکلین بەکاردەهێندرێنەوە بۆ کاری ناوازەی هونەری.

چالاکی کوردانی تاراوگە لە ئەڵمانیا

هەنگاوێکی دیکە بەرەو پەروەردەکردنی مامۆستایانی زمانی دایک لە ئەڵمانیا



وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی لە هەنگاوێکی دیکەیدا بەرەو دەستپێکردنی پڕۆسەی پەروەردەکردنی مامۆستای زمانی کوردی لە ئەڵمانیا، ڕۆژی هەینی 2020/01/17 لە شاری فراکفۆرتی ئەڵمانیا، دووەمین کۆبوونەوە بۆ ئەم مەبەستە بە سەرپەرشتی د. پۆلا خانەقا، سەرۆکی دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و تویژینەوەی زانستی کوردستان سەربە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی مامۆستا فازل عومەر، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و پسپۆری کۆمەڵناسی، حەمید ڕەشیدیان... سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی ئەڵمانی لە فرانکفۆرت، حەمید بەدرخان سەرۆکی ئەکادیمیای بەدرخان، لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی مامۆستایانی کورد لە ئەورووپا، کە پێکهاتبوون لە مامۆستایان، سەمیر خدر، جاهید کاپلان ... مریەم چاخ و نیازی یەلماز و عەلیشێر سایان لە شاری فراکفۆرت کۆبوونەوەکە هەنگاوی دووەمی بونیادنانی بناغەیەکە بۆ پەروەردەکردنی مامۆستای زمانی دایک (کوردی) لە ئەڵمانیا، لە هەنگاوی یەکەمدا وەزیری خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی لە مانگی ڕابردوودا لەگەڵ ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی مامۆستایانی کورد کۆبوونەوە و بەڵێنی هاوکاری پێویستی پێدابوون، لەپێناو پەروەردەکردنی مامۆستای کورد بۆ ئەوەی منداڵانی کورد لە وڵاتی ئەڵمانیا لە خوێندنی زمانی دایک بێبەش نەبن. لە کۆبوونەوەی دووەمدا د.پۆلا خانەقا، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە وەکو دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و تویژینەوەی زانستی و وەزارەتی خوێندنی باڵا ئامادەی هەموو هاوکارییەکن بە مەرجێک بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بێت و لە ئاست ناو و ئاستی زانستی زانکۆکانی هەرێم دابێت. هاوکات باسی لەوەش کرد کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی و دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و تویژینەوەی زانستی بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە هاوکاری زانستی و ئەکادیمی پێشکەشی ئەو مامۆستایانە بکات کە دەیانەوێت پەروەردەی زمانی کوردی ببینن و دواجار وەکو مامۆستای زمانی دایک لە ئەڵمانیا خزمەتی منداڵانی کورد بکەن بۆ ئەوەی فێری زمانی دایک ببن. هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە بە بەشداری و هەماهەنگی زانکۆی سلێمانی و دهۆک و زانکۆکانی کوردستان ئەو پڕۆژەیە جێبەجێبکرێت و بە جددیش لە هەوڵەکانمان بەردەوامدەبین بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مامۆستای پسپۆری زمانی کوردی بنێرێتە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە... لە کۆتایی کۆبوونەوەکە یەکێتی مامۆستایان پڕۆژەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پڕۆسەکەیان پێشکەشی د.پۆلا کرد بۆ شرۆڤە کردنی و پەرەپێدانی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی. دواتر ئامادەیی دەربڕی بۆ پێشوازی و میواندارێکردنی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی مامۆستایانی کورد لە ئەورووپا بۆ کوردستان.

کەلتور و ئەدەب لە تێڕوانینی دوو ڕوناکبیری کورد

باوکی بەیار

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2020/01/26 لە کۆڕێکی ڕۆشنبیری سازکرا بۆ هەردوو روناکبیری کورد لالە عەبدەی شێوەکار، دەربارەی کەلتور و گلۆبالیزم و هەروەها شێرزادی حەسەنی ڕۆمانتووس، دەربارەی (لە ستایشی ئەدەبدا) لە شاری لودڤیگسهافنی ئەڵمانیا، کە ناوەندی کەلتوری هێسن – دارمشتاد بەهاوکاری نەوزاد قەفتان ڕێکی خستبوو، لە تەوەری یەکەمدا لالە عەبدەی هونەرمەندی نێودارى شێوەکاری کورد باسی لە کەلتور و گلۆبالیزم کردو گوتی ، دنیای ئەمڕۆ دنیای ئابوری و پەیوەندییەکانە، دەکرێت لە ڕێگای کارەکانمانەوە هونەرو ئەدەب و مۆسقا و فۆلکلۆری کوردی لە پاڵ ئەوکارانە ئاشنای میللەتانی دیکە بدەین و کوردانیش سود لە کەلتوری نەتەوەکانی دیکە وەربگرێت، لە بەشێکی دیکەی قسەکانی لالە عەبدە باسی لە ژیان و بەرهەمەکانی خۆی کرد....

لە تەوەری دووەمدا ڕۆمانووس شێرزاد حەسەن لکۆڵینەوەیەکی بە نێوی لە ستایشی ئەدەبدا، پێسکەش کرد، کە بە چەندین بەش پۆلێنی کردبوو، سەبارەت بە ژینگە و سروشت و خودگەرایی و ....هتد جەختی لەسەر پەروەردەو تێڕوانینی ئەدیب بۆ ئەدەب کردەوەو کە دەبێ ئەدیب خاوەی تێڕوانینی خۆیبێت و لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا هەڵوێستی دیاری خۆی هەبێ و ئەدەب سەنگی گۆڕانکارییەکانبێت...پاش پێشکەشکردنی سمینارەکان بە گفتوگۆیەکی هەمەجۆر لەلایە ئامادەبووانەوە کۆتایی بە سیمینارەکان هات ... سازدانی ئەو چالاکیانە بۆتە جێگای دەستخۆشی لەلایەن ئامادەبووانەوە ...

گۆشەی 40 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

سەرۆک: خەڵکی وڵاتەکەم دڕندەترین تاوانیان کردوە

بەبۆنەی یادی 75 ساڵەی کۆشتاری جولەکەکان بەدەستی نازییە ئەڵمانیەکان، لە شاری قودس " فرەنک ڤالتەر شتاینمایەر" لە گوتارێکیدا لەبەردەم زیاتر لە 50 سەرکردەی وڵاتانی جیهان گوتی، خەڵکی وڵاتەکەم دڕندەترین تاوانیان دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامداوە و سەرکۆنەی دەکەین، هەروەها کوشتنی بەئەنقەست شەش ملیۆن کەسی بێتاوان قێزەوەنترین کاری ئەڵمان بووە لە مێژووەکەماندا، بۆیە بەرپرسیارێتی ئەو ڕووداوە هەڵدەگرین و ئێستا کات و عەقڵ و هەڵوێستمان گۆڕاوە و لەدژی نازی و ڕەگەزپەرستەکان دەوەستینەوە.

ڕێز لە دەربازبوانی قوربانیانی هۆلۆکۆست دەنرێت

لەیادی 75 ساڵەی کارەساتی تراژیدی هۆلۆکۆست کە زیاتر لە شەش ملیۆن جولەکەی تێدا بەدەستی ئەڵمانیە نازیەکان ،ئێستا ئەڵمانیا بەرپرسیارێتی ئەو ڕوداوە هەڵدەگرێ وکەسوکاری قوربانیانی قەرەبوکردۆتەوە، لەمڕۆژانە ئەڵمانیا پیاوێکی پیری دەربازبونی ئەو کارەساتەی لە ئیسرائیلەوە هێنا وڵاتەکەی تا بەشداری لەو یادەدا بکات، شایانی باسە تا ئێستا زیاتر لە ٢٢٠ هەزار کەس لەودەربازبوانە لە ئیسرائیل دەژین ولەلایەن ئەڵمانیاوە قەرەبوکراونەوەتەوەو موچەیەکی شایستەی مانگانەیان بۆ بڕاوەتەوە.

ئەڵمانیا لە داهێنانی زانستی یەکەم بوو

لە توێژینەوەی ئەمسالّی دەزگای بلۆمبێرگ بۆ داهێنان ئەڵمانیا لەبواری داهێنانی زانستی و تەکنەلۆژیادا، ناوی لە ڕیزبەندی یەکەمی ئەو وڵاتانەدا هاتووە، ئەو وڵاتانەی دیکە، کەناویان لە لیستەکەدا هاتووە، دوەم کۆریای باشور و سێیەم سەنگافورە و دوای ئەوانیش سویسرا و سوید دێت و ئەمریکا کەوتۆتە نۆیەم و چینیش ڕیزبەندی

15 یە.

سوریەک عێراقیەکی لەخەودا کوشت

لەشاری ئینبۆرنی هەرێمی باکوری راین ڤێستیڤالیا گەنجێکی سوری ٢٦ ساڵ بەرەبەیان دەچێتە ناو شوقەی عێراقیەکی هاوڕێی و لەخەدا بەچەقۆ دەیکوژێت، دواتر ئاگر بەردەداتە ماڵەکەی، تا پۆلیس ئاسەواری کوشتنەکەی لێ وون ببێت، بەپێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس ئەو دوو گەنجە هەردوکیان کچێکی ئەڵمانییان خۆشویستووە و چەند جارێک دەماقاڵییان بووە، سەرەنجام کچە دڵی بە عێراقیەکەوە بووە، ئێستا پۆلیس تاوانبارەکەی دەستگیرکردووە و تانداگایی کردنەکەی خستوویەتییە ناو زیندانی تاکە کەسیەوە.

پۆلیس هەڵمەتی بۆسەر گروپی ١٨ دەستپێکرد

بەقسەی وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا، پۆلیس لە شەش هەرێم بە بەشداری زیاتر لە ٢٠٠ کارمەند، هەڵمەتێکیان بۆسەر گروپێکی تووندڕەوی نازی دەستپێکردوە و بەرپرسی یەکەمیان لێ دەستگیرکردوون، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی دەیان کۆمپیوتەر و مۆبایل و کەرەستەی تر، کە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نازیەت و تووندڕەوی بەکاردەهاتن، گروپی کۆمبات ١٨ لەسەرەتای نەوەدەکانەوە لەبەریتانیان دروستبوون و لەم دواییەشدا لە ئەڵمانیاش پەیدابوون و ژمارەیان دەیان کەسە، بەژمارە زۆر نین، بەڵام بەکردوە و چالاکی مەترسیداران، ناوەکەیان لە پیتی یەکەمی لاتینی و ئینگلیزیەوە هاتووە و پیتی یەکەمیان هاوشێوەی پیتی یەکەمی ناوی"ئەدۆلف هیتلەر" ە.

بڕوانە لاپەڕە 14

پاشماوەی گۆشەی 40 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بۆرهان ئەمین-ەوە بکوژی سەرەک وەزیران سزدرا

لەساڵی ٢٠٠٥ لاکشامان کاتیرکاماری سەرەک وەزیرانی ئەوسای سیریلانکا لەلایەن ژمارەیەک لە ڕەوتی تامبیر کوژرا، یەکێک لەتاوانباران لە ٢٠١٢ەوە هاتۆتە ئەڵمانیاو داوای مافی پەنابەریتی کردوە،دوای ١٥ ساڵ لەو روداوە لەدگای شتوتگارد ئەو تاوانبارە دادگایی کراو سزای ٧ ساڵ بەندکردنی بەسەردادرا.

شپارکاسە زیاتر لە دووملیاری زەرەرکرد

بانکی ناوەندی ئەڵمانی ئاشکرایکرد, کە شپارکاسە بانک لە ساڵی ٢٠١٩ بڕی ٢ ملیارو ٤٠٠ هەزار یۆرۆی زیان پێگەیشتووە لە وەرگرتنی پارەی سیولە لە بانکی ئەوروپی و لەو پارانەی کە بەقەرز وەریگرتوون، بەبڕی ٠،٥ ٪ زیادە" سو"ی هاتۆتەسەر.

ڤۆلکسڤاگن کۆچبەران وەردەگرێت

کۆمپانیای VW کە گەورەترین کۆمپانیای دروستکردنی ئۆتۆمبێلە لەسەر ئاستی هەموو جیهان دەستیکردووە بە دامەزراندنی کۆچبەران و لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ٥٠٠٠ کۆچبەری وەک کرێکارو کارمەند وەرگرتووە،

جل و بەرگی خەڵکی هۆڵەندا ، سەدو بیست ساڵ لەمەو بەر ..!

سەردار مەحمو

کە مناڵ بووم، وامدەزانی: شاخ، بەفر، داربەڕوو، کەو، قەزوان، هەڵپەڕکێ، کەوچکی دار، دۆینە و ترخێنە و زۆر شتی دیکە، بەس هی کوردن، کە مناڵ بووم، وامدەزانی لە سەر شاخەکانەوە دەتوانین دەست بدەین لە پەراوێزی گومەزی ئاسمان! کە مناڵ بووم، یەکەم جار "حاجی شیخ ساحێب"م بینی بە ڕیشی سپی و بالای بەرزو عەبای شاڵ سورمەوە، ڕامکردە ژوەرەوە وتم: دایە خوام بینی هات بۆ ماڵی سەی حەلاو! کە تۆزێک فامم کردەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی گوندێکی زۆر کوردپەروەر بووم، وامدەزانی خوا کوردە..ئاخر سوێندی ئاسایی خەڵکەکەمان ئاوا بوو: بە کوڵەباڵەکەی خوا+... بە ڕیشە چەرموەکەی خوا...خەڵکی گوندە کوردپەروەرەکەی من هیچ تاوانێکیان نەبوو... ئاخر هیچکەس خودای نەدیوەو هەرکەس لە زیهنی خۆیەوە وێنای خودا دەکات... هەر وەک چۆن، حاجی کاروان حەزی لە ژنی جوان و سەماو تیپی مۆسیقایە و حۆریەکان دەخاتە ڕەقس و سەما لە بەهەشتدا... هەر وەک چۆن، مامۆستا هاوڕی حەزی لە ماڵی دنیایە و باس لەوە دەکات خانوەکانی بەهەشت لە زێر و زیوو یاقووت و مرواری دروستە کراون! هەر وەک چۆن، مامۆستا شیرزاد حەزی لە میوەیە و دەڵێ لە بازاڕی بەهەشت بە دڵی خۆت عەلاگە پڕکە! هەر وەک چۆن هەزاران نا، بەڵکو ملیۆنان وێنا بۆ خودا هەیە، ئێمەش لە نیەتی کوردانەی خۆمانەوە ، خودامان بە کورد دەزانی...کە گەورە بووم و دنیا گەڕام ، زانیم چیاکان هی سەرئەرزی زۆربەی وڵاتانن. زانیم ئەو جلە کوردیانەی من بە تۆزێک گۆڕانکاریەوە هی زۆربەی گەلانن... کەوچکەدارەکانیش ، کەویش... لەوە تێگەیشتم زمانی هەموو گەلان تێکەلاون، کەلتور و ئاینیش هەروەها... تەنانەت، ڕۆژێک لە شاری ئاگیۆس نیکۆڵاسی دورگەی کریتی وڵاتی یۆنان بووم... لە دوکانێکدا کە من چوبووم جۆرە عارەقیکی خۆمالی (ڕاکی) بکڕم ، گوێم لە ژنێکی یۆنانی بوو، وتی: ترخەنە کیلۆی بە چەند؟! کە لامکردەوە، ئەڕوانم ترخەنەکەی ئەوان هەر ترخێنە وشکەکەی خۆمانە، لێم پرسی ئەوە چی یە؟! گوتی: ترخەنە ...خانم تۆ کوردیت ؟! نەخێر، ئەلەنیکام ..... واتە یۆنانیم... زۆر سەرم سوڕما... هەمان شت بە هەمان ناو و شکڵ و قەبارە... دیارە، یا لەشکری زەینەفۆن ئەو خواردنەیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە کوردستان، یان لای ئێمەوە بردویانە... براڵە... خۆیشکە خاسەی گوڵ وەشان... کورد جوانی گوتووە: ئینسان زۆر بگەڕێ یان کۆڵ دێنێتەوە یان زۆڵ... من هەرگیز نانم بە دۆ نەگەیشیوەو وەک دەڵێن: هەلی تەکێنە، کۆڵت ڕەنگینە و بارت سەنگینە. جا چونکە دنیام بە هیچ گرتوە، قەت باوەڕم بە کۆڵ دروستکردن نەبوەو و مەحوی ئاسا دەڵێم: سەر و سامانمت پرسی، مەپرسە، سەری تۆ خۆش، نە سەر ماوە نە سامان... بۆ زۆڵەکەش کورد جوانی گوتووە: سەری بێ ڕزق لە خاکدایە! دانیشن بە خێر...

تێبینی/ وێنەکانم لە پەیخی (کوردانی سوید Kurdani Swed) بە ئەمانەتەوە وەرگرتوە....

گۆشەی زانست
مامۆستا جەزا دەپنووسێت

ڤان ئالّن بێلّت چییە؟

ڤان ئالّن بێلّت پشتێنەیەک تەنۆلکەی بارگاوی وزەدارە، بە هۆی خۆرەوە، هەروەها زۆربەی زۆر لە هەلّکردنی ڕەشەبا و وژە ۆژەوە دروست دەبیت، ئەم پشتێنە تەنۆلّکە بارگاویانە، بە هێزی موگناتیسی زەویەوە بەندبووە و بریتیین لە دوو پشتێنە.



لە ساڵی ١٩٥٨دا دکتور جەیمس ڤان ئالّن، ئەم پشێنە تەنۆلّکە باگارگاویە بە وزانەی بەدی کردووە، لە دووری چل هەزار کیلۆ مەتر لە ڕووی زەویەوە، کە بریتین لە دوو ڕیزە پشتێنەی بەیەکداچوون، پشتێنە ناوکیەکە، بە زۆری پێک هاتەی پرتۆنی وزەدارە و پشتێنە دەرەکیەکەش دەگرێتە خۆی.

لە 2014/9/19 ئەم سێ تۆێژە بریتی بوون لە ماددەی پلازمی یان هیبولّی[دۆخی چوارەمی ماددە].

ئەوەی شایانی باسە پشتێنەی ڤان ئالّن زۆر گرفتی دروست کرد، لە ڕیگەی گەشتە ئاسمانییەکاندا بۆ چۆنە سەر مانگ هەتا توانرا چارەسەری بۆ بکەن، بە بە کارهێنانی بەرگی تاییبەت بۆ پوینەرەکان (پیاوی بۆشای ئاسمان)، کە زۆری لە ماددەی ئالّتون پێک هاتبوو.

Betelguse
چییە؟

بتگلوس ئەستێرەیکی سورە لە گالاکسی ئوریون، لە ئەستێرە زۆر ڕوناکەرەوەکانی ئاسمانە زۆر گەش و ڕۆشنە، بە ئاسانی بە چاو دەبیینرێت و دە جار لە خۆر گەورەترە.

لەوە دەچێت ئەم ئەستێرەیە ناوەڕاستی کۆمەلّەی ڕۆژدا بێت، بەلّام مەریخ دەکەوێتە قەراغی دەرەوەی.

ڕوناکی ئەم ئەستێرەیە زۆر زیاترە لەڕوناکی خۆر و گەورەترە و چاوگی زیاترە، زۆر دەسووتێت، واتە لە خۆر زوو تر دەکوژێتەوە.

بتگلوس دەوری کزبوونی زۆر نزیکە، تەنانەت زاناکان لەم چەند هەفتەی ڕابردووەدا هەستیان بە کەمێتی درەوشانەوەی کردووە و جێگای سەر سووڕمانە، ئەمەش سیگنالّی نەمانێتی.

جا ئەستێرەیکی وەک بتگلّوس چاوگەکەی تەواو بێت و کارلێکردنی ناوکی بوەستێت، کە ڕوناکی و تیشک دەبەخشێت و پەستانی ئەو گەرمی و تیشکە، کە پێویستە هاوسەنگی هێزی کێش کردن بکات، نەمانی هەرچی هەیە لە ناو ئەستێرەکەدا دەردەپەڕێتە دەرەوە و کێش کردن زاڵ دەبێت و کاکلّەکان دەچنەوە، یەک یان کرژ دەبن و لەئەنجامدا بە شەپۆلە لەرزین ئەستێرەکە تێکدەشکێنێت، لە تەقینەوەیکدا پێی دەگوترێت [Supernova]، کە تیشکدانەوەکەی زۆر زیاترە لە گالاکسی ڕێگای کاکێشا ن[طريق درب التبانة] یان Milky way

تێبینی :بتلگوس بە عەرەبی پێ دەگوتریت (يد الجوزاء).

ڤیلیەم ماریس

هونەرمەند ڤیلیەم ماریس لە 18-02- 1844 لە شاری دنهاخ لە دایک بووە. لە 10-10-1910 کۆچی دوایی کردووە. ئەم هونەرمەندە تەنها لە بواری وێنەکێشان بە بۆیەی ڕۆنی نا بەڵکو لەهێڵکاری و ڕەنگی ئـــاوی و گرافیکدا زۆر شارەزا و بە توانابووە. تابلۆی مانگاکانی، ئەو دەشتە لەناو ئاودا، زۆر بەناوبانگە، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی 1895-1904 بەپێوانەی 87 - 108 سم. دارشتنی تابلۆکە پێک هاتووە لە دوومانگا لەڕۆخی ئاوێکی وەستاودا، لە بەشی دواوەی تابلۆکە، دەشتاییەک و ئاسمانێکی بە هەور دەبینرێت. ئەم تابلۆیە سەر بە قوتابخانەی هاخسەسخولە، تابلۆکانی ڤیلیەم زۆر ئاوهەوای هاوینی پێوە دیارە، جگەلەوەش زۆربەی فیوگەرەکانی مانگان.

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی و کەلتۆری هەفتانەیە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

05 FEBRUARI . 2020 Nummer. [90] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– ئەلبێرت پادشای بەلچیکا، بە هۆی پشکنینی DNA دەوە دانی بەوەدا نا، کە دڵفینا کچی ڕاستەقینەی خۆیەتی ،ل2.

– نامەیەکی کراوە بۆ خانمانی ئازیز. لە لایەن چەند نووسەر و ڕوناکبیرێکەوە..ل 3 – گرنگ: لە بارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

زانیاری ورد و نوێ..! لوقمان حەویژ، تەکساس ل 4 . – خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (کارەکتەری سینەمایی)ی دارۆ عەزیز، لە سکرینپلەی بڵاوەبێتەوە... نووسینی: حەسەن فەلاح ل 5 و ل 6 و ل 7.

– گەشتێک بەنێو خوێندنداا..... نووسینی: پ.د.زاهیر لەتیف کەریم، ل8و9.

– ڕاپۆرتە هەواڵ: کۆنفرانسی کۆچبەرانی کورد لەشاری کۆڵنی ئەڵمانیا، ل 10.

– چالاکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە.. پیشاندانی فیلمی پەیکەری دڵ لە ئەمستردام و کۆڕێکی شیعری ڤینۆس فایەق لە لاهای و پەیکەرێکی شوان کەمال لە ئەڵمانیابۆ ڕۆلفکایزەر دروستی کردووە.. ل 11. –

– لە کارە سەرنجڕاکێشەرەکانی دنیـــا...وەرگێڕانی موزەفەر عەزیز... ل 12

– گۆشەی 41 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دەوە ل 13 . – ل14

– گۆشەی زانستی: بابەتی یەکەم:مامۆستا جەزا. بابەتی دووەم سەباح یاسین ئەحمەد.. ل 15 .

– ئەمجارەش دەربارەی هونەرمەندی هۆڵەندی خیرارد بێڵدێرس و چەند تابلۆیەکی.. ئامادەکردنی: ڕزگار ئەمین.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەتدا دەردەچێت

05 FEBUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 90
ژمارە 90 ی 05 ی شوباتی 2020

ئەلبێرت پادشای بەلچیکا، بە هۆی پشکنینی DNA ەوە دانی بەوەدا نـــا، کە دڵفینا کچی ڕاستەقینەی خۆیەتی

Albert Felix Humbert Theodoor و کچەکەی دڵفینا

پادشای وڵاتی بەلچیکا ئەلبێرت فلیکس هۆمبێرت تێۆدۆر چریستیان، لە دایک بووی بڕۆکسل ڕۆژی 6 ی حوزەیرانی ساڵی 1934 لەپاش دوو ساڵ نکۆڵی کردن، کە ئەو پشکنینە بکات و سووربوو لەسەر ئەوەی کە دۆڵفینا کچی ئەو بێت، بەڵام ڕێگەی دادگاوە بەسەریدا سەپێنرا، کە دەبێت پشکنینی DNA بکات و پاشان ساخ بۆوە، کە هونەرمەندی شێوەکار دڵفینا بۆیڵ Delphine Boël لە دایکبووی ڕۆژی 22 ی شوباتی ساڵی 1968 لەم ڕۆژانەی دواییدا بە گوێرەی ڕۆژنامەی ستاندارتی بەلچیکی، پارێزەرەکەی پادشای بەلچیکا ئاشکرای کرد، کە چی دیکە پادشا ڕێگەی یاسایی ناگرێتە بەر، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە ئەو باوکی دڵفینا نییە و بڕیاریدا بەڕێزەوە کۆتایی بەم کێشە پڕئازارە بهێنێت.

تێکەڵ بوون:

دڵفینا بۆیەڵ، کە ئێستا تەمەنی 51 ساڵە و پیشەی نیگارکێشانە، چەندان ساڵە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەلبێرت پادشای ئێستا بەلچیکا باوکی ڕاستەقینەیەتی و لە دایکیشیەوە کچی Sybille de Sélys–Longchamps (سابیللە دی سیلیەس لۆنخچامپس)ە.

پادشا لە ساڵی شەستەکاندا، پەیوەندی لەگەڵ ئەم ژنە پەیدا کردووە، دڵفینا ساڵی 1985 بەم ڕاستییەی زانیوە، کە تەمەنی 17 ساڵ بووە، ئەمەش ساڵی 1999 ڕۆژنامەنووس ماریۆس دانیەڵس ئەم ڕاستییەی ئاسکرا کرد. پێش ئەوەش پشکنینی DNA ڕوونی کردبۆوە، کە دڵفینا کچی (جاکس بۆیڵ)ی بازرگان نییە، کە بەخێوی کرد بوو.

دڵفینا ساڵی 2013 چووە دادگا بۆئەوەی بیسەلمێنی، کە کچی ڕاستەقینەی پادشای بەلچیکایە.

لە مانگی مەی ساڵی 2019 پشکنینی DNA بۆ پادشا کرا، ئەمەش بەوەی، کە لە لایەن دادگاوە بەسەریدا سەپێنرا، ئەگەر ئەو پشکنینە ئەنجام نەدات، دەبێت ڕۆژانە 5000 ئیرۆ سزا بدرێت.

میرات:

ئێستا کە ئاشکرا بوو، پادشای بەلچیکا باوکی ڕاستەقینەی (دڵفینا بۆیڵ)ە، پادشاش ئامادەیە دان بەوەدا بنێت کە دۆلفینا کچێتی، بە پێی قسەی پارێزەرەکەی ئەوسا بە پێی ئەو بڕیارە دۆلفینا دەتوانێت، بەشی خۆی لە میراتی پادشا بەر بکەوێت، بەڵام ڕوون نییە نازناوی شازادە وەربگرێت، وەک ڕۆژنامەی ستاندارت ئاماژەی پێداوە.

لە هەمان کاتدا هەمیشە پارێزەرەکانی دڵفینا دووپاتیان کردۆتەوە، کە ئەو میرات و نازناوی بەلاوە گرنگ نییە، ئەوە نەبێت کە بسەلمێنریت، کە کچی پادشای بەلچیکایە.

ئەم کێشەیە بۆ (فیلیپ)ی کوڕی ئەلبێرت زۆر ناخۆش بوو، چونکە کەوتۆتە کێشەیەکەوە کە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، بەڵام زۆر نێگەتیف بەسەر ئەودا شکاوەتەوە، چونکە ئێستا ئەو لێپرسراوی وڵاتە، بە پێی قسەی قیم دهاند سخوتەر، کە پاسەوانی تایبەتی پادشایە، ئەم ڕووداوە بۆ پادشا فیلیپ زۆر پۆزەتیفە چونکە پادشا ئەلبێرت دانی بەوەداناوە، کە (دڵفینا بۆیڵ) کچێتی.

ئیتر دادگاییکردنە بەردەوام نابێت و دۆسیەکە دادەخرێت.

نامەیەکی کراوە بۆ خانمانی ئازیز

ئازیزان،

ئێمەش وەک ئێوە تەواو تورە و نیگەرانین لەو بڕیڕیزیی و بێنرخکردنە بەردەوامەی زیاد لە هێڕێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرامبەر بە ژنان ئەنجامیدەدەن، بە تایبەتی لەلایەن ئەو جۆرە کەسایەتییە دینییە تازانەوە، کە لەم دوو دەیەی دواییدا و لەناو گوتارێکی سەلەفیی تەواو داخراوەوە هاتوون. کۆمەڵگای ئێمە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا، تووشی نەوەیەک لە مەلای دینیی هاتووە، کە نەسەر لە پەیامە دێرینیەکانی دین و نە سەر لە داخوازییەکانی دونیای نوێ دەردەکەن. زمانێکی هێرشبەری تەواو ناشیرین و پڕ بڕیڕیییان کردووە، بە زمانی دین و دینداریی، سڵ لە سوکایەتیکردن بە هەموو ئەو کەسانە ناکەنەوە، کە دین و دینداری وەک ئەوان نابینن. ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم جۆرێک کەسایەتی دینی تازەداین کە لەبری ڕێنمایی و ئاموژگاریی ئینسانیی، بە زمانێکی زۆر بازاڕیانە جنێوفرۆشیی و بێ ڕێزیان کردووە بە کردارێکی ئاسایی ناو مینبەر و خوتبەکانیان. لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و لە ڕادیۆکان و لەناو مینبەری مزگەوتەکاندا ئەوەی بەسەر دەمیاندا دێت دەیڵێن و سڵ لەوە ناکەنەوە سوکایەتی بە سەدان هەزار مرۆڤ بکەن. ئەمانە نە دەچنەوە سەر کەلەپوری مەلا ڕۆشنفیکرەکانی دونیای خۆمان، لە نموونەی کەسانی وەکو مەلای گەورە و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و شێخ محەمدی خاڵ، نە دەشچنەوە سەر ئەو ئایندارانەی ڕێزی مرۆڤ دەگرن و دەزانن مرۆڤی ئەمڕۆکە لە چ دونیایەکدا دەژی و ئەو جۆرە دونیایەش پێویستی بە چ جۆرە ڕوانین و تێگەیشتنێکی تازە هەیە. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ناو دیدی ئەم مەلا تازانە، نەبینینی ژنە وەک خود، وەک خودێکی سەربەخۆ، وەک زاتێکی عەقڵانیی خاوەن کەسایەتیی، بەڵکو مامەڵەکردن و بینینیانە بۆ ژن وەک ئامراز، وەک کەرەستەیەکی بێئاکار. جارێک وەک ئامرازی خزمەتکردنی پیاو، جارێکی تر وەک ئامرازی دروستکردنی منداڵ و ڕێکخستنی کاری ناوماڵ، جارێکیش وەک کەرەستەی دروستکردنی دینداریییەکی داخراو وێنای دەکەن. لای ئەم جۆرە مەلایانە وەکچۆن خەڵک دروستکراون بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی سەرۆکەکانیان بن و بەیعە و وەلا بە ئیمام و وەلی ئەمیری سیاسیی و دەسەڵاتداران بدەن، بە هەمان شێوە ژنانیش دروستکراون بۆ ئەوەی بەیعەی خزمەت و ئیتاعەت بە نێرەکانی کۆمەڵگا بدەن. هەر ئافرەتێکیش لەم تێگەیشتنە نەخۆشە لایدا، ئەوا دەگۆڕێت بۆ درندە و بوونەوەرێکی ترسناک، دەبێت بە دایناسۆر. ئافرەت لە دیدی ئەمانەدا خودێکی سەربەخۆ و عاقڵ و کامڵ نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ وەدیهێنانی خواست و غایەتێکی تایبەت کە پێشتر بۆی دەستنیشانکراوە.

لای ئەمانە ژنان دەبێت بەسەر ئەو "سیراتەل موستەقیمەدا" بڕۆن کە ئەوان، کەسانی وەک مەلا مەزهەر، بۆیان دەستنیشاندەکەن. لە دیدی ئێمەدا بوون و ژیانی هیچ کەسێک، چ پیاو و چ ژن، نە ئامرازە و نە کەرەستەیە و نە شتێکە ژێردەستەی خواست و غایەتێکی پێشتر دەستنیشانکراو. هەموومان، چ ژنان و چ پیاوان، مرۆڤی سەربەخۆ و کاملێن و خاوەنی هەموو ئەو مافانەین کە مافی مرۆڤێکی کاملێن. هەم ویژدانمان ئازادە و هەم بیرکردنەوەشمان. پێشمانوایە هەر مرۆڤێک خاوەن ئیرادە و خواست و عەقڵ و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی، پێویستی بە مەلا مەزهەر و مەلا هەڵۆ و هاوشێوەکانیان نییە، پێیان بڵێن چۆن بژین و چۆن بیربکەنەوە. مرۆڤ لە دونیای ئەمڕۆدا خۆی سەروەری خۆیەتی، کاتێک لەگەڵ کەسانی تریشدا ژیانێکی هاوبەش و پێکەوەیی دروستدەکات، بە پێی کۆمەڵێک یاسا و بەها و نۆرم دروستیدەکات کە پێکەوە لەسەری ڕێکەوتون و پێکەوە قبووڵی دەکەن، نەک ئەوەی یەکێکیان، جارێک بەناوی ئەم یان ئایدیۆلۆژیاوە و جارێکی تر بەناوی ئەم یان ئەو دینەوە، بەسەر ئەویتریانیدا بیسەپێنێت. پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگایەکی تەندروست هەرگیز پەیوەندیی سەردانەواندن و ئیتاعەت و دەمداخستن نییە، پەیوەندیی سوکایەتیکردن نییە بە یەکتری، بەڵکو پەیوەندیی شەراکەت و هاریکاریی و کاری پێکەوەیی و گفتوگۆیە. ئەمە سەرەتاییترین پرنسیپێکە بکرێت لە ڕێگایەوە کەرامەتی مرۆڤەکان بپارێزرێت و هیچ کەسێکیش کورتنەکرێتەوە بۆ ئامراز، یان بۆ کەرەستەیەک کەمتر لە مرۆڤ، لە مرۆڤێکی خاوەن ماف و کەرامەت. لە کۆمەڵگایەکی تەندروستدا ژنان وەک پیاوان هاوڵاتین، کەسانێکن خاوەنی ماف و بەرپرسیارێتی هاوبەشن، بەیەکەوەو لە چوارچێوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی یەکسان و دادپەروەردا ژیانی گشتیی خۆیان ڕێکدەخەن و ژیانی شەخسی خۆیان ئازادانە دەژین. هەردوکیشیان بەشدارن لە بەڕێوەبردنی ئەم ژیانە گشتییەدا. ئەوەی مەلا مەزهەر و نموونەکانی ئەنجامیدەدەن هەم دەستبردنە بۆ مرۆڤبوونی ژنان، وەک مرۆڤ و هەم بۆ هاوڵاتیبوونیان وەک هاوڵاتییەکی یەکسان و خاوەن ماف و بەرپرسیارێتی. دەستبردنە بۆ نرخ و بەهای ژنان وەک مرۆڤێکی عەقڵانیی و خاوەن ئیرادە، دەستبردنە بۆ ئەو ماف و بەرپرسیاریەتیانەی کە هاوڵاتیبوون بە یەکسانیی بە ژنان و پیاوانی دەبەخشێت. بەداخەوە هەندێک کەنالی ڕاگەیاندنیش ڕووبەرێکی گەورەیان خستۆتە بەردەم ئەم مەلا دینییە جنێوفرۆشانە بۆئەوەی بتوانن ئەم هێرشە بۆ سەر ژنان بەناو کۆمەڵگادا بڵاوبکەنەوە. بەمەش دەبنە یەکێک لە کۆڵەکەکانی بڵاوبونەوەی ئەو گوتارە سەلەفییە پڕ هێرشەی ئەم مەلایانە هەڵیانگرتووە. خانمانی ئازیز، ئێمە لەم نامەیەدا هەم دەمانەوێت لە ڕێگای بەرگرییکردن لە ئینسانبوونی ئێوەوە بەرگریی لە ئینسانبوونی خۆمان بکەین، هەم دەشمانەوێت بەرگریی لەو دیدە بکەی،ن کە ئێمە هەموومان مرۆڤین و کەسیشمان نوێنەری خودا نیین. بۆیە بە هیچ جۆرێک ئەو مافە بۆ کەس بە ڕەوا نابینین بەناوی خوداوە قسەبکات و بەناوی خوداوە سوکایەتی بە مرۆڤ بەگشتیی و بە ژنان بە تایبەتی بکات. ڕێگاکانی گەیشتن بە خودا ڕێگای فرەجۆر و بێکۆتایی و ناوەکیی و ڕۆحیی و دەرونین، مەلا مەزهەر و هاوشێوەکانی مافی ئەوەیان نییە بەناوی بەرگریکردن لە خوداوە مرۆڤ بێنرخ و بێبەها بکەن، جنێوفرۆشیی بکەن بە نۆرم و بەناوی خوداوە جنێو بە هەموو ئەوانە بدەن کە وەک ئەوان جنێوفرۆش نین.

ڕەووف بێگەرد، مەریوان وریا قانع، ئازاد بەرزنجی، کامەران شەوقی، ئاراس فەتاح، هۆشەنگ وەزیری، هیوا قادر، جەمال حسێن، شوان محەممەد، کاوە محەممەد، ڕێبین هەردی، هیوا فایەق، خالید سلێمان، ئارام عەلی، ئاسۆس هەردی..

گرنگ: ڤایرۆسی کۆرۆنا، زانیاری ورد و نوێ..!

گرنگ: ڤایرۆسی کۆرۆنا، زانیاری ورد و نوێ..! تکایە بڵاوی بکەنەوە...

لوقمان حەویز/ تێکساس

ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە ناوچەی وهانی وڵاتی چین سەری هەڵداوە چیە؟ چۆن بڵاو دەبێتەوە؟ بۆ ئەوەندە مەترسی لێدەکرێت؟ ئایا هیچ چارەسەریەک لەئارادایە؟ ئەم ڤایرۆسە سەر بە گروپی ڤایرۆسەکانی کۆرۆنایە Coronaviruses کە زۆربەی جۆرەکانی شیردەرەکان و باڵندەکان بەکاردەهێنن وەکو خانەخوێیەک بۆ مانەوە و زۆربوون، کاتێک دەچنە نێو لەشیان نەخۆشیان دەکەن و توشی کۆمەڵێک نیشانەیان دەکەن وەکو تا، کۆکە، تەنگی و قورسی لە هەناسەدان، ئازاری لەش، ڕشانەوە، سکچوون، نەمۆنیا و مردنیش... تا ئێستا حەوت جۆر لە ڤایرۆسەکانی کۆرۆنا دۆزراوەتەوە بەمەی ئێستاشەوە، کە مرۆڤیش توش دەکەن، لە جۆرەکانی پێشووتریش بۆ نمونە وەک SARS و MERS کە پێشتر بڵاوبوونەوە، novel.coronavrus2019 ناوی فەرمی ئەم جۆرە نوێیەیە...خەسڵەتەکانی ئەم جۆرە نوێیە زۆر لە خەسڵەتی ڤایرۆسی SARS دەچێت کە لە ساڵی 2003 لە وڵاتانی ئاسیا سەری هەڵدا و ئەو کاتە ترسێکی زۆری نایەوە و لەپتر لە 20 وڵات بڵاوبۆوە و نزیکەی 9 هەزار کەسی توش کرد، پتر لە 750 کەسیشی کوشت دواتر کۆنترۆڵ کرا، ئەم جۆرە نوێیەش لەهەمان زنجیرەیە بەهەندێک خەسڵەتی نوێوە...

چۆن بڵاوبۆتەوە؟ ئێستا چۆن بڵاودەبێتەوە؟

ئەم جۆرە ڤایرۆسانە بەوەی ئێستاشەوە لەبنەڕەتدا لەکۆمەڵێک باڵندە و شیردەردا بازیان داوە بۆ مرۆڤ، بەگشتی پێشتر لەگەڵ ئەوەی بازدانیش بۆ مرۆڤ ڕوویداوە بەڵام نەخۆشیەکە لە مرۆڤێک بۆ یەکێکی تر نەگوازراوەتەوە، بەڵام لەئێستادا بەم جۆرەشەوە لەمرۆڤێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤێکی تر لەکاتی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی هەواوە کاتێک نزیکەی مەترێک بۆ دوو مەتر لەکەسە توشبووەکە نزیک بیت و ئەو کەسە بپژمێت یان بکۆکێت، هەروەها دەشێت بە دەست لێدانی کەل و پەلی نەخۆشەکەش بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر...بەڵام ڤایرۆسەکە بۆ نمونە ناگوازرێتەوە لەڕێگەی ئەو کەل و پەلە ناخۆراکیانەی کە لە چینەوە دەنێردرێن بۆ وڵاتانی تر...

بۆچی مەترسی زۆری لێدەکرێت؟

– تا ئێستا هیچ ڤاکسینێک نیە بۆ بنبڕکردن یان ڕێگەگرتن لە توش بوون، دوای توشبوون ناتوانرێت بە دەرمان چارەسەر بکرێت، تەنیا دوای توشبوون دەتوانرێت نیشانەکانی نەخۆشیەکە سوکتر بکرێن...

– کاتێک کەسێک توشی ڤایرۆسەکە دەبێت بۆ ماوەی نزیکەی 14 ڕۆژ لەوانەیە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیەکە دەرنەکەوێت، لەهەمان کاتیشدا کەسەکە بڵاویشی دەکاتەوە... هەر بۆیە بۆ نمونە ئەوە 195 هاووڵاتیە ئەمەریکیەی کە لە ناوچەی ووهانی چینی کاریان دەکرد و هێنرانەوە ئەمەریکا ئێستا لە بنکەیەکی سەربازی حکومەتی ئەمەریکی لە کالیفۆرنیا لەژێر چاودێری پزیشکی وردا دان و دەست بەسەرن بۆ ماوەی لایەنی کەم 14 ڕۆژ تاوەکو دڵنیابوون لەوەی کەسیان هەڵگری ئەو ڤایرۆسە نین و توشی نەخۆشیەکە نەبوون...

– زۆر بەئاسانی لەڕێگەی هەواوە دەگوازرێتەوە لەکەسێکی توشبوو بۆ کەسێکی ساغ لەکاتی پژمین و کۆکە لەکەسە توشبووەکە نزیک بێت،

لە شوێنە داخراوەکان و وەکو ناو ژوورەکان و ناو پاسیش ئەگەری گواستەوەی زیاترە هەتا ئەگەر نزیکیش نەبیت لەکەسە توشبووەکە، ئەگەری گواستنەوەشی زۆر زیاترە لەکاتی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ وەکو تەوقەکردن و ماچکردن...

چۆن دەتوانیت خۆت بپارێزیت؟

– دور کەوتنەوە لەو کەسانەی کەتوش بوون، هەروەها لەو شوێنانەی کە گومانی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکەی لێدەکرێت...

– دەست شوشتن پێش خواردن و خواردنەوە یان بردنی دەست بۆ دەم و چاو و لوت...

– قایمکردنی دەمامک بەتایبەتی لەشوێنە گشتیەکان و نەخۆشخانەکان و شوێنی کارکردن بەتایبەتی لەکاتی ئەگەری هەستکردن بەبوون یان بڵاوبوونەوەی یەک حالەتیش بێت لەو جۆرە ڤایرۆسە لەو ناوچەیەدا...

ئایا هیچ چارەسەریەک یان ڤاکسینێک بەڕێوەیە؟

بەڵێ کۆمپانیای دەرمانی ئەمەریکی Regeneron لە ئێستادا دەڵێت گەیشتووە بە سەرەداوی دۆزینەوەی ڤاکسینێک بۆ ئەم جۆرە ڤایرۆسە نوێیە، هەمان کۆمپانیا بەر لە چەند ساڵێک چارەسەری بۆ نەخۆشی ئیبۆلا دۆزیەوە، پێشبینی دەکرێت لەماوەی چەند هەفتەیەکی تردا بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی ڤاکسینێک ڤایرۆسەکە کۆنترۆل بکرێت... زۆربەی زانیاریەکان هی سەنتەری CDC یە واتە سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکان کە سەر بە حکومەتی فیدرالی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە:

https://www.cdc.gov/coronavirus/2019-ncov/index.html

لەبەر ترسناکی ڤایرۆسەکە هەر زوو وولاتی چین لەڕێگەی دامەزراوە زانستیەکانی وردەکاری تەواوی جینۆمی ئەم ڤایرۆسە نوێیەی بڵاوکردەوە genome.sequence بۆ هەموو جیهان بەمەبەستی ئەوەی هەموو پسپۆڕانی زیندەوەرناسی و دەرماننناسی لە سەرانسەری جیهان لەهەوڵی ئەوەدابن بەزووترین کات ڤاکسینێک بدۆزنەوە بۆ ڕیگەگرتن لە بڵاوبوونەوە و توشبوون بە نەخۆشیەکە، وردەکاری زنجیرەی جینۆمی ڤایرۆسەکەش لەم لینکە دەست دەکەوێت:

/https://ncbiinsights.ncbi.nlm.nih.gov/.../.../novel-coronavirus

دڵنیاش بن ئەوەی دەگوترێت لەهەندێک لە ڕاگەیاندن و پەیجە عەرەبیەکان و بەکوردیش بڵاودەکرێتەوە کە ئەم ڤایرۆسە بە دەستی مەبەست پەرەی پێدرابێت یان بڵاوکرابێتەوە لەلایەن هەندێک لایەن و وڵات ڕاست نییە، کۆنترین زنجیرەی دۆزراوە لەم جۆرە ڤایرۆسانە کە لە شیردەرەکان و باڵندەکان هەبووبێت و بڵاوبووبێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە 8000 ساڵ پێش ئێستا، لە سەدەی بیستەمەوە بازدانی ئەم جۆرە ڤایرۆسانە بۆ مرۆڤ زۆر زۆرتر بووە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوانی مرۆڤ و بەخێوکردن و خواردنی کۆمەڵێکی زۆر زیاتر لە ئاژەڵە خۆمالّی و کێویەکان لەلایەن مرۆڤەوە...

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (کارەکتەری سینەمایی)ی دارۆ عەزیز، کە سەرەتای مسانگی سێی نەمسالّ لە سکرینپلەی بلّاوەبێتەوە نووسینی: حەسەن فەلاح

ئامرازی سەرەکیی کە وەک کلیلێک خۆی بەیان دەکات بۆ مانەوە و تێگەیشتن، لێکدانەوە و هەوڵدان: گێڕانەوەی چیرۆکە. کردەی گێڕانەوە لە دەرەوەی قەوارە و چوارچێوە ئەدەبییەکەیدا، گەر بۆ شووناسە دێرینەکەی بگەڕێینەوە دەبینین خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سادە و سەرەتاییە، بەڵام گرنگ و کاریگەریشن. وەک پێشەکییەک گرنگە بزانین مرۆڤەکان چۆن چیرۆکیان گێڕاوەتەوە، لەڕێی نەخشاندن و کێشانی وێنە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، یاخود لەڕێی داستانەکان، کە دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستراونەتەوە و بووەنەتە زەمینەیەکی گرنگ بۆ بەرەوپێشچوونی بیرکردنەوە و داهێنان لەلای نەوەکانی داهاتوو. جێی تێڕامانە کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی گێڕانەوە، توخم و بنەماکان شێوە وەردەگرن و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کاتدا، ڕەگەزەکانی گێڕانەوە جێگیرتر دەبن و لە هەر ناوەند و شێوەیەکی ئەدەبی و هونەرییدا دەبنە کۆمەڵە ئامرازێکی سەرەکیی کە گێڕانەوەیان لەسەر بونیاد دەنرێت: هەر ئەم توخم و ڕەگەزانە لە زۆرێک لە ژانرا ئەدەبیی و هونەرییەکاندا هاوبەش دەبن و ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕن بۆ پێکهاتن. جێی باسیشە هەریەکێک لەو ژانرا ئەدەبی و هونەرییانە خاوەن توخم و ڕەگەزی تایبەت بەخۆیانن و تەنها لە چوارچێوەی مەودایەکی دیاریکراوی هونەریی یان ئەدەبییدا کار دەکەن و توانای جووڵەیان هەیە. لەگەڵ هاتنی چاخی نووسین و چاپکردن، فۆرمە هونەری و ئەدەبییەکان وردە وردە سەرهەڵدەدەن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گۆڕانیان بەسەردا دێت و شێوەی نوێیان لێ پێکدێت.

لە هۆنراوە و شیعر نووسینەوە، شانۆییەکان، ڕۆمانەکان، ئۆپێرا، گۆرانی، کتێبە کۆمیکییەکان، وێنە و لە دواییشدا سینەما. هەوڵی مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیر بوون و کۆششی بۆ مانەوە بە شێوەیەکی هۆشیارتر بە گێڕانەوەوە دەستی پێکرد. دەبینین کە چۆن گێڕانەوە بە دریژایی مێژوودا و لە چەندین فۆرم و شێوازی هونەری و ئەدەبی جیاوازدا کاری خۆی کردووە و توانیوییەتی بە نەمریی بمێنێتەوە. گێڕانەوە ببێتە زەمینەی ململانێکان و مشتومڕ و ئاڵەنگارییە فیکری و ئەدەبییەکان بۆ باشتر کردنی ژیان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە خود و بەرانبەر و ژینگە، ژیان و کۆزمۆس و دەسەڵاتی سەروو سروشت.

توخم و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە بە شێوەیەکی گشتی و لە ناوەندە گشتییەکەیاندا، خۆیان لە چەند ڕەهەندێکدا دەبینینەوە. لە گرنگترین و دیارترینیان: پلۆت، کارەکتەر، ململانێ، دەرئەنجام، ژینگە، ئیم، ستەرەکچەر، گۆشەنیگا و دیمەن. هەموو ئەمانە وەک ئالگۆریثم کار دەکەن. ناتوانین کاریگەریی و نرخی دانەیەکیان لەوەی دیکە بە باشتر و گەورەتر ببینینەوە. هەموو ئەمانە وەک چەند پنت و فاکتی ماتماتیکی، بەیەکەوە گرێدراون و بە دروستبوونی گۆڕانکاریی لە دانەیەکیاندا کۆی ڕەگەز و توخمەکانی دیکەیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەجووڵێن.

لێرەدا سەبارەت بە سینەما و بەدیاریکراویی ڕەگەزی (کارەکتەر) خوێندنەوە بۆ هەوڵێکی ئەکادیمی دەکەین، هەوڵێک کە بەشێوەیەکی ورد و درشت دەیەوێت کارەکتەر بناسێنێت لە مەودای فیلمسازییدا. هەوڵێک کە ڕۆدەچێتە نێو ناخی کارەکتەری سینەمایی و بۆت ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کارەکتەر دەخوڵقێت، چۆن کار و جووڵە دەکات و ململانێکان دەگرێتە ئەستۆ. ئەم هەوڵە ئەکادیمییە لە چوارچێوەی کتێبێکی گرنگ و نوێدایە بەناوی (کارەکتەری سینەمایی) لە نووسینی (دارۆ ئەزیز) هەمان ئامادەکار و نووسەری کتێبی (سکرینپلەی)، کە لە پێشووترا بڵاوبووەتەوە و کاریگەریی و سوودێکی گرنگی هەبووە بۆ ناوەندی سینەمایی و کتێبخانە سینەماییە کوردییەکان، خۆی دەبینێتەوە. هەڵبەت وەک خۆم کە پێداچوونەوەم بۆ کتێبەکە کردووە و یەکێکم لە سەرەتاییترین و یەکەمین ئەو کەسانەی بەر کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) کەوتووم، پێم باشە وەک خۆی کتێبەکە بناسێنم.

ئەم ناساندن و خوێندنەوەیە بۆ کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) جێی خۆشحاڵیم دەبێت گەر بەپێی پێویست خزمەت بە کتێبەکە بکات و خوێنەر ئاشنا بکات بە ناوەڕۆکی کتێبەکە. ئەم ناساندنە ببێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی خوێندنەوەی کتێبەکە بکات و لێوەی فێربێبێت. چونکە کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) قوڵ و وردەکارە، وریا و ئاموژگاریکەرە دەربارەی هەڵە و گرفتەکان لە خوڵقاندنی کارەکتەری سینەماییدا.

بۆچی کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) جێی تێڕامانە؟

کتێبەکان دەربارەی خودی کارەکتەر وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی و گرنگی گێڕانەوە بەتایبەتی لە سنووری کتێبە سینەماییەکاندا کەمن. کتێبە تایبەتەکان بە کارەکتەری سینەمایی لە جیهاندا ژمارەیان هێندە زۆر نییە، ئەوەی زیادتر بەرچاوە کۆکردنەوەی کۆی توخم و ڕەگەزەکانە لە سنووری کتێبێکدا، لەنێو ئەو ڕەگەزانەش کارەکتەر بوونی هەیە. دارۆ ئەزیز نووسەر و ئامادەکاری کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) لە هەوڵێکی جددیدا هەستاوە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک کتێبی ئەکادیمیی سینەمایی سەبارەت بە کارەکتەر و کارەکتەر لە سنووری سکرینپلەیدا. دەتوانین بڵێین کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) پوختەیەکی گشتگیر و کۆکراوەی کۆمەڵێک دیدی جیاوازی نووسەرە جیاوازەکانە بۆ کارەکتەری سینەمایی، هەوڵێکی وردە بۆ لێکدانەوەی ئەو بیرۆکە جیهانییانەی دەربارەی کارەکتەر دەدوێن کە هەریەکێکیان سەر بە قوتابخانە و ڕەوتی جیاوازی ئەدەبی و هونەرییەن.

دارۆ ئەزیز لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دەدات کە: " کۆی دنیا بینینی ئەو نووسەرانەیە کە بۆ ئەم بواره نووسیویانە، بەڵام هەریەکەیان بە ئەزموونی خۆی، وەلێ من بە خەیاڵ و پێداویستیی بابەتییانە بۆ خوڵقاندنی کارەکتەرەکە چەند چاپتەرێکم ڕیزبەند کردووە و بۆ هەر چاپتەرێک کۆمەڵێک لەو نووسەرانە بەشدارن.

بڕوانە لاپەڕە 6

ئەم کتێبەی دارۆ وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ فێرخوازانی سینەما ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگ دەبینێت

لێرەدا دەمەوێت بە ڕوونیی بڵێم: ئەوەی دەیخوێنیتەوە هەمووی بە پاڵپشتیی سەرچاوە ئەکادیمییەکان نووسراوە، هیچ ڕستە و پەرەگرافێک نییە هاوتەریب نەبێت لەگەڵ ڕووانین و بیردۆزەکانی ئەو نووسەرانەدا." کارەکتەری سینەمایی–ل١٤. کتێبەکە بەلایەنی کەمەوە پشتی بەستووە بە (٤٠) سەرچاوەی ئەکادیمیی سینەمایی. کە هەندێک لەو کتێبانە تایبەتن بە خودی ڕەگەزی کارەکتەری سینەماییەوە. لە سنووری ٢٠ چاپتەردا، کتێبەکە بەشێوەی هێڵکاریی و مێژوویی سەبارەت بە کارەکتەر داڕێژراوەتەوە. سەرەتا کارەکتەرمان پێدەناسێنێت و پێناسەی کارەکتەر دەکات. پێمان دەڵێت کە خودی چەمکی (کارەکتەر) چییە و چۆن سەریهەڵداوە. دواتر ئەو سەرچاوانە ڕوون دەکاتەوە، کە کارەکتەرەکانیان لێوە سەرهەڵدەدەن و لە بیرۆکە و لە چوارچێوەی نووسیندا شێوە وەردەگرن. دوو ڕەهەندی گرنگی کارەکتەر کە بونیادی پێکدەهێنن، باکگراوند و سایکۆلۆجین. لەڕێی لیستە: بنچینەییەکان، جەستەیی، کەسایەتیی، سۆزداریی تایبەتییەکان و تایبەتییە ڕۆحییەکانەوە کتێبەکە لە بایۆگرافی کارەکتەر ئاگادارمان دەکاتەوە. پێمان دەڵێت بۆچی بیست چاپتەری سەرەکیی و بە چەندین پاژ، کارەکتەر شی دەکاتەوە...؟

ڕیزبەندیی و سترەکچەری کتێبەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- کارەکتەر کێیە..؟
- کارەکتەرەکان لە کوێوە دێن؟
- بایۆگرافی کارەکتەر.
- تێگەیشتن لە سایکۆلۆجی کارەکتەر.
- ڕێگا کورتەکان بۆ نزیک بوونەوە لە کارەکتەرەکان.
- دایەلۆگ.
- مێتۆدی سوەن.
- چیرۆکی پشتەوەی کارەکتەر.
- جۆرەکانی کارەکتەر.
- هاندانی کارەکتەر.
- ئەکادیمیای فیلم لە لەندەن.
- کارەکتەر لەنێو دیمەندا.
- ململانێ و کارەکتەر.
- پرسیارەکان دەربارەی کارەکتەر.
- بە دەنگی کێ چیرۆکەکە دەگێڕیتەوە؟
- ناونانی کارەکتەر.
- پەرەپێدانی کارەکتەر.
- کارەکتەر لەنێو سترەکچەردا.
- تاقیکردنەوەی کارەکتەر.
- شیکاری کارەکتەر.

گەر بە وردیی لەو چاپتەرانەی سەرەوە ڕابمێنین، ڕوون دەبێتەوە، کە کتێبەکە خاوەن ناوەڕۆک و دیدگەلێکی فراوان و قوواڵە دەربارەی کارەکتەر.

هاوکات ئاوڕ لە کۆمەڵێکی دیکەی ڕەگەزەکانی گێڕانەوەش دەداتەوە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە کارەکتەرەوە لەوانە: ململانێ، دیمەن، سترەکچەر و دایەلۆگ. هەریەکێک لەو چاپتەرانە، پێکهاتوون لە کۆمەڵێک پاژ و خاڵی گرنگ، کە ناوەڕۆکیان وردتر و بەهێزتر کردووە.

کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) و ئەکادیمیا:

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کتێبەکە ئاڕاستەکردنی ناوەڕۆکە بۆ خوێنەر و ڕووانەر. خوێنەر کاتێک کتێبەکە دەخوێنێتەوە، بەوە ئاشنا دەبێت کە زمانی نووسینەوە و داڕشتنەوەی کتێبەکە زمانێکی گشتگیرە و هاوسات سوودێکی زۆری بۆ ئەو کەسانە دەبێت، کە لە بواری هونەری سینەمایی ئەکادیمییدا دەخوێنن، بە واتایەکی دیکە زمانی کتێبەکە بە چەشنێکە گشت خوێنەرێک (ئاسایی و ئەکادیمی) بتوانێت سوود لە ناوەڕۆکەکەی وەربگرێت و دەسەڵات و توانای بشکێنەوە بەسەر تێگەیشتن و خوڵقاندنی کارەکتەردا. هەر لە سەرەتای پێداچوونەوەم بۆ کتێبەکە ئەم خاڵە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. کتێبێک کە پوختە و کۆکراوەی کۆمەڵێک دیدی ئەکادیمی بێت هاوکات توانای ئەوەی هەبێت بچێتە بەردەم هەموو خوێنەرێک و بەرگێکی گشتگیر بکات بە بەریدا، جێی تێڕامان و خوێندنەوەیە. هەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دارۆ ئەزیز دەڵێت: "لەم پەرتووکەدا هەوڵمداوە، کارئاسانی بۆ ئەوانە بکەم، کە دەیانەوێت بە شێوەیەکی ئەکادیمیی بنووسن و کارەکتەرەکانیان دروستبکەن، گەر ویستیان کارەکتەرێکی سینەمایی دروستبکەن وەک سەرچاوەیەک لەبەر دەستیاندابێت هەتاکو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەیان دەستکەوێت، کە دەربارەی ئەو خوڵقاندنە دەیانەوێت دەستیان بکەوێت."

کارەکتەری سینەمایی_ل١٤.

کتێبەکە وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ فێرخوازانی سینەما ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگ دەبینێت. هاوسات ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە مەرج نییە خاڵ و بەندەکانی ئەم کتێبە تەنها سوود بەوانە بگەیەنن، کە لە بواری هونەری فیلمسازییدا دەخوێنن و کار دەکەن. بە بۆچوونی من، وردبوونەوە و قوواڵبوونەوەی کتێبەکە بە کارەکتەردا و هەڵدانەوەی کۆمەڵێک دید و ڕەهەند و لایەنی کارەکتەر، وایان کردووە نەک تەنها بۆ کارەکتەری سینەمایی شارەزایی پەیدابکەین، بەڵکو دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەتوانین لە کۆی ئەو کارەکتەرانەش تێبگەین، کە لەنێو ڕۆمان و چیرۆک و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیکەشدا بوونیان هەیە.

پاش خوێندەوەی ئەم کتێبە تۆ دەتوانیت باشتر لەو کارەکتەرانە تێبگەیت کە لە سنووری بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان بوونیان هەیە و خوڵقاون. جیاوازییەکان لەلات ڕوون دەبنەوە و جیاواز لە خوێنەران و ڕووانەرە ئاساییەکان لە کارەکتەر تێدەگەیت و دەتوانیت شیکاریی بۆ بکەیت. تێکنیکی داڕشتنەوەی کتێبەکە کە پەیوەستە بە زمانی نووسینەوە جیاوازیی هەیە لە کتێبە ئەکادیمییەکانی دیکە. خوێنەر بەدرێژایی کتێبەکەدا و لەمیانەی پرۆسەی خوێندنەوەی کتێبەکە، هەست بەوە دەکات، کە نووسەر ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دەدوێت و هاوکار و هاوڵیەتی. لە هەموو گۆشە و پەرەگرافەکانی کتێبەکەدا نووسەر وجوودێکی ڕاستەوخۆ و نزیکی هەیە لە خوێنەرەوە و خوێنەر وا هەست دەکات، کە لەبری ئەوەی کتێبێک دەخوێنێتەوە، نووسەر ڕاستەوخۆ لەگەڵیا دەدوێت و ئاماژە بە خاڵ و سەرنجە گرنگەکان دەدات بۆی. ئەمەش وەک تێکنیکی گێڕانەوە و نووسین، یەکێکی دیکەیە لە خاڵە گرنگ و بەهێزەکانی کتێبەکە و وای کردووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر و خێرا خوێنەر ئاشنای کۆی بەند و خاڵەکانی کارەکتەرناسی و خوڵقاندنی کارەکتەر ببێت و زوو فێری تێگەیشتن ببێت لە کارەکتەر.

بڕوانە لاپەڕە:7

کتێبی کـــــارەکتەری سینەمایی ڕۆڵ دەدات بە تۆ و دەتکات بە هاوەڵ و هاوکارێکی گرنگ بۆ تەواوکردن و نووسینەوەی کتێبەکە!

پاشماوەی لاپەڕە 6

پوختەکانی کتێبی (کارەکتەری سینەمایی):

جێی باسە کتێبەکە خاوەن بیست پوختەیە، کە کۆکراوە و پوختەی کۆی هەموو ئەو ئایدیا و بیرۆکە گرنگانەن، کە لە هەریەکێک لە بیست چاپتەرەکەدا بوونیان هەیە. واتە تۆ پاش خوێندنەوەی هەر چاپتەرێکی کتێبەکە، ڕووبەڕووی پوختەی چاپتەرەکە دەبیتەوە. کە ئەم پوختەیە پێکهاتووە، لە کۆمەڵێک خاڵ و سەرنجی گرنگ کە گوزارشت دەکەن لە کورتکراوەی هەریەکێک لە چاپتەرەکان. لەو باوەڕەدام تەنها بە خوێندنەوەی پوختەی چاپتەرەکان، تۆ بتوانیت بە نزیکەیی لە گشت مەبەست و ناوەڕۆکی کتێبەکە تێبگەیت. پوختەکان بەشێوەیەکن کە پاڵفتەی کۆی ئەو پەرەگرافانەن کە وردەکارییان بە کارەکتەرناسیی بەخشیوە. خۆی لەخۆیدا گەر ورد ببینەوە: تۆ تەنها بە خوێندنەوەی پوختەی چاپتەرەکان گەلێک شت دەربارەی کارەکتەر فێردەبیت، ئەوا بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەبیتە خاوەن زەمینە و مەعریفەیەکی فراوان دەربارەی ناسین وخوڵقاندنی کارەکتەر. زۆرێک لە پوختەی چاپتەرەکان، من (حەسەن فەلاح) کە ئەرکی پێداچوونەوەی کتێبەکەم لە ئەستۆ گرتووە، نووسیومنەتەوە و لە ناوەڕۆکی کتێبەکەوە خاڵە گرنگ و بنەڕەتییەکانم هەڵهێنجاوە و وەک پوختە دامناونەتەوە. لەو باوەڕەدام پوختەکان خاڵگەلێکی گرنگ و جەوهەریی کتێبەکە بن، کە تەنها بە خوێندنەوەیان دەتوانین لە مەبەست و کاریگەریی کارەکتەر تێبگەین. بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە هەموو لایەن و ڕەهەندەکانی کتێبەکە لە پوختەکاندا جێیان کرابێتەوە بەڵکو پێویستە خوێنەر پوختەکان وەک کۆمەڵێک خاڵ لێکبداتەوە و ببینێت کە بۆ وەبیرهێنانەوە و جەختکردنەوە لە دیدە گرنگەکانی کتێبەکە بوونیان هەیە.

کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) و فیلمەکان

جیاواز لە کتێبە سینەماییەکانی دیکە، کە تەنها وەسفکاریی و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ڕەهەندە تێکنیکی و تیۆرییەکانی سینەما و فیلمەکان دەکەن.

وێڕای ئەکادیمی بوونی ئەم کتێبە، هاوسات پێشنیاری کۆمەڵێکی زۆر لە فیلمەکان دەکات. پێشنیار دەکات خوێنەر هاوشانی خوێندنەوەی کتێبەکە بینەری کۆمەڵێک فیلم ببێت. کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە خاڵ و بەند و پاژەکانی کتێبەکەوە هەیە. بەتایبەتی چاپتەری (١٤) کە پرسیارەکان دەربارەی کارەکتەرەکان دەکرێت، کتێبەکە پێشنیاری کۆمەڵێکی زۆر لە فیلمەکان دەکات، کە بەڵایەنی کەمەوە کەسایەتیی ئەو کارەکتەرانەیان تیادایە کە کتێبەکە باسیان لێوە دەکات و تیشکۆیان دەخاتە سەر. ئەمە بەو واتایەی کە تۆ تەنها خوێنەری کتێبێک نیت، بەڵکو لەگەڵیشیدا بینەرێکی بەردەوام و کارای فیلمەکان دەبیت کە کاریگەرییان لەسەر خوێندنەوەکەت دەبێت و زۆر باشتر دەتوانیت لە بونیاد و خوڵقاندنی کارەکتەرەکان تێبگەیت.

کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) و دەرئەنجام

تۆ وەک خوێنەر بە گەیشتن بە کۆتایی کتێبەکە و تێگەیشتن لە چۆنییەتی ناسینەوە و خوڵقاندنی کارەکتەر، دەگەیت بە شیکاریی کردنی کارەکتەر. کتێبەکە لێرەدا ڕۆڵ دەدات بە تۆ و دەتکات بە هاوەڵ و هاوکارێکی گرنگ بۆ تەواوکردن و نووسینەوەی کتێبەکە!

بەڵێ تۆ وەک خوێنەر بەشدار دەبیت لەنووسینەوەی کتێبەکەدا. نووسەر لێرەدا بە پێشنیارکردنی کۆمەڵێک پرسیار دەربارەی کارەکتەر، دەیەوێت وەڵامەکانت لەسەر پەڕەی کتێبەکە بنووسیتەوە و پڕۆسەی تەواوبوونی کتێبەکە بگریتە ئەستۆ. دەربارەی کەسایەتیی کارەکتەر، کە خاڵێک گرنگە و پێویستە خوێنەر لێرەدا توانای ناسینەوەی تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری هەبێت، بزانێت بۆچی کارەکتەر هەوڵەدات و بۆچی جووڵەکان ئەنجام دەدات؟ کەسایەتییەکەی چیمان نیشان دەدات؟ خودی کارەکتەرەکە کێیە و ئامانج و هیواکانی چین؟ دەربارەی ئەم خاڵە نووسەر دەنووسێت: "ئەم خاڵە جەوهەری نووسینی ئەم کتێبەیە، پێموابێت وەڵامدانەوەی تێگەیشتنە لە کۆی کتێبەکە، لێرەدا بەباشم زانی ئەم خاڵە گرنگە بۆ خوێنەران بەجێبێڵم هەتا وەڵامی بدەنەوە. دەمتوانی باسی کارەکتەرێک بکەم و تۆش بیخوێنیتەوە، هاوکاری تۆ بۆ ئەم خاڵە: یەکەم وەک خوێنەرێک بەشداری کتێبەکە دەکەیت، دووەم تێستی خۆت دەکەیت هەتا بزانیت لە کۆی ئەم کتێبە چی فێربوویت.

"کارەکتەری سینەمایی_ل٣٩٥.

کەواتە بە نووسین لەسەر کەسایەتیی کارەکتەرەکەت، کۆتایی بە گەشتە سەرنجڕاکێش و گرنگەکەت ئەهێنیت، لە خوێندنەوە و ناسین و خوڵقاندنی کارەکتەردا، لە کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) دا. لێرەدا تۆ بەم هەوڵە تاکە کەسییەت کتێبەکە تەواو دەکەیت و کتێبەکە وەک بڕوانامەیەکی ئەکادیمی لێدێت، کە تواناکانتی پێ هەڵدەسەنگێنیت.

دەربارەی کتێبی (کارەکتەری سینەمایی)

لەڕووی ژمارەی پەڕەکانەوە، کتێبەکە قەبارە مامناوەندە و لە دوو توێی (٤١١) پەڕەدا کۆی ناوەڕۆک و خاڵ و وردەکارییەکانی خۆی بەیان دەکات. لە نووسینی (دارۆ ئەزیز) و پێداچوونەوەی (حەسەن فەلاح)ە. کتێبەکە دەچێتە ڕیزی کتێبە ئەکادیمییەکانەوە وێڕای جیاوازی لە تێکنیکی گێڕانەوە و نووسینەوەیدا. هاوکارێکی زۆر باش و وردە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی کارەکتەر بخوڵقێنن و لێی تێبگەن. کتێبەکە خاوەن زمانێکی گشتی و ئاسانە و بۆ هەموو جۆرە خوێنەرێک شیاوە. ئاسان لێی تێدەگەیت و زوو ئاشنای ئەو دیدگایانە دەبیت کە کتێبەکە کاری لەسەر کردوون. کتێبەکە خۆی پوختەیەکە بۆ کۆمەڵێک کتێبی سینەمایی گرنگ کە دەربارەی ڕەگەزی کارەکتەر و کۆی ڕەگەزەکانی دیکەی گێڕانەوەی ئەدەبی و هونەریی، بەتایبەتیی سینەمایی ئامادە کراون. کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) پێکهاتووە لە کۆمەڵێکی زۆر لە فیلمەکان و پێشنیاری بینینیان دەکات. شیکاریی کردووە بۆ چەندین کەسایەتیی جیاوازی نێو فیلمەکان و کارەکتەری نێو فیلمەکانی دەستنیشان کردووە. وەک زنجیرە کتێب، ئەم کتێبە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو کتێبە کوردییانە دەزانم کە دەربارەی سینەما هاتوونەتە بەرهەم و جێیەک لە کتێبخانەی کوردییدا داگیر دەکەن. جێی باسە دارۆ ئەزیز هاوشانی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە نوێیەی، دووبارە کتێبی (سکرینپلەی) چاپەکاتەوە و دەیخاتەوە بەر دید و خوێندنەوەی خوێنەرە سینەماییەکانی. کە خۆی لە خۆیدا کتێبی (کارەکتەری سینەمایی) وەک پاشتی نووسینێکی دیکەی ئەکادیمی، بەرهەمێکی گرنگە، کە دەتوانین وەک دەرئەنجامی کتێبی (سکرینپلەی) لێکیبدەینەوە

گەشتێک بەنێو خوێندندا..... نووسینی: پ.د.زاهیر لەتیف گەریم



دوای تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس لەبەشی زمانی عەرەبی زانکۆی بەغدا ودواتر خزمەتی سەربازی لەساڵی 1978،بەپلەیەکی زۆر باشی باڵا،خولیای ئەوە بووم کەلەزانکۆی سلێمانی دابمەزرێم.ئەویش بەمەبەستی دریژەپێدان بەخوێندن بەتایبەتی لەدەرەوەی وواڵات بەنموونەی زانکۆکانی ئەمریکا وبەریتانیا.ماوەیەک چاوەڕوانیم کرد ولەسەرەتای 1979 ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت ولەزانکۆ دامەزرام بەناونیشانی یاریدەدەری تۆژەر.پێویست بوو دوو ساڵ خزمەت بکەیت دواتر هەلی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنت بدەنێ.دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە ئەو مۆڵەتەم وەرگرت وڕەزامەندنی زانکۆی گلاسگۆ /بەریتانیا وەرگرت.واتە پێش ئەوەی جەنگی عێراق وئێران دەست پێبکات ئەو مۆڵەتەم وەرگرت.دوای ناڕەحەتییەکی زۆر توانیم پەیوەندی بەو زانکۆیەوە بکەم.خۆشبەختانە،پێش من جوانەمەرگ دکتۆر تەها غەفوری مەلا عەلی لەو زانکۆیە خوێندکاری دکتۆرا بوو کەهاوڕێیەکی تەمەن ومندالّیم بوو.کارئاسانی باشی بۆ کردم ودواتر منی بە د. دارا جاف ناساند کەئەویش خوێندکاری دکتۆرا بوو لەهەمان زانکۆ. برایەتی و یارمەتییەکانی د.دارا جاف هیچ کات لەیاد ناچن. وەک کوردێکی ڕەسەن باشترین یارمەتی دام لە دامەزراندن ونیشتەجێکردن. هەر بۆ بەیانی منی پێشکەش بەسەرپەرشتیار، پرۆفیسۆر مەتۆک،کرد کەلەهەمان کاتدا سەرۆک بەشیش بوو.ئەم سەرپەرشتیارە لەبنەچەدا خەڵکی کیمبریج بوو بەڵام سااڵنێکی زۆر کاری لەزانکۆی گلاسگۆ دەکرد.هەر ئەو ڕۆژە ماوەیەک لەتەک ئەم پرۆفیسۆرەدا دانیشتین وبۆ نیوەڕۆکەی لەسەر گیرفانی خۆی لەکافتریای مامۆستایان خواردنێکمان خوارد.ئەم پرۆفیسۆرە، جگە لەزانستە پڕەکەی، ڕۆژهەاڵتناسێکی بەناوبانگیش بوو،زمانەکانی عەرەبی بەدیالێکتەکانیشەوە وەک عەرەب قسەی پێدەکرد.زمانی فارسی وتورکیش بەهەمان شێوە.بەڵام هەر لەوێدا گووتی "ئێمە پێویستە بەزمانی ئینگلیزی دایەڵۆگ وقسە بکەین".منیش زمانە ئینگلیزییەکەم باش نەبوو.بۆیە هەرزوو خۆم گەیاندە پەیمانگایەکی زمانەوانی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.لەگەڵ خوێندنەکەمدا وبۆماوەی شەش مانگ لەو پەیمانگایە مامەوە.دوای هەوڵێکی بێ سنوور کێشەی زمانیم نەما. هەفتەیەک تێنەپەڕیبوو بەسەر دەستبەکاربونمدا، ڕۆژێک پرۆفیسۆری سەرپەرشتیار فەرمووی "حەز دەکەم ئەمڕۆ ئامادەی هۆڵی خوێندنی خوێندکارەکانی بەکالۆریۆس بیت". گوتم بەسەر چاو. منیش خۆم بەپاڵەوانی زانستە عەرەبییەکان دەزانی بەوپێیەی دەرچووی زانکۆی بەغدادم و کەڵە مامۆستاکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان وانەیان پێ گووتوم، پلەی دەرچوونەکەشم لەیەکەمەکانە، کەچوومە هۆڵ و پۆلەوە هەر زوو زانیم کەقۆناغەکە قۆناغی دوهەمی خوێندنە. وانەکەیان بۆ ئەو کاتە لەسەر گەورە زانا جاحیز بوو. هەر لەوێدا، بەبەراوورد بەخوێندکارانی ئەو قۆناغە, کە سەرجەمیان ئینگلیز و سکۆتلەندی بوون، هەستم بەشەرمەزارییەکی گەورە کرد بەوەی هیچ نازانم، بەڵکو هیچ شتێک فێر نەبووم. ئەمە تووشی شۆکێکی کوشندەی کردم, چونکە شێوازی وانە گوتنەوە و زانیارییەکان و وردەکارییە شیکاری و تۆێکارییەکان بۆ یەکەمجار بوو پێی ئاشنابم. لەدڵی خۆمدا دەمگوت گەر ئەمە ئاستی خوێندنی قۆناغی دووهەمی بەکالۆریۆس بێت ئەی دەبێت بۆ خوێندنی باڵا چۆن بێت! ئەو کات ئەو خوێندنەی کەلێی وەرگیرابووم ماستەر بوو لەبواری ئەدەبی بەراوورد‌کاریدا. بۆ پڕکردنەوەی زانیارییە زانستییەکان پێویستم بەهەوڵ و کۆششێکی بێ ئەندازە بوو. پاش ماندگێ لەخوێندن باڵیۆزخانەی عێراق بەنووسراوێک ئاگاداریان کردم، کەدەبێت سەردانیان بکەم لە لەندەن. ڕۆشتم لەوێ بەڕێوەبەری پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان چاوەڕێم بوو. بەبینینم یەکسەر گوتی "خوێندنەکەی تۆ لەسەر چییە؟". منیش گوتم "ئەدەبی بەراوورد‌کاری لەنێوان کوردی و عەرەبی بەنموونەی السیاب و گۆران". گوتی نابێت ئەدەبی کوردی هەڵبژێریت چونکە ئێوە سەر بەڕۆشنبیرییەت و ئەدەبی عەرەبین. یان ئەدەبی کوردی لە ئاستی ئەدەبی عەرەبیدا نییە. منیش گوتم "ڕاستە منیش باسی کاریگەری ئەدەبی عەرەبی لەسەر ئەدەبی کوردی دەکەم". بەهەر حاڵ هەر جارە و بیانوویەکی نوێی دەهێنایەوە و بەبێ ئەنجام گەڕامەوە شارەکەی خۆم. هەر لەوێدا تێگەیشتم کە ئەمانە لە ئایندەیەکی نزیکدا کێشەیەکم بۆ دەخوڵقێنن. بیرکردنەوەکەم جێگەی خۆی گرت ودوای ماوەیەک جارێکی تر نووسراوێکیان ئاڕاستە کردم، کە دەبێت لەبااڵوێزخانە ئامادەبم.

ئەمجارەش ڕۆشتم. هەمان بەڕێوەبەر گوتی"مامەڵەی مۆڵەتی خوێندنەکەت کێشەی تێدایە و پێویستە بگەڕێیتەوە عێراق و دوای تەواو کردنی کێشەکان بگەڕێرەوە ئێرە ودرێژە بەخوێندنەکەت بدە. منیش بەلامەوە زۆر سەیر بوو، کە مامەڵەکەم کێشەی تێدا بێت. گوتم باشە لەئایندەیەکی نزیکدا دەگەڕێمەوە، چونکە خێزانەدارم و خێزانەکەم لەگلاسگۆیە. دیاربوو پێش منیش هەمان شتیان بەهەردوو هاوڕێم پرۆفیسۆران ئەحمەد فەرهادی و موحەمەد عەبدولقادر گووتبوو. ئەوەبوو من و فەرهادی نەگەڕاینەوە. سەرپەرشتیارەکەم زۆر پشتگیری دەکردم و هەر زوو هەوڵێکی بۆ دام بەوەرگرتنی مۆڵەتی، کارکردن کە ئەو وەرگرتنە کارێکی زۆر زەحمەت بوو. واتە کرێی خوێندن و ژیان پێویستی بەداهاتێک هەبوو. بۆیە شەوان دەستم کرد بەئیش و بەڕۆژیش خوێندن. خوێندنەکەم هەردوو شێوازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لەخۆ گرتبوو. هەموو ڕۆژانی دوو شەممە لەکاتژمێر 10–12 پێویست بوو چەند بابەتێک ئامادە بکەم بۆ سەرپەرشتیار. شێوازی دایەڵۆگەکە بریتی بوو لەپرسیار، هاوشێوەی تاقیکردنەوەکان. سەرپەرشتیاریش لەلای خۆی ئەنجامی ئەم دایەڵۆگە پرسیارییەی تۆمار دەکرد.هەندێ جاریش شێوازەکە لەجۆری سیمنار بوو کەخوێندکارانی تریش ئامادە دەبوون. ئەوانیش بۆیان هەبوو پرسیاری خۆیان بکەن.پەیداکردنی سەرچاوەکەش کارێکی ئاسان نەبوو چونکە بەشێک لەسەرچاوەکانم لەدەرەوەی بەریتانیا بوو بەنموونەی ئەمریکا یان بەشێک لەووڵاتە عەرەبییەکان.بۆیە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو سەرچاوانە لەلایەکەوە پێویستم بەکات هەبوو کەهەندی جار گەیشتنەکە دوو تا سێ هەفتەی پێدەچوو.لەلایەکی تریشەوە بەشێک لەو سەرچاوانە پێویستیان بەپارە هەبوو کەئەمە بۆ من ،دیسانەوە،کارێکی ئاسان نەبوو،بەڵام هەر دەبوو پەیدای بکەم وبەدەستم بگات.جگە لەمەش،هەندێک جار وبەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر پێویستم بەچاوپێکەوتنی گەورە ڕەخنەگر ونووسەر وئەکادیمییەکان بوو. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم کرد بەسەرۆک بەشی ئینگلیزی لەزانکۆی ئۆکسفۆرد،پرۆفیسۆر مستەفا بەدەوی و گەورە شاعیر و ڕەخنەگر ئێدوارد مۆرگان و مامۆستایان تۆفیق وەهبی بەگ و برایم ئەحمەد و حەمە ڕەسوڵ هاوار و صەفا خەڵوصی، کە زۆربەی هەرەزۆری ئەم بەڕێزانە لەلەندەن دەژیان. تێچووی ڕێگاوبان و مانەوە لەسەر گیرفانی خۆم بوو. لەهەمان کاتیشدا و بەمەبەستی فێربوونی زمانی ئینگلیزی زۆر پێویستم پێی بوو، پەیوەندیم کرد بەبەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لەکۆلێژی ئەنیسلاندی ئێواران، کە بڕی پارەی خوێندنەکەی بڕێکی زۆر کەم بوو. ئەمەش هانیدام کەبەشێک لەبەراوورد‌ی نامەکەم ئەدەبیاتی ئینگلیزیش بگرێتەوە. هەر لەسەرەتای خوێندنەکەم فێری ڕێزگرتن لەکاتیان کردم.ئەوەبوو ڕۆژێکی دوو شەممە بەهۆی باران بارین وبەفرێکی زۆرەوە نزیکەی چارەکە کاتژمێرێک دواکەوتم.سەرپەرشتیار زۆر لێم تورە بوو،لەئەنجامدا گووتی "من سەرپەرشتی نامەکەت ناکەم ولەهەمان کاتیشدا پێویستە زانکۆکەشت بگوێزیتەوە".سکرتێرەکەی بەدزییەوە پێی گووتم"هەر زوو بچۆ بۆ کتێبخانەی زانکۆ ولەوێ کارتێکی لێبووردنی بکرە ودواتر بەپۆستدا ڕەوانەی پرۆفیسۆری بکە،نەشی نێریت بۆ ماڵەوە بەڵکو بۆ پۆستەکەی خۆی لەبەش". منیش بەخۆشحاڵییەوە کارەکەم ئەنجامدا ودواتر پەیوەندییەکانمان ڕێگەی سروشتی خۆی گرتەوە ،لەمەش زیاتر،ڕۆژی ئاشتبوونەوەکەمان بانگێشتی نانخواردنی ئێوارەی کردم. دوای ئەم ڕووداوە،پێش کاتی خۆی بەنیو کاتژمێر دەچوومە بەردەم ژووری سەرپەرشتیار.هەر لەبەر ئەمەش بوو،دەبوو شوێنی نیشتەجێ زۆر نزیکی شوێنی کار بێت.واتە نەدەبوو شوێنی کار لە15 کیلۆمەتر زیاتر دوور بێت لەشوێنی نیشتەجێبوون.ئەمەش لەپێناو دوانەکەوتن لەکاتی وانە ودانیشتنەکان.ئەوەی زۆر هیلاکی دەکردم،ئامادەکردنی بابەتێک بوو لەماوەی هەفتەیەکدا کەدەبوو نزیکەی شەش بۆ حەوت سەرچاوە بخوێنمەوە و دواتر بیکەمە نیمچە لێکۆڵینەوەیەک و پێشکەشی سەرپەرشتیاری بکەم.سەرپەرشتیاریش شێوازی بابەتیبوونی بەکاردەهێنا وبەهیچ شێوەیەک مەرایی نەدەکرد. بۆ هەر پێشکەشکردنێک نمرەی خۆی دادەنا کەبەئاشکرا ئاگاداری دەکردمەوە بەبێ شاردنەوە.بەڵام کێشە لەوەدا بوو کەبەهیچ ئامادەکردنی نووسینێکم قایل نەدەبوو،ئەوەی پێشکەشم دەکرد ئەوا دەیگوت"بۆ تەنەکەی خۆڵ".

ڕۆڵی هاوسەری ژیانم شیرین شاڵی، لە جۆری وزەبەخش بوو کە هەمیشە پشتگیری دەکردم و زۆریش فیداکاری پێشکەش کردم

پاشماوەی ل 8

ئەمە زۆر بێزاری کردم، بەڵام لەهەمان کاتدا دیاربوو مامۆستای سەرپەرشتیار دەیویست هەوڵەکانم زیاتر چڕ بکەمەوە، بەڵکو نزیکی بکەمەوە لەبیرکردنەوەی خوێندکارە بێگانەکان، بەنموونەی ئینگلیز وسکۆتڵەندییەکان .بۆیە جارجارە هێزێکی پێدەبەخشیمەوە ودڵی خۆش دەکردمەوە.دوای تێپەڕبوونی شەش مانگی خوێندنی ماستەر،مامۆستای سەرپەرشتیار گووتی "بەوپێیەی بابەتەکەت زۆر دەگمەن وچێژبەخشە ئەوا حەز دەکەم ئاراستەی خوێندنەکەت لەماستەرەوە بگۆڕیت بۆ دکتۆرا".ئەمە دوو لایەنە بوو.لەلایەکەوە زۆرم پێخۆشبوو.لەلایەکی تریشەوە ترسی گیرفانیشم هەبوو کەهیچی تێدا نەبوو.

کڕێی زانکۆ بۆ ئەو کاتە زۆر گران وبەرز بوو.ئەوەی کەدەهاتە گیرفانم تەنها بەشی بژێوی ژیانی خێزانی دەکرد وەک کرێی خانو،کارەبا،گواستنەوە وخواردن وپێداویستی منداڵەکەمان.لەم ڕووەوە مامۆستای سەرپەرشتیار زۆر یارمەتی دام.تەنانەت کارێکی کاتی بۆ دۆزیمەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی کۆمپیوتەری کەپێویستیان بەشارەزایەکی زمانی عەرەبی هەبوو. بیرۆکەی سەرپەرشتیار بۆ گواستنەوەی خوێندنەکەم بەهەند وەرگرت. لێرەدا ڕۆڵی خێزانەکەم،شیرین شاڵی، لەجۆری وزەبەخش بوو کەهەمیشە پشتگیری دەکردم وزۆریش فیداکاری پێشکەش کردم. ئەو کوردانەی کە لەو شارە دەژیان و دیاربوون ئەوانە بوون, کە بۆ خوێندنی باڵا هاتبوون ,ژمارەیان زۆر کەم بوو (کاوس عەزیز بەگ و خێزانەکەی پاکیزە جەمال، فەرەیدون عەبدولقادر، ڕێزان عەنبەر، گۆران تاڵەبانی، کەمال قەیتوولی، دکتۆر حەمە نەجم جاف، سەمیرە عەبدولحسێن، ساجیدەخان کە خێزانی دکتۆر تارق عەمادی کە پێشتر سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بوو، پێش ڕاگواستنەوەی. ئەمە جگە دکتۆر نەبەز (تەهای غەفووری مەلا عەلی) و دارا جاف. ئەم بەڕێزانە، کەئێستا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران و پلەی زانستیان زۆر بەرزن، دابەشبوون بەسەر پسپۆرییە جیاوازەکاندا، وەک پزیشکی و ئەندازیاری و زانستی کیمیا و بایۆلۆژی و زیۆلۆژی. تەنها کەس کەلەبواری ئەدەبدا دەیخوێند ئەوە من بووم. پەیوەندی نێوانمان نەتەوە و نیشتمان و هاوڕێیەتی کۆیکردبوینەوە. برادەران دابەشبوون بەسەرجێگە و بیر و بۆچوونی جیاوازدا. ئەم جیاوازی فیکری و جێگەییە هیچ بۆشاییەکی دروست نەکردبوو، بەڵکو پەیوەندییەکان لەجۆری ئایدیاڵیزمی بوون. سەردان و دانیشتنەکان بەتایبەتی لەپشووی هەفتەدا، وەک نەریتێکی لێهاتبوو. بەبەردەوامیش پیاوانی ڕژێم، لە خوێندکارە عەرەبەکان، چاودێری تووندیان دەکردین. بۆ نموونە، ڕۆژێک مامۆستای سەرپەرشتیارم بەپەلە خۆی کرد بە ژوورەکەمدا، تەواو ڕەنگی تێکچوو بوو. یەکسەر گوتی پیاوانی ڕژێم بەنوێنەرایەتی کەسێک، کە ناوی دکتۆر سەعدە و بەرپرسی پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی زانکۆی سەڵاحەددینە هاتوون تۆ بگرن و ڕەوانەی (عێراق)ت بکەنەوە. دواتر گوتی: بەڕێوەبەری تۆمارگەی زانکۆی گلاسگۆ زانیاری نەداونەتێ و دەریشی کردوون. بەمەش لێرە بەدواوە پێویستە ئاگاداری خۆت بێت. هەر دوای یەک دوو ڕۆژ ڕۆژنامەی گاردیان کاریکاتێرێکی لەسەر ئەم دیمەنە بڵاوکردەوە، کەبریتی بوو لەکەسێک بەتەورەوە کەسێکی خوێندکار ڕاو دەنێت، کەئەم وێنەیە پراوپڕ دیمەنەکەی ئێمەی بەرجەستە کردبوو. هەر لەبەر ئەمەش بوو مامۆستای سەرپەرشتیارم هەمیشە دەیگووت:لەژیاندا هیچ کەس هێندەی تۆ کێشەی بۆ دروست نەکردووم.مەبەستی لەو جۆرە کێشانە بوو کەئاماژەمان پێدا،چونکە باڵوێزخانەی عێراقی وپەیوەندییەکانی زانکۆی سەڵاحەددین بەبەردەوامی نامەی نهێنیان بۆ مامۆستای سەرپەرشتیار دەنارد و پرسیاری ئەوەیان لێدەکرد، کەمن چی دەکەم و چیش دەخوێنم.

دەخوێنم. مامۆستاش سەرجەم زانیارییەکانی لە بەڕۆەوەندی من ڕەوانە دەکردەوە. شتێکی تر کەجێگەی باسکردنە، پەرۆشی خوێندکاران بوو، بەجیاوازی ئاستی خوێندنەکانیان، بەبابەتی گرنگیدان بەخوێندنەوە. بەوپێیەی خوێندکار لەڕێگەی حەزوو ئارەزووەکانیانەوە پەیوەندی بەبواری خوێندنەکەیانەوە دەکەن و زۆرەملێی تێدا نییە ئەوا بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەزانیارییە سەرچاوەییەکان و پێش ئەوەی دەرگای کتێبخانە بکرێتەوە سەرەیان دەگرت. ئەمەش لەپێناو جێگە گرتن بوو. زۆربەی ئەو خوێندکارانە خواردنی پێویستیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا و لەکاتی پشووەکاندا ئەو خواردنانەیان دەخوارد. ئەمە لەلایەکەوە لەپێناو دەستگرتنەوە لەداهات. لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی کاتیان بەفیڕۆ نەڕوات. کتێبخانەی زانکۆکەمان بااڵخانەیەکی زۆر گەورە بوو، پێکهاتبوو لە چەندین نهۆم. هەر نهۆمەی بەشێک لەپسپۆڕی. بۆ هەر نهۆمێکیش چەند فەرمانبەرێک لە کاتی پێویستدا خزمەتی ئامادەبوانیان دەکرد. بەمەش خوێندکاران سەرجەمیان سەرقاڵی خوێندنەوە و ئامادەکردنی زانیاری و نووسینی ڕاپۆرت و تۆپیک بوون. ئەمە کاری ڕۆژانە بوو لەکاتژمێر 9 – 5 ئێوارە بەبێ دواکەوتن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خوێندکار بە بەردەوامی کاتەکانی لە کتێبخانە بەرێتە سەر، بەڵکو هەر خوێندارە لەبەشەکەی خۆی ژووری تایبەتی بەخۆی هەبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان. هەروەها هۆڵی تایبەتیش بەخوێندن هەبوو، ئەویش بەپێی ئاستی خوێندنەکە.

واتەجگە کاتە دیاریکراوەکانی پشوو، خوێندکار تەواو سەرقاڵی خوێندن بوو، بەبێ دواکەوتن و ئەو خوێندکارەی بەبێ هۆ دوا بکەوتایە، بەتایبەتی خوێندکارانی قۆناغی بەکالۆریۆس، ئەوا سزای زانستی دەدرا کە نەدەبوو لەسێ جاریش زیاتر دووبارە بێتەوە. بۆ قۆناغی دکتۆرا، جگە حاڵەتی نەخوازراو، ئەوە جێگەی ئامادەنەبوونی تێدا نەدەبووەوە، بەڵکو زۆریش قەدەغە بوو.

دوای ئەوەی پێداویستەکانی خوێندن لەکۆکردنەوە ونووسین تەواو بوو،لەبەش سیمنارێکم دەربارەی نامەکەم پێشکەش کرد کەسەرجەم خوێندکارانی بەش بەقۆناغە جیاوازەکانەوە ئامادەبوون.دوای دوو کاتژمێر لەباسکردن وگفتوگۆ ،مامۆستای سەرپەرشتیار دەستخۆشی لێکردم.دواتر نامەکە لەڕێگەی لیژنەی زانستی بەشەوە،جگە لەسەرپەرشتیار چونکە کارەکە زۆر نهێنی بوو، ڕەوانەی شارەزایەکی زانستی کرا لە دەرەوەی زانکۆ کەکارەکە زۆر نهێنی بوو. دوای نزیکەی دوو هەفتە،خۆشبەختانە،کارەکە وەک خۆی قبوڵکرا.دواتر سێنەتی زانکۆ بڕیاری گفتوگۆی کۆتایی دەرکرد ونامەکەیان بەنهێنی بۆ کەسانی پسپۆر نارد ئەویش بەمەبەستی گفتوگۆی کۆتایی. دوای نزیکەی مانگێک ڕۆژێکیان تەرخانکرد بۆ گفتوگۆ. ئەوەی لێی دەترسام ئەو ڕۆژە بوو.

هەڵسەنگێنەر پرۆفیسۆر بوو لە زانکۆی ئێدنبرە، ئەویش ڕۆژهەڵاتناسێکی ناسرابوو بەنێوی ماکدۆڵاند. دوای نزیکەی پێنج کاتژمێر لەگفتوگۆ وبەرگری لەنامەکە، هەڵسەنگێنەر زۆر دەستخۆشی لێکردم و بەبێ هیچ دەستکارییەک نامەکە وەک خۆی وەرگیرا. بەمەش بڕوانامەی دکتۆرام لەئەدەبی بەراووردکاریدا بەدەستهێنا. دواتر لەترسی حکومەتی عێراقی وەک خێزان ویستمان بۆ هەمیشە لەو وڵاتە بمێنینەوە، بەڵام بەداخەوە دوای چەند مانگێک حکومەت دوای ئەوەی زانی خوێندنەکەم تەواو کردووە برایەکمیان لە سلێمانی گرت، کە کاتی خۆی دەستەبەری(کەفیل) کەسێتی خوێندنەکەم بوو.

ئەمە ناچاری کردم کە لەکۆتایی 1985 دا بگەڕێمەوە. کەگەڕامەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ماوەی حەوت مانگ دەستی بەسەر نامەکەمدا گرت، بەبەڵگەی ئەوەی ناوەڕۆکی نامەکە، لەڕووی فیکرییەوە، ناگونجێت لەگەڵ هێڵی بەعسدا. ئافرەتێک، کەپێشتر خوێندکاری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی بوو، بەڕپرسی خوێندنی باڵا بوو لەوەزارەت و منی ناسییەوە، زۆر ڕێزی لێگرتم گوتی "مامۆستا باشتر وایە لە ڕێگەی شاخەکانتانەوە خۆت دەرباز بکەیت، چونکە دڵنیام ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتی سەلامەتی فیکری بەگرتت دەدات، بەڵکو ڕەنگە لەسێدارەش بدرێیت. سەرەتا لەگەڵ چەند برادەرێکی مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین ویستم بگەڕێمەوە بۆ بەریتانیا ئەویش لەڕێگەی ئێرانەوە. ڕۆشتنەکە ڕێک نەکەوت و هاوڕێکانم هەمووبان ڕۆشتن، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە پێویستە وەزیری خوێندنی باڵا ببینم و بەرگری لەنامەکەم بکەم. هەر ئەو ئافرەتە، کەزۆر یارمەتی دام، چاوپێکەوتنێکی بۆ ڕێکخستم و وەزیرم بینی و دایەڵۆگێکی زانستیمان ئەنجامدا بەوەی ناوەڕۆکی نامەکەم باس لە سااڵنی سییەکان و چلەکان و پەنجاکان دەکات و پەیوەندی بەبەعسەوە نییە. ئەمە وەزیری قایل کرد، کە جارێکی تر نامەکەم بنیرێنەوە بۆ هەڵسەنگاندنێکی تری فیکری نەک زانستی. هەڵسەنگێنەرانی ئەمجارە کەزۆر زانستی و پڕۆفیشناڵانە کاریان کرد، نامەکەیان وەک خۆی وەرگرت و بەمەش ئەنجامەکە تەواو پێچەوانەی ئەوەی پێشوو بوو. وەزارەتیش فەرمانی وەزاری هەڵسەنگاندنی کۆتاییان پێ بەخشیم و بووم بەمامۆستا لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەددین، کەپێشتر خۆم هەر لەوێ یاریدەدەری تویژەر بووم.

ڕاپۆرتە هەواڵ: کۆنفرانسی کۆچبەرانی کورد لەشاری کۆڵنی ئەڵمانیا

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 19-01-2020 یەکشەممە کاتژمێری 13:30 لە شاری (کۆڵن) ی ئەڵمانیا، کۆنفرانسێکی ڕۆشنبیری بە بەشداربوونی کۆچبەرانی کوردی شاری کۆڵن و دەوروبەر ڕێکخرا بۆ سێ کەسایەتی کورد. نووسەر و چیرۆکنووس(ئەنوەر ئەڵمان) تیشکی خستە سەر:

چڤات و کەسایەتی کوردی و ئاڵۆزییەکانی:

چڤات و کەسایەتی کوردی و ئاڵۆزییەکانی" لەلایەن ئەنوەر ئەڵمان تیشکی خرابۆسەر: "چڤاتی کوردی بەجۆرێک هەڵسەنگاند، کە ئاستی چوون بەرەو شارستانی و ڕێکارەکانی ناوخۆی تێنەپەڕاندوە"

هەروەها جیاوازیەکانی بەراوردکرد لەگەڵ چڤاتی نەتەوە پێشکەوتوخوازەکان و ڕەخنەی تووندی لە بەڕێکاران و بەرپرسیارانی چڤاتی کوردی گرت، کەچڤات بە سیستەمێکی نوێ لەبەرنامەیەکی سەردەمیانە و پێشکەوتودا نوسراوەتەوە و تەوەری گرنگ و بەسودی ڕێکخراوەیی لەخۆ گرتووە و ڕێکخستنی گرووپێک لەناو ڕێکخراوێکدا کۆکردۆتەوە، بەڵام کەسایەتیەکانی کورد خراپ بەکاری دێنن و بەپێی بەرنامە و پێناس و بانگراوەندی چڤات کارناکەن و بەجەستەیەکی ناشەرعیەوە هێشتراوەتەوە، تا حزب و بەرپرس و هەموو ئەوانەی بەناوی ڕێکخراوەییەوە چڤاتیان کردۆتە بابەتێکی زل بۆهێشتنەوەی خۆیانە و ڕێکارەکانی کارپێناکەن" تەندروستی و پێشەوەچوونی چڤاک، بەندە بە تەندروستی تاکەکانەوە. چڤاکیش هەتا ڕێکخەر نەبێت، ناتوانێت بەرەو ڕووی ناتەباییەکان بێتەوە و ڕێگەچارەی زانستی و مرۆڤ و مافناسی بگرێتە بەر. تاکی کورد، تاکێکی (پارادۆکس= هەمەجەمسەری و ئاڵۆزە) چونکە لە ژێر کارگەری زمان و هزر و کولتووری بێگانەدایە. ئەمەیش کارئاسانی دەکات بۆ وابەستبوون! دەبێت کورد لە هەوڵی دروستکردنی تاک و چڤاک و کولتوور و زمانی یەکگرتوودا بێت، لە هەوڵی خەملاندنی بیری نەتەوەییدا بێت، گەر بخوازێت خۆی وەک نەتەوەیەک پێناسە بکات. چاکسازی کومەڵگا لە چاکسازی تاکەکانەوە دەستپێدەکات. بەو هۆکارەی کە تاک و چڤاکی کورد لەژێر کارگەری زوبان و هزر و کولتووری بێگانەدایە، جۆری بیرکردنەوە و خەباتەکەیشی لۆکاڵی=ناوچەییە، نەک گشتگیر، واتا کوردستانی.

قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکا و ئێران

پاشان لەلایەن د.سالار باسیرە شرۆڤە و توێژینەوەیی بۆ کرا، بە قەبارەیەکی فراوان و سەرنجڕاکێش زینجیرە ئاڵۆزیەکانی ناوچەکەی کردە باسێکی تری کۆنفرانسەکە" ئاماژەی کرد، کە لە هیچ ناوچەیەکی ئەم جیهانەدا بەقەد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریاری یەکێتی نەتەوەیەکگرتوەکانی لەسەر نەدراوە.

لەهیچ شوێنێکی جیهان ئەمڕۆ کە بەقەد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەنگ و قەیرانی تێدا نەبووە و ئەوەندە خوێنی تێدا نەڕژاوە و ئەوەندە ژینگەی تێدا وێران نەکراوە". لە هیچ ناوچەیەکی جیهان ئەوەندە سەرباز و ئەوەندە چەک و تەقەمەنی تێدا نیە و تێدا نەفڕشراوە و بەکارنەهێنراوە و ئەوەندە پارە بۆ سوپا خەرج نەکراوە، وەک لەم ناوچەیە تێیدا خەرج و بەکارهاتووە.

ئەم ناوچەیە دەیان ساڵە بۆتە گۆڕەپانی چەندین جەنگ و زۆرانبازی خوێناوی. هەربۆیە ڕێکەوت نییە کە بەسندوقی باروت بەراورد دەکرێت. بۆ دەیان ساڵ تەنیا ناکۆکیەکانی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل یان بڵێین نیوان عەرەب و ئیسرائیل بە ناکۆکیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرا بوو، بەڵام ناکۆکیە ئێتنیکی و سیاسی و ئاینیەکانی وڵاتە جیاوازەکانی ئەم ناوچەیە نەناسراو مابونەوە بۆ نموونە کورد. کە دەستێوەردان و خاوەن بڕیاری نزیکترینیان ئێران و ترکیایە"

بەراوردی میژوی ئاینەکان و ئێستا

شرۆڤەکار و نوسەر ئامێد سلێمان بە بابەتێک بەشدار بوو توانی بەراوردی میژوی ئاینەکان و ئێستا بکات و بە جەقبەستو ناوی بردن کە ئاستی چوون بەرەو شارستانیان ڕاگرتووە و بەربەستن و دژی فکرو ئایدۆلۆجیا و ڕۆشنگەریی و مۆدێرن وەستاونەتەوە"

تەوەری ناوبراو لەژێر ناوی "کاریگەری ئاین بەسەر سیاسەتی کورد و داگیرکارانی بوە باسێکی گرنگ و پێویست لە کۆنفرانسەکەداو گوتی هیچ کاتێک گومانمان لە ڕاستینەی کاریگەریەکانی ئایین نەبووە لە ئاراستەکردنی مرۆڤ لەگەڵ بە کۆمەڵگابوون و دروستبوونی نەتەوە و چینە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا مرۆییەکان ئەوەش دەزانین وەک چۆن ئایین لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەهەمان شێوە لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە. ئەو کاتەی ئایین کە وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنرێت بۆ چەوساندنەوە و سڕینەوەی هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی ناچنە ژێرباری ئەو چینە سەڵتەنەت خوازیەی نوێنەرایەتی ئایین دەکەن لایەنی نێگەتیڤی ئایینمان ڕونتر بۆ دەردەکەوێت.

دیارە بۆ نەتەوەی کوردیش ئاینی ئیسلام ئەو چەکە کاریگەرەی دەستی داگیرکەرانیەتی کە بەدرێژایی مێژوو لەژێرناوی تەریقەتگەرایی و مەزهەبگەرایی پەردەپۆشکراو بە چەمک و زاراوە جۆراوجۆرەکانی داپەروەری و یەکسانی و خۆشەویستی خودا میللەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی دەخەڵەتێنرێت و دەچەوسێنرێتەوە، چەوسانەوەی کورد بەشێکی لە بێئاگای پلان و پیلانی داگیرکەراندا و بەشێکیشی وەک چینی بەکرێگیراوی دەسەڵاتخوازەکانی ئاینی ئیسلام لە نێو عەرەب و تورک و فارسەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتێکی خێڵەکی و سەڵتەنەتخوازی بنەماڵەیی ئەو چەسانەوەیەی میللەتی کورد بەئەنجام دەگەیەنرێت.

چالاکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە.....چالاکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە

فلیمی سینەمایی (پەیکەری دڵ) لە ئەمستردام

لە سیناریۆ و دەرهێنانی شوان عەتووف رۆژی 09 شوباتی 2020 لە کاتژمێر 15,00 سێی پاش نیوەڕۆ لە دیامەینت پارتی سینتروم لە شارۆچکەی ئەمستەلفەین نزیک شاری ئەمستردام نمایش دەکرێت.

بۆ کرینی بلێت دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەی (ئالان چالاک)ەوە بکەیت: (+31620024424).

شایەنی گوتنە رۆژی نمایشکردنی فیلمەکە دەرهێنەر و بەشیک لە ستافی فیلمەکە ئامادە دەبن. داوا لە کوردانی تاراوگەنشینی ئەمستردام بە تایبەت و هۆڵەندا دەکەین، ئامادەبوونیان جێگەی خۆشحاڵی و پاڵ پشتیە بۆ سینەمای کوردی، ئەگەر ئەو رۆژە لەکاتی دەستنیشانکراودا لەم ناونیشانە ئامادەبن:

Dimant Partycentrum B.V
Touslagrij 9, 1185 ZP Amstelveen

کۆڕێکی شیعریی بۆ ڤینوس فایەق لە لاهای

رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2020/2/5 کاتژمێر 18:00 شەشی ئێوارە ڕێکخراوی «Buurtkamer Spoorwijk» لە شاری دەنهاخ میوانداری شاعیری کورد ڤینوس فایەق دەکات و کۆڕێکی شیعریی بۆ سازدەکات لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Goeverneurplein 8, 2523 EB Den Haag

لەم ئێوارە کۆڕەدا شاعیر شیعرەکان بە کوردی، عەرەبی و هۆڵەندی دەخوێنێتەوە. هاوکات فیلمێکی شاعیری ئێرانی فروغی فروغزاد (مااڵە ڕەشەکە) نمایش دەکرێت.. ئامادەبوونتان دەبێتە مایەی خۆشحاڵی شاعیر و دەوڵەمەندکردنی کۆڕەکە..

هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد

شوان کەمال لەگەڵ هەندێ لەو پەیکەرانەی بۆ کارگەی ڕۆڵفکایزەر دروستی کردوون

ئەم ئەکتەرە لە ڕۆڵی ئەدلۆف هێتلەری هەبوو لە فیلمی (Der Untergang) دوانزە ڕۆژی کۆتایی ژیانی هێتلەر.

ئەم فیلمە چەندین خەڵاتی سینەمایی پێبەخشراوە، هەڵبژێردرا بوو بۆ خەڵاتی ئۆسکار، بەڵام بەڕای شارەزایان دەڵێن هەر فلیمێک باس لە ژیانی هێتلەر و سەردەمی نازییەکان بکات، ئاستەمە خەڵاتی ئۆسکار بەدەست بهێنێت، لە کاتێکدا لە ئەمەریکا چەندین ئەندامی جولەکە سەرپەرشتی ئەم خەڵاتە دەکەن!

سااڵی پارئەم ئەکتەرە لە تەمەنی ٧٧ سااڵیدا کۆچی دوایی کرد.

لە کارە سەرنجڕاکێشەرەکانی دنیـــا...وەرگێڕانی موزەفەر عەزیز

بچوکترین پیاوی جیهان کۆچی دوایی کرد

ئەو تەمەنی 27 ساڵ بوو، کورتە باڵاترین پیاوی دنیا بوو، بە بچوکترین پیاوی جیهان ناسرابوو، کۆچیی دوایی کرد.

کتێبی گێنسی پێوانەیی هەواڵێکی ناخۆشی بڵاوکردۆتەوە: کاگێندرا تاپا ماگەر مرد. ئەو بچوکترین پیاوی گێتی بوو، کە بەپێی خۆی دەڕۆیشت و تەنها ٨٠،٦٧ سم بوو. هەرچەندە تابا ماگەر تەمەنی تەنها 27 ساڵ بوو، بەڵام کێشەی نەخۆشی دڵ و هەناسەتەنگیی و هەوکردنی سییەکانی هەبوو. ڕۆژی پێنجشەممە گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی مانیپال لە پۆکارە "نیپال"و ڕۆژی هەینی کۆچی دوایی کرد.ئ

ئەو لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە لە ٢٠١٠ ناوی چۆتە کتێبی گینسەوە، ئێستا فلیپینیەکی ٩٣،٥٩سم بەناوی یونری بالاڤینی تەمەن 27 ساڵ جێگای گرتۆتەوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەوە ئێستانەکانی شکاون و نەدەتوانێ ڕێ بکات، ناشتوانێت بەبێ یارمەتی کەسێک لەسەر پێ بوەستێت.

دایک و باوکی تاپاماگەر هەرزوو لە کاتی لەدایکبوونیدا هەستیان بە کورەکەیان کردبوو، کەئەو جیاوازە، باوکی دهان مایا تاپاماگەر بۆ گتێبی گینس ڕایگەیاندووە: "ئەو لەناو لەپی دەست جێگای دەبۆوە و لەبەر بچووکیەکەی لەکاتی سەرشۆردنیدا ئاستەنگمان بۆ دروست دەبوو.

سەرچاوە بیلد

سەرنشـــــــینێکی قاچاغ لەنێو شەمەندەفەردا جلەکانی دەشوات

durch in den eigentlichen Fahrgastraum lief. In Hannover beendete dann die Bundespolizei die Aktion.

Laut Behördensprecher Martin Ackert ereignete sich der Vorfall in einer Westfalenbahn zwischen Braunschweig und Hannover. Der Zugbegleiter hatte

بەجۆرێک ئاو بەنێو سەرنشیناندا ڕێ دەکات جاببیەکی شەمەندەفەر، سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە سەرنشینێکی یاساغی دۆزییەوە، کە لەناو تەوالێتدا خەریکی جلشۆرین بوو. ئەو کەسە 28 ساڵییەی ئەو کارەی بەشێوەیەکی وا فراوانکردبوو، لەژێر دەرگاوە ئاو دزەی بەناو سەرنشینانیشدا کردبوو. داواجار لەهانۆفەر پۆلیس کۆتایی بەوکارە هێنا، بەگوێرەی لێدوانی قسەکەری فەرمانگە مارتین ئاکەرت، ئەمە لەهێڵی ڤێستفاڵن لەنێوان بڕاونشڤایگ و هانۆفەردا بووە. "یاوەری شەمەندەفەرەکە سەیری بە ڕژانی ئەو هەموو ئاوە هاتووە"، وایگوت. کاتێک جاببیەکە تەماشای ئاودەستەکە دەکات، ئەو کەسە 28 ساڵییە دەدۆزێتەوە.

ئاکەرت:" ئەو جلەکانی لەناو دەستشۆرەکە بەجوانی شوشتبوو". جا ئەو پۆلۆنییە بلیتی قیتاریشی پێ نەبووە، وەک خۆشی گوتوویەتی ویستویەتی بەرەو هۆڵەندا بچێت، کاتێک پۆلیس سەردەکەوێت ئەو کەسە 28 ساڵە هێشتا لە ئاودەست بووە و بەدرێژایی ئەو ماوەیەش لەتەک پۆشاکەکانی هەروەها خۆشی شۆردووە، لەبەرئەوە بەنیوەڕووتی لەوێ لێی دانیشتبوو. جاببیەکە ئەو بێلانەیەیان لەگەڵ خۆیاندا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە بەرەو بنکەی پۆلیس برد، دوای بەدواداچوون کەسەکە دەرکەوت: ئەو 28 ساڵە، ئەمە ئیشی یەکەمجاری نییە، کە بەبێ بلیت بۆ هۆڵەندا گەشت دەکات.

سەرچاوە ڕۆژنامەی هانۆفەرشە ئەلگەماینە لا 9 .

ڕۆژی دوشسەممە ڕێکەوتی: 2020–02–03

گۆشەی 41 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ئەڵمانیا مەشق پێکردنی پێشمەرگەی دەستپێکردەوە

سوپای ئەڵمانیا لە راگەیاندراوێکدا بڵاوی کردۆتەوە، دوای ئەوەی بەهۆی کوژرانی قاسم سلێمانی بۆ ماوەیەک مەشقەکانی بە پێشمەرگە ڕاگرتبوو، لەم هەفتەیەوە بە فەرمی دەستپێکردنەوەی مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ڕاگەیاندووە.

لە ئەڵمانیا بیانیەکان ژمارەی پێوانەییان تۆمارکردووە

دەستەی ئامارەکانی ئەڵمانیا بڵاویکردەوە، ژمارەی ئەو بیانیانەی کە لە ئەڵمانیا دەژین گەیشتونەتە 11 ملیۆن کەس، بەگوێرەی ئامارەکە 43.9%ی ئەم ژمارەیەهاوواڵتیانی وڵاتەئەوروپییەکان و 13.5% یشیان تورکن، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی ئەڵمانیا گەیشتووەتە 83.2 ملیۆن کەس ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە و بەهۆی بیانیەکانەوە زۆر گەشەی کردووە.

یەکێتی ئەورووپا بەنیازە یەک سەنت و دوو سەنت نەهێڵێت

یەکێتیی ئەورووپا بەنیازە پڕۆژەی نەهێشتنی دراوی یەک سنت و دوو سەنت بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە خەرجی گواستنەوەی ئەو وردە دراوانە، لە بەهای خۆیان زیاتریان تێدەچێت.

سەدان تونڕەو لەناو سوپای ئەڵمانیا پەیدابوون

ڕۆژنامەی سود دۆیچەزایتۆنگ ئاشکرایکرد، کە ٥٥٠ تونڕەوی نازیپەرست لەناو ڕیزەکانی سوپای ئەڵمانیدا پەیدابوون و دەزگا ئەمنیەکان خەریکی لێکۆڵینەوەن لەگەڵیاندا، ٤٠ کەسیان بەسەریاندا ساغ بۆتەوە، کە وەلایان بۆ دەستوری ئەڵمانیا نییە و زۆر تونڕەون.

ڕاپەڕێکی کورد سەرکەوتنی بەدەستهێنا

Kaufering – Mit „Keine Chance“ hat der 21-jährige Rapper Azan aus Kaufering die Top 50 in Spotify geknackt. Der Kurde und seine Crew von Shiko Records machen

لەشاریKaufering ی نزیک میونشن گەنجێکی کوردی باشوری کوردستان بەناوی"ئازان" تەمەن ٢١ ساڵ، کە لەگەڵ گرووپێکی ڕاپی ئەڵمانی لە شارەکەی برەو بە هونەری خۆی دەدات، توانی سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێت و ناوی بچێتە ٥٠ کەسە یەکەمەکانی ناو Spotify . ڤیدیۆ کلیپەکانی لە یوتوپ زیاتر لە شەش ملیۆن هەواداری هەیە و لەناو گەنجەکاندا ڕەواجی پەیداکردووە.

ساڵی پێشوو لە ئەڵمانیا بایی چەند بەرهەمی باخچەکان فرۆشراوە...؟

سەندیکای باخچەکانی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، کە ساڵی پار ٢٠١٩ بە بەهای ٨،٩ ملیار یۆرۆ گوڵ و شەتڵ و گەڵای جۆراجۆر لە وڵاتەکەی فرۆشراوە، بە گشتی هەر هاوڵاتیەک لەو ساڵەدا، بایی ١٠٨ یۆرۆی بۆ گول کڕین خەرجکردووە، هەمان دەزگا بڵاویکردۆتەوە، کە دوکانی گوڵفرۆشەکان لە ڕۆژانی ڤالانتاین و جەژنی دایک و سەری ساڵ و جەژنەکانی تر قازانجی زۆریان کردووە و بایی ٣ ملیار و ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ تەنها گوڵیان فرۆشتووە.

دیاری بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت نێردرا

Melin Polat (von links), Zara Demirkaya, Zübeyde Polat und Sengül Demirkaya haben die Pakete für Kinder mit Behinderungen kompakt aufgestapelt. Foto: Frank-Michael Kiel-Steinkamp - © Frank-Michael Kiel-Steinkamp

سێ ژنی کوردی باکوری کوردستان، کە لە مێژە لەئەڵمانیان و ئەندامی پارتی چەپن، هەڵمەتێکیان دەستپێکرد، بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەرێمی کوردستان و لەمڕۆژانە ٢٠٠ کارتۆن دیاریان بۆ ناردن، هەریەک لە" هیلین بۆلات و زارا دەمیرکایا و زبێدی بۆلات"، لەشاری هێرفۆردەوە ئەو کارە مرۆڤانەیەیان دەست پێکرد و کارتۆنەکانیان لەڕیی یوئێنەوە ڕەوانە کردووە.

پاشماوەی گۆشەی 41 هەواڵنامەی ئەسسەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پاشماوەی لاپەڕە 13

چوار کەس توشی ڤایرۆسی کورونا بوون

سەرچاوەیەکی تەندروستی ئەڵمانی ئاشکرایکرد، کە تائێستا چوارکەس توشی ڤایرۆسی کورونا بوون و سەرەتا کەسێک کە لەهەرێمی بایرەنە و لە چین هاتۆتەوە توشی بووە، دواتر لەڕێی هەمان کەسەوە بۆسێ کەسی تر گواستراوەتەوە و ئێستا لە نەخۆشخانە لە ژێر چاوەدێریدان، ئەڵمانیا ڕیوشوێنی توندی گرتۆتەبەر و هێڵی ئاسمانی لوفتهانزا هەموو گەشتەکانی بۆ چین ڕاگرتووە و داوا لە هاوڵاتیان کراوە هەوڵ بدەن نەچنە ئەو وڵاتانەی ئەو ڤایرۆسەی تێدا بڵاوە.

داوا دەکرێت سیستەمێکی نوێ لە نۆتۆمبێلە تازەکان دابندرێت

بەهۆی زۆربونی ڕوداوی هاتوچۆ و سەرخۆشی شوفێرەکان کۆمپانیای UDV پێشنیاری کردووە، کە جۆرە سیستەمێکی تازە لە نۆتۆمبێلە تازەکان دابندرێت، بەهۆیەوە هەر شوفێرێکی سەرخۆش چووە ناو نۆتۆمبێلەکەیەوە یەکسەر کارنەکات و لە شوێنی خۆی بوەستێت، ئەو پێشنیارە پێشوازی لێکراوە و بە پراکتیکی دەزانن بۆ چارەسەری ڕووداوەکانی نۆتۆمبێل، شایانی باسە ساڵی پار بەهۆی سەرخۆشی شوفێرەکان زیاتر لە ١٤ هەزار ڕووداوی هاتوچۆ ڕوێداوە.

جێگری پێشووی میرکل پۆستێکی باڵای وەرگرت

دۆیچە بانک بریاریدا پۆستی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی Deutsche Bank ی دابە "زیگمار جوبرائیل" جێگری پێشوی ئەنجێلا میرکل و سەرۆکی پێشوی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانی، ماوەیەکە ئەو بانکە بەدوای کەسێکی شارەزاو لێهاتوود و دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەو پۆستەی پێ ببەخشێت و سودی لێ ببینێت بۆ زیاتر قازانجکردن و سەرمایەپەیدا کردن.

پاشماوە کۆنفرانسی کۆچبەرانی کورد لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا

پاشماوەی لاپەڕە 10

لە ئێستادا ئەوەی کە گرنگە بۆ ئێمەی کورد لە نێو هاوکێشە سیاسیە نێودەوڵەتیەکاندا، کە هەڵگری گۆڕانکاری گەورەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە: کە ئایا گروپە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی چ وەک پارتی سیاسی چ وەک ڕەوتی سەلەفی، کە بە مەدخەلی و جیهادی ناسراون، تاچەند ئاگاداری ئەوەن، کە لە بنەمادا خزمەت بە وڵاتە داگیرکەرەکانی کورد دەکەن لەژێر چەتری ئایندا ؟ ئەم ناکۆکیانە هۆکارەکانی ژمارەیەکی زۆری پێکدادان و جەنگن، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی مێژوو. بەدەرلەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سندوقی باروت ناوهێنداوە لە ناوخۆی نەتەوەکانیشدا دیموکراسیەت ڕەگی نیە و ناهێڵن گەشەبکات. ڕژێمەکانی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر توانای مانەوەیان لەسەر دەسەڵات نیشانداوە. مێژووی ناوچەکە ئەو ڕاستیەی نیشانداوە، کە گۆڕانکاریی لە پڕۆسەی سیاسیدا زۆربەی کات بەڕێگای زەبروزەنگەوە ئەنجامدراوە. کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەسەرەتای گرتنەدەستەڵات کاری لەسەر دروستکردنی هیلاڵیکی شیعیەوە کردوە، کە لە ئێرانەوە بۆ عێراق و سوریا و لبنان درێژ بێتەوە و هەروەها بەڕێگای حیزبوڵڵای شیعەی لوبنانیەوە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل". لەم نێوەندەدا ئەمریکا دەیەوێت سنوریک بۆ زیادەڕەویەکانی ئێران دابنێت و ئەو ئابڵوقە ئابوریە سەپێندراوەی سەر ئێران فراوانتربکات و دەسەڵاتی لە ناوچەکە لاوازبکات، کە لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانیەکانیەوە هەنگاوێکە بۆ ئەو ستراتیژە. ئایا هێزە سیاسیە ئیسلامیەکان چەندێک ئاگاداری ئەوەن کە وڵاتە ئیسلامیەکان و خۆرئاوایەکان ئایین بەکاردێنن لەخزمەتی دەوڵەت و وڵاتەکانی خۆیان و دژ بەنەتەوەی کوردیش لەهەمانکاتدا ؟ ئایا خەبات و تێکۆشانی ئیسلامیەکانی کوردستان لە ژێر چەتری ڕێبازێکی سوننی عەرەبیانە یان تورکانە یان شیعی ئێرانیانە خزمەت بەیەکێتی و یەکڕیزی گەلی کورد دەکات یان بەپێچەوانەوە ؟ خۆبەستنەوەو بڕەودان بەئیسلامیەتی سوننی سەلەفیانەی عەرەبی و وەرگرتنی یارمەتیە سەربازی و مادیەکان لەلایەن هەندێ گروپی ئیسلامی لە کوردستان ڕەهەندێکی خیانەتکاری هەڵنەگرتووە لەبەرامبەر هەستی نەتەوایەتی کورد ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستمان بەخوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی و خەباتی کورد هەیە لە کوردستان، پێویستمان بە خوێندنەوەی ئەو ململانێ سیاسیە نێوخۆییەی ئیسلام هەیە لە لایەک هەروەها سیاسەت و ململانێی وڵاتانی دەوروبەری نیمچە دووڕگەی عەرەبی هەیە لەلایەکیتر، کە لە لەسەرەتای فەتحکاریە داگیرکاریەکانی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیەوە، تا دەگاتە ئەمڕۆمان بەتایبەت لەگەڵ نەتەوەیەکی داگیرکراوی 1400 ساڵ زیاتری وەک گەل و نەتەوەی کورد. بەبڕوای من یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکی و گرنگەکان مانەوە و بەردەوامی سیستمی بنەماڵەو خێڵەکیە لەنێو کۆمەڵگای کوردی، کورد دوای فەتحکاریەکانی ئیمپراتۆریەتی سەرەتای ئیسلامی دووچاری لێک هەڵوەشانەوەیەکی گەورە هاتووە، لەسەر ئاستی کولتوری و فەرهەنگی ئەم هەڵوەشانەوەیەش بەردەوام بۆتە هۆی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆی بۆ کورد. بەشداربووانی کۆڕەکە ، چ بەپرسیار و ڕوونکردنەوە و زیادە خستنە سەری بابەتەکان بەشداربوون و بە ڕوونکردنەوە بابەتەکانیان دەوڵەمەندتر کرد. هیوایان خواست بۆ درێژەدان بە بەردەوامی کاروچالاکی ڕۆشنبیری و مەدەنی و سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەکان، کە لە کەشێکی ئارامدا بەڕێوە چوو.

ڕێکخەرانی کۆنفرانسی کۆچبەرانی کورد" لە شاری کۆڵن ئەڵمانیا

فەرەیدون کونجرینی، دیار بەکر و نەبەز عەبدوڵڵا

٢١ / ١ / ٢٠٢٠

گۆشەی زانست
ماموستا جەزا دەینووسێت

پەپوولە و باڵەکانی:



باڵی پەپوولە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو مێرووەدا، زۆر زیاتر بەکاردەهێنرێت بۆ کار کردن، وەک لەوەی چاوەڕوانی لێدەکرێت، هەندێ جار لەوانەشە بۆ ڕاکێشانی نێرەکەی بێت، تەنانەت لە هەندێ باڵداری شیردەریشدا... باڵی پەپوولە زۆر ڕازاوە و جوان و سەرنج ڕاکێشەرن، ئەو جوانیەش بەندە لەسە ڕەنگەکانی کە نەگۆڕن . ئەو هەموو ڕەنگەی دەورەی باڵەکانی ئەم مێرووە جوانە ڕەنگینەی داوە، پێشتر لەو باوەڕەدا بوون، بە بێ گیان بیت، وەک ئەندامەکانی دیکەی پەڕی باڵندە و مووی گیانلەبەرە شیردەرەکان، لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە وا دەرنەچوو، واتە ڕاست نییە، کە گیانیان تێدا نەبێت. بۆ نموونە هەندێ گیانداری شیردەر لە تووکەکەیدا یان پەڕەکانیدا خانەی زیندووی تایبەتی هەن، بۆ ڕاکێشانی مێینە، بۆ نمونە وەکو کەڵەشێر و طاووس.

نانگ یۆ [Namfang YU] زانای فیزیا لە زانکۆی کۆڵۆمبوس لە شاری نیویۆرک لە لێکۆڵینەوەیەکیدا، زۆر بە باڵی پەپوولەوە خەریک بوو، ئەم زانایە بە قوولی چووە ناو باسکەیەوە و پێی خوش بوو زیاتر لە باڵی پەپوولە بکۆڵێتەوە، بە یارمەتی لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی نامپیریس [Nampier] ، کە لە کارەکەی خۆیدا خەریکی ئەم توێژینەوەیە بوو، لە زانکۆی هارڤرد. نامپێریس هەفتەی ڕابووردو و لە باسێکیدا باڵاوی کردەوە، کە باڵەکانی پەپوولە ئەندامی زیندوون، لە لەشی ئەو میرووەدا.

توانای تیۆری مۆغی قەلەڕەش

زاناکان دەڵێن، مۆغی قەلەڕەش توانای تێۆەری هەیە. چونکە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوتووە، کە قەلەڕەشەکان سیخوڕی بە سەریەکتردەوە دەکەن و لە یەکترەوە فێری شت شاردنەوە دەبن و بەردەوام یەکتر دەخەنە ژێر چاودێرییەوە تا بزانن ئەوی تر چی خواردووە و تا خواردنەکەی ئەو دی تاقی بکەنەوە.

قەلەڕەشەکان بەم کردارەیان، پشت دەبەست بە تیۆری فێربوون، هەروەک چۆن منداڵ لە دەوربەریەوە یان مرۆڤ لە یەکترەوە فێری زمان و کولتوری سەردەمەکەیان دەبن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت: فێربوونی خووی باش یان خراپ، سیاسەت و بڕوا بەم دین یان ئەو دین، کە منداڵ لە دایک و باوک، قوتابخانەوە و کۆڵانەوە فێر دەبێت، وابەستەیە بە فێر بوون و ئیمەش کە کۆمەڵگایەکی مشەخۆر و نابەپرسیارین لە گەورەکانەوە ئەومان بۆ ماوەتەوە و نەمان خستۆتە ژێر پرسیارە و بۆ خۆمان جیاواز لە ئەوانی تر، پرسیاری تاکی خۆمان نەبووە. ئەوەی کە بۆ من جێی سەرنجە لەم لێکۆڵینەوەی تێۆەری مۆغ کە بیر کردنەوە بەرهەم دەهێنیت. بە ئاگای داپیر و باپیرە گەورەکانی کوردە، کە ئێمە بە پشتاوپشتی خۆمان ناویان دەبەین و دەزانین ئەوان بوونی خۆیان بۆ ئاو وەک تۆوماو (ئاو)، تۆو–ناوک و نەوە گەڕاندوتەوە و ئەوەش مانای بوونگەری هەیە. هەروەها خۆیان وەکو گیاندار ناساندووە و ئەوەش ئەو دەگەیەنێت، کە لە کرداری مۆغ وەک ئەوەی ماک و مان و مای ژیان تێگەیشتوون، چونکە دەبێن لە ڕابردوودا خۆیان وەک مۆغ ناساندووە و خۆیان بە مرۆڤ و گیاندارەکانیش بە ماسی، میشولە، مەل، مەیمون، ماکەر، میر و مێ ناساندووە. کەچی بە ناو فەیلەسوفەکانی کە چەپ، دینین، ڕۆشنبیری زمان لەو مانایەی زمانەکەیان تێناگەن، کە داپیر و باپیرە گەورەکانیان بە دەم کێڵانی ئەرز و مێشکەوە وێنەیانە داهێناوە.

خیرارد بێڵدێرس

لە ڕۆژی 09-12-1838 لەشاری ئوترێخت لەدایک بووە. لەڕێکەوتی 08- 03-1865 لەشاری ئەمستردام کۆچی دوایی کردووە. هونەرمەند خیرارد بێڵدێرس سەرەتای هونەری لای باوکی فێربووە، لە تەمەنی گەنجێتی لەشاری ئوترێخت ژیاوە، دواتر گواستویەتیەوە بۆ شارۆچکەیەکی نزیک شاری ئارنهێم بەناوی (ئۆستەربێک)ەوە. نابێت ئەوەشمان بیربچێت ئەم هونەرمەند دەرچوو ئەکادیمیای شاری دەنهاخە لەنێوان ساڵانی 1857-1859 تابلۆی دەشتایی لە ئۆستەربێک کێشاوە مێژووی دروست ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە بۆساڵی 1859 بەڕەنگی ڕۆنی لەسەرقوماش بەپێوانەی 39-55سم، وەک دەبینیت چەند مانگایەک لەسێبەری داربیـــەکدان لەبەشی دواوەی تابلۆکە ئاسمانێکی پڕ بەهەور دەبینرێت. تابلۆکە دەچێتە ستایلی ڕۆمانتیکی بۆ ڕیالیزمی.

ڕزگار ئەمین– ئارنێم

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی و کەلتۆری هەفتانەیە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

12 FEBRUARI . 2020 Nummer. [91] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– لە کۆتایی هەفتەی پێشووەوە لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و وڵاتانی ئەورووپا ڕەشەبایەکی بەهێز و باوبۆران دەستی پێکردووە ،ل

– هەندێک یادگاریی تاڵی تێکەڵ بە چەند تارماییەکی هەستبزوێن–عەبدولکەریم شێخانی..ل3 – ملیۆنێرە کوردەکان؛ لەم

دەوڵەمەندبوونی خێرا لە کوردستاندا – نووسینی: خەبات عەبدوڵڵا.. ل 4 و خاتوو کازیوە سالح دکتۆرای لە بواری جینۆ سای

وەرگرت ل 5 . – ناساندنی چاپکراوی نوێ. لە لایەن محەمەد مەردان، کتێبی .هـــاید پارک کۆمەڵە هۆنراوەی سەلام سەعید ل 6

– من بچوک نیم– مەشخەڵ سادیق مەلازادە.. ل7. – دوو بابەت: جەنگی بایلۆژی ئەمەریکا بەرانبەر

بە چین، سەلاح حەسەن پاڵەوان و بۆمیل دەتەقێتەوە– دکتۆرە ئالا بەکر .. ل 8 . – کورتە چیرۆکێکی

چامەئامێز: سەمفۆنیای سەحرا.. نووسینی: عومەر سەید. ل .9 و ل 10

–بەدەم نووسینەوە ڕاپۆرت بۆ گریگۆر– دلاوەر قەرەداخی و پەیکەرێکی شوان کەمال بۆ ئیسماعیل خەیات. ل 11.

– –دوو نووسینی مامۆستا م ئارام و دانا هەڵەبجەیی... ل 12

– گۆشەی 42 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 13 . – ئاوڕێ لە بڕیخت گۆران مەریوانی و دەربارەی شانۆ دانا ڕەئووف. ل14

– گۆشەی زانستی: دوو بابەتی مامۆستا جەزا. ل 15 .

– ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی شێوەکاری کورد نوری مەحمود و چەند تابلۆیەکی. ل .16

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

12 FEBUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 91
ژمارە 91 ی 12 ی شوباتی 2020

لە کۆتایی هەفتەی پێشووەوە لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا ڕەشەبایەکی بەهێز و باوبۆران دەستی پێکردووە

لەئەڵمانیا و هۆڵەندا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا ڕەشەبایەکی بەهێز و باوبۆران دەستی پێکردووە

دەزگای کەشناسی ئەڵمانیا هەفتەی پێشوو بڵاویکردەوە کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 09/02 لە سەرتاسەری وڵاتی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا ڕەشەبا و باوبۆرانێکی بەهێز دەست پێدەکات و تاسێشەممە بەردەوام دەبێت، هاوڵاتیانی باکوڕ و ڕۆژئاوای ئەڵمانیای وریا کردۆتەوە، کەئاگاداری خۆیان و سەرو ماڵیان بن و هەوڵ بدەن تا کەشوهەوا ئارام دەبێتەوە بە شەممەنەدەفەر و ئۆتۆمبێل سەفەر نەکەن و لەماڵەکانیان بمێننەوە..... ئەو ڕەشەبایە ناوی "سابینە" یە و لەکێشوەری ئەتڵەسیەوە هەڵدەکات و بە باکور و ڕۆژئاوای ئەڵمانیادا تیپەڕ دەبێت، چاوەڕواندەکرێت خێراییەکەی لە سەعاتێکدا بگاتە ١٢٠ کم لەناو شارەکان و ١٥٠ کم یش لەسەر دەریای باکوڕ و چۆڵەوانیەکاندا، لەو بارودۆخەدا ئاستی دەریا زۆر بەرز دەبێتەوە، بۆیە مەترسی ڕووداتی لافاویش دەکرێت.. لەبەر سەلامەتی منداڵان وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی نۆراڕاین قێستفاڵن، کە شارەکانی کۆڵن و ئێسن و دۆرتمۆند و ئاخن و بۆن و دیورن و نۆیس دەگرێتەوە بڕیاریدا دووشەممە ڕابردوو دەوامی مەکتەب بکەنە پشوو ...هیوای سەلامەتی بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

بەرلین مافی هاوڵاتیبوونی لەسەرۆک سەندەوە

هەفتەی پێشوو پەرلەمانی بەرلین، بەزۆرینەی دەنگ مافی هاوڵاتیانی بوونیان لە "پاول فۆن هیندبۆرگ"ی سەرۆکی پێشوتری ئەڵمانیا سەندەوە، بەتۆمەتی ئەوەی دەستی هیتلەری گرتووە، بۆ سەرکەوتنی بۆسەر حوکم و هاوکاری کردووە، تا دەسەڵاتی ڕەهای وڵات بەدەستبهێنێت، ئەمەش بەبۆنەی 87 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هاتنەسەر حوکمی دەسەڵاتی نازییەکان و لە ساڵی 1933 سەرۆک "پاول فۆن هیندبۆرگ"، هیتلەری بە ڕاوێژکاری وڵات دامەزراندووە و شکستی بە سیستەمی دیموکراسی هێناوە، بەو هۆیەوە شەرەفی هاوڵاتیبوونیان لەو سەرۆکەی ئەڵمانیا لێ سەندەوە.

پەرلەمانی ئەڵمانیا پارێزبەندی لە سەرۆکی فراکسیۆنێک سەندەوە

بەهۆی خۆدزینەوەی لە باج و فرتوفێڵکردنی لە حکومەت و لەسەر داوای داواکاری گشتی فرانکفۆرت "ئەلێکسەندەر گاولاند" پارێزبەندی لە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی AFD جێگرەوە بۆئەڵمانیا سەندەوە، ئەو پارتە پارتێکی نازیپەرستە و ٩٠ کورسی پەرلەمانی هەیە، داواکاری گشتی بۆی ڕوون بۆتەوە، کە ئەو سەرۆک حیزبە لە ساڵانی ڕابردوودا، خۆی لەحکومەت دزیوەتەوە و باجی پێویستی نەداوە..

بڕوانە لاپەڕە 13 هل (بورهان ئەمین)ەوە

هەندێک یادگاریی تاڵی تێکەڵ بە چەند تارماییەکی هەستبزوێن

عەبدولکەریم شێخانی

ئێستا لەم تەمەنە ناو بەناو کە تەنیا دەبم , بە زۆریش هەر بە تەنیام , چاو لەسەر یەک دادەنێم , ڕۆژانی ڕابوردووی ژیانم دەور دەکەمەوە وەک ئەو فەقێیانەی لە مزگەوتان دەرسەکانیان دەور دەکردەوە و ئەگەر شتێکیان بیر بچووبایەوە دەیانگوت ئەڵێ بابە و کەمێک دەوەستان تا شتەکەیان بیر بێتەوە . منیش کەچاو لەسەر یەک دادەنێم , هەناسەی قوڵ هەڵدەکێشم ژیانی ڕابوردووم دێنمەوە بەر چاوی خۆم . ئەو سەردەمە لەبەر هەندێک هۆکاری سیاسی و بۆ خەڵک خەریک کردن بڕەویان بە تووتن دا خەڵکێکی زۆری شارەکان ڕوویان لە دەشتی بیتوێن کرد بۆ تووتنەوانی . لە ڕاستیدا ئەو کوێرەوەری و ماندووبوونەی تووتنەوانان قازانج و سوودەکەی بۆ خاوەن مۆڵک و بازرگانان بوو و تووتنەوانەکەش نەخۆشیی لەرزوتا و ماڵوێرانی بۆ دەمایەوە و کاتی پێگەیشتنی بەرهەمەکە , هەمووی دەکەوتەوە بەر دەستی بازرگان و خاوەن مۆڵکەکان و بەزۆریش تووتنەوانەکە قەرزار دەبووەوە . هیچ کاسبییەک وەکو تووتن کردن قورس و ناخۆش نییە . هەر لە شەتڵ چاندنەوە لە ناوەڕاستی بەهارێوە قوربەسەرییەکە دەست پێدەکات بژار کردن، کارتەو جووتە , ئینجا گەڵا لێ کردنەوە کەپێی دەڵێن تووتن ڕنین و هەموو حەفتەیەکیش ئاودان و چەندان کوێرەوەریی دیکە تا تووتنەکە لەداو دەدرێت و هەڵدەخرێت و وشک دەبێت و بەسندووق دادەگیرێت، هەموو ئەندامی خێزانەکە شەو و ڕۆژ ماندوون و حەسانەوەیان نییە. ئەمەش خێروبەرەکەتی کریستۆف کۆڵۆمبسە کە ئەمریکای دۆزیەوەو تووتن و تەماتە و پەتاتەی بۆ هێناین. تەماتەو پەتاتە بەکەڵک هاتن بەڵام تووتنەکە لە زیان بەولاوە هیچ سوودێکی نییە. ئێمەش وەک زۆر خێزانی دیکە بەو دەشتی بیتوێنە وەربووین و کەوتینە ناو دۆزەخەکە و لەرزوتا وەک گەڵای دار ئەو خەڵکە کاسبە مازووچنە کون لە پاشۆڵەی هەڵدەوەراند بە تایبەتیش منداڵ و من دوو برام لەسەر دانا خۆشم وەک ئەو خەڵکە تووشی لەرزوتا هاتم و لێی کردم بە سێبەڕۆ , بەڵام نەیکوشتم و خوا بۆ شەڕەشەقی دنیایە هێشتمیەوە. کە نۆرە ئاوەمان دەهات، بەیانی زوو سواری کەرەکەمان دەبووم و خاکەنازەکەم دەخستە بەردەمم لەسەر کورتانەکە و قەڕاسەی کەرەکەم، کە پشتی ملیم بە نەقیزە بریندار کردبوو، بە دەستەوە دەگرت و خوم وەک ئەوسوارانە دەهاتە بەرچاو، کەسواری ئەسپ یا ماینەکانیان دەبوون جڵەویان بەدەستەوە دەگرت و تفەنگەکانیان لەبەردەمی خۆیان لەسەر زینەکە دادەنا. منیش خاکەنازەکەم لێ دەبوو بە تفەنگ و کەرەکەش بە ئەسپێکی ڕەسەن وەکو دۆن کیشۆت شەڕی هەموو دنیام پێ دەکرد و گۆرانیم دەگوت و بەلای خۆمەوە، بولبولیش وەکو من نەیدەچریکاند. وام لێ هاتبوو حەزم بە دیتنی کچان دەکرد و ماشەڵا زۆریش بوون و ئەوان وەک کچی شاری ئەوێ دەمێ خۆیان لەپشت دەرگایان نەدەشاردەوە. خۆ بۆ تووتن چاندن، ئەوا هەموو خەڵکەکە بە هەرەوەز یارمەتی یەکتریان دەدا و ئەو کەسەی نۆرە تووتن چاندنی با , ئەوا خەڵکێکی زۆر بە کچ و ژن و کوڕ و پیاوەوە خەریک دەبوون بۆی و ئەو ئەرکە قورسەیان لەکۆڵ دەکردەوە. لە نۆرە تووتن چاندنی خۆمان دەبوایە گۆرانییان بۆ بڵێم و دڵیان خۆش کەم . منێکی کوڕە شاریسەرنجی چەند کچێکم ڕاکێشابوو , بەڵام من هی ئەوە نەبووم کەس هیوای پێم بێ و بە کەڵکی ئەو بەزمە نەدەهاتم کە ئەوان هیوایان پێی بوو . لە نێو ئەو کچانە یەکیکیان زیاتر حەزی منی بەرەو لای خۆی کەمەندکێش کردبوو و کەپرەکانمان لە تەنیشت یەکەوە بوو . هەندێک گۆڤاری عەرەبیم لەگەڵ خۆم بردبوو , هەرچەندە بە تەواوی تێی نەدەگەیشتم . ڕۆژێکیان لە ماڵەوە دانیشتبووم سەیری گۆڤارێکم دەکرد ئەو کچە هات بۆ لام. فێنکاییەکی سەیر بە دڵمدا هات و هەستم دەکرد خەریکە باڵم لێ دەڕوێ و دەفڕم. کەقسەی لەگەڵ دەکردم، قدیلە (ختووکە) یەکی خۆشی هەستبزوێن هەموو لەشی دەگرتمەوە. لاپەڕەیەکی گۆڤارەکە وێنەی کچێکی تێدابوو ڕووت , بەڵام قژە درێژەکەی هەموو لەشی داپۆشیبوو . سەرنجی لە وێنەکە دا گوتی : ئەوە بۆ وا ڕووتە ؟ بە شێوەی قسەکردنی خۆیان گوتی باوک و برای چلۆن نایگوژن ؟! نەمدەزانی چی پێ بڵێم , چونکە خۆشم نەمدەزانی ئەوەی لە وێنەکەدا نووسراوە دەڵێ چی . لە پڕ پێی گوتم دەچیە شاری ؟ گوتم ڕەنگە بابم بمنێرێ . گوتی : ئەگەر چوویە شاری چیم بۆ دێنی؟ بە چاوێکی شەرمنانەی حەزاگرتوو سەیرم کرد و گوتم: چیت بۆ بێنم ؟ پێکەنی گوتی : ئاخر بۆم دێنی ؟ درۆیانم دەگەڵ ناکەی ؟ گوتم نا وەڵا , چت بۆ بێنم؟ گوتی سەلکێک سابوونی بۆدار و هەندێک دەرزیلەی سەر بە موورووە. گوتم: بەسەر هەرتک چاوان. گوتی: ئای ئای خۆ وەکو مە قسێ دەکا و هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین. دایکم (خوا لێی خۆش بێ) هات بۆ لامان و نیشانەی پرسین لە چاویرا دیاربوو. ئەو وێنەکەی پیشانی دایکم دا گوتی : کچی ئەو خوارانە چەند بێ شەرم و عەیان !! کە چوومە کۆیە ئەوەی ویستبووی بۆم برد . بۆ سبەینێ لەو دەستە دەرزیلە سەر بە مووروە , چەند دانەیەکی لە کۆچکەکەی دابوو و کە دیتمی سەیرێکی کردم و پێکەنی. ڕۆژێکیان تووتنم ئاودەدا و ئەویش لە نێو تووتنی خۆیان بژاری دەکرد . تووتنەکە باڵای کردبوو. هەر ئەوەندەم زانی هاواری لێ هەستا و گوتی : حەودولکەریم بمگەیە. منیش خاکەنازەکەم هەر بەدەستەوە بوو و فریا نەکەوتم داینێم و ڕامکرد بۆ لای . گوتی ماری پێوەدام . تەماشام کرد مارێکی بۆرەجرە لەبن بڕکە تووتنێک پەپکەی خواردبوو. نازانم چۆن وا ئازایانە دەمی خاکەنازەکەم خستە سەری و نەمهێشت بڕوات و بە چەند نووکە خاکەنازێک کوشتم تۆڵەم لێ کردەوە . چەند ڕۆژێک لەنێو جێی کەوت و ئێشکیان لێ دەگرت نەوەک مشک بەسەریدا تێپەڕێ و دەیانگوت ئەوە خراپەو ڕەنگە بمرێت. منیش دوو شەوان تا درەنگ بە دیاریەوە دانیشتم. چەند دڵم خۆش دەبوو کە پێی دەگوتم: بەخوای باشم دەفریایە کەوتی ڕۆژکار تێپەڕی و ئێمە کەوتینە لایەکی دیکە و ئەو فەریکە یارەم نەدیتەوە کە فەریکە حەزێک بۆ لای ئەوی ڕاکێشابووم و . نازانم ماوە یان نا بەڵام یادی بەخێر کە چووزەرەی خۆشەویستییەکی منداڵانەی لە دڵی منداڵ ڕواند , هەرچەندە بۆ لەوە بەدواش ئەو چووزرەیە باڵای نەکرد و هیچی لێ بەرهەم نەهات کەچی ئێستاش لەم تەمەنە کە بیرم دەکەوێتەوە سووکە بڕووسکەیەکی خۆشی هەموو گیانم دادەگرێ ... ئای لەو خۆشییەی کە هیچ خۆشیی دیکەی ناگاتێ.

ملیۆنێرە کوردەکان؛ لەمەڕ دەوڵەمەندبوونی خێرا لە کوردستاندا

خەبات عەبدوڵڵا

وەکو پەسن و پیاهەڵدان بە بارودۆخی ئابووری ئەمڕۆی کوردستان و بەگوێرەی قسەی یەکێک لە بەرپرسەکان، تەنها لە سلێمانیدا هەزاران ملیۆنێری دۆلار هەن. ئەڵبەتە مەبەست لە ملیۆنێرەکان ئەوانەیانن کە بڕی سەرمایەکانیان لەنێوان یەک ملیۆن تا هەشت سەد ملیۆن دۆلارە. جگە لەمان، دەیانی تریش سەرمایەکانیان گەیشتۆتە ملیاردێک دۆلار . بێ تێگەیشتن لە کولتوری تاڵان و بڕۆ، زۆر زەحمەتە لە دیاردەی هەڵتۆقینی ملیۆنێری دۆلاری کوردیی تێبگەین. ئەگەرچی تاڵان و بڕۆ کولتوری گەلێکی دیاریکراو نیە، بەڵام بەپێی بۆچوونەکانی ئیبن خەلدون لە دانراوە بەناوبانگەکەی خۆی؛ (مقدمە) دا و هەروەها بەگوێرەی بۆچوونەکانی زانای کۆمەڵناسی عێراقی دکتۆر عەلی ئەلوەردی، هەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی کە تاڵان و بڕۆ پایەیەکی گرنگی ژیانی ئێلە عەرەبە خێوەتنشینەکانی بیابان (بەدو) بووە. ئەلوەردی لە کتێبێکیدا بەناونیشانی (تۆێژینەوەیەک لە سروشتی کۆمەڵگەی عێراق)، لەلاپەڕە ٦٤یدا نوسیویە، دەڵێت: "مەزنترین شت کە پیاوی بەدەوی پێوەی دەنازێت، زۆرو زەوەندیی ئەو دەستکەوتانەیە کە لەرێگەی شەڕەوە چنگی دەکەون، ئەم دەستکەوتانەش بە حەڵاڵترین مۆڵکی خۆیی دادەنێت." پیاوی بەدەوی نەک هەر باوەڕی بە(پیشە) نیە، بەڵکو بە چاوی سوک تەماشای خاوەن پیشە دەکات. بەدەوی لە بری پیشە باوەڕی بە (غەزو)ە، غەزو نەک هەر دژی بێگانە، بەڵکو دژی هۆزە دراوسێکانیشی. بە باوەڕی ئەلوەردی عەرەبەکان تەنها ئەو کاتە پۆل پۆل بوونە موسڵمان کە پێغەمبەر و هاوەڵانی فەتحی مەککەیان کرد و کەعبەیان گرت. ئەو پێیوایە مۆتیڤی سەرەکی (جیهاد) پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر هەر بەتەنها بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام نەبووە، بەڵکو دەستکەوتەکانی شەڕ و شانازیکردن بووە بە فەتحی وڵاتانی تر. دیاردەی تاڵان و بڕۆ لە عێراقدا بەشێوە "مەدەنی"یەکەی (مەبەست لە جیاکردنەوەی تاڵان و بڕۆیە لە شێوە بەدەوییەکەی)، داهێنانێکی بەعسییانە بوو. بەعسییەکان پشت بەستوو بە هەمان کولتوری (عەرەبی/ بەدەوی) جگە لەوەی تاڵانکردنی نەیارەکانیان بە کارێکی حەڵاڵ دەزانی، چێژێکی زۆریشیان لێوەردەگرت. بەدرێژایی هەشت ساڵی جەنگی عێراق – ئێران، ماکینەی راگەیاندنی بەعسی زۆر بە خۆشییەوە شەوانە وێنەی غەنیمەکانی بەرەکانی جەنگی دەگواستەوە ناو هەموو ماڵێکی عێراق. خۆ ناوزەدکردنی شاڵاوەکانی قڕکردنی کورد بە (ئەنفال) کە بە مانای غەنیمە و دەستکەوتی شەڕ دێت، پێش هەر ڕاقەیەکی دی لەو کۆنەستە بەدەوییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەعسییەکانی لەسەر پەروەردە کرابوون، تاڵانکردنی کوەیتی ئیمارەتە دەوڵەمەندەکەی دراوسێش بە بەرچاوی دنیاوە، گرنگترین ئەو وێنانەن کە لێیەوە

فاشیزمی بەعسیی وەکو دەوڵەت، دەستکەوتی لەڕێی تاڵان و بڕۆوە بۆ خۆی حەڵاڵ کرد و کۆمەڵگەش وەکو تاکەکان پاشتر بوونە میراتگری.

* * *

دیاردەی دەوڵەمەندبوونی خێرا شانبەشانی دیاردەی هەژاربوونی خێرا لە هەرێمی کوردستان، پێوەندییەکی تۆندوتۆڵی بەو بارودۆخە سیاسییەوە هەیە کە لە چەند ساڵی پێشودا، عێراق و کوردستانی گرتەوە. دەکرێت ئەم دیاردەیە بەسەر بە سێ قۆناغی مێژووییدا دابەش بکرێت؛ قۆناغی ڕاپەڕین، قۆناغی کەوتنی فاشیزمی بەعسیی و پاشانیش قۆناغی هەرزانفرۆشکردنی نەوتی کوردستان. ڕاپەڕین کە ڕاستەوخۆ پاش تاڵان و بڕۆی کوەیت بەرپاکرا، تاڵان و بڕۆی دەوڵەتی گۆڕی بۆ تاڵان و بڕۆ دژی دەوڵەت. ئەوەی دەوڵەتی بەعسیی دژ بە کورد لە ئەنفالەکاندا و دژ بە دراوسێ عەرەبەکەی لە کوەیتدا کردی، کورد لە ڕاپەڕیندا دژ بە دامودەزگاکانی دەوڵەت کردی. بەرەی کوردستانی کە وەکو غەوارەیەک خۆی کردەوە بە شاردا، نەک هەر نەیتوانی سنوورێک بۆ تاڵانکردنی شار دابنێت، بەڵکو لەڕێی تاڵانکردنی بۆ نموونە: بانکەکانی کوردستان و دزین و ئاودیوکردنی کەرەستە بە نرخەکانی بەنداوی بێخمە و ...هتد، شەرعیەتیان بە تاڵان و بڕۆ دا و پاشانیش بە درێژایی ساڵانی دوای ڕاپەڕین، تاڵان و بڕۆ بووە دیاردەیەکی سیستماتیک. داگیرکردنی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣، نەک هەر لە مێژووی عێراق، بەڵکو لە مێژووی نوێی ناوچەکەش بە گەورەترین پرۆسەی تاڵان و بڕۆ ئەژمار دەکرێت، شانبەشانی دانیشتوانە ئەسڵییەکەی شارەکە، کورد چ وەک تاکەکەس، یان وەکو گروپی ڕێکخراو و حیزب، بەشێکی گەورەی تاڵانییەکەیان نەک هەر لە بەغدا، بەڵکو لە موسڵ و کەرکویش پێ بڕا.لەڕاستیدا بەشی هەرە زۆری ملیۆنێری دۆلاری کوردیی سەر بەم مێژووە نزیکەن.

* * *

دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە لە دەرەوەی تاڵان و بڕۆ ملیۆنێری دۆلار دروست نەبووبێت، بەڵام تاڵان و بڕۆ وەکو قۆناغێکی گرنگی پرۆسەکە، ڕێگە خۆشکەر و بەرهەمهێنەری فراوانترین کایەکانی گەندەڵیی دارایی سەردەم بوو. ئەو گەندەڵییەی کە لە سایەی ئابوورییەکی عاجباتی حیزبییدا، دەیان لێپرسراوی حیزبی و حکومی و نزیکەکانیانی بە نهێنی یان بە ئاشکرا کردە قارون. دەوڵەمەندبوونی خێرا، درێژکراوەی کولتوری تاڵان و بڕۆ و لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئابوری حیزبییە، ئەو تەرزە ئابوورییەی کە جگە لە کوردستان ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی دنیا شوێن و ڕێی نەبێت.

ئەوەی‌لە کوردستاندا بە کەرتی تایبەت ناو دەبرێت، جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی تر نییە

پاشماوەی لاپەڕە 4

لەهەمان سۆنگەوە ئەوەی حاڵی حازر لە کوردستاندا بە کەرتی تایبەت ناو دەبرێت، جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی تر نیە. چەمکی کەرتی تایبەت بە هەمان شێوەی چەمکی بازاڕی ئازاد، دوو چەمکی یەکجار شێوێنراو و بەم شێوەیەی ئێستایان داهێنراوی سیستمی سیاسیی کوردیین.ئەوە بەڵگەهێنانەوەی ناوێت، بەشی هەرە زۆری ملیۆنێری کوردیی، بازرگانن. لە پاش راپەڕینەوە سیستمی ئابووریی کوردیی کە راستتر سیستمی ئابووریی حیزبیی و واوەتریش سیستمی ئابووریی پارتیی و یەکێتیی بووە، سیستمێکی پشتبەستوو بە گومرگ بووە. واتە کردنەوەی سنورەکان تا ئەوپەڕی تەنها بەمەبەستی سەپاندن و سەندنی زۆرترین باج. ئەم جۆرە سیستمە درێژکراوەی هەمان سیستمی خۆژێنی پریمیتیڤانەی شاخ بووە. بۆیە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە سەرمایەداران بەرئەنجامی راستەوخۆی ئەو سیستمە ئابوورییە حیزبییەی هەردوو گەورە بووە. ئیتر لێرەشەوەیە کە ژمارەیەکی بەرفراوانی سەرکردە و بەرپرسی حیزبی و حکومی و نزیکەکانیان راستەوخۆ یان ژێراوژێر دەبنە بازرگانی زەبەلاح و دەبنە بەشێک لەو نەوەیەی کە ئێستا بە ملیۆنێری دۆلار دەناسرێن* * * .

لەبەرئەوەی کوردستان وڵاتێکی بێ بەرهەمە، بۆیە سەرمایەدارانی بازرگانی کوردیی لە هی وڵاتانی دی ناچن، هی کورد تەنها خەریکی هاوردەکردنە، واتە هێنانی کاڵا و شمەک. هەر بۆیەشە بەپێچەوانەی سەرمایەداری پیشەسازییەوە، سەرمایەداری بازرگانی کوردیی پشتی لە نیشتمانەکەی و رووی لە دەرەوەیە. خەمی گەورەی ئەم جۆرە لە سەرمایەداران ساغکردنەوەی کاڵایە نەک بەرهەمهێنانی. ئیتر هەر لەسەر دەستی ئەمجۆرە لە سەرمایەدارانیشە (نیشتمان) وەکو چەمکێک لە بریتی ئەوەی وەکو ماڵێک بۆ هەمووان لێی بڕوانرێت، تا دێت دەبێتە بازاڕێکی گەورە و تەنها لەڕێی مامەڵەکردنی بازرگانییەوە رایەڵەکانی پێوەندی دادەمەزرێت. ئەم گۆڕانە ریشەیی لە چەمکی (ماڵ)ەوە بۆ چەمکی (بازاڕ)، داڕمانی کۆمەڵێکی زۆر بەهای کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕیی بەدوای خۆیدا هێنا کە دواجار داڕمانی (شار)ی بە چەمکە سۆسیۆسیاسییەکەی لێ کەوتەوە. لە دوای راپەڕینەوە ئێمە شاهیدی ئەو داڕمانەی شارین. ئاخر هەر لەسەر دەستی ئەم جۆرە لە سەرمایەدارانداینە کە شار دەبێتە گەورەترین مەیدانی عەرەبانە و گەورەترین زبڵخانە، چونکە دواجار شار هەمووی دەبێتە فرۆشیار و کڕیار.

لە دەرەوەی تاڵان و بڕۆ، ئەو سیستمە دارایی و ئابوورییەی لە کوردستاندا دەگوزەرێت خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنەری ئەم جۆرەی سەرمایەدار و ئەم جۆرە لە ملیۆنێرن. ئەوەتا سەرەڕای ئەو ژمارە زەبەلاحانەی پارە کە لە مێژووی کورددا بێوێنەیە و لە چەند ساڵی پێشودا چ وەکو بەشە بودجە یان لە فرۆشتنی نەوت کەوتنە دەستی کورد، کەچی لە خەرجکردنیاندا هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە و ناتوانێت گەشە بە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ بدات و لە خەرجی کەرتی خزمەتگوزاریی کەم بکاتەوە. دەوڵەمەندبوونی خێرا جگە لەوەی لەڕێی ئابوری حیزبییەوە ئاراستەکراوە، شێوازێکی تایبەتە لە دەوڵەمەندبوون لە سایەی نەبوونی سیستمێکی رۆشنی باج و واوەتریش نەبوونی دەسەڵاتی قانونداا* * * .

حاڵی حازر ئێمە لە قۆناغی شەرعەنەکردنی تاڵانیداین، بۆیە نەک هەر حەق نیە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان شانازی بە ژمارەی ملیۆنێر و ملیاردێرەکانییەوە بکات، بەڵکو حەق وایە باس لەو کارەساتە گەورەیە بکات کە سەرەڕای بوونی ئەم بڕە زەبەلاحەی پارە لە هەرێمێکی بچوکدا، کەچی هێشتا خەڵکەکەی بەدەست نەبوونی گرنگترین جومگەکانی ژیان: ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، رێگەوبان،... و لە هەمووشی گرنگتر بەدەست نەبوونی ئاستی کەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە دەنالێنن.

خاتوو کازیوە ساڵح بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری جینۆساد وەرگرت

شاعیر و نووسەر کازیوە ساڵح ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتی کەنەدا دەژی و لەو ماوەیەدا توانیوێتی گەڵێک کاری توێژینەوە و نووسین پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیی بکات، جگە لەوەش توانیوێتی چەندین بڕوانامەی خوێندن بەدەست بهێنێت، وەک خۆی دەڵێت: کە کەنەدام وەکو مەنفا هەڵبژارد ، لە بەر دوو هۆکار کە پیویست ناکات ئێستا باسی بکەم بڕیرام دا هەموو جۆرەکانی بڕوانامە و خوێندەواری لەو وڵاتدا بە دەست بهێنم. لە چواری ئامادەییەوە دەستم بە خوێندن کرد و ئەم جۆرانەی دی بڕوانەم هێنا، کۆلێج، بەکالۆریوس، دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا. لە ماوەی ١٧ ساڵ خوێندن و کارکردن لە سەر کێشە و جینۆساید و سیاسەت و کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرانبەر بە کوردی لە دەرەوە، هەوڵم داوە بەرهەمی ئەو شەونخووننی و ماندبوونانەم، ئەو زانستتەی وەرمگرتووە بۆ کورد و قوتابی و لاو و گەنجی کورد بێت لە کوردستاندا، دەیان ڕێگەم گرتە بەر کە ئەم کارە بکەم. خۆشبەختانە ئێستا ڕەنجەکەی هاتۆتە بەر و بەناوی بڵاوکراوەی تاراوگەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە دکتۆرە کازیوە ساڵح دەکەین و دوای سەرکەوتن و بەردەوامی زیاتری بۆ دەکەین

وێنەی لیژنەکە

ناساندنی چاپکراوی نوێ..هەساید پارک کۆمەڵە هۆنراوەی سەلام سەعید مەولود



هاید پارک (10)، هەمین بەرهەمی چاپکراوی کاک (سەلام سەعید مەولود)ی شاعیرە. بریتییە لە (288) لاپەرە و (65) هۆنراوەی هەمەجۆری لە خۆگرتووە، لە چاپخانەی (یاد)لە ساڵی 2019، لەشاری سلێمانی چاپکراوە. سەلام مستەفای شاعیر، کە خەمخۆری هەموومانە، کاری هەڵەچنی و زمانەوانی بۆکردووە.

روو گوڵی هۆنراوەکانی شاعیر دڵنەوازی زۆریان پێبەخشیم...وێرای دەستخۆشی لە شاعیر پێمباشە چەردەیەک بناشت و قسە لەسەر چەند نموونەیەک لە سەر هۆنراوەکانی بکەم. ئەویش زۆر بەی هۆنراوەکانی لەناو چوارچێوەی ئەلبوومی یادەوەرییەکانیدا ئاخێزگەیان گرتووەو رۆڵێکی باڵایان هەیە بۆ بەرجەستەکردنی وێنای شیعری.

شاعیر لەتوتوێی ریزبەندی هۆنراوەیەکیدا ئاماژە بەکاریگەری ئایین دەکات، کەهۆکاری سەرەکین بۆ بەئەنجام نەگەیشتنی بەدەست نەهێنانی مافەرەواکانی نەتەوەکەمان.. گومانی تیانییە لە دوای ڕوخانی دەسەڵاتی ساسانیەکانەوە بوین بە کۆیلەو خزمەتکاری بەردەرگەی حەرەمسەرای ژنانی خەلیفەکانی ئیسلام بۆیە لەم دیدگاییەوە شاعیر زیرەکانە دەڵێت:

ئەوە منم بەدرێژایی مێژوو
بێگانەی نێودەرگاو بانم
من رۆژێ کۆیلەی خەسێنراوی
بەردەم دەرکەوبانی خانم
یان میری میرانی وڵات و
حەرەم سەرای خەلیفەی موسڵمانانم .ل67

دیارە بە ناوی دییەوە هەزاران جار کۆکوژی و ئەنفال کراوین و ئاڵ و گۆڕو فرۆشتنیان بە کچ و ژنانی نەتەوەکەمانەوەکردووە!

یەزدان ئەم هاوار و زریکە و زامی قوڵی جەستەی نەتەوەکەمان نابینێت!! باسکردنیشی لای کاڵفامە موسوڵمانە کوردەکانش لەئاستی ئەو هەموو زوڵمەدا نابینان و باسکردنیشی بقەیە!..

لەم ڕوانگەیەوە شاعیر دەڵێت:

زریکەی زام چ ڕەنگە
قیژە لە کوێدا جێئە کەیتەوە
سەبایاکانی شەنگال
لەسوقی عەکاز فرۆشان..!
ئەوانیش هاوڕێی ماریای قبتین..
لە کام ئایەتدا واژۆیان لەسەرکراوە؟

هاوڕێ..
ئەزانی ئەتوانیت
هەزار جەنگ بەرینەوە
هەزار جێگا ئازاد بکەین
بەڵام، دەستبردن بۆ دین..
لای گێلەکان بقەیە. ل35

شاعیر لەکۆپلە هۆنراوەیەکی تردا، ئاماژە بەلاوازی سۆزی نەتەوەیی و خۆفرۆشی دەکات و ناوی (پواز)ی لەهۆنراوەکەیدا بەرجەستە کردووە. دیارە پوازیش (سنگێکە لەدرزی داری قەڵشاوی ئەنێن تایەک نەگرێتەوە!! (ناحەزانیش هەمیشە کەڵکیان لەناکۆکییەکان بینیووە بۆجێکردنەوەی جێپێی خۆیان. بۆیە لە دیدگایەوە شاعیر ئەڵێت:

بەچیم ئەکەی
ئەوەتەی هەم گەمەی مێژووم
بەدەم شەقی زلهێزو پوازی خۆماڵییەوە
بەچیم ئەکەی. ل38

روون و ئاشکرایە رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەچاوێکی زۆر جیاواز لەشارەکانی تری کوردستان لە (سلێمانی) ڕوانیووە و زۆریشیان بەم شارە کردووە.

لەدوای ڕاپەڕینیشەوە بەرپرسانی خۆشمان لە داگیرکەران خراپتریان بەم شارە کردووەو لە زۆر بەی خزمەتخوزارییەکان بێبەشیانکردووە !! بۆیە شاعیر ڕاشکاوانە ڕەحمەت بۆ کفندزی پێشوو ئەنێرێت؛

نەمدی رۆژێ ئەم شارەی من خەم دامەنی نەگرتبێ
بۆ نزایە بۆرەحمەتێ دەستی دوعای بەرز نەبێ
گا، بەدەست پیاوی درۆزن گا، بەدەست دزانەوە

بڕوانە لاپەڕە:7

پاشماوەی لاپەڕە 6

سەدرەحمەت لەکفن دز ،ئەمرۆ واین بەدەست گەوادەوە. ل134
مێگەل ،واتە :(گەلە)، یان : شوانی گەلە. یەکێکی ترە لەهۆنراوە جوانەکانی شاعیر..
گوزارشت بەتاڵان بردنی گیا جاری مێرگی پر لە رەنگنامەی سەوزو جوانی جوگرافیایی پر لە پیت و خێری کوردستان ئەکات ، کە چۆن دەبەنگ و نەفامەکان لەگەڵ دەستی دەرەکیدا بەهەدەر ئەدرێ:

مێگەل
بەچی ئەچین،
مێگەلێ ملی رێی گرتووە
گوێدرێژێ لەپێشەوە
زۆر زۆریش وانا،
بەڵام پێدەچێ رێک ئەوبین
مێگەلێ
گورگ هێندێکی لێ ئەپچڕێ
سەگی شەریک لە گەڵیدا
حەپەی نایە
شوان ریتمی رێی
کوێرم، کەرم، هیچ نابیسم
مێرگی وڵات سەوزو پر رەنگ
کێ ئەدزێ
منیش بێ دەنگ. ل 245

شاعیر لە کۆپلەیەکی هۆنراوەی (مەرگ ئەبارێ(
دا ئەڵێت:
من لەعەفرین شەرە ڤان و
لەکۆبانێ گەریلام و
لەرۆژهەڵات و
لەباشوورپێشمەرگەمە
من ناونیشانی وڵاتم
کوردستانم ل60
بێگومان ئەندێشە ئاخێزگەی ئەفراندن و داهێنانە .بۆیە شاعیر هانای بردۆتە بەر ئەندێشەو فلاشبەک بۆ گەراندنەوەی سەروەختی منالّی و یادەوەریەکان لەگەرەکی کانێسکانی شاری سلێمانی و تیایدا ئەڵێت:
دەرگا دەرگا هاوڕێکانم بانگ ئەکەم
ئەچینە حەوشی مزگەوتی گەورە
چەند نابینایەک
تورە ئەکەین
–کوری سەگ لەکێیت تەقەت بێت
گۆچانێ خۆی ئاوقا ئەکردین. ل118
بەرلەشاعیر پیرەمێردی نەمروو فەریقە کوێری قسە خۆشی شاری سلێمانیش هۆنراوەو قسەیان لە سەر ئەم دیمەنە ی نابینایانی مزگەوتی گەورە کردووە
نوسینی..
محەممەد مەردان

–*تێبینی:
ئە م نووسینە درێژەی هەیە..

مـــــن بـــــچوک نیـــم

مەشخەڵ سادیق مەلازادە

2020/01/01

دەریاکان زۆر بەهێزن
بەڵام من بەهێزترم
لەچاوی دایکم
شاخەکان زۆر بەرزن
بەڵام من بەرزترم
لەچاوی دایکم
ئەستێرەکان زۆر گەشن
بەڵام من گەشترم
لەچاوی دایکم
یاریزانەکان بەتوانان
بەڵام من بەتواناترم
لەچاوی دایکم
شێرەکان زۆر ئازان
بەڵام من ئازاترم
لەچاوی دایکم
هەرچەند دەزانم، کەمن بچوکم
بەڵام هێشتاش لەچاوی دایکم
مەزنترین شت..
هەر منم

تاراوگە لەسەرەتاوە بڕیاری داوە، بەهیچ جۆرێک دەرگای بڵاوکردنەوە شیعرنەکاتەوە، چونکە بەلامانەوە شیعرنووسین ئاسان نییە، بەڵام خاتوو مەشخەڵ دەیەوێت ژمارەیەک کورتە چیرۆک بەم شێوازە، بۆ منداڵانی کوردستان بنوسێت و حەز دەکات بڵاویان بکاتەوە داخۆ خەڵک بەلایانەوە چۆن دەبێت. ئێمەش بوارمان پێدا لەگەڵ ڕێزماندا.

جەنگی بایۆلۆژی ئەمەریکا دژ بە چین

سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئایا ئەوت پێ قبووڵە هەر جارە دەبینین لە جیهاندا ڤایرۆسی سەیروسەمەرە دەردەکەوێت، بەهیچ جۆرێک پێشتر ئەو ڤایرۆسانە ناویان لە ناواندا نەبووە و هەزاران کەسیش دەبنە قوربانی ئەم جۆرە ڤایرۆسانە؟ پێشتر لە جیهاندا نەخۆشی بڵاودەبوەوە بەڵام ئەو نەخۆشیانە سروشتی بوون، بەسەرهاتی جەنگی کیمیایی و بایۆلۆژی بەسەرهاتێکی کۆنە و هەمیشە لە جەنگەکان سوود لە جۆرە ڤایرۆسی وەرگیراوە بۆ نەخۆشخستنی دوژمن یان پیسکردنی سەرچاوەی ئاو و خۆراکی دوژمن، یان سوود وەرگرتن لە ئەسید، ، ، ،تاد. لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم ئەڵمانیای نازی کاری لەسەر زۆر چەک و تەقەمەنی کرد و لەسەر دیلەکان تاقیدەکردەوە هەر لە چەکی کیمیاییەوە تا چەکە بایەلۆژییەکان. لە جەنگی عێراق و ئێران ئەوروپاییەکان ژمارەیەکی زۆر چەکی کیمیاییان خستە بەر دەست سوپای عێراق تا دژ بە ئێران بەکاربهێنێت، ئەڵبەتە هەمان ئەو چەکانە دەرمان و چارەسەرکاری تۆشبووەکانی لای خودی ئەوروپییەکان بوو، کە بەم ڕێگایە ملیۆنەها دۆلاریان چنگ دەکەوت لە فرۆشتن و کڕینی چەکە کیمیایی و دەرمانەکانی. خەڵکانێکی زۆریش لەو بڕوایەدان ڤایرۆس و نەخۆشییەکانی ئایدز و ئیبۆلا ش لە تاقیگەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا ئامادە کراون، بۆ تاقیکردنەوەشی لەسەر مەیمون بەکارهێناوە پاشان دژ بە هاوواڵتیانی ڕەشپێستی ئەفەریقا، دیارە لەم میانەشدا کۆمپانیاکانی دەرمان سوودێکی گەورە وەردەگرن. بەڵام ئەمجارەیان نێزیکەی دە یان ١١ ساڵ پێش ئێستە لە هۆلیۆد فیلمێکیان دروست کرد لەسەر بناغەی ئەو فیلمە ڤایرۆسی کرۆنا لە چین بڵاودەبێتەوە و ملیۆنەها چینی بەو بەڵایە دەمرن. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەردەکەوێ ، ئایا ئەم فیلمە تەنیا لەسەر بناغەی خەیاڵ دروست کراوە؟یاخود لە خەیاڵی ئەمەریکاییەکان ئەوە هەبووە بتوانن چەکێک دروست بکەن بەو چەکە لەگەڵ ملیاریک و پێنجسەد ملیۆن مرۆڤ بجەنگن. خەڵکانێ بڕوایان وایە ئەم بیرکردنەوەیە لە ئەمەریکا بوونی هەیە، هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەو فیلمەشیان دروست کردووە، هەروەها هەمان بیرکردنەوەیە وایکردووە ئەم فایرۆسە بدۆزنەوە. هیچ دوور نییە بەهۆی ململانێی ئابووری سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بەو سیفەتەی دوژمناییەتیەکی سەختی لەگەڵ چیندا هەیە، بیری لەوە کردبێتەوە ڤایرۆسێکی ئاوەها ڕەوانەی چین بکات تا لەڕووی مرۆیی و ئابووریبەوە زیان بە چین بگەیەنێت.!

لە سایتی سپۆتنیک بەشی فارسی وەرگیراوە.

بومبێک دەتەقێتەوە!

ئا: د. ئالاء بکر– پزیشکی ڕاهێنراوی گشتی

بەڵێ هەزارەها بۆمب لەشارەکانی کوردستان چێنراوە و لەهەرکاتێکدا بێت دەتەقێتەوە و بەهەزاران کەس دەبن بەقوربانی. ئەم بۆمبە لەلایەن هیچ دوژمنێکی دەرەکی نەچێنراوە! دروستکەر و تەقێنەری بۆمبەکە خۆمانین. بێ ئاگا دەستمان خستۆتە بینی گەنجو هاوڵاتیانی خۆمان. ئەم بۆمبە بۆمبێکی جیاوازە، لەوانی دیکە ناچێت، لەکاتی تەقینەوەیدا دەنگی بەرز دروست ناکات، قوربانیەکانی لەناکاو و دەستبەجێ نامرن، بەڵکو مردن بەدەستی ئەم بۆمبە مردنێکی لەسەرەخۆ و پڕئازارە، بێ دەنگە و جەماوەر پێی نازانن.

بەڕێزان ئەم بۆمبە نێرگەلەیە. نێرگەلە، لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەخێرایی تەشەنەی کردوە و خەڵکانێکی زۆری لەهەردوو ڕەگەز ئالودە کردووە. ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونی لە شارەکانی کوردستان بەدی دەکرێت. بەنمونە لەشاری سلێمانی، لەزۆربەی گەڕەکەکاندا ٢ تا ٣ کافتریای نێرگەلەی تێدا کراوەتەوە و ڕۆژانە سەدان گەنج سەردانی دەکەن. ئەوانەی نێرگەلە دەکێشن پێیانوایە زیانی کەمەو ئاوەکەی ناوی ژەهرەکان پاکدەکاتەوە، بەڵام چەندین توێژینەوەی زانستی ئەوەی سەلماندوە، کە زیانە تەندروستیەکانی نێرگەلە ئەگەر لە جگەرەکێشان زیاتر نەبێت کەمتر نییە. بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان WHO کێشانی نێرگەلە لەیەک کاتژمێردا یەکسانە بەکێشانی ١٠٠–٢٠٠ جگەرە. یەکێک لەخراپترین دەرئەنجامەکانی نێرگەلەکێشان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی لە ڕێگەی مژۆکی نێرگەلەکەوە، چونکە هەمووان ڕاستەوخۆ دەمی پێوە دەنێن و هاوبەشیی پێ دەکەن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری گۆستنەوەی چەندین نەخۆشی لەوانەش سیل و ڤایرۆسی جگەر، لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ڤایرۆسی کۆرۆنا. هەر ئەوەندە بەسە کەسێکی توشبوو بەم دەردە کوشندەیە بەکاری بێنێت، ئیتر زۆر بەئاسانی دەگوازرێتەوە بۆ ئەوانی دیکە و پاشان خێزان و کۆمەڵگا. وەکو ئاگر بنێی بە کای وشکەوە تەشەنە دەکات و ئیتر کۆنترۆڵ کردنی مەحاڵ یان زۆر گران دەبێت. دەرئەنجامەکانی دیکەی نێرگەلەکێشان بریتیە لە تووشبوون بەهەوکردنی کۆئەندامی هەناسە و نەخۆشی دڵ و شێرپەنجەو چەندین نەخۆشی دیکە. ئەرکی هەمووانە پێش ئەوەی کارلەکار بترازێت و ئەم بۆمبە بتەقێتەوە، یەکێک لە خۆشەویستەکانمان بکاتە قوربانی، دەبا هەموان بیدەنگی بشکێنین و هەڵوێستمان هەبێت، ئیتر هەریەکە و لە جێی خۆیە خێزانی خۆی بپارێزێت و شوێنی کارەکەی بەکار بێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەمامۆستایانی ئایینی و قوتابخانەکان و ڕاگایاندکارەکان و تەندروستکاران و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و لایانی پەیوەندیدار و هەرکەسێکی تر کە خەمخۆری ئەم وڵاتەیە. تکایە ئیتر بێنە گۆ و کردار تا بۆمبەکە نەتەقیوەتەوە و کەسێکی نزیکمان نەبوونەتە قوربانی.

بە سوپاسەوە وەرگیراوە

گورتە چیرۆکێکی چامەئامێز: سەمفۆنیای سەحرا.. نووسینی: عومەر سەید

دەمەو مەغریب، ئەو دەمەی خۆر دەبێتە پرتەقاڵێکی ڕەنگ زەرد، کە عەینی ڕوخساری شۆڕە ژنێکی سیل گرتوو دەرئەکەوێ. دوا نەزەر دەبڕێتە سارا و یەک پارچە دەیکاتە تابڵۆیەکی پڕ سیحر و ئاسمان بە سوورێکی جوان و ترسناک دەنەقشێنێ. هەموو حەیات بە شێوەی ڕەنگ و شەوقی ئاڵتوونین دەردەکەوێ. پیاوێک لە ساتی ئاڵتوونیی بیابانەوە وەک خەونێک وەک حەقیقەتێکی تاڵ دێتە بوونەوە. پیاوێک سەر و ڕیش چەرموو، قەد و قامەت ڕێک. بە نێو تەپوتۆزی وەهمی زەمەندا، بە نێو ڕەنگی ڕژاوی ئاڵتوونی خۆردا، دێتە دەرەوە و دەکەوێتە نەرمە پیاسە. پیاوێک لە کەوا و سەڵتەیەکی ئەرخەوانیدا، نەرم نەرم بە بیابانی نەرمدا پیاسە دەکات. مەلای جەباری بە هەر چوار لای خۆیدا دەڕوانێ، دوور دوور و هیچ بەدی ناکات. ئەوەی هەیە سێبەری ئەرخەوانی خۆیەتی درێژ بە بیاباندا کشاوە. هێشتا حەشامات بێدار نیین. مەلا سەرگەردانە و وەک هەمیشە چاو لە ڕێی بێ ڕێیە و دەڕوانی، نە درەختێک و نە لا پاڵێک تا شان دابدات. سەحرای تەخت و ساف، دوور و بڵاو بە حەیاتدا ڕژاوە.

مەلای جەباری لە فەراغی سەحرادا، لە فەراغی زەمەندا، لە نێو هارمۆنییەتی ڕەنگی مەغریبدا، بە سەما دەکەوێت. وەک موریدەکانی مەولانا، باڵی واڵا دەکات و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. کەواو و سەڵتەکەی دەکشێ بە ڕەنگدا و لە گەڵ خولانەوەیدا هەموو کەون دەوەستێ. ڕۆحی پەمیی مەخلووق بێدار دەبێتەوە. ڕۆحی ژن و پیاو و منداڵی شڕۆڵ و مەرگ غەریب، لە شێوەی گێژەڵۆکەی نێو بەحر، میسلی هالەی دەوری کەوکەبی زوحەل، پێکڕا دەکەونە خولانەوەی هاو ئاراستە بە دەوری مەلادا، خولانەوەی عەکسی زەمین.

مەلای جەباری بە دوو دەستی واڵا و ملی خوار بە سەر شانی ڕاستیدا، گوێی دەزرنگێتەوە.

– شەوەن خەڵوەتن ماڵ بێ ئەغیارەن

ئالەم گشت وەتەن دووس خەبەردارەن

مەلاش لە گەڵ خولانەوەی فڕینا، دەنگی لێهەڵدەبڕێت:

– ئیرادەم ئیدەن وەی کەلپووسەو

شەو نالێن وەشەن وەلای دووسەوە

مەلا لە چەقی بازنەی ڕەنگ پەمییدایە، لە سەر خۆ و بە ڕیتمی ئیقاعی عشق و مەحبەتی تەجەلا دەبزوێ. لە گەڵیدا حەشامات سەفاسەف بە دەوریدا حەلقەیان بەستووە، عەینی خەرمانەی ماهن.

کچانی سیمین بەدەن و نازک بەدەن، سەر و قەد و لەنجە تەزەرون. کوڕانی نەرگس نیگاە و ساق سەمەن و ڕوومەت گوڵ. تفڵی بەرێئوو پڕ جەمال، میسلی لالەی نوور، پیری بە ویقار میسلی موراید، بە دەوری خۆیان و بە دەوری مەلادا دەخولێنەوە.

لە چاوی مەلاوە گریە بە خوڕ دێتە خوار، هەر وەکو عەینی بەهار، بە باوشی واڵاوە بانگ دەکات:

– وەرن ئەولادەکانم وەرن، وەرن کناچە و کوڕەکانم وەرن. دڵ موزمەحیلی دەردە وەکوو دیدە لە نمدا، حەیران و پەرێشانە وەکوو قەترە لە یەمدا.

مەسەلی حاڵم لە ئەشکەنجەی غەمدا، وەک نالە لە نەیدا، وەکو نالە لە قەڵەمدا، غەریب و بێ کەس و زار و فەقیری دووری وەتەن، جگەر سووتاو و ماڵ وێران، سەرگەردانە قافڵە.

مەلا لە چەقدایە عەینی سەرۆکی ئۆرکسترا، مەخلوق لە دەوریدایە عەینی کۆرس و مۆسیکا ژەن. سەرۆک بە دەم دەورانی عشقەوە چیلکەی ئەکسیری دەستی ڕادەوەشێنێ و سەر هەڵدەبڕێ ڕووە و خۆر و دەڵێ:

– قوربانی سووری ڕێگەتم ئەی تیشکیی خۆش مروور، ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو مەوتنی قەومی وادی و باغ و جەوەڵ، گاهێ دەبیی بە ڕۆح و دەکەی باوەشێنی دڵ، گاهێ دەبیی بە دەم دەمێنی دەمی غوروور. وەک ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار، وەک ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی ڕۆخانە.

ئەی ریازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی، ئەی شەوقی ڕۆخ و زەوقی ئێمە چی ماوە چی نەماوە، لە گوند و جەوەڵ و یاڵ و تاوێری بەرز، نێڵە و بڵێسەی ماوە باوەگوڕگوڕ، یان خامۆش و بێ تیشکە وەک چاوی من؟ دەپرسم لە حاڵی کچان و ژنانی کەو مل، پاو و پوزی بە پاوانە بە وجودن لە سەر ئاوی کەوسەری کانی، لە سەر خاکی هەم گڵ و هەم گوڵ، یا لە بری پاوانە وەک ئێمەن، گیرۆدەی قولاپ و ئەلقەی زنجیری قەف گەورەی غەدارانن، دەپرسم لە حاڵی دیوەخان، لە عەمباری پڕ گەنمی ڕەشگوڵ و قەتارەی درێژی مەڕ و ماڵات، ماون یاخود هەموو بوونە سووتوی ژێر پۆستاڵی سەربازانی لەندەهوور؟ ئێستەش مەکانی ئاسکەیە، پێدەشتی گەرمیان، یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لووڕەلوور؟ داخۆ دەروونی سافە، گوڕەی ماوە ڕۆخانە، یاخۆ ئەسیرە و بە لێڵی دەکا عوبوور.

بڕوانە: ل 10

رۆحی سپی پیرێکی بە ویقاریش، بە ریتم و ڕەزمی مەقامی ئای ئای گەرمیانی، کە جەرگ و دڵی دەکرد بە کەباب، دەنگی ئاوێتە بوو بە سەمفۆنیا

پاشماوەی چیرۆکی سەمفۆنیای سەحرا.. لاپەڕە 9

زیکری شێخ و سۆفیان ماون، یاخۆ مەسجید بۆتە مەزبەلە؟ سەوز و رازاوەیە بە بەرگ باغ و ڕاغ، پڕ هەنجیر و عینەبە چەمپەڵک؟ کانیی و چەم دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با؟

گێژەڵۆکەی رۆحی پەمەیی هەزاران هەزار و ئاسمانی پڕ پەڵەی سوور و مەوجی تیشکی تیژ ڕەوی خۆر، ئاوێتە بە دەنگ و سەدای یەخسیر و گریەی مەلای جەباری و مەخلووق، لە فەزای گەورەی سەحرادا دەبێتە سەمفۆنیای غەدر و مەرگ و عەزاب.

سەمفۆنیای هەزاران هەزار گەروو، سەمفۆنیای رۆحی مۆسیکای بە ناهەق کوژراو.

لە نێو ئۆرکستراکەدا، نەیی باخەوانێک وتی:

– ئەرێ گوڵ تاجی لە سەر ناوە بێ ئێمە، چەمەن مەخمەڵی پۆشیوە؟ دێتە گوێ زەمزەمەیی بولبول و ئاوازی قومری، دێت و دەچێت عەرعەر و بانات.

نەجم و شەجەر و نەرگسو ئەنواری شکۆفە،

جیلوەی چەمەن یەعنی زەمین بووە بە سەماوات؟

شمشاڵە شووانێکیش بە ئاخ و کەسەرەوە دەڵێت:

– هەی کەرێکم بوو ، چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ، سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ. زەرق و زەڕاقیی وەکوو خاکستەر، ئەمما بێ غوبار، بەرق و بەڕاقیی وەکوو پیرۆزە، مل عەلەم شیرین قەڵەم. لێکیان کردین، من ئەوەتام نیشتەی زەقوومم و ئەو نیشتەی عەدەم.

رۆحی سپی پیرێکی بە ویقاریش، بە ریتم و ڕەزمی مەقامی ئای ئای گەرمیانی، کە جەرگ و دڵی دەکرد بە کەباب، دەنگی ئاوێتە بوو بە سەمفۆنیا:

– ئاخۆ ماون جاش و خائین و سەفاحانی خوێن، ڕووی تەڵعەتیان ماوە، یاخۆ سەر شۆڕ و شەرمەزار ن. یاخۆ ئەمێستاش سەرکردەیی ڕەهڕەوی ڕەهزەنن؟

کەمانچەیەکی لە مەعشووق کراوی غەمیگینیش بە نالّە کەوت:

– ئەی سەروی بوڵەند قەد و برۆ تاق و مەمک جووت، ئەم ئەشکە کە بەم سووریيە و سوێرییە دەڕێژم داخی دووری تۆیە، ئاخۆ ئێستە کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت؟

سازێکی شێوە و شکڵی مێرد منداڵێکی کاکۆڵ قیتیش، بە دوو چاوی ترساوەوە خۆی ژەن:

– فەزای پڕ کەو و کورکوڕ و سوێسکە ماوە، ئەی قەتارەی قازیقوڵنی فەزا، ئاوازی قوڵتەکانی ڕەوەزەکان ماوە؟ گۆمی قووڵی چۆمەکان، خوڕەی ئاویان، بێستانی پڕ شەمامە و ڕێحانە، دەشتی کاکی بە کاکی، سەدای زەنگۆڵی ملی مەڕەکان هێشتا دێنە بەر گوێ، نەغمەی ئێوارانی گاکۆتر و چۆلەکە و تەیرولئەبابیلە ماوە؟ بای سەبای سارد و شەوی تاریکی پڕ هەسارە ماوە؟ خاکی گەوهەری پڕ دۆمەڵان و پیشۆک و هەپلۆک، پڕ گوڵ و لالەزار ماوە؟ دەپرسم لە حاڵی دایکم، مانگا بەڵەکی ماوە، چی دەکات و چۆن بێ من دەکات حەیات، تێروپڕە، یا کەنەفت و دەردەدار؟ ئەی جەیش و جاش و جحووش ماون، یا بەر تیغی تۆڵە کەوتوون؟ ئەی توخودا خەریک بوو لە بیرم چێ، شەم و ڕێحانە و بەناز و نەسرین، خونچە و خەجێ و خەرامان، کەنیشکەکانی ئاوایی، خەپانەی مەمک خڕ چییان بە سەرهات، ماون یا نەماون؟

تەنبوورە ژنێکیش هاواری دەکرد:

– با ئەربابی وەفا بێن، لێرەمان نەجاتدەن، هەموو موحتاجی خاک و بێڵ و پاچین.

دەنگی فوغان و جۆش و خورۆشی جەمیعی خەڵق، بە ئەکسیری دەستی مەلا دەبوو بە مۆزیک.

دیسانەوە مەلای جەباری، چەشنی چەلۆیەکی پڕ غەم و پڕ غوربەت هاتە گۆ:

– دیدەم وەک گوڵ سوورە، پڕ شەونمی ئەشکە، بۆ گریەیی ئێوە منیش هێندە دەگریێم، هێندە دەڕێژین تا بەرزی قەد و قامەتی چیایی وڵات. بەڵام ئەمە دونیایە گەهێ سوورە و گەهێ شین.

کە خۆر ئاوا دەبێ و فەزا دەبێ بە زەڵمات. مەلا هەڵدەکشێ دەبێ بە مانگ، مەخلوق بە خەرمانەی دەوری. ئەوەی دەمێنێتەوە تا نەفخی سوور،

سەدای ئەبەدی سەمفۆنیایە، هەر دێت و هەر دەڕوا و هەر دەبێت.....

بەدەم نووسینەوەی "ڕاپۆرت بۆ گریکۆ" وە



باوەگەورە*ی ئازیز، دەستەکانت ماچ دەکەم. شانی ڕاست ماچ دەکەم. شانی چەپت ماچ دەکەم. دانپیانانەکانم تەواو، ئیدی دەبێ خۆت حوکم بدەیت. وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەم نەگێڕاونەتەوە. ئاخر ئەوانە لە تڵپە زیاتر هیچ شتێکی تر نەبوون. تۆ خۆت هەموو ئەوانەت ڕۆکردنە زبڵخانەی خەرەندەوە و دەی منیش هەر وام کرد. ژیان بە غەمە گچکە و گەورەکانییەوە، بە شادمانییە گچکە و گەورەکانییەوە گا بریندارمان کردووم و گا نەوازش. ئەو شتە ڕۆژانەییانە دەستبەردارمان بوون و ئێمەیش دەستبەرداریان بووین و شایانی ئەوە نەبوون زەحمەتی ئەوە بە خۆمان بدەین بۆ دواوە بگەڕێینەوە و لە خەرەندەوە بۆ سەرەوە هەڵیانکێشین. دونیا هیچ لە دەست نادا ئەگەر ئەو خەڵکانەی ناسیومن لە فەرامۆشیدا بمێننەوە. ئاشنابوونم بە هاوسەردەمەکانم کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ژیانم نەبووە. خەڵکانێکی زۆرم خۆش نەویستوون. ئەمەش لەبەرئەوە بووە کە یان نەمتوانیوە تێیان بگەم، یاخود لەبەر ئەوە بووە کە بە بینینیان ناڕەحەت بووم، یاخود دەشێ لەبەرئەوەش بووبێ، بە خەڵکانێکی زۆر ئاشنا نەبووم شایستەی خۆش ویستن بووبن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕقم لە کەس نەبووە. بێ ئەوەی خۆم ویستبێتم چەند کەسێکیشم ئازار داون. بەبێ ئەوەی توانایانم کێشانەکردبێ هەوڵم داوە لە شتی تووڕەهات و ڕۆتین ڕزگاریان بکەم. ئاخر ئەوانە چۆلەکە بوون و ویستوومە بیانکەمە هەڵۆ. تەنها مردووە نەمرەکان ئەفسوونیان کردووم: سایرینە مەزنەکان، مەسیح و بودا و لینین. هەر لەهەمان بەرایی ژیانمدا، لەبەر پێیاندا دانیشتم و گوێم بۆ غەزەڵی تەژی لە عیشقیان ڕادێرا. هەموو تەمەنم هەوڵم داوە، بێ ئەوەی نکوڵی لە هیچکام لەم سایرینانە بکەم، خۆمیان لێ ڕەها بکەم. هەوڵم داوە ئەم سێ دەنگە دژ بەیەکە یەکانگیر بکەم و بیانکەمە نەغمەیەکی هارمۆنیک.

دلاوەر قەرەداخی

*ئەو باوەگەورەیەی کە کازانتزاکیس ڕاپۆرتەکەی بۆ دەنووسێ و وەک سیمبوڵێک بەکاری دەهێنێ، کەس نییە جگە لە (ئێل گریکۆ ١٥٤١– ١٦١٤) ی نیگارکێشی بەنێوبانگی ئیسپانیایی بە ڕەچەڵەک کرێتایی.

هەفتەنامەی تاراوگە لەگەل هونەرمەندی

پەیکەرسازی کورد شوان کەمالدا هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی کورد مامۆستا (ئیسماعیل خەیات)ی دەخوازین.

پەیکەری مامۆستا ئیسماعیل خەیات
دەستکردی شوان کەمال

شوێنی کارەکەی هونەرمەند شوان کەمال

کێرک دوگلاس لە تەمەنی 103 ساڵییدا مرد

مامۆستا م. ئارام لە ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوە

هەفتەی پێشوو ڕێکەوتی 06–02–2020 کێرک دوگلاس لە تەمەنی 103 ساڵییدا کۆچی دوایی کرد.

(کێرک دوگلاس) بەناوبانگترین و خۆشەویستترین ئەکتەری سینەمای جیهانییە، ڕۆڵی سەرەکیی لە هەشتا فیلمی هۆلیوودا بینیوە، بەناوبانگترینیان فیلمی (سپارتاکوس) و (ڤایکینگەکان) و (ئۆدیسێ)یە. پاداشێکی ئۆسکاری ڕێزلێنانی پێبەخشراوە بۆ هەموو چالاکییە هونەرییەکانی لە بواری نواندنی سینەماییدا. لێرەدا چەند وێنە و زنجیرە وێنەیەکی خێرای و کورتە بەشێکی فیلمی (ئۆدیسێ) ئەبینن، کە (کێرک دوگلاس) تێیدا ڕۆڵی پاڵەوانی سەرەکیی بینیوە:

بۆ بینینی دیمەنێک لە فیلمی (ئۆدیسێ)، کە کێرک دوگلاس پاڵەوانی سەرەکییەتی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/100013487979082/videos/pcb.870652563394335/872394496553475/?type=3&theater

ئەوسا و ئێستا... نووسینی دانا هەڵەبجەیی

کاتی خۆی سەرقاڵی تەختەیەک بووم کە پێیان دەگوت کەمان، کەمانچە، ڤیۆل،،، ئێستا دەزانم کە هەڵبژاردەیەکی جوان بوو،،ئەو تەختە و ژێیە، چ جیهانێکی بچوک بوو، چ کارامەیەکی گەورە بوو.کە ناسک بوو ئەو دونیایەی زمانی باڵا و کلاسی بەرزی خۆشەویستی تێدا دەخوێندرا، کە بەهادار بوو ئەو تەمەنەی کە بەخشین و فیداکاریمان تیایدا سەرمشقی خود بوون و کورد بوونمان بوو. کاشکی سروشت و جوانی و موزیک و هونەر و ئەدەب و کوردایەتی، وەک جاران بەهای خۆی بۆ دەگەڕایەوە، هیوا و ئومێد و فەنتازیای منداڵی و مێردمنداڵی و لاویمان، بەم شێوەیە تارمایی تەڵخ تاڵانی نەدەکرد. مرۆڤەکانی سەردەمی پاکییەکان ئالودەی ئەم جیهانە ئالوەدەیە نەبوون، نەبووبونە ڕۆبۆتی ئەو مۆبایلەی بە دەستیانەوەن، نەبووبونە ئاوێتەی زنجیرە دراما بێ کەڵکە تورکییەکان، گوڵەبەڕۆژە و نێرگەلە ساتە ڕامانەکەنییانی لێ نە دەسەندن. تی ڤی و هەواڵە فەیکەکان گەمەی بە عەقڵیان نەدەکرد. مرۆڤ خاوەنی خۆی بوو، یا باش بوو یا جاش، یا ڕەش بوو یا سپی. ئێستا هەموو دنیا بە میدیا و مۆبایل بەڕێوە دەچێت، یا ئاکتێڤیت یا پاسیڤ، یا جوڵێنەری یا جوڵێنراو. کەم کەس دەبینیت خاوەن کەسایەتیەکی نەجوڵاو و نەگۆڕ بێت، بەپێی سات و کات و شوێن وەک حەربا ڕەنگ و دەنگت بۆ دەگوڕێت. کەم کەس ئارامە و ئاسودەیە، هەمووی هێلاک و بیزارە، ڕەخنە لە هەموو شت و لە هەموو بابەتێک دەگرێت، تەنها لە خۆی نەبێت.

جاران خود خاوەنی خۆی بوو، بە ئاسانی دەتناسییەوە، ئێستا ئاستەمە بێناسیتەوە، ڕەنگاوڕەنگی وبێ ڕەنگی هەمووی گرتۆتەوە.

هەر بۆیە مرۆڤەکانی جاران هاوڵاتی جوگرافییەکی دیاریکراو بوون، ئێستا خۆیان بە هاوڵاتی جیهان دەزانن، هەر بۆیە نە خاوەنی جوگرافیای خودی خۆیانن نە خاوەنی جیهانیشن.

گەڕانەوە بۆ خودی خۆمان و ئاشتکردنەوەی شتە جوانەکانی ژیان بە خۆمان لەم سەردەمە ڕومەڵخەزانە، هیچ نەبێت پاراسیتۆڵێکی ئازارشکێنە.

لاهای، 2020/1/30

گۆشەی 42 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

سەد وێستگەی پیسکەری ژینگە دادەخرێن

بۆ پاراستن و خاوێنکردنەوەی ژینگە و دابینکردنی ئاووهەوایەکی سازگار، حکومەتی ئەڵمانیا بە نیازەو پڕۆژەی داخستنی ١٠٠ وێستگە و فابریکی گەورەی هەیە، کەبە خەڵوز و گاز و ئەو مادانە کاردەکەن، کە ژینگە پیس دەکەن، هەروەها پلانی ئەوە هەیە بڕی ٥١ ملیار یورۆ، قەرەبووی ئەو کەس و کۆمپانیایە بکەنەوە، کە بەر پڕۆژەکە دەکەون و ئەو پڕۆژەیە تا ساڵی ٢٠٣٨ دەخایەنێت.

ژنێکی کورد نازناوێکی زانستی وەرگرت

دکتۆرە "نائلە نەبۆ" پسپۆڕ و شارەزا لە زانستی کیمیادا لە زانکۆی هامبۆرگ نازناوی زانستی " تویژەر" ی پێبەخشراو بووە یەکەمین ژنە کورد، کە لە زانکۆیەکی ئەورووپی وادا ئەو نازناوەی پێ ببەخشرێت، ئەو خاتوونە کورد لەمەودوا لە پسپۆڕیەتیەکەی خۆی سەرپەرشتی هەموو ئەو تیزانەی دکتۆرا و ماستەر دەکات، کە لە زانکۆکەدا پێشکەشدەکرێن، دکتۆرە نائلە خەڵکی کۆبانێیە و دکتۆراکەی لە ٢٠١٠ لە زانکۆی حەلەب تەواوکردوە و دواتر هاتۆتە ئەڵمانیا.

گەندەڵیەکی گەورەی سیاسی ئەنجامدرا

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە هەرێمی"تورینگن" هەڵبژاردنی گشتی کراو لە ئەنجامدا "تۆماس کمریش" ئەندامی پارتی لیبرالی ئازادFDP بە پشتیوانی پارتی نازیپەرستی ڕاستڕەو "جێگرەوە بۆ ئەڵمانیا" AFD لە هەڵبژاردنەکەدا دەنگی یەکەمی هێنا و کرایە سەرۆکی حکومەتی هەرێمەکە، ئەو هاوپەیمانێتیە ژێر بەژێرە، نێوەندی سیاسی ئەڵمانیای تووشی شۆک کردووە، چونکە هەموو پارتە سیاسیەکانی ئەڵمانیا سۆز و پەیمانیان بەیەکتر داوە، کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو پارتە ڕاستڕەوە نەکەن.

لە نۆرەنبێرگ کۆڕێکی ڕوناکبیری سازدەکرێت

ناوەندی پێکەژیانی کوردو ئەڵمان لەساری نۆرەنبێرگی باشوری ئەڵمانیا لەڕۆژی ٢/٢١ کۆڕێکی ڕوناکبیری بۆ هەردوو نوسەرو ڕۆمانووس " بەختیار عەلی و بەیان سەلمان" لەژێر ناونیشانی " کەسایەتی لە ڕۆماندا" سازدەکات.

لەسەرڤایرۆسی کۆرۆنا ژنێکی چینی لێدانی خوارد

لە وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر لە بەرلینی پایتەخت دوو ژنە ئەڵمان پلار دەگرنە ژنێکی چینی و گاڵتەی پێ دەکەن، کە گوایە نەخۆشی کۆرۆنای پێوەیە و سەرکۆنەی دەکەن، ئەویش دوسێ قسەیان پێدەڵێ و سەرەنجام دەبێتە شەڕیان، دوو ژنەکە ئەڵمانەکە لیدانەکی باش لە چینیەکە دەدەن و پرچی ڕادەکێشن، تا پۆلیس دەیانگاتێ ڕادەکەن، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە، کە ئەو دوو ژنە لە نازیە تازەکان بوون، لەو ماوەیەدا لەمجۆرە ڕووداوانە لە ئەڵمانیا لە دژی چینیەکان زۆربووە.

لەهەرێمێک لافاو ڕوویدا

بەهۆی بارانبارینێکی زۆرەوە لە هەرێمەکانی باشوری ئەڵمانیا و بەتایبەتی لەشاری هایدلبێرگ، لافاوێکی گەورە ڕوویدا، بۆ چەند کاتژمێرێک ژیان لە بەشێکی ئەو شارە پەکی کەوت.

ئاوڕێک لە ئۆجین بێرتۆڵد فرێدریش بریخت

گۆران مەریوانی

ڕێکەوتی 10–02– 1898 ساڵیادی لە دایکبوونی بێرتۆڵد بریخت)ە، ڕۆژی 14–08–1956 کۆچی دوایی کردووە:

شەو، شەوی کریسمسە، من و ئێڤا هەژارین

بە دریژایی شەو لە دەرەوە دەڕوانین

لە ژوورێکداین، لە خانوویەکدا ساردوسڕ

چی ڕەشەبای دەرەوەیە، دێتە ژوورەوە بەگوڕ

وەرە ئەی مەسیح ئەی سەروەری من، وەرە

گەر پێویستمان بە تۆ بێ، ئەوە تەنیا ئەمشەوە!

نێوی تەواوی، ئۆجین بێرتۆڵد فرێدریش بریخت، شاعیر، شانۆنامەنووس، دەرهێنەر و شانۆکار، داهێنەری شانۆی ئێپیکی (=مەلحەمی) کە خۆی زیاتر نێویدەبرد بە شانۆی دیالەکتیکی. بە هاتنی نازیەکان لە ئاڵمان، 30–کانی سەدەی ڕابوردوو، هەڵدێ، ساڵانێ لە سوید دوایی ئامریکا، لەوێندەرێ بەر دادگایکردنی کۆمێتەی ڕاونانی کۆمۆنیستەکان دەکەوێ، نەبەردانە، بێ–سڵکردنەوە، بەرەوروویان دەوستێتەوە. سەدای لە دادگادا پارێزڕاوەو دەکرێ ببیسترێ. ئەمن گەلێ جار گوێ بۆ دەنگی ڕادەدێرم. لێ بریخت هەرگیز ئەندامی پارتی کۆمۆنیست نەبووە. دوای ڕمانی بلۆکی سۆسیالیستیش هەندێ حیسابی بانکیان لە ئاوروپا دۆزیەوە، بە لێکدانەوەی هەندێک، دەشێ ترسی لەوانیش بووبێ. نەوەی من هەر زوو بووینە خوێنەری بریخت. ئەو قورسترین ژانری ئیستاتیکای نووسیوە کە هونەری سیاسییە. دەگەمنن ئەوانەی سەرکەوتوون لەوە ژانرەدا. دەجێگای خۆیدا بڵێم، نووسەرێ کە هونەری بریختی بە کوردستانیان ناساند، فوئادی مجید میسر–یە.

یەکەم وێنە:'هونەر ئاوێنەیەک نییە بەرامبەر واقیع ڕابگردرێ، بەڵکو چەکوشێکە کە واقیعی پێ گەڵاڵە دەکرێ.'

دووەم وێنە: 'ئەوانەی ڕاستی نازانن گەمژەن، بەڵام ئەوانەی ڕاستی دەزانن و بە درۆی لە قەڵەم دەدەن، تاوانبارن.'

بریخت بەردەوام دەخوێنرێتەوەو نمایشدەکرێ.

نووسینەکانی بریخت لێرەدا لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە.



چۆنییەتی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە دەقی شانۆیی

نووسینی دانا ڕەئووف



زۆرجار نامەم لە قوتابیانی پەیمانگا و کولێژی هونەر، بەشی شانۆوە بۆ دێت و پرسیاری جۆراوجۆرم لە بوارەکانی شانۆدا لێ دەکەن، یەکێک لەو پرسیارانەی زۆرجار دووبارە دەبنەوە، چۆنییەتی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە لە دەقی شانۆیی. بێگومان ڕاڤە و شیکردنەوەی دەقی شانۆیی هەنگاوێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنێکی دروست، هاوکات خوێندنەوەی دەقە شانۆییەکە. دەقێکی شانۆیی یان ئەدەبی دەکرێت بە چەندان شێوە و ئاستی جیاوازەوە بخوێندرێتەوە، ئێمە لێرەدا، بە چەند بەشێک هەوڵ دەدەین بە ڕێگایەکی ئاسان بنەماکانی ڕاڤە و شیکردنەوەی دەقی شانۆیی بخەینە ڕوو. ئەوەی ئێمەیش لێرەدا دەیکەین، زیاتر دروستکردنی پرسیارە، تا لەو ڕێگایەوە بە شێوەیەکی ئاسان بتوانین لە دەقێکی شانۆیی بگەین و شیبکەینەوە.

یەکەم: سەرەتا هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە دەقە شانۆییەکە دەیانزانی دیاری بکە و بە جیا بییاننووسە؛ بۆ نموونە نووسەری دەقەکە کێیە؟ کەی و لە کوێ نووسراوە؟ لە ڕووی کاتەوە خۆت (خوێنەر) لە کوێی دەقەکەدا دەبینیتەوە، مەبەست لەو کاتەی دەقەکەی تیا نووسراوە؟ لە کاتی ڕاڤە و لێکۆڵینەوەدا، چ زمان و جیاوازییەکی کولتووری دێتە ڕێگات و کۆسپت بۆ دروست دەکات؟ دەزانیت دەقەکە سەر بە چ داب و نەریتێکە؟ هەموو ئەو شتانەی دەیانزانی ڕێگات بۆ خۆش دەکەن و یارمەتیت دەدەن، جۆر و ستایلی دەقەکە دیاری بکەیت، بۆ نموونە لێکچوون و جیاوازییەکان، بە بەراورد بەو دەقانەی لەوەوبەر خوێندوتنەوە، ئەمەیش یارمەتی ئەوەت دەدات، مۆدێل و میتۆدێکی خۆت بۆ شیکردنەوەی دەقەکە بدۆزیتەوە، بە تایبەتی ئەو دەقەی دەتەوێت شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەیت. هەوڵ بدە هەر لەسەرەتاوە ئەو تێبینیانەی لەلات گەڵاڵە دەبن تۆمار بکە، بۆ نموونە لە ڕووی هەڵبژاردنی ستایلەوە، بەشێکی زۆری کاریگەریی و کردارەکانی دەقەکە لە دیاریکردنی ئەو سەرنجانەوە دەردەکەون، کە لای خوێنەری دەقەکە پەیدا دەبن و دەبنە پرسیار. بە کورتی: دەقەکە سەر بە چ فۆرمێکی شانۆییە و چ ستایلێکی هەیە؟ چۆن پەرە بەم سەرنج و تێبینیانە دەدەین؟ ناونیشانی دەقەکە چ بیرۆکەیەکمان لا دروست دەکات؟

ماوێتی

گۆشەی زانست
ماموستا جەزا دەینووسێت

موگناتسی زەوی:

زەوی بە گەورەتریت مۆگناتس دادەنرێت، کە دوو پۆلی هەیە پۆلی باکوڕی، کە دەکەوێتە باشوری جوغرافیەوە و پۆلی باشوڕ دەکەوێتە باکوریێ جوغرافیەوە.

ولیام گلبرت لە سالی ١٦٠٠ زاینیدا سیفەتی موگناتیسیەتی زەوی دۆزییەوە.



بۆچی زەوی موگناتیسییە:

هۆی سیفەتی بوونی موگناتیسیەت لە زەویدا زاناکان دەیگەڕێنەوە بۆ چەند هۆیەک.

یەکەم: بوونی بارگەیەکی زور لە زەویدا، بە تایبەت ئەلەکترۆن، کە تەزووی کارەبا دروست دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی کایەی موگناتیسی.

دووەم: سۆڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، ئەمیش هۆیەکە کە زەوی سیفەتی موگناتیسی هەیە و لەپاڵ سیفەتی کێش کردن، کە هێزیکە هەموو تەنێک بەرەو چەقەکەی ڕاکێش دەکات، کە پێی دەوترێت کێش یان الوزن weight.

The methane hunters

گازی میسان و کاریگەری لەسەر گەرم بوونی کەش

گازی میسان کاریگەریکی زۆری لەسەر گەرمبوونی کەش هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بوونی ئەم گازە لە زیاد بوونداید هۆیەکەشی نەزانراوە.

کاتێک هەست کرا بە بڵاوبۆنەوەی گازی میسان لە یەکێک لە بیرەنەوت و گانزاکانی ڕۆژئاوای تورکمانستان لە مانگی کانوونی دووەمی دوو هەزار و نۆزدەدا، دوو ئەستوون لە گازی میسان لە ناوچەکەدا بەرز بووەوە، بەهۆی سەلایتەوە ئەم زانیارییەی ریکۆرد کرد، یەکێکیان لە ئێستگەی پەمپی کورپیز فیرماکە کاردانەوەی کرد، لەگەڵ ئەو زانیاریانەی، کە سەتەلایتەکان بڵاویانکردەوە دوای چەند مانگێک ئیش کردن لێچوونەکەیان وەستاند و ئەم ڕووداوە دوو کاری هێنایە کایەوە:

یەکەم: سەتەلایتەکان کارێکی گرنگیان جێ بەجێ کرد.

دووەم: ریکۆردکردنی گەرمی سەوز–(green house) وای کرد، ئەو لێچوونە کۆنترۆڵ بکرێت و یەک بۆ چواری گەرم بوونی کەش و زەوی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی گازی میسان لەهەوادا.

بە عەرەبی بە (green house)، دەگوترێت (البيوت الزجاجية) دەتوانین بە کوردی پێی بڵێین خانووی شووشە.

هونەرمەندی شیوەکاری کورد
نوری مەحمود مەولود



لە ساڵی 1965 لە شاری سلێمانی لە باشوری کوردستان لەدایک بووە، پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی وێنەکێشانی تەواوکردووە. لە ژیانی هونەریدا بەشداری کۆمەڵێک پێشەنگای هاوبەشی کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات و کۆمەڵێک پێشانگای تایبەتیشیی کردۆتەوە، بۆ نموونە:
ساڵی 1988 لە گەلەری سلێمانی، ساڵی 1994 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بە ناونیشانی (ڕەش و سپی)، ساڵی 2003 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بە ناونیشانی (شایی ڕۆح)، ساڵی 2009 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بە ناونیشانی (ڕۆژی ڕەنگ) و ساڵی 2019 پێنجەم پێشەنگای لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بە ناونیشانی (یادی ڕەنگەکان) کردۆتەوە.

ئێستا سەرپەرشتیاری هونەری شێوەکارییە لە شاری سلێمانی.
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هونەرمەند بڕوانە:
https://www.facebook.com/nori.mahmoud.7

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA تاراوگە

19 FEBRUARI . 2020 Nummer. [92] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– بەدەستپێژی گوللە ژمارەیەک کورد لە ئەڵمانیا کوژران ،ل2. – ئەو نامەیەی هەرگیز مرۆڤایەتی لەبیری ناچێتەوە. ناسر حیسامی .ل3 – دوو کورتە نووسینی سەباح یاسین دەربارەی کورد و ئەرز و ئاسمان و ئاو لە سروشتدا.. ل 4 ...

– ئومێدی ســـەعید گەوهەری هـــاوڕێم وەک ئەرخەوانەکانی سەیوان لە رۆحمانا زیندووە.. عەبدوڵڵا کەریم مەحمود. ل 5 .

– ئەفسەرێکی کورد لە کارەساتی کۆمەڵکوژی ساڵی 1915 دا سەدان ئەرمەنی ڕزگار کردووە ل 6

– باشترین چارەسەری گرفتەکان... پیاسەکردنە..! ئەنوەر جۆڵا ل7. –دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێشەر لە کوردستان.. بەکر شوانی.. ل 8 . – مەولانزادە و سەعیدی نورسی و کوردستانی سەربەخۆ، دکتۆر جەبار قادر..ل .9 – شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی شانۆیی: نووسینی دانا ڕەئووف.. ل 10

–نوێنەری ئێزدییەکان چوونە لای شازادەی بەریتانیا، مامۆستا م. ئارام و تاراوگە لەگەڵەرییەکەی شوان کەمالدا... ل 11. – یادێک لە شێخ سەعید. س.ع.شادمان.. ل 12 . – گۆشەی 43 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 13 و ل14

– گۆشەی زانستی: بابەتێکی مامۆستا جەزا دەربارەی سەربازگەی عەین ئەسەد و نووسینێکی ئەندازیار عومەر ئەردەڵانی...دەربارەی کونی ڕەش لە گەردوون... ل 15 .

– ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی شێوەکاری کوردی کۆچکردوو ئاراز تالیب و چەند تابلۆیەکی. ل .16

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

19 FEBUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 92
ژمارە 92 ی 19 ی شوباتی 2020

بەدەستپێژی گوللە ژمارەیەک کورد لە ئەڵمانیا کوژران

یاسایەکی نوێ بۆ کۆچبەران لە ئەڵمانیا دەردەچێت

حکومەتی ئەڵمانیا سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکە تایبەت بە کۆچبەران و سزای ئەو کەسانەدەدات، کە زانیاری نادروست دەدەنە دەزگاکان و سەریان لێ دەوەشێنن، هەروەها سەبارەت ئەوانەی کە مافی پەنابەرێتیان پەت دەکرێتەوە و دەنێردرێنەوە وڵاتی خۆیان، سەرلەنوێ بە قاچاغ خۆیان دەگەیەننەوە ئەو وڵاتە و داوای ئەو ماف دەکەنەوە، بەپێی ئەو پرۆژەیە سزای ئەوکەسانە زیندانیکردنیانە تا ماوەی ٣ ساڵ.

ئابڕووچوونێکی هەواڵگری لە ئەڵمانیا ئاشکرابوو



بڕوانە لاپەڕە 13

بەدەستپێژی گوللە ژمارەیەک کورد لە ئەڵمانیا کوژران

دوێنێ شەو چەکدارێک کە پێدەچێت سەر بە نازیە نوێکانی ئەڵمانیا بێت، بە کلاشینکۆفەوە دەچێتە ناو قاوەخانەیەکی نێرگەلەی شاری هاناوی نزیک فرانکفۆرت و دەستپێژی گوللە بەناو خەڵکەکەیدا دەکات و دەمودەست پێنج گەنج دەکوژێت و پێنجی ترش بریندار دەکات، دواتر هەمان کەس دەچێتە قاوەخانەیەکی دیکەی هەمان شەقام و لەوێش ٤ کەسی تر دەکوژێت، لەناو کوژراوەکاندا هەشتیان کوردن و تورکێک هەن، تاوانبار کە ڕادەکاتە ماڵەوە و پۆلیس بەدوایدا، تا دەگەنە شوقەکەی، تاوانبارەکە خۆی و دایکیشی لەماڵەوە دەکوژێت، بەرلەوەش گرتەیەکی ڤیدیۆیی خۆی دەگرێت و دەڵێت "بێگانەکان دەبێت بکوژرێن"، لەمێژە سیاسیە ئەڵمانەکان هۆشداری لە ڕووداوی لەم جۆرە دەدەن، بەهۆی کارەساتەوە مێرکل بەرنامەی سەفەری خۆی هەڵوەشاندەوە و ڕاستەوخۆ چاوەدێری پرۆسەی لێکۆڵینەوەکان دەکات.

ڕەشەباو باوبۆرانی "زابینە" زیانێکی زۆری بەئەڵمانیا گەیاند

ڕەشەباوباوبۆرانی "سابینە"، کە هەفتەی ڕابردوو ئەوروپای هەژاند، لە ئەڵمانیا زیانێکی زۆری بە کۆمپانیاکانی بیمە Vesicherung گەیاند، دەبێت قەرەبووی هاوڵاتیان بکەنەوە لەو زیانانەی، کە بەریان کەوتوون. زیانەکانیش بە ٧٠٠ ملیۆن یۆرۆ دەخەمڵێندرێت.

بڕوانە لاپەڕە 13 هل (بورهان ئەمین)هوە

ئەو نامەیەی هەرگیز مرۆڤایەتی لەبیری ناچێتەوە

نامەیەکی پڕ مانا.... پڕ لە هەست و سۆز بۆ خاک و سروشتە جوانەکەی... پڕ لە ئەوین...پڕ لە خۆشەویستی بۆ گەل و خاکەکەی... پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری... پڕ لە هەموو سۆزێکی مرۆڤایەتی...ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێندنەوە، نامەیەکی گرنگی مێژوویی یەکێکە لە سەرکردە بە نێوبانگەکانی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا بە ناوی "سیاتێڵ Seattle و سەرۆکی هۆزی دوامێش)ە، کە لە ساڵی 1855 دا بۆ سەرۆکی چواردەهەمینی ئەمریکای ئەوکات، فرانکلین پێرس – Franklin Pierce 1804 1869 دەنێرێت ". داگیرکەرە ئەمریکاییەکان بەردەوام هیندییە سوورەکانی بە دڕندە (وەحشی) و پیاوکوژ و چەتە و ڕێگر ناودێری دەکردن و بە ملیۆنانی لەنێوبرد بە کوشتن یا بە بڵاوکردنەوەی نەخۆشی وەک سوریژە و ئاوڵە و تاعوون..... تێیاندا یا بە ژەهراویکردنی سەرچاوە ئاوییەکانیان..... یا بە هێرشی شبەیخوونانە بۆ سەریان بە تازەترین چەکی سەردەم و بەرگری ئەم هیندیانەیش هەر بە چەکی ئاسایی و شیر و تیر و ڕم و..... بوو، بۆیە بەو دەردەیان بردن کە مێژوو هەر باسیشیان لێوە ناکات چونکە ڕاستیان گوتووە کە " مێژوو سەرکەوتووەکان دەینووسنەوە". هیوادارم بە وردی سەرنجی ئەو بەناو " وەحشییە " و باش دڵ بدەنە وشەکان و بزانن چۆن دەدوێت و چۆن باس لە خۆشەویستی خاک و ئاو هەوا و گژوگیا و باڵندە و ..... دەکات و تا چەند خۆشی گەرەکن..... ئای کە ناوەڕۆکێکی دڵتەزێنی هەیە..... هیندییەکی سووری دوور لەو حەزارەتە ئەوروپاییە، ئاوا بەو داڕشتنە جوانە گوزارە لە هەست و سروشت و ئایندە بکاتەوە..... بەڵێ دوای ئەوەی هەر هەموویانیان لە نێوبرد ئەوجا ئەمریکییەکان بۆ چاوبەستی هاتن شارێکیان بە ناوەوە نا تا بڵێن مافی مرۆڤ بەرکەماڵە!!!! بە ڕاستی ناخ هەژێنە.... ئەوجا کاتێک وەرگێڕانەکەی بەڕێز مامۆستا " ناسری حیسامی "م بەرچاوکەوت، بڕیارم دا کە ئێوەی بەڕێز و خۆشەویستیشی لێ بێبەش نەکەم.

لە ئەکاونتی مامۆستا (فەوزی ڕەمزی مەلا مارف)ەوە.



ئەو نامەیەی هەرگیز مرۆڤایەتی لەبیری ناچێتەوە!

ناسری حیسامی وەریگێڕاوەتە سەر زوانی شیرینی کوردی.

ساڵی 1854 " فرانکلین پێرس " سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نامەیەکی نارد بۆ سەرۆکی هۆزی" سیاتێل " و داوای لێکرد زەوییەکانیان بە حکوومەتی ئەمەریکا بفرۆشن. سەرۆک هۆزەکە وەڵامی بۆ سەرۆکی ئەمەریکا ناردەوە، وەڵامێک کە نیشاندەری شێوەی ڕوانینیان بۆ مرۆڤ و جیهان بوو. نامەکەی سەرۆکی ئەمەریکا لەبیر نەماوە، بەڵام نامەی سەرۆک هۆزەکەی هیندییەسوورەکان لەوانە نییە لەبیر بچێتەوە. ئەم خاکە و هەرچی تێیدایە بۆ ئێمە پیرۆزە. گەڵای دەرزیلەیی کاژەکان ، لمی کەنار ڕووباران ، مژی نێو دارستانەکان ، دەنگ و ڕەنگی ماروماڕوو ، هەموویان لە بڕوا و بیرەوەریی خەڵکی ئێمەدا پیرۆزن.

ئەو شیلەیەی بە نێو دەماری دارانداً دەگەڕێ خولیا و خەونی ئێمەی تێدا مەیوە. خاک لە ناخی ئێمەدایە. ئێمە بەشێک لە خاکین و خاک پارچەیەک لە ئێمەیە. گوڵان بە بۆن و بەرامەیانەوە خوشکی ئێمەن. کەڵەکێوی و ئەسپ و هەڵۆ برامانن.

ڕەوەزەبەردی لووتکەکان، شەونمی مێرگ وماەزرا و تینی لەشی ئەسپ و مرۆڤ، هەموویان لە خێزانێکن.

ئەو زوڵاڵەی بە جۆبار و ڕووبارەکاندا دەڕوا تەنیا ئاو نییە، خوێنی پشتاوپشتی ئێمەیە. ئەو زەوییانەشتان پێ بفرۆشین دەبێ لەبیرتان بێ ئێرە بۆ ئێمە پیرۆزە و ئەو سپیەر و تارماییانەی بەو ئاوە زوڵاڵەدا دێن هەموویان بیرەوەری و بەسەرهاتی ژین ئێمە دەگێڕنەوە. زەمزەمەی ئاو، دەنگی باووباپیرانی ئێمەیە. ڕووبارەکان پشتمانن، تینوێتیمان دەشکێنن، بەلەمەکانمان بە شانەوە دەگرن و بژیوی منداڵەکانمان دەدەن. ئەگەر زەوییەکانمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لە بیرتان بێ و منداڵەکانیشتان فێر کەن ئەم ڕووبارانە برای ئێمە و برای ئێوەن و لەوەدوا، ئەو نەرمی و بەزەییەی بە برای خۆتانی ڕەوا دەبینن، بەو ڕووبارانەشی ڕەوا ببینن. لە شارەکانی ئێوەدا شوێنێک نییە مرۆڤ ئارام و ئەرخەیان تێیدا بژی. جێگایەک نییە مرۆ گوێ بداتە لەرەی گەڵای سەرەبەهاران و ویزەویزی مێروو. ڕەنگە ئەوانە هەر بۆ ئێمە گرنگ بن کە لەو دەشت و کێوانە ژیاوین، بەڵام مرۆ ئەگەر شەوان دەنگی تاقتاقکەرە نەبیستێ و قیڕەی بۆقی گۆماوەکانی نەیەتە گوێ، لە ژیان چی بۆ دەمێنێتەوە؟ شنەبا ئەو کاتی بەسەر تەنکاواندا دەڕوا و وردەشەپۆل دەبزێوێ، شەماڵ ئەوکاتی بۆنی بارانی نیوەڕۆیانی تێدەگەڕێ و، بۆنی گەڵای تەڕوبڕی دارکاژەکان ڕووح و گیانی ئێمەی سووڕپێست دەلاوێنێنەوە. هەوا بۆ ئێمە بایەخدارە، چونکە هەموومان بە هەناسە هەڵیدەمژین. ئەگەر ئێمە زەوییەکانمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لەبیرتان بێ ئێمە شوکرانەبژێری ئەو هەوایەین هەڵیدەمژین و ژین بە دەماری زیندەوەردا دێنێ. باپیرەگەورەی من ئەو هەناسەیەی لە سنگدا بوو هەتا لە گەڵ دوایین ئاهـ لە لێوی هاتەدەر و ماڵاوایی لە ژیان کرد. ئەگەر ئێمە زەوییەکانمان بە ئێوە بفرۆشین، ئێوە دەبێ لە گەڵ ئاژەڵی ئەم خاکە وەک برای خۆتان بجوولێنەوە. بەڵێ! ئێمە کێوپین! لەو دەشت و کێوانە گەورە بووین و تێناگەین بۆچی هەزاران کەڵەکێوی دەبێ قڕ بکرێن. ئێوە دەبێ منداڵەکانتان فێر کەن کە زەویی بن پێیان، خۆڵەمێشی باب و باپیرانیانە، دەبێ ڕێزی زەوی بگرن، گەورەیی زەوی لە چاویاندا بێ و بە منداڵەکانیان بڵێن خاک دایکیانە. ئەوەی بەسەر زەوی بێ، بە سەر ڕۆڵەکانی زەوییش دێ. مرۆ تف لە زەوی بکا، تف لە خۆی دەکا. لە بیرتان بێ مرۆ ژێیەکانی سازی ژین وەدەنگ ناهێنێ، خۆی هەودایەکی ژێی ژیانە. ئێوەش یاوەری زەوی بن.

کورد ئەرز و ئاسمان و زەریای بە شین ناوبردووە پەیوەندی بە جێگەوە هەیە

گڵێنە ئوبەیدیەکانم شینکرد، تا باشتر سەرنجی خوێنەر و بینەر بۆ مانای شینای ئەرز، ئاسمانی کوردی ڕاکێشم، کە تەری و ئاوییە.

مانادانیش بە ئەرز–ئاسمان کە شینە پەیوەندی بە جێگەوە هەیە، کە بە ئاویی دانراوە و زەریا ڕەچاوکراوە. ئەو ڕەچاو و ڕوانگەیەش لە کولتوری کشتوکاڵەوە مانای بە شینای کێڵگە داوە و کارکرد لە کێڵگەشدا هەرەوەزی بووە و مانا پیدانەکەش خۆخوێندنەوەی ئاوی و هەتاوی بووە. ئاو، تووە و نەوە کە نویبوونەوەی بە دریژکراوەی شینای ئەرز_ئاسمان دانراوە. دەنگی ئاو کە لە هەتاودا هەیە، هەتاو لە سەر قاپەکە ناوکی گەردوون کە وەک ئاو بە شینای دانراوە و لە ڕوانگە زمانیەوە، داپیر و باپیرانی سۆمەر و کورد خۆیان بە ئاو، تۆو و نەوە داناوە و ئەوەش ئەو مانایە دەگەێنیت، کە مرۆڤی دێرین بوونگەرانە مانایان بە هەبوونی خوییان داوە. بۆ ئەوەی باشتر لە مانای شێنایی ئەرز–ئاسمان و ئاوازی ئاو لە هەتاودا تێبگەین. پێوستە ڕەچاوی ئاواز، وێنە ومانای "تا"ی کوردی و ئودی سومەری بکەین. تا وەک ئود بە مانای لەرز وتا دیت و ئود بە مانای ڕۆژ دیت کە هەتاوە، کەواتە تا باس لە پلەی گەرم و ساردی گیان و گەردوون دەکات و ئارق کە ئاو هاوەمی تایە . لە واتای"تا–ئود"دا مانای سەرما وگەرما تاو تاوە. لە واتای باران و خۆر بە تاودا، ئاواز و مانا "تا" لە بوونی تاو و هەتاو دا هەیە و ماناکەی گۆڕاوە. ئەو گۆڕانە هەم ئیتمولوجیە و هەم سروشت–گەردوونیە. "تا" بەو مانایە پێمان دەڵێت، کە گیان–گەردوون وەکو خودێک ماناکەی داهێنراوە، چونکە گیان، ڕۆح و خۆشەویستیی لە بەینی خاک و خۆردا بوونی هەیە و بەو مانایەش ئاو، تۆو، نەوەی بە شینای وەک ئاوی ئەرز–ئاسمان دانراوە. ئەگەرنا وا نەبوایە چۆن سومەری و کورد زمانیان وەکو پلەگوشتە گفتوگۆ دەناساند یان چون زمان لە پلەگوشتەوە کە هەستیە بۆ گفتوگو کە هوشیە دەگۆڕا. "تا" بەو مانایە تاوە و هەتاوە گەرمی و ڕووناکی ئاسمان وەکو نەوەش شینایە و ڕۆژانە وەکو ساو نوێ دەبێتەوە. ئەو مانایەش لە واتای نەورۆز دایە و ئیزدیەکانیش بە زێگموک کە زیگ (زگ) لە دایکبوونی مەلک تاوس و سالیی نوی و سومەریەکایش سالی نوێ بە"zagmuk"یە گۆدەکەن.

ئاو لە سروشتدا

ئاو لە سروشتدا بە شێوەی شلی/باران، هەڵم/هەور و زوقم/بەفر بوونی هەیە و لە بەینی ئەرز–ئاسمان و ژێر ئەرزدا بە شەپۆل گەشدەکات. شەپۆلی ئاو، هەتاو، هەوا ڕەهەندی بەرز، نزم و پانتای هەیە. واتای باران و خۆر بە تاو هاوتای تاوی نێر و مێیە بۆ جووت بوون و تۆو لە زیدەدا زیندو دەبێتەوە. کەواتە بیستنی دەنگی ئاو لە تاو/هەتاودا بەرانبە بە مانای تۆو–ناوک و لە دەنگی ناوکیشدا دەنگی ئاو دەبیسترێت. ئاو و تاو بەو مانایە تەڕن کە شێیە و لە مانای شینای ئەرز، ئاسمان و زەریادا شینای مانای هەیە. شینای شێوەکارییە کە وێنە و وشە کە مانایە دریژکراوەی بینین–بیست لە گوتنەدا کە سێ گۆشەیانە یەکانگیرن. یەکگرتنەوە وشەکام وەک زمان بۆ توانای مادی دەماغ دەگەڕێتەوە، کە ڤیدوکامیریانە بەرز، نزم بە پانتایەوە کە سێ پاڵووە دەبەستێتەوە. کەواتە دووفاقەی مانا دەنگی "ئا–تا"ی ئاو و هەتاو کە مانای لەرزوتادا وەک سارد–گەرم بەرجەستەن، بۆ مانای زمان (پلەگوشتی ناو دەم) کە ئاوییە و مانای گفتوگۆ کە هەتاوییە دەگەڕێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە مانای زهین،هزرین، زمان،زێ، زەریا، زی، زیدە و زا کە زمانی کۆیە و تێگەیشتن لە زمانی خۆمان کە تاکیە، پێوستە ڕەچاوی مۆغی خۆمان وەک ڤیدۆکامیر بکەین، ئەگەرنا زمان وەک ئایفون بەکار دەبین و لەو تێناگەین کە ئەژدادەکانمان چوون مانایان بە وشەکانیان بەخشیووە. زاناکانی بواری زیندەورناسی زاو و زێ ڕووەک و گیاندارنیان بۆ زەریا و بەیەکدادانی شەپولی ئاو گەراندۆتەوە. کوردیش بوون و هەبوونی خۆی بۆ بوونی ئاو و لە دایکبوونی زیدە کە زێیە وەکو سومەریەکان گەڕاندۆتەوە. لەرزوتا لە کوردی و سومەریدا بە "ئود–تا" گۆدەکرێ و وەکو ئاو–هەتاو دەگۆڕێت. ئاو بە مانای تۆو–ناوک هاوتای ئاو–هەتاو و ئەوەش پرسیارێکی بوونگەرایانەیە و وەزنی زانستی، کومەلایەتی، کولتوری و دینی هەیە. بەنمون گەرا و هیلکە گیاندار لە سەدا ٩٩ ئاوە، لە سەدا ٧٦ ی گیانی ساوا ئاوە، لەسەدا ٧٣ی میشک و لە سەدا ٨٣ی سێ ئاوە وزار، کێر و کوز تەڕن، ئەوش باس لە زانینی (زار eme–)دەکەن وەک ئەوەی هزرین مانای پێداوە.

ئومێدی سەعید گەوهەری هاوڕێم وەک ئەرخەوانەکانی سەیوان لە رۆحمانا زیندووە

یادەوەرییەکی تاڵ بۆ ئومێدی سەعید گەوهەری هاوڕێم

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

لە شەستەکان لە قوتابخانەی (بێکەس)ی سەرەتایی بووم بێکەس و مەولەوی دوو دەوام بوون، بەرامبەر بە ئینزیتباخانەی سەربازی سلێمانی زیندانی گرتن و ئەشکەنجەدان، سەردەمی زەعیم سدیق هەموو شەقام و کۆڵان و گەڕەک پڕ ببوون لە ئینزیباتی کلاو سوور، ئەمن، جاسوس، جاش و خائین. ئینزیباتەکان ئاراستەی چەکەکانیان بەرەو بازاڕ و شەقام و پەنجەیان لە سەر پەلە پیتکەکەی چەکەکانیان بوو رووە و خەڵک لە ناکاو دەبوو بە دەسڕێژ، کەسێک یان چەند کەسێکیان خەڵتانی خوین دەکرد، هاڕەی داخستنی دوکانەکان هەموو بازاڕیان دەهەژاند پیاو و ژن و منداڵ رایان دەکرد، بۆ ئەوەی لە کۆڵانەکانەوە بگەنەوە ماڵ، لەبەر خۆیانەوە دەیان گوت: قڵێشایەوە.

ئەو ساڵە لە پۆلی یەک بووم بە هاوڕێی قوتابیەکی ئەسمەری قژلوول و هێمن، مەنگ، وریا و زیرەک بەناوی (ئومید سەعید گەوهەر)ەوە. بەیەکەوە لە سەریەک کورسی لە ڕیزی ناوەڕاست دادەنیشتین لە چاوە ڕەشەکانی و ڕووە خۆشەکەیدا زەردەخەنەی مانای قوڵی هەستی پاکی مرۆڤ دۆستی و خۆشەویستی وەفای هاوڕێیەتی دەدەروشایەوە. ئەوساڵە مامۆستا تاهیر بابان بەڕێوەبەرمان بوو خانەنشین کرا، کارەکانی بە مامۆستا حەمەرەشید سپارد. لەگەڵ ئومێد عاشقی ئەلف و بێ کەی. مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار بووین. لە جوانی پیت و وشە و رستە و چیرۆکەکان و وێنەکانیدا دەیان خەیاڵی منداڵانە ڕۆحی داگیر دەکردین. هەردووکمان عاشقی ئەو کتێب و گۆڤارە منداڵانەیە بووین. دەماندی بەدەست هاوڕێکانمانەوە، بەڵام ئێمە نەمان دەتوانی بیانکڕین. ئێمە لە نهێنی دوو ناو نەدەگەیشتین..؟ بۆ قوتابخانەکەمان ناوی بێکەسە .؟ بۆ ئەو هەموو قوتابی و مامۆستایەی لێیە.؟ چۆن ئیبراهیم ئەمین باڵدار، باڵی هەیە ؟ بڵێی وەک باڵندەکان بەرەو قوڵایی ئاسمان بفڕێت ؟ ئەوەندە مامۆستاکانمان خۆش دەویست ، واماندەزانی ئەوان لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتوون. هەموو ساڵێ مامۆستا ئەکرەم فەوزی، کە دەهاتە پۆلەوە. بەوردی سەیری ڕوخسار و جل و بەرگ و. پێڵاوەکانی دەکردین، چەند پرسیارێکی لێ دەکردین: دواتر ناوی من و ئومێد و چەند قوتابیەکی تریان دەخوێندەوە، جل و بەرگ و پێڵاوی نوێیان پێ دەبەخشین، بەڵام جلەکان ئەوەندە فراوان بوونم پێڵاوەکان ئەوەندە گەورە بوون. نەبۆ لەبەرکردن نەبۆ لەپێکردن نەدەشیان.

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

ئومێد و بەرزان و کارزان و خوشکەکانی لە ماڵەوە. قوتابی مامۆستا سەعید گەوهەر باوکێکی کاژیک و ناهیدە سۆفی دایکێکی شیوعی و کەریم سۆفی خاڵێکی شیوعی بوون. جیاوازییە چینایەتییەکان، هەست و ناخی دەهەژاندن. بوون بە بەشێک لە ڕۆحی خۆشەویستی خاک، نەتەوە، پێشمەرگە، شۆڕش و هەڵوێست. بوون بە هاوڕێی کتێبە مەمنوعەکان. ئومێد و بەرزان بوون بە پێشمەرگە. سەعید گەوهەر و ناهدە سۆفی و کچەکان لە سلێمانی دسگیرکران، نەفی کران لە شارەکانی ناوەڕاستی عێراق زیندانی کران. کەریم سۆفی دەست گیرکراو لە زیندانەکان بێ سەروشوین کرا. ئومیدی پێشمەرگە و کادێری پێشکەوتوو هەموو تەمەنی گەنجی بەشاخ سپارد، نموونەی بەهای هاوڕێیەتی و کوڕی ڕۆژانی تەنگانە و نەهامەتییەکان بوو. ئەرشیفێک بوو لە یادەوەری ورد، ئاگای لە کون و کەلەبەرەکانی مێژوو بوو، فەرهەنگێک بوو لە زانیاری قوڵ، ڕشتەیەکی مرواری بوو لە نوکتە و وتەی فەلسەفی جوانی ژیان. دوا جار ئومێدم لە چلەی دکتۆر جەمال نەبەزدا بینی، ئومید لە ئەڵمانیا نزیکترین هاوڕێی دکتۆر جەمال نەبەز بوو، بێ سنور دکتۆر جەمال نەبەزی مامۆستای خۆش دەویست. دەیان یادەوەری لە گەڵ دکتۆر جەمال نەبەزدا هەبوو. بڕیارمان دا پێکەوە دابنیشین و ئەو یادەوەریانە تۆمار بکەین. لە ناکاو ئازارێک سەر سنگی داگرت بە هێمنییەکەی خۆیەوە گوتی: ناتوانم لەمەزیاتر لێرە بمێنمەوە پێکەوە چوینە دەرەوە تەکسیەکم گرت ویستم ببیەم بۆ نەخۆشخانە، بواری نەدام گەڕایەوە بۆ شووقەکەی لە قەیوان سیتی، دوای ماوەیەک بەڕێکەوت بەرزانی برایم لە شەقامی مەولەوی بینی هەوالی دواهەناسەی ئەو ساتەی ئومێدی پێ ڕاگەیاندم: ئەو ئێوارە دڕەنگ وەختە ئومید– مان بە باوەشی دایک و باوکی و سەیوان سپارد... لە چاوانمان ون بوو، بەڵام ئومێد و یادەوەرییەکانی وەک ئەرخەوانەکانی سەیوان لە رۆحمانا زیندووە..

لە تۆیژینەوەیەکی ئەرمەنیەکاندا هاتووە دەڵێت:ئەفسەرێکی کورد لە کارەساتی کۆمەڵکوژی ساڵی 1915 دا سەدان ئەرمەنی ڕزگار کردووە

دەستەیەک لە تۆیژەرانی ئەرمەنی، بە هاوکاری هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد، لێکۆڵینەوەیەکیان ئامادەکردووە و تیشکیان خستۆتە سەر کەسایەتییەکی کورد کە بەشداری کردووە، (لە ڕزگارکردنی سەدان هاوڵاتی ئەرمەنی)، لە کاتی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بەدەستی سوپای دەوڵەتی عوسمانی. سندوقی "هرانت دینک"ی ئەرمەنی، سەرپەرشتی ئەو لێکۆڵینەوانەی کردووە، کە لەو کۆڕانەدا پێشکەش دەکرێن. ئەو کەسایەتییەش کە ئەو تۆیژینەوەیەی لەسەر کراوە، ئەویش جەمیل بەحري کونە پاشایە، خەڵکی گوندی "هوبکا"ی سەربە ناوچەی عەفرینی سەر بە ڕۆژئاوای کوردستانە، جەمیل پاشا ساڵی 1892 لە شاری حەڵەب لەدایک بووە، بە منداڵی باوکی مردووە، دایکی بەخێوی کردووە، پاش گەورەبوونی ئەکادیمیای دەریاوانی عوسمانی خوێندووە و بووە بە ئەفسەر و پاسان پەیوەندی بە (کۆلێجی ماف)ەوە کردووە و پاش تەواوکردنی خوێندن، پەیوەندی بە سوپای عوسمانییەوە کردووە. لە کاتێکدا کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان ڕووەدات لە ساڵی 1915 دا، جەمیل پاشا فەرماندەی سوپای عوسمانی دەبێت لە ناوچەی ڕەحای کوردستانی تورکیا و لە هەمان کاتدا لێپرسراوی کارگەی پاپۆڕی دەوڵەتی عوسمانی بووە. لەو کاتەشدا سوپای عوسمانی سەرپەرشتی (کۆمەڵەی الإتحاد والترقي) کردووە، کە پرۆسەی تاوانی کوشت و بڕی بە کۆمەڵی ئەرمەنەکان بوون لە گۆڕی بەکۆمەڵدا لە لاکەی تری ڕووباری فورات لە نزیک شاری ڕەقە و دێرئەلزور لە سوریا. بە گوێرەی ئەو تۆیژینەوانەی لێۆڵەرەوە ئەرمەنەکان ئامادەیان کردووە، کە جەمیل پاشا سەدان ئەرمەنی ڕزگار کردووە، کە سوپای عوسمانی لە دیوی (دێرەلوک و عەنتاب)ەوە، کە بەدیلی گرتبوون بەرەو ڕەحای دەبردن.

جەمیل پاشا سەرپەرشتی دەکردن و نەیدەناردن بۆ لایەکانی دیکە، کە مەترسی لەناوبردنی لێدەکردن هەوروەها بواری کارکردنی بۆ دابین دەکردن، لەو کارگەیەی کە خۆی بەڕێوەی دەبرد و پاشان دەیناردن بۆ ناوچەو شارەکانی دیکە وەک مەنبەچ، سەریکانی، جەرابلس و حەڵەب. جگەلەوەش تەنانەت خواردنیشی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنەکان دابین دەکرد، لە ڕێگەی مانگی سوری نیودەوڵەتییەوە. جەمیل پاشا هاوسەرگیری لەگەڵ کچی ڕاهیبێکی ئەرمەنیدا بەناوی "دیکرانوهي کولیزیان" پێک هێنابوو، لەگەڵ ئەوەی جێگەی سەرنجە چونکە جەمیل پاشا خۆی خانەوادەیەکی موسوڵمان بوو، بەڵام ژنەکەی لەسەر دیابەتی خۆی کە مەسیحی بوو مابۆوە و دوو کچ و کوڕێکی لی بوو. بە گوێرەی تۆیژینەوەکە، جەمیل پاشا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە شاری حەڵەب جێگیر بووە و لەوێ کۆمەڵێک قوتابخانەی کردۆتەوە، کە زمانەکانی کوردیی، تورکی، عەرەبی، ئەرمەنی، ئینگلیزی و ئەڵمانی تێدا خوێندراوە. هەروەها ژمارەیەک هۆنراوەی بە زمانی تورکی نووسیوە. جەمیل پاشا لەسەردەمی ئینتیدابی فەڕەنسیدا لە سوریا، بەشداری سوپای بەرگری چەکدار کردووە لە حەڵەب و بەوهۆیەوە بەندکراوە. ڕۆڵەکەی شاری عەفرین لە ڕۆژی 25 ئایاری ساڵی 1967 کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی براوەتەوە بۆ شاری حەڵەب و لەوێ نێژراوە. ئەو تۆیژارانەی ئەرمەن، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر جەمیل پاشا کردووە، لە کۆتایی تۆیژینەوەکەیاندا دەڵێن کە چۆن، (ستیفن سبیلبیرغ)ی خاوەنی 7 خەڵاتی ئۆسکار، فیلمێکی لەسەر ژیانی بازرگانی ئەڵمانی (ئۆسکان ستشیندلر) دەرهێناوە، ئێمەش پێویستە لەسەر ژیانی جەمیل پاشا فیلمێک دروست بکەین.

نووسینی: حمد عکاش

وەرگێڕانی بۆ کوردی: سەپان حەسەن

باشترین چارەسەری گرفتەکان... پیاسەکردنە..!

ئەنوەر جۆلا

زانستی دەمار و مێشک:

پێویستە ئێمە زۆر زیاتر لەوە ڕۆژانە ڕێ بکەین، چونکە ڕۆشتن زۆر بەسوودە بۆ لەش و ڕووح، هەست (geest)، ئەمە بەپێی بۆچوونی زانای ئێرلەندی بۆ دەمار و مێشک Shane O'Mara، سەت ساڵ لەمەوبەر خەڵکی تێکڕا ١٥ کم لە ڕۆژێکدا بە پێ دەڕۆیشتن، بەپێی ئەو چاوپێکەوتنەی لە ڕۆژنامەی .NRC هۆڵەندیدا ئەنجام دراوە ، دەڵێت ئەمە وامان لێدەکات ئەوپەڕی توانا بەکار بهێنین و بەو ئاستە بگەین،

بەدانیشتنەوە ژیان:

جاران خەڵکی دەبوایە زۆر بەپێ بڕۆیشتایە بۆ وەدەستهێنانی خۆراکی خۆی، یان بە هۆی کارکردنەوە، دەبوایە زۆر بجوڵایە. ئێستا زۆربەمان لە ڕۆژێکدا لە دوو کیلۆمەتر زیاتر ناجوڵێین. ئەم ڕۆیشتنەش هێندە کەمە خەمگینمان دەکات.

ئێستە ئێمەی مرۆڤ وامان لێهاتووە بەدانیشتنەوە بە دیار شاشەی کۆمپیوتەرەکەمانەوە زۆربەی کات لە شوێنێکدا ژیان بەسەر بەرین. لەمەش بەهێزتر ئێمە دنیا و جۆری ژیانی خۆمان وا ڕێکخستووە، کە پێویست نەکات بجوڵێین، هەرچەندە بە پێی قسەکانی مامۆستای تۆێژینەوەی ئەزمونگەری بواری دەمار و مێشک لە زانکۆی ترنتی لە دوبلن تا ئێستاش ڕۆیشتن و پیاسەکردن، گەورەتری چارەسەی کێشەکانە؛

پیاسەکردن وەک هەتوان(دەرمان).

ئۆمارە دەڵێت: من ئەوە زۆر بەرز دەنرخێنم، کە دکتۆری خێزان، بە پێ ڕۆیشتن و پیاسەکردن وەک هەتوان دەبینن،کە بێکێشەیە و بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی لابەلای لەسەر نەخۆش هەبێت، لە دورگەی شێتلاند، پزیشکەکان بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی مێشک و هەست و دەمار چارەسەری ڕۆیشتن و پیاسەکردن بۆ نەخۆشەکانیان دەنووسن. چوارجار لە هەفتەیەکدا، هەرجارەی ١٥ کم بەپێ ڕۆیشتن، زیاتر تەندروستی لەش و مێشکمان باشتر دەکات، لەو وڵاتە هەزاران کەس ئەم ڕاستییە دەزانن و پیاسەکردن بووە بەباو.

ڕێگە سەختەکان:

دەکرێت پیاسەکردن لە ناو شارەکاندا بکرێت، بەمەرجێ شوێنی پیادەی تێدا بێت، یان لە دەرەوە لە دەشت و شوێنی سروشتی.

بە گوێرەی قسەی ئەو زانا پزیشکییە، دەڵێت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە پێ بڕۆن، پێسنیاردەکەم شوێنی سەخت و بەردەڵانی هەڵبژێرن بۆئەم مەبەستە. ئەوکاتە کارەکە بۆ مێشکت گرانتر دەکەیت و زیاتر دەیخەیتەکار.

هەستێکی دڵخۆشکەر:

بۆچی پیاسەکردن هێندە باشە بۆ مێشک..؟

ئەگەر ئێمە لە جوڵەدا بین، ئەوا مێشکیشمان لە جوڵە و لە گەڕاندایە و ئەو کاتە هەست و بیرمان ئازاد دەکەین، بەوشێوەیە دەتوانین بەڕاستی یادەوەرییەکان و هزر و هەستەکان بخەینە چوارچێوە و زەمینەیەکی تازەوە.

پشکنینەکان بە تیشکی تەنووری MRI–scanners دەریانخستووە، کە ڕۆیشتن توانای هزری و زانستیمان بەرز دەکاتەوە و زیاتر هەست بە دەوروپشمان دەکەین و دەزانین لە کوێین..؟ بەوهۆیەوە هۆشداری و هۆشمەندیمان زیاتر دەبێت. پیاسەکردن ئەندرۆفینمان دەداتێ و هەست دەکەین، کە تەندروستیمان باشە و دڵخۆشین، ئەمەش بەهێزترمان دەکات دژ بە خەمۆکی و پیربوون.

بڕوانە لاپەڕە: 8

باشترین چارەسەری گرفتەکان... پیاسەکردنە

پاشماوەی لاپەڕە 7

بەکاری بهێنم یان لەدەستی بدەم...؟

ئۆمارا دریژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێت: ئێمە ئەوەمان دۆزیوەتەوە، کە بەشێکی گرنگ لە مێشک، کە لە هەموو بەشەکانی دیکەی مێشک زیاتر گرنگە ئەویش (هیپۆکامپۆس)ە، لەڕاستیدا هەر دەمارێک ئەگەر زیاتر بجوڵێیت...!

بەهێز تر و بەتوانا تر دەبێت.

ئەو وتە بەناوبانگەمان بیردێتەوە کە دەڵێت: بەکاری بهێنم یان لەدەستی بدەم...؟

ئەگەر ماسولکەکانمان بەرەو تێکچوون چوون، ئەوا مێشکیشمان بەرەو خراپتر دەچێت، ئەو شیوازەی دوای تویژینەوەکان دێنە پێشەوە، ئەوەیە کە ڕۆیشتن یارمەتی چالاککردنی مێشک دەدات، هەموو ئەندامەکان خێرا تر و ڕوونتر و وریاتر دەکات، بیستن، بینین، خێرایی کاردانەوە و هزر و بیرمان.

فەیلەسوفە یونانیەکان.

ئۆمارا تەنها کەس نەبووە، کە هەستی بەم ڕێگەیە (ڕۆیشتن) کردبێت بۆ چارەسەر، بەڵکو فەیلەسوفە یونانیەکان پێش ئەو، بە پیاسەکردنەوە وانەکانیان دەگوتەوە، شاعیرە ڕۆمانسییەکانیش وەک وردس ورس و گیوتە بەدرێژایی ڕۆژ بەپێ ڕۆیشتوون، پاشان هۆنراوە و فەلسەفەکانیان نووسیوەتەوە، بەبێ هیچ چاککردنەوە و دەستکاری کردنێک.

من لە کاتی ڕۆیشتندا دەنووسم..؟

دەرئەنجامی تویژینەوەی مامۆستاکەی زانکۆ ئەوەیە:

خوێندنەوە بیرمان تیژ دەکات، هەروەها پیاسەکردنیش.

هەروەها پیاسەکردن توانای ڕێکخستنەوە و توانای چارەسەریشە. تۆ پیر دەبیت ئەگەر نەوەستی لە جوڵە، ئەگەر بووەستیت لە جوڵە پیر نابیت.

گومان لەوەدا نییە، ئەوی پیاسە کەم بکات، ناتوانێت لە ڕۆژێکدا ١٠–١٥ کم بە پێ بڕوات، بۆیە پێویستە لەسەرەتاوە، کەم کەم بڕۆیت و وردە وردەش ڕۆیشتنەکەت زیاتر بکەیت، تا دەگەیتە ئەو ئاستەی، کە خۆت پێت خۆشە.

دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێش لە باشووری کوردستان

بەکر شوانی

زانایانی زانکۆی کامبریدج لە ئەشکەوتی شانەدەر لە باشووری کوردستان پەیکەرە ئێسکی مرۆڤێکی نیادرتالیان دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری دێر شپیگل، ئەمە باشترین پەیکەرە ئێسکی مرۆڤی نیاندرتالە کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە.

ئەم پەیکەرە کە ناوی "نیاندرتال"Z ی لێ نراوە، باوەڕ دەکرێت هی نیاندرتالێکی تەمەن مامناوەندی یان گەورە بێت، بەڵام جارێ دیار نییە داخۆ نێرینە بووە یان مێینە.

نیاندرتالەکان ٣٠٠ هەزار تا ٣٠ ساڵ بەر لەم سەردەمە ژیاون و سەیر لەوەدایە مرۆڤی هاوچەرخ هەڵگری ٢،٥٪ "دی ئێن ئەی"ی مرۆڤی نیاندرتالە.

ڕاپۆرتی هاوپێچ زانیاریی زیاتر لە خۆدەگرێت و هێژای ئەوەیە هاوڕێیەک کاتی هەبێت و ڕاپۆرتێکی جوانی لێ ئامادە بکات بۆ میدیاکان.

بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.spiegel.de/consent-a-?targetUrl=https%3A%2F%2Fwww.spiegel.de%2Fwissenschaft%2Firak-forscher-graben-mehr-als-70-000-jahre-altes-neandertaler-skelett-aus-a-09e69559-c7bc-4f6e-a9d1-dde9d09ca75f%3Ffbclid%3DIwAR2vsM5Rn1sX9BYO4EdHAB9jsdOxu2vQEJBXlOXgqz5x34TRIO_pk0RbvOw&ref=https%3A%2F%2Fwww.facebook.com%2F

مەولانزادە و سەعیدی نورسی و کوردستانی سەربەخۆ



دکتۆر جەبار قادر

ڕفعەت (ڕیفعەت یا ڕەفعەت) مەولانزادە نیشتمانپەروەرێکی گەورەی کوردستان بوو. پێاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سەربەستی) بوو، کە بەسەر یەکەوە ٦٠١ ژمارەی لێ دەرکرد. نەیاری سەرسەختی تورکچییەکانی ئیتیحاد و تەرەقی و کەمالیستەکان بوو. لە سەر ئەم هەڵوێستەی تۆمەتیان بۆ هەڵبەست، گوایە لەگەڵ هەوڵی کودەتاکەی سوڵتان عەبدولحەمیدا بووە، لە نیسانی ١٩٠٩ و بۆ ماوەی دە ساڵ دووریان خستەوە. دواتر بیرەوەرییەکانی لە ئاوارەییدا تۆمار کرد و لە کتێبێکدا بڵاوکرانەوە. لە دوای گەیشتنی کەمالییەکانیش بە دەسەڵات ناچار بوو ڕابکات و لە سوریا بگیرسێتەوە تا لە حەڵەب کۆچی دوایی کرد. ئەو بە ڕەچەڵەک کوڕی ئەورەحمان نەجم بوو، لە بنەماڵەی مەولانزادە لە شارەزوور، ساڵی ١٨٥٠ چووبوونە ئەستەمۆل. چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دەرکردووە و یەکێ لەوانە بە ناوی "قادینلر دونیاسی – دونیای خانمان".بوو.

لە کتێبێکدا، کە لە کۆتایی ئەم نووسینە کورتەدا، ئاماژەم پێکردووە، ئەم بەسەرهاتەم خوێندەوە، حەزم کرد ئێوەی بەڕێزی لێ ئاگادار بکەم. چیرۆکەکە بەم شیوەیە.

ڕفعەت مەولانزادە لە دوای ئەوەی هیچ هیوایەکی بە عوسمانیزم یا عوسمانێتی نامێنێت و بیری کوردایەتی لەلای گەشە دەکات، نامەیەک بۆ سەعیدی نورسی (مەلا سەعیدی کوردی یا بدیع الزمان) دەنووسێت و داوای لێ دەکات هەموو پێکەوە کار بکەن، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. دوای دوو حەفتە مەلا سەعید وەڵامی دەداتەوە. کاتێ وەڵامەکە دەگاتە ئۆفیسی مەولانزادە، دوو ناوداری گەورەی ئەو سەردەمەی کورد لە لای میوان دەبن، یەکێکیان حەمدی پاشا وەزیری دەریاوانی دەوڵەتی عوسمانی دەبێت و ئەوی تریان مستەفا پاشای یاموڵکی، سەرۆکی دادگای سەربازی دەبێت، کە فەرمانی کوشتن بۆ مستەفا کەمال دەردەکات و تورک بە نەمرود مستەفا پاشا ناوی دەبن. کاتێ ڕفعەت مەولانزادە نامەکە دەخوێنێتەوە خەم دایدەگرێت و نامەکە تۆڕ دەدات و داوا دەکات بە دەنگ بیخوێننەوە.



لە وەڵامدا نورسی بۆی نووسیبوو "ڕفعەت بەگ، با کوردستان دانەمزرێنین، بەڵکو دەوڵەتی عوسمانی ڕزگار بکەین، ئەگەر تۆ ئەمە قەبوڵ بکەیت، من ئامادەم لەم ڕێگەیەدا گیانی خۆم فیدا بکەم". دوای گوێ گرتن لە ناوەڕۆکی نامەکە، مستەفا پاشاش دەڵێ "تۆ بەهەڵەدا چووی، ڕفعەت بەگ، نورسی ڕاست دەکات، ئەوە کوردستان نییە کە دەبێ دابمەزرێنرێت، بەڵکو دەوڵەتی عوسمانییە کە دەبێ چاکسازی تێدا بکرێت و ڕزگار بکرێت". هەر لەو ڕۆژانەدا دەبێ هەواڵی ڕێکەوتنی شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار پاشای ئەرمەنی لە پاریس دەگاتە ئەستەمۆل و کوردستان. سەرچاوەکە دەگێڕێتەوە، کە "مەجلیسی مەبعوسانی عوسمانی" تێلیگرام باران کرا و هەرچی سەرۆک هۆزی کورد هەبوو لە دژی وەستانەوە و ڕایادەگەیاند کە ئەوان قەت لە برا موسوڵمانەکانیان دوور ناکەونەوە.

دواتر نورسی دوو گوتاری نووسی لە ڕۆنامەکانی "إقدام " و "سبیل الرشاد" بڵاوی کردنەوە، کە تیاندا نووسیبووی ئەوانە، واتا شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادری نەهری و هاوڕێکانیان" نوێنەرایەتی کورد ناکەن و کورد نایەوێت لە گەلی موسوڵمانی عوسمانی جودا ببێتەوە، کەسیش لەو زیاتر ناتوانێت لافی نوێنەرایەتی کورد لێبدات.

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم وتانەوە بڕوانە :

Islam in Modern Turkey, An Intellectual Biography of Bediuzamman Said Nursi, Şükran Vahıde, Edıted and with an Introduction by Ibrahim M. Abu– Rabi, State University of New .York Press, 2005

شیکردنەوە و ڕاڤەی دەقی شانۆیی

نووسینی: دانا ڕەئووف

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

دووەم: دەبێت بەڵانی کەمەوە دووجار دەقەکە بخوێنیتەوە. یەکەم جار بەخێرایی بیخوێنەرەوە، بەدەم خوێندنەوەوە تێبینییەکانت تۆمار بکە، خۆت سەرقاڵ مەکە بەو شتانەوەی، کە لات ڕوون نین و جێگای پرسیارن. بنەما سەرەتاییەکانی میتودەکەت، ئەوەیە کە دەقەکە بە شێوەیەکی گشتی بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی بە دەقەکە ئاشنا بیت، بەرلەوەی بە شێوەیەکی ورتر بکەویتە خوێندنەوەی دەقەکە، تا بە دوای ئەو خاڵە سەرەکییانەدا بگەڕێیت، کە دەبنە بنەمایەک بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکە.

سێیەم: ڕووداوەکانی دەقەکە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دیاری بکە، پێناسەی شوێنی ڕووداوەکان بکە، لە چ شوێنێکدا ڕوودەدەن، دوای ئەوە لە چ زەمەنێکدا (سەردەمە مێژوویییەکە، کەشی ساڵ، چ کاتێکە لە سووڕی شەو و ڕۆژدا) ڕووداوەکانی دەقەکە ڕوو دەدەن؟ ئەتمۆسفێری دەقەکە چییە و چۆنە، هاوکات چ جۆرە هۆکارێک لەپشت دروستکردنی ئەتمۆسفێرەکەیە؟ شوێن و ڕەوشی دەقەکە چ کاریگەرییەکیان بە سەر ڕووداوەکانەوە هەیە؟ هەوڵبدە حیواری ڕۆڵەکان و ڕووداوەکان، لە دیمەنە گرینگەکاندا دیاری بکەیت؟ ئایا دەتوانین لە ڕێگای دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی شوێن و ڕەوشەکانەوە بگەینە دیدی نووسەری دەقەکە، سەبارەت بە جیهان بە شێوەیەکی گشتی و مرۆڤ لەم جیهانەدا بە شێوەیەکی تایبەتی؟ یان چۆنییەتی بیرکردنەوە سەبارەت بەوەی لە دەقەکەدا ڕوودەدات؟ ژینگەی ڕووداوەکان دەناسینەوە؟ ژینگەیەکی ریالیزمییە، یان ژینگەیەکی نادیارە–هەر شوێنێک بێت– یان لەوانەیە شوێنێکی خودگەرایی بێت: قەیرانێکی دەروونی ژیان، ڕەوشێکی هەتاهەتایی.

چوارەم: دوای دووەم خوێندنەوەی دەقەکە، دەتوانیت بە شێوەیەکی سیستێماتیکی بکەویتە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی پرسیارە بنەڕەتی و سەرەکییەکان، کە پێویست بە بیرکردنەوەیەکی قوڵ ناکات، کە وەڵامەکان لەسەر پارچە کاغەزێکی بچووک جێگایان ببێتەوە. دەقەکە باسی چی و کێ دەکات، لەسەر ئاستێکی ساکار و بێ هیچ قوڵبونەوەیەک؟ ئەمە بە شێوەیەکی کورت و پوخت تۆمار بکە: باسی چاوەڕوانی دەکات، یان سۆز و بیرکردنی کەس و شوێنێک، یان سەبارەت بە هەڵکشان و گەورەبوونی کەسێکە، یان چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ شکست و بێ هیوابوون، یان هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی ژیانێکی پڕ لە هەراوزەنا؟ ئەگەر سەبارەت بە چاوەڕوانییە، ئەو کەسە کێیە، کە چاوەڕوانە، سۆز و بیرکردن، یان ڕووبەرووی شکست دەبێتەوە؟ چۆن ئەمە دەکات؟ چۆن لە دەقەکەدا پیشان دەدرێت؟

هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی کورت و پوخت بنووسە، پێناسەیەکی کورتی ڕووداوەکانی دەقەکە یارمەتی ئەوەت دەدات تێڕوانینێکی گشتیت سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەقەکە هەبێت، دوور لە هەموو جۆرە لق و پۆپ لێ بوونەوە و وردەکارییەکەوە، کە لەوانەیە سەرت لێ بشێوێنێت. بەمەیش دەقەکە لە هەموو شتە ئاڵۆز و گرانەکان پاک دەکەیتەوە و زیاتر دیقەتت دەخەیتە سەر شتە گرنگەکانی دەقەکە. ئەم پرسیارە کورتانەیش دەروازەیەکی باشن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانت، ئەمەیش ئەوەت بۆ دەردەخات، کە تۆ دیدێکی جیاوازترت هەیە بۆ دەقەکە، لەگەڵ ئەو کەسەی دەتەوێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی. ئەوەیشمان لەیاد نەچێت، کە هەمیشە گفتوگۆ و جیاوازی بیروڕا، ڕێگایەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ؛ ئەمەیش ئەو هەستەت لا دروست دەکات، کە بە شێوەیەکی قوڵ بەدوای وەڵامی پرسیارەکانتدا بگەڕێیت.

پێنجەم: دوای ئەوەی تێگەیشتنێکی گشتیت سەبارەت بە بنەما سەرەتاییەکانی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان لا دروست بوو، دەتوانیت زیاتر قوڵ بیتەوە، لە ڕێگای ئەوەی، هەوڵ بدەی دەقەکە لە ئەندازەیەکی دوورەوە ببینیت. دەکرێت ڕووداوەکان بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە بە شێوەیەکی کردەیی، بەرجەستەکراو ببینیت. دەقەکە دابەش بکە بۆ چەندان بەشی تری کورت کورت، دوای ئەوە سەیر بکە، ئەم بەشانە چۆن پێکەوە دەبەستڕێتەوە، بە شێوەیەکی ناڕێک و پێک، ڕیزبەندی و ڕاست. بەشەکان پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن، یان لەوانەیە و دەکرێت دەقەکە لە دواوە بگێڕدرێتەوە، یان دیمەنەکان هیچ پەیوەندییان بە یەکترەوە نییە و نابنە تەواوکەری یەکتری، یان دەقەکە ئێستا، ڕابردوو و کات و شوێن تێکەڵاو دەکات. هیچ پلانێکی (ڕابردوو) هەیە، کە وا لە (ئێستا) بکات بەهایەکی تایبەتی پێ ببەخشێت؟ چۆن دەکرێت ڕیزبەندی ڕووداوەکان ڕێک بخرێتەوە؟

ماوێتی

نوێنەر و نێردراوی ئێزدییەکان لە لەندەن چوونە لای چارلس-ی شازادەی بەریتانی

لەسەر داوا و بانگێشتی چارلس– ی شازادەی بەریتانیا، نوێنەری کۆڕی ڕۆحانیی ئێزدییەکان و سەرۆکی قەوالەکان بەهزاد سلێمان سەفۆ و چەند بانوو و چەند پیاوێکی ئێزدی، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢ ەوە تا ٢٠٢٠/٢/٨ لە لەندەن بوون و لای شازادە چارلس پێشوازییان لێ کرا.

لە والّی مامۆستا (م. ئارام)ەوە

وێنەیەک بۆ میژوو....هونەرمەندی شێوەکار (محسەمەد ئیسماعیل) نووسیوێتی

892 ساڵ پێش ئێستا واتا بەر لە هاتنی سەلجوقیەکان بۆ کوردستان و بەشەکانی تری عێراق، زۆرینەی دانیشتوانی سەر قەڵای هەولێر لە نەتەوەی کورد لەسەر ئاینی جوولەکە بوون، تەنانەت موسڵمانی کوردیشی لێ هەبووە، هەروەها چەند خێزانێکی فەلەشی لێ ژیاون.

هەولێری کۆن، بە دڵنیاییەوە ئەو کاتە بۆ دەرمانیش تورکمانێکی لێ نەبووە. هەرچەندە من خۆم لە پێکهاتەی دوو نەتەوەی ڕەسەنی شاری هەولێرم لە (کورد و تورکمان)، بەڵام بە ئەرکی مرۆیی خۆمی دەزانم، کە میژوو وەک خۆی باسی لێوە بکرێت. ئەم وێنەیە شاهێدە هی ساڵی ١٩٣٢یە. هاوڵاتیانی دانیشتوانی ناو قەڵای هەولێرن بە جل و بەرگی کوردییەوە، لە پێکهاتەی جووەکان و موسڵمانەکانن. هەڵبەتە بوونی تورکمان بەڕێژەیەکی زۆر لە قەڵای هەولێر هەبووە، لە دوای ١١٢٠ ی زایینیەوە کاتی حوکمڕانی ئەتەبەک هاتونەتە هەولێر. کەچی بوونی کورد لە ناو قەڵای هەولێر و دەوروبەریدا دەگەڕێتەوە بەر لە هەزاران ساڵ پێش ئێستا، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە کورد دانیشتوانی ڕەسەنی ڕاستەقینەی شاری هەولێرن و هەولێریش لە ناو جەرگەی کوردستاندایە.

هەفتەنامەی تاراوگە لە ناو کارگە و گەلەرییەکەی پەیکەرسازی کورد (شوان کەمال)ەوە

پەیکەری مۆسیقیە ئۆپتیمیستەکان!

لە قۆناغی قاڵبکردن لە کەرەسەی(لم) دوایی داڕشتنی لە برۆنز!

پەیکەرەکە بەرزی ٤ مەترە، هونەرمەند بە (٣٠)پارچە ئیشی تێدا کردووە و پاشان کردنی بە قاڵب و داڕشتنی لە برۆنز، دەبێت هەمووی پێکەوە لەحیم بکاتەوە!

بۆ بینینی کارگەکە و شێوازی کارکردنی هونەرمەند بڕوانە یەم لینکە:

https://www.facebook.com/ShwanKamalSclputure/videos/707661012971358/UzpfSTEwMzc4MDczNDM6MTAyMTgyNjg1MDY1MTc1NjU/

یادێک لە شێخ سەعید...س.ع.شادمان



خەمخۆری ئەدیبان و نوسەرانی سلێمانی، شێخ سەعید ناسراو بە س.ع.شادمان کە سالانێکی دوورودرێژ، کاری بازرگانی دەکرد پاشان پیشەکەی گۆڕی، بە کتێب فرۆشتن، سەرەتا لە کتێبخانەی (بێکەس) لەگەڵ کۆچکردوو گەریب زێوەر لە شەقامی پیرەمێرد و پاشان لە کۆتایی هەفتاکان و لە سەرەتایی سالانی هەشتای سەدەی پێشووەوە خاوەنی کتێبخانەی(دالیا) بوو لە سابونکەران، گەنجەکانی ئەو سالانە هەمیشە کتێبخانەکەیان کردبوو، بە قەلەندەرخانەی نوسەران و ئەدیبان لە سەروو مزگەوتی (سەید حەسەن)وە، بەداخەوە پاش نەخۆشیەکی درێژخایەن رۆژی 12-02-2016 (س.ع.شادمان)، بە جەڵتە دڵ کۆچی دوایی کرد. س.ع.شادمان یەکێکە لەو قەڵەمانەی لە سالانی پەنجای سەدەی پێشووەوە، لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا نوسین و سەرەقەڵەمی شیعری و بابەتی هەمەجۆری بڵاوکردۆتەوە و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی نوسەران و شاعیرانی کۆ کردبۆوە و لای خۆی پاراستبوونی، یەکێکە لە خویندکارەکانی مامۆستا نەجمەدین مەلا، بەداخەوە ئێستا هیچ سەرچاوەیەکم لەبەردەستدا نیە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی کۆچکردوو. شێخ سەعید سالی 1933 لە ناوخانەوادەیەکی دێرین و خوێندەوار و نیشتمانپەروەری شاری سلێمانی لەدایک بووە و پەروەردە بووە، گەنجینەیەکی باش بوو بۆ ئەرشیفکردنی بەرهەمی نوسەرانی کۆن و نوێی کورد و بە دەستخەتی خۆی زۆربەی بەرهەمی نوسەرانی ئەپاراست و بەیاز و دەستنووسی زۆری کۆکردبۆوە. ئێمە کۆمەڵێک گەنجی کۆتایی سالانی هەفتاکان و سەرەتای هەشتا و تا ڕاپەڕینی سالی 1991 یش سەردانی ئەم پیاوە پەپوولە ئاسایەمان دەکرد و کتێبخانەکەیمان کردبوو، بە جێگەی گۆرینەوەی بیرورا و گفتوگۆ سیاسی و ئەدەبیەکان.

کتێبە قەدەغەکانی ئەو سەردەمەی شاخ و جۆرەها کتێبی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دیکە بە هۆی ئەوەوە ئالۆگۆڕی پێ ئەکرا...هەمیشە بە ڕوویەکی خۆش و بەدڵێکی فراوان و گەشەوە پێشوازی لێ دەکردین. شێخ سەعید برای شەهیدی نەمر شاعیر بەرگری و چیرۆکنووس (حەمە ئەمین پۆڵا)یە، کە لە سالی 1978 دا بە پێشمەرگایەتی لە قەرداخ شەهید بووە. بەندە خۆم بە قەرزاربارى ڕەوانشاد شێخ سەعید (س.ع. شادمان) دەزانم، کە لە کتێبخانەکەی ئەودا لە سابونکەران و کتێبخانەی (شانۆ)ی شێخ ئەنوەری ڕەحمەتی، ئاشنایەتیم لەگەڵ گەلێک لە ئەدیبان و نوسەرانی کورددا پەیدا کردووە و بەخزمەتی نوسەرانی پایەبەرزی وەک (ع.ح.ب، حەسیب قەرەداخی) و شەهیدانی نەمر شاکیر فەتاح و دڵشاد مەریوانی و کۆچکردووان ئومێد ئاشنا، سەلاح محەمەد، عوسمان شەیدا، هوشیار بەرزنجی و دکتۆر هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیران..... گەیشتووم و لە نزیکەوە ناسیوومن و گفتوگۆم لەگەڵ کردوون. هەروەها زۆرێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئێستەم، تەمەنیان درێژ و لەشیان ساخ بن، هەر لەم قەلەندەرخانەیەی شێخ سەعیدی ڕەحمەتیەوە ناسیوومن. لێرەوە دروود بۆ گیانی پاکی شێخ سەعید (س.ع. شادمان) دەنێرم و لە یادی کۆچی دوایی چوارەمین ساڵیدا سەرخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری دەکەم. هەروەها سوپاسی هاوڕێی ئازیزم (دکتۆر عەباس صالح عەبدوڵڵا) دەکەم...کە هەوالی دوامالئاوایی کۆچکردووی پێ ڕاگەیاندم.

من بە کۆمەڵێ لە پیاوانی ئاینی دەورەدراوم، کە بە بەردەوامی دەڵێن: ئەم دنیایە ماڵی ئەوان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەستدەگرن بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە دەستیان دەیگاتێ.

ناپلیۆن بۆناپارت

لە ئەکاونتی نووسەر و ڕۆمانووس (عومەر سەید)ەوە

گۆشەی 43 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ئاپڕوچوونێکی هەواڵگری لە ئەڵمانیا ئاشکرابوو

تەلەفزیۆنی فەرمی ئەڵمانی بڵاوی کردەوە، کە دەزگای CAA ئەمریکی و هەواڵگری ئەڵمانی Bundesnachrichtendienst لە ڕێی کۆمپانیای Crybto AGی سویسری، کە تایبەتە بە پەیوەندییە ئەلیکترۆنیەکان و خۆیان سپۆنسەری دەکەن، توانیویانە لە ساڵی ١٩٧٠ەوە تا ئەم دواییە هەواڵگری بەسەر ١٢٠ وڵاتی جیاجیای جیهانیدا بکەن، زۆر جەختیشیان کردۆتە سەر سعودیە و ئێران، لەوەڵامی ئەمەدا هەواڵگری ئەڵمانی ڕایگەیاندوە، کە هیچ لێدوانێک لەسەر ئەو کەیسە نادەن.

سێ مزگەوت هەڕەشەیان لێکرا

دوێنێ حکومەت بڕیاریدا سێ مزگەوتی شارەکانی ئێسن و هاگن و ئۆنا، بە شێوەیەکی کاتی دابخات، بەهۆی ئەوەی نامەی ئەلیکترۆنیان بۆ هاتووە و هەڕەشەیان لێکردوون، کە بیان تەقێننەوە، پێ دەچێت ئەوکارە هی نازیە تازەکان بێت.

هۆشداری لەخەتەنەکردنی کچان دەدرێت

هەرچەندە خەتەنەکردنی کچان و ژنان لەئەڵمانیا بەیاسا سزای بۆ دانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی ٧٠ هەزار کچ و ژنی خەتەنەکراو هەن. ئەو ڕێژەیەش بەرەو زیادبوون دەچێت، زۆر لە پەنابەرە موسڵمانەکان لە کاتی پشووی هاوینادا، کە دەچنەوە وڵاتەکانیان کچەکانیان بەزۆر خەتەنەدەکەن و دەگەڕینەوە ئەڵمانیا، بۆیە ڕیکخراوی "تیر دی فام"ی پارێزەری مافەکانی ژنان، هۆشداری داوەتە حکومەت لە ڕێگرتن لەو دیاردەیە و ئاسەواری خراپی بەسەر دەروونی ژناندا ڕوونکردۆتەوە.

شارێک لەدەست موسڵمانان بێزاربوون

لە گەڕەکی "ئیتزنهاون"ی شاری داخاوی سەربە هەرێمی بایرەن بەهۆی گوتاری ڕۆژانی هەینی موسڵمانێکی زۆر ڕوو لەو مزگەوتە دەکەن کە لەو شارە هەیە، مزگەوتەکە بچوکە و جێی ئەوەندە خەڵکەی تێدا نابێتەوە، کەچی حەشاماتێک خەڵک دەچن و دەیکەنە غەڵبەغەڵب هەراوهۆریا و ئۆتۆمبێلەکانیشیان خواروخێچ لەسەر جادە و کۆڵانەکان ڕادەگرن. دۆخێکی شێرزە لەوێ دروست دەکەن، زۆر جاران ڕۆژانی هەینی دزی و کاری نایاسایی ڕووەدات و خەڵکی ئەو گەڕەکە سکاڵایان پێشکەشکردووە و بێزار بوون لەو دۆخە، نازانن چی بکەن...؟

عێراقیەک کچێکی دایە بەرچەقۆ

لەناو سەنتەری شاری Dresden گەنجێکی عەرەبی عێراقی پەلاماری کچێکی گەنجی ٢٢ ساڵی هاوشاری خۆیدا و بەخەستی بریندار کرد، بە پێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، کوڕە گوایە کچەی خۆش ویستووە و کچەش دڵی بە یەکێتیی تردا چووە، ئەم کچە کوڕەی تاوانباری ڕەتکردۆتەوە، پۆلیس دەڵێت مەبەست لە لێدانی چەقۆکان نیازی کوشتن بووە. پۆلیس کابرای گرتووە، لەلایەکی تریشەوە لەشاری Salzgitter باکوری ئەڵمانیا، سوریەک بە تۆمەتی کوشتنی عێراقیەک دادگایی کرا و سزای زیندانی ١٥ ساڵی بەسەردرا، هۆکاری کوشتنەکەشی ئەوە بووە، کە گوایە کوژراوەکە حەزی لە خوشکەکەی کردووە و بەیەکەوە بینیووینی.

گۆشەی 43 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

پاشماوەی گۆشەی 43

بەهۆی بڕیکستەوە پارێزگاری شارێک لادرا

بەهۆی چونەدەرەوەی بەریتانیا لەناو یەکێتی ئەورووپا، " ئەیان ماکناب"، کە کەسایەتیەکی بەرچاوی بەریتانیەو لەمێژە لە ئەڵمانیا دادەنیشێت و ژنەکەی ئەڵمانە، ماوەی 12 ساڵە پارێزگار "عومدە" Bürgemeister ی شاری Brunsmark ی نزیک هامبۆرگە لەسەر کارەکەی لادراو بۆی نییە کاری پارێزگاری بکات، چونکە بەپێی یاسای ئەڵمانیا، ئەوانەی دەنگ دەدەن بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار دەبێت هاوڵاتی ئەڵمانی بن، بەو پێیە ئەوەی خۆشی هەڵدەبژێرێت دەبێت ئەڵمان بێت، بۆیە ئەو پیاوە بەتەمەنە پیرە بەخەمباریەوە پۆستەکەی ڕادەستی جێگرەکەی کرد.

وەرزش چارەسەری شێرپەنجە دەکات

پرۆفیسۆر " فیلهیم بلوخ" مامۆستا لەئینستیتۆی وەرزش لە کۆیڵن ڕایگەیاندوە کە وەرزش پارێزەری لە لەشی مرۆڤ دەکات تا بەرگری دژی شێرپەنجە پەیدا بکات، هەروەها توشبوش بەو نەخۆشیە هاندەدات کەبەسەریدا زاڵ بێت وبنبڕی بکات، ئەو دکتۆرە دەڵێت وەرزش شانبەشانی دەرمان ودەرزی هۆکارێکی باشە بۆ چاکبونەوەی نەخۆش.

ڕەشەبایەکی تر بەڕێوەیە

لە دوای ڕەشەبا و باوبۆرانی سابینەی هەفتەی ڕابردوو، کۆتایی ئەم هەفتەیەش ڕەشەبایەکی تر ڕوو لە باکوڕ و ناوەڕاستی ئەڵمانیا دەکات بە خێرایی ١٠٠ کم لە سەعاتێکدا، ئەو ڕەشەبایە ناوی " فکتۆریایە" و لە ئیسلەندا و ئێرلەندا هەڵدەکات و بە ئەورووپادا ڕەت دەبێت، لەو کاتەدا پلەی گەرما بەرزدەبێتەوە و شەممە دەگاتە ١٣ پلەی سەدی و یەکشەممەش تا ٢٠ دەروات.

قەشەیەک بۆ موسڵمانان دەکڕوزێتەوە

"بیرترام مایەر" قەشەی کڵیسای شاری Osnabrüc داوای لە پارتی کریستیانی کۆمەڵایەتی CSU دەکات، کە هەوڵ بدەن هەندێک بەرامبەر بە موسڵمانان کراوەبن و سود لە تێکەڵاوبوونیان وەربگرن، قەشە دەڵێت ناکرێت موسڵمانان بەشێک بن لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی ئێمەش دژایەتیان بکەین. شایانی باسە لەمدواییەدا کاندیدێکی موسڵمانی سەربەو حیزبە لەهەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی "عومدە" ی ڤالرشتاین کشایەوە، چونکە پێیان ڕاگەیاند، کە بنەماکانی پارتەکەی ڕێی نادات لەحکومەت نوێنەرایەتیان بکات، مشتومڕێکی زۆری لەسەر دروست بوو، دوایی پەشیمان بوونەوە.

سەرۆکی گەورەترین پارتی ئەڵمانی وازی هێنا

خاتوو" ئەنگرید کرەمپ کارینابوەر AKK سەرۆکی پارتی دیموکراتی کریستیان "پارتەکەی مێرکل"، لە ئەنجامی ئەو گەندەڵییە سیاسیەی، کە هەفتەی ڕابردوو ڕووبدا بەوەی سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی ئازاد FPD لە ژێرەوە دەستی لەگەڵ پارتی ڕاسترەوی نازیپەرست AFD و باڵێکی پارتی دیموکراتی کریستیان CDU تێکەڵ کردبوو، توانی دەنگی یەکەمی هەڵبژاردنەکە بەدەست بێنێت و پۆستی سەرەک وەزیرانی هەرێمی تورینگن ببات‌ەوە. بەم هۆیەوە بەناڕوونی مانەوەی ئەو کەیسە و ئەو گەندەڵییەی، کە لەناو باڵێکی پارتەکەیدا ڕوویداوە، ئە خانمە سەرکردەیە دەستی لەو پۆستە بەرداو گوتی دیارە من شکستم هێناوە لەوەی نەمتوانیووە هەڵوێستی پارتەکەم یەکخەم و دژی باڵباڵێن بووەستم.

گۆشەی زانست
مامۆستا جەزا دەینووسێت

تەکنەلۆجیای ڕۆکێت:



هێزە ئەمەریکیەکان لەم کاتەدا لە ڕۆژئاوای عێراق، ستالایتەکانیان لە سەربازگەی (عەین ئەسەد) بەکاری دێنن، کە کاتی خۆی بنکەی هێزی ئاسمانی عێراق بوو.

لە ٨ ی مانگی کانونی دووەم بە ڕۆکێت لە ناوجەرگەی بنکەییدا و کاریگەر بوو، بەڵام فڕۆکەی تیدا نەبوو، بەهە رحاڵ ئەم کارە ترسناک بوو. ئێران ئەم کارەی دژی ئەمریکا کرد، بۆ تۆڵە کردنەوەی لە ئەمریکا، لە بری کوشتنی قاسم سلێمانی و هاوڕێکانی

ئەمە ش یەکێکە لە گرفتە نوێیەکان، کە ڕوو دەدات.

بە وردی لێدانی ڕۆکێت لە ئامانج بەسەرکەوتن پێوانە دەکرێت.

دەکرێت بە هەڵە سووڕانەوەی{CEP}وە کەوتنی نیوە تیرەی سیستەمەکە. ئەوەی شایانی باسە لەم باسەدا باشترین وردەکاری لە تەکنەلۆجیای ڕۆکێت، ئەو ڕۆکێتە عێراقیانە بوو، کە سەدام حوسین سەرۆکی پێشووی عێراق، بەکاری دەهێنان بۆ لێدانی ئیسرائیل و سعودیە لە ساڵی ١٩٩١دا.

ڕۆکێتە عێراقیەکان [CCE]یەکەی لە ٢ کم زیاتر بوو.

لە ترسی ڕۆکێتی سەدام بۆ ئسرائیل لە ساڵی ١٩٩١دا زور لە هاوڵاتی ئیسرائیل بە نەخوشی دڵەرزە(جەڵتەی دڵ) مردن. هەر لەو ساڵەدا ڕۆکیتە عێراقەکان ٢٨ سەربازی ئەمەریکایان لە وڵاتی سعودیە کوشت.

Missille technology

Iran's rocket attack shows precise missille guidance has become.

کونی ڕەش لە گەردوون:

{Black hole}

ئەندازیار: عومەر ئەردەڵانی

کونەڕەش پاشماوەی کۆتایی هاتنی ئەستێرە گەورەکانە لە گەردووندا و لە هەموو کۆمەڵە ئەستێرەیەک لە چەقی کۆمەڵە ئەستێرەکە کونێکی ڕەش هەیە، وەک کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان، کۆمەڵە ئەستێرەی ئەندرۆمێندا، کۆمەڵە ئەستێرەی {M87} و گەورەترین کۆمەڵە ئەستێرەی {1C1101} لە گەردوون. بۆ نموونە کونەڕەشی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان، ناوی ساجی تاریۆسە { Sagittrius} ئەم کونە ڕەشە قەوارەکەی چوار ملیۆن جار لە قەوارەی ڕۆژ گەورەترە و قەوارەی ڕۆژ ملیۆنێک و سێ صەد هەزار جار لە زەوی گەورەترە. تیرەی ئەم کونەڕەشە ٢٣،٦ ملیۆن کیلومەترە، لە دەوری ئەم کونەڕەشە بازنەیەکی کارۆموگناطیسی هەیە بەرگری لە قووتدانی هەسارەکانی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان دەکات، کە کونەڕەشە قووتیان دەدات، ئەمەش گەورەیی خواداوەنمان پیشان دەدات، کە چۆن پارێزگاری ئەستێرەکانی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان دەکات. کونی ڕەش دوای دروست بوونی خاوەنی هێزێکی یەکجار گەورەیە هەسارەیەک یان تەنێک لێی نزیک بێتەوە، یەک سەر هەڵی دەلوشێت و قووتی دەدات. بۆ نموونە تیشک، کە خێرای ٣٠٠٠٠٠ کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا، ناتوانێت بە سەریدا تێ بپەڕێت، یەک سەر قووتی دەدات بۆناو کونەڕەشەکە، گەر تەنێک یان هەسارەیەک نزیک کونەڕەشەکان ببێتەوە کونەڕەشەکە ڕای دەکێشێت و دڕێژی دەکاتەوە. دواتر پارچە پارچەی دەکات و قووتی دەدات بۆ ناو کونەڕەشەکە. مرۆڤ ناتوانێت بەچاو کونەڕەشەکان ببینێت بەڵکو ئامێری تایبەت هەیە بۆ بینینی کونەڕەشەکان. نهێنیەکە لەوەدایە تا ئێستا کەس نازانێت کۆدی ئەو کونەڕەشانە لە چ شوێنێکە، بەڵام هەندێک بۆچوون هەیە، گوایە ئەم کونە ڕەشانە ڕێگایەکە لە گەردوونی ئێمە، بۆ گەردونێکی تر کە زۆر جیاوزە لەم گەردوونەی ئێمە، داوا دەکەم خوای گەورە یارمەتی دەرمان بێت، زانست و مرۆڤ بتوانن نهێنی ئەم کونەڕەشانە شیی بکەنەوە و کەڵکی لێ وەر بگرن.

هونەرمەندی شیوەکاری کورد
کۆچکردوو ئاراز تالیب

هۆنەرمەندی شێوەکاری کورد (ئاراس مەجید تالیب)، لە ساڵی 1969 لە شاری کەرکوک لە باشوری کوردستان لەدایک بووە، لە کاتی سەردانیدا بۆ زیدی باپیرانی رۆژی 30–11–2016 لە شاری کەرکوک بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد. یەکێک بووە، لە هونەرمەندە شێوەکارە چالاک و داهێنەرەکانی کورد، توانیوێتی هەر بەزوویی لە هۆڵەندا جێپەنجەی هونەری خۆی بسەپێنێ و بەشداری چەندەها پێشەنگای کردووە و لە چەندین کاری گرنگدا تابلۆکانی جێگە سەرنجی شارەزایانی هونەری شێوەکاری بووە، یەکێک لە تابلۆ ناسراوەکانی بە ناونیشانی کۆشکی دام لە ئەمستردام نمایش کراوە و بەوە ناوبانگی لە هۆڵەندا بڵاوبۆتەوە، لە ساڵی 1996 ەوە ئاوارەی هۆڵەندا بووە و لە شاری ئەمستردام نیشتەجێ بووە..

بەداخەوە بە جوانەمەرگی سەرینایەوە، هێشتا ڕێگەیەکی زۆری لەبەردەمدا بوو، بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هونەرمەند بڕوانە:

https://www.facebook.com/pg/Araz-talib-101980688010848/community/?ref=page_internal



تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

26 FEBRUARI . 2020 Nummer. [93] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– لە ئەڵمانیا بودجە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستی دیاریدەکرێت،ل2. ڕێبازی شا نیعمەتوڵڵایی... نووسین عەبدولواحید خەندەڕەش .ل3 – پەلکەزێڕینە، نووسینی هەمەڕەنگ.. ل 4 – لە سەردەمی کۆرۆنادا ڕۆمانی "قەڵ سپی" ی ئۆرهان پاموک بخوێننەوە. بەکر شوانی ل 5 . – باویلێ بایەکی بەسە وەرگێڕانی:. م. ئارام ل 6

– زمان و شارستانیەت.. ئایا جیهان لە داهاتوودا خۆیلەیەک زماندا دەبینێتەوە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی؟ ئەحمەد کامەران ل7. – تۆ، ئەو زمانەی کە پێی دەدوێیت، حەمە فەریق حەسەن ل 8 .... – پەنجەپرگارێک لە سیاسەت و ستراتیژی ناوخۆیی، شەماڵ بۆسکانی ل 9.

– شیکردنەوە و ڕاڤەی دەقی شانۆیی ل 10. –دەربارەی کۆرە شیعرییەکەی بەرزان هەستیار و نووسینێکی ئاسۆ بیارەیی... ل 11 . – قەوارەی زەوی لە گەردووندا، ئەندازیار عومەر ئەردەڵانی.. ل 12

– گۆشەی 44 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 13 . – ئایندەی ئەمستردام بەرەو کوێ دەڕوات، پلەی گەر

بۆ 42 پلەی سەدی بەرز دەبێتەوە لەگەڵ لافاوێکی زۆردا .. ئەنوەر جۆڵا..– گۆشەی زانستی: بابەتێکی مامۆستا .....جەزا دەربارەی سۆلار فیزیک و نووسینێکی مامۆستا لوقمان حەوێز...دەربارەی تۆڵەی سروست یان کاروکاردانەوە، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسە نوێیەکەی کرۆنا بە نموونە.. ل 15 .

– ئەمجارە دەربارەی هونەرمەندی شێوەکاری کورد کاردۆ گەرمیانی و چەند تابلۆیەکی. ل 16.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

26 FEBUARI 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 93
ژمارە 93 ی 26 ی شوباتی 2020

لە ئەڵمانیا بودجە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستی دیاریدەکرێت

لە ئەڵمانیا بودجە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستی دیاریدەکرێت

حکومەتی ئەڵمانیا بەپێی پڕۆژەیەکی نوێ، بڕیاریدا ساڵانە بڕی ٢٤ ملیۆن یۆرۆ بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان "فێسبوک، تۆیتەر، ئیستیگرام، یوتوب" تەرخان بکات، تا هەرکەس یان لایەنێک ویستی پۆست یان وێنە یان گرتەی ڤیدیۆیی و ڕەفتاری تووندوتیژی بڵاوبکاتەوە، یان هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕەگەزپەرستی و تووندڕەوی بدات، یەکسەر پەیوەندی بە نوسینگەی لێکۆڵینەوەی تاوانەوە بکەن و زانیاریان پێبدەن. حکومەت دەڵێت: پەتی تەحەمولمان پساوە، لە ڕەفتاری فێسبوک و هاوشێوەکانی.

سەرۆکی ئەڵمانیا هۆشداری دەدات

دوای ئەو قەیرانە سیاسیەی کە لەوڵاتی ئەڵمانیای گرتەوە، بەدەست تێکەڵکردنی باڵێکی پارتی دەسەڵاتدار"CDU"، پارتەکەی مێرکل و پارتی دیموکراتی ئازاد و پارتی لیبرال "FDP" لەگەڵ پارتی ئەلتەرناتیڤ "AFD نازییەنوێیەکان" لەدەنگدانی ناو پەرلەمان بۆ دانانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی تورینگن، ئێستا نێوەندی سیاسی ئاڵۆز بووە و لەوە دەترسن ئەو پارتە نازیپەرستە، کە سێیەمین پلەی بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی وڵات، جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، بۆیە "فرەنک ڤالتەر شتاینمایەر" سەرۆکی ئەڵمانیا هۆشداری لەتێکشاندنی دیموکراسیەت و گەڕانەوەی ئەو نازیانە دەدات.

سێ کەس چاویان لەپۆستەکەی مێرکلە

بەرلەکۆتایی ئەمساڵ خولی ڕاوێژکاری ئەنجێلا مێرکل تەواو دەبێت و ئەو بەنیاز نییە جارێکی دیکە خۆی کاندیدبکاتەوە بۆ ئەو پۆستە، بۆیە لەناو پارتی دیموکراتی کریستیاندا سێ کەسی دیکە خۆیان ئامادە کردووە، کە پۆستەکە وەربگرن، ئەگەر پارتەکەیان بیباتەوە، یەکەمیان: "یەن شوبان" وەزیری تەندروستی ئێستا، کە هاوڕەگەزبازە و دووەم "فریدریش مێرتس" سیاسی و ئابوریناسی پارتەکەیە، کە زۆر ڕقی لە مێرکلە و سێهەمیش"ئارمین لاشیت" سەرەک وەزیرانی هەرێمی نۆردراین وێستیفالن.

زەنگینێک میراتەکەی خۆی دەداتە نازیەنوێیەکان

پارتی ئەلتەرناتیڤی ئەڵمانیا، کە پارتێکی تووندڕەو و نازیپەرستە، ئاشکرای کرد کە ئەندازیاری دەوڵەمەندی ئەڵمانی بەر لە مردنی بڕیاریداوە پارتەکە ببێتە میراتگری و بای ٧ ملیۆن یۆرۆ خانوو دوکان و سەروەت سامانەکەی وەربگرێت، بەپێی کەنالی تیڤی ئێن دی ئاربێت ئەو پارتە وا بەنیازە سەروەت و سامانەکەی وەربگرێت.

بڕوانە لاپەڕە 13 هـل (بورهان ئەمین)هـوە

ڕێبازی شا نیعمەتوڵڵایی... نووسینی: عەبدولواحید خەندەڕەش



لە ئێران کۆمەڵە خەڵکێک هەن، یا باشتر وایە بڵێین ڕێبازێکی دینی لە نێو فارسەکاندا هەیە کە ناسراون بە [دراویش گنابادی] یا دەرویشەکانی گۆنابادی، یا نیعمەتوڵڵاییەکان. هەڵگرانی ئەم ڕێبازە پەیڕەوی لە بۆچوونەکانی [سەید نوورەددین نیعمەتوڵڵای کوڕی موحەممەد کوڕی کەمالەددین یەحیای کۆبەنانی کرمانی] دەکەن، کە ناسراوە بە [سەید نوورەددینی شانیعمەتوولڵای وەلی ماهانی کرمانی]. ناوبراو پیاوێکی دیندار بووە و زانستەکانی سەردەمی خۆی لە مزگەوتەکان لەلای مەلا بەناوبانگەکانی جیهانی ئەوسادا خوێندووە، هەر لە حەڵەب و میسرەوە تا کوردستان و ئێراق و شیراز و کرمان و هیراتی ئەفغانستان گەڕاوە بە دووای خوێندندا. هەر لە هیرات لەگەڵ نەوەی [میرحسێنی هیرەوی] زەماوەند دەکات و پاشان دەچێتە شاری ماهانی سەر بەکرمان و لەوێ نیشتەجێ دەبێ. دوای پۆشینی خەرقەی مەلایەتی چووەتە چلەکێشانەوە ئەوەی کە لە زانستی پەرتووک و سیپارەکاندا دەستی نەکەوتووە لە خەڵوەتگە و چلەخانەکاندا بەدەستی هێناوە و دەروونی خۆی پاک کردووەتەوە. لە هەورامان لە پاڵ چەندین چلەخانە و خەڵوەتگەدا چلەخانەیەک هەیە بە ناوی چلەخانەی [شێخ نیعمەتوڵڵای وەلی]. بەپێی ناوەکە دەبێ شێخ نیعمەتوولا ئەو چلەخانەیەی بنیات نابێت و لەوێدا چلەی کێشابێت.

ناوبراو بەرهەمی نووسراوەی زۆری لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە بە فارسی یا عەرەبی نووسراون لەوانە: دیوانێکی شیعر، «نصیحت ملوک»، «نکات صغیر»، «شرح گلشن راز»، «معرفت نفس»، «مهدیة»، «برزخیة»، «أمانت»، «شرح فاتحة»، «شرح اخلاص»، «منهاج المسلمین»، «هدایت»، «مکاشفة»، «فیوضات» و تاد..

ئەو ساڵی ١٣٣١ ی زایینی لە دایکبووە و لە تەمەنی ١٠٤ ساڵی دا کۆچی دوایی کردووە. تا تەمەنی ٩٧ ساڵی تەمەنی خۆی ژماردووە و لە هۆنراوەیەکدا باسی کردووە. ئێرانیەکان دەڵێن خەڵکی کرمانە و لەوێ لە دایکبووە. بەڵام سەرچاوەکانی تر دەڵێن لە شاری حەڵەب لەدایکبووە و هەر لەوێش خوێندوویەتی و پاشان بۆ دریژەدانی خوێندن ئەوێی بەجێ هێشتووە. ئێرانیەکان دەڵێن هەرچەندە شا نیعمەتوڵڵا شیعە بووە بەڵام بۆ خوێندن چووەتە شیراز؛ کە ئەو سەردەمە ناوەندێکی گرنگی خوێندنی سوننیەکان بووە. مامۆستا عەبدولکەریمی مودەررییس لە [بنەماڵەی زانیاران] دا دەڵێ شانیعمەتوڵڵای وەلی کورد بووە. ئەگەری زۆری هەیە فەرمایشی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم راست بێت چونکە لە کۆندا، بە تایبەتی لە دوای سەردەمی دەسەڵاتی سەلاحەددینەوە ژمارەی کوردانی نیشتەجێ لە حەڵەب و گوندەوارەکانی دەوروبەری زۆر بووە و تەنانەت ئێستایش گەڕەکی شێخ مەقسوودی حەڵەب گەڕەکی کوردانە و لە دەوروبەری شاریش لادێی کوردی هەیە. عەرەبەکان باسیان نەکردووە کە شا نیعمەتوڵڵا عەرەب بووبێت. بەڵام ئەگەری زۆر هەیە لە کورد عەلەوییەکانی حەڵەب بووبێت، هەر بۆیەش چووەتە هەورامان، کە هەورامان پایتەختی یارسانەکانە. ڕێبازی عەلەوی و یارسانەکانیش زۆر لە یەکترییەوە نزیکە، هەروەک چۆن ڕێبازی ئەمڕۆی نیعمەتوڵڵاییەکانیش زۆر نزیکە لە هی یارسانی و عەلەوی. لەلایەکی ترەوە چوونی ئەو بۆ شیراز ڕەنگە دیسان بە هۆی کورد بوونییەوە بووبێت؛ چونکە شیراز تەنیا بە خاتری شێخی سەعدی هەمیشە وەک قوتبێک سەیرکراوە لەلایەن مامۆستا و مەلا و ئایندارەکانی کوردەوە. گوڵستان و بووستانی سەعدی تا دەیەکانی شەست و هەفتای زایینی لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک بەشێک لە وانەکانی ئایینی لە مزگەوتەکان دەخوێندران؛ و مەلای کورد دەبوایە لە پاڵ خوێندنی عارەبی بتوانێت فارسیش فێربێت تا لە ئامۆژگاری و پەندە گرنگەکانی شێخی سەعدی بەهرەمەند بێت.

زمسانی کسوردی دایکی زمانە هیند و ئەوروپایەکان

کوردستان لە دوای ڕووهەڵمالینی گوبیکلی تەپەی نزیک ئورفە، ناسراوە بە جێ زمانی هیند و ئەورپایەکان و ئەوەش ئەوە دەگەێنێت کە زمانی کوردی دایکی زمانە هیندو ئەوروپایەکان. لێرەو بەرپرسیار مرۆڤی کورد و بە تایبەتی ئەوانەشی، کە خەمی کوردی و زمانی کورددییان هەیە و خوازیارن کار لەسەر ڕەگ بکەن. پێشنیار دەکەم وەک چۆن زمان لە زارداید و ئاوازی زار وەک دەم و وێنەی دەم و مانای دەم سەرچاوەی بۆ زیادکردنی وشە هەر لە هێمایی گیانییەوە، بۆ مانای بیرۆکەیی کە ئەبستراکە، وەک ئەو مانایە وەریگرین و کاری لەسەر بکەین، کە لە خودی وشەکاندا ماناکەی لە ئاواز و وێنە پێکهاتووە. بەنموون زمان کە لەزاری گیاندار داهەیە، پلەگوشتی ناو دەم و ڕەگی ماناکەشی کە هیمایە بۆ. ز +ا دەگەڕێتەوە و زا مانای زیاد بوونی نەوە و وشەی هەیە و ئەو مانایەش بەرامبەر بە کارو بیر زهین کە هزرییەنە.

هیواکان هیوا دەبەخشنەوە

هیوا کەریم لە ڕێگەی ئەم کارییەوە کە توانەوەی قاوخە فیشەکی تۆوپ و قومبەلە و فیشکە و دروستکردنی زەنگی کەنیسیە، پەیامی نادادپەروەرانە، کە خۆین ڕشتن و پارە دروستکردن بۆ مانای پەیامێک، کە زەنگ لێدان و بەئاگا هێنانەوە وەرگیراوە، بەم کارەش خۆیی و کورد وەک هونەر کە بە کار و بیر بە جیهانی خۆرئاوا ناساندووە. بە خۆشیەوە دەڵیم بژی هیواکان، کە کردگاریان بیر لە گۆڕانی سەرنەویلکەکانی جەنگ دەکەنەوە و بۆ بیناکردن وەری دەچەرخێنن، هەر وەک چۆن گلگامیش ئینکیدوی کردە هاوڕێ، تا بەیەکەوە مانا بە داستانی تۆوفان بدەنەوە.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڤیدیۆیە:

https://art21.org/watch/extended-play/hiwa-k-the-bell-project-short/?utm_source=newsletter&utm_medium=email&utm_content=leadimage&utm_campaign=Art21News20200219&fbclid=IwAR0ml3oXukmvgn_DsbHR_pEOH0PhsCdZiLh5m1CJZqsnWnWAXRQw5NpBxR0

بە فڕێدانی بوتڵێکی ئاو لە جامی نۆتۆمبێلێکەوە خساوەنەکەی خەجاڵەتی دایدەگرێت

موزەفەر عەزیز



پیاوێک لەناو ئوتومبێلەکەی خۆیەوە خاشاک فڕێدەداتە سەرەڕێیەک و منداڵێکی یەک سااڵنیش دەیبینێت! بەدڵنیاییەوە بۆ شوفێرەکە زۆر ناخۆش بووە، کاتێک لە شاری جینینگ لە چین بوتڵێکی پلاستیکی بەتاڵی کۆاڵ تورِ هەڵدەداتە سەر ڕێگا و لەو کاتەشدا ئەو کورِە کە ناوی "سون ژیاڕوی" یە دەیبینێت. ئەو منداڵە یەکسەر کاردانەوەی لە بەرامبەردا دەبێت و خێرا پلاستیکەکە هەڵدەگرێتەوە و لە جامی ئوتومبێلەکەیەوە دەیداتەوە دەست خاوەنەکەی، دیارە بۆ ئەو کەسە شەرمهێنەر بووە. هەروەک دایکی منداڵەکە "بوبێن" دەڵێت. بۆ دەزگای هەواڵی ڕۆیتەرز دایکی گوتی: سون هەروایە هەر کاتێک یاری منداڵێکیش دەکەوێتە سەر زەوی، زوو هەڵی دەگرێتەوە و دەیداتەوە خاوەنەکەی، پێم وایە بۆ ئەمەش هەر وای زانیووە، کە کابرای ناو ماشێن پلاستیکەکەی لێ بەربۆتەوە، بۆیە ویستویەتی بیداتەوە.

سەرچاوە سایتی فوکۆس.. بڕوا ناکەم جارێکی دی کابرای شوفێر ئیدی زاتی ئەوە بکات، خوی خەجاڵەت بکاتەوە، دەستخۆش کاکە سون!!

دوو چاڵاکی ڕۆشنبیری کوردانی تاراوگە لە هانۆفەر

هەفتەی پێشوو سمیناڕێک بۆ خاتوو "نەجیبە قەرەداخی" لەبارەی (ژنۆلۆژیی) ڕێکخراو تێیدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی ژن بەدرێژایی مێژوو و ئامانجەکانی ژنۆلۆژیی تەوەری سەرەکی باسەکەبوون. پاشان بەپرسیاری ئامادەبوان و وەاڵمی نەجیبەخان کۆتایی هات. ڕۆژی شەممەی پێشووش هەر لەهانۆفەر (نیگارگەی کۆبانێ ناوەندی کولتوری کورد لە نیورنبێرگ) دوو سمیناری بەناوەکانی "هونەروگلۆبالیزم"بۆ بەرێز لالەعەبدە و "لەستایشی ئەدەبدا"ی بۆ مامۆستا شێرزاد حەسەن سازکردو تێیدا گلۆبالیزم وکاریگەریی لەسەر هونەر بەگشتی و ئاکامە ئەرێنی ونەرێنییەکانی لەئێستاو ئایندەدا باسی لێوەکراو دواتر لەستایشی ئەدەبدا، بەراوردێک لەنێوان ئەدەب وتەواوی کایەکانیتری ژیان لەرووی دیرۆکیی و ئایینی ورامیارییەوە کراو جوانییەکانی وێژە لەزۆربواردا لەخزمەتی مرۆڤ تیشکی خرایەسەرو هەڵسەنگێندرا،ئەمەو لەکەشێکی دۆستانەدا بەشێک لەکتێبەچاپکراوەکانی نووسەر خرانە بەردیدی خوێنەران و لەدوماهیشدا بەچەندین پرسیار و بەرسڤی گونجاو ئێوارەکە بەکۆتاهات.

لە سەردەمی گۆڕۆنادا ڕۆمانی "قەڵای سپی" ی ئۆرهان پاموک بخوێننەوە



بەکر شوانی

لەم ڕۆژانەدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڕەشە لە ڕەگەزی مرۆڤ دەکات، پێشنیار دەکەم ڕۆمانی "قەڵای سپی"ی ئۆرهان پاموک بخوێننەوە!



پەرەگرافێک لە ڕۆمانەکە:

"پەتا بە شاردا بڵاو ببووەوە! سەرەتا بڕوام نەکرد، چونکە ئەمەی بەجۆرێک گێڕایەوە وەک ئەوەی باسی ئیستانبوڵ نا، بەڵکو شارێکی تری دوور بکات. لێم پرسی هەواڵەکەی چۆن بیستوە، چونکە دەمویست وردەکارییەکان بزانم. گوتی: "خەڵکی سەیریان کردووە ژمارەی ئەوانەی لەپڕ دەمردن، ڕوو لە زیادبوونە!" بیرم کردەوە لەوانەیە ئەمە پەتا نەبێت. لە بارەی نیشانەکانی نەخۆشییەکەوە پرسیارم لێی کرد. خۆجە پێکەنینی پێم هات، گوتی: "پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت. هەر کاتێک تووش بوویت، ئەوا بێ هیچ گومانێک بە تووشبوونی خۆت دەزانیت. بۆ تێگەیشتنی ئەمە، مرۆڤ ئەوەندەی بەسە سێ ڕۆژ بە ئاگری نەخۆشییەکە بسووتێت. هەندێک کەس لە ژێر گوێ و بن باڵ و سەر سکیان دوومەڵ و قنچکە دەردێت و دواتریش لەرزوتا تاویان بۆ دەهێنێت. هەندێک جار بریەکان دەتەقنەوە و جاروباریش خوێن هەڵدێننەوە. کەسانێکیش هەبوون وەک تووشبووانی ژانی زراو بەدەم کۆکینەوە مردوون." دریژەی دایێ و گوتی: "لە هەر گەڕەکێک چوار پێنج کەسێک تێداچوون." بە پەرۆشەوە پرسیاری گەڕەکی خۆمانم کرد. گوتی: "مەگەر نەتبیستوە ئەو وەستای دیوارەی کە بە هۆی ئەوەی منداڵان سێوی باخچەکەیان دەخوارد و مریشک بەسەر دیوارەکانیدا دەچوونە حەوشەیەوە، بەردەوام لەگەڵ خەڵکی گەڕەکدا لە شەڕدابوو، هەفتەیەک لەمەوبەر بەدەم تاوە هاواری لێ هەڵساوە و مردووە؟ ئێستا هەموو کەسێک دەزانێت بە پەتا مردووە." هێشتا نەمدەویست بڕوا بکەم. هەموو شتێک لە دەرەوە ئاسایی بوو، ئەو کەسانەی بە بەردەم پەنجەرەکەدا تێدەپەڕین، هێمن و لەسەرخۆ بوون، پێم وابوو پێویستە کەسێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی شیرزەیی و پەرۆشیی خۆمی لەگەڵ بەش بکەم. سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی، پاش ئەوەی خۆجە چوو بۆ دەرسخانە، من دەرپەڕیمە دەرەوە. بەدوای ئەو خێزانە ئیتاڵییە لە ئاین وەرگەڕاوانەدا گەڕام کە توانیبووم لە ماوەی یازدە ساڵ مانەوەمدا لەوێ بیانناسم. یەکێکیان، بە ناوە تازەکەی، مستەفا ڕەیس، چوو بوو بۆ کارخانەی دروستکردنی کەشتی. ئەوی تریان، عوسمان ئەفەندی، سەرباری ئەوەی شێتانە بە دەرگای ماڵیمدا کێشا، لە پێشدا دەرگای لێم نەکردووە.

بە غوڵامەکەی گوت پێم بڵێت لە ماڵ نییە، بەڵام دواتر خۆی پێ ڕانەگیرا، لە دواوە بانگی کرد و گوتی: "چۆن وا دەبێت؟ تازە بەتازە دەپرسیت داخۆ نەخۆشییەکە ڕاستە! مەگەر ئەو دارەبازانە نابینیت بەسەر شانی خەڵکەوە؟" پاشان گوتی: "بە ڕووخسارتدا تێگەیشتووم دەترسیت. بۆیە دەترسیت، چونکە هێشتا پێ لەسەر کرستیانبوونی خۆت دادەگریت!" لۆمەی کردم: "مرۆڤ ئەگەر بخوازێت لێرە کامەران بێت، پێویستە بچێتە سەر ئاینی ئیسلام." بێ ئەوەی تەوقەم لەگەڵ بکات و دەستم پێوە بدات، چووە ماڵە تاریک و شێدارەکەی خۆیەوە. کاتی نوێژ بوو. بە بینینی ئاپۆڕەی حەوشەی مزگەوتەکان، ترسم لێ نیشت و بەپەلە بۆ ماڵ گەڕامەوە. گەمژەیی و سەرسوڕمانی ساتەکانی کارەساتم تێدا بەدی دەکرا. دەتگوت ڕابردووی خۆم لە بیر کردووە، ڕەنگی بیرەوەرییەکانم کاڵ بووەتەوە و هەستم دەکرد لە دەست و پێ کەوتووم. دەستەیەک خەڵکم بینی لە کۆڵاندا دارەبازێکیان هەڵگرتبوو، بە جارێک قەڵەمی ئەژنۆم شکا."

پەڕینەوە بەسەر پردێکی کۆندا

کچێک و باوکی بەسەر پردێکی کۆندا دەپەڕینەوە. باوکەکە گوتی: کچم، تۆند دەستم بگرە با نەکەویتە خوارەوە! کچەکە گوتی: نا بابە، تۆ دەستی من بگرە! باوکەکە زۆر سەری لەم قسەیەی کچەکەی سوڕما و لێی پرسی: بۆچی؟

کچەکە گوتی: ئاخر بابە ئەگەر من دەستی تۆ بگرم، لەوانەیە لە یەکەم هەڵخزانی پێمدا بکەومە خوارەوە، بەڵام ئەگەر تۆ دەستی من بگریت، دڵنیام ناهێڵیت بەهیچ جۆرێک بکەومە خوارەوە!

باویلێ بایەکی بەسە

"باویلێ بایەکی بەسە*:" پەندێکی پێشینانی کوردییە، بۆ ئەو کەسانە ئەووترێت، کە ئاسان و بە کەمترین هەوڵ هەڵئەچن، تەنگەیان ئەگیرێت، هان ئەدرێن و زوو ئەجووڵێندرێن.

* باویلێ: تۆوی گەیشتووی گیابنچکی تاڵیشکە، تۆوەکان وەک لە دەزوولەی سپی بەستراون، بە دەیانیان پێکەوە لە ناو گوڵە زەردەکانی تاڵیشکەکەدا تۆپەڵە ئەبەستن و دیمەنێکی خڕی سپیی جوانیان هەیە، وشک بوونەتەوە و سووکەڵە، لەسەر پێن بە دەم باوە بڕۆن و لە شوێنێکی تر بکەونە سەر ئەرد، بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا، لە وەرزی خۆیدا بڕوێنەوە. زۆرن ئەو ڕووەکانەی، کە بەو ڕێیە تۆوی خۆیان پەخش و بڵاو ئەکەنەوە.

لێرەدا هەڵبەستێکی ئەڵمانیم بە ناوی (باویلێی هەڵوەریو)ەوە، بە کەمێک دەستکارییەوە کردووە بە کوردی؛ هەڵبەستەکە (یۆزیف گوگنمۆس) بە شێوازێکی گاڵتەئامێز نووسیویەتی.

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: م. ئارام

Verblühter Löwenzahn

Wunderbar
stand er da im Silberhaar.

Aber eine Dame,
Annette war ihr Name,
machte ihre Backen dick,
machte ihre Lippen spitz,
blies einmal, blies mit Macht,
blies ihm fort die ganze Pracht.

Und er blieb am Platze
zurück mit einer Glatze.

باویلێی هەڵوەریو

چەند جوان بوو
بە قژی زیوینەوە لەوێکانە.

بەڵام خانمێک، ئانێتەی* جانانە
هات، گوپی هەڵپفاند،
لچ و لێوی هەڵقوتاند،
فوویەکی قایمی وای دەرپەڕاند،
گشت ڕاز و هونەرەکەی هەڵفراند.

گوڵە، هەر ئەوەی بۆ مایەوە،
لە جێی خۆی سەری ڕووتایەوە.
*****

* ئانێتە، ناوێکی ئافرەتانە لە ئەوروپا.



(شاعیر و نووسەری کتێب بۆ منداڵان Josef Guggenmos یۆزیف گوگنمۆس ساڵی 1922 لەدایک بووە و ساڵی 2003 کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لەو شاعیرە ناسراوانەی ئەڵمانیا، کە بەزمانێکی ڕوون و ڕەوان بۆ منداڵانی نووسیوە و نزیکەی ٢٠ خەڵاتی پێبەخشراوە و خاوەنی زیاتر لە ٥٠ کتێبی چاپکراوە و لە ساڵی 2016 ەوە ئەکادیمیای ئەڵمانیی بۆ ئەدەبی منداڵان و گەنجان خەڵاتێکی بەنرخی 3000 ئیرۆ کردووە بەناوەوە، کە لە ساڵی 2020 ەوە دەیبەخشرێت بە شیعری منداڵان.

بەرگی یەکێک لە کتێبەکانی شاعیر و نووسەری ئەڵمانی یۆزیف گوگنمۆس، (کاتێک دێوەکان ئەپژمن)

زمان و شارستانیەت.. ئایا جیهان لە داهاتوودا خۆی لەیەک زماندا دەبینێتەوە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی؟

ئەحمەد کامەران

21 شوباتی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی زمان دیاری کراوە، کە ئەمەش ڕۆژێکی گرنگە چونکە زمان وەکو ئەوەی کە دەگوترێت بە ناسنامەی سەرەکی گەلان دادەنرێت. واتە بۆ ناسینەوەی هەر گەلێک لە ڕووی کولتووری و شارستانیەکەی سەرەتا لە ڕێگای زمانەکەیەوە پەنجە دەخرێتە سەر ئەو گەلە بۆ ناسینەوەی. ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو بە چەندین زمان بوونیان هەبووە، کە هەریەکەیان تایبەت بە گەلێک بوون، بەڵام لەگەڵ لە ناوچوونی ئەو گەلە ڕاستەوخۆ زمانەکەش لەگەڵی لەناوچووە، بۆ نموونە وەکو زمانی (سۆمەری و ئەکەدی)، کە خاوەنی زمانێکی تایبەت بەخۆیان بوون، لەگەڵ لەناوچوونیاندا زمانەکەیشیان فەوتاوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا مابێتەوە لە پاشماوەی ئەو دووزمانە ئەوەیە، کە لەناوەندە ئەکادیمیەکان خوێندنەوەی لەسەر دەکرێت، یاخود تەنها توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو لایەنی مێژوویی دەخوێنرێت بۆ ناسینی زمانی ئەو دووگەلە، هەرچەندە ئەم دوو زمانە وەکو نمونەیەک بوو، کە خستمەڕوو خۆی لە بنەڕەتدا چەندین زمانی دیکەمان هەبووە، کە بە درێژایی مێژوو لەناوچوون لەگەڵ ئەوەشدا لە مێژوودا تۆمار نەکراون و بە نادیاری ماونەتەوە، ئەگەر چی لە ئێستادا لە سەدەی بیست و یەکداین، لە جیهان نزیکەی 1600 زمان بوونیان هەیە. جگە لەو زمانانە هەر زمانێک خۆی لە چەندین زاراوە (دیالێکت)ێک دەبینێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگای سەرسوڕمانە، کە گۆیەکی زەوی ئەم هەموو زمان و زاراوەیەی لە خۆگرتووە. لە پاڵ ئەوەشدا زۆری ئەم زمانانە لەلایەکی دیکەوە بۆتە مایەی نائارامی، چونکە هەرخاوەن زمانێک هەڵدەستێت و دەیەوێت خۆی بسەپێنێت بەسەر زمانەکانی دیکەدا، کە ئەمەش لە دەرئەنجامەکەیدا جەنگ و ململانێ دروست دەبێت، هەندێکیان بەهۆی بارودۆخی جیا جیاوە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە ناوبچن. هەرکاتێک دەربارەی پرسێک قسەبکەین یان تاوتوێ بکرێت، پێویستە ناوی گەلێکی ستەملێکراو بێتە نێو ئەو پرسانەوە، کە ئەویش گەلی (کوردە). ئەگەرچی پرسەکە دەربارەی زمانە بێگومان کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە خاوەن زمانیکی فراوان و تایبەت بەخۆیەتی، کە بەپێی ڕیزبەندیەکان بێت لە پلەی (40)هەمینی زمانەکانی جیهاندایە، بەڵام ئەوەی کە جێگای نیگەرانیە ئەوەیە، کە ئەم گەلە بە درێژایی مێژوو هەوڵدراوە ناسنامەکەی لێ بسێنرێتەوە، ئەویش زمانە شیرینەکەیتی لەپاڵ ئەوەشدا داگیرکردنی خاکەکەی، بەتایبەتیش لەلایەن دەستەڵاتدارانی (فارس و عەرەب و تورک)ەوە. ئەگەرچی دەستەڵاتدارانی ئەم سێ گەلە ڕەگەز پەرستە، بەردەوام هەوڵیان داوە زمانی کوردی و بوونی کورد بسڕنەوە لە نەخشەدا، یاخود هەوڵی بچووکردنەوەیان داوە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام هەمیشە شکستیان هێناوە و هەردەمیش شکست دەهێنن بەرامبەر بە خەباتی گەلی کورد. ڕەنگە لە هەندێ لایەنەوە بەشێوەیەکی کرچ و کاڵ گاریگەریان دروست کردووە بۆ سەر زمانی کوردی بەڵام نەیان توانیوە تەواوی زمان و شارستانیەتی خۆیان بەسەر گەلی کوردا بسەپێنن.

هەڵبەتە پرسێکی تری مەترسیدار بۆ سەر زمانی کوردی بریتییە لە حوکمی دەسەڵاتدارانی کورد خۆی، کە ماوەی 28 لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، کە وایان کردوە ژینگەیەکی نالەبار بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دروست بکەن لە هەموو ڕوویەکەوە، کە هەر جارەو خەڵک تووشی قەیرانێک دەکەن، جارێک کارەبا و نەوت و غاز و بێکاری و نەبوونی دامەزراندن بۆ گەنجان، کە دەرئەنجامی ئەم هەموو ناخۆشیە دەبێتە هۆی ئەوەی لەلای بەشێکی زۆری تاکی کوردی ڕقی لە زمانی خۆی ببێتەوە، بەتایەتیش لە نێو بەشێکی زۆری گەنجاندا، کە دەبینێت هەلی کاری دەست ناکەوێت، ئەوسا دەڵێت: زمان و ئاڵا و خاک بەمن چی..؟ کە هەلی کارێکم دەست نەکەوێت، لە کوردستانێکی ئاوادا. بێگومان ئەم قسانە جێگای داخە چونکە زمان و خاک و ئاڵا هیچ پەیوەست نەکراوە بەم دەسەڵاتەوە، بەڵکو ئەوە شەرەفێکە وەکو هەموو گەلێکی تر هەمانە، ئەگەر چی ئەم بارودۆخە وا بەردەوام بێت ئەم تۆزە خاک و زمان و ئاڵایەشمان دەکەوێتە لێواری مەترسیەوە لەلایەن دوژمنانەوە، بۆیە ناکرێت بەهۆی پرسێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵێک پرسی دروستکراوی ئاوەهادا، ئێمە زمانی خۆمان بخەینە مەترسیەوە، چونکە دوایی دوژمنان ئەم هەلانە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە وە چەندین کاری نەخوازراو بەرامبەر بە کورد ئەنجام دەدەن.

هەردەم زیندو بێت زمانی شیرین کوردی...

تۆ، ئەو زمانەی کە پێی دەدوێیت



حەمەفەریق حەسەن

ئێمە خاوەنی هەر پیشەیەک بین، لە هەر ئاستێکی مەعریفیدا بین، هەردەم لەنێو ژینگە و نێوەندی زمانیدا دەژین و مامەڵە دەکەین. بۆیە بەرلەوەی بیر لە ڕێکخستنەوەی وڵات و ماڵی کورد بکەینەوە، گەرەکە ماڵی زمان ڕێک بخەینەوە. چونکە لە ڕێی زمانەوە تەواوی جومگەکانی کۆمەڵ و وڵات ڕێک دەخرێن. ئەوەیش بزانە هەتا زمان سەربەخۆ نەبێت، ئاوەزیش (ئەقڵ) سەربەخۆ نابێت.

دەشێ لە داهاتوودا زمانی کوردی ببێت بە زمانە کوردییەکان، ئەگەر لە نێوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، ئەم زمانە نیمچە ستانداردەی وا ئەمڕۆ کاری پێ دەکرێت، نەچەسپێت و بە فەرمی نەناسرێت. چونکە ئەم سەدەیە لە خۆیدا چاخی لە نوێ پارچە پارچە بوون و بووژانەوەی تاقمی ئیتنیکی و خێڵ و تایەفەکانە. ئەوە دەسەڵاتی زمانە، کە تایبەتمەندیی هەر فەرهەنگێک دەپارێزێت و شکڵگیری دەکات. ناسنامەی ئێمە ئەوەیە، کە لەنێو مەزنە دەفری زماندا پارێزراوە. واتە زمان گوێرایەڵیی تاک بۆ فەرهەنگ و بۆ گەلێک چالاک دەکات. شێواندنی زمانیش دەبێتە هۆی شێواندن و داڕووخانی ناسنامەی تاک و مێژووەکەی. ئەوەتا لە باشووری کوردستان، زمان تووشی داهزان هاتووە و خەریکە زمانێکی تری بیژی جێی زمانی کوردی دەگرێتەوە. ئەم زمانە بیژییە، تێکەڵەیەکە لە زمانی کوردی و عەرەبی و خەریکە ئینگلیزیشی تێکەڵ دەبێت. مەترسیی ئەم زمانە بیژییە تەنیا لەوەدا نییە، کە بووە بە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە، بەڵکو ناوەیلی کۆمپانیا، دووکان و شوێنە گشتییەکانیش هەر بەم زمانە بیژییە نووسراون.

ڕەنگە شارەوانی هۆبەیەکی تایبەتی وەهایشی نەبێت لە ناو و ناونیشانی دووکان و شوێنە گشتییەکان بپرسێتەوە، دەنا چلۆن ناونیشانی وەک: (فڕنی عەبدوڵڵای ئۆتۆماتیکی) کە جێی پێکەنینە، قەبووڵ دەکرێت و دەچەسپێت؟ جواننووسەکانیش بەشی خۆیان ڕۆڵیان لە تیکدانی زماندا هەیە. ئەوان بە ڕێنووس و ڕێزمانی هەڵە ناوی دووکان، بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەنووسن. کارێکی ئاسانە شارەوانی یان پارێزگە خولی فێربوونی ڕێنووس و ڕێزمان بۆ خۆشنووسان بکاتەوە.

ئەوەتا ئەم زمانە شاشە گەیشتۆتە ڕادیۆ و تیڤییەکانیش. لەوێدا نزیکەی سەرلەبەری گوتوبێژەکان بەم زمانە دیوانگۆڕە (مسخ) بەڕێوە دەچن؛ بێئەوەی سانسۆرێک هەبێت پێشیان پێ بگرێت، یان لایەنێک لێببڕێ لێپێچینەوە لەم بوارەدا بکات. دەتوانم بڵێم: لەم وێرانکارییەدا ڕادیۆ و تیڤییەکان پرمەترسیترین لایەنن. خۆ دیوانگۆڕی زمانی کوردی دەستی دەرەکیی لە پشتەوە نییە، بەڵکو ئەوە خۆمانین، کە بە پاچ و پێمەڕە تێیکەوتووین، کەی تێدا دەکەین و دەیشێوێنین. بۆ نموونە: ڕادیۆ و تیڤییەکان بوون (ئێسکوپرووسک)ی کورددییان بۆ (ڕوفات– رفات)ی عەرەبی گۆڕی. بەهۆی دۆخی جیهانگیری، کرانەوەی ئابووری و هامشۆی نێوان کوردستان و دەرەوە، دەیان زاراوەی نوێی دەرەکی پەیوەنەتە نێو زمانی ڕۆژانەوە و بەسەر زاری تووێژی لاوانەوەن. ئەگەر جاران نووسەران، بە ناچاری زاراوەکانی وەک: سڤیل، دیکۆمێنت، ئەرشیڤ و ئەرگومێنت، پرۆژە–یان، بەکارهێنابێت، ئێستا خەڵکی عەوامیش زاراوەی وەک: (باڵانس، سی ڤی، ئۆکەی، ڕۆنگساید، ئۆفەر... تاد) بەکار دەهێنین.

کەسیەتیی شاراوە

تاکی کورد لەبن فشاری خێڵ، بنەماڵە، ئاین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، خۆی حەشار داوە. وەک ئارایشتێکی خەستی کردبێت، تۆ ناتوانی ڕەنگ و ڕووی ڕاستینەی ئەو بزانیت و هەڵیبسەنگێنیت. تاکەکان بێئەوەی وانەی نمایش و شانۆیان خوێندبێت، ئەوان ڕۆژانە لەسەر شانۆی ژیان ڕۆڵ دەبینن. تاک هەیە خۆی وەک کەسێکی ئاینی دەناسێنێت، کەچی ئەو لە ناوەڕۆکدا فڕی بەسەر ئاینەوە نییە. خۆی وەک چە گیڤارا دەناسێنێت، کەچی ئەو فایلی ڕەشی هەیە و ملی چەندان هاوڕێی سەنگەری خۆی شکاندووە. خۆی وەک دەستپاک پیشان دەدات، کەچی کل لە چاوان دەڕفێنێت. وەک تاکێکی داوێنپاک خۆی دەناسێنێ، کەچی بە چرای ڕۆنگەرچەکەوە بەشوێن داوێنپیسیدا دەگەڕێت.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە تاکانە ئەکتەرن. ڕۆڵی ئەو کەسیەتییە دەبینن کە لەناو کۆمەڵدا ڕێزیان لێ دەنرێت. یان ئەو ڕۆڵە دەبینن کە باوکان پێیان خۆشە و بۆ نەوەکانی خۆیان بە ئاواتیان خواستووە... تاد

پەنجەپڕگارێک لە سیاسەت و ستراتیژی ناوخۆیی

نووسینی: شەماڵ بۆکانی

دوو هێز، دوو جەمسەر بە ڕواڵەت و بنەمای ئایدۆلۆژیایی جیاواز، ستراتژ و تاکتیکی ناوخۆیی دەسەڵات، ئایین و عیلمانییەت، نۆستالۆژیا و کۆمەڵگا لە نهێنیەکانی دەسەڵات، سۆسیۆلۆژی (کۆمەڵناسی) سیاسی لە پێناو دەسەڵات..

دوو هێز، دوو جەمسەر بە ڕواڵەت و بنەمای ئایدۆلۆژیایی جیاواز، کە بنەمای نەتەوەیی بە ڕاسیستی دەزانێت و پاشگرەکان بە مێژووی دەسکەوتە نەتەوەییەکانەوە دەبەستێتەوە، ستراتیژیکی ناوخۆیی بۆ بە لاڕێدابردنی کۆمەڵگاکەی پەیڕەو دەکات. پەیڕەو کردنی ئەم دیاردەیە لە ڕووالەتی یەک گرتندا، بە ناچاری و بێهیوا بوون، لە سڕینەوەی یەکترە، کەوابوو پلانی دابەشکاری جیوگرافیای سیاسی ناوخۆیی بۆ دابەشکردنی داهاتی گشتی و سامانە سروشتیەکان، پەیڕەویکی تاکتیکی دەوێت بەناوی یەکگرتن لە بەرژەوەندی گەل، بەڵام وەک چۆن سەندیکا و ناوەندەکانی پشتیوانی کردنی مافی ئافرەتان و پیاوان، ڕواڵەتی و چەواشەیە، لە کاتێکدا یاسای بنەڕەتیت هەبێت، ئەم دوو یەکگرتنی جەمسەرەییە هەمان چەواشەکارییە بۆ بازنەی مافیایی داگیرکاری ئاوەزی کۆمەڵگا و کانزا بە تاڵانبردن لە پاشەڕۆژدا. ئەم تاکتیکە دەکەوێتە ڕێڕەوی سێبەری ستراتژییەتی ناوخۆیی بۆ گەوجاندنی کۆمەڵگای گۆشکراوی حزبایەتی، بەئەزمونی ڕاهێنەری بیربردنەوەی میژوویی بە پەیڕەوی هەڵسەنگاندنی سایکۆلۆژیایی، بۆ لەبیربردنەوەی کۆمەڵگا و بەگشتی بەرەی داهاتوو، ئامانجیش ئەوەیە، ئەوانەی شرۆڤەی دەستکەوتەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەکەن نەناسرێن، کە نەوەی ژنێتیکی و گۆشکراوی ئەوانەن وا خیانەتیان لە کۆماری کوردستان کرد و ڕووخاندیان.

ستراتژ و تاکتیکی ناوخۆیی دەسەڵات، ئایین و عیلمانییەت، نۆستالۆژیا و کۆمەڵگا لە نهێنیەکانی دەسەڵات. لەکاتێکدا دوو جەمسەری ئایدۆلۆژیایی عیلمانی دەگەنە ڕێکەوتنی دابەشکاری جیوگرافیای سیاسی ناوخۆیی بە بەشی داهاتی گشتیەوە، زەمەن بە پێشکەوتنی ئاوەزی تاکی کۆمەڵگا، وەک پرسیار ئاراستەیان دەکات، کەوابوو کێشەکانتان چین، چ بوون و چییان بەسەر دێت...؟ ئیتر لێرەوە دەردەکەوێت دەسەڵاتە عیلمانییەکان ستراتژی داڕێژراوی جیهانی لە سنوری دەسەڵاتی خۆیان وەک تاکتیک وەگەڕ دەخەن، واتە ئایین بە هەموو جۆرەکانییەوە دێتە ناو بازنەی گەمەی سیاسی، چونکە ڕێڕەوی دەسەڵاتی عیلمانی بەسەرقاڵی دەسەڵاتەکانی ئایینیەوە، کۆمەڵگا سەرقاڵی دەسەڵاتی چوارەم دەکات. کەوابوو جەمسەرەکانی ئایدۆلۆژیایی جیاواز بە مەکتەبی و بە ئاسمانییەوە گرێدراوە، لە پێناو خڵافاندن و داهاتی دەسەڵاتی چوارەم، کە پێی دەگوترێت ڕاگەیاندن. بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا، ستراتژی نوستووی دین و ئایین وەک تاکتیک بێتە کایەوە، بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتداری ناوەندەکانی ئایینی بەبێ جیاوازی، هەموویان هاوبەش بوون، لە داهاتی گشتی و کانزاکانی ولاتێک، کە حکومەت دابەشیان دەکات. کاتێکیش باس لە ستراتژی نوستوو دەکرێت، واتە مەیداندان بە خولقاند و چەسپاندنی نۆستالۆژیای بەرەیەکی داهاتوو، بۆ ئەوەی لەهەر بڕیارێکدا جیا لە دەسەڵاتی مێشکی خۆی، فەرمانی نۆستالۆژیایی ئایینی بڕیاردەری بەشێکی ویستەکانی بێت، بۆ بەردەوامی پێک هەڵبژاردنی عیلمانی و ئایینی. واتە کاتێک پێک هەڵپڕژانی جەمسەرەکانی ئایین و عیلمانی لە چوارچێوەی دادگادا خۆیان دەبینەوە، واتە پیادەکردنی دیموکراسی، بەڵام خەڵەفاو، بە بێ هەست پێکردن و گەڕانەوە بۆ ئەو مەعریفەی، مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە ئایین بڕوانێت.

سۆسیۆلۆژی (کۆمەڵناسی) سیاسی لە پێناو دەسەڵات:

لە بەشی نهێنی پەروەردەیی دەسەڵات، لە پێناو بەرژەوەندی ستراتژ و تاکتیکدا بۆ چۆن بەڕێوەبردنی ناوخۆیی کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی جیوگرافیایەکی سیاسیی و فرە کەلتوری و فرەئایینیدا، کۆمەڵناسەکانی سەر بە دەسەڵات لە ناوەندەکانی ستراتژیکدا، تاوتوێی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگا دەکەن، بە پێوەرەکانی پەروەردەیی زانستیی و ئایینی و فەرهەنگی گشتگیری نەتەوەییدا. یەکەم پێوەری هەڵسەنگاندنی کۆمەڵناسەکان لە کاتی بەرێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندایە، لەو کاتەیدا هەڵچوون و هەڵخرانی هەستی کاتی تاکی کۆمەڵگا دەگاتە دیاردەی خۆدەرخستنی یاسایی و دەکرێت شەن و کەو بکرێت. واتە کاریگەری نۆستالۆژیایی بەرەی نوێی سەر سندووقەکانی دەنگدان بە پێوەرەکانی ئایینی، فەرهەنگی گشتگیری کۆمەڵایەتی ئایینی، فەرهەنگی زانستی و مەعریفە کە ئەویش لە چەند ڕەهەندی هونەر بە گشتی و میوزیک و وێنەکێشان و پەیکەرتاشیدا خۆی دەبینێتەوە، کار بۆ داگیرکردنی ئاوەزی تاکی کۆمەڵگا دەکرێت. ئامانجەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی بزاندرێت، ئاخۆ ڕەوتە تێپەڕێوەکانی شارستانی و ڕاهێنانی پەروەردەیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و دەشتەکیدا ، تاچەندە کاریگەری لە سەر بڕیاری دەنگدەران هەبووە لە بووارێ نۆستالۆژی ئایینی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، ئەم تێبینییەش یاسای نووسراو و نەنووسراوی حکومەت و بەگشتی دەسەڵات بۆ داهاتوو دیاری دەکات. کاتێک ڕەوتی فەرهەنگی زانستی عەقڵانی ، بڕیار و کاریگەری لە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ڕەنگدانەوەی هەبێت، تەزوویی وریاکردنەوەی دەسەڵات، خۆی لە هێڵەسوورەکانی ئەمپێڕی دژە باودا دەبینێتەوە، واتە بوودجەی ناوەند و بنکەکانی ئایینی و پەروەردەیی سەربەدەسەڵات ئوتووماتیکەن بەرز دەبێتەوە. کەوابوو کۆمەڵناسەکان وەک پێویست، بۆ دیاری کردنی باڵانسی زانستی کۆمەڵگا، لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیدا دەبێت بوونیان هەبێت و بمێننەوە بۆ داڕێژەی نوێی ستراتیژ و تاکتیکی ناوخۆیی، کە بیانەوێت ئاراستەی ناو کۆمەڵگای کەنەوە. زۆر جار دیاردەی نۆستالۆژی گەلێک تێکەڵەیەک دەبێت لە فەرهەنگی ئایینی کۆمەڵایەتی باو، بۆیەش وەک کوردەواری خۆمان دەڵێن وا باشە ڕێڕەوسمی ئایینی و کەلتووری ڕەسەن بکوردێنین، هەرچەند ئەم ڕەوتە دەتوانێت پاڵنەری هەستی ڕووالەتی نەتەوەیی بێت، بەڵام قاڵبوونی ئایدۆلۆژیایەک لە گەڵ فەرهەنگی کۆمەڵایەتی گەلێک، بە پێی ئەزموون گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی لە کۆتاییدا هەر ڕەوتی ئایدۆلۆژیایی سەردەکەوێت، چوونکە ڕەوتی کۆمەڵایەتی ئامانجی گرتنە دەستی دەسەڵات نییە، بەڵام بە پێچەوانە ئایدۆلۆژیاکان ئامانجیان دەسەڵاتە و لە ڕووانگەی ڕەوتی دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە ڕەوتی بەردەمی خۆی بۆ داهاتوو دەپێوێت، ئەویش بە مەبەستی چەسپاندنی نۆستالۆژیایی و دەنگی داهاتووی سندووقەکانی دەنگدان بۆ سەرکەوتنی یاساکانی کۆنترۆلی ساویلکانەیی کۆمەڵگا. کاتێک لێرەدا باس لە چەسپاندنی ئایدۆلۆژیایی دەکرێت، پەیڕەویکی سیاسیی و ئایینی نهێنییە، واتە ئایین و ئایدۆلۆژیا بۆیە لە سەر مێشک و دڵی مندااڵ و تازەلاوێک کار دەکەن چوونکە پێیان وایە دڵی منااڵ و هەرزەکارێک ئاوێنە و دەشتێکی کێڵدراوی پێشتر بووڕە بووە، چی بچێنی بەرهەمی دەبێت، ئەو بەرهەمەش ڕەگ ئاژۆ بوونی کاریگەری دڵە بە سەر مێشکەوە ،واتە هەمان ڕەوتیعەشق و خۆشەویستی کە زۆر جار دڵ بڕیاردەرە نەک مێشک و ئاوەز.

شیکردنەوە و ڕاڤەی دەقی شانۆیی

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

شەشەم: بە دیقەتەوە سەیری کارەکتەرەکان بکە. چەند ڕۆڵ لە دەقەکەدا هەن؟ چ کارەکتەرێک ویستێکی بەهێزی هەیە و ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەرەوپێشەوە دەبات؟ چ شتێک ڕێگا لە کارەکتەرە سەرەکییەکە دەگرێت و بەربەست دەخاتە بەردەمی، لە بەدیهێنانی ئەو شتەی دەیەوێت؟ چ جۆرە کارەکتەرێکی تر هەن و ڕۆڵەکانییان چییە و چ پەیوەندییەک پێکییانەوە دەبەستێتەوە (بە تایبەتیش بە کارەکتەری سەرەکییەوە)؟ لەم ڕەوش و ئاستەدا، هەوڵبدە دەقەکە لە سێ مەوداوە ببینیت، مەبەست لەمە ئەوەیە، کە بتوانیت کارەکتەرەکان لەسەر شانۆیەکی دیاریکراو ببینیت، بە تایبەتیش لە پەیوەندییاندا بە یەکترەوە.

حەوتەم: زۆربەی دەقە شانۆییەکان کێشە و ململانێ لەخۆ دەگرن و لەم کێشە و ململانێیەدا چەندان دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە دروست دەبن، کە کارەکتەرەکان بەشێکی ئەم کێشانەن و بەپێی ڕەووتی ڕووداوەکان دەخزێنرێنە نێو ئەم کێشانەوە. پێناسەیەکی ململانێ و کێشە و پەیوەندییان بە ڕۆڵەکانەوە بکە، هاوکات پەیوەندی ڕۆڵەکان و ململانێکان. ڕووبەڕووی چ جۆرە ململانێیەک دەبنەوە؟ ململانێیەکی ناوەکییە، لەنێوان مرۆڤەکاندایە، لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەدایە، یان جۆرە کێشە و ململانێیەکە لەنێوان مرۆڤ و خواوەند و هێزە نادیارە گەورەکانن؟ زۆرجار خودی ململانێکە مورالی دەقەکەمان بۆ دەردەخات، بەتایبەتی لە تێگەیشتنی جیاوازەوە بۆ چ شتێک ڕاستە و چ شتێک هەڵەیە لە ڕەوش و بارودۆخەکاندا. ئەوەی لێرەدا گرینگە، ئەوەیە ئەم پرسیارە بکەیت، ئایا کارەکتەری سەرەکی چی دەوێت، بۆچیش ئەوەی دەوێت؟ ئەو شتە چییە، کە وا لە ڕۆڵەکە دەکات بەو شێوەیە ڕەفتار بکات، کە دەیکات؟ ئەمەیش چ بەرئەنجامێکی دەبێت بۆ ڕۆڵ و کارەکتەرەکانی تر؟ چ ڕووداوێک لەنێو ڕووداوەکاندا دەبێتە هۆی دروستکردنی ململانێکە و ڕەوتی ڕووداوەکان دەگۆڕێت؟

هەشتەم: لەوە بکۆڵەڕەوە چۆن ڕووداوەکانی دەقەکە و کارەکتەرەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بە تایبەتی بە بەراورد لەگەڵ چۆنییەتی دەستپێکردنی دەقەکە (سەرەتا) و دواتریش (کۆتایی) دەقەکە.

ئەم پرسیارانەی تا ئێستا کردوومانە، بە شێوەیەکی باش دەروازەیەکمان بۆ خودی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکە بۆ دەکاتەوە، ئەم هەنگاوانە بە شێوەیەکی ساکار بە خودی دەقەکەت ئاشنا دەکات. باشترین شت ئەوەیە، کە هەر لە سەرەتاوە لە خودی دەقەکە بکۆڵیتەوە و ڕووداوەکانی دیاری بکەیت–لە ڕوانگەی شوێن و کاتی دەقەکەوە– دوای ئەوە کارەکتەرەکان/ڕۆڵەکان ئاشکرا بکە، مەبەست لەو دیدانەوە، کە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لە بەرجەستەکردنی دەقەکە، لەسەر شانۆدا هەیە.

دوای ئەوەی ئەم هەنگاوانەت نا، تێڕوانین و دیقەتت بخەرە سەر خودی دەقەکە، ئەو پرسیارانە لە خۆت بکە، کە دەقەکە هیچ وەڵامێکیان ناداتەوە، کە لەوانەیە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی قوڵتری دەقەکە بێت، کە لەوانەیە پێویست بێت پەنابەریتە بەر ئەو شتانەی لەوەوبەر لەسەر دەقەکە نووسراون. وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، کە چەندان هۆکاری دەرەکی هەن، بۆ نموونە مێژوویی، سیاسی، ئاینی، تەکنیکی، فەلسەفی، کە ڕۆڵیان لە گەشەی هێڵەکانی دراماکەدا هەیە و کاریگەرییان بەسەر خودی ڕووداوەکانەوە هەیە، بێگومان ئەو داب و نەریت و ژانر و ستایلەی دەقەکەیشی پێ نووسراوە، کاریگەری بەسەر فۆرمەکەوە دەبێت. دوای ئەمانە دەکرێت بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێت، کە تۆ خۆت و لە بۆچوونی خۆتەوە لەو بڕوایەدایت دەرگاکانی دەقەکەت بۆ دەکاتەوە.

کۆتایی

چەند دیمەنێکی کۆڕە شیعرییەکەی بەرزان هەستیار لسە نێوەندی کلتـــووری دارمشـــتات

چەند دیمەنێک لە کۆڕە شیعرییەکەی ی نێوەندی کلتووری دارمشتات ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 23-02-2020 لە شاری دارمشتات، نێوەندی کلتووری دارمشتات، کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیر بەرزان هەستیار ساز کرد، کە ژمارەیەک لە شەیدایانی شیعر ئامادەی بوون.

وێنەکان بە کامێرای "هەڤاڵ نالی" گیراون.

ویژدانی شاراوە نەفسێک خۆی دەرناخات



لە ناخی هەریەک لە ئێمە ویژدانێکی شاراوە هەیە، یان ئارایشتکراوە بە وتە و ڕەفتارە درۆزنانەکان، یان ویژدانێکە پڕ لە جوانیە، بەڵام خۆی دەرناخات ئاکار دەکات، یەکێ لە گرنگترین کتێبەکانی (کارڵ گۆستاف یۆنگ) کتێبی ویژدانی شاراوەیە، زۆر بە جوانی باس لە قەیرانەکانی ئەمڕۆی مرۆڤ دەکات، باس لە مرۆڤ دەکات چۆن چووەتە ژێر باری (مەسا سۆسایتی) کۆمەڵگایەک ڕەوەکان دەستنیشانی هەڵسوکەوتی دەکەن، مرۆڤ لەژێر کاریگەری هێزە سەرکوتکەرە سیاسی و میدیایی و مۆدە و ئاینی چیتر خۆی ناناسێت، لەم کتێبە ڕووبەڕووی زاراوەی خۆناسین و خۆبینین دەبینەوە. زۆرکەس پێیان وایە کە کەسایەتی خۆیان ناسی مانای وایە خۆیان ناسییوە، بەڵام ئەو تەنیا ئەو شتانە دەناسێت کە لە دەروونیدا هەڵیگرتووە، بێئاگایە لەوەی لە دەروون و ناهۆشمەندی بەرامبەرەکەی چی هەیە. ئەگەر قوڵ بڕوانینە ئەم دنیایە تاک بووەتە شتێکی بێنرخ.

سەلاح حەسەن پالەوان

کوردستان بەرەو ئەفگانستانێکی دی.....بە بەرچاوی دوو هێزەوە

ماستەر لە دەروونناسی کۆمەڵگە

ئیسلامی سیاسی ئەو ڤایرۆسە ترسناکەی نێو کۆمەڵگەی کوردی؟

ئیسلامی سیاسی بە میکانیزمێکی پانکار و شرفەگەلێکی خەست لە باشور کاردەکات، کە قوڵترین ڕێشەی خۆی لەنێو بیرکردنەوەی تاکی کورد و دواتر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دادەکوتێت، بە جۆرێک، کە هەموو شتێکی نیشتیمانی (فەرهەنگی کوردی، چەمکی خاک، یەکسانی مرۆڤەکان، ئازادی ڕادەربڕین، زێژ و ئاشتەوایی..هتد) لای نامۆبێ، ببێ بە ڕەبۆتێکی قورمیشکراو، بەڵام دژی ناسنامە و بوونی خۆی بێت. مەترسی میتودگەلی ئیسلامی سیاسی، بەو ئاڕاستەیە، کە مرۆڤی کورد و بگرە نەتەوەکانی دیش دەکاتە دوژمنی سەرسەختی خۆی، تف لە هەموو جوانییەکی خودی خۆی و بەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانی دی بکات و تاکەکان لە تراومایەکی هەمە لایەنەی دریژخایەن گەوج و نەخۆش و بخا، کە یەکلایەنانەی تەماشای ژیان بکا، بەڵکو لە ئەجندە نوێیەکانی ژیاندا بێکەڵک و کەمئەندامبێت...

• میتودەکانی ئیسلامی سیاسی، لە هەنگاوی سادەوە، بە بااڵپۆشکردن، خولی خەستی تەراویح و هاتوچۆی مزگەوت، خولی خوێندنەوەی ئەو حەدیس و ئایەتانەی کە هانی شەڕ و جیاوازی نێوان مرۆڤەکان زەقدەکاتەوە، دەستپێدەکات، کارنامەیەک کە بەکەم پێناسەی ئەو تاک و پێکهاتانە بکات، بەو جۆری وان بیرنەکەنەوە. ئەو جۆرە ئیسلامی بە تونديش دژی بەشەکانی دیش، کە ڕەچەڵەک موسڵمانن، بەردەوام لەسەنگەردایە.

• میتودی پاڵپشتی/ بایکۆتی ئابووری، شێوازێکی دی کارگەرایی وانە، بە تایبەتی ئیخوازنچییە کوردەکان، ئەمەش بۆ گرێدان و بۆپانەندکردنی پێکهاتەیەکی فراوان بە خۆیانەوە، کە ئاسان نەبێت لەدواڕۆژدا وازبهێنن.

• میتودی گەلەکۆمە، بەتایبەتی دژی ئەو ئافرەتانەی کە بااڵپۆشنین یان ئەو گەنجانەی کە هاتوچۆی مزگەوت ناکەن و بە تونديش دژایەتی ئەو پێڕ و تاقمانەی کەسەر بە تەکییە/ خوێندەگە ئاینییە دێرینەکانی کوردستانن..

بۆچی ئیسلامی سیاسی ترسناکترین ڤایرۆسە؟

ئیسلامی سیاسی دەزانێت، دایکان لە کۆمەڵگە باوکسالارەکانی وەک کورد، کۆڵەکەیەکی گرنگی پەروەردەکردنی منداڵن، دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە، هەژموونی ئیخوانچیەتی تۆزانیزم، فراوانترین ناوچەیی کۆمەڵگە بگرێتەوە و بەستەڕێکی دەروونی بەرین لەو شێوازەی ئەوان دەیانەوێ دروست بکەن. بەداخەوە بزوتنەوەی نەوەی نوێ و گۆڕان، لە ژێر بێدەنگی و نەبوونی کاردانەوەی دەسەڵات، ئەو میتودە قیزەونە پەیڕەو دەکەن. خۆ دەرخستی ئیسلامی سیاسی ئیخوانچی، کەوا وا خۆیان وێنادەکەن، کە میانڕەون و دوورن لە هەژموونی داعشیزم، دیسان درۆیەکی دی ئەوانە، لێ بااڵپۆشکردنی ئافرەتان، هەرچەندە، ڕەنگێکی جیاوازە، بەڵام دیسان ئەو پێوەندییە بەهێزەی نێوان داعشیزم و ئیخوانییەکان دەسەلمینێت، کە ئەوان چەند ئامۆزایەکی خۆشەویستن، گەر دوو سەحابەی دایکێکی نقابپۆش نەبن..

ماویەتی

ئەم نووسینەی کاک ئاسۆ بیارەیی، تەعبیر لە بیروبۆچوونی خۆی دەکات

قەوارەی زەوی لە گەردووندا



زەوی بەشێکە لە کۆمەڵە ئەستێرەی خۆر {Solary system} و کۆمەڵە ئەستێرەی خۆریش بەشێکە لە کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان {Milky way} کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان ١٠٠ بلیۆن ئەستێرەی تێدایە و تیرەکەی ١٠٥٠٠٠ سالّی تیشکییە و هەر سالّی تیشکی یەکسانە بە نۆ و لە صەدا ٤٦ تریلۆن کیلۆمەتر {٩٤٦٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ کم } گەر بێت و کۆمەڵە ئەستێرەی کاکیشان بەراورد بکەین بە گەورەترین کۆمەڵە ئەستێرەی گەردوونەکەمان، دەبینین لە کۆمەڵەئەستێرەی ١ {c1101} کە گەورەترین کۆمەڵە ئەستێرەیە نزیکەی ١٠٠ تریلۆن ئەستێرەی تێدایە و تیرەکەی شەش ملیۆن سالّی تیشکییە، یانی هەزار بلیۆن ئەستێرەی تێدایە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تەنها ئەم کۆمەڵەئەستێرەیە هەبێت لە گەردووندا، بەڵکو بە ملیۆنان کۆمەڵە ئەستێرەی تر هەن لەم گەردوونە بۆ نموونە گەورەیی بۆ پچوکی کۆمەڵە ئەستێرە وەک خوارەوەیە:

کۆمەڵە ئەستێرەی {C11011}، کە تیرەی شەش ملیۆن سالّی تیشکییە لە کۆمەڵە ئەستێرەی {M87} گەورەترە کە تیرەکەی ٢٤٠٠٠٠ سالّی تیشکیە و ئەم کۆمەڵە ئەستێرەیە لە کۆمەڵەئەستێرەی ئەندرۆمیدا {Andromeda} گەورەترە، کە تیرەکەی ٢٢٠٠٠٠ سالّی تیشکیە کۆمەڵەئەستێرەی ئەندرۆمیدا {Andromeda} لە کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان {Milkyway} گەورەترە کە تیرەکەی نزیکەی ١٠٥٠٠٠ سالّی تیشکییە. دووری ئەم کۆمەڵە ئەستێرانە لە زەوی

١ –کۆمەڵەئەستێرەی {C1101 1} بە یەکو لە صەدا چوار ١،٠٤ بلیۆن سالّی تیشکی لە زەوی دوورە.

٢ –کۆمەڵە ئەستێرەی {M87} بە ٥٣،٤٥ ملیۆن سالّی تیشکی لە زەوی دوورە.

٣–کۆمەڵە ئەستێرەی ئەندرۆمیدا {Andromeda} بە دوونیو ٢،٥ ملیۆن سالّی تیشکی لە کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان دوورە.

٤ –زەوی و کۆمەڵەی خۆر بە ٢٥٠٠٠ سالّی تیشکی لە چەقی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان {Milkyway} دوورە.

هۆی کەمی زانیاری مرۆڤ لە سەر گەردوون دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خێرایی مرۆڤ، گەر بەراورد بکرێت لە گەڵ خێرای تیشکدا، کە ٣٠٠٠٠٠ کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا.

ئەندازیار عومەر ئەردەڵانی

هەروەها بێ ئاگابوونی مرۆڤ لە تەکنەلۆجیەکانی پێشکەوتوو، وەک بونەوەرەکانی گەردوون ئاشنان بەم تەکنۆلۆجیایە بۆ نموونە بونەوەرەکانی گەردوون لە ڕێگەی چەماندنەوەی دووخاڵ بۆ سەر یەک یانی تۆ دەتەوێت لە زەوی بڕۆیت بۆ ئەستێرەیەکی زۆر دوور لە دەرەوەی کۆمەڵە ئەستێرەی خۆر ئەو کاتە بۆشایی ئاسمان دەچەمێنەوە تا دوو شوێنەکە دەکەونە سەر یەکتر، دواتر لەو خاڵەی دەتەوێت بڕۆیت بۆ خاڵی دووەم ڕێگای {wormhole} ووزم هۆڵ دروست دەکەیت و بە ناو ئەم ووزم هۆڵەدا سەفەر دەکەیت بە خێرایەکی چەندین جار زیاتر لە خێرای تیشک وە لە هەمانکاتدا تۆ لە ڕێگەی چەمانەوەی ئاسمان دوو نێوانی شوێنەکەت لە یەک نزیک کردووەتە و دووات لە ڕێگەی ووزم هۆڵەوە بە خێرایەکی زۆر گەشت دەکەیت لەوانیە چەندین جار زیاتر لە خێرای تیشک. یانی تۆ گەر ئەو تەکنۆلۆجیا پیشکەوتووانە بزانیت زور ئاسانە بۆت لەم سەری گەردوون بڕۆیت بۆ ئەوسەری گەردوون، بەڵام بە داخەوە مرۆڤ تائیستا بە خێرایەکی زۆر زۆر کەم سەفەر دەکات ئەمەش هۆی ئەویە کە مرۆڤ زانیاری تەوای نییە هەتا لە سەر ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر بۆ نموونە تازە دەرکیان بەوە کردووە، کە لە یەکێک لە مانگەکانی ئەستێرەی مشتەری زیندەوەری تێدا هەیە ئەمەش تەنها بۆچوونە وە تا ئیستاش نازانن دیوە ڕەشەکەی مانگ چی تیایە کە مانگ زۆر زۆر لە ئێمە نزیکە { مانگ دوو ڕووی هەیە یەکێکیان ڕوونە بەڵام ڕوەکەی تر تاریکە ڕوو لە زەوی. هیوادارم ئەم ڕوون کردنەوانەم پڕ سود بێت بۆتان هەر چەندە بۆ هەندێک قورسە مەبەستم ئەوەیە، کە هەمو مرۆڤێک بزانێت لە دەوروپشتمان چی هەیە و گەردوون لەچی پێکهاتووە ئەو کاتە باوەڕی بە خوای گەورە زۆرتر دەبێت وە لە خراپە دور ئەکەوێتەوە.

چۆن سالّی تیشکی دەپێوێت و دەزانیت.

سالّێک ٣٦٥ ڕۆژە جاران X ٢٤ کات ژمێری ڕۆژێک جاران X ٦٠ چرکە لە کاتژمێرێک جاران X ٦٠ ثانیە لە چرکەیەک جاران X خێرایی تیشک کە ٣٠٠٠٠٠ کیلۆمەترە لە ثانیەک ئەمانە یەکسانە بە نۆ وە لە صەدا چلوشەش ٩،٤٦ تریلۆن یانی سالّێکی تیشک یەکسانە بە ٩.٤٦ تریلۆن، بەڵام تریلۆن ١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ یەکێک وە دوانزە صفر– یان هەزار ملیارە.

گۆشەی 44 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

عێراقیەک لەدژی سیاسەتی جیهان هەوڵی خۆساتاندنیدا

لەنزیک ئەو هوتێلەی کە کۆنگرەی ئاسایشی جیهانی تێدا بەسترا، ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەر بۆ ئیدانەکردنی سیاسەتی ئێستای جیهانی و شەڕوشۆڕ و نەهامەتیەکان و لەدژی ئەو سەرکردانەی کە بەشداربوون لەو کۆبونەوەیەدا، لەنێوانیادا هاوڵاتیەکی عێراقی تەمەن ٥٠ ساڵ بەنزینی بەخۆیداکرد و ویستی خۆی بسوتێنێت، بەڵام هاوبیرەکانی زوو کوژاندیانەوە و بەبریندارای ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.

باندێکی چەتەی تورک دەستگیرکران

پۆلیسی هەرێمی Nordreinwestfalen هەڵمەتێکی بۆ سەر ژمارەیەک چەتەو ڕێگری تورک دەستپێکرد و ٦ کەسی لێ دەستگیرکردن، ئەو دزانە فێڵیان لە ژمارەیەک پیرێژن و پیرەمێرد کردووە، بەوەی بە تاکتیکێکی ئەلیکیترۆنی توانیویانە تەلەفۆنیان بۆ بکەن و لەسەر مۆبایلەکانیان ژمارەی پۆلیس ١١٠ دەربکەوێت، وایان نیشانداون، کە بۆسەلامەتی ماڵ و مووڵکیان زوو کەلوپەلە بەنرخەکانیان ڕادەستی پۆلیس بکەن، چونکە لەم ناوە دز پەیدا بووە و ئەوان بۆیان هەڵدەگرن، بۆیە کەسێکی باندەکەیان بەجلی پۆلیسەوە دەنێرنە لایان و کەلوپەلە بەهاکانیان لێوەردەگرن، بەمجۆرە لەساڵی ٢٠١٧ تا ئێستا، بە بەهای سێ ملیۆن یۆرۆ زێڕ و ئەڵماس و پارەو شمەکیی بەنرخیان لێ دزیوون، لەسەر هەمان کەیس وەزارەتی ناوخۆی تورکیاش ١٢ تۆمەتباری هەمان باندی دەستگیرکردووە چونکە بنکەی سەرەکی و فێڵەکانی تەلەفۆنیان لەوێوە کردووە.

پەنابەرێک بەتاوانی جەنگ زیندانی کرا

دادگای شاری Koblnz ژنە پەنابەرێکی عەرەبی سوری دادگایی کرد، بەتۆمەتی تاوانی جەنگ، ئەو ژنە لەسەر واڵی خۆی لە فێسبوک وێنەی کوشت و بڕیەکانی وڵاتەکەی داناوە و لەیەکێکیاندا وێنەیەکی خۆی بووە لەگەڵ چەکدارێکی ئۆپۆزیسیۆنی سوری پیاوکوژ و سەری دوژمنەکەی بەدەستەوەیە، ئەو ژنە تاوانبارە نەیتوانی حاشا لەوە بکات، کە بێتاوانە چونکە هەموو بەڵگەکەنیان لەناو مۆبایلەکەی دەرهێناوە، دادوەر سزای زیندانی سێ ساڵ و نیوی بەسەردا سەپاند.

ژنانی کورد لە کۆڵن کۆڕێکی ڕۆشنبیریان سازکرد

ڕۆژی یەکشەممە، سەنتەری ژنانی کورد لە شاری کۆڵن میواندارای خاتوو "هۆزان مەحمود"ی کرد بۆ باسکردنی پرۆژەی کتێبی خۆنوسینەوەی ژنانی کورد، لەو کۆڕەدا خاتوو هۆزان باسێکی چڕ و پڕی لە سەر گرینگی خۆنوسینەوەی ژنان و هەروەها چۆنیەتی پرۆسەی پرۆژەکەی پێشکەش کرد، تیشکی خستە سەر تایبەتمەندی کتێبەکەی، کە چیرۆکی چەند نەوەیەکی نوێ و کۆنی لەخۆگرتووە، ژمارەیەک لە ژنانی کوردیی شارەکە بەشداربوون و گفتوگۆیەکی هێمانەیان لەگەڵ کۆڕگێڕ کرد.

بەختیار عەلی لە شاری کۆڵن باسی ڕۆمسانی نێوارەی پەروانەی کرد

ڕۆژی دوشەممەی پێشوو لەشاری کۆڵن نوسەرو ڕوناکبیری کورد "بەختیار عەلی" لەماڵی ئەدەب ئێوارە کۆڕێکی تایبەتی دەربارەی ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە" بۆ سازکرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانی کورد و ئەڵمان ئامادەی بوون، لە کۆڕەکەدا خاتو "لاریسا بێندەر" بەزمانی ئەڵمانی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد و بەختیاریش ڕۆمانەکەی خۆی ناساند و گفتوگۆی لەسەر کرا.

سیمینارێک لەسەر شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بەڕێوەچوو



پلاتفۆرمی کورد لە شاری هامبۆرگ ڕۆژی یەکشەممە پێشوو سیمینارێکی بۆ نوسەرو مافناس "عوسمان ئایدن" سازکرد، لەسەر شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، لەو سیمنارەشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادەی بوون.

ئایندەی ئەمستردام بەرەو کوێ دەڕوات، پلەی گەرما بۆ 42 پلەی سەدی بەرز دەبێتەوە لەگەڵ لافاوێکی زۆردا

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ئەنوەر جۆڵا

پێویستە شاری ئەمستردام خۆی ئامادە بکات بۆ هاوینێکی زۆر گەرمتر و وشکتر، لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم سەدەیەدا پلەی گەرمی لە هاویندا بەرزتر دەبیتەوە و کەشوهەوا دوو هێندەی ئێستا زیاتر گەرمتر دەبێت، لەگەڵ باران بارینێکی زۆر تردا. بە تایبەتی لەناو شارەکاندام بەجۆرێک دەبێتە دورگەیەکی گەرم و شێدار و گەرمای زیاتر لەخۆدەگرێت و لە ئێستەوە هەست دەکەیت ئاوهەوا لە گۆڕاندایە، هاوینی ڕابردوو ساڵی 2018 خەڵکی لە گەرماندا نەیاندەتوانی بنوون و بەرزترین پلەی گەرما تۆمار کرا. گەرم بوونی زیاتری زەوی هەواڵێکی دڵخۆشکەر نییە، ئەمەش لە (ستراتیژی گونجاندنی کەش و ئاوهەوا) لە ئەنجومەنی شارەوانی ئەمستردام، ڕاوێژکار Laurens Ivens لاورەنس ئیڤنس، ئەوەی ناردووە، بۆ ئەندامانی شارەوانی و ئەو ڕاستیەمان پیشان دەدات، کە ئەم ناوچەیەی ئێستا ژمارەی ڕۆژە گەرمەکانی هاوینی 20 ڕۆژە لە هەر ساڵێکدا، کە پلەی گەرمای دەگاتە سەرو 25 پلە و لە ساڵی 2085 دا دەگاتە 40 پلەی سەدی.

کاتێک شەپۆلی گەرماکەی ساڵی پار توێژەرانی ئینستیوتی AMS پلەی گەرمیان بە سەروو 38 پێواوە، پێشبینی دەکرێت، کە لە ساڵی 2050 پلەی گەرما دەگاتە 42 تا 43 پلەی سەدی لە ساڵی 2085 دا.

چاوەڕوان دەکرێت گەرمای شەو بگاتە 26 پلەی سەدی، ئەو سەوانە پێی دەگوترێت شەوە لینجەکان.ئەمە کاردەکاتە سەر تەندروستی خەڵکی و بێزاریان دەکات، تەنگەژەی گەرما وا دەکات کە توانای کارکردن کەم بکاتەوە و بەئاگایی مرۆڤ کەم بێتەوە و قوتابی لە خوێندنگا دوا بکەوێت، هەروەها خەڵک زیاتر تووشی جەڵتەی مێشک، شەڕەنگێزی، گورچیکە وەستان و گرفتی کۆئەندامی هەناسە بن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە ئاشکرایە، شاری ئەمستردام ئێستا گەرەمتربووە، لە نێوان ساڵانی 1980 و 2000، تەنها 7 جار شەپۆلی گەرمای بینیوە، کە بە تێکڕا 62 ڕۆژ بوون. لە نێوان ساڵانی 2000 و 2020 دا گەیشتۆتە 12 جار و شەپۆلی گەرما تێکڕا 107 ڕۆژ گەرم بووە.

مەترسی لافاو:

هەروەها وشکی و بارانێکی زۆر و مەترسی لافاو زیاترە، بەهۆی گۆڕینی ئاووهەواوە. بۆ نموونە کاتی وشکەساڵی زیانی زۆر بە پارک و سەوزایی دەدات، هەر بۆیە لە 2018 ساڵی لە شاری ئەمستردام زیاتر نیوملیۆن ئیرۆ دراوە بە ئاوەڕشێن، لە هەمان کاتدا 1.4 ملیۆن ئیرۆ دراوە بە گۆڕینی دارودرختە وشک بووەکان. بە تێکڕا تێچووی ئەو وشکە ساڵییە گەیشتە 3.5 ملیۆن ئیرۆ.

کاتی واش هەیە ئەم گۆڕانکارییەی ئاوهەوا دەبێتە هۆی کێشەی زۆر و ئاوی لافاو زۆر دەبێت بە تایبەتی لەو شوێنە نزمانەی وەک (Westpoort و Watergraafsmeer)، بەڵام کە بارانێکی زۆر و خێرا دەباریت دەبێتە کێشەیەکی گەورە، ئێستا دوو تا پێنج ئەوەندەی جاران زیاتر لافاو ڕووەدات، بەراورد بە ساڵانی 1950 تا 2050 و پێنج ئەوەندەی دیکە زیاد دەکات، لە دەوروبەری ساڵی 2085 دا دە ئەوەندە زیاتر دەکات، بە بەراورد بە ئێستا.

بارانا و گل بدەرەوە:

Ivens دەیەوێت شاری ئەمستردام ئامادەبکات بۆ ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە، بۆ ئەمەش دەڵێت: پێویستە کاتی زیاتر بدرێت بە پلانی خانوو دروستکردن و بیر بکرێتەوە لە چارەسەرکردنی گەرما، وشکی و لافاو، داڕشتنی نەخشەیەک لەگەڵ گونجاندنی ئاوهەواکەدا ئاسان بکرێت. هەروەها ئەو ئاگاییە دەدات، کە ئەگەر داڕشتنی نەخشەیەک لەگەڵ گونجاندنی ئاوهەواکەدا نەکرێت، مەحاڵە پێشبینی لە ڕووداتی مەترسی گرفتی ژیان و ئابووری لە ئەمستردام بکرێت و لە ئایندەدا زۆر گەورەتر دەبێت.

هیچ نەکردن چارەسەر نییە:

خانووی تازە دەبێت بتوانێت 60 ملم ئاوی بارانا و گل بداتەوە، خۆئامادەکردن لە کاری بچوکەوە دەست پێدەکات، وەکو چیمەنی دروستکراو، کە بە فێنکی دەمێنیتەوە و سەوزکردنی سەربان کە ئاوی زیاتر دەگرێتە خۆی. لە کۆتایی ئەمسالدا شارەوانی ئەمستردام خزمەتگوزاری فڕیدان و گواستنەوەی خشتی باخچەی ماڵان بەخۆڕایی دەگرێتە ئەستۆی خۆیی، بۆیە ئەمستردامییەکان، دەتوانن ئەم خزمەتگوزراییە بەکاربهێنن، چونکە باخچەی ماڵان بە بێ خشت زیاتر دەتوانێت ئاوی بارانا و گل بداتەوە و درەنگتر وشک بێت. شارەوانی دێت خشتەکان وەردەگرێت، هەروەها Ivens دەیەوێت لە خوێندنگاکاندا باسی ئەو کێشەیە بکرێت.

لە 22 ی ئۆکتۆبەری ئەمسالدا لە شارەوانیدا هەڵوێستەیەک دەکرێت دەربارەی گۆڕینی ئاوهەواو، گەرما، وشکی و لافاو.

گۆشەی زانست
مامۆستا جەزا دەینووسێت

فیزیکی کۆمەڵەی خۆر- سولار فیزیک
solar physics



نزیکەی پێنج دەیە دەبێت و لە ساڵی ١٩٦٧دا توێژینەوە، لەم زانستە دەستی پێکردووە، مەبەست لەم زانستە خوێندنەوەی گرنگترین خەسڵەت و پێکهاتەکانی فیزیکی کۆمەڵە خۆرە، کە نۆ هەسارە دەگرێتەوە. هەروەها وەکو زانراوە هەموو یانزە ساڵ جارێک بەهۆی ئەو ڕەشەبایەی لێوەی هەڵدەکات، خۆر سەرچاوەی ژیانە لەسەر زەوی.

ئەم مانگە لەئێستگەی فلوریدا ڕۆکێتێک بەرەو ئاسمان هاوێژرا هەڵگری شانەی هەتاوی بوو. ئاژانسی بۆشایی ئاسمانی ئەورووپا بەنیازە ئەو نهێنییە شاراوانەی لە خۆردا، دەربخات، کە تا ئێستا نەزنراوە. ئەم ڕۆکێتە وا دروست کراوە، کە چەند ساڵێک بە دەوری زەوی و ڤینوس دا بسوڕێتەوە و کەڵک لە هێزی کێشیان وەردەگرێت بۆ بەردەوامی سۆڕانەوەی لەسۆرێکی ئاسایدا، کە ڕێڕەوی سوڕەکەی هێلکەییە [elliptic shape]، کە ڕووە تەختەکەی هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی بگرێتەوە و تێکڕای یارمەتی ئەوە دەدات، کە هەموو کۆمەڵەی خۆر بگرێتەوە (المجموعة الشمسية) و دەگاتە پۆڵی خۆر و هەندی زانیاری دەدات، کە پێشتر نە زانراوو بوو، هەروەها زور نزیک دەبێتەوە لە هەسارەی مەریخ، بە دووری ٢٤کم دەبێت. دەزگاکانی ڕۆکێتەکە وا دیزاین کراوە، کە دەتوانێت ڕوناکی پەرش بکاتەوە، کە بتوانێت کارەکانی ئەنجام بدات بۆ پێوانە کردنی خێرای ڕەشەباکەی خۆر، کە پێکهاتەکانی بریتین لە تەنۆلکەی بارگاوی و خۆر دەری دەداتە دەرەوە، کە بارستاییەکەی دەگاتە ١٥ تۆن (طن) لە یەک چرکەدا؟ بەهۆی ئەم کارەوە توانراوە، خێرایی ڕەشەباکەی خۆر بپێون کە دەگاتە ٤٠٠ کم لە چرکەیەکدا، بەڵام زاناکان نەیان توانیوە پێوانەی ئەو تاودانە (التعجيل) (accelration) بکەن کە ئەو خێرایە بە دەست دەهێنێت. ئەوەی شایانی باسە لەم بوارەدا کە بزانریت ئەو ڕەشەبایەیەی کە لە خۆرەوە دەردەچێت هەموو یانزە ساڵ جارێک دەگاتە ڕووی زەوی زۆر کاردەکاتە سەر ڕەفتاری مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت ڕووەک و هەندی ئاژەڵ وەکو سەگ، مار، ئەسپ، هەستی پێدەکەن پێش مرۆڤ و بەهۆی ئەوانەوە مرۆڤ خۆیندنەوەی بۆ دەکات.

تۆڵەی سروشت یان کار و کاردانەوە؟
بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسە نوێیەکەی کۆرۆنا بە نمونە..!

هەموو ڕووداوەکان لە نێو گەردوون بە گوێی زەوی و سروشتەکەیەوە، بە هەموو ژیان و ئێمەشەوە مل کەچی کۆمەڵێک هێز و یاسای سروشتی و فیزیایین، هەموو ئەو یاسایانە لە چوارچێوەی ڕووداوەکان لە گەردوون، کاری خۆیان دەکەن و گوێ بە ئێمە نادەن، لە ئێستادا توانا و کاریگەریەکانی ئێمەی مرۆڤ بەسەر ئەو هێز و یاسا سروشتیانە زۆر زۆر سنوردارە... لە نێو هەموو گەردوون و لە نێو سروشتیش لەسەر هەسارەی زەوی کار و کاردانەوە هەیە، هەر کارێک یان کاریگەریەک ببێتە هۆی ڕووداوێک، ئەوا کاردانەوەی دەبێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی ڕووداوی تر... ڕووداوی دەرکەوتنی ئەم جۆرە نوێیەی ڤایرۆسی کۆرۆناش، کە نزیکەی دوو مانگە بڵاوبۆتەوە، کاردانەوەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی مرۆڤ و زۆربوونی چالاکیەکانی بووە، بە کورتی ڤایرۆسەکانی کۆرۆنا کۆمەڵێک جۆرن لە ڤایرۆس، کە لە سروشتدا هەبوون و هەن لە نێو هەندێک لە گیاندارەکان و باڵندەکان، گەلێک جار بازیان داوە بۆ مرۆڤ و لە نێو مرۆڤەکان بڵاوبوونەوەتەوە، ئەمجارە بەهۆی خواردنی جۆرەها ئاژەڵ و باڵندەی کێوی لە ناوچەی وهانی وڵاتی چین و گوێ نەدان بە کۆمەڵێک ڕێنمایی تەندروستی ئەمجۆرە نوێیەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوێوە بڵاو بۆوە... لە ئێستاشدا لەبەرئەوەی پتر لە هەموو کاتێک مرۆڤ ئەو باڵندەو گیاندارانە ڕاو دەکات و دەیانخوات، بۆیە تووشی سەرسوڕمان مەبن، ئەگەر دوای بنبڕکردنی ئەمجۆرە ڤایرۆسەش دووبارە ڕووداوێکی تر لەم شێوەیە ڕووبداتەوە و جۆری تری نوێ و کوشندەتریش لە داهاتوودا دووبارە باز بداتەوە بۆ مرۆڤ... لە سەردەمێکی زۆر سەرنجڕاکێش دەژین، ڕۆژی ملیۆنەها مرۆڤ لەم سەری جیهانەوە دەچن بۆ ئەوسەری، خواردنەکان و کاڵاکان بەردەوام دەگوازرێنەوە، هەر بۆیەش کەڕووەکان و بەکتریاکان و ڤایرۆسەکانیش بەو خێراییە کاریگەریەکانیان لە شوێنێکی جیهانەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆیە ئێمەی مرۆڤ بەردەوام لەڕێگەی کاریگەریەکانمان کۆمەڵێک ڕووداو دروست دەکەین، بەو ڕووداوانەش لەوانەیە بەردەوام ڕووداوی نەخوازراوی تر دروست بکەین... کەواتە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆڵەی سروشت نییە، بەڵکو ئەنجامی کار و چالاکیەکانمانە...

لوقمان حەوێز

هونەرمەندی شیوەکاری کورد کاردۆ گەرمیانی

لە شاری کەرکووک لە باشوری کوردستان لەدایک بووە، لە زانکۆی بەغدا، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەمین جار لە سلێمانی پیشانگای تایبەتی خۆی کردووەتەوە. ساڵی ١٩٩٣ پیشانگەی دووەمی هەر لە سلێمانی کردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٦ دوە لە ئەڵمانیا دەژی، لەوێش چەندین چالاکی هونەری و شێوەکاری ئەنجامداوە، ساڵی ١٩٩٩ لە کۆڵن بەشداری لە گەورەترین پیشانگای هونەری ئەو شارە دەکات، ساڵی ٢٠٠٣ لە شاری گیلسن کیرشن لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی ئەڵمانیا و نەتەوە جیاجیاکان بە چەند تابلۆیەک بەشداری دەکات. چەندین گوتار لەسەر بەرهەمەکانی بە زمانی ئەڵمانی و کوردی لە کوردستان وئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە لەوانە رۆژنامەی هیومانتیشە بەڤیرۆنگ بە زمانی ئەڵمانی و هەروەها لە کوردستانی نوێ و دەزگاکانی تری راگەیاندن لە کوردستان، ئەندامی یەکێتیی هونەرمەندانی شاری گیڵسن کیرشنە لە ئەڵمانیا.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هونەرمەند بڕوانە:
https://www.facebook.com/huner.shekany/photos?lst=100001818168085%3A100000948609953%3A1582589989

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

04 Maart . 2020 Nummer. [94] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– کێژە کوردێکی باکوری کوردستان لە هەرێمی هامبۆرگی ئەڵمانیا.... بوو بە پــەرلەمانتار.. ل 2

– بەیانییەکی شەممە: لە قاوەخانەیەکی ئەمستردامدا، دکتۆر مەریوان قانع... ل 3

– ڕێبوار سیوەیلی چۆن لە ڤایرۆسی کرۆنــا دەڕوانێت...؟ ل 4– ڤایرۆسی کرۆنا گەیشتە هۆڵەندا، خالید ڕەزا.. ل 5

– چیرۆکی لەیلا و گورگە فێڵبازەکە، وەرگێڕانی : ئەحمەد کامەران.. ل 6

– سەد ساڵ دوای ئەنیشتاین چی نووسراوە...؟ شێرکۆ ڕەشید قادر.. ل 7

– ئەم کتێبە «مردن لە پێناو ئایدیاکاندا»ی کۆستیکا براداتان بە کوردی بڵاوبۆوە– شاڵاو حەبیبە. ل 8

– میران ئەبراهام و ڕۆمانی نیشمانی سارا .. ڕەنجدەر نەجم.. ل 9

– دوو بابەت: یەکەم: شیعرێکی دڵاوەر قەرەداخی بۆ ع.ح.ب، دووەم: گەل و میگەل..دانا هەڵەبجەیی ل 10

– چاڵاکی ڕێکخراوەکورد‌ییەکان لە تاراوگە... ل 11

– ڕاستیەکان و زانیاریە نوێیەکان دەربارەی ڤایرۆسە نوێیەکەی کۆرۆنا، لوقمان حەوێز...ل 12

– گۆشەی 45 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 13 - گفتوگۆیەک لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاراز حەمە حسێن.

– کۆشەی زانست، دوو بابەت بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا جەزا و ئەندازیار عومەر ئەردەڵانی نووسیویانە. ل 15

– دەربارەی هونەرمەندی شێوەکاری کورد حاجی خانم و چەند تابلۆیەکی. ل 16.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەندا دەردەچێت

04 MAART 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 94
ژمارە 94 ی 04 ی مارتی 2020

کیژە کوردێکی باکوری کوردستان لە هەرێمی هامبۆرگی ئەڵمانیا.... بوو بە پـــەرلەمانتار

کچەکوردێک بووە پەرلەمانتاری هامبۆرگ

لە هەڵبژاردنی هەفتەی پێشووتری هەرێمی هامبۆرگی باکوری ئەڵمانیا، کچێکی کورد بەناوی "جانسۆ ئۆزدەمیر " لەسەر لیستی پارتی چەپ Die Linke، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ولەکۆی ١٢٢ کورسی پەرلەمانیەکە کورسیەکە بباتەوە، ئەو کچە تەمەنی ٣٢ ساڵە خەڵکی باکوری کوردستانە و لەئەڵمانیا لەدایک بووە، دژی سیاسەتی حکومەتی تورکیایە و زۆر هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکەی کردووە.

پارتەکەی مێرکل شکستێکی گەورەی هێنا

هەفتەی پێشووتر هەرێمی هامبۆرگ هەڵبژاردنی پەرلەمانی سازدراو تیاید اپارتی دیموکرات کریستیان "پارتەکەی مێرکل" شکستێکی گەورەی بەسەر هات، کە لە 70 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە، لەم هەڵبژاردنەدا سۆسیال دیموکراتەکان 39% و پارتی سەوزیش بەجیاوازیەکی زۆرەوە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و توانی لەسەدا 25,5 % ی دەنگەکان بباتەوە، بەلام پارتەکەی مێرکل تەنها 11,2%ی دەنگەکانی هێنا، ئەم ڕێژەیەش نزمترین ڕێژەیە لەچاو هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2015 دا.

داعشێکی عێراقی خرایەبەردەم دادگا

داواکاری گشتیی ئەڵمانیا سکاڵای لەسەر عێراقیەک تۆمارکرد، بەتاوانی ئەندامێتی داعش، بە تاوانی کۆمەڵکوژی، تاوانی دژە مرۆڤایەتی، جەنگ و بازرگانیکردن بە مرۆڤی دراوەتەپاڵ، عێراقییەکە کاتی خۆی لەبەرچاوی ژنەئەڵمانیەکەی ژن وکچێکی ٥ ساڵانەی ئێزدی، کەلای داعش بەدیل گیرابوون ، کڕیووین و کچەکەی بە پەنجەرەوە بەستۆتەوە و لەبەر هەتاو ئازاری داوە و کوشتویوەتی، ئێستا تاوانبارەکە و ژنەکەی لەبەردەم دادگادان و چاوەڕێن سزای خۆیان وەربگرن.

کارێکی تیرۆریستی ٣٠ قوربانی لێ دەکەوێتەوە

لە شارۆچکەی ڤۆڵکسمارسن سەر بە شاری کاسڵ لە هەرێمی هێسن، هاوڵاتیەکی ئەڵمان بە ئۆتۆمبێلێکی مارسدسی خۆی کردووە بەناو قەرەباڵخی کەرنەڤاڵێکی جەماوەری بەناوی "دوشەممەی گوڵ" و لەئەنجامدا ٣٠ کەسی بریندار کرد، کە حەفتیان حاڵیان زۆرشڕن، پۆلیس دەڵێ شوفێرەکەمان گرتووە و جارێ هۆکاری ئەو کارەی دەرنەکەوتەوە، بەڵام بەئەنقەست ئەوەی کردووە و لەوەدەچێت کەسەکە لە نازیەنوێیەکان بێت.

بڕوانە لاپەڕە 13 هل (بورهان ئەمین)هوە

بەیانییەکی شەممە: لە قاوەخانەیەکی ئەمستردامدا

دکتۆر مەریوان وریا قانع

ئەم بەیانییە کە لە خەو هەستام، وەک خووی هەمیشەییم چومە ئەو قاوەخانەیەی، کە هەموو کۆتایی هەفتەیەک سەری لێئەدەم. قاوەخانەکە وەک هەمیشە پڕبوو لە خەڵکی جۆراوجۆر و زۆربەیان خەڵکی گەڕەکەکانی دەوروبەری قاوەخانەکەن. خاوەنی قاوەخانەکە کوردێکی بەڕەگەز ئۆکرانییە و لە منداڵیەوە لەناو خێزنێکی کۆچبەردا لە هۆڵەندا دەژی. ئەوانەی لە قاوەخانەکەدا کاردەکەن زۆربەیان کچ و کوڕی گەنجن و یەکێکیان قوتابی خۆمە لە زانکۆی ئەمستردام. بێنەدەچوو هیچ یەکێک لەوانەی لە قاوەخانەکەدا دانیشتون بیری لای ئەو کێشە گەورانە بێت کە لەم بەیانییەدا لە زۆر شوێنی جیهاندا ئامادەیە. کۆمەڵێک منداڵ لەگەڵ دایک و باوکیان لێرەن و لەو قوژبنەدا کە بۆ منداڵان تەرخانکراوە خەریکی یاریکردنن، لەوێدا فیلێکی لە تەختە دروستکراو هەیە، کە پێموایە هەموو منداڵانی ئەم گەڕەکانە دەیناسن و هەموویان یاریان لەگەڵدا کردوە. لە بەردەم میزە گەورە و دریژەکەی ناو چاخانەکە، کە ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەی هۆڵەندی لەسەرە، خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون، ئەوەی شوێنی سەرنجدانە ئەوەیە کەسیان سەیری ڕۆژنامەکانیان نەدەکرد و هەریەکێکیان خەریکی گفتوگۆ و قسەکردن بوو لەگەڵ ئەوی بەرامبەریدا و زۆربەشیان خەریکی قاوەخواردنەوە بوون. من وەک خوی هەمیشەم دوو ڕۆژنامەی ئەمڕۆکەم لەسەر میزەکە هەڵگرت و چوومە سەر کورسیی و میزێکی چۆڵ، نزیک لە شوێنی یاریکردنی منداڵەکانەوە. منداڵەکان پێدەکەنین و سوری فیلە دارینەکە دەبوون، هەندێکیان یاریان بەو ئامێرە مۆسیقاییە سەرەتاییانە دەکرد کە لە پاڵ فیلەکەدا لەناو کارتۆنێکدا دانراون.

ڕۆژنامەکان پڕبوون لە هەواڵی ڕووداوە ناخۆشەکانی ئەمڕۆی جیهان، لە پێش هەموشیانەوە هەواڵی ڤایرۆسی کرۆنا.

ڤایرۆسەکە ٣ ڕۆژە گەیشتۆتە هۆڵەندا و تا ئێستا دووکەس دۆزراونەتەوە کە ئەو ڤایرۆسەیان هەڵگرتوە. هەردووکیان لە ئیتالیاوە گەڕاونەتەوە و یەکێکیان ژنێکە لە یەکێک لە گەڕەکە دوورەکانی شاری ئەمستردامدا دەژیی. "ترس لە ڤایرۆسەکە" ناونیشانی سەرەکیی لاپەڕەی یەکەمی پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی هۆڵەندایە. ڕۆژنامەیەکی تر دەنووسێت "ترس لە نەناسراو لە هۆڵەندا و ئیتالیدا"، لە شونێکی تری هەمان لاپەڕەدا نووسراوە:"ڤایرۆسەکە ئابوریی ئەوروپای خستۆتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە". ئەو ڕۆژنامەیەش کە لە شاری ئەمستردام دەردەچێت بە دریژی باسی گەیشتنی ڤایرۆسی کرۆنا بە ئەمستردام دەکاتلە یەکێک لە ساسیتە هەواڵییە سەرەکییەکانی هۆڵەندا باسێکی دریژ لەسەر ئەو زیانە گەورانە نووسراوە کە ڤایرۆسی کرۆنا بە ئابوری چینی گەیاندوە. هەواڵەکە باس لەوە دەکات کە ١٥ هەزار کۆمپانیای هۆڵەندی کە شت و مەک لە چینەوە دەێنن، کارەکانیان پەکی کەوتوە و ناتوانن کاڵاکانیان بۆ هۆڵەندا بهێنن. هەمان سایت لە هەواڵێکی دیکەدا باس لەوەدەکات ئوستراليا سەفەری ئێرانییەکانی بۆ ئەو وڵاتە یاساغکردوە و هەموو قوتابخانەکانی لوبنان بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە داخراون.

بەدەر لە هەواڵی کرۆنا هەواڵێکی گرنگی تری ئەو سایتە دەربارەی تورکیایە و بە قسەیەکی ئەردۆگان دەستپێدەکات کە دەڵێت: " ١٨ هەزار کۆچبەر تورکیایان بەجێهێشت". سایتەکە دەنووسێت ناکرێت ڕاستیی و دروستیی ئەو ژمارەیەی ئەردۆگان باسیدەکات بسەلەمێندرێت، بەڵام ڕاستیی ئەوەیە لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا سەدەها کۆچبەر تورکیایان بەجێهێشتوە و لە نێوان سنووری تورکیا و یۆنانیا وەستاون. سنوورەکە بە دیوی یۆنانیا بەتەواوی داخراوە و خەڵکەکە لەناو سەرمای ئەم بەیانییە زستانییەدا بە تەنها لەو شوێنەدا بەجێهێڵدراون. ئەمانە دەیانەوێت تەلبەندەکان تێپەڕێنن و بڕۆنە یۆنانەوە بە ئومێدی گەیشتن بە ئەوروپا و دۆزینەوەی ژیانێکی ئاسایی لە ئەوروپادا. بەڵام کە ڕوویان بە تەلبەندەکاندا دەتەقێتەوە و ناتوانن تێپەڕن، لە نائومێدیدا پۆلیسەکانی ئەودیوی تەلبەندەکە بەردباران دەکەن، پۆلیسەکانیش بۆمبی فرمێسکڕێژ و نارنجۆکی تۆقاندن دەگرنە پەنابەرەکان .

چاخانەکان پڕیەتی لە خەڵک و تا دێت قەرەبالّغتر دەبێت، منالّەکان دریژە بە یارییەکانیان دەدەن و جار نەجار یەکێکیان دەگریی، لێرە و لەوێش کەسانێک دەبینم خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانن.

ڕێبوار سیوەیلی چۆن لە ڤایرۆسی کرۆنسا دەڕوانێت...؟

ڕێبوار سیوەیلی

1. هەرچەندە ئەم ڤایرۆسە، کوشندە دیارە، بەڵام وەک کەمپینێکیش بۆ تۆقاندن دێتە پێشچاوم. دنیا ئەوەندە بە زۆر دیاردە و ڕووداوی دیکە مەترسیدار بووە، کە زەحمەتە بەم ڤایرۆسە مەترسیدارتر ببێت.. کاتێ بیر لە پیسبوونی ژینگە بەدەستی مرۆڤ و زیانە گیانییەکانی بۆ ژینواری مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندان دەکەمەوە، ئەم ڤایرۆسە دڵۆپێکە لە دەریایەک.

بیهێنەرە پێشچاوی خۆت ڕۆژانە چەند کەس بەڕووداوی هاتووچۆ دەمرن و بە هۆی دەرمانی هەڵەوە، گیان لەدەستدەدەن! کەمێک بیر بکەینەوە لەو نایەکسانییە ئابوورییەی کە سیستەمی سەرمایەداری لە جیهاندا دروستیکردووە و بۆتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و بەرزبوونەوەی هەژاریی و دەرەنجامەکانی..

کەمێک بهزرین لەو هەموو زیادە مەسرەفەی لە جیهاندا و لە بابەت و کەرەستەی ڕازاندنەوەو لۆکسووسیدا، سەرفدەکرێت و بەراوردی بکە بەو بڕەپارەیەی، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ پێویستیمان پێیەتی و دەستناکەوێت ..

2. بۆیە وەک چۆن کاتی خۆی بە ناوی ئەنفلۆنزای باڵندەوە، کردیانینە ڕاوچیی باڵندە هاوماڵە بێگوناهەکانی خۆمان و بە بەرد و دارلاستیک شوێنیان کەوتبووین، ئەم نومایشەی ڤایرۆسی کۆرۆناش بە دروستکراوێکی دەستە ناشیرینەکەی جیهان دەزانم، کە ئێستا خۆی لە گۆشەیەکەوە دانیشتووە و قاقا بە مرۆڤایەتی پێدەکەنێت.. من دەزانم ئەم ڤایرۆسە هەیە و نوێیە و مەترسییە، بەڵام دەشزانم کە ئەم کەمپینی ترسە دەستێکی لە پشتە بۆ گەورەترکردنی و شاردنەوەی شتی دیکە. جاران زیرەکەکان لە بیری چارەسازیی کێشە جیهانی و مرۆییەکاندا بوون، بەڵام لە ئێستادا و لە سایەی ئەم سیستەمە سەرمایەداریە خۆسەپێنە، زیرەکەکان بێباکانە کێشەکان دەنێنەوەو گەورەیان دەکەن و خۆشیان پێمان پێدەکەنن ..

3. میللەتان شایانی ئەم هەموو گاڵتەجارییە نین. بەڵام سیستەمێکی ئابووریسەنتەر، هیچ گوێ بەو هەموو قوربانیانەی مرۆڤایەتی نادات کە شارستانییەتی بەم ڕۆژە گەیاندووە. ئەم سیستەمە هەر ماوەیەک و بڕێک لە کات، بە هۆی نانەوەی قەیرانێکەوە، کە ڕەنگە هەشبێت، بەڵام بەهۆی گەورەکردنی لە ڕاددەبەردەرییەوە، دەیکاتە ئامرازێک بۆ گەیشتنی خۆی بە ئاماجە چەپەڵەکەی. لەم نێوانەشدا چەند کەس دەبنە قوربانی، بۆ ئەو کێشە نییە، چونکە ئەو وەک "بەڵگە" بۆ کەمپانیا تۆقێنەرەکەی بەکاریان دەهێنێت ..

4. هەمیشە دروستکردنی مژدە و ترس، بەشێک بووە لە میژووی مرۆڤایەتی. ئایینەکان لەمەدا دەستپێشخەر بوون و مژدە و ترسیان وەک میکانیزمێک بۆ پێملکردنی مرۆڤ لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا، بەکارهێناوە.. لە ئایینە تاکخواییەکاندا، ڕەگەزی ترس بکەیتە دەرەوە، هیچکەس بڕوای بەو مژدەیە نامێنێت، کە لە پەسڵانێدا دێتە دی.. ئەو سیستەمە ئابووریی ئێستای جیهان، لە هەموو شوێنەکانی ئەم سەر عەردەدا، دەستی دڕێژکراوەی خۆی هەیە. هەرچی بیەوێت لە ڕێگەی دەستە دڕێژکراوەکانییەوە دەیکات، کە هاوبەشی ئابووری و دەستندەخۆری خۆیین. سەرمایەدارییەت لە ئێستادا بە قۆناغێک گەیشتووە، پێویستی بەوە نییە لەڕێگەی سوپا و لەشکرەوە مرۆڤایەتی داگیر و پێمل بکات بۆ ژێر خواستەکانی خۆی. نانەوەی ترس و پێدانی مژدە زۆر بە ئاسانیی ئەمەی بۆ دەکەن. ئێمە ڕێک لە نێوان ئەم دوو هێزەداین: لە ترسی ئەوەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا نەمرین، بڕوا بەو مژدەیە دەکەین کە پیماندراوە و گوایە بنەبڕ دەکرێت ..

5. من، بوونی زانستیانە و واقیعییانەی ئەم ڤایرۆسە ڕەتناکەمەوە، توانای ئەوەشم نییە و ناشڵێم نییە و پێی نامرین و ڕێنماییە ساخلەمییەکان ڕەچاو نەکەین و ئاگامان لە منداڵەکان نەبێت.. بەڵام من گومانیکم هەیە ئەوەی کە هێزێکی جیهانی نەبێت، ئەم کەمپانیای ترسەی بۆ تۆقاندنی مرۆڤایەتی و گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆی، نەخستبێتەگەڕ..

وەلێ پێمخۆشە ئەوەندە گەمژە نەبم، کە پاشان بەخۆم بڵێم: چەندە ئاسان ژیان و ئاسوودەییم لە خۆم و ماڵ و منداڵم تێکدا و ماچکردنی هاوسەرەکەم تەرک کرد..

یەکێک لە جوانییەکانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە، کە کچانی تەلەفزیۆن وەک نقوڵ لە زاریان بەردەبێتەوە.. کە گوێم لەو دەنگە ناسکەیان دەبێت چۆن وشەکە گۆ دەکەن، ئەم ڤایرۆسەم لێدەبێتە شیفاو چارەسەر.. چونکە من لە ناخی خۆمدا بەرگریی دەکەم و ترس ناکەمە بەشێک لە ژیانی ناو ماڵەکەم.. نیو کارتۆن ماسکیشمان هەیە کە شەش مانگ پێش ئێستا دوای نەشتەرگەریی دڵم کڕیومانن، کێ پێوستی پێیانە بەدیاری پێشکەشیانی دەکەم..

نابێت ترس لە دڵی منداڵ هەبێت، وەلێ خەمی کچە دەستدرێژیکراوەسەرەکە، خەمگینی کردووم.. ئەو گەورەترە لە ڤایرۆسێکی بچکۆلە، کە ئەوەندە گەورەمان کردووە ..

22/2/2020

هەولێر

ڤایرۆسی کرۆنا گەیشتە هۆڵەندا

ئێوارەی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٧-٢-٢٠٢٠ پاش ڕاگەیاندنی تووش بوونی چەند هاوڵاتییەک لە هۆڵەندا بە ڤایرۆسی کرۆنا تەلەفزیۆنی هۆڵەندا، تا ئێستا ژمارەی تووشبووان گەیشتۆتوونەتە(24 هاوڵاتی)، بەرنامەیەکی سەعاتی لەسەر ڤایرۆسی کۆرۆناپێشکەشکرد، بە میواندارای وەزیری تەندروستی – وەرزش و چەند پسپۆرێکی بواری پزیشکی. بەرنامەکە وەک تەلەفزیۆن بڵاوی کردەوە 1.8 ملیۆن بینەری هەبووە، خەڵک زیاتر لە 7 هەزار پرسیاریان ناردبوو بۆ بەرنامەکە، جگە لە فەیسبووک و تویتەر. پێم باشە هەندێک زانیاری ناو بەرنامەکە بۆ خوێنەران بگوازمەوە،بۆ ئەوانەی بەرنامەکەیان نەبینی بێت ڕەنگە سوودێکی خۆی هەبێت.

+ پرسیاری زۆر لەسەر بەستنی ماسک کرابوو. وەڵامەکان بەگشتی وابوو، کە پێویست ناکات هەمووکەس ماسک بپۆشێ...! ماسک بەستنیش زانینی دەوێت. پێویست ناکات ئەگەر کەسیک توشی نەخۆشیەکە نەبوبێت ماسک ببەستێت. مەترسی ماسک بەستنیش لەوەدایە، ڕێگە ڤایرەسەکەی پێوەبنوسێت، دەستیش بەری دەکەوێت ڤایرەسەکە بەدەستەوە دەنوسێت، ئەگەر زۆرە بۆ چاو و لوت و دەم بگوازرێتەوە و کرسەکە تووش ببێت. ئەو کەسانەی کە چارەسەری نەخۆشەکان دەکەن و لێیان نزیک دەبنەوە بۆ خۆپاراستن دەبێت ماسک ببەستن.

+ پژمین و کۆکە: ڤایرسەکە لە کەسیی توش بۆوە بۆ کەسیکی تر دەگوازرێتەوە، بۆیە زۆر گرنگە لەکاتی پژمیندا دەم بخەیتە ئانیشکتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵگری ڤایرۆسەکە بیت، بەهەوادا بڵاونەبێتەوە و خەڵکی تر تووش نەکەیت..! بێگومان لەکاتی پژمین و کۆکیندا، هەم باشتر و هەم جوانترە نەخۆش بیت، یان نا بەو جۆرە بکەیت..(وێنەکە ببینە).

خالید ڕەزا ...کردوویەتی بە کوردی

+تا ئیستە لە هۆڵەندا (دوو حاڵەتی تووش بوون تۆمار کراوە- کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکە)، یەکێکیان لە هەرێمی تیلبورخ و ئەوی تریشیان لە ئەمستردامە. هەردووکیان لە شوینی تایبەت دانراون لە ژیر چاوەسەرکردندان. بەتەنها تووشبووەکان دانابڕن. بەڵکو یەکسەر دەس بە لیکۆلینەوە دەکەن بزانن لەگەڵ چەند کەس دیکە تەماسیان هەبووە و تێکەڵاو بوون، هەموو ئەوانە دەدۆزنەوە و پشکنینی پێویستیان بۆ دەکەن.

+لەسەر ئەوەی کە ئایە ڤایرۆسەکە بە گەرما لەناو دەچێت وەڵامێکی زانستیان پێ نەبوو، بە هۆی ئەوەی ڤایرۆسەکە نوێیە. بەڵام گوتیان نەخۆشییە درمتیەکان لە وەرزی هاوین و گەرماکاندا یان ڕوونادەن یان زۆر بەدەگمەن ڕوودەدەن.

+ بەپلەی یەکەم جەختیان لەسەر خۆپاراستن و دەستشتن بۆ ماوەی 20 چرکە دەکردەوە، بەجۆرێک نێوانی پەنجەکان، بنی نینۆکەکان ناولەپی دەست ئینجا وشک کردنەوەی دەست بە دەسەسڕی کاغەز و یەکسەر فرێدانی بۆ ناو تەنەکەی خۆڵ دەکردەوە.

+ باسی ئەوەیانکرد کە ئەوکەسانەی تەندروستیان باشەو سیستمی بەرگری لەشیان بەهێزە، ئەگەر تووشی ئەم نەخۆشییە ببن لەماوەی دوو هەفتەدا بێ بەکارهێنانی هیچ داودەرمانیک خۆیان چاک دەبنەوە. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی بۆماوەیان هەیە، یان ڕەبۆ و تەنگەنەفەسی و نەخۆشی دڵ و شێرپەنجەیان هەیە و لەتەمەندان، بەهۆی ئەوەی کە سیستمی بەرگری لەشیان لاوازە، مەترسی زۆریان لەسەر دروست دەکات و دەبێت چارەسەریان بۆ بکرێت، بەڵام مەرج نییە هەرکەس بە تەمەن بێت و تووشی کۆرۆنا بێت، بمرێت...!

بەکورتی ئەوە پوختەی ئەو زانیاریانە بوو کە کە لەو بەرنامەیەدا باسکران. ئەم پرسیار و وەڵامانەم لە سایتی وەزارەتی تەندروستی- وەرزش و هاوکاری حکومەتی هۆڵەندا وەرگرتووە و هەوڵمداوە بە کوردییەک بینووسمەوە، کە هەمووان لێی تێ بگەن.

پرسیار: ئایا ئەگەری ئەوەت هەیە توشی ڤایرەسی کۆرۆنا ببی؟
(coronavirus (COVID-19

چیرۆکی لەیلا و گورگە فێڵبازەکە

نووسینی: کامیل گەیلانی.....وەرگێڕانی : ئەحمەد کامەران

دەگێڕنەوە کە لە گوندێکی بچوکدا، کچێکی جوان و بچووک هەبوو ناوی لیلی یە وە خەڵکی گوندەکە پێی دەڵێن کچە عەبا سۆرەکە، چونکە لەیلا بوو، زۆر حەزی لە ڕەنگی سوور بوو، بە تایبەتی لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا، داپیری بە دیاری دەسماڵێکی سووری بۆ دەهێنێت، ئیتر لەو ڕۆژەوە لەیلای بچکۆلە ئارەزووی لە ڕەنگی سوور دەبێت،دایکی لەیلا بەیانیەکی زوو، چەند پارچە کێکی گەرم ئامادە دەکات و دەیانخاتە نێو سەبەتەیەکی بچووکەوە، بە لەیلا دەڵێت: کچە بچووکەکەم ئەم پارچە کێکانە بۆ ماڵی داپیرت ببە. داپیری لەیلا زۆر نەخۆش بوو تەندروستیەکی زۆر خراپی هەبوو، لەیلاش دەڵێت: بەچاوان دایکە گیان ئێستا دەیان بەم بۆ داپیرم، بەڵام پێش ئەوەی بڕوات دایکی پێی دەڵێت: لە ڕێگا ئاگاداری خۆت بە کچەکەم تەنها ڕێگای بەرەو ماڵی داپیرت بگرە، بەرەو هیچ شوێنێکی تر نەڕۆیت با دوایی شتێکت بەسەردا نەیەت. لەیلاش گوێڕایەڵی قسەکانی دایکی خۆی دەبێت و تەنها ڕێگای ماڵی داپیری دەگرێتە بەر، لەهەمان کاتیشدا ماڵی داپیری لە کۆتایی ڕێگای دارستانەکەیە، ئیتر لەیلاش بەنێو دارستانەکە بەڕێ دەکەوێت، بەڵام لە ناکاو گورگێک دەبینێت. کە بەڕووڕووی دێت، کەچی لەیلا بەهیچ شێوەیەک ناترسێت، چونکە ئەو زۆر بچووکە تەنها لە مانای خۆشەویستی دەزانێت، بۆیە وادەزانێت کە ئەم گورگە کەسێکی بە سۆزە بۆی، بەڵام نازانێت کە چەند ئاژەڵێکی خراپەکار و فێڵبازە، گورکە خۆی لە لەیلا نزیک دەکاتەوە وە پێی دەڵێت : ناوت چییە بچکۆل؟ ناوم لەیلایە، بەڵام خەڵکی گوندەکەمان بە کچە دەسماڵ سۆرەکە بانگم دەکەم، گورگەکە پێی دەڵێت: بەم بەیانییە زووە بەرەو کوێ دەڕۆیت لەیلا؟ لیلیش دەڵێت: دەڕۆم بەرەو ماڵی داپیرم چوونکە ئەو زۆر نەخۆشە وە هەروەها دایکم کەمێک کێکی بۆ ئامادە کرد و بەمنی دا، کە ببیبەم بۆ داپیرەم، گورکەکەش بە ڕوویەکی پێکەنیناوی پڕ لە فێڵەوە پێی دەڵێت: تۆ کچێکی جوان و زیرەکی، لیلیش بە گورگەکە دەڵێت: سووپاس گورگەکە تۆش زۆر باشی من تۆم خۆم خۆشدەوێت، کەچی لیلی هیچ کات هەستی نەدەکرد ئەمە گورگێکی فێڵبازە،وە هەروەها گورگەکە زۆر دڵخۆش بوو کە توانی بە قسەکانیەوە.لیلی بچکۆلە هەڵبخەڵەتێنێت و متمانەی تەواوی لیلی بەدەست بهێنێت، ئەمەش وای کرد کە گورگەکە لە پلانەکەی نزیک بێتەوە کە بۆ لیلی دایڕشتبوو ، گورگە بە لیلی دەڵێت: ماڵی داپیرت لە کوێیە؟ لیلیش بە هەموو پاکی و سادەییەکەی دەڵێت: ماڵی داپیرم لە کۆتایی دارستانەکە لە خانوویەکی بچوکدا کە لە دار دروست کراوە. گورگەش دەڵێت: زۆر چاکە لەیلا وەرە با من و تۆ یارییەک بکەین، هەردووکمان بەڕاکردن بەرەو ماڵی داپیرت ڕادەکەین، بزانین کێ زوو دەگات لای ماڵی داپیرەت، لەیلاش دەڵێت: زۆر چاکە گورگە من ئامادەم، گورگەکەش پێی دەڵێت: تۆ بەو ڕێگایە بڕۆ منیش بەم ڕێگایەدا دەڕۆم، ئیتر هەردووکیان دەکەونە ڕێ.

گورگەکە بەخێراییەکی زۆر هەنگاو دەنێت تاکو بگاتە ماڵی داپیری لەیلا، بەڵام لەیلا لە ڕێگادا کۆمەڵێک گوڵی زۆر جوان و ڕەنگاو ڕەنگ بەرچاوی دەکەوێت، وە لەیلا ناتوانێت جوانی گوڵەکان پشتگوێ بخات، بۆیە دەست دەکات بەڕنینی چەپکێک و لەهەمان کاتیشدا چەپێکی دیکە بۆ داپیری وەکو دیاری بۆی ئامادە دەکات و دەڵێت: دڵنیام بە بۆن کردنی ئەم گوڵە جوانانە ، داپیرم هەست بە چاکبوونەوەی خۆی دەکات.

لە کۆتایی دا گورگەکە توانی بگاتە پێش دەرگای ماڵی داپیری لەیلا و بەهۆی ئەوەی سااڵنێکی زۆرە لە نێو ئەم دارستانە ژیان بەسەردەبات، بۆیە توانی بە خێرایی بگاتە پێش دەرگای ماڵی داپیری لەیلا، کاتێک کە گەیشتە پێش دەرگا گورگەگە لە دەرگای ماڵی داپیری لەیلا دەدات و داپیری دەڵێت: ئەوە کێیە؟ گورگەکە دەنگی خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت: منم داپیرە لەیلام دەرگاکە بکەوە، بەڵام داپیری لەیلا ناتوانێت هەڵسێتەوە سەر پێکانی بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە، بۆیە پێی گوت: دەتوانی دەرگاکە ڕابکێشیت و بێیتە ژوورەوە، گورگەکەش دەرگاکە دەکاتەوە دەڕواتە ژوورەوە، کاتێک داپیری لەیلا گورگەکە دەبینێت زۆر تووشی شپرزەیی دەبێت و هەوڵ دەدات هەستێتەوە سەرپێیەکانی و داوای یارمەتی بکات، بەڵام گورگە ڕاستەوخۆ پاڵێک بە داپیری لەیلاوە دەنێت و دەیخاتە نێو دۆڵاپێکەوە، هەروەها داپیری لەیلا لە هۆش خۆی دەچێت و گورگەگەش خۆی دەخاتە شوێنی داپیری لەیلا، واتە گورگە خۆی دەکاتە داپیری لەیلا و دەڕواتە نێو جێگاکەی داپیری، چاوەڕێی لەیلا دەکات تاوەکو ئەو پلانەی داینراوە جێ بەجێی بکات، لەیلا نزیک دەبێتەوە لەلای ماڵی داپیری و لە دەرگا دەدات، گورگەکەش دەنگی خۆی دەگۆڕێت دەیکاتە هاوشێوەی دەنگی داپیری، دەڵێت ئەوە کێیە؟ منم داپیرە لەیلام، گورگەکەش دەڵێت: ناتوانم کچم هەڵستمە سەرپێ، من زۆر نەخۆشم دەتوانیت لەلای خۆتەوە دەرگاکە بکەیتەوە و بێیتە ژوورەوە، لەیلاش دەرگاگە دەکاتەوە و دەڕواتە ژوورەوە، ئەوەی جێگای نیگەرانیە بۆ لەیلا بچکۆلە، ماوەیەکی زۆرە ڕووخساری داپیری خۆی نەبینیووە.

گورگەکەش پێی دەڵێت: بەخێربێت کچە بچکۆلەکەم ئەوە چییە بۆمنت هێناوە، داپیرە ئەوە گوڵە، لەیلا گوڵەکان دەخاتە ناو شووشەیەکی ئاوەوە لە شوێنێک دایان دەنێت، بەڵام لەیلا بێ ئاگایە لەوەی کە ئەوەی لە ناو جێگا پاڵکەوتووە داپیری نییە، بەڵکو گورگە فێڵبازەکەیە، لەیلا دەڕوات بەرەو لای داپیری و لەتەنیشتیەوە دادەنیشێت، بەڵام لەیلا هەست بەشتی زۆر نامۆ دەکات و دەڵێت: داپیرە بۆ چاوەکانت زۆر گەورە بوون..؟ گورگەگەش دەڵێت: کچم ئەوە چاویلکەم لەچاو کردووە، تاکو تۆ بەجوانی ببینم، بەڵام لەیلا لە گومانەکانی بەردەوام دەبێت، دەڵێت:باشە ئەی داپیرە بۆ گوێچکەکانت گەورەیە، گورگەکەش بەڕوویەکی فێڵاوی، پێی دەڵێت: تاوەکو بە جوانی گوێببیستی قسەخۆشەکانی تۆ بم، تا دەهات لەیلا هەستی بەگومانی زیاتر لەسەر شێوەی داپیری دەکرد، بۆیە گورگەکە هەستی کرد، کە کارەکەی بەرەو ئاشکرابوون دەڕوات، بۆیە ڕاستەوخۆ لە نێو جێگادا هەڵدەستێتەوە بۆ ئەوەی لەیلا بخوات، بەڵام لەیلا بە دەنگی بەرز هاوار دەکات و چەند ڕاوچیەک لەو شوێنەوە نزیکن، بۆیە خۆیان دەکەن بە ژووردا و دوو تەقە لە گورگەکە دەکەن و دەیکوژن.

بەڵام لەیلا زۆر دەگریا و بەدوای داپیرەیدا دەگەڕا لەگەڵ ڕاوچیەکاندا، پاشان توانیان بیدۆزنەوە و لە نێو دۆڵابەکە دەری بهێنن، بەڵام لیلی زۆر هەستی بە شەرمەزاری دەکرد چوونکە ئەو لەنیوەی ڕێگا ئامۆژگاریەکانی دایکی توانی پشت گوێی بخات و بەقسەی گورگە فێڵبازەکە هەڵبخەڵەتێنرێت، بۆیە ڕاوچیەکان بە لەیلایان گوت: بچکۆل گیان جارێکی تر لە ئامۆژگاریەکانی دایکت هەرگیز دەرنەچیت، چونکە ئەوە دایکی تۆیە تۆی زۆر خۆش دەوێت نایەوێت هیچ شتێکت بەسەر بێت...

سەد ساڵ دوای ئەنیشتاین چی نووسراوە...؟

شێرکۆ ڕەشید قادر

ئاینشتاین بە مانای وشە رابەری هەرە گەورەی شۆڕشی کۆزمۆلۆجی سەدەی بیستەم و بابی فیزیکی هاوچەرخە، توانی دیدی بەشەرییەت لە هەمبەر گەردون و بناوانی گەردون سەرتاپا بگۆڕێت. ئاینشتاین هەموو سیماکانی نمونەی بلیمەتی لەخۆدا بەرجەستە کردبوو، قژێکی بژی بارگاوی، پایپێک و سیپاڵێکی سادەی هەڕەمەکی و جگە لەوەی لە هەڵسوکەوتدا هەتا بڵێی مرۆڤێکی ساکار بوو، هەر لە منداڵێکەوە هەتا گەورەیەک و هەتا سەرۆکی وڵاتێک تامەزرۆی بینین و ئاخافتن بوون لەگەڵی. ئەمە جگە لەوەی کە بە مانای پراوپڕ فەیلەسوف بوو.

بابەتە هەرە سەرەکییەکانی ناەندی فیزیکی ئەم سەردەمە بریتین لە تیوری گشتی و تایبەتی نسبی، چەمانەوەی فەزا –زەمەن، کوانتەم، شەپۆلەکانی کێشکردن و بیگ –بانگ و جی.پی ئێس(ناڤ) و گەلێک بابەتی تر، هەموو ئەمانە ئەو چەمکانەن دەیان ناوەندی زانستی و ئەقڵی هەرە گەورەی زانایانیان سەرقاڵکردووە.

ئاینشتاین، هێشتا موزەفێکی سادەی ئۆفیسێکی سادە بوو، واتە نە کەسێکی بەناوبانگ و نە پسپۆڕێکی ئەکادیمی زانکۆ و نەهەڵگری بڕوانامەیەکی ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی پێی دەڵێت دکتۆرا بوو، لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا و لە زەرفی زەمەنی چەند مانگێکدا، لە ساڵی 1905 دا، چوار پەیپەری فیزیکی نووسی. ئەو پەیپەرانە ئەوەندە شۆڕشگێڕانە بوون، کە هەر یەکەیان بۆ خۆی بە تەنها شایانی خەڵاتی نۆبڵ بوون، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە سەرەتا هیچ کەس باوەڕی بە ئایدیاکانی ئاینشتاین نەبوو. یەکێک لە پەیپەرەکان تیوری تایبەتی نسبیەت بوو.



کۆمەڵێک گوتار کە لە نێوانی 2005 بۆ 2017 نوسراون

ئەمانە چەند گوتارێکن لەسەر ئاینشتاین.....

ئاینشتاین و ئەوەی پێشکەشی کردوە..
https://www.physic4kurd.net/?p=2793

سەلماندنی ئاینشتاین کە ڕاست بوو!
https://www.physic4kurd.net/?p=2886

ئایا ئاینشتاین ڕاست بو؟
https://www.physic4kurd.net/?p=2869

ناکۆتا و ئەو دیو ناکۆتا – تێڕوانینێک لە گەردون
https://www.physic4kurd.net/?p=2919

کۆسمۆلۆژیا لە سەدەی بیستەمدا: بەشی دوەم گەردونەکانی فرەیدمان
https://www.physic4kurd.net/?p=2741

هێزی کێشکردن لە نیوتنەوە بۆ ئاینشتاین
https://www.physic4kurd.net/?p=2845

گەردون لە تاوداندایە!
https://www.physic4kurd.net/?p=3184

یاسای هەبڵ
https://www.physic4kurd.net/?p=2382

کورتە مێژوویەکی کۆسمۆلۆژی
https://www.physic4kurd.net/?p=1687

کورتە مێژوویەکی تیوری بیگ بانگ
https://www.physic4kurd.net/?p=1666

چاڵە ڕەشەکان: تارماییە ترسناکەکانی فەزا
https://www.physic4kurd.net/?p=2949

ئەم کتێبە «مردن لە پێناو ئایدیاکاندا»ی کۆستیکا براداتان بە کوردی بڵاوبۆوە



شالاو حەبیبە

سەرئەنجام ئەم کتێبە «مردن لە پێناو ئایدیاکاندا» چاپ و بڵاوەبێتەوە. سااڵنێک لەمەوبەر (٢٠١٤ وا بزانم) لە ڕەخنەی چاودێر هەوڵێکی زۆرم دا نووسەری کتێبەکە– فەیلەسووفی ڕۆمانی–ئەمەریکی (کۆستیکا براداتان) بە خوێنەرانی کورد بناسێنم. ئەوکات گوتارەکانیمان وەردەگێڕا. کۆستیکا هاوڕێمە و زۆر بە بایەخەوە تەماشای ئەوەی دەکرد، کە لە کوردستان بە تایبەت لە سلێمانی چی ڕوو دەدات...؟ کۆستیکا بۆ زۆرێک لە خوێنەران شیرین و سەرنجڕاکێشە، چونکە لە یەک کاتدا پەیوەندییەک لە نێوان، ئەدەب، فەلسەفە و سینەمادا دەدۆزێتەوە. دەستخۆشی لە نەبەز سەمەدی وەرگێڕی کتێبەکە دەکەم، سااڵنێک بەم کتێبەوە ماندوو بوو، هەم بە وەرگێڕانییەوە، هەمیش هەوڵدان بۆ چاپکردنی. کەسێکی فەلسەفەدۆست و خەمخۆرێکی زمانیشە.

پاژێک لە کتێبەکە:

بوون و کات (١٩٢٧) کتێبێکی مەتەڵییە و بە پەلە نووسراوە. ئاخر مارتین هایدێگەر لە سااڵی ١٩١٦وە شتی زۆر بااڵو نەکردبووەوە، بۆیە بە جۆرێک پیشە ئەکادیمییەکەی چەقی بەستبوو. هەرچەندە کاتێک بڵاوبووەوە، کتێبەکە یەکسەر بوو بە کالسیکێک. بوون و کات کاریگەرییەکی تۆندی لەسەر فەیلەسووفانی دوای خۆی نواند، وەک جۆرج ستێنەر دەبێژێ "لەنێو مێژووی هزری خۆرئاوادا هیچ ئیشێکی دیکەی وەک بوون و کات نییە" (Steiner 1980: 76). وەک زۆر لە کالسیکەکان، کتێبەکە بە قەد بەناوبانگییەکەی نەخوێندرایەوە.

کۆستیکا براداتان

لەبەر ئەوەی بە پەلە نووسراوە و سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەست هێناوە، واتای ئەوە نییە کە کتێبەکە خوێندنەوەی ئاسانە و هەموو کەسێک پێویستە بیخوێنێتەوە. بە پێچەوانەوە، بوون و کات بە تایبەت هەندێ بەشی یەکێکە لە قورسترین کتێبەکانی فەلسەفە تاکو ئێستا نووسرابێت؛ بۆ زۆر لە خوێنەران کاتی خوێندنەوەی کتێبەکە زیاتر لە کاتی نووسینی کتێبەکە لە الیەن هایدێگەرەوە دەخایەنێت. بە جەختەوە، دواسەرکەوتنەکانی چەندین دەیەی کتێبەکە یەکێکی دیکەیە لە مەتەڵە زۆرەکانی کتێبەکە. بەکارهێنانە تایبەتەکەی زمان الی هایدێگەر، نەک تەنیا لە بوون و کاتدا، بەڵکو لە هەموو ئیشەکانیدا ناوبانگی بوونی بە ئەو داوە. لە یەک کاتدا، یەکێک لە خراپترین فەیلەسووفەکان، کە هەردەم قەڵەمی خستووەتە سەر کاغەز (ئەگەر تۆ گوێ لە دژەکانی بگری)، هەروەها یەکێک لە مەزنترین سەروەرانی زمانی ئەڵمانی (ئەگەر تۆ باوەڕ بە پەسنەرانی بکەی). زمانی هایدێگەر بە سادەیی بە ڕێکەوت قورس نییە، بەڵکو بە مەبەستەوە وەها قورسە. لە ڕاستیدا، یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی پڕۆژە فەلسەفەییەکەی هایدێگەر دووبارە داهێنانەوەی خودی زمانی فەلسەفییە. بۆ هایدێگەر، فەلسەفەی خۆرئاوایی بە درێژاییی لێرەبوونی لەنێو قەیرانێکی قووڵدا بووە. "بە زۆری" لەبەر ئەوەی پێش سۆکراتیس و پالتۆن، کاتێک هەبووە، کە تێیدا فەلسەفە گەشەی کردووە: قۆناغی پێش–سۆکراتی. هەرچەندە بۆ زۆر لە فەیلەسووفان هزری خۆرئاوایی لەتەک سۆکراتیس و پالتۆندا سەرەتا دەگرێ، بەاڵم بۆ هایدێگەر لەوێدا کۆتایی دێت. هایدێگەر ناوێکی بۆ ئەم نەخۆشییە هەیە: "بیرچوونەوەی بوون". فەیلەسووفان لە کاتی پالتۆنەوە لەنێو فرەیی بوونەوەرە تایبەتەکاندا خۆیان ون کردووە، بیریان چووەتەوە سەرنج لەوە بدەن سەرجەم ئەوانەی وەک ئەوەی کە ئەوان هەن، چێ کردووە: بوون وەها.

میران ئەبراهام و ڕۆمانی نیشمانی سارا



ڕۆمانی نیشتمانی سارا نووسینی میران ئەبراهام مێژووی شارێک دەگێڕێتەوە، باسی دەربەدەرکردنی جولەکە دڵسۆز و خەمخۆرەکانی سلێمانی و مێژووی جولەکەکانی کوردستان و عێراق دەکات، کۆڕە چواربانخیەکی شاری سلێمانی ئێستە لە شاری خرۆنیگن لە باکوڕی هۆڵەندا دەژی، ڕۆمانێکی جوانی نوسیووە شایەنی خوێندنەوە و هەڵوێستە لەسەر کردنە.

هاوارێکی دڕەنگ وەخت!

ڕەنجدەر نەجم

باپیرە خایم لە تەمەنی 96 ساڵیدا و دوای نزیکەی نیو سەدە لە غەریبی، لە ئۆرشەلیمەوە دەگەڕێتەوە سلێمانی. لە ماوەی دوو ڕۆژدا، یادەوەرییەکانی گەڕەکی جوولەکان و کنیستەکەی و هەموو غەدر و ستەمەکانی ڕابردوو هێندە بریندەکانی قوڵ دەکەنەوە، کە چیتر بەرگەی ناگرێت و ژیانی پڕ لە ڕاکەڕاکی لەوێدا کۆتایی دێت. ئەمە کۆتایی ڕۆمانی "نیشتمانی سارا"ی میران ئەبراهام-ە، ڕۆمانێک کە ئاوێنەیەکمان دەداتە دەست و مێژوویەکی ناشرین و پڕ لە زوڵم و زۆرداریی شاری سلێمانی و کوردستان و دواجار هەموو عێراقیشمان پیشان دەدات. هەموو شار و نەتەوەیەک مێژوویەکی هەیە، کە هەمووان لە ئاگاییەوە بێ یاخود لە ناگاییەوە، دەیانەوێت بیشارنەوە و کەس پەردەی لەسەر هەڵنەماڵێت و بە فەرامۆشیی بسپرێن، بەڵام دواجار فیلمێک.. ڕۆمانێک.. قەسیدەیەک دێت و هاوار دەکات: "پاشا ڕووتە.. پاشا ڕووتە".

"نیشمانی سارا" باس لە ئازارەکانی جولەکەکانی شاری سلێمانی دەکات بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، ئەو ئازارانەی نەکتێبەکانی خوێندن پێیان ئاشناکردووین، نە میدیاکان دوور و نزیک بەلایدا چوون و نە کتێبەکانی مێژوویش ئاوڕێکیان لێ داوەتەوە.

بەڵام ئەم ڕۆمانە بەیەکجار هەموو شتێک باس دەکات.. هەموو ئەو زوڵم و ستەمەی باب و باپیرانی ئێمە و شێخ و مەلاکان لە جوولەکەکانی ئەم شارەی کردوون، لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەرئەوەی ئایینێکی جیاوازیان هەبووە و کەمینە بوون و توانای خۆپاراستنیان نەبووە. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دەست پێ دەکات و باس لە دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی عوسمانییەکان و تورکاندن و ئیسلاماندنی هەموو شتێک دەکات. دەسەڵاتی تورک، کورد و عەرەبی مسوڵمانی دەچەوساندەوە؛ عەرەبەکان، ستەمیان لە کورد دەکرد؛ هەمووشیان پێکەوە دەستیان نابووە بینەقاقای جوولەکەکان، تا دواجار لە کۆچێکی بە کۆمەڵدا هەمووان شاربەدەر و وڵاتبەدەر دەکرێن. جگە لە سەردەمی عوسمانییەکان، باپیرە خایم، وەک کارەکتەرەی سەرەکیی ڕۆمانەکە، بەناو ئاگری ڕووداوەکانی سەردەمی ئینتیدابی ئینگلیز و شەشی ئەیلولی 1930 و سەردەمی دەسەڵاتی ڕەشید عالی گەیلانیی دۆستی هیتلەر و دوژمنی جوولەکەکان تێدەپەڕێت. پریشکی هەر ئاگرێت پارچەیەک لە جەستە و ڕۆحی دەسووتێنێت، لە هەر نەهامەتییەکدا دۆستێکی لەدەست دەدات و هەر دەربەردەرییەک ئێسکێکی وردوخاش دەکات، تا دواجار جەستەیەکی شەکەت و ڕۆحێکی هەلاهەلای لێ دەمێنێتەوە.

ئەم ڕۆمانە هاوارێکی دڕەنگ وەختی جوولەکەکانی کوردستانە کە بەر لە دەستپێکی جەنگی جیهانی دووەم نزیکەی پەنجا هەزار خێزانی جوولەکە لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانی کوردستانی عێراقدا ژیاون و ئێستا کەس نازانێت گەر تاک و تەرایەکیان لێ مابێتەوە. ئەم هاوارە زۆر دواکەوتووە و کەس نەبووە گەرووی خۆی بداتێ، بەڵام دواجار سەداکەی هات و دەنگدانەوەکەی هەر دەمێنێتەوە.

لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بیرم لەوە دەکردەوە چەند جوان بوو ئێستا لە سلێمانیدا چەند هەزار مانێکی جوولەکە و چەند کنیستێکی تێدابووایە، ئەو کات شارێکی فرەڕەنگتر و ئێمەش چەند هاوڕێیەکی جیاوازترمان دەبوو.

((ع. ح. ب)) شاعیرێک بە ناوێکی سێ "پیت" یی



((ع. ح. ب)) شاعیرێک بە ناوێکی سێ "پیت" یی،
بە بۆنی خۆشی (گۆران) و شەروالّ و مرادخانییەک و
جامانەیەکی سادەوە
بە کۆلّانەکانی کوردبوون و کێشی کوردیی شیعردا
دەهات
لە هیچ شوێنێک لای نەدەدا
نە لە چایخانە و نە لە دوکانەکانی سیاسەت و
نە لە قەیسەرییەکانی ئەدەب
دەهات و لە هیچ شوێنێک بەنگ نەدەبوو
هیچ جێگەیەک پێی گل نەدەدرایەوە
تا رۆژێکیان لە تەپوتۆزی دوای ڕاپەڕیندا دیار نەما و
لە لەبیرچوونەوەیەکی کوردییدا شکۆفەی کرد
ئاخر لەناو ئەو هەموو ناوە چوارشانەیەدا
کێ بیری لای تەنها سێ پیتی باریک و بنێس بوو؟!

دلاوەر قەرەداخی

گەل و میّگەل

دانا هەڵەبجەیی

2020/2/13

تۆ درۆ بکە، نواندن بکە، ڕۆڵی جۆکەر ببینە، هەمیشە وەک یاریزانێکی سێرک یاری لە سەر تەنافە بەرزەکان بکە.

تۆ بە زمان و ئاماژە و وشە تازە و نامۆکان لەگەڵ چوار دەور ئاخافتن بکە، تۆ بەرتەقا و ئەڵەنگاری و هتد بخە ناو ڕستەکانت، بۆ ئەوەی بڵێن گرنگی.

تۆ عەرەب و تورک و فارست لا بەرز تڕە لە کورد، ئەمڕۆ پارە لات هەموو شتە، سبەینێ چڵکی دەستە، ئەمڕۆ کۆماریی و سبەی پادشایی و دوو سبەی دیموکراسی، ئەمڕۆ غەمت لا کلتووڕە و سبەی شادی.

کۆمەڵێک هەن نەک بیریان ڕۆشن نییە، بەڵکو ئەو زەڕە ڕۆشناییەشمان لێ دەبڕن کە بە میراتی بۆمان ماوەتەوە.

ئاخر ناهەقی سەعدی و حافظ، نالی و مەحوی نییە، کە بە ئاشکرا هیچییان نەدەگوت لە ناو میللەتەکانیاندا.

دەسەڵاتی بێ ڕەنگ میللەتی بێ ڕەنگ دروست دەکات. دوێنی دنیاتان لێ کردینە هەرا کە وڵاتمان دەوێت، ئەمڕۆ زۆر بێ شەرمانە پەشیمانن و بە تێستێکی خەڵکی لەقەڵەم دەدەن.

چ دۆخێکە ئەو دنیا و دین و دەوارەی ئێوە بەڕێوەی دەبەن، نە دین ما و نە دنیا و نە دەوار.

چ وڵاتێکە بە زەنگینی دڵت بە وڵات خۆش نەبێت و بە هەژاری غەریبت لا پادشایی بێت.

مرۆڤی باڵا و تەندروست لە دۆخی تەندروستدا دروست دەبێت، نەک .....

نمونەیەکی جوانمان پیشان بدەن بانمونەیەکی جوانتان پێشکەش بکەین و هیچی تر.

کۆن بوو باسی سەرچاوەی کانی و ئاوەکەی.

تاریکی مانگە شەو سەر لە ئێوارەوە دیارە....

بەداخەوە ئەم کورتە نووسینەی کاک دانا پڕە لە ڕەشبینیی..

چالاکی ڕێکخراوە کوردییەکان لە تاراوگە

چالاکییەکی یانەی کوردی لە ڕۆتردام "میدیـــا"

هۆکارە نهێنییەکانی پشت جیابوونەوەی هاوسەرەکان

هاوسەرگیری پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دینی زانستییە، هەموو تاکێک لە کۆمەڵگا مافی خۆیەتی پیادەی بکات، هاوسەرگیری پەیمانێکی مۆرکراوە لە نێوان دوو تاک یان زیاتر، خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و لە یەک تێگەیشتن بەردەوامی دەداتێ. هەر چەندە پڕۆسەکە زیاتر بۆ چێژ وەرگرتنە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا یەکتری تەواو کردنە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و پارێزگاریکردنی وەچەکانە و بەردەوامی بە یەکەوە مانەوەی هاوسەرەکان دەکرێت بە خۆویستی بێت، یان بە زۆری بێت، بەڵام گەر گەیشتە خاڵێک، کە چیدی نەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و بەردەوامی بە ژیانی هاوسەرگیرییان بدەن، ترازان باشترین هەڵبژاردنە. هۆکانی لێکترازان زۆرن،(کۆمەڵایەتی، ماددی، فیزیایی، کیمیایی، میدیـــا، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و تێکچوونی دەروونی و هتد...

ئەم باس و لێکۆڵینەوەیە لە کۆڕێکدا بوو، یانەی کوردی لە ڕۆتردام "میدیـــا" لە دەستپێکی چالاکییەکانی ئەمساڵیدا.... ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 01/03/2020 کۆڕێکی بۆ بەڕێز (مامۆستا سۆران) لە شاری ڕۆتردام ساز کرد، تا لە نزیکەوە وێڕای زانیارییە ئامادەکراوەکان گفتوگۆیەکی ڕاگۆڕینەوە بکرێت و لە تاراوگە بتوانین خزمەت بە کێشە خێزانییەکان بکەین. شایانی باسە زیاتر لە پەنجا ژن و پیاو ئامادەی کۆڕەکە بوون و ماوەی سێ کاژێری خایاند... لە کۆتایی کۆڕەکەشدا، ئامادەبووان بە پرسیار و ڕاوبۆچوون گۆڕینەوە، کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر و گەرمتر کرد و بووە جێی ڕەزامەندی و دڵخۆشی هەمووان. پاشان بە ئێوارە خوانێکی کوردەواری کۆڕەکە کۆتایی هات. تێبینی: لە دوای کۆڕەکە چەندین پەیوەندی بە یانەی کوردیی "میدیـــا"وە کراوە بۆ دووبارە کردنەوە و سازدانی ئەمجۆرە کۆڕانە.

ڕاگەیاندنی یانەی کوردی لە ڕۆتردام "میدیـــا"

کۆسمینارێک بۆ هەردوو بەڕێز مامۆستایان شێرزاد حەسەن و لالە عەبدە لە شاری ئارنهێم

کۆمەڵەی جڤاکی کوردیی لە شاری ئارنهێم، کۆسمینارێک بۆ هەردوو بەڕێزان نووسەر و ڕوناکبیر مامۆستا شێرزاد حەسەن و هونەرمەندی شێوەکار مامۆستا لالە عەبدە،لە شاری ئارنهێم سازدەکات به ناونیشانی(لە ستایشی ئەدەبدا) و (هونەر و گلۆبالیزم، ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 15-03-2020 کاتژمێر 14:00 دووی پاشنیوەڕۆ لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Molenweg 44
6842 BG Arnhem

کێبڕکێی ئەمریکا و ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سیروان مەحمود حەمە پۆلیس لە نوێترین چاپکراویدا بە ناونیشانی (کێبڕکێی ئەمریکا و ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (قەیرانی سوریا وەک نموونە) و بەرەسەندنەکانی، کاریگەری گەورەی لەسەر سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر گرنگییە جیۆستراتیژی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکەی بووەتە گەرمترین شوێن بۆ ئەو کێبڕکێیە .. ئەم بابەتە سیاسییە هاوڕێمان کاک سیروان لەتوێی کتێبێکی 180 لاپەڕەییدا وەیگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کەوتۆتە بازاڕاوە لەسەر ئەرکی بەڕێز فاروق فایەق حەمەی پۆلیس چاپکراوە.

ڕاستیەکان و زانیاریە نوێیەکان دەربارەی ڤایرۆسە نوێیەکەی کۆرۆنا...

ئایا تا ئێستا هیچ ڤاکسینێک هەیە؟

لوقمان حەوێز

نەخۆشیەکە ئێستا پێی دەگوترێت COVID–19 ووشەی COVI واتە کۆرۆنا ڤایرۆس کە کۆمەڵێک جۆرن، پیتی D بۆ ئەم جۆرە نوێیەیە کە ئێستا بڵاوبۆتەوە، 19 ش واتە لەساڵی 2019 ئەم جۆرە دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد، ئەم ڤایرۆسە نوێیەش تەواوی ناوە نوێیەکەی ئێستا بریتیە لە:

SARS–CoV–2

هەندێک ڕاستی و زانیاری نوێ دەربارەی ڤایرۆسەکە و نەخۆشیەکە:

چینیەکان تا ئێستاش زانیاریەکی زۆریان لە جیهان شاردۆتەوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئەمەریکیەکانیش زۆر لە هەوڵی ئەوەدان بزانن بە وردی ئەم ڤایرۆسە نوێیە چۆن و لە کوێ یەکەمجار سەریهەڵدا، لەم ڕووەوە چینیەکان هاوکاریان ناکەن، ئێستا دەرکەوتووە یەکەم توشبوو لە ناوچەی ووهانی چینی لە یەکی مانگی دیسەمبەر واتە مانگی دوانزەی ساڵی 2019 توشبوو و ئەو کەسە هیچ پەیوەندیەکی بە بازاڕی فرۆشتنی گۆشتنی ئاژەڵە کێویەکان نەبووە، نەوەکو وەکو ئەوەی چینیەکان دەڵێن لە ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵی 2019 یەکەم کەس تووشبووە و ئەو کەسە پەیوەندی بەو بازاڕە هەبووە، تا ئێستا چین هیچ بەڵگەیەکی لەم بارەوە پێشکەش بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئەمەریکیەکان نەکردووە...

ڤایرۆسناسان لەئەمەریکا و ڕۆژئاوا دڵنیان لەوەی ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایەش وەکو ئەوانەی پێشوو سەرچاوەکەی گیاندار و باڵندە کێویەکانە، بەڵام لە ئێستادا بە دووریشی نازانن و ڕەتیشی ناکەنەوە ئەو ڤایرۆسە لە پەیمانگەی ڤایرۆس ناسی ووهانەوە دەرچووبێت لەکاتی تاقیکردنەوەکان ئەگەر بەهەڵە بووبێت یان بە مەبەست، لەبەر ئەوەی تا ئێستا چین هیچ بەڵگەیەکی نەخستۆتەڕوو کەوا یەکەم حالەتی توشبوون ڕاستەوخۆ لە ئاژەڵ و باڵندە کێویەکان بووە، وەکو ڕاستیەکیش چینیەکان لە ساڵی 2015 پەیمانگەیەکی نوێیی ڤایرۆسناسی لە ناوچەی ووهان کردەوە، پەیمانگەکە بێ وێنەیە لە چین و جیهان و لە ئاستێکی هەرە بەرزی داخراوی و نهێنیدایە، هەندێک لە کۆنگرێسمانە ئەمەریکیەکان وەکو تۆم کۆتۆن بەئاشکرا لە کەناڵی فۆکس نیوز چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ووتی ئەم ڤایرۆسە بەشێکە لە پڕۆگرامی ئامادەکردنی چەکە بایۆلۆژیەکان لەلایەن چینەوە و ووتیشی لەو پەیمانگەی ڤایرۆسناسی ووهانەوە دەرچووە، ئاماژەشی بەوەدا ناشەفایەتی چین و هاوکارینەکردنی لەگەڵ ئەمەریکا گومانەکان زەقتر دەکاتەوە، ئەو کۆنگرێسمانە و کۆمەڵێکی تریش لە سیاسەتمەدارە ئەمریکیەکان دەڵین لەم دە پانزە ساڵەی دوایی چین دەستی کردووە بە تاقیکردنەوە و بەرهەمهێنانی کۆمەڵێکی زۆر لە چەکی نوێ و چەکە بایۆلۆژیەکانیش بەشێکن لەو چەکانە...

نەخێر، لەچەند لایەکەوە هەوڵ هەیە بەتایبەتی لەئەمەریکا، بەرپرسان لە دەزگای FDA واتە دەزگای فیدڕالی بۆ دەرمانەکان لەئەمەریکا بەر لە سێ ڕۆژ ووتیان تیشکی سەوزیان داوە بە چەند لایەنێک تاقیکردنەوەکان دەست پێ بکەن لەسەر ڤاکسین، بەڵام دەڵێن تاقیکردنەوەکان و دڵنیاییکردنەوە لە سەلامەتی ڤاکسینەکە ئەگەر کاریش بکات لایەنی کەم 9 مانگی دەوێت...

نیشانە گرنگەکانی نەخۆشیەکە چین؟ جۆری چارەسەریەکان لە ئێستادا چین؟ نیشانە گرنگەکان وەکو نیشانەکانی هەڵامەتێکی توند یان ئەنفلۆنزایەکی تۆندن، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک هەندێک لە نەخۆشەکان توشی هەوکردنی تۆندی سیەکان دەبن یان ئەوەی پێی دەوترێت نەخۆشی نەمۆنیا، تۆشبووان لە ئێستادا جیادەکرێنەوە و هەندێک دەرمانی دژە ڤایرۆس و دەرمانەکانی سوککردنی نیشانەکانی نەخۆشیەکەیان پێدەدرێت، تاوەکو ئێستا 95% تا 97% لە توشبووان چاکدەبنەوە...

تا ئێستا هەوڵەکان بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بریتی بووە لە جیاکردنەوەی توشبووان، داخستنی ئەو ناوچانەی کە ژمارەیەکی زۆر یان بەرچاو لە توشبووی لێبووە، قەدەغەکردنی گەشت کردن بۆ ئەو ناوچانە، هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵک بەگشتی لە چۆنیەتی خۆپارستن و خۆ بەدورگرتن لە توشبوون...

مەترسیە گەورەکە چیە؟

مەترسیە هەرە گەورەکە بریتیە لە بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئەم ڤایرۆسە لە وواڵات و کۆمەڵگە هەژارەکان، ئەوانەی سیستەمێکی تەندروستی لاواز و ناڕێکیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم ڤایرۆسە توانای بڵاو بوونەوەی زۆر خێرایە بۆیە مەترسی دەکرێت لەو وواڵات و کۆمەڵگایانە لەکاتی بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک توشبن و سیستەمی تەندروستی بەتەواوی هەرەس بێنێت، ئەمەش کارەساتێکی مرۆیی گەورە دروست دەکات...

ئایا ئەم جۆرە نوێیە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وەرزە گەرمەکان سست دەبێتەوە و لەناودەچێت؟

تا ئێستا هیچ زانیاریەکی وورد نیە لەوبارەیەوە، بەگشتی ڤایرۆسەکانی پێشتری کۆرۆنا لەوەرزە گەرمەکان سستتر دەبوون، بەڵام جارێ هیچ دڵنیاییەک نیە لەو بارەیەوە سەبارەت بەم جۆرە نوێیە، هەر دوێنێش حالەتێکی توشبوون لە ووڵاتی نایجیریا سەری هەڵدا کە ووڵاتێکی ئەفریقی نیمچە گەرم و کەمەریە...ئایا دەمامک بەتەواوی دەتپارێزێت؟ ئەم ڤایرۆسە لەگەڵ پژمە و کۆکە لەڕێگەی دڵۆپە ئاوی بچوک بەهەوادا بڵاودەبێتەوە بۆ کەسە نزیکەکان، دەمامکەکان بەگشتی یارمەتیدەر دەبن لە نەگەیشتنی دڵۆپە گەورەکان پێت، بەڵام سەدا سەد ناتپارێزێت، تەنیا هەندێک جۆری دەمامک بۆ نمونە لە جۆری N95 کە لەلایەن کارمەندانی تەندروستی بەکاردەهێنرێت لە نەخۆشخانەکان تەواو ئەو کەسە دەپارێزن...

https://www.hopkinsmedicine.org/coronavirus

https://www.statnews.com/…/coronavirus–vaccines–are–far–of…/

https://www.businessinsider.com/coronavirus–bioweapon–tom–c…

گۆشەی 45 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

بڕیارێکی تازە بۆ کرێچیەکان پایتەخت دەردەچێت

لەچارەکردنی قەیرانی گرانی کرێی شوقە و خانوو، حکومەتی هەرێمی بەرلین بڕیاریدا چەند ڕێوجێیەک بگرێتەبەر، لەوانە دروستکردنی دەیان هەزار یەکەی نیشتەجێبوون و دانانی کرێی هەرزان بۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لەدووشەممەوە بڕیاریدا کە نابێت کرێی هەر شوقەقەیەک لەو شارەدا لە ٩،٨٣ یۆرۆ تێپەڕبکات و زیادکردنی کرێی یەک ملیۆن و نیو شوقەقەش قەدەغەکرا، کەلە ٢٠١٩ و٢٠٢٠ گرێبەستیان بۆکراوە.

لەترسی کارێکی تیرۆریستی مزگەوتێک چۆڵکرا



دوێنێ مەلای مزگەوتی" فاتیح" لە هەرێمی بادن ڤۆرتمبێرگی باشوری ئەڵمانیا ئیمێلێکی لە کەسانێکی نەناسراوەوە بۆ هاتووە، هەڕەشەی تەقاندنەوەی مزگەوتەکەی لێکردووە، بەپەلە پۆلیس ئاگادارکراوەتەوە و هەموو خەڵکەکەی ئەوێ ڕەوانی ماڵەوە کراون و دوای پشکنینێکی توند دەرکەوتووە، کە تەنها بۆترساندنی موسڵمانان بووە و هیچ ڕوینەداوە.

خەڵوەتگەکانی پیران کارمەندیان پێویستە

بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆی پزیشکی بریمن کەرتی بەخێوکردن و چاودێری پیرۆپەککەوتەکان لەئەڵمانیا پێویستی بەدەیان هەزار کرێکار و کارمەند هەیە و ئێستا بۆ خزمەتکردنی ئەو پیرانە کرێکارەکان بەش ناکەن.

نەخۆشی سەرەمەرگ بۆی هەیە داوابکات مردنەکەی پێشبخەن

سەرۆکی دادگای باڵای دەستوری فیدراڵی ئەڵمانیا ڕایگەیاند بەپێی دەستوری وڵات، ئەو کەسانەی کە نەخۆشی کوشندەیان هەیە و لەسەرەمەرگدان و ئازارێکی زۆریان هەیە و بەرگەی ناگرن، دەتوانن بڕیار لەچارەنووسی خۆیان بدەن و داوا بکەن پێشوەخت لە نەخۆشخانە بە دەرزیەک گیان لەدەست بدەن، بەڵام نابێت بکوژرێن.

ساڵی پار بە بڕی چەند مۆبیلی ناوماڵ فرۆشراوە؟

کۆمپانیای دروستکردنی مۆبیلی ناوماڵ WDM ئاشکرایکرد کە لەساڵی ٢٠١٩ دا فرۆشی مۆبیلی ناوماڵ وەک کورسی ومێزو قەنەفەو ژووری نوستن ومادەی تر لەئەڵمانیا لەچاوساڵی پێشوو بەڕێژەی ٠،٥٪ دا کەمتر بووە بای ١٧،٩ ملیار یۆرۆ، بڕی ١٢ ملیار بۆ ناوەخۆو ٥،٩ ش ی لێ هەناردەی دەرەوەکراوە،شایانی باسە لەم کەرتەدا ٨٤لەهەموو ئەڵمانیا هەزارو ٤٠٠ کارێکارو کاردەکەن.

خوێندکارێک لەسەر نازیەت لەمەکتەب دەرکرا

بەهۆی پۆشینی جلی هاوشێوەی هیتلەر و هێمای نازیەت لەسەر شانیەوە، لەئاهەنگی فاشینگی مەکتەبێکی سەرەتایی لە هامبۆرگ خوێندکارێکی قۆناغی چوار بانگهێشتی ئیدارەکراوە و سەرکۆنەی ئەو کارەیان لێکردووە، دوای ناردنە ماڵەوە و بانگهێشتی دایک و باوکی دەرکەوتووە کە مەبەسەت ئەو کارەیان کردووە، بۆیە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکە، بڕیاریدا خوێندکارەکە سزابدات و ئەمساڵ لە خوێندن دوری بخاتەوە.

سەرچاوە: کەناڵەکانی میدیای ئەڵمانیا

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاراز حەمە حسێن دەڵێت: سوپاسگوزارم کە لە هۆڵەندام

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ئەنوەر جۆلا

هونەرمەندی شیوەکاری کورد، ئاراز حەمە حسین چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی de nieuwsbode zeist لەلایەن ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی و ڕەخنەگری شێوەکاری Adriënne Nijssen ئادریانە نایسەن، کە تایبەت لەسەر شێوەکارە چالاک و ناوداڕەکانی هۆڵەندی دەنوسێت.

ئەم ڕۆژنامەیە لە هەرێمی ئوترێخت لە شارۆکەی زەیست دەردەچێت، ئەمجارە ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەم بابەتەی لەسەر هونەرمەندی شیوەکاری کورد ئاراز حەمە حسین و پرۆژە هونەرییەکەی Homeless بڵاو کردۆتەوە.

تاراوگە بەباشیزانی ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکە بکات بە کوردیی و بڵاوی بکاتەوە.

سوپاس کە لە هۆڵەندام
هەڵهاتوو بەهۆی سیاسەتەوە

ئاراز حەمە سوپاسی ئەوە دەکات، کە لە هۆڵەندا جێیکراوەتەوە، ئەم لەدایک بووی شاری سلێمانییە باشووری کوردستان، بەشی عێراق.

ئەو گەنجێکی بەدەموچاو و چاونەترس بووە، بە سیاسەتەوە سەرقاڵ بووە، ئەوەش هۆکاری هەڵهاتنی بووە لە نیشتمان، لە ڕێی ئەلمیلۆوە هاتە زایست. ئەو دەڵێت کاتێک کە ١٣ ساڵ بووم نیگاری بچووکم دەکێشا، لە قوتابخانەی ناوەندی مامۆستاکەم وێنەکانم بینی، ئامۆژگاریکردم و ڕاوێژی پێدام کە لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان پەرە بەخویندن بدەم. هەمیشە بەکاری هونەرییەوە خەریک دەبووم، دوای ئەوەی کە خوێندنم تەواو کرد، وەک مامۆستای هونەر دامەزرام لە پەیمانگای هونەری لە عێراق. ساڵی ١٩٩٦ بەرگەی ڕەوش و بارودۆخەکەم نەگرت و هەڵهاتم. ئاراز لە شارۆچکەی ئەلمیلۆوە لە ئەکادیمیای AKI هونەر و دیزاین، دەستی بە خویندن کردووە، کاتێک کە ماڵەکەشی گواستەوە بۆ زەیست لەوێش پەرەی بە خوێندنەکەی دا، لە HKU لە خوێندنگای هونەری بەرز لە ئوترێخت بەشی پەیکەرسازی لەوێ تەواو کرد.

ئاراز ئێستا کار لەسەر دوو پرۆژەدەکات، پرۆژەی یەکەمی (دروستکردنی پۆرترێتی بێلانەکانە)، وەک خۆی دەڵێت: ئەم پرۆژەیەم زۆر پێخۆشە، چونکە هەمیشە هەر پۆرترێتەی چیرۆکێکی لە پشتە، بۆچی کەسێک بێلانە دەبێت...؟ هەرکەسەو چیرۆکی خۆی هەیە. دووەم: لەپاڵ ئەم پرۆژەیەشدا، خەریکی پرۆژەی 35 نیگاری Maria Vlieger م لەگەڵ Paulo مێردی.

ئاراز دەڵێت، ماریا لەوکاتەوە دەناسم، کە ماڵم گواستەوە بۆ زایست. خۆی بۆ نمایش کردم، کاتێک خەریکی خوێندنەکەم بووم، ماریا زۆر ژنێکی (سۆشیال) کۆمەڵایەتییە و یارمەتی هەموو کەسێک دەدات، ئەو خۆی بۆ زۆرێک لە شێوەکارو هۆڵەندییە ناوداڕەکان نمایش کردووە.

Dankbaar om in Nederland te zijn

Gevlucht vanwege politiek

Adriënne Nijssen

Araz Hama is vooral dankbaar in Nederland te zijn. Hij werd geboren in Sulaymaniyah, het Koerdistan van Irak. Hij was een mendigingenaar, politiek gedingspaard en moest daardoor vluchten. Via Almelo kwam hij in Zeist terecht.

ZEIST - "Op mijn dertiende begon ik met kleine tekeningen en schilderijtjes. Op de middelbare school zag mijn leraar dat. Hij adviseerde mij naar de kunstacademie te gaan. Dat heb ik vijf jaar gedaan, ik was altijd bezig met kunst. Na mijn opleiding heb ik als leraar kunst gewerkt op de hogeschool in Irak. In 1996 werd de situatie voor mij onhoudbaar en ben ik gevlucht."

In Almelo studeerde Araz aan de AKI Academy of Art & Design. Toen hij naar Zeist verhuisde zette hij zijn studie voort aan de Hogeschool voor de Kunsten Utrecht (HKU). Araz studeerde af in beeldende kunst.

Op dit moment is Araz bezig met twee projecten. "Voor het eerste project maak ik portretten van daklozen. Ik vind dat interessant, er zit altijd een verhaal achter. Waarom wordt iemand dakloos? Iedereen heeft een eigen verhaal. Daarnaast maak ik zijdenschilderijen van Maria Vlieger en haar man Paulo. Ik ken Maria sinds ik in Zeist woon. Zij passeerde voor mij bij de HKU. Maria is een heel sociale vrouw, ze helpt iedereen. Zij heeft voor heel veel bekende Nederlandse schilders geposeerd. Ik doe dit uit respect. Als de zijdenderig schilderijen af zijn wil ik graag een expositie. Ik wil laten zien dat oudere mensen ook heel mooi zijn, dat liefde geen grens heeft."

DE FOCUS VAN ARAZ LIGT NU OP TWEE SERIES VAN PORTRETTEN

Araz Hama met twee van zijn schilderijen uit de serie Daklozen. Foto: Adriënne Nijssen

We kunnen dus in de toekomst twee exposities van Araz verwachten. Eerder exposeerde hij al in het Gorredijk Museum in Friesland, in Den Haag, bij P-Arts in Zeist, in de Canadese plaats Toronto, in Bergen in Noorwegen en in Amstelveen. "Exposeren is een prachtig gevoel. Maar galeries zijn commercieel geworden. Zij zoeken meer naar naam dan naar kwaliteit. Daarom heb ik de laatste jaren wat afstand genomen. Het allerbelangrijkste nu is focussen op mijn twee projecten."

Naast schilderen geef Araz ook les. "Ik werk bij het KunstenHuis en bij Kunstverenigslig. De Toets. Daarnaast ik ben zelfstandig docent, ik geef workshops. Soms één keer per week, soms twee keer per week. Ik hanteer geen vaste dagen, maar laat dat afhangen van cursisten. Ik geef workshops over alle verschillende materialen zoals bijvoorbeeld olieverf en acryl, maar ook over verschillende thema's zoals portret, stillevens en landschap. En daarnaast geef ik ook workshops over beroemde kunstenaars, zoals Rembrandt en David Hockney."

Samen met anderen probeert Araz al enige jaren een Koerdische Kunstvereniging op te richten. "Wij willen op een andere manier een mooie en positieve kant van de Koerdische gemeenschap in Nederland laten zien en tegelijkertijd werken aan het integreren en ontwikkelen van de Koerdische gemeenschap. Elke kunstenaars heeft een uitgesproken eigen stijl en als collectief passen zij in die zin prima in het postmoderne tijdperk."

ئەو دەڵێت: من ئەمە دەکەم لەبەر ڕێزی زۆرمە بۆ هونەر، کە 35 تابلۆکەم تەواو کرد، حەزدەکەم پێشانگەیەکیان بۆ بکەمەوە و نمایشیان بکەم. دەمەوێت پیشانیان بدەم، کە مرۆڤە بەتەمەنەکانیش، زۆر جوانن و خۆشەویستیان بێسنورە. کەوا بوو، لە داهاتوودا چاوەڕوانی دوو پێشەنگای ئاراز بن.

ئاراز پێشتر زۆرێک پێشەنگای کردۆتەوە وەک: لە خۆرەدایک میوزەیەم لە هەرێمی فریزلاند، لە دەنهاخ، لە پی. ئارتس لە شاری زەیست لە هۆڵەندا، لە کەنەدا لە شاری تۆرینتۆ، لە شاری بێرخن لە نەرویج، لە شارۆچکەی ئەمستەڵفەین نزیکی ئەمستردام.

ئاراز دەڵێت: پێشنگاکردنەوە هەستێکی خۆشم پێدەبەخشێت، بەڵام کردنەوەی گەلەری بۆ بازرگانی کردن و بەدوای ناودا گەڕانە، نەک بۆ کوالیتی ئیشەکە، هەر بۆیەشە لەمدواییەدا دوورکەوتوومەتەوە لە کردنەوەی گەلەری.

ئێستا زیاتر سەرقاڵم بە دوو پرۆژەوە، جگە ئیشکردن لە کاری هونەری دیکەدا، هەروەها وانەی هونەریش دەڵێمەوە، کاردەکەم بۆ ماڵی هونەر و ڕێکخراوی هونەری de toets، مامۆستای سەربەخۆم، هەفتەی جارێک یان دووجار ورک شۆپ دروست دەکەم، ڕۆژی دیاریکراوم نییە، چەندێتی خوێندکارەکان ڕۆژەکان دیاری دەکەن، ورکشۆپەکانم لەسەر بۆیەی زەیتی، ئەکریل و دروستکردنی پۆرترێتە، هەروەها ڕۆرکشۆپم هەیە لەسەر هونەرمەندە ناسراوەکانی وەک ڕامبراند و داڤید و هۆکنی.

لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا ئاراز هەوڵدەدات ڕێکخراوێکی کوردی دروست بکات، بۆئەوەی بەمشێوەیە بەشە جوان و پۆزەتیفەکانی کۆمەڵگەی کورد لە هۆڵەندا پیشان بدەین، دەبێت هەوڵی تێکەڵاوبوونی کوردانی هۆڵەندا لەگەڵ خەڵکی هۆڵەندیدا بدەین، هەموو هونەرمەندێکی شێوەکار ستایەڵی تایبەت بە خۆی هەیە و بە تێکڕا (کۆلەکتیڤ)، دەتوانێت بیانپۆلێنێت لە قۆناگی پۆست مۆدێرندا (پۆستمۆدێرن لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە دەستی پێکردووە بۆ ئێستا).

گۆشەی زانست
مامۆستا جەزا دەینووسێت

space exploration

توێژینەوەی نهێنیەکانی بۆشایی ئاسمان

گەر مرۆڤ بە وردی گەشتی بۆشایی ئاسمان بکات و دەزگای ئەستێرەناسی دابمەزرێنێت لەسەر ڕووی مانگ یان مەریخ، لە ئەنجامدا دەتوانێت هەندێک لە پێویستی، کە بۆ ژیان هەیە لە بۆشایی ئاسماندا جێبەجێی بکات، وەکو خواردەمەنی، ئاووهەوا بۆ هەناسەدان. توێژەرەکان بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەن بۆ دروستکردنی خواردن و ئاوی بەستو لەسەر مانگ پێکبهێنن، بۆ دروست کردنی ئاوی خواردنەوە، کە لەپێکهێنەرە سەرەکیەکانی ئۆکسجین و هایدروجینە و بەشێتەڵ کردنی مادە پێکدێت، هەروەها بۆ بەدەست هێنانی ئۆکسجین، بە بەکارهێنانی کارەبا لە شانەی ڕووناکی بەدەست دێت(panel solar)، و ئەم ئۆکسجینە ماددەی سەرەکیشە بۆ بەکارهێنانی لە کەشتیە ئاسمانێکاندا، بەزۆری لە ڕیسایکلکردنی پاشەڕۆکەکان پێکدێت، بۆنموونە، وەکو میز یان یوریا، کە دەیگۆڕن بۆ ئاو.

گروپێک لە زاناکانی ئەورووپا توانیان،لەو پاشەڕۆکەکانی کە لەسەر مانگ هەیە، بەڕێگەی شیتەڵکردنی ماددە ئەلکترولیتیەکان ئۆکسجین دروست بکەن. ئاژانسی فـەزای ئەورووپا ESA لە 17 ی شوباتی ئەمسالدا بڵاوی کردەوە، کە ئامێری پێکهێنانی ئۆکسجینی دامەزراندوە، لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانیاری لە وڵاتی هوڵەندا، نەک تەنها ئۆکسجین بۆ هەناسە دانی مرۆڤ، بەڵکو بە کاریش دێت، وەکو چاوگ بۆ کارکردنی ڕۆکێتە ئاسمانیەکان، ئەمە لە زاری زانا (Lomath Beth) بیس لوماس بڵاوکرایەوە، کە لە دانشگەی گلاسکو کار دەکات.

شلە ئۆکسجین (الآوکسجین السائل) بە گرنگترین چاوگ دەژمێرێت بۆ ئیشکردنی ڕۆکێتەکان بۆ سەرمانگ، چونکە مانگ هێزی کێشکردنی لاوازە، ئەمەش کاریک دەکات بە زیاد کردنی توانای ئامێرەکان بۆ کارکردن و بە بەکارهێنانی چاوگی کەمتر بۆ ئیشکردن و یارمەتی مرۆڤ زیاتر دەدات بۆ مانەوەیان لەسەر مانگ و هەوڵدانی زیاتر بۆ زیاد چوونە قوڵای بۆشای ئاسمانەوە.

Melkyway galaxy
کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان



ئەندازیار عومەر ئەردەڵانی

لە کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان ٢٠٠ بۆ ٤٠٠ بلیۆن {ملیار} خۆر هەیە لە گەڵ ١٠٠ بلیۆن ئەستێرەی وەک زەوی {planets} تیرەی کۆمەڵەئەستێرەی کاکێشان لە ١٠٠٠٠٠ بۆ ١٢٥٠٠٠ ساڵی تیشکیە. هەمووکات کۆمەڵەی کاکێشان لە جوڵەدایە دەسوڕێتەوە بە دەوری چەقی خۆی بە خێرای ٥٥٢ بۆ ٦٠٠ کیلۆمەتر لە ثانیەیکدا وە لە کشاندایە یانی گەورە تر دەبێت. هەروەها کۆمەڵە ئەستێرەی ڕۆژی خۆمان{solar system} ، کە زەوی بەشێکە لەم کۆمەڵە ئەستێرە دەجوڵێت و بە دەوری چەقی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان بەخێرای ٤٤٧ میل لە سەعاتێکدا دەسوڕێتەوە و دەورەیەک بە ٢٥٠ ملیۆن ساڵ تەواو دەکات. یانی ئەو زەویەی کە ئێمە لە سەری دەژین سێ خولانەوی هەیە:

١– بە دەوری خۆیدا کە شەو و ڕۆژ دروست دەکات.
٢– بەدەوری ڕۆژدا کە وەرزەکان دروست دەکات.
٣ –لە گەڵ کۆمەڵەئەستێرەی خۆر بە دەوری چەقی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکیشان دا. دوری زەوی ئێمە لە چەقی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکیشان ٢٦٠٠٠ ساڵی تیشکیە، چەقی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێسشان کە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت{Sagittarius} ئەمە خۆی کونەڕەشێکی گەورەیە، قەوارەی چوار ملیۆن ئەوەندەی خۆری خۆمان دەبێت ئەمیش لە مردنی ئەستێرەیەکی گەورە دروست بووە، بەم گۆرانکاریە لە گەردووندا، پێی دەگوترێت {Supper massive} ئەستێرەکە دەمرێت وە دەچێتەوە ناو خۆوە چڕی زۆر دەبێت وە ئەو وەحشەی لێ دروست دەبێت کە پێی دەگوترێت{Black hole} یانی کونی ڕەش، کە خاوەنی هێزێکی یەکجار بە هێزە، کە تیشک ناتوانێت لێی ڕزگار ببێت. لە کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان بێ کونەڕەشی چەقی کۆمەڵە ئەستێرە صەد ملیۆن کونەڕەشی تر هەیە. خۆری خۆمان قەوارەی یەک ملیۆن و سێ صەد هەزار جار لە زەوی ئێمە گەورە ترە. بە بۆچوونی من، لە ژیانی مرۆڤدا ئەگەر کارێک دووجار ڕووی دا لەژیانیدا، ئەوا بۆ جاری سێهەمیش هەر ڕوو دەداتەوە. لەناو خەڵکدا دەڵێن سێ هەمینە ئدبێت سونەت بکات، یانی دەبێت سێ جار ڕووبدات ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە، کە ژیانی ئێمە زۆرپەی ئەوەندە بە جوڵەی ئەو کۆمەڵە ئەستێرەیەی کە تێیدا دەژین ئەویش کۆمەڵەئەستێرەی کاکێشانە. ڕوونکردنەوەی زیاتری ئێمە، کە لەسەر زەوی دەژین، زەوی سێ سوڕانەوەی هەیە.

١– بە دەوری خۆیدا شەو ڕۆژ دروست دەکات.

٢– بەدەوری خۆردا، وەرزەکان دروست دەکات.

٣– بە دەوری چەقی کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان.

ئەمە تەنها بۆچونی خۆمە، کە بیرم لێ کردوەتەوە، کەس منی فێر نەکردووە بۆ ئەم بۆچوونەم، هیوادارم کەڵک لەم زانیارانە وەربگرن.

هونەرمەندی شیوەکاری کورد
حاجی خانم

خانم محەمەد ئەمین ساڵی 1939 لە سلێمانی لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە خولیای نەخش و نیگار، سیرامیک، فە رش چنین و بەرگدروون بووە. بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانەوە بواری خوێندنی لە هیچ قوتابخانەیەک بۆ نەڕەخساوە. لە ساڵی 1994 بەدواوە لە هۆڵەندا دەژی و هەرلەوێ خۆی فێری خوێندەواری کردووە. لە 65 ساڵیدا دەستی بە نیگارکێشان کردووە.

* بە شداری چەند پێشانگایەکی هاوبەشی کردووە لە هۆڵەندا.
* یەکەمین پێشانگای تایبەت لە ساڵی 2006 کردۆتەوە.
* لە ساڵی 2007 دووهەمین پێشانگای تایبەت لە ئەمستردام هۆڵی De meeuw.
* پێشانگایNoorder IJ Kunst Atelierroete بە هاوبەشی لەگەڵ 70 هونەرمەند.
*سێهەم پێشانگای تایبەت لە مۆزەخانەی ئەمستردام نۆرد 2009.
*چوارەمین پێشانگای تایبەتی لە لایەن رێکخراوی کۆردان و یانەی کوردی "میدیـا"وە لە هۆڵی Kastanjehof لە ئەمستردام 2010 .
*پێنجـەمین پێشانگای تایبەت لە هۆڵی De die_Cordaan ئەمستردام 2011.
* لە چەند بۆنە و چالاکی هونەری و کەلتووری شاری ئەمستردام بەشداری کردووە، وەک میوانی تایبەت و وانەبێژی وێنە کێشان بۆ منداڵان. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هونەرمەند بڕوانە:
https://www.facebook.com/pg/Haji-Khanim-177870580418/about/?ref=page_internal

تـــارەوگـــە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵییە هەموو چوارشەممەیەک، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

11 Maart . 2020 Nummer. [95] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– مێژوونووس و ئەکادیمیی و مامۆستایەکی زانکۆ لە هۆڵەنداوە وەڵامی وتە نابەجێکانی بەشار ئەسەد دەداتەوە سەبارەت بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان. دکتۆر جەبار قادر. ل 2 – سینەمای کوردی لە فیلمی (زاری)وە بۆ کوێ)...؟ جوان عومەر ئەحمەد ل 3– لە نەخشەکانی عوسمانی کوردستان وڵات و سوریا بیابانە بەکر شوانی ل.4.
– لە باشوری کوردستان بە کرمانجی سەروو لێکۆڵینەوەک لە سەر ڕەخنەی ئەدەبی بڵاوبۆوە، ڕەبیع زێباری ل 5

–مەم و زین: بەردی بنچـــــینەی ناســـــنامەی کورد، وەک خەیاڵێکی نادیار
نەتەوە و دەوڵەت نمایش دەکات، نووسینی: عەلی ئەلشامی ل 6 و ل 7
– پەناهەندە بۆتە چەکی دەستی ئەردۆگان... پشکۆ ئەمین.. ل 8 و ل 9

– "تاراوگە" پێناسەیەک لە جیاوازی و پێکەوە بوون.. نووسینی: شەماڵ بۆکانی.. . ل 10

– بازرگانەکەی ڤینیسیا لە دوو وێنەدا، مامۆستا م. ئارام. ل 11

– پادشای هوڵەندا داوای لێبورنی کرد، لەپای ئەو تووندوتیژیانەی، کە شانشینی هوڵەندا لە داگیرکاری

دژی ئەندۆنیسیا بەکاری هێناوە.ل 12

– گۆشەی 46 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 13 -.. ل 14

– گۆشەی زانست، دەربارەی ژیانی ئەنیشتاین، مامۆستا جەزا . ل 15

– دەربارەی ئەندازیار و هونەرمەندی شێوەکار ئەنوەر جۆلا و چەند تابلۆیەکی. ل .16

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

11 MAART 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
N 95
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 95 ی 11 ی مارتی 2020

میژووونووس و ئەکادیمیی و مامۆستایەکی زانکۆ لە هۆڵەندەوە وەڵامی وتە نابەجێکانی بەشار ئەسەد دەداتەوە. سەبارەت بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان

وێنەی خێزانێکی کوردانی شام لە گۆڤاری هتاو کرد - هەتاوی کورد، کسە لە ساڵی 1913دا بڵاوبۆتەوە

لە وەڵامی وتە نابەجێکانی بەشار ئەسەد، سەبارەت بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا بەگشتی، ئەمە وێنەی خێزانێکی کوردانی شامە لە گۆڤاری "هتاو کرد– هەتاوی کورد"، کە لە ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەمۆڵ دەردەکرا. لە ژێر وێنەکەدا نووسراوە:

"خێزانێکی کوردی شام کە میللەتی خۆیان پاراستووە" واتا نەریت و کولتووری کوردەواری خۆیان پاراستووە. ئەم ڕستەیە تەنها یەک لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کوردانە دەمێکی زۆرە لە شامن و هێشتا نەریتی کوردەواریی خۆیان پاراستووە، واتا ساڵانێکی زۆر پێش ئەوەی دەوڵەتێ بەناوی سوریا دروست بکرێت.

خۆ ئەگەر باس بێتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوا کورد هەر لە سەر خاکە ژیاوە و بەر لەوەی عەرەب ڕوو بکەنە ئەو وڵاتەی ئێستا بە سوریا ناودەبرێت.

ردا على الكلام اللامعقول لبشار الأسد حول الكرد في بلاد الشام و كوردستان الغربية. هذه صورة لعائلة كردية تسكن دمشق، منشورة عام ١٩١٣ في مجلة "هتاو كرد – شمس الكرد" التي كانت تصدر في إسطنبول وقد كتب تحتها"صورة عائلة كردية في الشام وقد حافظت على قوميتها" أي حافظت على تقاليدها القومية الكردية. هناك تفسير واحد لهذه الجملة وهو أنهم يسكنون هذه البلاد منذ أزمان بعيدة، مع ذلك حافظوا على تقاليدهم وثقافتهم القومية. لا يمكن أن يقال مثل هذا الكلام عن أشخاص قدموا منذ أمد قريب الى الشام. أي أن الوجود الكردي في هذه البلاد، دعك عن كردستان الغربية، يمتد الى ماقبل ظهور دولة بإسم سوريا بقرون طويلة، أما الكرد في كوردستان الغربية فهم يسكنون هذه الأرض منذ فجر التاريخ وقبل أن يأتي العرب الى البلاد المعروفة اليوم بإسم سوريا بقرون. يا ترى متى يتخلى حكام ومثقفوا هذه الدول عن هذه الافكار العنصرية المقيتة؟.

بڕوانە لاپەڕە 14 ی ئە ژمارەیەی تاراوگە هەواڵی بڕیارێکی پەرلەمانی ڕژێمی سوریا بخوێنەوە، کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکانی لە لایەن دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی، بە جینۆساید ناساندووە، کورد قسەیەکی ناقۆڵای هەیە دەڵێت: قەل بە قەلی گوت، ڕووت ڕەش بێت.

سینەمای کوردی لە فیلمی (زاری)وە بۆ کوێ !

نووسین و ئامادەکردنی: جوان عومەر ئەحمەد

ئەگەر بە خێرایی ئاوڕێک لە مێژووی سینەمای کورد بدەینەوە ئەوا فیلمی زاری (Zare) بەیەکەم فیلمی سینەمایی کوردی لە مێژوودا تۆمار دەکرێت، فیلمی زاری (Zare) لە ساڵی 1926 لەوڵاتی ئەرمینیا لەلایەن دەرهێنەری گەورەی ئەرمەنی هامۆ بەگ نەزەریانهامۆ بەگ نەزەریان (Hamo Beknazarian) بەرهەم هاتووە.

بەر لەو بەرواره نە سینەماکارێکی کورد نە فیلمێکی کوردی نەبووە، تا ئاماژە بە ناوەکانی بکەین، پاش ئەویش گەورە سینەماکاری کورد یەڵماز گۆنای و دواتر لە میلینۆمی 2000 دا بەشێوەیەکی بەرچاوە سینەمای کوردی گەشەی بەخۆیەوە بینی و دەرهێنەری بەناوبانگی کورد بەهەمەن قوبادی مێژوویەکی پڕ لەسەروەری بۆ سینەمای کوردی تۆمارکرد. بەهەمەنی قوبادی زۆر بەووردی لە فیلمەکانیدا هەوڵی تەواوی خۆی خستۆتەگەڕ, ئەو زەبر و زەنگ و بەکەم نرخاندنی تواناکانی کورد و کیشە کۆمەلایەتی دەربەستە دەرەکێکان لەگۆشەیەکەوە پیشانی بێنەرەکانی بدات هەر لەو ڕێگایەشەوە، بووە بەخاوەنی خەڵاتی سانسبەستیانی جیهانی (Sebastián International Film Festival) ئەستەنگەکانی نەبوونی نیشتمانێکی یەکپارچە و نەبوونی ووڵاتێکی تایبەت بەخودی کوردەکان بەدرێژایی مێژوو بەئێستاشەوە گرفتێکی گەورەی لەبەردەم سینەمای کوردیدا دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی سینەماکارە کوردەکان و ئەکتەرە بەتواناکانی کورد و بەردەوامی کێشە نەتەوەیی و ڕامیاریەکانی دۆزی کوردیان لەڕێگەی سینەماوە بە جیهان ناساندووە، بەشێویەک فیلمەکانیان بووە بە ناسنامەی نەتەوەی کورد لە جیهاندا چ جای ڕێگریی کردنی دەوڵەتی داگیرکەری تورک کە فیلمێک بەزمانی کوردی بەرهەم بهێنرێت بەڵام کەڵە دەرهێنەرەکی وەک یەڵماز گۆنای کە بەباوکی سینەمای کوردی ناوزەند دەکرێت بەدەر لە زیندانی کردن و کێشەی نەتەوەیی و کوردبوونی و ڕێگریکردن و گوشارەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک.

سینەمای کوردی لە فیلمی (زاری)وە بۆ کوێ !

یەڵماز گۆنای بووە بە قوتابخانەی سینەمای کوردی هەر ئەو زاتە توانی لە ڕێگەی فیلمەکانیەوە کێشە شاراوەکانی نەتەوەی کورد بە دنیای دەرەوەی تورکیا ئاشنا بکات و سۆزی جیهانی بۆ دۆزی کورد ڕابکێشێت. یەک لە دیارترین فیلمەکانی یەڵماز گۆنای سورۆ و یول (Yol) یەڵماز گۆنای لەساڵی 1950دا دەستی بەکارکردن کردووە لە فیلمی یول دا پاشانیش لە ساڵی 1982 فیلمی (Yol – The Road) دواترو باش کۆچی دوایی گۆنای لە ڤیستڤالی کانی فەرەنسی خەڵاتی پاڵم تری(the Palme tree) زێڕینی پێ بەخشرا، هەروەها پاش یەلماز گۆنای ئەستیرەی دنیای سیەنەمای کورد هەڵکشا و کپ و مات مایەوە تا سەرەتای ساڵی 1991 فیلمێکی تر کوردی بووە بەسەرباسی هەواڵە هونەرییەکان ئەویش فیلمی گۆرانیەیک بۆ بیکۆ (A Song for Beko) لەلایەن دەرهێنەری دیاری ئەرمەنی نیزامەدین ئاریچ کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە و لە دوای ئەویش لە ساڵی 1992 بە فیلمی مەم و زین لەلایەن سینەماکاری تورک ئومید ئالچی و دوای ئەو فیلمە لە ساڵی 1993 فیلمی خەجێ و سیامەند پاشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن چەند سینەماکارێکی کورد سینەمای کوردی بەرەوە پێشکەوتنێکی دیار چوو بووە مایەیی سەرنجی میدیا لۆکالی و جیهانیەکان.

دەرکەوتنی بەهەمەنی قوبادی بە خاڵی وەرچەرخانی سینەمای کوردیی دادەنرێت لەسەدەی بیستەمدا. بەهەمەن قوبادی براوەی خەڵاتی ئاشتی بەرلینالی (Berlinale in Berlin) ئەڵمانییە بۆ فیلمی کێسەڵەکان دەفڕن. بەگشتی سینەمای کوردی بە درێژایی مێژوو جەختی لەسەر وروژاندنی کیشە بنەرەتێکانی نەتەوەی کورد کردۆتەوە هەوڵی داوە لە گۆشەنیگای فیلمە کوردیکانیەوە سەرنجی جیهان بۆ نەهامەتی و ماف خوراوی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوێن ڕابکێشێت.

سینەمای کوردی لە فیلمی (زاری)وە بۆ کوێ !

پاشماوەی لاپەڕە 3

جگەلەوە فیلمی میرزا بێزار و منالانی دیاربەکر خەڵاتی سبەستیانی (festivals in San Sebastian) لەهامبۆرگ لە وڵاتی ئەڵمانیا بەدەست هێنا و ئەم فیلمە یەکەم فیلمی کوردی بوو کە بەشداری لە ڤیستڤاڵی سینەمای تورکیدا کرد و بووە براوەی خەڵاتی پرتەقاڵێ زێڕین (Golden Orange Film Festival) لە ئەنتالیا و پاشانیش لەهەردوو فیستڤاڵەکانی سویسراو ئەڵمانیا خەلات کرا. لەدوای ئەوە بەهۆی رێگری و پارچە پارچەیی خاکی کوردستان بەسەر ناوچەکەدا سینەماکار لوردەکان پەنایان بۆ دەرهێنەرە پیشکەوتووەکانی دەرەوەی کوردستان برد و هەر لەوەێوە بیریان لە دامەزراندی کۆمپانیای وەبەرهێنانی سینەما کردەوە و کۆمپانیایەکی یەکگرتوویان دامەزراند بۆ کاری سینەماو دەرهێنینی فیلم وەک (Frame Film GmbH ،NEWA Film Berlin)، سینەماکارە دیارەکانی کورد بریتین لە: یەڵماز گۆنای، بەهمەنی قوبادی، جانۆ ڕۆژبەیانی، شەوکەت ئەمین کۆرکی، هیشام زامان، ساهیم عومەر خەلیفە و هەروەها یۆکسێل یۆقیسوس، تەها کەریمی، ڕەحیم زەبیحی، هەوراز محەمەد، هەندێک لەم سینەماکارانە لەدەوەی کوردستان کاردەکەن ئەمانەش هەندێک لە فیلمە دیارەکانی سینەمای کوردییە:

The End will be Spectacular, 2019
Zer, 2017
The Swallow, 2016
Reseba, 2016
One Candle, Two Candles, 2014
Chaplin of the Mountains, 2013
Come to my voice, 2013
My Sweet Pepper Land, 2013
Bekas, 2012
Min Dît: The Children of Diyarbakır, 2009
Layla, 2006 & David
Turtles Can Fly, 2004
Vodka Lemon, 2004
Jiyan, 2002
Marooned in Iraq, 2002
A Time for Drunken Horses, 2000
The Wall, 1983
Yol, 1982
[1] Zare, 1927

لە نەخشـــــــەکانی عوسمانیدا کوردستان وڵات و سوریا بیابانە



بەکر شوانی

لە نەخشەکانی عوسمانیدا کوردستان وڵات و سوریا بیابانە، بە سەدان و بگرە بە هەزاران بەڵگە هەیە بۆ دەمکوتکردنی ئەوانەی کە نکۆڵی لە خاکی کوردان و دۆزەکەی دەکەن لە هەر چوار بەشی کوردستاندا.



ئەوەی کە بەداخەوە بوونی نییە، دەزگا یان دامەزراوەیەکی زانستی و بێلایەنی کوردییە، کە لای دەزگا نێودەوڵەتییەکان جێگەی بڕوا و متمانە پێکردن بێت.

بڕوانە ئەو نەخشەیەی سەرەوە، کە ساڵی 1893 ی دەوڵەتی عوسمانی! وڵاتی کوردان لەو نەخشەیەدا هێندە فراوانە بە جۆرێک وشەی کوردستان زۆر بە دریژی کێشراوە و لە لوڕستانەوە تا ئەلازیز و دیوی ڕۆژئاوای ڕوباری فورات کشاوە و بەشێکی زۆری دەوڵەتی بەناو سوریای ئەمڕۆی گرتۆتەوە.

لە هەمان نەخشەدا تەنیا ئاماژەیەک بۆ ناوی سوریا هەبێت (صحراء سوریا) یە!!

لە باشوری کوردستان بە کرمانجی سەروو لێکۆڵینەوەک لە سەر ڕەخنەی ئەدەبی بڵاوبۆوە



ڕەخنەی ئەدەبی بەشێکە لە زانستی ئەدەبناسی، بە چەندین قۆناغ و چاخدا تێپەڕیووە، لە هەر قۆناغێکدا ڕەخنەگری ئەدەبی بەشێوەیەک لە شێوەکان مامەڵەی لەگەڵ تێکستی ئەدەبیدا کردووە و ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە بۆ پێشخستنی تێکستی ئەدەبی، چەندین تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی دەرکەوتوون، دەرکەوتنی هەر تیۆرێیەک کێماسیی تیۆرییەکانی پێشخۆی چارەسەردەکردن، تا ئێستا بەردەوام گۆڕانکاری لە تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەکرێت، ئەمەش بۆ سروشتیڕەخنەی ئەدەبی خۆی دەگەڕێتەوە.

ئەم کتێبە لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "سێتاڤ" لە شاری (وان) لە باکوڕدستان، بە کۆرمانجی سەرو بە تیپێن لاتینی بڵاوبۆتەوە، سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە، باسی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات، کە هەر چوار پارچەی کوردستان دەگرێتەوە و کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، لەم کتێبەدا ئاماژە بەوەدراوە، کە یەکەمین جار وشەی "ڕەخنە" لە ئەدەبی کوردی دا " مەلایی جزیری " کاری هێناوە، پاشان باسی ڕەخنەی ئەدەبی لە باشوری کوردستان دەکات، ئانکو بە شێوەیەکی دیکە باسی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژنامەگەری کوردی لە نێوان سالانی 1991– 2010 باشوری کوردستان دەکات.

نووسەر تیشک دەخاتە سەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەم قۆناغەدا و بۆ خوێنەری ڕووندەکاتەوە چۆن بوو؟ بێگومان دەستنیشانکردنی ئەم میژووە قوناغێکی گرنگە، لەم بەشەی کوردستاندا، بەتایبەتی لە سالی 2003 دا، چونکە قۆناغێکی نوێی لە عێراقیدا لە دوای ئەم سالە دەستپێکرد و بوو بە وڵاتێکی فیدرالی، باشوری کوردستانیش لە هەموو ڕوویەکەوە پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە بینیووە، بەتایبەتی لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیریەوە.

ئارمانجی نووسەر لەم کتێبە، ئەدەبی باشوری کوردستان بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان پێناسەبکات، تەنانەت کوردانی قەفقاسیاش، ئانکو بە شێوەیێکی دیکە ئەم سەرجاوەیە دەبێتە پردێک لە نێوان پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی باشور و باکور.

ڕەبیع زێباری

نووسەری ئەم کتێبە لە چەند دێڕێکدا:

– ڕەبیع زێباری بە ناوی (ڕەبیع ئیسماعیل خالد ئاغا زیباری) ناسراوە.

– لە ساڵی (1991) گۆندێ شەرمن، سەر بە قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە.

– لە ساڵی (2013) بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە (کۆلێژی ئاداب – زانکوی دهۆک) تەواوکراوە.

– پاشان لە ساڵی (2017) لە وڵاتی تورکیا شاری (وان) زانکۆی (یۆزهنجویل) بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی تەواوکراوە.

– ئەندامی بزاڤی ڕۆشنبیری ئاکرێ یە.

– نووسین و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکەدا، وەکو گۆڤاری (رامان، پەیڤ، زارامە ....هتد)، و ڕۆژنامەی (ئەڤرۆ، ئارتیکل، باسنیوز، ڕووداو....هتد) بڵاوکردۆتەوە.

– کتێبی (ل باشوڕێ کوردستانێ لێکۆلینەک ل سەر ڕەخنەیا ئەدەبی) دەبێتە یەکەم بەرهەمی چاپکراوی.

مەم و زین: بەردی بنچینەی ناسنامەی کوردە، وەک خەیاڵێکی نادیار نەتەوە و دەوڵەت نمایش دەکات

ئەو هۆکارانەی، وایان لە زووربەی زۆری کورد کردووە، کە پەیوەندییەکی بێپایانیان لەگەڵ داستانی مەم و زین دا هەبێت، دوو بابەتی لەیەک جودان:

یەکەمیان: سەرگوزەشتەی داستانەکەیە.

دووەمیشیان هەر داستانەکە خۆی، کە پارچەیەکی ئەدەبی گرنگی نەتەوەی کوردە و بەکوردی نووسراوە.

نووسینی: عەلی ئەلشامی

دکتۆر فەریاد فازیل عومەر

هەموو کولتوریک کۆمەڵە چیرۆکێکی میللی هەبووە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەتایبەتیش بە شێوەیەکی زارەکی گێڕراوەتەوە و دەماودەم گوێزراونەتەوە. بەڵام چونکە نووسین تا دەبوو بەری بەربڵاوتر دەبوو، هەندێ لەو چیرۆکە میللییانە لە شێوەی کتێبدا نووسراونەتەوە و تۆمار کراون. لە سەدەی نۆزدەهەمدا برایانی گریم زنجیرەیەک چیرۆکی ئەفسانەیی ئەوروپی، وەک سیندرێلا و چیرۆکی کلاوسووریان کۆکردەوە و لە کتێبێکدا بڵاویان کردەوە. ئەم کارە بووە کارێکی سەرنجڕاکێشەر و بەرهەمێکی بەبڕەو. هەر لەو کاتانەدا عەرەبەکان و فارسەکانیش چیرۆکە ئەفسانەییەکانی هەزارویەک شەوە، کە بریتی بوون لە چیرۆکەکانی عەلادین و عەلی بابا و چل دزەکەیان کۆکردەوە. لە کاتێکدا کە ئەم نەتەوانە بەم چیرۆکە ئەفسانەییانە خۆیان پێناسە دەکەن، نەتەوەی کوردیش بە مەم و زین پێناسەی خۆی دەکات، کە نووسەری کورد ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەهەمدا نووسیویەتی. ئەم داستانە چیرۆکی دوو ئەکتەری سەرەکی بەئاوات نەگەیشتوو دەگێڕێتەوە، کە (مەم و زین)ن. بەهۆی هۆکارە دەرەکییەکانەوە ئەم جووتە خۆشەویستە نەیانتوانیوە دەستەملانی یەک ببن. گرنگی و بایەخی چیرۆکی مەم و زین لەوەدایە، کە ئەحمەدی خانی داستانەکەی بە زمانی دایکی، کە زمانی کورمانجی نووسیوە، نەک بە یەکێک لە سێ زمانە ئەدەبییە باوەکەی ئەو سەردەمە، کە عەرەبی، عوسمانی و فارسی بوون. هەستی بەسۆزی خانی بۆ زمانی کوردی لە بەرهەمەکانی تریشیدا " نۆبارا بچووکان"، کە فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردی یە ، بۆ منداڵانی نووسیوە، دەردەکەوێت خانی بڕیاری خۆی دابوو، کە بە زمانی کوردی بنووسێت. ئەم بڕیارەی بەرپەرچدانەوەیەک بوو، بەرامبەر بەو چەوساندنەوە بەردەوامەی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە ئاین، نەتەوە و زمانی کەمەنەتەوەییەکان.

Mem contemplating at the river. (Artwork by Hasan Behroz)

ئەم کارەی خانی کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکە کارێکی مەترسیدار بوو. لەگەڵ گرنگی داستانەکەشدا، ئەم چیرۆکە تا سەردەمانێکی نزیک ئێستاش ڕێی بڵاوکردنەوەی پێنەدەدرا، چونکە هیچ ڕژێمێک لە ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەیاندەویست ئەو داستانە نەتەوەییە بڵاو ببێتەوە.

بۆ یەکەم جار ئەم داستانە لە ساڵی ١٨٩٨ دا لە ڕۆژنامەی کوردیی "کوردستان"دا، کە لە قاهیرە دەردەچوو، بڵاو کرایەوە.. پاشان ڕۆژنامەکە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە قەدەغە کرا. هۆی بنچینەیی، کە بۆچی زووربەی زۆری کورد هەستێکی بێپایانی بەرامبەر بەم داستانە هەیە. دوو مەبەستی جیایە:

یەکەمیان، داستانەکە بەرهەمێکی گرنگی ئەدەبی کوردییە، کە لەو ڕۆژگارەدا بە کوردی نووسراوە (هەندێ وشە و دەستەواژەی عەرەبی تێدایە)....

دووەمیان، باس و ناوەڕۆکی داستانەکە، هێمایە بۆ ئەو هەوڵ وتێکۆشانە لەبن نەهاتووەی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی.

لە ساڵی ١٩٢٠ وە هەندێ چاپی جیاوازی داستانەکە و وەرگێڕانی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من لێرەدا و بۆ ئەم لێدوانەم دەربارەی داستانەکە، وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی فەریاد فازیل عومەر، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین وەردەگرم، کە جگە لە کارە ئەدەبی و لێکۆڵینەوەکانی لە ئینستیتووتەکەدا، مامۆستای زمان، ئەدەب و مێژووی کوردیشە لە زانستگای ئازاد لە بەرلین. مەم و زین وەک هێمایەک بۆ بوونی نەتەوە و پێکهێنانی دەوڵەت. لە سەرەتای داستانەکەدا بە ڕووکەش مرۆڤ وا هەست دەکات، کە ئەم داستانە نزیکایەتییەکی لەگەڵ داستانی ڕۆمیە و جولیا دا هەبێت. جووتە خۆشەویستێکی کەمتەمەن، کە بەیەکگەیشتنیان ئاواتیانە، بەهۆی هەندێ هۆکاری دەرەکییەوە، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتیانداید. ئەم دوو خۆشەویستە بەیەک ناگەن. لە کاتێکدا کە لە داستانەکەدا مەم وەک لاوێکی پۆشتەوپەرداخ، مرۆڤێکی هەستناسکی دەروون بەشیعرئامێز و کەسێکی ڕاستگۆ پێناسە دەکرێت. زین، خوشکی میری بۆتان وەک کچێکی شۆخوشەنگی ئابڕوومەندی پەریئاسا و ڕازاوە نمایش دەکرێت. مەم کوڕی فەرمانبەرێکی میرە. واتە لە نەوەی ڕەسەنی میران نییە، بەمپێیە میر ئامادە نییە، خوشکەکەی خۆیی پێببەخشێت.. هەرچەندە مەم لە نەوەی میران نەبوو، بەڵام کەسێکی ڕاستگۆ و باوەڕپێکراوی میر بوو. ئەم متمانەپێکردنەی میر بە مەم بەهۆی بەکر مەرگەوەری فێڵباز و ڕاوێشکاری میرەوە، شێوێنرا.

هاوڕێکانی مەم یش نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد و تێکۆشانی دەکەن

پاشماوەی ل 6 **دەربارەی داستانی مەم و زین**

لە داستانەکەدا بەکرمەرگەوەڕ بە کەسێکی پشوودرێژ، فێڵباز و پیلانگێڕ وێنا دەکرێ، کە بە جۆرێک نەخشە دەکێشێ و کار لە میر دەکا، کە میر ئەو کەسانەی نەوێ، کە ئەم باسیان دەکا. لە ئەنجامیشدا وا لە میر دەکا، کە میر نەفرەت لەو کەسانە بکا.

لە سەرتاپای داستانەکەدا بەکرمەرگەوەڕ بە شەیتان دەشوبهێنرێت. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە میر ئاگاداری تەڵەکەبازییەکانی بەکرە، بەڵام هەمیشە بە کەسێکی نزیک خۆیی دادەنێت و تا کۆتایی چیرۆکەکە لە نزیک میرەوە دەبێ. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە میر نەخشە میکاڤیلییەکانی بەکر، کە بە ئاشکرا دیارن، وەک بەڵایەک دەبینێت، کە پێویست بن، تا بەهۆیەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر میرنشینەکەیدا بسەپێنێت. هەرکە بەکر بە خۆشەویستییەکەی نێوان مەم و زین ی زانی، یەکسەر نەخشەیەکی کێشا. مەم ی بەرەو تەنگەڕێیەک برد. کە بەهۆیەوە بە دڵێکی ساف ڕووداوی دڵداریی خۆی لەگەڵ زین دا بە دەمی خۆی لەلای میر ئاشکرا بکات. نەخشەکەی بەکر کاریگەریی خۆی گەیاند. هەرکە مەم نهێنیی دڵداری خۆی و زین ی بە میر گوت. میر یەکسەر فەرمانی دا، کە مەم بخرێتە زیندانەوە. ئەم لێکترازان و لەیەکتردوورخستنەوەیەی مەم و زین لە داستانەکەدا وەک وێنای ئاواتەکانی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی دەبینرێت. لەم لێکچواندن و هێمایەدا دەکرێ بگوترێت، کە زین نەتەوەی کورد هێما دەکات، کە بێدەوڵەتی بەسەردا سەپێنراوە. ئەم هێمایە ئەوەمان پێدەسەلمێنێت، کە دەسەڵاتدارێکی دەوڵەت، کە میرە، زین ی لە خۆشەویستەکەی جیا کردۆتەوە.. ئەم ڕووداوەش هەر وەک دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران و سوریان، کە کورد دەچەوسێننەوە و ڕێگرییان لێدەکەن، تا بەو ئاواتە نەگەن، کە دەوڵەتی خۆیان ببێت..

لە لاپەڕەکانی کۆتایی داستانەکەدا مەم ی زیندانیکراو بە بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی دەسەڵاتداران دادەنرێت و دەڵێ:. "دەسەڵات، هی میر بێ یا وەزیر، دەسەڵاتێکی ڕووکەشە.. ئەو دەسەڵاتە لەلای من هەڵخەڵەتاندن و فێڵ لێکردنە. " (لاپەڕە ٢٦٣)

هاوڕێکانی مەم یش نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد و تێکۆشانی دەکەن. دوابەدوای زیندانیکردنی مەم. تاجەدین ی هاوڕیی مەم، هاوڕێ نزیکەکانی خۆی و هاوواڵتیان کۆدەکاتەوە، تا مەم لە بەندێتی ڕزگار بکات. تاجەدین و هاوڕێکانی هێمای(نەتەوەن)، ڕزگارکردنی مەم و ئازادکردنیشی (دەوڵەت) هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە ئامادەن جەنگێکی خوێناوی بەرپا بکەن، تا مەم ئازاد بکەن. لە بەشێکی تری داستانەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت، لە کاتێکدا کە هاوڕێکانی مەم بە سواری ئەسپەکانیان ڕووەو و کۆشکی میر دەچوون:: چوارنالەی نالی ئەسپەکان شەقەشەقیان لە زەوی هەڵدەستاند، گۆڕی دوژمنانیان هەڵدەکەند، کۆتاییان بە ژیانی ناحەزان دەهێنا. لە لاپەڕەیەکی دواتردا تاجەدین داوا لە میر دەکات، کە مەم ئازاد بکات. وتەیەکی سەرنجڕاکێش بە میر دەڵێت: ئەگەر بیروڕای خۆتان نەگۆڕن و مەم ئازاد نەکەن، ئابڕووی خۆمان دەبەین، کە ئابڕووشمان چوو، دەبێت هەڵبێین و ئاوارەیی شام ببین. ئەم بۆچوونە هێمایەکە بۆ کۆچبەرانی کورد، کە لە ئاوارەییدا دەژین. بە هەزارانیان هەڵهاتوون و بوونەتە کۆچبەر، تا لەژێر دەسەڵاتی وڵاتانی داگیرکەر ڕزگاریان ببێ. ئەم چیرۆکە لەگەڵ ئەوەشدا، کە کۆتاییەکی ناسۆراوی هەیە، بەڵام چیرۆکێکی هیوابەخشە. ئەگەر هێشتا دەستتان بە هەڵدانەوە و خوێندنەوەی لاپەڕەکانی داستانەکە نەکرووە، پەلەی لێمەکەن و خۆتانی تۆزێک لێ کەلا بگرن.

مەم لە بەندیخانەدا دەمرێت. زین و هاوڵاتییانی بۆتان لە خەموپەژارەوە دەگلێن. مردنی مەم دەبێتە هۆی ئەوەی، کە زین جوانی، شۆخوشەنگی و تایبەتمەندی خۆی و کرۆکی مانەوەی لە ژیاندا لە دەست بدات.

زین لەناو مردوونێژاندا زۆر لاواز و بێهێز دەبینرا. وا هەست دەکرا، کە تەمەن باری سەرشانی گرانتر کردووە و زۆر بەتەمەنتر دەبینرا. لەو کاتەدا، کە مەم مالئاوایی لە ژیان کرد، کۆتایی ژیانی زین یش دیاری کرا. لەگەڵ مەرگیشیاندا لاشەکانیان لە گۆڕێکدا لەوە دنیا دووبارە بەیەک دەگەنەوە، چونکە هەردووکیان بەیەکەوە لە گۆڕێک نراون و دنیایەکی ڕۆحی چوونیەکیان هەیە.

چۆن مەم و زین لە گۆڕدا بەیەک گەیشتن، هەر بەو شێوەیە گەلی کوردیش بەو ئاواتە مەزنەی خۆی دەگات. هەرچەندە کوردەکان بەبەدەن لە دەوڵەتەکەیان جیا کراونەتەوە، بەڵام هەمیشە بەو هیوایە دەژین، کە یەکبگرنەوە و ببنەوە بەیەک و خەوی پێکهێنانی دەوڵەتیان بە ئەنجام بگات.

لەو کاتەدا، کە مەم گیانی بەخشی،

لە خۆشەویستەکەی دابڕێنرابوو.

زین یش هەر ئەو چارەنووسەی پێبەخشرابوو.

هەردووکیان بە لاشە لە گۆڕدا

دەبنە یەک، چونکە لە یەک گۆڕ نراون.

لەو جیهانەدا ڕۆحیان یەکدگیر دەبێ

پێکدەگەن و بەیەک شاد دەبن..

پەناهەندە بۆتە چەکی دەستی ئەردۆگان



پشکۆ ئەمین

ئەردوگان پەناهەندەی کردۆتە چەک و دژی ئەورووپا بەکاریان دەهێنێت، بەمە پارە و هاوکاری سەربازیان لێدەستێنێت. هەر رۆژە داوای شتێک و پەلپ و بیانوویەکیان پێدەگرێت. ئەورووپیەکان باش لە تورکیا تێگەیشتوون، بەڵام ناچارن کاتێک تورکیا باس لە پەناهەندە دەکات، لەرزیان لێدێت و دەترسێن لە دووبارە بوونەوەی لێشاوی هاتنی پەناهەندە وەک 2016. تورکیا نزیکەی ٤ ملیۆن پەناهەندەی سوری لە سەرەتای شەڕی سوریاوە لە وڵاتەکەیدا راگرتووە، خۆی کردۆتە دەمراستی ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامیەکەی سوریا و لە دژی کورد و دژی رژیمەکەی ئەسەدیش شەڕیان پێدەکات و بەکاریان دەهێنێت. لە ساڵی 2016 دا تورکیا رێکەوتنێکی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا دەربارەی پەناهەندە کردووە، بەڵام هەر رۆژە بە بیانوویەک هەڕەشەی دەرگا کردنەوە دەکات، گەرچی تورکیا هەتا ئێستا هەربەدەم دەیگوت دەرگاکان دەکەمەوە، ئێستا وا بەئاشکرا دەرگاکانی کردۆتەوە و بە پەناهەندەکانی گوتووە: ئەورووپا دەرگای وەرگرتنی پەناهەندەی کردۆتەوە، میتی تورکی MIT- – پەناهەندەی ئێراقی و سوری و ئەفغانی و ئەفریقی سواری شاحینە دەکات و بە خۆرایی دەیانێرێتە سەر سنورەکانی یۆنان و بۆڵگاریا، تا لەوێوە خۆیان بکەن بەناو ئەو دوو وڵاتە ئەورووپییەدا و بچەڕێنەوە بۆ ئەورووپا، لەسەر سنوری یۆنان شەڕە لەنێوان زیاتر لە 30000 پەناهەندە و پۆلیسی یونانیدا، پەناهەندە بە بەرد و پۆلیس بە گازی فرمێسکڕێژ، ڕێگری دەکەن لە پەڕینەوەیان بۆ ناو سنوری یۆنان. چوار رۆژە تا ئەمڕۆ نەیان توانیووە لە سنوور بچەڕێنەوە، لەباریکی زۆر خراپدان، سەرما و باران، بێخواردن و خواردنەوە، بێجیگەیی نوستن و دانیشتن لەناو دوکەڵی گازی فرمێسکڕێژدا، ژن و منداڵ و گەنج دەیانەوێت بچەڕێنەوە، بەڵام تا ئێستا بێهوودە بووە، دەنگێک هەیە کە دەڵێن: میتی تورکی بۆمبی گازی داوەتە پەناهەندەکان یاخود خۆی تیکەڵی پەناهەندە کردبێت و دژ بە پۆلیسی یونانی بیتەقێنێت، دوێنێ خاتوو میرکڵی کانسلەری ئەڵمانیا گوتی: ئەو ڕێگەیەی ئەردوگان گرتوویەتیەبەر هیچ قابیلی قبوڵ نییە، نابێت لە سەر شان و گیانی پەناهەندە پەنا بۆ جێبەجێکردنی مەرامی سیاسیی خۆت ببات. ئێستا پەناهەندەکانی سەرسنوری یۆنان و تورکیا لە کۆڵانێکدان دەرچوونیان نییە، هەر دوێنی میرکل تەلەفۆنی بۆ ئەردۆگان کرد و پەیمانی هاوکاری کردنی زیاتری پێدا.

ڕۆژنامەی پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکی دەڵێت: کە ئەردۆگان لە کۆبونەوەی پەرلەمەنتارانی پارتەکەیدا لە کۆشکی دۆلما باهسی لە ئەستەمبوڵ کە ٢٦ دەقیقە خوتبەی بۆداون، خوتبەکەی زۆر لاوازبوو، کومەڵێک قسەی بێمانا و هیچوپووچ بوو, شتی ساڵانی 2013 ی دەڕێسایەوە، لە میانەی خوتبەکەیدا ئەردوگان بە پەرلەمەنتارەکان دەڵێت: دوێنێ شەو تەلەفۆنم لەگەڵ ترەمپ کرد، ترەمپ لێی پرسیم: پۆتین چی دەکات لە سوریا؟

منیش بەپێکەنینەوە پێم گوت: نەوتی دەوێت لە قامشلی، گوتی: بۆ لێیەتی؟ گوتم: بەڵی بەس وەک دیرەزور زۆر نییە، بەپێکەنینەوە دەڵێت: ئێوە دەزانن کە ترەمپ حەزی لەم نوکتانەیە، پەرلەمەنتارەکانیش پێدەکەنین و چەپڵە لێدەدەن، ئەم بڕگەی گوتار و قسانەی ئەردۆغان بووە بە مایەی گاڵتەجاری و مەخسەرە، لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی تورکیادا لێدەدرێتەوە و گاڵتەی پێدەکردێت، وەک گاڵتە پێکردنێک، دەپرسن: بەچی پێدەکەنیت ئەردوگان؟ لە شەوی شەممەدا زیاتر لە 200000 کەس هەشتاگی:#NeGülüyorsunErdoğan بەچی پێدەکەنیت ئەردوگانیان بڵاوکردەوە، خەڵک لاشەی کوڕی کوژراوی بۆ دێتەوە و ئەردوگان و پەرلەمەنتارانی حیزبەکەی پێدەکەنین، باشە گەر بیلالی کوڕی یان زاواکەی لەناو کوژراوەکاندا بوایە، ئایا ئەردوگان هەر پێدەکەنی؟ ئەردۆگان تووشی ترسی فۆبیای کوردی بووە، بۆیە لەگەڵ باس لەشەڕی سوریا دەکرێت، ئەردوگان دەڵێت گەر بەشداری ئەو شەڕەمان نەکردایە سوریا دابەش دەبوو، پاشان وڵاتەکەی ئێمەش دابەش دەکرا. ڤوندەرلاین سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەورووپا، دوێنێ لەگەڵ دوو نوێنەری تری یەکێتیی ئەورپادا بە فڕۆکە چوونە سەرسنووری نێوان یۆنان و تورکیا، تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشەکەبن، لەگەڕانەوەیدا پەیمانی هاوکاریکردنی یۆنانیدا و گوتی: خەمی یۆنان، خەمی ئێمەیە، بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکەین، ڤوندەرلاین گوتی: یەکێتیی ئەورووپا لە بەردەم هەڕەشە و تاقیکردنەوەیەکی تازەیدا، بەیەکگرتووی دەمێنێتەوە و خۆی ڕادەگرێت و دابەش نابێت، ئەوانەی تاقیمان دەکەنەوە و پێیان وایە پارچە پارچە دەبین، زۆر هەڵەن. ئەمەی بە ڕەجەب ئەردۆگان گوت، ناچینە ژێر هیچ هەڕەشە و فشارێک، بەڵام لە کوێ پێویست بە هاوکاری بکات، ئەورووپا ئامادەیە کە بیکات، ئێمە ڕێکەوتنێکمان هەیە و پابەندین پێوەی بۆیە پێویستە تورکیاش پێوەی پابەندبێت. لە هەمان کاتدا ڤوندەرلاین دەڵێت: یۆنان و پۆلیسی یۆنان لەپێناو ئەورووپاد کار دەکەن، ڕێگە دەگرن لە هاتنی پەناهەندە، یەکێتیی ئەورووپا ئامادەیە پۆلیسی خێرا بنیرێت بۆ هاوکاریی پۆلیسی یۆنان و بۆلگاریا گەر پێویستیان پێیبێت. هەر لەوێدا ڤوندەرلاین و تیمەکەی بڕیاری هاوکاریکردنی یۆنانیاندا وەک، پێدانی 7 ملیۆن یورۆ، ناردنی فڕۆکەیەکی چاودێری، دوو هەلیکۆپتەر و پاپۆر و بەلەمی خێرای فریاکەوتن و داودەرمان. بڕیاریشە هەر ئەمڕۆ ڤوندەرلاین و تیمەکەی سنوری تورکیا و بۆلگاریا بەسەربکەنەوە، گەرچی سنوری بۆلگاریە بێدەنگە و وەک سنوری یۆنان کێشەی تێدا نییە، پێدەچێت تورکیا پەناهەندەکانی تەنها ڕەوانەی لای یۆنان کردبێت.

پێویستە ناوچەی ئارام لە ئیدلیب دروستبکرێت لەژیر چاودێری ناتۆ و نەتەوە یەکگرتوەکاندا

پەناهەندە بۆتە چەکی دەستی ئەردۆگان

پاشماوەی لاپەڕە 8

خاتوو مێرکڵ تەلەفونی لەگەڵ پۆتیندا کرد و هیوای خواست کە رۆژی پێنج شەممە لەگەڵ ئەردوگاندا بگەنە رێکەوتن لەسەر ئیدلیب و شەڕ بوەستێنرێت.

وەزیری دەرەوی روسی سەرجەی لاگرۆف دەڵێت: سوپای روسی و سوری لە شەڕی ئیدلیب ناوەستێن، بۆ چارەسەری پەناهەندە کە بەرەو ئەوروپا نەڕۆن، ئەم لێدوانە وەڵامێکە بۆ مێرکڵ و ئەورووپاش.

دوێنێ سەرۆک وەزیرانی یۆنان کریاکۆس میستۆتاکیس Kyriakos Mitsotakis گوتی: هەموو گەل پێکەوەین هاوکار و رێگرین، رێگە نادەین هیچ کەسێک سنورمان ببەزێنێت و لە تورکیاوە بێتە یۆنان. ئەم گوتانەی میستۆتاکیس لە بەندەری ئەلیسکەندەرەوە Alexandroupoli راگەیاند، گوتی: کەس ناتوانێت هەڕەشەمان لێبکات و هەڕەشەی کەسیش قبوڵ ناکەین. سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا ماکرون بڕیاری دا هاوکاری زیاتر بدات بە خەڵکی ئیدلیب، چەند رۆژێکە نوێنەرانی ئەوروپا لە بروکسل لەخەمی رەوشی سەرسنووری یۆنان و بۆلگاریادان. لە بروکسل جۆزیف بۆریل Josep Borrell نوێنەر و رێکخەری کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئەوروپا دەڵێت: ئەو شەڕەی لە ئیدلیب رووەدات هۆیەکە بۆ تێکدانی ئاشتی جیهانی، داوا دەکات رۆژی هەینی کۆبونەوەیەکی تایبەت لەسەر شەڕ و ئێش و ئازاری خەڵکی ئیدلیب سازبکرێت.

جۆزیف بۆریل داوا دەکات کە بە پشتگیری ناتۆ ناوچەیەکی پارێزراو دروست بکرێت لە ئیدلیب و دەوروبەریدا بۆ کۆتایی هێنان بەو ئێش و ئازارەی خەڵکی ئیدلیب و سوریا توشی هاتوون. دەڵێت: ئەو خەڵکانەی لە ئیدلیبدان نازانن بۆ کوێ بچن، دەڕۆن بۆ پێشەوە دیواری سنوری تورکیایە و رێگەیان لێگیراوە، لە دوایانەوە سوپای ئەسەدە و لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدا دەیان کوژێت، لەوێ دەمێنینەوە لە سەرمادا رەق دەبنەوە، یان برسیەتی دەیان کوژێت، ئەی کەواتە بۆ کوێ بچن؟ بۆرێل دەڵێت: کارەساتی ئیدلیب کارەساتی سەدەیە و دەبێت کۆتایی بەو دۆزەخە بهێنرێت، کە داگیرسێنراوە بۆ ئەو خەڵکە.

داواش دەکەن کە نابێت ئەو ناوچە ئارامە تاوانبارانی وەک پۆتینی هاوکاریکەری رژیمی ئەسەد، کە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دەکوژێت و ئەردوگانی هاوکاریکەری تیرۆرستانی ئیسلامی کە پێیوایە بە کوشتنی کورد خزمەت بە رژیمەکەی دەکات، یاری بە چارەنوسی خەڵکی سوریا بکەن و ئەوان لەو ناوچە ئارامەدا دەسەڵاتداربن، هەر ئەمڕۆ سەبەستیان کورتس Sebastian Kurz کانزلەری نەمسا داوا دەکات کە بە هەموو شێوەیەک بەرپەرجی ئەردوگان بدرێتەوە، سزای بخرێتە سەر، دەڵێت: ئێمە رێکەوتنێکمان هەیە لەگەڵ تورکیادا، بۆیە نابێت وڵاتانی ئەوروپی بە گوێی ئەردوگان بکەن، گەر ئەمڕۆ بەگوێمان کرد، سبەی خراپتر داوا دەکات، زیاتری دەوێت، نابێت رێگە بدرێت کە هاتنی پەناهەندەکانی 2015 دووبارە ببێتەوە.

ئەلیکسەندەر دۆبریند Alexander Dobrindt پشتگیری وتەکەی وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا ئەناگریت کەرم باوەر دەکات و دەڵێت کە پێویستە ناوچەی ئارام دروستبکرێت لەژیر جاودێری ناتۆ و نەتەوە یەکگرتوەکاندا.

سەرۆک وەزیرانی نیدەرلاند مارک رووتەر Mark Rutte دەڵێت: ئەوروپا ئامادە نیە لەسەر شتیک گفتوگۆ بکات لەکاتێکدا تورکیا چەقۆی لەسەر ملی داناوە و دەڵێت: ئەردوگان گوێ بە چارەنوسی پەناهەندەکان نادات تەنها دەسکەوتی سیاسیی خۆی دەوێت. پەناهەندە بۆتە چەکی دەستی ئەردۆگان. ئەمڕۆ چوارشەممە، نوێنەری یەکێتیی ئەوروپا چارلز میشێل Charles Michel گەیشتە ئەنقەرە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا.

دەڵێت: هیچ ئامادەگییەک لە لایەن تورکیاوە نیە بۆ چارەسەر کردنی هاتنی پەناهەندە بۆ ئەوروپا. تورکیا ئامادە نیە بەهیچ شێوەیەک، نە لەگەڵ دراوسێکانیدا، یینان و بۆلگاریا، کۆبێتەوە و نە باس لە وەرگرتنی ئەو ملیارات دۆلارە بکات کە ئەورپا ئامادەیە بیداتێ، تورکیا دەیەوێت کە بەزۆر ئەم سێ خاڵە بەسەر یەکێتیی ئەوروپادا بسەپێنێت:

1– هاوکاریی سەربازی و سیاسیی تورکیا بکرێت لە سوریادا.

2– هەروەها هاوکاری ئابووری پەناهەندە بکرێت لەناو تورکیادا.

3– هاوکاری تورکیا بکرێت تا لە ناوچە کوردیەکان، ناوچەی ئارام دروستبکرێت بە یارمەتی و هاوکاری ئەوروپا تا پەناهەندەکانی تورکیا بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو ناوچەی ئارامەی کە تورکیا دەیەوێت دروستی بکات لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا.

پشکۆ ئەمین

"تاراوگە" پێناسەیەک لە جیاوازی و پێکەوە بوون لە پێناسەی پێنووسێکی سەربەخۆوە

نووسینی: شەماڵ بۆکانی

دەکرێت جیاواز بیرکەیەوە، دەشێت هاوڕا نەبیت، بۆت هەیە ڕای خۆت بڵێی، بایێچەوانەی هاوشانەکەشت بێت، دەکرێت هەریەکەو ڕەنگێکمان پێ جوان بێت، بەڵام ناکرێت پشت لە ئامانجی بنەڕەتی ئەرکێکی پیرۆز بکەییت، کە ناوی ڕاگەیاندن و پێگەیاندنی تاک و پاشان کۆمەڵگەیە وەک ئەخلاقی پیشەیی ڕاگەیاندن. هاوکات دەشتوانی لە پێناو بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیایەک هەنگاو بنێی، ئەگەر سێبەریش بێت، بەڵام ناکرێت ئەخلاقی پیشەیی وەک کۆڵەکەی پێناسە بوون بدۆڕێنیت. ئەوە ئەو ئەرکەیە کە پێمان دەڵێت "کۆمەڵگە تاکەکان پێکی دێنن، تاکەکانیش دەتوانن کۆمەڵگە بگۆڕن"، بەو مەرجەی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دابێت. واتە یەکەم وانەی مرۆڤ دۆستی، وەرگیراو لە سروشتەوە، گەڕانەوە بۆ باوەشی دایکە، ئەویش پێناسەیەک لە باوەشی نشتیمان، چونکە هەموومان لە خۆدەگرێت بێ جیاوازی وەک باوەشی تاراوگە. ئەوچەند دێرە پێناسەیەک بوو، کە بەدیم کرد دوای ئاشنا بوونم بە لاپەڕە و بابەتەکانی، هەفتەنامەی دیجیتاڵی "تاراوگە". ڕەنگە خەون و تراویلکەی من بووبێت پێش ئاویلەکە دانم و کۆتایی هەناسە.

کاتێک چەندین ژمارەییم شەن و کەو کرد، تاراوگە، پڕ بوو لە ڕەنگی جیاواز، لە دەنگی جیاواز لە پێنووسی جیاواز، واتە چەپکە گوڵێک بە ڕەنگ و بەرامەی جیاواز، بۆیەش بەخشینی جوانی و نهێنی پەیامەکەی، هەناسەی تەتەڕێکی هەندەران بوو بەڵامەوە کە باوەش بۆ وەفایەک دەکاتەوە، بە ناوی ئەرکی پیرۆزی ڕاگەیاندن لە ڕێڕەوەکانی مرۆڤدۆستیدا بێ ئەوەی خەوشێک بخاتە دڵی بیرکردنەوە و قەڵەمێکی جیاواز. ئەو ئەرکەی بە تێگەیشتنی تاک لە روانگەی جیاوازەوە سنوری بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیا خەیاڵیەکان دەشکێنێت و "بنژیلە"ی خەرمانکەی دەتوانێت بەرهەمی سەرلەنوێ بووژانەوە بێت لە جیهانی بێ گوێپێدانە ئەخلاقی ڕاگەیاندن. (تاراوگە) پێی گوتین دەتوانین هەموومان بچینەوە سەرشاڕێی بەرژەوەندی گشتی مرۆڤایەتی و نەتەوە، خۆشەویستی بە گشت جیاوازییەکانەوە. لە تاراوگەدا چرپەیەک دێتە بەر گوێ ، لە ڕەنگ لە هەست لە ئامانج، پێمان دەڵێت با بگەینە لوتکە، ئەو کات بەرهەمی پێگەیاندنی تاکەکان دەتوانێت داهاتوویەکی گەش بخوڵقێنیت بە چەکی پێنووس و ئەخلاق، چونکە خەوشمان نەخستە کەرامەتی پێنووس و بۆچوونیەوە.

بازرگانەکەی ڤینیسیا لە دوو وێنەدا

:*هەندێک کەس (جیلی ئالتونی* – نەوەی زێڕین)یان بۆ لاوانی سالانی هەشتاکان کردووە بە دەستەواژەیەک و ئەیڵێنەوە. لە ڕاستییدا ئەتوانرێ هەر بەو چەند سالەی تەمەنی لاوانی نیوەی دووەمی شەستەکان تا سەرەتای سالی ١٩٧٤بووترێ (زێڕین)، ئەو سالانەی، نووسەران و هونەرمەندانی هەموو بوارەکان گوژمێکی گەورە و بەجەختیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا.

لە شارەکانی کوردستان، خەڵکیی بە ژن و پیاو و منالیشەوە، بە شادییەوە ڕوویان ئەکردە هۆڵی شانۆکان و کتێبخانەی گشتیی و پیشانگەی شێوەکاران. ئیستگەی تازە دامەزرێندراوی تەلەفزیۆنی کوردییش تا ڕادەیەکی باش هونەرمەندان و نووسەرانی کوردیان بە گەل ناساند و خۆشەویست کرد.

لەبەر ئەوە من هەر ئەو سالانە، کە جوانترین شانۆنامەی نایابیان لە سەر شانۆ تیا پێشکەش کرا و کتێبی نایابیان تیا چاپ کرا، بە سالانی نەوەی زێڕین ئەزانم. ئەو نواندنانەی ئەمێستا لە دەنگەوەڕەی گشتییدا نیشان ئەدرێن، دوور و نزیک پێوەندییان بە شانۆوە نییە، چەلەحانێ و تریقەتریقن و وەکو باویلکەی دەم با لە بیر ئەچنەوە.

هەوڵی باش هەیە بۆ هەڵسانەوەی شانۆی کوردی، بەڵام پشتیوانیی لێ ناکرێ، هەوڵی ناوازە و لەخۆبوردووانەی دلسۆزانەش هەیە بۆ بووژاندنەوەی کولتوری خوێندنەوە و سەربەستیدان بە خوێنەری کورد، کە لە هەر بواریکدا خۆی بیەوێت، دەست بۆ ئەو کتێبانە ببات و بیانخوێنێتەوە کە خۆی ئەیەوێت.

هونەرمەندی خۆشەویست و هاوڕێی ئازیزم کاک (حەمەڕەشید هەرەس) لە وانەکەی خۆیدا وێنەیەکی لە شانۆگەریی (بازرگانی ڤینیسیا)ی (ولیەم شەیکسپیر ١٥٦٤– ١٦١٦)وە دانابوو، کە سالی ١٩٧١ لە سەر شانۆی ئامادەیی سلێمانیی کوڕان پێشکەشیان کردبوو و ڕۆڵی (ئەنتۆنیۆ)ی تیا بینیبوو. لەو وێنەیەدا کە بە سوپاسەوە لە وانەکەیەوە وەرمگرتووە، مامۆستای خوالێخۆشبوو (عومەر عەلی ئەمین) ڕۆڵی شایلۆک ئەبینێ، کە نیازیەتی بە چەقۆ گۆشت لە سەردڵی ئەنتۆنیۆ بکاتەوە.

ئێمە لە سالانی خوێندنی ئامادەییماندا، لە وانەی خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزییدا، بەم شانۆنامەیە ئاشنابووین. تا ئێستاش ئەم شانۆنامەیە لە سەر شانۆ بەناوبانگەکانی جیهان ئەنوێندرێ، بەڵام بە شێوە کلاسییەکەی نا و زۆربەی جاریش بە دوورکەوتنەوە لە سایەی شانۆنامەکە و بە بەرگی مۆدێرنەوە. ئەم شانۆنامەیە بە زۆر شێوەش گونجێندراوە و کراوە بە فیلمی سینەمایی.



ولیەم شەیکسپیری شاعیر و شانۆنامەنووسی بەناوبانگی ئینگلیز لە نێوان سالی ١٥٩٦ تا سالی ١٥٩٨ ئەم شانۆنامەیەی نووسیوە. لە ئەڵمانیا سالی ١٩٦٩ شانۆنامەی (بازرگانەکەی ڤێنیسیا) زۆر بە جوانی بۆ نیشاندانی لە تەلەفزیۆندا ئامادە کرا، تا ئێستاش ئەو هونەرمەندەی ناوی (فریتس کۆرتنەر)ە و ڕۆڵی (شایلۆک) لە شانۆگەرییەکەدا ئەبینێ، بە باشترین ڕۆڵی نواندن دائەنرێ.

فەرموو لەو شانۆگەرییە، بە زمانی ئەڵمانی بڕگەی ئەو دیمەنە ببینن، کە شایلۆک چەقۆی بە دەستەوەیە و ئەیەوێت نیو کیلۆ گۆشت لە سەردڵی (ئەنتۆنیۆ) بکاتەوە.

*جیل وشەیەکی عەرەبییە، ئالتونیش تورکییە.

پادشای هوڵەندا داوای لێبوورنی کرد، لەپای ئەو تۆندوتیژیانەی، کە شانشینی هوڵەندا لە داگیرکاری دژی ئەندۆنیسیا بەکاری هێناوە

پادشای هوڵەندا داوای لێبوورنی لە خەڵک و وڵاتی ئەندەنوسیا کرد، بە هۆی ئەو کۆمەلکوژی و تۆندوتیژیانەی، کە سوپای هوڵەندا دژی ئەو ئەو وڵاتە کردویەتی. پادشای هۆڵەندا ڤیلەیەم ئەلیکساندەر ڕۆژی سێشەمەی ڕابووردو داوای لێبوردنیی لە خەڵک وڵاتی ئەندۆنەیسیا کرد، سەبارەت بەو تۆندو تیژیی کۆمەڵکوژییەی، کە هوڵەندیەکان لە کاتی جەنگی خوسەری ئەندۆنویسیا لە ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٤٩ کردوویانە. پادشای هۆڵەندا ئەم دەستەواژانەی لە کاتی سەردانە چوار ڕۆژییەکەی لەگەڵ ماکسیمای هاوسەری بۆ ئەو وڵاتە بەکارهینا، و جوکو ڤیدۆدۆی سەرۆک کوماری ئەندۆنوسیاش لە پێسوازییاند ئامادە بوو. پادشای هوڵەندا لەو ڕۆژەدا بەمشێوەیە دەستی بە قسەکانیکرد: بەڕێزم سەرۆک، ڕۆژی ١٧ ئۆگۆستی٢٠٢٠ دەبێت بە ٧٥ ساڵ لەمەوبەر، کە سوکارنۆ لە باخچەی ماڵەکەیەوە سەربەخویی ئەندۆنوسیای ڕاگەیاند. حکومەتی هوڵەنداش ١٥ساڵ لەمەوبەر ئەمەی بە شێوەیەکی سیاسی و ئەخلاقی پڕ بەدڵ پەسەندکرد و ئەمەش هەنگاویکی تازەی هۆڵەندایە بۆ ئەوکێشەیە. شا ڤیلەم دریژەیدا بەقسەکانی و گوتی: لەو ساڵانەی دواییدا سەربەخۆیی و جیابونەوەیەکی پڕلە ئازار دەستی پێکرد و زور کەسیشی تێدا کوژرا. بۆ سارێژکردنی ئەو ئازار و تۆندوتیژییانە، کە کاتی خوی هۆڵەندا بەکاری هێناوە و پاش ئەوەش حکومەتەکەم باسیکردوە، منیش لێرەوە پەشیمانی خوم پیشان دەدەم و داوای لێبوردن دەکەم. ئەم هەلە بەکاردەهێنم لەوپەڕی هەستمەوە، ئازاروخەمی قوربانی ئەو خێزانە بەرکەوتووانە هەست پێدەکەم، دەبێت هەر هەمان هەستیش بۆ نەوەکانی داهاتوشمان بمێنێتەوە، بەهۆی بەکارهێنانی ڕێگەی سەربازی و کوشتار لە ئەندۆنیسیا وڵاتەکەمان بوو بەخاوەنی مێژوویەکی ڕەش.

ئەم دەربڕینانە قسەی سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا مارک ڕوتە و بێرت کوندەرسی وەزیری دەرەوەی هوڵەندا بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەریانبڕی و دوایش داوای لێبوردنیان کرد بۆ ئەو کوشتار و تۆندوتیژیەی، کە لە شاری Rawgeda ئەنجامیاندا بەدەر لە یاسا و دژ بە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی، خەڵکانێکی زۆر هەڵواسران.

یەکەم داوای لێبوردنی سەرۆکی وڵات:

ئەمە یەکەمجارە کە سەرۆکێکی هوڵەندا داوای لێبووردن دەکات، لە پای ئەو تۆندوتیژیانەی، کە هوڵەندیەکان ئەنجامیاند، دژی ئەندۆنوسیا لە ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٤٩. ناتوانین ڕابووردو بیگۆڕین، بەڵام دەتوانین لێوەی فێربین. ئەمە وەڵامی سەرۆک Widodo ی ئەندۆنوسیا بوو، بۆ ئەو داوای لێبووردن و پەشیمانیەی پادشا ڤیلەمی هۆڵەندا.

وەرگێڕانی: ئەنوەر جۆڵا

کێشەی ئەم داوای لێبوورنە، دەیەها ساڵە لە ئارادایە و پێش دوا سەردانی شاژن–پادشای پێشووی هۆڵەندا پیاتریکس، دایکی شا ڤیلەمی پادشای ئێستەی هۆڵەندا و (شازادە) پرنس کلاوسی مێردی لە ساڵی ١٩٩٥دا، کە ئەو کاتە ڤیلم ئەلەکساندریشیان لەگەڵدا بوو، باسیان لە داوای لێبووردنەکەی هوڵەندا کردوە، کە پێویستە هوڵەندا ئەو هەنگاوە بنێت. لەوکاتەدا شا بیاتریکس ویستی، بەڵام داوای لێبوردن نەکرا، چونکە وەک لە دواییدا دەرکەوت، کە (ڤیم کۆک)ی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتە، پێی وابوو ئەو کێشەیە لە ڕووی سیاسیەوە زۆر هەستیارە. هەروەها مێژووی سەربەخوییەکەی ئەندۆنوسیاش کێشە بوو. جەنگاوەرە دێرینەکان –فەیتەرانە هۆڵەندیەکان، داوایان دەکرد، کە ساڵی ١٩٤٩ ببێت بە ساڵی سەربەخۆیی ئەندۆنوسیا نەک ساڵی ١٩٤٥، گوایە ڕەنجی شەڕەکەیان بەفیڕۆ دەچوو. هەروەها دژی سەردانەکەی شاژن پیاتریکس و مێردەکەشی بوون، کە لە ١٧–٨–١٩٩٥ دەبوایە لە ئەندۆنوسیا ئامادەبوونایە و ئەوان ئەو کاتە سەرکەوتوو نەبوون لەو دژایەتییەیان. پاشان پیاتریکس لە ڕۆژی ٢١–٨–١٩٩٥ گەیشتە جاکارتا، چوار ڕۆژ دوای ئاهەنگی ٥٠ ساڵەی سەربەخویی ئەندۆنوسیا.

خاتوو سەعادەت کارابلووت، کە ئەندامی پارتی سۆشیالیست (خانمێکی کوردی باکورە)، لە ژووری دووی پەرلەمان لە ڕۆژی دووشەممەی پێشوو لە ڕۆژنامەی خەڵک (ڤۆلکس کرانت)ی هۆڵەندیدا ئەویش داوای لێبوورنی کرد و گوتی: زۆر سەرسام بووم بەم هەڵوێستە شا ڤیلم، نیشانەیەکی جوان لە ژێر سومبولێکی گەورەدا، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە، کە بۆچی داوی لێبووردنێکی گەورەی نەکرد بۆ هەموو سەردەمی کۆڵۆنیالیزمی هۆڵەندی، کە لە ساڵی ١٦٠٠وە. هەر لەوکاتەوە ئازارەکان دەستیان پێکردوە، هیوادارم داوای لێبوردنەکەی شا ڤیلمیش هەروابێت.

فیدراسیۆنی ئیندۆ هوڵەندیەکانیش زۆر سەرسام بوون بەو داوای لێبوردنەی شا ڤیلم. بەڵام فێدراسیۆنەکە زۆر پێی نابەجێ بوو چونکە دەڵێن ئەم بازدانە بەسەر ئەو هەموو ئازار مەینەتیانەی، کە ئێمە لە هوڵەندا هەمانە، بۆ هەستی پێناکەن..؟ کۆمەڵێک لەو قوربانیانە کە لە هۆڵەندا دەژین زۆر تووشی ئەشکەنجە ئازار بوون بەدەست تیرۆری ئەندۆنیساوە. فیدراسیۆنەکە پێی وایە، کە دەبوایە هۆڵەندا چاوەڕێی ئەنجامی توێژینەوەی indié ئندیای بکردایە، کە ئێستا لە لایەن NIMH KITLV NIOD بەدوادا چوونی بۆ دەکرێت. دواڕاپۆرت لە مانگی سیپتەمبەری ٢٠٢١دا دەردەچێت.

گۆشەی 46 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ئەنجێلا میێرکل لەسەر کۆرۆنا چی گوت؟

دوێنێ میێرکل لە کۆبونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەیدا گوتی.. ٦٠ تا ٧٠٪ ی دانیشتوانمان توشی کۆرۆنا دەبن، کە ئەو قسەیەی کرد ئامادەبووان لەجێی خۆیان تاسان. ئەوبەرەنگاریەی توشی دەبین پێشترتووشی نەهاتوین. تکایە هەموو چالاکیەیە جەماوەریەکانتان ڕاگرن. سوپاس بۆ وەزیری تەندروستی ڕێوجێی باشی گرتۆتەبەر. بەپێی تازەترین هەواڵ ئەڵمانیا خەریکی دۆزینەوەی ئەو دژەڤایرۆسەیە و چاوەرواندەکرێت تا چەند مانگێکی دورست بکرێت و کۆرۆنا بەتەواوی بنبڕ بکرێت، بەڵام پسپۆڕانی ئەڵمان لە خەستەخانەی شاریتە دەڵین تا ساڵێک یان دوو ساڵی تر ئاسەواری خراپی ئەو ڤایرۆسە هەردەمێنێ...تکایە باهەموومان ئاگاداری تەندروستی خۆمان بین وپاک وخاوێنی ڕاگرین، دورکەوینەوە لە شوێنی قەرەباڵغ، ڕۆژانە شەش حەوت جار دەستمان بە سابون بشۆین، تەوقەنەکەین، هیوادارم هەموو هاوڕێیان سەلامەت بن و مرۆڤایەتیش لەدەردوبەڵایە رزگاری بێت....

زیاتر لە٢٠٠ کەس بەهۆی هەڵامەتەوە مردوون

بەپێی پێگەی Merkur کە زانیاری لەپەیمانگای ڕۆبەرت کۆخ وەرگرتووە ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، لە مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوەوە تائێستا زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەهۆی ئەفلۆنزای ئاساییەوە مردوون، زۆربەشیان پیر و ژنی دووگیان بوون، هەروەها هەر لەم وەرزەدا ٧ ملیۆن کەس بەهۆی هەڵامەتەوە سەردانی دکتۆریان کردووە.

هاوسەری وەزیرێک دادگایی دەکرێت

هاوسەری خاتوو Franziska Giffey وەزیری خێزانی ئەڵمانیا بەتۆمەتی کاری نایاسایی و گەندەڵی لە کاری حکومیدا دادگایی دەکرێت، ئەو پیاوە کە فەرمانبەری حکومەت بووە زوو زوو دەوامی خۆی بەجێهێشتوە و خەریکی کاری تر بووە، لەپاڵ موچەیەکی حکومەی یەکێکی تری لە کەرتی تایبەت هەبووە، بۆیە دەوامە حکومیەکەی بەهەند وەرنەگرتووە، داواکاری گشی داوای سزای قورسی بۆدەکات.

بەهۆی کۆرۆناوە پیشانگاکان ڕێکناخرێن

پیشانگای گەشتوگوزار کە گەورەترین بۆنەیەو ساڵانە زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس هاموشۆی دەکەن و١٨٠ وڵاتی جیهانی بەشداری کارای تێدادەکەن، ئەمساڵ کەبڕیار بو لە ٤ تا ٨ ی ئازار بکرێت،بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بۆ کاتێکی تر دواخرا و ئیدارەی پیشانگاکە ڕایگەیاند کە ناتوانن کۆنترۆڵی میوانانی چین وئێران وئیتاڵیا و ووڵاتانی بکەن بۆیە لەبەر سەلامەتی هاوڵاتیان ئەمساڵ ناکرێ ، هەفتەی ڕابرودش لەکۆڵن پیشانگای ئامێرەکان ولە فرانکفۆرت پیشانگای ئامێرەکانی ڕوناکی ولەهەریەک دوسلدۆرف ودۆرتمۆندو هامبۆرگیش هیتر هەڵوەشیندرانەوە و زیانێکی زۆر بەرکەرتی ئابوری وڵات کەوت.

یاسای کاروباری کۆچ خرایە بواری جێبەجێکردنەوە

لە یەکێ ئازارەوە یاسایەکی تازە دەرچووە، بەو پێیە حکومەتی ئەڵمانیا مافی مانەوە" ئیقامە" دەداتە ئەو کەسانەی، کە خاوەن بڕوانامە یان پیشەن و دەتوانن لە ئەڵمانیا کارێک بکەن، ئەو پرۆژەیە هاوڵاتیانی دەرەوەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دەگرێتەوە و مەبەستیان لێی پڕکردنەوە دەستی کارە، چونکە ئەڵمانیا پێویستی بە کرێکار و کارمەندی لێهاتوو لێزان هەیە و خۆی بۆ وڵاتەکەی ڕایاندەکێشێت.

کۆرۆنا دەبێتە پەتایەکی ناسایی

کریستیان دروستین دکتۆری شارەزا لە بواری ڤایرۆسەکان دەڵێت: لە ئایندەدا کۆرۆنا وەک ئەفلۆنزای لێ دێ و ٦٠ بۆ ٧٠٪ ی خەڵکی ئەڵمانیا توشی دەبن، بۆیە خۆپاراستن و پاکوخاوێنی بۆ هەمیشە دەبێت پەیڕەو بکرێت، شایانی باسە تائێستا توشبووان لە ئەڵمانیا ٧٠٠ کەسی تێپەڕاندوە، زۆربەیان لە چین یان لە ئیتاڵیاوە گواستویانەتەوە ئەڵمانیا، وەزیرێکیش دەڵێت ئەو نەخۆشیە درێژە دەکێشێ بەڵام تاکۆتایی ئەمساڵ چارەسەرەکەی دەدۆزنەوە.

پەرلەمانی سوریا دانی بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکاندا نا..!

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ئ.ج

پەرلەمانی سوریا دانی بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکاندا نا..!

ڕۆژی پێنشەممەی ڕێکەوتی ٦-٢-٢٠٢٠ پەرلەمانی سوریا دانی نا بە کۆمەڵکوژییەکەی ئەرمەنییەکان لە تورکیا، کە زیاتر لە ١،٥ ملیۆن ئەرمەنی تێدا کوژرا لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی، لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ تا ١٩١٧، ئەم دانپێدانانە بەدوای ئەوەدا هات، کاتێک جەنگ لە نێوان سوپای تورکیا و سوپای سوریادا ڕووید لە باکوڕی ڕۆژئاوای سوریا.

پەرلەمانی سوریا ئەم کۆمەڵکوژییەی مەحکوم کرد و دانیپێدانا، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خەلافەتی دەوڵەتی عوسمانی دژی خەڵکی ئەرمەنی بەرپای کردبوو.

لە بڕیارەکەی پەرلەمانی سوریادا ئاماژە بەوەدراوە، ئەرمەنەکان بەدوای دانپێدانانێکی جیهانیدا دەگەڕێن بۆ ئەو کۆمەڵکوژییەی بەرانبەریان کراوە، بە گوێرەی بۆچوونی ئەمان زیاتر لە ١،٥ یەک ملیۆن و نیو کەس لە ئەرمەنەکان کۆمەڵکوژکراون لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ تا ١٩١٧، لەسەر دەستی خەلافەتی ئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی لە تورکیا. دەڵەتی ئێستای تورکیا بە توندی ئەم تاوانە قیزەونە ڕەتدەکەنەوە.

پەلەماردانی تورکیا لە ئیدلیب:

بە گوێرەی هەواڵەکان دوای چەندین شەڕ و پێکدادان لە نیوان سوپای تورکیا و سوپای سوریا لە ئیدلیب، ١٤ سەربازی تورک کوژراون، لەم چەند هەفتانەی دواییدا سوپای سوریا بە پاڵپشتی سوپای ڕوسیا توانیان بەشێکی زۆری پارێزگای ئەدلیب بخەنەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە شاری ئەلیب بە هاوکاری سوپای تورکیا شەڕکەرە جیهادییەکان دەستیان بەسەر ئەو شارەدا گرتووە.

لە هەفتەکانی ڕابردوودا تورکیا، ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەک و تەقەمەنی و یارمەتی لۆجیکستی نارد بۆ چەتەکانی لە بنەڕەتدا خەڵکی سوریان و دژی ڕژێمی بەسار ئەسەد دەجەنگن.

پێس ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی ئەم دواییەی لە ئیدلیب هەی، سوپای تورکیا چەندین جاری دیکەش سنوری بەزاندووە چۆتە ناوخاکی سوریاوە.

ئێستا ئەو قین و دوژمنکاریەی دەوڵەتی تورکیا بەرانبەر سوریا و خەڵکەکەی دەیکات، کاتی خۆی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر خەڵکی ناوچەکە دەیکرد، ئێستا ئەردۆگان نەوەکانی پاشماوەی عوسمانییەکان دووبارەی دەکەنەوە، ئەمە گوتەی مەحمود صەباح سەرۆکی پەرلەمانی سوریایە.

پێش هەڵگیرسانی جەنگی ساڵی ٢٠١١ ژمارەی ئەرمەنەکانی سوریا ٣٥٠٠٠٠ سێسەد و پەنجا هەزار کەس بوون، ١٥٠٠٠٠ سەدوپەنجا هەزاریان لە حەلەب دەژیان، کاتێک کە ڕژێمی سوریا دەستی گرت بەسەر حەلەبدا لە ساڵی ٢٠١٦، تەنها ١٠ هەزار ئەرمەنی لێمابوو. لە ترسی جیهادییەکانی وەک داعش و جەبهەی نوسرە و حیات طاهر السلام و سوپای ئێستای تەحریر شام، کە سەر بە قاعیدەن لە سوریا. گروپی چەکدارانی ئیدلیب یارمەتی لە تورکیا وەردەگرن. ئەم دانپێدانانەی پەرلەمانی سوریا لە ڕووی سیمبۆلیەوە زۆر گرنگە بۆ ئەرمەنەکان، چونکە کاتی خۆی ئەرمەنەکان لە بیابانەکانی سوریا کەلە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە کۆمەڵکوژکراون

ئێسەمەی مرۆڤ لەسەر ڕووی بەهەشتێک دەژین کە هەسارەی زەویە

لوقمان حەویز

کۆمەڵەی خۆری ئێمە پڕە لەم جڕ و جانەوەرانە، ئەگەر هەریەکێک لەم هەسارۆکە گەورانە خۆی بە زەویدا بکێشێت ژیان دەکات بە دۆزەخ..! ئەگەر هەندێک لەگۆی زەوی دوربکەوینەوە و بەرەو بۆشایی ئاسمان بڕۆین ئینجا دەزانین ئێمەی مرۆڤ لەسەر ڕووی بەهەشتێک دەژین کە هەسارەی زەویە بەبێ ئەوەی لێرەوە هەستی پێبکەین، هەسارەکەمان بۆ ئێمە هەموو شتێکە، بۆ ئێمە ژیانە..! ئەمانە ژمارەیەکی زۆر کەمن لە هەسارۆکەکانی نێو کۆمەڵەی خۆر لە بچوکەوە بۆ گەورە، بەرکەوتنی هەندێک لەوانە بەر گۆی زەوی تەنیا مەسەلەی کاتە، بەر لە نزیکەی 66 ملیۆن ساڵ بەرکەوتنی یەکێک لەو هەسارۆکانە بەگۆی زەوی بووە هۆی لەناوچوونی داینەسۆرەکان و ڕێژەیەکی گەلێک زۆر لەجۆرەکانی زیندەوەران...

تێکڕای ژمارەی ئەو هەسارۆکانە لە نێو کۆمەڵەی خۆر بە ملیۆنەها دەبن، ئەوانیش وەکو گۆی زەوی زۆربەیان لەسەر خولگەی ناڕێکدا بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، لە ئێستادا ئاژانسی ناسا نەخشەسازی کردووە بۆ پتر لە 18 هەزار لەوانە و زانیاری وردی هەیە لەسەریان، هەندێکیان بەمەترسیدار دادەنرێن و دەستنیشانی کردوون و زانیاری وردی هەیە لەسەر کاتی نزیکبوونەوەیان لە گۆی زەوی...!

بۆ بینینی ئەم ڤیدیۆیە بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/Lukman.Hawez/videos/3022839724414375/

ئاوڕێک لە ژیانی ئەلبێرت ئەینشتاین

گۆشەی زانست

ماموستا جەزا دەینووسێت

لەڕۆژی 14 ئایاری ساڵی 1879 لە شاری ئولم لە ئەڵمانیا نزیک میونیخ لە دایک بووە ، تەمەنی ئەلبێرت ساڵە وەخت بوو، کە خانەوادەکەی ئۆڵمیان جێهێشت، شاری ئۆڵم بەوە ناوبانگ بوون، کە شارێکی ماتماتیکی بوون. باوکی ئەلبێرت وەستای کارەبابوو، خاوەنی کارگەیەکی گڵۆپی لەمپا بوو، ئەینشتاین ئەم کارەی باوکی زۆر بەدڵ نەبوو، ویستی زیاتر بوو بۆ ژیان، لەبەر ئەوە لە میونیخ جێگیر بوو، دواجار لە ئامادەیی میلان بووە قوتابی، لەوێ مایەوە هەتا خوێندنی تەواو کرد، ئەلبێرت مەیلی زۆری لە ماتماتیک بوو. لە پەیمانگای هونەری کارەبا وەرگیرا. پاشان ئەینشتاین بەرەو سویسرا ڕۆیشت لەدانشگای (FIT) لەزیوریخ وەرگیرا. ئەلبێرت توانایەکی بەرزی هەبوو لە ماتماتیکدا، بەڵام لە ڕوەکزانی و گیانەوەرزانی زماننی لاتینیدا لاواز بوو، لە مادەی ماتماتیکدا سەرکەوت، لەبەر کاربەدەستانی سویسرا لە (ئەروا) وەرگیرا، هەر لەوێش دیبلومی بە دەست هێنا، دواجار لە قوتابخانەی پۆلوتەکنیک وەرگیراو لەوێش لە وانەی ماتماتیکدا زۆر سەرکەوتوبوو. لەگەڵ چوار هاوڕێیدا، کە یەکێک لەوان کچیک بوو، بەناوی (ملێڤا ماریک). پرۆفیسۆریک بە ناوی (هێرمان مینیکویسکی)، لە پۆلۆتەکنیک کاریگەری زۆر لەسەرکاری ئەلبێرت هەبوو، ئەلبێرت بۆی دەرکەوت. کە زیاتر گرنگی بە فیزیا بدات وەک لە ماتماتیک بۆ ئەو باشترە، لەبەر ئەوە زۆر بایەخی بە وانەکانی ماموستا مینکویسکی نەدا، لەبەر ئەوە ماموستاکەی ناوی نا (سەگی دەبەنگ)، (lazy dog)، ئەلبێرت بەمە هەڵویستی نەگۆڕا بەڵکو وای لێکرد ببێتە ئەستێرەی دەرەوشاوە لە فیزیای ڕێژەیی و ماتماتیکدا. ئەلبێرت خووی دایە زانستی کارەبا و لەتک هینریچ ئەلبێرت، کە وای کرد بگاتە قۆناغی بیردۆزەکانی فیلد تیوری، کە بیردۆزەی زانکانی وەک ماکسوێل و فارادای و هیرتز بوو، فایبر زۆر هاندەری ئەلبێرت بوو، لە ئەنجامدا ئەلبێرت لە ساڵی 1900 دا بڕوانامەی بەدەست هێنا و لە شاری زیوریخی سویسری بە شوین کاردا گەڕا، لە قوتابخانەیکی تەکنیکی دامەزرا و دوو مانگی خایاند، کاتی بۆ خۆی ڕەخساند و بۆ خۆیندنەوە و بیرکردنەوە. نامەیەکی لە ساڵی 1901 دا بە ناوی Jouranal der physik نووسی. لەم ساڵەدا هاوڕێیەکی بەناوی مارسل گروسمان داوای لە باوکی ئەلبێرت کرد، کە ئەلبێرت لە نەخوشخانەکەی دامەزرینێت بەسەرۆک بۆ کاری پشکنین لەو کاتەدا ئەینشتاین تەمەنی بووە 23 ساڵ و خێزانی پێکەوەنا، هاوسەرەکەی بە ناوی میلڤاماریک بوو کۆن پیکەوە قوتابی بوو. ئەلبێرت ئەم ئافرەتە بوو بە دایکی منداڵی و کاری ناو ماڵی، دوو کوڕی لێ بوو بە ناوەکانی هانس و ئێدوارد. لە ساڵی 1905 دا ئەینشتاین نامەیەکی نووسیی لەسەر جۆڵانەوەی ئەلکترۆ دانامیکی تەنی جۆڵاو، ئەمە یەکەم نامەی بوو لەسەر بیردۆزەی ڕێژەیی. دوای ئەوە نامەیەکی تری لە 1905 دا نووسییەوە و جارێکی دیکە لە سەر هەمان بیردۆزە، کاری لەسەر فۆتۆ ئەلکتریک کرد،

کاتێک پلانک ڕوونی کردەوە وزەی ئەلکترۆماگناتیک بڵاوبۆونەوەی بە شێوەی چەپکە، ئەلبێرت یەکەم کەس بوو ئەم زانستە بقۆزێتەوە، بۆ ڕوون کردنەوەی ڕووداوی، کە چۆن فوتو سێڵ لە میتاڵەکان دەردەچێت، کە پێ دەگوترێت فۆتۆن، ئەم فۆتۆنانە هەندی وزە لە خۆی دەگرێت، کە بڕەکەی دەکاتە (hfh)ی نەگۆڕ پلانکە وە f فریکوینسە frequency و ئەم نامەیە جێگای باوەڕ بوو، زۆر بیردۆزەی کوانتای جێگیر کرد. ئەلبێرت ئەینشتاین چەند نامەیکی تری پێشکەش کرد و موحازەرەکانی لە دانشگای زیوریخ دەگوتەوە. لە ساڵی 1909دا بەناونیشانی پرۆفیسور دامەزرا، وەکو زانستێکی فیزیای نظري. لە کۆتای ساڵی 1909 دا زیاتر لە نۆزدە نامەی نووسیوەوە و خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، لە 1909 دا لەو ساڵەدا یاسا بە ناوبانگەکەی داڕشت بەناوی (Euivalence of mass and energy) یان هاوتای ماددە و ووزە، لەسەر ئەم یاسایە بۆمبی ناوکی دروست دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەینشتاین لە زیوریخ دەژیا و دڵشاد بوو، بەڵام موچەکەی کەم بوو، خێزانەکەی کاری تێکرد لە دانشگای براغ کار بکات و بجۆڵێت بۆ ئەوێ، لە ساڵی 1911 دا گرنگترین نامەی لەسەر ئەو بیرۆزە بڵاوکردەوە، کە تیشکی ڕووناکی، بەکاری هێزی کێشکردن تووشی چەمانەوە دەبێت. ئەم بیردۆزیە، مێشکی زانا فەلەکییەکانی جۆڵاند بۆ قۆڵایی ئاسمان.. لە ساڵی 1933 دا ئەدوڵف هیتلەر بووە سەروکی ئەڵمانیا. ژیانی ئەینشتاین لە ئەوروپا و ئەڵمانیا ترسناک بوو بۆی. بۆیە کۆچی کرد بۆ وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا و نامەیەکی نووسی بۆ دونالد ڕۆزفێڵت، لە نامەکەیدا بۆی ڕوونکردەوە کە زانا فیزیاییەکانی ئەڵمان خەریکی پیتاندنی ماددەی یورانیومن و لەوەدان، کە بۆمبی ئەتۆمی دروست بکەن، بەڕێگەی (fission reaction) بیردۆزەی هاوتای ماددەو ووزە، کە ئەینشتاین خۆی خاوەنێتی. زانا فیزیایەکانی ئەمریکاش هانی سەرۆک ڕۆزفێڵتیان دا، بۆ پلانی پێکهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، کارەکە ئەنجامدراو بەرهەمەکایان پێگەیشت، لە ڕۆژی 6 ی ئابی ساڵی 1945 دا، یەکەم بۆمبی ناوکی کێشرا بە شاری هیرۆشیمای یابانی دا. ئەینشتاین دوا ڕۆژەکانی ژیانی بە هێمنی و ئاسوودەیی بردەسەر و لە ڕۆژی 15ی ئەپریلی 1955 ساڵی دا بەهۆی ئازارێکی بەهێزەوە لە دەمارەکانی شاخوێنبەریدا برایە نەخۆشخانە، دوای سێ ڕۆژ دەمارەکانی چوونەوە یەک و ئەلبێرت ئەینشتاین، بە تەقینی شاخوێنبەری ئانۆرتا گیانی سپارد و ڕووبەڕووی پەروەردگار بوەوە.

وقال تعالى ومن عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام.

ئەندازیار و شیوەکار
ئەنوەر جۆلا

ئەنوەر محەمەد جۆلا لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و هونەری، لە ساڵی 1953 لە شاری سلێمانی لە باشوری کوردستان لەدایک بووە. لە ساڵی 1981 هوە، ئاوارەی هەندەران بووە و لەوکاتەوە لە ئەمستردام دەژی.

هەر لەوێش لە خوێندنگای بەرزی ئەمستردام، خوێندنی HTS– Bouwkunde (architektuur) ی تەواو کردووە.

لە نێوان ساڵانی 1987 تا ساڵی 2014 وەک ئەندازیار کاریکردووە. سەرەتا بۆ چەند کۆمپانیایەکی ئەندازیاری بیناو کۆمپانیای دروستکردنی خانووبەرە، پاشان ساڵانێکی زور لە شارەوانی ئەمستردام ئەندازیار بووە.

لە ساڵی 2014 پێشوەخت خۆی خانەنشین کردووە، ئێستا نیشتەجێی شاری ئەمستردامە و کاتی خۆی بە خوێندنەوە و وەرگێڕان و ڕۆیشتن و نیگارکێشانەوە دەباتە سەر.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەنوەر جۆلا بڕوانە:

https://www.facebook.com/anwar.jola

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵییە هەموو چوارشەممەیەک، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

18 Maart . 2020 Nummer. [96] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– لە یادی 16 ی 3 دا .... هەڵەبجە، تەرمێکی بە هەیبەت، بەرزان هەستیار.. ل 2

– ئێران شیعەگەر نییە، ڕەگەزپەرستە نوری کەریم/ ئەڵەمانیا، ل 3 و ل 4

– بیست و شەش ساڵ لەژووریکدا.....شاعیریکی کوردی باکور ..عەزیز ڕەئووف، ل 5

– منداڵ و فلیمی سینەمایی، نووسینی لەتیف هەڵمەت ... ل 6 و ل 7

– کۆرۆنا و ترس هیوا قادر ل 8

– هەموو کوردێک زمان زانە، حەمە فەریق حەسەن... نهێنی پاراستن و چۆنێتی هەڵسوکەوت، فرود باقی.. ل 9

–کەرەنتینا و کۆرۆنا کۆڕەنتینا یان کەرەنتینە، محمەر ئەمجوان عوم ، چەپڵەیەک لە خەڵکەوە بۆ دەزگاکانی تەندروستی ل 10.. – (پێت مۆرتن)ی گۆرانیبێژ بۆ شاری هەڵەبجەی گۆرانی گوتووە مامۆستا م. ئارام. ل 11

– لە وڵاتی چین بەهۆی ڕێگریەکی زۆر و هاتنی وەرزی بەهارەوە پەتای کرۆنا کەمی کردووە و دۆخەکە بەرەو باشی دەچێت، وەرگێڕانی ئەنوەر جۆڵا... ل 12

– گۆشەی 47 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 13

– بروسکەیەک پێش چل و حەوت ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەرشیفی غەفور ڕەشید داراغا.. ل 14

– کۆشەی زانست، مامۆستا جەژا ، لە ئەڵمانیاوە، مامۆستا لوقمان حەویز لە تیکساسەوە. ل 15

– کرۆنا لە دیدی هونەرمەندانی کاریکاتێستی کوردەوە، ئاکۆ غەریب و ڕێناس عارف و عومەر دەرویش. ل 16.



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

18 MAART 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 96
ژمارە 96 ی 18 ی مارتی 2020

لە یادی 16 ی 3 دا .... هەڵەبجە، تەرمێکی بە هەیبەت

بەرزان هەستیار

بۆنی ژەهر ئەکەم، بچمە ئەوسەری کەونیش ئەو بۆنە لێم نابێتەوە، وەک ناوی خۆم، وەکو هەوا شوێنپێکانم هەڵئەگرێت و دێتە سەر سفرە لەگەڵمدا و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی هەموو کتێبێکدا، ئەو وەک قارچک هەڵئەتۆقێ و بە زمانی مەرگ ئەمدوێنێ، بە زمانی ئیزرائیل هەڕەشەم لێ ئەکات، من ئەو ژەهرە لەعنەتیەم لە کۆڵ نابێتەوە، یەخەم تووند ڕائەوەشێنێ و پڕم ئەکاتەوە لە "هەڵەبجە"، لێورێژم ئەکات لە هەناسەی تەرمە بێ خوێنەکان، ئەستێرەی ڕژاوی چاوەکان، وێرانم ئەکات، وێران بە پێکەنینە نەپژاوەکەی کۆرپەکەی "عومەری خاوەر" و بە هاوارە سڕبووەکانی "عەنەب" و "کانی ئاشقان و "باخی میر" و هەر هەموو خڕکەبەرد وگڵ و خۆڵ و کانییە چاو بەڵەکەکان. من هەر خۆم ئەم ژەهرە ئەناسم، هەر خۆم ئەزانم چۆن دەست و پەنجەی تێکئاڵاوی عاشقانی کرد بە ڕەژوو، جانتای قوتابخانەی منداڵانی کرد بە بەرد و گۆرانیی کرد بە زێمار و قاچەکانی پیاسەکردنی کرد بە وشکەداریکی بێ باران.

کەس تێمناگات، کەس لەم زمانە بڕاوەم حاڵیی نابێت، هەروەکو چۆن کەسێ نەیویست "هەڵەبجە "بگەیەنێتە ئەوبەری حەسارەکانی مردن، کەسیش خەمی ئەوەی نەبوو فرمێسکی هەڵکڕووزاوی منداڵێک بکات بە ژێر چنگێ گڵەوە بۆ ئەوەی تەم لێینەنیشێت. من نە خەڵکی هەڵەبجەم و نە گوندێکی دەروون شیتاڵ .. شیتاڵبووی هەڵەبجە، من خۆم هەڵەبجەم خەڵکینە..!

دوێنێ 19کەس لە هۆڵەندا ژیانیان لە دەست داوە و 292 کەسی تر بە پەتای کۆرۆنا تووش بوون..

بۆ ئاماری تووشبووان و قوربانیانی ڤایرۆسی کرۆنا لە هۆڵەندا.
بروانە ل 10

دەمێک ساڵە لە ژێر تاوێرەکانی غەدرا نرکە.. نرکم دێت و گوێیەک نەبوو بمبیستێت، نێڵە.. نێڵ لە ژەهرا ئەسووتێم و دڵۆپێ هەنگوین زاری تاڵی بەسەر نەکردمەوە. من هەڵەبجەم و گەورەترین جنێوم کە تا ئێستا بە بەشەرییەت درابێت، قوڵترین بڕینم پەی بە ئازارەکانی نەبرابێت، مەزنترین تەرمی شەهیدی خوێن لەبەر نەڕۆیشتووم، من بەم ئازارانەوە ڕوو لە هەر شوێنێک بکەم غەوارە نیم، کەچی دەستی سڵاوێک نابینم بە بزەوە بۆم بەرز بکرێتەوە. من هەڵەبجەم، هەموو ساڵێک لە "شانزەی سێ" دا ، پێنج هەزار "نور"ی ئەسحابە ئەڕژێنمە سەرڕووی زەمین، بۆ ئەوەی بزانن من بە خنکاوییش هەناسەکانم بۆنی بخووردیان لێ دێت، من بە خنکاوییش ئەتوانم جوان بم، بە سووتاوییش لە مێخەک ئەچم، بە وەریوییش لە مێرغوزار و بە ڕاکشاوییش لە "بەمۆ" و بە تینوێتییش لە "سیروان" ئەچم، من هەڵەبجەم.

بە سوپاسەوە لە وانّی (چەپی شەقام)ی کاک عەلی مەحمودەوە، بە تایبەت بۆ یادی هەڵەبجە وەرگیراوە

ئێران شیعەگەر نییە، ڕەگەزپەرستە

نوری کەریم/ ئەڵەمانیا

ئێران دوا بەدوای هەرەسی دەوڵەتی ساسانی، کە لەبەرامبەر لەشکری ئیسلامدا تێکشکاو هەیبەت و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریا دێرینەکەی لەدەستدا و کشایەوە سنورەکەی ئێستای، ئیتر لەو سەردەمەوە ببڕای ببڕ شەڕی ڕوبەڕووبونەوەی نەکردووە و ئێستاش نایکات چونکە دەزانێت هەر جەنگێک بکات نەک هەر جەنگەکە دەدۆڕێنیت بەڵکو ڕژێمەکەش هەرەسدەهێنێت. ئەوەتا دەبینین دوای کوشتنی یەکێک لە سەرکردە هەرە بەتواناکانی وەک قاسمی سلێمانی، کاردانەوەیەکی سست و شەرمنانەی هەڵبژارد و ئەوەی چاوەڕوان دەکرا هەر نەبێت لای دۆست و هاوپەیمانەکانی یەوە ڕوینەداو هەر وردە شەڕەو شەڕ بەبریکارەکانی دەکات و هەڕەشەو گوڕەشە تۆقێنەرەکانی کردەوە بەژێر باڵیداو کورد وتەنی (حیزبی و سەلامەتی) هەڵبژارد. سەردەمی دووەمین جەنگی جیهانیش بێلایەنی هەڵبژارد، بەڵام بەریتانیا و روسیا (یەکێتی سۆڤێت)، هەریەکەیان دەسەڵاتی خۆی بەسەربەشێکی وڵاتەکەدا سەپاند و شای ئێرانیش مێش میوانی نەبوو، بەڵام وەک شاژن فەرح پەهلەوی لە یادەوەری یەکانیدا دەیگێڕێتەوە گەلێک جار دەیگوت (چی دەبوو ئەگەر ئێران دراوسێی وڵاتی نەمسا بوایە؟!) لە دادگاییکرنەکەی پێشەوا قازی محەمەد و هەقاڵانیدا دادوەر بەڵگەیەکی ترسناک دەخاتە ڕوو، کاتێک بەر لەکەوتنی مەهاباد بەچەند مانگێک سەرۆکی ئەرکانی لەشکری ئێران ڕەزم ئارا داوا لە پێشەوا قازی محەمەد دەکات سەرپێچی لە یاساکان نەکات و گوێرایەڵ و ژێر فرمانی شای ئێران بێت، لە وەڵامدا گوتوویەتی (ئێوە، ئەفسەرانی هەمان ئەو سوپایەن لە دەمی شەڕەکان و گیان لەسەردەستیدا ڕێگەی هەڵاتنتان گرتەبەر و ئەو شیعرەی شاعیری مەزن (فیردەوسی)تان بەجێهێنا کە دەڵێ:

(همه سربسر پشت بدشمن کنیم ز ان یەکه خود را بکشتن دهیم)

مانای هەمومان پێکەوە پشت لە دوژمن بکەین چاکترە، لەوەی خۆمان بەکوشت بدەین(124).

ڕۆحانی سەرۆکی ئێران سەرەتای مانگی ٢٠١٩/٦ بەدەنگ و ڕەنگ لە کەنالێکی تەلەفیزیۆنەوە ڕاشکاوانە و بێپەردە گوتی (ئێران دەوڵەتێکی ئاینیی نییە، ئیمپراتۆریای فارس دەبوژێنینەوە، بۆیە پێویستمان بەپرس وراو مۆڵەت وەرگرتن نییە.

ئێمە شانازی بەکارەکانمانەوە دەکەین، عێراق، سوریا، لوبنان و یەمەن مان گرتووە و هەتا نیمچە دورگەی هندستانیش بەردەوام دەبین)! عیزەت شابەندەر کە یەکێکە لەبەرپرسانی شیعەی عێراق دەڵێت: ئێمە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی صەدامدا لە عێراقەوە چووینە ئێران بۆ پاڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لە پاڵ ئەواندا دژی ڕژێمەکەی صەدام بجەنگین، ئەوەش لە ڕوانگەی شیعەگەرێتییەوە، کە ئەوان مەڵبەندی سەرەکی شیعەگەرێتی جیهان و براگەورەی کەسانی شیعەمەزهبن سەر بەهەر نەتەوەیەک، بەڵام وانەبوو، ڕۆژانە سوکایەتییان پێدەکردین، بە وشەی ناشیرین و عەرەب عەرەب پێماند اهڵدەشاخان! سالانی جەنگی عێراق و ئێران 1980 - 1988 لە ئێران کارتی سەوز هەبوو بۆ وەرگرتنی خۆراک، شەکر و چا و برنج و ڕۆن.... بەڵام ئەو کارتەیان بە ئێمە نەدەدا، منداڵانمان لە خوێندنگەکان وەرنەدەگیران، کە دەبوو وەک ئەوەی، کە ئێمەش شیعەین جیاوازی یان نەکردایە، بەڵام بۆ خۆیان کارێکی چاکیان کرد، سوپایان هەڵنەوەشاند وەک لە عێراق ڕوویدا، بەڵکو سال بە سال ئەفسەری نوێ پێدەگەیشتن و ئەفسەرە دێرینەکان خانەنشین دەکران.

سەرانی کورد چۆن لە ئێران تیگەیشتوون؟

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەک ڕژێمەکەی حەمە ڕەزا شا پەهلەوی بەنەفەسی پان ئیرانیزم و فارسچێتی کاردەکات ...! تەنانەت چاو لە بڵاوبونەوەی ئاینی زەردەشتیی دەنوقێنێت لە باشووری کوردستان بۆ بێهێزکردنی ئاینزای سونە لە نێو کورددا. دوور نیە لەئەنجامدا ملی شیعەش بشکێنن و بگەڕێنەوە سەر ئاینی باپیرانیان بەر لە ئیسلام. دروشم و پلان و پرۆژە ڕووکەشەکانی شیعەگەریتی کۆماری ئیسلامی ئێران جامخانەیەکە بۆ چاوبەست و هەڵخەڵەتاندن، سەرانی ئێران کۆمەڵێک کلاوبازی دەستسوک و ناسراون، کلاو دەکەنە سەری گەلانی عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و ئەفغانستان و گەمارۆدانی وڵاتانی کەنداو و هەڵگوشینیان. ئێران چەند دوژمنی ئاینزای سونەیە ئەوەندەش دوژمنی ئاینزای شیعەیە، خۆ دەبینین بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە چی بە شیعەی ئێران دەکات؟

دانیشتوانی باشوری عێراق خۆ شیعەن، ئەی بۆ دژی ڕژێمەکەی بەغدا و تارانیش لە هەڵوێستدان؟ وڵاتانی کەنداویش لای خۆیانەوە، بەتایبەتیش وڵاتی عەرەبی سعودیە و کوەیت، شەیتان یا ڕەحمان شتێکی بە گوێدا چرپاندوون: پشتگیریی دامەزراندنی کوردستانی گەورە بکەن، تەنها ئەوە ڕزگارتان دەکات لە مەترسییەکانی ئێران و تورکیا، دڵنیابن دوای ڕزگاربوونی کوردستان لەچنگ داگیرکاران، ئێران و تورکیا دەبنە دوو وڵاتی بچکۆلەی بێهێز، تەنانەت ئەو تورکیایەی کە ئیستا کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو و بەشە ئاوی سوریا و عێراق دەکات، ئەوکات دەبێت ئەویش هەروەک لوبنان و ئیسرائیل ئاو بەپارە بکڕێت!! چونکە سەرچاوەکانی ئاوەکان لە خاکی کوردەوە هەڵدەقوڵین.

پاشماوەی لاپەڕە 3

ئێران شیعەگەر نییە، ڕەگەزپەرستە

وەزیری دەرەوەی ڕوسیا سێرگی ریاکۆف بە ڕاشکاوی دەڵێت: (ئیسرائیل دەزانێت، ئەمەریکاش دەزانێت، ئێرانییەکان خۆیشیان دەزانن و تەنانەت تورکیا و سوریاش ئەوە دەزانن، کە ئاسایش و ئارامیی ئیسرائیل بۆ ڕوسیا لە پلەی یەکەمدایە)، بۆ سەلماندنی ئەم هاوەدەنگی یەش، ڕوسیا بەر لە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەکانی سوریا و ئێران بەکارهێنانی ڕۆکێتی ئێس 300 ی لەکارخست، جگە لەوە ڕوسیا کە دەزانێت ئیسرائیل دەیەوێت ئەوەندەی بتوانێت هێزەکانی ئێران لە سنورەکانی دووربخاتەوە، ڕۆسیا لە 2018دا هێزەکانی ئێرانی (9000 نۆ هەزار چەکداری سوپای قودس و 3000 سێ هەزار چەکداری بەکرێگیراو)ی ناچارکرد ماوەی 85 کیلۆمەتر لە سنورەکانی ئیسرائیل دوربکەوێتەوە.

بۆریس جونسن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، هەتا ئێستا پشتگیریی ئێران و عێراقی دەکرد، ئێستا دەڵێت: (گۆڕینی ڕژێمی ئێران نزیکە، هەرچەند ئێمە کار بۆ ئەوە ناکەین، بەڵام ئەوە لەداهاتوویەکی نزیکدا ڕووەدات). ئەگەر مەبەست لە گۆڕینی ڕژێمەکە، گۆڕینی دەم و چاوەکان بێت و سەر ڕووتەکان (بێ مێزەرەکان) بێنە جێگەی مێزەربەسەرەکان، جێگرەکانی قاسمی سلێمانی و بەرەی قودس جێگەی ئایەتوڵاکان بگرنەوە، ئەوە ئەمەریکا خەیاڵی خاوە، چونکە هەر مێزەربەسەرەکان خۆیان کۆدەتایەکی سپی دەسازێنن و بەرەی قودس دێنە سەرکار و دەکەونەوە گفتوگۆ دانوستاندن لەگەڵ ئەمەریکا و ئەورووپادا و ئەوەش چەندین ساڵ دەخایەنێت و دەچێتە سەر تەمەنی ڕژێمی مێزەربەسەرەکان و دەسەڵاتی پەت و سێدارە درێژ دەکاتەوە، بۆیە ئەمەریکا توانی سەری قاسمی سولێمانی بخوات و دەستیکی کوشندە لە ئێران بوەشینێت، بەڵام بەریتانیا چاوی لەوەیە هەرگۆڕانکارییەک لە ئێراندا ڕووبدات، بارودۆخەکە وەک سوریا نەبێتە کێشەیەکی گەورە و وڵاتانی نزیک و دور بێنە ناوەوە و هەریەکەیان بەشێکی داگیربکات، هەروەها زیان بە بەرژەوەندییە ئابوریەکانیش نەگات و کۆمپانیا بەریتانیاییەکان لە ئێران بمێننەوە. ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران. پێنس کە یەکێکە لە جێگرەکانی ترەمپ ڕایگەیاند: ڕووداوی گەورە و گۆڕانکاریی مەزن لە خۆرهەڵاتی ناوەند دا بەڕێوەیە.. سعودییە و ئیمارات گەمارۆکانی سەر وڵاتی قەتەر هەڵدەگرن،قەتەریش وەک ئەوان بەشێک لە خەرجی ئەمەریکا دەگرێتە ئەستۆ. هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، سعودییە، کوێت، ئیمارات، میسر و مەغریب کەوتوونەتە خۆیان، مەغریب دەستپێشخەری کرد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا پچڕاند، لە هەر هەموو لایەنەکانی نێوانیانەوە، لایەنی ئاینیی و قورئانیش.

بەریتانیا بەخشپەیی کاردەکات، وەک ئەمەریکای سەردەمی ترەمپ خواست و ئامانجەکانی دەرناخات و هەمیشە پەردەپۆشیان دەکات، ئامانجەکانیشی کەمتر لەگەڵ ئامانجەکانی ئەڵەمانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیادا یەکدەگرنەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستەکانی زۆر کاریگەرن، ئەوەتا مەرج بۆ کۆتاییهێنان دادەنێت بۆ خستنی ڕژێمەکەی ئێران.



لەگەڵ تورکیاشدا بەرژەوەندی زۆرە و پارێزگاریشی لێدەکات، ئەگەرنا تورکیا خۆی لەبەردەم قەیرانی سیاسیی و ئابوریی و سزا ئابورییەکانی ئەمەریکادا ڕاناگرێت و دەکەوێت. ڕێککەوتنەکەی ساڵی 2015 ی نێوان ئێران و وڵاتانی 5+1 (ئەمەریکا، ڕوسیا، بەریتانیا، فەرەنسا، چین و ئەڵەمانیا) لەسەر فایلی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بریتی بوو لەوەی ئێران دەستبەرداری پیتاندنی یۆرانیۆم بێت، بەڵام ئێران نیازی نەبوو بەو خاڵەوە پابەند بێت، دوومانگ دواتر پیتاندی یۆرانیۆمی بەرزکردەوە لە 15% بۆ 20% و ئەگەر بەو ڕێژەیەش پەرە بە بەرنامەکە بدات، ئەوە دوای هەشت ساڵ ڕێژەکە دەگەیێنێتە 90% و کۆگاکان پڕدەکات لە چەکی ئەتۆم.

ئێران 12 هەزار چەکداری هەیە لە سوریا، ڕۆژانە بنکە و بارەگای ئەو چەکدارانە لە شوێنی نادیار و بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشیان دەکرێتەسەر.

حوسییەکانیش لە یەمەنەوە لە بری ئێران موشەک ئاڕاستەی وڵاتی سعودییە دەکەن. 12 مەرجەکەی ئەمەریکا بۆ ئێران دایناوە زۆر قورسن، فەرەنسا و بەریتانیاش لەو ڕووەوە هاوەدەنگی ئەمەریکان. ڕوسیاو چین و ئەڵەمانیا هاوەدەنگ نین، بۆیە ئێران چاوەڕوانی پشتیوانییان لێدەکات. ڕوسیا و چین پشتگیری ئێران دەکەن، بەڵام ئەڵەمانیا ناتوانێت لەڕووی ئەمەریکادا بوەستێت. ئیسرائیلیش لە هەمووان بێ ئارامترە، کە دەبینێت میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە سنورەکانییەوە نزیکن، ڕۆژانە لەو هێزانە دەدات و ئەمەریکاش دڵنیای دەکات، کە ئێران دەبێت بچێتەوە قاوغەکەی خۆی و توانای ئەوەی نەبێت ببێتە مەترسیی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە و ئاڕاستەکردنی تیرۆر لەجیهاندا. بەپێی پلانەکان یەکەم گورزی قورس لە سوریا بەر ئێران دەکەوێت، دووەم گورز کە ئەمەیان کوشندە دەبێت لە خاکی عێراقەوە دەبێت. ئێران دەزانێت شەڕەکە ڕووەدات، هەوڵدەدات لە دەرەوەی ئێران ڕووبدات، خۆی نەیکات، بیسپێرێت بە بریکارەکانی (حوسییەکان لەیەمەن، حەشدی شەعبی لە عێراق و حیزبوڵا لە سوریا)، لە سنورەکانی ئیسرائیلیشەوە شەڕێک لەگەڵ جولەکەدا و لە عێراقیش شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێت.

ئێران بە ناچاری و بۆمانەوەی خۆی هەموو ڕێگایەک دەگرێتەبەر، هاوکاریی زۆرتری حیزبوڵا و گروپەکانی دیکە دەکات لەسوریا بۆ ئەوەی وەک لایەنێکی بەهێز بمێنێتەوە لە هاوکێشەکانی کێشەی سوریادا. لە عێراقیش هەوڵدەدات کورد و کورد، کورد و شیعە توندڕەوەکان (سەربە مالیکی، هادی عامیریی) و شیعە میانڕەوەکان (سەربە موقتەدا سەدر و حەیدەر عیبادی و عەمارحەکیم)، کورد و تورکمان و عەرەبی هاوردە بەشەڕبدات.

بیست و شەش ساڵ لەژووریٚکدا.....عەزیز ڕەئووف

ئیلهان سامی چۆماک شاعیرێکی کورده و بیست و شەش ساڵە لە تورکیا زیندانی کراوە. ئیلهان لە ساڵی 1973 لە بێنگۆل لەدایک بووە و بەشی جوگرافیای لە زانکۆی ئەستەمبوڵ تەواو کردووە و لە ساڵی 1994ەوە لە زیندانداید. ئەم شاعیرە بۆ ئێمەی کورد لە باشور کەمترین کاری لەسەر کراوە و ئەوەندەی من بزانم هیچ دەقێکی شیعری تەرجەمە نەکراوە. ئیلهان هەشت کتێبی شیعری بە تورکی و کوردی لە زیندانداا نوسیوە لەوانە: (بەیانیت باش زەوی)، (وانەکانی باران)، (سبەینانێک پیاسەم دەکرد). ئەمڕۆ پەیوەندیم کرد بە برایەکی ئیلهان بەناوی نازم . ئەو گوتی: تەنها ئێمە دەتوانین سەردانی بکەین و ئەو لە زیندانداا دەنوسێ و سوپاسی کردم، کە ئەگەر دەنگی بگەیەنین و کاری لەسەر بکەین و ئەوەشی پێم گوت کە پەیامی ئێوە دەگەیەنم بە ئیلهان.

ئیلهان لە شیعری (ژیان سوعبەت نیە) دا دەڵێ:

من لەنێوان مانگ و هەڵچون و داچوونی دەریادام
لەنێوان وردە چرپە و قیژەدام،
وەک تولفێک من ئێستاش، پڕم لە دەست و خەتی منداڵی
سەردەمێک من بارمتەی پێکەنینە هەناریەکەی دایکم بووم
کاتێک لە پەنجەرەوە تەماشای ڕووناکیم دەکرد لە باخچەکەدا
لە فەلسەفەی دەستم دەڕوانی کە میوەی لە داران دەڕنی.

لەو عەسرەی کە دەنگی بۆق دەهاتە گوێمان،
کاتێ ژنان بە لێواری ژیانمدا دەڕۆیشتن،
دەریاچەکە شین بوو...
من لە بەهای شین دەگەیشتم.
لە هەنگاوەکانی ژیانمدا فەهمی ئازاریشم دەکرد.

جا تۆ تێفکرە، چەند ڕۆژێکە لە ماڵەوەی بەهۆی نەخۆشی کۆرۆناوە و لات سەختە، بەڵام ئیلهان بیست و شەش ساڵە زیندانە و ڕێبەری کورد ئۆجەلان بیست ساڵە لە ژوورەوەیە، لای ئەوان خەونێک هەیە، لای ئێمەش تەنها خەونی تێپەڕینی دۆخەکە و توشنەبوون بە ڤایرۆسەکە.. بڕوانە ئەم لینکە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ئیلهان:

https://amp.theguardian.com/…/elemental-concerns-the-impris…

(سوپاس بۆ هاوڕێم سەردار عەزیز، کە ئەم شاعیرەی پێ ناساندم)

منداڵ و فلیمی سینەمایی، نووسینی لەتیف هەڵمەت

سینەما هونەرێکە هیچ کەلێنێکی ژیانی لە تیشکی خۆی بێ بەش نەکردووە و منداڵانیش بەشی تایبەتی خۆیان لە سینەمادا هەیە. سینەمای تایبەت بە منداڵان وەکو بەشەکانی دی سینەما لایەنی ڕەش و سپی خۆی هەیە، بەڵام بەگشتی جیهانێکی فراوانە و دەوری باڵا لە ژیانی منداڵاندا دەبینێ.

شایانی باسە سینەمای بێدەنگ لە کۆتایی ساڵی 1895 دا هاتۆتەکایە و سینەمای دەنگدار لە ساڵی 1927 دا و هەر لەو ساڵە بەدواوە ناو بەناو منداڵ لەتەمەنی جۆربەجۆردا، لەم فلیم و لەو فلیمدا بەشداری کردووە، بەڵام دەوری منداڵ لەوماوەیەدا دەورێکی لاوەکی بووە و هەر بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەران بووە، [ئەگینا هیچ بایەخێکی هونەری ئەوتۆی نەبووە، کە شایانی باسکردن بێت]. جگە لەوەش لەساڵانی بیستی سەدەی بیستەمدا گەلێ فلیمی ئاڕاستەکراوی منداڵان هاتە کایەوە. بەڵام نەتوانرا فلیمێکی سەرکەوتوو لەو بوارەدا بهێنرێتە بەرهەم.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئەو فلیمەی کە بەناونیشانی ـ منداڵ ـ کە لە ساڵی 1921 دا هونەرمەندی ناسراو ـ شارلی شاپلن ـ دەریهێناوە و هەشتا خولەکی خایاندووە، درێژترین و باشترین فلیمی ئەو سەردەمەیە ... و لەم فلیمەدا پیاوێکی جامچی ـ شووشەچی ـ منداڵێکی هەژار دەدۆزێتەوە و دەوری منداڵەکە لە فلیمەکەدا ئەوەیە جامی پەنجەرەی ماڵان دەشکێنێ و بەردەوام ئیشی چاککردنەوەی پەنجەرە شکاوەکانی ماڵان بۆ کابرای جامچی دەرەخسێنێ.

شارلی شاپلن لەگەلێ فلیمی تردا منداڵی بەشدار کردووە لەوانە: فلیمی ـ شاییەک لە نیۆیۆرک ـ کە فلیمێکی دەنگدارە و لەساڵی 1957 دا هێناوێتییە بەرهەم .. و لەم فلیمەدا ـ میشیل ـ ی کوڕی شارلی شاپلن دەوری باڵا دەبینێ و بارودۆخی پڕ لە کێشەی هەندێ لە وڵاتانی وەک یەکێتیی سۆڤێتی ڕووماڵ دەکات ... بەبێ دوو دڵی دەڵێین بایەخدانی تەواو بە فلیمی منداڵ لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوودا هەڵپەی بۆکراو پەرەی سەند.

منداڵ لەگەلێ فلیمدا دەست لەژیانی کەسانی گەورە وەر دەدات ...هەربۆنموونە لە فلیمی ـ هایدی ـ دا کچۆلەیەک بەناوی هایدی باپیرە گۆشەگیرەکەی خۆی قایل دەکات کە بازنەی دووڕەپەڕێزی بشکێنێ وسەرلەنوێ لەناو کۆمەڵگادا جێگای خۆی بدۆزێتەوە . هەروەها لە فلیمی ـ پاڵەوان ـ دا کە هونەرمەندی ئیتالی ـ فرانکۆ زیفیرللی ـ لەساڵی 1979 دا دەریهێناوە منداڵێک کار لەباوکی خۆی دەکات کە پاڵەوانێکی مشتەکۆڵەیە و نوشوستیی هێناوە... و وای لێدەکات ئومێد بە سەرکەوتن پەیدابکات و بگەڕێتەوە بۆ مەیدان و سەکۆکانی مشتبازی .

لە فلیمی ـ لۆرد فۆنتلبۆی بچکۆلە ـ دا کە ساڵی 1980 هاتۆتە بەرهەم، منداڵێک دەورێکی زۆر باڵا دەبینێ و لافوگەزافی ئۆرستکراتییەت لەمێشکی باپیرەی دەردەکات. لەهەندێ فلیمدا منداڵ دەورێکی وا دەبینێت کەمایەی ئەوە بێ بینەر بەزەیی پیادا بێتەوە، وەک فلیمی ـ هەڵهاتنێک لەیابان ـ و فلیمی ـ کوڕەکەم ـ و فلیمی ـ تۆفان ـ ئەمەی سێیەمیان دەربارەی منداڵێک دەدوێ لەسەربانی ماڵێکی گوندێکدا لە نزیک خەتێکی کارەباوە لافاو گەمارۆی داوەو خەریکە ڕایماڵێتە ناو داروپەردووی گوندە وێرانەکەوە، کە لافاو سەرەوژێری کردووە. هەندێ فلیمیش هەن لەبارەی ماوەیەک لەماوەکانی ژیانی کەسایەتی منداڵەوە دەدوێن وەک ـ فلیمی ـ چین ئایەر ـ کە ساڵی 1970 و ـ دوو بەش لەژیان ـ کە سامی بافل ـ لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابووردووا سیناریۆکەیی نووسیوە و دەریهێناوە ... لەهەندێ فلیمی دی دا منداڵ دەوری سەیر و سەمەرەی هەیە لەوانە : ـ منداڵێک لەبری دوو پارچە نەستەلە ـ ئەم فلیمە لەساڵی 1955 دا هونەرمەندی بەریتانی ـ کارۆڵ ڕید ـ دەریهێناوەو باسی منداڵێکی لاسار وهاروهاج دەکات ... کە هەمیشە دایکی خۆی بەتەنیا بەجێدێڵێ ... لەم فلیمەدا هونەرمەندی منداڵ ـ جۆناسان ئەشموور ـدەوردەبینێ .هەر وەها فلیمی ـ چاوپێکەوتنێک لە ناپولی ـ کە لە ساڵی 1959 دا هونەرمەندی ئەمەریکایی ـ ماقیڵ شاقنسۆن ـ دەریهێناوە و فلیمی ـ بووکە شووشە ـ کە لەناوەندی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردووا هونەرمەند ـ فرنسیس فییبر ـ نووسیویەتی و دەریهێناوە. جگە لەوفلیمانەی باسکران لەگەلێ فلیمی دیدا منداڵ دەوری پاڵەوانی فلیم دەبینێ لەوانە فیلمی : ـ مروارى ڕەش ـ ئەم فلیمە باسی ئەمەریکای لاتینی دەکات و لەم فلیمەدا منداڵێکی هەژار بیر لەوە دەکاتەوە مروارى یەکی ڕەش بدۆزێتەوە . ئەم مروارى یە ڕەشە لە ئەفسانەکانی ئەو ناوچەیەدا باسکراوەو دڕندەی دەریا پاسەوانی دەکەن و بەئاسانی و بەبێ شەڕەشەق دەستناکەوێ ... لە فلیمەکەدا هونەرمەندی منداڵ ـ ماریۆ کۆستۆدیۆ ـ دەوری پاڵەوانی فلیم دەبینێ . جگەلەوەش لە فیلمی ـ میری بچکۆلە ـ دا کە ساڵی 1975 هاتۆتە بەرهەم باسی میرێکی بچکۆلە دەخرێتە بەر چاوی بینەر کە لە ئەستێرەیەکی بچکۆلەوە هاتۆتە سەر زەوی ... لەم فلیمەدا منداڵێکی هونەرمەند بەناوی ـ ستیڤن وارسەر ـ دەوری میری بچکۆلە دەبینێ ... لە فلیمی ـ ئای تی ـ دا کەساڵی ـ 1982 ـ هونەرمەندی ئەمەریکایی ـ ستیڤن سپیلبرگ ـ دەریهێناوە ...

بڕوانە لاپەڕە 7

گەلێ لەفلیمەکانی سینەمای منداڵ، لە چیرۆکەکانی هانز ئەندرسن و داستان و ئەفسانەی میللی و چیرۆکی گوێئاگردانەوە ئامادە کراون

پاشماوەی ل 6 **منداڵ و فیلمی سینەمایی**

سێ منداڵ دەور لە فلیمەکەدا دەبینن و یارمەتی ئەو گیانداڕە لاوازە نامۆیە دەدەن، کە لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتووە بۆ سەر زەوی. لەفلیمێکی تری هەمان دەرهێنەردا بەناوی ـ چاوپێکەوتنێکی نزیک لەجۆری سێیەم ـ کە لە ساڵی 1977 دا دەریهێناوە دیسانەوە منداڵان دەوری سەرەکی دەبینن ... ئەم فلیمە فیلمێکی زانستی یەو باسی کەسانێک دەکات، کە لە ئەستێرەیەکەوە هاتوونەتە خوارێ و تەنها منداڵان دەیانبینن. جێی خۆیەتی کە بڵێین سینەمای یەکێتی سۆڤێتی جاران بایەخی زۆر زۆری بە فلیمی منداڵ دەدا و زۆرفلیمی بۆ منداڵ هێنایە بەرهەم لەوانە: فلیمی ـ ڕێگای ژن ـ کە ساڵی1933 هونەرمەند ـ نیقۆلا نییک ـ دەریهێناوەوفلیمی ـ بێ باوکەکان ـ کە ـنیقۆلا غۆینکۆ ـ هێناویەتیەبەرهەم و فلیمی ـ دیتس ـ کەساڵی 1983 شاعیری سۆڤێتی ناودار یەفتۆ شنکۆ دەریهێناوە و باسی ژیانی ئەو منداڵانە دەکات کەلە شەڕی دووەمی جیهانیدا ڕەوانەی ناوچەکانی سیبیریا دەکران. لەفلیمە ترسناکەکانیشدا منداڵان دەوری خۆیان بینیوە هەر بۆ نموونە لەفلیمی ـ گیان ڕاونەرەکان ـ دا کە ... لە ساڵی 1927 دا هونەرمەند ـ ولیەم فرێدیکن ـ لە سیناریۆیەکی ـ ولیەم بنتەر بلانی ـ یەوە هێناویەتییە بەرهەم . لەم فلیمەدا ڕۆحی نەگریسی شەیتان دەچێتە جەستەی کچۆلەیەکی ساویلکەوە بەناوی ـ ڕێجین ـ و دەبێتە کچێکی کینە لە دڵ و ڕقاوی و شەڕەنگێز ... لەم فیلمەدا کچە هونەرمەندی بچکۆلە ـ لیندا بلێر ـ دەور دەبینێ ... هەروەها لە فلیمی ـ چاوەزار ـ دا کە لە ساڵی 1976 دا هونەرمەند ڕیشار دۆنەر لەچیرۆکێکی ـ دیڤید سلتزەور ـ دەوە ئامادەی کردووە منداڵێکی پێنج شەش ساڵان بە ناوی ـ هارڤی سیڤنز ـ دەوری کوڕی شەیتان دەبینێ . دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە بەناوبانگترین منداڵی جیهانی سینەما منداڵێک بوو بەناوی ـ جاکی کۆجان . ئەم منداڵە لەساڵی ـ 1921 ـ دا لەفلیمی ـ منداڵ ـ دا کە شارڵی شاپلن دەریهێناوە سەرنجی سەرجەم بینەرانی جیهانی ڕاکێشا بۆڵای خۆی .... جگە لەوەش ـجاکی کۆجان ـ لەفلیمی ـ ئۆلیڤەر تویست ـ ساڵی 1922 و فلمی ـ دادی ـ ساڵی 1923 و فلمی ـ ڕۆبنسن کرۆزۆی بچووک ـ دا ساڵی 1924 دەوری سەرکەوتووی بینیوە . گەلێ هونەرمەندی منداڵی دیش بەلێهاتوویی و سەرکەوتوانە ڕۆڵیان لەفلیمی سینەماییدا بینیوە لەوانە : ـ شیرلی تمبل ـ ئەم منداڵە هونەرمەندە کچۆلەیەکی بچکۆلە بووەو لە گەلێ فلیمی کۆمپانیای ـ هۆلیوود ـ دا دەوری باڵای بینیوەو سەرنجی بینەرانی ڕاکێشاوە ... ئەم کچۆلە هونەرمەندە لە ساڵی 1928 دا لە ئەمەریکا لەدایک بووە ... هەروەها ـ هایلی میلز ـ کە کچۆلەیەکی بەریتانی بوو لە ساڵی 1946 لە لەندەن لە دایک بووەو لە تەمەنی منداڵێتیدا یەکێک بووە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسۆی جیهانی سینەمای منداڵان... شانبەشانی ئەوانیش گەلێ منداڵی تێر و مێی دی لەبواری سینەمای منداڵدا ناوبانگیان دەرکردووە ... لەوانە: ـ کمارک لیستەر ـ کەساڵی 1928 لەبەریتانیا لەدایک بووە و لەتەمەنی 10 ساڵیدا لە فلیمی ـ ئۆلیڤەر ـ دا بەشداری کردووەو ناوبانگی هونەریی دەرکردووە ... هەروەها ـ جۆدی فۆستەر ـ کە لەساڵی 1962 دا لە دایک بووە ...و لەتەمەنی ـ 3 ـ ساڵییەوە ئاشنای جیهانی سینەما بووەو لەگەلێ فلیمدا بەشداری کردووە لەوانە : ـ هەڵکردنی مۆمێک ـ و ـ لەساڵی 1977 دا و ـ دەنگوباسی هاوین ـ هەر لەهەمان ساڵدا ... و یەکێکی دی لە منداڵانی هونەرمەندی بواری هونەری سینەما کچۆلەیەک بوو بە ناوی : ـ دراو باریمۆری ـ لە ساڵی 1982 دا بەشداری فلیمی بەناوبانگی ـ ئای تی ـ کردووەو لەساڵی1985 دا دەورێکی باڵای لە فلیمی ـ چاوەکانی پشیلە ـ دا بینیوە ... شایانی ڕوومالکردنە کە گەلێ لەفلیمەکانی سینەمای منداڵ لە چیرۆکەکانی ـ هانز ئەندرسن ـ و داستان و ئەفسانەی میللی و چیرۆکی گوێئاگردانەوە ئامادە کراون و هەندێ لەو فلیمانەش بابەتی گەورەن و منداڵاندوویانە وەک : فلیمی ڕۆبنسن کرۆسۆ کە نووسەری بەریتانی ـ دانیل ڕیفۆ ـ نوسیویەتی ... دەبێ ئەوەش بزانین کە گەلێ لە نووسەرانی ناوداری جیهان لەبواری سینەمای منداڵدا کاریان کردووە لەوانە نووسەری گەورەی ئەمەریکایی مارک توین ... شانبەشانی ئەوانەش منداڵ لەگەلێ چیرۆکی بەناوبانگدا کەکراون بە فیلم دەوری باڵا دەبینن وەکو چیرۆکی ناوداری ـ سەندرێلا ـ کە کراوە بە فلیم و ناوبانگێکی جیهانی دەرکردووە . لە گەلێ وڵاتی جیهاندا بایەخی زۆر بەسینەمای منداڵان دراوەو لە یەکێتی سۆڤێتی جاراندا ئیستیۆدی گۆرکی هەبوو بۆ بەرهەمێنانی فلیمی منداڵان ... لەبەریتانیا کۆمپانیای ـ فلیمی ڕانک ـ هەبوو ... لە ئەمەریکا کۆمپانیای ـ والت دیزنی ـ پارەیەکی مۆڵی تەرخانکردبوو بۆ سینەمای منداڵ و ئەم دەزگایە بەیەکێک لەدەزگا گرنگەکانی فلیمی منداڵ ناودێردەکرێ لە جیهاندا ... نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لەگەلێ لە وڵاتانی جیهاندا ساڵانە چەندین فیستڤاڵی فیلمی منداڵان هەیەو دەیان منداڵی لێهاتوو ڕۆڵی سەرەکیی تیادا دە بینن . وەک فیستڤاڵی شاری ـ خیخۆتەی ـ ئەسپانیا و فیستڤاڵی ـ سالیرنووی ـ ئیتالیا و فیستڤاڵی ساڵانەی بەلگرادی جاران و فیستڤاڵی ـ تامیرا ـ ی فنلەندە و فیستێڤاڵی ـ مۆسکۆ ـ ی جاران ... نابێ لەبیرمان بچێ سینەمای منداڵیش وەکو سینەمای گەورە لایەنی باش و خراپی هەیەو دەبێ منداڵانی لێ ئاگادار بکەینەوە چونکە سینەما گاریگەرێتی ئەرێنی و نەرێنی ڕاستەوخۆی هەیە لە پەروەدی منداڵاندا . هیوادارین لە کوردستانە وێرانەکی خۆشماندا بایەخ بە سینەمای منداڵ بدرێ و منداڵگەلی وەهای کورد، لەبواری فلیمی منداڵدا هەڵکەون ببن بەمایەی شانازی بۆ هونەری سینەمای کوردی.

ماوەتەوە بڵێم لە هەردوو فیستڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی سلێمانی و دهۆکدا ... دیداری تەلەفزیۆنی لەگەڵ دوو هونەرمەندی کورددا کراو بەچاوی خۆم بینیم نەیان توانی دووسێ خولەک بەجوانی قسە لەسەر فلیم و ئەو فلیمانە بکەن، کە خۆیان دەریان هێناوە یابەشداربیان تیاداکردووە. ئیتر باقی والسلام .....

تێبینی: وشەی [فلیم و فیلم و فلم]م لەنووسینەکەمدا بەکارهێناوە و بەڵای منەوە هەرسێکی ڕاستەو ڕاستترینیشیان ئەوەیە بڵێین ـ فلیم ـ ئێمەی هەرزەکاری ساڵانی شەستی سەدەی ڕابوردوو هەردەمانگوت ـ فلیم ـ دوو وشەکەی دی هی ئەم ساڵانەن، بەڵام هەر تەواون و ئاساییە وشەیەک بەچەند جۆر ببێژین و تائێستاش لە گەلێ ناوچە بەڕادیۆ دەڵێن ڕادیۆن هەردووکی ڕاستە.

کۆرۆنا و ترس

خوسیە سەرەماگۆ

هیوا قادر

ئەگەر خوێنەرێک هەردوو ڕۆمانی کوێری یان مەرگی پچڕ پچڕی خوسیە سەرەماگۆی خوێندبێتەوە، کە لە یەکەمیاندا کتوپڕ هەمووان کوێر ئەبن، لە دووهەمیشیاندا مەرگ بوونی نامێنێت و کەس نامرێت، لە مانای ئەو پشێوییە تێ ئەگات، کە ئەو ترسە دەستەجەمعییە چ کاریگەرییەک لەسەر کۆی سیستەمی ژیان دائەنێن دواتریش چۆن ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەو خەسڵەتە نادیارانەی مرۆڤ کە لە کاتی ئاساییدا نابینرێن. هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە جۆرێک لە جۆرەکان نزیکە لە خەیاڵی ئەو دوو ڕۆمانەوە. ئەوترێت گەر مرۆڤ ترسی لە مردن نەبوایە، نە پێویستی بە خودا ئەبوو نە دینیش بەم فۆرمەی ئێستا ئەبوو، بۆیە ترس فاکتێکی بەهێزە لە هێنانە کایەی زۆر لەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا بینیوونی. هەر لە دروستی بوونی غەیبانییەت، تەوتەمییەت، دیین و ئایۆلۆژیا تەنانەت تا ئەگەری هەڵگیرسانی بەشێک لە جەنگەکانیش، ترس هۆکارێکی گەورە بووە بۆ دروستبوون و هەڵگیرسانیان. ئەم ترسە گشتگیرییەی لە ئێستادا لە سەر گۆی زەوی بەرامبەر کۆرۆنا هەیە، پێشهاتێکە لەبەردەم دەیان هەڕەشەی کراوەدا کە تەواو نازانرێت مرۆڤایەتی بەرەو کوێ ئەبات، کە ڕەنگە دوای جەنگەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی، ڤیرۆسی کرۆنا گەورەترین ترسی گلوباڵ بێت. ئەم ترسە هەم ئەتوانرێت ئاڕاستە بکرێت و هەمیش ئەکرێت ببێتە مایەی پشێوی، نوێژکردنی جەماعەت لە هەندێک شار و شارۆچکەی کوردستان سەرباری داخستنی مزگەوتەکان ئەو ئاڕاستەکردنی ترسەیە بە ناوی دیینەوە، من پێموایە هیچ هێزێک لە دنیادا هێندەی هێزە فەندەمەنتاڵەکان ترسنۆک نین کە بەناوی یەک حەقیقەتەوە شەڕ ئەکەن. هێرش و پەلاماردانی خەڵکیش بۆ کرینی شتومەک دروستکردنی پشێویی هەمان ئەو ترسەیە کە مرۆڤ لە هەر کوێ بێت دوچاری ئەبێتەوە. لەم حاڵەتانەدا کە مرۆڤ تەواو ناتوانێت کۆنترۆڵی ترسی خۆی بکات ئەکرێت ئاڕاستەیەکی پەلاماردەرانە وەربگرێت، کە ڕەنگە ئەگەری پەلاماردان و ڕووخانی هەندێک لە سیستەمە سەرتوتکەرەکانی لە ناوچەکەدا بەدوادابێت، ئەشکرێت جۆرێک لە هاوپاریی لەناو خەڵکەکەدا دروست بکات کە پێشوتر نموونەی کەم بووە،هەموو ئەمانەش ترس وەک فاکتێکی سەرەکی لە پشتییەوە وەستاوە و هەموویان ئەگەری کراوەن بۆ ڕوودانیان. مەرگ گەورەترین هەڕەشەیە بۆ مرۆڤ، ترسیش وەک سێبەری مەرگ وایە، ترس و مەرگ هەمیشە پێکەوەن، ئەم دوانە ئەتوانن گۆڕانکاری مێژووی هەم لە باری ئەرێنی و هەم نەرێنیشدا بەرپابکەن. چونکە ترس هەم بەهەشتی خەیاڵاتی خورافیاتەکانە و هەم هێزی دروستبوون و بەردەوامیشە. ئەکرێت مۆدێرنترین ماسمیدیا هەڵەی پریمتیڤترین مرۆڤێک بکات کە ئەبوو پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە ئەشکەوتەکاندا بژیایە.

هیوا قادر

بۆیە جڵەوکردنی ئەو ترسە پێویستی بە سیستەمێکی بەهێز و هوشیارییەکی دەستەجەمعی هەیە، کە بەداخەوە ئێمە وەک کورد خاوەنی ئەو دوو هێزە نین بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ترسە لە ئێستادا. مەگەر تەنها لەو ڕووەوە کەمێک جیاوازتربین لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان، کە ئەوان بە "کۆمەڵگەی ناسک' ناوئەبرێن و ئێمەش بە "کۆمەڵگە بەرگەگرتووەکان"، ئەوان کۆمەڵگەی بەرهەم هێن و ئێمە بەرهەم نەهێنین، بۆیە بیرکردنەوە لە داهاتی تاکەکەسی و ئابووری گشتی وڵات کۆسپی زۆر گەورەن بۆ بڕیاردانی لەپڕ و خێرا، بەپێچەوانەی لای خۆمانەوە کە بڕیارەکان خێراترن.

ژیاننامەی ژۆزێ ساراماگۆ:

ژۆزێ ساراماگۆ (16ی تشرینی دووەمی 1922 تاکوو 18ی حوزەیرانی 2010)، چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و شانۆنووسێکی بورتوگالی بووە و خەڵاتی نۆبێڵی لە ئەدەبدا بەدەستهێناوە، لەناوەڕاستی بورتوگال لەخێزانێکی جووتیاری هەژار لە دایکبووە، ساڵی 1924 لەگەڵ ماڵەوەیان لە لەشبونە نیشتەجێبوون و باوکی بۆتە کارمەندی ئاساییش. هەرچەندە ساراماگۆ قوتابیەکی زیرەک بووە، بەڵام خێزانەکەی لەبەر نەبوونی نەیانتوانیوە تێچووی خوێندنی بکەن هەر بۆیە لە تەمەنی 12 ساڵیدا چۆتەبەر خوێندنی پیشەیی، دوای ئەوەی خوێندنی تەواوکردووە، کاری میکانیکی کردووە دواتر بۆتە وەرگێڕ و پاشان بۆتە ڕۆژنامەنووس، ساڵی 1944هاوسەرگیری لەگەڵ ئایدا ڕیس کردووە و کوڕێکیان بووە، ساڵی 1986 چاوی کەوتووە بە بیلار دیل ڕیۆی ڕۆژنامەنووس و ساڵی 1988 هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە و هەتاکو مردنی هاوسەرگیرێتیەکەیان بەردەوام بووە. ساراماگۆ تاکو تەمەنی گەیشتۆتە 60 ساڵان ناوبانگێکی بەربڵاوی دەرنەکردووە، کاتێک کە ڕۆمانی چوارەمی لەژێر ناونیشانی بالتاسار ویلیموندا بڵاوکردۆتەوە خەڵاتی یانەی قاوەی بورتوگالی وەرگرتووە، ساڵی 1966 پەیوەندی کردووە بە حزبی کۆمۆنیستی بورتوگالی و هەتاکو مردنی ئەندام بووە لەو حزبەدا، بیروبۆچونەکانی بۆتە مایەی مشتومڕ لەبورتوگال بەتایبەتی کە کتێبی ئینجیل وەکو ئەوەی مەسیح گێڕاوێتیەوەی دەرکردووە. ژۆزییە ساراماگۆ نزیکەی 20 کتێبی بڵاوکردۆتەوە و ڕەخنەگرانیش بەیەکێک لە باڵاترین نووسەرەکانی پورتوگاڵ ناوی دەبەن، ساڵی 1982 خەڵاتی یانەی پێنووسی نێودەوڵەتی وەرگرتووە و ساڵی 1995 خەڵاتی کامۆیسی بورتوگالی بەدەستهێناوە، ساڵی 1998 خەڵاتی نوبڵی لە ئەدەبدا وەرگرتووە و لە 18ی حوزەیرانی ساڵی 2010 لە تەمەنی 87 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

نووسراوەکانی: ١– کوێری (ڕۆمان)، ٢– تەواوی ناوەکان.

٣– سەفەری فیل.

ژیاننامە و وێنەی نووسەر لە (ویکیمیدیا ئینسایکلۆپیدیای ئازاد) وەرگیراوە. نووسینەکەی کاک هیوا قادر، لە والەکەی خۆی و ئەم ناوی ڕۆمانووسی بە (خوسیە سەرەماگۆ)، بردووە و ویکیمیدیا بە ژۆزێ ساراماگۆ.

هەموو کوردێک زمانزانە!

مامۆستا حەمە فەریق حەسەن

بەپێی ئەزموونی خاکەڕای من، تاکی کورد نزیکەی پێنج هەزار وشە، لەو شێوەزارەی وا قسەی پێ دەکات دەزانێت. کەم کورد هەن، لە بەشێکی زۆر کەمی شێوەزارەکەی خۆیان بترازێ، سەریان لە شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی دەربچێت.

بگرە تاکی کورد باکی بە زارەکانی تر نییە، بۆیە هەوڵی فێربوونیشیان نادات. جا ئەم (٥٠٠٠) وشەیەش، هەر بەشی ئەوە دەکات، کاری ڕۆژانەی خۆی پێ دەستەبەر بکات. لە حاڵێکدا، زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە دەوڵەمەندەکان و بە ژمارە، کار لە پێنج هەزار و پەنجا هەزار وشەدا نییە! هەر بەپێی ئەزموونی خاکەڕای من، هەورامییەکان زۆرترین وشەی زمانی کوردی دەزانن؛ چونکە ئەوان بەزۆری هەم هەورامی دەزانن هەمیش (سۆرانی).

بیرت بێ باس لەسەر زمانی کوردییە. لەڕووی سامانی زمانەوە جووتیار دەوڵەمەنترە تا مرۆڤی شارستان. چونکە هەرچی جووتیارەکەیە، ناوی سەدان درەخت، گوڵ، گیا، زاراوەی کشتوکاڵی و چێودارى دەزانێت، لە حاڵێکدا مرۆڤە شارستانییەکە لەو بوارانەدا تەقەی سەری دێت، نەیبیستوون و نایانناسێت. هەڵبەت لێرەدا، من لەگەڵ ئەو تاک و تەرایەم نییە، کە خۆیان شارەزای زمانن. بۆیە ئێمە، بۆ پرسی زمان هەردەبێ بگەڕێینەوە بۆ لادێ.

ژمارەیەک ڕشتە هەن، تۆ ناتوانی قسەیان لەسەر بکەیت ئەگەر شارەزانەبیت. بەڵام ئەم قسەیەی من کردم، تاکی کورد ناگرێتەوە! چونکە وەک پێشتریش لەم بارەیەوە دواوم: (تاکی کورد هەموشتزانە!) واتە خۆی بە شارەزای هەموو ڕشتەکان دەزانێت! ئەگەر ئالبێرت ئانشتاین بێت و لە کۆڕێکدا باسی تیۆرییەکەی خۆی بۆ کورد بکات؛ بە دەیانی لێ ڕاست دەبێتەوە، لە باسەکەیدا هەڵدەدەنێ، بێئەوەی بزانن ئەو پیاوە باسی چیی بۆ کردوون! بەڵێ، ئەمەیش یەکێکە لە ئاکارە ناجۆرەکانی تاکی کورد.

ڕشتەی زمانیش میناکی فەلسەفە، زانست و ئاینە؛ بە نەشارەزایی قسەی لەسەر ناکرێت.

تۆ کاتێک دەتوانیت بڵێیت (من کوردی دەزانم)، کە هیچنەبێ لە شیوەزارەکانی کرمانجیی باکوور و باشوور و هەورامی تێبگەیەت. بەڵام ئازیزم، یەک لەباری تاکی کورد، تەواو ئاسایی وەربیگرە، ئەگەر کوردێک، تەنیا شتێکی کەم لە شیوەزارەکەی لەمەڕ خۆی بزانێت؛ لە ژیانیشیدا کتێبێکی کوردیی نەخوێندبیتەوە و بێت باسی زمانی کوردیت بۆ بکات!

نهێنی پاراستن و چۆنێتی هەڵسوکەوت



لە ساڵانی شەست، لە یەکێک لە بەندیخانەکانی ئەڵمانیدا بەندکراوەکان زۆر ئازاریان دەچەشت بەدەست پاسەوانەکانەوە، بەڵام لەناو بەندکراوەکانیشدا بەندکراوێک هەبوو، بە ناوی (شمیدت) پاسەوانەکان زۆر ڕێزیان دەگرت، تاوای لێهاتبوو بەندکراوەکانی تر، وەک جاسوسێک سەیریان دەکرد، هەموو جارێکیش سوێندی دەخوارد و پێی دەگوتن وەک ئێوە منیش بەندکراوم، بەڵام کەس باوەڕی پێنەدەکرد، لێیان پرسی بۆچی پاسەوانەکان ڕێزت دەگرن، بەڵام لەگەڵ ئێمە خراپن، (شمیدت) لێی پرسین باشە ئێوە کاتێک نامە بۆ کەسوکارتان دەنووسن چی تێدا دەنوسن، ئەوانیش گوتیان هەمومان باسی خراپی پاسەوانەکان دەکەین و باسی خراپی ژیانمان دەکەین لیرە بۆ خێزانەکانمان. ئەمیش گوتی من کاتێک نامە بۆ خیزانەکەم دەنووسم باسی باشییەکانی پاسەوانەکان دەکەم، باسی خۆش گوزەرانیم دەکەم لێرە، بەندکراوەکانیش گوتیان ئەمانەی باسی دەکەیت پەیوەندی چییە بەو ڕێزگرتنانەی ئێرە لە تۆی دەگرن، ئەویش گوتی ئەی ئاقڵینە هیچ نامەیەک لێرە ناچێتە دەرەوە، هەتا پاسەوانەکان نەیخوێننەوە، لەبەرئەوە شێوازی نامەنوسینتان بگۆرن ،، بۆ هەفتەی داهاتوو هەموو بەند کراوەکان خراپترین هەلس و کەوتیان لەگەڵ ئەکرا بە(شمید ت) یشەوە ،،دوای چەند ڕۆژێک (شمیدت) لە چەند بەند کراویکی پرسی لەنامەکانتانا چیتان نوسیبوو ئەم هەفتەیە، ئەوانیش گوتیان نوسیومانە بۆ خێزانەکانمان (شمیدت) فێری فێڵێکی کردوین، تاکو پاسەوانەکان باش بن لەگەڵماند، لەم کاتەدا (شمیدت) زۆر بیتاقەت بوو، خەریک بوو هەموو قژی خۆی دەر بهێنیت، یارمەتیدانی ئەوانی تر زۆر جوانە، بەڵام جوانترین شت ئەوەیە بزانیت لەگەڵ کێ قسە دەکەیت، چونکە هەموو بیستەرێک جێگەی متمانە و نهینی پارێز نییە ،هەندێک کەس لەدەورو بەرمان خراپ هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە ئەوەی لەگەڵ تۆدا دەگونجێت مەرج نییە لەگەڵ کەسانی تردا بگونجێت ...

وەرگێڕانی :فرود باقی 2020/3/14

کـــــەرەنتینا و کۆرۆنـــا
کۆرەنتینا یان کەرەنتینە

ئامادەکردنی: جوان عومەر ئەحمەد

کەرەنتینا و کۆرۆنا کۆرەنتینا یان کەرەنتینە (quaranta giorni)، واتا 40 رۆژبەزمانی ئیتالی تێرمێکی میدیکاڵە کە بۆ یەکەم جار لەسەدەی چواردە (14)دا لەلایەن ئیتالیکانەوە لەساتەوەختی نەخۆشی (Plague) واتا تاعوون یان (Pest) کەلەوسەردەمەدا باوو بوو ئیتالیکانی بۆ ئەو کەشتیانەی دەهاتە مینا و پۆرتەکانەوە نەیان دەهێشت تا ٤٠ رۆژ بێنە ناو خاکی ئیتالیاوە لەناو کەشتێکەدا تا 40 دەمانەوە تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبوون کە کەشتی و کەشتیوان و سەرنشینەکانی ئینفکسی تاعوونیان نیە! لە دوای 40 رۆژئەگەر هەڵگری ئەو ڤایرۆسە نەبوونایە ئەوکات رێگەیان پێ دەدرا بێنە ناو شارەکەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی خۆیان بکەن.

ئامانج لەم کارە هەر بۆ ئەوە بوو تا ریسک بە ژیانی دانیشتوانی شارەکە نەکەن،، کەچی لەلای ئێمە لە دوای 700 ساڵ تازە بە تازە 500 کەس کە لە ئیرانەوە گەراونەتەوە ناو خاکی کوردستان خۆیان رادەستی تیمی پزیشکی ناکەن تاکوو بزانن هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان یان نا لە بێ خەبەران کەشکەک سڵاوات.

دوێنێ 19کەس لە هۆڵەندا ژیانیان لە دەست داوە و 292 کەسی دیکە بە پەتای کۆرۆنا تووش بوون..

دوێنێ هەواڵەکان لە هۆڵەندا ڕایانگەیاند، 19 کەسی دیکە ژیانیان لە دەست داوە. کۆی گشتی ئەو کەسانەی کە ژیانیان لەدەست داوە گەیشتۆتە 43 کەس، وە هەر دوێنێ 292 کەسی تر بە پەتای کۆرۆنا تووش بوون، کۆی گشتی تووشبووان گەیشتۆتە 1705 کەس زیاتر، لە نیوەی ئەو ڕێژەیە، ئەو کەسانەن کە لە سێکتەری تەندروستیدا کار دەکەن، وە ئەوانەیشی کە مردوون تەمەنیان لە نێوان 59 ساڵی تا 95 ساڵیدایە، زۆربەیان لە پارێزگاکانی نۆردبرابانت و زاود هۆڵەندن.

چەپڵەیەک لە خەڵکەوە بۆ دەزگاکانی تەندروستی

هۆڵەندییەکان دوێنێ ئێوارە کاتژمێر هەشتی ئێوارە بە کاتی هۆڵەندا، لە ڕێگەی سۆشیال میدیـاوە بە چەپڵە دەست خۆشیان لە دکتۆر و کەرتی تەندروستی و دەزگاکانی خزمەتگوزاری ئەو وڵاتە کرد، لە پای ئەو خزمەتەی کە بە خەڵکیان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

لە (موزەفەر جەعفەر)ەوە

کوردستان یەکێکە لەو گۆرانییە (سکاڵانامێزانانەی) کاتی خۆی(پێت مۆرتن)ی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری ئینگلیزی بۆ ژەهربارانکردنەکەی ساڵی ١٩٨٨ ی شاری هەڵەبجەی گوتووە

* کوردستان ئەمە یەکێکە لەو گۆرانییە (سکاڵائامێزانانەی) کاتی خۆی بۆ ژەهربارانکردنەکەی ساڵی ١٩٨٨ی شاری هەڵەبجە، لە لایەن گۆرانیبێژێکی ئەوروپییەوە وتراوە. سەیرە و بۆ گاڵتەجاڕی زەمانە، ئەڵێی بۆ ئەمڕۆی کوردستانیش ئەبێ، وەک میلی کاتژمێر لەوێ وەستێنرابێ. (پێت مۆرتن)ی گۆرانیبێژ و موزیکزان و هەڵبەستنووس و ئاوازدانەری ئینگلیزی لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٤، بە بۆنەی بە گاز ژەهربارانکردنەکەی ساڵی ١٩٨٨ی شاری هەڵەبجەوە، گۆرانییەکی ناوازەی بۆ کوردستان وتووە و لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە ئەلبومێکی گۆرانیدا بڵاوی کردووەتەوە. هەڵبەستی گۆرانییەکە خۆی نووسیویەتی و هەر خۆشی ئاوازی بۆ داناوە. (کوردستان) سێیەم گۆرانیی ناو ئەو ئەلبومەیەتی، کە بە ناوی Mad *World Blues هەوە بڵاوی کردووەتەوە و گۆرانییەکانی لە گوێنی Folk ن.

لێرەدا هەڵبەستی گۆرانییەکەتان بۆ ئەکەم بە کوردی:

کوردستان کوردستان،

کوردستان با باسی دیزنی لاندت* بۆ بکەم

ئێمە وڵاتانی سەرپشکین

ئێمە بڕیار ئەدەین، تۆ ببەیتەوە یا بدۆڕێنی.

ئێمە بڕیار ئەدەین، چی ڕاستە، کاتێ پەیمانی بازرگانی ئەبەسترێ.

ئەگەر بۆ ئێمە ئەوە بهێنێ، دراو بخرێتە وامەوە

سەرەڕای ئەوەش عیسا هات و گوناهەکانی لە سەر هەڵگرتین*

بۆ ئەوەی جادەکانمان ئۆتومبێلی لێ نەبڕێ*

کوردستان، کوردستان

ئێمە هێڵێکمان لە لمی بیاباندا کێشا*

هەرگیز بەرگریمان لە تۆ نەکرد*

چونکە سەدام هێشتا پیاوێکی بەد نەبوو

ئێمە چەکمان پێ فرۆشت و ئێمە تانکمان پێ فرۆشت

چونکە ژیانمان بەهای زێڕی هەیە

سەرەڕای ئەوەش عیسا هات و گوناهەکانی لە سەر هەڵگرتین

بۆ ئەوەی جادەکانمان ئۆتومبێلی لێ نەبڕێ

کوردستان، کوردستان

ئەمویست باسی دیزنی لاندت بۆ بکەم

بەڵام ئێستا زۆر درەنگە. تۆ مردوویت و تۆ مایەپووچی.

تێکشکاوی، تۆزی کیمیایی لێی داوی

حەزمان ئەکرد یارمەتی بدەین، بەڵام هەموومان بێسەروبەر بووین

ئیتر ئەمە جیهانێکە، کە ئەکرێ و ئەفرۆشێت

سەرەڕای ئەوەش عیسا هات و گوناهەکانی لە سەر هەڵگرتین

بۆ ئەوەی جادەکانمان ئۆتومبێلی لێ نەبڕێ



لە وڵاتی چین بەهۆی ڕێگریەکی زۆر و هاتنی وەرزی بەهارەوە پەتای کرۆنا کەمی کردووە و دۆخەکە بەرەو باشی دەچێت

لە چین ڕێژەی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڕادەیەکی زور دابەزیوە، لێشاوی توشبوون نەماوە، بەپێی بۆچوونی ئەو وڵاتە ئەو هەموو ڕێگرییە، کە حکومەتی چین کردی بۆئەوەی ڤایرۆسەکە لەوە زیاتر بڵاونەبێتەوە، هەوڵەکان زۆر بەسود بووە. هەروەها هاتنی بەهاریش یارمەتیدەرە، وەک شارزایان لەوبوارەدا باسی لێوەدەکەن.

هەواڵەکان دڵخۆشکەرن، ئێستا لە ناوچەی هۆبی ناوەندی پیس بوون بە ڤایرۆسەکە، ژمارەیەکی کەمتر لە جاران تووش بوو ڕۆژانە تۆمار دەکرێن پێشتر چین لە دڵەڕاوکەو نائارامیەکی زۆرتردا بوون،

کۆمپانیاکانی کەلوپەل دروستکردن و خواردەمەنی دەست دکەنەوە بەکارکردن، بەمەرجێک کە بەتەواوی پلانی کۆنترۆڵی تووشبوونی ڤایرۆسەکە جێبەجێ بکەن و ئەوکەسانەی لەو شوێنانە کاردەکەن هەموو ڕۆژێک کۆنترۆڵ بکرێن.

بەگوێرەی قسەکەری حکومەتی چین لە ئانوساتدایە، کە کومپانیاکان وەک جاران بکەونەوە کار. سەرۆک کۆماری چین Xl Jingping ڕۆژی سێشەممە ڕابردوو سەردانی Wuhan پایتەتی هەرێمی Hubei کرد بۆئەوەی ڕایبگەیەنێت، کە جەنگی گەل دژی ئەم ڤایرۆسە براوە بووە. تەنها جارێ سینەما، چێشتخانەکان و شوێنی قژبڕین سەرتاشخانەکان ماوەیەکی دیکە بەداخراوی دەمێنێتەوە.

دەست بەسەرگیرانی تەندروستی(کەرەنتینەکردن)

سەرژمێری خەڵکی Wuhan چەند ملیۆنێکن، زۆر بەتوندی جیاکرانەوە و کۆنترۆڵکران، بەو هۆیەوە لە هەموو دنیا ڕێژەی تووشبوون بەو ڤایرۆسە ڕێی لێگیرا، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) سوپاسی هەموو خەڵکی چین دەکات، ئێستا هەموو جیهان تووشی تۆقین بووە، لەوانەیە چین بەر بەڤایرۆسەکە بگرێت، ئەمە گفتی Michae Ryan بوو، کە خەڵکی ئایرلاندەیە و بەڕێوەبەری پرۆگرامی کۆمەکی کوتوپڕیە لە ڕێکخراوی WHO .

وڵاتی چین هەرە کاتە ناخوشیەکانی بەجێهێشت. دەتوانین باوەڕبکەین، لەبەرئەوەی حکومەتی چین لە کۆتایی مانگی یەکی ٢٠٢٠دا بڕیاریدا هیچ نەشارێتەوە و هەموو ژمارە تووشبووەکانی ئاشکراکرد، بەبۆچونی Remco van de Pas ئەم توێژەرە لە پەیمانکای دکتوری تروپیکاڵ لە ئەنتڤێرپن و پەیوەستە بە پەیمانگای Clingendael ی هوڵەندیەوە دەڵێن؛ ئەمە هەڵبژاردەیەکی سیاسی بوو؛ هەرئاوا ئێمە دان بەو کێشەیەدا دەنێین، بەڵام پیشانی هەموو جیهانی دەدەین، کە چۆن بەسەرکێشەکەشدا زاڵ دەبین. ئەو کارەشیان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کرد. بەوشێوەیە کە شارەکان دابخرێن و هەموو هەوڵێک خرایە گەڕ بۆ زاڵبوون بەسەرکێشەکەدا.

وەرگێڕانی: ئەنوەر جۆڵا

دەهۆڵ لێدان:

لەوە دەچێت ڤایرۆسەکە لە هەرێمی Hubei کۆنترۆڵ کرابێت. لە هەرێمە دراوسێکانی دیکەدا وەک Henan و Hunan تووشبووە تازەکان زۆر کەمن. لەو شوێنانە زۆر کەمتر تووشبوون بە ڤایرۆسەکە هەیە، بەراورد بە ئەڵمانیا و ئیسپانیا. بە پێی بۆچونی Van de Pas دەڵێت: ئەمەش وا لە میدیاکانی دەوڵەت دەکات دەست بکەنەوە بە دەهۆڵ لیدان، دوای ئەو هەموو ڕەخنانەی ناو چین و دەرەوەی چین بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. نەخوشییەکی ئاوا سامناک، کە ڕوودەدات وەک وردبینێک وایە، کە بیخەیتە سەر پەیوەندی وڵاتان بۆ ئەوەی تێبگەیت چۆن ئەو پەیوەندییە بەڕێوە دەچێت...؟ ئەمەش لە مەنجەڵی هەڵمین دەچـێت. خەڵکی چین ئێستا دەتوانن بڵێن ئەو مۆدێلی دەوڵەتە زوردارەی خویان کاریگەرترە لە دیموکراتییە ناجیگیرەکەی وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئێستا هەست بەو خەتابارکردنە دەکرێت کە لە چینەوە دەیبیستین. هوکارەکەش ئەوەیە کە پێمان دەڵێن کە ئەوان پێش ئێمە تووشی کورۆنا بوون و کاتیان داوە بە ئێمە بۆ ئەوەی خومان ئامادە بکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی فایرۆسەکە، بەڵام ئێوە لە ئێمەوە سود وەرناگرن. ڕاست دەکەن لە ڕووی تەندروستییەوە سەیری بکەین چونکە ئەوان توانیان پەتاکە خاو بکەنەوە.

بەڵام ئەمە هەموو باسەکە نییە، وەک Van de Pas فان دەڵێت بیری لێدەکاتەوە. لەو ماوەیەدا سەردانی ئەندۆنوسیاشیان کردووە سەرسام بوون بەوەی کە لەوێ کەم کەس تووشی فایروسەکە بوون، ئەمەش پەیوەندی بەوشوێنەوە هەیە، کە فایرۆسەکەی تێدا بڵاودەبێتەوە. بەهاتنی بەهار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێ لەهەوادا زۆربوونی فایرۆسەکە بەڕادەیەکی زورکەم دەبێتەوە. هاتنی بەهاریش لە چین، بەلێشاو تووشبوون کەم دەکاتەوە. لەو باوەڕەدام، کە ئەمەش لە ئەورووپا ڕووبدات. هەرچەندە شارەزاکان لە بواری فایرۆسدا بەجۆرێکی دیکە بیری لێدەکەنەوە، چاوەڕێ دەکەن، کە خەڵکی زور توشی ببێت. لەوانەیە تاکۆتایی مانگی چوار تووشبووانێکی زۆر گرفتار ببن و ڤایرۆسەکە بخایەنێت.

لە وڵاتی چین بە هۆی وەرزی بەهارەوە دۆخەکە بەرەو باشی دەچێت.

لە چین ڕێژەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڕادەیەکی زۆر دابەزیوە. لێشاوی تووشبوون نەماوە، بەپێی بۆچوونی ئەو وڵاتە. ئەو هەموو ڕێگرییە، کە حکومەتی چین کردی بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە بڵاو نەبێتەوە زۆر بەسود بوو. بەڵام هاتنی بەهاریش یارمەتی دەرە، وەک شارەزاکان لەو بوارەدا باسی دەکەن.

گۆشەی 47 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە



لە کۆبونەوەنەوەیەکی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەر 16 هەرێمەکە، جەختی لە مەترسیەکانی کۆرۆنا کرد و بڕیاردرا هەر هەرێمێک خۆی بڕیاربدات، لەسەر بەردەوامی پرۆسەی خوێندن، ئەوە بوو هەریەک لە هەرێمەکانی بەرلین و باڤاریا و بفێمن و نێدەرزاکسن و سارلاند، زوو بڕیاری وەستاندنی قوتابخانە و باخچەی ساوایانیاندا بۆ ماوەی چوار هەفتە و هەریەک لە هامبۆرگ و شلسیڤیگ هۆڵشتاین ئەمڕۆ بڕیار دەدەن و ئەوانی دیکەیش بەدوایاندا.

پارتەکەی مێرکل دژی سەرپۆشی منداڵانە

پارتی دیمکوراتی کریستیان CDU لە خوێندنگە سەرەتاییەکان داوادەکات، سەرپۆش قەدەغەبکرێت و منداڵ و هەرزەکارانی خوار 14 ساڵ نەتوانن لە کاتی دەوامی قوتابخانە سەرپۆش بپۆشن، بەڵام تائێستا نەبۆتە بڕیار و لەناو پەرلەمان و لەهەرێمەکان بیروڕای جیاجیای لەسەرە.

مێرکل وەڵامی ڕەخنەگرانی دەداتەوە

دوێنێ مێرکل توشی ڕەخنەی توند بۆوەلەسەر ئەوەی پێڕێ گۆتی لەسەدا ٧٠ هاوڵاتیانی ئەڵمانیا توشی ڤایرپسی کۆرۆنا دەبن، بۆیە لەوەڵامدا دەڵێت" دەبێ بەهەموو هیزێکمان ڕوبەروی کۆرۆنا ببینەوەو هەموو ڕێوجێیەکی پێویست بگرینەبەر بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی ،هەروەها ووتی، ئەم بارەی ئێستا مەترسیدارترە لەقەیرانی ئابوری جیهانی ساڵی 2008 و ئەوەی گرنگەو دەبێ کاری لەسەر بکەین ڕزگارکردنی مرۆڤەلەو دەردە.

تڕێلەیەک دەمامکی پزیشکی دزرا

لە نەخۆشخانەی شاریتەی بەرلین بۆ منداڵان تڕێلەیەکی پڕاوپڕ لە دەمامکی پزیشکی لەدژی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرلەوەی بگاتە کۆگای نەخۆشخانەکە دزرا، پۆلیس بەدوای دزیکەرەکاندا دەگەڕێت و دەرکەوتووە، کەئەوانە بیانین ویستویانە بۆ ولاتێکی تر بیگوازنەوە و بەنرخێکی گران بیانفرۆشن.

وەزیری ناوخۆ لەکەرەنتینەیە

هۆرست زیهۆفەر وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا گومانی ئەوەی لیدەکرێت کە ڤایرۆسی کۆرۆنای گرتبێ ،چونکەلەماوەی رابردو لەگەڵ بەرپرسێکی ئەوروپی کەهەڵگری ڤایرۆسەکەبوە دیداری کردوە، بۆیە بڕیاریداوە بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵی خۆی نەچێتەدەرەوەو دکتۆرەکان سەردانی دەکەن وڕێنمایی دەدەنێ،شایانی باسە تا ئەمڕۆ ژمارەی توشبوان لەئەڵمانیا نزیکەی 2120 کەسن و چوار کەس مردوون، وبەرلەمەنتارێکی ئەڵمانیاش گرتوویەتی.

چەند بنکەیەکی پشکنینی کۆرۆنا کرانەوە

لەسەر ناو خاکی ئەڵمانیاو لەسەر ئۆتۆبانەکان بەتایبەتیش ئەوانەی ئەڵمانیا و ولاتانی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە ژمارەیەک بنکەی پشکنینی کۆرۆنا کرانەوە، هاوڵاتی بەبێ ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزێت هەر شوێنی خۆیەوە پشکنینی بۆ دەکرێت و ئەوە دیاریدەکرێت، کە ڤایرۆسی پێوەیە یان نا...؟

لەخولی تۆپی پێدا یاریەکان بەبێ هاندەران بەڕێوەدەچن

لەمڕۆژانەدا یاریەکانی خولی تۆپی پێی یانەکانی ئەڵمانیا "بۆندسلیگا" دەستپێدەکرد و بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەسەڵاتداران بڕیاریانداوە یاریەکان بەبێ بینەران و هاندەران بەڕێوەبچن، ڕاستەوخۆ دەگوازرێنەوە و خەڵکی دەتوانێت لە ماڵەکانی خۆیانەوە سەیریان بکەن.

بروسکەیەک پێش چل و حەوت ساڵ بەر لە نێستا لە ئەرشیفی غەفور ڕەشید داراغا

ئەم بروسکەیە لە ڕۆژنامەی بیری نوێ (الفکر الجدید) ژمارە 35 ڕۆژی 17/02/1973 دەقی بروسکەکە:-

لە 101 ڕۆشنبیری دیموکراتخواز و پیشکەوتوخوازانی سلێمانی یەوە نێردراوە, بڕۆسکەیەک بۆ باڵیۆزخانەی کۆماری ڤێتنام دیموکراتی و باڵیۆزخانەی حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی ڤێتنامی باشور.

لە بروسکەکەدا هاتووە:- دڵخۆشی خۆمان دەردەبڕین بۆ هەواڵی واژو کردنی ڕێکەوتنی ئاشتی، کە ئەوە دەگەیەنێت ئەمە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ هاوڵاتیانی ڤێتنام و هەموو مرۆڤایەتی و پێشکەوتوخوازان و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی، هەروەها لە هەمان کاتدا شکستێکی سیاسی و سەربازی بۆ وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمەریکیە، کە سەرۆکایەتی ئیمپریالیەتی جیهانیە دەکات، بە دڵنیایەوە ئەم سەرکەوتنە کاریگەری و بەرهەمێکی پۆزەتیفی دەبێت بۆ بەرژەوەندی هەموو نەتەوەکانی، کە بەرەنگاری دەکەن لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و پێشکەوتندا.

ئەم بروسکەیە واژوو کراوە لەلایەن:-

صدیق شاویس – نصیر سلیم – دکتۆر طاهیر بابان – غفور رشید داراغا نوسەر – احمد حامد قادر جێگری سەرۆکی یەکێتی نوسەران – کاکە مەم بۆتانی نوسەر – امین مولود بەڕێوەبەری پاشەکشەی توتن – علی مصطفی خاڵ بەڕێوەبەری جاک سازی کشتوکاڵ – عمر عارف مامۆستا – کامەران موکری شاعر – دکتۆر کمال فواد مامۆستای زانکۆ – احسان حکمت سەرپەرشتیاری پەروەردەیی – عزت سعید کابان بەڕێوەبەری داهات – جمال محمدسعید خیاط بەڵێندەر – کمال مصطفی ئەندازیار – وریا نوری ئەندازیار – ڕئوف معروف خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ – اسماعیا محی الدین دەرمان ساز – عبدالعزیز الحاج معروف بازرگان – محمود بابان پارێزەر – طه بابان جیرۆک نوس – عبدالله زنگەنە بەڕێوەبەری بانکی کشتوکاڵ – محرم محمد امین نوسەر – محمد مصطفی پارێزەر – احمد هەردی شاعر – سامی حسین ناظم بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی – عمر مصطفی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی – عبدالغفور ملا علی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکەم – شیروان علی امین بەڕێوەبەری قوتابخانە – دکتۆر رشید احمد مامۆستای زانکۆ حاجی صالح بەڵێندەر.

تێبینی:- ئەوەی کە گرنگە لەم بروسکەیەدا ئەوەیە چۆنێتی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی ئەو کاتەیە کە بە عەقڵیەتێکی جیهان بینیەوە بیریان لە ئازادی و سەربەخۆی گشت گەلانی دونیا کردوتەوە.

خەباتی گەلی ڤێتنام بە خەباتی خۆیان زانیوە وە لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە چەوساندنەوە ناعەدالەتی هەبووبێت دژ بە هەر نەتەوەیەکی داگیرکراو ئەم ڕۆشنبیرانە بە خەباتی خۆیان زانیوە, وەهەر سەرکەوتێکیش هەبووبێت بە سەرکەوتنی خۆیان داناوە لە هەموو جیهاندا,

زامۆئا داراغا 2020

ئەرشیفی غفور ڕشید داراغا

جریدة الفکر الجدید عدد ٣٥

یوم ١٧/٢/١٩٧٣

● وجه ١٠١ من المثقفين الديمقراطيين والتقدميين في السليمانية برقية الى سفارة جمهورية فيتنام الديمقراطية وسفارة الحكومة الثورية الموقتة لفيتنام الجنوبية . وجاء في البرقية : نعرب عن سرورنا لنبأ توقيع اتفاقية السلام التي هي انتصار باهر للشعب الفيتنامي وللبشرية التقدمية باسرها ولحركات التحرر الوطني ، كما انها في ذات الوقت اندحار سياسي وعسكري للولايات المتحدة الامريكية زعيمة الامبريالية العالمية ، وسيكون لهذا الانتصار بكل تاكيد تاثيرات ونتائج ايجابية لصالح جميع الشعوب المكافحة من اجل حريتها واستقلالها وتقدمها .

وقد وقع البرقية عنهم :
صديق شاويش – نصير سلم – ، الدكتور طاهر بابان – طبيب – ، غفور رشيد داراغا – اديب – ، احمد حامد قادر – نائب رئيس اتحاد الادباء – ، كاكه مم بوتاني – اديب – ، امين مولود – مدير انحصار التبغ – اسماعيل حقي شاويش – نصير سلم – ، علي مصطفى الخال – مدير الاصلاح الزراعي ، عمر عارف – مدرس – كامەران موكري – شاعر – ، الدكتور كمال فواد – استاذ جامعي – احسان حكمت – مشرف تربوي – ، عزت سعيد كابان – مدير واردات – جمال محمد سعيد خياط – مقاول – كمال مصطفى – مهندس – ، وريا نوري – مهندس – ، رووف معروف – صاحب مكتبة گلاويژ – ، اسماعيل محي الدين – صيدلي – عبدالعزيز الحاج معروف – تاجر – ، محمود بابان – حقوقي – ، طه بابان – قصصي – عبدالله زنگنة – مدير المصرف الزراعي – ، محرم محمد امين – اديب – محمد مصطفى – محامي – ، احمد هەردي – شاعر – سامي حسين ناظم – مدير تربية محافظة السليمانية – عمر مصطفى – مشرف تربوي – عبدالغفور ملا علي – مشرف تربوي اول – شيروان علي امين – مدير متوسطة – الدكتور رشدي احمد – استاذ جامعي – الحاج صالح – مقاول –

گۆشەی زانست
مامۆستا جەزا دەینووسێت

زانست و تەکنەلۆجیا و چەکی ئەلکتروماگنێتکی



چەکەکانی سەدەی بیست فیشەک و بومب بوو، بەڵام شەڕەکانی سەدەی بیست و یەک بە تفەنگە تیشک جێبەجێ دەبێت، ئەمەش ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای تەقەمەنی بوو، بۆ مەبەستی شێواندن و تێکدانی تۆڕی ئەلکترونی دوژمن لە جیاتی فیشەک کون کونی بکات و بە کاریگەری زیاتر و بەبێ ڕشتنی خۆین و ئەنجامی باشتر لە چەکی (ئاسایی) تەقلیدی.

فایرۆسی کۆرونا و دیاردەکانی بۆ گشت جیهان

لە ڕاستیدا پەتای کۆرونا گاریگەری خراپی لەسەر ئابووری و خۆشگوزەرانی ژیانی مرۆڤ زور زیاترە لە زیانی تەندروستی.
ئەم پەتایە لە 85 وڵاتی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، پێش یەک هەفتە ٩٥ هەزار حاڵت ڕووی داوە و 32 هەزار مردوو تۆمار کراوە،ئەم شیکردنەوەیەش لە سەر بنەڕەتی ئەو زانیاریانەیە، کەلە سەردان بۆ وڵاتی چین وەرگیراوە. هەندێ بۆ چوونی تر هەیە، کە کەتووش بوون تێدا ڕووی داوە بە دەیەهاو سەدەهایە. ئێران و کۆریای باشور و ئیتاڵیا نێنەری فایرۆسەکەن . ئەمریکا 159 حاڵەتی تۆمار کردوە لە 14 ولایەت لە یەکی ئازارەوە، لە کوریای باشور 472 مردوو لە 10 هەزار تووش بوو، وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا ئەڵمانیا خەریکی وا دۆزینەوەی (لوقاح–کوتان) یکن، دژی ئەم فایرۆسە، وا چاوەڕووان دەکرێت، لە ماوەیەکی دیکەدا ئەم حاڵەتە تێپەڕێنرێت و جیهان لەدەست ئەم بیڵایە ڕزگار بکرێت، بەڵام نازانریت چەند لە پێناویدا دەبێت بە قوربانی.

کۆرۆنا و مرۆڤ..!

لوقمان حەوێز

ئەگەر کۆرۆنا بەئاگا بووایە و هەستی هەبووایە هەرگیز مرۆڤی نەدەکردە خانەخوێ بۆ خۆی، ئەو نازانێت بونەوەرێکی هەڵبژاردوە لەنێو شیردەرەکان زۆر لەخۆی ترسناکترە..! فایرۆسی کۆرۆنا نزیکەی سێ مانگە لەوەتەی لەنێو مرۆڤەکان بڵاوبۆتەوە 3 بۆ 4 هەزار مرۆڤی کوشتووە، بەڵام هەموو ڕۆژێک لایەنی کەم 700 بۆ 800 مرۆڤ لەلایەن مرۆڤی ترەوە تەنیا بەچەک دەکوژرێن لە سەرانسەری جیهان، دڵنیام کۆرۆنا دوای ماوەیەکی کەم کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام بەداخەوە کوشتنی مرۆڤەکان لەلایەن خۆیانەوە هەر بەردەوام دەبێت..! کۆرۆنا دەیەها ملیۆن ساڵە پێش مرۆڤیش هەر هەبووە لەسەر زەوی، سروشت ڕێگەی پێداوە لەنێو خانە و لەشی هەندێک لە شیردەر و باڵندەکاندا بژیت، تەنیا زیانی بەو کۆمەڵە زیندەوەرە گەیاندووە کە خانەخوێی فایرۆسەکە بوون و هیچ زیانێکی بۆ ژینگە نەبووە، بەدەر لەو چەند جۆرە شیردەر و باڵندەیەش بەگژ زیندەوەرەکانی تردا نەچۆتەوە، بەڵام مرۆڤ تەنیا نزیکەی دووسەد هەزار ساڵە لەسەر هەسارەی زەوی هەیە، تەنیا لەو چەند سەد ساڵەی ڕابردووش تاوەکو ئێستا 46% ی هەموو دارستانە سروشتیەکانی سەر ڕووی زەوی تەخت کردووە، ئەمەش واتە بڕینی ملیارەها درەخت، مرۆڤ دەیەها هەزار ئاوێتەی ژەهراوی داهێناوە و بەشێکی زۆریش لەو ئاوێتانە هەوا و ئاو خاکی زۆربەی ڕووبەرەکانیان پیس کردووە، لەڕێگەی بەکارهێنان و سوتاندنی بڕێکی ئێجگار زۆریش لە دژە ژینگەترین جۆری وزە کە نەوت و گاز و خەڵوزی بەردینە گۆڕانکاری ترسناکی لەنێو سیستەمی ژینگەیی دروستکردووە، پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەش و هەوا بەشێکن لەو گۆڕانکاریانە، مرۆڤ پتر لە نیوەی ژمارەی هەموو شیردەرە کێویەکانی لە سروشت لەناوبردوە، ڕێژەیەکی بەرچاوی لە باڵندەکان و گیاندارە ئاویەکانیشی کەمکردۆتەوە، زۆر جۆریشی لەوانە بەتەواوی لەناوبردووە..! کۆرۆنا تەنیا 3% ی ئەو مرۆڤانە دەکوژێت کە دەچێتە نێو لەشیانەوە، کۆرۆنا نەبۆتە و نابێتە هۆی لەناوبردنی هیچ جۆرێک لە زیندەوەر (جۆر نەوەک ژمارە)، جگە لەوەی لەوانەیە زووتر بنبڕ بکرێت بەڵام ئەگەر مایەوە لەوانەیە تا ئەو پەڕی ساڵێکی تر ڤاکسینێک بدۆزرێتەوە لاوازی بکات و لەناوی ببات لەنێو مرۆڤەکان، هەرچی مرۆڤە بەهۆی وێرانکردنی ژینگە و چالاکیە لەڕادە بەدەرەکانی دەیەها ساڵە دەستی کردووە بە لەناوبردنی بەکۆمەڵی زیندەوەران لەسەر هەسارەی زەوی، تا کۆتایی ئەم سەدەیە لەوانەیە جۆرەکانی ئەو زیندەوەرانەی لەسەر دەستی مرۆڤ بۆ هەتا هەتایە لەناو دەچن بگاتە پتر لە یەک ملیۆن جۆر، ئەمەش دەکاتە لایەنی کەم 15% ی هەموو ژیان لەسەر هەسارەی زەوی..! ئێستا خۆتان بڕیار بدەن، کامیان ترسناکترن بۆ ژیان..؟ کۆرۆنا یان مرۆڤ..؟

تێکساس

کۆڕۆنای کوردی- ڕێناس عارف

پەتای کرۆنا لای هونەرمەندانی کورد

کۆرۆنا ئەو ڤایرۆسە بچووکەی بەچاونابینرێت، عالەمەکەی تەسلیم کرد؟ کاریکاتێری ئاکۆغەریب

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵییە هەموو چوارشەممەیەک، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

TARAWGA
تاراوگە
TARAWGA

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

25 Maart . 2020 Nummer. [97] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– پەتای کرۆنا سەروتار، ئەژدیها و کاوە و نەورۆز، سەلاح حەسەن پاڵەوان. ل 2

– لەنێوان "تاعوون" و "کۆرۆنا"دا، ئازاد بەرزنجی.. ل 3.

–ئاو بەتاو فەرهەنگی کوردی سۆمەری، سەباح یاسین ل 4

– ترامپ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کۆرۆنا و حەبی بایەری ئەڵمانی بۆ چارەسەری مەلاریا، شیهاب عوسمان ل 5

– بونیادە سۆفیگەرایییەکان لەدەقی شیعریدا فەرهیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە، نووسینی پ. دکتور زاهیر لەتیف ل7 و ل 8

– مرۆڤەکان لە بنەڕەتەوە هەموو جوانن...! نووسینی: فاروق هۆمەر.. ل 9

– زانایانی ئاییندە: دوای قەیرانی کۆرۆنا، لە کۆمـــەڵگایەکی باشتردا دەژین..! موزەفەر عەزیز ل 10 و ل 11

– ڤیرۆسی کۆرۆنا ڕەوتی نەخۆشکەوتن بە Covid-19 بەم شێوەیەیە، وەرگێڕانی: م. ئارام...!.ل 12

– گۆشەی 48 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 13 – دوو وێنەی دەگمەن لە ئەرشیفی غەفور ڕەشید داراغا.. ل 14

– کۆشەی زانست..زانستی مێشک و دەمار مامۆستا جەزا . کرۆنا دروستکراوی مرۆڤ نییە، لوقمان حەوێز ل 15

– دەربارەی شێوەکاری هۆڵەندی ڤیلیەم هێنرایتس و چەند تابلۆیەکی. ل .16 کەمال ئەحمەد

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

25 MAART 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 97
ژمارە 97 ی 25 ی مارتی 2020

پەتای کرۆنا و ئەژدیها و کاوە و نەورۆز

ئازیزان بە دووربن لە بەڵا و پەتای کرۆنا..

بە هۆی پێشکەوتنی زانست و زانیاری و قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی پێی وا بوو، مرۆڤ بەنرختترین سەرمایەیە و زەیرەکترین گیانلەبەرە لە ڕووی دنیادا، عەقڵی مرۆڤیش بۆ پێکەوە ژیان و مرۆڤ دۆستی پێشکەوتووە، بەڵام ئەم پەتای کرۆنایە زۆر بیروبۆچوونی پوچەڵکردەوە. مرۆڤ لەوەتەی دروست بووە، هەر نەرجسی و خۆپەرست و خۆویست بووە.. لە دێرزەمانەوە ئەفسانەکان، کە لە سەرگوزشتەکانیاندا، دەگێرنەوە مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە پڕبووە لە جەنگ و تاوان و پەلاماردان، ئەو ڕاستیانەمان لە مێژە بۆ ساخ بۆتەوە. ئێستەش کە پەتای کرۆنا سەریهەڵدا جارێکی دیکە، مرۆڤ ڕەوشە چاوچنۆکییە دێرینەکەی تێیدا خەریکە سەرهەڵدەداتەوە.

ئەم ڕەوشانەی ئەم ماوەیە و ئەو هەواڵانەی لە دەنگوباسەکاندا دەیانبینین و دەیانبیشتین ئەو ڕاستیانەمان بۆ دەسەلمێننەوە. لە ماوەی هەزار ساڵی پێشوودا هەر پەتایەک بەسەر دنیادا هاتبێت، گۆڕانکارییەکی گەورەی جەوهەری بەسەر سیستەمی بنچینەیی ڕامیاری و ڕۆشنبیری میللەتاندا هێناوە. وەک پەتای تاعون کە لە سەدەی چواردەیەمی زایندا، کە بەسەر ئەوروپادا هات، ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانەکەی سێ یەک کەمی کرد، ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر پرسە بنچینەییەکانی سیاسەت و ئاین و کڵێسا دانا و لەگەڵ ئەمانەشدا بەشداری لە بنیاتنانی سیستەمی پۆلیسیدا کرد، بە هۆی ئەوەی کە پۆلیس پارێزەری کاریگەر و تەنهای ژیانی خەڵک بووە لەو کێشوەرە دێرینەدا، پاش ئەوە دەوڵەتی هاوچەرخ لەدایک بوو، بە گیانێکی زانستیانە، بە هۆی شۆکی ئەو کارەساتە تەندروستییە گەورەیە. بێگومان دوای کرۆناش سیستەمی نوێی جیهان و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا دێت لە سەرجەمی جومگە سەرەکییەکانی ژیاندا.

دوێنێ 63 کەس لە هۆڵەندا ژیانیان لە دەست داوە و 811 کەسی تر بە پەتای کۆرۆنا تووش بوون..

بۆ ئاماری تووشبووان و قوربانیانی ڤایرۆسی کرۆنا لە هۆڵەندا.
بڕوانە ل 6

ئەژدیها و کاوە و نەورۆز

سەلاح حەسەن پاڵەوان

مەسەلەی ئەژدیها یان ماری چەند سەر، بابەتێکی کۆنی ئەفسانەییە مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، کاتێ دنیا دروست بوو هەر ئایندێ تەفسیری تایبەت بە خۆی هەیە، ئاینە دێرینەکان دەڵێن دنیا بە چوار ستوون ڕاوەستاوە ئەو چوار ستوونەش ڕێکوپێکی جیهانیان ڕاگرتووە، بەڵام دوژمنانێک هەبوون دەیانەویست ئەو ڕێکییە بشێوێنن و تێک و نگرۆی بکەن، دەڵێن کە خوا لە دروستکردنی گەردوون بۆوە و بەسەر ئەژدیها و دێوە تێکدەرەکاندا سەرکەوت، هەمیشە ئەو مار و ئەژدیها و دێوانە دەیانویست ئەو جیهانە بشێوێنن، وەک دژایەتییەکی خواکان، مارو ئەژدیها لە ئەفسانەکاندا بوونە نوێنەری پشێوی و ئاژاوە و ناڕێکی، میرچا ئیلیادە لە کتێبی (پیرۆزی و ناپیرۆزی)دا دەڵێ " هەربۆیەش فیرعەون دەشوبهێنرا بە ڕەع خوای هەتاوی میسرییەکان، چونکە ڕەع بە داپڵۆسێنەری ئەژدیهای ئەبۆفیس دادەنرا، داریوش خۆی بە فەرەیدون (یان کاوەی ئاسنگەرەکەی ئێمە) دەشوبهاند ئەو کەسەی توانی ئەژدیهای سێ سەر بکوژێت.. شا بتپەرستەکان لە ئاینی جوودا دەشوبهێنران بە ئەژدیها.. هەر لەو کتێبەدا نووسەر دەڵێ : ئەژدیها وێنەیەکی نموونەیی بۆ دێوی دەریا، ماری سەرەتایی، تاریکی، شەو و مەرگ، واتە ئەژدیها سیمبولی هیچ بووە لەگەڵ ئەژدیهادا هیچ شتێک شێوەی نەبووە، بۆیە پاش کوشتنی ئەوان جیهان و گەردوون و زیندەوەرەکان شێوەیان وەرگرتووە.. ڕەنگە ئەم نەورۆزەی ئێمەش دڕێژکراوەی ئەو ئەفسانەیە بێت و لە پاشاندا ئەژدیهاکان بوون بە ماری سەرشانی مرۆڤێکی کوشندە، مرۆڤەکانی تری دەرخواردی ئەو مارانە دەدا بۆ ئەوەی ناڕێکی بالادەست بێت، بەپێی تێسکتە کوردییەکان دەکرێ مار و زووحاک سیمبولی پشێوی و ناجێگیری بووبێتن، دەبوایە کەسێ بێت ئەو پشێوی و ناجێگیرییە چاک بکاتەوە، ئەو دنیایەی ئەژدیها بەری ڕووناکی ڕۆژی گرتبوو. پێویستی بە ئاگر بووە هەم بۆ ترساندنی ئەژدیهاکان هەم مژدەیەک بۆ مرۆڤ و گەردوون.

جەژنی نەورۆزتان پیرۆز

لەنێوان "تاعوون" و "کۆرۆنا"دا

نازانم بۆچی هەر لە یەکەم ڕۆژی هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی "کۆرۆنا"وە لە "ووهان"ی چین، یەکسەر ڕۆمانی "تاعوون"ی "ئەلبێر کامۆ"م هاتەوە یاد، کە لە ساڵانی هەشتاکاندا بە عەرەبی خوێندوومەتەوە. ئەو ڕۆمانەی بووە مایەی ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بە نووسەرەکەی ببەخشرێ. لەم ڕۆمانەی کامۆدا، کە لە ساڵی ١٩٤٧ دا نووسیویەتی، لەپڕێکدا تاعوون لە شاری "وەهران"ی جەزائیر دەدات، بەوەی سەرەتا وەکو دیاردەیەکی نائاسایی، ژمارەی مشکە تۆپیوەکان لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شارەکە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکات. بەمەدا دکتۆر ڕیۆ(کە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە) بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە تاعوونە و داوا لە دەسەڵاتدارانی شارەکە دەکات ئەم پەتایە بە هەند وەربگرن و شارەکە کەرەنتینە(نەک قارێز) بکەن و ئیتر بە فەرمی هەواڵی بڵاوبوونەوەی پەتاکە پشتڕاست دەکرێتەوە. بەمجۆرە، خەڵکی شار بۆیان ئاشکرا دەبێت کە تاعوون لە شارەکەیانی داوە و فەرمان دەردەچێت کە دەبێ هەموو لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە و شارەکە وەکو زیندانێکی گەورەی لێ دێت. لەم سەروبەندەدا، کاردانەوەی جیاوازی کەسەکان دەبینین بەرامبەر بەم پەتایە. هەیە دەیەوێ بارەکە بقۆزێتەوە بۆ کاری ڕەش و بازرگانی، هەیە بە هەند وەرێناگرێت، هەیە بەتەنها خەمی ڕۆحی خۆیەتی و بەس، لەولاشەوە قەشەی شار لە وتارێکی دینیدا بە خەڵکەکە ڕادەگەیەنێت کە ئەوە غەزەبی خوایە و بەسەریاندا باریوە، چونکە هەموو لە خراپەدا نوقم بوون و لە خوا دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە باشترین شت ئەوەیە چاویان لە ئاسمان بێت و دەست بە دووعا و نزا بن و چاوەڕێی لوتفی خودا بن. بەڵام لە سەرێکی ترەوە دکتۆر ڕیۆ دەبینین، کە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری داوە دژ بەو تاعوونە بجەنگێت و خۆی بۆ خزمەتکردنی خەڵکی شارەکە نەزر بکات و هاوکارییان بکات و بە دوای چارەسەرێکی ئەو پەتایەدا بگەڕێت.

بۆیە لەئاست ئەو قسانەی قەشەدا، بە تارۆی هاوڕێی دەڵێت (کە ئەویش هاوکاری ڕیۆیە): "وا چاکتر نییە ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە دژ بەم مەرگە خەبات بکەین و دەستەوئەژنۆ دانەنیشین و چاو نەبڕینە ئاسمانێک کە لە ئاستماندا بێدەنگە؟."

تاعوونەکە کاری خۆی دەکات تا ئەو ڕادەیەی خەڵکێکی زۆر دەکوژێت و بە ناچاری تەرمەکانیان دەسووتێنن، بەڵام دوای تێپەڕینی چەند مانگێک لە خۆڕاگرتن و تێکۆشان دژ بە پەتاکە و هاوکاریی نێوان مرۆڤەکان، پەتاکە کۆتایی دێت و لەنێودەچێت. ئەم ڕۆمانە دەکرێ لەسەر چەند ئاستێک بخوێنرێتەوە. دەکرێ وەکو ڕۆمانێکی ڕیالیستی سەیری بکەین و لە هەمانکاتیشدا وەکو ڕۆمانێکی سیمبوڵیک، کە تێیدا تاعوون هێزێکە نوێنەری جۆرەکانی خراپەیە "شر". تاعوون هیچی لە جەنگە گەورەکانی دونیا کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت، چونکە لەکاتێکدا لە جەنگە مرۆییەکانیدا دوژمن وێنە و وێنایەکی ڕاستەقینەی هەیە و بوونێکی ماتەریی بەرجەستەکراوی هەیە، لە تاعوون و پەتا هاوشێوەکانیدا، دوژمن نەبینراوە. بۆیە دەکرێ وەکو کامۆ خۆیشی لە نامەیەکدا کە بۆ ڕۆڵان بارتی نووسیوە، تاعوونەکەی نێو ڕۆمانەکە بە سیمبوڵێک بۆ نازیزم و کۆکوژی و گرتووخانە دەستەجەمعییەکانی و ئەو ترسەی لای مرۆڤەکان دروستی دەکات، لە قەڵەم بدەین. چونکە وەکچۆن تاعوونی سروشتی و بایۆلۆجی هەیە، تاعوونی سیاسییش هەیە، کە خۆی لە دەسەڵاتە سەرکوتکەر و تۆتالیتار و ناعادیلەکانی دونیادا دەبینێتەوە. بەڵی کامۆوە، وەک ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکە وەکو سیزیف مەحکوومە بە ژیان و دواجاریش مەحکوومە بە مەرگ(کە دەشێ لە خوێندنەوەیەکی تری ڕۆمانەکەشدا تاعوونەکە سیمبوڵ بێت بۆ ژیان خۆی)، بەڵام وێڕای ئەمە، مرۆڤ دەبێ بە ڕۆحێکی یاخییەوە بەرامبەری بوەستێتەوە و ڕادەستی نەبێت، واتە مرۆڤ مەحکوومە بە یاخیبوونیش لە ژیاندا، ئەگینا هیچی لەگەڵ گیانەوەرەکانی تردا جیاواز نابێت. ئێمە کاتێک ئەم ڕۆمانە دەخوێنینەوە، هەست دەکەین ئێستا بە شێوەیەکی کردەیی لەو دۆخەدا دەژین؛ دۆخێک کە خراپە"شر". تێیدا لە شێوەی "کۆرۆنا"دا بەرجەستە بووە و کۆمەڵگاکەمان و مرۆڤەکان لە شەڕێکی دەستەوئێخەدان لەگەڵیدا؛ شەڕێکی چارەنووسساز، ئیدی بە هەموو ئەو باسوخوازانەشەوە کە گریمانەی تیۆریی پیلانگێڕی دەکەن بۆی و بە دیوێکی تری شەڕی بەرژەوەندیی نێوان زلهێزەکانی دونیای لێکدەدەنەوە، کە دواتر پریشکی بەر خۆیشیان کەووتوە، یان خۆی پەتایەک بێت و شەڕی کوێرانەی ڤایرۆسێک بێت لەگەڵ مرۆڤایەتیدا.

بڕوانە لاپەڕە 4

لەنێوان "تاعوون" و "کۆرۆنا"دا

پاشماوەی لاپەڕە 3

لێ ئەمیش وەکو تاعوونە سیاسییەکان، پێویستیی بە هۆشیاریی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکەوە کارکردنی ئینسانەکان هەیە. کۆرۆنا ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد کە شتێک هەیە پێی دەوترێ "چارەنووسی دەستەجەمعی"، ئەو چارەنووسەی کە هەموو مرۆڤەکان، بە چاوپۆشین لە دین و ڕەگەز و زمان و ئیتن، پێکەوە گرێ دەدات. کۆرۆنا چەند لەو بوونەوەرە یان تەنە نامۆیە زەبەلاحە دەچێت کە دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان و بەدەر لە پێشبینییە زانستییەکان، پەیدا ببێت و هێرش بکاتە سەر زەوی و بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان ڕەش و سپی و زەرد و سووردا، هەمووان تەفروتوونا بکات. ڕەنگە ئەمە زیاتر لە سیناریۆی فیلمێکی خەیاڵی بچێت، بەڵام کەمیش نین ئەو ڕۆمان و فیلمانەی کە دواتر بەشێک لە پێشبینییەکانیان هاتووەتە دەی.(وەکو ١٩٨٤ ی جۆرج ئۆرویڵ و یان END OF DAYS ی سیلڤیا براون کە دەڵێن پێشبینیی بۆ ئەم پەتای کۆرۆنایە تیایە و بەپێی نیوزوێک ئێستا بووەتە یەکێک لە کتێبە پڕفرۆشەکان). ئێمەی کورد، کە تا ئێستاش نە قەوارەیەکی فەرمیمان هەیە و نە خاوەن تەکنۆلۆجیایەکی پزیشکیی گەورەین و نە داموودەزگای زەبەلاحیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم چەشنە پەتا خەتەرناکانە، لەمڕۆدا پێویستمان بە ئیرادەیەک هەیە بۆ خۆبەدەستەوە نەدان بەم ڤایرۆسە، ئەمەش لەڕێی هۆشیاریمانەوە بە ڕێگاکانی خۆپارێزی و لەڕوو وەستانەوە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەم دۆخە لێکەوتەی ئازاربەخشی زۆرە و لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە یەکێک لەو لێکەوتانە ئەوەیە، بە هەزاران خێزان هەن سەرچاوەی داهاتیان کارکردنی ڕۆژانەیە، لە ئێستادا ئەو خێزانانە ڕووبەڕووی دۆخێکی ئێجگار سەخت و دژوار بوونەتەوە و لە کاتێکدا تا ئێستا مەسەلەی بیمە و سۆشیال بۆ هاوواڵتیان نەچووەتە بەرنامەی حکوومەتەوە، لە دۆخێکی وەهادا، ئەرکی حکوومەتە(هەروەها سەرمایەداران، بەڵام لەڕێی حکوومەتەوە، نەک بە شێوەیەکی شەخسی) کە ئاوڕێکی جیددی لەم مەسەلەیە بدەنەوە، چونکە کێ دەڵێت ئەم دۆخە ماوەیەکی زۆری تری پێ ناچێت.

دواجار، هیوادارم هەموومان پێکەوە بە سەلامەتی ئەم دۆخە تێپەڕێنین، بەو ئومێدەشەوە کە ئەمە سەرەتای هۆشیارییەکی نوێ بێت بۆ ژیان و بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی تری تاعوونیش.

ئاو بە تاو - فەرهەنگۆکی کوردی سۆمەری

خوێنەرێکی کتێبی (ئاو بە تاو – فەرهەنگۆکی کوردی سۆمەری)، لە نووسینی مامۆستا سەباح یاسین ئەحمەد ئەم پرسیارەی لێ دەکات و لێی دەپرسێت: (وشەی ئاواز بەکاردێنیت، کە ئاو و تاو لە خۆیانی دەگرن.... مەبەستی بەڕێزت لە ئاواز، (دەنگ) یان (مۆسیقا)ی وشەکانە؟ یان وا بە باشتری دەزانیت کە ئاواز زیاتر مانا بەخشە لەو دەربڕینانەدا؟؟؟؟

وەڵامی نووسەر سەباح یاسین:

ئاواز و دەنگ یەک مانا دەگەیەنێت و ئاواز کە بە دەنگی ئای ئاو دەست پێدەکات، ئەوە بۆ خۆی بابەتیکی تر و مەبەستی من لە ئاواز زیاتر ئەمەیە: بە نموونە ئەو وشانەی وەک ڕۆژ و مانگ یان زمان، زا و زیدە دوو مانایان هەیە و ماناکانیان لە وێنەوە وەرگیراوە. سەیری وشەی زمان بکە. یەکەم مانای زمان، کە وشەی زمان بۆ خوی ئاوازە بۆ وێنەی پلە گوشتەکەی ناو دەمی گیاندار و لە هەمان کاتدا ماناشە بۆ گفتوگۆ، کەواتە وشەکە ە، کە دوو مانای هەیە، ئەو دوو مانایە وەک بنەما، یان وەک هاوکێشەیەکی بیرکاری وەریدەگریت. ئەوسا ئەم هاوکێشەیە لە هەردوو وشەی پلەگوشت و گفتوگۆدا وەک ئەوەی یەکەم وشە دێرینترین مانای وشەکەیە، کە لە هەردوو باردا پێی دەڵێن زمان، ئەو دوو بارە وەک ئەوەیە، کە لە باری یەکەمدا پلە گۆشتە لە لایەن هەموو گیاندارێکەوە بەکار دەبرێت، وەک ئەوەی بەردەوامی بوونەکەیەتی، کە سروشت و بۆ خواردن بەکار دەبرێت و لە باری دووهەمدا هەر زمان بەڵام ئەم جارە نەک هەر مانا بە تامی خواردن و سروشت دەدات، مانا بە بارە هۆشییەکەی دەماغ دەدات، کە وەک گوتم هەر تام نییە، بەڵکو لایەنی هۆش و هۆشەکی زمان، کە کولتوورییە و کولتورەکەش، کە ماناداد و ماناداد بە مانای کولتوریەکە، مانای وایە کە گەردوونییە، جا کە درک بەوە دەکەیت، دەبینیت زمان لە باری کۆتایی هۆشیارییە، چونکە بەلایەک سروشتە کە هەست و بەلایەکی تر هۆشە و یەکپێگرتنەوەی هەست و هۆش مانای وایە هەموو شتێک لە پەیوەندیدا وەک پەیوەندیەکی بوونی، کە بوونگەرییە مانا بەخش دەبێت و ئەو مانا بەخشییە بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەی ئاواز+وێنە=مانا و ئەوەش وەک هاوکێشەی بیرکارییە، کە پێوانە و ئەو پێوانەیە یارمەتی لەیەکگەیشتنە، گەشەکردنی مۆغ و دامەزراندنی پەیوەندییەکی تازەی داوە، ئەو پەیوەندییە لە باری سروشتیدا پەیوەندی نێر و مێیە، کە سەرەتای یەکەم دامەزراوەی کومەڵایەتی و یاساکانیەتی، کە سروشت و گەردوونییە، یان خۆ خۆێندنەوەی بوونیانیە، کە ئاو و هەتاوییە و ئاو و هەتاو بەردەوام نۆێبوونەوەیە، کە نەوەییە و ئەو ڕوانگەیەش هاوکاری لەیەکگەیشتن و ڕێگە خۆشکردن بۆ نەوە دوای نەوە خۆشکردووە و کۆمەڵگای دێرین دەرئەنجامی ئەو گەشەکردنە سروشتی و گەردوونی بووە و تا ئەمڕۆ ئەو مانایان لە ناو وشە کوردی و سومەریەکاندا تومار بووە.

کەواتە ئەو وشانە وەک پلەگۆشت ماناکەی هێمایە و وەکو گفتوگۆ ماناکەیی بیرۆکەییە.. ئاو وەک دەنگی ئاو وەرگرە ئەوسا ئاو، ئاواز و تاو وەک گیان.. گیان، ڕوح و خۆشەویستییە دەبینێت و لەوەش تێدەگەیت کە ئاو، تۆو و نەوە هەر یەکە.

سەباح یاسین

ترامپ بۆ ڕوبەڕووبونەوەی کۆرۆنا : متمانە دەکاتە سەر حەبی بایەری ئەڵمانی بۆ چارەسەری مەلاریا

شیهاب عوسمان– ئەڵمانیا

BUSINESS INSIDER

Warum Trump und Spahn im Kampf gegen das Coronavirus auf ein Malariamittel von Bayer setzen, das vor 86 Jahren entwickelt wurde

پرسیار ئەوەیە بۆ "ترامپ"ی سەرۆکی ئەمریکاو "سبان"ی وەزیری تەندروستی ئەڵمانیا متمانەی زۆر دەکەنە سەر ئەو دەرمانەی، کە بەر لە 86 ساڵ بۆ چارەسەری مەلاریا بەکار هاتووە، کە گەورە کۆمپانیای بایەری ئەڵمانی بەرهەمیهێناوە و لەئێستەشدا دەیانەوێت بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەشەی پێبدەن، بەپێی هەواڵێکی گۆڤاری زانستی ئەڵمانی BUSINESS INDSIDER دامەزراوەی وەبەرهێنانی بەناوبانگی "بایەرن"ی ئەڵمانی سێ ملیۆن یەکەی لەدەرمانی مەلاریا پێشکەش بەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کردووە، کە لە پاکستان بەرهەمی دەهێنێت بەوپێیەی، کە لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە: دەرمانی کلوروکین لەپێکهاتە وزەبەخشەکان پێکهاتووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسە باوەکان بەسودە. لەمبارەیەوە وەزیری تەندروستی فیدراڵی ئەڵمانیا لەسەر ئەوە هیوای خۆی هەڵچنیوە. لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئەم دەرمانە لە وڵاتی چین تاقیکردنەوەی لەسەرکراوە. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە داواکاری زۆری لەسەرنییە و کۆمپانیای زەبەلاحی بایەر بەرهەمی ناهێنێت، جگە لەحەبی مەلاریا Resochin ئەمەش پێکهاتووە لە پێکهاتەی وزەبەخش و لەپاکستان بەرهەمی دەهێنێت بەڵام لەناکاو جیهان باس لە دەرمانی Resochin دەکات ،بەو هیوایەی یارمەتیدەربێت لەدژی ڤایرۆسی Covid–19 کە بە کۆرۆنا ناسراوەم ڕاستیەکەشی ئەوەیە ئەو دەرمانە لەسیەکانی سەدەی ڕابردودا لەئەڵمانیا گەشەی پێدراوە..

لەو گوتارەدا هاتووە سەرۆکی ئەمریکا ئاماژەی بەدەرمانی دژە مەلاریادا و هیوای لەسەر ئەوەش هەڵچنیووە لەشەڕی دژە کۆرۆناشدا بەکاربێت، بۆ ئەم مەبەستەو وەک بەدەنگەوە هاتنێک دامەزراوەی ناسراوی بایەر سێ ملیۆن حەبی Resochin بەخشیەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لەکاتێکدا کەڕادەی توشبوون لەو وڵاتەدا لەبەرزبونەوەدایە.

لای خۆشیەوە وتەبێژی دامەزراوەی"بایەر لبیزنیس ئیسنایدر"ڕایگەیاند ئەوەی ئێستە لەپاکستان وەبەرهەمدەهێندرێت دەتوانرێ هەناردەی وڵاتانی دەرەوە بکرێت لەڕێگەی مۆڵەتە تایبەتەکان و دەوڵەتی هاوردەو ئاژانسە حکومیەکانی پاکستانەوەو لەم بارەیەوە ئەمریکا بەخێرایی مۆڵەتی فەرمی بەدەستهێناوە.

دامەزراوەی "بایەر" و نەخۆشخانەی شاریتی ئەڵمانیا ئەم گروپە، کە بارەگاکەی لە شاری لیڤەرکۆزنە، خوازیاری ئەوەن یارمەتی وڵاتانی تربدەن، وەک ئەوان دەڵێن لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆن لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی وڵاتانی جیاجیا بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن دامەزراوەی بایەرن یارمەتیان بدات.

جگە لەوەی یارمەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادرا.

وەزیری تەندروستی ئەڵمانیا کار لەسەر ئەوە دەکات ئەو دەرمانە لە پاکستانەوە بگەیەنێتەوە ئەڵمانیا و قسەش لەسەر ئەوەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ نەخۆشخانەی شاریتی دا وەک کلوروکین بۆ ئەو کەسانەی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەکاربێت، چونکە کۆمەڵێ تایبەتمەندی هەیەو دژە هەوکردن دژە ڤایرۆسەکانن..

چینیەکانیش سەبارەت بەبەکارهێنانی ئەو دەرمانە هۆشداریاندا لەوەی، کە دەبێت بە هەستیاریەوە بەکاربهێندرێت. کاریگەریەکانی ئەم دەرمانە گێژ بوون و سکچوون و قورسبوونی گوێیە. گۆڤاری "ووهان" تایبەت بەبابەتی ڤایرۆسی، جەخت لەوە دەکاتەوە بەهەمان شێوە پێدانی بڕی زیادە لەو دەرمانە مەترسیدارە.

گۆڤاری"فورتشن" نووسیوویەتی بەکارهێنانی مادەی کلوروکین تەنیا لە ژێر چاودێری دکتۆردا دەبێت. ئەم دەرمانە لەگەڵ خانمی دوگیاندا ناگونجێت و ڕێگەپێدراوە نییە.

لەمبارەیەوە پزیشکانی چین بەسنورداری مادەی (کلوروکین)یان بەکارهێناوە و بۆ هەرنەخۆشێک، یەکجار ئەگەر نەخۆشی تری مەترسیداری نەبوبێت. ئەم هەفتەیەش زانکۆی "توبنگین" تاقیکردنەوە لەسەر کۆپیەکی هیدرۆکسی کلوروکوین دەکات، کە هاوشێوەی بەرهەمە ئۆرجینالەکەیە لەسەر نەخۆشی کۆرۆنا.

BUSINESS INDSIDER

گۆڕانکارییەکان و هەواڵی ڤایرۆسی کرۆنا لە وڵاتان و لە هۆڵەندا

دوێنێ ناوی 811 نەخۆشی دیکە، بە تای پەتای کرۆنا لە هۆڵەندا تۆمار کران و ئێستا لە ژیر چاودێری تونددان، 63 کەسیش مردوون، ژمارەی تووشبووان تائێستا ئەوانەی تۆمار کراون گەیشتۆتە 5560 کەس، ئەم فایرۆسە ژیانی کومەڵایەتی خەڵکی بە تەواوی لەهۆڵەندا وەستاندووە. قەربالّغیەکی زۆری لەسەر سیکتۆری تەندروستی وڵاتەکە درووستکردووە.

پەتای کرۆنا لە هەموو جیهانیشدا چرکە بە چرکە زیاتر تەشەنە دەسێنێت و خەڵکانێکی زۆری کوشتووە. تەنانەت ڤایرۆسەکە گەیشتۆتە هەموو ناوچەکی ئەمەریکاش.

بۆئەوەی ئاگاداری گۆڕانکارییەکان و هەواڵی ڤایرۆسی کرۆنا بن لە هۆڵەندا لێرەوە بڕوانن بۆ ئەم لینکە:

https://www.rivm.nl/ni…/actuele-informatie-over-coronavirus…

کۆمپانیای فرینی بووینک داوای یارمەتی 55 ملیارد یۆرۆ دەکات بو پەرەپێدان بە کۆمپانیاکە. بووینک هەر ئەمڕۆ داوایکرد، کە 55 ملیارد یۆرۆ (60 ملیارد دۆلار) دابین بکرێت بو کۆمپانیاکانی فرین لە ئەمەریکا.

ئێستا ئەو کۆمپانیایە زیانێکی زۆری بەرکەوتووە بەهۆیڤایرۆسی کۆرۆناوە. پێشوەخت Persbureau Reuters باسی کردووە کە بووینگ داوای دەیەها ملیارد قەرزی لەدەوڵەت کردووە، چونکە کۆمپانیاکە کێشەی هەیە و ترسیی نەمان و لەناوچوونی دەکات. چەند لەو 55 لیاردە بۆ خودی کۆمپانیاکە بەکاردێت؟ Gordon Johndrie کە وتەبێژی کۆمپانیاکەیە نەیویست باسی بکات. هەروەها ئاشکرا نییە، ئایا بانکەکان ئامادەن ئەو قەرزە بدەن بەبێ گەرەنتیدانی حکومەتی ئەمەریکا. بوینگ دەڵێت بەم یارمەتیەریگەلەوەبگریت کەناچاربیت کارمەندەکان لەسەرکارەکانیان لابببریت. هەروەها هیواداربتوانیت یارمەتی ئەوکۆمپانیا بچوکانەش بدات کەبوخزمەتی ئەوان کاردەکەن. کومپنیاکانی فرین لەئەمەریکا بەکاتیکی زۆر گراندا تیدەپەرن. ئەم سیکتورە 2.5 ملیون شوێنکارو 1700 کۆمپانیای بچووک، کە کاری بۆ دەکات بەتەواوی وەستاوە.

ئەگەر ئەم کارەساتی کورونا ڤایرۆسە بەردەوامبیت، زۆربەی پێدەچیت کۆمپانیاکانی فرین لە کوتایی مانگی ئایاردا ئیفلاس بکات (failliet),.

چیک دەست بەسەر 700 هەزار دەمکدا دەگرێت. کاربەدەستانی چیک دەستیان بەسەر 700 هەزار دەمامکدا گرت، کەهی کۆمپانیایەک بوو هەوڵیدا بوو بەپارەیەکی زۆرتر لەو پارەیەی کە پێشتر پەسەندکرابوو بیفرۆشیت. ئەمە وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە Jan Hamacek رۆژی سیشەمەی پێسوو لەتویتیکیدا ئاشکرای کرد. کۆمپانیاکە وا بڕیاربوو ئەو دەمامکانە بهێنیت بۆ کارمەندانی تەندروستی، بەڵام دواجار نرخی دەمانکەکانی بەرزتر کردبۆوە، بەپێی گفتی وەزیر کە گوایە کۆمپانیاکان هەربەدوای سوودا دەگەڕێن (profiteurs). لە وڵاتی چیک 434 کەس تووشی ڤایرۆسی کرۆنا بوون. وا چاوەڕێ دەکرێت لەداهاتوودا کێشەی کەمی ئامێری هەناسەدان و دەمامک دروست ببێت. ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی خەڵکەکە خویان دەمامک دروست بکەن. کۆمەڵێک، کە ناوی خۆیان ناوە (چیکەکان دەمامک ئەدروون)، لە فەیسبووک 25 هەزار ئەندامیان کۆکردۆتەوە ئامادەن کەلوپەلی بەرگری لە فایرۆسەکە دروست بکەن و پێشکەشی بکەن و بیگەیەنن بە شوێنە پێویستەکان.

وەرگێڕانی: ئەنوەر جۆڵا

وەزیری ناوخۆی چیک لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە داوای لیبوردنیان ، لە کارمەندی نەخۆشخانەکان کرد، لەبەرئەوەی کەلوپەلی تایبەتی بەرگریکردن لە فایروسەکە کەمە و لەم کاتەدا بەشی هەمووان ناکات. تووشبوون بەفایرۆسەکە لە هەر هەموو هەرێمەکانی وڵاتەیەکگرتوەکان ئەم ڤایرۆسی کورونایە ئێستا لەهەر هەموو 50 هەرێمەکەی ولاتەیەکگرتوەکان بڵاوبۆتەوە. CNN باسی کرد. رۆژئاوای فیرجینیا تەنها هەرێمیک بوو، کە تا ماوەیەک پێش ئێستا فایرۆسەکەی تییدا نەبوو. بەڵام پاریزگار Jim Justic ئاشکرایکرد، کە لە هەریمەکەی ئەویش ڤایرۆسەکە بڵاوبۆتەوە. ژمارەی تووشبووان بە فایروسەکە ئێستا سەرو 6000 کەس دەبێت و تا ئێستاش 101 کەس بەهۆی ئەو توشبوونەوە کوچی دواییان کردووە.

فایرۆسی کۆرونا و دیاردەکانی بۆ گشت جیهان:

زیاتر سنووردارکردن لە ئوسترالیا:

سەرۆک وەزیرانی ئوستورالیا Scot Morrison داوای لەدانیشتوانی وڵاتەکەی کرد، کە نەچنە دەرەوەی وڵات. لە ئێستاوە کوبونەوەی لە100 کەس زیاتر کە پێویست نەبێت قەدەغەیە.

سەرۆک وەزیران ئایا ئەمە حاڵەتێکی تایبەتییە کە لە 100 ساڵدا جارێک کارەساتێکی وا رووبدات. Morrison چاوەریی ئەوە دەکات کە ئەم کێشەی کورۆنایە بەلای کەمەوە شەش مانگی دیکە دەخایەنێت. زیاتر لە 450 کەس تووش بوون، 5 کەسیش کوچی دوایی کردووە. خوێندنگاکان و دانیشگاکان تا ئێستاش بەکراوەیی دەمێننەوە. ئوستورالیا پێش ئێستا کوبونەوەی 500 کەسی بەرەو ژووری قەدەغەکردووە، بەو هۆیەوە وەرزشی گەورە و ئاهەنگی کەلتوری گەورەشی قەدەغە کرد. دەوڵەت داوای لەو خەڵکانە کرد، کەلەدەرەوەی وڵاتن بەزوترین کات بگەڕێنەوە بۆ ئوستورالیا پێش ئەوەی وڵاتەکەیان چوونەدەرەوە قەدەغەبکات. بو ئەوەی کێشەی ئابوری دروست نەبێت بەهۆی فیروسەکەوە حکومەت 5.9 ملیاردی دانا بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە. هەموو ئەو کەسانەی کە دینە وڵاتەکەوە دەبیت 14 رۆژ کارەنتین بکرێن.

بونیادە سۆفیگەرایییەکان لەدەقی شیعریدا

فەرەیدوون عەبدول



نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

پێشەکی:

سۆفیگەرایی یەکێکە لەسێکتەرە گرنگەکانی ئەدەب، بەتایبەتی لەدەقە شیعرییەکاندا، کەبەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و لە سەردەمی دامەزراندنییەوە، لەکۆمەڵگای ئیسلامدا، کاری لەسەر کراوە وفۆرمێکی تایبەتی بەخۆی خوڵقاندووە کەئەو فۆرمە بەشێکە لەچەمکە لادانەکان بەتایبەتی لەبەرامبەر ئایندا.بەر لەوەی سۆفیگەرایی بەدەربکەوێت، شیعر بوونی خۆی هەبووە وشێوەیەک بووە لەشێوە دەربڕینە سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی وفیکرییەکان،لەمەش زیاتر توانای بەرجەستەکردنی دەربڕینە هەستییەکانی هەبووە و هەیە. ئەم بەرجەستەکردنە، لە لایەکەوە، ڕاستییەکانی خاوەن دەق نیشان دەدات، لەلایەکی تریشەوە کەسێتی ڕەهەندە سۆسیۆلۆژی وفیکرییەکانی تێکڕای خەڵکی وکۆمەڵگا.

هەر لەبەر ئەمەشە گەورە نووسەر وزانای ئیسلام الجاحظ (776–868) لە کتێبە بەنرخەکەیدا (البیان والتبین)دا دەڵێت: "شیعر ئامرازێکە لەئامرازەکانی ژیان" (الجاحظ: 7).کەواتە لەکاتێکدا شاعیر دەقێکی شیعری دەنووسێت ئەوا بەر لەهەموو شتێک پێویستە خۆی بەشێک بێت لەبابەت وناوەڕۆکی ئەو دەقە (سعید احمد:9).بەڵام سۆفییگەرایی،کەفیداکاری دروشمێکی سەرەکی ودووركەوتنەوە لەچێژە میترياڵییەکانی ژیان بۆتە ستراتیژییەتی کارکردن وهەڵوێستە،تەنها خۆی نەبەستۆتەوە بەڕەهەندە ئاینی وفەلسەفییەکانەوە بەڵکو پەلیکێشاوە بۆ چەمکە ئەدەبییەکان بەگشتی وشیعر بەتایبەتی،خاوەنەکەشی لەڕێگەی ئەزموون وهەوڵە تایبەتییەکانی، لەڕووی تیۆر وپراکتیکەوە،لەهەوڵی گەیشتن بەئامانجە باڵاکاندایە.ئەمە هەر لەئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی نەداوەتەوە،بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆشی بەئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە بەنموونەی ئەدەبی عەرەبی وفارسی وتورکی. سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە یەکێک لەشاعیرە نوێخوازەکانی هەڵبژاردووە، ئەویش (فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی)یە، بەو پێیەی خاوەن کەسێتییەکی ڕۆحی و خۆڕسکییە، کە لەنێو خەڵکیدا بە شاعیرە ناسکەکە ناسراوە. خاوەنی چەند دیوانێکە، کە لەم دواییەدا هەموویانی لەنێو کۆبەرهەمەکانیدا کۆکردۆتەوە بەنێوی "دیوانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ".



ئەم دیوانە ساڵی (2018)، بە شێوەیەکی گشتی و هەر لەسەرەتاوە، هەڵقوڵاوی بنەما سۆسیۆلۆژییەکانە بەتایبەتی لە بازنەی خۆشەویستیدا، وەک ئەوەی بابەتەکانی مۆتیڤێک و سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخی چەمکە واقیعی و میتافیزیکی و سۆفیگەراییەکان بێت. ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری شاعیران بایەخیان بەم ڕەهەندانە نەداوە کەڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ سەرقاڵیان بەبابەتە فیکری وسیاسییەکانەوە بێت.بەڵام لەفەرەیدوون عەبدول بەرزنجی دا بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کەشاعیر دەیەوێت تەواو دووربکەوێتەوە لەجەنجاڵییەکانی ژیانی ڕۆژانەی تێکڕای خەڵکی ولەبەرامبەردا زیاتر بیر لەبابەتەکەی خۆی دەکاتەوە کەبەڵایەوە وەک نیشتمانێکی لێهاتووە.بەمەش جگە لەو گۆشە وکونجەی کەخۆی بەویژدانەوە باوەڕ ومتمانەی پێی هەیە ئەوا سەرجەم دەرگاکان لەسەر خۆی دادەخات ،وەک دەرویش وکەسێکی سۆفی مەنەڵۆگ لەگەڵ بابەتە سەرەکییەکەی خۆیدا دەکات.بەمانایەکی تر،فەرەیدوون جیهان لەبابەتەکەی خۆیدا دەبینێتەوە ولەڕێگەی دابڕان وگۆشەگیری وتەنیاییەوە ڕاڤەی بۆ دەکات. ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەزموونە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە شاراوەکانی ڕاستییەکانی بەشێک لە ژیان ئاشکرا دەکات. بەمەش ستراتیژییەتی شاعیر تەنها بریتی نییە لەد دربڕینە بابەتییە شیعرییەکانی، بەڵکو بۆتە میتۆدێکی ڕەوشتی لە جۆری نموونەیی. هەر لەبەر ئەمەشە هەمیشە ملکەچی ئەم میتۆدەیە و بەئاشکرا لە پێناویدا دەجەنگێت.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە ئەم ئامانجانەی لای خوارەی بەدەستهێناوە:

– گەڕانەوەی زەمەنە جەنجاڵییەکانی ئێستا بۆ زەمەنی جوانی وبەها زاڵە نموونەییەکان.

بڕوانە لاپەڕە 8

بونیادە سۆفیگەرایییەکان لەدەقی شیعریدا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە

پاشماوەی لاپەڕە 7

یان بۆ سروشتی باوەڕە پیرۆزەکان کەخۆیان لەپەیوەستێتی ئایدیاڵیزمدا دەبینێتەوە. – هەستکردن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر ڕاستییەکانی زەمەنی ئێستا ئەویش لەڕێگەی ڕەهەندە ئایدیاڵیزمەکانی مرۆڤایەتی کەمەرج نیە دەقی شیعری هەر خۆی ببەستێتەوە بەچەمکە سیاسی وئابووری وفیکرییەکانەوە،بەڵکو کەرەستەکانی سۆسیۆڵۆژیا نموونەییەکان وەک دادپەروەری ویەکسانی وخۆشەویستی یەزدانی بەردەوامیان هەیە گەرچی مەسەلە میتریاڵییەکان هەمیشە ڕێگر بوون لەدەرخستنی ڕاستییەکان وەک ئەوەی کە هەیە.

– خوڵقاندن ودامەزراندنی پەیوەندییە پۆزەتیڤییەکان بەتایبەتی لەنێوان مرۆڤ وەک خودێکی هەستیار وژیر لەگەڵ جیهانی دەرەوە،ئەمیش وەک بابەتێکی مرۆڤایەتی کەلەسەر بنەماکانی دادپەروەری ویەکسانی وئایدیاڵیزمی دامەزراوە کەڕێگە نادات بەو خودانەی کەتەنها بەرژەوەندی خۆیانیانی دەوێت.واتە شیعرە سۆفیگەراییەکان،بەنموونەی دەقەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی،لەبنەڕەتدا پێکهاتووە لەهەستێکی پاکی مرۆڤایەتی کەئامانجی سەرەکی ئەم هەستە بانگەشەی تێکڕای خەڵکییە بەمەبەستی بەشداریکردن لەو هەستەدا. – وروژاندن وڕاکێشانی تێکڕای خەڵکی بۆ نێو چەمکە تێگەیشتن وهەستییەکان،بەوپێیەی ونبوونی ئەم چەمکانە،بەتایبەتی لەزەمەنی ئێستادا، دەبێتە ونبوونی بەها زاڵە ئایدیاڵیزمییەکان.جگە لەمە،ئەم وروژاندن وڕاکێشانە بەمەبەستی خولقاندنی گوتارە سۆسیۆڵۆژییەکانە تا تێکڕای خەڵکیش ،هاوشێوەی خودە بکەر وبزێوەکان،بەشدار بن لەپڕۆسەی ئەم گوتارە.ئەمەش کار ئاسانی وڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی جارێکی تر مرۆڤ،بەشێوە گشتییەکەی،بایەخ ومامەڵە لەگەڵ کەرەستەی بەها زاڵە ئایدیاڵیزمەکاندا بکات.ئەمەش،لەگۆشەیەکی ترەوە،بەو مانایە دێت کەتێکڕای خەڵکی،بەبێ بیرمەند وفەیلەسوف وشاعیرەکان،لەلایەکەوە مافی خۆیانە بەشدار بن لە پڕۆسەی گوتار،لەلایەکی تریشەوە ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە ودواتر ڕاڤەی شتەکان بکەن. – دامەزراندنی پەیوەندی شیعر بەبنەماکانی سۆفیگەرایی.وەک لەپێشەکییەدا ئاماژەمان پێدا،کە سۆفیگەرایی زیاتر خۆی لەچەمکە ئاینی وفەلسەفییەکاندا دەبینێتەوە و بەشێوەیەکی گشتی دووڕە پەڕێزە لە مەسەلە سۆسیۆڵۆژییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، پەیوەندییەکی تەواوکاری تۆندوتۆڵ لەنێوان شیعر و سۆفیگەرایدا هەیە، بەو پێیەی هەردووکیان لەڕێگەی جیهانە میتافیزیکییەکانەوە دەتوانن بچنە نێو بابەتە واقیعییەکانی ژیان.ئەمەش وایکردووە کەئەزموونی هەردووکیان لەیەک خاڵدا یەک بگرێتەوە ئەویش ئاشکرا کردنی واقیعە بەمیتریاڵ و ئایدیاڵیزمەوە. یان هەردووکیان یەک جیهان کۆیان دەکاتەوە کەئەویش ڕۆحە شاراوەکانە.بەمەش ئەزموونی هەردووکیان بریتیە لەئەزموونێکی ویژدانی ومرۆڤایەتی وەک ئەوەی خودی بکەری شاعیر یان سۆفی لەپێناو بەها جوانەکاندا کار دەکات (امین أحمد:173)،کەئەمە وەک نموونە لەشیعرێکی (رابعه العدویه (713–801) دا بەدی دەکرێت لە کاتێکدا دەڵێت:

أحبک حبین،حب الهوی وحب لأنک أهل لذاکا (عبدالرحمن بدوی:64)

عەشقت خوێنە بەدڵما هاتو چۆ دەکا

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ

گەورە دەبێ سەوز دەبێ و چڕۆ دەکا

گیانە ئەوەی لەمن زیاتر

تۆی خۆش دەوێ

بێ گومان بە درۆ دەکا (فەرەیدوون:156)

لەهەمان کاتدا،سەرچاوەی ئەزموونی هەردووکیان خۆی لە دەربڕینە ڕاستگۆییەکاندا دەبینێتەوە، چونکە هەردووکیان دەرئەنجامی ئێش و ئازار و بێبەشکردن لەدایک بوون. بەمەش دیدی هەردووکیان بریتیە لەدیدێکی جیهانی،دوور لەتاکگەرایی. بەمانایەکی تر، گەرچی سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە داوە، کە هەردووکیان، لەدەستیشانکردنی ڕێژەی ئەزموون، جیاوازن، بەڵام لە بازنە هەستی و عەقڵی و خەیاڵییەکاندا یەکدەگرنەوە. واتە ڕاستییەکانی هەردووکیان خۆیان لەڕاستییە مرۆڤایەتی و ئامانجی و مەبەستییەکاندا دەبینننەوە، کە دەرئەنجام هەردووکیان دەیانەوێت بگەن بەو ئامانجە پیرۆزی کە مەبەستیانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جیهانی میتریاڵ چەند دەوڵەمەند و کاریگەر بێت ئەوا ناتوانێت کۆتایی بەبەها زاڵە ئایدیاڵیزمەکان بهێنێت.

– کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە بونیادە سۆفیگەراییەکان لەدەقە شیعرییەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی دا جێگە بکاتەوە، بەو پێیەی مەرج نییە هەر دەقێکی سۆزداری و خۆشەویستی دەرئەنجامی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بێت، گەرچی دراوسێیەتییەکی نزیک و گەورە هەیە لە نێوانیاندا. لەهەمان کاتدا خوێندنەوە ڕەخنەییەکان لەئەدەبیاتی کوردیدا وەک پێویست بایەخیان بەدیالێکتیکای نێوان سۆفیگەرایی و دەقی شیعری نەداوە، ئەمە لەکاتێکدا بەشێک لەشاعیران، بەئاگایی بێت یان بێ ئاگایی، کاریان لەسەر بنەماکانی سۆفیگەرایی کردووە، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی کەلەنێو بازنەیەکی دیاریکراوی مرۆڤایەتی و سۆشیاڵیدا دەقەکانیان دەنووسن.

لە ژمارەی ئایندەدا بەشی دووەمی ئەم بابەتە بڵاودەکەینەوە.

پلانی لێکۆڵینەوەکە دەربارەی بونیادە سۆفیگەراییەکان لەدەقی شیعریدا ... فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە دەخەینەڕوو.

مرۆڤەکان لە بنەڕەتەوە هەموو جوانن...!

فاروق هۆمەر

مرۆڤەکان لە بنەڕەتەوە هەموو جوانن، ئەمڕۆ هەر ڕۆژێک دێ و ئیدی ئێمە هەموو هەوڵدەدەین بەشێکی ئەو ڕۆژە، بۆ خۆمان بەرین و بە جوانترین شێوە خۆمانی پێ بڕازێنینەوە.

ڕۆژی خۆشەویستی، ڕۆژی دایک و ڕۆژی باوک...هتد. ئیدی هەموو خێرا وێنەیێک دەهێنین و لەسەر وێنەکە باوک و دایک و کەسەکانمان گەورە دەکەین و بە گەورەیی ئەوان دا دێینە خوارەوە و شاعیرانە لێیان دەدوێین.

لێرەدا دەشێت بپرسین، کە هەمووان ئەوەندە جوان و چاک و پیرۆزن ئیدی ئەو دونیا خراپەی ئێمە کێ دروستی کردووە و کێ لێی بەرپرسیارە؟ ئەو هەموو گەندەڵە، ئەو هەموو ژن و پیاوانەی، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دونیای ئێمەیان ناشرین کردووە، تۆ بڵێی لە هەسارەیێکی دییەوە هاتبن و هیچ پەیوەندییەکیان بە خێزانەکانی ئێمەوە نەبێت و ئەوانە دایک و باوکی ئێمە نەبن..؟

هەموو ئەو کەسانەی لە هەر کونوقوژبنێکەوە خەریکی ناشرینکردنی دونیای ئێمەن و بەردەوام لەسەر شەقام و ساختومانەکانی پەروەردە و تەندروستی و شارەوانی و ئێرە و ئەوێوە دەستیان ناوەتە وێرانکردنی دونیای ئێمە بۆ خۆشیان دایک و باوکی زۆرینەیەک نین لە ئێمە...؟

با ئێمە لەو چیرۆکە بڕوانین و هەوڵبدەین کەمێک لەگەڵی بڕۆین، کەرۆیشکێک کۆمەڵێک بێچووی هەیە و ناچار بۆ ئەوەی ورگیان تێربکات دەیانباتە نێو مێرگوزارێک و لە شوێنێکەوە بۆ خۆی دەوەستێت و لێیان دەڕوانێت...!

لە نزیکی ئەویشەوە گورگێک دێت و خۆی لێ مەڵاس داوە تاوەکو پەلامارێک بدات و نێچیری شەوی خۆی بۆ بەچەکانی بباتەوە.

هەم بێچووە کەرۆیشک، هەم بێچووە گورگیش هیچ شتێک دەربارەی بخۆر و خوراو نازانن و بەرپرسیش نین لە هەڵسوکەوتی دایکوباوکەکانیان. (لە کاتێکا ئەگەر بە ڕێکەوتێک و ترس ڕێگەیان بدات کەرۆیشک و گورگ بێچووەکانیان تێکەڵاوی یەک بکەن ئەوا هەموویان پێکەوە دەکەونە یاریکردن لەگەڵ یەکدی)، بەڵام هەردوکیشیان وەک دوو گیانداری زیندوو بە مافی خۆیانی دەزانن کە بژین و بمێنن و لە پێناوی مانەوەدا پەلاماری یەکدی بدەن.

ئێمە دەزانین هەم بێچووە کەرۆیشک و هەم بێچووە گورگیش، هەردووکیان وەک یەک شانازی بە دایک و باوکی خۆیانەوە دەکەن و لە ڕۆژی دایک و باوکانیش بەوپەڕی لە خۆڕادیوویەوە وێنەکانیان دادەنێن و بە چاکی و گەورەیی ئەوانیشدا هەڵدەڵێن و شانامەیان دەخەنە پاڵ. مەبەستی من لێرەدا بەراووردی مرۆڤ کە باڵاترین و ژیرترین گیاندارە بە گیاندارانی دی لە نمونەی کەرۆیشک و گورگ نییە و بەراوردی کۆمەڵگەی مرۆیش، کە هوشیاری ڕێکیخستووە بەو کۆمەڵگەی گیاندارانەوە نییە، کە سروشت ڕێکیخستووە و یەک ئەوی دی دەخوات، ئەوەندەی دەمەوێ بڵێم ئێمەی مرۆڤیش کتومت وەک هەر ئاژەڵانێکی دی شانازی بە دایکوباوکانی خۆمانەوە دەکەین و ئەگەر چیش زۆر دڵنیاشبین یان نەبین، کە باوکمان یاخود دایکمان دەستی لە خوێنی خەڵکیش سووربێت و هۆکاری برسێتی و نەهامەتی و داماوی ئەو کۆمەڵگەیێش بێت، هێشتا مافی خۆمانە شانازییان پێوە بکەین، چونکە ئێمەش وەک ئاژەڵان لە کۆمەڵێک پێداویستی و ناچاری سروشتی خوڵقاوین. کاتێک کۆمەڵگە مرۆییەکان دەخزێنە ناو ترازانی گەورەوە، ڕەوتی کۆمەڵگە تووشی ناسازی دەبێتەوە ئیدی ئێمەش هۆش و ئەدگاری مرۆیی لە دەست دەدەین و ئەو شانازیکردنەش بە باوک و دایک و خۆشەویستەکانمانەوە بەبێ دید و ڕوانین و لێپرسینەوە دەبێتە سیفاتێکی گشتی و ئیدی هەندێکمان دەبینە کەرۆیشک و لەلایەن گورگەکانەوە دەخورێین و کۆمەڵگەی مرۆییش لە قۆناغی هوشیاریی خۆیەوە دەخزێتە نێو کۆمەڵگەیێکی ئاژەڵییەوە. با لێرەیش پرسیارێکی دی لە هەمان نموونەی سەرەوە بهێنینە دەرێ، ئێمە کاتێک هەموومان چۆن کارامەین لە جوانکردنی وێنەی دایک و باوکەکانمان، ئاواش لە هەمان کاتا ئەوپەڕی کارامەین لە بە مرۆڤ نیشاندانی خۆمان و زۆر زیرەکانە کلک و گوێ لە خۆمان دادەماڵین. بزانین کەسێک لە ئێمە لەو کۆمەڵگە ئاژەڵی و وێرانەدا، بوێری ئەوەمان هەیە وەک بەچکە گورگێک ددان بەوەدا بنێین و بڵێین من باوکم یان دایکم ناچارە بۆ تێرکردنی ورگمان پەلاماری شارێک و وڵاتێک بدات و تێکی بشکێنێت.

زانایانی ئایینده: دوای قەیرانی کۆرۆنا، لە کۆمەڵگایەکی باشتردا دەژین..!

موزەفەر عەزیز

ئێمە لەناو قەیرانەکەداین. جارێ نازانین رۆژانی دادێ بەهۆی ڤایرۆسی کرۆناوە چی لێدێت، بەترس و بەبێدەنگی لەگەڵ ئازیزان، یاخود بەتەنها لەگەڵ خۆماندا دەژین .دووری ئێمە و داهاتوو لەم رۆژگارەدا تەنێ چەند کاتژمێرێکە، لەبەرئەوەی ئەوەی کاتی ئێستای تێدا دەژین دەکرێ دوای چەند دەمژمێرێکی دی ببێتە رابردوویەکی گەلێ دوور. هەرئەوەش نا، ئێستا کاتێ هەست بە تەندروستییەکی باش دەکەین، رەنگە دوای چەند کاتژمێرێکی تر ببێتە حاڵەتێکی گومان لەخۆکردن. هەرئەمەش نا پۆلەتیک و کومەڵە و کارگەکانیش لەماوەیەکی کورتخایەندا ناچار بوون و هێشتاش ناچارن لەسۆنگەی ڕەوش و پێشبینیە نوێکانەوە ڕێکاری تر بگرنەبەر.

بەمشێوەیە هەفتەی رابردوو تیپی تۆپی پێی لیگا دواجار ئاشکرای کرد، کە دەیانەوێت هێشتا یاری بکەن، ئەم بڕیارەش تەنها بۆئەوەی چەند کاتژمێرێکی تر بەدەستبهێنن، بەڵام مرۆڤی واش هەن، داهاتووی خۆیانیان لەپێش چاوان داناوە، کە ڕەنگ بێت لە چەند کاتژمێرو چەند ڕۆژێکدا بێت. ئەوان پرسیار لەخۆیان دەکەن، ئاخۆ کاتی پۆست کۆرۆنا (دوای کۆرۆنا) لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤایەتیی چۆن دەگوزەرێت؟ ناسراوترین زانای ئایندەی ئەڵمانیا "ماتیاس هۆرکس "تازە بۆ دەزگای میدیا "کرێس"نووسیویەتی و تێیدا ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەو دنیای دوای ئەو قەیرانە چۆن دەبێت؟ ماتیاس هۆرکس لەپایزی ٢٠٢٠وە چاودەبڕێتەوە ئەمڕۆ و هۆرکس بەڕێکارێکدا دەچێتەوە بە"ڕێ–گنۆزە"Re–Gnose ناوی دەبات. تێگەیشتن لەمە کەمێک ئاڵۆزە، بەڵام لەچاوخۆشیدا بەلای خۆیتدا ڕادەکێشێت. ئەمەش تەواو جیاوازە لەگەڵ پێشبینی "pro–Gnose" پڕۆگنۆزە واتا شتێک بەر لەڕوودانی دەڵێین وپێشبینی دەکەین، بەڵام ڕێ گنۆزە، واتە ئێمە لەداهاتووەوە سەیری ئەمڕۆ دەکەین.

ئیدی ماتیاس هۆرکس بەمجۆرە لەپایزی ٢٠٢٠ ەوە ئاوڕ لەمڕۆ دەداتەوە. ئەو خۆی خستۆتە نێو سێپێتێمبەری ئایندە، واتا دروست نیوسالٌ دوای ئێستا، لەقاوەخانەیەکی سەرجادە، کە شەقام دیسان لەئاپۆرای خەڵک جمەی دێت. "شەرابەکە تامی خۆی هەیە، کۆکتێلەکە،قاوەکە، هەروەک بەرێیە؟ هەروەک پێش کۆرۆنا؟ هەروەها خۆشتریشە؟ بۆچی ئێمە بەو چاولێکردنە سەرسامین؟"ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە هۆرکس بەخەیاڵ لەخۆی کردوە. جا هۆرکس ئەوەی لەو ئاوڕدانەوانەدا بینیویەتی پێشبینی ئەرێنی لەرادەبەدەربوون لەچاو ئەمڕۆ. ئەو پیاوە لەپایزی ٢٠٢٠ کۆمەڵگایەک دەبینێت کە لەوەتای کۆرۆناڤایرۆس پەیدابوە"لە جیهانی هۆرکسدا دیارە ئەو ڤایرۆسە ون نابێت،بەڵکو ئێمە دەبێ خۆمانی لەگەڵدا رابێنین"چووینەتە نێو ئاییدەیەکی باشترەوە. بەشێوەیەک"ئێمە بەخۆمان سەرسام دەبین،لەو دوورکەوتنەوە کۆمەڵایەتییەی دەبوو ئەنجامی بدەین، چیتر هەست بە تەنهایی نەکەین"، هۆرکس وای نووسیوە بۆ شوێنێک لەبەرهەتاو لە پایزی ٢٠٢٠" لەو جیاوازییانەش ئەو ماوەی نێوانەی لاشە، کە ڤیرۆسەکە وایکردوە لەهەمانکاتدا لە شتێکی نوێی نزیک بێتەوە. ئێمە بە کەسانێک ئاشنا دەبین، کە پێشتر هەرگیز نەماناسیون. ئێمە جارێکیدی بەردەوامی بە یوەندییەکانمان لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکانمان دەدەینەوە و تووندوتۆڵتری دەکەین، ئەوەی کە خەریک بوو کرچ وکاڵدەبوون. خێزانەکان، هاوسێیەکان،هاوڕێیەکان لەیەک نزیکتردەبنەوە و ئەو تەنگژە و گرفتانەی هەشیان بووە هەتوانی دەکەن". کۆمەڵگە وەک هۆرکس بۆی دەچێت هاوکارترو لەگەڵ یەک ڕووخۆشتر دەبن وتوڕەیی لەیاریگاکانیشدا کەم دەبنەوە،ئەو ئایندە دیگیتاڵییەی پێی رازی بووین،وچانێکی پێدەدەین و ئیتر دیسان بەکتێب خوێندنەوەوە خەریک دەبینەوە،دنیا وەک هەیەو وەک خۆی دەبینینەوە،گاڵتەبەیەکردن و ئاریشەکان و گرفتەسیاسییەکان،هەموو ئەوانە هۆرکس وای بۆدەچێت لەجیهانێکی جوانی نوێدا دەبن بەرابردوو یاخود هەوڵی ون بوون دەدەن. ئێمە دەبینین کە مرۆڤ ومرۆڤایەتی لەسەرووی ئەو زیرەکییە دەستکردەیەو زۆر لەوەزیاتریش بڕەکات. هەروەها ئابووری جیهان و ژیانیشمان دەبینینەوە کە تەواو پێچەوانەی پێشبینییەکانی کاتەکانی بەر لەکۆرونایەو کە باسوخواس تەنها هەرەسهێنانی ئابوری وبازاڕو کاغەزە دارایەکان بوو. هۆرکس لەپاش ئەو نمونانە دێتەسەر باسی ئەو هەڵخەڵەتاندن ودنیابینییە ساختەیە:" ئێمە سەیرمان پێدێت کاتێ بەهۆی بۆرسەوە سەرمایەکانمان لەدەستدەدەین هیچ خەمی لێ ناخۆین و هەست بەئازارەکەی ناکەین کەپێشتر بۆمان بەژان بوو.لە دنیاتازەکەدا سەرمایە لەپڕێکدا هیچ ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی نامێنێت. لەوانە هەمووی بەلاتانەوە گرنکتر هاوسێیەکی باش و باخێکی رازاوەی سەوزومیوەیە." ئەو بەڕاستی پرسیارێکی سەیریش دەکات:" ڕەنگە وای لێ بێت،ئەو ڤیروسە ژیانمان بە ئاڕاستەیەک بگۆڕێت،کە دەبوو هەر بگۆڕێت؟" ئەو حاڵەتە بەزۆر پێکراوە ئاماژەیە، کە ئەگەری جیهانێکیتر لەئارادایە..!

بڕوانە لاپەڕە 11

زانایانی ئایینده: دوای قەیرانی کۆرۆنا، لە کۆمـــــەڵگایەکی باشتردا دەژین..!



ماتیاس هۆرکس پاشماوەی لاپەڕە 10

لەم خاڵەدا مرۆ بێ دوودڵی ماف بە رایەکەی هۆرکس دەدات:نا ئارامی سەرمایەداری وکێشمەکێشی ژینگەپارێزیی وپەرەسەندنی ئابووری گێتی،بەو هیوایەی کەبتوانین بەختەوەریی وشادی بگەڕێنینەوە وپەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان پتەوبکەینەوە و بەکاربەر رازیبکەینەوە کەئەڵمانیاو وڵاتانیتریش ماوەیەکی زۆرە تێیکەوتوون٠ بەڵێ ئەمە "پیاو دەبێت ئیدی"–هەستی ئەوەی هەبێت، کەهێشتا پێی نەگەیشتوە و لەبەرامبەر ئەوەی بڵێ "کە بەڵێ ئیتر ناتوانین هیچ بکەین" هەستەکانمانی بۆ بخەینەگەڕ٠ هەنوکە ئەو بارە نوێیە بەزۆرسەپێنراوە کە دەبێتە مایەی ئەگەری دنیایەکیتر٠ جا گەربێت و مەکینەکانیش وا بەردەوام کوژابنەوە، وەک دەگوترێ مۆتۆڕی پاپۆڕی کۆمەڵگەش لەسەر دەریا بەویستی با و شەپۆلی دەریاو بەبێ هیچ ناخودایەک دەجوڵێت،ئێمە دەژین٠ ئێمە ئاوا بەردەوامین لەژیان٠دەخۆین ودەخۆینەوەو کاردەکەین ودەنووین–بۆ ئەمەش چەندین تەن کلێنێکسی تەوالێتمان لەژێرزەمینەکاندا داناوە٠ هەرچی هۆرکس نوسیویەتی زۆر بەباشی خۆی خۆیادەکات٠ زۆربەی ئەڵمانەکانیش بەگریمانە–بۆ جیهانێکی نوێی وەها بەبێ بیرکردنەوەیەکی قوڵ ئیمزا دەکەن٠ بەڵی خۆی لەوە نەبان ناکات،کەبەڵێ رێ گنۆزەش هیچی لە پرۆگنۆزە زێترو جیاوازتر نییە.

گەر بێت و بەرەواژیش بنوسرێتەوە٠ئەوە دیسان نازانین چۆن لەم قەیرانە دەرچین٠ ئەو ئاکامانەی پێیدەگەین چین وبەر لەهەمووشیان چۆن پارێزگاری لەژیانی ئێستامان دەکەین بەچ چەشنێک پێداویستییەکان کەمتربکەینەوە٠ گەر کەسێک هەفتەیەک ناچاربکرێت تەنها قوتویەک فاسوڵیای وشک بخوات،ئەوکاتە لەوانەیە خۆی بەخۆی بڵێت:لەراستیدا پێویست ناکات هەموو ئێوارەیەک برۆم خواردنێکی باش بخۆم٠ ئەوسا درک بەوەش دەکات، کە قوتوەفاسوڵیاکەی سەردەمی قەیران بەکۆتاهات؟ گەر دەرفەتی بۆ برەخسێتەوەو جارێکی دی سەردانی ئیتاڵیا بکاتەوە؟ ئەوا لەوانەیە ئەمرۆ بەچاوێکی رەشبینانەوە ببینێت:نەتەوەکان لێکهەڵدەوەشێنەوەو ببری ئاوڕوپایی کەڤێگا بەڕاستیی زۆرچاک و پێویست بوو لەپراکتیکدا نەماوە٠ بنەمای باوەڕیی وسەرتاپای تەندروستیی جیهانی مرۆڤ وپەرەسەندنەکانی دەرمانسازی بەلایەنی کەم هێڵی بەسەردا کێشراوە٠ ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر هەموو شتێکدا نییە٠

ئێمە ئێستا ئایینده‌مان لەمستمانە:

زانای ئایینده" دانیل دێتلینگ" لەبەشداریەکیدا بۆ تۆڕی ئەڵمانیای ئازاد "RDN" کە رۆژانی دادێ پەخشدەکرێت، هاوشانی سیناریۆیەکی ئەرێنی کاتی پۆست کۆرۆنا "پاش کۆرۆنا"



ئەلتەرناتیڤێکی نەرێنیش باس دەکات "ئامارو زانیارییە تەندروستییەکان بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، بۆیە لەبەر پارێزگاریی زانیاریی وپارێزی ڤیرۆس ئەم رێکارە نەماوە٠ تاکوتەرا رێگە بەهەندێ دۆسێ دەدرێت، کەبەدواداچونی بەردەوامی بۆ بکرێت، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کەسی توشبوو لەشوێنی خۆی لەلایەن دەوڵەتەوە پەڕگیرکراوە"و ئەمەش تاکە خاڵی بینینیەتی لەتاریکیدا، یاخود لەسەرئاستی نیشتمانیش جیهانگیریی بۆتە هۆی نەهێشتنی شارستانییەت وکۆچکردنێکی نوێ ،ئەمەش وایکردوە شارەکان ببنە تورەترین شوێنەکانی دنیا٠ ئاراستەو مۆدێلی ژینی تەنهایی وبەردەوام ماڵی بچوک وبچوکتر وایکردوە خەڵکی شار بڕوای بەخۆی نەمێنێت٠ئەوەی دەتوانێ، بابگوازێتەوەو بچێتە دێیەک و لەوێ خۆی خۆی بژێنێت٠" ئەمە دەبێ نیشانی بدات :کە نەکرا بزانین لەئایندە بەکامە رێگادا بڕۆین٠ ئێستا هەرچەند گەلێ بەوەوە سەرقاڵین لەپیناو جڵەوگرتنەدەست٠ لەهەر قەیرانێکدا چانسێک هەیە،قسەی ئەم بەرواره بێگومان بۆ ئەمڕۆشە٠جا گەر جیهان لەپاییزی داهاتوو یا لەئایندەیەکی دوورتردا جوانتر بێت یا نا،وەک ماتیاس هۆرکس پێی وایە کەجۆرەپێشبینییەکە لەئایندەو بۆ ئێستا روانینە جارێ ئەوە نازانین٠بەڵام جوانییەکە لەزانیارییەکانە کە ئێمە بەگوێرەی ئەو ئەزموونەی ئەمرۆ هەمانە،بەدەگمەن وڵەدوای جەنگی جیهانی دووهەمیشەوە، ئەو بوارەمان بۆنەڕەخساوە کە کۆمەڵگایەکی نەو بنیادبنێین٠ بەڵام ئێستا لەدەست خۆماندایە٠"RND"

سەرچاوە: هەواڵەکانی ئێم ئێس ئێن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە هەژی گوتنێیە هەوڵەکان بۆ چارەسەریی پەتایەکە بەردەوام لەئاراداان، دەشگوترێت ئەم فایرۆسە سروشت بۆ پاککردنەوەی خۆی دروستی کردووە، ئەوەتا ژینگە بەهۆی وەستانی ئەم هەموو ئوتومبێل و کارگە و موتۆڕ و فڕوکەخانانەوە ٢٥٪خۆی لەهەوای پیس پاک کردۆتەوە! ئەم ئەزموونەی ئەمرۆش ئیدی دەبێت ببێتە وانەیەک و مرۆڤە هۆشیارەکان بەئاسانی لێی دەربباز دەبن و پەیامێکیشە بۆ هەمووان لەپێناو جوانترکردنی ئایندەیەکی نوێ، لە کۆتاییدا هیوای بەختەوەریی و تەندروستیی بۆ هەمووان دەخوازم٠

وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز

قیرۆسی کۆرۆنا ڕەوتی نەخۆشکەوتن بە Covid-19 بەم شێوەیەیە.....!

بەرنامەی هەفتانەی"سەردانی پزیشک بۆ لای نەخۆش" لە کەناڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیی باکوری ئەڵمانیاوە. لێرەدا ناوەرۆکی ئەم بەرنامەیەی تەلەفزیۆنم بە سادەیی بۆ کردوون بە کوردی و زانیارییە پێویستەکان لە بارەی ئەم نەخۆشییەوە بزانە:

گرتنی نەخۆشییەکە:

لە کاتی پژمین و کۆکیندا قیرۆسی کۆرۆنای ناو دەمی نەخۆش بە خێرایی ١٥٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەرئەپەڕنە ئەو دوروبەرە، زۆر خێرا بڵاو ئەبنەوە و بە هەموو شتێکەوە ئەلکێن. ئەوانە ئەتوانن بە هۆی دەستەوە بگەنە ناو دەم یا لەگەڵ هەوا هەڵمژرێن؛ بەو شێوەیە قیرۆسی کۆرۆنا ئەچنە بۆشاییەکانی ناو لووت و قورگ و بە لینجەپێستەوە ئەلکێن. ئیتر تووشبوون بە درمەکە سەرەتا پەرەئەسەنێت.

دوکتۆر: ماوەی نێوان گرتن و سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە ٤ تا ١٤ ڕۆژە، واتە دوای ئەوپەڕی ٣ تا ٤ ڕۆژ هەست ئەکەی کە شتێک تەواو نییە. نیشانەکانی ئەم قیرۆسی کۆرۆنا نوێیە لای زۆربەی خەڵک، تەنیا بە سووکە سەرمابوونێک و وشکە کۆکەیەک و بەرزبوونەوەی لەسەرخۆی تای لەش دیاری ئەدا.

دوکتۆر: پلەی گەرمیی لەشی نەخۆش بە زۆریی ئەگاتە ٣٨ و بە تالێهاتن دائەنرێت. ئیتر ئەوە پێڕەوێکە و کاتی تالێهاتن، وشکەکۆکە، هەستکردن بە هەڵامەت و لەشداهێزران بە گشتیی، ئەبێ یەکسەر بیر بۆ تووشبوون بەو قیرۆسە بچێت.

لای لە سەدا هەشتای تووشبووان نیشانەکانی نەخۆشییەکە کەم و زۆر بە سووکی ئەمێننەوە و دوای چەند ڕۆژێک نامێنن.

تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە:

بەڵام قیرۆسی کۆرۆنا ئەتوانن تەشەنە بسەنن و لە قورگەوە بچنە سییەکانەوە، لەوێ بڵاو ئەبنەوە، خۆیان زۆر ئەکەن و ئەبنە هۆی هەوکردنی سەرانسەری سییەکان، ئەو هەوکردنی سییەی کە سامی لێ ئەکرێت.

دوکتۆر: بە زۆریی ئەوە درەنگ دیاری ئەدا و ٩ تا ١٠ ڕۆژ دوای تووشبوونەکەی پێ ئەچێ، ئەبێتە مایەی تەنگەنەفەسی و نزمبوونەوەی ڕادەی تێربوون لە ئۆکسجین، ئەوەیە ئاڵۆزییەکەی لای نزیکەی هەموو نەخۆشەکان سەرهەڵئەدا و ئیتر ئەبێ نەخۆشەکە ببرێتە دیوێری چاودێریی چڕوپڕ و بەردەوام. لەش لە ڕێی سییەوە ئۆکسجینی پێ ئەدرێت. ئۆکسجین لە سیکڵدانۆچکەکانی سییەوە بە لۆخ یا پەردەیەکی تەنکدا ئەچێتە ناو بۆرییەکانی خوێنەوە، لەوێوە بە هەموو لەشدا دابەش ئەکرێت.

ئاڵۆزبوونی نەخۆشییەکە: گرفت و ئاڵۆزیی لەوەدایە، ئەو قایرۆسی کۆرۆنایانەی کە هاتوونەتە ناو سییەکان، کاتێک لە بۆشایی نێوان سیکڵدانۆچکەکان و دەمارەکانی خوێندا جێ ئەگرن، ئەبنە هۆی هەوکردن، بەوە مەودای نێوان سیکڵدانۆچکەکان و دەمارەکانی خوێن گەورەتر ئەبن و وەرگرتنی ئۆکسجین ئەستەم ئەبێت.

دوکتۆر: نەخۆش هەست ئەکا هەناسەی تەنگ بووە، هەست ئەکا گران هەناسەی بۆ ئەدرێ، هەست ئەکا توانایی ئاسایی کەم ئەبێتەوە. بە زۆریی هەناسەی خۆ بەش ناکا، بە تایبەتی لای کەسانی بەتەمەن ماسولکەی هەنەسەدان خێرا شەکەت ئەبێت، ئیتر ئەبێ سییە چڕووساوەکان لە ڕێی ئامێرەوە پشتیوانی بکرێن و مرۆڤە نەخۆشەکان بە ئامێری دەستکرد هەناسەیان پێ ئەدرێت و بە پەستان ئۆکسجین ئەفیچقێندرێتە سیکڵدانۆچکەی سییەکانیانەوە، بەو پێیە ئۆکسجینی زۆرتر بە پەردە هەوکردووەکاندا ئەچنە ناو بۆریی خوێنەوە و لەش بەشی خۆی ئۆکسجینی ئەگاتێ.

دوکتۆر: ئێمە ئەزانین کە لە وڵاتی چین زۆربەی نەخۆشەکان بە لای کەمەوە دە ڕۆژ لە دیوی چاودێریی چڕوپڕدا ئەمێننەوە و هەناسەی زۆریان پێ ئەدرێت، بۆیە ئەتوانین لە باری سەختترین هەوکردنی سییەکاندا دوای ٥ تا ٦ ڕۆژ بڵێین، کە نەخۆشەکە بەرەو چاکبوونەوە ئەچێت و پێنج ڕۆژی تر لە دیوی چاودێریی چڕوپڕدا ئەهێڵرێتەوە. بەڵام ئەگەر هەوکردنەکە ئەوەندە زۆر سییەکانی زەدەدار کردبوو، کە ئاو لە سییەکاندا کۆبێتەوە و سەرباری هەناسەپێدانی بە ئامێری دەستکرد، ئۆکسجین هیچ وەرنەگرێت، ئەبێ مەکینەیەکی دەرەکی ئەو کار و ئەرکەی سییەکان جێبەجێ بکات، کە پێی ئەگوترێت (ئێکمۆ)، واتە خوێن لە دەرەوەی لەش بە ئۆکسجین تەژی ئەکرێ و ئەکرێتەوە ناو لەش. بەوە دەرفەتی گونجاو بە سییەکان ئەدرێت، خۆیان ببووژێننەوە.

دوکتۆر: ئەوە تێکڕا ٥ تا ١٠ ڕۆژ ئەکرێ، ئیتر نەخۆشەکەی پێ ئەبووژێتەوە و ئەتوانرێ ئێکمۆ لێبەستراوەکەی لێ بکرێتەوە.

دژواربوونی نەخۆشییەکە:

لە زۆر کەم دارەتدا ئەشێ بارەکە وا دژوار ببێ، لەش نەتوانێ بەرپەرچی قایرۆسەکان بداتەوە، لەوانەیە دۆزەنەی بەرگریی لەش لە دەسەڵات دەرچێ، با ئەداتەوە و لە دژی لەشی خۆی بە چەردەیەکی ئەوەندە زۆر هێزی بەرگری بەرهەم ئەهێنێ، کە ئەندامەکان پێی گیرۆدە ببن. ئەو کاردانەوەیە لە ڕادە بەدەرە زیان بە دیواری بۆرییەکانی خوێن ئەگەیەنێت و تا بێ شلەی زۆرتر ئەچێتە ناو شانەکانی لەشەوە و ئەدەڵێتە سووڕی خوێنەوە، لەش بەشی خۆی خوێنی تیا ناجمێ.

دوکتۆر: لەم بارەدا هەوڵ ئەدرێت بە دەرمان یارمەتیی سووڕانی خوێنی نەخۆش بدرێ و هێنانەوە ڕادەی شلەمەنیی بۆ چارەسەر بکرێ، جاروباریش چارەیەکی سووکەڵە هەیە بە کۆرتیزۆن کە لە سەختترین باری دابەزینی پەستانی خوێندا فریای نەخۆش ئەکەوێت، بەڵام لەو بارە دژوارانەدا ڕاژەی مردن بەرزە.

خۆشبەختانە دارەتی سەختی وا دەگمەنە.

٢٣/٣/٢٠٢٠ ئەڵمانیا– م. ئارام لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی .

گۆشەی 48 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

کۆرۆنە هەواڵ

خاتوو میٚرکل خرایە کەرەنتینە

✅ژمارەی تووشبووان لە ژێر ٢٥ هەزارە. ٩٤ مردوون و٢٦٦ کەس چاکبوونەتەوە.



✅سەرۆکی هەرێمەکان لەسەر ڕێوجێی توندتر ڕێککەوتن.

✅لەهەر شوێنێکی ئەلمانیا تەنها دوو کەس دەتوانن پێکەوەبن.

✅١٥٠ملیاریۆرۆبۆقەرەبووی کۆمپانیا بچوکەکان تەرخانکرا.

✅حکومەتی ئەڵمانی سندوقی هاوکاری سەرتاسەری دەکاتەوە.

✅لە Aurich دەهەزار مریشکی نەخۆش لەناوبران.

✅کۆمپانیای ڕۆستۆک، کرێی هەموو شوقەکانی ڕاگرت.

✅پۆلیسی تۆرنهایم کۆرۆنای تێدا بڵاوبۆوە.

✅هەر ١٠٠ هەزار هاوڵاتییە ئەلمانییەکەی کە لەدەرەوەی وڵات بوون گەڕێندرانەوە ئەلمانیا.

ئەڵمانیا ١٥٠٠ منداڵی دەربەدەر دەگوازێتەوە

حکومەتی ئەڵمانیا پێش لۆکداون و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا بڕیاریدا بوو بە گواستنەوەی ١٥٠٠ منداڵ و هەرزەکاری بێدەرەتان و بێسەرپەرشت، ئەوانەی تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵیدایە و پێویستیان بە چاودێری و حەواندنەوە هەیە و ئێستا لە یۆنان یان لەسەرسنوری نێوان تورکیا و یۆنان گیریانخواردووە لەبارودۆخێکی یەکجار دژواردا دەژین.

خراپترین ڕەفتار بۆ گواستنەوەی کۆرۆنا چیە؟

پسپۆڕو شارەزایانی ڤایرۆس لەئەڵمانیا ڕایانگەیاند، کە پیسترین و ناشرینترین ڕەفتاری مرۆڤ بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و میکرۆبی دیکەی کوشندە ئەوەیە، کە بەدڕان نینۆکەکانت بقرتینێت، چونکە ئەو ڤایرۆسە شەیدای دەم و لوتە و کاتێک دێتە سەردەستی ئادەمیزاد بەو ڕەفتارە بە ئاسانی دەچێتە ناو کونی لوت یان دەم، هەمان ئەو دکتۆرانە دەڵین باشترین چارەسەری بەرەنگاری ئەو ڤایرۆسە پاکوخاوێنی و هۆشیاری و خۆپاراستنە.

لە فرۆشتنی چەکدا ئەڵمانیا چوارەمە

پەیمانگای ستۆکهۆڵم بۆ ئاشتی SIPRI ئاشکرایکرد، کە لەدوای ئەمریکا و ڕوسیا و فەرەنسا، ئەڵمانیا چوارەمین وڵاتە لە فرۆشتنی چەک و زۆربەشیان بە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی کەنداو فرۆشراون، بەشی ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان ٥،٨ ٪ ی کۆی فرۆشی چەکی هەموو جیهانە.

✅بەهۆی تراژیدیای کرۆنا لە ئیتاڵیا، ئەڵمانیا هاوکاری بۆ دەنێرێت.

✅شارەزایان دەڵێن بەو دۆخەی کرۆنا بەسەر جیهانیدا هێنا، ٤٠٪ ی ژینگە پاکدەبێتەوە.

✅بانکی ناوەندیی ئەڵمانیا پێشبینی هەڵاوسانی ئابوری دەکات.

دوو وێنەی دەگمەن لە ئەرشیفی غەفور ڕەشید داراغاوە

غەفور ڕشید داراغا

میژووی ئەم فۆتۆیە

بەرنامەی کۆڕی ئەدەبی کەناڵی کوردیی لە پایتەختی عێراق–بەغداد ڕۆژی 1972/5/14

کۆڕەکە لە لایەن نووسەر و ئەدیب مامۆستا (مستەفا سالّح کەریم)ەوە بەڕێووە دەچوو، بە میواندارى هەردوو ڕوناکبیری شاری سلێمانی شاعیر کاکەی فەللاح و نووسەر غەفور ڕشید داراغا، خاوەنی کتێبی (ئەحەی ناسری هونەرمەند)، کە سالّی ١٩٧١ بڵاوکراوەتەوە. بەرنامەکە هەرجارە و لە سەر بابەتێکی جیاوازقسە دەکرا، لە چواچێوەی ئەدەبی کوردی و هونەرمەندانی کوردەوە گفتوگۆی لێوە دەکرا. بەرنامەکە چوار جار لە مانگێکدا پەخش دەکرا. ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی لێوە بکەین ئەو پێشکەوتنەیە، کە ڕوویدا لەو سەردەمەدا لە بوارى ڕۆشنبیرى ئەدەبی کوردی و ڕۆڵی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە پایتەختی عێراقەوە چالاکی ڕۆشنبیری و کۆڕ و کۆبوونەوەیان دەکرد، لە پێناوی پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی, ئەم بەرنامەیە یەکێک بوو لە چالاکیەکانی (یەکێتیی نوسەرانی کورد لقی سلێمانی)، کە مامۆستا غەفور ڕشید داراغا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرەکانی یەکێتیی نوسەرانی کورد لقی سلێمانی, لە سالّی 1971 دا.

زامۆئا داراغا 2020

یەکێتیی نوسەرانی کورد، سالّی ١٩٧٢

ڕاوەستاوەکان لای ڕاستەوە:

١ـ شاعیر حسیب قەرەداخی.

٢ـ تاهر سالّح سەعید.

٣ـ محەمەد ڕەشید فەتاح.

٤ـ شاعیر جەمال شارباژێری.

٥ـ سەلام مەنمی.

٦ـ غەفور ڕەشید داراغا.

٧ـ؟

ڕیزی دووهەم دانیشتوەکان لای ڕاستەوە:

١ـ ڕەئووف بێگەرد .

٢ـ مستەفا سالّح کەریم.

٣ـ عەباس بەدری.

٤ـ ؟

دانیشتوەکانی سەر زەوی لای ڕاستەوە:

١ـ؟ ٢ـ؟ ٣ـ؟ ٤ـ ؟

٥ـ زەرادەشت غفور ڕەشید داراغا.

تەنیا غفور داراغا

لە ژمارەی ئایندەدا دەربارەی ئەم وێنەیە دەدوێین

گۆشەی زانست
ماموّستا جەزا دەینووسێت

زانستی مێشک و دەمار- الاعصاب

Neuroscience

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زانای ئیسپانی رامون کازال ناوبانگی بڵاوبۆوە، کاتێک نەخشەی خانەکانی مێشکی کێشا، لەشێوەی پەلوپۆی درەختدا و لەئەنجامی کارەکەیدا، لە ساڵی 1906دا خەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێنا.

پاش سەدەیەک لە کاری کازال وینەی پەیکەری هەموو مێشکی مرۆڤ بەدەست هێنرا.

پاشان نەخشەی مێشکی مێشوولە کێشرا، کە 100 هەزار خانە لەخۆی دەگرێت و ئەم کارە دڵۆپێک ئاوە لە ئۆقیانووسێکدا، گەر بەراوورد بکرێت لەگەڵ مێشکی مرۆڤدا، کە 85 بلیۆن خانە لەخۆی دەگرێت و مێشکی مشک 70 ملیۆن خانە لەخۆی دەگرێت.لە ئەنجامی ئەم کارانەدا بیردۆزەکە دەسەلمێندرێت.

کۆرۆنا دروستکراوی مرۆڤ نییە..!

لوقمان حەوێز

گرنگ و نوێ:

سروشت دیزاینەری ڤایرۆسی کۆرۆنایە نەوەک مرۆڤ.. لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بێلایەنی نوێ وەڵامی هەموو پڕوپاگەندەکان و تیۆرەکانی پیلانگێڕی دەداتەوە دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا..! کۆمەڵێک لە لێهاتووترین مایکرۆبایۆلۆجیستەکانی جیهان بەیەکەوە لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی بێلایەن دەیسەلمێنن کە ڤایرۆسی کۆرۆنا SARS-CoV-2 کە لە ئێستادا نەخۆشی COVID-19 بڵاو دەکاتەوە لەنێو کۆمەڵگاکانی جیهان بەرهەمی سروشتە نەوەکو مرۆڤ دروستی کردبێت یان دەستکاری کردبێت لەڕێگەی ئەندازەی بۆ ماوەیی...

کۆمەڵێک لە لێهاتووترین زانای مایکرۆبایۆلۆجی و ئیمیونۆلۆجی لە هەریەکە لە زانکۆی سیدنی -ئۆستڕالیا، زانکۆی ئێدێنبرە-بەریتانیا، زانکۆی کۆلۆمبیا-نیویۆرک، زانکۆی تولەین-کالیفۆرنیا، پەیمانگەی سکریپس بۆ لێکۆڵینەوەکان-کالیفۆرنیا، هەموویان بەیەکەوە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هاوبەشی ورد دەیسەلمێنن، کە ڤایرۆسە نوێیەکەی کۆرۆنا یان ئەوەی ئێستا ناوی لێنراوە SARS-CoV-2 بەرهەمی پەرەسەندن و بژاردەی سروشتییە، نەوەکو مرۆڤ، لە خوارەوەش لینکی لێکۆڵینەوەکەم داناوە...لەوەتەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبۆتەوە گومانێکی زۆر و پڕوپاگەندەیەکی زۆر بڵاودەکرێتەوە سەبارەت بە سەرچاوەی ڤایرۆسەکە، کە گوایە دروستکراوی مرۆڤە، ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامێکە بۆ ئەو هەموو پڕوپاگەندە و گومانانە... بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە دەری ناخات چۆن و کەی و لەکوێ و بەچ ڕێگەیەک یەکەم جار ڤایرۆسەکە گەیشت بە مرۆڤ، لەوانەیە چینیەکان ئەو نهێنیە لە هەموو کەس باشتر بزانن...؟

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە خێزانێکی گەورەی ڤایرۆسەکانن لە سروشت، بەردەوام پەرەدەسەنن و دەگۆڕێن، یەکەم بڵاوبوونەوەی کتوپڕی جۆرێک لەم خێزانە ڤایرۆسە لە ساڵی 2003 بوو دیسان لە وڵاتی چین و نەخۆشی SARS ی بڵاوکردەوە، دواتر بۆ دووەمجار جۆرێکی تر لە وڵاتی سعودیە لە ساڵی 2012 بڵاوبۆوە لە وشترەوە بۆ مرۆڤ و نەخۆشی MERS ی بڵاوکردەوە، هەردوو جۆر لەگەڵ ئەم جۆرەی ئێستاش هێرش دەکەنە سەر کۆئەندامی هەناسەدانی مرۆڤ...

https://www.sciencedaily.com/releas…/2020/…/200317175442.htm

شیوەکاری هۆڵەندی

ڤیلیەم هێنرایتس

Willem Haenraets

ویلیەم هێینرایتس لەدایکبوو ی شاری هیرلێنی، باشوری هۆڵەندایە، لە 9 ی تشرینی یەکەم 1940. لە شازدە ساڵییەوە ، دەستی بە خوێندن کردووە، لە پەیمانگای هونەری ماستریخت کرد. دوای چوار ساڵ خوێندنی ماستەری لە پەیمانگای نەتەوەیی هونەرە جوانەکان لە شاری ئانتڤێرپنی بەلجیکا تەواو کردووە، تابلۆکانی شێوازی ئنتباعی و زۆرجار ئابستراکتن و لە زۆر تابلۆی دیکەیدا پەیرەوی فۆتۆگرافی کردووە. بە ڕەنگ، ڕوناکی، ئاست و هێڵ. ئەو کەشە دەهێنێتە دی، کە پێکهاتەی واتایی تابلۆکە لە گەشت و سروشت و خەڵکەوە وەردەگرێت.

بۆ ناسینی زیاتری ئەم هونەرمەندە بڕوانە:

http://www.waterlandartpress.com/willemhaenraets

وەرگێرانی:

کەمال ئەحمەد

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵییە هەموو چوارشەممەیەک، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA

01 April . 2020 Nummer. [98] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

–مارک ڕووتە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دوێنێ شەو کۆمەڵێک بڕیاری نوێی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا کۆڤید 19 ڕاگەیاند. ل 2 –کێ کۆماری کوردستانی ڕوخاند؟ نوری کەریم، بەشی یەکەم ل 3 و ل.4.....

–هاروکی مۆراکامی ڕۆمانێ لە پێناوی ڕۆمانێکی تر، سەلاح حەسەن پاڵەوان ل 5 .

– چیرۆکی پەیکەرسازی ناسراوی کورد شوان کەمال و پرۆژەی پەیـــــکەری پیـــــاوێک لە زۆنگاودا .. ل 6

– بونیادە سۆفیگەراییەکان لەدەقی شیعریدا فەرەیدوون بەرزنجی بەنموونە، دوکتۆر زاهیر لەتیف ل 7 و ل 8

– میژوو بۆ هەمووان.....! دکتۆر جەبار قادر ل 9

– چەند وێنەیەکی دەگمەنی ئەرشیفی دێرینی کورد دەربارەی میژوو دەدوێت . ل 10 مامۆستا م. ئارام.

– هەواڵەکانی هۆڵەندا لەبارەی ڤایرۆس کرۆنا کۆڤید 19– وەرگێڕانی ئەنوەر جۆڵا، ل 11

– قزڵجی وەک دۆزەرەوە و ڕاڤەکاری یەکەم، نووسینی فاروق هۆمەر. ل 12

– گۆشەی 49 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–دوە ل 13 -.. ل 14

– گۆشەی زانست، ناوکە یەکگرتن(التفاعل الاندماجي ، مامۆستا جەزا . ل 15

– چیرۆکی تۆ هی منیشە هی هەموومانە..! مامۆستا لوقمان حەوێز– تیکساس ل 15

– دەربارەی خۆشنووس و هونەرمەندی شێوەکار بەدیع باباجان و چەند تابلۆیەکی. ل 16.



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

01 April 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 98
ژمارە 98 ی 01 ی نیسانی 2020

مارک ڕووتە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دوێنێ شەو کۆمەڵێک بڕیاری نوێی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا کۆڤید 19 ڕاگەیاند

ئەنوەر جۆڵا– تاراوگە

دوێنێ ئێوارە سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا Rutte مارک ڕووتە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، جارێ نابێت لە پشووی مانگی ئایاردا هیچ پلانێکی نوێ دابنێیت. سەرجەم قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکانی خواردن و خواردنەوە تا 28–4 بەداخراوی دەمێننەوە، ئەگەری درێژکردنەوە و بەردەوامی ئەم بڕیارانەش هەیە، تا دوای ئەو ماوەیەی کە دیاریکراوە، تا ڕەوشەکە ئاسایی دەبێتەوە.

هەروەها Rutte داوای لە هەموو هۆڵەندییەکان کرد، تا داتوانن لە ماڵەوە بمێننەوە و کەمترین جوڵە و هاتوچۆ بە شوێنە گشتییەکاندا بکەن. هەروەها گوتی ئەم بڕیارانە لەبەرئەوە زیاتر درێژنەکراونەتەوە تا دوای پشووی مانگی ئایار، چونکە شارەزایان و خەڵکانی تایبەتمەند لەم بوارەدا، تەنها دەتوانن بۆ ماوەی 3 تا 4 هەفتە بڕیاری لەمجۆرە بدەن. هەروەها گوتی ئەو پارک ئۆردوگایانەی، کە شوینی مانەوە و پشودانن لەگەڵ چادرگاکان بەکراوەیی دەمێننەوە، بەڵام شوێنی خوشتن و دەستشتن و ئاودەستە گشتییەکان دادەخرێن. تەنانەت ئەگەر ئەو شوینانەش خەڵکێکی زور ڕووبان تێکردن، لەو حاڵەتەدا بیگومان دەبێت ئەو شوێنانەش دابخرێن. بەپێی قسەکانی Mark Rutte وا دەردەکەوێت ئەو ڤایرۆسە کاریگەریکی زۆری لەسەر هۆڵەندا داناوە، بۆیە بۆتە دانانی ئەو ڕێوشوینە سەختانە. وەک دەڵێت بۆ جۆرەکانی خۆپاراستنیش تا ڕادەیەک جارێ زۆر زووە بۆ ئەوەی بیر لە بڕیاری تووندی دیکە بکەینەوە. وەک Rutte دەڵێت ئەو ڕێوشوێنانەی کە تا 4/6 دامانناوە، بەڕاستی زۆر پێویست بوون. زور خۆشحاڵم بەوەی هەرچیمان پێدەگوت جێبەجێ دەکرا، ئێستا گورەپانەکان چۆڵن، شەقام و ڕێگەوبانەکان بەهەمان شێوە، دەبێت لە نێوانماند 1 بۆ 5مەتر دوور بین لەیەکەوە، دەستمان زۆر باش بشۆین بەڵام هێشتا هەر ماومانە و پێویستە لەوەش زیاتر بکەین و ئاگادار تر بین.

سەرگوتاری تاراوگە:

ئەم ڕۆژانەی لە ماڵەوە خۆمان بەند کردووە، ڕۆژانە سەدەها پۆستی دووبارەبووەوە لە ڕیگەی مەسنجەر و ڤایبەر و واتساپ و جۆرەکانی دیکەی پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆیان دەکەن بە والەکەماندا، هەندێک لەو پۆستانە پڕبایەخ و بەسوودن، پێویستە ئاگاداریان بین، بەڵام لەڕاستیدا زۆربەری ئەو پۆستانە (کەم بایەخ و ئایەخن)، جگە لەوەی برادەری وا هەن هەمان پۆست چەندین جارێکی دیکەش بۆی ناردوویتەوە. نازانم تەماشای نەکردووە یان هەر خواوڕاستان گەنمگردی کۆمەڵێکی کردووە بە ئامانج و ڕیزیان بەسەردا دەکات و دەیننێرێت.

لە کاتی ئەم قەیرانی کرۆنایەدا، کە هەموو دنیا لە دڵەڕاوکە و نائارامییەکی زۆردا دەژی، پێویستە ئێمە هەموومان دڵنیایی لەلای یەکدی دروست بکەین و زیادی بکەین، نەک زیاتر باری یەکتری قوورستر بکەین و یەکدی تووشی ترس و نائارامی و ڕووخان بکەینەوە. بەداخەوە ئەگەر زۆرە، زۆربەی زۆرمان تووشی ئەم دەرد و بەڵای کرۆنایە ببین، ئێستە هەموومان بێ کەس و ئاوارە و نامۆین، کەس ناتوانێت بە فریای کەسوکاری خۆی بکەوێت، چ جای هاوڕێ و هاوسێ و هاوشاریەکانی. هەندێ برادەر لە پشتی کۆمپیوتەرەکەی یان تەلەفۆنەکەیەوە دانیشتووە، چی هەواڵێک ناخۆش و هەڵبەستراو و درۆیە، کە بۆی چووە، بەبێ سانسۆر بۆتی ڕەوانە دەکاتەوە، وادەزانێت پیاوەتی لەگەڵ کردووی هەندێکیشیان چاوەڕێی وەڵام و موجامەلە و دەستخۆشیشە، ئەگەر وەڵامی نەدەیتەوە، ڕەنگە خیشیش بکات.

برایان هاوڕێیان و خوشکانی ئازیز...، تکایە تکایە ..ئەم ڕەوشە زۆر ناسکە ڕەنگە کاتی بێت و بەسەر بچێت، ڕەنگە یەک ساڵی دیکەش بخایەنێت، ئەگەر ناتوانین دڵی یەکتری خۆش بکەین و هاوکاری یەکدی بکەین. با ڕەحمێک بە خۆشمان و کەسوکارو هاوڕێ و دۆستانمان بکەین، باری دەروونی هەموومان ناجێگیر و نائارامە پێویستمان بە حەوانەوەی دەروونی هەیە، با ئەرکی سەرشانی یەکتری سووک بکەین، نەک باری سەرسانی یەکتری گران بکەین، بە هەواڵی ناڕاست و نادروست، هەندێ برادەر خۆی بە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەزانێت، دەبێت ئەوان زیاتر پابەند بن بە هەواڵی ڕاستەوە و دوورین لە هەواڵی هەڵبەستراو و ناخۆش ناردن. هیوای تەندروستی باش بۆ هەموتان دەخوازین و هیوادارین بەدووربن لە دەردوو بەڵا، بەزووترین کات ئەم پەتای کرۆنایە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

کێ کۆماری کوردستانی روخاند؟

نوری کەریم

بەشی 1

هاوڕێی دێرین و هاوشاریم مامۆستای ناسراو کاک فەوزی رەمزی، وتارێکی لە ماڵپەڕی وتاری کورددا بڵاوکردەوە، لەمەڕ هەرەسی کۆمارە تاقانەکەی کورد، کۆماری کوردستان لەمەهاباد، گوایە هۆی ڕاستەوخۆی هەرەسی کۆمارەکە هەڕەشەیەکی راستەوخۆی ئەمەریکا بووە بۆ ستالین، ئەگەرهێزەکانی لە ئێران نەکێشێتەوە، ڕووبەڕوی هێرشێکی ئەتۆمی دەبێتەوە !! بەڵام هاوەڵەنگی مامۆستا نیم، کە ئەوە هۆکاری ڕوخاندنی کۆمارەکە بووبێت، بۆیە بەپێویستی دەبینم هۆکاری ڕاستینەی هەرەسەکە بەبەڵگەوە ڕوونبکەمەوە.

بارودۆخی سیاسیی عێراق و باشوری کوردستان:

ساڵی 1929 کیلبێرت و ساڵی 1930 و 1931 هەمفرس نوێنەری باڵای بەریتانیا بوون لە عێراق، شا فەیسەڵ بۆ ئەوەی ئینگلیز کورد نەکەن بە مقاش بەناوی دابینکردنی مافەوە، وەک نیازپاکی بۆ سەلماندنی مافەکانی کورد چەند هەنگاوێک دەنێت بۆ ئەوەی ئەو بەڕەیە لە ژێر پێی ئینگلیز دەربهێنێت. هەردوو لایەنی عێراق و ئینگلیز هەریەکەیان لای خۆیانەوە هەوڵیدەدا خۆی بکاتە دەمڕاستی کورد و لەملانێی بەرامبەرەکەیدا، وەک کارتێکی گوشار کەڵکی لێوەربگرێت، بۆ تاقیکردنەوەی یەکتر و ئایا کامیان ڕاستەکەن بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی کوردستان (باشوری کوردستان)دەدەن و داوا لە کورد دەکەن نوێنەر بنێرنە بەغدا بۆ دیاریکردنی سنوور و ڕێکخستنی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ بەغدا. من لای خۆمەوە باوەڕناکەم بەریتانیا لەو بڕیارەدا هیچ نیازپاکییەکی بەرامبەر کورد لە بەرنامەدا بووبێت، بەڵام بۆ شا فەیسەڵ جێگەی تێڕامانە! بەرنامەی پیادەکراوی بەریتانیا ئەوە بوو "بیری کوردستانێکی سەربەخۆ گەوجێتییە و لە جێبەجێکردن نایەت. بەڵام بۆ گوشار خستنە سەر عێراق پێویستی بە جۆرێک سەربزێوی کورد هەبوو، بۆیە لە گفتوگۆکانی نێوان نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق و عیصمەت ئین ئینۆی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، کە تورک نیگەرانیی و دڵەڕاوکەی خۆیان دەردەبڕی، کە نابێت چیتر ڕێگە بە چالاکی هەندێک لایەنی شەڕخواز لە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەحمەدی بارزانیدا بدرێت و ئامادەکاریش پیشان دەدەن هێز لەسەر سنوور دابمەزرێنن و حکومەتی عێراقیش چەند هەڵمەتێکی سزادان دژی شێخی بارزان ئەنجام بدات، کە پشتگیری یاخییەکانی نێو تورکیا دەکات و هەر کوردێک لەو سەرسنورانە بگرن ڕادەستی عێراقی بکەنەوە.

هەژاری موکریانی ئۆبالّی سەرکەوتنی میریی دەخاتە ملی دوو سەرۆک هۆز (ناپاکی موحەممەد ئاغای ڕەواندزی و مەحمود خەلیفە صەمەدی برادۆست برای کەریم خانی برادۆست، کە لەناو شۆڕشدا بوون) (50). تەرازووی هێزەکانی گۆڕی و ئەنجامی کۆتایی لە بەرژەوەندی دوژمن کەوتەوە و بالادەستی هێزی ئاسمانیش بواری مانەوەی بۆ شۆڕشگێڕان زۆر تەسک کردبۆوە و بڕیاریاندا پەیوەندی بە کۆماری کوردستان–مەهابادەوە بکەن و 1945/10/11 چوونە ئەودیو.

بارودۆخی سیاسیی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان:

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد "ژ.ک" بەپێشدەستی دەستەیەک نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیر و پیاوە ناسراوەکانی شاری سابڵاخ "مەهاباد" و ئەوانەی خاوەن ڕابوردوویەکی خاوێن بوون لە 1943/9/16 دامەزرا. ژێکاف ڕێکخراوێکی رامیاری تووندوتۆڵ بوو، ئامانجی سەرەکی سەربەخۆیی کورد بوو، لقێکی چالاکیشی لە سلێمانی هەبوو، پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد 1914/03/06 سلێمانی– 2000/04/08 لەندەن، سەرپەرشتی دەکرد. یەکێتیی سۆڤێت سەردەمی جەنگ دەستیان بەسەر باکوری ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتدا گرتبوو، بەریتانیاش لە باشوری ئێران بالادەست بوون، هەردووکیان بە ئارەزووی خۆیان دەستیان خستبووە کاروباری ناوخۆی ئێرانەوە، کۆماری ئازەربایجان بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی سۆڤێت لە تەورێز دامەزرابوو بە سەرۆکایەتی جەعفەر پیشەوەری، هەر لەسەر پێشنیاری ئەوانیش لە 1945/8/15 ناوی کۆمەڵەی ژ. ک گۆڕدرا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر کێش و سەروای فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ئەوان هەر بۆ بەرژەوەندی خۆشیان (دەیانویست دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ بۆ کورد دابمەزرێنن لە ژێر فەرمان و چاودێری کۆماری ئازەربایجاندا و سەیید عەبدوڵڵای گەیلانی بکەنە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەڵام بەو هۆیە سەیید عەبدوڵڵا لەگەڵ تاراندا نەدەگونجا، بۆیە قازی موحەممەد دیاری دەکەن بۆ ئەو پۆستە)(54). قازی و سەرانی مەهاباد نەچوونە ژێر فەرمانی تەورێز و بە تووندی دایانە دووا: ئەگەر لە چوارچێوەی خودموختاریدا سەربەخۆ نەبین ئەوە هەر لەگەڵ تاران بمێنینەوە چاکترە.

پێشخانی بنەماڵەی قازیان لەمەهاباد:

نەجەف قولی پسیان نوسەری کتێبی لە مەهابادی خوێناوییەوە تا کەنارەکانی چۆمی ئاراس، دەڵێت: عەلی قازی، باوکی قازی موحەممەد لە پیاوانی ڕێزدار و شایەن ڕێزی کوردستان بوو، لەگەڵ قازی موتعیمی ئامۆزایدا خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش دانیشتوانی مەهاباد کردووە و بەرەنگاری ڕوسە تزارییەکان و زوڵمی ئەوانیان کردووە،

کێ کۆماری کوردستانی ڕوخاند؟ نووری گەریم

پاشماوەی لاپەڕە 4

مامی باوکی قازی موحەممەد، قازی فەتاح دەسەڵاتێکی فراوانی لە کوردستان هەبووە، لە ڕووداوی مەشروتە ئیستیبداد سوێندی خواردبوو هەتا زیندووبێت نەهێڵێت سەربازی تزار پێ بنێتە مەهاباد، کفنی لەبەرکرد و بانگی جیهادی داو شەهید بوو. ڕەزا شا، کەیفی بە میرزا عەلی دەهات، 1367 مردووە، (1939 زایین .ن.ک) فەرمانی دادوەری بەناوی قازی موحەممەدی کوڕی دەرچوو وەک موفتی مەهاباد، دادوەر و خاوەن ئەنگوستیلەی ئەڵماس. پلە و ڕێزی مەزەبی (ئایینی نەک مەزەبیی. ن.ک) قازی موحەممەد دوای بایەخی دەوڵەت بایەخی (حەمە ڕەزا شا) شی هاتە سەر، دەسەڵاتێکی بەرهەڵدای بۆ ئەو لە کوردستاندا هێنایە گۆڕێ (56).

نووسەری کتێبی لە مەهابادی خوێناوییەوە تا کەنارەکانی چۆمی ئاراس ئەمجا دێتە سەر کەسایەتی پێشەوا:

قازی پیاوێکی لە بنەوە فێڵباز بوو، سیاسەتکار "خشکەیی. ن.ک" بۆ ئەوەی بیانوو نەداتە دەست ناحەزان لە چاوەڕوانی هەلێکدا کاتی خۆی بە موتاڵاو وردبوونەوە بەسەر دەبرد و لە ئاین پەروەرێکی کوردەوە بوو بە زانا، لە بواری زانستی نوێدا پێشکەوت، عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی لە سەروو پێویستەوە فێر بوو، بە جۆرێک لە مێژووی کۆنی کوردستان کۆڵییەوە بۆچوونەکانی بوونە بەڵگە... فەریق جیهانیانی بۆ پشکنین هاتە مەهاباد، شەوێک بە هاندانی قازی هەندێ لە خراپەکاران هەتا بەیانی بارەگای ئەویان گوللە بارانکرد و بنکەی پۆلیس دەگرن و دەسەڵاتی میریی نەما. سەیفی قازی برای وەک نوێنەر نارده ئەنجوومەنی شووڕا، قازی فەرمانڕەوا بوو، بەڵام دەنگۆی خودموختاری نەبوو، جارێک یا دووش لە تاران بە خزمەت شا گەیشت و ئەنگوستیلەی ئەڵماس و بڕیک پارەی پێدا(57).

باروودۆخی ڕامیاریی ئێران:

وڵاتی ئێران داگیرکرابوو، بەشی باکور لە بندەستی هێزەکانی سۆڤێت و بەشی باشوریش لە ژێر چنگی هێزەکانی بەریتانیادا بوو، شای ئێران دەستی لە دەستی کەرووشک کورتتر بوو. کوردستانی خۆرهەڵاتیش لەبەشەکەی بندەستی سۆڤێتدا بوو، ئازەریەکان بە پشتگیری و هاوکاری تەواوی باقرۆف سەرۆک کۆماری باکۆ، کۆماری ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی جەعفەر پیشەوەری ڕابەری حیزبی تووەدی ئێران دامەزراندبوو. پێشەوا قازی موحەممەدیش هەلێکی گونجاوو زەمینەیەکی تەختی لەبەردەمدا بوو، ڕۆژی 1946/1/22 لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری سابڵاخ – مەهاباد، کۆماری کوردستان ڕابگەیەنێت، ئاڵای کوردستان بەرزبکاتەوە لە جێگەی ئاڵاکەی ئێران و کابینەی وەزیران و هێزی چەکدار و دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی دابمەزرێنێت. زۆربەی زۆری بێگانە، کە لەسەر ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردیان نووسیوە هەمیشە کورد بە بەکرێگیراو و مقاشی دەستی ئەم یا ئەو دەوڵەت دەزانن. ئەوەتا دەڵێت: (قازی گەمەی خۆی لەگەڵ دەوڵەت دەکرد، دەوڵەتیش چاوی لە کردەوەکانی خۆی (کردەوەکانی قازی موحەممەد. ن.ک) لە مەهاباد و سەدر (سەدی قازی ن.ک) لە تاران دەنوقاند و کڕو بێدەنگ بوو. ساڵی 1945 گەمەی قازی بوو بەراست وەک ئازەربایجان کۆمار دامەزرێنێت. (پەیوەندیکردنی هێزی بارزانیانیش بە پێشەواوە پشتیوانێکی بەهێزو هاندەرێکی کاریگەربوو. ن.ک).

ڕۆژی 1945/12/11 موحەممەد حوسین (سەیفی قازی) بە سەرۆکایەتی شاندێک (دەچنە تەوریز ن.ک) لەگەڵ پێشەوەری و سەردانی ئازەربایجان کۆدەبنەوە و پەیمانی هاوکاری دەبەستن (60). ڕاستیەکەی ئەوەبوو پێشەوا قازی موحەممەد ئەو هەلە مێژوویییەی هاتبووە پێش دەقۆزێتەوە، ڕووداوەکان تیژ تێدەپەڕێن، دەبوو پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا بکات، بێئەوەی خۆی بە ڕێنماییەکانی باکۆ- تەوریز ببەستێتەوە لە ماوەیەکی کورتدا قەوارەیەکی سەربەخۆی دامەزراند.

لە تاوانبارکردنی کورد و لەکەدارکردنی بزوتنەوەی کوردایەتیدا ئێران کەچی لە عەرەب و تورک کەمتر نییە، لێرەدا ئەوەندەی پەیوەندی بە سێهەمین شۆڕشی بارزان و کۆماری کوردستانەوە هەیە نووسەری فارس نەجەف قولی پسیان دەڵێت: (بەهۆی سەرکۆنەی بەردەوام و پاڵەپەستۆی نەپساوەی ئینگلیز و عێراق (لەسەر سۆڤێت، ن.ک) سۆڤێت داوا لە بارزانی دەکات هەتا ماوەیەک زۆر لەبەر چاوان دیار نەبێت. ماوەیەک چوونە سەردەشت، گوندی میراوا بەڵام شێخ ئەحمەد هەر لە مەهاباد بوو)(59) ئەو نووسەرە و هەموو ئەوانەش وەک ئەو بیردەکەنەوە خەبات و قوربانیدان و کوێرەوەری و ماڵوێرانی کورد بەگەمەی چەند دەوڵەتێک دەزانن لەسەر تەختەی گەمەی شەترەنج، داشی کورد بە پێی بەرژەوەندییەکانیان دەجوڵێنن، ئەو دەمەی پێشمەرگەکانی بارزانیش بۆ چاودێریکردن و پاراستنی خێزانەکان گەڕانەوە عێراق و دوای چەند مانگێک شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی میریی عێراق و بەریتانیادا دەکشێنەوە و دەگەڕێنەوە ئێران، ئێران ئەوەش بە پیلانی بەریتانیا دەزانێت، ئەوەش تەنها بەو هۆیەوە کە شای ئێران لەوکاتەدا بەڕێکەوت بەسەردان هاتۆتە دەڤەری مەهاباد، بەڵام ئەوان دەڵێن ئەوە هەروا ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو کاتەکەی بۆ دیاریکرا بوو! کێ بۆی دیاریکردبوو، دژی کێ، دژی سۆڤێت کە تەنها چەند مانگێک پێشتر هەردوو کۆماری ئازەربایجان–تەوریز و کۆماری کوردستان–مەهابادی فرۆشتبوو بە شای ئێران. ستالین بۆنی نەوت گێژی کردبوو، پڕەنسیبەکانی لینینی مەزنی هەر لە یادیش نەمابوو، هەموو هەوڵێکی دەدا نەک هەر ئێران، ناوچەکە هەمووی هێمن و ئارام بێت و هەتا بینەقاقایان لە نەوتەکە هەڵکێشن، ئەی ئینگلیزو عێراق ناردب ووبان کە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئێراندا نەبوو، سێ دەوڵەتی شانشین بوون جگە لەوەی بەریتانیا دڵنیا بوو نەوتەکەی ئێرانیش هەر بۆ ئەو دەبێت و ستالین پەنجەی پێ تەڕ ناکات! بۆ پاراستنی هێمنی سنوورەکانیش بە پێی پەیمانی 1930 کێشەکانی سنووری ئێران–عێراق چارەسەر کرابوو.(61)، بەریتانیا بۆ پاراستنی ئامانجە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکەدا ڕێگەی نەدەدا ئاژاوە (ڕووبدات بە تایبەتیش لای بارزانییەوە، کە وەک هەڵۆی بەرزەفڕ سنوورە دەستکردەکانی کوردستانی دەبەزاند و بەهەموو هێزەکەیەوە هەرکاتێک بیەوێت لە عێراق، ئێران، تورکیا دادەمەزرێت و سەنگەریان لێدەگرێت و ئەگەر شۆڕشیشی بۆ هەڵنەگیرسێتەوە خۆدەتوانێت دوژمنانی کورد ماندوو بکات و کێشە و سەر ئێشەیان بۆ دروست بکات، کەواتە سۆڤێت، بەریتانیا، عێراق هیچ بەرژەوەندییەکیان لە هاندانی بارزانیدا نەبووە دژی ئێران.

هاروکی مۆراکامی رۆمانێ لە پێناوی رۆمانێکی تر

هاروکی مۆراکامی بەوە ناسراوە شێوازی نووسینی گەشەدەکات، لەسەر توخبی نێوان ریالیزمی و سوریالی، دنیایی و خەیاڵی، ژیانی ڕێکوپێک و ڕووداوی لەڕێڵادەر. ڕۆمانی " کوشتنی فەرماندە" ڕۆمانێکە قەبارە گەورە و زۆر ئاڵۆزە، سەختە بتوانی ریزبەندی بکەیت لە ریزی یەکێ لە جۆرەکان، بەڵام لەم ڕۆمانەدا وەک زۆرێ لە ڕۆمانەکانی تری مۆراکامی بە شێوازێکی هونەری سەرسوڕهێنەر ئاماژە بە کۆمەڵێکی زۆر بابەت دەکات ئەو بابەتابەی کە ئەمڕۆ زانراون: بەرکەوتنی خوێنەر لەگەڵ ئەشقی ڕۆمانسیدا وەک وێنەیەک چەندان پارچەی لێکترازاو بێت، بەرکەوتنی لەگەڵ قورسایی مێژوو، بااڵدەستی هونەر، بەرکەوتنت لەگەڵ مرۆڤێ بەدوای شتە سەرسوڕهێنەرەکاندا دەگەڕێ.

جگە لە زمانی ژاپۆنی بەرهەمەکانی مۆراکامی بۆ زیاتر لە ٥٠ زمان وەرگێڕدراون. جگە لە ڕۆمان، کورتە چیرۆک دەنووسێت و لە ئینگلیزییەوە کتێب دەکات بە ژاپۆنی.

نووسین کارێکی سەختە لای تۆ؟

کاتێ شتە تایبەییەکانی خۆم دەنووسم ، مانای وایە من کاری وەرگێڕان دەکەم، ئەمەش کارێکی زۆر باشە، کاتێ جاوەڕوانم ئەم کارانە دەکەم: من هەمیشە دەنووسم، بەڵام، مەرج نییە ڕۆمانی تایبەتی خۆم بنووسم ، ئەم کارە جۆرێکە لە ڕاهێنان یان کاری دەستی، من وەرزشی ڕاکردن دەکەم گوێ لە شتە تۆمارکراوەکان دەگرم و کاری ماڵەوەش دەکەم، وەک ئوتوکردن. کاتێ کارگەلێکی زۆر دەکەم لەراستیدا شادمان دەبم.

ئەو نووسینانەی لەسەر بەرهەمەکانت دەنووسرێ دەیانخوێنیتەوە؟

–هەموو ئەو نووسراوانەی لەسەرم دەنووسرێن نایانخوێنمەوە، زۆر لە نووسەرانیش ئەم قسەیە دەکەن، بەڵام درۆ دەکەن– من درۆ ناکەم. هەرچییەک لەسەر کتێبەکانم بنووسرێت هاوسەرەکەم دەیخوێنێتەوە، ئەویش تەنیا ئەوانەم بە دەنگی بەرز بۆ دەخوێنێتەوە کە بە خراپی باسم دەکەن، ژنەکەم پێم دەڵێ دەبێ نووسینە خراپەکانیش قبوڵ بکەم، بەڵام دەبێ ئەوەندە گوێ نەدەمە ئەو پیاهەڵدانانەی بەسەر بەرهەمەکانمدا هەڵدەدرێ. کتێبەکانت پڕن لە خەیاڵ و سوریالیزم، ئایا ژیانیشت وەهایە؟

–من کەسێکی واقیعی و کردارییم، بەڵام کاتێ چیرۆک دەنووسم زۆرجار دەچمە شوێنە نهێنی و نامۆکان ئەو شوێنانەی بەمن نامۆن، ئەوەی دەیکەم دۆزینەوەی خۆمە– لە ناخی خۆمەوە.

کاتێ چاوت دەقوچێنی و بۆ ناخی خۆت نوقمدەبیتەوە، دەتوانی جیهانێکی جیاواز ببینیت. ئەمە وەک پشکنینی گەردوون وایە، بەڵام لە ناخی خۆتدا، بۆ شوێنی جیاواز دەڕۆیت، ئەمە وا پێدەچێت کارێکی ترسناک و ترسێنەر بێت بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕێگای گەڕانەوەت بزانی.

سەڵاح حەسەن پاڵەوان

کاتێ چاوت دەقوچێنی و بۆ ناخی خۆت نوقمدەبیتەوە، دەتوانی جیهانێکی جیاواز ببینیت. ئەمە وەک پشکنینی گەردوون وایە، بەڵام لە ناخی خۆتدا، بۆ شوێنی جیاواز دەڕۆیت، ئەمە وا پێدەچێت کارێکی ترسناک و ترسێنەر بێت بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕێگای گەڕانەوەت بزانی.

–واپێدەچێت زۆر سەختە باس لە مانا بنەڕەتییەکانی کارەکەت بکەیت؟

–خەڵکی هەمیشە پرسیاری کتێبم لێدەکەن:"مەبەستت لەمە چییە، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟ بەهیچ جۆرێ ناتوانم شەرحی هیچ بکەم. من بەشێوەی میتافۆر باسی خۆم دەکەم، باس لە جیهان دەکەم، تۆ ناتوانی میتافۆرەکان (خوازراوەکان) باس و شیبکەیتەوە، ئەوەی پێت دەکرێ دەبێ شێواز قبوڵ بکەیت، چوون کتێب میتافۆرە.

پێشتر وتت " کوشتنی فەرماندە" پیشاندانی ڕێزە بۆ ڕۆمانی "گاتسبی مەزن"، هەروەک زانراوە ئەم ڕۆمانە بیست ساڵ دەبێت وەرتگێڕاوەتە سەر زمانی ژاپۆنی. دەکرێ وا ڕۆمانی "گاتسبی" بخوێنرێتەوە کە بەسەرهاتێکی دڵتەزێنانەیە لەسەر سنووری خەونی ئەمەریکی. ئەم بەرهەمە لە ڕۆمانە نوێکەتدا چۆن کاری خۆی کردووە؟

" –گاتسبی مەزن" یەکێکە لەو کتێبانەی بە باشترین کتێبی دادەنێم . کاتێ تەمەنم ١٧ و ١٨ ساڵان بوو لە دەرەوەی پەرژینی قوتانخانەدا خوێندوومەتەوە، ئەو چیرۆکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام چوون ئەو کتێبە دەربارەی خەونە– خەڵکی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن کاتێ خەونەکانیان نایەتەدی. ئەمەش بۆ من بابەتێکی زۆر گرنگە. من وا بیری لێناکەمەوە وەک پێویست دەکرێ ئەمە خەونی ئەمەریکی بێت. بەڵام ئەمە بەگشتی خەونی لاوانە.

خەون بە چییەوە دەبینی؟

–زۆر بە دەگمەن خەو دەبینم، ڕەنگە جارێ یان دووجار لە مانگێک، ڕەنگە خەونی زۆریش ببینم، بەڵام لە یادیان دەکەم، بۆیە پێویستیش بەوە ناکات ئەو خەونانەم وەبیربێتەوە، چون من دەتوانم بنووسم.

لە گۆڤاری بین ئەلنەهرێن کراوە بە کوردی

چیرۆکی پەیکەرسازی ناسراوی کورد شوان کەمال و پرۆژەی پەیکەری پیاوێک لە زۆنگاودا

پەیکەرسازی ناسراوی کورد شوان کەمال دەگێڕێتەوە: بۆ پشوێکی کورت هاتمە دەرەوە لەو کاتەدا کۆمەڵێک ئۆتۆمۆبیلی مۆدێل بەرز هاتنە بەردەم شوێنی کارەکەم، کۆمەڵێک پیاوی بە قەڵافەت دابەزین، لەوە دەچوو سەرۆک کۆمار هاتبێت، بەرەو ئیدارەی کارگەکە رۆیشتن، پاش چەند خولەکێکی کەم، خاوەن کارگەکە رۆڵف کایزەر هاتە ئەتەلیەکەم، تۆزێک شپرزەیی پێوە دیار بوو !!

گوتی شوان تکایە وەرە لەگەڵم بۆ ژووری میوانداری، کە چووم بینیم ئەوانەی لە ئۆتۆمۆبیلەکان دابەزین، بەدەوری مێزەکەیا هەموویان دانیشتبوون و خاوەن کارگە(رۆڵف کایزەر) گوتی ئەمە شوان کەمالە کە باسیان بۆ کردوون..!

بەڕێزەوە هەستان لەبەرم و تەوقەیان لەگەڵ کردم، گوتیان کە ناوبانگی منیان لە بەرلین بیستووە لە بواری پەیکەرسازی و دیاربوو، شارەزای شارستانیەتی ئاشوری و بابلیەکان بوون، بۆیە گوتیان تۆ پەروەردەی ئەو خاکەی، کە ئەو شارستانیەتە مەزنەی بەرهەم هێناوە. دوای ئەمانە زانیم، کە ئەمانە خاوەنی بەناوبانگترین بانکی ئەلەمنیان بەناوی(شپارکاسە) و هاتوون گرێ بەست بنووسن لەگەڵ رۆلفکایزەر بۆ دروستکردنی ئەم پەیکەرە.

ئەم پەیکەرە تەنیا بیرۆکەکەی (تۆماس شوتەیە) و هیچ ماکێتێکی بۆدروستنەکراوە، خۆم بە قەبارەی ٤٠ سم دروستمکردوە و دوایی بە بەرزی ٨ مەتر گەورەمکردووە، لەمادەی بۆرەک، چەند پەیکەرسازێکی ئەڵەمانی و ئێرلەندی بەردەستیان کردووم، وەک کرێکاری هونەری.

بۆ زانیاری ئەم پەیکەرە نزیکی ٢ ملیون دۆلاری بۆ تەرخانکراوە و تا کۆتایی نزیکی ١٤ مانگی خایاندووە و ئێستا لە بەردەم سەرۆکایەتی بانکی شپارکاسەی شاری ئۆلدنبۆرگ لە سەرووی ئەڵەمانیا دانراوە، مۆدێلەکەی لە بۆرەک لە گەلەری هونەری مۆدێرن لە شاری بۆن و گەلەری هونەری شاری میونخ بۆ ماوەی ٦ مانگ نمایش کراوە و دوایی ئافرەتێکی دەوڵەمەندی فەرەنسی کریوێتی و ئێستا لە گەلەریەکی هونەری لە پاریس نمایش کراوە. هەر بۆ زانیاری ئەو پرۆژەیە پارەی خەیاڵی پێ پەیدا کراوە، سەرەڕای ئەوەی من ئەندازیاری پرۆژەکە بووم، بەڵام لەبەر گرێبەستم لەگەڵ ئەو کارگەیە، تەنیا موچەی مانگانەم وەرگرتووە. لەم دواییانەد کتێبێک دەرچووە لەسەر ئەم پرۆژەیە بەناوی (پیاوێک لە زۆلکاودا) بە زمانی ئەڵەمانی لە پێشەکیەکەیدا باس لە ڕۆڵ و تواناکانی پەیکەرسازی ناسراوی کورد شوان کەمال دەکات، لە بواری پەیکەرسازی، ئەوە چیرۆکی پەیکەرسازی ناسراوی کورد شوان کەمال بوو، خۆسبەختانە لەگەڵێک لە بوارەکانی پێشکەوتندا ڕۆڵەی داهێنەری وەک شوان کەمال هەن، بەڵام پێویستە ڕاگەیاندنە کوردییەکان تیشک بخەنە سەر داهێنانەکانیان، بەس ئەوان دەتوانن مێژووی میللەتەکەیان بنووسنەوە.

بونیادە سۆفیگەرایییەکان لەدەقی شیعریدا
فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی یونی بەنموونە



نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

بەشی دووەم- پلانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە دابەشبوو بەسەر دوو تەوەردا:

یەکەمیان، تەوەری دیدە سۆفیگەراییەکان.

دوەمیان، تەوەری قۆناغە سۆفیگەراییەکان.

تەوەری یەکەم / دیدە سۆفیگەراییەکان.پێکهاتووە

لە: 1- دیدە دابەشییەکان.لەسۆفیگەرایدا چەمکی دابەشبوون بریتیە لەپڕۆسە پارادۆکسییەکان لەنێوان (من) و(ئەو).یان لەنێوان خود و بابەتدا. لێرەدا خاوەن ئەزموونە سۆفیگەراییەکان لەهەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشایانەدان کە کەوتونەتە نێوان ئامڕازی (من) و(ئەو)،بەڵکو لەڕێگەی چەمکە هەستی وتێگەیشتنییەکانەوە مەبەستیانە پردی پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست بکەن،لەوێشەوە هێزی (من) یەکسان دەبێت بە(ئەو)ی بەرامبەر وبابەت.پێشتر،ئەوەی چەمکی گرژی وناکۆکی وپارادۆکسییەکانی دروست کردووە،هەندێک جار یاساکان،بەنموونەی یاسا ئاینی وسۆسیۆلۆژییەکان وەک ئەوەی (من) لەکێش وقەبارە و بیرکردنەوەدا ئەوی بەرامبەر نەبێت. هەندێک جاری تریش دابونەریت و قەدەرەکان، کە ئەمانیش، لەزۆر دۆخدا، هەڵقوڵاوی بیرە سۆسیۆلۆژییەکانە. لەهەمان کاتدا،لەڕووی واقیعەوە، مەرج و گەرەنتی نیە کە (من) هەمیشە بگات بەڕاستییەکانی ئەوی بەرامبەر. لێرەدا و بەمەبەستی ڕەوینەوەی گرژییەکانی نێوانیان، کەسە بەئەزموونەکانی سوفیگەرایی پەنا بۆ چەمکی خەیاڵ وکۆکردنەوەی زانیاریی زەمەنییەکانی ڕابردوو دەبەن کەلەبیر وهزری خۆیاندا پاراستوویانە.ئەوەتا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی،هەر لەسەرەتای پڕۆسەی خۆشەویستی لەگەڵ ئەوی بەرامبەردا،لەنێو ئێش وئازار وخەمەکاندا دێت ودەچێت.هۆکاری ئەو درزەی کەکەوتۆتە نێوانیان زۆرن لەوانە،هەروەک شاعیر خۆی ئاماژەی پێداون،دڵڕەقی،بێ پەیمانی،دوورکەوتنەوە وکۆچ بەهۆی قەدەرێکی سیاسی یان سۆسیۆلۆژی:

ئەی خانمە دڵ ڕەقەکە
درۆزن بووی لەکردار وگفتوگۆتا
تا درۆزن بووی لەگەڵ منا..
لەگەڵ خۆتا (فەرەیدوون :8)



کەتۆ ڕۆشتی گەنجیم ڕۆیی بۆ ڕۆشتی ؟ (فەرەیدوون :11)
تۆ ڕۆیشتی و...پێت نەوتم لەکوێوە دەست
بەگێڕانەوەی چیرۆکی عەشقت بکەم (فەرەیدوون :38)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا،شاعیر هێشتا (ئەو) لە (خۆ)یدا دەبینێتەوە و دەست بەرداری نابێت. ئەم پەیوەندییە ڕۆحییە، کە بەچاو نابینرێت، بەڵام هەستەکان ڕۆڵی ئەو بینینەی زیاتر بۆ دەبینن، ماوەکان، گەرچی دووریش بن، نزیک دەکاتەوە وەک ئەوەی هێشتا لەخاڵی دەستپێکی پەیوەندییە سۆزدارییەکەدا بن. واتە، شاعیر تەواو باوەڕی بەهەستە ڕۆحییەکانی خۆی و پەیوەندییەکە هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە، بەلایەوە، مەودای هەستی ڕۆح گەلێک زیاتر و چڕتر بەخشە لەمەودای بینین. بەئاڕاستەیەکی تر، دامەزراندنی پەیوەندی نێوان (من) و (ئەو) و دواتر ترازاندن بەو هۆکارانەی، کە ئاماژەمان پێدا بەتایبەتی لەلایەن (ئەو)ی بەرامبەر، چیرۆکێکی والا و بێ کۆتایی لەلای (من)ی شاعیرەوە دروست دەکات، کەهەر ئەمەش وایکردووە، بەڵکو ناچاری کردووە، کەلەڕێگەی خەیاڵەوە وێنە و دیمەنەکانی ئەو پەیوەندییەی، کە بەواقیع کۆتایی پێهاتووە، بۆ جارێکی تر، لەزەمەنی ئێستا و داهاتوودا ئامادەبکات و کاریشی لەسەر بکات، لەمەش زیاتر بیکاتە بابەتێکی تایبەت و سەربەخۆ لە دیوانە شیعرییەکەیدا:

لەهەر کوێ بم خۆشم ئەوێی
لەهەر کوێ بی بیرت ئەکەم(فەرەیدوون:22)

بەمەش گەرچی (ئەو) بوونێکی واقیعی نەماوە،بەڵام لەهێزدا هاوشێوەی (من) ی شاعیرە، بەڵگەی ئەمەش بەردەوامی بابەتەکەیە، کە کۆتایی پێنەهاتووە و پێشی نایەت:

تۆ دووریت و ئەڵێن دووریش گڕی عەشق کپ ئەکات و
خۆشەویستی ئەخنکێنێ
بڵێی نێوان ئێمەش وا بێ (فەرەیدوون: 30)

یان دەڵێت:

ڕەنگە سبەی شێوەتم بیر بچێتەوە
حەسرەتی خەمێکی گەورە
خەمی دووریت بسڕێتەوە
بەڵام هەموو هەناسەیەک
هەست بەشنەی ڕۆحت ئەکەم
بەسەرمەوە ئەخولێتەوە (فەرەیدوون: 96)

بونیادە سۆفیگەرایییەکان لەدەقی شیعریدا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە

پاشماوەی لاپەڕە7

2 – دیدە بەڵگەییەکان. سۆفیگەرایی، یان باشتر وایە بڵێین سوفییەکان لە پێناو جوداکردنەوەی واقیع وخەیاڵ، یان واقیع و میتافیزیکا، لەوەش زیاتر لە نێوان بوون و نەبوون و ژیان و مردندا پەنا بۆ پرنسیپی هیرمۆنتیکا و ڕاڤەکردن دەبەن، ئەمەش بەمەبەستی دۆزینەوە و گەیشتن بەئەنجامی هەوڵەکانیان، یان لەپێناو قایلکردنی خۆیان و بارە سایکۆلۆژییەکانیان. بۆ نموونە بەلای تێکڕای خەڵکی، یان دەرەوەی سۆفییەکان، مردن کردارێکی واقیعییە و گەڕانەوەی بۆ نیە، بەڵکو کردارێکی یەکلایکەرەوەیە، یان گەڕانەوەی کەسە مردووەکان بەهەمان شێواز و ڕەفتاری سەردەمی ژیان، دیسانەوە، شتێکی مەحاڵە و جێگەی قبوڵ نییە، بەڵام بەلای سۆفییەکانەوە، یان ئەو شاعیرانەی کەسەر بەڕێبازی سۆفیگەراین، گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی، کە بوون و زەمەن کۆتایان پێ نایەت، ئەمەش لەڕێگەی کەرەستە بەڵگەییەکانەوە ئەنجام دەدرێت لەکاتێکدا (من) و (ئەو) یەکدەگرنەوە و یەک پێکهاتە دەخوڵقێنن. بەئاڕاستەیەکی تر، توانەوەی (من) لە (ئەو)دا، دەرئەنجامی ئەو باوەڕەیە، کە لەپێناویدا گەشتی بۆ کردووە و لەوێشەوە بەڵگەکان دەبنە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو.

ئەوەتا هەللاج (858– 922)، کە سەرچاوەلێگرتنێکە بۆ زۆرێک، دەڵێت:

أنا من أهوى و من أهوى أنا نحن روحان حللنا بدنا فإذا ابصرتني أبصرته وإذا ابصرته أبصرتنا (علی بن أنجب :41)

فەرەیدوون یش دەڵێت:

عەشقت لەناو خوێنما ئەژی

ئێستا عەشقت لەگەڵ خوێنما تێکەڵاوە

من ئێستا کە تۆم خۆش ئەوێ

دڵم لای تۆ جێ هێشتووە (فەرەیدوون:28 – 62– 118)

کەواتە فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، هاوشێوەی هەللاج، گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە نەتوانێت ناپاکی لەزەمەنی ڕابردووی پەیوەندییە سۆزداری و خۆشەویستییەکەی خۆی بکات بەوپێیەی عەشقەکەی لەجۆری یەزدانییە و ڕێگەی پێنادات لەبازنەی خۆشەویستەکەی دەرچێت، لەهەمان کاتیشدا جۆری عەشقەکەی و بەردەوامبوونی کردارێکی یارمەتدەرە بۆ ڕەوینەوەی بارە سایکۆلۆژییەکانی وەک ئەوەی خۆشەویستی بۆ شاعیر ڕۆڵی ئۆکسجینێک ببینێت :

عەشقی ئێمە بۆ کپ بوونی دوای خرۆشانی لەش نەبوو

بەڕواڵەت بەرگ سپی و لەناخی ناخیا ڕەش نەبوو

عەشقی ئێمە زۆر خاوێن بوو

هی ناو شا دەماری خوێن بوو (فەرەیدوون :79)

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی چیرۆکی خۆشەویستییەکی کۆتایی پێ نایەت:

کە جێم دێڵی هەموو شتێ نیشانەیە بۆ تەنیایی

من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە فلیمێکە بێ کۆتایی

بۆیە ئەبێ فرمێسک لەچاوی هەڵبەستما

شتێک بێ زۆر ئاسایی (فەرەیدوون :148)

3 – دیدە دایناميكييەكان. مەودای نێوان (من) و (ئەو – ئەوی بەرامبەر) ئاماژەیە بەوەی، کە هەر جووڵەیەک لەهەڵسەکەوت هۆکارێکە بۆ خوڵقاندنی بابەتەکان،ئەویش لەپێناو خوڵقاندنی بابەتێکی نوێ، جیاواز لەوەی پێشووتر هەروەک چۆن ئاوێکی زۆر گەرم تێکەڵ بە ئاوێکی زۆر سارد بکەیت، دەرئەنجام ئاوێکی شلەتێن دەخوڵقێنن. لێرەدا خودە بەئەزموونەکان، بەنموونەی شاعیرە سۆفیگەراییەکان، نایانەوێت وەک کەسێکی سروشتی مامەڵە لەگەڵ بابەت و دۆخەکاندا بکەن، بەڵکو هەمیشە لە جووڵەی گۆڕانکارییەکاندا هەڵسووکەوت دەکەن. یان هەوڵە سەرەکییەکانیان بریتیە لەگۆڕینی ئاڕاستەی بیرکردنەوەی تێکڕای خەڵکی، بەتایبەتی لەمەسەلە هەستیارەکاندا بەنموونەی خۆشەویستی و کین و قین، یان ئایدیاڵیزم و میتریاڵیزم.

گەر سەیرێکی دەقەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بکەین ئەوا هەر زوو لەوە دەگەین، کە جیهان و ژیان، هەر لە زەمەنی دامەزراندنیانەوە، خۆیان لەدوالیزمەکاندا دەبینەوە، وەک ئەوەی (من) جۆرێک لەبیرکردنەوە و (ئەو)ی بەرامبەریش جۆرێکی تر. بەمەش ژیان دوور دەکەوێتەوە لەیەک ئاڕاستەیی، بەڵکو بەهۆی کرداری دوالیزمەکانەوە هەمیشە لە جووڵەدایە. ئەم کرداری جووڵەییە جۆرێکە لەوزەبەخش بەوپێیەی گەر جووڵەکان لەجووڵە کەوتن ئەوا دەقەکانیش، بەنموونە، لەدایک نابن و لەجووڵە دەکەون. لێرەدا چەمکە ئاڕاز و ئێشە ئایدیاڵیزمەکان کارێکتەرێکی سەرەکی جووڵەکانن وەک ئەوەی خاوەنەکانیان هەمیشە لەدۆخی گەشبینیدان و بەمەش بابەتەکانیان بەکراوەیی دەمێننەوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەو بابەتانە خۆپسکین ودووڕە لەگوشارە میتریاڵیزمەکان، یان بەرژەوەندییە تایبەتییەکان. ئەوەتا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی دەڵێت:

بۆیە ئەمڕۆ هەموو شتێ

کەبیری تۆم بخاتەوە

هەموو شتێ کەدەروازەی بیرەوەری ساڵەکانم بکاتەوە

سەرچاوەی ژانێکی نوێیە

خەمێکی نوێتری پێیە (فەرەیدوون :236)

یان ئەوەتا دەڵێت: من لەگەڵ تۆ ئەی فریشتە

ئەی شاگوڵی ئەم سروشتە

بۆ کوێ بڕۆم تۆ لەگەڵمای

لەهەر کوێ بم تۆ لەدڵمای (فەرەیدوون :300)

ماوێتی

مێژوو بۆ هەموان.....!

وتەیەکی پێشەنگی مێژوونووسانی کورد میر شەرەف خانی بدلیسی لە "شەرەفنامە"دا هەیە، دەڵێت:"مێژوو لە سەرووی هەموو هونەرانەوەیە".
مێژوونووسی گەورەی کوردیش پرۆفیسۆر کەمال مەزهەر لە کتێبی "مێژوو"دا دەڵێت:"هیچ گومان لەوەدا نەماوە، کە مێژوو زانستێکی گەورە و بەکەڵکە، بەڵکو بێ سێ و دوو دەتوانین ناوی بنێین "زانستی زانستەکان".
ڕاستەکەشی مێژوو زانستی زانستەکانە، وەک خوێی چێشت وایە بۆیان..". هەر لە هەمان کتێبدا ئاماژە بەوە دەکات، کە هیچ سەرکردە و فەرمانڕەوایەکی سەرکەوتوو نییە گرنگی بە مێژوو نەدابێت و هەوڵی نەدابێت، پەند لە وانەکانی وەربگرێت. پێموایە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی شکستی کورد بە گشتی و ڕابەرانی کورد بەتایبەتی، گوێنەدان و تێنەگەیشتنە لە وانەکانی مێژوو.
فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی ملهوڕ و دیکتاتۆر حەزیان لە مێژوونییەکە، کە دڵ دەیخوازێت، نەک ئەوەی بە ڕاستی ڕوویداوە. بەدرێژایی مێژوو کەسانی وا ئامادە بوون، بەو جۆرەی دڵی ئەو فەرمانڕەوایانە دەیخواست، مێژوویان بۆ بڕازێننەوە. ئەمانە بە "سەگی دەربار یا دەسەڵات" نێو دەبران، فەرمانڕەوای وا هەبوون لە مێژووی ئیسلامدا، داوای لەم سەگی دەربارانە کردووە، مێژووی بنەماڵەکەیان بۆ بنووسنەوە. دوای حەوت جار نووسینەوە و پێداچوونەوە و ڕازاندنەوە و بە قەولی ئەحمەد سالار تیفتیفەدان، ئەوجا پێی قایل بوون. بۆیە دەبێت مرۆڤ هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە مێژوو بخوێنێتەوە. مرۆڤ دەتوانێت تەنها لە مێژووی ڕاستەقینە پەند وەربگرێت، نەک لە مێژووی هەڵبەستراو و تیفتیفەدراو، چونکە ڕووداوەکانی بەو شێوەیە نەبوون.
ئاشکرایە مێژووی کورد بە مەبەست لە لایەن سەگانی دەربارەوە بە خراپی شوێندراوە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا مێژوونووسانی کوردیشیان لێ زیاد بووە. هەندێکیان بە مەبەستی بەرگری لە گەلەکەیان و لە دژی ئەو شێواندنەی نووسەران و مێژوونووسانی گەلانی سەردەست پەنا دەبەن بۆ گەورەکردنی ڕووداوە مێژوونییەکان و سەردارانی کورد بە شێوەیەکی زۆر ناڵۆژیکی.
هەرە خراپەکانیان ئەوانەن، کە خەریکی هەڵبەستنی مێژووی پڕ لە سەروەری بۆ حیزب و دەرخستنی زانایی و دانایی سەرکردەکانیانن. لەم سەردەمی شۆڕشی زانیارییەدا ئەوان خەریکی بت دروستکردنن، کە عەقڵی سەردەم ڕەتیان دەکاتەوە. بە هۆی باری ڕەوتی مێژوویی گەلی کوردەوە، نەبوونی سەرچاوەی مێژوویی و ئەرشیفی نەتەوەییەوە، دواکەوتنی ناوەند و قوتابخانەی ئامادەکردنی تۆێژەر و پسپۆر و گەلێ هۆکاری تر، تۆێژەری کورد زۆر کەم دەرفەتی ئەوەی هەبووە، بە ئازادی لێکۆڵینەوە لە مێژوو و بوارەکانی تری ژیانی کوردەواری بکات. تا ئێستاش کە بەشێکی کوردستان ئازادە، سەدان بابەت و ڕووداوی مێژوویی هەن، کە سەربازی تێپەڕبوونی دەیان ساڵ، نەبوونەتە بە بابەتی مێژوویی ڕووت، کە تۆێژەران بتوانن بە ئازادی و بێلایەنانە و دوور لە چاوسوورکردنەوە لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکەن.
هەموو ئەم هۆکارانە زەمینەیەکی وایان ساز کردووە، کە جەماوەرێکی فراوان لە خوێنەرانی کورد حەوسەڵەی خوێندنەوەی تۆێژینەوەیان نەبێت. گۆڤارە "زانستییەکان"ی زانکۆکانی کوردستان کەمترین خوێنەریان هەن.
بۆ دەمێکی درێژ زۆربەی خوێنەوارانی کورد شاعیر بوون و ئێستاش بە ژمارەیەکی هەندێک کەمتر خەریکی ڕۆمان نووسینن. هەڵبەتە لە کۆتاییدا چۆن لەو سوپا گەورەییەی شاعیران چەند دانەیەکیان هەڵکەوتن، ڕەنگبێت بۆ ڕۆمان نووسان ژمارەی هەڵکەوتووەکان زۆر کەمتر بێنێتەوە.
زۆربەی گەلانی جیهان لە تەک تۆێژینەوەی قوواڵی زانستیدا لە بواری مێژوو، گۆڤاری و بڵاوکراوەی گشتی جۆراوجۆریان هەن، کە ڕووداو و کەسایەتییە مێژوونییەکان بە پوختەیی و بە زمانێکی دڵگیر دەخەنە بەردەم خوێنەران.

دکتۆر جەبار قادر

ئەمە بە شێوازێکی باش دادەنرێت بۆ شارەزاکردنی جەماوەرێکی فراوان لە خوێنەواران بە ڕووداوە مێژوونییەکان. بۆ ئەوەی خوێنەران نەتۆرێن، نابێت ئەم گوتارە مێژوونییانە باریان گران بکرێت بە پەراوێز و لیستی سەرچاوەی دوور و درێژ.
دکتۆر کەمال مەزهەر لەم بوارەشدا پێشەنگ بوو، سەدان گوتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە، کە خوێنەری زۆریان هەبوو و گەلێ کەس لە بەر گوتارەکانی ئەو بڵاوکراوانەیان دەکڕی. (دکتۆر ئەحمەد عوسمانیش لەم بوارەدا ناوێکی دیار و شوێن پەنجەی دیارە. هەروەها دکتۆر کاوس قەفتان)یش.
من گوتارەکانم لە دەسپێکی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە گۆڤارە "نا ئەکادیمییەکان"دا بڵاوکردوونەتەوە. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە گشتییەکان، زۆریان بێ ئاگادار کردنەوەی خۆم بڵاوکراونەتەوە.
ئێستاتاش زیاتر لەم لاپەڕەیە گوتارەکانم دەنووسم و بە سوپاسەوە هەندێک لە سایتە کوردییەکان بەشێکیان وەردەگرن و بڵاویان دەکەنەوە.
لەو باوەڕەدام لە ڕێگەی ئەمجۆرە گوتارانەوە، کە هێشتا هەندێک برادەر پێیان دوور و درێژە، تیشک بخەینە سەر هەندێ لە کونجە تاریکەکانی مێژووی کورد. ئەوەی من زیاتر گرنگیی پێ دەدەم تۆمار کردنی زانیارییە لە سەر ئەو کەسایەتییانەی کە لە مێژووی کوردا کەمیان لە سەر نووسراوە، لە کاتێکدا بۆ سەردەمەکەی خۆیان کاری گەورەیان کردووە. بەر لە چارەکە سەدەیەک ئاماژەم بە دیاردەیەک لە مێژووی کوردا کرد، کە بریتییە لە زۆر باسکردنی کەسانێک و کردنیان بە پاڵەوان لە کاتێکدا ئەو ڕۆڵەی بینیوویانە گەورە نەبووە. لە بەرامبەردا کەسانێکی مەزنمان هەن، کە ڕۆڵی گەورەیان بینیووە، ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، یا زۆر بە کەمی باسیان لێوە کراوە. ئایا ئەمە "پیلانی" دوژمنانی گەلەکەمانە، یا لە ئەنجامی خوێندنەوەی نادروستی خۆمانە و سەرچاوەی گرتووە. عەقڵی گشتیی کورد ئەمجۆرە بۆچوونە هێشتا بە ئاسانی وەرناگرێت. من بۆ خۆم یەک دوو جار لە کۆڕ و سمیناری بازاڕ گەرمکردندا لەسەر ئەم قسانە ڕەخنەی تووندم لێ گیراوە، ئەگەر نەڵێم تاوانباریش کراوم.

چەند وێنەیەکی دەگمەنی ئەرشیفی دێرینی کورد دەربارەی میژوو دەدوێت

فەوجی کەشافەی کوردستان لە دیمەشق وەلامێکی دیکە بۆ بوونی کورد لە شام

کوردەکانی شاری دیمەشق–ی پێتەختی سوریا، ساڵی ١٩٢٦(فەوجی کەشافەی کوردستان)یان لەو شارەدا دامەزراند. ئەم فەوجە لە ساڵی ١٩٣٦ دا خرایە سەر یانەی ڕۆشنبیریی کوردستان لە گەڕەکی کوردانی دیمەشق (ركن الدين).

فەوجی کەشافەی کوردستان لە مێژووی بزووتنەوەی کەشافە لە سوریادا، یەکەمین و پێشەمینە و ڕۆڵی کورد و چالاکییەکانیان لە دامەزراندنی بزووتنەوەی کەشافەدا ئەوەندە گرنگ بووە، تا لە بەرنامەی وەزارەتی مەعاریفدا جێی بۆ کراوەتەوە و خراوەتە سەر ڕوشتەی پەروەردەی وەرزین. کوردەکانی شاری دیمەشق بەشداریان کردووە لە مەشقپێکردن و دامەزراندنی تیپی کەشافەدا بۆ کڵێساکان و بۆ قوتابخانەکانی دیمەشقیش. ئەو بەڕێزانەی ساڵی ١٩٣٦یانەی ڕۆشنبیریی کوردستانیان لە گەڕەکی کوردانی دیمەشق دامەزراندووە و بوونەتە دەستەی بەڕێوەبردنی، ئەمانە بوون: خەیری زازا (سەرۆک)، دوکتۆر نورەدین زازا (ڕازگر)، پارێزەر علی بوزو (ئەندام)، شێخ ئەحمەد کفتارۆ (ئەندام)، دوکتۆر خالید قوتڕەش (ئەندام)، حەمدی بەگ کوننە (ئەندام)، بەهائەدین وانلی (ئەندام)، محەمەد ساڵح زازا (ئەندام). دواتر ئەم کەسە بەڕێز و چالاکانە لە سیاسەتی حیزبەکانی سوریادا ڕۆڵیان هەبووە، لێیان کراوە بە وەزیر، موفتیی کۆماری سوریا، بەڕێوەبەری باڵای وەزارەت.

****

*لە سایتی) http://noossocial.com ألحقيقة تقال و تقاوم الأوهام)ەوە.

٢٩/٣/٢٠٢٠ ئەڵمانیا – م. ئارام لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

ئەوکاتەی شار شارستان بوو

دەربارەی میژووی سینەما گوێژە لە سلێمانی

نوسینی:– د.توانا قادری حاجی حسین



سینەما گۆێژە ساڵی ١٩٤٩ دروستکراوە، کە وەختی خۆی لە شوێنی ئێستەی بازاری زێوەر بووە، کە پشت سەعات فرۆشەکانی شەقامی مەولەوی بووە ، ئەوکاتە قارئاغای مەلا محێدین مەعروف و قەشە دوری کریستان شەریک بوون، پاشان ڕەوانشادان ((قادری حاجی حسین –باوکم– و ئەحمەد میرزا غەفوور))، ساڵی پەنجاکان، لەوانیان کڕییەوە، ئەو کاتانە تەنانەت خێزانەکانی سلێمانی شەوان دەهاتن بۆ سینەماکە، تەنانەت پیاوان و ژنان خواردنییان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، سینەمایەکی هاوینە بوو، سەربانی سینەماکەیان بە قوماشی خام دەگرت تاوەکو ماڵان و خەڵکی ئەو ناوە لە سەربانەوە سەیری نەکەن یان خەڵک دەچوونە سەر حەمامی قشلە، کە ئیستا بازاری دەبوکەی پێدەڵین لە شەقامی مەولەوی تا سەیری فلیم بکەن. هەموو دەستگیراندارەکان بە کچ و کوڕەوە دەهاتنە سینەمای گوێژ وەک دایکی ڕەحمەتیم بوی گێڕاومەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری سینەماکە ڕەوانشاد ((غەفوور ڕەشید داراغا)) کە هاوڕێ ی باوکم بوو دوایی باوکم ڕەوانشاد قادر دیلانی هونەرمەندی کرد بە مودیر لەوسینەمایە چونکێ هاتووچۆی بەغدادی ئەکرد فلیمی چاکی ئەهینا، ئەو کاتە خەلکی سلیمانی زور حەزی لە فلیمی تەرزان و ئەسمهان و فەرید ئەترەش ئەکرد کە فلیمی سالانی ٤٠ و ٥٠کان بوو، یەکەم فلیم ناووی (الیتیم)ی ایتالی بوو لێدرا لەو سینەمایە هی سالانی ٣٠کان بوو، ڕەحمەتی خوولەی مەلا ژن بویگیرامەوە ئەو کاتە لای باوکم ئیشی ئەکرد ریکلامی بو فلیم ئەکرد واتە تەختە گیری سینەما بوو ، ئەی ووت تەنانەت ریکلامی فلیم لە ریگای هەڵەبجە و چوارتا و سەری ئەزمر دامان ئەنا تاوەکو خەلکی لادێ کانیش بین بو سینەما ئەوەش بو یەکەم جار وێنەی سینەما گوێژە لە شەقامی مەولەویەوە گیراوە چەتر سپیەکە سینەما گوێژەیە وە سەربانەکەش بە خامی سپی چواردەوەردراوە، سوپاس ،،،،پیشکەش بە کاک داناز و ڕامان و فرمان ، سوپاس... د. توانا قادری حاجی حسین

لە واڵی (زامۆئا داراغا)ەوە

هەواڵەکانی هۆڵەندا لەبارەی ڤایرۆس کرۆنا کۆڤید 19

کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی مارک ڕووتە

پاشماوەی لاپەڕە 2

Rutte جارێکی دیکەش دووپاتی کردەوە و داوای لە هەموو هۆڵەندا کردەوە و گوتی: تکایە ئەو ڕێگەوشوێنانە بگرنەبەر کە لێتان داوا دەکرێت و پابەند بن و دان بەخوتاندا بگرن، ئێمە بە ڕۆژانێکی ڕەش و زور سەختدا تێدەپەڕین، کە ناخوشترین ڕۆژانێکە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە. ئێمە تەنها پێکەوە دەتوانین ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەین و بەسەریدا زاڵ بین، بێگومان هەموو تێدەگەین کە پێکەوە ئەمە بکەین. سەرۆک وەزیران باسی ئەوەی کرد، کە لە چەند شوێنێکی هۆڵەندا تووش بوون بە ڤایرۆسەکە کەمیکردوە. وەزیری تەندروستی Hugo de Jong باسی ئەوەی کرد، کە لەیەکشەمەی داهاتوەوە 2400 جێگە بۆ تووشبووانی ئەم ڤایرۆسە دابین دەکرێت، بە تایبەتی بۆ ئەوانی پێویستیان بە چاودێری چڕ و هەمیشەیی هەیە، ئێستا 1900 جێگەی نەخۆشمان دابین کردووە. تا هەفتەی پێشووش واماندەزانی، کە تەنها 1000 جێگەمان پێویستە، بەڵام دەرکەوت کە لەو ژمارەیە زیاترمان پێویستە.

پشکنین:

پشکنین بۆ ڤایرۆسەکە لەهەفتەکانی داهاتوودا، دەگاتە چوار ئەوەندەی ئێستا، کە نزیکەی 4000 کەسە لە ڕۆژێکدا و چەند هەفتەیەکی دیکە، دەگاتە 17500 کەس ئەمەش بەپێی گوتەی وەزیری تەندروستی و هیواداریشە، پاشان بگاتە 29000 کەس لەڕۆژێکدا.

ڕێگەوشوێنەکان چین لە هۆڵەندا، کە تا 4/28 دەبێت بکرێت....؟

- تەوقەکردن قەدەغەیە.
- لەماڵەوە بمێننەوە.
- تەنها بۆ بازاڕکردن یا بو یارمەتی یەکێ، یان پیاسە بەمەرجێک لەسی کەس زیاتر نەبن.
- ١،٥ م دووری لە نێوان خوت و یەکێکی دیکەدا هەبێت.
- لە ماڵەوە تەنها ٣ میوانت هەبێت.
- کە کوکیت یا پژمیت، دبێت ئانیشکت بگریت بەدەمتەوە.
- شوێنەگشتییەکان داخراون.
- لە دوکانەکان، مارکێتەکان لە ناو پاص و میترۆ ئاگاداری ئەو ڕێوشوێنانە بن کە بۆیان دانراوە.
- سەرتاشخانە و شوێنی نینوککردن و مەساج داخراون.
- شوێنی خواردن و خواردنەوەکان داخراون.
- گازینۆ شوێنی وەرزش و ساونا داخراون.
- خوێندنگا و دایەنگای ساوایان و منداڵان داخراون.
- تاقیکردنەوەی ساڵانەی هەموو خوێندنگاکان ناکرێت و تاقیکردنەوەی، کە لە کاتی خوێندندا کراوە، ئەوانە بۆ خوێندکار دادەنرێت.
- بەکۆمەڵ کۆبوونەوە قەدەغەیە و نابێت زیاتر لە 3 کەس پێکەوە بن.

پەیمانگای (RIVM) نیشتمانی هۆڵەندی بۆ تەندروستی گشتی و دوروبەر لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا ڕایگەیاند: تووشبووان بە ڤایرۆسی کرۆنا ژمارەیان گەیشتۆتە 845 حاڵەتی نوێ، دوێنێ 175 کەس مردوون، کۆی ژمارەی تووشبووان تا ئێستا لە هۆڵەندا گەیشتۆتە 12,595 تۆمارکراو. ژمارەی مردووان بەرزبۆتەوە بۆ 1039 مردوو.

ئەمەریکا ڕێگای نەدا کەشتییەکی هۆڵەندی بچێتە ناو وڵاتەکەیەوە

پاش مردن و تووشبوونی ژمارەیەک لەسەرنشینەکانی بە ڤایرۆسی کرۆنا. هەواڵەکان ڕایانگەیاند دەسەڵاتدارانی ویلایەتی فلۆریدا، ڕێگەیان بە کەشتیەکی گەشتیاری دەریایی هۆڵەندی (زاندام) نەداوە نزیکی کەنارەکانی ویلایەتەکەیان بێتەوە بۆ چارەسەر وەرگرتن.

تا ئێستا چوار کەس لەسەرنشینەکانی کەشتییەکە کە گەشتیاری هۆڵەندین، بە ڤایرۆسی کرۆنا مردوون و ژمارەیەکی دیکەش تووش بوون بە ڤایرۆسەکە. ستیف بلۆک وەزیری کاروباری دەرەوەی هۆڵەندی، لە پەیامێکیدا بۆ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکەی ڕایگەیاندووە، گەشتیارانی هۆڵەندی ژیانیان لە مەترسیدایە لەناو کەشتیەکی گەشتیاریدا و بە دەیان لەسەرنشینەکانی تووشی ڤایرۆسی کرۆنا بوون و جەختی لەوە کردەووە، کە 20 لەو هاوڵاتیانە هەشتیان تووشی ڤایرۆسە بوون نزیکەی 200 سەرنشینیشیان گومانی دیاردەکانی تووشبوونی ڤایرۆسەکەیان لێدەکرێت. لە لایەکی دیکەوە کۆمپانیای کەشتیوانی "هولاند ئەمیرکا لاین"، دەوڵەتانی تۆمەتبارکرد، بەوەی یارمەتی سەرنشینانی لێقەوماوی ئەم کەشتیە نادەن و ڕێگەیان نەداوە چارەسەر وەربگرن، چەندین لە دەوڵەتانی ئەمەریکای باشور، کەنارەکانیان بەڕووی کەشتی "زاندام" دا داخستووە، کەوا بڕیاربوو لە وڵاتی تشیلی لە 21ی ئازاردا لەنگەر بگرێت. کە لە 7 ی ئازارەوە لە (بۆینس ئایرس)ی لە پایتەختی ئەرجەنتینیەوە بە کەنالی پەنەما بەرەو فلۆریدا بەڕێ کەوتبوو، کاربەدەستانی ویلایەتی رون دیسانتس گوتبوویان ناهێڵین بێگانە بێتە ناو وڵاتەکەمانەوە. لە هەمان کاتدا کاربەدەستانی فلۆریدا ڕایانگەیاندبوو، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانیان ئێستا بە ڤایرۆسی کرۆنا تووشبوون، لەم کاتەدا توانای وەرگرتنی بێگانەیان نییە. کۆمپانیای کارکەری کەشتیەکە لە ڕاگەیاندنێکدا دەڵێت: جیهان لەم کاتەدا خۆی لە ژیان و مانی 1243 سەرنشینی کەشتیەکە و لە 1247 لە کارگەرانی تاقمی کەشتیەکە بێبەری دەکەن، هەروەها لە بەیاننامەکەیاندا، جەخت لەوە دەکەنەوە کە "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر دەستکراوەن لە یارمەتی بەردەوامیان بۆ بەرەو ڕووبوونەوە موعاناتی مرۆڤایەتی"، بەڵام دەرگایان بەڕووی کەشتی "زاندام" دا داخستووە، تا خۆیان چارەسەری خۆیان بکەن.

قزڵجی وەک دۆزەرەوە و ڕاڤەکاری یەکەم

حەسەنی قزڵجی

فاروق هۆمەر

نازانم دواجار کەی بوو کە جارێکی دی "پێکەنینی گەدام" خوێندەوە، بەڵام بۆ یێکەمینجاریانم هەرگیز بیرناچێتەوە، کە ئەو کتێبە بچکۆلەیە چ خۆشییەکی خستە ناو دڵ و دەروونی منی منداڵەوە. بەڵێ ئەو دەم منداڵێکی قۆناخی شەشەمی سەرەتایی بووم لەڕێی کتێبخانە بچکۆلەکەی باوکمەوە کە لە چەند کتێبێک تێپەڕیان نەدەکرد، هێمن و هەژار سەرنجیان ڕاکێشام و هەر لەڕێی هێمنیشەوە حەسەنی قزڵجیم ناسی. هەندێک کتێب هەن من بۆ دەیانجار دەیانخوێنمەوە و هێشتا ناچارم جارێکی دیش بڕۆمەوە لایان، بۆچی دەچمەوە لایان بۆ خۆشم تەواوێک لێم ڕوون نییە و گومانێکی گەورەن لە لام، ئایا هەر بە تەنیا جوانییە یان شتێکی دی؟ ئێ خۆ ئەگەر هەر جوانییەکی ڕووت بێ، ئەو جوانییەم زۆر دەمێکە هەڵمژیوە و پێویستی بە وەرگرتنەوەیێکی دی و لێڕوانینەوەیێکی دی ناکات. ئایا تۆ بڵێی جوانییەکی بچکۆلەتر لە جوانییە گەورە و هەراشەکان جیاوازترین؟ لەم ڕۆژانەدا جارێکی دی گەڕامەوە لای پێکەنینی گەدا و لە خۆم پرسی ئەو سیحرە چییە وا لەو کتێبە بچکۆلەیەدا و جار لە دوای جار بۆ خۆیم کێشدەکات؟ سەیر ئەوەشە هەموو ئەو کتێبانەی کە جار لە دوای جار من دەگەڕێمەوە لایان لە نموونەی جەمیلەی جەنگیز ئێتماتۆف، چارەنووسی ئادەمیزادی میخائیل شۆلۆخۆف، کوێر ئۆغلی یەشار کەمال و زۆرێکی دیش، شتێک پێکەوە کۆیان دەکاتەوە کە بچکۆلەیی قەوارە و لاپەڕەی کتێبەکانیانە. ئێ باشە لەناو ئەو کتێبە بچووکانەدا چی هەن کە هەر هەموویان پێکەوە کۆ بکەیتەوە ئەوجا کتێبێکی گەورەیان لێ دەرناچێ. سەیرە ئێمە نووسەرانێکمان هەن سەدان لاپەڕەیان نووسیوە و هێشتا مانا و جوانییەکیان بۆ نەخوڵقاوە، بۆچی لەناو ئەو هەموو کتێبە گەورانەدا دەچمەوە لای قزڵجی. تۆ بڵێی هێشتا هەر بەدووی ئەوەوە بم سەرێکی ئەو گەدایە بدەمەوە کە لەدووی خۆیەوە ڕێچکەیێکی ڕەشی لەناو جیهان دا بەجێهێشتووە و بمەوێ بزانم حاڵی چۆنە؟ لەناو سەرما گیانی تەزیوە یان هێشتا ماوە و زیندووە؟ تۆ بڵێی بمەوێ بزانم ئەوانەی لەناو ژوورە گەرمەکاندان هێشتا هەر لە پەنجەرەوە گاز دەکەن و دەپرسن ئەوە کێیە بەو کڕێوەیە لە دەرگا دەدات؟ تۆ بڵێی هێشتا تێرم لەو پێکەنینەی ئەو گەدایە نەخواردبێ و بمەوێ بگەڕێمەوە لای و سەرلەنوێ و بۆ جارێکی دی تێر تێر لە پێکەنینەکەی بڕوانم؟ تۆ بڵێی هێشتا پێموابێ دەبێ سەرێکی هەڵەبجە بدەمەوە و لە کوچە و کۆڵانەکانی لەدووی حەمەڕەش بگەڕێم. ئاخر من چەند حەمەڕەشی بەدبەختم لە ژیان ناسیووە و هەموویانم خۆشویستووە و زۆرێکیان نەماون و خۆیان کوشتووە.

بەڕاستی تا هەنووکەش نازانم بۆ قزڵجی؟

تۆ بڵێی هێشتا بمەوێ جارێکی دی سەرێکی بەغداد بدەمەوە و بزانم زاکیری خانچی لەوێ ماوە و لێی بپرسم ئایا گەرووی هەر پڕە لە تەپوتۆز یان نا؟ دەی تۆ بڵێی تا ئیستاش ئەو بیبسی کۆلا نەخوراوەیەی لەسەر مێزەکە جێهێشتبێ و لە ترسا بۆی نەکرابێ بیخواتەوە؟ نەخێر من هەموو ئەوانەم لە یادن و بۆم دەکرێ لە قزڵجی خۆی باشتر لە ڕۆحمەوە بیانهێنمەوە دەرێ. من چیرۆکەکانی ئەوم لە دڵما هەڵگرتوون و ئەگەرچی حەسەن قزڵجی خاوەنیان بۆ خۆی ڕۆیشت و نەما و بێناز هەموویانی جێهێشت، بەڵام ئەوان لەناو یادەوەری منداً هەر دەژین و زیندوون. ئەوەتا کارەکتەر و ڕووداوەکانی لای من هەر دەژین و هێشتا لە گوندی سەرکەل، لەناو کۆشکی ئاغایی، بۆم دەکرێ مەجید بەگ ببینم چۆن بۆ خۆی لەوێ تەنیا ماوەتەوە و کەسێک نییە پلووسکانی بۆ دەرهاوێژێ و چاییەکی بۆ دەمبکات. ئەوەتا نەک هەر فەرەجی خزمەتکاریشی، بەڵکو هەر بۆ خۆی لەناو گوندێکی چۆڵ و هۆڵ تاکوتەنیا ماوەتەوە و ژن و منداڵەکانیشی هەموو جێیان هێشتووە. جارێکی دی لە خۆم دەپرسم، من بۆچی بەناو ئەو هەموو ئەدەبیاتی چیرۆکی کوردییەدا دەچمەوە لای پێکەنینی گەدا و گەڕم لە قزڵجی ئالاندووە. ئەوجا کەمێک لەبەرخۆمەوە ڕادەمێنم و جارێکی دی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بچکۆلەیە هەڵدەدەمەوە و لەسەر چیرۆکی سەرفیترە و هەردوو کارەکتەری حاجی عەلی دەوڵەمەند و میرزای دەفتەرداری ڕادەوەستم کە لەیارییەکی جاوجنۆکانەدا تێوە دەگلێن.

قزڵجی چۆن مامەڵەی لەگەڵ هەردوو کارەکتەری خاوەنکار و بەردەستەکەی کردووە، چیخەفیش بە هەمان شێوە، بەڵام بە جیاوازییەکەوە چیخەف لە کۆتایدا وانەیێکمان بە ئاشکرا و بەرجەستەکراوی بۆ جێدێڵێ کە ڕەنگدانەوەی جیهانی مرۆڤی ڕوس و پێگەی کلتوری ڕوسییە، هەرچی قزڵجییە ئەگەرچی هەمان وانەی جێهێشتووە بەڵام بە نەدرکاویی و بەرجەستە نەکراوی کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی جیهانی مرۆڤی کورد و پێگەی کلتوری کوردییە. خوێنەری هەردوو چیرۆکەکە زۆر بەسادەیی بۆیان دەکرێ هەمان وانەی لێکچوو لەناو هەردوو چیرۆکەکەدا بدۆزێتەوە و ئەو جیاوازییە قووڵەش ببینێ کە چۆن کلتوری کوردی هەتا ئەمڕۆش مرۆڤی کوردی بەو تێکشکاوییە بەبەرهێناوە کە هەموو ڕۆحێکی گۆڕانکاری لە هەناوی دا کوشتووە. ئەوجا یادێکی کەشکۆڵی جادوویی دەکەم و عیشقێکی لە منداڵییەوە خۆرسکی، وەیسە و ناسکۆڵ بەبیر خۆم دەهێنمەوە و سەروسەودای قزڵجی لەگەڵ عیشق و توانا و تێگەیشتنی ئەو لە کردەی عیشق لە ڕۆژگارێک دا کە مرۆڤ خاوەنی بوونێکی ئازاد نییە. ئەو چەند زیرەکانە لە مرۆڤ و عیشقەوە سەرنجمان بەرەو سەردار و کۆیلە دەگوازێتەوە، کاتێک هێزێکی سەروو مرۆڤیش دیارییەک بە کۆیلە دەبەخشێ، ئیدی وەک چۆن کۆیلە خاوەنی خودی خۆی نییە ئاواش بۆی ناکرێ ببێ بە خاوەنی ئەو دیارییەش کە پێی بەخشراوە. قزڵجی زۆر زیرەکانە چۆتە ناوەخنی ڕۆژگاری خۆیەوە و درکی بە هەموو ئەو هێزانە کردووە کە مرۆڤ و زەمینەی کوردی پێکهێناوە. هێشتا بەخۆم دەڵێم نەخێر، نەخێر هەر ئەوەندە نییە من تەنیا بۆ ئەو چیرۆکە کورت و بروسکئاسانەی ئەو بگەڕێمەوە بەڵکو شتێکی دی هەیە من هێشتا بۆم نادۆزرێتەوە، شتێک هەیە پەیوەندی بە قزڵجی خۆیەوە هەیە، ئەو پیاوە ڕۆشناییەک بوو چیرۆکی بە ئێمە ناساند و یەکەمین دەرگای چیرۆکی هونەری لەناو کوردان کردەوە و ئیدی ڕۆی و ئاوڕێکی لێنەدایەوە. ئەو بێخەم ڕۆی و تەنیا ئاوڕێکیشی لێنەدایەوە. ئەو کتومت شێوەی مۆپاسان و ئیدگار ئالان بۆ و چیخەف بوو، دەروونناس، دونیاناس و مرۆڤناسبوو. ئەو هەر بە تەنیا بە کتێبێکی بچکۆلە دەروازەیێکی گەورەی لەبەردەم میللەتێک واڵا کرد و ڕۆی. ئەو هەم دایکانە و هەم باوکانەش زمانێکی نوێ و هونەرێکی نوێ و تازەی داهێنا و دایە دەستی ئێمە و ڕۆی، بەڵام ئێمە هەموومان بەرانبەری بێوەفابووین و بێدەربەستانە لە حزووری بێدەنگ ماین و بۆ جارێکیش نەمانگووت ئێمە لە تۆوە فێری چیرۆکی هونەری بووین و تۆ ئەو ڕێچکەیەت نیشانی هەموومان دا. ئاخر هەموو چیرۆکی هەفتاکان و هەشتاکان و تا بە ئیمڕۆش دەگات لە تۆیان تێنەپەڕاندووە و هەمان ڕوانینی تۆ بۆ کارەکتەر و ڕووداو و سوژە و دیالۆژ دووبارە دەکەنەوە. هەر لە محەممەد مەولوود مەم و حسێن عارف و تا نەوەی تازەش لەناو پێکەنینی گەداکەی تۆدان و بەو کتێبە بچکۆلەیەی تۆ هەناسە دەدەن. بەڵێ مامۆستا و ڕۆشنگەر حەسەنی قزڵجی، هەموو لە هەناوی ئەو کتێبە بچکۆلەیەی تۆوە هاتینەدەر و بۆ ئەبەدیش تۆ مامۆستای یێکەم و ڕاڤەکار و ڕۆشنگەری یێکەمیت. هیچ گومانێکیشی تیا نییە ئەوەی ناوی چیرۆکە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش منەتباری ڕاڤە و گەڕانەکانی تۆن.

من بۆ خۆم بۆ هەمیشە دەڵێم تۆ لەناو چیرۆکی کورديیا تاکە مامۆستامی کە لەپاڵ چیخەف و ئێتماتۆف و شۆڵۆخۆفەوە بۆمدەکرێ بێترس ناوتان بهێنم.

گۆشەی 49 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

تا دێت ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا ڕوو لە هەڵکشانە



تووشبووانی کۆرۆنا لەئەڵمانیا ژمارەیان گەیشتە 71690 حەفتاویەک هەزار و شەسەدونەوەد کەس، 774 حەوسەد و حەفتاوچوار تا ئێستا کەس مردون و 15826 پازدەهەزار و هەشتسەد و بیست و شەش کەسیش چاکبوونەتەوە، تەنها لەدوێنێوە تا ئێستا پێنج هەزار کەسی نوێ تووش بوون. لەم لینکەدا بەبەردەوامی ژمارەی هەموو جیهان وئەڵمانیا چرکە بەچرکە تازەدەکرێتەوە

https://interaktiv.morgenpost.de/corona-virus-karte-infek.../...

پشکنینی دووەمی مێرکل نێگەتیف دەرچوو

تێستی دووەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید 19 بۆ خاتو ئەنجیلا مێرکل کراو خۆشبەختانە دەرکەوت، کە تووشی ئەم ڤایرۆسە نەبووە.

پەرلەمان پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ ئەم قەیرانە تەرخانکردووە

دوێنێ پەرلەمانی ئەڵمانیا Bundestag بڕی ٦٠٠ ملیار یۆرۆی بۆ بەرەنگاری کۆرۆنا تەرخانکرد، ١٥٦ ملیاریش بۆ کۆمپانیاو کارگە بچوکە وگەورەکان ودوکاندارو کاسبکارەکان ئەوانەی بۆ ماوەیەک توشی بێکاری وزیانی مادەی دەبنەوە، هەر خەستەخانەیەکیش سێ ملیار یۆرۆی پێ دەدرێت بۆ خزمەتگوزاری ودەستبەرکردنی پێداویستیەکانیان، ئەڵمانیا لەمێژویی خۆیدا ئەمە یەکەمین جارە ئەوهەموو پارە زۆرە بکاتە یارمەتی.

چیرۆکی دکتۆرە تونسیەکە بەدرۆ خرایەوە

لەمڕۆژانەدا لە چەند کەناڵێکی میدیایی عەرەبیدا، وا بڵاوکرایەوە کە دکتۆرێکی تونسی بەناوی "ڕەزوان کەممون" دەرزی دژەڤایرۆسەکەی دۆزیوەتەوە و خاتو مێرکل قسەی لەگەڵ کردووە و لەمڕۆژانە ئاهەنگی سەرکەوتنی بۆ دەگێڕن، ئەو سیناریۆ هەڵبەستراوە هاتە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وگەنجێکی درۆزن بەگرتەیەکی ڤیدیۆیی دەقێکی بۆ داتاشی و بڵاوی کردەوە، کەناڵی DW سەرلەبەری ئەو هەواڵەی بەردۆخستەوە.

سەرۆکی ئەڵمانیا وتارێکی پیاوانەی دا

"فرەنک ڤالتەر شتاینمایەر" ی سەرۆکی ئەڵمانیا لە گوتارێکی تایبەتیدا بۆ گەلی ئەڵمان گوتی دەبێت ئەوروپا هاوکاری یەکتر بکەن لەڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەو ڤایرۆسە گەل و نەتەوە و ڕەگەز ناناسێت، ستایشی نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیای کرد، کە نەخۆشە سەختەکانی فەرەنساو ئیتاڵیایان گواستۆتەوە و خەریکی چارەسەرکردنیانن، سەرۆک گوتی داهاتوومان بە هاوکاری و سۆز و بەزەیی هاتنەوە بەیەکتردا هەنگاوی هاوبەشە، دەبێت هەموو تاکێک بەرپرسیارێتی هەڵگرێت.

گۆشەی 49 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

ئەوانەی لەسەر Jobcenter ن جاریٚ بانگ ناکرێت

ئەو کەس و خێزانانەی، کە یارمەتی بیکاری وەردەگرن و لەسەر جۆب سەنتەر دەژین، تا ئەو قەیرانە تەواو دەبێت چاوپۆشیان لێ دەکرێت و بانگێشتنامەیان بۆ نانێردرێت تا کاربکەن، لە باری ئاساییدا هەر شەش مانگ جارێک نامەیان بۆ دەچوو و داوایان لێ دەکرا، کە کارێک بۆخۆیان بدۆزنەوە، یان بۆیان دەدۆزرایەوە، ئەو شەش مانگەی ئێستا وازیان لێ دەهێنن.

بۆچی ژمارەی مردووان بە کۆرۆنا لەئەڵمانیا رێژەکەی کەمە؟

ژمارەیە مردووانی تووشبووی کۆرۆنا، لە چاو ئیتاڵیا و چین و ئێران و ئیسپانیا زۆر کەمە، شارەزایان دەڵین ئەوانەی ئەڵمانیا بەشێکی خەڵکی گەنج یان کامڵن بۆیە بەرگەی قایرۆسەکە دەگرن و نەخۆشیەکە دەپەڕێنن، بەڵام ئەوانەی ئیتاڵیا بۆ نموونە زۆرینەیان بەتەمەنەکانن و تەمەنیان لەسەرو ٦٠ ساڵەوەیە بۆیە رێژەی ئەوان زیاترە، هۆکاری دووەمیش بەرزی ئاستی کەرتی تەندروستییە لەئەڵمانیا.

ساڵێکی زۆرە هەرگیز تاوانی دزیکردن وا کەمی نەکردووە...!

تۆڕی هەواڵی ئەڵمانی، کە زانیاری لە پۆلیسی تاوان وەرگرتووە ئاشکرایکرد، کە لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە تا ئەمرۆ، هەرگیز بەمشێوەیەی ئێستا تاوانی دزیکردن وەک وەرزی یەکەمی ئەمساڵ ئەوەندە کەم نەبوە و لەوماوەیەدا بە رێژەی ٣٣،٣٪ دابەزیووە.

ئەزمونەکانی بەکالۆری Abitur لەکاتی خۆیدا دەکرێت

وەزیرانی پەروەردەی هەر ١٦ هەرێمەکەی ئەڵمانیا، لەکۆبونەوەیەکی تەلەفۆنیدا بڕیاریاندا کە ئەزمونەکانی بەکالۆری Abitur ی ئەمساڵ دەبێت لەکاتی خۆیدا بکرێت.

خاوەن کارە تایبەتیەکان Selbständig یارمەتی وەردەگرن


Betr.: Soforthilfe für Selbständige

Sehr geehrte Mandanten

Soforthilfe für Selbständige können Sie beantragen bei der

Handelskammer Hamburg
Adolphsplatz 1
20457 Hamburg
Fax: 361 38 401 – Telefon: 361-38 138
e-mail: service@hk24.de

Stufe 1:	2.500,00	für Solo-Selbständige
Stufe 2:	5.000,00	für Betriebe mit weniger als 10 Mitarbeitern
Stufe 3:	10.000,00	für Betriebe mit 10-50 Mitarbeitern
Stufe 4:	25.000,00	für Betriebe mit 51-250 Mitarbeitern

Bitte durch formlosen Brief – mit Ihrem Briefkopf – einschließlich Angabe Ihrer Steuernum-

بەهۆی کۆرۆناوە بۆ قەرەبوکردنەوەی زیانی بێکاری ئەوکەسانەی، کە کاری تایبەتی خۆیان هەیە Selbständig حکومەت کردوونی بە چوار گروپەوە. بەم شێوەیە یارمەتیان پێدەبەخشێت، ئەوانەی هەر خۆیانن ٢٥٠٠ یۆرۆ، ئەوانەی تا ١٠ کرێکاریان هەیە ٥٠٠٠ یۆرۆ و ئەوانەی ١٠ تا ٥٠ کرێکاریان هەیە ١٠ هەزار یۆرۆ و ئەوانەشی، کە لە ٥٠ بۆ ٢٥٠ کرێکاریان هەبێت، ئەوا ٢٥ هەزار یۆرۆ وەردەگرن، دەکرێت ئەو یارمەتیە دووبارەش بکرێتەوە.

کەسێک بەتۆمەتی بڵاوکردنەوە کۆرۆنا دەستگیرکرا

دوای ئەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بڵاوبۆوە، تیایدا پیاوێکی ئەڵمان لە ناو میترۆیەکی شاری میونشندا لیکاوی دەمی خۆی، بە ئامێری تکت و کورسی و ئاسنەکانی ناو میترۆکەدا دەکات، هەر زوو پۆلیسی شارەکە بەدوایدا گەڕاو دەستگیری کرد.

گۆشەی زانست

مامۆستا جەزا دەینووسێت



ناوکە یەکگرتن(التفاعل الاندماجي)(nuclear reaction)

ناوکە یەکگرتن(التفاعل الاندماجي)(nuclear reaction)

ناوکە یەکگرتن بابەتێکی زانستیە لە بابەتی یەکگرتنی ناوک دەکۆڵێتەوە بۆ دەست کەوتنی وزە.



خۆر گرنگترین نموونەیە بۆ بەرهەم هێنانی وزە، لە ئەنجامی یەکگرتنی هایدروجین، کە مادەی هیلیۆم دروست دەبێت.

خۆر 500 ملیۆن تەنی مەتری هایدروجین لە یەک چرکەدا دەگۆڕیت بۆ هیلیۆم.

چیرۆکی تۆ هی منیشە هی هەموومانە..!

لوقمان حەویز/ تێکساس

تۆ تا هەیت گۆڕەپانێکت هەیە بۆ ژیان، هۆشمەندیت، بەئاگایت، تۆ هەموو شتێکیت، تۆ هیچیش نیت!.. کەمێک لەم بەردە شینە دوربکەویتەوە بزر دەبێت، نامێنێت لەنێو تاریکی ئاسماندا، دورتر بکەویتەوە ئەستێرەکەشمان بزر دەبێت، هێشتا دوربکەویتەوە گەلەئەستێرەکەشمان وون دەبێت لەنێو ئەم بوونە فراوان و بێکۆتایە، هەر دوربکەویتەوە هەموو شتێکت لێ وون دەبێت، زۆر گرنگە بزانیت تۆ و ماڵەکەت چەندە بچوکن لەم گەردوونە ئەقڵ وەستێنە لە فراوانیدا!..

کاتی تۆ و من و هەموومان زۆر زۆر کورتە، ئەوەندەی یەک فرێم و جولەی بچوکە لەنێو چیرۆکی فلیمێکی زۆر زۆر دور و درێژدا، بەڵام هیچ خەم مەخۆ؟ هەموو ئەوانەی پێشتر هەبوون ڕۆیشتن، ئێمەش دەڕۆین، ئەوانەی جارێ نەهاتوون و نین و دواتر دەبن هەر دەڕۆن، نەوەک هەر ئەوەش بەڵکو ئەم بەردە شینە جوانەی ئاسمانیش دوای ماوەیەکی درێژی تر دەبێتە گۆڕستانێکی تاریک و بێ ژیان!..

دڵنیابە گوناهی تۆ نەبوو، تۆ نازانیت بۆ هەیت؟ بۆ هاتیت؟ بەڵام باشترین بژاردە ئەوەیە لەم گەشتە کورتە خۆت بیت، بژیت، پێبکەنیت، بگریت، سەربکەویت، ژێر بکەویت، خۆشت بوێن، خۆشیان بوێیت، سادە بیت!..

بیرت نەچێت، کاتیش بۆ هەموو بوون زۆر دادپەروەرە، چونکە لە کۆتاییدا نەوەک هەر تۆ بەڵکو ئەم ماڵە شینە جوانەی ژیانیش بەتەواوی دەکات بە گۆڕستانێکی تاریک و بێ ژیان، هەموو گەردوون و بوونیش دەکات بەنەبوون!..

بڕوانە<<

خۆشنووس و شێوەکار
بەدیع باباجان



سالّی 1923 لە گەڕەکی ئەخی حسین–ی شاری کەرکوک لەدایکبووە. سالّی 1945 چۆتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد. سالّی1950 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد تەواو دەکات. سالّی 1951 لە بەڕێوەبەرایەتی روپێوی شاری بەغداد وەکو فەرمانبەر دادەمەزرێت و هۆکاریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هێڵکاریدا زۆر سەرکەوتوو بووە. سالّی 1973 لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد وەکو مامۆستای خۆشنووسی و زەخرەفە وانەی وتۆتەوە. لە گۆڤارەکانی گەلاوێژو نزار، کاریکردووە. – لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی تایبەت بە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی بەدیع هەموو هێڵکاری شاعیرەکانی کێشاوەو بۆتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ ناوبانگی.

لەشاری بەغدادو لە شەقامی رەشید لەدوکانێک بەناوی خط العربی کار دەکات، کە لەوێوە ئاشنایەتییەکی زۆری لەگەڵ نووسەرە کوردو عەرەبەکان بۆ دروست دەبێت. سالّی 1967 لەلایەن بانقی مەرکەزی عێراقییەوە داوای لێ دەکرێت کلّێشەی دراوی ئاسنی عێراقی بکێشێت سالّی 1996 کۆچی دوایی کردووە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەدیع بابا جان بڕوانە:

https://www.facebook.com/یە–دیع–باباجان–1634171730233577/?fref=profile_friend_list&hc_location=profile_browser

زانیارییەکان و تابلۆکانی لە پەیجەکەی خۆی وەرگیراوە.





تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵییە هەموو چوارشەممەیەک، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA تاراوگە

08 April . 2020 Nummer. [99] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتووری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– چۆن کەرتی گشتی و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن بەرەوڕووی پەتـــای ڤایروسی تـاجی(کۆڤید 19) بـبـنەوە. وەرگێڕانی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی...؟ل 2 و ل 5

– کێ کۆماری کوردستانی ڕوخاند؟ نوری کەریم... بەشی دووەم و سێیەم ل 3 و ل.4.

– چالاکی هونەری و ئەدەبی کوردانی تاراوگە لـــە وڵاتی نیوزلاند لەشاری ئۆکلەند، عەلی بانەیی ل 6

– بونیادە سۆفیگەراییەکان لەدەقی شیعریدا فەرهیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە ل 7 و ل 8 و ل 9

– کوردە هاوارە... هاوارە و فوغانە و نالەی دەروونە، فەوزی ڕەمزی ..... ل 10 و ل 11

– حەبەزبوز بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی پێشەنگ و ناوازەی ڕەخنەگرتنی گاڵتێن و کاریکاتۆریی. م ئارام.. ل 12 .

– گۆشەی 50 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین–ەوە ل 13

– دوێنێ شەو مانگ زۆر بەجوانی بینرا..! مامۆستا لوقمان حەویز ل 14

– کۆشەی زانست، دەربارەی هییگس تەنۆلکە یان تەنۆلکە خواوەند، مامۆستا جەزا . ل 15

– ئەمە نەشیعرە و نە هی نالی یە، نووسینی ئەرخەوان ڕەسوڵ . ل 15

– دەربارەی هونەرمەندی شێوەکاری کورد فایەق ڕەسوڵ و چەند تابلۆیەکی. ل .16

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆنەتدا دەردەچێت

07 April 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 99 ی 07 ی نیسانی 2020

چۆن کەرتی گشتی و کۆمەڵگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن بەرەوڕووی پەتای ڤایرۆسی تاجی- کرۆنا(کۆڤید 19) COVID-19 بسبنەوە....؟

وەرگێڕانی:
فەریق ڕۆکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

لە ململانێ بەرامبەر بە زانیاری هەڵە و بریاردان لەسەر چارەسەری سەرەتایی پێویست بۆ ئەم پەتایە.. پرۆفیسۆرەکانی ناوەندی هارڤەرد کینیدی خەریکی تویژینەوە و چارەسەرکردنی ڕۆڵە گرنگ و قورسەکانن، کە دەبێت کەرتی گشتی ڕۆڵی هەمیشەیان هەبێت، بەرامبەر بە پەتای ڤایرۆسی تاجی.

ماتیو باوم(Matthew Baum)

کۆلێجە سەرەکییەکان و بابەتی سیاسەتی لێکۆڵینەوە لە تەندروستی و چۆن کەرتی گشتی و کۆمەڵەی مەدەنی دەتوانن وەڵامی پەتای ڤایرۆسی تاجی بدەنەوە. ئاڵوگۆڕی باوەڕپێکراوزور گرنگە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاییە بنەڕەتییە باوەڕپێکراوەکان، بۆ ڕاگرتن و هێورکردنەوەی کاریگەری کۆڤید–19، ئاشکرا بکرێن. هەموومان بینیمان لەکاتی پەتاکانی (Epidemics) پێشوودا، وەک پەتای (H1N1) لە ساڵی (2009) دا، فریاکەوتنی تەندروستی گشتیی ڕێڕەوێکی سیاسی وەرگرتبوو، بەشێوەیەک وایکرد، کە هاوڵاتیان کەمتر بڕوا بە بیروبۆچوونی حوکمەت بکەن، کە زانیاری باوەڕپێکراوییان بڵاوەدەکردەوە. چونکە ئەم زانیارییە گومان لێکراوە زور ئەنجامی خراپی بەدوای خۆیدا هینا.

بڕوانە لاپەڕە 5

سەروتاری تاراوگە:

ڤایرۆسی کرۆنا کۆڤید 19 لەسەرتاسەری جیهاندا، جومگەکانی ژیانی وەستاندووە و گەرموگوڕیەکی ئەوتۆی خستۆتە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتی و داموددەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، کە بە جۆرێک بازاڕەکەیان گەرم کردووە، وای لێهاتووە، کە بەداخەوە هەندێکیان بۆ چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی خەڵکی درێخیان نەکردووە. سیستەمی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو و زلهێزی دنیاش تووشی ڕووگیریی گۆت بوونێکی شەرمنۆکانە بوونەتەوە لە بێدەستەڵاتیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە، هەموو سیاسی و حوکمڕانانی دەوڵەتان، ناچارکراون گوێ لە ئابوریناسان و تویژەرانی ئەکادیمی زانکۆکان و پزیشکە دانسقەکان بگرن، کە ئێستە تێکڕایان سەرقاڵی تویژینەوەی زانستی و خۆئامادەکردنن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بۆ ئەوەی ئەم گرفتە زیاتر لەدەست دەرنەچێت. ئێستە باس لەوە دەکرێت جیهانی پێش کرۆنا چۆن بووە و سیستەمی جیهانی پاش کرۆنا چی لێ بەسەر دێت..؟ لەملاشەوە گروپی تیۆری پیلانگێڕی–(کۆمپلۆت تیۆری)ش، بەڕەی ڕێسا حازربەدەستەکەی خۆیان ڕاخستووە بۆ داڕشتن و چنینەوەی جۆرەها حیکایەتی ئەفسانەی جۆراجۆر. ئەمانە هەموویان لە خزمەتی چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی ڕووی زانستی و ونکردنی بنچینەی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسەوەن. هەر لە کۆنەوە پشتیگرانی ئەم بەندوباوانە زۆرینەی خەڵکە ساویلکەکانی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە و کردوونی بە قوربانی کاڵفامی بیرۆکەکانیان. لێرەدا دەتوانین چەندان نموونە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بهێنینەوەیە، مێژووی ئەم دووهەزار ساڵەی ڕابردووی مرۆڤایەتی هەمیشە لە ململانێدا بووە لەگەڵ سروشتدا، هەر لە نەخۆشیە درمەکانی وەک پەتای تاعون و کولێرا و کارەساتی سروشتی وەک بوومەلەرزە و لافاو وهێرشی گیانلەبەرە درندەکان، کە دووچاری مرۆڤ دەبوونەوە، بە جۆرێک هەندێ لەوجارانە ژمارەی دانیشتوانی زەوی بۆ نیوە لەناوبردووە، لە مێژووی نزیکدا تاعون و تاعونی ڕەش لە ئیسپانیا. لە کۆنیشدا ئەگەر مرۆڤ بە هۆی کەمی زانست و دیاریکراوای ئاستی تێگەیشتنیەوە پەی بە وردەکارییەکانی ئەم نهێنییە زانستیانە نەبردووە و شیکاری عەقڵانی و لۆژیکی بۆ ئەم دیاردانە نەکردووە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەندێ کەس بۆ بە ئەنقەست بە بڵاوکردنەوەی خورافاتی ئەوتۆ بڵاودەکەنەوە، گوایە بۆ کەمکردنەوە دانیشتوانی سەر زەوی و ڕێکخستنی سیستەمی ئابووری سەرزەوی، ئەم کارانە ڕێکخراوە، گوایە ئەمەش بەشێکە لە ململانێی ئابوری لە نێوان زلهێزەکاندا. هەندێکی دیکە زۆر دوورتر دەڕۆن و دەڵێن گوایە ئەم پلانگێڕییە بریتییە بڵاوکردنەوەی گازی سارین، بێ تێگەیشتن لە سەرتایترین بنەماکانی زانست، کە جیاوازی نێوان گازی سارین و ماددە کیمییایەکان و بەکتریا و میکرۆب و ڤایرۆس، ئاسمان و ڕیسمانە...!

با ئەمڕۆ هەموو بگەڕێینەوە بۆ بنەما سەرتاییەکانی زانست، مرۆڤ بەم دەستەڵاتە کەمەیشییەوە، کە هەیەتی تەنها زانستە فریادڕەسی و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ عەقڵانیەت و لۆژیک.

کێ کۆماری کوردستانی روخاند؟

بەشی 2

ستالین لە ڕێگەی باقرۆف سەرکۆماری باکۆ و پێشەوەری سەرکۆماری تەورێز هەوڵیدەدا کۆماری کوردستان دانەمەزرێت، کە هەڵوێستی پێداگرتنی پێشەواش دەبینن دووای ئەوەی هێزی جەنگاوەری بارزانیان چوونە ئەودیو ئینجا ڕێگە دەدەن پێشەوا بەڕێوەبەرایەتییەک ڕێکبخات لە ژێر چاودێری و فەرمانی تەورێزدا، بەڵام پێشەوا بە پێچەوانەی خواستی ئەوانەوە بە بڕیارێکی سەربەخۆ بە کورد و بەڕۆەوەندییە نەتەوەییەکانی 1946/1/22 دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و ئاڵای کوردستانی هەڵکرد.. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕژێمەکەی شای ئێران دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەربە پلان و دەستپێشخەری سۆڤێت دادەنێن و یەکێک لەو تاوانە گەورانەی دایان بەرووی پێشەوادا پەیوەندیکردن بە سۆڤێت و هاتووچۆکردنی باکۆ بوو، سەیر لەوەدایە لە کاتێکدا سەربازێک، بەرپرسێکی بێگانە لە کۆماری کوردستاندا نەبوو، سەرتا خواری وڵاتی ئێران لە ژێر پۆستاڵی سەربازو ئەفسەرانی سۆڤێت و بەریتانیادا بوو، حەمە ڕەزا هەر بەناو شای ئێران بوو، لەشکرە پاڵەوانەکەشی تەنها سێ کاژێر بەرگرییەکی شەرمنانەیان کرد بەڵام کە بێ ڕەوشتی ستالین، گەورە دیکتاتۆرەکەی مێژوو هەردوو گەلی ئازەر و کوردی بەبەرمیلێکی بەتاڵ نەوت فرۆشت، بارووداوخەکە لە بەڕۆەوەندی شای ئێران وەرچەرخاو هێزەکانی سەری کزیان بەرزکردەوە و ئەفسەرەکانی دادگایی پێشەواو سەیف و یەدریان دەکرد لە بیر خۆیان برد بووەوە باپیری پێشەوا سوێندی گەورەی خواردبوو هاتا زیندووە ڕێگە نەدات سەربازێکی ڕووس پێ بنێتە کوردستانەوە. تەورێز بە پێچەوانەی مەهابادەوە سەرومڕ پابەندی باکۆ بوو، بێ ڕەمەزامەندی ئەوان پەنجەی بەئاودانەکرد بەڵام مەهاباد زۆرکەمتر دەچووە ژێر فەرمانی ئەوان، لەباری ناچاریشدا دەبوو خواستەکانیان جێبەجێبکات، شای ئێران دەیتوانی سەرپێچی فەرمانەکانی سۆڤێت و بەریتانیا بکات؟ ئەو لە ترسی دوژمن خۆی کەڕو کوێر و لاڵ کردبوو، هەتا پێشەوا بەهێزێکی کەمەوە بتوانێت بەرامبەر ستالین بوەستێت کە لە ڕێگەی باکۆوە پاڵەپەستۆی زۆری خستبووە سەر؟ خۆ ئەوە بەڵگەنەویستە، ئەگەرکۆماری کوردستان دەستنێژی ستالین بووایە هەڵبەت ئەویش وەک تەورێز لەچەند سەعاتێکدا جەعفەر پیشەوەری بێ چەندوچوون دامودەسگای دەپێچایەوە و ڕایدەکرد بۆ باکۆ، وەک پەندەکەش دەڵێت (ئەوەی دروستی دەکات دەشتوانێ بیروخێنێت) هەرچەندە بەتاقیکردنەوەش دەرکەوتووە هەموو کاتێک بەوجۆرە ناکەوێتەوە، هەر بۆنمونە بەریتانیا بەعسییەکانی عێراقی لە8شوبات 1963 بەکۆدەتایەکی سەربازیی هێنایە سەرکار، سەرکردەی کۆدەتاچییەکان عەلی ئاڵح سەعدی بەڕاشکاوی وتی: (ئێمە بە شەمەندەفەرێکی ئینگلیز هاتووین)!!

ئەمەریکا دژی حکومەتە کارتۆنییەکەی ئەفغانستان کە دوابەدوای داگیرکردنی وڵاتەکە لەلایەن لەشکری سووری سۆڤێت لە 1979/12/25 داو کوژرانی سەرۆک حەفیزوڵڵا ودانانی (بایراک کارمال) بەسەرۆک کۆمار، ئەمەریکا پارەو چەکی بەنێو موسوڵمانەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئەو وڵاتەدا بڵاوکردەوە و چەندین گروپی چەکداری تونددەروی دروستکرد کە بەهێزترینیان گروپەکەی ئوسامەی کوڕی لادن بوو ... دووای ڕوخاندنی ڕژێمە کۆمۆنیستەکەی سەربە کرملین لە ئەفغانستان و کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێت چیتر ئوسامەی سعوودی لەگەڵ ئەمەریکادا نەدەگونجا، ڕێکخراوی قاعیدە پێکەوە دەنێت و ئەمەریکاشی کردە دوژمنی ژمارەیەک، دەستی هەرە کاریگەر و پشتشکێنیشی لە 11/سێپتێمبەردا لێوەشاندن و لە هەموو لایەکیش بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای خستبووە مەترسی ڕاستەقینە، ئەوانیش هەتا ئەمڕۆ بەدەستییەوە داماون و نەیانتوانیوە ئەوەی خۆیان دروستیانکرد بیروخێنن. ئایەتوڵڵا خومەینیش لە ناکاوێکدا بەفڕۆکەیەکی جامبۆی تایبەتی فەرەنسا لە پاریسەوە گەڕایەوە تاران و کۆماری ئیسلامی ئێرانی دامەزراند و بووە دوژمنێکی سەرسەختی ئەورووپا و بەتایبەتیش ئەمەریکا و هەربە (شەیتانی مەزن) و (ئستیکباری عالەمی) ناویدەبات و تووشی ترس و دڵەڕاوکەی کردوون و دەستی بگاتە چەکی ئەتۆم بەسەرخۆشییەکی دەروێشانە میرنشینەکانی کەنداو دەکاتە پارووییەکی چەورو دەوڵەتی ئیسرائیلیش خاپوور دەکات و لەسەر نەخشە دەیسڕێتەوە... لەگەڵ ئەوەشدا جارێ هیچیان بۆ نەکراوە. نەجەف قولی پسیان چەند لایەنێکی شاردراوەی سەردەمی مەهابادیش دەخاتە ڕوو: قازی هەر لە مەهاباد باڵا دەست بوو، هۆزەکان ژێر فەرمانییان نەدەکرد، خۆشی خاوەن هۆز نەبوو، کەڵکی لە بارزانیان وەردەگرت، چەک و پارەی پێدەدان بۆ چاوترساندنی هۆزەکان. لەوڵاشەوە بەڕاپەڕاندنی ئەسەدۆف نوێنەری بازرگانی سۆڤێت لە تاران، توتنی کوردانی دەگۆڕییەوە بەبێگانە، بەچەک و پارە (ئێ کاکی برا مااڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش.ن.ک) مامۆستا سەعید ناکام لەبیرەوەرییەکانیدا لاپەڕە66 نووسیوێتی (ئێمە توتنی کوردستانمان " کەهەرئەوەمان شک دەبرد(بەسوت و سەلەم دەدا بە ئەسەدۆف) تورکانێکی پشت مل چڵکن بوو، بە ڕواڵەت بەناوی نوێنەری بازرگانی سۆڤێتی ولەژێرەوە وەکو ئەندامی دەزگای پۆلیسی نهێنی سۆڤێت لە مەهاباد دادەنیشت، کوردی و تورکمانی باش دەزانی, بەڵام بەکوردی نەدەدوا. ئێمە دارودیوارمان بە پۆستەر و وێنەو دروشمی دروشمی سۆڤێتی ڕزاندبۆوە، چاپەمەنیەکانمان ڕبووون لە پێدا هەڵخوێندن و کرنووش بردن بۆ سوپای سوور و ڕێبازی سۆڤێتی و منداڵەکانمان پڕ بەدەم هاواریان دەکرد:

بژی ستالین خۆش بێ چەکوش و داس***لەژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس

سەردەمی پێشەوا قازیی، هێمنی و ئاسایش بوو، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ڕێکخست، لەماوەی دووساڵ فەرمانڕەوایی ئەودا (کۆماری کوردستان ساڵێکی تەواوی پڕنەکردەوە، تەنها 330 ڕۆژ فەرمانڕەوایی کرد.(ن.ک) تەنها یەک مرۆڤ لە مەهاباد کورژرا.(62)

پێشەوا قازی موحەممەد پشت ئەستور بە هێزو توانای 500-600 جەنگاوەری خاوەن ئەزموون و گیان لەسەردەستی بارزانیان

پاشماوەی کێ کۆماری کوردستانی ڕووخاند...

بەهەنگاوێکی ئازای شۆڕشگێڕانە و سەربەخۆ ڕۆژی1945/12/16 ئالای سێ ڕەنگی سوور و سپی و کەسکی کوردستان بە دروشمی گوڵەگەنمێک و خۆر و پێنووسێک بەرزدەکاتەوە و ڕۆژی 1946/1/22 لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستان ڕادەگەیەنێت. سەرچاوەکان لەدیاریکردنی ڕۆژی بەرزکردنەوەی ئالای پیرۆزی کۆماری کوردستاندا جیاوازن، بەبۆچوونی شەوکەت شێخ یەزدین 1946/1/16، بەکرعەبدولکەریم حەویزی 1946/1/26، نەجەف قولی پسیان 1945/12/16 (پێدەچێت ڕاگەیەکە هەڵەی چاپ بێت)، 1945/9/12 یش لە ڕووداوە گرنگەکانی 1945 – 1947 دا هەیە.(63) زۆربەی سەرچاوەکانیش لەگەڵ د. ئەورەحمانی قاسملو، شەوکەت شێخ یەزدین، بەکر حەویزی و نەجەف پسیاندا لەسەر ئەوە کۆکن کۆماری کوردستان ڕۆژی 1946/1/22 ڕاگەیەندرا، بەپێیە دەبێت دیاریکردنەکەی بەکر عەبدولکەریم حەویزی 1946/1/26 بۆ هەڵکردنی ئالای کوردستان دروست بێت یا ئەوەیە هەڵکردنی ئالاکە پێش ڕاگەیاندنی کۆمارەکە کەوتووە، ئەوەش ناشێت. کۆماری کوردستان گەلێک لەمەرجەکانی کۆمارێکی سەربەخۆی تێدا بوو وەک خاک هەرچەند سنووریشی بەرتەسک ودیارنەکراوبوو،سەرکۆمار، ئالا، کابینەی وەزیران، هێزی چەکدار، سەرکردایەتی لەشکر، دەزگاکانی بەڕێوەبردنی کارووباری هاوڵاتیان، ئاسایش و پاراستنی سەروماڵی دانیشتوان، مووچەی مانگانەی تێروتەسەلی فەرمانبەران، ئەفسەران، سەربازو هێزی ئاسایش، کۆڵەکەی بەهێزی لەشکر هێزی بارزانیان و ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی بوو، هێزی نەیاریش لە دەڤەرەکەدا و لەسەرکردایەتی لەشکریشدا کەم نەبوون، پەیوەندی ئاشکرا و نهێنیان بەدەوڵەتەوە هەبوو.

کێ کۆماری کوردستانی ڕووخاند...

بەشی 3

ئاهەنگی هەڵکردنی ئالای کوردستان هەڵکردنی ئالای نەتەوەیی هەر گەلێک خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی مێژوویی پڕ بایەخە، تەنانەت لای ئەو نەتەوانەش کە لە سەردەمێکی سەربەخۆییەوە دەگوێزنەوە سەردەمێکی نوێی سەربەخۆیی و ئالایەکی نوێ بەرزدەکەنەوە جیاواز لە ئالای پێشوو، وەک ئالای نوێی ئەڵەمانیا دووای ڕووخانی هیتلەر، ئیتالیا دووای مۆسۆلۆنی و ڕووسیا و نەتەوەکانی بلۆکی سۆشیالیست دووای هەرەسی یەکێتی سۆڤێت و هتد..نەخوازە بۆ نەتەوەی کورد کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دوور و درێژی خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕش و قوربانی و ماڵوێرانی و خوێن و فرمێسکدا ئالای کۆمارێکی سەربەخۆی کورد بەرزدەکاتەوە دووای ئالاکەی خوێبوون لەسەر لوتکەی ئارارات و ئالاکەی حکومەتی مەلیک مەحمود لە سلێمانی. ئەفسەرێکی شۆڕشی بارزان و کۆماری کوردستانیش ڕائید (پێشڕەو) بەکر عەبدولکەریم حوێزی ئەو ڕۆژە لە گۆڕەپانی چوارچرای ساباڵغ ئامادەبووە و ئەو ئاهەنگە پڕ شکۆیەی چۆن بینییوە بۆمان دەگێڕێتەوە: چەند ڕۆژێک بەر لە هەڵکردنی ئالای سێ ڕەنگی کوردستان، دێهات نشین و عەشیرەتەکان گەورە و بچووک ژن و پیاوو منداڵ پۆل پۆل بەرەو مەهاباد دەهاتن. شار بەرگی خۆشی و شادی پۆشیبوو، سەرتاسەری مەهاباد ڕازابوووەوە.

ڕۆژی 26/ ک2/ 1946 (65) دانیشتوانی مەهاباد و دەروپشتەکەی ڕژابوونە مەیدانی چوارچرا، جوانی جل و بەرگیان و بەزم و شایی و خەندەی سەر لێوانیان ئازادی و سەربەخۆیی تێدا دەبینرا، دروشمی (نەمری (نەمریی ن.ک) بۆ پێشەواو کورد و کوردستان) لە هەموو لایەک دەنگی دەدایەوە، ئالا سێ ڕەنگەکەی کوردستان بەرزکرایەوە، تەقەی تفەنگ و هەلهەلە و جۆش و خرۆشی خەڵکەکە گەیشتبووە ئاسمان.. پێشەوا لە ژێر ئالای کوردستاندا (ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی هەموو کوردێکدا.. گەلی کورد وەک گشت گەلانی جیهان مافی تایبەتی و سەربەخۆیی هەیە، سەدان ساڵە بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە خەبات دەکات، هەزاران قوربانی لەو ڕێگەیەدا پێشکەش کردووە.. ئێمە ئێستە سەربەخۆین، دۆستی گەلێک بەهێزیشمان هەیە، هەڵکردنی ئالای کوردستان فیداکارییەکی زۆری دەوێ تابیپارێزێ، ئەو ئەرکە پیرۆزەش کەوتۆتە سەرشانی ئێوە و ئەو چرایە نابێت بکوژێتەوە.. ڕۆحی پاکی شەهیدان وابەسەر سەرتاندا دەسوڕێتەوە هەر سستی و کەمتەرخەمییەک لە گیان فیداکردن، ئەوانە موحاسەبەمان دەکەن).(66) عوسمان دانش فرمێسک لە چاوانی دەباری لە هۆش خۆی چوو(67). ڕۆژی 1946/1/22یش دامەزراندنی کۆمار ڕاگەیاندرا بەسەرۆکایەتی پێشەوا قازی وەک یەکەمین سەرۆککۆماری کوردستان و فەرماندەی گشتی چەکداریش، بەدووای ئەوەشدا کابینەی وەزیران دامەزرا.

هەمان ڕۆژی دامەزراندنی کۆمار پێشەوا قازی موحەممەد ڕوودەکاتە پێشمەرگە بارزانییەکان و دەڵێت: (سەرمان بڵندە پێتان، جێی شانازیمانن، ئێوەن نموونەی خەباتی پاڵەوانانەی کوردایەتی، سەد سوپاس بۆ ئێوە و سەرۆکتان مەلا موستەفای بەڕێز). ئەمجا ڕوودەکاتە جەماوەر :

(ئەی جەماوەری کورد، ئەی بەچکە شێرانی کورد، سڵاوتان لێبێت، ئەو ئەرکە گرنگەی کە ئێوە بە منتان سپاردووە، داوا لە خوای مەزن و ئێوە دەکەم یارمەتیم بدەن تاکو بتوانم هەتاسەر ئەم کارە بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەم بەرمەسەر و بەرامبەر بە ئێوە و خوای مەزن خەجاڵەت نەبم)(68). کابینەی وەزارەتەکەی کۆماری کوردستان:

1– حاجی بابە شێخ	ڕەئیس هەیئەت (سەرۆک وەزیران)
2– موحەمەد حوسەین سەیفی قازی	جەنگ (وەزیری بەرگری)
3– موحەممەد ئەمین موعینی	کیشوەر (وەزیری ناوخۆ)
4– ئەحمەدی ئیسلاحی	ئیقتیصاد (وەزیری ئابووری)
5– کەریمی ئەحمەدەین	پۆست و تەلیگراف
6– حاجی ڕەحمان ئێلخانی زادە	موشاور (وەزیری ڕاوێژکار)
7– مەنافی کەریمی	فەرهەنگ (وەزیری ڕوناکبیری)
8– سەدیقی حەیدەری	تەبلیغات (وەزیری گەیاندن)
9– خەلیلی خوسرەوی	وەزیری کار (وەزیری کار و ئاوەدانی)
10– حاجی موستەفای داودی	تیجارەت (وەزیری بازرگانی)
11– مەحموودی وەلی زادە	کیشاوەرزی (وەزیری کشتوکاڵ)
12– سمایلی ئێلخانی زادە	وەزیری ڕێگاوبان.

شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەو باوەڕەدایە کابینەکە لە چوارده وەزیر پێکهاتووە و ناوی دوو وەزیری دیکەشی دەخاتە سەر:

13– موحەممەدی ئەیوبیان	بیهداری (وەزیری تەندروستی)
14– مەلا حوسێنی مەجدی	عەدلییە (وەزیری داد)

وەزیرەکان لەبەردەم سەرۆک کۆمار پێشەوا قازی موحەممەد دا یەک لە دووای یەک سوێندیان خوارد بە قورئانی پیرۆز، دروشمی کۆماری کوردستان و ئالای کوردستان: (من بەخودا و بە کەلامی عەزیزی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللەتی کورد، بەئالای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخیر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخیر تنۆکی خوێنم بەگیان و بەماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستاندا تێ بکۆشم و نیسبەت بە ڕەئیسی جمهوری کوردستان و یەکێتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفاداربم)(70) .نەجەف قولی پسیان پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی تارانی تێبینییەکی وورد و بەمانا و بە تویکڵ لە هەمبەر ئەو کات و ساتەی بەمجۆرە تۆمارکردووە (دووای سوێند خواردن قازی موحەممەد ئەنجامی هەڵچوونی دەروونی و شادمانی، دەلەرزی، ئەوانەی ئەو گەمەیەشیان هێنابووە گۆڕێ پێدەکەنین)(71). شێخ ئەحمەد و بارزانی مستەفا و براکانی، ئەفسەرەکان و کۆمەڵێک ڕوناکبیر بە خاو و خێزان و منداڵەوە چوونە ئەودیو (بارزانی و هێزەکەی، ئەفسەران، ڕووناکبیران چوونە ئەودیو، موقەدەم عیزەت عەبدولعەزیز، ڕائید میرحاج ئەحمەد، موقەدەم مستەفا خۆشناو، پارێزەر هەمزە "مەبەستی لە هەمزە عەبدوڵڵایە، یەکەمین سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد بوو. ن.ک"، ڕائید عەزیز عەبدوڵڵا، ڕائید جەلال ئەمین، ئەندازیار نووری ئەحمەد تەها،(47) ڕائید خەیروڵڵا عەبدولکەریم، ڕائید بەکر عەبدولکەریم، پارێزەر موحەممەد قودسی "ئەفسەر بوو نەک پارێزەر. ن.ک"، پەنجا نوێنەری کوردی عێراق و دوو هەزار پیادە چوونە پاڵ کوردی ئێران و داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە)(48) جگە لەوانە ملازمی یەکەم نووری شیروانی، ملازمی یەکەم ئەندازیار ئاڵح عەبدولعەزیز و شەریف نوعمان جێگری ئەفسەر پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، جگە لە بەکر عەبدولکەریم هەموویان بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو.

ماوێتی

چۆن کەرتی گشتی و کۆمەڵەی مەدەنی دەتوانن وەڵامی پەتای ڤایروسی تاجی- COVID-19 بدەنەوە....؟

پاشماوەی لاپەڕە 2

فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

(باس لە زانیارییە گومان لێکراوەکە) :

ئەوە بوو لە ساڵی (2009)دا، زانیارییە گومان لێکراوەکان تەگەرەی زۆری خستە بەردەم دروستکردنی بەرهەمهێنانی پێکوتە (ڤاکسین) بۆ خەڵک، دژ بەتووشبوون بەو نەخۆشییە و هەوڵدان و ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەمیدا، ئەوەش بووە هۆکاری سەرەکی زۆری بڵاوبوونەوەی پەتاکە و قوربانی زۆری لێکەوتەوە، تەنانەت بووە هۆی گیان لەدەستانیش.

ئەمڕۆ بەداخەوە کێشەیەکی تری وەک ئەوی پێشوو هاتۆتە ئاراوە، دووبارە هەندێکجار پەیامەکان ململانێی یەکتر دەکەن و لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا (Trump)ەوە لە کوشکی سپي و بەرپرسی تەندروستی گشتییەوە ئەم ململانێیەی سەری هەڵداوە، ئەمەش بووە هۆی سەرلێشێوان و دروستکردنی گومانی سەرتاسەری، لەبەرئەوە زور پێویستە، کە بەڕێوەبەرایەتی سەرۆکی ئەمەریکا هەندێ لە کەسایەتییە باوەڕپێکراوەکان لەهەردوو پارتەکە (کۆماری و دیموکراتەکان) کۆبکاتەوە و بە تێکەڵبوون لەگەڵ پسپۆرانی شارەزا لە پسپۆڕانی تەندروستی گشتی، پەیامێکی یەکگرتوو پێشکەش بکەن. ئەگەر ئەو کەسانە گومانێکیان هەیە، لە بەرپرسانی تەندروستی گشتی، بەڵام باوەڕیان بە بە ڕێوەبەرایەتییەکە هەیە، کە سەرکردە سیاسیەکان و زاناکان نامەی هاوبەش پێشکەش بکەن ئەوە زۆرتر گونجاوە، بۆ ئەوەی کە رازی بن بە پە یامە هاوبەشەکەیان لەبەرئەوەی زیاتر جێی بڕوایە. لە هەمان کاتدا ئەو کەسانەی کە گومانیان لە بۆچوونی بەڕێوەبەرایەتی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا رازی دەبن بە بۆچوونی پسپۆرەکانی تەندروستی گشتی. ئەم شێوەیە لە کارکردنی هێزەکان پێکەوە، وەک هاتنی مایک پینس (Mike Pence) جێگری سەرۆکی ئەمەریکا هەفتەی پێشوو لە بەشداریکردن لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا، شانبەشانی دکتۆر ئەنتونی فایوسی (Dr.Anthony Fauci) بەباشترین شێوە هەژماردەکرێت، بۆ ڕەزامەندی گشتی و بەدواچوونی ڕێنماییەکانی کارمەندانی تەندروستی گشتی نیشتمانی، کە هەموو هەوڵدەدەن بۆ دانانی نەخشە ڕێگایەک بۆ هاوڵاتیان لەم کاتی فریاکەوتنەدا.

ماثیو باوم(Matthew Baum) پرۆفیسۆری مارفن کالبە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی جیهانی و پرۆفیسۆری سیاسەرتی گشتی لە ناوەندی هارڤەرد کنیدی لە بەشی حکومی لە زانکوی هارڤەرد.

بەیەکەوە نەخشە ڕێڕی بکەین..

ویندي شێرمان (Wendy Sherman)

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جیهاندا، بە دابینکردنی ڕێنوێنی و تاقیکردنەوەی ئامێرەکان، دەزگای ئامێرەکان کۆمەک و هاوکاری هونەریی و پێداویستی زیاتریش دەنێرێت بۆ ئەو وڵاتانەی لەمکاتەدا بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونەتەوە و بڕیار دەدەن بۆ خۆئامادەکردن، پلاندانان و بەردەوام بوون لە ناردنی تەواوی پێداویستەکان تەنانەت لە ئەمەریکاش.

پێویستە لەسەرمان کارێکی ئازایانە و بەپەلە بکەین بۆ کۆتایی هێنان بەم ڤایرۆسە نوێیە و بۆ هێنانەدی ژیانێکی دوور لەدوو دڵی (رارایی) بۆ کاتێکی درێژخایەن. زۆرجار بەڕێوەبەرایەتی ترامپ زیاتر لەبەرچاو دەبینرێت، وەک ئەوەی سەرقاڵبن بەکارکردن، لەئەنجامی ئەمەشدا ئەمریکییەکانیان جێهێشتووە لە ناو دووڵی و بێزانیاریدا، نازانن ئەوەی لەسەریانە چییە و چی بیکەن...؟

پارێزگاری ویلایەتەکان هەوڵدەدەن ئەو بۆشاییە بە خێرایی پڕبکەنەوە، نەک بەترس بەڵکو بەشێوەیەکی ژیرانە و دوور لە سیاسەت، بەڵام ئێمە بواریکی کۆمەڵایەتیمان دروستکردووە بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ڤایروسێک کە سنور نازانێت، ئیمە پێویستمان بەوەیە پێکەوە نە خشتەیەک دارێژین، بۆ ئەوەی کاریگەربێت، وەک ئەوەی هەمیشە لەکاتی قەیرانەکاندا کردوومانە.

ویندي شێرمان (Wendy Sherman) پرۆفیسۆری ئەزمونگەری (پراکتیکردن)، لە ئاستی فەرماندەی گشتی و بەڕێوەبەری ناوەندی فەرماندەی گشتی لە ناوەندی کنییدی هارڤەرد، سەرەڕای ئەوەی، ئەم خانمە یەکێکە لە پلە بالاکان لە قوتابخانەی ناوەندی بیلفور بۆ کاروباری زانستی و نێودەوڵەتی.

شیرمان کونسوڵ پلە بالایە لە گروپی ئەلبێرت ستونبرج.

چالاکی هونەری و ئەدەبی کوردانی تاراوگە لـــــە وڵاتی نیوزلاند..... لەشاری ئۆکلەند

ڕۆژی جیهانی شانۆ لەهەموو شانۆکاران پیرۆکرا...!

نوسین و دەرهێنانی: عەلی بانەیی

لە وڵاتی نیوزلاند لەشاری ئۆکلەند چەندین کاری هونەری و ئەدەبی ئەنجامدراوە، بەتایبەتی لەیادی هەڵەبجەی شەهید و ئەنفالدا.

یادی جەژنی نەورۆز و یادی ڕۆژی ژنانی جیهان، بەهاوکاری خوشک و برایانی کورد لەشاری ئۆکلەند. بەناوبانگترین و بەهێزترین ناوەندی لێکۆڵینەوە لەسەر شانۆ، ئینستیتۆی جیهانی شانۆ واتە international theater institute(ITI)، ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی شانۆ لە ساڵی 1962 زایینی بۆ یەکەمین جار لە هلسینکی وڵاتی فینلاند پرۆژەیەکیان بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی شانۆ ئامادە کرد، کە باسی لە دابین کردنی ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە شانۆ دەکرد. هەر لەم پەیوەندەدا لە نۆهەمین کۆنگرەی جیهانی ITI کەلە شاری ڤێنا لە وڵاتی ئۆتریش، بە پێشنیاری ئاروی کی ماڤی بەرپرسی ئەو ناوەندە زانستیە بەڕێوەچوو و لەو کۆنگرە بەشێوەی ڕەسمی لەلایەن ئەندامانی ئەنیستیتۆی نێونەتەوەیی شانۆ پەسەند کراو و هەموو 27ی مارسێک بە ژمارەیەک پێوەر وەکو ڕۆژی جیهانی شانۆ ناوین کرا، لەو ڕێکەوتە تاکوو ئەمڕۆ هەموو 27 مارسێک لە وڵاتانی جیهانی ڕۆژی شانۆ لەپەیوەند لەگەڵ ئایین و کلتوور و بەگراوندی هونەری و زانستی ئەو وڵاتە ڕێزی لێدەگیردرێت و بەڕێوە دەچێت. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێک هەن لەبەرخاتری دەوڵەمەندی و سەروەت و سامانیانەوە بەناوبانگ دەبن،

هەندێکیش هەن بەهۆی ئازاری ژیانی خۆیان و بیرکردنەوەی بەهێزی خۆیان بەناو بانگ دەبن، هەندێکیش خاوەن خەمە و لەڕۆژێکی وادا، وەک ئەکتەرێکی بەتوانا دەردەکەوێت و دەبێتە مایەی ئەوەی کەخۆشەویستی ڕاستەقینە لەنێو دڵی کۆمەڵگادا دروستبکات.

لەم یادە پیرۆزەدا زۆر ئازیز توانییان خۆشەویستی خۆیان بۆئالایێ کوردستان نیشانبدەن بەڵام ئەوەی کەدەبێت باسبکرێت و دڵسۆزییان لەبەرچاوبگیرێ ئەکتەرە بەتواناکانی ئەم وڵاتە بوون، ئێمە توانیمان (شانۆی ئالای نیشتمان) پێشکەش بکەین، کەدەتوانم بڵێم یەکەمین کاری هونەری بوو نمایشکراوە لەمووڵاتە، لەهەمانکاتدا پەیامێکی نەتەوەیی و کوردبوون و خۆشەویستی یەکبوونی گەیاندە تێکڕای ئامادەبووانی یادەکە.

لەیادی هەڵەبجەی ئەمساڵ شانۆگەری دایکی نیشتمان ئامادەکرا. بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێگای نەداین بەپێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە و تەواوی بەرنامەکان. هیوادارین بەزووترین کات کۆتایی بەم دەردە کوشندەیەبێت و خۆشی و شادی و نزیکبوونەوەمان بگەڕێتەوە دۆخی جاران.

بونیادە سۆفیگەرایییەکان لەدەقی شیعریدا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە



نووسینی: پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

بەشی سێیەم–

لێرەدا ،شاعیر دەیەوێت بەخوێنەر،یان تێکڕای خەڵکی بڵێت کەخۆشەویستی ئایدیاڵیزمی جۆرێکە لەشێتێتی هاوشێوەی مەجنون،ئەگینا لەکاتێکدا (ئەو)ی بەرامبەر لەدۆخی وونبون ونائامادەبوونداید بەڵام (من) ی شاعیر لەدیدی خۆیەوە، کەئەمە هەمان دیدی ئایدیاڵیزمیشە،گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کەپەیوەندییەکان هێشتا بوون وبەردەوامیان هەیە: کەهەست بەدووری تۆ ئەکەم باڵداڕێکم بەبێ لانە کەمن هەرگیز بەتۆ نەگەم ئیتر بۆ نەبمە دێوانە (فەرەیدوون:23) ڕێژەی شێتێتی وئایدیاڵیزمەکە کارێکی کردووە کەشاعیر بگەڕێت بەدوای لێکچووەکانی (ئەو)ی بەرامبەری خۆشەویست کەئەمەش،لەلایەکەوە، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی خوڵقاندنی بابەتێکی نوێیە.لەلایەکی تریشەوە ئەم ڕەفتارە لادانە لەدیاردە سروشتییەکانی خۆشەویستی،بەڵام بۆ شاعیر،ئەمە لادان نیە وپەیوەندی شاراوەی بەبابەتی سەرەکی (ئەو)ی خۆشەویستە ڕاستەقینەکەیەوە هەیە: من تا ئێستا عەشقێکی وەک ئەوەی خۆم لەهیچ شیعر وڕۆمانێکا لەهیچ چیرۆک وئەفسانە و قسەی گوێ ئاگردانێکا نەبیستووە بۆیە زۆر دڵنیام لەوەی هەرچیم دوای تۆ خۆش ویستووە تەنیا لەبەر ئەوە بووە شێوەیەکی لە تۆ چووە (فەرەیدوون : 99– 100) یان ئەوەتا دەڵێت: هەرچی جوانە لەتۆ دەکا عەشقت خوێنە لەدڵما هاتو چۆ دەکا (فەرەیدوون: 156)

4 – دیدە جێگیرییەکان.ئەمەش بەکاری دەستنیشاکردنی بابەتەکان هەڵدەستێت بەوەی ئایا جۆر وڕەگەزی بابەت ئایدیاڵیزمییە یان پێچەوانەکەی !ئەم جۆرە لەدید بەجێگیری دەمێنێتەوە وتمانەی تێکڕای خەڵکیش،بەجێگیری، بەڵای خۆیدا ڕادەکێشێت.واتە بابەتەکە،بەئایدیاڵیزمی ومیتریاڵیزمییەوە،گەرچی لەڕووی ڕەفتار وکارنامەوە جیاوازن، بەڵام لەهەمان کاتدا هەردووکیان لای تێکڕای خەڵکی بەجێگیری دەمێننەوە. لێرەدا مەرج نیە کەسەکان لەسەر ئاستێک بەردەوام بن بەوپێیەی جێگۆڕکێ لە نێوان (من) و (ئەو) دا جێگەی خۆی دەکاتەوە چونکە هەردووکیان ڕۆڵی چەقی بیرکردنەوە دەبینن. بەمانایەکی تر،شاعیرە سۆفییەکان هەمیشە خۆیان لەڕاناوی (من) دا دەبینەوە هەروەک چۆن لەدەقەکانی هەللاج دا بەڕوونی بەدی دەکرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم (من) ە،هەروەک لەدیدە بەڵگەییەکاندا ئاماژەمان پێدا، لەهەوڵی ئەوەدایە (ئەو) ی بەرامبەر بۆ خۆی مسۆگەر بکات،یان لەگەڵیدا یەکبگرێتەوە.

ئەمەش لەپێناو خوڵقاندنی گوتارێکی یەکگرتوو کەلەسەر بنەمای خۆشەویستی وسۆزداری دامەزراوە.لێرەدا (من) خۆی لە (ئەو) دا دەدۆزێتەوە.ئەمەش بەو مانایە نایەت کەهەوڵی (من) بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت،لێرەشەوە (من) ی شاعیر تەنها لەنێو بازنەی خۆیدا دەسووڕێتەوە ،چونکە (ئەو)ی بەرامبەر ،یان ڕێگرییەکان،دەرگای دایەڵۆگ لەسەر (من) دادەخات.لەبەر ئەوە گەیشتنەکان لەڕووی واقیعەوە هەرەس دێنن. دەقەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، بەشێوەیەکی گشتی، لەم دۆخەدا گوزەر دەکەن و بەجێگیریش دەمێننەوە، لەبەرامبەریشدا جیهانی شیعر دەبێتە جێگرەوەی (ئەو)ی بەرامبەر. هەر لەبەر ئەمەشە ناتوانێت دەستبەرداری ئەو جیهانە بێت بەوپێیەی ئەو جیهانە، لەهەموو شتێکدا، یەکسانە بە (ئەو)ی بەرامبەری خۆشەویست،یان جیهان لەجوانی وخۆشەویستی (ئەو) دا دەبینێتەوە: شەوانە کەدائەگیرسێم هەر پێکە خەم ئەخۆمەوە تەمەنی پڕ لەجەنجاڵیم سەرە دەزووی کێشەکانی ئاڵۆز کاوە تاوانە گەر تۆ ببەستم بەخۆمەوە (فەرەیدوون:60) یان دەڵێت:

ڕەنگە خەڵکی وا بزانن فرمێسکەکانم تەواو بوون
یان لەناخما یادەکانت بەرەو دنیای کۆتایی چوون
نەخێر ئەم عەشقە وانییە
ئەم عەشقە عەشقی تیاچوونە
گڕی جەستەی دنیاییە و
نەزمی گەورەی فەنابوونە (فەرەیدوون :318)

تەوەری دووەەم:

قۆناغە سۆفیگەراییەکان.پێکهاتووە لە:

1– قۆناغی دابڕان. لەئەنجامی ونبوون و لەدەستدان و بێبەشکردن، بەهەر هۆکارێک بێت (سیاسی، سۆسیۆلۆژی..)، کەسە سۆفییەکان بە شاعیرەکانیشەوە، بەشێوەیەکی لۆژیکی و سستماتیکی لەکۆمەڵگا و دەوروبەر و تێکڕای خەڵکی دادەبڕێن و لەگۆشەیەکی دیاریکراوی بیرکردنەوە ڕاڤەی ئەو بابەتانە دەکەن، کە هۆکاری دابڕانەکە بوون.

ئەوەتا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەم شێوەیە باس لە(ئەو)ی بەرامبەری خۆشەویست دەکات:

ئەم جیهانە بۆ مرۆڤی ویژدان زیندوو نەخوڵقاوە
شاعیر چی یە
باجیهانیش هەمووی پڕکا لەهۆنراوە
برۆ ببە بە هاوسەری مرۆڤێکی ویژدان مردوو
ئەو ئەتوانێ
بتکاتە خانمی گەورەی
کۆشک و تەلاری ڕازاوە
(فەرەیدوون :48– 49)

بڕوانە لاپەڕە 8

بونیادە سۆفیگەراییەکان لەدەقی شیعریدا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە



پاشماوەی لاپەڕە7

یان ئەوەتا (ئەو)ی بەرامبەر، بەهۆی تێنەگەیشتنی لە چەمکی خۆشەویستی یەزدانی و ڕاستەقینە، گرنگی و بایەخ بە (من)ی شاعیر نادات:

چیت بۆ بڵێم کە گوێ نەگری و لێم تێنەگەی؟
گرنگ نی یە گوێم پێ بدەی، یان پێ نەدەی(فەرەیدوون:168)

لەگۆشەیەکی ترەوە، دابڕانەکان بەمەبەستی بیرکردنەوە قوواڵ و تایبەتەکان ئەنجام دەدرێن، وەک ئەوەی خودی بکەری شاعیر (من) خاڵێکی دیاریکراو دەستنیشان بکات و دواتر قورسایی و جەخت بخاتە سەر ئەو خاڵە. ئەمەش لەپێناو دەستکەوتنی ئەو خاڵە، ئەمە لەکاتێکدا گەر سەرقاڵی دەرەوەی ئەو خاڵە بێت، ئەوا هەوڵی گەڕانەکانی، وەک کردارێکی پەیوەستێتی، بێ هودە دەبێت، بەڵام دابڕانەکە، بۆ بابەتێکی دیاریکراو، مەبەستێتی (من) بەدەست دێنێت.

فەرەیدوون،هەر لەسەرەتای تەقینەوەی شیعری، کە بەخۆشەویستی دەستی پێکردووە، بەشێوەیەکی گشتی دابڕاوە لەو بابەتانەی کە دەکەونە دەرەوەی خۆشەویستی، گەرچی چەند شیعرێکی کەمی بۆ نیشتمان تەرخان کردووە بەنموونەی "بۆ 1984" و "هەڵەبجە " و"نامەیەک بۆ فاتیکان" و" یەکگرتووبن". ئەمە بەخاڵی لاواز هەژمار ناکرێت، بەڵکو شاعیر دەیەوێت، وەک کەسێکی پڕۆفیشناڵ، ئەو بابەتە خەست بکاتەوە کە مەبەستە گەورە و سەرەکییەکەی خۆی تێدا دەبینێتەوە. لەلایەکی ترەوە، ڕاستگۆیی شاعیر نیشان دەدات و گوشار ناخاتە سەر دۆخە سایکۆلۆژییەکەی خۆی تا شیعری پێ بنووسێت. لێرەدا ئەحمەد هەردی (1922– 2006)، بەنموونە، دەبێتە سەرچاوە لێگرتنێک بۆ شیعرییەتی شاعیر، ئەویش بەوەی هەردووکیان خۆیان لەیەک بازنەی بابەتیدا، کە خۆشەویستییە، سەرقاڵ کردووە، بەڵکو بووە بەپیشە سەرەکییەکەیان. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی خۆشی دەڵێت:

ئەی ناسکتر لە شیعری جوان
خۆشەویستیم گەورەترە
لە مەداری سووڕانەوەی ئەستێرەکان(فەرەیدوون :146)

ئەم دابڕانەی شاعیر شێوەیەکە لە شێوەکانی سرووش و بیرکردنەوە قووڵەکانی سۆفیگەرایی (تأملات)، وەک ئەوەی گەر بەرامبەریش لە واقیعدا دەستگیر نەبێت یان نەبینرێت، ئەوا لەڕێگەی مەنەلۆگەوە هەستی خۆی تێکەڵ بەوی بەرامبەر دەکات. دەڵێت:

من عاشقم عاشق چاوی لە ئەو دیوی شتەکانە
بۆیە لەو دیو نیگای چاوەکانی تۆوە
ڕەنگی بەیانی ئەبینم (فەرەیدوون :136)

یان ئەوەتا دەڵێت:

ئاڵەم شەوە بێ تۆیەدا
ئای چۆن دەنگێکم بتگاتێ؟
کێ بێ وەک فریشتەیەک
هەواڵێکی تۆم بداتێ؟ (فەرەیدوون:159

_ _ _ _

ئێستا دوورم نەئەتوانم لەباوەشتا تێر بنووم
هەتاکو ئەمرم
نەئەتوانم بۆ زاخاوی مێشکی ماندووم
گوێ لەقاقاو دەنگت بگرم (فەرەیدوون:170)

2 – قۆناغی گەڕان.

ئەم گەڕانە گەڕانێکی سروشتی گشتگیری نیە، بەڵکو بەمەبەست لە پێناو کەرەستەیەکی بەنرخدا، بەدواچوونی وردی زانیارییە پێویستەکانە، کە بۆتە چەقی مەبەست. بەمەش گەڕانەکە، گەڕانێکی پسپۆڕی تایبەتە، پێویستی بەلێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن و پرسیارکردنە. واتە گەڕانەکە شێوازێکی گەشتکردنی بەخۆیەوە دەبینێت لەو جۆرەی لە چیرۆکی میعراج و کۆمێدیای یەزدانی دانتی دا دەبینرێت. ئەم قۆناغە بە قورسترین قۆناغی سۆفیگەرایی هەژمار دەکرێت، چونکە سەرجەم بابەتی گەڕانەکە لەئەستۆی (من)دایە. لەشیعرەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی دا ئامرازی (من)، هاوشێوەی هەڵلاج، تەواو سنوری دەقەکانی داگیر کردووە. ئەوی بەرامبەر، تەنها، خۆی لە گێڕانەوەکاندا دەبینێتەوە کە گێڕەوەر هەر شاعیر خۆیەتی. بۆنموونە لە کاتێکدا شاعیر ڕووی گلەیی لە(ئەو)ی خۆشەویست دەکات، بەوەی کەسێکی خۆپەرست و میتریاڵ و تێنەگەیشتووە ئەوا وەڵامی (ئەو) خۆی لەنائامادەبووندا دەبینێتەوە.

لێرەدا خوێنەر ئەو باوەڕەی لادروست بووە، کە شاعیر کەسێکی ڕاستگۆ و متمانەپێکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەمان خوێنەر پێویستی بەوەڵامەکانی (ئەو)ی خۆشەویستیشە تا لەنزیکەوە هۆکارەکان، یان پاساوەکان، بزانرێت. بۆ وەرگرتنی زانیارییە پێویستەکان. (من)ی شاعیر گەڕانەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی چونکە لێرەدا نائامادەبوونی (ئەو) ناچاری دەکات بەوەی گەڕانەکە شێوازێکی تاکگەرایی لەخۆ بگرێت. بەمانایەکی تر، گەر لە گەشتەکەی میعراج ڕێنیشاندەر فریشتە بێت و لەوەی دانتی قێرجڵ، ئەوا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی هەستە ئایدیاڵیزمەکانی خۆی دەکاتە ڕێنیشاندەر بەوەی شاعیر لە گەشتەکەیدا بەوێژدانەوە دەگەڕێت و مەبەستی گەڕانەکەشی ئازاردانی (ئەو)ی بەرامبەر نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە وەک مەسیح و هەڵلاج چێژ لەئازارەکان خۆی و بابەتەکەی دەبینێت: لەخەوما بوو منیان کوشت و
تۆیان دابە کۆڕی سوڵتان
بەو چاوانەی خۆم ئەمبینی هەڵیان ئەکێشام بۆ ئاسمان
هەرچی مردووی شاریش هەیە هاواریان کرد: مەسیحێ تر بوو
بەهاوڕێ ی ئەستێرەکان (فەرەیدوون: 58)

لەشوێنێکی تردا ،هەستە ئایدیاڵیزمەکە باشتر وجوانتر بەدەردەوێت لەکاتێکدا دەڵێت: تۆ ڕۆیشتی و.. پێت نەوتم لەکەیوە دەست
بەگێڕانەوەی چیرۆکی عەشقت بکەم

_ _ _ _

لەبوونمەوە تاکو ئێستا
هەنگاوی غەریبی ئەنێم
کەسێ نەبوو نهێنی خۆمی لا دانێم (فەرەیدوون:38– 39)

بونیادە سۆفیگەرایییەکان لەدەقی شیعریدا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەنموونە

3 – قۆناغی بڕیاردان.ئەم قۆناغە سەرجەم هەوڵ وکۆشش وگەڕانەکان پشتڕاست دەکاتەوە،کەئەمە خۆی بۆ خۆی بریتییە لەئەنجامی دابڕان وگەڕانەکان.لێرەشەوە ئەو خاڵەی کە (من) مەبەستی بوو بەدەست دەکەوێت.دەستکەوتەکە مەرج نیە لەواقیعدا ڕوو بدات،بەڵکو خەیاڵەکانیش دەبنە کەرەستەیەکی بەهێزی ئەزموونەکان کەپێشتر خودی بکەر (من) ،لەڕووی پراکتیکەوە،کاری لەسەر کردووە.واتە گەر لەسەر ئاستی سایکۆلۆژیاوە کار لەسەر ئەم قۆناغە بکرێت ئەوە ئەم ئاستە دەبێتە کەرەستەیەکی گرنگی هەستکردن کەبەمە دەگوترێت "دیدە خەیاڵییەکان"،وەک ئەوەی خەیاڵەکانیش خاوەن دید وبڕیار وبۆچوونەکانی خۆیانن کەجیاوازی گەورە لەگەڵ واقیعدا دروست ناکات.لەدیدە خەیاڵییە دابڕاوییەکاندا،خودی بکەر هەمیشە لەگەڕاندایە وسەرجەم زەمەنەکان(ڕابردوو ،ئێستا ،ئایندە)وەک یەک سەیر دەکات،بەبێ گۆڕانکاری.بەمەش دیدە سۆفیگەراییەکان خۆیان لەتێگەیشتن وهەستکردنە نموونەییەکاندا دەبیننەوە کەخەیاڵە سروشتییەکانی تێکڕای خەڵکی توانای بەرجەستەکردنیان نیە.فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی لەچیرۆکی خۆشەیستییەکەیدا سەرەتای دەستپێکی مەسەلەکەی بەبڕیار دەست پێکردووە.ئەمە گەرچی جۆرێکە لەسەرکەشی بەلاّم دڵنیایە لەهەنگاوەکانی.هەر لەبەر ئەمەشە تەواو چێژ لەبەردەوامبوونی چیرۆکەکەی دەبینێت.بەئاڕاستەیەکی تر،شاعیر، هەر لەسەرەتاوە ،بڕیاری دامەزراندنی بابەتەکەی داوە کەدەبێت جۆری بابەتەکەی نموونەیی وئایدیاڵیزمی بێت بەوپێیەی کەسێتی شاعیر تەواو یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەم جۆرە بابەتە.لێرەدا هەوڵەکانی جودا دەبێتەوە لە ئەحمەد هەردی ئەویش بەوەی هەردی لەکاتێکدا خۆشەویستەکەی دەست کەوت ئەوا کۆتایی هێنا بەپڕۆسەی شیعر .بەلاّم فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی،هاوشێوەی گۆران، هەمیشە لەگەڕانێکی بێ ووچاندایە.ئەوەتا گۆران پش دەڵێت: نە لەشار ونە لەدێ نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ تۆیت وبەس (عەبدوڵلا گۆران : 54) فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی لەگەڕانەکەیدا بڕیاری ئەوەی داوە کە (ئەو)ی خۆشەویست تەنها لەجیهانە خەیاڵییەکەدا جێگە بکاتەوە .ئەم خەیاڵەش،وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، سەرجەم زەمەنەکانی داگیر کردووە وئازادییەکی ڕەهاشی بەخشیوە بەشاعیر وەک ئەوەی هیچ کۆت وزنجیر وسانسۆرێک لەبەردەمیدا نەبێت .لەگەڵ ئەمەشدا کەسێکی بێزارکەر نیە لەگەڵ دەوروبەردا،چونکە ئەو دەوروبەرە ،لەنزیکەوە،تێگەیشتووە لەمەرامەکانی شاعیر کەترسناک نیە وسنوورە ئەخلاقی وسۆسیۆلۆژییەکانی نەبەزاندووە.جگە لەمانە،شاعیر، لەگەشتەکەی دا، بڕیاری ئەوەی داوە کەدڵسۆز وبەوەفا بێت لەگەڵ بابەتەکەی بەڵکو وەک خۆشەویستێکی خۆی سەیری دەکات.ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەخەیاڵەکان ئامانجەکانی شاعیریان جێبەجێ کردووە ،یان بەئەنجام گەیاندووە: هەموو شەوێ پەنجەرەکەم لەسەر پشتە ئەڵێم بەڵکو چرپەیەکی تۆی لێوە بێ شەمالێ خۆی کا بەژووڕا و بۆنی عەتری تۆی پێوە بێ (فەرەیدوون :42) یان دەڵێت: بەلاّم ئێستاش لەهەر کوێ هەی فریشتەی تەمەنی لاویم بەهەناسەی لای تۆ ئەژیم بۆ تۆیە شیعری گڕاویم (فەرەیدوون:80)

– ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

– شیعری سۆفیگەرایی بەشێکە لەشیعرە وێژدانی وڕۆحییەکان تەواو دوور دەکەوێتەوە لەجیهانە بینراوە میتریالەکان.هەر لەبەر ئەمەشە،ئەزموونی ئەم جۆرە لەشاعیران خۆیان لە ئەزموونێکی تاکگەرایی وخودیدا دەبیننەوە.

بەمەش ئەم ئەزموونە دەکەوێتە دەرەوەی چەمکە لاسایی وکلاسیکییەکانەوە بەوپێیەی توخمی خودی دەبێتە چەقی بیرکردنەوەکان کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەخۆیەوە هەیە نەک وەرگیراوێکی پێش وەخت.

– بەوپێیەی گەڕان وجۆری بیرکردنەوە ئایدیاڵیزم وڕۆحییەکان پێویستی بەهەوڵ وتوانایەکی بێ سنوورە،ئەوا بەشێکی زۆر کەم لەشاعیران دەچنە نێو سنووری ئەم بازنەیەوە.

بەمانایەکی تر،ئەم جۆرە لەبیرکردنەوەیە دەچێتە نێو فۆرمی ئەزموونگەرایی وبابەتگەراییەوە و خاوەنەکانیان دەرئەنجامی تاقیکردنەوە قوورسەکان قۆناغەکان تێدەپەڕێنن.

ئەمە زیاتر پێچەوانەی ئەو شاعیرە ڕیاڵیزمانەن کەسەرجەم ڕێنمایی وتایبەتمەندییەکان پێشتر کاری لەسەر کراوە،بەڵکو ئامادەیە بۆ کرداری جێبەجێکان.گەرچی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی هەڵقوڵاوی بابەتێکی دیاریکراوە وپێشتر ئەو بابەتە بوونی هەیە،بەلاّم لەهەمان کاتدا خودی خۆی کردووە بەتاقیگەیەک بۆ ئەو بابەتە .لێرەدا گەر خوێنەر نموونەیی نەبێت ئەوا زۆر بەئاسانی ناتوانرێت

ڕێژە ووزەی هەستە داخراوەکانی شاعیر ئاشکرا بکات.بەمەش ئەزموونە شیعرییەکەی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی دەرئەنجامی ئەزموونە سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژییەکانە کەدەرهێنانی ئەو ئەزموونە بەخوێندنەوە سەرپێی وسادەکان ئەنجام نادرێن.

– لەم لێکۆلینەوەیەدا،فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی،وەک گریمانەیک،دەیەوێت بڵێت :دەمەوێت لەجیهانێکدا بژیم جیاواز بێت لەوانی تر.هەر لەبەر ئەمەشە لەئەزموونە شیعرییەکەیدا بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کەکەسێکی گۆشەگیر ودابڕاو بێت لەتێکڕای خەڵکی وبابەتەکانی،لەبری ئەمە سەرقاڵی چیرۆک وگەشتەکە تایبەتەکەیەتی کەجیاوازە لەچیرۆک وگەشتەکانی تر.

– لەئەزموونە شیعرییە سۆفیگراییەکەی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی دا ڕاستگۆیی وفیداکاری وئێشکگری وئایدیاڵیزمی بەدەردەکەون،کەلێرەوە دەیەوێت ئەم ئەزموونە بکاتە ستراتیژییەتی شیعری،نەک هەر بۆ خۆی بەڵکو بۆ ئەوانی تریش. – فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی،لەم لێکۆلینەوەیەدا،دوو ئەزموون تێکەڵ بەیەکتر دەکات،ئەوانیش ئەزموونە شیعری وسۆفیگراییەکانە.ئەمەش لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجەی کەخۆی مەبەستێتی.ئامانجەکەش ،وەک دەردەکەوێت،لەواقیعدا جێگەی نابێتەوە،بەڵکو خەیاڵەکان دەبنە فاکتەرێکی بەهێزی ئامانجەکە.ئەم خەیاڵە داخراوەش هیچ ترس وکاریگەرییەک لەسەر دەوروبەر دروست ناکات بەوپێیەی مەرامی شاعیر لەجۆری یەزدانییە نەک پێچەوانەکەی. – ئەم لێکۆلینەوەیە دەستنیشانی چەقێتی شیعری لای فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی کردووە بەوەی شاعیر پسپۆرێکی وورد وتایبەتی ڕەهەندە ڕۆحی وئایدیاڵیزمەکانە.واتە گەرچی شاعیر چەند دەقێکی کەمی بۆ خاک ونیشتمان تەرخان کردووە ،بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا تاکگەرایی لەبابەت بۆتە چەقی بیرکردنەوەکانی.ئەمەش تەواو یەک دەگرێتەوە لەگەڵ زەمەنی بەجیهانبوون کەئەمڕۆکە زیاتر بایەخ بەپسپۆرییە وورد ودرشتەکان دەدات ودوورەدەکەوێتەوە لەفرە پسپۆڕی.

– پەراوێز وسەرچاوەکان: – أمين احمد،ظهر الاسلام،المجلد الثاني،دار الكتاب العربي ،بيروت،لبنان،1969. – الجاحظ،البيان والتبين،مكتة الخانجي،القاهرة،الجزء الاول،1191 ه. – سعيد احمد،شعر المناسبات الدينية ونقد الواقع المعاصر، ط 1 ،كفر الشيخ،العلم والايمان للنشر والتوزيع،2007. – عبدالرحمن بدوي،شهيدة العشق الالهي رابعة العدوية،ط 2 ، مكتبة النهضة المصرية،القاهرة،1962. – علي بن أنجب،كتاب أخبار الحلاج، حقق أصوله وعلق عليه موفق فوزي الجبر، ط 1،دار الطليعة الجديدة ،دمشق ،سوريا، 1997 .

–عەبدوڵلا گۆران، دیوان، بڵاوکراوەی پانیز، چاپخانەی دالاهو،چاپی یەکەم ،2005.

فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی،دیوان ،کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ،2018 .

کوردە هاوارە... هاوارە و فوغانە و نالەی دەروونە

بە بۆنەی ئەنفال و کیمیایی وەشان و تاوان و ڕەشەکوژی... کە بەسەر گەل و خاکەکەمدا دێت.

فەوزی ڕەمزی / سویسرا

لەناو ئەم هەموو کاولکاری و وێرانکاریو تاوانانەدا کە بەرامبەر بە خاک و گەلەکم دەکرێت ...لە ناو ئەم هەموو بێدەنگی و خۆگێلکردن و گوێ کەڕییەی گێتیدا ...ئەی هاوڵاتییەکەم... هاو خوێنەکەم... پشت و پەناکەم ...توبیخوا چیتر لێم مەپرسە... هیچ لە حاڵم مەپرسە؟کێ ماوە و کێ چی لێبەسەرهاتوە و کێ نەماوە؟ ئاخۆ خوێندنگا بچکۆلەکە و منداڵە چاوگەشەکانی چیان لێبەسەرهاتوە؟ ئا.... توخوا حاجی مامۆستا و هاتووچۆی دەرسودەوری سەرهەیوانی فەقێکانی مزگەوت ماوە؟ فەقێ عەلی هەر وەک جاران بە کلە سوبحانی چاوانی دەڕێژێت. لە گەمەی "دەو"ی فەقێیانی دەشتەکەی بەر مزگەوت هەر وا چاپوک و ئازا ماوە؟* ئەی توخوا کانیاوە ڕون و پاک و بێگەردە چاوقرژاڵەکەی بەردەم حوجرەکەیان چی لێهاتوە؟ سەفی جەماعەت وەک جارانە و وەک خۆی ماوە؟ سەکۆی بەرماڵە گەوران هەر وەک جاران جمەی دێت؟ میمکە گوڵیزار و یا خاوەر و تۆپەڵە خوری و تەشیلەکانیان ماون؟ پێم بڵێ مام هۆمەری نیکتەخوان ماوە؟ ئا توخوا هەواڵی شوانەکەی مێگەلی ئاوایی... ڕەشە شاخی چی بەسەرهاتووە چی؟ زەنگوڵەی ملی "حەچەی سەرکەڵ" دەنگی ماوە؟* تەپوجمی ڕان و مێگەل چیان بەسەرهاتووە و ئێستە لە کوێن؟ کورگەل چیان لێ بەسەر هاتوە چی؟...؟ سا تووبی خوا لێم مەپرسە... بۆ خۆ تۆش هەر وەک من سینە سووتاو و دڵ زامدار نیت ... پەژمورده و ئاوارە نیت.... بە دوای هۆزە سەرگەردانەکەتادا وێڵ نیت.؟ بە دوای هەواڵ و سۆراخی زارۆڵە و ژن و کەسوکارە پێ خاوس و ڕووت و ڕەچاڵ و بێ دەرەتانەکاندا، شێت و شەیدا و وێڵ نیت ...

ئێمە ئیمرۆ لە هەموو کەس وێرانەماڵترین... بێکەس و دەربەدەرترین... زامارترین، زام و برینەکانمان ئاسایی نین و لە هی کەسانیتر ناچێت ... بینایم لێڵە و دیدەم چەندین وێنەی لێدەشێوێت خەریکە تارمایی دادێت.

کێو و دەشت و سارا بۆتە یانەمان و ئاسمان بۆتە داپۆش و زەوی ڕاخەر و بەرد سەرینمانە (بالیف)... ئەوەشمان پێ ڕەوانابینن و لەوێش زاڵمان و دەستی ڕەشی تاوان و جاش و خۆفرۆشان هەر بە دواوامانەوەن... غەریب و بێکەس لەم دێ بۆ ئەو دێ لەو شار بۆ ئەو شار ... غوربەتی ئێستامان شارەکەی خۆمانە... عەودالی کەسێکم ... تەنیا کەسێک کە بە خوێی چێشت بمانگاتێ... یان خێر خوایێ بە هانامەوە بێت ... هەواڵێکم پێ بدات گەرچی ناخۆش و بە سوێش بێت. شارۆچکە و گوندەکان... شەلالی خوێن کراون... تاوان دوای تاوان ...

ئیمرۆ خاکەکەم خوێناویترین خاکی سەر ئەم زەمینەیە ...یمرۆ خاکەکەم خوێناویترین خاکی سەر ئەم زەمینەیە، ئەم کوردستانە شاخ و دەشت و هەردەو دەشتی بەخوێنی ڕۆڵەکانی سوور بوە ئەم خاک و خوێنە بۆتە دەنگی ویژدان و دەڵێم :؛ بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە ـــــ خوێناوی کوردی پیا نەڕژابێ یا چیایەکی ئەم کوردستانە ـــــ. هەزاران مێشکی تیا نە ڕژابێ ئاسمانیش بەرگی سووری پۆشیوە و بە خوێنی کەسوکار و هاوڵاتیانم بێزوو دەکا... ئەی هاو هۆزە بێ ئاگا لە ڕووداوەکان ... هەواڵ و پرسیاری چیم لێدەکەیت ... خەمەکان بەرۆک و دووکەڵی گوندی سووتێنراو و هاڵاوی بارووت و گازە بۆنخۆشە کوشەندەکان گەروومی گرتوە.... ئیتر چیت بۆ باسکەم... چی؟ دەنگی مامۆستای خوێندنگە!!! گووتنەوەی "دارا دوو داری دۆزیەوە !!! بەرخۆلەکەی دادە وازی دەکا!!! دۆی دادە ڕژاوە " !!! وتنەوەی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک و مامۆستا دەرویشی عەبدی و هەی لۆلۆ و ...ئیتر نابیسترین و نابیسرین لەو خوێندنگا خاپوورەدا... دەنگە کپکراوەکەی ئەڵاهوئەکبەری مەلای مزگەوتەکە...!!

دەرکی حوجرە واڵایە و مات و بێدەنگە...

کلی کولتووری فەقێ عەلی پەرش و بڵاوە و تێکەڵی خوێنی چاوانە.....کانیە پاک و بێگەردەکەی ناو حەوشی مزگەوت کە چون ئاوی کەوسەرئاسا بوو...

هەر جامووڵکەیەکی وەک ئیکسیری ژیان بوو ...

داپۆشە لە جەستەی بێ تاوانی مەلاو فەقێکان و سەفی باوەڕداران و کێژ و ژن و منداڵان ... کتێبە بەرگ سەوزەکان و وشە و ڕستەی پیرۆز بەسەر جەستەی شەکەت و ماندوویاندا پەرش و بڵاوە، بێ ئەوەی خاوەنی وشەی پیرۆز لە بارەگا مەزنەکەیدا بلەرزێت و بێتە دەنگ...بەڵێ بەر ماڵەگەوران هەر وەک جاران جمەی دێت ... بەڵام ئەمجارەیان بە جەستەی ساردەوەبوو سەر سەکۆکانی داپۆشیوە...بێ دەنگیەکی ترسناک باڵا پۆشیانە، ورتەی کەس نایە.. چاوە گەشەکانیان ڕوو لە ئاسمانە وەک چاوەڕوانی شتێک بن.....

بڕوانە ل 11

سالّی جاریّ هەر دەبیّ ئەم شارە بیّتە مەهزەلە یا بە بۆمبا یا بە ئـــاگر یان بە بارانی پـــەلّە

پاشماوەی لاپەڕە 10 نووسینەکەی مامۆستا فەوزی ڕەمزی

بە بۆنەی ئەنفال و کیمیایی وەشان و تاوان و ڕەشەکوژی...

کە بەسەر گەل و خاکەکەماندا دیّت.

نازانم بلّیم چاوەڕوانن لە کیّ؟؟؟ میمکە گوڵیزار و یا خاوەر بە خۆیان و تەشیلە و کلاّفە خوریە ڕیّسراوەکەی ناو کۆشیان وەک پیشەی جارانیان پاڵیان داوەتەوە بە دیواری ماڵەکەیاندا و ساردوسڕ و بێدەنگ چاوی نەتروکاویان بە ئاڕاستەی گشت جەستەکانەوە...وەک ئەوەی پێیان بڵێن !! سەبرگرن دوو ڕۆژی تر وەرنەوە بۆلیفکە و کلاّو و شاڵەکانتان... چیت بۆ باس کەم پێم بڵّی توخوا چی .... وەی بیّ ئاگا لە دەردومەینەتی گەلەکەت؟ دەپرسێت لە کیّ و کیّ ماوە و کیّ نەماوە؟؟ قسە خۆش و بە تۆیکڵ و بەیت و بالۆرەکانی مام هۆمەر ... هەمووی چوون و چون و ئیتر ناگەڕێنەوە و کەسیش نییە و نەماوە جێی پرکاتەوە .... هەواڵی ڕەشە شاخی و بلوێرەکەی ...!!! مێگەل و دەوڵەت بەدەوریا و سەرکەڵ و زەنگوولّەی کپکراو ...هەر سیّ گەماڵە بەوەفاکەی سەریان ناوە بەسەرییەوە و هەر هەموو ڕۆچووی خەوێکی قوواڵی دووری دریژخایەنن ...

بەڵیّ، بلوێر و مێگەل و گەماڵ، خاوەن هەستن و هەرگیز بی وەفا نین.. چۆن بیّ وەفابن بەرامبەر بەو کەسەی لە گیانی خۆیّ خۆشتر ویستوون....نا نا هەرگیز وەک ستەمکار و زاڵمانی بیّ ویژدان نین ... مۆڵ خواردنیان بە دەوریدا، بەجێهێنانی وەفایەکی لەبن نەهاتووە...ئەوەتا چاوی توند و تیژی چەقەڵ و کەمتیار و گورگەکان ناتروکێن ... لاشەیەکی ڕەقی وەک بەردن ...بێشک پێش دەرچوونی ڕۆحیان وتوویانە .....ئێمە درندەین یا ئەو مرۆگەلەی پێشی ئێمەی دایەوە لە درندایەتی و خوێنڕشتن و کوشتاردا....ئەوەتا فریشتەکانی ئاسمانیش بە هانامانەوە نەهاتن و نایەن؟

هاوخوێنەکەم ئێمە هەرگیز نەحەساوینەتەوە بەشمان هەر مەینەتی و کوشتن و پەت و سیدارە بووە، گەر چی ئاسمانیش داخی بەسەر ئێمە ئەڕشت و بەرۆکی ئەگرتین ؛ لەبری بارانی بەرەحمەت نقومی غەزەبی ئەکردین..

((سالّی جاریّ هەر دەبیّ ئەم شـــــارە بێتە مـــــەهزەلە
یا بە بۆمبا یا بە ئـــــاگر یان بە بـــــارانی پـــــەلّـــە
ئـــاگرت تێ بەربێ گـــەردوون وا ئەبیّ دەوورو خولّت
نـــابیّ قەد مەزرەعەی ئومێدی کورد بیّ دوو پـــەلّە))

ئەی هاوهۆزی بیّ پەروا... هەر لەم دەورووبەرەدا چەندین کۆرپەلە بە وێڵداشەوە... دایک بە منداڵەوە... و کوڕو کاڵ و گەنج و پیرمان بەدەستی خۆمان بی کفن ... هەر بە بەرگی خوێنینیانەوە لە ژێر گڵ نا... ئاخر بۆ ناپرسیت چ گۆڕ و گڵێک؟ بەڵیّ گۆڕ و گڵێک کە تەنیا و تەنیا مەگەر هەر بۆ شاردنەوە بوو بێت و بەس ... کراسی سپی ئەوەڵ شەوی بووکێنیان بووە تارای سووری گواستنەوە... بەڵیّ کواستنەوە بۆ بەردەم یەزدانی مەزن لە بۆ شکایەت ... چی و چی ... چیترت بۆ باس کەم... دۆزەخێکەو بۆمان داخراوە ... چەندینی تریش و هیتریش هەروا لە چاڵ دەنێین...

ئاخر خۆ دەڵێن لە تەورات و ئینجیل و قورئان و گشت کتێبە پیرۆزەکاندا ...باس لەوە کراوە کە یەزدانی مەزن، هەر لەبەر زوڵم و زۆر و گومڕایی، پاشایەک و چەندین شار و گوندی خاپوور کردوە بەسەر زاڵمانیدا... ئەی کەی ئەم بارەگای یەزدانیە بۆ ئەم هەموو ستەمەی پاشایانی زەمان لێمانی دەکەن دێتە لەرزە؟ خۆ دەڵێن بیّ تاوان شەهیدە... ئای شەهید چ ناوێکی گەورە و گرانی ...تۆ لە کویی؟ لێت تێناگەم هەر یەکە بە جۆرێک باست لیوە دەکەن!!!

بـــاش گوێم لێبگرە ئەوانەی شەهید بوون لەپێناوی هیواو ئـامانجی کوردستان بوە ؛ ئەم خاکە بۆتە گۆڕستان بۆتە مەشخەڵ بۆ ژیان . . .با ئیمەش بەرەو گۆڕستانی شەهیدان بکەوینە ڕی بڵێین :

ئەی گۆڕستانی شەهیدانی سوور...
باهەڵسێ هەڵسێ لەسەر گۆڕت نوور
بەڵی ئیتر هەواڵی چیم لێ دەپرسیت ... چی!! هاوهۆزە دوور لە بیستن و دیتنی زامەکانمان... نازانم بڵێم چی !! ئاخ و داخ و وەی وەی و ڕۆڕۆ و هاوار و گریە وەک کارک لەبەردەممانداو هەڵدەتۆقی ... بۆ هەر لایەک دەچووین، لەبەردەم و چاوانماندا بوون ... لەهەر خانە کاولەیەکدا و لەسەر هەر کۆڵانە شێواوێکدا باوکە ڕۆ و ڕۆڵە ڕۆ و دایکە ڕۆ بوو... کاکی هاوهۆزی بیّ ئاگا لە خەمەکانی گەلەکەت... ناحەقت ناگرم ... تۆش حەقتە... وا سادە سەیرکەیت... هەرگیز فێریان نەکردووین کە بە خەمی یەکترەوە بین ... تەنیا و تەنیا هەر حیزب و سەرۆکی حیزب و ئاغا و خۆمان دەناسین...ئای کە دڵمان ڕەقە لە ئاست یەکتر... بەردین بەرد... چاومان قایمە پڕ بە زار هاوارمان دەکرد و دەمانگووت ئێمە لە پێناو ئەو ئارەزوانەی کە نەمردوون....

ئەو سینانەی کە هەڵنەقرچاون، ئەو جەرگانەی نەسووتاون لە پێناو ئەو تازە نەوبووکانەی شەوقی چاوەڕوانی پرچی سپی پێ هۆنینەوە... یا بەرگی بووکێنی و زاوایەتی کفنی شەوی حوجلەیان بوو ... دەمان وت و دەمان وت... هاوهۆزە بیّ ئاگا لە خەم و سەرگەردانی کەسوکار... لە وڵاتەکەی من... لە وێرانەکەی من... ئەوەی ماوە پێت بیلّێم ئەوەیە کە... گشت خۆشییەکان باریان کردوە... بەڵام!!! عەشقی شەهادەت لە دڵ و سینەی هەمووانداتابلۆی گرتوە ... تۆڵە لە تاوانکار و ستەمکاران لە داگیرکەران، بۆتە ویردی سەر زمانی نەوەی نوێمان... ڕێبازی نیشتمانپەروەری و یەکڕیزی و یەکتر قبووڵکردن بۆتە ویرد و باسی ڕۆژانەی هەمووان .... ئەمە هیوایەکە هیوا و سات دوای سات چەکەرە دەکا... ئیتر لێم مەپرسە... دڵم وا شەق دەبات ئەی خەمساردی گوێ کەڕ لە ئاستی نەهامەتی هۆزەکەت ...بەسە بەس... دڵم هێند شکست و غەمبارە... بڕوام نیە کەس لە وێنەی ئێمە هەبێت...دەبا ئیتر قامبێژەکانمان، داستان و لاوک و بەیت و حەیرانەکانمان... و ... با بە زیندوویی باسیان لێوەبکەن...

ماوێتی

حەبەزبوز بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی پێشەنگ و ناوازەی ڕەخنەگرتنی گاڵتێن و کاریکاتۆریی

(حەبەزبوز) ناوی بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی پێشەنگ و ناوازەی ڕەخنەگرتنی گاڵتێن و کاریکاتۆریی سەردەمی پاشایەتی بووە، (نوری ثابت)ی ڕۆژنامەنووسی عێراقی لە ڕۆژی ٢٩ی سێپتێمبەری١٩٣١دا دایمەزراندە و لە شاری بەغدا تا دوا ژمارەی ڕۆژی ٥ی یولیۆی ١٩٣٨، ٣٩٣ ژمارەی لێ دەرچووە. بە نەخۆشکەوتنی (نوری ثابت) و مردنی لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٨دا، ڕۆژنامەکە بێ خاوەن ئەمێنێتەوە و ژمارەی تری لێ دەرناچێ .(نوری ثابت) ساڵی ١٨٩٧ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایک بووە، ئەو کاتە باوکی لە سلێمانی عەقید بووە لە لەشکری عوسمانیدا، گوایە یەکەم وشە کە نوری زمانی پێی پژاوە، کوردی بووە و تا لە سلێمانی بوون، زمانی کوردی زۆر بە باشی فێر بووە و بە جوانی قسەی پێ کردووە. دوای ئەوە باوکی گوێزراوەتەوە بۆ شاری ناسرییە و وەکو ئەیگێڕنەوە، قسەکردنی نوری بە عەرەبی وەکو عەرەبییەکەی (خورشید ئاغای کوردی)ی ئەفسەری جەندرمەی ئەوێ بووە، کاتێ کە قسەی بۆ شێخەکانی حەجام کردووە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانییەکان خۆی و باوکی لە هۆزی قەیسی–ن و عەرەبن. پاشان باوکی ئەگوێزرێتەوە بۆ ئیحساء لە عەربستانی سعودی و لەوێ بە پلەی عەمید ئەکرێ بە ئامر حامیەی تورکەکان، نوری کە لەو تەمەنی منالییەی خۆیدا زمانی کوردیی لە زمانی عەرەبی باشتر زانیوە، ئەخرێتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ڕوشدییە. تورکەکان لە هەر شوێنێک دۆستی دڵسۆز و تورکپەروەریان هەبووبێ لە سەرباز و ئەفسەر و فەرمانبەر، قوتابخانەیەکیان بە ناوی ڕوشدییەوە بۆ منالەکانیان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسین و بە تایبەتی فێری زمانی تورکی ببن. دوای هاتنەوەیان بۆ عێراق، (نوری ثابت) لە بەغدا چووەتە قوتابخانەی ئامادەیی، دوایی چووەتە قوتابخانەی سەربازی لە ئاستانە و ساڵی ١٩١٥ بە پلەی جێگری ئەفسەر دەرچووە، دواتر بووە بە ئەفسەری پلە دوو، لە یەکەم جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە دەردەنیل و قەوقاز بەشداریی کردووە، کە جەنگ بڕاوەتەوە وازی لە سوپا هێناوە و خانەنشین بووە. لە چەند ڕۆژنامەیەکی تورکیدا کاری کردووە و نووسیویەتی. (نوری ثابت) عودژەنێکی باشیش بووە، ئاوازی بۆ چەند سروودێکی نیشتمانی داناوە، مەقامی عێراقیی بە باشی زانیوە، نووسەر بووە و شانۆگەریی گاڵتەجاڕیی نووسیوە، زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، ئاسوری، ئینگلیزی، فەرەنسی و فارسیی زانیوە. ئەستەنبوڵی بەجێ هێشتووە و ساڵی ١٩٢٣ گەڕاوەتەوە بەغدا، بووە بە مامۆستای ئامادەیی، ساڵی ١٩٢٦ کراوە بە سەرپەرشتی مەعاریف. بەڵام کاتێ بە هۆی ڕەخنە تووندوتیژ و گاڵتەجاڕییەکانیەوە لە پیشەکەی دەربێنەکەن، شادمان ئەبێ کە ئیتر ئەتوانێ کاتی خۆی بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بە ئارەزووی خۆی تەرخان بکا. (نوری ثابت) پێش ڕۆژنامەی (حەبەزبوز) بە ناوی: ئەحمەد حەبەزبوز، خەجەخان، غەشیم، جەدوع بن دۆخە و زۆر ناوی ترەوە لە دژی نەزانیی کۆمەڵایەتی نوسیویەتی و ڕەخنەی گاڵتەئامێز و پڕ تەوسی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی بەغدادا بڵاو کردووەتەوە.

نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی حەبەزبوزدا لە سەر بنەمای پەندی کۆمەڵایەتی و بە زمانی جڵفیی بەغدایی، بە زۆریی توانج و سیخورمەی سیاسی و ڕەخنەگرتن بوون لە ئیمپریالیزمی بەریتانی و ڕژێمی پاشایەتیی عێراق و دەسەڵاتدارانی بەدکرداری ئەو سەردەمە، ئەوانەی بە زمانی دەستەیەک لە کەسانی دێرینی عێراقیی قسەخۆش دەرئەبڕی و لە کتێبە کۆنەکانەوە دەربێئەهێنان، هەروەها ئەوانەش کە لە هەردوو مامۆستاکەی، (مەعروفی ڕەسافی) و (محەمەد بەهجەت ئەلئەثەری) و هاوڕێی قسەخۆشی (شەفیق سەلمان) وەربێئەگرتن. شێوازی نووسینی (نوری ثابت) و کاریکاتورەکانی ڕۆژنامەی (حەبەزبوز) بە دڵی خەڵکی ئاسایی و هەژار بوون و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەرچوونی ژمارە بەژمارەیان کردووە .تا ئێستا چەند کتێبێک لە بارەی ڕۆڵی گرنگی (حەبەزبوز) لە ڕۆژنامەوانیی عەرەبیدا چاپ کراون. زنجیرەی بەرنامەی پێکەنین و کارتۆنییشی لێ بۆ تەلەفزیۆن دەرکراوە. با بزانین بۆچی (نوری ثابت) ڕۆژنامەکەی ناو ناوە (حەبەزبوز): حەبەزبوز ناسناوێکی بازاڕیی یەکێک بووە لە پیاوە شەقاوەکانی ئەوسای شاری بەغدا ... ناوە ڕاستییەکەی (ئەحمەد حەبەزبوزی کوڕی مەلا علیۆی) بووە. حەبەزبوز پیاوێکی بەد بووە، بەڵام گاڵتەباز وقسە لە سەر پێ و نوکتەبازێکی بێڕەزاش بووە بۆ خۆی، گاڵتەی بە هەموو کەسێکی دەوروبەری کردووە. بەڵام باوکی پیاوێکی خواناس و لە خوا ترس بووە و کینی لە ڕەوتارەکانی کوڕەکەی بووەتەوە، هەموو کاتێک مۆژیاریی کردووە و ڕێی ڕاستی نیشان داوە، بۆ ئەوەی لە شەڕ و لە خەڵکی شەڕانی دووری خاتەوە. هەر بەو ئومێدە، ئەم پیاوە خواناسە ڕۆژێکیان حەبەزبوزی کوڕی ئەهێنێتە ژێر بار و لەگەڵ خۆی ئەیبا بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەژن. لەوێ بانگدەر کاتی نوێژ بانگی خۆی ئەدا و نوێژکەران نیەت ئەهێنن بۆ نوێژدابەستن، حەبەزبوزیش هەردوو دەستی بەرز ئەکاتەوە و بە دەنگی بەرز و بەم شێوەیە نیەتی خۆی ئەهێنێ" :نیەتمە دوو ڕکاعەت نوێژ بکەم لە تاو شەڕی مەلا علیۆی "نوێژکەرەکانی تر هەر کە ئەوە ئەبیستن، ئەکەونە لێدانی و لە مزگەوتەکە ئەیکەنە دەرەوە .نیەتەکەی بە عەرەبیی بەغدادی بەم جۆرە ئەبێ: "نويت أصلي ركعتين جفيان شر ملا عليوي". لە دوای ئەو بەزمەوە، دەستەواژەی "جفيان ملا عليوي" لە ناو عەرەبدا ئەبێ بە پەندێک و ئەکەوێتە سەر زمان .نوری ثابت ناوی ڕۆژنامەکەی لە ناوی ئەو کەسەوە وەرگرتووە، کە ناوبانگێکی زۆری لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی بەغدادا هەبووە.

گۆشەی 50 هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

لە 72٪ ی ئەڵمان لە سیاسەتی حکومەتی مێرکل ڕازین

بەپێی ڕاپرسیەکی تەلەفزیۆنی ARD وەدزگای Infratest dimap لە 72٪ ی ئەڵمان، لە سیاسەتی حکومەتی مێرکل ڕازین لەئاست ڕێکارەکانی بەرگرتن لە کۆرۆنا و یارمەتیەکانی حکومەت بۆ هاوڵاتیان.

مێرکل کەرەنتینەی تەواوکرد

ئەمڕۆ خاتو ئەنجێلا مێرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ماوەی کەرەنتینەی تەواوکرد و لەهەر سێ تێستەکەی سەرکەوتنی بەدەست هێناو گەڕایەوە ئۆفیسەکەی خۆی لەبەرلینی پایتەخت و ئاسایی کارەکانی خۆی دەکات.

تەکسی بۆ دکتۆر و پەرستاران بەخۆڕاییە

وەک ڕێژلێنان و هاوکاریەک بۆدکتۆر و پەرستار و کارمەندانی تەندروستی لەهەرێمی بایرەن، کۆمپانیایەکی تەکسی لە شاری میونشن، هەموو ئەو کارمەندانە بەخۆڕایی دەگوازێتەوە و هاتووچۆیان پێدەکات.

دەیان نەخۆش لەئەوروپاوە گواستراونەوە ئەڵمانیا

وەک هاوکاریەک بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، تا ئێستا ئەڵمانیا ١٢٦ نەخۆشی کۆرنای گواستۆتەوە بۆ خەستەخانەکانی و خەریکی چارەسەرکردنیانە، ٨١ قەرەوێلەی تریشی بۆ ئیتاڵیا و ١٣ شی بۆ فەرەنسا ئامادەکردووە.

کارمەندانی کەرتی تایبەت لەماڵەوەکاردەکەن

نزیکەی نیوەی کارمەندانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە ماڵەوە کاردەکەن و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کارەکانیان ڕایی دەکەن، لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زۆرێک لە کۆمپانیاکان ژمارەی کارمەندەکانیان کەمکردۆتەوە.

نازیەکان نامەیەکی کۆرۆنایان بۆ بیانیەک نارد



لەشاری هامبۆرگ نازیەکان نامەیەکیان، بۆ کەسێکی بیانی ناردووە، تیایدا نووسیوویانە ئەو کاغەزە کۆرۆنای پێوەیە و توشت دەکەین، هیوادارین وڵاتەکەمان بەجێ بێڵیت، کابرا خەبەری پۆلیس دەدات و پۆلیسیش پێی دەڵێت هەرچەندە کۆرۆنا لەڕیگای نامەوە ناگوازرێتەوە بەڵام ڕێنماییان کردووە، کە دوو هەفتە لە ماڵەوە بمێنێتەوە و لەهەر ڕووداوێکی دیکە ئاگاداریان بکاتەوە.

سزای سەرپێچیکاران قورستر کرا

بەپێی بڕیارێکی تازە هەر کەسێک نێوانی خۆی وبەکێکی تر لە ١،٥ مەتر کەمتر بەجێ بێڵی بە ١٥٠ یۆرۆ سزادەدرێ ، هەر چێشتخانە و مەیخانە و کافتریایەکیش تا ٤/١٩ دوکان بکاتەوە، بە ٢٥٠٠ تا ٥٠٠٠ یۆرۆ سزا دەدرێت.

دوێنێ شەو مانگ زۆر بەجوانی بینرا..!

لوقمان حەوێز

شەوی ڕابردوو 7 ی نیسان دیاردەیەکی گەردوونی جوان و سەرنجڕاکێش ڕوویدا..! دوێنێ شەو دیاردەی Super.Moon یان مانگ بە گەورەیی بینرا....! واتە مانگ لەگەڵ هەسارەی زەویدا لەنزیکترین خاڵیدا بوو، لەهەمان کاتدا پڕیش بوو..!

دیاردەی نزیکبوونەوەی مانگ بۆ نزیکترین خاڵ لە گۆی زەوی چۆن و بۆچی ڕوودەدات؟ لەبەر ئەوەی مانگ لە خولگەیەکی هێلکەیی بە دەوری هەسارەی زەویدا دەسوڕێتەوە، بۆیە لە نزیکەی 29.5 ڕۆژدا جارێک لە نزیکترین خاڵیدا دەبێت لەگەڵ زەوی، بەڵام زۆر جێگای سەرنج دەبێت ئەگەر لە کاتی نزیکبوونەوەکە مانگیش چواردە بێت، واتە پڕ بێت، دوێنێ شەو جگە لەوەی مانگ پڕ بوو، گەیشتە نزیکترین خاڵیشی لە خولگەکەی بە دەوری گۆی زەویدا... لەبەر ئەوە دوێنێ شەو لە کوردستان و گەلێک شوێنی تری جیهان مانگ بۆ دید و چاوی ئێمە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بەرچاو گەورەتر دەردەکەوت، ئەو کاتانەی مانگ دەگاتە نزیکترین خاڵ لە زەوی و مانگیش چواردە دەبێت ئەوا تیرەکەی لەبەرچاومان بە ڕێژەی 14% زیاتر دەکات، ڕووبەرەکەشی بۆ چاوی ئێمە بەڕێژەی نزیکەی 30% گەورەتر دەردەکەوێت، بۆیە دوێنێ شەو بە جوانی هەست بە زیادبوونی درەوشانەوەی دەکرا و هەستیشمان کرد تەواو گەورەتر بووە.

بەم دیاردەیە دەگوترێت Super.Moon، دیاردەی سوپەر موون یان مانگی گەورە(مانگی چواردە– تاراوگە) ئەمشەوی ڕابردوو، واتە شەوی 7 ی نیسان ڕوویدا... هەروەکو گوتم خولگەی سوڕانەوەی مانگ بە دەوری هەسارەی زەویدا هێلکەییە و بازنەیەکی ڕێک نییە، تێکڕای دووریەکەی لە زەوی 384 هەزار کیلۆمەترە، لەهەرە نزیکترین خاڵیدا دووری مانگ نزیکەی 356 هەزار کیلۆمەتر دەبێت.

ئەمشەو دوریەکەی لە ئێمەوە نزیکەی 357 هەزار کیلۆمەتر بوو، کاتێکیش کە مانگ لە خولگەکەی لە دوورترین خاڵەوە لە گۆی زەوی دووریەکەی دەبێتە نزیکەی 405 هەزار کیلۆمەتر، کەواتە ئەم شەوی ڕابردوو مانگ زۆر نزیکتر بوونەوە لێمان بەبەراورد بەکاتەکانی تر... مانگی چواردە لە کاتە ئاساییەکان بڕێک ڕووناکی دەدات، کە دەگاتە نزیکەی 0.16 لوکس (لوکس یەکەی پێوانەی ڕووناکیە)، لەکاتی نزیکبوونەوەی بۆ کەمترین دووری بڕی ڕووناکی یان پڕشنگداری دەگاتە 0.3 لوکس.

واتە نزیکەی دوو ئەوەندەی کاتی ئاسایی، ئەمەش ئەمشەوی ڕابردوو ڕوودەدات، هیوادارم لە زۆربەی شوێنەکان کەش لەبار بووبێت و بینبێتان..! تێبینی: هەڵاتنی مانگ دوێنێ ئێوارە لە ئاسۆی خۆرهەڵات لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشوری کوردستان لەنێوان کاتژمێر 5:45 بۆ کاتژمێر 5:50 بوو، بەدرێژایی شەویش مانگی پڕ و درەوشاوە بەئاسمانەوە دەبینرا، بەتایبەتی لەکاتی هەڵاتنی دیمەنێکی نایابی هەبوو..!

ئایا هەسارەی زەوی بەتەواوی خڕ و گۆییە یان هێلکەیی؟

ئەمە پرسیارێکە زۆر دەکرێت، هەست دەکەم زۆر جاریش بەهەڵە وەڵام دەدرێتەوە، لێرە لەچەند دێڕێکی کەم وەڵامێکی دروست و زانستیانە بۆ ئێوە دەخەمەڕوو... تیرەی گۆی زەوی لەکەمەری ناوەڕاست 12756 کیلۆمەترە، تیرەکەشی ئەگەر لەجەمسەری باکور بۆ جەمسەری باشور پێوانە بکرێت 12714 کیلۆمەترە، واتە تیرەکەی لەجەمسەرەکان 42 کیلۆمەتر کەمترە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێژەی جیاوازیەکە تەنیا لەسەدا 0.3 یە، واتە زۆر کەمە، لەبەر ئەوە بۆ چاوی ئێمە بەهیچ شێوەیەک هێلکەیی دەرناکەوێت نە لەوێنەکان و نە لەبۆشایی ئاسمان، بۆچاوی ئێمە بەتەواوی گۆییە، تەنیا لەڕووی ماتماتیکیەوە دەتوانین بڵێین سەدا سەد خڕ و گۆیی نیە و بڕێکی زۆر کەم هێلکەییە...

بۆ نمونە ئەگەر لەدووری دەیەها هەزار کیلۆمەتر تەماشا بکرێت بەچاو ئەوا بەتەواوی خڕ و گۆیی دەردەکەوێت و هێلکەییەکەی هەستی پێناکرێت، ئەویش هەروەکو ووتم لەبەر کەمی جیاوازی ڕێژەی نێوان تیرەکەیەتی لەکەمەری ناوەڕاست بۆ جەمسەری باکور... بەهەمان شێوە بڕ و ڕێژەی جیاوازی نێوان بەرزترین خاڵ و نزمترین خاڵی سەر ڕووەکەی زۆر زۆر کەمە بەبەراورد بەتێکڕای تیرەکەی، لەبەر ئەوە دیسان چاوی ئێمە هەست بەو جیاوازیە ناکات ئەگەر لەبۆشایی ئاسمان تەماشا بکرێت یان ئەگەر سەرنج لە وێنەکان بدەین... وەڵامەکە زۆر بەکورتی: بۆ چاوی ئێمە بەهەرشێوەیەک تەماشای بکەین تەواو خڕ و گۆییە، شێوەی هێلکەیی بوونی زەوی موبالەغەیەکی زۆری تێداکراوە، تەنیا لەڕووی ماتماتیکیەوە دەتوانین بڵێین سەدا سەد گۆیی نیە، ڕێژەکەش 0.3% کەمترە لە گۆییەکی پێوانەیی، واتە یەک لە سێ سەد، کەواتە تەنیا لەڕووی ماتماتیکیەوە زۆر کەم نیمچە هێلکەییە...

گۆشەی زانست
مامۆستا جەزا دەینووسێت

هییگس بۆزون تەنۆلکە یان تەنۆلکە خواوەند

هییگس بۆزون تەنۆلکە یان تەنۆلکە خواوەند. تەنۆلکەیەکی زور وردیلە لە ناوکی مادەدا, کە هە ردوو زانای فیزیا هییگس و پیتر لە ساڵی ١٩٦٦ دا ئاماژەیان پێدا داوە.



دەزگای (LHC) لە شاری سێرینی سویسری بە کردار بوونی ئەو تەنۆلکەیە لە ناوکدا سەلماند و لە ئەنجامدا، هەردوو زاناکە لە ساڵی ٢٠١٥دا خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرت.

خوێندنەوەی هییگس بوسون زاناکان دەبات بو زانستی بنەڕەتی، کە چۆن گەردوو دروست بووە و زانستی زیاتر لە بابەت بیردۆزەی تەقینەوەی مەزن و قەشنگی خستۆتە ڕوو (الانفجار العظيم)Big bang theory.

بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە بۆ ئەم ڤیدیۆیە:

https://www.youtube.com/watch?v=zEK6dSlRM78&feature=share&fbclid=IwAR17xqAFXEVzFz2Mn7CE4J3IltTGu4MLEfCvw0GCNjVTUuYRq99IN_hDO6s

ئەمە نە شیعرە و نە هی نالی یە...!

بە بڕوای من ئەم چەند دێڕە لەم ڕۆژانەدا، لە لایەن کەسێکی نە شارەزا لە شیعردا نووسراوە...

نالی لە 1800 دەکاندا ژیاوە، گەر پێشبینی بکردایە هەر هیچ نەبێت بۆ جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم پێشبینی دەکرد، یان بۆ تاعون و کۆلێراکەی ئەو سەردەمەی دەکرد، نالی چۆن بازی دا بەسەر ئەم هەموو ساڵەدا و لە 2020 ەوە وەستایەوە و ئەم پێشبینیەی کرد، کە لە توانای هیچ فەلەکناس و فەیلەسوف و زانایەکدا نییە... وا بە وردی باسی بکات..؟

گەر وەک شیعر سەیری ئەم چەند دێڕە بکەین، نالی ئەوەندە دەستەوەستان و نەشارەزا نەبووە، لە شیعردا نەزانێ چۆن قافیە (سەروا) دابنێت.

سەیری قافیەکان بکەن، هەموو دێڕێک بە دەبێ کۆتایی دێت، ئەوەی شارەزای شیعر بێت دەزانێت، کە نابێت وشەیەک لە هەموو دێڕەکاندا دووبارە بکرێتەوە بۆ قافیە، ئەگەر لە هەندێک حاڵەتی پێویستدا بەکارهێنرا دەبێت وشەی پێشتر ببێت بە قافیە.

بۆ نموونە شیعرەکەی حەزرەتی مەحوی کە دەفەرموێ:

بە نوری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چی بکەم...

لە هەموو دێڕەکانا (نەکەم چی بکەم) دووبارە بۆتەوە، بەڵام وشەکانی پێش (نەکەم چی بکەم) قافیەی شیعرەکەیە:

(تەقوا، شەوێکی وا، سەودا، تەرسا، بەسەر خۆما، ئینشا، ئیستیسقا، دنیا)، بەڵام لەم بەناو شیعرەدا کۆتایی هەموو دێڕەکان (دەبێ) یە، وشەکانی پێش (دەبێ) هیچ مەرجێکی قافیەیان تیدا نییە:

بشر، بێ چارە، لە سجنا، صامت، جودی، هەر وشەیە وەک دەڵێن لە ئاوازێک دەخوێنێت و نابێت بە قافیە، ئەمەش ناکرێت و نابێت شیعری حەزرەتی نالی بێت، جگە لە لاوازی و شەق و شڕی زمانەکەش، لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە نالی هیچ کات پێشبینی بۆ هیچ شتێک نەکردووە، لەسەرجەم شیعرەکانی دیکەیدا و تەنیا شیعری جوانی نووسیوە.

هەرچەند کە شتێک بەهەڵە بڵاو بووەوە ئەفلاتونی حەکیم ڕاستی ناکاتەوە، بەهیوام هاوڕێیانی ئازیز لەم ڕاستیە تێبگەن و چیدی بە ناوی نالییەوە ئەو شتە دانەنێن و زەوقی شیعر تێک نەدەن بۆ کەسی نەنێرن.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ئەوانەی ئەم کورتە نووسینە دەخوێننەوە.

ئەرخەوان ڕەسوڵ

هونەرمەندی شێوەکاری کورد
فایەق ڕەسوڵ

فایەق ڕەسوڵ ساڵی 1955 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە. ساڵی 1980 دیبلۆمی لە هونەری تەتبیقی تەواو کردووە، لە ساڵی 1997 ەوە لە ڤینا دەژی. ساڵانی 2000–2005 بەڕێوەبەری Internnational Gallery M–ART Vianna بووە. لە ساڵی 2007 ەوە تا ئێستا بەڕێوەبەری Kleina Gallery یە. لە ساڵی 2016 دامەزرێنەری Salon Modena Art بووە. لە ساڵی 1991 ەوە تا ساڵی 2017 هەموو ساڵێک جگە لە ساڵی 1996 و 2002 و 2009 هەموو ساڵێک لە یەکێک لە شارە ناوارەکانی ئەوروپا پیشەنگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە، بەشداری زیاتر لە 100 پێشانگای هاوبەشی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتی نەمسا کردووە لە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هونەرمەندە بڕوانە:

http://www.faekrasul.com/?fbclid=IwAR0dlb-jGFyTQJvD6CO7WhKaDfAlAH-teYL2bjhjzdq_p8I-4SDr_rL3yQc

زانیارییەکان و تابلۆکانی بە تایبەت لە هونەرمەند خۆی وەرگیراوە.

تاراوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵییە هەموو چوارشەممەیەک، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

15 April . 2020 Nummer. [100] چوارشەممە

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..

– سەر وتاری تاراوگە: بێ تیگەیشتن لە مێژوو هەرگیز ناتوانین لە ئەمڕۆ تێبگەین...!. ل 2

– چۆن هۆڵەندا وڵاتی سورینامی بەکارهێنا و دوایش فەرامۆشی کرد، وەرگێڕانی: ئەنوەر جۆڵا و سەردار فەتاح ل 3 و ل.4. – چەند سەرنجێک لەسەر ماناکانی ماڵ لەمڕۆدا د. مەریوان قانع.. ل 5

– دۆستی دێرینی گەلی کورد پیت مویلەر کۆچی دوایی کرد – ل 6

– کێ کۆماری کوردستانی ڕوخاند؟ بەشی 4 نوری کەریم ل 7 و ل 8 .

– کورده هاواره... هاواره و فوغانه و ناڵەی دەروونه. نووسینی: فەوزی ڕەمزی. ل 9 .

– شاکاری مۆنالیزا و دیمەنە سروشتییەکەی، نووسینی: تەها ڕەسوڵ . ل 10 – تریاژ چییە؟، مامۆستا م. ئارام. ل 11

–کوردستان مێژوویەکە لە کەشتیەکانی بەریتانیا، نووسین و ئامادەکردنی: جوان عومەر ئەحمەد. ل 12

– نزیکبوونەوەی کۆمەڵگا بە گشتی– مارک هارفی، وەرگێڕانی: موقەدەمی ڕۆکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین

نەقشبەندی... ل 13 – سەرلیشێوان پلانە – جۆلیت کاییم، وەرگێڕانی: موقەدەمی ڕۆکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی ل 14. – مۆنیمەنتی `ئاشتی ئازادی لێبوردن`ی پەیکەرساز سیروان ڕەئووف لە گۆڕەپانێکی شاری (فاسن). – لە یادی 32 ساڵەی ئــەنفالدا پێویستە هەموومان ئەم کتێبەی مامۆستا محەمەد حەمەساڵح تۆ (جینۆساید لە عێراق.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد) بخوێنینەوە . ل 15

– دەربارەی وێنەکێش و پەیکەرساز و فۆتۆگرافەری ئەڵەمانیی: گیرهارد ڕیشتە و چەند تابلۆیەکی نووسینی: هونەرمەند شوان کەمال . ل .16

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، تە هۆڵەندا دەردەچێت

15 April 2020
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
N 100
ژمارە 100 ی 15 ی نیسانی 2020

بە بێ تێگەیشتن لە مێژوو هەرگیز ناتوانین لەمڕۆ تێبگەین...!

سەروتاری تاراوگە:

بە بێ تێگەیشتن لە مێژوو هەرگیز ناتوانین لە ئەمڕۆ بگەین. گرنگترین و کاریگەرترین بەشەکانی مێژوو ئەو بەشانەن، کە بەمەبەست خزێنراونەتە تاریکیەوە. مێژووی بەکۆیلەکردنی ڕەشپێستەکان ئەو قۆناغەی مێژووە، کە بەردەوام پەردەپۆش دەکرێت، بەڵام دەرهاویشتەکانی هێشتا بە ڕوونی بە ڕوخساری فەرهەنگ و زمان و یادەوەری گشتیەوە دیارە. ئەم کاریگەرییە لە چەند ئاستێکدا ڕەنگدەداتەوە. بە کۆیلەکردن، لە لایەک لە هەست و هزری ڕەگەزی سپی پێستی سەردەستدا جۆرێک لە شانازی و هەست بە سەروەری ڕەگەزی و فەرهەنگی دروستکردووە، لە لایەکی دی لەگەڵ هۆشیاربوونەوە بە دیوە نامرۆڤانەکەی ئەم مێژووە، جۆرێک لە هەست بە شەرمەزاری ئامادەیە. مەخابن تا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەم هەست بەشەرمەزاریە نەبۆتە پاڵنەرێک بۆ دانپێدانان بە تاوان و هەوڵی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان لای نەوەکانیان. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەم کپکردنە دڕێژەی هەیە و بۆتە دیاردەیەک، کە لە پەراوێزخستنی سیاسی فەرهەنگیدا بەزەقی خۆی نمایش دەکات.

هۆڵەندە دەستێکی گەورەی هەبووە، لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بە کۆیلەکردنی ڕەشپێستەکاندا. لێرەدا بواری ئەوەمان نییە ئەم مێژووە بگێڕینەوە. هۆڵەندییەکان پەیوەندیەکی دژوار و دووفاقیان هەبووە، لەگەڵ ئەم بەشەی مێژوویاندا. لە لایەکەوە بە سەدەی زێڕینی خۆیانی دەناسێنن، بەهۆی ئەو گەشە بەرچاوە ئابوری و فەرهەنگییەوە، کە کە وڵاتەکەیان بەخۆیەوە بینیوویێتی، لەلایەکی دی ناتوانن چی تر ئەو ڕاستیە بشارنەوە، کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو گەشەیە هۆڵەندا تاوانی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش دەرهاویشتەکانی بە ژیان و فەرهەنگی نەوە بە دوای یەکەکانی بە کۆیلەکراوەکانەوە دیارە لە وڵاتە بەکۆڵۆنیزەکراوەکانیانەوە.

تا ڕۆژی ئەمڕۆ ناهاوسەنگیەکی هێناوەتە ئاراوە، کە چەندین نەوەی دەوێت تا ئەم هاوسەنگیە بگەڕێتەوە. هەر ئەم نارەواییە مێژوویییە سەرچاوەی ئەو بزاوتەیە، کە بە جوڵانەوەی ڕەشپێستەکان دەناسرێت و لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت تەندروستیش چالاکن بۆ ناساندنی دۆز و بەدەستهێنانی دانپێدانان. هەروەک گرنگی دەدەن بە سەرلەنوێ ناسینەوە و پێناسەکردنەوەی ئەدەب و سمبۆڵە ئەدەبیەکانیان.

<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<

لەم ڕوانگەیەوە ئەم بابەتەی خوارەوە، جگە لەوەی دەربارەی سیستەمی بە کۆیلەکردن بە لامانەوە گرنگ بوو، جێگەی بایەخی تاراوگەش بوو، نووسینەلە لە ڕۆژنامەی بەناوباگی هۆڵەندی NRC دا بڵاوکراوەتەوە و لە لایەن مامۆستای زانکۆی لایدن Yra van Dijk و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی سورینامی خاتوو Ghanima Kowsoleea نووسراوە و کاری وەرگێڕانێکی ئازادمان بۆ کردووە. تاراوگە



بە هیوای ئەوەی توانیبێتمان تیشک بخەینە سەر لایەنێکی کەمتر دیاری مێژوو و فەرهەنگی هۆڵەندی.

چـــۆن هۆڵەندا وڵاتی سورینامی بەکارهێنا و دوایش فەرامۆشی کرد..؟

وەرگێڕانی: ئەنوەر جۆڵا و سەردار فەتاح ئەمین

مێژووی کۆلۆنیالی:

نوسەر Anton de Kom لە 1934 دا کتێبی (ئێمە، کۆیلەکانی سورینام) ی نووسی کە لەسەردەمی خۆیدا دەنگێکی باشی دایەوە. ئەم کتێبە باسی ئەو هەموو نارەوایەتیە دەکات کە کۆلۆنیالزمی هۆڵەندی لە وڵاتی سورینام ئەنجامی داوە. ئەم کتێبە لەهۆڵەندا زۆر گرنگی پێنەدراوە بەڵام لە سورینام چووەتە کەلتوری پەروەردەوە. ئیستا، کە سورینام سەرلەنوێ بەدەست پاشاگەردانی ئابووریەوە دەنالێنێت ئەم کتێبە بڕەوی پەیداکردۆتەوە، چونکە ناوەڕۆکی کتێبەکە پەیوەستە بەو باسەوە. گەر تۆ خوێنەرێکی هۆڵەندی سپی پێستیت، ئەگەری زۆرە کە ئەنتۆن دکۆم ١٨٩٨–١٩٤٥ نەناسیت. بەڵام ئەگەر بە ڕەچەڵەک سورینامی بیت ئەوە ئەم کتێبەت بێگومان بینوە، ئەگەر لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەی خۆت نەتبێت، ئەوا بە دڵنایییەوە دایک وباوکت یاخود نەنک وباپیرت هەیانە. پەیامەکەی ئەنتۆن دکۆم تەنها بۆ سورینامیەکان نییە.

بڕوانە لاپەڕە: 3

چۆن هۆڵەندا وڵاتی سورینامی بەکارهێنا و دوایش فەرامۆشی کرد

پاشماوەی ل 2

بەڵکو ئاراستەی گەلی هۆڵەندیشی کردووە. لەڕێی ئەم بەرهەمەیەوە داوای ئیدارەیەکی عادیلانە ومرۆڤپەروەرانە دەکات. داوا لە کۆلۆنیستەکان دەکات کە چارەسەرێک بۆ پرسی گەندەڵی بدۆزنەوە. بەڵام هۆڵەندە وە هەموو داگیرکەرێکی تر، گوێی بۆ ئەم پەیامە شل نەکرد. ئەم کتێبە لە بیرکراوە ماوەیەک پێش ئێستا لە هۆڵەندا سەرلەنوێ چاپکرایەوە. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو کە لەهۆڵێکدا کە پەنجا خۆیندکاری سالّی یەکەمی کۆلیجی زمانی هۆڵەندی بەشداربووون لە زانکۆی لایدن تەنها یەک کەس نەبوو ئەو کتێبەو نوسەرەکەی بناسێت تەنانەت مامۆستاکانیش ناوی ئەم نوسەرەیان نەبیستبوو. لە گەڕەکی بایلمێری ئەمستەردام پەیکەرێک بۆ ئەم نوسەرە کراوە، بەڵام کەمجار ڕووەدات کە کاری هونەری هێند بە لاڕێدا بڕوات وئامانج نەپێکێت. هەرچەندە نوسەرە ڕەشپێستەکە لە ژیانی ڕۆژانەیدا پیاوێکی یەکجار ڕێکپۆش بووە وهەرگیز بەبێ شەپقەو بۆینباخ دەرنەکەوتووە، بەڵام لە پەیکەرەکەدا بە نیمچە ڕووتی لە بەردە گرانیتەکە هاتووتە دەرەوە وەک ئەوەی خۆی لە کوت وزنجیر ڕزگار کردبێت. ئەمە لە کاتێکدا کە شەڕی نوسەر ئەنتۆن دکۆم هەمیشە بەپێنووس بووە نەک بەهێزی بازوو. هەر بەو پێنووسەش پەردە لەسەر ڕووی ڕەفتارە ناڕەواکانی داگیرکەری هۆڵەندی ڕادەماڵیت کە ئەو کاتە سورینامی بەڕێوەدەبرد. بەو پێنووسە لە سالّی 1934 دا وبە تووڕەیی پڕ بەدەنگ هاوارى کردووە. ئەو بڕوای وابووە کە دەبێت مێژووی سورینام بدرێتەوە بەخاوەنەکانی. لە ڕۆمانەکەیدا ناوی بەخشیوە بە بە کۆیلە کراوەکان (فلۆرا، کۆدیە، یۆسیە) و پانتایی داونەتێ تا ببنە خاوەنی دەنگ وبتوانن چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە. ئەو بڕوای وابوو کە مەحاڵە میللەتێک ببێتە خاوەنی شوناس گەر نەبێتە خاوەنی پاڵەوانی ڕەسەنی خۆی، بەتایبەت گەر وەک گەلی سورینام گیرۆدەی هەستی خۆبەکەمزانین بێت. ئەو لەوکاتەدا کە سورینام هەرێمیکی لە بیرکراوی هۆڵەندا بوو، هەوڵ و توانای خستەگەڕ، تاهەستی ڕێزلەخۆگرتن بۆ خەڵکی وڵاتەکەی بگێڕێتەوە. نوسەر دەڵێت، نەخۆشی خۆبەکەمزانین وەک میرات وایە یەخەمان بەرنادات، هەر بۆیەش سورینامیەکان پاڵەوانیان پێویستە. لە ڕۆمانەکەیدا باسی قارەمانێتی ئەو بە کۆیلەکراوە سورینامیانە دەکات کە لە سەدەی هەژدەدا بەرەنگاری کۆیلایەتی بوونەتەوە وکێڵگەکانیان جێهێشتووە ولە دارستانەکاند ماونەتەوە وهەر لەوێش ژیاون. ئەم چیرۆکانە پێشتر لە هیچ جێیەکی تر تۆمار نەکرابوون. نوسەر وەک ڕۆشنبیر و کومونیستێک تەنها تیشکی نەخستۆتە سەر زۆرداریەکانی داگیرکەری هۆڵەندی هەر چەندە ئەوەشی بە درێژی باسکردووە، بەڵکو زۆر بایەخی بە چەمکی دروستکرنی مێژوو داوە. مامۆستاکان، کە لە کلّیسەکانی هۆڵەنداوە نێردراون، لە خوێندنگاکاندا وانەی مێژووی هۆڵەندا وقارەمانێتی هۆڵەندیەکان بە دکۆم وهاوپۆڵەکانی دەڵێنەوە وخوێندکاران هیچ لەسەر مێژووی خۆیان، کە مێژووی سورینامە، فێر ناکەن. ئەو بەو شێوەیە دەمامک لەسەر سیستمی کۆلۆنیالی لادەبات کە چۆن لە ڕێی زمان وفەرهەنگەوە کار بۆ سڕینەوە و بچووککردنەوەی ئەوی تر دەکات.

وەرگێڕانی: ئەنوەر جۆڵا و سەردار فەتاح ئەمین

نوسەر دانیپدا دەنێت، کە ئەمە چەکێکی یەکجار کارایە بەدەست کۆلۆنیالیزمەوە. ئەو خۆی وەک نمونە دێنێتەوە کە ماوەیەکی درێژی ویستووە تا توانیویەتی قوتار بێت لە پاشماوەی ئەو بیرەی کە بڕوای بەسەردەستی سپی پێستە ووایدادەنێت کە ڕەشپێست هەمیشە وبێ مەرج کەمترە. هەروەها ڕوونیدەکاتەوە کەچۆن داگیرکەر یاری بەزمان وزانیاری کردوە، بۆنمونە لە ئینسکلوپیدیای (ڤنکلەر پرنس)دا کە بە ڕوالّەت بێلایەنە بەڵام کە دێت وباسی شکستپێهێنانی یاخی بوونی ڕەشپێستەکانی سورینام دەکات دەڵێت: دواتر کاتێکی ئارام وڕۆ بۆزاندنەوە هاتە ئاراوە! نوسەر پرسیار دەکات بواژاندنەوە و ئارامی بۆ کێ...؟ ئەو لەم ڕۆمانەدا کاتێک باسی کۆیلە دەکات هەروەک چۆن لە سیاقە مێژوویەکەیدا مەبەستی سەردەمی کۆیلایەتییە هەر ئاواش چیرۆکی ئەوکاتەی پرۆلیتارەکانی سورینام دەگێڕێتەوە، کە لە زۆربەی ڕووەوە ژیانیان لەگەڵ سەردەمی کۆیلایەتیدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبووە. بلیمەتی نوسەر لەوەدایە کە خوێنەر ناچاردەکات لە ڕێی گێڕەرەوە جارێک لە دیدی (ئەو) وجارێکی دی لە دیدی (ئیمەی کۆیلەوە) گوێبیستی چیرۆکەکان ببێت. تا توانای دەربازبوونی نەبێت و ڕانەکاتەوە باوەشی خەونەفریودەرەکانی کۆلۆنیالیزم. نووسەر کاتێک چیرۆکی ئەو بەکۆیلەکراوانە دەگێڕێتەوە کە لە ئەفریقاوە بە پاپۆڕ هێنراون وبە زنجیر بەستراونەتەوە ووەک ئاژەڵ کڕین وفرۆشتنیان پێوە کراوە، بەکۆیلەکراوەکان بە باوک ودایکمان ناودەبات. ئەو هەوڵ دەدات مێژوو نزیک بخاتەوە. نووسەر دەیەوێت تووڕەیی لە هەستی خوێنەردا دروست بکات وبیکاتە شایەتحالێک بەسەر مێژووەوە. بۆ ئەم مەبەستە وەسفی وردی ڕووداوەکان دەکات، بۆ نمونە باسی پیاوێکی سپی پێست دەکات کە بەوپەڕی لەخۆڕازیبوونەوە پشکنینی کچێکی باریکەلەی تەمەن دەسالّ دەکات، کە دایکی ڕۆژێک پێشتر بازرگانێکی تر کڕیویەتی. یاخود کاتێک باسی پیاوێکی ئەوروپی زبرو زۆردار دەکات کە ملی ڕەش پێستێکی بەدەستەوەیە ودەمی پێدەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ددانەکانی باشن وچەندی نرخ لەسەردابنێت. نووسەر ئەوپەڕی توانای دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەوچانسە نەدات بەخوێنەر کە خۆی بدزێتەوە. ئەو خوێنەر دەبات بۆ ژێرخانی ئەو پاپۆڕانەی کە بە کۆیلەکراوانی تێیدا بەندکراون، لەو ژێرخانانەدا هاواری بەکۆیلەکراوان دەبیستیت، گریان وقیژەی ژنێک دەبیستیت بەهۆی لێدانی قامچیەوە. نووسەر داوای هەست وهۆشی خوێنەر دەکات، دەبێت خوێنەر هەست بە ئازار وخەم و بێگوزەرانی ڕەش پێستەکان بکات. هەرواشە، هەرچییەک بێت ڕەگەزت، ئەو ئازارە دەگاتە مۆخ و ئێسکت. ڕۆمانەکە پڕاوپڕە لە چیرۆکی کاریگەر، بەئازارترینیان ئەو دەستدرێژیە سیستماتیکیە کە دەکرێتە سەر ژنان، هەروەها چیرۆکی ئەو منداڵانەی کە لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژیە لەدایک دەبن ودیسان دەبنەوە کۆیلەی خاوەن کێڵگەکان لە کاتێکدا کە زۆربەی جار باوکی خۆیانن.

بڕوانە لاپەڕە 4

دکۆم لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی هەڵوێستی دژی نازیەکان هەبووە، هەر ئەوەش وایکرد وەک قارەمانێکی نیشتمانی بناسرێت

نوسەر وردەکاری ئەو رووداوانەی لەڕاپۆرتەکانی دادگاوە وەرگرتووە، کە لەم جۆرە تۆمارانەی لەخۆگرتووە: ڕەش پێستێک بەناوی یۆسیە بەقولاپێکی ئاسن هەڵواسراوە، قولاپەکە کراوە بە قەفەزەی سنگیدا، کە سەری و هەردوو پێی بۆ خوارەوە شۆڕبۆتەوە. پاش ئەوەی، کە کوژراوە سەریان لێ کردۆتەوە و کردویانە بە بۆریەکی ئاسندا بە مەبەستی نمایشکردنی. پاشان لاشەکەی بووەتە خۆراکی باڵندەکان. جوتیارە سپی پێستەکان، کە بەکۆیلەکراوەکانیان دەچەوساندەوە، سزاکانیان ئەوپەڕی ئاگادارکردنەوەیەک بوو. بە کۆیلەکراوەکان گەر فەرمانیان جێبەجێ نەکردایە یاخود سەرپێچیان بکردایە سزایەکی توند دەدران. هەردوو دەستی کەسەکە دەبەستراوەوە وهەردوقاچیان لە ئەژنۆکانیانەوو دەکرد بە بەینی هەردوو دەستیدا ولە ژێرئەژنۆیەوە دارێکی ئەستوریان دەخستە نێوانەوە و دەکەوتنە لێدانی. نووسەر پیشانی دەدات، کە ئەم کارانە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی ئەنجام دراون. دکۆم مێژوونووس نەبووە، بەڵام سیاسی و نووسەرێکی ئەکتیڤیست بووە. ئەمە وایکردوە، کە نووسینێکی بە چێژ وسەرنجڕاکێش بتوانێت بەرهەم بهێنێت. ئەمەی کە نووسیویەتی نە ڕۆمانە، نە دۆکومێنتەرییە، نەبیۆگرافیە، لە هەمان کاتدا هەموو ئەمانەشە پێکەوە. نووسەر بە تەوسەوە دەپرسێت هۆڵەندە کام شارستانیەتەی بۆ ئێمە هێنا؟ بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت شارستانیان لەگەڵ ئەو خاوەن کێلگە دەوڵەمەندانەدا بۆ ناردوین، کە زەویەکانیان پڕ پیت و بەرەکەت بووە، هێند بە خوێنی ڕەشپێستەکان ئاودراوە. هەر لەم سیاقەدا نوسەر وێنای ئەفریقیەکان وەک مرۆڤی سروشتدۆست وتەندروست وبەهێز وپاک دەکێشێت، کە بەسروشت مەیلی دادپەروەریان هەیە. لەبەرامبەریشدا وێنای کۆلۆنیستەکان وەک کەسانی بێ تام و تەمەڵ و بەکاربەر دەکات. ئەو دەیەوێت خوێنەر بەو دەرەنجامە بگەیەنێت، کە هۆڵەندییەکان هیچ کەلتوریکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە. نوسەر جیاوازی نێوان ئەوروپا و کۆلۆنیەکان بێ بەها دەکات. دەڵێت گەر بڕیاربێت بڕوا بە بانگەشەی کۆلۆنیستەکان بکەین، گوایە هاتوون تا شارستانیەتیەکی وەک یۆنانمان بۆ چێ بکەن، ئەی کوا چیان بوونیاد ناوە؟ کامانەن ئەو پەرستگا و تەلارانەی کە دروستیان کردووە؟ کامە شاکارە هزری و دەقە جوانەکانیانە؟ دکۆم مێژووی پڕنەهامەتی 300 ساڵی سورینام دەگێڕێتەوە. هەروەک پیشانی دەدات, کە تەنانەت دوای کۆتاییهێنان بە کۆیلایەتیش ڕەوشەکە باشتر نەبووە. لەبەشی یەکەمی کتێبەکەیدا باس لە سەختی ڕەوشی ئابوری دەکات. دکۆم لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە هۆڵەندا ژیاوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمۆنیست و خۆیندکارە نەتەوەییە هیندو هۆڵەندیەکانەوە. ئەو خۆی بە نوسەری چینی زەحمەتکێش دەزانی، ئەوانەی لە گەڕەکە هەژارەکاندا دەژیان، برسیەتی و نەخۆشی مەلاریا و سیل تەنگی پێهەڵچنیبوون. ڕەش پێست و هەژار و بێسەرمایە بوون، یان لە دەرهێنانی کانزاکان یاخود لە فابریکەکانی درووستکردنی لاستیک لە ڕێگەی گرێبەستی نامرۆڤانەوە کرێکاریان دەکرد. هەروەک هەوڵی دەدا کە ڕوونی بکاتەوە کە بۆ یاسای خۆدموختاری لە ڕاستیدا بەهایەکی نەبوو. چونکە مافی دەنگدانی نەبەخشیبوو بە دانیشتوانی سورینام، چونکە لەم وڵاتە داگیرکراوەدا هیچ کاریگەریەک نەبوو، هەلی کار نەبوو، سورینام خاوەنی بودجەی خۆی نەبوو. ئەمە تەنها کێشەی ڕەشپێستەکان نەبوو، بەڵکو دانیشتوانەکەی تری سورینام، کە چینی و هیندیە بە کۆیلە کراوەکان بوون، لە ڕابووردودا بۆ ئەم دورگەیە هێنراون و لێرە نیشتەجێ کراون، باری گوزەرانیان باشتر نەبوو.

نووسەر گەشبین نییە بەرامبەر داهاتوو بڕوای وایە کە گۆڕانکاری نایەتە ئاراوە، گەر کۆمەڵانی خەڵک باوەڕیان بە یەکگرتنی پرۆلیتاریا نەبێت و هۆشیاری چینایەتیان تێدا دروست نەبێت. جارێکی دیکەش ئەو چارەسەرەکە لەوەدا دەبینێتەوە، کە دەبێت ناسنامەیەکی کولتوری سورینامی دروست بێت و پێش هەموو شتیک ئەوان کۆت و زنجیر و بیری کویلایەتی بپسێنن. لەو بەشەی کتێبەکەی نووسەر کە تایبەتە بە خۆی، باسی ئەوە دەکات چۆن پاش تەواوکردنی خوێندن لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەیدا گەڕاوەنەتەوە بۆ سورینام. هەرچەندە ئەو وەک ڕۆشنبیر و چالاکوانێک ناسرا بوو، بەڵام لەگەل ئەوەشدا هەلی کاری ئەوتۆی نەبوو، هەر بۆیە نوسینگەیەکی ڕاوێژکاری تایبەتی بۆ خۆی دانا. دواتر بەهۆی شەڕ و ئاژاوەیەک لە نزیک ماڵەکەیدا، بێئەوەی نووسەر هیچ پەیوەندی پێوەی هەبوو بێت دەستگیردەکرێت و دەینێرتەوە بۆ هۆڵەندا. کە دیتەوە هۆڵەنداش بێ ئیش دەبێت و ئەم کتێبە دەنووسێت. لەکوتایدا دوای ئەوەی ماوەیەک لە نەخۆشخانە دەبێت، نووسەر (کارن ئامەتموکرم)، ژیاننامەی –بیۆگرافی دکۆم لە شێوەی کتێبێکدا بڵاو دەکاتەوە، بە ناوی (ئەو پیاوەی کە زۆری نووسی)، دواتر دکۆم لە شارۆجکەی نیونخەین کۆچی دوایی دەکات. دکۆم لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی هەڵوێستی دژی نازیەکان بووە، هەر ئەوەش وایکرد وەک قارەمانێکی نیشتمانی بناسرێت.

یەکێک لەو کەسانەی پێشەکی ئەم چاپە تازەیەی (ئێمە، کۆیلەکانی سورینام)ی نووسیوە (دوکۆ ڤان ئۆسترم)ە، ئەم لە باسەکەیدا پێگەی دکۆم بە پێگەی نوسەری ئەفرۆئەمەریکی ولیەم دوبۆیس دەشوبهێنێت، کە کتێبێکی هاوشێوەی نووسیوە بە ناونیشانی (ڕۆحی میللەتە ڕەشەکە 1903). ئەویش هاوشێوەی دکۆم بەهۆی چالاکی کۆمۆنیستیەوە زۆر دەچەوسێنرێتەوە. جیاوازیەکە ئەوەیە دوبۆیس و نووسەرە ئەفرۆ ئەمەریکیەکانی دیکە لە مێژە گەیشتوونەوە کانونی ئەدەبی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نووسینەکانیشیان لە بەرنامەی خوێندنا سەپێنراوە. هەرچەندە لە هۆڵەندەش هەست بەتاوان بەرامبەر ئەو مێژووە وردە وردە سەری هەڵداوە، بەڵام هێشتا بەهای ئەم جۆرە کارانە وەک پێویست نابینرێت. بۆ سورینامیەکان ئەم کتێبە جیاوازە، بۆ ئەوان نووسەر وێنەی ئەو مێژووەی کێشاوە، کە ڕەنگدانەوەی ئازاری ئەوانە و ئەو کارەساتەی تێدا دەبینن، کە بە سەر خۆیان و خانەوادەکانیاندا هاتووە. تێدەگەن کە خۆ بەکەم زانین لەلایەن داگیرکەرەوە فێرکراون. پەیامی ئەو بۆ سورینامیەکان ئەوەیە، کە سەروەری ڕەش پێستەکان تەنها کاتێک دەستەبەر دەبێت، کە هەموو ڕۆڵەکانی سورینامی دایک یەکبگرن و پێکەوە بجەنگن بۆ ژیانێکی شایستە. زۆر لە دایک و باوکانی سورینامی لەم سەردەمەدا هانی منداڵەکانیان دەدەن، بۆ هۆشیاربوونەوە لە ناسنامەی ڕەگەزی خۆیان وەک ڕەشپێستێک و ناوی دەکۆم، وەک یەکێک لەو پاڵەوانانەی ئەو ڕێگای خەباتە دەناسێنن.

چەند سەرنجێک لەسەر ماناکانی ماڵ لەمڕۆدا

دکتۆر مەریوان وریا قانع

ماڵ لە پێناسە گشتییەکەیدا ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ داوای ئیشکردن و بازاڕکردن و چوونەدەرەوە بۆی دەگەڕێتەوە، شوێنکە کەسەکان بە هی خۆیانی دەزانن و هەستەکەن لەناویدا ئولفەتی زیاتر و ئازادیی زیاتریان هەیە. ئەگەر بۆ دابەشکردنە بەناوبانگەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی یورگن هابرماز بگەڕێینەوە ماڵ شوێنێکی نارەسمیی و نابیرۆکراسیی و ناپیشەییە کە تیایدا پەیوەندیی گەرم و تاکەکەسیی و دیوە نافەرمییەکانی ژیان ئامادەیە. هابرماز دوو جۆر لە جیهان لەیەکتری جیادەکاتەوە. "جیهانی سیستم" و "جیهانی ژیان". یەکەمیان جیهانی کار و بیرۆکراسیەت و پەیوەندیی هێز و سیاسەت و دەزگاکانە. دووهەمیان جیهانی دۆستایەتیی و هاوڕێیەتیی و پێکەوەبوونی نافەرمی هاوڵاتیی و کەسەکانە بەیەکەوە. لای هابرماز هەریەکێک لەم دوو جیهانە لۆژیکی تایبەتی خۆیان هەیە و شێوازی پەیوەندییەکان لەناویاندا جیاوازە. لە یەکەمیان فەرمانبەر و بیرۆکراس و کەسە پرۆفیشنالەکان ئامادەن، لە دووهەمیاندا هاوڵاتیان و کەسە لەیەک نزیکەکان. لە یەکەمیاندا زمانی بیرۆکراسیی و زمانی کایە پرۆفیشنالەکان زاڵە، لە دووهەمیاندا زمانی نافەرمیی گەرم و گوڕ و ئازاد و دۆستانە. ماڵ لەم دابەشکردنەدا سەر بە "جیهانی ژیان"ە و دیوی ئەودیو و ناکۆکیی "جیهانی سیستمە." ماڵ مەرج نییە تەنها ماڵێکی بچووکی خێزانێک یان کەسێک لە خێزان و کەسەکان بێت. هەندێک کەس هەستی لە ماڵبوونیان لە گەڕەکێک لە گەڕەکەکاندا هەیە، هەندێک لەم شار یان لەو شاری تردا، کەسانێکی تر لە نەتەوە و نیشتیمانێکدا، هەندێکی تر لە وڵاتانی تر و هەندێکیش لە هەموو جیهاندا. دینارەکان هەستکردن بە ماڵ، دواهەمین ماڵ، لەپاڵ خودادا، ئەزموون دەکەن و بەهەشت یان جەهەنەم بە دواهەمین ماڵ دەزانن. هەندێک لە سوفیەکان قەبر وەک ئاخرین ماڵ و ئاخرین نیشتیمان وێنادەکەن. هەندێکیش مەنفا بە ماڵ و هەندێکی تر ماڵ بە مەنفا دەزانن. لەهەموو ئەو دۆخانەدا ئەو شتەی کە ناوی ماڵە، پەیوەندییەکی پتەوی بە مرۆڤبوون و بە شوناسیی ئینسانەوە هەیە. بەڵام مەرج نییە لە ماڵ مانەوە هەمیشە مانایەکی پۆزەتیڤ و ئینسانیی هەبێت. هەندێکجار بەجێهێشتنی ماڵ، چوونە دەرەوە، بە تونڈی داخستنی دەرگای حەوشە و بەجێهێشتن، کردەی نارەزایی دەربڕین و یاخیبوون نمایشبکەن. بە تایبەتی بۆ ژنان و گەنجان. دەرچوون لە ماڵ وەک جۆرێک لە هەڵاتن و خۆڕزگاربوون ببینرێت، لە سەرجەمی ئەو نایەکسانیی و بێدادیی و تونودتیژیانەی کە لە دەشێت چواچرێوەی ماڵدا ئامادەبن، بە تایبەتی ماڵێک کە پیاوسالاریی و پاتریارکیەت هەم پەیوەندییە ناوەکییەکانی دەستنیشانکردبێت، هەم نەخشەسازییە هەندەسییەکەی. لە هەندێک دۆخدا بۆ هەندێک کەس "شێڵتەر"ێکی سارد و سڕ، بێیاداوەریی و بێمێژوو، لەو "گەرمیی"ە گریمانکراوە باشتر و ئینسانیترە کە دەدرێتە پاڵ ماڵەکان.لەم ڕووەوە داواکردن لە خەڵک لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە بە مەبەستی خۆپاراستن لە ڤایرۆسێک، بۆ زۆرکەس، وەک داواکردنی تەسلیمبوون بەو کەشە خنکێنەر و پڕکێشە و نایەکسانیی و تونودتیژ و هات و هاواره وێنادەکرێت، کە دەشێت لە ماڵدا هەبێت و زۆر کەس ناتوانن بەرگەی فشارەکانی بگرن. بێگومان داواکاری مانەوە لە ماڵدا بۆ خۆپارستن لە ڤایرۆسێک ڕەوایەتییەکی گەورەی هەیە، واتە دەشێت هۆکارێکی بایۆلۆژیی زۆر بەهێز بی ئەو مانەوەیە هەبێت، بەڵام دەشێت هۆکاری کۆمەڵایەتیی زۆر بەهێزیش هەبێت کە پاڵ بە کەسەکانەوە بنێت بۆ دەرەوەی ماڵ. بۆ زۆر کەس دەشێت دیوە کۆمەڵایەتییەکەی ماڵ بە ڕادەی دیوە بایۆلۆژییەکەی کوشندەبێت.

سەرمایەداریی و ماڵ

یەکێک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی سەمایەداریی کلاسیکیی وەک سیستمێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نوێ بریتیبوو لە جیاکردنەوەی ماڵ لە کارخانە و جیاکردنەوەی ماڵ لە بازاڕ. ئەم جیاکردنەوەیەی شوێنی ژیان و شوێنی کار لەیەکتری، هێمابوو بۆ دروستبوونی سیستمێک کە لەپاڵ ماڵدا ڕووبەڕی کۆمەڵایەتیی تر دروستەکات کە گرنگییەکی گەورەیان هەیە: بازاڕ و کارخانە.

لای ئابووریی ناسە کلاسیکییەکان ئەمە یەکێکە لە ئاکارە سەرەکییەکانی کاپیتالیزم.

بەڵام ئەم جیاکارییە لە مێژووی کاپیتالیزمدا لەم فۆرمەدا و بەم ڕەهاییە نامێنێتەوە. تێکەڵبوونی شوێنی کار و شوێنی ژیان بەیەکتری بەشێکە لە مێژووی پەنجا ساڵی کاپیتالیزم. لە ئێستاشدا کۆرۆنا بەشێوەیەکی کاتیی کۆتایی بەم جیاکارییە هێناوە و سنووری نێوانی ماڵ وەک وشێنێژیان و دەرەوە وەک شوێنی ئیشکردندا نەهێشتەوە. ئێستا ماڵی ملیۆنەها مرۆڤ بووە بە شوێنی کارکردنیان. بە تایبەتی لە پەیوەندیدا بەو بەشەی کۆمەڵگاوە کە بە "چینی ناوەڕاست" ناسراوە. ئیش لەناو کۆمپیوتەرەکاندا، بەتایبەتی لەناو لاپتۆپدا و لاپتۆپیش لەناو جانتایەکدا و جانتاکەش لە هەر شوێنێکدا، سەرجەمی شوێنەکان دەگۆڕێت بۆ شوێنی کارکردن، بە ماڵەکان و قوەخانەکان و شوێنە گشتییەکانیشەوە. مێزی ناو ژووری خەوتن و سیستمی ناو ژووری خەوتن دەشێت شوێنی دانانی لاپتۆپەکە بێت و ئەو دانانەش ئەو شوێنانە بگۆڕێت بۆ شوێنی کارکردن. ماڵ بۆ گەنجان شتێکی تەواو جیاوازە تا بۆ ئەوانەی تەمەنیان گەورەترە، زۆر جارماڵ بۆ گەنجان مانای کۆنترۆڵ و چاودێریی و دیسپلینکردنە، سنووردارکردنی جوڵە و تواناو حەز و ئارەزوەکانیانە، ڕووبەرێکە ئازادیان سنووردار دەکات، پرێەتی لە یاسا و بەها و نۆرمی باوکەکان و دیکەکان، هیرارکیەت پەیوەندییەکانی ڕێکدەخات و لۆژیکێک ئاراستەی دەکات کە لەگەڵ کۆلانی ناوەکیی و سەرقاڵبوونیان بە دونیاوە، ناگونجێت. یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی گەنجانی ئەوروپا لە یاخیبوونەکانی ساڵی ١٩٦٨ چوونەدەرەوە لە ماڵ و بەسەربەخۆ ژیان بوو. جێهێشتنی شوێنی دایک و باوکیان و دروستکردنی شوێنی تایبەت بە خۆیان بوو. ئێستا کۆرۆنا بەشێکی زۆری نەوە جیاوازەکان و تەمەنە جیاوازەکانی بردۆتەوە ناو سنووورەکانی ماڵ. کەسانێکی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە کە لۆژیکێکی هاوبەشیان بەیەکەوە نییە، ترس لە ڤایرۆسەکە نەبێت. بەڵام یەکێک لە ڕێگاکانی دەربازبوون لەم دۆخە بوونی ماڵی مەجازیی و دیگیتاڵییە. ئەمڕۆ زر خەڵک لەپاڵ ئەو ماڵە فیزیایەی تیایدا دەژی، ماڵێکی یان زیاد لە ماڵێکی مەجازیی لەناو کۆمپیوتەر و سمارت فۆنەکەیدا هەیە. ماڵی ئۆن لاین جۆرێکی تازەیە لە ماڵ. لەڕاستیدا ماڵی ئۆنلاین لەمڕۆدا بەشێکی سەرەکیی و ناوەکیی ماڵە فیزییەکانن. ماڵێکی شەخسیی و تایبەتە کە پێبەستی هەبوونی کۆمپیتەرێک یان سمارت گۆنێک و هێڵێکی ئینتەرنێتە. ئەم ماڵە ماڵی هەموو ئەو هاوڕێ و دۆست و ناسراوانەن کە دەشێت بە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەوە، کۆچ هەر یەکێکیانی لە بەشێکی جیهاندا نیشتەجێکردبێت، یان ماڵی ئەو کەسانەبێت کە ڕەنگە یەکتریان نە دیبێت و نە ناسیبێت و لەبەشی جیاوازیی جیهاندا بژین، بەڵام لەو ماڵە مەجازییەدا بەیەک گەیشتبن.

دۆستی دێرینی گەلی کورد پیت مویلەر کۆچی دوایی کرد

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی 05–04–2020 دۆستی دێرینی گەلی کورد بەڕێز (پیت مویلەر) کۆچی دوایی کرد.

پیت مویلەر ڕۆژی 19–10–1929 لە شاری هێلڤەرسووم لە هۆڵەندا لە دایک بووە، هەر لە سەرەتای گەنجێتیەوە، گەلی کوردیی ناسیووە، ساڵی 1973 بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی ڕۆژئاوای کوردستان– سوریاەوە گەشتی ی باشوری کوردستانی کردووە و لە نزیکەوە توانیوێتی گەلی کورد بناسێت و لە نەهامەتییەکانی ئەم گەلە خاوەن خاکە بێ دەوڵەتە تێبگات و ئەو کاتە تێکەڵاوی شۆڕشی ئەیلول بووە و چۆتە حاجی هۆمەران و گەڵاڵە، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان خوالێخۆش بوو، مستەفا بارزانی بینیووە.

لە پاش ڕێکەوتنامەی شوومی جەزائیریش لە نێوان (هەواری بۆمیدیەن و شای ئێران و سەدام حوسەین)دا لە ئازاری 1975دا، کە شکست بە شۆڕشی کورد هێنرا، ئەو و هەندێ لە هاوڕێکانی یارمەتیەکی زۆری ئەو کوردانەیان داوە، کە ژمارەیان 50 کەس بووە، کە وەک دەستەی یەکەمی پەنابەرانی کورد ڕوویان لە هۆڵەندە کردووە و کار ئاسانیان بۆ کردوون.

پیت مویلەر سەردەمانێک سەرۆکی دەزگای نیدەرلاند کوردستان SNK بووە، چەندین جاری دیکەش سەردانی کوردستانی کردۆتەوە...ڕۆڵی هەبووە لە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بە زمانی هۆڵەندی بە ناونیشانی (کوردستان کۆریەر) و هەمیشە گرنگی بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد و گەلانی دیکەی دنیا داوە و لەگەڵ کۆمەڵەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدنی لە هۆڵەندا هاوکاریی کۆمەڵگاکانی (کورد، عەرەب، ئێرانی، ئەفغانی و پاکستانی ...هتد)ی داوە.پیت مویلەر لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991، چەندین جاری دیکەش سەردانی کوردستانی کردووە و ساڵی 1993 لەگەڵ گروپێکدا هاتۆتە باشوری کوردستان، کە بریتی بوون پیت میوللەر خۆیی و زاهیر مەحمود، وەک یاوەریان و بەڕێزان فلامین لە پارتی CDA، فالک لە Pvda، هەنەکە خڵدن بلوم لە D66 و لینۆنی سپیکەرس لە پارتی چەپی سەوز. دواجار لە ئۆکتۆبەری 2008 دا دیسان سەردانی کوردستان کردۆتەوە و بە نیاز بوو لە داهاتووشدا سەردانی کوردستان بکاتەوە، بەڵام لەمدوایەدا تەمەن و نەخۆشی بواری پێنەدا، تەنانەت بەڕێزیان هێندە لە کوردەوە نزیک بوو، هێندە کوردی خۆشدەویست، بەجۆرێک لە خەڵکی کوردستان دەچوو نەک هۆڵەندی و حەز دەکرد بە کاک پیت بانگ بکرێت.

ڕۆژی 14–02– 2010 یانەی کوردیی "میدیـــا" سیمینارێکی بۆ ڕێکخست و بە پاوەرپۆینت وێنەی گەشتەکانی لەگەڵ خاتوو (لیا فیسەر)ی هاوسەریدا لە ساڵی 1973 ەوە تا 2008 بە لێدوانەوە پێشکەش کرد، کە وێنەی ڕاستەقینە و مێژوویی گەلی کوردی تێدا نیشادا، هەر لە لە تێکۆشانی شاخ و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە.

لەو کۆڕەدا هاوڕێکانی پیت مویلەر کۆچکردوو دکتۆر جەمیل شەرەف و پرۆفیسۆر (یان مانسفیڵد باک) مامۆستای زانکۆی ئەمستردام، یادەوەری خۆیان لەگەڵدا گێڕایەوە ڕۆڵی پیت مویلەریان بەرز نرخاند. شایانی باسە نابێت کورد چاکە و دڵسۆزی پیت مویلەی لە بیر بچێت، بۆ ئەم مەبەستە خۆشبەختانە ڕۆژی 07–05–2019 بۆ سوپاسگوزاری و بەسەرکردنەوەی ئەم پیاوە مەزنە، دەستەیەکی سێ کەسی کە پێکهاتبووین لە بەڕێز کاک مەحمود مراد و بەڕێز عەبدوڵڵا ئەبوبەکر و بەندە (سەردار فەتاح ئەمین)، سەردانی ماڵەکەیمان کرد و دیارییەکی ڕەمزی شیاومان بە وێنەی خۆیی و خاتوو (لیا فیسەر)ی دروست کرد بوو، پێسکەشمان کردن و کاتێکی بەسوودمان بە گفتوگۆ و تۆمارکردنی بیرەوەریەکان بەسەر برد، بە پشتبەستن بە ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی ئەم دۆستە دەگمەنەی گەلی کورد.

ڕەوانی شاد بێت پیت مویلەر و دڵنەوایی و ئارامی بۆ خاتوو (لیا فیسەر) هاوسەری و تێکرای هاوڕییانی و خانەوادەکەی بگەڕێتەوە.

کێ کۆماری کوردستانی روخاند؟ نوری کەریم

بەشی 4

بارزانی دامەزراندنی پارتێکی رامیاریی (وەک پارتی دیموکراتی کوردستان – ئێران) سەربەخۆ لە باشوور بەپێویستی یەکی مێژویی دادەنا بۆ ئامادەکردنی جەماوەری کورد بۆ خەباتی هەمە لایەنە و ڕێکخستنی کوردپەروەران و کۆکردنەوەیان لەژێر ئالای سەرکردایەتییەکی هۆشیار و شۆڕشگێڕدا. کە بتوانێت شۆڕش هەڵگیرسێنێت و ڕابەریی بکات بەرەو سەرکەوتن و ببێتە هەوێنی پارتێکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕ لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا، ئەم بیرۆکەیەش زۆرتر لای ئەفسەر و ڕووناکبیرەکان ڕەنگی دابووە و جەختیان لەسەر دەکرد، ئەگینا شێخ ئەحمەدی بارزان بە پێی بیروباوەڕ و تاقیکردنەوەی دوورودرێژی خۆی نەیدەویست هیچ کاتێک بکەوێتە نێوان دوو ئاگرەوە و بواری کشانەوە و خۆڕزگارکردنی لەبەردەمدا نەمێنێت. بارزانی مستەفا فێبرووەری 1946 پارێزەر هەمزە عەبدوڵڵا دەنێرێتەوە باشور بۆ زەمینە خۆشکردن و ڕاگەیاندنی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەم بەڕێزان:

1 – مەلا مستەفای بەرزان ـ سەرۆک .

2– هەمزە عەبدوڵڵا/ پارێزەر (یەکەمین ڕازگر – سکرتێری پارتی بوو هەتا 1959 ن.ک).

3– ئەنوەر دڵسۆز ؟ (یەکێکە لە ڕوناکبیرە نیشتمان پەروەرەکانی کورد .ن.ک).

4– بەکر عەبدولکەریم حەوێزی (ئەفسەر بە پلەی ڕەئیس – نەقیب).

5– مستەفا خۆشناو (ئەفسەر بە پلەی ڕەئیس – نەقیب).

6–نوری ئەحمەد تەها (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم) .

7– موحەممەد قودسی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی دووەم).

8–عیزەت عەبدولکەریم (ئەفسەر بە پلەی ڕەئیس ئەول ڕوکن).

9– خەیروڵڵا عەبدولکەریم (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم).

10–جەلال ئەمین ڕەواندوزی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم).

11– موحەممەد صالح ژاژڵەیی (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم).

12–عەبدولڕەحمان نەقیب (ئەفسەر بە پلەی مولازمی یەکەم).

13– میرحاج ئەحمەد (ئەفسەر بە پلەی ڕەئیس).

14– وەهاب موحەممەد ئاغا (؟) (سەرۆک هۆزێکی کورد بوو ن.ک).

15–شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید (سەرۆکی ساداتی بەرزنجە).

نەجەف قولی پسیان نووسەری کتێبی لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس نووسیویەتی: (براکانی شێخ ئەحمەدی بەرزان، موحەممەد صدیق و شێخ بابۆ لەو بچووکتر و لە مەلا مستەفا گەورەترن، بەراشکاوی گوتیان قازی موحەممەد، زستانی ڕابردوو (مەبەستی لە زستانی 1945 ن.ک)، شێخ ئەحمەدی لای سۆڤێت تاوانبار کردووە، پەیوەندی بە ئینگلیزەوە هەیە. سۆڤێت دووریان خستەوە بۆ (شەیتان ئاوای دۆڵ)، پار قازی موحەممەد پەیتا پەیتا فەرمانی بە ئێمە دەدا هۆزەکانی مامەش و قەرەپاپاخ تاڵان بکەین، بەڵام کاری وامان نەکرد(72).

سەرەتای هەرەسی کۆمار

لەشکری ئێران لەو شەڕانەی سەرەوەدا، زیانی زۆریان بەرکەوتبوو، زۆریشیان بەدیلی کەوتبوونە دەست پێشمەرگەی کوردستان، سەربازەکان ئازاد دەکران و ئەفسەرەکان دەهێڵرانەوە، لەشکری چواری دوژمن پەیوەندی بە کۆمارەوە نەپچڕاندبوو، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان ئێران و کۆماری کوردستان، تاران دوو ئەفسەری پایە بڵند، سەرلەشکر ئایروم و سەرگورد کیشاوەرزی دەنێرێت بۆ گفتوگۆ(96)، لە گوندی کولتی لەگەڵ نوێنەری مەهاباد بەکر حەوێزی کۆدەبنەوە (ئایروم سەرەتا دەڵێت ئێمە وەک دوو دۆست (وەک دووڵایەنی دۆست، چونکە سێ کەسن .ن.ک) ئێستە لەگەڵ یەک دانیشتووین چونکە حکومەتی شاهنشا، دانی بە خودمختاریەکی کۆنفدرالی ناوە)(97).

کێ کۆماری کوردستانی روخاند؟

پاشماوەی لاپەڕە 7

بەکر حەوێزی لەوەندە پتر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و ئەنجامەکەی بەدەستەوە نادات، چونکە هاوکات پێشەوا هەوالّی هەرەسی کۆماری ئازەربایجانی پێدەگات و یەکسەر بڕیاردەدات پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا ببڕێت.. ئەو خودموختارییەی شای ئێرانیش گوایە دانی پێداناوە جێگەی باوەڕ نییە، چونکە شای ئێران نەک ئۆتۆنۆمی، دانی بە سادەترین مافی کورددا نەناوە و کەم و زۆر شتێک لەو رووەوە لە ئارادا نەبووە، بەڵکو لەگەڵ ستالین سەرگەرمی سەوداو مامەڵە بوو نەوت بگۆڕێتەوە بە رووخاندنی هەردوو کۆمارەکە و تاساندنی دەنگی کورد و ئازەر، نەوت بە کورد، نەوت بە ئازەر لە سەرکێشی ترێ بە گەنم هەر بووە، زۆر لە پێش یاسای نەوت بە خۆراکەوە، بە پێی ئەو سەودا و مامەڵەیە، شا نەوت بە ستالین بدات، ئەویش لە بەرامبەردا بڕیاری پووکاندنەوەی هەردوو کۆمارەکە بدات و هەردوو گەلی کورد و ئازەر بفرۆشێت بە مافی بەرهەمهێنانی نەوتەکەی ئێران بەڕێژەی 51% بۆ سۆڤێت و 49% بۆ ئێران، سەرۆک وەزیرانی ئێران قەوام سەلتەنەت لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ چیکۆف نوێنەری ستالیندا، رامیارێکی زۆرزان و بە ئەزموون، دیپلۆماتکارێکی وریا لە دانوساندندا، دەیزانی چۆن بەرامبەرەکەی دەهێنێتە ژێربار بۆ رێکەوتن، دەیزانی چی دەوێت و چۆن لە بەرامبەرەکەیی وەردەگرێت، صابون لە پێی ستالین دەدات و پەیمانی دەست کێشانەوە و هاریکاری نەکردنی هەردوو کۆمارەکەی پێ مۆردەکات. تاران پشت بەو رێکەوتنە، بروسکەیەک بۆ جەعفەر پێشەوەری سەرۆک کۆماری ئازەربایجان دەنێرێت: (هێزی شاهنشا دێتە تەورێز بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، تارێ لە هەموو فرت و فێڵ و کەم و کورتییەکانی هەڵبژاردنەکە بگرێت، بۆیە نابێت بەرهەڵستی بکرێت، پێشەوەریش لە وەڵامدا نووسیبووی، بەگوێرەی ئەو پەیمانەی لەسەری رێکەوتووین لە شکری ئازەربایجان بە لەشکری ئێران دادەنرێت بۆیە پێویست بەناردنی لەشکری ئێران ناکات بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، لەشکری ئازەربایجان دەتوانێت بێ هیچ لایەنگیری کردنێک سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنەی نێو خۆیە بکات).

شای ئێران بە پشتیوانی ستالین لەلایەک و لەولاشەوە چەند وەزیر و گەورە بەرپرسی ئازەربایجانی کرێبوو، ئەوانە ئامادەبوون دووای پێشڕەویکردنی لەشکری شا بەرە و تەورێز ئەوانیش لە ناوەوە بکەونە کار و دەستبەسەر کۆماردا بگرن و وەک مەلی بێ پەڕوبالّ بەچەقۆیەکی کول سەربڕن.

نوری کەریم

هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربایجان – تەورێز

پلانی فرۆشتنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بە نەوت لە نێوان سۆڤێت و ئێراندا چۆن لەسەر کاغەز کێشرابوو، 1946/12/11 لە پراکتیکیشدا لەسەر زەوی بە وردی ئەنجامدرا.

تەورێز لە رووی ژمارەوە چەندانەی هێزی مەهاباد و لە رووی چەک و تەقەمەنیی و پێداویستییەکانیشەوە مەهاباد لە تەورێزی وەردەگرت، جگە لەوەی پارتی کۆمۆنیستی ئێرانیش (تووده) بە بڕیاری ستالین بە هەموو توانایەوە تێکەڵ بە ئازەربایجان بوو بوون، لە بەرامبەر لەشکری ئێراندا بەرەنگارییەکی ئەوتۆیان نەکرد. سەرۆک کۆمارە لوت بەرزە بەکەش و فشەکەی تەورێز (جەعفەر پێشەوەری و سەرلەشکر غولام یەحیا و (1500) سەرباز و ئەفسەر بەرەو باکۆ) پێتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتی هەڵاتن و پاشماوەی لەشکر و گەلی ئازەریان وەک مەڕی بێ شوان بۆ کەڵبەی تیژی گورگ جێهێشت.

مامۆستا سەعید ناکام لەبیرەوەرییەکانیدا لاپەڕە 65 دەڵێت: (بەپێی پەیمانی یالّتا، هاوپەیمانان بڕیاریاندا دووای شەڕ لە ئێران بکشێنەوە وسنووورەکانی بپارێزن.سەیر لە وەدابوو کە سۆڤێت کشانەوە کە زۆریان لێ قەزابوو، تۆپەشکاوێک یا لۆریە شەقوشڕێکیان جێنەهێشت(بۆکۆماری مەهاباد.ن.ک) بەڵام لە تەورێز هەموتۆپ وتانک ولۆری و تفەنگ و شەستتیر وتەنانەت خێوەت وجل وبەرگیشیان بۆ ئازەرییەکان جێهێشت).

وەزیر و کاربەدەستە بەکرێگیراوەکانی شا، دەستیان بەسەر کۆماردا گرت و هاوڕێ وڵات پارێزەرەکانیش کە هەڵنەهاتن و نەچوونە پاڵ بەکرێگیراوەکانیش وەک (سەرهەنگ عەزیمی لە سێدارە دران) و بەشێکیشیان پەیوەندی دەکەن بە کۆماری کوردستان یا راستتر وایە بڵێم بە هێزی بارزانییەکانەوە. کەوتنی تەورێز کتوپڕ بوو، بەتایبەتیش بۆ مەهاباد کە پێشەوا پێشوەخت هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نەبوو، تەفرشیان دەڵێت قازی موحەممەد بە هاوڵاتی ئێمەی گوتبوو، (مەبەستی لە ئەفسەرە هەڵهاتووەکانی تەورێزە بۆ مەهاباد) (پێشەوەری تەلەفونی بۆ کردم و گوتی ئەوا من چووم و ئەتۆش وەرە، بەڵام من ناتوانم وەک پێشەوەری گەلەکەم بەرەڵلا بکەم و بۆ رزگار کردنی گیانی خۆم گەلەکەم بە خوا بسپێرم، پێ لە مەهاباد بەرمەدەرەوە گەلەکەم بەردەبنە گیانی یەکتر بۆیە ناچارم هەر لەمەهاباد بمێنمەوە هەتا سوپا دێ و دەستەڵاتی نوێ دەچەسپێ ئەگەر لە داریش بدرێم)(98) .

ماوێتی

دەڕۆم بەرەو ئاسۆ ؛ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا تڕۆپکی ڕزگار بوون

بپاشماوەی ژمارەی پێشوو

ە بۆنەی ئەنفال و کیمیایی وەشان و تاوان و ڕەشەکوژی... کە بەسەر گەل و خاکەکەمدا دێت.

لە گشت باس و دانیشتنێکدا یەک بۆ یەکی بگێڕنەوە... پشت بە پشت وەیگێڕنەوە...
با بزانن کە کەس هەیە وەک ئێمە ئاوا ماڵ کاول و خانە وێران و پەراگەندە...با
لاوان و جوانان ئاگادار بکرێنەوە، کە ڕۆژگار بە دەستی زاڵمان چ مەرگەساتێکی
گێڕاوە بەسەر باو و باپیرانیاندا بە بەرچاو بەڵێ چاوی دوونیای
مرۆڤدۆستەوە...بەڵێ ئێمە بۆ بەرچاوی ئەم دونیایە دەیسەلمێنین و پێیان دەڵێین؛

ڕۆڵەی کوردم فێری هەورازو لێژم
تا زۆر بڕۆم زیاتر عارەق ئەڕێژم
کورت تر دەبێ ڕێگای کورت و درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ ؛ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا تڕۆپکی ڕزگار بوون

ئازیزەکەم... پشت و پەناکەم ... گوێم لێبگرە!!!! ئەمەی دەیڵێم بڕۆ بۆ هەمووانی
بگێڕەوە و دەبا ئەوانیش بۆ نەوەکانی خۆیانی بگێڕینەوە ...پڕ بەزار بچریکێنن و
بڵێێن گوێ ڕادێرن!!! داپیرەی سک سووتاو و جەرگ بڕاو، وەی پیرەمێردەکەی
خاوەن چەندین کەسی سەرتێداچوو ... گوێتان لێبێت... ئەی هەموو خەڵکی خاوەن
ویژدانی مرۆڤدۆستی سەر ئەم زەمینە... گوێتان لێبێت !!! ئایا ئەمەی بەسەر ئێمەدا
هاتووە و لە ئێمەی کورد کراوە و دەکرێت لە کاتی ئێوەدا یان لە کاتی باو و
باپیرانتاندا ڕووی داوە... تووبی خوادا ڕاست بڵێن ڕووی داوە؟؟؟ دەسا توخوا... هەر
هەموو ئەمانە بۆ منداڵەکانتان بگێڕنەوە... پێیان بڵێن ... ئێوەیش بۆ منداڵەکانی
خۆتانی بگێڕنەوە و ئەوانیش بۆ منداڵەکانی نەوەی دواتر ...کە ئاوا لە خاکێک و
نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە کراوە کە پێی دەڵێن "کورد و کوردستان." هاو
هۆزەکەم...تووە پاک و بێگەردی پیران و پێشەوایانی ڕێگەی ڕاستخوازان...پێم بڵێ
بۆ بێدەنگ بوویت بۆ؟ دیارە باسەکانم کاری تێکردوویت... دە توخوا ئەو دیواری
بێدەنگیە بڕوخێنە و دەست بدە دەستم و گوێم بۆ ڕادێرە ... هەرگیز مەڵێ و مەڵێ
گشت ڕێگەکان بەستراون و پڕ مەترسییە و ئەمە دوا ڕێگەیە پێدا دەڕۆم. گەرچی
ئاسمان... ئێستە ڕەش و تاریکە و هەورى چڵکن بەرى ساماڵى شینى جوانى
گرتووە ...ئەو ڕۆژەی هەمووان بەتەما و هیوایین بێشک هەر دێت و دێت ...
بیروبۆچوونەکانمان، هەنگاوەکانمان دەنگەکانمان دەنگدەدەنەوە... بە دەنگی زۆڵاڵی
ئێمە دوژمن دەتۆقێت، ئێمە هەین و لێرەین و هەر دەمێنین پـــێیان دەڵـــێـن :

گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لە زنجیرو تەناف و دار و بەند بـــاکم نـــی یە
لـــەت لەتم کەن بمکوژن هێشـــتا دەڵێم کوردم ئەمن

ئێمە گۆرانی بۆ ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی و یەکسانی و بۆ خۆشەویستی
دەچڕین... چاک دەزانم هەستت بزواوە و غیرەتوڵات تێدا هاتۆتە جۆش ... با
هەموو ئەوانەی چوون لە ڕێی شەرەفمەندیدا بکەینە سومبول و چرای ڕێگەی
تێکۆشان و ژیان... ئەمجا هاوهۆزە بە وەفاکەم... ئەز گیانم یەکپارچە پڕ لە
هیوایە ... لەناو ئەو ئاسمانەی کە هەورى ڕەشى چڵکن سایەقەی داپۆشیبێت ...من
خۆری پڕ هیوا و ئومێد دەبینم... ئەزانم ئێمەی کورد، کەم بین یان زۆر هەر دەگەینە
خۆری هیوا؛ هەر کاروانێ بۆ پرشنگی خۆر بڕوانێ،

کەم بن یـا زۆر دەگـــەنـــە خـــۆر
کاروانی ئێمە کەوتۆتە ڕێـــگـــا ،
بە ئـــامانجی خۆی هەرگیز نـــاگـــا

تەم و مۆژ و هەورى چڵکن دەڕەوێنێتەوە، ئاسۆی سوور گەڕاڵ بە خوێنی شەهیدانمان ڕۆشنە
و هاوارمان لێدەکەن بۆ باوەڕ نەکردن بە دوژمنان بە جاش و خۆفرۆشان، بۆ یەکگرتن و یەک
دەستی و یەک هەڵوێستی و یەکتر قەبووڵکردن، دەبینم شەهێن و باز و هەڵۆ بەرزەفڕەکان
شاپەڕی توانا و هێز لێدەدەن، بەرەو چیای سەرکەش و بڵندەکانمان لە شەقەی باڵ دەدەن،
قاسپەی کەوە خۆشخوانەکان لەم کەل بۆ ئەو کەل، لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، لەسەر ئەو گاشە
بەردانە بە دەنگیان خەبەردارمان دەکەن و موژدەی ڕۆژێکی نوێمان پێدەدەن... پێمان دەڵێن
ئیتر بەسیە خەو، بەسەرچوو شەو، ماڵاوایی لە تاریکی کەن بەخێرهاتنی ڕۆژێکی نوێی

فەوزی ڕەمزی / سویسرا

بەڵێ نوێ، ڕۆژێکی پڕ لە هیوا و سەرکەوتن کەن. ئەی نەت
بیستووە، کە گوتراوە، هەموو شەوێک ڕۆژێکی ڕووناکی بەدوادا
دێت...ئێمە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنین و دەڵێین ؛

بەری بەیانە ڕووناکە ئـــاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد مژدە بێ لە تۆ
هەستە ئەی لاوی نیشتمانی کورد
بەری بەیانە ڕووناکە ئـــاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد مژدە بێ لە تۆ
هەستە ئەی لاوی نیشتمانی کورد
سەردەمی هەڵسان هەر کەسێ نوست مرد

ئەی دڵسۆز بە خاک و هاوخوێنەکەم. پێویستە هەر لەگەڵ یەکەم زەردەی
گزنگدا، ڕاپەڕین و دەست دەیتە دەستم... سوێندم بە هاوڕێیانی ئاوارە،
بە ماڵ و حاڵی خاپوور و سووتێنراو... بە خوێنی ئاڵ و گەشی
شەهیدانی بێ گۆڕ و کفن...سوێند بە خاکی پارچە پارچە کراوم، بە
میللەتی هەر بەشە لە لایەک ...سوێند بە پێشەوایانی خۆبەخت و گیان
فیداکار، سوێند بە شاخ و چیا و گا بەرد و بن ئەشکەوتان، کە تێیاندا
نییە خوێنی تاکێکی ئەم میللەتەی تێدا نەڕژابێت و نەپژابێت... دەبێ هەر
بەو هیوایەوە ئەم گەلە سەرگەردانە وەک شێر بگەڕێتەوە سەر لانەکەی
خۆی و ژیانێکی پڕ ئاسوودە لە دەشت و دۆڵ و کەژە سەر بڵندەکانی
خۆی "کوردستان" تا دنیا دنیایە بەسەر بەڕێت.....ئێمە بەدوژمنانمان
دەڵێین لەم شیعرەوە لێمان بنواڕن و بمان ناسن: شیعرەوە لێمان بنواڕن
و بمان ناسن:

ئەوەی مێژوی کورد بخوێنێتەوە
ئەڵقەی زنجیری بهۆنـێـتەوە
تێ ئەگات هەرگیز سەر نانێتەوە
هیچ هێزێک نی یە بیتوێنێتەوە

بەڵێ ئەو کوردستانەی چەند کیمیای وەشان و ئەنفال و ڕاگوێزان و
کاولکاری و تاوانی ئێدا ئەنجام درابێت و بدرێت، هێندەیتر ڕەگ و
ڕیشەی بە قووڵایی و ئەستوورایی زوقمستانی تاوانەکاندا ڕۆ دەچێت....
هەردەم دەنگی زوڵاڵی ئەو پێشەوا و سیمبولانەی بە حەق گیانیان بەخشی
لە پێناو خاک و گەلدا دێتە گوێم ...پێمان دەڵێن... هەرگیز باوەر بە
جاش و خۆفرۆش و دووزمنەکانتان مەکەن و یەکگرتووبن و پێویستە لە
بەردەم کرێوە و تۆفانەکاندا خۆڕاگر بن و یەک هەڵوێست وەک سەدێکی
پۆڵایین بنوێنن.

هاوخوێنەکەم،دەبا پێکەوە ئەم دێرانە بڵێینەوە و ببێتە ڕێبازی ژیانمان:

دەبا خەممان خەمی خاک بێ
خەمی خاکمان لەسەر چاو بێ
دەبا گیانی یەک بونمان
وەکو سێبەر لـــــە ســـەر چـــاو بـــێ
دەبا هەموومان خاک پەرست بین
خاک بە ئاودا نەدەینەوە
کە لێمان ڕۆی بەقەڕنێ تر
بـــەتـــــۆزی پـــــای نـــاگـــەیـنـــەوە

دەو– یارییەکە لە ناو فەقێیاندا باوە.

حەچە– ئەو بزن یا مەڕەیە کە زەنگوولەیەک دەکرێتە ملی و پێش مێگەل
و ڕانەکە دەکەوێت.

شاکاری مۆنالیزا و دیمەنە سروشتییەکەی

ئایا لیۆناردۆ داڤینشی هونەرمەند لەساتەوەختی کێشانی نیگاری (مۆنالیزا) دا، پۆرترێتەکەی لەبەردەم پەنجەرەیەکی کراوەدا داناوە کە بڕوانێ بەسەر دیمەنێکی سروشتیدا یان دواتر هاوشانی نیگارەکەی، دیمەنەکەی لە خەیاڵ و ئەندێشەی تایبەتییەوە کردۆتە باکگراوندی پۆرترێتەکەی ؟! یاخود ئەو شوێنە لەبنەڕەتدا بوونی هەیە و ڕاستەقینەیە ؟!

هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە شوێنی دیمەنە سروشتییەکەی تابلۆی مۆنالیزایان دۆزیوەتەوە.. بێگومان داڤینشی وێنەی دۆڵ و گرد و شاخ و ڕووبار و پردێکی تێدا نەخشاندووە کە کردوویەتیە باکگراوندێکی سروشتی بۆ شاکاری مۆنالیزا .. هەندێک لە مێژوونوسانی هونەریی لەو بڕوایەدان ئەو باکگراوندە تێڕوانینێکی خەیاڵییە تاوەکو تابلۆکە دوخێکی تایبەتی و دیمەنێکی دانسقە و بێهاوتا بەخۆوە ببینێت، هەندێکی دیکەشیان بەپێچەوانەوە پێیان وایە هونەرمەند شوێنێکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە و نەخشاندویەتی .ئاکامی توێژینەوەکان ئەوە ڕادەگەیەنن دیمەنە سروشتییەکە دیمەنێکی خەیاڵی نییە، یاخود وەکو لێکدانەوەکانی پێشتر کە پێیان وابوو دیمەنی زنجیرە چیای ئالپ و دۆڵی ڤالدۆرنۆیە کە ڕووباری ئارنۆی پێدا دەڕوات.

تـەها ڕەسوڵ

لەو ڕووەوە هەردوو خانمە توێژەری بواری جیۆمۆرفۆلۆژیا (ئۆلیڤیا نیسکی) لە زانکۆی ئوربینۆ و هونەرمەند (ڕۆزیتا پۆرشیا)ی فۆتۆگرافەر بەخششەکانیان لە کتێبی "نهێنییەکانی پی" بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند، کە دیمەنە سروشتییەکە دیمەنی مۆنتیفێلترۆیە، کە لە بەرزاییەکانی ڤالماریچیای باکوری ئیتاڵیاوە دەبینرێت.

توێژینەوەکەیان ئەوەی دەردەخست، کە لیۆناردۆ داڤینشی لە بینگە هونەرییەکەیدا مامەڵەی تەکنیکی بچووکردنەوەی بەکارهێناوە، وەکو پەستانێک کە پانتاییەکی فراوان لە ڕووبەرێکی بچووکدا بنەخشێنێ .. هەردووکیان جەختیان لەوە کردەوە، کە لە تابلۆکەدا هەردوو ڕووباری سیناتیلۆ و ماریشیا لە ناوچەی ئۆربینۆ بەیەک گەیشتوون، ئەویش ناوچەیەکی مێژوویی و مارکی لەخۆدەگرێت، دواتر ئەوەشیان ڕوونکردەوە، کە ئەو پردەی لە تابلۆکەدا دەردەکەوێت هەر لەو کاتەوە نەماوە و دەریاچەکەش بە داڕمان و داخزانی زەوی پڕبۆتەوە، سەرباری ئەوە خانمەکان ئەوەشیان خستەڕوو ئەو گردۆڵکانەی کەوتوونە بەری چەپەوە گردەکانی ساسی سیمۆن و ساسی سیمۆنسیلۆنن، ئەو شاخانەی کەوتوونەتە بەری سەرەوەی لای چەپیش بریتین لە مۆنت مانالی و ئالپ دیلا لونا، هەرچی ئەو شاخەشە کە لە بەری ڕاستی سەری مۆنالیزاوە بەدەردەکەوێت ئەوە مۆنتی ئاکویلۆنە.

بێگومان هەر ئەم دوو توێژەرانە یەکەمین کەس نەبوون، تا ئێستا گرێی باکگراوندی تابلۆکەیان کردۆتەوە، بەڵکو لە ساڵی 2011 دا مێژونووسی هونەریی خاتوو (کارلا جلۆری) ئەوەی ڕاگەیاند، کە پردی چوخمەیی تابلۆکە ئاماژەیەکە بۆ گوندی بۆبیۆ لە ناوچەی ئیمیلیا ڕۆمانا.

تریاژ

تریاژ *– وشەیەکی فرەنسیی کۆنی سەردەمی پەتا گرانەکان و جەنگە سەختەکانی زووی ئەوروپایە و لە وشەنامەی زمانی گەلانی تری ئەوروپاشدا هەیە. ئەم وشەیە بە هۆی کۆنی و بەکارهێنانی بەدەگمەنیەوە، لە بیر چووبووەوە، بەڵام ئەوەتا ئێستا لە ڕۆژنامە و کەنالەکانی تەلەفزیۆندا ئەووترێ و هاتووەتەوە ئارا، خەڵکی سادە و ئاساییش ئەبێ بۆ واتاکەی بگەڕێن. دوور نییە ئەم وشەیە لەمەودوا بکەوێتە سەر زاری هەندێک بێژەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کوردستانیش، ئەوانەی فشە بە وشەی بێگانەوە ئەکەن. خۆ وشەی (تریاژ) وشەیەکی ناخۆشیش نییە و فیلمێکی درامای سینەمایی ئیرلاندی–فرەنسی– ئیسپانیی هاوبەشی ساڵی ٢٠٠٩ش بەو ناوەوە هەیە کە ئەکتەری جیهانیی بەناوبانگ ڕۆڵیان تیا بینیوە. ڕووداوەکانی ئەو فیلمە لە کوردستانن و بە فیلمێکی باشیش ناوبانگی دەرکردووە. لە بەسەرهاتەکانی ئەو فیلمەدا ئەبینرێ کە چۆن کار بە (تریاژ) ئەکرێ.

وشەی (تریاژ) لە چاوگی (تریێ)ی فرەنسییەوە هاتووە، واتا گشتییەکەی: جێجێکردن یا جیاکردنەوە و هەڵبواردنە. ئێستا نەخۆشیی مەترسیداری هەوکردنی سییەکان بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ئیپێدیمییەوە (پەتای سنووردار لە شوێنێک یا وڵاتێک) بووەتە پاندێمی (پەتای فراوانی لە سنوور دەرچوو و گشتگر). ژمارەی نەخۆشکەوتووان بەو ڤایرۆسە لە پەرەسەندنێکی وادایە کە خەریکە وای لێ بێ، پزیشکەکان و دامودەزگاکانی تەندروستی بە هەموو کەرەستەیەکی بەردەستیانەوە، نەتوانن و پیارانەگەن فریای هەموو نەخۆشەکان بکەون؛ یەکەم، بەهۆی کەمیی پزیشک و تیمارگەری تایبەت و ئامێری هەناسەپێدانی دەرەکییەوە، دووەم، بە هۆی پربوونی هۆڵ و ژاژەوی نەخۆشخانەکانەوە لە نەخۆش .

****

واتای تریاژ لە بواری پزیشکییدا ئەوە ئەگەیەنێ، کە پزیشکەکان خۆیان سەرپشک بن و نەخۆشەکان بەپێی سەختیی نەخۆشییەکەیان یا بەپیی تەمەنیان جیا بکەنەوە. هەر بۆ نموونە، ئەگەر چوار نەخۆشی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنایان بە پەلە هێنا بۆ نەخۆشخانەیەک کە سێ ئامێری پێویستی هەناسەپێدانیان هەبێ، کامیان لە تەمەندا لە هەمووان گەورەترە یا لە سەروو حەفتاوەیە، ئەوەیان ئەو ئامێرەی بەرناکەوێ، لەوانەیە پزیشکەکان بۆ هێمنکردنەوە و کەمکردنەوەی ئازارەکانی، دەرزیی مۆرفینی لێ بدەن .

لەم سەردەمەی ئێستاماندا، تریاژ ئەبێتە هۆی دەستکاریکردنی ئاکارێکی پزیشکیی گرنگ و پیرۆز، کە چارەسەرکردنی نەخۆشە بە یەکسانی و بێ جیاکردنەوەیان بەپێی پلەوپایە و دەوڵەمەندی و هەژاری و تەمەن و ڕەگەز و تاوانبار و بێتاوان. لەوانەیە تریاژ لە وڵاتانی پڕ لە خوارەمرێ* و ناجێگیر کە زۆر دەوڵەمەندی تازە هەڵگڕاوی تیا هەڵکەوتووە و هەژاریشی یەکجار زۆرە، ببێتە کارەسات .

چییە؟

لە کاتی جەنگەکانی ناپۆلیۆن بۆناپارت–دا، (بارۆن دۆمینیک ژان لاری)، ئەو پزیشکی نەشتەرگەرییە فرەنسییەی ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر لە دایک بووبوو، مۆدێلی گالیسکەیەکی بۆ خێرا گوازتنەوەی بریندارەکانی مەیدانی جەنگ داهێنابوو، پییان ئەووت "گالیسکەی فڕیوی نەخۆش گواستنەوە"، بەو گالیسکەیە بە شەڕگەدا بە خێرایی لێی ئەخوڕی و بریندارەکانی کۆئەکردەوە بیانگەیەنێتە دەرەوەی شەڕگە بۆ تیمارکردنیان. دوکتۆر لاری هەموو بریندارەکانی تیمار ئەکرد، بە پێچەوانەی ڕای دامودەزگا جەنگییەکانەوە، کە ئەیانویست ئەو سەربازە برین سەختانەیان لە کۆڵ بێتەوە، کە نەیانئەتوانی جارێکی تر بچنەوە مەیدانی جەنگ. بەڵام ئیمپراتۆر ناپۆلیۆن خۆی پشتگیریی دوکتۆر لاری–ی ئەکرد و کارەکانی بە باش ئەزانی بۆ بەرزکردنەوەی وڕەی سەربازەکانی. ئەم دوکتۆر لاری–یە تریاژێکی داهێنا بۆ جیاکردنەوەی بریندارەکان بەپیی پێویستیی چارەکردنی بە پەلەیان، بێ گوێدانە ڕەگەز و نەتەوەیان. واتە لە پێشان لە بریندارببووە هەرە سەختەکانەوە پیا ئەهات بۆ تیمارکردنیان. دوکتۆر لاری، دوای جەنگی بەناوبانگی (واتەرلوو) لە لایەن پروسیاییەکانەوە بریندار بوو و یەخسیر کرا، ئەبووایە گوللەباران بکرایە. کە تیمارگەرێک ئەو پەڕوێیە لە چاوی ئەکاتەوە پێی بەستراوە، ئەیناسێتەوە و ئەینرێتە لای جەنەرالّ (گێرهارد لیبەرێشت فۆن بلویشەر). لەبەر ئەوەی دوکتۆر لاری لە یەکێک لە جەنگەکانی زووتردا ژیانی کوڕەکەی ئەم جەنەرالّەی ڕزگار کردبوو، دوای نانخواردنی ئێوارە دراوی دایە و بەرەڵای کرد.

****

Triage

خوارەمرێ: ئاژاوە و پەشێوی .

ئەڵمانیا ٢/٤/٢٠٢٠ م. ئارام.

بۆ بینینی فیلمەکان بڕوانە ئەم دوو لینکە:

https://www.facebook.com/100013487979082/videos/pcb.912911679168423/912908832502041/?type=3&theater

https://www.facebook.com/100013487979082/videos/pcb.912911679168423/912909442501980/?type=3&theater

گالیسکە نەخۆش گوێزەرەوەکەی دوکتۆر لاری – ئەمبولانسە فڕیوەکەی لاری:

کوردستان.... میژووییەکە لە کەشتیەکانی بەریتانیا

جوان عومەر ئەحمەد

چیرۆکی ناوی کوردستان لەسەر یەکێک لە کەشتیە بارهەڵگرە ناوبارەکانی وڵاتی بەریتانیا. زۆر جار لێرە و لەوێ وێنەی کەشتییەکم دەبینی بەگەورەیی نوسراو بوو کوردستان (kurdistan) هەندێک جاریش لەتۆرە کۆمەڵایاتیەکاندا و بەتایبەت فەیسبووک وێنەکە بڵاو دەکرایەوە و مشتومڕی زۆری دروست دەکرد کۆمەلێک زانیاری هەڵەی لەبارەوە دەنووسرا، هەندیک جاریش خاوەن پۆستەکانم دەبینی دەیانووسی کورد لەسەردەمی خۆیدا خاوەنی کەشتی بووە، ئەوەی نەدەزانرا کورد لە کوێدا و لەچ دەریایەک خاوەنی کەشتی بووە، خوێندنەوەی هێژا ئەمەوێت سەرنجتان بۆ مێژووی ئەم کەشتیە بەم چەند دێرە راکێشم و چەند زانیارییەک بەپێی توانای خۆم لەسەر مێژووی ئەم کەشتەیە بنووسم.



کەشتی کوردستان و کۆمپانیای (Short Brothers Ltd., Sunderland)

کۆمپانیای شۆرت برەزەر کۆمپانیایەکی بەریتانییە لەسەدەی 19 و لەساڵی 1850 لە باکووری رۆژهەلاتی وڵاتی بەریتانیا لە شاری (Sunderland) کە نزیکە 20 کیلۆمەتر لە دروهام (Durham) و 16 کیلۆمەتر لە شاری نیوکاسڵ (Newcastle upon Tyne)ە دوورە ئەم کۆمپانیایە لەلایەن (George Short) دامەزراوە پاشانیش 4 لە کوڕەکانی دەبنە کۆمپانیۆنی باوکیان (هاوبەشی) باوکیان سەرەتا بەلەمی دارین و بچووکیان دروستکردووە، هەروەها لەساڵی 1871یەکەم کەشتی ئاسنینیان دروست کرد ئەم کۆمپانیایە خاوەنی 300 کارمەند بووە لە ساڵی 1964 مایەپووچ دەرچووە و داخرا چیتر نەیانتوانی بەردەوامی بەکارەکانیان بدەن.

کەشتی کوردستان (KURDISTAN SS CARGO SHIP)

کەشتی کوردستان بەرهەمی کۆمپانیایەی (Short Brothers Ltd., Sunderland) لەڕێکەوتی 25–03–1895 دروستکراوە، درێژی کەشتی کوردستان 325,2 ft پێ بووە هەروەها پانتایی کەشتیکە ft43.1 پێ بووە، هەروەها قولی ft24,7 پێ بەرزیکەی ft16.9 پێ بووە، بزوێنەرکەی لەلایەن (J. Dickinson) دروستکراوە. قەبارەی بزوینەرەکە 266nhp, (23.5, 39, 64 x 42in), T3cyl, واتا 266 هێزی ئەسپی هەبووە یەک پانکە یان یەک پەروانەی مسی هەبووە لە کۆتا خالی درێژی کەشتیەکەدا .ئەم کەشتیە یەکەمجار لەلایەن کۆمپانیای (Hindustan Steam Shipping Co. Ltd. – JW Squance & Co., Sunderland) کراوە خاوەندارێتیان کردووە جگە لەوان چەند کەسیکی تر لەساڵەکانی 1907 و 1912 خاوەنی بووە دواجاریش لەساڵی 1921دا فرۆشراوە بە (Fratelli Lavarello fu)

کاتی نوقم بوونی کەشتی کوردستان.

کەشتی کوردستان لەڕێکەوتی 03–09–1926 لەکەناڵی ئینگلزی پاش ڕووداوێکی بەرکەوتن (تامپۆن) لەگەل کەشتیکی فەرەنسیدا ژێر ئاوەدەکەوێت و بەهۆی ئەو کارەساتەوە لە کۆی 56 کەس لەسەرنشینەکانی 10 کەسیان گیان لەدەست ئەدەن و ئەوانی تر رزگار دەکرێن.

ئەوەی نەزانراوە لەدوای ئەو ڕووداوە ئایا کەشتێکە دووبارە چاککراوەتەوە یان کەشتیکی تر بەهەمان قەبارە و بەهەمان ناو بەرهەم هاتووە. لە پەرتووکی (British Merchant Ships Sunk by U–boat in World War One)، کەلەلایەن : (A.J. Tennent) نووسراوە لەلاپەرە 59دا ئەماژە بەوە دەکات ژێردەریایی ئەڵمانی (Submarine، ، غواصة) لەسەردەمی نازیکاندا لە جەنگی جیهانی دووەم لە ڕێکەوتی 10–12–1941 لە کاتژمێر 23:54 چرکەدا لە دەریای باکووری ئەتلانتیک (North Atlantic)تێکدەشکێنریت لە کاتژمێژ 23:57 ژێر ئەو دەکەوێت جگە لە (William Fearon McMillan و Roy Gill) حەوت لەسەرنشینەکانی بەهۆی ئەم ڕووداوەوە دەمرن کەشتیوانەکەو 45 کارگوزار سەرنشینی کەشتێکە لەلایەن (HMS Kingcup (K 33 رزگار دەکرێن.

تێبینی: بەگوێرەی بەدواداچوون و هەندێک لەسەرچاوەکان کە تەواو دڵنیا نین لە دروستیان، ئەم کەشتیە تەنها کەشتیەک نەبووە بە ناوی کوردستان زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە دوای بەروارای ژێرئاو کەوتنی کەشتی کوردستانەوە، کەشتیەکی تر بە فۆرمێکی جیاوازتر لەوەی دی دەرکەوتووە، پێدەچێت پاش ڕووداوەکە جارێکی تر نۆژەن کرابێتەوە یاخود لەبەر ناوبانگی کەشتی یەکەم، کەشتیەکی نوێ بە هەمان ناو دروست کرابێت بۆ بازرگانی.

ڕەنگە هێشتا پرسیاری خوێنەر بە هەلواسراوی مابێتەوە و بێ وەڵام بێت، بۆ ناوی کوردستان دەبێتە ناونیشانی کەشتیەکی بازرگانی گەورە لە بەریتانیادا؟

ئەم کۆمپانیایە (Short Brothers Ltd., Sunderland) سەرجەم کەشتیەکانی بە ناوی ووڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و باشووری ڕووسیاوە ناونرابوون وەک (هندستان، کوردستان، تورکمانستان، ئەفغانستان) ئەویش ڕەنگە بەهۆی ئەو هاتووچۆ بارزگانیە بەردەوامیەی نێوان دەریای ڕەش و ووڵاتانی خۆرئاوا بووبێت بۆ ئەو ناوچانە، پێدەچێت وەک سیاسەتی بازرگانی بو راکێشانی سۆزی ووڵاتانی خۆرهەڵات بووبێت بۆ کۆمپانیاکەیان، جگە لەم هۆکارانە هیچ زانیاریەکەی ترم لەسەر هۆکاری ناونانی کەشتی کوردستان دەست نەکەوت کە شایانی ئاماژە و باسکردن بێت.

سەرچاوەکان:

British Merchant Ships
uboat
wrecksite.eu
sunderlandships
wikipedia
shipsnostalgia
oulton.cwa/newsships

نزیکبوونەوەی کۆمەڵگا بە گشتی

مارک هارفی

لە ڕێگەی تاراوگەوە پێمان باش بوو، زانیاری دروست و باوەڕپێکراو دەربارەی ڤایرۆسی کرۆنا کۆڤید 19، COVID–19 بڵاوبکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێز **کاک شێخ محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی** پێشنیاری بۆ کردین، بەڕێزیان ئامادەیە لە زمانە زیندووکانی دنیاوە، هەواڵی توێژینەوە زانستییەکانی زانکۆ و ناوەند و ئینیستویتە جیهانییەکان بۆ خوێنەرانی کورد وەربگێڕێت، ئێمەش بە سوپاسەوە لە تاراوگەدا بڵاوی بکەینەوە، لەم ژمارەیەدا دوو بۆچوونی **مارک هارفی و جولییت کاییم دەخەینە ڕوو.**

وەرگێڕانی: فەریق ڕۆکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

پێویستە لەسەر کەرتی گشتی، پێشڕەوی ڕێگایەکی جیهانی بکات بۆ هەموو کۆمەڵگا، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری پەتای ڤایروسي کۆرۆنا. ئەمەش خۆی لە فریاگوزاری خێرای تەندروستی گشتی و دیاریکردنی ئاکامە ئابووریەکان و نەهێشتنی سێبەر و ناڕوونی لەتەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە دەبینێەوە. پێویستە چالاکانە بەردەوامی کەمکردنەوەی مەترسییەکان بکرێتە فاکتەری جێگیر بەردێژایی قەیرانەکە. لەگەڵ هەبوونی مەترسی تەندروستی گشتی و دابینکردنی بڕی (8,3) ملیار دۆلار بۆ هاوکاری فریاگوزاری خێرا، کاتی ئەوە هاتوە لێکۆڵینەوە و چارەسەرییەکان چالاکبن، ئەمە تەنها مانای پێشخستنی پێکوتە (ڤاکسین)ەکە نییە، هەروەها سود لە کارکردنی خێرای یەکە ڤایرۆسە باوەکان یان میراتگرەکان (Genome) ببینرێت، لەکاتی پشکنینەکان بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا.

چارەسەری بایۆلۆجیە دەستکردەکان و شێوازیتر لە تەکنۆلۆجیای زیندووی داهێنەری بۆ زیادکردنی بەرگری ڤایرۆسەکە بەرهەمبهێنن. لەڕووی ئیدیالیزمەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ توانا نێودەوڵەتییەکان، تا بتوانرێت کۆمەڵگای جیهانی سوودی باشتر ببینن لە تواناکانی یەکتر. لەگەڵ گەڕانی ڕاستەوخۆ و پشتگیری پزیشکی، هەروەها پێویستە حکومەتەکانیش دەرفەتێک بڕەخسێنن لە کەمکردنەوەی دوودڵی گشتی. دەکرێت ڕاهێنان بە تیمەکانی فریاگوزاری خێرا بکرێت، کە کۆمەڵگا ڕابهێنن لەسەر تەندروستی گشتی و هاوکاربن لە چۆنیەتی هێورکردنەوەی تێگەیشتنەکان بەشێوەیەکی باشتر. لەڕووی ئابووریشەوە، دەکرێت حکومەتەکان، پێشینەیەکی کارەکان بدەن بە کڕین و دابینکردنی پێداویستیە تەندروستییە پێویستەکان، بۆ چارەسەری نەخۆشەکان، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری لەسەر زنجیرەی پەیداکردنی گەردوونی لە دەرەوەی کۆمەڵگا پزیشکییەکان بەشێوەیەک، کە تێگەیشتن کەمتر دەبێتەوە. پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کەسان و کارمەندانی شارەزا لە بواری ژێرخانە زیندووەکان، تێبگەن و کاریگەریان هەبێت لە زۆرکردن لە سیستم و فەرمانەکانیان بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتدارانی تر، وەک یاسای بەرهەمی خۆپاراستن، لەپێناو کەمکردنەوەی گرفتە سەختەکان لە پەیام و کارەکاندا. لە کۆتایدا، ئەمە هەنگاوی یەکەمی گەورەبوونی نەخۆشیەکەیە، لە کاتی بەشداربوونی وڵاتان لە بڵاوکردنەوەی ئەنقەستی زانیاریە نادروستەکان لەڕێی سۆشیال میدیاوە. تا بڵاوبوونەوەی Zika لە ساڵانی 2015–2016 کە ڕوویدا پێش کاریگەری هەڵبژاردنی ئەمریکا لە هەوڵەکان ساڵی 2016. بە لەبەرچاوگرتن و بەردەوامبوونی ترسێکی بێ وێنە. پێویستە حکومەتەکان گرنگی بە زانیاری باوەڕپێکراو بدەن لەڕێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە، لەپێناو دابینکردنی زانیاری ورد بۆ پێشخستنی بڕیار و گفتوگۆکان.

مارک هارفي (Mark Harvey) هاوری بەهاری 2020، ڕاوێژکاری ئینستویتي سیاسەت لە کۆلیجی هارڤەر کینیدی و یارمەتیدەری تایبەتي پێشوو، بۆ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوکان و سەرۆکی یەکەم بۆ سیاسەتی هێڵی پانی نەرم(مرونەیی).

بڕوانە ل 14

سەرلیشێوان پلانە

جولییت کاییم *

من لەڕووی پلاندارێژی و وەڵامدانەوە، بۆ ئەم بابەتە هاتووم. بەخێرایی لە قۆناغی ڕێگرتنەوە دەڕۆین بەرەو قۆناغی کەمکردنەوە. هەموشمان دەزانین لەمکاتەدا تاکە ئامانجمان، گریمانەی بڵاوبونەبوونەوەیە بەناو کۆمەڵگادا و کەمکردنەوەی تەشەنەکردنە تا کاریگەری و پاڵەپەستۆ لەسەر سیستمی خزمەتگوزاری تەندروستی دروست نەبێت. وەک پلاندارێژ، هێرش بردنی بە کۆمەڵ و بەیەکجار و لەیەککاتدا، بە مانای ئەوە دێت باشترین ڕێگا، کە بگیرێتەبەر جێبەجێکردنی پلانێکی هێرشبەرانەی دوژمنانەیە، کە گونجاوبێت لەگەڵ دووربینی کۆمەڵایەتی، کە سەرلێشێواوی لێدەکەوێتەوە بە شێوەیەکی زۆر خراپ و ڕوخێنەر. بەڵێ هەمیشە وایە و زۆر کتوپڕ دەردەکەوێت، بڕیارەکان دەدرێن و پێویستە ئێمەش وەڵامدەری خێرابین، ئەمە سروشتی پەتایە کە هەرگیز سەرەتا یان کاتی دەستپێکردنی دیار نییە،

لە یادی 32 ساڵەی جینۆسایدی ئەنفادا

لە یادەوەری 32 ساڵەی جینۆسایدی ئەنفادا، لەم ڕۆژە و لەم یادە تاڵەدا، دروود و نەمری بۆ قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفال. هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد، سیروان ڕەئووف، لە نیسانی ساڵی 2005 دا مۆنیمەنتێکی ناوازەی بۆ ڕۆژی ئازادی هۆڵەندا، بە ناونیشانی `ئاشتی ئازادی لێبووردن` دروستی کردووە، لە ناوجەرگەی گۆڕەپانێکی شاری (فاسن)ی شارەوانی ئیپەدا، لە هەرێمی خێڵدەرلاندی هۆڵەندا. ئەم مۆنمێنتە ئاماژە و دەربڕینێکە دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوە و تۆندوتیژیەکی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ و هونەرمەند کوڕی میللەتێکی خاوەن قوربانی، وەک ئەو ئەو جینۆسایدە گەورەیەیە، کە ساڵی 1988 بە ناوی ئەنفالەوە ڕژێمی لەناوچووی سەدامی دیکتاتۆر بەسەر گەلی کوردیدا هێنا، لە باشوری کوردستان.

مۆنمێنتەکە بە ئازادیخوازانی دنیا ڕادەگەیەنێت، گەلی کورد سەرەڕای جینۆساید و کۆمەڵکوژیی، کە بەسەریدا هاتووە بە سیمای میللی خۆیەوە، بە فەرەنجی ئەنفالکراوانی کوردستان و گەرمیانەوە لە هەموو بستە خاکێکی جیهاندا ئامادەیە و گەلێکی ئاشتی پەروەر و ئازادیخوازە، دۆستی هەموو گەلانی دنیایە.

هونەرمەند سیروان ڕەئووف دەیەوێت لەم سۆنگەیەوە دەنگی دۆزی ڕەوانی گەلەکەی بە جیهان بگەیەنێت.

https://www.facebook.com/sirwan.raoof/videos/2915472781900230/?fref=nf&__tn__=m*F&eid=ARDu1hxvBADilRgRhux3OD_umvOPalqXsY62DIWyf2XSZzNQVKYNnx7LcdQIujfE5XOVGDYvN3rFf0y7

https://www.facebook.com/sirwan.raoof…

وەرگێڕانی: فەریق ڕوکنی خانەنشین محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی

لەبەر ئەوە هەمیشە کات بۆ ڕاست هەڵسەنگاندن و نرخاندن دوادەکەوێت. ئەو ئاسۆیە لەکاتێکی دیاریکراوی خێرادا وندەکەیت، ئیتر ئەوە سروشتکی ئاسایی و نوێیە.

ئەنجامی سەرلیشێوان– پلانە.

جولییت کاییم *(Juliette Kayyem)* وانەبێژێکی گەورەیە لە ناوەندی "بیلفیر" لە ئاستی ئاسایشي نێودەوڵەتی و سەرۆکی ناوەندی ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایشی نەتەوەیی و پڕۆژەی تەندروستی جیهانە لە ناوەندی **بیلفیر**. پێشتر کاریکردوە، وەک یارمەتیدەری وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووکان لە سەردەمی سەرۆک **"ئۆباما"**دا بۆ کاروباری حکومەتی نێودەوڵەتی لە وەزارەتی ئاسایشی ناو خۆ.

لە یادی 32 ساڵەی ئەنفالدا پێویستە هەموومان ئەم کتێبە (جینۆساید لە عێراق.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد) بخوێنینەوە

لە یادی 32 ساڵەی جینۆسایدی ئەنفالدا بەرگی ئەم کتێبە و کورتەیەکی پێشەکییەکەیمان لێرە داناوە تا سەرنجی خوێنەر ڕابکێشین بۆ گرنگیی کتێبەکە، بە هیوای ئەوەی بۆ ناسینی زیاتری جینۆسایدی کورد، خوێنەری بن! ڕاستتر بڵێین هەقە هەموو کوردێک ئەم کتێبە بخوێنێتەوە.

ساڵی 1999 مامۆستا محەمەد حەمەسالح تۆفیق، چاپی یەکەمی ئەم کتێبەی لە ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی (خاک)دوە بڵاوکردەوە. وەک خۆی لە بەشێکی پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: ئەو کاتە بە ناوی خوازراوی "سیامەندی موفتی زادە" بڵاوم کردەوە. هۆی ئەوەش تاڕادەیەک ئاشکرایە لای هەموومان, کە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەیڵێم چۆن لە دوای ڕاپەڕینی 1991 ی گەلەکەمان گەلێ لە ئەنفالچیو بەکرێگیراوانی ڕژێمی لەناوچوو, لەوانەی تا سەر ئێسقان نوقمی خیانەتکاریی بووبوون و دەستیان لە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا سوور بوو خۆیاندایە پاڵ هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و کەڵکیان لە بارودۆخی دژواری ململانێی سیاسی وەرگرت و نەک هەر سەرشۆڕ نەبوون لە بەردەمی خەڵکدا بەڵکو زۆرێکیشیان بە هەر ڕەنگێک بووە بوونەوە بە دەسەڵاتدارو زۆردارەکەی جاران و وێنەی بارودۆخی سیاسیی کوردستانیان بە جۆرێک ئاڵۆز کردبوو,لە خەفەت بەولاوە بۆ خەڵک هیچی تری نەهێشتبووەوە. ئەوانەو سەرجەمی کۆنە بەکرێگیراوانی ڕژێم دەستبەڵایبان لە ئاستێکدا بوو, بە نهێنی, چییان بکردایە بۆیان دەچووە سەر. ڕژێمی ستەمکاری لەناوچوو دەیزانی چی کردووەو چی بە سەر خەڵکدا هێناوە, بۆیە هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابوو هەر باسێک لەو ڕووەوە بکرایە خەفەی بکات, ئەوانەش کە دەستیان هەبوو لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە سامناکەدا خۆیان چاکیان دەزانی چییان کردووەو بە سڵ بوون لە هەر باسێکی ئەو بوارەو وایاندەزانی هەر کەس توخنی بکەوێت ئاشکراکردنی کردەوەی تاوانی ئەمانی لێدەکەوێتەوە, ئەڵبەتە گەلێکیشیان پەیوەندییان لە گەڵ ئەمن و موخابەراتی ئەو ڕژێمەدا هەر نەپچڕاندبوو. برادەرێکم ساڵی 1994 کتێبی (تووتی مەرگ) ی دەرکرد بە ناوی خوازراوی (زیاد عبدالرحمن)دوە و تێیدا لیستێکی بە ناوی هەندێک لەوانە کردبوو، کە ڕۆڵیان لەو کارەساتەدا بووە. بەمە ئۆقرەیان لە بەر بڕاو کەوتنە سۆراخ کردنی ناوی ڕاستەقینەی خاوەنی ئەو کتێبەو ئەنجام وا کەوتەوە ئەو برادەرەم ڕەهەندەی وڵاتان بوو.



وێنەکە :بەرگی کتێبی (جینۆساید لە عێراق.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد).

ئامادەکردنی: (ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ ــ میدڵ ئیست ووچ).

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامۆستا محەمەد حەمەسالح تۆفیق.

ئەم کتێبە پرۆژەیەکی گەورە و گرنگە کە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا باوەڕپێکراوە.

بۆ ئەم کارەی منیش, لە پاش چەند کۆڕو سیمینارێک لە سەر بایەخی ئەم کتێبە, چ لە کوردستان و چ لە هەندەران, دیسان وایان هەست کرد کە ناو و کردەوەکانیان دەخرێتە ڕوو و خۆشیان بۆ "شتێک" مەڵاس دابوو.
منیش بە ئامۆژگاریی چەند دۆستێکم کردو ئەو ناوە خوازراوەم هەڵبژارد. بەڵام کە دواتر زانرا ئەمە باسێکی مەنهەجیو زانستییە لە سەر ئەنفال و جینۆساید و لیستی ئاشکرا کردنی ناو نیە, ئیتر وەک بڵێی, خەمیان نەماو زۆریان گوێ نەدایە.

ئەم بەرهەمەی میدڵ ئیست ووچ, وەک لە دووتوێی کتێبەکەدا چەند جارێک دووپات دەبێتەوە, بەری ڕەنجی نزیکەی دوو ساڵ گەڕان و بەدواداچوونی تیمەکانی ئەو ڕێکخراوەیە, چاوپێکەوتنی زیاد لە 350 شایەتحاڵی ئەنفالزەدەیە, هەڵدانەوەی چەندین گۆڕی بەکۆمەڵە, کنەو پشکنینی زیاد لە چواردە تەن دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی دەست بەسەرداگیراوی عێراقەو سوود بینینە لە دەیان سەرچاوەی دانسقەو دەگمەن لە بواری جینۆسایدو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە عێراقدا. ڕێکخراوەکە پاش ئەنجامدانی نووسینی ئەم کتێبە ڕوو دەکاتە خەڵک و دەڵێ کارەکەی ئێمە هێشتا بە ئەنجامی خۆی نەگەیشتووەو کاتێ ئەم کارە تەواو دەبێت کە بتوانین سەرجەمی فایلەکانی عێراق و دۆسیەی ئەنفال بپشکنین, کە بێگومان لە شوێنێکی ئەرشیفی دەزگای ئەمن و موخابەراتی عێراقدا هەڵگیراون. کاتێ کارەکەی ئێمە تەواو دەبێت کە بتوانین گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو هەزاران قوربانیە هەڵدەینەوە کەوا لە بیابانەکانی باشوورو ڕۆژئاوای عێراقدا, بە کۆڕاوی یان بە زیندوویی کراونەتە ژێر خاکەوە, پاشانیش تەواوی ئەو کەسانەی دەستیان بووە لەم تاوانە سامناکەدا بیاندەینە دادگا بۆ ئەوەی سزای شیاوی خۆیان وەربگرن.

لەم چاپەدا بە شیاوم زانی هەندێک وێنەی پاشماوەو ئێسک و پرووسکی قوربانیانی ئەنفال, کە لە پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق لە لایەن دۆستێکمەوە بەدەستهێنراون و پاشتر ناوی دێت, لە پاشکۆی کتێبەکەدا بڵاوبکەمەوە.دواجار, سوپاس و پێزانینم بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی هاوکارییان کردووم لە گەڵاڵە کردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا, بە چاپی یەکەمو ئەم چاپەی ئێستاشیەوە.

گیرهارد ڕیشتە وێنەکێش و پەیکەرساز و فۆتۆگرفەری ئەڵەمانیی

گیرهارد ڕیشتە

گیرهارد ڕیشتە Gerhard Richter وێنە کێش و پەیکەرساز و فۆتۆگرفێکی ئەڵەمانییە، لە ساڵی 1932 لە شاری (درێسدن) لەدایک بوە. لە ساڵی 1971 بۆ 1993 مامۆستا(پرۆفسۆر)بووە، لە ئەکادمییای هونەری لە شاری دۆسلدۆرف، دیارە لەبەر شارەزایی و لێهاتویی و ئەزمونی دەوڵەمەندی لەبواری هونەری شێوەکاری، گەلێک هونەرمەندی گەورەی ئێستای دونیای هونەر سەرسام و کارتێکردنی ئەم هونەرمەندەیان لەسەر بووە، بە قسەی زۆرێکیان، لەوانە گرنگترین هونەرمەندی ئەوروپا و جیهان (تۆماس شووتە). ئەم هونەرمەندە ئەزمونی هونەری لە گەلێک ڕێبازو قوتابخانەی هونەریدا هەیە و بەهرەیەکی گەورەیی لە بواری وێنەکێشاندا هەیە، تا ئێساتشی لەسەربیت بە گرنگترین و گرانترین هونەرمەندی جیهان ئاژمار دەکرێت، کە خۆی لە ژیاندا ماوە و نرخی کارەکانی بە سەدان ملیۆن دۆلارە. بەهۆی خاوەنی ئەو شوێنەی کاری هونەری لێدەکەم(رایمۆند کیتتل)، کە هاوڕێیەکی ئەم هونەرمەندە بوو، چەند جارێک پێکەوە دانیشتوین لە کاتی کردنەوەی پێشانگە و سیمیناری هونەریدا، لە هەڵسوکەوت کابرایەکی زۆر خاکی و سادەو ساکارە..

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بڕوانە:

https://www.youtube.com/watch?v=ExfNJDh4K1g

لێدوانی: هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد: شوان کەمال

تارەوگە

هەفتەنامەیەکی کوردیی هەواڵییە هەموو چوارشەممەیەک، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807